تصویر ابو عبد الرحمن الكردي

سەربوردێکی هەورامان و سەردانێکی تەوێڵە



نووسینی:
عبدالرزاق عبدالرحمن محمد

سەربوردێکی هەورامان

و

سەردانێکی تەوێڵە

نووسینی:

عبدالرزاق عبدالرحمن محمد

محمد، عبدالرزاق عبدالرحمن
سەربوردکی هەورامان و سەردانیکی تەویله / نووسینی عبدالرزاق عبدالرحمن محمد.-- تهران: احسان، ۲۰۰۵ م = ۱۳۸۴.
ISBN: 964-356-426-6
فهرستنویسی بر اساس اطلاعات فیپا.
کردی.
۱. اورامان. ۲. تویله. الف. عنوان.
DSR ۲۰۷۳/۳م۴۵و ۹۵۵/۴۴۳۷۵
کتابخانه ملی ایران ۳۹۶۴-۸۴م

سەربوردێکی هەورامان و سەردانێکی تەوێڵە

● نووسینی:	عبدالرزاق عبدالرحمن محمد
● کۆمپیوتەر:	ئیسماعیل حەمەعەلی خورماڵی
● بلاوکار:	نەشری ئیحسان
● تیراژ:	۱۰۰۰ دانە
● ساڵی چاپ:	چاپی یەکەم ـ ۲۰۰۵
● چاپخانە:	مە هارەت ـ تاران
● ژمارەی سپاردن:	۴۹۸ ـ ۲۰۰۴

ISBN: 964-356-426-6/۹٦٤-۳٥٦-٤٢٦-٦

نەشری ئیحسان

فروشگاه شمارۀ ۱: تهران - خیابان انقلاب ـ روبروی دانشگاه ـ مجتمع فروزنده ـ شماره ۴۰۶ - تلفن: ۶۹۵۴۴۰۴
فروشگاه شمارۀ ۲: تهران - خیابان ناصر خسرو - کوچه حاج نایب ـ شمارۀ ۱/۱۱ ـ تلفن: ۳۹۰۲۷۵۰

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشکەشە:

- بە گیانی پاکی پیرو شێخ و زاناکانی هەورامان.
- بەو خان و سانانەی بەدادگەرانە فەرمانڕەوایی هەورامان‌یان ئەنجام داوە.
- بەو بەرێزانەی بەجۆرێک لەجۆرەکان خزمەتی کوردو کوردستانیان کردووە.

پێشەکی

بەناوی خوای گەورەیە

بیرۆکەی ئەم نوسینە چۆن دروست بوو؟

مرۆڤ تاوەکوو لەخۆشەویستی خۆی دوور نەکەوێتەوە بەو شێوە هەست ناکات بەو خۆشەویستی‌یە، وەك م. ڕەشید هەورامی لەهەلاڵە برایمەی هەورامان دا دەڵێ: (کۆتر چۆن هێلانەی خۆی خۆش دەوێ هەورامی‌یەکانیش بگرە گەلێ زیاتر هەورامان یان خۆش ئەوێ، چەند دوور بن زیاتر خۆشەویستیان جۆش ئەسێنێ بۆ هەورامان، هەردەم گۆرانی بەسەر کوێستان و چیاکانیانا، بەسەر دارو بەردیا، سورە هەلاڵەو وەنەوشەی باخەکانیا هەڵ ئەدەن).

لەشەڕی عێراق و ئێران دا کەخەڵکی هەورامانی ئەم دیوو ئەو دیو بەتایبەت تەوێڵەو دەوروبەری ئاوارە بوون و لەزێدەکەیان دوو کەوتنەوە، زیاتر هەستیان بەو خۆشەویستی‌یە کرد.

هەر بەمناڵی هەندێ شتم لەسەر تەوێڵەو هەورامان و هەر لەوێنەو پەندی پێشینان و فۆلکلۆرو چیرۆك کۆکردبووەوەو پاراستبوونم، بەلاّم لەدوای دوورکەوتنەوەمان لەهەورامان زیاتر هەوڵم دا یادگاریەکانم باشتر بپارێزم و، هەر لەو کاتەشەوە هەر وێنەیەك یا شتێکی ترم دەست کەوتبێ لەڕۆژنامەوگۆڤارو پەڕاوەکان دا یالەدەمی پیاوە بەتەمەنەکان دا نوسیومەتەوەو هەڵم گرتووە...

- لەساڵی (١٩٩٠)ز لەپاوە لەگەڵ چەند برایەك باسێکمان لەبارەی مێژووی هەورامانەوە کرد، زۆر هانیان دام کەشتێك لەو بارەیەوە بنوسم باکەمیش بێت، بەلاّم خەریك بوون بەکاری ترەوە بواری نەدام.

- لەساڵەکانی (١٩٩٥ - ١٩٩٦) کۆمەڵێك کۆباس (محاضرات)م وتەوە بۆ ڕێکخستنەکانی یەکگرتوو لە(مەڵبەندی سلێمانی) لەسەر (تێڕوانینێك بۆ دۆزی کورد) لەئەنجام دا وام بەباش زانی لەسەر قسەی هاوبیرەکانم ئەم باسانە پاکنوسێکیان بکەم و بیکەمە پەڕاوێك و چاپی بکەم، وەکردم.

- لەئەنجامی ئەو دراسەیەدا بۆم دەرکەوت، مێژووی کورد لەهەموو بوارەکان دا زۆری نادیارە، زوربەی ئەو مێژووەش هەر بەسەرپێیی نوسراوەتەوە، مەگەر دەزگایەکی بەتوانا بتوانێ مێژوویەکی تێروتەسەل بنوسێتەوە، ئەمەش قورسە، لەوانەیە لەڕووی ڕامیاریەوە هەقی خۆی پێ نەدرێت.. قەناعەتم بۆ دروست بوو لەم قۆناغەدا ئەمە زەحمەتە، بەلاّم باشترین شت ئەوەیە کە:

نوسەرانی کورد خۆیان مێژووی شارو چین و توێژو خێڵ و بوارەکانی ئابوری و ڕامیاری و جوگرافی و هونەریو ئەدەبی کورد بنوسنەوە... ئەمەش کەم کەمێك کراوە. وەك مێژووی هەندێ شار هەندێ خێڵ یاهەندێ میرنشین یا هەندێ سەرکردە یاهەندێ شاعیرو ئەدیب ... تاد.

ئەمانە هەمووی لەوەختی خۆیدا زۆر باش بوون، هەر ئەوەندە بوار دراوە یا بۆیان کراوە.. بەلاّم لەڕاستی دا پەڕاوی کەم هەیە لەسەر ناوچەیەك لەهەموو بوارەکان دا بەدرێژی باس و خواسی لەسەر کرابێت و مێژووی هەموو بەشەکان نوسرابێتەوە.

بەڵێ، زەحمەتە بتوانرێت مێژوویەکی ئاوا بەگشتی بۆ کورد لەم قۆناغەدا بنوسرێتەوە، بەلاّم دەکرێ هەرکەسێك دەتوانیو توانای هەیە ناوچە، ناوچە بەدرێژی لەسەریان بنوسرێت و ئەوە بکرێتە سەرچاوەیەك بۆ مێژوویەکی تێرو تەسەل و گشتگیر بۆ کوردو ناوچەکانی کوردستان.

- لەم بوارەدا ئەمین زەکی بەگ یەکەم کەس بووە دەستی پیکردووە، واتە مێژووی شاری لەناو کوردا نوسیوەتەوە، ئەویش تەنها لەڕووی مێژوویی یەوە ئەو کارەی کردووە.

- لەسەر هەورامان کەم کەمێك شت هەیە، بەلاّم لەسەر تەوێڵە هەرچەند شت نوسراوە، بەلاّم لەلاپەڕەیەك یان چەند لاپەڕەیەك زیاتر نەبووە.

- لەبەهاری ساڵی (١٩٩٧)دا لەگەڵ پورزای خۆشەویستم دا کاك عادل شاسواری قسەو باسێکمان لەم بارەوە کرد، ئەویش بەڵێنی هاوکاری کردنیدام، ماوەیەك بۆی کرا، پاشان لەبەر خەریك بوونی بەخوێندن و کاری ترەوە بۆی نەکرا... ناچار خۆم قۆڵم لێهەڵماڵی و کەوتمە مقابەلەکردن و مەعلومات کۆکردنەوەو نوسین.

سەرچاوەی ئەم پەڕاوە:

پەڕاوەکەمان سێ بەشە: بەشی هەورامانەکەی بەزۆری لەپەڕاوو گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا وەرمان گرتووەو بوونەتە سەرچاوە بۆمان، بەلاّم بەشی تەوێڵەو پاشکۆکەی بەزۆری مەیدانیەو لەخودی کەسەکانەوە وەرگیراوە. بۆ ئەم نوسینەمان:

چەندەها کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەمان پشکنیوەو هەڵداوەتەوە.

چەندەها وتووێژمان لەگەڵ نوسەرو شاعیرو خوێندەوارو کەسایەتی و ناوداردا کردووە.

چەندەها سەردانی شارو شارۆچکەو گوندەکانی هەورامانی عێراق و ئێرانمان کردووە، بەتایبەت بۆ تەوێڵە...

بەڵێ، سەرچاوەمان بەزۆری مەیدانی بووەو بۆ ناو جەماوەرو پەیوەندی کردن بووە بەکەسایەتی و ناودارەکانی ناوچەکەوە... دەبێ ئەوەش بزانین کەلەم جۆرە نوسینانەدا پێشینانمان نوسراوی وایان بۆ بەجێ نەهێشتوین، ئەرکەکە کەوتووەتە سەر شانی نەوەکانی ئێستاو ئایندەمان..

پاکی‌و بێگەردی هەر بۆ خوایە:

پاکی‌و بێگەردی‌و تەواوی‌یەتی هەر بۆ خوای گەورەو قورئانە پیرۆزەکەیەتی ... بۆیە ئەم چەند تێبینی‌و سەرنجە لەسەر پەڕاوەکەمان دەنوسین:

- هەندێك لەم مێژووە هێشتا قسەیەو بیستراوەو تازە خراوەتە سەر کاغەزو نەکەوتووەتە بەردەم لێکۆڵەرەوەو نوسەرانەوە، پەیجۆیی زۆرتری دەوێت.

- لەبۆچوونە جیاوازەکاندا هەوڵمان داوە بۆچوونەکان مان خستوەتە بەردەم خوێنەران تابۆشمان کرابێ بۆ چوونی ڕاستمان دۆزیوەتەوەو ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەگەر نەشمان پێکابێت داوای لێبوردن دەکەین و شتێکی ئاسایی‌یە.

- ئەم کارەی ئێمە مەرج نی‌یە لەهەموو بوارەکاندا بەتەواوی توانیبێتمان هەقی بدەینێ.

لەوانەیە هەندێ شت لای تۆ گرنگ بێ، ئێمە هەقمان نەدابێ، لەوانەیە هەندێ شت لای تۆ گرنگ نەبێ، ئێمە هەقمان زۆر پێدابێ، دەبێ ئەوەش بزانین مەرج نیە گرنگ لای کێ بێ ئەوەش هەقە.

لەوانەیە هەندێ شتیش ئێستا گرنگ نەبێ و نوسرابێ، لای تۆ ئەوە هیچ بێ، بەڵام لەدواڕۆژدا ئەو شتە دەبێتە گرنگ و دەچێتە ناو مێژووەوە...

واتە مەرج نیە هەموو بابەت و باس و خواسەکانی ئەم پەڕاوە بەدڵی هەموو کەس بێت و هەموو کەس پێی ڕازی بێت.

- ئەگەر هەڵەو کەم و کوڕیەک یاخەبات و کاری کەسێك و ناوێك و لایەنێکمان نەنوسیبێ، جگە لەبیرچوون و بێئاگابوون و نەپێکان هیچ شتێکی تر نەبووەو نیەو داوای بەخشین دەکەین.

- خوێنەرانیش دەبێت بزانن ئەمە کارێکی هەروا ئاسان نیەو بێکەم و کوڕی نابێ، گرنگ ئەوەیە لەئایندەدا ڕاستیەکان بدۆزینەوەو تۆماریان بکەین و هەرکەسە مەڵۆیەك بخاتە سەر خەرمانی کورد...

ئێمە دەڵێین:

ئەم نوسینە زەحمەتەو قورسە، بێهەڵەو ناتەواوی نابێ، گرنگ ئەوەیە دیاریەکی شوانەو داواکارین بەچاوی ئینصافەوە لێمان وەرگرن، لەگەڵ ئەمەش دا هەر ڕەخنەو تێبینیەك هەبێت ئاگادارمان بکەنەوە بەڕێگەی خۆی بەسوپاسەوە وەری دەگرین ، دەیخەینە سەر چاومان.

نوسەر
١٩٩٧/٤/٢٦
سلێمانی

سەربوردێکی هەورامان و سەردانێکی تەوێڵە

ناوەرۆك	لاپەرە
ـ پێشەکی:	
ـ بەشی یەکەم: سەربوردێکی هەورامان	
ـ دیباچە	
ـ واژەی هەورامان	
ـ جوگرافیای هەورامان	
ـ ئابوری هەورامان	
ـ گۆشەیەکی مێژووی هەورامان	
ـ هەورامان مەڵبەندێکی ئایینی بووە لەکۆن و نوێ دا	
ـ هەورامان لەبواری کۆمەلآیەتی دا	
ـ شێوە زاری هەورامی	
ـ فەرهەنگ و رۆشنبیری لەهەوراماندا	
ـ هەوارگەی شاعیرانی هەورامان	
ـ بەشی دووەم: سەردانێکی تەوێڵە	
ـ سەرەتا: سەردانی تەوێڵە بۆ؟	
ـ دەروازەیەك لەمێژووی تەوێڵە	
ـ جوگرافیای تەوێڵە	
ـ هونەری ئاوەدانکردنەوە لەتەوێڵە	
ـ شارەوانی تەوێڵە	
ـ تەوێڵە لەرووی ئابوری وگوزەرانەوە	
ـ تەوێڵە لەرووی ئایینی یەوە	
ـ خوێندەواری و زانست لەتەوێڵە	
ـ تەوێڵە لەبواری کۆمەلآیەتی یەوە	
ـ تەوێڵەلەبواری رامیاری یەوە	
ـ تەوێڵەلەبواری تەندروستی یەوە	
ـ تەوێڵەلەبواری هونەرو ئەدەبدا	

ناوەڕۆك	لاپەڕە
بەشی سێهەم: پاشکۆ	
ـ سۆسەکان	
ـ بەڵخە	
ـ دەگا شێخان	
ـ بیارە	
ـ خورماڵ	
ـ کۆتایی	
ـ سەرچاوەکان	

پێشەکی

ـ بەشی یەکەم: سەربوردێکی هەورامان

- ـ دێباچە
- ـ واژەی هەورامان
- ـ جوگرافیای هەورامان
- ـ ئابوری هەورامان
- ـ گۆشەیەکی مێژووی هەورامان
- ـ هەورامان مەڵبەندێکی ئایینی بووە لەکۆن و نوێ دا
- ـ هەورامان لەبواری کۆمەلآیەتی دا
- ـ شێوە زاری هەورامی
- ـ فەرهەنگ و رۆشنبیری لەهەورامانداا
- ـ هەوارگەی شاعیرانی هەورامان

سەربوردێکی هەورامان

دێیاچە:

پەیجۆیی[1] لەسەر هەورامان و خاك و ئاوو ئاین و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و دانیشتوانی، کارێکە سانا نادات بەدەستەوە،چونکە لاکردنەوە ،لەم دەڤەرە، نەناسراوە، دەخوازێت،خەمێکی گەورە و،هەڵگری تەمەنێك، بەسەرببەیت، لەڕێ‌ی‌ئەوەی تا هەنووکە وتراوە و،ئەوەیشی کەهیچی لەسەر نەوتراوە، چونکە ئەم پەیجۆیی یە، کارێکی نوێ یەلەناوگەلی‌خۆمان دا و،بۆخۆمان و لەسەرخۆمان، سەبارەت بەم (هەورامان)ە بێ نازە، ئەوەیشی تائێستا کراوە "

أ) زۆرتر گشت گیربوون بەهەموو (کوردسان)ەوە،نەك تایبەت بە(هەورامان). هەرچەندە لەسەرکوردستانیش شتی کەم کراوە.

ب) زیاتر دەستی قەڵەمی ناوخۆمان نەبووەو، گەشتیارو رۆژ هەڵاتناسان، لەسەریان نووسیوین نەك خۆمان لەسەرخۆمان، کەئەمەش وای کردووە (د.بەهمەن فەریوەر) و (سۆران سنەیی) واتەنی:

١) زۆربەیان کارگێڕی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان بوون و،بۆمەبەستی خۆیان تیریان هاویشتووە،هەرئەوەشیان پێکاوەکەخۆیان ویستوویانە.

٢) زۆربەیان زماناس و،لێکۆڵەرەوە و،مێژوو نووسی،هەقیقی نەبوون، هەربۆیە ئاکامی پەیجۆیبەکەشیان هەروادەبێ.(جام چی تێدابێ هەرئەوەی لێ دەڕژێ).

٣) گرفتی زمان، کێشەیەك بووە، بڕواناکەین لێ‌ی دەربازبووبن، یان ئەوان زمانی ناوچەکەی ئێمەیان پڕ بەپڕی‌خۆی نەزانیووە،یان ئێمەیەکێکمان نەبووە، زمانی ئەوان بزانێنت و، بتوانین ئەوەی پێویستە پێیان بڵێین، یان هەردووکیان.

٤) نالێین نیانە، بەلام کەمیان هەن، بەشێوەیەکی گشتی، بەچاوی ڕێزەوە سەیری کورد بکەن. بەڵکو زۆربەیان، لەپێش داوەریەکی‌نابەجێ‌و، نارەوا، هاتونەتە کوردستان و، لەڕوانگەیەکی بەکەم زانینەوە سەیرمان دەکەن. ئەوەتا سەیری ئینسکلۆپیدیای بەریتانیا بکە،سەبارەت بە زاراوەی (Kurd- کورد) زۆربەی نەتەوەی کورد بەکێوی‌و وەحشی دانراون،تەنیا چەند بنەماڵەیەك لەشاری سنەو

سلێمانیدا، كەئەویش لەسایەی سەری بنەماڵەی ئەردەلأن و بابانەوە نەختێ شارستانیەت و تەمەدونیان پێكهێناوە.[٢]

٥) جیاوازی ئاینی نێوان ئێمەو ئەو ڕۆژهەلأتناسانە،وای كردووە،كەمجار ئەبێ، لەڕووی ئایینیەوە ئەو كارەئیجابیانەی كەهەیە،دانی خێری پیا بنرێ. ئەمە سەبارەت بەپێنووسی بیانی‌یەكان، سەبارەت بەقەڵەمی خۆشمان، تائێستا(ساڵی ٢٠٠٢)، یاوتارێكی ڕۆژنامە، یا نامیلكەیەك بووە، یاخود دەسنووسێك بووە، لەژوورێكی تاریكدا شاردراوەتەوە، ئەگەر پەراوێكیش دەرچوو بووبێت،لەم ساڵأنەی دوایی دا بووە،ئەوانیش لەپەنجەی دەست تێنەپەڕیون وپەیجۆیی زۆریان پێویستە بۆتەتەڵە كردنی ناوەڕۆكەكەی. ئەمەوادەكات بڵێین: زەوی ساكۆی ئەم مێژووە دێرینەی‌هەورامان، سەدان پەڕەی دەوێ،و هەروا بەمشتە ئاوێ تینوویەتی ناشكێ.

سلێمانیدا، کەئەویش لەسایەی سەری بنەماڵەی ئەردەڵان و بابانەوە نەختێ شارستانیەت و تەمەدونیان پێکهێناوە.(٢)

٥) جیاوازی ئاینی نێوان ئێمەو ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە،وای کردووە،کەمجار ئەبێ، لەڕووی ئایینیەوە ئەو کارەئیجابیانەی کەهەیە،دانی خێری پیا بنرێ. ئەمە سەبارەت بەپێنووسی بیانیەکان، سەبارەت بەقەڵەمی خۆشمان، تائێستا(ساڵی ٢٠٠٢)، یاوتارێکی ڕۆژنامە، یا نامیلکەیەك بووە، یاخود دەسنووسێك بووە، لەژورێکی تاریکدا شاردراوەتەوە، ئەگەر پەراوێکیش دەرچوو بووبێت،لەم ساڵانەی دوایی دا بووە،ئەوانیش لەپەنجەی دەست تێنەپەڕیون وپەیجۆیی زۆریان پێویستە بۆتەتەڵە کردنی ناوەڕۆکەکەی. ئەمەوادەکات بڵێین: زەوی ساکۆی ئەم مێژووە دێرینەیهەورامان، سەدان پەڕەی دەویَو، هەروا بەمشتە ئاویَ تینوویەتی ناشکیَ.

واژەی هەورامان

١ـ لەفەرهەنگی (برهان قانع)دا...

٢ـ لە(نەژاد لئوصول)ی (میرزا حەسەنی نەهرەوانی)دا...

٣ـ لە(جوگرافیای کوردستانی) (کەریم زەند)دا...

٤ـ بۆچونی م.فاروق بۆرەکەیی...

٥ـ چەند بۆچونێکی تر...

٦ـ لە(اصول أسماء المدن والمواقع الجغرافية)دا دەڵێ:

٧ـ ئەمین زەکی بەگ دەڵێ:

٨ـ لە(پەیامی هەورامان)دا بەم شێوەیە هاتووە:

٩ـ بۆچونێکی تری (پەیامی هەورامان)...

١٠ـ (م. محەمەد ئەمین هەورامانی)لە(مێژووی هەورامان)دا دەڵێ:

١١ـ م. عوسمان هەورامی بۆچونەکەی (د. فەرەیدون جونەیدی)بەلاوە دروستترە.

١٢ـ بەلای ئێمە شەوە...

واژەی هەورامان

گـوتراوە، وشـە یـا واژەی هـەورامان، بـەگوێرەی درێـژی تەمـەنیو پـانی زەویەکەی، تا ئێستا چەندان واتای، بە بەردا بڕاوە، با گوڵ گەشتێك بکەین بە ناویاندا:

١ـ لە فەرهەنگی (برهان قانع)دا لەبارەی (ئورامان)ەوە بێژراوە:

ئوورا: قەڵاو دیواری سەنگین و سەخت.

مان: ماڵ، شوێنگە، نشینگە.

کەواتە هەورامان واتە:شوێنی سەخت ژیان، ماڵ ونشینگەی سەخت.

٢ـ لـە کتێبـی (نـەژاد لئوصـول) ی (مـیرزا حەسـەنی نـەهرەوانی)، لـە سـاڵی (١٦١٤)ز، (ل ـ ٢٠٧)دا، هـاتووە کـە نـەژادی هەورامیـیەکان، دەگەڕێتـەوە بـۆ (هەرمیان) کەیەکێکە لە بنەماڵەی ئیبراهیم پێغەمبەر (د.خ). وەناوی هـەورامانیش لەوەوە هاتووە.

٣ـ گـەریم زەنـد لـە کتێبـی(جـوگرافی کوردسـتان)دا،(ل ـ٨٢) ڕەئـی زۆری هێناوەو باسی کردون، لەوانە دەڵێ:

ـ لە (ئورامان)ەوە هاتووە کەناوی ئاهەنگێکی کۆنی کوردە.

ـ لـە (هـور ئامـای)یـەوە هـاتووە، واتـە: هاتنـە سـەرەوە، بـەهۆی بـەرزی دەڤەرەکەوە.

٤ـ مامۆستا فاروق بۆرەکەیی (صەفی زادە)ش پێی واتە:

هۆزی گەورەی (هەوری) کە مینزایسم بوون و، لـەهۆزەکانی ئەشکانی بوون کەلـە هـەورامان دا ژیـاون.هووریـیەکان هـور پەرسـت(خـۆر پەرسـت)بـوون و بـەم هۆیـەوە ڕەنگـە هووریمـان (بەواتـەی جـێو شـوێنی هووریـیەکان) بووبـێ، کەئـەم وشـەیە، واتـەی مزگـت و جەمخانـەو ئـاگر گـەو هوورمـەزگانیش دەگرێتـەوە . هەروەها(ئاهوو ڕەمزەدە) نـاوی ئەسـتێرەی موشـتەرییە ، وە یەکەم ڕۆژی مانگی هەتاوییەو ناوی پێنج کەس لە پادشایانی ساسانیش (هورمەز) بووە.[٣]

٥ـ چەند ڕاو بۆچونێکی تریش هەیە، کە پێیان وایە بەم واتایانەش دێت:

– بـەهۆی بـەرزایی دیـاری هەورامانـەوە، ئـەم شـوێنە نـاونراوە، هوورامـان: هوور ئامای کە بەواتەی : هاتنە سەرەوەو پەنجینەیە.

– لە (هەورمان) ەوە هاتووە ، واتە: چەم و ماڵ و شوێنی هەورەکان.

– لە (هورمان) ەوە هاتووە = (خۆرمان) بە مانای شوێنی خۆر ، جێی پارانەوە بۆ هەتاو. پەرستشگە= هورمەزکان.
– لە ((هوور ئامان) ەوە هاتووە، هوور=خۆر، ئامان= هەڵاتووە، واتە: (خۆر هەڵاتووە) =خۆر هەڵات، بە مانای شوێنی هەڵاتنی خۆرە.
– وشەی (هور ئامان) بە مانای (هەڵهاتووە)یا(هەڵچووە) ش دێت.
– لە (هاورام)ەوە هاتووە، واتە:هامڕام ،هاوڕێگەم، هاوکارم.
– لە(هەناران)ەوە هاتووە، چونکە هەناری زۆری بووە.
– لە(هۆر ئامان)ەوە هاتووە، هۆر=خۆر. ئامان= هاتووە. واتە: وریا بن هەور هات.
– لە (هەواری+ مان) ەوە هاتووە، واتە هەواری نیشتەجێ چونکە هەورامی‌یەکان زوو نیشتەجێ بوون.
– لە (هەواری+ ئەمان) واتە: لە هەواری ئەمانە،ئەم خەڵکەوە هاتووە،چونکە هەورامان بۆهاوین جێگەیەکی خۆشە بۆ هەوار.
– لە (هاوار+ ئامان) ەوە هاتووە، واتە: داوای یارمەتی و کۆمەك وئەمان کردن. گوندێکیش لەم ناوچەیەدا بە ناوی (هاوار) ەوە هەیە، کە کاکەیی‌یەکان تیایدا نیشتەجێن. ئامان دوو مانا هەڵدەگرێ، ئامانێ= هاتووم، یا لە (ئەمن و ئەمان) ەوە هاتووە.
– لە (هەرمان) ەوە هاتووە، بە مانای : فرمان ، کارکردن، چونکە ئەم شوێنە شوێنی کارو فرمانە.
– لە (ئاورامان)، واتە:(برسیمان) ەوە هاتووە.
– لە وشەی (هوور مەزگان)ەوە هاتووە. بارەگای ئاهۆرە یا مزگەوت. جەمخانە. (گان)=مان =ماڵ=شوێن= واتە: شوێنی جەم بوونەوە بۆ خوا پەرستی.
– لە وشەی (ئاهورا مەزگان) ەوە هاتووە. ئاهورا= ئاهۆرە = بوون بەخش ، مەزن= گەورە، گان= مان = ماڵ ، واتە: شوێنی بەخشینی گەورە.

٦ـ لە(اصول اسماء المدن والمواقع الجغرافية) ج١ص _٢٣٣ سەبارەت بەشارەزوور هاتووەو ئەڵێ:

لە نزیکی ئەم شارەوە(شارەزوور) ، چیایەك هەیە بە (شەعران = هەورامان) ناسراوەو لە نزيك (زەڵم) ە. سەبارەت بە (خورماڵ) یش لە(ل١٦٠)دا ئەڵێ:

هەردوو مێژوونووس (ابن المهلهل) و(یاقوت الحموی)، یەك ڕایان هەیە و ، ئەڵێن : شاری(نیمرا) دەکەوێتە نزیك چیای (شاران =هەورامان) و (زەڵم)ەوە.

(شاران) یا خود هەندێ جار بە(شەعران) هاتووە، مەبەست لە هەورامان بووە، ئیترئەم وشەیە، لە چی‌یەوە هاتووە باس نەکراوە. واتە: ئەوسا وشەی (شاران= شەعران) لە بری وشەی هەورامان ، بەکارهاتووە.

ئێمەش دەڵێین: لەوانەیە وشەی (شاران یا شەعران) لەوەوە هاتبێ، ئەوسا خەڵکی ئەم ناوچەیە لە چاو دەروبەری‌دا زووتر نیشتەجێبوون و وازیان لە ژیانی کۆچەری هێناوەو ناوچەکەشیان ئاوەدان کردووەتەوە بە ئاوایی‌یەکانیان وتووە (شاران) ، چیاکەشیان بە چیای (شاران = شەعران) ناسراوە.چونکە تەوێڵەو بیارەو کەیمنەو بێرواس و سەرگەت و زەڵم و هەورامانی شارو...... تاد چەند ئاوایی و شار بوون لە دێرین زەماندا، لە دەوری ئەم چیایەدابوون. واتە: بۆیە چیاکەش پێی وتراوە چیای شاران .

٧ــ (هەورامان) لە لای مێژوونووسی گەورەی کورد (محەمەد ئەمین زەکی‌یەوە)، لە وشەی (ئارمان)ەوە هاتووە، ئەمەش بەپشت بەستن بە قسەی (هاڵمان)، گوایە ئەوەی کە (هاڵمان) پیایدا تێپەڕبووە، کە(سەرپێڵ زەهاوە) لە(ئارمان) چووە، بە مانای بەراوردکردنی جوگرافیایی ئەم ناوچەیە ، (هەورامان) ی ئێستا بووە.

٨ ـ لە پەیامی هەورامان(ل٨٨، ١٠٦، ١١٢) بەم شێوەیە هاتووە:

لە(هەورام و کەنوول) ەوە هاتووە، گوایا : هەورامانی‌یەکان بنچینەیان ،لە بنەماڵەی دوو بران، بەناوی (هەورام و کەنوول کەندوول).وەهەردوو برا ئەم دوو ناوچەیەیان ئاوەدان کردووەتەوە، یان فەرمانڕەوایی‌یان کردوون، ئیتر بە ناوی ئەوانەوە ناو براون.

کەنوولە: خۆی بەتەنیا شارۆچکەیەکە، کە ژمارەی خەڵکەکەی (٣٠٠٠) کەس دەبێت، وە لە ستانی کرماشاندایە ، کەکەوتووەتە سەرووی ڕۆژهەڵاتی‌یەوە، لە نێوان بێستون و سونقورە، لەپەنای دیوی ڕۆژئاوای دینەوەری دێریندایە ، کە پایتەختی دەوڵەتی حەسنەوی بووە، لە ساڵانی (٩٥٩ – ١٠١٥ ز) . کەنوولە، پێنج گوندی نزیك بەیەك لە دەوروبەری کەنوولەدان کە ناویان :(کاڵیان)= یانی کێڵراوە،(ڕازیان) = یانی خۆی ڕازاندووەتەوە ، (عەلیاوە) ،(ئەمین ئاوا) ، (بست) .ئەمانە بە کەنوولەیی بەناوبانگن و ناوچەکەی (هەورام) یش بە (هەورامان) .

٩ـ هەر لە (پەیامی هەورامان) ەوە ل (٢١٤) دەڵێ :

(هەورامان) لە وشەی (ئاهورامازدا) داوە هاتووە ، ئەمیش لە پەڕاوی ئاڤێستای زەردەشتیەوە ، وەرگیراوە ، وە ناوێکە لە سەد ناوەکانی خوا. هەر لە

هەمان سەرچاوەدا (ل٣٩١ ـ٣٩٣) ناوی (١٠٠) ناوەکەی بردووە . بەم شێوە (ئا) کە نەماوەو (ز) کەش بووەتە (ن) ، گۆڕینێکی کەم تیا ڕوویداوە ، لە چاوی کۆنی وشەکەو هاتنی یۆنانییەکان ، کەسێ سەدە زمان و دینێکی تریان بە سەر خەڵکیدا سەپاندووە.

١٠ـ مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی لە مێژووی هەورامان دا ل(١٠٧٤ ، ١٠٧٥) دا دەڵێ :

مێژوونووسە یۆنانییەکان ، ئەوانەی دەمی ئەسکەندەرو ، دەمی سەروکلاوی هیلینیەکان (دۆستەکانی ئەسکەندەر) وەهایان بەر چاو خستووە کە بۆ چەند جارێ هێرشیان هێناوەتە سەر کۆمەڵە شاخێ . یا هەندێ ناوچەی نیشتەجێ، کە بەکۆمەڵە شاخێکی سەخت دەورە دراوە ، بەڵام لە بەر لێهاتوویی خەڵکی ئەو ناوچانەو بەرگەگرتنیان ، لە ڕووی تینوویەتی و برسیەتی و بەردەوامی شەڕەوە نەتوانراوە ئەو ناوچانە بخرێنە ژێر فەرمانڕەوایی فەرمانڕەواکانی ئەسکەندەرەوە، بۆیە ئەویش زیندانێکی بە ناوی (زیندانی ئەسکەندەر) ەوە لە سنووری شاری زاخۆدا لە سەر مەرزی تورکیای ئێستادا، بە ناوی (اورامن) ەوە دروست کردووەو، ئەو ناویشە حاڵی حازر هەر بەو ناوەوە ماوە .

... جا هەورامان لە زەمانی ئەسکەندەری مەکدۆنی و، فەرمانڕەوایی هیلینیەکان دا هێشتا ناوی (هەورامان) ی وەرنەگرتەوە .بەڵکو کاتێ هەورامان، ناوی هەورامانی پێوە نرا ، کە دەوڵەتی ئەشکانی بۆی ڕوون بوویەوە، کە جگە لە هەورامان ، هیچ ناوچەیەکی دیکەی کوردستان و ئێران، پیاوی (ئاهورامەزدا) ی تیادا نەماوە !

واتە: کاتێ کە دەرکەوت ، کەپیری زەردەشتی ،هەر لە هەورامانـدا ماوە، ناوی هەورامانی لێ نراو، هەڵبەتە پاش سوان و لێ قرتاندن و، وشەی لێکدراوی (ئاهورامەزدامان) بووە بە (هەورامان) .

لە هەمان سەرچاوەدا هاتووە ، ل (٦٠٧ ـ ٦٠٩):

هەورامییەکان لە شەڕەکانی دواتردا دەیان وت: هەورامان بە ئەسکەندەر نەگیراوە ئێستا بۆفلان بگیرێ ...ئەمە بێگومان ئەوە دەردەخات، کە کاتی خۆی ئەسکەندەرهەوڵی زۆری دابێ بۆ ئەوەی هەورامان بگرێ،بەڵام نەیتوانیوە بیگرێ، چونکە هەروەك ڕازی دەماودەمی(تل،تل کردنەوە = تاشە بەرد تل کردنەوە) هەیە کە کاتی خۆی، هاتنی لەشکری ئەسکەندەر بۆ هەورامان و ، بەستنی ڕێگای و شکانی، بەهۆی چەکی بەرد گل کردنەوەوە ، بووە !

پیری زەردەشتی یان ، بۆ دەرمان نەهێشتووە ،سەرپاکیان کوشتن و کتێبی ئاڤێستایان، کە لە هەزاران پێست دا، نووسرا بوو، سوتاندنیان، یا بۆ خۆیانیان برد. زەردەشتییەکان لە بەر ئاسایش و ئارامی ،رایان کردە هەورامان . واتە: هەورامان بوو بە هەشارگەری ماگایانی زەردەشتی ، یاخود پیاوانی (ئاهورا مەزدا).

ئەگەر لە رووی (ریشە ناسی) شەوە لێی بکۆڵینەوە بەم شێوەی لێ دێت :

– هەورا : لە (ئاهورا) وە هاتووە ،پاش ئەوەی کە هەندێ سووانی بە سەردا هاتووە و، وەهای لێ هاتووە ، کە واتای (خوای گەورە) بدات.

– مان : پاشبەندێکەو. پاش کورت بوونەوە، وەهای لێ هاتووە! ئەمەش نیانێکی (ماد)ەکانە، یاخود ریشەیەکی رەسەنە، لەزمانی (ماد)ەکان و ، بە واتای (بووم = زەوی) زەمین . زەوی و زار هاتووە ، کەوابوو: وشەی (هەورامان) کورتکراوەی یا بچووك کراوەی وشەی لێکدراوی (ئاهورا مەزدامان)ەو، بەرە بەرەبە پێی یاسای ئاسان بوون. کە زمان پیایدا دەرِوات بەو جۆرەی ئێستای لێ هاتووە!بووە بە (هەورامان) . وادەزانین :ئەم بۆچوونەی (م. هەورامانی) لە راکانی تر ، بە هێزتر بێت[٤] ... بەڵام ئەم دوو بۆچوونەی تریش گرنگن و ئێمە بە پەسەندترین بۆچوونیان دادەنێین ...

١١ـ لە گۆڤاری هەورامان . کە گۆڤارێکی فیکری- رۆشنبیری- وەرزییەر مەڵبەندی رۆشنبیری هەورامان دەریدەکات ژ ـ١ ـ زستانی (٢٠٠٣) ل (٢ـ٣) دا لەنوسینێکی مامۆستا عوسمان محمەد هەورامی دا بەو ناوی (سەر زەمینی پیرۆز) ەوە هاتووەو دەڵێ:

(... دەربارەی رەچەڵەك و رەگ و ریشەی وشەی هەورامان زۆر بێژراوەو ئامارژە بۆ هەندێ بەڵگەو سەرچاوەش کراوە ... بەلای منەوە بۆچوونە بەڵگەدارەکەی (د. فەرەیدون جونەیدی) لە هەموویان دروستترو گونجاوترە ، ناو براو مامۆستاو سەرۆکی بەشی مێژووە لە زانکۆی تاران خاوەن ئەزموون و راژەیەکی دەیان ساڵیشە ... لە کۆنگرەی هەورامانناسی دا بەشداربوو ، کە لە شاری سنەدا رۆژانی (٧ ـ ٨ ـ ٩/ ٦/ ٢٠٠٠) بەرێوەبرا ...پاش نیوەرۆی رۆژی (٢٠٠٠/٦/٧) لە بارەی (هەورامان و شێوەزاری هەورامی)یەوە بابەتێکی خوێندەوە، بەندەش ئامادەبووم، وتی :

(وشەی هەورامان. بە زمانی ئاڤێستا بەم شێوەیە بووە، ئورمون — ب- گوزەرکردنی رۆژگارانی دورو درێژ، وردە وردە بووە بە هەورامان — ئورو — بە واتای سەرزەمین _مون _ واتە پیرۆز ، کەواتە : وشەی _ ئورومون _ واتای

زەمینی پیرۆز دەگەیەنێ ...دیارە هەر لە سەردەمی حەزرەتی ئیبراهیمەوە (د.خ) تاكو ئەم سەردەمانەش مەڵبەندی ئایینە پیرۆزەكان و پیاو چاكانی خودایەو لە هەموو لایەكەوە روویان تێ كردووە و دەیكەن ...) صەیدی هەورامیش لە هۆنراوەیەكیدا وشەی (ئورومون) ی بەم چەشنە تۆمار كردووە.

ئەز (ئورومون) مەكانمبی وەلاتم، واتە : زێد و وڵاتی من (هەورامان) بوو.

١٢ــ وشەی (هەورامان) لە هەردوو وشەی لێكدراوی (هەواری ـ ئەمان)ەوە هاتووە .

واتە: شوێنی هەوارگەو پەناگەو هەشارگەی هێمن و ئاسایش و ئەمن و ئەمان . بەڵگەشمان:

أـ ئەگەر چاوێك بگێرین بە بۆچونەكانی پێشەوە ئەمانەمان بۆ دەردەكەوێت، كەهەورامان بەمانای:

- ماڵ و نشینگەو سەخت و قەڵا هاتووە ، واتە (مأمن مستحكم) شوێنی ئارامیو ئاسایش.

ــ چەم و شوێنی پارانەوە و خوا پەرستی، كەئەمەش ئەمن و ئاسایش دەگەیەنێ، چونكە پەرستگاكان ئەمن و ئەمان و جێگەی بێ دەنگی و هێمنین .

- هاورام = هاوڕێگە هاتووە، هاوڕێباز، هاوڕێ وهاوڕێ بازەكان،دڵیان بەیەك دەكرێتەوە و دەبنە جێگەی ڕازو نیازی یەك،واتە: ئەمینن لەیەك. (- (هاوار — ئامان) واتە : هاوار ئامانی پاریزیندیم . بەمانای هاوار ئەوا هاتم بمپارێزن.

- (هەواری — ئەمان) هەواری ئەم خەڵكە ، واتە: جێگەی هەوارو هاوینە هەواری كۆمەڵێك خەڵك .

- (هەواری — مان) هەواری نیشتەجێبوون ، لەناو كوردا، هەورامیيەكان، زووتر نیشتەجێبوون و دامەزراون و وازیان لە ژیانی كۆچەرایەتی هێناوە .

- لەمانەی ڕابورد ، بۆمان دەركەوت زوربەیان ، لەو ماناو ناوەڕۆك و زاراوەوە نزیكن ، واتە: واحاڵی بووین كە هەورامان جێگەی هەوارو كەپرو سەیرانگاو شوێنی هاوینە هەوارە . لەلایەكی تریشەوە جێگەی ئەمن و ئەمان و ئاسایش و هێمنی و خۆپارێزیيە و دوور لە زۆر شەڕو شۆڕ بووە .

ب ــ لە سەردەمەكانی مێژوودا ، هەورامان ، هەشارگەو لانكەو داڵدەگاو قەڵاو قەڵغان و سپەر بووە ، بۆ خەڵكە ڕەسەنەكەی و بۆ غەریب و ئاوارەو دەربەدەرو ڕاكردوو و لێقەوماوو هەژاران و، هەروەها تێكۆشەران و شۆڕشگێڕان و زاناو سەیدوپیران و... تاد. قەڵغان وسپەرو قەڵا بووە، لە سەردەمی

ئاشورى‌يەكان، لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی ، لە سەردەمی هارونە ڕەشیدا، لە سەردەمی هەموو شۆڕشەکانی کوردیشدا.

م. محەمەد ئەمین هەورامانی لە مێژووەکەی‌دا ،(ل _٦١٩ _ ٦٣٣) کە باس لە (٣١) هۆزی گەورەی هەورامان دەکات ، باس لەوە دەکات کە زۆریان لە شوێنی ترەوە هاتوون بۆ ناوچەکە ، لە (ل _ ٦٣٣) دا دەڵێ: .. لەئەنجامدا ، ڕوون بوویەوە کە زۆربەی هۆزەکان ، لەملا و لاوە ، بۆ ناوچەکانی هەورامان هاتوون و هەندێکیشیان ناوی کۆنیان هەڵگرتووە و هەندێ لەو ناوانەش بەشێوەی هەورامانی زۆر کۆنە . ئەگەر لە سالانی ئەم دوایی‌یەش بکۆڵینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کە: لە سەردەمی عوسمانی و صەفەوی و قاجاری و ڕەزا شادا ، یا بڵێین سەردەمی سان و خان و شێخەکانی هەورامان دا ، لە هێرشە دڕندانەکەی زەعیم صدیق و بە درێژایی شۆڕشەکانی کورد ، هەر لە شۆڕشی شێخ محمود و ئەیلول و حوزەیران و گولانەوە هەورامان پەناگا بووە .واتە : لەمانەوە دەرکەوت هەورامان هەشارگە و لانکە و قەلاو شوێنی خەبات کاران بووە . هیچ شوێنێکی کوردستان، ئەوەندەی هەورامان، کەسی پەناهەندەی لە خۆنەگرتووە بە تایبەت پیاو چاکان ، لە ماگ و پیرو سەیدو شێخ و زاناو هەژاران .

ج. ئەم شوێنە بە درێژایی مێژوو لە چاو شوێنەکانی تری کوردستان دا ، خوێن و کوشتارو شەڕو شۆڕی کەم تیاکراوە ، ئەوەش کەبووە زیاتر دەسەلاتدارەکان لە سەر کورسی دەسەلات بووە ، ئەو هۆزگەرایەتی و خێلایەتی‌یەی کەلە شوێنانی تر هۆی ئاشوب و شەڕو شۆڕ بووە ، لێرە نەبووە و زۆر کەمە .

د . مێژوونووسە کۆنەکان بەتایبەت (ئیبن موهەلهەل و یاقوتی حەمەوی و شەرەفخان و ... تاد) کە باسی ناوچەکەیان کردبێت ، وشەی هەورامانیان بەکار نەهێناوە ، بەڵکو وشەی (شاران= شەعران ، زەلم ، مەشعەلە= مێشلە و... تاد) ئەوانەیان بە کار هێناوە ، واتە ئەم وشەیە کاتێك بەکارهاتووە ، وشەی (امان) کە وشەیەکی عەرەبی‌یە ، لای خەڵکەکە ئاسایی بووە ، ئێستاش وشەی (ئەمن و ئەمان و ئەمین) لە زمانی کوردیدا جێگەی خۆی گرتووە .

ه. لێرە پرسیارێك سەر هەڵدەدات... ئایا بۆچی هەورامان دەبێت بە (هەواری ئەمان) ، بۆ خەڵکی ؟ بۆچی بووەتە جێگەی ئاسایش و هێمنی و ئارامی ؟ بۆچی بووەتە قەلاو قەلغان و سپەر ؟ بۆچی بووەتە لانکەی خەباتکاران وشۆڕشگێران ؟ دەڵێین : هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ تۆبۆگرافیاو سایکۆلۆجیاو سۆسیۆلۆجی هەورامان و هەورامی‌یەکان . تۆبۆگرافیای هەورامان ، کاریگەری

خۆی هەیە ، چونكە ئەو شاخ وداخانە ئەو تاشە بەردو مایە گەورانە، ئەو دۆڵ و دەربەندانە بوونەتە قەڵاوقەڵغان، لانەی خۆپارێزی و چیای بەرگرین ، هەناسەی ئەم شاخانە بۆ بەرەنگاری شەڕ، قوڵ و نەفەس درێژن، سنگی هەر دەربەندو شاخێكی بگری ، شوێنگای چەندان مەردی چاو تیژی هەست بزووتی وای تێدادەبێتەوە كە بە درێژایی دەیان شەوو ڕۆژ، ڕێگای خۆیو پەلەوەڕی لە دوژمن هەڵەبكات . سایكۆلۆجیای هەورامی‌یەكان، كاریگەری زۆرتری هەبووە، چونكە هەورامی‌یەكان بە گشتی سالمن وحەزیان لە شەڕو شۆڕ نی‌یە مەگەر بۆ خۆپاراستن (دفاع) شەڕبكەن، دڵپاك و دەست پاكن ، حەز لە پێكەوە ژیان و ئاشتی و تەبایی دەكەن . چەك و چەكداری لە هەوراماندا كەم هەیە، هەروەها ئەوسا هەرامی‌یەكان دەچوون بۆ ناو باخ و هەوارەكانیان كەمێك پێداویستیان لە گەڵ خۆیان دەبرد ئەویتریان لە خانووەكان بە جێ‌دەهێشت بێ پاسەوان ، كەس دەستی بۆ نەدەبرد ، خۆشیان لە هەوارەكان بێ‌چەك بوون ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پابەندبوونیان بە ئایینەوە، هەر لە سەردەمی ئایینی زەردەشتی ، زۆر پابەندبوون بە ئایینەوە، ئەوەش بەهۆی ئەو هەموو پیرانەی كەبوون لە ناوچەكەدا ... لەسەردەمی ئیسلامیشدا ئەوەندە زاناو سەیدو شێخ لەناوچەكەدابوون كاریگەرییان بووە لەسەر خەڵكەكەی، بەتایبەت شێخەكانی هەورامان، خۆیان و خەڵكەكەیان دوورخستووەتەوە لە شەڕو ئاشوب و ئاژاوە، ئەگەر شتێكیش ڕوویدابێت هەوڵ دراوە بە ئاشتی‌و صولح ڕێك بكەون . سۆسیۆلۆجیای خەڵكی هەورامان، هەورامی زۆر پابەندنین بە هۆزایەتی‌و خێڵایەتیەوە ئایینەكە وای كردووە وا بیربكەنەوە كە هەموو بران و دەبێت برایەتی‌و تەبایی بپارێزن . پێكهاتەی خێڵایەتی هەورامی سلبیاتی كەمەو زیانی كەم بووە زیاتر ئیجابیات بووە. بەكورتی واتە :

باری جوگرافیای ناوچەكەو سایكۆلۆجیەتی خەڵكەكەی كاریگەریان بووە لەسەر ئەم مەسەلەیە .

هادی بەهمەنی لەپەیامی هەوراماندا (لـ ١١٣)دا دەڵێ : هەورامان پەناگەیە...ئەمەش هەر بۆ جوگرافیاكەی ناگەڕێتەوە چونكە لەكوردستاندا شوێنی وامان زۆرە ، بەڵكو زیاتر بۆ: ڕەوشت وهەستی تایبەتی خەڵكی هەورامان دەگەڕێتەوە ...

پەراوێزەکان

(١) پەیجۆیی... واتە: لێکۆڵینەوە، تەحقیق.

(٢) بڕوانە گۆڤاری سروە، ژ٥٤، ل٤١، بەفرانباری ١٩٩٦، نووسینێکی د. بەهمەن فەریوەر، بەناوی(هەورامان ناوچەی نەناسراو).

(٣) گۆڤاری سروە، ژ١٣٦، ل٤٦، خەزەڵوەری ١٣٧٦، نووسینێکی م. فاروق بۆرەکەیی بەناوی(هەورامان).

(٤) ئەم بۆچوونە لەوەدا گومانی لێدەکرێت، کە م. محەمەد ئەمین هەموو وشەکان دەگەڕێنێتەوە بۆسەر ئاینی زەردەشتی، وەلەلایەکی ترەوە لەنووسینەکانیدا زۆر گرنگی دەدات بەوئاینە و هەموو وشەکان بەلای ئەوئاینەدا دەشکێنێتەوە، تەنانەت هەندێ وشەهەیە کەلەوانەیە لە٩٠٪ زیاتر بەلای وشەیەکی عەرەبیدا بچێت کەچی ئەو یەکسەر دەیباتەوە بۆئاینی زەردەشتی وەك: وشەی (سان) لە(سلطان)ی عەرەبییەوە هاتووە. هەروەها چەند نموونەیەکی ترهەیە لەمێژووی هەورامان دا سەیربکەوەك ئەم وشانە:

وشەی گۆران - ل١٠٩٧، وشەی هەورامان - ل٦٠٧،٦٠٩، وشەی بەگ - ل٦١٢، وشەی سیروان - ل١٢٠٣، وشەی هۆرە - ل١٠٩٧، وشەی سیاچەمانە - ل١١٠٠، وشەی سان - ل٦١٠

هەروەها پشتوێن و بەستنی بەشێوەی سێ گرێ دەبەستێتەوە بەسێ پەندی نێکی زەردەشتییەوە- ل١٠٩٤

جوگرافیای هەورامان

- خاك وخەڵکەکەی
- سروشتی خاکی هەورامان
- نه خشەی هەورامان
- گرنگترین چیاکانی هەورامان
- قانع و سپه نجی و شاخی هەورامان
- گفت و گۆی نێوان تەخت و کۆساڵان
- ئاو و هەوای هەورامان
- ڕووبارو چەمەکانی هەورامان
- نەخشەی ڕووبارو شاخەکانی هەورامان
- هەورامان و بەشکردنی
- گوند و شارۆچکەکانی هەورامان
- گەشتێك بە هەورامانی دیوی عێراق دا
- جوانی و سروشتی هەورامان
- ڤەهارو هۆرامانی
- گەشت و دلی گورالاّ
- مەلا حەسەنی دزڵی و هەورامان

جوگرافیای هەورامان

خاك و خەڵکەکەی:

ـ ڕووبەر و سنورەکەی:

بێگومان هەورامان یان هەورامی زمان ،لە کۆندا، لەم قەوارەی ئێستای زیاتری داگیر کردووە.[1] ڕووبەری هەورامان بە تەواوی نازانین بەلاّم لە مێژووی هەوراماندا درێژی خاکەکەی بە(٣٠٠) کم و پانایییەکەی بە(١٢٠) کم دانراوە٠[2] لە پەیامی هەورامانیش دا ڕووبەرەکەی بەلای کەمییەوە ــ بەم شێوەیە دانراوە:[3]

٩١٥٠ کم \٢ هەورامانی ئێران

١١٧٠ کم \٢ هەورامانی عێراق

١٠٣٢٠ کم \٢ کۆی گشتی

وە لەسەر هێڵی درێژی ٤٥ پلەو هێلی پانی ٣٥ پلە دایە.

دەتوانین سنورەکەشی بەم شێوە دیاری بکەین:

- لە باکورەوە (مەریوان) و (پێنجوێن)ە.
- لە باشورەوە (جوانڕۆ) یە.
- لە ڕۆژهەلاّتەوە (سنە) و (کامیاران) ە.
- لە ڕۆژئاواوە (هەڵەبجە) و (سەید صادق) ە.

ـ دانیشتوانی:

ژمارەی دانیشتوانی هەورامان بە تەواوی نازانین، بەلاّم لە پەیامی هەورامان دا ئەمیش بەم شێوە نوسراوە.[4]

٩٣٠٠٠٠ ژمارەی دانیشتوانی هەورامانی ئێران.

١٢٠٠٠٠ ژمارەی دانیشتوانی هەورامانی عێراق.

٠٠٥٠٠٠ ژمارەی ئەوانی دەرەوەی ناوچەکە.

کۆی هەموی (١٠٥٥٠٠٠) یەك ملیۆن و پەنجاو پێنج هەزار کەس.

ـ سروشتی خاکی هەورامان:

هەورامان ناوچەیەکی کوردییەو لە ناو جەرگەی کوردستانە ، پڕیەتی لە شاخ و داخ و چیاو دۆڵ و نشێو،چەندەها دەربەند و نواڵە و، کەل و کەمەر و مای تێدایە، دەشتایی و تەختایی زۆر کەمە، شاخ و چیاکانی هەورامان درێژ بوونەوەی زنجیرەی شاخەکانی (زاگرۆس) ن. بەرزی شاخەکانی لە نێوان (١٢٧٠-٣٣٩٠م)ە. سروشتی خاکەکەی وای کردووە:

- زەوی و زاری گونجاوی کەم بێت ، بۆ کشتوکاڵ و کشتیاری بە تایبەت بۆدانەوێڵە، کومسایی (ئیکتیفای زاتی) خەڵکەکەی نەدات.

- بەزەحمەت و بەرەنجێکی زۆر،بتوانن لەو شاخ و داخە، زەوی وزار رێك بخەن بۆ کشتوکاڵ و باخ و باخات، لەبەر ئەمەشە کە باخەکانیان خۆشەویستن لە لایان ، وە خەڵکەکشی بە زەحمەتکێش بە ناوبانگن.(٥)

ـ گوند و شارۆچکەکانی بەرین و گەورەنەبن ببنە شار،ئەمەش بووەتە هۆی کۆچکردنی خەڵکەکەی.(٦)

ـ بووە تە هۆی لێك دابڕینی لادێکان ، لە ناو خۆیاندا و لە نێوان بەشەکانی تری کوردستانیشدا ، هەر بۆیە: لە هەندێ ڕووەوە ، جیاوازی هەست پێ دەکرێ ، لەڕووی جۆری ژیان و خواردن و پۆشاك و نەریت و، بە تایبەت لەڕووی زمانەوە وای لێ هاتووە کە زووربەی ڕۆژهەڵاتناس و هەندێ لە زمانناسی ناوەوەش بە زمانێکی سەربەخۆی لە قەڵەم بدەن.(٧)

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەورامان هەرلە دێرزەمانەوەبەوە ناسراوە کەجێگیر و بە ئارام بووە لەسەر خۆ ڕاهێنانی خۆی و خۆ گونجاندنیداو هەرگیز گەرمیان و کوێستانی نەکردووە وەك و لە بەشی (عشائر لوء السليمانيه) دا ئەڵێت: ژمارەی خێزانەکانی هەورامان (٤٠٠٠) چوار هەزار بوون و ڕێگاو ڕەویەی ژیانیان جێ نشینی بووەو، کۆچەر نەبوون ، کە ئەم ڕایە هەڵبژێرراوی کتێبەکەی (د.شاکر خەصباك)ە بە ناوی (الاكراد) ل ١٧٢ ، کە (مارك سايكس) ئەم ئامارەی کردووە بۆ سەرەتای ئەم سەدەی ڕابووردووە،(مەبەستی سەدەی بیستەمە).

ـ گرنگترین چیاکانی هەورامان:

وتمان چیاکانی هەورامان، درێژبوونەوەی زنجیرە شاخەکانی (زاگرۆس)ن. جا ئەم شاخانە لە هەر شوێن و جێگەیەکدا ناوێکیان هەیە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

ـ چیای شاهۆ:

زنجیرە چیای شاهۆ ، هەورامانی کردووەتە، دوو بەشەوە هەورامانی تەخت و هەورامانی لهۆن. بەرزترین لوتکەی چیای شاهۆ ، پێی دەوترێت (زاوڵی) کە (٣٣٩٠) مەترە. هەر لەو تەوقە سەرەی شاهۆوە دەشتێکی پان و پۆڕ هەیە و ، لە بەهاراندا یەکپارچە بە پیازی خۆڕسك سەوز دەکاتەوە ئەوەندە پیازی تێدا دەڕوێ حساب ناکرێ، بۆیە پێی دەڵێن: (پیازە دۆڵ) سەیر لەوەدایە بەوتەوقە سەرەوە، ئەوەندە کانیشی تێدایە ئاوی ئەو هەموو پیازانە دەدەن.

ـ چیای ئاتەشگا:

ئەم چیایە دیوی ڕۆژهەڵاتی دەڕوانێت بەسەر ناوچەی جوانڕۆدا،دیوی ڕۆژئاواشی ناوچەی هەورامانی لهۆنەو،بەرامبەر بە پاوەو دوریسان وشمشێرەو،لەپشتەوەی نۆسمەو بندەرەو خانەگا و گرالْ و دەر مورو دشەوەیە.بۆیە بەم ناوەوەناونراوە: گوایە لەسەردەمی کۆندا بەسەر لوتکەی ئەم شاخەوە ئاگر کراوەتەوەو ناوچەکانی دەورو بەر لەبۆنەکان ئاگادار کراونەتەوە، چونکە ئەم شاخە بەرزایی دەگاتە (٢٤٦٥م)و، لەناوچەکانی شارەزوور و مایدەشتەوە لوتکەکەی دیارە.

ـ چیای کۆسالان:

لە پشتی (ڕەزاو) و(دووڕووە)وەیە ئەکەوێتە بەرامبەر (سەولاوا)و بەرزایی (٢٥٩٦م)ە.

ـ چیای پیر ڕۆستەم:

کەوتووتە پشتی شاری هەورامان و وەیسیاو کەمالاو ڕووەوەرێ.

ـ چیای عەودالان:

لە لای ڕۆژئاوایەوە ئەڕوانێ بەسەر هەواری پیر ڕۆستەم و دەرەوکێدا.

صەیدی لەبارەی ئەم سێ شاخەی پێشووەوە گەلێك هۆنراوەی هەیە لەوانە:[8]

میرزام سەیری هەرد(کۆسالان) وەشەن	تەماشای جەرگەی گولاڵان وەشەن
سەیری سەر بەرزان(عەودالان)وەشەن	پەی لانساران (خاڵخاڵش)وەشەن

لە شوێنێكی تر دەڵێت:

ئێمەو دڵ هەردوو، بەرزاییو لالأن　　با بشمیٚ وەسەیر، بارگەی (عەودالأن)
پەی دیارشان ،گەرمی،تا سەمەن　　سەرزەمین گرتەن، دووی هەناسەمەن
(پیرڕۆستەم)وێران، كەس نی‌یەن تیشدا　　وێرانیش،مەدۆ، جەرگم بە نێش دا
شەوبۆش نیلی پۆش،غەمگین دیارەن　　چنورش پەشێو، چون زوڵفی یارەن
سەربەرزان هەردان، (عەودالأن) تارەن　　سەیری پەی‌یاران،چون ژەهری مارەن
با بەدۆعای خەیر،یاران كەرمیٚ شاد　　خاسی (عەودالأن)، باوەرمیٚ وەیاد

- چیاكانی ناوچەی مەریوان:

وەك (چـل چـەمە)كەبـەرزایی (٣١٧٣م) ە، هـەزار مێـرگ كەبـەرزایی (٢٧٠٧م)ە، كانی میران كەبەرزایی(١٨٥٠م)ە.

- چیاكانی تەوێڵەو بیارەو زەڵم:

كەهەموویان بە(شاخی هەورامان)ناسراون ئەم چیایانە لە هەر شوێنێكیش ناوێكیـان هەیـە وەك: دالأنـی،كـەژی سـپی یـان تـەخت[٩] كـە بەرزاییەكـەی (٢٩٨٥م)ە، ئەم دووانە لە پشتی دزاوەر و تەوێڵەدان، كەماجەر ،نوەیجەر ، لە پشتی (كەیمنەو بیرواس و بیارەن) ژاڵانە بەرامبەر هەورامانی تەختە، لە پشتی زەڵم و ئەحمەد ئاواشەوە مڵەخوردو شەرام و ڕەنگینە...

- چیاكانی سورێن:

لەڕۆژهـەڵاتی بانیشـارەوە دەسـت پێدەكـەن، بـۆ نـەویٚ و بـانیبنۆك،تـا وڵەسمت، بەرزایی ئەم شاخانە لە (١٨٩٠-٢١٥٩م)[١٠]

- جگە لەمانە چیای ترمان زۆرە وەك: شەمشی، دۆڵان، تەتە، سـەرتەڵان، ساوان، مایگەزان، وەزڵی ، قژاكان وهەوارەبەرزەو، ناناوێژە ...تاد.

تێبینی:

هەورامان دەشتی نی‌یە ،جگە لە دوو دەشتی بچوكی (دزڵی) و (دەرەوكیٚ) كە هەریەكەیان (٣,٥كم/٢) ڕووبەریانە...

هەروەها دەشتی (خارگێلان) و (زەردەهاڵ) و دەوروبەری.

قانع و سپە نجی و شاخی هەورامان

گەلێك شاعیری كورد هۆنراوەیان بەسـەر شاخی هەوراماندا وتـووە، ئێمـە لێـرەدا شیعرەكانی (قـانع) و وەڵامەكـەی (سپەنجی)دەكەینـە نمونەیـەك،ئەمـەش هۆنراوەكەی قانعە:

لەگەڵ شاخی هەوراماندا[11]

قەڵای هۆزو گەل، شاخی هەورامان پرسیارم هەیە، دەستم بەدامان
لە لام ڕووناکە، شاخێکی سەختی پشت و کۆمەکی.وەخت و بێ وەختی
سەر کڵاوانت،کوێستانی پـڕ گوڵ تەماشای گوڵت،زاخاو ئەدا دڵ
چنور و شەوبۆ، بەڕەزاو کەرەس ڕێواس و پیچک. دامێنی هەرەس
کەوی دەنوک سور،کۆتری هـاتوو قیژەی قژاکە، قژقژی پەپوو
کوێستانی بەرزی،لەگێتی تـاکی خەتی ماجینۆی، کوردی بێ باکی
کوێستانی بەرزی،بەرزە دەماخی گشت کەس ئەزانێ،کەشاخ و داخی

* * *

کتێبی زەردەشت، کە ئاوێستایە وەک باقی کتێب، خەڵاتی خوایە
بەزمان هەورامی، هاتە سەر بەشەر یانێ های زەردەشت، بووی بە پێغەمبەر
تا دەوری خۆی بوو، وەک باقی دینان بەڵام نەسخ بوو، ئەویش بە قورئان
ماریفەت و پیر، وتەی شالیارە کە پیر شالیار، لەگشت دیارە

* * *

شاخیهەورامان، هەرچەندرەنجەڕۆم زۆر چاک بزانە، کە مەمنونی تۆم
چونکە پاراستت، تۆئەو زمانە تێکەڵت نەکرد، لەگەڵ بێگانە
نەڕۆم نەعەجەم، نەتورکی تاتار نەڕوس نە ژاپۆن، نەدەس ئیستعمار
نەهاتنە ناووت، سەر بەخۆ ژیای بۆلاوەکانت،تۆ پشت و پەنای
ئێستە نازانم،بۆ چی بێڕەنگی ؟ ! دوور بێ لەگیانت، بۆچی دڵتەنگی ؟!

* * *

شاخی هەورامان:

وتی: ئەی (قانع)، لەمن بێکەس تر لەمن داماو تر، لەمن بێدەس تر
بۆچی لێت پرسیم؟دەردم گرانە !! وا من پێت ئەڵێم، زۆر چاک بزانە
تەماشا ئەکەم، بەرزە دەماخم لەناو شاخانا، سەرگەورەی شاخم
نەتانک و نەتۆپ، ئیشم تیا ناکا بە سەد تەیارە، بەردێک لانابا
مامۆستام نیە، بەلاو بخوێنێ ئەولادەکانم، بۆ تێگەیەنێ
پزیشکم نەدی، من لە عومری خۆم وەسام تیا نەبوو،جک لەجۆلاو دۆم
جێی کشتوکاڵم، تابڵێی کەمە بەڵام پرچ و ڕیش، تابڵێی هەمە
لەهاڵ و شەوەو، خێوی سەرکانی جنۆکەی زل زل، دێوی شەیتانی
مەکتەبێک نەبوو، ئەمانە لابات زانینی ڕاستی، تیا دا پەیدا کات

منیش پێشکەوم،وەک باقی یاران بەجێ‌نەمێنم،لەگەڵ هاوسەران
ئەوسا بنازم، بڵێم من شاخم شاخی هەورامان، بەرزە دەماخم
باوە جود هەتا، دوران وەها بێ خەمخۆری بۆ من، قەت پەیدا نابێ
ئەگەر لەناو من، لابەی نەزانین ئەبم بە بەهەشت، سەراسەر زەمین
بێ‌تەماشەم کە! لەکاتی بەهار گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ، لە یەک تا هەزار
قەڵبەزەی تاقم، قرمەی بەفراووم چەپکەی لانزار، وەک بووک نەخشاووم
شنەی نەسیمم، لە بەری بەیان ئەدا لەگۆنای، نازک نەوهالاَن
ئەمجا ئەزانی، کەمن بەهەشتم سەرتا بەخوارم، ڕاستە گوڵ گەشتم

* * *

ماموستا قانع لەم هۆنراوەیەی‌دا، خاڵی جوانی باس کردووە، بەلاَم چەند شتێکیشی نووسیوە، یان وانیە یاخود ئێستە گۆڕانکاری هاتووە بەسەر هەوراماندا، بۆیە چەند شاعیرێك،وەلاَمێکی ناسك و پاراوی (قانع) ی شاعیریان داوەتەوەو ئێمەش بەباشی دەزانین وەلاَمەکان بۆ تەڕو پاراو کردنی باسەکەمان بیاننوسین:

ئەمەش وەلاَمی ماموستا هادی سپەنجی پاوەیی‌یە بۆماموستا قانع.[١٢]

لە جواوی قانع، شاخی هەورامان بۆ وەلاَمی ئەو، بوو دەستەدامان
پاش ڕازاندنەوەی، ئەو شاخ و داخە کوێستانی بەرزو، گوڵ گەشت و باخە
بەوتەی جوان و، هەڵبەستی دڵگیر تاریفی زمان و، ماریفەت و پیر
باسی ئەوێستاو، پیری شالیار پاراستن زمان، لە دەست ئیستیعمار
سەر بەخۆ ژیای، قەلاَو هۆز وگەل وەک پرشەی نوری، ئەستێرەی سەر کەل
گوایە هەورامان، بەرزبوو بێ‌دەنگی لە جواوی قانع، زۆر بە دڵتەنگی
وتبووی بێکەس، بێ دەسەلاَتم بەبەرزی بیمار، لەسەر بەساتم
ئەگەر چی‌بەرزم،سەرگەورەی شاخم پشت و پەنای گەل، کوێرە وەجاخم
ماموستام نەبوو، تا من پێشکەووم نەم بوو خەمخۆرێ،ساتێ بسرەوم
پاش ڕێز و سلاَو، بۆ ڕۆحی قانع لەوکاتەی خاکی، داناوە صانع

* * *

هەورامانی بەرز، جێگای عیرفان بوو مەعبەدی زیکرو، نووری ئیمان بوو
سەدان عارف و، عالمی نامی مەشهوری عالەم، ئەصل هەورامی
مەلا ئەحمەدی،نۆدشەیی مەشهور عالمی ناسراو، بۆ نزیک و دوور
یا وەکو مەعدوم ،مەولەوی شاعیر شەفیع و بەها ،میرزا ئەولقادر

یا مەلا صەلاح،مامۆستای پاوە — حاج مەلا خالید، موفتی ئەم ناوە
سەی محەممەدو، خەستەیخانەگا — ئەحمەد داواشی و،سەی حەبیبوالله
جەهان ئاراخاتون،شەمسی قورەیشی — سەیدی و خەیاڵی، مەلای کلاّشی
پیر خدری شاهۆ و،ئاغە عینایەت — هەرکام چرایێ بوون، بۆ رێی هیدایەت
هەزارانی تر،ئوستاد و ئەدیب — تەدریسیان کردووە،لەم خاکە غەریب
هەورامان خاکی، هونەر پەروەرە — کانگەی زانین و،دوورو گەوهەرە
جێگای عیبادەت، خوا شناسیە — مەهدی تاعەت و حەق و ڕاسیە
دیسان وەهمیەت،عالیمانی پاک — چرای زەینی گەل،ئەمڕۆ بوو ڕووناک
بۆ ژینەوی دین، صیراتی قورئان — ڕۆژی شانازی، تۆیە موسڵمان
بەپەندو ئەندەرز،حەدیس و قورئان — ببی پاسەوان، خاکی نیشتمان
موبەللغی چاک، بۆ ئەحیای دین — نەبەی تۆ کڕنووش،بۆ کەس لە زەمین
ڕێگای شەرەف و، عیفەت و پاکی — بنوێنی وە خەڵک،زۆر بەبێ باکی
نیشاندەر ئەم خاک،جێ هەزارپیرە — مەڵبەندی عیلم و مامۆستاو ژیرە
تا کو شانازیت،پێ کا هەورامان — بە دیندارانی ڕاس و پاک دامان
بدرۆشیت چون نور،لەسەرڕووی جیهان — بنازێ بەتۆ، گەلی موسڵمان
جا ئەڵێم منم،جێ عیلم و عیرفان — زۆر بەرزە پایەم،هەتا ئاسمان
بەڵێ بەڕاستی، ئێستا بەهەشتم — بێ سەیری بکە، جێگای گوڵ گەشتم
ئەڵێم ئەی قانع،من مەمنونی تۆم — هەم دکتۆرم هەس،هەم جوڵاوهەم دۆم
ئەگەر چی کەمە، جێ کشتوکاڵم — عیلم چقڵێکە، بۆ چاوی زاڵم

*　　*　　*

گفت و گۆی نێوان تەخت و کۆسالاّن

(مۆمن نۆدشی) شاعیر کە بە (لالۆ مۆمن ناسراوە) هۆنراوەیەکی هەیە لەسەر ئەم دوو چیا بەرزەی هەورامان،بە حساب ئەم دوو چیایە شەڕە قسەیانەوهەریەکە، شانازی بە خۆیەوە دەکات، هۆنراوەکە بەناوی (مورافەعەو تەخت و کۆسالاّن) دەڵێ:

یانەو سەروەتم،گرد لوان تالاّن — دژمە نیشانە،تەخت و کۆسالاّن
بەدژمەنی سەخت،بەحاڵی خراپ — کۆسالاّن بەقین، ئاما وەجواب
واتش ئەی تەختی،بەرزی بێسامان — جەسەر شۆرەت مێو،تا کو تەی دامان
کۆسالاّن ماچۆ، من پایتەختەنا — جەگردو کوا،ساحیب بەختەنا
چەم و ڕەزاوی، تاکو سەولاّوا — زەرەهۆو شامیان، تابارام ئاوا

ونەم دیارا، سەرقولەی شاهۆ | ئینا ڕوو بەڕووم، تەمام ژاوەرۆ
سەرشێو وئارێز، کەلی عاشقان | هەیشوورو دەلی،تاوە پایگەلان
باخ و خوێ سملێ،جەمن خێزیان | هەرکەسی دیە بۆ،دنیاش بێزیان
پایتەختم وستەن،ئۆهانەو لاری | هەوارگەی قەدیم، شارو ژیواری
سەولاواو ڕەزاو، دوورۆو گوشخانی | مەیا سەیرانم، بوک و مارانی
دیم تەختی سانی، ئاما بە گوفتار | واتش کۆسالان،پیری ئیختیار
کۆسالانی چۆڵ، بەڕە بیێ ئاوە | ئەگەر وێران بی، پەیت مەپەرساوە
بامن نازونە، واچو سانە نا | جەگردو کوا،دەست نیشانەنا
هامسام زەردێڵەن،یاکەمەر سیاوا | وارم دالانی،یاسەڵوە کاوا
زەمانەی قەدیم. دۆرەی کەیانی | هەتاکە دۆرەو،خان ئەحمەد خانی
جەدۆرەی بەهمەن،هەتاجافرسان | جەسەر قولەی من،گیرتەن شا دیوان
پاشای هەڵەبجەو،سانی هۆرامان | سەرقاران بەچین،کەردەنا سەیران
سەردەشت و سابلاغ،تاسەقزوبانە | سەرشێوو ئارێز،تا کوڕە میانە
سەحرای مەریوان، ئۆمن دیارە | سۆز و مێرغوزار. دایم قەهارا
بەرزی ئاتەشگاو، قولەی عاسێلان | جە پیرە مەگروون، تا دەربەنی خان
سەرکۆ قەندیلی، دیارا ئۆ من | کەرکوک و بازیان، تەمام سەرزەمین
هانەوزەلمێم هەن،ئاوش چون کافور | کەردەنش بەهەشت،دەشتی شارەزوور
سەرا جگاو ناوێ و، گۆلێ و کراویەدۆڵ | مەگەر زمسانی،هەوارش بۆ چۆڵ
هۆبەو سەییداو، دەرەویانم هەن | مەڕۆ چلەخانەی و،پیرشالیریم هەن
جەهانەو هۆڕی، تاباباحەیران | بەهەشت ئانەنە، چاکەر ی سەیران
وەیسیاو کەمالا، ڕوەو وەری تاشار | سەیرانم کەرا، هەوار بە هەوار
سەرچەمەی پلور،هۆبەوگەناوێ | مەیانێ سەرم، بالا لاولاوێ
سەیرانم کەرا، تەوەناو تەوەن | گڵوە بەگڵوەو، چەمەن بەچەمەن
نازارێ بەناز، مەیانێ سەرم | بۆ کەرا شەوبۆ، یاوەر کەمەرم
شارو ڕۆ وەری،وەیسیاو کەمالا | سەیرانم کەرا،بەرەسم و سالا
قولەی پیررۆستەم،دۆس و سالانی | شەرعە ماکەرە، چنی کۆسالانی
من تۆ نی هامسام،یاگۆ سەردارا | هۆبەو چەم سیاوا، ماواو نازارا
پایتەخت و ساناو،هۆرامیاو تەختی | شاهد و شێویای،چن تەخت و بەختی
ماواو دیوان و، خانئەحمەد خانی | جە بارام بەگیا، تاهەسەن سانی
ماسراچینم هەن، تاقەڵە خانی | مێدان گوڵەنگان، حۆش و بەدرانی

کەلی کەماجەڕ، هامسای دەسی ڕاس	هەوارگەی قەدیم، کەیمنەو بێدرواس
ماوەزاو سانی،تا کە نوەیجەڕ	کەپرە بینانی، بەڕێحانی تەڕ
کۆسالانی چۆڵ، تۆ نیات خەبەر	هانەی دلینم هەن، چەنی ئاوێسەر
دەرەو تەوێڵێ، هەتا کەزاوەر	مەزیرش نیە، جەموڵکی خاوەر

تێبینی: ئەم هۆنراوەیە وا دیارە ماویەتی، ئێمە هەر ئەمەندەمان دەستکەوتووە !!!

ئاو و هەوای هەورامان

پێگەی جوگرافی و سروشتی خاکی هەورامان، کاریگەری خۆی هەیە لەسەر ئاوو هەوای ناوچەکە، بەتایبەت بەرزی شاخەکانی، بوونەتەهۆی ئەوە کە بای شێدار لە خۆیان بگرن و، ببێتە هۆی بەفرو بارانێکی زۆر لە دەڤەرەکەدا. لە سەرەتای تشرینی دووەمەوە سەرما دەست پێ دەکات بۆ کۆتایی مانگی مارت. چوار وەرزەی ساڵ لەم ناوچەیەدا دیارو ئاشکرایە.ژیان وگوزەرانی خەڵکەکەی خۆشتر کردووە، تەنها ڕووبارێک تیایدا بریتی یە: لە ڕووباری سیروان، هەرچەندە چەمی زۆر هەیەو دەڤەرەکەش پڕە لە کانی و کارێز، بۆ هەر شوێنێك ئەڕۆیت کانیەکی تیایە. بۆنمونە: لەشوێنێکی وەك تەوێڵە زیاتر لە٦٠ کانی تیادایە.

بەهاری هەورامان: باراناوییەکی خۆشەو تەڕو پاراوەو بوکێکی ڕازاوەی جوان و دلڕفێنەو ،یەك پارچە سەیرانگایەکە بۆ خۆی. خەڵکی هەورامان لە بەهاردا زۆر سەرقاڵن بە ئیش وکاری باخەکانیانەوە، بەتایبەت باخەوانەکانیان، خەریکی تەلاّن چاککردن و نەمام ناشتن و تۆو وەشاندنن.

هاوینی هەورامان: پلەی گەرمای لەنێوان (٢٥-٣٥) پلەدایە.هەروەها بەهۆی دارو درەخت وکانی و کارێز و چاڵە بەفرەکانیشەوە،بووەتە هاوینە هەوارێکی قەشەنگ و جوان وفێنك،ئەوەندە باخ و باخات لەناو ئاوایی و دەوروبەری گوند و شارۆچکەکانی دا هەیە ئەگەر بەهاویندا ماوەیەك بڕۆیت هەتاو لێت نادات، بە هۆی سێبەری دارو درەختەکانیەوە.هەروەها لە هاویندا خەڵکەکەی، بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و باخەکانیانەوە خەریکن.لای هەورامی دوو پەند زۆر بڵاوە دەربارەی هاوین: دەڵێن (تەوەنە ڕەق و هامنی پەی زمسانی مشیو) واتە:بەردە ڕەقەی هاوین لە زستاندا سوودی هەیە. یا بە ناوەڕاستی هاوین دەڵێن: (مانگەو دووانزە مانگەی) واتە: لەم مانگەدا ئیشی دووانزە مانگ دەکرێ.

پـــاییزی هـــەورامان: پاییزەکـەی دوور و درێـژە بـەهۆی گـەڵا ڕێزانـی باخەکانیەوە دڵگیری و خەمناکیەك دەدات بە دەڤەرەکە. لەسەرەتاکەیەوە خەڵکی ناوچەکە خەریکی کۆکردنەوەی بەروبووم وهێنانەوە ن بۆ ماڵەکانیان.

زســتانی هـــەورامان: لـەم وەرزەدا بـارانێکی زۆر دەبارێـت و، لـە مـانگی بـەفرانبار و ڕێبەندانـدا یـەك پارچەناوچـەکە سـپی دەکاتـەوە بـە بـەفر. پلـەی گەرماش دادەبەزێت بۆ (١٠-٢٠) پلەی ژێـر سفر. خـەڵکی گوندەکانی هەورامان، بە هۆی سەرماو بەفرەوە لە زستاندا ناتوانن ئیش و کار بکەن، بەڵکو هەندێ جار هات و چۆی نێوانیان دەبڕێت، بەتایبەت ئەوسا، بەڵکو ئاژەڵەکانیان لەم وەرزەدا ناتوانن بێننە دەرەوە، بۆیە لە هاوین دا دەبێت ئەوەنـدە (گـزرەو ئالف و ئالیـك) کۆبکەنـەوە، بەشـی ئـەو مـاوە زۆرەی ئاژەڵـەکانیان بکـات. بێگومـان ئەمـەش ئەرکێکی زۆر قورسە بۆ بە خێو کردنی ئاژەڵ.بۆیە لەم ساڵانەی دوواییدا زۆرێك لە لادێکانی هەورامان بە کاسپی و بازرگانیەوە خۆیـان خـەریك کـردووە، لـەڕووی مادییەوە وەزعیان زۆرباش بووە بەهۆی مەرزەکانەوە.

م.جەمال بێدار،لە هۆنراوەیەکیدا بەم شێوە وەصفی زستانی هەورامان دەکات و دەڵێ:

زمسان و هۆرامان

دنیا سەردش کەرد،پاو گەرمای مەڕیان — بـەرگ و هـەزارا ، هـەم دیسان دڕیان
کـزەو هەنـاسەو ، زەمیـنـی چیـان — هـەرئـەجۆ ڕوجیار ، چێوەڵ نـەزیان
تـەم وتـواڵین،هـەور نیشتەن ئاسمان — قـافـڵەکـەی زیقەت ، یاوان وەلامـان
پرشەو ورشەی برق،گرمەی هەوریسیاو — دیـدەو زەمیـنـی ، تاریکنۆهـەرتاو
ئـەوسا ڕووی دنیا ، تاریکتەر مـەبـۆ — مـەیـۆ وەناڵە ، دەشت و چەم و کـۆ
باخان چـۆڵ و هـۆڵ ،بێیارو هامـڕاز — چلان چۆڵ نەدەنگ،تەیریوەش ئاواز
درەخـت ڕووت وقوت،بێکڵاو وبێبەرگ — بێنەشئەو بێزەوق،هانە دەوری مەرگ
هـێلانـەی باڵدار ، بـەچاڵاو بیـەن — سایی جریوەی ، بـولبـوڵ تێک شیەن
خێڵان خێڵ کەردەن،هەواران چـۆڵەن — وادەی ناڵەنال ، قـەیسی کـرۆڵـەن
کـەش وکـۆ کـپ و، قـرو مـاتـەمەن — نەچیرجەلانەی،هەم پەست هەم جەمەن
بـڕیان جەدوسی،چنورو سۆسـەن — سورەهەڵاڵەو ، شـەوبـۆ نـەمـەنـەن
قـاقبەی ژەرەژان ، نمەیـۆ گـۆشش — سێ یوسی صەیاد ، مەیۆ وەهـۆشش
هـەرپاسە بیەن ، وەرزەکـەی زمسان — فرەش هـۆڕو تـەم، کەمێش وەرووسان
گاپـوشلێ کـەرۆ ، گاهـێ دوودانـەن — گـاهـەڕو چلپا و ، گـایـەخ بـەنـدانـەن

وەڵات و ئێمە ، ئیسەر تا ئەوسەر
کەچەرمای کێشیا ،وەرڕووی جەبین دا
پاڵتاوو پەسەک ، فەرەجیو کەرەک
هەرپی بەزمەنە ، گرساڵیو زمسان
کەزمسان ئاما ، کەفەن کەرۆ وەر
سەوزی مەوینی ، جەسەر زەمین دا
ڕووبەڕوو سەردای، کەردینیما چەک
هەورامان وەروین، سەرد یەخەبەننان

ڕووبارو چەمەکانی هەورامان:[١٢]

سیروان تاقەڕووبارێکی ناوچەی هەورامانە،ڕووبارێکی درێژو پێچاوپێچە، تادەڕژێتە دەریاچەی دەربەندیخانەوە،(٢٤٣کم)درێژە.ئەم ڕووبارە بەناو زنجیرە شاخەکانی شاهۆدا،ڕێگەی خۆی کردووەتەوەو،چەندەها دۆڵ و نشێوو، دەربەند، لەهەورامانی دیویئێران دەبڕێت،تادەچێتە خاکی عێراقەوەو پاشان دەڕژێتە بەنداوی دەربەندیخانەوە،لەوێشەوە دەڕوات بۆشاری دیالە، تائەوێ بەسیروان دەناسرێت،لەوەبەولاوە بەڕووباری دیالە(کەلەوشەی دۆڵی کوردی)ەوە هاتووە، دەناسرێت.پاشان دەڕوات تالەخوار بەغداوە،دەڕژێتەناو ڕووباری دیجلەوە. بەداخەوە،ئاوی سیروان،خاك وخەڵکی هەورامان سوودی لێوەرناگرن، ئەویش، لەبەرسەختیو لێژی وبەردەلانی دەوروبەرەکەی.گەلێك پردیشی بەسەرەوە دروستکراوەو،چەند گوندێکیش دەکەونەسەر ئەم ڕووبارە.

سەرچاوەی ئاوی سیروان:

لەچەمی (زرێبارو گردەلان وگاران) لقێك پێك دێت، لەچەمی(گاوەرۆو تەنگیبەرو تەنگیسەر)یش،لقێکی تردروست دەبێت،ئەم دوولقە هەردووکیان لەنێوان هەردوو گوندی(ڕوارو نوێن)دا،یەك دەگرن و،پاشان بەرەو(بڵ و هەجیج) دێت، تادەگاتە (هیروێ)، لەوێش چەمی (پاوەو شمشێر)، دەڕژێنەناویو، (دواو)پێك دەهێنن، پاشان لە(پردیوەر)لای شێخان،ئاوی(نەوسود)و(تەشار)یش دەڕژێتە ناوی لەنزیك گوندی گریانەوە چەمی(تەوێڵە و سۆسەکان و پالانیا و جاوری و هاوار)یشی دێتەسەر،ئیترهەورامان دەبڕێت و لێرە بەدواوە (زەلان=لێڵە)و (زمکان)یشی دەڕژێتەناو،ئیتردەریاچەی دەربەندیخانی لێپێك دێت، زەڵم و تانجەڕۆش، دەڕژێنە دەریاچەکەوە، هەروەها چەمی (بیارەو کەیمنەو بێرواس وهانەگەرمڵە)ش لەخوارئاوەڕۆی زەڵمەوە،دەڕژێتە دەریاچەی دەربەندیخانەوە، لەدەریاچەکەوە دەرچوو،بەدۆڵێکی زۆرقوڵ لەنێوان زمکان و چیای بەمۆو قەرەداغ دا دەڕوات چەندئاوێکی تریشی دێتەسەر، وەك: چەمی (دێوانە)و(هەواسان)و (قۆرەتو)و (ئەڵوەند)و(نارین)...پاشان دەگاتە شاری دیالە.

ناوی وشەکە لەچیەوە هاتووە:

دەڵێن:ـ وشەی سیروان لە(سێئاو)ەوە هاتووە، چونکەئەو سێ ئاوەی یەکەم، چەمی (زرێبارو گردەلاّن وگاران)کەیەك دەگرن،هەرلەوێ بە ڕووباری سیروان دەناسرێت و تادیالە هەربەوە ناسراوە.

دەڵێن:ـ لەوشەی (سێر)ەوە هاتووە کەبەمانای (تێر،پڕ)ە، وشەکە بووە بە(سێراو) واتە: (تێراو)پاشان وشەی سێراو بووەتە(سیروان).

دەڵێن:ـ لەئاڤێستادا وشەی (سایری+ئاوا+سچە) هاتووە، سچە پاشبەندی کۆیەوپاش سوان وبەرەوئاسان چوون (سایری+ئاوا) بووە بەسیروان.

خۆشەویستی ئەم ڕووبارە لەناودڵ و دەرونی باوکان داجێگەی خۆی گرتووە بۆیەزۆرێك لەمناڵەکانیان ناویان(سیروان)ە.

هەروەها هۆنراوەشیان بەسەردا وتووە بۆنموونە:

مەولەوی دەڵێت:

سیروانی ئەم چەم،تانجەڕۆی ئەوچەم   بدەن بەیەک دا،ئەم چەم تائەوچەم

لەفۆلکلۆردا هاتووە:

باسیروان بم با،بەمل تافەدا   بەتونکە تونکەی ماڵەجافەدا

نەخشەی روبارو شاخەکانی هەورامان

نەخشەی هەورامان

زاراوەکان

ئەم گوندوشارۆچکانەی لەم نەخشەدان
زوربەی کات لەژێر دەسەلاتی فەرمانڕەوایی
سان و بەگزادەکانی هەوراماندا بوون
هەرچەندە هەندێکیشیان هەورامان نین

هەورامان و بەشکردنی:

هەورامان، وەختیخۆی، میرنشینێکی سەربەخۆ بووەو،یەك دەسەلأت،زاڵ بووە بەسەر هەموو ناوچەکەدا،بەلأم دواتربەچەندجۆر و شێوەدابەش کراوە، دەکرێت ئێمە لێرەدا،ئاماژەیەك بۆئەو جۆرەدابەشکردنانە بکەین کەبەر کەوتووە:

١ـ لەڕووی دەسەلأتی بەگزادەو سانەکانەوە: ماوەیەك هەورامان،یەك فەرمانڕەوایی بووە،بەلأم لەساڵی(١٧٨٣ز) لەنێوان دووبرادا، دابەش کرا، (عەلیمەردان سان و محەمەد تایرسان)دوای دووساڵ کرابەچواربەشەوە،بەلأم ساڵی (١٧٩٤ز) لەسەردەمی (محەمەد یوسف سان)دا یەکی گرتەوەو خرایەوە ژێریەك دەسەلأت. دیسان زۆری نەبرد بەم شێوەی خوارەوە دابەش کرا:

- هەورامانی لهۆن و دەروبەری: بەر عوسمان سانیەکان کەوت، (نەوسود) یا (نۆدشە) یا(خانەگا)یلای پاوەکراوە بەناوەندو پایتەختی فەرمانڕواییەکەیان. بەزۆری(نەوسود)کراوەبەپایتەخت.

ــ هەورامانی تەخت و دەوروبەری: بەرهەسەن سانیەکان کەوتووە، هەورامانی شار،کەشاریهەورامانیشی پێدەڵێن، کراوەبەپایتەخت. بۆیە، بەم شاری هەورامانە، یاهەورامانی شارە،دەڵێن:هەورامانی تەخت،هەرلەبەر ئەوەبوو کەئەم شارە پایتەخت بووە، چونکە لەڕووی ماناوە،ناوچەکەزۆر سەخت و هەڵدێرو لێژە.

ـ هەورامانی دزڵی و شامیان: بەر بارام بەگییەکان کەوتووە،ناوەندی دەسەلأتیان لە(دزڵی)بووە.

ـ هەورامانیڕەزاو وکەمەرە: ئەمیش بەر مستەفا سانییەکان کەوتووە، کەزوربەی کات، ژاوەرۆ وگاوەرۆش بەرئەم بەشەکەوتووە،ناوەندی دەسەلأتی ئەمیش لەسەرەتادا(کەڕاوا)بووەو، دواتر(ڕەزاو)بووە.

بێگومان،(سان)ەکان کەسەرۆکیفەرمانڕەوابوون،لە(ناوەند=پایتەخت)ەکان دانیشتوون و، لادێکانی دەوروبەریش، بەگ وکوێخا و سەر کارەکان سەروو کاریان کردوون و،بەڕێوەیان بردوون،هیچ شتێکیش بێ فەرمانی (سان) نەکراوە.

٢ـ لەڕووی ئیداری و سیاسییەوە: هەموو شارۆچکە ودێ و گوندەکانی هەورامان، لەڕووی ئیداریو سیاسییەوە، بەر سێ قەزاو فەرمانداری کەوتوون،کە ئەوانیش:

أـ فەرمانداری پاوە،کەسەربە ئوستانی باختەرانە.

ب ـ فەرمانداری مەریوان،کە سەر بە ئوستانیکوردستان (سنە)یە، ئەم دوانە سەربەئێرانن.

ج ـ قەزای هەڵەبجە،کەسەربەپارێزگای سلێمانی‌یە،لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣ـ لەڕووی سروشتی‌یەوە [١٤] هەندێکیش کەهەورامان دابەش دەکەن، دەیکەن بەدووبەشەوە:

ـ هەورامانی ڕۆژهەڵات: کەئەو ناوچانە دەگرێتەوە کەکەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی زنجیرە شاخی زاگرۆسەوە،وردتر ڕۆژهەڵاتی شاخەکانی، سورێن، هەورامان، تەتە، دەربەنی هەجیج، شاهۆ..

ـ هەورامانی ڕۆژئاوا: ئەوناوچانەدەگرێتەوە،دەکەونە ڕۆژئاوای شاخە ناوبراوەکانی پێشترکەناومان بردن،بەحیساب زنجیرەشاخەکە،هەورامانی دابەش کردووە، ئەم زنجیرەش،لەکانی میرانی مەریوانەوەبۆ دوریسانی لای پاوە درێژبووەتەوە.

٤ـ لەڕووی‌سنوری نێودەوڵەتیەوە: ئەم دابەش کردنەدەگەڕێتەوە بۆساڵی (١٨٤٨ز) کەهێڵی سنوری نێوان عوسمانی و صەفەوی، دیاری کرا، کەبەهێڵی هومایۆن ناسرا، دواتریش، لەساڵانی (١٩٠٥)و (١٩١٤)ەش گۆڕانکاری تری هات بەسەردا، کەدەوڵەتی عێراقیش، لەساڵی (١٩٢١) دامەزرا، ئەم هێڵەدیسان کەمێك دەستکاری تری کراو، بەم شێوەیەی کەئێستا هەیە چەسپا. خەڵکانێك کەیەك خاك و یەك شێوەزمان و یەك ئاین و نەریت و عاداتیان هەیە کران بەدوو بەشەوە: هەورامانی ئێران و هەورامانی عێراق.

جائێمەش گوند و شارۆچکەکان لەسەرئەم دابەش کردنە دەخەینەڕوو، لەبەر ئاسانی کارەکەمان ـ نەك لەڕووی باشی و قەناعەت پێ‌بوونەوە ـ هەرچەندە ئێستا ئەم دابەکردنەش بووە تە ئەمرێکی واقع. ژمارەی گوند و شارۆچکەکانی هەورامان، ئەوسا نزیکەی (٤٠٠) ئاوایی بوون،مەرج نیە کەهەموو شیان بەزاری هەورامی دوابن. لەڕووی گەورەیی‌شەوە جیاوازیان هەیە. هەندێکیان وەك: شارۆچکەیەك وان، وەك: (پاوە، تەوێڵە، بیارە، نەوسود، نۆدشە، پایگەلان، بێساران، هویە، هەورامانی شار، دزلی، ڕەزاو،...)

گوندو شارۆچکەکانی هەورامان

ئەمەش ناوی زۆرێك لەگوندو شارۆچکەکانی هەورامانی ئێران:[١٥]

* پاوە ، دوریسان ، سەرکڕان ، دەرەبەیان ، بندەرە ، نۆسمە ، تەڵوکی ، شمشێر ، خانەگا ، گراڵ ، دشە ، دەرمور ، نوریاو ، نجار ، وڕا ، کۆمەدەرە ، وەزڵی ، دەریبەر ، داریان ، هەجیج ، دەرەهەجیج ، نۆدشە ، نەوسود ، شۆشمێ، دزاوەر ، قەڵاگا ، خەندانەکەر ، تەشار ، نەیسانە ، شەڕەکان ، هیروێ ، نەروی ، سەرقەڵا ، شێخان ، کەیمنە ، بێرواس ، هانەگەرمڵە...تاد.

* شاری هەورامان، سەروپیری، ڕووەوەری، وەیسیا، کەماڵا، بڵبەر، هەواسئاوا، وەرگەڤیار، ژیوار، سڵێن، کەلجی، ئەسپەرێز، ئامزیان، ئاسکۆڵ، نوێن، زۆم، ناو ، ڕوار ،گەمجێ، تولدەر، دەلیبەر، دەمەیەو، دەرەوکێ ...تاد.

* دزڵی، باراماوا، زەلکە، دەگاشێخان، قەڵاگا، قەڵاجێ، وەیسە، دەرەناخێ، خشکێن، نژمار، بندۆڵ، زەکەریان، تازاوا، دەری، شارانی، گورگەیی، کەڵاتێ، ئیسیاوا، خروسە، گزەدەرە، مسیوەر، سورەبانە، دادانە، وشکێنە...تاد.

* ڕەزاو، خانەگا، گوشخانی، نەسڵ، کەڕاوا، نیاوا، بەرقورو، دووروو، سەوڵاوا، مەحمودئاوا، تەرخانئاوا، دەگاگا، فەقیەکان، کەکەڵیاوا، برایمئاوا، کۆلیژ، کوردەکان، گالیاوا، گەلانە ، سەروماڵ ، قەڵاگا ، ئاڵمانە ، هەجمنە ...تاد.

* پاڵنگان ، دزەوەن ، دەژنە ، سەرڕێر ، سیویە ، تاودوڵاو ، گەلیان ، پەشاوا، تفێن ، سورەتفێ ، دەل ، دەڵەمەرز ، هانەوحسێن بەگی، دێکانان ، گوڵەسارە، ماسان ، دەشتەقەڵبی ، جوڵاندی ، دێوەزناو...تاد.

*پایگەلان ، گواز ، تەنگیسەر ، نیەر ، میراوا ، وێژەنان ، ژنێن ، ئاریان ، گەلێن ، وەسێ ، چەشمیدەر ، بۆریدەر ، نەسەنار ، تەوریبەر، دێموڵێ...تاد.

* بێساران، هەرسین، مازیبن، هەشەمێز، تەختە، کەڕەسی، گەنمان، گەزنە، هەڵوان، هەندیمەن...تاد.

* ئەوێهەنگ، ویسەر، هویە، سەرهویە، ساڵیان، نجێ، خواشت، سپێن ... تاد.

گوندو شارۆچکەکانی هەورامانی عێراق

* تەوێڵە ، سۆسەکان، بەڵخە، پاڵانیان، دۆڵبیان، جاوری، گریانە، تاوێرە، دەرەتفێ، هاوار، هەوارەکۆن، خەرپانی، دەرەشیش، دەگاشێخان، بیارە، دەرەقەیسەر، خارگێلان، زەردەهاڵ، نارنجڵە، بنجەودڕەی، گوڵپ، باخەکۆن،

گەچێنە، سەرگەت، هانەودنی، دەرەومەڕی، هانەنەوتیٚ، زەڵم، ئەحمەدئاوا، ئێلانپیٚ، هانەوقوڵی، ئاوایی‌ڕۆستەم بەگ...تاد.

گەشتێك بە هەورامانی دیوی عێراق دا[16]

هۆرامانەکەم، هۆرامانەکەم هانەوئەدیباو،پیرشالیارەکەم
باکەمێوکەرو، باسەو نیشتمان تائانەیچ نەدیەن،بزانۆباسمان
هەرکەس دیەبۆش، جارێوهۆرامان هەرکەس گێلاٚبۆ،کەشکۆڵ ودیوان
هەرکەس کەردەبۆ، ڕاوەونەچیران هەرکەس کەشەنە،شەرەبەق لوان
هەرکەس ژنیەبۆ، سەدای‌هۆرامی هەرکەس دیەبۆ،کۆڕوعیرفانی
هەرکەس وانابۆش، ساڵیٚ وتەدریسات هەرکەس دیەبۆش،فەقیٚوخانەقات
هەرکەس دیەبۆش ، سیاچەمانات هەرکەس واردەبۆش،وەرواوۆ هانات
هەرکەس وتەبۆ، شەوێودیوەخان هەرکەس واردەبۆ، سەمەرو باخان
هەرکەس پۆشابۆش، شاڵ و ژەرەشیش هەرکەس ئەسابۆش، کلاٚش و پەڕویش[17]
هەرکەس لاحەکیم، تەشریف ئاردەبۆ هەرکەس شەربەت و، شیفاش واردە بۆ
هەرکەس وینابۆ، نەخشەوتەلاٚنا هەرکەس فکریابۆ، نەوٚم و یانا
هەرکەس وانانشۆ، بیانی پەڕاو ئەدەب ڕەمزێوەن،پەی پیمای حساو[18]

* * *

بزان هۆرامی، پەی ژیوای ئەیام چێش پێویس بیەن، ئاردەنش مەرام
دلیی ئیٚگردوو ، کۆسارو کەشان نەدەس و دوژمەن ، هەم ویش پارێزنان
یاگەو مڵک و ئاو ، هەزار هەواران گەفکەر وەئالب و ئەندیز و لوبنان(١٩)
خەموەرێو نەبیی ، نەسەر ڕووی جیهان چیما مەوینۆ(هقوق و ئینسان) ؟

* * *

ڕۆڵە!گوش گێرە ، پەی هۆرامانت پەی دەگای کاول ، نەوەو باوانت
سی و دووی‌زیاتەر ، دەگای هۆرامیان بابۆ وە تاریخ ، کەردەشا وێران
ساڵەو حەفتاو نۆ ، بایەقوش واناش هامن خەزان کەرد ، یانە بیۆ تاش(٢٠)
خامە وەڕیز نویس ، هۆ(بانیبنۆک) مەڕەومەلیکی، شێخ مەحموی سەرۆک
ئێلاش(گەچێنە)چەنی(چنارە) یاگەو مالاٚت بیی ، چوون دووا(وەهارە)
(ئێلاٚنپیٚ)وەشا ، یاگەش بنارا تادێرێو سەرپۆش ، زەردەپەڕدارا
یاگەو جەسوری ، وەحوکم پەنددار پەنات گەرەک بۆ ، فرکەوا بانیشار)(٢١)
(هانەو قوڵ)یاگەو ، نەچیرو هانان (ئەحمەد ئاوایچ) ، هەوارو جوانان
(نەویٚ)تا(خورماڵ) ، شارشارەزوور بیی پایتەخت ومادو ، زوحاک و زووربیی

یاوا وە(زەڵم) ، کاروان و خامە   ڤیکتۆریا یاخو نیگارا ، کامە؟(٢٢)
ناوەند ئەردەڵان ، هەڵۆو کەلیخان   ئاسارش مەنەن، سنوورش کێشان(٢٣)
بنکەو نەقاشا ، هونەرو مەغار   باتاریخ فارڕا ، دیارەن ئاسار
مورادی چوارەم ، تورکی عوسمانی   تاوەشارەزور ، ئامان وەسانی
خان و کەلیخان ، لووت سوپاش مارڕا   بارگەکەش دەس کۆت، مەتڵەبش هارڕا
(سەرگەت)مەنزڵگاو ، گرۆ سەیادان   هەیات دالآنی ، خوڕ خورە ناسان
(هانەودن)یاخوادەرەومەڕ)   پەیڕۆی نەهاتی ، خاستەرین سەنگەر
(گوڵپ) نموونەو ، دەگای باسەمەر   یاگەو حەمەلەو، ئازای کوردپەروەر(٢٤)
(گەچینە)و دامێن ، کەشەو هۆرامان   سەرچەمەو ئاواز ، چریکەو عوسمان
(باخەکۆن)مەرقەد ، سەنگی نگینەن   هەم نەقشبەندو حیسامەدینەن
(نارنجەڵە)چوون ، هەوارە بەرزەن   بدیە(شارەزوور) ، سەدهەزار تەرزەن
(خارگێلآن)یاگەو ، تەماکۆو سۆزی   بارگەو نادرشا ، قەییم چا بەزی(٢٥)
وەختێو کەمەڕیا ، بەغا گێلآوە   وەغارگێلآنۆ ، تاویلشا دانۆ
هەرکەس نیازو ،سەرکۆوانش بۆ   دماوازەردەهاڵ)فکرو نانش بۆ
خۆئەر زمسان بۆ، سەیرپەندو پیران   هەرمەمەبەرەو، گازەردەن داستان(٢٦)
(بیاری)و(تەوێڵێ)، یاگەو تەدریسات   شێخایمازڵۆخین،صاحێب کەرامات(٢٧)
شارستانی وەش، پەڕ مڵک و شەتاو   هامنەهەوار، هانەشا وەرواو
یامزگی جامی، جە(دەگاشێخان)   بەبەحرول عیلم، نامشا بریان
دوودەگای سەرڕا، (بەڵخە و سۆسەکان)   نزیک جە(مێشلە)،بەهەشت و دنیان
فرە قەییما، مزگی (پالآنیان)   زەڕی ئێزیاوە، هەم ماچۆ نیشان(٢٨)
جە(دەرەتفێ)،سەمەر وە دەیان   لەوەڕومالآت، لاس ولۆ کەمان
زمسانە هەوار، هەم هەن جەلامان   (گریانە)ن دەرمان، وەهاری زمسان(٢٩)
یاگە سەرعێلی،(دەرەقەیسەر)ەن   کۆ و بان و هەردش،مالآت وەیکەرەن
عەللامەی دانا، عەولآی (خەرپانی)   ئوستادی مەعدو ،می چرۆسانی
(بنجۆی دڕەی)بۆ، دمایی‌کاروان   ڕوێومێ دیسان، بنیەیمێ‌تەلآن(٣٠)

* * *

کام گوناە یاوۆ،وەمزگی تێکدای   دەستور وئەخلاق،قورئان سۆچنای
ئایەی سەدوچواردەو بەقەرە   یەزدان فیرعەون ڕەنگ،وزۆرە دەرە(٣١)
یەکێتی قەییم، باردێوە وەیاد   با خەتا فارمێ، وەخاسەو وەداد
چەرخ و وەیسەمی، یانێ سەربەستی   هەرقۆمێونەبۆش، یانی بێ هەستی

جوانی سروشتی هەورامان(٣٢)

جـوانی سیحروکریشمەی هـەورامان، وەك نۆتەیـەکی خـەمرەوێن جۆلانـە بەڕۆحی مرۆڤ ئەکاو،لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بەشێوازو جوانیەکی نویٚ وەخۆی نومـایش دەکـات... دیوانـە شـیعرێکی شـاعیرێکی هـەورامی نی‌یـە، کەشـیعری لەسـەر جوانی‌سروشـتی هـەورامان نـەبوبیٚ ، نـەك هـەر هـەورامی، کەسـانی وەك گۆرانی شاعیریش، کەلەگەشتێکی دا بۆ هەورامان هەستی بزواندووە...هەروەها، گۆرانی بێژێکی‌هەورامیش نی‌یە،کە گۆرانی نەوتبیٚ بە سەر دیمەنی قەشەنگی دڵرفێنی هەورامان دا.

واتە: جوانی سروشتی کەژوکێو و کەمەر و نواڵەو لوتکەو، ئاوی سازگار و سایەوسێبەری دارانی و، گوڵ و گوڵزارو سەفەری چەم و باخ و باخـاتی، وای کـردووە، هەسـتی شـاعیران و هونەرمەندان ببزوێنـیٚ و، بەهەشتێکی جـوان وێنـا بکات ،لە مێشك و خەیا ڵ و هەستیان دا، بیان هێنێتەگۆ، تا بنوسن وبچڕن...

جـا دەکرێـت، سـەیری هـەردوو بـە شـی، هەوارگـەی شـا عـیران و شـیعری شاعیران بکەین، لەم پەڕاوەدا، پێش ئەوەی سەیری شیعری تر بکەین.

جگـە لـەو شـیعرانەش، وا چـەند شـیعرێکی تـر دەکەینـە، نمونـە، لـە سـەر جـوانی سروشـتی هـەورامان. سـەرەتا ئـەم دوو شـیعرە (ڤـەهار وهـەورامانی) و(گەشت ودلی گورالاٚ)دەنوسین کەلە هۆنراوەکانی ـ مومنی نۆدشی شاعیرن کە بە لالۆ مومن، ناسراوە.

ڤـەهـار و هـۆرامـانـی

زمسان ویەرد،فەسڵی ڤەهارا ئۆ هەرکۆ مدیەی،هەرگوڵ دیارا
چوزەی گورالاٚن،جەزەمین خیزان بەفراوان جارین، جەپاینی ڕێزان
باخان سوٚز بیەن،درەختان ڕەنگین وەنۆشە مل کەچ، نیلوٚڤەر چین چین
نێرگز جەتاقان،تەمام گوڵ کێشان مەڵهەم و دلیا،دەوای دلڕێشان
نموونەو بۆخشکەی،جەخر بەرئامان دەوای بیمارياو،مەڵهەم و زامان
هەڵمەلیٚو مەرزە،یاسەمەن شەسپەڕ هەمیشە ڤەهار،یارێحانی تەڕ
تیپ و وەنەوشەو،سپاو گورالاٚ ڕەنگاوڕەنگ مدران،چین و هەرالاٚ
قاقپەی ژەرەژان،ڕەنگینی گولاٚن هاژەی بەفراوان،چریکەی مەلان
مەزرەعە بولبول،برقەی قەڵوەزا جەشەتاو پونەو،کوان بەڕەزا
هەرالەو بەیاو،گوڵ خونچەو ساوی مەنزەڕەش بەهەشت،بنج و سەراوی
کەش و کۆیەکسەر،سوٚزوزەردوسور چون فەرشی کاشان،مرمانو جەدوور

بۆژانەو شەوبۆ،چنورو سۆسەن   گردی جەتاقان،قەتارشا بەستەن
وەرەتاو سۆزا،نسار خاڵخاڵەن   جەپاینی گڵۆوەش،سورەهەڕاڵەن
ئەرواچیش بەهەشت،هەنوس هەرکەما   ئۆهەرکۆ مدیەی،هەڕاڵە برەما
دانەی وەرکەمەر،خەیمەی ڕازیانە   چریکەی قاژان،جەسەر بەرزانە
سەدای بوڵبوڵان،جەپاینی نسار   هاژەی بەفراوان،جەخر مەیۆ وار
مەل و مۆر یەکسەر،ئامان بەرجەغار   یەک یەک مەوانا،ئامانۆ وەهار
تەمەن نمەنم،واران مەڕێزو   جەپاینی کاوان،سۆسەن مەخیزۆ
نەرەی شانشەرە،کەکەو بیەن پۆر   نمەنم واران،بەفراو چۆڕە چۆڕ
هەڕاڵەو مرۆ،هەڵوچەو هەرو   زەمین مەخمەلا،بەبلچ و بڕاڵو
وەهار تاریفت،مەکریۆ بەیان   ئۆهەرکۆمدیەی،سورا ئەرخەوان
هەشتاڵوماچی،تازەعەروسا   کالاش گشت سورا،قوماشی ڕوسا
کۆن؟کاما بەهەشت،؟چێشش دیارا   ئەگەربەهەشت بۆ،ئانەڤەهارا؟؟
ساتێو وەرەتاو،ساتێوتەمەلول   دڵ دایم شادا،مەوینیش مەلول
خەیمەی ولەهەنار،پەڕەی گوڵەباخ   جەدڵبەرکەرو،هەزارئاخ وداخ
بەهەشتەن تەمام،هەوای کۆساران   ماچی کۆسەرا،ئاوی جۆباران
بەڕمزای بەرزان،مدران شۆخ وشەنگ   گوڵان جەتافان،صەفا ڕەنگاوڕەنگ
لالەو شەقایق،گوڵی نەسرینە   وادەی سەیرانی،سەحرا ڕەنگینە
شنەی دەربەنان،مەیۆبەبۆوە   مەردەی سەدساڵە،زیندە کەرۆوە
ڤەرکەمەر جەکۆ، چنور جەکاوان   نێرگز نیلۆفەڕ،جەپای شەتاوان
بۆی عەتروعەبیر،جەباخان مەیۆ   بۆیشەوبۆ جەشەو،جەزاخان مەیۆ
کەشەن گەردشەن،هەڵچەن ڕێواسەن   ڕازمن نیازمن،غەیبەتەن بەحسەن
مەزاقەن زەوقەن،کەیفەن شادیەن   دڵشادەن وەشەن،ڕوی ئازادیەن
کۆسارەن دەشتەن،چەمەن سەراوەن   گوڵەن گوڵزارەن،ئاوەن سەراوەن
کوەن،کەمەرەن،تافەن شەتاوەن   سەیرانەن وەشەن،موشای بەفراوەن
سورا جە تاقان،سەرەگوراڵە   خەیمەش ڕەنگینا،سورەهەراڵە
گرمەی هۆری تار،جەکۆسارمەیۆ   هارەی ژەرەژان،جەنسار مەیۆ
بۆی گوڵیوەش بۆ،مەیۆ جەگوڵزار   یانی مژدەبۆ،ئامانۆ وەهار
تەماشەی شنەی،چنار جەباخان   بۆی عەتری گوڵان،مەیۆ جەزاخان
تەماشای برقەی،شەونم جەسەحەر   بەهەشتی بەرین،مەیۆت وەنەزەر
شەوبۆ جەکاوان،سەفەن ڕەنگاوڕەنگ   بێ قیمەت کەردمن،مەخمەڵی فەرەنگ

چن ڤەهار وەشا،ئەگەر وەشت بۆ   نەک وێنەی (مۆمن)،هجران بەهەشت بۆ

*   *   *

گەشت و دڵی گورالا

یەک ڕۆ وەهاربێ،فەصڵی گورالان   عەزمی گەشتم بێ،بەڕەسمی سالان
ڕوم نیا ماوای،باخی هانە دەشت   گولان خەیمەدان،بەوێنەی بەهەشت
هاژەی بەفراوان،مەکنیۆجەخڕ   قاقبەی ژەرەژان،زریوەی بەرزەچڕ
کەیمەکەردم ڕا، ڕوو بە هانەدەر   جەقودرەتیخوا،اللهاکبر
چریکەی قاژان،هاژەی بەفراوان   قەتارەی گولان،برقەی گولاوان
سەیری سەیرانگای،چەم و دۆڵم کەرد   چنارە و تاڵەجەڕ،هانەکۆڵم کەرد
تەماشای بەرزی،کەمەر سیاوم کەرد   فکری قەدیمی،کەڵەڕاوم کەرد
هانەپۆشام دی،هانەدەرم دی   خەرمانەی گولان،چون ئەحمەڕم دی
سەیری گۆراڵەی،هەنگە ژاڵم کەرد   صەف صەف ڕەنگاوڕەنگ،تاسنی خاڵم کەرد
جەسەحەر گاهان،بەتیشکی ئەنوەر   مدۆنە گولان،شاهبان سەرانسەر
هانەتەوەنا،جەتەوەن هانەن   قۆرەت وخوایا،ئەوش بەهانەن
قەترێوچاتاوێ،بنۆشی بەدڵ   ئاوات وازەنی،تاسەربنیەی گڵ
دۆرش دیواری،کۆنەهەواران   دەستکرداری دەس،قەدیم نازاران
تەماشەی وەشی،دۆروپشتم کەرد   سەیری گۆراڵەی،وردو دشتم کەرد
کەردم تەماشەی،مەنتقە تاسەر   ڕوو بە دالانی،من ڕام گیرتەڤەر
کەردم سەیرانی،ئاکاوەکاوا   زریوەی مەلان،هاژەی وەرواوا
دیداری وەهار،ئاسەردیارا   تەخت و زەردیلە،تاکاو و زارا
گمۆ دالانی،بزازەراو مای پیر   مەرەو دۆلاناو،دڵگیرو ئەسیر
ونەم دیاربی،چەمەی ئاوێسەر   کویلەو هەیات،هۆبەی نوەیجەڕ
جەتاقانەوە، خەیمەی گۆرالان   ڤەهاری ئازاد،بەڕەسمی سالان
هەوای ڤەهاریی،کەش و کۆ گرد   شادنمەنم واران،ڤەهاری ئازاد
ڕاسەن لوانی،ئۆسەڵوەکاوە   کەردم تەماشەی،ئەوناوەناوە
کەلی سەڵوەکاو،خەیمەش دان چنور   شەوبۆ و وەرکەمەر،سمڵی و گوڵی سور
نێرگز و سۆسەن،سەرەگوراڵە   خەیمەی ڕازیانەو،سورەهەراڵە
بۆخشکەی وەشبۆ،بۆژانەی سەرمەست   هەراڵەبرمی،سوری دیدەمەست
ئی گوڵی واتم،گرد جەمی بێنی   گردی بەبۆشا،دۆرمەنەبێنی
گولانی وەشبۆ،گفتوگۆشابێ   بەحس وبێوەفای،ئەمن و تۆشابێ

بۆژانەی وەشبۆ، دەمش دا گلەی کەنام وپێچام،من چەنی دڕەی
چنور بۆگلەیاش،یاوی ملەگازرۆی کەنام و پێچام، چەنی سیاو لۆی
بۆخشکەیوەشبۆ،تاتاوێنەڕێ دەسکەنەم کەرا،چەنی سیپەڕێ
سۆسەن وشەوبۆ،هەردیویشاگرەوا ڕونە کەناما،بۆما مەژنەوا
سورەهەراڵەی،دەسش کەردگلەی کەنام وپێچام، من چەنی گزرەی
گولاٚنیوەشبۆ،هەریۆجەنۆوە گلەیشابینی،دەس ومن وتۆوە
بەلاٚم ومرکەمەر،بەبێبەهانە جەبالاٚیکەمەر،گیرتەبیش دانە
واچیمن بەرزا،ماوا و مەکانم سەرباشقەیعاشقا،بۆبەمیمانم
مەست وسەریحاڵ،پێومشادەنا جەدەم وداری،من ئازادەنا
مەرکەسێو بێو لام،سوتەبوجەرگش جەلاش یەکسان بۆ،حەیات و مەرگش
ئادیچ پیسەو من،بڕیاربوش قەرار یامەرگ یا بەرۆم،پەی بۆی زوڵفی یار
هەراڵە برەمی،شین و زاریش بی دەنگ و گلەیاش ئێ،بێقەراریش بێ
دیم تازە ڕەژیان،وەش خەت و خاڵش نەسیمی سەحەر،مدۆ گونای ئاڵش
هەراڵە برمی هەشت،گوڵی وەش ڕەنگ بەپیتی گولاٚن،لێم ئاماوە دەنگ
هیچێ بەزەحمەت،مەیاوۆ سەمەر جەخۆفی فەصڵ،گنۆ پای کەمەر
جەپەنا ساران،کەرۆ بەماوا دامنەی خاڵخاڵ،پاینو ڤەرڤاوا
لاپاڵی کەمەر،من گیرو پەنا گوڵ وکاکوڵم، تانەدەو فەنا
ڕیشەم قایم کەرو،جەبەینی دووسەنگ ساقەی سرمەییم،نەگێلۆ جەڕەنگ
شەرارەی هامن، سەبونی سەرکۆ ساقم تاریشەم، کەڕۆسیاچۆ
یاشەڵتەی پاییز، مدۆئۆدامان کەڕۆشاخەزان، بەڕزە نەمامان
گەلاٚوگوڵی من،سوتەی سەبونا ئی هەردوو ئۆهەرد،هەرتونا وتونا
لەشکری زمسان،سپای گەردەلول سفیدپۆش کەرۆ، تەمام هەردو دۆڵ
ساکن نەژێر خاک،پەی وێم کەرۆ مات مەر فەصڵی وەهار،من بەربۆو جەخاک
وەختێو شای ڤەهار،منیشۆنەدۆڕ جاڕ مدۆ ولاٚت،بەنەعرەتەی هۆر
زمسان ویەرد،فەصڵی ڤەهارا فەصڵی ئامادەی،گوڵ و گوڵزارا
وەختێو ئەژنیشا،گولاٚنی وەهار جارچی جارکێشان،جەخەو بان بێدار
گوڵە حاجیانەو،نەورۆزڵەی پەل دێز گوراڵە زەردەو،وەنەوشەو نێرگز
لالەو شەقایق،باس و یاسەمەن سوسەنلە و قاقڵە،نیلوڤەر چەمەن
چنورو شەوبۆ، سورەهەراڵە سملی و وەرکەمەر،سەرەگوراڵە
گوڵە هاڵەکوک،هەزبێ و بوژانە هەرمەڵێ و شەبەق، پۆینە و ڕازیانە

گوڵ زەمەبەقە،بوخشکەی وەشبۆ گوڵە سەیراران،ڕێواسی سەرکۆ
وەختێو شای وەهار،جارکێشایەکسەر جەپەردەیحیجاب، سەرمارا وەبەر
هەریۆبەرەنگێو، هەریۆ بەبۆوە نیمێ جەدامان،نیمێ جەکۆوە
دەسێوبەرمەیا،جەدامان یەکسەر دەسێو سورێیا،جەبالاَی کەمەر
نەسیمی سەحەر،گوڵان کەرۆ شاد مدونە خونچەی،نەسیمی ئازاد
گوڵان گرد یەکسەر،بەرمەیان جەغار کێشان تام و بۆی،ئازادی ڤەهار
هارەی بەفراوان، نەغمەی بوڵبوڵان کەردەن زیل و بەم،بەعیشقی گوڵان
هەوای سازگار، گوڵان گرد بەشاد چەهچەی بوڵبوڵ، ڤەهاری ئازاد
جەگۆشەی هەرەس، دامنەی خاڵخاڵ چەقالێ و براڵو،ڕەنگی سوروئاڵ
هەرگوڵێ و پێ وێش،بەرەنگ وبۆوە گوڵان گرد پەخشا،جە هەردو کۆوە
قاقبەی ژەرەژان،قیژەی قاژەسیاو بۆڵەی هەڵو داڵ،قڕقڕەی قالاَو
گرچێو حەن و وێش،کەیف وشاییشا مانگی عەییارا،ڕۆ و ئازادیشا
جەبەلاَی بەدی،نەبیما خەبەر دیم ئاما سەرما،لەشکەری بەشەر
چون سوپای مەغۆل،بێرەحم و غەدار گردش پاشێڵ،کەرد گوڵانی ڤەهار
نەچنور نەشەوبۆ،نەبۆژانەی زەرد گردش بەناکام، دەسکەنەشا کەرد
هەراڵەبرەمی، بن سۆزوگوڵ سور دەسکەنەکریا،ئادیچ چون چنور
چون سوپای مەغۆل،لەشکریتەیمور قەل وقەم کریا،گوڵی زەردوسور
دالاَنی گێڵە،نەگەلاَونەبەرگ گوڵانی وەشبۆ، کریاجوانەمەرگ
نیمێبەپاشێل، دەسکەنەکریا نیمێبەجوانی و،بەباوشە بریا
نەدەس ونەپا، تاکەرۆ فیرار نەهەنش زوان، تن کەرۆ هاوار
شایی شیوایا،بیشین و زاری بێنازێ کۆتی،گوڵی ڤەهاری
هەرگوڵێ وەش بۆ،بە جوانی کنیا ڤەهارش ناکام،جوانە مەرگ کریا
گوڵانی وەش بۆ،گرد چارە ڕەشی پەشیمان جەوێش،ڕەنگ وبۆ وەشی
بۆژانەپەشێو و،چنور پەشیمان وەرکەمەر عاجز،شەوبۆ سەرگەردان
پەل پەلش ڕێزا،سورەهەراڵە بی بەزەعفەران،سەرە گوراڵە
تەوەن و موسێ و،تەوەنەسیاو ملەگاو دالاَنی، تاسەڵوەکاوە
خامۆشەن جەدەنگ،نەغمەی بوڵبوڵان یوانا بەسۆز، بەعیشقی گوڵان
مومن نەبیا یاو،نەلایا سەیران نەکوتەی ئەژنیش، گلەیی گوراڵان

* * *

مەلا حەسەنی دزڵی و هەورامان

لەدیوانی مەلا حەسەنی دزڵیدا هاتووە (ل ٥٩- ٦٢)، کەدوای ئەوەی فەرماندەیەکی گەورەی عێراق، دەزانێ مەلا حەسەن عەرەبی باش دەزانێ و خوێندەواری باشی هەیە،خەبەری بۆدەنێرێ کەبێت بیکات بەقازی لەشارێکی عێراق دا، یادەیکات بەئیمام تابورلەسوپای عێراق...بەڵام مەلا حەسەن ناڕوات. پاشان فەرماندەکە ئەحمەدئاغا ناوێك لەخورماڵەوە، دەنێرێ بۆ لای مەلا حەسەن، بەڵکو قەناعەتی پێبکات،ئەحمەد ئاغاهەرچەند دەکات وپێ ی دەڵێت تۆ وەزعی مادیت باش نیە، وەرە بڕۆ بۆئەم ئیشەو ئەمەهەلە و لەدەستی مەدە، مەلا حەسەن وەڵامینامەکەی ئەحمەد ئاغا دەنوسێ و بەشعرێك وەڵام دەداتەوە، جالەم شیعرەوە خۆشەویستی مەلاحەسەن دەردەکەوێ،کە تا چەندەهەورامانی خۆش دەوێ و جێی ناهێڵێ...ئەمەش هەندێك لەو شیعرەیە:

(...تابۆوبەرامەی، شەوبۆ و وەرکەمەر | تاسوورهەڵاڵە، سەرتێرێتەدەر
تادەنگی ژەرەژ،پیقەی نەچیری | تاقسەی خۆشی، پیرێکی ژیری
تابەڕوومابێ، لەهەورامانا | تاشەماڵ بدا، بەکۆساڵانا
تابەڕەزایەک، بابیشەکێنێ | هەتاڕێواسێ، چووزەدەربێنێ
فەرەنجی شڕێ، چۆخەدڕاوێ | کڵاشەچەکێ، پشتێن بڕاوێ
شەرتە هەورامان، بەجێ نەهێڵم | مەگەرئەوساتە،کەبەجێی دێڵم)

جگە لەمەش (قاهیرە) بەجێدێڵێ و(قاضي القضاة) و(مەفتی) بەغداش ناکات و دێتەوە لەهەورامان دادەنیشێ... ئەمەش هەموو لە خۆشەویستی سروشتی هەورامانەوەیە، وەك لەژیانەکەیدا کە دواترباس کراوەو بۆمان دەردەکەوێ.

هەروەها لەدیوانەکەی مەلا حەسەن دا(ل١٦٨) دەڵێ مەلامحەمەد شەریفی مەردۆخی برایمەلا حەسەن لەلایەن شێخولئیسلامی تاڵشییەوە دەعوەت کراوە بۆ دەرس وتنەوە بەمناڵان، دوای ماوەیەك لەوێ بێتاقەت دەبێ‌و، بیری هەورامان دەکاتەوە دەڵێ،گەر لە غەریبیدا دەسەڵاتدار بیت،بەڵام لە هەورامان بیت باخواردنیشت نینۆر بێت هەرهەورامان خۆشترە=نینۆر گیایەکە لەهەورامان دا دەکرێ بەچێشت و دۆخەواو بەکولاوی دەخورێ ،لەبەر برسییەتی بەرگەی دڵ دەگرێ...بەم شێوە ئەوەندە سروشتی هەورامان کاریگەرو خۆشەویست بووە لای هەورامییەکان. شیعرەکەی مەلا شەریف دەڵێ.

ئەگەرجەغوربەت،حاکم بی و پر زۆر | هەورامان وەشەن،وەلوقمەی نینۆر
پوشاکت نمەد،تەوەن پەی پاڵش | وەشتەر جەپلاو،ودوشەکەی تاڵش

پەراوێزەکان

(١) پەیامی هەورامان . هادی بەهمەنی ل٢١٥ لەکتێبی (گ.ب اکوپف (هاکوپیان) م.أ.حصاروف ..کردان گوران، مسالەکورد درترکیه،ترجمه بەفارسی سیروس ایزدی (١٣٧٦تهران)ەوە وەرگیراوە،ئەمیش لە(جبستار هایی مینۆرسکی،ل٣٦٥)ەوە،وەری گرتووە.

(٢) مێژووی هەورامان.م.محەمەد ئەمین هەورامانی.ل٦٠٧.

(٣) پەیامی هەورامان ل٢١٦،٢٤١.

(٤) پەیامی هەورامان ل٢٤١.

(٥) اصول اسماء المدن و الموقع العراقية ج١،ص.٢٤٠

(٦) چونکە گەورە بونی،شار،لەسەر دوو هێڵە(ئاسۆیی و ستونی) یەکەمیان زیاتر پەیوەندی بەسروشتی خاك و ناوچەکەوە هەیە.دووەمیان،ستونی‌یە کەزیاتر پەیوەندی بەلایەنی ئابوری وتەکنۆکراتی‌و میعماری یەوە هەیە، کەبۆناوچەیەکی وەك هەورامان، کەنارگیرە.

(٧) زاری زمانی کوردی لەترازووی بەراورددا. ل١٠محەمەدئەمین هەورامانی.

(٨) مێژووی هەورامان ل١١٩٣،١١٩٢.

(٩) میرزای هەورامی لەسەوزەی کۆسالاندا ل(٢٨)دەربارەی ئەم شاخە دەڵێ:...

مەحکەمەن پایەت،چون ئیمان داران	سەیرت بەهەشتەن،وەرزی وەهاران
تاریخ نامی تۆش،کەردەن بەتۆمار	تاریخ هەورامان،تۆشەن ئیفتیخار
هەرکەس دەنگش بی، جەقولەی بەرزت	یاتەفریح کەرو، جەسەوزەی وەرزت
هوردو حەنجەرەی، هەیاهو،هەی‌هەی	وێش وارس زانۆ،بەتەختەکەی کەی
دەسکاری توختان ،سانان جەسەرت	سورەهەراڵەن،جەدەورو بەرت...

(١٠) پەیامی هەورامان،ل(٢٤٩،٢٤٨).

(١١) دیوانی قانع . برهان قانع . چاپی یەکەم ١٩٧٩...ل ٣٤٨.٣٥٠.

(١٢) تاریخ سیاسی اجتماعی پاوه و اورامات . تدوین: بهرام ولەدبیگی ل(٨).

(١٣) بۆئەم بابەتە سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:

پەیامی‌هەورامان . هادی بەهمەنی ل(٢٤٣.٢٤٧)

مێژووی هەورامان . محەمەد ئەمین هەورامانی ل(١٢٠٢.١٢٠٥)

گۆڤاری ڕەنگین ـژ(٦٣)ساڵی ١٩٩٤ل (١٥،١٤).

(١٥) بێگومان دیاری کردنی ناوی یەکە یەکەی گوندو شارۆچکەکان قورسە چونکە هەندێکیان ئیختلاف هەیە لەسەریان کەئایا هەورامانن یاهەورامان نین... سنوری دیاری کردنیش هەر قورسە هەندێکیان لەناو جەرگەی هەورامانن واتە وەك خاك

هەورامانە بەڵام وەك خەڵك بەهەورامی قسەناكەن و بەجافی كوردی قسەدەكەن وەك (نورياو لای پاوە)

(١٦) پەيامی هەورامان . هادی بەهمەنی . ل(٢٣٧.٢٤١)

هادی بەهمەنی كیٚ يە؟

هادی ڕەشيد بەهمەنی لەبەگزادەركانی هەورامانی لهۆنە،لە(١٩٥١/٣/١)دا لە دايك بووە، دانيشتوی هەڵەبجەبووە،ئێستا لەهەندەرانەو،خاوەنی پەڕاوێكی گرنگ و نايابە بەناوی (پەيامی هەورامان)ەوە كەباس لەمێژوو، جوگرافيا، زمان، دين)ی هەورامان دەكات.

لەوپەڕاوەیدا ناو بە ناو هۆنراوەی خۆی نوسيووە،كەبەڵگەن لەسەرئەوەی كەدڵسۆزە بۆ نيشتمانەكەی و سۆزی دڵیخۆی دەردەخات.

لەبەرجوانی و بەهێزی ئەم هۆنراوەيەمان هەڵبژارد بۆخوێنەری خۆشەويست وەئەم هۆنراوە لەهاوينی ١٩٧٩زلە ئيستگەی كوردی مەريوانەوە بەناوێكی ترەوە خوێنراوەتەوە وەلە ساڵی١٩٩٧زلەبەشی كوردی ئەمريكاوە خوێنراوەتەوە وە لەساڵی١٩٩٠ لەپاوە لەلايەن هەردوو گۆرانی بێژ (سەباح خارگێلانەيی و مەولود شۆشمەيیيەوە بەگۆرانی چڕاون.

(١٧) واتە هەركەسێك شاڵی وەك ڕەنگی كەوی وكڵاشی پەرۆی پۆشی بیٚ.

(١٨) بيانی پەڕاو: ئەوپەڕاوانەی لەلايەن بێگانەوە نوسراون.

(١٩) گەفكەر: شۆخی كەر.

ئاڵپ و ئەنديز: زنجيرە شاخن يەكەم لەئەوروپا،دووەم لەڕۆژئاوای كيشوەری ئەمەريكای خوارووداا

(٢٠) لەساڵی ١٩٧٩دا بايەقوش- ڕژێمی عێراق خوێندی،هەرچەندە هاوين بوو بەڵام درەختەكان خەزانيان كرد،بەردی خانووە كانيش بوونەوە بەتاشە بەرد چونكە ديوارەكان ڕووخان.

(٢١) ياگە:جێگە.

فركەو بانيشار: پەندێكی كوردی يە.دەگێڕنەوە،لێرەدا كەسێكی بەدەسەڵات بووە بەناوی نەسرواللە بەگەوە،هەركەس لەم ناوچەيەدا،شتێكیلیٚقەومابێت،هانای بۆئەم بردبێت، ئەم داڵدەی داوەو پاراستوويەتی. ئيتر شەقڵی باوی زەمانەی گرتووەتەخۆی. هەركەس شتێكی كردبێت و ترسابێت لەگرتن و كوشتن خێرا فركەو بانيشاری كردووەو لەویٚ خۆی حەشارداوە.

(٢٢) ڤيكتۆريا: تاڤگەيە لەئەفەريقا

نيگارا: تاڤگەيە لەئەمەريكا.

(٢٣) هەڵۆ: هەڵۆ خانی باوكی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانيە.

(٢٤) یاگەو حەمەلە: جێگە محەمەد گوڵپی‌یە...کەلەدواتردا لەشەڕی زەڵم دا باسکراوە.
(٢٥) ئەگێڕنەوە ناوی ئەم گوندەئەگەڕێتەوە بۆسەردەمی نادرشا. کاتێ کەشکاوە و بەهەڵەداوان لەبەغاوە گەڕاوەتەوە. لێرەدا هەڵی‌داوە. شێوەی هاتنەوەکەی: بەغار هاتووەتەوە واتە: بەغار گێلاَنۆ ئەم وشە ئیتر بووە بەناوی ئەم شوێنە، ئەمە بۆچونێکە بۆ وشەی خارگێلاَن لەچی‌یەوە هاتووە.
(٢٦) هەرەمەبەرە گازەرد: دووچیرۆکی ئەم ناوچەیەن.
(٢٧) شێخای مازلۆخین: واتە بەهۆی بەرماڵەوە بەمانای عیبادەت و خواپەرستی‌یەوە بوون بەشێخ نەك بەهۆی بنەماڵەوە لەباوکیانەوە بۆیان مابێتەوە.
(٢٨) لەحەفتاکاندا کەمزگەوتی پالاَنیایان دروست کردەوە جۆرە سکەیەکی کۆنیان تیا دۆزیبووەوەو، هی‌سەردەمی ئیسلام بووە.
(٢٩) وەهاری: واداری- ڕۆماتیزم،بێجگەلەوەی ئێرە زستانە هەوارە،کانی‌یەك لێرەوە نزیکە ناوی (سوڕاڵ)ە،ئاوەکەی بۆئەو نەخۆشی‌یە بەکاردەبەن.
(٣٠) ئەم هۆنراوە لەساڵی(١٩٧٩ن)دانراوە،شاعیر مژدەدەدات ڕۆژێك دەبێت ئەوخانو تەلاَنە ڕووخاوانە جارێکی تر دروست دەکەینەوە...سوپاس بۆخوا لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١)دا خەڵکی هەورامان گەڕایەوەو، تەلاَنەکان جارێکی تر دانرانەوە.
(٣١) ئایەتەکە دەفەرموێ: (ومن اظلم ممن منع مساجد الله ان يذكر فيها اسمه وسعى فى خرابها)
(٣٢) لەم پەراوێزەدا دووخاڵمان هەیە:
- جارێکیان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنێك، دوو گۆرانی بێژی هەورامی گۆرانیان دەوت زۆربەی گۆرانیەکان بەسەر کەژوکێوو گوڵ و گوڵزاری هەورامان دا دەیانوت جایەکێ لەبینەران تەلەفۆنی کردبۆیان ـ چونکە بەرنامەکە ڕاستەخۆبوو- وتی: بۆشیعری گۆرانی‌و ئاوازەکانتان هەربەسەر هەورامان دان؟ بۆشیعرو ئاوازی عیرفانی‌و سۆزو موناجات نالێن؟...یەکێ لەگۆرانی بێژە هەورامی‌یەکان وتی: گۆرانی لەوجۆرەشمان هەیە بەلاَم کاکە گیان ئەوەتۆ وادیارە هەورامانت نەبینیوە ئەگەر تۆش بێیت بۆهەورامان و جوانی هەورامان ببینیت تۆش لەو گۆرانیانە دەڵێی.
- مومنی نۆدشی گەلێ هۆنراوەی جوان و بەهێزی هەیە زوربەیان بەشریتی تەسجیل بەدەنگی خۆی تۆماری کردوون و بلاَوی کردونەتەوە ئەم هۆنراوانەشمان هەر لەنەوار و شریت دا وەرگرتوون.

ئابوری هەورامان

- باخ و باخداری.
- کشتوکاڵ و جوتیاری.
- ئاژەڵ و ئاژەڵداری.
- پیشەو پیشەسازی دەستی.
- بازرگانی و کاسپی کردن.
- کارمەندی دەوڵەتی.
- لە کۆتاییدا ....

ئابوری هەورامان

لایەنی ئابوری لایەنێکی گرنگی هەموو کۆمەڵگایەکە، بەڵکو ئەم لایەنە جۆرو ئاستی ژیانی کۆمەڵگا دیاری و دەست نیشان دەکات. ئابوری هەورامان بەهۆی زرنگیو کۆڵنەدان و بەسەلیقەیی خەڵکەکەیەوە باشەو ملکەچی نەکردوون بۆ دوژمنان لەکاتی تەنگانەدا، بەڵکو لە کاتە دژوارەکاندا کۆمەك و یارمەتی دەرێکی باشیش بووە ،بۆ ناوچەکانی دەوروبەری هەورامان.

ئابوری هەورامان لەسەر ئەم لایەنانەی خوارەوە وەستاوە:(١)

١ـ باخ وباخداری:

هەورامان ناوچەیەکە پڕە لە باخ و باخات ،هیچ گوندو شارۆچکەیەکی نییە بەبێ باخ ،بەڵکو نسبەتێکی زۆریش باخی هەیە ،هەرچەندە بەهۆی سەختیو بەردەڵانیو کەمی زەوییەوە، خەڵکەکەی زۆر ماندوودەبن ،تا ئەو زەوییە چاك دەکەن ودەیکەنە تەلان تەلان. شکاندن و دەرهێنانی بەردو هەڵچنینی ئەو بەردانە بەکەڵەك و پڕکردنەوەی ئەو تەلانانەبە خاکی بەپیت و ناشتنی نەمامی جۆراو جۆروخزمەت کردنیان بەبەردەوامی، ئەمە هەمووی ماندووبوون و زەحمەت و ئارامی زۆری دەوێ، کە ئەمەش هەمووی بەدەستی مرۆڤ و ئامێری سادەی وەك پاچ و زەنگەن وخاکەنازو بێڵو نوێڵو پیك دەکرێت. تەلانەکان بەرزی دیوارەکانیان لە مەترێکەوە بۆ سێ چوار مەتر دەبن، درێژیشیان لە (٥) مەترەوە بۆ (٤٠) مەتر دەبن، ئەگەر کورت و تەسك بن ئەوە پێیان دەوترێ (وەچەکڵە) ئەگەرتەلانەکان لەقەراغی چەمەوە بن و لە (٥) مەتر زیاتر پان بن وئەوە پێیان دەوترێ (تەختە).

تەلان جۆگەیەك یان دوو جۆگەی پیادا دەڕوات، ڕیزێك یا دوو ڕیز درەختی تیایە. بۆ ئەو باخانە بەجۆگە لە کانیو چەمەکانەوە ئاو دەهێنن و دابەشی دەکەن بەسەر تەلانەکانداو باخەکان ئاو دەدەن.ئەم (نۆباو= نۆرەئاو)ی باخانە لەهەوراماندا بەسەعاتەو دابەشکراوە،هەر باخێك کاتێکی دیاری کراوی هەیە.

دیمەنی تەلانەکانی هەورامان بە قەدپاڵی شاخەکانەوە، یەك لەسەر یەك زۆر جوان و دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشیان هەیە، خۆ ئەگەر کاتی(نۆباو = نۆرەئاو) بێو ئەو ئاوە لە (بەنگا= تاڤگە) کانەوە دێتە خوارەوە دیمەنەکە جوانتر دەکات.

ئەدمۆنز لە ساڵی (١٩٢٣ ز) دا کە سەردانی تەوێڵەی کردووە ئەمەی لێوە دەگێڕنەوە:

(شێوەی دابەش کردنی ئاو بەسەر باخەکاندا، پەیڕەوێکە هەر لە کۆنەوە ماوەتەوەو،ئێستەش لەسەری دەڕۆن، بەبێ ئەوەی مافی کەس بخورێت، یا هیچ جۆرە ئاژاوەو کووکەیەك ڕووبدات.)(٢)

هەروەها لەسەردانەکەشی‌دا بۆ گوندی هانەگەمڵە وای باس کردووە کە:

(لەبیارەوە بەناو باخاتی دارگوێزدا سەردانێکی هانەگەرمڵەم کرد، بۆ بەسەر بردنی شەوێکی میوانی لای ئەفراسیاو بەگ= گەورە پیاوی لهۆن، ئەو کەلوپەلی تەندروستی ناو ماڵەی لێرە بینیم، زۆر لەسەرووی هەموو ئەوانەوە بوو کەتا ئێستا لە عێراق وئێران و دەرەوەی هەورامانا دیبووم.

هەروەها ئەوەیش سەرنجی ڕاکێشاوە، بوونی ڕیزە ئاودەسێك لەسەر گردێك وە شێوەی دابەشکردنی ئاوەکەی،لە دوو جێگەی جیا لە یەکتریدا.

ناوبراو شێوەی دابەشکردنی ئاوی تەلانەکانی بە بەرزتر لەوەی (سابینۆس فسباسیانی ئیتالی) نرخاندووە. ئەم فسباسیانە لە (٩ – ٧٩ ز) ژیاوە.وەناوبانگی بەئاوەدانکردنەوەو دابەشکردنی پڕۆژە ئاوی‌و زێرابی یەکان دەرکردووە.)(٣)

ئەو درەختانەی لە باخەکانی هەوراماندا دەنێژرێن ئەمانەن:

(وەزی = گوێز)، (تفی = توو)، (هەڵوچی= هەڵوژە)، (شێلانی = قەیسی)، (هەشتاڵووی = قۆخ)، (مروی = هەرمێ)، (بەی= بەهێ)، (ساوی= سێو)، هەنار، هەنجیر، گێلاس و هاڵو باڵو، مێوو ... هەروەها چنارو سورەچنارو بی‌و شۆرەبی‌و ... تاد.

بێگومان درەخت و دارێکی زۆریش، بەشاخەکانەوە هەن کە (خۆرسك)ن لەلایەن خەڵکەکەوە پارێزراون و بەزۆری بوونەتە موڵکی شەخصی خەڵکەکە، کە بەمەش دەووترێت (قەدەغە).

دارە خۆڕسکەکانیش ئەمانەن:

(نەرە یا بەلو = بەڕوو)، (ڤەنی = قەزوان)، (ڤامی = بادام)، (بلچی = گۆێژ) (براڵو = بلاڵوك)، (کەکەوی = کێکف)، (هەنگەونی = جەوی)، (هەنجیرە بەریلە = هەنجیرەکێویلە)، (مروەبەریلە=هەرمێ‌کێویلە) تایلە، (سنجەی=سنجو)، تەڕینە...

٢ ـ کشتوکاڵ و جوتیاری:

کشتوکاڵ پێویستی بە زەوی بەپیت و ئاو و هەوای گونجاو هەیە. لە هەوراماندا ئاو بەشی خۆی هەیە چونکە باران و بەفرێکی زۆر دەبارێ‌و کانی‌و کارێزو چەمی زۆری هەیە. بەنسبەت زەوی بۆ کشتوکاڵ زۆر کەمە، مەگەر لە

دەشتی خارگێلان و بەردەم گوڵپ وئەحمەدئاوا و درزلیو دەرەوکیو دەمەیەو ... کشتوکاڵ بکرێت. یاخود لە تەلانەکاندا هەندێ بەروبوومی هاوینە دەکەن وەك: تەماتەو بامیە و باینجان و خەیارو ترۆزیو کاڵەك و کولەکە و تووەفەڕەنگی، لەودەشتانەش کە ناومان بردن، شووتیو تووتن و گەنم و جۆو زەڕات (گەنمەشامی)و نۆك و نیسك و تەماتە دەکرێت ... بەلام دانەوێڵە بەگشتی، بە تایبەت گەنم بەشی پێداویستی خەڵکی ناوچەکە ناکات و ئەمەش وای کردووە،هەمیشە دەسەلاتدارانی هەورامان لەبەر ئەم نەبوونییە پەیوەندی خۆش بکەن لە گەڵ دەسەلاتدارانی ماهی دەشت و شارەزوور تاوەکو هەورامییەکان بتوانن کاروانی بکەن بۆ ئەم شوێنانەو لەوێوە دانەوێڵە بێنن بۆ ناوچەکەیان.

٣ ـ ئاژەڵ و ئاژەڵداری:

ئاوو هەواو زەویوزاری هەورامان، کاریگەری خۆی هەیە لەسەر چۆنیەتیو چەندیەتی بەخێوکردنی ئاژەڵ، لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر سەرماو سۆڵەیەو بەفرو بارانێکی زۆر دەبارێ، ئاژەڵ ناتوانرێت ببرێتە دەرەوە، دەبێت هەر لە گەوڕدا بێت، ئەمەش قورسەو دەبێت ئەو ماوە ئالف و گزرەو ئالیکی بدەیتێ. لەبەر ئەمە ئاژەڵی زۆر بەخێوناکرێت.جگە لەمەش زەوییەکەی سەخت و بەردەلان و کەمەراوییەو ڕووتەڵیشەو گژوگیاو لەوەڕی پێوە نییە، یاخود زۆرێك لەئەرزەکەی کراوە بەباخ، باخیش نابێت ئاژەڵی تیابچێت مەگەر لەوەختێکی تایبەتدا.

لەهەورامان کەم کەس هەن ئاژەڵی زۆرو فراوانیان هەبێت، ئەوانەش کەهەبن لەچەند شوێنێکی کەمی هەورامانـدان، وەك: خارگێلان و هێروێ و دەمەیە و سەولاواو دەوروبەریانە. بەلام ئەوەش هەیە زۆربەی خەڵکی هەورامان لە گوندەکاندا ئاژەڵیان هەیە، بەس ژمارەی کەمەو هەر خانەوادەیەك، سەرو دوو سەر، تەنها بۆ سوودی خۆیان دەبێت.

ئەو ئاژەلانەی لە هەوراماندا هەن چەند جۆرێکن:

- ئەوانەی بۆ سوود وەرگرتن لە بەروبوومەکەیان وەك: بزن، مانگا، مەڕ ... چونکە ناوچەکە شاخاوییە بزن لەبارترە بۆ بەخێوکردن لە هەورامان دا.

- ئەو ئاژەلانەی بۆ سواری بەخێو دەکرێن وەك: ئێسترو کەرو ئەسپ... بەتایبەت ئێستر باشتر بەکار دەهێنرێت.

- لە باڵندەش _ مریشك و قەل و مراوی و قاز، بەتایبەت کەم ماڵ هەیە مریشکی نەبێت.

- هەروەها هەندێك گیانداری تریش بەخێودەکرێن بۆ شتی تر وەك:
کەو بۆ جوانی و بۆ ڕاو، کەروێشك بۆ جوانی و بۆ سوود وەرگرتن لە گۆشتەکەی، کۆتر بۆ جوانی و بۆ گۆشتەکەی، سەگ بۆ ڕاو بۆ پاسەوانی ...
. ئەو گیانداره کێوییانەش لە هەوراماندا بینراون ئەمانەن:
دڕندەکان وەك: گورگ و ڕێوی و پڵنگ و شێرو ورچ و کەمتیار و بەرازو ... ئەوانەش کە ڕاو دەکرێن وەك: مەرە کێویو بزنە کێویو سوچەڕ، کەو، سوێسکەو قشقەرەو جەرەو ...

٤ـ پیشە و پیشەسازی دەستی:

کەم خەڵك هەبێت بەقەد خەڵکی هەورامان سوودیان لە (کات) وەرگرتبێت، لەسەرەتای مانگی نیسانەوە بۆ کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم. خەڵکی هەورامان خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵو کشتوکاڵ کردن و باخدارین. بەڵام لەو وەختە بەدواوە واتە: کاتی سەرماوسۆڵەو باران و بەفرەکەیدا، کە ناتوانن لە باخ و بێستانەکانیان ئیش بکەن، دەچنەوە ماڵەوەو لە ناو ماڵەکانیاندا سوود لەو ماوەیە وەردەگرن، ئەویش بەپیشەسازی‌یە دەستی‌یەکان خەریکی ئیشی دەستی دەبن... لەگەڵ ئەوەشداهەندێکیان چوار وەرزە خەریکی ئیشی دەستین، واتە کەسی بەتاڵ لە هەوراماندا نی‌یەو بەگشتیش کات و وەختی خۆیان بەفیڕۆنادەن، بۆیە توانیویانە پێویستیەکانی ژیانیان تاڕێژەیەکی باش دابین بکەن.

لەوانەیە هیچ شوێنێکی جیهان وەك هەورامان، ئەوەندە پیشەی دەستی تیانەبێت. پیشەکانیش وەك:
کڵاش دروست کردن و چنین، پێڵاو دروستکردن، جۆڵایی، جاجمکردن، هەلاجی، ئاسنگەری، چەخماغسازی، دارتاشی، بەننایی،ڕستن، چنین، لێفەدروویی، سەرتاشی ، درومانی، دەباغی ،باروتسازی ...
ئەم پیشانەی سەرەوە ئەم شتانەی خوارەوە دروست دەکەن:
- کڵاش بۆ هاوین، پێڵاو بۆ زستان، ڕانگ چۆغە (شاڵ) و گۆرەوی پوزەوانەو کڵاو و کلێتەو دەستکێش و پشتوێن و مێزەرو فەرەنجی (کۆڵەباڵ) و پەستەك و...
- جاجم و پۆپەشمین و بەرماڵو مەوج و گڵێم و قاڵیو بەرەولبادو خورج و خەروارو هۆرو ...

- تفەنگ و خەنجەرو (کارد = چەقۆو)و قەڵەمبرو قەمەو (دارێ = داس)و قفڵو کلۆم و کلیل و تەوەرو تەوەرزین و ساج و زۆپەو پاچ و زەنگن و خاکەنازو نوێڵو پیك و بێڵ و (دوارد = مەقەست) و (قەنماڕ = شەکرشکێن)و ...

- دەرگاو پەنجەرەو کۆمانج و دیمەك و مرۆڵەو دۆڵاب و ڕەفەو (بانتلیر= باگردێن)و جەنجەڕو (ڤەرڤەرۆ = بەفرماڵ) و پنەو تیرۆك و کەوچك و قاپ و شانەو گۆچان و گاڵۆك و شەنەو قوڵینەو چنگڵەو سەبەتەو نانەشان و قەفەزو کورسیو ...

هەروەها چەندەها شتی تری نایاب و دانسقە،لە هەورامانـدا دروست دەکرێت و پێشکەش بەپیرو زاناو شێخ و سان و بەگ و دۆستەکانیان کراوەو دەکرێت، وەك کورسی و جێگەی قورئان، خەنجەرو شمشێر، قەفەزو قەڵەمبرو ...

٥ـ کاروانچیەتی یا بڵێین بازرگانی و کاسپی کردن:

ئەوسا خەڵکی هەورامان، ئەو شتە دروسکراوو بەروبوومەیان کەلە خۆیان زیاد دەبوو کۆیان دەکردەوە بە ولاخ، چەند کەسانێك بەیەکەوەرێك دەکەوتن کاروانیان دەکرد، کاروان ڕەوانە دەکراو پێشوازی گەرمیشی لێدەکرا، بەشیعرو تەپڵو دەف. کاروانی هەورامان کوێستانی بووە، بەرەو گەرمیانی کوردستان چووە، یابەرەو شارەزوورو کەرکوك و خانەقین ڕۆیشتووە، یابەرەو ماهی دەشت و کرماشان وسنەو هەمەدان وتەبرێزیش ڕۆیشتووە. شتەکانی خۆیان یابەرهەمی باخەکان بووە، یاپیشەی دەستی بووە لەو سەریشەوە لەشارەزوورو کەرکوك و سلێمانیو خانەقین ساقی توتن و شەکرو چایو دانەوێڵەیان کڕیوە، هەندێك لەم کەلوپەلەشیان بردووە بۆ ناوەوەی ئێران ولەوێ فرۆشتوویانە، لەوێش قوماش و هەوریو خەنەو دەزوو تریقەو ساچمەو دانەوێڵەیان کڕیووە. واتە: لە هەردوو گەرمیانەوە، دانەوێڵە (گەنم و جۆو نۆك و برنج) یان هێناوە بۆ هەورامان. جاری واش بووە شمەکەکانیان ئاڵوگۆڕ پێ کردووە، سەربەسەر یاخود یەك بەدوو کراوە.

ئەو ناوچانەش کە زیاتر کاروانیان کردووە، شتومەکیان لە خەڵکی کڕیوەو بردویانە بۆناوچەکانی تر،چەند کەسانێکی تایبەت بوون لە خەڵکی پاوە، نەوسود، نۆدشە، دزڵی، تەوێڵە، بیارە.

ئێستا: زۆربەی زۆری ناچەکانی هەورامان جادەیان بۆ ڕۆیشتووە،ئەم کاروانچی یەتی یە نەماوە، بەماشین هاتووچۆ دەکەن و شمەك و بەرهەمەکەیان دەبەن بۆ فرۆشتن.

لەسی‌یەکان بەدواوە، ناوچە سەرسنووری‌یەکان گرنگی‌یەکی زۆریان داوە بەکاسپی‌و بازرگانی کردن، چونکە ئەو هاتووچۆیەی جاران نەماوە لە نێوان هەورامانی عێراق و ئێران دا،ئیتر کڕین و فرۆشتن بووەتە قاچاخی لە نێوانیاندا، لەبەر ئەمەشە لەسەر سنوورەکان کاسپی‌و بازرگانی کردن بووەتە، یەکەم پلەی ئابوری‌و بژێوی‌و،گوزەرانی خەڵکەکەشی باشتر کردووە.

٦ـ کارمەندی دەوڵەتی:

بێگومان ئەمەش سەرچاوەیەکی تری بژێوی خەڵکی‌یە، ئەمەش یا هەر نەبووە یاخود زۆرکەم بووە،بەلام لە ساڵەکانی ئەم دوایی‌یەبە تایبەت لە شارۆچکەکان ڕێژەیەك لە خەڵکەکەی لەسەر مەعاش و حقوقی دەوڵەت دەژین وەك: خەڵکی‌لە (پاوە،،مەریوان، نەوسود، نۆدشە، پایگەلان، بێساران، سەولاوا، دزلی، تەوێڵەو بیارە ...) ئەمانەش بە بۆنەی ئەوەوەیە کە گەلێك فەرمانگەو قوتابخانەو دەزگای میری و دەولەتیان تیایە.

لە کۆتاییدا دەڵێین:

... ئەگەر سەرنجی ژیانی خەڵکی هەورامان بدەین، بۆمان دەردەکەوێ کە خەڵکەکەی زرنگن، کۆڵنەدەرن، لەسەر بەردیش بێت ژیان مسۆگەر دەکەن و پێداویستی خۆیان بەدەستی خۆیان دابین دەکەن.ئەمانە ئابوری‌یەکی ئۆقرەگری، پێرازی دەخولقێنێت.

وێنەی هەورامی‌یەك بێنە بەرچاوی خۆت و پیایا بێرە خوار:

هەر لە مشکی‌و کلاوەکەی سەری، تا شاڵ و پشتوێن و گۆرەوی و کلاشەکانی وتەزبێحە قەزوانەکانی دەستی ... هەر لە ماڵەکەی‌دا، هەر لە کلیل و کلۆم و قفلی دەرگاو پێخەف و قاپ و کەچك و وردەکاری‌یەکانی ناو ماڵەوە بیگری ...

هەر لە سەلیقەی دروستکردنی خانووەکان، دیواری پان و پۆر، کە بۆ گەرماو سەرما بشێن، بەردی جوان و دیمەکی ڕێك وپێك، خانووی دوو یا سێ نهۆم، خانوو لەسەر خانوو، چین چین لەسەریەك ...ئەمانەو گەلێك زیاتر لەمانە، هەر هەمووی دەستکردی دەستی هەورامی‌یەکان خۆیانە لەهەوراماندا. هەروەها...

- نانی هەورامی و گێتە مەژگە = کولێرە بەکاکڵەو کێلانەو ...
- چنورو شەبۆو، وەنەشەو سوورەهەلاڵەو ...
- گۆرانی سیاچەمانەی چەمەری‌و صەیادو لاوەلاوەکەو ...

- هاژەی بەفراو و قاسپەی کەو و ...
- دیمەنی ئاوی بەنگاو قەڵبەزو ئاژینی نۆباوی باخەکان ... ئەمانەش هەریەکە تایبەتمەندییەکی خۆماڵی هەورامیو هەورامانە.

مەگەر ئەم دوو شاعیرە بەڕێزە کۆتایی بەم بەشە بێنن بەم دوو هۆنراوە جوانەی کە دەربارەی هەورامان نووسیویانەو دەڵێن:

نـــامـــە [٤]

سیاچەمانە، سیاچەمانە
هەورامان جێگای سیاچەمانە[٥]
* * *

هەورامان ئەو جێ شیرینە جوانە
خاکی پیرۆزی زێڕو مەرجانە
لە هەر کەنارێ چاوت دەگێڕی
دەبینی جوانی خەندە لێوانە
* * *

ئەو خاکەیپڕپیت ونموونەی کارە
نەخش و خەڵاتی پەروەردگارە
لەهەر بەردێک وداریک سەرنجدەم
د لم پڕ یادی ساڵی پێرارە
* * *

لەماڵ،لەباخا،لەگونجی مزگەوت
خەریکی ڕەنجن، نیانەسرەوت

کۆمسایی (خود کەفایی) هەورامی لەم هۆنراوەدا دەردەکەوێت کەدەڵی[٦] :

کلاشی خۆچنم، چۆخە لەبەرما — کلاوی دەسچنی، خۆمە لەسەرما
کلاش و قاچی خۆم، هەنگاوی خۆمە — کلاوی کەس ئیتر، ناچێ بەسەرما
بەدڵما دڕکی منەت، نەچووە چونکا — بەدەسماچوو لەگەڵ، نەخشی هونەرما
بەدەس خۆم بیتەنم، نەوگ و جەواڵم — خوری لێفەم بێ، بیدەم بەسەرما
کەمەوج و جاوگ و جاجم بڕێسم — دە نارێسم لە، کردارو ئەسەرما
ئەوەی وا چۆغە بۆ مام گورگ ئەڕێسێ — مەحاڵە چۆغەی، ئەو ناچێ بەبەرما
وەزیفەم بۆ وەزیفەس پەس وەزیفەس — وەزیفەی چەس ئەقیرێنی بەسەرما

کەرێگای ڕەفعی تەکلیفە ژیانم چ ترسم بێ لەقازانج و زەرەرما؟
ئەگەر هەر قوژبن و ڕێم لێ بگیرێت خەفەت ناخۆم، نەما ڕێگە لەبەرما
مەگەر من چیم زیادە لەو هەزارە؟ دەساچێنێ بەبرسیو ساردو گەرما
لەژێر چەتری قەناعەت دائەنیشم کەس ئیتر سێبەری نایە بەسەرما
ئەگەر سات و زەمانی مردنم هات جگە دوو گەز کەفەن چی وا لەبەرما؟
شوکور ئەودوو گەزەش دەسکاریخۆمە کەوای خۆمە لەگۆڕیشا لەبەرما؟
کەسفرەی خوا لەسەر پانی زەوینە نەهەرگیز توورەکە، ناکەم بەسەرما
دەشەرتە لای تەنورا هەڵنەتونم لەبەرنانی عەرەق ناکەم لەشەرما

پەراوێزەکان

(١) کەمێك سوودم وەرگرتووە لە پەیامی هەورامان (ل. ٢٥٧، ٢٦٥)

(٢) پەیامی هەورامان ...(ل. ٢٥٧)

(٣) پەیامی هەورامان...(ل ٢٣٣،)یاخود سەیریکتێبەکەی ئەدمۆنز(کردوترك عرب)ل (١٥٧)بکە.

(٤) ئەم هۆنراوە هی م.عومەر سەلەفییە لە نامیلکەی(چەپکێ لە هۆنراوەکانی پێشینی . ل ٢٠٢) وەرگیراوە. مامۆستا لەسەر ئەم هۆنراوەیە نوسیویەتی: (لە نامەیەکدا کاکە (...) کەبۆی ناردوم و ڕۆژی (١٩٧٧/٩/٢٤) لە زانکۆی ئیسلامی مەدینە پێم گەیشتووە" باسیگەشتێکی خۆی کردووە لە هەورامان وهاوینە هەوارەکانی تری کوردستان. منیش بەو بۆنەوە و لەوەڵامی نامەکەیا ئەم چەند دێڕەم نووسیووە، لەپاش تاکە هەڵبەستێکی(گۆران)ەوە.

(٥) ئەم بەیتەیان شیعرەکەی گۆرانی شاعیرە.

(٦) هورامان دیار یادهاو یاد بودها -م. ئەحمەد نەزیری - ل(٩-١٠) هۆنراوەکە دیاری نەکراوە، هی چ شاعیرێکە!؟

گۆشەیەکی مێژووی هەورامان

- سەرەتایەك
- وشەی (سان) لەچییەوە هاتووە؟
- ڕشتەی بنەماڵەی فەرمانڕەوایانی هەورامان
- کورتەیەك لەسەر فەرمانڕەوایانی هەورامان
- داگیرکردنی هەورامان
- پەیدا بوونەوەی دەسەلاتی بەگزادە
- قادر سانی غەفار بەگ لەشکر دەهێنێتە (ملە شۆپە):
- محەمەد سانی محەمەد یوسف سانی پیری بەگ
- حەسەن سانی محەمەد سان
- فەرهاد میرزاو کوشتنی حەسەن سان
- ڕشتەی بنەماڵەی محەمەد سەعید سانی لهۆن
- محەمەد سەعید سوڵتان
- جەعفەر سوڵتان
- مەحمود خانی دزڵی
- لیستی ناوی زۆرینەی فەرمانڕەوا یا بلێن سانەکانی هەورامان
- لەکۆتاییدا

گۆشەیەکی مێژووی هەورامان

سەرەتایەك:

مێژووی هەورامان،وەك مێژووی ناوچەکانی تری کوردستان، لێڵ و تەماوییەو، تەواو ڕۆشن نیە. ئەوەش کەهەیە،یا، دەماودەمییە خراوەتە سەر پەڕەکان، یائەگەر شتێ کرابێت،کەمەو، کرچ وکاڵیش هەیە لەوەدا.

بەهەرحاڵ: هەورامان و هەورامییەکان، مێژووی یەکیان هەیەو پێویست دەکات، لێکۆڵینەوەو نووسین لەسەری ببێت، تاوەکو بەرەبەرە مێژوویەکی ڕاست و پوختی بۆساغ بکرێتەوەو نەوەی ئێستاو ئایندەی لێ بەئاگا بهێنرێتەوە.

ئەوەتا مێژوو دەگێڕێتەوە:

ـ (ئەسکەندەری مەکدۆنی کەهێرشی کردەسەر دەڤەرەکە، ئاڤێستای سوتاندو هەرچی پیاوی زەردەشتی هەبوو، لەناوچەکەدا لەناوی بردو، ئاینی مەسیحی سەپاند، بەسەر خەڵکدا، جالەبەر ئەوە، زۆرێك لەپیاوە زەردەشتییەکان، هەورامانیان وەك پەناگەیەك دۆزیەوەو، چونە ئەوێ، چونکە لەکاتی هێرشەکەدا هەورامییەکان چونەسەر شاخەکان و تاشەبەردی گەورەیان تل کردەوە، هەروەها لەبەر لێهاتوویی خەڵکەکەو بەرگە گرتنیان لەڕووی تینوویەتیو برسیەتیو سەرماو سۆڵەو بەردەوامیان لەشەڕدا... ئیتر: ئەسکەندەری مەکدۆنیو هێڵینیەکان، نەیانتوانی هەورامان بگرن و بۆچارەسەر کردنی ئەو بەزینەش، ئەسکەندەر، بەندیخانەی (ئەورامن)ی دروست کرد کەلەنزیك زاخۆدایەو لەسەرسنوری عێراق وتورکیایە، بۆ هەرهەورامییەك، کەبکەوێتەدەستیان و بۆ ئەوەی بیخەنە، ئەو بەندیخانەوە کەبەناوی (زیندانی ئەسکەندەرە)وەیە، هەتاوەکو دەڕزێ، هەرلەوێدابێ. ئێستا لەناو هەورامان دا، پەندێك هەیە کەهەورامییەکان شوێنێکی ناخۆشیان بینی دەڵێن (ساچی زیندانو ئەسکەندەریا). ئەمەش لەوەوە هاتووە.

ئەم جۆرەهەڵس وکەوتەی ئەسکەندەرو هێڵینیەکان،خەڵکەکەی ناوچەکانی هەورامانیان نەبەزاند،بەڵکو بۆ خۆیان، فەرمانڕەوایی خۆیان کردو بۆ خۆیان، خۆیان، لەگەڵدەوروبەری نوێدا سازاندو لەناوخۆیان دا،پێویستی ڕۆژانەی ژیانیان، بۆچەندان سەدە سازداو،بەجۆرێك پێویستیان بەهیچ شتێکی لایەکی دیکەنەبوو.[١]

هەورامان، لەپێش سەدەكانی(١١)ی زاینیدا،میرنشینێكی گەورە بووەو، دەسەڵاتی زۆر گەورەی هەبووە،بەڵام پاشان داگیركراوە،ئەوكیان ودەسەڵاتەی جارانی نەماوە، تا،سەردەمی (هەواس قولی سان)،كەجارێكی‌تر،میرنشینەكە دروستكراوەتەوە، بەڵام بەكۆمەڵێك تایبەتمەندی نوێوە. دەسەڵاتی ئەم میرنشینە، زنجیرەیی بووە،یەك لەدوای یەك هاتووە.[٢]

عەلی سەیدۆ گەورانی دەڵێ:

... هەورامان ماوەیەك سەربەخۆبووە، لەژێر دەسەڵاتی بەگزادەكانی هەورامان دابوو، هەرچەندە ئەردەڵانی‌یەكان،ویستیان بیخەنە حوكمڕانی خۆیانەوە، بەڵام بۆیان نەچووە سەر،سەركردەكانیان هەربەناو، دان بەسەروەرایەتی ئەو دەوڵتانەدێنن.[٣]

مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانیش دەڵێ: هەروەك لەدەمی ڕۆشنبیرو زاناكانی هەورامانەوە،بەرگوێ دەكەوێ كەناوچەكانی هەورامان،هەر لەسەردەمی مادەكانەوە، تاوەكو چەرخی فەرمانڕەوایی ئیسلامیش،هەرخۆیان حاكمی خۆیان بوون و لەو ڕووەشەوە،دراو دەست كەوتووە،كەلەناوچەكانی هەورامان دا، دۆزراوەتەوە، وەها دەردەخات كەهی سەردەمی ئەشكانیەكانەو وێنەی ئافرەتی پێوە بووەو ناوی ئەو وێنەیەش (ئادات)بووەو نووسینەكەش بەئەلف و بێی ئارامی‌یە.[٤]

لەسەردەمی نوێش دا: هەورامان وەك هەرشوێنێكی دی جیهانی سێ، دوورلە ستەم وزەبرو زەنگ و پەلاماردان نەبووە، بەتایبەت، هێرش و لەشكر كێشەكانی شای ئێران... ئەمانیش گەلێك جار وەك ڕاپەڕینی میللی،بەو هێرشانە، دەنگی نارەزایی یان، دەربڕیوەو شۆڕشیان كردووە.

چیاو كەژو دۆڵ ونشێوەكەی هەورامانیش،مەڵبەندێكی زۆرباش و پشتێكی دوژمن شكێن بووە، بۆ هەورامی‌یەكان. هەر بۆیە زۆرجار، دوژمن خۆی پێنەگیراوەو شكاوەو هەندێك جاریش،كوڕەبازوو ئەستورەكانی هەورامان خوێنیان بەناهەق ڕژاوەو پیاوانی مەردو وڵات پارێزیش لەزیندانەكانی تاران و ئەسفەهان توندكراون.

لە(تأريخ كردو كردستان)دا،مامۆستا صديق بۆرەكەیی:

- بەكورتە باسی فەرمانڕەوایانی هەورامانی كردووەو دەڵێ: لەبەهمەن بێگی هەورامی‌یەوە لەساڵی(٣٩٢ك)ی‌یەوە دەست پێدەكەن، تا كۆتایی هاتنی. دەسەڵاتی جەعفەر سوڵتان،لەساڵی(١٣٦٣ك)،دەڵێ: فەرمانڕەوایی‌یەكە زنجیرەیی

بووە، یەك لەدوای یەك، ئەگەر ماوەیەکیش دەسەلاتیان لەدەست سەنرابێتەوە زۆری پێ نەچووە،دەسەلاتیان گرتوەتەوەدەست.(٥)

بێگومان، ستەم وزوڵم وزۆری شاکانی ئێران،کوردەکانی هەراسان کردبوو، بۆیە، بەبەردەوامی شۆڕش لەدوای شۆڕش و،ڕاپەڕین لەدوای ڕاپەڕین، لەکوردستانی ڕۆژهەلاتدا بووە.شۆڕشەکانیش بۆخۆیان کاریگەر بوون.

... نامەی دەسەلاتدارانی ئینگلیزو،فەرماندەکانیان و،کاربەدەستانی ئێران، سەبارەت،بەبارودۆخی ئەوسەردەمە،باشترین بەڵگەی زیندووە، کەئەو شۆڕشانە،کاریگەریان هەبووە...لێرەدا تەنها نامەی فەرماندەیەکی ئینگلیزەکان دەخەینە بەرچاو: مێجەر سۆن...لەنامەیەکیدا کەلە(ئابی ١٩١٩)دا بۆ کاربەدەستانی ولاتەکەی ناردووە تیایدا دەڵێ:

(ئەگەر ئینگلیز، بەتوندی،لەگەڵ کوردەکانی ئێران دا، نەجوڵێتەوە، کوردەکان، حکومەتی ئێران دەڕووخێن و، داوای کردووە کەبەرهەڵستیئەم شۆڕش وڕاپەڕینانە بکرێت...) دیارە ئەم نامەیەی مێجەر سۆن و،دەیان نامەی دواتر، لەئەنجامی ئەوبزوتنەوە دلێرانەی ڕۆژهەلاتی کوردستان بووە، بەفەرماندەیی(سمایل خانیسمکۆو مەحمود خانی دزڵیو مەحمودخانی کانیسانان وسەردار ڕەشیدی ئەردەلان وجافەرسانیهەورامان وحەمە ڕەشیدخانی بانە)و زۆری تریش.(٦)

هەورامان لەهەموو سەردەمەکاندا مەڵبەندی تێکۆشان وبەرەنگاریو لانکەی دالدەدانی هێزی خەبات و پێشمەرگایەتی بووە،بەتایبەت لە سەدەی بیست دا بۆ شۆڕشی شێخ مەحمودو شۆڕشی ئەیلول وشۆڕشی نوێی گەلەکەمان.

هەورامییەکان خۆیان بەشێك بوون لەپێشمەرگەو،لەپەلامارەکاندا بۆسەر دوژمن، بەشدار بوون و،بەڵکو یەکەم فەرماندەی ڕاپەڕیوی کورد لەسەرتاپای مێژووی ئەم نەتەوەیەدا هەورامی بوو.(٧)

ڕاپەڕینی سان وخانەکان، ڕۆڵی خۆیان بووە، دژی داگیرکەران و ستەمکاران، بەتایبەت شۆڕشەکانی جافرسان، دژی قاجارییەکان و، ڕەزاشاو، لەم لاشەوەدژی ستەمی عوسمانییەکان و،مەحمود خانیش دژی ئینگلیز، کەپشتیوانێکی ڕاستگۆو گەورەی شێخ مەحمود بووە.هەروەها لەشۆڕشەکانی (ئەیلول وگولان وحوزەیران)و ڕابوونی ئیسلامی وجموجوڵی سیاسیدا، هەورامان وهەورامییەکان ڕۆڵ وکاریگەریان بووەو هەیە.

ـ وشەی (سان)لەچییەوە هاتووە:

هەندێك وەك مەردوخ دەڵێن:

وشەی (سان)، لەوشەی (سلطان)ی عەرەبییەوە هاتووە،وشەکە سواوەو بووە بە(سان)، چونکە عوسمانیەکان لەقەبی(پاشا)یان، بۆ سەرکردە کوردەکانی سەرسنوری ئێران بەکارهێنا، شائیسماعیلی سەفەویش وشەی(سلطان)ی بۆ دەسەڵاتدارانی هەورامان بەکارهێناو لەقەبی (خان)یشی بۆ دەسەڵاتدارانی ناوچەی سنە بەکارهێنا. ئەمەش جۆرەکەم کردنەوەیەکی جێگاییە،سەفەوی وعوسمانیەکان بۆیە بەکاریان هێناوە.(٨)

– هەندێکی تردەڵێن (سان) لە(شاە)ـەوە هاتووەگوایە ئەویش لەوشەی (شێخ)ی عەرەبییەوە هاتووە.

– ـ م.حەمە ئەمین هەورامانی دەڵێ:

وشەی(سان) لە(ساتراپ)ی میدییەوە هاتووەکەبەواتای فەرمانڕەوای ناوچەیەکی بچکۆلە. گوایە دەوڵەتیمیدیا دابەش کراوەبەسەر چەند ناوچەیەکداو هەر ناوچەیەکیش (ساتراپ)ێکی بۆدانراوە وەئەم یاسای (ساتراپ) نشینە لەدەوڵەتە جۆراو جۆرەکانی ئێران دا،لاسایی کراونەتەوە ئێستاش (ئێران) بەچەند (ئوستان)ێك دابەش کراوە، (ساتراپنشین)واتە(سانشین).

هەروەها دەڵێ:

سان لەهەورامان دابەمانای شاخی لوتکەبەرزو،(مای)دێت، لەلوڕستانیش بەکەلهوریو لەکی بەواتای شاخ(کێو- مای)سەخت دێ.

لەلایەکی ترەوەو شەی(سانسکریت)ی هیندی کۆنیشمان هەیە.سان یاسانس بەواتای، تەواو، بەهێز، هاتووە، (کریت)یش بەمانای (کردن) یا (کردەوە) هاتووە سانسکریت،بەمانای (کردەوەی تەواو) دەگەیەنێ.(٩)

بەهەر حاڵ، ئێمە لەگەڵ ئەوەین، کەوشەی (سان) لەوشەی (سلطان)ەوە هاتووەو بەهەرکەسێك دراوەبوەتە کەسییەکەمیئەوخەڵك وخاکە. یاسای، فەرمانڕەوایی لەناوچەکانی هەورامان دا،بەم جۆرەبووە!(١٠)

(سان)جۆرە ناوێکە بەوکەسەدراوە کەسەرۆکی حکومەتی دەرەبەگی بووە، لەهەورامان دا، پاش (سان) واتە لە(سان) بچوکتر.(بەگ)ەو،ئەوبەگەش لەژێر

فەرمانی سان داحاکمی دەکات و،پاش ئەویش (کوێخا) یان (سەرکار) دێت، کەزۆربەی کارەکانی بەگ لەو ناوچەی بەگیەدا،جێبەجێ دەکات.

(خان) هەر هەمان دەستوری (سان)ە، لەهەورامان دا وشەی (خان) لەهەورامانی دزلیو ڕەزاودا لەسەردەمی عەزیزخانی بارام بەگ و(حسێن خانی ڕەزاقولیسان)ی ڕەزاودا بۆخۆیان بەکاریان هێنا لەبری وشەیسان،حسێن خان پێش عەزیزخان بەکاری هێناوە بۆخۆی.


ڕشتەی بنەماڵەی فەرمانڕەوایانی هەورامان
بەهمەنی سێیەم
باریە بەگ
میرجەلالەدین
میر سەعید جیاشا
سلێمان بەگی یەکەم
بارام میرزا بەگ
سلێمان بەگ
عەباسقولی سان
حسێنقولی بەگ
محەمەد بەگ
بارام سانی یەکەم
سلێمان بەگی دووەم
مەنوچەر بەگی یەکەم
عوسمان بەگ
وەسیقولی بەگ
مەنسور بەگ
نەجەف بەگ
حسێن بەگی یەکەم
جەمشید سان
عیسا سان
کەنجەعەلی سان
قاسم سان
دەرویش بەگ
رەزا سان
مۆمین بەگ
پیری بەگ
مەنوچەر سانی یەکەم
عەباس سان
نەزەر عەلی سان
بارام سانی دووەم
حسێن سان
مستەفا سان
محەمەد تاهیر سان
عەلیمەردان سان
محەمەد عەلی بەگ
فەتح عەلی سان
کەهزاد بەگ
نەسروڵڵا بەگ
خەسرەو بەگ
مستەفا سانی دووەم
جەعفەر بەگ
قادر بەگ
نەجەفقولی بەگ
حسێن بەگی چوارەم
قادرسانی دووەم
محەمەد سان
قادرسانی یەکەم
مەنیجە (منیرە) سان
جەمەخان بەگ
جەمەرشید بەگی یەکەم
حسێن بەگی سێیەم
ئەسکەندەر سان
محەمەد یوسف سان
مەحمود بەگ
خالید سان
محەمەد بەگ
خەسرەو بەگ
بەکر بەگ
لوتفوڵڵا بەگ
فەتحوڵڵا بەگ
محەمەد سانی یەکەم
بارام بەگ دزلی
ئەحمەد سان
مستەفا سان
فایەق بەگ
مستەفا بەگ
توفیق بەگ
غەفور بەگ
ڕەئوف بەگ
جەمەسان خان
جەمەرشید بەگ
خەسرەو بەگ
مۆزەفەر خان
مەجید خان
حسێن خان
محەمەد عەلی بەگ

تێبینی /

١- سەرچاوەی ئەم ڕشتەیە: (مێژووی هەورامان، پەیامی هەورامان، تأریخ کردو کردستان -صدیق بۆرەکەیی)یە.

٢- چونکە لەشوێنی تر باسی (محەمەد سەعید سانی لهۆن) و (بارام بەگی دزڵی) دەکەین، لێرەدا ڕشتەکەمان وەستاندووە.

٣- ئەوانەی نیشانەی (●)مان بۆ داناوە مەبەست لەوەیە، ئەوانە زیاتر ناودارترن و، وەبزانە کەلە(بارام سانی یەکەم)دا یەك دەگرنەوە.

٤- لەوانەیە لەهەندێ سەرچاوەدا ناوی تر ببێت، وەك ئەمە نەبێت من (نووسەر) ئەمەم بەلاوە ڕاست بووە.

٥- یەکەم و دووەم و ...هتد، دانراوە بۆ کەسەکان - بەڕێز هادی بەهمەنی دایناوە بۆ زیاتر ناسینەوە، چونکە لەبنەڕەتدا ناوەکان ئەوەیان نیە، منیش هەر هەمان ڕێچکەم بەکار هێناوە.

٦- لەوانەیە بۆ ساڵەکان کەمێك هەڵە هەبێت، چونکە لەهەندێ کتێب دا بەروارەکە بەساڵی کۆچی مانگی یا ڕۆژی نوسراوە، کردنەوەی بەزاینی هەندێ جار ساڵێك کەم و زیاد دەکات.

کورتەیەك لەسەرفەرمانڕەوایانی هەورامان[11]

کەباس لەمێژوو دەکرێ،دەبێت باس، لەدەسەڵاتدارەکان، بکرێت، کەدەستیان هەبووە لەڕووداوەکان، بۆیە، دەبێت لەبەگ وسانەکانەوە، دەست پێبکەین.

بەگزادەکانی هەورامان،خۆیان دەبەنەوەسەر،بەهمەن ناوێ،بەڵام ئیتر ئەم بەهمەنە کێیە؟ بۆچوونەکان جیاوازە!

- هەندێك دەڵێن: ئەم بەهمەنە،بەهمەنی سێهەمە،کەلەساڵی(٨٨پ.ن)، فەرمانڕەوای هەورامان بووە.[12]

- هەندێکی تر دەڵێن: ئەم بەهمەنە،بەهمەنی سێهەمە، کەلەساڵی (٩٧١-١٠٥٦ن) فەرمانڕەوایی کردووە، دەچێتەوەسەر بەهمەنی یەکەم کە کوڕی ئەسفەندیار کوڕی کوشتاسپ کوڕی لوهراسپ،کەلەڕۆژئاوای مادا،ژیاوەو فەرمانڕەوایی (١٢٧) وڵاتی کردووە، وەپیاوێکی زیرەك و، دادپەروە بووە.[13]

بەڵام م.محەمەد ئەمین هەورامانی،لەمێژووەکەی‌دا، دەڵێ:[14]

(...بەگ وسانەكانی هەورامان، خۆیان بەنەوەی نوێی (بەهمەن) دەزانن و، لەم ڕووەشەوە، هیچ جۆرە سەرچاوەیەكی بڕوا پێكراوی دەست نیشان كراو، نەخراوەتەبەر دەست.

ڕازی بەهمەن، هەروەك ڕازەكانی ناوكوردەواری، لەشوانیەوە، دەبێتە پاڵەوان، دەبێتە سەركردە، یا دەبێتە سەرۆكی دەوڵەت، هەروەك ڕازی دەماودەمی وەها، لەبارەی كۆرش وئەردەشێروچەندان،ڕازی دیكەی میللی‌یەوە هەن، هەروەها دەڵێ:شتێكی ڕاست وڕەوان، بەدەستەوەنی‌یە، كەباسی باپیرەگەورەی بەگەكانی هەورامان بەناوی (بەهمەن)ەوە بكات،جگەلەدەسخەتی موزەفەرەخان بەناوی(تأريخ اورامان)،وەدەسخەتی (ش)(شين ـ هێمایە بۆخاوەنەكەی)، ئەویش بەناوی(تأريخ اورامان).

لەبارەی (بەهمەن)ەوە،هەردوو سەرچاوەكە،لەم خەستەیەی ئێرەدا یەك دەكەون:

باوكی (بەهمەن)، بەناوی (بەهلو)وەیەو، كاتێ دەمرێ، بەهمەن، لەتەمەنی سێ ساڵی‌دا دەبێ‌و، ئەوجا، ئیتر بەخێوكردنی بەهمەن، دەكەوێتە ئەستۆی دایكی بەتەنها...)

...پاشان بەهمەن گەورەدەبێ‌و دەبێتە شوانی ئاواییو، دوایی بەهۆی شێخ جەلالەدینی غازی‌یەوە، كەلەنەوەی ئیمام باقرە، پشتگیری دەكرێ‌و، دەكرێتە كوێخای هەورامان، ئەوانیش هاوكاری مادی دەكەن، كەسیش سەرپێچی لەبەهمەن ناكات، وەبەهمەن حوكمێكی عادیلانەی هەورامانی كردووە.

بەهمەن ماوەی (٥٥)ساڵ حاكمی هەورامان دەبێ‌و،پاشان لەتەمەنی (٨٧) ساڵیدا، كۆچی دوایی دەكات.واتە: لە(٣٩٢ك)یەوەبۆ(٤٤٧)ك فەرمانڕەوا بووە. بەم شێوەیە فەرمانڕەوایی‌بەگەكانی هەورامان دەست پێ‌دەكات و،نەوەكانی ئەم بەهمەنە، فەرمانڕەوای هەورامانیان كردووە.دوای بەهمەن،باریەبەگ و، ئەمیر جەلالەدین وئەمیر سەعید جیاشا، فەرنانڕەوایی هەورامانیان كردووە.

ئەوەی شایەنی باسە،زوربەی پیرەكانی‌هەورامان،لەسەردەمی ئەمیر جیاشا بوون بەتایبەت پیری پیران،پیرشالیارو پیرانی‌دیكەی‌سەردەمی پیر شالیار.دەگێڕنەوە: لەسەردەمی(جیاشا)دا،مەئمون بەگی ئەردەلانی، بەلەشكرێكی زۆرەوە،هێرش دەهێنێ، بۆ سەرهەورامان،بەلام بۆ ماوەی سێ‌ساڵ،دەوری هەورامان دەدات،كەچی ناتوانێ، هەورامان داگیربكات،لەگەڵ ئەوەشدا،زیانێكی زۆری لێ دەكەوێت.

دوای (جیاشا)سلێمان بەگی کوڕی بووەتە،جێگەداری،کەدادپەروەرێکی بەناوبانگ بووە،تائێرە،ئەم نەوەی بەهمەنە،بەهەڵبژاردن بونەتە، فەرمانڕەوای هەورامان، زاناو پیرو خەڵکەکەهەڵیان بژاردون.دوای ئەمە، دانان و، لابردنیفەرمانڕەوای هەورامان، یالەلای شاکانی ئێرانەوە، فەرمانیان بۆ دەرچووە، یاخود، بەزۆر خۆی سەپاندووە. هەرچەندە دوای (سلێمان بەگ)، (بەهرام میرزا بەگ)یش، بەهەڵبژاردن خرایەوە جێگای باوکی،بەڵام لەسەردەمی ئەم دا(شاە تەهماسپ)بوو بەشای صەفەوی. بەهرام میرزا بەهۆی دادپەرستی و زیرەکی خۆیەوە،توانی خۆی بەشا بناسێنێو، فەرمانی حاکمیەتی هەورامانیشی بۆ دەرچوو، وەتوانی کچی ئەڵلاوێردی خانی، کەخوشکی شاوێردی خانی لوڕستان بوو بخوازێو بیهێنێ.

لەو ژنە (سلێمان و حسێنقولی و عەباسقولی) بوو، عەباسقولی لەخۆشەویستی، شاعەباسی صەفەوییەوە ناونراوە، چونکە لەساڵی (٩٩٦ك) لەدایك بووە کەڕۆژی چونە سەرتەختی شاعەباس بووە.

داگیرکردنی هەورامان:

خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانی، لەگەڵ شاعەباس تێك دەچێو، زۆر ڕقیشی لەشاوێردی خاندەبێ، بۆیە دژ بە بەهرام بەگیش دەوەستێو، لەشکرێکی زۆرو، بێپایان دەهێنێتە سەر هەورامان و، دوای ماوەیەکی زۆر، دەوری قەڵای هەورامان دەدات و، کوشتارێکی زۆر، لەنێوانیان دا دەبێت، پاش حەوت ساڵ شەڕکردن، بەهرام میرزا دەکوژرێو سلێمان بەگی کوڕی، دەبێتە فەرماندەی هەورامییەکان ودەستێکی باش دەوەشێنێ، لەلەشکری خان ئەحمەدخان، بەتایبەت لەشەواندا، بۆیە خان داوای ڕێکەوتن دەکات و، ڕێکدەکەون لەگەڵ سلێمان بەگدا.

هەردو کوڕەکەی تری، بارام بەگ،(حسێنقولیو عەباسقولی)، لای شاوێردی خانی، خاڵیان دەبن لەلوڕساتن، کاتێ کەباوکیان دەکوژرێ، تەمەنیان لە(١٣)و (١٤) ساڵ دەبن، خەریکی دەرس و،مەشق کردن دەبن، لەهەموو ڕوویەکی ژیانەوە.[١٥]

ڕێکەتنی خان ئەحمەدخان، لەگەڵ سلێمان بەگدا، فێڵ بوو، بەناوی میوانییەوە، سلێمان و سەرجەم بەگزادەو دەست وپێوەندی سلێمان بەگ، دەکوژێ، ئیتر ماوەیەك دەسەڵاتی بەگزادە لەهەورامان دا نەما، ئەمەش لەساڵی (١٠٣٢ك) دەبێ.[١٦]

لەمەبەدواوە، هەورامی‌یەکان، لەکاتی هێرش هێنانی بێگانەدا، ئەم کۆپلە شیعرەیان بەگۆرانی وتووە:

«نەبەگی مەئمون، نەتەیموری لەنگ

هیچ کەس ئەورامان، نەگرتەن بەجەنگ

غەیرجەخان ئەحمەد، بەگلەری خانان

ئەویچ بەحیلە، گرتەن ئەورامان»[17]

پەیدابوونەوەی دەسەڵاتی بەگزادە[18]:

کەعەباسقولی، لەلورستان لای خاڵۆی گەورە دەبێت و، کەناوبانگی ئازایی‌و زیرەکی دەردەکەوێت، شاعەباسی صەفەوی، دەیکات بەفەرمانڕەوای هەورامان ونازناوی (سان - واتە:سوڵتان)ی پێدەبەخشێت.[19]

بەم شێوە، فەرمانڕەوایی بەگزادەکانی هەورامان،بەعەباسقولی سان دەست پێدەکاتەوە، یەکێ لەکوڕەکانی (بارام سان) دەکوڕی دەبێ‌و، هەندێکیان دەسەڵات پەیدا دەکەن بەتایبەت(حسێن بەگ)کەئەویش چوار کوڕی دەبێ، دوان لەوانیش (دەروێش بەگ وپیری بەگ)ی کوڕی دەسەڵاتداریان دەبێت،بەم شێوە، نەوەو نەوەزایەکی زۆریان لێدەکەوێتەوە. بەڵام بەداخەوە ئەمانیش وەك، بنەماڵەو میرنشینەکانی تری کورد شەڕی ناوخۆو، براکوژی، دەست پێدەکەن، ئیتر هەربەدەست دوژمنەکانیانەوە بەکارهێنراون، بۆبەرژەوەندی خۆیان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

- خۆش باوەڕی‌و فریوخواردنی هەورامی‌یەکان خۆیان.
- خۆشویستنی دەسەڵات و،نەزانی‌و ئیرەیی (حەسادەت).
- گوێ نەدان بە بەرژەوەندی میللەت.
- زۆری دوژمن ونەیارو ناحەزی سانەکان وخەڵکەکە.
- پێکهاتەی جوگرافی‌و جیۆسیاسی‌و جیۆپۆلۆتیك وسایکۆلۆجیەتی هەورامی‌و هەورامان...تاد.

بەڕاستی کورد بەگشتی،ئەوەندە خوێنی خۆی،لەشەڕە ناوخۆیی‌یەکان دا ڕشتووە، ئەوەندە لەشەڕی بەرامبەر بێگانەو دەرەوە،نەڕشتووە.

ئەمە لەمێژووی کۆن ونوێی گەلەکەمان دا ڕۆشن ودیارە کەچۆن بەگ و سانەکان، بەربوونە،یەکترو،لەشکر کەشیان کردەسەر یەکتر.بۆ وێنە:حسێن سانی دەروێش بەگ، لەلهۆن،نەوسودی کردە پایتەخت وپاڵی دایە سوپحان وێردی خانەوە، والی سنە، بارام سانی کوڕی گەنجعەلی سانی هەورامانی تەخت و

ڕەزاویش،پاڵیدا بەپاشای بەبەوە بۆیەپاشاش،هۆزەکانیجافی خستەژێر دەسەڵاتەوە،هەردووکیان هێرشیان کردە سەریەکتر، لەئەنجامدا حسێن سان کوژرا.

یاخود خالد سانی بارام سان،هانەگەرمڵەی کردە ناوەندو نەزەر عەلی سانیش، شۆشمێو، ڕەزاسانی حسێن بەگیش، شاری هەورامانی کردە ناوەند، بەم شێوە هەورامان بوویە سێبەش،دواتریش،بووەتە چوار بەش.

ماوەیەك، بەم شێوە، فەرمانڕەوایی ، هەورامان گوزەرا،دوای ماوەیەك، عوسمان سانی کوڕی عەلیمەردان سان لەساڵی (١٨١٩ز) بوو بە سانی هەورامانی لهۆن بەڵام بەهۆی یەکێ لەبرازاکانی(خەسرەو بەگی مەنوچەربەگە)وە کوژرا. پاشان حەیدەر سان لەسنەوە، فەرمانی سانیەتی بۆخۆی دەهێنێتەوەو، هەرلەدوای ساڵێك،قادرسانی کوڕی محەمەد بەگ دەکرێ بەسانی لهۆن و، هانەگەرمڵە دەبێتە ناوەندی،حەیدەرسان لەنەوسود لادەبرێ، ئەمەش دەبێتەهۆی ناکۆکییان ولە(ملەگانەنەڵکمین)ـ کەلەنێوان ئاوێسەرو هانەگەرمڵەدایەـ لەشکر بەرامبەر یەك ئامادە دەکەن.

شایەنی باسە:

خوشکی قادر سان (مەنیجە خان یاخاتوو مونیرەیان پێ وتووە)هاوسەری حەیدەر سانی ئامۆزای دەبێ. دەگێڕنەوە حە یدەر سان بەژنەکەی دەڵێ:

سبەینێ من وبراکەت، دەکەوینە شەڕەوەو،بێگومان دەبێ هەریەکێکمان بکوژرێین و ئەوجا ئەوکاتە،ئەگەر من بکوژرێم، یابراکەت،بۆ تۆ هەریەکێکە و،تۆ بێ شیوەن نابی،بەڵام لەوانەیە خەڵك بەوەنەزانن!

ئەنجامەکەشی، لەناکاو قادر سان گوللەیەکی بەرکەوت و کوژراو، مەیتەکەی بۆشۆشمێ برایەوە، ئەمەش لەساڵی (١٨٢٤ز)دا بوو. پاشان، حەیدەرسان هەنگاوێکی باشینا، لەگەڵ محەمەدسانی هەرامانی تەخت و، ڕەزاوو دزڵی، ئاشت بوویەوە، بەگزادەکان دەستیان کردە ملی یەك.خەسرەو خانی ناکام کەوالی سنەبوو،ئەم هەنگاوەی پێناخۆش بوو،بۆیە دەستیکرد بەپیلان گێڕان، ماوەیەك خەریك بوو بێسوود بوو، لەئەنجامدا، بەفەرماندەیی میرزا هیدایەت، هێرش دەکاتە سەر هەورامان.

لەسەرەتاوە هەورامییەکان، دەستێکیباش دەوەشێنن، لەلەشکریمیرزا، بەڵام دوایی کۆمەکی زۆردێت بۆ لەشکری میرزا، لەناویشیدا سوارەی جاف دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی شکانی تفەنگچی هەورامیو، حەیدەرسانیش

دەکوژرێ‌و، محەمەدسانیش بەرەو شارەزووردەچێ. لەم کاتەدا فەرمانی سانیەتی بۆمنیرە خانی کچی محەمەد عەلی بەگ، دەردەچێ‌و، بۆماوەی ساڵێك دەبێت بەسانی لهۆن. پاشان ،میرزا هیدایەت، محەمەدسان، دڵخۆش دەکات و، دەگەڕێتەوە هەورامان و، منیرەسان دەخوازێ‌و، محەمەد سان خۆی دەبێتەوە بەسانی هەورامانی تەخت و شامیان و، قادر بەگی عومەر بەگیش دەکرێت بەسانی لهۆن.

قادرسانی غەفار بەگ لەشکر دەهێنێتە(ملە شۆپە):[٢٠]

بەهۆی ئەوەی،خوشکی ئەم قادربەگە،(خاتوو زوبەیدە)،بوو بەخێزانی والی سنەو، خزمایەتی‌یان پەیدا کرد...فەرمانی سانیەتی،بۆقادر بەگ دەرچوو، بوو بەسانی لهۆن و، لەهانەگەرملە دانیشت. هەربەفەرمانی والی، قادرسانی عومەربەگیش لەسانیەتی لادەبرێت، بەلام قادرسانی‌عومەر بەگ،مل نادات بەقادر سانی غەفار بەگ.

ئیتر، چونکە،قادرسانی غەفار بەگیش،خۆی ناتوانێ لادێکانی ژێر دەسەلاتی قادرسانی عومەربەگ، بخاتە ژێردەسەلاتی خۆیەوە،بۆیە:پەنادەباتە بەرسوپای عوسمانی‌و، ئۆردویەکی گەورەو فراوان،لەلهۆنی جاف و بەگلەرانی سوپای تورك، دەهێنێتە سەر قادر سانی عومەربەگ،ئەمیش(کوڕی عومەربەگ) لەنەوسود بەفەرماندەی، ئەحمەدبەگی مەحمودبەگ،کەبەئەحمەدی خاتونلە بەناوبانگە- کەژنەکەی خاتوو شازەی کچی محەمەد سانە،کەبەناوی ئەوەوە ناوبانگی دەرکردووە- لەشکرێك ئامادە دەکات،لەتفەنگچی لهۆن وهەورامانی تەخت و ڕەزاوو ... محەمەد سان پشتگیری قادرسانی عومەر بەگ دەکات و،ئەم ئەحمەدی خاتونلەی ناردووە،کەهەم زاوایەتی‌و،هەم برازایەتی‌و، جێگە داریشیەتی.

کەلەشکری قادرسانی‌غەفار بەگ دەگاتە(تەوێڵە)،شێخ عوسمان سراجەدین و مەلانەزیری گەورە،دەچن تکا لەقادرسانی غەفاربەگ دەکەن،کەواز لەم براکوژی‌یە، بهێنێ‌و موسوڵمانان بەکوشت نەدات.بەلام قادر سان گوێ‌ی بەو ئامۆژگاری‌یە نەداوە،ملی پێوە ناو، گەیشتە (ملە شۆپە).

لەشکری هەردوولا،بەرامبەر یەکتر،وەستان و،کەوتنە شەڕەوە،دەنگی تەقەو دوکەڵ و هاوار ناڵەو گرمە،ئەو چەم و دۆڵەی پڕکرد. زۆری پێ‌نەچوو لەشکری قادرسانی عومەربەگ، بەفەرماندەی ئەحمەد بەگ سەرکەوت و لەشکری جاف و عوسمانی و قادرسانی غەفار بەگ شکاوبەرەو تەوێڵەو دزاوەر ڕایان

کردو، قادرسانی غەفار بەگیش خۆی کوژرا، ئەمەش لەساڵی (١٨٣٥ز) دەبێت، ئەمیش زۆری پێنەچوو، کوڕانی عوسمان سان (ئەحمەد بەگ و محەمەد سەعید بەگ)، قادرسانی عومەربەگ لەنەسود دەکوژن و، ئەحمەدبەگ، دەبێت بەسانی لهۆن.

پاشان ئەحمەد بەگ و حەمە سەعید بەگ ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان،بۆیە حەمە سەعید بەگ چووە لای حەسەن سانی هەورامان. ئەویش لەشکرێکی بەسەر کردەی بارام بەگی برای،نارده پشتیوانیو،لەگەڵ حەمە سەعید بەگ دا هێرشیان بردەسەر ئەحمەد سان وشەوێك دایان بەسەری داو گرتیان و ئیتر محەمەد سەعید بەگ بوو بەسانی لهۆن. (دواترباسیدەکەین).

محەمەدسانی کوری محەمەد یوسف سانی کوڕی پیری بەگ: [٢١]

ئەوەبوو، محەمەد بەگی کوڕی محەمەد یوسف سان، کەبرای ئەسکەندەرسان بوو، بووبە جێگری (نائب الحکومە)ی،ژنی ئەسکەندەر سان کەناوی (خاتو هۆریزاد)ە زۆر بەسەر سانیەتی (خاتو هۆریزاد سان)دا، نەچوو، کەمحەمەد بەگ چووە سنەو، لەوێ لای والی فەرمانی،سانیەتی بۆخۆی هێناو، (خاتو هۆریزاد)سانی براژنیشی مارەکردو، بوو بەسانی هەورامانی تەخت و ڕەزاو شامیان و دزلی،ئەحمەد بەگی مەحمود بەگی برازای(ئەحمەد خاتونلە)ش دەبێتە جێگری...پاش دوو ساڵێ ئەحمەدبەگ، سەرپێچی دەکاتو، محەمەد سان دژی دەوەستێ، بەڵام والی کوردستان پشتگیری ئەحمەد بەگ دەکاتو،دەیکات بەسان و،محەمەد سان لادەبات. محەمەد سان بەبێ دەستکردنەوە، بەرەو شامیان دەڕوات و، لە(قەڵاگا)،بۆخۆی دانیشت تالەساڵی(١٨٤٢ز)کۆچیدوایی دەکات.

هەرسێ کوڕی محەمەد سان، (حەسەن بەگ ومستەفا بەگ وبارام بەگ)، لەدوای باوکیان دەسەڵات پەیدا دەکەن و،دوانیاندەبنە سان ویەکێکیشیان دەبێتەخان. حەسەنیان لەگەڵ براکانی ،تفەنگچی کۆدەکەنەوە و ،هێرش دەکەنەسەر ئەحمەد سان و،بەرەو سنەراوی دەنێن ،حەسەن بەگ ،ئعلانی سانیەتی خۆیدەکات و لەهەورامان نیشتەجێ دەبێت.

ئێستا بائەمەبێنینە بەرچاو: لەهەورامانی تەخت و ڕەزاو و دزلی... کورانی محەمەدسان..حەسەن سان و بارامبەگ ومستەفابەگ ـ دەسەڵاتداران، بەڵام حەسەن، سانی هەورامانە. لەهەورامانی لهۆنیش ـ هانەگەرمڵە و نەوسود ـ کوڕانی عوسمان سان، ئەحمەد سان و حەمەسەعید بەگ و بەکربەگ

دەسەڵاتدارن، بەڵام ئەحمەد،سانی لهۆنەو، زۆری پێ نەچوو محەمەد سەعید بەگ بوو بەسانی لهۆن.

حەسەن سانی کوڕی محەمەد سان[٢٢]

لەپێشتر، ئەوەمان باس کرد کەچۆن توانی خۆی بکات بەسان ... هەرکاتێك، سانێك دەسەڵاتی دامەزرابێت و، شەڕو ئاژاوە نەبووبێت، یاخود دوو سان نزیك بووبنەوە لەیەك و، پشتیوانی یەکیان کردبێت، والی سنە -کێچ چوەتە کەوڵی- و ئارامی لێبڕاوەو، خەریکی پیلان بووە، چۆن ئەم وەزعە تێك بدات...

بێگومان حەسەن سان و حەمەسەعید سان، هەم دەسەڵاتیان خەریك بوو، دادەمەزراو، فراوان دەبوو، هەم نزیك بووبوونەوە لەیەك، لەهەوڵی سەربەخۆیی هەورامان بوون، بۆیە: لەوکاتە ئەمانوالله خان ناسراو بە غولامشاخان، والی سنە دەبێ، هەندێك شکاتی حەسەن سان دەکەن لەلای، ئەویش، فەرمانی گرتنی دەدات و، لەخانەی دیوان بەگی سنە دارکاری دەکرێت.. پاشان ئازاد دەبێت. ئیتر لەوە بەدواوە، حەسەن سان، گوێ بەفەرمانی والی نادات و، باوەڕ بەسوێندر قسەکانی ناکات، بۆیە والیش لەوە بەدواوە، لای نەصرەدین شای قاجار، حەسەن سان بەیاخی لەقەڵەم دەدات.

دوایی والی ناردیشی بەشوێن حەمەسەعید سان دا، بەڵام ئەو یش نەچوو، چونکە سزادانی هاوڕێکەی (حەسەن سان)ی لەبەرچاو بوو... لەبەرئەوە لەساڵی (١٨٥٢ز)دا، والی لەشکرێکی گەورە کۆدەکاتەوەو دەیکات بەدوو بەشەوە:

بەشێکی بەفەرماندەیی (سەرهەنگی فەوجی کوردستان -نەجەفقولی خان)، بەرەو لهۆن دەکەوێتەڕێ...

بەشەکەی تری لەشکر-غولامشاخان- خۆی فەرماندەیی دەکات و بەرەو ناوچەکانی حەسەن سان دێت...

حەسەن سان، بۆئەمە چووە خزمەت شێخ عوسمانی سەراجەدینی تەوێڵە، بۆ ئەوەی شێخ بکەوێتە نێوانیانەوەو، والی هێرشەکەی نەکاتە سەر هەورامان، شێخ هاتە دێی (نزمار) گەیشتە لای والی، پاش گفتوگۆو بەخێر هاتن، شێخ داوای لەوالی کرد کەهێرش نەکاتە سەر خەڵکی هەورامان و، باشتر وایە وازیان لێبهێنن بۆ ئەوەی بۆخۆیان بژین! بەڵام والی بەگوێی شێخی نەکردو، شێخیش بەرەو دێی دەگا شێخان، گەڕایەوەو، ئالەوێوە نامەیەکی گلەیی بۆ والی نووسیو، والیش لەوەڵامی نامەکەدا کەلەداوێنی نامەکەی شێخدا نوسیبووی:

ما شێخ و زاهد کمتر شناسیم   یا جام، بادە، یا قصە، کوتاه

وەڵامەکەی والی، بۆ شێخ لەکاتێکدا گەیشتە بەرەوە، لەگەردنگەی پیادەڕێ‌دا، درایە دەست شێخ و شێخیش بۆ جاری دووەم، بەم شێوەیە وەڵامی والی دایەوە:

گدای کوی میکدەام لیک ویستی بین   کەبر فلک و حکم بر ستارە کنم

حەسەن سان کەزانی هیچ جۆرە بەرگرییەکی پێ‌ناکرێت، بەخاوو خێزان و هۆزانەوە بەرەو شارەزوور ڕۆیشت، لەنیوەی ڕێگا خێزانەکەی -دایکی ڕۆستەم سان و برزوو بەگ- کۆچی دوایی کردو لەمیری سوور ناشتیان... غوڵامشاخانیش دەگاتە حەوشی بەدرانی، پاش (٢٠) ڕۆژ، لەوێ مایەوە، لەوکاتەدا هەواڵی بریندار بوونی شای پێ‌گەیشت.. ئیتر بۆ سنە گەڕایەوە.

لەولاشەوە لەشکری والی لەلهۆن دا، تووشی شەڕێکی قورس دەبێت و، دەشکێت، بەڵام لە هەورامانی تەخت دا، بێ‌بەرگری کردن، والی سەرکەوتووە.

زۆری نەبرد، لەلایەن والییەوە، حەسەن سان و حەمەسەعید سان، فەرمانی سانیەتیان بۆ دەرچوویەوەو کرانەوە بەسان.

ئەمجارە حەسەن سان، پایتەختی بردە دزڵی، کەپێشتر لە هەورامانی شاردا بووە، وە ناوچەو دێ‌کانی بەش کرد بەسەر بەگزادەکانی برای و ئامۆزاکانی‌دا.

والی هەرچەند دەکات، حەسەن سان ناچێت بۆ سنە، بۆیە والی سەردانی حەسەن سان دەکات و، دێتە دزڵی‌و پاشان، دەچێتە کەیمنەو لەوێ بەخزمەتی شێخ عوسمانی تەوێڵە دەگات و، لەهەجیجەوە بۆ سنە دەگەڕێتەوە.

پاش دوو ساڵ غوڵامشاخان (گوڵە زەڕخانم = کڵاوزەڕ خانم)ی کچی بارام بەگی برای‌هەسەن سان، دەبێتە هاوسەری، هەر لەبەر ئەمەش بوو، بارام بەگ کرا بەحاکمی‌هەورامان و مەریوان. پاش ساڵێ مستەفا بەگیش دەکات بەحاکمی مەریوان.

بێگومان والییەکانی سنە، زۆر هەوڵیان داوە، ژن و ژنخوازی یان، لەگەڵ سان و بەگزادەکانی هەورامان دا ببێت، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەکە:

- شۆخ و شەنگی ئافرەتی هەورامان.
- ژیری و سەلیقەیان، لەماڵ و کاروباری ژیان و هاوسەرێتی‌و میوان بەرێ‌کردندا.
- بۆ کۆنترۆڵ کردنی هەورامان، بۆ ئەوەی سانەکان دامرکێن و، سەر بەوالی بن و پاڵ نەدەن بەشوێنی ترەوەو، سەرپێچی نەکەن، واتە مەرامی سیاسی بووە...هتد.

پاش تێپەڕ بوونی سیٚ‌ساڵ، مستەفا سان، لەلایەن والی‌یەوە لەسنە بەند دەکرێت، دوایی بەهۆی حەسەن سان و بارام بەگەوە، مستەفا سان ئازاد دەکرێت دوای جەریمە کردنی بە (٤٠٠) تمەن.

فەرهاد میرزاو کوشتنی حەسەن سان[٢٣] :

دوای مردنی غولأمشاخان، فەرهاد میرزا کرایەوە بەوالی سنە. فەرهاد میرزا نیەتی باش نەبوو، لەگەڵ سانەکانی هەورامان دا، بڕیاری لەناوبردنیان دەدات، بەتایبەت حەمەسەعید سان و حەسەن سان. چونکە: لەلایەکەوە هەردوکیان دەسەلأتیان هەیەو، تفەنگچی زۆریان کۆکردووەتەوە.لەلایەکی تریشەو فەرهاد میرزا ڕقی لەو کەسانەیە، کەلەگەڵ غولأمشاخان دا خزمایەتیان هەبووە، جگە لەمەش، ئەمانیش قسەی ناخۆشیان هەبوو دژی والی. حەسەن سان لەڕیزی سانە دیارەیەکانی هەورامان بووە، (مەهدی بامداد) لە مێژووی پیاوانی ئێراندا باسی کردووە. ئەم سانە هەموو وەختێك دوو هەزار تفەنگچی هەبووە، یەکێتی‌یەکیان لەگەڵ حەمەسەعید سانی لهۆنی و حەمە پاشای جافدا لەهەڵەبجە هەبووە.

مەردۆخ دەڵیٚ: حەسەن سان، ساڵەها نافەرمانی حاکمی سنەی کردووە، لەسەردەمی ئەمدا هەردوو دیوی هەورامان یەکی گرتۆتەوە.

لەساڵی (١٨٦٧ز)یەوە فەرهاد میرزا بەهۆی شەرەفولمولکەوە، حەسەن سان و برایانی ئاگادار دەکاتەوە، کەدەبێت لەقەلأی (شاھ ئاوا)دا ئامادەبن، بۆ پێشوازی فەرهاد میرزا. ئەوانیش بەدوو هەزار تفەنگچی‌یەوە چوونە خزمەت فەرهاد میرزا، دواتر بەڕیٚ دەکەون بۆ (بێڵو = بێڵك) لەویٚ فەرهاد میرزا دەچێت بۆ شوێنی تایبەتی خۆی و ئەمانیش دەچن بۆ ماڵی شێخ عەبدوالله و شێخ عەبدولقادر، بۆ بەیانی والی هەردوو شێخ، دارکاری باشیان دەکات، چونکە دەعوەتی سان و براکانی‌یانی کردووە.

بۆ بەیانی‌یەکەی حەسەن سان و هەردوو برای لەلای فەرهاد میرزا، ئامادە دەبن، بەفێڵ هەرسیٚ براکە دەکەنە ژوورێکەوەو لەبەرچاوی دوو براکەی ترەوە – حەسەن سان– دەکوژیٚ. ئەو دوانەکەی تریش (مستەفا سان و بارام بەگ) بەیەکەوە دەبەستێتەوەو بەندیان دەکات.. ئەمە بیٚ ئەوەی تفەنگچی حەسەن سان بزانن، کاتیٚ ئاگاداردەبن، جگە لەبلأوەکردن هیچیان پیٚ‌ناکرێت. پاشان هەردوو برا (مستەفاو بارام) دەهێنێت بۆ سنەو، هەورامانی خستە ژێر دەسەلأتی میرزا عەلی دیوانبەگی‌یەوە.

لەم کاتەدا کوڕانی هەرسێبراو بەگزادەکان کۆدەبنەوە، بەسەرکردەی ڕۆستەم سانی کوڕی گەورەی حەسەن سان، نزیکەی هەزار تفەنگچی ئازا کۆدەکەنەوەو، هێرش دەبەنە سەر حاکمی مەریوان (محەمەد باقرخان) دەیشکێنن و ڕاوی دەنێن، لەم کاتەدا خەڵکی شامیان کۆچ دەکەنە دزڵی و دەبنە پشتیوانی ڕۆستەم سان، کەخەڵکی هەورامان خۆیان بەیەکگرتوویی پیشان داوە، فەرهاد میرزا ترسی لێدەنیشێ. بۆیە (شەرەفولمولك) بەلەشکرێکەوە بۆ مەریوان دەنێرێ، خۆیشی سەرکردەی لەشکری کوردستان و کۆماسی و کەلاتەرزان و ئەحمەد بەگی خاتونلەو کۆمەڵێ لەبەگزادەی هەورامان و هەزار سوارەی مەنمی دەکات، بەهەر شێوەیەك بێت خۆی دەگەیەنێتە دێی (ئەنجومنە) ئەمەش لەساڵی (١٢٦٨ك – ١٨٥١ز) دەبێت.

ڕۆستەم سانیش کەئەمە دەبیستێ، چوارسەد تفەنگچی ئازاو دڕ هەڵدەبژێرێ، بەفەرماندەی عەباسقولی بەگی مستەفا سان و برزوم بەگ، سەرەتا بەئەسپایی خۆیان دەگەیەننە (مەحمود بەگی ئەحمەد خاتونلە)و دەیکوژن. دوایی شەڕ گەرم دەبێت و هەورامی‌یەکان دەستی خۆیان دەوەشێنن و شەرەفولمولك بریندار دەبێت و کوشتارێکی زۆر دەدەن و، فەرهاد میرزا بەهەزار ناڵەو عەلی بۆی دەردەچێت و شکست دەخوات.. هەورامی‌یەکانیش بەکوڵ و بارێکی زۆرەوە بەسەرکەتویی دەگەڕێنەوە بۆ دزڵی.

فەرهاد میرزا حاڵی شڕی خۆیان دەگەیەنێتە شای ئێران. بۆیە: ئەمجارە بەفەرمانی شا، دە فەوج سەرباز، بەهەموو تفاقێکەوە ئامادە دەبن بۆ هاوکاری میرزا فەرهاد.

ئەم دە فەوجەو لەشکرێکی تری زۆری ناوچەکە، جارێکی تر دێنەوە سەر هەورامان، ئەمانە بەفەرماندەی کەسانی لێهاتوو لێزان و شارەزاوە دێن بۆ داگیر کردنی هەورامان. بەم شێوە لەشکری هەردولا، لەشکری فەرهاد میرزاو لەشکری هەورامی لەدەربەندی (کەڵویم) و دەشتی (باو) گەیشتنە یەك، شەڕێکی قورس ڕوویدا، بەڵام ڕۆستەم سان کەزانی لەشکرەکەیان یەك بەسەدی لەشکری دوژمن نیە، فەرمان دەکات کەتفەنگچی‌یانی کۆچ بکەن بۆ (سەرکلاوان و قەلاخانی و کەماجەڕ) تائامادەبن لەوێوە بەرەو شارەزوور بڕۆن.

ئیتر لەشکر دەگاتە دزڵی و داگیری دەکەن و ماڵی بەگزادەو تفەنگچی‌یان تالان دەکەن و دەیسوتێنن، ماوەیەك هەورامی‌یەکان بەشەو دادەبەزێنە سەر لەشکری دوژمن و پەلاماریان دەدەن و ئیسراحەتیان لێ بڕیبوون.. پاشان

هەورامی‌یەكان ناچار بوون هاتنە شارەزوور و، بونە پەناهەندەی عوسمانی و بەرەو سلێمانی هاتن. هەرچەند فەرهاد میرزا بەڵێنی پێ‌دان و پیاوی نارد بەشوێنیان دا، بەلاّم ئەوان نەگەڕانەوە، بەرەو دیار بەكرو حەڵەب و كەركوك و سرۆچك بران و، موچەیان بۆ بڕایەوە.

لەم لاشەوە لەشكری فەرهاد میرزا بەرەو لهۆن ڕۆیشتووە، محەمەد سەعید سانیش، بووەتە پەناهندە لەشارەزوور. لەم كاتەدا هەورامان بەگشتی دابەشكرا بەسەر پیاوانی دەوڵەتدا.

هێشتا مستەفا سان و بارام بەگ هەر لەزیندانا بوون، دوای سێ ساڵ زیندانی بەزەهر كردنە ناو خواردنەوە بارام بەگ دەكوژن و مستەفا سانیش، بەردەبێ و موڵكەكانی پێ‌دەدرێتەوەو دەبێتەوە بەسانی هەورامان.

لەساڵی (١٨٧٤ز) شێخ محەمەد بەهائەدین كەدەچێت بۆ جەج، لەوسەرەوە ماڵ و خێزانەكەی ڕۆستەم سان لە(دیار بەكر)ەوە، بۆ كەركوكی دەهێنێتەوەو، كەدێتەوە تەوێڵە ڕۆستەم سان بۆ دیدەنی بۆ تەوێڵە بانگ دەكات و پاش چەند ڕۆژێ بۆ كەركوك دەگەڕێتەوە.

پاشان هەورامان دەكەوێتەوە ژێر دەسەلاّتی هەورامی‌و، بەگزادەكان دابەشی دەكەن بەسەر خۆیاندا، بەم شێوەیە:

* هەورامانی تەخت و دەوروبەری: بۆ حەسەن سانی دەبێت، كە ڕۆستەم سان دەبێتە برا گەورەیان، ئەم سانە بۆ ماوەی سێ ساڵ سانی هەورامان بووە، لەسەردەمی ئەم دا زوڵم و زۆرو ستەم نەكراوەو دادپەروەرو بەخشندەش بووە، لەساڵی گرانی‌یەكەدا زۆر هاوكاری هەژارانی كردووە.

* ڕەزاوو كەمەرە: بۆ مستەفا سانی دەبێت، پاش ماوەیەكیش عەباسقولی بەگی مستەفا سان، لەلایەن ئیقباڵولمەلیكی حاكمی سنەوە دەكرێت بەسان و لەجێگەی باوكی دادەنیشێ‌و، پاشان دەكرێت بەسانی هەموو هەورامان بەلهۆنیشەوە، عەباسقولی سانیش پشێوی‌و ڕاوو ڕووت ناهێڵێت لەناوچەكەیدا. لەدوای ئەمیش حسێن خانی ڕەزا قولی‌سانی برازای دەبێت بەخان.

* درڵی و دەوروبەری: بۆ بارام بەگی دەبێت... ئەمانیش كوڕانی بارام بەگ دەسەلاّت دەگرنە دەست، بەتایبەتی عەزیزخان، لەدوای ئەویش ئەحمەدخان دەسەلاّتی دەبێت و ئیتر مەحمود بەگی درڵی دەبێتە خانی درڵی و فەرمانڕەوایی پەیدا دەكات. (لەدواتردا باسی دەكەین).


ڕشتەی بنەماڵەی محەمەد سەعید سانی لهۆن
محەمەد سەعید سان
ڕۆستەم سان
حەمەصالح سان
ئافراسیا بەگ
تۆفیق بەگ
حسێن بەگ
یونس بەگ
ئەلعەت بەگ
ڕەفعەت بەگ
نەزهەت بەگ
عەبدوڵڵا بەگ
کەماڵ بەگ
تەقی بەگ
نەجیب بەگ
فایق بەگ
عوسمان بەگ
مەحمود بەگ
مەجید بەگ
فەتاح بەگ
محەمەد سان
عەبدولڕەحمان بەگ
کەیخەسرەو بەگ
حەمەلاو بەگ
محەمەد سەعید بەگ
محەمەد صاح بەگ
عەباس بەگ
کەیخەسرەو بەگ
حەمە تاهیر بەگ
جافر سان

تێبینی /

١- بۆ ئەم ڕشتەیە سود وەرگیراوە لە (مێژووی هەورامان، م. هەورامانی)، (پەیامی هەورامانی هادی بەهمەنی)، (کرد و ترك وعرب، ئەدمۆنز)، (وەستا محەمەدی حاجی حەمەصاڵح تەوێڵەیی).

٢- هەندێك دەڵێن جافرسان ٢٠ یا ٢١ یا ٢٤ کوڕی بووە، بەڵام دوای دڵنیابوون (١٩) زیاتری نەبووە.

٣- لەسەر قسەی محەمەدی وەستا حەمەصاڵح کوڕەکانی جافرسان لەدایکەوە بەم جۆرە برابوون:

ژمارە (١+٣+٤+٦) لەژنی یەکەمی جافرسان بوون.

ژمارە (٢+٥+١١) لەژنی دووەمی جافرسان بوون.

ژمارە (٨+١٠+١٢+١٤+١٥+١٦+١٧+١٨+١٩) لەژنی سێهەمی جافرسان بوون.

ژمارە (٧+٩+١٣) لەژنی چوارەمی جافرسان بوون.

ئەمە ڕەئی‌یەکە کەچوار ژنی هێناوە نەك شەش.

محەمەد سەعید سوڵتان[٢٤]

پێشتر، بنەماڵەو چۆنیەتی بوون بەسانیمان باس کرد- وتمان بەهۆی هاوکاری (حەسەن سانی هەورامانی تەخت)ەوە، توانی ببێت، بەسانی لهۆن، بۆیە نێوانیان زۆر باش بووەو، هاوکاریەکیان زۆر کردووە، دژ بەنەیارو دوژمنەکانیان. حەمە سەعید سان، سانی لهۆن بووە، کە پێکهاتووە، لەنەوسودو، نۆدشەو، شۆشمیۆ، دزاوەرو هانە گەرمڵەو بێدەروان، لەم کاتەدا بیارەو تەوێڵەو (پشت دەلێن)، بەدەست سەرکاری پاشایانی بابانەوە بووە. لەم کاتەدا: (کوێخا محەمەد)ی فەقێ مەحمودی مەلا ئیبراهیمی بیارە، وەکیلی پاشایانی بابان بووە لە بیارە، لە تەوێڵەش (عەبدوالله ئاغا (باوکی قادر ئاغا) وەکیل بووە، ئێستا:

محەمەد سەعید سان ... فەرمانڕەوای هەورامانی لهۆنە.

حەسەن سانیش ... فەرمانڕەوای هەورامانی تەختە.

ڕەزا قولی خانی خەسرەو خانی بچوك (ناکام) دواتر ئەم مانواللە خان - ناسراو بە غولامشاخان -والی ئەردەلانن لە سنەو لە گەڵ قاجاری‌یەکانن. عەلی ئەکبر خان (شەرەفولمولك)یش، فەرمانڕەوای جوانڕۆیە، دواتریش فەرهاد میرزا، دەبێت بە فەرمانڕەوای جوانڕۆو سنەو دەورو بەری. نەسرەدین شاش، شای

قاجاریەکان دەبێت لە ئێران. بێگومان، عەلی ئەکبەرو فەرهاد میرزاش سەر بە قاجاڕیەکانن بە تایبەت فەرهاد میرزا هەر حاکمی دەوڵەتە لە سنە.

کە حەمە سەعید سان، دەکەوێتە جمو جوڵ، بۆ زیاد کردنی دەسەڵاتی‌و ئازاد کردنی هەورامان و سەربەخۆیی بوون....ئەردەڵانی‌و قاجاریەکان، دەکەونە پیلان گێڕان. بۆیە سێ هێرشی گەورە دەکرێتە سەری:

- **لە جاری یەکەمدا**، لە کۆتایی ساڵی (١٨٥٢ ز)دا دەبێت..والی ئەردەڵان لە سنە فەرمان دەکات کە فەوجێکی سەربازو، دوو هەزار، چریکی سوارە، لەگەڵ نەجەف قولی خان، ئامۆزای عەلی ئەکبەر خان، وە ئەبولقاسم یاوەر، هێرش بەرنە سەر هەورامانی لهۆن. حەمەسەعید سان تفەنگچی خۆی ئامادە دەکات. بەفەرماندەی عەبدوڕەحمان بەگی کوڕی، لەمبەری ئاوەکەی سیروان سەنگەر دەگرن، بەڵام پێشتر، پردەکەی سیروان دەڕوخێنن: لەشکر بەهەر جۆرێك بوو کردیە ئەوبەری ئاوەکە ئەمەش دوای زیانێکی زۆر بە خنکان و بە کوژران. تفەنگچی سان دەکشێنەوە بۆ شاخەکانی نەوسود: هەر ئەو ڕۆژە لەشکر گەیشتە نەوسود، بۆ شەو هەورامیەکان، هێرش دەکەنە سەریان، تا دەتوانن لێیان دەکوژن و ئەوانی تر، بە شپرزی‌و بە ماندویی‌و تینویەتی گەرمای هاوین، ڕادەکەن بەرەو پاوە، پاشان دەگەڕێنەوە جوانڕۆ. شکانی لەشکری نەجەف قولی خان، لە لهۆنداو، ڕۆیشتنی لەشکری غولامشاخان بۆ هەورامان و، هەوشی بەدرانی‌و، کشانەوەی، حەسەن سان، بەرەو شارەزور ڕێکەوتی ساڵی(١٨٥٢ ز) بووە.

محەمەد سەعید سان، لە نەوسودا، بە ئاگایی‌یەوە دانیشت... بەڵام وا دیارە، دوای ڕێکەوتنێك دەبێت لە نێوان سان و والی‌دا.

- **لە جاری دووەم دا لە ساڵی** (١٨٦٦ز)**دا**: پاش ماوەیەکی تر، ناحەزانی حەمە سەعیدسان، شکاتی سان دەکەن، لای والی، هەروەها والیش غولامشاخان لەقەڵای شاە ئاوای لای مەریوان، عومەر پاشای بابان دەبینێ وشکاتی تفەنگچی حەمە سەعید سان دەکات لای والی.

..ئیتر والی دەست بەجێ دەگەڕێتەوە، سنەو، لەشکرێکی گەورەو فراوان دەکاتە سەر لهۆن، کە لەشگر دەگاتە پاوە، سان، نەوسود چۆڵ دەکات وبەرەو عەبابەیلێ دێت بۆماڵی خەزورانی.

والی لەم هێرشەی‌دا، مستەفا سان و عەلی ئەکبر خانی، لەگەڵ دا بووە، کە گەیشتنە نەوسود والی هەردوکیان بۆلای حەسەن سانیان دەنێرێ،

لەم کاتەدا عومەر پاشا، دێتە (گوڵعومەر= خورماڵ) لەگەڵ والیدا، کۆدەبنەوە بۆئەوەی چارەسەری کێشەی سەر مەرز بکەن، دەسەڵاتی سانەکانیش بەشتێك بکەن وبیبڕن بەلایەکدا.

حەمە سەعید سان ئاگای لەمە بوو، بۆیە: خۆی گەیاندە لای حەسەن سان، بۆئەوەی چارەسەری کێشەکەی بکات، بۆ ئەمە حەسەن سان، بارام بەگ و عەلی ئەکبەر خان دەنێرێ، بۆ خورماڵ، بۆ لای عومەر پاشا، خۆیو حەمە سەعید سانیش پێکەوە دەچنە خزمەت، شێخ عوسمانی تەوێڵە، بۆ خۆش کردنی کاری محەمەد سەعید سان. شێخیش دەنێرێ بەدوای شێخ عەلی عەبابەیلیێ و محەمەد پادشای جاف دا، ئەوانیش، دێنە تەوێڵە. ئەوجا شێخ: مەولەوی و عەبدوڕەحمانی کوڕیو مەلا ئەحمەدی نۆدشە، وەك، نوێنەری خۆی دەنێرێ لەگەڵیاندا. هەموو دەکەونە ڕێ بۆلای والی تاوەکوو لە محەمەد سەعید سان خۆش دەبێت کاتێ دەگەنە لای والی: مەولەوی ڕوو دەکاتە والیو دەڵێ:

روی عقیدەء تشیع علی را بشفیع آوردە ایم

وباعتقاید اهل سنت وجماعت محمد را شافع کردە ایم

وباعتقادائیم عامە نیز بسم الله الرحمن الرحیم

مەبەستی لە(علی)، شێخ عەلی عەبابەیلیێیەو، لە(جماعت محمد)یش مەبەستی لەمحەمەد پاشایەو، لە(بسم الله الرحمن الرحیم)یش مەبەستی لەناوەکەی خۆیەتی کە(عەبدوڕەحیمە). کەوالی، گوێی لەم وتە پەسەندو، دڵخۆشکەرو، جوانە دەبێ، لە محەمەد سەعید سان خۆش دەبێت..

- **هێرشی سێهەم بۆسەر محەمەد سەعید سان لەساڵی** (١٨٦٨ز): دووساڵ بەسەر ڕوخانی ئەردەڵاندا، تێپەڕی، فەرهاد میرزا بوویە والی کوردستان، وەك لەپێشتر وتمان، بڕیاری دابوو، بە گەکانی هەورامان، بەهەر جۆرێك بووە لەناو بەرێ. ئەوەبوو، بەفڕ وفێڵ، سەری حەسەن سانی، خوارد بوو، ویستی سەری محەمەد سەعید سانیش، بخوات. بەڵام محەمەد سەعید سان لەسەرەتاوە ملی بۆ نەئەدا، بۆیە: لەهەمەدانەوە دوو فەوج دەکەونە ڕێ، بەفەرماندەی (مستەفا قولیخان= ئیعتیما دوسەڵتەنە) و (بیوکخان) دێنەلای شەرەفولمولك، لەجوانڕۆ، ئەویش بەخۆیو لەشکرەکەیەوە بەرەو لهۆن لەگەڵیان دێت.

لەم کاتەدا محەمەد سەعید سان داوای کۆمەك، لەعەباسقولی سان وبرزو بەگ دەکات ئەوانیش (٣٠٠) تفەنگچی دەنێرن بۆ کۆمەکی سانی لهۆن. ئیتر شەڕێکی قورس ڕوودەدات لەنێوانیاندا، لەسەرەتاوە لەشکری دەوڵەت دەشکێ،

بەڵام لەم كاتەدا تفەنگجی عەباسقولی دەبێت بگەڕێنەوە بۆ هەورامانی تەخت، چونكە لەم لاوە خۆیان زۆریان بۆهێناون. لەلایەكی تریشەوە، بیوكخان، كەوتە خەڵاتكردنی، خەڵكی ناوچەكە، كەسانی وەك محەمەدی خاتوو خانمیّ چوو بەدەمیانەوە..ئیتر محەمەد سەعید سان ناچار بوو، بكشێتەوەو بەرەو شارەزوور هات و لە سلێمانی دانرا، لەم كاتەدا هۆزی حەسەن سانیش لەئەحمەد ئاوا خۆیان گرتووەتەوە، بەڵام تفەنگچیانی لەگەردەنەی كەمانجەڕەوەن. شای قاجاڕی بەمە ڕازی نابێت فەرمان دەر دەكات، بۆفەرهاد میرزا، بەهەر شێوەیەك بووە، دەبێت سەری حەمەسەعید سان و كوڕەكەی بخورێت، لەبەر ئەمە فەرهاد میرزا، شەرەفولمولك، لەمە ئاگادار دەكاتەوەو پێیّ دەڵیّ، بەشەڕ سەرناكەوین بەسەریاندا، مەگەر بەدۆستایەتی كردن وڕێكەوتنێك لەگەڵیاندا كەلە ژێرەوە پڕبێت لەفڕو فێڵ. فەرهاد میرزا، شەرەفولمولكی ناردە سلێمانی بۆلای بەگزادەكان، دڵخۆشی كردن كە بگەڕێنەوە، بەڵام ئەوان نەگەڕانەوە.

ئیتر هەورامان دابەشكرا، بەسەر كەسانی سەربە دەوڵەت، بەڵام جار جارە پیاوانی محەمەد سەعید سان، لەلهۆن دەست دەوەشێنن.ماوەیەك ئاوا گوزەرا..پاشان بەهەر شێوەیەك بێت سان ڕازی بوو، بەگەڕانەوە بۆسنە، بۆلای فەرهاد میرزا.. ئالەوێدا، فەرهاد میرزا بەدەسخەتی مەولەوی فەرمانی سانیەتی بۆ محەمەد سەعید سان بۆ لهۆن، دەر دەكاتەوەو، لەگەڵ (شەرەفولمولك)دا، بۆقەڵای جوانڕۆ دەكەونە ڕیّ، بۆئەوەی، لەویّوە، بۆلهۆن بگەڕێتەوە. كەچی كە دەگەنە ئەویّ، پاش دوو سیّ ڕۆژ، لەمانگی(شەوال)ی (١٢٨٩)ی كۆچی ئەوڕەحمان بەگ لەبەر چاوی باوكیەوە بەفەرمانی شەرەفولمولك دەكوژرێت. بۆ بەیانیەكەشی لەبەرچاوی پیرۆزە خانمی خێزانیەوە. محەمەد سەعید سان ،یش دەكوژن" دەشڵێن:

لەپێشەوە سان و پیاوێكی بەناوی میرزا ئەبوبەكر، دەكوژن، پاشان كوڕەكەی، دوایش كەپیرۆزەخانم لەمە ئاگادار كرا، ئەویش خۆی خنكاند.[٢٥]

محەمەد تایر سوڵتانی، پلانی سەر خواردنەكە، بەم جۆرە دەگەڕێنێتەوە:

(شەرەفولمولك، سان، بەدرەختێكەوە ئەبەستێتەوە، سەرۆكانی ناوچەكەی بانگ كردوون، داوایان لیّكراوە، هەریەكیّ خەنجەرێكی لیّبدەن. تابەم كارە، تۆوی ناكۆكی لەنێوان، هەورامان و جوانڕۆدا بوەشێنێت.)[٢٦]

زۆربەیان لە محەمەد سەعید سان یان دا، جگە لەهەندێکی کەم نەبن. کەئەم هەواڵی کوشتنە درا بەفەرهاد میرزا، نازناوی شەرەفولمولکی بەعەلیئەکبەر خان داو موسا خانی براشی کردە سانی هەورامان.

شەرەفولمولک بەمەڕازی نابێ، سەروەت وسامانی سان و، کەسو کاری لەنەوسودو دەور وبەری، هەموو تالآن دەکات وئیتر ڕۆستەم بەگی کوڕیو کەسوکاریشی ناچار دەبن بەرەو شارەزوور هەڵبێن.[٢٧]

دوای ساڵێك ڕۆستەم بەگ، دەگەڕێتەوە، نەوسود، بارو دۆخ دەگۆڕێ وهەلێکی بۆپەیدا دەبێت و، لەساڵی(١٢٩٢ك)ی فەرمانی سانی بۆ دەر دەچێت ودەبێ بەسانی لهۆن. دەستی خۆی دەوەشێنێت لە نەیارەکانی، بەتایبەت، ئەوانەی دەستیان بووە لەکوشتنی محەمەد سەعید سانی باوکیدا، وەك مستەفا بەگی ئەحمەد سان ومحەمەد بەگی خاتوونلیو حەوت کەسی نۆدشی.. ئەوانەش لەسەر محەمەد سەعید سان، زەحمەت وئازار دران پاداشتی دانەوە.

ڕۆستەم سان، دوای کوشتنی، مستەفا سان، ژنەکەی دەخوازێت، ئەم ژنە کوڕێکی منالی دەبێت بەناوی (حسێن)لە مستەفا سان دەبێ. لەگەڵ دایکیدا دەبێت ولە ماڵی ڕۆستەم سان دا، گەورە دەبێ، دوایی، کەگەورە دەبێ جارێکیان لەگەڵ ڕۆستەم سان، دەچن بۆڕاو لەنزیك هاوار، لەوێ ڕۆستەم سان دەکوژێ، ئەمەش ڕێکەتی ساڵی(١٨٩٢ز) دەبێ.

ڕۆستەم سان ئەم ژنانەی هێناوە:

- شیرین کچی ڕەزا قولی بەگ.
- دەوڵەت کچی یاقۆ سوری تەوێڵەی..ئافراسیاو بەگ (سالار) لەم ژنەیە.
- شاه پەسەندی هاواری.
- دەوڵەت لەمەلازادەکانی نەوسودەو کۆنە ژنی شامحەمەد (حەمەی فەقێ مەحمود)ی مەلا ئیبراهیمی بیارە.

ڕۆستەم سان لەدوای خۆی حەمەساڵح بەگی کوڕی بۆماوەی سێساڵ سان دەبێولە ساڵی (١٣١٢ك)ی دەکوژرێو جافر بەگ دەبێ بەسانی هەورامانی لهۆن.

تێبینی: لێرەدا بەپێویستی دەزانین کەمێك زیاتر بدوێین لەسەر ژیانی دوان لەکەڵە پیاوو فەرمانڕەوایانی هەورامان، سانێك وخانێك، کەژیانیان دوورنیە لێمانەوە،هەردوکیان،خاوەن هەڵوێست بوون، خەباتیان کردووە دژ بەداگیرکەران، خزمەتی دەڤەرەکەیان کردووە.ئەوانیش:سانی هەورامانی لهۆن- جافرسان و،خانی هەورامانی دزلی، مەحمود خانە.

(جەعفەر سوڵتان)

(١٨٣٤-١٩٤٢)

وتمان حەمە صاڵح سان، لەساڵی(١٣١٢-ك١٨٩٤ن) کوژرا، یەکسەر، جافر بەگی محەمەد سەعید سان، کرا بەسانی لهۆن و،جێگەی گرتەوە. شێخ عومەر چیائەدین، کەهاتبوو بۆ پرسەی حەمە صاڵح سان، نەڕۆیشتەوە، تاوەکوجافر بەگ، کرا بەسانی هەورامانی لهۆن.

هاوکاتی سانیەتی جافرسان:

سەردەمی ژیانی جافرسان، هاوکات بووە لەگەڵ چەند ڕووداوێکی جیهانیو ناوچەیی، وەکو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیو، پەلاماری داگیرکەری سوپای ڕوسیا، بۆ سەروی ڕۆژ ئاوای ئێران، وەهی ئینگلیز بۆ خواروی..پەلاماری دەوڵەتی عوسمانی وئێرانی بۆسەر هەورامان، شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەڕوسیا، نەمانی حوکمی قاجاری وهاتنی حوکمی پەهلەوەی، دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق وجیاکردنەوەی سنور لەنێوان عێراق وئێران دا، دامەزراندنی یەکەم حکومەتی کوردی بۆ شێخ مەحمود لەسێمانی...ئەم ڕووداوانە کاریگەری خۆیان هەبووە بەشێوەیەکی ڕێژەیی، بۆ سەر دەسەلاَتی جافرسان، هەندێکیشیان بونەتە هۆی دروست بوونی شەڕو پێکدادانی سان، لەگەڵ لەشکری تردا.

جافرسان لەهەوڵی یەك پارچەییدا بووە:

هەورامانی لهۆن، پێش سەردەمی جافرسان، هەرلە شەڕو شۆڕدا بووە، لەگەڵ دەورو بەرەکەی خۆی، لەگەڵ ناوچەکانی هەورامانی تەخت و ڕەزاو دزلی...هەروەها لەگەڵ هۆزەکانی جوانڕۆو، ئێنناخیو، باوە جانیو، جافی، وەڵەد بەگیو..تاد، بەلاَم جافرسان بیری لەمە کردەوە، کەچۆن ئەم ناوچەو هۆزانە، یەك بخات ونزیك ببێتەوە، لێیان، بۆ ئەوەی بتوانێ دژ بە دوژمنەکانی، دەوڵەتی عوسمانی وئێرانی، بوەستێتەوە، بۆ ئەمەش:

- هەوڵیدا ژن وژنخوازی لەگەڵ ئەو سەرۆك وبەگ وسانانەی ئەو هۆزو ناوچانە بکات، تاوەکو ڕەحم و سۆزو خزمایەتی لەنێوانیان دا، زیاتر دروست ببێت.

هەرچەندە، لەبنەڕەتدا، هەموو لەیەك وەچەن. ئیتر بۆئەمە کچێکی خۆیو کچێکی برازای دابە کوڕان وبرازایانی مەحمودخانی دزلی. لەبەگزادەکانی ڕەزاو ژنیان لێ دەهێنێو ژنیان پێ دەدات. کچێکی خۆی، داوە بەسەرۆکی

ئێناخی‌یەکان، دەڵێن: خۆشی (٦) ژنی بووە، سیانیان، ژنی‌سانەکانی پێش خۆی بوون، هەروەها بەهۆی ژن و ژنخوازی‌یەوە لەگەڵ جافەکانی جوانڕۆ هەڵەبجەش دا خزمایەتی دروست کردووە. حەنیفەخانی هاوسەری جافرسان و حەپسەخانی هاوسەری سالار (مستەفاسان)ی کوڕی جافرسان، لەجافەکان بووە.

- هەولی‌داوە، منالی زۆری ببێت، دەلێن:(٣٦)منالی بووە،٢٠ کوڕ ١٦کچ، بەلأم ڕاستر ئەوەیە کە(١٩) کوڕو (١٢) کچی بوو بێت[٢٨].

- سیاسەتیشی -وەك لەدواتردا باسی دەکەین- دادپەروەر بووە، چووە بەدەم سکالأی خەلکی‌یەوە.

جافرسان لەم هەولەیدا سەرکەوت، سنوری دەسەلأتی فراوان بوو، لەملە پالنگانەوە بۆ خورمالْ و پشتی دەلێن بووە، بەلأم بەداخەوە دوژمنان وناحەزان نەیانهێشت، ئێرەیی(حەسادەت)یش، جارجارە لەدلی بەگزادەکانی تردا، دورست دەبوو، شەڕیان تووش دەکرد.

عیزەت بەگی جافرسان لەوەلأمی پرسیارێکدا کەلێی دەکرێ: بۆچی شەڕی جوانڕۆو هەورامان، لەدەمی جافرساندا ڕوویدا؟ دەلێ:

بێگومان ئەو جۆرە پەرەسەندنەی، لهۆن و، ئەو خۆشەویستی‌یەی جافرسان وئەو یەکگرتنەی هەورامان، بوو بەهۆی بەرپا بوونی(کولْنج وبرك)و، چووەتە ناو چقی تەن و لەشی، هەندێ هۆزی سنجاویی‌و وەلەد بەگی‌و، سێلاسی و باوەجانی‌و قوبادی، بۆیە ئەوانە بوون بەیەك و، دژی جافرسان، لەشکرکەشیان کردو هێرشیان، هێنایە سەرلهۆن.[٢٩]

هەربە قسەی عیزەت بەگ،پێش جافرسان، پاوەو خانەگاو دشەو نوریاو بەلەبزان وهیروی‌و، هۆزەکانی ئیمامی و ئێناخی‌و... سەربە لهۆن نەبوون، بەلأم لەسەردەمی جافرساندا، بەهەوەس وئارەزووی خۆیان، لەسەر داخوازی خۆیان. هاتوونەتە لای جافرسان، بۆئەوەی یەکێ لە کوڕەکانی بنێرێ بۆ ناویان، تابتوانن، بەهۆیەوە، پارێزگاری خۆیان و خواستیان بکەن.[٣٠]

ڕاوێژکارانی جافرسان:

جافرسان، بۆ ئیش وکارو ڕووداوەکان، پرس وڕاوێژی کردووە، بەهەندێ لەدلسۆزو خزمان وزاناو ڕیش سپی‌یەکانی دەورو بەری خۆی، ڕای لێ وەرگرتوون.

لەوڕاوێژکارانەی:

- میناخانی ڕۆستەم سان ژنی حەمەئەمین بەگی دوریسان.
- حەمەئەمین بەگی دوریسان
- حەمە سەعید بەگی کوڕی، کەجێگری بووە.
- هەندێ ڕیش سپیش -هەریەکە بۆکارێ بەپێی تواناو زانایی، ئەوڕیش سپیە لەوکارەدا..

سانیەتی جافرسان و حکومەتەکەی:

لەمێژووی هەوراماندا - م. محەمەدئەمین هەورامانی ل(١٤٥)دا دەڵێ:

سان، سەرگەورەی دەوڵەتی سانیەتی‌یەو، فەرمانی ئەرکەو، دەبێ جێبەجێ بکرێ و دێهاتەکانیشی بەسەر، بەگەلێهاتوو ئازاکان دا، هەرکەسە بەپێی توانای خۆی، دابەشی دەکات وهەربەگێ لەوبەگانە، لەدێیەکەی خۆیدا، حاکمێکی سەر لەبەرو فەرمان ڕۆیشتووەو، لەوەوبچوکتر(سەرکار) یان هەندێ جار(کوێخا)یە!

جافرسان، خۆی سەرۆکی حکومەتی سانیەتی‌یەو، فەرمانی هەمووکاتێ. سەرلەبەرەو لەپایتەخت کە(نەوسود)ە لەوێ دادەنیشێو، جێگری (نایب لحوکمە)ی هەبووەودێ کانی لهۆن بەم جۆرەی خوارەوە حاکمی بۆداناون:

١- ئەحمەد بەگی کوڕی، کراوە بەحاکمی نۆتشە.
٢- کەریم بەگ(کەریم سان) کراوە، بەحاکمی خانەگاو گراڵ ودەرموور.
٣- حەمە ڕەشیدبەگ، کراوە، بەحاکمی پاوەو دشەو دەرەبەیان.
٤- قادر بەگ وغەفار بەگ، کراون بەحاکمی تەوێڵەو سۆسەکان.
٥- حەمەمین بەگ (حەمەمین سان) لەگەڵ حەمە ڕەشید بەگ دا، هاوبەشی حاکمیەتی‌یە!
٦- حەمە تەقی بەگ حاکمی(هیروێ)یە.
٧- مەحمود بەگ، لەگەڵ کەریم بەگ دا، هاوبەشی حاکمیەتی بووە.
٨- حەمەڕەزا بەگ ومەنصور بەگ، لەگەڵ سەیفوالله بەگ وناصر بەگ دا، هاوبەشی حاکمیەتی، هەردووشۆشمێ بوون.
٩- ئۆلغەفور بەگ، حاکمی(نجارو کۆمەدەرەو دەریبەر)بووە.
١٠- ئەلی محەمەد بەگ، حاکمی دەودان بووە.
١١- هەسەن بەگ، حاکمی نوریاو بووە.
١٢- حەمە سەعید بەگ، تەشارو شێخانی بەدەست بووەو(نایبە لحکومە)ش بووە.

١٣- فەتحوالله بەگ، حاکمی بەلەبزان بووە.

١٤- مستەفا بەگ، حاکمی دەگا شێخان وبەڵخەو خەرپانی بووە.

١٥- حسێن بەگی ڕۆستەم سان، حاکمی نەرویو بوین وگریانە بووە.

١٦- تۆفیق بەگی ڕۆستەم سان، حاکمی دزاوەرو هاوارو هەوارە کۆن و دەرەتفیێ بووە.

١٧- ئەفراسیاو بەگی ڕۆستەم سان، حاکمی سەرگەت وهانەی دن ودەرەی مەڕو باخە کۆن وگەچێنەو گوڵپ ونارنجڵەو کەیمنەو هانەگەرمڵەو بێدروازو بیارەو بنجەی دڕە بووە!.

هەریەکێ لەم بەگانە (حاکمانە)، بەپێی توانای حاکمیەتەکەی- کەلەژێر، دەستیایەتی شاخانە، بۆ دیوانی سان، دەهێنێو کاتی پێویستیش، سان بۆی هەیە، لەشکریان پێ کۆبکاتەوەو لەژێر فەرمانی خۆیداو، بەفەرماندەی خۆی، لەگەڵ دوژمنیان دا، بجەنگن!

هەریەکێ لەوحاکمانەش، تفەنگچی خۆی ئامادەن و تفەنگچی دیکەشی هەن، بەڵام ئەوانە، تەنها هی جەنگن، واتە لەکاتی تێگیرا نەدا!!.

جافرسان وسکاڵای خەڵکی وحاکمی دێیەکان:

جافرسان چووە، بەدەم کێشەی خەڵکەوە، ئەگەر کەسێك شکات و سکاڵایەکی ببردایە، لای، دەربارەی کوڕەکانی، کەهەر یەکەیان، حاکمی ناوچەیەکی هەورامان و لهۆن بوون، دەچوو بەدەمیەوە، بەبێ گوێدانە، ئەوەی کە ئەوە کوڕیەتی، یا کەسیەتی. بۆ وێنە:

- بەهۆی شکاتەوە کەلە لایەن، تەوێڵەییەوە کراوە لە قادر بەگ، جافرسان، جەریمەی قادر بەگ دەکات، پیاویش دەنێرێتە سەری (بچوکترین پیاو لە رووی پایەوە) بۆ ئەوەی پارەی جەریمەکەی بداتێو ئەگەر نەشیدا لە تەوێڵەدا باری پێبکات!

- لەکاتی گرانیەکەدا، کوێخا کەریمی عەربەت لە عێراقەوە، بەرەو ئێرانە دەڕوات، لە قەڵای شاتر کەلە نێوان بەڵخەو تەوێڵە دایە، چەتە رووتی دەکەنەوەو هێسترەکەشی دەبەن: کە سکاڵای خۆی دەباتە لای جافرسان: جاریێ سان، دوای ڕێز لێنانی کوێخا کەریم، ئەوەی لێی سەنراوە بۆی دەبژێرێو پاشان، سان (عەبە بەلاش) کە مەیتەری ماینەکەی دەبێت، دەنێرێتە سەر، قادر بەگ، حاکمی تەوێڵەو مستەفا بەگ حاکمی بەڵخە، یەکی سەد لیرە، جەریمەیان لێدەسێنێت، لەبەر ئەوە لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان دا، خەڵك (کوێخا کەریم) ڕووت کراوەتەوە.

- یان نۆتشی شکاتی ئەحمەد بەگ دەکەن و جافرسانیش (یوسۆ تاڵ) ناوێ دەنێرێتە سەریو، لە نۆتشەدا، باری پێدەکات، هەرچەند بەگزادەکانی تر، هەوڵی گەڕانەوەی دەدەن، بەڵام سان تاوەکو، نۆتشی‌یەکان، نەهاتنەوە لای جافرسان، لێی خۆش نەبوو.

- لەسەر هەڵەیەکی بچوکیش، کەریم بەگ، لە خانەگا، بار پێدەکات. هەروەها، وەها لە حەسەن بە گیش دەکات.

پەیوەندی جافرسان و ئینگلیز:

پاش دەرکەوتنی لێوەشاوەیی، مێژوو نوسی گەڕۆکی ڕوسی (مینۆرسکی)، ئینگلیزەکان توانیان بیقۆزنەوەو، ڕایکێشن بەلای خۆیان دا، بۆیە کۆچی کردە لەندەن و لەوێش مایەوە تامردن. ئەم مینۆرسکی‌یە لەبەر ئەوەی لەدیاری کردنی سنوری نێوان ئێران وتورکیادا، بەشداری بووە، وەدوو جار سەردانی ناوچەی گۆرانی کردووە، هاتوەتە هەورامان، لەگەڵ جافرسان دا کۆبوەتەوە. نزیک بوونەوەکە، لەم کۆبونەوە دەست پێ دەکات. ئینگلیزەکان موچەیەکی ساڵانەی (٣٠٠) لیرەیان بۆ بڕیوەتەوە. وە(١٥٠٠) ڕوپیە بەهۆی شابەندەری عوسمانی‌یەوە، وە(٥٠٠) تمەن لەلایەن دەوڵەتی ناوەندی تارانەوە بووە.[٣١]

لەشوێنێکی تردا هاتووە:[٣٢]

کە جافرسان بەهۆی نامەیەکەوە، بۆی دێت لەلای ئینگلیزەوە، پەیوەندی دەکات ووەڵامی دەداتەوە، لەوکاتەوە پەیوەندی بووەو مانگانە(١٠٠) لیرە مەعاشی بووە، لەعێراق مەعاشەکەی وەرگرتووە.

بەپێی ئەوەی پێشەوە بێت، جافرسان سێ موچەی هەبووە، جائەو سێ لایەنە: ئینگلیزو عوسمانی‌و ئێران، ئەبێ بەیەکیان زانیبێت؟ واسان لەسێ لاوە موچەی هەیە!

ئەگەر وەڵام بەڵێ بێت. ئەوە هەرلایەنەی پێشبڕکێ‌ی کردووە کەئەو زیاتر بەلای خۆیدا ڕایکێشێت. وەئەوە. ئیسپاتی دەکات، کەئەم سانە دەورێکی گرنگی هەبووە، لەناوچەکەدا. ئەگەر وەڵام نەخێریش بێت. سیاسەتی سانێکی سیاسەت مەدار خۆی دەنوێنێت. واسێ دەوڵەتی لەکەمەنی کۆی خۆی‌دا، پێکەوە شەتەك داون.[٣٣]

عەبدوالله خانی تەهماسپی لەساڵی (١٩٢٦) سەردانی جافرسان دەکات[٣٤]:

میر عەبدوالله خانی تەهماسپ کەنوێنەری شای ئێرانە سەردانی ڕەزاوو نەوسود دەکات، بەمەبەستی نزیک بوونەوەی خۆی لەسانەکان، کەمەرامی سیاسی خۆی هەیە لەم سەردانەدا، ئەمەش بۆلای مەحمودخانی دزڵی و جافرسانە. محەمەد تاهیر سوڵتانی دەنوسێت:

جافرسان لەماڵی دونیا وەك: کۆشك و تەلار خاوەنی شتێکی وانە بووە. ژیانێکی سادەی هەبووە. کەمیر دێتە نەوسود، شوێنێکی لایەقی بۆ ئەو میوانە نەبووە. ناچار بۆ حەوانەوە ناردونی بۆ شاری تەوێڵە (بە سواری لەوێوە سێ چارەك زیاترە). بۆ ماڵی قادر بەگی کوڕی، ئەم سەردانی میرە، سان بەلای خۆیدا ڕائەکێشێت.[٣٥]

شۆڕش و پێکدادانەکانی سان:

کەم ڕێکەوتووە، لە لایەن دوژمنانەوە، هێشتبێتیان، پاشاو میرو خان و سانەکانی کورد، بۆ خۆیان میرنشین و ناوچەکانیان بەرن بەڕێوە، هەمیشەو هەردەم لە پیلان دا بوون، بۆیان و، هێرشیان کراوەتەوە سەر، بەڵام کەم ڕێکەوتووە، لە شەڕدا سەرکەوتو بووبن بە سەر کوردا، بەڵکو زیاتر بە فڕو فێڵ و، دۆستانە، هاتوونەتە پێشەوەو لەژێرەوە بە دەرمان خواردن پیلان گێڕان توانیویانە، سەر کەون بەسەر کوردا، یا بە نانەوەو دوو بەرەکی لە نێوانیاندا،

نەبەگە مەئمون، نە تەیموری لەنگ — هیچ کەس هۆرامان، نەگرتەن وە جەنگ
غەیر جە، خان ئەحمەد، بەگلەری خانان — ئاییچ، بە بەدگۆ، گرتەن هۆرامان

لەو پێکدادان و شەڕو شۆڕانەی جافرسان:

- شەڕی نۆریاو (١٩١٠):

مەلا عەبدوالله ی قازی دەڵێ:

لە ئەنجامی دەرکەوتن و، بەرەو پێشەوە چونی کارو باری سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابوری لەهەورامانی لهۆن دا. حسێن خان (زەفەرولمولك) فەرمانڕەوای جوانڕۆ[٣٦] مەترسی پەرەسەندنی ئەو دەسەلاتە، وا لەناو براو دەکات و، بکەوێتە بەرامبەری کردنی ئەو پەرەسەندنە.

بۆیە: بەسەر کردایەتی ئەحمەد بەگ و عەبدولغەفور بەگی مامەی وەکیلی جوانڕۆ، لەشکرێك بۆ سەرکوت کردنی جافرسان بەرەو لهۆن ئەنێرن، لە نۆریاوی لای پاوەدا، توشی لەشکری سان دەبن، بەسەر کردایەتی ئەفراسیاو بەگ برازای سان، پاش بەیەکادان هێزی پەلاماردەر ئەشکێت و ئەگەڕێتەوە جێی خۆیان.[٣٧]

- راپەڕینی ساڵی (١٩١١ ز)

هۆیەكانی بەرپابوونی ئەم راپەڕینە:

- ناكۆكی نێوان ئەحمەد شای قاجاریو ئەبولفەتح میرزا، ناسراو بە (سالارە دەولە) كە كوڕی موزەفەرەدین شای قاجاری بوو، كەلەو كاتەدا لە گۆڕەپانی سیاسەت لادرا بوو.

- زوڵم و زۆری ڕژێمەكانی ئێران، بە تایبەت ستەمی ئەحمەد شای قاجاری، لەو كاتەدا كە هەموو هەورامیو ئەردەلانیو سنجابیو جاف و لوڕو كەڵهوڕی بێتاقەت كردبوو.

- هاوكاری كردنی عەشائیری كورد لە ناو خۆیاندا، دژی ستەمی قاجارییەكان.

- بونی جۆرە هاوپەیمانیەتیەك لە نێوان عەشائیرو سالارە دەولەدا، كە دەكرێ بڵێین: زیرەكیو دبلۆماسی سالارە دەولەش لێرەدا ڕۆڵێكی گرنگی بینی، كە هێشتا نەگەیشتوەتە سەر كورسی حوكم. نازناوی (سالار)ی بەخشی بە ئەفراسیاو بەگی ڕۆستەم سان و مستەفا بەگی جافرسان.

سالارە دەولە، لە جافرسان و سەرۆك هۆزە كوردەكانی دیكەی ڕۆژهەلاتی ئێران، پەیمان وەر دەگرێ كە تفەنگچی بۆ بنێرن بۆ یارمەتیدانی.

سەرەتا: جافرسان هەورامان ڕزگار دەكات لە دەستی قاجاریو بەرەو كرماشان دەڕۆن. (فەریدولمولك قراگزلو) لێپرسراوی كاری دەرەوەی كرماشان دەنوسێت: لەشكری هەورامان هاتە ناوشاریكرماشانەوە، بۆیارمەتی دانیسالارە دەولە.[٣٨]

پاش ماوەیەكی كەم لەشاردا، لەشكرێكی(٢٥) هەزاركەسی بۆكۆمەكی ناوبراو كۆكراوەتەوە لەعەشائیرو بەرەو تاران كەتوونەتە ڕێ، تانزیك شاری ساوە لایخواروی ڕۆژئاوای تاران، ڕادەماڵن، لەوێ لە(نۆبران و باخی شا) توشی شەڕێكی گەورە دەبن و، عەشائیری كورد، دەستێكی باش دەوەشێنن، بەلام لەشكری دەوڵەت، لەشكرێكی تردێت بەهانایانەوە، ئیتربەهۆی زۆری سوپاو لەشكری دەوڵەت وەهەروەها زۆری وچاكی چەكەوە دەوڵەت سەردەكەوێو، سالارە دەولە و عەشائیری كورد دەشكێت، كوردێكی زۆر لەم شەڕەدا، كوژراون وهەر لەهەورامییەكان نزیكەی (٨٠) تفەنگچی كوژراون، لەوانە: عەزیز بەگ و حەمەخان بەگی فەتاح بەگی برازای سان و حەمەلاو بەگی هانەگەرملەیی و ئەحمەد بەگی جافرسان كە كوڕی گەورەی سانە، بریندار دەبێو، دەیهێننەوە

(هەمەدان) و بەنهێنی لەماڵێکدا دەبێ تا چاك دەبێتەوە. کەریم بەگی جافرسانیش لەم شەڕەدا، دیل دەکرێ دەبرێ بۆ تاران بەڵام ئاشکرا نابێ کە کوڕی جافرسانە، بۆیە، دوای ماوەیەکی کەم بەردەبێت[٣٩].

سەردار زەفەر بەختیاری دەربارەی ئەم شەڕە دەنوسێت:

(مەریوانیو هەورامییەکان پیادە بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، شەڕێکی دلاوەرانەیان کردووە، تانە کوژرانایە، چەکیان لێ نەئەگیرا. جافرسان پاش ئەم شەڕە نازناوی (سەردار موعتەضید)ی لێ دەنرێت.[٤٠]

حاجی محەمەد ڕەحمان تەوێڵەیی کەخۆی یەکێك بووە لەبەشدارانی ئەم شەڕە، بەم شێوە ئەمەی گێڕایەوە بۆمان لەڕۆژی (١٤/١١/٢٠٠٢)دا:

سالارە دەولە، کەلێی قەوما بوو لەلوڕستانەوە، هات بۆلای جافرسان پێیوت هاوکاریم بکە، لەم هێرشەدا، ئەگەر سەرکەوتین تاهەمەدانت بۆتاپۆ دەکەم، ئێوەش و منیش ڕزگارمان دەبێت لەم ستەم و زوڵمەی شای قاجاری.

جافرسانیش هەر لەدەلێن و بیارەو تەوێڵەوە، داوای چەك هەڵگرتنی لەخەڵکی کرد، تەوێڵەیی(٢٥) کەس چەکدار بوون، لەڕەوانسەر شەڕێکی باشمان کردو سەرکەوتین و بەرەو کرماشان ڕۆیشتن، ئەو شەوەی کرماشان زۆر سارد بوو لەبەر سەرما کەسمان نەخەوت، لەو شەوەدا دوو (خەفیە)مان گرت، گەنجێك و بەتەمەنێك، خیشەی تەوێڵەیی خەریك بوو بیانکوژێت بەتەمەنە ڕیش سپییەکە پاوەیی بوو، وتی: خەفیە (جاسوس) نین مەمانکوژن بمان بەن بۆلای جافرسان نامەمان پێیە بۆی.

دوایی لەشکر، لە کرماشانەوە بەرەو هەمەدان و تاران ڕۆیشت، لەنزیك تاران جەنگێکی گەورە ڕوویدا، لەوێ لەشکری سالارە دەولەو لهۆنیو عەشائیر نەیانتوانی سەرکەون کشانەوە.

لەم شەڕەدا ئێرانی و کوردێکی زۆر کوژرا، لە شەڕەکەی ڕوانسەر (١٠٠) کەس لەسوپای قاجاری کوژرا، لەشەڕی لای تارانیش لە هەردولا زۆر کوژرا.

ناکۆکی نێوان سانی لهۆن و خانی دزڵی[٤١]:

ئەم دوو سەرۆکەی هەورامان، هەردوکیان دژایەتی زۆر کراون، لەلایەن دوژمنانیانەوە، بە هۆی ئەو دەسەڵات و خەباتەی کە بوویانە، بەڵام بە داخەوە لەناو خۆیشیاندا، ماوەیەك ناکۆك و ناتەبا بوون و شەڕ لەنێوانیاندا بووە، کە ئەمەش بەهۆی: دواکەوتویی سیستەمی دەسەڵات و بواری کۆمەڵایەتیو هاندانی فیتی ڕژێمەکانی ئەو کاتەوە بووە.

....عوسمان پاشای جاف، عەبدواللە ئاغای تەوێڵە بۆ ناوچەی بەرزنجە بۆ سەندنی خەرج و باج دەنێرێت!

بەهەمان شێوە، مەجید بەگی بانیشاریش، کەلەبەر ئازایی‌و جەربەزەیی، بە(وەرگەبۆر = گورگەبۆر) ناسراوەو، ئامۆزای مەحمود خانە، ئەویش لە لایەن خانی دزڵی‌یەوە بۆ ناوچەی بەرزنجە ڕۆیشتووە، بۆ هەمان مەبەست. لەنێوان عەبدواللە ئاغاو مەجید بەگ دا لەسەر وەرگرتنی ئەو خەرج و باج و شاخانەیە ناکۆکی‌و دەمەقاڵە ڕوودەدات! لە ئەنجامدا تەقە لەنێوانیاندا هەڵدەستێ‌و چەند کەسێك دەکوژرێت، دەگێڕنەوە: حەمە لاوە کوێری نادر ئاغا، هۆی هەڵگیرسانی ئەو تەقەیە بووە، وە لەسەرەتاوە هەشت کەس بەدەستی ئەو کوژراون.

پاشان مەجید بەگ بۆ دزڵی دەگەڕێتەوەو، ئەوەندەی پێ‌ناچێ لەشکرێکی گەورە کۆ دەکاتەوە، بەمەبەستی هێرش بردنە سەر لهۆن.

لهۆنیەکانیش کە ئەو هەواڵە ئەکەوێتە گوێیان جەعفەر سان لەگەڵ عوسمان پاشای جافدا لەشکرێکی زۆر کۆ دەکەنەوە بۆ بەرگری کردن، لە خۆیان و ماڵ و منداڵیان، لە نزیك تەپی (تلەوەر) -گردێکە لەلای گوڵپ- هەردوو لەشکر لەیەکتری دەدەن و، لەهەردولا خەڵکێکی زۆر دەکوژرێت، لەشکری دزڵی دەشکێ‌و کوژراوەکانی ئەم شەڕە لەنزیك گوندی ئەحمەد ئاوا دەنێژرێن.. ئەم گۆڕستانە ئێستا پێی دەوترێت- زیارەتی هەورامی-. بەهەر حاڵ لەشکری دزڵی بە شکاوی دەگەڕێتەوە شوێنی خۆیان و، بەڵام ئەمەیان لە دڵ دەرناچێت، هەر لەمەڵاسدان بۆ هێرشێکی تر، بۆیە زۆری پێنەچوو لەشکرێکی تریان پێکەوە ناو، بەرەو لهۆن، ڕووەو ڕێگای هانەگەرمڵە، ڕێگا بەبێ ترس و لەرز دەبڕن و تا دەگەنە دەربەندی کێمنەو هانە گەرمڵەو ئا لەوێدا لهۆنیان، لە سەنگەردا دەبن بەبێ ئەوەی، دزڵیان پێیان بزانن، کەشەڕ گەرم دەبێت هانە گەرمڵە دەسوتێنن و ژمارەیەك لەهەردولا دەکوژرێن. کوژراوەکانی دزڵی: حەمەد بەگی برای مەحمود خان و مەجید بەگی ئامۆزای دەبن. لە کوژراوەکانی لهۆنیش- مچەی حەمەلەی هانە گەرمڵەیی دەبێت.

لە دوای ئەم شەڕە جافرسان و مەحمود خان ڕێك دەکەون و ژن و ژنخوازی لە نێوانیاندا دەبێت و ئامینە خانی کچی جافرسان شوی کردووە بە عەبدواللە خانی کوڕی مەحمود خان و، عایشە خانی کچی ئەفراسیاب بەگیش شوی کردووە بەحەمە ئەمین بەگی برای مەحمودخان. ئەم ژن و ژنخوازی‌یە بۆ ئەوە

بووە خزمایەتی دروست ببێتەوەو ناکۆکیو دوژمنایەتی نەمێنێت، چونکە ئەم بەگزادانە لەئەسڵدا لەیەك بەرە بوون، ئیتر خوێن ڕشتن بنەبڕ کرا لەنێوانیاندا.

شەڕی کرماشان (١٩١٢):

لە پەیامی هەورامان ل- ١٥٤-هادی ڕەشید بەهمەنی دەڵێت: لەگەڵ پەیدابونی سەرهەڵدانی مەشروتیەت لەڕۆژئاوای ئێرانیشدا، یار محەمەد خان دژی دەوڵەتی ناوەندیو فەرمانفەرما، شۆڕشێکی بەرپا کرد، جافرسانیش هەرچەندە هێشتا کوڕەکەی کە کەریم بەگ(سان) لای دەوڵەت لەگەڵ هەندێکی تردا بەند بوون، بەشداری شۆڕشی یار محەمەدخانی کرد بە دوو کوڕی بەناوی ئەحمەد بەگ و محەمەد ڕەشید بەگ لەگەڵ دوو سەد چەکدار. هەروەها عەبدولکەریم بەگ وەکیلی جوانڕۆ، وە فەتاح بەگی وەڵەد بەگ، بە هێزێکی چەکدارەوە بەشداری‌یان کردووە. وە لەگەڵ فەرمانفەرما تاقمەکەی کە سوارانی سنجابی بوون، بەشەڕ هاتن. لە ئەنجامدا وەکیلی جوانڕۆو چەند کەسێك دەکوژرێن. شەڕ نزیکی قونسوڵخانەی ئینگلیز دەکەوێتەوە لەو شارەدا، ئەمان لەوێدا دەبنە پەنابەرو لە ڕێگەی گاوارەوە دەگەڕێنەوە جوانڕۆو هەورامان.

ناکۆکی جافرسان و عوسمانیەکان:

لە ساڵی(١٨٤٨ ز) دەستکاری سنوری دەسەڵاتی نێوان دەوڵەتی عوسمانیو دەوڵەتی ئێران کرا، ئەو هێڵە سنوریە بە هێڵی هۆمایۆن ناسراو، بوو بەهۆی ئەوە بەشێك لە هەورامان بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکانەوە، لە ساڵی(١٩٠٥ ز)ی‌دا هەندێك گۆڕانکاری بەسەردا هات، دواتر لەساڵی (١٩١٤ ز)دا دوا گۆڕانکاری‌یەکان لە سنوردا دەست نیشان کران.

لەئەنجامی دیاری کردنی ئەم سنورەدا، نێوان جافرسان و سوپای عوسمانی تێك چوو، بەڵکو دەکرێت بڵێین نێوانیان هەر کۆك نەبووە، جا لەساڵی (١٩١٤ ز)دا سانی لهۆن بەرەنگاری هێزی عوسمانیەکان بوویەوەو لە گوندەکانی هەورامانی عێراق دەری کردن. بەلام زۆری نەبرد هێزی عوسمانی ناوچەکەیان گرتەوەو، کەوتنە گیانی خەڵکەکەیو قەسفی شارۆچکەی نەوسودو نۆدشەو لادێکانی دەورو بەریان کرد بە تۆپ و، بووە هۆی سوتاندن و وێران بونی ناوچەکە.[٤٢]

سان خۆیو جەنگاوەرەکانی لە پەنای چیاکانی ناوچەکەدا لە سەنگەردا بوون، دواتر لەشکری جافرسان لە چەند قۆڵەوە کەوتنەوە پەلاماری عوسمانیەکان، لە قۆڵێکەوە بەسەر کردایەتی کەریم بەگی جافرسان هێرش کراو،

پاش شەڕێکی گەرم هەندێك عوسمانی دیل دەکەن، ئەمە کەمێك پاشەکشەی پێکردن، قادر بەگی کوڕی جافرسان بە لەشکرێکەوە بە یارمەتی خەڵکی تەوێڵە، تەوێڵە دەگرن و عوسمانی دەردەپەڕێنن، ئیتر لەشکری عوسمانی زیاتر دەشکێت و شازدە گوندی تری لێداگیر دەکرێت. هەرچەندە ئەم گوندانە هەر هەورامان بوون، بەڵام لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون. ئەمڕۆ ناوچەی هەورامانی دیوی عێراقە.(٤٣)

لەم کاتەدا عوسمانیەکان لە شوێنێکی ترەوە توشی دوو شەڕی گەورە بونەوە، بە ناوی شەڕی (ئیتالیا و بەڵقان) ئەمە بوو بەهۆی پەشۆکاندنیان بەکاری ناوخۆی خۆیانەوە، چونکە لەم دوو شەڕەدا دووچاری شکاندنێکی گەورە بوونەوە، ئەم شەڕانە بووە هۆی هێنانەوە یەکی قەوارەی عوسمانیەکان، نەك هەر لە هەورامان و کوردستان دا، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاو سەروی ئەفریقاشدا.(٤٤)

پشتیوان کردنی سان لە عەباس خان:

(عەلی محەمەد خان) ناسراو بە (شەریفوددەولە) حاکمی سنە بوو، ئەوەندە خەڵکی کوردی لە سنەو دەورو بەری کوشتبوو ناویان نابوو شەریفە قەساب.

جا عەباس خان، ناسراو بە سەردار ڕەشید کە خەڵکی ڕەوانسەرەو فەرماندەیەکی ئازای کورد بووە، چەند جار سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی دژی ڕژێمی ئێران بەرپا کردوە، لە ساڵی (١٩١٩ ز) دژی شەریفە قەساب حاکمی سنە، ڕاپەڕینی بەرپا کرد.

جافرسان بە هەزار کەس (٣٠٠ سەربازو ٧٠٠ سوارەوە) بەشداری کرد لەم ڕاپەینەو، بووە پشتیوانی سەردار ڕەشید. هەرچەندە دەستێکی باش ئەوەشێنن لە لەشکری شەریفە قەساب، بەڵام لە پەلامارێکی دژدا، سەردار ڕەشید دەگیرێت و ڕەوانەی تاران دەکرێت.(٤٥)

هێرشی ڕەزا خان بۆ سەر هەورامان لە ساڵی (١٩٢٢ ز):

لەسەردەمی هاتنە سەرکاری زیائەدین تەباتەبائی، (ڕەزاخان کەدوایی بوو بەڕەزاشا) کەفەرماندەی هێزە چەکدارەکانی ئێران بوو، بۆئەوەی هەورامان بخەنە ژێر دەسەڵاتیانەوە، بەرەو هەورامان لەشکرێکی (٦) هەزار کەسی نارد، ئەم لەشکرە خرایە ژێر دەسەڵاتی عەلی ئەکبەرخانی سنجابیو ڕەشید سەڵتەنەو سەردار ڕەشیدەوە.

جافرسانیش بەهۆی (٤) هەزار چەکدارەوە، لە(سەریاس) خۆی ئامادە دەکات هەرلەوێ شەڕێکی گەورە ڕوودەدات و، چەند کەسێك لەهەردولا دەکوژرێن و بریندار دەبن، لەئەنجام دا جافرسان سەردەکەیَو، لەشکر پاشەکشێ دەکات. لەم شەڕەدا ئەگەر ڕەشید سەڵتەنە نەبوایە، سەردار ڕەشید، عەبدوڕەحمان بەگی وەکیلی جوانڕۆی کوشتبوو، لەبەرئەوەی گوایە هاوکاری جافرسانی کردووە.

ئەوەی شایەنی باسە: دوای ئەم شەڕە سەردار ڕەشید، خۆی گەیاندە لای مەحمودخانی دزلی، خانیش لەگەڵ جافرسان دا ئاشتی کردنەوە.(٤٦)

داڵدەدانی جوانڕۆیان لەلای جافرسان:

لەمێژووی هەورامان دا ل.(١٤٦) مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی دەڵێ: دەوڵەتی ڕەزاشا، ناوبەناوکەوتبووە بیانووگرتن لەعەشایرە کوردەکان وئالەو دەمەش دا، کەوتەگرتنی جوانڕۆیان وبەوبۆنەشەوە، هەندێ سەربازو فەرماندەیان هاتەسەر جوانڕۆو هەندێ لەسەرکردەی جوانڕۆیانیان گرت و زۆربەی زۆریشیان، لەدەست گرتنی (کلیش) کەسەرکردەی سەربازانی دەوڵەت بوو، خۆیان دەرباز کردبوو، هاتبونە پەنای جافرسان.

جافرسانیش پەنای دان و، زۆر ڕێزی لێگرتن و، شەوێکیش بەسەر کردەی کوڕانی (کەریم بەگ وحەمەڕەشیدبەگ) دایان بەسەر قەڵای جوانڕۆداو چی سەربازی دەوڵەت لەوێ دەبێ لەناوی دەبەن، ئەوەش کەلێیان دەمێنێتەوە، بەپەلە پرووزێ خۆیان دەربازدەکەن و لەگەڵ سەرکردەکەیاندا (کلیش) بەرەو دواوە بۆکرماشان دەگەڕێنەوە، بەو جۆرە ئەوجوانڕۆیانەی کەگیرابوون، بەردەدرێن ولەدەست دەوڵەتی شاە سەرفرازدەبن و، ئەمەش لەڕێکەوتی ساڵانی (١٣٤٤ك، ١٩٢٥ز) دەبێت.

دواتر دەوڵەت، لەشکرێك بەسەرکردەی (خەسرەوخان) دەکاتە سەر هەورامان.

جافرسانیش لەشکرێك بەسەرکردەی (کەریم بەگ وحەمەڕەشیدبەگ) کۆدەکاتەوەو بەرەو (ملە پاڵنگانە) دەینێرێ.

لەشکری هەردوولا، لەنێوان(قوری قەڵا) و(ملەپاڵنگانە) دەگەن بەیەك وشەڕ لە نێوانیاندا ڕودەدات، لەشکری جافرسان لەشکری دەوڵەتی ئێران تەفروتونا دەکات وچەندانیان، لێدەکوژن وچەندانیان لێبەدیل دەگرن، بەشەکەی تری لەشکر بەپرژو بلاوی وبەشکاوی بەرەوکرماشان دەگەڕێنەوە.

دیلەکان ڕێزێکی زۆریان دەگرن وپێداوویستیان بۆدابین دەکەن و ئازاد دەکرێن و دەگەڕێنەوە بۆلای دەوڵەت.

ئاخرڕاپەڕینی جافرسان:

دوایئەوەی دەوڵەتی قاجاری ڕوخا، لەساڵی (١٩٢٥ز) ڕەزاشای پەهلەوی هاتەسەرحوکم و، وەك هەموو دکتاتۆرەکانی دنیا کەوتە دڵخۆش کردنی خەڵکی بەتایبەت، سەرۆك هۆزو کەسایەتیەکان، بەلأم سەرۆك هۆزەکوردەکان زوو دەرکیان بەسیاسەتی گلاوی ڕەزاشاکرد، بۆیە: لەساڵی(١٩٢٦ز) بەولاوە، ڕاپەڕین و جموجوڵی چەکداری زیاتر جۆشی سەند. هەرلەوساڵەدا، تیرەکانی بانەو سەقزو سەردەشت و شوێنەکانی تر، دەستیان دایە ڕاپەڕین و ژمارەیەکی زۆر لەسەربازگەو بارگەوبنەی دەوڵەتیان سوتاند.

لەناوچەکانی باشوریش، تیرەکانی (هەورامان ومەریوان) بەسەرکردایەتی (مەحمود خانی دزڵی) و(مەحمود خانی کانی سانان)و لەگەڵ (جافرسانی هەورامان) پەیامی ڕاپەڕنیان ڕاگەیاندوو هەرلەوکاتەدا، پەیوەندییان بە(سالاروددەولە) وە کردوو، بۆماوەیەکی زۆر ناوچەکانیان جەنجاڵ کردوو، لەژێردەسەلأتی دەوڵەتیان دەرهینان[٤٧].

هێرشی ڕەزاشا بۆسەر هەورامان:

پاش ئەم ڕاپەڕینانە، ڕەزاشا کەوتە بیرکردنەوە بۆکۆنترۆڵ کردنی ئەم ناوچانەو داماڵیینی چەك لێیان، لەساڵی (١٩٣٠ز) دا داوای لەهەمو سەرۆك خێڵ و تیرەکانی کوردستان کرد، کەدەبێت هەموو چەك و پێداویستی جەنگ تەسلیم بکەن، هەندێکیان ڕێکەوتن وچەکیان تەسلیم کرد، بەلأم مەحمود خانی دزڵیو جافرسان بەم داوایە قایل نەبوون ئیتر شاکەوتە درۆو دەلەسەو فرۆفێڵ و خەڵەتاندن. بۆیە: هەرلەم ساڵەدا (سەرهەنگ مەحمودخانی ئەمینی) لەلایەن دەوڵەتەوە دیاری کراو، کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ مەحمود خانی دزڵی، جۆرە ڕێکەوتنێك بوو لەنێوانیاندا، سوێندیش بەقورئان خورا، کەفروفێڵ نەکرێت، ئیتر عەبدوالله خانی مەحمود خانی، لەگەڵ خۆی برد بۆدزڵی، کەچی لەوێ خستیە زیندانەوە.

لەم کاتەدا ڕەزاشا، گەورەترین هێزی کۆکردەوە لەسوپاو هەندێ عەشائیرو داروەستەکانیو، لەنیوەشەودا بەشێوەیەکی کتوپڕ پەلاماری هەورامانیدا، شەڕێکی قورسی –نابەرامبەر لەچەك و ژمارە– ڕوویدا.

ڕۆژێ پێش ئەم هێرشە (مەحمود خانی دزڵی) و(سەروان حەسەن خانی کرمانی) گفتوگۆیان کردووە، گوایا دڵنیایە، بۆیە ئەوشەوە دەربەندەکانی (دزڵی و کەڵیم) چۆڵ بوون وتفەتگچیان پێوەنەبووە.(٤٨)

سوپای ئێران، بەشێکی بەرەو دەربەندی دزڵی ڕۆیشت، پاش شەڕێکی گەورە مەحمودخان ئاوایی دزڵیو دەوروبەری چۆڵ کرد وبەرەو هەورامانی عێراق ڕۆیشت وکەوتە دەست عێراق (٤٩)، مەحمودخان ماوەیەك بەشاخەکانی هەورامانەوە ماوەتەوە و، شەوانە هەڵمەت دەبەنە سەر دارودەستەی ڕژێم، تالە ئەنجام دا، بەهۆی شێخ عەلادینەوە خۆی دایەدەست دەوڵەتی عێراق.(٥٠) بەشەکەی تری سوپای ئێران، بەرەو سنوری دەسەلاتی جافرسان ڕۆیشت بەسەر کردایەتی (ڕەزم ئارا).

(جافرسان)یش، بە خۆیو تفەنگچی‌یەکانەوە کەوتە بەرەنگاری ئەم هێرشە گەورەیە، شەڕێکی سەخت و قورس لە (ڕەوانسەر) و دواتر لە (شمشێر) ڕووی‌دا. هەرچەندە جەنگاوەرانی سان، زیانێکی زۆریان گەیاند بە سوپای ئێرانی، بەلاّم دواتر جەنگاوەران نەیانتوانی ئەو بەرەنگاری‌یە بکەن. ئەمەش لەبەر زۆری سوپاو چەکی قورس و زەبرو زەنگی دوژمن، بۆ ئەوەی ناوچەکەش زیانی زۆری لێنەکەوێت جافرسان، بڕیاری کشانەوەی‌داو، بەرەو (نەوسود) هات و لەوێشەوە هاتە (تەوێڵە)، ماوەیەك لێرە مایەوە، لەم کاتەدا نامەیەکی تری، ئایەتوالله ی مەردۆخی، پێگەیشت، کە لەسەر ویستی ئێران ئەم نامەیە نوسراوە، بەڵکو جافرسان قەناعەت پێبکات بگەڕێتەوە بۆ ئێران، کورتەی دوا نامەکەی دەڵێ:(٥١)

جناب امیر الامراء العظام آقای جعفر سلطان سردار معتضد، حکمران لهۆن و مضافات دام اقباله.

چەند نامەم بۆ ناردویت وە ئەمە دوا نامەیە، سەردەمی هۆزایەتی تێپەڕی، تەواوی سەرۆک هێزەکانی ئێران سەریان بۆ دەرگای شاهەنشاهی خاوەن پایە دانەواندوەو هەموو گوێڕایەڵی فەرمانن... لە کۆتایی‌دا هاتووە:

تەواوی خۆشبەختیو بەدبەختی ئێوە، بەسراوە، بە وەلاّمی ئەم نامەیەوە. فەرمانبەردار دەبیت یا یاخی دەبیت:

محەمەد مەردۆخ

کورتەی وەڵامی سان بۆ مەردۆخ:
(حضور مبارک مستطاب غوث الأنام وحجة الاسلام، آقای آیة الله مردوخ دامت برکاته....)

دەست و خەتی پیرۆزت، کەسەرانسەری ئامۆژگاری باوکانە بوو، زیارەت کرا... من یەکەم کەس بووم کە بۆ خزمەت کردن بە دەوڵەت و کوژانەوەی سەر پێچی هۆزەکان لەم سنورەدا ئامادە بووم، ئێستا چی ڕوویداوە، وا لەکۆمەڵەی ناپاکان دەژمێردرێم .. ئەو بڕیارو قسەی سەر تیپی لەشکرە جێی بڕوا نیە. هەر کام لەوانە گۆڕا یەکێ تر هات، گوێ بەبڕیاری پێشوو نادات.

بۆ خانی دزڵی بە قورئان سوێندیان خوارد، کە کوڕەکەیان برد بەناوی پلەو پایە پێدانەوە، کەچی ئاوارەو دەربەدەریان کرد، دوای سوێندی قورئان بەدرۆ خواردن، بەچی باوەڕ بکەم؟

ئیتر من بێجگە لە کۆچ کردن بۆ ناو خاکی عێراق هیچ چارەیەک نابینم......

جەعفەر سوڵطان

د. موکەڕەم تاڵەبانی لەم بارەیەوە دەڵێ[٥٢]:

(... کوردەکانی هەرێمی هەمەدان و هەورامان لە کوردستانی ئێران، بەسەرۆکایەتی جافرسانی سەرۆکی هەورامان ئاڵای شۆڕشیان دژی حکومەتی دکتاتۆری ڕەزاشا هەڵگرت، کوردەکان مەردانە پەلاماری لەشکری ئێرانیان داو، دۆڵەکانی هەورامانیان بەلاشەی ئەفسەرو سەربازی ئێرانی پڕکردەوە، بەڵام کۆمپانیاکانی نەوت، لەگەڵ حکومەتی ڕەزاشادا، بەمەبەستی خۆیان گەیشتن وئیتر نەیان دەویست، سەرئێشە بۆئەو حکومەتە دروست بکرێت و، هەڕەشەیان لەجافرەسان کرد، کەدەبێت چەك فرێدات و ناوچەی هەمەدان و هەورامان بەجێبێڵێت، ئەگینا وەکو شێخ مەحمودی لێدەکەن. ئیتر جافرەسان دەستی لەشۆڕش هەڵگرت وخۆی وکوڕەکانی پەنایان هێنایە کوردستانی عێراق.)

پەناهێندەیی جافرسان:

لەدوای گفتوگۆیەکی زۆر لەنێوان حکومەتی عێراقیو ڕەزاشادا، عێراق لەساڵی(١٩٣٠) پەنای سیاسی دا، بەسوڵتان وشوێنکەوتوانی، کەپێکهاتبوون لە خێزان و نەوەو پێشمەرگەکانی کەنزیکەی(٣٠٠) کەس بوون... کەلەناویاندا (٣٦) کەسایەتی ناوداری هەورامان لەگەڵ جافرسان دابوون.[٥٣] حکومەتی عێراقی، لەڕومادی و بەصرەو بەغدادو موصڵ نیشتەجێی کردن، دواتر

لەکەرکوک جێگیر بوون، بەڵام لەماوەی (١٠) ساڵ دا بواری نەدا، بەسوڵتان و شوێنکەوتوانی سەردانی شوێنەکانی تری کوردستانی عێراق بکەن، هەر لە کەرکوک و لیواکانی تری عێراق دا ئازاد بوون.[٥٤]

بەدرێژای سییەکان، ڕەزاشای ئێران داوای لە حکومەتی عێراق دەکرد کە جەعفەر سوڵتان و شوێنکەوتوانی تەسلیم بەئێران بکاتەوە، بەڵام حکومەتی عێراق تەسلیمی نەکردنەوە... ئیترسان و شوێنکەوتوانی لەکەرکوک مانەوە، لەماوەی سالانی (١٩٣١بۆ ١٩٤١) وەك پەناهەندەیەکی سیاسی، یارمەتی زیندەگییان بۆدابین کرا.

هەندێك لەکوڕو شوێنکەوتوانی سوڵتان نەهاتنە عێراق، گومانیان وابوو لەئێران بمێننەوە، ڕەزاشا لێیان دەبورێت. کەچی ئەوڕژێمە ستەمکارە، هەڵسا بەگرتن و زیندانی کردنیان لەقەسری قاجار لەتاران. ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆری دان ونزیکەی دەساڵێك مانەوەو زۆریشیان هەرلە زیندان دا، کۆچی دوایان کرد، بەهۆی ئەوئازاردانەیانەوە. وەك پێشینان دەگێڕنەوە: ڕژێمی ئێران بەپیسترین شێوەو، بەجۆرێکی وەحشیانە، مامەڵەی کردووە لەگەڵ ئەم بەگزادانەی هەورامان. ئەوانی تر، لەدوای ڕوخانی ڕەزاشا، لەساڵی(١٩٤١ز) دا، لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە ئازادکران.[٥٥]

لەئەنجامدا چی گوزەرا:

لەساڵی (١٩٤١ز) هێزە بیانییەکان ڕەزاشایان ناچارکرد، کەئێران بەجێ بهێڵێو بچێت بۆ(جۆهانسبێرگ) لە خوارووی ئەفریقا، پاشان محەمەدی کوڕی خرایە جێگەی... لەم کاتەدا زۆرێك لە کوڕان ونەوەو شوێنکەوتوانی جافرسان، بەنهێنیەوە- هەرچەندە لەم کاتەدا عێراق مەنعی نەئەکردن- گەڕانەوە هەورامانی لهۆن. هەربەگەیشتنەوەیان، جەنگاوەران بەهاوکاری خەڵکی پاوەو نەوسودو نۆدشە، دەستیان گرتەوە بەسەر، سەربازگەکانی ڕژێمی پەهلەویو، هێزەکانی شایان بەدیل گرتن و، دەریانکردن لەناوچەکەو فەرمانڕەواییان گرتەوە دەست.[٥٦]

بەڵام جافرسان بەهۆی: ئەوەی چوو بووە ساڵەوەو، پیر بوو بوو، وەکۆمەڵەکەشی پەرتەوازە بوو بوون و، یەکیان نەئەگرتەوە، هەروەها بەهۆی بارو دۆخی نوێی ناوچەکەوە... تاد، نەڕۆیشتەوە بۆ هەورامان، بەڵکو گەڕایەوە سلێمانی، لەوکاتەدا کەریم بەگی کوڕی، کەدوای (١٠) ساڵ زیندانی، لە قەصری قاجار، بەردەبێت و دێتە سلێمانی بۆلای باوکی وبراکانی وکەسەکانی.

جافرسان لەسێمانی لەماڵی مستەفا بەگ، زۆرێك لە بەگزادەكان كۆدەكاتەوە، بەڕێو ڕەسمێكی قەشەنگەوە، كەریم بەگی كوڕی دەكاتەوە بەجێگەداری خۆیو دەبێتە سانی هەورامانی لهۆن.

كەریم بەگ لەساڵی(١٨٨٢ن) لە نۆدشە لەدایك بووە كەلە ساڵی (١٩٤١ن) دەبێتە سان، دەگەڕێتەوە بۆ خانەگای لای پاوە، دادەنیشێت و سانیەتی خۆی دەكات تا لەساڵی (١٩٤٥ن) كۆچی دوایی دەكات و، لە نەوسود بەخاك دەسپێررێ.[٥٧]

پاشان حەمەئەمین بەگ دەبێتە سان، بەلاّم لەسەردەمی ئەم دا دەسەلاّتی بەگایەتی كەم بوویەوە، هەم لەعێراق و هەم لەئێران، چونكە ڕژێمەكان دەسەلاّتی ناوچەكەیان گرتە دەست و، لەلایەكی تریشەوە، خەڵكی لەدەوری حیزب و بیرو بۆچونەكان كۆبوونەوە، بەتایبەت لە هەورامانی عێراق.

حەمەئەمین سانیش لەساڵی(١٩٨٣ن) لەشارۆچكەی پاوە، كۆچی دوایی كردو، هەرلە وێ نێژرا. لە دوای ئەم، بەتەواوی دەوری سانیەتی نەما، هەرچەندە عیزەت بەگی كەریم سان وەك ڕیش سپی‌یەكی ناوچەكەو وەك سانێك سەیركراوە، لەلایەن كەس ودۆستانی یەوە.

جافرسان دوای ئەوەی كەریم بەگی كردە سانی هەورامان لە دوای خۆی ... ئیتر لە سلێمانیەوە گەڕایەوە هەڵەبجە، لەگەڵ هەندێكی كەم لە شوێنكەوتوانیو، سێ لە كوڕە بچوكەكانی، كە ئەوانیش (مەنصورو سەیفوالڵەو ناصر) بوون. ئەوانی تر، لەگەڵ كەریم سان دا، بەڵكو هەندێكیان پێشتر چوونەوە هەورامانی ئێران.

لەم ماوەیە كە جافرسان لە هەڵەبجە بوو، ئەمری ڕەسمی بۆ دەرچوو كە بكرێت بە قائیمقامی هەڵەبجە، بەلاّم لەبەر ئەوەی ڕەگەزنامەی ئێرانی هەبوو ئەمرەكە هەڵوەشێنرایەوە،[٥٨]

سان لەساڵی (١٩٤٢) لە تەمەنی (١٠٨) ساڵیدا، كۆچی دوایی كردو لە یەكێك لە گۆڕستانەكانی عەشیرەتەكەی عەبابەیلیێ، بەخاك سپێردرا.

ئەم بنەماڵە زۆربەیان لە هەورامانی لهۆنن لە ئێران، كەمێكیان لە عێراقن. ئێستا هیچ لە كوڕەكانی جافرسان لە ژیاندا نەماون جگە لە ناصر بەگ، كە بچوكترین منالی بووە، لە دایك بووی (١٩٣١ن) یە ئێستاش لە تارانە سەرهەنگ (عەقید)ی خانەنشینە.

کەسایەتی و هەندێ هەڵوێستی جەعفەر سوڵتان:

- جافرسان لە ساڵی (١٩٢٢) دا چەند مەزبەتەیەکی، پێشکەش بەکۆمەڵانی گەلان کردووەو، داوای کردووە کەدان بنرێت بەمافی چارەی خۆ نوسینی کوردا.لە بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتوەکاندا ئاماژە بۆئەمانە کراوە.

- لە ساڵی (١٩١٩) شێخ مەحمود سەردانی جافرسانی کردووەو، هاتووە بۆگوندی دەگاشێخان بۆلای، بەمەبەستی پشتیوانی کردنی لە شۆڕشەکەیدا، بەڵام.. نەبووەتە پاڵپشتی شێخ مەحمود[٥٩]، هاوپەیمانی عادلە خانمی وەسمان پاشای جاف بووە. بەڵام!

- مستەفا بەگی جافرسان وئافراسیاب بەگی ڕۆستەم سان، بوونەتە پشتیوانی شێخ مەحمودو، هەردوکیان، بەشداری شەڕەکەی دەربەندی ئەشکەوڵیان کردووە دژبە ئینگلیز.[٦٠]

- لەلایەکی ترەوە، جافرسان، لەڕووداوە نیشتیمانیەکان دا، بێدەنگ نەبووەو بەشداری کردووە، بۆنمونە:

لەکاتێکداو لەکۆتایی مانگی ئابی (١٩٣٠) دا، موتەصەڕیفی سلێمانی، زانای خواڵێ خۆش بوو(تۆفیق وەهبی) لەسەرکار لادەبرێت ودەگوێزرێتەوە جافرسان، لەگەڵ جەماوەری کوردا، داوای گەڕانەوەیان کردو هەڵوێستی جوامێرانەی هەبوو.[٦١] [٦٢]

سیاسەتی جافرسان هەمیشە لەهەوڵی:[٦٣]

- پاراستنی شەرەفی خەڵکیدا بووە.
- دوور کەوتنەوە لەشەڕی ناو خۆو، یەکگرتنی هۆزەکان.
- هەروەها هەوڵی داوە، وڵات هێمن و ئاسایش بێت.

م. هادی بەهمەنی دەڵێ:[٦٤]

- لەناو سانەکانی هەورامان دا کەسێکی هەڵکەوتوو بووە، ڕێزی لە ڕۆشنبیران گرتووە، بەپێچەوانەی سانەکانی پێش خۆی. هەرچی ڕووداوی خوێناوی هۆزایەتی بووە شوێنەواریانی سارێژ کردووە، خەڵکێکی زۆری لێ کۆ بووەتەوە.

- ژیانێکی سادەی بەسەر بردووە کەلەهی فەرمانڕەواکانی پێش خۆی نەئەکرد.

- ساچان و خۆپاراستنی سانشینی هەورامان کردووە، بۆ ماوەی چل ساڵێك لەنێوان سێ هێزی گەورەی تەراتێکنەر لە ناوچەکەدا (ئێران، عوسمانی، ئینگلیز..).

هەروەها: [٦٥]

.. جافرسان ناوبانگی بەژیری ودانایی وئازایەتیو دەست بلاَّوییو وردبینی ودڵسۆزییو بەڕەحمی وداوێن پاکی‌یەوە دەرکردووە.

بەتوانایی و وردبینیەوە، توانیویەتی هەمەجۆر ڕێگای پیاوانەو ئازایانەو دڵسۆزانە بەکار بهێنێ، لەپێناوی ڕەزامەندی لهۆنیان و، خزمانی ودراوسێ‌یانی دەوڵەتانی دراوسێیانی‌دا!.

لەگەڵ شێخەکانی هەورامان و، پیاو ماقولاَّنی خوێندەوارانی هەورامان دا، هەوڵی داوە تێکەڵاویان، لەگەڵ بکاو لێیان نزیك بکەوێتەوەو،سود لەبیرو ڕاو هەڵسوکەوتیان وەربگرێ! تکاشی وەرگرتوون.

پیاوێکی بەدین بووەو دەڵێن: نوێژی نەڕۆیشتووە، ڕێزی پیاوانی ئاینی زۆر بەلاوە بووە.

دەگێڕنەوە:

کە کاتێك جافرسان بەرەو عێراق دێت دوو قەرانی پێ دەبێت وئەوانیش دەخاتە حەوزە لارەوە، دەڵێت با پارەم نەچێتە ولاَّتی بێگانەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە جافرسان ولاَّتەکەی خۆی خۆش ویستووەو، لەولاشەوە هەوڵی نەداوە ماڵ وسامان کۆبکاتەوە...

جگە لەمەش، لەسەردەمی جافرسان دا، لە هەورامان، خزمەتێکی باشکراوە بەزانایان وحوجرەو پشتیوانی کردون، لەسەردەمی ئەمدا، لەپاوەو نەوسود ونۆدشەو تەوێڵەو بیارەدا، خوێندنگایەکی زۆر هەبوون، کەلە هەموولایەکی کوردستانەوە دەهاتن بۆ خوێندن؟.[٦٦]

مامۆستا صدیق بۆرەکەیی دەربارەی دەڵێت:

(... جافرسان پیاوێکی‌سیاسەتمەدارو بەتواناو لێهاتوو ئازاو دیندار بوو، خەڵکی خۆشیان دەویست وسەرەتا سوپایەکی دروست کردو خەڵکی هەورامانی کرد بەیەك..)

دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانیش دەڵێت: [٦٧]

(... جافرسان، پیاوێکی بالاَّبەرزی چوارشانەی بەتەمەن، کەواو سەڵتەی کوردی گەرمیان لەبەرو، عەبایەکی چۆغەی شینی لەشان دا، بەلاَم (مشکی)یەکی

سەوزی بەشێوەی هەورامی، لەسەر ئاڵانووە، لەگەڵ هەموو بانگدانێکی نوێژ، لەبەر تەکیەوە، لەماڵەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانیەوە، لەگەڵ چەندپیاوێکی هەورامی، دەچنە نوێژو، لە پاشان لەگەڵ شێخ جەمیلی مامم، بۆقاوە خواردن و، دەمەتەقێ، دێنە دیواخانی مامم، مامم زۆر ڕێزی لێ دەگرت: فەرموو سان بەرەو ژوور، لەژووری کۆڕەوە، دای دەناو، لەنزیکیانەوە سوکە پیاوێکی ژیری ئێسک سوک دادەنیشت، ئەمە عینایەت بەگی نوسەرو، ڕاوێژکاری جافرسان بوو.

ئەم عینایەت بەگە لەزوبانی کوردیو فارسی وتورکی دا، زۆر شارەزا بوو، ئاگایشی لەکاروباری ئەم وڵاتانەو جیهان هەبووە، بەئەندازەی ئەو سەردەمە، ڕۆشنبیرێکی ژیر بوو. هەروەها دەڵێ: جافرسان پیاوێکی بێفیزو قسە خۆش وقسەزان بوو، لەگەڵ زۆربەی شێخانی تاڵەبانی ودانیشتوانی بەرتەکیە ئاشنایی پەیدا کردبوو، گاڵتەو گەپی لەگەڵیان دادەکرد...).

جافرسان داد پەروەری بەرابەر گەلەکەی و بەهێزی بەرامبەر بە دوژمنانی وای کردووە لەشاعیری گەورەی کورد (عەلی باپیرئاغا) لە لاواندنەوەکەی جافرسان دا بە فارسی بڵێ:

نبیند دیده گردون	نزاید مادر دوران
عدالت پرور عالی	همان چون جعفر سلطان
چەرحلت کرد ازما	به بهشت گشت شاه هورامان[٦٨]

هەروەها میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی پارچە هەڵبەستێکی هەیە لەسەرەتاکەیەوە دەڵێ:

سوڵتانی عادل، نەوشیروان سیفەت — دارای عەدالەت، دارای مەعریفەت

لە کۆتایەکەشی‌دا بەحسابی ئەبجەدی ساڵی مردنەکەی (سان) دیاری دەکات و دەڵێ:

تەئریخی فەوتش، بکەردم حەسیب — ئەبجەد وات، واچە (سلطانی غریب).[٦٩]

مەحمودخانی دزڵی [٧٠]

(١٨٧٠-١٩٤٦ ز)

کوڕی عەزیز خانی کوڕی بارام بەگی محەمەد سانی یەکەمە، دایکی پیرۆزەیەو کچی حەسەن سوڵتانی گەورەی هەورامان بووە. باوکی سەردارێکی هەورامان بووەو، لە دوای باوکی ماوەیەکی کەم ئەحمەد خانی برای دەبێتە خانی دزڵی، پاشان مەحمود بەگ دەبێتە خان و دەسەڵات زیاتر پەیدا دەکات و، وەك ناودارێکی کورد دەناسرێت.

خێزانەکانی:

زێبا، فاطمة، مریەم، زینەت، فەرەنگێز، نازیف خان- ئەمەی دوایی‌یان کچی مەحمود خدری سەرداری هەمەوەند بووە کەلە پێشدا خێزانی پاڵەوانی مەلیك مەحمود(کەریم بەگی فەتاح بەگ) بووە، دوای شەهید کردنی کەریم بەگ خواستویەتی. پانزە کوڕو شەش کچی بووە.

کچەکانی ئەمانەن:

عەینە، ئامینە، سوڵتانە، عاصمە، حەنیفە، نەجیبە.

دکتۆر موکەڕەم لە نوسینێکیدا بەناونیشانی (مەحمود خانی دزڵیم چۆن ناسی)، کەلە دوای ئەوەی کە خان لە بەندیخانەی کەرکوك بەر بووە، بەم شێوەیە بینیویەتیو باسی دەکات:

(... مەحمود خان پیاوێکی باڵابەرزی چوار شانەی، ڕووپانی سوورو سپی بوو، جووتە سمێڵی درێژو ڕێك، بەڵام ماندویەتی - ئیچ قەڵا-و هەشت ساڵی بەندیخانەی کەرکوك و بێکەسیو دەست کورتی، هەندێك شێوەی گۆڕی بوو، سمێڵەکانی بۆزو ، قورسی باری ژیانیش، هەندێك پشتی کۆم کردبوو، پیاوێکی کەم دوو، مەندو بەویقار، ئاهە درێژەکانی لە ئاوو دووکەڵی نێرگەلەکەیدا، ون دەکرد، بۆ ئەوەی کەس هەست بە سۆزی نەکات.[٧١]

رشتەی بنەماڵەی مه حمود خانی دزڵی (٧٢)



دزڵی پایتەخت:

(... دزڵی، گەورەترین قەڵاو سەخترین، قەڵای هەورامان، لە قەڵەم دەدریٚو هەر لەبارام بەگەوە، تا دەگاتە مەحمود خان، هەمیشە حەزیان لەوەدا بووە، کەسەر بۆ خەڵك دانە نەوێنن و هەمیشە دژی زوڵم و زۆری دەوڵەت و، ڕەش و ڕووتی وەستاون.

دزڵی یەکێکە لەو قەڵایانە، کە دەوڵەتەکانی ئێران، یەك بەدوای یەك داو، حاکمانی کوردستان (سنە) یەك لەدوای یەك، بەچاوێکی دوژمنایەتی تەماشایان کردووەو، هەمیشە سەرکردانی دزڵی‌یان بەسەر کەشیکەر لەقەڵەم داون.[٧٣]

هەروەها:

... دزڵی پایتەختی حکومەتی مەحمود خان بووە، خۆی لەدزڵی دادەنیشت، جگەلە دێهاتەکانی خۆی، ئەمانەی تریش هەرلەژێر فەرمانی خاندا بوون: زەوی بەردەلێن، نەویٚو بەردە بەل، توتەقاچ، زێرۆن، بانی‌شار، عامورە.

ئۆڵڵا خانی کوڕی، ئەرکان حەربی بوو، وەکوڕو براکانیشی، هەریەکە حاکم وبەرپرسی ناوچەیەك بوون.[٧٤]

خەبات وکەسایەتی خانی دزڵی:

ئەم سەردارە لەئەنجامی تێکۆشان وگیانی بەرهەڵستکاری‌دا، چەندین جار لەسالآنی جیاوازدا، دەربەدەر کراوەو، خراوەتە گرتوخانەکانی(هندستان)، سنە، قەصری قاچار، هنێدی، ڕومادی، سلێمانی، کەرکوك، بەغداد)و زۆر جاریش بەدەست بەسەری ڕەهەندەی شارەکانی ئێران و، عێراق کراوە. هەرلەبەندیخانەکەی کەرکوك (٢٨٠٨) ڕۆژ زیندانی کراوە.

خانی دزڵی، پیاوێکی بەخشندەو، ئازا بووە، لەسەردەمی دەسەڵاتیدا، دزڵی‌و ئاوایی‌یەکانی دەوروبەری، بووبوونە، پەناو داڵدەی، ئەوکەسانەی کەلە دەست ڕژێمە داگیرکارەکانی هەڵاتوون و، لەو مەڵبەندەدا حەساونەتەوە. خزمەتێکی زۆری شێخ مەحمودو شێخانی عەبابەیلیٚ کرد، کاتێك کەچوونە دزڵی کەلەدەستی ئینگلیزەکان ڕایان کردبوو. چەندین چاریش دژی ڕژێمەکانی ئێران وئینگلیز جەنگاوەو شکستی پیٚ هێناون.

پەیوەندیەکی بەتین ونەبڕاوو برایانەی لەگەڵ شێخ مەحمودا، هەبووە.(ڕەفیق حیلمی) لەیاداشتەکانی‌دا، خانی دزڵی بەپاڵەوانی شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحمود داناوە.

دۆستی خۆشەویستی: سمکۆی شکاك و سەردار ڕەشیدی ئەردەلان و حەمەڕەشی خانی بانەو، کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەندو، سەید محەمەدی جەباریو، شێخانی تاڵەبان و،کەسنەزان بووە، لەڕووی ئایینیەوە، پەیوەست بووە بەشێخ نەجمەدینی بیارە، تەنانەت دوو خوشکی خان بەرودوا خێزانی شێخی ناوبراو بوون.

لەکۆتایی دەسەڵاتی ئەحمەد شای قاجاریدا،(بەپیلانی E)، مەحمود خانی دزڵیو مەحمودخانی کانی سانان هەردوکیان بەفێڵ بانگ کران بۆسنەو لەوێ زیندانی کران. خانی کانی سانان زوو بەربوو، بەڵام خانی دزڵی پترلە (٣) ساڵ گیرا، دوایی بەهۆی خانمی وەسمان پاشا بەپارەیەکی زۆر بەردرا.

لەسەرداوای شێخ مەحمود، خانی دزڵی لەبەرە بەیانی (١٩١٩/٥/٢١) بەسەر کەلی گۆیژەوە دای بەسەر لەشکری ئینگلیزەوە، (دانلیس) ی فەرماندەشیان بەدیل گرت و، تەسلیمی شێخی کرد.

واتە: داینەمۆی ڕزگار کردنی شاری سلێمانی، میر مەحمود خانی دزڵی بووەو، هەر ئەو بوو، کە توانی ئەم ئەرکە پیرۆزە مێژوویییە، بە ئەمانەتەوە ڕاپەڕێنێ.

بە کورتە:

خانی دزڵی یەکێك بووە، لە دۆستە ڕاستگۆو بەوەفاکانی شێخ مەحمودو، لە زۆربەی شەڕەکانیدا، پشتیوانی شێخی قارەمانی کردووە، لە شەڕی بازیان دا، ڕۆڵی سەرەکی بینیوە، دواتر بەفەرمانی ئینگلیز، شای ئێران گرتیو تەسلیم بە ئینگلیز کراو، نێررا بۆ هندستان، لەگەڵ شێخ مەحمود دا زیندانی کران.

مێژوو نوسەکان زۆر باسی ئازاییو بەوەفاییو نیشتمان پەروەری، ئەم خانی دزڵییە دەکەن و، بەڵگەنامەکانی بەریتانیا دان بەم ئازایەتیەدا دەنێنن.

خانی دزڵی وەك شەخسیەتێکی بەهەڵوێست و، دەرکەوتووی ناوچەکە لە دوو بەرەدا سەرقاڵی خەبات و جەنگین بووە، لە لایەکەوە دژی ستەمی کۆڵۆنیالیزمی ئینگلیزی لە عێراق داو، لە لایەکی ترەوە بەرامبەر سیاسەتی ئێران وەستا بوو.

لە ژیانیدا، ڕستێك دیاردەو خاسیەتی پێوە دەرکەوتوە کە لەپێش خانی دزڵییەوە بەدی نەکراوە، لەوانە:

- یەکەم فەرماندەی ڕاپەڕیوی کوردە، لەسەرتاپای مێژووی ئەم نەتەوەیەدا، کەلە پاڵ خەباتی خوێناوی‌دا، دژی ستەمکارانی ئێران، بەگەرمی‌و ئەوپەڕی لە خۆ بوردنەوە، بە هانانی شێخ مەحمودەوە هاتووە، لە ساڵی (١٩١٩) شاری سلێمانی ڕزگار کردووە، تا دەوروبەری جەنگی ئاوباریك، ساڵی(١٩٣١) لەهەموو شەڕەکانی‌دا بەشداری کردووە، باوەڕی نەگۆڕی بەیەك پارچەیی کوردستان بووە.

- لە پێشڕەوی ئەو سەرکردانە بووە، کە زیرەکانە، پەی بەجەنگی پارتیزانی بردووە.

- لەگەڵ ئەوەی، کە بەشداری شەڕی بازیانی کردووە، سەرجەم ئەرك و پێویستی‌و مەسرەفی جەنگی لەسەر خۆی بووە، بە ئەرکێکی پیرۆزی نەتەوایەتی، مامەڵەی کردووە. سەبارەت بە ساڵی (١٩٢٤) ئەحمەد خواجە دەڵێ:

(١٠٠) لیرەی زێڕم برد بۆ مەحمودخان، لەسەر فەرمانی مەلیك مەحمود، کەچی سەرەڕای ئەوەی کە مەحمود خان وەری نەگرت وتی: لە باتی ئەوەی ئێمە بەبار، قەرانی ئێرانی بهێنین بۆ شێخ مەحمود، ئەو لیرەمان دەداتێ، یەك لیرەی هەڵگرت و ماچی کردو((٩٩) لیرەکەی دایەوە دەستم و، وتی: ئایا دەبێت بە گیرفانی بۆش هاتبم؟. کەچی حەمە ڕەشید بەگی وەیسە، لەبەر کەمی وەری نەگرتووە.

- کە لە بەرواری ساڵی (١٤/١٠/١٩٢٦)و تووێژی ئاشتی لە نێوان شێخ مەحمودو، بەریتانیا کرا لە گوندی (ئێڵانپێ)ی لای خورماڵ، مەحمود خان بەشدار بوو، وە ئەبێت دیاری کردنی ئەم شوێنەش پەیوەندی بە مەحمود خانەوە بووبێت.

دۆکیۆ مێنتەکان گەواهی لەسەرخەباتی خان دەدەن:

- لەدۆکیۆمێنتی ژ (C.o 730-95 ڕۆژی ١٢/١٠/ ١٩٢٦)، سەبارەت بە بۆردومان کردنی دێهاتەکانی ناوچەی هەورامان هاتووە:

(هۆی بۆردومان کردنی دێهاتەکانی هەورامان وەکو- کانی گوڵ- وئەحمەدئاوا- و-یالانپی- بۆئەوەبوو کەسزا بدرێن، بەرامبەر بەهاوکاری کردنیان، لەگەڵ شێخ مەحمود، هەرچەندە دێهاتەکانی هەورامان هەمویان بەشداریان کردبوو، بەڵام تەنها ئەو چەند گوندەمان دەستنیشان کردو، ئەوانی تر هەڕەشەیان لێکراو، دەغڵ ودانیان سوتێنرا، بەڵام زیانی گیانی نەبوو[٧٥].

- ڕاپۆرتی ساڵی (١٩٣١)ی ئینگلیزەکان، باس لەوەدەکات کەچۆن ئینگلیزەکان، دوای هاتنەوەی شێخ مەحمود، لەسەر داوای ڕەزاشا، هێزی تایبەتیان کردووە سەر، مەحمود خانی دزلیو دەست بەرداری نەبوون، تارۆژی (٣١/ مایسی/ ١٩٢١) بەدیلی گرتوویانەو، ڕەوانەی بەغدایان کردووە[٧٦]، ئیتر کۆتایی بەزنجیرەی شۆڕشی شێخ مەحمودی مەلیك هات.

- مەحمود خان لەسەرەتاوە پەیوەندی هەبوو، لەگەڵ کەمالیەکان، کەبۆی دەرکەوت ڕاستگۆ نین لەگەڵیدا، باوەڕی پێیان نەما..

- لەڕاپۆرتێکی تردا هاتووە، کەئینگلیزەکان دەڵێن:

مەحمودخان لەیاخیبووەکانەو، ئەم پیاوە لەدژی ئێمەیەو پاڵپشتی شێخ مەحمودە[٧٧].

بەڕاستی خانی دزلی دۆستێکی ڕاستەقینەی مەلیك مەحمود بووە، مەلیك مەحمودیش لەنامەکانیدا، دەردەکەوێ کەهەستی بەمە کردووە.

ئەو سوپایەی شێخ مەحمود، ڕەوانەی دەربەندی بازیانی کردبوو، ژمارەیەکی زۆری لەجەنگاوەرەکانی مەحمودخانی دزلی پێکهاتبوو[٧٨].

خانی دزلی، لە پێشڕەوی، ئەو کەسانەدا بوو، کەبەگیان و دڵ هاوکارییان کردووەو، بۆ ئەم ڕاستیەش بەیاننامەکانی ئەو سەردەمەکە زۆربەیان لە کۆڕی جەنگدا دەرچوون، باشترین بەڵگەو شایەتی ڕۆژگارن:

- بەیانامەی ژ (٣) کە مێژووی بەسەرەوە نییەو شێخ مەحمود بلاوی کردوەتەوەو تیایدا دەڵێت:

(هێزی پیادەی هەورامی، بە فەرماندەی عەبدوالله بەگی دزلی،[٧٩] لە بانی مەقان، بەرەنگاری هێزی دوژمن بوون و، دوژمن پەرێشان کراو ئێمەش یەکێکمان بریندارە.

- بەییانامەی ژ (٤)، دووەم شەوە، هەورامی دزلیو دوژمن لە قەرەهەنجیر لە جەنگدان، ئەمڕۆ سوارەی مەنمیو هەمەوەندیش ئاوێتەیان بوون و، لە دوژمن کوشتار زۆرەو تالان زۆر گیراوە، پێنج لەهەورامیو، دوو لەمەنمیو بیست و دوو، بریندار هاتووەتەوە.[٨٠]

- خانی دزلی لەسەر داوای، دەستەیەك لەنیشتمان پەروەرو، ڕوناکبیرانی کورد، بووە بەئەندامی پارتی هیوا.

- لەسەرەتای چلەکانەوە کە مستەفا بارزانی، بۆ شاری سلێمانی، دوور دەخرێتەوە، لە هەمان کاتدا، خان لە سلێمانی دەست بەسەر دەبێو، هەردوکیان

ماوەیەك لە سلێمانی دەمێننەوە، لە(١٩٤٣/٧/١٢) بارزانی بەیارمەتی، شێخ لەتیف، خۆی دەرباز دەکات و دەگاتە بارزان.

– لە دوای سێ ڕۆژدا، واتەلە(١٩٤٣/٧/١٥)شدا، بە هاوکاری شێخ بابا عەلی شێخ مەحمود ڕێگای دەرچوونیش بۆ خانی درلّی، ئاسان دەبێت، ئەویش دەگاتەوە، ئاوایی درلّیو، سەر لە نوێ پشکۆی ڕاپەڕین و تێکۆشان دەگەشێنێتەوە،

– لەسەرەتای سالّی(١٩٤٦)دا، خانی درلّی ڕوو دەکاتە گوندی(هانەی قولّ) لە ئەشکەوتی(وشکەناو)-کەبە ئەشکەوتی(مەحمود خان)یش ناسراوە، دەمێنێتەوە، پاش ماوەیەك حکومەتی (حەمە ڕەزا شا)ی ئێران، داوای دانیشتن و وتووێژی لێدەکات و بەو مەبەستەی کە بگەنە ئەنجامێك و، گیرو گرفتی ناوچەکە، بە شێوەیەکی ئاشتیانەو، بێ شەڕو شۆڕ ببڕێننەوە، (خانی درلّی)یش بە پیر ئەم داوایەوە دەچێت، بەلاّم بە فێلّ و تەلّەکە بازی، کە هەمیشە بەرنامەی کارو هەلّسوڕانی دوژمنانی کورد بووە، لە بەهاری سالّی(١٩٤٦) دا، بەدەستی ئەفسەرێکی ئێرانی لە کەلی (ملّە خورد) کە دەکەوێتە سنوری ئێران و عێراقەوە، دەرمان خوارد دەکرێو، دوای نۆ ڕۆژ بەو ڕووداوە پڕ لە ناسۆرەوە کۆچی دوایی دەکات.[٨١]

– بەم شێوە مەرگە ساتە، لاپەڕەی ژیانی پڕ لەدلّسۆزی و مەردایەتی پێچرایەوەو، لە کاتی کۆچکردنیدا، ئێران، داوای تەرمەکەیان کردەوە، بەلاّم شێخ مەحمود نەیهێشت بدرێتەوە بە ئێران و، بە جۆرێکی شایستەو، قەدر زانین لە گوندی (هانەی قولّ) بە خاکی ئازیزی کوردستان دەسپێرێو، سەری هەمیشەیی دەنێتەوە، دوای ئەوەی کە نیو سەدە کاراترین دەوری شۆڕشگێڕی لەسەر شانۆی سیاسەت و کوردایەتی بینی.[٨٢]

ناوی زۆرینەی (فەرمانڕەوا) یا بڵێین (سانەكانی) هەورامان [٨٣]

ز	فەرمانڕەواكان	بەرواری ژیان یا فەرمانڕەوایی
١	بەهمەن بەگی یەكەم كوڕی ئەسفەندیار كوڕی كوشتاسپ كوڕی لوهراسپ.	(٦٠٢-٥٣٣ پ.ز)ف
٢	بەهمەن بەگی دووەم	(٤٦٤-٢٤٢)پ.ز-ژ
٣	بەهمەن بەگی سێیەم	(٩٩٧-١٠٥٢)ز-ف
٤	باریە بەگی كوڕی بەهمەن بەگی سێهەم	(١٠٥٢-١١٠٩)ز.ف
٥	میر جەلالەدینی كوڕی باریە بەگ	(١١٠٩-١٢٠٨)ژ
٦	میر سەعید جیاشا كوڕی میر جەلالەدین	(١٢٩٨-١٣٩٦)ژ
٧	سلێمان بەگی یەكەم كوڕی میر جیاشا	(١٣٩٦-١٤٩٢)ژ
٨	بارام میرزا بەگی كوڕی سلێمان بەگی یەكەم	(١٤٩٢-١٥٧٧)ژ
٩	عەباسقولی سان كوڕی بارام میرزا بەگی كوڕی سلێمان بەگی یەكەم	(١٦٣٧-١٦٤١)ف
١٠	بارام سانی یەكەم كوڕی عەباسقولی سان	(١٦٦٥-١٦٨٩)ف
١١	قاسم سانی كوڕی بارام سانی یەكەم (چەند مانگێ)	(١٦٨٩-١٦٨٩)ف
١٢	گەنجعەلی سانی كوڕی بارام سانی یەكەم	(١٦٨٩-١٧٠٢)ف
١٣	عەباس سانی كوڕی گەنجعەلی سان	(١٧٠٢-١٧٠٥)ف
١٤	عیساسان كوڕی بارام سانی یەكەم	(١٧٠٥-١٧١٦)ف
١٥	ئیسماعیل سان كوڕی قاسم سان	(١٧١٦-١٧٢٦) ف
١٦	جەمشید سانی كوڕی بارام سانی یەكەم	(١٧٣٧-١٧٤٣) ف
١٧	مەنوچەر سانی كوڕی جەمشید سان (چەند مانگێ)	(١٧٤٣-١٧٤٣) ف
١٨	حسێن سانی كوڕی دەروێش بەگ كوڕی حسێن بەگی یەكەم	(١٧٤٥-١٧٤٨) ف
١٩	بارام سانی دووەم كوڕی گەنجعەلی سان	(١٧٤٨-١٧٥٢) ف
٢٠	نەزەر عەلی سان كوڕی گەنجعەلی سان	(١٧٥٢-١٧٥٤) ف
٢١	خالید سانی كوڕی بارام سانی دووەم	(١٧٥٣-١٧٥٦) ف
٢٢	ڕەزا سان كوڕی حسێن بەگی یەكەم كوڕی بارام سانی یەكەم	(١٧٥٨-١٧٨٣) ف
٢٣	عەلیمەردان سان كوڕی حسێن سان كوڕی دەروێش بەگ - لهۆن	(١٧٨٣-١٧٨٥) ف
٢٤	محەمەد تایر سان كوڕی حسێن سان كوڕی دەروێش بەگ - تەخت و ڕەزاو	(١٧٨٥-١٧٩٣) ف
٢٥	فەتحعەلی سان كوڕی محەمەد تایەر سان - تەخت و ڕەزاو	(١٧٩٣-١٧٩٨) ف
٢٦	محەمەد یوسف سان كوڕی پیری بەگ كوڕی حسێن بەگی یەكەم - هەموو هەورامان	(١٧٩٥-١٨٠٨) ف
٢٧	ئەسكەندەر سان كوڕی محەمەد یوسف سان - تەخت و ڕەزاو	(١٨٠٠-١٨١٧) ف

٢٨	خاتو هوریزاد سان خێزانی ئەسکەندەر سان	(١٨١٧-١٨١٧) ف
٢٩	محەمەد سانی یەکەم کوڕی محەمەد یوسف سان - تەخت	(١٨١٧-١٨٢٤) ف
٣٠	عوسمان سانی کوڕی عەلیمەردان سانی کوڕی حسێن سان - لهۆن	(١٨١٩-١٨٢٣) ف
٣١	مەنوچەر سانی دووەم کوڕی عەلی مەردان سان - لهۆن	(١٨١٧-١٨١٨) ف
٣٢	قادر سانی کوڕی محەمەد عەلی بەگ کوڕی حسێن سان - حەوت مانگ	(١٨٢٤-١٨٢٤) ف
٣٣	حەیدەر سانی کوڕی عەلیمەردان سان - لهۆن	(١٨٢٤-١٨٢٦) ف
٣٤	خاتو منیرە سان (مەنیجەسان) کچی محەمەد عەلی بەگ - لهۆن	(١٨٢٦-١٨٢٧) ف
٣٥	قادر سانی دووەم کوڕی عومەر بەگی کوڕی عەلیمەردان- (لهۆن)	(١٨٢٧-١٨٣٥) ف
٣٦	قادر سانی غەفار بەگ - لهۆن	(١٨٣٥-١٨٣٥) ف
٣٧	ئەحمەد سانی یەکەم کوڕی مەحمود بەگی محەمەد یوسف سان	(١٨٣٥-١٨٤٧) ف
٣٨	ئەحمەد سانی دووەم کوڕی عوسمان سانی کوڕی عەلیمەردان سان - لهۆن	(١٨٣٥-١٨٤٧) ف
٣٩	حەسەن سان کوڕی محەمەد سانی یەکەم - سانی تەخت و ڕەزاو	(١٨٤٦-١٨٦٩) ف
٤٠	محەمەد سەعیدسانی یەکەم کوڕی عوسمان سانی کوڕی عەلیمەردان - لهۆن	(١٨٤٨-١٨٧٢) ف
٤١	مستەفا سانی یەکەم کوڕی محەمەد سانی یەکەم - تەخت و ڕەزاو	(١٨٦٧-١٨٨٧) ف
٤٢	مستەفا سانی دووەم کوڕی ئەحمەد سانی دووەم -لهۆن	(١٨٦٧-١٨٧٠) ف
٤٣	محەمەد صاڵح سان کوڕی جیهانگیری بارام بەگی سێهەم	(-)
٤٤	عەزیز خانی بارام بەگی محەمەد سانی یەکەم - دزڵی	(-١٩٠١) ف
٤٥	مەحمود خانی دزڵی کوڕی عەزیز بەگی بارام بەگی سێهەم - دزڵی	(١٩٠١-١٩٤٦) ف
٤٦	ڕۆستەم سانی حەسەن سانی محەمەد سانی یەکەم - تەخت و ڕەزاو	(١٨٨٣-١٨٩٢) ف
٤٧	نادر سانی حەسەن سانی محەمەد سانی یەکەم - تەخت و ڕەزاو	(-)
٤٨	عەباسقولی سانی کوڕی مستەفا سانی یەکەم - تەخت و ڕەزاو	(١٨٨٧-١٩١٦) ف
٤٩	ڕەزا قولی سانی کوڕی مستەفا سانی - تەخت و ڕەزاو	(-)
٥٠	حسێن خانی ڕەزا قولی سان	-١٩١٦) ف
٥١	فەرە جواللە سانی مستەفا سانی یەکەم - تەخت و ڕەزاو	(-)

٥٢	ڕۆستەم سانی محەمەد سەعید سان - لهۆن	(١٨٧٥-١٨٩١) ف
٥٣	محەمەد صاڵح سانی ڕۆستەم سان - لهۆن	(١٨٩١-١٨٩٤) ف
٥٤	جافرسانی محەمەد سەعیدسانی یەکەم - لهۆن	(١٨٩٤-١٩٤١) ف
٥٥	کەریم سانی کوڕی جافرسان - لهۆن	(١٩٤١-١٩٤٥) ف
٥٦	محەمەد ئەمین سانی جافرسان - لهۆن	(١٩٤٥-١٩٦١) ف
٥٧	عزەت سانی کەریم سان - لهۆن	(١٩٦١-١٩٩٥) ف

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەڵێین:

- بەڕاستی مێژووی سیاسی میرنشینیە کوردی‌یەکان بەتایبەت لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بەولاوە، زۆرجەنجاڵ و پڕ لەکێشەو پێشبڕکێ لەسەر دەسەڵات ودژایەتی کردنی ناوخۆو وبێنەو بەردە دابووە، هەرسەرۆکێك هەولی‌داوە سەربە بەرەیەك بێت... کەچی کەم توانراوە سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

- شاکانی ئێران، زۆر زاڵم ودکتاتۆرو خوێن ڕێژ بوون، بەرامبەر بەسان وبەگزادەو خەڵکی هەورامان، نەیان هێشتووە بەئاسودەیی وبێ‌شەڕو شۆڕ کورد ئیسراحەت بکات.

- ئینگلیزیش دەستی خستووەتە ناو بەگزادەو سانەکانی هەورامان، داونی بەگژ یەکتری دا، ئەویش لەشەڕە ناوخۆیی‌یەکاندا دەستی زۆر بووە بۆ هەڵگیرساندنیان.

- شەڕە ناو خۆیی‌یەکانیان جگە لەوەی دەستی بێگانەی تیا بووە، کوردەکە خۆیشی خۆش باوەڕ بووەو فریوی خواردووە. هەر(٢٠) تفەنگی بووە، چوە بەگژ دەوڵەتێکی زلهێزداو، کەچی شکستی خواردووەو ئەمەش چەند جارە دووبارە بووەتەوە...

پەراوێزەکان

(١) مێژووی هەورامان ل (٤١١، ٦٠٦، ٦٠٨، ٦١٩، ٦٣٤، ١٠٧٤) .

[٢] العشائر العراق، محامی عباس العزاوی ص(١٦) هەروەها هەڵڵە برایمەی هەورامان ل(١١)

[٣] لە عەممانەوە بۆ ئامێدی (گەشتێك بە كوردستانی باشوردا) ل ٦٥

[٤] مێژووی هەورامان ..ل ٩٤٧ ..دەكرێت بۆ زیاتر شارەزا بوون سەیری بكەن.

[٥] تاریخ كردو كردستان – د. صدیق بۆرەكەیی–ل ٤٢٣–٤٣٥ فارسیه.

[٦] مەحمود خانی دزلی–شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلاتی كوردستان –ل ٢٢– نوسینی (عومەر مەعروف بەرزنجی–چاپی دووەم بژار كراو).

[٧] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٤.

[٨] مێژووی كوردو كوردستان –ن. محەمەد مەردۆخی–و. عەبدولكەریم محەمەد سەعید.

[٩] مێژووی هەورامان –محەمەد ئەمین هەورامانی –ل (٦٠٩–٦١٣) سەیری پەراوێزی ئەم پەڕاوەش بكە ژ–(٤).

[١٠] مێژووی هەورامان –ل ٦١٧.

[١١] لێرەدا هەر ئەوەندە بوارمان هەیە بە كورتە لەسەر ئەم فەرمانڕەوایانە بنوسین.

[١٢] پیر شالیاری زەردەشتی—محەمەد بەهائەدین صاحب –ل (١٢).

[١٣] پەیامی هەورامان – ل (١١٢–١٢٢) كەچی لە (ئاینی كوردی)ی (م.حەسەن مەحمود حەمە كەریم ل ١٢) هاتووە: باوكی ئەسفەندیار، پاشای ولآتی باختەرە، زەردەشت لەسالی (٦٦٨پ.ن) دا بردویەتی یە سەرئاینەكەی‌و، بوەتە فەرمانڕەوای بەلخ و (٢٨) كوڕی بووە، یەكێك لەوكوڕانە ئەسفەندیارە.

[١٤] مێژووی هەورامان ل (٦٦٦– ٦٧٥).

[١٥] هەمان سەرچاوە ل(٦٧٨).

[١٦] هەمان سەرچاوە ل(٥٦٨، ٦٨٠)، كردو ترك وعرب ص ١٤٢، الاتحاد ١٩٩٩/٩/١٠/٣٣٥.

[١٧] هەمان سەرچاوە ل (٦٧١) یان سەرچاوە ئەصڵیەکەی (تاریخ جدید أورامان– ملا عبدالله قازی ل(٣٦-٣٧).

[١٨] بۆئەم بەشە سودم زۆرتر لەمێژووی هەورامان وەرگرتووە.

[١٩] بۆ بوونی عەباسقولی بەگ بەسانی هەورامان ڕەئیەکی تر هەیەو دەڵێ:

عەباسقولی کوڕی فەتحعەلی سوڵتانەو، خێزانی فەتح علی دەچێت بۆسەردانی ماڵی باوکی کەوالی لوڕستان دەبێت– لەوکاتەدا سکی پڕ دەبێت ولەوێ عەباسقولی لەدایك دەبێت ولەباوەشی خاڵوانیدا گەورە دەبێت، پاشان خان ئەحمەدخان شێت دەبێت ودوایی دەمرێت... دواتر عەباسقولی گەورەدەبێت و خۆی ئامادە دەکات بۆ هێرش و سەندنەوەی وڵاتی باوو باپیری، لەدەستی ئەردەلآنی یەکان.

زۆری پێ ناچێ بەیارمەتی والی وخاڵوانی لەشکرێك لە لوڕستانەوە بەڕێ دەکرێت بەرەو هەورامان، دوای شەڕێکی قورس، عەباسقولی بەگ سەردەکەوێ و دەبێتە، فەرمانڕەوای هەورامان و وەجاخی باوانی ڕۆشن دەکاتەوە. بێگومان ئەمە لەدوای ئەوە دەبێت ، کەلەشەڕێکدا سەر دەکەوێ بەسەر(کەڵ مەجنون) پاڵەوانی سوپای عوسمانیدا، بۆیە لەلایەن شاە عەباسەوە فەرمانی سانیەتی بۆ دەرچووە، کەببێت بەسانی هەورامان – (کرد وترك وعرب) سی. جی. أدموندز– ترجمە جرجیس فتح الله ص١٤١.

لێرەدا ئەوەی جێگەی تێبنیە ئەوەیە: لە(تاریخ جدید اورمان)ی مەلا عەبدوالله ی قازیدا–ل٣٥ ئاماژەی بەهەڵەی ئەدمونس دەکات کەباوکی (عەباسقولی)، فەتح عەلی سوڵتان نیەو بەڵکو بارام میرزا بەگە، ئێمەش ئەمە بەڕاست دەزانین، چونکە مەلا عەبدوالله خۆی شارەزایەو خەڵکی هەورامانە.

[٢٠] مێژووی هەورامان – ل (١٢٢-١٢٤، ٧٤١-٧٤٦).

[٢١] مێژووی هەورامان ل (١١٩...، ٧٣٨...) هەروەها پەیامی هەورامان ل (١٤٢، ١٥٢).

[٢٢] پەیامی هەورامان ل (١٤٥-١٥٠) مێژووی هەورامان ل(٧٤٦- ٧٥٦

[٢٣] پەیامی هەورامان ل (١٤٥-١٥٢) مێژووی هەورامان ل(٧٥٧-٧٨٠)

[٢٤] مێژووی هەورامان ل(١٢٤- ١٣٠، ٧٥٧)، پەیامی هەورامان ل (١٤٧-١٥٢)

[٢٥] لەمێژووی هەورامان ل(١٢٩)، وە لە پەیامی هەورامان ل (١٥٢)دا

دەڵێن: دوای ئەو ڕووداوە ماوە و شووی کردووە بەشێخێك.

(٢٦) پەیامی هەورامان -ل (١٥١) هەندێك لەسەرۆك تیرەكان ناچاربوون هەڵسان بەم كارە، بەڵام یەكێكیان ئەم كارەی نەكردووە خەنجەری لێ‌نەدا بۆیە لەسزای ئەوە گوێ یان بڕی. الاتحاد ژ ٢٢٥

(٢٧) پاش لەناو بردنی (سان و كوڕەكەی وپیاوێكی كەناوی ئەبوبەكر بوو) ڕۆستەم بەگی ئێلبەگی كە لە جافەكانی جوانڕۆیە، سانی كوژراو، مامەی دایكی بووە، پەلاماری جوانڕۆ ئەدات و، براو، كوڕی (شەرەفو لمولك)ی دەست دەكەوێت لەهەقی ئەواندا دەیانكوژێت... پەیامی هەورامان ل ١٥٢.

(٢٨) بەپێی قسەی وەستامحەمەدی حاجی حەمە ساڵحی تەوێڵەیی. كە ١٩ كوڕی بووە. بۆ كچەكانیشی لەعەمانەوە بۆئامێدی -ل ٦٧.. لەوانەش: ئامینە خان، مریەم خان، ڕەعنا خان...

(٢٩) مێژووی هەورامان ل ١٤٢

(٣٠) مێژووی هەورامان ل ١٤٢

(٣١) تاریخ جدید اورامان- ملا عەبدوالله قازی- دەستونس ل٦٦

(٣٢) مێژووی هەورامان ل ١٥٢ بەدرێژی ئەم باسی نامەیە دەكات.

(٣٣) پەیامی هەورامان ل١٥٥.

(٣٤) پەیامی هەورامان ل ١٦٢، مێژووی هەورامان ل ٩١٢.

(٣٥) تاریخ جدید اورامان- ملاعەبدوالله قازی ل(٧٦).

(٣٦) تاریخ جدید اورامان- ل٦٥

(٣٧) پەیامی هەورامان - ل ١٥٣.

(٣٨) تاریخ جدید اورامان- ل ٦٥.

(٣٩) مێژووی هەورامان ل ١٥٥.

(٤٠) پەیامی هەورامان ل١٥٤.

(٤١) مێژووی هەورامان -ل (٩٢٠- ٩٢٢)، كتێبی (مەحمود خانی دزڵی ل (١٨٢- ١٨٣)

(٤٢) ڕۆژنامەی الاتحاد ژ ٣٣٥، ١٠/٩/ ١٩٩٩.

(٤٣) پەیامی هەورامان ل ١٥٦.

(٤٤) كرد وترك وعرب-انمۆندز ص-(١٤٠) هەروەها پەیامی هەورامان ل(١٥٦).

(٤٥) تاریخ جدید اورامان– ملا عەبدوالله– ل (٧١).

(٤٦) پەیامی هەورامان – ل (١٥٨) تاریخ جدید اورامان –ل (٧٣).

(٤٧) مەحمود خانی دزڵی– ل ٤٧.. کە ئەویش لەکتێبی (حسن ارفع، کرد هاویك بررسی تاریخی وسیاسی ل١٦، ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بەزمانی ئینگلیزی دانراوەو، دواتر وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.

(٤٨) مێژووی هەورامان ل ٧٨٩.

(٤٩) مەحمود خانی دزڵی– ل ٤٧. لێرەدا دوو تێبینی گرنگ هەیە پێویست بەنوسین دەکات لێرەدا بینوسین:

یەکێکیان ئەوەیە، داستانی ئەم شەڕە، لەسەر بەردێکی مەڕمەڕ، لە هەیوانی مزگەوتی جامعەی شاری سنە، هەڵکەندراوەو، باس لەهێرشەکانی سوپای ڕەزا شا دەکات بۆسەر ئاوایەکانی مەحمودخانی دزڵی...هەر لەو کتێبەدا، دەقی فارسیەکە لە (ل ٢٣٩)دا بلاو کراوەتەوەو کوردیەکەشی لە(ل ٤٨) دایە. لەمێژووی هەورامانیشدا لە(ل ٧٨٩)دا هەیە.

– ئەویتریان ئەوەیە کە مەحمود خان دەکەوێتە دەست حکومەتی عێراق هێنرایە سلێمانی، دەست بەجێ، ڕەزا شا، داوای لە دەسەلاتدارانی عێراق کرد کەتەسلیم بەئێران بکرێتەوە، بەلام عێراق بەو بیانووەی کەخانی دزڵی لەعێراقیشدا، تاوان بارە، تەسلیم بەئێران ناکرێتەوە، تاحوکمی تەواوی خۆی وەرنەگرێ لەعێراق .

لەئەنجامدا، چەند ساڵێکی بە بەندی ودەست بەسەری تێپەڕاندوو، ڕەهەندەی شاران کرا، لەم کاتەدا، شێخ عەلائەدینی بیارە، هەوڵێکی زۆری بۆداو(سەید مەزهەری) نوێنەری تایبەتی خۆی ناردە لای مەلیك فەیصەڵی یەکەم، بەو مەبەستەی کەگیانی پارێزراوبێت وتەسلیم بەئێران نەکرێتەوە.

هەروەها لەوکاتەی کەخانی دزڵی لەسلێمانی دەبێت لەڕۆژی(١٩٣١/٩/٢٠) شێخ حسێنی کەسنەزان نامەیەکی پڕ لەسۆزو وەفا دەنێرێ بۆ موتەصەڕیفی ئەوکاتەی سلێمانی، بۆی ڕوون دەکاتەوە، کەخانی دزڵی، یەکێکە لەسەرداره ناودارەکانی ناوچەی هەورامان و، شایانی، قەدر زانینەو، داوایشی لێدەکات کەبە کەفالەت لە بەندیخانە، بهێنرێتە دەرەوە.

(٥٠) مێژووی هەورامان –ل ٩١٩.

(٥١) پەیامی هەورامان – ل (١٦٣– ١٦٤).

(٥٢) گۆڤاری ڕەنگین ژ (٥٧) ل(٦)ساڵی(١٩٩٣) چمکێك لەژیانی جافرسانی هەورامان.

(٥٣) کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیا– نوسینی د. وەلید حەمدی– وەرگێرانی لەعەرەبی یەوە–محەمەد نوری تۆفیق.

هەروەها... لەمێژووی هەورامان دا– ل ٢٩٨– داهاتووە کە لەو کاتەدا جافرسان هاتە عێراق، بەریتانیا لەماوەی(٢٤) سەعات دا، بڕیارێکی دەرکرد کە(مجرمی سیاسی) دەبێت پەناهندە بدرێت، بۆیە: سان و کۆمەڵەکەی بە پەناهندە، قبوڵ کران.

(٥٤) وادیارە، لەسەر داوای سان و، شێخانی تاڵەبان، لە کەرکوک جێگیر کراون، چونکە نێوان سان وخان وشێخان وزانایانی هەورامان لەگەڵ بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانیدا باش بووەو ڕێزی یەکتریان گرتووە... د. موکەڕەم تاڵەبانی لەم بارەوە دەڵێ:

(هەر لە کۆنەوە شێخانی تاڵەبان پێوەندی ئایینیو خزمایەتیان لەگەڵ ناوچەی هەورامان دابووە، لەبەر ئەوە، هاتوو چۆی هەورامییەکان بۆ تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوک شتێکی ئاسایی بووە..) ڕەنگین ژ ٥٧/ ١٩٩٣ لەو ماوەیەدا کە جافرسان و کۆمەڵەکەی، لە ڕومادی وبەصرەو بەغدا دەبن، بەنهێنی سەردانی تەکیەی تاڵەبانیان کردووە.

د. موکرەم لەهەمان گۆڤاردا، دەڵێ:

ئەوساڵە– واتە ساڵی ١٩٣٣– نەهات و وشکە ساڵ بوو، نەهاتی دەشتی گەرمیانی وەکوو، نەگبەتی وایە، ئاغاو جوتیار، کەوتنە سەرساجی عەلی، باوکم بۆ ئەوەی لە یارمە تیان، درێغی نەکات وهەست بەدەست کورتی نەکەن فەرشی ناومالی بۆ فرۆشتن... پاشان دەڵێ:

.. ئەوەندەی پێ نەچوو میوانەکانی باوکم– کە لە ڕومادیو شارەکان جێگیر کرابوون– لەپاش بڕیاری حکومەتی عێراق بۆمافی پەنا بەرییان، ئەوانیش هاتنە کەرکوک وخۆیان ژن ومنداڵیان لەگەڕەکی بەرتەکیەو ئیمام قاسم، جێنشین بوون.

(٥٥) لەمێژووی هەورامان دا ل ٧٩١ دەڵێ:

..کە شەهریوەری ساڵی(١٣٢٠) ی ئێرانی، هاتە پێشەوە، سەدان زینـدانی، لـە زیندانـە جۆربـە جۆرەکـانی ئێـران دا، ئەوانـەیان، کەلـە ژیـان دا بـوون، بـەردران وهەریەکـە، بۆناوچەی خۆی‌و خێزانی خۆی چوویەوە.

– لە هـۆزی مستەفا سـانی، حەسـەن خـان، عـەلی بـەگ ومحەمـەد شـەریف بـەگ وکوڕانی حاجی فەرەجوالله بەگ، وەك محەمەد عەلی بەگ و مەحمود بەگ.

– تایفەی بارام بەگیان: محەمەد عـەلی بـەگ، عەبـدوالله بـەگی قـەلاّجیٚ، محەمـەد ساڵح بەگی قەلاّگا، ئۆڵلاّبەگی دزڵی، محەمەد ڕەشید بەگی باراماوا.

– هۆزی هەسەن سانی: محەمەد بەگ، حەسەن بەگ، جافربەگ، محەمەد ئەمین بەگ، عەبدوالله بەگی محەمەد شەفیع بەگ، تایـەر بـەگ محەمـەد شـەریف بـەگی وەیسـە، جافر بەگی دەگاشێخان، ئەسەد بەگ وئاغا برابەگ وجافر بەگی دەرەوکیٚ.

[٥٦] لە هۆزی جافرسـانیش: کـەریم بـەگ و... ڕۆژنامـەی (الاتحـاد) ژ (٣٥) بەرواری ١٠/ ١٩٩٩/٩.

[٥٧] وەك دەردەکەویٚ، خەڵکی هەورامان بەگشتی و خـەڵکی پـاوە بەتایبـەتی، لـە کـەریم بـەگ ڕازی بـوون.. پیـاوێکی دینـدارو خۆشەویسـتی خـەڵك بـووە دڵسـۆزو بەخشـندەو زیرەك وئازاو بەخزمەت ومیوان دۆست بووە. (٩٠٪) خەڵکی پاوە لـە دوای نوێژەکانیان (فاتحـە)ی بـۆ ڕەوانـە دەکـەن، زۆر دژ بەئینگلیز بووە و متمانـەی پـیٚ نـەبووە. ئینگلیز زۆر هەوڵی لەگەڵ دا، داوە، نەچووە لەگەڵیدا.

دڵـی خـەڵکی هـەورامان زۆر ڕاگرتـووە، نێـوانی لەگـەڵ زانایـان وشـێخاندا بـاش بـووە بـۆ ئیشەکانی پرس و ڕاوێژی زۆردەکرد.

بۆ زیاتر لە ژیانی کەریم سان سەیری مێژووی هەورامان ل(١٨٥– ٢١٠) بکە.

[٥٨] کرد وترك وعرب– ادموندز– ص ٣٣٩.

[٥٩] العشائر الکردیة– ترجمة فؤاد حەمەخورشید-مطبعة الحوادث بغداد،١٩٧٩ص ١٥ ئەمـەش لەڕاپۆرتێکـدا هـاتووە، هەنـدیٚ سـەرنجە، سـەبارەت بەخێڵـەکانی باشـوری کوردسـتان، لـە نێـوان زابـی گـەورەو دیالـەدا، کەلەسـاڵی ١٩١٩ بـەزمانی ئینگلیـزی چاپکراوە، لەلایەن د. فوئاد حەمە خورشیدەوە، کراوە بەعەرەبی.

سەیری کتێبی مەحمود خانی دزڵی بکە ل(١٨٢).

[٦٠] ڕۆژنامەی الاتحاد ژ ٣٣٥، ١٩٩٩/٩/١٠. هەروەها لاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵبجە- بەکر حەمەصدیق- ل ٦٨.

[٦١] مەحمود خانی دزڵی، ل(١٨٠) لەلاپەڕە (١٨١) شدا، دوو بروسکەی بەم شێوە بڵاو کراونەتەوە:

بروسکەی: ١٩٣٠/٨/٢٦

بەغداد فخامە مندوب السامی

(رئیس الوزراء).

گۆڕینی موتەصەریف تۆفیق وەهبی بەگ ئەبێ بەسەبەبی تەئەثوری عمومی کوردان، رجا ئەکەین ئیعادەی بفەرموونەوە.

ڕەئیسی هەورامان

جەعفەر سوڵتان

ڕۆژنامەی ژیان: ژ٢٥٩

ڕۆژی ٤ ی ئەیلول ١٩٣٠

بروسکەی: ٢٤/ ١٩٣٠/٨

فەخامەتی مەندوبی سامی

صورەتی بۆفەخامەتی(رئیس الوزراء)

تەبدیلی موتەصەڕیف مەغایری ئەفکارمان وسەبەبی تەئەثوری عمومی کوردانە، ئیسترحام دەکەین زوو ئیعادەی بفەرموونەوە:

هەورامان : ئەفراسیاب بەگی ڕۆستەم سوڵتان

هەورامان: مصطفی بەگی جەعفەر سوڵتان

هەورامان: محەمەد ئەمین بەگی مەحمود خانی دزڵی

هەورامان: شێخ محەمەدی شێخ حیسامەدین

ڕۆژنامەی ژیان:ژ ٢٩٥

ڕۆژی ٤ ی ئەیلول ١٩٣٠

[٦٢] تۆفیق وەهبی بەگ کێ بووە؟

یەکێ بووە، لە پیاوە دڵسۆزو زاناو خەباتکارەکانی شاری سلێمانی، لەمایسی (١٩٣٠)دا کرا بە موتەصەریفی سلێمانی، خەڵك زۆریان پێ خۆش بوو، لەسەردەمی

ئەودا، جوڵانەوەی سیاسی وفیکریو ڕۆشنبیری، کەوتوەتە گەشەکردن حکومەتی عێراق، بێ تاقەت بوو بەم چالاکی‌یە، بۆیە، دوای چوار مانگ لای بردو ئەمەش بووە هۆی ناڕەزایی خەڵك وجەماوەر.

(٦٣) مێژووی هەورامان – ل (١٤٤، ١٤٨)

(٦٤) پەیامی هەورامان –ل (١٥٢، ١٦٥)

(٦٥) مێژووی هەورامان –ل (١٣٩)

(٦٦) تاریخ کرد و کردوستان – دکتر صدیق صفی زاده (بۆرەکەیی) ل٤٣٥

(٦٧) گۆڤاری ڕەنگین ژ ٥٧ ساڵی ١٩٩٣.. ئەمە دکتۆر موکەڕەم لەو کاتەدا جافرسانی ئاوا بینیووە لە کەرکوکدا کەپەناهەندە بووە.

(٦٨) الاتحاد ژ ٣٣٥، ١٩٩٩/٩/١٠.

(٦٩) مێژووی هەورامان ل (١٥٩– ١٦٠) هەموو شیعرەکە لە دواتردا لە ژیانی میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی‌دا بلاو کراوەتەوە.

(٧٠) بۆئەم بابەتە زۆرسود وەرگیراوە لەکتێبی (مەحمود خانی دزڵی)، هەروەها دەبێ بزانین کەهەندێك لەڕووداوی ژیانی ئەم خانە لەژیان نامەی جافرسان دا، باس کراوە.

(٧١) گۆڤاری ڕەنگین– ژ ٥٣ ساڵی ١٩٩٣.

(٧٢) مەحمود خانی دزڵی –عومەر مەعروف بەرزنجی– ل (٣٨)، هەروەها مێژووی هەورامان – م محەمەد ئەمین هەورامانی– ل (٧٦)

(٧٣) مێژووی هەورامان .. ل(٧٨٨).

(٧٤) مێژووی هەورامان .. ل (٨٩٩).

(٧٥) مەحمود خانی دزڵی–ل ١١٦

(٧٦) چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد –بەشی یەکەم –د.کمال مەزهەر–ل١٢٢

(٧٧) العشائر الکردیة–ترجمة فؤاد حەمە خۆرشید–ڕاپۆرتێکی گرنگە ص(١٦)

(٧٨) دور الشعب الکردی فی ثورة العشرین–د.کمال مظهر–ص ١٤٢

(٧٩) عەبدوالله بەگی دزڵی، کوڕی گەورەی مەحمود خانی دزڵێیە، کەلەگەڵ باوکی‌دا فەرماندەی دەستەیەك لە شۆڕشگێڕەکانی گرتبووە ئەستۆ، ساڵانێکی زۆر لە زیندانەکانی (ڕەزا شا)دا بووەو ماوەی (٧)ساڵ لە زیندانی (تاریك) دا، ژیانی بەسەر بردووە، ساڵی (١٩٤١)لە شکاندنی بەندیخانەی (قەسری قاجار)دا ئازاد کراوە. ساڵی

(١٩٨٧) لە ئاوایی دزڵی کۆچی دوای کردووە و هەر لەوێ نێژراوەو نەوەکانی لە ئاوایی دزڵی نیشتەجێن-مەحمود خانی دزڵی ل(٨٤).

(٨٠) بۆ ئەم دوو بەیانامەیە، بڕوانە: چیم دی-ئەحمەد خواجە-بەرگی یەکەم ل(٤٦-٤٧)

(٨١) بەداخەوە زۆرێك لە سەرکردەکانی کورد بەم شێوەیە کوژران و لە ناوچون.دوژمن نەیتوانی‌وە لە مەیدانی جەنگدا سەرکەوێت، هەر بەفرو فێڵ نامەردانەو بێ ویژدانانە سەرکردەی کوردیان لە ناوبردوە، بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەوە سەیری کتێبی (تیرۆرانینێك بۆ دۆزی کورد) نوسینی (عەبدو ڕەزاق عەبدوڕەحمان)ل(٧٠)

(٨٢) مەحمود خانی دزڵی-ل(٣٦)

(٨٣) چەند تێبینیەك لەسەر ئەم فەرمانڕەوایانە:

أ-مێژوو نوسەکان بەهمەنی سێهەم، دەبەنەوە سەر بەهمەنی یەکەم بە(١٨) پشت، بەلام ئەمە هەڵەیە، چونکە لەبەهمەنی سێهەمەوە، بۆ بەهمەنی یەکەم (١٥٠٤)ساڵ دەکات=(٥٣٣ پ ز تا ٩٧١) ئەمەش، ئەگەر بۆ هەر پشتێك (٣٠)ساڵ دابنێین ئەو کاتە، (٥٠) پشتی دەوێت(٣٠×٥٠)= ١٥٠٠ ساڵ، ئینجا دەگەنەوە بەیەك.)

ب-ئەو بەروارەی کە نوسراوە بۆ بەهمەن بەگی دووەم-جێگەی پرسیارە؟ !چونکە تەمەنی دەکاتە(٢٢٢)ساڵ ئەمەش دەگمەنە تۆ بڵێی ئەمە لە دەگمەنەکان بێ؟!

ج-ماوەی نێوان بەهمەنەکان ڕۆشن نیە، بۆیە زیاتر لە بەهمەنی سێهەمەوە باس و خواس دەکرێت.

د-ئەم فەرمانڕەوایانەی کەلێرە نوسراون، ئەوانەن کە(سان)ی هەورامان بوون، یا هەندێکیشیان نازناوی (خان)یان پێ درابێ، چونکە خانیش لە ئاستی(سان)دا بووە.لە عەباسقولی سانیشەوە، وشەی (سان)دیارە لە پاشکۆی ناوەکانەوە، لەوەو پێش وشەی بەگ بووە، وشەی بەگ، دواتر بۆ حاکمی سانەکان بەکار هاتوە لە دێ کاندا، واتە دەسەلاتی بەگ دوای کەم بووەتەوە.

هـ-هەندێ جار بۆشایی‌یەك لە نێوان سانەکان دا دەبینین، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کەلەو کاتەدا، یان نازانین چی ڕووی داوەو ئەو ماوە هیچ تۆمار نەکراوە یاخود لەلایەن غەیری سانەکان و هەورامی‌یەکان خۆیانەوە حوکم کراوە .بۆ نموونە:

لەسالآنی(١٦١٤-١٦٣٢ ن) خان ئەحمەد خانی ئەردەلآنی حوکمی هەورامانی کردووە، لە سالآنی (١٧٢٠-١٧٣٠ن) بابانەکان حوکمی زۆربەی خاکی هەورامانیان کردووە. هەروەها .....تاد.

و- لەساڵی (١٧٨٣) هەورامان لەڕووی دەسەلآتەوە بووە بە دووبەشەوە، دوو (سان) فەرمانڕەوایی یان کردووە، یەکێکیان(سان)ی هەورامانی لهۆن بووەو ئەوی تریش(سان)ی هەورامانی تەخت، هەندێ جاریش بووە بەچوار بەشەوە (لهۆن ودزڵیو ڕەزاو و تەخت)، جار جارە لەسەردەمی هەندێ(سان)دا، بووەتەوە بەیەك، وەك سەردەمی محەمەد یوسف سان لەساڵی (١٧٩٤ن).

ز- لەپاڵ ساڵی بەروارەکاندا، پیتی(ژ) مان بەکارهێناوە، لەباتی ی سەردەمی ژیان، بەلآم پیتی(ف) مان بۆسەردەمی ماوەی فەرمانڕەوایی بەکارهێناوە، ئەگەر هیچیش دانەنرابێت ئەوە نەزانراوە.

ح- بەڕەئی ئێمە فەرمانڕەوا سەرەکیەکان ئەمانە بوون، ئەگەر کەسێکیشمان نەزانی بێت یالەبیر چووبێت بەدووری نازانین.

ط- سەرچاوە بۆناوو بەرواری ژیان وفەرمانڕەوایی ئەم فەرمانڕەوایانە:

(پەیامی هەورامان ومێژووی هەورامان وتاریخ جدید اورامان وپیر شالیاری زەردەشتی وکوردو کوردستانی م. صدیق بۆرەکەیی) یە بەتایبەت یەکەم سەرچاوەیان زیاتر سودم وەرگرتووە.

هەورامان مەڵبەندێکی ئایینی بووە لەکۆن و نوێدا

- هەورامان و ئایینی زەردەشتی:
- پیرەکانی هەورامان
- پیرشالیاری دووەم
- ڕۆڵی پیران لەکاروباری ڕامیاری و ئیداریدا
- کەی وەچۆن خەڵکی هەورامان ئیسلامیان پێگەیشتووە؟
  - بۆچون و ڕەئی یەکەم:
    - شیعری هورمزگان
    - دوکتۆر سەعیدی کوردستانی
    - چەند سەرنجێك لەسەر ئەم شیعرە
  - بۆچون و ڕەئی دووەم
  - بۆچون و ڕەئی سێهەم
  - بۆچون و ڕەئی چوارەم
- سەرەنجام ... بۆمان دەرکەوت:

هەورامان مەڵبەندێكی ئایینی بووە لەكۆن و نوێدا

- هەورامان و ئایینی زەردەشتی:

بێگومان لەپێش ئیسلام دا، خەڵكی كوردستان بەشێوەیەكی گشتی و هەورامان بەتایبەتی، پەیڕەوی ئایینی زەردەشتی كردووە[1]، چونكە ئەم ئایینە نزیكەی (١١٠٠) ساڵ، ئایینی ڕەسمی گەلە ئێرانی‌یەكان بووە، هەرچەندە مەسیحی و یەهودیش، لەكوردستاندا بووە، بەڵام نەبوونەتە ئایینی ڕەسمی لەناوچەكەدا.

ئەم ئایینە پەڕاوێكی بووە بەناوی (ئاڤێستا)وە، كەبەزمانی پەهلەوی كۆن نوسراوەتەوە، كەلەهەورامی‌یەوە نزیكە. زمانی (ئاڤێستاو پەهلەوی و هەورامی، لەهەموو زمانەكانی دنیا هاوبەشیان زۆرترە.

ئاڤێستا: كۆنترین فەرهەنگی زمانە ئێرانی‌یەكانە، كەماوەیەكی زۆر سەرچاوەی ئیلهاماتی‌یان بووە، لەڕووی باوەڕو لەڕووی كاری دونیاوە[2].

(قانع)ی شاعیر دەڵێ:

كتێبی زەردەشت، كەئاوێستا وەک باقی كتێب، خەلاّتی خوایە
بەزوان هەورامی، هاتەسەر بەشەر یانی های زەردەشت، بوو بەپێغەمبەر
تادەوری خۆی بوو، وەک باقی دینان بەلاّم نەسخ بوو، ئەویش بەقورئان[3]

ئەو كەسانەی، كەوەك زاناو حەكیمێك، پەیڕەوی ئەم ئایینەیان كردووەو، بوونەتە (مەرجەعێك)، پێیان وتون (پاوەر)، دوایی ئەم وشە بووەتە، (پیر). جایەكێ لەو پیرانە، (پیرشالیاری كوڕی جاماسب) بووە، كەبە پیرشالیاری یەكەم ناسراوە، كەلەساڵی (١٥٠ پ.ز) ژیاوەو، پەڕاوێكی لەڕوانگەی (ئاڤێستا)وە داناوە، بەناوی (ماراف=ماریفەت)[4].

ئەم پەڕاوە بەهەورامی نوسراوەو، پڕە لەئامۆژگاری و پەند ... لەیەكێ لەبەندە مژدە بەخشەكانیدا، كەلە ئاڤێستای وەرگرتووە، دەڵێ:

وەروێوە، وارو، وەروە، وەرینە وەریسە، بریۆ، چوار، سەرینە
كەرگێ سیاوە، هێڵە چەرمێنە گوشڵێ مەمێریۆ، دوە بەرێنە

هەندێ لەپیاوە ریش سپی‌یەكان ئەڵێن، مەبەستی پیرشالیار ئەوەیە كەئاینێك پەیدا ئەبێت، وەك ئەو بەفرە وایە، كەبەفر دەتوێنێتەوە، ئاینێك دێت ئەم ئایینەی ئێمە بەتاڵ دەكاتەوەو، ئەو ئایینە وەك چۆن گوریس دەپچڕێ دەبێت بەچوار سەر، ئەوەش مەبەست لەچوار مەزهەبەیە، یا چوار یاری

پێغەمبەرە، وەك چۆن مریشکی ڕەش هێلکەی سپی دەکات، (محەمەد) پێغەمبەریش (د.خ) لەعەبدوالله ئەکەوێتەوە، هەرکەسیش مرد، یابەهەشتی‌یە یادۆزەخی.

لەبەندێکی تردا ئەڵێ:

داران گیان داران، جەرگ و دڵ بەرگن گاهێ پڕبەرگن، گاهێ بێ‌بەرگن

کەرگە جەهێڵە، هێڵە جەکەرگەن ڕەواس جەرەواس، وەرگ جەوەرگەن

واتە:

درەختەکان وەك ئادەمیزاد گیانلەبەرن، وەئەوانیش جەرگ و دڵیان هەیە، کەگەڵاو ڕیشەیانە، ماوەیەك گەڵایان هەیەو، ماوەیەك ئەوەرێ، مریشك لەهێلکەیەو، هێلکەش لەمریشکە، ڕێوی لەڕێوی‌یەو گورگیش لەگورگ..

مەبەست ئەوەیە:

وەك چۆن درەخت پێویستی بەڕەگ و ڕیشە هەیە، هەروەها مرۆڤیش پێویستی بەخزم و یارمەتیدەر هەیە، بۆ ئەوەی بەهەمموویانەوە، بەکۆمەڵ بژین و، ژیانێکی پڕکامەرانی بەدەست بهێنن. مرۆڤ لەمرۆڤ بووە، پێویستە لەگەڵ مرۆڤ بژیت.. جازۆرجار، لەپاش تەواو بوونی هەموو بەندێك، لەفەرمودەکانی ئەمەی خوارەوە دوبارە دەکاتەوە:

هۆشت جەواتەی، پیرشالیار بۆ

گۆشت جەکیاستەی، (زانای سیمار) بۆ

ئەڵێن مەبەستی ئەوە بووە:

بەدڵ ئاگات لەفەرمودەکانی پیرشالیار بێت و، گوێش بگرە بۆ نێروای زانای ڕەمزگۆ، کەمحەمەدە (د.خ)[٥].

مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی لە (زاری زمانی کوردی)دا (ل١٦) دەڵێ:

ماریفەت دوو بەشە: بەشی یەکەمی زۆر کۆنەو، وتن و نوسینی دەگەڕێتەوە بۆ سەروکلاوی پیرشالیاری زەردەشت، زۆربەی سرودو دۆعای دینی زەردەشتین، بەلام بەشی دووەمی، لەسەردەمی پیرشالیاری دووەم، کەئیسلام بووە نوسراوە، باس لەڕەویەو ڕەوشتی دینی ئیسلام و چۆنیەتی پەیڕەوی کردنی دەکات.

- پیرەکانی هەورامان

م. محمد ئەمین هەورامانی لەمێژووەکەیدا، ل(٦٣٦-٦٥٥) کەئەویش لەهەردوو دەستنوس |(تأریخ اورامان)ی موزەفەرخان و، (تأریخ اورامان)ی شین|وەری گرتووە، ناوی (٢٨) پیری لە (٩٩) پیرەی هەورامانی نوسیووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- پیر محەمەدی غەیبی کەلەنەوەی کوڕانی ئیمام ڕەزایە، ئەگەرچی گۆڕەکەی دیار نیە، بەلآم لەنێوان هانە گەرملەو کەیمنەدا دیار نەماوە.

٢- پیرشالیار - ناوی باوا مستەفایەو کوڕی باوا خوادایە، باوا خوادا ئامۆزای پیر محەمەدی غەیبی‌یە، لە هەورامانی شار ژیاوە. پیرەکانی تر لەشوێنەکانی ترەوە هاتون بۆلای ئەم پیرە.

٣- پیرخالد، لەشاری هەورامان ژیاوە.

٤- پیرصاد، چونکە ڕاوکەر بووە، بەپیر (صیاد) ناوبانگی دەرکردوەو ناوی (عەبدوڕەحمانە).

٥- پیرهەوتی، یان (پیر هەستیرقی)، گۆڕی لەتەنیشت گۆڕی پیرشالیارەوەیە.

٦- شالیارە سیاوە، دەوترێ لەشازادەکانی هیندستانەو، ناوی ڕاستی حەیدەرە.

٧- شێخ نیعمەتو الله، گۆڕی لە گۆڕستانی هەوراماندایە.

٨- پیر ڕۆحوالله، گۆڕی لە هەسەن ئاوایە.

٩- پیر نەدی.

١٠- پیر بابا.

١١- پیر محەمەد، لەنەهاوەندەوە، دەوروبەری هەمەدانەوە، هاتووە بۆسەردانی پیرشالیار لە هەورامان، دوایی لەوێ ماوەتەوەو، مردووەو، گۆڕەکەی لە(هانەوسەردێ)یە لەکۆسالآن.

١٢- سەید محەمەدی ڕۆسەم، کوڕی یاخود لەکوڕانی سەید (أبیض)ە.

١٣- پیر محەمەد، کە (باواخۆشێن) و (سەید ئەلوەندی)یشی پێدەوترێ کەلەکوڕانی باوا تایری هەمەدانی‌یە. لەدێیەکی لای کێوی ئەلوەندەوە هاتووەتە لای پیرشالیار لەشلێرانی‌و، وەیسیای هەورامان نیشتەجێ بووە.

١٤- پیرقەلەندەر، ناوی ئەحمەدەو کلآشکەر بووە، هەموو ساڵێ کلآشی بۆ پیرشالیار کردووە، ئێستاش تاکێ لەو کلآشانەی ماوە.

١٥- پیرکومسایی ناوی (پیر مەحمود)ە، لەبەر ئەوەی لەنزیک پیرشالیارەوە نێژراوە، واتە بووەتە هاوسێی پیرشالیار، بۆیە بەپیر کومسایی ناودەبرێ -بەردی کومسایی لەنزیك گۆڕەکەیدایە، کە بەتەبەڕوك دەژمێررێو، خەڵکی هەورامان دەچنە سەری و هەریەکە کەمێکی لێدەپچڕێنێو دەیبا، دەیخاتەناو مەشکەوە، گوایا (کەرە)ی زیاد دەکات، ئەو بەردە نزیکەی هەزار کەسێ لێی ئەپچڕێنێ، تاوای لێدێ لەتەختی زەویدا نامێنێ، کەچی بۆ ساڵی ئایندە وەك (گیا) دەڕوێتەوە.

١٦- پیر تەرجان، ناوی پیر محەمەد صادقەو، لەتەرجانەوە، هاتووە، گۆڕەکەی لای سەروی وەیسیانەوەیە.

١٧- پیر ژەنگەڵ، ناوی ئەحمەدە، گۆڕەکەی لای سەروی گۆڕی (باوا مەردۆخ)ەوەیە.

١٨- پیر سیاو، ناوی (عەبدوالله)یەو گۆڕەکەی لە(وەیسیا) دایە.

١٩- پیر نەدیم، گۆڕەکەی لای سەروی دێی (وەیسیا)وەیە.

٢٠- پیر وەیسی، گۆڕەکەی لای ڕاستی شاری هەورامانەوەیە.

٢١- پیر دانا، ناوی محەمەدە، لەهەورامانی شاردا ژیاوە، لەژیانیدا سەردانی مەلا ئەبوبەکری موصەنیفی چۆری کردووە.

٢٢- باوا یادگار، یا پیر یادگار، لەدوای پیرشالیار بووەتە جێنشینیو، لەنزیك پیرشالیارەوە نێژراوە.

٢٣- مەلا جاروالله، زانایەکی لێهاتووی دێوەزناو بووە، لەسەردەمی خاز ئەحمەد خان دا ژیاوە، لە (سەرو پیری) نێژراوە.

٢٤- پیر باوا حەیران، کوڕی (باوا وەڵیاد) ەو، گۆڕەکەی لەنێوان (دەرەویان) و (ملەمارفان)ە.

٢٥- باوا وەڵیاد، دەوترێ کە لەسەیدەکانی کەلجی‌یەو، گۆڕەکەیشی وا لە(دەرەویان).

٢٦- دەروێش دلاوەر، ناوی سەید محەمەدە، لەبەر ئازایی ناویان ناوە (دلاوەر).

٢٧- سەید پیر سمایل، لەجڵەو ئاوای ئەسپەرێز نێژراوە، کەیەکێکە لەکوڕانی ئیمام ڕەزا.

٢٨- پیر باوا قاسم، گۆڕەکەی لەدێی سلێنەو، دەڵێن لەسەیدانی کەلجی‌یە.

لەپەڕاوو شوێنانی تریش، ناوی ئەم پیرانەش بەم شێوە هاتووە:

(پیر ڕۆستەم، پیر زەڕێن، پیرجان، پیرداود، پیروەتیێ، بابا حەیرانیێ، بابا پیدۆ[٦]، پیر محەمەد (بابا مەردۆخ)[٧]، بابانەوەس = بابا نەورۆز[٨]، پیر خدری شاهۆ[٩]، بابا خاکی، کەنەوەی بابا تاهیری هەمەدانی‌یەو دوانزە کوڕی بووە کەبەدوانزە برای کەیمنە ناسراوون، لەو دوانزە -پیر خالد و قاسم و خدرو عوسمان و پیری چۆکلە.[١٠] دوور نیە، ئەمانەش لە (٩٩) پیرە بن.

صۆفی جانە، بابا سەرهەنگ، بابا ئەسکەندەر، بابا الله، بابا خوادا، کەهەر پێنجیان لەتەوێڵە ژیاون وەك (شەخص) شوێنیان هەیە لەتەوێڵە.

هەروەها ناوی پیر لەکوردستاندا زۆرە، وەك: پیرە مەگرون، پیرمام، پیری ڕەش، پیر محەمەد، پیر مەسور، پیری شەوکێڵ، پیر میکایڵ ... تاد. لەوانەیە، ئەم پیرانەش هەر لە (٩٩) پیرەی هەورامان بن، چونکە زۆر لەپیرەکانی تر خەڵکی هەورامان نەبوون و هاتوون لەوێ ماونەتەوە، بەلاْم ڕەنگە ئەمانەیان دوایی گەڕابنەوە شوێنی خۆیان، یاخود خەڵکی هەورامان بووبن و بۆ بانگەوازی ئیسلامی چوبنە ئەم شوێنانەی تر.

- **پیرشالیاری دووەم :**

یەکێ لەو پیرانە پیرشالیاری دووەمە، کەهەر لەنەوەی پیرشالیاری یەکەمە[١١]، لەهەورامانی شار لەدایك بووەو ژیاوەو گۆڕەکەیشی لەوێیە: ناوی مستەفای کوڕی خوادایەو دەڵێن خەوی بینیوە بە پێغەمبەرەوە (د.خ) و موسڵمان بووە، هاوچەرخی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بووە، گەیلانی لەبارەیەوە فەرمویەتی:

"إن أخي مصطفى رجل صالح"[١٢]

ئەم پیرە زانایە لەساڵی (٤٨٠ك=١٠٨٧ز)، ماریفەتی پیرشالیاری یەکەمی دەستکاری کردووەو ئەوەی نەگونجاوە لەگەڵ ئیسلامدا لای‌بردووە[١٣]. وە لەسەردەمی ئەم دائیسلام لە هەورامان دا گەشەی سەندووە.

ئەم پیر شکۆمەندە یا یەکێك بووە لە (٩٩) پیرەی هەورامان[١٤]، یاخود پیری پیرانی سەردەمی خۆی بووەو (٩٩) پیرەی هەورامانی پێگەیاند[١٥]، ڕێگا نیشاندەری زوربەی پیرانی هەورامان بووە[١٦]. بۆیە پیرەکانی تر لەشوێنانی ترەوە هاتون بۆ هەورامانی شارو سەردانی ئەم پیرشالیارەیان کردووە[١٧].

ئەم پیرانە شارەزاییەکی باشیشیان بووە، لەگیاشناسی و پزیشکی و ئەستێرەناسیو کەشناسیدا، وەگرنگییان داوەتە، ناحیەی دەروونی و ڕەوشت و، خەڵکەکەیان زۆر پابەند کردووە بەدین و ئەخلاقەوە[١٨].

ڕۆڵی پیران لەکاروباری ڕامیاری و ئیداریدا[١٩]:

پێش هاتنی ئیسلام، لە هەورامان دا بۆ بەڕێوەبردنی ئیش وکاری خۆیان، ئەنجومەنێکیان بووە بەناوی(مەڕێ)وە، کەچوارساڵ جارێك هەڵبژاردنی بۆکراوە.

(پاوەر=پیر) بەخەڵکی ڕاگەیاندووە، کەچوار ساڵی دەسەڵاتی (ژیرلا)، واتە (شورا) تەواو بووە، دەبێ (ژیرلا)ی تازە هەڵبژێردرێت و، هەموو خەڵك کۆ ببنەوە، لەبەر دەرگای بینای ئەنجومەن (مەڕێ)، کە (ژیرلا)، کاروباری تێدا بەڕێوە بردووە.

(پاوەر) بەخەڵکەکەی وتووە: چەند کەسانێك، خۆیان بپاڵێون و، دیاری بکەن و، تاوەکوو خەڵك دەنگیان بۆ بدەن ... بێگومان کەسانێك خۆیان (کاندید) کردووە، کەلەماوەی ڕابردوودا، خزمەتی خەڵکیان کردبێ‌و، شایستە بن، دەنگیان بۆ بدرێت، چونکە (ژیرلایی) پلەو پایەیەکی گەورە بووە، هەموو کەس نەیتوانیوە، خۆی دیاری بکات، تەنها ئەوانە نەبێت، کەبەخۆیاندا پەرمیون، ئەو پلەو پایە بەرزە بەدەست بهێنن.

ژمارەی پاڵێوراوان لەنێوان (١٦–٢٠) کەس بووە، بەپێی ژمارەی دانیشتوان. ئینجا (پاوەر) ناوی پاڵێوراوانی ناوە، یەکێك گوێز، یەکێك توو، بەڕوو، قەزوان، نۆك، بادام، هەرمێ، هەنجیر، و ناوی چەند میوەیەکی تر ... پاشان (پاوەر) پێی وتوون، لەبەرەبەیانی ڕۆژی یەکی ساڵی تازە –کەیەکەم ڕۆژی بەهار دەکات– هەموو لەبەردەم دەرگای (مەڕێ)، بۆ دەنگدان ئامادەبن، هەرکەس ئەو میوەیە لەگەڵ خۆی بهێنێ کەدەیەوێ کەناوی یەکێك لەپاڵێوراوەکانە، باکەسیش نەیبینێ. لەکاتی دیاری کراودا هەموو لەبەردەم دەرگای (مەڕێ)دا کۆببنەوە، دوو بەردیش کەپێیان وتوون (مەرد ئازما) واتە: مەردوم تاقی کەرەوە. ئەمە بۆ تاقیکردنەوەی کوڕو کچی تازە لاو، دانراون، کەقورسایی ئەو دوو بەردەش جیاواز بووە.

ڕۆژی هەڵبژاردن ئەو دوو بەردە، لەبەردەم (مەڕێ) دانراون، لەبەرچاوی جەماوەرەکەو (پاوەر)ەوە هەر کوڕێك یا کچێك توانیبێتی بەردی خۆی بەرز بکاتەوە، مافی دەنگدانی هەبووە، ئەمەش نیشانەی بلوغ و پێگەیشتن بووە. بەڵام بەردی کوڕ قورستر بووە لەبەردی کچ.

پاشان کیسەیەك کەپارچەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ بووە، کەخۆیان دروستیان کردووە، پێیان وتووە (هەلاَوە) واتە (جاو) لەبەرچاوی خەڵکەکەوە هەڵیان دووریوە.

(پاوەر) کیسەکەی گرتوەو، هەرکەس کیَی ویستووە بۆ (ژیرلا) ئەو میوەیەی لەگەڵ خۆی هێناوەو هاوێشتویەتی‌یە ناو (هەلاَوە) کەوە. پاشان (پاوەر) لەبەرچاوی جەماوەرەکەوە، هەڵیڕشتووەو، ژماردویەتی، هەرکەس هەردەنگێکی هێناوە ڕایگەیاندووە، (٤-٦) کەس کەزۆرترین دەنگ بۆ (ژیرلایی) دیاری کراون، تا (٤) ساڵ ئیش وکاری خەڵکیان لەهەموو بارێکەوە هەڵسوڕاندووە.

ئەو یاسایانەی کەلەئایینی (ئاهورایی)دا، بەشێوەی نوسراو بووە، پەیڕەو کراوە، خۆیشیان لەسەر بناغەی ماریفەت، یاساو دەستوریان بۆ بەڕێوەبردنی داناوە.

بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەم (ژیرلا)یە ئاماژە بەم خالاَنە دەدەین:

- هەموو خەڵك پابەند بووە بەفەرمانەکانی (ژیرلا)وە، هیچ کەس بۆی نەبووە سەرپێچی بکات، چونکە سەرپێچی کردن لەدین دەرچوون بووەو، سزاش دراوە.

- بەم شێوەیە، کاروباری هەورامان بەڕێوەبراوەو، زۆرداری و خیانەت و جنایەت و دزی نەبووە، کەس نەیتوانیوە ستەم بکات و بیَ فەرمانی (ژیرلا) بکات.

- (ژیرلا) زۆر گوێی داوەتە (هەژاران)و، پشت و پەنایان بووە، خۆراك و شت و مەکی، لای دەوڵەمەندەکان هێناوە، داویەتی بەقەرز بەهەژارەکان.

- لەو سەردەمە، ژنان لەدونیادا مافی دەنگدانیان نەبووە، کەچی لە هەوراماندا مافیان هەبووە.

- چونکە (پاوەر=پیر) سەرپەرشتی (ژیرلا)ی کردووە، لایەنێکی پیرۆزی وەرگرتووە، ئەو میوە وشکەیەش، دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە وەك (تەبەروك)، سەیرکراوەو، دابەش کراوە بەسەر خەڵکەکەدا، لەدوایشدا خواردنی تایبەت کراوەو، خواردویانە وەك ئاهەنگ گێڕانێکی لیَهاتووە.

- دەتوانین بڵێین کەئەم (ژیرلای مەڕیَ)یە بەمانای ئەمڕۆ، دیموکراسیترین جۆری هەڵبژاردن بووە، کەبەبیَ فێڵ و ستەم و زۆرداری، کار بەڕێوەبراوە، کەکاتێکدا کەدونیا پڕ بووە لەستەم و زوڵم و دیکتاتۆری.

- ئێستاش لە هەورامان دا وشەی (پیر) و (مەریٚ)و (ژیرلا) هەر هەیە.

وشەی پیر: لەدوای هاتنی ئیسلامیش، ئەم وشەی (پیر)ە هەر ماوەتەوە ئێستاش لەناو ئەهلی تەصەوف دا (پیرانی تەریقەت) بۆ شێخەکانیان بەکار دەهێنن.

بەهەورامی (مەڕ) واتە ئەشکەوت.

مەریٚ: لە هەورامان دا، هەندیٚ شوێنمان هەیە، بەم ناوەوە وەك:

مەڕۆ مەریٚ = ئەشکەوتی مەریٚ .. لەدزڵی.

چەمەو مەریٚ = چەمی مەریٚ .. لەکەماڵاٚ.

دەرەو مەریٚ = ناوی دیٚیەکە لە هەورامانی عێراق.

مەریٚو زاوەری = باخ و باخاتێکی دڵگیرە لەچەمی دزاوەر.

ژیرلا: واتە ژیرەکان، بەئەندامانی ئەنجومەن وتراوە، کەشورایان پێکهێناوە، ئێستا وشەی (ژیرلە) بەکار دەهێنرێت، کاتێك منداڵێك بانگ دەکەیت دەڵێیت: ژیرلەگیان بوریٚ، واتە ژیرەگیان وەرە.

ژیرلەو مەریٚ: ئەم وشەیە لە هەورامانـدا، کاتێك بەکار دەهێنرێت، یەکێك قسەیەك یان کارێك بکات، چاوەڕوانی شتێکی گرنگ و باشی لیٚبکرێت، بەڵام کەوتەو کارێکی ناقۆڵاٚو نابەجێی کردو وت، وەك تەعلیق پێی دەڵێن، ئەوا (ژیرلەی مەریٚ) قسەی کردو کاری ئەنجام دا، واتە کاری ژیرلەی مەریٚ پەسەندو جوانە.

- ناوی پاڵێوراو، بۆیە بەمیوەیەکی وشك ناونراوە، چونکە خەڵکەکە نەخوێندەوار بوون، بەم شێوەیە دەنگی کەس نەفەوتاوە، کام جۆر میوە زۆر بووبێت، لەهەڵاٚوەکە، ئەوە ئەو پاڵێوراوەی ناوی ئەو میوەیە، دەنگی زیاتری هێناوە.

کەی وە چۆن خەڵکی هەورامان ئیسلامیان پیٚگەیشتووە؟

کەلاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەدەینەوە، شتی زۆر سەیرو سەمەرەو جیاوازو ڕاست و ناڕاست دەبینین. مرۆڤی هۆشیارو هۆشمەندو زانای دەوێت ڕاست و دروستەکان جیابکاتەوە، جاری واش دەبێت مرۆڤی زیرەك و دانایش پەی بەڕاستیەکان نابات و چەواشە دەبێت.

مێژوو بەگشتی، بەتایبەت مێژووی کورد شتی زۆری تێکەڵاٚو بووەو ڕاستیەکان ئاوەژوو کراون، کەسانێکی لێبڕاوی دەوێت ئەم مێژووە ڕاست بکاتەوە. چەندەها گۆڕ هەن لەم کوردستانەدا ناوی صەحابەیان لیٚنراوە، تا

ئێستا بەچاوێکی ڕێزو پیرۆزەوە سەیر کراون، کەچی وادەردەکەوێت کەئەمە ئەصڵیان نیەو دروستکراون و گۆڕی ئەو صەحابانە نین[٢٠].

جا موسڵمان بوونی خەڵکی هەورامان، کەی بووە؟ چۆن بووە؟ بۆچوونی جیاواز هەیەو ڕەئیەکان جیاوازن، بەکورتی ڕەئیەکان دەخەینەڕوو، پاشان ئەوەی وتراوە لەسەریان دەنوسین و بۆچونی خۆشمان دەنوسین.

چوار ڕەئی هەیە:

١- ڕەئیەك دەڵێ:[٢١]

لەساڵی (١٨ ك)ەوە بۆ (٣١٨ ك) چەندجار سوپای ئیسلام هێرشی کردووە بۆ هەورامان و نەیتوانیوە بیگرێت، وەلە (دەربەن جەهە) لەدزڵی (١١) صەحابە شەهید بوون و ئەو دەربەندە بە(دەرەو ئەصحابا) واتە (چەمی ئەصحابە) ناسراوە. هەر ئەو سەرچاوەیە دەڵێ:

دواتر هەرەوامی‌یەکان بەئارەزوو مەیلی خۆیان موسڵمان بوون.

هەر لەم بارەوە سەرچاوەیەکی تریش دەڵێت[٢٢]:

لەم دواییەدا پارچە هۆنراوەیەك دۆزراوەتەوە، باسی ئەم هێرش و پەلاماردانە دەکات کەکراوەتە سەر هەورامان، هۆنراوەکە دەڵێت:

هورمزگان ڕمان ئاتران کژان	وێشان شاردەوە، گەورە گەورەکان
زورکاری ئارەب کردنەخاپور	گنائی پاڵە هەتا شارەزوور
شەن و کەنیکاوە دیل بشینا	مەرد ئازاتلی وەڕووی هوینا
ڕەوشت زەردەشت مانۆ وەبێ‌کەس	بزیکانیکا (هورمزد) وەهیچ کەس

واتە: مزگەوتەکان ڕوخان، ئاگرەکان کوژانەوە، گەورە گەورەکانیش خۆیان شاردەوە، زۆرکاری عەرەب وێران یان کرد، هەر لێرەوە تاشارەزوور، ژن و کچیان دیل کردو پیاوە ئازاکانیش لەناو خوێنا تلانەوە، ئیتر ڕەوشتی زەردەشت بێ‌کەس مایەوە، هورمزیش بەزەیی بەکەس دا نایەتەوە[٢٣].

- ئەم ڕایە بەلامانەوە لاوازەو، جێگەی پرسیارە بەم بەڵگەو شێوەیەی خوارەوە:

• سوپایەك بتوانێت ئەو هەموو دەشت و شاخ و، خێڵ و گەلە دوورو نزیکانەی دونیا بگرێت بەم هەموو هێزە زۆرو ناوچە سەختانەوە، کەچی نەتوانێ لەماوەی (٣٠٠) ساڵ دا، هەورامان بگرێ، تۆ بڵێی وەك سوپاکەی ئەسکەندەری لێهاتبێ، نەیتوانیبێ هەورامان بگرێ.

• هەورامانێك خاوەنی ئەم (پیر)ە عاقڵ و دانشمەندانە بوبێت، بۆ ماوەی (٣٠٠) ساڵ، میللەت توشی شەڕ بکەن و ڕێگە چارەیەك نەدۆزنەوە بۆ ئەمە، جێگەی پرسیارە؟! چونکە پیرەکان بەدوای چارەسەری کێشەی گەلەکەیاندا گەڕاون چۆن (٣٠٠) ساڵ چارەیەك نادۆزنەوە.!

• مێژوو نوسەکان، چ کورد چ غەیری کورد، نەك پشتگیری ئەم ڕەئیە ناکەن بەڵکو ڕەدیشی دەکەنەوە، بۆ نمونە[٢٤]:

ڕۆژ بەیانی دەڵێت:

(... وادیارە، کوردەکان کەلەستەمی ساسانی، بەتەنگ هاتبوون، بوون بەڕێنمای سوپای ئیسلام و شەڕیان بۆ شاهەنشاه نەکردووەو، هەموو شارەکانیان هەر بەبێ‌شەڕو بەئاشتی داوە بەدەستەوە)

مەسعود محەمەد دەڵێ:

(کورد خۆشحاڵ بووە بەهاتنی ئیسلام، هەتا فارس و ڕۆمیان لەکۆڵ بکاتەوە).

ئەگەر لە هەورامان دا (٣٠٠) ساڵ شەڕ بووبێت و بەردەوام هێرشی بۆ بکرێت، بۆ لەپەڕاوە مێژوویی‌یەکاندا ئامارەی بۆ نەکراوە، بڵێن، جگە لە هەورامان، کوردستان هەموو بەئاشتی موسڵمان بوون.

• لەکتێبە باوەڕپێ‌کراوەکاندا، ناوی صەحابەیەك نەهاتووە، لەخاکی کورد بەدەستی کورد کوژرابێت[٢٥]. ئەم (دەرەی ئەصحابە) وەك دۆڵی سماقوڵی لێ‌قەوماوە.. (لەدۆڵی سماقوڵی لەپارێزگای هەولێر، بەدرێژایی ئەو دۆڵە هەزاران گۆڕی لێیە، وەکو دانیشتوانی ناوچەکە دەگێڕنەوە، کەلەم دۆڵەدا شەڕێکی قورس لەنێوان ئەصحابەکان و کافران دا بووە، ژمارەیەکی زۆر لەئەصحابە کوژراوە لەم ناوچانەدا، بەلاَم هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی لەم قسانە ناکات، ڕەنگە ئەمە ئەفسانە بێت)[٢٦].

• لەهیچ شوێنێکی مێژوو و نوسراوەکاندا نیە، کەکورد بەرەنگاری سوپای ئیسلامی کردبێت. کەسوپای ئیسلام هاتووەتە کوردستان، فارس و ڕۆم خۆیان بەرەنگاری سوپای ئیسلام یان کردووە. کوردەکان پشتگیریان نەکردوون لەهیچ مێژوویەك دا، نابینی کوردەکانی ئەم هەرێمە ڕێکەوتنێك لەگەڵ فارس و ڕۆم مۆر بکەن و دژایەتی سوپای ئیسلام بکەن[٢٧].

((شیعری هورمزگان))

دەڵێن: شیعری هورمزگان، لەسەر پێستی ئاسک، لەئەشکەوتێکی دەوروبەری سلێمانی دۆزراوەتەوەو، دوکتۆر سەعیدخانی کوردستانی بردوویەتی بۆ ئەوروپا.

... ئەم شیعرە چوار بەیتە، بێ ناوە، کەبەڕواڵەت شیعری کوردی‌یەو بەشیعری هورمزگان ناسراوە، کەدۆزراوەتەوە کەوتۆتە دەستی د.سەعیدی کوردستانی، ئەویش دەیدات بە (ملك الشعراء - بهار) و ئەویش لەکتێبی (شیعر در ایران، چاپی تاران، بێ مێژووی چاپ بوونی کتێبەکە) لەچاپ دەدرێ‌و دەبێتە سەنەدو بەڵگەیەکی پێشینەی ئەدەبی کوردی[٢٨].

ئەم شیعرە بەکۆنترین شیعر دانراوە، لەلایەن نوسەرو لێکۆڵەرەوانی کوردو فارسەوە. وەلەچەندەها پەڕاوو گۆڤارو ڕۆژنامەکان، قسەو باسی لەسەر کراوەو، بەنمونە دەیهێننەوە لەسەر زوڵم و زۆری سوپای ئیسلام، بەتایبەت لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)دا، زیاتر برەوی پێدراوە.

ئەوەتا لە (پەیامی هەورامان)دا دەڵێ:[٢٩]

ئەم چوار دێڕە شیعرە گۆرانی‌یە، ئەبێتە کۆنترین شیعری کوردی. دەبێت هەموو زاراوەکان نرخاندنیان هەبێت بۆ زمانی کوردی گۆرانی. فەرموون یەك دێڕ بێنن، هی (١٠٠٠) ساڵ لەمەو پێش بێت لەکوردستانی مەزن دا.

ئەم هەڵبەستە بەگەلێ جۆر بڵاوکراوەتەوە:

- (ملك الشعراء - بهار) کەبۆ یەکەمجار، ئەم شیعرەی لە د. سەعید وەرگرتووە بەم شێوەیە بڵاوی کردوەتەوە[٣٠]:

(هرمزگان رمان اتران کژان | هوشان شاروه گوره گاوران
زور کره آرب، کرونا خاپور | گنانی پاله، بشی شارەزور
شن و کینیکان، ودیل شینا | مرد آزاتلی، روژی هوینا
بزیکانیکا، هرمز وهویچ کس | روشت زردوشتر، ماننەو بی‌دس)

ئەم کتێبەی (ملك الشعراء)، دەبێ پێش ساڵی (١٣١٨)ی هەتاوی چاپ بووبێ، چونکە لە (ل ١٣٠) کتێبی (سبك شناسی)دا، باسی دەکاو دەڵێ: بۆیە لێرە باسی شیعر ناکەم چونکە لەکتێبی (شیعر در ایران)دا باسم کردووە. کتێبی (سبك شناسی)یش لەبەینی ساڵی (١٣١٣-١٣١٨)دا نوسراوە[٣١].

- ئەم شیعرە، ڕەشید یاسەمی لەپەڕاوی (کرد و پیویستگی نژادی و تاریخی او)دا، ل (١٢٩)دا بەم شێوەیە نوسیویەتی[٣٢]:

اهورمزگان رمان، آتران کژان ویشان شاردەوە، گورە گورکان
زورکار آرب کردنە خاپور گنای پالە هتا شارە زور
شن کنیکان ودیل بشینا میرد آزا تلیو روی هوینا
روشت زرد شترە مانوەبیکس بزیکانیکا هورمز و هیوچکس)

– عەلائەدین سجادیش لەکتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا، ئەم شیعرەی بڵاوکردووەتەوە، کەلەکتێبەکەی ڕەشید یاسەمی وەری گرتووە، بەڵام بەڕێنوسی کوردی ئەم سەردەمە نوسیویەتی‌یەوەو، بەم شێوەیە بڵاوی کردووەتەوە:

اهورمزگان رمان، ئاتران کژان ویشان شاردەوە گەورەی گەورەکان
زورکاری ئارەب کردنە خاپور گنای پالەیی، هەتا شارەزوور
شن و کینیکان وەدیل بشینا میرد ئازاتلی وەروی هوینا
رەوشت زەردەشت مانوە بێکەس بزیکانیکا هورمز وەهیو چ کەس)

هەروەها لەهەندێ کتێبی تردا، ئەم هۆنراوە بڵاوکراوەتەوە، وەك:

– مێژووی کوردو کوردستان – محەمەد مەردۆخی، و:عەبدولکەریم محەمەد سەعید – (ل ٩٣) ئاماژەی نەکردووە لە چ سەرچاوەیەکەوە وەری گرتووە، بەڵام ئەوەندە هەیە تێکەڵاوی لەگەڵ (د. سەعیدخان) هەبووەو دوور نیە لەوەوە وەری نەگرتبێ.

– پیرشالیاری زەردەشتی – محەمەد بەهائەدین– ل(٨–٩). ئەمیش سەرچاوەکەی دیاری نەکردووە، بەڵام لەکۆتایی کتێبەکەدا، نوسیویەتی، کەمێژووەکە سجادی و مێژووەکەی مەردۆخ سەرچاوەی کتێبەکەن، کەواتە لەوانەوە وەریگرتووە.

– تأریخ ادبیات – دکتر زبیح الله صفا.

– تأریخ نهضتهای فکری ایرانیان – عبدالرفیع حقیقت.

ئەم دوانەش لەوەی (ملك الشعراء – بهار) وەریان گرتووە.

– م. بۆرەکەیی لەمێژووەکەیدا ل(٣٨)دا دەڵێ: لەسەر قسەی د. سەعیدخان خۆیەوە، دەینوسێ کەلەسەرچاوەکەی خۆیەوە وەریگرتووە.

– د. کمال فوئاد، لەبارەی ئەم شیعرەوە دەنوسێ، ئەم شیعرە بۆ یەکەمجار لەلایەن حوزنی موکریانی‌یەوە، لەساڵی (١٩٣٠ز) لەگۆواری زاری کرمانج دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

– لەم سەردەمەی دوییدا، ئەم شیعرە لەزۆر بڵاوکراوەی تردا دەرکەوت، کەهەموویان ئامـاژە بـەم سەرچـاوانەی پێشـوو دەدەن، بەتایبـەت کتێبەکـەی (بەهارو یاسەمی).

م. ئەحمەد شەریفی، لەتێبینییەکانیدا لەسەر ئەم هۆنراوەیە دەڵێ:[٣٣]

(... هەتا ئێرە، هەرچی و هەرکەسێکی کە، ئەم شیعرەیان بڵاوکردوەتەوە، هـیچ شـك و گومانێکیـان لەسـاختەکی و، بێبنـەڕەتی ئـەم هۆنراوەیـە نیشـان نـەداوەو، گشـتیان بەبەڵگەیـەکی مێـژوویی پێشـینەی شیعری کوردییـان داوەتـە قەڵەم و، ڕەنگە بۆ ئەوەڵین جار، کەسێك کەگومانی لەڕەسەن بوونی ئەم شیعرەدا کردبـێ دوکتـۆر کـەمال فوئـاد بـێ، کەئـەویش لەوتارێکـدا، ئـەم ڕەئیـەی خـۆی دەربڕیوە.

لـەم بـارەوە دەبـێ بێـژم، کـەپێش کارەساتە دڵتەزێنەکەی سـاڵی (١٩٧٥)، ڕۆژێك لەتاران چوومە خزمەت زانایەکی گەورەی کوردی عێـراق، کەلێرەدا بەکاك (ساڵەی) ناودەبەم، لەماڵی ئەو زانایە، خوا لێخۆش بوو سەید (صالح یوسفی)یم بینـی کەئـەوکات سـەرۆکی یەکیـەتی نوسـەرانی کوردسـتان بـوو، سـەیدا صـالح یوسفی بۆ چاپ کردنـی ژمـارە (١٣)ی گۆواری نووسـەری کورد هـاتبووە تـاران، لـەوێ بـۆ هـەوەڵ جـار وتارەکـەی دوکتـۆر کـەمال فوئـادم بینـی، کەبەچـاوێکی گوماناوییەوە ڕوانی بوویە ئەم شیعرە. وتارەکەی دوکتۆر کەمال بـەناوی (چـۆن ئەگەینە سەرەتایەکی باوەڕپێکراو بۆ ئـەدەبی کـوردی) بـوو، کەلـە ژمـارە (١٣)ی کانوونی دووەمی (١٩٧٥)ی گۆڤارە گۆڕین دا چاپ بوو. هەر ئەو کـات مـن و کـاك سـاڵەو خـوا لێخـۆش بـوو، سـوارەی ئیلخـانی، هەریەکـە بـەش بـەحاڵی خۆمـان بەبۆچـونی جیـاوازەوە وتـار گـەلێکمان لـەم بابەتـەوە نوسـی و بڕیـار بـوو لـەژمارە (١)ی خولی دووەمی نووسەری کورد دا، چـاپ بکـرێ، بـەڵام کارەسـاتی دڵتـەزێنی (١٩٧٥) ڕوویداو، هەموو شتێك بووە بەهیچ.

لـەو وتـارەی گـۆڕین دا، دوکتـۆر کـەمال فوئـاد، لەقـەولی خوالێخـۆش، بـوو پرۆفیسـۆر تـەوفیق وەهبـی بەگـەوە دەنوسـێ، کەئـەم شـیعرە لەلایـەن، دوکتـۆر سەعیدخانی کوردستانی و داماو موکریانییەوە سازکراوە.

دوکتۆر سەعید کوردستانی کێیە؟[٣٤]

(١٢٧٩ - ١٣٥٨ك) - (١٨٦٢ - ١٩٣٩ز)

دوکتۆر سەعید کوڕی مەلا ڕەسوڵەو، باوکی لەکوردەکانی سەرسنوری تورکیایەو، لەسەرەتای سەدەی (١٣)ی کۆچی‌یەوە هاتووەتە مەریوان و پاشان چووەتە شاری سنە.

سەعید لە سنە لەدایك بووەو لەسەرەتاوە لای باوکی قورئان و عەرەبی و فارسی خوێندووە، پاشان بووەتە فەقێ لەمزگەوتی (دار الإحسان)ی شاری سنەدا دەخوێنێ.. لە (١٣)ساڵیدا بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، لەساڵی (١٣٠٥ ك)دا هەندێ لە(فەلەکان) بۆ پەرەپێدانی ئایینی مەسیحی هاتونەتە سنەو لەوێ نیشتەجێ دەبن، یەکێ لەقەشەکان بەناوی (کاشا یوحەنا) کەشارەزایی باشی هەبووە لەزمانەکان بەتایبەت پارسی، بەشوێن کەسێکی زیرەك و وریادا دەگەڕێت کەفێری زمانی پارسی بکات و پاشان بیکاتە مەسیحی.. یوحەنا لەماوەیەکی کەمدا، ئاشنا دەبێ بەفەقێ سەعیدو، دۆستایەتی پەیدا دەکەن و، بەوشەی جوان و ڕازاوە بەپەڕاوو کتێبی سەرنج ڕاکێش دڵی سەعید ڕادەکێشێ، پاش مشت و مڕێك سەعید دەبێت بەمەسیحیو، یوحەنا پێی دەڵێ:

(یا بني العزیز لقد أختارك الله وحدك من بین آلاف الناس ...) پاش ماوەیەك سەعید لەژێر فشاری خەڵکی سنەدا دەچێتە هەمەدان و تێکەڵاوی زیاتری ئەرمەنی و جولەکەو مەسیحی‌یەکان دەکات و، جلی ئەرمەنی لەبەردەکات و قژ دەهێڵێتەوەو مێزەرە سپی‌یەکەی لادەبات و مەلا سەعید دەبێت بەمیرزا سەعید. هەر لەوێ فێری زمانی E دەبێت و دەبێتە هاوکاری دوکتۆرێك، هەر لەوێ بڕیار دەدات بەتەواوی هەوڵ بدات بۆ بلاوکردنەوەی مەسیحیەت وەبڕیاریش دەدات کەهەوڵ بدات ببێتە پزیشك.

سەعید لەهەمەدان بوو بەمامۆستای فارسی منداڵەکانی کاشا شەمعون و، پاشان دڵی چووە سەر کچەکەی کاشاو، لەئەنجامدا لە(١٨٨٨/٦/٤ز) ژنی هێنا.

سەعید دوای (١٢) ساڵی مەسیحی بوونی، بڕیاری دا بچێت بۆ هەندەران ئەمەش بەهاوکاری مزگێنی دەران بووەو لەبەر چوار هۆ بوو:

- تاوەکو بەتەواوی ڕێڕەوی ژیانی بگۆڕێت.
- تاوەکو ژینگە بگۆڕیۆ بەچاوی خۆی خۆشگوزەرانی ئەوێ ببینێ.
- تاوەکو لەلایەنی ڕۆحی‌یەوە لەکەنیسەکانی ئەوێدا سوود وەربگرێت.
- تاوەکو خوێندنی پزیشکی بخوێنیۆ ببێتە دوکتۆر.

لە(١٨٩٣/٦/٩) گەیشتە سویدو، پاشان چووە لەندەن و، دوای دووساڵ و نیو گەڕایەوە هەمەدان و، مومارەسەی پزیشکی کردوو، پاشان چووە تاران و گەڕاوەتەوە هەمەدان و، لەساڵی (١٣٥٨ك) لەهەمەدان مردووەو لەگۆڕستانی فەلەکان نێژراوە.

دوکتۆر سەعید، لەوکاتەی کە (عیادەی پزیشکی) دەبێت، خزمەتێکی زۆری فەقیرو هەژاران دەکات و، لەپاڵ ئەوەشدا، هەموو هیوایەکی خزمەتکردنی مەسیحی دەبێت.

مەردۆخی لەبارەی دوکتۆر سەعیدەوە دەڵێ:

(کەفەلەکان هاتنە سنە، فەقێ سەعیدیان هەڵخەڵەتاندو، ئەویش چوو لەگەڵیانداو، ژنی لەوان هێناو پاش ماوەیەك بووە بەپزیشك و، هەرچەندە ڕێو ڕچەی خۆی گۆڕیوەو بووەتە فەلە، بەڵام هەستی کوردایەتی ئەو زۆرتر بووە، تەنانەت ئەو نامانەی کەبۆ من ئەینوسیێ کوردیی‌یە، لەم دواییەشدا پەڕاوێکی بەکوردی لەبارەی پەرەپێدانی ئایینی مەسیحی بەناوی (نزانی، مزگانی) بەهۆنراوە هۆنیوەتەوەو نوسخەیەکی بۆ من ناردووە).

م. صدیق بۆرەکەیی دەڵێ:

لەکۆڕێك دا لەمامۆستا موحیتی تەباتەباییم بیست وتی:

دوکتۆر سەعید لەکاتی هۆنینەوەی پەڕاوی نزانی‌دا، زۆربەی پەرتوکەکانی یارەسانی لەنور عەلی ئیلاهی ڕێبەری یارەسانەکان وەرگرت، بۆ ئەوەی چەشکە وێژەیی‌یان لێ وەربگرێو، گەڵێ لەو وشانەش کەلەسەرەنجام و پەڕاوە ئایینیەکانی یارەسان دا هاتووە، ئەو لەپەڕاوەکەیدا بەکاری هێناوە.

دوکتۆر سەعید ، پەڕاوی (نزانی، مزگانی) سەبارەت بەئایینی فەلە هۆنیوەتەوەو، ئەتوانین بڵێین کەپەڕاوی (ئینجیل و تەوراتی) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و، بۆ هەر باسێك سەردێڕێکی داناوە، ئەمەش چەند دێڕێك لەو شیعرانە:

سەبارەت بەگەڕانەوەی عیسا دەڵێ:

بەڵێ ئازیزم، خاطر جەمعەنان پەی شنۆی دەنگش، تەواو سەمعەنان

بەوادەکەی وێش، مەکەرۆ وەفا عیسا هۆرگێلو، دیسان نەسەما

لەکۆتایی بەشی پەڕاوەکەیدا دەڵێ:

ویەردن دەیسا، ئاغەگیان دێرەن تەشریف باوەرە، ئۆغرت خێرەن

هۆنراوەکانی سەعیدخان، زۆر تەڕوو پاراوو ڕەوانن، دەستێکی باڵای بووە لەهۆنینەوەی هۆنراوەداو، وشەی کوردی پەتی زۆری بەکار بردووە.

ئەحمەد شەریفی لەبارەیەوە دەڵێ:

لەوکاتەی کەلەئەوروپا دەبێ، عیسایی‌یەکان هەوڵ دەدەن بمێنێتەوە، بەڵام ئەو دەگەڕێتەوە تا خزمەتی کورد بکات و، ئەوەڵێن دوکتۆر دەبێت کەلەسنەدا عیادە دەکاتەوە بەخۆڕایی خەڵك چارەسەر دەکات.

بەڵام مەلایانی سونی دەمارگری دەکەن، جگە لەئایەتوالله مەردۆخ، کەدۆستایەتی‌یەکی خۆشی لەگەڵ دوکتۆر سەعیدخان هەبووە، خەڵکی نەزان و ساویلکەی لێهان دەدەن و ماڵ و مەتەبی لێئاگر دەدەن و، کارێکی بەسەر دێنن، کورد گوتەنی مەگەر با بەدەواری شڕو، سەرما بەهەتیوی بکا. دوکتۆر سەعید، بەیارمەتی ئایەتوالله مەردۆخ لەکوشتن و بڕین ڕزگاری دەبیٚو، شەوێك ڕادەکات و دەچێتە هەمەدان و، لەوێش مەتەب دادەنێو لەسەر دەرگای مەتەبەکەو، بیمارستانەکەی دەنووسێ (هەموو کوردێك بەخۆڕایی چارەسەر دەکرێ)[٣٥] و سەرەنجام هەر لەهەمەدانیش کۆچی دوایی دەکات.

دوکتۆر سەعیدخان، کەڕەگی کوردایەتی وەجۆش دێ، بۆ ئەوەی خزمەتێکی فەرهەنگی، بەکوردان کردبیٚو قەشەکانی مەسیحیش کارەکەی بۆ چاپ بکەن، دینی تەواوی ئینجیلی پیرۆز بەجوانترین شێوە، دەکاتە شیعری هەورامی‌و، لەتوێی کتێبێکی نزیك (٩٠٠) لاپەڕەیی‌دا، بەسەرەتایەکی خۆی و سەرەتایەکی (تەقی زادە) کەیەکێك لەپێتەوە ئەدەبیەکانی فارس بووە، کتێبە گۆڕین بەناوی (مزگانی)، لەلەندەن لەساڵی (١٩٢١ز) بەچاپ دەگەیەنێ.

دوکتۆر سەعیدو تەقی‌زادە، کەپێم وایە، ئەو کات وەزیری (معارف)ی ئێرانی بووە، لەسەرەتای کتێبە گۆڕین دا، زۆر بەوردی باسی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی دەکەن و دوکتۆر سەعید هەر بەچاپ کردنی ئەم کتێبە واز لەخزمەت بەفەرهەنگی کوردی ناهێنێ و، لەهەمەدان دافەرهەنگێکی کوردی – فارسی و ئینگلیزی دەنووسێ کەبەداخەوە، ئەم فەرهەنگە جارێ بێ سەرو شوێنەو چاپ نەکراوە، بەڵام لەوەی کەئەم کارەشی کردووە، شك و گومان نیە، چونکە من بۆ خۆم لاپەڕەیەکی ئەو فەرهەنگەم لەساڵی (١٤٥٥) هەتاوی‌دا[٣٦]، لەتاران لەکتێبخانەی (انجمن کتب مقدسە)ی مەسیحیەکان دا، بینی کەبەخەتی خودی دوکتۆر سەعیدخان بوو.

دوکتۆر سەعیدخان، چ ئەو ماوەیەی لەهەمەدان بووەو چ ماوەیەکە کە، لەتاران دا ژیاوە، نێوان خۆشی و دۆستایەتیەکی باشی لەگەڵ شاعیران و نوسەرانی تاران دا هەبووە، کەیەکێك لەوان (ملك الشعراء – بهار) بووە. وەك (ملك الشعراء) دەنوسیێ، لەکاتی نوسینی کتێبی (شعر در ایران)دا یارمەتی لە دوکتۆر سەعیدخان دەخوازێ، هەتا بەڵگەیەکی لەبارەی شیعری کۆنی کوردەوە پیێ بدا، جاپێم وایە (دوکتۆر سەعیدخان) ئەم شیعرەی (هورمزگان)ی داناوەو داوی‌یە بە (ملك الشعراء) بلاوی کردووەتەوە...)

چەند سەرنج و تێبینی‌یەك لەسەر ئەم شیعرە:

بەرێز ئەحمەد شەریفی دەڵێ[(٣٧)]:

(شیعری (هورمزگان) هەروەك دەبیندریێ (قافیە)ی هەیەو (قافیە)کەشی زۆر لەشیعرەکانی کتێبی (مزگانی) دوکتۆر سەعیدخان دەچیێ. (بەداخەوە ئێستا کتێبی مزگانی لەدەستدا نیە، هەتا نمونەیەکی لیێ پێشکەش بکەم، با ئەمە بمێنیێ بۆ دەرفەتێکی ترو باسێکی تێرو تەسەل لەسەر دوکتۆر سەعیدخان).

شیعری کوردی پێش ئیسلام و سەرەتای ئیسلام و ئەگەرچی ئێستا جاریێ نمونەی‌مان لەدەست دا نین، بەلاّم پێم وایە، دەبیێ شیعری هیجایی و پەنجەیی بووبیێ، چونکە زوربەی هەرە زۆری بەیتەکانی کوردی و شیعری گۆرانی کوردی – بەهەموو زاراوەکان – هەر شەکڵی پەنجەیان هەیە، ئەی چۆن دەبیێ شیعرێکی وەك (هورمزگان)، کەلەسەرەتای پەلاماری عەرەب بۆ کوردستان هۆنراوە، قافیەی شیعری عەرەبی هەبیێ؟! لەلایەکی دیەوە: ئەگەر بێژین، نەخێر ئەو شیعرە ڕەسەنەو کاری ئەم سەردەمەی ئێمە نیە، چەند پرسیاری تر دێتە پێشی!.

١- ئەو پارچە پێستە ئاسکەی کەئەم شیعرەی لەسەر نوسراوە چی لیێهاتووە؟

٢- ئەم شیعرە بە چ خەتێك لەسەر ئەو پارچە پێستە نووسراوە؟

٣- کیێ خوێندویەتی‌یەوە؟

٤- کام پرۆفیسۆری خەت ناسی ئێرانی یان خارجی، ئەو کوردی‌یەیان زانیووە، هەتا پارچە پێستە گۆرین بخوێننەوە؟

٥- بۆ شیعرەکە قافیەی هەیەو پەنجەیی نی‌یە؟

٦- بۆ بەجیاوازی‌یەوە، لەکتێب و گۆوارەکانی کوردی‌و فارسی‌دا، چاپ بووە؟

٧- وشەی (شن) بەمانای (ژن) لەچ زمان و زاراوەیەکدایە؟ چونکە ئەم وشەیە بەئاوێستایی (غن) و بە پەهلەوی (زن) و بەهەموو شێوەو زاراوەکانی گۆرانیش هەر (ژن)ە، ئەی (شن) لەکوێ‌وە هاتووە؟

٨- وشەی (گنای یا گونای) بەمانای (گوندو دێ‌و ئاوایی) وشەیەکی کرمانجی سەرووە، لەم شیعرەدا چ دەکا؟ ئایا نیشانەدەری ئەوە نیە، کەکوردی زانێکی باش و باسەواو ئاشنا لەگەڵ زاراوەی کرمانجی سەرو داینـاوە!؟ چونکە بەزاراوەکانی گۆرانی دەبێتە (دەگا).

٩- وشەی (هورمزگان یا هرمزگان) بەمانای پەرستگەو ئاتەشگە، لەم شیعرەدا چۆن سازکراوە؟ چونکە ئەم وشەیە، بەم مانایە نەلەزاراوەکانی کوردی‌دا هەیەو، نەلە ئاوێستاو نەلەپەهلەوی‌دا، بەم شێوەیە وشەیەکی ئاوا نیە ئەم مانایە بدات.)

- م. عەلائەدین لەمێژووەکەیدا ل(١٢٩)دا کەباسی ئەم شیعرە دەکات دڵنیا نی‌یە لەڕاستی‌و دروستی، بەڵکو بەگومانەوە بڵاوی کردوەتەوە، دەڵێ: گوایا ئەم زمانی کوردی‌یە لەدەمەدەمی هاتنی ئیسلامەتی‌دا شعری پێ‌وتراوەو شعرەکانیش ماونەتەوە. ئەمەش بەقسە: پارچە چەرمێك لەم ساڵانەی دوایی‌دا لەئەشکەوتەکانی (جێشانە) و (هەزارمێرد)ی سولەیمانی‌دا دۆزراوەتەوە.

... ناتوانم بچمە ژێری بڵێم: بونەکەی ڕاستە یاڕاست نیە، چونکە نەخۆم ئەم پارچە چەرمەم دیوە کەئەم شعرانەی لێ‌نوسراوەتەوە، وەنەلەقسەی ڕۆژهەڵاتی ناسێکیشدا بەرچاوم کەوتووە، بەڵکو تەنیا قسەیەکە لەمامۆستا ڕەشید یاسەمی لەلاپەڕە (١٢٩)ی کتێبەکەیا (کورد) باسی ئەکا، ئەویش بەبێ ئەوە بیگەیەنێتەوە بەکەسێك یاسەرچاوەیەك...).

- دەربارەی ئەم هۆنراوە م. فاروق حەفید دەڵێ:(٣٨)

لەبارەی دەستنوسەکەمەوە بەناونیشانی لەبارەی پەندی پێشینانی کوردەوە، ساڵی (١٩٧٠ بۆ ١٩٧١) کەماستەرم بەدەستهێنا لەزانکۆی ناوبراو، لەوتوێژی ئەم کتێبەمدا، لەگەڵ پرۆفیسۆر -ئەندراش- لەسەر بەشێکی مێژوویی کەلەنوسراوی بەهەشتی مامۆستا عەلادین سجادیەوە، وەرم گرتبوو، ئەم دێڕە هۆنراوەیە بوو کەدەڵێت:

هرمزگان رمان ئاتران کژان وێشان شاردەوە گەورە گەورەکان ...هتد.

پرسیاری لێکردم کەئەم پارچە هەڵبەستەت لەچ سەرچاوەیەك وەرگرتووە، وتم: لەکتێبەکەی مامۆستا عەلادین سجادیی‌یەوە، وتی: ئایا ئەم دۆکۆمێندە مێژووییە لەکتێبخانەکانی جیهاندا هەیە؟ وتم: نەخێر. وتی: کەواتە ئەمە ڕاست نیەو ساختەیە.

– م. محەمەد ئەمین هەورامانی – هەرچەندە قەناعەتی فیکری هەیە کەئەم شیعرە ڕاستەو تەواوەو قسەو باسێکی لەسەر کردووە.. کەچی نازانێ سەرو بنی ئەم شیعرە لەچی‌یەوە هاتووەو، بۆکوێ چووە!؟ ئەوەتا بەم شێوەیە باسی ئەم هۆنراوەیە دەکات[39].

... بەهەحاڵ، لەو دەنگ و باسانەدا کەلەناو ئەو سەرچاوانەدا هاتووە، وەها لەقەڵەم ئەدرێ، کەئەو پارچە چەرمە، لەئەشکەوتێك دا، لەناوچەی سلێمانی دۆزراوەتەوەو بەئەلف و بێ‌ی ئارامی (پالەویی، دەم) نوسراوەو براویشە بۆ ئەوروپا (لەندەن، پاریس) یان هەرجێگایەکی دیکەی ئەوێ‌و ئەوجا، حاڵی حازر چۆنەو لەکوێ‌یە نازانرێ‌و منیش بەش بەحاڵی خۆم نەمتوانی سۆراخی بکەم... لەشوێنێکی تردا دەڵێ[40]:

– لەسەنەدا دەنگوباسی (ماریفەت و پیرشالیاری)و، سەرگوزشتەی شەڕەکانی نێو خەڵکی هەورامان و سوپای ئیسلام و، پەخشانی کۆنی ئەو سەردەمەو، لەگەڵ دەنگ و باسی هەندێ شیعری کۆنەی سەردەمی سەرەتای هاتنی ئیسلام، بۆ ناوچەکانی شارەزوورو بناری شاخەکانی هەورامان، بەتایبەتی ئەوانەی دەنگ و باسیان لەلایەن عەلائەدین سجادی و ڕەشید یاسەمی‌یەوە (گیانداران...) بلاوکرابونەوەو دەکەوتە بەرگوێ، بەلام لەگەڵ هەوڵێکی زۆردا، نەتوانرا شوێنەواریان بدۆزرێتەوە!

لەسەر ئەم نوسینەی مامۆستا هەورامانی کۆمەڵێك پرسیاری تر دروست دەبن، لەوانە:

– دەڵێ: (لەو دەنگ و باسانەدا)، (وەها لەقەڵەم دەدرێ) ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەدەنگ و باسن و دڵنیا نیە لەڕاستی مەسەلەکە.

– دەڵێ: (لەئەشکەوتێکی ناوچەی سلێمانی) باشە، خۆ مامۆستا خۆی خەڵکی پارێزگای سلێمانی‌یەو تەمەنێکی گوزەراندووە، ئارەزوو تاقەتی ئەو شوێن و نوسراوانەی هەیە، بۆ لەسلێمانی‌دا نەگەڕا تاسۆراخی ئەم مەسەلەیە بکات... بەس چونکە هۆنراوەکە دژایەتی‌یەك دەکات لەگەڵ ئیسلام دا، بێ سێ‌و دوو، وەرگیراوەو بلاودەکرێتەوە.

– دەڵێ: (براوە بۆ ئەوروپا (لەندەن، پاریس) یان هەر جێگایەکی دیکەی ئەوێ) ئەمیش دڵنیا نیە بەتەواوی بۆ کوێ براوە.

– ئەوەتا قەباڵەکان چونکە ڕاستەو تەواوە، کەس ناتوانێ نکولی لێبکات چونکە:

– دەزانرێ لەکوێ دۆزراونەتەوەو کێ دۆزیونیەتەوەو براون بۆ کوێو ئێستا لەکوێن و، وێنەی خەتە ئەصلیەکە، لەکتێبەکاندا هەن و ناوی ئەو زانایانەی کەکەوتونەتە دەستیان... هتد هەمووی دیارەو ئاشکرایە، هەم (م. محەمەد ئەمین لەمێژووەکەیدا (ل ٨١-١١٣) هەم لەکتێبەکانی تردا وەڵامی هەموو هەیە، بەتایبەت (د. جەمال ڕەشید) لەکتێبی (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری) زۆر جوان و پوخت ڕاستیەکان دەخاتەڕوو.

– دەڵێ: (حاڵی حازر چۆنەو لەکوێیەو نازانرێ و منیش بەش بەحاڵی خۆم نەمتوانی سۆراخی بکەم) ئەمە هەموو گومانە لەسەر ڕاستی ئەم شیعرە.

– دەڵێ: (لەگەڵ هەوڵێکی زۆردا نەتوانرا شوێنەواریان بدۆزرێتەوە!) بۆچی بۆ قەباڵەکان شوێنەوار هەیە؟ بۆچی بۆ ئەم شیعرە شوێنەوار نیە؟ ئەوە پرسیار دروست دەکات.

بابزانین بۆچوونی (د. جەمال نەبەز) مامۆستای ئیتنۆلۆژیای گەلانی ئێران و زمان و کولتوری کورد لەزانستگەی ئازاد لەبەرلین و ئەندامی کۆڕی لێکۆڵینەوەی زانستانە لەئەڵمانیا، لەپەڕاوەکەیدا (زمانی یەکگرتووی کوردی) ل (١١١)دا چی دەڵێ لەم بارەوە لەسەر ئەم شیعرە:

(... ئەمە (٥٠) ساڵ پترە کەلەگەڵ سەرچاوەی کوردی و بێگانەدا، هەواڵێك بڵاودەکرێتەوە، بەو بۆنەیەوە کەگوایە دەروێشێك لەدەشتی شارەزوور، پارچە پێستێکی دۆزیوەتەوە، بەڕێنوسی پەهلەوی چوار دێڕ هۆنراوەی کوردی لەسەر نووسراوە کەهۆنەرەکەی گوایە ئاخ و داخی هەڵکێشاوە بۆ ئایینی زەردەشتی کەچۆن لەلایەن هێرشبەرانی عەرەبی موسڵمانەوە، لەنێوبراوەو سکاڵا لەدەست ئەو هێرشبەرانە دەکا کەچۆن ژن و کچی کوردیان بەدیل گرتووەو خوێنی خەڵکیان ڕشتووە.

ئەوی ڕاستی بێ، ئەم هۆنراوەیە هۆنراوەیەکی ساختەو دەستکردەو بەپێی زانستی زمانەوانی دەتوانین پیشانی بدەین کەکوردییەکەی ناتوانێ ببێتە کوردی دەوروبەری پەیدا بوونی ئیسلام).

لەکۆتاییدا: لەڕوانگەی ئەمەی کە گەلاڵەمان کردووە دەڵێین:

ئێمە وای بۆ دەچین ئەم هۆنراوە، هۆنراوەی د. سەعیدخانی کوردستانییەو ئەو خۆی دایناوەو داویەتی بە (ملك الشعراء - بهار)و، لەوانەیە مەردۆخیش هەر لەدوکتۆرەوە وەری گرتبێ، پاشان حوزنی موکریانیش دەستی کەوتبێ و بلاوی کردبێتەوە، دوور نیە یەکەمجار حوزنی لەگۆڤاری کوردیدا ئەم بلاوی کردبێتەوە. دواتر یاسەمی و سجادی و کەسانی تر خستوویانەتە پەڕاوەکانیان. بێگومان دوکتۆر دەستێکی بالای هەبووە لەهۆنینەوەی هۆنراوە، ئەوەی کەپەڕاوی (نزانی، مزگانی) بخوێنێتەوە ئەوەی بۆ دەردەکەوێ.

ئەمە بۆ کراوە؟

بەو شێوەیە (ئاغای شەریفی) دەڵێ: (مورتەدی سەعیدخان) و پەیوەندی بەموژدەدەرەکانەوەو، دەمارگیری نەتەوایەتیش ڕۆلی بینیوە.

نوسەرەکانی تریش هەرچەندە هێمای ئایینیان پێوەیە، بەلام نوسراوەکانیان دژایەتی ئیسلامیان زۆر پێوە دیارەو دەمارگیری نەتەوایەتیش یان بووە، هەرچەندە نوسینەکانیان خزمەتێکی زۆری کوردیان کردووە. جارجارەش لەمەسەلە ئایینیەکاندا هەڵەی گەورەیان کردووە، بەڵکو هەندێکیان چونکە دژایەتی ئیسلام دەکەن، بێ سێو دوو ئەم هۆنراوەیان وەرگرتووەو گەورەیان کردووەو بلاویان کردوەتەوە، چونکە لەبەرژەوەندی بیروبۆچونەکەیاندا بووە.

هەشیانە بێ لێکۆڵینەوە شتەکەی بیستووەو بلاوی کردووەتەوە، بێ ئەوەی مەبەستی دژایەتی ئیسلام بێ"[٤١]

٢- ڕەئیەکی تر دەڵێ:

لەسەردەمی مەئمون و هارونە ڕەشیدی عەباسیدا، خەڵکی هەورامان، هێمان موسڵمان نەببوون، (ساڵانە)یان بەحکومەتی عەباسیان دەدا، لەم سەردەمەدا، خانمێ فەرمانڕەوای هەورامان بووە[٤٢]. ئەو خانمە لەدەوروبەری ساڵی (٢٣٠ ك)دا ژیاوە[٤٣]. ئەمەش لەوەوە دەرکەوتووە، کەلەم دواییەدا لەناوچەکانی بێساران دا لەلایەن مەلا (قەحطان) ناوێکەوە سکەیەك دۆزراوەتەوە کەساڵی لێدانەکەی ئەو ساڵەیە، وێنەی سەری ئافرەتێکی پێوەیەو، دیوەکەی تریشی بە (ئەلف وبێ)ی عەرەبی ساڵی لێدانەکەی کە(٢٣٠ك)یە لەسەریەتی. دراوەکە لە(بورنز) دروستکراوەو هەندێ پیتی لەسەرە لەبەر ساف بوونی دراوەکە ناخوێنرێنەوە، بەلام لەوە دەکات ناوی خانمەکە (بوران دوخت)بێ.

ئەمە ئەوە دەگەیەنیٚ کەخەڵکی هەورامان، تا ئەوکاتە خۆیان حوکمی خۆیان کردبیٚو، تەنها (شاخانەی) ساڵانەیان بەدەوڵەتی بەغدا دابیٚ. چونکە ئەگەر وانەبوایە دەبوایە، دراوەکە دراوێکی عەرەبی بوایەو پتر لەوەش سەرانسەری مێژووی دەوڵەتی ئیسلام، تاوەکو ئەو دەمەی فەرمانڕەوایی (مەئمون)، ژنە حاکمێکی عەرەب بەناوی‌یەوە، دراوی لیٚ نەداوەو حاکمیش نەبووە!.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەم ژنەی ئەم دراوە، سەری ڕووتەو هیچ شتێکی لەسەردا نیە، وەئەمەش ئەوە دەگەیەنیٚ، کەئەو ژنەی ئەو دراوە، عارەب نەبووە! ئەمەش ئەوە دەسەلمێنیٚ کەخەڵکی ناوچەکانی هەورامان تا ئەو دەمە ئیسلام نەبوون! یاخود ئەگەر ئیسلامیش بووبن، هەر تەنها ساڵانەیان داوە[٤٤].

ئەم بۆچوونە: جێگەی تێبینی‌یەو نزیکە لەعەقڵەوە، چونکە موسڵمانەکان مامەڵەی ئەهلی کیتابیان کردووە لەگەڵ کوردا. ئەوەتا ئیمامی عومەر فەرموویەتی: (سنوا بهم سنه أهل الكتاب) وە ئیمامی عەلیش فەرموویەتی: (فعاملوهم معاملة أهل الكتاب)[٤٥].

بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینی‌یە ئەوەیە:

لەسەردەمی خەلیفە عوسماندا، هیچ خاکێکی کورد نەماوە، لەژێردەستی هیچ لایەکدا بێت، هەر هەمووی کەوتووەتە دەستی موسڵمانەکان و، کوردەکان خۆیان یەکلا کردووەتەوە بۆ ئایینی ئیسلام[٤٦].

٣- ڕەئی سێهەم دەڵێت:

کەئایینی ئیسلام هاتە شارەزوور، خەڵکی هەورامان بەزارەکی موسڵمان بوون، لەشەڕوشۆڕ خۆیان پاراست، بەڵام لەژێرەوە پەیڕەوی ئایینی زەردەشتیان کردووە، بەتایبەت بەشی هەورامانی ئێران. لەدواییدا لەئەنجامی تێکەڵاویان بەئارەزوو مەیلی خۆیان، لەسەردەمی پیرشالیاری دووەم و بەتایبەت تر لەسەردەمی گوشایش کوڕی پیر محەمەددا موسڵمان بوون و، ئیسلام بەتەواوی لەناویاندا گەشەی سەندووە[٤٧].

ئەم ڕایەش هەرچەندە بەڵگەی ڕۆشن نیەو، سەرچاوەکان دیار نین، بەڵام هەرچۆن بێت، ئەمیش ڕایەکەو، لەوانەیە ڕاست بێت، پیرەکان خۆیان و خەڵکەکەیان دور خستبێتەوە لەشەڕو شۆڕ، بەڵام ئەی وتەکانی پیرشالیار چی لیٚدەکەی کەدەڵێت:

هۆشت جەواتەی پیرشالیار بۆ گۆشت جەکیاستەی زانای سیمار بۆ

لێرەدا: یا دەبێت (زانای سیمار) (مەبەستی زەردەشت) بێت، یاخود ئەگەر بەمەبەستی (محەمەد پێغەمبەر بێ) "د.خ" تۆ بڵێی ئەمانیش تووشی دەردی ئەهلی کیتاب هاتبن، کەلەکتێبەکانیان هاتووە کەپێغەمبەرێك دێت بەم ناوو نیشانەو ناوی ئەوەیە کەچی بەگوێیان نەکرد.

(وإذ قال عيسى ابنُ مَريَمَ يا بَني إسرائيل إنّي رسولُ اللهِ اليكُم مُصدقاً لِما بينَ يَديَّ مِنَ التوراةِ وَمُبَشراً بِرَسولٍ يأتي مِن بعدي اسمهُ أحمَد فَلّما جاءَهم بالبيناتِ قالوا هذا سِحرٌ مُبين) الصف٦.

٤- ڕەئی چوارەم دەڵێت[٤٨]:

ناوچەی شارەزوورو هەورامان، نوێنەریان چووە بۆ خزمەت پێغەمبەر – د.خ- گەڕاوەتەوە هەورامان و، کاتێك کەسوپای ئیسلام نزیك بووەتەوە، ڕێکەوتنێکیان مۆر کردووەو بەنهێنی موسڵمان بوون، دوایی دژی فارسەکان ڕاپەڕیون و، موسڵمان بوونی خۆیان ئاشکرا کردووە.

ئەم ڕایەش ڕایەکی ترەو بۆچونەو هەندێك قسەو باسی خۆی هەیەو، وەك لێکدانەوەو تەحلیلێك.

گوایا کەسوپای ئیسلام دێتە هەرێمی چیا (کوردستان)ەوە ناوی هەورامان یا ناوی گوندو ناوچەکانی نیە، لەگەڵ ئەوەی ناوی (حەڵوان و خانەقین و قەسری شیرین و شارەزوورو قرماسین (کرماشان)و دینەوەرو هەمەدان و مەهاباد و مەرگەو مەراغەو ئامێدی و هەرێمی جەزیرەو بۆتان و خورماڵ ... هتد هاتووە).

ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کەناوی (هەرێمی شارەزوور) هاتووە، ئەم هەرێمەش فراوان بووە، ناوچەی هەورامانیش دەکەوێتە ناو هەرێمی شارەزوورەوە[٤٩]. جگە لەوەش ناوجەرگەی هەرێمی شارەزوورو گەورەترین شاری (شاری زوور = گوڵ عەنبەر = خورماڵ) بووە، ئەم شارەش ئەگەر بەهەورامان دا نەنرا بێت، خۆ نزیکترین شارە لەهەورامانەوە.

کەواتە:

حاڵی ناوچەی هەورامان، لەگەڵ هەرێمی شارەزووردا بووە، هەرچەندە ناوچەکە هەندێ تایبەتمەندی خۆی هەبووە، هەروەها بۆیە ناوی گوندو ناوچەکە نەهاتووە، چونکە سوپای ئیسلام لەدەڤەرەکەدا شەڕو شۆڕی نەبووە، کەسوپای ئیسلام دەگاتە (جەلەولا)، پێش دەستپێکردنی شەڕ، وەفدی کورد لەشارەزوورەوە دەگاتەلای سوپای ئیسلام و پێش ئەوەی قاچ بخەنە ناو

کوردستانەوە، چەند خاڵێك مۆر دەکات، بەنهێنی فارسەکانەوە، وەك مامۆستا ئەمین زەکی باسی دەکات:

لەدەرکەوتنی ئیسلامەتیدا، هەر لەیەکەم پەیوەندییان لەگەڵ ئیسلامەکان دا تیٚفکرین و بینیان کەئەم ئایینە تازەیە بەتەواوی موافقی طە بع و ویژدانیانە ...لەبەر ئەوە بەئاسانی و بەرەبەرە قبوڵیان کرد[٥٠].

ئەم ڕێکەوتنە بوو بەهۆی بەرپاکردنی شۆڕشێك لەشارەزوور، کەزۆر لەمێژوونوسان، چاویان لیٚنوقاندووەو، باسی ناکەن. چونکە جیٚی شانازی و فەخری کوردە. بەنزیك بونەوەی سوپای ئیسلام، بۆ کوردستان، لەسەر ڕێکەوتنی پێشوو، لەشارەزوورو هەورامان و شاربازێڕ، ڕاپەڕینێکی جەماوەری لەدژی دام و دەزگاو مەخفەرو سەربازگەکانی فارس ڕوو دەدات و ناوچەکە پاك دەکەنەوە[٥١].

نزیکترین ناوچە، لەحەڵوان و خانەقین و جەلەولاوە، شارەزوورە... مەیلی خەڵکی زەردەشتی شارەزوور، بەلای موسڵمانەکاندایەو، بەتایبەتی کەلە ئاوێستای زەردەشت و ماریفەتی پیرشالیاردا، هێمای بۆ ئیسلام و محەمەدو ئایینی خودا کردووە...[٥٢].

دەبیٚ ئەوەش بڵێین: کەلەکاتی خۆیدا لەقۆناغی بانگەوازی مەککەدا، نوێنەری ئەم ناوچەیە، لەحەڵوان و جوانڕۆ شارەزوورەوە بەناوی (کابانی کوردی) گەیشتووەتە حجازو، هەواڵی ڕاست و دروستی محەمەدو -د.خ- ئایینەکەی، بۆ خەڵك هێناوەتەوە، وە (ئەبو یەحیا) مەهدی کوڕی مەیمون کوڕی جابان، یەکێك بووە لەزاناو پارێزەرانی وتەکانی پەیامبەرو گەڕاوەتەوە کوردستان و، لەسالی (١٧٢ك)ی وەفاتی کردووە[٥٣].

هەورامانێك، خاوەنی (مەریٚو ژیرلاو پاوەرو ماریفەت بیٚ)و، ئەو هەموو پیرانەی هەبوو بێت، کەهەر یەکەیان دانشمەندێك و دانایەك بووە بۆ خۆی، ماریفەتێك لەکۆتایی بەندەکانیدا بڵێت:

هۆشت جەواتەی پیرشالیار بۆ　　　گۆشت جەکیاستەی (زانای سیمار) بۆ

هەورامان خاوەنی ئەمەیە بۆیە دەوترێت:

کەوابوو: ئەو بۆچوونە نزیکە کەجابان بەخاوو خێزانەوە، بەنهێنی فارسەکانەوە لەلایەن (٩٩) پیرەی هەورامان و شارەزوورەوە، نێردرابیٚ، بۆ هەواڵ و زانینی پەیدا بوونی پەیامبەری چاوەڕوان کراوی ناو مژدەکانی ئاوێستا[٥٤].

بەهەرحاڵ:

– ئەگەر بۆچوونی یەکەم ڕاست بێت، واتە: ماوەیەك شەڕ کراوەو، کەچی نەتوانراوە هەورامان بگرن و بەرەنگاریان کردووە، بەڵام دوایی خۆیان موسڵمان بوون.

– ئەگەر بۆچوونی دووەم ڕاست بێت، واتە: مامەڵەی (ئەهلی کیتاب) یان لەگەڵ کراوەو سەرانەو (جزیە)یان داوەو، دووایی خۆیان موسڵمان بوون.

– ئەگەر بۆچوونی سێهەم ڕاست بێت، واتە: هەر لەسەرەتاوە خۆیان بەزارەکی بەموسڵمان دەرخستووەو، کەچی لەژێرەوە لەسەر ئایینی خۆیان بوون، بەڵام دوایی کەئاییندکەیان ناسیوە، قەناعەتیان پێکردووەو موسڵمان بوون.

– ئەگەر بۆچونی چوارەم ڕاست بێت، واتە: هەر هەواڵی ئایینە تازەکەیان بیستووە نوێنەریان ناردووەو، ئەویش گەڕاوەتەوە هەورامان و ئەمانی هێناوەتە سەر ئایینی ئیسلام. وەلەکاتی هاتنی سوپای ئیسلام دا، باوەشیان بۆ کردووەتەوە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت:

١– هیچ ڕەئیەکیان سەد دەر سەد بەڵگەی لەپشتەوە نیە، بەڵکو نیسبی‌یە.

٢– خەڵکی هەورامان بەقەناعەتی خۆیان موسڵمان بوون و، ئایینی ئیسلامیان وەرگرتووە. هەروا بەئاسانی موسڵمان نەبوون، دوای پرس و ڕاوێژ لەنێوان خۆیاندا بەتایبەت لەناو (پیر)ەکان دا، ئینجا موسڵمان بوون.

٣– لەسەردەمی پیرشالیاری دووەمەوە، ئیسلام لە هەورامان پەرەی سەندووەو، وەلەسەردەمی گوشایشی کوڕی پیر محەمەد دا، زیاتر جێگیر بووەو سەرتاپای هەورامانی گرتووە وەو، یاوەك (تازەکەرەوە – موجەدید)ێك ڕۆڵی بینیووە.

٤– هەورامان وەك مەڵبەندێکی ئایینی ئیسلام، لەکۆتایی سەدەی چوارەم بەدراوە، ناوبانگ دەردەکات و زانای ناودارو، کەڵە پیاوی ئیسلامی لەناوچەکەدا دەردەکەون و، تیایدا کۆدەبنەوە، وەك:

– پیرشالیاری دووەم لەساڵی (٤٨٠ك = ١٠٨٧ز) ماریفەتی دەستکاری کردووەو لەساڵی (٥٦٧ك = ١١٧١ز) کۆچی دوایی کردووە.

– سەیید ئیبراهیمی حسێنی کەبە (بابا نەوەس یا بابا نەورۆز) ناسراوە، سەردەمی ژیانی لەساڵانی (٥٠٥ك – ٥٤٦ك)یەو لەساڵی (٥٢٥ك) هاتووە بۆ هەورامان[٥٥].

– پیر محەمەد (بابا مەردۆخ) لەساڵانی (٦٨٠ك – ٧٩٠ك) ژیاوەو لە (٧٧٥ك) هاتووەتە هەورامان[٥٦].

– شێخ شەهابەدینی دزاوەری، لەساڵی (٧٧٨ك) کچی خۆی داوەتە بابا مەردۆخ و لەساڵی (٨٤٢ك) لەگەڵ گوشایشی کچەزایدا زۆر هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام دەدەن[٥٧].

– گوشایش کوڕی پیر محەمەد لەساڵانی (٧٩٠ك – ٨٧٣ك) ژیاوەو لەساڵی (٨٤٢ك) بەدواوە ناوبانگ دەردەکات[٥٨].

– هەروەها زاناکانی تری وەك: بنەماڵەی مەلا ئیبراهیمی بیارە، مەلا سەلام و مەلا نەزیری تەوێڵە، سەییدەکانی کەلجیو سەرگەت و خانەگاو پاوەو شێخەکانی تەوێڵەو مەلاکانی خەرپانی و نۆدشەو بێساران و ڕوارو کەیمنەو پایگەلان و ژاوەرۆو ...هتد.

ئەوەی شایانی باسە:

مێژووی فەرمانڕەوایانی هەورامان –وەك لەشوێنی خۆیدا باسکراوە– لەسەرو کڵاوی پیرشالیاری دووەمەوە دەردەکەوێت و ڕوٚشن و دیارە.

ماوەتەوە بڵێین:

لەناو خەڵکی هەورامان و، هەندێ پەڕاودا، باس لەوە دەکرێ کەلەسەردەمی عومەری کوڕی خەطاب دا، سوپای ئیسلام دێتە هەورامان و ... عەبدواللە ی کوڕی عومەری تێدا دەبێت، بەفەرمانی ئەو مزگەوتی خورماڵ و بیارەو پالانیاو، تەوێڵەو پاوە، دروست دەکرێن.

بۆ وەلامی ئەمەش دەڵێین:

ئەو کتێبانەی کەئەم باسەیان تیایە، بێبەڵگەن و سەرچاوەی باوەڕ پێکراویان دیاری نەکردووە، کەئەمەیان لەکوێ هێناوە، بۆ نمونە:

– لەمێژووی کوردو کوردستانی مەردۆخیدا ل (١٨٧)دا هاتووە، کەعەبدواللە ی کوڕی عومەر، بەرەو شارەزوورو هەورامان هاتووە، لەشاری (پاوە) مزگەوتێك دروست دەکات ... وەك لەپێشتر وتمان ئەم کتێبە تێبینی زۆری لەسەرەو، ئەمەشی لەکوێوە هێناوە نازانرێ.

- لە (یادی مەردان و بنەماڵەی زانیاران)، مامۆستا مەلا عەبدولکەریم خۆی دەڵێ: وا مەشهورە. وەڵامیش دەداتەوە کەبڕوا ناکات.

لەیادی مەردان - بەرگی ٢ ل(٣٩٩)دا دەڵێ:

(وامەشهورە لەناو خەڵکدا، کەمزگەوتی خورماڵ و بیارە، عەبدوالله ی کوڕی عومەر دروستی کردبن)، هەروەها لەبنەماڵەی زانیاران ل(٤٢١)دا دەڵێ:

... ئەوەندە دەزانین، دەڵێن مزگەوتی بیارە، عەبدوالله ی کوڕی عومەر دروستی کردووە، لەگەڵ ئەم قسانەیشدا، لەمێژوودا نەمان دیووە کەعەبدوالله فەرماندەی سوپا بوو بێت. بەڵێ دەڵێن: عەبدوالله لەو سوپادا بووە کەهاتن ئەربیلیان گرت و بەرەو خۆشناوو پشدەر سەرکەوتن...

لەهەردوکیاندا، مامۆستا دەفەرموێ: ئەڵێن - خۆیشی بڕواناکات - چونکە هیچ کتێبێکی مێژوویی کۆن ئامـاژەی پێنەکردووە، ئەوەش بەرەو هەولێر، هەر وتنەو بەس.

لەکتێبی (کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا) نوسینی م. حەسەن مەحمود حەمەکەریم دا، کەبەدرێژی باسی سوپای ئیسلام و ناوی سەرکردەکان دەهێنێ، هەندێکیشیان کەشتیان لەسەر هەڵبەستوون ڕەدیان دەداتەوەو، ناوی عەبدوالله ی کوڕی عومەری نەهێناوە، کەهاتبێت بۆ شارەزوور.

لەکۆتاییدا دەڵێین:

- بونی ئەو هەموو مزگەوت و خانەقاو چلەخانانە...
- بونی ئەو هەموو حوجرەو خوێندنگایانە...
- بونی ئەو هەموو دوختان و بەردەنوێژانە...
- بونی ئەو هەموو زاناو شێخ و سەییدانە...
- بونی ئەو هەموو فەقێو صۆفی و موریدانە...
- بونی ئەو هەموورەوشت و ئاکارو کارە جوانانە ...
- بونی ئەو هەموو خەڵکە دڵپاکە، دڵسۆزە خواپەرستانە...
- بونی ئەو هەموو ... ئەمانەو چەندانی تریش لەوانە، بەڵگەو نیشانەو هێمان بۆ کاریگەری ئیسلام لەسەر خەڵکی هەورامان و بۆ ئەوەی بڵێین بەڵێ...

هەورامان مەڵبەندێکی ئایینی بووە لەکۆن و نوێدا.

پەراوێزەکان

(1) لە (نژاد کورد مجلە مهر، سالْ ١٢، شمارە ١٢، ل: ٧٧)دا هاتووەو دەڵێ:

... شوێنی جوگرافی دینی زەردەشتی کوردستانی مەزن و ئێران و ئەفغانستان و بەشێکی هندستان بووە. لەئێراندا، ئێستەش خەڵك هەن لەسەر ئەو دینە ماون. بۆ نمونە: لەستانی کرماشاندا (١٧٠٩) کەس لەساڵی (١٩٨٧ز) دا هەبوون. لەهندستان زیاتر لەهەشتا هەزار، وەلە هەموو ئێراندا هەژدە هەزار هەن... پەیامی هەورامان ل ٣٣٣.

(2) ئایینی کورد ل: ١٨، حەسەن مەحمود حەمەکەریم.

(3) دیوانی قانع، برهان قانع- چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٧٩ ل. ٣٤٨.

(4) ماریفەت دوو مانای هەیە:

ئەگەر لەمەعریفەتی عەرەبیەوە هاتبێ ئەوە واتە: زانست و زانین، ئەگەر لەماریفەتی هەورامیەوە هاتبێ ئەوە: حیکمەت و نەجیبی و پیاوەتی و ئوصول و ئادابێکی جوان دەگەیەنێ.. لەهەورامیدا دەڵێن: (بەڕاستی ماریفەتیش ئەرمانا) واتە ئوصول و ئادابێکی جوان و پیاوەتی نواند. دوور نیە وشە هەورامیەکەش لەعەرەبیەکەوە نەهاتبێ.

(5) دیوانی پیرشالیاری زەردەشتی ل(٦-٨) محەمەد بەهائەدین صاحب (زانای سیمار) بە زەردەشتیش لێکدراوە - دبستان المذاهب- ل١٠ نوسینی ئەحمەد کوڕی ئەبوبەکر.

(6) پیرشالیاری زەردەشتی ل(٥).

(7) بنەماڵەی زانیاران ل (١٦٧)، مێژووی مەردۆخ ل(٦، ١٩٠) لە (٦٨٠-٧٩٠ك) ژیاوەو لە (٧٧٥ك) هاتووەتە هەورامان.

(8) گۆڤاری کاروان ژ. ٣٥، ل (١٢٥).

گۆڤاری کاروان ژ. ٣٦، ل (١٣٨-١٥٠).

بنەماڵەی زانیاران ل (٣٥٨-٣٧٢)، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس.

(بابا نەوەس، سەیید ئیبراهیمی حسێنی بووە لەنێوان (٥٠٥-٥٤٦ك)دا ژیاوەو، لە (٥٢٥ك) هاتووەتە هەورامان) وشەی (بابا)ش لەلەباتی وشەی (پیر) بەکار هاتووە.

لەگۆڤاری پەرستان ژ. (٤٥)دا حەمەکەریم هەورامی دەڵێ: باوە نەورۆز پیرێکی تر بووە، لەسەردەمی پیرشالیاردا ژیاوەو دۆستی یەکتر بوون، ئەم لەسەرگەت ژیاوەو پیرشالیاریش لەشاری هەورامان.

(9) مێژووی هەورامان ل (٦٥٠-٦٥١) کورتە باسێکی دەکات.

(10) پیرشالیاری زەردەشتی ل(٨٦).

(11) پیرشالیاری زەردەشتی ل(١٢).

(١٢) بنەماڵەی زانیاران ل (١١٨)، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس.
(١٣) پیرشالیاری زەردەشتی ل(١٣).
(١٤) گۆڤاری پەرستان ژ. (٤٥) حەمەکەریم هەورامی.
(١٥) بنەماڵەی زانیاران ل (١١٨)، هەروەها لە ل(١٧٥)دا دەڵێ: (٩٩ پیر لەژێر دەستی ئەمدا پێگەیشتوون، ئەم پیر شەهریارە لەنەوەی سەید عەلی عورەیضییە، کوڕی ئیمام جەعفەری صادقە). ئەمەش بووەتە جێگەی تێبینی لای زۆرێك لەخەڵکی کەزۆربەی خانەدان و کەسایەتییە ئایینییەکانی کورد، کەڕشتەی بنەماڵەیان نوسیوەتەوە خۆیان بردووەتەوە سەر صەحابەکان. هەرچەند صەحابە جێگەی ڕێزو شانازین، بەڵام تۆ بڵێی ئەمە ڕاست بێو لەئەصلی کوردو ڕەگەزی کورد نەبن و ئایا ئەمە دروست کراو نیە!!؟.
(١٦) مێژووی هەورامان ل(٦٤٦).
(١٧) مێژووی هەورامان ل(٦٣٦-٦٥٥) بخوێنەرەوە بۆت دەردەکەوێ.
(١٨) بێگومان لەسەردەمی ئایینی زەردەشتیدا کۆمەڵێك پیر (ماگ - موغ) هەبوون وەلەسەردەمی ئیسلامیش داکۆمەڵێکی تر هەبوون، وەئەم وشەی (پیر و بابا)یە، تائێستا هەر ماونەتەوە.

تێبینییەکی تر ئەوەیە: لەبنەماڵەی زانیاران ل(١٧٥) لەڕشتەی بنەماڵەی سەیدەکانی کەلجیدا دەڵێ: پیرشەهریار کەناوی مستەفایە کوڕی سەید مەعروفی کوڕی سەید بابیل کوڕی سەید مەسعودە...) جا بۆ ئەمە لەشەوی ٨\٩-٧-٢٠٠٢ لەڕووەوەری لە هەورامان، پرسیارم لەمەلا سەید جەمال مەلاکەی ڕووە وەری کرد، وتم دەیباشە باوکی پیرشالیار بۆ لێرەدا سەید مەعروفە و کەچی لەزۆر شوێنی تردا ناوی باوا خودادایە وتی: باوا خودادا نازناویەتی.
(١٩) سودم وەرگرتووە لەم سەرچاوانە:

- هورامان- دیاردهاو یاد بودها – أحمد نظیری.
- ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژ(٢٧٤)، بەرواری (٤/٢/٢٠٠٠).

(٢٠) ڕۆڵی مێژوونوس، مامۆستا حەسەن مەحمود حەمەکەریم لەم بوارەدا جێگەی ڕێزو سوپاسە، کەتا ئەندازەیەکی باش، توانیویەتی هەندێك هەڵەو چەواشەکاری ڕاست بکاتەوەو، ڕاستییەکان بخاتەڕوو، لەکتێبە مێژووییەکانیدا ، بەتایبەت لەکتێبی – کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا، کەتائێستا پەردەی لەسەر زۆر لەو گۆڕانە لاداوەو بەبەڵگەو بەوردی بۆ مەسەلەکان چووەو ئامادەیشی دەربڕیوە لەسەر ئەوەی هەرکەسێك کەناوی گۆڕێکی پێ بڵێ، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەو پەیجۆیی لەسەر بکات.
(٢١) سەیری نامیلکەی (هورامان دیاردهاو یاد بودها – أحمد نظیری) بکە.

(٢٢) مێژووی کوردو کوردستان ل(٩٣) محەمەد مەردۆخی کوردستانی – و: عەبدولکەریم محەمەد سەعید.

(٢٣) پیرشالیاری زەردەشتی ل(٨–٩).

(٢٤) کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا، ل(١٧٥–١٩٠) ڕەئی زۆرێك لەمێژوونوسانی لەم بارەیەوە هێناوەو سەرچاوە ئەصلیەکانیشی دیاری کردون.

(٢٥) کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا، ل(١٧٤).

(٢٦) پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ل(٣٠٢) نەوشیروان مستەفا.

(٢٧) کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا، ل(٦٨، ٧٦، ٧٧).

(٢٨) ڕۆژنامەی ڕزگاری، ژ(٢) چوارشەم، (١٩٩٣/١١/٣) ساڵی یەکەم، شیعری (هورمزگان و چەند تێبینی‌یەك) نوسینی ئەحمەد شەریفی – سنە.

(٢٩) پەیامی هەورامان – هادی بەهمەنی ل(٤٠٤).

(٣٠) کتاب (شعر در ایران) ص (٣٤) چاپ تهران.

(٣١) ڕۆژنامەی ڕزگاری ژ. ٢، (١٩٩٣/١١/٣).

(٣٢) ڕۆژنامەی ڕزگاری ژ. ٢، (١٩٩٣/١١/٣) هەروەها مێژووی هەورامان –ل(٧٨) دەقی ئەوەی (سبك شناسی) بلاْوکردووەتەوە. کەیاسەمی لەوەوە وەریگرتووە.

ڕەشید یاسەمی کێیە؟

ناوی (غولاْم ڕەزاخان ڕەشید سولطانە بەڕەشید یاسەمی ناسراوە، شاعیرو مێژوونووس و مامۆستای دانشگای تاران بووە، لەساڵێ (١٨٩٧ز) لەکرماشان لەدایك بووە. باوکی (محەمەد وەلی خان میر پەنج) لەهۆزی (گۆران)ی کرماشانەو ناوەندی ژیانی ئەم خێڵە شارۆچکەی گەهوارە بووە.

یاسەمی سەردەمی منالی خۆی لەدامێنی چیای (داڵەهۆ) بەسەر بردووە – وادەردەکەوێت کەقەڵخانی بوو بێت "نوسەر"– لەئەنجومەنی ئەدەبی دانشگای تاران بە(مەلیك و شوعەراء – بەهار) ئاشنا دەبێت.

زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و عەرەبی زانیوە، نزیکەی (١٢) پەڕاوی داناوە، شارەزایی زۆری بووە لەزمانی پەهلەوی، چەندین نامە (رسالە)ی پەهلەوی وەرگێڕاوەتە سەر فارسی.

(یاسەمی) دوای خزمەتێکی زۆر بەنوسین و بەوانە وتنەوە لەساڵی (١٩٥١ز) لەتاران کۆچی دوایی کردووە.

بۆ زیاتر زانیاری سەیری (تأریخ مشاهیر کُرد – ج٢– بابا مردوخ روحانی – شیوا) ل(٣١٠–٣١٦)بکە.

(٣٣) ڕۆژنامەی ڕزگاری ژ. ٢، (١٩٩٣/١١/٣).

(٣٤) سەرچاوەی ئەم ژیانی دوکتۆر سەعیدە ئەمانەی خوارەوەیە:

- ڕۆژنامەی ڕزگاری ژ. ٢، (١٩٩٣/١١/٣).
- مێژووی ویژەی کوردی ب(٢) صدیق بۆرەکەیی ل(٢٤١-٢٤٦).
- تأریخ مشاهیر کرد -ج(٢) ص(٢٥٢-٢٥٥).
- طبیب من کردستان - سیرة حیاة الدکتور سعید- بقلم (جای م. رسولي و کادي هـ. الین) .. مەگەر ئەم کتێبە بخوێنرێتەوە ئینجا بۆت دەردەکەوێت کەدوکتۆر سەعید، چەند لەپێناوی بوون بەمەسیحیدا ماندوو بووەو عەزیەت دراوە، وەچەند هەوڵی داوە تاوەکو مەسیحیەت بلاو بکاتەوە، وە کورد بکات بەمەسیحی.

[٣٥] وشەی (بەخۆڕایی) باش دەرنەچووە، بەڵام وادەزانم ئاوا نوسرابێت (نوسەر).

[٣٦] ساڵی (١٤٥٥)ی هەتاوی هەڵەیە چونکە ئەو ساڵە هێشتا نەهاتووە لەوانەیە ساڵی (١٣٥٥)ی هەتاوی بێت کەدەکاتە ساڵی (١٩٧٧ز) کەئەمەش دەگونجێ.

[٣٧] ڕۆژنامەی ڕزگاری ژ. ٢، (١٩٩٣/١١/٣).

[٣٨] گۆڤاری خاك ژ.(٥٣) بەرواری (٢٠٠١/١١/١٠) نوسراوێکی گرنگی بەڕێز (فاروق حەفید)ی تیایە بەناوی (چەند سەدەیەك لەمەوبەر هەندێ ڕوداوی مێژوویی و ویژەیی کورد لەدەرەوەی کوردستاندا) لەسەرەتای نوسینەکەیدا دەڵێ:

ئەم ڕوداوانە لەلایەن پرۆفیسۆر (بودرو گلیگتی ئەندراش)ەوە کەیەکێك بوو لەمامۆستاکانم لەزانکۆی زانستی (ئوتڤوش لۆراند) لەبەشی لێکۆڵینەوەی ئێرانیتیك - کوردۆلۆجی ساڵی (١٩٦٤-١٩٧١) ئەو سەردەمەی خوێندکار بووم، لەهەمان زانکۆدا. ئەم شتانەی بۆ گێڕاومەتەوەو منیش بیّکەم و کوڕی ئەوەندەی لەیادمدا بێت بۆتان ئەخەمە بەرچاو تاکو ئێستا نەنوسراوەو نەبیستراوە.

[٣٩] مێژووی هەورامان -محەمەد ئەمین هەورامانی ل(٧٧).

[٤٠] هەمان سەرچاوە ل(٥٩٨).

[٤١] هەر بۆ نمونە: مێژووەکەی مەردۆخی لەئەوەڵەوە تا ئەخیر چەندەها نمونەی دژایەتی ئیسلامی تیایە، بەڵکو هەندێ شتی خەتەریش دەربارەی دەڵێ: بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەوە سەیری گۆڤاری رامان ژ.(٦٠) بەرواری (٢٠٠١/٦/٥) ل(٢٣٧-٢٣٨) هەندێ تێبینی لەسەر نوسراوە، لەوگۆڤارەدا.

هەر بۆ وێنە لەشوێنێکدا، بەشای ئێران دەڵێ:

(بەپیّی بڕوای ئاینیمان ئێمەی شافیعیەکان شاپەرستین) ئەمە قسەی ئایەتوالله یەکە کەگرنگی دەدات بەشیعری هورمزگان و لەکتێبەکەیدا بلاوی کردووەتەوە.

[٤٢] هەورامان لەدەروازەی مێژووەوە ل(٤) بابەتێکی مامۆستا محەمەد صاڵحی ئیبراهیمی (شەپۆل).

[٤٣] هارونە ڕەشید لەساڵانی (١٧٠ - ١٩٣ك) واتە لە(٧٨٦-٨٠٩ز) خەلیفە بووە.

مەئمون لەساڵانی (١٩٨-٢١٨ك) واتە لە (٨١٣-٨٣٣ن) خەلیفە بووە. بەڵام دراوەکە کەلەساڵی (٢٣٠ك) لێدراوە کەواتە لەدوای ئەو دوو خەلیفەوە لێدراوە.

(٤٤) مێژووی هەورامان -محەمەد ئەمین هەورامانی ل(٩٤٥-٩٤٧).
بێگومان لەهەمان سەرچاوە دا ل(٩٤٧) دەڵێ: جگە وێنەی ئەم ئافرەتە وێنەی تری ئافرەت دۆزراوەتەوە، هی سەردەمی ئەشکانیەکانەو ناوی ئەو وێنەیەش (ئادات) بووەو نوسینەکەش بەئەلف و بێی ئارامییە.

(٤٥) کورد لەناو ئایین و مێژوودا - قازی عومەر ل(١٢٠).

(٤٦) کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا، حەسەن مەحمود حەمەکەریم ل(١٩٦).

(٤٧) پیرشالیاری زەردەشتی ل(٩-١٢) محەمەد بەهائەدین.

(٤٨) بۆ زیاتر شارەزایی ئەم کتێبانە سەیر بکە:
(ئایینی کورد) ، (کابانی کوردی) و (کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا) هەرسێکیان دانراوی م. حەسەن مەحمود حەمەکەریم.

(٤٩) لە مجمع البلدان (ج٥، ل٣١٢)دا هاتووە کە: شارەزوور دەکەوێتە نێوان هەمەدان و هەولێر لەهەرێمی چیا.

(٥٠) کوردو کوردستان -محەمەد ئەمین زەکی ل(١٢٣).

(٥١) کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا، ل(٣٢-٤٠)

(٥٢) ئایینی کورد، ل(٢٤).

(٥٣) کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا، ل(٣٥).

(٥٤) کابانی کوردی ل(١٦).

(٥٥) سەیری پەراوێزی ژ(٨) بکە.

(٥٦) بنەماڵەی زانیاران ل(١٦٧).
مێژووی مەردۆخ ل(١٩٠،٦).

(٥٧) مێژووی مەردۆخ، ل(١٩٠) هەروەها پیرشالیاری زەردەشتی ل(١٠).

(٥٨) مێژووی مەردۆخ، ل(١٩٠) هەروەها پیرشالیاری زەردەشتی ل(١٠) بێگومان لەبنەماڵەی زانیاران دا، ل(١١٨، ١١٩)دا هەروەها لە (بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد) بەرگی یەکەم ل(٢٨٥ و٢٨٦)دا لەگەڵ ئەم ڕەئیەدا نین.

هەورامان لەبواری کۆمەڵایەتیدا

- خێڵ و خێڵایەتی
- پێکهاتەی خەڵکی هەورامان
- دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆ
- لەتایبەتمەندییەکانی هەورامی و هەورامان
-ساڵی گرانیەکەو مەلاشەریفی بێسارانی
- ڕۆڵی ئافرەتی هەورامی لەژیاندا

هەورامان لەبواری کۆمەڵایەتیدا

بواری کۆمەڵایەتی، بوارێکە لە بوارە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤ، کە دەست نیشانی هەندێ جۆری ژیانی خەڵك و کۆمەڵگا دەکات .

لێرەدا دەمانەوێت بە کورتە، ئاماژە بەچەند شتێکی کۆمەڵایەتی خەڵکی ناوچەی هەورامان بکەین، لەوانە:

خێڵ و خێڵایەتی:

عەقڵیەتی خێڵ لەهەوراماندا لاوازە، هەورامییەکان لەدەوری خێڵ و سەرۆك خێڵ کۆنەبونەتەوەو ئەو عەقڵیەتەیان تێکشکاندووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

- کاریگەری ئایینی زەردەشتی و ئایینی ئیسلام، کەبەراستی پیرو زاناو شێخەکانی هەورامان کاریگەری پەروەردەیی زۆریان بووە لەسەر خەڵکەکە کەبەئاشتی و تەبایی‌و برایەتی پێکەوە بژین و دوربن لەناکۆکی‌و شەڕو شۆڕ بۆ نمونە:

لەهەموو چین و توێژو خێڵێك لەڕێبازی نەقشبەندی‌دا خۆیان بینیوەتەوە ئیتر عەقڵیەتی خێڵایەتی لاواز بووە.

- هەروەها لەبەر ئەوەی خەڵکی هەورامان زوو وازیان لەکۆچەری هێناوەو نیشتەجێ بوون، هەر کەسە بو خۆی بووەتە خاوەنی باخ و موڵك و ماڵ و ئەرزی خۆی و تەنانەت خاوەنی گۆرستانی خۆیشی . . .

ئیتر ئەمانە وایان کردووە کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان کەمتر ڕوو بدەن و کەمتر پەنا ببرێتە بەر خێڵ و سەرۆك خێڵ لەئەنجامدا خێڵ و خێڵایەتی بۆ خۆی لاواز بووەو خەڵکەکە خۆیان لەدەوری کۆنەکردووەتەوە. . .

- جگە لەمەش بوونی ئەنجومەنی شوراو خوێندن و بواری ڕۆشنبیری و خودکەفایی ئابوریش کاریگەری خۆی بووە.

وەك وتمان لە هەورامان دا هۆزو خێڵایەتی، ناخوێنرێتەوە، ئەوەندە تیرەو ناوچە، ڕۆڵ دەبینێ لە بەیەکەوە بەستنی تاکەکاندا، خێڵ ڕۆڵی نیە، بەڵکو لە ناوچەکانی تری کوردستان دا، هۆزایەتی ڕۆڵ زیاتر دەبینێ و، چەند گوندو دێیەك دەبەستێت بەیەکەوە، بۆ نمونە :

کە دەڵێن هۆزی میکایلی، یا، ڕوغزای، یا، نەورۆلی، یا کۆکۆیی یا شەمێرانی یا، ... یا ...ئەوە خەڵکی چەند گوندو دێهاتێك دەگرێتەوەو

پێکەوەیان دەبەستێت، بەڵام لە هەورامان دا هۆزێکمان نیە، سەرجەم چەند گوندولادێیەك بگرێتەوە، هەر گوندو لادێیەك بۆخۆی لەتیرە یاچەند تیرەیەك پێکهاتوە، هەندێك لە تیرەکانیش بڵاوەیان کردوە بەتایبەتی شێخ و سەیدو بەگزادەکان. بۆ نمونە :

شێخەکانی تەوێڵە، لە تیرەی ئاغە لەرانی تەوێڵەن، وەنەوەکانی شێخ عوسمان سیراجەدینی یەکەم، بە زۆر شوێندا بڵاوەیان کردوە، وەك :

تەوێڵە، بیارە، باخەکۆن، گوڵپ، بیاوێڵە، ئەحمەد ئاوا، هەڵەبجە، سلێمانی، خانەقین، هەولێر، بەغداد، لە ئێران لە سنە، دورۆ، بانە، جوانڕۆ، خانەگا، ئەمە جگەلەوەیش بەرەو سوریاو تورکیاش ڕۆیشتون. کەبشمانەوێت باس لەخەڵکی هەورامان بکەین لەڕوی تیرەوهۆزەکانیەوە، دەبێت باس لەیەکە یەکەی گوندو شارۆچکەکانی هەورامان بکەین کەلەچەند تیرەیەك پێکهاتوون، وەك چۆن لەباسی تەوێڵەدا باسمان کردون، ئەمەش لێرەدا بوارمان نیە .

ئەوەی لێرەدا شایەنی باس بێت، ئەوەیە، کە زۆر جار لەناو خەڵکی دا هەڵەیەك دەکرێت، بەهەورامی‌یەك دەوترێت، لەچ عەشیرەت و خێڵێکی، دەوترێت عەشیرەتی هەورامی.. ئەمە هەڵەیە، چونکە هەورامی عەشیرەت و هۆز نیە، بەڵکو هەورامی کۆمەڵێك خەڵکە لەکۆمەڵانی کۆمەڵگەی کوردی هەورامان زێدیانەو، زاراوەکەشیان شێوەیەکە، لە زمانی کوردی گۆرانی‌دا، لەچەند گوندو شارۆچکەدا، نیشتەجێن، لەژمارەیەکی زۆر تیرەو هۆز پیک دێن.

پێکهاتەی خەڵکی هەورامان:

خەڵکی هەورامان بەگشتی پێکهاتوون لە:

- بەگ یائاغا:

بەگزادەکانی هەورامان، فەرمانڕەوای هەورامان بوون، وەبەبۆنەی دەسەڵاتیانەوە، خۆیان بەگەورەتر زانیوە لەناو چین وتوێژەکانی کۆمەڵدا. ئەمەش بەنەمانی دەسەڵاتیان و، هۆشیار بوونەوەی خەڵکەکە، ئەم بەگەورە بوون وخۆبەزلزا نینە نەماوە. لەسەر دەمەکانیشدا یەکی‌یازیاتر لەم بەگزادانە، بوونەتە فەرمانڕەوای پلە یەك و، بە (سان)و (خان) ناسراون ،ئەوانی تریش بونەتە، حاکمی گوندودێهاتەکان. ئاغاکانیش هەروەك بەگزادە لەشوێنێنکی وەك تەوێڵە بوون و ڕۆڵیان بینیوە، ئەوانیش لەپێش شەڕی یەکەمی جیهانی، بەگزادەکان دەسەڵاتیان لەدەس سەندون.

- پیر یا شێخ :

ئەمیش بەهۆی ئەو پلەو پایە ڕۆحیەی کە هەیان بووە لە چینی پێشەوەی کۆمەلگاوە، بەڵکو بە چاوێکی بەرزو بەڕێزەوە سەیر کراون، لەلایەن کۆمەڵگاوە، بەتایبەت لەلایەن موریدو مەنسوب و خەلیفەکانەوە. پیرو شێخەکانی هەورامان، لە لایەن دەسەڵاتدارەکانیشەوە ڕێزیان بووەو، لە کێشە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکاندا، ڕۆڵێکی ئیصلاحیان بینیووە.

- مەلا یا زانا:

مەلاو زاناکانی هەورامان بەهۆی ئەو زانست و مەعریفەیەی کەهەیان بووەو، خەڵکیان فێر کردووەو، پێشەوایەتی مزگەوتیان بۆ کردون و، چۆن دەچن بەدەم داواکاری پرسیارو کێشەکانیانەوە لە ریزی پێشەوەی کۆمەڵدا حسابیان بۆ کراوەو ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی هەورامان مەلان، بەتایبەت لە هەندێ ناوچەدا وەك : تەوێڵە، بیارە، نۆتشە، خەرپانی.. زاناو مەلای زۆریان بووە .

- سەید :

سەیدەکانی هەورامان لەبەر ڕشتەی بنەماڵەیی یان لەناو موسوڵمانانا ڕێزێکی تایبەتیان هەبووە، وە زۆربەشیان بوونەتە مەلا (زانا)، لەچەند گوندو شارۆچکەی هەوراماندا هەن.

ئەم چوار بنەماڵەیە (بەگ و شێخ و سەیدو مەلا) لەریزی پێشەوەی خەڵکی هەورامان حسابیان بۆ کراوەو، بەشی _ نوخبەی کۆمەڵگەن وەك، ژمارەش کەمن و زۆرنین، ژن و ژنخوازیش لە ناو خۆیاندا زیاترەو کەمتر لە (ئۆمی)ی یا بڵێین (بۆرە پیاو = مسکێن) ژن و ژنخوازی دەکەن، وەلەیەك ژن زیاتریان هێناوە بەتایبەت بەگ و شێخەکان.

- ئۆمی یا عەوام :

ئەم چینە زۆربەی زۆری خەڵکی هەورامان پێك دێنن، لە چینی هەژارو مسکێن، لە جوتیارو کرێکارو کاسب پێك هاتون. ئەمانە ئەوسا شوێنکەوتەو پابەند بوون بە چوار بنەماڵەکەی ترەوە. لەم چینە، لەم ساڵانەی دواییدا توێژی ڕۆشنبیران و خوێندەواران پەیدا بوون ئەو شوێن کەوتنە بەو شێوەیە نەماوە.

بێگومان لەناو ئەم دوو چینەدا، چینێکی ناوەندیش هەن، بەڵام بنەماڵەیی نین، تاك، تاکن لەدێو گوندەکاندا، وەك :میرزاو کوێخاو هەندێ کەسی دەوڵەمەند.

دووبەرەکیو شەڕی ناوخۆ:

بەداخەوە، خەڵکی هەورامانیش، بێبەش نەبوون لەم نەخۆشیە کۆمەلایەتیەی ناو کۆمەڵگاکەمان(۱).

ناکۆکی نێوان بەگزادەکان و،شێخەکانیش لەناو خۆیاندا،لەسەر دەسەلات وپلەو پایەبووە، زۆرجار، چینی هەژارو نەدار، بوونەتە قوربانی نێوان دووهێزی دەسەلات. لەناو بەگزادەکان دا، خوێنێکی زۆر ڕژاوە، لەئەنجامی شەڕە ناوخۆیەکانیانەوە، بەلام ناکۆکی نێوان شێخەکان کەمتر بووەو، نەگەیشتوەتە شەڕی خوێناوی، لەبەر ئەوەی کەئەوان چەکدار نەبوون، بەلام بووەتە هۆی ئاوارەبوون و بەجێ هێشتنی زێدی خۆیان.

ئەم دوو بەرەکیە، لەدوای مردنی (سان و بەگ یا شێخ) لەنێوان نەوەکانیدا، لەسەر جێگەداری باوکەکەیان، بووە .ئیتر، یا یەکیان لەناو بردووە یا ناوچەکەیان بەشکردوەو، هەریەکە، ئیعلانی دەسەلاتی حاکمی یا شێخایەتی خۆیان کردوە، بۆ نمونە :

بەگزادەی هەورامان، یەك بەرەبوون و، یەك سانیان هەبووە، کەچی دواتر هەورامان کرا، بەدوو، سێ، چوار، بەشەوە، هەر بەشە، بەرەیەك حوکمی کردووە.

ئەوەی شایەنی باس بێت ئەم دوو بەرەکیەی هەورامان، لەناو دەسەلاتدارەکان بووە، لەسەر دەسەلات، نەك لەناو تیرەو ناوچەکاندا، چونکە شەڕی خێلایەتی، وەك چۆن لەناو خێڵەکانی تری کوردا هەبوە، لەناو هەورامیەکاندا نەبووەو نیە مەگەر بەدەگمەن.

لەتایبەتمەندیەکانی هەورامیو هەورامان:

خاکو خەڵکی ئەم دەڤەرە، لە زۆر شتدا، تایبەتمەندیەکی خۆیان هەیە. هەندێ شتیان هەیە، تەنها لێرە هەیە، هەندێ شمەك و نەریتیش لێرە هەیە لێرەو لەوێش هەیە، بەلام دەتوانین بڵێین :هەندێ شت هەیە تایبەت مەندیەکی ناوچەی هەورامانی وەرگرتووە: جا لەو شتانەی بڕاون بەبالای هەورامیو هەوراماندا:

- سیا چەمانە:

سۆزو خۆشەویستی و ئاهونالەی هەورامیەکانە، بەرامبەر، هەورامان و هەورامیو کێشە ناسۆریەکانی ژیان، دەری دەبڕن .

- سانی هەورامان :

هەرچەندە وشەکە لە(سلطان)ی عەرەبیەوە هاتووەو، گشتییە، بەڵام بەو بچوکراوەیی‌یە، بووە، وشەیەکی تایبەت و، بەمانەی فەرمانڕەوایەکی هەورامییە کە فەرمانڕەوای هەورامانی کردووە.

- کڵاشی هەورامی:

پێڵاوێکی هاوینەی دەستکردی هەورامییەکانە، بۆیە بەناوی ئەوانەوە ناسراوە.

- جەژنی سەربەردی کۆمسا:

جەژنی کۆمسایی، جەژنێکی تایبەتە، بەخەڵکی هەورامانی شار، کە (٤٥) ڕۆژ لەبەهار تێپەڕ دەبێت، خەڵکەکە کۆ دەبنەوە، خواردن و میوە دەبەن لەگەڵ خۆیانداو دەچنە سەر ئەو بەردە، کەلە پاڵ گۆڕەکەی پیر شالیار دایەو، لەوێ گریزەکان دەست دەکەن، بە شکاندنی ئەو بەردەو، هەریەکە نەختێك لەو بەردە وەردەگرن و دەیبەن بۆ ماڵەوە، یاخود، دەیکەنە ناو مەشکەوە، بەحساب بۆ بەرەکەت و ڕزق و ڕۆزی بوونە.

دەڵێن: ئەو بەردە هەموو ساڵێك، ئاوا دەیشکێنن و بۆ ساڵی ئایندە دیسان دەڕوێتەوەو، وەك خۆی لێدێتەوە.

- پیرو پیرشالیار:

لەشوێنی تردا باسکراوە لێرە ئەمەندە دەڵێین: ئەم وشانە لە هەوراماندا بەکارهاتوون، بۆ کەسانی زاناو پیاوانی ئاینی .

- پۆشاکی هەورامی:

پیاوی هەورامی، هەر بەپۆشاکەکەیدا دەناسرێتەوە، ڕانکو چۆغە لەبەر، مشکی یان کلێتە لەسەر، فەقیانەی سپی بەستوو، ئەگەر هاوین بێ، کڵاش و گۆرەوی تەنك، ئەگەر زستان بێ پێڵاوی یەمەنیو پوزەوانەو دەستکێش و فەرەنجی لەبەر، خۆ ئەگەر ئافرەتیش بێت:

کڵاوزەڕ لەسەر دەکات کە(فێسێکە، کڵاوێکە) قەران و لیرەو قوڵپی پێنج قەرانی، دەبەسێت و، بە (چارەوانە . گێلگێلە) دەیڕازێنێتەوەو لە ژێر چەناگە گیری دەکات و مشکی دەکاتە، چەتفەی سەرشان و پێڵاوی کرمەکداری لە پێ دەکردوو....بەڵام ئێستا ئەمانە زۆر کەم بوونەتەوە، مەگەر لە هەندێ گوندا ئەمە مابێت .

- گوێزی هەورامان :

وەنـەبێت لەشـوێنی تـر گـوێز نـەبێت، بـەڵام لـە کوردسـتان و لـەعێراق و ئێرانـدا، بـاگوێزی شـوێنی تـر بێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا، گـوێزی هـەورامان، بەناوبانگە، ئەویش لەبەر چەند سیفاتێکی چاکی گوێزەکەی .

- نانی هەورامی:

نانێکـە بەسـاج دەکرێت و ناسـك و جـوان و خـۆش و بەتامـەو، بەتایبـەت ئەگەر ئافرەتی لێزان و کارامە بیکات بەئاردی سپیو بەپێز، وەبەگـەرمی بیخـۆی بەتەرەپیازو دۆی تازەوە، زۆر بەتام و بە چێژە.

هـەروەها، هەنـدێ خواردەمـەنی تـر هەیـە، زیـاتر لای هـەورامی ناسـراوە، وەك: گێتە مەژگێ، خەپلێ، شلکینێ، کێلانێ، لەپاری،کوتە، ...هتد

- سانالێ:

شوێنێکی تایبەتە، لەناو باخ و ڕەزەکـان، تـەخت و ڕێکو پێك دەکرێـت و، پاشان بە قوڕی گریکدارو بەپێز، بە هۆی (سیرە کۆڵە) وە ساف و لوس دەکرێـت و بە ئەندازەی(١٥م/٢)تا (٣٠/م٢) دەبێت.ئەمەش بـەکاردێت بۆ وشك کردنـەوەی میوەی ناوباخ و ڕەزەکان.

- شادیانە یا وەزەبان:

ئاهـەنگ و شادیو خۆشـی دەربڕینێکـە، هەورامیـیەکان، دەیگێـڕن لـەکاتی گەڕانـەوەی کـاراون و حاجیـان و چـاك بوونـەوەی نـەخۆش و، بـوون بەگـەورەی شوێن، وەك بـوون بە سان و حـاکم و ئیجـازە وەرگرتنـی مەلاو بـوون بە شێخ و ....تا د. ئەم شادیانە زۆر جار (وەزبان)ی پـێ دەڵـێن واتـە (گوێزەبان)، چـونکە ئەوسـاکە شـەربەت و نوقـڵ و شـیرینی نـەبووە، لـەو جـۆرە بۆنانـە، گوێزیـان بەخشیوەتەوە لەسەر بانەکاندا کەکۆبوونەتەوە.

خواردن و خۆراکی خەڵکی هەورامان:

شتێکی تری ئەم خەڵکی دەڤەرە، پێم باشە لێرەدا، بیخـەمە ڕوو، با لەگـەڵ بابەتەکەشدا، کەمێك جیاواز بێت، .... ئەمیش ئەوەیە :

خۆشترین و بەتامترین، خواردەمەنی خەڵکی هەورامان چی‌یە؟

ئەم پرسیارەم لەگەڵێك کەس کرد، هەریەکە وەڵامێکی دایەوە ...

_ ڕۆژێکی بەهار، لە گوێی چەم و کانیاوێکدا، لەدەوری چنورو شەوبۆدا، چایی دەمی هێنابێت (سیراج = سوێرەکە) یا کەرەو هێلکە، بەنانی هەورامی‌یەوە لەگەڵ (پوینە = پونگە) هەبێ، بیخۆی، خۆشترین خواردنە لەبەهاردا .

– یاخود هەنگوینی هەنگی (کۆسالان یا دالانی یا هەیات) لەگەڵ کەرەی هەوارەکانی (ژیوار یا گەناو) لە چێشتەنگایەکدا، لە مەڕێی زاوەردا بیخۆی .

– نیوەڕۆیەکی هاوین، لە (ویسور)ی (نەوسود)، لەپاڵ حەوزەکەدا، دانیشتبیو، لەپەنگاکەی سەرەوە، ئاوەکە، بێتە خوارەوە، یەك قابلەمە یاپراخ، لێنرابێت، بەگەڵا، ناسکەکەی ئەوێ، پڕ بێت لە پەراسووی کەروێشکەکانی وەستا نەجبەدین، ناوەڕاستەکەشی لەکەوە کوژراوەکەی ئێوارەی لالۆ مۆمن، کەناو سکەکەشی پڕ بێت لە برنجی کوردی، پاش کولان، لەپاڵ حەوزەکە (سینییەکەی سان) پڕبکەیت لە یاپراخ، کەرەیەکی باش بکەیت بەسەر، یاپراخەکەداو، دۆکەی (لەیلێ)ش سارد کرابێتەوە بەبەفری دالانی .... دانیشی باش تێر بخۆیت و سیاچەمانەکەش بە شوێنیدا بوترێ .... ئەمە ئەگەر هەموو دنیا نەهێنێت بێشك نیوەی دەهێنێ.

– دەمەو بەیانییەکی پاییز لە نوەیجەر، لە خەو هەڵسیت، نوێژەکەی بەیانیت بکەیت، پاشان لەبەر سەرما، بەتانیەك بپێچی بەخۆتەوە، تا ئەو سەروپێیەی کەشەو لێنراوە لەبەردەم مانگە شەودا، بۆت تێکەن و تادەتوانی بخۆی، بە شوێنیشیا، چا لە دوای چا، کاکە (سەیوانی چایچی) بۆت تێبکات، پاشان بڵێی بەکاکە (سەیوان)" ئادەی بنیشەرە، هەر پیسەو مامۆ عوسمانیت، با دەنگیت بێو سیاچەمانەکەی واچە با کەشەکی دەنگی داوە، ملو کەیمنەو بێدرواس و هانە گەرمڵەیەرە بەهـ بەهـ، چند وەشا، ئی دیمەنەو، ئی یاگە وەشی.

– بەیانییەکی زستان هەڵسیت، یەکپارچە دنیا بەفر بێت (کەشکەك) پێگەیشتبێ وپلەگۆشتێکی باشی تیابێت، تادەتوانی لێ ی بخۆیت، بۆدوای نیوەڕۆش، دیسان، بەفرت باش ماڵیبێت کەلەسەربان هاتیتە خوارەوە، دوای خۆگەرم کردنەوەو، وشك بوونەوە بەو(سکڵە = پشکۆ)یە گۆشت وجگەرتوێ توێ بکەیت، بیدەیت بەسەری سکڵیئاگردانی بەرزۆ پاکەدا، پاشان، چای دیژبکەیت بەسەری دا. ئیتربزانم ماندووت ناحەسێتەوە!؟

– چەند خۆشە، کەنوێژی مزگەوت دەکەیت و، دەگەڕێیتەوە ماڵەوە، خانمی ماڵەوەش نوێژی کردووە، لەوهەویرەی کەشەو شێلاویەتی (گێتە مەژگەو گێتە چەربە = کولێرە بەکاکڵەو کولێرە چەورە)ی، ئامادە کردوە بۆهاوسەرو مناڵەکانی، کەبەچای شیرینەوە بیخۆن.

– خۆ کەبابەکەی لالۆ حسێن لەکەمالا بەنانی هەورامییەوە، لەگەڵ تەماتە ترشەکەدا هەرکاتێ بیخۆیت قەت لەبیرت ناچێتەوە.

- خۆ ئەگەر باسی شەوچەرەی شەوانی پاییزو زستان بکرێ ... لەکاکڵەو گوێزو بادام ومێوژو لەپارە وکوتەو قەزوان..هەرتەواو نابێ.

یاخود میوە خواردنی، ناوباخەکان لەهاویندا..هەرلەکاردەوەژە و تووە تەڕەو شاتوو. تووە فەرەنگی و قەیسی وهەڵوژەو قۆخ وسێوو ترێ.. هەرباس ناکرێ.

- بەهەرحاڵ پرسیار کرا، لەشاکر فەتاح.. خۆشترین خواردن چی یە لەدنیادا کەخواردبێتت، لەوەلام دا وتی:

جارێکیان، لەتەوێڵە بوومە میوانی شێخ حیسامەدین، خواردنێکم خوارد، خۆشترین و نایابترین و بەچێژترین خواردن بووە.. ئەویش خواردنی جگەری کاوڕ، بەساج برژاو، بەنانی هەورامی گەرم، بەپیازە سورەو پونگەوە، لەگەڵ دۆی بە بەفر سارد کراودا: لەکوێ ؟ لەبن سێبەری شۆڕەبیەکەدا، لەپاڵ حەوزو فوارەی حەوشەکەی خانەقاکەی تەوێڵە... ئای چەند بەتام بوو، چەند خۆش بوو:

ساڵی گرانیەکەو مەلا شەریفی بێسارانی:

لەساڵی (١٣٣٦ك)، گرانیەك داکەوت، لەهەموو کوردستان دا، ناوچەی هەورامانیش زیان وزەرەرێکی زۆری لێکەوت، هۆکارەکانی ئەم گرانیەش دەگەڕێتەوە بۆئەم سێ خاڵە:

١- ساڵی پێشوو، ڕووس، هێرشێکی گەورەی کردە سەر کوردستان و، هەندێ ناوچەی هەورامانیشی گرت. لەوساڵەدا، هەرچی ڕزق و ڕۆزی وکەلوپەل و شت هەبوو، بردیان وتالانیان کرد، بەڵکو زۆرێك لەلادێ کانیان هەرسوتاندو، گژوگیای شاخەکانیان نەهێشت.

٢- کۆبونەوەو ئاپۆرەی جەنگاوەرانی کورد، لەگەڵ سوپای عوسمانی، بۆ بەرگری لەهێرشی دڕندانەی ڕووس، لەزۆرێك لەگوندەکانی هەورامانی دزڵی و، ژاوەرۆو گاوەڕۆرەزاو تفڵیدابوو..ئەمەش بەشیخۆی ئەرك بوو، بۆئەو گوندانەو، کاریگەری سلبی هەبوو بۆ گوندەکان، هەرچەندە بەشێوەیەکی سیاسی، ئەوە بووە هۆی، ڕزگار کردن و، دوورخستنەوەی سوپای ڕووس لەناوچەکە.

٣- لەو ساڵەدا، لە(دە) ڕۆژ پێش نەورۆزەوەو، بەدرێژایی هەموو بەهاری ئەوساڵە، دڵۆپێك باران نەباریوە، ئەمەش بووە هۆی وشك بوونی کانیاوەکان و چەمەکان.. لەبەر ئەمە:

گژوگیاو دانەوێڵە سەوزنەبوو،زۆربەی درەختەکان وشك بوون،نەبەروبوومی باخ و کشتوکاڵ بوو،نەگژوگیابوو،نەئاژەڵیش بەرگەی گرت، لەبرسانامردارەوەبوو.

بەکورتی ساڵێکی سەخت وگران بوو،بەدەگمەن درەختێك، ئاژەڵێك بەروبوومێکی بووەوماوە، زەرەرو زیانێکی زۆری داوە لەخەڵکی کوردستان بەگشتی .. هێشتا هەورامان لەچاو هەندێك، شوێنی تر، بووەتە جێگایی داڵدەدانی برسیان وئاوارە بووان، بەتایبەت هەورامانی لهۆن وەزعی باشتر بووە، وەك لەبەشی تەوێڵەدا باس کراوە.

ئەمەش هۆنراوەکەی مەلا شەریفی بێسارانی یە کە بەهۆی چەند دێرە هەڵبە ستێکەوە، توانیویەتی زۆر نەبێ کەم، ئەو ڕووداوە وێنە بگرێ.

مەلاشەریف بەناوی (گرانی)یەوە دەڵێ[(٢)]:

الحمد للەخالق الانام	پەرێ محەمەد، سەڵەوات وسەلام
خوداوەند، تۆی، خالقی عالەم	کوللی کائنات، تەمامی سەرجەم
یارەب بەحورمەت، زاتی بێ زەواڵ	فریاد ڕەسیم کەر، جەتەنگی ئەحواڵ
هورکەر، ڕەحمەت، باوەری بەجۆش	بەسەداو هەیبەت، بکەر ۆخرۆش
بوارنۆ، ڕەحمەت، بەڕەوزەی موختار	هەم بەئەهلی بەیت، ئەسحابەی ئەبرار
بەنامی بێچوون، بینای بیهتەرین	داستان،جەنۆ،بەیاد،باوەرین
هۆشی، پێبدەن، بە میهرەبانی	تەمامە ، بێژم، بەحسی گرانی
مەردم،پەرێشان،تەمام موشەووەش	سەنە، لەهەزار، سێسەدو سیو شەش
یانی قەمەری، ئەو وەخت و زەمان	لەهیجرەت، ڕەسوڵ، حەبیبی یەزدان
دە ڕۆژی مابوو، بۆ فەسڵی بەهار	ئەسڵەن، لە ئاسمان، نم، نەهاتە خوار
مەردم،بەدحاڵ بوو،تەواو یەکجاریی	سێمانگەی وەهار، واران نەواریی
هەرچی زمراعەت، هەم گشت و زاربوو	بۆ قەترەی باران گشت ئینتیزار بوو
ولایەت گشتی، ڕەش و هەم غەمین	....
جەمعی هوماران، قەدیمی سالان	هەرچی بوو، ڕووسی، بردی بەتالان
گەنم لەگەڵ جۆ، تەڕو وشک تەمام	گشتی لەبەین چوو، ئاخر سەرئەنجام
مەردان، بەدحاڵ تەمامی، یەک بار	گاوو گۆسفەند تەمامی یەکجار
ڕووس بەردبادیکرد،گشتی بەمجۆرە نەختێ ئاو بێرە دەست بشۆرە	
یارەب بەحورمەت، زاتی بێزەواڵ	گروی ناڵەمان، بکەری پاماڵ
پەنام هەرتونی، واحد لئەحەد	بەهەقی ڕوتبەی پاکی پێغەمبەر
پاماڵ بکەری ، تایفەی لەئیم	بەناری سەقەر، هەم ناری جەحیم
زەلیلشان کەری، دانای لایەنام	بەخاتر، حورمەت، ڕەسولان تەمام
بەڕەحمی کەرەم، دانایی لامەکان	بەزەییت، بەحاڵ، جەمعی موسڵمان

مەخلوقات یەکجار، تەمام، بەدحاڵە
هەرلا، ئەڕوانی، هەر کوچە ماڵە
یەک، وتی، چاوم بیٚحوکم بووگە
بۆ نانی گاڵین، گیانم دەرچووگە
لەحەیوەت، برسی، مەردوم بێحاڵە
لیرە سوجدەی برد، لەگاڵە تاڵە
یارەب، بەڕەحمەت، دانای دادگەر
بیکە، بەخاتر، شای فەخرولبەشەر
بەبزرگی، خۆت دانای لامەکان
ڕەحمی خەیر بەحاڵ، جەمعی موسڵمان
تەحقیق، ڕاسە
جەنازە، کەوتبوو، بیٚ حەدو شومار
خوا، ئاگادارەن، قەدیمی سالاًن
لاشە، مەردگ بوو، نە دەشت و کۆلاًن
مەخلوق لەبرسی، تەمام بیٚ قەرار
هەرچە پڕاسی بوو، بۆ گۆشتی مردار
یا ڕەب مەحفوزبین لەو بەلاًو ئافات
بە خاتر ڕەسول، فەخری کائینات
یاران هامسەران، دنیا فانییەن
کەلامی (شەریف) بێسارانییەن "

ڕۆڵی ئافرەتی هەورامیلە ژیاندا

بە پێی هەڵکەوتنی تۆپۆ گرافیو باری ناوچەکە، خێزان بەگشتی، بەپیاوو ئافرەت ومناڵەوە، ڕۆڵیان لەڕاگیر کردنی ستونی ئابوری وباری بژێویداهەبووە، بەتایبەتیش ئافرەت، چونکە ژنی هەورامان پێشتر کچی باوکێکی ڕەنجبەرو خوشکی برایەکی کارکەر بووە، بۆیە ئاساییە ئێستاش ژنێکی کارامەو دەست ڕەنگین وخاوەن وزەوتوانایەکی باش ودایکێکی میهرەبان و ژنێکی چالاکی بواری ئابوریو کۆمەلاًیەتیو تەنانەت سیاسیش بێت... لەسەر نەخشی هەڵکەندراوی دراوێکی زۆرکۆندا، ناوی ئافرەتێکی بەناوبانگی ناوچەی هەورامان بەناوی (ئاداد)ەوە دەرکەوتووە لەسەر دیوێکی دراوەکە، ڕوون بووەتەوە کەئەو ژنە فەرمانڕەوای هەورامان و ناوچەکانی دەورو بەریبووە، جالەبەر ئەوە، سکەی بەناوی خۆی لێداوە، لەسەر دیوێکی ئەوسکەیە وێنەی ئەوئافرەتە هەڵکەندراوە ولەسەر دیوەکەی دیکەی نێوی (ئاداد) بەئەلف وبیٚ یئارامی نوسراوە[٣].

(داد) بەواتای (عدل)ی ئەمڕۆ هاتووەو زوربەی زۆری شایەکانی ئەشکانیش ناویان بە(داد) کۆتایی هاتووە. بەلاًم ئەمڕۆ وشەی (داد) لەهەوراماندا بەواژەی (تات، تاتە) دیٚت واتە.. باوك، ئامرازی (ئا)ش لەئاوێستادا مانای (نەریٚ) دەگەیەنێت و بەواتای (دژ) دیٚت جائەگەر (داد) لەواتای (باوك) دا بەکار ببریٚ(ئاداد) مانای (دژباوك) یانی مانای (دایك) ئەگەیەنێت[٤].

ئێستاش لەهەوراماندا بە(دایك) ئەڵێن: ئەدا، ئادا... ئەگەر (داد) بەواتای (باوك) بێت ئەوکاتە (ئاداد) بەواتای دژ باوك دێت کە(دایك)ە ئەمەش لەقەبە وناوی ڕاستی ئافرەتەکە نییە! لەساڵی(٤٤٢) مانگی (قەمەری) بەدوا ناوی ساتراب (سان)ەکانی هەورامان تازەمانی پەهلەوی هاتووە، لەوماوەدا جاربەجار چەند ئافرەتێك وەك سان لەهەورامانی تەخت و لهۆن ناویان هاتووە. وەك.. خاتوو هۆریزاد سان، کەدوای کوژرانی ئەسکەندەر سانی هەورامان لە (١٢٢٥) یمانگی دەبێتە سان و فەرمانڕەوای ناوچەکانی هەورامان وساڵێ زیاتر بەسەر (کەمەرە، ڕەزاوشامیان)و ناوچەکانی دیکە، سانیو حکومەت دەکاو، ئەوسا فەرمانڕەوایی و سانی خۆی دەداتە دەست (محەمەد بەگ)ی مێردی ... خاتو منیرەسان زیاتر لەساڵێك فەرمانڕەواو سانی ناوچەی لهۆن دەبیێو، هەروا لەجیاتی (قادر بەگی عومەربەگ)یش کەدەمرێ حوکمڕانی دەکات. جارجارەش بەناوی (مەنیجە سان) ناو زەد کراوە هەردوو یەکن ... هەروەها ژنانێك وەکو خاتوو مینای کچی ڕۆستەم سان، ئامینە خانی کچی ئەفراسیاو خێزانی حەمەمین سان بەگ، ئافتاو خانی غەفار بەگ خێزانی عیزەت بەگ کەبەخانمی هەورامان ناسراوە، ئاسیا خانی کچی مەحمود خانی درڵی، لە ناودارانی ناوچەکە بوون[٥].

لە بواری ئاینیشدا ئافرەتی هەورامی زۆر جار ڕۆڵی، مامۆستاو فێرکاری بینیوەو، لە حوجرەو خانەقاکاندا هەم خۆی فێربووەو هەم فێرخوازی هەبووەو، وەکو خانمی گەورەو، ناسراوی تەوێڵە، خەلیفە لەیلێ. کەسەرەڕای چەندین ئافرەت کەلەلای ئەم دەرسیان خوێندووە. بەڵکو ڕێژەیەکیش لە پیاوانی دەڤەرەکە، لای ئەم خەلیفە لەیلێیە قورئانیان خەتم کردوە .

هەروەها خاتون خاڵێ کچی پیر جاروالله ی هەورامان و صۆفی مروەت. خەلیفەی شێخ عومەری بیارە .

لە بواری کۆمەڵایەتیشدا ئافرەتی هەورامان وەك پیاوانیان بەشداری شایی شین، وە ئاهەنگ و خۆشی ناخۆشی کردووەو بگرە زۆر جار، لە ڕووی چەندیەتیەوە بەشی ژنان زۆر ترو دیارتربوون، لە هەردوو بۆنەو خۆشیو ناخۆشیدا و، لە ڕووی چۆنیەتیشەوە مایەی دڵنەواییو خەمرەوێنی نسکۆو حەسرەت بوون و، لەکاتی ستایشدا هۆکاری گەرم و، گوڕیو نیشانەی فەرەح و هێمای خۆشنوودی بوون.

لەڕووی هونەرمەندیشەوە، ئافرەتی شاعیرو چیرۆکنوس، لەناوچەکانی هەوراماندا زۆرن وەك (جیهان ئارا)ی کچی مەلا نەشئەتی پاوەیی و[٦] کەوکەب هەورامانی کە خاوەنی دیوانی شیعری خۆیەتی، بەناوی (شاخی هەورامان) و (خانمەکەی بیارەو تەوێڵە)[٧].

هەروەها (کەلسوم) خانمی ڕەزاویش کە یەکێکە لەو خانمانەی ناوچەی هەورامان کە لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنی سنەدا کاری کردوە حاڵی حازر مامۆستاو شاعیریشە هۆنراوەی جوانی هەیە[٨]،[٩] خاتوو (لەیلای ئازادوار)یش لە هەورامانی ئێران خاوەنی کۆمەڵە شیعری خۆیەتیو پایەیەکی باشیشی لە خانەی ئەدەبدا داگیر کردووە.

(بەدریەخانمی جەمیل) یش یەکێکی ترە لەو خانمانەی کەلە ڕادیۆو تەلەفزیۆنی سنەدا کاری کردووە، خەریکە پلەی دوکتۆرای (خەبەر نیگاری) لە ئینگلستان وەردەگرێت[١٠].

لە ڕوی خوێندن و خوێندەواریشدا ئافرەتانێکی زۆر هەن کە خوێندنی باشیان بەدەس هێناوە، لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا خزمەت بە کۆمەڵگای کوردەواری دەکەن.

لە ڕووی ئابوریشەوە، یاریدەدەرێکی باشی براو باوك و مێردەکانیان بوون، شان بەشانی ئەوان، لە باخ و باخات ، ئیش و کارو هەرەوەزو، گەلکاریەکاندا، بینراوە، سەرەڕای ئیشە شەوانە ڕۆژانەکانی ماڵ، وەك بەخێو کردنی منالْ و پاك و خاوێن ڕاگرتنی دیوە خان و، چووە بەدەم ئیشە دەستیەکانی، وەك: لفکە چنین و بەرماڵو مەوج چاککردن و جاجم دروست کردن و چەندین کاری دەست ڕەنگینی ترەوە .

منالْی هەورامان، وەك شوێنەکانی دی جیاوازی نەخراوەتە نێوانیانەوە، ڕێزو نازی کوڕ بەسەر کچ دا زالْ نەکراوە، بەڵکو هەرلەکاتی لایلایەی بێشکەو باوەشی گەرمی دایك و سۆزو دیاری باوکەوە بە یەکسانی سەیریان کراوە، هەر بۆیە لە نێو بەیت و سۆزو بەندە پڕ لەجۆش و خرۆشەکانی فۆلکلۆری هەوراماندا، ئەم شوناسە شیرینەو ئەم کوڕو کچ بەیەك چاو خوێندنەوە دەبینریو تێبینی دەکرێت ....

ئەوەتا دایکێکی میهرەبان چۆن کوڕە تاقانەکەی دەلاوێنیو دەڵێت :

جە قولە بانا هور وەستی — کناچڵا دۆرە بەستی
مەکەرە کاریو بزانا — نەکـ کڵاوەکیت بڕفانا

برالەو والأت ماچا   دەسەو گورالأت ماچا
ناسک و نازدارات ماچا

بە هەمان شێوە دایکێکی تریش شانازی دەکات بە کچە نازدارەکەیەوە بەم شێوەیەی دەیلاوێنێتەوە:

خواو گەداو هەژارا   گەزۆ وارو جە دارا
ئی دار چرو ئۆ داری   رەفت و کناچلأ نە دیاری
دابو دابو جە هوزا   گەوهەرو دلی پیروزا
کونیت پنە نەگوزا[11]...

پەراوێزەکان

(1) بنوارە کتێبی (تێروانینێك بۆ دۆزی کورد) عبدالرزاق عبدالرحمن محمد.

(2) مێژووی هەورامان - محەمەد ئەمین هەورامانی ل(٨٧٧-٨٨٠).

(3) هەورامان لەدەروازەی مێژووەوە، ل(٤) بابەتێکی م. محەمەد صالحی ئیبراهیمی.

(4) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(5) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(6) مێژووی هەورامان - ل(٣٨٧-٣٩٧) سەیر بکە.

(7) مێژووی هەورامان - ل(١٤، ٤١٨)

(8) مێژووی هەورامان - ل(٤١٨)

(9) کەلسوم خانم لەکۆنگرەی هەورامانناسیدا، کەلەمانگی (٢٠٠٠/٦)دا گیرا لەسنە، نوسراوێکی لەسەر ئافرەتی هەورامان خوێندەوە، بەڕاستی بەهێزو کاریگەر بوو، هەموو ئامادەبوانی هەژاند.

(10) مێژووی هەورامان - ل(٤١٨).

(11) سودم وەرگرتووە لەو نوسراوەی کەلسوم خانمی رەزاو، کەلەکۆنگرەی هەورامانناسیدا خوێندیەوە.

شێوە زاری هەورامی

- ئەم شێوە زارە لەچ لقێکی زمانی کوردیە ؟
- وشەی (گۆران) لە چیەوە هاتووە؟
- سەرنجێ لە وشەی (ماچۆ) و (ئاریان واچەکان)
- شێوە زاری هەورامی لە مێژووی ئەدەبدا
- چەند زانیاریەك لەسەر زاری هەورامی
- خشتەی چاوگ و فرمان
- فەرهەنگۆکەیەکی هەورامی بە سۆرانی

شێوازی هەورامی

شێوازی هەورامی، كە بەبەشێك لە زاری -گۆران -دادەنرێت، خەڵكی هەورامان، گفتوگۆی پیٚدەكەن، هەروەها زاری (زەنگەنە)ی ناوچەی (لەیلان) و(باجەلاَن)ی ناوچەی (خانەقین و(شەبەك)ی ناوچەی (موصلٚ) و هەندیٚ لەتاڵیشەكانی ناوچەی (خەزەر)و هەندیٚ لە(زازا)كانی كوردستانی سەرو(توركیا)، ئەمانە نزیكن لەزاری هەورامییەوەولەیەكتر تیٚدەگەن.[1]

ئەمانە لەبناغەدا هەریەكێك بوون و بەهۆی دووركەوتنەوەیان لەیەك، ئەو كەمە جیاوازیەیان بۆ پەیدا بووە، بەدووریش نازانریٚ كەشێوە زاری هەورامی بناغە بووبێت بۆبەشەكانی تری گۆران. یابڵێین، لە بنەڕەتدا ئەوانیش هەورامی بووبن، بەلاَم بەهۆی لەیەك دابڕانیان و دووركەوتنەوەیان لە هەورامان و كاریگەری شێوە زمانە زمانەكانی تری كوردی، ئەوگۆڕانكاری‌یە بووە بەسەر بەشەكانی تر.

شێوە زاری هەورامی لەچ لقێكە؟

زمانی كوردی بە گەڵیٚ جۆرو شێوە دابەش كراوە، ئێمە ئەم جۆرە دابەش كردنەمان بەباش زانیوەو هەڵبژاردووە كەدەڵێت:

زمانی كوردی بە گشتی دەكرێت بە چوار بەشەوە :[2]

١) زمانی كوردی كرمانجی، كە بریتیە لە:

زاراوەی -ئاشیتەیی، ڕۆژاوایی (لە كوردستانی توركیایە)، بادینی (لە كوردستانی عێراق دایە)، شیمال (لە كوردستانی ئێران دایە)، حەڵەبی، قامیشلی (كە هەردووكیان لە كوردستانی سوریەدان) .

٢) زمانی كوردی سۆرانی، بریتیە لە زاراوەی :

سلێمانی، هەولێر، موكری، سنەیی، كەركوكی، گەرمیانی، جافی، شارەزوری.

٣) زمانی كوردی لوڕی، كە بریتیە لە زاراوەی :

كەلهوڕی، لەكی، فەیلی، بەختیاری، سنجابی.

٤) زمانی كوردی گۆرانی كە بریتیە لەزاراوەی:

زەنگەنەیی، باجەلاَنی، هەورامانی یا هەورامی، زازایی، دمڵی، شەبەكی، شوانكارەیی، قەڵخانی، كاكەیی، ئەردەلاَنی، كەنولەیی.

وشەی (گۆران) لەچییەوە هاتووە؟

وشەی گۆران بەم واتایانە هاتووە [٣]:

چیا نشین، موشەدەمە، ڕێگر، گۆڕان، گۆڕەپان، گوردان واتە ئازا، گەبران بووە بەگاوران دوایی بووە بەگۆران، ئاگر، لەئاڵوگۆڕکراوی وشەی کوردەوە هاتوە، کوردە گاورەکان.

مامۆستا سجادی دەڵێ [٤]:

(کورد بەو کوردانە دەڵێن کە دەوار نشین و کۆچەرین، وە (گۆران)یش بەو کوردانە ئەڵێن کە شارنشین و لادێ نشینن، لە سەردەمێکدا کە نیشتەجێیی لە کورد دا نەبووە، ئەم ناوەش نەبووە، لە پاشا وردە وردە ئەو بەشەیان کە دەستیان دایە دانیشتن لە شارو لادێکانا، بەشە کۆچەریەکان ناوی (گۆڕان) یان بۆ دانان، وە ئەم وشەیە، من لەلام وایە، بناغەکەی وشەی (گۆڕپان)ە، لەبەرئەوە زۆر کەوتوەتە، سەر زمانەوە بووە بە (گۆران) گوایا بەشی کۆچەریەکە لەبەر ئەوە بەشەکەی تر پشتیان لە ژیانی کۆچەرایەتی هەڵکرد پێیان وتن (گۆڕپان) یانی لەسەر ڕێ‌و شوێنی ئێمە لایاندا.

دەروێش سەیفوری بانیارانی (١٨١١-١٨٧٧ ز) دەڵێت [٥]:

گۆرانی گۆیش، هۆزی گۆرانەن — چەنی بێگانە، هەرنە زۆرانەن

زوان گۆرانی، زوان (پاڵنگانەن) — زوان سوهرە وەرد، ڕەی‌و زەنگانەن

گۆران ڕەسەن، کورد هۆرامانەن — هۆرامان نەگۆهەر، هەر ئاهرمانەن

تا دەڵێت:

(سەیفورا)؟ چێش ماچی ئانە بەهەشتەن سوارەی گۆران، یەک یەک نەگەشتەن

سەرنجێ لە وشەی (ماچۆ) و (ئاریان واچەکان) [٦]:

لەدەوروبەری، هەزارەی یەکەمی پێش زایین دا، هۆزی ئاریەکان، کە لە ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا دەژیان، بەهۆی سروشتی ناوچەکەیانەوە، لە ڕێگەی (ئاراس)ەوە، هاتن لە چەم و دۆڵەکانی زنجیرە شاخەکانی (زاگرۆس) نیشتەجێ بوون. ئەم هۆزانە هەریەکەیان، بۆ خۆیان، نیمچە سەربەخۆیی‌یەکیان هەبوو، بەهۆی هێرشی سەرەمڕی ئاشوری‌یەکانەوە یەکیان گرت و دەوڵەتی (ماد) یان دامەزراند.

ئەم هۆزانە لە هۆزەکانی (ئاریان واچ) بوون، ناوچەو زمانەکەشیان هەربە (ئاریان واچ) ناوی دەرکرد.

(واچە)بە واتای (بڵێ=بیژە) دێ. لە ڕیشەی(واچە=ڤاچ)، کاری جۆراوجۆر دروست دەکرێت، بۆ وێنە:

واچە، واچدێ: بڵێ (بێژە)، بڵێن (بێژن)

ماچوو، ماچمێ، ماچدێ: دەڵێم، دەڵێین، دەڵێن.

بواچە، بواچدێ، بواچا: بڵێ، بڵێن، بڵێن.

ماچوو، ماچۆ، ماچا: دەڵێم، دەڵێ، دەڵێن.

صەیدی هەورامی دەڵێ:[7]

شەماڵ وێت کەرە، بەزوانوو من

(واچە)، بە شیرین، سۆی چەمانوو من

یاخود مەولەوی دەڵێ[8]:

خاڵۆ، خاڵۆتەن، کەم (واچە) خاڵۆ

خاڵۆ دەم وەبان، خالآنت ماڵۆ

خانای قوبادیش دەڵێ:[9]

جە لای عاقڵان، ساحێب عەقڵ و دین

دانا بوزرگان، کوردستان زەمین

ڕاستەن (مەواچان)، فارسی شەکەرەن

کوردی جە فارسی، بەڵ شیرین تەرەن

وشەی (ئاریان)یش، کۆی (ئاری)یەو، گوندێکی هەورامانیش ناوی (ئاریان)ەو، نەتەوەی (ئاریش)هەیە، کەلە فارس وکوردو بەلوچ و ئازەر.....هتد پێکهاتووە.

وشەی (ئێریە) لە ئاڤێستادا، بەمەبەستی نەتەوە یا نەژاد هاتووە، ئەم وشەیە، لە پارسی کۆن دا (ئەریە) و لەسانسکریتیدا بە(ئاریە) هاتووەو، لەزمانی ئەشکانییەکاندا، بەشێوەی (ئەری) و، لەپالەوی ساسانی بە (ئێر)یە هاتووە.

وشەی (ئاریان ڤاچ) = ئێریەن ڤاچ = ئاریان واچ = ئێریان واچ، لە سێ پارچە پێکهاتووە، (ئێر+ یەن+ ڤاچ).

کەوابوو: ئەم سێ پارچەیەش پێکەوە بەواتای (نەتەوەی ئاری ئێرانی، کەبە واچە واچ، (گفتوگۆ دەکەن) هاتووە.

گەلی ئێرانی هەن، کەبە (ئێریان واچ) ناوبانگیان هەیەو، گەلی ئێرانی دیکەش هەن کە(ئێریان واچ) یان پێ ناوترێ، چونکە بە (واچە، واچ) گفتوگۆ ناکەن.

نیشتمانی نوێی ئاریان واچەکان، کوردستانی ئەمڕۆیەو ئەوانی دیکەش کەبە (واچە واچ) گفت و گۆ ناکەن. نیشتمانی نوێیان، ڕۆژهەلات و خوارووی ئێرانی ئەمڕۆیە.[١٠]

گەڕۆکە ئەورووپییەکان وشەی (واچە واچ) یان کردووە بە (ماچۆ ماچۆ) .

(واچە) واتە: بلێ، بەلام (ماچۆ) واتە ئەلێ، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بە دواوە، وشەی (واچ)ە کە گۆڕا بۆ (ماچۆ).[١١]

لە فۆلکلۆری هەورامیدا دەلێ:

من کورە هۆرامیم، کوردی نازانم وە (زمانی ماچۆ)، قەزات لە گیانم

بەم شێوە بەزمانی کوردی کۆن، دەبێ زمانی (ماچۆ) بوترێ، کەواتای زمانی (ئاریان ڤاچ) دەدات .

بۆیە: ئەمانە (ماچۆ)یان پێدەلێن: چونکە لە قسەکردنەکەیان دا، وشەی (واچ)و (ڤاچ) و (واچە واچ) و (ڤاچە ڤاچی) زۆری تیا بوو.

لە زمانی (ئاریان ڤاچ)ەکان دا، وشەی (ڤاچ= ڤەچ) هەیە، ئێستاش لە شێوە زمانی هەورامانیدا ماوەو، واتاکەی نەگۆڕاوە، بەلام لە شێوەکانی دیکەی کوردی ئەمڕۆدا نەماوە..

هەورامان و هەورامانی‌یەکان نەك هەر ئەم وشەیە، بەلکو پارێزگاری زۆر وشەو نەریت و باوی کۆنی تری کردوە.

لەشێوە زمانەکەی ناوچەکانی هەورامان دا ئەم زاراوانە، هەن:

سروش واچ، واتە: دۆعا خوێن

گۆرانی واچ، واتە، گۆرانی بێژ.

ڕاست واچ، واتە، ڕاستگۆ، ڕاست بێژ.

بالۆرە واچ، واتە،مەتەلبێژ.

واچەواچ، واتە، گفت و گۆ.[١٢]

وتمان وشەی (واچە) گۆڕا بە (ماچۆ)، دواتریش لەبری زمانی ماچۆ، زمانی گۆران بەکارهات. کەچی لەم دواییەش دا، لەچاپەمەنی‌یەکاندا کەباسی زمانی گۆران دەکرێت، لەناوکەوانەدا دەنوسرێت (هەورامی) دەلێیت (گۆران) هەر هەورامین.

لەڕاستیدا شێوە زارەکانی گۆران- جگە لەهەورامی-خەریکە نامێنن و هەر لەسەرزاری پیرەکانیان ماوەتەوە، بەلآم شێوەزاری هەورامی‌یەکەی باشتر لەشوێنەکانی تر پارێزگاری کراوەو بەتەنگیەوە بوون، ئەم شێوە زمانە سامانی کلتوری نەتەوەی کوردە، لەمۆزەخانەی هەوراماندا پارێزراوە.

کەواتە:

ئەگەر وابڕوات، لەزمانی کوردی گۆراندا، هەرشێوەزاری هەورامی دەمێنێتەوە، واتە:چامەنی‌یەکان هەقیانە بنوسن: (گۆرانی- هەورامی). خەم خواردنی شێوەزاری هەورامیش زۆر زەرورو پێویستە، بۆئەوەی باشتر بمێنێتەوەو گەشە بکات.[١٣]

شێوەزاری هەورامی لەمێژووی ئەدەبدا:

وەك لەپەڕاوە مێژوویی وئەدەبی‌یەکاندا دەردەکەوێ. کەماوەیەکی زۆر شێوەزاری هەورامی زمانی ئەدەب و نوسین و دینی بووە، لەهەورامان و بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستان. وە تەنها بەشێوەزاری هەورامی‌یان وتووە زمانی کوردی، بەدیالێکتەکانی کەی کوردی‌یان نەوتووە کوردی.

ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، ئێمە ئەم هۆکارانە دەگەڕێنینەوە بۆئەم خالآنەی خوارەوە:

١-بوونی سەرچاوەیەکی نوسراوی دینی و ئەدەبی دێرین - کەناوەڕۆکی ئەم سەرچاوانەی تێکەلآو بووە، بەبیر وهۆش و هەستی کۆمەڵگەی کوردی کە کاریگەری بووە لەسەریان. ئەم سەرچاوانەش ئەمانە بوون:

أ- بونی ئاڤێستا.....بە پێی لێکۆڵینەوەیەك زمانی کۆنی گۆرانی، زمانی ئاریان واچەکان بووە. ئاڤێستاش بۆ ئەو نەتەوە هاتووە، ئەبێت هەر بەو زمانە کۆنە گۆرانی‌یە بووبێت.[١٤]

لە پیرشالیاری زەردەشتی‌دا -ل (١٣) دا هاتووە: کەئاڤێستا بەشێوەزاری هەورامی بەپیتی ماسی سۆراتی نوسراوەتەوە، لەنامەخانەی گشتی لەتاران چەند لاپەڕەیەك لەئاوێستا تائێستاش پارێزراوە.

ب- بوونی (ماریفەت و پیرشالیاری) -ئەمیش چونکە بەهەورامی‌یە کاریگەری خۆی بووە لەسەردەمی زەردەشت و لەسەردەمی ئیسلامیشدا.

ح- هۆنراوەکانی (سەرەنجام و پارەسان)- کە کتێبی پیرۆزی عەلی ئیلاهی‌یەکانە وەك پەیامێکی دینی بەزمانی کوردی هەورامانی نوسراوەتەوە.

شوێنەواری ئەوە هەیە كەبتوانین بڵێین: زمانی كوردی هەورامی زیاتره لە(٨٠٠) ساڵ لەمەوبەر تر، زمانی دینی ناوچەی كوردستانی نێوەڕاست و خوارو بووە، بۆیە توانای مانەوەی بووە بەوجۆرەی كەهەیە.[١٥]

د- بوونی كۆنترین دەقی ئەدەبی بەشێوەی هەورامی... م. محەمەدی مەلا كەریم لەپێشەكی لاپەڕە (١١-١٢)ی پەڕاوە كە لەپور زینو كەرەوەكەی ئەنوەری سوڵتانیدا نوسیویە:

(كۆنترین شیعری كوردی كەبۆ پتر لەهەزارو دوو سەد ساڵ ئەگەڕێتەوە بەدیالێكتی گۆرانی‌یە كەشیعری باڵوڵی ماهی‌یە.[١٦]

ه- مانەوەی ڕازو ئەفسانەی هۆنراوەو سرودو پەخشانی دینی و بەیت و بالۆرەیەكی زۆر لەناو كۆمەڵگای كوردیدا، كەئەمانەش بەزمانی كوردی هەورامانی نوسراونەتەوە كە بۆ خۆیان كاریگەریان بووە. ئەمانە هەندێكیانن: خورشیدو خاوەر، لەیلیٚ و مەجنون، شیرین و فەرهاد، شیرین و خوسرەو، بارام و گوڵەندام، حەوت خوانی ڕۆستەم، ڕۆستەم و زۆراب، جهانگیرو ڕۆستەم، خاوەرو زەمین، شێخی سەنعان، محەمەد حەنیفە، مەولود نامە، نادرو تۆپاڵ، هومەیلای پەری و زلێخای یەمەن، ئاسمان و زەمین، مەنیجەو بیژەن، نادرنامە، جەنگنامە خالید، زەڕین مەلیك.[١٧]

٢- كاریگەری زمانی بێگانەی كەمتر لەسەر بووە، تا ناوچەكانی تری كوردستان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەزۆری خۆیان حوكمی خۆیان كردوە. هەرچەندە بێگانە هەوڵی زۆری بۆداوە، بەڵام یا نەیتوانیوە بیگرێت یا نەیتوانیوە بمێنێتەوە تیایدا.[١٨] ئەگەر شوێنانی تری كوردستان، وەكو ناوچەی ئەردەڵان و شارەزوورو موكریان، شیعرو ئەدەبیاتیان بە هۆی فەضلی ئیسلامەوە، بە عەرەبی، یا بەهۆی دەسەڵات و هۆكاری سیاسی‌یەوە، بەتوركی، یا بەهۆی نزیكی دراوسێ‌یەتیەوە، بە فارسی هۆنرا بێتەوە، ئەوا لەسەرەتاوە هەورامان كەمتر لە ژێر ئەو كاریگەریانەدا بووە، (هەربۆیە كەهەر دەرونیان هاتبێتە جۆش بە زمانەكەی خۆیان دەریان بڕیوە. لەمەوە ڕەمەكی مەردمەكەش فێربوون كەهەر لەدەورێكی زۆر كۆنەوە شیعرو ئەدەبیاتیان بەزمانەكەی خۆیان وتووە، كە عەرەبیش لەمزگەوتەكانەوە سەری هەڵدا، ئەدەبی زمانەكەی خۆیانیان هەر بۆ ماوەتەوە، هەر ئەمەش بوو وای لە خوێندەوارەكانی مزگەوتەكان دەكرد كەبەكەم سەیری نەكەن).[١٩]

٣- ژینگەكەی كاریگەری بووە، مامۆستا سجادی دەڵێت:

(... کابرا پێش ئەوەی بچێتە مزگەوت گوێی لە باوك یا مامە نەخوێندەوارەکەی بووە، کە بەزمانەکەی خۆی هەڵبەستی بەسەرا هەڵداوە، ئەمە بێجگە لەوە دایکی لە بێشکەکەدا هەر بەو شێوەیە، لایە لایەی بۆ کردووە، ئەمە لەماڵا، کە ئەچووە دەریشەوە لەسەر هەڵپەڕکێ، لەسەر کانی، لەبەر بەرۆچکەدا، هیچی تری گوێی لێنەئەبوو، تەنیا هۆنراوەی زمانەکەی خۆی نەبێ. ئەمانە هەموو کردیانە کارێ، کاتێك کە دەستی‌دا بە خوێندنی فارسی یا عەرەبی یا زمانێکی تریشەوە، ئەدەبی زمانەکەی خۆی هەر بە ئەدەب بزانێ .[٢٠])

مامۆستا بۆرەکەیی وتەنی: هەرکە دڵ و دەرونیان هاتبێتە جۆش و خرۆشەوە، بە شێوەی زمانەکەی خۆیان دەردە دڵیان کردوەو مەبەستی دەرونیان بە هۆنراوە هەڵڕێژاوە.

٤- ناوچەکە خۆی ناوەندێکی زانستی بووە، چەندەها حوجرەو خوێندنگای تیا بووە، لەلایەکەوە مەلایەکی زۆری هەورامی کەدوای تەواوکردنی خوێندنەکەیان بڵاوبوونەتەوە بەشوێنانی تری غەیری هەوراماندا، لەلاکەی تریشەو خەڵکانێکی زۆر بۆ خوێندن هاتوون لەم حوجرانەدا ماونەتەوەو تێکەڵاوی مەردمەکەیان کردوەو، زمانی مامۆستاکەشیان فێربوون و بەکاریان هێناوە وەك ئەدەب، ئەمەش بۆ خۆی نیسبەتێك کاریگەری بووە.

٥- ناوچەکە ناوەندێکی ئاینی بووە بۆ دەورو بەرەکەی.

لەسەردەمی ئاییینی زەردەشتی‌دا، ناوەندێك بووە بۆ پیرەکان و، بووەتە پەناگایەك بۆیان، پیرشالیاری یەکەم لەم ناوچەیە بووە، ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری بووە..

لەسەردەمی ئیسلامیشدا پیرشالیاری دووەم، پیری پیران بووەو (٩٩) پیرەی لەم ناوچەیەدا پێگەیاندوە. جگە لەمەش (٧٢) پیرەی یارەسانەکانیش لەم ناوچەیەدا بوون و پێگەیشتون. شێوەی گۆرانی زمانی ڕەسمی مەزهەبەکەیان بووە .م بۆرەکەیی لە ل(٦٨)دا دەڵێ: کەلەسەدەی دووهەمی کۆچی‌دا، ڕێبازو ڕێ‌و ڕەوشتی یاری داهاتووەو سەرۆکەکانی ڕێبازەکە نوسراوەکانی خۆیانیان هەر بەشێوەی زمانەکەیان نوسیووە وەکو لە پێش ئیسلامیشا نووسراوە، ئاینەکانی کۆنی ئێران هەر بەم زاراوە نوسراون).

هەروەها لەم ساڵانەی دوایش دا هەورامان بووەتە ناوەندی ئەهلی تەصەوف و، بەو بۆنەوە موریدو مەنسوبێکی زۆر لەدەوری شێخانی نەقشبەندی

هەورامان کۆبونەتەوە، حەزیان کردوە زمانی شێخەکانیان فێربن و بەئەدەبیاتی شێخەکانیان هۆنراوەکانیان بهۆننەوە.

٦- هەورامییەکان، کەمتر هاتوچۆی بارەگای پادشایانیان کردووە.

... کورد لەبەرەبەیانی مێژووەوە لەباری ئەدەبیدا، تێکەڵاو بووە یالەگەڵ ڕۆم و فارس دا، وەیا لەم ئاخرەدا لەگەڵ تورکدا، هەرچی دەستەی خوێندەوار بووە یاسەر بەخۆ ئاشنابوون بەبارەگای پادشاکانی تورك و عەجەم، یانزیك بوون بەکۆشکی ئەوخانەدانە کوردانە، کەئەوان هاتووچۆی بارەگاکانیان کردون. بەیاسای تەبیعەت، برەو لەو زمانەدا ئەبێ کەپادشا قسەی پێئەکاو پێکردووە، ئەو زمانە بەئەدەب پیشان دراوەو پیشان ئەدرێ، کەپادشاو خاوەن وڵات قسەی پێکردوەو پێ ئەکا. بەدێژایی زەمان ئەم زمانانە لەسەر زمانی کورد سوڕاونەتەوە بەجۆرێك شعوری داپۆشیون، تەنانەت ئەوەیان بەدڵا نەهاتووە کەزمانی خۆشیان ئەگونجێ، ببێ بەزمانێکی ئەدەبی!. شعری فارسی و تورکی لەدیواخانی ئەو کۆشکانەوە بڵاوبووەتەوە. هەروەها شعرو ئەدەبی عەرەبیش بەهۆی ئیسلامەتیەوە لەمزگەوتەکانەوە تەنیویەتەوە.

... بەلاّم هەورامی (ئەوەندە ئاشنای بارەگای پادشاکان نەبوون، بەجۆرێکی وەها کەزمانی ئەوان سوار زمانەکەیان ببێت).[٢١]

٨- نەزانین ونەتوانین:

سجادی دەڵێ:

(... دیارە شعرو ئەدەب، لەهەر زمانێکا،کەتۆ بیگریت، ئەبێ ئەو کەسە لێی تێبگا، ئەو وەختە، دەمی بۆ بەریت، نەوەك، تەنیا تێگەیشتن، بەڵکو هەموو سوچێکی ئەبێ بزانی، لێرەدا، ڕەمەکی مەردم- یەعنی نەخوێندەوارەکان- نەیانتوانیوەو نەیانزانیوە، لەکون وقوژبنی زمانێکی وەکوو، فارسی یا تورکی، یاعەرەبی، بگەن، هیچ دەمیان بۆنەبردووە، وەببڕای بڕای، ئەوەشیان بەدڵا نەهاتووە، کەبەو زمانەی خۆیان قسەی پێئەکەن، ئەتوانن شعرو ئەدەب بڵێن وەئەگەر بەدڵیشیانا هاتبێت و وتبێتیان-وەکو هاتوەو وتویانە- بەرەی خوێندەوارەکان- کەئەوان ئەدەبیان بەزمانی بێگانە زانیوە، چونکە زانیویانە گاڵتەیان پێکردوون وپێیان وتون ئەمانە (شایەر) یا(دەلۆ)ن! بەم بۆنەوە ئەدەبی خاوێنی ئەسڵی زمانەکە پاش کەوتووە، ... مەبەست لەم قسەیەمان لەبەینی ئەردەڵان، شارەزوور، موکریاندایە، واتە: کوردی ئەم شوێنانە بێجگە لەهەورامان شیفتەی ئەو زمانانە بوون..[٢٢]

٩- بوونی باکگراوندی زمانەوانی دەوڵەتی ماد:

مامۆستا (محەمەد ئیبراهیمی) لەگۆڤاری (ئاوێنە) ژمارە (٣٧) ل(٣٢-٣٦)دا، بابەتێکی بەپێزی بەناوی (پەیوەندی زاراوەی هەورامیو زمانەکۆنەکانی تری ئێران) بڵاوکردووەتەوە، تیایدا دەڵێ:

نەتەوەی ماد کەئێستا بەکورد ناو ئەبرێ ... فەرهەنگ و زانستی لەسەر بنچینەی زوانی هەورامی (گۆرانی) داب و نەریتی نەتەوایەتی خۆی داڕشتووە ... هەرچەندە ڕوداوە مێژوییەکان نەیان هێشتووە، شوێنەوارە کۆنەکان بەباشی وەدەرکەون و ڕاستەقینەکانی مێژوویی بەباشی بناسرێن ... ئەو پەرتوکە کۆنانەی کەچەند هەزار ساڵ لەمەوبەر بەزمانی ڕەسمی ئێرانی نوسراون، لەشێوەی گۆرانی (هەورامی) گەلێك نیزیك ترن تاشێوەی فارسی یاشێوە کوردیەکانی دیکەو، ئەمانە دەری ئەخات کەبنچینەو ڕەچەڵەکی فارسیش لەسەر زوانی گۆرانی (هەورامی) داڕێژراوە ... واتە بەڕۆشنتر دەتوانین بڵێین:

... کەشێوەی ئێستای زاراوەی هەورامی ڕیشەو بناغەی هەموو شێوە زارەکانی تری ئێرانیە، بەکۆمەڵێك بەڵگە لەوانە:

أ- سروشتی ناوچەکە بووەتە قەڵایەك پارێزراوەو دوور بووە لەپەلاماری فەرهەنگی و، وشە جوانەکانی تێکەڵ بەوشەی لاوەکی و بێگانە نەبووە، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و مێژوویی خۆی پاراستووەو، سەربەخۆ ژیاوە، بۆیە یەکێك لەشاعیرەکان دەڵێ:

قەڵای هۆزو گەل، شاخی هەورامان گەل بپارێزە، دەسم وەدامان

ب- هەموو ناوچە کوردنشینە کۆنەکانی دی، بەشێوەی هەورامی (گۆرانی)هەڵبەستیان لەخۆیانەوە بەجێهێشتووە، ئەگەر چاوێك بەمێژووی ئەدەبی کوردی عەلائەدین سجادی‌دا بگێرین ئەمەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

ج- ئەوناوچەی تووشی گۆڕانکاری مێژوویی هاتوون و زمانی هەورامیان لەبیر بردونەتەوە.

زۆر بەباشی توانیویانە بەلانی کەمەوە، ناوەکان بەشێوەی هەورامی (گۆرانی) بهێڵنەوەو، بیانپارێزن.

د- لەوشەکانی زمانی گۆرانی (هەورامی) دا جیاوازی لەنێوان نێرو مێ‌دا هەیە. ئەمە بەڵگەیەکی زۆر گرنگە، چونکە لەهەر زمانێکا جیاوازی لەنێوان نێرو مێ‌دا هەبێت، ئەو زمانە زمانێکی وێژەیی و زانیاری و بناغەییە، کەلەباری

زانستیەوە چۆن لکوپۆپی زۆر لێئەبێتەوە، لەڕیزی زمانە زیندوەکانی دونیا دەژمێردرێ.

ﻫ-کۆنترین دەق و نوسراو کەلەناوچەکەدا دۆزرابێتەوەو هەبێت وەك: ئاوێستاو ماریفەت و بەڵگەنامەکان و هتد... لەشێوەزاری هەورامیەوە نزیکترن.

کەوابوو:

فەرهەنگ و ڕۆشنبیری کورد لەسەردەمی مادەکاندا لەسەر بنچینەی شێوازی هەورامی داڕێژراوە.

١٠- سەردەمانێك تەنها بەشێوەزاری هەورامی وتراوە زمانی کوردی.[٢٣]

(... ئەو سەرچاوانە کەهەن و وان بەدەستەوە، وادەری دەخەن کەزمانی کوردی هەورامانی، زمانی کۆنەو بۆیە زمانی دینی و ئەدەبیو ڕۆشنبیری کورد بووە، نەك تەنها لەسەرانسەری میرایەتی بابا ئەردەڵانیەکان، کەلەدەوروبەری (١٣٢)ی کۆچیدا دامەزراوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆدێرین زەمان و لەوانەشە، ڕواڵەتێکی نوێی ئاوێستابێ.

م. بۆرەکەیی لەوێژەکەیدا ل(٦٨) دەڵێ: هەڵبەست کەسەرەتا لەناو کوردەواریدا بەزاراوەی گۆرانی یاهەورامی وتراوە، چەند هۆیەکی هەیە: یەکەم زاراوەی گۆرانی کەکۆنترین زاراوەی کوردییەو خەڵکی ناوچەکان و شوێنەکانی هەورامان و حەقەکانی کرماشان و کرندو هەندێ لە عێلە کوردەکانی تر پێی ئەدون، ئەتوانین بڵێین کە: ئەم زاراوەیە پاشماوەی زمانی پەهلەوییە.

د. مارف خەزنەدار لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا -ل (٩١)دا دەڵێ:

(تێکستی شیعری شێوەی گۆرانی کۆنترین تێکستە لەئەدەبی کوردیدا، یاخود بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین: سەرەتای مێژووی ئەدەبی کوردی بەشیعری شێوەی گۆرانی دەستی پێکردووە.

شێخی سەعدی لە (٣٦٩)ی کلیات سعدی (بدایع) چاپی کۆن، ئەم دێرە شیعرەی تیایەو دەڵێ:

گەر بەتازی آستینی بر من زندگوید تعال

گە بەکوردی گویدم (بورێ نشینەو نان وەرە)

ئێمە لێرەدا بەهێنانەوەی ئەم دوو دێرەی شێخی سەعدی تەنها مەبەستمان وشەی (کوردی)یە، کەبۆ چ مەبەستێ وچ واتایە بەکاری هێناوە،

دیـاره ڕسـتەی (بـوریٚ نشـینەو نـان وەره) بـەدایلێکتی هەورامانی‌یـەو، واتـای بەسۆرانی بەم جۆرەیە:

(وەره دانیشەو نان بخۆ). واتە: ئەو دەمەی شێخی سەعدی، زمانی کوردی تـەنها زمـانی کـوردی هـەورامانی بـووەو بەدایلێکتـەکانی کـەی کوردیـان نـەوتوه کوردی!!..)

هەروەها (خانای قوبادی) ئامادەیە (شیرین و خوسرەو) بـەزمانی کـوردی بخوێنێتـەوە، چونکە بەلایـەوە زمـانی کـوردی نەلەفارسـی کـەمترەو بگـره لـەویش زیاترو شیرین ترە، بۆیە بەم بۆنەیەوە دەڵیٚ:

جەلای عاقڵاٚن ساحێب عەقڵ و دین   داناو بوزرگان کوردستان زەمین

ڕاستەن مەواچان فارسی شەکەرەن   کوردی جەفارسی بەڵ شیرینتەرەن

واتە: زمانی کوردیش لای خانا، دایلێکتێکی هەورامانیە.

نامەیەك بەشێوەی زاری هەورامی:

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی بیاره لەبنەماڵەی زانیاران لەلاپەڕە (٣٨٩)دا دەڵیٚ:

لەسـاڵاٚنی حـەفتاکانی کۆچـی‌دا یـەکیٚ لـەبرادەرانی وڵاٚتـی خۆمـان کەلـە ئەڵمانیا بوو، چەند نامەو چەند غەزەلێکی نێوان (بابانەوس) و (قازی بەنیٚ) و (شێخ عـەلی خان)ی بۆ نـاردم کـە بەشـێوەی هـەورامی ئـەو ڕۆژە نوسـراون و، بـۆ مێژووی (٤٧٥) کۆچی دەگەڕێتەوە، ئەم سیانە دۆست و برادەری یەکتر بوون.[٢٤]

واتە لەو سەردەمەش دا نوسین لەناوچەکەدا بووەو بە(هەورامی)یش بووە، ئەمیش بەڵگەیەکی تری نوسین و خوێندنە لەدەڤەرەکە، کەبووە.

١١- زاڵ بوونی شعوری ئەدەبی بێگانە پەرستی .[٢٥]

خـەڵکی هـەورامان بەخوێنـدەوارو نەخوێنـدەوارەوە ئاشـنابوون بەئـەدەبی زمانەکەی خۆیان و فێری بوون، پاشان خوێنـدەوارەکانیان -وەك مەلایـەك یـاوەك فەقێیـەك- پـەرەوازە بـوون، بـۆ وڵاٚتـەکانی ئـەردەڵاٚن و شـارەزوورو مـوکری، لـەویٚ شعرو ئەدەبی شێوەی قسەکردنی خۆیانیان ئەخوێندەوە بۆ مەردمی ئەو وڵاٚتانە، مەردمەکـەی ئـەوێش تەماشـایان ئـەکرد ئـەم ئـەدەب و شـعرە جـۆرە شـێوەیەکە لەشێوەکەی خۆیان ناچیٚ، لەبەر ئەوە، شعوری ئەدەبی بێگانـە پەرسـتی بـەجاریٚ کشـابوو بەسـەر هۆشـیانا ئـەو شێوەیەشـیان هـەر بەبێگانـە ئـەزانی، چـونکە لەهینەکـەی ئـەوان، نەئەچـوو، ئـەهاتن وەریـان ئـەگرت و لـەدیواخان و مزگەوتەکانیانا بڵاٚو ئەبووەوە. ئەوانیش ئەگەر بیانویستایە شتێك بڵێن ئەهاتن

پەیڕەوی ئەو شێوەیان ئەکردو بەو شێوەیە ئەدەبی شعریان دائەنا -وەکو وترا لەو باوەڕەدا نەبوون یاهەر ئەوەیان بەدڵا نەئەهات کەبەشێوەکەی خۆیان شعر وتن ئەگونجێ!-. کابرا خەڵکی سنە بوو، خەڵکی قەڵاچوالان بوو، خەڵکی بۆکان و سابلاخ بوو، وەلەو شوێنانە گۆش کرابوو، کەچی ئەگەر بڕە هەڵبەستێکی دابنایە، لەبەر ئەو شتانەی سەرەوە کەوتمان، ئەچوو کۆششی ئەکرد، بۆئەوەی کەشێوەی هەورامی فێربێ و بەو شێوەیە هۆنراوەکەی خۆی دابنێ!.

لێرەدا، ڕەنگبێ ئەو پرسیارە بکرێ کە: ئەگەر عامل بۆ بڵاوبونەوەی شێوەی هەورامی لەو وڵاتانەدا، بەبێگانە زانینی هەورامی بێ، ئەی بۆچی شێوەی (لوڕ) و (بۆتان)یش بڵاونەبووەوە تیایانا، خۆ ئەو بێگانەیەتیە لەوێشا هەر هەبوو؟؟.

وەڵامەکەی بەم جۆرە ئەدەینەوە ئەڵێین:

ئەو هاتوچۆی ڕۆحی و ئەدەبیە لەبەینی وڵاتی هەورامان و سۆراندا هەبووە، لەبەین بۆتان وسۆران، یالەبەین لوڕو سۆرانا نەبووە، ئەگەر ببوایە بێگومان ئەمانیش بڵاو ئەبوونەوە.

م. عەلائەدین سجادی دەڵێ:

ئەم کارەساتە بەم جۆرە مایەوە تا(نالی) لەشارەزووردا پەیدابوو، قاپیەکی زلی خستە سەر گازی پشت بۆ وتنی شعری شێوەی موکری. بەرەبەرە پەیڕەوی شێوەکەی کراو ئەدەبی شێوەی موکریش بڵاو بوەوە، بەجۆرێ بڵاوبووەوە کەلە وڵاتی موکری و شارەزووردا بەتەواوی لەباری شعر وتندا، شێوەی هەورامی‌یان لەفیکر چووەوە.. مایەوە سەر وڵاتی ئەردەڵان، شێوەکەی موکریش وەکو شێوە هەورامی‌یەکە، بەهۆی چەپەری مزگەوتەوە بەئەدەبی شیعری، کەوتە ئەوێ دیسان، سەیریان کرد، ئەمەش وەکو شێوەکەی خۆیان نیە شوێنی کەوتن و خەریکی فێربوونی ئەبوون، بۆ ئەوەی شعری پێ‌بڵێن. دەردەکەی ئەوان گرانتر بوو، لەلایەکەوە ئەبوایە خەریکی شێوەی هەورامی بوونایە، لەلایەکی ترەوە هی شێوەی موکری!!. ئەم ڕەوشتە تائەم دەوری دواییە لەوێدا هەر ماوەتەوە، ئەوا تازەیی ئەوانیش هەندێکیان کەوتوونەتە سەر ئەوباوەڕە کەبەشێوەکەی ئەوانیش ئەگونجێ شعرو ئەدەب بوترێ،چەندساڵێکە دەستیان داوەتێ.

چەند زانیاریەك لەسەر زاری هەورامی[٢٦]

* **پیتەکان:**

– پیتەکانی زاری هەورامی هەمان پیتی زمانی کوردیە بەگشتی، تەنها پیتێك هەیە لەهەورامیدا هەیەو لەبەشەکانی تری زمانی کوردیدا نیە، ئەمە وای کردووە لەهەندێ لەنوسەرە هەورامی‌یەکان کەپیتێکی تری بۆدیاری بکرێت، ئەویش پیتی (د) لەسەرەوەی‌دا، سێ خاڵی بۆ دابنرێت، ئەم پیتەش لەم وشانەدا دەردەکەوێ.

ئەدا = دایك، ئاد = ئەو بۆکوڕ، ئادە = ئەو بۆ کچ، مدۆ = ئەیدات، بەدبەخت = بەدبەخت، سەد = سەد، ئامادە = ئامادە.

صەیدی دەڵێ:

دیم شیرین نیشتەن، دانە مدۆ پێش
هارەش هارکەردەن، دەور مدۆنە وێش

بۆگۆکردنی ئەم پیتە:

دانەکانی سەرەوەو خوارەوە دەهێنینەوەیەك، دەیاندەین لەیەك و زمانیش درێژ دەکەینەوە نایدەین لەدانەکان. ئەم پیتە ناکەوێتە سەرەتای وشەوە.

مەلا ئەحمەدی نۆتشەیی دەڵێ:

تۆ بەتتەر دامان، عسیانت تەڕبیی
وێنەی بەد بەختان، ئاخرش شەڕبیی

* **نێرەو مێ** – لەهەورامی‌دا جیادەکرێتەوە، بەڵام لەسۆرانی‌دا جیاناکرێتەوە

شێوەی هەورامی		شێوەی سۆرانی	
بۆ نێر	بۆ مێ	بۆ نێر	بۆ مێ
لۆلاوەکە سۆزا	هەڵاڵە برایمەکە سۆزەنە	لۆلاوەکە سەوزە	هەڵاڵەبرایمەکە سەوزە
بەڵخە وەشا	تەوێڵێ وەشەنە	بەڵخە خۆشە	تەوێڵە خۆشە
ڤیار وتەن	نیگارە وتێنە	ڤیار خەوتووە	نیگار خەوتووە
کەش ڕەنگینا	دەشتە ڕەنگینەنە	کەژ ڕەنگینە	دەشت ڕەنگینە
مەریوان لوان	ئاسودە لوێنە	مەریوان ڕۆیشتووە	ئاسودە ڕۆیشتووە
ڕۆ درێژا	شەوە درێژەنە	ڕۆژ درێژە	شەو درێژە
تاتەم خاسا	ئەدام خاسەنە	باوکم باشە	دایکم باشە
ئا کوڕە هەتیما	ئا کناچێ هەتیمەنە	ئەو کوڕە هەتیوە	ئەو کچە هەتیوە

ماموٚم هورستەن	مەتیەم هوریستینە	مامم هەڵساوە	پورم هەڵساوە
بابام مەردەن	مامام مەردینە	باپیرم مردووە	نەنەم مردووە
بەقێ ویٚش کوشتەن	چێڵێ وەش کوشتێنە	بەق (کەو) کەوێکی کوشتووە	چێڵ (ماکەو)ێکی کوشتووە

سەیرکە لەناو سۆرانیەکەدا جیاوازی نیە، بەڵام لە هەورامی‌یەکدا جیاوازیەکە هەیە.

* ڕاناوەکان:

من، تۆ، ئاد= (ئەو بۆ کوڕ)، ئادە= (ئەو بۆ کچ)، شمە (ئێوە)، ئادێ (ئەوان).

* ژمارەکان:

(یوە، دووی، یەری، چوار، پەنج، شش، حوٚت، هەشت، نۆ، دە، ویس،...)

خشتەی چاوگ و فرمان[٢٧]

	چاوگ		فرمانی		فرمانی		فرمانی	
	چەم	چاوگ	ویەردەی	ڕابوردوو	نەویەردەی	ڕانەبوردو	داواکەردەی	داخوازی
ئـ	ئەسای	کڕین	ئەسا	کڕی	مسانۆ	دەکڕێ	بسانە	بکڕە
ب	بڕیای	بڕین	بڕیە	بڕی	بڕۆ	دەبڕێ	بڕە	ببڕە
ج	جریونای	جریواندن	جریونا	جریواندی	جریونۆ	دەجریوێ	جریونە	بجریوێنە
چ	چەشتەی	چەژتن	چەشتە	چەشت	چەشۆ	دەچەژێ	چەشە	بیچێژە
ح	حەپەسیای	حەپەساندن	حەپەسیۆ	حەپەسی	حەپەسیۆ	دەحەپەسێ	حەپەسنە	بحەپەسە
خ	خنیکنای	خنکاندن	خنیکیا	خنکا	خنیکیۆ	دەخنکێنێ	خنیکنە	بیخنکێنە
د	دڕیای	دڕاندن	دڕیا	دڕا	دڕۆ	دەدڕێ	دڕە	بدڕە
ڕ	ڕازنای	ڕازاندن	ڕازنا	ڕازاندن	ڕازنۆ	دەڕازێنێ	ڕازنە	بڕازێنە
ز	زانای	زانین	زانا	زانی	زانۆ	دەزانێ	زانە	بزانە
ت	تاشای	تاشین	تاشا	تاشی	تاشۆ	دەتاشێ	تاشە	بتاشە
پ	پەرسای	پرسین	پەرسا	پرسی	پەرسۆ	دەپرسێ	پەرسە	بپرسە
ژ	ژڵێویای	جوڵاندن	ژڵێویا	جوڵا	ژڵێویۆ	دەجولێ	ژڵێونە	بجوڵێنە
س	سۆچنای	سوتاندن	سۆچنا	سوتاند	سۆچنۆ	دەسوتێ	سۆچنە	بسوتێنە
ش	شانای	وەشاندن	شانا	وەشاند	شانۆ	دەوەشێنێ	شانە	بوەشێنە
ف	فیسیای	خوساندن	فیسیا	خوساند	فیسیۆ	دەخوسێ	فیسنە	بخوسێنە
ق	قیژنای	قیژاندن	قیژنا	قیژاند	قیژنۆ	دەقیژێنێ	قیژنە	بقیژێنە
ك	کاڵای	کێڵاندن	کاڵا	کێڵا	کاڵۆ	دەکێڵێ	کاڵە	بکێڵە
گ	گیزنای	گیزاندن	گیزنا	گیزاند	گیزنۆ	دەگیزێنێ	گیزنە	بگیزنە
ل	لوای	ڕۆشتن	لوا	ڕۆیشت	ملۆ	دەڕوات	لوە	بڕۆ
م	مەردەی	مردن	مەرد	مرد	مرۆ	دەمرێ	مرە	بمرە
ن	نویستەی	نوسین	نویستە	نوسی	منویسیۆ	دەنوسێ	بنویسە	بنوسە

ه	هاڕای	هاڕین	هاڕا	هاڕی	هاڕۆ	دەهاڕێ	هاڕە	بهاڕە
و	ویناى	بینین	وینا	بینی	وینۆ	دەبینێ	وینە	ببینە
ى	یاوای	گەیشتن	یاوا	گەیشت	میاوۆ	دەگات	یاوە	بگە

فەرهەنگۆیەکی هەورامی بە سۆرانی.[٢٨]

	هەورامی	سۆرانی	هەورامی	سۆرانی	هەورامی	سۆرانی	هەورامی	سۆرانی
أ	ئاردەشا	هێنایان	ئایشایچ	ئەوانیش	ئەجۆم	وابزانم	ئەوەسیای	حەسانەوە
ب	بوەرە	بیخۆ	بنیە یمیرە	داینێین	بیهەرمان	بێکار	بەرگەمی	کوزەڵە
ت	تلناش	تلانی	تاوای	توانین	تەوەنێو	بەردێك	تفی	توو
پ	پێکۆ	دەپێکێ	پاسە	ئاوا	پاسە مرمانۆ	وادەنوێنێت	پیا	پیاو
ج	جمنۆ	دە یجمێنێت	جوکنای	جیکنای	جەمشابەستەن	کۆبونەتەوە	جامڵێو	جامێك
ح	حە پنای	حە پاندن	حیلنای	حیلاندن	حۆل	گێل	حۆت	حەوت
خ	خوای خوۆ	پێدەکەنێ	خە پلێ	کولێرە	خاسەنی	باشی	خوگ	بەراز
چ	چەنی بۆ؟	چۆن دەبێت	چکۆ	لەکوێ	چانیشانە	لەوانەیە	چەمچە	کەوچك
د	دۆڕیای	دۆڕاندن	دەش پنە	بیدە پێی	دەرە	چەم	دەگا	گوند
ڕ	ڕەمای	ڕاکردن	ئاروە	ئەو ڕۆژە	ڕازناش	ڕازاندیەوە	ڕەواسە	ڕێوی
ز	زیڕنای	زیڕاندن	زەڕەتاڵ	ناشیرین	زوڕەس	زو پێگەییو	زمسان	زستان
ژ	ژاکیای	ژاکاندن	ژەنای	ژەنین	ژاوای	جوین	ژەڕەژ	کەو
س	سۆچنای	سوتاندن	سەرمەگیرۆ	سەرناگرێ	سیاوا	ڕەشەبا	سیفی	پەتاتە
ش	شۆکنای	شەکاندن	شتەی	شۆردن	شۆریا	شۆرا	شێڵانێ	قەیسی
ف	فامای	تێگەیشتن	فاڕمیشۆ	بیگۆڕینەوە	فرە وەشا	زۆر خۆشە	فەرە نجی	کوڵەباڵ
ق	قوپیای	قوپاندن	قیژناش	قیژاندی	قسش کەردە	قسەی کرد	قاڵاوەسیاو	قەلەڕەش
ك	کەردەی	کردن	کوچێو	تۆزێ	کناچێ	کچێ	کەرگە	مریشك
گ	گێڵنای	گەڕاندن	گنۆ	دەکەوێت	گجی	کراس	گوش	گوێ
ل	لوێوە	ڕۆیشتنەوە	لکنۆ	دەبەستێت	لاشبەرمی	لاییبەین	لکە	گرێ
م	ماڕۆ	نەیشکێنێت	مارۆ	نەیهێنێت	مزیۆرە	دەچێتەدەرەوە	ماماڵێ	خاڵخاڵۆکە
ن	نیشتەرە	دایشتن	نامێوە	نەهاتنەوە	نامێبرێی	ناوبران	نما	نوێژ
و	وانای	خوێندن	واچیا	وترا	وەشبی	خۆشبی	وەروە	بەفر
ه	هەرمان	فرمان	هەلای	هێشتا	هۆر چنیا	هەڵبژێرا	هەچکوچی	مێوژ
ى	یاونای	گەیاندن	یۆگیرتەی	یەکگرتن	یاگیوەتەر	جێگەیەکیتر	یەوی	جۆ

پەراوێزەکان

[١] پیرشالیاری زەردەشتی ل(٢٠).

هەروەها هادی بەهمەنی لەپەیامی هەوراماندا،ل(١٠٥) دەڵێ:

بەبۆچوونی من گوێگرتنی گۆرانێك لەکەناڵی تەلەفزیۆنی مێد، لەبەشی بەرنامەیەکی زازایدا، (٦٠٪)ی هەموو ئەو وشانە تێدەگەی ئەوان بەکاری دێنن، بێجگە تورکیەکان، لەبەر ئەوە، (زازا ودمڵی) شکی تیانیە کەگۆرانن.

[٢] سەیری (پەیامی هەورامان)ی،هادی بەهمەنی ل-٢٦٥- بەولاوە بکە زۆر لەسەر مەسەلەی زمان ڕۆیشتووە.

[٣] پەیامی هەورامان -ل(٧٨).

[٤] مێژوی ئەدەبی کوردی- عەلائەدین سجادی- ل(٤٥).

[٥] پەیامی هەورامان-ل(٢٧٢).

[٦] مێژووی هەورامان-ل(٦١٣-٦١٤).

[٧] دیوانی صەیدی - کاردۆخی -ل(١٤٠).

[٨] دیوانی مەولەوی-ل(٢٠٢).

[٩] شیرین وخەسرەو -ل (١٤,١٣). (مەواچان= دەڵێن)

[١٠] مێژووی هەورامان -(٥٦-٥٧)

[١١] پەیامی هەورامان -ل (٢٧٨)

[١٢] مێژووی هەورامان -ل(٦١٥)

[١٣] پەیامی هەورامان - ل(٢٧١) سود لەبۆچونێکی م. هادی بەهمەنی وەرگیراوە.

[١٤] پەیامی هەورامان-ل (٣٤٨) بۆ زیاتر شارەزایی سەیری ئەو لێکۆڵینەوەیە بکە لەولاپەڕەدا

[١٥] زاری زمانی کوردی لەترازووی بەراوردا ل(٤٩,٢٨,١٧). هەروەها کتێبی (یارەسان) ماشاءالله سوری (ل-٤٢)

[١٦] کەشکۆڵە شعرێکی کوردی گۆرانی گردەگۆیی شێخ عەبدول موئمینی مەردۆخی (١٧٣٩-١٧٩٧)ز، ساغ کردنەوەو سەرەتا نوسینی ئەنوەری سوڵتانی- لەندەن هەروەها پەیامی هەورامان (ل-٤٢١) بخوێنەرەوە کورتەی ژیانەکەی هەیە.

[17] زازای زمانی کوردی ... (ل-٢١٠)

[18] ئەم هۆیە م. سجادی دانی پیادەنێ بەلام دەڵێ بەهۆی ئەوەی کەهەورامان شوێنێکی شاخ وداخ وشکە، نەفارس بۆی کوتاوە زۆر، نەڕۆم، نەعەجەم، بەتەنگیەوە بووە نەتورك. م. هادی بەهمەنی لەپەیامی هەورامان دال(٢٨٠) دەڵێ: بەڕای من باش بۆی نەچووە- بەدرێژتر وەڵامی داوەتەوە..منیش (نوسەر) لەگەڵ ڕاکەی سجادی دانیم. چونکە بێگانە هەوڵی زۆری بۆداوە بەلام بۆی داگیر نەکراوە.

[19] مێژووی ئەدەبی کوردی -عەلائەدین سجادی (ل-١٤٣)

[20] مێژووی ئەدەبی کوردی (ل -١٤٣) مێژووی وێژەی کوردی -ب(١)-ل(٦٨)صدیق بۆرەکەی .

[21] مێژووی ئەدەبی کوردی (ل-١٤٢-١٤٣)

[22] مێژووی ئەدەبی کوردی -ل (١٤٢-١٤٣)

[23] زاری زمانی کوردی -ل (٢٧-٢٨)

[24] بۆ ژیانی ئەم سیانە سەیری بنەماڵەی زانایان بکە ل-٢٨٨ یاگۆڤاری کاروان ژ(٢٦ل-١٤٠).. لێرە تێبینی یەکیشمان هەیە ئەگەر (بابانەوس) سەید ئیبراهیمی حسێنی بێت ئەوا ئەم ساڵە (٤٧٥)ك هەڵەیە، چونکە سەید ئیبراهیم لە (٥٠٥ك) لەدایك بووە لەتەمەنی بیست ساڵیدا هاتوەتە شارەزوور واتەلە(٥٢٥ك).

[25] مێژووی ئەدەبی کوردی -(ل-١٤٤-١٤٥)

[26] پەیامی هەورامان -(ل-٢٨٦) سودم لێ وەرگرتووە. هەروەهاکەمێك سودم لەپیر شالیاری زەردەشتی -(ل-١٥) وەرگرتوە بۆ بەشی نێرو مێکەی.

[27] پەیامی هەورامان -(ل ٢١٨-٣٢٢) سودێکی زۆرم لێوەرگرتووە.

[28] پەیامی هەورامان -(ل-٢١٨-٣٢٢) سودێکی زۆرم لێ وەرگرتووە.

فەرهەنگ و ڕۆشنبیری لە هەورامان دا

- پێشەکی
- خەت نوسینی ئەوسای کورد
- نوسراو و سەرچاوەکان
- مێژووی یەکەم خوێندگای هەورامان
- خوێندن وهۆشیاری لەهەورامان دا
- نیشانە گەلێکی تر

فەرهەنگ ورۆشنبیری لەهەورامان دا [1]

پێشەکی:

بێگومان کورد، دەبێت وەك یەکێك لەمیللەتانی جیهان، بەش بەحاڵی خۆی خاوەنی فەرهەنگ ورۆشنبیری خۆی بێت، بەڵام لەڕاستیدا، چونکە کیانێکی نەبووە، نەیتوانیووە فەرهەنگ ورۆشنبیری یەکەی، وەك پێویست بپارێزێت ورۆشن وئاشکرای بکات.

لەدوای ئەوەی لەساڵی (٥٥٠ پ ن) دەسەڵاتی مادەکان ڕوخاو، لەساڵی(٣٥٦ پ.ن)، ڕۆمە مەکدۆنیەکانیش فەرهەنگ ورۆشنبیری کوردیان سوتان وسڕیەوە، ئیتر، کورد مەگەر بەدەگمەن، لەم لاو لاوە، شتێکی وای دەست کەوتبێت، چونکە بەڕاستی ئەو دووڕوداوە، کاریگەری یەکی زۆرسلبیان هەبوو، بۆکورد، وەبوونە هۆی ئەوەی، کەمێژووی فەرهەنگ وزانیاریو خوێندن و خوێندەواریو نوسین، نەزانین ولێمان ون ببێت.

خەت ونوسینی ئەوسای کورد:

ماملۆستا محەمەدی مەردۆخی دەڵێت: [2]

(کوردەکان خاوەنی نوسینێکی تایبەتی خۆیان نەبوون، لەگەڵ پەیدابوونی خەتی(بزماری)، کوردو پارس، هەڵس و کەوت ونوسینیان بەخەتی بزماری بووەو.. لەسەدەی دەیەمی پێش زایندا کە پیتی ماسی سۆراتی پەیدابوو، تانزیکی هاتنی ئاینی ئیسلام بەکار هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا، خەتی-ئارامی وسریانیو یونانی- یان بەکار هێناوە.

.. پاشان ئەم پیتانە، لەبیرچوونەتەوەو لەبریتیان خەتی کوفی بەکار هێنراوە.. ئەو قورئانەی کەئێستا لە(نگل)ی کەلاتەرزانە لەناوچەی- سنە- بەخەتی کوفی نوسراوەتەوە، مێژووی دەگەڕێتەوە بۆسەدەی دووەمی کۆچی.)

مامۆستا صدیق بۆرەکەیی لە(مێژووی وێژەی کوردی)دا-ب١، ل(١٨-٢٦) کۆمەڵێك شت نقل دەکات وئێمەش لێرەوە وەك پێویست بەباشی دەزانین کەبینوسین... دەڵێ:

(ئێرانی یەکان خەتێکی تریان بووە- جگە لەخەتی مێخی- بەناوی خەتی پەهلەوی بووە، کەلەڕاستەوە بۆ چەپ و ئەنوسرێ و داگری (٢٤) پیتەو، کۆنترین شوێنەواری ئەم زمانە کەتائێستا کەوتووەتە دەست، چەند قەواڵەیەکە لە هەورامان دا دۆزراوەتەوەو لەسەر پێستی ئاسك نوسراون...)

هەروەها دەڵێ:

(کوردەکان خەتێکی تریان هەبووە، بەناوی خەتی ماسی سۆراتی، کەداگری (۳۷) پیت بووە. (ابن وحشیە) لەپەڕاوی (شوق المستهام فی معرفة رموز الاقلام) کەلەساڵی (۲٤۱)ی کۆچی دا بۆ (عبد الملك مروان)ی نوسیوە، ئەڵێ: کوردەکان زۆربەی نوسراوەکانی خۆیانیان بەخەتی ماسی سۆراتی ئەنووسی. لەگەڕەکی ناووسی بەغدادا چاوم کەوتە سێ بەرگ پەرتووکی کوردی کەبەخەتی ماسی سۆراتیی نوسرابوون..)

خواڵێ خۆش بوو ئیحسان نوری پاشا، لەپەڕاوی:(مێژووی بنج وبناوانی ڕەگەزی کورد) دا ئەڵێ:

زمانی پەهلەوی کەلەزەمانی پارتییەکان و ساسانییەکان دا باوبووە، هەرئەو شێوە زاراوەیەیە کەلەناو گۆرانەکاندا باو بووە وئێستا پێی ئەڵێن گۆرانی.

دواتر مامۆستا بۆرەکەیی دەنوسێ:

هۆی پسانی زمانی پەهلەوی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کەئەمەویەکان، کاتێ کەبەسەر وڵاتە ئیسلا می یەکان دەستەڵاتیان پەیدا کرد، لەبەر ئەوەی لەڕامیاری وولاتداریدا ئاگاداری یەکیان نەبوو، ناچار دیوانەکانی دەوڵەتی یان بەخەت وزمانی پەهلەوی ئەنوسی. وەئەم ڕەوشتە تادەوری حەجاجی کوڕی یوسف درێژەی بوو، زمانی دەوڵەتی لەم سەردەمەدا، لەدیوانەکان وقوتابخانەکان دا، بەپەهلەوی یاکوردی بووە، لەسەردەمی حەجاج دا، تەواوی دیوانەکانی دەوڵەتی لەژێر چاوەدێری کوردێکا بوو بەناوی (زادان فەرۆخ) کەپیاوێکی تریش بەناوی (صالح کوڕی عەورەحمانی سیستاتی) لەنوسینی دیوانەکان دا، یارمەرتی ئەوەی ئەدا. ئەم پیاوە کەوتە بیری ئەوەی کەدیوانەکان لەپەهلەویەوە بکاتە عەرەبی، وەلە پاش مەرگی مامۆستاکەی نووسینی دیوانەکانی دەوڵەتی گرتە ئەستۆ، بەپێچەوانەی بیرو ڕای (زادان فەرۆخ) هەمووی دیوانەکانی دەوڵەتی وەرگێڕایە سەرزمانی عەرەبی. ئەڵێن کە(مەردانشای کوڕی زادان فەرۆخ) کاتێ لەبڕیارەکەی (صالح) ئاگادار بوو، پێ وت: خواڕیشەت لەدونیا هەڵکەنێو پەنجەکانت هەڵوەرێنێ، هەروەکو ڕیشەی زمانی کوردیت لەڕەگ وڕیشەوە دەرهێنا. ئەڵێن: کەکوردەکان چونەلای صەد هەزار درهەمیان پێدا، کەئەوکارە نەکا، بەڵام(صالح) ڕووی خۆشی پێیان نەداولەسەر بڕیارەکەی خۆی سوربوو.)

نوسراوو سەرچاوەکان:

گرنگترین دۆکۆمێنت و نوسراوو سەرچاوەیەکمان دەست کەوتبێت کەباس لەسەر کەلتورومێژوو و فەرهەنگی هەورامان بکات، ئەمانەی خوارەوەن:

١- چەند بەڵگە نامەیەکی مێژوویی:[٣]

لەساڵی(١٩٠٩ز) لەلایەن یەکێك لەصۆفیەکانی شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی یەوە، لەئەشکەوتێکی هەورامان دا، چەند بەڵگە نامەیەك دۆزرانەوە، لەناو کوپەڵەیەکی داخراوو، بەستراوی بەمۆم، بەڵگە نامەکان لەناویدا بوون، کەپربووە لەهەرزن[٤].

دواتر لەئەنجامی سەردانی، دکتۆر سەعید خانی سنەیی‌یەوە بۆخزمەت شێخ عەلائەدین، سێ قەباڵەیان دەگەنە دەستی دکتۆر سەعیدو، ئەویش لەساڵی(١٩١٣ز) کەسەردانی لەندەن دەکات، دەیانگەیەنێتە دەستی پرۆفیسۆر-براون-، ئەویش دەیانداتە، پسۆڕی تایبەت، لەزمانە کۆنەکان، کەئەوانیش هەردوو پرۆ فیسۆر(مینس وکاولی) بوون. دوای لێکۆڵینەوە لێیان، لەساڵانی (١٩١٥)و (١٩١٩) زایینی دا، لەلەڕۆژنامە ئەوروپی‌یەکاندا بلاْویان کردنەوە، لەبەڵگە نامەکان:

یەکێکیان: مێژووی دەگەڕێتەوە بۆساڵانی (١١، ١٢) پ. ز بەزمانی پەهلەوی. بەپیتی ئارامی لەسەر پێستە، بەهەشت دێڕ نوسراوەتەوە. یەك دەقی هەیە و پرۆ فیسۆر (کاولی) لێی کۆڵیوەتەوەو، لەساڵی(١٩١٩) دا بلاْوی کردەوە.

دوانەکەی تریان: بەزمانی یۆنانی نوسراونەتەوە، پرۆ فیسۆر (مینس) لێ یان کۆڵیوەتەوە، هەریەکەیان دوو دەقی هەیەو، مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (٨٨) و (٢٢) پ ز. ئەوەی شایەنی باس بێت لەم بەڵگە نامانەدا:

- ئەدمۆنس لەبارەیانەوە دەڵێ[٥]:

بەبۆنەی ئەم سێ قەباڵەوە، ناوی هەورامان لە ساڵی (١٩١٥ ز)دا لەناو ئەوروپی‌یەکاندا بلاْوبوویەوەو ناوبانگی دەرکرد.

پرۆفیسۆر مینس دەڵێ:[٦]

ژمارەی ئەم دووکۆمێنتانە زۆر بوون، بەلاْم سیانیان کەوتونەتە دەستمان.

هەروەها -مینس- دەڵێ:

وای بۆ دەچم، کەوا زمانی دوکۆمێنتەکان، لە زمانی کوردیەوە نزیکن و ....دەبێت غافڵ نەبین لەوەی کەوا ئەم زمانە لەم پارچە نوسراوانەدا، زمانی کوردی کۆنە،یا زمانێکە، کە هێشتا ڕوون نەبووەتەوە.[٧][٨]

هەرسێ بەڵگەنامەکان باس، لە(کڕین وفرۆشتن)ی ڕەزەدێم دەکەن لەناوچەی هەورامان.

مامۆستا مەردۆخ دەڵێ:[٩]

- ئەم نوسراوانە وادەردەخەن کەئەو کاتە هەورامان لەژێر دەسەڵاتی ئەرمەنستان دابووە...

مامۆستا جەمال لەپەڕاوەکەیدا دەڵێ[١٠]

ناوەکانی ناو ئەو دووکۆمێنتانە، چەند ناوێکی ناوچەی وڵاتی کوردەوارین، لەو سەردەمەدا، بەکارهاتوون، کەبەشێوەیەك لەشێوەکانی زمانی کوردی سەدەی یەکی پێش زایین بووە ... هەروەها دەڵێ:

ئەو دوکۆمێتانە، وەرگێڕاونەتە سەرزمانی ئینگلیزیو لەمۆزەخانەی بەریتا نیادا ئەصلیەکان پارێزراوە.

٢- **ئاڤێستا**.. بەپێی بەراوردێکی سەرپێیی، لەنێوان زمانی ئاوێستاو دایلێکتە کوردییەکان دا، دەرکەوتووە کەزمانی کوردی هەورامانی نزیکترین دایلێکتە لەئاوێستاوە، لەڕووی یەکگرتەیی وشەو موفرەدات لەواتادا، لەڕووی بوونی جیاوازی لەنێوان نێرومێ داو، وێکچونی نیشانەی مێ لەڕووی پاشبەندی پلەی بەراوردی دا، لەڕووی نیشانەی (مضاف ومضاف الیه) دا.[١١]

٣- ماریفەت وپیر شالیاری:

م. ڕەشید هەورامی دەڵێ:[١٢]

پیرشالیاری دووەم لەسەردەمی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا، بووەو، لەساڵی(٤٨٠)ك دا کتێبێکی ماریفەتی گۆڕیوەوئێستەش لەناو سوخنەکەی خۆیەتی لەناو سندوقێکی پۆڵادایە. لەسەر قەراری پیر شالیار نابێ (ماریفەت) بدرێ بەبێگانە. ئینگلیزەکان زۆر هەوڵیان داوە، دەستی بخەن.

(مرادئاورنگ) دەڵێ:[١٣]

دانەیەك لەکتێبی- ماریفەت-ی پیر شالیار، لای تیمسار سەر لەشکری (علی قلی مظفر) زەنگەنە هەیە، چەند هەوڵم داوە کەبمداتێ نەیداوە... وەبەدەست وخەت نوسراوە.. (مراد ئاورنگ) پێشنیاری کردووە، ئەو کتێبە لەچاپ بدرێ، چونکە سەرچاوەیەکی بەنرخە.

جائەوەی کەگرنگە لێرەدا بیلێین ئەوەیە:

کەئەم (ماریفەت)ە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆفەرهەنگی هەورامان و گەڵێ شتی تیایە، کاریگەری خۆی بووەو هەیەتی لەسەر فەرهەنگ وڕۆشنبیری هەورامان [١٤]

٤- **کتێبی (نور الانوار)ی شێخ (عبدالصمدی توداری)** کەدەست نوسە، لەساڵی (١٠٩٩ك)ی نوسراوە، کەلەلایەن (محەمەدی مەلا کەریم)ەوە، ئەوەی پەیوەندی بەهەورامان و مەریوانەوە، هەیە، بەناوی (چمکێك لەمێژووی هەورامان ومەریوان) بلاو کراوەتەوە.

٥- **کتێبی (یارەسان) ی عەلی ئیلاهی**، کەپڕە لەسرودو پەخشانی سوڵتان سەهاك کەلەساڵی (٥٧٨)ك، لەدێی دەوان، لە هەورامانی لهۆن، لەدایك بووە، بەزمانی کوردی هەورامانی نوسراوەتەوە.[١٥]

٦- **(شەرەفنامەی شەرەفخان)**یش باسی ناوچەکانی زەڵم ونەوسودو شەمێران وهاوارو گوڵعومەر، دەکات.

٧- **(تحفەی ناصری)- شوکروالڵەی سەنەندجی**، لەسەر هەورامان شتی زۆرتیایە.

٨- **(تاریخ سلاطین اورامان)**- دەستخەت- شەیدا.

٩-**(تاریخ الاکرد)** کەبە(حەدیقەی ناصری) ناسراوە، لەلایەن (عەلی ئەکبەر وەقایع نگار کوردستانی) یەوە نوسراوە، باسی هەورامانی زۆرتیایە.

١٠- **(تاریخ اورامان)**- دەست نوسی موزەفەرخان

١١-**(تاریخ اورامان)**- دەست نوسی(شین)ناوێك کەڕەمزە بۆناوەکەی.[١٦]

١٢- **(تاریخ اورامان)**- دەستخەت مەلاشەیدای هەورامی.

١٣- **(تاریخ کوردو کردستان)**- مەردۆخ، کراوە بەکوردی لەلایەن عەبدولکەریم محەمەد سەعید هەندێ شتی تیایە لەسەر هەورامان.

١٤- **(جوگرافیای هەورامان)**- دەستخەتی- حمەڕەشید ئەمینی.

١٥- **کتێبە بیانییەگان** بەتایبەت نوسینەکانی (مان)و (ئەدمۆنس)و (مینۆرسکی) و (مەکەنزی)و...هتد.

١٦- **گەلێك کتێبی فارسی** وەك (کردشناس) و (کرمانشاه و تمدن دیرینە- ان ایرج)، (سفرنامە، عتبات ناسر الدین شا قاجار).

١٧- **(مێژووی کوردو کوردستان)- ئەمین زەکی**- باسە هەورامانی لهۆن وتەخت دەکات.

١٨- (مێژووی ئەدەبی کوردی)-عەلائەدین سوجادی- باسێکی تێرو تەسەلی تیایە دەربارەی وێژەو ئەدەب و شێوەزاری هەورامی ونوسین بەهەرامی.

١٩- (تاریخ کردوکردستان)- صدیق صفیزادە (بۆرەکەیی) باس لەفەرمانڕەوایانی هەورامان دەکات. هەروەها هەردوو بەرگی مێژووی وێژەی کوردی مامۆستا بۆرەکەیی.

٢٠- (تاریخ سیاسی اجتیماعی پاوەو اورامانات)- بارامی وەڵەبەگی.. زیاتر باس لەڕۆڵی خەڵکی هەورامان دەکات، لەکاتی ئینقلابی کۆماری ئیسلامیدا.

٢١- کتێبە نایابەکانی م. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بەناوی:(یادی مەردان)- کەسێ بەرگە، سێهەمیان بەناوی بنەماڵەی زانیارانەوەیە هەروەها (علماؤنا في خدمة العلم والدين).

٢٢- (پیر شالیاری زەردەشتی)- محەمەد بەهائەدین صاحب تەوێڵەیی.

٢٣- (هەلاڵە برایمەی هەورامان)- ڕەشید هەورامی.

٢٤- کتێبەکانی مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی کەئەمانەن:

- فەرهەنگی ئیریان ڤاچ، ڕێبازی مێژووی زمانی کوردی، کاکەیی، زارەکانی زمانی کوردی، کتێبە بەناو بانگەکەی ئەم دواییەی بەناوی (مێژووی هەورامان) کەبەڕاستی شتی زۆری تیایەو توانیویەتی زۆر شتی دەمی کۆبکاتەوە، لەفەوتان بیان پارێزێ. کەهەر هەمووی لەسەر هەورامان نوسراوە کە(١٢٥٢) لاپەڕەیە.

٢٥- (پەیامی هەورامان)- هادی ڕەشید بەهمەنی کەلەسەر چوارشتی هەورامانی نوسیوە: مێژوو، جوگرافیا، زمان، دین.

٢٦- هەروەها ناوی چەند کتێبێکی تریش هەیە، بەلاّم وەك م. محەمەد ئەمین هەورامانی دەڵێ، شوێنەواریان نیە کەئەمانەن:

(تاریخ اورامان)، (تاریخ جدید اورامان)ی مەلا عەبدوللەی هەورامی، (جاماسبنامە)ی پیر جاما سبی ئاورامی، (نژاد طائفةء اورامان).

٢٧- بێگومان چەند دیوانی شیعرێکیش هەیە، وەك دیوانی مەولەویو بێسارانیو صەیدیو وەلی دێوانەو شیرین و خەسرەوی خانای قوبای.. کەجار جارە باس لەهەورامان و هەورامی دەکەن.

٢٨- جگە لەچەند ڕۆژنامەو گۆڤارێك کەنوسراویان هەیە لەسەر هەورامان و هەرامی.

مێژووی یەکەم خوێندنگای هەورامان:

مێژووی خوێندەواری و بوونی وانەی زانستی و ئەڵقەی مزگەوت لەهەورامان دا، بەتەواوی نازانین دەگەڕێتەوە بۆکەی؟ بەلاّم لەگۆڤاری کاروان ماموّستا(مەحمود ئەحمەد محەمەد) دوو بابەتی بەناوی (الحالة الثقافية في كردستان) وە(حلقات مفقودة من تاريخ شهروز) بلاّوكردووەتەوە.[١٧]

لەم دووبابەتەدا، یاداشتنامەیەکی (سەید ئیبراهیمی حوسێنی) باس کراوە کەبەڕاستی چەند حەقیقەتێك ڕوون دەکاتەوە. م. مەحمود دەڵێ:

.. کۆنترین دەق کەباس لەبوونی حەلەقاتی قورئانی بکات لەکوردستان ناوچەی شارەزوور- بریتی‌یە لە: یاداشتنامەکەی سەید ئیبراهیم.[١٨] لەیاداشتنامەکەی‌دا هاتووەکە:

(.. سەید ئیبراهیم لەساڵی (٥٢٥ك) لەشارەبانەوە هاتووەتە شارەزوورو دەچێتە دێیەکی هەورامان کە(جەبراوا)یە، پاشان لەساڵی(٥٢٨ك) دەچێتە دێیەکی هەورامان و، لەخوێندنگای ئەودێ یەدا، لەلای سەید مستەفای عورەیضی، لەئەڵقەیەکی وانەدا، (سەد قوتابی‌و سودمەند) هەبوون کەوانەیان دەخوێند...)

چەند تێبینی‌یەك لەسەر ئەم یاداشتنامەیە:

ا- سەید ئیبراهیم لەنەوەی ئیمام موسای کاظمە وهەندێك لە بنەماڵەی سەیدەکانی سەرگەت دەچنەوە سەری.[١٩]

ب- سەید لە(شارەبان)وە لەتەمەنی بیست ساڵیدا، دێتە دێی (جەبراوا) کەئێستا وێرانەو، لەنزیك سەرگەتی ئێستاوە بووە.[٢٠] دواتر دەچێت بۆ ئەودێیەی کەخوێندنگا ئایینەکەی لێبووە، ئەودێیە لە(جەبراوا)وە بەپێ ڕۆژێك ڕێگابووە، کەئەو دێیە (تەوێڵە یاهەورامانی تەخت)[٢١] بووە. هەرکامیان بووە، گرنگ ئەوەیە کەهەر هەورامانەو نزیکیشن لەیەکەوەو کاریگەریان لەسەر یەك بووە، چونکە پەیوەندی نێوان تەوێڵەو دزاوەرو هەورامانی شارو کەلجی‌و بیارەو سەرگەت بەهێز بووە.

ح- مێژووی ئەم خوێندنگایە، دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (٩٠٠) ساڵ لەمەو پێشتر. کە تائێستا هیچ وەسیقەیەکی لەو کۆنترمان لەبەردەست دا نیە، کەزانیاریمان بداتێ کەخوێندنگا لەمە کۆنتر بووبێت، لەناوچەکەدا. کەوا بوو:

ئەم قوتابخانەیە، بەیەکەم خوێندنگای هەورامان دادەنرێت.

د- لەڕاستیدا، بوونی سەد قوتابی لەکوێرە دێیەکی هەورامان دا، لەوسەردەمەدا نیشانەی ئەوەیەکە هەر لەدێر زەمانەوە: ئەم ناوچەیە، مەڵبەندی زاست وڕۆشنبیری وئایین وئەخلاق بووە. ئەمەش باری ڕۆشبیری وفەرهەنگی ناوچەکەو شارەزوور دەردەخات.

خوێندن وهوشیاری لە هەوراماندا:

بەڕێز محەمەدی مەلا کەریم لەپێشەکی کتێبی(چمکێك لەمێژووی هەورامان ومەریوان) ل ٥ دا کەبەشێکە لەکتێبی (نورالانواری) ی (سید عبدالصمدی توداری) دەڵێ:

(... ئەم کتێبە تێمان دەگەیەنێ، لەکۆنەوە (هەورامان) و(مەریوان)، مەڵبەندێکی گەورەی خوێندنی ئیسلامەتی بوون، هەروەها ئاگادارمان دەکات لەوەی کەبەشێکی زۆر لەدێهاتەکانی ئەوناوچانە- کەئێستاش ماون- لەوسەردەمەشداو لەوەو پێشیش بوون و دەوریان بووە..)

- دکتۆر حسێنی خەلیقی لەکۆمەڵناسی کوردەواری‌دا، بەرگی یەك لەلاپەڕە- ٢٨٢- دەڵێ:

- (.. دەکرێت بڵێین لەوچاخەدا- واتە سەردەمی محەمەد- دوردو سەلامی خوای لەسەربێت- لەکوردستان خوێندەواری هەبووە.. لەبەشێك لەکوردستان بەناوی هەورامان..)

- مامۆستا (حەسەن مەحمود) لەکتێبی- کابانی کوردی -ل ١٦ دا دەڵێ:

- (... ئەو بۆچوونە نزیکە کەجابان بەخاوو خێزانەوە بەنهێنی فارسەکانەوە، لەلایەن نەوەدو نۆپیرەی هەورامان و شارەزوورەوە نێرابن بۆهەواڵی زانینی پەیدابوونی پەیامبەری چاوەڕوان کراوی ناو مژدەکانی ئاوێستا..)

- ئەمەش نیشانەی هۆشیاری وخواپەرستی‌و خوێندەواری خەڵکی هەورامان، دەردەخات کەخاوەنی فەرهەنگ وڕۆشنبیری بوون.

- کەشکۆڵەکەی شێخ حیسامەدین گەنجینە یەکی ئەدەبی‌یەو بەڵگەیەکی ڕۆشنبیریە.

- لەپەڕاوی (بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، لەڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە- محەمەد عەلی قەرەداغی- ب ٤- ل (١٨٣-١٩٦)دا، باسێکی کورتی کەشکۆڵەکەی شێخ حیسامەدین دەکات ودەڵێ:

- کەشکۆڵی (شێخ حیسامەدین) گەنجینەیەکی دەست پێ نەگەیشتووی ئەدەبی کوردیە... لەباسەکەیدا دەڵێ:

(.. ئەم کەشکۆڵە نزیکەی (٥٠٠) لاپەڕەیەو، وەك لەڕووی ناوەڕۆکیەوە یەکێکە لەکەشکۆڵە هەرە نایابەکانی کتێبخانەی کوردی، لەڕووی قەوارەیشیەوە لەوانەیە گەورەترین کەشکۆڵ بێت، تائێستا ناسرابێت. خەتی نوسینەوەکەشی، هەروەها نایاب و جوانەو، بەئاوی زێڕ چوار دەورەکەی زەڕکەفت کراوەو جوان ڕازێنراوەتەوەو، دووسێ کەس- لەخەتەکانیان جوان و زۆریش لەیەك دەچن- بەشداریان لەنووسینەوەدا کردووە.. یەکێکیان سەعید سنەیی شاعیر بووە کەنازناوی (حەسرەت) بووە، مێژووی نوسینەوەکەی نوسیوەکە لە (باغە کۆن) بووە لە(٣٠) جمادی یەکەم ساڵی(١٣٣٨ك) بووە.).

ئەم کەشکۆڵە فەهرەستەکەی (١١٥) بابەتە،... شایانی باسە، دیوانی مەولەوی بەشێکی باشی لەم دەستخەتە گرتوەتەوەو، (١٥٠) لاپەڕە زیاتری بەرکەوتووە، کە(١٤٦١) بەیت شعری مەولەوی تیایەکە ئەمە یەکێکە لەبابەتی فەهرەستەکە.

..ئەم کەشکۆڵە بەڵگەیەکی ڕوونی ڕۆڵی تەکیەوخانەقاکانە، لەگەشە پێدان و بزواندن و بەرەوپێشەوە بردنی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیداو، شێخی حیسامەدین و خانەقای باخەکۆن لەم ڕووەوە ئەم کەشکۆڵەیان بەسەو، ئەم کەشکۆڵە مایەی شانازییە بۆ ئەو شێخ وموریدو مەنسوبانە کەهەر یەکێکیان بەڕەنگێك دەوریان لەکۆکردنەوەو نوسینەوەو بەدیهێنانیدا بووە...

لەکۆتایدا دەڵێن:

ئەم کەشکۆڵە بێوێنەیە لەشێوەی (بەیاض) دا نوسراوەتەوە، بایەخی زۆری پێ دراوە، بەجۆگەلە بەش بەش کراوەوئەوانەی کەنوسیویانەتەوە یەك لەیەك خەتەکەیان جوانترەو،... پێوانەکە (١١ ×٢٠)ە بەزۆری لاپەڕەکانی (١٦) دێڕن.. ئێستاش لە(دار صدام للمخطوطات)دا بەژمارە (٤١٢١٩) پارێزراوە.)

ئەمە نمونەیەکی کەشکۆڵەکانی زانایان وشێخان وناودارانی ئەم دەڤەرەن، چەندەها نمونەی تری لەم جۆرە لەناوچەکەدا هەن وبەڵگەن لەسەر خوێندن وهۆشیاری وزانست لە هەوراماندا...

نیشانە گەلێکی تر:

- بوونی ئەو دەستورو یاسایانەی کەلە بەڕێوە بردنی ڕامیاری‌و ئیداری دا بوون ولەسەری ڕۆیشتون. ڕۆڵی پیران وبوونی ئەنجومەنێك بەناوی(مەرێ) و،

بەشداری بوونی ژن وپیاو لەهەڵبژاردنی- ژیرلا-واتە شوراو، ئەمەنیشانەی ئەو پەڕی ماف و دیموکراسی وئازادی یە کەلەوکاتەدا لە هەوراماندا بووە..

- نیشتەجێ بوون وجێگیر بونی خەڵکی گۆران بەگشتیو، هەورامان بەتایبەتیو، وازهێنان لەژیانی کۆچەری ، بیر کردنەوە لەدروستکردنی ئاوەدانی خانوو بەرەو، وەسائیلەکانی تری ژیان، لەبیناسازی وپیشەسازی وخود کەفایی.. ئەمانە نیشانەی شارستانیەت ومەدەنی بوونی خەڵکەکە دەردەخات.

- زۆرێك لەدێکانی هەورامان لەڕووی مێژوییەوە، کۆنن وخاوەنی مێژووی پڕ سەروەرین، بەڵکو هەندێکیان لەسەردەمانێکدا، پایتەخت وناوەندی حوکمڕانی بوون وەك- پایگەلان و زەڵم وپاوەو خانەگاو نەوسودو نۆدشەو هەورامانی شارو، بێدرواس و دزڵی و ڕەزاو پاڵنگان و ئەوێهەنگ و بێساران و... هتد.

- ئەگەر چاوێك بەخاك وخەڵکی هەورامانیشدا بگێڕین بۆمان دەردەکەوێت کە: ناوچەیەکی زۆرمان هەیە لە هەوراماندا، کەناوەندی خوێندن وزانست وڕۆشنبیری بوون وەك:

تەوێڵە، بیارە، دزاوەر، خانەگا، پاوە، بەلەبزان، نۆدشە، هویە، ئاویهەنگ، بێساران، دەگاشێخانی شامیان، دەگا شێخانی لهۆن، ڕەزاو، کەندۆلە، پاڵنگان، پایگەلان، دورۆ، کەلجین، شەڕەکان، نەجاڕ، هەورامانی شار، سەولاوا، خەرپانی، گولپ، سەرگەت... هتد.بەتایبەت تەوێڵە وبیارە وەك (ئەزهەرێکی بچوك)وا بوون.

- وەك خەڵیکیش، زاناو داناو ڕۆشنبیرێکی زۆریش بوون لە دەڤەرەکەدا، کەکاریگەریان بووەو ڕۆڵیان بینیوە لەبڵاوکردنەوەی زانست و ڕۆشنبیری و خوێندەواریدا وەك:

نەوەدو نۆ پیرەو، بنەماڵەی مەردۆخییەکان و شێخانی کاکۆ زەکەریاو، شێخ شەهابەدینی دزاوەری و پیر خدری شاهۆو زانایانی خەرپانیو نۆدشەو بیارەو تەوێڵەو سەرگەت و شێخەکانی تەوێڵەو سەیدەکانی کەلجیو....

لەم بنەماڵانە هەیانە وەك (مەلا ئیبراهیمی بیارە) کە بیست و پێنج پشتیان لە بیارەدا مەلا بوون. واتە لە حەوت سەدی کۆچییەوە مەلا بوون تا ئەم بەڕێزە.[٢٢]

ئەمانەو گەلێکی تریش نیشانەن، کە هەورامان خاوەنی فەرهەنگ و ڕۆشنبیریو زانست بووە.

پەراوێزەکان

[١] ئەم بەشە بەکەمێك دەسکارییەوە لە(٦/٦/٢٠٠٠) پێشکەش بەدەستەی کۆنگرەی هەورامانناسی سنە کراوە بۆسود لێ وەرگرتن.

[٢] مێژووی کوردو کوردستان- ل ٨١- ٨٢) وە هەر لە (ل- ١٨)دا دەڵێت.

ماسی سۆراتی ناوی ئەو پیاوەیە کەئەم پیتانەی دۆزیەوە، لەو پیتانە، دەچێت کەلە سەدەی شەشەمی زایینی دۆزراونەتەوە، کە(پێستی ئاوێستا)ی پێ دەڵێن. وە ئاوێستای کۆنیش بەم پیتانە نوسراونەتەوە. بۆزیاتر شارەزایی بڕوانە کتێبی (شوق المستهام فی معرفة رموز الاقلام) (احمد بن ابی بکر).

[٣] (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی- دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری) د. جەمال ڕەشید ئەحمەد- بەدرێژی وبەڵگەوە باسی کردوون.

[٤] لەپەیامی هەورامان دا- ل ١١٧- هادی بەهمەنی دەڵێ:

ئەم ئەشکەوتە لەگوندی سورە تفێیە، لەڕۆژهەڵاتی شاخی شاهۆ نەك لەکێوی سورێن کە دکتۆرجەمال لە لێکۆڵینەوەکەیدا (سورێن)ی ناوبردووە.

[٥] ئینسیکلۆبیدیای ئیسلام- بەرگی(٣) ل-(٢٩٢)

[٦] لێکۆڵینەوەکەی- د. جەمال- ل(٣٣٤-٣٦٠)

[٧] لێکۆڵینەوەکەی-د. جەمال-ل (٣٦٦-٣٣٨)

[٨] لەپیر شالیاری زەردەشتی دا -ل ١٣ نوسراوە: یەکێك لەو نامانە بەزمانی کوردی شێوەی هەورامی کۆن بووە.

[٩] مێژووی کوردو کوردوستان- محەمەد مەردۆخی- ل (٨٢).

[١٠] لێکۆڵینەوەکەی.. د. جەمال ڕەشید- ل (٣٦١).

[١١] سەرەتایەك لەفیلۆ لۆژی زمانی کوردی (ل- ٤٥- ٥٦) محەمەد ئەمین هەورامانی.

[١٢] هەڵاڵە برایمەی هەورامان- ڕەشید هەورامی- ل(١٠)

[١٣] کرد شناس- مراد اورنگ- ل-(٩٥)

[١٤] لەبەر ئەوەی لەشوێنی تر باسی ئەم ماریفەتە کراوە پێویست ناکات لێرە درێژەی بدەینێ.

[١٥] زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا -(ل- ١٧)

[١٦] لەمێژووی هەورامان دا- م. محەمەد ئەمین لە ل(٥٨٢) دەڵێ: خاوەنی ئەم کتێبە سوێندی داوم کەناوی نەبەم منیش هێمام بۆ ناوەکەی داناوە کەپیتی (شین)ە.

[١٧] گۆڤاری کاوان ژ (٣٥) مانگی ئابی (١٩٨٥)-ل (١٢٤-١٣٠) گۆڤاری کاروان ژ (٣٦) مانگی ئەیلولی (١٩٨٥)- ل(١٣٨-١٥٠)

[١٨] سەید ئیبراهیم، لەساڵی(٥٣٠) کۆچی، کەدوای ئەوەی لەلای سەید مستەفا دەگەڕێتەوە لەپشتی قورئانێکدا ئەم یاداشتنامەیە دەنووسێت.

ئەم قورئانە ئێستالە (مخطوطات الاثار) لەبەغدایە لەژێر زنجیرەی (١٦٤٢٥). قورئانەکەش بەدەست خەتی خۆی نوسراوەتەوە.

[١٩] بنەماڵەی زانیاران- سەیربکە- ل (٣٨٨).

[٢٠] لەیادی مەردان داهاتووە ل ٣٦٢ دەڵێ: جەبراوا ئێستا وێرانەو، شوێنەواری، لەنزیکی(سەرگەت)دایە، لەنێوان گۆڕستانی باوەیس و، دێی سەرگەتا.

[٢١] لەیاداشتنامەکەدا، دێکە، دیاری نەکراوە کەئەو قوتابخانەیەی تیا بووە، بەلأم م. مەحمود لەگۆڤاری کاروان ژ(٣٥) /١٩٨٥ ل ١٢٥ دەڵێ: (تەوێڵە بووە، بەلأم بەپێی کتێبە مێژوویی یەکان، سەید موستەفا، پیر شالیارەو ئەویش لەهەورامانی شاردا ژیاوە بۆ نمونە:م. مەلا عەبدلکەریم لەبنەماڵەی زانیاران دا، ل(٣٦٢) دەڵێ:

.. پاش ماوەیەك سەید ئیبراهیم. ناوبانگی سەید مستەفای عورەیضی. ئەبیستێ کەزاتێکی خاوەن پیرۆز بووە، لەهەوررامانی تەخدا وەبە(پیر شەهریار) ناسراوە. ئەچێ بۆزیارەتی... ماوەی دووساڵ لەلای ئەمێنێتەوەو هەتا فێری شێوەی هەورامیش دەبێت. ماوەتەوە بڵێن ئایا(م. مەحمود) بەڵگەی چی یە کەئەودێ یەتەوێڵە بێ؟ لەسەردانێکدا لێم پرسی وتی بیرم نایەت بەڵگەم چیبووە کەوتومە تەوێڵەیە.

لێرەدا پرسیارێك دەکەین. دەڵێن: تۆبڵێی سەید موستەفا، خەڵکی هەورامانی تەخت بوو بێ، ماوەیەك هاتبێتە تەوێڵەو لەوێ لەخوێندنگای ئەوێدا بوبێت؟! مەگەر ئەم ڕەئیە وامان لێ بکات بڵێین لەوانەیە تەوێڵەش بێت.

ڕەئیەکە بەجیاواز لەڕەئیەکانی تر، ئەویش ئەمەیە کەمەلا مستەفای سەرگەت لە نامیلکەی (نورو بصری)دال (٣١)دا دەڵێ:

پیر شالیار لەساڵی (٥٣٥ك) لەشاری هەورامان لەدایك بووە، لەتەمەنی ٧٥ ساڵیدا لەساڵی (٦١٠ك) لەهەورامانی شار مردوە.. هەروەها دەڵێ: مامۆستای پیر

شالیار ناوی شێخ شەهابەدین بووە دانیشتوی دێی دزاوەر کە دێیەکە، کەوتوەتە خاکی ئێرانەوە، نزیك تەوێڵە. وەپیر شالیار لەخزمەتی شێخ شەهابەدین طەریقەت وەر ئەگریو ئەبێت بەشێخی ئیرشاد لەهەورامان، وەشێخ شەهابەدین کچێکی خۆی پێداوە، ناوی سارا خاتوون بووە، وەپیر شالیار حەرەمێکی تری بووە، ناوی شەهبارە خاتوون بووە. وە مامۆستای شێخ شەهابەدین شێخ عەبدولقادری گەیلانی بووە، لەخزمەتیدا بە بەهرەی تەریقەت گەیشتووەو بووە بەشێخی ئیرشاد لەدێی دزاوەر وەهەر لەدزاوەر کۆچی دوایی کردووەو گۆڕەکەیشی هەر لەوێیە.

جالێرەدا دەڵێین: مادام پیر شالیار مامۆستاکەی شێخ شەهابەدینی دزاوەری بوو بێت و، لەولاشەوە خەزوری بووبێت، وەتەوێڵەش نزیکە لە دزاوەرەوە، لەبەر ئەمە لەوانەیە لەوماوەیەدا پیر شالیار لەتەوێڵەدا بووبێت.. والله اعلم.

[22] بنەماڵەی زایناران– مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس – ل(٤٢١).

هەوارگەی شاعیرانی هەورامان

١-مەلا مستەفای بێسارانی

٢-مەلا خدری ڕواری

٣-صەیدی هەورامی

٤-فانی نۆدشەیی

٥-میرزا ئۆلقادری پاوەیی

٦-مەحزون پاوەیی

٧-جیهان ئارا خانمی پاوەیی

٨-شێخ ئەسیم موهاجر

٩-موفتی دشەیی

١٠-مەلا قاسمی پایگەلانی

١١-عەبدواللە بەگی هەورامان

١٢-فەتحواللە بەگی جافر سان

١٣-مەلا حەسەنی دزڵی

١٤-عبداللە ئەقدەسی ڕەزاوی

١٥-بێوەی ئەقشبەندی

١٦-مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە

١٧- محەمەد ڕەشیدی ئەمینی

١٨-حەمەخانی مستەفا بەگ

١٩-میرزای هەورامی

٢٠-باکی خەرپانەیی

٢١-فەرەیدونی بەهرامی

٢٢-حەسەن شەمسەدین زەڵمی

٢٣-کەلسوم عوسمان پوری ڕەزاوی

٢٤-کەوکەب هەورامانی بیارەیی

٢٥-شەیدا هەورامی

هەوارگەی شاعیرانی هەورامان

ئەگەر چاوێك بگێڕین بە پەڕاوەكاندا[1]،بۆمان دەردەكەوێ كەلە هەوراماندا، گەلێك شاعیرو نوسەر هەڵكەوتون، وە شاعیرێكی زۆریش بوون، كە هێشتا ناویان نەچووەتە ناو پەڕاوەكانەوەو، هەر لەسەر زارەكانەوە، دەماو دەم باس دەكرێن و، گەلێكیش هەن، كە هەورامی نەبوون و بە شێوەزاری هەورامی هۆنراوەیان وتوە. ئێمە لێرەدا، هەم ناتوانین و، هەم جێگەی ئەوەش نیە، ئەم هەموو شاعیرانە بەسەر كەینەوە، بەڵام هەر بۆ نمونە چەند شاعیرێك دەخەینە ڕوو، چەند شاعیرێكیش لە شوێنی تری ئەم پەڕاوەدا، بەسەرمان كردونەتەوە، جا لەبەر نەبوونی بوار، نەئەكرا لێرەش دا دووبارەیان بكەینەوە، هەرچەندە شیعریان لەوە زیاتر هەیە، وەك: م.هادی سپەنچی‌و م. هادی بەهمەنی‌و مومن نۆدشەیی...هتد هەروەها شاعیرە تەوێڵەیی‌یەكانیش لە بەشی تەوێڵەدا نوسیومانن و بەسەرمان كردونەتەوە...ئەم شاعیرانەش كە لێرەدا بەسەرمان كردونەتەوە، كورتەیەك لەسەر ژیانیان لەسەرمان نوسیون و، چەند هۆنراوەیەكیشیان دەكەینە دیاری هەوارگەی شاعیران.

بێسارانی[2]

(١٦٤١-١٧٠٢ز)

ناوی مەلا مصطەفای كوڕی مەلا قوطبە دینی كوڕی مەلا شەمسەدینە. لەبێساران لەناوچەی ژاوەرۆ لە دایك بووەو، لەلای باوكی دەستی بەخوێندن كردووەو، پاشان چووەتە نۆدشەو سنەو پایگەلان و.. لە دواجاردا لەلای مەلا قاسمی پایگەلانی مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە.

مەلا مصطەفا، زۆر وردبین وزانا بووەو بەتایبەت لە(عیلمی ئوصولْ)دا شارەزایی‌یەكی باشی بووە، بێسارانی شاعیرێكی ڕۆمانسی بووەو شیعرەكانی فەلسەفی‌و عیرفانی‌و سروشتی‌و غەرامین.

ئەگەر مەولەوی بەداهێنەرو گەشەپێدەری هۆنراوەی ڕۆمانسی كوردی دابنرێت.. ئەوە دەبێ بزانین كەبەر لە مەو لە وی، بێسارانی هەیەو، ئەمیش لە هەموو شاعیرێ زیاتر ڕەنگی لە سەر مەولەوی داڕشتووە، بەمەش دا پلەی بەرزی بێسارانی مان بۆدەردەكەوێ. وەلە وانەیە زیادە ڕەوی نەكردبێت كەپێ‌ی وتووە(سەودایی كامڵ) واتە: دڵدارێكی ڕاستەقینەی تەواو.

مەولەوی بەیتێکی بێسارانی دەهێنێ‌و، دەیخاتە ناو قەسیدەکەی خۆیەوەو دەڵێ:

های ڕەحمەت ئەو قەبر، سەودایی کامڵ	سەرمەشق مەینەت، (بێساران) مەنزڵ
((یانە وێرانی، هەروەمن ئامان	مەتاوو گێرتەی، کەسێوتەر دامان))

لە شیعرێکی تردا مەولەوی پەنجەی ڕێزی خستۆتەسەر بێسارانی‌و دەڵێ:

بێسارانی‌یەن، نەتۆی فەردی من	((خەم چەنی خەمان، زوومەبۆ ساکن))

هەروەها بێسارانی کاریگەری هەبووە لە سەر شاعیرانی تریش وەك پیرەمێردو مەستورەی ئەردەڵانی‌و...تاد.

بێسارانی لە تەمەنی (٦١) ساڵیداماڵئاوایی لە ژیان ئەکات و لەسەر وەسیەتی خۆی، لە گۆڕستانی (پیرەهەژارە) بەخاکی ئەسپێرن، کە ئەکەوێتە بەردەم سەولاوای نزیك مەریوان.

شیعرەکانی بێسارانی لە لایەن بەڕێز (کەیۆ مەرس نیکرەفتارە)وە کۆکراونەتەوەو بۆ یەکەم جار لەساڵی(١٩٨٢ز)بەرگی یەکەمی دیوانەکەی چاپ کردوە.....لەساڵی (٢٠٠٢)شەوە لە لایەن (حەکیمی مەلا صالحی هەڵەبجە)وە دیوانەکەی بە تێرو تەسەلی بە چاپ گەیاندو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەش بۆ شیعرەکانی نوسیووە.

ئەمەش چەند نمونەیەکە لە هۆنراوەکانی:

چراغ قوربانەن

چراغ قوربانەن...چراغ قوربانەن	چراغ ها فەصڵی، جەژنی قوربانەن
زەمزەمەی تەوحید، ڕای حاجیانەن	قوربانی قوربان، ئەمری یەزدانەن
ئەر تۆ نەداراوٚ، مسکین و، دەروێش	گشت کەس، مەکەرۆ قوربانی پەی وێش
توش سا من بەرە، پەی قوربانی گا	سەرەی من برە وەک (خلیل الله)
تێغی بێ درێغ، بنیەم نەگەردەن	جارِدە وەشاردا، قوربانیم کەردەن
منیش بەو قوربان، زۆر منەت بارم	قوربانی قوربان، باڵای دڵدارم

لەم هۆنراوەیەی بێسارانی‌دا دەردەکەوێ کەخاوەنی فیکرێکی وردو دڵێکی ناسك و هەستێکی بە تین بووە. وەك دەڵێ:

چراغ، وەنەوشە، چنور، چەنی گوڵ	عەزم ڕای ویصاڵ، تۆشان هانە دڵ
چنور جەسەر کۆ، وەنەوشە جە چەم	گوڵ جە گوڵستان وەهەم بیەن جەم
واتشان بەمن، بەندەی فلانی	چون حاڵ زانەنی بە حاڵ مەزانی
بونە، ڕای (الله)، بکەرە کارێ	بیاومێ بەوەصڵ، ئەو دڵبەر جارێ
چراغ، یە، هەر سێم، بەستن بەدەستە	چ دەستە، دەستەی زگاران بەستە

هەرسێم، یە، ئاورد، چوون،خاکە ساران هەر یەک، وایەی وێم، وەچەم مەداران
چنور، پەی زوڵفت، پەشێو حاڵشەن وەنەوشە، سەودای خیاڵ خاڵشەن
گوڵ پەی، جەمینت، مەسۆچۆ، چون شەم جە دوریت، نیشتەن نەپاش خاریٚ خەم
ساحیب مایەنی، بڵند بوو پایەت با وایە گێران، هەر بۆ جەمایەت

زۆربەی هۆنراوەکانی بێسارانی لەلایەن پیرەمێردەوە وەرگێڕراون بۆ سەر سۆرانی، ئەم هۆنراوەیەشی بەم شێوەیە وەر گێڕراوە.

گیانە، وەنەوشە، چنور لەگەڵ گوڵ سەودای دیدەنی، تۆیان کەوتە دڵ
چنور لەکێوان، وەنەوشە لەچەم گوڵ لەگوڵستان، یەکیان گرت سەرجەم
هاتنە لام وتیان، تۆ ڕابەرمان بە ئەمەمان، بۆبکەو، تاجی سەرمان بە
وەرە لەڕێی خوا، بکەرە، کاریٚ بگەین بەوەصڵی، ئەو دوڵبەر جاریٚ
ئەوا هەرسێکم بەستن بەدەستە هاتنە خزمەتت، بەدەستی بەستە
هەریەک بەڕەنگیٚ مەرامی پێتە بۆنیازیخۆی، خاکی بەرپێتە
چنور بۆ زوڵفت، مات و پەشێوە وەنەوشە مل کەچ، خاڵی لای لێوە
گوڵ کەناسکی، گۆنای تۆی دیوە چقڵی خۆی لە ژێر، پێی هەڵچەقیوە
تۆ پایە بەرزی، شای شیرین ئەندام با لەسایەتا، بگەن بە مەرام

لە هۆنراوەیەکی تردا دەڵێت:

چراغ نە دڵەن، چراغ نەدڵەن هەرکەس غەریبەن، هەر داخ نەدڵەن
دڵەی غەریبان، چون پەڕەی گوڵەن گوڵ خار تێش نیشۆ، خەیلیٚ موشکڵەن
گوڵ ئەر بنیشۆش، خاریٚ ئەڕوخسار جەزەخمیٚ ئەوخار، زایف مەبۆ زار
غەریب ئەر پەرنەش، بواچان سەردیٚ هەر سەردیٚ پەیش، مەبۆ بەدەردیٚ
دڵەی غەریبان، میسلیٚ گوڵ دارۆ کافر ئەو کەسەن، غەریب ئازاردۆ
مڵکی غەریبیم، فراوان دیەن داخیٚ غەریبیم، جەحەد بەرشیەن
هەرکەس مەکەرۆ، غەریب نەوازی بێشک خواوەن، لێش مەبۆ ڕازی
هەرکەس مەگێرۆ، غەریبان عزەت پەی وێش مەسازۆ، جائیٚ نەجەننەت

* * *

ئیمشەو ئایریٚ

ئیمشەو ئایریٚ، گڕ بەستەن نەدەروون بڵێسەش یاوا، بەسەقفی گەردوون
جەکورەی ئایر، جە بڵێسەی نار ستێزام چوون بەڕق، ئاو کەردم هاوار
جە هاوار هاوار، شەفاو لاڵەی من جە هەی ئاوهەی ئاو، شین و ناڵەی من
تمەز مەژنەوۆ، یەک خودا تەرسیٚ موسوڵمان صیفەت، ڕاگەی حەق پەرسیٚ
ماوە ڕۆ گۆزەی نەفتی (بیت المال) مەشانۆوە ڕووی، گڕبەستەی شەماڵ
پیسە مەزانۆ، یە گۆزەی ئاوەن نمەز خۆیە نەفت، تەوەن پیٚ ئاوەن
گۆزەی نەفتش کەرد، وە بڵێسەم دا قرچەی گۆزەی نەفت، وە ستێزەم دا

هەرتا سەحەر بی، هەر سۆزام بە سۆز
سەحەر سفتە کۆم، با بەردش چوون تۆز
هەرکەس وێنەی من، ئیقباڵش چەفتەن
نەواچۆ هەی ئاو، نەصیبش نەفتەن

* * *

یاشای صەبوری

یاشای صەبوری، یاشای صەبوری
مەر تۆ بدەری، صەبری صەبوری
تۆ کەری عیلاج، دەردی مەهجوری
وەرنەکێ دارۆ، تاقەتی دووری
عەزاب کێشی دەرد، زامنی دووریم
پەشێو حاڵ پەی دین، ئەو جەمین نووریم
دوورکەفتەی وەتەن، دوور وڵاتەنان
خەم کێش و خەم ناک، خەم خەڵاتەنان

* * *

یاران دڵ بەکام

یاران دڵ بەکام، یاران دڵ بەکام
کێ بۆ بیاوۆ، ئەمساڵ دڵ بەکام؟
کەفتەنم وەسەر، هەوای موڵکی شام
تەکیەگای ڕەسوڵ، (علیه السلام)
درێغ پەی باڵێ، بشیام بە ئەوجا
بکەفتام نەزێد، زامەنی بەطحا
مەککەی موبارەک، بدییام وەچەم
تێدا بنیشتام، بێ پەرواو بێ خەم
(مسجدالحرام)، طەواف بکەردام
حەسرەت نەمەندا، ئەوسا بمەردام
یاموشکلْ گوشای، کوللی موشکیلاْن
موراد حاصلْ کەر، پەی زەوقی دلاْن

* * *

میرزام نەو وەهار

میرزام نەو وەهار، میرزام نەو وەهار
هەنی نەیۆوە، ئیمساڵ ، نەو وەهار
وەنەوشە شێوان، نەچەم نگون سار
بەر نەیان وەبەر، سۆسەنان وەخار
گوڵان بەر نەیان، نەسەوزو نەزەرد
خاتر خەمین بان، چەنی تۆزو گەرد
ژەرەژ نەوانۆ، جە سەرانساران
شەماڵ نەشانۆ، شەونم جە داران
نەدەنگی سازبۆ، نە عەیشی بوڵبوڵ
نە ڕەنگی گوڵ بۆ، نە کارخانەی گوڵ
سیوەیل بەرنەیۆ، ئەمساڵ نەیەمەن
ڕەنگ ڕەژ نەکەرۆ، خەزان نەچەمەن
پەی چێش بی قیبلەم، نمەدۆ دییار؟
بێزارم جە سەیر، گوڵانی وەهار
مەولام بۆ ڕایێ، بواچە تەدبیر
زیندەگیم شیەن، نەبەندی زنجیر

* * *

ئارۆ ڕاگەم کەفت

ئارۆ ڕاگەم کەفت، شیم وەچەمەن دا
دیم بەڵبوڵ نەصەحن، باخی گوڵشەن دا
مەدۆ وەسەردا، پەی ئەندوهی دڵ
ماچو کون ڕەونەق، بازاڕی بوڵبوڵ.؟
جە جەستەی پەشێو، ئەو پەشێو جەستە
منیچ جە هیجران، تەمام بیم خەستە
دەردی دووریی، وەنەم دێوییان
شا دیم جە شیوەن، بوڵبوڵ شێوییان
ئەسرینان سەردان، جە دەروونەوە
موژەم دان بەدام، دەریای هوونەوە

*　　*　　*

جارێ بۆ جارێ

جارێ بۆ جارێ، جارێ بۆ جارێ
قیبلەم توخوا، جارێ بۆ جارێ
ئەگەر خۆفت هەن، تۆ جە ئەغیارێ
ویانە گێرە، بورێ پەی کارێ
ئێمە یانەمان، جەو بۆ نەکەردەن
جاری تۆ بێنە، وەحاجەت بەردەن
سەد جار بەوەڵا، دەردم پێت دەوام
حاجەتی یانەم، گشت بە تۆ ڕەوان

*　　*　　*

چراغم ئامان

چراغم ئامان، چراغم ئامان
ئامانەت فەرضە ن، ئامان سەد ئامان
وەسێتم ئیدەن، دەستم بە دامان
بەی وەسەر گڵکۆم، سەوڵی خەرامان
ئەسرین جە دیدەی، خەرامانی تۆ
جەسەر بتکیۆ، بگنۆ وەگڵکۆ
ئەر خەڵکان پەرسان، لەیلێ چێش بیەن
واچە هەی مەردم، زۆر وەنەم شیەن
ئینە غولامێن، بە تازە مەردەن
داخی دیدەی من، بە گڵکۆ بەردەن
ئیسە هانە ژێر، تەختە پۆشی سەنگ
نەقەبری تاریک، بێ داواو بێ ڕەنگ
بە دەرگای فەڵەک، زار زار بناڵە
دوو گێسوی سیات، وەرووی خاک ماڵە
واچە خوداوەند، بویەر جە گوناش
چونکە جەی دنیاو فرەم دان سزاش

*　　*　　*

بە کەم کەم کەردم

بەکەم، کەم کەردم، بەکەم، کەم کەردم
کۆ کۆ کۆی خەمان، بە کەم کەم کەردم
پەی پەی مەنامەن، داخ وەگڵ بەردم
مەن مەن مەنامەن، داخ وە دڵ بەردم
سەد مەردەم مەردەن، سەد کۆسم کەفتەن
هیچ کەس ئاخ و داخ، جەمن نەشنەفتەن
ئاخ ئاخ و، داخ داخ، وەی وەیو ڕۆ ڕۆ
هەر هەشت بەغەضەب، لێم بیەن بەکۆ
قیبلەم جە دووریت، یەندە داخ وەردەم
خەیاڵ بەداخی، خەمان شاد کەردەم

مەلا خدری ڕواری[٢]

(١٧٣٤-١٧٩٥ز)

مەلا خدر کوڕی مەلا ئەحمەدەو لە نەوەی شێخ نیعمەتوللەی وەلیە، لە لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە و چەند شوێنێك گەڕاوە بۆ خوێندن، لەوانە چوەتە قەڵاچوالان لە لای شێخ محەمەد وەسیم موڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە. مەلا خدر خواپەرستێکی ڕاست بووەو دەستێکی باڵای هەبووە لە پەروەردەکردنی قوتابی‌داو، شارەزاییەکی زۆری هەبووە لە زانستە ئیسلامیەکان، ناوداری سەردەمی خۆی بووە.پەڕاوی پڕ سودی هەیە لە وانە (ڕۆڵە بزانی و دەوڵەتنامە).

ڕۆڵە بزانی‌یەکەی، بریتی‌یە لە (ئەصڵ و فەرعی دین) بەهۆنراوە بە شێوەی هەورامی هۆنیویەتیەوە، ئامۆژگاری جوانیشی تیایە. تاچەند ساڵێك لەمەو بەر، مەلاکانی کوردەواری (ڕۆڵە بزانی)یان فێری منداڵ و قوتابیانی خۆیان دەکرد.

مەلا خدر لە ڕۆڵە بزانی‌دا دەڵێ:

..هەر چێوەت وانا، چێویٚ تەر وانە — با بێوەت زانا، یۆتەر بزانە
واناتۆ، زانات، وەرش بکەرە — زانات وەرت کەرد، عەمەل باوەرە
عیلم چوون دەرەخت، عەمەل سەمەرەن — عیلم بێ عەمەل، باخی بێ بەرەن
هەر چێو زایەع بۆ، پەریش هەن بە دەڵ — ئیللا بێ بە دەڵ، عومرەنو عەمەڵ
حەیفەن عومرو وێت، بدەی بە زایە — جەی دنیا بەرشی، بێ مایەو فایە

لە(دەوڵەتنامە)کەشی‌دا دەڵێ:

زەمانەی ئەندەن، زەمانەی ئەندەن — قاپی شەر گوشاد، دەری خەیر بەندەن
ئی دوو ڕۆژی عومر باقیات مەندەن — ئەویچ فانیەن، ئاخۆ تا چەندەن
تەوری دەستی دەور، جە ڕیشەش کەندەن های بێدارۆ بن، ئاندەش نەمەندەن
ئەگەر کەی خەسرەو، جەمشید جام بی — چوون قەیسەری ڕۆم، خاوەن سوپابی
ئەگەر پادشای، عالی جەنابی — ئەگەر کەیکاوس، ئەفراسیابی
ئەگەر سلێمان، ئەر ئەسکەندەری — ئەر خاقانی چین، ئەگەر سنجری
ئەر چوون حەکیمان، خاوەن دەوانی — ئەگەر پادشای، فەرمانڕەوانی
ئەرچوون شای‌مەردان، فەتحت بەدەسەن — ئەر پشتیوانت، سەد هەزار کەسەن
ئەر یوسفەنی بە حوسن و جەماڵ — ئەگەر قارونی، خاوەن گەنج و ماڵ
ئەگەر ڕۆستەمی، سەهمت سەهم ناک — ئەسڵت جەخاکەن، هەم مەبی بەخاک
ئادەم تا خاتەم، جەی دنیای پڕ دەرد — فامێوەکەردی، کێ بێ کێ نەمەرد
فامێوە کەردێ بە فکری باریک — ئی دنیای ڕۆشن، لێتان بۆ تاریک

هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

بێ یانەی خاسا نەک یانەی پڕ دەنگ   بێ پالای خاسا نەک پێلاوی تەنگ

ئینسان لای مەلا خدری رواری سێ جۆرە(سێ صنفه) بەم شێوە دەڵێ:

ئینسان سێ صنفه (شيئ)و نیوە(شيئ)   جۆری سێهەمین پێی دەڵێن (لا شيئ)

(شيئ)کەسێکە، کاری رێکەوت بۆی   عەقڵی تر دێنێ، بۆ لای عەقڵی خۆی

نیوە (شيئ)، کەسێکە، هەر بەعەقڵی خۆی   یان بە عەقڵی غەیر، کاردەکا بۆ خۆی

(لاشيئ)کەسێکە، خۆی ناعاقڵە   لە پرسی عاقڵ، تەواو غافڵە

مەلا خدر لە دەوری ئەحمەد سانی رواریدا ژیاوەو، لە پاش ئەوەی بووەتە مەلا، مۆڵەتی وەر گرتووەو گەڕاوەتەوە زێدو مەڵبەندەکەی خۆی و بووەتە مامۆستاو راوێژکاری ئەحمەدسان و، چەند جاریش لەدەوری کەریم زەند (١١٧٢-١١٩٣ك)دا لەگەڵ ئەحمەد سان دا بۆکاروباری ناوچەکە ڕۆیشتووەتە شیراز.

لەگەڵ ئەمەش دا کەزاناو هۆنەربووە، خۆشنوس و نوسەریش بووەو دەستێکی بالای هەبووەو چەند پەڕاوێکی ئایینی بەخەتە خۆشەکەی خۆی نووسیوەتەوە.

حاجی قادری کۆیی لەبارەیەوە دەڵێ:

وەک مەلا خضری روودباری نیە   شیعری ئاوی حەیاتە، تاڵی نیە.

صەیدی هەورامی[٤]

(١٧٨٥-١٨٤٩ز)

شاعیرێکی بەرزی هەورامانە، ناوی (مەلا سەید محەمەدی سلێمانی سەید مەحمود)ەو، لەخانەگای لای پاوە لەنێوان سالانی (١١٩٩-١٢٦٥ك) ژیاوە.

هەر بەمناڵی دەستی کردووە بەخوێندن و، هەر بۆ ئەو مەبەستەش چەند شارو دێ گەڕاوە، تاوەکو لەدوا پلەی خوێندن، لەلای مەلا جەلالی خورماڵی، مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێو، دوایی دەبێت بەمەلای شاری هەورامانی تەخت و، ئیتر لەوێ جێگیر دەبێت و، ژن دەهێنێ و، بەمەلایەتی و دەرس وتنەوەو، ئیش وکاری باخەوە خەریك دەبێت.

صەیدی لەدوای خۆی، دوو کوڕی لێ بەجێماوە، بەناوی (مەلا شەریف و مەلا مەحمود)، ئەمانیش ئێستا نەوەیان لە هەورامانی تەختە.

سـۆزو عەشـقی بەامبـەر بەیارەکـەی و، دیمـەنی جـوانی دڵڕفێنـی هەورامانەکـەیو، شـەیدای گیـانی شـێخەکەی .. وایـان کـردووە لەصـەیدی، کانیـاوی شـیعری بتـەقێت و، ببێتـە شـاعیرێکی بڵنـدو پایەبەرز لـە کوردسـتاندا بەتایبەت لە هەورامان دا.

هۆنراوەکانی لەچڵەپۆپەی ئەدەبیات دان و، ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەن بـۆ پلـەی زانیـاری خـۆیو، بۆ جـۆری ژیـانی و نیشـتمانی دایکـزادی و بـۆ ڕەنگینـی هـەورامان. زمـانی شـیعرەکانی خـۆی لـەخۆیدا، فەرهـەنگێکی پـڕ لەکەرەسـەن، دەتوانرێت وشەی کوردی پێ دەوڵەمەند بکرێت.

هۆنراوەکـانی زیـاتر لـە(١٥٠٠) هـۆنراوە دەبـن، زوربـەیان بەشـێوازی هەورامین، هەندێکیان وەکو: (ئەز ئورومون، دڵبـەر ئەسـتانای جەمن، موسڵمانا، دوسـتەم لقـۆ، ... تـاد). لەسـەر شـێوەی هـەورامی کـۆنی هـەورامانی تـەخت هۆنیویەتیەوە، هەروەها هۆنراوەشی هەیە کەتێهەڵکێشی (هەورامی و فارسی) یا (هەورامی و عەرەبی) کردووە.

لەتێهەڵکێشی (هەورامی و فارسی)دا وەك:

تەهەر زۆن ماچێوەت مێژۆگیۆنی

در این سودا بناشد چون و چندیٚ

ڕیۆنیٚ مونگڵە دیمیٚ بیٚ نەوەردیٚ

خدایت یار باد از هر گزندیٚ

واتە: ماچێکت هەرزانە بەگیانیٚ، لەمەدا مامەڵ و سەوداو زیادو کەم نیە ڕێحـان ڕوومـەت مـانگ بیٚوێنـە، خـوا بتپـارێزیٚ لەهـەموو ناخۆشـی و پەژارەیەك..

لەتێهەڵکێشی (هەورامی و عەرەبی)دا وەك:

ئەر سەراسەر زێڵۆ من گیڵیش پۆنە

غير حبك في فؤادي ليس شيء

شێخو پیر، مەڵلاو میرگرد عاشقۆ

ما عليهم لومة إلا علي

واتە:سەراسەر دڵیمن بپشکنی،جگە لەخۆشەویستی تۆ هیچی تریتیا نیە. شـێخ و مـەلاو میر، هـەمویان عاشـقن، بۆچـی ئەوانـە لۆمـە نـاکرێن، تـەنها لۆمەی من دەکرێت.

هەروەها تێهەڵکێشی (فارسی و عەرەبی)یشی هەیە.

صـەیدی لـەهۆنراوەکانی‌دا، خۆشەویستەکەی، دەمـیٚ بـە(نیشـات) دەمـیٚ بە(شیرین) و دەمێکیش بە(ڕیۆن) واتە: ڕێحان، ناو دەبات، ئیتر ئایا ئەم سیٚ ناوە مەبەسـت لەسـیٚ کەسـی جیـاوازە یـاخود مەبەسـت لەیـەك کەسـەو لەبـەر خۆشەویستی ئەم سیٚ ناوەی بەکارهێناوە، بەتەواوی نازانریٚ.

مـەلا محەمـەد، نازنـاوی (صـەیدی)یـە کەلەوشـەی (صـید)ی عەرەبی‌یـەوە هاتووە، واتە (ڕاوی) وەکو خۆی لەم هۆنراوەدا دەڵیٚ:

عەرزەداشت بەندەی، دڵ مەندو ڕەنجور

(صەیدی) دامی عەشق، بە(صەیدی) مەشهور

واتە: بەنـدەی دڵ مەنـدو دڵ زامار عـەرزی هەیـە، ئەو بەندەیـەش صـەیدی یەکە بووە بەداووی عەشقەوە، کەبە صەیدی ناوبانگی دەرکردووە.

لەنێوان نوسەران و ئەدەب دۆستاندا جیاوازی هەیە لەسەر ئەوەی کە: ئایا صەیدی یەکێکە یاخود دوانە...؟[٥]

ئەوانـەی کـەدەڵێن دوانـن، بەڵگـەیان زیـاتر ئەوەیـە کـەدەڵێن یـەکێکیان زۆر کۆنـەو هۆنراوەکـانی لەسـەر شـێوەی هـەورامی کـۆن وتـراون، بـەڵام ئـەویتریان تازەیەو نزیکەی (٣٠٠) ساڵێك جیاوازیان هەیە لەژیاندا.

هەنـدێکی تـر دەڵـێن: صـەیدی تـەنها یەکێکـەو بـەڵام بەهـەردوو شـێوەی هـەورامی کۆن و تـازە هـۆنراوەی وتـووە .. ئەوانـەی ئەم ڕەئیـەیان هەیـە وەك: م. محەمەد ئەمین کاردۆخی و، عوسمان هەورامی ...

ئێمە لێرەدا ئەم بۆچونە بەڕاست دەزانین چونکە تا ئێستا هـەر ئەم دوو مامۆستایە، هۆنراوەکانی (صەیدی)یان کۆکردونەتەوەو بەچاپیان گەیاندون و، بـۆ ئەمـەش هـەوڵیان داوەپـەیجۆیی (تـەحقیق)ی ئەمـە بکـەن و، لەئەنجامـدا گەیشتونەتە ئەوەی کەدەڵێن: صـەیدی هـەر یەکێکەو بەهـەردوو شێوەی کۆن و تـازە هـۆنراوەی نووسـیوە، بـەڵام وادەزانم کەئـەوانی تـر لێکۆڵینـەوەی ئەمـەیان نەکردووەو تەنها بەڵگەیان دوو جۆری هۆنراوەکانە.

صـەیدی دەرسیشـی بـە شـێخ عوسمـانی تەوێڵـە وتـووەو، دوایـش بـووە بەخەلیفـەی شـێخ عوسمـان. دەڵـێن موریـدو صـۆفی‌یەکانی شـێخ لەهـەورامانی تەختەوە دێن بۆ تەوێڵەو بەشێخ دەڵێن: صـەیدی بۆ خەلیفەیـەتی دەست نـادات و، هەر خەریکە شیعر بەژنانا هەڵئەدات. شێخیش نامەیەك بۆ صـەیدی ئەنوسیٚ کەڕاستی بۆ ڕوون بکاتـەوە، وەئەگـەر وایـە واز بێنـیٚ .. صـەیدی‌یش لەوەڵامـدا هۆنراوەی (یاشێخ صەنعانم)ی بۆ دەنوسیٚ.

وەك وتمان: هۆنراوەکانی صەیدی، باس لەسروشتی هەورامان و جوانی ئافرەت و هەندێکیشیان هەڵبەستی ئایینین. لەلایەن م. عوسمان هەورامی و م. کاردۆخی‌یەوە کۆکراونەتەوەو لەچاپ دراون. مامۆستا عوسمان هۆنراوەکانیشی بەهۆنراوە وەرگێراونەتە سەر سۆرانی و مامۆستا محەمەد ئەمینیش وشەکانی لێکداونەتەوەو مانای هۆنراوەکانی نووسیوە. جائێمەش لێرەدا لەهەردوو چاپەکە چەند نمونەیەك لە هۆنراوەکان دەنوسین.

ئەمەش نمونەیەکە لەو هۆنراوانەی کە صەیدی لەسەر شێوەی هەورامی کۆنی هەورامانی تەخت نووسیویەتی‌و، م. عوسمان هەورامی، بەهۆنراوە وەری گێڕاوەتە سەر سۆرانی.

هۆنراوەکەی صەیدی بەهەورامی	هۆنراوەکەی م. عوسمان بەسۆرانی
ئەز ئورومون مەکانم بی، وەڵاتم	من هەورامان شوێنم بوو، وڵاتم
(سەرو پیری) خودای، دابی نەجاتم	لە(سەروپیر) خوا دابووی نەجاتم
برو دەروێش لۆو، سەیرو وەڵاتو	بوومە دەروێش بەولآتا زۆر گەڕام
نەنیشتۆ هیچ وەڵاو تێونیٚ نەمساتم	لەهیچ لایەک نەوزەم بوو نەئارام
لۆو (ژیوۆر) برو، شێتو (نیشات)ە	چوومە (ژیوار) شێت بووم کە(نیشات)م دی
نیشاتی شێوناش، عەیش و نەشاتم	ژین و خۆشی و شادیم نیشات شێواندی
جەنو من ئاخ ئاخەمو پەی نیشاتە	هەمیشە هەر ئاخمە بۆ نیشاتم
سیواو ئاخی نەبەر هیچ دەسەڵاتم	بێجگە لەئاخ نەبوو هیچ دەسەڵاتم
نیشات ئەرمیرو، مەڵڵا پەرسەدادەم	نیشات دادم بپرسن، میرو مەلا
شکاتو تەن شکاتو تەن شکاتم	لەدەستی تۆ، سکالآمە سکالآ
نەژیڤونو مەژیڤو بیٚتە ساتێو	ساتیٚ بیٚ تۆ ناژیم، ڕوو لەتەمانم
حەیاتمە حەیاتمەنی حەیاتم	ژیانمی، ژیانمی، ژیانم
نیوۆم بیٚ تەکەرارو ژیڤی تاڵە	نیمە بیٚ تۆ، ئارام و ژینی گەندم
برینی شەکەرم قەندم نەباتم	هەرتۆی لەجیٚی نەبات و شەکرو قەندم
تەخونەبرەت وەفا، هەرگیز چەنی من	خۆتۆ نەت بوو، لەگەڵما وەفا هەرگیز
بینابیم بیٚ وەفاییت بەر وەفاتم	لەبەر بیٚ وەفاییت وائەمرم ئازیز
ئەز ئەردیووۆنەنو ئەرشێت و سەرسام	من گەر دێوانەو شێت و شێواوم
پەکم تونی تەوستەن موشکلاتم	تەواو پەکمە بەدەستتەوە داماوم
تەمەم بەستێنەنی ئاچاڵو زنجی	دڵم چووەتە چاڵی چەناگەی خرین
کەدەی چاکەو سەرو ئاڤو هەیاتم	پێم بەخشەلیٚی کەوسەری ژیانی من

لوۆنوقە سەرو توفو جهێڵی	چوومەتەوە سەرەو دەمی گەنجیەتی
دمرەک پیرنو شەڕمن وەخت و سەعاتم	کەچی پیرم، پیریم گەرمەی شەڕیەتی
نەفەرزو دەی زەکاتو نازەنینیت	زەکاتی نازەنینیت پێویستە بەی
ئەزیچ دەروێش تەسا بدەر زەکاتم	منیش دەروێش تۆش زەکاتی بەریٚ دەی
نیشاتو کاکە بارومی خجڵنوم	نیشاتی کاکە بارامە ئاواتم
خەمش بەرگم پەژارەیچش خەڵاتم	خەمی بەرگم پەژارەشی خەڵاتم

لەهۆنراوەی (شەرابو عەشق و تۆ)دا کەستایشێکی ئایینی‌یە دەڵێ:

شەراب و عەشق و تۆ، ساف و زوڵاڵ   بەلەزەت وەش بنوشای توندو تاڵا
مەدینەش پەی کەسێ، تۆ دڵ نەوازی   بەبێ مینەت چەموحتاجی سواڵا
مەبۆ مەستی ئەبەد، هەرکەس مەنۆشۆش کەساقی پادشاهی ذولجەلالا

پاشان دەڵێ:

جەدیوان و سەبای، ساچێش بکەرمێ   نەبا دامان بەدەستی چەپ قەبالا
کەریما، غافر الذنبا، ڕەؤوفا   ڕەحیما، بێ‌شەریکا، بێ زەواڵا
بەلوطفی تۆ، قەوی ئومێدمانەن   نەبیمی قەهرو تۆ، دڵمان زوخالا
ئومێدمان هەن، پەنامان دەی جەدۆزەخ نەک ئێمە حۆروو جەنەت مان خەیالا
الهی تۆبەی ئیخلاصمان قبولْ کەی   (قبولْ تۆبان) جەعوصیان چی بنالا

لەکۆتایی‌یەکەشی‌دا دەڵێ:

خوداوەندا، بەفەریاو، (صەیدی) یاوی   جەوەختێونە، کەمەنزڵ تیرە چالا

*   *   *

لەهۆنراوەی (وەیادی ساڵان)دا دەڵێ:

وەیادی ساڵان، وەیادی ساڵان   دڵە تۆ بەیاد، ویەردەی ساڵان
وەس نیشە خەمناک، چەنی خەیاڵان   بابشمێ وەسەیر، بارگەی (عەودالان)
کۆمای خەرمانان، خەم دانت وەهەم   نیشتەنی جەلاش، پەژارەو ماتەم
بای شەماڵ نیەن، بدەیش وە باوە   تاکەی سەرگەردان، مەبیش وەلاوە
(عەودالان) بەرزەن، شەماڵش تێزەن   نەسیمش بۆی عەتر، عەنبەر ئامێزەن
باکۆگای خەمان ، هۆرگێرمێ بەکوڵ   بەرمێش وەکۆی بەرز، عەودالانی چۆڵ
چەوگە ئێمەو تۆ، هەردوێما بەهەم   بدەیمێش وەباد، بەکەم کەرمێش کەم

دواتر دەڵێ:

بشمێ نەئەیوان، غاری هیبەت ناک   تەکیەگای خاسان، ئەودالانی پاک

دوودەست پەیدۆعا، هۆردارمیٚ گوشاد یاحەی یاقەییوم، دەهندەی موراد

لەکۆتایییەکەشیدا دەڵیٚ:

ئەر بشون وەلای، ئەفلاٚتونی ژیر پەی دەوای دەردم، ئاد مەوەرۆگیر
ماچۆ تۆ بە(عەشق)، سەد پارە جەرگەن دەوای دەردی تۆ، (وەسڵەن یامەرگەن)
پاشاهی شاهان، یاحەیی خاسان ئاسان کەی کارم، بەدەستی ئاسان
هەر من بیٚ چارەم، یاللە چارم کەی خاتر شاد بەوەسڵ، باڵاٚی یارم کەی
ئارمزووی دلاٚن، یەکسەر حاسڵ کەی دۆست بەدۆستی وێش، بەخەیرواسڵ کەی
(صەیدی) دلٚ پڕ ئێش، جگەر پڕزامین یائەللە دۆعاش، قبولٚ کەی (ئامین)

* * *

ئەمەش چەند هۆنراوەیەکی تری:

سورە هەراڵە

سورە هەراڵە، سورە هەراڵە سورە هەراڵە، وەش کەیفی حاڵە
پەی چێش ڕەنگی تۆ، هەر سور دیارەن ڕەنگت چون یارەن، وەک شایوەهارەن
وەختیٚ ئێد شنەفت، سورە هەراڵە واتش ڕەنگی من، وەش کەیفی حاڵە
دایم الاوقات، جەوەتەن و وێم نیشتەناو خەریک، شەوق و زەوقیوێم
نەپای (وەرواوان)، وەختێو من مەوبەر ڕەنگەم سەوزەنە، نەڕووی (وەرکەمەر)
ئینجا جەناگا، سەیرکەرو جەدوور دیارەن باڵاٚو، یارەکەیم چون نوور
وەختێو ئایارە، نزیکم مەبۆ لاوسەرەیمەنە، تێر سەیرم کەرۆ
بویوە وەشە، مەگنۆ نەسەرەم ڕەنگەم سورە بۆ، زوو بەخاتر جەم
پیڕەنگە ڕەنگم، بەسور دیارەن سوری ڕەنگی من، جەسایەی یارەن
کەچی چەناگاە، چەرخی پڕ ستەم من و ئازیزش، جیاکەرد جەهەم
هۆرێزا لوا، پەریٚ یانەو وێش منش کەرد بیٚناز، خاتریش پەرێش
ڕەنگەم هورگێلاٚ، جەڕەنگی وەڵین دڵم ماتەم بی، بێزارو خەمگین
گرەوام فرە، جەداخی گەردون هەرسۆ چەماومن، جەحیساب بێرون
پاسە زانێنیٚ، یاری وەفادار ئەر دوورش گنۆ، مەگێرو قەرار
کەئادە لوا، بەبیٚ بەهانە هەرسۆ چەمامن، ئاما چون هانە
(صەیدی) خۆجەداخ، بیوەفاییار چی سەر زەمینە، نیەنش قەرار

* * *

یاران دێوانە

یاران دێوانە، یاران دێوانە
ئەبلە کەسێوەن، شێت و دێوانە
چی دنیای فانی، بسازۆ یانە
بەئاوایش وانۆ، ماوای وێرانە
دونیا مەنزڵێن، وێرانە فانی
یانەش نەدان ساز، کەس جەوێرانی
یاران هەر مەسکەن، وێرانە زێدبۆ
ئەبلە ئەو کەسەن، بەوش ئومێدبۆ
هەرکەس عاقڵ بۆ چەنەش چی‌نیشۆ
ڕەنجی بێ حاصڵ، پەی دونیای کێشو
هەر ئێد خاستەرەن بگنۆ نەرای
تا یاوۆ وەلای، ئەبەد ماوای
عاقلانی دەور، قەدیم ئەیامان
یانەی دونیاشان، وێنەی پول فامان
هەرچەند بمانی، نەورا گوزەردا
حاصڵش ئێدەن، بشیش وەسەردا
ئەرکەسیٚو نەبۆ، وێڵ و دێوانە
وەبانی پول دا، کەی کەردەن یانە
دونیا شارێوەن، چون قەدیم شاران
ساکنەن تێشدا، هەزار هەزاران
وەلیٚ کەس جاوید، چەنەش نەمەندەن
هەر پەنج ڕۆ، کەسێو چاگەنەبەندەن
نەئارامیٚ هەن، نەهۆ قەراری
جەی شار بەرمەشان، هەرۆ هەزاری
مەویەران بەجەخت، یاران بەپۆڵ دا
گشت مەیان پێوار، جەخاک و خۆڵ دا
پەیاپەی مەشان، یاران بەو ڕاوە
یەکیٚ نمارۆ، سەر بەدوماوە
عەقڵ تۆ پێسەن، ئی دونیای فانی
کەس تێش نەمەندەن،تۆچەنەش مانی
مەشغوڵ بەکاوگڵ، یانەمەسازی
سەفەریٚ سەختەن، دوورو درازی
شێتا فکرو تۆ، خەیاڵت پوچەن
خەیاڵ هەر سەفەر، کارسازی کوچەن
وەس لیباس شوغڵ، دونیایی پۆشە
ڕای سەفەر دوورەن، پەیداکەر تۆشە
گانە فکر حرص، جەمعی ماڵەنی
گاپەریٚ مەنسەب، نەخەیاڵەنی
گا چەنی فەرزەند، شادیو زەوقتەن
گا پەریٚ دیدار، یاران شەوقتەن
کەللەی سەر جەکات دونیا کەرخاڵی
کاتیٚ مەزانی، شادی بەتاڵی
ئەوسا مەزانی، ئەجەل تۆش داگیر
پاش نیای نەدام، سلسلەو زەنجیر
دەروون پڕحەسرەت، خاطر پەرێشان
دوور کەفتی جەئەهل،جەقەوم خوێشان
نەماڵ نەفەرزەند، ناما بەکارت
تۆمەندی نەقەبر، کۆی عوصیان بارت
ئەو ساجەو دوما، وا حەسرەتا بۆ
تاپاگەی نیشتەی، نەبەر ئامات بۆ
کەردەی زوشتی‌وێت،وەنەت بی‌دوچار
یاواردیش چون وەرگ، یاگەستیش چون‌مار
گیرومردەی کردار، فعلی زشتی وێت
بیٚتۆشەو بیٚزاد،خاڵی موشتی وێت
عاصی و ڕووسیا، گوناهکاری وێت
گرفتاری قەبر، تەنگ و تاری وێت
غەرق گێچ بەحر، سیاسەتی وێت
شەرمەندەو ڕووزەرد، قیامەتی وێت

(یاغافر الذنب) سڕ پۆشی سەتتار   بویەر جەجورم، (صەیدی) خەتاکار

* * *

لەهۆنراوەی (نەورۆز گوڵ) دا دەڵێ:[٦]

نەورۆز گوڵ خێزان، نەورۆز گوڵ خێزان   وادەی وەهارەن، نەورۆز گوڵ خێزان

نەورۆز گوڵ جاسوس، گوڵانی تازەن   وەهار کیانان، نیزانی وازەن

دواتر دەڵێ:

هەیمای زمستان، تەشریف نەبەردەن   نەورۆز گوڵ موژدەی، وەهار ئاوەردەن

نیزانی مدۆ، زمستان ویەرد   تەختی یەخ بەندش، هەوادا بەگەرد

لەکۆتاییدا دەڵێ:

چونکە شای وەهار، شادی مەوازۆ   هیچ کەسێ خەمناک، مەلول نمازۆ

(صەیدی) چون مەلول، هیجرانی یارەن   فیشتەر غەمناکیش، فەصڵی وەهارەن

هەروەها (صەیدی) لەهۆنراوەیەکی (١٤) کۆپلەییدا ڕازی دڵی خۆی دەهۆنێتەوەو ڕوو دەکاتە خۆشەویستەکەی، ئێمەش لێرەدا چەند کۆپلەیەکی دەخەینەڕوو..

(... وێڵ وێڵ مەگێڵام کۆ بەکۆ

دەردم گران بێ، ڕۆ بەڕۆ

خۆ کافرسانی نیۆ

تەرک و وڵاتیت کەردمۆ

ژاراو دوریت وەردەمۆ

پەرسە بەحاڵی دەردەمۆ

خۆ کافرسانی نیۆ

عوریان و کەڵپۆس پێڵە نۆ

شەیداو بیانان گێڵەنۆ

داپەرسە پەی کێ وێڵەنۆ

خۆ کافرسانی نیۆ

لەکۆتاییدا دەڵێ:

قەومان خوێشان هامسەران

لۆمەو مەنامان چی کەران

خاسەن تەئەسوفمان وەران

خۆ کافرسانی نیۆ

(صەیدی) گران و ئەلویداش
هیجران مەدو هەردەم جەفاش
هەی پەی خوای بەیدی وەلاش
خۆ کافرسانی نیۆ

*　**

لە هۆنراوەی (قیبلەم جەمینت) دا دەڵێ:

(... تاشەمعی ڕووی تۆ، نور نەوارۆلێش　من کۆگای عومرم، ئایر مەشۆ لێش
نمە بۆ بازار، شەوقی تۆ بەتاڵ　تامن مەیلی تۆم، مەشۆنە خەیاڵ
تۆ هەرسات حوسنت بێ ئەندازەتەر　من هەردەم عیشقم، جەنەو تازەتەر

لەدوایش دا دەڵێ:

سەدساڵ دمایمەرگ، جەوەختی نەوگوڵ　مەزیۆنە گڵکۆم، لالەی داخ نەدڵ
ئەربەی بویەری، تۆ نەمەزارم　مەزانی پەی تۆ، هێمای داغدارم...)

*　**

هام سەران

هام سەران، ئێشان، هام سەران ئێشان　ئی شەو زامی تەن، خاس مەدان ئێشان
مەلول و زویر، خاتر پەرێشان　چمان قیمەی جەرگ، ئەمن مەکێشان
کەس نیەن پەرسۆ، ئیزامدارە کین　ئی بەندەی بەدبەخت، سیا ستارە کێن
پەیڕووی ڕەزای حەق، فیکرێ جەحاڵم　بانەگیرۆ عام، هەناسەی کاڵم
ئەرزامان بەی تەور، تاسوب کەران چڵ　سوب لاشەی (صەیدی) مەسپاران بەگڵ

*　*　*

بینایی دیدەم

بینایی دیدەم، شای سۆسەن خاڵان　ئیدەستە بەستەی، مەستی گولاڵان
بگێرە جەدەس، ئی کەم تاڵەوە　بنیەش بەو گۆنای، موشکین خاڵەوە
گوڵ پەی گوڵ خاسەن، جەمین جامەنی　گوڵ بۆ گوڵ قامەت، گوڵ ئەندامەنی
شاباشی تۆبان، گولاڵانی مەست　(صەیدی) خارخاسەن، بگێرۆ وەدەست

*　**

دڵە یادکەرە

دڵە یادکەرە، دڵە یادکەرە　فەسڵی جوانیت، ئیسە یادگەرە
جەدەستی پیریت، ئەمجار داد کەرە　هەم بکێشە ئاخ، هەم فەریاد کەرە
مەنزڵ وێرانەن، خاس کەوتەن وازت　بگرەوە پەی حاڵ، جەستەی بێنازت

ئێسە بۆ وەهۆش، مەگەر بیٚ هۆشی	جوانیت ویەرد، بدیە وەگۆشی
ئەر دیدەت وینان، بدیە نەجامان	جەستەی وێت وینە، جەسەر تادامان
بالأت چون تیر بیٚ، فەرقت وێنەی قیر	تیرت بیٚ کەمان، فەرقت بیٚ وەشیر
کۆن سافی ڕوخسار، سەفحەی جەبینت	کۆن دیدەی پۆڕ، نور موژەی جەمینت
چەم چەمەی هوناو، ئەسرینش خێزان	سەر نێش قولاپ، موژانش ڕێزان
عەقدی دوندانت، یەک جەیەک جیان	ڕەنگی مرواریت، چون شەوی سیان
بدیە وەکەمان، چەمیدەی چەفتت	کۆن تیژی هەڵمەت،کۆن ڕەختیڕەفتت
قامەت چەفتولار، دوندان کەفت وکەل	بگێڕە پای لەنگ، تۆ بەدەستی شەل
هەڕدە وەسەردا، چوون ئازیز مەردە	پەی وەشی ومرین، عومری ویەردە
دریغ هەر نەبیا، (صەیدی) جەزەلدا	نەک بدیا وەحاڵ، جەستەی خەلەلدا

م. عوسمان هەورامی بەم شێوەیە شیعرەکەی صەیدی (یا شێخ صەنعانم)ی بەهۆنراوەو بەقەڵەمە بەپێزەکەی وەری گێڕاوەتە سەر سۆرانیو دەڵیٚ:

یاشێخ صەنعانم، یاشێخ صەنعانم	یاشێخ صەنعانم، یاشێخ صەنعانم
عاشق پەی تەرسا، وێنەی صەنعانم	من شەیدای تەرسای، وێنەی صەنعانم
لاقەید جەتانەی، مەناو مەنعانم	بیٚباکی تەقەی، دەستەی بەدانم
چوون یوسف داخدار، پەی مای کەنعانم	وەک یوسف پەرۆش، مانگی کەنعانم
وامق پەی عەزرا، زوڵف عەنبەرینم	وامقی عەزرای، زوڵف عەنبەرینم
فەرهاد جەحەسرەت، خاڵ شیرینم	فەرهاد لەعەزرەت، خاڵی شیرینم
جەبەهرام بەتەر، من نمەد پۆشم	لەبەهرام پتر، من لباد پۆشم
گوڵ ئەندام بەردەن، فام چەنی هۆشم	گوڵ ئەندام بردی، هوشیاری و هۆشم
مەجنون لەیلم، بیابان گێڵم	مەجنونی لەیلم، بیابان گێڵم
عالەم مزانۆ، پەرەی ئەو وێڵم	عالەم ئەزانیٚ، کەبۆ ئەو وێڵم
زەدەی جەمین گوڵ، وەنەوشە خاڵم	پێکراوی ڕوو گوڵ، وەنەوشە خاڵم
هاجەلاش فکرو، هۆش و خیاڵم	والەلای هۆش و، بیرو خەیاڵم
من چوون سالکان، ڕای عەشقم دایم	وێنەی شەیدایان، ڕێڕەوم عەشقە
یاشێخ لا قەیدم، جەلۆمەو لایم	یاشێخ بیٚباکم، لەتوانج و تەقە
هەزاریٚ وەی تۆر، شێوەش ئی بازین	هەزار بەم جۆرە، کەوتونە وازی
نیمیٚ حەقیقی، نیمیٚ مەجازین	نیویٚ حەقیقی، نیمیٚ مەجازی
تا مەجاز نەبۆ، حەقیق نمە بۆ	تاوشک نەبیٚ، ڕاست نایەتەڕیٚ
حەقیق بیٚ مەجاز، تەحقیق نمە بۆ	ڕاستیش بیٚوشک، هەرسەر ناگریٚ

ئەر حەقیقی‌یەن، ئەر مەجازیەن | گەر حەقیقی‌یە، یامەجازی‌یە
دڵ و من یەئەو، بەخودا ڕازی‌یەن | دڵی من بەخوا، بەئەو ڕازی‌یە
ئەر عاشق نەبان یەکسەر مەڵلاو شێخ | گەر شەیدا نەبن، یەکسەر مەلاو شێخ
فتوا بۆ (صەیدی) سەربڕان بەتێخ | بڕیار بیٚ (صەیدی) سەربڕن بەتێخ

حاجی مەلا ئەحمەد نۆدشی - فانی (٧)

(١٨١٣-١٨٨٤ز)

پێشەوای شاعیر حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی کەبەحاجی مامۆستا ناسراوەو نازناوی (فانی)یە، کوڕی مەلا عەبدوڕەحمانی کوڕی مەلا ئەحمەدی نۆدشی‌یە، بنەماڵەکەیان زانای ناودارو ئایینپەروەری زۆری تیا هەڵکەوتووە.

مەلا عەبدوڕەحمانی باوکی چوار کوڕی بووە: محەمەدو ئەحمەدو فەضلەدین و جەلالەدین، محەمەدیان هەر بەمناڵی مردووە، کوڕەکانی تری گەورە بوون و ژنیان هێناوەو نەوەیان لێکەوتوەتەوەو بوونەتە زانای ناوداری سەردەمی خۆیان.

مەلا ئەحمەد لەمانگی شەعبانی ساڵی (١٢٢٨ك=١٨١٣ز) لەنۆدشە لەدایك بووە، هەر لەوێش لەلای باوکی دەستی کردووە بەخوێندن، پاشان هەر بۆ خوێندن چەند شوێنێکی کوردستان گەڕاوە، لەلای مەلا عەبدوالله ی خەرپانی لەهەڵەبجە چەند ساڵ خوێندویەتی، کەئەوکاتە لەگەڵ مەلا صادقی تەوێڵەیی موستەعید بوون، پاش ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ لای باوکی دەخوێنێ کەلەوکاتەدا لەسنە بووە، لەوێوە ماڵیان دێتە سلێمانی ئیتر لێرەوە دەچێت بۆ بۆ خزمەتی مەلا محەمەدی خەتێ لەڕەواندوزو مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێت و دێتەوە سلێمانی، کەلەو کاتەدا باوکی موفتی شاری سلێمانی بووە، ئەمیش دەبێتە مودەریسی خوێندنگای مەڵکەندی، کەباوکی لەساڵی (١٢٦٦ك = ١٨٥٠ز) کۆچی دوایی دەکات، لەگردی سەیوان لەسلێمانی دەینێژن.

ئیتر مەلا ئەحمەد لەجێگەکەی دادەنێن و دەبێتە موفتی سلێمانی، پاش ماوەیەك واز لەموفتی‌یەتی دەهێنێ‌و دەگەڕێتەوە نۆدشە، لەدواجاردا لەشاری سنە نیشتەجێ دەبێ‌و ژیانی بەوانە وتنەوەو پەڕاو دانان و ڕێنمونی خەڵکی دەباتە سەر، تا لەساڵی (١٣٠٢ك=١٨٨٤ز) کۆچی دوایی دەکات و لە(تەپەی شەرەفولمولك) لەسنە بەخاك دەسپێرری(٨).

کەسایەتیو پلەو پایەی مەلا ئەحمەدی نۆدشیٚ:

بۆئەوەی باشتر حاجی مامۆستا بناسین پێویستە بزانین کەمەولەوی و مەجدی و سمرانی و مودەڕیس، چیان نووسیوە لەسەر ئەم ناودارە:

– لەپەڕاوی (الفضیلة)کەی مەولەویدا لەبەشی (الجفنة الثالثة في رتب الایمان) بەم شێوەیە باسی هاتووە:

وَمن عُلا صفَتِه وَرَسمه	أَنَّهُ كانَ دائما كإسمه
جَوهَرُهُ مَجموعاً أو مُشَوَّشاً	بِحَمدِهِ وَمَدحِهِ مُنَقَّشا
فَلَم يَقَع فى عَينِ عَقدِهِ قَذا	بِذاكَ أحمَدُ ومادِحٌ بِذا
أروى هَواءُ جَريه مِن عَطَشِ	أورى الوَرى بِوَرَيهِ مِن غَطَشِ
مَن مِن شَذاه كُلُّ عَطرٍ يَنتَشي	حَضرَةُ مَولاي الصَفيّ النودشي

صیفەت و وێنەی، پلەی عیلمی و عەمەلییەکەی، هەروەك ناوەکەی (ئەحمەد) کەبەمانای (سوپاسگوزارترین)ە وایە، هەر لەبەرزی و بڵندی دایە.

ناوو ناوەڕۆکی لەحاڵەتی کۆو ئارامیو ئاسایش دا، لەسوپاسی خوای گەورەدایە، لەحاڵەتی بەڵاو ناڕەحەتیشدا بەمەدح و ستایشی خوا ڕازاوەتەوە.

هیچ کاتیٚ پەڵەو لەکە لەسەر ئەو پەیمانەی، نەنیشتووە کەبەستویەتی لەگەڵ خوادا، لەکاتی خۆشیدا سوپاسی دەکاو لەکاتی ناخۆشی ئارام دەگریٚو ستایشی دەکا.

بەهۆی ئەو زانست و زانیاریەی کەهەیەتی، ئەوانەی کەتینویانەو بەتاریکیو نەزانی داپۆشراون، ئەم تینویەتیان دەشکێنیٚو پەردەی تاریکیو نەزانین بەشنەی شەماڵی زانست لەسەریان لادەباو ڕووناك و ڕۆشنیان دەکاتەوە.

ئەو کەسەی کەسەرچاوەی ئەو عەتری زانست و زانیاریەیە کەبڵاوی دەکاتەوە، ئەوە حەزرەتی مەولامان جەنابی حاجی مامۆستای نۆدشییە.

– کەڵە شاعیری سەردەمی خۆی (میرزا عەبدولمەجیدی مەجدی) ناسراو بە (ملك الکلام)ی سەقزی (١٢٦٩-١٣٣٤ك) بەهۆنراوەیەکی جوان و پڕمانا وەصفی حاجی مەلا ئەحمەد دەکات و بەزاناو حەکیم و پێشەواو عارف و ئەدیب و موجتەهیدو زاهدو هۆشمەندی دادەنیٚ، دەڵیٚ پیاوی ئاوا لەدونیادا کەم هەڵدەکەویٚ و ئەم جۆرە کەسانە جێگەی شانازی هەموو میللەتی ئیسلامەو دەڵیٚ:

إفتخار ملت اسلام أحمد آنکه بود	بی‌نیاز أز هرچه در گیتی بەغیراز بی‌نیاز

عالم ومرتاض وحکیم و پیشوا   عارف ورادو خرد مند وادیب وپاکباز
در هر آنچه شرع گوید بەمرا أو را اجتهاد در هر آنچه عقل گوید نەمراو را احتراز
اندر این آخر زمان هرگز نبیند روزگار   هیچکس را همچو او زاهد حق تاحجاز

- لەپەڕاوی (بۆنخۆشان)دا، ل(٢٦٥) هاتووە، کەشێخ محەمەد سمڕانی لە (بارقات السرور ومعدن) دا دەڵێ:

لەوانەی کەلەڕیزی زانای بەکردەوەن و شوێنکەوتەی پێغەمبەرانن (د.خ) جەنابی - کامیاب مستغني الألقاب- پێشەوای زانایان قیبلەی ئەکرەم، ئەمجەد، ئەفخەم، مەولانا ئەحمەدی موفتی ئەعظەم کوڕی مەلا عەبدوڕەحمانی نۆدشی‌یە، خوا بیپارێزێ، یەکێکە لەماقوڵان و مەقبوڵانی حەزرەت و، بەڕاستی زانایەکی تواناو شارەزاو کارامەیە لەزانستی زاهرو باتن دا، تاقانەی چەرخی ڕۆژگارانی ئیمڕۆو لەهەموو وڵاتی کوردستان دا دووهەمێکی نی‌یەو، دوور نیە لەناو تەواوی زانایانی ئیسلام دا یەکەم بیٚو، تەنها شۆڕە سواری چەرخی خۆیەتی... سەرمایەی ئقباڵ و نگینی ئەوە، بەڕاستی یەکێکە لەئەولیای کامڵ و بەڵکو کامیل و موکەممل لەگۆشەی گۆشەگیری‌دا، بەڵام بەپەردەی کەم خۆی شاردوەتەوەو بووکی حیلەبازو فێڵزانی دنیای بەتەڵاقی سیٚ بەسیٚ لەخۆی دوور خستوەتەوە، بەڵام گەورەیی و فەضلی ئەو بەسەر عولەمای ئاخرەت دا، لەڕۆژ ئاشکرا ترو زیاترە - ذلك فضل الله يؤتيه من يشاء والله ذو الفضل العظيم.

سەعدی لەم بەیتە دەڵێ:

حکمت محض أست اگر لطف جهان آفرین   خاص کند بنده مصلحت عام را

حیکمەتی مەحزە ئەگەر لوتفی جەهان ئافەرین تەنیا کەسیٚ دروست کا بۆ سەلاحی عالمەین

ئەم بەندەیە کاتیٚ چووم بۆ مەجلیسی پڕ فەیزی و بەرەکاتی ئەو زانا گەورەیە چەند مەرحەمەت و لوتفێکم لیٚ وەرگرت، وەتامی شەربەتی بەخزمەت گەیشتنی ئەوم بەزایقەی ئیخلاس و موحبەت چەشت و زیارەتم کردو وتم:

فَلَما رأيت الناس شدّوا رحالهم   الى بحركَ السهال جئت بقربتي

کەدیم خەڵکی ئەهاتن بۆ سەر دەریای لێشاوت   شەربەتی ئومێدم هەڵگرت بۆ لوتفی وەك شەکەراوت.

بەزەردەیەکەوە فەرمووی: ئەی تۆ چیت ئەویٚ؟ عەرزم کرد لەسادات و عولەما بەزەیی‌یان پێما هاتووەتەوەو ڕەحمیان پیٚ کردم بەلوتف و

میهرەبانی‌یەوە عەقدو عەهدێکیان بۆ کردم بۆ ڕۆژی ئاخیرەت لەخزمەت جەنابی بەرزی ئێوەش دا ئومێدی ئەو عینایەت و لوتفە هەیە:

اسكان نعمان الاراك تيقنو | بانكهوا فى ربع قلبى سكان
دانیشتوانی نعمان الاراک | ئێوە بزانن بەیەقینی پاک
ئێوە لەروبیع مەسکونی دڵما | جێگرن بێ‌شک دانیشتوون بێ‌باک

کەنیازوو ئارەزووم حاڵی بوو، بەلوتف و شەفەقەت، میهرەبانی پەیمانی برایی هەردوو دونیای بۆ کردم و، وەفاتیحەی تەبەڕوکی بەدوادا خوێند.

اگر عشق نبودی وغم عشق نبودی | چندين سخن نغز كەگفتی كەشنودی
وریاد نبودی کەسر زلف ربودی | رخسارەء معشوق بەعاشق کەنمودی

کوردی‌یەکەی:

گەر عەشق نەبوایە، خەمی نەئەخوارد | قسەی خۆشی، لەکوێ ئەکراو ئەبیسرا
ئەر با نەبوایە کەزوڵفی لادا | ڕووی یار بۆ عاشق لەکوێ ئەبینرا

– مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەربارەی حاجی مامۆستا بەم شێوەیەی باس کردووە:

لەپەڕاوی (علماؤنا – ص (٧٩)) دا نووسیویە: مەلا ئەحمەد زاناترین زانایە لەمەزهەبی شافعی‌دا لەڕۆژهەلاتی کوردستان دا، هەروەك چۆن مەلا یەحیای مزوری زاناترین زانایە لەڕۆژئاوای کوردستان دا، ئەم دووانە، دوو ئەستێرەی پرشنگدار بوون دەدرەوشانەوە لەئاسمانی جیهانی ئیسلامی‌دا...)

لەیادی مەردان – ل(٣٥٥)دا نووسیویە: (حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشێ هەلێکی لەباری بۆ هەڵکەوتووە بۆ خوێندن، لەخزمەتی باوکی و لەخزمەتی مەلا گەورەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانی خواروودا خوێندویەتی، لەعلومی عەقڵی و نەقڵی‌دا سەرامەد بووە، لەڕیازیاتدا دەستێکی باڵای بووە...).

لەیادی مەردان ل(٣٥٦)دا نووسیویە:

– لەدەوروبەری (١٢٩٠ك)دا مەلا عەلی قزڵچی کەمەلایەکی بەناوبانگ بووەو لەتورجان مودەڕیس بووە، بەسەفەر هاتووە بۆ هەورامان و لەخانەقای تەوێڵە لەگەڵ حاجی مەلا ئەحمەد لەسەر مەسەلەیەکی فیقهی ئەکەونە گفتوگۆ.. لەکۆتاییدا مەلا عەلی دان دەنێت بەزانایی مەلا ئەحمەدو لەبۆچونەکەی خۆی دائەبەزێ... دوایی حاجی سەید حەسەنی چۆری لەمەریوان کەئاگاداری ئەمە دەبێ، دەڵێ: مەلا عەلی بۆ چویتە سەر بۆچونەکەی مەلا ئەحمەدی نۆدشی.. مەلا عەلیش لەوەڵامدا دەڵێ: ئینساف زۆر خۆشە، باوەڕ بکە کەحاجی مەلا ئەحمەد

کەوتــە تــەقریری مــەعنای عیبــارەتی ئیبنوحەجــەر، وای لێــك ئەدایــەوە کەئیبنوحەجەر خۆیشی هەر وای ئەزانی).

هەر لەهەمان لاپەڕەدا دەڵێ:

(جارێکیان لەبارەی پایەی مەلایەتی حاجی مەلا ئەحمەدەوە لەمەولەوی ئەپرسن ئەویش ئەڵێ: بەڕاستی پایەی عیلمی حاجی مەلا ئەحمەد بۆ من دیاری ناکرێ، بەڵام ئەوەندە ئەزانم لەسەردەمی خۆیدا تاقانە بووە).

- حاجی مەلا ئەحمەد لەتەصەوفیشدا پایەیەکی بەرزی بووەو لەسەر دەستی شێخ عوسمان سراجەدین تەمەسوك و سلوکی کردوەو یەکێك بووە لەخەلیفە ناودارەکانی و بەشێکی زۆری ژیانی لەخزمەتی شێخ دا بردوەتە سەرو خەریکی خۆپەروەردە کردن بووە، پاش ئەویش بووەتە موریدی شێخ محەمەد بەهائەدین.

- دوای ئەوەی لەسلێمانی گەڕاوەتەوە بۆ نۆدشە، ماوەیەك لەنۆدشە دەمێنێتەوەو خەریکی پێش نوێژی و وانە وتنەوە دەبێت، بەڵام زۆر نابات کۆچ دەکات بۆ سنە، خەڵکی سنە پێشوازی‌یەکی گەرمی لێ دەکەن بەتایبەت بنەماڵەی موعتەمید دەولە زۆر بەگەرمی دەچن بەدەمیەوەو لەمزگەوتێکی خۆیان دایدەمەزرێنن و هاوکاری‌یەکی باشی دەکەن.

- لەساڵی (١٢٩٠ك) لەگەڵ شێخ محەمەد بەهائەدینی تەوێڵە ئەچێ بۆ حەج، لەبەغدا میوانی موفتی زەهاوی دەبن و هەر لەو سەفەرەدا دەچنە میصرو گەلێك زانای ئەزهەر ئەبینن و گفتوگۆیان دەبێت و پلەو پایەی مەلا ئەحمەدیان بۆ دەردەکەوێت، دوایی دەچنە شام و لەدیمەشق گەلێ زانای ئەوێ دەبینن ... ئەم سەفەرەیان نزیکەی نۆ مانگ دەخایەنێت.

هەروەها لەیادی مەردان -ل(٣٥٨)دا، م. مەلا عەبدولکەریم نووسیویەتی:
(... بەکورتی بیبڕینەوە، حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی، یەکێك بووە لەمەلا هەڵکەوتووەکانی سەردەمی خۆی، ئەم زاتە گەلێ فتوای بەقیمەتی نووسیوە، من هەندێکیانم دەسگیر بووەو لەبەرگی سێهەمی (جواهر الفتاوی)کەمدا نووسیومنەتەوەو بلاوم کردونەتەوە...)

هەروەها لەپەڕاوی زیندەگینامەی عەللامەی دەهردا ل(١٠٩-١٥٨) گەلێك فتوای بلاوکراوەتەوە.

قوتابیەکانی حاجی مامۆستا:

حاجی مامۆستا ماوەیەکی زۆر لەخوێندنگاکانی هەڵەبجەو نۆدشەو سلێمانی و سنە بەکاری وانە وتنەوەوە خەریك بووەو قوتابی زیرەك و فەقێی بەقابیلیەت و تێگەیشتووی بووە لەوانە:

- عەللامە مەلا عەبدوڕەحمانی موفتی پێنجوێنی، کەهەر بەحاجی مامۆستا ناوی بردووە، عیلمی فیقھ و ریاضیات و هەیئەت و کەلامی لای ئەم خوێندووە. بنەماڵەی زانیاران ل(٤٤٥).
- عەللامە مەلا عەبدولقادری بیارە ناسراو بەمەلای گەورە، ئەم زاتە بەنیازی فێربوونی مەنطیق و ئوصولڵ فقە، لەخزمەتی مەلا ئەحمەد دائەمەزریٚ ئەوەندە لەخزمەتیدا ماوەتەوە نازانریٚ لەنۆدشە ئیجازەی وەرگرتووە یان لەشاری سنە... مەلا عەبدولقادری بیارە وەکو مامۆستای پێنجوێنی لەسەر هەموو کتێبەکان تەعلیقات و حاشیەی هەیە، بیارەش لەسەردەمی مەلا عەبدولقادردا مەڵبەندی گەورەی خوێندن بووە). یادی مەردان ل(٥١٧).
- عەللامە سەید ئەحمەدی فائز بەرزنجی، کەخاوەنی کۆمەڵێك پەڕاوی بەنرخە کەدایناون.
- عەللامە مەلا عەبدولمەجیدی منبەری.
- عەللامە مەلا عەبدواللە ی ،وفتی.
- عەللامە شێخ عەبدولخالقی سنەندجی.
- عەللامە مەلا عارف.
- عەللامە شێخ سەلیم تەختەیی.
- عەللامە مەلا عەبدولعەظیم موجتەهید.
- شێخ محەمەد بەهائەدین و شێخ عومەر ضیائەدین و شێخ عەبدوڕەحمان ئەبولوەفاو، شێخ ئەحمەد شەمسەدین، حاجی فەرەج اللە... زیندەگینامە عەللامەی دەهر - ل(٥٠-٥٧).

دۆست و هاوڕێکانی مەلا ئەحمەد:

حاجی مامۆستا گەڵ هاوڕێو دۆستی ناوداری بووە وەکوو:
شێخ عەبدولحەکیم و موفتی زەهاویو مەولەویو مەلا حامدی کاتب و مەلا مەحمودی دشەیی و مەلا شەریفی قازیو مەلا نەزیری تەوێڵەییو مەلا عەلی قزلچیو کاك ئەحمەدی سلێمانیو شێخ عەبدوڕەحمانی خالصی تاڵەبانیو

حاجی مەلا عومەر ئەفەندی ئەربیلیو شێخ موهاجرو مەلا محەمەدی منبەری نیریو... گەلێکی تر...زیندەگینامە عەللامەی دەهر - ل(٥٧-٦٠).

دانراوو شوێنەوارەکانی حاجی مەلا ئەحمەد:

مەلا ئەحمەد سەرەڕای کاری موفتیەتیو ماموستایەتی، گەلێك پەڕاوی دانراوی هەیە بەتایبەت لەڕاقەو پەراوێز (شرح و حاشیە)دا دەستێکی باڵای بووە، ئەمەش چەند نمونەیەکن:

شرح وحواشی رسالة غاية الكلال ونهاية الملال، مدخل المنظوم در علم نجوم، شرح منازل القمر، شرح وحواشي تقويم عربي وورومي وجلالي، الارتفاع ولارتفاع در بيان توابيح، شرح وحواشي اسطرلاب، رساله ی ظرف نودشی، كتابت وحواشي بر رياضيات، شرح وحواشي تصريف العزی، الحواشي الجلية الجلالية، شرح وحواشي بر المطول، شرح وحواشي القاموس، مقالة في المجردات، معرفت تأريخ، هەروەها کۆمەڵێك لەهۆنراوەکانی .. تاد. زیندەگینامە ل(٦٠-١٥٧) سەیر بکە هەندێ نمونەی دەستخەتی لەو دانراوانەی بڵاوکردوەتەوە.

نەوەکانی مەلا ئەحمەد:

حاجی مەلا ئەحمەد دوو کوڕی بووە: یەکەم عارف لەبیارە لەدایك بووەو لەخزمەتی باوکیدا خوێندویەتی و مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێت و لەپاش باوکی دەبێتە جێنشینی و لەمزگەوتی مەولانا لەسنە نیشتەجێ ئەبێ، ئەمیش لەدوای خۆی کوڕێکی ناوداری دەبێ بەناوی مەلا محەمەد مەولانا کەئەمیش پلەو پایەیەکی بەرزی بووە.

دووەم: مەلا زەینەدین، ئەمیش لای مەلاکانی ناوچەکە دەخوێنێ و سەرەنجام لەلای مەلا عەبدولقادری بیارە مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگریو لەزێدی باوباپیرانی لەنۆدشە دادەنیشێو لەوێ بەکاری مەلایەتیو وانە وتنەوەو ڕێنمونی خەڵکی ژیان دەباتە سەر ئەمیش لەدوای خۆی دوو کوڕی ناودارو پایەبەرزی بوو - بەناوی مەلا ئەسعەد و مەلا بەهائەدین-.

حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی لەشیعردا:

وەنەبێ حاجی ماموستا تەنها لەدەریای زانست دا مەلەوان بووبێت، بەڵکو مەلەوانێکی بێ هاوتا بووە لەدەریای ئەدەب و شیعرو هونەردا، لەهۆنینەوەی هۆنراوەی کوردیو فارسی و عەرەبیدا دەستێکی باڵای بووەو هۆنراوەکانیشی

زۆر تەڕوو پاراوو ڕەوانن و نازناوی شیعریشی (فانی)یە، ئەمەش چەند نمونەیەك لەهۆنراوەکانی:

کورەی دڵ جمان، جۆشش وەردەوە کەم کەم بێهۆشی، هۆشش بەردەوە
ئەسرین هەم تاف بەست، وەڕووی ڕوومەدا طفل ئاسا مەدۆ، وێش وەبوومەدا
بەختم سیاپۆش، پێخە پارەشەن شەرارەی ناڵەم شوم ستارەشەن
لەرزەی دڵ جەشەوق، پێکانی پەیکان دڵ خاس بەپەیکان، نەپەیکان پەیکان
زاهیر هەم فەڵەک، کەڵەک بەستە بۆ دیسان دڵ بەتیر، دووری خەستەبۆ

لەکۆتاییدا دەڵێ:

میان چەنی موو، دوو کوت کەردەن موو مووموو ڕاست مدران،چ خاس چەنیموو
نافش خۆ بۆ بێز، نافەی غەزالەن جەناف تازانۆ، دەرکش مەحاڵەن

لەم هۆنراوەیەش دا باسی ماتەمی و پیری خۆی ئەکا کەوا خەریکە پاییزی تەمەنی هاتوەتە پێشەوە، ئەڵێ: ئەستێرەی گەنجیم بەرەو ئاوا بوون ئەڕوات، وەك پاییز دڵی مرۆڤ تاڕادەیەك غەمبار ئەبێت و باران نمەنم دێتە خوارەوە، درەخت گەڵا خەزان ئەکات، ئەویش خۆی لەو وێنەیەدا، سەری بەرەو سپی بوون ئەچێ و چاوەکانی ئاو ئەکەن، وەئەڵێ: غەم تەوقەسەری دڵمی گرتووە، هەناسەم ساردە، بالام چەمیوەتەوەو بەختی ڕەشم نیشتووە، تازە وەرزی بەهارم ڕۆیشت و پاییزی پیری دای گرتم:

وادەی پاییزەن، وارانی دەشتەن کەژوکۆ، مەزەی نەو سیوەیل چەشتەن
بازوەسۆ ئامای، کۆنە داخانەن فەصل تەم گیری کۆەو زاخانەن
هەرلاسەیل هون،نەسەر چەمەی چەم گڵپەی نار دڵ، ناڵەی کورەی دەم
پڕکەردەن شەتاو، ناوانی گەردون سۆچنای شەخەڵ، ژیای دنیای دون
تەم غەم نەسەر، سەکڵاوەی دڵ چەترەن چون گیسوی،جەمیل پەڕەی گوڵ
صەفحەی گۆنایزەرد،ڕەنگ جەخەزان بەر بالاْ خەم کاڵن، نەرمزان بەتەر
سەردی هەناسەی، ئیلاْخەکەی دڵ وتەی سیاکار، بەختم جەسەر چڵ
دەروێش دڵرێش، ناڵەی بێ ئەسەر ئەسەر وەبەر عەکس یاوا وەدڵبەر
لازم کەردەن لێم، فەصڵەکەی پاییز دور وستەن، وەهار، وەصڵەکەی ئازیز
قیبلەم! هەرکەسێ چون من ماتەمەن وەهارش پاییز، پاییزش خەمەن

لەهۆنراوەیەکی تردا (فانی) گلەیی لەدڵی خۆی ئەکات و ئەڵێ زۆر جار ئامۆژگاریم کردی ڕێگای ڕاست جیا بکەرەوە لەڕێگای چەوت، وەرە بەنیازی ڕاستییەوە، کەشتی تاوانت خەریکە نوقوم ئەبێ لەم گێژاوە ڕزگاری کەو

بیگەیەنەرە ئەو بەرو واز لەخۆپەرستی بهێنە، تۆ وادیارە ئاخر شەڕی مەگەر لەڕۆژی دواییدا هەر بەسەرتا بدەیت.

های دڵەی غافڵ

چەندە پێم واتی، های دڵەی غافڵ　　حەقی حەقیقی، ئیضاف، باطل
پەردەی ئەو جەماڵ، موطڵەق جەئیطلاق　　ئاوێنەی مەعکوس، (مرئاتی) ئافاق
بوبە بای مراد، نەشئەی صافی مەی　　بەیادی مەللاح، سۆزی ناڵەی نەی
کەشتی غەرق کەوتەن، نەگێجاوی وەی　　یاونەوە، ساحیل، ئی بەحری پیٚپەی
شاخەی تافی ساف، سەرچەمەی هەستیت　　هەوا کەللەی تەبع، هەوا پەرستیت
باکەرۆش کۆتا، کڵپەی کورەی دڵ　　شەرارەی سەبون، چوڵەکەی مەنزڵ
تۆبەتەر دامان، عصیانت تەڕبی　　وێنەی بەدبەختان، ئاخرت شەڕبی
هیچ نەبیت وەتەنگ، دماڕۆی فەردا　　دەی تامەتاوی، بدە وەسەردا.

لەهۆنراوەی (پەژارەت شادیم)دا دەڵێ:

پەژارەت شادیم، جەبێخ ئاوردەن　　دووریت ڕیشەی دڵ،خەیمەکەن کەردەن
فیراقت فەرقم، وەتوتیا کەرد　　جیایت ئازام، جەهەم جیاکەرد
وەسواسەت وەوتەور، ئێش دان وەجەرگم　　وەمەرگت قەسەم، ڕازی وەمەرگم
وێت بدەر ئینساف، نەونەمام نۆ　　مەردەی خاستەرەن، یاخۆ دووری تۆ
مەردەی یەک ساتەن، ئەرواحەکەی وێم　　دووریت هەرساتێ، صەد مەرگەن پەرێم
مەرجەستەی خەستەی، من جەفولادەن　　یەند دووریت وینو، هیمان دڵ شادەن
دەک ڕەحمەت ئەو قەبر، گشت وەفاداران　　خسوسەن ئەوکەس، شای وەفاداران

گەلێك هۆنراوەشی بەفارسی هەیە، بۆ نمونە لەهۆنراوەی (ساقیا)دا دەڵێ:

ساقیا! مَی دەو برباد دەاین ماومنی را　　مطربا! نَی زن و بردار حجاب بدنی را
تن نَیو نالە نوا، نَی زنِ من نیست بەجُز　　آن لبانی کە بَرَند آب عقیقِ یَمنی را
نالە أزبسکە لطیف أست، بەگوشت نرسدهیچ　　گوش جان میشنود نالە بهدگوش تنیرا
کَندە دندان و صال آنکە زهجرش مَزە جوید　　کردە تقلید در این بحث (أویس قرنی)را
(فانیا) عود بەمَی کن کەبود عَود أحمد
ساقیا! می دەو برباد دە این ما ومَنی را

لەوەصفی پێغەمبەردا (ص) دەفەرموێت:

تاکَی شنوم وصف جمالت بەحکایت　　کوروئیت رویت نەکەاز روی روایت
کو باد برد گردتواین گرد وجودم　　شایَد کەرخت بینم و بوسم کَفِ پایت

لەسرودێکی عیرفانیدا دەڵێ:

نوشتم بر درو دیوارخانە | کەبعد ازمن بماند این نشانە
اگر گفتند این احمد کجارفت | بگو بگریخت از دست زمانە

لەئەنجامی ململانێی خەڵکی لەگەڵیدا لەکاتی موفتییەتی لەسلێمانی و بەسەرهاتێکی عیرفانی کەبەسەریدا هات، لەئەڵقەیەکی زیکر لەبەغدا لەمزگەوتی گەیلانیدا، ڕووی کردەوە هەورامان و سەری کرد بەخانەقاکەی تەوێڵەداو چووە خزمەت شێخ سراجەدین و کەمەندکێش کرایە ناو طەریقەی تەصەوفەوە، بۆیە دەربارەی شێخەکەی دەڵێ:

قطع راە هفت خوان، قتل این دیو سفید
از سراج الدین طلب (فانی)، تهتمن همت است

دەربارەی خەلافەتی خولەفای ڕاشدین دەڵێ:

صدیق سەماە و دوسال | برمسند شرع مصطفی بود
دە سال خلیفە بود وشش ماە | فاروق کەحاکم قضا بود
عثمان زکی دوازدە سال | بر جملەی خبق کەراهنما بود
نەماە وچهار سال دگر | ایام علی مرتضی بود
من مجد علی کەشد خلیفە | شش ماە حسن کەمجتبی بود

لەپەڕاوی زیندەگینامەکەیدا ل(١٠٢-١٠٩) هۆنراوەی فارسی زۆری بلاوکراوەتەوە لەسەر زانست نوسراون بەناوی (أدبیاتی از منظوم النودشي دربارەء علوم) هەروەها حاجی مەلا ئەحمەد هۆنراوەی عەرەبیشی هەیە، ئەمەش یەك دو نمونە: لەبارەی پێغەمبەرەوە (ص) دەڵێ:

أری کل مدح فی النبیّ مقصراً | وإن بالغ المثنی علیه وأکثرا
إذ الله أثنی بالذي هو أهله | علیه فما مقدار ما یمدح الوری؟

لەهۆنراوەی (لکشف الکروب) دا نووسیویەتی:

یا انسَ کل غریب عندَ وَحشَتهِ | وَعَون کل ضعیف عند بَلواهُ
یا کاشف ضُرِّ أیّوبَ نبي وقد | لاقی عذاباً وَنصباً حینَ ناداهُ
إرحَم غَریباً أتی یَدعوک مُنکَسَرٍ | الفؤاد هاملةً بالدمعِ عَیناهُ
لیشکو إلیک بأن الضُرَّ مُشمّلٌ | علیه والدهر بعد المقرب أقصاهُ
فاکشف بجودک ضُرّاً قد تمکن یا | من لیس یکشف عنه الضر الا هو
لا تَجزَعي أبداً یا نفسُ مِن مِحَنٍ | جُلّت فما خاب مِن مولاک مولاهُ
وَسَلّمی لِقَضاء اللهِ قائلةً: | لِکلِّ غَمٍ وَضَیقٍ حَسبیَ اللهُ

میرزا عەبدولقادری پاوەیی[٩]

(١٨٥٠-١٩١٠ز)

کوڕی کوێخا محەمەدی پاوەیە، لەپاییزی ساڵی (١٨٥٠ن) لەماڵە باخێکی بێ بەرگ، بەلاّم پڕلەخۆشی و ئەوین، لەپاڵ حەوزە جوانەکەی (دەریزید) لەدایک بووە.

ئەگەرچی زۆر گەڕاوەو گوندو شاری زۆری لەئێران و عێراق و تورکیا بینیوە، بەلاّم زیاتر لەپاوە ماوەتەوەو کۆتاییی ژیانیشی لەکرماشان بەسەر برد هەر لەوێش لەپاییزی ساڵی (١٩١٠ن)دا کۆچی دوایی کرد[١٠].

میرزا خوێندەوەرێکی بەرزی سەردەمی خۆی و، شاعیرێکی هەڵکەوتوو بووە، هۆنراوەی بەهەورامی و فارسی هەیە، شیعرە هەورامی‌یەکانی لەدیوانێکدا کۆکراونەتەوەو چاپکراون. لەو دیوانەدا چەند داستانە شیعرێکی نایابی تیایە وەك: (شەماڵ، چنارو هەوڵی، ئاسمان و زەمین، کوللەو ئاینەمەل)، هەروەها چەند موناجاتێك. جگە لەم دیوانە نووسراوی تریشی هەیە.

لەهۆنراوەی (دەرون زوخاڵم)دا هاواری بەرز بووەتەوەو دەڵێ:

(... هاوار بێزار بی، شەو جەهاوارم   هاوار جەهاوار، دڵ بێ قەرارم
هاوار جەهاوار، هاوار، چێش کەرون   هاوار، جەهاوار، وەلای کێ بەرون
هاوار، هامسەران، هاوارم بێ شون   هاوار جەهاوار، هاوارپەرسم کۆن
هاوار مەتەرسو، جەڕای نەدامەت   هاوار، بۆ زێدم، تاڕۆی قیامەت
مەعلوم بۆ یاران، خالق ڕۆی ئەزەل   پەی هاوار منش، ئاوەرد وەعەمەل
هاوارو هاناو زام و ئێش و دەرد   جەفاو جەورو خەم هەناسان سەرد
بەدبەختی وێمەن، شومەن سنتارەم   نویسیان سەر لەوح پێشانی چارەم
جەو بۆنە، هاوار کەردەن هەوارم   هاوار جەقرچەی زام ئەوگارم
هاوار مەتەرسون، هاوار بۆ وەجێم   چون گۆڕی غەریب، کەس نەزانۆ کێم

لەکۆتاییدا دەڵێ:

هاوار هەی هاوار، هاوار زێد وێم   بێ یارو یاوەر بێ ئومێد وێم
(قادر) دەربەدەر هەرنادیارەن   ئاوارەی ئەبەد خاکی هاوارەن

لەموناجاتێکدا دەڵێ:

... من وێم مەزانو، کام تۆمم کاڵاّن   یاران پەی هیمەت وەنەم مەلاڵاّن
ساچون بێڕەحمی جەلای تۆ دورەن   شوکر یاڕەحیم، نامت غەفورەن...)

هۆنراوەی (سەوقات)ی بەم شێوەیەی خوارەوە هۆنیوەتەوە:

شیرینی دۆسان، دۆعاو سلامەن — سەوقاتی یاران، نامەو پەیامەن
شیرەی مەحەببەت، مابەین یاران — وەشتەرەن جەتام، شیرینی شاران
نوقڵ و شیرینیم، نەقڵ ناسەی تۆن — هەدیەو بەراتم، ڕێزەی خامەی تۆن
باقی تەعارۆف، ڕەسمی زیادەن — ئیسرافی مەعروف، لوقمەی بێدادەن
فەرمودەی مەعدوم، سەرای خاک ماوان — دەک وەرەحمەت بۆ، چ خاص فەرماوان
دەرون وەمەودای، دوریت بیەن ڕێش — هەی خاکم وەسەر، سەوقاتم پەی چێش
من هەرتۆم هەنی، نەک واچی تۆم بۆ — تۆم هەن چەنی عام، نیەن چەنی تۆ
ساتۆ بۆ دیدەم بێ پەرواو بێخەم — تۆ تۆ، تۆی جەرگم، جیاکەر جەهەم
جاتۆ تۆی دەرون، بگێڵە پێشدا — ئەرتۆ دیت تۆیێ، غەیر جەتۆتێشدا
توخوا وێت ئاسا، باوەرەش وەبەر — وەمەودای موژگان، پارە پارەش کەر
(قادر) چەنی تۆ، دنیاش وەکارەن — بێ تۆ زندەگیش، چون ژارمارەن[11]

لەهۆنراوەی (چنارو هەولی)دا کە (٢٩٧) بەیتە، دەڵێ:

(... مەعلوم بۆ لێتان، یاران دڵداران
سەرچەشمەی کەوسەر، هەولیەن یاران

ئافەرین (شەفیع) شوعرای خاس خەیاڵ
فەردت باقیەن، تاوەهەزار ساڵ

سەراو چون هەولی، مەسکەن چون پاوە
ماچی بەهەشتەن، بەڕوی دنیاوە

منیچ (تەسدیقم) تەمام کەردەن پێش
یەقین بەهەشتەن بۆی حۆر مەیۆ لێش...)

لەجەنگنامەی کوللەو ئاینەمەل دا، جوانترین شێوەی ئەدەبی ڕەمزی، بەکارهێناوە، چ لەڕووی ناوەڕۆك و چ لەڕووی داڕشتن دا، ڕازو داستانێکی مێژوویی بەشیعر هۆنیوەتەوە. م. حەمەمین لەدیوانەکەیدا... دەڵێ: هێرشی کوللە، هێرشی عوسمانیەکانەو هێرشی ئاینەمەیل یش هی فارسەکانە، پاوەش پێشێلگەی هەردوکیانە. عوسمانیەکان وەك کوللە دایان بەسەر هەر شوێنێکدا هیچی ناهێڵن و دەیڕوتێننەوە، فارسەکانیش وەك ئاینەمەل لووت بەرزن و چاویان بەردەمی خۆیان نابینێ. دەڵێ: ئەم دوانەش دوژمنی یەکن هەروەکو کوللەو ئاینەمەل، بەم شێوەیە بەنێوی خەڵکی پاوەوە دەڵێ:

وەلحاصڵ، سپای کوللەی ستەمکار — یەکسەر داگیر کەرد، باغات و کۆسار
عالەم جەزوڵمش گشت هەراسانەن — یاحەق جەلای تۆ یی‌گرد ئاسانەن

پاشان باسی خەڵکی پاوە دەکات کەڕاوێژ دەکەن و وای بەباش دەزانن هانایان بەرنە شیراز بۆ ئەوەی پاشای فارس بێ بەدەمیانەوە ئەویش ئەمە بەهەل دەزانێ بۆیە خێرا دێت بەدەمیانەوەو...

نیشتن پەی تەگبیر ئەشخاص بەدلْواز — واتن! هانامان بەرمێ پەی شیراز

عەرضێ نویسیان وەهوناو دڵ — وەلای ئاینەمەل پاشای عادل

دوایی باسی هێرشی ئاینە مەلیش دەکات بۆ سەر کوللەو دەڵێ:

کەشان پۆشان، بەرگ قەترانی زوخاڵ — زەمین بی وەگەرد، چەنی فڕەی باڵ

دەڵێن وەختێ کوللە گوێی لەقیژەقیژی ئاینەمەل دەبێ جۆرە زەهرێک دەڕێژێ بەخۆیدا لەو کاتەدا ئاینەمەل بیخوات و خۆی هەڵنەکێشێ بەئاودا دەستبەجێ ئەمرێ، بۆیە ئەویش (ئاینەمەل) هەرکە پەلاماری کوللەیدا خۆی هەڵدەکێشێ بەئاودا...

واوەیلا جەژارمار ئاسای مەلەخ — واجە زۆروسام فڕەی بای مەلەخ

ئاینەمەل وەچنگ مەودای جەرگبڕ — مەلەخ وەبادەی ژاری دەروون دڕ

کەلەشکری ئاینەمەل، هێرش دەبەنەسەر لەشکری کوللەو لەپاوە دەری دەکات، ئەوجا خۆی لەوێ دەمێنێتەوەو، خراپتر لەوان دەست بەتاڵان و چەپاوی ڕەش و ڕووت دەکەن...

جەودما خێزا، واتش: ئەی یاران — بابشین وەپای سەهەندەر داران

دیا چێش قوشەن، یەکسەر تەمامەن — فەرما (تووت)ای تەڕ دەرمانی زامەن

هەرکەسێ پەیوێش، دەستکەرو چەپاو — هیچ نەبێ وەتەنگ، حەساوکیتاو

لەکۆتاییدا دەپاڕێتەوە لەخواو دەڵێ:

ئومێدەن وەتۆ، کەرەم فراوان — گوشە لوتف تۆپەی گشت کەس یاوان

مەعلوم هەر زوڵمێ زەواڵێ دارۆ — هەر تۆزو گەردێ شەماڵێ دارۆ

هەرشادیو شەوقێ شینێش هانەشۆن — تەنیا بێ زەواڵ زات پاکی تۆن

مەحزون پاوەیی (١٢)

(١٨٧٩-١٩٣٨)

میرزا مەحمودی مستەوفی کوڕی شوکرواللە ی کوڕی میرزا فەرەجواللە ی پاوەیە، لەپاوە لەدایك بووەو لەپاوەو سنە خوێندویەتیو، کاتێ کەمامی (میرزا حەبیبواللە) لەلایەن ئەردەڵانیەکانەوە دەکرێت بەحاکمی پاوە، ئەمیش دەبێتە کاتبی مامی. لەساڵی (١٩٠٨ن) کەمامی کۆچی دوایی دەکات، ئەردەڵانیەکان ئەیکەن بەحاکمیی پاوە، لەجێگەکەی مامی.

کاتێك کە(کەریم بەگی جافرسان) بوو بەحاکمی پاوە، میرزا مستەوفی کرد بەکاتبی خۆی. دوایی میرزا لەگەڵ کەریم بەگ لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە گیراوەو خراوەتە قەصری قاجارەوەو هەر لەوێش کۆچی دوایی دەکات.

میرزا، شاعیرێکی لێهاتووزاناوپایە بەرز بووە، بەفارسی شیعری زۆری هەیەو بەکوردی شێوە هەورامییش شیعری هەیە.

زۆربەی هۆنراوەکانی لەزینداندا وتووە، لەیەکێ لەهۆنراوەکانیدا، وێنەیەکی زیندان دەخاتە بەرچاوو، دەڵێ:

کزەی ئێشی نار، شەرارەی سەقەر مناسب نیەن، وەقەصری قەجەر
تەرحەین، ئوستادان، فەرەنگ ڕێزیان دامێ، پەی فەنای، عالەم، خێزیان
نۆ حەلقەی، هەریەک، زەمهەریرێوەن نۆ دەریای ئایر، بێنەریرێوەن
ئەو مەرد، مەزار، گۆڕ ئەحواڵ کەردەن ئید چن جوانان، زیندە چاڵ کەردەن
ئەمن، کەی لایق، بەندەی کەیان بیم کەی لایق، وەدیل، شاری تاران بیم
من جەکۆ، عیتاب، خوسرەوی جەکۆ! من جەکۆ زیندان، پەهلەوی جەکۆ!
تا یاواوە، سەر، حەپسی چن ساڵە (قابض) پەی ڕۆحم، مەبۆ حەواڵە...)

لەهۆنراوەیەکیدا باسی بەهاری پاوەو شاهۆ دەکات و دەڵێ:

یاران وەهارەن.. یاران وەهارەن سەیری سەرکوان، فەسڵی وەهارەن
هەورەن وارانەن، بەرقەن غوبارەن سەیلەن، سێڵاوەن، وەروەن نسارەن
شەتەن، شەتاوەن، وەفرەن وەفراوەن هانەن، هاناوەن، گوڵەن، گوڵاوەن
چەمەن، چەمینەن، گوڵەن، گوڵزارەن خەندەی شکۆفەی، عیشوەی چنارەن

ئەمە هۆنراوەیەکی درێژەو لەکۆتاییدا دەڵێ:

ڕاسەن جەهەر کۆ، شەماڵ وەشم بۆ سەیری چەم وەشەن، ئەرچەم نەچەم بۆ!

جیهان ئاراخانم (١٣)

(١٨٥٩-١٩١١ز)

کچی مەلا نەشئەتی پاوەیی‌یە، خوشکی ئاغا عینایەت ناسراو بە (هیدایەتی)یە، کەئاغای برایشی شاعیرێکی بەناوبانگ بووە.

جیهان لەلای باوکی خوێندویەتی‌و پاشان مامۆستای تایبەتی بووە، جیهان - ماوەیەك هاوسەری عەلی ئەکبەرخانی شەرەفولمولکی ئەردەڵانی بووە دوای ئەوەی لەگەڵ ئەودا لەیەك جیادەبنەوە، شوو دەکات بە حەبیبوللە خانی جافی جوانڕۆ.

لەقەسیدەیەکی‌دا دەڵێ:

... ئەریٚ حاڵ نەزان، دوور جەوەفاو مەیل ئەریٚ شەرفرۆش، هونی قەتڵی لەیل
تاکەی تۆ چەنی، بەختم ناسازی تاکەی، های نەشۆن، ڕای بەد مەجازی
تاکەی بنۆشو، زۆخی زامی جەرگ تاکەی بواچوو، ئەی خودا سامەرگ
تاکەی، پێچ وەرۆ، چوون، ماری زامدار تاکەی بکێشۆ، سزای، سەختی خار
تاکەی ئەسرینم، ئاوپاشی خاک بۆ! تاکەی هەناسەم، پەخشی ئەفلاک بۆ!
تاکەی دەرونم جەئەندۆ پەڕ بۆ! تاکەی باڵینم، وەهۆناو، تەڕ بۆ!

پاشان دەڵێ:

خوداوەند، ئامان، وەسەن، دەردیسەر یانەجات، یامەرگ، یاوەسڵی دوڵبەر
نەمەندەن تاقەت، تەوانای تانە جەی فیشتەر، غەزاب پەنەم مەنمانە
ئەریٚ کەرەمدار ئاگای کۆڵی حاڵ تۆ وێت، عەلیمی، هابیم، وەزوخاڵ
خومن جەسەنگ نیم شای موشکیل گوشاد جەڕووی مەرحەمەت بیاوەم وەداد

لەدوایی‌دا دەڵێ:

ئەر باخەن ئەر موڵک، ئەر گەنجەن ئەرماڵ دەخڵش هەر بەتۆن،دارای کەمەر لاڵ
خاترت جەم بۆ، دڵ مەدە وەدڵ پەی‌تۆ ڕازیان، ئی‌باغچەی پەڕ گوڵ...

شێخ نەسیم موهاجر[١٤]

(١٨٠٨-١٩٠١ز)

محەمەد نەسیم کوڕی محەمەد سەعید کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ مەحمود کوڕی شێخ ئەحمەدی عەللامە کوڕی شێخ مستەفای تەختەیی‌یە.

لەساڵی (١٨٠٨ز) لەسنە لەدایك بووە، لەماڵێکی ئایین پەروەرو زانستخوازی ناودار‌دا، لەساڵی (١٨٥٤ز) لەگەڵ شێخ عەبدولقادری برای‌دا، لەسەر هەراکەی کاروانسەرا، ڕووی کردە خاکی بابان و لەسلێمانی دانیشت، پاشان لەخورماڵ بەمودەریس تەعین بوو، خەریکی وانە وتنەوەی ئایینی بووە. لەساڵی (١٨٩٧ز یا ١٩٠١ز) لەخورماڵ کۆچی دوایی دەکات.

پیاوێکی زاناو زاهدو شاعرو ئەدەب دۆست بووە، لەهۆنراوەیەکی‌دا دەڵێ:

جەژن یارانەن، جەژن یارانەن — ئارۆ، صەبا رۆی جەژن یارانەن
وادەی شادی و زەوق هەردەجارانەن — وەشی و بەشارەت، گرۆی یارانەن
گلەی گوزەشتەی هەم قەتارانەن — گەردن ئازادی خاطر دارانەن
فەصڵ ئاموشۆی شەکەر ڕازانەن — دەس نەمل کەردەی، ئاوات وازانەن
ئارایش کەردەی تیپ خاصانەن — نەظم و نەزاکەت، شیرین یاسانەن
تەرتیب مەدان، خاڵ صونع ڕەببانی — مەکێشان وەچەم، سورمەی سوبحانی
بۆی عەطرو عەبیر، هەم موشک شاران — گولاو پاشیەن، نەبەین یاران
سەرتاپای وێشان زەربەفت مەپۆشان — دەستە بەدەستە،جوق جوق مەخرۆشان
شەققەی ماچ و موچ، دەم لەناودەم — گەردەن ئازادی، مەوازان جەهەم
جەودما، پەی زەوق، ئامای عید نۆ — ڕومەنیان پەی دەشت، ساراو کەژو کۆ
نیمێ وەسارا، نیمێ سای داران — بەعزێ مەشان، سای بەرزە چناران
دەستەی خاطر تەنگ، سیامەپۆشان — مەشان وەماوای، شار خامۆشان
شیوەن مەکەران، بێ ئەندازەوە — بۆ مەنیان وەبۆی، گڵکۆی تازەوە
بەعزێ هەم طەناف، مەرخوزشاران — مەوەزان نەڕوی، شاخ چناران
پامەنیا طەناف، مەیان وەپەرواز — هاتوچۆ مەکەن، وەصەد غەمزەو ناز
هەرساڵ بەی وێنە، شادی تەمامەن — عەود عیدنۆ، پەرێ گشت عامەن
غەیر جەمن و تۆ، خاطر مەینەت بار — دورکەفتەی وەطەن، نەیاران پێوار
نەخوێش نەدڵسوز، نەدۆسی جاران — غەریب و بێ‌کەس، دورکەفتەی شاران
نەدەنگ هاودەم، نەڕەنگ دڵسوز — نەکەس هەن واچۆ، جەژن نوێت پیرۆز
تەنخوای‌شادی‌وجەژن خدێمان شینەن — ڕەفیقان غەمەن، یارمان گرینەن

دەربەدەر کەفتەی، شاران نەشاران | مەحروم و مەهجور جەگشت یاران
نەجای ئومێدەن، نەفەریاد ڕەسەن | نەکەس مەواچو، ئینە چ کەسەن؟
مەکەرو خەیاڵ، وەشی ڕۆژگار | فیشتەر کۆی ئەلەم، وەنەم مەبۆ بار
هەرکەس غەریبەن خاطر پڕ دەردەن | دەرد غەریبی، عەجایب دەردەن
ئێش دوری دۆس، فەراوان سەختەن | یاران بزانۆ، غەریب بەدبەختەن
خوصوص پەرێ من، جەحەد ویەردەن | غەریب پێم ماچان، تاوەڕوی مەردەن

یە(نەسیم) واتەن، ئاوارەی شاران
کەس وەشی دونیاش، تا سەر مەویاران

موفتی دشەیی کوردستانی(١٥)

(١٨٥٥-١٩٢٣ز)

ناوی مەلا عەبدوالله ی کوڕی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورەیە. لەدشە لەدایك بووەو لەوێش دەستی بەخوێندن کردووە، پاشان بۆ خوێندن چووەتە نۆدشەو سنەو هەولێر لەساڵی (١٨٨٢ز) مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگریو ماوەیەك لەدێی (گوڵپ)ی لای خورماڵ بەوانە وتنەوەوە خەریك دەبیو پاشان دەچێتەوە بۆ دشەو لەوێ دەبێتە مەلاو مودەڕیسی دشە. موفتی دۆستایەتی دەبێت لەگەڵ شێخەکانی نەهری و بەرزنجەو تاڵەبان و تەوێڵە بەتایبەت خۆی بەموریدی شێخ بەهادینی تەوێڵە دەزانێ.

مەلا عەبدوالله لەدوایی‌دا دەچێتە سنەو تاران و ئاشنایی زیاتر پەیدا دەکات لەگەڵ ئەهلی عیلم و عیرفان دا، وە لەمزگەوتی (دار الاحسان)ی سنە دادەمەزرێت و خەریکی تەدریس و عیلم و ئەدەب دەبێت لەوێش بەموفتی کوردستانی دەناسرێت. موفتی چەند جارێك بانگ کراوە بۆ موسڵ و بەغداو تاران لەکۆبونەوە ئایینی و زانیاری‌یەکانی ئەو سەردەمەدا بەشدار بووە.

ئەم زانایە خاوەنی پێنج پەڕاوی گرنگە کەلەسەر (فرائض) و (نەحو) (إثبات نبوەت) و (رسالەیەك لەسەر کەلام) و (عەقیدەیەك بەکوردی) بەناوی (باوەڕنامە)وە دایناون. جگە لەمانەش دیوانێکی گەورەی شیعریشی بووە لەشەڕی یەکەمی جیهانی‌دا لەناو چووە.

موفتی باوەڕنامەکەی بۆ کوڕی دووهەمی مەلا مەحمودی موفتی داناوە، کەئەو کاتە تەمەنی حەوت ساڵ بووە. مامۆستا بۆرەکەیی بەچەند خاڵێك گرنگی و بەهێزی ئەم باوەڕنامە دەردەخات چ لەڕووی ناوەڕۆك و ماناو فەلسەفی‌یەوە، چ

لەڕووی داڕشتن و وشەسازی و هۆنەریەتی موفتیەوە. (باوەڕنامە)کە بە(خودا یارت بۆ) دەست پێدەکات بەم شێوەیە:

خودا یارت بۆ، خودا یارت بۆ　　ڕۆڵە! ئەرجوم هەن، خودا یارت بۆ
بەفەضل و ڕەحمەت، نیگادارت بۆ　　پەی تەحصیل عیلم، مەدەدکارت بۆ
ڕۆڵە! وەرجەگشت مەبۆ بزانی　　حیکمەت جەئیجاد نەوع ئینسانی
ئەوەڵ عیرفانەن، ثانی عیبادەت　　مەبان ئەصڵ و فەرع، بنای سەعادەت

بەم شێوەیە دەڕوات و پاشان دەڵێ:

مەزانۆ هەرکەس، فیکرش مەجموعەن　　عیلم تابیعەن، مەعلوم مەتبوعەن
زەمانەی مەتبوع. ئەرصەد لاحیق بۆ　　واجبەن (بالذات) هەر ئەو سابیق بۆ
ئینە کافیەن، پەی ئەهل و فامی　　شەرحت گەرەکەن، عیلم و کەلامی

موفتی کۆتایی (باوەڕنامە)کەی بەم شێوەیە دێنێو دەڵێ:

یاصاحیب ڕەحمەت، بێ ئەمریم کەردەن　　حەق بەندەییم، وەجا ناوەردەن
شەرمەندەو خەجڵ، شەرمەسارەنان　　ذەلیل و ئەوگار، گونا کارەنان
ئەجەل نزیکەن، یاوانم نۆبە　　تۆبە قەبوڵ کەر، دەخیلەن تۆبە
تەمام بێ کیتاب، عەقیدەی ئیسلام　　بەئەندازەی فام، ئەطفال و عەوام
تەمام بێ کیتاب، عەقیدەی ئیسلام　　ئەرجوم قەبوڵەن، باقی وەسەلام

ئەوەی شایەنی باسە کوڕەکانی موفتیش هەریەکێکیان بۆ خۆیان ناودارو کەڵە پیاوێکی سەردەمی خۆیان بوون. بەتایبەت دکتۆر محەمەد صدیق ی موفتی زادە کەلەسالانی (١٣٣٩-١٤٠٢ك) ژیاوەو گەلێ شوێن لەعێراق و ئێران گەڕاوە بۆ خوێندن و پاشان لای مەلا مەحمودی کاکی مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێ، دوایی لەتاران دکتۆرا وەردەگرێ دەبێت بەمامۆستای زمان و وێژەی کوردی، ئەمیش گەلێك هۆنراوەو نوسینی هەیە.

*　*　*

مەلا قاسمی پایگەلانی

(١٧٨٣-١٨٤٣ز)[١٦]

ناوی قاسمی کوڕی عەبدولحەقی کوڕی عەبدوڕەحیمی پایگەلانی‌یەوە لەپایگەلان لەدایك بووەو لەوێ دەستی بەخوێندن کردووە لەلای باوکی و، پاشان چەند شوێنێك گەڕاوە تا لەسنە مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووەو گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی و دەستی کردووە بەمەلایەتی و دەرس وتنەوە.

مەلا قاسم بەیەکێ لەزانایان و هۆنەرانی هەرە بەرزی کورد دانراوە، زۆر خەتی خۆش بووەو دەستێکی باڵاشی بووە لەشیعر نووسین دا. شیعری بەعەرەبی و فارسی و کوردی هەیە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا شیعرەکانی وەکوو دیوان کۆنەکراونەتەوەو چاپ بکرێت. ئەمەش نمونەیەك لەکۆپلە شیعرێکی پایگەلانی‌یە:

هەرگا من پێکیای، پەیکانی لەیل وام
جەبێ مەیلی لەیل، وەطەن دوجەیل وام

چ باکی بەدیی، بەدکارانمەن
چ پەروای تانەی، ئەغیارانمەن؟

* * *

عەبدوالله بەگی هەورامان

(١٨٧٩-١٩٤٤ز)

لەسەردەمی ڕەزا شای ئێران دا، بەگزادەیەکی زۆری هەورامان گیران، هەندێکیان هەر لەزینداندا مردن وەك: نادر سان و حەمەصادق بەگ و حەمەڕەشید بەگ و زۆراب بەگ و سەید مستەفاو ... تاد، هەندێکی تریان لەشەهریوەردا[١٧] بەردران، وەك: حەمەد سان، جافر بەگی سان و فایەق بەگی کوڕیو، کەریم سان و حەمەمین سان و عەبدوالله بەگی هەورامان ... تاد.

عەبدوالله بەگ کوڕی حەمە شەفیع بەگە، کەشۆڕشگێڕێکی سەردەمی حەسەن سانی هەورامانی تەخت بووە. لەساڵی (١٩٣٠)دا بۆ ماوەی (١٠) ساڵ زیندان دەکرێ لەو حوزن و زاخەدا ئیلهام بۆ شیعرەکانی دەچنێتەوە. زۆربەی هۆنراوەکانی لەبەندیخانەدا وتونی. لەم هۆنراوەدا باسی خەوێك دەکات کەلەبەندیخانەدا دیویەتی[١٨]:

یاران هامسەران، ئیمشەو خاوێ دی — جەزیندانی تار، عەجەب خاوێ دیم

ئازادی وەتەن، هەورامانم دی — ئیلاخانی چۆڵ کۆسالانم دی

وەنەوشەی وەش بۆ، چنور جەهەردان — ئامانە خاوم، پەی بارو دەردان

ڕێحان پەلش دێز،شەست پەرچەباخان — سوسەن و نەسرین، شەوبۆی ئیلاخان

بەرزەڵنگ جەکۆ، چنور جەکاوان — سەوزیو مێرغوزار، هاڕەی بەرفراوان

چەنی هامسەران نیشتەبێم وەشاد — بەکەیف و ئاهەنگ، غەم مەدام وەباد

گۆش بەسەدای ساز، چەم بەنگاوە — جەقاوەخانەی، ڕای کەمالاوە

لێو بەپیاڵەی عەقیق ڕەنگەوە — گاهێ پڕ بەشەوق گا بەخەندەوە

گاه نگای کۆسار، بەرزی ئیلاخان — گانگای خەزان، گا نگای زەردان

جەی عەیش و نیشات جەیخەوی‌بەتاڵ — زیندانیم ئەسڵەن نامان بەخەیاڵ

هەر پاسەم زانان، وێم شەهریارم — چەرخی کەچ کردار، نەدان ئازارم

پاسەم مەزانا شای خاوەن بەختم — نەزانام مەزڵوم حەپسی بەدبەختم

وەختێو بێدار بیم، تەماشا کەردم — ئاژان و زیندان، نەزەر ئاوەردم

چەندە مەدهۆش بیم، تەواسامەوە — عەقڵ و فام و هۆش نەمەن لامەوە

سەد موقابیل بی، باری خەمانم — وەسۆ ئاماوە، سۆتەی زامانم

غەیر جەئێش و نێش جەفای ڕۆژگار — هیچ سودیو جەفاو نەدیم جەڕووی کار

زامی کۆنەو نۆم، تازە کەردەوە — زار زار مەنالام وەدەم دەردەوە

یاڕەب هەرکەسێو کەڕۆش نەهات بۆ — زام زادەی تەقدیر، ڕووی سەربیسات بۆ

کەشتی نگینش، هەر سەرنگونەن — نەگێجاوی گێج، ڕودی جەیحونەن

مۆرەی ئیقباڵش دووشەش ناوردەن — چەنی بەدبەختی، مامەڵەش کەردەن

خوردو خۆراکش، ژاراوی زەردەن — خاوی شیرینش هەر ئێش و دەردەن

یاڕەب بەحاجەت ڕەسولی حەبیب — خاکی غەریبیم نەکەری نەسیب

هەروەها لەسەرەتای هۆنراوەیەکی کەدا دەڵێ:

یادی گوزەشتەی هام فەردانم کەرد — کوردستان مەحاڵ هەورامانم کەرد

لەکۆتاییەکەشیدا دەڵێ:

یادی پالاوەژ اسەکۆی سان‌ام کەرد — قولەی اپیر ڕۆستەم‌ا جەرگم بەرد ئاوەرد

* * *

فەتحواللە بەگی جافرسان

(١٨٩٣-١٩٦٩ز)(١٩)

لەنۆتشە لەدایك بووە، لەسەردەمی جافرسان دا حاکمی (بەلەبزان) بووە، شیعری زۆری بووە، بەلاّم کەمیان دەست کەوتووە، دوو هۆنراوەی لەسەر لەدەستچوونی گەنجی وتووە، لەیەکێکیان دا دەڵێ:

... عومرم بەچل ساڵ، تامێوش نەبیەن مووی سیام، جەداخ، وەسفید بیەن

تاتای مووم، چەند وەشمارەن | بەحیساب، ئاندە، هیجران لێم بارەن
بارم هەر غەمەن، سەربارم غەمناک | نیشتەن، وەسەرم، بەتەنیاو تاک
بەخۆراکەوە، پێخورم، بۆ غەم | چون بەرف،مشۆنە،ئەندک،وەکەللەم
تاکە جوان بیم، نەنازانام بەوێم | ئارۆ بەپیری، هیچ نمەیۆ لێم
بازەش، باوەس بۆ، گرچێو، بی‌تەمام | عومرم، تەمام بی، نەیاوام، بەکام
هەر لوای لوان، هیچ کەس، نامەوە! | بەوەیرۆ، وەیرۆ، لواو برِیاوە!

لەوی تریشیاندا دەڵێ:

عومری جوانیم، بی‌هود، دام وەباد | پیا کەپیربی، کەی مەبۆ دڵشاد!
پیری کەعەقڵش جەلا مەمانۆ | جەباتی نماز، تەمەع، مەوانۆ

لەدوایی‌دا دەڵێ:

... تاکەی قامەتم، غەم واردەی غەم بۆ تاکەی دەرونم، جەغەم ماتەم بۆ

سەڵتەی سیای غەم تاکەی نەدۆش کەم | حەلقەی نێشی غەم،تاکەی،نەگۆش کەم
تاکەی نەهیجران، سەر بنیەو نەخاو | تاکەی نەزاریی، وەبەرگی سیاو!
پۆشۆ وەبالاّم، هەتا، کەدامان | ماڵ کاول و وێم، چێش وەپێم ئامان!!

لەهۆنراوەیەکی کەدا دەڵێ:

(... غەریبان بەیاد، ئازیزان جەکۆ | شەوان مەگرەوان، رِووان وەرِۆرِۆ
یەگشت کۆ لووان، تایفەی بەهمەن | نەوەی (عوسمان سان) هەورامان مەسکەن
یانەی عالشان، یەکجار وێران کەرد | هەریەک ناشادی هەناسانی سەرد
ئاخ بەئاوات، نەمەردام ئەمجار | گۆشە چەمێوەم من بەردام دیار
بدیام بەوەتەن کەردام یەک نیگا | بەهەر چوار تەرەف، لەملا بۆ ئەولا
تەماشای دەسگاو عەمارەت کەرۆ | هیجرانان جەداخ، قیامەت بەرۆ
کۆن جەعفەر سوڵتان بەوێنەی شاهبێ | دایم ئینتزار، چەم، نە، نیگاهبێ
مەنیشت پەریَ وێش،شاهی‌کەیخسرەو | شێران نەدەورمش، بەئاماو برەو

لەکۆتایی ئەم هۆنراوەشی‌دا دەڵێ:

ئانە ڕاحەتا، سەرنیان، نەخاک | نەک ئانە دیدەش، دایم هەن نمناک
ئیتر پەی منیچ، دنیا مەمانۆ | عومر بیۆوەفان، عالەم مزانۆ
شیوەن، مەوقوف بۆ، تارۆژی وەهار | گوڵە ڕیواوان، سەرباران دیار)

* * *

مەلا حەسەنی دزڵی[٢٠]

(١٨٥٨ - ١٩٤٥ز)

کوڕی محەمەد کوڕی محەمەد ڕەزایە، نازناوی شیعری -هیجری- یە. لەدێی (وەیسیای هەورامان) لەدایك بووە، لەدزڵی کۆچی دوایی کردووە[٢١]، مەلا حەسەن لەتەمەنی پیریدا ئافرەتێکی خەڵکی ئیلانیی ی هێناوە بەناوی پیرۆزە.

مەلا حەسەن لەلای باوکی دەستی بەخوێندن کردووەو بەشوێن خوێندندا زۆر شوێن گەڕاوە وەك: شنۆو موکریان و بیارەو سلێمانی و سەنگاو... هتد. دواجار لەهەولێر لەلای مەلای گەورە مۆڵەتی مەلایەتیوەرگرتووە.

کەوالی بەغدا، ناوبانگی زیرەکی و زانایی دەبیستێ بانگی دەکات و سەرپشکی دەکات کەیا ببێتە (موفتی) بەغدا، یا (قاضي القضاة). بەڵام ئەو هیچ کامیان قبوڵ ناکات و دەڵێ: بمنێرە یا بۆ زانکۆی ئەزهەر یا بۆ حەج. دەینێرێ بۆ زانکۆی ئەزهەرو لەوێ دووساڵ دەخوێنێ، کەسەرۆکی زانکۆ زیرەکی مەلا حەسەنی بۆ دەردەکەوێ، دەیکات بەمامۆستای ئەزهەرو، (٩) نۆ ساڵ وانە دەڵێتەوە، پاشان کەڵکەڵەی کوردستان دەکەوێتە سەریو دەگەڕێتەوە. والی بەغدا پێشوازیەکی گەرمی دەکات و زۆر هەوڵی لەگەڵدا دەدات کەلەبەغدا بمێنێتەوەو سەرپشکی پلەو پایەشی دەکات، کەچی قبوڵی ناکات و، دێتەوە بۆ گوندی (هانەی قوڵ) ی پشتی خورماڵ و دەبێتە مەلای ئەو گوندە. لەکۆتایی ژیانیدا ئەچێتەوە دزڵی.

مەلا حەسەن - زاناو زیرەك و قسە خۆش و، شاعیرێکی بەناوبانگ بووە بەفارسی و عەرەبی و تورکی و کوردی (سۆرانی و هەورامی) شیعری وتووە.

زۆرێك لەناودارانی کورد دانیان بەزانایی و شاعیریەتی مەلا حەسەن دا ناوە وەك: هێمن و قانع و هەژارو ... تاد.

سوارەی ئیلخانی دەڵێ: کورد شاعیری (شۆخی) وەك مەلا حەسەنی نەبوە.

م. مەلا عەبدولکەریمی بیارە دەڵێ: مەلا حەسەن لەهەموو عیلمەکاندا دەستی باڵای هەبووە.

مامۆستا هێمن دەڵێ: پێم وایە ئەدەبی کوردی مەلا حەسەنی کەم بوە.

شیعرەکانی مەلا حەسەن لەم دواییەدا لەلایەن مامۆستا ئەحمەد نەزیرییەوە کۆکراونەتەوەو لەچاپ دراون، جا لەکۆتایی ئەو دیوانەدا مامۆستا نەزیری نوسراوێکی مامۆستا عوسمان محەمەد هەورامی بڵاو کردووەتەوە بەناوی (نویشکێك لەبارەی مەلا حەسەنی دزڵییەوە) تیایدا دەڵێ:

(...مەلا حەسەن، یەکێکە لەشاعیرە زۆر بلیمەتەکانی هەورامان، تەواناو هونەری هۆنراوەی لەڕادە بەدەرن، ئەگەر نەبونی و هەژاری و دەستکورتی نەبوایە، لەو باوەڕەدام کە بەرهەمی باڵاترو نەمر تری دەخولقاند، بەڵام وەك وتراوە: ڕوی نەبونی ڕەش بێ ئەوەتا لەزۆربەی هۆنراوەکانیدا، وەدوای دەربڕینی وێنەی ناسك و جوان و پاراو، کۆتایی شیعرەکانی بەداواکاریەکی سادەو ساکار لەهاوەڵە نزیکەکانی دێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ کەدەست بەخوێندنەوەی هەر هۆنراوەیەکی دەکات، ناتوانێ دەست بەرداری بێت تاتەواوی دەکات و لێی دەبێتەوە... پاشان دەڵێ: بەتەواوی مەلەوانی دەریای زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی بووە چۆنی ویستبێ کایەی بەوشە جوان و کاریگەرەکان کردووەو لەجێی پێشیاوی خۆیاندا چەسپاندونی، لەبواری ڕەوانبێژیو نوکتەبازیدا گۆی گرەوی بردوەتەوە. پاشان دەڵێ: بەو بەشەکەمەی خۆی لەژیاندا دادەکەوت و هەمیشە سوپاسگوزاری یەزدانی مەزن بووە...).

ئەگەر سەرنجێکی ئەو خوتبەی جومعەیە بدەین کەمەلا حەسەن لەخورماڵ خوێندویەتیەوە لەدیوانەکەیدا، ل(٢٣٢-٢٤٩) نوسراوەتەوە بۆمان دەردەکەوێ:

مەلا حەسەن زۆر زانا بووە، لەخواترس بووە، دونیا نەویست بووە، دژ بەو کەسانە بووە کەخەڵکیان ڕووتاندوەتەوە بەناوی دینەوە، جەماوەری هۆشیار کردوەتەوە لەبێئاگاییو ڕاستی و حەقیقەتی دین...).

مەلا حەسەن هەمیشە بەشیعرەکانی عادەت و نەریتە خراپەکانی کۆمەڵگای داوەتە بەر نەشتەرو ڕەخنەیان لێ دەگرێ.

لێرەدا شیعرێکی دەهێنین کەلەوەڵامی یەکێ لەدەسەڵاتدارانی ئەو کاتدا وتویەتی کەپیاوی (ئینگلیز) بووە، کاتێ کەنامەیەك بۆ (مەلا حەسەن) دەنێرێ تا مەلا حەسەن ببێتە نوسەرو دەفتەرداری ئەو، دیارە کەئەو کاربەدەستەش زۆرێ لەخۆخدەو نەریتی ئینگلیزەکانی وەرگرتووە، وەکو دۆستایەتی سەگ...هتد،

مەلا حەسەنیش پێی گرانە بێتە دەفتەرداری، بۆیە بەم شعرە وەڵامی نامەی دەداتەوە[٢٢].

سەروەک مەسینە، سەگ لەسەر سینە ... الخبیثاتُ للخبیثینة
ئاخر کام ئینسان، دەسەبرای سەگە ... ڕەفیقی تانجیم، پێ ناشیرینە
هەرکەسێ، سەگی، کرد بەهاوخوانی ... ئەوە نۆکەری ئینگلیسینە
قودرەت و سەروەت، جاهو جەلالات ... پێشکەش بەوانەی، پێیان شیرینە
سەد تف و لەحنەت، لەقوربان قوربان ... لەئاغا فەرموی، یەکجارم قینە
خۆم زەلیل ناکەم، بۆ فلس و دینار ... ئەویش لەسایەی، عیززەتی دینە
پێم خۆشە نانی، جۆی ڕەشی عەباڵ ... دۆینەی خەجیجەو فاتەو جەمینە
کاڵەو کلاشی، ساختی هەورامان ... نایدەم بەقۆنرەی چەرمە مەکینە
ئیسلام و عیززەت، عیلم و کەرامەت ... کوردو شەرافەت، ڕەسمی دێرینە
هەی هوو چەن دورین، من و نۆکەری! ... ئەمەش هەر جۆرێ، کاسە لێسینە
سەلام سەییدی (وێرمەنە) دینار ... خویەکی پیس و، زۆر ناشیرینە
ناکەومە پینەی، درۆی ئاغایان ... کەوش، کراسی، خۆم ئەکەم پینە
ئاخر من قورئان، والەسەر سینەم ... "الطَّیباتُ لِلطَّیبینة"
من هەڵۆی لوتکەی، بەرزی دالانیم ... هەرگیز وەک قالاو ناکەومە چینە
حەسەن بۆ مەقام، نۆکەری ناکا ... سەد جار ڕیامە، ئەو جۆرە ژینە

مامۆستاو وەستا ئۆلعەزیزی تەوێڵەیی[٢٣]:

یەکێك لەو دۆستانەی مەلا حەسەن، وەستا عەبدولعەزیزی عەلی تەوێڵە بووە، کەوەستای کلاش کردن و پێلاو دورین بووە، ساڵانە دوو جووت کلاش و پێلاوی بۆ مەلا حەسەن دروستکردووەو بۆی ناردووە. مەلا حەسەن خۆیشی سەردانی تەوێڵەی کردووە، بۆلای وەتا ئۆلعەزیز. جارێکیان مامۆستا بەشیعر نامەیەك دەنوسێ بۆ وەستاو داوای لێ دەکات کەجووتێ کلاشی بۆ بکات، ئەمەش هۆنراوەکەیە:

یاری میهرەبان، شیرین و لەزیز ... ئۆسای گیوەبەند، ئوسا ئەولەزیز
سنعەت پاک و ساف ، کەسابەت زەریف ... شاگردی ئوسا، موحەمەد شەریف
ئوسا، ئەو ئوسا، تۆ شاگردەنی ... هەرچەند تۆ کارساز،خەیاڵ وردەنی
ئەو وێنەی لوقمان، تۆ عەرەستونی ... هەڵبەت ئەو شاباز، تۆ پەرەستونی
بار بۆ هەر سورمت، بەعزێ پەڕۆی خاس ... هەلاوەی بێ عەیب،سەفیدترجەماس
کیاستم خزمەتت، بکەریش کلاش ... ڕێک و موافق، ئی تاکەو ئەوتاش

گیوە بەند شنەی، سەروسایە باش | جای گازن عەقیق، یادانەی تراش
سەروبن ئەحمەر، ڕەنگی یاقوتی | خاڵ و میلْ وێنەی، خەتی زەمرِوتی
نارێک چون لەوسی، پیرەژن نەبان | وەراس بەوێنەی، نێرەژن نەبان
یاچون پۆزەی خەر، بالوک ئاوردە | یا لەوسی کوری، سورپیاز واردە
کاغەزی باریک، سفت و ناسک بان | سیا خاڵ وێنەی، دیدەی ئاسک بان
توندو تۆڵ و ڕەق، وێنەی مەرمەڕ بان | هاژە باڵ وێنەی، هەسارەی کەڕ بان
پەی گشت تەدارەک، چەنی پەرگەما | وێنەی دۆخەوا، باریشاوە، ما
بەوادەی سێ ڕۆ، یاونیشا پەنە | نەبا بیٚکلاش، من قۆمیوم وەنە
زەمی ئەولەزیز، پی بۆنە کەرو | جەدڵ گرانیش، مشیۆ بویەرو
سەروەش مەگێڵی، وە(گەرِیات)ەدا | کلاش لەیلەچن، هانە پاتەدا
وە(گەرِیات)ەدا، بەیان بۆیەران | کلاش چەرمەو سور، نەپای دڵبەران
پۆل پۆل نازاران، ژەرەژ خەرامان | مەمە فنجانان، نەوتووڵ نەمامان
مەیان مەویەران، بەوێنەی ئاسک | ڕەنگ و سورمت وەش، شێوەو دەنگ ناسک
تۆ بەرەفاقەت، ئایشا مەفتون | چ دەربەسەنی، من پاخر وابوون
تۆ بۆ بەخاتر، ئەو نەونەمامان | بابەزەیت بەیۆ، پای پاخروامان

کاک عەبدولکەریمی مەلا ئەحمەدی قازی لەدەستنوسەکەیدا کەبۆمی نوسیوە دەڵێ:

وەك من دەماودەم بیستومە، مەلا حەسەن خۆی دێت بۆ تەوێڵەو، زۆر پێخاوس ئەبێت، نەختێك پەرۆ کلاش لەگەڵ خۆیدا ئەهێنێ بۆ وەستا عەبدولعەزیز، بۆ ئەوەی بۆی بکات بەکلاش. مەلا حەسەن کاتی ئێوارە دەبێت دەگاتە تەوێڵە، پاش بەخێرهاتن و سەلام، ئەو پەڕۆکلاشانەی کەهێناونی لەگەڵ خۆیداو پیٚو پێڵاوەکەی پیشانی وەستا ئەدات، بەم هۆنراوەیە قسە لەگەڵ وەستادا دەکات، بەڵکو پیاوەتی بکات زوو کلاشەکەی بۆ تەواو بکات، وایش پیشان ئەدات کەخانە خویٚی نیٚیەو کەسی تر ناناسێ و ئەو شەوە میوانی ماڵی وەستایەو ماڵی وەستاش هاوینەو لەناو باغدان لەچەمی ئاوێسەر.

لێرەدا وادەردەکەوێت ئەم هۆنراوەیەی خوارەوە کەکاك عەبدولکەریم بۆی نوسیوین جیایە لەگەڵ ئەو هۆنراوەیەی پێشوتر جگە لەمەش مامۆستا پەیوەندی و سەردانی زۆر بووە لەگەڵ وەستادا، بۆیە دەڵێین ئەم هۆنراوەیەی خوارەوە جیایە، ئەمەش هۆنراوەکەی کاك عەبدولکەریمە کەبۆی نوسیوین:

ئوسا ئەولعەزیز مەنسوبوو وێما | پالانەمەنەن، لەبەری پێما

پۆسو پەیەکام، یەکسەر، گرد لوان
قڵیشو پەیەکام، خاس پنەم خوان
گەر فریام نەگنی، حاڵم فرە شڕیان
پەتۆو خامینام، یەکسەر گرد بڕیان
چنگێو پەڕوێم، ئۆلات ئاوردیێ
فرە پاک شوریێنی، کەردێنیم وردیێ
پەیم کەرە کلاشێ، پەی ڕاو کەشوتاشی
یاگۆ پایم نەرمە، جیاتی فراشی
چکو، قۆرەشا، کیرکەڵەگاو بۆ
تیروکلاشەکا، باپۆسی گاو بۆ
پەرگەماکێشا، بامووی سیاو بۆ
نەفرە کرژەو، نەفرە خاو بۆ
چاشتۆ وێرەگای، کەرگەو پلاوبۆ
پێخەفما، جاجم، ڕووەکیش جاو بۆ
وەرچایما، نان و، ماس و کەرە بۆ
نەواچی مڵکا، هەر بادەرە بۆ
کەم و کەسر، نەبو، هەر بافرە بۆ
یاخوا، تەوێڵی، ئاوەدانە بۆ
مێمان، پەزێرا، بەرقەرارکەری
ئۆسا ئەولەزیز، ئۆ بەهەشت بەری
یانەو کڵفەتیش، سەرفرازکەری
لاشەش ساغ کەری،بێ دەردیسەری

هەروەها لەدیوانەکەی مەلا حەسەن دا هاتووە، ل(٧٥-٨٠) کەئەم شیعرەشی ناردووە بۆ وەستا عەبدولعەزیزو داوای چای لێ کردووە[٢٤]:

جەقەند شیرین تەر، هەنگوینی لەزیز
باش ئۆسای زیرەک، ئۆسا (ئەولەزیز)
سەرو قنگ چەرمە، فرە مومتاز بۆ
چایەوە خەلیس، ئاواتەخواز بۆ
ڕەنگ دێزو سیاو، بەوێنەی قیراو
چون چایی تەورێز، یان میان دواو
عەرەقش وێنەی، بناگۆشی یار
چیرۆ هۆر بەیۆ، نەوەختی ئێوار
بەعزێو نەئەی چا، ئیسە کەمن وات
بکیانە پەرێم، بەڕەسمی سەوقات
بەیادی تۆوە، یەخەگیرمانە
هەتا ساڵێوتەر، هەر جەویرمانە

ئۆسا کلاشەکانی دوا ئەخاو چایشی بۆ نانێرێ، مامۆستایش بۆ تورە کردنی ئەم شیعرەی تری بۆ ئەنێرێ:

داخم هەر ئینەن، جۆرە کەسانێ
پاکافرمانێ، لاقنگ هەسانێ
ڕیش تەپڵەگونی، یاپراخە لووتێ
سەوەتە سەرێ، گەلێ و قنگ ڕووتێ
مەواچۆ ئەمن، چایی وەرەنان
موقەدەم وێنەی، ئەسکەندەرەنان
من وێنەی خۆرووس، دایم قوقوومەن
پەی کەلەقەندێ، هەر قەیسەو قومەن
نەپەیخامێ هەن، نەنامەو ڕاپۆرت
نەدیم ژەقنەموت یاخۆ قوزەڵقۆرت
گەردن ژەرەژا، سۆسەن خاڵەکا
زوڵفە سیاکا، چەمە کاڵەکا
کلاشە خاسەکێ، پەی ئایشا بۆ
چ دەربەسەنی، من پا خەروا بۆ
ئافەرین گوڵێ پەی تەقەو تیلاش
گا سەرە چلۆسک، گا لنگە کلاش
شوکر ئەولەزیز، هەر چێر چەپۆکەن
یانەی دڵ تاریک، سینەش ناکۆکەن

گوڵێ هەروەختێ، چەمش هۆر بریۆ   ئی دمس و دیمش، وەفەوری مەریۆ
هێزم ئاویرگاش، پەنەهور برۆ   هەڵیزە ومانی، پینە مەکەرۆ[٢٥]

ئوسا کەئەم شیعرەی پێ دەگا لای ناخۆش دەبێ، بۆیە دەچێت بۆ دزڵی و گلەیی لەماموستا دەکات و ماموستاش ئاشتی دەکاتەوەو زۆر ڕێزی دەگرێو دەیکاتە شۆخی و قسەی خۆش و ئەڵێ: ئەگەر بەڵێن ئەدەی زوو کلاشەکەم بۆ بکەی شیعرێکت بۆ دەنووسم، هەرکات ژنان هاتنە لات و داوای کلاشەکانیان کرد بۆیان بخوێنەوە، هەم وەلامت داوەتەوە، هەم شۆخیت کردووە، ئەڵێ: بڕیارە زوو کلاشەکانت بۆ بکەم. ماموستایش ئەمانەی بۆ دەنوسێ:

وەفیدای بالاّت بام، وەگرکەسمەوە   ئینە لنگوتۆن، ئینا دەسمەوە
هەردوو لنگ ساف و، چەرمەی بلورەن   وەسەت پەی زینەت،خاڵێوەش سورەن

ئوسا خۆیشی جارجارە شیعری وتووە، بیردەکاتەوە لەم شیعرانە لەگەڵ ڕیشی سپی خۆی و ماموستادا ناگونجێ، ئەڵێ: کەس چەنەبەری مەلا نایەت.

ماموستاش ئەڵێ:

ئوسا گیان تۆ لەهەموو عالمێ عالمتری، ئەگەر تۆو ئوساو ئاسنگەرو ناڵبەن و نەججاڕ نەبۆیان ژیانی خەڵك بەڕێوە نەدەچوو.

ئوسا گیان تۆ وێت بێ خەبەرەنی   جەگر عالمێ، عالم تەرەنی
زەرە بەزەیدون، فەعولون فەعیل   فەقێ و دەرس و مەشق راتبەو قالوقیل
دەردو جامعەی، دەوایەکەرا   یاموشکیلات و خەڵکی لابەرا
ئەرتۆ نەپۆژنی (پاو پاخەروایا)   ترێشتەو گاوەسن، داریۆ ئۆسایا
مەشۆ وەڕاوە، حەسەن بێکلاش   تۆ عالمەنی ئوسای، ئوسا باش

ماموستا مەلا حەسەن موریدو مەنسوبی هیچ شێخێك نەبووە، بەلاّم هاتوو چۆی شێخەکانی کردووەو خۆشی ویستون لەسەر زمانی (صوفی حەمە ڕەعنا)وە شیعرێکی نوسیووە، لەدیوانەکەیدا ل(١٨٣-١٨٦) لەسەر کۆچی دوایی شێخ حیسامەدین، ئێمە لێرەدا هەندێکی بلاّو دەکەینەوە:

تەم و بوخارەن، نەسەر باخەکۆن   شوعاع جەماڵێ، حیسامەدین کۆن

پاشان دەڵێ:

ئەی شەمسی تالع، هەر لایق بەتۆن   گاه گاه تەوێڵەو، گاه گاه باخەکۆن

لەکۆتاییدا دەڵێ:

قوتبی دنیاو دین، قەڵای دینم ڕۆ   کەعبەی فەقیران، سەرزەمینم ڕۆ
بابەی موریدو، مەنسوبانم ڕۆ   سەربەرزی عێراق، هەم ئێران ڕۆ

موریدا بەیدیٚ، بکەردی زاری پەریٚ بیٚکەسیو، بیٚیاگەداری
داخی داخانەم، کوشیاوە ئۆجاخ مەگەر هەرواچو، سەد حەسرەت و داخ
یاگەکێش هاڵیو بیٚکەس و بیٚشۆن قوتبیٚتەر پێسە، حیسامەدین کۆن

لەدیوانەکەی ل(٢٢١-٢٢٥) ئەم شیعرە هاتووە کەلەساڵی (١٩٤١ز)دا بۆ کوێخا حەمەسلیمی حەمەڕەزای بەرگدرووی تەوێڵەیی نووسیوە، بەڵام چونکە دەستخەتە ئەصلیەکەیمان دەستکەوتووە لەبەڕێز کاك شێرزادی کوڕی کوێخا حەمەسەلیم وەکەمێك جیاوازیشی هەیە بۆیە وائێمە ئەصڵی‌یەکە دەنوسین:

مەلایک شاه، خودا عەلیمە ئەم عەرزە بۆلای حەمە سەلیمە
ئەم عادەتەی من، ڕەسمی قەدیمە پێی ناخۆش نیە، هەرکەس کەریمە
وەستای موحتەرەم، سەلیمی خەیات ئاوی دەم شیرین، وەک ئاوی حەیات
جاداری مەرحوم، محەمەد ڕەزا وجودت سالم، بەدەن بیٚ قەزا
چوار تاقمەی، گشت مەکینەچی خزمەتکارت بیٚ، دووسەد پینەچی
ئەرتۆ لەجادەی، ڕاسی دەرنەچی نایەتە ڕێگەت، ناڕاسی و کەچی
موبارەکت بیٚ ئەو مەکینەی ڕەش فابریقەی حەڵەب، کارخانەی حەبەش
دەستی پێدانیٚ، بیٚ غوبارو لەک بابێتە جونبوش، وەک چەرخی فەلەک
حەرەکەی سەریع، بەئیستیدارە هەروەک قەتارەی، سەبعەی سەیارە
هاڕە بەوێنەی، تەرزەی بەهارە بەرق سەوادی، ئەڵێی ڕەشمارە
ئەو زنجیرەی ورد، ئەو بەقیەکاری ئەو نەقشی چینی، خەتی نیگاری
هەر شایستەی تۆو، لایەق بەخۆتە ئەمما تۆ نەبڕی، بەرگی ئەلمونە
بابیٚ بەرەکەت، نەبیٚ سەنعەتت باڵەلای خودا، زۆر بیٚ نیعمەتت
خودا گەرم کا، ڕەواجی کارت گەرمی مامەڵەت، گەرمی بازاڕت
بەو قەدو باڵای، شۆخ و شەنگەوە بەو ئەلبیسەی چاک، هەزار ڕەنگەوە
تادێر زەمانیٚ، یاخوا باقی بی دایم لەلیباس، بەدەن ساقی بی
لەپاش هەدیەی، وەزیفەی سەلام دوعا گۆیی خێر، وەختی سوبح و شام
حەمەسەلیم گیان، ئەمجار نۆبەمە نۆبەی حەرارەت، گەرمی سوبەمە
ئەمن پارەکە، کاغەزێکم نارد زەحمەتم کێشا، چەند تاڵاوم خوارد
بۆچی لەگەڵ من، خیتابت نەبوو بەبوون و نەبوون، جوابت نەبوو
من مەلای ئیمام، تۆ مەکینەچی تۆ دەروون گەورەی، تۆچیو کینەچی
وابیٚ مەرحەمەت، لەگەڵ من بۆچی خۆ تۆ ڕووخۆشی، بیٚ مرِوو مۆچی
ئیسەیچە ئەوا، دۆعا نامەت هات ئەبیٚ شتێکمان، بۆ بکەی بەرات

ئیعاشەی منیش، شەکرە یاچایی		مەرحەمەت بکە، بەدڵ نەوایی
جەزاکەی پاریش، هەم قەزا بکە		بەهیممەت خۆت، من ڕەزا بکە
تا من بخوێنم، دۆعای دەوامت		بۆ زیادی ڕزق، هەم ئیحترامت
بڵند بێ ڕوتبەت، بڵند بێ نامت		خۆت و نیشانەی، عالی مەقامت
باقی من مەشغوڵ، دۆعا گۆیی تۆم		چاوەڕێی هاتن، شەکرو چایی تۆم

ئەم نامەیەی تریش مەلا حەسەن ناردوویەتی بۆ کوێخا حەمە سەلیمی تەوێڵە، وەئەمە بۆ یەکەمجاریشە بڵاو بکرێتەوە، چونکە لەدیوانەکەیدا نیەو، ئێمەش لەبەڕێز کاک شێرزاد کوڕی کوێخا حەمەسەلیمەوە دەستمان کەوتووە، زۆر سوپاسی دەکەین بۆ ئەو هاوکاریەی کەکردی.

بۆ خزمەت جەنابی حەمە سەلیم ئاغای خەیاگ فرزەندی حەمە ڕەضا ئاغا واصل.

نامە ئەوا هات، بەڕەسمی قەدیم		ڕووی کرد لەدوکان، محەمەد سەلیم
شەخص نۆجوان، ڕەند شۆخ و شەنگ		شێوەو شەمایل، پەسەندو قەشەنگ
خەلف نەونەمام، شاب تازەخەت		زیرەک و چابوک، وەکو بەچکە بەط
ڕەنگ و ڕوخسارت،وەک کارەبایزەرد		زەنگوڵە ئارەقت، قەطرەی ماء الورد
شەعشەی جەبین، وەک لەوح کافور		عارض نوقرەی تەڕ، گەردەن وەک بلور
چەتفە ئاوێزان، وەک تاتای چنور		ڕیشەی چەتفەکەت، نمرەی نەو ظهور
گوڵەنگی ڕەشتی، پەخشان لەسەر شان		سەوزو زەردو سور، تاوسی نیشان
ئەو تاتای ڕەشتی، بەو جەماڵەوە		وەک تای ڕەیحانە، بەو شەماڵەوە
وەخت تەکەللوم، دندان ئاڵتون		گشت حەیران تۆ، بەگزادەو خاتوون
دەست لەبناگوش، بەئاوازەوە		تۆ بەسازەوە، ئەو بەنازەوە
گا بەتەکەللوم، شیرین ڕازەوە		گا بەخەنجەرەی، خۆش ئاوازەوە
ئەو دەنگ و صەدای، نەغمەی گۆرانی		نەفەس ڕەیحانی، لەزەت ڕۆحانی
بۆ صەدای نەغمەی، زایەڵەی سەمطور		مەجلس بادەنۆش، گشت مەست ومەخمور
گفتوگۆ مەلیح، خۆت زۆر مەکینی		لەزەت غالیەی، ئەسکەنجەبینی
محەمەد سەلیم، تۆ باش خەیاطی		بەصافی گەردن، ئاوی حەیاتی
نمرەی نەو ظهور، لەسەر بساطی		ئەمما لەڕاس من، خامۆش و ماتی
وەستای جوان، پا مەکینەچی		ئاخر لەگەڵ من، تۆچی و کینەچی
ئەمن دائەنیێ، وەکوو پینەچی		ئاخر تۆ هەقت، لەم مسکینەچی
ئەوا مەدحِ تۆم، بەمەیلی تۆ کرد		ئەترسم کەرت بێ، وەک دەهندی کورد
من بەشاعری، مەشهورە ناوم		لەجوابی تۆ، فرە تاساوم

فەرموبوت بۆ من، ئەگەر بمێنم ئەر کاغەزت بێ، من ئەیدرێنم
داوای چت ناکەم، لەتۆ وە إلا تاوده لەمەیدان، سادەی بسم اللە

لەدیوانەکەیدا ل(٢٢٦-٢٣٢) هاتووە که[٢٦]:

مەلا حەسەن ئەم شیعرەی بۆ موحەممەدی حاجی حەمە صالحی تەوێڵە نووسیوە کەلەبەر سەربازی چووەتە دزاوەر ئەویش لەساڵی (١٩٤٤).

میرزا مهاجر، شەربەتخانەی خەم وەتەن (تەوێڵێ)، مەسکەن نەعەجەم
ئاهوو پەروەردەی، هەوای عێراقی ئارەزووی وەتەن، نەدەروون باقی
تەیرێ ئاشیان، (تەوێڵە) ماوا یانەی دڵ وەخاک، غەریبی ئاوا
عەبدی ڕەزابەند، بەقەزای سەمەد جەنابی ئەکرەم، میرزا محەمەد
شەمسی تەوازوع، زومرەی گوستاخان هەڵقەی سیلسیلەی، قەدیم ئوجاخان
دەرووە پێچ وەردەی، خۆونی ئیجباری وێنەی کەتیرەی، شوشەی جەباری
ئیسەجای مەتڵەع، چون شەمسیخاوەر تڵوع نەمەشریق، سەرکوی دزاوەر
مەبارەکتابۆ، گیزەی سەماوەر جەهەننەم جەگوشت، برنج و ساوەر
دمای وەزیفەو دوعاو سلامت دۆعا گۆی خەیر، هەم ئیحترامت
دەخیل سەد دەخیل، بێ مەرەکەبم خەڵق عاجز جەدەست یارەب یارەبم
چەن قسەی ماتڵ، نەتۆی دەنداندا چەن مەتڵەب ماندەن، نەقەڵەمداندا
هانا ئیلتیجام، وەلات ئاوردەن دمرد جەحەکیمان،کێ پەنهان کەردەن؟!
ئەڵبەت میرزاگیان، هەرجۆرێت کەردەن ئەگەر چی پەنات، بە(بەغداد) بەردەن
بەعزێ مەرەکەب، سیای سەندوسی بەریقەی کیشدار، خەت ئابەنوسی
سەوادش وێنەی، زوڵفی نازداران عەترش چون سینەی، ئەڵفەندی داران
نەتەوێڵێدا، بسانە پەرێم تانەجابەتت مەعلوم کەرو لێم
هەرچەن مەلاقات، چەنی تۆم نەبیەن بابەو من هەرگیز، بابەو تۆش نەدیەن
بەڵام بەتەعریف، وارەزام ئەحمەد سەنای تۆ وانان، فەراوان بێحەد
مەحەببەتی تۆم، وەدەروون ئاوەرد هامن دووراو دوور، مەیلم زیاد کەرد
چون تۆ برازای، ئەو مامۆسانی چەمان سبلسیلەی ئیمام موسانی
هەردوو سەرئەفراز، هەردووسەربەرزەن وێنەی دوو کاڵەک، هەر جەیەک تەرزەن
تۆیچ بەوێنەی ئەو، جۆیای خاسەبە ئەو چەنی بیەن، تۆیچ هەر پاسە بە
جەوهەر سەوزو سور، گەرەکم نیەن فیکری قەدیمم، جەیاد بەرشیەن
ساف و بێغەش بۆ، چوون توتیا بۆ وێنەی بەختی وێم، هەر باسیا بۆ
براژەن (غونچە)، کۆمەکم کەرۆ پەرێ مورەکەب، خەم و من وەرۆ

تاکەبوانوو، وەختی سوبح و شام | پەی فەرزەندی ئەو (عەبدولواحد)انام
بواچوو یارەب، عومرش درێژ بۆ | پیاڵەی بەختش، پەڕبۆ لەبرێژ بۆ
باخی جوانیش، ساحیب سەمەر بۆ | مەحفوزی زوڵمات، قەزاو قەدەر بۆ
ئەر چێر زەمین بۆ، بۆزەش سەرزەمین | جوابم مەکەرە، تۆ حیسامەدین!!

* * *

ماموستا زۆر حەزی لەچا کردووە، زۆر وەخت کەرەسەی چای لەسەر ئاگر بووەو چای ڕەنگداریشی خواردووە لەسەماوەردا، لەدیوانەکەیدا ل(٥٢-٥٣) دەڵێ:

بەفیدای جیزەت بام، جیزەت چەن وەشا | هەرکەس نەوەرۆت،حەتمەن نەوەشا
بەفیدای گیزەت بوو، گیزەت نازارا | هەرکەسێ وەرۆت، دایم قەرزارا
هەرکەسێ وەرۆ، چای تاڵ و هەس | قەرزش جەسەدۆ، ملۆ سەدو شەس

ماموستا شێخ صدیقی سەرگەتی دەگێڕێتەوە، ئەڵێ: حاجی حەمەجانی زەڵمی وتی: پاش چا خواردن ماموستا فەرموی: حەمەجان ئیتر چا ناخۆینەوە، هەتا، هەتا، هەتاچەن جار دوپاتی کردەوەو پێم وابوو دەڵێ هەتا یەك ساڵ، کەچی وتی هەتا بانگی شێوان، حاجی حەمەجان ئەڵێ: تەماشای کاتژمێرمان کرد چەن دەقیقەی مابوو بۆ بانگی شێوان.

ماموستا لەشیعرێکیدا بیری دزڵی دەکاتەوەو دەڵێ: ل(١٠٠-١٠٣)

سلاّم کۆساری جوان و شیرینم | بوارو نەچەم، سەیلی ئەسرینم
سلاّم بەچین چین، گورالآنی سور | مەر بەخاوکەرۆ، بۆی شەوبۆو چنوور
ڕوجیار بازش دا، ئەو بازی بەران | یاران دزڵی، یادمان مەکەران
دەروونم بیەن، ساجە ماسۆڵە | ئا باخە تازە، هانە کەرمۆڵە
ئا باخە تازە، خەزانش کەردەن | یا ئیمساڵ ئاوش، نەوشیروان وەردەن
بەسەرگەدت بام، باخی دێوانە | مەدێونە دزڵی، یانە بەیانە
وەشەن گورالآن، خەیمەی ئاخیابان | ناڵەی بەختەمەر، جەلای ئەسحابان
وڵ کەردەن بەنا، چووزە کڵێڵە | پۆینەی پای، شەتاوە نەدەرە
وەرکەمەر،چنور، سورهەراڵ شەوبۆ | هەرکام بەجۆرێ، مەدیانی پەی یۆ
پیچک لوول واردەن، نەپای تاشەدا | بەرەزا پەخشەن، وەلای شاخەدا
ئەجیام دەماو من، کەرەس مەوەران | دەماو من قەزوان، کەوە مەکەران
هەورامان خاکت، تەلاّن، گەوهەرە | دزڵی دڵگیریت، جەحەد بەدەرە
واچە پا خەڵکی، هانایی بەرا | بەشکەم جەدزڵی، حەشرەما کەرا

پێوە بەجارێ، بلمێرە بەهەشت   بلمێ سەیرانەو، وەشی و گێڵوگەشت

جارێکیان مامۆستا لەدڵی ئێوارەیەك لەمزگەوت لەمەحمود ئەڵماس ناوێ دڵگیر دەبێ مەحمودیش بەیانی کاسەیەك ماسی بۆ دێنێ، ئەمیش بەعادەتەکەی خۆی مەحمود ئاشت دەکاتەوەو ئەم شیعرەی بۆ دەنوسێ:

ئەی ئافەرین بۆ، مەحمود ئەڵماس   بەین بەین ناپیاو، بەین بەین پیا خاس

ماشاءاللە جەتۆ، ساحب کاسە ماس   گێری دەسەوە، ماری بەئیخلاس



ئەمەش دەستنوسەکەی مەلا حەسەن کە بۆ کویخا حەمە سەلیم نادری ناردووە

ئەمەش دەستنوسەکەی مەلا حەسەن کە بۆ کویخا حەمە سەلیم نادری ناردووە



عەبدواللە ئەقدەسی ڕەزاوی(٢٧)

(١٩٢٢ - ١٩٨٥ز)

ناوی عەبدواللە ی کوڕی فەتحواللە ئاغای ڕەزاوە، لەڕەزاو دەستی بەخوێندن کردووەو، پاشان چووەتە سنە لای زانای بەرزی کورد ئایەتواللە ی مەردۆخی خەریکی خوێندنی ئیسلامی بووە، دواتریش لای چەند زانایەکی تر ڕێزمان و ڕەوانبێژی خوێندووە .. ئیتر گەڕاوەتەوە زێدو مەڵبەندەکەی خۆی و بووەتە نوسەری تایبەتی (حەسەن خانی ڕەزاو) و ئیتر بەمیرزا عەدوس ناسراوەو، پاشان لەکاری دەوڵەتیدا دامەزراوەو دواتر بووە بەبەڕێوەبەری شارەوانی مەریوان.

ئەقدەسی لەدوایی تەمەنیدا هاتە کوردستانی عێراق و، سەرەنجام لەساڵی (١٩٨٥ز) لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کردوو لەگردی سەیوان بەخاک سپێردرا.

ئەقدەسی دەستێکی باڵای هەبووە لەهۆنینەوەی هۆنراوەدا، بەهەورامی و سۆرانی هۆنراوەکانی نوسیون.. مەلا عەبدواللە ی شەیدا کەنوسەری (حەسەن خانی ڕەزاو) بووە، بەپێی ڕاسپاردەی حەسەن خان مێژووی هەورامانی بەهۆنراوە هۆنیوەتەوە، بەڵام بەناتەواوی مایەوە، ئەقدەسی بەشی دوایی هەر بەهۆنراوە هۆنیەوەو تەواوی کرد، بەڵام ئەو مێژووە هێشتا چاپ نەکراوە کەئەمەش خزمەتێکی زۆر گەورە بوو بۆ مێژووی کوردو کوردستان.

هۆنراوەکانی ئەقدەسی زۆرن و دەکرێن بەچەند بەشەوە: نیشتمانی، کۆمەڵایەتی، سروشتی، دڵداری، ...

ئەمەش نمونەیەکە لەهۆنراوکانی بەناوی (نەورۆز)ەوە دەخەینە ڕوو:

یاران وەهارەن، دووبارە جەنۆ — وەهار ئاماوە، شادی کەژو کۆ

شەماڵ داوەسەر، بەرزی سەربەرزان — وەروان کەرد بەئاو،ئاوان کەرد هەرزان

گا وارۆ واران، گا وەرە تاوەن — گا نالەو نرکەی، هەوری سیاوەن

یالارو لەنجەی، سۆنەو سەراوەن — یا نالەی تفەنگ، صەیاد جەڕاوەن

کەش و کۆو کەمەر، ساراو دەرودەشت بەرگی‌سەوز پۆشان،بەوێنەی بەهەشت

(کەلی عاشقان)، تا (تەوەنەسورا) — بە (ساو و سەعید) دیارەن جەدوور

گوڵە نەورۆزە، جەخاک سەرکێشان — مەلان مەنالان، هەریۆ پەی وێشان

بەنی (شانشین) تا (هەردی پلوور) — چوون پارچەی دێبا، ئەرخەوانی و سوور

ئەو دیم (مێرگەوار)، ئی دیم (بێساران) — ئەولا (پایگەلان)، جای تاقیە لاران

بەهەزار ڕەنگە، دەرو دەشت و دۆڵ	بەگوڵ ڕازیان، ئاوەدانی و چۆڵ
مەوارۆ واران، بە(کۆسالان)دا	پەخشان بۆن وەسەر، وردەخالان دا
دەسەو مەحبوبا، چەنی کناچا	ڕژاقەو ڕژاق، گۆرانی ماچا
زێڵەو زایەڵەن، هەوار بەهەوار	(هەیشوور) تا (ژۆنی)، (هەوارگەی روار)
هەرجە (سەرنەهاڵ) تابە (عەودالان)	نازکێشەن پەی‌ناز، نازک نەوهالان
ئیدیم تا ئەودیم، سیروان وەردەن جۆش	کەش و کۆو کەمەر، بیەن سەزە پۆش
(کورەی میانە)، سەر سەوزو خاڵ خاڵ	یەک ڕەنگەن،هەتا، (هۆبە تووی ساراڵ)
وەهارەن شەماڵ، دان وەسەر کووان	ئەحیابی نەبات، پیرە دار جوان
(شاهۆ) دووبارە، جەنۆ بی ئاوا	هەوار نشینان، مالات و ساوا
هەر جە(هانیە)، تا هەردی (پاوە)	هەوارو زۆمی، تا (دۆڵە ناوە)
بەنی (ماکوان)، (ئاتەشگا)و (وێراش)	(هۆلی) تا (سەریاس)، (ڕەزلە)و (بالاتاش)
هەر هاژەی ئاوەن، کنیۆ جەکاوان	نەرگسەن چوون زوڵف،ئەگریجە خاوان
(دالانی) باشقەی، کول نەو هەوارەن	موعجیزەی خیلقەت، پەروەردگارەن
بەهەزار ڕەنگە، برپەنش ئاوات	(نوەیجەر) چەنی، (خوڕخوڕە)و (هەیات)
هەر ڕەشبەڵەکاو، هۆرپڕای یارا	شیرین قامەتان، قەتار ونارا
هەر دڵبەرێنێ، کەدڵ مرفانا	عەقڵ و هۆش جەدەس، عاشق مەسانا

بێوەی نەقشبەندی[٢٨]

(١٩٣١ - ١٩٩٠ز)

شێخ ئەمین کوڕی شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی‌یەو نازناوی شیعری (بێوەی)یە. لە (١٩٣١/١٢/٢١ز) لەبیارە لەدایك بووە، هەر لەبیارە دەستی کردووە بەخوێندن، پاشان لێرەو لەوێ پچڕ پچڕ کۆڵی نەداوە تاوەکو کۆلێژ تەواو دەکات.

دایکی ڕابعە خانمەو خەڵکی (دیر الزور)ی سوریایە بۆیە لەساڵی (١٩٤٤)دا بۆ ماوەی نۆ مانگ چووە ئەوێ‌و لەوێ مایەوەو فێری عەرەبی‌یەکی باش بووە.

لەساڵی (١٩٥١) نەجیبەخانی مەحمودخانی دزلی دەهێنێ و چوار کوڕو کچێکی لێ دەبێت بەناوەکانی (ئەمیر، بێوەی، ئازاد، ئارێز، ڕەنگین). لەساڵی (١٩٦٣) دەچێتە ئێران، لەدزلی و پاشان لە (دورۆو کرماشان) نیشتەجێ دەبێت. دوایی دەچێتە تاران کۆلێژی ئاداب بەشی عەرەبی تەواو دەکات.

لەساڵی (١٩٧٨) دێتەوە سنەو لەدوای ئینقلابی ئێران، لەسنوری تەوێڵەوە لە (١٩٧٩/٩/١٣) دێتەوە هەورامانی عێراق تا (١٩٨٠/١/٢٩) هەر لەبیارە دادەنیشێ، پاشان لەگەڵ جەنابی کاکی (شێخ عوسمان) دەبێ و چەند شارو وڵاتێک دەکات، سێ حەجیشی کردووە. شێخ ئەمین لە (١٩٩٠/٤/٩) لەبەغداد، ماڵئاوایی یەکجاری لێکردین و لەئارامگای گەیلانی بەخاک سپێردراوە.

بێوەی دیوانە شیعرێکی هەیە لەدوو بەشدا بەناوی (سەرجەمی بەرهەمی ژیان) ئەم دیوانە کۆمەڵێک شیعرە بەهەورامی و سۆرانی نووسیویەتی. کتێبێکی گەورەشی لەسەر (تەصەوف چی‌یە؟) نووسیوە کە (٥٦٠) لاپەڕەیە. هەروەها نوسراوی تریشی هەیە لەسەر (علومی ئیسلامی و شارەزوورو شارەزووری‌یەکان، تەرجەمەی قەصیدەی بوردیەو ...هتد.

گوڵبژێرێک بەدیوانی (بێوەی)ا:

لەهۆنراوە هەورامی‌یەکاندا، لە(جەژنی دوور وڵات)دا دەڵێ:

مەواچان چەژنەن، وەشین شادی‌یەن وادەی سەیرانەن، ڕۆی ئازادیەن
فەسڵی وەهارەن، خەیمەی گوڵانەن ئیلاخان خاڵ خاڵ، ڕۆی بولبولانەن
هارەی شەتاوەن، نەپای کۆسارا زایڵە کەوتەن، کۆنە هەوارا
پۆل پۆل نازاران، ملان وەکۆسار هەم سەیرانی گوڵ، هەم دیدەنی یار
ئانەتۆ چیشەن، چی خەمگینەنی؟ چی کزت کەردەن، چیشا چینەنی؟
واتم مەزانۆ، من چی شادیم بۆ کەئارۆ ئەوجی، نامرادیم بۆ
چەنی کێ گەردەن، ئازادی کەرو داخانی دەروون، وەلاو کێ بەرو؟
کێ پەنەم واچۆ، جەژنت موبارەک دیوانم پەی کێ، بدەو تەدارەک
چەنی کێ بلوو، ئیساڵ وەکۆسار بێ دۆسو هام دەم، بێ یاوەر بێ یار
چەنی کێ گێڵو، نەپاو خاڵ خاڵا چەنی کێ گێرو، دەسەو گوڵاڵا
پەی کێ هۆرمجو، زوخاوو دڵا چەنی کێ کەرو، سەیران و گوڵا
من دوورجەوڵات،جەماواو مەسکەن دوور جەئازیزان، جەخاکی وەتەن
دوور جەبیارێ، دوور جەئاڵیاوا دوور جەتافی زەڵم، جەئەحمەد ئاوا
دوور جەڕەنگین و،دوور جەشارەزوور جەقەومو خوێشان، جەهامسا یان دوور
دوور جەتەویڵێ، چمان بەهەشتەن باخەن شەتاوەن، گوڵزارەن گەشتەن
جە سلێمانی دوور، شارو نازارا مەنزڵگەو مەردا، نشینگەو یارا
ئیسە چۆڵ و هۆڵ، من و ئاسیاوێ وەتاقە یانە، چۆڵی خەراوێ
بێ باخ بێ بازاڕ، بێ یار بێ یاوەر کامەبۆ جەژنم، تۆ کەرو داوەر

لەکۆپلەی شیعری (ڕەنگی زەردم) دا دەڵێ:

صەفحە یچ چوون دیمەن، ڕەنگش زەرد بیەن
چمان وێنەی من، مەینەتان دیەیەن

جەهەرلا دۆسو، کەسێ شک بەرۆ
مشیۆ شکاتۆ، ڕەنگەو وێم کەرۆ

لەو هۆنراوانەی کەبەکوردی سۆرانی وتونی:

لەبەشی (پیاهەڵدان)دا لەهۆنراوەی (ئەزانی بۆچی؟) دەڵێ:

ئەزانی بۆچی جێگاکەت، لەناو چاوانەما گیانە؟
تەرازووی تۆ گەلێ قورس بوو، دڵم بۆی بوو بەهێلانە
هەتا ئەوسا بوو تۆ چاو بووی، بەلأم ئێستاکە بیزانە
دوو چاوم ساوڵی تۆیە، بەدایم هەر لەسەر بانە
غەمیشم بوو کەئازارت، بگاتێ تۆ لەدیوی دەر
کەواتە دەی لەژوورۆبە، لەدڵما بۆت ئەکەم یانە

لەبەشی فەلسەفەو ئامۆژگاریدا گەلێك هۆنراوەی بەنرخ و گرنگی هەیە. دوو هۆنراوەی دەکەینە نمونە:

هەر ئەبێتە گڵ بۆکوێ ئەچێ دڵ

گیانە ئەو خاکە کەهینی تەیە — کشتگەو خانووەو، جێگەی هۆهۆیە
باخ و گوڵزارەو جێی سەیرو گەشتە — ڕازێنراوەتۆ، ئەڵێی بەهەشتە
خاکێکە کەزۆر خاوەنی دیوە — چەندین ها، دەس و کەسی ناسیوە
چەند جار سنورو، مەرزی گۆڕاوە — چەن جەنگ و شەڕی، لەسەر کراوە
چەن کرایە باخ، سەرلەنوێ زەوی — کرایە خانووی، بوڵندو نەوی
ئێستە پاش ئێمەش ئەگۆڕێتەوە — چەن ئەبڕێتەوەو ئەدۆڕێتەوە
سنوری تازەی، بۆ دیاری ئەکەن — وارث سەرلەنوێ بەئیرثی ئەبەن
هیچ کەس نازانێ کەوا خاوەنی — خۆشتری ویستوە ئەو لەتەمەنی
کەوا بوو مەدە دڵ، بەخاک و خۆڵ — ئەو خاک و خۆڵەی ئەبێ بیکەی چۆڵ
دڵت پڕ مەکە، لەئاواتی گڵ — هەر ئەبێتە گڵ، بۆ کوێ ئەچێ دڵ؟
مەیکەرە جێگەی، ویستی زیوو زەڕ — هیچ کامێ ناژی، بۆمان توری تەڕ
ئەوەی جێی دێلم، کەی هینی منە؟ — سەرە خۆرەمە، بۆ من دوژمنە!
دوو گەز خاکی گۆڕ، ئەبێتە بەشمان — کەدای ئەپۆشێ، تارمایی لەشمان

ئەو مافەش هەتا، قەرنێ ئەمێنێ — ڕۆژگار ئەویشمان، لەدەس ئەسێنێ
ئەر باوەڕ ناکەی، لەهەزار شاهان — سەرکردەی گەورە، لەخاوەن جاهان
لەدانشمەندان، لەپاڵەوانان — مەردی بەخشندەی، خاوەن نان و خوان
تاگۆڕی یەکێ، دیاری و ناسراوە — هەزاران هەزار، ون و بێ ناوە
کەمادام وایە، ئەی برای ژیرم — تۆش گوێم بدەرێو بێرە سەر بیرم
بۆ ماڵی دونیاو، زەوی و سەرمایە — ژیانی گەلت، مەکە بەکایە
کەلەی سەری خەڵک، مەکەرە بادە — دەس بڕی مەکەو، لەوکارە لادە
کەس مەکە پەیژە، بۆ سەرکەوتنت — کەس لەدەس مەخە، بۆ ڕۆیشتنت

لە هۆنراوەی (داری بێبەر)یش دوو کۆپلەی دەخەینە ڕوو کە دەڵێ:

... داری پڕ بەر لووتی ناوە — لق و پۆپی گشت شکاوە
پەل و پۆشی دارزاوە
ئەوەتە پاداشتی بەرهەمدار؟ — خۆزگە بەچەوت، خۆزگە بەلار

* * *

تێ بەر ئەبن بەرم و شەن — یان بەردو داری پیا ئەخەن
وەک گونابا ئەیکەن بەپەل
گونای ئەوەتە بەردارە — زرنییە وەک ئەو سپیدارە

لە هۆنراوە ئایینیەکانیدا دەڵێ:

فەلسەفەی ژیان لەڕوانگەی ئایینەوە

سەرێ گەر خواپەرستی تیانەبوو، پووچەو بەجێ ماوە
دڵێ وانوری حەق شەیدای نەکا، تەختەی سەری ئاوە
دوو چاوم بۆیە لا چاکە، ڕێگەی ڕاس، دیاری کەن
کەچاو ڕێگەی نەدی، گاڵۆکی کوێرێ چاکە لەو چاوە
خیرەد وەختێ بەکەڵکە، والەدەردی سەر نەجاتم بدا
چ عەقڵێکە نەزانێ، کامە دانەو کامەیە داوە؟
دەستێک هەر هەوڵی بردن، بۆ دەم و گیرفانی ئینسان بێ
چ دەستێکە نەزانێ، کامە پاکەو، کامە گڵیاوە
ئەگەر قاچ و قولم، هەر بۆ پەلامار بێ بەهەرلادا
لەئاکاما ئەبێ، بمخاتە ناو چاوە بەدوو پاوە
زوان بۆیە خوا داویە، کەڕاس و چاک و باش بێژێ
ئەگەر هەر بەد بەخەڵک ئێژێ، ئەوە ماری کونی ناوە

ئەگەر گوێ، گوێ قولاغی غەیبەت و لۆمەی برایانە
خۆشا بەو ڕۆژە، وابێژن، کەپەردەی گوێتە دڕیاوە
پەنا بەخوا بەرین چاکە، مەگەر هەر ئەو بەلوطفی خۆی
بمانپارێزێ لەم داوە، چ لەملاوە چ لەولاوە
ئەمین گەر لوطفی حەق فریانەگا، لەم ڕۆژو دەورانا
بەشەر تاچاو ئەکاتۆ، تیاچووە، فەوتاوە، خنکاوە

بێوەی گەلێك هۆنراوەی لەسەر خۆش ویستنی گەل و نیشتمان وتووە، بۆ نمونە:

ئاسۆی ژیانم پڕ تەم و گەرد بوو — دڵم پڕ دەردو دیمەنم زەرد بوو
بەلأم بەموژدەی سەرکەوتنی کورد — لێشاوی شادی ناشادی گشت برد
ئێستە ڕەنگ زەردی خاک وولأتم — ڕۆژی تێکۆشان بۆچی نەهاتم
لێرەش بۆ ئێوە دڵ بریندارم — کزیو خواری‌تان ئەدەن ئازارم
شانازی ئەکەم هەموو تەمەنم — ناپاکیم نەبووە، من بۆ وەتەنم

موژدە

پێنووس بۆکەیتە سابێرە زووان — وارزگاری بوو خاکی کوردستان
نەما زۆردارو نەما زۆرداری — نەما شکەنجەو زۆرو ئازاری
بەزۆری بازووی ڕۆڵەی بەجەرگت — بەرگی ڕەش لاچوو گۆڕی‌یان بەرگت
موژدەی ئازادی، چەندە پیرۆزی — چەندە شیرینی، دەس مایەی هۆزی
فرمێسکی شادیت لەدیدە ڕژان — هێناتە سەما دڵ و ڕۆح و گیان
ئەم دنیا کەی‌واشیرین و جوان بوو — کەی وارەنگین و پڕ لەسامان بوو
کەی هێندە حەزم ئەکرد لەژیان — بو بوونە بارم ژیان و گیان
ئێستە دنیا خۆش وێنەی بەهەشتە — هەمووی شایانی سەیران و گەشتە

مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە[٢٩]

(١٩٣٤ - ١٩٩٣ز)

کەسایەتی‌یەکی ناودارو خواناس و زاناو شاعیری کوردستانی ئێرانە، کاک ئەحمەد کوڕی مەلا مەحمودی موفتی زادەی کوڕی مەلا عەبدوالله ی دشەیی

کوردستانی‌یە. ئەم بنەماڵەیە موفتی‌یە، خەڵکی دشەی هەورامانن لەنزیک پاوە، کاتێک کەمەلا عەبدوالله ی باپیری دەبێتە موفتی شاری سنە، ئیتر ئەم بنەماڵە لەسنەدا نیشتەجێ دەبن و دەمێننەوە، چونکە مەلا مەحمودی باوکیشی کەلەنێوان ساڵەکانی (١٨٩٨ - ١٩٦٠ز)دا ژیاوە، هەر موفتی شاری سنە بووە.

ئەم بەڕێزە لەسەرەتای منداڵی‌یەوە لەمزگەوتی (دار الاحسان) لەسنە لەلای باوکی دەستی کردووە بەخوێندن. لەتەمەنی (١٦) ساڵیدا بۆ خوێندن هاتووەتە تەوێڵەو بیارەو سلێمانی، دوای ساڵێك دەگەڕێتەوە سنەو لەتەمەنی (١٨) ساڵید؛ لەلای باوکی مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێت، چونکە توانای هەبووە هەر لەمزگەوتەکەی (دار الاحسان) باوکی کەنزیکەی (٥٠) فەقێی هەبووە، دەیانداتە دەست ئەو.

مامۆستا ئەحمەد هەر بەمنداڵی زیرەکی‌و لێهاتوویی و کەسایەتی دەرکەوتووە، تاوای لێهاتووە بوەتە کەسایەتی‌یەکی جیهانی ئیسلامی.

ئەم ناودارە کەسایەتی‌یەکی سیاسی و فیکری و ئەخلاقی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و زانستی بووە، توانیویەتی لەهەموو بوارەکاندا ئەسپی خۆی تاو بدات.

لەڕووی زانستی‌یەوە مامۆستای چەندەها فەقێ‌و مەلا بووە، لەحوجرەکەی مزگەوتی (دار الاحسان).

لـەڕووی ڕۆشـنبیری و ئەدەبی‌یـەوە لـەتاران لەگـەڵ چـەند هاوڕێ‌یـەکی بڵاوکراوەیەکیان دەرکردووە کەزیاتر ڕێگەو ڕێبازی نەتەوایەتی گرتۆتەبەر، بۆیە لەساڵی (١٩٦٣)دا زینـدانی دەکرێـت، تـا ئـەم زیندانی‌یـەی بیرکردنـەوەی زیـاتر نەتــەوەیی بــووە، بــەڵام دوای ئــازاد کردنــی دەگەڕێتــەوە کوردســتان و خوێندنەوەیـەك بـۆ خـۆی دەکـات و ئیتر لەدیـدگای ئیسـلام بینیـەوە کارەکـانی تۆکمە دەکاو چالاکی ئەنجام دەدات.

لـەوە بـەدواوە ئەکەوێتـە سـەر ئـەو ڕێگایـەی کەچـۆن کـار بکـات و خـەڵك لەدەوری قورئان کۆبکاتەوە.

لەسەرەتای حەفتاکانەوە لەڕادیۆی سنە بەرنامەیەکی پەروەردەیی ئیمـانی هەبووە، وە لەدانشگاشدا محازەراتی زانستی ئیسلامی پێشکەش کردووە.

لەساڵی (١٩٧٦)دا مەکتەب قورئان دادەمەزرێنێت کەسەنتەرێکی زانستی فیکری ئەخلاقی ڕۆحی‌یە.

لەوکاتەی کەئیمام خومەینی لەنەجەف بووە، کاك ئەحمەد پەیوەندی پێـوە دەکات و پشتیوانی خۆی دەربڕی‌وە بۆ هاوکاری کردنـی دژ بەسـتەم و زۆرداری شای ئێران.

لەسـاڵی (١٩٧٨)دا سەرپەرشـتی ڕاپەڕینـە جەماوەریـەکانی شـاری سنەو شارەکانی تری کوردستان و ئەهلی سوننەی کردووە.

لەسەرەتای شۆڕشی ئیسلامی سێ دروشمی بەرزکردۆتەوە:

- لابردنی ستەمی میللی نەتەوەیی لەسەر کورد.
- نەهێشتنی ستەمی مەزهەبی لەسەر سوننە.
- نەبوونی ستەمی چینایەتی‌و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ڕیزەکانی گەل. وەبەکارهێنانی سامان بۆ بەرژەوەندی گشتی.

کاك ئەحمەدی موفتی زادە خۆی لەمەیدانی ڕاپەڕینەکاندا بووە دژبەڕژێمی شاهنشـاهی... لەفـەیضـیـەی قـوم وتـاری داوە، لەشـاری سـنە وتـاری داوە کەنزیکەی (٣٠) هەزار کەس گوێی بۆ گرتووە. لەئەنجومەنی خوبرەگان لـەتاران وتـارێکی پێشـکەش کـردووە لەسـەر مـادەی (١٣) کـەکۆماری ئیسـلامی ئێـران مەزهەبی شیعەی کردە مەزهەبی ڕەسمی دەوڵەت. ئەمەو چەند تێبینی‌یەکی تری کـردە نامەیـەك و ئاراستەی ئەنجومـەنی شوراو سـەرۆك کۆمارو خـودی ئیمـامی کـرد. لەساڵی (١٩٨٠) بـەدواوە پەیوەندی لەگـەڵ دەوڵـەت تێکچـوو بـەڵکو بـووە ئۆپۆزسیۆن.

لەساڵی (١٩٨١) لەتاران شورای مەرکەزی سوننەت -شمس-ی دامەزراندو لەساڵی (١٩٨٢) لەکرماشان دوا دانیشتنی کرد کەزیاتر لە (٢٠٠) ئەندام بەشدار بوون.

ئیتر لەوکاتەوە کاک ئەحمەد و زۆرێك لەئەندامەکانی -شمس- گیران، دوای یەك دوو ساڵێ هاوکارەکانی بەردران، بەڵام خۆی (٥) ساڵ حوکم درا، کەچی (١٠) ساڵ لەزیندان مایەوە تاساڵی (١٩٩٢) ئازاد کراو دوای (٩) مانگ لەمانگی شوباتی ١٩٩٣دا لەبیمارستانێکی تاران کۆچی دوایی دەکات و دەیهێننەوە سنەو، بەڕێو ڕەسمێکی جەماوەری زۆرەوە بەخاك دەسپێردرێ.

مامۆستا موفتی زادە: ڕەئیو بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبووە، بۆ کارکردن بۆ ئیسلام و بۆ چالاکی نواندن. قورساییەکەی لەڕوی فکری و ڕۆحیو ئەخلاقی‌یەوە بووە، لەزۆر شتدا ئیجتیهادی کردووەو حەزی لەتەقلید نەبووە.

کەسایەتی‌یەکی بەهێزی بووە، خاوەنی ڕەوشت و هەستێکی بەرز بووە، ئازاو نەترس و دلێرو نەبەرد بووە، دڵپاك و لێبوردەو بەخشندە بووەو، وریاو زیرەك و دانا بووە.

خەمخۆری هەژاران و چینی چەوساوە بووە، دڵسۆز بوو بۆ گەل و وڵات، دژی ستەمی نەتەوەیی و مەزهەبی بووە، خەباتی بۆ ڕزگاری کوردو موسڵمانان کردووە.

مامۆستا: خۆشەویستی (موحیبەتی) بەهەوێنی مرۆڤ بوون و تەواوی ئیمانی زانیوە.

لەڕوی فیکری‌یەوە بەهێزو بەقووڵ چووە بۆ مەسەلەکان و سودی لەڕاو بۆچوونی خەڵکی وەرگرتووە، لەلای مامۆستا ئەحمەد:

مرۆڤ و حەقیقەتی مرۆڤ زۆر گرنگ بوو، ئیمان مانایەکی گشتگیری هەبوو (فیکرو تەزکیە) لەلای زۆر گرنگ بوون، دەیفەرموو: ئەم دوانە مانای ئیمان مسۆگەر دەکەن، سێ پایەی بۆ بناغەی کەسایەتی مرۆڤی باوەڕدار دیاری کردبوو:

(مەعریفەت + تەصدیق قەلب + عەمەلی‌صالح).

کاك ئەحمەد دوو ژنی هێناوە ، یەکێکیان کچی پووری خۆی بووە، زۆر بەیەکەوە نەبوون، زوو جیابونەتەوە. دووەمیان: (خەدیجە خانم)ە کچی حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی ئیلخانی زادە، واتە خوشکی صەلاح و عەبدوالله ی موهتەدی‌یە.

کاک ئەحمەد لەم ژنەی زۆر ڕازی بووەو بەنمونەی دایکێکی دڵسۆزو میهرەبان و بەئارام باسی دەکات. یەک کوڕی هەیە بەناوی (محەمەد ژیان) کەمرۆڤێکی ئاسایی‌یەو لەسنە دەژی.

کاک ئەحمەد چالاکی زۆری ئەنجام داوە کەزیاتر لە (٣٠٠) لاپەڕەدا کۆکراونەتەوە. چەند خوێندنگایەکی لەشارەکانی کوردستان کردوەتەوە، ئەوەی سنە خۆی سەرپەرشتی کردوەو، پێشەکی (في ظلال)ی تیا وتوەتەوە.

نزیکەی (٥٠٠) شریتی تۆمارکراوی هەیە، لەباسی جۆراوجۆردا کەزوربەیان کوردین، کاسێتی ڤیدیۆ (١٠) دانەی هەیە کەئەوانیش کوردین.

– کاک ئەحمەدی موفتی زادە چەند پەڕاوو نامیلکەیەکی هەیە، بەڵام زۆریان فارسین، زۆر حەزی لەئەدەب و شیعرو نوسین هەبووە، شیعرەکانی سەعدی شیرازی‌و ئیقبال لاهوری و گەلێکی تری لەبەر بووە، خۆیشی دەستێکی باڵای هەبووە لەهۆنراوەدا، هۆنراوەکانی بەکوردی (سۆرانی و هەورامی)و فارسی و عەرەبی داناون، زۆربەیان سۆرانین، لەڕوی ناوەڕۆکەوە هۆنراوەکان زۆر مانادارو فەلسەفی و مەعنەوین، بۆیە لەدوای خۆی شوێنکەوتوانی و مەکتەبیان دراسەیان دەکەن و لەبەریان دەکەن و زۆر گرنگی یان پێ دەدەن.

ئێمە لێرەدا وەك شاعیرێك هەندێ لەشیعرەکانی دەهێنینەوەو بلاوی دەکەینەوە:

پێت سەیر نەبێت

گەر پەیڕەوی دینی، گیانی کاکەی　　پێت سەیر نەبێ، کەوای لەبەندا
پێم سەیرە کەبان و خوار هەبێ و تۆش　　بەن بی‌و لەخەمی خەوو ژەمەندا

*　*　*

تامی ئینفرادی

لەجەرگەی جەمی یارانی گیانی　　تۆم نەبێ هێشتا، خۆم پێ تەنیایە
تۆم هەبێ تەنیا، لەئینفرادی　　لێم جەمە هەرچی، خۆشی دنیایە

*　*　*

ئاخ خەڵکی هەژار

ئاخ خەڵکی هەژار، بەژەحری مارم بێ ئەگەر　　بێ حەسرەتی ئێوە، تاقەڕۆژێ بەرمەسەر
بێ داخی دڵی، منالی تامەزرۆو　　سیپالی شڕت هەژار، هەزار تف لەبەشەر

*　*　*

دوات بۆوڕم دنیا

دنیا بان لەپەنجا ساڵ، لەتەکتا بوم بۆم دەرکەوت
گشتێکت هەر تاوێ بوو، بۆ تاوێکی تر هەر نەوو
لەزیندانیش لەهەرلا هەر جێم خۆش کرد هەڵکنیام
دەک دوات بۆوڕم دنیا، زیندانیش تاسەر نەوو

* * *

لەسەر لەبەری سۆزی ناترسی

سەر لەبەر دنیاو، ئەربابی دنیا دامەنەوێنە، گەنی بێ غیرەت
لەسەر لەبەری سۆزی ناترسی لای خواو ڕەسوڵ و مەلایکەو ئۆمەت؟

* * *

چرکەی سەعات

ئەگەر سەرنجێ بدەی، دەنگی چرکە چرکی سەعات
تەپەی هەناوی تەمەنتە، بەرەو کەلی مردن
گەلێ خەسارە لەشوێنی هەوای دوا بڕیاگ
دوو ڕۆژە عومری بەتاو تێپەڕێ خەسار کردن

* * *

ڕەحم و خزمەت بەخەڵك

ئەگەر پێت خۆشە، خودای ئەم خەڵکە خۆشتی بوێت و، ڕەحمت پێ بکا
بەبەندەکانی، ڕەحمت ببێت و خزمەت کە هەرچەن، هێزت پێ شکا

* * *

تفی داماو مەگرە دڵ

ئەگەر هەژاران، لەبەر هەژاری خڵەتیان تفیان لێت کرد مەیگرە دڵ
حەکیمێ دڵسۆز، منالی نەخۆش هەزار جنێوبا ناکەوێتە سڵ
خەتەرەت ببێ، لەئیمانی خۆت ئەر بۆ داماوان دڵت نەیتە کوڵ

* * *

دەسە برای شەیتان

لەبەش خۆت زیاتر، چە نیعمەتت هەس بەش خەڵکە هەرچەن،خۆیشت نەزانی
بەهەرحاڵ چەنێ خەرج ئەکەی" زیان مەگەینە مەردم، ئەگەر ئینسانی
چون ڕازی ئەوی، وەزەرەر مەردم دوور لەڕووت، مەگەر برا شەیتانی

* * *

لەپەڵك بێ بەرتر

ئەگەر بۆ سبەینێ خۆت و ئەمڕۆو سوێی مەردم
نەژی، گیانەکەم تێفکرە: ژینت چییە کەڵکی؟
ئەوەی کەڵکی بۆ خەڵکی نەبێ، پێی ئەڵێن: پەڵکە
بەڵام خۆت و ئینسافتئەتۆ کەی وەکوو پەڵکی؟
لەئەو سێبەرو سوخت و شەنەو دارەڕاو تەختەو
گەلێ کەڵک ئەخێزێی تۆ تەنێ باری بۆ خەڵکی؟

*　　*　　*

ئەی خاوەن ڕەحمەت

ئەی خاوەن ڕەحمەت، دەرگا گەل ڕەحمەت وا بکەرەوە، لەڕوی دڵمانا

بەدڵ بەزوان بەقەڵەم بەماڵ　　ڕێژنەی ڕەحمەت بین بەسەر بێسانا
بێسانی تینوی، ژیانی هەژار　　کوڵوڵی بارا، لەناو ئینسانا

*　　*　　*

چەمەڕا

ئازیز خەیلێوەن چەمی دڵ بڕیان　　نەتوتیای گەرد، پالای دیدەی گیان
خەیلێوەن مەنەن، تاریکا وای دڵ　　نەڕای ڕووی ئامای، گیانی دڵ ماتڵ
نەوشکا ڕۆی دڵ، مەزرای موحیبەت　　مەنەن چەمەرای، بارانی ڕەحمەت
خەیلێوەن چەمان سەرچەمەی ئاوات　　چەمەران هاکا، لێلاویش داهات
تەن تەنیاش وستەن، سەرمایەی شادی　　هەمیسان خزیان نەئینفرادی
وێنەی یانەی دڵ، چۆڵەن یانەی تەن　　تەنیش تون چون، دڵ وەتەنیا مەنەن
ئەرنەبۆ کورەی دڵ ماوەرۆ کوڵ　　هیچ نیەن تەنیا، مەنەی تەن بێ دڵ
دڵ بانتر جەخەم، دوری ئازیزان　　سوچیان وەسەبون، دوری چەمەی گیان
توخوا باپەڵەی ڕەحمەتت وارۆ　　پەی کوێراوای دڵ، موژدەی گیان بارۆ
بەکوێرایی چەم، چەمتەنی زەبون　　تەمی تەنیایی بەرشۆ، نەدەرون
دڵ تاوێ تاوان، قۆرخ جە جەردەن　　بێگانە نەگیان یانەش بەرکەردەن
سافرسەتەن سای ڕەحمەتت دیسان　　نەسەر دڵ وارۆ گیان بارۆ پەی گیان
پەیکێ ڕەحمەتەن لیلعالەمینت　　نازۆ وەتەنیا بەننەی خەمینت
سەردەسەی خاسان، حەیفەن بوڕازی　　وێڵ کەرۆ شێوەی، بەننە نەوازی
یاخوا کڵەی چەم، گەردی پالاش بۆ　　سەرم هەزار جار، سەرگەردی ڕاش بۆ

*　　*　　*

قافڵەی خەمان

قافڵەی خەمان، کردەوە مەنزڵ   دیسان کەلاوەی، کاروانسەرای دڵ
هەمیسان هۆزی، حەسرەت ئاماوە   نەهەوارگەی دڵ، دەوار هۆرداوە
خێڵان وەهاران، مەلان وەهەوار   خەم نەمن پاییز، کەردەن وەوەهار
وەهارەن پەی خەم، دوریم جەئازیز   پەی من وەهار بۆ، مەبۆ وەپاییز
توخوا سا خاوەن، خێڵو هەواران   باپاییز بارۆ، موژدەی وەهاران
بابەیۆ شەماڵ، مەیلی ئازیزهەم[1]   خێڵی شایی بۆ، بەرشۆ خێڵی خەم
ناکەسی نەزان، پاسە مەزانۆ   دڵ نەتەنیایی، بێکەس مەمانۆ
ساتوخوا باکەی، گۆشەی تەنیایی   ئاوا بۆ وەفەڕ، دیدەی بینایی
کەم بۆ سەیرانگا، کەنەبۆ وەشتەر: اسەرتاوێران[2]او اسەخناخ[3]ا و ائاویەر[4]ا
نەیاگەی گردین، نەاحەسارە سورا   من و گۆشەیێ جەئازیزان دوور
کرو کپخانەی، تەم گرتەی پاییز   کەرۆ وەبەهەشت، هەناسەی ئازیز
بابەکوێرایی، چەمی غەواران   پاییز بۆ وەکڵەی، دیدەی وەهاران

*   *   *

لافاوی داخ

لەسەرەتاوە دەڵێ:

دیسان خەیاڵی دەردی گرانی گەل و وڵات
لافاوی داخی ڕشتە کەلاوەی دڵی کوڵۆڵ
داخی وڵاتە لەتلەتەکەی لاشە پڕ لەداخ
زوخاویدەردی میللەتی داماویخەم لەکۆڵ
ئەونیشتمانە بێکە، وەک ماڵی ئازیەتی
ژوورو دەری هەرایە لەهاواری ڕۆڵە ڕۆ
وەک باخێ هەرپەڵەیەکی کەوێتە دەسی دزێ
میراتیێ کەبەشەری شەڕیانە خۆبەخۆ
ئەو خەڵکە وارەتاوو شەل و پەت بووە ئەڵێ
ڕانێکە تێرژاووە لەهەر لاوە گورگەلێ
خۆی ژێرچەپۆکی دایکە دەردانی بەرپەلێ
ماڵی لەشتی لەبەر پەلی هەردڕنەیێ پەلێ

---

[1] – هەم: دیسان، هەمیسان   [2] – سەرتاوێران: لەوەتەنی خێڵی باوکی لە دشە
[3] – سەخناخ: لەوەتەنی خێڵی دایکی لەکوچی چەرمگ   [4] – ئاویەر: لەنیشتمانی خۆم لەسنە

لەکۆتاییەکەشیدا دەڵێ:

خوایە خەجاڵەتی دڵی قرچاوی میللەتم

هی خەڵکی دیل و ملکزی بەردەستی زاڵمان

ئازانە نەمبڕی کەلی (أنذر عشیرتک)

تاوا گەلم لەپەل تەڵەکەو زۆرنەبێ بەڕان

ئەیخوایە خۆت ئەزانی خەیاڵیخەیانەتم

هەرگیز نەبوو نەبۆ گەلی خۆم و نەدینی تۆ

بم بەخشە" خۆم و هاورێکانم بتەوکە وا

ئەو خەڵکە موخلیسانە لەڕێ تۆ بخەینەخۆ

چوارڕۆژی عەیش و نۆشی هەوارگەی نەفام بەزێن

بێمۆڵکی بێزەواڵی ڕەزای تۆ فدا بکەین

هەم خۆبەختی بەختەوان شوێن وان کەوین

هەم خەڵکی وێڵی بەختەوەری هەردولا بکەین

* * *

ئاخ لەگلاچون

ئاخ لەگلاچون چۆن دڵ: دڵی من
تەوسا جەمن بی، وەیانەی دوژمن

چۆن گورگەمێشی نەفسی وەمل ماڵ
وەگاڵەی گورگی شەیتان کەردەن قاڵ

چۆن دڵ نەتەپ و دوکەڵی تاوان
چەم چەم مەوینۆ، هەناسەش بڕیان

چون مەزرای خەزان، بێ ڕەمەق وستەن
تەنی گیان شەڵتەی هەوای نەفسی گەن

شەو وەڕۆ گەرێن زۆسان وە وەهار
مەردە وەئەمرت، ژیان مارۆ بار

شەماڵ شانەکەی هەناسەی ئازیز
وەفەرش نازی وەهارەن پاییز

وەتین کەلامش نەگیارەش، گیان
چۆن شەپۆلی تاو وارۆنە بەیان

چەنگاش چەن بی شیشە وەئەڵماس
وەزەر، مس، وەرەن گەن، خراو وەخاس

ئەرتۆ مەیلت بۆ دیسان دەسی دڵ
مەتاوۆ گێرۆ بەرباڕۆنە گڵ

یانەی دڵ کەرۆ، نەدوژمنان چۆڵ
شەو وەڕۆ بارۆ، نەبەختی کوڵۆڵ

چون پەڵەی وەهار، نەسەر گیان وارۆ
گیان پەی تەرمی دڵ، وەسەوقات بارۆ

ئینە کەماچان، فەصڵی وەهارەن
وارانی حەسرەت، نەڕوی دڵ وارەن

کەرۆ شنەیێش، وەنۆ وەهاران
پەی دڵەی پاییز، بەردەو پەی یاران

* * *

ماموّستا موفتی زادە لەهۆنراوەی (ئیکسیری گەورە)دا کە (١٥٥) دێڕە، ئاموّژگاری جوان ئاراستەی هاوڕێو دۆستانی دەکات و وەزۆر ئامارژە بە (خۆشەویستی) و نەخۆشیە دەرونی یەکان دەکات، ئێمە لێرەدا چەند دێڕێکی بلاّو دەکەینەوە:

(...خۆشەویسی‌یە، و لەوەلا ئیتر   ناگاتە گەردی پایا هیچی تر
هەروەک دلّێ چوڵ لەخۆشەویسی   ئامادەس بۆ صەد، نەخۆشی ویسی
ڕۆڵەی هاوڕازو، هاوگرفتاریم   پێم وایە: تەواو دەرس و مۆچیاریم
گشتی هاوقیمەت، هەریەک کەلیمەس   یانێ (موحیبەت)، ئەرزش گشتی هەس
موحیبەت هەرکەس، یا هەرچێ‌کەبێ   بەوشەرتە: (تەنیا غەریزی) نەبێ
چونکە خۆشویستن، ئەر غەریزیس   لەحەقیقەتا لەبەر (خۆشویستی)س
زۆرن موحیببەت کەلەخۆ ویستین   بۆگەل بۆ ولاّت، مەزهەب، حەتتا دین
برێ بەش لەئەو نورە نەبردو   لەناو دوکەڵی هەوەسا ون بو
خۆشەویسی یان تەنانەتی بۆ   ڕۆڵەی باوەشیان، بۆ نانەو بۆ دۆ
خواو پێغەمبەری (خۆ)یان خۆش ئەوێ   ئەر خۆشویستنیان، بەدرۆ نەوێ...)

لەشوێنێکی تردا دەڵێ:

(... لەدینا "تەعلیم: پایەی ئەسڵی‌یە   وەلێ جێگەی وا لەپاش (تەزکیە)
ئاخر ئەزانی: نادروس هەرچەن   زۆرتر بزانێ، زیاتر ئەدا پەن
بەهەرحاڵ هیوای قەرەوی هەر هەس   (ماسی هەروەختێ، بگیرێ تازەس...)

دواتر دەڵێ:

(... لەناو هەرچێکا، لەدڵ بەکارە   (موحیببەت) لەگش، زۆرتر زۆردارە
تیشکی موحیببەت، دڵ ئەکا پڕبار   هەر تەشریفاتەو، باوەو ڕواڵەت
پێت وانەبێ: بێ خۆشەویسی خوا   لەماڵی دلاّ، ئیمان هەڵ بکا
کەوابو ڕۆحی مەبەستە: هەڵ بون   چرای موحیببەت لەدڵ و دەرون...)

دواتر ماموّستا سێ وەسیلە دەست نیشان ئەکات بۆ گەیشتن بەو خۆشەویستی‌یەو دەڵێ:

یەکەم وەسیلە، ڕێ جۆر کردنە   ژیان بەرەو بار هەژار بردنە
دوو نەخۆشی هەن، بۆ گیانی ئینسان   نەک هەر موحیببەت حەتتا بۆ ئیمان
بەگیانت ئەو دوو دەردە چەپەڵە   بۆ بێسانی دڵ، هەر وەنەکەڵە
ئەپێچێن لەدەور هەرچی کەجوان بێ   هەر خۆیێ بەرەو باری ئیمان بێ
تا زەردی نەکەن، نەیخەن لەگەشەی   مەحاڵە کەدەس بەربەن لەیەخەی

یەک: دەعیەو دەمار خۆبەزل گردن ئارەزووی بان بوون، لەمەردم کردن
دوو: دەم و دەزگای پڕ لەزەرق وبەرق خۆلەناو نازو نیعمەت کردن غەرق
گەرەکتە جۆربێ، بەرەو خوا چونت نەبێتە مەکۆی، شەیتان دەرونت
بەنیەتێکی ڕێک و پاکەوە بەرەو لای ژینی هەژار لاکەوە

لەوەسیلەی دووەمدا دەڵێ:

وەسیلەی دووەم کەخۆشەویست بۆ هەژار بێ بەبەرەکەت و پیت
خۆ لەتەک چینی هەژاران جۆرکە دۆسی و هاتوچۆ لەتەکیان زۆرکە

لەوەسیلەی سێهەمدا دەڵێ:

وەسیلەی سێیەم: لەشەرحە حاڵی پێغەمبەران و خاسان بی حاڵ
کەچۆن هاورەی هەژاران ئەژیان بێدەعیەو نازو دەزگاو سفرەو خوان

لەکۆتایی ئەم هۆنراوەیەدا دەڵێ:

دڵگەل پڕ گەشەو، مەجلیس پڕنوربێ مەلایکە نزیک، شەیاتین دوربێ
فەزای دڵ وێنەی هەوای کوردستان خەوش کا ڕەحمەت و بەرەکەتباران
بۆ هەژار لاوێن، لەزاڵم بەسام پێغەمبەری خوا صەڵوات و سەلام

* * *

لە هۆنراوەی (ڕازی دزەکان) دا کەشیعرێکی دوورو درێژەو ئێمە تەنها بەشەکەی کۆتایی دەنوسین، دەڵێ:

توخوا باباسی، ئەم و ئەو بەس کەین وریای خۆمان بین، نەک لەڕێ لادەین
هاورێ خۆشەویس، ڕێوگاری عاقڵ! عەزیەت درک و داڵ، ڕێگە، مەگرە دڵ
گوێ مەدە: ساوە، بۆرانە، هەورە مەینەت خۆشە، بۆ ئاواتی گەورە
قیامەتی خۆت و، دوو دنیای میللەت چلۆن جۆر ئەبێ، بێ ڕەنج و مەینەت
ئەو مەنزڵە تۆ ئەچی بەرەولای هەرکەمە هەرچی بکێشی لەپای
کێشانی سەد ساڵ، زەجرە ووتانە هەروەک بۆ (مەسناوا ئاوێ ڕەتیانە
دیاری ئازیز، مەنزڵگای یاران تەرخا ناوای نور، ڕوی ڕەحمەتباران
فیدای ئاوێکی، عومری صەد ساڵە پڕلەعەیش و نۆش، بێ ئاوێ تاڵە
ئەگەر بەڕاستە بۆ خەڵک پەرۆشی نەک بەناو مەردم، بۆخۆ تێکۆشی
خۆشەویسی و دڵسۆزی، وەبێ کێشانی ڕەنج و مەینەت چۆن ئەبێ؟
سەیرکە: دایکێکی، دڵسۆزی فامدار بۆ خۆشەویسی، چی ئەکا هەموار
تۆ بۆ عاڵەمێ، دڵت نەناڵێ بەقەو دایکێ، بۆ تاقە منالێ!
تۆ ڕێ خۆت بگرە، بێ تەڵەکەو گت هەرچەن مەردمیش نەزانن قەدرت

هەرچەنیش برِێ، مەلای یارمباز — دنیا پەرستی، لەقیامەت بێواز
کەبەردی (ئەولا) لەسینە ئەدەن — یا بارە قەلاَ بۆ (ئەم لا) ئەکەن
بەناو پێشەوای، مەردم و ئایین — خەیانەتکارن، بەمەردم و دین
بەردی ئیفترا، لەسەر رِێت بخەن — تۆماری کفرت بۆ ئیمزا بکەن
خۆخۆت ئەزانی: رِەنجت نابێ گم — گوێ مەدە چۆنە، پێشوازی مەردم
سۆزی کارناکا (ها)ی دۆس یادژمن — خۆ وەمەن مەردم دەخڵت ناپێون
تۆ ئەگەر وابی، خوات لێ رِەزابێ — باهەر ئەم و ئەو، لێت لەهەرا بێ
بۆ خەڵکی مەزڵوم، گیرۆدەی بەلاَ — خۆشبەختیت بوێ نەک بارەقەلاَ
نارِاسیش ئەر هەر بەخاس باست کەن — دمردە، نەک ئەگەر جنێوت پێدەن
نەک دڵسۆزی خەڵک گزیری هەوای — گەر دەرون ئافات یا بارەقەلاَی
وەک ئافرەتەکەی ابیکەن دەرز یاژن — هەر بەو شەرتە پێبێژن قەیخا ژن)
لەسەر رِێگەی حەق هەرگیز مەبە کز — باهەرچی دزە، هەر پێت بێژن دز
هەروا بوەو وایش ئەبێ‌کە: ناحەق — بۆ پاکانەی خۆی، بەدناو بکا حەق
یاخوا خاوەنکار، لێمان بێ رِازی — کەیف خۆیە خراو، چی ئێژێ خاس چی

محەمەد رِەشید ئەمینی[٣٠]

کوڕی عەلییەو لەوەڵەد بەگییەکانی نوریاوە، لەساڵی (١٩٤٥ز) لەکانی چەرمگی نوریاو لەدایک بووە، ئێستا کارمەندە لەپاوە، شیعری زۆرە، هۆنراوەیەکی دوورو درێژو جوانی هەیە لەسەر هەورامان و رِەوشی کوردان بەناوی:

هەورامان وەزار، هەورامان وەزار
دەبا من پەی تۆ، بناڵۆ وەزار

جالەبەشێك لەهۆنراوەکەیدا دەڵێ:

بێ دەوان دەردت دەوای دەردم کۆن؟ — خەلاسی جەدەس ئاهی سەردم کۆن
هەورامان تاکەی وەدەردی تۆوە — تاکەی قەیس، ئاسا، بشۆ وەکۆوە!
تاکەی کوردستان، هەوری خەم سارەن! — تاکەی وارانی، وێرانیش بارەن!
تاکەی رِوناکی، گەلش باریکەن — تاکەی هەسارەی بەختش تاریکەن
تاکەی پەنجەی زوڵم، زاڵم وەقارەن — تاکەی زامی تۆ، وەبێ تیمارەن!
تاکەی چەنی تۆ، بسۆچوو، کۆکۆ! — من جەدەردی تۆ، تۆ وەی زامی نۆ
تاکەی هەوای زار، ئاوارەی کوردان! — دەی دەروون جەم بۆ، ئای خوا ئامان

دەمی زام دەرد هەڵەبجەم پێشەن   گاهـ وەهەواڵی، قەرەداغ ڕێشەن
هاواریێ پەریێ، قەڵاڎزەی هەژار   داخی بادینان، نەدەروون ئەوگار
هەورامان وەنۆ، چەداخێ پێشەن   دەروون وەتۆ تۆی ئەو ئاهش ڕێشەن
دەمێوەن ئەو زام، وەی سەراجەمەن   چێش کەرۆ ژینم، بێ خاتر جەمەن...

لەهۆنراوەی (هەڵەبجە شارە خنجیلانەکەم)دا دەڵێ[٣١]:

هەڵەبجە شارە خنجیلانەکەم   گوڵی خوێناوی دەم بەیانەکەم
داخی نێو دڵی تەمام کوردانی   بەهاری ژینت وەخەزانەکەم

دواتر دەڵێ:

دەک خەجاڵەت بی دوژمنی ناپاک   بۆچی ئەو هۆزەت، ئاوا کرد هیلاک
ئاهی دەروونی گوڵی ژاکاوم   یەخەی تۆ بگرێ بتکێشێ لەخاک

*   *   *

تاکەی ئەو گەلە، واوەیلان ئەکەی   لەژینی خۆیان، هەراسان ئەکەی
لەبەر کام گونا، ئاوات لێ کردن!؟   ماڵی چەن ساڵەی، تۆ وێران ئەکەی

پاشان دەڵێ:

جەنگیز لەلای تۆ، ڕووسپی ماوە   هیتلەر لەکاری، تۆ کەوتە دواوە
نەسەهیۆنیەکان، نەتەتاری کۆن   ناگەن بەتۆزی، پێی تۆ لەم ڕاوە

لەکۆتاییدا دەڵێ:

ئێمەیش لەگەڵ تۆ، دەبەسین پەیمان تاکوو ڕۆژی نوێ، هەڵ بێ لەبەیان
دژی ئەو دوژمن، ڕاپەڕین ئەگەر   هەزاران لەڕێت ببین بەقوربان

حەمە خانی مستەفا بەگ[٣٢]

حەمەخان کوڕی مستەفا بەگی حەمەخان بەگی فەتاح بەگی محەمەد سەعید سانە. لەساڵی (١٩٥٠ز) لەهانە گەرمڵە، لەدایک بووە، ئێستا لەمەریوانەو خوێندەوارێکی باشەو دەستی شیعری هەیە، شیعرەکانی باس لەواقیعی ژیانی خەڵك و دیمەنە جوان و ڕازاوەکانی هەورامان دەکات. لەم هۆنراوەیەی خوارەوەدا بۆمان دەردەکەوێ کەشاعیر چەندە دڵەکەی پەیوەستە بەشاخ و دۆڵ و هەوارگەکانی هەورامانەوە.

شیوەنی وەتەن

ئەنگەکەی دەروون، جەشانەی وڵوڵ هاوەختا بڕیۆ، جەکلورەی دڵ
جەدەروون خێزان، هەنگەکەی پڕنێش یەکجار ئاڵۆزەن، هەر هەنگێ پەی وێش
مەنعی دڵ مەکەن، عادزەن کەیلەن سەرسامی چۆڵی، هەوارگەی لەیلەن
دووکەڵی دڵەکەم، بەرمەیۆ ئەسمەم هەراسان کەردەن، سەرتاپای جەستەم
قوڵقوڵەی دڵەکەم، چون قوڵەی قازان دەروون، گەرم کەردەن، بێ حەد فراوان
دیسان، پاییزەن، کوێسانان ماتەم لەدەشتی کەڵەکەم، خیاڵان بی جەم
خیاڵان کەردەن، گەمارۆی جەستەم سەیلەکەی دەروون، مەویەرۆ ئەسمەم
عاجزو مەلول، دیلی باڵ بەستەم عەجەبا، ئایر، وەرمە بۆ جەستەم
بازەش، بانەسیم، چاسەر بەرزاوە شروێ و تەڕینێ، با، بلەرزاوە
ژەرەژ، مەوانۆ، هانە چیاڵەوە بازەش، با، پیر، بەم، بەو خیاڵەوە
دەروون پڕ خیاڵ، ژیانم تاڵەن فیکرو خەیاڵم، هانە، چیاڵەن

پاشان دەڵێ:

یارەب خوڕخوڕە، دەردت کاریی بۆ مشیۆم ئاوەکەت، تاکەی جاریی بۆ
وشک بۆ هانەکەت، مەڕیۆ میکوڵت گڵێمێ پڕ خەم، بدریۆ کوڵت
دایم چون پاییز، زەردبۆ خەزانت وارانەکەی خەم، وارۆ ئەو بانت
یانەت وێران بۆ،چندجار نەک جارێ وێنەی نازاران، بیی بەئاوارێ
پەپوو، پەی چوڵیت، خەبەر بزانۆ چەنی کۆچەکەیت، دەنگێ بوانۆ
نشینگات، یەکجار، بو بەوێرانە ژەرەژان، چەنەش، کەران هێلانە

لە هۆنراوەی (نامەو ئاوارە)ی دا دەڵێ:

نامەکەت، یاوا برای ئاوارە گلەییت کەردا، تا تاوات جارە
چند ساڵ چاوەڕێی، ئەو باخی سانم هیچ کەسێ نەبێ، بیی مێمانم
چند ساڵ، بەتەنیا، بێ یارو هاودەم سەیرانگام بیەن، جەولانگای کەڵرەم

نەقریوەی لۆکەن، نەحەوحۆی شوان   نەژنەویم، نەگۆش، جەدەم بەربەیان
عادزو مەلول، بێکەس و تەنیا   هەراڵە، برەمی، پەی من مەگرەوا...

پاشان دەڵێ:

پڕام، ئەو شرام، چریم، وێرانە   کەڵکەڵەوانەکێ، جوابش دانێ!
واتش: ئەهای هۆ، دێوانە برا   بێدرواز، چوڵەن، هەتاکو قەلاّ
بێدرواز چوڵەن، کەیمنە ماتەم   هەر ئاوی چەمەن، مەویەرۆ ئەسەم
شرام گرەوە، دەربەند بناڵە   گوڵ کەرە، کەوە سورە هەراڵە...

هەروەها وێنەیەکی جوان و قەشەنگی کێشاوە لەهۆنراوەی (کەڵ و سەیاد)دا کەمرۆڤ ئەم هۆنراوە دەخوێنێتەوە، دەیباتە ناو واقیعێك، بەم شێوەی خوارەوە:

نیشتەبیم، مەلول، مات و پەرێشان   کەوتۆ، نەویرم، ویەردەی سالاّن
بەیادی جوانی، من خیاڵم کەرد   زەمانە ڕێشەی، جەرگم بەر ئاوەرد
من ئارەزووم کەرد، بلو ئەو وەتەن   تێر کەرو سەیری، ئەو هەردو چەمەن
ڕوێ، جەڕوان، چەنی ڕەفیقان   ڕوو بەخوڕخوڕە، بەعەزمی سەیران
من پێچ پێچ تەیم کەرد، جادەی ژالاّنە تێر کەردم، سەیری ئەو تاق و بانە
چین چین، مدرا بێ، چنور، بەپۆل پۆل تک تک مەتکیێ، بەفراوان نەگوڵ
لوام ئەو سەرکەل، شای شاهانی کۆ   دای دەماخم دا، تێکەڵ، هەزار بۆ
دای دەماخم دا، سۆزەی هەوای هەرد سەیرانی شەوبۆ، من چنورم کەرد
ڕووم نیا سەرچاڵ، سەحراو چەمەنەن ئیسە سەیرانگای، سەفای کەڵڕەمەن
جا، کەوتا، پارێز، تەوەنا و تەوەن   من تاقیم کەرد، گەوەنەو گەوەن
دیم کەڵێ مدران، جەسێبەری کۆ   سەرساڵ گرێدان، هەشت هەتاکو نۆ
تووکش بەوێنەی، مەغمەڵی کاشان   خاڵ وێنەی زوخاڵ، وێش کەردەن پەخشان
جار جار بەنازۆ، مدیۆ وەلاوە   ماچی ئەسپی جاف، مدران وەپاوە
چەم بەیزی شکڵ،چون حەوزی کەوسەر   چەنەش دیارەن، هەزار جانەوەر
هەناسەی وەش بۆ، جەدەم کەلاّنەن   جەوێش وەش بۆتەر، کام ئەتکولاّنەن
پەنجەی خەتاکار، مێڵ دا دماوە   فەنەری پێچ پێچ، نەمدرا، تاوە
هۆرش دا، فیشەک، داش وەدەم مێلو   واتش: حازرەن، مێلە، مەگێڵۆ
مێڵ هەرزەی سەرچڵ، شێتی بەد کردار   ناکەس بەپەلە، فیشەک بەرد هومار
واتش: دەی سەیاد، وەختی بازیەن   وەختی، عەجەلەو تیر ئەندازیەن
قۆناخ دام، ئەوشان، پەنجەی سەرماشە   قەرەوڵم گرت، بەعەزمی لاشە

پەنجە، پەنجەکێش، هەناسەم قەت کەرد   دووکەڵ ودەم لوول،تیرکەمانەش کەرد

جوابی کەڵ:

کەڵ ئاما جواب، واتش فەریاد ڕەس   پێکانیش، بەتیر، بندەساو بندەس
دەک، صەیاد، غەزەب، وارۆ ئەو بانت   کام زەرەرم دا، باخ و بۆ سانت
کام مزاحەمەت، پەی تۆ ئیجاد کەرد   جەکام موڵکی تۆ، ویەردا، گوزەر
من پەی ویم گێلام، چا، کویسسانە   ویم، مەشاردەوە، جەهەر بێگانە
پەنجە دات ماشە، پێکانت بەتیر   سەرپەنجەت، ڕێزۆ،چون گەلای هەنجیر
من بی خۆف، پالم دا، وەبەردەوە   ئەجیام ناشیەن، ویم نەشاردەوە
چون هیچ ناشیێ، نەکەریم شکار   ویلش کەرینێ، بندارەو بندار
نەزانام کۆنە، سەیادی زووەن   تاقیبم کەرۆ، تەوەناو تەوەن
وەک تفەنگ لوولەت، بڕیووە نەخاک   کردار، وێنەی گورگ،سیفەت چون زوحاک
دەک مێلت مەڕیۆ، هۆ نەدۆ کەمان   بێ ئیختیار بی، جەلای سەیادان
بی ڕەحم پەنجەت، نی‌یا، سەرماشە   تەپاو تلەی من، کەردت تەماشە
قەسەم، بەگریێ، شاخی کەمانم   بی وادە برپات، جەرەفیقانم
سۆسەن، تۆ شاهید، چنور تۆ قازی   بی وادە سەیاد، کەرد تیر ئەندازی
شاخ کەرو قەڵەم، چەقنوس وەهوون دا   منویسوس، تاریخ (بێڵەخاتوون)دا
شاخ کەرو قوڵنگە، هۆرکرنو چەنەش   وەسیەتنامەو ویم، منیوسوو وەنەش
کەلان، کەڵڕەمان، وەسیەتنامە بۆ   هەرتا، وەرەتاو، زەرنە بۆ، جەکۆ
تالێڵەی مەغریب، نەدۆ ئەو بانە   هیچ کەڵێ، بەرنێ! چاکەڵە لانە

لە هۆنراوەی (شەماڵ)یشدا ئاوا خەیاڵی خۆی هۆنیوەتەوە:

شەماڵی سەرشێت، هەرزەی سەرکەشان   ڕەفیقی نەسیم، هۆرکەردەی، بەیان
دەخیلەن، شەماڵ، پەشێوم خەیلێ   عەرزەو حاڵەکەیم، بەرە، لا لەیلێ
ئەوەڵ، هۆر بێزە، جە (مەریوان) شار   نەعرەتە پێکەو کەرەش بەغوبار

لەناڕاستی هۆنراوەکەشدا دەڵێ:

بدیە، وەچەم دا، وەتەن، دیارەن   دڵگیرەن، شەماڵ، فەسڵی وەهارەن
(هەیات) و (کۆلسە)، دیارەن جەدوور   (قەماو شروانی)، لوول واردەن، چنوور
بدیە، (خورڕخوڕە)، شەماڵ بزانە   (سالارو گردین)، چا کویسسانە
(پلورە چەرمێ)، (هانە قاژان)ەن   شەماڵ، نیگا، کەر، چنوور پەخشانەن

بەم شێوەیەی خوارەوە کۆتایی بەشیعرەکەی دەهێنێت:

نە ئاوەدانی، نەلەیل دیارەن   ماواکەو لەیلێ، کۆنە، کەلارەن

خاس خاسی گێڵۆم، کۆڵانەو کۆڵانِ　　باخەو باخم کەرد، تادەرە چاڵانِ
نەدەنگ، نەسەدا، نەئاوەدانی　　بوڵبوڵ، مەوانی، بەپەرێشانی
واتم، بە ئەپەپوای بەعادزانە
چون، چۆڵەن، وەتەن، تاتاوی وانە!!

میرزای هەورامی

ناوی محەمەد ئەمینەو بەمیرزای هەورامی ناسراوە، لەساڵی (١٩٥٥ز) لەگوندی (کەماڵا)ی هەورامانی تەخت لەدایك بووە، لەمەریوان و خورماڵ و نەوێ خوێندویەتی، لەساڵی (١٩٧٨ز) ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، لەچەند گوندو لادێیەکی مەریوان و سنە، پێشنوێژو گوتار خوێن بووەو، ئێستاش کەساڵی (٢٠٠٢ز)ە ئیمام و خەتیبی مزگەوتی گوندی سەراو قامیشە کەنزیك بەشاری سنەیە.


میرزای هەورامی لەگەل پەیامنێری دەنگی یەکگرتوو -کەریم نصراللە-

میرزا دەستی شیعرو نوسینی هەیە، یەکەم دیوانی لەساڵی (١٩٨٣ز) بەنێوی (سەوزەی کۆساڵان) کەبەهەورامی‌یە چاپی کردووە، پاشان (زەردی خەزان) کەبەسۆرانی‌یە.

هەردوو دانراوی (دەوڵەتنامەو ڕۆڵە بزانی) مەلا خدری ڕواری بەچاپ گەیاندووە، هەروا شەرحی حاڵی مەلا ئەبوبەکری چۆڕیێ، کتێبێکی بەناوی (عیلمی تەصەوف) ەوە نوسیبوو،بەناوی (سراج الطریق) ئەویشی بەچاپ گەیاندووە، ئێستاش دیوانە شیعرێکی بەناوی(باران و بۆران)ەوە ئامادەی چاپە.

مامۆستا جگە لەمانەش لەگەڵ (کەلسومی عوسمان پور)دا، بەرنامەیەکی هەورامی‌یان هەیە ڕۆژانە لەڕادیۆی سنە پێشکەشی دەکەن.

لە هۆنراوەی (وەشڵەی)دا دەڵێ:

...وەشڵەی پاکەسێ، دینش ئیسلامەن　　ئیخلاقش شیرین، نەفعش پەی عامەن

وەشکەرۆ بەین و، تێک مدۆ ئاشوب ئەلهەق ئی کەسە، دارای مەقامەن

* * *

وەشڵەی پاکەسیٚ، قانون و خوای کەرۆ بەتۆشە، ئارۆ پەی سەبای
ڕوچەرمە، ملۆ، دادگای مەحشەر مەورەشۆ دینش، بەجیفەو دنیای

* * *

وەشڵەی پاکەسیٚ، دمس و چەم پاکا نەرم و نیان و تەبیعەت خاکا
زانۆ زەرەرو، قازانج بەیەکجار تەقدیری ئەزەل، خوای بیٚ باکا

* * *

وەشڵەی پاکەسیٚ،کەسب و زەحمەتی مارۆوە، دلیٚ، یانەو کڵفەتی
بەدڵێوە شاد، کەرا نۆشی گیان کاسبکار کەرۆ، شوکرو نیعمەتی

* * *

وەشڵەی پاکەسیٚ، کەس مەتەرسۆ لێش بیٚدەنگ نیشۆرە، گۆشەی یانەو وێش
ئەر دوربا، مرۆ، دماو سەد سالاٚ فاتحەو خەلاٚت، کیانا پەرێش

* * *

وەشڵەی پاکەسیٚ، جەسوبحی سەحەر ڕوو کەرو قاپی خوای بانی سەر
کەچ کەرۆ، گەردەن، پەی عەبدایەتی بەئەنجام مدۆ، حقوقی بەشەر

* * *

وەشڵەی پاکەسیٚ، کەگیرۆ حورمەت عالم و دینی، پەڕ قەدرو قیمەت
بەدڵ موخلیسی، ئەولیای خوان تەریقەتش، پەی حیفزی شەریعەت

* * *

وەشڵەی پاکەسیٚ، یەک ڕوو زوانەن لەفزو کەلامش، بەپای میزانەن
حەز کەرۆ عالەم شادیو وەشیش بۆ وەلاٚ دەرونش اعرش الرحمن)ەن

* * *

وەشڵەی پاکەسیٚ، نیا ڕوو ویار دژمەنی بەتالٚ، دۆسی کرێکار
ڕەنج مدۆ، وەرۆ، وەنۆ، بیٚمنەت ئاد جەتۆی قەیرەن، ئید بۆ یادگار

* * *

وەشڵەی پاکەسیٚ، بیٚ گەردا دڵش چێر پاو مێمانین، یانەو مەنزڵش
خەلاٚتش، ئایەی (لقد کرّمنا)ن گوڵەن، امیرزایی)ان بۆ بەبڵبوڵش

لەکۆپلە هۆنراوەیەکی تردا دەڵیٚ:

شەوقشەن دڵم پەی شادی وەنەش شادکەری خوا، ڕەوابو پەنەش

ئارامی دڵەی جەهجران کۆیا... ئامان پەی ویناى ئازیزش جۆیا
دەک موبارەک بۆ کۆر بۆ دیدەی بەد دایم شادی بۆ جەلامابێ حەد

میرزا چەند چوار خشتەکی‌یەکی جوانی هەیە کەبە (مورەبەعی بەدیعی) دەناسرێن، کەئەو شیعرابە بەئاسۆیی‌و بەستونی دەخوێنرێنەوە، وەك ئەم کۆپلە شیعرە:

دابۆ	وەسایەی	پەرپەزەی	قورئان
وەسایەی	رەحمەت	پەی تۆن	بەقوربان
پەرپەزەی	پەی تۆن	چێ تـــا	ئاسمان
قورئان	بەقوربان	ئاسمان	ئامان

لەهۆنراوەی (تەختی سانی)دا دەڵێ:
(... مەحکەمەن پایەت، چون ئیمان داران سەیرت بەهەشتەن، وەرزی وەهاران
تاریخ نامی تۆش، کەردەن بەتۆمار تاریخ هەورامان، تۆشەن ئیفتیخار
هەرکەس دەنگش بی، جەقولەی بەرزت یاتەفریح کەرو، جەسەوزەی وەرزت
هوردو خەنجەرەی، هەیاهو هەی هەی وێش وارس زانۆ، بەتەختەکەی کەی
دەستکاری توختان، سانان جەسەرت سورە هەراڵەن جەدەورو بەرت...)
پاشان دەڵێ:
قیبلەگای هەوار، هەورامانی تەخت گوراڵەت شەفان، پەی زامانی سەخت
هەردی جوانرۆ، دەشتی شارەزوور جەتۆ دیارەن، نوری عەلا نور
شنەی نەسیمت، جەسوب سەحەردا یاخۆ بەرزەڵنگ، جەوەر کەمەردا
کەئید شاقوتا، پەی رۆی دڵداران ئەوشا سەوقاتا، جەلای نازاران...
لەکۆتاییەکەیدا دەڵێ:
بامرۆ دژمەن، زاڵم و خانت ئاوەختە وەشا، کریۆ سەیرانت
داخ پەی (میرزایی) فۆتیان بەختش غەریبا، نیا، سەیران جەتەختش
ئەمـەش نمونـەی شـیعرێك لـەدیوانی (بـاران و بـۆران) ... لـە هـۆنراوەی (گوڵ)دا دەڵێ:
ئەی گوڵ، گوڵی بەهاران
ناز هەڵگری نازداران

ئەڕازێنی، ماڵ و باخ
دەشت و پارک و کێوو کاخ

سپی و سووری یام زەردی
گوڵ تۆ مەرهەمی دەردی

پاشان دەڵێ:
خۆزگە ئەی گوڵی ئازیز
خەزان نەبوایە، هەرگیز

خۆت نازانی، چەند جوانی
فەرەح بەخشی، ئینسانی

لەکۆتایی ئەم شیعرەدا دەڵێ:
خۆزگە، پایزو زستان
نەبوایە، لەکوردستان

ئاخ (میرزا) لەم دونیایە
گوڵی، سیسی نەدیایە

* * *

قافڵەچی ئامان

قافڵەچی ئامان، دەخیلەن دادەن — دەرونم بەزەنگ، قافڵەکەت شادەن
زرنەش پەی شەوقی، پەشێوو ماتێ — بامردو نەوجا، قافڵەکەت ساتێ
قوربانی زەنگی، کاروانت بوو — فیدای موترێبی، نەغمەزانت بوو
یاخوا کاروانت، یاوۆ بەموراد — بلی وەمەقسەد، بەخاتری شاد
شەوقم بێ زەوقەن، سامردە سەرعێل — دڵ وێنەی عەرەب، ماچۆ هەی دەخیل
تا یاوۆ لاتان، چون مەجنون پەیلەیل — شاد کەرو دەرون، خەسەی جەغەم کەیل
بادڵم جەداخ، دوریش ئازاد بۆ — دیدەی بەوێنای، سەرگۆناش شادبۆ
ماچ کەرو گەردی، سەرپەنجەی پای یار — سەرکەرو سەر گەرژ ئاپاو پاگوزار
واچۆ ئازیزم قیبلەی یەقینم — دڵبەری دڵکۆ، ڕۆحی شیرینم
خێرئامای نەتۆی، دیدەم گەردی پات — ئاوەدانت کەرد، ملکی شەش جیهات
ئینە خەیلێوەن، چەمەڕێ ڕای تۆم — ماتڵی حەکیم، زامانی بەسۆم
من قوربانی بو، نەچێر پاتەدا — بدیەی وەجەسەی کوشیای ماتەدا
باکەم هۆرکێشو، ئاخ و داخی سەرد — ئەی دەست وەش بۆ، منت ئازاد کەرد
منت ئازاد کەرد، جەمەینەت باری — جەهیجرانی دەرد، جە بێقەراری

منت دا نەجات، جەژاراوی غەم (بسم الله) سادەی، سایەت نەبۆ کەم
بازهەم نەتۆی گڵ، هەر ئینتەزارم تەشریف فەرمابێ، وەسەر مەزارم
فەرماوی ئینەن، میرزایی بەدبەخت شی نەتۆی گڵکۆ بەزامانی سەخت

* * *

پەی شەهیدی

تەقدیری ئەزەل خالقی بێ باک پاسەن کەعالەم بشۆنە تۆی خاک
تۆیچ یۆ جەعالەم، جەخاکی ئیسلام گیانت تەسلیم کەرد، بەخوای (لا ینام)
یارەب بەجاهی، شەوزندەداران حەزرەتی رەسوڵ، ئەسحاب و یاران
بەخشە بەنامش، هەم بەغەریبیش بەئیخلاقی پاک، یا بەنەجیبیش
خسوس مەزڵومیش، نەتوتوی شاخان بەنامرادی، داخ جەسەر داخان
رەفیقی ناکام، خوا یارت بۆ ئیمانی پاکت، یادگارت بۆ
ئاسیمێت جیا، نەگێجاوی دەور هەررو بەئاخو، ئێش و جەفاو جەور
چن ئارەزوت کەرد، چن خیاڵت وات چن دڵت وەژ بێ، بەدەوری حەیات
ئیجەل بەناگا، ئاما میمانی بەردێش جە ئێمەو، جەزیندەگانی
وەلاوکێ بەرۆ، رازی دەروونم چی ناسۆرت کەرد، زامی زەبونم
با (دەربەن) کەرۆ، شیوەن و زاری بی بڵبڵ کەوتەن، باخ و وەهاری
(پیر رۆسەم) رەنگی جارانش نیەن هەڵپەت دوراودور، قەبرو تۆش دیەن
کورپەکەت هێشتا نەزانان خەبەر نەزاناش چکۆ، گیانت ئاما سەر
من ئیتر چەنی، بلو پیرۆسەم سەراوار تەنیان، سێم و تەم و هەم
گۆمەن سێمای ساف، ئەمن و ئارامت بێ نامەن نامی شۆەت و نامت
وەلێ نەتۆی دڵ گەشت و گێلشەن چون ئازیز مەردە فکری وێڵشەن
(میرزا) جەلای حەق پاسەش ئومێدەن یاری جوانەمەرگ زومرەی شەهیدەن

وشەی (دەربەن) مەبەستی لە (دەربەن کەلۆی)یە کەدەربەن کەڵەمیشی پێ دەڵێن... مەبەستەکە نزیکی دزڵییە، پیرۆسەمیش کەوتوەتە باکوری ئەم دەربەنەوە کەهەوارێکی کۆنی هەورامانە لەداوێنی عەودالانەوەیە.

میرزا حەمەمین ... نامەگۆڕینەوەی شیعری لەگەڵ شێخ عوسمانی دووەم دا زۆر بووەو ئەویش لەدیوانەکانیدا وەڵامی داونەتەوە، وەك لە(گوڵزاری عوسمانی)دا لا(١٢٨) شێخ بەم شێوەیە بۆی دەنوسێ:

(خونچەی گوڵی رووت، دەمیدەی سەحەر پشکووتووی دایم بێ دەردو خەتەر
.ارەبی دووربی، لەهەموو ئازار دایم بەنیشاط،خۆشبۆی سیس عەمەر

لەکۆتاییدا دەڵێ:

تەمەننام ئیدەن نەدەرگای باری   باوەرۆت وەکام، صوحبەت و یاری

وشەی (سیس عەمەر): ناوی شینایی‌یەکی بۆن و بەرامە خۆش و دڵگیرو کەم عەمرە.

لەبەرواری (٢٠٠٣/٦/١٧)دا، لەشاری سنەی خۆشەویست، لەماڵێك لەپەنای ئاویەری دڵگیرو دڵڕفێن، گەیشتم بەخزمەت مامۆستا مەلا حەمەئەمین (میرزای هەورامی)، دوای قسەو باسی خۆمان، باسی ئەم هەوارگەی شاعیرانەمان کردو داوام لێکرد کەچەند شیعرێکی تازەی بڵاونەکراوەی خۆی بمداتێ تاوەکو بیخەمە سەر مەلۆی شیعرەکانی تری.. ئەویش خواهەڵناگرێ سەرەڕای خۆشحاڵی خۆی و دەستخۆشی کردنم ئەو کۆمەڵە هۆنراوانەی کەئامادەی کردوون بۆ چاپ کەنزیکەی (٢٠٠) لاپەڕەیەك بوون، دایە لام و فەرمووی باچەند شەوێك لەلات بن و چییان لێ هەڵدەبژێری ئازاد بە.. جامنیش ئەم چەند شیعرەم هەڵبژاردو پێشکەش بەخوێنەرانیان دەکەم... زۆر سوپاسی جەنابی میرزای هەورامیش دەکەم و خوازیاری سەربەرزی و سەرفرازیم بۆی...

خەزانی وەهار

هادیسان وەهار، ئامارەنگاو ڕەنگ   یاواشرە ئەتڵەس چون دیبای فەرەنگ
سەوزەی کەش و کۆ، چوزەش دادیار   دڵبەر بی سەرجەم، لاپاڵ و نسار
هەراڵەی باخان، نواڵەی کەشان   پەی دڵ بێ خەما، پەی باڵاوەشان
گرد ساڵێ جەنۆ، ڕازیۆ وەهار   بێ خەبەر جەزام، دەرونی هەژار
واچدێ نازارا، دڵ خەبەردارا   ئاخۆ هەژاران، کەیشا وەهارا
هەتا (فەلەستین) چادر نشینا   بینای دیدەدار، وەهار مەوینا
هەتا (کوردەوار)، ئاویر وارانا   کوردکەی تەمادار، سەفاو سەیرانا؟
یارەبی کرژی (ئیستعمار) خاوبو   تاکەی دەرونی دڵدار کەیلاو بو
وەشڵەی پاوەختی، وەهار بۆ گوڵزار   پاشێل پاکرمی، نەخشەی ئیستعمار
تاکەی نسکیای، تاکەی ناشادی   ڕەمای گلێرای، هەر نامورادی
شراخەو ڕەعدو بەرق و وەهاری   ماچی شکنجەو لاشەو هەژاری
جەسەر پەڕەی گوڵ، قەترە وارانەن   وێنەی هەرسیچەم، تازیە بارانەن
واچدی (مەولەوی) وەهاران بێ سەرد   تەشریف مەبەران خاڵ خاسان پەی‌هەرد
ئافەرین (صەیدی) خاسش گوفتارەن   فیشتەو خەمناکیش فەسڵی وەهارەن
کەخاک و من بو، سەیرانگای دژمەن   وەهارش پەی چێش، گوڵزارو چەمەن

(میرزای هەورامی) حەسرەت بەرۆ گلْ
کەچنگی (قالاو) درۆ پەرەی گولْ
* * *

نەدیم و نەبیەن

وأحْسَنُ منکَ لَم تَر قَطّ عَینی وأجمل منک لم تَلِدِ النِّساءُ
خُلِقتَ مُبرّءاً مِن کُلِّ عَیبٍ کأنَّکَ قَد خُلِقتَ کما تشاءُ
(حسان شاعر الرسول (ص))

زهی طَلَعَتِ حَضَرتِ فَخر عالم (ص) کەبست أست أز نور راه تماشا
چنان در نکوئی فزون أست. گویی کەخود خالق وآفریدە کماشا
(سید عبدالعزیز شیخ الاسلام سنندجی)

شیرین تەر جەتۆ، نەدیم و نەبیەن زەریف تەر جەتۆ، هیچ ئەدیْ نەدیەن
بیْگەرد وەشکریای، دورجەعەیب و لت ئەجیۆ بەمەیل و وێت قاڵبت مت
(میرزای هەورامی)

* * *

شارەکەم پاوە

تا قورئان وەنیْ پەل هورمداوە تاهەرس و لالای میْ جەچەماوە
تاناماکەری مرداو کۆمیاوە هەر ئاوەدان بی شارەکەم (پاوە)
* * *

تا وەرپێویۆ بە(ئاتەشگا)وە تاسەمامدران بیْپا وەپاوە
تامێخی زەمین هورمەکێشاوە هەر ئاوەدان بی شارەکەم پاوە
* * *

تاگوڵی (شاهۆ)ی دەم مەکەراوە تاشەوبۆ چنور عەتر مداوە
تادەنگشا هەن (کۆسە) کەو (کاوە)[1] هەر ئاوەدان بیْ شارەکەم پاوە
* * *

تا نازەنینی خاو هورمیزاوە تا گێسو پەرچەم مداوە لاوە
هەتا لەنجە هەن باڵا بەرزاوە هەر ئاوەدان بی شارەکەم پاوە
* * *

هەرچەمیْ پەیتۆ گولْ بدیۆلاوە دەک ئاوودۆبا، تلیا گلاوە
هەتا قاسپەمیْ جە(ژەرەژ)اوە هەر ئاوەدان بیْ شارەکەم پاوە

---

[1] کۆسەی هەجیج (سید عبیداللە) برای امام رەزاو هاجر خاتون و پیر عومەرە، کاوەی ئاسنگەری کورد، نەجات دەری هەژاران لەزوحاک.

لەتەڕێ و قەڵەم؟[٢]

مەستورەی ئەییام، جامی جەمت هەن
عەجەب کەلام و دەس و دەمت هەن
پاو ئانەی ئازیز، کەمن ژناسای
سەراپات زەڕبو، هێشتا کەمت هەن
لەیلاخ ژاوەرۆ، مەریوان لهۆن
لولەکەشی تۆن، کەزەمزەمت هەن
جەدەسەوالآت، هورئامای وەنات
یانی: سەلیقەو دڵ و چەمت هەن
ئەوەڵ ئەدیبەی کناچانی دەور
جەهەورامان م، تۆ ڕەقەمت هەن
خامەو نگارو عومرت زیاد بو
پەی ناحەز هەرسات، سایەو تەمت هەن
ڕۆ بەڕۆ گەشبی، تریفەی وەڵات
چون گیسوی سیاو پێچ و خەمت هەن
هیممەت وار بەرزەن،شیعروشعورت
وێنەی ئاهوی بەرز، ڕەوت و ڕەمت هەن
ڕەوتت:پەی تاقیق،ڕەمت:پەی زانای
پەی‌زامی فەرهەنگ،تۆ مەرهەمت هەن
(لەتەڕێ)ت فرداو، هورت گرت (قەڵەم)
کەوا سور نەمری، زیل و بەمت هەن
(میرزای) ڕەنجوری، هامدەمی (وەڵی)ان
مژدەدان وەدڵ، ماچۆ: (شەم)ات هەن

مربّع بديعي

مەڕۆ بۆ باخ	بەبێ حیجاب	ڕێك و بەرزو	دڵبەرم
بەبێ حیجاب	شەرم ئەکا گوڵ	ئەبرۆ هیلال	سەودا سەرم
ڕێك و بەرزو	ئەبرۆ هیلال	ڕوخۆشەکەی	بو عەنبەرم
دڵبەرم	سەودا سەرم	بو عەنبەرم	پرگەوهەرم

ئەسیری تۆیە	میرزایی	بنوێنە خۆت	ئەی چاو جوان
میرزایی	پەسەن ئەکا	ڕازو نازت	قەسەم بەوان
بنوێنە خۆت	ڕازو نازت	رغماً عَليك	گوڵ خۆی نوان
ئەی چاو جوان	قەسەم بەوان	گوڵ خۆی نوان	من نەم دوان

بەدری مونیرە	چاوەکەم	سەد ماشەڵا	لەشەوکەتی
چاوەکەم	فرمێسك و خوێنە	لەدوری یار	بەعیززەتی
سەد ماشەڵا	لەدوری یار	شیفای دەردە	کۆت و پەتی
لەشەوکەتی	بەعیززەتی	کۆت و پەتی	نیە قیمەتی

---

[٢] ئـەم شـیعرە پێشکەشـە بـەخاتونی خوێنـەواری هـەورامان مامۆسـتای قوتابخانـەو نوسـەری بەرنامـە هەورامی‌یەکەی ڕادیۆ (سنە)، واڵە کەلسوم عوسمانپور.

باکی خەرپانی(٣٤)

ناوی سەردار حەمەلاو ئیبراهیمە نازناوی شیعری (باکی)یە لەساڵی (١٩٦٦) لەخەرپانی هەورامان سەربەقەزای هەڵەبجەی شەهید لەدایک بووە، دەچووی ئامادەیی کشتوکاڵی ساڵی (١٩٨٦)ە، ئەندامی کۆمەڵەی نوسەرانی ئیسلامی کوردستانە، سەرەتای نوسینی دەگەڕێتەوە بۆ هەشتاکان، لەزۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارو بۆنەو یادەپیرۆزەکاندا بەشداری کردووە، لەگەڵێك بواردا دەستی نوسینی هەیە، وەك: شیعرو پەخشان و وتارو لێکۆڵینەوە، سەرگوزشتەو، کۆکردنەوەی پەندو وتەی ناوداران و نوکتەو....



ئەم بەهەمانەشی ئامادەن بۆ چاپ:

دیوانێکی شیعرو پەخشان، قسەی نەستەقی ناوچەی هەورامان، وتەی ناوداران.

ئێستاش دانیشتووی هەڵەبجەی شەهیدە، ئەمەش چەند نمونەیەك لەهۆنراوەکانی:

لەشیعری (خامە) لەکۆپلەیەکیدا دەڵێ:

(...هەرکەس چەنی تۆ، نەبۆش ئاشنایی سەراپا عومرش، ملۆ خوڕایی
قەڵەم قەسەمگەی خوداوەندەنی خەزێنەی عیلم و فەنن و پەندەنی
نەبی مەقاشو چینو زۆرداری وەرنەبی کوڵکی، لات و هەژاری
ڕێحانو یەخی ڕۆشنبیرانی کەشکۆڵ و کوڵ و پیا ژیرانی
باکی بەدۆست، قبوڵ فەرماوە بەش، ڕووزەرد نەبۆ جەلای خواوە)

بەبۆنەی کیمیا بارانی هەڵەبجەوە دەڵێ:

هەڵەبجەو وەهار

(جەگردلا وەهار بەزمی سەیرانەن وادەی بادەی کەیف و خەنەبەندانەن
لای من عاشوران، دەی موحەڕەمەن گەرمەی شیوەنەن، خەمەن ماتەمەن
خەڵکی بەعەتری بۆی گوڵان مەس بۆ لاو من بەابۆی سیرا تەنگەنەفەس بۆ
عالەم پۆشاکی شادی مەپۆ شان ئێمەیچ سیاپۆشی شاری خامۆشان
بەئامای وەهار گرکەس وەشینەن هەڵەبجەش فەسڵی پەڵەی شینشەن...)

* * *

سوپای گوناه

خوایا من عەبدیٚ گوناهبارەنا.. پەی گوناهباری نامی شارەنا

سوپاهی گوناه انقلاب کەردەن.. دەوڵەتی خەیرش جەدڵ هورکەندەن

پایتەختی دڵش بەتاڵان بەردەن.. شورای ئیمانش گرد داغان کەردەن

سامەگەر ئیتر فەتحی ڕەببانی.. پایەماڵ کەرۆ سوپاو شەیتانی

خوایا گەر ڕەحمیٚ نەکەی وەبەندە.. جەهەردوو دنیا خەسارۆمەندە

گەر وەکردەی وێم بکەری ڕەفتار.. بەهەشتم بۆنە بەحەوتی گرِدار

من میمانو تۆ، تۆیچ ساحب یانە.. بەترازوی کەرەم، کەرەم کێشانە

تۆ ستّار، غفّار، کەریمی کارساز.. منیچ عوبەیدیٚ ڕوو سیاو لاواز

ڕووی شەرمەندەگیم ئاوردەن وەلات.. نیم نیگای عەفوت پەیم کەرە خەلات

هەرچندە عاسیو گوناهبارەنا.. ئومێدم بەتۆن تۆبەکارەنا

تای ترازوی خەیر ها بەحەواوە.. تەقەی تای شەرِم دۆزەخ دەنگ داوە

تا (ملک الموت) نەببەن مێمانم.. ڕووی کەرەم کەرە یانەی ئیمانم

ڕووم بیان وەرِووت، دەس مەنیە وەرِووم.. بەش ئیمساڵ شومم نەبۆنە بەشوم

تۆ بەخشندەنیو عەفوت فراوان.. (باکی) پەرِگوناه، ئاماں لات، ئامان

لەهۆنراوەی (مەرگ مامۆسامەن)دا دەڵێ.

(... دنیا هەتا سەر پەی کەس نەمەندەن خاس و خرابش ڕەوانە کەردەن

فرەم دی، وەچەم ئامای ویەردیٚ بیٚ پەرس و بیٚرا، بیٚ ئاگا مەردیٚ

هاکا من و تۆیچ پێسەو فلانی پێچما کەردەوە پەی قەبرسانی

بامەرگی کەرمیٚ مامۆساو وێما چونکە حەتمیەن ڕاگیرۆ پێما...)

لەهۆنراوەی (دڵە هەتاکەی)دا دەڵێ:

(... دلە! وەس هەوەس کەرە بەئەمیر وزەش وەهەرمان، هۆش و وردە ویر

بدیە وەکردەی، شیرین ڕەفتاران عیبرەت هورگێرە، جەلوای یاران

دواتر دەڵیٚ:

...دڵە باوەس بۆ ڕەنج بەخەساری ئیساڵت! نەبۆ چون ساڵەو پاری

پارت عاجز کەرد، ویەردو لوا شکاتش بەرد پەی دادگای خوا

هەر باقی باقین ماباقی فیراق نەدۆت وە زەمین دنیاو زرق و باق

باکی (بەهارو گڵکۆ) جوان بەیەکەوە دەبەستیٚو بەوشە جوانەکان، بەم شێوە دەیانهۆنێتەوە:

وەهارو گلکۆ

ئازیز وەهارەن،زەمین گوڵپۆشەن — تەمام ئارەزوی دیدەنی تۆشەن
وێش دان تەدارەک، سەوزو زەردو سور — بۆی عەتر شانۆ بەرەزاو چنور
قوڵپەی بەرهەنسک هاناوی تازە — هاژەی وەرواوان، خورەی قەڵوازە
شاری مرۆچە، چون گوڵی قاڵی — رەنگینش کەردەن، سەوزی قەدپاڵی
کام فەرش چون فەرشی پەروەردگارەن — پەرچەهەزار رەنگ گوڵ و گوڵزارەن؟
بولبول بەنەغمە، شوان بەشمشاڵ — پیری سەد ساڵە ماوەرۆ وەحاڵ
بەخ بەخ چند وەشەن، تەماشای وەهار — بەڵام پەی کەسێ عەقڵ وزۆکار
پەی کەسێ وەشەن، تەماشای گوڵان — چون هەنگ بچەشۆ، شیرینی ئیمان
ئارۆ شیم وەلای، شاری خامۆشان — سەرجەم گلکۆشان، بەگیواو پۆشان
ئاخۆ گیواو و سەرو قەبرەو من — ئیسە جەکام لا کەرۆ شنەشن!؟
ئاخۆ جەدەشت بۆ یاجەکۆساران — یاجەهەوارگەی کۆنە هەواران
جەپاڵ کام وەتەن، کەرۆ ئینتیزار — هەتا بێ ویەرۆ -باکی- گوناهبار
هاکا بای ئەجەل عەمرش کۆتا کەرد — گیواوش وەبان گلکۆوەسەوز کەرد
پێسەو زمسانی، پێچما کەردەوە — چوون خەڵوز روی سیا پەیما مەندەوە
هەرکەس گەرەکشەن بەوەهار شاد بۆ — گەرمای هامنی حەشرش وەیاد بۆ

ئەمەش پارچە شیعرێکە وەڵامە بۆ پارچە شیعرێکی مەولەوی کەباسی بێ شەوقی مزگەوتەکان و بێزەوقی جومعەو جەماعەت و دەرس خوێندن دەکات. خەفەت بۆ حاڵی مزگەوتەکان دەخوات کەسارد و سڕن لەدەرس خوێندندا.

نامەیەك بۆ مەولەوی

"معدوم"! مەواچە مزگی بێ زەوقەن — زەمین تا سەما سەراپاش زەوقەن
گرگرانشەن شەماڵەی نورش — ساف و بێ گەردەن سینەی کافورش
میمبەرو میحراب پرشنگ مشانۆ — پەی یاگەی زەحمەت رەحمەت مکیانۆ
تەمام بازارش گەرمەن مەدرەسە — چین چین گوڵ فەقێ کەرۆنە دەسە
داعیەن، واعی، راعیەن فەقی — بەعێل مشناسۆ رای حەق، ناحەقی
جەماعەت جەمەن هەرگەنجەن..گەنجەن — پەی قیامەتی خەریکی رەنجەن
بەخ بەخ چند وەشەن وەهاری قورئان — معدوم! تەماشا دڵ مەبۆ حەیران
هادەی معدوم گیان ئیسە فەرماوە — ئاخ پەی جوانیەکەیم گێڵا دماوە
بائاواتی وێم بدیایە بەچەم — ویەردەی سیام تێر تێر کەردێ زەم

"رب ارجعون"ی مەبۆو مەکریۆ ئەگین مەولەوی پەی ئارۆی گریۆ
ئیتر مەولەوی ساکن بۆ دڵت پەڕ بیەن فەقیۆ مزگی مەنزڵت

باکی وەنەبێ هۆنراوەکانی تەنها بەشێوازی هەورامی بن بەڵکو گەلێك هۆنراوەشی بەکوردی سۆرانی هەیە، لەوانە:

لەهۆنراوەی - کات - دا دەڵێ:

(بەمەسەل ئەلماس و تیرو خەنجەری دەبانە کات
دۆزەخی یاخی بوان و بەهەشتی ژیرانە کات
دوڕو گەوهەرو مرواری و زێڕو زیوو یاقوتە
(فامشوا فی مناکبها)، خەزێنەی پڕ کانە کات
برام هەستە لەپرخەی خەو، خەو زەرەرتەو دەس دەکار
مەزرەعەت وەختی درەویە، سوری ناو خەرمانە کات...)

لەهۆنراوەی -لەمێژومان پەند وەرگرین- دا دەڵێ:

(... تاکەی سەرمان پڕ لەخەم و کارەسات و پر لەژانە
هەتاکو کەی کوڵ بەکوڵی و بگرەو بەردەو بار باری کورد؟
دەسکێشی تاوان فرێ دەن، دەستی برایەتی بێنن
کراسی ئاشتی بنێرن بۆ یەعقوبی بیماری کورد
وەرن ڕابن.. لەمێژومان بۆ مێژوومان پەند وەرگرین
دینە هەتوانی برین و سارێژکەری ژواری کورد
(باکی)ش لەبەردەم دەروازەی ڕەحمی خوادا هەڵتوتاوە
(ربنا افتح..) داوا ئەکا، بۆ تۆڵەی ستەمکاری کورد
بەقەقنەس بیۆ (کۆکش بنیشێ)، سەبەبکاری باری کورد
ڕەحمان و ڕەحیم ڕەحمەتێ، بۆ گەلی گرفتاری کورد

هۆنراوەی (ئاوێنەی پەند)یشی بەم شێوە جوانە ڕازاندوەتەوە:

پەندی پێشینان نەخشی دیوارە چاوساغی پیاوی ساغ و هۆشیارە
حەوسەڵەی ساتێک، نانی سەد ساڵە سەلیقەداری سەروەت و ماڵە
تاژیر ژیرانە، بیری کردەوە شێت بەشێتانە لەئاو پەڕیەوە
بەبرسی بمری، بەسەر بەرز ئەڕۆی نەوەکو نانی نانەجیب بخۆی
درک لەسەرەڕێی، دڵپاکا نارِوێ ئەگەر بشرِوێ بەئاسان دەسوێ
قسەی نەرم و خۆش، ڕاوچی دڵانە هەنگ بەشیلەی گوڵ، پڕ ئەکا شانە
(گرسەرەکوێی، سەرەو چێرش هەن فێرو لوای بە، بانەبی بەپەن)

مریشکێکی چاک، بەڵام هێلکەکەر
گەلێک چاکترە، لەگای جوت نەکەر

بزنێکی گەڕۆڵ، ڕانیٚ گول ئەکات
فیتنەیی شاریٚ، بەشەڕا ئەدات

ئەوکەسەی کەوا حسابی پاکە
لەمحاسەبەدا، تەواو بیٚ باکە

داوای لیٚ بوردن نەکەی لەکەسیٚ
بۆت هەڵنەڕێژیٚ عوزر بن دەسیٚ

ئەگەر ئەتەویٚ ئاسمان بۆت بگری
پێش ئەوەی بمری تێر بۆخۆت بگری

تامابوو کراس، نەبوو لەبەریا
کەمرد ئالأیان ئەکرد بەسەریا

بەهەموو کەسیٚ ئەوتریٚ خاڵە
تەنها برای دایک مەحرەمی ماڵە

هەرکەس ڕەنج بدا،گەنجی دێتەمشت
پەنجەی بیٚ نینۆک، ناخورێنیٚ پشت

(هەرکەس گەرەکشەن، تووکی قوو پۆشو
بشۆ سەفەری هندسان کێشۆ)

دیاری مێرولە قاچە کوللەیە
خەلأتی زاڵم زللەو گوللەیە

کەم بخۆو مەچۆ، بۆ ماڵی حەکیم
لەبیرت نەچیٚ کزۆڵی (هەتیم)

فەرەیدونی بەهرامی(٣٥)

فەرەیدون غەفور، نازناوی شەهرام هەورامی‌یەو، خەڵکی هانە گەرمڵەیەو ئێستا لە مەریوان دادەنیشیٚ، کەسایەتی‌یەکی ناودارەو توانیویەتی لەزۆر بواردا ڕۆڵ ببینیٚ.

فەرەیدونی بەهرامی، مامۆستایە. شاعیرە، نوسەرە، هونەرمەندێکی دەنگ خۆشە بەتایبەت وەك خۆی دەڵیٚ: لەبەزمی چەمەری‌دا کەخۆی حەزی لێیەتی سواری مەیدانە.

تا ئێستا (١١) جەڵد شیعری نووسیوە، یەك دوانێکیان لەژێر چاپدایە، شیعرەکانیشی بەناوی (پەیکی هەورامان)ەوەن، هەر جەڵدێکیش ناوێکی خۆی هەیە، بۆ نمونە: یەکەم جەڵدیان بەناوی (هەوای محەمەد) پێغەمبەرەوەیە (ص).

مامۆستا فەرەیدون، جگە لەشیعر، نوسینی تری هەیە لەسەر (رسوم و عاداتی هەورامان) و (وەصفی چەمەریانە)و (خواشناسی) و (وەصفی سروشتی هەورامان)... لە (وەصفی سروشتی هەورامان)دا (وەهارنامە)و (پاییز نامەکەی) لەشریتی تەسجیل دا بەئاوازە خۆشەکەی خۆی تۆماری کردووەو نمونەیەکی جوانی هەورامان پیشانی گوێگر دەدات .. کاتێك کاك (محەمەدی فەهیمی) پرسیاری لیٚ دەکات: هەورامان کەی جوان و دڵگیرە ئەویش لەوەڵامدا زۆر جوان تەعبیر لەجوانی کاتی بەرەبەیان و یەکەم گزنگی کازیوەی سپێدە ئەکا لە(وەهارنامە)کەی‌داو دەڵیٚ:

وەهار کەی وەشا

شەوی وەڵینە، وەشتێو وارابۆ زەمینی تەژنەش، ئاوی دارا بۆ
خەلە هۆریشی کەرۆ، نیمەش وتەبۆ وارانی ڕووەو، گولاش شتەبۆ
پلورە وارانی، گنۆ ئا کەشا تەماشا کەردەی، ئاوەختە وەشا

* * *

ساحێو زوو هورزی نمات کەردیٚ بۆ نامۆو خوایو خاسات بەردیٚ بۆ
زیابیەرە بەرو، گەلە نەزیا بۆ چایخانەو بان و حۆزی نریا بۆ
بلیۆ پەی یانەی،ماس خاس گرسابۆ وەر نەکۆتە بۆ، چای نەوریا بۆ
وەرەتاو گنۆ بەرزو ئاکەشا تەماشا کەردەی ئاوەختە وەشا...

* * *

لەشـوێنێکی تـردا هـەورامان وێنـا دەکـات و بـەراوردی دەکـات لەگـەڵ شوێنانی تـرو نایگۆڕێتـەوە بەشارو باخـە گشتی و دروستکراوە دەستکردەکان وەك دەڵێ:

من ئەگەر هەوای هەورامانم بۆ چنوورو شەوبۆی کـوسالانم بۆ
وەرووۆ شاهۆم بۆ تەختی سانم بۆ شنەی شەماڵی عەوالانیم بۆ
ئاماو ئامۆشۆی یاوەرانیم بۆ هەورامانی وەش ئەرمەکانیم بۆ
خەڵکی بیڕیاو میهرەبانیم بۆ هەورامانی بەرز بەسامانیم بۆ
سەفاو سەدای خەیر دەم بەیانیم بۆ توخوا من ئەگەر هەورامانیم بۆ
خاکەو مەشولەی شارانم پەی چێش شارەکـ و پارکـ و پەیکانم پەی چێش

* * *

گمەو دالانی و دزاوەریم بۆ دەرەو تەویلیٚو ئاوێسەریم بۆ
هەوارو لەیلیٚ تاجی سەریم بۆ بوژانەو شەوبۆ وەرکەمەریم بۆ
کویلەو بزازەرا، وەرا وەریم بۆ گویژو مەرەو، دزاوەریم بۆ
من چایخانەی، نوەیجەڕیم بۆ سورە هەراڵەی دایم تەڕیم بۆ
هەیات و سەرچاڵ کەماجەڕیم بۆ چنار چون عەرعەر، سایەو سەریم بۆ
من پیرو حاجی و، دەورو بەریم بۆ چەمەی کەیمنە، چون کەوسەریم بۆ
خاکەو مەشولەی، شارانم پەی چێش شارەکـ و پارکـ و پەیکانم پەی چێش

* * *

هەوارە خولێنە، من هەواریم بۆ نەڵکمین یاگەی، ڕاگوزاریم بۆ
شارەکـ بانە بۆ، ڕەش دەواریم بۆ پاشەرت جەوەتەن، من قەراریم بۆ

زمهارِی خەڵەی، سەر ناساریم بۆ　　کەمەر قالاو و، گوزیندariم بۆ
هانەگەرمڵە، نۆ هەواریم بۆ　　کەیمنەو بێرواس، تابەواریم بۆ
سوسەنلیو نەرگس، لای نساریم بۆ　　بویسانو گەنم، گشت مەزاریم بۆ
ساو و هەڵوچە، هەم هەناریم بۆ　　وەتەن چون بەهەشت،سەوزە زاریم بۆ
خاکەو مەشولەی، شارانم پەی چێش　　شارەک و پارک و پەیکانم پەی چێش

*　　*　　*

من هانەو قاژا، هیلیان داڵیم بۆ　　هانە ویکۆڵ و، هەم سەر چاڵیم بۆ
هەوای کۆسالان، شیفای حاڵیم بۆ　　فێنکی شنەی، وای شەماڵیم بۆ
هەنگورو هەنجیر، سێوی کاڵم بۆ　　ئاوی چون کەوسەر، شیفای حاڵیم بۆ
هەوارگەو پەچەو، قیل و قاڵیم بۆ　　میهرو مەحەبەت، سەفای حاڵیم بۆ
خەڵکی هۆرامان، پشت و پاڵیم بۆ　　من ئەر هۆرامان، نەی خیاڵیم بۆ
خاکەو مەشولەی، شارانم پەی چێش　　شارەک و پارک و پەیکانم پەی چێش

*　　*　　*

یەکێکی تر لەدیوانەکانی بەهرامی تایبەتە بەشیعری منالان کەئەمە نمونەیەکە لەو شیعرانەی:

بزڵە هەشڵە وەشڵەکە　　کۆرپە خرە بەژڵەکە
قارە قارم پەی کەری　　تۆ چن زوو پاپا کەری
با ئەیاڵێ گیواو وەرۆ　　کەشۆ شەو لەوەرِ کەرۆ
شۆتش بێنە تۆ وەری　　زل بینە پاپا کەری

لە هۆنراوەی (هەڵەبجەی مەزڵوم)دا لەکۆپلە ییەکەمیدا دەڵێ:

هەڵەبجەی مەزڵوم خنکاوی ستەم　　گیرۆدەی شەپۆل، مەوج دەریای خەم
شارە جوانەکەم، هەڵەبجەی مەزڵوم　　بێ تاوانەکەی، بەناحەق مەحکوم
هەڵەبجە قەسەم بەیەزدانی پاک　　(واحِدُ الأحد) فەرد تەنیای تاک

بەو شێوەیە دەڕوات تا لەکۆتاییدا دەڵێ:

تا مێژوو ماوەو، دونیا باقییە　　هەڵەبجە لەبۆرِندان ساقییە
ئومێدم وایە، زۆر بەئاواتم　　هەتاکو ماوم لەسەر حەیاتم
نەمێنێ موشریک مورتەدو بێ دین　　لەزوڵم و لەزۆر پاک بوێت زەمین
کاکە بەخەفەت کار دروس نابێت　　هەستن ڕاپەڕن، هیمەت خودا بێت

وەهارەن سەوزەن

وەهارەن سەوزەن، وەرواوەن ئاوەن
شنەبای شەماڵ، نەغمەی شەتاوەن

شنەی شەماڵەن، کۆچی زستانەن
فەسڵی سەفا سەیر، دیدە مەستانەن

بانە سەرای گوڵ، بوڵبوڵ نەوانۆ
باخەم دیار بۆ، شادی نەمانۆ

باچوزەی چنوور، بەرنەیۆنەکۆ
سورە هەراڵە، ڕەنگش سور نەبۆ

بائیمساڵ شاهۆ، تکاو لاڵەش بۆ
جەرگش برپا بۆ، ئاهو ناڵەش بۆ

قومری نەوانۆ، نەپای کۆسارش
ئەسرین جاری بۆ، نەدیدەی زارش

با سەیلاوی هون، نەدیدە جۆشۆ
غەزەب بوارۆ، تۆفان خرۆشۆ

با هارەی وەرواو، نەرێز نەکنیۆ
وەرکەمەر نەپای، کەمەر نەشنیۆ

شەوبۆ شەیدا بۆ، هەردە بەهەردە
بادۆ وەسەردا، چون ئازیز مەردە

گاو گۆراڵ نەبوش، سوری ساڵانش
ئازیزش مەردەن، یانەی تاڵانش

شیوەنش بەرزەن، هەراڵە برمە
حوسەینش کوشیان، خاتر پڕ خەمە

وەنەوشە مل کەچ، چوڵەن باوانش
وەغارەت شیەن، ماڵ و سامانش

بازەش زەردیول، بارەنگش زەرد بۆ
بادیدەش کوڕ بۆ، هەناسەش سەرد بۆ

قاقبوی ژەرەژان،دەنگ نەدۆوە دەنگ
بایەقوش وانۆ، ماتەم و دڵتەنگ

بازەش باوەهار، نەقاشیش نەبۆ
پائیز میوانەن، کەس وەشیش نەبۆ

حەممەد غەیبی، مەلول و غەمبار
گەردەن کەچ کەردەن، نەپەنای دیوار

پیرە غەریبە دڵ تەنگ و غەریب
چوڵی هەورامان، بیەنش نەسیب

هەمەوسەین مەلول، کزو پەرێشان
ئاهی حەسرەتش، نەتای دڵ کێشان

بایم نیەنش، قەرارو ئارام
بەچەم نەوینی، وەشی ئەی سەددام

خانەقای بیارە، مات و بێدەنگەن
مەنارەش وێران، حجرەش بێڕەنگەن

شێخ زیائەدین، پیری ساحیب نام
نەگۆشەی حجرە، نیەنش ئارام

شێخ حسامەددین، زانای وەش خەیاڵ
نەبەستەن حەڵقەی، زیکرو فیکرو حاڵ

عەللامەی علوم، شێخ بەهائەدین
مەولای تەریقەت، پیر عەلائەددین

موفتی شەریعەت، دانای بێ نەزیر
مەولانای مەشهور، بەمەڵڵا نەزیز

عالمان دین، ماتەم و دڵتەنگ
هەورامان خەمۆش، وێنەی سیاسەنگ

شیم سارای سەریاس، مەنزڵگای یاران
یۆ جیامەندەی، کۆنە هەواران

وەیتەور بەیان، کەرد ئەحواڵ و حاڵش
گوزەرانی سەخت وێرانی ماڵش

ئیمساڵ وەهاری، هەورامان شینەن
ناڵەو فەغانەن، سەیلی ئەسرینەن

ئیمساڵ هەڵەبجە، نەو وەهارشەن
لێڵاوی دیدەی، سیا تارشەن

ئیمساڵ هەڵەبجە، نەو نەورزشەن   نەورۆزی مەرگی، گەل و هۆزشەن
ئیمساڵ وەهاری، هەڵەبجە خەمەن   شینەن گریانەن، ماتەمەن هەمەن
ئیمساڵ گوڵانی، دەشتی شارەزوور   پەرپەڕ بین و بۆی غازی سیانور
ئیمساڵ بۆنی گوڵ، ئەو من حەرامەن   وەهارم چێشەن، هامنم کامەن؟
ئیمساڵ پائیزی، خونچەی گوڵانەن   مەرگی هەرزانی نەوبوڵبوڵانەن
ئیمساڵ بەهارم، پائیزەن تەمەن   نوغمەی بوڵبوڵم، گیتاری خەمەن
ئیمساڵ بۆنی گوڵ، بۆنی خەردەلەن   خۆراکی کوردو، دڕندەو مەلەن
ئیمساڵ عەزای خەم، سەلاحەددینەن   وەهاری ئیمساڵ، شیوەنەن شینەن
ئیمساڵ بارانم خەردەلەن گازەن   باخی ئاواتم وشکەن بێنازەن
ئیمساڵ وەهارم، فەسڵی خەزانەن   گوڵخونچەی باخم، گەڵاڕێزانەن
ئیمساڵ وەهارم، مەرگی بێ هۆنەن   باری خەم وەلام، کۆی بێستونەن
ئیمساڵ نەباخم، گەڵاڕێزانەن   شادی بارش کەرد، خەمم مێمانەن
ئیمساڵ فەغانەن، شینەن گریانەن   سەیری ئێڵاخم، جەرگی بریانەن
ئیمساڵ وەهاری من بێ ڕەونەقەن   یانەم وێرانەن، دڵم شەق شەقەن
ئیمساڵ بۆی عەتری، گوڵانم گازەن   شارەزوور خەمبار، سیروان بێنازەن
ئیمساڵ شارەزوور، بایرەن شومەن   ئەی خاکم بەسەر، وەهاری نۆمەن
ئیمساڵ بوێسانم، ڕەشەن زوخاڵەن   مێوەی بوێسانم، لاشەی منداڵەن
ئیمساڵ ڕۆخانەی، سیروان بێئاوەن   عەزاشەن جەنۆ، هەر نەگێجاوەن
ئیمساڵ ئایری نەورۆز دوکەڵەن   دوکەڵی تۆپ و گازی خەردەلەن
ئیمساڵ مەکتەبم، ماتەن ماتڵەن   کارنامەم سورەن، بەمۆر باتڵەن
ئیمساڵ شمشاڵم، هاڕەی تەییارەن   دەنگی دەهۆڵم، ناڵەی خومپارەن
ئیمساڵ کۆرپەلەی ساوام بێنازەن   گرفتار دەس، ئەو هەوەسبازەن
وەخت سەفاو سەیر، گوڵاڵانمەن   بۆنی هونی گوڵ، منداڵانمەن
سازو سەمتورم، گریانەن شینەن   نەوای مۆسیقام، کزەی برینەن
وەهاری ئیمساڵ، ژەهری ئەژدەرەن   دەشتی شارەزوور، دەشتی مەحشەرەن
لایێ کیژۆڵەی، نەورەس بێ کەسەن   یەکێ پاش نیەن، یەکێ بێ دەسەن
یەکێ مەلولەن، یەکێ خەمبارەن   یەکێ بێ هۆشەن، یۆ نادیارەن
یەکێ سەرسامەن، خێزانش مەردەن   یەکێ دوی دوکەڵ، هەناسەش سەردەن
خەزان پەی ڕێزای، گەڵای درەختەن   ئیسە نەسیبی، کوردی بەدبەختەن!
منالان وێنەی، خەزانی پائیز   مەڕێزان زەمین، ڕەنگ زەردو مل سیز

تەق وتۆق،گرمەی،گوللەو تۆپ و تیر | ڕاوی بەشەرەن، نەک ڕاوی نەچیر
سەیلاو جاری‌یەن، گوڵاو بەستەن هون | کەچ ڕەوەن چەرخی، چەپڕەوی گەردون
لەرزەی هەڵەبجەو ناڵەی مناڵان | قیژەی کیژۆڵان، نەکوچەو کۆڵان
گاهێ بەر خەردەل، گاهـ بەسیانور | بەهەزاران نەوع، گازی جۆر بەجۆر
سۆزیا شاری هەڵەبجەی شیرین | بەدەستی بەعسی، کافری بێدین
شیری مناڵان، نەوەختی بەیان | گازی خەردەل بو، قەسەم بەقورئان
عەنەب خەمبارەن، خورماڵ عەزادار | بیارە ماتەم، تەوێڵە بیمار
هانەگەرمەڵە، ماتەن پەرۆشەن | کەیمنە وێران، بێرواس خەمۆشەن
دزاوەر گریان، شۆشمێ بێقەرار | یەکسەر وێران بی، نەوسودو تەشار
ئینە وەهاری، خێڵی کوردانەن | لایێ شیوەنەن، لایێ گریانەن
ئەر بەشەر نەسەر، ئەرزجا نشینەن | جانشین حەق، نەڕوی زەمینەن
مەگەر هەورامان، ئەرز حەق نیەن؟ | ماواو مەسکەنی، ماسەبەق نیەن؟

ئەمەش چەندنمونەیەك لەهۆنراوەكانی (پەیكی هەورامان –هەوای محەمەد).

سەرەتای ئەم نامیلکە شیعرە بەم هۆنراوە دەست پێدەکات:

وەشەن بۆی نەسیم، هەوای محەمەد | پڕنورەن نوری، چرای محەمەد
وەشەن ئارامش، نەسای محەمەد | سەڵوات بەدیدار مینای محەمەد

لەکۆتایی ئەم هۆنراوەیەدا دەڵێ:

دڵ فیدای چەمان، شەهلای محەمەد | قوربانی زوبان، ئەحلای محەمەد
چەمەن فەرش ڕای، ئامای محەمەد | نەرگس حەسرەتمەند، لوای محەمەد
فیدای دوگێسوی، سیای محەمەد | پێشانی بەدری، دیای محەمەد

* * *

یارەسول

یارەسول شەماڵ، شنەی باڵاتەن | حەریر حەسرەتمەند، کاڵای ئاڵاتەن
وەنەوشە مەستی، بۆی عارەقتەن | گوڵباخ هەمنامی، موبارەکتەن
مانگی چواردە، وێش حەشار داوە | چون بەدری سیمای تۆ درۆشیاوە
شەونم وەشحاڵەن، چون نامش بریان | وەعارەقی تۆ، میسالش دریان
ڕێحان مەشنیۆ بی دەردو ئێشەن | بۆی محاسنی جەنابت پێشەن
بەڕەزا ڕەقسان، شادی جەلاشەن | شەماڵ بۆی جەناب سەوقاتی ڕاشەن
هەرمەڵی ڕوو سور، ڕەنگی سوورتەن | ڕۆجیار حەیران، چەمەی نوورتەن

عەرعەر خەجاڵەت، باڵای مەوزونت کەمان ئەبرۆی، هیلالی نوونت
شەو ئاویزەی گوش، موی سیاڕەنگت بوڵبوڵ حەیرانی، زەمزەمەو دەنگت
مەلائک غولآم، ئاستانەیماڵت کائنات مەجزوب، جەزبەی ئەحواڵت
سورە هەراڵە سەرووەشی بوتەن چنور فەرشی پای نیم نیگای ڕووتەن
گوڵ نەرگس عاشق، چەمانی مەستت گوڵ زەمەق مەستی بادەی ئەلەستت
هیلالی قەوسی قەزەح ئەبروتەن یەڵدا سیاهی، تارگیسوتەن
وەهار ئارایش دەهندەی ڕاتەن سەبزەو مورغزار فەرش پالآتەن
چەمەن فەرش ڕای، ئاماو لواتەن داوود حەسرەتمەند، لەحنی سوداتەن
لەولاو شەرمەزار، باڵای بێ سایەت گولاو بۆی عەتری عەنبەرین مایەت
وارانی وەهار، شەونمی ڕووتەن ڕەنگین کەمانش قەوس ئەبروتەن

* * *

لەسەرەتای هۆنراوەی (میلاد) دا بەم شێوە دەست پێدەکات:

ئیشەو میلادەن، ئیشەو مەولودەن ئیشەو سەعیدەن، ئیشەو مەسعودەن
مەولودەن، بەزمەن، عەیشەن، نیشاتەن وەختی نۆشانۆش، شەهدی حەیاتەن

دواتر دەڵێ:

مەولودەن ئیشەو، سەما شەق شەقەن مەولودی حەزرەت، حەبیبی حەقەن
مەلائیک سەف سەف، باڵ وەحەواوە بەزم و نیشاتەن، وەڕووی سەماوە
ئیشەو ئاسمان، مونەووەر بەنور دنیا نورانی، نزیک تاوەدوور
ئیشەو تەسبیحەن، زیکرەن تەحمیدەن شوکرەن فەرەحەن، وەسفەن تەمجیدەن

لەکۆتاییەکەشیدا دەڵێ:

ئیشەو فەرەحەن، ئیشەو شادیەن ئیشەو دەس نەمل، ڕۆی ئازادیەن
سەڵوات بێ ئەنداز، هەزاران هەزار وەڕۆحی پاکی حەزرەتی موختار
سەڵوات بەعەدەد، گەڵای درەختان وەڕۆحی حەزرەت، حەبیبی یەزدان

* * *

لەکۆتایی هۆنراوەی عیشقی حەزرەت دا دەڵێ:

...شەوگارم شەق کەرد، سەحەر زڕیاوە قەڵەم تەواناش، نەمەن مڕیاوە
پەردەی شەوی تار دیسان دڕیاوە ماشاءاللە وەسفت هەر نەبڕیاوە
ئازیزم وەسفت کەی پەی من ئامان منی شەرمەزار، کۆگای گوناهان
موڕادم ئێدەن، یاڕەسول ئامان شەفاعەت کەری شرامی نادان

* * *

گوڵ بەوێش نازا

گوڵ بەوێش نازا خونچەش کەردەوە	تۆش دی شی وەبای فەنای دەردەوە
بولبوڵ نەزاناش ئازیز نەوەرمەن	تۆش دی تائیسە واوەیلاش گەرمەن
عەرعەر بالآی وێش نمانا پەی چەم	تۆش دی بێ پەروا، خەم بیشی وەچەم
ژەرەژ خەرامان وێ نمانایش بی	تۆش دی بێ وادەسۆزی وانایش بی
کێ بۆ بەشێوەی خولق و خۆی نازت	کێ بۆ کێ نەبۆ ئاواتە وازت
کێ بۆ تۆ وینۆ بێ خەوف و تانە	دەس و وێش نەبرۆ جەحەرەم خانە
حەرەمان واردن، خەوف و تأسف	کەدیشان بالآی حەزرەتی (یوسف)
بێهۆش و مەدهۆش کەوتن وەبێحاڵ	بڕیشان دەسشان، نەجای پرتەقاڵ
ئیشەو ئەر یوسف، بالآو تۆش دیا	نەیاکی دەسیش دڵش مەبڕیا
نەحوری نەمانگ نەکەوکەب نەگوڵ	نەیوسف نەقەیس وێڵی هەردەچۆڵ
هیچ کەس نمەدو مەزەی تامی تۆ	نەبەشێوەو تون، نەهەمنامی تۆ
مەگەر هەر واچۆ ڕەحمەت وەقەبرت	ماموستای کوردم پەی واتەو فەردت
"مەگەر هەرگەردون بەتۆی داوەبەش	جوانی ئەندام و ڕێک و پێکی لەش"
"مەگەر هەر گەردون نەدەریای ئازا	ماندوی خەیاڵ بو تاوێنەت ڕازا"

حەسەن زەڵمی[٣٦]

(١٩٥٥-٢٠٠٣)

حەسەن زەڵمی کوڕی شەمسەدین کوڕی مەلا ئیبراهیم کوڕی صۆفی حەمە



ئەمینە. لە ساڵی (١٩٥٥ز) لەزەڵم لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووەو لەساڵی (١٩٧٥ز) دامەزراوە لەنوسینگەی پۆستەو گەیاندنی خورماڵ بەناونیشانی (مەئمور بەداڵە)، ماوەی (٢٧) ساڵ لەم بوارەدا خزمەتی کردووە لەناوچەکانی خورماڵ، زەڕایەن، شارەزوور، بەکرەجۆ، سلێمانی، لەڕێکەوتی (٢٠٠١/٣/١) خۆی خانەنشین کردووەو لەسلێمانی نیشتەجێ بووە.

خێزانی هەیەو خاوەنی (٣) کچ و (٤) کوڕە، بەناوی (شادان، بوشرا، شارا)، (سەرۆك، سۆران، بێساران، ئیحسان) هەوێنی شیعری ئایین و، سروشتی ناوچەی هەورامانە، هەروەها کاریگەری شیعرەکانی مەولەوی و بێسارانی و سەیدی لەسەرە، یەکەم هۆنراوەشی (وەشی وەهاری)یە.

لەساڵیَ (٢٠٠٢)دا نامیلکەیەکی بەناوی (شنەی هەورامان)ەوە بڵاو کردۆتەوە کەکۆمەڵێك لەهۆنراوەی خۆی و هەندێ هۆنراوەی شاعیرانی تری تیایە، لەگەڵ چەند زانیاریەك لەسەر هەورامان.

حەسەن زەڵمی جگە لەشیعر نوسین، خەریکی نوسینی چەن بابەتێکی تر بوو لەسەر (ناودارانی هەورامان، جافرسانی لهۆن، چیاو کەشەکانی هەورامان ...تاد). بەڵام بەداخەوە مەرگ بواری پیێنەداو کۆچی دوایی کردوو ئاواتەکانی بردە ژێر گڵ.

ئەمەش چەند نمونەیەك لەهۆنراوەکانی:

وەشی وەهاری

یاران چن وەشا، سەیرو وەهاری — پێسە بڵبڵاو، دلی گوڵزاری
تەماشا کەردەی، پاسار کوواوە — کۆنەزامەکێم، تازێ مەباوە
هەرجە دالآنی، تاوە ڕەنگینە — گولآن خێزیان، جەهزار وێنە
حەوشی پیە، لەهەڵوە لیانە — تەڕینە پەڕاو، مڵەوەردەی جوانە
وردە بەوردە، بەرەو (خاڵۆسان) — صەحرای شارەزوور، دیارە بەئاسان
خوایا چند وەشا، پاسەر کواوە — کاتێ وێرەگان، سێبەری بەیاوە
هانەو ڕەنگینی، گوزەرگاو یارا — چای دەم کەری، چەنی هام ڕایا
ژەرەژی وانا، واچا وەهارا — ساڵێ بەساڵێ بلۆ، خۆزگە بەپارا
خوایاکێ مەنۆ، ساڵێ تەر وەهار — ئەچی مەحاڵنە، پەیش کەرۆ هەوار
بوەو، (مێزە مێزەی) ئاکەشە گرتەن — سوجدەی شوکرانەم، پەی خوای بەردەن

خاڵۆسان: چیایەکی بەرزو دڵڕفێنە نزیك بەکانی ڕەنگینەیە.

مێزە مێزە: گیایەکی بەهارییەو گوڵی زەردی ورد ئەگرێ، کاتێ تێپەڕ ئەبێ بەسەریدا، ئەو بۆنە دەر ئەکات.

هامن

هامن ئاماوە، دیسان جەنۆوە — بلمێ سەیران، سەرچەمەو تۆوە
هاڕەو قەڵبەزەی، جەسەر تادامان — ماچی مروارین، بیەن بەپەخشان
شنەو دالآنیو، فێنکی چەمەی — شەماڵی بەردەن، پەی (مۆڵەگەلەی)

هەواو تاڤگەی، قەڵبەزەی بەسۆز
باخەوێرانەش، کەردەن تەپ و تۆز

جار جاریٚ مەدۆش، وەڕووی نازارا
جەقەوم و جەخوێش دەسەی ڕێبوارا

ڕاسەن، کەماچا، تۆ شانشینی
پەی گرد کەسێوە، هەوار نشینی

خوا بۆ حافیز، تاڤگەی جوانم
جە لوبنان وەشتەر، بەستەو حەیرانم

هانەو دالآنی

هانەو دالآنی، هانەو دالآنی
تۆ بنیات نیاو، چننە سالآنی

چن چەرخان چەرخی ، ئامیٚ وەڕوی‌کار
چن فەرمانڕەویٚ، لویٚ بەڕوی‌کار

چن نەهاکەسیٚ، خواناسیٚ خاسیٚ
ئامیٚ سەیرانت، کەردیشا باسیٚ

(صۆفی حەمەمین) و (حاجی حەمەجان)
کاک (شێخ ئەمین) و (بابا حەمە خان)

ئانیٚ شا کوانیٚ، لات کەرێنی هەوار
داپەڕ سەجاری، تۆ جەڕۆزگار

باڵداریٚ کۆنیٚ، سەیران کەرێنیٚ
جەهانەو تۆنە، ئاوی وەرێنیٚ

پوینەی وەش بۆ، گەزەنەی شاخان
سورە هەراڵەو، کەماولۆ پەخشان

ئیتر بەدۆعا، هانەو دالآنی
جەوەشی تۆوە، مەو پەی سەیرانی

* * *

سکاڵای دووری

ساراو کۆو کەمەر، من دابێمنەوەر
جەمەنزگای وێم بیادەربەدەر

شەرتەن تا سەحەر پام وەزنجیر بۆ
گشت ئان و ساتێم، پڕ جەزویر بۆ

مەسکەن، پەی دوریت، داخ جەدڵم بۆ
تامەودەی وەتەن، کەڵکەڵەی تۆم بۆ

زەڵم، تۆ ماواو، کەس و کار منی
تۆ ساحب مەردەو حازر سات منی

ستارەی مەحاڵ، هەورامان تۆنی
یاگی زانیاران، زانایان تۆنی

پەروەردگارا، هەق گۆم نەکەری
دۆعای غەریبیم چەنە وەرگیری

وەتەن وات، لالۆ، وەس دەربەدەری
باوەس بۆ زامی دەردی بیٚ بەری

وەس قبولٚ کەرە، غەریبی ماوا
بۆ ئاواکەرە، زەڵم، ئەحمەدئاوا

لابەرە جەدڵ، ویەردەی وەڵین
بەباڵات پۆشە، لیباسی سەنگین

بۆ ئاواکەرە، ماواو مەسکەنت
ڕازنەوە بەهەشت، خاکی وەتەنت

* * *

لە هۆنراوەی (بەرزەڵنگ) دا دەڵیٚ:

بەرزەڵنگ، بەرزا، جەدامانی کۆ
هامساش چنورا، چەنی کەماو لۆ

بەرزەڵنگ، جوانی، تۆ جەکویستان
مەگەر کەشەوان، بارۆت بەئاسان

بەرزەڵنگ، وەختیٚ بنجەت بەستەوە
ماچا، کۆپرا (جەبنارە کەوە)

بەرزەڵنگ، بوومت ئاما جەکۆوە داخی داخانەم، دوورنا جەتۆوە

لەکۆپلەی کۆتاییدا دەڵێ:

تاوەختێ، دیدەم وەلای تۆ شاد بۆ دەماخم وەبۆت، ساتێ ئارام بۆ

ئومێدەن، (مەحاڵ) هەر ئاوەدان بۆ هەردی و کەشەوان، هەر ئاوێزان بۆ

هەردی و کەشەوان وەختێ گێڵاوە بۆو بەرزەڵنگی مێ جەکۆڵشاوە

* * *

وەشا

وەشا (هەورامان)، وەشا (شاهۆ)و کۆ وەشا (کۆسالآن)، (عەوالآنی) تۆ

وەشا (سەرکەمەر)، شنەی چنورش وەرواوەی سەردە، لای (شارەزوور)ش

وەشا (دالآنی)، تووەی جەرێیوە (قولەی مسونە)، وەرکەمەرێیوە

وەشا (حاجیەڕا)، (کەل وەزەراوە) دنیا سەردش کەرد، کۆچی گێلآوە

وەشا (زەردی گڵ)، ڕاوو شکارش هەرچنە (سەیاد)، نەمەنەن دیارش

وەشا (سەردانی)، وەشا (ئاوێسەر) یاران بلاوە، پەی ڕاوو سەفەر

وەشا (تەخت)ەکەی، سانی دڵ فرێن هارەی وەرواوەش، مەکنیۆ جەرێز

وەشا سەدای کەو، سیاە چەمانە کاک (عوسمان) واچۆش، جەوێرەگانە

وەشا شەرە بەق، جە (هانەنەوە) (کەمالآ) و (کەماڵ)، ئەسونی پێوە.

لەڕاپەڕینی (١٣/٥/١٩٨٧) کەلەشاری هەڵەبجە کرا، چوار برای شاعیر، بەدەستی ڕژێم گیران و سەرنگوم کران، تا لەدوای ڕاپەڕین تەرمەکەیان لەشارەزوور دۆزرایەوە.. ئەویش لەوبارەیەوە هۆنراوەیەکی داناوەو لەکۆپلەی کۆتاییدا دەڵێ:

هەورێکی ڕەش ڕەنگ، دنیای داپۆشی چوار براکەمی، بەجارێ نۆشی

عومەرو عوسمان، سەرکەوت و سامان ماڵئاوایتان، بۆ کرد لەلامان؟

لەهۆنراوەی (ئەی بەهارەکەی خەزانی کوردستان) کەبەبۆنەی کیمیا بارانەکەی هەڵەبجەوە وتویەتی لەیەکێك لەکۆپلە شیعرەکانیدا دەڵێ:

...یاران بارگەو هەواریان پێچایەوە، لەکوێستانی مەسکەنم

ئاخۆ ڕێبواری کام ڕێ بن، واکۆچ ئەکەن لەوەتەنم

لەگەڵ شاباڵی فریشتە، وادایان لەشەقەی باڵ

لەپیرو پەک کەوتەی ژیان، لەساوایانی تازە ساڵ...

* * *

هاواری وەتەن

دەشتی گەرمیان، شاخی هەورامان — بەرزایی قەندیل، دیاری بەئاسان
قەڵای شێروانە، خاڵۆ ئەحمەد خان — بابە ئەردەڵان، میرەکەی سۆران
بادینان، بەدلیس، شاری موکریان — ئەگەر یەک بگرن، ئەژین بۆ خۆتان
کیٚ‌بیٚ بتوانیٚ، زەفەربا پیٚتان — تەفرەقەو تەرحیل بکاتۆ لیٚتان

*　　*　　*

حەسەن زەڵمی گەڵیٚ هۆنراوەی بۆ منالآن و لەسەر قوتابخانە داناوە، لەوانە:

مەکتەب و زەڵمی

ئانا ئاماوە، کات و مەکتەبی — نامیٚم بنویسدی جەپۆل و یەکی
تاتە گیان بەرەم، پەی لاومامۆسای — بافیٚرم کەرۆ، پیت و ئەلف و بای
جانتام پەی ساندیٚ، چەنی قەڵەما — بادڵم وەش بۆ، پیٚسەو ڕەفیقا
پاک و خاوێنم، کەردیٚ جەیانە — نەوەک تەعلیقم، بدانە دەگانە
عاقڵ نیشورە، کات و دەرس وانای — جوڵە مەکەرو، پەی ئیلاو ئەولای
فرە ڕیٚزدارا، یاساو مەکتەبی — چون فیٚربی چەنەش، عیلم و ئەدەبی
مەکتەب و زەڵمی، ئەوەڵ نازەکەم — چاگە فیٚر بیا، من ئەلف و باکەم

حەسەن زەڵمی شاعیر گەڵیٚ هۆنراوەی ئایینی و موناجاتی هەیە، لەوانە:

لیقاو خوای

وەسین ئی دنیا، نەیاوایمیٚ پیٚش — بارووە کەرمیٚ، وەرو بەرەو ویٚش
کردەوەکاما، کەرمیٚ بەکاریٚ — نماو طاعەتما، فرەبو جاریٚ
لابەرمیٚ جەدڵ، وەسوەسەی شەیتان پاکش کەرمیٚوە، بەنوری ئیمان
بەزایە نەشۆن، شەوو ڕۆ لامان — طاعەت و سونەت چەنی نزامان
نەک سەوای عاجز، پەشیمانی نما — جەماوای مەحشەر، پەری‌شانیما
لقای خواوەند، (جنة المأوى) — سیٚبەرەو عەرشی، صەحرای بیٚ‌ماوا
گرەو ئانەنە، ئاکەسیە بەردەن — ئی چوار سیفاتەش، مسۆگەر کەردەن
یارب بەخشیما، (حيّ لايموت) — پەروەردگاری (ملك و ملكوت)

زەڵمیی شاعیر لە هۆنراوەی (گوناهباری ویٚم)دا دەڵیٚ:

(گوناهم ویٚنەی، هەرەس گای زمسان — خاپورش کەردەن، مەنزڵگای ئیمان
تاوەو گوناهام، ئەمن چیش کەرون — مەگەر داواو ویٚم، پەی خوای بەرون
دڵم تۆز گرتەن، چوون شووشەی لەمپا — خەریکم کەردەن، بەکاری دونیا
قامەت چەمیاوە، کۆ چەرمە بیەن — ڕۆخسار، چرچ و سیاو،تەمەن لوول بیەن...)

كـاك حەسـەنی شـاعیر لـەو نامەیەیـدا كـەبۆ نوسـەری نوسـیوە، چـەند هۆنراوەیەكی تری تیایە، یەك دوو كۆپلەیان بلاْو دەكەینەوە:

لە هۆنراوەی (قاژە – سیاوا)دا دەڵێ:

(قاژە سیاوا، سەر باڵشا ڕەشتەن
قاوو قیژشانە، ملان پەی وەتەن
وەتەنی ئازیز، تازە سەرپەڵە
ئامادەش كەردەن تۆمە چەرمەكە
قاژە سیاوان، گرد ڕێزشا بەستەن
ماچی وەیوەشا، پەی (سانی) بەردەن
قاوو قیژكەران، چكۆ نیشاوە
یان جە تەپۆلە، یان وشكەناوە
ئینە نیشانەی وەرزی پایزەن
پەوكای پی جۆرە، وەختی ئامێزەن...)

لەهۆنراوەی (مێزەرەو هەورامانی) دا دەڵێ:

(هەورامان بەستش، مێزەرەی وەروین
سەرش تەمەنەو، دامانش غەمگین...

لەكۆتایشدا دەڵێ:

... بدیە سەرچەمە، ڕۆخانەش كەردەن
باخی ئاوێسەر، چرۆش نەكەردەن
پیری هەورامان، مێزەرەش چەرمەن
(كۆسەی هەجیج)اش بەیادی كەردەن

دوای ئەوەی ئەم پەڕاوەم نووسی، خـەریكی كۆمپیوتـەر كردنـی بووم، ئـەم شـاعیرەمان جەڵـدەی دەمـاغ لێیداو، دوای چـەند ڕۆژێـك كۆچـی دوایـی كـرد، كەئەویش بـەرواری (٢٠٠٣/٣/٢٨) وە لـەگردی سـەیوان بـەخاك سـپێردرا، هـەزار ڕەحمەت لەگۆڕی.

کەلسومی عوسمان پور[٣٧]

کەلسومی عوسمان پور، لەساڵی (١٩٦٨ز) لەگوندی ڕەزاوی بناری چیای کۆسالآن دا، لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیو ئامادەیی لەشاری مەریوان تەواو کردووە. پاشان بۆ تەواو کردنی خوێندن چووەتە زانکۆی سنەو لیسانسی لەئەدەبیاتی فارسی وەرگرتووە.

کەلسوم خانم مامۆستای ئامادەییە لەشاری سنەو بەردەوامە لەسەر ئەو کارەی، لەپاڵ ئەوەشدا لەساڵی (١٩٨٧ز)ەوە نوسەرو بێژەری بەرنامەکانی ڕادیۆی سنەیە، کەتایبەت بوون بە بەرنامەکانی ناوچەی هەورامان، ئێستاش لەڕادیۆی سنە بەرنامەیەکی هەورامی هەیە لەگەڵ بەڕێز مامۆستا میرزای هەورامی دەیبەن بەڕێوە.

کەلسوم خانم چۆن چووەتە ناو گوڵزاری شیعرەوە .. خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێ: باوکم زۆر هاندەرم بووە، مەدرەسەیەکی باش بوو بۆم بەخاتر دەنگ خۆشی زوربەی شیعرەکانی مەولەوی و هێدی و بێسارانی بەلەبەر بوو[٣٨] بەئاوازێکی خۆش بۆمی دەخوێندەوەو سەرەڕای ئەوەش شمشاڵێکی خۆشی ئەژەند... ئێمە گشت بەیانی‌یەك بەئاوازی شمشاڵ و صەدای خۆشی شیعرە عیرفانی‌یەکانی مەولەوی و ئەوان بەدەنگی باوکم خەبەرمان دەبوویەوە، ئەمانە گشتیان بوونە باعیث کەدونیای شیعر، دونیای ئیحساس و خەیاڵ و پڕ لەئەمنیەت و ئارامش ببێتە پەناهگایەك بۆ من، وەببێتە تان و پۆی ئیحساس و عاتیفەیەك لەوجودی منا... یەکەم شیعریشم کەلەڕۆژنامەکان چاپ بووە، مەسنەوێکی فارسی بوو لەڕۆژنامەیەکی کرماشانا بلأو بوویەوە بەناوی (باختەر) لەوێ دەعوەت کرابووین بۆ (ڕۆژی دانشجو) من ئەو شیعرەم لەوێ خوێندەوەو دوایی ئیستقبالێکی باشیان لێ‌کردم.)

بەهەر حاڵ کەلسوم خانم نوسەرو بێژەرو شاعیرە، هۆنراوەی فارسی و سۆرانی و هەورامی هەیە لەهۆنراوەشدا خاوەنی ڕێڕەوی هونەری خۆیەتی.

ئەمەش نمونەیەکە لەگوڵزاری شیعرەکانی:

ئێزگەیەک لەڕۆژئاواوە
یەکێ لەڕۆژهەڵاتەوە
فیلمێکی ئەڵماس گۆنایان خستەسەر
چوارو سێو دوو یەک
شەوێکی چڕ.. ژانێکی قورس
ژنێکی پەلکە شۆڕی کورد
هەزار ساڵە
بێزوو بەخاک و خۆر دەکا
بێزو بەکانیاوو بەبەرد
نۆسەد ساڵ و نۆ سەد ڕۆژو
نۆسەد چرکە
شەوێکە چ ژانێکە
ئەستێرەکان سەرلێشێواو
ژنە بەژان و ژۆرەوە
هاوار ئەکا
دەستم بگرن
لەژێر دارخورماکەی (مریم)
نا .. نا.. لەژێر
دار بەڕوی کێوێکی ڕووت
لەسێبەری ئەشکەوتێ ئۆقرە ئەگرم
دەستم بگرن چوار ژنی ئازاو زیرەک
بەژن ڕێکو، هەوری لەمل
گورج و گۆڵ و بەدەستی پڕ
هەریەک لەسوچیماڵەوە
(عەمبەر خاتوون)
(مەستورە) بەسێوێکی سورەوە
(خەرامان) و (خاتو خۆرشید)

چرا تۆڕی پڕ لەپەپولەی
شارەزوور
(خەرامان) شەربەتی شیعری گۆران
دێنێ
(مەستورە)
بەپشتوێنەکەی (شێخ مەحمود)ی
نەمرەوە
(خاتو خۆرشید)
(قانع) لەئاخرین ماڵەکەی ژیانی بانگ
ئەکا
کازیوەیە.. شریخەیە.. گرمەی هەورێ
دەلاقەیەک کرایەوە
باران مزگێنی دێنێ
بۆنی گەرمیان و کوێستان و
چنورو مێخەکە.. (هێمن) بەدەنگێ
نەرمەوە
بانگی ئەکا
ئاوی بنێن لە(هەمبانە بۆرینە)ی
مامۆستا (هەژار) بۆی بنووسن
ئەستێرەیەک ئێسک سووکە
کوڕەزایەکی ئاویەرە
نەئەکەوێ و نەئەخەوێ
لەهۆزەکەی ئاسنگەرە.

* * *

خەمت بیەن بەعادەتم

خەمت بیەن بەعادەتم
پێسە دڵداری باغچەو وەردەگای
سەوزی سەیرە ژانەکەی
بەرزی بەنای
قلیشەو ڕەسی مانیای

خەمت بیەن بەعادەتم
پێسە مشمەری خەرمان و خانەکا
نان و چینەی شوانەکا
کۆڵە گیواو گیلاخەو کناچەکا
خەمت بیەن بەعادەتم
پیسە شەوەو درێژو گردو شاعێرا
پیسە مەناریٚ مزگیا
پێسە دیای پێسە لوای
پێسە تەبەڕوکی یانەکەو خوای
خەمت بیەن بەعادەتم
پیسەو حاج کوری گردو بیٚخەما
ئەگەر فرەن و یاکەما
خەمت بیەن بەعادەتم
* * *

بۆ یانەما

ئازیزەکەم بۆ یانەما
ویٚمانە مەو پیرایی تۆ
بۆ یانەما
یاسیو یانەکەیم وەنە
نەك ئاوەدانیم تۆریۆ
باخەڵێت پەرێنیٚ گەزۆ
فەرەنجیو پووزەوانەکەت
بوەو باوەخونی مژۆ
وەشڵەی بەمن
وەشڵەی پا دەرو بانیما
واتە نشامەی پەی یانەیما
ئازیزەکەم بۆ یانەما

کەوکەب هەورامانی[39]

کەوکەب خانم کچی میرزا غەفوری کوێخا مستەفایەو، لەهۆزی سمێڵ- بیارەیین. لەساڵی (١٩٣٨ز) لەبیارە لەدایك بووە، هەر لەوێ قوتابخانەی سەرەتایی تەواو کردووە.

کەوکەب خان هاوسەری مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی‌یە، لەدوای ڕاپەڕینەوە، بەرەو ئێران هاتون و، چونەتە هەندەران و ئێستا دانیشتوی سویسرەن، بەڵام جارجارە سەردانی کوردستان دەکەنەوەو، لەساڵی (١٩٩٨)دا چووە بۆ سەفەری حەج.

حاجی کەوکەب، ئافرەتێکی عاقڵ و داناو ژیرەو، خوێندەوارێکی باشەو خاوەنی چوار دیوانە شیعرە، بەناوی: (خانمەکەی بیارەو تەوێڵە، شاخی هەورامان، نەخشەی کوردستان، عەشقی خودایی)، هەروەها دەستی چیرۆکیشی هەیە.. لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا زۆرێك لەهۆنراوەکانی بلاْوکراونەتەوە.

(... کەوکەب هەورامانی شاعیر خاوەنی هەستێکی بزوێنەری ڕەسەنەو هەر لەزووەوە بەشیعرەکانی جێ‌ی تایبەتی خۆی لەخانەی سەربڵندو ئەدەبی نیشتمانی کوردستاندا کردۆتەوەو لەگشت قۆناغەکانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان کۆڵی نەداوەو نەترسانە هاوبەشی کردووە...)

شیعرەکانی خوشکە کەوکەب بەزمانێکی سوك و ئاسان داڕێژراوەو بەسەردەم و زمانی گەورەو گچکەوە ڕەوان دێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی سەرجەم بۆو بەرامەکەی خاکی پیرۆزو نازداری هەورامانی لێ دێت.. دڵپاکی و هەست خاوێنی خەڵکە بێ‌وەیەکەی دەردەخات و ڕەنگدانەوەی جۆرو چۆنیەتی دێرینی شارستانیەتی ناوچەکە دەداتەوە..)

شیعرەکانی بەسۆرانی‌و هەورامی نوسیونی، ئەمەش چەند نمونەیەك لەهۆنراوەکانی:

ئەمە چەند شیعرێکن لەدیوانی (خانمەکەی بیارەو تەوێڵە)دان. لەپێشەکی (خانمەکەی بیارەو تەوێڵە)دا ل ٣، دەڵێ:

پێشکەش بەچەمی بیارە | بەردەکەی کەمەر سەلارە
بەگۆڕستانی ملەی چنار | بەخاڵ خاڵی کیۆو نسار

*　*　*

لەکۆپلەی یەکەمی (نیشتمانم خۆش ئەوێ)دا ل(٥-٩)دا دەڵێ:

تاهێزو عەزمم نەنەوێ | تا ئێشی سەرم نەسرەوێ
تا دڵ لەلێدان نەکەوێ | من نیشتمانم خۆش ئەوێ
خۆشم ئەوێ، بەهاوینا | لەوەختی میوەی شیرینا
لەوەختی تریۆ هەنجیرا | لەوەختی ماست و پەنیرا

لەکۆپلەیەکی تردا دەڵێ:

...خۆشم ئەوێ بەپاییزا | بەدڵی خۆش لەگەڵ ئازیزا
لەوەختی تەکاندنی گوێزا | یا لەوەختی گەڵا ڕێزا...

پاشان دەڵێ:

خۆشم ئەوێ بەزستانا | لەوەختی بەفرو بارانا
دەرودەشت ڕەنگی گۆڕاوە | بەتارای سپی داپۆشراوە...

لەکۆپلەی کۆتاییدا دەڵێ:

خۆشم ئەوێ بەبەهارا | لەوەختی گوڵ و گوڵزارا
زەردو سور ئەو دەرو دەشتە | هەر ئەڵێی پارچەی بەهەشتە
لەجوانیا هاوتای نی‌یە | ئەوە کردەوەی ئیلاهیە
خوایە بیهێڵی تامردن | نەی خەیتە ژێر دەستی دوژمن)

*　*　*

خانمەکەی بیارەو تەوێڵە

لەخەو هەڵسا خانمەکەی بیارەو تەوێڵە | خەواڵووە بەشوێن ڕۆڵەکانیا وێڵە
هاواری کرد ماڵ وێرانم | کوا وڵاتەکەی جارانم؟
ئەم وڵاتە بۆ سووتاوە؟ | چۆڵ و هۆڵ بەجێ ماوە؟
کەس نی‌یە نزیک بێتۆ لێم | گریانی ساوا دێتە گوێم
بۆنی سوتاوی بێشکەیە | بۆ کرۆزو برێشکەیە
ئەو ناڵە ئەزریکێنێ | کەس نی‌یە دەری بێنێ؟
هەڵمەتم دا بەرەو هەوراز | هاتە گوێم دەنگێکی ناساز

وتی مەڕۆ دەری مەهێنە
باسوتێ وازی لێ بێنە
ئەومناڵە بەجێ ماوە!
کەس و کاری گشت سوتاوە!
بابسوتێ بۆ بمێنێ؟
کەس نی‌یە بیژێنێ
نا-نا-نا- دەری ئەهێنم
جگەری خۆمە خۆم ئەیژێنم
هەڵمەتم دا دەرم هێنا
لەباوەشی خۆمم دانا
بەشیری خۆم گۆشم کرد
بەلایلایە خامۆشم کرد
کەتێری خوارد ئێشی سرەوت
خستمە سەر ئەرز خەوی لێ‌کەوت
هاوارم کرد لەخانمەکەی شنروێ
بەسە ئیتر تاکەی ئەنوێ
ئەمە حەوت ساڵی تەواوە
بەبۆنی غاز خامۆش کراوە
لەخەوا بووم چرا هەڵکرا
بوک بۆ زاوا ئەبرا
هەر لەو ڕۆژە خۆشەدا
زاوای فەقیر شەهید کرا
تارای سەر بوکی جوان
بەخوێنی ئاڵ نەقش کرا
فرمێسک هەروەکو مرواری
لەسەر کوڵمی دەزگیرانە
نامە بۆ یاری ئەنوسێ
یاری ئەسیری ئێرانە
هاتمەوە لای کۆرپەی نازدار
ویستم بیکەم خەبەردار
سەیرم کرد لەخەو هەڵساوە
چاوی گەشی هەڵهێناوە
هەرچوار دەوری گوڵ وگوڵزار
خەیمەی داوە
وتم هەڵسە ڕۆڵە گیان
چاوەڕێی تۆیە نیشتمان
هەڵسایەوە وەک قارەمان
کلاشینکۆفی کردەشان
وتی خۆشیم لێ حەرام بێ
تا ڕزگار نەبێ نیشتمان.

ل (٢٥-٢٨)

بۆ ڕۆڵە جگەر گۆشەکانم

بۆ ڕۆڵە جگەر گۆشەکانم
بۆ ئارامی ڕۆح و گیانم
بۆ ڕوناکی هەردوو چاوم
لەبەر ئەوانە ژیاوم
یەکەم: عادل و فازلن
بڕبڕەی پشت و هێزی دڵن
ئەمانە جێی نازمن
هۆی خەیاڵ و ڕازمن
دووەم: نادیەو شنە
خۆشەویستیان وەک بەحرێکی بێ بنە
زۆر بەپەرۆش بەسۆزن
بۆ من گەلێ دڵسۆزن
سێهەم: شوان و کوێستانن
ئارامی دڵ و ڕۆح و گیانن
چوارەم: هەورامان تاکە
بەلام لاوێکی بێ باکە

زۆر بەبیرو هەستە گەلیٚ نیشتمان پەرستە
خوایە لێمان نەسێنی پێمان ڕەوا ببینی
داوا ئەکەم لەیەزدان ببن بەگولٚ بۆ نیشتمان

ل (٤١-٤٢)

هەرکەسیٚ شێت بۆ

هەرکەسیٚ شێت بۆ بەراش وەسەر پیر من شێتەو تۆنا بەکێم کەرا ژیر؟
کیٚ هەن پێسە تۆ من شێتەکەرۆ عەقلٚ و شعورم بەجاریٚ بەرۆ؟
یەگجار شێتەبییا کەوتا کەش و کۆ حۆل حۆلیٚ گێلٚو من پەی بالاٚو تۆ
بەلاٚم دیار نەبی شێوەی شیرینت قەدو قامەت و بالاٚو سەنگینت
ئننە گیلاٚنی بەهەردانەوە تۆکو پایم لوا بەبەردانەوە
پەنام بەرد وەلای شەوبۆو چنور لۆ بەش زانا خەبەر شۆنو یاگەی تۆ
کەسە نەزانا نام و نیشانت جەکام دیارا ماواو مەکانت
هەرکەس من وینیٚ پەیم کەریٚ زاری واریٚ جەدیدەش ئەسرین مرواری
لۆمەشا کەردا کەی ئاندە مێژی؟ پیسە کەبابی تۆ من برێژی
چەیاریٚ مێژۆوێت پەیش شێت کەری؟ لاگرد کەسێوە حەیاو وێت بەری؟
جوابم دێوە بەدڵێوە تەنگ! هەناسەی سەردم کۆ کەریٚ وەسەنگ
واتم یارۆ من بیٚ وەفانیا بەس سەرگەردانا جەسەرڕووی دنیا
من پەی یارێوە شێتە بیێنا جەیەکەم ڕۆوە پادێو ژیێنا
بەهەر چوار پەل پۆشۆ بەسیێنا بەبۆنەو ئادیۆ من بەرکریێنا.

ل(٤٣-٤٥)

ئەمەش چەند نمونەیەك لەشیعری دیوانی (نەخشەی کوردستان) سەرەتا ئەم نامیلکەیە پێشکەش دەکا بە:

پێشکەشە بەو منالە ئاوارانە لەژێر ئەو دەوارانە
لەبەر بەفرو زوقمی زستان ئەکلۆزێنەوە تابەیان
برسیانە، سەرمایانە ئەگرین بۆ شیر ئەگرین بۆ نان

* * *

نەخشەی کوردستان .. ل(٥-٦)

ڕۆژ هەینیە.. دەزگاو قوتابخانە نیە..
پەرتوک بلاٚوکراوەتەوە نەخشەی جیهان هەڵدراوەتەوە
منالاٚن سەیری ئەکەن یەکە یەکە پەنجەی بۆ ئەبەن

لەپڕ یەکێ لەمناڵەکان هاواری کرد دایکە گیان
ئەی کوانێ نەخشەی کوردستان؟
بەم پرسیارە سەرم سوڕما حەپەسام و واقم وڕما؟
چۆن وەڵامی بدەمەوە بەچ شتێ بیری بەرمەوە؟
هەم خەیاڵی بردەوە دوبارەی کردەوە
دایکە گیان: نابینم نەخشەی کوردستان
وتم ئەم پرسیارە چیە؟ کوردستان نەخشەی نیە
ئەی بۆ ئەڵێی شێری بێشەڵانین؟ پەروەردە کراوی کوردستانین
ڕۆڵە کوردستان بێ دەسە وەک هەتیوێکی بێ کەسە
پارچە پارچە کراوە بەسەر وڵاتانا بەش کراوە
پارچەی عێراق پارچەی سوریا پارچەی ئێران پارچەی تورکیا
وڵاتێ کەمافی نەبێ چۆن ئەبێ نەخشەی هەبێ؟
وەڵامم ئەدایەوە بەزار فرمێسک هۆن هۆن ئەهاتە خوار
کەدی من زۆر پەرێشانم داخ لەدڵی نیشتمانم
وتی مەگری دایکە گیان کەگەورە بووم ئەکێشم نەخشەی کوردستان

لەسەرەتای شیعری (ناڵەی قەبر)دا ل (٧)، دەڵێ:

(ناڵە ناڵێ دێ لەو قەبرسانە ناڵەی پیر نی‌یە ناڵەی جوانە
ناڵەی دەربەدەر لەنیشتمانە ناڵەی شەهیدی ڕێی کوردستانە...)

لەزۆر هۆنراوەی دا داوا لەکورد دەکات کەیەکگرن و یەکگرتووبن، بۆ نمونە لەکۆپلەی کۆتایی هۆنراوەی (سلاو)دا، ل(١٧)، دەڵێ:

(... هاوار ئەکا دایکی وەتەن پەردەی زوڵمی لەسەر لابەن
بەیەک گرتنی هەمووتان دوژمن تەفو توون کەن)

لەهۆنراوەی (بەرەی یەکگرتووو) دا ل(٩)، دەڵێ:

(بەرەی یەکگرتوو ئاواتمانە ڕێی یەکگرتو خەباتمانە
بەیەک گرتنی گشت پێشمەرگەکان ڕزگاری ئەبێ کوردو کوردستان..)

لەهۆنراوەی (سبەینێ)دا ل(٢٧)، دەڵێ:

(... ڕەوڕەوەی مێژوو ئەڕوات ئەمان گەیێنێ بەئاوات
بەیەک گرتن و خەبات لەزوڵم ئەبین نەجات..)

لەکۆپلەیەکی هۆنراوەی (شەهیدەنا) ل (٣٢)، دەڵێ:

گەر جەڕاو تۆنە نەکوشیەو کەی بەشەهید نامێم بریۆ؟

گەر ونیٚ پەی تۆ نەمجیۆ کەی بەونی حسێب کریۆ؟
شەهید کریانیٚ سەرەیچم بڕیا لاشەکەیچم پاسە فرە دریا...

خۆشم ئەویٚ ... ل(٥٠):

خۆشم ئەوێی وەک خۆشەویستی پەپولەو گوڵ
خۆشم ئەوێی وەک بولبولی عاشقی سەرچڵ
هەروەک باران بۆ ئەرزو گڵ
وەک پەیامی بەینی دوو دڵ

خۆشەویستیت بو بەچرا، ڕوناکی کردەوە بەرچاوم
خۆشەویستیت بو بەدەوا، ژیانیەوە هێزو هەناوم
خۆشم ئەویٚ، هەتا هەتایە
هەتا دڵۆپیٚ خوێنم تیایە
خۆشم ئەوێی خۆشم ئەوێی

شەیدا هەورامی[٤٠]

ناوی (نگین محیەدین مستەفا عەلی)یە، نازناوی شەیدا هەورامی‌یەو لە (١٩٧٩/٣/٦) لەناحیەی بیارە لەدایك بووە، تاوەکو پۆلی سێهەمی ناوەندی خوێندوەو ئێستا لەسلێمانی نیشتەجیٚیە.

شەیداخان گەلیٚ هۆنراوەی بەهەورامی و سۆرانی هەیە، ئەمەش چەند نمونەیەك لەهۆنراوەکانی:

مەڕوانن لەڕوخسار سیمای
پێکەنین و خەندانم
بەخوا لەناخدا وێنەی ئاسەوار
کۆن و داڕوخاوو وێرانم!!!

* * *

لەسەرەتای هۆنراوەی (دایە گیان)دا دەڵیٚ:

ئەی دایە گیان ...
لەو ڕۆژەی لەتۆ دوورم
مەلی سۆزم خامۆشە!...
چرای ژینم کز ئەسوتیٚو

بۆ دیدەی تۆ پەرۆشە!..)

لەکۆتایی هۆنراوەی (تێکۆشان)دا دەڵێ:

(...دەبا هەموو تێکۆشین

بۆ بەرزی ئەم پەیامە..

خۆاست و ئامانجمان بێ

سەرکەوتنی ئەم ئیسلامە!!)

لەکۆپلەی کۆتایی (سۆزێك بۆ شەهیدان)دا دەڵێ:

(.. گەرچی باڵاتان لێمان دوورە

بەڵام لەبەر چاومانە

هەردەم سیماتان!..

دڵنیابن ... دڵنیا..

ئێمەی ڕێچکە گرتووی خەباتتان

هەرگیز لەیادمان ناچێ..

شەپۆلی دەریای خوێنی ئاڵتان!!.)

لەهۆنراوەی (نامەی دووری)دا دەڵێ:

(بۆ جێت هێشتم بەیەکجاری

سەفەرت کرد

ئەی بابە گیان؟!

ڕووت لەوڵاتی غەریبی کرد

منت خستە باوەش

گریان..)

لەکۆپلەی کۆتاییشدا دەڵێ:

ئیتر کێ وەکو جاران

ئامێزی سۆزیم

بۆ بکاتەوە!..

تنۆکی ئەشکم بسڕێ

گوڵی ڕوخسارم

گەش کاتەوە!..)

خۆزگەیەك

سەد خۆزگە بەچرکەکانی
کاژمێری سالآنی ڕابردوو!..
چون هەموو ڕۆژێ
دیدەم بەڕوخسارتان
شاد ئەبوو!!..
ئێستەش لەتاوو
خەمی دووری و ئێش و ئازار..
ساتێ ئارامی نی‌یە..
دڵەی پەشێوو بێ قەرار!!..

عەشقی پەیام

ئەی سەروەرم!
کەئاشنا بووم بەپەیامەکەت
دڵ ئارام و ڕوون بویەوە!
ڕوخسارم وێنەی
گوڵی پاییز
بەگرتنی ڕێبازەکەت گەشایەوە..
خەرمانی دڵ
چی گوناهو تاوانی تێدابوو
شەن کراو ڕەوایەوە!
دڵ دەروازەی والآکرد
ڕووی کردە پەروەردگار
بەڵێنی پێ دایەوە
تا چرکەیەک هەناسەو
دڵۆپێک خوێن لەم ڕۆح و
جەستەیەدا مابێ
پەیمانەو دەیدەم
شەرت بێ ئەم دڵە پەروانەی
دەوری (کعبة اللّٰه) بێ..

تاسەیەك

لەو ڕۆژەوەی
کەبەجێم هێشتووی
هەڵەبجە ئەی شارەکەم!
بووەتە لانەی
خەم و ئازارت
دڵە نازدارەکەم!
خۆ من نەمدەزانی
هێندە بەتینە
گڕی دووری تۆ
وەک گڕکان
بەر ئەبێتە گیانم و
دڵم ئەکات بەپشکۆ
دوریت وەک پاییز
ڕەوی کردووە
بەبەهاری ژینم
واداری تەمەن
گەڵای وەری
مەرگ بەچاو ئەبینم
لەدوریتا
دڵ گڕی سەندووە
وەک پشکۆ ئەنوێنێ
لاشەم کورە ئاسا
بەشێنەیی
گیانم ئەسوتێنێ
ئاخۆ کێ بێ؟
وەک من بگرێ بەرگەی
ئەم ژانە سەختە
ڕۆحی نەبێتە ژیلەمۆو
نەسوتێنێ هەموو جەستە!!..

حەسرەت

ئەو دەمانەی کەئاشنات بووم
وام ئەزانی بەهاریت و
ڕەو بەپاییزی خەمم ئەکەی
وام ئەزانی نوریت و
لەدەیجوری خەڵوەتا
چرای عەشقم هەڵئەکەی
بەڵام گیانە!!
نەم زانی هەرەسیت
خانەقای سۆزم وێران ئەکەی
چەشنی دیوانەی وێڵ..
ئەم دڵە مەحزونەم
بێلانەو ماڵ ئەکەی..

وەهاری زیندەگی

ئامانێ هەوار، کەدییم وێنای تۆ	ئاردش زیندەگی، عەین وەهار جەنۆ
تەریوناش خەمی، مەحزونی پاییز	گوشادش کەردۆ، دڵەی مات و زیز
* * *
کەدیەم دیەی، گوڵ ڕەنگی تۆش دی	جەبارشی خەمم، شادی ئەدێ دێ
سەوزش کەردقامەت، چون سەوزی وەهار	سەراسەر دڵش، کەرد نەخشی گوڵزار
* * *
کەچەمانی گوڵ، ئامێ یانەی دڵ	بولبولی عەشق، کەردش چلاوچڵ
پەی مەسروری دڵ، هێلانەش سازکەرد	چون شێخی سەنعان،بەندی ئەوین کەرد
* * *
هامن تا زمسان، پاییز تا وەهار	هەردەم ناڵنێنە، یەعقوبی چەم تار
کارش گریە بێ، پەی گوڵی باخان	تاجەلای یوسف، پەیش ئاما دەرمان
* * *
کەبۆی یوسفی، داش نەتۆی دەماغ	ساکنش کەرد دمرد،سرەوت ئاخ و داخ
ئاما نیشت جەدڵ، هەر پێسە پەری	دیدەش کەرد ڕۆشن، بەبۆی عەنبەری

تاسەو هیجرانی

چاڕووْن کەمن، نەدیەنم شێوەت بەکاڵاْ بڕیان، وەباڵاْم مەینەت
خۆراکم خەمەن، هەوارم خەڵوەت پەی هیجران و تۆ، داییمەن حەسرەت
* * *
سارەحمیْ کەرە، حاڵم شێویان تاسەتش کەردەن، دڵ وەنەم دێویان
مەسکەنم چۆڵاْ، ماوام خامۆشەن دەردی هیجرانت، قەدەر پێم نۆشان
* * *
بەش بارۆ شەماڵ، بۆی هەناسەکەت چون داد مەدۆنە، وانای نامەکەت
با کەرۆ سارێژ، سەختی زامانم دەواش نیا دەردم، کۆنی دەرمانم
* * *
چون پەشێوەن دڵ، ناڵە ناڵشەن پەی دیمانەی گوڵ، هەرهاوارشەن
ئۆقرەش بڕیان، ساتیْ مەسرەوۆ دنیاش پەوکای دی، جەخەم نەبڕیۆ
* * *
چا ڕووْن کەگوڵ، جەچەم نادیارا گوڵ و گوڵستان، جەلاو من خارا
نەعەقڵ و نەهۆش، نەفام نەمەنەن هەریۆ پەی یاگیْ، سەرەش هۆرگیرتەن
* * *
جاسینەچون دەف،دڵ چون نەی ناڵۆ هەرپێسەو نالی، جەهیجران و تۆ
پەی باڵاْی گوڵ، ئارامش نیەن چون ئاڵاْ (شەیدا)، بەگوڵ شەیدا بیەن!!

ڕازەو حەسرەتی

ڕویْ ڕام کەوتە، باخی گوڵستان دییانیْ چەما، گوڵی چەم مەستان
دڵ و سینەی گوڵ، بیەن جێژوان ئاوردش سەفا، بەرش کەرد خەمان
* * *
واتم ئێساڵ من، ساڵم وەهارەن ماوام گوڵستان، دوور خەم و خارەن
گوشادا دایم، ئاوان هەوارم مەکێشۆ خەڵوەی، پارو پێرارم
* * *
واتم ملۆ خەم، بار کەرۆ جەدڵ چنونە شیعریْ، وەسەراپای گوڵ
خەڵوە مشورە، هەڵسی مەوارا ماوام مەسکەنم، گوڵ و گوڵزارا
* * *
پاییز ملۆنە، خەزان مەمەنۆ ساڵەم سۆزەنە، وەهار نشین بۆ

تاسەرە منیەو، وژێر خاک و گڵ　　مەزارم بۆنە، دڵ و سینەی گوڵ

*　*　*

وەلێ نەزانام، قەدەر کارش کەرد　　بەئەژناسیەیما،خاس مەسخەرەش کەرد
بەرش کەرد وەهار، ئاوردشۆ پاییز　　کەردش خەمخانە، نشینگای ئازیز

*　*　*

بی شەماڵ بەردە، ڕەنجو خەرمانیم　　پیری ئارایشت، ڕەمناشۆ گەنجیم
سفرەش ڕازناوە، پەی خوان و خەمی　　بڕیش وەبالا، کالاو ماتەمی

*　*　*

هەوارش کەردۆ، دڕیۆ خارو خەم　　ئاهو حەسرەت و،ناڵەش کەردێ جەم
کاروانش وست ڕا، جاپەیڕای هیجران　　داخی هیجرانش، کەرد تۆشەی کاروان

*　*　*

کەلات کەردم گەشت،پاسەم نەوات من　　هەر خارو خەم بۆ، سینەت گوڵ پەی من
پەوکاتی شەیدابی، بەشەیدای گوڵ　　ترنەبۆ خەزنەی، ناڵەو حەسرەت دڵ

*　*　*

شەیداخان گەلێك هۆنراوەشی بۆ منالآن نوسیوە، وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

لەکۆپلەی کۆتایی (منم شەیدای قورئان)دا دەڵێ:

(...لەم ڕێگەیە لانادەم　　فێری کرداری چاکەم
دەرون پڕ لەئیمانم　　منم شەیدای قورئانم)

لەسەرەتای هۆنراوەی (جەژنی منالآن)دا دەڵێ:

(ئەوا جەژنە.. جەژنی منالآنە　　سەراپا شادیە، لەم کوردستانە
دەی وەرن خێرا، ساکەین ئاهەنگێ　　کالا بپۆشین، لەهەموو ڕەنگێ...)

لەهۆنراوەی (بۆ قوتابخانە)دا دەڵێ:

(بەخێر بێیتەوە، یاخواساڵی نوێ　　بۆ پۆلی تازە.. ئەمانخاتە ڕێ
منالآن دەبا، هەموو خێراکەین　　ڕوو لەدەروازەی، قوتابخانەکەین
چونکە وادەرگای، کەوتۆتە سەرپشت　　بەرەو ڕووی دەچن، لەوردو درشت...)

ئێمەی گوڵ خونچە

ئێمە کەرۆڵەی ئەم خاک و خۆڵەین وەک گوڵ و خونچەی ئەم دەشت و دۆڵەین
پێویستە کەوا ئاسودە بژین دوربین لەخەم و رق و کینەی ژین
سپێدە ئاسا ڕوون و دڵپاکین هەروەک پەپولە عەشقی گوڵباخین
لەباڵ ئەدەین و ئەفرین چلاوچڵ قەت ناژاکێنین سیمای جوانی گوڵ
خەندەو پێکەنین شوعلەی لێومانە هەمیشە شادی لامان میوانە
چرای شادمانی دلان هەڵ ئەکەین ڕەو بەزوڵمەتی شەوی خەم ئەکەین
لەماڵ و مەکتەب کۆتری ئاشتین بۆ گەل و وڵات هێمای ئازادین
شکۆفەی داری خەم ئەوەرێنین نەسیمین خونچەی لێو ئەپشکوێنین
چون ژیانی ئێمە ژیانێکی تاکە چەشنی ئاوێنە بێگەردو پاکە
هەنگ ئاسا ئەمژین لێوی خونچەوگوڵ نەشئە ئەبەخشین بەگیان و بەدڵ
جائێمەی منال هەنگ و پەپولەین عەشقی ئەم باخە پڕخونچەو گوڵەین
دڵمان ڕوناکە وەک خۆری بەیان دەرونمان پاکە وەک نمەی باران
ئێمە چرای هیواین بۆ بابەو دایە بەرهەمی ژینیان نادەین بەزایە
نابینە ئازار بۆ پەڕەی دڵیان نابینە زریان بۆ گوڵی ژینیان
چرۆی بەهارین بۆ خەندەی لێوان وەک تیشکی ئاسۆین بۆ بەری بەیان
هاتوین بڕوخێنین قەلای خەمباری تابینا بکەین کۆشکی بەختیاری
نێرگزەجاڕی وەرزی بەهارین
ئاوازی قاسپەی کەوی نسارین

* * *

ئەم وێنەیە لەساڵی ١٩٣٥ لەماڵی جەعفەر سوڵتان گیراوە لەکەرکوك کەسەکانیش ئەمانەن لەراستەوە بۆ چەپ:

دانیشتووەکان: حسێن بەگی رۆستەم سان، عەبدولغەفور بەگی جافرسان، جافرسان کوڕی محەمەد سەعید سان، حەمەئەمین سان جافرسان، محەمەد تەقی بەگی جافرسان.

ئەوانەی پشتەوە بە پێوە وەستاون:

ئەحمەدی کەریم ئەوسودی، ئەنوەری مستەفا بەگ (سالار)، کەیخەسرەوی حەمەڕەزابەگ، ئەمین ئەحمەد بەگ، مەجید مەحمود بەگی بلباسی، محەمەد حەمەخان بەگ، مەجیدی غەفار بەگ، عیززەت عەبدوالله خانی دزلی، تۆفیق ئەحمەد بەگ، میرزا حەمەصاڵح مەلا عەلی ئەوسود، حەمەڕەزابەگ جافرسان، صاڵح ... ئەوسودی، شێخ جەعفەر، مەنصور بەگ جافرسان، مەحمود گریانەیی.

قەبرسانەکەی
عەبابەیلێ
٢٠٠٣/٢/٢٨
جافرسان و سەعدی
بەگی قادر بەگ
لێرە نێژراون

نەوسود
لەلای
ڕۆژئاواوە
گیراوە
٢٠٠٣/٦/٢١

تەشار
٢٠٠٣/٦/١٩



نەیسانە
٢٠٠٣/٦/١٩
گیراوە

هیروێ

٢٠٠٣/٦/١٩

گیراوە

گوندی

هەجیج

گوندی شێخان

شاری پاوە بەهاری ٢٠٠٢



شاری پاوە دامێنی خوارەوە دەرەنیشە زستانی ١٩٨٩



کەلی ژاڵانە ٢٠٠٢/٧/٤



هەورامانی تەخت

لەراستەوە بۆ چەپ:
عەبدورەزاق – شێخ
محەمەدی نەجار –
جەزا محەمەد –
نەجمەدین نەوسودی
لە پشت کانی‌یەکەی
بزازمراوە گیراوە
٢٠٠٣/٦/٢٢

سەرچاوەی
ئاوەکەی بڵ
کە دەرژێتە
ئاوی
سیراوەنەوە

لوتکەی شاخی ژاڵانە

٢٠٠٢/٧/٤

کوچەڵەو ماڵ و چاودێری ماڵە
کۆنەکەی کۆسەی هەجیج

پیاوێکی هەجیجی لە پیشە دەستکردەکانی خۆیان دەفرۆشێت



ئاشی ئاو
لەهەورامانی
تەخت- ئاوایی
کەمالآ

دارتاشێکی
هەورامان

جۆڵایەکی

هەورامانی تەخت



مەشکەژەنێکی کەماڵا

هەلاجێکی

هەورامان

٢٠٠٣/٦/٢٠ پشتی باخەکانی تازاوای

سەریاس – حسێنی قادری



جۆلایەکی ناوچەی هەورامان

دوو هەورامی هەوارەکانی گەناو ٢٠٠٢/٧/٤



مەیگۆڕێ - ٢٠٠٣/٦/٢٠

خالۆ حسێن- عەبدورەزاق

مەرقەدەکەی پیرشالیار
لەهەورامانی تەخت
٢٠٠٠/٧/٢٨
نوری ئیمامی - صابر مەحمود
- سابق ئەحمەد - حەسەن
عابد - سەعدی ئەحمەد -
عەبدورەزاق عەبدورەحمان

ئەو بەردەی پیرشالیار
کەدەڵێن هەموو ساڵێك
دەیشکێنن و سەوز
دەبێتەوە ٢٠٠٠/٧/٢٨



کلاَشەکانی پیرشالیار
مێژووی دروستکردنی
دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی
١٠٥٠ زاینی



چلەخانەکەی
پیرشالیار
٢٠٠٠/٧/٤

مەرقەدی

پیرداود



سوڵتانی

ئیسحاق

چایخانەکەی

نوەیجەر

٢٠٠٢/٧/٤

نوێنەرانی یەکگرتوو لەگەڵ بەرێز محەمەد شاکەلی وەزیری رۆشنبیری - کۆنگرەی هەورامانناسی

نوێنەرانی یەکگرتوو لەکۆنگرەی هەورامانناسی لەگەڵ بەرێز مامۆستا مەلا قادری پاوە

هەڵپەرکێی دوانزە سوارەی مەریوان - لەدزڵی گیراوە نزیك باخی سان

سەوڵاوا

عەبدورەزاق

دکتۆر ئەیوبی مەهابادی

دکتۆر ئازاد نەقشبەندی

زرێبار

٢٠٠٠/٦/٦

ماموستا ئەبەز کەماڵ ماموستا
عوسمان محەمەد هەورامی -
عەبدورەزاق عەبدورەحمان

زرێبار

٢٠٠٠/٦/٦

مام عەبدولخالق حاجی عەبدولوەهاب
عەبدورەزاق عەبدورەحمان

ماموستا ئەحمەد ئەزیری

عەبدورەزاق عەبدورەحمان

-کۆنگرەی هەورامانناسی-

سەولاوا

سەر گۆڕەکەی بێسارانی

پەراوێزەکان

(١) لەو پەڕاوانە:

- مێژوی ئەدەبی کوردی...
- لەبابەت مێژوی ئەدەبی‌یەوە...
- ژیناوەری زانایانی کورد لەجیهانی ئیسلامەتی...
- تأریخ مشاهیر کرد...
- پیرشالیاری زەردەشتی...
- مێژووی هەورامان ...
- هەروەها چەند پەڕاوو نامیلکەیەکی تر...
- هەروەها بۆ نمونەش - بەڕاوی زیندەگینامەی عەلامەی دەهر - حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشیٚ (حاجی مامۆستای نۆدشە) - لێکۆڵینەوەو دانراوی یەحیا مەزهەری .. سەیر بکە لەپێشەکی‌یەکەیدا ناوی زۆرێك لەزاناو شاعیرانی نوسیووە.

(٢) سود وەرگیراوە لە:

- دیوانی بێسارانی - حەکیم مەلا صاڵح
- دیوانی بێسارانی - بەرگی یەکەم - کەیومەرس نیکرەفتار
- پیرشالیاری زەردەشتی - ل(٣٧-٤٤)
- ژیناوەری زانایانی کورد - ل (٢٧٦-٢٨٦، ٢٧٣)
- دیوانی پیرە مێرد - ل(١٥٧-١٥٨)

تێبینی:

١) لەپەڕاوەکانی تر جگە دیوانەکەی بێسارانی - حەکیمی مەلا صاڵح، دەڵێن: بێسارانی کوڕی مەلا ئەحمەدی مەلا مەحمودە، ئێمە ئەوەی حەکیم مان بەڕاست زانیوە.

٢) لەساڵی لەدایك بوون و کۆچ کردنی بێسارانی‌دا جیاوازی زۆر هەیە، لێرەش ئێمە هەر ئەوەی حەکیمان نوسیووە، هەرچەندە ئەویش لەساڵی کۆچی‌یەکەدا هەڵەی تیاکردووە، بۆیە کۆچی‌یەکەمان نەنوسیوە، هەر زاینی‌یەکەمان نوسیووە.

(٣) سود وەرگیراوە لە:

- نامیلکەی ڕۆڵە بزانی - محەمەد سراجەدین نێزڵی
- پیرشالیاری زەردەشتی - محەمەد بەهائەدین
- مێژووی وێژەی کوردی - ب١ - بۆرەکەیی

(٤) سود وەرگیراوە لەم پەڕاوانە بۆ ژیان و شیعرەكانی:
- دیوانی صەیدی هەورامی – محەمەد ئەمین كاردۆخی
- دیوانی صەیدی هەورامی – عوسمان هەورامی
- پیرشالیاری زەردەشتی – دانای هەورامی
- مێژووی وێژەی كوردی – صدیق بۆرەكەیی

بەتایبەت هەردوو دیوانەكەی تەواو سودیان لێ وەرگیراوە.

(٥) ئەوانەی كەدەڵێن صەیدی دوانن وەك: دانای هەورامی لە پیرشالیاری زەردەشتی‌دا، محەمەد ئەمین هەورامانی لەمێژووی هەورامان دا، صدیق بۆرەكەیی لەمێژووی وێژەی كوردی‌دا – بەرگی یەكەم. دەڵێن:

صەیدی یەكەم: ناوی حەمەصادق كوڕی سەید عەلی و خەڵكی ڕەزاوە یا پیر ڕۆستەمی هەورامانی تەختە لەنێوان ساڵانی (١٤٤٦–١٥١٢ز) ژیاوە، هۆنراوەكانی بەشێوەی هەورامی كۆن وتراون و هێشتا كۆنەكراونەتەوە. لە هەورامانی تەخت ژیاوە.

صەیدی دووەم: ناوی مەلا سەید محەمەد سلێمانی سەید مەحمودی خانەگایی لای پاوەیە، لەساڵانی (١٧٨١–١٨٤٩ز) ژیاوە، دوایی بووە بەمەلای هەورامانی تەخت.

(٦) ئەم هۆنراوەی (نەورۆز گوڵ خێزان) لەپەڕاوی پیرشالیاری زەردەشتی‌دا وەرم گرتووە، جگە لە بەیتی پێنجەم (چونكە شای وەهار...) كەلەدیوانەكەی صەیدی چاپەكەی م. كاردۆخی وەرگیراوە.

(٧) پیرشالیاری زەردەشتی – ل(٥٠)

(٨) چەند تێبینی‌یەك:

أ) ئەم تەپەی (شەرەفولمولك)ە لەڕۆژئاوای سنەوەیە، دوای ئەوەی مەلا ئەحمەد لەم گۆڕستانە نێژرا، ئیتر بەتەپی حاجی مامۆستا ناسراوە، ئەم تەپە لەنزیك تەپەی شێخ محەمەد باقری غیاثی‌یەوە، ئێستا ئەم دوو تەپە تێكەڵاو بوون بەیەكداو بوونەتە ئارامگای عالمان و عارفان و مەشایخ و پاشاو خان و والی و ناودارانی شاری سنە، زۆربەیان لێرە بەخاك سپێرراون وەك:

– عەلی ئەكبەرخان شەرەفولمولك (١٣١١ك مردووە)، مەلا ئەحمەدی نۆش، مەلا عارف كوڕی مەلا ئەحمەدی نۆش (١٣٣١ك) مردووە، مەلا محەمەدی كوڕی مەلا عارفی نۆدشی (١٣٤٩ك)، حاجی شێخ نیزامەدینی غیاثی، شێخ ئەحمەدی غیاثی، شێخ عەلائەدینی غیاثی، مەلا بەهائەدینی نەقشبەندی، سرهنگ جەعفەرخانی ئاصەف، محەمەد صادق خانی وەزیر، حاجی داود خانی بابان، شێخ نەسیم مەردۆخی‌و شێخ ئەحمەدی شێخ محەمەدی نەقشبەندی تەوێڵەیی، كاك ئەحمەدی موفتی زادەو ...تاد.

ب) ساڵی لەدایک بوونی حاجی مامۆستا بەحەرفەکانی ئەبجەد لەم بەیتەدا دیاری کراوە کەنیوە بەیتی دووهەمی ئەکاتە (١٢٢٨)

هاتفی از سر الهام به تأریخش گفت "بود أحمد خلف أمجد عبدالرحمن"

ئەم ساڵی کۆچی‌یەش ساڵی (١٨١٣ز) دەکات نەک (١٨١٥ز) کەزۆرێك لەپەڕاوەکان زایینی‌یەکەیان وانوسیووە.

(٩) دیوانی میرزا ئۆلقادری پاوەیی هەردوو چاپی محەمەد ئەمین هەورامانی و هادی سپەنجی.

(١٠) لە پیرشالیاری زەردەشتی‌دا ل(٦٥) کورتە باسێکی میرزا دەکات، بەڵام ساڵی لەدایك بوون و مردنی بەساڵی (١٨٣٤) و (١٩٠٧) دادەنێت، ئێمە ئەوەی دیوانەکەیمان بەڕاست زانی.

(١١) ئەو وشەی (تۆ)یانە هەریەکە مانای تایبەتی خۆیان هەیە، سەیری دیوانەکەی بکە ل(٨٩).

(١٢) مێژووی هەورامان - ل(٣٧٥-٣٨٧).

(١٣) مێژووی هەورامان - ل (٣٨٧-٣٩٧، ١١٣٦)، تأریخ مشاهیر کرد - ج٢، ص(٥١).
ئەم دوو سەرچاوەیەش لە(حەدیقەی سولطانیە) ص (١٧٩) وەریان گرتووە.
مێژووی وێژەی کوردی - بۆرەکەیی - ب٢ -ل(٢٢٢).

(١٤) علمائنا في خدمة العلم والدين - ص (٦٠٦)، تأریخ مشاهیر کرد- ص(٢٣)، مێژووی هەورامان - ل(١١٣٨). شێخ نەسیم دوو برای ناوداری تری هەبووە، بەناوی عەبدولقادر وەسیم و محەمەد جەسیم کەزۆر زاناو پایە بەرز بوون، کاتێ دێنە خاکی بابانەوە خەڵکی سلێمانی پێشوازی گەرمیان لێ دەکەن و لەو کاتەدا سولطانی عوسمانی ئاگادار دەکرێت و نامەی تایبەتیان بۆ دەنێرێ بۆ بەخێرهاتن. سەیری تأریخ مشاهیر کرد ل(٢١-٢٣) بکە.

(١٥) تأریخ مشاهیر کرد -ص (١٦١-١٦٣)، مێژووی وێژەی کوردی - ب٢- ل(٢٣١-٢٤١)، (٣٥١-٣٥٧).

(١٦) مێژووی وێژەی کوردی- ب١-ل(٤٩٢) بۆرەکەیی.

(١٧) مێژووی هەورامان - ل(٧٩١).

(١٨) مێژووی هەورامان - ل(١١٤٦)، پیرشالیاری زەردەشتی -ل(٥٧-٥٩).

(١٩) مێژووی هەورامان - ل(٢٧٧-٢٨٨).

(٢٠) سەرچاوەی ئەم نوسینە:

- دیوانی مەلا حەسەنی دزڵی مەردۆخی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە: ئەحمەد نەزیری.

- دوو دەستخەتی مەلا حەسەن کەدوو نامە شیعرن بۆ کوێخا حەمەسەلیم، لەلای بەڕێز کاک شێرزادی کوێخا حەمەسەلیم وەرمان گرتووە.
- دوو لاپەڕە دەسخەتی بەڕێز کاک عەبدولکەریمی مەلا ئەحمەدی قازی کەبۆی ناردووم.
- چاوپێکەوتنێکی مەلا کامیلی حاجی مامۆستای تەوێڵە.
- ڕۆژنامەی کۆمەڵ ژ(١٧) بەرواری (٢٠٠٢/١/١٠) مەقالەیەکی بەڕێز محەمەد صابر لەسەر مەلا حەسەن.

[٢١] لەدەستنوسەکەی کاک عەبدولکەریم دا هاتووە، کەمەلا ڕەئوفی برازای مەلا حەسەن دەڵێ:
لەساڵی (١٩٤٤ن) مردووە، بەڵام م. مەلا صاڵحی شارەزووری دەڵێ: لەساڵی (١٩٤٥) مردووە، ئەو ساڵەش لەناوچەی هەورامان و مەریوان دا بەساڵی (مەلا قڕان) ناوبانگی دەرکردبوو، چونکە ئەو ساڵە بەنەخۆشی ڕشانەوە (١٢) مەلای چاکی وەکو مەلا حەسەنی ناوبراو، مەلا صادقی ئەویهەنگی‌و مەلا عەبدو صەمەدی ڕەزاوی و مەلا قادری جەلالی دەگاگایی کۆچی دواییان کرد.

[٢٢] ڕۆژنامەی کۆمەڵ ژ(١٧) بەرواری (٢٠٠٢/١/١٠) ئەم شیعرەش کەدواتر هاتووە دوسێ وشەی تیایە پێویست بەمانا دەکەن کەئەمانەن:
الخبیثات للخبیثینة - واتە پیسەکان بۆ پیسەکان
الطیبات للطیبینة - واتە پاکەکان بۆ پاکەکان
وێرمەنە - وشەیەکی تورکی‌یە واتە (پێم بدە).

[٢٣] - دوسێ دێڕی ئەم باسە لەگۆڤاری کەلەپوری ئەدەبی کوردی -بەرگی دووەم، محەمەد عەلی قەرەداغی ل(١٥١-١٥٦) وەرگیراوە، ئەویتری لەگەڵ شیعرەکە لەدیوانەکەی وەرگیراوە ل(٧٠-٧٥) هۆنراوەکەش چەند وشەیەکی تیایە پێویست بەمانا دەکەن، وەك:
محەمەد شەریف - وەستایەکی مەشهور بووەو ئەولەزیز شاگردی ئەم بووە.
عەرەستو- ئەرەستۆ، پەرەستۆ - تەیرە ئەبابیل واتە ئەو لوقمانەو تۆ ئەرەستۆی ئەو شابازەو تۆش وەکو ئەبابیلەی.
لەوس=لچی گەورەو شۆڕ، نێرەژەن = دەسەڵ خۆرد، کەدارێکە هەرچوار پەلی مەشکەی پێوە دەبەستن، واتە: وەکو لچی پیرەژن (کەلەبەر پیری بۆی ڕاناگیرێ) نەبن، یاوەکو داری مەشکەڕاس نەبن یان وەکو نێرەژەن ناوەڕاستی قەوی نەبێ.
پۆزەی خەر - قەپۆزی کەر، پاخەروا - پێ‌پەتی

[٢٤] ئەم شیعرەش کەدێ چەند وشەیەکی تیایە پێویست بەمانا دەکات:

سەرو قنگ چەرمە - سەروبن سپی مەبەست لەو پاکەتی چایە بووە کەسەرو بنەکەی سپی بووە، خەلیس- خەست، چێر- ژێر، هوربەیۆ- هەڵبەیتەوە. مامۆستا نەزیری دەڵێ: ئەم شیعرە مەبەستی لەوە بووە:

عەتری چاکە وەکوو عەرەقی بناگوێ یارواییێ کەلەئێواران دا لەخوارەوەی تەوێڵە بەگەریاتدا دێنەوە سەرەوە.

کافرمان- چەقۆی تیژە، هەسان- بەردێکی تایبەت بۆ تیژکردنەوەی چەقۆو داس و تەشوێ، خۆروس- کەڵەشێر، ژەقنە- سەم، قوزڵ- زالو، قوزڵقورت-زالوقوتدان، ژەقنەموت- ژەهری مردن.

گوڵێ: خێزانی وەستا ئولعەزیز بووە ژنێکی لێهاتو ئازاو دەستی جەراحیشی بووە لەشوێنی تردا باسی کراوە.

مێزم-دار، ئاویرگان-ئاگردان، هەڵێز-مەشکە، مانی - هەمانە.

(٢٥) لەسەردانێکدا بۆلای مەلاکامیلی حاجی مامۆستا ئەم هۆنراوەیەم بەم شێوەیە وەرگرت، کەزۆری نزیکە لەم هۆنراوەیەوە کەنوسراوە لەدیوانەکەی‌دا بەڵام چونکە جیاوازی هەیە پێم باشە لێرەدا بینوسین تاوەکو خوێنەر ئاگادار بێت و باشتر راست بکرێتەوە:

ئولعەزیز نۆجا، فرەمرپیسو — هیما فیر نەبیەن، هەر کاسە لێسو
ئیمساڵ خاستەرەن، هانەرجادا — نەخنیو حورمەتش، مەنەن نەجادا
بەڵام سالیوتەر، مەگەر جەلای وێش — پۆسیو بورازو، پەری دمای وێش
زەمی ئولعەزیز، ئەوبونە کەردم — جەدڵ گرانیش، خەیلێ ویەردم
کاغەز مەیاونۆ، پەی بەگ و بوری — ئاخ نزیک بیێنی، دویم دێ چۆری
نەکاغەزم دی، نەخوهەم ڕاپۆرت — نەدیم قەزمڵقورت یاخو ژەقنەموت
ئولعەزیز دایم، هەر چیر چەپۆکەن — یانەش دڵ تاریک، سینەش ناکۆکەن
هەرکەرگیوەهەنە، قرازە دێڵەشەن — دەس کەرو ونەش، بزانۆ هێڵەشەن
هەمیشەو دایم دەسماڵیش شێویان — ماچی موساییێن، تازەرووت کریان
ئافەرین گوڵێ، پەی تەقەی تێلایت — گاسەرە چلوسک، گا لینگە پالایت
گوڵێ هەروەختیو، چەمێ هوربرنۆ — ئید دەسودیمش، حۆت دەفعێ مرپۆ
داخم هەر ئیدەن، بەعزێو کەسانێ — قاچ کافرمانێ لاقنگ هەسانێ
سەر تەپڵەگەونی، یایراخەلوتێ — سەرنانەشانێ گەل و قنگ ڕووتێ
مەواچان ئێمە، چایی وەرە نان — مەقدەر بەوێنەی، ئەسکەندەرەنان
من وێنەی خەروس، دایمە قوقومەن — پەی کەللە قەننێ، هەر قەیسەر قومەن

م. مەلا کامیل دەڵێ: پێشی وتوە کلاشم بۆ بکە، لەو بارەشەوە شیعرەکانی زۆر بوون بەس هەر ئەمەم لەبیرماوە، کە دەڵێ:

کلاشم پەی کەرە باپەنج تیرەبا   تامن نەواچو، یاخوا قیرەبا
وەگشت تەدارەک چەنی پەرگەما   وێنەی دۆخەوا، بارەشاوەما

هەروەها دەڵێ: نامەشی پێداوە یا بۆ ناردووە کەبیگەیەنێت، بەمیرزا ئۆلقادردا، بەلام وا دیارە ئۆلعەزیز لێی عاجز بووەو نەیگەیاندووە.. لەگەڵ ئەمەش بەیەکجاری بەینیان تێك نەچووەو زوو ئاشت بونەتەوە لەگەڵ یەکتردا بێیەك نەکراون.

(٢٦) ئەو وشانەی لەمەودوا دێن ئەمانەیان پێویست بەمانا دەکات:
ئاشیان: هێلانە، زومرە: گرۆ، گوستاخ: سەخی، ئیجباری: سەربازی، جەباری: جۆرە کەتیرەیەکی جوانەو ڕوونە وەك شوشە، واتە: لەدەرونەوە پێچت خواردووە لەبەر دەردی سەربازی، وەکو چۆن کەتیرەی جەباری پێچی خواردووە.
نەتۆی دەندانـدا: لەنێو ددانەکانـدا، ئیلتیجا: پاڕانەوە، سوندوس: پارچەیەکی هەوریشمی زەرباخە، ئاب نوس: دارێکە وەکو پەپولە، لەهیندو ماداگاسکاردا دەڕوێ، ڕەشەو زۆر ڕەق و قورسە، عەرەب پێی دەڵێن (شجره النحل)، واتە: بڕێ مەرەکەبی ڕەشی سوندوسی بریقە باتەوە کێشدار بێ خەتی وەکو ئاب نوس ڕەش بێ. وارەزا: خوشکەزا، برازای ئەو ماموسانی: واتە برازای حاجی مامۆستای قالەی...
لەشیعرەکەی دواییشدا شیعرەکەی درزلی ئەم وشانە هەن:
بازی بەران، هانە کەرموڵە، باخی دێوانە، نەوشیروان، بەختەمەر- ئاوێکە، دەرە-، ئەمانە هەموو ناوی کانی و شوێنن لەدرزلیدا.
هەروەها لەوشیعرەدا نوسراوە کەوەستا محەمەد لەساڵی (١٩٢٦) چووەتە دزاوەر لەخۆی (وەستا محەمەد)م پرسی وتی ئەو ساڵە (١٩٤٤) بووە.

(٢٧) مێژووی وێژەی کوردی - صدیق بۆرەکەیی - ب٢، ل (٣٥٧-٣٦١).
(٢٨) - دیوانی بێوەی - سەرجەمی بەرهەم و ژیانی ئەمین نەقشبەندی، هەروەها کتێبی (تەصەوف چییە؟) نوسینی ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی - چاپی دووەم.
(٢٩) بۆ ژیانی مامۆستا ئەحمەدی موفتیزادە سودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

- دەستنوسێکی بەڕێز مامۆستا بورهان محەمەد ئەمین -زۆر سوپاسی ئەکەم.

دەستنوسێکی بەڕێز کاك کامەران حەمەسەعید - زۆر سوپسی دەکەم.

- ئەرشیفێکی خۆم.
- نامیلکەیەك لەشیعرە جوانەکانی مامۆستا.
- تأریخ مشاهیر - ج٢-ص(١٦١، ٣٥٥).

(٣٠) مێژووی هەورامان - ل(٤٠٢-٤٠٨).

[٣١] خەزانی هەڵەبجە، کۆمەڵە شیعرێکە بارامی وەڵەد بەگی کۆی کردونەتەوە ل(٨٣-٨٧).

٣٢- مێژووی هەورامان - ل(٣٣١-٣٤١).

[٣٢] سەوزەی کۆسالآن - دیوانی میرزای هەورامی - ل(١٨-٢٠، ٢٨-٢٩، ١٠٢، ١٠٥) هەروەها لە ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژ(٤٠٤)ی ٢٠٠٢/٩/٦ دیمانەیەکی لەگەڵدا ساز کردووە، سودمان لێوەرگرتووە، جگە لەوەش لە(٢٠٠٣/٦/١٧) لەشاری سنە سەردانێکمان کردووەو چەند هۆنراوەیەکی بڵاونەکراوەیمان لێوەرگرت.

[٣٤] سودم وەرگرتووە لەوەڵامی نامەیەکی کاک سەردار -باکی-ی خۆی کەداوام لێکردبوو هەندێ زانیاری و هۆنراوەی خۆیم بۆ بنێرێ بۆ ئەو مەبەستە، لێرەدا زۆر سوپاسی دەکەم کەبەزویی و بەباشی وەڵامی دامەوە، هەروەها سودم وەرگرتووە لەم ژمارانەی ڕۆژنامەی یەکگرتوو:

بۆ شیعری (خامە) ... ژ(٢٢٨) ی ١٩٩٩/٣/٥.

بۆ شیعری (هەڵەبجەو وەهار)... ژ(٣٣٦) ی ٢٠٠١/٥/٤.

بۆ شیعری (مەرگ مامۆسامەن)... ژ(٣٥) ی ١٩٩٥/٣/٣١.

بۆ شیعری (دڵە هەتاکەی) ... ژ(٦٩)ی ١٩٩٥/١٢/١).

بۆ شیعری (وەهارو گڵکۆ) ... ژ(٢٣٥)ی ١٩٩٩/٤/٣٠.

بۆ شیعری (کات) ... ژ(١٠٢)ی ١٩٩٦/٨/٩.

بۆ شیعری (لەمێژوومان پەند وەرگرین) ژ(١٣٦) ی ١٩٩٧/٥/٩.

شیعری (نامەیەك بۆ مەولەوی) ژ(١٩)ی ١٩٩٤/١٢/٢ی ڕۆژنامەی یەکگرتوودا بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ شیعری (سوپای گوناه)دا لەنامەکەدا کاك سەردار بۆی ناردبووم.

بۆ شیعری (ئاوێنەی پەند) ڕۆژنامەی بزوتنەوەژ(١١٨)ی ٢٠٠٢/٧/٢٢.

[٣٥] بۆژیان و شیعرەکانی فەرەیدونی بەهرامی سەرچاوەکان ئەمانەن:

- شریتێکی تەسجیل بەدەنگی خۆی هۆنراوەکانی (هۆرامان کەی وەشا) لەگەڵ هۆنراوەی (شاران و پەیکانم پەی چێش).
- ڕۆژنامەی کۆمەڵ ژ(٢٣) بەرواری ٢٠٠٢/٤/٤ بۆ ژیاننامەو هەندێ شیعری سودم وەرگرتووە.

کتێبی خەزانی هەڵەبجە - کۆمەڵە شیعر- ل(٥٧-٧٢) هۆنراوەی (هەڵەبجەی مەزڵوم) و (وەهارەن سەوزەن).

- نامیلکەی پەیکی هەورامان -(١) - هەوای محەمەد - نوسەر فەرەیدون بەهرامی.

(٣٦) سەرچاوەی ئەم نوسینە نامیلكەی (شنەی هەورامان) حەسەن زەڵمی. هەروەها نامەیەكی دەستنوسی كاك حەسەن خۆی، كەچەند شیعرێكی تیایە بۆ نوسەری ئەم پەراوەی نوسیوە.

(٣٧) سودم وەرگرتووە لە:

- ڕۆژنامەی یەكگرتوو - ژ(٤٠٨)ی ٢٠٠٢/١٠/٤.
- دیدارێك لەكۆنگرەی هەورامانناسیدا لەمانگی شەشی/ ٢٠٠٠ كەلەسنە گیراوە.
- گوڵچینی شیعری شاعیرانی كورد - ب(١) لا (٩٢-٩٣) هەردوو شیعری (خەمت بیەن بەعادەتم) و (بۆیانەكەما).

(٣٨) لەبەرواری (١٤-٢٠٠٣/٦/٢٣) سەردانێكی كوردستانی ئێرانم كرد... لەسنە هەوڵم دا كەلسوم خانم ببینم، بەڵام بەداخەوە چوو بوو بۆ سەفەر بۆ ئەصفەهان. لە (٢٠٠٣/٦/٢٣) چوومە خزمەت (میرزا خەسرەوی ڕەزاوی -باوكی كەلسوم خانم) لەمەریوان. دوای ئەوەی خۆیم پێ ناساند، ڕێزێكی زۆری گرتم و نەجیبی و قسە خۆشی و میوان دۆستی پێوە دیار بوو. دەستی برد بۆ تەلەفۆنەكەی و تەماسی گرت لەگەڵ كەلسوم خانم داو فەرموی ئەوە كەلسوم گەڕاوەتەوە فەرموو قسەی لەگەڵ دا بكە... منیش قسەو باسی خۆمم لەگەڵدا كردو خوا حافیزیم لەگەڵدا كرد.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەمەی خوارەوەیە:

- لەسەر مێزەكەی میرزا لەدوكانەكەیدا چەند كتێبێك دانرابوون لەوانە (دیوانی مەولەوی و بێسارانیو صەیدی و چەند فارسیەك...) دیمەنێكی زۆر جوان بوو بەلامەوە.

- ئەو نەجابەت و ڕێزە زۆرەی میرزا بەرامبەر بەمن و مناڵە بچكۆلەكانم گرتی. بیرم كردەوە لەوەی كەكەلسوم خان نوسیویەتی: باوكم هاندەرم بوو وەكاریگەری زۆری هەبووە لەسەر من...)

- جگە لەسوپاسێكی زۆر بۆ ئەو میوان دۆستیەی میرزا، ئافەرین بۆ ئەو باوكەو هاو وێنەی میرزا كەهاندەرن بۆ مناڵەكانیان لەسەر زانست پەروەری و ئەدەب دۆستی و كاری جوان.

(٣٩) سەرچاوەی ژیان و هۆنراوەكانی كەوكەب هەورامانی ئەمانەی خوارەوە بوون:

- دیوانەكانی خانم خۆی
- مێژووی هەورامان - محەمەد ئەمین هەورامانی - ل(١٤).

لەڕۆژی (٢٠٠٣/١/١٥) خۆم (عەبدوڕەزاق) چاوپێكەوتنێكم لەگەڵدا سازكردووەو، هەندێ زانیاری و وێنەیەكی خۆیم لێ وەرگرتووە.

(٤٠) سەرچاوەی ژیان و شیعرەكانی شەیداخان بریتی بوو: لەو دەفتەرنامەی خۆی كەدوای ئەوەی داوام لێكرد دایە لام و منیش ئەو شیعرانەم لێ هەڵبژارد.

بەشی دووەم

سەردانێکی تەوێڵە

ناوەرۆك	لاپەرە
ـ بـــەشی دووەم: سەردانێکی تەوێڵە	
ـ سەرەتا: سەردانی تەوێڵە بۆ؟	
ـ دەروازەیەك لەمێژووی تەوێڵە	
ـ جوگرافیای تەوێڵە	
ـ هونەری ناوەدانکردنەوە لەتەوێڵە	
ـ شارەوانی تەوێڵە	
ـ تەوێڵەلەرووی ئابوری وگوزەرانەوە	
ـ تەوێڵە لەرووی ئایینی یەوە	
ـ خوێندەواری و زانست لەتەوێڵە	
ـ تەوێڵە لەبواری کۆمەلایەتی یەوە	
ـ تەوێڵەلەبواری رامیاری یەوە	
ـ تەوێڵەلەبواری تەندروستی یەوە	
ـ تەوێڵەلەبواری هونەرو ئەدەبدا	

سەرەتا : سەردانی تەوێڵە بۆ؟

وەك لەپێشەكی‌یەكەدا وتمان -پێمان باش بوو سەردانەكەمان بۆ تەوێڵە نەبوایە، بەڵكو وامان پێ‌باش بوو سەردانەكەمان بۆ یەكە یەكەی شارو شارۆچكەو دێو لادێكانی هەورامان بێ، بگرە هەموو كوردستان بێ" بەڵام!

سەردانی ئاوا بەم جۆرە كەبۆ تەوێڵەمان كردووە، هەروا ئاسان نی‌یە بۆ ئێمە بۆ شوێنەكانی تری بكەین.

سەردانێك بمانەوێت ئەو هەموو بوارانەی مێژوو، جوگرافیا، ئابووری، كۆمەڵایەتی، ...تاد. بناسێنین بەخەڵك و جەماوەر... تەنها مەگەر ئەو كەسەخۆی خەڵكی ئەو شوێنە بێت و خۆی تواناو زەوق و ماندوو نەبوون و ماوەو كاتی هەبێ‌و باكگراوندێكی ڕۆشنبیری و مەعلوماتی هەبێ، بەهۆی زێدی بوونی بەو خاك و خەڵكەوە.

هەرچەندە منیش لەم سەردانەم دا وەك پێویست نەمتوانیوە كارەكەم بێ لەكەو بێ هەڵە بێت... لەگەڵ ئەمەش دا...

- زێدمەو باوو باپیرم لەوێ ژیاون.
- یەكە یەكەی تەوێڵەیی دەناسم و بست بەبستی خاكەكەی گەڕاوم و چاوم پێی ڕۆشن بووەتەوە.
- هەر لەكۆتایی قوتابیەتیم لەقوتابخانەی سەرەتایی‌یەوە یادەوەریم هەیەو، وەك ئەرشیفێك پاراستوومە، كەبۆ ئەم كارە سوودم لێ‌وەرگرتووە.
- خەڵكە شكۆمەندەكەی هاوكاریان كردووم، هانیان داوم.
- هەروەها ئەم كارەم .. كاتی زۆر بردووم، زۆر ماندوی كردووم. جاری واش بووە بەهۆی كاری ترەوە یان نەخۆشی‌یەوە یا بن بەست بوون لەمەعلوماتدا، خەریك بووە كۆڵم پێ بدات و نائومێدم بكات...
- بەڵام سوپاس بۆ خوا هەرچۆن بێ گەیشتمە ئەنجام و كارەكەم تەواوكرد، بەهیوای ئەوەی لەناو زێدی هەر خاك و خەڵكێكی ئەم كوردستانە ئازیزەماندا... باقەبارەی ئەو خاك و خەڵكەش كەم بێت... كەسێك هەبێ بەتواناو شارەزاتر سەردانی زێدەكەی بكات و بتوانێ ئەسپی خۆی تاو بدات...

تائەندازەیەك بۆ شارەكانی وەك سلێمانی و هەولێر یا هەندێ هۆزو خێڵ وەك جاف و هەمەوەند شت نوسراوە، بەڵام بۆ ناوچە بچوكەكان لەهەموو بوارەكاندا كەم شت نوسراوە.

بەكورت ترو پوختەتر دەڵێین:

سەردانەكەمان بۆ تەوێڵە پەیوەندی بەخۆشەویستی زێدو شارەزایی و توانایی و كات و وەختەوەیە.

دەروازەیەك بۆ مێژووی تەوێڵە

- سەردانێکی تەوێڵە
- ناوی تەوێڵە
- شوێنەوارەکان مێژوو دەگێڕنەوە
- چەند شوێنەوارێك ڕازێکی سەیر دەگێڕنەوە
- پەراوێزەکان

دەروازەیەك لە مێژووی تەوێڵە

سەردانێکی تەوێڵە : ـ لەکاتێکدا لەهەوراماندا بەرەو شارۆچکەی شیرین و جوان نیگای پڕ لەسیحر و کریشمەی تەوێڵە دەکشێین ، لە تەوێڵەیی یەکان دەبیستین و لەخودی سروشتی جوانی ناوچەکەش دەبینین ، ڕازی پڕ لەوەفای خاك و گەشتی چەمەن و لوفەی نواڵە و دۆڵی بەهاران و ئەفسوونی دیمەن و کەرویشکەی چیمەن دەگێڕنەوە ... هەر لەدامێنی شارەوە (بێدەری) بەسیاچەمانە خۆشهاتن لە ڕێبوار ئەکات و چڵاوچڵی باخەکانی ئەم بەر و ئەوبەری چەمی خواروو بەخوانی پڕ لە چێژ و تامی میوە مەزەدارەکانیانەوە بە ((گەڕیات)) و دەرویشدا ، دا سڵاو و بەخێرهاتن درێژەی هەیە تا بەدەنگی پیرانی تەریقەت و پیاوچاکانی خانەقا و شوێنگای هەورامان ئاشنا ئەبیت و نەخشبەندی (نەقشەبەندی) یەکان هەڵەفەیەك لە مێژووی چرابەدەستانی ڕێ ڕۆشنگەرەوەی دەڤەرەکەی پێ ئەناسێنن و پاشان ئەگەر بە ((چلانە)) دا هەڵگەڕێیت ئەوا ئایۆرایەك لە کوچە و کۆڵان بەقەڵا بۆ زانت ئەگەیەنن و لە ((هانە سوو سوو) هوە بە ((دەرەتفێ)) و ((مالێدەر)) ت دەسپێرن و بە ((سەرکەل) دا گەشتێکی بەرز و هەوایەکی پاك و خوانی گەورەی شارت پێشکەش دەکەن ... ئەگەر بەردەوام ببیت و لە مزگەوتی (باسا کان) ئیزن بخوازیت و چەمی (دزاوەر) بەسەر بکەیتەوە و (دەرەی تەرتیبا) ببینین ، ئەوجا شوێنەواری ژیار و کۆنەهەواری شارێ بەدی ئەکەیت ... خۆ ئەگەر لەدەستی ئەولاشتەوە بگەڕێیتەوە ئەوا چاوت بەچەمی جوانی (ئاوێسەر) ڕوون ئەکەیتەوە و لەباخەوان وچانێك ، لە (لیژڵە) سەرخەوێك و لە (ماوامی) چایەك بنۆشیت ، ئەو کات شیرینی ونازداری ئەو باخ و باخاتە جوانە هەست پێ ئەکەیت ...

ناوی تەوێڵە :ـ

لە مێژووی نوێی هەوراماندا ، تەوێڵە هەر بەناوی خۆیەوە ناسراوە بەڵام لە مێژووی نەنووسراوی دێرینی ئەم ناوچەیەدا ، چەندان ڕاز و نهێنی لەپشتەوەی ئەم ناوەوە هەیە ، هەریەکێکیان بەکۆمەڵێك بەڵگە پاڵپشت بۆ خۆی دروست دەکات و دەیەوێت مافی ڕەسەنی و گیانی مانەوە بەخۆی ببەخشێت ...

ئێمەش ئەوەندە کۆشاوین کە زۆرترینی ئەو ڕاو ڕاجیاوازانە بهێنین کەسەبارەت بە ناوی ئەم شارۆچکەیە هاتوون " کە ئەمانەن :ـ

١ــ ئەگێڕنــەوە: لەدێرزەمانــەوە و لەناوچــەیەکدا[١] پیــاوێکی زۆردار و ستەمکار دەبێت ، کە جەورێکی زۆر لە خەڵکەکە دەکات و باج و خەراجێکی زۆر لەسەر خەڵکەکە دادەنێت ستەم مل نەوی دەکات ، بەڵام مەرج نیە ئیرادە لەگشت کەس بسەنێتەوە ، هەر بۆیە چەند کەسێك ئەبنە دەنگی نەخێر لەبەردەم فەرمانەکەدا ، ئەویش مۆڵەتیان بۆ دەست نیشان دەکات کە باجی خۆیان تەسلیم بەپیاوانی دەربار بکەن ، ئەمانیش بەناچاری لەنێوان باجی پڕ لەستەم و، ڕەودا دووەم هەڵدەبژێرن ...

پێش بەپایان گەیشتنی مۆڵەتەکەیان هەڵدێن و ئەگەنە ئەم ناوچەیە و لەوێ نیشتەجێ ئەبن و دەست دەکەن بە ئاوەدان کردنەوەی ، وا دەگێڕنەوە ئەوانەی کە هەڵهاتبوون ژمارەیان (١٠) کەس بوون وێڵ بوو بوون ، بۆیە بە (دەوێڵە) کە بەناوبانگ دەبن پاش گۆڕانکاری و کاریگەری زەمەن بەسەر زەمانەوە (دەوێڵە) بۆتە تەوێڵە .

٢ـ ڕایەکی ترهەیە،پێ ی وایە ئەم ناوە لە(طائل) یا (تایلە)وە هاتووە، (طائل) ناوی پزیشکێك بووە،(تایلە)ش درەختێکە لە تەوێڵە و زۆرشوێنی هەیە. بەرەکەی لەقەزوان گەورەترە و لەگوێز بچوکترە و ڕەنگێکی قاوەیی یا سوری کاڵی هەیە،تامی تورت و خۆشە و دەخورێت وگوایە کەنەخۆشی (تاعون) بلاوبووەتەوە...خەڵکی ئەم ناوچە ئەمەیان خواردووە و ئیتر بەو نەخۆشیە نەمردوون. بەحیساب ئەم خەڵکە،(طائل)ی دکتۆر و دەرمان ناس ، تایلەکەی بۆ دەست نیشان کردون کەبیخۆن . بەهەرحاڵ دوایی خەڵکەکەی بە(تایلەی) یا(طائلەیی) ناسراون و خەڵکی تر بەوە ئاماژەیان پێکردون . دواتریش وشەکە گۆڕانکاری هاتووە بەسەردا و (تایلە)یا(طائل)ە کەبووەتە، تەوێڵەیا (طەوێڵە) ئەم ڕایەش بەڵگەی ئەمەیە:

د .ئەمیری ئەمینی گیاشناس لەپەراوی (فەرهەنگی گیاهان داروییی) ل(٣٢) لەسەر وێنەی (٦٨) کەوێنەی درەختی تایلەیە،ئەمیش سەرچاوەکەی، د.دومرگانی مێژوو شوناسی فەڕەنسیبووەو،دەڵێ:

(طائل) داروشناسی ئاشوری بووە و لەسەردەمی ئاشوری یەکاندا، لەڕۆژئاوای کوردستاندا ژیاوە،بۆ یەکەمجار تایلەی بەکار هێناوە و لەبەرەکەی دەرمانی لێ دروست کردووە بۆچارەسەری نەخۆشی (تاعون)و (زەردۆیی).ئەم (طائل)ە لەوناوچە ژیاوە کە تایلەی زۆربووەو ئەمڕۆ ئەم ناوچە ناوەکەی ئەوی وەرگرتووە و بە (تەوێڵە)ناسراوە .

٣ـ کاتێك کە سوپای ئیسلام لەچەمی هاوار و پالأنیا و سۆسەکانەوە دێتە تەوێڵە ، سەیر ئەکەن ئەم نواڵەیە دۆڵێکی زۆر درێژە و بەزمانی عەرەبی ئەڵێن: یەکێك لەم بڕگانەیان وتووە و،وشەکەلەمانەوەهاتووە: (هذه وادية طويلة، هذه ممرة طويلة، هذا وادى طويل، هذا ممر طويل...)

سەرچاوەش هەیە کە نزیکە لەم ناوەڕۆکەوە و ئەڵێ : (تەوێڵە دەکەوێتە سەر دەرگاوانەیەك لەسەر شاخی هەورامان کە بە دەربەند تەوێڵە . ممرة طويلە) ناسراوە[٢]

کەسی تریش هەیە کە پشتگیری ئەم ڕایە دەکات.[٣]

٤ـ خەڵکی لەسەرەتادا کەلەم شوێنەدا نیشتەجێبوون ، گەڕاون بەدوای باشترین شوێندا کە خۆرنەوەزان و نسرم نەبێت ، بەڵکو ڕووی لەخۆر و بەرز و دڵگیر بێت ، لەلایەکی تریشەوە نزیکە سەرچاوەی ئاوبێت ...

لەو ڕوانگەیەوە ئەڵێن یەکەمجار (مالێدەر) ئاوەدان کراوەتەوە ، جا ئەگەر لەلای (گەڕیات) و خانەقاوە بڕوانیت بۆ ئاواییەکە ئەوا ئەڵێی خانوەکان ئەوەتان بە (تەوێڵ) ی شاخەکەوە ...

لەکتێبی (ئەحمەدی) دا هاتووە :

(جبين) و (جبهە) تەوێڵە

(مكر) و (كيد) و (حيلە) فێڵە [٤]، [٥]

ئەوانەی پشتگیری ئەم ڕایە دەکەن ئەڵێن : زۆر شوێنی تری تەوێڵە هەیە بەهەمان شێوە نانراوە ، وەك :

کەمەر وشتر لە : شاخێکە لەپشتی حوشتر ئەچێت .

کەمەر کولێرە : شاخێکە تاوێرەبەردەکانی بەشاندا کەتوون وەك کولێرە ...

ئاوێسەر : ئاوێکی زۆرە کەلەدامێنی کەژی سپییەوە هەڵدەقوڵێ ، کەوتوەتە بەشی سەرەوەی باخەکانی تەوێڵە ......

وەراوەر : واتە بەرامبەر . کەبەشێکە لەتەوێڵە و بەرامبەرە بە مالێدەر و چلانە .

قەلأمیرزا : کەبەرزترین لوتکەی شاخی تەوێڵەیە ، لەوانەیە لە دێر زەمانداقەلأی پێوە بووبێت و وەکو جارانی گوند چۆن ـ میرزا ـ (واتە : خوێندەوار ، مەکتەبلی) یەك هەبوو بێت . هەموو کەس ناسیویەتی و دیار بووە، بەهەمان شێوە ئەمیش گەلێك لەبەرچاوە [٦] ...

قووڵە : بەشێکە لەباخەکانی چەمی ئاوێسەر کە لە ڕووی ئاستی شوێن و دەورو بەرەکەیەوە ، قوڵتر دێتە بەرچاو ...

شاجۆ : شای جۆگەکانی تەوێڵەیە ... چونکە لەوان پانتر و قووڵترە و درێژتریشە ... هەروەها ئەم ناولێنانە لەسەر بنەمای لێکچوون بۆ زۆر شوێنی تریشی هەر ڕاستە " وەك ماوەزا(٧) ...ماوامی (٨)... لێژڵە ...(٩) چلانە (١٠) ...

وەلاّمێکی پێویست بەم ڕایانە :

بۆئەم بۆچونانە ناتوانین هیچ ڕایەکیان سەد دەر سەد بسەلمێنین ،یا خود بیدەینەوەدواوە، بەلاّم پاش تاوتوێ کردنی ئەو ڕایانەی کەلەسەر ناوی (تەوێڵە) خستمانە بەر دیدگاتان ، پێویست ئەکات ئەم چەند تێبینی‌یە ڕەچاو بکەین کە هەر بەهەمان زنجیرە بەندی ڕاکان تێبینیەکانیشتان پێش چاو دەخەین :

١. ئەم بەسەرهاتە زیاتر لەحیکایەت دەچێت ، تاواقعێکی مێژوویی ، وەك لە شوێنەوارەکاندا دەردەکەوێت ، مێژووی تەوێڵە بۆ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە ، پاشان ئەگەر بەڕستەیەك نەرێ بکەین . چ بەڵگەیەك داکۆکی لێدەکات ؟ ! ..

ئەم مێژووی وێڵبوونە ئەگەر مێژوو بێت ... ، مێژوو بەناوو بەروارەوە مێژووە ، دەفتەری دیرۆکی ئەم بەروار و ناوە لای کێ پارێزراوە ؟ هەرچەندە ئەگەر ئەو : دووخاڵەی تیابوایە زیاتر لەعەقڵەوە نزیك دەبوو ....جگەلەمەش پێش ئەم شوێنەی ئێستای تەوێڵە،دەورو بەرەکەی ئاوەدان بووە وەك لەدواتر باسی دەکەین .ڕەنگە هەرئەو خەڵکەی ئەودەورو بەرەی بوبن هاتبن ئەم شوێنەی ئێستایان ئاوەدان کردبێتەوە نەك خەڵکی تر .

٢ـ خەڵك و خاك هەبوون و ئنجا ئەم (تاعون) ە بلاّوبووتەوە...ئەگەر ئەم ناوە پاش (تاعون) بووە ئەی پێشتر ناوی چی‌بووە ؟ .

ئاخۆ دکتۆر دومرگان ئەم زانیاریەی لە کوێوە هێنابێ؟!

٣ ـ ئەو پرسیارەی بۆ دووەم خاڵ کردمان بۆ سێ‌یەمیش ڕاستە .واتە پێشتر ناوی چی بووە ؟هەروەها بێجگە لەڕای زارەکی سەرچاوەیەك نی‌یە پشت گیری لەوەبکات کە سوپای ئیسلام هاتبێتە تەوێڵە . بەڵکو ئەوەی هەیە زیاتر باس لەشارەزوور ئەکات ...

لەبەر ئەو چەند تێبینی‌یە ئێمەش ڕای چوارەممان پێ پەسەند ترە هەرچەندە ، ئەویش ئەگەر زۆر ورد بکرێتەوە ئەشێت بخرێتە ژێر پرسیارەوە ... هەروەها زوربەی خەڵکی تەوێڵە چ بەتەمەنە نەخوێندەوارەکان و چ توێژی ڕۆشنبیرەکان لەگەڵ ڕای چوارەمن...

شوێنەوارەکان مێژوو دەگێڕنەوە :ـ

خاك و ئاوی ئەم نشتمانە ، کتێبێکی بێ‌دەنگ و مێژوویەکی سیحراوی‌یە بۆ چەندین سەدە بەر لە ئێستا ، ئەگەر زمانێکی هاوبەش هەبوایە لەنێوان خاك و ئێمەی خاکی و خەڵکدا .. ئەوکات لەغوباری مێژوویەکی دوور ... کاروانی سەرەتاییەکی تەماوی ... پنتێك بۆ یەکەمینەکانی ژیان لەم ناوچەیەدا رزگارمان ئەبوو ، ئاسان و ڕاستر ئەمان توانی لەم دیرۆکە بدوێین ، زمانمان سادەتر و لەحەقیقەتەوە نزیکتر ئەبووین ... چونکە ئەوەی مێژوو ئەنووسێتەوە لە ئاستەنگ نزیك ئەبێتەوە . شوێنەوار ئەخوێنێتەوە مشت و ماڵی ڕابردوو ئەکات و لە پاش ماوەکان ڕامان ئەچنێتەوە ، سەرنجەکانی ئەو ساتی ڕامانەیە ئەبێتە گریمانەی مێژوو خاڵی بەسەرهاتنی زەمانی ئەو دێرۆکە ... لەوەشدا ئاسان نیە ، بوونی شوێنەوارێك بکەیتە بەڵگەیەکی ڕوون یان گەورەی سەردەمێکی دیاری کراو چونکە ئەوەی لەبەردەستدایە (بەش) ێکە نەك (هەموو) ، پارچەیەکە لە (شوێن) نەك (ساتێك) بێت لە (زەمان) ، بەهەموو جوریشی کاری تێ‌کراوە و ئەشێت لە توانای‌دا نەبێت حاڵەتێکمان بۆ وەسف بکات کەتیایدا دروست کراوە ... یان زەمەنێکیان بۆ بگێڕێتەوە کە پیایدا گوزەراوە .

هەرچەندە تێپەڕبوونی زەمەن چاوی ئێمە لە تەڵخی نزیك و لە ڕوونی دوور، دەخاتەوە چاوی ئەو شوێنەوارەشی بۆ بینیی چەرخی خۆی لە بینایی ئێمەوە ئەوەندە بەلێڵی پیشان ئەدات ... بەڵام بەهەموو ئەم تێبینیانەشەوە شوێنەوار هەر ئاوێنەیەکی نیشاندانی مێژووە چ بە ڕوونی بێت یان بەلێڵی ...

هەر بۆیە ئەگەر بێت و چاوێك بە (چەمی دزاوەر و دەرەی تەرتیبا و لێژڵە و ماوامی) دا بگێڕین ... کۆمەڵە شوێنەوارێك دەبینین کەمێژووی ئاوەدان کردنەوەی ئەم شوێنانە دەگەڕێنێتەوە بۆ پێش ئیسلام ... وەك ئەو گۆڕانەی کە گوزارشت لە مێژووی بەخاك سپاردنی ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەکەن ، کەلەو دەمانەدا ژیاون و وەك دایی بەگۆڕ سپاردنی ئەو سەردەمە لەشوێنە جیاوازەکانی تری کوردستاندا ، ئەمێستا ئێسقانەکانیان مێژوو دەگێڕنەوە ، کە بەرامبەرە لەگەڵ سەردەمی سێهەمی زاینیدا و ، ئەکاتە سەرەتای مێژووی ساسانیەکان (١١) ...

دەرەی تەرتیبا ئەوەندە شوێنەواری تیا دۆزراوەتەوە ، کە داکۆکی لەدێرین بوونی خۆی بکات ... هەروەها بوونی چەندەها (شتی کۆن)

لەناوچەکانی (لێژڵە و ماوامی و وەزەسوور و باخەوان) دا بەڵگەن لەسەر دێرینی شوێنەکە ... لەحەفتاکاندا و پاشانیش لەنەوەدەکاندا خەڵکی تەوێڵە زۆر خەریکی هەڵکەندنی ئەم شوێنانە بوون ، چەندەها جەرە و کوپە و دیزە و دیوار و ئێسقانی مردوویان دۆزیوەتەوە ... لەباخەکەی (وەستا موحەمەدی وەستا حەمە ڕەحیم) شوێنێك دۆزراوەتەوە ، وەك ژوور وایە کەسێك سەردانی بکات دیارە ...

وەستا صادق غەندی لەم بارەیەوە وتی :-

- لە (باخەوان) لە باخەکەی (دەروێش مەحیەدین) دا لەگەڵ (میرزای ئوڵڵا) دا بەشوێن پاشماوەی کۆندا ئەگەڕاین (دووسکە) و(پاوانە) یەك و (دوو مور) و (دەسکی شمشێرێك) شمشێرێك مان دۆزی یەوە کە ئاسنەکەی ڕزیبوو ، هەندێکیانم دا بەلای (صابرە فەندی سلێمانەیی) خزممانەوە ... دوایی هەواڵم پرسی فەوتاندبوونی ...

هەروەها وتی :

- لە (لێژڵە) کوپەی زۆرمان دۆزییەوە کە ئێسقان و کەللە سەری تێدابوو . مامۆستا (فەخرەدین حاجی سەلیم) سەبارەت بەشوێنەوار لەناوخودی تەوێڵەدا ئەڵێ:

- لە (دەرەتفێ) لەژێر دارگوێز و تووەکاندا کاتێك باخمان تازە کردەوە ، دیواری ڕێك و پێکی خانوومان دۆزیووەتەوە کە بەقسڵ دروست کرابوو ...

هەروەها ئەڵێ :

- من منداڵ بووم ، یارمەتی تازەکردنەوەی خانووەکەی (مەحمودی نادر کۆزاد) مان دا کە ڕووخا بوو تاسێ مەتر بناغەیان هەڵکەند هەر گڵی ڕەش بوو ، دوایی چەند گونجێکی گڵدراو دۆزرانەوە کە درێژی هەریەکەیان (٨٠ سم) بوو ئەستوریشیان (٢٠ سم) کەتیرەی گونجەکان بوو ، بەپێی بوونی شوێنەوارەکان لە (بێدەری) و (دەرەی بەڵخ) و (حاجی بەشارەت) کەمرۆڤ گومانی ئەوە دەبات کەلە سەردەمێکی دێریندا ئەوناوە دێی بچووك بچووك بوون ... یا بوونی (قەڵای گاوران) سوسەی شارستانیەتیەك بەدەرئەخات هەرچەندە درێژەی ئەو ژیارە روون نییە چۆن و کەی بووە ؟ !

ئەگێن پێشینان و پیاوانی ڕیش چەرمووی ئێستاش ئەڵێن : لە(ویسورە) وە ئاوبراوە بۆ (قەڵای گاوران) کە دوو شاخی بەرامبەر یەکن ، ئیتر چۆن براوە ؟ نازانرێت !! بە بۆشاییدا ئەو ئاوەیان پەڕاندووەتەوە یا بە بۆری و بەئەرزا بوە

یان بەچ میکانیزمێك ، بەڕوونی دیار نییە . یا وشەی (قەڵای گاوران) خۆی هەڵگری پرسیارێك نیە !! ئایا ئەم ناوە بۆچی ! لەچییەوە هاتووە !!

بوونی ئەو شوێنەوارانە چ لە دەوروبەری تەوێڵە و چ لەناو خودی تەوێڵە خۆیدا و دۆزینەوەیان لەکاتی هەڵکەندنی ئەوشوێنانەدا ، مرۆڤ بەرەو گومانێکی فرە ڕەهەند ئەبات و فکری مرۆڤ بەچەندین پرسیار ئەوروژێنێت ، کەئاسان نییە وەڵامیان بدرێتەوە ، گومان بەدەروازەی یەقین بگەیەنن . لەوانە : چونکە شوێنەوارەکان و ئەوشمەکانەی یان بەڵگانەی سەر مێژووی ناوچەکە گەواهی دەرن ، بلاَوو فرە چۆرن

نازانرێ ئایا کام لەم شوێنانە ، لەهەموویان کۆنترەو، یەکەم خانوو لە چ شوێنێکیان دروست کراوە ؟ (ماوامی) ... (لیژڵە) (قوڵە) (وەزەسوور) (بەری وەروێ) (پێشێرە) (دەرزینگا) (باخەوان) (دەرەتفێ) (دەرەی تەرتیبا) (دەرەی بەڵخ) (بێدەری) (بابا سەرهەنگ) (حاجی بەشارەت) یا لەشوێنی تەوێڵەی ئێستادا وەك ناوچەکانی (چلانە) و (مالێدەر) !؟

ئایا کێ ئەتوانێت ئەم بڕیارە بدات ؟ دێرین ترین شوێنی ئاوەدانی تەوێڵە کامیانە ؟ ئایا ئەو رایە تا چەند راستە ئەوشوێنە ئاوەدانانەی دەوروبەری تەوێڵە دێی بچووك بچووك بوون و لەگەڵ لەناوچوونی ئەواندا ، بەخەڵك و دانیشتوانی ئەوان (تەوێڵە) ئاوەدان کراوەتەوە ؟ !

یان ئەشێت (چلانە و) (مالێدەر) بۆیەکەم جار ئاوەدان کراینەوە و گۆڕستان و شوێنی لاوەکیان ئەوناوچانەی دەوروبەیان بووبێت کە ئێستا ئەو شوێنەوارانەیان تیا دۆزراوەتەوە ... بەهەرحاڵ ، لێرەدا دەخوازێت سەرنجتان بۆ چەند تێبینییەك رابکێشین : .

* (تەوێڵە) کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام .

* جگە لەو سێ ناوچەیەی ئێستا (چلانە و مالێدەر و وەراوەر) شوێنەواری خانوو و ، ئاسەواری ئاوەدانی لەچەندین شوێنی تەوێڵەدا هەیە ...

* لە مێژووی ناوەڕاستدا ریگای (خۆراسان و شارەزوور) بە تەوێڵەدا تێپەڕیوە هەرچەندە لەلایەن جوگرافی ناسەکانەوە بەراشکاوانە ناوی تەوێڵەیان نەبردووە ، بەڵام گومان زۆر دەبرێت کەمەبەست لە (مستشرف شهرزور) تەوێڵە بێت (١٢) هەروەها چەند سەرچاوەیەکی تر ئەڵێن (مستشرف شهروز) (١٣) باشترین زەوی کۆن و نوێیە (١٤) ...

چەند شوێنەوارێك ڕازێکی سەیر دەگێڕنەوە :-

کاتی خۆی کۆمەڵێك لە ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی هاتوون بۆ (عێراق) بۆ مەبەستی (ئارکۆلۆژی . شوێنەوارناسی) چەند بەرد و شمەکێکی تریان دۆزیوەتەوە کە بەخەتی بزماری کۆن نووسینیان لەسەر یاداشت کراوە و پاشان ئەمان کردوویانە بە ئینگلیزی و لە مۆزەخانەکانی خۆیان دا لە (بەریتانیا) پیشانیان داون ...

نووسەرێکی شوێنەوارناسی عەرەب بەناوی (تقی عابد) پاش بینین و خوێندنەوەی نووسراوەکان کە خۆیشی یەکێکە لەشارەزاکانی زمانە کۆنەکان پەیوەندی کردووە بە گۆڤاری (العرب) ەوە و ئاگاداری کردوون کەشتێکیوا هەیە و ئەم شوێنەوارانە ، هەڵگری کۆڕازێکی زۆرن و وەری گێڕاون بۆ سەر زمانی عەرەبی لەلایەن گۆڤاری ناوبراویشەوە سیٚکەس وەك نوێنەری گۆڤارەکە دێن و پاش پەیڤین و ڕاگۆڕینەوەیەکی زۆر ، بەسیٚ زنجیرە ئەم بابەتە بلاْودەکەنەوە ، ئامادەییش دەردەبڕن بۆ لێکۆڵەرەوان و مێژوو نووسان و شوێنەوارناسان کە تاوتویٚ و گفتوگۆی گەرم لەسەر ماك و ناوەڕۆکی بابەتەکە بکەن ... [١٥] .

جا ئەوەی پەیوەندی بە دەڤەری هەورامان و بەتایبەت تەوێڵەوە هەبێت ئاگاهی نامەیەکی لیٚدەخەینە پێش چاو " کە تێیدا هاتوە و ئەڵیٚ [١٦] :

(... ئیبراهیم لە دەوروبەری ساڵی ١٩٥٠ پ . ز لەخێزانێکی کوردی هۆزی جاف لەتیرەی قەهرۆتایشی لە دایك بووە ...

پێش ئەوەی ببێت بە پێغەمبەر ناوی (صەفاء ئازەر) بووە ، گەنجێك بووە وەحی بۆ هاتووە ، خێزانەکەی کە ناوی (سارە) بووە و لە هۆزەکانی (هەوارمین) ی سەر بەشاری (پاوە) بووە کە دەکەوێتە سەر سنوری عێراق و ئێران .

باوکی سارە خاوەنی دەسەلاْت وپایە و سەرۆك هۆز بووە . ئیبراهیم خۆی و خێزانی و دایك و باوکی لەشارۆچکەیەکی بچووکی خوارووی پاوە ژیاون کە پیٚی دەڵێن (تەوێڵە) کە ئێستا لەخاکی عێراقدایە ...

لەتەمەنی (٢٩) ساڵیدا واتە : لەساڵی ١٩٢١ پ . ز دا بووە بە پێغەمبەر ، هەر بەمنداڵی زیرەك وشیار بووە . هۆزەکەی بتیان دروست کردووە و پەرستویانە و قوربانیان بۆ کردوون . ئیبراهیم بڕیاری دا ئەم بتانە بشکێنیٚ ، بۆیە ڕۆژێك هەموو بتەکانی شکاند جگە لەگەورەکەیان نەبێت . باوکی کە پیٚی

زانی شایەتی لەسەردا ، ئیتر حوکمی سوتاندنی (ئیبراهیم) یان دا . بەلاّم خوا ڕزگاری کرد . خەزوری و هەندێك خزمانی (سارە) ی خێزانی و (لوط) ی برازای چونە سەرئاینەکەی و ، باوەڕیان پێ هێنا ... تەوێڵە کەوتووەتە نێوان چوارشاخەوە [١٧] ، لەشێوێکی تەسکەوە دەچیتە ناوەوە ، هەر لەم تەوێڵەدا بوو ئیبراهیم داوای کرد لە خوا کە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە ، خوای گەورەش فەرمووی : چوار باڵندە پارچە پارچە بکە و هەر پارچەیەکیان لەسەر چیایەك دابنێ ... دوایی ئیبراهیم بەناوی خواوە بانگی کردون و زیندووبونەتەوە ... هەر لێرەش مەنجەنیقی بۆ دائەخەن.

لەئەنجامدا ڕێژەیەکی کەم باوەڕیان پێ‌هێنا و زۆرینە هەر بەبێ باوەڕی خۆیان مانەوە . ئیتر ناکۆکی کەوتە نێوانیان بۆیە تەوێڵەی بەجێ‌هێشت و خۆی و ئەوانەی باوەڕیان هێنا پێی ، هەڵهاتن بۆ (حەران) ی سوریە . (هەران لە راکردوان) ەوە هاتووە ... لەم حەرانەدا ناکۆکی زۆر دەبێ لەنێوان هۆزەکانی هەرکی و مزووری و زازو مسوری و کەنعانی و هەکاری و هەق سوز (هیکسوس).

ئیبراهیم لەم ناوچەیەدا دروشمی (یەکتاپەرستی و برایەتی و بەرژەوەندی هاوبەش) لەنێوانیاندا بەرز دەکاتەوە ، بەناوی هەموومان برای یەکترین ... برای هەمووان . ئیتر بە (صەفا) یان ووتووە (برای هەمی) ... دوایی وشەکە گۆڕاوە و بووە بە (ئیبراهیم)[١٨] . پاشان ئیبراهیم (هاجەر) دەخوازێت و (سارە) ش لەتەمەنی (٧٠) ساڵیدا ئیسحاقی دەبێت . ئیسحاق کچێکی دەبێت بەناوی (ڕەباقە) وە ، بەهۆی (سارا) وە مارەی دەکات بۆ یەکێك لەخەڵکی بیارەی خوار تەوێڵە ... هەروەها ئەڵێ :

ئیبراهیم (٢٠٠) ساڵ ژیاوە و ، (صەفا و مەڕوە)ش بەمانای صەفا مەڕۆ، واتە:حەوت جار بانگی دەکات صەفامەڕۆ. هەروەها کتێبی (صوحفی ئیبراهیم) ـ فورقانە ـ بەزاراوەی سۆرانی بووە ...

بەم پێ یە بێت :

مێژووی تەوێڵە، کۆنە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لەچوار هەزار ساڵ لەمەوبەر.

آراء وقراء

ألواح الأسرار من الأخ المخلص إلى الخاطر العزيز «٢»

شكوك حول شخصية المشرع الكبير حمورابي

خطأ هاجر في الهورامية تسبب في فتلة ماء زمزم

هجرات السورية معبر ابراهيم باتجاه مكة

پەراوێزەکان

(١) هەندێک ئەڵێن ئەو ناوچەیە (پایگەلان) بووە ، کە دێیەکە لە هەورامانی ئێران .

(٢) المرشد . مواطن . الآثار و الحضارة . طه باقر و فؤاد سفر . الرحلة . ٦ لا.

(٣) بۆ نموونە : بەڕێز محەمەد سان ئەحمەد ئەیووت : (میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی) یش وتویەتی (تەوێڵە) بە (دەربەند تەوێڵە) ناسراوە ...

(٤) کتێبی (اصول اسماء المدن والمواقع الجغرافیة) جمال بابان . بەرگی ١ ـ ل ٤٩ ئاماژەی بەم ڕایە داوە ...

(٥) تەوێڵ : ناوچەوان

(٦) ڕایەکیتریش هەیە ئەڵێ : قەڵا میرزا ، بەناوی (قارس میرزا) برای (تەهماسب شا) ناونراوە ، کە لەکاتی پەنابەر یەکەیدا بۆ شەڕ و خۆپاراستن لەم ناوچەیەدا بووە .

(٧) ماوەزا : مەئوا وەزا ... شوێنگای گوێز ... مەڵبەندی گوێز ...

(٨) ماوامی : مەئوا واما ... شوێنگای بادام .

(٩) لێژڵە : لەبەرلێژی شوێنەکە ئەوناوەی لێنراوە .

(١٠) چلانە : چل + یانە = چل یانە واتە : چل خانوو ...

(١١) گۆڤاری (هەزرا مێرد) ژمارە (١٠) کانونی یەکەم ١٩٩٩ . ل ١١٥ .

(١٢) گۆڤاری (کاروان) ژمارە (٧) ل ١٣٧ بەشی عەرەبیەکەی ، بابەتێکی مامۆستای شوێنەوارناسی کورد (عەبدولرەقیب یوسفە) ... هەرچەندە خۆشمان شەوی ١٩/١٨ ــ ١٢ــ ١٩٩٨ سەردانیمان کرد بۆ ماڵی بەڕێزیان لەسلێمانی ، لەوسەردانەشدا زیاتر جەختی لەسەر ئەوە ئەکردەوە کە (تەوێڵە) و (بیارە) لەحەوت شوێنە جوانەکانی جیهانن ..وە وتی : نیازم هەیە لە ئایندەدا نووسراوێک لەوبارەوە بنووسم ، هەورەک لە گۆڤاری کاروان ژمارە (٧) دا ئاماژەم بۆ کردووە ...

(١٣) (مستشرف شهرزور) واتە : ملەی شارەزوور یان ... (زیندووی شارەزوور) .

(١٤) (ابن حرداذبة) لەسەردەمی (١٠) زاینیدا لە (مختصر کتاب البلدان) ل (٢٢٧ و ٢٣٦) دا ، (چاچی بریل) باسیان کردووە ، لەگەڵ چەند شوێنێکیتردا ...

(١٥) ئەوان وەک سەنتەری گۆڤاری (العرب) ئەو ئامادەییەیان دەربڕیوە ، لەراستیدا ئێمە هەر بۆزانین چەند پەرەگرافێکی بلاّودەکەینەوە ، ئەگینا ، تاچەند لەحەقیقەتەوە

نزیکە و تا چەند بەهەڵەتان و پۆی چنراوە ئێمە لێی بەرپرسیار نین ، سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە ئەگەر لەسەر ئەم بەشەیشی تێبینی‌یەکی کەممان لەسەری هەبێت ، ئەوا لەسەر تەواوی بابەتەکە کۆ تێبینیەکی زۆرمان هەیە . سەرەڕای ئەوەی هەر بە بەراوورد کردنی ژیانی پێغەمبەرەکان (سەلامی خوایان لەسەر بێ) لەگەڵ قورئاندا تێبینی دروست دەبێت ...

(١٦) ئەم نووسینە دوور و درێژە بەتایبەت لەسەر پێغەمبەران (ئادەم ، ئیبراهیم ، نوح ، موسا ، عیسا) درودی خوایان لەسەر بێ . هەورەها ـ بەخت نەصر ـ حامۆرابی . هابیل . خضر . هتد) و چەند کەس و شتێکی‌ترە . کە سەرچاوەکەی گۆڤاری (العرب) ژمارە (٩) (صفحە . الهاید بارك . اراء و قراء) بەرواری ٢٨ ، ٢٩ ، ٣٠ / ١٩٩٠/٥ وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی (تەقی عابد) ...

(١٧) ئەم ڕایەش ڕاستە بڵێین تەوێڵە دەکەوێتە نێوان چوارشاخەکەوە کە ئەوانیش :

ا . شاخی پشت بەرامبەر (وەراوەر) ب . شاخی پشت مالێدەر . ج . شاخی هانەکڵە وەهارە .د. شاخی قەڵای گاوران . ئەم دوانەی دوایی دەکەونە پشت چلانەوە،چەمی دەمەرەسورا، لەیەکیان جیادەکاتەوە .

(١٨) ئەم گۆڕانی زمانەوانی‌یە ، ئەوەش هەڵدەگرێت بڵێین : لە وانەیە لەوشەی (بڕێنمی) هەورامی‌یەوە هاتبێت واتە هەموو برای یەکین ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر ئەو لێکۆڵینەوە ڕاست بێت .

جوگرافیای تەوێڵە

١ـ شوێنی تەوێڵە

٢ـ سنوری تەوێڵە

٣ـ بەشە سەرەکی یەکانی تەوێڵە

٤ـ دانیشتوانی تەوێڵە

٥ـ ئاو و هەوای تەوێڵە

٦ـ سەرچاوەی ئاوی تەوێڵە

٧ -جێ شوێنەکانی تەوێڵە

٨ـ سروشتی جوانی تەوێڵە

جوگرافیای تەوێڵە

شوێنی تەوێڵە:

شارۆچکەیەکی ناوچەی هەورامانی لهۆنە، کەوتوەتە بەشە کوردستانی باشوور لەسەر سنووری کوردستانی ڕۆژهەلاتە لە ڕۆژهەلاتی باکووری عێراق. ئەم شارۆچکەیە ناحیەکەی (بیارە)[1]یە و سەربە قەزای (هەلەبجە)یە لە پارێزگای (سلێمانی)، مەودای نێوان تەوێڵە و بیارە (١٤ کم)ە بۆ خورماڵ (٣٢ کم)و بۆ هەڵەبجە (٣٥ کم)ە و بۆ سلێمانی (١٠٥ کم)ە.

مامۆستا (عەبدول ڕەقیب یوسف)سەبارەت (تەوێڵە)لەنێوان شارولادێدا دەڵێ: (هەرچەندە تەوێڵە بەلادێ دانراوە، بەلام دەتوانین بەیەکەم لادێی کوردستانی دابنێین، لەلایەن فراوانی و جوانی و زۆری باخ و باخاتەوە. تەوێڵە لەجۆری شارەوە نزیکە تاوەکو جۆری لادێ، لەبەر ئەوە ئێمە وەك شار سەیری دەکەین و بەسەریدا دەڕۆین. دەبێ بشزانین کە جوگرافیای شار چەند پێناسەیەکی هەیە ... گرنگترینیان دیاری کردنی بەوەزیفەی پیشەیی‌یە نەك بەقەبارە)[2].

بەپێی ئەو پۆلێن کردنەی کە م.عەبدوالله‌غەفور لە جوگرافیای کوردستاندا‌ل(٢٣٨)ـ کردویەتی بۆ ئاواییەکان،تەوێڵەلەشارۆچکەگەورەکانە، ،چونکە ژمارەی دانیشتوانی زۆرە.هەروەها دکتۆر (شاکر خەصباك)سەبارەت بە ئەو ناوەندانەی کە لەشار دەچن لەپارێزگای سلێمانیدا ئەڵێ:

(هەندێك شوێن هەیە لەشار دەچن لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، وەك ئەمانەی خوارەوە[3]:

تەوێڵە لە هەڵەبجە، ژمارەی دانیشتوانی ٢٩٣١ کەسە.

بەرزنجە لە شاربازێر، ژمارەی دانیشتوانی ١٧٦٨ کەسە.

پێنجوێن لە هەڵەبجە، ژمارەی دانیشتوانی ١٤٧٣ کەسە.

بیارە لە هەڵەبجە، ژمارەی دانیشتوانی ١٤٣٢ کەسە.

هێرۆ لە پشدەر، ژمارەی دانیشتوانی ١٠٩٢ کەسە.

هەڵشۆ لە پشدەر، ژمارەی دانیشتوانی ١٠٠٦ کەسە[4].

هەروەها ئەڵێ:

(... چەند ڕواڵەت و خەسڵەتی بیناسازی هەن بۆ دیاری کردنی ناوەندە شاریەکان، لەوانە: بازاڕ، شەقام، قوتابخانە، خەستەخانە، پرۆژەی ئاوو کارەبا، شارەوانی (کەشارەوانی گرنگترین دەزگایانە)...

جا تەوێڵە لە ڕووی وەزیفەوە زیاتر وەزیفەیەکی بازرگانی هەیە.

پاشان ئەڵێ: بوونی پیشە و کارگە و دەزگای خزمەتگوزاری لەناوچەکەدا نیشانەی شاریەتی، ئەو شوێنە زیاتر دەردەخات[٥].

دواجار ئەڵێ: یەکێ لەوهۆگرنگانەی کە هەندێ شوێنی کردووە بە شێوە شاری، بریتی‌یە: لە بازاڕ، هەرچەندە هۆی تریش ڕۆڵیان بینیووە لەوگەشەکردنەدا، وەك تەوێڵە و بیارە. تەوێڵە بەگەورەترین ناوەندی شێوە شاری دادەنرێت. هەقی خۆیەتی کە گرنگی‌یەکی تایبەتی پێ بدرێت بەلاّم ... لەباسی گەشەکردنیدا دەڵێ: شوێنکات (موقع)ی تەوێڵە ناگونجێ بۆ گەشەی شارێکی بازرگانی ... فاکتەری سیاسی کاریگەری هەیە لەسەری، بۆ گەشەکردنی ... کەوابوو تەنها ڕاقەیەك بۆگەشەی شاری، ژمارەی دانیشتوانی یەتی[٦].

سنووری تەوێڵە:

تەوێڵە لەگەڵ چەند گوند و لادێیەکدا هاو سنوورە. لەباشوورەوە (سۆسەکان)و (پالانیا)، لەڕۆژهەلاتەوە (شۆشمێ)و (نەوسوود)، لە باکوورەوە (دزاوەر)و (هەورامانی تەخت)، لە رۆژئاواوە (کەیمنە)و (بێدەرواس)و (هانە گەرمڵە)و (دەگاشێخان)، لەسێلاوە بە کوردستانی رۆژهەلات دەورەدراوە.

تەوێڵە لەدامێنی سێ شاخی گەورەی[٧] بەرامبەریەکدا خۆی وەك شارۆچکەیەکی قەشەنگ و دیمەنێکی نگین، نومایش دەکات.خانووەکانی لەدامێنەوە بۆ کەمەری شاخەکان چین چین هەڵزناون و بەیناوبەین تولەڕێگەیەکی پێچاو پێچ لەیەکیان دەکاتەوە و کەلێنێکی پشوو ئامێزیان پێ‌دەبەخشێ ...

لەنواڵەی نێوان (ماڵیدەر و وەراوەر) دوە بازاڕ درێژ دەبێتەوە تابەبەشی باشووری چلانەکۆتایی دێت.. بازاڕەکە لەناوەڕاستی هەرسێ بەشە کەدایە، خانوو بەرەکان شێوەیەکی پەیژەیی یان وەرگرتووە، لە زۆر شوێندا، سەربانی یەکەم دەبێتە جۆرە حەوشەیەك بۆ خانووی دووەم، زۆر لەشارەکانی (بەدلیس، ماردین، پاوە، ڕوان، بێساران ... هتد)دەچێت: (عەلی سەیدۆ گەورانی)ش هەروا ئەڵێ: ... خانووەکانی تەوێڵە چین چین چوون بەگژ شاخەکاندا[٨]. مامۆستا

(شاکیر فەتاح)یش لەوەسفی شارۆچکەی تەوێڵەدا ئەڵێ: ... لەبەردەمی ئەم هەیوانەوە، (واتە: هەیوانی خانەقا)ئەستێرك و سورکێکی جوانی ڕێك و پێك هەبوو، دەوروپشتی بەتەلە بەردی تەخت و خشت تەنرابوو، لەپێش ئەم سەکۆیەوە، دە، پانزە، دار عەرعەری سی گەز بەرزی چوو بوون بەئاسماندا. ئەگەر ئێواران لەسەر ئەم ئەستێرك و سورکە دابنیشیت و تەماشای ئەو چەم و باخانەی خوارووی خانەقاکە بکەیت، لەولایشەوە سەیری خانووەکانی تەوێڵە بکەیت، کە بەقەدشاخەکەدا هەڵچوو بوون، لەگەڵ ئەم دار عەرعەرانەدا، هەرچی خەم و خەفەت هەیە لەدڵتا نامێنی"[9].

بەشە سەرەکیەکانی تەوێڵە:

پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کەسیَ شاخی گەورە گەمارۆی تەوێڵەیان داوە، هەر خۆشیان تەوێڵە دەکەن بەسێ‌بەشی سەرەکی یەوە ... زۆربەی خانووەکانی دوو، یا، سیَ نهۆمن[10]، ئەمەش لەبەرهەر هۆیەك بێت ئەوەی لێ‌دەخوێنرێتەوە، کە ڕووبەری خاکەکەی کەمە، لەچاو زۆری دانیشتوانەکەیدا و، ناوچەیەکی بەردەڵانە و زەویەکەی سەخت و زەحمەت و گیرە و سانادەست نادات بۆ خانووبەرە ... خانوو دروست کردن و باخ دانان بەردەوامە بەڵام ڕەنج و ماندوو بوونێکی زۆری دەویَ ... دامێن تاقەد پاڵی ئەم شاخانە گەواڵەیەك خانوویان لەخۆگرتووە، هەر بەشێکیشیان دەبیَ بەچەند گەڕەکێکەوە ... بەشەکان ئەمانەن:

١/ مالێدەر:

گەورەترین بەشی تەوێڵەیە، لەنێوان دووبەشەکەی تردایە، ڕوو بەقیبلەیە و خۆرەتاوە، لەوانی‌تر زەویەکەی لەبارترە، جەمسەرەکانی گەیشتوونەتە هەردوو چەمی دزاوەر و ئاوێسەر. لەوانەشە دێرین ترین بەش بێت لە ڕووی ئاوەدان کردنەوە وە، چونکە وەك ئەڵێن:

هەر یانیو وەرش نەلونە   حەکیمیش زوو زوو ملونە[11]

کەواتە لەسەرەتاوە خانوو لەشوێنی خۆرەتاوەکەوە دروست دەکرێت.

سیمای ئەم بەشە، جوانی چینی خانووەکانی لەسەریەك، بوونی مزگەوتی گەورەی شار لەدامێنییەوە و لووتکەی شاخێك لە باکووریەوە، ڕستی چەند کەپر و دارمێو لەسەربانەکانەوە و قۆقزی کەمەری شاخەکە و چڕ و پڕی ئاوەدانی‌یەکەی و شەماڵی بەرەبەیان و پەلکەزێڕینەی پاش بارانی سەر لوتکەکەی، لەدیمەنە هەرە جوان و سیحراویەکانی دەڤەرەکەن.

بێجگە لە مزگەوتی گەورە، مزگەوتی (باساکا)و (بابائەسکەندەر)یشی تیایە، لەدوای ڕاپەڕینەوە، خانووەکانی ئێرە، لە شوێنەکانی تری (چلانە و وەراوەر)زیاتر ئاوەدان کراونەتەوە ... بەتایبەتی لەهەردووبەشی (دەرەتفیٚ)و (خەمەکاوە)دا.

گەڕەکەکانی ئەمانەن:

باخچە میرا، دەرەتفیٚ، بانە گۆرە یا هاڵەکوکیا، عەلی حاجی، شاسوارا، خەمەکاوە، ماڕی حاجی تۆفیق، ماڕی مامۆستا، پەشتو بانا یا بابا ئەسکەندەر، کوجیبن.

٢/ چلانە:

چلانە دووەم بەشە لەگەورەیی و زۆری دانیشتوان و چڕ و پڕی خانوو پشکی تیشکی خۆر و ئاوەدانیدا.

لەبارەی وشەکەیەوە ئەڵێن:

کاتێك بۆ یەکەمجار تەوێڵە ئاوەدان کراوەتەوە لە چلانەدا نیشتە جیٚبوون، تا بوونەتە چل یانە واتە: چل ماڵ پاشان لەچل و یەکدا خانوو لە ماڵێدەردا کراوەتەوە، ماڵێدەر واتە: ماڵ لەدەرەوەی ئێرە. یا ماڵەناوێك لەچلانەدا چووەتە دەرەوە، یا ماڵە توشی دەرد(نەخۆشی) هاتووە،وتویانە ئەوە(ماڵەدەرد)ە ،واتە ئەوە ماڵەنەخۆشە.

بەڕێز مامۆستا عوسمان هەورامی لەم بارەیەوە ڕایەکی تری هەیە و ئەڵیٚ: چلانە، لەچل خانەوە هاتووە، هەموو پیتێکی (خ)بووە بە(هـ)، (چل خانە) بووە بە(چل هانە) پاشان (هـ)کەخوراوە بووە بە(چلانە)واتە لەچلەخانەوە هاتووە.

ماتابانی شەوانی پایز و، قات قاتی خانووی نهۆم بەرز و، ڕاستە ڕیٚی قەڵابۆزان بۆ کۆتایی هانەسووسوو، مزگەوتە خنجیلانەکانی (کاك عەلی فەیرۆز)و (فەقیٚ ئەحمەد)و (قاپی شێخ)یا (حوجرەکەی مەلا نەزیر)و قوتابخانەکەی ساڵی ١٩٢٨ و قەیسەری و گەرماوە ڕەسەنەکەی ئێرە، لە بەناوبانگترین شوێنە ئاماژەکانی چلانەن.

گەڕەکەکانیشی ئەمانەن:

دەمەرە سوورا، سەفەر، ئوسایا، مەڵڵایا، تاشڵا، هەڵاوەگا، سەردەگا، قەڵابوزان، هانە سووسوو.

٣/ وەراوەر:

نوێترین بەشە، كەلەپاش دوو بەشەكەی تر، ئاوەدان كرابێتەوە و، بەرامبەرە بە چلانە و مالێدەر، نسرمە و كەمترین پشكی خۆری بەركەوتووە و سەخت و لێژە و خانووەكانی زیاتر یەك نهۆمن و نزیكەی سەد ساڵێك دەبێت ئاوەدان كراوەتەوە و، ئەڵێن یەكەمجار (حەسەنی حەمەحسێن) و (صالحی حاجی صدیق) خانوویان تیا كردووەتەوە.

گەڕەكەكانیشی ئەمانەن: پشتی خانەقا، پشتی شاجۆ، یارە، ماوەزا.

دانیشتوانی تەوێڵە:

بەپێی ئەو زانیاریانەی كەدەستمان كەوتوون ژمارەی دانیشتوانی تەوێڵە بەم شێوەیەیە:

* بەڕێز موحەمەد سان ئەحمەد ئەڵێ: یەكەم سەر ژمێری لە ساڵی ١٩٣٤ دا كرا، ئەو سەرژمێریە گشتی بوو بۆ هەموو عێراق، لەوكاتەدا فەرمانبەرێك كە حاجی ئاغایان پێ ئەوت لەسلێمانیەوە هات بۆ تەوێڵە و سەرژمێریەكەی كرد، ئێمە لەتەوێڵەدا زیاتر لە ٥٠٠ ماڵ بووین، كە ئەیكردە نزیكەی ٢٤٠٠ كەس.

* دكتۆر شاكر خەصباك ئەڵێ: ژمارەی دانیشتوانی تەوێڵە لەساڵی ١٩٤٧ دا ٢٩٣١ كەس بووە[١٢].

* بەڕێز جەمال بابان ئەڵێ: (٧٥٠)خانووە و (٣٢٤٨)كەسە[١٣].

* كاك ئادەم باسام (كە كاتب نفوس ی تەوێڵەیە)وتی: دانیشتوانی تەوێڵە لەكاتی ناونووسی ١٢/١٠/ ١٩٥٧ دا بەپێی تۆماری (ئەحوال مەدەنی)ناحیەی بیارە ٤٣٨٠ كەس بووە.

* هەردوو بەڕێزان (مامۆستا حسێن موحەمەد غەفور و مامۆستا عەزیز جەعفەر) ئەڵێن: لە ١٧/ ١٠/ ١٩٧٧دا كە سەرژمێری لەعێراقدا كرا، هەردووكمان پێكەوە سەرپەرشتی سەرژمێریەكەمان كرد، ژمارەی ماڵەكان (١٦١٣)ماڵ بوو كە (٥٢٧٣)كەسی دەكرد.

* بەپێی ئەو پرس و ڕاوێژەی كەلەگەڵ شارەزایانی سەرناسی شارۆچكەكەدا سازمان كردووە، لەبەرهاری ١٩٨١ دا تەوێڵە ١٨٥٠ خێزان و نزیكەی ٧٠٠٠ كەس بووە.

* ئەمساڵیش (٢٠٠٠)دەتوانین، سەرژمێری خەڵكی تەوێڵە بەگشتی بەم شێوەیە بخەملێنین[١٤].

لەناوخودی شارۆچكەی تەوێڵەدا ٦٨٠ ماڵ هەیە كە ئەكاتە ٢٧٢٠ كەس

لەهەڵەبجەی شەهید	٣٣٠ ماڵ هەیە کە ئەکاتە	١٣٢٠ کەس
لەهەڵەبجەی تازە	٢٢٠ ماڵ هەیە کە ئەکاتە	٨٨٠ کەس
لەشاری سلێمانی	١٣٠٠ ماڵ هەیە کە ئەکاتە	٥٢٠٠ کەس
لەشارەکانی تر	٣٠٠ ماڵ هەیە کە ئەکاتە	١٢٠٠ کەس
لەدەرەوەی عێراقیش	٢٥٠ ماڵ هەیە کە ئەکاتە	١٠٠٠ کەس
کۆی گشتی:	٣٠٨٠ ماڵ کە ئەکاتە	١٢,٣٢٠ کەس

ئاو و هەوای تەوێڵە:

تەوێڵە هەروەك زۆربەی شوێنە جیاجیاکانی هەورامان و کوێستانەکانی کوردستان، لە زستاندا سارده و شێداره، بەفروبارانێکی زۆری لێدەبارێ بەگشتی هەر لەتشرینی دووەمەوە تا کۆتایی مارت سارده و بەتایبەتیش لە نیوەی تشرینی دووەمەوە بۆ نەورۆز بەفرو باران درێژەی هەیە ... تاوەکو نیوەی مانگی ئایار باران هەر دەبارێ ... جاری وا هەیە ئەوەندە بەفر دەبارێ لەشەو و رۆژێکدا دووتا، سێجار سەربانەکان دەماڵرێن، بەڵکو کووچە و کۆڵانەکان پڕدەبنەوە، لەگەڵ سەربانەکاندا رێك دەوەستن ... یاخود ڕێی سەیارە دەگیرێ و تەنانەت سەفەرکردن بۆ شوێنێکی نزیکی وەك (بیارە)ش دەبێتە ئەستەم و تا چەند رۆژێك شار بەپاوانەی بەفر ئابلۆقە دەدرێ، وەك لەشیعرێکی میرزا عەبدولقادردا ئامارەی پێکراوە کە دواتر یاداشتی دەکەین[١٥]...

بەهاری تەوێڵە، لافاوو سێلاوی پێیە ... نرکە و نالەی هەوری لەگەڵدایە ... گۆڤەندی هەڵتۆقینی قارچکی لەدڵدایە ... کڕی وا هەیە چەمی ئاوێسەر و دزاوەر ئەکەونە شەپۆکانی شەپۆلی سێلاوێکی سوور و لافاوێکی زەرەردەر، وەك ئەو لافاوەی کە لەساڵی ١٩٣٦، ١٩٥٧ دا هەڵیکردووە کە دواتر لەسەری دەوەستینەوە.

هەروەها (هەرەسی بەفر)یەکێکی‌ترە لەدیاردە سروشتیەکانی ئەم دەڤەرە، بەتایبەت لە(هانە کلەو دەرەتاریك و خەڵەفیو...)دا جاری واهەبووە زیانی زۆری داوە لەدارودرەختی باخەکان و تووشی شکانەوەو لەڕەگەوە دەرهاتنی کردوون.

لەگەمە و گەپەکانی نێو ئاپۆرای بەفری جوان و تارای سپی شاردا چەندین دیاردەی سەرنج راکێشی هەیە، لەوانە: شەڕە تۆپەڵ، شێرە بەفرینە، خلیسکێنە، وێنەگرتن لەگەڵ کلوە باریوەکاندا و ... هتد

هەورەها لە هەندێك شوێنی تەواو سارد و پتەودا دیاردەی چاڵە بەفر خەسڵەتی هێشتنەوەی بەفری لە ئەستۆ بووە بۆ ناوەڕاستی هاوین و

فرۆشتنەوەی لەبازاڕدا ... ئەم ساردی و سەرمایەی تەوێڵە، وای کردووە مەگەر هەر زۆپای دار، ورەبەگیان ببەخشێ و دڵ خۆش بکات، هەر بۆیە زۆربەی ماڵەکان تا ئەم دواییەش زۆپای بەگرمە و ناڵەی داریان بەکار ئەهێنا، چونکە، هەم دار زۆرە و هەم هەرزانیشە.

بەهاری تەوێڵە باراناوییە و مانگی یەکەمی زۆر دەبارێت. خەڵکی ئەم ناوچەیە زۆرتر لە مانگی دووەمی‌دا بۆ گەشت و گەڕان و سەیران و سەفا دەکەونە ئەو کەژ و کێوە ڕازاوانەی کە دەوروبەری شارۆچکەکەیان کردووە بە فەرشێکی سەوزی بەهارین. چەمی ئاوێسەر پشکی شێری بەرئەکەوێت لەم گەشت و گەڕانەدا... ئەم دەربڕینە بۆ ڕەزوباخەکانیش بەپلەی دووەم هەر راستە.

هاوینیشی زۆر گەرم نی‌یە و تیشکی خۆر دانیشتوانەکەی بێزار ناکات، بەتایبەت ئەوانەی کە بۆ سەروکاری باخ و باخاتیان خۆیان تەرخان ئەکەن هەر زۆر بە خۆشی هاوینیان لێ ئەڕوا تەنانەت ئەوانەیشی کەلەوێدا ئەمێننەوە نا پێویستن بەپانکە و کەرەستەی فێنککەرەوە... چونکە تەوێڵە لەنێوان سێ شاخدایە، کەمتر هەتاو دەیگرێتەوە و بەیانیان درەنگ هەڵدێ و مەگەر لەچێشتەنگاو بداتە ناو بازاڕ(١٦)... پایزانیشی پڕ لە سیحری جوانی و بۆنی گەڵا و خەزانی دار و پێگەیشتنی بەری ،هەرە دیارترین درەختی هەورامان نە، کە گوێزە. لەمانگی یەکەمیدا ئاوو هەوا فێنکە و سەرەتای کاروانی سارد و سەرمای درێژ دەگاتە جێ. ئەگەر لەشوێنانی تر وەرزەکانی ساڵ دوانیان زاڵن بەسەر تەمەنی ساڵدا و زۆرترینی مانگەکان بۆ خۆیان ڕام ئەکەن کە ئەوانیش هەردوو وەرزی هاوین و زستانن و بەهار ئەبێتە پاشکۆی هاوین و پایزیش زستان قووتی دەدات ... ئەوا لەم شارۆچکە خنجیلانەشدا وەرزەکان، دوانیان زیاتر زاڵ و دیارن، بەڵام کام دووان ؟ یەکەم: زستان پایزیشی لەگەڵدایە.

دووەم: بەهار کەپشکی هاوینیشی بۆ خۆی بردووە و لەم دەڤەرە هاوینیش هەر ئەڵێی بەهارە.

چاڵە بەفرەکان:

چاڵە بەفریەوە ئەوترێت: کە شوێنێکی گونجا و دەدۆزرێتەوە و دەستکاری دەکرێ تا زیاتر لەباربێت بۆ مانەوەی بەفرەکە لەشێوەی چاڵێکی قووڵدا و پڕدەکرێتەوە لە بەفر و کەمێك دەپەستێنرێتەوە و پاشان بە (کا)و

(خویٚ)و (گەڵای دار بەڕوو)دایدە پۆشن و لە وەرزی هاویندا بەکۆڵ یا بە وڵاخ دەیهێننەوە بۆ ناو بازاڕ و دەیفرۆشن.

لەگرنگترینی ئەو چاڵە بەفرانەش ئەمانەن:

١) یارەی مەحمود ئاغا، لەپشتی وەراوەرەوە بووە.

٢) کەریم خادم، لەپشتی خانووەکەی وەستا ئەمینەوە لە قەلاّ بۆزان بووە.

٣) عەبدولاّی هەیبە کر، لەپشتی دەرە تفیٚ.

٤) ئایزەی حەبیب لەدەرە تاریک.

٥) حاجی فەرەج لە باخەکەی خۆیدا، لە چەمی ئاوێسەر، لەشانەزەرا.

٦) عەلی کەریم حەمە سەعید، لەوەراوەر لەپشتی خانووەکەی خۆیدا.

٧) ئەسکەندەری سانە، لە چەمی ئاوێسەر لە هانە کڵە لە ساڵی حەفتاکانیش هەبوو.

٨) حاجی موحەمەد (حەمە مەجە)، لە زەمینی هەیاس لەساڵی ١٩٦٨ دروستی کرد تا ساڵی ١٩٨١ هەر دایدەگرت کە ئەمە تازەترین چاڵە بەفر بوو.

سەرچاوەی ئاوی تەوێڵە:

ئاوی ئەم دەڤەرە ڕەنگینە، بێجگە لە باران و بەفر و تەرزە، پێک هاتووە لە کانی و کارێزەکانی ... بێگومان کانیش بەو ئاوە زوڵاڵ و ڕوون و پاکە ئەڵێن کەلەزەوی‌یەوە بەرێگای سروشتی خۆی هەڵئەقوڵیٚ ...

کانیش مەرج نیە رووبا، یێك بداتە پێش خۆی، بەڵکو ئەشیٚ کانی ناو دیٚ دەوری سەنتەری شاربببنیٚ وەك (پلوور)ی تەوێڵە، یا دەشیٚ ئاوێنەی دڵگیری دەڤەرەکە و کرانەوەی هەست و هۆش و سروور بونی دڵ بگەیەنێت، وەك (گۆران)ی شاعیر ئەڵیٚ:

کانی‌یەکی ڕوونی بەرتیفەی مانگەشەو
لەبنیا بلەرزیٚ مرواری زیخ و چەو
جوانترە لەلای من لەدەریای بیٚ سنوور
شەپۆلی باتەبەر تیشکی رۆژ شڵپ و هور

کانی، یەکێکە لە هۆکارەکانی نیشتەجیٚبوون، زۆربەی گوند و شارەکانی کوردستان، لە دەوری (کانی)یەکاندا گرد بوونەتەوە و پاشان گەشەیان کردووە و بوون بە گوند یا دیٚ یان شار.

هەموو دیاردە سروشتی‌یەکان دوو دیون، دووڕەهەندن، (کانی)ش بەهەمان شێوە چەند جوانە، چەند بەسوودە، بیٚزیان نی‌یە، بەڵکو کانی‌یەکانی

کوردستان لەگەڵ بوونی سوودەکەیاندا لە ڕووی سیاسی‌یەوە هۆکارێک بوون بۆ پەرت پەرت بوونی کورد و دروست نەبوونی شاری گەورە.

بەشێوازی هەورامی بە (کانی)دەوترێت:(هانە)جا ئەگەر وردبینەوە لە ناوی گوند و دێهاتەکانی هەورامان ئەبینین (کانی)ئەوەندە کایەیەکی گرنگ بووە لە ناوچەکەدا تەنانەت بووەتە تایتڵ و ناونیشانی زۆرێك لەو گوندانە کە ئەویش ڕۆڵی کاریگەری کانی دەرئەخات لەبوارەکانی ژیانی ئەو گوند و ناوچانەدا وەك: (هانە گەرمڵە، هانەی دن، هانە سوورە، هانە نەوتی ... هتد)

ئەم تێبینی‌یە نەك هەر لەهەوراماندا بەڵکو لەبەشەکانی تری کوردستانیشدا هەیە وەك:

(کانی مانگا، کانی ماسی، کانی وەتمان، کانی ماران ... هتد)[١٧].

کانی‌یەکانی تەوێڵە لەگەڵ ئەوەی بەشێك لە جوانی دیمەنی سروشتی ناوچەکە پێك ئەهێنن، سازگارن، پاکن، ڕوونن، زوڵاڵن، بەتایبەت ئاوی ئاوێسەر هەر سکەریشە (هازمەیشە)واتە: باتێریش بیت کە چوویتە سەرچەمی ئاوێسەر ولێت خواردەوە، پاش ماوەیەك هەست بە برسیەتی ئەکەیت[١٨].

بێگومان یەکگرتنی کانی و کارێزەکان لێرە و لەوێ دەبنە هۆی دروست بوونی چەم، لەتەوێڵەش هەروایە. وەك (چەمی ئاوێسەر، چەمی دزاوەر) ئەم دووانەش لەناوەڕاستی تەوێڵەدا بەیەك دەگەن و لەگەڵ کانی‌یەکانی خوار تەوێڵەدا (چەمی خواروو- دەرەی وارین) کەبەچەمی گەرمات بەناوبانگە پێك ئەهێنن.

دەتوانین ئەم کانیانەی ناوچەی تەوێڵە بەپێی شوێنەکانیان بکەین بەچوار بەشەوە:

١- کانی‌یەکانی چەمی ئاوێسەر:

- هانە چەمە - هانە دیوا - هانۆ بنۆوەزی - هانۆلاسی - هانە هەڵوچە (هانۆ شیخی) - هانۆدەشتیلی - هانە کڵە ڕیزینە

- هانە کڵە (هانۆ ئیبراهیم زەڕین) - هانۆ سێمارەواری (زەمیە)- هانۆ ماوامی (سەرچەمە)- هانۆ ئایزە بارامی - هانۆ شەکەری - هانۆ لیژڵەی . هانە کڵۆ عەبولەو قادری - هانۆ دەرەتاریکی - هانۆ ڕەحمانی (کەمەر سپی).

٢ـ کانییەکانی چەمی دزاوەر:

چەمی دزاوەر لەکانی یەکانی (چەمی هامنۆ و چەمی مەڕیٚ)پێکهاتوون کەلە دزاوەردا دەبنەوە بەیەك و دێتە خاکی تەوێڵەوە ئەم کانیانەیش لەخاکی تەوێڵەوە دەڕژێنە ناویەوە:

ـ هانە مڵکشا ـ هانە کڵۆ سەعەی. ـ هانە مالمین (هانۆ شێخ شابەدینی)ـ هانە قالاوا[١٩].

٣/ کانی یەکانی خودی ناو ئاوایی:

ـ هانە سوسو. ـ هانۆ قادر بەگی (کاریز و باخچە میرای). ـ هانۆ مەڵلایا. ـ هانۆ بازاری. ـ هانۆ پلووری.ـ هانە دلین.ـ هانۆ خاڵەکەی. ـ هانۆ ماوەزای.ـ هانۆ هالی سەفانای. ـ هانۆ خانەقای. ـ هانۆ باخچە و مەرقەدی.

٤/کانیەکانی چەمی خواروو(گەریات):

ـ هانۆ ویسورەی.ـ هانۆ وەزلیی.ـ هانۆ صۆفی حانەی.ـ هانۆ عەلی. ـ هانە قالاو ا.ـ هانە وەیسە. ـ هانۆ حاجی بەشارەتی.ـ هانۆ سەلاحەی (شەتنیٚ).ـ هانۆ کافە کوڵی.ـ هانۆ وێشەی.ـ هانە وحسەی. ـ هانۆ حەمە یوسوی.ـ هانۆ بێدەریی.ـ هانە و قالە و مەجنونی.ـ هانە و ئەحمەد ڕەواسی.ـ هانە و هەسار و صۆفی.ـ هانۆ مەڵلا جەمالی.ـ هانۆ چلە خانەی. ـ هانە و ئاساوگای.ـ هانە و هەسار و حەمە سەلیمی.ـ هانە و مەڵلا صادقی.ـ هانە و وەلی.ـ هانە و حاجی بابا لەی.ـ هانە و سەعلەی.ـ هانە و حەممەدەو شەی.ـ هانە و حەمە حەسەن و خاتوونی.ـ هانە و ئەولحەی.ـ هانە و خالانی لەدەرەقازان و هەورەها چەند کانیەکیتریش[٢٠].

جیٚ شوێنەکانی تەوێڵە:

تەوێڵە بەگشتی[٢١] لەسیٚ چیای بەرز و سیٚچەم و بەشە باخ پێکهاتووە، ئەشتوانین ناوی ئەم شاخ و دۆڵ و ملە و نواڵە و گرد و قەلا و جیٚ شوێنانە لەناو ئەلبومی سروشتی ڕازاوە و دڵڕفێنی ئەم ناوچەیەدا یاداشت بکەین:

کەمەرەکان: (کەمەر و شتر لە ... کەمەر بەڕەزا ... کەمەر عارەبە ... کەمەر سپی ... کەمەر و سێوەی ... کەمەر خەڕاتە ... کەمەر کولیری)

قەلاکان: (قەلای باجگیرا ... قەلای گاورا ... قەلای میرزا...[٢٢] قەلای گویج ... قەلا مسێن ... قەلای سۆفی جانە ... قەلای هەسەن ... قەلای خەسرەو...)

ملەگاکان: (ملەگای وەچە کلا ... ملە گای تەی ... ملەگای سونیٚ ... ملەگای بینجە...ملەگای خەڵەفی...ملەگای ویسورە..)

جێ شوێنەکانی تر:

(بلچە دۆڵە ... گەرمە دۆڵە ... شینگە دۆڵە ... دۆڵ و زەباری ... زەمین و هەیاسی ... لاسە و خەزانی ... دەرەتاریك ... سەرچاڵ ... تەوەنێ ... سەرتەلان ... تاشا حسێنەشەلی ... گوزیندار ... سەیمارەوار ... لیژلە ... ماوامی ... دەشتیلی ... قوڵە ...مابەڵمی... جامباز ... دەم و شێنای ... خەڵەفی ... ویسوورە ... وەزلیە ... خڕوکاوی...)

(دەرەقازان ... وەزە زەردە ... بێدەری ... قاقولی ... دەرەگای بیلا ...نسارە ... دەرەی بەڵخ ... ئاساوگا ... گەڕیات ... شەتنێ ... حاجی بەشارەت ... ڕەزی صۆفی)

(دەرەی تەرتیبا ... تەختەی وارە ... ملکشا...نسارە...سەرجۆ...)

(سەرکەل ... دەرەتفێ ... پێشێرە ... شەمبانوو ... دەرزینکا ... ڕاسا یاری ... باخەوان ... وەزە سوور ... وەرەوی..)

هەندێك لەجێ شوێنی نزیك بەتەوێڵە: کە لەخاکی ئێراندان بەلام تەوێڵەیی سەردانیان دەکەن بەمەبەستی سەیران و ڕاووگەشت و گوزار " وەك:

(هامنۆ ... مەرە ... دالانی ... بزازەرا ... گمالێ ... کاوێنا ... کویلە ... هانۆڕیزا ... کەما جەر ... دوختانی خان .... مرۆی کرۆبانگا ... خوڕ خوڕە ... هەیات ... مارانی ... گلو ۆ هەنگی ... حەوت کەشا ... هەزارانی ... سلۆر ... هانە شیروانی ... هانە مرۆ، هانۆ خانی ... نەڵکمین ... دەرەقوڵ ... هانە سوارا ... هەوارە خوڵینە ... نوەیجەڕ ... پلورە چەرمی ... هانۆ قاژا.. هانە سیاو ... کەلەبەری دالا ... هانە کلەی میری ... هانە قوڵە ... هانە دێوانە ...)

سروشتی جوانی تەوێڵە:

ئەدمۆندز لەپەڕاوی (کرد ترك عرب – ل(١٥٥)دا لەبارەی جوانی تەوێڵەوە ئەڵێ:

(... تەوێڵە نمونەی جوانترین دێیە، لەدێ گەورەکانی هەورامان، ئەو شەوەی کەلەوێ بووم، لەناو خەیمەکەی خۆم، دانیشتبووم، کاتێك کەتاریکی داهات، سەیری چرا داگیرساوەکانی ماڵە چین لەسەر چینەکانی ئەوبەری خۆمم کرد، وام دەزانی لەناوەراستی کۆشکێکی ناو هەوردام، بۆ کۆشکێکی تری ناو هەور دەڕوانم ...)

نەشئەی جوانی و سروشتی ئەفسوونگەری کەژ وکێوو خوڕەی ئاوێسەرو سێلاوی‌چەمی دزاوەرو غروبی دەم کەلی کەش و خەنینی یاڵ و کەشکۆڵی شاخ و

سۆزی کەو ونەغمەی شوان ،ئەلبومێکی تەواو سیحراوی نومایشی چاو و زهنی بینەرئەدەن....

سەکۆی سەیران و مەکۆی ژیوار ،لەهەرجێ چینێك و لەهەرکات بەرێك... لێرە زڕەی گەلاّیەو خەزانە، لەوێ تەقەی گوێزی باڕێزەی بەیانە..لێرە هاژەی لێرەوارەو، لەوێ تەقەی ڕاوکەری دەم کەلانە ...لەلایەك بەهارێك، سوورە هەلاّڵە، پێشوازنەو، لە جێ یەك دەنگی شمشاڵێکی غەمگین میوانتە ... لەماڵێك هاوخوانی دیوە خانی دۆستانی و،لەخانەقاش ئاشنای سەدای زکرونزای پیرای نەقشبەندیت ... لەدیویك چراخانی مەڵۆی گەوهەری زانیاریەو، لەدیوێکی‌تر چەپکێك چنوورو دەستێك ڕێوا سی پێخەناوی شەوچەرەی شەوانتە... لەچەمکێك ژینت کارێزی پشووە و لەحەسارێك جروەی ئەستێرە و باوەشێك لەتریفەی مانگ میوانتە...تەلاّنی چین چین وباخ و باخاتی نگین ورەنگین ... لەگەڵ خانوی لەسەر یەك وەستاوی وەستایانەی سەرتا بەخواری مالێدەرو چلانە... پێکرا لاپەڕەیەك لەسروشتی هەست بزوێن تۆمار ئەکەن، کەبووەتە هۆی جولاّنی هەست وخرۆشی چەندین نوسەرو شاعیرو بوێژو خەڵکی هەست ناسك، کەلێرەدا بەشیاوی دەزانین ئامارە بەچەند پارچەیەکی ئەدەبی‌وشیعری ئەو هۆنەرانە بکەین[٢٣]:

- بەڕێز(عەبدولکەریم نەقشبەندی)لەپارچە شیعری (بەگوێرەی بەتوانا)دا دەڵێت:

بەگوێرەی توانا، هەلیرێژادڵ گەوهەری شیرین ،لە سەر پەڕەی گوڵ
ئاوی ئاوێسەر سێبەری گەرپات گەڕانی بەهار ،لە دەشتی هەیات
هاڕەی بەفراوی ،قاسپەی کەوی کەپری سەربانان ،نوستنی شەوی
گوڵاڵەی جوانی،شەوبۆوچنورە پشت بە هەورامان ،ڕووی شارەزوورە
بەفراودێتە خوار،لەودۆڵ وشیوەی نمونەی بەهەشت ،ئەو کەژوکێوەی
بەرزی مالێدەر،چین چین چلانە ڕوو بەگەرمیان،پشتی کوێستانە
ئەهلی‌تەوێڵە،خاوەن ئەخلاقن هەموو خزمی یەک ،بەئیتیتفاقن
دێیەکی گەورەو،نزیک هەزارماڵ بەخۆشی ئەژین ، دوورن لەخەیاڵ

هەروەها لەپارچەشیعری (جوانی تەوێڵە) دا،ئەڵێ:

تەوێڵەخۆشە،شاری ژیانە هەموو خزمی یەک ،دوورلەبێگانە
بابێمەباسی،دیمەن تەوێڵە کەشاعیری کورد،لەمەدحی وێڵە
دیمەنی جوانی،کاتێ‌دیم بەچاو لەبۆ جوانی، قەڵەم خستی داو

دەستم هەڵیگرت،نامەی ئاگرین چی لە دڵما بوو،نووسیم بەیەقین
تەوێڵەخۆشە،وەتەنی منە لانەی شێرانە،قەبری‌دوژمنە
باغ وئاوی ،جوان وغەمگینە لە خۆشی‌جوانی،بەهەشتی ژینە
دەڵێم بەڕاستی،زۆر بێهامتایە حەیفە تا ئێستا ،نی‌یە لە کایە
کوێسنانی خۆشە،شیرین ژیانە بەهەشتی ئێمە،تاکی جیهانە
چونکە بۆ جوانی،شاهدە مێژوو کراوەمەدحی،ئێستاش وهەم زوو
بەسەرزارماهات،چی لە دڵمابوو هەڵم ڕژاند خەم،وەهازوویەزوو
خۆشی ئەم شوێنە،(ئاوی پلورە) چۆنی باس بکەم، سەیری (ویسورە)
بەهاریان لێ هات، کچی مالێدەر پۆل پۆل ئەڕۆن، بەرەو ئاوێسەر
پۆل پـۆلی کچـــان،بەلانــزاران قاسپەقاسپی کەو،لەسەرکەمەران
پۆل پۆلی کچان،لارولەنجەی گوڵ عاشقی شەیدایە،دڵی هەزاردڵ
گولاڵەسورە،لەسەرکوڵمی یار بولبول دەخوێنێ،نیشانەی بەهار

لەهۆنراوەی (دانیشتوانی تەوێڵە)دا دەڵێت:

خاوەن صنعات و، دوکان و باخن هەموو خۆش ڕەفتار،بەرزە دەماخن
صنعات کردنیان، باخ ودوکانیان ڕەوشتیان بەرزە، لەرێی ژیانیان
گەنج و پیرهەموو، لەپیاو و لەژن یا ئاسنگەرن،یاخۆ کلاش چن
ژنیان ڕێس ڕێسن،تاکو ئێوارە پیاویان جوڵان،ئەهلی ئەم شارە
بەهاریان لێهات،ئەچن بۆگەڕان بەلەنجەو بەلار، لەسەرکەمەران
قیوە قیوئەکەن،تاکوئێوارە پاشان دێنەوە،بەرەو ئەم شارە
باخی‌تەوێڵە،بەیەکجار زۆرە میوەی تیایە،لەهەموجۆرە

جگەلەمەش، هۆنراوەیەکی (١١٠) دێڕی هەیە کەبەگشتی وەصفی تەوێڵە دەکات.

ـ بـەڕێز (تۆفیـق هـەورامانی) لەسـاڵی (١٩٨٢)دا کەدوورکەوتوەتـەوە لەتەوێڵە، لەهۆنراوەی (سەفەری شەماڵ)دا کەبەبۆنەی چۆڵ بوونی تەوێڵەوە ئەم هۆنراوەیەی نووسیوەو ئەڵێ:

هەرچن بیاری،ئازیزەنە لام پیلانە لوە،یەکسەر سێ سەلام
سێ سەلام لوە،پێ دەرۆ بەڵخەی چاگە بنیشەرە،سیر واچە ئۆخەی
جە دەرۆبەڵخەی، ئاوێ مێرەوار ئاوەکوچەمەی،تەوەنی نازار
چاوە،دە،لابلای، مڵکەکۆ شەمی تەماشاکەرە،بەرکەرە خەمێ

ئاپێچەپێچە، ئاملەملە — تاکەبیاوی،پێچی‌مام بلە
وەزەرە،کەل و، تەوەن چەخما خی — بدیۆنسارەو،پەشت وچوارباخی
ئینجا ،دە،لابلای،ڕا،سوسەکانا — سەرەچیر،بدیە،دەرەقازانا
شەماڵ ،چا لوە،ڕوو بە باجگیرا — بدیۆ قاقوڵی،چندە دڵگیرا
بێدەریە،بدیە،ڕووبە نسارە — شاجۆ سۆزبیەن،ئادۆرو بارە
یاوای گەڕیاتە،نەختیو بنیشەرە — بدیۆ پەی شەتنی و،ماوای سەردەرە
ئنجا کەیاوای،ئۆهانە وێشە — ئاویوە وەرە ،ئاخێو هورکیشە
قەزاد لە ماڵم،شەماڵی گیانی — یەواش هورووەزە،پێچ و خمخانی
تەماشە کەرە،ناوجەرگەی بازار — وینە، فوارە ،هەم سورە چنار
ئاوی بوەرە،چەمۆ پلوری — یاگو پیا خاسا،ڕوومەت پرنوری
ئنجا کوجیبن،هورووەزە سەر — هەتا بیاوی،بابا ئەسکەندەر
بابائەسکەندەر،چاولای نەلی — بەس لاوە بدیە،پەی ڕاو سەرکەلی
جا چاوە لوە،خەمەکاوەرە — یەواش سەرو وی، ئارام وەزەرە
هەتا بیاوی،ئۆوەزە قمی — ئانە چایخانەن،چا سەرو گمی
ئامان سەدئامان،شەماڵی‌نازدار — چیرو باخچارە،بوریوەبازار
لاییچ کەرەوە،مەنزڵگەی‌گەنجان — دۆران دۆرانا،دونیاکەی زەمان

هەروەها ،لەشوێنێکی تریشدا دەڵێ:

خوایا نەکوشیما،پی گشت داخاوە — تا دەم بنیەیمێ،هانە چەماوە
هانەو کافەکوڵێ،هانەکڵەی‌وێشە — خوایا وەسیشا،ئی گەرۆکیشە
ئینە چن ساڵن،دڵما ئەسیرا — دەی وزیما وە،پێچی باجگیرا

- بەڕێز (فاتح عەبدولکەریم) لەنامیلکەی (گەشتی بیارە)دا دەربارەی تەوێڵە دەڵێ:

(...لەناکاو دەنگی،تەوێڵەی‌سازگار — هاتەگوێم وتی: بۆ لای من ڕێبوار
هەڤاڵی یەکن،بیارەوتەوێڵە — ئەوێت دی منیش،بەجێ مەهێڵە
ئەمەک و وەفا،داگیری کردم — بەرەو سەر ڕێگای،تەوێڵەی‌بردم
لە(تەپی نیعمەت)بۆ،(دەرگای شێخان) — لەوێش بۆ(بەڵخە)،جا بۆ(سۆسەکان)
نەختێ ڕاوەستام،لەو سەر ملەیە — ڕێگام لەبەرە،زۆرم پەلەیە
(سۆسەکان)لەمبەر،(شۆشمێ)لەوبەر — زۆر دێی کوردستان،ئەمبەرەوبەرە
لەخواری (شۆشمێ)،(نەوسود)دیارە — چەن با سەفا بوو،سەر(حەوزەلارە)
چەند خۆش بووئەوسا، کەئاوەدان بوو — بووکیڕازاوەی،گشت (هەورامان)بوو

خەیاڵ هەر بردمی،بەرەو ئەولاوە   تا گەیاندمیە،ناو شاری(پاوە)
(سەراو چون هەوڵی،مەسکەن چون پاوە   ماچی بەهەشتەن،وەڕووی دنیاوە)[٢٤]
تائێرەبەس بێ، وتم بەخەیاڵ   زیاترڕێناکەم،نەخۆشم وبێحاڵ
گەڕامە دواوە،بەرەوا(سۆسەکان)   داپەڕیمەخوار،بۆناو باخەکان
لەم لاداری گوێز،لەولاداری گوێز   خەریکن ئاسمان،بگرنەئامێز
لەبەرپێڕووبار،لای سەرلالەزار   باخی بەهەشتەو،جۆگەیەوجۆبار
لای چەپ چایخانەی،(گەڕیات)ئەگەڕێ   چەمی(تەوێڵە)،لایڕاست ڕێئەبڕێ
هەتا دەگەیتە،ناوەڕستی دێ   سێبەرەو هەتاو،نادا لەبەرپێ
هەتا خۆرئاوا،دەبێ لەو ناوە   پۆپەی دارەکان،هاوڕێی هەتاوە
لەدێ بۆناو باخ،لەناوباخ بۆدێ   پۆل پۆل نازداران، دەگرن ڕێچکەیڕێ
لاوانی قۆز و،جوانی مشکی لار   لەدوورو نزیک،شانەوشانی یار!
ڕێگا ئەڤینە،هەوائەڤینە   ئاسمان ئەڤینە،کوارق؟!کوا کینە؟!
ناوت زیندووە،گۆرانی مەزن   تەنهالەخۆت دێ،وەسپی خاک و ژین؛
((سیاچەمانە ...سیاچەمانە   هەورامان جێگەی سیاچەمانە))[٢٥]
دەستی چەپی چەم،دوور لەدڵداری   خانەقای شێخەو،عیبادەتکاری
بەعیشقی پاکی،لیقای خوداوە   ڕوویان تێدەکرد، لە هەرزارلاوە
قەریحەی مەعدوم،لێرەکراوە   خەرمانی شعری، لێرە هەڵداوە[٢٦]
ئای دنیا سەیرە،دەوران دەورانە   شەڕی ژیان و،مانو نەمانە
(سەدای ئاسیاوچی، مەیۆ پەیاپەی   ئای سیاو خاڵی یەن،نۆبەتەن سەدەی
هەرکاتێت زانا، دەورێ وەردەوە   ئێمەیچ چون یاران،پێچامان کەردەوە)[٢٧]
بەرەو ژوور بازاڕ،لەهەموو بابەت   هەریەک خەریکی ،جۆری کەسابەت
یەکێ ئاسنگەر،یەکێ دارتاشە   یەکێ خەریکی ،گیوە و کلاشە
یەکێ خەیاتی،چۆخە و ڕانکە   یەکێ خەریکی ،بێشکە و لانکە
لایەک دوکانی،مشکی و قوماشە   لایە کەوش دروو،لایەک سەرتاشە
لایێ کەبابچی،نانەوا لایێ   ماسی (دزاوەر)،ئەکڕێ کابرایە
لایێ مزگەوت و، بانگ ومەلایە   نوێژ و دەستنوێژ و ،ساتی خودایە
شارەدێ یەکی،گەورەو گرانە   بۆهەرلائەڕۆی،هەر ڕەنج کێشانە
وەستای تەوێڵە،کارامەی هەرکار   بێهاوتان لەگشت،خاکی کوردەوار

بازارم جێ هێشت،ڕووەوا(ئاوێسەر) بەدرێژایی ڕێ ،هەردارو سێبەر
هەتاگەیشتمە، پانتای بن شاخ شاخی هەورامان، لای سەر بەرپێ باخ
لەشەش حەوت لاوە،قوڵپی کانی یە دەڵێی سەرچاوەی ،زیندەگانی یە

– بەڕێز(م.عوسمان هەورامی)ش"لەپارچە شیعری(خەزان و ئاوێسەری)دا، ئەڵێ"(٢٨):

دیسان ئاوێسەر،زەبوون وزەردەن جەدووری یاران ،خەزانش کەردەن
چەمەران یاران،گێڵاوە جەنۆ سەیران کەراوە،جەسەرچەمەو کۆ
ئاوەدان بۆوە،بەهەشتیبەرین نوش کەراوە نوش،سەرچەمەی شیرین
چەرخی چەخماخە،هورچەرخیۆ هەمدیس سەرنگون بانێ،بەدانی نەگریس
هەزاران چەمان،وێنەی ئاوێسەر شادی شان پەخشان،بونە سەرانسەر
دیسان جەنۆوە،دەستەی دڵبەران بەیاوە سەردا، پەیگەشت وسەیران
مەنۆ ئاوێسەر،بەوێنەی جاران بۆ بە سەرچەمەو،دیدەیوەهاران
ژیوای دوبارە،دەس پەنە کەرۆ گرد کەس مەراقش،وەباد بدەرۆ
دوور جە نەیار و،کسپەو خەم و وەی وەشتەرین وەشین ،ژیوای سەرنەوەی

- مامۆستا (گۆران)ی شاعیریش، لەشیعری(گەشتی هەورامان) دا وەسفێکی جوانی گشتگیری هەورامان دەکات و، ئەمەش چەند کۆپلە شیعرێکیەتی(٢٩):

دیمەنی ڕێگاوبان:

کۆمەڵەشاخێک،سەخت و گەردن کەش ئاسمانی شینی،گرتۆتە باوەش
سەرپۆشی لوتکەی،بەفری زۆر سپی بە دارستان ڕەش ،ناودۆڵی کپی
جۆگەی ئاوەکان،تیایا قەتیس ماو هەرئەڕۆن ناگەن،پێچی شاخ تەواو
هاوارو هاژەی،کەف چرینی چەم بۆ تەنیایی شەو،لایە لایەی خەم!
توولە ڕێی باریک،تووناو توون پشکن ڕێبوار ئەخاتە،ئەندێشەی بێ بن..
ناوڕێگا تەق تەق،لاڕێ بەردی زل کە هێشتا گەردون،پێی نەداوە تل
گا سەرەو ژوورە،گا سەرەو خوارە تاڵی و شیرینی، دنیای ڕێبوارە

ڕێگای ناو باخ:

پێش ئەوەی بگەی،بەئاواتی دێ ئەکشێتە ناوباخ،توولە ماری ڕێ
شنەی سێبەری،داری گوێزوتوو ئەسرێئارەقی،ڕێبواری ماندوو
تەسکینی ڕێگای،باخەو باخیوێڵ (مانوو نەبی)یە،لەم کێڵ بۆ ئەو کێڵ!

- سەلامون عەلەیک،مامەی بن دارگوێز سەلامی مانوو،لەپیری بێهێز!..
- مەرحەبا سەرچاو،بەچکەی کاکۆڵقیت سمۆرەی سەردار،ڕۆڵەیزرنگ و زیت!..
ئەڕۆیهەر ئەڕۆی،تەلاّنەو تەلاّن... ئەمجا ئەگەیتە،پێچی بەرمالاّن

دێ:

کام بەر بەرۆچکەی،زۆر با سەفایە چەشنی دڵی شاد،دێیە ئاوایە!
خانوی بەگزادە،لەسای درەختا ئارامی بووکە، لەکۆشی بەختا
خانوی ئەهالیش،زۆریان دوو نهۆم هەندێ قنج وقیت،هەندێلاروکۆم..
یەک لەسەر یەکتر،بەرەولووتکەی کێو بۆ ئاسمان ئەچن،وەک پێ پلیکەی دێو!
لەدێدا کام جێت،گەورە بەرچاو کەوت: ماڵی ئاغایە و، خانەقاو مزگەوت...!

بەیان:

(اللەاکبر)،مەلا بانگدانە تاریک ولێڵی ،بەری بەیانە
مانگی بەچێماو، لەسەفەری شەو زەردە لەترسی ،قاسپە قاسپی کەو!
ئەستێرەیمەغریب،وەک قەترەیئەمەل کز کز ئەتکێتە ناو، بەفری سەرکەل!
لەڕێی ئەوبەری ،شاخ دەنگی زەنگ دێ لەشوێنی ڕاوکەر، تەقەی تفەنگ دێ!
هەرسیحری ڕووتە ،سروشت ئێستاکە! وا بەتەواوی، دنیا ڕووناکە
لەدرەخت ئەدا ،شنەی بای سەحەر جم و جووڵیەتی، چەشنی سەودای سەر
لەسەر جۆگەی ئاش، قاز و مراوی چاوەڕێی ڕۆژن، هەڵبێنێ چاوی
بەلاّم تا خولّقی، نەکا چێشتەنگاو نایەتە ناو دێ،پرشنگی هەتاو!...

مزگەوت:

بنچینەی مزگەوت، نیشتۆتە ناوچەم ڕوو بەرەو قیبلە، پشت لە جەهەننەم!
مزگەوتی کاتی ،چێشتەنگاوی چۆڵ: وەک مردوو کفنی ،بێدەنگی بەکۆڵ !
سوورە چناری ،لق و پۆپ درێژ سێبەر ئەکا بۆ، خەوی بەردەنوێژ!
جارجار ئیمامی ،تەنیا گۆشەی حەوز: سەر سنگ ماچ ئەکا،ڕیشی بە وەنەوز!
کەسێک بانگ ئەدا، ئەشلەقێنێ گۆم ئیمام هەڵدەستێ: داربەدەست پشت کۆم!
تا تەواوئیبێ،(اللە ا کبر) پەنگ ئەخواتەوە،لافاوی نوێژکەر...
نوێژ بەتاڵئەبێ،جەماعەت بلاّو چەن پیرێک ئەبن، بەخڵتەی لافاو:
سوچێک گەرمئەکەن،بەڕازی جوانی ئاخ بەبائەدەن،بۆ دنیای فانی!...

ژن:

ژنی هەورامان: سەرتاپا خشڵ سەرچاوەی بۆنی،مێخەک وسمڵ
تا بڵێیتەرپۆش،ئاڵ و والاّجل بەژن وبالاّجوان،بەدەن نەرم وشل!

نێونیگای خەندەی،ئەستێرەی‌ئەمەل نەغمەی‌گفتوگۆی، وەک جریوەی‌مەل!
ژینی بەهاری،عەشق وجوانی جیلوەگای حوسنی:ڕێی باخ وکانی!...

گۆرانی:

عەشقی‌ئێوارەی،سەرە ڕێی‌کانی بەر ئەداتە چەم،کڵپەی گۆرانی
ڕۆژ ئاوا ئەبێ،چەم تاریک دایە دەنگی (کنا لەیل)،هەر دوایی نایە...
مانگ بە تریفەی،ناو دێ ئەکا کەیل هێشتا هەرگەرمە،ناڵەی (کنا لەیل...!)
(سیاچەمانە...سیاچەمانە...) بەهەشتی عەشقە،ئەم هەورامانە!
ئەوەندەی دار و، بەردی هەورامان ڕەحمەت لەژنی، بەژن وبالاّ جوان!
(سیاچەمانە...سیاچەمانە...) هەورامان جێگای، سیاچەمانە!...

- هۆنراوە فۆلکلۆری‌یەکان: ئەوهۆنراوانەی بەسروشتی تەوێڵەدا وتراون زۆرن لەوانە:

هەناسەی سەردم، دەروون زیاوە (گەڕیات)ەش سوچنا ،نیشت (خانەقا)وە
تەرمەکیم بەردێ، (هاڵی‌صەفانا) گۆڕی و گولانی، یاسینم وانا
تەرمەکیم بەردی،بە(وەراوەرا) هەرکەس دڵسۆزا، ماڵۆ وەسەرا
یانیوت کەردەن ،ئینا(ماڵێدەرا) ئاگادارت بوو،خوای (بانیسەرا)
هەوار باشکەرد،پەی(ئاوێسەرا)ی بێ وەفا نەبی،مێل کونە کەری
ماڵ جە(ماڵێدەرا)،دوس جە (چلانە) نە پای بەرم هەن،نە نیشتەی یانە[٣٠]
کەم بۆ کەم بچۆ،بە(گەڕیات)ەدا صەیاد نەمەنەن، جەوڵاتەدا
ئەگەرحەز کەری ،وەشی قیاری لوە (گەڕیاتە) ،یا (دەرەوچنار)ای
صەباحی ساڵحان، گەردو بەیانی بلمی(دەرەرە) ،سەرو خەزانی
(کوجیبن)سەختا ،ئامۆشۆی نەکەی وەشا ڕێی(کارێزا)،گەرپرس بەمن کەی
یاخوا(نەڵکمین)،هور کنێو جەبن بەڵکو بەربیۆ، نوری دڵەکەی من
ئاخ من(گەڕیات)ە، گوزەرێم کەردێ سەرەم دیار و،(تەوێڵی) بەردێ
(دەرەو زاوەرا)ی، یاخوا بۆ ئاوا بەڵکو بەرگتۆ، شاو چەمەسیاوا
خوایا لەوکەلە، بم خەیتۆ وەبان بم خەیتۆ مابەین،(بەڵخە و سۆسەکان)
ئانە کێن ماچو،(تەوێڵی) وڵات خاکش نوقڵینی و، کەش و کوش نەبات
ساحبی وهورستا، هەساری وێڵی وەشڵەییم بەڕوەکە و،(دەرەوتەوێڵی)
سوورە هەڵاڵە و، بەرز و ئاکەشا (هۆرامان) گردش، سەرانسەرووەشا

پشتەوەی

بەرامبەر

لێژلە

٢٠٠٣/٥/١

پشتەوەی

مالێدمر

٢٠٠٣/٩/١٠

پشتەوەی

چلانە لوتکەی

قەلأمیرزا

٢٠٠٣/٥/١

قەلای گاوران

لەتەوێلە

٢٠٠٣/٩/١٠

تەوێڵە ١٩٧٤



زستانی

تەوێڵە

ماڵێدمر

١٩٧٦



پاییزی
تەوێڵە
بەشێک
لەماڵێدەر
١٩٧٦/٢/٥

مەرکەزەکەی
تەوێڵەو
بەشێک
لەچلانە
١٩٧٦/٩/٣

زستانی
تەوێڵە
بەشێک
لەچلانەو
بەرامبەر
١٩٧٧/٢/٩

زستانی تەوێڵە - بەرامبەر ١٩٧٧/٢/٩



ناوێسەر - زستانەو بەفر سپی دەکاتەوە ١٩٧٦/١/٢٩

کەسەکان: ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە بۆ چەپ: شەریف حەمەڕەیم - ئەنوەر ئەبوبەکر - صەباح حەمەکەریم - ناصر حاجی بابا - عەبدوڕەزاق عەبدوڕەحمان - حەمەصاڵح تۆفیق - حەمەشەریف صابر - نەجمەدین مەحیەدین.

سەردار حەمەخان - دانیشتووە ...... نوری قادر فەتاح - لە پشتەوەیە.



تەوێڵە هاوینی ١٩٧٥



بازاڕی تەوێڵە ١٠/ ٩ / ٢٠٠٣

پەراوێزەکان

(١) تاوەکو سالی ١٩٧٠ (تەوێڵە) و (بیارە) ش سەربەناحیەی (خورماڵ) بوون ، دوایی جیاکرانەوە (بیارە) بوویە ناحیە و (تەوێڵە) خرایە سەر بیارە .

(٢) گۆڤاری کاروان ژ ٧ ل ١٢٣ .

(٣) ئەمە بەگوێرەی ئامار بەندی سالی ١٩٤٧ بووە .

(٤) د. شاکر خصباك لەکتێبی (الاکراد . دراسة جغرافية اثنوغرافية) لە (المراكز شبه المدنية في لواء السليمانية) ل ٢١٢.

(٥) لە هەمان سەرچاوەی رابردوودا ، بەشی (صفات ووظيفة مراكز المدينة) ل ٢١٧

(٦) هەمان سەرچاوەی رابردوو ل ٢٢٦

(٧) شاخەکانی پشتی (مالیدەر و وەراوەر و چلانەن) ... بەلام ئەمەی سێهەمیان دووبەشە و قەلای گاوران بەشێك و (هانە کلەوەهارە) بەشەکەی تری پێکدەهێنێت .

(٨) لە(عەممانەوە بۆ ئامێدی) گەشتێك بە کوردستانی باشووردا ... عەلی سەیدۆ گەورانی نووسیویەتی‌و طالب بەرزنجی کردویە بەکوردی، ل ٦٦. نووسەر لەساڵەکانی (سی)دا گەشتێکی بەکوردستانی باشووردا کردووە و هەندێك شتی تۆمار کردوە .

(٩) شاکیر فەتاح لە (گەشتی هەڵەبجە و هەورامان) دا کەلەگەڵ (ئیسماعیل عەلی) ناوێکدا کەلەبەرواری ٢١ /١٩٣٣/٨ دا دەچێتە تەوێڵە ئەمەی سەبارەت بەتەوێڵە یاداشت کردووە .ل ٣١

(١٠) سەرچاوەی رابردوو ئەڵێ : تەوێڵە (٦٠٠) ماڵ بووە ، نزیکەی (٥٠) خانووی سێ نهۆمی تیابوو .

(١١) ئەمە وەکو پەندێك لەناوچەکەدا بلاوە واتە : هەر ماڵێك خۆر نەیگرێتەوە، حەکیم و پزیشك زوو زوو پێ یان لێ ئەکەوێت .چونکە خەڵکەکەی تووشی نەخۆشی دەبن .

(١٢) الاكراد . د . شاکر خصباك ، ل ٢١٢.

(١٣) اصول اسماء المدن والمواقع الجغرافية ، ج ١ ، جمال بابان ، لا ٢٤٩ . لەم کتێبەدا سالی سەر ژمێریەکە نەهاتووە بەلام کتێبەکە سالی ١٩٧٦ دانراوە .

(١٤) بۆ ئەم سەرژمێریە ، پاش وەرگرتنی رای کەسانی شارەزاو ریش سپی ، شوێنە جیاجیاکان و، پرسیار کردن لەکەسانی ئاگادار، رێژەی ماڵەکانمان بەنزیك کردنەوە داناوە، ژمارەی کەسەکانیش بۆ هەر خێزانێك (٤) کەس دانراوەو بەشێوەی گشتی پاش ئەوەی هەر(٥٠) ماڵ لەشوێنێك ناونوسمان کردبن ئەو رێژەیەی بەدەستەوە داوە.

(١٥) تەنانـەت لەسـاڵەکانی ١٩٥٩ و ١٩٧٤ و ١٩٩١ دا ئەوەنـدە بـەفر بـاریوە کـەدار و درەختێکـی زۆر لـق و پۆپـەکانیان شـکاوە و چـەندین بـاخ تووشـی زەرەرو زیـان بـوون بەوهۆیەوە ... هەربۆیە زۆرجار لەکاتی بارینی بەفری وشك و زۆردا ، خاوەن باخەکان ، درەختـەکان ڕادەوەشێنن بۆئەوەی بەفرەکەی لەسـەر بوەرێت و لـق و چڵەکانی قورس نەبن و بشکێنەوە .

(١٦) گۆرانی شاعیر جوان تەعبیری لەم حاڵەتەی تەوێڵە کردووە کە ئەڵێ :

لەسەر جۆگەی ئاش قاز و مراوی چاوەڕێی ڕۆژن هەڵبێنێ چاوی

بەڵام تا خولقی نەکا چێشتەنگاو نایەتــە ناو دێ پرشنگی هەتاو

(١٧) سـوود وەرگـیراوە لەبابـەتێکی بـەڕێز (فـەرەج عـەلی) بـەناوی (هەنـدێ زانیـاری دەربارەی کانیـەکانی کوردسـتان) کەلـە گۆڤـاری (کـاروان) ژ : ١٦ ی ١٩٨٣ دا ل ٦٧ بڵاوکراوەتەوە .

(١٨) شاکیر فەتتاحیش لە گەشتی هەڵەبجە و هەوراماندا ل ٣٨ دانی بەمەدا ناوە .

(١٩) ئەم دووانەی دوایی لە (دزاوەر) ن بەڵام بـەزۆری تەوێڵـەیی سوودی لێوەردەگرن . بۆیە نووسیومانن.

(٢٠) ئەم کانیانە بەقەد پاڵی شاخەکانەوەن بەڵام زیاتر لەبەشی خوارەوەی تەوێڵەن بۆیە لەم بەشەدا یاداشتمان کردن.

(٢١) ئەم یەکەیـە تایبەتـە بـەجێ شـوێنەکانی وەك شـاخ و دۆڵ و نـراڵـە و قـەڵاو ملـە و ... هتد ، هەروەها لە (العراق الشمالی) نووسەر : د . شاکر خصباك ، ل ٢٢٨ دا هـاتووە کـە بـەرزی چیاکانی هـەورامان (٢٥٤٨) مـەترە . لەچیابەرزەکانیش وەك : کۆسـاڵان ، شاهۆ ، (تەخت یا کەژی سپی) ، قەڵا میرزا ، قەڵای گویج ، ملەگای بینجە .

(٢٢) دەڵێن :نـاوی (قـەڵامیرزا)،نـاوی(قـاس مـیرزای تەهماسـب)ەوە،هـاتووە،(قـاس مـیرزا)، برای (شـا تەهماسـب)ە، یـاخود لەوانەیـە،(قـاس مـیرزا) ئـەم شـاخانەی کردبێـت، بـەقـەڵای خۆی، کاتێك کەلەگەڵ براکەی، لە ساڵی(٥٤٢ك)تێك دەچێت.

(٢٣) ئەم شاعیرانە،لە شوێنەکانی تر دا،بە سەرمان کردونەتەوە.

(٢٤) ئـەم بەیتـە هەرچـەند،وەك فۆلکلـۆری لێ هـاتووە بـەڵام لەڕاسـتیدا هـۆنراوەی مـیرزا عەبدولقادری پاوەیە.

(٢٥) یەکێکە لە بەیتەکانی گۆرانی شاعیر کەلە(گەشتی هەورامان)دا وتوویەتی.

(٢٦) (مەعدوم)،نازناوی(سەید عەبدوڕەحیمی مەولەوی)یە.

(٢٧) ئەم دوو بەیتە هی (مەولەوی)یە.

[٢٨] بڕوانە گۆڤاری هەڵەبجە ژمارە(٣ـ٤)سالّی یەکەم(١٩٩٩) کە شاعیر لەبەرواری (١٩٨٩/١١/١)دا نووسیویەتی.
[٢٩] نالێن مامۆستاگۆران ،ئەم وەسفەی بەتەواوی لەسەر تەوێڵەیە، بەلاّم، بەدووریشی نازانین،چونکە لەوێ ژیاوەو وەسفەکەش لەگەڵ، تەوێڵەدا دەگونجێ ودواتر وەك بیرەوەریەك، لەگەڵ گەشتەکەیدا تۆماری کردووە... سەیری‌دیوانەکەی بکە. محەمەدی مەلاکەریم - ل(١٣٤.١٢٧).
[٣٠] ئەڵێن: ئەم بەیتە هی(مەولەوی)شاعرە،بەلاّم ئێمە بەڵگەیەکی گومان بڕمان لەسەری دەست نەکەوت.

هونەری ئاوەدانکردنەوە لەتەوێڵە

ڕێ خۆشکردنێك

یەکەم ـ دیواربەند (پێکهاتەکانی دیوار):

١ـ دیمەك

٢ـ مرۆڵە

٣ـ نێڵەمل

٤ـ بالأشمە

٥ـ دەروازەو دەلاقە

٦ـ ڕاگیرەو کۆڵەکە

دووەم ـ بان و بنمیچ

١ـ کاریتە(حەماڵ)

٢ـ داری دارەڕا

٣ـ تەختەبەند(خێزرە):

أـ تەختە بەند

ب ـ چناربەند

ج ـ خێزرە

٤ـ سوواندە(سوانە):

أـ زەوەن

ب ـ سەرزەوەن

ج ـ تاپیر(گەلابەرد)

ء ـ تەن و شتیکە

٥ـ دێڵە (دووێل)

٦ـ داگرتنی سەربان :

أ ـ تۆپەڵ بەند

ب ـ تەخت کردن

ج ـ ڕژاك پێوەکردن

سێهەم ـ جوانکاری و وردەکاری تر

١ـ ساوین :

قۆناغی یەکەم :ماڵەکێشان

قۆناغی دووەم :ئەوەڵ ساو

قۆناغی سێیەم :هێلەساو

قۆناغی چوارەم :ڕەقەساو

٢ـ کەپری هاوینە

٣ـ وشکە کەڵەك

٤ـ شێوازی کەلەگی

٥ـ هەیوان

٦ـ بەرهەیوان

٧ـ پشت هەیوان

٨ـ بالأخانە

٩ـکۆمانج

هونەری ئاوەدان کردنەوەلە تەوێڵە

ڕێ خۆشکردنێك: لەسەردەمانێکی گەلێك دێریندا وتراوە: ڕێگای هەزاران میل بە هەنگاوێك دەست پێ دەکات ... بەهەمان شێوەش چیایش هەر ئەوەی مشتێ خاك و دوومشت کوچ و بەردە ... جا ئەگەر بەو ڕووبینایەوە بڕوانینە دەستی ئاوەدان کردنەوە و باڵە نومای جوانکاری و خانووی دڵگیر و نموونەی کار ڕەنگینی و زیرەکی وەستا و خانە خویێکانی تەوێڵە، خانووی سێ نهۆمی پڕ لە ئاڵەتکاری، پەنجەرەی داری پڕ لەئاوێنەی مینابەند[1] ئەوکات هەست ئەکەین کە ئەم ڕووباری ژیارە لەسەرەتادا لە چەند کانی یەکی بچوکەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە خودی ژیان خۆی کەلە کەرەستەکانی ژیان گەورەتر و گرنگترە، مرۆڤ تا ئەزمونی نەکردبوو گەورەیی ژینی بۆ دەر نەکەوتبوو، بەهەمان پێوەر کەرەستەکان و پێداویستیەکانی ژیانیش، ئەزموون کردن پەرەیان پێ ئەدات و سادەیی بە گرنگی پێدان ئەسپێرێ و هەڵە بە ڕاستکردنەوە جوان ئەکات و سەرما بە گەرما دەگۆڕێ و، دیواری بێ نازی وشکە کەڵەك بەچینی دیواری ئەستوور و تۆکمەی خزمەتکراو بەچەندین کەرەستەی پێشکەوتوو دەگۆڕێتەوە.

لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە بڵێین ئاوەدان کردنەوەی هەرجێ شوێنێك لە سەردوو ڕەهەند بیناکراوە: ئاو، بۆ ژیان و بۆ بەردەوامی بە ژیان پێویست بە کارکردن دەکات و ڕەوتی بەردەوامی ژیانیش جوانی و پێشکەوتن دەخوازێت ... بەتایبەت شوێنێك وەك (تەوێڵە) کە خاوەنی بەفر و باران و باوبۆران و زریان و سێلاوێکی زەبەندە، دەخوازێت لەئەوەی کە نیازی بە گوزەراندنی ژیانی ئێرە هەیە دەبێ خەمی پاییز و زستانی پڕ لەسەرما و جەفای بخوات، ئەم سروشتە تایبەتە، دەبێتە پاڵنەرێکی سەرەکی بۆ بیرکردنەوە لە ژیانێك کە کەرەستەکانی لە زوقم و سەرما و باوبۆرانێ کە بەڕێوەیە گەورەتر بێت ... ئەم خەیاڵە دیوارێك بەرهەم دەهێنێت قورسایی بەفرێکی زەبەند و زەبەلاح نەیخوسێنێتەوە ... هەر ئەم تایبەتمەندییەیە کە هونەرێکی ڕەنگین لە کۆمەڵە خانوویەکی چین چین دا بە گرۆیەك لەکەرەستەی گەرم و بەخزمەتدا نومایش بکات ... نووسەرێکی بەویژدانی وەك شاکیر فەتاح لە گەشتەکەیدا بۆ هەڵەبجە و هەورامان، لەوەسفی خانووبەرەی هەوراماندا نووسیویەتی: جێ و بانیان زۆر پێشکەوتووە[2]. کە بێگومان باکگراوندی ئەم پێشکەوتنە سروشتێکی بە خەسڵەت و تایبەتمەندە بەناوچەکەوە کە جیاوازە لەناوچەکانیتر ... هەر بۆیە لە هونەری ئاوەدان

کردنـــەوە و جــۆری خـــانوو بـــەرەدا لـــەنێوان شارۆچـکەیەکی وەك (تەوێڵـــە) و شوێنێکی تری وەك گەرمیاندا بەراورد بکەیت زۆر جیاوازی تێبینی دەکەیت.

لـەم ڕێ خۆشـکردنەوە دەمانـەوێت بـەرە و دەروازەی خانووبـەرە جـوان و نگین و سـەنگین و میـوان پـەروەرەکانی ئـەم شارۆچکەیە بڕۆین و وردو درشـتی پێکهاتەکانیان وشە چن بکەین[٣].

بابزانین خانووبەرەی تەوێڵەو پێکهاتەو هونەری ئاوەدان کردنەوەی چۆنە؟

یەکەم ـ دیوار بەند (پێکهاتەکانی دیوار):

بناغە و دیوار لەخانووبەرەی تەوێڵەدا زۆرتریان هەر بڵێین بەتەواوی پشت ئەستورە بەبەردی چاك و پتەووتۆکمە لەلایەك و خاکی گریکدار و لیقی زیخاوی بە قوڕکراو لەلایـەکی تـر و کۆمەڵە تایبەتمەندیـەکیتر کـە سروشـتی ناوچـەکە دەیخوازێـت و لـە دروسـتکردن و هەڵچنینی دیـواردا دەگیرێنەبـەر، کـە ئەمانـەی خوارەوەن:

١ ـ دیمەك:

لەتەوێڵـەدا دیمـەك بـەو پارچـە دارە تاشـراوو ڕێـك کـراوە دەوترێـت کـە بەشـێك لەپێکهاتـەی دیـواری خانووەکـانی پێکهێنـاوە چ لـەڕووکاری دەرەوە و چ لـەناوەوەدا، کـە درێژیەکـەی بـەگوێرەی درێـژی و کـورتی دیوارەکـە دەگۆڕێـت، لەمەترێکـەوە بـۆ دوومـەتر ... هـەروەك بەرزیەکـەی خـۆی ئـەدات لـە (٢٠ سـم) و پانیەکەشی (٣٠ سم) یێك دەبێت ... ئەو دارەشی کەڵێ دروست دەکرێت زیاتر (داری گـوێز و تـووی زڕە) و هەنـدێك جـار لـەداری میـوەی وەك (قەیسـی) یـش دروست دەکرێت. کەلەڕووی جۆرەوە زۆرباشە، بەڵام لەبەرئەوەی کەمتر دەست دەکەوێت، ڕووکاری دەرەوەی دیوارەکان زۆرتـر بەدیمـەکی تـووی زڕ و ڕووکـاری نـاوەوەش بـەهی دارگـوێز دەڕازێنرێنـەوە ... ئەمـەش لەبەرئەوەیـە کـە تـوو زیـاتر بەرگـەی بـاران و ببـەفر و سـەرماو گـەرما دەگرێـت و ئەگـەر لـە دیـوی دەرەوەبـێ، لەدارگوێز باشتر بەرگە دەگرێت بەڵام دیوی ناوەوە لەبەر ئەوەی سواغ دەدرێت و ئەرکی کەمترە ئەگەر هی دارگوێزیشی بۆ بەکار بهێنرێت، بێ مەڵامەتە.

کاتێـك لەلایـەن دارتاشـی شـارەزاوە لەقـەدی دارەکـان ئـەم دیمەکانـە بەشێوەیەکی جوان دەتاشرێن، تامەترێك دیوار بەرزدەکرێتەوە ئینجا دیمەکەکان بەکاردەهێنرێن، کاتێکیش کە دیمەك بەکار دەبرێـت سـەرجەمی ئـەو ڕیـزە دیمـەك بەند ناکرێت، بەڵکو دیمەکێك دادەنرێت و نزیکەی مەترێك ئەم لاو ئەولای چۆڵە، ئینجـا دیمـەکێکی تـر دادەنرێـت، کـەنێوانیان بەبـەرد دەگیرێـت و لەسـەر

دیمەکەکانیش بەرد دا ئەنرێت، مەگەر (٣٠ سم) یێکی بکەوێتە سەر دیمەکی ژێرەوە، یان بکەوێتە ژێر دیمەکی سەرەوە، ئەمە لە گۆشەکاندا جەمسەری دیمەکەکان ئەنیشنە سەریەك ... بەرزی هەر دیوارێك کاریگەری هەیە لە ڕێژەی ڕیزی دیمەکەکاندا، بەڵام بەشێوەی گشتی لەدیوارێکدا (٢ تا ٣ ڕیز) دیمەك بەرکاردەبرێت کەسەرەڕای بوونی شێوەیەکی جوان و رازاوە لە داڕشتنی دیوارەکەدا، لەڕووی تۆکمەیی پارچەکانی دیوارەکەشەوە ڕۆڵی پشتوێنێکی گرۆیەندی بەهێز دەبینێت بۆ پێکەوە گرێدان و یەکگرتنی سەرجەمی دیوارەکە بەتایبەت بۆ کاتی باوبۆران و بوومە لەرزە[٤] هەر ئەمەشە وای کردووە کە هەندێك لە خانووەکانی تەوێڵە پارێزگاری بەدێرینی مێژووی خۆیانەوە بکەن ... ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دیمەك بەس لەتەوێڵەدا بەکارهاتووە بەڵکو لەشوێنەکانی تری ناوچەی هەورامان و پێنجوێن و ماوەت دا بەکاربراوە بەڵام بۆ جۆر و شێوازی بەکارهێنانەکەی لەتەوێڵە زیاتر بەرچاو دەکەوێت و وردە کاری زیاتری لەگەڵ بەکارهێنراوە و هەر چوار دیووە درێژەکەی و دوودیوەکورتەکەی کە شێوەیەکی شەش پاڵووی گرتووە دەستی وەستای بەرکەوتووە.

٢ ـ مرۆڵە :

لەقەد و لقی ئەستوور و پتەوی دارتوو، ئینجا دارگوێز دروست دەکرێت ... لە ڕووی بەرزیەوە لەدیمەك باریك ترە و لەهەرچوارلاوە ناتاشرێت، لەحاڵەتی ئاساییدا درێژیەکەی بەئەندازەی پانی دیوارەکە بێت باشە، بەڵام کاتێك بۆ دیواری پشتەوە یاخود دیوارێك کە پاڵیدابێت بەشاخێکەوە بەکاربهێنرێت دەبێت ئەندازەیەك درێژتر بێت لەپانی دیوارەکە، بۆ ئەوەی بچەقێتە ناو خاکەکەوە و بەمەش دیوارەکە خۆگرتر و پتەوتر دادەمەزرێت.

مرۆڵە بە پێچەوانەی دیمەکیشەوە لەقۆناغە سەرەتاییەکانی بناغەدانان و بنچینە و بونیاد و چینەکانی بەراییدا بەکاردەهێنرێت و بنەمای دیواری پێ بەهێز دەکرێت و، ئاسایشە لەپاڵ یەکدا ڕیز بکرێن بەڵکو باشتریشە نێوانیان کەم بێت، قوڕیش لە دەوری مرۆڵە بەکار نەهێنرێت باشە، بۆ ئەوەی دووربێت لە ڕزین و پوان، هەرچەند لەتوانادابێت بەبەرد سەنگ چن بکرێت باشترە.

مرۆڵە لەدیمەك کەمتر بەکارهێنراوە، سەرەڕای ئەوەی لەکاتی بەکارهێنانیشیدا ڕێژەی لەدیمەکی بەکار براو کەمترە ... بۆ نموونە:

خانووەکەی قادر بەگ ٢٠٠٠ مرۆڵە و ٥٠٠٠ دیمەکی تیا بەکار هێنرابوو، کە ٣٦٠٠ دیمەکی لەڕووکاری دەرەوە دا بوون ... ئەمە کە نموونەی جوانترین و

باشترین خانووی تەوێڵەبووە، کەشارەوانی تەوێڵە پاشتر بڕیاری هەڵوەشانەوەی داوە و خراوەتە سەر شەقام و بازاڕەکەی..

نموونەیەکی تر: خانووەکەی موحەمەدی سان ئەحمەد کە ڕووبەری گشتی (٨٦٢ م٢) بوو، ٥٠٠ مرۆڵە و ٢٠٠٠ دیمەکی بۆ بەکارهێنرابوو، کە ١٦٠٠ دیمەکی لەدیوی دەرەوەدابوون و یەکێك لەهەرە خانووە نموونەییەکان بوو لە چۆڵ کردنەکەی تەوێڵەدا ڕووخا ... مرۆڵەش لەشوێنەکانی‌تری هەورامان و پێنجوێن و ماوەتدا بەکارهێنراوە.

٣ ـ نێڵە مل:

بەوکاریتەیە دەوترێت کەلەدیمەکی ئاسایی درێژ تر و پانتر و ئەستوور ترە و دەخرێتە سەردەرگا و پەنجەرە و تاق، کە توانای ڕاگیرکردنی قورسایی نیمچەدیوارێکی هەبێت، وەك تاقی نێوەندی ماڵ، یاخود سەردەرگاکان کە نیمچەدیوارێك بەردوو قوڕیان هەڵئەچنرێت.

٤ ـ بالآشمە:

لەناوچەی ئەردەڵاندا بەوە ئەڵێن بالآشمەیان باڵیشمە، دارێکە کەلە دوولای تاقدا دادەنرێت، بۆ ئەوەی دارەکانی سەری تاقەکە، سەرەکانیان بخرێنە سەر ئەو[٥]. (هەژار موکریانی)ش ئەڵێ: (بالآشمە داری دیرەگی سەرتاقەی دیوارە، کە داری تری بەسەردا ڕایەڵ دەکەن[٦] ... بەڵام جۆری بەکارهێنانی ئەم بالآشمەیە لەخانووبەرەی تەوێڵەدا جیاوازە ... لێرە دیمەکێکی بچووکە بەئەندازەی پانی دیوارەکەیە و بۆ پایە و کونج و گۆشەی هۆدە بەکار دەهێنرێت ... یاخود دەخرێتە سەردیمەکی ناوە وە ودەرەوە بەڕادەی دیوارەکە دەبڕرێتەوەو دروست دەکرێت، بەرزیشی بەقەدەر چینی دیواربێت. بۆ پێکهاتەی سەردەرگا و پەنجەرەش بەکار دەهێنرێت بۆ ئەوەی نێڵە مل بخرێتە سەری.

٥ ـ دەروازە و دەلاقە:

یەکێکی‌تر لەبەرهەمە بەنرخەکانی داری گوێز و توو لەبواری خانووبەرەدا، بەکارهێنانی قەدی ئەستوور و داهێنراووچاك کراوو دروستکراوی ئەوانە بۆ دەروازە و دەرگا و پەنجەرە و دەلاقە. لەلایەن وەستایانی شارەزای ناوچەکەوە ... کە بەگوێرەی گەورەیی و بچووکی خانووەکان و ئارەزوو ویستی خاوەن ماڵەکانەوە، نەخشبەندیان تیاکراوە و سەلیقە و وردەکاری لەداهێنانی جۆر و شێوەیاندا بەکارهاتووە. شێوەی ئاسایی دەروازەکان دووتاریکی گەورەی نەخشداربوون و، هەرچی دەرگاشە بەهی نێوەند و مەدخەل و هۆدە و ژوورەکان

وتـراوە، كەلەسـەر شێوەی یـەك تـاكی و سـادەتر دروسـت كـراوە ... هـەروەها دەروازەكان بە (كلیل و كلۆم) داخـراوون كەلە (هـەنار) دروست دەكران و جاران لەتەوێڵـە بـەركا ئـەهێنرا، یـاخود بـە قـوفڵی لوولـە كـە ئاسـنگەرەكانی تەوێڵـە دروستیان دەكرد كە ئەم قوفڵە لەدیوی دەرەوە دائەخرا بەڵام لە دیووی ناوەوە بەشێوەی (پیم) تەختـەی لاكێشـەیی ئەستووریان بۆ دەتاشی و چەپ و ڕاست لەپشـتەوەی دەروازەكانیـان قـاییم دەكـرد و لـەكاتی داخسـتندا، بەشـێوەی كۆكردنـەوە (+) تێهەڵكێشـی یـەك ئـەبوون و لەناوەنـدی دەروازەكانـدا قـاییم ئەوەستان كە هـەتا (پیم) ەكان نەكرانایەتـەوە ئاسان نـەبوو كەسێك بتوانێ بە ژوور كەوێت.

هەروەها لەجۆری پەنجەرەكانیشدا دووسـێ شێوە بە دیاركەوتوون، هـەم لە ڕووی پێكهاتنەوە هەرەم لەشێوازدا ... بۆ نموونە لەپێكهاتندا بێجگە لەداری گوێز و توو هی تریش بەكاربراوە و تووڵ لێ دروست كراوە بۆ دیوی دەرەوەی پەنجەرەكان، یـاخوود هەنـدێك جار پیشە كەتێكـەڵ كـراوە لـەنێوان دارتاشـی و ئاسـنگەری دا، واتـە: پێكهاتـە سـەرەكیەكانی پەنجەرەكـە لـە داردروست كـراون بەڵام تووڵـە ناوكێشـەكانی بەشـی دەرەوە ئاسن بوون بەشێوەی لوولـەكی باریك ناوكێشی هەرسێ سكەی سەرەكی بەشـی سەرەوە و ستوونی نێوەند و بەشی خوارەوە بوون ... یاخود ئامرازی داخستنی پەنجـەرەكان بـە جـۆرە نێـر و مایـەك دروست دەكران كەلەشێوەی گیرەیەكدا دەبوون و لەئاسنی تایبەتی باریك نەخش دەكران. لە ڕووی شێوەیشەوە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ئارەزووی خاوەن ماڵ و ڕێككەوتـەی خانووەكـە و توانـای وەسـتاكە ڕۆڵیـان هـەبووە لـە نەخشـاندنیدا، هـاوڕێ لەگـەڵ ئەوەشـدا توانـای مـاددی ڕۆڵـی هـەبووە لەگـەورە و بچـووكی چوارچێوەی پەنجەرەكاندا ... بەڵام بەشێوەی گشتی پەنجەرەی شێوە لاكێشـەی لەدرێـژی وەستاوی هـلالی بلاْوبووە و، تـا ئێسـتاش شوێنەواری ماوە ... ئـەگێن جۆری تری وردەی وەكو چوار گۆشە و لاكێشـەی ئاسایی بۆ دالان و هۆدەكـانی نێوەنـد بـەكار هێنـراوە، كـەمتر لـە ڕووكـاری پێشـەوەی خانووەكـەوە دیـاربوون، بـەڵكو زیـاتر كەوتوونەتـە لاتەنیشـتەكان پەنجـەرەكانی بەشـی پێشـەوە بێجگـە لەچوارچـێوە و تەختــە بەندیەكــەی گرنگــی بــەجۆری شووشــە و ڕەنــگ و شێوازەكەیشی دراوە و جۆری عەنتیكەیان لێ بەرهەم هێناوە.

٦ ـ ڕاگیرە و کۆڵەکە:

هەیوانە بەرچاو ڕوون و ئاسۆفراوانەکان، ڕاگیرە و کۆڵەکەیان بۆ بەکارهێنراوە، چ لەڕووی باشتر و تۆکمە ڕاگیرکردنی کاریتەکەوەبوو‌بێت، یاخود بۆ زیاتر جوانکردن و شێوە پیشاندانێکی فەنتازیایانەوە بووبێت ...لەخانەقا و مزگەوت و دیوەخانەکانیشدا پایە و ستون و کۆڵەکەش وەك ڕاگیرە و نەخشبەندێکی جوان خۆی نومایش داوە، وەکو کۆڵەکەکانی خانەقا و مزگەوتی گەورە ... بەشێوەی گشتی ئەم ڕاگیر و ستونانە لەداری گوێز و چنار بەرهەم دەهێنرێن پاش سفتوسۆ و رێك و جوان کردن ... وەستاکانی تەوێڵە بێجگە لە بەکارهێنانی نەخش و هێڵکاری و نیگاری جوان بۆ بەشی سەرەوەی پایە و کۆڵەکەکان، بۆ بنکە و بونیادی ژێرەوە شیان (خەڵووزی دار و خوێ) یان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لەڕزین و پوان پارێزراوبن.

دووەم ـ بان و بنمیچ:

بێگومان پاش ئەوەی دیوار و پێداویستیەکانی ئاستی دیوار تەواو دەبن، باس دێتە سەر (سەربان) یان (دارەڕا) و (بنمیچ) و کەرەستەکانی بەشی سەرەوەی خانوو ... کە ئەمەشیان بۆ خۆی هەم پێداویستی و هەم جوانکاری و ئەزموون و هونەری خۆی هەیە ... کە ئەکرێ بەخاڵ لێیان بدوێین:

١ ـ کاریتە (حەماڵ):

بۆ دیوەخان و هەیوانی بەرفراوان و خانەقا و مزگەوتەکان بەکار دەهێنرێت کەداری دارەڕاکان ناگەنەوە و کورتن و مەترسیڕمان و

تەپین ئەکرێ، لەم کاتەدا بە پێچەوانەی دارەڕاوە، کاریتە دەخرێ و لەسەر ئاستی درێژی دا ئەنرێ و دارەکانی تری دەخرێتە سەر ئەم دارە درێژ و ئەستوورە، ڕۆڵی حەماڵێك دەبینێ و هەڵگری سەری دارەکانی ترە و لەئەندازیاری نوێی ئێستا هاوشێوەی (جسر) ە و کۆڵەکە و ڕاگیرە لەناوەڕاستیدا بۆ لەنگەر گرتنی دا ئەنرێ و سەرەکانیشی ئەخرێتە سەر دیوارەکانی ڕاست و چەپ ... جاری واش هەیە ئەم کاریتەیەش هێشتا ناگاتەوە و مەودای سەربانەکە زیارترە، بۆیە بەشێوازی نێروما (نێر و مێ) دوو کاریتە بەیەکەوە دەبەستن و بەپێچەوانەی ئاستیەکەمەوە سەرەکانیان دا ئەدرێن و تەوق ئەکرێن و کۆڵەکەیەك بۆ لەنگەر گرتنیان و بۆ ئەوەی جیا نەبنەوە بەکاردەهێنرێت و ئیتر کەم کەس هەستی پێدەکات کە ئەم حەماڵە لەدوو کاریتە دروست کراوە ...

٢ ـ داری دارەڕا:

ئەو دارانەن کە بۆ سەرگرتن و بانی ژوورەکان و هی‌تر بەکار دەهێنرێن، کەلەسەر ئاستی پانی دادەنرێن و نزیکەی سێ مەترێك دەبن. داری چنار باشترین جۆر و بەکارهێنراوترینیانە، چونکە لەلایەك جوان و ڕێکە، لەکاتێکدا کە دیارترین بەشی سەربانە کەبەبەردەوامی لەدانیشتوانی خانووەکەوە بە شەوو بەڕۆژ دیاربێت، لەلایەکی‌تریشەوە جێگای ئەوەیە پشتی پێ ببەستریٚ چونکە لەبارو بێ گرفتە بۆ دارەڕا ... بەتایبەت ئەگەر لەپاڵ یەکدا بەپڕی ڕیز بکرێن ئەوە لە هەردوو ڕووی (جوانی) و (چاکی) یەوە بەهایان تەواو نابێت. لەکاتێکدا کە پانی ژوورەکان (٣ م) بێت، ئەبێ ئەوان درێژیان نیومەترێکی زیاتر بێت، بۆ ئەوەی لەهەردوو سەرەوە چنارەکان بەتێری بکەونە سەر دیوارەکە و لەو ڕووەوە ترسی خزین و کەوتنی لەپڕیان نەبێت.

جاری واش هەیە لەبری دار چنار (باهوو) بەکاردەهێنرێت، هەرچەندە (باهوو) لەفەرهەنگی کوردیدا[٧] بۆ هەمان مەبەستی (داری دارەڕا) بەکاردەهێنریٚ، بەلاّم لەتەوێڵە تایبەتمەندیەك هەیە، لەنێوان ئەم دووانەدا، ئەویش ئەوەیە ئەگەر دارەڕا بە داری (توویان گوێز یان قەیسی و ... هتد) بکرێت، پاش تەشویٚ کاری و سفت و سۆکردنی ئەوا پێی دەوترێت (باهوو) کە شێوازی بەکارهێنانی هەروەکو چنار وایە، بەلاّم ئەوەندە هەیە ئەم ئەبێت لەقەدی ئەستوور بەشێوەی شەش پالّوو بتاشریٚ و بەشی سەرەوەی زۆرێك و تەخت بێت و ئەگەر زۆر پڕیش نەبن وەك چنار، ئاسایی‌یە، ئەگین هیچ جیاوازیەکی نی‌یە.

٣ ـ تەختە بەند " یان خێزرە:

بەگوێرەی ئاستی ماددی و توانای خاوەن ماڵ لەدوای دارەڕا بەیەکێك لەم سیانە بۆشایی دارەڕا کەدا دەپۆشن " یا لەیەکێك زیاتر یان بەکار دەهێنرێت:

ا ـ تەختە بەند: کەلە قەد و لقی دار توو و هی‌تر بە ئەستوری (٥ سم) و درێژی بەئەندازەی دارەڕاکان یاخود باهووەکان دەبڕێنەوە و، بەبزمار لەپاڵ یەکدا دادەکوترێن و کونبڕی بۆشایی‌یەکان دەکەن.

ب ـ چنار بەند: ئەمیش وەك تەختە بەند بەکار دەهێنریٚ و بەڕیز و ڕێك لەپاڵ یەکدا، بە پێچەوانەی ئاستی دارەڕاکانەوە، بە ئەستووری مەچەکێك ببن باشە و، لەدرێژیشدا نێوان سیٚدار پڕبکەنەوە، واتە ناوەڕاستی چنارەکان دەکەونە سەر دارێك، سەری چەپ و ڕاستیشیان دەکەوێتە سەر دوودار ...

ج ـ خێزرە: لە ڕووی ماددی‌یەوە (خێزرە) لە دووانەکەی رابردوو کەم ئەرک ترە و لە ڕووی جوانیشەوە لەدوای ئەوانەوە دێت، هەر بۆیە بۆ ژووی میوان یاخود دانیشتنی خانە خوێ (تەختە بەند) یان (چنار بەند) بەکار دەهێنری‌و بۆ دالآن و ژووری چێشت لێنان و هی‌تر (خێزرە) بەکاردەهێنرێت ...

بۆ بەکارهێنانی زیاتر لە (چناربەند) ئەچێت، بەلام بە جیاوازی ئەوەی ئەم باریك و بچوك ترە و لە دار بەڕوو، توو، گوێز، و لقی وشکی داری‌تریش بەکاردەهێنرێت، بەپڕی لەپاڵ یەکدا ئەنرێن و بۆشایی دارەڕاکەی پێ دەتەنرێت.

٤ ـ سووانده (سوانه):

سووانده، گوێسووانەی سەربان، کەلە هەندێ شوێن گورگەی دارەڕاشی پێ ئەڵێن، لەتەوێڵە (پاسا) ی پی‌دەوترێت، پێکهاتەیەکی پڕ وردەکاری‌یە و لەکەم شوێنی تر ئەو گرنگیەی پێ ئەدرێت کەلەتەوێڵە هەیەتی، کە ئەمیش چەند مراز و کەرەسەیەکی پێویستی هەیە کە ئەمانەن:

ا ـ زەوەن: یەکەم هەنگاوی سوانەیە کەلەدوای تەواوبوونی دیوارەوە دەستی پێ دەکرێت، کە ئەویش پێکهاتەیەکە لەبەژنی دارانەوەك دیمەك دەتاشرێ لەدوا چینی دیواردا و لەگۆشەکاندا دادەنرێت، بەدوان نیشانەیەکی کۆکردنەوە دروست دەکەن و بەتێهەڵکێشراوی ڕاست و چەپ دەکرێن و لەهەردوو ڕووکاری گۆشەی بنمیچەکەوە بۆ دەرەوە درێژ بوون ... کە ئەم دابەشکردنە دوو جەمسەرە و چەندیان لەدەرەوە دیارە، ئەوەندەشیان لە ڕووبەری ناوەوەدا هەیە بۆ پارسەنگ دانەوەی پەستانی سەریان.

ب ـ سەر زەوەن: ئەو دارانەیە کە وەکو دەنکی شانە بەڕێکی دەخرێنە سەرزەوەن و دیوار و ئەم سەر و ئەوسەری زەوەنەکان بەسێ چوار ڕیزدادەپۆشن، کەبزمار کوت ئەکرێن بۆ ئەوەی بەهێز و تۆکمەبن، چونکە خۆیان باریك و درێژن.

ج ـ تاپیر (گەلا بەرد): بەردی باریك و تەنکە کە لەتەوێڵە (تاپیر) ی پێ دەوترێت و لەهەندێ شوێنی‌تر (پانە بەرد) یاخود (گەلا بەرد) یان (تەلەبەرد) یشی پێ دەڵێن، دوای ڕیزی سەرزەوەنەکان ئینجا لەپاڵ یەکدا بەشێوەیەکی ئەندازەیی جوان بە دەورەیەکی تەواو دادەنرێن لەسەرانسەری گوێسە بانەکەدا، کە ڕۆڵی پاراستنی سەرزەوەنەکان هەیە و گلدانەوەی بەشێکی پەستانی گوێسەبانەکانیان هەیە، سەرەڕای بوونی جوانیەکی نەخش دارانەی بنمیچەکان.

د ـ تەن و شتی کە: بێجگە لەتەختە و بەرد وەکو لەسێ خاڵی رابردوودا ئامارەمان پێ‌دا کە بەچەند جۆرێك بەکار دەبرێت و، لەپتەوکردنی سوانە و

گوێسەبانەکاندا، تەنی کەش بەکار دەهێنرێت وەکو: تەنەکە جا یا ڕەنگا و ڕەنگ یاخوود پارچە لەوح بەپانی (٢٥ سم) و بەدرێژایی گوێسەبانەکە دەوردەکاتەوە و سەری دیاری ئەم تەنانەنە بەشێوەی سێ گۆشە موزەخرەفکراوە و لەدوورەوە شێوەیەکی ئەندازەی جوانی هەیە و لەنزیکیشەوە تێبینی ڕۆڵی پاراستنی بەشێك لەدیوی دەرەوەی دیوارەکانی لەئەستۆ گرتووە، کە دەیان پارێزێت لەشۆردنەوەی باران و بەهەدەر چوونی گڵ و قوڕەکەیان، بەشی دواوەشیان بەسەر زەوەن و سەر زەوەنەکاندا، بە بزمار قایم دەکرێت، کە ترسی کەوتن و بەربوونەوەی نەبێت.

٥ ـ دێڵە یاخود دووێڵ:

لەناوچەی ئەردەلان پێی ئەڵێن (دووێڵ) و لەتەوێڵەش (دێڵە) ئەوبەردەی بۆی بەرکاردەهێنن (تاسپوکڵە) ی پێ دەڵێن کە ئەمەیان سەرجەمی گوێسەبانە و خودی سەربانەکەش هەمووی دەگرێتەوە و وەکو سەنگ چن بکرێت ئاوا تەواوی سەر خێزرە و تەختە بەند و سوانە هەمووی بەبەردی پانکۆڵەی لەپەدەست ئاسایی ئەتەنرێت و بۆشایی نێوان هەموو کەرەستەکانی ڕابردوو بەم دێڵانە پڕدەکرێتەوە چونکە ئەوەی گرنگ بێت ئەمەیە " کە قۆناغی قوڕکاری و تۆپەڵکاری کەلەدوای ئەم دێڵانەوە دەست پێدەکات، ئەبێ بونیادەکی ئەم دێڵانەبێت و بەهیچ شێوەیەك نابێ قوڕ بەرتەختە بەند و زەوەنەکان بکەوێت ئەگین ئەڕزێن و ئەپوێن.

٦ ـ داگرتنی سەربان:

قۆناغی داگرتن (ئەرەگرتەی) دوا قۆناغی تەدارەکدانی بەشی سەرەوەی خانووە، چونکە لە دوای داگرتن شتێکی‌تر نامێنێ لەم بەشەدا بکرێت و بوونی وەك پێویستیەك خۆی سەپاندبێت، بەڵکو ئەوەی دوایی جێبەجێدەکرێت، ئەوەندەی فەنتازیا و جوانکاری بە پێویستی نی‌یە کە دواتر باسیان دەکەین، بەڵام لەداگرتن و تەخت و پتەوکردنی سەرباندا چەند هەنگاوێك پێویستن " کە سەرجەمیان لەپاش قۆناغی دێڵەوە دەست پێدەکەن کە ئەمانەن:

ا ـ تۆپەڵ بەند: خاك و گڵێکی گریکدار، دەکرێت بەقوڕ و لەگەڵ (کا) دا دەشێلرێت و بەسەر دێڵەکەدا تۆپەڵبەند (گوندەڵبان) دەکرێت یەك لەپاڵ یەکدا دەدرێت بەسەر دێڵەکەدا تا تەواوی سەربانەکە، تەنها ڕەنگی قوڕ و تۆپەڵە قوڕ دەنوێنێت ... کە ئەم تۆپەڵبەندە بەجوانی جێبەجێکرا، ئەگەری دڵۆپەکردنی ئەوبانە کەم دەبێتەوە، پاش تەواو بوونی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەجێ دەهێڵرێت بۆ

ئەوەی لەوشك بوونەوەی دڵنیا بن، ئینجا قۆناغی دووەمی داگرتن پەیڕە و دەکرێت.

ب . تەخت کردن: گڵ دەڕژێنرێت بەسەربانەکەدا و نم نم ئاوڕشێنیش دەکرێت و هەندێك جار (کا) یشی لەگەڵ تێکەڵ دەکرێت، کەسەرجەمی بانەکە تەواو گڵرێژکرا، ئینجا بەخەستی ئاوڕشێن دەکریٚ و باگردێنێکی بەردین، جوان، جوان، دەگێڕدرێت بەسەریدا تاتەواوی بەرز و نزمیەکانی تەخت دەبن و ڕێك و پتەو دەبێت.

ج - ڕژاك پێوەکردن: ڕژاك بەبەردی ناسك و ڕزیوو دەڵێن یاخود بەبەردێك کە هەڵبوەرێت، هەندێك جار پێشی ئەڵێن: بەردە مردە[٨] ... لەبیٚتوانایی و بیٚ هێزیدا وەك مردوو وایە و بەئاسانی هەڵدەوەرێنرێت و تواز تواز دەبێت، شوێنی کە وەزیخ دەگرێتەوە هەروەك ڕەنگیشی شینە سەربان لەدرز ردن دەپارێزێت و ناهێڵیٚ گڵەکەی بەهۆی باران بارینەوە زایە ببیٚ و بەگوێسە بانە و بلووسکدا[٩] لەدەست بچێت و لەگەڵ ئاوو باراندا بڕوات. هەروەها سوودێکی تریشی ئەوەیە کە سەربانێك ڕژاکی پێوەکرابێت گێڕانی بەباگردێن[١٠] ئاسانە، چونکە ئەم توازە بچووکانە ناهێڵن شەختە و تێسکەی باران سەربانەکە هەڵتەکێنیٚ، بەڵکو لە لیق بوون و بیٚ گریکیش دەیپارێزن و ناهێڵن قوڕەکەی بەباگردێنەوە بنووسیٚ و قورسی بکات.

ئەم هەنگاوی ڕژاك پێوەکردنە لەگەڵ ئاوەڕشێنی چاك و گێڕانێکی تەواودا جیٚبەجیٚ دەکرێت و وادەبیٚ کەبەباشی بپەستێنرێتەوە.

هەر دوا بەدوای ئەمە سوورانەکانیش ئاوڕشێن دەکرێن و بەگەلاٚکوتك (گلارکۆ)[١١] دەکوترێن تا خاك و گڵ و ڕژاکەکەی خۆی بگریٚ و هەڵنەوەریٚ ... هەندێك جار ئەم کردارە لەگەڵ بانگێڕان دا (بانوش)[١٢] دەیکات، یاخوود منالاٚن کە ناتوانن باگردێن بگێڕن ئەمە ئەکەن و زۆرجاریش بۆ یارمەتی کوڕیان مێرد، دایك یاخود خێزان و خوشك ئەم کارەدەکەن.

سێهەم ـ جوانکاری و وردەکاری تر:

ئەم بەشە لەماڵدا زۆرشت و جۆر و شێوە دەگرێتە خۆی، سەلیقە و وردەکاری تاکەکان و ئارەزوو و حەزی جیاواز، جوانکاری جیاواز، بەرهەم دەهێنێت، بەلاٚم بەشێوەی گشتی بۆ جوانکاری ماڵ، چەندین هەنگا و دەگرینە بەر " هەندێکیان تایبەت بەزەوق و سەلیقە و، ووردەکاری ئافرەت و کەیبانوی

ماڵە وەك (ساوین، جوانکاری ناوخۆ، ڕازاندنەوەی سەکۆ و تاق، ڕێکخستنی تەدارەکی یەخدان و مشتوومالی تر)

وەهەندێکی تایبەتە بەلایەنی ماددی و بار و دەسەلاتی خانە خوێوە وەك: (دروست کردنی خانووی چەند نهۆم، بوونی هەیوان، بەرهەیوان، پشت هەیوان، باڵە خانە، کۆمانج، کەپری هاوینە و هیتر) کە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر هەندێکیان.

١ ـ ساوین: پاش ئەوەی خانوو تەواو دروست دەکرێ و ئیشی وەستا و کرێکاری نامێنێ جا (ساوین)[١٣] دەست پێ دەکرێ، کە بەم چوار قۆناغەدا تێ دەپەڕێت:

قۆناغی یەکەم: ماڵەکێشان:

ئافرەتان و ژنانی کوچە و گەرەك یا خزم و خوێش پێکەوە کۆدەبنەوە و بەگەلکاری لە هەر جێیەك گڵ و خۆڵی لێ بێت ئەیهێنن و بەبێژنگێکی درشت ئەبێژن و ئەوەی هەیبێ (کا) ی تێکەڵ ئەکا و ئەو خێزانانەشی نەداربن (خۆڵەمێش)ی زۆپای پاییز و زستانی پارساڵی کۆکراوەی تێکەڵ ئەکەن و بەئاو، جوان ئەیشێلن و دووتا سێ ڕۆژ دایئەنێن، تا تەواو ئەترشێ، بۆ ئەوەی پتەوو گریکداربێت، پاشان بەدەست هەڵی ئەسوون لەکون و کەلەبەر و درزوو بەرزوو نزمیەکانی دیوارەکە و، جوان بەدەست ماڵەی ئەکێشن ... کەتەواو بوو ئینجا بۆ ماوەی هەفتەیەك بەجێی دەهێڵن تاوشك ئەبێتەوە.

قۆناغی دووەم: ئەوەڵ ساو:

چەند ئافرەتێك پێکەوە کۆئەبنەوە و خۆڵی سپی و جوان، لەکوێ هەبێ ئەیهێنن و بەبێژنگ یا بەهێڵەکی ورد ئەیبێژن. لەتەوێڵە زۆرتر خاکی (گلێجانە)[١٤] بەپەسەند ئەزانرێ و بەکار ئەهێنرێ بۆ ئەم مەبەستە، چونکە هەم جوانە و هەم سپی و وردە.. خودی وشەکەش هەر لەوەوە هاتووە. گلێجانەکان زۆرن بەتایبەت خاکی ئەو (گلێجانە)یە کە دەکەوێتە سەر ڕێگای (ڕاسایەرێ) دەبێژرێ و گلەبێژراوەکە بەکوڵ یان بەبارگیر دەهێنرێتەوە بۆ دێ، جالە ناوتەشت و قازاندا قورێکی لیتی تەڕ کە دەشوبهێ بەهەویری محەلەبی بۆ دەگیرێتەوە (ئافرەتێك بەدەست هەڵی ئەسوێ لە دیوارەکە و ژنێکی تریش بەدوایا و بەسیرەکۆ[١٥] یەکی پڕە شت ساوینێکی درشت دەست پێ ئەکات بۆ ئەوەی وشك نەبێتەوە. کەبەم ساوینە ئەوترێ (ئەوەڵ ساو)

قۆناغی سێهەم: هێڵە ساو:

دوای (ئەوەڵ ساو) ژنێکی تر بەسیرەکۆیەکی ناوەند، هەر خێرا و بەدوای ئەودا درزەکان دەسوڕێ و هەربەم جۆرە دووجار سەرجەمی دیوارەکە،یا پەڵە پەڵە، یا بەیەکەوە دەساووێ، ئەگەر لەهەرجی وشك بووبێتەوە بەدەست نمەیەك ئاوی لێ دەپرژێنرێ بۆ ئەوەی جوان پرۆسەکە جێ بەجێ بکرێ.

قۆناغی چوارەم: ڕەقەساو:

هەر بەهەمان سیرەکۆ نێوەندەکە کە لەوەی سەرەتا بچووکتر و ڕێك ترە ئەم جارەش سەرجەمی دیوارەکە بۆ چوارهەمین جار دەساوێ کەبەم جارەیان ئیتر دیوارەکە دەبێتە شووشە ئەوەندە ساف و لووس و جوان دەنووێنێ..

کەبەم ساوینە دوایی ئەوترێ (ڕەقە ساو) چونکە دیوارەکە لە نەرمی و تەڕیەکە کەوتووە و هێواش هێواش بەرەو ڕەقی و خەریکە بۆ دوا جاریش درز بڕ دەبێت.

٢ـ کەپری هاوینە:

کەبەرە و هاوین بووینەوە سەربانەکانی تەوێڵە کەپری لێ دەبەستن، کە پریش بەوە دەڵێن: قامیشی وشك (نەیجە) لەپاڵ یەکتردا وەکو چیغ دەتەنرێت کە پێی دەوترێت (تەیمان) کەلە چیغیش جواتر و پڕ وردەکاری ترە، چونکە هەم قامیشەکانی باریکترن و هەم چینەکەشی ووردەکاری زیاترە. لەهەر چوار گۆشەکەیەوە کۆڵەکە دائەنرێت و وەك ژوورێکی هاوینەی لێدێت ... سەرەکەشی بەدار و پاشان بەگەڵای دار بە ڕوو (هەژگ) دادەپۆشرێت بۆ ئەوەی سێبەرێکی چڕ و پڕ دروست بکات، سێبەری هیچ گەڵایەك وەك سێبەری گەڵای (دار بەڕوو) خۆش و فێنك و تەندروست نییە. قامیش لەخودی (تەوێڵە) دا نییە، تەنها لە (سۆڵە) بەشی خوارووی (شوانگێڵ) کە دەکەوێتە باشوری تەوێڵە وە دەست دەکەوێت، بۆیە خەڵکی بۆ کرینی دەچن بۆ گۆشەی سیروان و لەوێ ئەیهێنن.

ئەوانەی کە زیاتر بەوڵاخەکانیان دەچوون بۆ (نەیجە) قامیش هێنان و، زۆر دیاربوون، (فائق فەتحوڵڵا) ناسراو ترینیان بوو.

ساوین بۆ جوانکردن و بەڕەونەق کردنی سەربان و تەختانی کە پرەکە دەکرێ و تنانەت ئەوانەشی کەلە هاویندا لەتەوێڵە نامێننەوە و دەچنە ناوباخەکانیان لەوێ یا کەپر یا (کێڵ) دەبێتە نشیانگایان.

٣ ـ وشکە کەڵەك:

بەدیوارێك ئەڵێن، کە بەبەرد یاخود بەبەرد و دیمەك بەتەنها دروست بکرێ و، ئاو بە کارنەهاتبێ لەچنینی دیوارەکەدا ... بۆیە دیوارەکە (کەڵەکە) وشکە چونکە، کە ئاو بەکار نەهات واتە: نەقوڕ و نەچیمەنتۆ و نەگەچ نەگیراوەتەوە و بەکار نەهاتووە بۆ هەڵچنینی ئەودیوارە.

خانووی تەوێڵە لەدێرین زەماندا لەوشکەکەڵەك دروست کراوە، بەلام لەچەرخی نوێدا وەبەرهێنانی وشکە کەڵەك زۆر کەم بۆتەوە ... لەشوێنانی تری وەك هەورامانی شار، سەروپیری، کەمالاّ، ڕووە وەری، پاڵنگان، بیارە ... هتد، تا ئێستاش لێی سوودمەند ئەبن ... لەتەوێڵەدا جوانترینی ئەم جۆرە کارە، (مزگەوتی باساکا) و خانووەکەی (محەمەدی سان ئەحمەد) ە کەوەستا حەمە ئەمین لەساڵی ١٩٥٢ دا دروستی کردوون[١٦] ...

بەکارهێنانی وشکە کەڵەك ئێستا زیاتر بۆ دانانی باخ و دروست کردنی تەلاّن سوودی لێ وەردەگیرێت، یاخود بۆ ژووری هاوینەی ناوباخ (کیلّ ـ کەوێلّ) بەکاردەهێنرێت. وەك زەمەن کاتێکی زۆر بەسەر شێوازی وشکە کەڵەکدا تێ پەڕیوە و مێژووی ئەم جۆرە دیوارە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەها ساڵ لەمەوپێش ... پاشان مرۆڤ فێر بووە (قوڕ) بەکاربهێنێت لەبیناسازی بەردا، ئەم بیناسازییە لە کوردستانی تورکیاش (بۆتان، طورێ، قەرتەمین) داباوە و هەیە، کەبەکارهێنانی قوڕەکە شێوازێك وەردەگرێت کە دیوارە بەردەکە دیارنامێنێت، کە ئەمەیان لەناوچەی تەوێڵەدا بەکار نایبێت، لەبەر ئەوەی بەفر و بارانی زۆرە و نەگونجاوە بۆ سروشتی ناوچەکە ... سەرەڕای ئەوەی کەبینای وشکە کەڵەك بەهێزترە و بەرگەزیاتر دەگرێ لەبینای بەردی قوڕین

٤ ـ شێوازی کەلەگی:

لەکوردەواریدا (کەلەگی) بەو هۆدە دەوترێت کەلەتەنیشت هەیوانەوەیە بۆ دانیشتن و نان خواردن بەکاردێت[١٧].. بەلاّم شێوازی کەلەگی (السدلی) لەئاوەدان کردنەوە و خانوو بەرەی تەوێڵەدا پێشکەوتوو تر و نەخشین ترە، چونکە پێك هاتووە لەهەیوانێك و دوو ژوور لەملاو لەولاوە[١٨]..

ئەم شێوازی خانوو بەرەیە کە بەناوبانگە بە مۆدێلی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست لەسەردەمی زایینی (مەسیحیەت) یەوە دەرکەوتووە و برەوی سەندووە، هەرچەندە هونەری ئاوەدانکردنەوەی (هلنسی) کاریگەری هەبووە لە سەری ...

جا ئەم فۆرمە جوانە لەخانووبەرەی تەوێڵەدا زۆر سەنج ڕاکێش و جێ‌نیگابووە بۆ گەشتیاران و خەڵکی دەرەوەی ناوچەکە[١٩] ...

جاوەك ئەڵێن: لە (گوڵ) یان پرسی: بۆ واجوانی ؟! وتی: باخەوانەکەم مەردە. بەهەمان شێوە، جوانی ڕوو و فۆرم و شێوازی خانووبەرەی تەوێڵەش ئەگەڕێتەوە بۆ وەستا بەنناکانی، کەشارەزاییەکی زۆر و لێهاتنێکی تەواویان هەبووە لە هەڵچنین و ڕەنگ ڕشتن و بەڕەونەق کردنی خانوو بەرە و ڕەسم و سیمای ناوچەکەدا ... وەستا دیار و بەناوبانگەکانی شاری سلێمانی گەواهی ئەم لێهاتن و شارەزاییەی وەستاکانی تەوێڵە ئەدەن لەنموونەی دەست ڕەنگینیان، وەك وەستا محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا و وەستا سەید صادق[٢٠].

٥ـ هەیوان:

لەکوردە واریدا (هەیوان) بەوژورە دەوترێت کەلە حەوشەوە بە پێپلیکە سەرئەکەویت بۆی، دووسێ کۆڵەکەی لەژێردایە و هۆدە بەدەور و پشتیەوە دەبێت[٢١] بەڵام لەتەوێڵە جۆرە جیاوازیەك بەدی ئەکرێت، چونکە خانووەکانی زیاتر دوونهۆمن و هەیوان دەکەوێتە ناوەڕاستەوە و ڕێگاکەشی لەدواوەیا (لە دالآنەوە) یە چونکە دەرگای نهۆمی دووەم بەزۆری لەلاوەیان لەدواوەیە، سەر بەخۆوو جیایە لەگەڵ خوارەوە.

خاڵی جیاوازی لەهەیوانی تەوێڵە و شار و شارۆچکەکانی تری کوردستاندا نموونەی شارەکانی سلێمانی و کۆیە و هەولێر و کەرکوك و شوێنانی تردا ئەوەیە کە ڕێگا و پێشینەی هەیوانەکە دەکەوێتە بەشی دواوە و لەبەشی پێشەوەی ڕێگای چوونە ژوورەوەی نی‌یە.

هەندێك لەهەیوانەکانی ئەم ناوچەیە موحاجەرەی جوان و پڕنەخشیان هەیە، و هەیوانەکانیش ڕۆڵی حەوشە دەبینن، چونکە لەبەر سەختی و کەمی زەوی و، حەوشەیان نی‌یە.بۆیە ئەگەر ئەرکی حەوشە نەبینێت، بێگومان ئەبێ لەبری ژوورێك ڕۆڵی هەبێت ... هەر بۆیە ئەرکی موحاجەرەکانیشیان لەگەڵ هەیوانی شوێنانی‌تر جیاواز دەبێت و ئەگەر موحەجەرەی هەیوانی شارەکان و شوێنە گەورە و جیاوازەکانی کوردستان زیاتر لەبەر جوانی و بۆ فەنتاز یاو ڕازاندنەوەبێ، ئەوا موحاجەرەی هەیوانی تەوێڵە، بێجگە لەولایەنە، ئەرکی سەرەکی دروستکردنی شورا و پاراستنی پەرچەمی ماڵەکەیە و هۆکاری بوونی پێویستی‌یە، نەك تەنها خۆشگوزەرانی و ڕازاندنەوە.

گەورەیی هەیوانەکان هەندێ جار گەیشتۆتە (٦) مەتر ... هەرچەندە لەمێژووی دێریندا کەمتر هەیوان وەك دیاردەیەك دەرکەوتووە، لەبەرنەبوونی و ڕەوشی ئەمنی، بەڵام لەم دواییانەدا زیاتر دەرکەوتووە و، گەیشتووەتە ڕادەیەك کەم ماڵ هەبووە هەیوانی نەبێت.

٦ ـ بەرهەیوان:

لەتەوێڵە (تارمە) لەخانووی یەك نهۆمدانییە، بەڵام ئەگەر خانووەکە دوو نهۆم بوو، ئەوا لەبەردەم هەیوانی نهۆمی دووەمەوە داری نهۆمی یەکەم بەئەندازەی مەترێك یا زیاتر تەجاوز ئەکرێن (هەندێك جار لەژێریشەوە کۆڵەکەیان بۆ بەکاردەهێنرێت، بۆ زیاتر ڕاگیرکردنیان) و دەکرێنە بەرهەیوان، ئەمەش لەبری تارمەیە و هەندێکیش هەر بەو جۆرە ناوزەدی دەکەن، هەرچەندە (تارمە) ناوێکی نوێیە لەڕووی بەکارهێنانەوە لەناو کوردەواریدا، بەڵام وەك هونەری ئاوەدان کردنەوە مێژوویەکی هەیە و لەلای گەلانی تریش بڵاوە.

٧ـ پشت هەیوان: ئەو هۆدەیەیە کە زیاتر بۆ چێشت لێنان و، قاپ و قاچاح پارێزی بەکاردەهێنرێت و، دەکەوێتە پشت هەیوانەوە و کەمتر لەتەوێڵە هەبووە.

٨ ـ باڵاخانە: پێشی دووەم نهۆمی خانووە، کەلەسەر کۆڵانە، ئەمەیش زیاتر لەخانووی داراو دەسەڵات دارەکاندا هەبووە، وەك باڵاخانەکەی شێخ حسامەددین و قادر بەگ و ... هتد ...

٩ ـ کۆمانج: لەهەورەبان دەچێت بەڵام سادەتر دێتە بەرچاو، ئەویش لەبەرئەوەی کەرەستەکانی: تەختە و دار و تەنەکە و چینکۆیە ... لەناوەندی خانووەکەوە بە پێپلیکە یاخود بە پەیژە بۆی سەر ئەکەویت و لە (کۆمانج) ەوە دەچیتە ناوەندی سەربانەکە هەر بۆیە، کۆمانج، بەرگرە لەهاتنە خوارەوەی باران و باو و گێژەڵۆکە، بۆ ناو خانووەکە.

تەوێڵە - باخچەمیرا - پاییزی ١٩٧٧



تەوێڵە - بەهاری ٢٠٠٤

پەراوێزەکان

[١] بڕوانە (گەشتی هەڵەبجە و هەورامان) ی شاکیر فەتاح . ل ٣٤ بەکەمێك دەستکاری ڕووکاری دارشتنیەوە لەوەسفی خانووەکەی (قادر بەگی جافرسان) دا .

[٢] هەمان سەرچاوەی ڕابردوو . ل ٧ .

[٣] بۆ باسکردنی پێکهاتەکانی خانووبەرەی تەوێڵە سوود لەدیمانەیەك وەرگیراوە کە بە تایبەت بۆ ئەم بەشە لەگەڵ بەڕێز (وەستا ڕەشاد تەوێڵەیی) دا سازمان کردووە ، کە خۆی دارتاشێکی بەناوبانگی تەوێڵەیە ... هەروەها :سودێکی زۆرمان لەهەردوو بابەتی :

ا ـ (کورتەیەك دەربارەی گرنگترین کەرەستەی خانوو بەرە لەناوچەی هەوراماندا) نووسینی : (عوسمان محمد هەورامی ـ گۆڤاری کەلەپوری کورد ـ ژـ ە ئەیلوولی ١٩٩٤.

ب ـ طراز المعماري و الزخارف في طويله . عبدالرقيب يوسف ـ گۆڤاری . کاروان ژ. ٧ ـ نیسانی ١٩٨٣ ل ١٢٣ ـ ١٢٨ .

[٤] لەسەردەمی ڕابردوودا بۆ پتەوکردنی دیوار تەنها دیمەکیان بەهێندنەگرتووە بەڵکو گرنگیان بەجۆری بەردە بەکارهێنراوەکەشداوە ، بۆ نموونە : لەخانووەکەی قادر بەگ دا جۆرە بەردێك بەکار براوە کەوێنەی کەمە و تەنها لەدەرەی بەڵخ و پشتی حەساردا هەبووە ، کە بەردێکی شینی نەرمە و لە کوورەدا دەسووتێنرێت و ئینجا بەکاردەهێنرێت ... کە ئێستا بلۆك و بەردی سەنگین جێگای ئەوانیان گرتووەتەوە .

[٥] کوردستان / گیوی موکریانی / چاپی یەکەم / ١٩٩٩ / هەولێر ل ٥٩، باڵاشمە .

[٦] هەنبانە بۆرینە / هەژار موکریانی / بەرگی یەك / ل ٤٥ .

[٧] بۆ وشەی (باهوو) بڕوانە هەردوو فەرهەنگی (کوردستان) ل ٦٤ و (هەنبانە بۆرینە) بەرگی یەك ل ٤٨ .

[٨] هەمان سەرچاوەی ڕابردوو ل ٤٩٥ .

[٩] پلووسك : بەوئاو ڕێژە دەوترێت کە ئاوی سەربان لەخاڵی ئەودا خڕ دەبێتەوە و ئەویش دوو جۆری هەیە ... ئەگەر ماڵ و شوێنی هەستیاری لێوە نزیك نەبێ بەرهەڵایە و بەڕێگەی خوڕەم ئەڕژێت ... خۆ ئەگەر نا ئەوا بەتەنەکە لوولەکێکی درێژی بۆ

دروست دەکرێ ، بۆ ئەوەی ئاوەکە نەڕژێتە جێیەك کە ئازار بەهەستی کەس بگەیەنێت.

(١٠) باگردێن : لوولەکێکی یەك مەتریە ، لەتەوێڵە لەبەردی چەمەکان دروست دەکرا لەلایەن وەستای تایبەتی خۆیەوە وەك وەستا خەلیل (خەزووری جافری لاوە) و ، وەستا حەبیبوڵلاّ باوکی مامۆستا جەمال بێداری شاعیرەوە ، بەگشتی لەزوربەی دێ و گوندی کوردستاندا هەیە و جۆر و شێوەی خۆی و دەسکەکەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت و تەنانەت مادده خاوەکەشی لەبەردەوە دەگۆڕێ بۆ چیمەنتۆ و شتی تریش .

(١١) گلارکۆ : ئامێری کوتانەوەی گوێسەبانە ، بۆ جل و خوری شتن یش بەکاردێت ، لەتەختەی تۆکمە و خۆگر دروست دەکرێت و درێژیەکەی نیو مەتردەبێ و پانیەکەشی (٢٠ سم) ێك ، ئەستووریشی بەگوێرەی پێویست و زۆرترینیان (٣ سم) ێك دەبن گرنگ ئەوەیە هێندە قورسایی هەبێت کە کاریگەری لەسەر گوێسە بانەکان بەجێ بهێڵێت.

(١٢) بانوش : بانگێڕ ... کە زۆرتر بەوکەسانە دەوترێت کە بەرامبەر بەکرێیەك لەکاتی پێویستدا سەربانەکە بگێڕێت

(١٣) بۆ ئەم بەشی (ساوین) ە ، زۆرتر سوودمان لەو وتوێژە وەرگرتووە کەلە خاتوو (عەتیە مەحمود مستەفا) داسازمان کرد ، سەبارەت بەم چەمکە ، کە خۆی یەکێکە لەئافرەتە شارەزاکانی ئەم بوارەی تەوێڵە .

(١٤) گڵنجانە لەدوو واتاوە نزیکە : .

١ ـ گڵ + جان (کۆی پەری ، پەریان) = کەمانای گڵی بێوێنە دەگەیەنێ ، چونکە لەلای خەڵك واباوە بەشتێك ئەوترێ هی پەریانە کەلەلای مرۆڤ نایاب و دەگمەن بێت .

٢ . گڵی جان : گڵ + جان (گیان) کە ئەشێت بەتێپەڕبوونی زەمەن پیتەکان داخورابن و گۆڕانیان بەسەردا هاتبێ = رۆحی گڵ کە ئەمەشیان دیسان وشەیەکی بڵاوە بۆ نایابی و بەرزی شتێك ئەوترێ ، ئەمە رۆحی ئەوشتەیە . بەهەر حاڵ هەرکام لەم واتایانە لەراستی وشەکەوە نزیك بن هەر خزمەت بەو ناوەرۆکە دەکەن کە تا ئەمڕۆش لە ساوینی ماڵاندا بەکاردەبرێ .

(١٥) سیرەکۆ : لەتەوێڵە پیێ دەوترێت (سیرەکۆڵە) هەرچەندە پاشگری (ڵە) بۆ بچوك کردنەوەیە بەلاّم (سیرەکۆ) بەوبەردە خز و لووس و قورسانەی چەم و چۆم ئەوترێت کە بۆ پرۆسەی (سلوین) بەکاردەهێنرێ و هێندەی هەسان لووسە . کە دووقەباەری هەیە و بۆ ساووینی ماڵ و تەختانی ژوور و سارای وشك کردن (سانالێ) و بەر بەرۆچکە و سەربانی خەوتن بەکاردێت.

(١٦) لەکاتی چۆڵکردنی تەوێڵەدا هەردووکیان (مزگەوتەکە) ش و (خانووە) ە کەش ڕووخان ئێستا بەجۆری تر دروست کراونەتەوە .

(١٧) شاری سلێمانی / ئەکرەمی مەحمودی صالحی ڕەشە / بەرگی دووەم / چاپی دووەم ل ٥١٢ .

(١٨) ئەم شێوازە بەناوبانگترین شێوازی (کەلەگی) یە و واباوە کەوێنەیەکە لەسەر شێوەی جەنگ داڕێژراوە ، نێوان کە (هەیوان) ە کەیە سنگی جەنگە و سەرکرایەتی تێدایە و لەهەردوولای ڕاست و چەپەوە هێزی پشتگیری هەیە و پشتیوانی ناوەند ئەکەن .

ساسانیەکان بەم شێوازی خانووەیان وتووە (سهدلی) ، سەدلی لەزمانی عەرەبیدا گۆڕاوە و بووەتە (سدیر) ، بڕوانە : گۆڤاری (کاروان) ژمارە (٢) ت ٢/ ١٩٨٢ ل ١٦ . بابەتێکی مامۆستا (عبدالرقیب یوسف) ە .

(١٩) نووسەری گەورە (شاکیر فەتاح) لەگەشتەکەیدا بۆ تەوێڵە نووسیوویەتی :

ــ پیاو بەڕاستی کەبەراودی لادێکانی شارباژێر و هەورامان ئەکات ، سەری سوڕئەمێنی ، ئەم خانوانە لەشاریشدا کەم وێنەیان هەیە ، زۆریان بەبەردی ڕەنگاو ڕەنگی شاخەکە و وشکە کەڵەك دروست کراون ... ل ٣٤ .

(٢٠) وەستا بەڕێز و دیارەکانی سلێمانی وەك : وەستا عەلی و وەستا حەسەنی فاتمە غەزالی و وەستا مەعروفی درێژ و وەستا عەلی وەستا حەبیب ، دان ئەنێن بەوەستاکانی تەوێڵە لە بیناسازی دا . بڕوانە : گۆڤاری کاروان ژمارە : (٧) ل ١٢٨ .

(٢١) شاری سلێمانی / بەرگی دووەم / ل ٥١٢ .

شارەوانی تەوێڵە

- سەرەتا
- دامەزراندنی کەی بووە؟ سەرۆکەکانی کێ بوون؟
- مێژووی بینای شارەوانی
- کارمەند و کرێکارەکانی شارەوانی
- کورتەیەك لەژیانی ڕەئیس
- بەرید و بەدالە
- جادە ڕاکێشان بۆ تەوێڵە
- پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا
- فەرمانبەرەکانی کارەبا
- فەرمانبەرەکانی ئاو و ئاوەڕۆ
- بۆیەکە مجار
- پەراوێزەکان

شارەوانی تەوێڵە

سەرەتا:

بوونی شارەوانی بەڵگەیە لەسەر بوونی کایەیەکی ڕێکخستن،لەبواری ئیداری و فەرمانداری، لەسەرجەم مەوداکانی پرۆژە خزمەتگوزاری و پێشکەوتووەکانی، تایبەت بە جەماوەر،وەك: جۆری خانووبەرە و رایەڵی ئاوو کارەبا و، پرۆژەی شەقام و بونیادنان و لوولەکێشی و ئاوەڕۆ و ... هتد[1].

- دامەزراندنی کەی بووە؟ سەرۆکەکانی کێ بوون؟

لەسەرەتای ساڵی (١٩٣٥)دا شارەوانی تەوێڵە دامەزراوە، لەسەرەتاوە (میرزا عەبدولقادر) بەوەکالەت بووبە بەڕێوەبەری،بەڵام پاش ماوەیەك داخراو، سەرلەنوێ بەشێوەیەکی ڕەسمی دامەزرایەوە، یەکەم سەرۆکی شارەوانی تەوێڵە، بەڕێز (محەمەد سان ئەحمەد) بووە کەلە (١/١١/ ١٩٤١) دا دەست بەکاربووە ... هەروەها مامۆستا (بابا حاجی) بووە بە (کاتب) ی شارەوانی تاساڵی(١٩٤٣).

لەساڵی (١٩٥٨) دا بەڕێز (محەمەد سان ئەحمەد) فەصڵ کراوە و، پاشان بەڕێز مەلا نووری هەڵەبجەیی بووە بە سەرۆك شارەوانی، تا سەرەتای (١٩٦٣) لەوساڵەدا ئیدی شۆڕش دەستی پێکردووە و،بەڕێز (نوری حەمەی نانەوا)، کە ئەمیش هەڵەبجەیی بووە،کراوە بەسەرۆکی شارەوانی تاساڵی(١٩٦٤).

لەساڵی (١٩٦٤) دا جارێکی‌تر،بەڕێز (محەمەد سان ئەحمەد) کراوەتەوە بەسەرۆکی شارەوانی تاوەکو کۆتایی(١٩٧٥).

ئینجا(شێخ محسن تاوگۆزی) کراوە بە سەرۆك، بۆ ماوەی ساڵێك و،پاشان ئەونقڵ کراوە، ... دواتر بەڕێز(مەلا جەمیل عەبدولئەحەد) بووە بەوەکیل و،پاشان (هادی محەمەد سان ئەحمەد) جێی گرتووەتەوە، تاساڵی (١٩٨١)کە تەوێڵە چۆڵ بووە.

لە دوای ڕاپەڕینیشەوە، بەرەبەرە ،فەرمانگە و دەزگاکان گەڕانەوە تەوێڵە و، بەڕێز (هادی محەمەد سان ئەحمەد) کرایەوە بەسەرۆك شارەوانی و،دوای ئەویش بەڕێز (دڵسۆز) ی برای بوو بە سەرۆك،تا هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٢/٣/ ٢٠٠٠) کە بەهەڵبژاردن دووبارە بەڕێز (دڵسۆز محەمەد سان ئەحمەد) کرایەوە بەسەرۆکی شارەوانی.

ئێستاش،[2] بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیو، ڕەگەزنامەو ئاسایش و پۆلیس و کشت و کاڵ و نەخۆشخانە و خوێندنگاکان گەڕاونەتەوە وبەردەوامن لەسەرئیش و کارەکانی خۆیان.

مێژووی بارەگای شارەوانی:

یەکەم بارەگای شارەوانی تەوێڵە،ماڵی(عەزیزحەمەئەمین)بووە، ئەو کەل و پەلەی کرابوو بۆ ناو ئەم بینایە،لەئێرانەوە بە (١٥) دینار هێنرابوو.

پاشان، یەکەم بینایەك کە بۆ شارەوانی دروستکرا،بینای زیارەتان بوو، کە لەساڵی (١٩٤٨) دروست کران. وەستاکەی وەستا(حەمە ئەمین)بوو. ئەم بینایە دووبەش بوو:

بەشی لای چەپی: ژێرەکەی کانی یەك بوو، بەناوی (هانەوەماڵیا) واتە (کانی مەلایان)، لەسەرئەم کانی یە بینایەك دروستکرا،کەپێکهاتبوولە دوو ژوورو هەیوانێك و، ئەمە کرا بەبارەگای شارەوانی.

لەساڵی (١٩٥٢) لەسەرئەم بینایە دووژوورو هەیوانی تر دروستکراو، ئیتر دەوامی شارەوانی لەم قاتی سسێ وە بوو، وەدەشیپوانی یە بازارەکەی تەوێڵە. قاتی دووەمەکەشی کەسەرکانی یەکەی دەکرد کرا بەبنکەی تەندروستی و، پاشان درا بەکرێ بۆچایخانەی (تاهری کا کەلە).

بەشی لای ڕاستی: لەساڵی (١٩٥٢)شدا ئەم بەشەش دروستکرا، ئەمیش دووقات بوو، قاتی یەکەمی لەسێ دوکان پێکهاتبوو، ئەمانیش دران بە(مەلاعارف و مەلائەحمەد و حاجی عەبدوڕەحمان) [٣] لەسەرئەم دوکانانەش دوو ژوور و هەیوانێکی تر دروستکراو کران بەیانەی میوان(دارالضیافة) بۆ میوانانی حکومی.

لەشۆڕشی ئەیلول دا ئەم بینایە وەك بارەگایەکی حزبیش سودی لێ وەرگیراوە. لەدوای ڕاپەڕینیشەوە تائێستا کەسا لێ (٢٠٠٣)یەئەم بینایە دروست نەکراوەتەوە،چونکەپێشترلەشەڕی عێراق وئێران دا روخابو ئێستا شارەوانی تەوێڵە لەخانوەکەی (تەحسین حەمەئیمام) دەوام دەکات.

کارمەند و کرێکارەکانی شارەوانی: [٤]

١. نادر حەمە ئەمین ئەسکەندەر (فەرا ش)

٢. عارف حەمەحسێن. (چاوش)

٣. حەمە صاڵح وەیسی. (کاتب)

٤. عەلی حەمە حسێن. (چاوش)
٥. کاکەبرا نادر. (کاتب)
٦ . مەحیەدین حەمە سەعید قادر. (کاتب)
٧ . هادی محەمەد سان ئەحمەد. (کارمەند)
٨ . دڵسۆز محەمەد سان ئەحمەد. (ئەمین صندوق)
٩ . محەمەد جەعفەر حەمە صاڵح. (کاتب)
١٠ . عەبدورەحمان عەبدولحەمید. (کرێکار)
١١ . میرزا حەمە ئەمین مەنگوری. (ئەمین صندوق)
١٢ . ئیبراهیم ئەکرەم. (چاودێر)
١٣ . حەمە صالح مەحمود. (کارمەند)
١٤ . جەعفەر عەبدوڵڵا. (کارمەند)
١٥ . حەمەصادق حەمە حەسەن. (شۆفێر)
١٦ . محەمەد حاجی حەمە رەحیم. (فەرمانبەری کەشناسی).
١٧ . سەعید میرزا عەبدولقادر (فەرمانبەری کەشناسی).
١٨ . ماجد محەمەد حاجی حەمەرەحیم. (فەرمانبەری کەشناسی).

کورتەیەك لە ژیانی رەئیس:

ناوی (محمد سان ئەحمەد)ە لەبنەماڵەی ئاغەلەرانەو، سان ئەحمەدی باوکی ناودارێکی تەوێڵە بووە. لەساڵی(١٩١٤) لەشارۆچکەی تەوێڵە لەدایك بووە. لە (١٩٢٨/١٠/٢٤) چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی لەتەوێڵەو چونکە پێشتر قورئانی خوێندووە، یەکسەر لە پۆلیدووەم دا دانراوەو، تاپۆلی شەشی سەرەتایی ئەوکاتەی خوێندووە، بەهۆی خوێندنەوەو زیرەکی خۆیەوە، خوێندەوارێکی لێهاتوو و باشی لێ دەرچووە.

رەئیس لەگەڵ حزبی هیواو پارتیدیموکراتی کوردستان دا ئیشی کردووە، لە سەردەمی مەلیکیدا لەگەڵ کوتلەی (حامدبەگ) بووە کەسەر بە(نوری سەعید) بووە. کەلەوکاتەدا کوتلەی (ئەحمەدبەگی حەمەصاڵح بەگیجاف)یش بووە کەسەر بە صاڵح جەبر بووە.

بەهۆی پلەو پایەی بنەماڵەیی و باوکی یەوە، وە بەهۆی کەسایەتی و توانای خۆیەوە، لە ساڵی(١٩٤١) کرا بەسەرۆکی شارەوانی تەوێڵە. لەدوای شۆڕشی (١٤)ی تەموز لە ساڵی (١٩٥٨) لە سەرۆکی شارەوانی لابرا، تاوەکو لە ساڵی(١٩٦٤) جارێکی تر کرایەوە بە سەرۆك، تاوەکو نسکۆی (١٩٧٥)، لەکۆتایی ئەوساڵەدا گوازرایەوە بۆ (دهۆك)، ماوەیەك لەوێ مایەوە، تا لەکۆتایی ساڵی (١٩٧٦) دا،خۆی خانەنشین کردو هاتەوە بۆ تەوێڵە.

ڕەئیس ... پیاوێکی خزمەتگوزارو تێکۆشەرو بە وەفاو نیشتمانپەروەرە، ڕاستوێژ وجەسور ڕاشکاو (صەریح)و ئازایە،هەڵوێستەکانی هەمیشە لەخزمەتی گەل و نیشتیمانەکەی دابوون، هاندەری قوتابیان بووە بۆ زیاتر خوێندن هەوڵی زۆری داوە بۆئەوەی لێپرسراوانی میری سەردانی ناوچەکە بکەن، تاوەکو زیاتر بێن بەدەمی ناوچەکەوە.

ئەم بەڕێزە لەسەرۆکایەتی یەکەی دا ڕۆڵی خۆی بینیووە، لەخزمەتکردنی پرۆژەکانی ئاوو کارەبا ونەخۆشخانەوجوانکردنی شارۆچکەکەدا لەمەسەلەی ڕانەگوێزانەوەی تەوێڵە لەساڵی (١٩٧٨)دا، لەگەڵ چەند کەسایەتی یەکی تری تەوێڵەیی دا، هەڵوێستێکی جوامێرانەو کۆڵنەدەرانەی هەبووە، کە لەشوێنی خۆی دا باسمانکردووە.

لەساڵەکانیئەم دواییەشدا، بەتایبەت لە کاتی ئاوارەیی تەوێڵەیی دا، هەمیشە لەبوارە کۆمەڵایەتی یەکاندا ئامادەبووەو،داوای لەهاوڵاتیان ئەوە بووە کە خۆڕاگرو نیشتمانپەروەربن و، پابەندبن بەڕەوشتە جوانەکانی کوردەواری یەوەو، هاوکاری قوتابی یان وهەژاران بکەن.


دڵسۆز محەمەد سان ئەحمەد - سەرۆکی شارەوانی

ڕەئیس... لەژیانی دا تووشی گرتن وناڕەحەتی و دەردیسەری زۆریش هاتووە ... ئێستاش کە ساڵی(٢٠٠٣)یە لە سلێمانی دانیشتووە، لە ژیانی دا سێ ژنی هێناوە، خاوەنی چەند کوڕو کچەو دوان لە کوڕەکانی، هەر لەشارەوانی تەوێڵەدا، خزمەتی یان کردووە، ئەوانیش بەڕێزان (هادی ودڵسۆز)ن... هادی لە دوای ڕاپەڕینەوە سەرۆکایەتی شارەوانی تەوێڵەی کردووە تا ساڵی (١٩٩٦)، لەوکاتەوە چووە بۆ ئەمریکا، دوای ئەو (دڵسۆز)ی برای بوو بەسەرۆکی شارەوانی، لە هەڵبژاردنی شارەوانی (٢٠٠٠/٢/٣) یش، هەر ئەو بەسەرۆکی شارەوانی هەڵبژێرایەوە.

بەرید و بەداله:

بەرید و بەدالەش رۆڵێكی گرنگ دەبینن لەناوچەدا بۆ ئاسان كردنی كارەكان ...هەر بەكردنەوەی شارەوانی لەتەوێڵەدا، زۆر هەوڵ درا كە ئەم بەشە خزمەت گوزاریە بكرێتەوە، تا لەساڵی (١٩٥٨)دا دامەزرا (عابد ئەحمەد قادر) بوو بەمەئمور بەدالەی تەوێڵەو، توفیق زاوای وەستا حەمە ئەمین كرایە كارمەندی، تاوەكوو لەسەردەمی شۆرشدا (١٩٦٢) ئەم دائیرەیەش وەك دائرە حكومییەكانی تر، داخراوكێشرایەوە بۆ لای حكومەت، تاوەكو ساڵی (١٩٧٠)، بەلأم لەسەردەمی شۆرشدا، پارتی بۆ كاری حزب ئوتێلەكەی حاجی جەزای كردە دائرەی لاسلكی و، جهازی بۆ داناو، چەند كەسانێكی لەسەر دانرا لەوانە (ئدریس حاجی عەبدوڵلا، یوسف حاجی موحەمەد، حەمە لەتیف حاجی حەمەرەحیم، حەمەی لاسلكی ناسراوە بە عەریف موحەمەد هەڵەبجەیی).

لەساڵی (١٩٧٠)وە، لە لایەن میرییەوە جارێكی تر ئەم دەزگایەی كردەوەو، تۆفیق هەڵەبجەیی‌گەڕایەوەو مەئموریەتی بەدالەكەی پێسپررایەوە.

لەبەهاری(١٩٧٥) دا، خەتی تەلەفۆنی بۆ دانراو، چەند ماڵ و دوكان و دەزگایەك خەتیان بۆ راكێشرا، لەكارمەندەكانی ئەم دائیرەیەش، لەساڵەكانی (١٩٧٦) بۆ (١٩٨١) ئەم بەرێزانە بوون: (١) یوسف حاجی موحەمەد. (٢) عەبدولخالق قادر. (٣) تۆفیق سان ئەحمەد. (٤) نادر عەزیز. (٥) حەمە صالح تۆفیق. (٦) سەركەوت حاجی عزەت.

جادە راكێشان بۆ تەوێڵە: [٥]

لەساڵی (١٩٣٦) دا خەڵكی تەوێڵە هەوڵێكی زۆر دەدەن بۆئەوەی جادە بێتە تەوێڵە" قائمقامی هەڵەبجەو موتەسەریفی سلێمانی رازیدەبن و موافەقەت دەكەن، بەلأم (تەها هاشم)كە سەرۆكی سوپای عێراقی دەبێت، رازی نابێت و، ناهێڵێ لەبەرئەوەی تەوێڵە كەلەسەر سنور بووە.

پاشان چەند جاری تر هەوڵیاندا" بەلأم هەر نەگەیشتنە ئەنجام، تا لەبەهاری ساڵی (١٩٥٥) كەبەرێز (موحەمەدی سان ئەحمەد) سەرۆكی شارەوانی تەوێڵە دەبێت، لەگەڵ ئەم پیاو ماقولأنەی خوارەوە" دەڕۆن بۆ بەغداد بۆ لای (سەعید قەزاز) كەلەوكاتەدا وەزیری ناوخۆی عێراق دەبێت:

(مەلا عەبدولئەحەد، عەلی عەبدول رەحیم، حاجی بابا حاجی محەمەد، حاجی جەزا مەولود، حاجی عەبدول رەحمان حەمە رەحیم . ملكی، حاجی عەلی حاجی صادق.)

پاش گفت و گۆیەك، لەئەنجامدا بەڵێنیان پیێدەدا و دەڵێ: (بەشەرەفم ئەبێ ساڵێکیتر بەئوتومبێل بێم بۆ تەوێڵە).

دوای ماوەیەك بەواسیطەی سەعید قەزاز ئەمری جادەی تەوێڵە دەرچوو، درایە قۆنترات بە(١٦) هەزار دینار، بە(غەنی شاڵی_بەڵێندەر)، لە هاوینی ساڵی (١٩٥٥) دەستکرا بەچاك کردنی، تامانگی (١٠)ی هەمان ساڵ. لەکۆتایی هاوینی ساڵی (١٩٥٦)دا جادەی تەوێڵە چاك کراو تەواو بوو. ئیتر تەوێڵە بەسترا بە هەڵەبجە و خورماڵەوە.

لە ساڵی(١٩٥٦) بۆیەکەم جار ئۆتۆمبێلێکی جۆری پاصی تەختە هاتە تەوێڵە" کەشۆفێرەکەی (مەحیەدین حەسەن . مەحەڕابە) بوو، بۆ دووەم جاریش ئۆتۆمبێلەکەی (صالح تاتە) بوو.[٦] ئەم جادەیە قیرتاو نەکرا، هەر تەنها خۆڵبوو، تا لەساڵی (١٩٧٦)دا قیرتاو کرا، لەبەهاری ساڵی(١٩٦٦) لەسەردەمی عەبدولوەهاب ئەتروشیدا، کە حوکمی تەوێڵەی دەکرد، فەرماندەی هێزی خەبات بوو، بەخەڵکی تەوێڵە، جادەی نێوان شۆشمێ و تەوێڵەش چاك کرا، بەم شێوە دوو پایەگای عێراق و ئێران بەستران بەیەکەوە.

لەهاوینی ساڵی(١٩٧٤) پردی گەڕیاتیش بەچیمەنتۆ چاك کراو، لەبەهاری ساڵی(١٩٨١)دا ،جادەی نێوان تەوێڵە و دزاوەری ئێران ،چاك کراو، ئێستاش کەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٣)یە ئەو جادانە هەر ئەوانەی ئەوکاتەن، خەریکە ئێستا دەستکاری دەکرێن و بڕیار دراوە هەم پان بکرێن و هەم قیرتاو بکرێن.

تێبینی: پێش ئەوەی جادە بێنن بۆ تەوێڵە ئەم سایەقە تەوێڵەییانە لەنێوان سلێمانی و هەڵەبجە شۆفێر بوون:

قالەی صالح تاتە. لەنێوان سلێمانی و هەڵەبجە لۆری پێ بووە.

حسێن صالح تاتە. لەنێوان سلێمانی و هەڵەبجە پاصی پێ بووە.

حەسەن صالح تاتە. لەنێوان سلێمانی و هەڵەبجە قەمەرەی پێ بووە.

عومەری شەمعە. لەنێوان سلێمانی و هەڵەبجە پاصی پێ بووە.

عەلی شەمعە. لەنێوان سلێمانی وهەڵەبجە پاصیپێ بووە[٧]

پرۆژەی ئاو وئاوەڕوو کارەبا:

سەرەتا دەڵێین: پێش ئەوەی باسی کارەبا بکەین ،دەبێ خەڵکی چیان داگیرساند بێ بۆ روناك کردنەوە" بێگومان چرایان بەکار هێناوە، کە لەمپاو دیوار کوو فانۆس و لۆکس یان پێ دەڵێن ،بەڵام پێش ئەمانە چی بووە؟

هەرناوچـەیەك لەوانـە یـە شـتێکی بووبێـت ،خـەڵکی تەوێڵـە لـەباتی چـرا چراوگەیان بەکارهێناوە.

چراو گەچییە ؟

دووجۆرە: جۆرێکیان گیایەکە نزیکەی نیومـەتر لەئەرز بـەرز دەبێتـەوەو، گوڵێـك دەکـات و بـەرێکی هەیـە وشـك دەبێتـەوە و پێـوەی دەمێنێتـەوە لـە نـۆك گەورەترە لە (شوتکیلە) دەچێت.

جۆری دووەمیان: خەڵفی بەڕوو، دووساڵە دەبڕن، بەئەندازەی نیومـەترێك، سەرەکەی وەك سەری سیواك دەکوترێت و شیتەڵ دەکرێتەوە، لەتاقی سەربان و سـەر کـەپرو قـەدی درەختێك بەچەپك دادەنرێت، تـا وشـك دەبێتـەوەو لـە کـاتی پێویست دا بەکاریان هێناوە.

ئەم چراو گەیە وەك چرایەك بەکارهاتووە و درەنگ کوژراوەتـەوە بەتایبـەت دووەمیان باشتربووە.

بەڕێز محەمـەدی سـان ئەحمـەد دەڵـێ[8] : لـەکۆتایی مـانگی (٨/ ١٩٥٦)دا (عومەر عەلی) موتەصەرفی ئەوکاتەی سلێمانی بانگی کردم و پێی وتم:

نهێنـیـیـەك هەیـە، پێـت دەڵـێم، تـەنها خـۆت بزانـی ئـەویش ئەوەیـە: کـە نزیکەی مـانگێکیتر، وەلی عەهـدی مەلیك (عەبدولئیلا) سەردانی تەوێڵە دەکات جـا هـەر لەئێسـتاوە تـا ئەوکاتـە تـەرتیباتی خۆتـان بکـەن و ئەنـدازیارێکی بەتواناشت دەدەمێ، بیبە لەگەڵ خۆتدا باهەندێ نەخشەت بۆ دابڕێژێ بۆ خانو بەرەکـەت و... وە لحاصـل جێگـای حەوانـەوەی بۆچـاك بکـەن... هـەروەها کـاك محەمەد دەڵێ:

ئەو ئەندازیارە هات بۆ تەوێڵە ئەمانەمان کرد:

ـ خانووەکـەی خـۆم ئـەو پلیکانانـەی سەرجادەی بـۆ چـاك کـران، چـونکە لەوەو پێش تەنها رێگای پشت مزگەوتیان هەبوو، ئەمـەش بۆ ئـەوە بـوو کـە وەلی عەهد لەم ڕێگە ئاسانەوە، سەرکەوێت بۆ خانوەکە.

ـ کارەبای سەفەریان داناو ڕایان کێشا بۆ هەموو ژوورەکان.

– لە(هانەی دلین) لەپشتی حەوز بەلولە ،ئاویان هێنا بۆ خانوەکەی خـۆم و بۆ بینای بەلەدیەو، بۆ ناو بازاڕ فوارەیەکیان دامەزراند.

ـ حەمامێکی سەفەریان هێنا بۆ ناو خانووەکە.

بەم شێوە بۆ ماوەی مانگێ خۆمان ئامادە کرد، تا رۆژێکیان خەبەریان داینێ کە بەیانی (١٩٥٦/٩/٢٦) جەنابی (عەبدولئیلا) خۆیی‌و چەند یاوەرێك دێن بۆ تەوێلە.

ئەو رۆژە لەتەوێڵە کەس نەچوو بۆ دەرەوەو بۆئیش و کار، هەموو سەربانی خانووەکانیان رازاندبویەوە بەمەوج و لێفەو فەرش وگوڵی جوان جوان، یەکپارچە دیواری خانوەکان داپۆشرابوون ،ە ژنان و منالآن لەسەربانان کۆریان بەستبوو بەتایبەت ئەو سەربانانەی نزیك بازاڕ وەك سەربانی خانوی سەعدی بەگ و قاپی و دوکانەکانی بازار...تاد.

پلیکانەی خانوەکەی خۆم پڕفەرشکرابوو، خەڵك لەبازاڕ ئەمبەروئەوبەر وەستابوون، بۆ پێشوازی هەندێك لەپیاو ماقولآن هاتن بۆ خوار تەوێڵە هەر هەموو گوندو شارۆچکەکانی نێوان تەوێڵەو عەربەت، لەسەر جادە وەستابووون، بۆ ئەم پێشوازی یە.

(وەلی عەهد) هات لەباجگیرا لەلایەن تەوێڵەیی‌یەوە، پێشوازی لێ‌کراو، کەبەرەو خانەقا هات چەند قوتابیەك چەپکەگوڵیان پێشکەش کرد... لە ناو بازاردا خەڵك ئاپۆرەی بەستبوو، باباحاجی شعرێکی بەعەرەبی بەسەردا خوێندەوەو، وتاری بەخێرهاتن خوێنرایەوەو، ئەویش سوپاسی ئەو پێشوازی‌یە گەرمەی کردن و بەرەو شوێنی حەوانەوەی کەخانوەکەی بەڕێز (ڕەئیس) بوو کەوتەڕێ. بەڵێ ئەوشەوە لەوێ‌مایەوەو،پۆلیس و سەرباز هەر چوار دەوری تەوێڵەیان گرتبوو.

بۆ بەیانیەکەی چوو بۆ ئاوێسەر، کەئەو باخانەی بینی زۆر سەری سوڕما بوو، دڵخۆش بوو لەناو چەمەوە لە(هانە سوسو)ەوە رۆیشت و لە(سەرکەل)ەوە گەڕایەوە، هەرکە هاتەوە بۆ ناوشارۆچکە، بروسکەی بۆهات کە دەبێ خێرا بگەڕێتەوەو ئیتر ڕۆژی دووەم گەرایەوە..

داواکاری خەڵکی تەوێڵە: لە(عەبدولئیلا) پرۆژەی ئاووکارەبا بوو، لەگەڵ چەند شتێکی تر، هەر لەوێ بەڵێنی پێ دان ....

هەروەها ڕەئیس وتی:

دوای دوومانگ خەبەر هات بەشوێنم دا چووم بۆ بەغدا بۆ مەسەلەی ئاوو کارەبا کە موافەقەتی بۆ دەرچوو وتیان: دەست بکە بە موعامله بۆی.. هەر لەوێ لەشەریکەیەکی هۆڵەندی دومەکینەی (١٠٠)ی گەورەو یەکێکی (٥٠)ی بچوکی بۆ دەرچوو. موعامەلەی خۆیم بۆکردو، دوایی ئیش وکاری سلێمانیشم بۆ تەواو کرد. ئەوەی شایەنی باس بێت: (نوری سەعید و عومەر عەلی) ڕۆڵێکی باشیان بینی بۆهێنانی ئەودوو پرۆژەیە.

دوایش، لیژنەیەك هات بۆکەشفی ئاوەکەو،ئەویش دەستی پێکرد.

بینای کارەبا کە لەپشتی حەوز بوو، درا بەقۆنتەرات بە حەمە صالحی عەبدول حەکیم...، پرۆژەی ئاوەکەش یەك تانکی گەورەی بۆ کرا، لەپشتی مالێدەر، لەبابا ئەسکەندەر، کە ئاوی هانە کلّە لەچەمی ئاوێسەرەوە هێنایان ر بەبۆری دابەش کرا بەسەر خانوەکاندا.

بەم شێوەیە لە کۆتایی ساڵی(١٩٥٧)دا هەردوو پرۆژەکە تەواو بوون.

لەساڵی (١٩٧٦) یش تەنکی یەکی تری بۆ دانرا لە قەدپاڵی شاخی بەشی وەراوەر لە پشتی حەوز بە (موضەخخە) ئاوەکەی بۆ سەر دەخرێت.

لەساڵی (١٩٧١) یش خەتی کارەبای گشتی بۆ هات و بەسترا بە کارەبای سلێمانیەوە ... هەرکاتێ کارەبای خەتی گشتی نەبوایە کارەباکەی خودی خۆی دەکەوتەوەکار، واتە: لەوە بەدوا وەك یەدەك. ئیحتیاط. بەکاردەهێنرا.

ئەم سێ مەکینەیە لە (١٩٥٧) تاوەکوو کیمیاویەکەی هەڵەبجە، هەر لە تەوێڵەدا بوون، لەوکاتەوە ئێران بردنی بۆ خۆی.

لەدوای ڕاپەڕینەوە لەساڵی (١٩٩٣) بەرێز مام جەلال مولیدەیەکی تەرخان کرد بۆ تەوێڵە، لەساڵی (١٩٩٩) ئەو مولیدەیەیاندا بە سۆسەکان و مولیدەیەکی گەورەتریان بۆ دانا (250 kUU) کە(١١٥٠) ئەمپێرە لەئێوارەوە بۆ (١٢)ی شەو کارەبای هەیە ،هەروەها ،چەند مولیدەیەکی تری ئەهلیشی تیایە.

لەساڵی (٢٠٠٠) یشدا ئاوەڕۆی سندوقی تەوێڵە. بۆچەمەکانی دروست کرا کە(١٠٧٠) کم درێژەو بڕی (١٥٨) هەزار دۆلاری بۆ تەرخان کراوە.

لەفەرمانبەرەکانی کارەباش:

١. عەزەی وەستا عەلی (مردوە)

٢ . زۆراب عەزیز –حانە – (مردووە)
٣. صدیق ئاغە جافر (مردوە)
٤. حەمە لەتیف وەلی (خانە نشینە لەهەڵەبجە یە)
٥. عابد ئەکرەم (لە کیمیاویەکە دا مردوە)
٦. فەتاح مەحمود . فەتاحی خەرامان .(مردوە)
٧. عەلی محەمەد عەبولە (مردووە)
٨ . محەمەد کەریم (لەسلێمانیە)
٩ . محەمەدحاجی محەمەد . حەمەڕەق (مردوە)
١٠ . عەبدولقادر ئەبوبەکر . عەبدلی عەبولە.(لەسلێمانیە)
١١ . جەزا حاج عەبدوڕەحمان (لەسلێمانیە)
١٢. صابر مەحمود مستەفا (لەسلێمانیە)
١٣. باقی حاجی محەمەد عەزیز هەڵەبجەیی (لەسلێمانی‌یە)
١٤. صابر ئەحمەد بابا لە (لەتەوێڵەیە)
١٥. بابا ناجی (لەتەوێڵەیە)
١٦. کەمال حەمە سەعید (لەتەوێڵەیە)
١٧. پەروێز رەحمان (لەهەڵەبجە مردوە)
١٨. حەمە جەعفەر رەحمان (لەسلێمانی یە)
١٩ـ حافز عەلی عەبدولرەحیم (معاون ملاحظ)ە لەساڵی(١٩٧٦)ەوە بووە لێپرسراوی کارەباکە. ئێستاش لەسلێمانی‌یە.
٢٠ . حەمە رەحیم مەحمود (لەتەوێڵەیە)

تێبینی: لە ژمارە (١)ەوە بۆ ژمارە (٩)وە یەکەم وەجبەن کەدامەزراون، لەژمارە (٩)شەوە بۆ ژمارە(١٤) لە سەردەمی شۆڕش دا دامەزراون، کەلەوکاتەدا دەزگاکان کێشراونەتەوە، فەرمانبەرەکان هاتوونەتە هەڵەبجە، ئیترئەمان دانراون، لە جێگەکەی ئەوانەی پێشوو. لە ژمارە(١٤) شەوە بۆکۆتاییلە دوای ساڵی(١٩٧٥)ەوە دامەزراون.

فەرمانبەرەکانی ئاو و ئاوەڕۆ:

١. کاکە میرزا عەبدولقادر (مردوە)
٢. ڕەحمان فەتاح ڕۆستەم (لە تەوێڵە خانەنشینە)
٣. فەتاح بیارەیی (مردوە)
٤. عەباس حەمەمراد (لە سلێمانی‌یە)

٥. حەمەحسێن وەستا عەلی (مردوە)
٦. عەبدولواحد گەریم حەمەسەعید (مردوە)
٧. عەباس فەتاح ڕۆستەم (مردوە)
٨. فائق نادر عەبدولحەکیم (مردوە)
٩. حەمە ڕەئوف عەزیز خوا کەرەم (لەتەوێڵەیە)
١٠. عەبدولوەهاب عەزیز (مردوە)
١١. ئیبراهیم ڕەحمان سەعید (لەهەڵەبجەیە)
١٢. جمشێر فارس عەبدوالله (لەهەڵەبجەیە)
١٣. موختار مەحمود یارە (لەئەمریکایە)
١٤. حەمەڕەئوف حاجی ئامانەالله (لەتەوێڵەیە)
١٥. فەریح ئیمام حەمەسور (لەهەڵەبجەی تازەیە)
١٦. فاتح فەرەج حەمەئەمین (لەهەڵەبجەی تازەیە)
١٧. عەبدولواحد حاجی عەبدوالله (مردوە)
١٨. ڕەئوف عەلی حەمەباقی (لەتەوێڵەیە)
١٩. مەحیەدین ئەبوبەکر ئەکرەم (لەتەوێڵەیە)
٢٠. حەمەحسێن بابا (لەتەوێڵەیە)
٢١. عزەت سەلیم (لە تەوێڵەیە)
٢٢. زۆراب جەعفەر بابالە (لەتەوێڵەیە)
٢٣. عوسمان مراد عەبدوالله (لەتەوێڵەیە)


پرۆژەی ئاوی تەوێڵە - ٢٠٠٢/٢/١

بێگومان...ئەم پرۆژانەی کەباسمان کردن بەدام و دەزگاو کارمەندەکانەوە، هەموو سەر بە شارەوانین...

ئێستا کە ساڵی (٢٠٠٣)یە، شارەوانی تەوێڵە، لە(٥٥)کارمەند پێکهاتووە، سەرۆکی شارەوانی . دڵسۆز محەمەد سان ئەحمەدە هەرچەندە ماوەیەکە، لەبەر بارودۆخی ڕامیاری لەتەوێڵە نییە....

لەساڵی(٢٠٠٠)یشەوە، ئەنجومەنێکی (٤) کەسی هەیە کە ئەمانەن:

(بورهان عەلی کوێخا عەبدوڵڵە،کەریم محەمەد کەریم ،ڕۆستەم مستەفا فەرەج، نهاد عوسمان حەمەکەریم)،وە هەروەها (شیروان حەمە کەریم حەمەئەمین) ژمێریاری شارەوانی‌یە.

تێبینی/ لەکاتێکدا ئەم پەڕاوە لەژێر چاپدا بوو هەندێ پرۆژە دەرچوو بۆ تەوێڵەو دەستی پێکرا، وەلە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا ژ (٣٢٥٠) بەرواری (٢٠٠٣/١٢/٢١) بەم شێوەیە باسی ئەم پرۆژانە دەکات و دەنوسێ:

١- جادە بردن بۆ ئاوێسەر بەدرێژایی (٣) کم بەبودجەی (١١٥) هەزار دۆلار، لەگەڵ قەرەبوو کردنەوەی ئەو باخانەی کەزەرەرمەند بوون بەبودجەیەکی تایبەتی. بڕیارە بۆ ساڵی ئایندەش تەواو ببێت.

٢- ڕاکێشانی جادەی بەرامبەر لەناو تەوێڵەدا بەدرێژایی (٥٧٠)م بەبڕی (٢٤) هەزار دۆلار.

٣-ڕاکێشانی جادەی قەڵابۆزان لەلایەن شارەوانی تەوێڵەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەبڕی (١٤,٦٢٠) دۆلار.

٤- ڕاکێشانی تۆڕی ئاوی خواردنەوە بۆ گەڕەکی دەرەتفێ لەلایەن شارەوانیەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەبڕی (١٦,٩٩٤) دۆلار.

٥- ڕاکێشانی ئاوی خواردنەوە لەتەوێڵەوە بۆ سۆسەکان بەدرێژایی (٣ کم، بودجەکەی ڕێکخراوێکی ئەمریکی دابینیکردووە، هاووڵاتیان بەهاوکاری لەگەڵ شارەوانی جێبەجێیان کردووە.

٦- تازەکردنەوەی نەخۆشخانەیەك کەبودجەکەی لەلایەن ڕێکخراوێکی ئەمریکی‌یەوە دابینکراوە.

سەبارەت بەپرۆژەکانی داهاتووش بەڕێز سەرۆکی شارەوانی تەوێڵە پێی ڕاگەیاندین کەچەند پرۆژەیەکمان بڕیارە لەداهاتوودا بەئەنجام بگەیەنرێ لەوانە:

- ئاوەڕۆی صندوقی (١٥٠٠) مەتر.
- قیرتاوکردنی جادەی ناوبازاڕی تەوێڵە.
- قیرتاوکردنی جادەی هاوینەهەواری ئاوێسەر.
- دروستکردنی (٣٠٠٠) مەتر ئاوەڕۆی فەرعی لەشارۆچکەی تەوێڵە.
- دروستکردنی دوو جادە بۆ گەڕەکەکانی تەوێڵە.
- دروستکردنی دیواری ڕاگر بۆ (٥) کۆڵانی تەوێڵە.
- دروستکردنی قادرمە بۆ کۆڵانەکانی تەوێڵە.
- نوێکردنەوەی تۆڕی ئاوی تەوێڵە.

- دروستکردنی بینای شارەوانی.
- لێدانی بیری ئیرتیوازی لەئاوێسەر.
- درێژکردنەوەی جادەی بەرامبەر بۆ پشتی خانەقا.
- چاککردنەوەی شۆستەی بازاڕی تەوێڵە.
- دروستکردنی پاریگەی مندالآن لە تەوێڵە.
- دروستکردنی بینای پۆستەو گەیاندن.

بۆیەکە مجار:

پێمان باشە ئاماژە بە هەندێ شت بکەین کە بۆ یەکەمجار، لەتەوێڵە کرابێتەوە یا بۆ تەوێڵە هێنرابێت ...بەلآم بە نسبەت ئەمانەی خوارەوە، پێویست ناکات دوبارەیان بکەینەوە ،چونکە لە شوێنی خۆیاندا بەدرێژی باسکراون:

(مزگەوت، خانەقا، قەیسەری، گەرماو، خان، گەراج، قوتابخانە، شارەوانی، جادە، پرۆژەکانی ئاو و کارەبا، بنکەی تەندروستی، نەخشەی نۆباو،...تاد.) هەروەها پیشەکانیش لە شوێنی خۆیاندا باسکراون. بۆیە ئەمانە پێویست دەزانین، کە ئاماژەیان پێ دەکەین:

- لە ساڵی(١٩٣٧)دا. گرامافۆن . کە سندوقی ئاوازەیان پێ وتوە،هێنراوەتە تەوێڵە، لەلایەن، حاجی حەسەن حەمەحسێن و، پاشان لە لایەن، نادر حەمەئەمینەوە دانەیکی تر کڕاوە بۆچایخانەکەی لەپشتی حەوز.
- لە ساڵی(١٩٤٥) دائرەی مەعارف،ڕادیۆیەکی ناردوە، بۆ قوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵە،تا گوێ بگرن بۆ دەنگ و باسی شەڕی دووەمی جیهانی، ئەم ڕادیۆ بەباتری تەڕ ئیشی کردوە، بەماتۆڕەکەی (کەریم کابان) کەئەوکاتە لەتەوێڵە پۆلیس بووە، با تریەیان شەحن کردووەتەوە.
- لەساڵی(١٩٤٩)شدا، وەستا سەید سادق عەلی مەولود ڕادیۆیەکی لەلای، حەمەد بەگی دزاوەری کڕیوە بە دوو دینارو نیو، وەهێناویەتی بۆ تەوێڵە. ئەم ڕادیۆ وێنەی کەویان کردبوو پێوەو،ئەمیش بەباتری تەڕ ئیشی کردوە،پاشان حاجی حەمەئیمام و ئەنوەری قادریش یەکی ڕادیۆیەکیان کڕیوە.
- چرای (فانۆس) لە ساڵی(١٩٢٨)، حاجیحەسەن حەمە حسێن، هێناویەتی بۆ تەوێڵە.
- یەکەم (ئۆتۆمبێل) باریهێنابێ بۆ تەوێڵە،لە ساڵی (١٩٥٦) بووە شۆفێرەکەی حەمەڕابە دەبێت،بارەکەشی هی حاجی ئەوڕەحمانی حاجی حەمەی حامد دەبێ.

- یەکەم (چرای لەمپا) لەئەسفەهانەوە،ئەکرەم حسێن ئەکرەم،هێناویەتی.
- یەکەم (چرای دیوارکۆی ئەمریکی)،حاجی جافری ئەکرەم و محەمەدی وەستا حەمەڕەحیم هێناویانە.
- یەکەم (لۆکس) حاجی قادری حەماییز،هێناویەتی.
- (تەسجیل)لەسەرەتای شەستەکانەوە(سەسید جافر و طاهری کاکەلە) کڕیویانە بۆ چایخانەکانیان.
- یەکەمجار (تەلەفزیۆن) عوسمانی صۆفی حەمەکەریم، لەساڵی (١٩٧٦) هێناویەتی بۆتەوێڵە.
- (سەتەلایت) لەساڵی (١٩٩٨)سامی سەیدجافر، کڕیویەتی بۆ چایخانەکەی.
- (تەماتە) بۆیەکەمجار لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، نەصرەدین - باوکی حەمەسەلیمەکوێر، کە سەربازبووە لەسوپای‌عوسمانی، لەوکاتەدا لەئەستەمبوڵەوە تۆوی تەماتە دەهێنێت بۆ تەوێڵەو دەیچێنێت و، پاشان زۆر دەبێت و بڵاودەبێتەوە.

پەراوێزەکان

(١) بۆ ئەم بەشە سودێکی زۆر لەزانیاریەکانی بەرێزکاك محەمەدسان ئەحمەد وەرگیراوە.

(٢) مەبەست ئەم ساڵی ٢٠٠٣.

(٣) دوکانەکەی حاجی مەلا عارف چەند دەستاو دەستێکی کردووە ئینجا بووە بەهی ئەو، هەروەها ئەوەی حاجی مەلا ئەحمەد پێشتر هی حاجی عەبدولمەجیدی مەلا حەمە حسێن بووە، بەلام دوکانەکەی حاجی عەبدولڕەحمان هەر هی خۆی بووە.

(٤) ئەم کرێکار وکارمەندانە لەگەڵ ئەوانەی دەزگاکانی ئاو وکارەبادا،جارجارە لە سەردەمی شۆڕش دا تێکەلاوی لەنێوانیاندا روویداوە.

(٥) سوودلەم بەرێزانە وەرگیراوە:محەمەدسان ئەحمەد،مامۆستا حسێن محەمەد، مامۆستا عەلی قادر، مامۆستا مەحمود عەبدورەحیم.

(٦) لە ساڵی(١٩١٩) دا لە سەردەمی‌مێجەرسۆن یەکەم ئۆتۆمبێل دێتە سلێمانی ،هەروەها لەساڵی(١٩٢٢)دا حامدبەگ بۆ یەکەمجار،ئۆتۆبێل دێنێتە هەڵەبجە.

(٧) کتێبی شاری سلێمانی - ل (٥٠٥)

(٨) ئەو کاتە سەرۆکی شارەوانی تەوێڵە بووە.

تەوێڵە لە ڕووی ئابووری و گوزەرانەوە

- ئابووری بەگشتی و ئابووری تەوێڵە بەتایبەتی

یەکەم: پیشە و پیشەسازی

- گرنگترین پیشە و پیشەسازیەکانی تەوێڵە

١- کلاش دروست کردن و چنین

٢- پێلاو دروست کردن

٣- جۆلایی

٤- جاجمکردن

٥- هەلاجی

٦- ئاسنگەری و چەخماخ سازی

٧- دارتاشی

٨- وەستا دیواری - بەنایی -

٩- ڕستن و چنین

١٠- لێفە درووی

١١- سەرتاشی و دەلاکی.

١٢- دروومانی - بەرگ درووریی.

١٣- شۆفێری

١٤- دەڵاڵەکان

١٥- وێنەگری

دووەم: کشتوکاڵ و باخداری

- سەرەتا

- کشتوکاڵ لەتەوێڵەدا

- باخداری

- گرنگترین جۆری درەختی تەوێڵە

- سەرچاوەی ئاوی باخەکان

- گژوگیا و جۆرەکانی

- قەدەغە

- کێڵ - کەوێڵ -

سێیەم: ئاژەڵداری و ڕاوکردن

- ئاژەڵداری

- ڕاوکردن

چوارەم: بازرگانی و کاسپی کردن

١ - کاروانچی‌یەکان

٢ - وردە واڵە فرۆشەکان

٣ - نانەوا خانەکان

٤ - قەصابەکان

٥ - جگەرخانە و کەبابخانەکان

٦ - چێشتخانەکان

٧ - ئاشەکان

٨ - حەمامەکان

٩- ئوتێلەکان

١٠ - قەیسەریەکان

١١ - چایخانەکان

١٢ - خانەکان

١٣ - دوکانەکان بەگشتی

پێنجەم: فەرمانبەری حکومی

تەوێڵە لەڕووی ئابووری و گوزەرانەوە

ئابووری بەگشتی و ئابووری تەوێڵە بەتایبەتی:

باری ئابووری لەگرنگترین کۆڵەکەکانی کۆمەڵگایە بۆ ژیان و پێش کەوتنی ... بەڵکو هەموو بارەکانی تری کۆمەڵ بەستراون بەژێر خانی کۆمەڵگاوە. ناوچەی هەورامانیش بەگشتی و تەوێڵەیش بەتایبەتی باری ئابووری کاریگەری خۆی هەبووە لەسەری

باری ئابووری تەوێڵە تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆیە دەتوانین ئاماژە بەم خالأنەی خوارەوە بکەین:

- باری ئابووری تەوێڵە نەبووەتە هۆی دروستکردنی دووچین لەناو کۆمەڵدا، بەو شێوەیە هەستی پێ ناکرێت کەلە تەوێڵەدا چینێك هەبێت بەناوی ئاغا و بەگ و شێخ لەئاستێکی بەرزدا بژێت و بەزوڵم و زۆر و ستەم گەیشتبنە ئەو ئاستە و لەخوارەوەش چینێکیتر بەناوی چینی هەژارو کرێکار و جوتیار و پرۆلیتار چەوسێنرا بنەوە و ستەمیان لێ کرابێت و ئێستایش نقەی بێت.

- باری ئابوری تەوێڵە لەسەریەك شت نەوەستاوە، واتە: تەنها لەسەر کشتوکاڵ و باخ و باخات، یا ئاژەڵداری، یا بازرگانی، یا پیشەسازی ... بەڵکو لەسەر هەموویان وەستاوە ئەمەش خاڵێکی ئیجابیە. چونکە:

ئەگەر کەسێك یەکێکیانی نەبووبێت و نەیتوانی بێت، ئەوا لەوی تردا خۆی بینیوەتەوە توانیویەتی بژێوی خۆی دابین بکات - لادێی وا هەیە تەنها شوێنی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە ئەگەر کەسێك نەتوانێ یازەوقی لەوئیشە نەبێت ژیانی نارەحەت دەبێ چونکە ئیشی تری نیە هەروەها ئەگەر تەنها لەسەریەك شت وەستابێ وەك کشتوکاڵ خۆ ئەگەر لەوساڵەدا باران نەبوو یا تەرزە یا سەرما لێی بدات ئەوا ئەو ناوچەیە بەتەواوی زیانی لێ دەکەوێ و ژیانیان سەخت دەبێ ... جگە لەمەش ئەگەر باری ئابووری ناوچەیەك لەسەریەك شت بوەستێت لەوانەیە دەسەلأتداری وەخت، بتوانێت دەست بگرێت بەسەریدا و ئەوانیتر ناچار بکات چۆك دابدەن لەبەردەمی دا و ببنە کرێکار و جوتیاری چەوساوە و کۆیلە.

- زۆری مەعاش خۆ - لەچاو خۆی دا - و پیشەی دەستی لەتەوێڵەدا لەپاڵ ئیشیتردا، بوەتە هۆی ئەوە کە تەوێڵەیی بەهیچ شێوەیەك پەکی نەکەوێت ... هەربۆیە لەکاتی بێبەرهەمی باخ و باخات یا ئاوارەیی ئەم چەند ساڵەی دوایی

۱۹۸۱ ـ ۱۹۹۱ دا تەوێڵـەیی یـەکی نەکـەوتووەیا سـواڵ بکـات یـاخود خیانـەت بەرامبەر بەگەل و نیشتمان بکات بەرامبەر بەمادە.

دەکرێت بڵێین:

هەورامان گشتی و تەوێڵە بەتایبەتی توانیویـەتی جۆرە خۆبژێویـەك بۆ خۆی دابین بکـات. ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر هوشـیاری و زیرەکـی و لێهـاتوویی خەڵکەکەی.

باری ئابوری تەوێڵە پێکهاتووە لەو شتانەی کە گوزەرانی ژیـانی خەڵکی تەوێڵەی لەسەرەکە:

پیشەکان و باخداری و ئاژەڵداری و بازرگانی و فەرمانبەری دەگرێتەوە.

یەکەم: پیشە و پیشەسازی

بوونیپیشەسازی لەهـەر ناوچەیەکدا نیشانەی پێشکەوتن و مەدەنیەتی ئەو ناوچەیەیە.

تەوێڵـە بەشـی خـۆی پیشـە و پیشەسـازی تیادایـە لەوانەیـە لەچـاو ناوچەکانی تری کوردستاندا پشکی شێری بەرکەوتبێ، چونکە کـەم دەڤـەر هەیە لە کوردستاندا ئاوەها پیشەی دەستی یەکانی تێدا بێت، بـەو چاکی و جوانیـیە ... هەر لەکڵاش و شاڵ و چەقۆ و دارتاشی و چنین ...

شێخ یوسفی کوری شێخ عەبدول ڕەحمان کە لەنەوەی شاە نعمە توڵڵای وەلیـیە دەڵـێ:

(... وڵات کە کارو پیشەی تیانەبوو ئەبێ بەهۆی بێدەسـەلاتی و سووکی خەڵکەکـەی. پیشـەی جـل و بـەرگ و، دروسـت کردنـی کـەل و پـەلی جـەنگ، بۆشانازی کردن و زاڵبوونە.. پیشەی جوتیـاری بـۆ مانەوەیە. پیشـەی بازرگـانی بـۆ دەسـەلاتداریـیە.باخـەوانی بـۆ ژیـانی خـۆش و کامەرانیـیـە تێکگـڕای گـەل پێویسـتیان بـەم ئیشـانە هەیـە. بـەر لەهـەموو ئەمانـە پێویسـتیان بەزانسـت و خوێندەورای یە، چونکە بەبێ زانست و خوێندەواری هیچ دەستگیر نابێ ...)[1]

لەتەوێڵـەدا لەگـەڵ ئەوەی کەمەڵبەندێکی زانست و خوێندەواریش بووە . بەشی خۆی ئەم پیشانەی بوون.

ئەدمۆنز دەڵـێ: زوربـەی خـەڵکی تەوێڵـە پیشەسازن، کارامـەن لەپیشـەی دەستی دا، سەرەڕای گرنگی دانیان بەباخداری. لەباسی گرنگی کلاشی تەوێڵەدا دەڵێ: لە کوردسـتاندا بەناوبانگە ... هەروەها لـە باسـی پیشـەکانی تـردا دەڵـێ:

ئاسنگەر و دارتاش و پێڵاو و دروو جۆڵاو دوکاندار و بازرگانی زۆری تێدایە ... بەتایبەتی بازرگانی بنێشت و گوێز و توو[٢]

عەلی سەیدۆ گەورانی دەڵێ:

دانیشتوانی تەوێڵە لەدروست کردنی والاّ - چۆغە - بۆ جل و بەرگ زۆر کارامەن، زۆر وریان بۆ فێر بوونی شت[٣]

- شاکر فەتاح یش لەم بارەیەوە دەڵێ:

کلاّشی قۆندەرە ئاسا، پۆتینی دەزووی نایاب، چەقۆی یەجگار ناسك و جوان، داردەستی زۆر ڕەنگین کەوچك و شەکردانی چاك لە (تەوێڵە) دروست دەکرێت. خوا زیرەکی یەکی گەورەی پێ بەخشیون ...[٤]

پێشینانمان وا دەگێڕنەوە کە:

شێخ (عوسمان سراجەدین) ی یەکەم ڕۆڵێکی گەورەی بووە لە کۆکردنەوەی وەستای پیشەکاندا، کاتێك کەسەردانیان کردووە یا خۆیان ماونەتەوە بەبۆنەی شێخەوە یاخود هانی داون بۆمانەوە.

پیشەکان هەریەکەیان لەناوچەیەکیترەوە هێنراون بۆ تەوێڵە ،بۆ نمونە: دارتا...شی ...زیاتر وەستا عەبدول ڕەحمان . باوکی وەستا عەبدواللە و عەبدوڕەحیم . لە دزاوەرەوە هاتوون.بازرگانی زیاتر تایفەی حاجی صادق لەخانەگاوە تایفەی علیان لە سلێمانیەوە هاتوون. دەلاکی و جەراحی تایفەی وەستا حەمە ئەمین لەپاوە وە هاتوون. سەید ئەحمەدی لە هەورامانی ئەو دیوە هاتوون تەوێڵەیش ڕۆیشتوون بۆ شوێنی تر،بەلاّم بەزۆری گەڕاونەتەوە ، وەك ئەم وەستایانە:

- وەستا ڕۆستەم حەکیم . کەچووە بۆ پێنجوێن لەوێ ئاسنگەری کردووە.
- وەستا وەسیم عوەض- کەچووە بۆناوچەی شلێرو سیاگوێز بۆ جۆلاّیی.
- وەستا مەحمود مستەفا - کە کلاّشکەر بووە چووە بۆ ناوچەی سرۆچك لەپەرخ و بیوەك دانیشتووە.
- وەستا ئەحمەد حەمە سەلیم کە چەند ساڵێك لەسیۆسێنان مایەوە و ئاسنگەر بوو.
- وەستا عەلی کەبەفەقێ عەلی ناسراوە - جۆلاّ - بووە، هەر لەوێ مردووە ئێستاش خێزانەکەی (عالیە غەفور) لەدێی (تاتان) ە لەپێنجوێن.
- وەستا عەلی هەیبەکر لە دەوری پێنجوێن جۆلاّ بووە

- وەستا عەبدولعەزیز حەمە ڕەشید ـ جۆلابووە و چووە بۆ دارۆغان
- وەستا عەبدولکەریم رەحیم جۆلابووە و چووە بۆ سیامێوە
- وەستا عەبدوڵڵەی صەلاحە جۆلابووە و چووە بۆ پێنجوێن
- وەستا عەبدولحەکیم محەمەد جۆلابووە و چووە بۆ بناوەسوتە.
- هەروەها زۆرێکی تریش.

بەڕێز مامۆستا (عوسمان حەمە صاڵح هەورامی) دەڵێ:

(کاتێك کە (عومەر عەلی) پارێزگاری سلێمانی بوو لە سەردانێکیدا بۆ تەوێڵە دیبووی کە خەڵکەکەی هەریەکە بەرەنجی شانی خۆی دەژی و بە پیشەیەکەوە خەریکن وتبووی:

ئەم خەڵکە لەبەرئەوە هەریەکە بەپیشەیەکەوە خەریکن قەد پەکیان ناکەوێ و دەتوانن بەباشی گوزەران بکەن و کومسایی خۆیان بدەن و پێویستی یان بەکەس نیە.

بۆیە لەنیوەی پەنجاکاندا لەسلێمانی پیشانگایەکی ئیشی میللی کوردی کردەوە، گەورەترین بەشی تەرخان کرد بوو بۆ ئیشی میللی هەورامان). لە ساڵی (١٩٥٥) دا پیشەساز و وەستاکان لەتەوێڵە ژمارەیان بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

پیشە	ژمارەی کەسەکان
دارتاشی و جۆرەکانی	١٠
جۆلایی و جۆرەکان	٤٠
بەرگدرویی و پیشەی پۆشاکی	٦٠
ئاسنگەری و پیشەی ئامێری	٥٠
گەیاندن (المواصلات)	٥٠
بازرگانی	١٠٠
پیشەی و پێلاو	٦٠
پیشەکانی تر	٢٠٠
کۆی هەمووی	٥٧٠ (٥) (٦)

لەگرنگترین پیشەسازیەکانی تەوێڵە:

١ ـ کلاش دروست کردن و چنین: (٧)

کلاش ـ یەکێکە لەسەرچاوەکانی ئابوری خەڵکی تەوێڵە بەگشتی، بەڵکو باشترین پاڵپشتە بۆ شکست نەهێنانی ئابوری تاکەکەسی.

ـ یەکێکە لەو بەرهەمە سەرەکیانەی کەهێمای دەست ڕەنگینی کوردی پێوە دیارە لەهەموو جیهاندا.

ـ یەکێکیشە لەو فۆلکلۆرە نایابەی کورد کەماوە تەوە و بەردەوام و برەویشی زیاتر پێدەدرێت.

ئەو پێڵاوە ڕەسەنە کوردی یە یە کەلە دێر زەمانەوە لەناوچەی هەورامان بەتایبەت لە (تەوێڵە و نۆدشە و، ناو) دروست دەکرێت، لەهیچ شوێنێکی تر نەبینراوە بەو شێوە کلاش دروست بکرێت و بەرهەم بهێنرێت واتە: باشترین و جوانترین کلاش، کلاشی تەوێڵەیە[٨] ئەم پیشەیەش لەهەموو پیشەکانی تر زیاتر هەیە. ئەمڕۆ خەریکە خەڵکانی دەورو بەری هەورامانیش فێری دەبن و سودی لێ وەردەگرن.

کلاش لەسەرتاوە بۆ ئێستا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، لە جۆری شێوە و، ڕەنگ و، جۆری دروست کردنی و، جوانی و، باشی و، جۆری چنین و، هەروەها هەندێ لەو کەل و پەلەی کەبەکاری دێنن.

کلاش هەر لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی و ئامادەکردنی بۆ بازاڕ بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت ئینجا دەخرێتە نا بازاڕەوە ...

مێژووی دروستکردنی کلاش:

مێژووی دروستکردنی کلاش بەتەواوی نازانرێت، بەڵام ئەوەی تا ئێستا دەستمان کەوتووە ئەوەیە کە:

جوتێک کلاشی پیرشالیاری هەورامان هەیە کە تا ئێستاش لە خانووەکەیدایە لەشاری هەورامانی تەخت لە کوردستانی ئێران، کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ (٩٥٠) تا (١٠٠٠) هەزار ساڵ پێش ئێستا لەنزرگەکەی پیرشالیار خۆی دا، هەروەکو شاهدێکی مێژوویی ماوە.

دەنگ هەیە کە ئەم کلاشە وەستای بەناوبانگی کلاش، وەستا (قەلەندەر) ناوێک دروستی کردبێت.

دەڵێن:

کلاش چنین بۆیەکەمجار لەدێی (ناو) و (هەجیج) و (نۆدشەوە) چنراوە و دوایی هاتووە تە تەوێڵە. دەڵێن یەکەم کەس کلاش دروست کردنی هێنابێ بۆ تەوێڵە پیاوێك بووە ناوی (بابا خاڵە)[٩].

دەگێڕنەوە:

فەتـەی شـوکرە، وەسـتایەکی بـاش بـووە لەدروسـت کردنـی بنـەو چنیندا،کاتی خۆی،ئەو جۆری چنینی تازە و جوانی داهێناوە.

تایبەتمەندیەکانی کلاش:

کلاش پێلاوێکی هاوینەیە و لەوشکانی‌دا لەپێ‌دەکرێت و فێنکی خۆشی یەك دەدات بە لەش بەتایبەت (پێ).لەتایبەتمەندی‌یەکانیشی:

- بۆ جوانی.
- بۆ گورج و گۆڵی.
- بۆ پاك و خاوێنی.
- بۆ نەهێشتنی بۆنی پێ چاکترین پێلاوە.
- بۆ ڕاکردن، باشترین پێلاوە.
- بۆ ڕۆیشتن کەماندوو نەبیت.
- بۆ ئەم نەخۆشی یانەش باشە:
- بۆ هەندێ لەنەخۆشی چاو.
- بۆ (فطر یات) ی کەرووی پێ.
- بۆ مێخەکەی بنی پێ.
- بۆ هەناسە توندی و تەنگە نەفەسی.
- بۆ نەخۆشی فە قەڕات لەبەرتەختی بنەکەی.

کەرەسەکانی کلاش:

ئەو شتانەی کلاشیان لێ دروست دەکرێت ئەمانەن:

ـ پێکەنە ـ تیرە (دواڵ) ـ پاژنە ولوتی کلاش (پاش و پێشی کلاش) ـ پەرگەما ـ بزمار ـ کەتیرە.

ئەو ئامێرانەی کەبەکار دێن بۆ دروست کردنی کلاش ئەمانەن:

ـ کۆتەـ دەقاق ـ مشتە ـ لاکێش ـ قەد گیرـ دواڵکێش ـ گازن ـ پەڕۆیی دواڵکێش ـ درۆش ـ بەردە هەسان ـ کلۆ درۆش ـ قاڵب و پشت قاڵب ـ چەقۆ ـ پلابیس ـ دواڵگیر ـ بەزو بەزدان ـ چر مرزە.

ئامێرەکانی کلاش چنین.

ئەو ئامێرانەی کە بۆ کلاش چنین بەکاردێن ئەمانەی خوارەوەن:

- دەزوو - تەبەنە - پەرگەماڵ.

جۆرەکانی کلاش:

بەگشتی کلاش دوو جۆرە:

- کلاشی پەرۆ - کەژێرەکەی پەرۆیە
- کلاشی قەڵتاخ - کە ژێرەکەی چەرم و لاستیکە وەك قۆنەرە و پێلاوی تر.

باشترین کلاش:

باشترین کلاش ئەوەیە کە ئەم سیفاتانەی تیابێت:

١ - پەرۆکەی خامی تازە بێت.

٢ - ڕەنگەکەی - هەرچەندە بەئارەزوو حەزە - بەلام جوانترین ڕەنگی کلاش ئەوەیە: کە سەرەکەی بەدەزوویەکی سپی چنرا بێت و ژێرەکەشی پەرۆی سپی و شینی بۆبەکار هاتبێ.

٣ - وەستای چاك پێکەنەکەی گرتبێت و ئەندازە کەی ڕێك و پێك بێت.

٤ . وەستای کلاشەکە، جوان و ڕەق کلاشەکەی دروست کردبێت و کەتیرە و بزماری وەك پێویست لێدابێت و مشتەکۆی چاکی کردبێت و تیرەکەی مەحکەم کردبێت.

٥ - پەرگەماکەی جوان و باش نرا بێت لەمووی چاك.

٦ - وەستای چاك چنیبێتی.

- لەچنینەکەیدا - دەزووی چاك و سپی بۆ بەکار هاتبێت.
- بن پەرگەکەی پڕو جوان بێت.
- دەورەکەی تەقەڵەکانی نە زۆر پڕو نەزۆر شاش بن بەپێی پێویست.
- چینەکەی ڕەق بێت.
- سارا چنەکەی ورد و ڕەق و، دۆڵ نەبێت.
- دەمگەڕەکانی سفت و گرژ و چڕبن.
- شیرازەکەی پڕ و جوان و پەرگەماکەی دەرنەکەوێت.

بەناوبانگرتین وەستای کلاش دروستکردن:

١ - وەستا عوْدەی حەمە لەطیف: زۆر جار کلاشی شەش تیرەی دروست کردوە بۆ ماوەی چوار تا پێنج ساڵ بەرگەی گرتووە.

٢ـ فەتەی شوکرە: وەستای بنە و چنینن بووە، چینی تازە و جوانی‌دا هێناوە، شیرازەی ناوە وەشی چنیووە.

٣ ـ حاجی محەمەدی حەمالە: وەستای کلاش و کەوشیش بووە.

٤ ـ مارفەی فەتحوڵلاّ: ئەمیش وەستای کلاش و کەوش بووە، خۆیشی چەرمی کەوشەکانی دروست کردوە.

٥ ــ وەستا قادری سەید ئەحمەد: وەستایەکی بەناوبانگ بووە، توانیویەتی (دە) تا (پانزە) جووت لەرۆژێکدا دروست بکات، هیچ وەستایەك وەك ئەم وەستایە نەوەکانی شوێن کەوتووی نەبوون، کە زۆربەیان ئێستا خەریکی کلاشن.

ئەم وەستایە شەش کوڕی بووە، چواریان بەردەوام ئەم ئیشەیان کردوە کە ئەمانەن:

ا ـ وەستا محەمەدی وەستا قادر ـ ناوداری سەردەمی خۆی بووە، لە دوای خۆی چوار کوری بووە کە جگە لە حاجی عابد کە قەصابی کردوە، سیانەکەی تری ئەم ئیشەیان کردوە کە ئەمانەن:

ـ حاجی ئەحمەد، کەوەستایەی چاك بووە، لە سلێمانی کۆچی دوایی کردوە. کورەکانی ئەمیش مەهدی و صدیق و سەعدی و سابق و عادل و نامق و صابر و عەدنان جگە لە ناجح هەموویان لەسلێمانی خەریکی ئەم پیشەیەن و دوکانیان هەیە لە گەرەکی صابونکەران کلاشکەری باشن و ناودارن.

ـ حاجی مەحمود، ئێستا لەسلێمانیە و یەکێك لە کوڕەکانی (وەصفی) لەسلێمانیە و دوکانی هەیە، خەریکی ئەم پیشەیەیە.

ــ حاجی مەجید و کورەکانی (فائق و فاروق و ئارام) هەموویان لە سلێمانین و وەستای چاك و باشن.

ب ــ وەستا حەمە صالح وەستا قادر. خۆی وەستایەکی باش بووە، لەدوای خۆیشی دوو کوڕی بووە، بەلاّم تەنها وەستا محەمەد ئیشی کردوە کەوەستایەکی زیرەك و خوێندەوارێکی و ریایە، ئێستا پیربووە و توانای ئیشی نەماوە، کورەزایەکی لەسلێمانیە ئەم ئیشە دەکات بەناوی (مەریوان عەبدول واحد).

ج ـ وەستا عەلی وەستا قادر وەستایەکی ناودار بووە، لەدوای خۆی هەردوو کورەکەی ئەم ئیشەیان کردووە:

ـ وەستا حاجی حەمە ڕەحیم کە ئەمیش هەردوو کوری (مەحیەدین و فەخرەدین) لەسلێمانین ئەم ئیشە دەکەن.

ـ وەستا ڕەشید کەلەتەوێڵەیە و، لەگەڵ هەردوو کورەکەی دا (فاروق) و (فەریق)خەریکی ئەم پیشەیەن.

ـ وەستا صادق وەستا قادر.

ئەمیش چوار کوری بووە، تەنها وەستا وەهاب ئەم ئیشەی کردوە ئێستاش دوای ئەوەی لوغم لێی‌دا پەکی کەوتووە لەماڵەوەیە.

عەبدوڕەحمانی کوریشی (مام ئەولە) کەرەسەی کلاش دەکرێت و دەفرۆشێت، بەڵام کورەکانی ئەم (شاهۆ و یاسین) ئەم ئیشە دەکەن.

٦ ـ وەستا سلێمان نادر کوزاد. وەستایەکی باش و دەست ڕەنگین بووە، هونەریانە کلاشی دروست کردوە.

٧ـ وەستا حاجی ئەبوبەکر عەلی (١٩١٤ ـ ١٩٨٢) وەستایەکی لێهاتوو بووە، لەسەردەمی خۆی‌دا، یەکێك بووە لەو وەستایانەی کەپێشکەوتنی داوە بەکلاش، وەك ئەوەی پاش و پێشی کلاش لەچەك دروستکراوە، ئەو گۆڕیویەتی بەکێرەگا. کلاشی ئەبوبەکری بەناوی ئەمەوە ناونراون.

کوڕەکانیشی (ئەنورە و فەیرۆز) خەریکی ئەم ئیشەن.

٨ ـ وەستا قادر غەفور: لەدوای خۆی عابدی کوری کەلە بەغدایە خەریکی ئەم کارەیە.

٩ ـ حسێن لاوە ـ مردووە.

١٠ ـ عارف ڕەسوڵ ـ مردووە.

١١ـ ڕەسوڵ جوانە ـ مردووە.

١٢ ـ حاجی حەمە زەریف، لەدوای خۆی هەرچوار کورەکەی خەریکی ئەم پیشەیە بوون ئێستایش دوانیان (ئەحمەد و موسا) لەهەڵەبجەن ئەم کارە دەکەن.

١٣ ـ وەستا خواکەرەم حەمە سەعید: مردوە، لە دوای خۆیشی یەکێك لە کورەکانی (بارام) کەلە هەڵەبجەیە ئەم ئیشە دەکات.

١٤ ـ حاجی حەمە عەزیز محەمەد.لەتەوێڵەیە ماوەیەکەناتوانێ ئەم ئیشە بکات، بەڵام محەمەدی کوڕی و کورەزاکانی ئەم کارەدەکەن

١٥ ـ بابا و ئەیوبی برای، کوڕانی حەمە حەسەن خاتونە لەهەڵەبجەن.

١٦ ـ جەلال مستەفا لەسلێمانیە.

١٧ ـ هیوا حەمەکەریم لەهەڵەبجەیە.

١٨ ـ حەمزە حەمە عارف موئمن لەهەڵەبجەیە.

١٩ ـ عیزەدین و نەجمەدین کورانی فارس فەرەج لەسلێمانین.

٢٠ ـ عەبدولرەزاق حەمە کەریم لەسلێمانیە[١٠].

پێکەنە گیرەکان:

ـ حاجی ئامانەڵڵا بابا ئێستاش حەمە رەئوفی کوری خەریکی ئەم پیشەیە لەتەوێڵەیە.

ـ حاجی بابا حاجی محەمەد ـ مردووە.

ـ حاجی ئەحمەد حاجی محەمەد ـ مردووە.

ـ عەبدولای حاجی مارف ـ مردووە.

ـ حەمە عارف موئمن ـ ئێستا موئمنی کوری لەهەڵەبجە ئەم ئیشە دەکات

ـ حەبیب محەمەد حەبیب عوسمانی کوری لەتەوێڵەیە ئەم ئیشە دەکات

ـ صابر خاڵە عەبدوالله ـ مردووە.

ـ مەحمود عەلی محەمەد ـ مردووە.

ـ عابد موئمن لەهەڵەبجەی تازەیە.

ـ عەبدولڕەحیم حەمە رەشید و صابری برای لەتەوێڵەن.

ـ عەبدوالله حەمە یوسف،لەسلێمانی‌یە.

ـ فارس فەرەج یەعقوب، لە سلێمانیە و بەردەوامە لەسەر ئەم کارە.

ـ هەروەها چەندانەیەکی‌تر بوون و هەن ....

کڵاش چنە ناودارەکاناودارەکانی ئەسا:

ـ کاکە سور زۆراب ـ عەبدولکەریم زۆراب ـ فەرەجوڵڵای حەمل ـ تەلعەت خواجە ئەحمەد (خوشکی حاجی جەزا) ـ عاصمە حاجی حەمە رەحیم ـ محەمەد حاجی حەمە رەحیم ـ مەلا کامیل مەلا عەبدولقاردر ـ کەریم خواجە ئەحمەد ـ

حەمە یوسف نادر ـ ئەڵڵاك شاوەیس ـ مەلا جەمال مەلا ئەحمەد ـ مەلا ئیسماعیل مەلا عەبدوالله ـ عەزیز فەتاح.....

ئەمانەش لەم سەردەمەدا کلاش چنی چاکن:

ـ صابر وەهاب ـ هادی حاجی حسێن ـ بابا ناجی ـ ئادەم کەریم ـ فەیصەڵ جەمە سەعید ـ عەبدوالله ئەڵڵاك ـ نەصرەدین ئەڵڵاك

ـ مەحیەدین ئەڵڵاك ـ عیزەت ڕۆستەم ـ جەلال ڕۆستەم ـ مەلا عەبدولباقی مەلا محەمەد ـ جەبار مەلائیسماعیل ـ حەمەعارف مەحمود حەمەیوسف ـ هادی مەلا ئیسماعیل ـ ئەیوب مەلا حەمەئەمین عەبدوالله ـ مەجید فەتاح ـ عومەر فەتاح ـ داود حاج عەبدولڕەحمان

ـ حەبیبە وەستا محەمەد، ژنی کاکەی میرزا عەبدولقادر ـ فاطمە حبیب، ژنی ڕەحمانی سەعید ـ زۆرێکی تریش..

کلاش کڕ و کلاش فرۆشەکانی تەوێڵە:

ئەو تەوێڵەییانەی کە بەزۆری خەریکی کلاش کرین بوون لەوەستاکان و کۆیان دەکردەوە و دەیان هێنان بۆ سلێمانی بۆ فرۆشتن ئەمانە بوون:

ـ حاجی حەمەی حاجیلە ـ فەتەی ڕەحلە ـ عەلی نەجیبە فەندی ـ مستەفای عوەز ـ حاجی شەفیع عەلی محەمەد ئێستاش کوڕێکی

(داود)، خەریکی ئەم کارەیە ـ حاجی ئەورەحمانی حاجی محەمەد ـ حاجی عەبدوالڵەی ئوسمانە، ئێستا کورەکانی (بورهان و عوسمان و رافع) ئەم کارە دەکەن لەسلێمانی ـ (حاجی حەمەشەریف حاجی قادر ـ فەتحوڵڵا مستەفا ـ نەجیب ئۆڵقادر ـ طالب محمود

ـ حەمە ڕەشید عابد . ئەمانەئێستا لەسلێمانی ئەم کارەدەکەن) ،هەروەها زۆر کەسی‌تر لەتەوێڵە و هەڵەبجە و لەسلیمانی‌خەریکی کڕین و فرۆشتنی ئەم کارەن.

ئەو دوکاندارانەش کەلە سلێمانی کلاشی تەوێڵەیان دەکڕی و دەفرۆشت، زۆرجار خۆیان دەهاتن راستەوخۆ لەتەوێڵە دەیانکڕین . ئەمانەی خوارەوە بوون:

ـ حەمە ڕەشید ئایشێ، کە دوکانی لەناو بازاڕدابوو بەرامبەر کەبابخانەی حەمە ئەمین قجول.

ـ حەمەی گوڵێ، دوکانەکەی لە حەوزە ووشکە بوو.

ـ حەمە صالح بۆ سکانی، دوکانەکەی سەروی حەوزەکەی ناوبازارە، بەرامبەر قەیسەری نەقیب

- مەلاحەمە ئەمین بانەیی، لەکوڵانی مەزاد خانەکە دوکانی هەبوو.
- عارفە سوور، لە نزیك مەزاد خانەکەبوو.
- عەبدوالله حاجی مەحیەدینی لەیلیٚ لەبەرامبەرحەوزەکەی ناوبازاڕ بوو.
- صالح میسری لەخوار حەوزەکەی ناو بازاڕەوەبوو.
- هەندێکی‌تر[11] ...

نرخی کلاش:

نرخی کلاش لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازی هەیە:

جوتیٚ کلاش لەسالاّنی سیەکاندا (١٠٠ . ١٥٠) فلس

لەپەنجاکاندا (١ ـ ٢) دینار بووە.

لەحەفتاکاندا (٥ . ١٠) دینار بووە.

لەهەشتاکاندا (١٥ ـ ٢٠) دینار بووە.

لەساڵی نەوەد (٦٠ ـ ٩٠) دینار بووە.

لەساڵی ١٩٩٥ (٥٠٠ . ٨٠٠) دینار بووە.

لەساڵی ٢٠٠٠ (٢٥٠ ـ ٤٠٠) دینار بووە.

٢ـ پێلاٚو دروستکردن:

وەك وتمان کلاش لەوشکانی دا لەپیٚ دەکرێت، ئیتر خەڵکی تەوێڵە وەنەبیٚ دەستیان نەبوو بیٚ لەپێلاٚو دروست کردندا بۆ زستانە.

لە تەوێڵە پیشەی پێلاٚو دروون گرنگیەکی خۆی هەبووە، شان بەشانی کلاش بووە، تەنها ئەوەندە هەیە، کلاش لەم سەردەمەی دوایی‌دا هەرمایەوە و برەوی پیٚدرا، بەلاّم پێلاٚو دروست کردن وازی لیٚهێنرا بەبۆنەی بەدیلیەوە بووکە (قۆندەرەیە).

تەوێڵەیی توانیویانە پێداویستی خۆیان لەپێلاٚوی زستانەدا دابین بکەن، ئەویش بەدوست کردنی پێلاٚوی هەمە جۆر و چاك.

پێلاٚو چەند جۆرێك بوون، بەلاّم بەگشتی دوو جۆر بوون:

پێلاٚوی پیاوانە و پێلاٚوی ژنانە.

پێلاٚوی پیاوانەش سیٚ جۆر بوون:

یەمەنی، زەهاوی، یەك پارچەیی[12].

ژنانەیش دوو جۆر بوون:

کرمکەدار، قولاٚخدار

ژنانە سوربوون و پیاوانەش ڕەش بوون.

گەنج و منالانیش ڕەش و سوریان لەپێ کردووە.

ئەم جۆرە پێڵاوانەش تا ساڵەکانی ١٩٧٠ هەبوون و بەکار دەهاتن و دروست دەکران بەتایبەت پیاوە پیرەکان لەپێیان دەکردن.

لەوەستاناودارەکان کە پێڵاو دروست کردووە:

- حاجی حەمە صاڵح و محەمەدی برای - عەلی قادر - صادق قادر- حاجی محەمەدی حەماله - مارفی فەتحوڵڵا - عەزەی مارفە - حەمە شەریف هەجیجی - حاجی عەلی حسێن - حاجی عوسمان و خەلیفە عومەر و عەبولە و حاجی جافر (کە برابوون).

ـ محەمەدی ڕۆستەم ـ حاجی ئامانەڵڵا بابالە ـ ئەولعەزیزعەلی کە تاساڵەکانی حەفتاکانیش بەردەوام بوو......... هتد ... (١٣)

تێبینی: لەم سەردەمانەی دواییدا کە پێڵا و دوورین نەماوە، بەڵام قۆندرە و قەڵتاخ دروست کردن هەبوو، کە ئەم دوو وەستایە بەناو بانگن لەم بوارەدا:

- کەریم حەمە گاوان - مردووە.

- حاجی حەیبەڵڵا کەوەستایەکی باشە و لەسلێمانیە و بەردەوامە لەسەر ئەم کارە.

٣ـ جۆلایی:

جۆلا: هەموو ئەو وەستایانە دەگرێتەوە کەشاڵ (ڕانگ و چۆغە) و بەرماڵ و پۆپەشمین و جاجم و مەوج و گلێم دروست دەکەن.

تەوێڵە، جۆلای زۆر بووە، تەنانەت چوون بۆ شوێنانی تری کوردستان.

لەگرنگترین جۆلا ناودارەکانی ئەوسا ئەمانە بوون:

- حەمە لەتیف تەیفور- مستەفا (باوکی صۆفی وەهاب) و، صۆفی وەهاب خۆیشی وەستایەکی چاك بووە - فەجەی حەمە ئەمین

- عەبدوڵلەی ئەحمەد (باوکی مراد) - حەکیم مەولود (باوکی عەبدول) - کەرەم محەمەد - حاجی حەمە یوسف بابا- حەمەی بابا

- وەهاب عەلی محەمەد.

لەجۆلا ناودارەکانی ئێستایش ئەمانەن:

- حاجی وەسیم و (ئادەم و سامی) کوری لەسلێمانین ـ حسێن فەرەج لە سلێمانیە ـ فەریح ئیسماعیل حسێن لە هەڵەبجەی شەهیدە ـ فاتح و کەرەمی برای یەکەمیان لە هەڵەبجەی تازەیە و دووەم لەتەوێڵە ـ عەبدوڵلە ی صۆفی وەهاب.

چەند خاڵێك لەسەر ئەم ئیشە:

ـ جۆلاکـان لـەم دوایـی یـەدا زیـاتر شـاڵ دروسـت دەکـەن چـونکە لـە شتەکانیتر زیاتر برەوی هەیە و ئەوانی تر کەم تر بەکار دەهێنرێن بۆ نموونە: ئەوسا ـ گلێم ـ زۆر تر بەکار دەهات کە ژنان شتیان تێ دەکرد و دەیاندابە کۆڵیان دا کە بۆ ناوباخەکان دەرۆیشتن هەروەها بۆشتیتر بەکاریان دەهێنا.

ئێستا ئەمە نەماوە لەبەر ئەوە خەڵك پێویستیان پێ نیە، هەر لەبەر ئەمە لە دواتر دا تەنها باسی شاڵ دەکەین.

ـ بەرهەمی جۆلایی تەوێڵە هێنراوە بۆ سلێمانی و دەوروبەری، بۆیە مەرەز و خوری تەوێڵە و هەورامان، بەشی نەکردووە و تەوێڵەیی چوون بۆ هەمەدان و موصڵ و گەرمیان و شارەزوور بۆهێنانی وە چەند کەسانێك خەریکی کاسپی ئەمەبوون و بەمەوە خەریك بوون لەوانە:

ـ حەمە صاڵح عەبدولحەکیم کە چونکە هەر خەریکی ئەمە بوو ناویان نابوو (خوری) ـ عەباڵەی حەمە ڕەشید ـ مستەفا موئمن (باوکی ئیدریس و یونس).

ـ (جاجمکردن):

جاجم: ژنان خوری دەرێسن و گلۆڵەی دەکەن و بەحەوت جۆر ڕەنگی دەکەن، لەدواییدا شوێنێکی تەخت، مێخی بۆدادەکوتن و دەیچنن و بەئەندازەی (٢٥ سم) پاشان بەئەندازەی درێژی لێف دەیدرون بەیەکەوە، شێوەیەکی چوار گۆشەی وەردەگرت و بۆ دیوی دەرەوەی لێف بەکاری دەهێنن، جوان و گەرم و مەحکەمیشە، دیوی ناوەوەیشی بەزۆری خامی سوری بۆ بەکار دەهێنن، ناوەکەیشی خوری تێدەکەن.

لەجاجم کەرەکان:

- مینا عەبدوڵڵە، ژنی حاجی ئەبوبەکری حاجی حەسەن
- پەیرزاد عەبدوڵڵە، ژنی عەلی سێلە.
- مریەم مەلا ڕەشید، ژنی حەمە عەزیز گۆپە.
- مەحبوب ئایزە غەفورە، ژنی صادق.
- شیرین حەمل، ژنی تۆفیق شەریف.
- سوەیبە ئەحمەد وەهاب، ژنی کەرەم جۆلا.
- فەرخی شەریف، ژنی ئەحمەد وەهاب.

شاڵ[١٤].

لەگرنگترین بەرهەمەکانی جۆلا ـ شاڵە ـ زوربەی ئەوانەی کەشاڵ دروست دەکەن، ساڵی سەرهەڵدانی ئەم پیشەیەدەگەڕێننەوەبۆ

ساڵی (٧٢٨) زاینی و دەڵێن: یەکەم کەس کەلەو ساڵەدا ئەم پیشە دەست کردەی دەست پێکردووە ناوی (عەباسی کەیومەرث) بووە و ئەم وەستایە لەدێی (ناو) ی سەر بە ناوچەی هەورامان ئێران دانیشتووە، پاشان بەرە بەر پەرەی سەندووە ئێستایش بەدەست کردێکی بەنرخ و جوان و گرانبەها دادەنرێت.

چۆنیەتی دروست کردنی:

١ ـ موی بزن دەبڕێتەوە ئینجا ئافرەتان ئەم مووە بەهۆی (تەشی) یەوە دەڕێسن و دەیکەن بە (بەن = ڕێس).

٢ ـ ئەم بەنە ڕایەڵ دەکرێت واتە پێوانەی تایبەت بەمرۆڤێك وەردەگرن) ئەمەیش دەبرێتە لای جۆلا، جۆلاش بەنەکە دەتەنێ و دەیکات بەجۆرێك لە قوماش.

٣ ـ قوماشەکە بەئاو جوان دەشۆردرێت و دەقی دەکەن،واتە: کۆت دەدرێت ئەویش بەشێوەی دوو دەق یا سێ یا چوار دەق دەبێت.

٤ ـ ئەم کۆت دانە لەسەر تەختەیەکی بچوك کە(١٥ ـ ٢٠) سم درێژە و (٥ ـ ١٠) سم پانە و لەدار گوێز دروست کراوە هەڵ دەپێچرێت.

لەپاش ئەمە بۆ ماوەی (٤٥) خولەك دەخرێتە ناومەنجەڵی تایبەتی و دەیکوڵێنن، بۆیە ئەم تەختەیە لەدار گوێز دروست دەکرێت چونکە بەرگەی (کوڵان) دەگرێت.

٥ ـ دوای ئەوە دەخرێتە بەرهەوا، تاوشك بێتەوە، ئیتر ئامادەی دوورین دەبێت.

جۆرەکانی شاڵ:

یەکەم: ئەوانەی لەمەرەزی سروشتی ـ واتە لەموی بزن ـ دروست دەکرێن:

ـ خورمایی (کاڵ یا تۆخ).

ـ ڕەش.

ـ سپی.

ـ شینکی یا خۆڵەمێشی.

ـ زەردێکی (کاڵ یا مەیلەوخاکی).

دووەم: ئەوانەی لە خوری مەڕ دروست دەکرێن:
- ئەوانەی بەتوێکڵە گوێز ڕەنگ دەکرێن، ئیتر یا قاوەیی یازەردێکی کاڵ دەردەچێت.
- ئەوانەی بەرەنگ و گیا ڕەنگ دەکرێن، ئیتر یا سەوزێکی کاڵ یا سور یارەش دەردەچێت.
- خوری رەش و سپی بەهۆی (شەی، شانەی) تایبەتی تێکەڵ دەکرێت و ڕەنگی خۆڵەمێشی دەردەچێت.

ئەو ئامێرانەی لەدروست کردنی شاڵدا بەکاردێن:
- برینك - وەکو مەقەست وایە بۆ بڕینەوەی برینەکە بەکاردێت.
- شەی . جۆرەیشانەیەکە . پارچە تەختەیەکە لەدارگوێز دروست کراوە، چەند تەلێکی بەشێوەی ستونی کەنزیکەی (٧٠ - ٨٠) تەل دەبن و بەهۆی چەرمەوە لەژێرەوە ڕاگیرکراوە، بۆ ئەوەی تەلەکە لەیەکتر نەترازێن و بەتوندی بمێنێتەوە بۆ تێکەلاو کردنی خوی یا مەرەز بەرکادێت بۆ نموونە:
مەرەزی ڕەش لەگەڵ سپی تێکەڵ دەکەن و ڕەنگی شینکی لێدەردەچێت.
یا سورێکی تۆخ و زەرد و تێکەڵ دەکرێت سورێکی کاڵ یا خورمایی لێ دەردەچێت.
- تەشی: بۆڕێسانی خوری یا مەرەز بەکاردێت.
- دوك یا خەڕەك: بەنەکە هەڵ دەکاتەوە لە داری گوێز و بەن و چەرم و تەل دروست دەکرێت.
- لولەك: برتیی‌یە لەپارچە قامیشێك کەبەنەکەی لەسەر هەڵ دەکرێت.
- مەکۆ: برتی‌یە لەپارچە دارێك کەلەدار گوێز یا قەزوان دروست دەکرێت و لەشێوەی بەلەم دایە و لوولەکەکە دەخرێتە ناو مەکۆکە و بە پارچە تەلێك ڕاگیر دەکرێت و کاری تەنینی مەرەز یا خوری ئەنجام دەدات.
- دانە یا شانە لەقامیش و دەزوو دروست دەکرێت دەکەیت و ئیشی تەنین دەبینێت.
- دەفە: لەدار گوێز یا دار قەزوان دروست دەکرێت و بۆ چنینی مەرەزەکە بەکاردێت.
- پاتەتە: لەپارچە تەختەیەك دروست دەکرێت و ئیشی بەرزی و نزمی تەنین دەکات.

٥- هەلاجی:

هەلاجی ئەوەیە کەبەرگن (جۆرەموویەکە) دەهێنرێت پاش ئەوەی بڵاودەکرێتەوە و ئاو دەوەشێنرێت و باش دەکوترێتەوە و دەیساون، لەئەنجامدا دەیکەنە (کوڵە باڵ - فەرەنجی) یا (کەرەك) و (لباد - نمەد) و (پەستەك).

هەلاج جگە لەمانە لۆکە و خوری ناو دۆشەك و پشتی و لێفە، بەئامێری تایبەتی خۆی دەکاتەوە.

لەهەلاجەکان: - غەفور خەسرەو . باوکی کاکلە - فەرەجو لُلاّ خالید - فەجە خالە- فەتحوللاّ مەحیەدین محەمەد، فەتەلە دینە - حەمە خان وەیس - حەمە صالح حەمە سەعید - حاجی یوسف حەمە سەعید - حەمە ئەمین حەمە سەعید - حەمە حسێن حەمە سەعید - ئیمام حەمە سوور - عەبدولحامید حسێن - هەروەها گەلێکی‌تر.

٦- ئاسنگەری و چەخماخسازی:

ئاسنگەری: مەبەست لەو ئیشانەیە کە بەئاسن و تەنەکە دروست دەکرێن وەك: (چەقۆ، قەڵەمبڕ، تەور، تەورداس، زەنگن، خاکەناز، نوێڵ، پیك، پەنجەرە، دەرگا، قفڵ، کلیل، زۆپا، بۆریە زۆپا، مەقاش، کۆمانج، ناڵ، تفەنگ ...)

ئەمانە هەموو لەتەوێڵە دروست کراون و، داهاتێکی گرنگیش بوون لەتەوێڵە دا، چونکە کۆمەڵێکی زۆر لەخەڵکی تەوێڵە لەسەر ئەم ئیشە ژیاون ئێستایش هەندێك خەریکی ئەم ئیشەن و، توانیویانە پێداویستی خۆیان دابین بکەن و، بەرهەمیشی بنێرنە دەرەوە.

بەناوبانگترین ئاسنگەر و چەخماخسازەکانی تەوێڵە ئەمانەن:

١ - عەبدولمەجید کە چوار کوڕی بووە:

ا- حاجی محەمەد: وەستایەکی باش بووە و منالەکانی خۆی فێرکردووە کە ئەمانە بوون: عەبدوالللە کە بەعەبولە ناسراوە ئێستا عەبدولی کوری لەسلێمانیە، لە کارێزە وشك دوکانی هەیە و چەقۆ دروست دەکات.

- جەعفەر لە چەقۆ دروستکردندا شارەزایی باسی هەبووە.

- عەبدوڕەحمان لەم دواییەدا وازی لە ئاسنگەری هێنا و کاسپی دەکرد لە ٨/٦/ ١٩٩٢ لەسلێمانی کۆچی دوایی کرد.

- محەمەد (بەحەمە رەق ناسراوە) وەستای چەقۆ بوو، ئێستایش لە کورەکانی عەباس ئەم ئیشە دەکات و لەسلێمانیە.

- عابد ئێستا کاسپی تر دەکات.

- سەعید لەكارێزە وشكە لەسلێمانی چەقۆ دروست دەكات.
- داود لەهەڵەبجەی تازەیە چەقۆ دروست دەكات.
- ناصر وازی هێناوە لەم ئیشە و چایخانەی هەیە.
- حەمە ڕەئووف عزیز كە كچەزای حاجی محەمەدە ئێستا لەتەوێڵە چەقۆ دروست دەكات.

ب - عەبدولكەریم: زیاتر كەوچك و مەقاش و چەقۆی دروست كردوە، لە كوڕەكانی تەنها حەمە غەریب ئەم ئیشە دەكات ئێستا لەسلێمانیە و ئاسنگەری دەكات.

ج - عەبدولحەمید: وەستای چەقۆ بووە ئێستا خالدی كوری ماوە و لەگەڵ بەختیاری كوریدا ئەم ئیشە دەكەن لەهەڵەبجەی شەهید.

د - عەبدولخالق: كە چەقۆ دروستكەرێكی زۆر چاكبووە ئێستاش یونسی كوری لەسلێمانیە و لەنزیك مزگەوتی خانەقا دوكانی هەیە، جوانترین و چاكترین چەقۆ دروست دەكات.

وەستا ڕۆستەمی ئاسنگەرو حاجی عەبدورەحمان حاجی محەمەدو كاروان و ئەمیری كوری ... ١٩٨٢

٢ - حەكیم خەسرەو:
وەستایەكی چاك بووە لە دوای خۆی هەردوو كوری ئاسنگەر بوون: ڕۆستەم لەهەڵەبجە لە ١٩٨٧/٨/١٦ كۆچی دوایی كرد، حەمە سەعیدی كوریشی ئاسنگەر بووە هەردوكیان تالە ژیاندا بوون هەر ئەم ئیشەیان دەكرد.

- صادق: لەكۆتایی حەفتاكاندا مردووە ئادەمی كوریشی ئەم ئیشە دەكات لەتەوێڵەیە.

٣ - نادر: كە وەستا یەكی ناوداربووە، كە دوو كوری بووە لەم ئیشەدا كارامە بوون:

- حەمە ڕەحیم: شتی نایابی دروست كردووە، لەدوای خۆی محەمەدی كوری ئاسنگەرێكی چاك بووە بەتایبەت لە چەقۆ و قفڵ و كلیل و تەور دروست كردندا لە ٢٣ /١٩٩٩/١ لەسلێمانی كۆچی دوایی كرد. لەدوای ئەمیش تەنها (فەخرە دین) ی كوری خەریكی ئەم ئیشەیە كە لەهەڵەبجەی شەهیدە.

ـ حەمە كەریم: لەپاش خۆی عوسمانی كوڕی ئەم ئیشەی دەكرد بە ئیشی تەنەكە وە خەریك بوو لەدوای ئەمیش صابری كوڕی ئەم پیشەیەی دەكرد كە هاتە هەڵەبجە دەرگاو پەنجەرەی دروست دەكرد بەداخەوە لەشەڕی كوەیت ـ عێراقدا بەدیلگیراو لەئەنجامدا گەیشتە هۆڵەندا لەساڵی ١٩٩٩ كۆچی دوایی كرد.

٤ ـ حاجی خدر كەلە چەقۆ و قەڵەمبڕدا كارامە بوو، قەڵەمبڕی وای دروست دەكرد، كەس نەی دەزانی نەبیكاتەوە نەدای خات لە تەمەنی نزیكەی ١٠٠ ساڵیدا لەسەرەتای هەشتاكاندا مردووە.

٥ ـ حەسەن ئیبراهیم: چەقۆ دروست كەر بوو، ئێستایش فەخرە دینی كوڕی لەهەڵەبجەی شەهید هەمان ئیش دەكات.

٦ ـ حەمە عەلی مستەفا، مردووە زیاتر چەقۆی دروست دەكرد.

٧ ـ فەتحوڵڵا صادق: زیاتر تەور و تەورداس و زەنگن و چەقۆ و ناڵ و ئەمانەی دروست دەكرد، ئێستاش هەر سێ كوڕی (مەحیەدین و صادق و ئەیوب) ئەم ئیشە دەكەن.

٨ ـ حەمە حسێن كوڕی ئەحمەد، وەستایەكی ناودار و كارابووە، لە دوای خۆی هەرسێ كوڕی ئەم كارەیان كردووە كە ئەمانەن:

ا ـ ئەسكەندەر، وەستایەكی زۆر بلیمەت بوو ئەمیش لەدوای خۆی سێ كوڕی ئەم كارەیان كردووە.

- حاجی بیلال ئێستا پیربووە ناتوانێ ئیش بكات لەسلێمانیە.
- حەمە رەحیم لەهەڵەبجەی تازەیە و ئەم ئیشە دەكات.
- جەلال لەتەوێڵەیە ئەم ئیشە دەكات.

ئەم وەستایانە زیاتر خەریكی ناڵ و ناڵبەندین.

ب ـ عەلی ـ لەدوای خۆی عەزیز و حەمەحسێنی كوڕی ئەم ئیشەیان كردووە، عەزیزی كوڕی وەستایەكی ژیر و وریابووە،پاش چەند ساڵێك بووە فەرمانبەری كارەبای تەوێڵە و، دواتر نەقڵكارا بۆ هەڵەوبجە و لەوێ مایەوە، خزمەتێكی چاك و دڵسۆزانەی كرد تا لە كیمیاویەكەی هەڵەبجەدا شەهید بوو.

هەروەها (حەمە حسێن) یش كەلەم دواییەدا مردوە، تفەنگ و ساچمەی دروست دەكرد.

ج ـ وەستا حەمە یوسف و کوڕەکانی (ئیسماعیل و هادی):

ئیسماعیل، چەقۆو قەڵەمبڕی نایابی دروست دەکرد.هادی کە بەمام هادی بەناوبانگە ئێستا ئەم ئیشە ناکات. بەڵام هەردوکیان لەدروست کردنی تاپڕ و ساچمە و شتی لەوبابەتەدا دەستێکی باڵایان بووە.

٩ ـ حەمە سەلیم: لە دوای خۆی دوو کوری بووە ئەم ئیشەیان کردووە:

ـ وەستا محەمەد، کە چەقۆ و تفەنگی دروست کردوە کورەکانیشی عەباس حەمە غەریب و حەمە سەلیم وەستای چالاك بوون.

ـ وەستا ئەحمەد، کە چەند ساڵێك لەسیۆسێنان بوو، لەم دواییەدا لەسلێمانی بوو کەوەستایەکی چەقۆ دروست کەری چاك بوو

١٠ ـ جامی کە ئاسنگەرێکی چاك بووە، بەڵکو لەتفەنگ دروست کردندا کارامە بووە، ڕەحمانی کوریشی زۆر شارەزا بووە لەم ئیشەدا

١١ ـ صادق غەندی: زیاتر بەکاری تەنەکەچی‌یەوە خەریك بووە، لەهێڵەك و قۆری و زۆپا و ژێر زۆپا و پەرمێز دروستکردندا دەستی هەبوو. وەستایەکی زۆر ئارەزا و وریابوو لەتەمەنی نزیك (١٠٠) ساڵیدا مردوە.لەکورەکانی (بەهرۆز و عادل) ئێستا ئەم کارەدەکەن.

١٢ ـ عزەت ئەحمەد ئیسحاق: زیاتر بەکاری تەنەکەچیەوە خەریك بوون.

١٣ ـ حاجی عەزیز حەمە ئەمین. لەتفەنگ دروست کردن دا شارەزایی زۆری هەبوو.

هەروەها کۆمەڵێکی تریش بوون لەم کارەدا ئیشیان کردوە.

٧ـ دارتاشی:

دارتاشی یەکێکە لەو پیشانەی کە کۆمەڵگا پێویستیەتی، لەتەوێڵەشدا ئەم پیشەیە بەشی خۆی بووە و پێداویستی خەڵکەکەی تەواو کردوە بگرە زیاتریش ... بوونی کەرەسە و وەستای چاك لەتەوێڵەدا بووە هۆی ئەوە ئەم پیشەیە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرە و پێشەوە بڕوات.

کەرەسەکانی دارتاشی کەبریتی یە لە: تەختەودار، لەتەوێڵە زۆربووە، چونکە تەختەودارەکە لەدارگوێز و دارچنار و داری توو، ئەوانە بووە، ئەم دارانەیش لەتەوێڵەدا زۆرن و هەن.

دارتاشەکانی تەوێڵە ئەم شتانەی خوارەوەیان دروست کردووە:

دەرگا، پەنجەرە، دیمەك، مرۆڵە، زەوەند، تەختە بەند، کۆڵەکە، پنە، تیرۆك، دەسکی خاکە ناز، زەنگن، تەور، پیك، چەکوش، صندوق، رەنە، کلیل، کلۆم،

شەو زەن، دوك، تەشی، شەی، شانە، شەکردان، کەوچك، کەوگیر (کەکەوچکێکی گەورەیە) کەوچکی دۆ،کوچەڵە، قاپی ئاو، دەوری، مێز و کورسی، (میزراح، خولیرە) وەسائلی جۆلایی، قەڵتاخ، ڕەفە، هتد)

دارتاشەکانی تەوێڵە:

- عەبدول ڕەحمان: کەوەستایەکی باش بووە کورەکانیشی کە ئەمانەی خوارەوەبوون دارتاش بوون:

عەبدواللە: کە مردوە کورێکی هەیە بەناوی بەشیر کە ئەمیش دارتاشە لەهەڵەبجە.

عەبدول ڕەحیم: کە ئەمیش هەرسێ کوری دارتاش بوون کە بریتین لەوەستا (ئەحمەد و مەحمود و حەمە حسێن) کەلەم دواییە لەسلێمانی مردن.

- وەستا قادر ئەمیش دوو کوری بوون:

ئەحمەد کەدارتاشێکی بەناوبانگی سەردەمی خۆی بووە، ئێستا ئیبراهیمی کوری دارتاشە.

عەبدواللە کەشارەزا و داهێنەربووە لەکارەکەیدا، کۆڵەکەکانی مزگەوتی گەورەی تەوێڵە ئەودایناون کە زۆر بەژیرانە دایناون، ئەم وەستایە کورێکی بووە بەناوی مەحمودەوە ئەمیش دارتاش بووە.

- حەمەی کوێخا ئێستاش کورەکانی:

وەستا ڕەشاد کە شارەزایەکی چاکە، بەشێوەی هاوچەرخ ئیش دەکات لەسلێمانیە و بەناو بانگە.

وەستا سابق ئەمیش هەروەها لەسلێمانیە دارتاشێکی باشە.

- عەلی وەیس و کورەکانی.

وەستایەکی بەناوبانگ بووە، کورەکانیش (عابد و مەقصود و صابر و صدیق) ئەم ئیشەیان کردوە و دەیکەن.

ئەم بنەماڵە لەسەرەتای پەنجاکانەوە، هاتنە هەڵەبجە و لەوێ لەسەر ئەم ئیشە بەردەوام بوون.

- مارف مارف.

ئەم وەستایە لەداهێنان و دار بڕینی دیمەك و دار و مرۆڵە و کۆڵەکە و ... ئەوانە زۆر بەتوانا و شارەزا بووە.

٨ـ وەستا دیواریی (بەنایی)[١٥]:

مەبەست لەوئیشەیە کەوەستاکان بۆ خانووکردن دەیکەن. ئەو وەستایانەی کەلە بیناسازی‌دا دەستیان بووە لەتەوێڵەدا ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیان بوون:

ـ حەمە ئەمین عەبدوڵڵە: کەوەستایەکی زۆر بەناوبانگ بووە لە هەوراماندا نەك هەر لەتەوێڵە بەڵکو چەند بینا و خانوی تری دروست کردوە لە غەیری تەوێڵەدا وەك خانووە جوانەکەی حەمە ڕەشید بەگ و جەعفەر سوڵتان لەپاوە و خانوەکەی کەریم سان لە خانەگا و نەوسود[١٦] ئەم وەستایە لە دەوروبەری ١٩٥٨ کۆچی دوایی کردووە.

دوای خۆی هەرسێ کورەکەی وەستای چاك بوون:

وەستا تۆفیق لەساڵی ١٩٧٥ دا مردوە.وەستا غەریب لەتەوێڵەیە وەستا ناصر لە هەڵەبجەی شەهیدە.

ـ قاسم مارف ئاغا ـ میرزا عەبدوالله ئەبوبەکر ـ حاجی یوسف حەمە سەعید ـ موئمن عەبدولحامد ـ کەریم خادم و ئەمینی کوری.

ـ ڕەحمان جامی و لەدوای خۆیشی هەردوو کوڕی نامەوەش و حەمە ئەمین ـ موئمن ناسراوە بە (مومنە گوڵە) ئێستاش ستاری کوڕی لەتەوێڵە وەستایە.

ـ سەید صادق عەلی مەولود وە ستایەکی زۆر ژیر و کارامەیە ئێستا لە سلێمانیە تەمەنی نزیك (٨٥) ساڵە.

ـ عەینەدین عەبدوالله لەهەڵەبجەی شەهیدە ـ ئەبوبەکر حەمە سەعید لەسلێمانیەوە وەستایەکی ناودار بووە.

ـ دیاری عەبدولقادر ئەبوبەکر لە تەوێڵەیە ـ نوری عەلی لەتەوێڵەیە ـ حەمە سەعید زۆراب خالد لەتەوێڵەیە.

٩ـ ڕستن و چنین:

قۆناغێکە دەزوو مەرەز و موو دەڕێسرێت و ئامادە دەکرێت بۆ قۆناغی چنین واتە ڕستن هەنگاوی یەکەمی چنینە.

چنین:

چنین دووبەشە:

ـ چنینی دەستی کە ئەمانە دەگرێتەوە:

(کلاش، گۆرەوی، پوزەوانە، دەست کێش، کلاو، کلێتە، لفکە، ملپێچ)، (بەردەقانی ـ بەرزەقانی)، (مەکدان ـ خوێدان)، کیف قورئان،... هتد.

ـ چنین بەئامێر، واتە: جۆلایی وەك: شاڵ، مەوج، پۆپەشیمین، بەرماڵ، گلێم،... هتد.

ئەم چنینە لە شوێنی خۆیدا باس کراوە.

ئەوسا زوربەی ئافرەتی تەوێڵە لە (ڕستن و چنین) شتێکیان لێ زانیوە بەلآم دیارە کارامەیان بووە.

چنینی دەستی:

ئەم پیشەیە ئافرەت کردویەتی، جگە لە کلاش کە پیاویش چنیویەتی

گرنگترین ئافرەتە بەناو بانگەکانی (چنین) ی دەستی ـ جگە لە کلاش ـ ئەمانە بوون:

ـ خاتوو خورشید مەلا عیصام، ژنی مەلا حەسەن ـ حلێما مەلا نظام ـ خاتوو ڕەحمەی مەلاحەیبەڵلاّ، ژنی مەلا عەبدول ئەحەد

ـ سەبیحە قادر مەعروف ـ پیرۆزی فەتاح، ژنی عەبدولحەکیم جۆلاّ ـ ئامینە عەباس عەلی،ژنی حاجی عەبدول رەحمان حاجی محەمەد

ـ سەلما مەحمود، خوشکی جافرە مەمول ـ فا طمە عەبدوالله ـ ئامینە فەرەج یەعقوب ـ نازدار حەمە رەضا، ژنی فایق ڕەسول

ـ نارنج قادر غەفور، لەهەڵەبجەیە ژنی مەحمود محەمەد ـ عەطیە مەحمود مستەفا، ژنی حەمە عارف موئمن کەلەسلێمانیە، ئێستایش خەریکی ئەم کارەیە

هەروەها هەندێ ئافرەت خەریکی گرتنەوە و مێخەکبەند و دەسترازە و پێچەنەگیر بوون و هەن، لەوانە:

ـ ئافتاب وەهاب، ژنی حاجی مەحیەدین لە مێخەکبەند کارایە و، لەتەوێڵەیە ـ جەنەت حاجی ئەبوبەکر حاجی حەسەن، ژنی حاجی محەمەد حامد، لەسلێمانیە ـ سەلما مەحمود لە زۆر شتا دەستی ژیر بووە ـ ڕەعنای صەلاّحە ژنی ئەسکەندەرسانە. عەطیەمەحمود مستەفا ـ رەعنا ئەحمەد، ژنی وەهابی ئەلە. گوڵباغ ژنی حاجی عەبولە ئەم ژنە دەستێکی کارامەشی هەبوو لەدروست کردنی بەرکلاو پرچکەدا.

ـ هەورەها چەندانی‌تر..

١٠ـ لێفە درووێی:

ئەم کارە یەکێکە لە پێداویستیەکانی ژیان بۆیە بەشی خۆی گرنگی پێدراوە و لەگرنگترین لێفە دروەکان:

ـ کەریم خادم ـ حەمە شەریف خادم ـ فائق عەزیز عوسمان ـ ئەمین کەنعان داود.

ـ محەمەد ئەحمەد. لێفەدورێکی بەناوبانگ بووە، ئەو ڕۆژەی کە ئیشی بکردایە بۆ ئەو ماڵە دەبوایە خزمەتێکی چاکیان بکردایە، ئەگین ئیشی نەدەکرد. هەمیشە ڕۆنی خۆماڵی ئەخوارد.

ـ حەمە ڕەحیم حەمە شەریف لەسلێمانیە و ئێستایش ئەم کارە دەکات ـ زینەت عەلی ژنی کەنعان فەتحوڵلا.

ـ حسمت کەریم عەلی ژنی حەمە ڕەحیم حەمە شەریف لەسلێمانیە ـ لەطیف حەمە بروا لەهەڵەبجەیە، جار جارە ئەم ئیشە دەکات.

ـ هەروەها هەندێکی تر ....

١١ـ سەرتاشی و دەلاکی:

ئەمەش بۆ خۆی پیشەیەکە هەموو کەس لێ نازانێ پێویستی بە فێربوون و مومارەسە هەیە

بەناوبانگترین سەرتاشەکانی تەوێڵە ئەمانە بوون:

ـ جەعفەر عەزیز: کە وەستایەکی چاك و ناودار بووە، لەتەوێڵەدا، لە دوای خۆشی هەردوو کوری عەبدولرەحمان و صدیق سەرتاش بوون. عەبدول ڕەحمان جگە لەوەی کەسەرتاش بوو، دەستی پزیشکیشی هەبوو، پیاوێکی بەڕێز و زۆر موسڵمان بوو

– لەدوای صدیقیش، وەستا فەرەجی کوری لەسەر ئەم پیشەیە بەردەوام بوو، وە ئێستا لەسلێمانیە.

ـ حەمە باقی: ئەمیش جگە لەسەرتاشی دەستی پزیشکی هەبووە، لە دوای خۆیشی کورەکانی حەمە سەلیم و عەلی سەرتاش بوون.

ـ کەمال محەمەد، سەرتاشێکی زۆر چاك بوو ئەوسا زوربەی مامۆستا و فەرمانبەران لەلای ئەم سەریان چاك دەکرد لەم دواییەش لەسلێمانی دوکانی هەبوو.

ـ حەمە سەلیم محەمەد غەفور: ئێستایش لەتەوێڵە دوکانی هەیە، کورەکەیشی (غەفار) وەستایەکی باشە و لەسلێمانی دوکانی سەرتاشخانەی هەیە، ئەوسایش زۆرێك لەگەنجەکان بۆ لای ئەم دەچوون سەریان چاك بکەن.

ـ نەصرە دین ئیبراهیم: لەکیمیاوی‌یەکەدا شەهید بوو.

ـ عوسمان عارەب: لەسەربازی‌دا فێری ئەم پیشەیە بوو کە خانە نشینکرا هاتەوە تەوێڵە، سەرتاشخانەیەکی دانا ـ لە ١٩٩٨/٨/٧ لەسلێمانی کۆچی دوایی کرد.

ـ سەرکەوت حەمە حسێن، کە گەنجێکی تازە پێگەیشتووە ئێستا لەتەوێڵە سەرتاشخانەی هەیە.

ـ هەروەها چەند کەسێکی تر هەن لەسلێمانی سەرتاشخانەیان هەیە.

١٢ـ دروومانی (بەرگدروویی):

بەرگدروویی: پیشەیەکی پاك و خاوێنە و بایەخی خۆی هەیە لە کۆمەڵگادا کە گرنگترین وەستاکانی ئەم کارە لەتەوێڵەدا:

ـ ئیسحاق کەناسراو بو بەشای بەرگدرووەکان ،هەروەهاحەمەلەتیفی کوڕی ،جگەلەمەش کوڕەکانی تری یەك لەدوای یەك بەرگدرووی و لێفەدروویی یان کردووە کەئەمانەبوون:

یوسف، عوسمان، محەمەد، لەتیف، محەمەد (حەمەبڕوا)، دەروێش لەتیف.

ـ تۆفیق سەعید ئاغە ـ حامید حەمە لاو سەعید ئاغەـ کەریم ڕەشید سەعید ئاغەـ جەعفەر حەمە صاڵح ـ مەحمود حەمە صاڵح

ـ مستەفا حەمە ڕەزا خالد و صەبوری کوری، هەردوکیان وەستای چاك بوون لەم دواییەدا هاتنە سلێمانی بەڕووداوی سەیارە هەردوکیان کۆچی دواییان کرد.

ـ کوێخا حەمە سەلیم حەمە رەزا خالد کەوەستایەکی ناوداربووە، لەتەوێڵە کۆچی‌دوایی کرد، ئێستایش شێرزادی کوری ئەم ئیشە دەکات، لەسلێمانیە و هەموو جۆرە پۆشاکێك دە دوورێت.

ـ حاجی کاکەبرا عەبدوالله‌ـ سلێمان ئەحمەد ـ عەلی جەعفەر ـ فەتحوڵلاَ سلێمان ـ حاجی عەبدورەحمان ئەحمەد، ـ یونس حاجی یوسف ـ ئیدریس حاجی محەمەد حەمە کەریم کە بەرگدرویەکی بەناو بانگە بە تایبەت بۆشال دوورین . ئێستا لەسلێمانیەئەم ئیشە دەکات

- محەمەد عەبدوالله حاجی نادر کە ئێستا لەسلێمانیە و بەردەوامە لەسەر ئەم کارە- حەمە ڕەئوف حاجی کامیل لە تەوێڵە ئەم ئیشە دەکات - جەوهەر حاجی محەمەد، ئێستا ئەم ئیشە ناکات - نەصرەدین حاجی یوسف، لەهەڵەبجە تازەیە - جەمال حاجی عارف لەسلێمانیە - فەخرە دین خوا کەرەم لەسلێمانیە - عیسا عەبدولرەحمان لەهەڵەبجەی شەهیدە - نەزمی فارس لەسلێمانیە - مەولود فارس لەسلێمانیە - ئەنوەر حەمە کەریم لەسلێمانیە - غەفار مەحمود لەهەڵەبجەی شەهیدە - عەبدولڕەزاق عەبدولرەحمان ئێستا وازی لەم ئیشە هێناوە - مستەفا عەبدوالله، لەهەڵەبجەی شەهیدە - شیروان ئەڵلا کەرەم، لەهەڵەبجەی شەهیدە - بەختیار حەمە کەریم، لەسلێمانیە.

- عەدنان ئیسماعیل لەتەوێڵەیە - ئاشتی ئەڵلا کەرەم لەتەوێڵە یە- طالب مستەفا لەپاوەیە - شاهۆ ئیسماعیل، لەسلێمانیە.

- ئیبراهیم عەبدوالله، لەسلێمانیە.

لەو ئافرەتانەیش کە لە تەوێڵە دابەرگدروبوون:

- حسمەت کەریم ژنی رەحیم حەمە شەریف لەسلێمانیە.
- کۆفە تۆفیق، ژنی عەبدولحەکیم لەتەوێڵەیە.
- مەحبوبە، ژنی مەحمود حەمە صالح
- بەدریە تۆفیق، ژنی ئیدریس حاجی محەمەد، کە بەرگدروویەکی زۆرچاك و شارەزایە، ئێستا لەسلێمانیە.
- نازیمە حاجی محەمەد کە بەرگدروریەکی باشە و لەتەوێڵەیە.

١٣- شۆفێری:

پیشەیەکی تازەیە لەتەوێڵەدا لەچاوپیشەکانی تردا، لە ساڵەکانی نیوەی پەنجاکان دا کە جادە هاتە تەوێڵەئەم ئیشەش برەوی پەیدا کرد، شۆفێریش بووە پیشەیەك.

ئەو شۆفێرانەی تا ساڵی - ١٩٨١ لەخەتی تەوێڵەدا شۆفێریان کردووە زۆر بوون هەندێکیان مردوون لەوانە:

- مەحیەدین حەسەن کەبەمەحە ڕابە ناسراوە، حەمە صاڵح حەمە ڕەزا کە بەصاڵح چەقۆ ناسراوە. ئەنوەر صاڵح تاتە، حسێن صاڵح تاتە، محەمەد حەمە صاڵح کەلەکیمیاوی یەکەدا شەهید بووە. داود حەمە سەلیم، کامیل عەبدوالله، عیزەت ڕەحیم، دڵشاد کەریم یارە، یادگار حەمە عەلی مستەفا، مەعروف ئەحمەد

حاجی محەمەد، طاهر حەبیب، حەمە صاڵح مەحمود، صەلاح حەمە ڕەحیم، غازی قادر حسێن، ...

ئەمانەش شۆفێری ئەو خەتە بوون ئێستا لەسلێمانین:

ـ قادر صاڵح تاتە، حەسەن صاڵح تاتە، عومەری شەمعە عەلی شەمعە [١٧]، عەلی پلاتین، ئەکرەم عەبدوالله، فەرەج مەولود وفەرهاد، ئیسماعیل کەبەسمەپیکۆڵ ناسراوە، جەبار ئەحمەد، سەعید صاڵح حکمەت حەمە ئەمین، عوسکان حاجی عەبدوڕەحمان، ستار هەیاس، صابر عەبدوالله شەمسەدین، شمشێر عیزەت حەمە سەعید، عەزیز سەعید حەمە یوسف، ڕەزا حەمە صاڵح چەقۆ، ...

ئەمانەش لەهەڵەبجەن:

ـ عەبدوالله عەلی عەبدوالله، محەمەد ڕەحمان، عەبدول حەمە بڕوا، بابا حەمە حەسەن، سوبحان حەمە حەسەن، مستەفا حەمە سەلیم، ...

ئەمانەی خوارەوەش لەتەوێڵەن:

بەهجەت عەلی عەبدوالله، سامی عەلی عەبدوالله بەختیار کوێخا نەزهەت، صەباح حسێن لاوە، ئەنورە عەبدولخالق محەمەد، سەعدون حەمە ئەمین، ...

چەند تێبینیەك:

١ـ مەرج نیە ئەم ناوانەی کەناومان بردن ئێستا هەموو ئەم ئیشە بکەن.

٢ـ شۆفێری تری تەوێڵەیی هەن لە شوێنی تر شۆفێر بوون ناومان نەهێناون.

٣ـ شۆفێری تر غەیری تەوێڵەیش هەن لەو خەتە ئیشیان کردووە.

٤ ـ شۆفێری تر هەن لەوخەتە بوون بەڵام ئێستا لەوشوێنانەی ناومان بردن لەوێ نین وەك صەباح مەحمود حەمە یوسف لەپاوەیە، جەبار حسێن لاوە دیلە لەئێران ...

١٤ـ دەلاڵەکان:

ـ غەریب مەولود فەرهاد ـ مردووە.

ـ فائق ڕەسوڵ جوامێر ـ مردووە.

ـ حەمە صاڵح قادر وەلی، ئێستا چووەتە تەمەنەوە و لەسلێمانیە.

١٥ـ وێنەگری:

مێژووی وێنەگری لەتەوێڵەدا کۆن نیە، دەتوانین ئاماژە بەچەند کەسانێك بکرێن کەلەم کارەدا ئیشیان کردبێ.

- نەجمەدین مەحیەدین حەمە سور.

پێش ئەوەی وێنەگر بێت، وێنەکێش و خۆش نووس بووە، دواتر دوکانێکی بۆ وێنەگری دانا لەساڵی ١٩٧٢ ەوە ئێستایش لەهەڵەبجەی تازەیە و مامۆستایە و بەردەوامە لەخۆش نووسیدا.

- حەمە صاڵح مەحمود حەمە صاڵح.

ماوەیەکی کەم دوکانی وێنەگری هەبوو بەلاّم گرنگ ئەوەیە لەم کارەدا ناوی خۆی تۆمارکردووە.

- دڵشاد حاجی عەبدوالله هۆمەر و فوئادی برای، یەکەمیان ئێستا لەسلێمانیە و دووەمیان لە سویدە، هەردکیان کۆمەڵێك وێنەی تەوێڵەیان بەجوانی گرتووە وەك یادگارێك ماونەتەوە.

- عەبدوالله حاجی محەمەد

لەساڵی ١٩٧٤ بۆ ١٩٨٠ وێنەگربوو، هەنگاوێکی باشتری ناوە و کۆمەڵێك - مەناظری - جوانی سەیرانگاکانی تەوێڵەی گرت.

دووەم: کشتوکاڵ و باخداری:

سەرەتا: پێویستە بۆ ئەم باسە دووخاڵ ئاماژە پێ بکەین:

أ- خاك و زەوی تەوێڵە:

وەك لەپێشترەوە وتومانە، خاك و زەوی هەورامان بەگشتی، سەخت و دژوار و بەردەلاّنی یە و شاخ و چیای بەرز، بەرزی تیایە. دەشت و تەختانی کەمی هەیە و زەوی تەوێڵەش بەشێکە لەمە، بگرە ئەگەر لەهەندێ شوێنی هەوراماندا کەمێك دەشت و تەپۆڵکە هەبێ، لەتەوێڵەدا ئەوەش نیە، بەڵکو زەویەکەی لەسێ چیای گەورە و دۆڵ و چەمەکانیان پێك هاتووە، کەبەردەلاّنی سەخت و دژوارەو، زەوی وزاری کەمە.

دکتۆر شاکر خەصباك دەڵێ:

... لەبەر نەبوونی ئەرزی گونجاو بۆ کشتو کاڵ پەنایان بردووەتە بەر بەش بەش (واتە تەلاّن تەلاّن) کردنی ئەرزەکە..)[١٨]

شاکر فەتاحیش دەربارەی ئەم تەلاّنانەی تەوێڵە دەڵێ:

... ئەو رێك و پێکی یەی لەدروست کردنی ئەم سەکۆیانە (تەلاّنانە) دا دیومە، لە (لوبنان) یشدا، بەو هەموو شارەزایی یەوە کە هەیانە نەم دیووە ...).

هەروەها ئەدمۆنسیش باسی ئەم تەلاّنانە دەکات[١٩].

ب ـ ئاوو هەواکەی:

سەرچاوەی ئاوی تەوێڵە بریتی‌یە لەو ئاوی باران و بەفرەی کە دەبارێت دوایی کە بەشێوەی کانیاو لەژێر زەوی دێتە دەرەوە سوودی لێ وەردەگیرێ .. واتە: سەرچاوەکەی کانیەکانە.

وێنەی تەلان لەزستان دا - ١ / ٢ / ٢٠٠٢

بەلاَم ئەوەندە هەیە ئەم ئاوی کانیانە تا دەگاتە سەر باخەکان ماندوبونێکی زۆری دەوێت و چەندەها بەرد و کەندەلاَن دێتە بەردەم. لەم سالاَنەی دواییدا کە ئاو کەم بوو و شکەساڵ بوو بە (٤٥٠٠) مەتر سۆندە ئینجا ئاوی کانیەکەی ئاوێسەر گەیشتووەتە باخەکانی نزیک ئاوایی.

هەواکەشی ـ ڕەشەبای کەمە و، باران و بەفرێکی زۆری لێ دەبارێت، سەرماو سۆڵەی زۆرە، تەرزەی لەبەهاراندا هەیە، وشکە زوقمی کەمە ... زۆر جار سەرماو تەرزەی بەهاران زیانێکی زۆر دەدات لەبەرهەمی باخەکان.

کشتوکاڵ لە تەوێڵەدا:

تەوێڵەیەك، خاك و زەوی و ئاو و هەوای ئاوابێت، دەبێت ئەو کشتوکاڵەی لەدەشتەکاندا دەکرێت، لێرەکەم بکرێت بەڵکو شتی تر بکرێت.

دانەوێڵە لەتەوێڵەدا کەم ناکرێت ـ جگە لەساڵەکانی حەفتاکان حاجی محەمەد کەبە(حەمە مەجە) ناسراوە لەزەمینی هەیاسدا جۆونۆکی کرد، سەوزەش بەهەمان شێوە، مەگەر کەسێك لەحەوشەو باخەکەی بەشی خۆی بکات.

کەوابوو: دانەوێڵە و سەوزە لەتەوێڵەدا کەم دەکرێت، مەبەست لە کشتوکاڵ: بریتیە لە باخداری و گژوگیای سروشتی.

باخداری تەوێڵە:

ناوچەی هەورامان بەگشتی و تەوێڵە بەتایبەتی، پڕە لە باخی بەردار و درەختی بەکەڵك. خەڵکی ئەم دەڤەرە، لە بواری باخدا نان و بەرهەم هێنانی‌دا، پسپۆڕی و ئەزمونی تایبەتمەندی خۆیان هەیە[٢٠] ....

باخەکانی تەوێڵە دەکرێن بەسێ بەشەوە:

١ ـ باخی چەمی ئاوێسەر:

باخەکانی ئاوێسەر هەر لە (هانە سوسو) دوە دەست پێدەکەن بۆ (شانە زەرا) لەوێشەوە بەلای راستدا بۆ باخەوان وهانەکڵە و ماوامی و وەزەسوور و قوڵە تا دەگاتە سەرچاوەی ئاوێسەر، هەروەها لەشانە زەراوە بەلای چەپدا چەمێکی‌تر هەیە کە بەچەمی (دەرە تاریك) بەناوبانگە، ئەویش تا دەچێتە سەر سەرچاوەکەی، پڕە لەباخ و درەخت.

٢ ـ باخی چەمی دزاوەر:

هەر لەپشتی حەوزەوە دەست پێدەکات، بۆ هانە مڵکشا و، لەلای راستەوە، خوارەوەی خەڵەفی‌یە لەلای چەپەوەدەرەی و پاشان دەگەینە ـ هانەکڵەی سەعە ـ لەوێوە بۆ سنوری ئێران، ئەوەی شایانی باسە باخەکانی تەوێڵە دەچنە سنوری خاکی ئێرانەوە، وەك باخی (حاجی کامیل و حاجی سەلیم و حەمە صالحی وەیسی و حاجی عەبدوالله).

٣ ـ باخی چەمی گەریات:

ئەم باخە هەر لەخانەقاوە دەست پیٚدەکات و بۆ گەریات و، بەشی رۆژهەڵاتی وێشە و قەڵامسێن و قاقوڵی... بەناوچەمیشدا دەڕوات بۆ دەرە قازان، واتە: تا خوار دیٚی سۆسەکانیش باخەکانی تەوێڵە دێن. لەم بەری چەمیش لەئاسا وگاوە بۆ بێدەری و لەگەڵ باخەکانی سۆسەکاندا تێکەڵاو دەبن. بەشی سەرەوەش هەر لەخانەقاوە جۆگەیەك جیادەبێتەوە کە بە جۆگەی صۆفی بەناوبانگە دەچێت بۆ دەرەی بەڵخ.

گرنگترین جۆری درەختی تەوێڵە

١ ـ دار گوێز.
٢ ـ دار توو.
٣ـ دار مێو.
٤ـ داری هەڵوژە.
٥ـ داری بەهیٚ.
٦ـ داری هەنار.
٧ـ داری هەنجیر.
٨ـ داری قەیسی.
٩ـ داری هەرمیٚ.
١٠ . داری سێو.

١١ـ داری قۆخ.
١٢ ـ داری چنار.
١٣ ـ سورە چنار (پەڵك).
١٤ ـ بی.
١٥ ـ بەڕوو.
١٦ ـ گوێژ.
١٧ ـ قەزوان.
١٨ ـ تایر (تایلە).
١٩ ـ چوالە.
٢٠ـ سنجەی (سنجاق).
٢١ـ هەڵوژەی قادری (هەرو).
٢٢ـ گوڵنار.
٢٣ ـ کێکف (کەکەو).
٢٤ ـ تەنگەز.
٢٥ ـ هەنگەون.
٢٦ ـ تەڕینە.
٢٧ ـ شروە.
٢٨ ـ بەلاڵوك.

چەند تێبینیەك:

١ ـ داری مێو لەناو باخەکانیشدا هەیە بەلأم زیاتر دەیمیە.

٢ـ بەڕوو، گوێژ، قەزوان، چوالە، بەلاڵوك و کێکف لەناو باخەکاندا زۆر بەدەگمەن هەن، چونکە دێمین و بەشاخەکانەوەن.

٣ ـ لەم سالأنەی دواییدا خەریکە گرنگی دەدرێت بەهەندێ جۆری تر، لەوانە، گێلاس، هالو بالو، بستە.

٤ ـ لەناو ئەو هەموو درەختانەدا، زیاتر بایەخ دراوە بەداری گوێز و توو مێوو ... لەبەر ئەوەی ئەم دارانە گرنگیان پێ دراوە وای بە باش دەزانین کە کورتەیەك لەسەریان بنوسین.

دار گوێز:

... لەوناوچانەدا گوێز دەنێژرێت، کەئاویان زۆر بێت، کەم شوێن هەیە لەجیهاندا وەك کوردستان گوێزی تێدابڕوێ بەتایبەت لەناوچە فێنکەکان و ئەو شوێنانەی کەمتر با دەیانگرێتەوە، وەك هەورامان دارگوێزی وایان هەیە (٥٠ ـ ٦٠) هەزار گوێز دەگرێ ...)[٢١].

ئەم دارە لەتەوێڵە زۆر گرنگی پێدراوە [٢٢] لەهەر سێ چەم دا دارگوێز زۆرە. دار گوێز دارێکی گەورە و فراوانە پەل و پۆی زۆرە و بەرز دەبێتەوە بۆ (١٠ ـ ٢٠) مەترێك بەتایبەت ئەوانەی ناوچەمەکان زۆرتر بەرز دەبنەوە ...

تەمەنی دارگوێز بۆ سەد ساڵ زیاتر دەبێت. گوێز بەتۆ و واتە بە (گوێز) خۆی دەچێنرێت، پاشان گەورە دەبێت و دەبێتە نەمام و دەگوێزرێتەوە بۆ شوێنی خۆی.

ئەو شوێنانەی کە گوێزی زۆری تیابێت و گەورەبن پێی دەوترێت (ماوەزا) کەتەلانێکی گەورەیە لەناو چەمەکاندا.

گوێز جۆری زۆرە، بێتوێکڵ و گوێزە کوێرە و گوێزی سادە و گوێزی کاکڵە (وەزەمەژگی). گوێزی بێ توێکڵ واتە: توێکڵکەی زۆر ناسکە و وەك پەردەیەك وایە. گوێزە کوێرەش، واتە: گوێزێکە کاکڵەکەی زۆر بەزەحمەت دەردێت بەڵام بە زۆری کاکڵەکەی جوان و سپییە. گوێزی سادەش توێکڵەکەی نەناسکە و نەکوێرە.

گوێزی کاکڵە واتە گوێزێکە کاکڵەکەی چاك و باش و سپییە. گوێز هەرکات کاکڵەکەی بەیەك پارچە دەرهات لەتوێکڵەکەی پێی دەڵێن (کەڵەباب).

گوێز لەسەرەتای پایزدا پێدەگات و دەوەشێنرێت شەنیەر - واتە: ئەو کەسەی دەتوانێت سەرکەوێت بەسەر دار گوێزدا و بەشەنە - کەدارێکی درێژی باریکە - گوێزەکان دەتەکێنێت.

شەنیەرەکانی ئەوسای تەوێڵە زۆر بوون لەوانە:

- عەبدوالله صادق - مەحمود فەرهاد - عەلی سەید ئەحمەد - مەحمود حاجی حەمە یوسف - قادر مەعروف - فەرەج بابا لە-

بابا سەید ئەحمەد - مەحمود حەکیم - حەمە مراد یعقوب - محەمەد عەبدوالله میرزا...

ئەم دوانەیدوایی (حەمە مراد و محەمەد) لەئەنجامی گوێز تەکاندندا لەسەر دار گوێز گەوتونەتە خوارەوە و مردوون.

لەم سەردەمەشدا ئەمانە شەنیەری چاکن:

- وەهاب صادق - عوسمان قادر وەلی - خواکەرەم حاجی ئەبوبەکر - عومەر سەعید - هۆشمەند عەبدوالله - جەبار مەلا ئیسماعیل

- جەلال رۆستەم - لەتیف فەتاح - نوری فەتاح - حەیدەر مەجید...

رۆژی گوێز تەکاندن گەلکاری بۆ دەکرێت بۆ کۆکردنەوەی گوێزەکان. هەندێ گوێز هەن بنەکەیان زۆر سەختە و بەردەلان یا پوشە و درکی تیایە، کۆکردنەوەی گوێزەکانیان ماندوبوونی دەوێت، تاکو کۆدەکردێنەوە.

دوای ئەوەی گوێزەکان لەبن دارێکدا کۆ دەکرێنەوە، توێکڵە سەوزەکەیان لێدەکرێتەوەو پاشان بەکۆڵ یا بەولاخ دەهێنرێنەوە ماڵەوە دەخرێنە بەر هەتاو.

خاوەن گوێز ... گوێزەکانی یا هەر بە گوێزی دەفرۆشێت یاخود گوێزەکان بەگەلکاری دەشکێنن و کاکڵە کە دەردەهێنن و دەیخەنە بەر هەتاو بۆ وشك

بوونەوە. پاشان دەبرێنە بازاڕ بۆ فرۆشتن یا لە تەوێڵە یا لەشوێنانیتر وەك سلێمانی، بەغدا و موسڵ یاخود بۆ ئێران دەنێرریێت.

ئەوسا چەند کاسپێك هەبوون، لەتەوێڵە کاکڵەیەکی زۆری تەوێڵە و لادێکانی یان دەکڕی و دەیانکردە ناو صندوقی تایبەتیەوە و بە گوونی صندوقەکەیان دادەپۆشی و بە لۆری باریان دەکرد بۆ بەغدا.

ئەو تەوێڵەییانەی ئەم کاسپییەیان دەکرد زۆر بوون لەوانە:

- باقی حاجی حەسەن - حاجی صادق کوێخا محەمەد - عەبدولرەحیم عەلی
- حاجی محەمەد فەتحوڵلا - حەمە حسێن حاجی فەرەج - عابد حاجی محەمەد - مستەفا حاجی فەرەج - حاجی حەمە ئەمین حاجی ڕەشید- سلێمان عوسمان - حاجی مستەفا موئمن
- حاجی عەبدوالله نەصرەدین - حاجی شەفیع عەلی محەمەد - حاجی ئەڵلا کەرەم حاجی تۆفیق - حاجی مەحیەدین حەمە یوسف
- حاجی مستەفا حاجی حەمە صاڵح - حاجی مستەفا حاجی قادر- حاجی عەلی عەبدوالله - حاجی عەلی حاجی صادق - حاجی عەبدولڕەحمان حاجی محەمەد حامد...

ئەو کەسانەی لە بەغدا ئەم کاکڵەیان وەردەگرت و دەیان فرۆشت زۆر بوون کە ئەمانە ناوی هەندێکیانە:

عەبدولرەحیم فەیلی، مامی، حاجی فەهد، جاسمە بچکۆل، جەمیل غەنی، جاسم نەریمان، حاجی عەلی جان، عەلی مالەڵلا، قاسم عەرەب.

جار جارە ئەم بازرگانانەی بەغدا، دەهاتنە تەوێڵە خۆیان ڕاستەو خۆ ئەم بەروبوومەیان دەکڕی.

گرنگترین باخێك کە گوێزی زۆر و باشی هەبێت:

- باخی سەرچاوەکەی ئاوێسەر کە باخی شێخ ئەحمەد و (ئەسکەندەر و تۆفیق) ی سان ئەحمەد.
- باخی حاجی حەمە مراد لەچەمی ئاوێسەر.
- باخی محەمەدی حاجی حەمە رەحیم لەچەمی ئاوێسەر.
- باخی حاجی عەزیز حەبیب لەچەمی ئاوێسەر.
- باخی حاجی سەلیم لەچەمی ئاوێسەر.
- باخی حاجی مستەفای حاجی قادر لە چەمی دزاوەر.
- باخی حاجی ئەبوبەکر حاجی حەسەن لەچەمی دزاوەر.

- باخی حاجی عەبدوالله حەمە حسێن لەچەمی دزاوەر.
- باخی حاجی محەمەد حاجیلە لەچەمی دزاوەر.
- باخی حاجی حسێن مستەفا لەچەمی دزاوەر.
- باخی حاجی تۆفیق نادر لە چەمی دزاوەر.
- باخی حاجی محەمەد خڕە لەچەمی گەڕیات.
- باخی حاجی بابا لە مارف لەچەمی گەڕیات.
- باخی عەبدولرەحیم عەلی لەچەمی گەڕیات.
- باخی عابدی حاجی محەمەد لەچەمی گەڕیات.
- باخی حاجی حەمە یوسف و محەمەدی برای لەدەرەقازان.

سوودەکانی گوێز:

گوێز سوودی زۆرە و سەرچاوەیەکی ئابوری گرنگە لەتەوێڵەدا، سوود لەزۆر شتی وەردەگیرێت وەك:

- دارەکەی:

داری گوێز سوودی زۆرە و بۆ زۆرشت سوودی لێ وەردەگیرێ، لەوانە: بۆ داری خانوو، خێزرە، تەختەی بەندی ژوور، دیمەك و مرۆڵە و کوڵەکە و دەرگا و پەنجەرە و پنە و تیرۆك و وەسائلی تری دارتاشی و شتیتر. هەروەها چڵەو شکەکانیشی بۆ سوتاندن سوودی لێ وەردەگیرێت.

- توێکڵەکەی:

مەبەست لەچەند توێکڵێکیەتی وەك:

توێکڵی دارەکە: توێکڵی ئەو دار گوێزانەی کە نەمامن لەپیشەسازیدا سوودیان لێ وەردەگیرێت بۆ ڕەنگ..و سوتاندن.

توێکڵی خودی گوێزەکە: ڕەقەکەی: توێکڵێکی ڕەقی تەختەییە، کاکڵی گوێزەکەی داپۆشیوە و، پاراستویەتی، بۆ سوتاندن بەکەڵکە.

توێکڵە سەوزەکەی: توێکڵێکی سەوزی ئەستوورە توێکڵە ڕەقەکەی گوێزەکەی داپۆشیووە لە پیشەسازیدا بەکاردێت و باشترین جۆری ڕەنگی لێ دروست دەکرێت، هەروەها بۆ دروست کردنی (سوراو) بەکاردێت.

- کاکڵە (مەژگە) کەی بۆ خواردن بەکار دێت کە سودێکی زۆری هەیە، چونکە چەوریەکی زۆری تیایە، گەرمایی دەدات بە مرۆۆ و، بۆ مێشك باشە و کاریگەری هەیە لەسەر زیرەکی ... وەك دەرمان بۆ زۆر نەخۆشی بەکاردێت.

کاکڵە بەفەریکەیی کە (کاردە وەژەی) پێ دەڵێن، دەخورێت، هەروەها دوای ئەوەی باش پێگەیشت بەتەنهایا سوێراو دەکرێت و دەخورێت. بۆ ناو هەندێ چێشتیش بەکاردێ، وەك ترخێنە، ناوگیپە، بریانیو سەر برنج و ...هتد.

کاکڵە وەك شەو چەرەیەك لەگەڵ مێوژ و توو و قەزوان، دەخورێت، هەروەها بەنانەوە لەگەڵ چایدا دەخورێت بەتایبەت بۆ بەیانیان زۆر باشە.

هەروەها لە کاکڵە (گێتە مەژگە) دروست دەکرێت و دەخورێت کە زۆر خۆشە و کەبەبەرچایییەوە دەخورێت یاخود دەبرێت بۆ سەفەر بۆ ناوباخ لەکاتی ئیش کردندا دەیخۆن.

گێتە مەژگە:

وەك کولێرە و لەواشە وایە، دوو جۆرە:

کاکڵە، باش دەکوترێت و پاشان لەکاتی نان دروست کردندا کاکڵەکە دەکرێتە ناو هەویرەوە کەو ودەخرێتە سەرساج و دەبرژێنرێت بەمەیان دەوترێت ((گێتە مەژگی ناودار)).

جۆری دووەمیان:

هەویری تایبەتی بۆ دەشێلرێت و دوایی کاکڵە هاڕاوەکەی دەکرێت بەسەریدا، بەکەوچکێك چەند خەتێکی وەك خەتی کوێرە لێدەدرێت، زەردە چەوەش لەگەڵ کاکڵە هاڕاوەکەدا بەکار دێت.

هەروەها کاکڵە دەکرێت بە (لەپارە و کوتە) کەلە شوێنیتر دا باس کراوە، ئەگەر ساڵانە خوا بیدات بەخاوەن باخەکان و، سەرما و تەرزە، زیان نەگەیەنێت بەباخەکان، خەڵکێکی زۆر سوود وەردەگرن لە گوێز، لەخاوەن باخەوە بۆ کڕیار و فرۆشیارەکان، لەهەموو بەرهەمەکانی تری باخەکانی تەوێڵەش بە نرخترە و سوودی زۆر ترە.

پێکهاتەی خۆراکی گوێز[٢٣]:

کاکڵە گوێز پێکهاتووە لە: پرۆتین، چەوری، شەکر و ڤیتامینەکان، کالیسیۆم، فۆسفۆر، ئاسن، مەنگەنیز، گۆگرد، ئاو، قسڵ، مس، پۆتاسیۆم، ...هتد. یەك فنجان کاکڵە گوێزی وشك (٦٥٠) کالۆری وزەدەدات.

سوودی کاکڵە گوێز چییە بۆ لەش ؟

- گوێز لەبەرئەوەی (ڤیتامین A) ی تیایە، ئەبێتە هۆی بەهێزکردنی چاوو لوت و دەم و موو نینۆك.

- بەهۆی بوونی (ڤیتامین B) یەوە مێشك بەهێز ئەکات و بێحاڵی و ترس و سستی و تەپەی دڵ چارە دەکات.
- لەبەرئەوەی مسی تیایە دژی نەخۆشی شێر پەنجەیە.
- دوو جۆر چەوری گرنگی تیایە بەناوی (لینۆ لسیرە) و (ئەلفە لینۆ لنسیرە) ئەم دوو جۆرە چەوری‌یە بۆ لەش زۆر گرنگن، چونکە لەش توانای دروست کردنی (لینۆلسیرە) ڕێژەی سکۆلیسترۆل ـ لەخوێندتا دادەبەزێنێت.
- چونکە مادەی کالیسیۆم و فۆسفۆری تیادایە بەباشی کار لەلەش ئەکات و بۆ سووتان و ڕێکخستنی چالاکی‌یەکانی ماسولکەکان و مێشك پێویستە.
- بەهۆی بوونی (ڤیتامین C) یەوە کەتیایدایە، بۆ بەهێزکردنی لەش و ڕێگری سەرمابوون و هەلأمەت بەکەڵکە.
- ئەگەر (٤٧) گرام کاکڵە گوێز، لەگەڵ (٤٧) گرام هەنجیری وشك بکوتین و پێکەوە بیانخۆین، بۆ یارمەتی هەرس کردن زۆر باشە
- بۆ نەخۆشی شەکرە و سیل زۆر باشە.
- ئیلتهاب ڕادەوەستێنێت.
- ئیفلیجی، ئازاری (داء الملوك) و، پشت یەشە و، شەقیقە و، کۆڵینج و، ئازاری تر لائەبات، بۆ ئەمەیش دەبێت گوێزی تازە لەگەڵ ئاودا بشێلرێت و بنرێت لە شوێنی ئازارەکە.
- بۆ بەهێزکردنی مێشك و نەستی (لا شعور) باشە، بۆ پیر و بەساڵا چووەکان، زۆر بەکەڵکە، بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ هەنجیر و کشمیش بخورێت.
- خواردنی‌کاکڵە گوێز و کشمیش و هەنجیر، بۆ گەدە زۆر بەسوودە.
- دەرمانە، بۆ مایە سیری، کاتێك کەبەپێستەکەیەوە ئەبرژێنرێت و، پاشان لەگەڵ ئاودا تێکەڵ ئەکرێت و، لێ ئەنرێت.
- مرەبای گوێز بەهەنگوین ئەبێتە هۆی قەڵەوی زۆرو گەدە بەهێز دەکات و، سك و ورگ نەرم ڕائەگرێت.
- خواردنی شیر و گوێز و خورما، بۆ گورچیلە و جوان بوونی پێستی روخسار، بەکەڵکە، (بڕی حۆراکەکە ئەبێت ٤٥ تا ٩٠ مسقاڵ بێت) ئاگاداربیت زیاد خواردنی، بەردی گورچیلە دروست دەکات.

هەروەها ژنانی شیردەر، ئەتوانن بڕێکی یەکسان لەگوێز و بستە و فندق و بادام و نۆك پێکەوە بکوتن و هەموو ڕۆژێك بەیانیان بڕێکی لێ بخۆن ئەمە جگە

لەوەی شیرەکەیان بەتام تر دەکات و، زۆریشی دەکات و، کاردەکاتە سەر گەورەبوونی منداڵەکەشیان.

- ئەگەر لاواز و وشك بوویتەوە، ئەتوانیت بەهۆی ئەم خواردنانەوە قەڵە و ببیت، بەیانیان میوەی شیرینی وەك ترێ، کشمیش، خورما، هەنجیر، توو، بخۆ، پاشان نان و گوێز و هەنگوین بخۆ.

- مەرهەمی کەتیرەی دار گوێز برینی کۆن و هەوکرد و، تیمار ئەکات.

- هەروەها کەمێك لەو کەتیرەیە، بکرێتە سەر ئەو دانانەی کلۆر بوون، هەم ئازارەکەی ئەشکێنێت و هەم ناشهێڵێت بئاوسێت و هەوبکات.

- ڕۆنی گوێز زۆر شیفا بەخشە:

- بیدە لەلەشی ئەو منالآنەی تووشی ئێسکە نەرمە و کەم خوێنی بوون زۆر باشە.

- ئەگەر شەوانە (٥٠ تا ٦٠) گرام ڕۆنی گوێز بخورێ کرمی شیریتی لا ئەبات ئەکرێت رۆنەکە لەگەڵ پەتای کولآودا بخورێ.

- بۆ زەلآتە زۆر خۆشە.

- هەڵسوونی لەسەر، بۆ مووەکان باشە.

- بۆ چارەسەرکردنی قلیشانی پێست و هەڵوەرینی مووباشە.

. هەروەها بۆ زۆر شتی تر.

نرخی گوێز:

لەساڵەکانی پێش حەفتاکاندا هەزاری گوێز بە (٢٥٠) فلس کەمتربوو، بەلآم لە حەفتاکاندا بەرزبویەوە بۆ سەراوی (٢٥٠) فلس تا دینارێك رۆیشت لەهەشتاکاندا لەدینارێکەوە بۆ پێنج دینار رۆیشت.

لەساڵەکانی (١٩٩٢ ـ ١٩٩٦) هەزاردانە گوێز گەیشتە (٤٠٠) دینارێك لەوەو بەدوا دابەزی. ئەم ساڵ (٢٠٠٠) بە (٢٥٠ . ٣٠٠) دینار بوو.

جوانی دارگوێز: هەندێك لە شاعیران لەجوانی دیمەنی دارگوێز دا، هۆنراوەیان بۆ هاتووە، لەوانە (شێخ ئەمین نەقشبەندی ناسراو بەبێوەی) لە هۆنراوەیەکیدا لەبارەی دارگوێزەوە دەڵێ:

دار گوێزی پیری چەن ساڵە — واخۆی داوەتە ئەو پاڵە

تازە پاژەرژ کردووە — خەمی دەروون لابردووە

ئەنازێ بەسایە و بەری — بەداری جوان وەک پەیکەری

هەماری ماڵە کوردانە — هەم خاوەن بەرە هەم جوانە

ئەوە لەوەرزی بەهاران لەقەد پاڵان و بناران
ڕازێنەری دۆڵ و شاخە گەورە درەختی ناوباخە
ئاوی چەم پاوانەی زیوە لەقاچی دارگوێز ئاڵیوە[٢٤]

دار توو:

- خۆشترین میوەیە لەجیهاندا لە وڵاتانی بێگانەدا زۆر کەمە، زۆرترین دارە لە کوردستاندا[٢٥]

لە هەورامان بەتایبەت لەتەوێڵەدا، گرنگی‌یەکی زۆری پێدراوە. داری توو، دارێکی گەورەیە بەڵام ناگاتە داری گوێز تەمەنیشی لەداری گوێزکەمترە. توو بەتۆو دەبێت و پاشان دەبێتە نەمام دەگوازرێتەوە بۆ شوێنی خۆی. توو لەتەوێڵەدا لەسەرەتای هاوینەوە پێدەگات تا کۆتایی هاوین هەیە و ئەمێنێ.

- توو جۆری زۆرە، لەوانە:
- تووە بێ پێشە (بێ ناوك): توویەکی زۆر خۆش و بەتامە بەڵام بچوکە.
- تووە تارانی: توویەکی دەنگ گەورەو خۆش و شیرینە تۆوێکی گەورەی هەیە.
- تووە بەغدایی: توویەکی چاك و بەتامە و ناوکی بچوکە بەڵام دەنکەکەی گەورەیە.
- تووە ئەسفەهانی: تووەکەی زۆر جوان و گەورە و شیرینە.
- تووە خاڵۆیی: تووی سادەیە کەمێك شیرینە تا درەنگێ دەمێنێ.
- تووە کومەرەیی: دەنکی ئاسایی و شیرینە.
- تووە وردە: دەنکەکان بچوکن.
- تووە شامی: توەکەی شیرینی کەمە.
- تووە پایزە: لەسەرەتای پایزدا هەیە.
- تووە زرە: کەسێ جۆرە، جۆرێکیان بەری نیە، دوو جۆرەکەی تر بەریان هەیە، بەرەکەیان باش نیە، جۆرێکیان تووەکەی سورە و کەمێك ترشە.

جۆرەکەی تریان تووەکە سپی‌یە و، کەمێك وردە، شیرین نیە، هەردوکیان لەهەوراماندا زیاتر بۆ ئاژەڵ بەکاردێن. تووە زرە بەهەرسێ جۆریان پێوەبەند دەکرێن.

- شاتوو: ئەم تووە لەهەموو تووەکانی‌تر خۆش تر و بەتام ترە بەتەری و بەوشکی دەخورێت، شەربەتی خۆشی لێدەکرێت . ئەم تووە کەمترە مەگەر لەباخێکدا توویەك دوودار تووبێت.

ئەو باخانەی کە داری توویان زۆرە، لەوانە:

باخەکانی چەمی ئاوێسەر:

- باخی حاجی سەید محەمەد- باخی حاجی ئایزەی حەبیب لە لێژلە- باخی ئایزەی فاتە لە شەمبانوو- باخی محەمەد حاجی حەمە ڕەحیم لەماوامی - باخی حەمەی کوێخا - باخی حاجی فەرەج - باخی مەلا نیزامە دین - باخی مەلا عەبدول ئەحەد- باخی حاجی محەمەد حاجی صادق - محەمەدی ڕۆستەمە...

باخەکانی چەمی دزاوەر:

- باخی حاجی حامد- باخی حاجی حەمەزەریف - باخی عەبدولرەحیم مەحمود- باخی حاجی مستەفا حاجی قادر- باخیعەبدولحامید - باخی فەرەج حەمە ئەمین - باخی حاجی تۆفیق نادر - باخی وەیسی ئەحمەد - باخی وەیسی ڕۆستم - باخی حەمە باقی غەفور

باخەکانی چەمی خوارەوە:

- باخی هۆمەر و حەمەی برای لە شەتنێ - باخی صادق حەکیم - باخی حاجی خدر - باخی عەبدوالله گوڵە - باخی وەلی حەمە لەتیف لە قاقوڵی - باخی ناجی مستەفا لە قاقوڵی - باخی قادر مەجنون لە (بێدەری) - باخی حاجی بابا لە (دەرەگای بیلا) - باخی حاجی حەمە ڕەحیم لەتیف لە (هاڵە کۆ) - باخی عومەر حەکیم لە (هاڵە کۆ)...

سوودەکانی دارتوو:

دارەکەی - داری توو چونکە درەنگ ئەپوێت و بەرگەی باران و سەرماو گەرما دەگرێت، بۆ دارەڕای خانوو، بۆ خێزرە بۆ دیمەك و مرۆڵە و بۆ دەرگا و پەنجەرە و کورسی و وەسائلی دارتاشی و هتد، بەکاردێت. هەروەها بۆ سوتاندن گەڵای دارتوو بۆ خواردنی ئاژەڵ زۆرشە، هەروەها لەهاویندا سوود لە سێبەرەکەی وەردەگرێت.

بەری توو:

توو لەباخ کۆدەکرێتەوە و وشك دەکرێتەوە بە کوڵ یا بە ولاخ یا بەئۆتۆمبێل دەهێنرێتەوە بۆ بازار یا ماڵ، بەکیلۆ یا بەمەن یا بە تەغار دەفرۆشرێت (تەغارێك ٣٠ مەنە، کە دەکاتە ١١٢ کیلۆ) ئەو تووە بەفەردە باردەکرێت و دەبرێت بۆ سلێمانی و بە غدا

ئەوسا بەکاروان - توو دەبرا بۆ شارە زوور و گەرمیان و ماهی دەشت و، دراوە بەگەنم و جۆ و دانەوێڵە و کەشك و ڕۆنی خۆمانە ... هتد

توو لەکوردەواری بۆ زۆر نەخۆشی بەکاردێت لەوانە:

ـ پیاڵەیەک لەتوو لەگەڵ دوو پەرداخ ئاودا تێکەڵاو بکە و بیکەرە قۆریەکەوە و کولێکی بدە و، پاشان لەسەر ئاگر دایگرە، تا سارد دەبێتەوە پێش نانی بەیانی بەنیو سەعات، یەک پەرداخ لەو ئاوی تووە بخۆ، ئەمە بۆ ماوەی (٤٠) ڕۆژ بەردەوام بە بۆ نەخۆشییەکانی گەدە زۆرباشە.

ـ توو خۆی بەتەنها دەکوترێت و کەمێک ئاوی دەپرژێنێت دوایی وەک تۆبەڵە هەویری لێ دێت و بیخەیتە سەر(دومەڵ) زوتر پێ‌دەگات.

ـ هەروەها بۆ شتیتر.

توو خواردنێکی زۆر بەکەڵکە[٢٦]:

توو یا ئەو خواردنەی کە ئاوێتەی توون و لەبەرهەمی توو دروست دەکرێن، لەتەوێڵە و ناوچەی هەوراماندا ئەمانەی خوارەون:

١ ـ بەری توو: توو خواردنێکە بەتەڕی و بەوشکی دەخورێت، شیرینە و بەتامە (.. خۆراکێکە کە هەندێک لەبەشەکانی خواردەمەنی تێدایە و بەدرێژایی ڕۆژگارێکی دوورو درێژ، شان بەشانی گەنم و جۆو دانەوێڵەی تر، خواردنی سەرەکی ئەم ناوچەیەبووە ... دنیا دیدەکان پشتاو پشت بۆمان دەگێڕنەوە، هەرکاتێك گرانی گەورە داکەوتبێ، ئەم ناوچەیە لەگرانیو قاتیوقڕانی بەدوور بووە ...

یەکەم بەرو دووەم بەری توو، بۆ خواردنی مرۆڤ ناشێن، چونکە تووەکە بەئاستەم شیرینە ... دوای وشکردنەوە لەبەر خۆر، هەڵدەگیرێت و، بۆ زستان دەدرێت بە ئاژەڵ و ڕەشە ولاخ و، ولاخی بەرزە.

لەدووەم بەر بەدواوە، بەدە ڕۆژ جارێك ئێواران دارەوانی باش و شارەزا، سەر دەکەوێتە سەر دارتووەکان، بەشۆك و لەسەر خۆ ڕاوەشاندنی لق و پۆپەکان. تووی گەیوو و کۆ دەبێتەوەلە بن دار توەکان، کە بەباشی گسك دراوە و پاك کراوەتەوە ... بۆسبەینێ بەیانی ژنان و کیژان بەڕیز و لەسەر چیچکان، هەر لەبەرەوە، دەنك دەنك تووەکان دەچنەوە، کەسەبەتە و قولێەی گەورە پڕبوون، دەیانبەنە شوێنی تایبەتی و خۆشکراو و هێلەسا و کراو، کەپێی دەڵێن (سانالی). لەوێ تووەکە بۆ ووشککردنەوە لەبەر خۆر هەڵدەخەن ... پاشان هەر بەدوو ڕۆژ جارێك دەکرێت، تووە بڵاوکراوەکە، دەستێکی تێ‌وەردەدرێت و ئەم دیو ئەو دیو دەکرێت، بەم چەشنە حەوت تاهەشت ڕۆژ لەبەر خۆر دەمێنێتەوە تاپاش وشك دەبێت ... پاشان دەهێنرێتەوە بۆ ئاوایی ... دوای ئەوەی

لەسەربانی خاوێن و هێلە ساوکراو بلاوەکرێتەوە و بۆماوەی یەك رۆژ خۆرلێی دەدات، ئینجا دەکرێتە گوێنی و فەردەی خاوێنەوە و، هەڵدەگیرێت و تاچەند ساڵێکیش خراپ نابێت.

شایانی باسە، کە خەڵکی ئەم ناوچەیە، بەتایبەتی بەیانیان زوو دەچن بۆ تەڕە توو خواردن، بەدەگمەن لەکاتی تردا تەڕە توو دەخۆن، چونکە زۆر قورسەو، پلەی گەرمای لە شیش زۆر بەرز دەکاتەوە ...

٢ ـ سەکلە توو (سەکلەتفی): وشکە توو لەدۆڵا دەکوترێت و بەهێڵەك والآ بێژ دەکرێت، پاشان نمێك ئاو لە ئاردە تووەکە دەپرژێنرێت، ئینجا بە پەستاوتن توند لەهەمانەدا دادەگیرێت و بۆ وەرزی زستان هەڵدەگیرێت ئەوسا کەبەشەکر شکێن دەشکێنرێت و پارچە پارچەی لێ دەکرێتەوە ...

٣ ـ لەپارە: تووە وشکە و کاکڵەی گوێزی خاوێن و پوخت، پێکەوە لە دۆڵدا باش باش دەکوترێت، نمێك ئاو لە کوتراوە دەپرژێنرێت، لەگەڵ گوتاندا کوتراوەکە ئەم دیوو و ئەودیوو دەکرێت، تاکو باش باش یەك دەگرێت و دەبێتە شیرینیەکی زۆر توند و پتە و چەور زۆر بەتام و چێژ ... هەرکەس ئەوەندەی ژێر پیاڵەیەکی لێ بخوات تاکوو ئێوارە هەست بەبرسێتی ناکات.

٤ـ کوتە: ئەم خواردنەنایابە لە قەزوانی ناسك و شین و تووی وشك دروست دەکرێت لەپێشەوە، تووە وشکە کە لەناو دۆڵدا دەکوترێت و دەکرێتە ناو تەشتێکەوە ... ئینجا باش، باش قەزوانەکە دەکوترێت ... دوای ئەوە تووە کوتراوەکە دەکرێت بەسەر قەزوانەکەدا و، دووبارە هەردووکیان پێکەوە لەناو دۆڵدا بەدەسکە دۆڵ زۆر چاك دەکوترێتەوە، نمێك ئاویش لەکوتراوەکە دەپرژێنرێت و جوان جوان ئەم دیو و ئەو دیویشی پێ دەکرێت بۆ ئەوەی زۆرباش بچێتەوە یەك و پتەوبێت ... بەم جۆرە خواردنێکی زۆر باش و بەکەڵکی، زۆر پتە و شیرین و چەور و زۆر بەتام و چێژ و خۆش بۆت دێتە بەرهەم.

٥ ـ خۆشاو: تووی وشك دەکرێتە دەفرێکی خاوێنەوە و، بەئەندازەی پێویست ئاوی تێ دەکرێت، دوای سێ رۆژ بەشێوەیەکی زۆر خاوێن و باش تووە خوساوەکە دەگوشرێت و دەپاڵێورێت و ئاوەگیراوەکە تێکەڵ بەخۆشاوی میوەکانی تر دەکرێت و، تام و چێژەکەی خۆشتر دەکات.

٦ ـ دۆشاو: بەگوێرەی پێویستی یەك پێوانە تووی وشك و جوان، لەگەڵ دوو پێوانە ئاوی پاکدا، دەکرێتە مەنجەڵی خاوێنەوە و ماوەی سێ کاتژمێر

لەسەر ئاگرەکە دەمێنێتەوە بەیناو بەین بەکەوگیر و چەمچە تێك دەدرێن، ... ئینجا بەنانەشان یان بەهەر شتێکی‌تری گونجاو، تووەکە دەپاڵێورێت بۆ جاری دووەم تووەە کولاوەکە کەمێك دەکولێنرێتەوە و دەپاڵێورێتەوە و ئاوەکەی دەچۆڕێتەوە ... بەم چەشنە دۆشاوێکی خاوێن و بەتام و چێژ، وە بەرهەم دێت و دەکەوێتە مەشکە و شووشە و دەفری تایبەتەوە و هەڵدەگیرێت.

٧ ــ کولێرە بەدۆشاو: گونکە هەویر پان دەکرێتەوە و دەکرێتە ناو دۆشاوی تووی قوڵ بە قوڵەوە، دوای کەمێك ئەم دیو و ئەودیو پێکردن، جوان جوان سوور دەبێتەوە و دەردەهێنرێتەوە و بەرگەم و گوڕی گەلێك بە تامتر و بەچێژ ترە و تاماوەیەکی زۆر چێژەکەی لە بن ددانا دەمێنێتەوە.

٨ ـ دۆشاو و ڕۆن: ڕۆن و دۆشا و تێکەڵ دەکرێت و بەنانەوە دەخورێن، خۆ ئەگەر ڕۆنەکەی خۆماڵی بێت بەراستی خواردنێکی زۆر بەچێژترو بەکەڵکترو بەهێز تری لێدەر دەچێت.

٩ ـ بۆ خۆشکردنی چێشتی کاردو (خازی). دۆشاوی توو، یاریدە دەرێکی زۆر باشە و گەلێك خۆشتر و بەچێژتری دەکات.

١٠ ــ حەڵوای توو: تووی وشك لەدۆڵدا دەکوترێت و جوان جوان والآبێژدەکرێت و، توویەکی پوخت و جوانی لێ دەگیرێت.. ڕۆنی خۆماڵی یان ڕۆنەکەرە، لەتاوەدا، داخ دەکرێت و کەم کەم ئاردە توو دەکرێتە ناو ڕۆنەکەوە، کەوچکی تێ وەردەدرێت و کە زۆر خەست بووە وە کەمێکیش ئاوی تێ دەکرێت و بەکەوچك ئەم دیوو ئەم دیوی پێ دەکرێت و باش باش دەشێلرێت، تاکو حەڵوایەکی زۆر خۆش و باش و نایابی لێ دەردەچێت.

١١ ـ لەوشکە توو، چکلێتی باش و نایابیش دروست دەکرێت ... هەروەها پسکیت و شیرینی لێ دروست دەکرێت

داری ترێ ـ دار مێو:

دارمێو دووجۆرە:

مێوی بەراو: ئەو دارمێوە یە کە ئاوی دەدرێت و وەك باقی درەختەکانی‌تر لەناو باخەکاندایە خۆی هەڵ دەواسێت بەیەکێك لەدارەکانی توو یا گوێز، هەڵوژە ...

لەتەوێڵەدا تەلانی وانیە کە هەر دارمێوی تیا بێت و بەس، بەڵکو تێکەڵاو کراوە لەگەڵ درەختەکانی‌تر. بەری ئەمە زیاتر لە تەوێڵەدا بۆ خاوەن باخ خۆی دەبێت و بۆ فرۆشتن کەمتر هەیە.

مێوی دێم: بریتی‌یە لەو دار مێوەی کە جگە لەئاوی باران ئاوی تری نادرێت ئەمە بە قەد پاڵی شاخەکانەوەیە بەمە دەوترێت ڕەزەدێم.

ڕەزە دێمەکان:

ڕەزە دێمەکان بریتین لەمانەی خوارەوە:

١ ـ ڕەزەکانی شوانگێڵ.
٢ـ ڕەزەکانی دەرە قازان
٣ ـ ڕەزەکانی قاقوڵی
٤ـ ڕەزەکانی سۆفی جانە
٥ ـ ڕەزەکانی وەزڵی
٦ـ ڕەزەکانی ویسورە
٧ـ ڕەزەکانی بێدەری
٨ ـ ڕەزەکانی بلچە دۆڵ
٩ـ ڕەزەکانی زەمینی هەیاس
١٠. ڕەزەکانی هانە کلەوەهارە
١١ـ ڕەزەکانی لاسی خەزان
١٢ـ ڕەزەکانی ڕاسایاریێ
١٣ ـ ڕەزەکانی قەدەغەی کۆرە
١٤ـ ڕەزەکانی دەرەتاریك
١٥ ـ ڕەزەکانی لێژڵە
١٦ـ ڕەزەکانی پشتی هانە کلە
١٧ـ ڕەزەکانی پشتی ماڵیدەر
١٨ـ ڕەزەکانی دەمی شێنا
١٩ـ ڕەزەکانی نسارەی چەمی دزاوەر
٢٠ ـ ڕەزەکانی خەڵەفی.

تێبینی: تریێ تەوێڵە بە گشتی باش و بەتامە، بەڵام:

ـ تریێ ڕەزی شوانگێڵ زوو پیێدەگات و تریێکەی شیرینە و دەنکە تریێکەی وردە.

ـ تریێ ڕەزەکانی هانە کلە و زەمینی هەیاس درەنگ پیێدەگات و دەنکی گەورەیە و مزرە و خۆشە و ئاودارە، بۆ ترشیات و شەربەت زۆر چاکە.

جۆرەکانی تریێ لەتەوێڵە:

تریێ بەگشتی دوو جۆرە: تریێ ڕەشە و، تریێ سپی، زیاتر تریێ ڕەزە دێمەکان تریێ ڕەشەیە.

تریێ سپی جۆری زۆرە لەوانە:

ـ سادانی (سەعیانی): دەنکی قەڵە وە و ئاودارە.
ـ دۆشاوی (کەزایی): دەنکی درێژ و شیرینە بۆ دۆشاو بەکار دێت.
ـ دەرە بۆڵێ: کەمێك مەیلە و سوور و ڕەشە و بەتامیشە.
ـ سەرە قوڵە: کەمێك سور دەبێت.
ـ شلێ: وردە وەك هەڵمات خڕە.
ـ کشمیشی: بچوك و بیێناوکە.

- یاقوتی: دەنکی بچوکە و زوو پیٚدەگات و تۆووی هەیە.
- لەقلەق: دەنکی گەورەیە درەنگ پیٚدەگات.
- سنەیی: تریٚیەکە ڕەش دەبێت و شیرین و بەتامە.
- زەردەڵیٚ: گەورەنیە و زەردباو و شیرینە.
- چیچیلیٚ: دەنکی بچووك و پڕە.
- بۆڵەقمیٚ: دەنکی گەورەیە.
- کوردە کوشیٚ: دەنکی درێژە و درەنگ پێدەگات.
- هوشەپەڕیٚ: هێشوەکەی پڕە.
- هەروەها ...

ڕەزەیم لەتەوێڵەدا زەحمەتی زۆرە، چونکە شوێنەکەی سەختە، بەکرێکار دەکێڵرێت، بۆ هێنانەوەی تریٚکەشی بۆ ناو بازاڕ و ماڵەوە بەسەبەتە، یابە کۆڵ یا بە وڵاخ دەهێنرێتەوە، ئەمەیش نارەحەتە و، ماندو بوونی زۆری دەویٚ، بۆیە بە زۆری دەکرێت بە مێوژ.

مێوژ:

تریٚ کە دەڕنرێتەوە و کۆدەکرێتەوە، لە شوێنی تایبەت، دەخرێتە بەر هەتاو، یاخود هێشووە تریٚکە هەڵدەکێشرێت بەو ئاوەوە کەلەناو مەنجەڵێك دایە لەسەر ئاگرە، وردە وردە ئاگری دەکرێت و خۆڵەمێشی تیا کراوە، ئەمەیارمەتی تریٚکە دەدات زووتر وشك ببێت ئیتر دوایی دەهێنرێت دووسیٚ ڕۆژجارێك ئەم دیوو ئەو دیوو، دەکرێت تاباش وشك دەبێت، پاشان (چیلکە . ساق) ە کانی لیٚ لادەبرێت و پاك دەکرێت. دواتر دەکرێتە گونیەوە و دەفرۆشرێت.

ئەوسا خەڵکی تەوێڵە تریٚ و مێوژیان بردوە بۆ گەرمیان و شارەزوور و، لەولاوە بۆ کرماشان و هەمەدان براوە و داویانە بە دانەوێڵە و وەسائلی تر- لەساڵەکانی پەنجاکان بەدواوە دەهێنرا بۆ سلێمانی و بەغدا ئەوەی جێگەی باس کردن بێت ئەوەیە:

ئەم سیٚ خواردنە (گوێز و توو و مێوژ) لەکاتی گرانی ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە بۆ خەڵکی هەورامان بەگشتی و تەوێڵە بەتایبەتی، چونکە مرۆڤ بۆ ماوەیەکی زۆر دەتوانیٚ بەم سیٚ خواردنە بژی، لەکاتی برسیەتیشدا مرۆڤ تێر دەبێت و درەنگ برسی دەبێت. ئەوسا خەڵکی تەوێڵە و هەورامان بەبەرهەمی باخەکان بەتایبەت ئەم سیٚ بەرهەمە خۆراك و پێداویستی تریان کڕیووە.

لەسەردەمانی پێش ئەوەی (موجەمیدە و سەلاجە) بێتە تەوێڵەوە، خەڵکی تەوێڵە میوەکانیان بەم شێوە هەڵدەگرت بۆ پایز و زستان و بەڵکو بۆ بەهاریش. بۆ نموونە:

تریٚ بەهێشوو بەساقەکەیەوە لە ژووردا هەڵیان دەواسی یا لەسەر گەڵاٚیدار بەروو لە ژووری کەناردا دایان دەنا، وە یا هەر لە باخ و رەزەکاندا لەناو ئەرزدا چاڵیان هەڵ ئەکەن بۆی، گەڵاٚی دار بەڕوو یان، ئەکردە بن و ئەم لا و لای و پڕیان دەکرد لە تریٚ و دایان دەپۆشی، لەکاتی پێویستدا دەچوون دەریان دەهێنایەوە، وەك میوەیەکی تازە وابوو. هەروەها (هەنار و بەهیٚ و هەرمیٚ) ش بەهەمان شێوە یان لیٚ دەکرد.

سەرچاوەی ئاوی باخەکان:

سەرچاوەی ئاوی ئەم باخانە ـ جگە لەباران ـ بریتییە لەو کانی و کارێزانەی تەوێڵە و دەوروبەری ئەو ئاوە بەهیچ شێوەیەك بەزایە ناڕوات، بەڵکو سودی لیٚ وەرگیراوە و باخ و باخانێکی زۆری لەبەردەم دایە.

سەرچاوەی ئاوەکان بەگشتی دەکرێن بەسیٚبەشەوە:

ـ سەرچاوەی ئاوی باخەکانی ئاوێسەر:

بریتییە لە ئاوی سەرچاوەکانی ئاوێسەر و ئاوی هانە کلە. ئەم ئاوە لەبەر ئەوەی باخێکی زۆر لەبەردەمیایەتی هەندیٚ ساڵیش ئاو کەم بووە کێشەی دروست کردووە لەنێوان خاوەن باخەکاندا، بۆیە لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی قادر بەگدا لە کۆتایی بیستەکاندا(٢٧) لیژنەیەکی لەپیاو ماقوڵانی تەوێڵە پێك هێناوە(٢٨)، ئەو ئاوەی دابەش کردووە هەرباخێك ماوەیەکیان بۆ داناوە بۆ نۆرە ئاوی، ئیتر هەرکاتێکی بەرکەوتوە، شەو یا رۆژ لەوکاتەدا باخەکەی ئاوداوە ئەمەش بەپیٚی:

- زۆری و کەمی ڕووبەری باخەکە.
- جۆری خاکەکە حیساب کراوە، فشە و تەختە، خڕە و سەختە.
- نماوی ئەرزەکە و نزیکی لەکانییەوە. یاخوود باخی وا هەیە لە ـ وەرە قاقە . یە واتە: هەتاوی زۆری لیٚ دەکەویٚ و دوورە لەسەرچاوەکەوە، وەك (گڵێجانیٚ و دەرە تفیٚ).
- دووری و نزیکی و ناسراویش لە لیژنە و دەسەڵاتدارەوە . کەمێك ـ دەوری بووە، هەر بۆیە وەك (حەمە لەتیف سەیفور) نۆباوەکەی کەم بووە سکاڵاٚی خۆی بەشیعرێك دەباتە بارەگای قادر بەگ کەباس لەوەدەکات کە جیاوازی و

ناسراوی و دیاری بردن و ... ئەم جۆرە شتانە بوون، بەڵام ئەم چونکە پیاوێکی فەقیر بووە، ماوەی نۆباوەکەی (١,٣٠) سەعات و نیوێك دەبێت کەبە حیسابی (حەمە لەتیف) کەمە.. لەئەنجامدا قادر بەگ دووسەعاتی بۆ زیاد دەکات دەبێتە (٣,٣٠) سیٚسەعات و نیوو:

حەمە لەتیف لەشیعرەکەیدا دەڵێ[٢٩]:

(ئەحمەد) حاکما و، (سە ...) حەکەما	هەرکەس چایش نەبو،نۆباوش کەما
توکەی کە للێو قەن، یا گیراونکی و چای	تانوباویت بۆ، پیسە هامسای
ئەمن بامیە، چەنی گوشت گاوی	ئەتو گەرەکتا، بەمراد بیاوی
هەسەرەم نەبی، بارە لوبارو	پیسە (قاتەڵە) ی،ئاویت پیٚ بارو
(دێوانە) ی پۆکەی، نۆباوش خاسا	کەسەرەش یاوا، کەرینەو ماسا
(ئەحمەد) ی فەقیر، کونەکڵاودەڕ	کیٚکەردەن وەکیلٚ، بەشکەرو بەشدەر
سەفیر کەسیوا، لانەخوا بۆ	بیٚ قەوم و عەشرەت، بیٚ ئەقرەبابۆ
مەعلوما (ئەحمەد)، صاحب ئەقرەبان	(کورە) و (کەموڵە) و(ئەڵلاک) و (لەمان)
(عەزە) و (عیوەض) و،(بابالە) و (یاقۆ)	(قوڵە) مەشاوا، بەش بڕیان (بەڵکۆ)
(ئۆلقادر)پۆکەی،بەمراد یاوا	(حەسەن) قەن و چان،(سەلیم)پلاوا
داد و فەقیرا، ئینا دەس و تۆ	توچی قەبوڵتا، نۆباو پیسە بۆ
ئیسە (صاحیبا)، بدیە پەی دەمیم	نۆ باوم بیەن،بەهەڵس و چەمیم

چەند تێبینییەك لەسەر ئەم نۆباوە:

- وەختی خۆی لەبەرکەمی ئاوەکە و زۆری باخەکان کێشە زۆر دروست بوە بۆ باخەوانەکان، بەم دابەش کردنە ئەو کێشەیە نەماوە.ئەدمۆندس،لەم بارەوەڕەئی ئەندازیارێك دەردەبڕێت،کە لەهەورامییەکان زیاتر،ناتوانێت، بەشێوەیەکی ئەندازیاری ئەوجۆگایانەباشتر بکات.هەروەها،دەڵیٚ: ئاوەکە لەنێوان خاوەن باخەکان دا،بە سەعات لەهەفتەدا بەشکراوە،هەموو کەسێك مافی خۆی زانراوەو،دیاریکراوە، لەبەر ئەوەبەهیچ شێوەیەك، کێشەیان،لەم بارەوە نیە[٣٠].
- لەڕاستیدا حیساباتی باش کراوە بۆ دانانی ماوەی نۆباوەکە.
- دەتوانرێت بوترێت داد پەروەردانە بووە ئەو جیاوازیەش کەم بووە.
- ئەگەر جیاوازیەکەش بووبێت وەك ئەوەی (حەمە لەتیف) هەر چۆن بێت جەنابی قادر بەگ گوێی گرتووە بۆی، چووە بەدەم سکاڵاکەیەوە.
- ئازایی و جورئەتی (حەمە لەتیف) دەردەکەوێت.

- ئەم جۆرە ڕەخنە كۆمەڵایەتی‌یانە كۆمەڵگا بەرە و پێشەوە دەبەن.

ئەمەش بەدرێژی لیستی ئەو نۆباوەیە كەلەوكاتەدا كراوە و، دوایی لە (٣٠/ ٧/١٩٦٤) دا لیژنەیەكی تر پێكهێنراوە ئەم لیستەیان بە پوختی و ڕێك و پێكی - بێ گۆڕانكاری . نووسیوەتەوە و هەموو ئیمزایان كردووە بەڕێز (یوسف حاجی محەمەد) كراوە بەمیراوی ئاوەكە و سەرپەرشتی كردووە. ئەم لیژنەیە تەئكید كردنەوە بووە لەسەر بەردەوام بوون لەسەر كاری لیژنەی پێشوو ڕەزامەندیان دەرخستووە، چونكە هەندێ لەباخەكان فرۆشراون و یا خاوەنەكانیان مردوون و بەر نەوەكانیان كەوتوون.

ئەمەش ناوی جۆگە و باخ و خاوەن باخ و كاتی نۆباوەكەیە:

نۆباوی باخەكانی ئاوێسەر[٣١]:

تەرتیبی ئەم دامەزراندنی ئاوە، لەجۆگەی ماوامی یەوە، لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممەوە، دەست پێ دەكات، پاشان جۆگەكانی تر دێن تاسەرەی ئەم دێتەوە...بەم شێوەیەی خوارەوە نۆباوی چەمی ئاوێسەر دابەش دەكرێت:

یەكەم: جۆگەی ماوامی... لەبەیانی دووشەممەوە،دەست پێ دەكات.

١- بەیانی دووشەممە سەعات لەسەردەستە، سەرەتای نۆبەئاوی، حاجی قوربانی و مەلاعەبدەو مەحمودی عەبدوڕەحیمە.تاسێ سەعات و نیو، لەدەستە بڕوات، واتە: نۆباوەكەی بریتی یە: لە (٣،٣٠)سێ سەعات و نیو...محەمەد عەبدوڕەحیم ئیمزای كردووە وەك خاوەن باخ لەباتی خاوەن باخەكانی تریش.

٢- سێ سەعات و نیو، لەدەستەڕۆیی،نۆبەئاوی مەلامحەمەد و حاجیلە و بابالەی یوسفە، تاحەوت سەعات و نیو لەدەستەبڕوات، واتە: نۆباوەكەی بریتی‌یە: لە(٤)چوار سەعات...مەلا عارف ئیمزای كردووە،وەك خاوەن باخ.

٣- حەوت سەعات و نیو، لەڕۆژی دوو شەممە ڕۆیی،نۆبەئاوی وەستا محەمەدی وەستاقادرە،تاسەعات دەونیولەڕۆژی دووشەممە بڕوات.واتە: نۆباوەكەی بریتی یە: لە(٣)سێ سەعات... مەحمودی وەستا محەمەد ئیمزای كردووە.

٤- سەعات لەدەو نیوی ڕۆژی دووشەممەوە، نۆبەئاوی باخی مەلا عەبدوڵڵەی مەریوانی‌بە، تا دوو سەعات و نیو لەشەوی سێ شەممە بڕوات. كەواتە: نۆباوەكەی بریتی یە: لە(٤)چوار سەعات...حاجی كاكەبرا ئیمزای كردووە.

٥ـ دووسەعات ونیو لەشەوی سێ شەممە ڕۆیی، نۆبەئاوی کوڕانی وەستا نادرە (وەستا محەمەد ڕەحیم و وەستا محەمەد کەریم)، تاسەعات یازدەونیو لەشەوی سێ شەممە بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٩) نۆ سەعات ... محەمەدی وەستا حەمەڕەحیم ئیمزای کردووە.

٦ـ شەوی سێ شەممە نیوسەعاتی بمێنی بۆدەستە نۆبەئاوی کوڕانی ئەسکەندەرە، تا سێ سەعات ونیو لەڕۆژی سێ شەممە بڕوات.

کەواتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٤)چوار سەعات...ڕەشید حەمەئەمین ئیمزای کردووە.

٧ـ سێ سەعات و نیو لەڕۆژی سێ شەممە ڕۆیی،نۆبەئاوی کەڕەی بابایە، تاوەکو پێنج سەعات و نیو لەڕۆژی سێ شەممە بڕوات. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە (٢) دوو سەعات... مستەفای کەڕە ئیمزای کردووە.

٨ـ پێنج سەعات وەنیو لەڕۆژی سێ شەممە ڕۆیی، نۆبە ئاوی محەمەد ئەمینی صۆفی سلێمانە، تا سەعات حەوت لەڕۆژی سێ شەممە. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(١,٣٠)یەك سەعات و نیو...ڕەشید حەمەئەمین ئیمزای کردووە.

٩ـ سەعات لەحەوتی ڕۆژی سێ شەممەوە،نۆبەئاوی فەرەجی یاقۆیە تاسەعات نۆ یەك چارەك کەم لەڕۆژیسێ شەممەبڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(١,٤٥)دووسەعات یەك چارەك کەم.

١٠ـ سەعات لەنۆ یەك چارەك کەم، لەڕۆژیسێ شەممە،نۆبەئاوی قالەی وەلیە، تا دە سەعات ونیو لەڕۆژی سێ شەممە بڕوات واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(١,٤٥)دووسەعات یەك چارەك کەم.

١١ـ سەعات دەونیوی ڕۆژی سێ شەممە، نۆبەئاوی عەبدوڵڵەی میرزایە، تاشەش سەعات و نیو لەشەوی چوارشەممەبڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە (٨) هەشت سەعات.

١٢ـ شەش سەعات و نیو لەشەوی چوارشەممە ڕۆیی، نۆبەئاوی فەتحەی خودادایە، تادە سەعات و نیولەشەوی چوارشەممەبڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٤)چوارسەعات.

١٣ـ دەسەعات و نیو لەشەوی چوارشەممەڕۆیی،نۆبەئاوی ئەحمەدی وەهابە، تاسێ سەعات لەڕۆژی چوارشەممەبڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٤,٣٠)چوارسەعات ونیو.

١٤ـ سێ سەعات لەڕۆژی چوارشەممە ڕۆیی، نۆبەئاوی مەلا بەکر و گیجانە، تا شەش سەعات ونیولەڕۆژی چوارشەممە بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتییە: لە(٣,٣٠)سێ سەعات ونیو.

١٥ـ شەش سەعات ونیو لەڕۆژی چوارشەممە بڕوات،نۆبەئاوی مەلا محەمەدە، تادەسەعات ونیو لەڕۆژی چوارشەممەبڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتییە: لە(٤)چوارسەعات.

١٦ـ سەعات لەدەونیوی ڕۆژی چوارشەممەوە، نۆبەئاوی مستەفا مورادە تانیو سەعات لەدەستەبڕوات بۆشەوی پێنج شەممە. واتە نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٢) دووسەعات... مەهدی عەزیز وەك خاوەن باخ ئیمزای کردووە.

١٧ـ نیوسەعات لەشەوی پێنج شەممەڕۆیی، نۆبەئاوی کوڕانی حەمەباقی عەزیز دەلاکە، تادوو سەعات و نیو لەشەوی پێنج شەممە بڕوات. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٢) سەعات.

١٨ـ دوو سەعات ونیو لەشەوی پێنج شەممە بڕوات، نۆبەئاوی بارام وەهابە تاشەش سەعات و نیو لەشەوی پێنج شەممە بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە (٤)چوارسەعات.

١٩ـ شەش سەعات ونیو لەشەوی پێنج شەممەڕۆیی، نۆبەئاوی کوڕانی لوتفەیە، تانۆسەعات لەشەوی پێنج شەممەبڕوات. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٢,٣٠)دووسەعات ونیو.

٢٠ـ لەسەعات نۆی شەوی پێنج شەممەوە،نۆبەئاوی کوڕی فەتحەیە، تادەسەعات ونیو لەشەوی پێنج شەممەبڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(١,٣٠)یەك سەعات ونیو.

٢١ـ لەسەعات دەونیوی شەوی پێنج شەممەوە،نۆبەئاوی فەرەجوالڵەی خالد ئاغایە، تایەك سەعات و نیو لەڕۆژی پێنج شەممەبڕوات.ئەم ئاوە لەجۆگەی قوڵە هەڵ دەکرێ،پاشماوەی ئەو ئاوەش لەسەرچاوگ هەڵ ئەکرێ تاکۆتایی دێت. کەواتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٣) سێ سەعات لەگەڵ پاشماوەی ئاو... مەهدی عەزیز وەك خاوەن باخ ئیمزای کردووە.

بەم شێوەیە ئاوی جۆگەی ماوامی تەواوبوو.

دووەم: جۆگەی قوڵە ـ عەینی ئاوی سەرچاوگەی گەورەـلەڕۆژی پێنج شەممەوە دەست پێ دەکات، دەبێ بشزانین لێرەدا ئاوی هانەدێواو ئاوی حەصار،لەم جۆگەیە تەرکە.

١ـ یەك سەعات ونیولەڕۆژیپێنج شەممەڕۆیی،نۆبەئاوی عەزەی مارفە، جۆگەی قوڵە تاتەلانی شێخ حسامەدین، ئەمەش تا پێنج سەعات و نیولە ڕۆژی پێنج شەممە بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە (٤) چوار سەعات.

ـ لێرەوە باسی جۆگەی قوڵە نیە، باس لەئاوی حەصار و هانە دێوانە ئەکەین، (ئەمە جوملەی موعتەریزەیە).

٢ـ سەعات لەیەك ونیوی ڕۆژی پێنج شەممەوە،نۆبە ئاوی شێخی حسامەدینە، تا سەعات دەی هەمان ڕۆژ.واتە: نۆباوەکەی بریتییە: لە (٨,٣٠) هەشت سەعات ونیو...ئەسکەندەر سان ئەحمەد ئیمزای کردووە.

٣ـ لە سەعات دەی ڕۆژی پێنج شەممەوە،نۆبە ئاوی باخی هەیبەکری شڵەیە، تا دووسەعات ونیو لەشەوی هەینی بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتییە: لە(٤,٣٠) چوار سەعات و نیو...ئەسکەندەر سان ئەحمەد ئیمزای کردووە.

٤ـ دوو سەعات ونیولە شەوی هەینی بڕوات.نۆبەئاوی عەزیزی بابایە،تا سەعات حەوت لەشەوی هەینی بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٤,٣٠) چوار سەعات ونیو.

٥ـ لەسەعاتی حەوتی شەوی هەینی،تاسەعات یازدەونیوی شەو، نۆبەئاوی حامدو سان ئەحمەدە.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٤,٣٠) چوار سەعات ونیو...ئەسکەندەر سان ئەحمەدیش ئیمزای کردووە.

٦ـ لەکۆتایی سەعات یازدەونیوی شەوی هەینی یەوە،دائەخرێ بۆباخچە میرا کەباخی قادربەگە.

ـ لێرەوەئەمە باسێکی ترە،باس لەئاوی هانەکڵەی شەکەرێ دەکەین.

٧ـ سەعات لەیەك و نیوی ڕۆژی پێنج شەممەوە،نۆبەئاوی ماوەزای شێخ حیسامەدین و حاجی قوربانی و حاجی حەمەیوسفە، تاسێ سەعات لەڕۆژ بڕوات واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(١,٣٠)یەك سەعات ونیو. ئەسکەندەر سان ئەحمەد ئیمزای کردووە.

٨ـ ئاوی هانە کڵەی شەکەرێ، لەسەعات سێ،ڕۆژی پێنج شەممەوە، نۆبەئاوی ماوەزای حامد،وەسان ئەحمەد، وەمەحمودی عەبدوڕەحیم، وەمەلا

عەبدەیە، تاسەعات دەی ڕۆژی پێنج شەممە.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٧) حەوت سەعات ...ئەسکەندەرسان ئەحمەد ئیمزای کردووە.

- دووبارە، بێینەوە سەر باسی جۆگەی قوڵە کەلە پێشەوە باسی کرا.

٩ــ لە سەعات پێنج ونیوی ڕۆژی پێنج شەممەوە، نۆبە ئاوی عەبدولحەکیم و عەبدولقادرە، تا سەعات دەی ڕۆژ. واتە: نۆباوەکەی بریتی‌یە: لە(٤,٣٠) چوار سەعات ونیو...حەیدەر عەبدولحەکیم ئیمزای کردووە.

١٠- لە سەعات دەی ڕۆژی پێچنج شەممەوە، نۆبە ئاوی کوڕانی مەحمودی بابایە، تا سێ سەعات لە شەوی هەینی بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٥) پێنج سەعات.

١١ــ سێ سەعات لە شەوی هەینی بڕوا، نۆبە ئاوی باخی یاقۆیە، تا سەعات هەشتی شەوی هەینی. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٥) پێنج سەعات.

١٢ــ لە سەعات هەشتی شەوی هەینی یەوە، نۆبە ئاوی عەزیزی باباو حەمە حسێن شوانە، تا جومعاو دائەخرێ بۆ باخچە میرا، باخی قادر بەگ. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٣,٣٠)سێ سەعات ونیو.

١٣ــ لە کۆتایی شەوی هەینی یەوە، نۆبە ئاوی باخچە میرایە، تا دە سەعات ونیو لە ڕۆژی هەینی بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی‌یە: لە(١١)یازدە سەعات.

سێهەم: جۆگەی گڵێجانە: لە ڕۆژی هەینی یەوە دەست پێ دەکات.

١- ڕۆژی هەینی سەعات لە دەونیو، ئاوی عۆدەی مارفەو سەید فەتحەیە، تادوو سەعات یەك چارەك کەم، لە شەوی شەممە بڕوات. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٣,١٥)سێ سەعات ویەك چارەك.

٢- شەوی شەممە سەعات دوو یەك چارەك کەم، نۆبە ئاوی باخی محەمەد ئاغایە، تا هەشت سەعات لەشەوی شەممە بڕوات. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە (٦,١٥) شەش سەعات و یەك چارەك.

٣- لە سەعات هەشتی شەوی شەممەوە، نۆبە ئاوی سلێمانی وەیسی و عەوبدوڵڵەی میرزاو حەمەیوسف ڕێحانەیە، تا سەعات یازدەی شەوی شەممە. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٣)سێ سەعات.

٤ـ لە سەعات یازدەی شەوی شەممەوە، نۆیە ئاوی باخی یوسوڵەیە،تا دووسەعات ونیو لە ڕۆژی شەممە بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٣,٣٠)سێ سەعات ونیو.

٥ـ دووسەعات ونیو لە ڕۆژی شەممە ڕۆیی، نۆبە ئاوی بلەگلەو حاجی حەمە یوسویە، تاسەعات شەش. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە (٣,٣٠)سێ سەعات ونیو.

٦ـ شەش سەعات لە ڕۆژی شەممە ڕۆیی، نۆبە ئاوی کوڕانی حەبیبەیە، تا چوار سەعات ونیو لە شەوی یەک شەممە بڕوات. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(١٠,٣٠)دە سەعات ونیو.

٧ـ چوار سەعات ونیو لە شەوی یەک شەممە ڕۆیی، نۆبە ئاوی اللەوەیسی ڕەحمانە، تا سەعات شەشی هەمان شەو.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(١,٣٠) یەک سەعات ونیو.

٨ـ سەعات شەش لە شەوی یەک شەممەوە،نۆبە ئاوی باخی سەید فەتحەیە، تاسەعات یازدەو نیو لە شەوی یەک شەممەبڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٥,٣٠)پێنج سەعات ونیو.

٩ـ لە سەعات یازدە و نیوی شەوی یەک شەممەوە،نۆبە ئاوی محەمەد ئەمینی عەزیز ئاغایە،تا دوو سەعات لە ڕۆژی یەک شەممە بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتییە: لە (٢,٣٠)دووسەعات و نیو.

١٠ ـ ڕۆژی یەک شەممە دووسەعات لە دەستە بڕوا،نۆبە ئاوی باخی ڕەحمانی بلەیە، تا پێنج سەعات لەڕۆژی یەک شەممە بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە (٣)سێ سەعات.

١١ـ سەعات پێنج لە ڕۆژی یەک شەممەوە،نۆبە ئاوی باخی حەملەی مەجیە، تا سەعات هەشت یەک چارەک کەم.واتە: نۆباوەکەی بریتییە: لە(٢,٤٥) دوو سەعات و سێ چارەک... محەمەد ڕۆستەم ئیمزای کردووە.

١٢ـ سەعات هەشت یەک چارەک کەم لەڕۆژی یەک شەممەوە،نۆبە ئاوی باخی حاجی عەبدولوەهابە،تا یازدە سەعات و نیولەڕۆژی یەک شەممە بڕوات. واتە: نۆباوەکەی بریتییە: لە(٣,٤٥)چوار سەعات یەک چارەک کەم.

١٣ـ ڕۆژی یەک شەممە سەعات لە یازدەو نیو،نۆبەئاوی باخی حاجی محەمەدە، تا سێسەعات یەک چارەک کەم لە شەوی دووشەممە بڕوات.واتە:

نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٣,١٥)سێ‌سەعات ویەك چارەك...حاجی بابا حاجی محەمەد ئیمزای کردووە.

١٤- سێ سەعات یەك چارەك کەم لەشەوی دوو شەممە ڕۆیی،نۆبە ئاوی ڕەحمان مستەفایە،تا سەعات شەش یەك چارەك کەم.واتە: نۆباوەکەی بریتی‌یە: لە(٣) سێ سەعات... مودەڕیسی تەوێڵە ئیمزای کردووە.

١٥- شەوی دووشەممەسەعات شەش یەك چارەك کەم،نۆبە ئاوی باخی کۆڕەی کەریمە،تا نیو سەعات لەدەستە بڕوا لە ڕۆژی‌دووشەممە.واتە: نۆباوەکەی بریتی‌یە: لە(٦,٤٥)حەوت سەعات یەك چارەك کەم.

١٦- ڕۆژی دووشەممە نیو سەعات لە دەستەبڕوات،نۆبە ئاوی باخی مەلا عەبدوواللەیە، تایەك سەعات ونیو لە دەستە بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی‌یە: لە(١) یەك سەعات.هەروەها،پاشماوەی‌ئاویشی هەیە تالە جۆگەی‌جانبازهەڵ ئەکرێ.

چوارەم: **جۆگەی جانباز**...لە ڕۆژی دووشەممەوە دەست پێ دەکات.

١- ڕۆژی دووشەممە یەك سەعات ونیو لە دەستە بڕوا، نۆبە ئاوی باخی قالە کەڕو نالەو قەدەمی ژنی مەحمودە، تا پێنج سەعات ویەك چارەك لە ڕۆژی دووشەممە بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٣,٤٥) چوار سەعات یەك چارەك کەم...مەحیەدین محەمەد وەك خاوەن باخی ئێستا ئیمزای کردووە.

٢- سەعات پێنج وە یەك چارەك لەڕۆژی دووشەممە بڕوا، نۆبە ئاوی کوڕانی مەلا عەبدولکەریمە،تا سەعات نۆ یەك چارەك کەم.واتە: : نۆباوەکەی بریتی‌یە: لە(٣,٣٠) سێ سەعات و نیو.

٣- ڕۆژی دووشەممە سەعات نۆو یەك چارەك کەم بڕوا، نۆبە ئاوی باخی حاجی حەمەیوسفە، تا سێ‌سەعات وەیەك چارەك لە شەوی سێ شەممە بڕوات. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٦,٣٠) شەش سەعات ونیو...فاضل حەمە صاڵح ئیمزای کردووە.

٤- سێ سەعات ویەك چارەك لە شەوی سێ شەممە ڕۆیی، نۆبە ئاوی باخی مەلا عابدە، تا حەوت سەعات وەیەك چارەك لە شەوی سێ شەممە بڕوات. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٤) چوار سەعات. یەك سەعاتی بۆ عەبدولحەمیدە.

٥ـ شەوی سێ‌شەممە سەعات حەوت وەیەك چارەك، نۆبە ئاوی فەتەی ڕۆستەم وخودادای مەمەو ڕەحمانی مارفە، تا سەعات نۆو یەك چارەك.واتە: نۆباوەكەی بریتی یە: لە(٢) دوو سەعات.

٦ـ شەوی سێ شەممە سەعات نۆو چارەك، نۆبە ئاوی صادقی مستەفایە، تا دەسەعات ونیو لەشەوی سێ‌شەممە بڕوات. واتە: نۆباوەكەی بریتی یە: لە(١,١٥) یەك سەعات ویەك چارەك. هەروەها پاشماوەی ئاویش هەیە تا دائەخرێ.

پێنجەم: جوگەی دالێتان...لە شەوی سێ شەممەوە دەست پێ دەكات.

١ـ شەوی سێ شەممە سەعات دەو نیو بڕوات، نۆبە ئاوی باخی مەلا عەبدەیە، تا یەك سەعات ونیو لەڕۆژی سێ‌شەممە بڕوات. واتە: نۆباوەكەی بریتی‌یە: لە(٣) سێ سەعات.

٢ـ یەك سەعات ونیو لە ڕۆژی سێ شەممە بڕوات،نۆبە ئاوی باخی عمرەیە لەگەڵ مزگەوت،تا سێ‌سەعات وە یەك چارەك لە ڕۆژی سێ‌شەممە،بڕوات. واتە: نۆباوەكەی بریتی یە: لە(١,٤٥) یەك سەعات وسێ چارەك... مەهدی عەزیز ئیمزای كردووە.

٣ـ ڕۆژی سێ شەممەسەعات سێ‌و یەك چارەك،نۆبە ئاوی فەرەج كوڕی حەمە حسێنە، تا سەعات حەوت لەڕۆژی سێ شەممە بڕوات.واتە: نۆباوەكەی بریتی‌یە: لە(٣,٤٥)چوارسەعات یەك چارەك كەم.حەمەحسێن حاجی فەرەج ئیمزای كردووە.

٤ـ سەعات لەحەوتی ڕۆژی سێ شەممەوە،نۆبەئاوی باخی كوێخا محەمەد ئەمینە، تا سەعات دەو چارەكی ڕۆژی سێ‌شەممە.واتە: نۆباوەكەی بریتی یە: لە(٣,١٥) سێ سەعات ویەك چارەك.

٥ـ ڕۆژی سێ شەممە لەسەعات دەو یەك چارەك، نۆبەئاوی كوڕانی فەتاح مەجەو حەكیم خەسرەوە،تایەك چارەك لەشەوی چوارشەممەبڕوات.واتە: نۆباوەكەی بریتی یە: لە(٢)دووسەعات.

٦ـ شەوی چوارشەممە یەك چارەك لەدەستەبڕوا،نۆبەئاوی باخی مەلا نظامە، تاسەعات چواری شەوی چوارشەممە.واتە: نۆباوەكەی بریتی یە: لە(٣,٤٥) چوارسەعات یەك چارەك كەم.

٧ـ لەسەعات چواری شەوی چوارشەممەوە،نۆبەئاوی سلێمانی وەیسی‌یە، تاسەعات شەش و چارەك لەشەوی چوارشەممە بڕوات. واتە: نۆباوەكەی بریتی

یە: لە(٢,١٥) دوو سەعات و یەك چارەك.هەروەها پاشماوەی ئاویش...جەعفەر حەمەصاڵح ئیمزای كردووە.

٨ـ سەعات شەش وەیەك چارەك لەشەوی چوارشەممە بڕوا، نۆبەئاوی كوڕانی مەلاعەبدوللەی مەلاجەلیلە،تاسەعات هەشت وەیەك چارەك لەشەوی چوارشەممە بڕوات.واتە: نۆباوەكەی بریتی یە: لە(٢)دوو سەعات.

شەشەم: جۆگەی شەمبانو...لەشەوی چوارشەممەوە دەست پێ دەكات.

١ـ شەوی چوارشەممە سەعات هەشت ویەك چارەك، نۆبەئاوی ئایزەی فاتەیە، تایەك چارەك لەدەستەبڕوات لەشەوی چوارشەممە.واتە: نۆباوەكەی بریتی‌یە: لە(٤)چوارسەعات.عەزیز فاتە وەك خاوەن باخ ئیمزای كردووە.

٢ـ سەعات یەك چارەك لەدەستەبڕوا لە ڕۆژی چوارشەممە،نۆبەئاوی باخی ئەحمە دەشەل و ڕۆستەم حەكیم و حەمە حسێنی شانازە، تاچوارسەعات و یەك چارەكی ڕۆژی چوارشەممە.واتە: نۆباوەكەی بریتی یە: لە(٤)چوار سەعات.

٣ـ لەسەعات چوارو چارەكی ڕۆژی چوارشەممەوە،نۆبە ئاوی باخی وەستا حەمەڕەحیم و كەریمی كۆرەیە، تاسەعات هەشت و چارەكی ڕۆژی چوارشەممە. واتە: نۆباوەكەی بریتی یە: لە(٤)چوار سەعات...محەمەدی وەستا حەمەڕەحیم ئیمزای كردووە.

٤ـ لەسەعات هەشت و چارەكی ڕۆژی چوار شەممەوە،نۆبە ئاوی كوڕانی هەیبەكر و كوڕانی حەمەعەزیزی خضرالیایە،تا سەعات سێ چارەك لەشەوی پێنج شەممە بڕوات. واتە: نۆباوەكەی بریتی یە: لە(٤,٣٠) چوارسەعات ونیو.

٥ـ شەوی پێنج شەممە سێ چارەك لەدەستە بڕوات.نۆبەئاوی باخی كوێخا محەمەد ئەمین و كوڕانی حاجی حەمەكەریمە،تا سێ سەعات و نیو لەشەوی پێنج شەممەبڕوات.واتە: نۆباوەكەی بریتی یە: لە(٢,٤٥)سێ سەعات یەك چارەك كەم... محەمەد حاجی حەمە ڕەحیم ئیمزای كردووە.

٦ـ سێ سەعات و نیو لەشەوی پێنج شەممەڕۆیی، نۆبەئاوی باخی حاجی حەمەڕەحیمە، تا سەعات دێتەسەر دەستە بەیانی پێنج شەممە. واتە: نۆباوەكەی بریتی‌یە: لە(٨,٣٠) هەشت سەعات ونیو...محەمەد حاجی حەمەڕەحیم وەك خاوەن باخ ئیمزای كردووە.

حەوتەم: جۆگەی شانە زەرا...لەڕۆژی پێنج شەممەوە دەست پێ دەکات.

١ـ ڕۆژی پێنج شەممە سەعات لەسەر دەستە،نۆبەئاوی محەمەد ئەمین قادرە، تاچوارسەعات و نیو لەڕۆژی پێنج شەممەبڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی‌یە: لە(٤,٣٠) چوارسەعات ونیو.

٢ـ چوار سەعات ونیو لەڕۆژی پێنج شەممە بڕوا، نۆبە ئاوی باخی حەمەحسێن مستەفاو میرزا عەبدولقادرە،تانۆسەعات ونیولە ڕۆژی پێنج شەممە بڕوات. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٥) پێنج سەعات.

هەشتەم: جۆگەی باخچەمیرا...لەڕۆژی پێنج شەمەوە دەست پێ دەکات.

١ـ لە سەعات نۆو نیوی ڕۆژی پێنج شەمەوە،نۆبەئاوی باخی حاجی صادق و فەتاح مەجیدە،تادووسەعات یەك چارەك كەم لەشەوی هەینی بڕوا. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٤) چوار سەعات.

٢ـ سەعات دوو یەك چارەك كەم لەشەوی هەینی یەوە، نۆبەئاوی کوڕانی کۆزاد ومەلا بەکرو حەمەخانە، تاشەش سەعات وەیەك چارەك لەشەوی هەینی بڕوات. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٤,٣٠) چوارسەعات ونیو.

٣ـ سەعات شەش وەیەك چارەك لەشەوی هەینی ڕۆیی، نۆبەئاوی باخچە میرایە، تاپێنج سەعات وەیەك چارەك لەڕۆژی هەینی بڕوات. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(١١) یازدە سەعات.

نۆهەم: جۆگەی دێ ـ مالێدەر...لەڕۆژی هەینی یەوە دەست پێ دەکات.

١ـ ڕۆژی هەینی لە سەعات پێنج و چارەکەوە، نۆبەئاوی باخی قوربانی‌یە، تاهەشت سەعات و نیو لەڕۆژی هەینی بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٣,١٥) سێ سەعات و یەك چارەك.

٢ـ لەسەعات هەشت و نیوی ڕۆژی هەینی یەوە،نۆبە ئاوی باخی مەلا عەبدولئەحەدە، تا نیو سەعات لە شەوی شەممە بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٤)چوار سەعات.

٣ـ شەوی شەممە سەعات لە دەستە ڕۆیی، نۆبە ئاوی حسێنی وەیسی‌یە، تا سێ سەعات لە شەوی شەممە بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٢,٣٠) دوو سەعات ونیو.

٤ـ شەوی شەممە لە سەعات سێ‌وە، نۆبە ئاوی فەتەی ڕۆستەمە، تا شەش سەعات و سێ‌چارەك لە شەوی شەممە بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی‌یە: لە(٣,٤٥) چوار سەعات یەك چارەك كەم.

٥ـ شەوی شەممە سەعات حەوت یەك چارەك كەم، نۆبە ئاوی باخی خودداو محەمەدی حاجی محەمەدڕەحیم ومیرزا عەبدولقادرە، تا سەعات دە. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٣,١٥) سێ سەعات ویەك چارەك.

٦ـ لە شەوی شەممە سەعات دەوە، نۆبە ئاوی صادق مستەفا وە کوڕانی حەمە سەعیدە،تا یەك سەعات ونیو لەدەستە بڕوات. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٣,٣٠) سێ سەعات ونیو.

٧ـ ڕۆژی شەممە یەك سەعات وەنیو لە دەستە ڕۆیی، نۆبە ئاوی ڕەحمان مارف و حاجی صادقە، تا پێنج سەعات وەنیو لە ڕۆژی شەممە بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٤) چوار سەعات.

٨ـ ڕۆژی شەممە سەعات پێنج ونیو، نۆبە ئاوی کوڕانی حەمە یوسف جانبەخشە، تا نۆ سەعات ونیو لە ڕۆژی شەممە بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٤) چوار سەعات.

٩ـ لەسەعات نۆو نیوی ڕۆژی شەممەوە، نۆبە ئاوی باخی عیوەز مارفە، تا سەعات دێتە سەردەستە.واتە: نۆباوەکەی بریتییە: لە(٢,٣٠) دووسەعات و نیو.

١٠ـ شەوی یەك شەممە سەعات لەسەر دەستە، نۆبە ئاوی کوڕانی حەمە لەتیفە، تا سێ سەعات ونیو لە شەوی یەك شەممە بڕوات. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٣,٣٠) سێسەعات ونیو.

١١ـ شەوی یەك شەممە لە سەعات سێو نیوەوە، نۆبە ئاوی باخی وەستا حەمە صاڵحە، تا سەعات حەوتی شوەی یەك شەممە.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٣,٣٠) سێ سەعات ونیو.

١٢ـ لە سەعات حەوتی شەوی یەك شەممەوە، نۆبە ئاوی کوڕانی محەمەدیوسف و وەستا محەمەدە، تا سێسەعات ویەك چارەك کەم لە ڕۆژی یەك شەممە بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٧,٤٥) هەشت سەعات یەك چارەك کەم... حاجی سەلیم ئیمزای کردووە.

١٣ـ سەعات سێ یەك چارەك کەم لەڕۆژی شەممەوە، نۆبە ئاوی کوڕانی مەحمودی بابالەیە تا سەعات دەو یەك چارەك لە ڕۆژی یەك شەممە بڕوات.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە (٧,٣٠) حەوت سەعات ونیو.

١٤ـ سەعات دەو یەك چارەك لە ڕۆژی یەك شەممە بڕوا، نۆبە ئاوی مەلا محەمەدو زلێخاو یەك تەلانی بابالەیە تا یەك چارەك لە شەوی دووشەممە بڕوات.

واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٢) دووسەعات... حاجی سەلیم ئیمزای کردووە.

١٥ـ شەوی دووشەممە یەك چارەك لە دەستە بڕوا، نۆبە ئاوی باخی میرزا عەبدولقادرە، تا چوار سەعات یەك چارەك کەم لە شەوی دووشەممە بڕوات.
واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٣,٣٠) سێ سەعات ونیو... حاجی سەلیم ئیمزای کردووە.

١٦ـ سەعات چوار یەك چارەك کەم لەشەوی دووشەمەڕۆیی،نۆبەئاوی باخی کەرەم حسێنە،تاحەوت سەعات وەیەك چارەك لەشەوی دووشەممە بڕوات.
واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٣,٣٠) سێ سەعات ونیو...حاجی عەلی حسێن ئیمزای کردووە.

١٧ـ شەوی دووشەممە سەعات حەوت وەیەك چارەك ڕۆیی،نۆبە ئاوی الله کەرەم حەملەیە تا سەعات دە یەك چارەك کەم لەشەوی دوو شەممەبڕوا.واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٢,٣٠)دووسەعات ونیو.

١٨ـ شەوی دووشەممە سەعات دە یەك چارەك کەم ڕۆیی،نۆبەئاوی حەسەن اللەکەرەم وەسەعیدی قوتەر و کوڕیحەمەسادقە، تا سەعات دێتە سەردەستە. واتە: نۆباوەکەی بریتی یە: لە(٢,١٥)دوو سەعات ویەك چارەك، هەروەها پاشماوەی ئەو ئاوەی کەلەجۆگەی ماوامی هەڵئەکرێ.

دەهەم: ئاوی هانەکڵەی ئیبراهیم زەرین...لەڕۆژی دووشەممەوە دەست پێدەکات.

١ـ باخی ئازیزە غەفورەوحاجی عەلی کوڕی حسێن، نۆباوەکەیان (١٦) شازدە سەعاتە.

٢ـ باخی سەید فەتحە عیبارەتەبەحاجی صەلاحە، نۆباوەکەی (١٢)دوازدە سەعاتە.

٣ـ باخی قەدەمی ژنی مەحمودە،نۆباوەکەی (٧) سەعاتە.

٤ـ باخی حاجی حەمەیوسف و حەمەحسێن یوسف،نۆباوەکەیان (١١) یازدە سەعاتە.

٥ـ باخی مەلا عەبدولمەجید،نۆباوەکەیان (١٢)دوازدە سەعاتە.

٦ـ ماوەزای حاجی حەمەیوسف و حەکیم حاجی قوربانی، نۆباوەکەیان (١٠) دەسەعاتە.

٧ـ دووبارە ماوەزای حاجی حەمەیوسف و مزگەوت، نۆباوەکەیان (١٠) دە سەعاتە.

ئاوی جومعا و بۆ باخەکانی سەربە ئاوی هانە کلە:

ـ لەسەعات (١١,٣٠) بۆ باخی حاجی عەلی حسێن وە ئازیزە غەفورە تا سەعات (٢,٣٠).

ـ وە لە سەعات (٢,٣٠) بۆ باخی حاجی سەید (طە ها) وە شەفیع ئەلە تا سەعات (٤,٣٠).

ـ وە لەسەعات (٤,٣٠) بۆ باخی دەروێش مەحیەدین وە فایق حەمە صاڵح تا سەعات (٦,٣٠).

ـ وەلەسەعات (٦,٣٠) باخی عابد نادر وە ئەحمەد حاجی بابا لە وەحاجی حامد تا سەعات (١٠).

ـ وە لە (١٠) بۆ باخی مزگەوت وە عەبدوالله عوسمانە تا سەعات (١١).

بۆ ئاگاداری برایانی بەرێز[٣٢]:

تکایە لەهەموو لایەك ئەکەین کە بەپێی ئەم دابەش کردنە بجوڵێنەوە، وە هەرکەسێك گوێ بەم بەشکردنە نەدا وەبەپێچەوانەوە بجوڵێتەوە ئەدرێت بەدادگا بۆ سزادانی، وە دیسان تکاتان لێ ئەکەین کە کەس خۆی تووشی سزا نەکات.

میراوی چەمی ئاوێسەر

یوسف حاجی محەمەد

١٩٦٦/٥/٢٦

پێرستی جۆگەکان

ز	ناوی جۆگە	ڕۆژ	سەعات
١	جۆگەی ماوامی	دووشەممە	لەسەردەستە
٢	جۆگەی قوڵە	پێنج شەممە	١,٣٠
٣	جۆگەی گڵێجانە	جومعە	١٠,٣٠
٤	جۆگەی جانباز	دووشەممە	١,٣٠
٥	جۆگەی داڵیتان	شەوی سێ شەممە	١٠,٣٠
٦	جۆگەی شەمبانو	شەوی چوارشەممە	٨,١٥
٧	جۆگەی شانەزەرا	پێنج شەممە	لەسەردەستە
٨	جۆگەی باخچە میرا	پێنج شەممە	٩,٣٠
٩	جۆگەی دێ ماڵیدەر	جومعە	٥,١٥
١٠	جۆگەی هانە کلە	دووشەممە	

«٤٦»

هانه‌کله‌ی ابراهیم زه‌ربی

اضافه‌ی فاده‌ی باقی	دیقه‌و ساعات	روزی دوو سه‌عه	ت
	١٦، — شازده سه‌عات	باقی آزیزه غفور و حاجی علی کوری حسین شازده سه‌عات	١
	١٢، — دوازده سه‌عات	باقی سید فتحه عباره‌ت به حاجی صلاحه دوازده سه‌عات	٢
	٧، — هه‌وت سه‌عات	باقی قه‌ده‌می آزنی محمود هه‌وت سه‌عات	٣
	١١، — یازده سه‌عات	باقی حاجی حمه یوسف و حمه حسین یوسف یازده سه‌عات	٤
	١٢، — دوازده سه‌عات	باقی ملا عبدالمجید دوازده سه‌عات	٥
	١٠، — ده سه‌عات	ماوه‌زای حاجی حمه یوسف و حکیم حاجی قوربانی ده سه‌عات	٦

«٤٧»

هانه‌کله‌ی ابراهیم زه‌ربی

اضافه‌ی فاده‌ی باقی	دیقه‌و ساعات		ت
	١٠، — ده سه‌عات	أیضاً ماوه‌زای حاجی حمه یوسف و فرزگه‌ورت ده سه‌عات	٧

دەستخەتی ئەو دەفتەرەی کەلەساڵی ١٩٦٤ دا تازە کراوەتەوە بۆ نۆباوی ئاوی ئاوێسەر



دەستخەتی ئەو دەفتەرەی کەلەساڵی ١٩٦٤ دا تازە کراوەتەوە بۆ نۆباوی ئاوێسەر

ئەم تێبینیەی خوارەوە لەودەفتەرەی کەلەساڵی (١٩٦٤)دا نوسراوەتەوە هەیەبۆیە ئێمەش بەباشمان زانی لێرەدا بینوسین:

- لەپاش ئەوەی کە ئەم تەرتیبی نۆبە ئاوی چەمی ئاوێسەرە گوێزرایەوە ناو ئەم دەفتەرە لجنەیەك پێك هات لە پێش حضوری مەلا صاحیبا هەردوکیان مقابلەکران بەبێ غەڵەط وە بریاریاندا لەسەری - و لجنەکەش ئەم خاوەن باخانەی خوارەوەن.

وە ئەگەر خیلاف بوو اصل حساب ئەکرێت ١٩٦٤/٧/٣٠

١- مەلا صاحب - مدرس طوێڵە.

٢- مەهدی عەزیز.

٣- حاجی مەحمود مصطەفا.

٤- ئیسماعیل مەلا بەکر.

٥- محەمەد حاجی محەمەد ڕەحیم.

٦- محەمەد عەبدو ڕەحیم مەحمود.

٧- حاجی عەلی حسێن.

٨- فائق حاجی حەمە صاڵح

٩- ئەسکەندەر سان ئەحمەد.

ئەم خاوەن باخانە لە ڕۆژی ٣٠/ تەموز /١٩٦٤ بریاریان لەسەری دا.

والسلام

سه رچاوەی ئاوی باخەکانی چەمی دزاوەر:

ئاوی ئەم باخانە سەرچاوەکەی هەر دوو چەمی هامنۆ و مەرە - چەمی هامنۆ لە ڕۆژهەلاتی دزاوەرەوەیە تا دێتە خوار دێی دزاوەر. هەرکانی دێتە سەر. چەمی مەریش کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای دێی دزاوەرەوە هەر لەسەرەوەتا دێتە خوار، کانی دێتە سەر، هەردوکیان لە خوار ئاوایی، یەکەوە لەسەر سنوری (تەوێڵە - عێراق) و (دزاوەر - ئێران) دا یەك دەگرنەوە و دەبنەیەك چەم، لەخاکی تەوێڵەدا. ئیتر لەوێوە تا دێتە ناوەراستی بازاڕی تەوێڵە هەم کانی دێتە سەر هەم جۆگەی لێ هەڵدەبەستن بۆ باخەکان.

ئاوی ئەم چەمە لەزستان و بەرهاردا تەواو زۆرە و لافاوێکی زۆری لێ هەڵدەستێ. لەبەردەم مزگەوتی گەورەی تەوێڵە دا لەگەڵ چەمی ئاوێسەردا یەك دەگرنەوە و دەبنەوە بەیەك چەم و بەناو بازاڕی تەوێڵەدا بەرە و خوار بۆ لای خانەقا و گەریات دەڕوات.

نۆباوی باخەکانی چەمی دزاوەر:

ئاوی ئەم چەمەش لیژنەی تایبەتی ،بۆ تەرتیب کراوەو،ئاوە کە بە ڕێکو پێکی دابەش کراوە،دۆکۆمێنتەکەوەك لەدواتردا باس کراوە.

لەمانگی ڕەبیعی یەکەم ،ساڵی(١٣٤٦ ك)، بەرامبەر بە ساڵی(١٩٢٧ ن)،بە دەستنوسی میرزا ئۆلقادری تەوێڵەیی بووە، بەزمانی فارسی نوسراوەتەوەو، لەلایەن بەڕێز. حاجی اللەکەرەم حاجیتۆفیق . وە،وەرگیراوەو پارێزگاری کراوە، لە(٢٥/ ٧ /٢٠٠٠) بەڕێز: مامۆستا محەمەد عەبدوڕەحیم مەحمود. لەفارسییەوە وەری گێڕاوەتە کوردیو بەڕێنوسی کوردی، ئەم سەردەمە نوسیویەتیەوەو، لەدەفتەرێکدا پارێزراوە.

ئێمەش، کاتێك زانیمان،ئەم نوسراوە لای کێیە، لەشەوی (٢٠٠٢/١٢/١٦)، چوینە خزمەتی بەڕێزو کەسایەتی ناسراوی تەوێڵە. حاجی اللەکەرەم . سەرەڕای وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێك لە سەرتەوێڵەو خەڵکەکەی، ئەم دەفتەرو نوسراوەکۆنەی کەباسی ئەم نۆباوانەی چەمی دزاوەردەکەن داینێ و ئێمەش وەك،پێویست سودمان لێوەرگرت و والێرەدا بڵاوی دەکەینەوە.زۆر سوپاس و ڕێزمان هەیە بۆ جەنابی حاجیاللەکەرەم بۆئەوهاوکاری کردن و هاندانەی کەبۆئەم کارە کردی لەگەڵماندا،نمونەیان زیاتربێت.

وێنەی نوسخە ئەصلیەکەی نۆباوی چەمی دزاوەر

ئەوەی شایەنی باس بێت لێرەدا ئەمەی خوارەوەیە:

ـ دەقەفارسی یەکەی چەند وشەیەکی دڕاوە ناخوێنرێتەوە، بەڵام لەڕستەکەدا ماناکەی دەردەکەوێت.

ـ کوردی یەکەی مامۆستا محەمەدمان وەك، سەرچاوەیەك سود لێ وەرگرت نەك هەر وەك،خۆی نقڵی بکەین.بێگومان ئەمەش لەبەرئەوە بوو کەسەرچاوە ئەصلی یە فارسی یەکە مان لەلا بوو، وە وامان بەباش زانی.

ماموٚستا محەمەد عەبدوڕەحیم، لەپێشەکی یەکەیدا دەڵێت: ئەم دابەشکردنەی ئاوی چەمی دزاوەر، کەنوسراوەتەوە، بەدەست نوسێکی زوٚر پیروٚز وەبە زمانی فارسی، وەلەبەر ئەوە ئەوکاغەزە کوٚن بووبوو،بەپێویستمان زانی کە جارێکی تر بنوسرێتەوە، لەسەر لاپەڕەو وەرەقی تازە،بوٚئەوەی کەڵکی لیٚ وەربگیرێت، لەچەند ساڵیکی تری داهاتوو دا، وەبەهیچ گوٚڕینێك وەهەر وەکو خوٚی بەکوردی داڕێژرایەوە.

ئەم نوسراوەکەدابەشکردنی ئاوی چەمی دزاوەرە، لای برای دڵسوٚز- حاجی اللەکەرەم حاجیتوٚفیق - بوو، وەبەئەمانەت پارێزگاری کردبوو،وێنەی هەرزوٚربێت.

من کە(محەمەدعەبدوڕەحیم مەحمود)ئەودەستنوسە فارسیەم وەرگێڕاوە، بەزمانی کوردی، ئەم ئیشە وەئەم وەرگێڕانە بەئەرکێکی زوٚر پیروٚزم زانی و خستمە سەر ئەستوٚی خوٚم ، چونکە بەپێویستم زانی هەتاوەکو،خەڵکی تەوێڵەی بەشەرەف بەتایبەتی خاوەن باخەکانی چەمی دزاوەر،سود و کەڵکی لیٚ وەربگرن، لەپاشەڕوٚژی دوایدا. ئیتر ئومێدەوارم کە جێگای ڕەزامەندی هەموان بێت.

والسلام علیکم

دڵسوٚزی هەموان

محەمەد عەبدوڕەحیم مەحمود تەوێڵەیی

(٢٢-٢٥/٧/٢٠٠٠)

ئەمەی خوارەوە پێشەکی دەقی فارسی یەکەیە بەکوردی:

بسم اللەالرحمن الرحیم

بەئامادە بوونی خاوەن باخەکانی چەمی دزاوەر،لە تەوێڵەوەبەشاهدی و بەخەتی میرزا عەبدولقادر محەمەد یوسف،ئەمەیخوارەوە نوسراوە:

بەنیازی ڕەزامەندی خوا، لەساڵی (١٣٤٦ك)یەك هەزار و سیٚ سەدوچل وشەشیکوٚچی ،مانگی ڕەبیعی مەولود ، بەپیٚی فەرمانی جەنابی قادربەگ - شعاع الممالك - بەمەبەستی ئاسایشی میللەت و لابردنی ناکوٚکی، وە بەسەرپەرشتی جەنابی عەبدولغەفاربەگ فەرماندەی چەنگ، وەکوٚمەڵێك لەخاوەن خبرە، ئاوی چەمی دزاوەر دابەشکرا، لەنێوان خاوەن باخەکانیتەوێڵەدا.

چەند شەوانە و ڕۆژ، زەحمەتمان کێشاوە،وەك لەخوارەوە دەردەکەوێ، هەموولا هەقی دراوەتێ، بەبێلادان و مەیلدان بەلایەك دا، ئاوە کە دابەشکراوەو هەر باخێ بەئەندازەی خۆی، بەش ونۆبەو ڕۆژو سەعاتی خۆی، بۆ دیاری کراوەو ڕازی بووە پێی.دوای ئەمەهەر کەسێك سەر پێچی بکات،لەم دابەشکردنەو، ڕازی نەبێت پێی، ئەوە بەر لەعنەتی هەمیشەیی خوایی بکەوێت و، وەدەشکەوێتە بەر لۆمەوتانەی خەڵکیو، وە دەشکەوێتە بەر سزای سیاسەتی حکومەتی وەختەوە.

جۆگەی یەکەم:

ئەم جۆگە بەسەرجۆ بەناوبانگە،کەدەکەوێتەژێر ڕێگەیدزاوەرەوە،بەم جۆرەش ئاوەکە دابەشکراوە بەسەر باخەکان دا: -

١-باخی حەملەخانم: -

سەرلە بەیانی ڕۆژی شەممە(طلوعی فەجر)تایەك سەعات ونیو لەدەستە بڕوات، کەبریتی‌یە: لە سێ‌سەعات و نیو،هەقی نۆباویحەملە.

٢-دووبارەباخی حەملەو حاجیعەزیزو بابالەی حەملە: -

ڕۆژیشەممەدوایسەعات یەك ونیو،دوو سەعات ونیو،هەقی ئەو سێ پارچە باخەیە، واتە: تادەبێتە سەعات چوار.

٣-باخی سەلیمەکەڕەوباخی بابالەی‌یوسف: -

ڕۆژی شەممەلەسەعات چواری سەر لەبەیانی،هەتاوەکووسەعات شەش، کەبریتی یەلەدوو سەعات ماوەکەی،هەقیئەودوو پارچەیەیە بەیەکەوە.

٤-حەسەن اللەکەرەم: -

ڕۆژی شەممەلەسەعات،شەشەوە،تا سەعات نۆ،کەبریتی‌یە: لە سێ سەعات، نۆبە ئاوی ئەوباخەیە.

٥-باخی ئیمام حەمە سور،وە باخی منالآنی سێلە خالد: -

ڕۆژی شەممەلە سەعات نۆوە،تا سەعات یانزەونیو ،کەبریتی‌یە: لەدوو سەعات و نیو هەقیئەوان.

٦-دووبارە باخی حەسەن اللەکەرەم،وە باخی ئەحمەدەگوشی،وە باخی قالە کەڕ، وەباخی نالەی صاڵحە: -

لەسەعات یانزەو نیوڕۆژی شەممە،هەتا سەعات دوو ونیویشەوی یەك شەممە، نۆبەئاوی ئەوباخانەیە،کەهەمووی بریتی‌یە: لەسێ‌سەعات.

٧- دوو بارە باخی حەسەن اللەکەرەم و منالآنی سێلە: -

شەوی‌یەك شەممە،لەسەعات دوو ونیو،تاوەکوسەعات پێنج کەبریتی‌یە: لەدوو سەعات ونیو،هەقی‌نۆباوی ئەوان.

٨ ـ باخی‌عەبەکوری میرزا: ـ

شەوی‌یەك شەممە،سەعات پێنج تاسەعات حەوت ونیو،کەبریتی‌یە: لەدوو سەعات ونیو هەقی‌ئەو.

٩ـ باخی عەبدولحەمید خەجیٚ: ـ

شەوی‌یەك شەممە،سەعات حەوت و نیو،تا سەعات دەونیو،کەبریتی‌یە: لە سیٚ سەعاتی تەواو، هەقی نۆباوی‌ئەوان.

١٠ـ باخی ڕەشەی ڕەعنا: ـ

شەوی‌یەك شەممە،لەسەعات دەونیوتاوەکو،سەعات یەك لەڕۆژی یەك شەممە، کەبریتی‌یە: لەدووسەعات و نیو هەقی ئەو.

١١ـ باخی حەمەصاڵح کوڕی محەمەد صاڵح: ـ

ڕۆژی یەك شەممە لە سەعات یەك،هەتا سەعات سیٚ ونیو،کەبریتی‌یە: لەدوو سەعات ونیو، نۆبە ئاوی‌ئەو باخەیە.

١٢ـ باخی ئەحمەدی‌ئایشە: ـ

ڕۆژی‌یەك شەممەلە سەعات سیٚ‌ونیو،تاوەکوسەعات هەشت و نیو، کەبریتی‌یە: لەپێنج سەعات هەقی نۆبەئاوی ئەوە.

١٣ـ باخی‌محەمەد ئەمین قادروباخی مزگەوت: ـ

ڕۆژی‌یەك شەممە سەعات هەشت ونیو،تاسەعات دەو نیو، کەبریتی‌یە: لەدووسەعات، نۆبە ئاوی ئەوانە.

١٤ـ دووبارە،باخی حەسەن اللەکەرەم: ـ

ڕۆژی یەك شەممەلە سەعات دەونیو،هەتا وەکونیوسەعات لەشەوی دووشەممە بڕوات، کەبریتی‌یە: لەدوو سەعات نۆبە ئاوی ئەوە.

١٥ـ باخی مەلا عەبدولحەمید: ـ

شەوی دووشەممە نیوو سەعات لەدەستەبڕوات هەتاوەکو،سەعات دوو و نیو کەبریتی‌یە: لەدووسەعاتی‌تەواو، هەقی ئەو.

١٦ـ باخی‌عومەری‌مەولود: ـ

شەوی دوو شەممە لەسەعات دوونیو،هەتاوەکوسەعات یانزەونیو، کەبریتی‌یە: لە نۆسەعات هەقی نۆبەئاوی ئەو.

١٧ـ باخی خواجەئەحمەد لەگەڵ باخی عومەر کەهاویەکن: ـ

شەوی دووشەممەلەسەعات یانزەو نیو،هەتاوەکوسەعات حەوت و نیوی ڕۆژی سیٚ شەممەکەبریتی‌یە: لەهەشت سەعات هەقی نۆبەئاوی ئەوان.

١٨- باخی قالەوەلی و باخی سەعە: -

لەسەعات حەوت ونیوی ڕۆژی‌سیٚ شەممەوە تا سەعات یانزە کەبریتی‌یە: لە سیٚ سەعات و نیو، هەقی‌ئەوان.

١٩- باخی حاجی محەمەد کەریم: -

ڕۆژی سیٚ شەممە سەعات یانزە، هەتاوەکو سەعات چواری شەوی سیٚ شەممە، کەبریتی‌یە: لەپێنج سەعات هەقی ئەو.

٢٠- باخی یوسف محەمەدسەعید: -

شەوی سیٚ شەممە سەعات چوار،هەتاوەکو سەعات شەش ونیو، کەبریتی‌یە: لەدووسەعات و نیو ،هەقی‌نۆبەئاوی ئەوە.

٢١- دووبارە باخی قالەوەلی: -

شەوی‌سیٚ‌شەممە سەعات شەش و نیو، هەتاوەکو سەعات هەشت ونیو، کەبریتی‌یە: لەدووسەعات هەقی ئەو.

٢٢- باخی حاجی نادر: -

شەوی سیٚ شەممە سەعات هەشت ونیو، هەتاوەکو سەعات دوو ونیو لەڕۆژی سیٚ شەممە بڕوات، کەبریتی‌یە: لەشەش سەعات، هەقی نۆبەئاوی ئەو.

٢٣- باخی کوڕانی قادر یوسف: -

ڕۆژی سیٚ شەممە سەعات دوو نیو، هەتاوەکو سەعات شەش، کەبریتی‌یە: لەسیٚ سەعات و نیو هەقی نۆبەئاوی ئەوان.

٢٤- باخی حەمە حەسەن سورلە: -

ڕۆژی سیٚ شەممە سەعات شەش، هەتاوەکو سەعات نۆ، کەبریتی‌یە: لەسیٚ سەعات هەقی نۆبە ئاوی ئەو.

٢٥- باخی سانەی مەحمود ئاغا و کوڕی فەریح: -

ڕۆژی سیٚ شەممەسەعات نۆ، هەتاوەکو ڕۆژ ئاوا(غروب) - واتە سەعات دوانزەی ئێوارە - کەبریتی‌یە: لە سیٚ سەعات نۆبەئاوی ئەوان.

٢٦- باخی مەلا محەمەد ئەمین کوڕی وەستا قادر: -

شەوی چوارشەممە سەعات دوانزەی ئێوارە، هەتا وەکو سەعات دوو و نیو شەوی چوارشەممە، کەبریتی‌یە: لە دوو سەعات و نیو،هەقی نۆبەئاوی ئەوە.

٢٧- دووبارە باخی سانەی مەحمود ئاغا: -
شەوی چوار شەممە سەعات دوو و نیو لە دەستەبڕوات،هەتاوەکو سەعات هەشت و نیو،کەبریتی‌یە: لەشەش سەعات،هەقی‌نۆبەئاوی‌ئەوە.
٢٨- باخی مستەفای کوڕی مەحمود: -
لەسەعات هەشت و نیوی شەوی چوارشەممە،هەتاوەکوسەعات دەو نیوی هەمان شەوی چوارشەممە ،کەبریتی‌یە: لە دوو سەعات هەقی نۆبەئاوی ئەوە.
٢٩- باخی بابالەی محەمەد: -
شەوی چوارشەممە لەسەعات دەو نیو هەتاوەکو سەعات دوو،ڕۆژی چوارشەممە، کەبریتی‌یە: لەسێ سەعات و نیو هەقی نۆبەئاوی ئەو.
٣٠- باخی حەملەی قاسم ئاغا: -
ڕۆژی چوار شەممە سەعات دوو، هەتاوەکو سەعات هەشتی هەمان ڕۆژ، کەبریتی‌یە: لە شەش سەعات هەقی نۆبەئاوی ئەوە.
٣١- باخی فەرەج خاڵە: -
ڕۆژی چوار شەممە سەعات هەشت، هەتاوەکو سەعات دوو نیو لەشەوی پێنج شەممە بڕوات، کەبریتی‌یە: لەشەش سەعات و نیو، هەقی ئەوە. پاشماوەی ئاویش - کەقنگاوی پێ دەوترێت - هی ئەوە.

*   *   *

جۆگەی دووەم: -
جۆگەی دووەم، کەبەجۆگەی (نسار)بەناوبانگەو،کەوتوەتەبەرامبەرجۆگەی (سەرجۆ)، ئاوەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش کراوە، بەسەرباخەکاندا: -
١- دووبارە،باخی حەملەی خانم: -
شەوی پێنج شەممە سەعات دوو نیو ،هەتاوەکو سەعات پێنج، کەبریتی‌یە: لەدوو سەعات و نیو،لەگەڵ پارچە باخێکی کەڕە،هەقی نۆبە ئاوی ئەوانە.
٢- دووبارە،باخی حەسەن اللەکەرەم: -
شەوی پێنج شەممە، سەعات پێنج،هەتاوەکوسەعات هەشت هەقی ئەوە، و لەسەعات هەش هەتاوەکو سەعات هەشت و نیو،هەقی بابالەو کەڕەو مزگەوتە. حەسەن سێ سەعاتەو بابالە و کەڕە و مزگەوت نیوسەعات.
٣- باخی مەحمود ئەورەحیم: -

شەوی پێنج شەممە سەعات هەشت ونیو تاوەکو سەعات یانزەو نیو هەقی ئەوە، کەبریتی‌یە: لەسێ سەعات،وەلەیانزەو نیوەوە تاوەکو نیوسەعات لەڕۆژی پێنج شەممە بڕوات کەبریتی‌یە: لە یەك سەعات هەقی نۆبەئاوی مزگەوتە.

٤ـ باخی قالەی حەمە عەزیز: -

لەنیو سەعات ڕۆژی پێنج شەممەوە ـ واتە لەسەعات دوانزەو نیوی پاش نیوەڕۆیی ڕۆژی پێنج شەممەو ـ تاوەکو سەعات چوارو نیوی پاش نیوەڕۆ کەبریتی‌یە: لەچوار سەعات هەقی ئەو.

٥ـ باخی ڕەشەی ڕەعنا: -

ڕۆژی پێنج شەممە لە سەعات چوارو نیوەوە هەتاوەکو سەعات هەشت و نیو، کەبریتی‌یە: چوار سەعات هەقی ئەو.

٦ـ باخی سەعەی ڕەحمان خولە: -

ڕۆژی پێنج شەممە سەعات هەشت و نیو هەتاوەکو سەعات چوارو نیوی شەوی هەینی کەبریتی‌یە: لە هەشت سەعات هەقی ئەو.

٧ـ دووبارە،باخی بابالەی یوسف: -

شەوی هەینی لە سەعات چوارو نیوەوە هەتاوەکو سەعات دە،کەبریتی‌یە: لەپێنج سەعات و نیو،پاشماوەی ئاویش هەقی ئەوە.

* لە سەعات دەی شەوی هەینی،هەتاوەکو سەعات دەی شەوی شەممە کە (بیست و چوار سەعات دەکات) نۆبەئاوی باخەکانی دزاوەرە. واتە:

* ڕۆژی هەینی ئاوی جۆگەی نسار ئەبڕێ و ئەدرێ بە باخەکانی دزاوەر، پاش تەواو بوونی نۆبە ئاوی ئەو باخانەی دزاوەر ئەم ئاوی جۆگەی نسارە دەست پێ دەکاتەوە.

٨ـ باخی حاجی محەمەد کەریم: -

لە سەعات دەی شەوی شەممەوە تاوەکو سەعات یەك و نیوی ڕۆژی شەممە کەبریتی‌یە: لە سێ سەعات و نیو هەقی نۆبە ئاوی ئەو.

٩ـ دووبارە،باخی حەمە حەسەن سورلە: -

ڕۆژی شەممە لە سەعات یەك و نیو هەتاوەکو سەعات چواری ڕۆژی شەممە کەبریتی‌یە: لە دوو سەعات و نیو هەقی نۆبە ئاوی ئەو.

١٠ـ باخی حەمە عەلیە کوڵە: -

ڕۆژی شەممە لە سەعات چوارەوە هەتاوەکو سەعات شەش کەبریتی‌یە: لەدوو سەعات هەقی ئەو.

١١- باخی سەعەی شاپیێ و کوڕەکانی عومەرە سوورلە: -
ڕۆژی شەممە سەعات شەش،هەتاوەکو سەعات هەشت کەبریتی‌یە: لە دوو سەعات، هەقی نۆبە ئاوی ئەوانە.
١٢- باخی محەمەد ئەمین دەوڵەتیار: -
لە سەعات هەشت ڕۆژی شەممە وە،هەتاوەکو سەعات یانزەی شەوی یەك شەممە، کەبریتی‌یە: لەپانزە سەعات هەقی نۆبە ئاوی ئەو.
١٣- باخی تۆفیق ئەمینە: -
لەسەعات یانزەی شەوی یەك شەممە هەتاوەکو سەعات یەك و نیوی ڕۆژی یەك شەممە بڕوات هەقی نۆبە ئاوی ئەوە،کەبریتی‌یە: لە دووسەعات و نیو.
١٤- باخی کوڕانی حاجیلە: -
لەسەعات یەك و نیو ڕۆژی یەك شەممە،هەتاوەکو سەعات نۆ کەبریتی‌یە: لەحەوت سەعات و نیو هەقی نۆبە ئاوی ئەوان.
١٥- دووبارە،باخی حەمە سەعیدی شاپیێ: -
ڕۆژی یەك شەممە لە سەعات نۆوە هەتاوەکو یەکی شەوی دوو شەممە کەبریتی‌یە: لەچوار سەعات هەقی نۆبە ئاوی ئەو.
١٦- باخی ڕەسوڵی وەیسی: -
لە سەعات یەکی شەوی دوو شەممە،هەتاوەکو سەعات پێنج کەبریتی‌یە: لەچوار سەعات،هەقی نۆبە ئاوی ئەو.
١٧- باخی مچە ڕەشڵە: -
شەوی دوو شەممە لە سەعات پێنج هەتاوەکو سەعات دووی ڕۆژی دوو شەممە بڕوات نۆبە ئاوی ئەوە،کەبریتی‌یە: لە نۆ سەعات.
١٨- باخی مەلا محەمەد و قالە مینالە: -
لە ڕۆژی دوو شەممەوە کە دوو سەعات تێپەڕ بووە،هەتاوەکو سەعات پێنج نۆبەی ئاوی ئەوانە،کەبریتی‌یە: لە سێ سەعات.
١٩- دووبارە،باخی حەمە عەلیە کوڵە: -
ڕۆژی دوو شەممە لە سەعات پێنجەوە،هەتاوەکو سەعات نۆ،هەقی نۆبە ئاوی ئەوە،کەبریتی‌یە: لە چوار سەعات.
٢٠- باخی بابالەی یوسف: -
ڕۆژی دوو شەممە،سەعات نۆ،هەتاوەکو سەعات هەشت و نیوی شەوی سێ شەممە، کەبریتی‌یە: لە یانزە سەعات و نیو،وە پاش ماوەی

ئاویش هەقی ئەوە.

٢١- باخی حەمە حسێن لە ژێر جۆگەی تەختەوەیە: -

لە سەعات هەشت و نیوی شەوی سێ شەممەوە هەتاوەکو سەعات یانزەی شەو،کەبریتی‌یە: لە دوو سەعات و نیو هەقی نۆبە ئاوی ئەو.

٢٢- دووبارە، باخی سەعەی ڕەحمان: -

لە سەعات یانزەی شەوی سێ شەممەوە،هەتاوەکو نیو سەعات لە ڕۆژی سێ شەممە بڕوات،کەبریتی‌یە: لە یەك سەعات و نیو هەقی نۆ بە ئاوی ئەو.

٢٣- دووبارە،باخی مەلا عەبدولحەمید: -

ڕۆژی سێ شەممە لە سەعات نیو،هەتاوەکو سەعات سێ هەقی نۆبە ئاوی ئەوە،کەبریتی‌یە: لە دوو سەعات و نیو.

٢٤- دووبارە،باخی حاجی حەمە کەریم و مستەفا موئمن و قالە وەلی: -

ڕۆژی سێ شەممە سەعات سێ هەتاوەکو سەعات هەشت و نیو، کەبریتی‌یە: لە پێنج سەعات و نیو هەقی نۆبە ئاوی ئەوان.

٢٥- دووبارە،باخی حاجی نادر: -

ڕۆژی سێ شەممە سەعات هەشت و نیو، هەتاوەکو ڕۆژئاوا (غروب) – واتە سەعات دوانزە – هەقی نۆبە ئاوی ئەوە کەبریتی‌یە: لەسێ سەعات و نیو.

٢٦- باخی محەمەد ئەمین زێبا: -

لە سەرەتای شەوی چوار شەممەوە- واتە لە سەعات دوانزە وە – هەتاوەکو سەعات نۆ، لە شەوی چوار شەممە بڕوات، هەقی نۆبە ئاوی ئەوە کەبریتی‌یە: لە نۆ سەعات.

٢٧- باخی کوڕانی حاجی عەزیز: -

لە شەوی چوار شەممە شەعات نۆ،هەتاوەکو سەعات دە، کەبریتی‌یە: لە یەك سەعات هەقی نۆبە ئاوی ئەوە.

٢٨- باخی حەمەی مۆکل: -

لە شەوی چوار شەممەوە سەعات دە،هەتاوەکو سەعات یەکی ڕۆژی چوارشەممە، کەبریتی‌یە: لە سێ سەعات هەقی نۆبە ئاوی ئەو.

٢٩- باخی یارەی مەحمود ئاغا: -

ڕۆژی چوارشەممە سەعات یەك، هەتاوەکو سەعات دووکە یەك سەعات دەکات ،هەقی نۆبە ئاویەتی.

٣٠- باخی قالە میناڵە: -

ڕۆژی چوارشەممە سەعات دوو،هەتاوەکو سەعات حەوت ،کەبریتی‌یە: لە پێنج سەعات هەقی نۆبە ئاوی ئەوە.

٣١- دووبارە،باخی حەملی قاسم ئاغا: -

ڕۆژی چوارشەممە لە سەعات حەوت،هەتاوەکو سەعات دە،کەبریتی‌یە: لە سیٚ سەعات هەقی نۆبە ئاوی ئەو.

٣٢- دووبارە،باخی قالەی حەمە عەزیز: -

ڕۆژی چوارشەممە سەعات دە،هەتاوەکو سەعات یەکی شەوی پێنج شەممە کەبریتی‌یە: لە سیٚ سەعات هەقی نۆباوەکەی.

٣٣- باخی حاجی عەزیز: -

شەوی پێنج شەممە لەسەعات یەکەوە، هەتاوەکو سەعات هەشت، کەبریتی‌یە: لە حەوت سەعات هەقی نۆبە ئاوی ئەو.

٣٤- باخی مزگەوت و کوێخا حەمە ئەمین و مەحمودی ئەوڕەحیم: -

لەسەعات هەشتی شەوی پێنج شەممە،هەتاوەکو سەعات دەو نیو، کە بریتی‌یە: لەدووسەعات و نیو،هەقی نۆبەئاوی ئەوانە،پاشماوەی ئاویشیان هەیە.

٣٥- باخی عوٚدەی هۆمەرە: .

لەسەعات دە و نیوی شەوی پێنج شەممە،هەتاوەکو سەعات دوو نیوی ڕۆژی پێنج شەممە،کەبریتی‌یە: لە چوار سەعات هەقی نۆبە ئاوی‌ئەو.

٣٦- باخی کوڕانی قادری یوسف: -

لەسەعات دوو نیوی ڕۆژی پێنج شەممە،هەتاوەکو سەعات شەش و نیو، هەقی نۆبە ئاوی ئەوانە،کەبریتی‌یە: لە چوارسەعات.

٣٧- باخی عەبولەی بایەزید: -

ڕۆژی پێنج شەممە لەسەعات شەش و نیو، هەتاوەکو سەعات دە، کەبریتی‌یە: لەسیٚسەعات و نیو هەقی نۆبە ئاوی ئەو.

٣٨- باخی توٚفیقی ئەمینە: -

لەسەعات دەی ڕۆژی پێنج شەممە،هەتاوەکو سەعات دەی شەوی هەینی، کەبریتی‌یە: لەدوانزە سەعات لەگەڵ پاشماوەی ئاویشدا.

((بەم شێوە ئاوی چەمی دزاوەر بڕیاری دابەشکردنی دراوە))

((لعن الله علی من غیرها ولم یرضی بها))

((ڕۆژ ی پێنج شەممە ساڵی ١٣٤٦.ك))

((المحرر- عبدالله......))

((موٚری عەبدوالله ئاغای لیٚ دراوە))

ئەمە ئەو دەستخەتە ئەصلیەیە کەوەختی خۆی لەسەردەمی قادر بەگ دا نوسراوەتەوەو لیژنەکە ئیمزاو مۆریان کردووە بۆ دابەشکردنی ئاوی چەمی دزاوەر



ئەمەبەپێی زانیاری ولەسەر فەرمانی خاوەنی کار، وەبەمەبەستی ئاسایشی میللەت و، لابردنی ناکۆکی. چەند شەوانەو ڕۆژ، زەحمەتمان کێشاوە، تاوەکو ئەم ئاوەمان دابەش کردوو، بەبێ ناڕێکی و مەیلدان. وەهەر باخێك بەئەندازەی خۆی نۆبە ئاوی بۆدیاری کراوە، چەند زەحمەتمان کێشاوە چەند ماندویمان چەشتووە ئومێدەوارین لەهەق تەعالا پاداشتی باشمان بداتەوە، هەر ئەم دابەشکردنە بەم شێوەیە بمێنێتەوە.

ئیمزای عەبدولغەفاربەگ
ئەمیری جەنگ

بۆئاگاداری و زانین:

لەلای چەپی ئەم نوسراوە ئەصلیەی فارسییەوە، چەند کەسایەتییەکی ناسراوی خەڵکی تەوێڵە ناویان نوسراوە وشاهدن و ئیمزایان کردووە و هەندێکیشیان مۆری ڕەسمی خۆیان بووەو لێیانداوە کەئەمانەی خوارەوەن:

- محەمەد سەعید ڕەحمان (ئیمزای کردووە)
- ئەحمەد مەولود (ئیمزای کردووە)
- باباڵە یوسف (ئیمزای کردووە)
- عومەرمتەوەلی (ئیمزای کردووە)
- عەلی یە ڕەش (ئیمزای کردووە)
- عەبولەیعومەر (ئیمزای کردووە)
- عومەر مەولود (ئیمزای کردووە)
- محەمەد ئەمین عەطار (ئیمزای کردووە)
- محەمەد ئەمین مەجە (ئیمزای کردووە)
- عەبدولعەزیز عەلی (ئیمزای کردووە)
- تۆفیق ئەمینە (ئیمزای کردووە)
- حەمەکەریم قادر (مۆری لێ داوە)
- حەبیب الله سەعیدئاغا (مۆری لێ داوە)
- صانەی ئەحمەد مەحمود ئاغا (مۆری لێداوە)
- حەسەن اللەکەرەم (مۆری لێ داوە)
- قادر حەمەعەزیز (مۆری لێ داوە)
- ڕۆستەم مەولود (مۆری لێ داوە)

- حاجی نادر (مۆری لێ داوە)
- صادق مصطفی (ئیمزای کردووە)
- کوێخا محەمەد ئەمین (ئیمزای کردووە)
- حەمل قاسم ئاغا (مۆری لێ داوە)
- فەرەج حەمەحسێن (مۆری لێ داووە)
- حەمەباقی غەفور (ئیمزای کردووە)

جگە لەم بیست و سێ کەسە، میرزا عەبدولقادر هەر لەسەرەتاوەو عەبدوالله ئاغا و عەبدولغەفاربەگ ـ لەکۆتایی یەکەدا مۆرو ئیمزایان کردووە.

سەرچاوەی ئاوی باخەکانی چەمی خوارەوە:

هەردوو چەمی ئاوێسەر و دزاوەر یەك دەگرنەوە و چەمی خوارەوە پێك دەهێنن و ئاوی ئاوە ڕۆیی هەموو تەوێڵە . بەماڵەکان و مزگەوت و خانەقا و کانیەکانی ناو بازاڕەوە ـ دێتەوە سەر ئەم چەمە.

هەر لەناو بازاری تەوێڵەدا جۆگەیەکی گەورە لەسەر ئەم چەمە، هەڵ دەکرێت کە پیێ دەڵێن ـ شاجۆ ـ ئەم جۆگەیە دەچێتەوە بۆ باخەکانی شۆشمێ لە ئێران. ئەو باخانەی تەوێڵە دەکەونە سەر ئەم جۆگەیە سودی لێ وەردەگرن[٣٣].

هەر لە بەرامبەر خانەقاشەوە جۆگەیەك هەیە کە بە جۆگەی صۆفی[٣٤] بەناوبانگە ئەو باخانەی بەردەم باباسەرهەنگ و ڕۆژئاوای گەریات سودی لێ وەردەگرن.

ئەم چەمە لەتەوێڵەوە دێت بۆ خوار سۆسەکان و، لەوێ دێتەوە سەرچەمی هاوار، دواتر دەرژێتەوە سەرئاوی دەربەندیخان، ئیتر هەم جۆگەی لێ هەڵ دەکەن هەم کانی زۆری دێتەوە سەر.

باخەکانی چەمی خوارەوە هەموو سود لەم ئاوی چەمە وەردەگرن و، کێشەی ئاویان نیە، چونکە ئاوەکە بەشیان دەکات. ئەمیش هەر نۆباوە،جۆگەیەکی زۆری لێ دەبێتەوە.

گژوگیا و جۆرەکانی:

مەبەست لەوگژوگیایەیە کە خۆرسك و خواکردە و لەناوچەی تەوێڵەدا هەیە جا ئەم گژوگیایە لە ڕووی سودەکانیەوە دەکرێ بەچوار جۆرەوە:

١ـ ئەوگژوگیایەی کە بۆ خواردن بەکاردێن وەك:

سەیرارا. گیایەکی کوێستانەکانە و گەڵای هەیە و گوڵێکی زەرد دەکات لە زۆر شوێنی تەوێڵەدا هەیە بەتایبەت لەناوباخ و شاخەکاندا دەکوڵێنرێت و پاشان لەناو هێلکە و ڕۆندا سوور دەکرێتەوە.

گەپڵە- جۆرە گیایەکی بەهارانە. لەدوای تواندنەوەی بەفر دەردێت گوڵی بچوك و سوور و زەردی هەیە. زیاتر لەتەوەنە و دەرەتاریك دا هەیە. ئەمیش هەروەك سەیرارا دەخورێت، کاکڵە گوێزیشی بۆ بەکار دەهێنن.

کنگر، گۆزروانە، ملەگەویَ، گەرملە، پۆپکەڵەشێرە، دۆڵچیَ ،تۆڵەکە، گەزەتە، پەڵپینە، جگە لەکنگر لەسەر شاخەکاندا هەیە ئەوانی‌تر لەباخەکاندا هەن.

پسڵ و هاز و خوژە و سورەبنە، لەشاخەکاندا هەن نەك هەموو شوێنێك، هەموو لەگەڵ شۆربادا دەکرێنە چێشت.

پیچك و کنیوالَ، خەرتەلە، شانۆکڵە، (کوزەڵە= بەرگەرمیَ)، (پونگە= پوینە) ئەمانە سەوزەن بەکاڵی دەخورێن ،دوانەکەی پێشەوە،زیاتر لەشاخەکاندا هەن ئەوانی تر لەباخەکاندا هەن.

(هەزبیلە = هەزبیَ) لەشاخەکانی پشتی ئاوێسەرەوە هەیە بۆ ناو چێشت تامی خۆش دەکات.

شنگ و هاڵە کۆك و پیشۆك و سەرە گوڵاڵە و کرۆزرۆ و بەرەزا و (ڕێواس = ڕیواو) و(پۆڵکە = قلەرە) و(سێوی بن زەوی = گزەرك) و گاوا سپوك، هەموو بەکاڵی دەخورێن، جگە دوانەکەی دوایی لەباخەکاندا هەن ئەوانی تر بەشاخەکانەوە هەن.

هەروەها چەند گیایەکی تر لەم جۆرە هەن لەتەوێڵەدا.

ئالێرەدا هەقی خۆیەتی باس لە قارچکیش بکەین:

(هەلچی = قارچك) لەتەوێڵەدا زۆرە ئەوانەی کە دەخورێن و هەن بریتین لە: قارچکی (لۆ و کەما و تالیندۆس و گویز و توو و چنار و بی) لەهەر شوێنیَ ئەمانە بن ئەم جۆرە قارچکانەش هەن.

٢- ئەو جۆرەگیایەی کە بۆ جوانی و بۆنخۆشی بەکاردێت وەك:

چنور، شەوبۆ، بەرزەڵنگ، سورەهەلاڵە ،وەر کەمەر، ڕەیحانە کێویلە، وەنەوشە، گوڵاڵە هەنگانە، هەلاڵە برەم، گوڵاڵە سورە، قەرە قۆز.هەریەکێك لەمانە لەهەندیَ شوێنی تایبەتی‌دا هەن.

ـ سورە هەڵاڵە: لەکەمەری سێوە و دەرەتاریك و تەوەنە و بزازەرا و هەیات و دالآنی و کویلە دا هەن.
ـ چنور و شەوبۆ: لەبزازەرا و هەیات و دالآنی و کویلە و تەخت دا هەن.
ـ بەرزەڵنگ و وەرکەمەر: لەکەژی سپیو لوتکەکانی دالآنیو هەیاتدا هەن.
ـ رەیحانە کیوێلە: لە زۆر شوێن دا هەیە.
ـ وەنەوشە: لە کەنار جۆگەی باخەکاندا هەیە.
ـ هەڵاڵە برەم: لە دەرەتاریك و تەوەنەو دالآنیو هەیات و بزازەراو کویلەدا هەیە.
ـ گولاڵە سورە: لە زۆر شوێندا هەیە بەتایبەت تەوەنە.
ـ قەرە قۆز: لە زۆر شوێن دا هەیە زیاتر لە تەلانی باخەکان دا هەیە.
ئەم گیا بۆنخۆشانە دەکرێنە دیاری و خەڵکی بۆ یەکتری دەنێرن. لەهەموویان زیاتر جوان و بۆنخۆش بن، چنور و شەوبۆ و بەرزەڵنگ و سورە هەڵاڵە و وەنەوشەن.
بەهۆیجوانیو بۆنخۆشی ئەم گولاڵەوە زۆر شیعر وتراوە بەسەریاندا لەوانە:

مەولەوی دەڵێ:

مەشنیە چین چین، (چنورا) نەکاوان	تو خوا ماتەم بە هاژەی وە فراوان
(چنورا) نەکاوان، ئەونە بۆ،پەی چێش	هاژەی وەفراوان، ئەونەبۆ، پەی چێش

بێوەی دەڵێ:

(هەلاّلە برەمی) گەردەن بەرز	چاوانی برِیوەتە ئەرز
نەوەکو هەڵ کەوێ قاچی	(چنور و لۆا) بکەن ماچی

گۆران دەڵێ:

(وەنەوشە) ی بن درک خزاو	چاوی رەشی کردەوە دی
(نێرگز) ە جارِ، بەهەزار چاو	پێ ئەکەنێ زەرد و سپی

فاتح مەلا عەبدولکەریم دەڵێ:

(نێرگز) ی چاومەست،(وەنەوشە) ی بۆنخۆش
(هەلاّلە برمە) ی گریاوی سەرخۆش

لەشوێنێکیتردا دەڵێ:

عەتری (کەماولۆ) و، بۆی خۆشی (چنور)
رِێبواری شەکەت مەست ئەکا لەدوور

هەروەها لە (هەوارگەی‌شاعیرانی‌هەورامان)و (شیعری‌شاعیرانی‌تەوێڵە)لەم پەڕاوەدا، گەلێک هۆنراوەی تری‌لەم جۆرە هەیە.

لە فۆلکلۆریشدا هاتووە:

(سورە هەڵاڵە)و (شەوبۆ) و (بوژانە) جیاتی سەوقاتی تۆپەی من کیانە
(سورە هەڵاڵە) ! توچی سورەنی ؟! توچی پیسە و من ئازیز دوورەنی ؟!
(سورە هەڵاڵە) سەر گوڵش سورا واردەنش وەرواو هامساش (چنورا) !
(سورە هەڵاڵە) و پەشت و حەسارا بادانە گیر و پەی هەرزەکارا
(سورە هەڵاڵە) ! سوری پەل باریک ! دڵی غەریبان نەکەری تاریک
(سورە هەڵاڵە) ! کون (چنور) ی دیز ؟! کون هاژەی وەرواو بکنیۆ جەڕێز ؟!
(چنور) بەرئامان چاکاوە کاو ا پیقە و نەچیری هاژە و وەرواوا
(چنور) ە کەوشاهۆی هەر باخامە بوو دماو بالآکەیت وەسییەت نامە بوو
(چنور) و (شەوبۆ) قەلاّ و میدانی کەروش بەسەو قات پەی کاکە گیانی
(بەرزەڵنگ) بەرزا (وەرکەمەر) دانە وادەی ئامایما مەگرە بەهانە
(چنور) ویش سۆزا (بەرزەڵنگ) چەرمە (ڕێحان) لول واردە، لەو خاڵۆ دەمە
(وەنەوشە) م چنی، تەپم دانەکۆ شەوگارم شەق کەرد نەیاوانی تۆ
واڵی و براڵی ملادەرەرە چنا (وەنەوشە) کەراسینەرە

٣ـ ئەو گژوگیایەی بۆ دەرمان بەکاردێت:

لە ناو کوردستان دا حەکیمەکانی کوردستان سوودی زۆریان وەرگرتووە لەو ڕووەك و گیایانەی کەهەن، بەتایبەت شێخەکانی هەورامان دەستێکی بالآیان هەبووە لەم بەرکارهێنانەدا، وەك: لە کتێبی گژوگیا و ئاژەڵ ـ میرزا صدیق ئەحمەد چنگیانی، ناوی گیاکان و ،بۆچی باشە و، لەکوێش دا هەن،باس یان دەکات:

جا لەوگیایانەش لەتەوێڵەدا هەن زۆرن، لەوانە:

قەیتەران: لەنزیك چەم و بەتایبەت بەنگا (تاڤگەی بچوك) کانەوە هەیە. بۆ گورچیلە و زۆر نەخۆشی بەرکاردێت.

گوڵە هێرۆ: لە زۆر شوێنی تەوێڵەدا هەیە، بۆ نەخۆشیەکانی سنگ باشە.

گوڵە فەقێ (گوڵە حاجیانە): لەتەوێڵەدا هەیە بۆ زۆرێك لەنەخۆشیەکانی گەدە باشە.

بەڕەزا: بەکەمەرەکانەوە هەیە، زیاتر لەپشتی شاخەکانی ئاوێسەرەوە. دەکوڵێنرێ و ئاوەکەی بۆ بەردی گورچیلە و شتی تر باشە.
سەرەڕای ئەوەش بەکاڵی دەخورێ.
گەزەنە: لەباخەکاندا زۆر هەیە بۆ ڕۆماتیزم و نەخۆشیەکانی پێست باشە.
سەلکی ڕەگی هاڵە کۆك: لە زوربەی شوێنەکانی تەوێڵەدا هەیە، بەکاڵی گەڵاکانی دەخورێت، ڕەگەکانی سەلکیان هەیە دەکوڵێنرێت بۆ نەخۆشی.
شاتەرە: لە زۆر تەڵانی باخەکاندا هەیە بەتایبەت لە دەرەگای بیلا.
وەنەوشە: لەکەنار جۆگەکاندا هەیە، سەرەڕای ئەوەی بۆنی خۆشە و جوانە، وشك دەکرێت و پاشان دەکوڵێنرێت بۆ نەخۆشی سك ئێشە و ڕەبۆ بەکاردێت.
گوڵە باخ (ولەگولاو): لەدەرەتاریك و قاقوڵی و نسارە و چەمی دزاوەر و دەرەی بەڵخ دا هەیە.
٤ـ ئەو گژوگیایەی بۆ ئاژەڵ بەکاردێت:
بێگومان جۆری گیا زۆرە کە ئاژەڵ بیخوات، بەڵام گیای کوێستانەکان باشتر و چاکترە. تەوێڵەش چونکە کوێستانە گیایەکی باشی هەیە بۆ ئاژەڵ لەناو ئەو گیایانەدا (لۆ و کەماو میژوەرد و دڕکە کەرانە) زۆر بەکەڵکن هەم بۆ شیر هەم بۆ قەڵەوی ئاژەڵ.
تەوێڵە بەنسبەتی ئەوەی کە ئاژەڵدارە، گرنگی داوە بەباشترین جۆری گیا. ئەوشاخ و کەژانەی کە لەدەورو بەری تەوێڵەدا هەن تایبەتن بەخاوەنەکانیانەوە، واتە: زوربەی موڵکی تایبەتین بەناوی زەوی فلانەوە، بەناوبانگن وەك لاسی خەزان، لاسی حاجی محەمەدلاسی حاجی حەسەن، لاسی حسە ... گرنگترین ئەو شوێنانەی کەلۆو کەماوگیای باشی هەبێت وەسالانە بڕنرێتەوە بۆ ئاژەڵ ئەمانەن:
- کەمەری سێوە و قەڵا میرزا.
- پشتی هانە کلە.
- دەوروبەری سەرچاوەکەی ئاوێسەر.
- لاسی خەزان.
- گوزیندار و کەمەر سپیێ و دەرەتاریك.

- ئەو دەربەندانەی کەدەکەونە پشتی ئاوێسەرەوە کەلە خاکی ئێراندان، کە لە ئەصڵدا ئەرزی تەوێڵەیین و موڵکی تایبەتیشن وەك کویلە و بزازەرا و قوڵە و هانۆڕیزا و دەرە قوڵ و هانەمرۆ .....

ئـەم گژوگیایـە پـاش ئـەوەی دەڕنرێتـەوە بـەدەس و داس، بـەش بـەش دادەنرێت کەپیێ دەڵێن - مڵۆ - پاشان وشك دەبێت و هەمووی لەیەك شوێن دا کۆدەکرێتەوە لەجێگەیەکدا کە تەخت کراوە و نزیکەی (٢٥ م /٢) دەبێت پیێ دەوترێت (لاس) هەر لەوشوێنەدا بەولاخ زیاتر بە ئێستر - دەکوترێت. پاش ئەوەی کوترا دەکرێتە خەرارەوە و بەولاخ دەهێنرێتەوە بۆ ماڵەوە و دەکرێتە (کاهەن) ە وە، ئەمەش بۆ خواردنی ئاژەڵەکان بەکاردێت لە زستاندا.

قەدەغە:

قەدەغـە: بریتییـە: لـە پارچـە ئـەرزێکی شـاخاوی کـە هەنـدێ داری خۆرسکی تیایە کە سوود لەگەڵا و دار و بەرهەمەکەیان وەردەگیرێت وەك داری: بە ڕوو، قەزوان، ماز و،گوێز، بلاڵوك، چواڵە، کەکەو - کێکف، هەنجیری بەڕی، هەرمێ بەریلە . سماق، هەنگوین، شروە، تەڕینە، تەنگەز، تایر، تایلە... هتد.

قەدەغە خاوەنی خۆی هەیە و سنوردارە، لەوانەیە ناوەکەشی لەوەوە هـاتبێ کـە قەدەغەیـە کەسـی‌تر جگـە لەخاوەنەکـەی سـودی لێ وەربگرێـت. خاوەنەکانیان دەیانپارێزن و ساڵانە دارەکان هەڵدەپاچن و نایەڵن کەس بیان بڕن و تاوەکوو دارەکان گەورە دەبن سوودیان لێ وەردەگرن.دارەکانیان بۆ سوتەمەنی و خانوکردن و، گەڵاکەش بۆخواردنی ئاژەڵ و بەتایبەت گەڵای دار بەڕوو. بەری هەندێکیشیان بۆ خواردن بەکاردێت وەك: بەڕوو، سماق و قەزوان، گوێز، بلاڵوك و چواڵە و هەنجیر و هەرمێ و ... هتد.قەزوانیش سود لەبنێشتە کەی وەردەگیرێ و کە تیرەش لەهەنگەون دەردەچێت سودێکی چاکی هەیە.

قەدەغەکانیش لەتەوێڵەدا زۆرن وەك:

قەدەغەکانی صۆفی جانە،بناری ویسورە و خەڵەفی، سەیمارە وار، لاسی خەزان، زەمینی هەیاس، بلچە دۆڵ، قەدەغەی بناری قەڵای گاوران ....

کێڵ (کەوێڵ):

کێڵ: ئەو خانووە بچکۆلەیە کە پێك هاتووە لە ژوورێك یا زیاتر کەلە باخ و بێستانەکاندایە و دیوارەکەی بە وشکەکەڵەك دروست دەکرێت. کێڵ: جگـە لـەوەی بـۆ هـاوین بەکەڵکـە لـەکاتی باران بـارینی بـەهار و پاییزیشـدا سـودی لێ

وەردەگرن.سەربانی کێڵ، بۆ نوستنی هاوین و بۆ وشك کردنەوەی تـوو و مێـوژ و هەڵوژە و قەیسی و هەرمێ و گوێز بەکار دێت..

لەکێڵە بەناوبانگەکانی تەوێڵە:

١ـ کێڵەکانی باخی ئاوێسەر:

- کێڵی ئایزە لە گڵێجانە.
- کێڵی حاجی عەبدوالله لەگڵێجانە.
- کێڵی مەلا صاحب (ئێستا باخی حەمە یوسف عەبدولحامیدە)
- کێڵی حەمەی جافەی ئەسلەم.
- کێڵی مەلا نافیعەدین مەلا نظام.
- کێڵی ئەحمەد حاجی محەمەد، زۆر جوان و ڕێك و پێك بوو.
- کێڵی ئەورەحمان ئەڵلاوەیس.
- کێڵی مەجید ئەڵلاوەیس.
- کێڵی وەستا عەبدولعەزیز عەلی.
- کێڵی حاجی ئایزەی حەبیب لەدەرەتاریك.
- کێڵی مەلا (جەلال و عوسمان) لەدەرەتاریك.
- کێڵی حاجی ئامانەڵلا لە لێژڵە.
- کێڵی حاجی ئایزەی حەبیب لە لێژڵە.
- کێڵی حاجی ئایزەبارام لە لێژڵە.
- کێڵی حاجی سەید محەمەد.
- کێڵی حاجی فەرەج حەمەحسێن.
- کێڵی محەمەد ڕۆستەمە.
- کێڵی ڕۆستەم حەکیم لە شەمبانو.
- کێڵی ئایزەی فاتە لە شەمبانو.
- کێڵی مەلا جەمیل لە باخەوان.
- کێڵی مەلا صابر لە باخەوان.
- کێڵی محەمەدی حەکیم لە باخەوان.
- کێڵی مەلا ئەحمەد لە باخەوان.
- کێڵی وەستا محەمەدی وەستا حەمە ڕەحیم لەماوامی.
- کێڵی حاجی حەمە مراد عەزە.
- کێڵی ئازەی کەریم لەسەرچەمەی ئاوێسەر.

- هەروەها چەندێکی تر.

٢ ـ کێڵەکانی باخی خوارەوە:

- کێڵی حەمە حەسەن خاتوونە لەدەرەقازان.
- کێڵی حاجی حەمە یوسف لە دەرەقازان.
- کێڵی مەلا کامیل مەلا عەبدولقادر لە دەرەقازان.
- کێڵی مومنە گوڵە لە دەرەقازان.
- کێڵی مەحمود محەمەد لەدەرەقازان.
- کێڵی قالەی مەجنون لە بێدەری.
- کێڵی عەبدوالله حسێن.
- کێڵی حسێن ئاغە.
- کێڵی حاجی بابالەی مارف.
- کێڵی حاجی حەمە ئەمین.
- کێڵی عەبەکەی وەهاب.
- کێڵی جافەی حاجی محەمەد.
- کێڵی ئیدریس وەهاب.
- کێڵی قادر خالد.
- کێڵی نەصردین حەمە رەضا.
- کێڵی حەمە باقی غەفور.
- کێڵی مەلا جەمال مەلا ئەحمەد.
- کێڵی عابد حاجی محەمەد.
- کێڵی عەبدولعەزیز حەمە رەشید ....تاد.

٣ـ کێڵەکانی باخی دزاوەر:

- کێڵی رەحمان سەعید.
- کێڵی کەریم عەبدوالله.
- کێڵی وەیسی ئەحمەد.
- کێڵی حاجی قادر حەمەعەزیز.
- کێڵی حاجیمحەمەدی حاجیلە.
- کێڵی عەلی سێلە.
- کێڵی ئەولحامد خەجێ.
- کێڵی حەمەخان وەیسی.

- کێڵی فەجەی حەمە ئەمین.
- کێڵی حاجی ئەبوبەکری حاجی حەسەن.
- کێڵی حەمە صاڵح سەعید.
- کێڵی حاجی عەبدوالله حەمە حسێن.
- کێڵی حاجی کامیل حەسەن....تاد.

سێهەم: ئاژەڵداری و ڕاوکردن:

ئاژەڵداری:

ئاژەڵداری لەتەوێڵەدا نەبووەتە پایەکی گرنگی ئابوری، چونکە لەراستیدا لەوەرگایەکی فراوانی نەبووە، کەم خانەوادەش هەبێت لەتەوێڵەدا ژیانیان تەنها لەسەر ئاژەڵداری وەستابی بەڵکو پشتیان بەشتی تر بەستووە وەك باخداری، کاسبی و پیشەی تر.

ئەوکەسانەی پێش ساڵەکانی (١٦٧٥)ەوە ڕان (گەلە) یان بووە لەتەوێڵەدا ئەمانە بوون:

برزوم ،حاجی عەلی کوێخا عەبدوالله،حاجی عەبدوالله حەمەحسێن،عەزیز حەمەحسێن،وەهاب صادق،ئەسکەندەرقادر،عەبدولقادر حەمەیوسف،حاجی ئیسماعیل بەکرە،ئەڵلاکەرەم محەمەد....تاد.

- هەروەها قەصابەکانیش، رانیان هەبووە، وەك کەریمی یارەو ئەسکەو ستاری کەریم وحاجی مەحمودیحەمەوحاجی عابدیحەمەو ... ئێستاش صەباحی حسێنی لاوەوحامدی حاجی مەحمودو حسێنی حاجی عابدو هەندێکی تر.

ئەوەی شایانی باسە: هەندێك لەم ئاژەڵدارانە، بەهۆینەبوونی لەوەڕگاوە، کۆچیان کردووە بۆ خارگێلان، لەوێ ئاژەڵەکانیان بەخێوکردووە.

ئەمەلەلایەکەوە، بەلام بەنسبەتی مانگاو ئێستر و گوێدرێژەوە، ئەوە زۆر ماڵ ئەمانەی بووەو، بۆخۆی سوودی لێوەرگرتوون، ئێستر و گوێ درێژ بۆ سەر شاخ و کێوەکان و ناو باخەکان سودیان لێ وەرگرتون، جگە لەوەی کە وەختی خۆی بۆ کاروان بە ئێستر هاتوچۆیان کردووە.

خەڵکی تەوێڵە کۆچەر نەبوون، هەر لەکۆنەوە نیشتەجێ بوون، بەلام ئەوەندە هەیە لە هاوینان هەندێك ماڵ دەچنە ناوباخەکان و چەند ماڵێکیش دەچونە پشتی ئاوێسەر.

ئەو مالانەی کەلە پێش سالی(١٩٧٥)دا دەچونە ئاوێسەر و لەوێ هەواریان دەبەست، واتە: کە پرێکیان دەبەست بە گەلای دار بەڕوو ... ئەمانە هەر لە کۆتایی بەهارەوە بۆ سەرەتای پایز دەمانەوە و خەریکی بەخێوکردنی ئاژەلەکانیان دەبوون و گژوگیا و لۆوکەمایان کۆدەکردەوە، بۆ زستان بۆ ئاژەلەکانیان، چونکە لەتەوێڵەدا لە زستاندا بەفرێکی زۆر دەباریٚ و ئاژەل نایەتەدەر لەگەورەکاندا دەمێنێتەوە.

لەومالانەی کەلەساڵەکانی دوای پەنجاکان تا نیوەی حەفتاکان دەچون بۆ هەوار ئەمانە بوون:

- حاجی عەلی عەبدوالله میرزا، حاجی عەبدوالله حەمە حسێن، حاجی ئەبو بەکری حاجی حەسەن، فەتحوڵلا حەمە لە طیف، حاجی ئامانەڵلا کافە، سەلیم ڕەحمان (پورە خاتە)، عەزیز حەمە حسێن، حاجی عەبدوڕەحمان ئەحمەد، عەبدوالله هەیبەکر،حاجی ڕەشید حەمە ئەمین، حاجی قادر حاجیلە، عەبدوالڵەی وەهاب، عوسمان جافر، موراد عەبدوالله، ئەسکەندەر قادر، ڕەحیم قادر، عەبدولقادر حەمە محەمەدی ئەڵلا کەرەم، ئەبوبەکری عوسمانە، عەزیز کەریم، حاجی وەسیم عیوەض، هەندێکی تریش.

لەسالی (١٩٧٥) بەدواوە خەڵکی تەوێڵە بەهۆی بارودۆخی نێوان ئێران و عێراق و شۆڕشی نویٚ وە خەڵکی تەوێڵە نەچونەتە ناوباخ و هەوارەکانەوە لەدوای راپەڕینی (١٩٩١) یشەوە تەنها ئەم چوارماڵە چونەتەوە هەوار و لەئاوێسەر دا مانەوە:

- دەروێش محەمەد حاجی ڕەشید، تۆفیق سان ئەحمەد، فاتح سەلیم ڕەحمان، بەهجەت عەلی عەبدوالله ،ئەم ماڵەیان یا لە کویلەیا هانەمرۆ هەواری هەڵداوە.

راوکردن[٣٥] :

ڕاو: ڕاو لە کوردستاندا بەگشتی زۆرباوە، هەروەها لەهەورامان و تەوێڵەدا باوەو دەکرێت، بەتایبەتی لە کۆندا زیاتر کراوە و چەکی جۆراو جۆری بۆ بەکار هاتووە، وەك تیرو کەوان و، بەرزەقانی (قۆچەقانی) ، ساچمەزەن و، تاپڕ و کەڵەشینکۆف و، برنە و، جگە لەتەڵە و دێوجامە.

ڕاو لەتەوێڵەدا:

لەتەویلەدا ڕاوکردن لەشاخەکانی تەوێڵە و دەوروبەریدا دەکرێت، واتە زیاتر لەشاخ و کێوەکانی هەورامانی ئێراندا دەکرێت.

ئەو گیانلەبەرانەی کەلە تەوێڵەدا ڕاودەکرێن بریتین لە:
- نێچیر و کەروێشك و ڕێوی و کەو و سمۆرە و قشقەرە و کۆتر و سوێسکە و، لەناو ئەمانەشدا ڕاوەکەو زیاتر باوە، کە بەچەند جۆرێك دەکرێت وەك: شەڕەبەق و ڕاوەکەو، ڕاوەسەرکانی و، ڕەشەڕاو، دێوجامە..

ڕاو چی یە بەناوبانگەکانی تەوێڵە ئەمانە بوون:
- حاجی مارف فەتحوڵڵا، حەمە ڕەزا مەحمود بەڵخانی، حاجی ئەحمەد محەمەد قادر ،حاجی حەسەن ئەڵڵا کەرەم، حاجی ئەبوبەکر حاجی حەسەن، مومنەگوڵە، وەستا عەلی قادر، محەمەد حاجی حەمە ڕەحیم، حاجی عەزیز حەمە ئەمین،محەمەد ڕۆستەم، عارف ڕەسول، ئەمین خودادا ،.عەبدولعەزیز عەلی ....تاد.

لەراوچی یەکانی ئەم سەردەمەش:
- وەهاب صادق قادر: کەڕاوچی یەکی بەناوبانگە، بەڵام بەداخەوە لەدوای راپەرینەوە بەهۆی (مین) ەوە قاچێکی لەدەست داوە.

حاجی عابد محەمەد قادر، حاجی مەجید محەمەد قادر، مامۆستا مەحمود عەبدورەحیم، مامۆستا کەریم محەمەد فەتحوڵڵا ، مامۆستا حسێن عەبدولغەفور،مامۆستا عەزیز جەعفەر، ستار کەریم یار ئەحمەد، محەمەد حاجی حەسەن ئەڵڵا کەرەم، صدیق حاجی ئەحمەد، عەبدول حاجی ئەبوبەکر،جەمال محەمەد حەسەن،هۆمەر عەزیز بارام، زۆرێکی تریش ...

چوارەم ـ بازرگانی و کاسپی کردن:

سەرەتا پێویستە بزانین تەوێڵە ،چونکە:
- لەکۆندا لەسەر ڕێگەی شارەزوور و هەمەدان بووە.
- لەسەردەمی تازەشدا کەوتووەتە سەر نێوان عێراق و ئێران.(دکتۆر شاکر) لەم بارەوە دەڵێ[٣٦]:

هەورامان هەردو ناوچەی دەشتی شارەزوور و کرمانشاە دەگەیەنێنێت بەیەك، بەڵکو ڕێگەی بازرگانی بووە کە سلێمانی ببەستێ بە ئێرانەوە.هەروەها دەڵێ[٣٧]:

... تەوێڵە لەگەڵ شارەزووردا پەیوەندی بازرگانیان بەهێزە، میوە یان دەدەنێ بەرامبەر دانەوێڵە ... هەورامی یەکان بەتایبەت تەوێڵەیی لە بازرگانیدا

بەناوبانگن، توانیویانە پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ هەموو لایەکی سلێمانی و کەرکوکدا ببەستن، دواتر دەڵێ:

بەگشتی حاڵیان زۆر گەشەی کردووە و، مەوقعی جوگرافیەکەی لەسەر سنوری (ئێران ـ عێراق) یارمەتی داوە بۆ چالاکی بازرگانی ئاسایی . ئازاد و قاچاخی.

عەلی سەیدۆ گەورانیش دەڵێ[٣٨]:

تەوێڵە مەڵبەندێکی بازرگانی‌یە لەنێوان ئێران و عێراق دا.

جگە لەمەیش:

ـ شوێنەکەی هاوینە هەوارێکە و خەڵکی بۆ سەیران کردن و گەڕان و گەشت و گوزار سەردانی دەکەن.

ـ بەرهەمی دار و درەخت و پیشەی دەستی زۆری تیایە.

لەبەر ئەمانە و هەندێك هۆی تر، بووەتە جێگەی کاسپی و بازرگانی کردن و بەرزکردنەوەی باری خەڵکەکەی.

کاروانچی یەکان:

ئەوسا خەڵکێك بوون لەتەوێڵەدا کاروانیان کردووە، بۆ شارەزوور و گەرمیان و کەرکوك و، یاخود بەرە و کرمانشاه و ماهی دەشت و سنە و هەمەدان و تەبرێز و قەزوین و تاران و ئەسفەهان رۆیشتبوون. کە بەرەو گەرمیان و شارەزوور هاتون ... توو گوێز و مێوژ و کلاش و بەرماڵ و چەقۆیان بردووە، لەوسەریشەوە برنج و ڕۆن و خورما و دانەوێڵە و ساقی توتن یان لەگەڵ خۆیان هێناوەتەوە.کەبەرەو ئێرانیش ڕۆیشتون ئەوبەرهەمەی تەوێڵەیان لەگەڵ خۆیان بردووە لەگەڵ ساقی توتن کەلە شارەزوورەوە هێناویانە ... لەوێشەوە قوماش و هەوری و مشکی و خەنە و ساچمە و دەزوویان هێناوە.

لەکاروانچییەکان وەك:

ـ فەرەج حەمە ئەمین ، حاجی محەمەد حاجی صادق، مراد عەبدوللە، حاجی کاکە لەطیف ، حاجی حەمە ئەمین، محەمەد حسێن حسێن عەبدولکەریم، حاجی عەلی عەبدوللە ،مستەفاحاجی فەرەج ،عەبالەی مارفە،عەبالەی ئەکرەم ،حاجی‌محەمەد(حەمەڕەق)،ئەنوەری قادر،....تاد.

بێگومان چەند کەسانێکیش بوون ولآخداریان بووە و، خۆشیان یا ڕۆیشتوون لەگەڵیاندا یاخود خەڵکی بازرگانی بۆ کردوون لەوانە:

ـ حەمەحسێن یوسف، ئەحمەد مەولود، حاجی عەبولەی هۆمەر، هۆمەری مەولود، وەیسی رۆستەم ، حاجی سەلیم حەمەیوسف، فەتاح ڕۆستەم، خواجە حسێن، میرزا ئۆلقادر حەمەیوسف، حاجی جەزا ئەحمەد مەولود،حاجی عەبدولوەهاب غەفور،حاجی حەمەصالح ئەشکە،سەعە روش، حاجی حسێن خادم، قادر عەبدوالله ئاغە، حاجی حەمە کەریم، عەبدورەحیم مەحمود، عەلی محەمەد نەصروڵڵا،

حاجی حەمە عەلی کوزاد، حاجی ئەبوبەکر حەسەن..تاد..

لەسالآنی دواتر دا ئەو کاروانچی و بازرگانە لەنێوان سلێمانی و بەغدا و موصلٚ دا بازرگانیان دەکرد.

دەڵێن: حاجی محەمەدی حاجی صادق وفەجەی حەمەمین،کاتێک کەکاروانیان کردووە لەخانەقینەوە،یەک تەنەکە نەوتیان بەدەستی خۆیان هێناوەتەوە تەوێڵەو،لەوێ بەشیان کردووە.هەروەها دەڵێن: جەلالی عەینا،لە سلێمانی یەوە،تەنەکەیەک نەوتی سەرمۆری بەدەست وبەکۆڵ هێناوەتەوە،تەوێڵەو ولآخەکەشی باری تایبەتی خۆی بووە.

ورده واڵه فرۆشەکان:

ورده واڵه: ئەوەیە کەسێک صندوقێک یاسەبەتەیەک یازەمبیلە یا تۆشەبەرەیەک وەردەگرێت و شتی ورده وەک شانە و پیل و تەوقە و مەقەست و نوقلٚ و چکلێت و دەرزی و صابون و بەکرە و سەرپۆش و هەندێ جار جل و بەرگی منالآن و ژنان یا قاپی بچوک و گەورە و پیالە و ژێر پیالە .... لەوبابەتانە کۆلآن بە کۆلآن ودێ بەدێ دەگەڕێ ... ورده واڵه فرۆشەکانی تەوێڵە زیاتر بە کۆلآن و لەهاویندا بەناو باخەکاندا دەگەڕان.

لەورده واڵه فرۆشەکان:

ـ مامە کوڕ، حەمەصالح شەریف، حەمە مراد حاجی قوربانی، عەلی محەمەد عەبدواللە، حەمەڕەحیم تاوێرەیی، عوسمان حەمە ڕەشید فەتاح، فەیزوڵڵا مەحمود، صدیق خودادا.

نانەواخانەکان:

نانەواکانی تەوێڵە ئەمانە بوون:

ـ محەمەد سلێمان، کەبە حەمێ ناسراوە باوکی (حەمە عارف) یەکەم جار کولێرە بەکاکڵە .گێتە مەژکە . ی فرۆشتووە پێش ئەوەی نانەواخانە دابنێن،

حەمە صالّح عەبدولحەکیم، مەحمود حاجی حەمە زەریف، غەفور محەمەد غەفور، ئەمانە ڕابوردن مردون.

- حەمە کەریم ڕەعنا لەهەڵەبجەیە، بەلآم ئێستا نانەواچی‌یەتی ناکا، حەمە ڕەحیم مەحمود - نانەوای هەیە لەتەوێڵە، نەصرەدین مەحیەدین نانەوای هەیە لەتەوێڵە، ئیسماعیل عەبدولوەهاب لەهەڵەبجەی تازەیە، ئیدریس عەبدولوەهاب لەتەوێڵە پۆلیسە، جەبار حەمە ڕەشید، لەسلێمانی ناواخانەی هەیە، عیزەت عەزیز . لەسلێمانی چاپخانەی هەیە، عەفان نەصرەدین مەحیەدین لەتەوێڵە نانەوای هەیە.

قەصابخانەکان:

ئەمانە قەصابخانەیان هەبووە:

- ڕەسوڵ مەحمود ئاغە، کەیخە سرە و مەحمود ئاغە، حەمە ئەمین عەلی، ئیسماعیل بەکرە، کەریم یار ئەحمەد، ئەسکەندەر حەمە ئەمین، کاکەڵەی حەبیب، لاوە حەمە سەعید ئاغە ... تاد.

ئەمانەش لەم سەردەمەدا قەصاب بوون:

- ڕەحمان قادر، حاجی مەحمود محەمەد قادر، حاجی عابد محەمەد قادر، ستار کەریم یار ئەحمەد، صەباح حسێن لاوە، حامد حاجی مەحمود محەمەد، حسێن حاجی عابد، شاهۆ ئەسکەندەر، دڵشاد عەبدول ڕەحمان جەمیل ... تاد.

جگەرخانە و کەبابخانەکان:

گەلێك جگەرخانە و کەبابخانە بوون کە بەناوی خاوەنەکانیانەوە ناسراون وەك جگەرخانەو کەبابخانەی:

- کەیکاوس نەصروڵلآ، محەمەد (حەمە فاتە)، محەمەد عەبدولآ - حەمە بڕوا، نەوزاد ڕەزایارە، ناصر برزوم. ئەمانەی ڕابوردن مردون، ئەمانەی خوارەوەش جگەرچی بوون بەلآم ئێستا ئەم ئیشە ناکەن:

- نەصرەدین کەریم یار ئەحمەد . لەتەوێڵەیە، ستار کەریم یار ئەحمەد . لەتەوێڵەیە، ڕەزا یار ئەحمەد . لەتەوێڵەیە، جەمال عەلی محەمەد - لەسلێمانیە، حەمە حسێن محەمەد . لەسلێمانەیە، خدر محەمەد . لەسلێمانیە، جەمال محەمەد . لەتەوێڵەیە، عەبدولخالق حەمە مراد . لەتەوێڵەیە.

ئەمانەش ئێستا لەتەوێڵە ئەم ئیشە دەکەن:

- ئەحمەد مەحمود، صەلاح جەمیل ئاغە جافر، طارق ئەحمەد مەحمود، رەفعەت کەریم یار ئەحمەد، جەمال صابر وەهاب، هەورامان حسێن لاوە، ئاریان رەفعەت کەریم.

چێشتخانەکان:

چێشتخانەکانی تەوێڵە ئەمانەن:

- چێشتخانەی مەحیەدین فەتاح ـ کەخاوەنەکەی مردووە.

- چێشتخانەی ئیبراهیم فەتحوڵلا ـ لە هەڵەبجەی تازەیە. ئەم دوو چێشتخانەیە لەساڵەکانی حەفتاکاندا هەبوون، ئێستاش دوو چێشتخانەی تیایە لەگەڵ ساندەویچێکدا.

ئاشەکان:

ئاش دیاردەیەکی شارستانیەو، پێداویستیەکی کۆمەڵگایە بەتایبەت لەکۆمەڵی کورەواری‌دا. ئاش بۆ هاڕینی گەنم و جۆو چەڵتوك و ساوەرو ... تاد.

لەتەوێڵەدا گەلێك ئاش و ئاشەوان بوون لەوانە:

- ئاشی خەرتاو: لەخوار خانەقاوەبووە لەلای راست لەبەردەم جۆگەی صۆفی‌یەوە بوو.

- ئاشی سەید فەتحە: ئەم ئاشە هی شێخ محەمەد بەهائەدین بووە داویەتی بە (خاتوو عومەرێ) ی خوشکی، کە دایکی سەید فەتحەیە[٣٩]. لەم دواییەدا ئەرزەکەی حاجی رەشید کەریم خادم کڕی و کردی بەخانوو.

- ئاشی مەلا حەیبەڵلا: ئافرەتێك بەناوی (خاڵی) ەوە ئاشەوانی بوو. لەپشتی حەوز بوو، لەم دواییەدا بوو بە ئاشی مەلا فائق کوری مەلا حەیبەڵلا.تا ساڵی (١٩٨١)ما بوو خۆی سەروکاری دەکرد ئێستا جێگەکەی کراوە بەدوکان و خانو لەلایەن ستار هەیاسەوە.

- ئاشە بەرزە و ئاشە نزمە: دوو ئاشی شێخ بوون لەنێوان خانوەکەی حامدی لاوە و عەبدولی عەلی‌دا بووە لەجێگە خانووەکەی حاجی مستەفا حاجی

صاڵح بوو ئەم دوو ئاشە یەکێکیان لەسەرەوە بووە و ئەویتر لەخوارەوە ژن و پیاوێك بەناوی (ئامان و ئەحمەد) ئاشەوانی بوون ماوەیەکیش عەبدیلە و ئەمنە لەسەری بوون.

- ئاشی خانەقا: لەنزیك خانەقاوە بووە، لەسەردەمی شێخ ئەحمەد کرا بە ئاشە مەکینە و نادرە بوو بەئاشەوانی ئەمە یەکەم ئاشە مەکینە بوو لە تەوێڵەدا. لەوانی‌تر باشتر و خێراتر و ئاسانتر ئیشی دەکرد. تا ساڵی (١٩٨١) ما بوو ئیشی دەکرد.

ئاشەکانی پێشتر هەموویان بە ئاو دەگەران. لە ساڵەکانی حەفتاکاندا تەنها دوو ئاش هەبوون ئاشی مەلا فائق و ئاشی خانەقا.

حەمامەکان:

لەتەوێڵەدا پێنج حەمام هەبووە کە ئەمانە بوون:

١- حەمامی شێخ حسامەدین:

یەکەم حەمامیٚ بووە کەلە ساڵی(١٩١٣)دا لە تەوێڵە درستکراوە،بەلاّم لە ساڵی(١٩٣٦)دا بەهۆی لافاوەوە ڕوخاوەو دوایی دروستکراوەتەوە،حەماییزی گۆپەو صاڵی یارە لەسەری بوون.

٢- حەمامی قادر بەگ: دووەم حەمامی تەوێڵەبووە، قادر بەگ بۆ دروست کردنی ئەم حەمامە سیٚ کورەی دروست کردوە، یەکێکیان لە پشتی حەوز، یەکیٚ لەبەرامبەر، ئەویتر لەکویلە. ئەم کورانە ئاهەك (قسلٚ)یان دروست کردووە، بۆ دروست کردنی حەمام و بیناکانی‌تری بەکاری هێناوە.ئاهەك، لەبەردی نەرمی شینی سوتێنراو دروست کراوە، کە لەدەرەی بەلّخ و پشتی حەسار، واتە: لە خوارخوار هەبووە و هێنراوە.شوێنی ئەم حەمامە لەناوەراستی بازاڕدا بووە، لە پالٚ خانوەکەی خۆیدا لەسەر دەرگاکەی نوسرابوو[٤٠].

ثرو،، سمن، سنبل

یاحسن، یاسمن گل

ئەمە مێژووی دروست کردنی ساڵی حەمامە کەبووە، بە حیسابی ئەبجەدی: دەکاتە ساڵی (١٣٣٨) کۆچی، بەرامبەر بە ساڵی (١٩٢٠) زاینی دەکات.ماوەیەکی زۆر قالەی مەجنون، حەمامچی ئەم حەمامە بووە، بەلاّم لە ساڵی (١٩٣٦) دا لافاو زیانێکی زۆری لیٚداو تێك چوو.

٣- حەمامی حاجی عەبدورەحمانی موڵکی: لەبەشی خوارەوەی تەوێڵەدا دروست کرابوو، لە ساڵی (١٩٦٠)تا ساڵی (١٩٨١) ما بوو دوایی ڕوخا.وە حەمامچی‌یەکانی مناڵەکانی خۆی بوون. ئەنوەر و عەبدولواحد.

٤- حەمامی حاجی حەمە عەزیز: لە پشتی حەوز بوو، لەساڵی (١٩٥٨)دروست کرا، تا چۆڵ کردنی تەوێڵە مابوو. حەمامچی‌یەکانی یەکەمجار ئەکرەمی خەلیفە عومەرو پاشان ناصری میرزا عەبدولقادر بوون، دواتیش مناڵەکانی خۆی بوون، حەمە سەعید و محەمەد.ئەم حەمامانە بەدار گەرم دەکران.

٥- حەمامی‌حاجی موعتەصەم: ئەم حەمامە تازەیە لە ساڵی (١٩٩٩)دا دروستکراوە، خاوەنەکەی موعتەصەمی‌مەحمود یارەیە، لەناوەڕاستی بازارە، لەپاڵ خانوەکەی عەبدولی عەلی‌دایەو بەگازیش گەرم دەکرێت.

ئوتێلەکان:

خەڵکی تەوێڵە، بەگشتی میوان بەزێر بوون، بەتایبەت هەندێ لە دەوڵەمەندەکان - نان بدە - بوون و،ماڵەکانیان هەمیشە و هەردەم دیواخان بووە و شوێنی لانەواز و غەریبان بووە، وەك: دیواخانەکانی حاجی عەبدوڵڵەی مەولود و حاجی جەزا و حاجی ئەبوبەکری حاجی حەسەن و عەبدولی عەلی و حەمە سەعیدی قادر و... خانەقا و مزگەوتەکانیش، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ یان بینیووە بۆ خزمەت کردنی میوانان و زیارەتکەران بەتایبەت خانەقا.

لەساڵی(١٩٥٢) دا کە – دار الضیافە– ش کرایەوە خزمەتێکی زۆری نوێنەرە حکومیەکانی دەکرد، کە دەهاتنە تەوێڵە، لەبەر ئەمانە ئوتێل درەنگ کرایەوە لەتەوێڵەدا.

لەناوەڕاستی بازاڕدا چایخانەیەك هەبوو، بەناوی چایخانەی – عالا – بەناوبانگ بوو، کەمێك ئەرزیش لەدەوری‌دا بوو، حاجی جەزا و حاجی محەمەد حاجی حەمە ئەمین کە بەحاجی یەخرە ناسراوە، لەگەڵ عوسمانی ڕەشە، ئەم چایخانەیان کری و بڕیاریاندا کە بیکەن بەدوکان و ئوتێل، وەستایەکی باشیان لەسلێمانیەوە هێنا، بەناوی وەستا عەلی وەستا حەسەنی فاتمەغەزایی، بۆ دروست کردنی ئەم ئوتێلە[٤١]. ژێرەکەی کرا بە (١٠) دوکان سەرەکەشی کرا بە ئوتێل، بەشی سەرەوەی (١١) ژووربوو، خوارەوەشی لەپشت دوکانەکانەوە چەندە مەخزەن و حەوزێك بوو...

ئەم ئوتێلە لەساڵی (١٩٥٦) دا تەواو بوو ... دوایی بویەوە بەئوتێلی حاجی جەزا بەتەنها. لەساڵەکانی (١٩٦٣) وە بۆ (١٩٧٥) لەخزمەتی شۆرشدا بووەو،کرا بە بارەگا بۆ قوتابیان و لاوان و، هەروەها بۆ جێگەی تەلەفۆن و لاسلکی.لەساڵی (١٩٧٦) نەصرەدین کەریم

ئەم ئوتێلەی کڕی، لە ساڵەکانی چۆڵ کردندا ئەمیش روخا.

لەساڵی (١٩٧٧) یش لەخوار خانەقاوە، میری ئوتێلێکی تری کردەوە، بەلام سودێکی وای لێ نەبینرا، چونکە ئەوەندەی نەبرد تەوێڵە چۆڵ کرا.ئەوەی شایانی باس بێت: ئەم دوو ئوتێلە، وەك ئوتێل هیچ رۆڵێکی وایان نەبینیووە.

قەیسەریەکان:

لەپاش یەکەم شەڕی جیهانی، قادر بەگ گرنگی یەکی زۆری داوە بە کردنەوەی چەند خانوو بەرە لەوانە: لە ساڵی (١٩٢٠) قەیسەری یەك لەناوەڕاستی بازاری تەوێڵەدا دەکاتەوە کە پێك هاتووە لە (٢٤) دوکان کە زۆر جوان و بەناوبانگ بووە و ناوبازاڕی تەوێڵەی رازاندبویەوە ... بەداخەوە لە ساڵی (١٩٣٦) دا بەر لافاوکەوت و زیانێکی زۆری لێکەوت و، هەروا مایەوە تا ساڵی (١٩٥٢) دواتر، سەعدی بەگی کوری قادر بەگ،لە ساڵی (١٩٥٤) قەیسەری‌یەکی تری دروست کرد لە پاڵ خانووەکەی خۆی‌دا.لەدوای چۆڵ کردن ئەمیش وەك خانووەکانی تەوێڵە روخاوە، لەساڵی (١٩٩٨)جارێکی تر،بارام بەگی کوری سەعدی بەگ ،ئەمقەیسەری‌یەی دروستکردەوە،کەلە(٢٧)دوکان پێکهاتووە.

جگە ئەمە دوو قەیسەری شێخ حیسامەدینیش هەبوون، لەلای چەپی چەمەکەوە، لەناوەڕاستی بازاڕدا یەکێکیان (٢٠) دوکان و ئەویتریان (٢٤) دوکان بوون[٤٢] ئەم دوانەش، یەکێکیان بەرلافاوەکە کەوت و، ئەویتریان لەساڵی (١٩٥٢) شارەوانی تەوێڵە روخاندنی.

چایخانەکان:

قاوەخانە و چایخانە: هەردوکیان دەچنە ناو خانەی کارو کاسپی‌یەوەو، لاپەڕەیەکی ژیانی کۆمەلایەتی خەڵکی شاریش دەگێڕنەوە، جێگەی رابواردن و حیکایەتخوانی و گێڕانەوەی دەنگ و باس و هەواڵەکان و و یانەی شەوانی خەڵك بووە.

دیارە پێش چایخانە، قاوەخانە بووە، لەم دواییەش زۆرێك لە پیاوە پیرەكانمان هەر بەچایخانەیان دەوت قاوەخانە. قاوە: لەوڵاتی هندستانەوە هاتوە بۆ كوردستان، بەڵام چای لەئێرانەوە هاتووە.

لەساڵی (١٨٨٥) بۆ ساڵی (١٨٩٠) مەلا محەمەدی مەلا غەفور كە خەڵكی سلێمانی دەبێت و هاتو چۆی ئێران دەكات، ئەو یەكەمجار، چای دەهێنێ بۆ سلێمانی[٤٣]، بەڵام بۆتەوێڵە هەندێك دەڵێن: لەسلێمانیەوە هاتووە بۆ تەوێڵە و، زۆرێكیش دەڵێن: نەخێر لەئێرانەوە بەهۆی ئەو بازرگانانەی خۆیەوە كەهاتو چۆی ئێرانیان كردوە، چای هاتووە بۆ تەوێڵە.

چایخانەكانی تەوێڵە:

- چایخانەی قادر بەگ:

ئەمە یەكەم چایخانە بووە، كە بۆیەكەمجار حەمە سەلیمی نادر لەسەری بووە، لە تەنیشت حەمامەكەی قادربەگ خۆیەوە بووە، لە ساڵی (١٩٢٠) دروست كراوە، لەژێر چایخانەكەشەوە (خان) بووە و سەرەوەی لەدواییدا كرا بە قوتابخانە.

پاش حەمە سەلیم، سەید صادقی عەلی و حەمە مرادی مارفە لەسەری بوون، پاشان ئەنوەری قادر و حەمە ئیمام كردیان بە ئیجارە. دواجار وەلی حەمە لەطیف لەسەری بوو، تا لەساڵی (١٩٥٢) دا شارەوانی روخاندی و كرا بە ساحەی بازاڕی تەوێڵە.

- چایخانەی سەعدی بەگ:

لەساڵی (١٩٥٤) دروست كراوە، لەژێر خانوەكەی سەعدی بەگ خۆی دا بوو، حەمەمرادو سەید جافر، لەسەری بوون. زۆر جاریش بە شەوان وەك ئوتێلێك وا بوو تاساڵی (١٩٨١) هەر هەبوو. ئێستا جێگاكەی كراوە بەدوكان.

- چایخانەی شێخ:

لەناوەراستی بازاردا بووە. لە پاڵ ئاوەكەی - پلور- ژێرەكەی چەندوكانێك بوون، ئەمانە، گرتبویانن بەكرێ:

حاجی سەلیم حەمەیوسف، حاجی ئەبوبەكرحاجی حەسەن،حاجی قادرحەمەعەزیز، حاجی عەبدولخالق عەبدولمەجید، محەمەدی وەستا حەمە رەحیم، وەستا عەبدواللە و ئەحمەدی برا.

یەکەم کەس کە لەسەر ئەم چایخانەیە بوو،باسام نەصر و ڵلاً، بوو دواتر ئەنور قادر و حەمە ئیمام بوون، لەساڵی (١٩٥٢) دا شارەوانی چایخانەو دوکانەکانی هەموو روخاندن وکرانە ساحەی بازاڕ.

لەساڵی (١٩٦٣) وە بۆ ساڵی (١٩٨١) شوێنەکەی کرایەوە، بەچایخانەی هاوینە لەلایەن طاهری کاکەوە،کەساڵانە شارەوانی بە ئیجارە دەیدایێ.طاهر، بەهاوینان ئەمەی دەکردە چایخانە و بەزستانانیش ژێر شارەوانی دەکرد بەچایخانە.

چایخانەی طاهر، بە هاوینان زۆر قەرەباڵغ بوو بەتایبەت ئێواران – تەسجیلێکی هەبوو شریتەکانی (عوسمان و حەمە حسێن و شەفیع) ی دەسختە سەر. هەروەها دەنگی حەمە جەزا و حەسەن زیرەك و ناظم غەزالی و سەمیرە تۆفیق و واحیدە خەلیل ،ئەم و سەید جافر ناساندی بە پیرو گەنجی تەوێڵە.

ئەم چایخانەیە: لەدوای راپەڕینەوە دانرایەوە لەلایەن حەیدەر مەجیدەوە تا لەساڵی (١٩٩٨) داخرا،چونکە شوێنەکەی بوو، بە دەرگا بۆ مزگەوتی گەورە.دواتریش شەش دوکانیان لەو شوێنە تیا دروستکرد.

- چایخانەی قالەی هەیبەکر:

لەپاڵ دوکانەکەی وەستا عەبدولرەحمانی سەرتاش دا بوو، چایخانەیەکی بچوك بوو، لە ساڵانی حەفتاکان، حەمەڕەشید ئەڵلاك لەسەری بوو تاوەکو (١٩٨١).

- چایخانەی عالا (عەبدوالله جەعفەر):

ئەم چایخانە لەشوێنی ئوتێلەکەی حاجی جەزا بوو، لە ساڵی(١٩٥٦) فرۆشراو کرابە ئوتێل.

- چایخانەی عەبەی صدیق:

ئەمیش چایخانەی شێخ بوو، عەبدوالله ی صدیق بەکرێ‌ی گرتبوو کەمێك لەخوار ساحەی بازاڕەوە بوو، دواتر جەباری فەتحوڵڵای رەحیم لەسەری بوو. ئێستاش هەر چایخانەی ئەوە، خۆی لەسەریەتی.

- چایخانەی بانی حەوز:

کە دەکەوێتە سەرئاوەکەی - پلور - بەردەمی مزگەوتی گەورە، لەسەربانی حەوزەکەی مزگەوت کورسیان تیادادەنا، بۆ یەکەمجار حەمە یوسفی گەوەر لەسەری بوو، پاشان ئەمانەی خوارەوەش گرتویانە بەئیجار: - عەبدوالله صدیق،

محەمەد حەکیم، عەبدوالله مەلا حەمە حسێن ،نەصرەدین عەزیز، جەلال ڕۆستەم، حەمە ڕەؤوف عەزیز.

ئـەم چـایخانەیە، شـوێنێکی زۆر خۆشـی هـەبوو، زیـاتر مامۆسـتایان و زانایـان لـەم چـایخانەیە دادەنیشـتن. تـا (١٩٨١)هـەبوو، دوای ئـەوە دروست نەکراوەتەوە، ئێستا جێگەکەی مزگەوتە بەشی بەردەم دەرگاکەیە.

- چایخانەی عابد حەکیم:

لەلای ڕاستی شاەوانی یەوە بوو لەسەرەتای پەنجاکانەوە دروست کراوە تا (١٩٨١) هەر عابد خۆی لەسەری بووە، زیاتر لەزستاندا قەرەباڵغی هەبوو، لەدوای ڕاپەرینەوە نەکرایەوە بەچایخانە و بیناکەی فرۆشرا بەتەحسین حەمە ئیمام، ئێستا مەحەلی بایعی‌یە.

- چایخانەی سەربازار:

ئەمیش بیناکەی هی‌شێخەو لەناوەراستی بازاڕدا بوو، لەسەر دوکانەکەی، صۆفی حەمە کەریم وحاجی‌تۆفیق و حاجی مەحمود بوو. بۆ یەکەمجار هەردوو برا . سەید جافر و سەید صادق، دایان نا، پاشان کرا بە سەرتاشخانەی وەستا عەبدولرەحمان و صدیقی برای، لەسەرەتای شەستەکانیشەوە، کرا بە جگەرخانە لەلایەن ڕەضای یارە و نەوزادی کوڕیەوە.

- چایخانەی وەزەقم:

کەلەپشتی حەوزدا بوو، لەسەر(هانەی‌دلین)، کە بۆ یەکەمجار، حەمە ڕەزا و، پاشان عەبدولکەریم ناسراوە بە بەگە لەسەری بوون، ئەم چایخانانە تەنها بەهاوین هەبوو.

- چایخانەی ئەبوبەکری کەریم خادم:

لەپشتی حەوز لەژێر خانوەکەی دا بوو، لەسەرەتای حەفتاکاندا دانرا کە حەمە کەریم حەبیب گرتی بە ئیجارە.

- چایخانەی حاجی یە خرە:

کەحەمە مراد مارف لەسەری بوو لە خوارەوەی بازاڕبوو لەسەر کۆڵانی دەمەرە سورا.

- چایخانەی عەبدولی عەلی:

لەساڵی (١٩٦٣) یەوە دانراوە بۆ یەکەم جار حەمە کەریم ئیمام لەسەری بوو، پاشان ئەبابەکر نۆدشی و حافظی عەلی و جەلال ڕۆستەم دایان نا، تا چۆڵ

کردنی تەوێڵە. لە دوای راپەڕینەوە بارولّ عومەر عەلی کردویەتیەوە بەچایخانەو ئیجاریەتی.

- چایخانەی نەجمەدین فەتاح:

لەبەرامبەری تەعزیە خانەکە بوو، محەمەدی حەکیم دەی گێڕا لەسەرەتای حەفتاکانەوە بۆ سالّی (١٩٨١)هەبوو.

- چایخانەی گەڕیات:

ئەمە چایخانەی هاوینان بوو، یەکەمجار حەمە سەلیمی نادر دایناو، دواتر سەید جافر دایناوە، هەندێ جار لەخوار پردەکەوە بووە هەندێ جاریش لەسەرووی پردەکەوە تاسالّی (١٩٧٥) هەبوو.

- چایخانەی ئەوڕەحمانی ئەوڕەحیم (موڵکی):

چایخانەیەکی هاوینە بوو، لەخوار خانەقاوە کە منالّەکانی دایان دەنا . ئەنوەر و ئیسماعیل، پاشان سەید جافر و مەجید بابالە تا سالّی (١٩٨٠) هەبوو.

- چایخانەی کوێخا حەمە سەلیم:

چایخانەیەکی هاوینە بوو، لەخوار خانەقاوە بوو، نزیک چایخانەی ئەوڕەحمان، لە بەردەم خانووەکەی‌دا بوو.

- چایخانەی ئاوێسەر:

چایخانەیەکی هاوینەیە، لە پەنجاکانەوە دانراوە، سەرەتا حەمە ڕەزا بەگ پاشان ئازەی کەریم چایچی بوون لەسەری، لەدوای راپەڕینیشەوە ئەمین حەمە ڕەزا دایناو دوای ئەو هەر سالّی یەکێك بووە..... ئەم چایخانەیە سەیرانگایەکە و لە دوای نیوەڕوانی هاوینان قەرەباڵغی زۆری هەیە.

- چایخانەی هانە کلّە:

ئەمیش چایخانەیەکی هاوینەیە، عەبدوالله مەلا حەمە حسێن و پاشان حەمە ڕەشید و منالّەکانی صادق غەندی دایان ناوە تاوەکو سالّی (١٩٨١) هەبوو، ئەم چایخانەیە هەندێ سالّ هەرەسی بەفر دارگوێزەکانی دەشکاند، ئیتر کەپریان دروست دەکرد بۆ سێبەر.

- چایخانەی باخەوان:

لەسالّەکانی حەفتاکان بەدواوە محەمەدی حەکیم و حەمە کەریمی کوری لە باخەکەی خۆیاندا دایان دەنا، تا سالّی (١٩٨١) هەبوو ئەمیش چایخانەیەکی هاوینە بوو.

- چایخانەی سامی سەید جافر:

ئەم چایخانەیە لە هاوینی (١٩٩٧) دا دامەزاروە لەناوەراستی بازاڕدایە، یەکەم سەتەر لایت لەتەوێڵەدا لەم چایخانەیەدا دانراوە.

- چایخانەی حەیدەر مەجید:

لە دوکانەکانی شێخ دا دانراوە لە بەهاری (١٩٩٨) لەناوەراستی بازاڕدا.

خانەکان:

خان لەسەردەمی خۆیدا رۆڵێکی گرنگی بووە، جێگەی (نقلیات) و (گاراج) ی ئێستا دەگرێتەوە.

یەکەم خان لەتەوێڵەدا دروست کرابێت خانی شێخ حسامەدین بووە کە لەسەرەتای پەنجاکانەوە شارەوانی روخاندی، لەساڵی (١٩٧١) بۆ جارێکیتر لەبەردەم خانووەکەی حامدی لاوە، لەژێر دوکانەکانی شێخ دا دروست کرایەوە، بەرامبەر کانی ناوبازارە، ئێستاش ماوە، پاشان لەساڵی (١٩٢٠) قادر بەگیش لە ژێر قەیسەرییەکەیدا خانێکی گەورەی دروست کرد لە ساڵی (١٩٣٦) دا لافاو روخاندی، ئیتر دروست نەکرایەوە.

دوکانەکان بەگشتی:

لەتەوێڵەدا دوکانداری زۆربووە بەهۆی نیشتەجێبوونی خەڵکەکەو، هەڵکەوتوویی شوێنەکەوە. دوکاندار شت دەفرۆشێت و دەکرێت، لەهەموو جۆرە بابەتێك، وەك بەرهەمی کشتوکاڵ و باخداری و پیشەیی. هەروەها شتانیتر کەلەشارەکانەوە دەهێنرێت بۆ تەوێڵە وەکو: رۆن و شەکر و چایی و برنج و دانەوێڵە و شتی کارەبایی و سەوزە و میوە و صابون و پێویستتیەکانی تری خەڵك.

تەوێڵە لەساڵەکانی (١٩٦٠) وە بۆ (١٩٧٥) لە رووی بازگانییەوە کەوتە گەشەکردن بەهۆی کردنەوەی سنور لەنێوان تەوێڵە و لادێکانی ئێراندا، کە ئەویش پەیوەندی بەشۆرشەوە هەبوو.

لەوکاتەداهەرچەند جۆرە ئابلۆقەیەك لەلایەن رژێمی عێراقەوە لەسەر کوردستان هەبوو، بەلام کردنەوەی سنورەکان باش بوو، لادێکانی دەوروبەر وەك: دزاوەر و هەورامانی تەخت و نۆدشە و کەیمنە و بێراوس و شۆشمێ و نەوسود تەشارو.. دەهاتنە تەوێڵە. کاکڵە و کلاش و توو وهێلکە و ماست و ... یان دەهێنا بۆ تەوێڵە لەوێش شەکرو چای و صابون و پێویستی خۆیان دەکری و دەیانبردەوە.

لەزستاندا بەو بەفرە زۆرە لەهەورامانی تەختەوە بەکۆڵ خەڵکی هێلکە و مریشك و شتیان دەهێنا. تەنانەت ئەوەندە ڕێگاکە سەخت بوو لەبەفردا (کەمان) یان بەکاردەهێنا[٤٤].

لەساڵی (١٩٧٤) زیاتر گەشەکەوتە بازرگانی تەوێڵە، بەهۆی کردنەوەی فرۆشگای تەوێڵەوە، لەلایەن شۆڕشەوە، جگە لەوەش خەڵکی بە (جوملە) لە ئێرانەوە شتی وەك بلوز و قوماش و کراس و ڕۆن و شتیان دەهێنا. بەڵام لەساڵەکانی (١٩٧٥) بۆ (١٩٨١) بەهۆی گەڕانەوەی حکومەتی عێراقی بۆ تەوێڵە گەشەی بازرگانی وەستا.

لەدوای ڕاپەرینەوە جارێکیتر، بازرگانی کەوتەوە گەشەکردن، سنوری تەوێڵەش وەك سنوورەکانی کوردستان بووە بازاڕێکی گرنگ و، خەڵکێکی زۆر سود مەند بوون، بەهۆی ئەم بازاڕەوە ئەو شتانەی کەلەم سەردەمەدا زیاتر گرنگی پێدراوە بریتییە لە: چایی و مۆز کەلە تەوێڵەوە دەچێت بۆ ئێران.

ئەوەی بۆمان دەرکەوتبێ لە ساڵی (١٩٨١) دا ژمارەی دوکانەکانی تەوێڵە بەم شێوەیەی خوارەوە:

ژمارە	جۆرەکان
٢٠	ئاسنگەر
٢٠	دوکانی کلاش دروست کردن
١١	کوتاڵ فرۆش
١٠	چایخانە
١٠	بەرگدروو
٩	بەقاڵ
٦	نانەواخانە
٦	کەبابخانە
٦	سەرتاشخانە
٥	قەصابخانە
٢	دارتاشخانە
٢	چێشتخانە
٢	پێلاو دروو
١	وێنەگر
١١٠	کۆی گشتی

جگە لەم دوکانانە نزیکەی (١٤٠) دوکانی‌تر هەبوو بۆ شتی‌تر کە عطاری و پێڵاو و نایلۆن و کلاش و دانەوێڵە و پێداویستی یان دەفرۆشت، کە هەندێکیان وەك مەخزەنێك بەکار هاتوون. واتە نزیکەی (٢٥٠) دوکان لەتەوێڵەدا هەبووە[٤٥].

پێنجەم: فەرمانبەری حکومی:

لەبەرئەوەی کە لە زووەوە قوتابخانە و خەستەخانە و شارەوانی و پۆلیسخانە ... هتد لەتەوێڵەدا هەبووە، بەتایبەت لەساڵەکانی پەنجاکاندا، ئەمە بووەهۆی ئەوە کەژمارەیەك لەخەڵکیش گوزەرانیان لەسەر مەعاش بێت. هەروەها لەساڵەکانی پەنجاکانەوە گەنجێکی زۆر چوونەتە ناو سوپای عێراقیەوە و ماونەتەوە جگە لەمەش لەدروست کردنی پرۆژەی بەنداوی دەربەندیخاندا تەوێڵەیی‌یەکی زۆر تەعین بوون ئەمانە لە ئەنجامدا کاریگەریان بووە لەسەر باری گوزەران و ئابوری‌و ئاستی‌رۆشنبیری‌و فکری‌و کۆمەلایەتی‌و سیاسی خەڵکەکە.

لەساڵی (١٩٨١) دا تەوێڵە ئەم دام و دەزگایانەی تیابووە:

- دوو قوتابخانەی سەرەتایی کوران و، دوو قوتابخانەی سەرەتایی کچان، یەك سانەوی و، یەك بنکەی تەندروستی، شارەوانی کە پرۆژەی ئاوو کارەبا و پۆستە و بەدالەی لە خۆگرتبوو، پۆلیسخانە و گومرگ و بنکەی کە شناسی تیابووە، جگە لە مەقەڕی فەوج و سریە و دائرەی ئاسایش. کەواتە:

خەڵکی تەوێڵە سەرەڕای پیشە و پیشەسازی و باخ و باخداری و، بازرگانی و کاسپی، زۆرێك کارمەند و مامۆستا و خزمەتگوزاری تیابووە کە ئەمەش کاری کردووە تەسەر باری ئابوری و گوزەران و ژیانی خەڵکەکە لە ناوچەکەدا[٤٦]، [٤٧].

پەراوێزەکان

[١] چمکێکی مێژووی هەورامان و مەریوان ل ٢٤ چەند لاپەڕەیەک لەکتێبی (نور الانوار) ی (سید عبدالصمدی توداری) محەمەدی مەلا کەریم وەری گێڕاوە.

[٢] کرد و ترك و عرب ـ سی . جی ئەدمۆنز ـ و ـ جرجیس فتح الله ل (١٥٥ ـ ١٥٦) .

[٣] لە (عەممانەوە بۆ ئامێدی) گەشتێك بەکوردستانی باشوردا ـ عەلی سەیدۆ گەورانی ـ ل (٦٦).

[٤] گەشتی هەڵەبجە و هەورامان ـ شاکر فەتاح . ل (٣٤) .

[٥] الاکراد . دراسة جغرافية اثنوغرافية ـ د . شاکر خصباك ص (٢٢٨) .

[٦] لە ژمارەی پیشەی پێڵاودا لەوانەیە زۆرکەم تۆمار کرابێت، چونکە ئەگەر کلاش چنین و دروست کردن بەیەکەوە حیساب بکرێت لەو ژمارە زۆرتر بووە .

[٧] بۆ ئەم باسی کلاش کردنە سوودمان وەرگرتووە لە نامیلکەی کلاش کردن، نوسین و ئامادەکردنی سەعدی حاجی ئەحمەد .

[٨] شاری سلێمانی . بەرگی یەکەم ـ ئەکرەم مەحمود صالح ڕەشە . ل (٢٦٨) .

[٩] جريدة الاتحاد ـ العدد ـ ٣٢٦ ، ١٩٩٩/٧/٩ تەوێڵە عروس هورامان الزاهيه . الکاتب . ايوب روستم ـ ترجمه و تلخيص ـ کاروان انور

[١٠] کلاشکەر و کلاشچنەکانی تەوێڵە ئەوەندە زۆرن ناتوانین ناویان بنوسین داوای لێ بوردن لەوانیتر دەکەین .

[١١] شاری سلێمانی ـ بەرگی یەکەم ـ ئەکرەم مەحمود صالح ڕەشە ل (٢٦٩)

[١٢] یەمەنی: تۆ بڵێی جۆرەکەی لەیەمەنەوە هاتبێ، یاخود وەستاکەی ناوی یەمەن بووبێ ... زەهاویش هەروەها .

[١٣] ئەم وەستایانە زۆریان کلاشیان دروست کردووە، هەندێك لەوەستاکانی کلاشیش کەلەپێشەوە ناومان بردن . پێڵاویش دروست دەکەن.

[١٤] سوود وەرگیراوە لە گۆڤاری ڕەنگین ژ ٣٢ ل ٢٠ ساڵی ١٩٩١ کەبابەتێکە کاك مەحمود خەسرە و کاوانی ئامادەی کردوە کە وەك خۆی نوسیویەتی لەکاك _ کەرەم سەلیم ڕەحمان) تەوێڵەیی وەری گرتووە کەوەستایەکی باش و کارامەیە کەلە ساڵی (١٩٦١) ەوە ئەمە پیشەیەتی.

[١٥] دەست ڕەنگینی ئەم وەستایانە لەبەشی هونەری ئاوەدان کردنەوەدا باس کراوە .

(١٦) گۆڤاری کاروان ژ ٧ ی سالی ١٩٨٣ ل ١٢٨ .

(١٧) (قادر و حسێن و حەسەن) کوڕانی صالح تاتە، (عومەر و عەلی شەمعە) لەشۆفێرەکانی شاری سلێمانیشن کەلە کتێبی . شاری سلێمانیدا بەرگی یەکەم ئەکرەم مەحمود صالح ڕەشە ل (٥١٨ . ٥٢٥) دا ناویان هاتووە.

(١٨) الاکراد . دراسة انثوغرافية . د . شاکر خصباك . ص ٢٢٦.

(١٩) بۆ وتەکەی شاکیر فەتاح سەیری: گەشتی هەڵەبجە و هەورامان . لەسالی ١٩٣٣دا . شاکر فەتاح ل ٣٣ بکە . بۆ وتەکەی ئەدمۆنسیش سەیری: کتێبی (کرد و ترك و عرب) ل ١٥٥ بکە.

(٢٠) کەلەپوری کورد ژ ٢/ ١٩٩٣ ل ١٧٢ پێشەکی بابەتێکی مامۆستا عوسمان هەورامی‌یە .

(٢١) جوگرافیای کوردستان ، جەلال ئەمین بەگ ل ٨٢ .

(٢٢) دکتۆر شاکر خەصباك لەکتێبی (العراق الشمالی) دا . ل ٢٩٤ دەڵێ: ٨٠٪ گوێزی باکوری عێراق لەپارێزگای سلێمانیەو، شوێنێکی گرنگی گرتووە لەبەرهەمی میوەی باکوری عێراقدا، بەتایبەت لەناوچەی هەورماندا، لەناحیەی خورماڵ کە نزیکەی (٦٠٠٠) درەختی گوێزی تیایە.

(٢٣) گۆڤاری خاك ژ ٢٤ سالی دووەم ١٩٩٩/٦/١٠.

(٢٤) دیوانی بێوەی ل (٢٧) .. هەروەها وشەی پاژەڕژ لەم هۆنراوەدا واتە: پێی کەو ، **پا** - پێ ، ژەڕژ - کەو ، جگەلەمەش گەڵای تازە پشکوتوی گوێز لە پێی کەو ئەچێ، بۆیە بەو گەڵایەش دەڵێن پاژەڕژ .

(٢٥) جوگرافیای کوردستان . جەلال ئەمین بەگ ل ٨٢ .

(٢٦) کەلەپوری کورد . ژ ٢ ، نەورۆزی ١٩٩٣ ل . ١٧٢ بابەتێکی مامۆستا عوسمان هەورامی‌یە .

(٢٧) بەپێی قسەی بەڕێز (هادی حاجی ئازیزەی حەبیب) لەسالی ١٩٢٧ دا بووە.

(٢٨) لیژنەکە لەمانە پێکهاتووە : غەفار بەگ سەرپەرشتی کردووە، مەلا بەکر ، سەی فەتحە ، میرزا تۆلقادر ، صۆفی حەسەن ، ئەحمەدی ئیسحاق ، مەلا محسن، حاجی ئازیزەی حەبیب ، حاجی فەرەج ... عەبدوالله ئاغاش وەك کوێخای تەوێڵە لەگەڵیان

بووە، مەلا مارفی مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی دەڵێ : من لەوکاتەدا گەنج بووم چەند ڕۆژێك چووم لەگەڵیاندا.

(٢٩) ئەم شیعرانەمان لەوەستا محەمەدی حاجی حەمە صاڵح وەرگرتووە، بەڵام لەلای مەلا عەبدولکەریمی مەلا ئەحمەدی قازی بەم شێوەیە بوو.

قادربەگ ئەتۆ،بدیە پەی دەمیم — نۆباوم بیەن، بەهەڵس وچەمیم
موڵکم زەردبیەن، تەژنەوئاویشا — چەمەو ئاوێسەر،هەم وەرواوێشا
(م...)هەرگزیر، تاتەش هەرگزیر — کەی ڕەوا بیەن،گزیر بۆ وەزیر
(سەید) مێزەرەش،شاڵێ سۆزەنە — بنۆ درەخنیش،سەرجەم حۆزەنە
(کورە) و (کەموڵە)،(باباڵە)و(یاقۆ) — مەست ئاوا(قوڵە)،بەش بڕیان (بەڵکۆ)
لالۆ و لالۆزان،مەتیەو مەتیەزان — ئاوێسەر بدیـــە،تـادەرە قـازان
نۆباوشا خاسا، پـیان وئازان — ....
نۆباو و(دێوانە)ی،ئەپۆکەی خاسا — ئەوەڵش کەرینەو،ئاخرش ماســا
(عەزە)ن و(عیوەن)،(سەلیم)،(حەمالە) — (شەمبانو)وەنە،خاسا(باباڵـــە)

هەروەها،ئەم شیعرانەی خوارەوەش لەوەستا محەمەد و دەروێش لەتیفی وەستا محەمەدو مەلا عەبدولکەریمی مەلا ئەحمەدی قازی‌یەوە،وەرم گرتووە:

دەگێڕنەوە موسا ناوێك لەو سەردەمەدا، تەتەری عوسمانلی بووە،سمێڵ زلێك بووە، بەزۆر بەخەڵکی تەوێڵە ئاو دەباتبۆ ڕەبایەیەکی ئەو کاتەی عوسمالی یەنان کەبە سەر شاخی پشتی ماڵێدەرەوە بووە.جا موسا لەسەر ڕێگەی ئاو بەرەکاندا دەوەستیۆ کوتەکێکی بە دەستەوە دەبێت،هەر کەسێك لەوێوە کە ئاوی بردوەدەبوایە سەلامێکیشی بکردایە بۆ موسای قوماندار، ئەگینا کوتەکێکی بەر کەوتووە... جادەڵێن: حەمەلەتیف کوتەکێکی بەرکەوتووە، بۆیە دەچێت بۆلای گەورەی سەربازەکانی ئەو کاتەو ئەم شیعرە دەڵێت کە شکاتی موسا دەکات:

سمێڵی موساوە سەد لیرەی لەك — من قەد نەمدیووە، زەفتیەو کوتەك
ئاغە بنوارە، من چەندە زلـــم — کونە یەکیان ناوە،بۆ تەقەی ملـم
کەوشی نوێژیم، پڕبووە قـــوڕاو — هۆشم نەماوە،لێی بکەم ســـڵاو
مەر مەنێ برنج، بۆم بکەی پـلاو — تاهۆشم بێ تۆ، لێی بکەم ســـڵاو

زەفتیە-عەسکەر-پۆلیس — لەك-پارەیە — بۆتەقە-پشت مل

(٣٠) کردوترك وعرب سی. جی.ادموندز. ترجمة جرجيس فتح الله ص.

(٣١) دەقی نووسینەکە هەموو وەك خۆی نووسراوەتەوە،تەنها هەندێ لە ڕێنووسەکەی گۆڕاوەتە سەر ڕێنووسی هاوچەرخ، ئەو کەسانەش کەئیمزایان کردووەلەوکاتەدا خاوەنی ئەوباخانە بوون. هەرچەندە لەباسی نۆباوەکەدا هەندێکی‌یان ناویان نی‌یە.

(٣٢) بەڕێز یوسفی حاجی‌محەمەد دەڵێ: لەدەفتەرەکەدا باسی ئاوی(هانەکڵە) نەبووە.ئەمەی ئێستا کەلەم دەفتەرەدانووسراوەتەوە،لیژنەکەی ئەم دوایی‌یە ئەمەی تەرتیب کردووە.

(٣٣) بەڕێز مەلا عەبدولکەریمی مەلا ئەحمەدی‌قازی دەڵێ:
بیستومەکە لەسەردەمی (خان ئەحمەدخان)دا،ئەم جۆگە هەڵکەنراوە. هەروەها م.هۆشمەن دەڵێ: جۆگەی قوڵەش لەچەمی ئاوێسەر لەسەردەمی خان ئەحمەدخان هەڵکەنراوە لەو کاتەدا،حسێن لهۆنی میرزای بووە،باوکی یاقووەسور ئاوەدانی کردووەتوە.

(٣٤) هەروەها ناوبراو(مەلا عەبدولکەریم)دەڵێ: صۆفی.... مەبەست لە صۆفی ئەحمەدە کەبابا گەورەی ئێمە بووە،ئەو بردوویەتی‌یەوە،گوایا ئەم صۆفی ئەحمەدە لە سەڵوەت ئاوای سنەوە هاتووە بۆ تەوێڵە

(٣٥) ڕاوکردن بنەمای ئابوری نیە لەتەوێڵەدا،بەڵام لەبەر سێ هۆ لێرەدا نووسیمان:

أ. لەبەرئەوەی ڕاوکردن، واتە: ڕاوی ئاژەڵ، ویستمان لەبەشی ئاژەڵداری جیای نەکەینەوە.

ب. ڕاوکردن،بۆ ڕاوچی کەمێك جێگەی ئابوری دەگرێت.

ج. لە هەندێ شوێن دەبێتە بنەمای ئابوری.

(٣٦) العراق الشمالی. د.شاکر خصباك ل٣١٠.

(٣٧) الاکراد - دراسة جغرافية اثنوغرافية - د.شاکر خصباك ل -٢٢٦.

(٣٨) لە(عەممانەوە بۆ ئامێدی) گەشتێك بەکوردستانی باشووردا - عەلی سەیدۆ گەورانی

(٣٩) لەسەر قسەی حاجی سەید محەمەد کە خۆی ئەمەی بۆ گێڕامەوە.

(٤٠) لە وەستا محەمەدی حاجی حەمە صاڵح ئەم زانیاریەم وەرگرت دەربارەی هەردو حەمامەکە.

(٤١) گۆڤاری کاروان ژ- ٧- ل -١٢٨.

(٤٢) هەمان سەرچاوەی پێشو هەمان لاپەڕەش.

(٤٣) شاری سلێمانی ـ ئەکرەم مەحمود صالح ڕەشە ـ ل (   )

(٤٤) کەمان ـ لەهەندێ ناوچە ـ لبیان ـ ی پێدەڵێن، وەك هێڵەك وایە بۆئەوەی نەچەقن بەکاری دەهێن و پێی دەخەنەسەر.

(٤٥) شاکرفەتاح لەکتێبی (گەشتی هەڵەبجەو هەورامان)ە کەی دا ـ ل (٣٦،٢٤)دا کەلە (١٩٢٣/٨/٢١)دا گەشتەکەی کردوە دەڵێ ئەمانەلە تەوێڵەدابوون... قەیسەری یەك، سێ چوار چایخانە، چەند دوکانێکی تر، دوو سێ سەر شۆرك (حەمام)، خانەقایەك و دوو مزگەوتی زۆرنایاب، حوجرە یەك و خوێندنگایەکی چوار پۆلی و کلاش درو، چەقۆ کەر ،ئاسنگەر ، دارتاشی یەجگار هونەرمەند لەتەوێڵەدا هەبوون، ڕەنگە نزیکەی (١٥)مەکینەی بەرگ دورینم تیاژماردبێ...

(٤٦) بێگومان لەساڵەکانی ئەیلول دا، تەوێڵە بنکەو بارەگایەگی شۆڕشی زۆرتیابوو، ئەمەش بۆخۆی کاری گەری هەبووە.

(٤٧) لەشوێنی خۆیاندا باسی ئەوانەکراوە، کە مەعاش خۆری میری بوون وەك مامۆستا یان و کارمەندان و ...

تەوێڵە لەرووی ئاینیەوە

- تەوێلە مەڵبەندی خواناسان بووە.
* هێمای ئیسلامەتی لە تەوێڵە دا.
* مزگەوتەکانی تەوێڵە
- مزگەوتی گەورە
- مزگەوتی باساکا
- مزگەوتی کاك عەلی فەیرۆز
- مزگەوتی بابا ئەسکەندەر
- مزگەوتی فەقێ ئەحمەد
- حوجرەکەی مەلانەزیر یا قاپی شێخ
- خانەقای تەوێڵە
* وەقفەکان
* شەخصەکان
* چلەخانەکان
* بنەماڵە ناودارە ئاینیەکان
- بنەماڵەی شێخان
= شێخ عوسمان سراجەدین
- شێخ محەمەد بەهائەدین
- شێخ عەلیحیسامەدین
- شێخ ئەحمەد
= شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا
= شێخ عومەر ضیائەدین
- شێخ نەجمەدین
- شێخ عەلائەدین
- شێخ عوسمان سراجەدینی دووەم
- شێخ ئەحمەد شەمسەدین
* بنەماڵەی سەیدەکان
- سەید فەتحول موبین (سەیفەتحە)
- حاجی سەیدتەها
- مامۆستا سەیدعەبدولڕەحمان
- مامۆستا سەیدعەبدولخالق
- حاجیسەید محەمەد
- مامۆستا سەیدڕەشاد
* بنەماڵەی زانایان(مەلایان)
* بنەماڵەی مەلانەزیری گەورە
- مەلانەزیری گەورە
- مەلاصاحب
* بنەماڵەی مەلا سەلام
- مەلایاسین
- مەلاعەبدواللەی مالێدەر
* بنەماڵەی مەلامەحمود
- مەلاعەبدواللەی چلانە
* بنەماڵەی مەلاحەکیم
- مەلاحامد
- بنەماڵەی مەلا شێخ عەلی
- مەلاشێخ حەیدەر
* مـــەلا عەبدواللـــەی مـــەریوانیو نەوەکانی
- محەمەدی مەعروف ناسراو بە مەلامارف
* کوڕی یوسف داود تەوێڵەیی
* بنەماڵەی مەلاصادقی تەوێڵە
* فەقێ عەلی

تەوێڵە لەڕووی ئاینیەوە

لەپێشتردا باسی هەورامانمان کرد لەڕووی ئایینەوە، تەوێڵە وەك ناوچەیەکی هەورامان ئەو باس و خواسانە دەیگرێتەوە. تەنها ئەوەندە هەیە لەشارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری تەوێڵەدا شوێنەواری ئاتەشگا هەیە وەك: پاوەو خانەگاو هەورامانی شار و بیارەو...هتد. کەئەم ئاتەشگایانە ڕەمز وهێمان بۆ ئاینی زەردەشتی کەلەو ناوچەیەدا پەیڕەوی کراوە، بەلام- شوێنەواری ئاتەشگا- لەتەوێڵەدا نیە.

هەروەها، لەتەوێڵە یەك شوێن هەیە بە (قەلای گاوران)بەناوبانگە، جائەم وشەیەش دوومانا هەڵدەگرێ:

مامۆستا حەمەئەمین هەورامانی لەزاری زمانی کوردی ل(٣٦)دا دەڵێ:

(لەناوچەکانی کوردستان دا، (گاور- گەبر) ناوزۆرە، چونکە هەر لەدێرزەمانەوە ئەم ناوە چەسپاوە بەسەر ناموسڵمان دا، واتە: لەسەرەتای هاتنی دینی ئیسلامیدا بۆ ناوچەکانی کوردستان، ئەمەش هەندێ لەوانەن:

دەگا و گاورا، لەدەگاشێخان، بیرەوگاورا و قەلاو گاورا، لەهەورامانی تەخت) واتە:

بەم جۆرەبێت گاور، ناموسڵمان.. کافر، دەگەیەنێ کەلەوانەیە لەوشەی (کافر)ەوە هاتبێ.

مانایەکی تریش هەڵدەگرێ، کەزۆرجار لەباتی (مەسیحی) بەکاردەهێنرێت و تایبەت دەکرێت بەوانەوە.

بەهەرحاڵ ئەم ناوە... قەلای گاوران.. یاتایبەتە بۆ (مەسیحیەت) یابەگشتی بۆ کافران بەکار هاتووە. ئیتر ئەم کافرانە! مەسیحین یا زەردەشتی یاخود... نازانرێ!!

ئەو شوێنەوارانەش، کەلەدەرەی (تەرتیباو لێژڵەو ماوامی)دا، هەن بەڵگەیەکی وانادەن بەدەستەوە کەدەگەڕێنەوە بۆ چ سەردەم و ئاینێك.

ئایا ناشتنی ئەم مردوانە بەپێی ئاینی زەردەشتی بووە یاخود ئاینی تر بووە! لەڕاستیدا کەسێکیوا شوێنەوارناس نەگەڕاوە لەم ناوچەیەدا تاوەکوو گۆشەیەکی مێژووی ئاینی ئەم ناوچەیە دەربخات بۆمان کەلەڕاستیدا پێویست دەکات کدلیژنەیەکی تایبەت هەڵسێت بەتاوتوێ کردنی ئەم شوێنەوارانەی کوردستان، تاوەکو هەندێك لەڕاستیەکانی مێژوو یەکالا بکەنەوە بۆمان و بیانخەنە ڕوو.

تەوێڵە مەڵبەندی خواناسان بووە:

وەك دەردەکەوێ تەوێڵە هەرلەکۆنەوە مەڵبەندێکی گرنگی (عارفان)بووە، ئەوەتا یەکێ لەزانایان، تەوێڵەی بە (موطن العارفین) ناوبردووە.[١] واتە مێژوویەکی ئیسلامی هەیەو لەزووەوە جێگەی خواناسان بووە.

هەربۆیە لەم سەردەمەی دوایش دا کۆمەڵێك زاناو پیاوچاکی تری تیاهەڵکەوت کەبەهۆیانەوە، بوو بەناوەندێکی زانست و تەصەوف و پەروەردەی ئیسلامی. وای لێهات لەهەموو لایەکەوە ڕوویان تێکرد، تەنانەت لەهندستان و تورکیا و ئێران و سوریا و بەغدا و بەشەکانی تری کوردستان وەك سنە و هەولێر و گەرمیان و ..هتد.

هەرئەم زانا و شێخ و پیا و چاکانە بوون، لەتەوێڵەوە چوونەتە بیارە و دوو ڕووەو... خوێندگا و خانەقای وایان داناو کردەوە کەبوونە... ئەزهەرێك بۆ کوردستان، بەڵکو کاریگەری خۆیان هەبووە لەسەر ڕابوونی ئیسلامی بەگشتی لەکوردستان دا.

هەرئەم خوێندنگا و مەڵبەندە پەروەردە ڕۆحیانەی تەوێڵە و بیارە و خەرپانیو عەبابەیلە و پریس بوون، وایان کرد کەهەڵەبجە ببێتە شارێکی ئیسلام پەروەر و کۆمەڵە ئیسلامییەکان لەهەڵەبجەدا سەرهەڵبدەن.[٢]

* هێمای ئیسلامەتی لەتەوێڵەدا:

بێگومان کەبمانەوێت دینداری و موسڵمانیەتی خەڵکی تەوێڵە بزانین، دەبێت باس لەپیرو بابا و شێخ و سەیدو مەلا و فەقێکان بکەین... دەبێت باس لەمزگەوت و خانەقا و حوجرە و چلەخانەکان بکەین... دەبێت باس لەژیانی کۆمەلایەتیو ڕامیاریو مێژوویيو ئەدەب و هونەری بکەین...

لەمێژووی ژیانی ناودارو پیاوچاکەکانی.. لەمێژووی دروستکردنی پەرستگاکانیو.. لە لێکۆڵینەوە لەڕەوشت و هەڵس و کەوت و خواپەرستی خەڵکەکە و کۆنیو زۆری مزگەوت و خانەقا و حوجرەکانیش شتێکیترە، ئەمانە هەموو ئینجا باری ئاینی ناوچەکە دەردەخەن. بۆ ئەم هێمایەش دەڵێن:

بوونی ئەو هەموو پیر و بابا و زانا و شێخ و سەیدانە لەدەڤەرەکە، بوونی ئەو مزگەوت و خانەقا و حوجرە و بەردەنوێژانە..، وەقف (تەرخان)کردنی ئەو دارگوێزانە بۆ مزگەوت و خانەقا و حوجرە و جومعە و میوانانە..، بوونی ڕەوشت و ئیجابیاتی کۆمەلایەتیو گوزەرانی ژیانێکی ئاسودە لەدەڤەرەکە...، کۆڕیو زیکری خانەقا و جمەی فەقێی حوجرە و ئالودەیی خەڵکەکە بەمزگەوت

و..هتد. ئەمانە بەڵگەو هێمایەکی دیار و ئاشکران لەسەر دینداری‌و ئاینپەروەری‌و موسڵمانیەتی خەڵکی تەوێڵە.[3] بۆیە بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەمانەی خوارەوە بکەین:

*** مزگەوتەکانی تەوێڵە:**

مزگەوتی گەورە- جامعە.

مێژووی ئەم مزگەوتە بەتەواوی نازانین، هەرچەندە لەدەمی پیاوە بەتەمەنەکانەوە دەبیسترێ کە (عەبدوڵڵەی کوڕی عومەر) دروستی کردوە، بەڵام بەڵگەیەکی وامان دەست ناکەوێت بۆڕاستی‌و سەلماندنی ئەمە[4] ئێمە هەرئەوەندە دەڵێین مێژووی ئەم مزگەوتە کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆسەرەتای گەیشتنی ئیسلام بەناوچەکە..دواتر (قادربەگ) سەر لەنوێ تێکی‌دەدات و[5] دروستی دەکاتەوە.

وەستای دروستکردنەوەی ئەم مزگەوتە (وەستا حەمەئەمینی وەستا عەبدواللە) بووە، بۆ تەختە بەندو کۆڵەکەکانیشی وەستا (عەبدوڵڵەی دارتاش) بووە.

ڕووبەری حەرەمی ئەم مزگەوتە (١٧×١٧) مەتر بووە، لەلای ڕاستی‌یەوە مەدخەلێکی گەرەی هەبوو(٤×١٧) مەتر بوو ئەم مەدخەلە هەم لەجێگەی نوێژ کردن و هەم لەکونجێکەوە داری سوتەمەنیان بۆ مزگەوتەکە تیا دادەنا... ئەرزی ئەم مەدخەلە و سەقفەکەی‌و سەقفی حەرەمی مزگەوتەکە هەموو تەختە بەندێکی جوان و ڕێک و پێک کرابوو.


مزگەوتی گەورە - لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامی کوردەوە دروست کراوەتەوە

ناو حەرەمی مزگەوتەکە (٢٠) کۆڵەکەی بۆ بەکار هاتبوو کەوەستا عەبدوڵڵا بۆ ژێری کۆڵەکەکان خەڵوزی بەکار هێنا بوون بۆ ئەوەی نەپوێن و نەزڕێن.

دوو دەرگای هەبوو یەکێکیان لە (کوجیبن)دەچویتە ناو مەدخەلەکەوە دەروازەیەکی گەورەبوو.. دەرگاکەی تر لەبەشی پێشەوەی مەدخەلەکە بەچەند پلیکانەیەکی تەختە بەند دادەبەزایتە خوارەوە بۆلای دوو حەوز. حەوزی لای ڕاست ڕووبەرەکەی (٥٠/٥×٢/٤٥) مەتر بوو ئەوەی لای چەپ(٧×٢/٥٠)مەتر بوو. ئاوی ئەم دوو حەوزە لەناو خۆیاندا هەڵئەقولاّ. لەساڵەکانی حەفتاکانیش دەستکاری ئەم حەوزانەیان کردو لەهانەی دەلینەوە بە بۆری ئاویان بۆ هێنان. ئاوی ئەم حەوزانە کەسەرژێریان دەکرد دەچوو بۆ ئاودەستخانەکان..

هەرلەپشتی حەوزەکانەوە وەك دوو هەیوان، ئەرزەکەی تەختە بەند کرابوو بەئەندازەی ڕووبەری حەوزەکان بۆ نوێژکردن. کۆڵەکەکانیشیان بەشێوەیەکی زۆر جوان وەك ئەستێرە نەخش کرابوون ئەم تەختە بەندە هەم بۆ هاوین فێنك بوو هەم بۆ زستانیش سارد نەبوو، دوای نیوەڕۆی هاوینان کۆڕی سەرئەم تەختە نوێژانە خۆش بوو.

دوو ڕیز ئاودەستخانەی هەبوون، ڕیزێکیان لەسەرچەمی ئاوێسەر بوون ژمارەیان (١٠)بوون ئەمانە هەرلەسەردەمی قادربەگدا دروستکرابوون، بەلاّم ڕیزەکەی تریان لەسەرچەمی دزاوەر بوون (٨) ئاودەستخانە بوون، لەساڵەکانی کۆتایی پەنجاکان دروستکران، دوو (غوسڵخانە)ش لەپاڵیان بوون لەلای ڕاستی ئەم دوو غوسڵخانەشەوە دوکانێکی بچکۆلە هەبوو کە بەدوکانی (تەحسینی حەمە ئیمام) ناسراوە. هەرلەلای چەپی ئەم ئاودەستخانانەوە لەڕووی جادەکەوە سێ دووکان هەبوون کەسەر بەمزگەوت بوون درابوون بەکرێ بە (حەمەسەعید ڕۆستەم، حاجی مەحمود محەمەد قادر، نادر حەمەئەمین)

لەنزیك ئاوەکەی (پلور)یش جێگەی مردوو شۆر هەبوو. لەلای چەپی ئەم مزگەوتەوە، خوێندنگایەك (حوجرە- مەدرەسە)یەکیش هەبوو ئەم خوێندگایە دوایی دروستکراوە، لەسەردەمی مەلاصاحب دا گرنگییەکی زۆری پێدراوە، بەڵکو بووە بەیەکێك لەخوێندگا گرنگەکانی کوردستان، ڕۆژ بەڕۆژ برەوی پەیدا دەکرد تانیوەی حەفتاکان فەقێی لێ نەبڕاوە، بەڵکو سەردەمی وابووە ژمارەی فەقێکان (٧٠)فەقێبوون. ئەم مزگەوتە پێنج فەرزە قەرەباڵغ بوو بەتایبەت بەڕۆژ. بەدرێژایی مێژووی ئەم مزگەوتە، نوێژی هەینی هەرلەم مزگەوتەدا کراوە، جگە لەهەندێ کات نەبێ کەلەخانەقاش کراوە.

متوەلی ئەم مزگەوتە لەسەردەمی قادربەگدا- حاجی حەمەڕەحیم و حاجی حەمەکەریم بوون، پاشان مەلاحەیبەاللە و حاجی نادر و حاجی بابالە و

حاجیمستەفای حاجی قادر و حاجی بابای حاجی محەمەد و حاجی حەمەمراد و حاجی ڕەحمان فەتحوالله بوون. ئەم مزگەوتە لەچۆڵ کردنەکەدا ڕووخاو هیچی بەسەریەکەوە نەما جگە لەهەندێ دیواری نەبێ.

دروستکردنەوەی ئەم مزگەوتە لەدوای ڕاپەڕین.

خەڵکی تەوێڵە هەرلەڕەوەکەدا بەنایلۆن و گەڵا کەپرێکیان دروست کرد و کردیانەوە بەجێگەی نوێژ. لەهاوینی (١٩٩٢) کەوتنەوە خۆ، نزیکەی (١٠٠)هەزار دیناریان کۆکردەوەو دەستیان کرد بەدروستکردنەوەی، توانرا هەیکەلێکی مزگەوتەکە بەوپارە دروست بکەن بۆ ماوەی چەند ساڵێك نوێژی تیاکرا. هەرلەدوای ڕاپەڕینیشەوە هەوڵ دراوە کەڕێخراوە ئیسلامیەکان ئەم مزگەوتە دروست بکەنەوە، بەتایبەت ماۆستایان (سەید عەبدوڕەحمان و مەلاعوزەیر و مەلا لوقمان، عەبدوڕەزاقی حاجی ئەوڕەحمان) زۆر هەوڵیان داوە. لەئەنجامدا لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامی کوردەوە ئەرکی دروستکردنەوەی گرتە ئەستۆ، چونکە بناغەکەی باش نەبوو، ئەوەی کەدروستکرابوو ناچار ڕوخێنرایەوەو جارێکیتر هەرلەبناغەوە لەهاوینی (١٩٩٧)ەوە بەردی بناغەی بۆ دانراو لەماوەی ساڵێکدا تەواو بوو. ئەوەی شایەنی باس بێت: جەماوەرەکەش بەمادیو مەعنەوی کۆمەکیو هاوکاری ڕابیتەیان کرد.

لەڕۆژنامەی یەکگرتوو ژمارە(٢٠٢) بەرواری (١٩٩٨/٨/٢٨)ن لەسەر دروستکردنی ئەم مزگەوتە نوسیویەتی:

(ڕابیتەی ئیسلامی کورد مزگەوتی گەورەی تەوێڵە دروست دەکات، لەدامێنی کەژگەردن کەشاکانی هەورامانی هەمیشە ڕەنگین و، لەناوجەرگەی تەوێڵەی دڵڕفێن و دێرین.. ڕۆژی (١٩٩٨/٧/٣١)و پاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەرئیش و کاری بەردەوام بەئامادە بوونی بەڕێز پرۆفیسۆر د. عەلی قەرەداغی سەرۆکی ڕابیتەی ئیسلامی کوردو لێپرسراوانی دەزگاکانی حکومەت و نوێنەرانی حزب و لایەنە سیاسیەکان و شێخانی تەریقەت و زانایانی ئاینیو پیاوماقوڵ و جەماوەری تەوێڵە و هەورامان .. پرۆژەی (مزگەوتی گەورەی تەوێڵە) لەئاهەنگێکی خۆش و ڕازاوەدا کرایەوە..

شایانی باسە پرۆژەی ئەم مزگەوتە بڕی (٤٠/٠٠٠) چل هەزار دۆلاری تیا صەرف کراوەو برای ئەندازیار (ڕوشدی تۆفیق) سەرپەرشتیاری کردووە.

ڕووبـــەری حـــەرەمی مزگەتەکـــە(١٧,٥×٢٢,٥)م/٥ م/٢ بـــاڵکونێکی بـــۆ دروستکراوە بۆپێنج فەرزە و شوێنی نوێژی خوشکان بەڕووبەری (٧×٢٢,٥)م/٢ هەروەها هەیوانێکی هاوینە بەڕووبەری (٥×٢٢,٥)م/٢

جگە لەمانەش چوارمنارەی جوانی هەیە، کەهەریەکەیان (١٠)م لەسەقفی مزگەوتەکەوە، بەرزن و گومەزیـەکی جوانیش کەتیرەکـەی (٧)م ەوە بەرزیەکـەی (٩,٥)م ە، کەهێنـدەی ترمزگەوتەکـەی ڕازاندوەتـەوە. جـێی باسـە: جـەماوەری خواناسـی تەوێڵـەش، هاوکـاری (ڕابیتـەی ئیسـلامی کـورد)یـان کـردووە، لەئەنجامدانی پرۆژەکەدا...

پیرۆزبێ لەتەوێڵە و هەورامان.. ئاوەدان بێ کوردستانی ئازیزمان...)

لەکاتی کردنەوەی مزگەوتەکەداو، پێش خوێندنەوەی وتارەکان، م. عادل شاسواری کەئاهەنگەکـەی دەبـرد بـەڕێوە.. ئـەم هۆنراوەیـەی خـۆی خوێنـدەوە، پێمان باشە لێرەدا بینوسین:

تەوێڵی جوان، دڵگیرو شیرین
سەرکەشی ڕەنگین، کۆتینی خەنین

ئارۆتەوێڵی، پاگ و عارفا
جەژنۆ عومرو وێش، دەنگ مدۆکەشا

وەش ئامای کەرۆ، جەمیمانەکا
بەزوان و حاڵ و، پاگ و سوجدەگا

ئارو ڕابیتە، بیەن بە میمان
منش ویربیاو، کەرداش ئاوەدان

جاجەئارۆوە، تەماشا کەرە
دەی سوجدەو شوکری، پەی خوای‌بەرە

لەبـــەهاری (٢٠٠٢)دا، (١١)دوکـــان لەحەوشـــەی مزگەوتەکـــەدا دروستکرایەوە، بەپارەی خاوەن دوکانـەکان، کەهەنـدێکیان زووتـر هـەر هەبوون. ئـەم دوکانانـە، (٦)یـان لەڕیزێکدا لەسەرجادەکەی کەدەچێت بـۆ پشـتی حـەوز، (٥)کەی تریان دەڕواننە ناو بازاڕەکەوە.

پێش نوێژ و وتار خوێنەکانی ئەم مزگەوتە:

بەتەواوی ناتوانین یەکەم مەلای ئەم مزگەوتە دیاری بکەین، بـەڵام ئەوەنـدە دەتوانین بڵێین کە: بنەماڵەی (مەلایاسین و مەلانەزیر) ڕۆڵیان زۆر بووە، هـەروەها ماوەیەك مەلاجەلیلی مەلامەحمود، پێش نوێژ و وتاربێژی بووە، پاشان نزیکـەی (٤٠)ساڵیش مەلاعەبدەی مەلایاسین لـەم مزگەوتـە بـووە، ماوەیـەکی کـەمیش مەلائەحمەدی قازی لێبووە... لـەدوای تەعمیرکدرنـەوەی مزگەوتەکـەش، لەلایـەن (قادربـەگ)ەوە، زۆری پێ‌ناچـێ، مەلاصـاحب دەبێـت بـەپێش نوێـژو وتاربێـژی تاساڵی(١٩٧٠) پاشان ئەم مامۆستایانەی تربوون:

– مەلامحەمەدی عەبدوسەمیع قەرەداغی.. لەساڵی (١٩٧٠)بۆ بەهاری (١٩٧٤).

– مەلافەرەج هەڵەبجەیی.. لەبەهاری (١٩٧٤)بۆ بەهاری (١٩٧٥).

– دیسان مەلامحەمەد عەبدوسەمیع لەبەهاری (١٩٧٥)بۆ پایزی(١٩٧٨).

– مەلاعەبدورەحمان تەها فەتحولموبین.. لەپایزی (١٩٧٨)بۆ بەهاری (١٩٨١). لەدوای راپەرینیشەوە:

– بۆ ماوەی ساڵێك م. مەلاعوزەیر و مەلاعەبدولقادر و چەند گەنجێك پێش نوێژ و وتاربێژ بوون، تاوەکو بەشێوەیەکی رەسمی لە (١٩٩٣/١١/١٣)ەوە،م. مەلالوقمان ئیسماعیل بەڵخەیی، بوو بەمەلای ئەم مزگەوتەو، ئاهەنگێکی قەشەنگی بۆ کراو، ئەویش توانی رۆڵێکی باش ببینێت و جەماوەرێکی زۆر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە و چەند فەقێیەکیش رابگرێت، بەڵام ئەمیش لەبەر هەندێ هۆی سیاسی لە(١٩٩٩/١٠/١٢) خۆی نقڵی سلێمانی کردو، ئێستاش پێش نوێژ و وتاربێژی مزگەوتی موفتییە لەسلێمانی.

لەساڵی (١٩٩٩)شەوە (مەلافاروق محەمەد حەمەعەزیز)بوو بەمەلای ئەم مزگەوتە تاوەکو نزیکەی ساڵێك، دواتر مەلا ئەرسەلان چەمچەماڵی بوو تاوەکو ئێستا کەسەرەتای ساڵی(٢٠٠٣)یە.

سەنەدێکی مێژوویی:

کاتێك کە قادربەگ ئەم مزگەوتەی دروست کردوەتەوەو گەورەی کردوە لەسەربەردێکی مەرمەڕ کەوەختی خۆی خرابووە دیواری مزگەوتەکەوەو نوسێنرابوو پێیەوە کەمێژووی دروستکردنی مزگەوتەکەی لەسەر بوو کەساڵی (١٣٤٨ك)بووە، بەرامبەر بەساڵی(١٩٢٩ز) هۆنراوەکە لە شعری میرزاعەبدولقادرە، مەلائەحمەدی قازی بەخەتە خۆشەکەی لەسەر بەردەکە نوسیویەتی، ئەو وەستایەش کەنووسینەکەی هەڵکۆڵیوە خەڵکی هەورامانی تەخت بووە بەناوی وەستا محەمەد سەعید. هۆنراوەکە مەدحێکی جوانی قادربەگی تیایەو وەصفێکی زۆری مزگەوتەکەو ئاو و هەواو سروشتی تەوێڵە دەکات.

ئەم نوسراوی سەر بەردە سەنەدێکی مێژوویی گرنگەو لەدوای راپەرینەوە لەلایەن(نورەدین مستەفا)[٦]وە پارێزراوە،وەپێویستە خەڵکیتەوێڵە ئاگاداری ئەم بەردە بن بەتایبەت متەوەلی مزگەوت، چونکە ئەمە سەنەدە، مێژووە، شوێنەوارە.

دەقی نوسراوی سەرئەم بەردە، بەم شێوەیەیەو تەقریبەن ماناکەشی ئەمە دەگەیەنێت:

ناظم: میرزاعەبدوالقادر اوستا: محمد سعید

قصر فردوس است، یاعرش است هم چرخ برین
کس ندیدەست ببیند، خاك و اب هم چنین
جامعِ اظهر یقین اینست، ای اهل صلاة
رَحمةُ اللهِ علی القوم، جمع الداخلین
چشمەء چون زمزم کوهش صفا بطحاصفت
طالبان راغبان دین، هم جمع اند ازئین
بانیش بحری خدا، نقش چنین انداخته
مسجد یعنی در این است، مایەء دنیا و دین
ان شجاع الملك قادربگ مالك شدبما
تیزی فکرش ببین، قوه بازوببین
چونکه تعمیرات این مسجد، با اوکشته تمام
دست گیرش در دو دنیا، یاشفیع المذنبین
طالبم در بحرابجد، غوطة در تاریخ را
جستجو کردم بگفتش، (وادخلوها خالدین)


وێنەی سەنەدەکەی مزگەوتی گەورە

واتە:

- ئەم مزگەوتە یادەبێت قەصری فیردەوس بێت یاعەرشی خوایە، لەم چەرخەی ئێمەدا ئەوەندە جوانە کەس نەیدیوە شتی ئاوا، بابێت ببینیٚ خاك و ئاوەکەشی.

- جامعەی ئەزهەر بەڕاستی ئەمەیە، ئەی ئەهلی نوێژکەران، ڕەحمەتی خوا لەسەر ئەو قەومە هەمووی بێت کەدەچنە ناوی

- کانیاوەکەی وەك زەمزەمەو، کێوەکەی وەك کێوی صەفاو، (بەطحاء) صیفەتە- بەطحاء = بەدەربەنێکی گەورەی ئاودار دەڵێن کەوردە چەوو لمی تیابێت. قوتابیان و ئارەزوو

مەندانی ئاین لەم مزگەوتە و لەم شوێنەدا کۆدەبنەوە

- دروست کەری ئەم مزگەوتە، دەریایەکی خوایی‌یە کەتوانیویەتی نەخشێکی وادابڕێژێ، واتا مزگەوتێك ئاوابێت سەرمایەیە بۆ دونیا و قیامەت.

- شجاع الملك- نازناوی قادربەگ بووە، ئەم (شجاع الملك)ە کەقادربەگە، خودا داویەتی بەئێمە و بووە بەگەورەمان ببینن چەند بیرێکی تیژ و هێز و بازوییەکی هەیە

- چونکە تەعمیراتی ئەم مزگەتە لەسەر ئەرکی ئەم تەواو بووە.

- دەستی بگریت لەهەردوو دونیا، ئەی تکاکاری گوناهکاران.

- داواکارم لەدەریای خودا بەم زوانەو لەم کاتەدا دانەپۆشرێت و نەمرێت.

- بەگوتەو فەرمانی ئەو جولاّمەوەو ئەرکەکانم جێبەجێکردن دەی خوایە ئیتر بیخەرە بەهەشتەوە.

- واژەی (وادخلوها خالدین) مێژوی دروستکردنەکەیە بەئەبجەدی حیسابی بکەین ساڵی (١٣٤٨ك)دەکات.

مزگەوتی باساکا:

مێژووی دروستکردنی نازانین دەگەڕێتەوە بۆکەی، بەڵام زۆربەی خەڵکی تەوێڵە دەڵێن دووەم مزگەوتە لە تەوێڵە دروستکراوە. بۆ ناوەکەشی کەلەچی‌یەوە هاتووە سێ ڕیوایەت هەیە:

هەندێك دەڵێن: صۆفی‌محەمەد باساکی لەگەڵ چەند باساکی‌یەکی تر لە تەوێڵە کاسپی دەکەن و قازانجێکی زۆر دەکەن ئەوان ئەم مزگەوتە دەکەنەوە و دەناسرێت بە (مزگی باساکی‌یەکا) واتە: مزگەوتی باساکی‌یەکان دوایی وشەکە دەبێتە (مزگی باساکا).

هەندێکی تردەڵێن:

وەستای دروستکردنی ئەم مزگەوتەیا خەڵکی گوندی (باساك)ی لای بەرزنجە بووە، یاناوی باساك بووە و خەڵکی شوێنی تر بووەو ئیتر بەناوی وەستا باساکەوە ناونراوە.

- بەڵام وادیارە ئەم ڕایە ڕاست بێ کەدەڵێت:

دووبرا بەناوی (عەلی صادق و محەمەد صادق)خەڵکی باساك بوون بۆ خوێندن هاتونەتە، تەوێلە و باوکیان دەوڵەمەند بووە، پاش تەواوکردنی خوێندن لەپاداشتی ئەوە هەم خەڵکی تەوێڵە باش بوون لەگەڵیان و هەم لەتەوێڵە خوێندنیان تەواو کردوە باوکیان (صۆفی صادق یامام صادق)یان پێ وتووە

بڕیار دەدات لەتەوێڵە مزگەوتێك دروست بکات و ئیتر بەناوی مزگەوتی باساکی‌یەکان ناسراوە و دوایی بووە بەباساکا.

هەروەها دەڵێن: مەلاعەبدوڕەحمانی یەکەم - بنەماڵەی مەلاسەلام سەیر بکە- دەرسی بەم دوو برایە وتووەتەوە، ئەو هاندەرێکی باش بووە بۆ کردنەوەی ئەم مزگەوتە و ئەویش بەناوی ئەوانەوە ناوی ناوە. ئەم مزگەوتە لەگەڕەکی (خەمەکاوە)یە لەمالێدەر، ڕوو بەقیبلەیەو لەدیوارەکەی‌دا بەردی قورس و گەورە بەکار هاتووە کەمرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێ کەچۆن ئەم بەردانە بەکارهاتوون. ئەم مزگەوتە لەشەڕی عێراق و ئێران دا زۆربەی ڕووخاوە، بەلاّم لەساڵی (١٩٩٣)دا خەڵکی تەوێڵە بەتایبەت گەڕەك بەسەرپەرشتی سەعدی حاجی‌ئەحمەد، لەسەر شێوەی خۆی دروستیان کردەوە، لەلایەن ڕابیتەی ئیسلامیشەوە پرۆژەی ئاوەکەی بۆ ڕاکێشان و لەبەرواری (١٩٩٣/١١/٣) کرایەوەو ئاهەنگێکی خنجیلانەشی بۆ کرا. ئەم مزگەوتە ڕووبەری حەرەمەکەی (١٢×٧)م بەپلیکانە دەچیتە سەرەوە و حەوزێکی تیایە (٦) بەرمیل ئاو دەگرێ (٦) ئاودەستخانەو مردوو شۆرێکی تیایە، لەژێر مزگەوتەکەدا دوکانێکی هەیە ئەوسا نانەواخانە بوو. ئەو ماموٚستایانەی لەم مزگەوتەدا پێش نوێژیان کردوە دەڵێن: لەسەرەتاوە شێخ شەهابەدینی دزاوەری هەم بۆ کردنەوەی‌و هەم وەك مەلایەك دەوری باشی بووە لەم مزگەوتەدا.



هەروەها بنەماڵەی مەلاعەبدوڵڵەی مالێدەر، باو باپیری‌و خۆیشی‌و مەلاعەبدولحەمیدی کوڕیشی مەلای ئەم مزگەوتە بوون لەساڵەکانی حەفتاکان بەدواوە هەردوو ماموٚستا (سەید عەبدوڕەحمان سەید تەهاو سەید ڕەشاد سەید محەمەد) ئیمامی ئەم مزگەوتە بوون.

لەدوای ڕاپەڕینیشەوە مامۆستای ڕەسمی نەبووە ئەو گەنجانەی گەڕەك پێش نوێژیان کردووە. متووەلی‌یەکانی ئەم مزگەوتەش زۆر بوون لەوانە:

- ئەحمەدی ئیسحاق
- محەمەدی کوێخا حەمەئەمین
- حاجی قادر حەمەعەزیز
- حاجی حەمەشەریف حاجی قادر
- حاجی مستەفا حاجی قادر
- حاجی بابا حاجی محەمەد
- غەفور محەمەد
- سەعدی حاجی ئەحمەد

خادمەکانیشی ئەمانە بوون:

- ڕەحیم وەیسی
- حەمەسەلیم ئێرانی
- ئەبوبەکر حەمەڕەحیم

مزگەوتی کاك عەلی فەیرۆز:

ئەم مزگەوتە کەوتووەتە بەشی سەرەوەی چلانە، وەك دەڵێن: جێگەکەی ئەوسا دووسێ چڵ تووی گەورەی تیابووە، وەئێستاش دانەیەکیان ماوە، هەروەها بن تووەکان (پاچەڵگا)[7] بووەو، بەشی سەرەوەشی شوێنی وەرە گەل- گەلە بێری بووە.

بەهاوکاری خەڵکی تەوێڵە بەتایبەت ئەهلی گەڕەك لەبەهاری (١٩٥٨)دا دەستکرا بەدورستکردنی‌و لەسەرەتای ساڵی (١٩٥٩)دا تەواو کرا، ئەوانەی زیاتر

سەرپەرشتیان دەکرد حاجی عەبدوڵڵای حسێن و حاجی عەبدەڕەحمانی حاجی محەمەد و حاجی ئەبوبەکری کەریم خادم بوون، وەستاکەی وەستا عەبدوڵڵای کەیمنە بوو،

کارەباکەشی مەلاجەمیل بۆی دامەزراند.

ڕووبەری حەرەمی ئەم مزگەوتە (٩×٨)م چوار کوڵەکەی تیایە هەیوانێکی بچکۆلەی هەیەو حەوزێکی تیایە (٤) ئاودەستخانە و یەکێکیان غوسڵخانەیە، لەساڵی (١٩٧٣)لەبەرامبەریەوە (٤) ئاودەستخانەی تری بۆ کرایەوە.

لەشەڕی عێراق و ئێران دا زۆربەی ڕووخاو لەساڵی (١٩٩٣)دا ئەهلی تەوێڵە و گەڕەك دەستیان کردەوە بەدروستکردنەوەی، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٢) بەدواوە بەتەواوی کرایەوەو نوێژی تیا کراوە.

لەناو خەڵکی تەوێڵەدا ئەم مزگەوتە، بەمزگەوتی (کاکڵە پیرۆز)بەناوبانگە کەگوایە ئەم ناوە لەناوی کەسێکەوە هاتووە کەناوی کاك عەلی پیرۆز یاکاك عەلی فەیرۆز یاخود کاکە نەورۆز بووە، بۆیە ئەم مزگەوتەشیان بەم ناوەوە ناو ناوە، چونکە لەلای ڕاستی دەرگای دەرەوە کەبچیتە ژوورەوە لەکۆڵانەکە شەخصێك هەیە کەگوایە نشنیگەی ئەو پیاوە چاکە بووە، بەڵام مێژووی ئەم کاك عەلی فەیرۆزە، ونەو هیچی لێ نازانین. تەنها ئەوەندە دەڵێن: کە خەڵکی شارەزوور بووە بۆ خوێندن هاتووەتە تەوێڵە. پێش نوێژەکانی ئەم مزگەوتە، بۆ یەکەم جار مامۆستا مەلاعەبدولئەحەد بووە، ئەم مامۆستایە لەوەوپێش مەلایەتی مزگەوتی نەکردوە هەر منداڵی لەماڵەوە فێری قورئان کردووە، ماوەیەکیش مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بووە، تالە پایزی ساڵی(١٩٦٢) لەبەرە بەیانێکدا بەنەخۆشی‌یەکی کتوپڕ کۆچی دوایی دەکات.

پاشان بۆ ماوەیەکی کەم حاجی سەید تەها بووە ئیمامی، دوای ئەوە مامۆستا مەلاجەمیل کوڕی مەلاعەبدولئەحەد بوو بەئیمامی ئەم مزگەوتە تاوەکو ساڵی (١٩٨١). لەسەردەمی مامۆستا مەلاجەمیل دا ئەم مزگەوتە خوێندنگایەك بووە بۆ فێربوونی قورئان، منداڵانی تەوێڵە دەستە دەستە فێری قورئان ئەبوون و خەتمیان دەکرد بەتایبەت لەساڵەکانی (١٩٦٣- ١٩٧٠) بەبەردەوامی (٢٠- ٣٠) قوتابی هەبوون. مامۆستا جگە لەقورئان کتێبی تری وەك (معراجنامە و مەولودنامە و ئاسمان و زەمین)ی پێ‌دەوتن ئەم کتێبانە هاوکاریەکی باشی قوتابیانی دەکردن بۆ ڕێنوسی کوردی‌و زمانی کوردی.

موجەوەرەکانی ئەم مزگەوتە :

عەبدوڵڵا حەمەکەریم تابەهاری ١٩٦٤، لە(١/٤/١٩٦٧)وە حەمەعەزیز فەتاح بووە، پاشان لەحەفتاکان ئەسکەندەر ئەبوبەکر بووە، دوای ئەو هەر وەستا نادر حەکیم کەدراوسی‌ی مزگەوتەکە بوو خزمەتی دەکرد.

مزگەوتی بابا ئەسکەندەر:

شوێنی ئەم مزگەوتە ئەوسا کەلاوەیەك بوو پێیان دەووت (کەلاوۆبەقا)، ئەم مزگەوتە کەوتوەتە ناوەڕاستی بەشی مالێدەر، لەهاوینی ساڵی (١٩٦٠) دروستکراوە، لەلایەن خەڵکی تەوێڵە و ئەهلی گەڕەکەوە، ئەوانەی زیاتر هاوکاریان کردوە حاجی حەسەن اللەکەرەم و حاجی حەمەعەلی کۆزاد و حاجی سەلیم بوون. حەرەمی ئەم مزگەوتە گەورەنیە (٨×٧)م دوو دەرگای هەیە لەسەرەوەو لەخوارەوە دەچیتە ناویەوە، بەردەمەکەی هەیوانێکی (٨×٢/٥) هەیە، کەدەڕوانێتە ناو بازاڕی تەوێڵە و حەوزێك و (٤) ئاودەستخانە و غوسڵخانەیەکی

مزگەوتی بابا ئەسکەندەر ٢٠ / ٩ / ٢٠٠٣

هەیە. یەکەم مەلای ئەم مزگەوتە، مامۆستا بابا حاجی بووە، زۆری تیایدا نەمایەوە تووشی نەخۆشیەك بوو لە (١٩٦١/٧/٥) کۆچی دوایی کرد پاشان مامۆستا مەلاعەبدوڕەحمانی مەلاجەلیل بوو بەئیمامی تاوەکو ساڵی (١٩٨١).[٨] ئەوەی شایەنی باس بێت مامۆستاش چەند قوتابیەکی فێری قورئان خوێندن کردن. ئەم مزگەوتەش لەدوای ڕاپەڕین لەساڵی (١٩٩٣) دروستکرایەوە لەلایەن خەڵکی تەوێڵە بەگشتیو ئەهلی گەڕەك و بەهاوکاری یەکگرتووی ئیسلامی کورد.

لەسەرەتاوە چەند گەنجێکی گەڕەك پێش نوێژیان بۆ نوێژکەران دەکرد، بەڵام ئێستا مامۆستا مەلاسەید عەبدولخالق بووەتە پێش نوێژ.

ناوی مزگەوتەکەش لەدواتردا باسی لێوە دەکەین.

متولی ئەم مزگەوتە- حاجی حەسەن بوو، پاشان حاجی ئەبوبەکری کوڕی، لەم دواییەش دیاری عەبدولی حاجی ئەبوبەکر بووە.

مزگەوتی فەقێ ئەحمەد:

مێژووی دروستکردنی ئەم مزگەوتە دەگەڕێتەوە بۆچلەخانەکەی فەقێ ئەحمەدی غەزایی، بۆیە مزگەوتی خەڵوەخانەشی پێ‌دەڵێن. سەید عەبدوصەمەدی توداری لە (نورالانوار)دا نووسیویەتی:[٩] لە (قاموس الانساب)ی شێخ ڕەزادا نوسراوە:

فەقێ ئەحمەدێکی کورتە بالای بەناوبانگ بە (گردە)، هاتە قوتابخانەکەی ئێمە و بەزمانی عەرەبی قسەی ئەکرد و ئەیوت: من لەسەیدەکانی بەغدا و لەنەوەی شێخ عەبدوڕەئوفی کوڕی شێخ نیعمەتوڵلای وەلیم، ماوەیەك لای ئێمە مایەوە و پاشان چوو بۆ (تەوێڵە)ی (هەورامان)و لەتەوێڵە نیشتەجێ بوو و، پاشان ماوەیەك ناوبانگی بە (غەزایی) دەرکرد. ئیتر نازانم ژنی هێناوە یانا؟ هەروەها سەید عەبدوصەمەد ئەڵێ:

بۆم روون بووەتەوە کەئەو فەقێ ئەحمەدە ژنی هێناوە و نەوەی لێکەوتووەتەوەو هەرلە تەوێڵەش کۆچی دوایی کردووە.[١٠]

وەلەسەفەری حیجازدا لەشاری بەغدا چوومە بنج و بنەوانی قسەکەی ئەو فەقێ ئەحمەدەو، بۆم دەرکەوت ئەو فەقێ ئەحمەدە کوڕی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەبدولئەحەدی کوڕی شێخ عەبدواحیدی کوڕی شێخ مەحمودی کوڕی شێخ عەبدولصەمەدی کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ عەبدوڕەئوفی کوڕی شێخ شاە نیعمەتوڵلای وەلی کوڕی شێخ زەکەریای کاکۆ زەکەریایە. هەروەها لەیادی مەردان دا هاتووە و دەڵێ:[١١]

ئەم فەقێ ئەحمەدەیش هەربەمناڵی بەغدای بەجێ‌هێشتووەو بۆخوێندن ڕووی کردوەتە کوردستان و لەگەڵ مزگەوتدا خوێندوویەتی، تاسەرەنجام لەتەوێڵە سەقام گیر بووە و ژنی هێناوە. لەبەر ئەوەی کەپیاوێکی زۆر چاك و لەخواترس بووە و گەڵێ جار خۆی ون کردووە و پاش ماوەیەك هاتووەتەوە، لەتەوێڵە مەشهور بووە بە (فەقێ ئەحمەدی غەزایی) بەو باوەڕەوە کەوا لە (رجال الغیب)ەو لەماوەکانی ون بوونیا بۆ غەزا ئەچێ لەناو سوپای موسڵمانان‌دا.

کەواتە فەقێ ئەحمەد زۆر شوێن گەڕاوە و لەئەنجام دا گەیشتووتە تەوێڵە و لێرە ماوەتەوە و چلەخانەیەکی بووەو، گۆڕستانەکەشی والە خوارەوەی تەوێڵە، لەگەریات، شەخصێك هەیە بە شەخصەکەی فەقێ ئەحمەدی غەزایی ناسراوە.[١٢]

ئەم چلەخانەیە تائەم دوایی‌یە ماوەتەوە پاشان بووە کەلاوەیەک، تالەساڵی (١٩٦٨) ئەهلی گەڕەك و خەڵکی تەوێڵە بەتایبەت حاجی جەزا و حاجی بابالە.. هەڵسان بەدروستکردنی مزگەوتێك لەم کەلاوەیەدا، وەهەر بەمزگەوتی فەقێ ئەحمەد ناسراو، وە هەر حاجی بابالەی مارف متووەلی بوو، مامۆستا سەید ڕەشاد کرا بەئیمامی، دوایی مامۆستا مەلاڕەشاد چوو بۆ مزگەوتی باساکاو مامۆستا مەلاصاڵحی زاوای مامۆستا مەلاصاحب بوویە ئیمامی تاساڵی(١٩٨١).

ئەم مزگەوتە لەکاتی چۆڵ بوونی تەوێڵە، سەقفەکەی ڕووخاوە و دیوارەکانی چونکە بەچیمەنتۆ دروستکراون نەڕووخاون. بەڵام هێشتا مزگەوتەکە دروست نەکراوەتەوە.

حوجرەکەی مەلانەزیر یاقاپی شێخ:

ئەم حوجرەیە دەکەوێتە بەشی چلانەوە، پێینی گەڕەکی مەلایان، وەختی خۆی لەلایەن صۆفی ئەحمەدی باپیرە گەورەی مەلانەزیرەوە دروستکراوەو، دوایی بەحوجرەکەی مەلانەزیرو قاپی شێخ ناسراوە.

ئەم مزگەوتە وەختی خۆی لەدووبەش پێکهاتووە بەشی پیاوان، بەشی ئافرەتان، بەشی پیاوان بۆ دەرس خوێندنی پیاوان بوو، دووەمیشیان بۆ کچان و ئافرەتان، قورئانیان تیادەخوێند لەلایەن خێزان و کچی مەلاکانەوە پێیان وتراوە.

دوو چلەخانەشی تیابووە... وەك پیاوە بەتەمەنەکان دەگێڕنەوە[١٣] کەلەهانە سوسووە بەگونج (واتە بۆری قوڕ) ئاویان بۆ هێناوە.

لەسەردەمی مەلانەزیدا، گرنگی‌یەکی زۆری پێ دراوە و بووەتە خوێندنگایەکی گەورە و کاتێك شێخ عوسمان سراجەدین دێتەوە تەوێڵە، لەم حوجرەوە دەست دەکات بەئیرشادو، دەیکاتە ناوەندێکی کۆڕی زانست و زیکر و لەلایەن (سەید قوتبەدین) باپیرەی سەی فەتحەوە سەرپەرشتی دەکرێت.[١٤]

واتە... مزگەوت بووە، خوێندنگا و بووە، خانەقا و چلەخانەش بووە.

جەنابی شێخ هەرلەم قاپیە گیانی دەردەچێت و لەسەر وەسیەتی خۆی دەیبەن بۆ باخچەکەی خۆی، کەدوایی شێخ بەهائەدینی کوڕی خانەقایەکی تیا دروست کرد. پاشان قاپی بوو بەجێگەی میوان و موریدەکانی شێخ و، دواتریش چەند خانەوادەیەکی تیابوو، وەك وەستا عەبدوڵلا و وەستا بەشیری کوڕیو، خانەوادەی خودادای مەمەو صۆفی‌حەمە صاڵح و ڕابەشەل.

لەهەشتاکاندا ئەمیش وەك باقی خانوەکانی تری تەوێڵە ڕووخاو شوێنەوارێکی وای نەماوە و بووەتە کەلاوەیەك و جارێ دروست نەکراوەتەوە.

خانەقای تەوێڵە :[15]

خانەقای تەوێڵە دەکەوێتە بەشی خوارەوەی خانوەکانی تەوێڵە لەلای ڕۆژهەلاتی چەمی خوارەوەدایە. ئەم خانەقایە جوانترین خانەقای کوردەواری بووە، بەشێوەی هونەری کوردی ڕەسەن دروستکراوە. کەلە(١٧)ژوور و مزگەوتێك و هەیوانێك و چلەخانەیەك و گومەزێگی شێخ سراجەدین پێکهاتبوو.

ئەوقاف وەختی خۆی بەشی سەرەوەی ڕووخاندووە، کەبریتی بووە لە (حەرەم)و (گەرماوێك)، لەشوێنی ئەودا بینایەکی تازەی دروستکردووە. ئەم بەشە زۆر جوان بووە، زۆرکەس دەڵێن بەداخەوە شتیوا دروست ناکرێتەوە.

بەشەکەی تری لەچەند ژوورێك پێکهاتبوو کەلەبەردەمی هەندێکیان هەیوان بوو. ژوورێکیش لەسەر(مەدخەل) سەرەکی‌یەوە بوو، ئەم ژوورانە بۆ صۆفی‌و مورید و فەقێ‌و میوان بوون و ئەوان سودیان لێوەرگرتوون.

مزگەوتەکەش لەسەر شێوەی کوردەواری دروستکراوە، درێژیەکەی (١٥) هەنگاوەو پانی‌یەکەی (١٠)هەنگاوە، گومەزی نەبوو ەبەڵکو سەقفەکەی تەختە بەندبوو، (٦)کۆڵەکەی دارین و گەورە و جوانی هەبوو کەلە کەم شوێنی کوردستان دا، کۆڵەکەی ئاوا بووبێت، پێوانەی هەندێکیان کراوە کەتیرەکەیان (١,٥)مەتر بوو. لەقەبارەدا نزیك بوون لەیەکەوە، هەریەکێك لەو کۆڵەکانە تاجێکی دارین بەسەریانەوە بووە درێژیەکەیان لەمەترێك زیاتر بووە، وەدەور و بەریان

پێچ پێچەو مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دروستکردنی مزگەوتەکە. بەڵام کاتێك کەشێخ حیسامەدین سەقفی مزگەوتەکەی بەرزکردەوە لەژێر هەموو کۆڵەکەیەکدا بنکە (قاعدە)یەکی دارینی دانا. لەهەیوانەکە (٨)کۆڵەکە هەبوو کەهەریەکەیان تاجێکی بەسەرەوە بوو،بەڵام لەتاجی کۆڵەکەکانی مزگەوتەکە بچوکتر بوون.

هەیوانی مزگەوت و خانەقاکە دەکەوێتە لایڕاستەوە، کەدرێژیەکەی (٢٧) هەنگاوە. سێ‌داری گەورە خراونەتە سەرکۆڵەکەکان کە (حەماڵ)یان پێ‌دەڵێن سەری دارەکانی تری خراوەتە سەر.

لەسەرەتای هەیوانەکەوە، ژوورێکی بچوك هەیە وەك چلەخانە وایە لەوێوە دەچیتە هەیوانەکە، کەمەدخەلی مزگەوتەکەیە، لەکۆتایی‌دا ژوورێکی بچوك هەیە بە(چلەخانەی شێخ عەبدوڕەحمان) بەناوبانگە کەکوڕی شێخ سراجەدین بووە. لەکۆتایی هەیوانەکەش لەبەشی خوارووی ڕۆژهەڵاتەوە دەرگای گومەزیەکەی شێخ سراجەدینە.

گومەزیەکەی سراجەدین:

ئەم گومەزیە لەناوەوە زۆر سەرنجی تەماشاکەر ڕادەکێشێ بۆ خۆی، ئەوەندە بەشێوەیەکی ئەندازەیی جوان دروستکراوە. گومەزیەکەی ناوەند بەشێوەیەکی چوار گۆشەیی‌یە، واتە: بنکەیەکی چوار گۆشەیی هەیە. بەرزیەکەی (٧م)ە لەهەرلایەکەوە نیوگومەزی هەیە، لەهەرگۆشەیەکی گومەزیەکەوە کۆڵەکەیەك هەیە کەزەخرەفەیەکی جوانی لەسەرە، بەشی پێشەوەی کراوەیەو ئاوێنە بەند (عروسی)ێکی لەسەرە، کەبەجوانترین شێوەیە. مامۆستا عەبدوڕەقیب یوسف، لەوەصفی ئەم گومەزەیەدا دەڵێ:

زەخرەفە و نەخش و نیگارو ئاوێنە بەندی ئەم گومەزیە، زۆر نایاب و جوان و دەگمەنە، لەشوێنانی تر، وەك سلێمانی و هەولێر و کۆیەو، کەرکوك دا، ئالەم شێوە و جۆرەم نەبینیووە. ئاوێنە بەندەکەی زۆر وردەکاری تیابووە، چێوەکەی لەتەختە دروستکراوە، بەهەندەسەیەکی، زۆر جوان، لەسەر شێوەی ئەستێرەیە، لەناوەوە شوشەی ڕەنگاوڕەنگی بچوکی تیابوو، بەرزیەکەشی (٣/٢٦م)و پانیەکەشی (٣م)، بەرزی هەرچێوە، تەختەیەك، لەسەرپارچە شوشەکە، (٤ملم)ە ئەوڕێگە و شێوەیەی کەلەسەری دروستکراوە لەسلێمانی پێ‌ی دەوترێت (قاخمە). لەیەك لای دیاری کراو (حەقلی موعەیەن)دا، (٧٦) پارچە شوشەی قەبارە جیاوازی تیابووە. دەڵێن:

دوو هونەرمەند بەشدار بوون لەدروستکردنی ئەم هونەرەدا، یەکێکیان بەناوی (جان وەیس)ی سنەیی‌و، ئەوی تریان بەناوی (شوکرواللە)ی هەمەدانی‌و هەردوکیشیان موریدی شێخ سراجەدین بوون.

درێـژی گۆڕسـتانەکە لـەناوەوە (٩م) کـەمێك زیـاترە، پانیەکەشـی (٦م)ە قەبری شـێخ سـراجەدین و شـێخ بەهائـەدینی کـوڕی تیایـە، هـەردووکیان لـەناو صندوقێکی گەورەدان و، قەبری شێخ ئەحمـەدی کوڕی‌و شـێخ جەعفەر و، شـێخ محەمەدی کوڕی شێخ حیسامەدینی تیایە. وادیارە جۆری ئەم گومەزیە یالەسنە یالەشوێنی تری ئێرانەوە هاتبێت.

هەرلەسـەر ئـەم شـێوە گومـەزیـە (حـەمامی حـاجی بـاقی‌و حـەمامی حـاجی حەسـەن) دروسـتکراون لەکـەرکوك، لـەژێر قـەلاوە ڕووی خـوارووی ڕۆژهـەلاتـەوە. وەستاکانی کەرکوك دەڵێن:

ئـەم دوو حـەمامـە لەلایـەن وەسـتا ئیسـماعیل، ناوێکـەوە دروسـتکراون، لەپێش (٧٠)ساڵ لەمەوبەر، واتە لەدەوروبەری (١٩٠٠ن)لەوانەیە ئەم ئەندازیار و هونەرمەندە، کوردە (ئیسماعیل سنەیی)بووبێت لـەو سەردەمەدا، لەکوردستانی خـوارووداا بـووە و هەڵسـاوە بـەکاری ئەنـدازەیی‌و هونـەری. لەهـەولێریش دا، کەکۆشکی مەلائەفەندی لەباداوە و ماڵی شێخ جەمیل ئەفەندی لەقەلادا، دروستی کردوون و نەخشی کێشاون. هەروەها دەرگای قەلای هەولێریشی دروستکردووە و براکـەی (عـەلی ئەکبـەر) یارمـەتی داوە بەتایبـەت لەهونـەری نـەخش و نیگارەکەی‌دا.

چلەخانە یا مۆزەخانەیەکی بچوك:

ئەم خەلوەگایە بەخەلوەگای (شێخ عەبدوڕەحمان ئەبولوەفا)بە ناوبانگە، لەبەشی پێشەوەی کۆتایی هەیوانەکەیە، لەژوورێکی بچکۆلەی (٨م٢)پێکهاتووە، بەشـی سـەرەوە و خـوارەوەی کراوەیـەو، دوو ئاوێنـە بەنـدی تیـابوو. دیـواری ڕۆژهـەلات و ڕۆژ ئـاوای بەهەندەسـەیەکی جـوان نـەخش کرابـوو، لەدیوارەکـەی ڕۆژهەلاتـدا تـاقێکی تیـابوو بەهـەمان شـێوە لەبەرامبەریشـەوە ئـاگردانێکی (مغەیری)ێکی بووە کەدرێژیەکەی (١٠٦سم)کەنەخش و نیگارێکی جوانیان پێوە بـووە، بەوێنـەی بولبـول و گـوڵ نەخشـێنراوە، لەسـەر ئاگردانەکـە (بیلـۆ-بوخـاری)یـەك بووە کەلـەمحراب دەچێت کەلە سلێمانی لـەم جـۆرە زۆرە. لەسـەر ئەویش (موجەسەمێك) هەبوو وادیارە کەجێگای (چرا) بووبێت.

ئەم خەڵوەتگایە لەناوەوە کراوە بەدوو بەش(نهۆم)، نێوانیان سەقفێکی تەختەیە و نەخشێنراوە و بەرزی نهۆمی خوارەوە(٢١٨سم). بەڕاستی ئەم خەڵوەتگایە ئەوەندە نەخش و نیگاری جوان و وردوو قەشەنگی تیایە کەسەرنجی تەماشاکەر ڕادەکێشێ، کەهەر لەم خەڵوەتگا بچکۆلەدا (٢٢٦) وێنەی بولبولی تیایە، کەئەمەش بەڵگەن لەسەر بەهرەمەندیو لێهاتوویی ئەو هونەرمەندە.

مێژووی دروستکردنی ئەم خانەقایە:

شێخ عوسمان لەدوا ساڵەکانی ژیانیا لەساڵی (١٢٧٢)ك لەو باخچەیەدا کەدەکەوێتە داوێنی تەوێڵەوە (کەبەمیرات لەباوکییەوە بۆی ماوەتەوە- یا ڕەسوڵ ئاغای مامی پیێ بەخشیووە) خانەقایەکی بچوك و سادەی دروستکردووە و[16] لەدوای خۆیشی شێخ محەمەد بەهائەدین کوڕە گەورەی ئەم خانەقایەی گەورە کردوە و دووساڵیشی پێچووە ئینجا تەواو بووە.[17]

سێ نوسراو (سێ تابلۆ)لەم خانەقایەدا هەیە: **یەکێکیان** لەسەر تابلۆیەکی بەردیە، لەسەر دیواری دەرەوەی مزگەوتی خانەقاکەیە لەنزیك دەرگای گومەزیەکەوەیە کە دەکەوێتە هەیوانەکەوە. نوسراوەکە بریتییە لەشیعرێك کەمێژووی (١٢٨٤ك = ١٨٦٧ز)ی لەسەر نوسراوە.

نوسراوێکی تریان: لەسەر تاجێکی ستونی دارینە کەنەخش کراوە لەنزیك دەرگای سەرەکی خانەقاکەوەیە.

نوسراوەکە کراوە بەچوار بەشەوە لەدوو بەشی بچوکدا لەڕاست و چەپەوە (٨٥)و (١٢) نوسراوە کەساڵی دروستکردنەکەیە (١٢٨٥)ه لەبەشی سەرەوەو خوارەوەش ئەم بەیتە شعرەش نوسراوە..

بهاء الدین ثانی پیر امجد

ولی عهد سراج الدین محمد

مێژووی ئەم دروستکردنە کەدەکاتە ساڵی (١٢٨٥)ك واتە ساڵی (١٨٦٨ز) زاینی دەکات.

نوسراوی سێهەم:

ئەمیش لەسەر کۆڵەکەیەکی دارینە و تاجێکی بەسەرەوەیە هەروەك کۆڵەکەی پێشو کراوە بەچوار بەشەوە لەدوو بەشی بچوکدا، لەلای ڕاستەوە نوسراوە (عمل محمد)لەلای چەپەوە نوسراوە (علی)واتە (محمدعلی)دروستی کردووە. ئەم نوسینەش زۆر بەورد و جوان نوسراوە. نوسراوەکەی تریش لەسەرەوەو خوارەوەیە ئەمەیە:



بوالیهاشد تکیەء دین

قدس الله سره امین

لەوانەیە ئەم (محمد علی)یە لەگەڵ (جان وەیس)و (شکرالله)دا بەشدار بوو بێت لەدروستکردنی ئاوێنە بەندەکەشدا.

چەند تێبینییەك:

مامۆستا عەبدوڕەقیب یوسف دەڵێ:

١- لەڕۆژانی(١٨، ١٩/٧/١٩٨٠) سەردانی تەوێڵەم کردوو ئەم شوێنە گرنگانەم بینیو بۆم دەرکەوت کە:

ئەم خانەقای تەوێڵەیە جوانترین خانەقای کوردستانی گەورەیەو یەکێکە لەئاسارەکانی کوردستان، نابێ دەستکاری بکرێ، بەبێ ئاگاداری لیژنە، بۆیە لە (٣٠/٧/١٩٨٠) بەژمارە (٢١٩٤٤) ڕاپۆرتێکم پێشکەش بەدەزگای شوێنەوار کرد، تیایدا گرنگی ئەم تەکیەم باس کردووە، کەوێنەی کەمە لەهونەری کوردەواریدا، بۆیە: داوام کرد لەئەمانەتی گشتی ئەوقاف لەهەولێر و ئەوقافی سلێمانی کەشێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ محەمەدی شێخ حیسامەدین ئاگادار بکەنەوە کەنابێت ئەم خانەقایە بڕوخێنرێت و تێکیبدات.

٢- لەبەرواری (١٠/٢/١٩٨١)ژمارە (١٢٠) بەڕاپۆرتێك بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری پارێزگای سلێمانیم ئاگادار کردەوە کەبەبێ ئاگاداری لیژنەی تایبەت نابێت ئەو تەکیەی تەوێڵە دەستکاری بکرێت.[18]

٣- لەبەرواری (١٦/٢/١٩٨١)بەژمارە (٣٢٤) بەڕێوەبەرایەتی گشتیو مۆزەخانەی ناوچەی باکور، کیتابی دەرکردووە بۆ پشتگیری دائیرەی شوێنەوار

بۆ ئەوقاف کەئەبێ ئەم بیانەی تەکیەی تەوێڵە، لەژێر چاودێری دائیرەی شوێنەواردا بێت.

٤- لەبەرواری (١٩٩٣/٨/٣) بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی نوسراوێکی ئاڕاستەی ئەوقافی سلێمانی کردووە تیادا دەڵێ: ئەبێ تەعمیراتی تەکیەی تەوێڵە لەژێر چاودێری کۆمەڵەی شوێنەواردا بێت و داوای وەستای ئیش کردنی خانەقاکەی کردووە.

٥- لە (١٩٩٣/١٠/٢٥)کەزانیم خانەقاکەی تەوێڵە تەعمیر ناکرێت بەڵکو دەیڕوخێنن و سەرلەنوێ چاکی دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی لیژنەی تایبەت ئاگادار بکرێتەوە، زۆر بێتاقەت بووم، بۆیە نامەیەکی دڵسۆزانەم ئاڕاستەی جەنابی شێخ عوسمان کرد سەبارەت بەناڕەزایی دەربڕین بۆ ڕوخاندنی ئەو خانەقا دانسقەیە. شێخیش وەڵامی دامەوە و، ماوەیەك ئیشی ئەم خانەقایە وەستا، بەڵام پاشان دەستی پێکردەوە.

٦- لەئەنجامدا:خانەقاکە ڕوخێنرا و، بۆ جارێکیتر دروستکرایەوە بەڵام: بەداخەوە ئەو شوێنەوارە نایابە دەگمەنە نەپارێزرا و، بەتایبەت ئاوێنە بەندو نەخش و نیگارەکانی، دیارنین و نازانرێ چی لێهات. ئێمەش دەڵێین: بێگومان دروستکردنەوەی ئەم خانەقایە بەهەوڵی خەڵکی تەوێڵە بووە، بەتایبەت بەڕێزان (شێخ صەفائەدین و محەمەدی سان ئەحمەدو حاجی بابای حاجی محەمەد و حاجی نەزیف باباحاجی‌و..) ئەمان هەوڵیان دا بۆ دروستکردنەوەی، بۆ ئەمەش هەڵسان بەنوسینی نامەیەك بۆ جەنابی شێخ عوسمان، ئەویش وەڵامی دانەوە کەئامادەم لەسەر ئەرکی خۆم ئەو خانەقایە دروست بکەمەوە، بۆیە لە (٥/زولجەی/١٤١٢)ك بەرامبەر بە (١٩٩٢/٦/٦) دەست بەدروستکردنەوەی کرا.

جاهەردوولا، لەئەنجامی دڵسۆزیان ئەمەیان کردووە، بەڵام خانەقایەك بەم شێوە و نەخش و نیگارەوە کەدەگمەن بێت لەهەموو کوردستان دا، پاراستنی ئەو ئاوێنە بەندو نوسراوانەو ئەو هونەرە قەشەنگە و ئەو تەختە بەندە نایابە زۆر پێویست بوو. دەکرا تەعمیر کرایەو ئەو هونەرەش بپارێزرایە.

وەقفەکان- (تەرخانکراوەکان):

(وەقف) لەشەرعدا بریتی‌یە لەڕاگرتنی ماڵێك کەقابیلی ئەوەبێ قازانجی لێبکرێ، لەگەڵ مانەوەی عەینەکەیدا. وەمەبەست لەڕاگرتنەکەی خەرج کردنی بەرهەمەکەی بێ بۆ مەبەستێکی مەباح. بەڵگەو دەلیلی (وەقف)لەشەرعدا بریتیە لەم ئایەتە (لَن تَنالوا البِرّ حَتّى تُنفِقوا مِمّا تُحِبون) واتە: ناگەن بەخێری تەواو

تالەڕێگەی خوادا خەرج نەکەن هەندێك لەو ماڵەتان کەخۆشتان ئەوێ. وەئەو فەرموودەیە کەپێغەمبەر (ص) فەرموویەتی:

(إذا ماتَ ابنُ آدم إنقَطعَ عَملهُ إلا عن ثلاث: صَدقة جارية أوعلم ينتفع به، أو وَلَد صالح يدعو له). یەعنی: کەئادەمیزاد مرد، ئەو کردەوانەی ئەبڕێنەوە، کەئەبن بەهۆی پاداشتی باش بۆی، مەگەر لەسێ ڕێگەوە: حەسەناتێکی نەبڕاوە، یازانستێك کەجێی هێشتبێ لەسەر لاپەڕەی کتێب یالە سنگی خوێندەوارانا، یامنداڵێکی بیر و باوەڕ باش و کردەوە پاك کەبۆی بپاڕێتەوە لەخوا، ئەم سێ شتە وەك کردەوەی نەفسی خۆی وان. مەبەستیش لەصەدەقەی نەبڕاوە (وەقف)ە. وەك (وەقف)کردنی باخێك بۆ مزگەوتێك یاخوێندنگایەك یاڕێبواران و هەژاران...هتد.[١٩]

تەوێڵەییش وەك موسڵمان هەڵسان بەوەقف- تەرخان- کردنی زۆرێك لەباخ و باخاتەکانیان لەڕێگەی خوادا، تاوەکو بەرئەو ئایەت و فەرموودەیە بکەون، کەئەمەش نیشانەو بەڵگەیە لەسەر چاکەو چاکە خوازیو بەخشندەییو موسڵمانیەتی وەقفکەرەکان.

ئەو وەقفانەش کەوەقف کراون لەتەوێڵە بەزۆری داری گوێزن- ئەشگونجێ لەتەلانێکدا بەزۆری گوێزبن و داری تری تیابێت- ئەمەش لەلایەکەوە لەدارەکانیتر بەنرخ ترەو، وەکۆکردنەوەی بەرهەمەکەش ئاسانە. خاوەن باخ ئەودارە یائەو تەلانە کەلەباخەکەیدایە وەقفکراوە وەك باخەکەی خۆی خزمەتیدەکات و متوەلی مزگەوت لەگەڵ مەلاو چەند کەسانێکی ئەهلیمزگەوت بەرهەمی ئەو دارانە دەفرۆشن و بەزۆری لەمەزادی ئاشکرادا دەیدەن بەئیجار.

جائەم وەقفانە بۆ مزگەوتن یامەلای مزگەوت یافەقێو مەدرەسەی مزگەوت یا بۆ نانی میوان، کەگوێزەکان فرۆشراون بۆ مەصروفی میوان، صەرف کراون یالەئێوارە و شەوی جومعەدا بەخشراونەتەوە.

ئەوەی ئێمە بزانین سەرجەم ئەم وەقفانە بەم شێوەن:

(١١) تەختە - واتە تەلانی گەورە- و (٦٢) تەلان و (١٣٠) چڵ دارگوێزن، بەم جۆرەش بەخشراون بەشوێنەکان:

ئەوتەلان و دارگوێزانەی کەوەقف کران بۆمزگەوتی گەورە ئەمانەن:

(٣) تەلان لەچەمی ئاوێسەر لەباخی ئەشکەوتی شەلکە.

(٣) تەلان لە چەمی ئاوێسەر لەباخی هەیبەکرە.

(١) تەلان لەچەمی ئاوێسەر لەباخی ئیبراهیم زەڕین لەهانەکڵە.

(٢) تەلآن لەچەمی باخەكانی خوارەوە لەباخی مەجنون لەگەریات.
(٩) تەلآن لەچەمی باخەكانی خوارەوە لەباخی ئاوێسەر لەدەروێش دادا.
(١) تەلآن لەچەمی باخەكانی خوارەوە لەدەرە قازان.
(١) تەلآن كە (٥)چڵ دارگوێزی تیایە لەچەمی باخەكانی خوارەوە لەشەمێ پشت پردەكە.
(١) تەختە (یەك تەلآنی گەورە) لەچەمی باخەكانی خوارەوە لەبەردەم پردەكە لەگەریات
(١) تەختە لەچەمی باخەكانیخوارەوە لەسارا گێڵ.
(٢) تەختە لەچەمی باخەكانی خوارەوە لەتەختەی ڕابە لەگەڕیات.
(٣) تەلآن لەچەمی باخەكانی خوارەوە لەماوەزای كەرەم
(١٥) تەختە لەچەمی باخەكانی خوارەوە لەشەخەڵگا لەباخی خاتو شەمسیە.
(٣) تەختە لەچەمی باخەكانی خوارەوە لەگەمۆت.
(١) تەختەی گەورە لەچەمی باخەكانی خوارەوە لەبەامبەر گەمۆت.
(٢) چڵ لەچەمی ئاوێسەر لەبەرامبەر ئەشكەوتی شەلكە لەباخی فائقی ئەشكە.
(٢) چڵ لەچەمی ئاوێسەر لەهانە كڵە.
(١) چڵ لەچەمی ئاوێسەر لەباخی مەلا نظامەدین.
(١) چڵ لەچەمی ئاوێسەر لەباخی منالآنی عابدی حەمە یوسف.
(٢) چڵ لەچەمی ئاوێسەر لەباخی حاجی فەتاح
(٢) چڵ لەچەمی دزاوەر لەباخی ماوەزا- لەپشت خەستەخانە لەناو ئاوایی.
(١) چڵ لەچەمی دزاوەر لەدەرەی تەرتیبا لەباخی مستەفا كەریم پەروەر.
(١) چڵ لەچەمی خوارەوە لەبێدەری لەباخی قالەی مەجنون.
(٥) چڵ لەچەمی خوارەوە لەكاگیری لەباخی حاجی ئایزە.
(٦) چڵ لەچەمی خوارەوە لەبێدەری لەبەردەم باخی مەحمود فەرهاد.
(١) چڵ لەچەمی خوارەوە لەبێداری لەنزیك باخی نوری خودادا.
(١) چڵ لەچەمی خوارەوە لەباخی حەمە كۆچەری.

ئەوتەلاّن و دارگوێزانەی کەوەقف کراون بۆ مزگەوتی باساکا:

(٣) تەختەی گەورە لەچەمی خوارەوە لەوەزە زەرد.

(٤) تەلاّن لەچەمیدزاوەر لەماوەزای مەجنون سەروو(هانە کڵەی سەعە)

(٤) چڵ لەچەمی دزاوەر لەهانە مڵکشا لەباخی حاجی تۆفیق

(٣) تەلاّن لەچەمیدزاوەر لەهانە کڵەی سەعە.

(١) چڵ لەچەمی دزاوەر لەدەرەی تەرتیبا لەباخی مستەفا کەریم پەروەر

(٣) چڵ لە دزاوەر لەبنجۆ لەباخی حاجیسەلیم حەمەکەریم

(١) چڵ لەچەمی دزاوەر لەهانە مڵکشا بەردەم باخی عەبولە

(٥) چڵ لەچەمی ئاوێسەر لەباخی حاجی فەتاح

(١) چڵ لەچەمی ئاوێسەر لەدەرە تفیٚ

(١) تەلاّن لەچەمی دزاوەر لەباخی حاجی حەمەڕەق بۆ مەلای مزگەوتی باساکا

ئەو تەلاّن و دارگوێزانەی کەوەقف کراون بۆ مزگەوتی بابا ئەسکەندەر:

(٣) چڵ لەچەمی دزاوەر لە(هانەمڵکشا) لەباخیسانە

(١) چڵ لە چەمی دزاوەر لە (سەرجۆ) لەباخی وەیسی ئەحمەد.

(٢) چڵ بەتەلاّنەوە لەچەمی خوارەوە لەباخی قاراغە

(٤) چڵ لەچەمی خوارەوە لەباخی عەبدولی عەلی

(١) چڵ لەچەمی خوارەوە لەباخی حاجی ئەولەی نەصە لەدەرە قازان.

(١) چڵ لەچەمیخوارەوە لەماوە زاسان لەباخی کەریمە.

(١) لەچەمی خوارەوە لەدەرە قازان لەباخی ئەبوبەکری کوزاد.

(١) چڵ لەچەمیخوارەوە لەدەرە قازان

(٢) چڵ لەچەمی خوارەوە لەگەریات لەتەختەی بەرگەمیٚ.

(١) چڵ لەچەمی خوارەوە لەباخی فاتیٚی وەستا صدیق لەدەرە قازان.

(١) چڵ لەچەمی خوارەوە لەدەرە قازان لەباخی حاجی جافر.

(٧) چڵ لەچەمی دزاوەر لەباخی محەمەدی حاجی سەلیم.

(١) چڵ لەچەمی دزاوەر لەهانە کڵەی سەعە لەباخی ئەولحامدی حسێن.

(١) چڵ لەچەمی دزاوەر لەباخی حاجی کامیل حەسەن.

(١) چڵ لەچەمی دزاوەر لەباخی حاجی حەمەزەریف.

(١) چڵ لەچەمی دزاوەر لەباخی مام ئۆلحامد.

(٢) چڵ لەچەمی ئاوێسەر لەدەرە تفیٚ باخیبابای سێلە.

(٢) چڵ لەچەمی ئاوێسەر لەبنجۆی جۆگەی دێ لەباخی عەلی قادر
(١) چڵ لەچەمی ئاوێسەر لەماوامی باخی عوسمانی قالە وەلی
(٣) چڵ لەچەمی ئاوێسەر لەڕەزی ئەحمەد لەباخی وەستا حەمەڕەحیم
(٣) چڵ لەچەمی ئاوێسەر لەدەرەتفێ لەباخی حاجی سەلیم
(١) چڵ لەچەمی ئاوێسەر لەهانە سوسو لەباخی حاجی حەمەعەلی کوزاد
(٢) چڵ لەچەمی دزاوەر لەباخی حاجی حەسەن اللەکەرەم بۆ جومعانەی مزگەوت
(١) چڵ لەچەمی دزاوەر لەتەختەی مەحمودە لەباخی حاجی حەسەن اللەکەرەم بۆ جومعانەی مزگەوت

ئەو تەلاَن و دارگوێزانەی کەوەقف کراون بۆ مزگەوتی کاك عەلی فەیرۆز:

(١) تەلاَن لەچەمی ئاوێسەر لەلێژەڵە.
(٥) چڵ لەچەمی ئاوێسەر لەباخی حاجی فەتاح.
(٢) چڵ لەچەمی ئاوێسەر لە شەمبانو لەباخی حاجی ئایزە.
(٣) چڵ لەچەمی ئاوێسە لەڕەزی ئەحمەد لەباخی وەستا حەمەڕەحیم.
(٥) چڵ لەچەمی خوارەوە لەبەرامبەر تەلاَنە گەورە.
(١) چڵ لەچەمی خوارەوە لەگەڕیات لەباغی قاراغە.

ئەوتەلاَن و دارگوێزانەی کە وەقف کراون بۆ مزگەوتی فەقێ ئەحمەد:

(١) چڵ لەچەمی خوارەوە لەباخی عابدی حاجیمحەمەد.
(١) چڵ لەچەمی خوارەوە لەشێخە ممەدی.
(١) چڵ لەچەمی خوارەوە لەگەڕیات لەباخی قاراغە
(٢) چڵ لەچەمی خوارەوە لەدەرە قازان لەباخی حاجی ئەولەی نەصە بۆ مەلای مزگەوتی فەقێ ئەحمەد.

ئەودارو تەلاَنەی کەوەقف کراون بۆ خانەقا:[٢١]

(٥) تەلاَن لەچەمی خوارەوە لەدەروێش دادا بۆ خانەقای تەوێڵە.
(٤) تەلاَن لەچەمی خوارەوە لەوەزە زەرد بۆ خانەقای بیارە
(١) تەلاَن (٥) چڵ دارگوێزی تیایە لە شێخە ممەدی بۆ خانەقای بیارە.

ئەو تەلاَن و دارگوێزانە کەوەقف کراون بۆ نانی میوان و جومعانەی مزگەتی گەورە:

(١) تەلاَن لەچەمی خوارەوە لەبنجۆ لەبەرامبەر باخی قاراغە بۆ نانی میوانی مزگەوت.
(١) چڵ لەچەمی خوارەوە لەماوە زاسان بۆ نانی میوانی مزگەوتی گەورە.

(٤) چڵ لەچەمی خوارەوە لەشەخەڵگالەو(١٥) تەلأنەی باخی خاتوو شەمسیە بۆنانی میوانی مزگەوتی گەورە.

(٣) چڵ لەچەمی خوارەوە لەبنجۆی کابەرەڕێ بۆ نانی میوانی مزگەوتی گەورە.

(٦) چڵ لەچەمی خوارەوە لەماوەزای پالأنیا بۆ نانی میوانیمزگەوتی گەورە.

(١) تەلأن لەچەمی ئاوێسەر لەباخی عەلی قادر بۆ نانی میوانی مزگەوتی گەورە.

(٣) تەلأن لەچەمی ئاوێسەر لەدەرەگای هۆمەرە لەباخی صابری کاکەلە بۆ نانی میوانی مزگەوتی گەورە.

(١) چڵ لەچەمی ئاوێسەر لەهانە سوسو لەباخی حاجی مستەفا بۆ نانی میوانی مزگەوتی گەورە.

(١) چڵ لەچەمی ئاوێسەر لەماوامی لەباخی وەستا حەمەڕەحیم بۆ نانی میوانی مزگەوتی گەرورە.

ئەمانەی خوارەوەش بۆ جومعانە وەقف کراون بۆ مزگەوتی گەورە:

(٣) چڵ لەچەمیدزاوەر لە دووتەلأنی بچوکدایە لەخەمەکاوەیەك لەنزیك ماڵەکان.

(٢) چڵ لەچەمی دزاوەر لەهانە مڵکشا لەباخی حاجی حامد.

(١) چڵ لەچەمی دزاوەر لەنسارە لەباخی سەعید.

(١) چڵ لەچەمی دزاوەر لەلاوگا لەباخی حاجی فەرەج.

(١) چڵ لەچەمی دزاوەر لەهانە مڵکشا لەباخی حەمەحسێن.

تێبینی:

هەندێك لەم گوێزانەی مزگەوتی گەورە وەقفی مەدرەسەکەو فەقێکانی مزگەوت بوون، بەلأم ئێستا چونکە مەدرەسەکە فەقێی نیە دراونەتەوە مزگەوت.

شەخسەکان:

لەتەوێڵەش وەك ناوچەکانی تری کوردستان کۆمەڵێك شەخص و نشینگە هەن بەچاوی ڕێزو پیرۆزەوە سەیریان دەکرێت. ڕێزگرتنی زانا و پیا و چاکان شتێکی چاکە و باشە بەڵام زۆر جار زیادەڕەوی تیاکراوە نابێت ئەم ڕێزە لەسنوری شەرع دەرچێت..

مێژووی ژیانی هەندێك لەم شەخصانە دیارنی‌یەو هەر ناوەکەیان هەیە و شتێکی وامان بۆ ساغ نەبوەتەوە، ئیتریا نەوەیان لێ نەکەوتووەتەوە مردون و ڕشتە (شجرە)یان نەنوسراوەتەوە یاخود کەسایەتی‌یە ناودارە ئاینی‌یەکانی تەوێڵە لەزانایان و شێخان و سەیدەکان مێژووی ژیانیان ڕۆشنەو لەشوێنی خۆی‌دا ئاماژەمان پێ کردون.

لەدەمی مامۆستا (عەبدولکەریمی مەلائەحمەدی قازی)یەوە وەرم گرتووە کەئەویش لەباوکی‌یەوە بیستویەتی‌کە:

(بابا ئەسکەندەر و باباخوادا و بابا سەرهەنگ و باباالله و بابا زەردەڵە برا بوون..)

لەکتێبی بنەماڵەی زانیارانی مامۆستا مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیسیش دا ل (٣٧٩)دا هاتووە کە:

(بابا زەردەڵە ناوی شێردڵە و گۆڕەکەی لەپشتی دێی ئەحمەئاوایە)وەلە (ل ٣٦٥)یش دا دەڵێ:

(شێردڵ لەگەڵ چواری‌تردا.. بیلال و محەمەد و حەسەن و حسێن)دا کوڕی سەید ئیبراهیمی حسێنن کەدایکیان ناوی عەنبەرە و مێژووی مارەکردنی ئەم ژنە لەساڵی (٥٣٠ك)بووە. هەروەها لەهەمان سەرچاوەدا س (ل ٣٨٨)دا دەڵێت: سەیدئیبراهیم بە بابا نەوس ناسراوە. دوورنیە ئەمەڕاست نەبێت کەوەك چۆن باوکیان بەبابانەوس ناسراوە و شێردڵ بەبابا زەردەڵە. لەوانەیە بابا ئەسکەندەرو بابا سەرهەنگ و باباالله و بابا خواداش نازنا و بووبن بۆ چوار براکەی تر. دەڵێن ئەم پیرانە لەهەرشوێنێ مردبن لەوێ نێژراون.

شەخسەکان لەتەوێڵە ئەمانەن:

ئێمە لەسەر ئەم شەخصانە ئەمەمان دەست کەوتووەو لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە بەهیوای ئەوەی لەئایندەدا کەسی‌تر شتی زیاتری دەست کەوێت تاباشتر بیان ناسین و شتیان لەسەر بڵاو بکرێتەوە.

- باباسەرهەنگ: لەهەردووپەڕاوی (مێژووی‌وێژەی‌کورد)- ب ١- ل(٦٢-٦٥) و (پەیامی هەورامان- ل (٤٢٠- ٤٢٦)دا باسی ئەم بابایە ئاوا هاتووە:

(..کوڕی ئیبراهیمی دەوانی‌یە = دەوان یادەودان ناوی گوندێکە بەرامبەر گوندی شێخانی هەورامانە، ڕووباری سیروان لەنێوانیاندایە- بەپێ‌ی یاداشتی دەست نووسی- کاکار دایی- لەساڵی (٣٢٤ك=٩٣٦ز) لەدەوروبەری کێوی شاهۆ لەدایك بووە وەکو لەم هۆنراوەدا دەڵێ:

وەسەنەی سێصەد بیست و چوارهجری

هاتف نـام ئەو جە شاهۆ چـڕی

بابـا سـەرهەنگ بەیـەکێ لەپێشـەوا سـەرەکی‌یەکانی دینـی یارەسـان دادەنرێت کەئەم پێنجەن:

ا- باڵوڵی دامەزرێنەر بەباڵوڵی (ماهی یادانا یا دێوانە) ناسراوە ساڵی مردنی بە (٨٣٤ز)دانراوە

ب- بابا سەرهەنگی دەوانی

ح- شاخۆشێنی لوڕستانی (١٠١٥ز- ١٠٧٤ز)

د- سەید ئیراهیمی بابا نەوسی سەرگەت (١٠٨٤- ١١٤٨ز)

ه- سـوڵتان ئیسـحاق (سـوڵتانی سـاق)ی بـەرزنجی (١٢٨٧- ١٣٨٧ز) بە(سان سەهاك)یش ناسراوە. لەبەرزنجەوە دێتە (شێخان)ی هەورامان نیشتەجێ دەبـێ. هەریـەکێك لـەم پێشـەوایانە کۆمـەڵێك یاوەریـان پێگەیانـدووە،(بابـا سەرهەنگ) ئەمانەی پێگەیاندوون:

(بابا رتاف، بابا قەڵەم، بابا ڕۆم، بابا خونکار، بابا نەوا، بابا ڕەنج، بابا قەیسەری هەورامی، بابا گەرچەکی هەورامی، بابا سرنجی کەلاتی، بابا ئیبراهیم، بابـا سەبورە، بابـا ئەحمـەد، دایـە تـەورێزی هـەورامی) لەسـەرەنجام دا هـاتووە: کـەبابا قەیسـەر ماوەیـەك لەتەوێڵـە بـووە پاشـان چـوەتە دێ‌ی دەودان. ئـەوە ئەگونجێ ئەو ناوانە هێماو ڕەمزبن بۆ ئەوە، ئەو ئەندامانە بەلای ناحەزانەوە نەناسرێن.

بـەپێ‌ی پـەڕاوی سـەرەنجام، بابـا سـەرهەنگ لـەئاخر و ئۆخری سـەدەی چـوارەم لەتەوێڵـەی هـەورامان دا لـەجیهان دەرچـووە، ئارامگاکـەی ئێسـتا لەتەوێڵەیە. لەبابا سەرهەنگەوە، هەندێ هۆنراوە ماوەتەوە کەگەلێ بەرزو ناسکن هۆنراوەکـانی ئـەوو یـارانی لەپەڕاوێکـدا بـەناوی (دەورەی بابـا سـەرهەنگ) کۆکرانەتەوەو هێشتا چاپ نەدراوە. ئەمەش چەند نمونەیەك لەهۆنراوەکانی:

پەی ئامانتان، پەی ئامانتان
گرد ئامادە بان، پەی ئامانتان
ئەز مەڵهەم مەنیە و نەزامانتان
مەڕەسم وەحەق ئیمامانتان .

لەدووبەیتیتردا دەڵێ:

سەرهەنگ دەودان، سەرهەنگ دەودان
ئەز کەنامەن، سەرهەنگ دەودان
چەنیئێرمانان مەگێڵم هەردان
مەکۆشم پەرێ ئایین کوردان

بابا سەرهەنگ لەسەردەمی دەروێشییەکەی ئەم هۆنراوەی وتووە:

ها یاگەم چۆڵەن، ها یاگەم چۆڵەن
وە وێنەی فەرهاد، هایاگەم چۆڵەن
لاڵم نەباڵەن، پۆستم نەکوڵەن
هامدەمم کوفەن، یاران نەهوڵەن..!

لەدامێنی خوارەوەی تەوێڵە بەشیلای ڕاستی= گۆڕستانێکی گەورە هەیە، چونکە ئارامگەی (باوا سەرهەنگ) لەوێیە ئەو گۆڕستانەش بەناوی (قەبرستانی باوا سەرهەنگ) ناسراوە.

ئەوەی شایەنی باس بێت:

لەلای خەڵکی تەوێڵە ئەم (بابا) یانەی تەوێڵە بەموسڵمان ناسراون و نەبیستراوە لەپێشینانەوە کەلەسەر دینی (یارەسان) بوبن.

- فەقێ ئەحمەدی غەزالی.. لەشوێنیخۆیدا کەمێك لەسەر ژیانی باسمان کردووە، گۆڕەکەی لەگەڕیاتەو مزگەوتێکیش بەو ناوەوە هەیە کەوەختی خۆی چلەخانە بووە.

- حاجی بەرەشارەت: گۆڕەکەی لەقەبرستانی باوا سەرهەنگە بەڵکو بەشێك لەو گۆڕستانە بەحاجی بەشارەت ناسراوە کەسەرەتای گۆڕستانەکە کەوتووە بەرەو دۆڵەکە.

- بابا ئەسکەندەر: مزگەوتێك لەتەوێڵەدا هەیە بەم ناوەوە لەپشتی مزگەوتەکەوە شەخصێك هەیە(گۆڕێك هەیە) بەگۆڕی بابا ئەسکەندەر ناسراوە.

- بابا خوادا: نشینگەکەی لەپشتی خەمەکاوەوەیە لەمالێدەر لەپشت ماڵیسانەوە.

- باباللە: نشینگەکەی لەهانە سوسووە. ئەوسا شوێنێك هەبوو لەنزیك پردەکە ئێستا تێکدراوەو بووەتە ڕێگا.

- کاکڵە پیرۆز: دەڵێن لەئەصڵدا ناوی کاك عەلی فەیرۆز یاپیرۆزە، نشینگەیەك هەیە لەچلانە و لەپاڵیدا مزگەوتێك بەم ناوەوە هەیە.

- صـۆفیجانە: لـەدامێنی خـوارووی ڕۆژهـەلاتی تەوێڵەدایـە بەقـەدباڵی شاخێکەوە، شوێنێکی خۆش و دڵگیرە، دەڵێن: ئەمە نشینگەی ئەم صۆفییە بووە، وەناویشی (جانواللە)یە.
- هاڵی صەفانا.. ناوی شێخ عەلی صەفایە و گۆڕەکەی لەپێینی گەڕەکی دەمەرە سورایە.
- پیرو وەزە زەردی: لەدەرە قازاندایە لەباخەکانی تەوێڵە و سۆسەکاندایە.
- پیرو وەزە سوری: لەنێوان هانەکڵە و ئاوێسەردایە.
- شێخە مەمـەدی: لـەدەرە قازاندایـە لـەناو باخـەکانی صاڵحی ئەحمـەدی مەحمود.
- شێخ شابەدین (شێخ شەهابەدین)

لەچەمی دزاوەرە لەسەر سنوری تەوێڵە و دزاوەر، کەوتووەتە ناو خاکی دزاوەرەوە، چـونکە شـێخ شـەهابەدینەکان لەمێـژوودا زۆر بـوون شـتێکی وا کەجێگەی قەناعەت بیّ و سەرچاوەکەی گومانی تیا نەبێت دەستمان نەکەوتووە، ئایا ئەمە شێخ شەهابەدینی کاکۆزە کەریایە کەلەساڵی (١٠٠٣- ١٠٧٢ک)ژیاوە. یـاخود سـەی شـەهابەدینی شارەزوور بـووە هاتووەتـە هەورامانـەوە کەلـەنێوان ساڵانی (٦٥٩- ٧٤٨ک)دا ژیاوە.

لەپەڕاوی (نورو بەصری) مەلامستەفای سەرگەتی- ل (٣٢)دا هـاتووە وە دەڵێت: (..مامۆستای پیرشالیار ناوی شێخ شەهابەدین بووە، دانیشتووی دیّی دزاوەر، کەدیّیەکـە کەوتووەتـە خـاکی ئێرانـەوە نزیـک (تەوێڵـە)، وە پیرشـالیار لەخزمـەتی شـێخ شەهابەدین، تەریقەت وەرئەگریّو کچێکیخۆی پیّداوە ناوی ساراخاتوون بووە، وە پیرشالیار ژنێکی تری بووە بەناوی شەهبارە خاتوون، وە شێخ شەهابەدین لەخزمەتی شێخ عەبدولقادردا بە بەهرەی تەریقەت گەیشتووە. شێخ شەهاب لەدزاوەر کۆچی دوایی کردووەو گۆڕەکەی لەویّیە..)

ئەم سەرچاوە ساڵی ژیانی شێخ شەهابی دیاری نەکردووە، بەڵام پێشتر لەباسی پیرشالیاردا کەباسی دەکات دەڵیّ لـەنێوان ساڵانی (٥٣٥ک- ٦١٠ک)دا ژیاوە.

لـە (مێـژووی کـورد و کوردسـتانی- محەمـەد مـەردۆخی کوردسـتانی‌دا ل (١٩٠)دا دەڵیّ:

(..بابـا مـەردۆخ کـەبابا گـەورەی شـێخ محەمـەدی مەردۆخی‌یـە، لەسـاڵی (٧٧٥ک)دا هاتووەتـە هـەورامان و سـاڵی (٧٧٨)ک کچـی شـێخ شـەهابەدینی

دزاوەری هێناوە و لە هەورامان دا جێگیر بووە. ساڵی(٨٤٢)ك بەهاوکاری شێخ شەهابەدین دەستی بەڕاگەیاندنی قورئان و بڵاو کردنەوەی ئیسلام کردوە، بەڵام مەبەستی بەتەواوی نەهاتووەتە دی‌و لەدنیا دەرچووە و مەولانا گوشایشی کوڕی بابا مەردۆخ جێگای گرتووەتەوە..) ئەمەش دووشتی جیاوازە... ؟؟!

چلەخانەکان (خەلوەخانەکان):

کاتێك کەگۆشەگیری لەنێوان موسڵمانان دا سەری هەڵدا، بەواتایەکی‌تر (تەصەوف) بووە بەڕێبازێك، شێخ و موریدەکان کاتێکی تایبەتیان هەڵبژارد بۆ (خواپەرستی‌و پاککردنەوەی دەرونەکان) جا دەچونە شوێنێکی تایبەتەوە بەتەنهایی بۆ ماوەی چل ڕۆژ خواردنێکی سوك و کەمیان دەخوارد، چونکە تەوێڵەش لەزووەوە ڕێبازی نەقشبەندی تیابووە بەتایبەت لەسەردەمی شێخ عوسمان سراجەدینی یەکەم، بۆیە چەند چلەخانەیەکی تیابووە کەئەمانەن:

- چلەخانەی صۆفی ئەحمەد و صۆفی مەحمودی کوڕی، کەدوایی بەحوجرەکەی مەلانەزیر و قاپی‌شێخ ناسرا. کەلەوە و پێش باسمان کرد.
- چلەخانەی فەقێ ئەحمەدی غەزایی دوایی ڕووخاو بووە کەلاوە و پاشان مزگەوتێکی تیا کرایەوە بەناوی مزگەوتی فەقێ ئەحمەدی غەزایی.
- چلەخانەی خانەقا.. لەشوێنی خۆی باس کراوە.
- چلەخانەی مەلانەزیری گەورە لەدەرەی بەڵخ.
- چلەخانەی حاجی مەحیەدینی کوڕی مەلانەزیر، ئەمیش هەر لەپشت چلەخانەکەی باوکی‌یەوە لەدەرەی بەڵخ ئەمانە ئێستا شوێنەواریان ماوە.

بنەماڵە ناودارە ئاینیەكان:

لە تەوێڵەدا كۆمەڵێك كەسایەتی ناودار هەن كەخزمەتێكی فراوانیان بەئاینی ئیسلام كردوە و ڕۆڵێكی بێ ئەندازەیان بینیوە نەك هەر لەناوچەكەدا بەڵكو لەدەرەوەی كوردستانیش دا دەنرخێنرێن.

ڕۆڵی ئەمانە لەناوچەكەدا زۆر بووە، پێویستە ئەو ڕۆڵەیان فەرامۆش نەكرێت، ئەگەر پەڕاوێك لەسەر ئەم ناوچەیە دابنرێت خزمەتی ئەم ناودارانە تۆمار نەكات و ژیانیان بەسەر نەكاتەوە، وادەزانین ئەو پەڕاوە كەم و كوڕی هەیەو تەواو دەرناچێت، بۆیە جێگەی خۆیەتی كە لاپەڕەی ژیانیان هەڵبدەینەوەو سودو پەند لە ژیانیان وەربگرین.

بنەماڵە ئاینی‌یەكانی تەوێڵە دەكرێن بەسێ بەشەوە:

بنەماڵەی شێخان، بنەماڵەی سەیدەكان، بنەماڵەی زانایان.

بەپێی تواناو بوار هەوڵ دەدەین ئەم سێ بنەماڵەیە بەسەر بكەینەوەو كەمێك لەسەر ژیانیان بنوسین.

بنەماڵەی شێخان(٢٢) :

م.س.لازاریف لە كێشەی كورد (ب- ١ل- ٤٧)دا دەڵێ:

شێخەكانی هەورامان و شەمدینان، ناوێكی باشیان بۆ خۆیان پەیدا كردبوو، سەریشیان بۆ هیچ یەكێك لەو حكومەتانە شۆڕ نەئەكرد و تەواو سەربەخۆ بوون.

واسیلی‌نیكیتین لەكوردو كوردستان دا(ل٦٢١)و.خالیدی حیسامی) دەڵێ:

بنەماڵەی شێخ عوسمان لە تەوێڵەو بیارەدا دانیشتون كە زۆر خاوەن دەسەلاَت و دەست ڕۆییون. كوڕەزاكانی شێخ عوسمان (نەجمەدین و، عەلائەدین و، عەلی حیسامەدین) ئەمڕۆ لەگەورە پیاوانی ناو ئەو بنەماڵەیەن و عێلاتی موكری‌و مامەش و مەنگور لە قسەیان دەرناچن....)

هەروەها مینۆرسكی (ل١٠٩و- حەمەسەعید حەمەكەریم)باسی گرنگی ئەم شێخانەی هەورامانی كردوەو نوسیویە: (ئەم شێخانە ڕێزێكی سەیریان هەیە، نەك تەنها لەلای كوردەكان، بەڵكو تەنانەت خەڵكی لەئاسیای ناوەڕاست و لەولاَتی ئێمەشەوە دێن بۆ لایان و دەچنە تەكیەكانیان).

الفضل بالعلم والأدب ولا بالأصل والنسب
بنەماڵەی شێخان



لــە بڵاوکــراوەی ڕۆڤــار- ژ(١٢) دا کەتایبەتــە بــە(مــەولانا خالیــدی نەقشبەندی- نمەی وەجدو مۆمی نیوەشەو ل١٣ دەلـێ: مـەولانا لەسـەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا نوێنەرایەتی باڵی ڕیفۆرمخوازی نێو بزوتنەوەی نەقشبەندی دەکرد، ئەم باڵە بیست ساڵ پاش مردنی، بەشێوەیەکی دیار لەشێخانی ناوچەی هەورامان دا بەرجەستە بوو.

لە(ژیانی کوردەواری)دا ل- ٢٠٤ کە(تۆمابوا) نوسیویەتی‌و ئاواز زەنگەنە لەفەرەنسیەوە کردویەتی بە عـەرەبی‌و حەمەسـەعید حەمەکـەریم لەعەرەبی‌یـەوە کردویەتی بەکوردی..دەڵێ:

(..ئەمرۆ شێخەکانی نەقشبەندی زۆرترو دەستەڵاتیان لەشێخەکانی قادری زیـاترەو ئـەتوانین بڵێین لەهـەموویان دەسـەڵات دارتـر: شـێخەکانی شەمسەدین و نەهری و بەرزان و شێخەکانی تەوێڵەن.

شێخ عوسمان سراجەدین

(١١٩٥- ١٢٨٣ك) = (١٧٨١ - ١٨٦٧ز)

ئــەم زاتــە لەتەوێڵــە لــەدایك بــووەو نــاوی عوسمانــەو نازنــاوی (سـراجەدین)ە،[٢٣] کـوڕی خالـد ئاغـای کـوڕی عەبدوللـە ئاغـای کـوڕی سـەید محەمەدی کوڕی سەید دەروێشی کوڕی سەید مەعروفی کوڕی سەید جومعەی کوڕی سەید زاهیری نەعێمی‌یە، کەدانیشتووی چیای حەمرین بووە.

محەمــەد دەروێــش لەچــیای حەمرینــەوە ڕووەو هــەورامان هــاتووە و لەتەوێڵـەدا نیشـتەجێ بـووە و نـەوەی لێ‌کەوتووەتـەوە ئەمانە لەتەوێڵەدا ڕێزیـان لێ‌گیراوە و بەئاغا ناسراون و بونەتە موختاری تەوێڵە .

دایکی شێخ عوسمان ناوی حەلیمەی کچی فـەقێ ئەبوبەکری تەوێڵەیی‌یە کەبەفەقێ (هەی‌بەکر)ناسراوەو ئەچێتەوە سەر فەقێ ئەحمەدی غەزایی کەئەمیش لەنـەوەی شێخ ئەبولحەسەنی شازلی‌یە. واتـە شـێخ عوسمـان لەباوکەوە لەنەوەی ئیمام حسەینەو لەدایکەوە لەنەوەی ئیمام حەسەنەو بەم شێوە تان و پۆ سەیدن. بەڵام ئەم بنەماڵە تائێستا داوای سەیدیان نەکردووە.

ئـەم بەڕێزە هـەر بـەمناڵی لەتەوێڵـە دەسـتی کـردووە بەخوێندن و پاشان چـووەتە بیـارەو خـەرپانی‌و خورمـاڵ. لەتەمـەنی (٢٥) سـاڵیدا چـووەتە بەغدا و لەمزگەوتی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی)دا دامەزراوە و خـەریکی (عیلم و زیکر و فکـرو تـەقوا) بـووە. لەتەمـەنی (٣١) سـاڵیدا دەبـێ لەسـاڵی (١٢٢٦)ك لەبەغـدا

بەخزمەت مەولانا خالیدی نەقشبەندی دەگات و تەریقەتی لێوەردەگرێ. پێش تر، شێخ عوسمان لەسەردەمی لاویەتی‌دا، مەولانای بینیوە كەسەردانی تەوێڵە و بیارە و خورماڵی كردووە.

لەهەردوو ساڵی (١٢٢٧، ١٢٢٨)دا كەمەولانا دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، شێخ عوسمانیش لەگەڵیدا دەگەڕێتەوە، هەردوو ساڵەكە لەژێر چاودێری مەولانادا دەبێت، تاساڵی (١٢٢٨ك)لەتەمەنی (٣٣) ساڵیدا ئیجازەی خەلافەت وەردەگرێ. بەم جۆرە شێخ عوسمان یەكەم كەس دەبێت كەمەولانا ئیجازەی خەلافەتی دابێتێ.

لەساڵەكانی (١٢٢٨بۆ ١٢٣٦ ك) شێخ عوسمان بەزۆری لەخزمەتی مەولانادا دەبێت چ لەبەغدا و چ لەسلێمانی‌و دەبێتە جێگەی متمانەی مەولانا و، خەلیفەیەكی پایە بەرزی مەقام بووە. لەساڵی (١٢٣٦ك) كەمەولانا سلێمانی بەجێ دێڵێ شێخ عوسمان دەگەڕێتەوە بۆ تەوێڵە و دەست دەكات بەڕێنمونی كردنی خەڵكی ئەو دەڤەرە.

لەناوچەی هەورامان و باباندا، مەولانا خەلیفەیەكی لەشێخ عوسمان شایانتر و لێهاتو و تری نەبووە. لەبەر ئەوە لەهەمووڵایەكەوە خەڵك ڕوویان تێكردوەو، هەمیشە خانەقای تەوێڵە پڕبووە لەمورید و مەنسوب، كەلەزۆر لای كوردستان و وڵاتانی ئیسلامی‌یەوە هاتوون.

ئیتر شێخ عوسمان لەساڵی (١٢٣٦ بۆ ١٢٨٣ك) جگە لەدوو ساڵ نەبێ كەهاتووە بۆ سلێمانی، هەرلە هەورامان دەبێ‌و خەریكی ئیرشاد بووە.

لەساڵی (١٢٥٤ك) لەسەر داوای ئەحمەد پاشای كوڕی سلێمان پاشای بابان، شێخ عوسمان دێتە خانەقای مەولانا، لەسلێمانی، بۆ ئیرشادی موسڵمانان، لەجاران زۆرتر خەڵك ڕوو دەكاتە خانەقاو وەكو بڵێی دەوری ئیرشادی مەولانا لەخانەقا تازە دەبێتەوە.

شێخ عوسمان، خەلیفە و مەنسوبی زۆر بووە، جەنابی مامۆستا مەلاعەبدولكەریم لەیادی مەردان بەرگی دووەم دا لەلاپەڕە (٢١- ٢٦)ناوی (٩٤) خەلیفەی تۆماركردووە، هەروەها لەلاپەڕە (٢٦- ٢٨)دا ناوی (٣٣)مەنسوبیشی تۆمار كردووە، جگە لەمەش دۆستی زۆری بووە و سەردانی كردون، بەتایبەت دۆستەكانی لەسنە و جوانڕۆ و ڕەوانسەر و دەگاشێخانی مەریوان و كۆیسنجق و كەركوك و بەغدا زۆر بوون. لەگەڵ شێخ عەبدوڕەحمان تاڵەبانی كەمەشهورە بە (خالص) پەیوەندی بەهێز بووە.

شێخ عوسمان جگە لەسەردان، بۆلای دۆست و مورید و مەنسوبەکانی بەنامەش بەسەری کردونەتەوە و ئامۆژگاری جوانی کردون (١٠)وەصیەتی جوانی بۆ مورید و مەنسوبەکانی نوسیووە، نامەکانیشی بەپارچە شیعری جوان ڕازاندوەتەوە، هەروەها لەلایەن مەولاناو خەلیفە و دۆستەکانیشیەوە نامەی زۆری بۆ هاتووە.



دەستخەتە ئەصلییەکەی نامەکەی شێخ

نامەیەکی شێخ عوسمانمان دەست کەوتووە کەبە فارسی نوسراوە و بۆ یەکێ لەموریدەکانی خۆی نوسیووە بەناوی (شێخ حسێن)ەوە، لەنامەکەدا داوای (٢٥)قەران قەرز دەکات و لەلای خۆی دەست ناکەوێت و زۆر پێویستی پێیەتی. وەداوا دەکات کەبەصۆفی (ڕەیحان)دا بۆی بنێرێ‌و ئەویش لەگەڵ کاروانەکەی صۆفی عەلی ڕەزا بگەڕێتەوە، کۆتایی نامەکەش مۆر و ئیمزای شێخ عوسمانی پێوەیە.

شێخ لەئەدەب و نوسین دا دەستیهەبووە:

- پەراوێکی هەیە بەناوی فەرائض- دوو دەست نوسی هەیە بەناوی (ریاض المشتاقین)و (رسالة وضع و استعمارة)

- هەروەها پەراوێزی بۆ (رسالة الشاه صدیق الهراتی)ی شێخ عەبدولقادری گەیلانی داناوە.

شێخ عوسمان لەتەمەنی (٣٣) ساڵیدا ژنی هێناوە و (١٧) کچ و (٦) کوڕ (٨) برای بووە کەئەمە ناوەکانیانە:

(مستەفا، قاسم، ئەحمەد، مەعروف، حسێن، عەبدوالله، مەحمود، ڕەسوڵ هەر بەمناڵی مردووە).

کوڕەکانی ئەمانە بوون:

- عەبدولحەکیم- هەربەمناڵی مردووە.
- مـەعروف- (١٢٥١- ١٢٧٧)ك ژنی‌هێنـاوەو نەچـوەتە تەریقەتـەوە لەتەمەنی (٢٦) ساڵیدا مردووە.
- محەمەد بەهائەدین (١٢٥٢- ١٢٩٨)ك
- عەبدوڕەحمان ئەبولوەفا (١٢٥٣- ١٢٨٥)ك
- عومەر زیائەدین (١٢٥٥- ١٣١٨)ك
- ئەحمەد شەمسەدین (١٢٦٦- ١٣٧٠)ك

هەرچوار لەدوایی‌دا باسیان دەکەین لەگەڵ هەندێ لەنەوەکانیشیان.

شێخ لەدوا ساڵەکانی ژیانیا خۆی توشی نەخۆشی ئیفلیجی بووە، بۆیە کاروبـار و ڕێ نمـونی موسـڵمانەکانی زیـاتر داوە دەسـتی هـەردوو کـوڕە گـەورەکانی، محەمـەد بەهائـەدین و عەبـدوڕەحمان ئـەبولوەفا. لـەنیوە شـەوی سێشـەمەی (١٣/شەشـەڵانی، ١٢٨٣ك) لەتەمـەنی (٨٨)سـاڵیدا کۆچـی دوایـی دەکات، لەدوای (٥٥)ساڵ ئیرشاد کردنی موسڵمانان. هەرلە باخچەکەی خۆی‌دا نزیك بەخانەقاکەی بەخاك دەسپێررێ.

ئەوەی جێگەی باسە:

شێخەکانی هەورامان لەنەوەی ئەم شێخ عوسمانەن و ئەوانی تر دەچنەوە سەر ئەم بەڕێزە. ئەمیش لەتیرەی ئاغالەرن کەلە تەوێڵە دەژین و لـەدوای ئەمیش گـەورەترین کـوڕی کەمحەمـەد بەهائـەدین بـوو، بـوە جێگـری. گـەلێ لەئـەدیب و شـاعیرانی سـەردەمی خـۆی شـعریان لەسەرکۆچـی دوایـی شـێخ سـراجەدین نوسیوە، لەوانە:

قەسیدەیەکی فارسی مەلاحامیدی بێسارانی‌یە، کەکاتب و خەلیفەی شێخ خۆی بووە، لەگەڵ قەسیدە عەرەبی‌یەکەی مەولەوی:[٢٦]

ئەمەش هەندێك لەقەصیدەکەی مەلاحامیدە کەدەڵێ:

امشب کەجهان یکسر پرنالەو فریاد است
عالم همە درهم شد تاباز چەغم زاد است
اشوب قیامەت خاست یازمزمەء توحید
کە حضرت شیخ ما در حلقەء ارشاد است
نەان و نەاین باشد کان پادشە معنی
اهنگ سفر فرمود، عزمش عدم اباد است
.. نصف شب سەشنبە، ثالث عشر شوال

این واقعەء عظمی، وین هائله رخ داد است

در فکرشدم کاندر تاریخ چەبنویسم

ناگاه خرد گفتا قطب راه ارشاد است[٢٧]

تاریخ ظهور، نیز چون (مظهر گل) باشد[٢٨]

پس سن شریف او هشت ازپی هشتاد است

مەولەویش لەقەصیدەکەیدا دەڵێ:

لاحت كمشكاة بها مصباحٌ — وذلكَ المصباحُ فی زُجاجةٍ

نعم بها سراج الدين المصطفى — ضياء أهل الشرع والطريقةِ

... ظاهرُهُ شرعٌ وورعٌ أكملُ — باطنهُ حقيقة الحقيقةِ

أمَرَ بالمعروفِ جدا ونَهى — عَن كلِّ منكرٍ وَكلِّ بدعَةِ..

.. فانفَجَرَت مياهُهُ فقد جرت — بِكلِ عبر وَبِكل شرعةِ

فَسَقَت الزرعُ الى أن إستوى — وبَعدما اضطرَبَتْ وَسَقَتِ

أهدأ اضطرابُ بَحرِ الواحدِ[٢٩] — بِذا بَدا تأريخُ عام الهجرةِ..

.. لقد أصاب قلبنا مُصيبةُ — ألسنُ كُلٍ فی أداءِ كَلّتِ..

مەلاعەبدولکەریم مەلائەحمەدی قازی لەوەسفی سراجەدین دا دەڵێ:

شێخی تەوێڵە سراجەدین بووە

بزرگی وەها هیچ کەس نەیدیووە

لەناو کوردانا بەناو بانگ بووە

لەڕێی تەریقەت گەلێ بێباک بووە

لەناوپیاوچاکان مەعلوم ئەولیایە

لەناو عالمان گەورەی عولەمایە

لەناوشێخان دا سەرکردەیانە

لەڕیز پیاوان، پێش هەموویانە

تەریقە ئەوە نەقشبەندیە

مەعلومە ڕاستە هیچ کەمی نیە

شێخ محەمەد بەهائەدین کوڕی شێخ عوسمان سراجەدین

(١٢٥٢ -١٢٩٨ ك) = (١٨١٨- ١٨٧٢ز)

لە (٨) ڕەبیعی دووەم ساڵی (١٢٥٢ك) لە تەوێڵە لەدیك بووە، دایکی ناوی خاتوو خورشیدە و لەبەگزادەکانی ماواتە، لەناوچەی شارباژێڕ. قورئانی لەتەوێڵە لای مەلا مەحمودی دشەیی خوێندوە پاش ئەوە لای مەلاحامیدی کاتبی باوکی خوێندنی نەحو صەرفی خوێندوە، لەخزمەت باوکیدا، تەریقەتی وەرگرتووە و ئیجازەی ئیرشادی دراوەتێ. دوای باوکی لەگەڵ عەبدوڕەحمانی برای دەبنە جێگری.

خانەقای تەوێڵە لەسەردەمی شێخ محەمەد بەهائەدین دا جمەی هاتووە، ڕێکەوتووە لەشەوێکدا ئەڵقەی خەتمە ئەوەندە زۆر بووە حەفتا خەلیفە هەستاون بۆ (توجهات)و بەجێ هێنانی ئادابی تەریقەت.[٣٠]

گەلێ زانایانی کورد عەرەب و تورك، لەخانەقادا، لەخزمەتیدا کۆبونەتەوە، بەتایبەت مەلائەحمەدی نۆدشەیی، سەید عەبدوڕەحیمی مەولەوی‌و مەلاحامیدی کاتب و مەلاعەلی تاڵشی‌و شێخ عەبدوڕەحمانی قەرەداغی‌و حاجی شێخ ئەمینی خاڵ.[٣١]

لەساڵی (١٢٩٠ك)چووە بۆ حەج و لەم سەفەرەدا حاجی مەلائەحمەدی نۆدشە و چەند کەسی دیکەی لەگەڵ خۆیدا بردووە، پاشان چووە بۆ دانشگای ئەزهەر لەمیصر و لەوێوە بۆ شام و لەشامەوە گەڕاوەتەوە سلێمانی‌و هاتووەتەوە تەوێڵە. ئەم سەفەرەی نۆ مانگی خایاندووە. مەولەوی لەکاتی پێشوازی‌دا ئەم شیعرانەی گوتووە:

ئاینەی کامڵ! ئازیزەکەی فەرد!
فیدای ئامات بۆ، صەفاییت ئاوەرد
خەیلێن، گەرد، پات، نەدیدەم دووربی
یانەی چەم وێران، تەمام خاپووربی.[٣٢]

شێخ بەهائەدین، جگە لەخەلیفە و مەنسوبەکانی باوکی، خۆیشی چەند خەلیفە و مەنسوبێکی پێگەیاندووە، وەك: شێخ عەبدوڕەحمان قەرەداغی - باوکی شێخ عومەری قەرەداغی، کەبە (ئیبن قەرەداغی) بەناوبانگە، هەروەها حاجی شێخ ئەمینی خاڵ، مەلا محەمەدی مەحمودی شاعیر.

شێخ نامەی زۆری نوسیوە، بۆ موریدو دۆستەکانی، چونکە دەستی نوسین و شیعریشی بووە و، نامەکانی گاریگەری خۆیان بووە و،[٣٣] لەگەڵ شێخ

عوبەیدوڵلەی شەمزینیو موئەید دەولەی حاکمی ئەردەڵاندا نامەی گۆڕیوەتەوە.
نازناوی شیعریشی- ئەبولبەهاء- بووە.

ئەبولبەهاء- لەکۆتایی ژیانیدا، تووشی سەرئێشە بووە و، زۆر ناڕەحەتی کردووە، لەتەمەنی (٤٦)ساڵیدا، لەڕۆژی هەینی، بەرواری (٥- ڕەبیعی یەکەمی- ١٢٩٨ك) لەگوڵپ کۆچی دوایی کردوەو، براوەتەوە تەوێڵە و لەپاڵ باوکیدا، بەخاك سپێرراوە. ماوەی ئیرشادی (١٤)ساڵ بووە[٣٤] لەدوای خۆی پێنج کوڕی لێ بەجێماوە:

شێخ عەلی حیسامەدین، شێخ صادق،[٣٥] شێخ مەزهەر، شێخ جەعفەر، شێخ محەمەد ناسراوە بەکاکە شێخ. شێخ عەلی حیسامەدین لەدیارترین نەوەیەتی وەك لەدواتر باسی دەکەین.

ڕوداوێك لەنێوان شێخ بەهائەدین و فەرهاد میرزای مامی ناصرەدین شای قاجاردا:

مامۆستا مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس لەیادی مەردان دا ل (٨١)دەڵێ: لەشێخ بابا ڕەسوڵی شێخ عارفی دۆڵاشی مەریوانم بیست و وتی: بیستومە لەساڵی (١٢٨٦)ی هیجریدا، فەرهاد میرزای مافی ناصرەدین شای قاجاڕ بەلەشکرێکی زۆرەوە، دێ بۆ هەورامان تابەگزادەکانی هەورامان ڕام بکا بۆ دەوڵەتی ئێران.

بەگزادەی هەورامانی لهۆن و هەورامانی ئەودیویش ترسیان لێ ئەنیشێو پەنا ئەبەنە بەر شێخ محەمەد بەهائەدین کەبڕوا بۆلای فەرهاد میرزا کەلەدێی (هەجمنە) ئەبێ تکای لێبکا دەس بەرداریان بێو پێی بڵێ هەرچیمان لێداوا ئەکا بۆی ئەیکەین بەومەرجەی بەلەشکرەوە نەیەتە سەرمان، چونکە توانای بەرگە گرتنمان نیەو میللەتەکەیش فەقیر و هەژارە.

شێخیش ئەڕوا و لەڕێدا لە(دەرگا شێخان)دا ئەبەزێ ئەڵێ بابەر لەوەی بڕۆم چاوم پێ بکەوێ، نامەیەکی بۆ بنوسم، بزانم ئەڵێ چیو بیری لەگەڵ هەورامان و هەورامیدا چۆنە؟ نامەیەکی بۆ ئەنوسێ لەنامەکەیا ئامۆژگاری ئەکا کەدەس بەرداری لەشکر ناردنە سەر هەورامان بێ باخوێنی موسڵمانان بەناهەق نەڕژێ. کەنامە ئەگاتە دەستی فەرهاد میرزا زۆر توڕە ئەبێو وەڵامی شێخ ئەنوسێتەوە و دەس بەڕوویەوە ئەنێ، لەسەرەتای نامەکەیشیەوە ئەم بەیتە ئەنوسێ:

ماشێخ و زاهد نمی شناسیم　　　یاجام بادە، یارِوی ساقی

کەوەلاّمەکەی فەرهاد میرزا بەشێخ ئەگا، ئەمیش دوو کەلیمەی تری بۆ ئەنوسیّو ئەم بەیتە لەسەرەتای نامەکەیەوە ئەنوسیّ:

مامیرو سلطان نمی شناسیم　　　یاعدل و احسان، یاقهر باقی

ئیتر لەدەگا شێخانەوە ئەگەڕێتەوە بۆ هەورامان بۆ شوێنی خۆی.

مەسەلەکەیش درێژە ئەکێشیّو سەرەنجام ئەکێشێتەوە بۆ جەنگ لەنێوان لەشکری فەرهاد میرزاو عەشایری هەوراماندا. هەورامی‌یەکان (شەبی‌خوون) ئەدەن بەسەر سوپای فەرهاد میرزاداو ئەیانشکێنن و ناچاری هەڵهاتنیان ئەکەن، تەنانەت فەرهاد میرزا خۆی بەزەحمەت لەملەی (بلچە سوورە)وە لەسەر هەژگ بەسەر بەفردا ڕایان کێشاوە تالەدەست تفەنگچی هەورامی ڕزگاریان کردووە. فەرهاد میرزا خۆی باسی ئەم ڕووداوەی لە (منشآت)ە کەیدا نووسیوە، نووسیویشیە:

فليس الفرارُ اليومَ عاراً عَلى الفتى

إذا كان معلوماً شُجاعةُ امسهِ

هەلاّتن نابێتە شورەیی بۆ کەسێك، کەئازایی ئەو کەسە لەڕۆژی پێشوو دوێنیّدا زانرابێت.

شێخ عەلی حیسامەدین:

(١٨٦٢-١٩٤٠ز)

لەشەوی (٢٤)ی صەفەری / ١٢٧٨ لەتەوێڵە لەدایك بووە و، ناوی دایکی تەیبەی کچی شێخ عەبدوڕەحمانی بێلەنگەیە لەقەزای هەڵەبجە. تاقانەی دایکیو کوڕەگەورە و ڕێزداری باوکی بووە. دوو ژنی هێناوە، خاتوو شکۆفە و خاتوو خورشید.[٣٦]

شێخ عەلی لە تەوێڵە قورئان و هەندیّ لەوردە کتێبەکانی نەحو صەرفی خوێندوە، پاشان تەریقەتی وەرگرتووە.لەدوای باوکی ئەم بەجێگری لەتەوێڵە دانراوە و، شێخ عومەر ضیائەدینی مامیشی هاتوەتە بیارەو، شێخ ئەحمەدی مامیشی لەئەحمەد ئاواو زەڵم دانیشتووە.

شێخ حیسامەدین زۆر خۆشی ڕابواردووەو، حەزی لەئاوەدانکردنەوە کردوە، لەزۆر شوێندا باخ و باخات و خانوبەرەی بووە و ئاوەدانی کردوەتەوە وەك: تەوێڵە، کراویە دۆڵ، هانە نەوتیّ، نوێن، باخەکۆن، تەپەکەل، چەمی زەڵم، خورماڵ، شوێنی تایبەتی گەرمیان و کوێستانیشی بووە.[٣٧]

لەخزمەتی شێخ ئەحمەدی مامیدا، پەروەردە بووە و سلوکی کردوە و پێگەیووە، پیاوێکی بەرێز و خاوەن پایە و شکۆ بووە، لەڕووی کۆمەڵایەتی‌یەوە، کەم وێنە بووە، زۆر قسەزان و زمان پاراوو بەئیدارە بووە، لەخەت و پەخشان نوسیندا تاقانەی سەردەمی خۆی بووە، کوردی‌و فارسی‌و عەرەبی‌و تورکی‌چاك زانیوە. لەبارەی پۆشاك و بەرگەوە، پاك و خاوێن و ناسك بووە.

شێخ حیسامەدین

شێخ حیسامەدین لەبەر چەند هۆیەك ماڵ دەگوازێتەوە بۆ باخەکۆن، کەباخەکۆن لەوەوپێش باخ و باخاتێك بووە، ماڵێ یا دوو ماڵی تیابووە، کەشێخ چوە ئەوێ ئاوەدان کراوەتەوە و خانوو خانەقای تیاکراوەتەوە.

(.. شێخ حیسامەدین کەسایەتی‌یەکی ناودار بووە، پەیوەندی لەگەڵ شای ئێران (ڕەزاشا)و شای عێراق (مەلیك فەیصەڵی یەکەم)و لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی (سوڵتان عەبدولحەمید)و (شا ژنی ئینگلیز)و سەرۆکی ڕوسیا (ستالین) هەبووە، دەوترێ کەئاڵ و گۆڕی نامەی لەگەڵ ئەوانەدا بووەو ئەو نامانەش لای شێخ موعتەصەمن و هەڵی گرتوون[٣٨]

دەڵێن: شێخ حیسامەدین حەزی لەتێکەڵاوی پادشایان و سەردانی دەسەڵاتداران نەبووە، بەڵام ئەوان هاتوون بۆلای‌و نامەیان بۆ نوسیووە، لەوانەی کەسەردانیان کردووە:

مەلیك فەیصەڵی یەکەم پادشای عێراق لەساڵی(١٩٢٥)دا، ڕەزاشای ئێران، شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستان.. لەسەردانەکەی مەلیك فەیصەڵدا شاندێکی لەگەڵدا دەبن کەپێك هاتبوون لە- یاسین هاشمی- سەرۆکی مەجلیسی نوواب، سەید محەمەد سەدر- سەرۆکی مەجلیسی ئەعیان، نوری سەعید- وەزیری بەرگری، عەبدولموحسین سەعدون- سەرۆك وەزیران... لەپێشوازیەکەدا، شێخ عوسمان حیسامەدین و شێخ حەبیبوڵڵەو کۆمەڵێکی زۆر لەو جەماوەرە دەبن. دەماوەدەم بیستراوە کەشێخ لەژورەکەی خۆی نەهاتووەتە دەرەوەو مەلیك چووەتە ژوورەکە، لەوێ شێخ پێشوازی لێکردووەو یەکتریان بینیووە.[٣٩]

دەگێڕنەوە: مەلیك فەیصەڵ ویستوویەتی مەعاشی بۆ ببڕێتەوە بەڵام شێخ قەبوڵی نەکردووە. هەروەها دەگێڕنەوە: کەئینگلیز (٣٠٠) ڕوپیە مانگانەی بۆ بڕیوەتەوەو ئەویشی قبوڵ نەکردووە.(٤٠)

لەمێژووی هەورامان دا –ل (٤٥١– ٤٥٤)دا هاتووە و دەڵێ:

چەند ژمارەیەکی گۆڤاری ساڵنامەی دونیا کەبەفارسی لەئێران دەرچوون، شتی زۆریان لەسەر شێخ حیسامەدین بڵاو کردوەتەوە، لەژمارە (١٨)، ل (١٧٠–١٧١)دا، نوسەرێك بەناوی (عەبدولحسێن ئاورنگ)، (شێخ و لمەلیك)ەوە، وتارێ لەبارەی یاداشتی (ڕەزمارا)و (شێخ حیسامەدین)ەوە، نوسیووە و خەستەکەی بەم جۆرەی خوارەوەی، دەگێڕێتەوە:

مـن کەنماینـدەی ئەنجومـەنی نوێنـەران بـووم و لەبەرئـەوەی کـەبۆ چـەند کۆبونەوەیەکی ئەنجومەن، لەبەر نەخۆشی نەم توانیبوو ئامادەی کۆبونەوەکان ببم، (ڕەزمارا)هات و سەری لێدام، هەروەك لەوەو پێشتریش ئامۆشۆی من و هەندێ لەنوێنەرانی دیکەی دەکرد.

کەهاتنە سەر گفتوگۆی لەبارەی چۆنیەتی ئەنجومەن و هەڵس و کەوتیەوە (ڕەزمـارا) هەناسـەیەکی، دوورو درێـژی دوکـەڵاوی، هەڵمـژیو وتــی: سـاڵی (١٣٠٩)ئێرانی ڕۆژی، من سەروانێ بووم، لەکوردستان داو، بەهۆی هەندێ کاری (ئەرتەش=لەشکر)ەوە، چووم بۆ هەورامان و چوومە تەوێڵەو ئالەویدا، بۆ نانی نیوەڕۆو، نانی ئێوارە مامەوەو هەروەك چەندان کەس ناسراوو نەناس، دەچوونە ئەوێو بەبێ چەنیو چۆنی، نانیان دەخوارد و دەنوستن!

پاشان بەخزمەتی شێخ گەیشتم و کەوتینە، گفتوگۆ کردن و پاشان ئەو بەوردی لەدەم چاوم و چۆنیەتی گفتوگۆم، وردبوویەوەو ئەوجا پـیی وتم: (تۆ لەماوەی بیست ساڵی دیکەدا دەبی بەسەرۆك وەزیران)!!

بەهـەرحاڵ، مـن بـیرم لەوگوتەیـەی، شـێخی حیسـامەدین زۆر کـردەوە، لەوماوەیەدا، ساڵان (١٣٢٥)دا بۆ چەندان، جار بۆ کوردستان گەڕاومەتەوە، بەڵام سەرم لەشێخی حیسامەدین نەداوەو، لەئەنجامدا، ئەوەبوو شێخ وەفاتی کردو منیش ئەوەندەی پێنەچوو بووم بەسەرۆك وەزیران!)

– شێخ حیسـامەدین، وەك کەسـایەتـییەکی ئاینی لەناوچەکەدا، ڕۆڵێکـی کاریگەری بینیووە لەکۆکردنەوەی جەماوەر بۆ بەرگری لە کوردستان لەهێرشی ڕوسـەکان لەناوچـەی سەردەشت و دەوروبـەری– وەك لەشـوێنی تـردا باسـی ئەمەدەکەین.

- شێخ گەلێ مزگەوتی کردووەتەوە وەك مزگەوتی: نوێن، خورماڵ، هەباسئاوا، مزگەوتی(عەلی حیسامەدین) لەسەقز.
- شێخ حیسامەدین ئەو ماوەی کەهاتە باخەکۆن بەهاوینان ئەگەر نەهاتایەتەوە بۆ تەوێڵە، ئەوە هاوینەکەی دەچوو بۆ هاوینە هەواری کراویە دۆڵ ئەوڕێگای کراویە دۆڵی کردەوە کەڕێگایە کەلە (باخەکۆن)و (گەچێنە)وە دەست پێدەکات بەقەدباڵی ئەوشاخانەدا لابەلاو کەمێك بەرز دەبێتەوە بەسەرچەند کانیەکی جوان و ئاوی سازگاردا دێت. ئەگەر بەسەر کەژی سپیەوە سەیری ئەوڕێگا بکەی زۆر باش تەرتیب کراوە و هەڵبژێراوە، دەچیتە (شرام)و (مارانی)و (هانە سوارا)و (نەڵکمین)و (کویلە)و (بزازەرا)و (کەلەتەنگە)و تاوەکو دەگاتە (کراویە دۆڵ).
- کەشکۆڵە بێوێنەکەی لەبەشی (فەرهەنگ و ڕۆشنبیری لەهەورامان)دا باسمان کردووە بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ئەدەب دۆستیو خوێندەواریو کتێبخانەکەی شێخ حیسامەدین.
- شێخ کۆتایی ژیانی لەباخەکۆن بەسەر برد، تاوەکو لەشەوی سێشەممە (٢٧) زیالحەجە/ ١٣٥٨ك بەرامبەر شوباتی ساڵی (١٩٤٠) کۆچی دوایی کردو هەرلەوێش بەخاك سپێرراوە. شێخ حیسامەدین چوار کوڕی بووە بەناوی (محەمەد و عوسمان و موعتەصەم و ڕاغب) شێخ محەمەد کەکوڕە گەورەی بووە لەدوای باوکی بووە جێنشین، بەڵام زۆری نەبرد چووە ئێران و ئیتر ژیانی لە ئێران بەسەربردو لە (١٩٧١/٣/١٩)کۆچی دوای کردو تەرمەکەیان هێناوەتەوە بۆ تەوێڵەو لەوێ بەخاك سپێرراوە.

شێخ محەمەد منداڵی زۆری بووە، ناودار ترینیان (شێخ ئەحمەد)بووە، پێش ئەوەی باوکی بچێتە ئێران ئەم بووە جێگەدار و کەباوکیشی لەعێراق دا نەما ئەم زیاتر دەرکەت و سەرپەرشتی خانەقا و مورید و صۆفیەکانی هەورامانی عێراقی کرد.

شێخ ئەحمەد[41]:
(۱۹۲۲- ۱۹۸۹/۱۰/۵ز)

کوڕی شێخ محەمەدی شێخ حیسامەدینە لەساڵی (۱۹۲۲)ز لەگوڵپ لەدایک بووە. قورئان و وردە کتێبەکانی لای مەلاخالیدی موفتیزادە لەباخەکۆن و پاشان لای مەلا محەمەدی قادر مەرزی، لەخانەگا خوێندووە.

ژیانی لەگوڵپ و تەوێڵە و هەڵەبجە بەسەر بردووە، لەهەر شوێنێ دانیشتبێ سەرپەرشتی خانەقای تەوێڵە و باخەکۆنی کردووە، لەساڵی پەنجاکاندا هاتووەتە هەڵەبجە و خانەقایەکی کردوەتەوە، ئیتر هەر لەهەڵبجە بووە، جارجارەش بۆ سەرپەرشتی خانەقاکەی تەوێڵە بەتایبەت لەهاوینان چوەتەوە تەوێڵە.

حاجی شێخ ئەحمەد

ئەو کاتانەی کەچووەتەوە بۆ تەوێڵە، خانەقای تەوێڵە جمەی دەهات لەدەروێش و صوفیو مورید و مەنسوبەکانی نەقشبەندی، بەتایبەت لەئێرانەوە زۆر دەهاتن بۆ تەوێڵە.

شێخ ئەحمەد لەهەڵەبجە مایەوە تالە کیمیابارانەکەی، هەڵەبجە چووە ئێران، چوویە شاری سنە لەوێ مایەوە و خەڵکێکی زۆر لەدەوری کۆبویەوە، بەتایبەت مورید و مەنسوبەکانی بنەماڵەکەیان.

لەساڵی (۱۹۸۹)تووشی نەخۆشیەك هات بردیانە تاران لەئەنجامدا لەشەوی ٥شەمە سەعات۱/۳۰ی شەو بەرواری (۱۹۸۹/۱۰/۵)ز بەرامبەر (٤\۳) ڕەبیعی یەکەم ساڵی (۱٤۱۰)کۆچی لەتاران کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەیان هێنایەوە بۆ شاری سنە، لەگۆڕستانی شێخ محەمەد باقر بەخاك سپێررا، ئەو ڕۆژە لەسنە بازاڕو دوکان هەموو داخراو خەڵکەکە بەشداریان کرد لەبەخاك سپاردنی تەرمەکەی‌دا، بە (هەلی کۆپتەر) وێنەی (مەڕاسیمە)کە لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە گیرا.

ئەوەی شایەنی باس بێت:

شێخ ئەحمەد پیاوێکی خواناس بوو، توانی لەژیانیدا بەسەربەرزی بژیو پالی نەداوە بەدەسەلاتدارانەوە، کەزۆرجار هاتوونەتە لای بۆ هەندێ مەسائل کەچی ڕەفزی کردووە، هەروەها ئەو ماوەیە، مووی ڕیشی پێغەمبەری (ص) (محاسینی شریف)ی پاراستووە، کەزۆر هەوڵ دراوە بۆ دزین و کڕینیو بەزۆر لێسەندنی.

شێخ ئەحمەد سێ ژنی هێناوە:

- مریەمی کچی شێخ موعتەصەم کەعەبدوڕەحمان و سارای لێبووە.
- حەدەخان کچی شێخ عوسمان سراجەدینی دووەم کە: جوان و تاراو عیرفان و لوقمان و کۆساری لێبووە.
- بەدیعەخان کچی عیزەت بەگی جاف کە عەلی و عادلی لێبووە.

لەسەر وەسیەتی شێخ ئەحمەد لەدوای خۆی شێخ عەلی کوڕی کرایەوە جێنشینیو ئێستا لەسەر خانەقاکەی هەڵەبجەیە.

شێخ عەبدوڕەحمان ئەبولوەفا

(٥/موحەڕەمی/١٢٥٣- ١٢٨٥)ك= (١٨٣٧- ١٨٦٨ز)

ئەم شێخە کوڕی شێخ عوسمان سراجەدینە، دایکی برازای مەولانا خالید بووە. لەخزمەتی مەلا مەحمودی دشەو مەلائەحمەدی نۆدشەو مەلاحامیدی کاتب و سەید عەبدوڕەحیمی مەولەویدا خوێندویەتیو، لەخزمەتی باوکیدا سلوکی کردوە و، بوو بەخەلیفە و، ئیجازەی ئیرشادی وەرگرتووە.

لەساڵی (١٢٧١ك)دا، باوکی دەینێرێت بۆ سنە، بۆ ئامۆژگاری کردنی ئەمانوڵڵاخان والی سنە، کەبەغولام شاخان ناسراوە، کەویستوویەتی خەڵکی شاری سنە بانگ بکا بۆ بوون بەشیعە، لەم سەفەرەدا مەلائەحمەدی نۆدشە و مەولەویو گەلێ لەزانایانی لەگەڵ دا دەبێ.

لەدوای باوکی، لەگەڵ شێخ محەمەد بەهائەدینی برا گەورەیدا، بوون بەوەلی عەهدی باوکیان، دوای ماوەیەکی کەم، دەچێتە گوڵپ و پاشان چووەتە بەغدا و لەمزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا ئیرشادی کردووە.

زۆر بەڕێز و خاوەن پایە بووە و، گەلێ لەزانایان تەمەسوکیان پێوە کردوە، والی بەغدا زۆرجار زیارەتی کردووە.

پاش نزیکەی ساڵێك چووە بۆ حەج کەگەڕاوەتەوە زۆری نەبردووە، نەخۆش کەوتووەو سێ ساڵ دوای باوکی، واتە لەساڵی (١٢٨٥ك)دا کۆچی‌دوایی کردووەو لەگۆڕستانی گەیلانی بەخاك سپێرراوە.

لەدوای خۆی تەنها (تاجەدین)ی کوڕی بەجێ‌ماوە کەپیاوێکی چاك و لەخواترس بووە، ئەمیش (جەماله دین)ی تاقانەی لێ بەجێ‌ماوە.

حاجی شێخ عەبدوڕەحمان پیاوێکی خاوەن عیبادەت و لەخواترس بووە لەبەغدا خەڵکی زۆر لەدەوری کۆبونەتەوە، هەروەها ناوبرا و نوسەر و شاعیر بووە، دیوانێکی نایابی هەیە، بەلاّم بەداخەوە شیعرەکانی بەزۆری فارسین لەیادی مەردان دا بەرگی یەکەم (ل ١٠٥بۆ ١٤٩)هەندێك شیعری بلاّوکراوەتەوە.

شێخ عومەر ضیائەدین کوڕی شێخ عوسمان سراجەدین

(٢٦/جەمادی یەکەم/١٢٥٥- ٢٢/شەوالی/١٣١٨)ك = (١٨٣٩- ١٩٠٠)ز

ئەم بەڕێزە لەبیارە لەدایك دەبێ‌و، لەخانەقای تەوێڵە دەستی کردوە بەخوێندن، دوایی بۆ خوێندن، چووەتە کەرکوك. لەخزمەتی باوکیدا تەمەسوکی کردوە و تەریقەتی وەرگرتووە و، لەژێر دەستی برا گەورەکەی (محەمەد بەهائەدین)دا، تەواو پێگەیشتووە، لەساڵی (١٢٩٤)ك ئیجازەی خەلافەتی دراوەتی[٤٢] هەرچەندە ئیجازەی وەرگرتووە، بەلاّم لەخزمەتی کاکیدا وەك موریدێك ماوەتەوە، تالەساڵی (١٣٠١)دا، دێتە بیارە و لەوێ خەریکی ئیرشاد دەبێ شێخ عومەر سەردانی چەند شوێنێکی کردووە، وەك: بەغدا و کەربەلاو نەجەف و... لەزۆر شوێندا، خانەقا و مزگەوتی کردوەتەوە لەوانە:

لەساڵی (١٣٠١)لەخانەقین، خانەقا و حوجرە و، خانویەك بۆ موتەوەلی دەکاتەوە.

لەساڵی.(١٣٠٣)لە (قزلرەبات=سەعدیە) خانەقایەك دروست دەکات.

لەساڵی (١٣٠٦)لە کفری خانەقایەك دەکاتەوە.

لەساڵی (١٣١٢)هەر لەکفری مزگەوتێك دەکاتەوە کەسوڵتان عەبدولحەمید یارمەتی داوە، بۆیە بەناوی سوڵتانەوە ناونراوە.

لەدەوربەری ساڵی (١٣١٠) لەبیاوێڵە خانەقایەك و حوجرەیەك دەکاتەوە.

لەدەوربەری ساڵی (١٣١٤) لەسەردەشت خانەقایەکی تر دروست دەکات.

لەساڵی (١٣٠٧) خانەقای بیارە دروست دەکات، لەوەوپێش لەمزگەوتی بیارەدا ئیرشادی کردوە.. لەبەرامبەر خانەقاکەوە، خانوو بۆ خۆی‌و، بۆ مامۆستا شێخ حەیدەرومەلای گەورە و بۆ فەقێ‌و میوان و موریدەکانی دروست دەکات.

شێخ لەگەڵ دروست کردنی ئەم خانەقایانەشدا، هەوڵی داوە، حوجرەش لەپاڵیاندا بۆ زۆریان دروست بکات و مەلاو خەلیفەشی بۆ دابین کردون، تاوەکو شەریعەت و تەریقەت بەیەکەوە شان بەشانی یەک بن.

لەساڵی(١٣٠٢)دا ناردویەتی بەشوێن مەلاعەبدولقادری مودەریس- کانی‌کەوەیی بازیانی‌دا، کەلەلای (ئەمین ئەسادات) بووە، لە(کوچک چەرمو)بۆ ئەوەی ببێتە مودەریسی خوێندگاکەی بیارەوە بووەو داشمەزراوەو زیاد لە(١٠٠) قوتابی لەبیارەدا، کۆبونەتەوە، کەهەریەکەیان بوونەتە زاناو پێشەوای بەناوبانگ لە کوردستاندا.[٤٣]

مامۆستامەلا عەبدولکەریم لەبارەی ئەم خوێندگاوە دەڵێ: بەکورتی: خوێندنگای بیارە دیمەنێکی بچکۆلانەی (جامع لئەزهەر)ی میصر بووە لەکوردستانداو، شانی داوەلەشانی ئەو، لەبلاوکردنەوەی زانست و لەخواترسیدا، بنکەیەکی تیشکدەر و ڕوناککەرەوەی ولات بووە، ئێستەیش هەرکەس، لەم ولاتەدا، زانابی‌و خزمەتی دین بکا بێگومان پەیوەندی- نزیک یادوری- بەو خوێندگاوە هەیە.[٤٤]

هەروەها شێخ هەوڵی داوە کتێبخانەیەک لەبیارەدا بکاتەوە و کتێبی نایاب و دانسقەی بۆ پەیدا کردوە.[٤٥]

شێخ عومەر زۆر ڕێزی زانا و فەقێی گرتووە، بەڵکو فەزڵی داوە بەسەر خەلیفە و موریدەکانی‌دا.

دەگێڕنەوە:

- - کەکتێبی بەدیاری بۆ هاتبێ سوجدەی شوکری بردوە.
- کەبیستویەتی چەند فەقێیەک بەڕێوەن، نزیک بوونەتەوە دێن بۆ بیارە بخوێنن، خۆی دەگۆڕی، تا نەیناسنەوە، کۆڵەکانیانی بۆ هەڵئەگرتن تائەی گەیاندنە خوێندنگاکە.
- شێخ (ضیائەدین) ڕازی نەبووە کەدەوڵەتی عوسمانی‌و قاجاڕیەکان مەعاشی بۆ ببڕنەوە... ئەوەتا (ناصرەدین شای قاجاڕی) نامەیەکی دوورو درێژی بۆ دەنوسێ کەئامادەی خۆی دەردەخات ئەگەر شێخ قبوڵ بکات باموچەو مەصرەفی خانەقا مانگانە ڕەوانە بکات، شێخ بەم شێوە وەڵام دەداتەوە:

ما ابروی فقرو قناعت نمی بریم

باپادشاه بگوئید که روزی مقراست

واتە: ئێمە ئابڕوی هەژاری و قەناعەت نابەین بەپاشا بڵێن کەڕۆزی بڕایەوە هەرلەو قەناعەتەوە کەشیعری (کولاهی عیزەت) دەنوسێ..[٤٦]

– شێخ عومەر: گەلێ خەلیفە و مەنسوبی چاکی پێگەیاندووە کەلە (یادی مەردان)دا، ب– ٢، ل (٢٧٣)دا ناوی (٤١) خەلیفەی هاتووە.

– شێخ، زاناو زانست دۆست بووە و خزمەتکاری زانایان بووە، خەتخۆش و نوسەرو ئەدیب و شاعیر بووە، هۆنراوەکانی بەزمانی عەرەبیو فارسیو کوردی بەهەرد و شێوە (هەورامیو سۆرانی)هەیە، نازناوی شیعریشی (فەوزی)یە.

سێ نامیلکەی نوسیووە بەم ناوانە:

– لطائف جهت دفع اشکال مسلمانان، اداب الابرار الکرام، لطائف الخمسة، هەروەها نامەی زۆریشی نوسیووە بۆ سوڵتان عەبدولحەمید و شای قاجاڕ و فەرمانڕەواکانی بەغدا و هەورامان، جگە لەمەش بۆ خەلیفە و مەنسوب و مورید و دۆست و کوڕەکانی.[٤٧]

شێخ عومەر ضیائەدین لەتەمەنی (٦٣)ساڵیدا لەبیارە کۆچی دوای کردووە و هەرلەوێش بەخاك سپێرراوە. شێخ نۆ کوڕ و چوار کچی بوون: کوڕەکانی: مەحیەدین، عەلائەدین، نەجمەدین، سەعدەدین، نزامەدین، ئەنوەر، جەمیل، کامیل، تائب.

کچەکانیشی ئەمانە بوون:

عەدەخان، فاتمەخان، سەنیەجان، عەتیەخان.[٤٨]

لەهۆنراوەکانی:[٤٩]

قیبلەم وەردەنم... قیبلەم وەردەنم — جەوساوە ژاراو دوریت وەردەنم

چەنیدڵ و گیان، شەرتێ کەردەنم — مەیل نەدەو وەکەس، تاڕۆی مەردەنم

لەبارەی زیکری خواوە ئەڵێ:

چونکە زیکری تۆن، مایەی حەیاتم — وەشیو شادیو شەوق، مایەی نیشاتم

جەمەماتەدا، باتۆم جەیاد بۆ — جەو عالەمەدا، دڵ وەتۆ شادبۆ

لەبارەی تەوحیدەوە دەڵێ:

فەقیهی مەدرەسەی، تەوحیدم ئیمڕۆ — فەریدی دائیرەی، تەفریدم ئیمڕۆ

لەشوێنێکی تریش دا دەڵێ:

کولاهی صیحەتم ناوێ، کەعیللەت تاجی زیللەتمە

کەوای عیزەزەت لەبەرناکەم، کەقیللەت بەرگی ڕەحمەتمە
لەعەیش و نۆشی حەیوانی، ئەمن چیبکەم کەئینسانم
خەیاڵی بێبەقا، بۆچی، کەزیکرییا خیللەتمە قەتعەن
بەشەرئەصڵەن نەبووناوی، مەلەک ڕێگەی نەبوقەتحەن
لەعەرشی وەحدە تا وابوو، کەڕەحمەت جێی مەحەببەتمە
عیبادەت بۆکەسێچاکە گوروفتاری تەبیعەت بێ
کەمن مەفتونی جانانم، چەباکی دەردو عیللەتمە
ئەگەر دولبەر بلاوێنی، هەموودەردو بەلاْخۆشە
خوداناکەردە مەیلیٖنا، چەفەرقی سوقم و صیحەتمە
کەدیم خوێن جاریە ئەمڕۆ، لەجەرگ و دڵ وەکوسیلاب
وتم ئەم شاهیدە کافی حیسابی قیامەتمە
مەلێ (فەوزی)لەفەهمی خۆت مەکە کەفکری بەتاڵ هەرگیز
ئەوەی تۆ تێدەگەی، چاوم، ئیشاراتی لە خیللەتمە

* * *

وەشانازاری، لاونا دلاْن — چەوەخت خەزان، چەفەصڵ گولاْن
دلاْن وەششان، جەنازارانەن — وەشی ڕەنگیگولاْن، نمەو وارانەن
بولبول ناڵەشان، خەیلیٚوەسۆزەن — نیگای نازاران، چاک دڵ دۆزەن
ئەو وەشیو ئەورەنگ،ئێد ناڵەی سەحەر — گردین بان وەفیدای نیم نیگای دڵبەر
قیناتم، قوتم، زیندەگیم، شادیم — وەشیم، وەش کەیفیم، جەژن و ئازادیم
ئەوسان کەئازیز لاونۆمەوە — وەنیم نیگای ناز تاونۆمەوە
ئەودەم ئارەزووم کامڵەن یەقین — فانی بۆجەلام، جەمع ئافیلین
تەنیای تاک مانۆ، پاسە ئەوسابی — غەیر پێسەی ئەوسا، عەدەم ماوابێ

گەلێهۆنراوەی فارسیشیهەیە، لەهۆنراوەیەکیدا بەم شێوە دەست پێدەکا:

نەطالبم بەجاەو جلال و منال و مال — نەشایقم بەزیور وزلف و بەخط و خال

لەهۆنراوەیەکی تردا دەڵێ:

رسم عاشق بود وفاکردن — جان بەصدق و صفا فدا کردن
جان و دل، عقل و هوش صبرو خرد — همە را در رضا فدا کردن

گەلێ هۆنراوەی عەرەبیشی نوسیووە لەیەکێکیان دا دەڵێ:

أنا مذنبٌ، أنا خاطئٌ، أنا عاصي — هو راحم، هو غافر، هو كافي
قابلتُ منه، ثلاثةٌ بثلاثةٍ — إذ غالبَتْ أوصافهُ أوصافي

نامەیەکی دەستخەتی شێخ عومەرمان لایە بەهۆنراوە، ناردویەتی بۆ مەلا عەبدوالله ی جەلی زادەی کۆیەو ئەویش هەر بەهۆنراوە وەلامی شێخی داوەتەوە، ئێمەش لێرەدا وای بەباش ئەزانین هەندێك لەو دوو نامەیە بلاو بکەینەوە:

(دەمێکە کاغەزت نایەتەلامان — عەجەب سستی لەپەیغام و سەلامان
جەلی دەبێ دایم، جلوەی دیاربێ — لەناو گێژاوی شەط بێ، یاکەنار بێ
عومەر عومرێکە، بۆ تۆ انتظارە — لەشەوقی تۆ وەکو ئاو بێ قەرارە
چ انصافێکە گاهێ ناوی نابەی — چ فکرێکت هەیە، بێ باکی تاکەی
حەیاتی من بەیادی تۆ مەنووطە — نەوازش چاوەکەم لایق بەخوتە
دەبوو بۆ خاتری، تەفریحی یاران — بکەی سەیرو صەفا، وەقتی بەهاران
ببینی شارەزووری، سەوزو سور — بچیتە کێوی هەورامانی پڕ نور...)

وەلامی حاجی عەبدوالله ی کۆیەش ئەمەیە:

(جەلی ئیسمم خەفی ڕەسمم دوورەنگی — مثالی مەسئەلەی کافورو زەنگی
سوهای بێچارە قوربان چۆن دیارە — لەوەقتی شەعشەعەی شمس النهارە
عومەر عومرێکە گەر مەیلی بەلامە — ئیتر بۆچ مەرکەزی دەردو بەلامە
هەموو عومرم بەپاییز چوو لەهیجران — بەهاری هیچ نەدی لەوگەشت و سەیران
بەقوربان شارەزورێ چۆن ببینم — زەرو زۆرم نیە شەقاو هەڵێنم
لەجێگای کێوی هەورامانی پڕ نوور — لەسەر کۆهی غەمان کەوتم وەدور
ئەگەر لوطفت هەبێ پێ ڕادەکێشم — لەقافڵەی (...) باهەردەم لەپێشم
ئەو ڕۆژەی ئەتۆم دیوە لەبەغدا — ملم داوە بەحەق والله وبالله...)

شێخ نەجمەدین شێخ عومەر

(١٢٨٠- ٩/ موحەڕەمی/١٣٣٧)ك = (١٨٦٣- ١٩١٩)ز

وتمان شێخ عومەر نۆ کوڕی بووە، لەناو ئەمانەدا، دوو کوڕیان، سلوکیان کردووە و بوون بەخەلیفە، نەجمەدین و عەلائەدین. ئەم دوو برا لەدایکەوە جیاوازن، دایکی نەجمەدین کچی مەحمودبەگی ساحێب قەرانی سلێمانیە، بەڵام دایکی عەلائەدین ئامۆزای شێخ عومەر ضیائەدین خۆی بووە.

نەجمەدین لەتەوێڵە لەدایك دەبێ‌و، قورئان و کتێبەکانی نەحو و صەرف و فیقهی خوێندوە و، لەتەمەنی (١٢)ساڵیدا لەخزمەتی شێخ بەهائەدینی مامیدا سلوکی کردووەو تەریقەتی وەرگرتووە، پاشان لەخزمەتی باوکیدا بووە، تا ئیجازەی خەلیفایەتی وەرگرتووە پاش کۆچی دوایی باوکی بووە، بەجێگەنشینی و لەخانەقای بیارەدا ئیرشادی کردووە و، مورید و مەنسوبەکانی باوکی گوێڕایەڵی بوون، پیاوێکی لەخواترس و زاهد بووە، زۆر حەزی لەکۆڕی زانست و علومە ئیسلامیەکان بووە، خزمەتی خوێندگاکەی بیارەی باش کردوە. دەڵێن: تا مەجلیسی عولەمای بەرز وەستابایە و موتالای کتێبی گەورە خواناسانی دەست بکەوتایە شتی تری نەدەکرد. هەروەها ڕازی نەبووە دەولەتی عوسمانی مانگانە بیرێتەوە بۆ خانەقا، وتویەتی: خوا پەك ناخات و نامانەوێت.

لە بیارە کۆچی دوایی کردوەو هەر لەوێ بەخاك سپێردراوە.(١١)کوڕی بووە. [٥٠]بەڵام لەدوای خۆی (٩) کوڕی بەجێ ماوە، گەورەترینیان شێخ نورەدینە کەلەجێی باوکی دانیشتووە.[٥١]

شێخ نەجمەدین شاعیر و خۆشنوس بووە و نازناوی شیعری (کەوکەب)ەو شیعرو نامەی جوانی هەبووە، بەڵام بەداخەوە کوردیەکانمان دەست نەکەوتن[٥٢]هەروەها لەبەرگری کردن لەهێرشی ڕوسەکان، ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە وەك لەبەشی ڕامیاریدا باسی دەکەین.

شێخ عەلائەدین شێخ عومەر[٥٢]

(١٦٨٣-١٩٥٤ز)

لە (٢١/ڕەبیعی یەکەمی/١٢٨٠ ك لەتەوێڵە لەدایك بووە، قورئان و نەحو صەرف و فیقهی تاسیوطی خوێندووە، لەلای مامی (شێخ بەهائەدین)سلوکی کردووە و لەخزمەتی باوکی‌دا ئیجازەی تەریقەتی وەرگرتووە، لەسالّی (١٣٠٨ك)نوری‌جان خانمی کچی میرزا عەبدوالله خانی کوڕی شێخ محەمەد صادقی وەزیری مارە کردووە، کەخەڵکی سەولاوایە لەناوچەی سنە، لەدەوروبەری سالّی (١٣١٢)دا بەفەرمانی باوکی لەبیارە مالّی گواستوەتەوە بۆ (سەفی ئاوا) لەناوچەی جوانڕۆ، لەم دێیەدا چوار پێنج سالّ ماوەتەوە و ئیرشادی کردووە، لەم دێیەدا، لەسالّی (١٣١٤)دا شێخ عوسمان و لەسالّی (١٣١٥)شدا شێخ خالیدی بووە لەنوریجان خانم، پاشان هاتوەتەوە بیارە، تاوەکو دوای کۆچی دوایی باوکی لە (١٣١٨)دەچێتە دەرەشیش و دوایش دەچێت بۆ سەولاوای لای مەریوان. پاشان چووەتە (دووڕووە) لەوێ خانەقایەك و چەند خانوو خوێندنگایەکی گەورەی کردووەتەوە،

مەلامحەمەدی شێخ قادری ڕەشەدێی مەریوانی بۆ هێناوە و قوتابی زۆری بۆ کۆکردەوە و ئیتر (دووڕووە)بوەتە مەڵبەندێکی (ئیرشاد و عیلم)و خزمەتی ئیسلامی کردووە.

لەسالّی (١٣٣٩)دا هاتووەتەوە بیارە،خانەقاکەی باوکی، چونکە شێخ نەجمەدین و نورەدینی کوڕی‌شێخ نەجمەدین و مەلاقادری گەورەیش هەرسێکیان کۆچیان کردووەو بیارە چۆڵ بوو بوو.

شێخ لەم ماوەیەدا، گرنگیەکی زۆریدا، بەحوجرەو خانەقاکەی بیارە، لەبەرئەوە، بەبەردەوامی، چەندمەلایەکی هێنا، بۆبیارە، لەوانە: مەلاحسێنی کوڕی مەلاقادری گەورە، شێخ باباڕەسوڵ بیدەنی، مەلائەحمەدی ڕەش، مەلاتەها بالیسانی، پاش ئەم زانایانە، لەسالّی (١٣٤٧)مامۆستا مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس دەبێتە مەلای خانەقای بیارە، بۆماوەی (٢٤) سالّ لەوێ دەمێنێتەوە...

لەم ماوەیەدا بیارە نزیکەی (١٠٠) فەقێی بووە، فەقێی تورک و عەرەب و تاڵشیشی تیابووە.. دانیشگایەك بووە بۆ خۆی، زانا گەورەکانی کوردستان دەستە دەستە لەهاتوو چۆی بیارەدا بوون و سەردانی بیارەیان دەکرد. گەلێ زانای ناودار لەم مەدرەسەدا ئیجارەیان وەرگرتووە.. لەوانە: حاجی سەید بابا شێخ کاژاوی، ماموٚستای دێی ئەڵمانە، حاجی مەلاباقر ماموٚستای باڵەك، مەلاعەبدوڵڵەی نەقشبەندی، شێخ عەبدولوەهاب و شێخ صدیقی نێرگزەجاڕو شێخ محەمەد سەعید نەوەی مەولەوی، شێخ عومەری کوڕی شێخ محەمەد قەرەداغی، مەلاعارفی پێنجوێن، مەلاقادری گەلاڵی، شێخ کاکە مەلا سەردەشتی، سەید حیسامەیدنی سەقزیو گەلێ زانا و ماموٚستای تر..

شێخ عەلائەدین دوو بەرهەمی چاپ کراوی هەیە کەبریتی‌یە لە دوو نامە:

یەکەمیان (القول الحقیقە) وتەی ڕاستی، بەزمانی کوردیو عەرەبیو فارسییە، ساڵی (١٩٣٥)ز چاپ کراوە، نامەکە بریتی‌یە لەبەرپەرچدانەوەی ئەو کەسانەی بەناوی خاوەن ڕێبازەوە زیادەڕۆیی دەکەن و کاری نابەجێ ئەنجام دەدەن. نامەکەی بەڕێنووسی کۆن نوسراوە، لێرە هەندێکی دەخەینە بەرچاو، بەڕێنووسی نوێ بێدەسکاری، لەشوێنێکدا دەڵێ:

بەعزێ لەجەهەلەی صوٚفی پەیدا بوون بۆ خاتری جەلبی ئەماڵی دنیەی شەخسیو جەمع کردنەوەی پارە و ماڵی دنیا بەهەموو قووەتێك بەناوی تەریقەی نەقشیەوە یاقادریەوە مەشغوڵی فریودانی عەوامی ناسن و دامەزراندی ئادابی غەیرە مەشروعن) هەروەها دەڵێت: (بەعزێکیان ئەمر بەلێدانی خەنجەر لەخۆیان و ئاور خواردن و مارگرتن دەکەن و بەعزێکیان بەناو مەخلوقدا دەگەڕێن بەناوی ئیمانەوە بەخانەقا و تەکیە وەماڵ و پارە لەمیللەتی بێچارە وەردەگرن).

ئەم نامەیە زۆر گرنگە و تەصەوفێکی پاك و بێگەرد پێشان دەدات لەکتێبخانەی ئەوقاف، بەهەرسێ زمانەکە پارێزراوە، حسێن ڕەمەزان خالدی ڕاڤەیەکی جوانی کردوە.

دووەمیان: نامەی (طب القلوب)پزیشکی دڵان بەزمانی عەرەبی نوسراوە و ساڵی (١٩٨٩)شێخ ئەمینی کوڕی ئامادەی کردوەو لەچاپی داوە، ناوەڕۆکەکەی بریتی‌یە لەڕێنمایی کردنی کاروباری ئاینی بۆ موسڵمانان...)

شێخ عەلائەدین پیاوێکی خواناس و لەخواترس بووە، پیاوێکی کۆمەڵایەتی موصلح بووە، دەستی حەکیمیشی بووە. ڕۆڵیی گرنگیشی بینیووە

لەبەرگری کردن لەڕوسەکان و ئینگلیزەکان و هەڵوێستی نیشتیمانپەروەری زۆری هەیەو[٥٤] پاڵپشتی شۆڕشەکەی رەشید عالی گەیلانی بووە.

لەژیانیدا سەفەری زۆری کردووە بۆ ناوچەکانی کوردستان و شام و، چەند جارێکیش بۆ بەغدا و، لەبەغدا یاسین هاشمی- سەرۆك وەزیرانی عێراق و مەلیك فەیصەڵی بینیون. نامە گۆڕینەوەشی بووە لەگەڵ شەمسەدین عەبدولحەق ئەفغانی وەزیری مەعاریفی پاکستان و هەروەها مەلیك غازی مەلیکی عێراق.

شێخ عەلائەدین لەمانگی ڕەجەبی ساڵی (١٣٧٢ك)کۆچی دوایی کردووەو لەبیارە بەخاك دەسپێررێ. نەوەکانیشی: (١٠) کوڕو (١٣) کچ بوون.

دیارترین کوڕی شێخ عوسمان و مەولانا خالید بوون. لەدوای خۆیشی، شێخ عوسمان بووە جێگەداری، ئەم سێ کچەشی ئێستا لەژیاندان.. حەپسەخان لەڕەشتە، ئەدیبەخان لەبەغدایە، سەلماخانیش لەسلێمانیە.

کۆتایی ئەم باسە بەمە دەهێنین: ئەمە نامەیەکی جەنابی شێخ عەلائەدینە لەسەرەتای پەنجاکانەوە نوسیویەتی بۆ کوێخا حەمە سەلیمی حەمەڕەزای تەوێڵەیی ئێمەش بڵاوی دەکەینەوە، بەڵام بەڕێنوسی ئێستا.



بسم الله

موحیب و عەزیزو ئیرادەت ئەز کاك محەمەد سەلیم موختاری طەوێڵە دۆعای خەیرو سەعادەت و تەوفیقات بۆ ئەکەم ئەوا نۆ دینار پارەم بەپیاوی خۆما بۆ ڕەوانە کردی موحیبەت ئەکەیت ئەو نۆ دینارە بەگەندم ئەدەیت و بۆمان ڕەوانە بکەرەوە باعثی دۆعای خەیری فوقەڕایە، وصلی الله علی سیدنا محمد وآله

خادم محاسن شریف نبویة
وطریقة نقشي وقادري
علاءالدین

شێخ عوسمان سراجەدینی دووەم[٥٥]:

صەفەری/١٣١٤- /١٤١٨)ك = (١٨٩٤- ١٩٩٧/١/٣٠)ز

ناوی محەمەد عوسمانەو نازناوی سراجەدینی دووەمە. کوڕی شێخ عەلائەدینە. لەدێی سەفی ئاوای جوانڕۆ لەدایك بووە، لەبیارە دەستی کردووە بەخوێندن، پاشتر لەخزمەت مامۆستا مەلاحسێنی (طاهر بوغی)دا بڕوانامەی زانستی وەردەگرێت.

لەخزمەت باوکیدا، سلوکی کردوەو پێگەیشتووەو مۆڵەتی ئیرشادی وەرگرتووە. لەتەمەنی (١٥- ١٦) ساڵیدا، و واتە پێش ساڵی (١٣٣١ك) جیهادی لەدژی سوپای داگیرکەری ڕوسیا، لەکەلی (سەوڵەتاوای)نێوان هەردوو شاری (سنە و قوروە)ی کوردستانی ئێران ئەنجام داوە.

پاش کۆچی دوایی باوکی، لەساڵی (١٩٥٤ز)دا لەسەر وەسیەتی باوکیو موریدان و زانایان، بووە بەجێگەنشینی باوکی. لەم ماوەیەدا گرنگیەکی زۆری داوە بەخانەقا و خوێندنگای بیارە.- لەساڵی (١٩٥٩ز)دا لەبەر چەند هۆیەك بیارەی بەجێهێشت و چووە بۆ (دووڕووە) لەوێ هەروەك بیارە، بگرە زیاتر گرنگیدا بەخانەقا و خوێندنگا و مزگەوتەکەی.....ئیتر (دووڕووە) بووە مەڵبەندێکی تەریقەی نەقشبەندی، لەهەموو لایەکەوە چ بۆ خوێندن و چ بۆ تەریقەت جمەی دەهات...تاله بەرواری (١٩٧٩/٩/١٣ز) لەدوای ئەوەی شۆڕشی

ئیسلامی لەئێران رووی‌دا لەرێگەی تەوێڵەوە هاتەوە بیارە. ئەو رۆژە رۆژێكی مێژوویی بوو، بۆ ئەو دەڤەرە، كە چ حەشاماتێك بوو، لە خەڵكی ناوچەكە و دەورووبەرو هەموو كاربەدەستان و مورید و مەنسوبان هاتبون بۆ پێشوازی..

شێخ لەبیارە مایەوە، لەهەموو لایەكەوە سەردان دەكرا، تاوەكو بەهۆی شەڕی سەر سنوری نێوان، عێراق و ئێران، بارودۆخی ناوچەكە تێك چوو، شێخ بیارەی بەجێهێشت بەرەو بەغدا رۆیشت. پاش چەند ساڵێك بەرەو سوریاو توركیا و ئەردەن و سعودیە و وڵاتانی ئیسلامی‌و ئەوروپی‌و...رۆیشت، لەئەنجامدا لەساڵی (١٩٩٣) لەئەستەمبوڵ نیشتەجێ بوو، ... خانەقای شێخ لەئەستەمبوڵ دا لەدوای راپەرینەوە بوو بەجێگەی كۆچكەرانی كورد و خەڵكانی تری ئاوارەو غەریب..بەراستی كاروانسەراو پردێك بوو بۆ لێقەوماوانی كۆچەر لەنێوان كوردوستان و ئەوروپادا.

شێخ لەئەستەمبوڵ ژیاو تەمەنێكی زۆری بەسەربرد تالەبەیانی رۆژی پێنج شەمە (١٩٩٧/١/٣٠) كۆچی دوایی دەكات، لەبەر فشاری موریدانی توركیا لەخودی خانەقاكەی ئەستەمبوڵ بەخاك دەسپێررێ.

هاوكات لەگەڵ كۆچی شێخ عوسماندا، شێخ مەولانای برای لەسنە بە (٨) سەعات بەرلەكۆچی ئەو، كۆچی دوایی دەكات، پاش چەند رۆژێك جەمالەدینی كوڕە گەورەیشی ئەویش لەسنە كۆچ دەكات، هەردوكیان دەهێننەوە بۆ (دووڕووە) بەخاكیان دەسپێرن. لەكوڕكانی: عەبدولمەلیك، ناصح، عەبدورەئوف، مادح، چەند كچێكیشی هەیە.

ئەم شێخە بەڕێزە: لەدوای خۆی كەسی دانەناوە بەجێگەدارو جێنشینی خۆی‌و لەدیوانی ئەدەبیاتا ئاماژەی بۆ ئەمە كردوە.(٥٦)

شێخ عوسمان توانیویەتی بازنەی ئیرشادی خۆی بەرفراوان بكات و موریدو مەنسوبێكی زۆر پەیدا بكات لەوڵاتانی رۆژئاواو رۆژهەڵات...بەڕاستی توانی تەریقەتی نەقشبەندی زیندو بكاتەوەو برەوی زیاتری پێبدات و، بەڵكو توانی ژمارەی موریدانی زیاتر لە (١٠)ملیۆن مورید پێبگەیێنێت كەلەتەواوی دنیادا بڵاوبونەتەوە.

– چەندەها خوێندنگەو مەڵبەندی تەریقەتی، لەشوێنە جیاجیاكانی كوردوستان و وڵاتان كردەوە.

– پەیوەندیەكی زۆریشی لەگەڵ پاشاو سەرۆك و ناودارو كەسایەتی جیهانی هەبووە.

- لەڕووی دانایی‌و حەکیمی‌و پزیشکیەوە دکتۆرێکی زۆر لێهاتوو بووە، زۆرێک لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەسەریان نوسیوە، لەوانە ڕۆژنامەی (الحیاة)ی لەندەنی ساڵی (١٩٩٥).
- هەرچوار زمانی کوردی‌و فاسی‌و عەرەبی‌و تورکی زانیوەو قسەو نوسینی پێکردوە.
- لەزانستەکانی- تەفسیرو عەقیدە و تەسەوف- دا دانراوی هەیەو لەچاپ دراوە.
- لەڕووی ئەدەبەوە زۆر ئەدەب دۆست بووە، دوو دیوانی نایابی هەیە بەناوی (چەپکە گوڵێ لەگوڵزاری عوسمانی) ئەوی تریشی (دیوانی حەزرەتی شێخ محەمەد عوسمان سراجەدین نەقشبەندی)، هەردوکیان لەلایەن م.عەبدوالله مستەفا صالح (فەنایی)یەوە ئامادەو چاپی کردون).
- گەلێك لەهۆنراوەی لەگەڵ شاعیران و دۆستاندا گۆڕیوەتەوە وەك: مامۆستا مەلاعەبدوالکەریمی مودەڕیس، قانع، ناری، شاهۆ، شێخ ئەحمەدی شاکەلی ...هتد، هۆنراوەکانیشی بەهەورامی‌و سۆرانی‌و فارسی نوسیونی.

وتمان گەلێك هونراوەی هەیە لەوانە - لەجەژنە پیرۆزەیەکدا بۆ مامۆستا مەلا عەبدوالکەریمی مودەڕیس دەنوسێ و دەڵێ:

یاکەریم دەخیل کەریمم خۆش بێ — لەهەموو جەژنا وەک گوڵی گەش بێ
جەژنت پیرۆزبێ هەتاهەتایە — بۆ تەفسیری جوان پڕ ئایەو مایە

دواتر دەڵێ:

دانامەی زانای ڕموزی قورئان — عەللامەی دەهرو نابغەی زەمان

چەپکە گوڵێ ل(٢٢)

لەنامەیەکی‌دا بۆ شێخ مەحمودی مەلیك دەڵێ:

(بەئەندازەی خولوصی قەلبی گوریان — بەقەد ئاهی دەرونی ساردی کوردان
بەقەد حەڕڕی صەمومی دەشتی بەغدا — بەقەد بەفراوی شاخ و داخی کوێستان
سەلامی پڕ لەئیخلاصم لەتۆ بێ — کەتۆی بۆدەردی سەختی سینە دەرمان..!

چەپکە گوڵێ- ل (٢٣)

لەسەفەری مەدینەی منەوەرە ئەم هۆنراوەیەی داناوە:

..شوکرەن نزیکەن دڵشاد بۆ وەدۆس — دۆس چ دۆس، چەنی خوداوەند مەئنوس
شوکرەن یاوانی، وەمەدینە شاد — شاری پڕجەنور، بورکانی ئەنوار

چەپکە گوڵێ- ل ١٦٩

لەهۆنراوەیەکی‌دا کەبۆشێخ مەولانای برای نوسیوەدەڵێ:

تاکەی بناڵۆ لەدەری دوری — تاکەی وەدیدار نەدۆم سەبوری

دووریت ژارمارگەستەن مەزاقم	شەوان ئالودەی دەردی فیراقم
ناڵەم چون ناڵەی تاق تاقەن نەتاق	پایانش نیادەردەکەی فیراق
فیراقت وەدەرد فیراق بەرباد بۆ	وەی شێوەی شیرین من دڵم شاد بۆ..!

دیوانی شێخ ل (٤١)

شێخ ئەحمەد شەمسەدین کوڕی شێخ عوسمان سراجەدین یەکەم(٥٧)

(١٨٥٠ - ١٨٨٩ز)

لە (٦/جەمادی‌یەکەم/ ١٢٦٦ ك لەوکاتەی کەشێخ عوسمان لەبیارەدا بووە، ئەم لەوێ لەدایك دەبێ، دایکی ناوی (نورشەرەف)ە لەکچە ئاغاکانی پشدەرە لەتیرەی میراو دەڵی. قورئان و نەحو و صەرف و هەندێ لەکتێبە شەرعیەکانی خوێندووە و لای مەولەویش عەقائدی خوێندووە. دوایی گەلێ پەڕاوێزی لەسەر عەقیدەی مەرضیەی مەولەوی نوسیووە. لەئوصولی دین دا دەستێکی باڵای بووە.

لەسەردەمی باوکیدا چوەتە تەریقەتەوە و مۆڵەتی خەلافەتی داوەتێ، بەلام لەژێر دەستی (شێخ بەهائەدین)ی برای‌دا، پەروەردە کراوە.

شێخ ئەحمەد زۆر گرنگی داوە بەسونەتەکانی پێغەمبەر (ص)، تەنانەت لەسەفەری حەج و ئەستەمبوڵیش دا شەو نوێژی تەرك نەکردوە، گەلێك موریدو مەنسوب و خەلیفەی بووە، یەکێ لەو خەلیفانەی شێخ عەبدورەحمانی کەرکوکی‌یە کەپیاوێکی زاناو خاوەن پایە بووە.

شێخ لەدوای مردنی شێخ (بەهائەدین)ی کاکی لەتەوێڵەوە، دەگوازێتەوە بۆ ئەحمەد ئاوای زەڵم، لەوێ ئیرشادی کردوە تالە (٢٥ سەفەری /١٣٠٧ك) کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی دەبرێتەوە بۆ خانەقای تەوێڵەو لەنزیك باوکی‌یەوە بەخاك دەسپێررێ. لەدوای خۆی (٤)کوڕی منالی لێ‌بەجێ دەمێنێ بەناوی:

هیدایەت، عەبدوالله، حەبیب، حەسەن.هەر چواریان دوایی پێدەگەن و هەریەکەیان لەشوێنێك نیشتەجێ دەبن.(٥٨)

شێخ شەمسەدین چووە بۆ حەج و سەردانی ئەستەنبوڵی کردووە، لەسەردانەکەی ئەستەنبوڵی‌دا (مەحاسینی شەریف)ی هێناوە، بۆ هەورامان، بۆیە ئەم باسی مەحاسینە لەژیاننامەی ئەم بەرێزە تۆمار دەکەین.

مووی پیرۆزی پێغەمبەر (د.خ)[٥٩]:

پێغەمبەر (ص، حەوت شتی پیرۆزی -متبركات السبعه- ی لەپاش خۆی بەجێماوە کە ئەمانە بوون: (مێزەرەکەی، عەمامەکەی، شمشێرەکەی، عەباکەی، کراسەکەی، دانی موبارەکی، مووی ڕیشی).

ئەمانە تاسەردەمی ئەمەوی‌و عەباسیەکان لەمەککەدا پارێزراو بوون. پاش ئەوەی خەلافەت دەکەوێتە دەستی عوسمانیەکان، هاتن ئەم حەوت شتەیان گواستەوە بۆ ئەستەمبوڵ کەیەکێکیان ئەم مووە پیرۆزانە بوون.

شێخ ئەحمەد شەمسەدین، لەدەور و بەری ساڵی (١٢٩٩)دا سەفەرێك دەکات بۆ ئەستانبوڵ و ماوەیەك دەمێنێتەوە لەو ماوەیەدا سوڵتانی عەبدولحەمید، دەیناسێ‌و زۆر ڕێزی لێدەگرێت، کە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، قورئانێك و حەوت تاڵ مووی ڕیشی پیرۆزی پێغەمبەر (ص)بەخەڵات پێ بەخشیوە.[٦٠]

شێخ ئەحمەد کەدەگەڕێتەوە، مووەکان دەهێنێت بۆ ئەحمەدئاوا، پاش ماوەیەك نەخۆش دەکەوێت، جاچونکە ئەحمەدئاوا دێیەکی بچوك دەبێ‌و منالەکانیشی بچوك دەبن، لەبەر ئەوەی ئەم موانەش نەفەوتێن، هەردوو برازای بانگ دەکات. کەیەکێکیان شێخ حسامەدینە کەجێگەداری یەکەمەو چوار تاڵیانی دەداتێ کەلەمەرقەدەکەی تەوێڵە دایان بنێت، ئەوی تریشیان شێخ نەجمەدینە لە بیارە، کەسێ تاڵیشیان دەدات بەو بۆ مەرقەدەکەی بیارە.

ئەم مووانە هەر لەو کاتەوە تاوەك و چۆڵکردنی بیارە و تەوێڵە هەرلەیێ ماونەتەوەو پارێزراون. لەساڵەکانی (١٩٨١ز) بەدواوە ئەوانەی تەوێڵە لای شێخ ئەحمەد بوون –پێشتر باسمان کردن –لە هەڵەبجەو لەکیمیایەکەشدا بردنی بۆ ئێران و پاراستنی، لەدوای ڕاپەڕینەوە هێنرانەوە بۆ هەڵەبجەو لە ١٩٩٧/٨/٣دا، بەڕێو ڕەسمێکی شکۆدارو شایانەوە بەهەزاران کەس لەسلێمانیو هەڵەبجەو کەلارو گەرمیان و دەڤەری هەورامانەوە بەشداریان تیاکردو برانەوە بۆ تەوێڵە و لەمەرقەد دانرانەوە.

ئەوانەی بیارەش لای بەڕێز (شێخ عوسمانی دووەم) پارێزراو بوون و مانگێك پێش ئەوانەی تەوێڵە برانەوە بۆ بیارە. ئەم مووە پیرۆزانە بە (مەحاسینی شەریف) ناسراون، لەشوشەی بچوکدان و شوشەکەش لەصندوقێکی پۆڵاین

دایەو لەو کاتەوە کراوە بەعادەت هەرکاتێك بێبارانیەك ببێت یا هەراو موصیبەتێك ڕووبدات صندوقی مەحاسین لەشوێنی خۆیەوە ئەهێننە دەرەوەو مەلاو فەقێ و خەڵکی، نوێژە بارانەو صەڵاواتی مونجیە یاقەصیدەی بوردیە بەدەوردا، دەخوێنن لەخوا ئەپاڕێنەوە کەبۆ خاتری ئەم مووە پیرۆزانە ئەو بێبارانیە یا ئەو بەڵاو موسیبەتە هەڵبگرێت.

بنەماڵەی سەیدەکانی تەوێڵە[٦١]:

سەیدەکانی تەوێڵە، بنەماڵیەکی ترن لە تەوێڵەدا کە خزمەتی موسوڵمانان و ئاینی ئیسلامیان کردووە. بونەتە هۆی بەرزکردنەوەی ناحیەی ڕۆحیو ئاسودەیی دەرونی و لایەنی زانستی. بەتایبەت خەڵکی زۆریان فێری قورئان خوێندن کردووە.

ئەم بنەماڵە لەلایەن خەڵکی تەوێڵە و دەوروبەریەوە ڕێزێکی زۆریان لێ گیراوە و هەیە، بەبۆنەی ئەو خزمەت و ڕۆڵەی کەبویانە لە ناوچەکە.

بێگومان سەیدەکانی تەوێڵە دەچنەوە سەر سەیدەکانی کەلجی، مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس دەڵێ:

سەیدەکانی کەلجیش دەڕۆنەوە سەر سەید مستەفای بەناوبانگ بە (پیر شەهریار) کە لەهەورامانی تەختدا دانیشتووە و، وایش باوە کەلە خەلیفەکانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی‌یەو، شێخ عەبدول قادر دەربارەی فەرموویەتی: (ان اخي مصطفى رجل صالح)

ئەم شێخ مستەفایە، ئیرشادی موسڵمانانی کردووە و، نەوەدونۆ پیرە لەسەردەستی ئەمدا پێگەیشتوون. ئەم پیر شەهریارە لەنەوەی سەید عەلی (عریَضی)کوڕی ئیمام جەعفەری صادق. خ.

لەشەجەرەی یەکێ لەخانەدانە سەیدەکانی کەلجی بەم شێوەیە هاتووە:[٦٢]

ز	ناو
١	عەلی کوڕی ئەبی تالب
٢	حسێن
٣	عەلی (زين العابدين)
٤	محەمەد باقر
٥	جەعفەر صادق
٦	عەلی (عەلی العريضی)
٧	ئەحمەد
٨	حسێن
٩	محەمەد
١٠	محەمەد
١١	فضل الله
١٢	سلێمان

١٣	مەسعود
١٤	بابل
١٥	مەعروف
١٦	مستەفا (پیرشالیار)
١٧	ڕۆستەم (پیرڕۆستەم)
١٨	ئاقە
١٩	نبیج
٢٠	صالح
٢١	تاهر
٢٢	بائیل
٢٣	ولیاس
٢٤	پیلیاسا
٢٥	قاسم
٢٦	عەلی (ناسراوە بەسەید عەلی نوێن)
٢٧	مەحمود
٢٨	ئەحمەد
٢٩	قطب الدین– لەکەلجی‌یەوە هاتووە بۆ تەوێڵە
٣٠	محەمەد ئەمین (زاوای شێخ سراجەدین بووە)
٣١	فەتح الموبین



سەید (فەتحول موبین)ناسراوە بەسەی فەتحە:

سەید (فەتحول موبین)کوڕی سەید (محەمەد ئەمین)کوڕی سەید (قوطبەدین)ی کەلجی‌یە. کە ئەڕواتەوە سەرسەید (مستەفا)ی بەناوبانگ بە پیرشالیار[٦٣].

سەید (قوتبەدین)لەکەلجی‌یەوە هاتووەتە، تەوێڵە و، لەوێ نیشتەجێ بووە و ڕێزێکی زۆری لێ گیراوە و لەساڵی (١٢٩٢ك)دا کۆچی دوایی کردووە و.[٦٤] کوڕێکی بووە، بەناوی سەید (محەمەد ئەمین)، چونکە پیاوێکی زۆر خواناس بووە، شێخ عوسمان سراجەدینی یەکەم، کچێکی خۆی (خاتوو عەمەرێ)ی داوەتێ. سەید قوتبەدین و سەید محەمەد ئەمینی کوڕی، هەردوکیان خەلیفەی شێخ عوسمان بوون[٦٥]

سەی فەتحە، لەدەوروبەری ساڵی (١٨٦٠ز)لە تەوێڵە لەدایك دەبیٚ‌و، لەخزمەت زاناکانی ئەو کاتەی تەوێڵە، قورئان و هەندێك لەکتێبەکان دەخوێنێ، پیاو چاکێکی موسڵمان و خاوەن کەسایەتی‌و ڕێزێکی تایبەتی بووە لەناو دەڤەرەکەدا.

لەساڵی (١٣٦٦ك- ١٩٤٧ز)لە تەوێڵە کۆچی دوایی کردووە و هەرلە تەوێڵە لەپاڵ گۆڕی سەید حەمەئەمینی باوکی‌و سەید قوتبەدینی باپیریدا لەگۆڕستانی بابا سەرهەنگ نێژراوە.

سەید فەتحە دووژنی هێناوە:

- خاتوو خەدیجە، خەڵکی پاوە بووە و منداڵی نەبووە.
- خاتوو ئامینەی کچی مەلا غیاسەدین، خوشکی مەلا حەبیبەالله.
- هەروەها شەش کچ و پێنج کوڕی بووە. کچەکانی ئەمانەن:
- ڕەعنا- ژنی مەلاقادری مەلای گەورەی بیارە بووە.
- حەبیبە- ژنی شێخ ئەحمەدی شێخ قادری هەڵەبجە بووە.
- کافیە و فاتمە و عایشە شویان نەکردوە و مردوون.

کوڕەکانیشی لەڕشتەکەدا ئامارەمان پیٚ کردون و، دوانیان سەید تەها و سەید محەمەد ناودار بوون و نەوەیان هەیە و بۆیە باسیان دەکەین.

حاجی سەید تەها:

سەید تەها کوڕە گەورەی سەید فەتحەیە، لەساڵی (١٩٠٦)[٦٦] لە تەوێڵە لەدایك دەبێ، لای باوکی خوێندویەتیو پاشان بۆ خوێندن هاتووەتە بیارە

هەرچەندە خوێندەواری زۆری نەبووە، بەڵام خواناسێکی ناودار بووە و هەمیشە لەخزمەتی قورئاندا بووە، منداڵ و گەنجێکی زۆری فێری قورئان کردووە لەساڵی (١٩٦٥)لە تەوێڵە کۆچی دوای دەکات و هەرلەوێ نێژراوە. چوارژنی هێناوە کەئەمانە بوون:

- عەتیە کچی شێخ مەزهەری شێخ محەمەد بەهائەدین.
- خاتوون کچی حاجی صادق- یەك کچی لێبووە بەناوی (مریەم)کە ئێستا ماوە و شوی کردووە بە مەلاکەمال ی مەلا عەبدولواحید.
- ڕۆحیزاد کە خەڵکی کەلجییە، یەك کوڕی لێ بووە بەناوی سەید حەمەئەمین کەلەساڵی (١٩٩١)دا لەسنە کۆچی دوایی کرد.
- صەدریەی کچی سەید محەمەدی کەلجی، ئەم منداڵانەی لێ بووە:
- عەبدوڕەحمان، عەبدولخالق، هەروەها ئەحمەدو بەهادینیشی بووە هەریەمنداڵی مردوون.
- عاصمەی شوی کردوە بەسەید مەحمودی بەرزنجی.
- صەبیحە شوی کردوە بەسەید مەحمودی سەرگەتی.

مامۆستا سەید عەبدولڕەحمان:



لەساڵی (١٩٥٠) لە تەوێڵە لەدایك بووە، هەرلەوێ، قوتابخانەی سەرەتایی تەواو کردووە، لەپاڵ قوتابخانەشدا لەلای باوکیو مەلامەجیدی کوڕی مەلا (صەلاحەدین)وە قورئان دەخوێنێ. لەساڵی (١٩٦٣)دا دەچێتە حوجرە و، لای ئەم بەڕێزانە دەرس دەخوێنێ:

- لە تەوێڵە لای مەلا صاحب.
- لە سلێمانی لەمزگەوتی خومخانە لای م. سەید مەلاعارف.

- لەسەرگەت لای م. شێخ صدیق شێخ ئیسماعیل.
- لەخورماڵ لەلای مەلا محەمەد بەهائەدین.
پاشان لەساڵی (١٩٦٧) دەچێتە پەیمانگای ئیسلامی لەهەڵەبجە، لە (١٩٧٢)دا پەیمانگا تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە تەوێڵە، لایحاجی م. مەلا صاحب مۆڵەتی زانستی شەرعی دەدرێتیو دەبێتە ئیمامی مزگەوتی باساکا لە تەوێڵە.
- لەساڵی (١٩٧٦) بەڕەسمی دەبێتە ئیمامی مزگەوتی (مۆرتکە) لەناوچەی بازیان.
لەساڵی (١٩٧٨) بڕوانامەی (خطابە) لەهەولێر وەردەگریو، دەبێتە ئیمام و خەتیبی تەوێڵە، هەتا بەهاری ساڵی (١٩٨١)کە تەوێڵە چۆڵ دەبێت، پاشان کەهاتووەتە سلێمانی، بووەتە مەلایمزگەوتی (حاجی عەبدوڕەحمان بۆ سکانی)، لەساڵی (١٩٨٢)دا خۆی نقڵ دەکات بۆ مزگەوتی (سەیوانی دووەم) لەسلێمانی.
- لەساڵی (١٩٨٦)دا دەچێتە ئێران و لەسنە دەبێتە ئیمامی مزگەوتی (هەسەن ئاوا)، تاوەکو لەساڵی (١٩٩٣)دا دەگەڕێتەوە سلێمانیو لەمزگەوتی (سەیووانی دووەم) دادەمەزرێتەوە.
حاجی سەید عەبدوڕەحمان خاوەنی پێنج کچ و پێنج کوڕە.
ئەوەی شایەنی باسە: جەنابی مامۆستا، لەو شوێنانەی کەبووە، ڕۆڵێکی باشی بینیووە بۆ هۆشیار کردنەوەی خەڵکی لەبانگەوازی ئیسلامی بەتایبەت لەناو توێژی لاوان دا. هەروەها مامۆستا دەستی نوسینی هەیەو تائێستا دوو کتێبی چاپ کردووە بەناوی (نوێژ و پێویستییەکانی)، (بگە بەکاروان) نوسینی شەهید عەبدوالله عەزام وەرگێڕانی مامۆستای ناو براو.

مامۆستا سەید عەبدولخالق:



لە تەوێڵە لەدایك بووە لەساڵی (١٩٦٤)دا،و سەرەتاییو ناوەندی هەرلەوێ تەواو کردوە، پاشان هاتووەتە سلێمانی قوتابخانەی ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبای تەواو کردوە، لەشەڕی عێراق و ئێراندا چووەتە ئێران و لەماوەی شەش ساڵدا خوێندنی زانستی شەرعی لەچەند شوێنێکی کوردستانی ئێران خوێندووە، پاشان مۆڵەتی مەلایەتی لەهەڵەبجە لای جەنابی مامۆستا

سەید نەجمەدین وەرگرتووە، چەند ساڵێك لەمزگەوتی تەوێڵەیی یەکان لەهەڵەبجەی تازە مەلابوو، لەساڵی (٢٠٠٠) چووەتەوە بۆ تەوێڵە و بوە بە مەلای مزگەوتی باساکاو دواتر مزگەوتی بابا ئەسکەندەر.

مامۆستاسەید: مەلایەکی زیرەك و بێدەنگ و هێمن و لەسەرخۆیەو حەزدەکات خزمەتی کۆمەڵگا و دەورو بەرەکەی بکات.

حاجی سەید محەمەد:

حاجی سەید محەممەدو سەید رەشادی کوڕی مزگەوتی گەورەی تەوێڵە - ٥ / ٦ / ١٩٧٦

سەید محەمەد لەساڵی (١٩١٠)لە تەوێڵە لەدایك بووە، قورئانی لای باوکی خوێندووە، کتێبی ڕۆڵە بزانیو (کەلامی مەلا حامیدی) خوێندووە. لەتەمەنی منالیدا تووشی نەخۆشی ئاوڵە بووە و، هەردوو چاوی کوێر بووە، ئیتر نەیتوانیووە بخوێنێ پیاوێکی خواناس و ڕێزدار بووە لەناوچەی هەورامان و گەرمیان و شارەزوور دا.

دەنگ خۆش بوو، موناجاتێکی بەسۆزی هەبوو لەشەوانی جومعە و بۆنەکاندا لەمزگەوتی گەورەی تەوێڵە دەیکرد، خەڵکی بەدڵ گوێیان بۆ دەگرت.

دووجار حەجی کردوە، جاری یەکەم لە (١٩٥٦)دا بووە، جاری دووەم لەساڵی (١٩٧٧)دا لەگەڵ خاتوو شەمسیەی خێزانیو سەید ڕەشادی کوڕیدا بووە. دووژنی هێناوە:

حەبیبە عەبدوڕەحمان خەڵکی یەخشی بووە تەنها کوڕێکی لێ بووە بەناوی ڕەئوف بەمناڵی مردووە.

- شەمسیە (اللە وەیس) ئەم منالانەی لێ بووە:
- عەبدواللە و ئەحمەد هەر بەمناڵی مردوون.
- سەید ڕەشاد.
- حومەیرا شوی کردوە بەمەلا نافعەدین.
- حولەیما شوی کردوە بە شێخ حەیدەری سەرگەتی.
- مەعصومە شوی کردووە بەسەید عەتای کەلجی.

- ئافتاب شوی کردوە بە جەزای مەلانەجمەدین یەخشی (مردوە)
- نایافت شوی کردوە بە شێخ محەمەد شێخ صدیق سەرگەتی.

حاجی سەید کۆتایی ژیانی لە سلێمانی بردە سەر، لەشەوی (٢٠٠٠/١/٢٠) شەوی پێنج شەمە سەعات ٣/٣٠ کۆچی دوایی کردو، لەسەر وەسیەتی خۆی برایەوە بۆ تەوێڵە، لەنزیک باوك و باپیریەوە بەخاك سپێررا.

ئەوەی شایەنی باس بێت:

بەشدار بوونی ئەو هەموو خەڵکەی هەورامان و سلێمانی لەمەراسیمی بەخاك سپاردن و پرسەکەی‌دا، نیشانەی ڕێز و وەفاداری جەماوەرەکە بوو بۆ ئەم خواناسە بەڕێزە و بۆ ئەم بنەماڵەیە.

مامۆستا سەید ڕەشاد:

لەساڵی (١٩٥٢)لە تەوێڵە لەدایك بووە، لەقوتابخانە تایەکی ناوەندی خوێندووە، لە حوجرەش هەر بەمناڵی قورئانی خوێندووە و، پاشان وازی لەقوتابخانە هێناوە، بەردەوام بووە لەحوجرە، لەلای مامۆستا مەلاصاحب دەخوێنێ تا لەساڵی (١٩٧٣)مۆڵەتی زانستی شەرعی وەردەگرێت.

لەو کاتانەی کەفەقێ بوو، ئیمامی مزگەوتی فەقێ ئەحمەد بوو لە تەوێڵە. پاشان بوو بەئیمامی مزگەوتی باساکا تالە (١٩٧٨/٣/١٦)بەڕەسمی لەو مزگەوتەدا دامەزراوە، خزمەتێکی باشی ئەو خەڵکی گەڕەکەی کرد، تالە بەهاری (١٩٨١)کە تەوێڵە چۆڵ کرا، هاتە سلێمانی‌و دواتر لەئۆردوگای باریکە بووە مەلای مزگەوتی ئەوێ. لەساڵی (١٩٩٤) گەڕایەوە بۆ سلێمانی‌و بوو بەمەلای مزگەوتی سەید حەسەن.

ئەوەی شایەنی باسە:

مامۆستا مەلاسەید ڕەشاد لەناو ناسراوان دا بەنمونەی کوڕی باش و دڵسۆزو بەوەفا بەرامبەر بەباوك ناسراوە، هەر بەمناڵی لەخزمەتی باوکی‌دا بووە و خزمەتی کردووە تائەو ڕۆژەی باوکی کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا: پیاوێکی پاك و دڵسۆزو هێمن و لەسەرخۆیە، دەنگ خۆش و خۆشنوسە.

بنەماڵەی زانایان:

یەکێکی تر لەو بنەماڵە ئاینییانەی تەوێڵە... بنەماڵەی زانایانە، کەبەڕاستی جێگەی شانازی خەڵکەکەن... چونکە توانیویانە خزمەتێکی گەورەی تەوێڵە و دەڤەری هەورامان و کوردستان بکەن.

ڕۆڵی زانایانمان لەبانگەوازی ئیسلامی و خوێندەواریو ڕۆشنبیریو فێرکردنی زانستە ئیسلامی یەکان دا، کەم نەبووە و، بوونەتە هۆی بەرەو پێش بردنی ناوچەکە، لەو هەموو بوارانەدا. بوونی ئەو هەموو ڕۆشنبیر و خوێندەوار و مامۆستایانەی کەلە تەوێڵەدا بوون، یەکێك لەهۆکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هەموو زانا بەڕێزانە، وەك لەبەشی خوێندن وخوێندەواریدا کەمێك ئاماژە بەمە دەکەین.

بنەماڵەی زانایانی تەوێڵە بریتین لەم بنەمالآنەی خوارەوە: کەبەپێی توانا کەمێك لەسەر زانا ناودارەکانیان دەڕۆین.

- بنەماڵەی مەلانەزیری گەورە.
- بنەماڵەی مەلاسەلام.
- بنەماڵەی مەلامەحمود.
- بنەماڵەی مەلاحەکیم.
- بنەماڵەی مەلاشێخ عەلی.
- مەلاعەبدوللەی مەریوانیو نەوەکانی.
- کوڕی یوسف داود تەوێڵەیی.
- بنەماڵەی مەلاصادقی تەوێڵەیی.
- فەقێ عەلی.


إن معرفة النسب للعبرة لا للافتخار والاعتزاز – ومن لم يرفعه حسبه لا ينقصه نسبه
بنەماڵەی مەلا ئەزیزی گەورە (٦٧)
حاجی محی الدین
مەلا نجم الدین
جلال
عبداللطیف
غیاث الدین
صلاح الدین
معین الدین
عبدالمنعم
محمد ظاهر – مردووە
عزالدین – لەپێنجوین ژیاوە
حبیب الله
هیوا
فاتح
خالد
زاهد
عابد
نذیری بچوک
نذیر
أسعد
خالد
نجیب – مردوو
لقمان
زبیر
نعمان
عزیز
مسعود
محمد – مردووە
کمال
أحمد
سعدی
سعدی
عبدالله
أمین
محمد جلال

مەلانەزیری گەورە (١٧٨٦- ١٨٧٨ز)[٦٨]:

حاجی مەلانەزیر کوڕی صۆفی محەمەد موئمین کوڕی صۆفی مەحمود کوڕیصۆفی ئیبراهیم کوڕی صۆفی ئەحمەدی سەوڵەتئاوای سنەیە. لەسەردەمی خان ئەحمەدخان[٦٩]دا صۆفی ئەحمەد لەسەوڵەتئاواوە هاتووە بۆ تەوێڵە.

ئەم بەڕێزە لە تەوێڵە و دەوروبەری دەست دەکات بەخوێندن، تالەئەنجام دا لەلای مەلا قاسمی شەرەکان مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێت.

دووژنی هێناوە:[٧٠] لەیەکەمیان کەکچێکی تەوێڵەیی دەبێت یەک کوڕی دەبێت بەناوی (مەحیەدین)، پاشان شێخ عوسمان سراجەدین کەدیویەتی مەلانەزیر پیاوێکی چاك و لەخواترسە عائیشەی کچی بۆ مارە دەکات، هەموو منالەکانی تری لەم عایشەن.

لەگەڵ (مەحیەدین)ی کوڕیدا سەفەری حەج دەکەن و لەمەدینە گەیشتووە بەخزمەتی شێخ مەزهەری بوخارایی قادریو چووەتە تەریقەتەکەیەوە. وەهەر لەگەڵ مەحیەدین کوڕیدا، دەچێت بۆ بوخارا بۆ لای دەروێش محەمەد کەبە شاصاحب بەناوبانگەو، ئەبێتە خەلیفەی.

حاجی مەلانەزیر پیاوێکی زاناو لەخواترس و بەناوبانگ بووە، خەتی زۆر خۆش بووە، (احیاء علوم الدین)ی ئیمامی غەزالی نووسیوەتەوە.

حەوت کوڕ و دوو کچی بووە و کچەکانی- گوڵێ شووی کردووە بەمەلا یاسین تەوێڵەیی، شیرینیش شووی کردووە بەشێخ عەبدەڕەحمانی مازیبن لەناحیەی ژاوەرۆ، وەگەلێ لەشێخەکانی مازیبن لەنەوەی ئەم ئافرەتەن، شێخ محەمەدی مازیبن کەبەناو بانگە لەو بنەماڵیەیە.

حاجی مەلانەزیر لەتەوێڵە مردووەو لەگۆڕستانی باوا سەرهەنگ نێژراوە.

حاجی مامۆستا مەلا صاحب

حاجی مامۆستا مەلاصاحب[٧١] (١٨٩٨- ١٩٧٧ز):

لە تەوێڵە لەدایك بووە، منالٚ بووە باوکی کەمەلا نەزیری بچوك بووە مردووە، ئەمیش کوڕی مەلا نەزیری گەورەیە.

لە تەوێڵە دەستی بەخوێندنی قورئان کردوە، لەتەمەنی (١٢) ساڵیدا چووە (دووڕووە) بۆ خوێندن، تصریفی زنجانی لەوێ لای مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس خوێندووە، پاشان هاتوەتەوە تەوێڵەو، چووە بۆ بیارەو هەڵەبجەو

سلێمانیو قەرەداغ بۆ خوێندن، لەقەرەداغ لای زانای پایەبەرز، شێخ نەجیب و شێخ مستەفای کوڕی ئەمێنێتەوە، لەلای هەردووکیان دەرس دەخوێنێ، لەئەنجام دا شێخ نەجیب ئیجازەی مەلایەتی دەداتێ...

لەسەرەتاوە لە (قزلرەبات- سەعدیە)دەبێتە مەلای ئەوێ، دوایی دێتەوە سلێمانی، لە (خانقای مەولانا)ئیمام و مودەڕیس بووە، پاشان لەساڵی (١٣٥٢ك= ١٩٣٣ز) دەگەڕێتەوە تەوێڵە و دەبێتە ئیمام و مودەڕیس و خەتیبی تەوێڵە.

ماموٚستا مەلا صاحب نزیکەی (٤٠) ساڵ پێش نوێژ و ماموستاو وتار خوێنی مزگەوتی گەورەی تەوێڵە بوو. هەرلەو کاتەدا کەلە مزگەوتی مەولانادا بووە، لەسلێمانی فەقێی بووە، کەدێتەوە بۆ تەوێڵە، خوێندنگای تەوێڵە برەوی زیاتر پێدەدرێت، لەهەموو شوێنێکەوە فەقێی بۆ دێت، کەجاری وابووە زیاتر لە (٥٠) فەقێی بوون، کەسانی وەك:

ماموستا ئەحمەدی موفتی زادە و مەلا عەبدوللە هەجیج و شێخ محەمەد نەجیب بەرزنجی و مەلا قادری قادری پاوە و مەلا ئەحمەد سەعدوللەی نعمەتی دزاوەری، فەقێی ئەو بوون. موڵەتی مەلایەتی بەزۆرێك داوە لەوانە:

- مەلا ئەحمەدی بۆکان، مەلا مستەفای ئەڵمانە کەبەمحەمەد شەریف بەناوبانگە و لەئابلاخە لە سلێمانی، مەلا سەلامی هەجیج، مەلا حەبیبی تاوێرە، مەلا حەبیبی ناو، مەلا شەمسەدینی سەرپێزی، مەلا ئەحمەد سەعدوللەی نیعمەتی دزاوەری کەلە دانیشگای تارانە، مەلا سەید عەبدوالرەحمان تەوێڵەیی، مەلا سەید ڕەشادی تەوێڵەیی، مەلا صاڵحی صۆفی حەمەئەمینی زاوای... هتد.

حاجی مەلا صاحب:

چوار ژنی هێناوە بەناوی (بەگیج و عائیشە و مەلیعە و ناهیە) هەرسێ ژنی یەکەمی پێش مردنی خۆی مردون تەنها ناهیە خاتون ئێستا ماوە و لەهەڵەبجەی تازەیە.

سێ کوڕو سێ کچی بووە: کوڕەکانی محەمەدو سەیفەدین و عەبدوالکەریم، ئێستا تەنها سەیفەدین یان ماوە. کچەکانیشی: سەعادەت، عالیە، بەدیعە، هەرسێکیان شویان کردووە و ماون.

ماموٚستا لەساڵی (١٩٧١)دا خۆی خانەنشین کردووە و لەساڵی (١٩٧٦)ەوە هاتە هەڵەبجە دانیشت تالە (١٩٧٧/٧/٩)کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی لەهەڵەبجەوە برایەوە تەوێڵە و لەگۆڕستانی (باوا سەرهەنگ) لەپاڵ خاتو مەلیعەی نەجیبە فەندی خێزانیا بەخاك سپێررا.

مامۆستا مەلا حافیظ (١٩٠٠ – ١٩٦٨/٣/١٣)

مامۆستا مەلا حافیظ کوڕی مەلا نەزیری بچوکەو لەتەوێڵە لەدایک بووە، لەخزمەتی باوکیو زانایانی ئەو سەردەمەی تەوێڵە دەست بەخوێندنی قورئان و کتێبە سەرەتاییە ئایینیەکان دەکات، دواتر لەگەڵ حاجی مامۆستای تەوێڵەدا دەچن بۆ دەوروبەری مەریوان و سنە، بۆ خویندن و ماوەیەك لەخزمەتی مەلا ئەحمەدی موفتی سنەدا دەمیننەوەو، پاشان دەگەڕێنەوە بۆ تەوێڵە، پاش دوو سێ ساڵ بەرەو سوڵەی قەرەداغ و گوندی عەلی پەکان و مەحمود قەجەرو سوڵاوا دەڕوات و دەبێتە مەلای ئەو گوندانە، بەتایبەت لەسوڵاوای ناوچەی هۆرێن و شێخان دەمێنێتەوە.


مامۆستا مەلا حافیظ

شێخ قادری شێخ موسلیم کە کەسایەتی‌یەکی ئایینی و کۆمەلایەتی ناوچەکە بووە، زۆر لێی ڕازی دەبێت و خاتوو ڕەعنای کچی لێ مارە دەکات و حەمیدەو محەمەد نەجیبی لێ دەبێت، لەتەمەنی حەوت ڕۆژی محەمەد نەجیب دا ڕەعناخان کۆچی دوایی دەکات شێخ قادری خەزوری کچێکی تری خۆی ئەداتی بەناوی عصمەت، ئەویش ئەوەندەی پێ ناچێ کۆچی دوایی دەکات ئیتر مامۆستا زۆر دڵگران و بێ تاقەت ئەبێت، بۆیە لەوێوە دەچێتە خانەقین و ماوەی ساڵێکیش لەوێ دەبێتە مەلا.

لەساڵی (١٩٤٧) دوای (١٧) ساڵ غەریبی و دوری لەخزم و کەس و کارو دوو منداڵی بێ دایك، بڕیاری گەڕانەوە دەدات و دێتەوە زێدەکەی، تەوێڵەی خۆشەویست.

ئەو ماوەیەی لەتەوێڵە بووە هاوکاری مەلا صاحب ی برا گەورەی کردووە لەکاری مەلایەتی‌داو، خەریکی وتنەوەی قورئان بووە بەمناڵان و، وانەی فارسیشی وتووەتەوە، خەتیشی زۆر خۆش بووە، هەروەها ماوەیەکیش بووەتە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی لەسۆسەکان.

پاش گەڕانەوەی بۆ تەوێڵە لەساڵی (١٩٤٨) خاتوو مەلیعەی مەلا نیزامی ئامۆزای دەهێنێ. لەساڵی (١٩٦٧) توشی نەخۆشی دەبێت و لە (١٩٦٨/٣/١٣) کۆچی دوایی دەکات و، لەنزیك مەلا نەزیری باوکیدا، لەباوا سەرهەنگ بەخاك دەسپێرری.

منالەکانیشی ئەمانەن:

حەمیدەخان- خێزانی مەلا خالیدی ئامۆزایەتی، محەمەد نەجیب - کارمەندە، مەلا لوقمان - مەلایە لەشاری سنە، نوعمان - کارمەندە، مەلا زوبێر - مەلایە لەشاری سنە، مەلا عوزێر - دواتر باسی دەکەین، رەبیعە خان - خێزانی زاهدی شێخ عیزەدینە، کەخوشکەزای باوکی‌یەتی، مەسعود - کاسبە.

حاجی مامۆستا مەلا عوزێر:

مامۆستا مەلا عوزێر کوری مەلا حافیظی کوری مەلا نەزیرە، لەساڵی (١٩٥٧) لە تەوێڵە لەدایك بووە. سەرەتای خوێندنی لەخزمەت باوکیدا بووە، تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی هەر لە تەوێڵە خوێندووە، پاشان دێتە هەڵەبجەو لەقوتابخانەی سەرەتایی ئایینی دەخوێنێ‌و تادەگاتە پۆلی سێ‌ی ناوەندی ئیسلامی، لەو کاتەدا دەبرێ بۆ سەربازی‌و، هەر لەسەربازی‌دا تاقیکردنەوەی دەرەکی (امتحان خارجی) سێ‌ی ناوەندی دەدات و دەردەچێ.

مامۆستا مەلا عوزێر

ئەوەی شایەنی باسە: مامۆستا، شان بەشانی خوێندنی لەقوتابخانە لەحوجرەکانی تەوێڵەو گوڵپ و سەرگەت و هەڵەبجەش خوێندوویەتی.

مامۆستا مەلا عوزێر، دوای ئەوەی سەربازی تەواو دەکات، دەچێتەوە پەیمانگای ئیسلامی و پۆلی چوارو پێنج تەواو دەکات، دوو بارە بانگ دەکرێتەوە بۆ سەربازی یەدەك و (احتیاط)، دیسان لەسەربازی تاقیکردنەوەی دەرەکی پۆلی شەشەمی پەیمانگای ئیسلامی دەدات و دەردەچێت و، پاشان دەچێتە کۆلێژی شەریعەی ئیسلامی لەبەغداو سێ ساڵ بەردەوام دەبێت و بەهۆی ئەوەی ناچێت بۆ (جەیش شەعبی) فەصڵ کراوە.

شایەنی وتنە ئەو سێ ساڵەی لەکۆلێژ بووە لەبەغدا، پێش نوێژی مزگەوتی (السلیمانیە)ش بووە.

دوای فەصڵ بوونی لەکۆلێژ دەگەرێتەوە سلێمانی و دەبێتە پێش نوێژی مزگەوتی (سەید حەسەن). دوای ساڵێك پاش لێبوردن لەزانکۆ وەرگیراوەتەوەو دەست دەکاتەوە بەخوێندن و لەئەنجامدا لەساڵی (١٩٨٨-١٩٨٩) بەکالۆریۆس لەشەریعە بەدەست دەهێنێ‌و دەگەرێتەوە مزگەوتی (سەید حەسەن)

لەسلێمانی، وەدەشبێتە وتاربێژی مزگەوتی تاسڵوجە. پاشان دەبێتە وتاربێژی مزگەوتی حاجی فەرەجی سوسیٚ لەشێخ مەحیەدین. لەمانگی (١٩٩١/٦) یشەوە دەکرێت بەوتاربێژی مزگەوتی حاجی عوسمانی عەلاف لەگەڕەکی زەرگەتە لەسلێمانی، وەتا ئێستاش هەر لەویٚ بەردەوامە.

مامۆستا مەلا عوزێر، مامۆستایەکی لێهاتووەو کاریگەری خۆی هەیەو توانیویەتی لەناو کۆمەڵگادا جێگەی خۆی بکاتەوەو، وتارەکانی جێگەی ڕەزامەندی خەڵکەو جەماوەرێکی زۆری لەدەور کۆ بووەتەوە، لەو پێناوەش دا تووشی کێشەو گرتن و نارەحەتی بووە، بەڵام کۆڵی پیٚنەداوەو هەر بەردەوامە لەگەیاندنی ئایینی ئیسلام بەکۆمەڵگا.

حاجی مامۆستا: خێزانی هەیەو حاجی نەرمین خانی کچی مەلا نافعەدینی خاڵۆی هاوسەریەتیو، هاوکارێکی باش بووە بۆیو زۆر دڵسۆزە بۆ پارمەتیدانی لەبانگەوازی ئیسلامیدا. سیٚ کوڕو دوو کچیشی هەیە: بەنان، ڕابەر، ڕێبین، ڕەیان، محەمەد.

رشتەی بنەماڵەی مەلا سەلام



مەلا یاسین[72]:

مەلا یاسین کوڕی مەلا عەبدوالڕەحمانە و، دەچێتەوە سەر مەلا سەلام[73]، هەر لەمەلا سەلامەوە تا مەلا یاسین و دواتریش نەوەکانی ئەو، لە تەوێڵەدا مەلایەتیان کردووە و لەخزمەتی ئاینی ئیسلامدا بوون.

وا دەرئەکەوێت کە مەلا یاسین لەدەور و بەری ساڵی (١٨٠٠ز)لە تەوێڵە لەدایك بووە، هەر لە تەوێڵە و دەوروبەری خوێندویەتی دوا پلەی خوێندنی (موستەعیدی) لەلای مەلا عەبدوڵڵەی خەرپانی بووە، لەکاتی خوێندنیدا لەخەرپانی هاوڕێی مەلا یوسفی تەشاریو مەلا محەمەدی زەهاوی کەموفتی عێراق بووە- تا مەلا یاسین ئامادە بوبێت مەلا محەمەدی زەهاوی دەرسی بە

فەقێی خۆی نەوتوەتەوە - مەلا خدری (نالی شاعیر) بووە، هەریەکەیان بونەتە زانایەکی ناودار.

مەلا یاسین لای مەلا عەبدوڵڵەی خەرپانی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە زانایەکی سەردەمی خۆی بووە و، خاوەن ڕێز و پلەو پایە بووە لە ناوچەکەدا.

مەلا یاسین خاتو گوڵەی کچی مەلا نەزیری هێناوە کەکچەزای شێخ عوسمان سراجەدین بووە، دوو کوڕی بووە، مەلا عەبدوالباقیو مەلا عەبدوالله کەبە مەلا عەبدە ناسراوە[٧٤]. وەك دەڵێن: لەتەمەنی حەفتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

مەلا عەبدە:

لە تەوێڵە لەدایك بووە لەساڵی (١٨٣٨ز)لای باوکی و زاناکانی ئەو کاتە لە تەوێڵە خوێندویەتی، پیاوێکی خواناس و لەخوا ترس بووە، خزمەتی خەڵکی زۆر کردووە دەڵێن: نزیکەی چل ساڵ ئیمام و خەتیبی تەوێڵە بووە، مەلایەکی زۆر چاك بووە و لە شەرعدا زۆر زانا بووە و، کتێبی (بەهجە)ی ئین ولوەردی لەبەر بووە کەچەند هەزار بەیتە.

لەتەمەنی (٩٧)ساڵیدا لە ساڵی (١٩٣٥ز)کۆچی دوایی دەکات و هەر لە تەوێڵە بەخاك سپێرراوە.[٧٥] مەلا عەبدە: دوو کچی بووە، عائیشە شوی کردووە بە سەید عوسمان بەرزنجیو ئاسماء شوی کردووە بە مەلا حەکیمی برای مەلا عارف، هەروەها حەوت کوڕیشی بووە، لەنەوەی یەکێکیان کە (عەبدوالقادر)ە، مەلا کامیلی بووە ئەویش کوڕێکی هەیە بەناوی مەلا عەبدوالقادر.

مامۆستا مەلا عەبدوالقادر مەلا کامیل:



لە (١٩٥٦/٧/٥) لەتەوێڵە لەدایکبووە، لەخزمەت باوکیدا، دەست بەخوێندن دەکات، تا لەساڵی ١٩٧٢ دەبێتە قوتابی پەیمانگای ئیسلامی لەهەڵەبجە، هاوکات لەحوجرەش لای بەڕێزان: م.مەلا عوسمان پریسیو، م.عەبدولعەزیز پاڕەزانیو، م.سەید نەجمەدین دەخوێنێو ماوەیەکیش بۆ خوێندن دەچێتە بەغدا بۆ خزمەتی م.مەلا عەبدولکەریمی بیارە، لەکۆتاییدا لەلای م.مەلا حەمەئەمین کانی سانان، مۆڵەتی زانستە شەرعیەکان وەردەگرێو، دەبێتە مەلا.

پاش تەواوکردنی خوێندن لەساڵی ١٩٧٦دا تەعین دەکریو دەبێتە مامۆستای ئەم مزگەوت و شوێنانە:
- مزگەوتی خەرقەش لەگوندی گورگەدەر لەشارباژێر- ١٩٧٦.
- مزگەوتی حاجی مستەفای یارەویسی لەتەپی سەفا -١٩٧٩.
- مزگەوتی هانەی دلین لەتەوێڵە - ١٩٨٠.
- مزگەوتی عەنەبی کۆن لەعەنەب - ١٩٨٢.
- مزگەوتی حەمزە لەهەڵەبجە - ١٩٨٥.
- لەکیمیابارانەکەی هەڵەبجەشدا دەچێتە ئێران و دواتر دەگەڕێتەوە سلێمانی و لەمزگەوتی سەید حەسەن لەصابونکەران دەبێتە پێش نوێژو لەهەمان کاتدا دەبێتە وتاربێژی مزگەوتی مەولەوی -١٩٨٩.
- لەساڵی ١٩٩٠ یش دەبێتە پێش نوێژی مزگەوتی سەیوانی یەکەم لەسلێمانی، ئێستاش پێش نوێژو وتاربێژی ئەم مزگەوتەیەو، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەو گەڕەکەداو، توانیویەتی کاریگەری هەبێت لەسەر جەماوەرەکەی. هەروەها لەناو هەورامی یەکانیش و تەوێڵەیی یەکان بەتایبەتی ڕۆڵ و ڕێزی خۆی هەیە.

ئەوەی شایەنی باسە مامۆستا لەساڵی ١٩٧٦ خێزان پێکدەهێنیو ئێستا خاوەنی چوار کوڕو دوو کچە.

مەلا عەبدوڵڵای مالێدەر(٧٦):

ئەمیش وەك لەڕشتەی بنەماڵەکەدا هاتووە دەچێتەوە سەر مەلا سەلام، چونکە مەلا عەبدولصەمەدی باوکی، برای مەلا یاسینە کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانی بچوکن.

مەلا عەبدوڵا لە تەوێڵە لەدەورو بەری ساڵی (١٨٤٠) لەدایك بووە، لای باوکیو مەلاکانی تەوێڵە خوێندویەتی، دوایی هاتووەتە سلێمانی لە مزگەوتی گەورە خوێندویەتی.

ماوەیەکی زۆر مەلای مزگەوتی باساکا بووە لە تەوێڵە. مەلایەکی خواناس و شەرعزان بووە، لەقەزاوەتدا زۆر زیرەك و ئازاو دادپەروەر بووە، لەنزیکی ساڵی (١٩٢٦)دا کۆچی دوایی کردووە، دوو کچ و دوو کوڕی بووە، کچەکانی: کافیە و صەفیە، کوڕەکانی: عەبدولمەجید و عەبدولحەمید. عەبدولمەجید کوڕی نەبووە تەنها کچێکی بووە بەناوی عائیشە شوی کردووە بە حاجی حەمەعەلی کوزاد.

مـەلا عەبدوالحەمیـد: لـە سـاڵی (١٣١٧ك =١٨٩٩ز)لـە تەوێڵـە لـەدایک بووە.[٧٧] مەلایـەکی چـاك بـووە لـەدوای بـاوکی بـووە بەمـەلای مزگـەوتی باسـاکا، لەدەفتەری یادەوەریەکانی مامۆستا محەمەد عەبدوالرەحیم دا کورتەیەك لـەژیانی مامۆســتا نوســرابووەوە وەصــفێکی زۆری ئــەم زانــا بــەڕێزەی تیایــە لــە کۆتاییـیەکەی‌دا دەڵێت:

لەشـەوی (١١/١٢- ١٩٦٦/٨) لـەدەرە قـازان لەسـەربانی کێڵەکـەی خۆیـدا کەوتوەتــە خــوارەوەو ئــازارێکی زۆری پێگەیشــت، دوای ســێ ڕۆژ لەبــەرواری (١٩٦٦/٨/١٥)دا کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا مەلا عەبدوالحەمید: شەش کوڕو پێنج کچی بووە.

رشتەی بنەماڵەی کوێخا شێرزاد



مەلا عەبدوالڵەی چلانە:

کوڕی مەلا جەلیل کوڕی مەلا مەحمودی کوڕی کوێخا شێرزادە، مەلا مەحمود مەنسوبێکی پایە بەرزی شێخ عوسمانی سیراجەدین بووە.[٧٩]

مەلا جەلیلیش زانایەکی ناودار بووە، چەند ساڵێك پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی گەورەی تەوێڵە بووە.

مەلاعەبدوڵڵای چلانە.. مەلایەکی خواناس و زانابووە، لەساڵی (١٨٦٨ز) لەتەوێڵە لەدایك بووەو، لەلای مەلاجەلیلی باوکی دەستی کردوە بەخوێندن. پاشان لەلای گەلێ لەزاناکانی تەوێڵە خوێندویەتی..

ئەم مامۆستایە زیاتر بەدەرس وتنەوەی قورئانەوە خۆی خەریك کردووە، دەرسی بەمنالآنی خۆیو منالآنی تری ناوچەکە وتووەتەوەو خەتی زۆرخۆش بووە لەدەورو بەری ساڵی (١٨٩٥ز)دا قورئانێکی بەخەتی خۆی نووسیوەتەوە ئێستا لەلای مامۆستا مەحیەدین حاجی سەلیمە.

مامۆستا لەساڵی (١٩٣١ز)لە تەوێڵە کۆچی دوایی کردووەو چوار کوڕی بووە:

- ئیبراهیم.. زوومردووە.
- مەلا عەبدوڕەحمان- لەساڵی (١٩١٠) لەتەوێڵە لەدایك دەبیٚو لەساڵی (١٩٦١)لەدوای باباحاجی بووەبەئیمامی مزگەوتی بابا ئەسکەندەر تاساڵی (١٩٨١) پاشان لەسلێمانی ژیاوە تاله (٦/٦/١٩٩٣)دا لەسلێمانی کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی برایەوە تەوێڵە.
- مەلا حەمەئەمین.. لەدایك بووی (١٩١٧)یەو خانە نشینەو لەسلێمانیە.
- مەلائیسماعیل.. لەدایك بووی (١٩٢٥)له (٤/٧/٢٠٠٠)لەسلێمانی کۆچی دوایی کرد. پیاوێکی زۆرموسڵمان و پاك بوو زۆرلەخزمەتی قورئاندا بووە.

رشتەی بنەماڵەی مەلا حەکیمی گەورە



مەلا حامدی کوڕی مەلا حەکیم:

مەلاحامد کوڕی مەلاحەکیمی گەورەیە، مەلاحەکیم زانایەکی سەردەمی خۆی بووە لەسەردەمی بابانیەکاندا لەقەلاّ چوالان ژیاوە، چۆن هاتووە بۆ قەلاّچوالان و ئیشی چیبووە بۆمان دەرنەکەوت، بەلاّم لەوانەیە لەناو بابانیەکان دا پلەو پایەیەکی بوبێت و وەك زانایەك بانگهێشت کرابێت...

مەلاحامدی کوڕیشی زانایەکی زیرەك و وریابووە، شارەزای باشی هەبووەلە (فقه)دا بۆماوەیەك لەسلێمانی قازی بابانییەکان بووە.

لەدەوروبەری ساڵی (١٨٩٠ز)دا دەگەڕێتەوە، تەوێڵە دەبێتە ئیمام و مودەڕیسی مزگەوتی باساکا لە تەوێڵە. چونکە خەتی خۆش بووە (٩) قورئانی نوسیوەتەوە.

لەپەڕاوی- بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد- لەڕێگەی دەستخەتەکانەوە .. دانراوی محەمەد عەلی قەرەداغی- بەرگی دووەم- چاپی یەکەم ساڵی (١٩٩٩ز)لاپەرە (١٩)دا، هاتووە:

(لە (دارصدام للمخطوطات) ژمارە (٢١١٩٤) قورئانێکی پیرۆزی هەیە، کەحامیدی کوڕی عەبدولحەکیم لەمەدرەسەی باساکی (لە تەوێڵە)، لەبەرخاتری وەستا محەمەد حسەینی کوڕی وەستا ئەحمەدی ئاسنگەر، ساڵی (١٣١٤) نوسیویەتیەوە. لەسەردەمی فەرمانڕەوای وەسمان پاشای کوڕی حەمەپاشای جافدا لەقەزای گوڵعەنبەر، لەزستانی ئەو ساڵەدا تەرزە ئەو ناوچەی کوتا، یەك مەن گەنم بە بیست و هەشت پارە بوو!)

لەکوڕە ناودارەکانی: (مەلا محەمەد) بووە کەمەلایەکی چاك و زانابووە زۆرلەخزمەتی قورئان دا بووەو ئەمیش خەتی خۆش بووە. لەکوڕەکانی ئەمیش (مەلاعەلی) کوڕی بووەتە مەلاو پێش نوێژی گوندی گرێزەی شارەزوور، لەدوای ئەمیش مەلاعوسمانی کوڕی، ئێستا وتار بێژی ئەم گوندەیە.

بنەماڵەی مەلا شێخ عەلی [٨١]**:**

شێخ عەلی، یەکەم خەلیفەی شێخ عوسمان سراجەدینی یەکەم بووە، لە تەوێڵە لەدایك بووەو هەرلەوێش مردووە، بەشێخ عەلیە کۆڵە ناسراو بووە، وەك باسی دەکەن، پیاوێکی زۆرخواناس و لەخواترس بووە، خوێندەوارێکی باش و زۆرزیرەك و دانشمەند بووە.

دەڵێن: شێخ عوسمان زۆری خۆش ویستووەو جێگەی پرس و ڕاوێژی بووە، وەك نوێنەریش ناردویەتی بەولاولادا.

مەولەوی ئەم چەند شیعرەی لەلاوەندنەوەومێژووی وەفاتیدا و تووە:

گوم بی چون خورشید، ئەونە پڕتەودا
گوم بی ئەهل عیلم، نەشۆڵەی ئەودا

نارمەکەرد وەسەر، دڵ سازانەدا
نادر بی جەناو، هام ڕازانەدا

بنویس وە هووناو، دڵ نەپەڕەی جەرگ
(نادر شێخ عەلی)، پەی تەء ریخ مەرگ

واتە:

- شێخ عەلی وەك خۆر گوم بوو لەتیشکی خۆیا، وەئەهلی عیلمیش کەوەك ئەستێرە وان لەتاریکایی گومڕاییدا، لەشەوقی ڕۆژی ئەوا گوم بوون.
- ئاگری بەرئەدایە دڵی ئەو پیاوانەی خوا کەدڵی خەڵك ڕێك ئەخەن وەلەناو هاوڕێیانیدا هاوتای نەبووە.
- لەمێژووی مردنیا بەخوێناوی دڵ لەپەڕەی جەرگم بنووسە (نادر شێخ عەلی) کەبەپیتی ئەبجەد ئەکاتە (١٢٧٥ك). کە دەکاتە (١٨٥٨)زایینی.

لەڕوانگەی ئەم شیعرەوە دەردەکەوێ کە شێخ عەلی مەلایەکی زاناو ناودارو، کاریگەری بووە لەدەوروبەرەکەیدا.

شێخ عەلی سێ کوڕی هەبووە، لێرەدا بەباشی دەزانین باسی شێخ حەیدەری کوڕی بکەین چونکە شێخ حەیدەر مەلاو زانایەکی بەناو بانگ بووە پێویست بەوەدەکات لەسەری بڕۆین.

مەلا شێخ حەیدەر شێخ عەلی [٨٢]:

زانایەکی بەناو بانگ و فەقیهێکی ناودارو زاهیدێکی تەواو بووە، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك بووە لەخەلیفەکانی شێخ عوسمان سراجەدین لەنزیکی ساڵی (١١٦٥ك) [٨٣] لە تەوێڵە لەدایك بووە لەماڵێکی ئاینپەروەردا پەروەردە بووەو هەرلەوێش دەستی کردووە بەقورئان خوێندن و کتێبە وردەکانی عەقاید، پاشان بەردەوام بوە لەسەر زانستە شەرعی‌یەکان و هەرلە تەوێڵەش زانستە عەقلیو نەقلی‌یەکانی خوێندووەو مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە.

ئەم زانا زاهدە گەورەیە نەچووە ناودنیاو ژنی نەهێناوەو خۆی تەعین نەکرد... لەماڵی خۆی‌دا مایەوە لەسەر نەفەقەی خۆی ژیاوە، لەڕێی خوادا وانەی بەخەڵکی دەوتەوە بەتایبەت وانەی (فقە و ئوصول فقە)، لەدوای وانەکانی، خۆی بەقورئان خوێندنەوەو نوسین و موتالەعەو زیکرەوە خەریك دەکرد.

خۆش نوسێکی گرنگ و بەناوبانگ بووە، زۆربەی سەنەدو ئیجازە نامەکانی سەردەمی خۆی، ئەو دەیانوسی بۆ نموونە: لەبەر خۆشنوسی‌یەکەی سەیری بنەماڵەی زانیاران (ل ٢٨) بکە چۆن وەصفی دەکات کەمۆڵەتنامەی شێخ مستەفای شێخ مەحمودی موفتی ئەودەینوسی.

هەروەها بەدەست و خەتە جوانەکەی کتێبی (الفضیلة)ی مەولەوی‌و (محاسن الغرر فی شمایل البشر)ی مەلا مەحمودی جەیشانی نووسیوەتەوە کەهەردووکیان هۆنراوەن.

وابەناو بانگە کەلەژیانیدا پارویەکی حەرامی نەخواردووەو غەیبەتی نەکردووەو زۆربەپاکی‌و پیرۆزی‌و دڵ سافانەوە ژیاوە.

شێخ حەیدەری زانا، مەرجەعی چارەسەری کێشە فقهیەکان بووە، وەختی زۆری بەقورئان خوێندنەوە بردوەتە سەر.

بەم شێوە لە تەوێڵە بەردەوام بووە، تاکۆچی دوایی شێخ محەمەد بەهائەدین، پاشان هاتە بیارەو، سەردەمی شێخ عومەر زیائەدین و شێخ نەجمەدین بەسەر برد، تالەسەر دەمی شێخ عەلائەدین دا لەساڵی (١٣٥٣ك) لەبیارە کۆچی دوایی کردووەو هەرلەوێ لە (ملەگای چنار)بەخاك سپێررا.

مەلا عەبدوڵڵەی مەریوانی[٨٤]:

مەلاعەبدوڵڵە خەڵکی مەریوانەو خێزانیشی خەڵکی (ولەژێر)ی لای مەریوانە. لەساڵی)١٨٧١(زلەدایک بووەو لەساڵی (١٩٣٨ز)لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. منداڵەکانی (محەمەد مەعروف= مارف، محەمەد، عارف، زەینەدین، توبا، بەدیعە). مەلا عەبدوڵڵە، مەلایەکی زۆر زیرەك و وریاوشاعیرو قسەنەستەق دەبێت. ژیانی بەزۆری لە تەوێڵە بردوەتە سەر.

ماوەیەکی کەم ئیمام و خەتیبی مزگەوتی گەورەی تەوێڵە بووە، ماوەیەکیش کاتبی شێخ حیسامەدین دەبێو، سەردەمێکیش قازی دیواخانی قادربەگ بووە.

کەشکۆڵێکی شیعری هەیە کەلەساڵی (١٩٢٩) زۆربەی نوسیوەتەوە، ئێستالای- محەمەد مەعروفی کوڕیەتی.

مەلا عەبدوڵڵە بەینی زۆرخۆش بووە لەگەڵ پیرەمێرددا، بەڵکو ئەم مەولەوی وەك شاعیر دەناسێنێ بەپیرەمێردو، لەئەنجامدا پیرەمێرد زۆر لەشیعرەکانی دەکات بەسۆرانی.

لەکۆتایی سیەکاندا ماڵی هاتووەتە، سلێمانیو پاشان چووە لەبەغدا دامەزراوە، لەسەردەمی مەلیك فەیصەڵ دا (١٠٠) ڕوپیە مەعاشی بۆبڕاوەتەوە، دواتر گەڕاوەتەوە سلێمانی.

لەکوڕە ناودارەکانی (محەمەد مەعروفە)کەناسراوە بەمەلا مارف لەساڵی (١٩٠٥) لە تەوێڵە لەدایك بووە، لایباوکی نەحوصەرف و شەرع و فارسی دەخوێنێ، لەساڵی (١٩٢٨)کەگۆران مامۆستای قوتابخانەی تەوێڵە بووە، لای ئەو حیسابی خوێندووەو ئەمیش فارسی بەو وتووەتەوەو هاوکاری مامۆستا گۆرانیشی کردووە لەوتنەوەی وانەی عەرەبیدا بەقوتابیان. لەساڵی (١٩٣٢) لەقوتابخانەی تەوێڵە تەعین بووە، مەعاشی ئەوکاتەی مانگی یەك دینار بووە، دوای ساڵێك وازی لێهێناوە.

مامۆستا مەلا مارف - ٢٥ / ٥ / ٢٠٠٠

لەساڵی (١٩٣٣) لەسلێمانی بە (مەئمور مەخزەن) تەعین بووە، لەساڵی (١٩٣٤) بووەتە سەرۆکی شارەوانی چوارتا، مانگیبە (٦)دینار... ئێستا خانەنشینەو پیربووە لەماڵەوەیە...

مامۆستا مارف دەستی شیعری هەیە شیعرێکی جوانی نووسیووەو گرتوویەتی‌یە شووشەو بردوویەتی‌یەوە بۆخانەقای تەوێڵە کەئەمە شیعرەکەیە:

بازاست دوچشم بەتمنای تەویلە
دارم چو بدل الفت مولای تەویلە
قبریست پرازنور، کی‌از عرش نیامد
امد بەتماشاگاە مرقد مولای تەویلە

واتە:

هەردووچاوم کراوەتەوە بەگەورەیی‌و سەرکەتوویی تەوێڵە.
چونکە بەدڵ ئولفەتم گرتووە بەمەولای تەوێڵە.
(قەبری ئەو مەولایە) قەبرێکە پڕە لەڕوناکی، کێ هەیە لەعەرشەوە، نەهاتبێ؟!
هاتووە، بۆتەماشای مەرقەدی مەولای تەوێڵە.
لەمامۆستا مەلامارفم پرسی پیاوەناودارەکانی ئەوسای تەوێڵە کێ‌بوون؟

وتی:

مەلابەکر، وەستا نادر، میرزا ئۆلقادر و چەندانی‌تر.
خەڵکەکەی چۆنە بەلاتەوە؟وتی:
عاقڵن، زیرەکن، زانستخوازن..
لەگرانیەکەدا تەوێڵە چۆن بوو؟ وتی:
تەوێڵە لەهەموو شوێنێ باشتربوو، بەهۆی بوونی گوێزو توو و مێوژەوە، هەرچەندە لەوساڵەشدا بەروبووم کەم بوو، هەروەها بەهۆی نان بدەیی شێخەکانەوە.
قادربەگ وەك فەرمانڕەوای تەوێڵە چۆن بوو بەلاتەوە؟ وتی:
دادپەروەربوو، سامی هەبوو، لەنگەری ناوچەکەی گرتبوو.
شێخ حیسامەدین چۆنە بەلاتەوە، وەك شێخێك؟ وتی:
لەوەگەورەترە من هەڵیسەنگێنم.
چۆن هاتنە تەوێڵە؟ وتی:
لەسەر داوای شێخ حیسامەدین هاتین.
لەکۆتایدا وتی:
بنەماڵەکەمان، چاکەو خزمەتی، مەحمود پاشای جاف و جافرسان و شێخ حیسامەدینی لەبیر ناچێتەوە، کەبۆمان زۆرباش بوون.

کوڕی یوسف داود تەوێڵەیی:

(لەیادی مەردان- ل (١٦٠) مامۆستامەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەربارەی کتێبخانەی خوێندنگای بیارەدا، باس لەچەندەها کتێبی نایاب دەکات کەلەو خوێندگایەدا بوون لەوانە:

تەفسیری بەیضاوی، توحفەی ئینوحەجەر لەچوار بەرگدا، (سراج الطالبین)ی مەلائەبوبەکری موصەنیف، مەکتوباتی ئیمامی ڕەبانی... پاشان دەڵێت:

دوودانە (ئوستورلاب)یش هەبوو، کەیەکێکیان، وەستایەکی تەوێڵەیی دروستیکردبوو، نوسخەیەکی زۆرنایاب و کۆنی زیجی ئولووغ بێگ بەشێوەیەکی یەجگار زۆرجوان و هونەرمەندانە نووسرابووەوە... هەروەها گەلێ کتێبی تر هەبوون کەئێستا ناویانم لەیادنییە.)

کەوتمە پرسیارکردن کەئەم وەستا تەوێڵەییە دەبێت کێبێت، تاڕێگەم کەوتەلای مامۆستا سەید عەبدوڕەحمان سوجادی.. لەئەنجامی گفتوگۆیەك دا، مامۆستاباسی لەکتێبێکی دەستخەتی کرد کەهەیەتی بەناوی (علم الافلاك).

- کتێبەکەمان سەیرکردودووسێ ڕۆژێکیش خواستم... دوایی بۆم دەرکەوت ئەم کتێبە بەنرخەو نایابە، لەئەصڵدا چوارنامیلکەن و کراونەتەوە بەیەك، دانەرەکەیان دەرنەکەوت کێیە، بەڵام لەیەکێکیاندا ناوی مەلائەبوبەکری موصەنیف هەیەو هەروەها پەراوێزەکانی لەزۆرشوێن دا ناوی حەسەن چۆری لێنوسراوە، [85] جارجارەش لەسەرپەراوێزەکان ساڵی نوسینەکەش نوسراوە وەك لە ل (٢٣)دا ساڵی (١٣١٧)ك نوسراوە.

- لە- ل (١- ٤٣)باسی لەچەند (باب)ێك پێکهاتووە.

- لە- ل (٤٤- ١٠٦)باسێکی- ئوسطورلاب) دەکات.

- لە- ل (١٠٧- ١٨١)باسی حسابات دەکات- چوارکردەکان، کەرتەکان، ڕەگ، ڕووبەرو چێوەو شێوە ئەندازەییەکان.

- لە- ل (٢٨٧)دا ساڵی (١٣٣٢ ك ڕۆژی- ١٣٧٢ ك مانگی) لەسەر نوسراوە کەئەم کتێبە لەوکاتە تەواو بووە.

- لە -ل (٢٨٨- ٣٢١)کۆمەڵێك وێنەو نەخشەو پەراوێزو چەند تێبنیو سەرنج نووسراون.

- هەروەها لە- ل (٢٩٠)وێنەی ئوسطور لابێك هەیە لەناویدا نوسراوە ئەم ئوسطورلا بەدەستکردنی (کوڕی یوسف داود تەوێڵەییە بەرواری مانگی موحەڕڕەم ساڵی (١٢٤١ك)لەسەر نوسراوە).

ئەم ئوسطور لابەزۆرگرنگ و بەنرخ و زیرەکانەو ژیرانە دروست کراوە، زۆربەشێوەیەکی هونەری‌و زانستیانە کێشراوە.

- ئەم کوڕی یوسف تەوێڵەییە، هەر ئەو وەستا تەوێڵەییەیە کەجەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم باسی‌کردووە، لەلایەکی تریشەوە دەبێ ئەوەش بزانین کەسەید حەسەنی چۆڕی لەپەڕاوێزەکەدا باس لەم ئوسطور لابەدەکات، وەئەمیش زۆر لەبیارەو تەوێڵە ژیاوەو دۆستی نزیکی شێخ عومەر ضیائەدین بووە.

لەدوای ماوەیەك لەلای کاك شێرزادی کوێخا حەمە سەلیم نامەیەکم دەست کەوت کەدەسخەتی شێخ عەلائەدینەو بۆ کوێخا حەمە سەلیمی تەوێڵەیی نووسیووە، نامەکە فارسی‌یەو ناوەرۆکەکەی ئەمەیە: دوای سڵاوو ڕێز داوا لەکوێخا دەکات کەئەو ئوسطورلابەی کەلەلایەتی بینێرێ بۆ خوێندنگای بیارە چونکە لەوێ سودی لێوەردەگرن و نرخەکەشی هەرچەند بێ شێخ ئامادەیە پارەکەی بۆ بنێرێ.

پرسیارم لەکاکە شێرزاد کرد، نازانی باوکت ئەم ئوسطورلابەی لەکوێ دەستکەوتووە وتی: (حاجی‌یەکی ئێرانی لەحیجازەوە هێناویەتی و هەدیەی باوکمی کردووەو ئەویش ناردویەتی بۆ شێخ، ئەمەش لەساڵەکانی سەرەتای پەنجاکان بووە...) لەوانەیە ئەو دوو ئوسطورلابەی کە م. مەلا عەبدولکەریم باسیان دەکات و لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد ئەمە یەکێکیان بێت و ئەوی تریان ئەوەی تەوێڵەیی‌یەکە بێت کەدروستی کردووە.

ئێستاش دەڵێن:

ئاخۆ دەستکردو نوسراوی تری ئەم زاناو وەستا بەڕێزە لەچ شوێنێکی تر ببێت.

ئەمەش وێنەی ئەو ئوسطور لابەوچەند وێنەیەکی ئەو کتێبە نایابەبەنرخە. هەروەها وێنەی نامەکەی شێخ عەلائەدین کەبۆ کوێخا حەمە سەلیمی نوسیووە.


المشرق
المغرب


الجنوب
المشرق
المغرب










بیاورید ... با پاس ممنوع شده که صفحه اسطرلاب
به دست ما رسید چون آن صفحه برای مدرسه امینی
بکار می آید البته یا خودتان می آورید یا با کسی دیگر
روانه می نمایید قیمتش هر چه هست اظهار کنید
تا برایتان روانه کنیم سعادت باد

بنەماڵەی مەلاصادقی تەوێڵە(٨٦):

ئەم بەڕێزە، لە تەوێڵە لەدایك بووەو هەرلەوێ دەستیکردووە بەخوێندن، پاشان بۆخوێندن دەچێتە نۆدشەو خورماڵ، دوایی لەساڵی (١٢٤٧ك = ١٨٣١ز) لەگەڵ مەلا ئەحمەدی نۆدشی کەهەردوکیان موستەعید بوون دێنە لایمەلا عەبدوڵڵەی خەرپانی، جاوەختێك لە هەڵەبجە لەمزگەوتی جامعە لای مەلاعەبدوڵڵەی خەرپانی دەخوێنێ، لەوکاتەدا، موستەعید بووەو مەولەوی لای ئەم مەلا صادقە (کەمال)ی خوێندوە.

وەك لەدەمی ڕیش سپیانی تەوێڵەوە بیستوومانە، ئەم مەلا صادقە، خوێندەوارێکی باش و زاناو ناوداربووە، واش دەردەکەوێ ئەمە ڕاست بێ، چونکە: هەرکەسێك لەهەرلایەکەوە، ویستبێتی خوێندنێکی شیاوی باش بخوێنێ، ڕۆیشتووە بۆخزمەتی شێخ عەبدوڵڵەی خەرپانیو مەلاجەلالی خورماڵ و مەلائیبراهیمی بیارە. ئەم سیانە لەنزیکی یەکیشەوە بوون و ماوەی نێوان خوێندنگاکانیان دوورنەبوون لەیەکەوە. ئەم پیاوانە هەرسێکیان لەزانا گەورەکانی چەرخی خۆیان بوون بەتایبەت لەزانستەکانی. بەلاغەو فیقه و ئوصوڵی فیقه و ئوصوڵی کەلام دا.

کەواتە: مەلاصادق فەقێیەکی لێهاتوو و زیرەك و بووە، بۆیە چووەتە لای مەلا عەبدوڵڵە، تاوەکو خوێندنێکی باش بەدەست بهێنێ، هەروەها کەوانەشی بەمەولەوی وتبێتەوە، واتە: بەتواناو زیرەك بووە.

بەداخەوە مێژووی ژیانیو بەسەرهاتی لەمە زیاترمان دەست نەکەوت، تاباشتر بەخوێنەرانی ئاشنابکەین بەڵام لەوانەیە لەنێوان ساڵانی (١٨١٢-١٨٥٠ز) ژیابێت. ئەمەش لەڕوانگەی ژیانی مەلا ئەحمەدی نۆدشییەوە کەهاوڕێ بوون و، هەروەها دەڵێن تەمەنی زۆر نەبووە.

لەبارەی نەوەکانیشییەوە ئەمەمان بۆساغ بووەتەوە: مەلاصادق کوڕێکی بووە بەناوی سەلیم ئەمیش دووکوڕی بووە:حسێن و حەسەن.

مەلاحسێن: لە هەورامان و دەوروبەری خوێندن تەواودەکات و دەبێتە مەلاو ماوەیەکیش قازی تەوێڵە بووە، هەرلە تەوێڵە ژیاوەو، کچێك و چوارکوڕی بووە، کچەکەی ناوی حەبیبە بووە شووی یکردووە بەمەلا عەبدولواحدی حاجی صەلاحەدین. کوڕەکانیشی ئەمانە بوون:

ئەحمەدو مستەفا- ئەم دوانە زوومردون، کوڕی سێهەمی صدیق بووە، پیاوێکی زۆردیندارو لەخواترس بووە، ژنی نەهێناوەو چووە بۆحەج چەند

ساڵێك لەویٚ ماوەتەوە، دوایی دەگەڕێتەوە بۆ تەوێڵە. بۆجاری دووەم دەچێتەوە بۆمەککەو لەویٚ ماوەتەوە تاکۆچی دوایی دەکات. لەدوای خۆی پارەیەکی زۆری لێبەجیٚماوە، لەسەر وەسیەتی خۆی، هاوڕێکانی، پارەکە وەردەگرن تاکاروانی حاجیان دێن و حاجیانی تەوێڵەیی دەیهێننەوە بۆ خانەقای تەوێڵە.

کوڕی چوارەمی مەلاحسێن، (صادق)ی ناوبووەو کەمێکی خوێندووە، بەڵام بەمەلا صادق ناسراوەو لەساڵی (١٩٥٧)دا، لە تەوێڵە کۆچی دوایی دەکات و کوڕی نەبووە، بەڵام چوارکچی لێ بەجیٚماوە بەناوی (صەفیە- خێزانی حاجی مستەفای حاجی مەلاصاڵح، فاتمە- خێزانی عەبدوڵلەی شوکرە، عالیە- خێزانی سەید بەکری بەڵخەیی، صەبریە- خێزانی عوسمانی حەمەی هاژە).

مەلا حەسەن:

دوای ئەوەی مەلایەتی تەواودەکات، خۆی بەوانە وتنەوە وەخەریك کردووە، لە تەوێڵە کۆچی دوایی کردووەو، لەدوای خۆی دووکچ و دووکوڕی لێبەجیٚماوە، کچەکانی عەیناو هەمینە بوون، کوڕەکانیشی: (سەعیدو سەلیم) بوون.

سەعید: خوێندەواری کەم بووە، چووە بۆکەرکوك و لەویٚ ژیاوە، لەنیوەی حەفتاکاندا کۆچیدوایی کردووەو هەرلەوێش نێژراوە، چوارکوڕو پێنج کچی بووە.

کوڕەکانی (مەهدی و حەسەن و حسێن و ئەحمەد)ئەمانیش ئێستاوان لەکەرکوك.

سەلیم: لەدەوروبەری ساڵی (١٩٠٠ز) لەتەوێڵە لەدایك بووە، خوێندنی مەلایەتی لە تەوێڵەو پاوەو سنەو سەنغورو بیارە تەواو کردووە، لەلایەن مەلا قادری گەورەوە مۆڵەتی مەلایەتی پیٚدراوە.

لەسەرەتاوە بووە بەمەلای شۆشمیٚو دواتر بووە بەمەلای تاوێرە. کاتێك کەلە تاوێرە بووە، عوسمانی بەگی صاڵح بەگی فەتاح بەگ دەچێت بەشوێنیداو هێناویەتی بۆبەڵخەو دەبێتە مەلای بەڵخە.

لە تەوێڵە ژنێکی هێناوە بەناوی (پیرۆز محەمەد سلێمان) لەم ژنە چوارکچ و کوڕێکی هەیە بەناوی (سەلمە، سەڵتە، مەدینە، نەزیرە) کوڕەکەشی بەناوی (حسێن)ەوە یە کەئێستا لەسلێمانییە.

لەبەڵخەش، خەدیجەی عوسمان بەگ دەهێنیٚ لەمیش دوو کوڕی دەبێت، بەناوی مستەفاو بەهائەدین، مستەفا مردووە بەهائەدینش ئێستا لە سلێمانیە.

ئیترمەلا سەلیم هەر لەبەڵخە نیشتەجێ بووە، تالەساڵی (١٩٥٥ن) لەوێ کۆچی دوایی کردووە بۆیە بەمەلا سەلیمی بەڵخە ناسراوە.

مەلاسەلیم، پێش نوێژو وتاربێژی بەڵخە بووە، دووساڵیش وەك (وەکیل موعەلیم)مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بەڵخە بووە. خەدیجەخانی خێزانی دەگێڕێتەوە کە: زۆرجار مەلا صاحب و شێخ حیسامەدین بۆڕاوێژکردن لەپرسیاری فیقهی‌دا دەیان نارد بەدوای‌دا. هەروەها دەڵێ:

لەگەڵ مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس دا، لیژنەبوون بۆدیاری کردنی سنوری نێوان ئێران و عێراق. وەك باسیشی دەکەن زۆرشارەزا بووە، بەفیقھ و نەحو، لەگەڵ ئەوەشدا جێگەی متمانەو باوەڕ پێ‌کراوی خەڵك بووە.

فەقێ عەلی (٨٧):

زۆر لەژیانی نازانین، ئەوندە هەیە دەڵێن: لەسەردەمی شێخ سراجەدین و مەلانەزیردا ژیاوەو ئەصڵی لەنۆدشەوە هاتووە بۆ تەوێڵە، خوێندەواری کەمی خوێندووە، بەڵام خۆی زیرەك و خواناسێکی لەخواترس بووە.

فەقێ عەلی دووکوڕو چوارکچی‌بووە:

دووکوڕەکەی: جامی‌و شەمسەدین بوون. جامی خێزانی پێکهاناوە، بەڵام منداڵی نەبووە، بەڵام شەمسەدین، پێنج کوڕو دووکچی بووە، بەم شێوەی خوارەوە:

- حەسەن- باوکی حەمەعەزیزو حەمەحسێن، کەلەم دواییەدا لەبامۆك- نزیك هەڵەبجە ژیانیان بەسەربردووە، حەسەن لە چلەکاندا مردووە.

چوارکوڕەکەی تریشی:

- ئەحمەدو حەمەکەریم و عەبدوللەی‌و حەمەعەلی- ن. دووکچەکەشی مەجێ‌و خەجێ‌بوون. خەجێ ژنی مەلا عەبدولخالقی مەلاحامد بووە.

چوار کچەکەی فەقێ عەلی شویان کردووە بە: حاجی مەحیەدین و مەلا جەلال و مەلا حامدو مەلا جەلیل.

پەراوێزەکان

(١) - گۆڤاری خەزان- یادی هەڵەبجە (٢٠٠٠/٣/١٦)- هەروەها دەڵێن لە (معجم البلدانی) یاقوتیجەمەوی ئەمەهاتووە.

(٢) وەك لەوتارێکی بەڕێز صەلاحەدین محەمەد بەهائەدین- ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردستان دا، لەبەرواری ١٩٩٦/٦/٢دا هاتووە.

(٣) - لەورد بوونەوە لەبەشەکانی تری ئەم کتێبە تائەندازەیەك بۆت دەردەکەوێت کەدینداری لەم شوێنە چۆنە، بۆیە لێرەدا ئاماژە بەهەندێ شتیتر دەدەین

(٤) - لەبەشی- سەربوردێکی هەورامان دا.. ئاماژەمان بەم باسەداوە.

(٥) - لەسەرقسەی خەڵکی تەوێڵە بەتایبەت وەستا محەمەد حاجی حەمە صاڵح... هەروەها مەلامارفی مەلاعەبدوڵڵای مەریوانیو وەستا صادق غەندی دەڵێن:

لەکاتی تێکدانی مزگەوتەکەدا قەبرێکی درێژ بووە کەکەللە سەرێکی تیابووە مێخێکی پێوە بوو.

(٦) - پاراستنی ئەم بەردە لەلایەن بەڕێز (نورەدین مستەفا نەجیبەوە- جێگەی ڕێزو سوپاسە، بۆساغ کردنەوەو مانای وشەکان بەهاوکاری وەستا محەمەد حاجی حەمە صاڵح و کاك نورەدینەوەبوو کەهەردوکیان سوپاسیان دەکەین.

(٧) - پاچەڵگا: واتە شوێنی دەزگای جۆڵا، کەچەند جۆڵایەك لەهاوین دا لەم شوێنەدا جۆلاییيان کردوە وەك: ئەلەی زۆراب و وەهاب و شەفیعی کوڕی، نادر حەکیم و عەبدولحەکیمی برای، حەمەیوسف باباو عەزیزخواکەرەم و حەمەخان و حەمەئەمینی برای.

(٨) مامۆستا مەلا عەبدوڕەحمان لەسلێمانی لە (١٩٩٣/٦/٦)کۆچی دوایی کرد.

(٩) - چمکێکی مێژووی هەورامان و مەریوان- ل ٣١- چەند لاپەڕەیەکە لەکتێبی (نوار الانواری (سەید عەبدولصمدی توودار ی) کەلە (١٠٩٩)ی هیجرەتدا نووسیوویە.

محەمەدی مەلاکەریم وەری گێڕاوەتەسەر کوردی.

هەروەها سەیری بنەماڵەی زانیاران- ل ١١٤- مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس.

(١٠) - (فەقێ ئەبوبەکر)ی تەوێڵەیی کەبە (فەقێ هەیبەکر)ناسراوە ئەچێتەوە سەر ئەم (فەقێ ئەحمەدەی غەزایی بەغدایی)یە. دایکی شێخ عوسمان سراجەدینی یەکەم کەناوی (حەلیمە)یەکچی ئەم فەقێ ئەبوبەکرەیە.. یادی مەردان- بەرگی دووهەم مەلاکەریمی مودەڕیس.... ل٧

(١١) - یادی مەردان- ل (٨) بەرگی دووهەم مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس.

(١٢) - واباوە کەئەم شەخصە لەرزوتای گرتووەتە خۆی.

(١٣) وەك حاجی بابا، وەستا محەمەد حاجی حەمە صاڵح، حاجی سەید محەمەد.

(١٤) - لەحاجی سەید محەمەد سەید فەتحەوە بیستوومە.

(١٥) – گۆڤاری کاروان– ژ– ٧– ل (١٢٥، ١٢٦، ١٢٧)نوسراوێکی مامۆستا عەبد ڕەقیب بەناوی (تكيه طويله وزخارفها).

(١٦) – یادی مەردان– بەرگی (٢)ل ٢٨– مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس.

(١٧) – لەبنەماڵەی زانیاران– م. مەلاعەبدولکەریم دا ل (٣٩٧، ٤٠٤)دا ئاماژە بۆئەوە دەکات کەهەر شێخ محەمەد بەهائەدین خۆی ئەم خانەقایەی دروست کرد بۆیە دەڵێین لەوانەیە:

شێخ عوسمان لەسەردەمی خۆیدا خانەقایەکی زۆرسادەو شتێکی بچوکی دروست کردبێت، بەڵام لەسەردەمی شێخ بەهائەدین دا ڕوخێنرابێت و جارێکی تر دروستکرابێتەوەو گەورە کرابێت.

(١٨) – لەڕۆشنبیری نوێ ژ (١٠٥)کەلەپوری بەڵگەنامەییدا ئەمە بڵاو کراوەتەوە.

(١٩) – شەریعەتی ئیسلام– مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ب– ٢ ل (٢٢٠– ٢٣٨)

(٢٠)– بۆ سەرچاوەی ئەم وەقفانەی تەوێڵە سودم وەرگرتووە لەم بەڕێزانە:

حاجی ڕەحمان فەتاح، جەلال ڕۆستەم، خواکەرەم حاجی ئەبوبەکر، نورەدین مستەفا م. مەلا لوقمان ئیمام و خەطیبی مزگەوتی گەورەی تەوێڵە، قائیمەیەك لەوەقفی مزگەوتی بابا ئەسکەندەر کەلەلای اللەکەرەمی حاجی ئەبوبەکر بووە، ئەم هەموو مەعلوماتە لەلایەن ئاشتی اللەکەرەمەوە کۆکراوەتەوە زۆرسوپاسی دەکەم.

(٢١) – لەگۆڤاری کاروان (ژ– ٧– ل– ١٢٨)داهاتووە:

وەقفنامەیەك بەخەت و ئیمزای شێخ بەهائەدین هەیە بەبەرواری ساڵی (١٢٩٠ك)، ئەوباخ و زەوی و ئاش و کانیانەی کەوەقف کراون بۆخانەقا لە تەوێڵە و بیارەو خوشیار لەشارەزوورو بەڵخە... نوسخەی ئەم وەقفنامەیە لەلای شێخ ئەحمەد بووە. هەروەها وەقفی خانەقا زۆرەو ئەو وەقفنامەیەمان دەست نەکەوت تابڵاوی بکەینەوە

(٢٢) – بۆژیانی ئەم شێخانە سودێکی زۆرم وەرگرتووە لەهەرسێ بەرگی (یادی مەردان، بنەماڵەی زانیاران، علماؤنا في خدمة العلم والدين) دانراوی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، وەپەیامی هەورامانی– هادی ڕەشید بەهمەنی و، هەروەها هەندێ سەرچاوەی تریش.

(٢٣) – مەلا عەبدولکەریم دەڵێ لەباوکمەوە (مەلائەمەدی قازی)م بیستووە کەوتویەتی: ئەم نازناوە شاعەبدوڵلای دەهلەوی لێی ناوە کەلەسەر پەڕاوێزی ئەو قورئانەدا نوسیویەتی بۆی کەبۆی ناردووە لەگەڵ نامەیەکدا.

(٢٤)– یادی مەردان بەرگی– ٢ (ل ٤٣– ٥٦)هەندێ لەنامەکانی نوسراونەتەوە.

(٢٥) – یادی مەردان (ل ٥٦– ٧٣)وەصیەتەکانی تیایە.

(٢٦) – یادی مەردان– ب– ٢ ل ٣٦– ٤٣.

(٢٧) – بەحیسابی پیتەکانی ئەبجەدی ئەکاتە (١٢٨٣ ك).

(٢٨) - بەحیسابی پیتەکانی ئەبجەدی ئەکاتە (١١٩٥ك).
واتە لەساڵی ١١٩٥ کۆچی لەدایك بووەو لەساڵی ١٢٨٣کۆچی دوایی کردووە لەتەمەنی (٨٨)ساڵیدا.
(٢٩) بەحسابی پیتەکانی ئەبجەدی ئەکاتە (١٢٨٣) کەساڵی کۆچی دوایی شێخە.
(٣٠) - بنەماڵەی زانیاران ل ٤٠٤، یادی مەردان- ب- ٢ل- ٧٧.
(٣١) بنەماڵەی زانیاران ل ٤٠٤، یادی مەردان- ب- ٢ل- ٧٧.
(٣٢) - مەبەستی مەولەوی لەوشەی (کامل)عوسمانی سراجەدینەو محەمەد بەهائەدین بەئاوێنەی باوکی داناوە. (یانەی چەم)یش حوجرەی کەناری چەمی تەوێڵەیە لەخانەقادا، یاخود مەبەستی کاسەی چاوی خۆیەتی.. بنەماڵەی زانیاران (ل- ٤٠٥). هەروەها سەیری هەمان کتێبی بەردەست بکە شعری شاعیران ئەم شعرە بەتەواوی نوسراوە.
(٣٣) یادی مەردان (ل ٩٥- ٩٨- ب- ٢).
(٣٤) باخچەی بۆنخۆشان- ل ٢٢٣.
(٣٥) - ئەم شێخ صادقە وتوویەتی:
دەهەزار شیعری مەولەوی‌و صەیدی‌و نیزامی‌و شاعیرانی‌ترم لەبەرە. یادی مەردان (ب- ٢، ل- ٨٤).
(٣٦) - لەبنەماڵەی زانیاران (ل ٨٥)دا مامۆستا مەلا عەبدولکەریم دەڵێ:
ئەم دووانە لەسەر قسەی حاجی سەید محەمەد سەید فەتحەی تەوێڵەیی، خێزانی شێخ محەمەد بەهائەدین بوون، بەلأم من (عەبدوڕەزاق- نوسەر) لەدەمی حاجی سەید محەمەدم بیستووە کەئەمە بەهەڵە نوسراوە، وتومە خێزانی شێخ حیسامەدینن نەك خێزانی شێخ بەهائەدین.
(٣٧) - یادی مەردان (ب- ٢،ل- ٨٤)، بنەماڵەی زانیاران (ل ٤١٣).
(٣٨) - مێژووی هەورامان- محەمەد ئەمین هەورامانی- ل (٤٥١، ٥٣٨).
(٣٩) - گۆڤاری گوڵان- ژ (٣٩٢) بەرواری (٢٠٠٢/٧/٢٥).. هەروەها وێنەیەکی ئەوسەردانەی مەلیك فەیصەڵی پیشان داوە، بەلأم وێنەکە کاڵ دەرچووەو ئەصڵیەکەمان دەست نەکەوت.
(٤٠) - گەشتی هەڵەبجەو هەورامان- شاکر فەتاح- ل (٣٩) لەکتێبی (کردو ترك و عرب) دانراوی ئەدمۆندز- وەرگێڕانی بۆعەرەبی جەرجیس فەتحوللە- ص (٧٧) هاتووە:
بەناوبانگ ترین شێخی نەقشبەندی سیانن: سەید ئەحمەدی خانەقا لەکەرکوك، شێخ حیسامەدین و شێخ عەلائەدین لە هەورامان.. پاشان دەڵێ: ئەم دوانەی هەورامان لایەنگریان لەئێران زۆرترە تا لەعێراق.

(٤١) - بۆژیانی ئەم زاتە سودم لەشێخ عەلی کوڕی شێخ ئەحمەدو حاجی باوەمرادی موریدی وەرگرتووە
(٤٢) - یادی مەردان- ب- ٢- ،ل- ١٥٣.
(٤٣) - یادی مەردان- ب- ٢، ل- ١٥٩ ناوی هەندێك لەوزانایانە نوسراون.
(٤٤) - بنەماڵەی زانیاران -ل ٤٠٩.
(٤٥) - یادی مەردان ب- ٢، ل ١٦٠ ناوی هەندێك لەوکتێبانە نوسراون.
(٤٦) گەوهەری حەقیقەت- بەرگی یەکەم- موحسین موفتی.. ل ٢١٤.
(٤٧) یادی مەردان بەرگی (٢) ل ٢١٢- ٢٧٣ هەندێك لەنامەکانی تیایە.
(٤٨) یادی مەردان- بەرگی(٢) ل ١٥٤.
(٤٩) یادی مەردان- بەرگی (٢) ل ١٦٦ هەندێك لەشیعرەکانی بلاو کراونەتەوە. نامەو وەلامەکەی شێخ عومەرو مەلا عەبدوالله ی جەلی، لەبەڕێز م. نەبەز کەمالەوە دەستم کەتووە .. زۆر سوپاسی دەکەم.
(٥٠) - یادی مەردان- بەرگی (٢) ل ٢٨٥ هەروەها بنەماڵەی زانیاران ل (٤١٤)و گەوهەری حەقیقەت- بەرگی یەکەم- ل (٢١٤)
(٥١) گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژ ١٤٥ ساڵی ٢٠٠٠، ل ٢٢.
(٥٢) - یادی مەردان ب ٢ ل ٢٨٧- ٣٠٧ شیعرو نامەکانی بەعەرەبی‌و فارسی هەن.
(٥٣) سەیری ئەم سەرچاوانە بکە یادی مەردان ب- ٢ ل ٣٠٨، بنەماڵەی زانیاران ل ٤١٦ هەروەها کوردستانی نوێ ژمارە (٢٣٢٦، ٢٠٠٠/١٢/١١، ٢٣٣١، ٢٠٠١/١٢/١٧)، ڕۆشنبیری نوێ ژ ١٤٥ ساڵی ٢٠٠٠. نامەکەمان لەبەڕێز شێرزادی کوڕی کوێخا حەمە سەلیمەوە دەست کەوتووە.. زۆر سوپاسی دەکەین.
(٥٤) بۆ زانیاری زیاتر سەیری - ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژ ١٩٩٧/٧/٢٥/١٤٧، الاتحاد/٢٦٧، ١٩٩٨/٥/١٦، ٢٧٨، ١٩٩٨/٨/١.
(٥٥) - جگە لەهەرسێ کتێبی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بەناوی (یادی مەردان- ب- ٢، بنەماڵەی زانیاران، علماؤنا في خدمة العلم و الدين) سودم وەرگرتووە، هەروەها لەمەقابەلەیەکی شێخ حەسەنی موفتی کەلە ساڵڕۆژی کۆچی شێخ عوسمان دا نوسیویەتی لە کوردستانی نوێ بلاو کراوەتەوە لە ژ ١٥٤٧ بەرواری ١٩٩٨/٢/٢٠وهەندێکیتر سودم وەرگرتووە.
(٥٦) - لەبلاو کراوەیەکی مامۆستا مەلا حەمەئەمین کانی‌سانان- مودەڕیسی خانەقای بیارەدا ئەمەهەیە کەلە (١٤ی زیلحەجەی ساڵی (١٤١٧ك)دا بلاوی کردوەتەوە.
(٥٧) مێژووی ئەم ناودارە، جیاوازی هەیە لەکتێبەکان دا، بەلام ئێمە ئەمە بەڕاست دەزانین.

(٥٨) - یـادی مـەردان -ب- ١، ل- ٢٧٧ سـەیربکە، لەمێـژووی هەورامانـدا، م. هـەورامانی لـە ل (١١٤٨)دا باسـی عەبدوڵـڵـەی کـوڕی دەکـات کەشـاعیر بـووەو نـاوی (عەبدی)بووە.

(٥٩) سەرچـاوە: بنەماڵـەی زانیـاران ل ٢٧٧، علمـاؤنـا ص ٨١، کوردسـتانیئنویٚ ژ. ١٤٥٠بەرواری ١٩٩٨/٨/١٧ کەمقابەلەیەکی شێخ عەلی شێخ ئەحمەدە، هـەروەها هەندێ کەسایەتی دەڤەرەکەش.

(٦٠) - دەگێڕنـەوە: کەسوڵتان دانـی ئێشـاوە، ئـەمیش دۆعایـەکی بەسـەردا دەخوێنێو چاك دەبێتـەوە، دوای (١٠) ڕۆژ شـێخ ئـەحمـەد بانگ دەکات سوپاسـی دەکات و دەڵـێ حەزدەکـەم داوای شتێکم لێبکـەی پێت ببـەخشـم، ئـەویش داوای ئـەم مـووە پیرۆزانـەی لێدەکات و پێی دەبەخشێ.

(٦١) - بۆئـەم بنەماڵەیـە جگـە لەبنەماڵـەی زانیـاران سـودم وەرگرتـووە لەهەنـدێ لەئەنـدامانی بنەماڵەکـە خۆیـان وەك- حـاجی سـەید محەمـەد، مامۆسـتا سـەید عەبدوڕەحمان و مامۆستا سەید ڕەشاد. هەروەها هەندێ لـەپیاوە بەتەمەنەکانی تەوێڵە سوودم وەرگرتووە.

(٦٢) - بنەماڵەی زانیاران- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ل- ١٧٥.

(٦٣) - سەیری درەختی بنەماڵەکە بکە، شانزەهەم کەسە.

(٦٤) بۆ بـەرواری کۆچـی دوایـی (سـەید قوتبـەدین)و (سـەید فـەتحولموبین) لەپـەراوێزی کتێبی مامۆستا سەید ڕەشاددا نوسراوە.

(٦٥) یادی مەردان بەرگی دووهەم... ل ٣٣، ٢١.

(٦٦) - لەسەر قسەی حاجی سەید محەمەدی برای.

(٦٧) - سـودم وەرگرتـووە لەبنەماڵـەی زانیـاران ل (٤٢٧- ٤٢٩)وەپـیر شـالیاری زەردەشـتی ل (٨٨)هـەروەها سـودێکی زۆرتـرم وەرگرتـووە لـەو درەختـی بنەماڵەیـەی کەمەلا عەبدولکەریمی مەلا ئەحمەدی قازی هەیەتی..

لێرەدا سێ تێبینی هەیە:

- لەبنەماڵـەی زانیاران دا نـاوی (عبـدالمنعم)نیە بـەڵام لـەلای ئەودرەختـەی سـەرەوە باسمـان کردهەیـە. هـەروەها لـەدەمی حـاجی سـەید محەمـەد بیسـتومە کەئـەو کـوڕەی هەبووە.

- لەبنەماڵەی زانیاران دا ناوی (عبد المبین) هەیە کەکوڕی مەلا نـەزیر بـووە کەچـی لەپیرشالیاردا نیەو لەلای ئەو (درەختی بنەماڵەی) مەلاعەبدولکـەریمی مـەلا ئەحمـەدیش نیە.

- هەروەها لەپیر شالیاری زەردەشتیدا دەڵێ (منعم و جلال)لە ساڵی (١٣٠٧)ك لەسەفەری حەج دا لە (بین الحرمین)لە دنیا دەردەچن.

(٦٨) - سودم وەرگرتووە لە:
کتێبی پیرشالیاری زەردەشتی- محەمەد بەهائەدین ل (٨٨- ٨٩)، بنەماڵەی زانیاران ل (٤٢٧- ٤٢٩) هەروەها لەماموستا مەلا عەبدولکەریمی مەلا ئەحمەدی قازی. ئەوەی شایەنی باسە لەهەردوو سەرچاوەی (پیرشالیارو بنەماڵەی زانیاران)دا، مەلا نەزیر کوڕی کێیەو لەکوێوە باپیرەی هاتووە هەڵەی تیایە، لەسەر قسەی مەلاعەبدولکەریمی مەلا ئەحمەدی قازی.. ئەمەی کەئێمە نوسیومانە ڕاستییەکەیەتی: تێبینییەك: لەکتێبی- بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد- لەڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە دانراوی- محەمەد عەلی قەرەداغی- بەرگی (٣)چاپی یەکەم- ل (١٢) دەڵێت:

لەکتێبخانەی- دارصدام للمخطوطات- لەبەغدا- ژمارە- ٨٢. ١٧٠- کتێبێك هەیە بەناوی (غاية الاختصار) کتێبێکی فقهیە، عەبدولعەظیمی کوڕی مەلا مەحمودی سەروابادی لەگوندی تەوێڵە لەساڵی (١٢٦٣ك- ١٨٤٧ز) نووسیویەتیەوە. لێرەدا وا دەردەکەوێت کە:

١- ئەم (عەبدولعەظیم)ە مامی مەلا نەزیرە.

٢- ئەم بنەماڵە لەسەروابادەوە هاتوون نەك لە ئاوێهەنگەوە.

٣- خەتخۆشی و کتێبخانەی ئەم زانایانە دەردەکەوێت.

(٦٩) - خان ئەحمەد خان لەساڵی (١٠٠٢ك لەدایك بووە لەساڵی ١٠٢٥ ك چووەتە سەرتەخت لەساڵی ١٠٤٦ك بەرامبەر بە ١٦٣٦ز کۆچی دوایی کردووەو لەگۆڕستانی یونس پێغەمبەردا لەموصڵ نێژراوە.

(٧٠) - لەبنەماڵەی زانیاران- ل ٣٧٦- دا مەلامحەمەد سەرگەتی دەڵێ:
سێ خوشکم بووە شوویان کردووە بە شێخ محەمەد بەهائەدین و مەولەوی و مەلانەزیری تەوێڵەیی.

هەروەها لەگۆڤاری کاروان (ژ ٣٦ل ١٤٥)دا دەڵێ: ژنی مەلانەزیر تەوێڵەیی، ناوی فاتمەیە خوشکی محەمەد سەرگەتییە، ئایا بەمەوە مەلانەزیر دووژنی بووە یائەمە سێهەمیانە؟!

(٧١) - لەبنەماڵەی زانیاران (ل ٤٢٨) و علماؤنا في خدمة العلم والدين ص (٢٤٥- ٢٤٦) هەروەها لەپیاو ماقوڵانی تەوێڵەو کەسانی نزیکی ماموستا وەك حاجی سەید عەبدوڕەحمان و حاجی عەبدوڕەحمانی حاجی محەمەدو ماموستا دڵشادی کوڕەزای سودم وەرگرتووە.

(٧٢) - بۆ ژیانی ئەم ناودارە سودم وەرگرتووە لەبنەماڵەی زانیاران ل ٤٣٠- هەروەها مەلا حەمەئەمین مەلا عەبدوڵاو مەلا عومەری مەلا صابرو کاك عەلی ئەحمەدی عەبدوڵای کوڕەزای ناوبراو.

(٧٣) - مەلا حەمەئەمین کوڕی مەلا عەبدوڵڵای مەلا جەلیل و مەلا عەبدولکەریمی مەلائەحمەدی قازی دەڵێن: بنەماڵەی مەلاسەلام دەچنەوە سەر شێخ شەهابەدینی دزاوەری‌وە مەلا عەبدولکەریم دەڵێ: ئەم شێخ شەهابەدینە کوڕی شێخ ڕەزیەدینەو دەچێتەوە سەر شێخ حەسەنی شازلی..

(٧٤) - لەبنەماڵەی زانیاران دا ل ٤٣١ مەلاعەبدە بەمەلا عەبدولباری هاتووە نەك مەلا عەبدوالله، هەرسێکی‌یان پێ وتووە.

(٧٥) - بۆسالی، تەمەنەکەی‌و لەدایك بوونی لەکاك عەلی ئەحمەدی کوڕەزای وەرم گرت.

(٧٦) - سود لەهەرسێ کوڕەزای- مەلاعەبدوالله (حافظ و عەبدوڕەحمان و طاهر)وەرگیراوە.

(٧٧) - مەلا کامیلی کوڕی حاجی مامۆستا دەڵێ: لەکۆڵەکەیەکی مزگەوتی باساکا نوسرابوو (مەلا عەبدولحەمیدی مەلا عەبدوالله‌و مەلا حەمەمین کەناسراوە بەحاجی مامۆستاو عەبدوڕەحیم مەحمود) لەساڵی (١٣١٧ك) لەدایك بوون.

(٧٨) - بۆئەم بنەماڵە سودم وەرگرتووە لە مەلاحەمە ئەمین و مەلا ئیسماعیل و مامۆستا مەحیەدین حاجی سەلیم.

دەڵێن: مەلا عەبدولخالق مەلا عەبدولمەجید باپیرەی مەزهەری خالقی گۆرانی بێژە- مامۆستا محەمەدی حاجی نادر وتی خۆم گوێم لە مەزهەر بووە لەڕادیۆی دەنگی ئەمریکا قسەی کردو خۆی وتی ئێمە ئەصڵ خەڵکی تەوێڵەین، هاتووینەتە ئێران دانیشتووین.

مامۆستا مەلا حەمەئەمین وتی بەڵێ ئێمە (مەلا عەبدولخالق)مان بووە چووە بۆ ئێران و لەوێ ماوەتەوە.

دەروێش لەتیف وتی: من خۆم باوکی مەزهەرم بینیووە هاتووەتە تەوێڵەو تەنانەت هاتبوودادوای بەشی خۆی کرد.

(٧٩) یادی مەردان - ل (٢٧)

(٨٠) بەڕێز (م. ماجد عارف محەمەد)ئەم درەختی بنەماڵەیەی بۆهێناوم زۆرسوپاسی دەکەم.

(٨١) - بۆژیانی سودم وەرگرتووە لەمانەی خوارەوە:

یەکەم درێژی- لەیادی مەردان- مەلاعەبدولکەریم- ل (٢١)، بۆشعرەکەی مەولەوی، لەدیوانەکەی مەولەوی- کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی مەلای عەبدولکەریم- ل (٣٦٧) ئەویتریشی لەم بەڕێزانە وەرم گرتووە: وەستا محەمەد وەستا حەمەصالح، هادی حاجی ئایزەی حەبیب، دەروێش لەتیفی وەستا محەمەد.

(٨٢) - بۆژیانی شێخ حەیدەر سودم لە (علماؤنا في خدمة العلم والدين ص (١٨٠) وەرگرتووە.

(٨٣) – لە (علماؤنا)واهاتووە. ئەگەر ئەمە ڕاست بێ لە (١١٦٥ك)لەدایك بوبێت و لە (١٣٥٣ك)مردبێت واتە تەمەنی (١٨٨)ساڵە، کەدوورە لەقەناعەتەوە.

(٨٤) – بۆژیانی مەلاعەبدوالله سودم وەرگرتووە لە گۆڤاری کاروان ساڵی سێهەم ژمارە ٢٩، شباطی ١٩٨٥ نوسینێکی محەمەد عەلی قەرەداغی. هەروەها مقابەلەیەکی مەلامارفی کوڕی کەخۆم (عەبدولڕەزاق)کردوومە.

(٨٥) – سەیری بنەماڵەی زانیاران ل (٤٩٦- ٥٠٧)بکە دەربارەی ژیانی بنەماڵەی مەلا ئەبوبەکری موصەنیف..

لەبارەی ژیانی سەید حەسەنی چۆرییەوە دەڵێت:

کوڕی سەید ئیبراهیمی کوڕە سەید عەبدوڕەحمانی کوڕی سەید ئیبراهیمی کوڕی سەید عەبدولغەفاری کوڕی سەید ئیبراهیمی کوڕی مەلاعەبدولکەریمی کوڕی مەلا ئەبوبەکری موصەنیفە لەنێوان ساڵانی (١٢٥٥ك- ١٣٢١ك. هەروەها باس لەوەدەکات و دەڵێ: لەسەر (ریاضیات و فەلەکیات و حیساب و شتیتر).. نوسراوو پەڕاوێزی زۆری لەسەر ئەو پەڕاوێزانەی لەسەر ئەم زانستانە نوسراون.

(٨٦) – بۆژیان و بنەماڵەی مەلاصادقی تەوێڵە سودمان لەمانەی خوارەوە وەرگرتووە:

– زیندەگینامەی عەللامەی دەهر – حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی – ل ٣٧ – یەحیا مەظهەری.

– یادی مەردان –ل (٣٦٣) – پێشەکی دیوانی مەولەوی.

– بنەماڵەی زانیاران –ل (١٩٣).

– چاوپێکەوتنێك لەگەڵ صەفیەخانی مەلاصادق، خێزانی حاجی مستەفای حاجی حەمەصاڵح.

– چاوپێکەوتنێك لەگەڵ خەدیجەخانی خێزانی مەلاسەلیم.

– نوسراوێکی دەستخەتی کاك بەهائەدین مەلاسەلیم کەوەڵامی چەند پرسیارێك بوون کەلێ‌کرابوون لەگەڵ کاك حسێنی برایدا وەڵامیان دابوویەوە.

– هەروەها چەند ناودارێکی تەوێڵە وەك: بەڕێزان محەمەی حاجی مەحەصاڵح، محەمەدی سان ئەحمەد، حاجی محەمەدی ڕەحمان، مەلاکامیلی حاجی مامۆستا، دەروێش لەتیفی وەستا محەمەد...تاد.

(٨٧) – بۆژیانی فەقێ عەلی سودم وەرگرتووەلە:

– وەستا صادق غەندی.

– حەلیمەی صۆفی حەمەکەریم خێزانی حاجی ئەحمەدی حاجی محەمەد.

– هەروەها بەقسەی دەورێش لەتیفی وەستا محەمەد ئەم فەقێ عەلی‌یە نۆدشی‌یەو هاتووە بۆ تەوێڵە دانیشتووە، چونکە موریدی شێخانی تەوێڵە بووە.

خوێندەواری و زانست لە تەوێڵە

- خوێندنگاکانی بیارە و تەوێڵە ئەزهەرێکی بچوک بوون
- دەستخەتەکان
- تێڕامانێك
- خوێندن لە تەوێڵە پێش کردنەوەی قوتابخانە!
- قوتابخانەی تەوێڵە.. چۆن و کەی کرایەوە؟
- یادێکی مامۆستا گۆران
- ناوی قوتابیانی قوتابخانەی تەوێڵە لەشەش ساڵی یەکەم دا.
- وکەلای موعەللمین
- لە بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان
- مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری
- قوتابخانەی سەرەتایی کچان
- قوتابخانەی ناوەندی تەوێڵەی کوڕان
- ناوی یەکەم وەجبەی قوتابیانی قوتابخانەی ناوەندی تەوێڵەی کوڕان
- بینای قوتابخانەکانی تەوێڵە
- کشانەوەی مەکتەب و دەزگاکانی میری لە تەوێڵەدا
- چەند زانیاری یەك لەسەر قوتابخانەکانی تەوێڵە
- ناوی ئەو تەوێڵەیی‌یانەی تاساڵی(١٩٨١) بوونەتە مامۆستا
- ناوی خزمەت گوزارەکانی تەوێڵە تاساڵی(١٩٨١)
- ناوی مامۆستایانی سەرەتایی لەنێوان ساڵەکانی (١٩٩٢- ٢٠٠٣)
- ناوی کارمەندانی ناوەندی لەساڵەکانی (١٩٩٢- ٢٠٠٣)
- مامۆستا شێخ صەفائەدین
- مامۆستا ئیسماعیل
- مامۆستا هۆشمەن
- پەرتوکخانەی تەوێڵە
- پەراوێزەکان

خوێندەواری و زانست لە تەوێڵە

لەسەربوردێکی هەورامان دا، ئاماژەمان بەخوێندن و نوسین کرد لەهەورامانـدا، تەوێڵەش وەك ناوچەیەکی هەورامان بێبەش نەبووە لەوە. هەروەها وەك ناوچەکانی تری کوردستان خوێندن و زانست لە حوجرەی مزگەوت وخانەقاکانەوە سەری هەڵداوە.

بیارە و تەوێڵە ئەزهەرێکی بچوك بوون:

حوجرە و خانەقاکانی هەورامان بەگشتی، پەیوەندیەکی بەهێزیان هەبووە بەیەکەوە، بەتایبەت ئەوانەی بیارە و تەوێڵە، هەم لەبەر نزیکیان لەیەکەوە هەم لەبەر ئەوەی کەسەرپەرشتی کارەکان، یایەك بنەماڵە بوون، وەك بنەماڵەی شێخ عوسمان سراجەدین، یاخود مودەڕیسەکان خزمایەتی‌و هاوڕێیەتیەکیان هەبووە بەیەکەو.. ئەمە بووەتە هۆی ئەوە کە لەباسکردنی حوجرەو خانەقای تەوێڵەدا دەبێت ئاماژەیەکیش بۆ بیارە بکرێت، سەرەڕای ئەوەش هەردووکیان کەخوێندنگای پەروەردەیی‌و زانستی بوون، بەواتایەکی‌تر مەدرەسەی شەریعەتی‌و تەریقەتی بوون.

مامۆستا جەمال بابان دەڵێ:

(هەر لەزووەوە تەوێڵە و بیارە، مەڵبەندی زاست و ڕۆشنبیری بوون، لەگەڵ چەندەها ئاوایی تری کوردستان، کە ڕۆژ بەڕۆژ لە برەودا بوون.[1])

مامۆستا مەلا عەبدولکەریم، دەربارەی خوێندنگای بیارە کە شێخ عومەر ضیائەدین کوڕی شێخ عوسمان سراجەدینی تەوێڵەیی سەرپەرشتی کردوە، دەڵێ: بەکورتی خوێندگای بیارە دیمەنێکی بچکۆلەی (جامع الازهر)ی میصر بووە، لە کوردستانداو، شانی داوە لە شانی ئەو، لە بڵاوکردنەوەی زانستی‌و لە خواترسیدا، بنکەیەکی تیشکدەر و ڕووناك کەرەوەی وڵات بووەو ئێستەیش هەرکەس لەم وڵاتەدا زانابێ‌و خزمەتی دین بکا، بێگومان پەیوەندی- نزیك یادووری- بەو خوێندگاوە هەیە.[2] لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

گەڵێ جار ژمارەی تەلەبە ئەگەیشتە هەشتا نەوەد کەس، کەیەك ئەکەوتن نزیکی پەنجا کەس لە تەلەبەی تێگەیشتوو، ئیجازەیان وەرگرت و بەم شێوە ئیرشادو دەرس وتنەوەو خزمەتی دین، چوو بەڕێوەو موسڵمانان، سودی زۆریان وەرگرت [3]

لەبارەی تەوێڵەشەوە دەڵێت:

خانەقای تەوێڵە هەمیشە پڕبووە لە پیاوی خاوەن دڵ و زانست و، کەسانی ڕۆح پەروەر، لەسەردەمی شێخ محەمەد بەهائەدین هەرگیز کەسانی پایەبەرزی وەك مەلاحامدی کاتب و مەولەوی‌و حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی‌و مەلاعەلی تاڵشی و شێخ عەبدوڕەحمانی قەرەداغی‌و حاجی شێخ ئەمینی خاڵی لێنەبڕاوە.[٤]

ئەوەی شایەنی باسە:

ئەم خانەقایە، جگە لەوەی کە مەڵبەندێکی گەورەی زیکرو خواپەرستی‌و کۆڕی صۆفیان بووە، لە ولاشەوە ناوەندێکی بڵاوکردنەوەی زانست و ئەدەب و هونەر بووە. ئەو هەموو خەلیفەو موریدانە زۆربەی زۆریان خوێندەواری باشیان بووە، هەر لەوێ لە پاڵ تەریقەتدا، شەریعەتیان خوێندووە. بۆ نمونە: لە کۆتایی چلەکاندا زانایەکی ناوچەکە (مەلا محەمەدی مەلابەهائەدین) ئیمام و مودەڕیسی خانەقای تەوێڵە دەبێت، فەقێیەکی زۆری لەدەوردا کۆدەبێتەوە و یەکێك لەو فەقێیانە، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، دەبێت.

بەم شێوە: خوێندگای تەوێڵە و بیارە لە خوێندگا باڵاکانی کوردستان بوون و ڕۆڵێکی گرنگیان لەم بارەوە بینیووە، هەربۆیەش وەفاداران، دەڵێن: هەموومان قەرزار باری ئەو حوجرانەی بیارە و تەوێڵەین.[٥] چونکە ئەزهەرێکی بچوك بوون لەکوردستان دا.

دەستخەتەکان:

مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی، لەپەڕاوی بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد- لەڕێگەی دەسخەتەکانیانەوە-[٦]

باس لە (٢٤١) مەدرەسە دەکات کە ناویان هاتووەو، کەلە کوردستاندا بوون، هەروەها لە بارەی تەوێڵەوە، لە سەر ئەو دەستخەتەی کەخاوەنەکەی مامۆستایەکی نەناسراوە دەڵێ:

(... لایەنێکی دیکەی جێگەی بایەخ بێ لەم دەستخەتەدا ئەوەیە کە دەردەکەوێ، شارۆچکەی تەوێڵە، لە کۆندا- نزیکەی(٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر شارێکی گەورەو، جێگەیەکی دیارو، خوێندگای باڵای کوردستان بووە، وەك لە مێژووی نووسینەوەی دەستخەتەکەوە کە (٩٨٣ك)یە بۆمان دەردەکەوێ. لەباسی دەسخەتەکەدا دەڵێ:

ئەم دەسخەتە لە (دار صدام للمخطوطات)دا بەژمارە (١٩٣٦٣) پارێزراوە، (٢٨٦) لاپەڕەیە، لاپەڕەی نزیکەی(١٧) دێڕی تێدایە، پێوانەکەی (١٤ * ١٠)ە یە تێکڕا (١٤) کتێب و نامیلکە و پارچە شیعری تێدایە.[٧]

هەر لەم کتێبەدا ناوی(٤) مەدرەسە هاتووە بەم شێوەیە:[٨]

- مەدرەسەی گوندی تەوێڵە لە ساڵی (٩٨٣ك) لە تەوێڵەدا بووە ژمارەکەی لە (دار صدام للمخطوطات(١٩٣٦٣)یە.
- مەدرەسەی گوندی تەوێڵە لە ساڵی(١١٠٧ك) ژمارەکەی لە(دارصدام للمخطوطات) (١٢٧٠٢)ە
- مەدرەسەی گوندی تەوێڵە لە ساڵی(١٢٩٠ك) ژمارەکەی لە (دارصدام للمطوطات)(١٦٦٥٣).
- مەدرەسەی باساکی لە تەوێڵە لە ساڵی(١٣١٤ك) ژمارەکەی لە (دارصدام للمخطوطات) (٢١١٩٤)[٩]
- هەروەها لە گەڵ شوێنی تر باسی ئەو دەستخەت و مەدرەسانەی دەکات ئێمەش لەم پەڕاوەدا لە چەند شوێنێکی تردا ئاماژەمان بە هەندێکیان کردوە.

تێڕامانێك:

سەرەڕای ئەمەی کە وتمان، گەر تێڕامانێك بکەین دەتوانین بڵێین:

- لە گەڵ زۆری خوێندگاو حوجرەکانی تەوێڵەدا، مێژوویەکی کۆنیشیان هەیە.
- وەك چۆن مەڵبەندێك بووە، وەستای کارامە و لێهاتوی پیشەیی بەناوبانگی تیا کۆبوەتەوە، هەروەها مەڵبەندێکی زانست و ڕۆشنبیریش بووە، بۆیە:

باپیرە گەورەی شێخ عوسمان سراجەدین لەچیای حەمرینەوە و بنەماڵەی مەلا نەزیر لە دەوروبەری سنەوەو فەقێ ئەحمەدی غەزایی لە بەغداوە و سەید قوطبەدین لە کەلجی‌یەوەو مەلاحامدی کاتب لە بێسارانەوە و مەلا عەبدوڵڵەی مەریوانی لە مەریوانەوەو... هتد. دێنە تەوێڵە و تیایدا نیشتەجێ دەبن، پێش هاتنی ئەمان هەر خۆی ناوەندێکی زانست بووە و خەڵکەکەشی ئامادەیی هەبووە بۆ وەرگرتنی زانست.

- هەروەها.. کردنەوەی قوتابخانە، لەسەردەمی دەوڵەتی مەلیکیدا پێش زۆرێك لە شارو شارۆچکەو گوندەکانی پارێزگای سلێمانی کەوتووە، ئەمەش بۆ خۆی شتێکە.

- کاتێك کە قوتابخانەی تەوێڵە بۆ یەکەم جار دەکرێتەوە مامۆستا گۆران لیژنەیەك پێك دەهێنێ لەو مامۆستایانەی کەلە مزگەوتەکاندا وانەیان وتووە بە منالان- کەهەندێك لە قوتابییەکان کەئاستی خوێندنیان بەرزتر بووە لە پۆلی یەك، خرانە پۆلی دووەمەوە. ئەمانە هەمووی دەری دەخەن کە:

تەوێڵە لەزووەوە ناوەندێکی خوێندەواریو زانست بووە، خۆی مێژوویەکی لەم بارەوە دروست کردووە و هەیەتی.

خوێندن لە تەوێڵە پێش کردنەوی قوتابخانە:

(خيركم من تعلم القران وعلمه)

لەروانگەی ئەم فەرموودەوە، لە تەوێڵەدا چەند مامۆستایەك – لەپیاوان و لە ئافرەتان- هەبوون، گرنگیان داوەتە منالان و وانەی قورئانیان پێ وتونەتەوە، منالانیان فێری نوسین وخوێندنەوەیان کردوون.

ئەمەش پێش ئەوەی قوتابخانە بکرێتەوە لە تەوێڵە و دوای کردنەوەیشی هەر گرنگیان پێ داون. قوتابیش بووە لە هەردوکی خوێندویەتی. لەومامۆستایانەی کەلە حوجرەو خوێندگاکان، وەك مەلایەك، فەقێی بووەو خزمەتی کردوە، زۆر بوون و لە ژیاننامەکەیان دا زۆریان ئاماژەمان پێ کردوون هەندێکی تریشیان کە گرنگییان زۆر داوە بەم بوارە، کە بریتی بوون لەمانەی خوارەوەن:

- مامۆستا(مەلا محەمەد کوڕی مەلا حامد، مەلا عەبدلئەحەد، مەلا عەبدوللەی مالێدەر، مەلاعەبدوالحەمید، مەلا ئەحمەدی قازی، مەلاعەبدوللەی مەلاجەلیل، مەلاحەبیبەاللە، مەلاحافظ، باباحاجی، سەیدتەها، مەلا عەبدورەحمانی مەلا عەبدواللە، مەلاجەمیل مەلاعەبدولئەحەد، مەلاسەید عەبدورەحمان و مەلاسەید ڕەشاد..تاد) [١٠]

ئەوەی شایانی باس بێت ئافرەتی تەوێڵە زۆریان خوێندەواریان بووە. زۆریشیان کچانیان فێری قورئان خوێند کردووە، لەو ئافرەتانە:

١- خاتوو عومەرێ کچی شێخ سراجەدین، خێزانی سەیدحەمەئەمین، دایکی سەیفەتحە. کەلەزۆر شوێن موریدو مەنسوبی بووە بە تایبەت لە نۆدشە.

٢- خاتوو عائیشە کچی شێخ سراجەدین، خێزانی مەلانەزیری گەورە.

٣- خاتوو زارا کچی حاجی مەحیەدین، کچەزای شێخ سراجەدین، خێزانی مەلا صەلاحەدین کوڕی مەلا غیاثەدین.

٤- خاتوو ئاسمای کچی شێخ عەلی سەرگەت کە زاوای شێخ سراجەدین بووەو خێزانی (عەبدولمەتین) بووە، کە دووکوڕی لێ بووە پاشان شووی کردووە بە(مەلاموعینە دین).

٥- خاتوو ڕەعنا کچی سەیفەتحە، خێزانی مەلانظام.

٦- خاتوو سەلما کچی مەلاعەبدە، خێزانی مەلاعەبدوالڵەی مەلاجەلیل.

٧- خاتوو خەدیجەی کچی مەلاعەبدوالڵەی مەلاجەلیل، خێزانی حاجی سەلیم.[١١]

٨- خاتوو ئامینەی کچی مەلاعەبدوالڵەی مەلاجەلیل، خێزانی مەلا حەسەن.

٩- خاتوو فاطمەی کچی مەلاعەبدوالڵەی مەلاجەلیل، خێزانی مەلاعەبدەی مەلاعەبدولحەمید.

١٠- خاتوو لەیلێ کچی ڕەحمان ئیبراهیم، خێزانی وەستا عەلی دایکی وەستا عەبدولعەزیز پاشان شووی کرد بەمەلا حەبیبوالڵە وە بوو بەخەلیفەی شێخ حیسامەدین. نزیەی ٤٠ قوتابی کوڕو کچی بووە.

١١- خاتوو عائیشە کچی عەبدوڕەحمان محەمەد ئەمین کە خێزانی مەلاحەمە عارف بووە دایکی مەلاکامل.

١٢- خاتوو ڕابیعە کچی عەبدوڕەحمان محەمەد ئەمین، خێزانی مەلامحەمەد مەلابەهائەدین- دایکی مامۆستا صەلاحەدین.

١٣- خاتوو عائیشەی کاکە شێخ ژنی حەمەسەعید شێخ ڕەشید عەبابەیلێ.

١٤- خاتووڕەحمەی کچی مەلاحەبیبەالله خێزانی مەلاعەبدولئەحەد.

١٥- خاتووشەمسەی اللەوەیس خێزانی حاجی سەیدمحەمەد.

١٦- خاتوو خدیجەی کچی حەکیم، خێزانی مەهدی حاجی ئایزە.

١٧- خاتوو سوراحی عەلی محەمەد نەصروالله خێزانی نادر خاڵخاس، دایکی م. حەمەڕەشید.

١٨- خاتوو حەفصە نەجیبە فەندی، خێزانی سەعید میرزا عەبدولقادر.

زۆرێکی تریش...[١٢]
کەوابوو: پێش ئەوەی قوتابخانە لە تەوێڵە بکرێتەوە:
١- مزگەوتی گەورە و باساکاو خانەقا و قاپی شێخ، حوجرە و خوێندگابوون.
٢- کۆمەڵێك زانا و مامۆستا لە پیاو و لە ژن، جگەلە حوجرەکان،ماڵەکانیان کردووەتە خوێندگا بۆمناڵان.
٣- دایکان و خوشکان شان بەشانی باوکان و برایان، گرنگیيان داوە بەخوێندن وخوێندەواری، ئەوەتا ئەوەندە ئافرەتی مامۆستا بوون کومسایی خوێندنی کچانیان کردوە.
٤- کۆمەڵێك منالْ بوون کە قورئان و هەندێك کتێبی فارسیان خوێندووە، کەبۆ یەکەم جار قوتابخانە دانراوە، ئامادەیی‌یان هەبووە لەسەرووی پۆلی یەکەوە دابنرێن وەداش نراون.

قوتابخانەی تەوێڵە.. چۆن و کەی کرایەوە؟!

لەبەر ئەوەی تەوێڵە ناوبانگێکی هەبوو، بەبۆنەی ئەو حوجرەو مزگەوت وخانەقایانەوە، جگە لەوەش خەڵکەکەی ئامادەیی‌یان هەبوو، بۆ وەرگرتنی زانست، وەژمارەی دانیشتوانیشی زۆربوو... بۆیە لە ساڵی (١٩٢٨)دا بەهەوڵ و تێکۆشانی خەڵکەکەو شێخ حیسامەدین و بەتایبەت فەرمانڕەوای ئەوکاتەی تەوێڵە -قادربەگ- قوتابخانە لە تەوێڵە دەکرێتەوە.

ئالێرەدا هەقی خۆیەتی کەهەوڵ تێکۆشانی قادربەگ بخەینە ڕوو کەڕۆڵی سەرەکی بینیوە لەکردنەوەی ئەم قوتابخانەدا.

١- چەندجار پەیوەندی کردووە بەحامیدبەگەوە کەلەو کاتەدا قائیمقامی هەڵەبجە بووە، تاوەکو لە ساڵی(١٩٢٨) قوتابخانەیەك دەردەچێت بۆ لیوای سلێمانی، جابەهەوڵی ئەم دوانەو هۆیەکانی تر کەباسمان کردن قوتابخانە لە تەوێڵە دەکرێتەوە. لەلیوای سلێمانی، دوای سلێمانی‌و هەڵەبجە دەبێتە سێهەم قوتابخانە.[١٣]

ئەو کاتە (مستەفا مەزهەر) بەڕێوە بەری مەعاریف بووەو لە کەرکوك دانیشتووە، خۆی هاتووە بۆ کردنەوەکەی.[١٤]

٢- بینای قوتابخانەکە، هی قادربەگ خۆی بووە، بەخشیویەتی‌و کراوە بەقوتابخانە.

٣- قادربەگ هەوڵی داوە مامۆستایەکی چاك و باش و زیرەك بهێنێت كە ئەویش مامۆستا عەبدوللاّبەگی سلێمان بەگ ناسراو بە- گۆرانی شاعیر- بووە. کەلەو کاتەدا مامۆستا بووە لە هەڵەبجەو دەگوازرێتەوە بۆ تەوێڵە.

٤- قادربەگ لە دیواخانەکەی خۆی‌دا خزمەتێکی زۆری مامۆستا گۆرانی کردووەو پێداویستی بۆ دابین کردووە.

٥- قادربەگ چونکە نرخی زانست وخوێندەواری زانیووە، لەپێش هەموو کەسێکدا منالەکانی خۆیو کەس و کاری ناردوە بۆ قوتابخانە، تاوەکو بەشێوەیەکی عەمەلی هانی منالانی تر بدات کەبچن بۆ قوتابخانە. هەروەها کاتێکیش قوتابخانەی کچانیش دەکرێتەوە کچەکانی خۆیو براکەی، لەپێشەوە دەنێرێ.[١٥]

٦- قادربەگ خۆی زۆر سەردانی قوتابخانەکەی کردووە بۆ پاك وخاوێنی قوتابخانەکەو قوتابی، پرسیویەتیەوە بۆ کەم و کوڕیو پێداویستیەکانی.

٧- هەموو ئێوارەیەکی‌پێنج شەمە لەدوای دەوام لەگەڵ مامۆستا گۆران دا قوتابیەکانیان ڕاهێناوە لەسەر چەك و بەکارهێنانی.

یادێکی مامۆستا گۆران[١٦]

ناوی عەبدوللەبەگی کوڕی سلێمان بەگی کوڕی عەبدوللەبەگە، لەبەگزادەکانی میران بەگی ناوچەی مەریوانە. عەبدوللە بەگی باپیری ڕوو دەکاتە هەڵەبجەو تیایدا نیشتەجێ دەبێ. لە ساڵی(١٩٠٤) لەهەڵەبجە لەدایك دەبێ، سەرەتا لای باوکی دەست دەکات بەقورئان خوێندن وپاشان لە مزگەوتی پاشای هەڵەبجە بووە بە فەقێ.. دوایی دەچێتە قوتابخانەی سەرەتایی لە هەڵەبجەو تاپۆلی چوار تەواو دەکات پاشان دەچێتە قوتابخانەی عیلمیەی کەرکوك. لەساڵی(١٩١٩)دا بەبۆنەی ئەو بارودۆخەی کەروو دەدات بەهۆی ئینگلیزەوە هەڵەبجە چۆڵ دەکرێت و ڕوو دەکەنە هەورامان، ماڵی باوکی گۆرانیش لەبەهاری ئەو ساڵەوە تاپاییز ڕوو دەکەنە چەمی بیارە و لەوێ لە باخێکدا هەوار دەخەن.

- گۆران بۆ یەکەم جار لەساڵی(١٩٢٥)دا بە مامۆستایی لە هەڵەبجە دامەزراوەو لە ساڵی(١٩٢٨) گوازراوەتەوە بۆ تەوێڵە. ماوەیەك گوازراوەتەوە بۆ دائیرەی ئەشغاڵ و چەند جارێکیش گیراوە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە و زیندانی کراوە.

- سەردانی زۆر وڵاتی کردووە وەك سۆڤیەت، چین، کۆریا، لوبنان،..

- سەرپەرشتیو بەشداری زۆر گۆڤار و ڕۆژنامەی کردووەو، ئەندامی دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی ئازادی بووە.
- لە (١٨/١١/١٩٦٢) بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی دەکات.

مامۆستا گۆران لەلایەن خەڵکی تەوێڵەوە ڕێزێکی زۆری لێگیراوەو جوانیو ڕەنگینی سروشتی ناوچەکەش کاریگەری زۆری لەسەر بووە، گەشتی هەورامانیش هەرچەندە دواتر نوسیویەتی، بەڵام هەرئەم مانەوەی لە تەوێڵەدا وێناکەی لەمێشکدا بۆنەخشاندووە.. لەسروشتی تەوێڵەدا ئاماژەمان بۆ کردووە. مامۆستا لەسەر زمانی زارۆکانی تەوێڵە ئەم چەند دێڕە شیعرەی بە هەورامی بۆ نووسیون.

زارۆڵەو مەعصوم بی گوناهینمی — ئیسلام زادینمی ئیسلام خواهینمی
عەزمما جەزما پەی وەنەو عیرفان — عیرفانا، وەحشی کەرو بەئینسان
ساخوا تەوفیق، تەوفیق هەرجەتۆن — تەوفیقما بدەی پەی وەنەو عیرفان[١٧]

وەک دەگێڕنەوە:

یەکەم ساڵ دراسەی قوتابیەکان بە فارسیو عەرەبی بووەو بەرەبەرە مامۆستا گۆران قوتابیەکانی فێری کوردی کردوون.

ناوی قوتابیانی قوتابخانەی تەوێڵە لەشەش ساڵی یەکەم دا[١٨]

ز	ناوی قوتابی	لەدایک بوون	بەرواری وەرگرتنی	لە چ پۆلێک دانراوە	ئەنجام	چی بەسەر هاتوە	تێبینی
١	مجید غفار بەگ	١٩٢٣	١٩٢٨/١٠/١٤	یەکەم	ناجح		لە ژمارە (١) وە تا ژمارە (١٨) یەکەم ساڵ ڕۆیشتون بۆ قوتابخانە لە پۆلی یەکدا دەوامیان کردووە.
٢	سەعدیبەگ عبدالقادربەگ	١٩٢٣	١٩٢٨/١٠/١٤	یەکەم	ناجح		
٣	سعید محمد ڕشیدئاغا	١٩٢٠	١٩٢٨/١٠/١٤	یەکەم	ناجح	٢٠٠٠/١٢/٥ مردووە	
٤	محمد حاجی عبدالله	١٩٢٠	١٩٢٨/١٠/١٤	یەکەم	ناجح		
٥	عبدالرحمان عزیز	١٩٢٢	١٩٢٨/١٠/١٤	یەکەم	ڕاسب		
٦	عزت عبداللەبەگ مەحمود خان دزلی	١٩٢٤	١٩٢٨/١٠/١٤	یەکەم	ڕاسب		
٧	مهدی عزیز حبیب	١٩٢١			ناجح		
٨	فاتح غەفاربەگ	١٩٢٤	١٩٢٨/١٠/١٤	یەکەم	ڕاسب	١٩٧٤ مردووە	
٩	عزت حمە سعید	١٩٢٣	١٩٢٨/١٠/١٤	یەکەم	ڕاسب	٩٢/٨/١٢	
١٠	باباعەلی مەلاعبداللەی مەریوانی	١٩٢٢	١٩٢٨/١٠/١٤	یەکەم	ناجح	بەمناڵی مردوە	
١١	جمال وەستا سعید	١٩٢٢	١٩٢٨/١٠/١٥	یەکەم	ناجح		
١٢	محمد رؤوف خواجە هومر	١٩١٩	١٩٢٨/١٠/١٥	یەکەم	ناجح	٩٥/٥/٢٥ مردووە	
١٣	حمە غریب خواجە هومر	١٩٢٣	١٩٢٨/١٠/١٥	یەکەم	ڕاسب		

ژ	ناوی قوتابی	لەدایک بوون	بەرواری وەرگرتنی	لە چ پۆلێک دانراوە	ئەنجام	چی بەسەر هاتوە	تێبینی
١٤	ئەنوەر مەحمود محمود	١٩٢٢	١٩٢٨/١٠/١٥	یەکەم	–		
١٥	محمد سعید محمد کریم	١٩٢٠	١٩٢٨/١٠/١٦	یەکەم	تەرکی کردوە		
١٦	صابر حمە یوسف	١٩٢٤	١٩٢٨/١٠/١٦	یەکەم	غائب		
١٧	عثمان کەیخەسرەو	١٩٢٢	١٩٢٨/١٠/١٦	یەکەم	ڕاسب		
١٨	نافع عزیز حبیب	١٩٢٣	١٩٢٨/١٠/١٤	یەکەم	ڕاسب		
١٩	حسن محمد سلیم	١٩١٨	١٩٢٨/١٠/١٤	دووەم	غائب	٧٧/٥/٢ مردووە	لە ناوی ژمارە (١٩)ەوە تا ناوی ژمارە (٣١)یەکەم ساڵ کە چوون بۆ قوتابخانە لە پۆلی دووەم دا دانراون
٢٠	کریم خواجە احمد	١٩٢١	١٩٢٨/١٠/١٤	دووەم	ڕاسب	٨٩/٧/١٨ مردووە	
٢١	کریم محمد سعید	١٩٢٠	١٩٢٨/١٠/١٤	دووەم	ڕاسب		
٢٢	ڕووف حمەباقی(عبدلباقی)	١٩١٩	١٩٢٨/١٠/١٤	دووەم	ناجح		
٢٣	عبداللە عەلی (علیان)	١٩١٨	١٩٢٨/١٠/١٤	دووەم	ڕاسب		
٢٤	محمد حاجی محمد رحیم	١٩١٨	١٩٢٨/١٠/١٤	دووەم	ناجح		
٢٥	محمد سعید مەلا عبداللە	١٩١٨	١٩٢٨/١٠/١٤	دووەم	ناجح- یەکەم ١٥٤ی هێناوە لە ١٦٠		
٢٦	حمە کرم حاجی عبدالوهاب	١٩٢٠	١٩٢٨/١٠/١٤	دووەم	ناجح		
٢٧	مصطفی فتاح	١٩١٩	١٩٢٨/١٠/١٤	دووەم	ناجح	٨٨/٣/١٦ مردووە	
٢٨	محمد سان احمد	١٩١٩	١٩٢٨/١٠/١٤	دووەم	ناجح	لەسلێمانیەو ماوە	
٢٩	ڕووف محمد امین	١٩١٧	١٩٢٨/١٠/١٤	دووەم	غائب		
٣٠	محمد وەستا محمد صاڵح	١٩١٨	١٩٢٨/١٠/١	دووەم	غائب	لەسلێمانیەو ماوە	
٣١	طاهر سان احمد	١٩٢١	١٩٢٨/١٠/١٦	دووەم	ناجح	٩٧/٤/٢٨ مردووە	
٣٢	محمد امین کاکە شێخ	١٩١٧	١٩٢٩	دووەم	ناجح		لە (٣٢)وەوە تا (٣٦)ساڵی دووەم چونەتە قوتابخانە دووانیان لەیەک دانراون سیانیشیان دەبرێنە پۆلی دووەم چونکە ئاستیان بووە
٣٣	صفاءالدین کاکە شێخ	١٩١٨	١٩٢٩	دووەم	ناجح		
٣٤	ڕووف شێخ مظهر	١٩١٦	١٩٢٩	دووەم	ناجح	لەهەڵەبجەیە	
٣٥	محمود کاکە شێخ	١٩٢٠	١٩٢٩	یەکەم	ناجح	لەسلێمانیە	
٣٦	عـزت خواجـە احمـد اسحاق	١٩١٦	١٩٢٩	یەکەم	ناجح	٨١/١/٣٠ مردووە	

٣٧	كريم شێخ مظهر	١٩١٩	١٩٣٠	یەکەم	ناجح		
٣٨	نادر عبدالعزيز	١٩١٨	١٩٣٠	یەکەم	ناجح		
٣٩	احمد عزيز	١٩١٨	١٩٣٠	یەکەم	- -		لە ساڵی سێهەمی قوتابخانە، ئەمانە تازە هاتوون خۆیان تۆمار کردووە
٤٠	محمود وەستا محمد	١٩٢٢	١٩٣٠	یەکەم	شەهادەی شەشی هێناوە	لە هەڵەبجەیە	
٤١	عەلی مەلا عابد	١٩٢٢	١٩٣٠	یەکەم	- -		

٤٢	محمد مەلا عبدالواحد	١٩١٩	١٩٣١	یەکەم	راسب		لە چوارەم ساڵی قوتابخانەدا لە ناوی ژ(٤٢)ەوە تا ناوی ژمارە (٦٦) وەر گیراوە
٤٣	محمد عەلی کوێخا احمد خەڵکی ئێران	١٩١٨	١٩٣١	دووەم	- -	نقلْ بوو	
٤٤	مصطفى شێخ مظهر	١٩٢٢	١٩٣١	یەکەم	راسب		
٤٥	حسن محمد (حمە هەیتەم)	١٩٢٣	١٩٣١	یەکەم	راسب		
٤٦	محمد حسن محمد امین	١٩٢٠	١٩٣١	یەکەم	ناجح	٩٩/٩/١٦ مردووە	
٤٧	عەبدوللە غەفاربەگ	١٩٢٥	١٩٣١	یەکەم	راسب	ماوە	
٤٨	عارف مەلامحمد امین	١٩٢٥	١٩٣١	یەکەم	راسب	ماوە	
٤٩	عبدالرحمان وەستا جعفر	١٩٢٠	١٩٣١	یەکەم	ناجح	٩٨/١/٤ مردووە	
٥٠	مصـطفى حـاجی فـرج حمـە حسین	١٩٢٥	١٩٣١	یەکەم	راسب	٩٨/٢/٤	
٥١	سەيد کریم سەيد محمد	١٩٢٣	١٩٣١	یەکەم	ناجح		
٥٢	سعید میرزا عبالقادر	١٩٢٥	١٩٣١	یەکەم	- -		
٥٣	نصرالله کیکاوس	١٩٢٥	١٩٣١	یەکەم	- -	٨٠/٢/٤ لەتەوێڵە مردووە	
٥٤	ڕەضا یار احمد	١٩٢٥	١٩٣١	یەکەم	- -	لە تەوێڵە	
٥٥	قادر محمد بەگ	١٩٢٥	١٩٣١	یەکەم	- -		
٥٦	هادی عزیز حبیب	١٩٢٤	١٩٣١	یەکەم	- -	ماوە لە تەوێڵەیە	
٥٧	نجم الدین فتاح	١٩٢٤	١٩٣١	یەکەم	- -	٠١/٢/٢٧ مردووە	
٥٨	فاضل میرزا حەمە صالح	١٩٢٥	١٩٣١	یەکەم	- -	٩٨/٢/١	
٥٩	عارف محمد سلێمان	١٩٢٤	١٩٣١	یەکەم	- -	لە پاوەیە	
٦٠	عەلی محمد حسین	١٩٢٤	١٩٣١ .	یەکەم	- -		
٦١	طاهر حبیب الله	١٩٢٥	١٩٣١	یەکەم	- -	٩٥/١٢/٣١ مردووە	
٦٢	جمیل عبدالاحد	١٩٢٥	١٩٣١	یەکەم	شەهادەی شەشی هێناوە	لە سلێمانیە	

٦٣	فائق محمود مارف	١٩٢٣	١٩٣١	یەکەم	– –		
٦٤	عبدالحکیم سەید احمد	١٩٢٠	١٩٣١	یەکەم	– –	٩٧/١/١٥ مردووە	
٦٥	محمد صالح وەیس	١٩٢٣	١٩٣١/١٠/١	یەکەم	– –		
٦٦	محمد حمە ڕەحیم	١٩٢٣	١٩٣١/١٠/١	یەکەم			

٦٧	دەروێش مەلا احمد	١٩٢٠	١٩٣٢/١٠/١	یەکەم	– –	سالی پێنجەم	سلێمانەیی/باوکی قوڵچی بووە
٦٨	عبدالله کاکە حمە	١٩٢٧	١٩٣٢/١٠/١	یەکەم	– –		سلێمانەیی/باوکی پۆلیس بووە
٦٩	محمد صالح عبدە	١٩٢٤	١٩٣٣/٩/٢٩	یەکەم	شەهادەی شەشی هێناوە	٩١/١٢/٢٧ مردووە	لەژمارە ٦٧ تا کۆتایی سالی شەشەم وەرگیراون
٠	عەلی وەستا حمە امین	١٩٢٥	١٩٣٣/٩/٢٩	یەکەم	– –	٩٩/١/٥ لەپاوە مردوە	
٧١	مصطفی نجیب افندی	١٩٢٦	١٩٣٣/١٠/١	یەکەم	– –		
٧٢	حمە کریم حاجی حمە امین	١٩٢٥	١٩٣٣/١٠/١	یەکەم	– –	٢/٢٥/ ١٩٩٤	
٧٣	حسین صوفی حسن اللەکرم	١٩٢٤	١٩٣٣/١٠/١	یەکەم	– –		
٧٤	عبدالله حاجی محمد	١٩٢٢	١٩٣٣/١٠/١	یەکەم			
٧٥	عبدالعزیز سیدعمر بەرزنجی	١٩٢٠	١٩٣٣/١٠/١٢	چوارەم	لە سلێمانیەوە نقلبوە	باوکی مدیری قوتابخانەی تەوێڵە بووە	
٧٦	اللەکرم حاجی توفیق	١٩٢٢	١٩٣٣/١٠/١	یەکەم	– –	لەسلێمانیە	
٧٧	عەلی نجیب افندی	١٩٢٣	١٩٣٣/١٠/١	یەکەم	– –		
٧٨	عبدالرحمن فتح الله ڕوستم	١٩٢٤	١٩٣٣/١٠/١	یەکەم	– –		چایچی
٧٩	محمد عوض	١٩٢٢	١٩٣٣/١٠/١	یەکەم	– –		
٨٠	محمد حاجی نادر	١٩٢٤	١٩٣٣/١٠/١	یەکەم	دەرچوە بۆ یەکی ناوەندی		
٨١	نصرالدین حمە سعید قادر	١٩٢٤	١٩٣٣/١٠/١	یەکەم	– –		
٨٢	محمد حاجی عبدالله	١٩٢١	١٩٣٣/١٠/١	یەکەم	– –		
٨٣	حمە شریف خواجە حسین	١٩٢٥	١٩٣٣/١٠/١	یەکەم		لەمەریوانە	
٨٤	محمد حمە سلیم	١٩٢١	١٩٣٣/١٠/١	یەکەم	– –		
٨٥	حامد وەستا عزیز	١٩٢٤	١٩٣٣/١١/١٣	یەکەم			

وکەلای موعەللمین:

وەکیل موعەلیم:

بەو مامۆستایە وتراوە، کەباوەڕنامەی خوێندنی تەواوکردنی نەبووە، بەکریێو بەدەمەکی وەك(موحاضر) نەك بەڕەسمی وانەیان وتووەتەوە. هەندێکیش بوون وەك خزمەت گوزار تەعین بوون، بەڵام وەك وەکیل موعلیم ڕۆڵی بینیووە. لەم جۆرە وەك: محەمەد مەعروف عەبدوڵلە ناسراو بە مەلامارفی مەلاعەبدوڵلەی مەریوانی و مامۆستا مەلاعەبدلئەحەد.

مامۆستا مارف خۆی دەڵێ:

کاتێك گۆران لە تەوێڵە مامۆستابوو، منیش دەچووم، هاوکاریم دەکردو، وانەی عەرەبیم دەوتەوە بە قوتابیان. هەروەها دوای دەوام مامۆستا گۆران-حیسابی بەمن دەوت و منیش فارسیم بەئەو دەوت.

لەساڵی (١٩٣٢)ش تەعین بووم ئەوکاتە شێخ عومەر عیرفان بەرزنجی بەرێوەبەر بوو، هادی عەلی ڕەضای کەرکوکیش مامۆستا بوو. ئەمەش یەك ساڵ بوو وازم لێ هێناو هاتمە سلێمانی... معاشی ئەو کاتەشم یەك دینار بوو.

مام(هادی حاجی عەزیز) دەڵێ:

مەلامارف بەخزمەتگوزار تەعین بوو مانگی بەیەك دینار بەڵام دەوری مامۆستای دەبینی. دوای ئەم مەلاعەبدولئەحەد ئاوا تەعین بوو، بەڵام خۆی وەك مامۆستایەك بوو ئیشەکەی (ئەحمەد ئیبراهیم) دەیکرد زۆری نەخایاند(ئەحمەد) خۆی بە(فەڕاش) تەعین بوو،(صاڵح مستەفا- ناسراو بە صاڵح قەیتە) بە پاسەوانی قوتابخانەکە تەعین کرا، دواتریش حەمە حەسەن خاتوونەش بە(فەڕاش) دامەزرا.

لەکۆتایی پەنجاکاندا چەند وکەلا موعەلمێکی تریش تەعین بوون لەقوتابخانەی تەوێڵە وەك:

(محەمەد حەمەڕەحیم، جەمیل عەبدولئەحەد، ئیسماعیل صدیق، تۆفیق ئەبوبەکر، حەمەخەریب حەمەڕەشید، محەمەد بەهائەدین صاحب، کامل حەمەعارف) لەدواییدا: دوانەکەی ئەخیر چوونە دەورەوەو بە ڕەسمی تەعین کران، بەڵام ئەوانی تر هەریەکەیان لەدائیرەیەك تەعین کران.

لە بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان:

قوتابخانەیەک مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٩٢٨)، دەبێت چەندەها ماموستای بەڕێزی بەڕێ کردبێت.. جالەو ماموستایانەش کەبوونەتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان ئەمانەی خوارەوە بوون:

- عەبدوالله سلێمان- گۆران- (١٩٢٨- ١٩٢٩)
- ئەحمەد فەخری- سلێمانەیی (١٩٣٠- ١٩٣٣)
- سەید عومەر عیرفان بەرزنجی(١٩٣٢-)هەر لەتەوێڵە کۆچی دوایی دەکات لەخانەقای تەوێڵە نێژراوە.
- عەبدولقادر بەصرایی (یەک ساڵ لە تەوێڵە بووە)
- عەزیز- باوکی هونەرمەند سمکۆ عەزیز.
- شێخ نوری شێخ ڕەضا- باوکی ماموستا ئاسۆ پارێزگاری سلێمانی
- محەمەد ئەمین کاکەشێخ- تەوێڵەیی (١٩٣٩/١٠/١- ١٩٤١)
- صەفائەدین کاکەشێخ- تەوێڵەیی (١٩٤١- ١٩٥٩)
- قوتبەدین زەینەدین نەجمەدین- (١٩٥٩- ماوەیەکی کەم پاشان قوتابخانەکە دەبێتە دوو دەوام بەناوی قوتابخانەی تەوێڵەو هەورامان
- ئیسماعیل حەمەیوسف- بەڕێوەبەری قوتابخانەی هەورامان (١٩٥٩- ١٩٦١)
- ئەحمەد عەلی صادق، بەڕێوەبەری قوتابخانەی هەورامان - (١٩٦١- ١٩٦٣)
- محەمەد نادر- بەڕێوەبەری قوتابخانەی تەوێڵە (١٩٥٩- ١٩٦٣) لەساڵی (١٩٦٣- ١٩٦٤) قوتابخانە داخرا کەدواتریش کرایەوە یەک دەوام بوو تاچەند ساڵێک.
- ئەحمەد عەلی صادق بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵە بوو(١٩٦٤- ١٩٦٧) دیسان لەوە بەدواوە کرایەوە بە دوو دەوام..
- ئیسماعیل محەمەد ڕەسوڵ- بەڕێوەبەری قوتابخانەی تەوێڵە (١٩٦٨/١٠/١٥- ١٩٨١/٩/١)
- ئەحمەد عەلی صادق- بەڕێوەبەری قوتابخانەیهەورامان (١٩٦٨- ١٩٦٩)
- حسێن محەمەد غەفور- بەڕێوەبەری قوتابخانەی هەورامان (١٩٦٩- ١٩٨١/٩/١) لەماوەی ساڵانی (١٩٨١- ١٩٩١) تەوێڵە چۆڵ بووە کەلەدوای

ڕاپەڕینەوە قوتابخانە کرایەوە دیسان بوویەوە بەیەك دەوام. بەناوی قوتابخانەی تەوێڵە.

- ئەیوب عەبدوڕەحمان (١٩٩١- ١٩٩٤)
- ئیسماعیل محەمەد کەریم (١٩٩٤- ١٩٩٦)
- کەریم محەمەد کەریم (١٩٩٦-)

مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری

لەساڵی (١٩٥٥)دا ئەم مەڵبەندە کرایەوەو دەوامەکەی لەئێواران دا بوو لەتەمەنی(١١)ساڵیەوە بۆ (٤٥) ساڵی وەردەگرت، لەپۆلی یەکەوە بۆ پۆلی شەشی تیاکرایەوە.

ماوەیەك م. شێخ صەفائەدین بەڕێوەبەری بوو، پاشان م. محەمەد نادر بووبە بەڕێوەبەر تاوەکوو ساڵی (١٩٦٣) دوای ئەوە داخرا بەهۆی بارودۆخی ناوچەکەوە.

لەساڵی (١٩٧٠) دوای بەیانی (١١)ی ئازار جارێکی تر کرایەوە، بەردەوام بوو تاوەکوو لەساڵی (١٩٧٩) کە نەهێشتنی نەخوێندەواری کرا بەئیلزامی زیاتر گرنگی پێدراو، بەشدار بوان تەواو زۆر بوون، دواتریش مەڵبەندی گەلیش کرایەوە، کەقوتابیانی، ئاستیان بەرزتر بوون و، ئەبوایە مەڵبەندی نەهێشتنیان بڕبایە ئینجا لێرە دەوامیان دەکرد.

لەسەر قسەی مامۆستایان و جەماوەرەکەش ئەم مەڵبەندە (٦٠٪)ی بەشدار بوان زیاتر سودیان وەرگرت، بەتایبەت ئافرەتان باشتر سودیان وەرگرت و پابەند بوون بەدەوام و ئەرکەکانیانەوە، بینای ئەم مەڵبەندانە لە قوتابخانەکانی سەرەتاییدا بوون..

قوتابخانەی سەرەتایی کچان[١٩]

بێگومان بەهۆی نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەوە کچان درەنگ تر نێردراون بۆ قوتابخانە، بۆیە قوتابخانەی سەرەتایی کچان لەتەوێڵە درەنگ تر کراوەتەوە لەساڵی(١٩٣٧)وە کراوەتەوە بیناکەی لەپاڵ پۆلیسخانە دەبێت پشت بەلەدیەکە.. یەکەم مامۆستای (صەبری خان)ی سلێمانەیی دەبێت، مێردەکەشی مامۆستا بووە لەتەوێڵە، لەساڵی دووەم دا(مەلیعە) ناوێکیش نقلْ دەبێت وەجبەی یەکەمی قوتابیان لەیەکەم ساڵدا زۆر بوون بەڵام ئێمە ناوی ئەمانەمان دەست کەو توون:

١- ئافتاب غەفاربەگ
٢- بەدریە غەفاربەگ
٣- حەسیبە غەفاربەگ
٤- نافعە حاجی حەسەن (خێزانی عەلی قادر)
٥- مەلیعە حاجی حەسەن خێزانی حەمە حسێن
٦- قەتحە حامی حەسەن خێزانی حاجی بابا
٧- تەلیعە ئەحمەد مەولود.
٨- ئەختەر حەمە ئەمین- خەڵکی سلێمانی باوکیان پۆلیس بوو.
٩- صەبریە حەمە ئەمین - خەڵکی سلێمانی باوکیان پۆلیس بوو.
١٠- بەدریە حەمە ئەمین- خەڵکی سلێمانی باوکیان پۆلیس بوو.
١١- عەتیە ئەحمەد- خێزانی کەریمە خشیٚ
١٢- حەفصە حەمە ئەمین حاجی حەمە کەریم
١٣- قەتحەی حەمە کەرەم
١٤- خونچە قادر ئاغا
١٥- عەینا خواجە حسێن.

فەراشی قوتابخانەکەش (ئاسکۆڵ خان) بووە کەخەڵکی سلێمانی بوو خێزانی نوری، برای حەمەسەعید قادر بوو.

ئەم قوتابخانەیە دووساڵ دەوامی کرد لەبەر کەمی قوتابیان و نقلٚ بوونی ماموٚستاکانیان.. قوتابخانەکە داخرا.. ئیتر قوتابیەکان هەندێکیان چوونە قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان و هەندێکیشیان چوونە حوجرە بۆ قورئان خوێندن، کە چەندێکیان هەر قوتابی ئەویٚ بوون. بۆ نموونە نافعەی حاجی حەسەن کەیەکێك بووە لەوانە چووەتەوە بۆ حوجرە بۆلای خاتوو عائشە.. دایکی مەلاکامل.. بۆ قورئان خوێندن. پاشان لەساڵی ١٩٤٨ قوتابخانەکە کراوەتەوە تاساڵی ١٩٥٢ دیسان داخراوەتەوە تاوەکوو ساڵی ١٩٥٦ کراوەتەوەو ئیتر بەردەوام بووە.

بەڕێوەبەری ئەم قوتابخانەیە لەم ماوەیەدا عائشە خانی سلێمانەیی بووە، تاساڵی ١٩٦٣. دواتر مەعصومەخانی خێزانی عەبدولوەهاب ئەتروشی بوو بەبەڕێوەبەر. لەساڵی(١٩٧٠) بۆ ساڵی (١٩٧٨) ڕوناك خانی مەلاعەلی هەڵەبجەیی خێزانی ماموٚستا بارام سەعدی بوو بەبەڕێوەبەر.. لە ساڵی (١٩٧٨)

بـۆ سـاڵی (١٩٨١) شـێوە نەصـرەدین حەمەسـەعید قـادر تەوێڵـەیی بـوو بەبەڕێوەبەر. ئەم ماوەی ڕابووردو.. قوتابخانەی كچان لەتەوێڵە تا ساڵی (١٩٦٧) بـە تـەواوی دانەمـەزراو هەرماوەیـەك دەكرایـەوەو ماوەیـەك دادەخـرا، بۆیـە هـیچ كچێك لەوماوەیەدا نەیتوانی قوتابخانە تەواو بكات.

لەساڵی(١٩٦٧) یشەوە بۆ (١٩٧٦) قۆناغێكی باشتر بوو گەلێك قوتابخانە چووە پێش وقوتابی تەواو زۆری بوو(٩) پۆل قوتابیان بووە.

بـەڵام لەسـاڵەكانی- ١٩٧٧ بـۆ بـەهاری ١٩٨١ قوتابخانەكـە كـرا بـەدوو دەوام دەوامێكیـان لـەو قوتابخانـەدا بـوو لەپشـت بینـای شـارەوانییەوە، ئـەوی تریـان لـەو بینایـەی پشـتی حـەوزی لای خەسـتە خانەكـە ژمـارەی قوتـابی لـەم ساڵانەدا تەواو زۆر بوو بەتایبەت لەساڵی (١٩٨١) زیاد لە (٤٠٠) قوتابی بوون.

قوتابخانەی ناوەندی تەوێڵە:

مامۆستایان ولێ پرسراوان و خەڵكی تەوێڵە زۆر هەوڵیان داوە كەناوەنـدی لەتەوێڵەدا بكرێتەوە چونكە قوتاییان زۆر بووەو، زۆریان نەیان توانیووە بێن بۆ هەڵەبجەو سلێمانی خوێندنەكـەیان تـەواو بكـەن.. تاسـاڵی(١٩٦٨) جـارێكیتر مامۆستا ئیسماعیل محەمەد ڕەسوڵ بەپشتیوانی خـەڵكی تەوێڵـە هـەوڵ دەدات سكاڵای جەماوەر دەگەیێنێتـە لێپرسـراوان. لەئەنجامدا لە(١٥/١٠/١٩٦٨) ئـەمری كردنـەوەی دەردەچێت و مامۆسـتا ئیسـماعیل بەوەكالـەت دەبێتـە بەڕێوەبـەری قوتابخانەكەو مامۆستاكانی سەرەتایی دەبنە(محاضـر) لە ناوەندیەكـەدا. پاشان مامۆسـتا (فـەرەج ئەحمـەد سـلێمانەیی) دەبێتـە بەڕێوەبـەری ڕەسمـی سـاڵی خوێندنی (١٩٦٨- ١٩٦٩)، ئەوساڵە تەواو دەبێت. لەسەرەتای ساڵی دووەمەوە (١٩٦٩- ١٩٧٠) لەبـەر نـەبوونی مامۆسـتا قوتابخانەكـە دادەخرێـت تـاوەكو مامۆستا(هۆشمەن مستەفا فەتاح) لە (٢/١/١٩٧٠) تەعین دەبێت و دەبێتە بەڕێوە بەری قوتابخانەكەو لەوە بەدواوە قوتابخانەكە بەتەواوی دادەمەزرێت.

پاشان ئەم مامۆستایانە بوو، بوونە مامۆستای ناوەندی تەوێڵە:

- م.ئـەنوەر ئیبراهم عەبابـەیلیێیی-كەئێسـتا بەڕێوەبـەری پـەروەردەی سلێمانییە.
- م. بـارام سـەعدی تەوێڵـەیی- كەئێسـتا عەقیـدە لـەئینضـباطیەی سلێمانی.

- م. مەحیەدین سەلیم تەوێڵەیی- لەبەغداوە خۆی نقلی تەوێڵە کردەوە، ئێستا کۆچی دوایی کردوە.
- م. مەحمود عەبدوڕەحیم تەوێڵەیی- لەبەغداوە خۆی نقلی تەوێڵە کردەوە، ئێستا کۆچی دوایی کردووە.
- م. سەردار ئیبراهیم سلێمانەیی.....
- م.نورەدین ئاڵتون کوپری- تورکمان بوو.
- م. موسا عەزاوی- بەغدایی..
- م. عەبدولجەبار نەداوی- کەربەلایی.
- م.مەنصور عەزیز تەوێڵەیی.

هەروەها جارجارەش مامۆستاکانیسەرەتایش محاضرەیان بووە لەم ناوەندی‌یەدا بەتایبەت م. عوسمان حەمەصالح.

ئەم قوتابخانە بەم شێوە گوزەرا، تاوەکوو دوای نسکۆی (١٩٧٥) مامۆستا هۆشمەن بوو بەبەڕێوەبەری ناحیەی عەربەت و مامۆستا بارام سەعدی بوو بەبەڕێوەبەری ناوەندی‌یەکە، پاش ئەویش مامۆستا مەحمود عەبدوڕەحیم بوو بەبەڕێوەبەر تاوەکو بەهاری ساڵی (١٩٨١) ئیتر تەوێڵە چۆڵ کرا.

لەدوای نسکۆوە واتە لەساڵانی (١٩٧٥- ١٩٨١) ئەم مامۆستایانەی تر لەم ناوەندی‌یە مامۆستا بوون:

- م.یاسین عەبدوڕەحمان- تەوێڵەیی.
- م. ئازاد محەمەد سان ئەحمەد- تەوێڵەیی.
- م.حەمە سەعید عنایەت هەڵەبجەیی.
- م. فاضل حەیدەر- سەرگەتی.
- م. سەرکەوت و عەزیز و عومەرو جەزا و عاشور کەرکوکیو عەلی عەرەب، لەساڵی (١٩٧٥)ەوە ئیتر پۆلی چواری گشتیو پاشان پۆلی پێنج و شەشی زانستی تیاکرایەوە، تاساڵی (١٩٨١) قوتابخانەکە داخرا بەبۆنەی شەڕی عێراق و ئێرانەوە، قوتابیەکان ئەوساڵە هاتنە هەڵەبجە تاقیکردنەوەی سەریساڵیان دا.

ئالێرەدا حەقی خۆیەتی کەدڵسۆزیو گرنگی دانی ئەم مامۆستا بەڕێزانە دەربخەین لەم قوتابخانەدا کە ڕۆڵێی باش و چالاکیان بینیوە لەو ماوەیەدا کەلەم قوتابخانەیەدا بوون.

- م.هۆشەنگ مستەفا کەلە (٢/١/١٩٧٠)بۆ (١/١٠/١٩٧٥)بەڕێوەبەر بووە، بە ڕاستی ضەبط و ئیدارەی بەهێز بوو.

- م.بارام سەعدی -قوتابیانی فێری کوردایەتی کردن و هانی دەدان کەهەمیشە لەخزمەتی کوردو کوردستاندا بن.

- م.مەحیەدین سەلیم- چونکە دڵسۆز بوو بۆ قوتابیان، گوێی لێنەبوو هەموو مادەیەکی دەوتەوە، با پسپۆری ئەو مادەیەش نەبوایە، لەگەڵ ئەوەش بەسەرکەوتوویی دەیوتەوە.

- م.مەحمود عبالرحیم- ئێستاش ئەو وانانەی ئەو ئەیوتنەوە لەگوێی قوتابیەکانی دەزرنگێنەوە و لە بەریانە.

- م.مەنصور عەزیز- مامۆستایەکی نمونەیی سەرکەوتوو بوو لەمادەکەی‌دا.هەروەها مامۆستاکانی تریش ڕۆڵی خۆیان بینیووە، بەڵام کەم ماونەتەوە هەر یەکەیان ساڵێك یان دوو ساڵ- بۆیە ناوی ئەوانیشمان نەنوسیووە لەگەڵ ڕێزێکی زۆرمان بۆیان.

ناوی یەکەم وەجبەی قوتابیانی قوتابخانەی ناوەندی تەوێڵەی کوران لە ساڵی(١٩٦٨- ١٩٦٩)[٢٠]

ز	ناوی قوتابی	ساڵی لە دایکبوون	بەرواری وەرگرتنی	نمرە	ئەنجام
١	امیرە باقی حسن	تەوێڵە /١٩٥٣	١٩٦٨/١٠/٢٢		
٢	هادی عەلی جعفر	تەوێڵە /١٩٥٦	١٩٦٨/١٠/٢٦		مردووە
٣	حسێن جعفر باباڵە	تەوێڵە /١٩٥٢	١٩٦٨/١٠/٢٦		
٤	یونس عبدالخالق عبدالمجید	تەوێڵە /١٩٥٤	١٩٦٨/١٠/٢٦		
٥	یونس فرج باباڵە	تەوێڵە /١٩٥٤	١٩٦٨/١٠/٦		
٦	محمود عبدالله حمە سعید	تەوێڵە /١٩٥٢	١٩٦٨/١٠/٢٦		
٧	مهدی عەلی جعفر	تەوێڵە /١٩٥٥	١٩٦٨/١٠/٢٦	٧٥٢	دەرچووە بەچوارەم
٨	ناجح محمد قادر	تەوێڵە /١٩٥٣	١٩٦٨/١٠/٢٦		
٩	نادر عزیزمحمد	تەوێڵە /١٩٥٢	١٩٦٨/١٠/٢٦		
١٠	محمد توفق نادرحمەلطیف	تەوێڵە /١٩٥٣	١٩٦٨/١٠/٢٦		مردووە
١١	نیازی عزەت حسن	تەوێڵە /١٩٥٤	١٩٦٨/١٠/٢٦		مردووە
١٢	سەردار حسن عزیز	تەوێڵە /١٩٥٤	١٩٦٨/١٠/٢٦		

١٣	سەردار سعید محمد	بن گردان/١٩٥٥	١٩٦٨/١٠/٢٦		
١٤	عمر عبدالرحیم محمود	تەوێڵە /١٩٥٥	١٩٦٨/١٠/٢٦		
١٥	عبدالکریم حمە عەلی کوزاد	تەوێڵە /١٩٥٢	١٩٦٨/١٠/٢٦		
١٦	عثمان امان الله باباله	تەوێڵە /١٩٥٢	١٩٦٨/١٠/٢٦		
١٧	عەلی احمد عبدالله	تەوێڵە /١٩٥٤	١٩٦٨/١٠/٢٦		
١٨	عەلی عەلی محمد	بیارە/١٩٥٤	١٩٦٨/١٠/٢٦		
١٩	فخرالدین مصطفی حمەصاڵح	تەوێڵە /١٩٥٤	١٩٦٨/١٠/٢٦	٧١٤	دەرچووە بەپێنجەم
٢٠	فارق اللەکرم توفیق	تەوێڵە /١٩٥٥	١٩٦٨/١٠/٢٦		
٢١	فائق توفیق امین	سۆسەکان/١٩٥٢	١٩٦٨/١٠/٢٦		
٢٢	قاسم مهدی غفور	تەوێڵە /١٩٥٣	١٩٦٨/١٠/٢٦		
٢٣	شێرزاد حمە سلیم حمە رضا	تەوێڵە /١٩٥٤	١٩٦٨/١٠/٢٦		
٢٤	شوکت حمەصاڵح فرج	تەوێڵە /١٩٥١	١٩٦٨/١٠/٢٦		
٢٥	معصوم حمەرضا محمد	تەوێڵە / ١٩٥	١٩٦٨/١٠/٢٦		
٢٦	محمد احمد معین	سۆسەکان/١٩٥٣	١٩٦٨/١٠/٢٦		
٢٧	توفیق محمد حسێن	تەوێڵە /١٩٥٣	١٩٦٨/١٠/٢٦	٧٨٩	دەرچووە بەدووەم (مردووە)
٢٨	ظاهر عبدالله حسێن	تەوێڵە /١٩٥٦	١٩٦٨/١٠/٢٦	٧٢٠	
٢٩	غازی برهان عثمان	خورماڵ/١٩٥٤	١٩٦٨/١٠/٢٦		
٣٠	احمد عبدالله احمد	تەوێڵە /١٩٥٣	١٩٦٨/١١/٢	٧٧١	دەرچووە بە سێهەم
٣١	ئەیوب عبدالرحمن حمەرحیم	تەوێڵە /١٩٥٤	١٩٦٨/١١/٢		
٣٢	جعفر عبدالله نصرالله	سۆسەکان/١٩٥٢	١٩٦٨/١١/٢		
٣٣	طاهر عبدالله حسێن	تەوێڵە /١٩٥٣	١٩٦٨/١١/٢	٨٥٠	دەرچووە بەیەکەم
٣٤	عثمان اسماعیل بەکر	تەوێڵە /١٩٥٧	١٩٦٨/١١/٢		
٣٥	صدیق احمد محمد	تەوێڵە /١٩٥٤	١٩٦٨/١١/٢	٧٠٣	
٣٦	صاڵح محمد مصطفی	بیارە/١٩٥٣	١٩٦٨/١١/٢	٧١٠	

بینای قوتابخانەکانی تەوێڵە:

لەسـالّی (١٩٢٠)دا قادربـەگ کۆمـەڵێك خانوبـەرەی دورسـت کـرد کەپێکهاتبوو لەخانێك و قەیسەرییەك و گەرماوێك و دەستەیەك خانووی فراوان و جوان کەلەچەند شوێنێکەوە دەرگای هەبوو... جاکە قوتابخانە بۆ تەوێڵە دەرچوو، قادربەگ چەند ژورێکی لێجیاکردەوە بۆ قوتابخانەکەو بۆماوەی (٨) ساڵ بەبێ بەرامبەر دەوامی تیاکرا تا لە بەهاری ساڵی (١٩٣٦) بەر لافاوە زۆرەکە کەوت و زیانێکی زۆری گەیاند بە قوتابخانەکەو زۆربەی سجل و کەل وپەلی قوتابخانەکە هەبوو بەر لافاوەکە کەوت.

لەساڵی (١٩٣٥) لەپشتی بینای شارەوانی ئێستاوە کەزیارەتی پێدەڵێن میری پارچە ئەرزێکی لەلای شێخ مەظهەر کڕیو دەست کرا بەدورست کردنی یەکەم بینای میری بۆ قوتابخانەی تەوێڵە و لەهاوینی (١٩٣٦) بیناکە تەواو بوو، ئیتر ساڵی خوێندنی (١٩٣٦- ١٩٣٧) لەم بینایە بوو. واتە پێش لافاوەکە بیناکە دورست کرابو وە کەمێکی مابوو.

لەسـالّی (١٩٥٩) کەقوتابخانـەی تەوێڵـە کرابـە دوودەوام قوتابخانـەی هەورامان و قوتابخانەی تەوێڵە، ئەم بینایە کرابە قوتابخانەی هەورامان و پاشان کرابـە لاوان و قوتابیـان و دواتـریش کرابـە قوتابخانـەی کچـان.. لەسـالّی (١٩٧١)یشـەوە بەتـەواوی ڕوخێنـراو بۆجـارێکیتر بەنەخشـەیەکی تـر دورسـت کرایـەوە بـۆ قوتابخانـەی کچـان تـا لەسـالّی (١٩٨١) بـەهۆی شـەڕی عێـراق و ئێرانەوە ڕوخێنراو تائێستا چاك نەکراوەتەوە.

لەسـالّی (١٩٥٩) کەقوتابخانەکـە بـوو بـەدوو دەوام، دەوامـی قوتابخانـەی تەوێڵەش لەخانووەکەی (محەمەدی سان ئەحمەد) بوو. لەساڵی (١٩٦٠)یشەوە ئەمر دەرچوو بۆ دروست کردنی بینای قوتابخانەی تەوێڵە، لەبەشی خوارەوەی تەوێڵە نزیك خانەقاکە ئەرزی تەکیەی پێدەڵێن تاهاوینی (١٩٦٣)ئینجا تـەواوبوو کـەپێکهاتبوو لـە (١٥) پـۆل، دوو نهـۆم بـوو لەبەشـی پشـتەوە حەوشـەیەکی (٣٥٠)مەتری هەبوو هەمووی بەبەردی مەڕمەڕ دروست کرابوو، بەلاّم بە داخەوە بە هۆی بارودۆخەکەوە کەدائیرەکانی میری لەتەوێڵە کشانەوە، قوتابخانەش ئەوساڵە نەبوو...تا لە پایزی(١٩٦٤)قوتابخانە کرایەوەو بۆ یەکەم جار دەوامی تیاکرا هەمووشی بەیەك دەوام بوو (تەوێڵە و هەورامان).

لەساڵی(١٩٦٧)کرایەوە بەدوو دەوام و هەردوو دەوامی (تەوێڵە و هەورامان) لێرە دەکرا، تاساڵی ١٩٨١، دوای ئەوە ئەمیش بەهۆی شەڕی عێراق و ئێرانەوە ڕووخێنرا.

لەدوای ڕاپەڕین لەساڵی (١٩٩٢)لە لایەن یەکێك لەڕێکخراوەکانەوە بەنەخشەیەکی تری (١٢)پۆلی درووست کرایەوە.

لەساڵی(١٩٧٦)لەپشتی حەوز قوتابخانەیەکی تر کرایەوە بۆ کچان ئەمیش لەلایەن ڕێکخراوە خێر خوازەکانەوە جارێکی تر ئەمیش بەنەخشەیەکی تر دروست کرایەوە ئێستا قوتابخانەی ناوەندی تەوێڵە دەوامی تیا دەکات.

بینای قوتابخانەی ناوەندی:

لەسەرەتاوە کە کرایەوە لە بینای قوتابخانەی سەرەتایی کوڕاندا دەوامی دەکرد، دوای دووساڵ، دەوامی ئەم قوتابخانەیە چووە خانوەکەی (مستەفا فەتاح) لەپشتی حەوز لای بینای کارەباکە، لەبەهاری ساڵی(١٩٧٣)بینای تازە دروست کرا لەپشت قوتابخانەی کچانەوە و بەردەم پۆلیسخانە لەو ئەرزەی

قوتابخانەی ناوەندی تەوێڵە ساڵی ١٩٧٤ دروستکراوە

کەپێیان دەوت زیارەت. ئەم بینایە لەبەهاری ساڵی(١٩٧٤)تەواو بوو، پێش وەرگرتنی، شەڕی (١٩٧٤)دەستی پێکرد، بۆیە لەوساڵەدا، کرا بە خەستەخانەی شۆڕش، بەڵام لەساڵی(١٩٧٥- ١٩٧٦)یەکەم ساڵی خوێندن بوو تیایدا.

ئەم بینایە بەڕاستی بەشێوەیەکی زۆر جوان و نەخشەیەکی گرنگ دروست کرابوو دیمەنێکی جوانی بەخشی بوو بەتەوێڵە. ئەمیش لەساڵی(١٩٨١)بەدواوە ڕوخێنرا ......ئێستا ئەمری دروست کردنەوەی بۆ دەرچووە دەستی پێکراوەتەوە و بناغەکەی دروست کراوە و بەداخەوە ماوەی ساڵێکە ئێشی ئەمیش لەبەر هەندێ هۆ وەستاوە.

کشانەوەی مەکتەب و دەزگاکانی میری لەتەوێڵە:

بەبۆنەی ڕەوشی سیاسی ناوچەکە، چەند جارێك مەکتەب و دەزگاکانی میری، کێشراونەتەوە بۆ ژێر دەسەلاتی خۆی.هەرکاتێك حکومەتی عێراقی ئەو ناوچانەی دەسەلاتی نەبووبێ بەسەریاندا، مەکتەب و دائیرەکانی خۆی کێشاوەتەوە وەك لەساڵەکانی دوای ڕاپەڕین (١٩٩١-). بێگومان ئەو دائیرانەی لەتەوێڵەدا هەبوون، بەکشانەوەیان زیانێکی زۆریان ئەدا لەخەڵکی ناوچەکە بەتایبەت قوتابیان.

لەم ساڵانەی خوارەوە قوتابخانە داخراوە لەتەوێڵەدا:

- هەرلەسەتای شۆڕشەوە ساڵی(١٩٦٢) بۆ ماوەیەك داخراوە زۆری نەبرد کرایەوە.
- لەساڵی (١٩٦٣- ١٩٦٤) تەواوی ساڵەکە قوتابخانە داخرا.جالەو ساڵەدا هەرلەبیناکەی خۆی‌دا بەناوی قوتابخانەی (بەرزان)ەوە یەکەم قوتابخانەی شۆڕش لەکوردستان دا لەژێر دەسەلاتی پێشمەرگەدا لەتەوێڵە کرایەوە ماموستاو بەرێوەبەری ئەم قوتابخانەیە ئەمانەی خوارەوە بوون.[(٢١)]

- عەلی قادرئاغا بەڕێوەبەر
- عەلی حەمەئەمین ماموستا
- ساجد ئاوارە ماموستا
- بابامحەمەد شێخۆ ماموستا
- حەمەڕەشید عوسمان ماموستا
- عەباس حاجی محمەد ماموستا
- کامل مەهدی بەغدادی ماموستا کەعەرەبێکی نەیاری حکومەتی عێراق.

لەم ماوەی ساڵەدا باوکی قوتابیەکان هاوکاری‌یەکی باشی قوتابخانەکەو هەردوو ماموستا (ساجد و کامل)یان دەدا. لەپایزی ١٩٦٤ قوتابخانە کرایەوە

- لەساڵی (١٩٦٥- ١٩٦٦)یش داخرایەوە جارێکیتر قوتابخانەی شۆڕش کرایەوە مامۆستاکانی ئەمانەی خوارەوە بوون:

- م.کەریم کوێخا ڕۆستەم بەڕێوەبەر
- م.عەباس حاجی حەمەڕەشید
- م.شاهۆ محەمەدسان ئەحمەد
- م.بابا محەمەد شێخۆ
- م.عوسمان کەریم فەیزوالله

ساڵی (١٩٦٦- ١٩٦٧) دیسان قوتابخانەی ڕەسمی کرایەوە.

- لەساڵی (١٩٦٨- ١٩٦٩)دیسان بۆ ماوەی چەند مانگێك داخرایەوەو زۆری نەخایاند کرایەوەو ساڵی خوێندن نەفەوتا.

- لەمانگی ئازاری(١٩٧٤)بۆ مانگی ئازاری(١٩٧٥)بۆ جارێکیتر داخرایەوەو، ئەم ساڵە تاقیکردنەوەی سەری ساڵی قوتابیان لەدەوری دووەم لەمانگی (٩)لەناو باخەکانی تەوێڵەدا کرا. قوتابیەکی زۆری پارێزگای سلێمانیو هەڵەبجەو دەوروبەری هاتبونە تەوێڵەو لێرە تاقی کردنەوەکەیان دا. لەم ساڵەدا (١٩٧٤- ١٩٧٥)لەبینای قوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵەی کوڕان هەرلەپۆلی یەکەوە بۆ پۆلی چواری سانەوی تیاکرایەوە، زۆرێك لەو مامۆستایانەی تەوێڵەو ئەو مامۆستایانەی کەلە شارەکانەوە پاڵییان دابوو بە شۆڕشەوە کەلە تەوێڵە بوون هەموو بوونەتە مامۆستای ئەم قوتابخانەیە. ئەمیش زۆری نەبرد نسکۆی شۆڕش هات بەسەردا. ئەم قوتابخانەیەی شۆڕش هیچ کامیان بەساڵی خوێندن حیساب نەکرا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەگەڵ ئەوەشدا سودیان زۆر بوو بۆ قوتابی لەڕووی زانست و پەروەردەوە، هەروەها ئەو قوتابیانەش کەگەورەبوون لەپۆلی(٥و٦)داو باوکیان دەسەڵاتیان باش بوو یاخزمیان هەبوو دەهاتن بۆ سلێمانیو هەڵەبجە بۆ خوێندن.

- لەبەهاری ساڵی(١٩٨١)بەهۆی شەڕی عێراق و ئێرانەوە نەك هەرقوتابخانەکان، بەڵکو تەوێڵە بەتەواوی چۆڵ کراو قوتابیان دیسان لانەیان شێواو پەرش و بڵاو بوونەوە بەشاران داو لەهەڵەبجەو سلێمانی تاقی کردنەوەیان ئەنجام دا. تاساڵی ڕاپەڕینی(١٩٩١- ١٩٩٢) قوتابخانەکانی تەوێڵە لەژێر سێبەری ئازادی حکومەتی هەرێم دا کرانەوە.

بەڕاستی لەم ماوەیەدا (١٩٦١- ١٩٩١)بەهۆی بارودۆخی کوردستانەوە زیاتر لەهەموو چین و توێژێك، قوتابی قوربانی داوەو بووەتە، سوتەمەنی بارودۆخەکە. هەروەها دەڤەری هەورامان و سەرسنورەکان لەهەموو دەڤەرەکانی‌تر زیاتر بەرئەمە کەوتوون. نەوەی ئەم سالأنەی (١٩٦١)وە بۆ(١٩٨١) کەقوتابی بووە، ئەوە خوێندنەکەی بووە، لە(١٩٨١- ١٩٩١)سەربازی‌و فیراری لەشەڕی عێراق و ئێران و کوێت دا[٢٢] تووشی چەندەها دەردی‌سەری کردووە.

چەندزانیاریەك لەسەر قوتابخانەکانی تەوێڵە:

- لەساڵی(١٩٢٨)دا، کەقوتابخانە لەتەوێڵەدا کراوەتەوە،(٣١) قوتابی خۆیان ناونوس کردووە.(١٨) یان لەپۆلی یەکدا دانراون،(١٣)شیان لەپۆلی دوودا دانراون، چونکە لەوەو پێش لەحوجرە خوێندویانەو ئاستیان باش بووە.

- لەساڵی(١٩٢٩)شدا، (٥) قوتابی خۆیان ناونوس کردووە، ئەمانیش(٣)یانیان لەپۆلی دوودا دانراون (٢) یان لەپۆلی یەکدا دانراون.

- لەساڵەکانی‌تر بەدواوە، هەرکەسێ ناونوس کرابێت هەرلەپۆلی یەکدا دانراوە.

- یەکەم قوتابی (مەجید غەفاربەگ) بووە لە(١٩٢٨/١٠/١٤)خۆی ناونوس کردووە.

- ئەخیر قوتابیش لە(١٩٨١/٩/٢١)خۆی ناونوس کردووە کەناوی (جوان کەریم حەمەصالح)ە ئەمە لەسجلی ژمارە(١١٥) لەقوتابخانەی تەوێڵەی سەرەتای کوڕان.[٢٣]

- لەساڵی‌خوێندنی (١٩٦١- ١٩٦٢)دا:

قوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵەی کوڕان (٢١٢) قوتابی بووە.

قوتابخانەی سەرەتای هەورامانی کوڕان(٢٠٠)قوتابی بووە.

قوتابخانەی سەرەتای تەوێڵەی کچان(١٣٦) قوتابی بووە.

کۆی هەموویان =٥٤٨ قوتابی..(٢٤)

- لەساڵی خوێندنی(١٩٨٠- ١٩٨١)دا ژمارەی قوتابی کچانی سەرەتایی نزیکەی (٤٠٠)

ژمارەی قوتابی کوڕان نزیکەی(٥٥٠)

واتە کۆی قوتابیانی سەرەتایی لەو ساڵەدا(٩٥٠)بوون

- ژمارەی قوتابیانی سەرەتایی تێکەڵاو لەساڵی خوێندنی (٢٠٠٢-٢٠٠٣)لەهەردوو دەوامەکەدا (٣٨٢) قوتابی بوون..

- لەبەرواری (١٩٦٨/١٠/١٥) کەقوتابخانەی ناوەندی تەوێڵە دەکرێتەوە، یەکەم قوتابی کەناوی خۆی تۆمار کردبێ (ئەمیرە باقی حەسەن) دەبێت، ئەویش لە(١٩٦٨/١٠/٢٢)ناوەکەی تۆمار دەکرێت.

- ئەخیر قوتابی لەساڵی خوێندنی (١٩٨٠- ١٩٨١)،(هەورامان عەلی حسێن) دەبێت لە(١٩٨٠/١١/٨)دا ناوی خۆی تۆمار دەکات و دەبێتە ژمارە(٦٦١) لەسجلی ناوەندی تەوێڵەدا.

- لەساڵی خوێندنی(١٩٧٦- ١٩٧٧)دا ناوەندیەکە دەبێتە دواناوەندیو ئیتر پۆلی چوارەمی گشتی بۆ دەکرێتەوە.

- لەساڵی خوێندنی(١٩٨٠- ١٩٨١)لەیەکی ناوەندییەوە تاپۆلی شەشەمی زانستی بووە.

- لەساڵی خوێندنی(١٩٦٨- ١٩٦٩) کەیەکەم ساڵی خوێندنی ناوەندی تەوێڵە بووە(٣٦) قوتابی بووە

- لەساڵی خوێندنی(١٩٧٣- ١٩٧٤)ژمارەی قوتابی ناوەندی گەیشتووەتە (٨٥) قوتابی

- لەساڵی خوێندنی(١٩٨٠- ١٩٨١) کەتەوێڵە چۆڵ کراوە(٢٦٠)قوتابی بووەکە ئەوکاتە دواناوەندی بووە.

- لەساڵی خوێندنی(١٩٩٦- ١٩٩٧) ژمارەی قوتابی ناوەندی(٨٧) قوتابی بوون.

- ژمارەی قوتابیانی ساڵی خوێندنی (٢٠٠٢- ٢٠٠٣)-١٧٥خوێندکار بوون.

- لەساڵی خوێندنی (١٩٩٦- ١٩٩٧) قوتابخانەی ناوەندی تەوێڵە موافەقەتی بۆ وەرگیراوەتەوە لەپەروەردەی سلێمانی کەبکرێتەوە بەدواناوەندی (سانەوی)

- یەکەم مامۆستا کەچوبێتە خوێندگای تەوێڵە، مامۆستا عەبدوالله گۆران بووە.

- یەکەم مامۆستایەکیش کەتەوێڵەیی بێت کەبووبێتە مامۆستا هەردوو براشێخ حەمەئەمین و شێخ صەفائەدین بوون، کەلەساڵی(١٩٣٩)دا دەرچوون.

- یەکەم مامۆستایەك کەتەوێڵەیی بوبێت و لەتەوێڵە، وانەی وتبێتەوە شێخ حەمەئەمین بووە.
- یەکەم بەڕێوەبەرێکیش کەتەوێڵەیی بووبێت و، بووبێتە، بەڕێوەبەری قوتابخانەی تەوێڵە، شێخ صەفائەدین بووە.
- یەکەم تەوێڵەیی‌یەك کەبووبێتە (مودەڕیس)،(م. هۆشمەن مستەفا)بووە.
- یەکەم تەوێڵەیی‌یەك کەبووبێتە بەڕێوەبەری ناوەندیەکە، هەر(م.هۆشمەن مستەفا)بووە.
- لەدوای ڕاپەڕینیش ئەم بەڕێزانە بوونەتە بەڕێوەبەری ئەم ناوەندیە: عەدنان عارف محەمەد، سامی وەسیم عوەیز، نازم غەفور محەمەد.

ناوی ئەو تەوێڵەیی‌یانەی تاسالی(١٩٨١)بونەتە مامۆستا[٢٥]:

ز	ناو
١	محەمەد ئەمین کاکەشێخ
٢	صەفائەدین کاکەشێخ
٣	ئیسماعیل محەمەد ڕەسوڵ
٤	ئەحمەد عەلی صادق
٥	محەمەد نادر حەمەعەزیز
٦	حسێن محەمەد غەفور
٧	عەبدولخالق بابالە مەعروف
٨	صابیر قادر مەعروف
٩	کەمال ئەسکەندەر حەمەحسێن
١٠	کەریم محەمەد کەریم
١١	ئەبوبەکر ئیسماعیل ئەبوبەکر
١٢	مەعصوم عەلی عەبدوڕەحیم
١٣	مەحمود عارف محەمەد
١٤	محەمەد عەبدوڕەحمان جەعفەر
١٥	شێرکۆ مەهدی عەزیز
١٦	جەزا حەمەصالح عیوەض
١٧	حامد عومەر ئەکرەم
١٨	حەمەشەریف حەمەڕەشید
١٩	عابد محەمەد وەیسی
٢٠	عەزیز جەعفەر بابالە
٢١	عوسمان محەمەد صالح فەرەج
٢٢	عومەر کەریم حەمەعەزیز
٢٣	عەلی ئامانەالله بابالە
٢٤	عەبدولواحد محەمەد حەمەصالح
٢٥	محەمەد عوسمان ئەکرەم
٢٦	کامل حەمەعارف عەزیز
٢٧	محەمەد بەهائەدین صاحب
٢٨	زاهیر عەبدوالحەمید عەبدوالله
٢٩	تاهر مەحمود نادر
٣٠	ئەحمەد عەبدوڕەحیم مەحمود
٣١	حەیدەر عوسمان سلێمان
٣٢	تالب مستەفا حەمەصالح
٣٣	جەمیل حەبیب محەمەد
٣٤	فازل عەلی عەبدوڕەحیم

٣٥	عەبدوالله کەریم حەمەعەزیز
٣٦	عەبدوڵڵا عەلیحسێن
٣٧	مەناف قادر غەفور
٣٨	محەمەد عارف محەمەد
٣٩	حەمەصاڵح فەتحوالله سلێمان
٤٠	موختار عەلی محەمەد عەبدوڕەحیم
٤١	عومەر حەمەحسێن حەمەسەعید
٤٢	جەمال حەمەکەریم عەبدولوەهاب
٤٣	جەمال حەبیب اللەفەرەج
٤٤	فەخرەدین سەلیم حەمەیوسف
٤٥	فەرید ئەحمەد موعین
٤٦	کەریم ڕۆستەم کەریم
٤٧	بابا محەمەد شێخۆ
٤٨	عوسمان کەریم فەیزوالله
٤٩	شاهۆ محەمەدسان ئەحمەد
٥٠	عەبدولمەجید حسێن وەیسی
٥١	سەرتیپ تاهرسان ئەحمەد
٥٢	عومەر عەبدوڕەحیم مەحمود
٥٣	محەمەد مەحمود محەمەد
٥٤	فاروق اللەکەرەم تۆفیق
٥٥	ئەیوب عەبدوڕەحمان عەبدوڕەحیم

٥٦	حکمەت تۆفیق حەمەحسێن
٥٧	ڕەفعەت تۆفیق حەمەحسێن
٥٨	ناسرعەزیز حەمەئەمین
٥٩	عەباس حەمەڕەشید کەریم
٦٠	هۆشیار مەحیەدین نەجمەدین
٦١	سەرتیپ مەحیەدین حەمەسەعید
٦٢	صەباح ڕۆستەم عەزیز
٦٣	شیروان محەمەد سان ئەحمەد
٦٤	سەعدی حەمەعەزیز حەمەشەریف
٦٥	عەبدوڕەزاق عەبدەڕەحمان محەمەد
٦٦	صەباح هۆمەر عەبدولحەکیم
٦٧	غازی محەمەد عەبدولقادر
٦٨	دیاری نەزهەت عەلی محەمەد
٦٩	سەرتیپ ئادەم ئیسماعیل
٧٠	مەعروف عارف محەمەد
٧١	حەمید حەمەئەمین خالد
٧٢	جەبار حەمەلەتیف سلێمان
٧٣	کاوە ئیسماعیل صدیق
٧٤	دڵشاد محەمەد بەهائەدین صاحب

ز	ئەمەش ناوی ئافرەتانە
١	شێوە نەصرەدین حەمەسەعید
٢	شنە نەصرەدین حەمەسەعید
٣	ڕوناك حەمەلەتیف وەلی
٤	بەهارقادر حسێن

ناوی‌ئەو تەوێڵەیانەی تاساڵی (١٩٨١)بوونە ماموٚستا (مدرس)[٢٦]

١	هوٚشمەند مستەفا فەتاح	٨	هیوا صەفائەدین كاكەشێخ
٢	بارام سەعدی قادر	٩	سەركەوت صەفائەدین كاكەشێخ
٣	مەحمود عەبدوڕەحیم مەحمود	١٠	ئازاد حەمەئەمین كاكەشێخ ئێستادكتوٚرای هەیەلە زانكوٚی صلاح الدین
٤	مەحیەدین سەلیم حەمەیوسف	١١	ئەدیبە توٚفیق حەمەحسێن
٥	مەنصور عەزیز حەمەئەمین	١٢	صەلاح ڕوٚستەم عەزیز
٦	ئازاد محەمەد سان ئەحمەد	١٣	عومەر كەریم فەیزوالله
٧	یاسین عەبدوڕەحمان عەبدوڕەحیم		

ئەمەش ناوی خزمەتگوزارەكانی قوتابخانەكانی تەوێڵەیە تاساڵی ١٩٨١:

١- ئەحمەد ئیبراهیم اللەكەرەم

٢- صالّح مستەفا- قەیتە- زیاتر دەوری پاسەوانی بینیوە.

٣- حەمەحەسەن حەمەصادق

٤- حەمەڕەشید عەبدوالله مەعروف

٥- محەمەد عەبدوالله مەعروف

٦- كەمال عەبدولواحد صەلاحەدین

٧- حەمەئەمین عەبدوالله

٨- نافعەدین نزامەدین نەجمەدین

٩- حەمەشەریف حەسەن سوٚسەكانی

١٠- فەرەج ڕوحوالله

١١- حەیدەر محەمەد محەمەد

١٢- جەلال ئەسكەندەر حەمەیوسف

١٣- سلێمان فەتحوالله سلێمان

١٤- نەصرەدین عەزیز مەحمود

١٥- كەمال حەمەخان خواكەرەم

١٦- فەخرەدین صالّح یارە

١٧- لەتیف فەتاح حەمەسور

خزمەتگوزارەکانی ناوەندی تەوێڵە

١- مەحمود حەمەڕەحیم

٢- مورشید خودادا

ناوی مامۆستایانی سەرەتایی تەوێڵە کەلە نێوان ساڵەکانی
(١٩٩٢/١/١- ٢٠٠٣/١/١)لەو قوتابخانە دەوامیان کردوە

ز	ناوی مامۆستا
١	کەریم محەمەد کەریم (+)
٢	ئەیوب عەبدوالرحمان عەبدوڕحیم(+)
٣	غازی محەمەد عەبدولقادر
٤	عادل ڕەشید عابد (+)
٥	عەبدولمەجید حسێن وەیسی(+)
٦	جەبارحەمەلەتیف سلێمان
٧	جەمیل حەبیب محەمەد (+)
٨	ئیسماعیل محەمەد کەریم
٩	سالم خواکەرەم ئەبوبەکر (+)
١٠	ئارام خواکەرەم ئەبوبەکر (+)
١١	سەریاس جەبار سەعید (+)
١٢	ستار حەیدەر عەبدولحەکیم (+)
١٣	سەردەشت تۆفیق سان ئەحمەد(+)
١٤	ئەمین نەصروالله حەمەئەمین(+)
١٥	یاسین خدر ئەمین(+)
١٦	ئازاد حەمەلەتیف سلێمان
١٧	سەردار مەحیەدین ئەبوبەکر (+)
١٨	نەصرەدین عەلی قادر
١٩	جەعفەر محەمەد بابالە (+)
٢٠	سەیفەدین ئەبوبەکر ئەکرەم (+)
٢١	جەمیل زۆراب خالد
٢٢	شەماڵ جەماڵ مستەفا
٢٣	نەسیم عەبدولواحد کەریم
٢٤	بێساران ئیسماعیل محەمەد (+)
٢٥	ئاشتی ئەکرەم عومەر
٢٦	داناحەمەئەمین عەزیز
٢٧	جاسم حەمەئەمین صاڵح
٢٨	ریاچ حەمەعەزیز حەمەشەریف
٢٩	دڵشاد تۆفیق ئەبوبەکر
٣٠	سیروان مەحمود عەبدوڕەحیم
٣١	نازم عەزیز میرزا (+)
٣٢	محەمەد حسێن حەمەڕەحیم- نارنجڵەیی (+)
٣٣	چیمەن مەجید محەمەد
٣٤	نەرمین ئەحمەد محەمەد
٣٥	تانیا محەمەد خواجە حسێن
٣٦	گوڵچین فەرەج محەمەد (+)
٣٧	شەهلا جەمیل سەعید
٣٨	ساکار شێرکۆ مەهدی
٣٩	ڕێزان ئیسماعیل ئەحمەد
٤٠	مەهاباد عەبدوالله عومەر
٤١	ئاواز حەمەڕەئوف عەلی
٤٢	کەژاڵ مراد عەبدوالله (+)
٤٣	شنە حەمەخان جەعفەر
٤٤	گەزیزە تایەر مەحمود (+)

٤٥	پاکیزە حەمەخان جەعفەر (+)
٤٦	هودا محەمەد ڕەزا جەعفەر (+)
٤٧	وەزیرە جەعفەر عەلی (+)
٤٨	فەریدە عومەر صابر
٤٩	ئاشنا محەمەد ئەمین (+)
٥٠	مونیرە حەمەغەریب ڕەحیم (+)

تێبینی: ئەو ناوانەی نیشانەی (+) زائیدیان لەبەردەم دایە واتە ئەو مامۆستایانە لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠٢- ٢٠٠٣)لەو خوێندنگایەدا دەوام دەکەن کەژمارەیان (٢٦) مامۆستان.

لەهەمان کاتدا ئەم ناوانەی خوارەوەش لەقوتابخانە دەوامیان کردووە بەم جۆرە وەزیفەیە:

نوری حەمەئەمین	- باخەوان
زاهر حەمەصاڵح صادق	- پاسەوان
جەلال ئەسکەندەر حەمەیوسف	- خزمەتگوزار
باقی محەمەد ڕۆستەم	- خزمەتگوزار
خدر مەجید اللەوەیس	- خزمەتگوزار
عەباس فەرەج عەزیز	- خزمەتگوزار
لەتیف فەتاح محەمەد	- خزمەتگوزار
زاهر عەبدولخالق سۆسەکانی	- خزمەتگوزار
پەری بابالە	- خزمەتگوزار
نافعە حەمەیوسف ڕەمەزان	- خزمەتگوزار

ناوی مامۆستایانی ناوەندی تەوێڵە کەلە نێوان ساڵانی (١٩٩٢/١- ٢٠٠٣/١/١)لەو قوتابخانەیە دەوامیان کردوە

ز	ناوی مامۆستا
١	عەدنان عارف محەمەد
٢	ئەدهەم عەبدولحامد حەمەلەتیف(+)
٣	سەعدون عەزیز بابا(+)
٤	نازم غەفور محەمەد (×)
٥	صیفەت عەبدولحەکیم عەبدولکەریم
٦	سامی وەسیم عوەیز
٧	ئارام حەسەن عەزیز
٨	ئیقباڵ عەبدولواحید کەریم
٩	هاشم غەفور محەمەد
١٠	ماجد عارف محەمەد (×)
١١	جاسم حەمەمراد حەمەمراد(×)

١٢	ئاسایش نەزهەت عەلی محەمەد
١٣	ئەمیرە مەحیەدین حەمە ڕەحیم
١٤	شەهلا حەمەعەزیز حەمەیوسف(×)
١٥	زەیتون حەمەصادق حەمەحەسەن(×)
١٦	ئەمیرە حەمەخەریب ڕەحیم(+)
١٧	شەمامە جەبار عەبدوالله- کەرکوکی
١٨	فەهمی عەبدولقادر مستەفا- (+)
١٩	شێرزاد عەبدوالله حەمەمراد- (×)
٢٠	کەریم بارام حسێن(×)
٢١	ئەمجەد جەعفەر مستەفا- هەڵبجەیی

٢٢	نازم ڕەئوف عەبدوڕەحمان- نارنجلەیی
٢٣	جەمیل قادر عەبدوالله- هەڵەبجەیی
٢٤	شەوکەت -سلێمانەیی
٢٥	ڕەفعەت حەمەڕەشید اللەوەیس. محاضر
٢٦	نەعمان حافق نەزیر – محاضر
٢٧	لقمان ئیسماعیل ئەمین -محاضر
٢٨	نهاد عوسمان حەمەکەریم- محاضر
٢٩	ریاض حەمەعەزیز حەمەشەریف- محاضر

لەهەمان کاتدا ئەم بەڕێزانەی خوارەوەش هەریەکەیان بەجۆرێك ئێستا لەوقوتابخانەیە دەوام دەکەن:

تاهر مستەفا عەلی- نوسەر

ئاوات عەبدوالله - نوسەر

ئیقباڵە - نوسەر

مورشید خودادا - خزمەتگوزار

هادی خالد ئەحمەد- خزمەتگوزار

تێبینی:

- ئەو ناوەی ئەم نیشانەی(×) لەبەردەم دایە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەوماموستایە لەساڵی خوێندنی (٢٠٠٢- ٢٠٠٣) لەو قوتابخانەیە دەوام دەکات.

ماموستا شێخ صەفائەدین[٣٧]

صەفائەدین کوڕی شێخ محەمەد ناسراو بەکاکە شێخ کوڕی شێخ محەمەد بەهائەدین کوڕی شێخ عوسمان سراجەدینە. دایکی- خاتو سەنیە- کچی شێخ عومەر ضیائەدینە.

لە تەوێڵە لەساڵی(١٩١٨) لەدایك بووە، هەربەمناڵی لای باباحاجیو مەلا عەبدولئەحەد قورئانی خوێندووە، بۆیە لەساڵی (١٩٢٩) کەبۆ یەکەم جار دەچێتە قوتابخانە دەخرێتە پۆلی دووەمەوە. قوتابخانەی سەرەتایی هەرلەتەوێڵە تەواو دەکات.

لەساڵی (١٩٣٥)دا چووە- خانەی ماموستایان لەبەغدا، لەبەر بچکۆلەیی بەزەحمەت وەرگیراوە. لەساڵی(١٩٣٩)دا خوێندنی تەواوکردووە. لە (١/١٠/١٩٣٩) تەعین بووەو کراوە بەماموستا لەقوتابخانەی بیارە، لەساڵی ئایندەدا خۆی نقلی تەوێڵە دەکات. کەئەمە یەکێك بووە لەئاواتەکانی کەببێتە ماموستای قوتابخانەی تەوێڵەو خزمەتی هاولاتیانی خۆیبکات.

ماموستا لەساڵی(١٩٤١)دا دەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی تەوێڵە، تاوەکوو ساڵی(١٩٥٩) واتە بۆماوەی (١٨) ساڵ بەڕێوەبەر بوو.

جگە لەتەوێڵە لەقەمچوغەو هەڵەبجەو سلێمانیو ناصریەو دیالەو بەغدا ماموستا بووە. دواساڵەکانی ماموستایەتی لەساڵی(١٩٦٣)وەبۆ(١٩٧٠) لەبەغدا ماموستا بووە، لە (١٩٧٠)دا خۆی خانەنشین کردووەو دەگەڕێتەوە هەڵەبجەی شەهید، هەرلەوێ دەبێت تالەکیمیابارانەکەی هەڵەبجەدا لەساڵی (١٩٨٨) لەگەڵ خەڵکی هەڵەبجەدا ئاوارەی ئێران دەبێت، پاشان دەگەڕێتەوە سلێمانیو باینجان و هەڵەبجەی تازەو دواتر لەسەرچنار جێگیر دەبێت، تالەڕۆژی شەمە (١٤/٦/١٩٩٧) کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی دەبرێتەوە بۆ تەوێڵەو لەخانەقا بەخاك دەسپێرێ.

لەساڵی(١٩٤١)دا پەسەندی کچی وەستا ئیسماعیل نۆدشی هێناوەو هیواو گەلاوێژی بووەلێ، لە(١٩٤٦) مردوە، پاشان لەساڵی (١٩٤٧) ناهدەخانی

كچی شێخ ڕەئوف ی شێخ ڕەشیدی عەبابەیلیْ دەهێنیْ لەویش سیْ كوڕو چوارکچی دەبێت- کوڕەکانی: سەرکەوت، هەڵکەوت، هەڵمەت،

- مامۆستا زۆرجار نقڵ کراوەو دوورخراوەتەوەو زیندانی کراوە کەهەمووشی لەسەر سیاسەت و بیرو باوەڕ بووە.

- جارێکیان داوا لەپەروەردەی سلێمانی دەکات کەقوتابخانەی تەوێڵە پێویستی بەتەعمیرکردنەوە هەیە بەڵکو پارمەتی بدەن بۆ چاککردنەوەی.. پەروەردەش (٢٥) دیناری بۆ دەنێریْ، بەڵام ئەوبە (٤) دینار چاکی دەکاتەوەو باقی پارەکە دەنێرێتەوە..

- ڕۆژێکیان خۆی بەڕێوەبەری قوتابخانە دەبێت کەدێت بۆ قوتابخانە درەنگ دێت.. هۆکەشی ئیهمالی خۆی دەبێت بۆیە خۆی غائب دەدات و کیتاب دەنێریْ بۆ پەروەردە لەسلێمانی بەڕێوەبەری پەروەردە دەبینیْ، بەڕێوەبەری قوتابخانەی تەوێڵە خۆی غائیبی خۆی داوە.

- مامۆستا زۆرهێمن و لەسەرخۆ بووە، دۆست و دڵسۆزی قوتابی بووە، خۆشنوس بووەو لەزمانی عەرەبی‌دا زۆر بەهێز بووە.

- زۆر هەوڵی داوە خەڵکی تەوێڵە منداڵەکانیان بنێرن بۆ قوتابخانە کەغائیب بووبن زوو چوە بەدەمیانەوەو لێی پرسیونەتەوە. لەزستانێکدا قوتابیەك دوو ڕۆژ غائب دەبێت لەبەر بەفر ناتوانیْ بێت بۆ قوتابخانە ڕۆژی سێهەم مامۆستا خۆی دەچێت بەکۆڵ بیهێنێت، باوکی قوتابیەکە تەریق ئەبێتەوەو ئیتر هەموو ڕۆژێك خۆی دەیبات بۆ قوتابخانە.

ڕۆژێکیان وتی: ئاواتم بووە منداڵانی تەوێڵە پیْبگەن، باش بوو نەمردم زۆر لەقوتابیەکانم بینی کەپێگەیشتن: وەك محەمەدی حاجی نادرو ئیسماعیل محەمەدو عەلی قادر.

لەسەردەمی ئەم دا کەبەڕێوەبەر بووە، چەند جارێك قوتابخانەی تەوێڵە یەکەمی لیوای سلێمانی بووە. بەکورتی: نمونەی مامۆستای دڵسۆز بووە بۆ قوتابی و گەل و وڵات.

مامۆستا ئیسماعیل محەمەد ڕەسوڵ[(٢٨)]:

لەتەوێڵە لەساڵی (١٩٢٨)دا لەدایك دەبێت لە(١/١٠/١٩٣٦) چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵە، لە (١٩٥٢)دا قوتابخانە تەواو دەکات و لە(١٨/٩/١٩٥٢)دا بۆیەکەم جار لەپێنچوێن تەعین دەبێت، لە(١٩٥٣) خۆی نقلی تەوێڵە دەکات، تاوەکو ساڵی(١٩٥٩) پاشان بۆ ماوەی یەك ساڵ دەچێتە قوتابخانەی سۆسەکان، دوایی دێتەوە تەوێڵەو دەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی هەورامان کەئەوکاتە قوتابخانەی تەوێڵە دەبێتە دوو دەوام. لەسەرسیاسەت لەساڵی(١٩٦١) گیراوە، دوایی بەردراوە، بەلاّم نقلی خوارووی عێراق (ناصریه – فوت چبابیش) دەکرێت، تاوەکو ساڵی (١٩٦٣) لەوێ مامۆستا دەبێت لە(٢٨/٣/١٩٦٣) گیراوەتەوە لەنوگرەسەلمان زیندانی دەکرێت، تاله(١٦/١١/١٩٦٤) بەردەبێت، بەلاّم فەصڵ دەکرێت، تالە(١٩٦٥)دا دەگەڕێتەوە سەرخزمەت و دەنێررێتەوە بۆ ناصریه، لەپاش ساڵێك هاتووەتەوە سلێمانی بۆ قوتابخانەی سەرشەقام. لە (١٥/١٠/١٩٦٨)دا خۆی نقلی تەوێڵە دەکاتەوەو دەبێتەوە بەبەڕێوەبەر، تاوەکوو ساڵی (١٩٨١) تەوێڵە چۆڵ دەکرێت. پاشان هاتووەتە قوتابخانەی هەرەوەز لەسلێمانی بووەتە، یاریدەدەری بەڕێوەبەر، دواتر لەقوتابخانەی هونەر لەسلێمانی یاریدەدەری بەڕێوەبەر دەبێت، تالەساڵی (١٩٩٤)دا خۆی خانەنشین دەکات، واتەدوای (٤٢)ساڵ خزمەت.

لەساڵی (١٩٩٤)وە چاوی تووشی نەخۆشی هاتووە لەوکاتەوە هیچ نابینێ لەماڵەوە بۆخۆی دانیشتووە.

مامۆستا ئیسماعیل بۆ کردنەوەی قوتابخانەی ناوەندی تەوێڵە دەستێکی بالاّی بووەو هەوڵێکی زۆری داوەو ماوەیەکیش بەڕێوەبەر بووە بەوەکالەت تابەڕێوەبەری ڕەسمی بۆ هاتووە.

بێگومان: ئەم جۆرە مامۆستایانە سەربازێکی نەناسراون، خزمەتێکی زۆری میللەتیان کردووە، بۆ میلەت سوتاون و منالّی کوردیان پێگەیاندووەو فێری خوێندن و نوسین و ڕەشتی جوان و پەروەردەیان کردون.

ئەمانە تاجی سەرن و جێگەی ڕێزن هەقی خۆیانە ناویان لەبیر نەکرێو لەلاپەڕەی مێژوودا ناویان تۆمار بکرێ.

مامۆستا هۆشمەن[٢٩]:

ناوی هۆشمەن مستەفا فەتاحە، لەساڵی(١٩٤٦ز) لەتەوێڵە لەدایك بووە، قوتابخانەی سەرەتایی لەتەوێڵە تەواو كردووە، ناوەندیو ئامادەیی لەهەڵەبجەو سلێمانی تەواو كردووە، پاشان چووەتە بەغدا- كۆلێژی پەروەردە بەشی جوگرافیای خوێندووە و لەساڵی(١٩٦٩) دەرچووەو، یەكەم تەوێڵەییەك كەبووبێتە (مودەڕیس) مامۆستا هۆشمەن بووە، وەیەكەم مودەڕیسی تەوێڵەیی بووە كەبووەتە مامۆستاو بەڕێوەبەری ناوەندیەكەی تەوێڵە. كەیەكەم تەعینی لە(١٩٧٠/١/٢) لەناوەندیەكەی تەوێڵە بووە.

مامۆستا تا(١٩٧٥/١٠/١) لەوكارەیدا لەتەوێڵە بەردەوام بووە، لەدوای نسكۆی ساڵی(١٩٧٥) كراوە بەبەڕێوەبەری ناحیەی (عەربەت، دواتر قەرەداغ پاشان سەرچنار) لەنێوان ساڵانی(١٩٨٢ تاڕاپەڕینی(١٩٩١) قائیمقامی هەریەكێك لەم شارانەبووە هەریەكەیان ماوەیەك بەڕێوەی بردون:

(كەلار، هەڵەبجە، پێنجوێن، ناوەندی سلێمانی، دەربەندیخان، كۆیە، دوكان، ڕانیە)

پاش ڕاپەڕین تا(١٩٩٢/٩/١٥) وەكیل پارێزگای سلێمانیبووە لەدوای ئەمە لەماڵی خۆی دانیشتووە.

مامۆستا لەژیانیدا، زۆرجار توشی گرتن و ئازاردان بووە، هەندێجار ماوەیەك بێسەرو شوێن بووە. بەڵام بە هۆی زیرەكیو وریاییو ئازاییو خۆگریەوە ڕزگاری بووە.

مامۆستا هۆشمەن:

وەك مامۆستایەك، كەسێكی زۆردڵسۆز بووە، بۆ قوتابخانەی تەوێڵە، ئەوبوو بەهۆی دامەزراندن و بەردەوامی ناوەندیە،كەزۆر موراعاتی ئەو مامۆستایانەی دەكرد، بەتایبەت ئەوانەی كەغەیری تەوێڵەیی بوون، تاوەكو خۆیان نقلْ نەكەن و خزمەتی قوتابیان بكەن. جگە لەوە مامۆستا خۆشی وەك مامۆستایەك وانەی دەوتەوە. هەروەها مامۆستا هۆشمەن: كەسایەتییەكی ئیداری، سیاسی، دڵسۆز لەكارەكەیدا، ئازاو بەتواناو لێهاتوو و سەركەوتوو لەو

کارانەی کەگرتوونیەتی‌یە دەستی. مامۆستا هۆشمەن: خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێ: (قوتابخانەکانی تەوێڵە چ سەرەتایی‌و ناوەندی‌یەکەی لەو چەند ساڵەدا زۆر سەرکەوتوو بون و لەپێشەوەی قوتابخانەکانی سلێمانی‌دا بوون. هۆکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ:

- دڵسۆزی مامۆستاکان، چونکە لەپەنجاکانەوە هەموو مامۆستاکانی سەرەتایی تەوێڵەیی بوون. ناوەندیەکەشی لەدوای سی‌ساڵ کردنەوەی زۆربەیان تەوێڵەیی بوون. ئەمەش وای‌کردبوو زیاتر دڵیان بسوتێ بۆ قوتابی.

- جگە لەوەش، چونکە خەڵکی تەوێڵە بوون مۆڵەتیان وەرنەئەگرت و غیاب نەئەبوون، مەگەر بۆ ئیشێکی تایبەت بچونایە بۆشوێنێك.

- قوتابیەکانیش ئەوانەیان کەلە قوتابخانە دەمانەوە باش لێ‌بڕا بوون سەعی‌کەر بوون، زیرەك بوون. دەتوانم بڵێم ئەونەوە قوتابی‌یەی کەلەحەفتاکانەوە لەناوەندی تەوێڵە خوێندیان ئێستا هەموویان پێگەیشتوون و خاوەنی بڕوانامەو کەسایەتی‌و نمونەی کارمەندی لێهاتوون).

پەرتوکخانەی تەوێڵە .[٣٠]:

لەم سەردەمەدا بوونی پەرتوکخانەی گشتی‌و تایبەتی پێویستیەکی شارستانی‌یە تاوەکو ڕۆشنبیران بتوانن سودی لێوەربگرن و خۆیانی پێ ڕۆشنبیر بکەن..

لەسەردەمەکانی کۆن دا پەرتوکخانە کەم بووە، ئەوەشی کەبووە زیاتر تایبەت بووە بەتاکەوە (فەردەوە) بەڵام هەندێ کەسایەتی پەرتوکخانەیان بووە، خەڵکانی دەوروبەری وەك پەرتوکخانەی گشتی سودیان لێوەرگرتوون.

لە تەوێڵەدا بەهۆی ئەوەی خوێندەواری زۆری تیابووە، گەلێك زاناو ڕۆشنبیر، بۆخۆیان پەرتوکیان کۆ کردوەتەوە لەناو صندوق و تاقەکان دا وەریان گرتوون و سودیان لێوەرگرتوون، بەڵام دەتوانین بڵێین: ئەو پەرتوکخانانەی کەوەك گشتی بوون و خەڵکی سودی لێ وەرگرتوون، ئەمانەی خوارەوەبوون:

- **پەرتوکخانەی مزگەوتەکان**

- کەهەرمزگەوتێك کۆمەڵێك قورئان و چەند کتێبێکی ئاینی‌یان تیابوو، بەتایبەت مزگەوتی گەورەو خوێندنگا (مەدرەسە)کەی، تاساڵی (١٩٨١) گەلێك کتێبی نایابی دەست خەتی تیابوو، بەڵام لەدوای چۆڵ کردن نەمانزانی چیان

لێهات- تەنانەت لەدوای ڕاپەڕین کەچووینەوە لەتاق و پەنجەرەکانی مزگەوتەکەدا چەند کتێبێك لەوێ بوون خراپ بوو بوون و لاپەڕەکان ڕەش هەڵگەڕا بوون هیچیان لێ نەئەخوێنرایەوە.

- **پەرتوکخانەی حوجرەی مەلانەزیر:**

ئەم پەرتوکخانە لەحوجرەکەی مەلانەزیر بووە، دوایی بەقاپی شێخ ناسراوە، هەرچەندە تایبەت بوو بەخودی مامۆستا مەلانەزیرەوە، بەلام وەك پەرتوکخانەیەکی گشتی سودی لێبینراوە، دوای مەلانەزیریش زۆرێك لەکتێبەکان کەوتنەلای م. مەلاصاحب و بنەماڵەکەیان.

- **پەرتوکخانەی خانەقا:**

ئەم پەرتوکخانەیە هەرلەسەردەمی شێخ عوسمانی گەورەدا کتێبی بۆ کراوەتەوە تاسەردەمی شێخ حیسامەدین، لەدوای ئەویش هەرلەخانەقاکەی تەوێڵەدا پارێزراو بوون و خەلیفە مەحمود کەکلیلی خانەقاو پەرتوکخانەکەی بەدەستەوە بوو نەیدەهێشت بفەوتێن.. بەلام جارجارە کەس و کارو بنەماڵەی شێخان خۆیان دانە دانە لەکتێبەکانیان دەبرد بۆ خوێندنەوە بەتایبەت بڕێکیان بران بۆبیارەو باخەکۆن و بۆ خانەقاکانی ئەوێ.

لەم سالانەی دوایی م. شێخ صەفائەدین و شێخ محەمەد ئەمین کەلەتەوێڵەدا مامۆستا بوون، سودیان لەم پەرتوکخانە زیاتر وەرگرت لەساڵی (١٩٧٢ یا ١٩٧٣) لیژنەیەك لەئەوقافی سلێمانییەوە هاتن بۆ تەوێڵە، زۆربەی ئەو کتێبانەی کەمابوون لەخانەقاکەی تەوێڵە کڕینیان بۆ کتێبخانەکەی ئەوقافی سلێمانی.. ئەوانیتر لەدوای ساڵی (١٩٨١) نەمانزانی چیان لێهات لەوانەیە لەلای بنەماڵەی شێخ ئەحمەدەوە. - شێخ عەبدورەحمان و شێخ عەلیەوە - بن.

- **پەرتوکخانەی (کوردستان)** [٣١]**:**

ئەم پەرتوکخانەیە لەساڵی(١٩٧٢) لەلایەن مامۆستایان و قوتابیانی تەوێڵەوە کرایەوە، یەکیەتی قوتابیانی کوردستان، ڕۆڵێکی باشیان بینی بۆ کردنەوەیو سەرپەرشتی کردنی وەلەژێر چاودێرییو سەرپەرشتی مامۆستا بارام سەعدیدا بوو. مامۆستایانی تەوێڵە بەتایبەت مامۆستایانی ناوەندیەکە بەچەندەها کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە هاوکاریان کرد، هەروەها هاوکاری فەتاح ئاغاو صالح بەداوی لەکردنەوەی کتێبخانەکەو هاوکاری مادییو پەرتوك دا ڕۆڵێکی بەرچاویان بووە کەئەوکاتە دەسەلاتداری ناوچەکەبوون.

ئەم پەرتوکخانەیە لەخانوەکەی حاجی‌حامددا بوو لەپشت دوکانەکانی

حەمەصالح مستەفا حەمەصالح -یەکەم پاسەوانی قوتابخانەی تەوێڵە بووە- عارفی عیزەت چاپچی‌ئەم وێنە لەزەماوەندی حەمەکەریم حەمەسەعید قالە گیراوە - ١٩٣٧

(شێخ)ەوە لەدامێنی بەشی بەرامبەر.. ئەم کتێبخانەیە سودی زۆری هەبوو، بەڕاستی ڕۆڵی مامۆستابارام لەکردنەوەو سەرپەرشتی و هاندانی قوتابیان بۆ خوێندنەوەو سەردانی ئەم پەرتوکخانەیە ڕۆڵێکی بەرچاوو گرنگی بووە.

لەدوای نسکۆی (١٩٧٥) ئەم پەرتوکخانەیە، داخراو کتێبەکانی کۆکرانەوەو نزیکەی(١٥) صندوق بوون لەقوتابخانەی ناوەندی تەوێڵەوەرگیران، بەلآم لەچۆڵ کردنەکەدا کتێبەکان فەوتان و نەزانرا ئەم کتێبانە کەوتنە کوێ.

قوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵە - دوای راپەرین دروستکراوەتەوە



قوتابخانەی ناوەندی تەوێڵە - دوای راپەرین دروستکراوەتەوە

ماموستایانی قوتابخانەی سەرەتایی تەوێلە ۱۹۷۸/٤/۱ لەراستەوە بۆ چەپ - دانیشتووەکان:
جەزا حەمە صالح، سەعدی حەمە عەزیز (راهینەر)، محەمەد عەبدورەحمان، ئیسماعیل محەمەد رەسوڵ
(بەڕێوەبەر)، حامد عومەر . راوەستاوەکان: مەعصوم عەلی، کەریم محەمەد، خالد (کەبەخاڵە ناسراوە) -
چونکە یەکی نیسان بوو وتبویان پێی ماموستا ئیسماعیل ئیشی پێتە کەهاتبوو زانیبوی گاڵتەی پی دەکەن
وتبوی دەبی منیش رەسم بگرم لەگەڵتان-، حەمەشەریف حەمەرەشید، مەحمود عارف، عەبدولخالق بابالە،
کەمال ئەسکەندەر، عەبدورەزاق عەبدورەحمان (راهینەر).

لەراستەوە بۆ چەپ/ حەیدەر محەمەد، سلیمان فەتح الله، نافعەدین نیزامەدین (هەرسێکیان خزمەتگوزار).
حەمەشەریف حەمەرەشید، ئەبوبەکر ئیسماعیل (هەردوکیان ماموستای قوتابخانەی تەوێلە).
سەعدی حەمە عەزیز، عەبدورەزاق عەبدورەحمان (هەردوکیان راهینەر لەقوتابخانەی تەوێلە).
کورە بچکۆلەکەش کۆسالان ئەبوبەکر

قوتابیانی پۆلی شەشەمی سەرەتایی و چەند مامۆستایەکی
قوتابخانەی تەوێڵە – ١٩٧٨

قوتابیانی پۆلی چوارەمی سەرەتایی و چەند مامۆستایەکی
قوتابخانەی تەوێڵە - ١٩٧٨

سەیرانی قوتابیانی ناوەندی تەوێڵەو چەند مامۆستایەك
بەیدەری - ١٩٧٢

قوتابیانی پۆلی یەکەمی ناوەندی تەوێڵەو چەند مامۆستایەك - ١٩٧٦/٢/٣

قوتابیانی پۆلی دووەمی ناوەندی تەوێڵەو چەند مامۆستایەك – ١٩٧٧/١٢/٢٥



قوتابیانی پۆلی سێهەمی ناوەندی تەوێڵەو چەند مامۆستایەك – ١٩٧٧

پەراوێزەکان

[1] سلێمانی شارە گەشاوەکەم - جەمال بابان ل(١٤١)

[2] بنەماڵەی زانیاران- مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس- ل(٤٠٩)

[3] بنەماڵەی زانیاران- مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس- ل(٤١٨)

[4] یادی مەردان- مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس- ل(٧٧)

[5] لەو وەفادارانە:

ماموستا (شێخ صەفائەدین، محەمەدی حاجی نادر، عوسمان حەمەصالح هەورامی) هەروەها من (عەبدوڕەزاق - نوسەر) لەساڵی(١٩٨٧- ١٩٩١) لەئێران سەردانی چەندمەلایەکم کرد لە(پاوە، خانەگا، جوانرۆ، ڕەوانسەر، سنە، بێساران، مەریوان) هەریەکەیان ئەمەیان دەوت بەتەعبیری جیاواز.

[6] ماموستا محەمەد عەلی قەرەداغی پەراوێکی بەناوی بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد- لەڕێگەی دەستخەتەکانەوە دەرکردوە تائێستا چواربەرگی دەرچووە. بۆناوی ئەم مەدرەسانە سەیری بەرگی یەکەم چاپی یەکەم ساڵی ١٩٩٨ چاپخانەی (ومیض) ل (٨٨- ١٠٧)

[7] بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد- لەڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە- بەرگی سێهەم چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٠- ل ١٦٧ محەمەد عەلی قەرەداغی بۆ زیاتر زانیاری سەیری ئەم کتێبەبکە شتێك لەسەری هەیە یەکێك لەو(١٤)ە ئاگادارده‌بێت.

[8] بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد- لەڕێگەی دەسخەتەکانیانەوە- بەرگی یەکەم- ل ٩٢- محەمەد عەلی قەرەداغی.

[9] لەبوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد- لەڕێگەی دەستخەتەکانەوە.

هەندێ دەستخەتی‌تر هەیە بەپێویستی‌دەزانم کەئاماژەی پێ‌بکەم:

- قورئانەکەی مەلاحامد مەلا عەبدولحەکیم.. پێشترباسمانکرد لەژیاننامەی بنەماڵەی مەلا عەبدولحەکیم دا- بەرگی‌دووەم ل (١٩)

- الرسالة الوضعیة- عەبدولموئمینی کوڕی شێخ شەمسەدین ساڵی ١١٠٧ك لەتەوێڵە نوسیویەتیەوە لە(دار صدام للمخطوطات) بەژمارە (١٢٧٠٢)، بەرگی دووەم ل٢٤.

- نامیلکەی عیلم لەعەقائیدا دەستی تەماعی (...) لەکۆمەڵە دەستخەتێکی دەرهێناوە. ساڵی ١٢٩٠ك لە تەوێڵە نوسراوەتەوە، بەرگی‌دووەم ل ٢٥.

- کۆمەڵـە دانراوێکـی هەمـەدانی سـاڵی(٩٨٣) لەگونـدی تەوێڵـە نوسـراوەتەوە- دار صدام للمخطوطات- ژ ١٩٣٦٣. بەرگی دووەم ل ٢٤.

- غایـة الاختصـار: فقـه. عەبدولعـەزیمی کـوڕی مەلامـەحمودی سـەروابادی لەگوندی تەوێڵە ساڵی (١٢٦٣) نوسیویەتیەوە. بەرگی سێهەم ل ١٢.

(١٠) ئەم چوار مامۆستایەی دوایی‌یان مەلاعەبدوڕەحمانی مەلاعەبدوالله لەمزگەوتی بابا ئەسکەندەر لەساڵەکانی (١٩٦٠ بۆ١٩٧٠) دەوری باشی هەبوو لەم بوارەدا. مامۆستا مەلاجەمیلیش لەهەمان کاتدا لەمزگەوتی (کاك عەلی فەیرۆز) بوو ڕۆڵی گرنگی بینیو بەڵکو قوتابی‌یەکی زۆری فێری قورئان خوێندن کرد، ساڵی واهەبوو زیاتر لە(٥٠) قوتابی بووە، جگەلە قورئان، منالانی‌فێری هەندێ کتێبی کوردی دەکرد وەك: مەولود نامەو معراجنامەو وەفاتنامە ئالەوکاتەدا ئەو نامیلکانە بۆ قوتابیانی سەرەتایی زۆر باش بوون، چونکە پێشی دەنوسینەوە بۆ خوێندنەوەی کوردیو ڕێنوسی کوردی باش بوون.

- هـەروەها مامۆسـتا سـەید عەبدوڕەحمان و سـەید ڕەشاد لەمزگـەوتی باسـاکاو مزگەوتی گەورەدا ڕۆڵێکی باشیان بینیووە.

(١١) دایکـی مامۆسـتا (مەحیەدینـە) کـەقورئان گوڵسـتان و ڕۆڵـە بزانـیو ئقباڵنامـەی لەساڵی چلەکاندا لەلای خوێندوە.

(١٢) بۆناوی ئەم مامۆستا ئافرەتانە سودم وەرگرتەوە لە:

حاجی‌سـەید محەمـەد، وەسـتا محەمـەدی حاجی حەمەصالح، مـەلا حەمەئەمین مەلا عەبدوالله، مەلاعەبدولکەریم ئەحمەد موعین، مامۆستا مەحیەدین حاجی‌سەلیم..)

(١٣) لەسـەر قسـەی مامۆسـتا(محەمـەدی حـاجی نـادر، هۆشمـەن مسـتەفا، مەحیـەدین حاجی‌سەلیم، حسێن محەمەد غەفور، عەزیز جەعفەر).

(١٤) لەمامۆستا محەمەد مەعروف مەلاعەبدواللەی مەریوانی‌یم بیستووە.

(١٥) سـەیری نـاوی قوتابیـان لـەکوڕان و کچـان بکـە لەلیستـەکەدا نـاوی منـاڵانی خـۆی لەپێشـەوەیە کـەئامادە بـوون بـۆ خوێنـدن. وەك لەمێـژووی هـەورامان دا م.هـەورامانی دەڵـێ: ئافراسـیاوبەگیش ئـەرزی بـاخی خـۆی لـەدەرەی تەکیـەی دا بەدەوڵـەت بـۆ قوتابخانەی بیارە وەجەمیل بەگ و یار ئەحمەدبەگیشی ناردنە قوتابخانە.

(١٦) سودم لەدیوانەکەی وەرگرتووە.

(١٧) ئەم هۆنراوەیە دوو دێڕی یەکەمی لەدیوانەکەی‌دا هەیە ل(٥٤١)، بەڵام من ئەوەش و دێڕەکـەی‌تری لەدەمی‌مامۆسـتا عـەلی قادرئاغـاوە وەرم گرتـووە، بێگومـان زۆرێـك لەقوتابیەکانی ئەوکاتەی کەئێستا ماون ئەم هۆنراوەیەیان لەبەرە.

(١٨) بۆ ئەم ناوانە سود وەرگیراوە لەوسجلەی کەلەقوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵەدا هەیە.. ئەوەیجێگەی تێبینییە ئەوەیە سجلە ئەصڵییەکەی یەکەمجار لەساڵی(١٩٣٦)دا کەلافاو هاتووە قوتابخانەکەی بردووە ئەو سجلەش نەماوە.. دوایی شێخ(صفائەدین) کەدەبێت بەمدیری قوتابخانەکە سجلەکە دروست دەکاتەوەو ناوەکان تۆمار دەکات.. ئەمەش جێگەی ڕێزە. لێرەدا جێگەی خۆیەتی کەسوپاسێکی زۆری بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی تەوێڵە لەساڵی (١٩٨١)دا بکرێت کەنەیان هێشت(مومتەلەکات)ی قوتابخانەکان لەناوبچن بەهۆی شەڕی عێراق و ئێرانەوە.

(١٩) سودم وەرگرتووە لەم بەڕێزانەی خوارەوە:

قەتحە حاجیحەسەن، نافعە حاجیحەسەن، عەلی قادرئاغا، محەمەدی نادر، حسێن محەمەد غەفور، ئیسماعیل محەمەد ڕەسوڵ.

(٢٠) بۆ وەرگرتنی ئەم ناوانە سودوەرگیراوە لەیەکەم سجلی ناوەندی قوتابخانەی تەوێڵە کە(م. نازم غەفور محەمەد) لەوکاتەدا بەڕێوەبەری ناوەندیەکە بووە هاوکاری کردین.. دواتریش بۆ لیستی ناوی مامۆستاکان و ژمارەی قوتابییەکان هاوکاری کردوین. زۆر سوپاسی دەکەین.

(٢١) لە (م. بارام سەعدی) و (م. عەلی قادر و چەندمامۆستایەکیترەوە) بیستومە.

(٢٢) بۆ نموونە بەندە (عەبدوڕەزاق- نوسەر) ئەو هەموو کێشەو دەردی سەریانەی داخستنی قوتابخانەی چەشتووە، (١٠) ساڵ فێراری سەربازی بووم، چوارساڵیش لەخوێندن دواکەوتووم.

(٢٣) سجلی قوتابخانەی هەورامانمان دەست نەکەوت بزانین ئەویش ئەخێر کەس کێ بووە، هەروەها هەرچەندە قوتابخانەی کچانیش هەبووە، بەڵام چەند کچێکیش لەپۆلی شەشدا بوون لەگەڵ کوڕاندا تێکەڵ بوون.

٢٤) مامۆستا محەمەد نادر چەند لاپەڕەیەك زانیاری بۆ نوسیوین دەربارەی تەوێڵەو ئەمەش لەوەوە وەرگیراوە. بەڵام لەژمارەی قوتابیانی کوڕان دا (٥١٢)ی نوسیووە قەناعەتم بەو ژمارە نەبوو بۆیە بەبۆچوونی خۆم کردمە(٢١٢) قوتابی.

(٢٥) بۆ ئەم لیستی ناوانە دوو تێبینی پێویستە:

- ساڵی(١٩٨١) چونکە گۆڕانکاریەکی زۆری هێناوە بەسەر ناوچەکەدا، پێمان باش بوو تائەو ساڵە ناوەکان بنوسین چونکە لەدوای ئەو ساڵەوە مامۆستامان زۆرە نەمان توانی ئەوانی تریش بنوسین.

- ئەم مامۆستایانە کەناویان نوسراوە، نیوەی یەکەمیان تاساڵی ١٩٨١ خزمەتی مامۆستاییان بەزۆری لەتەوێڵە بووە بەڵام لەدوای(١٩٨١) بەدەگمەن چونەتەوە

تەوێڵە، نیوەی دووەم خزمەتیان لەتەوێڵە کەمە مەگەر هەندێکیان لەدوای ڕاپەڕینەوە چوینەوە بۆ تەوێڵە، بەڵکو لەغەیری تەوێڵەن بەزۆری لەهەڵەبجەو سلێمانین.

(٢٦) مامۆستای تریش زۆر بوون لەتەوێڵە کەخەڵکی شوێنی تربوون، بەڵام چونکە کەم ماونەتەوەو ناوی هەمووومان دەست نەکەوت وە تەوێڵەییش نەبوون بۆیە نەمان نوسین.

(٢٧) بۆ ژیانی سودم وەرگرتووە لەمامۆستا نەزیف باباحاجیو، کاك(پێشڕەو جەمیل)ی کچەزای، هەروەها خۆشم (عەبدوڕەزاق) گفتو گۆیەکم بووە لەگەڵیداو چوومە خزمەتی.

(٢٨) لەدەمی مامۆستاخۆی وەرگیراوە لە(١٩٩٨/٧/٢٥)و(١٩٩٨/١١/٢).

(٢٩) لەڕۆژی (٢٠٠٢/١٢/٢٧) چاوپێکەوتنێکم لەگەڵدا کردوو ئەم زانیاریانەو وەڵامی گەڵێ پرسیاری ترم لێوەرگرتووە...

(٣٠) سودم وەرگرتووە لە م. عوسمان حەمەصالح، م. محەمەدحاجی نادر، شێخ صەفائەدین، مەلاکامل حاجیمامۆستا..

(٣١) سودم وەرگرتووە لە م. بارام، م. هۆشمەن، م. مەحیەدین.

تەوێڵە لەبواری کۆمەڵایەتی یەوە

* پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یەکان
* تیرەو خێڵایەتی
* هۆزو تیرەو بنەماڵەکانی تەوێڵە
* ناوی هۆزو تیرەو بنەماڵەکان
* کوێخاو ئەنجومەنەکان
* هەندێ نەریت و باوی گونجاوو باش:
  - گەلکاری - گزی بارەکلە
  - میوانداری - بەخشانە
* بۆنەکان:
  - بۆنە ئایینی یەکان
  - بۆنە کۆمەڵایەتی یەکان
  - بۆنە نیشتمانی و نەتەوایەتی و ئەوانی تر.
* ئەو شتانەی جارجارە کێشەیان دروستکردووە:
  - لەوەڕگا
  - ئۆیاو
  - بەفرماڵین
* چەند دیاردەیەکە نابەجێ:
  - سوێند خواردن بەتەلاق
  - عارەق خواردن و قومار کردن
  - وەك دەگێڕنەوە...
* ئەو ئەهامەتی یانەی کەتووشی تەوێڵەیی و تەوێڵە بوون:
  - گرانی و برسیەتی - نەخۆشی
  - لافاو - پێشێلکاری
  - شەڕی عێراق و ئێران
* تەوێڵەیی لەشارەکانی تری عێراق
* لیستێك ناوی مردوانی خەلکی تەوێڵە
* هەندێك لەکەسایەتی یە ناودارەکانی تەوێڵە
* پەراوێزەکان

تەوێڵە لەبواری کۆمەڵایەتی‌یەوە

باری کۆمەڵایەتی:

بێگومان بوارەکان کاریگەریان هەیە لەسەر یەکتر، بۆیە باری کۆمەڵایەتی پەیوەندیو کاریگەری‌یەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ باری ئابوری‌و ئایینی و ڕامیاری و ڕۆشنبیری‌دا.

باری کۆمەڵایەتی تەوێڵە، جیا نی‌یە لەگەڵ باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی‌دا، تەنها ئەوەندە هەیە ئەو شتانەی کەپەیوەندی‌یان هەیە بەمەوە، ڕێژەیین، لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەیە.

لێرەدا ئاماژە بەچەند شتێك دەکەین لەم بوارەدا، کەبریتین لەمانەی خوارەوە:

پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەناو تەوێڵەیی‌یەکان:

پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەناو تەوێڵەیی‌یەکان خۆیاندا، باشەو بەپێی پێویست دەچن بەدەم یەکترەوە، لەبۆنەکاندا یەکتر بەسەر دەکەنەوە، لەکێشە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا هاوکاری یەکتر دەکەن. تێکەڵاوی‌وپەیوەندی خێزانەکان لەناو خەڵکی ماڵیدەردا، زیاترە تاوەکو خەڵکی چلانە، وبەرامبەر چەك و تەقەمەنی - چ تفەنگ و چ خەنجەر - لەتەوێڵە کەم بووەو کەم هەیە.

تەوێڵەیی شەڕەنگێز نین و - مسالمن- ئەگەر شەڕێکیش ڕوو بدات لەناویاندا ناهێڵن تەشەنە بکات و درێژە بکێشێ و بگاتە ڕادەی کوشتن و ئاوارە بوونی یەکتر، هەوڵیش دراوە کێشەکان ببرێنە لای مەلاو بەپێی شەرع چارەسەر بکرێن. ڕۆحی تۆڵە سەندنەوەیان تیا نی‌یەو لێبوردەیی زیاتر زاڵە بەسەریاندا. دەمارگیری تیرەو خێڵایەتی و شەڕی عەشایەری زۆر کەمە. وەك تەوێڵەیی ڕێزو ئیحترام هەیە لەناویاندا.

پەیوەندی کۆمەڵایەتی تەوێڵەیی لەگەڵ گوندەکانی دراوسێشیاندا، بەگشتی باشە، کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکانی نێوان گوندەکانی کوردستان، لێرە دووبارە نەبوونەتەوە، ئەگەر سەردەمێکیش شتێکی بچوکی وا بوو بێت، لەبیستەکانەوە ئەوەش نەماوەو، پەیوەندی بازرگانی‌یان بەهێزەو لەهەموو سەردەمێکدا لەیەك نەپچڕاون، بەتایبەت لەگەڵ لادێکانی ئێران دا، شۆشمێ‌و نەوسودو دزاوەرو هەورامانی تەخت و هانە گەرمڵەو کەیمنەو بێرواس دا.

ژن و ژنخوازی کەمێك هەیە لەگەڵیاندا، ئەویش لەگەڵ خەڵکی دزاوەردا، ئەوانی تر دەگمەنە. خەڵکی دزاوەر بەهۆی باخەکان و لەوەڕگاو جارەلۆ وەزیاتر تێکەڵاوی هەیە.

هەروەها پەیوەندی‌یان لەگەڵ سۆسەکان و پالانیاو بەڵخەو دەگاشێخان و ناحیەی بیارەشدا زۆرباشەو کێشەو گیروگرفتیان نیەو بەتایبەت سۆسەکان و وەك بەشێکی تەوێڵە سەیرکراوەو زۆر بەدەم یەکترەوەن.

تیرەو خێڵایەتی:

ئەگەر چاوێك بەمەسەلەی خێڵگەرایی تەوێڵەدا بگێڕین و بەراوردێکی بکەین لەگەڵ تیرەو هۆزایەتی کۆمەڵی کوردەواری‌دا، دەبینین ئەم مەسەلەیە لەناو هەورامان دا، بەتایبەت لەتەوێڵەدا، زۆر لاوازەو، خێڵایەتی نەبووەتە کۆسپێك لەبەردەم پێشکەوتنی ناوچەکەدا، ئەوەندە لەدەوری زاناو شێخ و پیشەکانداو، ئێستاش لەدەوری ڕێکخراوەو ئینتیمای فکری‌و سیاسی‌دا کۆبونەتەوە لەدەوری ئینتمای خێڵ دا کۆنەبونەتەوە، بەڵکو زۆرێك لەتیرەکانیش هەر لەسەر بناغەی ئیش و کارو پیشەکانیان وەك ڕێکخراوەیەکی ناڕاستەوخۆ ناویان دەرکردووە، بۆ نمونە:

تیرەی شێخەکان (نەقشبەندی‌یەکان) - بەڕێبازی تەصەوفەوە خەریك بوون.

تیرەی مەلایان - بەزانستە شەرعیەکانەوە خەریك بوون و مەلایەتی‌یان کردووە.

تیرەی سەیدەکان - لەخزمەتی ئیسلام دا بوون لایەنی ڕۆحی خەڵکەکەیان بەهێز کردووە.

تیرەی وەستایان - ئاسنگەر بوون و وەستای چەقۆو زەنگن و پاچ و ئەوانە بوون.

تیرەی خادمی‌یەکان - خزمەتی مزگەوتیان کردووە.

تیرەی بەگزادەکان - دەسەڵاتداربوون و کاری سیاسی‌یان ئەنجام داوە.

تیرەی ئاغەلەری - وەك - ئاغا - لەبەڕێوە بردندا دەسەڵاتیان بووە.

تیرەی یاقوەسوری - کوێخاو ناودار بوون.

تیرەی سەید ئەحمەدی - کڵاشکەر بوون.

تیرەی کۆزادی - جۆڵاو هەلاج بوون.

تیرەی گەڕایی - زیرەك و قسە زان و وریا بوون.

تیرەی علیان - بازرگان و کاسپ بوون.
تیرەی عەزیز دەلاك - دەلاك و جەڕاح بوون.
تیرەی کەندەسمەیی - خەریکی کان و بەردو بناغەی خانوو هەڵکەندن بوون.
تیرەی بوڵینە - ئاسنگەرو دارتاش بوون.
تیرەی هاڵەکۆکی - کۆك و تەباو پشتیوانی یەکتر بوون.
تیرەی چاوشی - چاودێرو بەدەسەڵات بوون.
تیرەی خەیاتان - بەرگدروو بوون ... تاد.

بەم شێوەیە:

لەتەوێڵەدا، خێڵایەتی ئەوەندە خوێنراوەتەوە کەئیجابی بووبێ، گەورەو بچوکی پارێزراوە، نەسەب زانراوەو، بەشێوەیەکی سلبی کاری نەکردووەتە سەر کۆمەڵگا، بەو شێوەیە نی‌یە سەرۆك تیرە بەرەو هەر لایەك بڕوات ئەمانیش مل بنێن. هەر بۆیەش هەموو حیزبەکان لەتەوێڵەدا ئەندام و هەواداریان هەیە، هەر یەکێك بۆ خۆی سەربەست و ئازادە، چ فکرەو ئینتیمایەك هەڵئەبژێرێ لەلایەن تیرەو هۆزەوە فشاری لەسەر نی‌یە.

حکومەتی بەعس زۆر هەوڵی‌دا کەتەوێڵەیی لەژێر دەسەڵاتی مستەشارو خێڵ دا کۆبکاتەوەو بەکاری بێنێ، بەڵام بۆی کۆنەکرایەوە.

بەکورتە:

دیاردە سلبی‌یەکان لەتەوێڵە زۆر کەمن وەك: چینایەتی، شەڕو کوشتاری ناوخۆ، کێشە خێزانی‌یەکان لەهاوسەرگیری‌دا، ئینتیماو دەمارگیری عەشایەری... هتد، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ :

- باری ئابوری: ئابوری پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بەدیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە، چونکە بەگشتی ئابوری‌یەکە باش بووە، وای نەکردووە لەخەڵکی چینایەتی دروست بکات، بەناوی ئاغاو مسکێن یا شێخ و بۆرەپیاو. بێگومان بواری جوگرافی ڕۆڵی گرنگی بینیوە لەمەدا، کەدەرەبەگی سەرمایەدار دروست نەبێت لەناوچەکەدا.

-باری ڕۆشنبیری: بەبوونەی‌مزگەوت و خانەقاو قوتابخانەوە،خەڵکەکەی ڕۆشنبیری‌و هۆشیاری‌یەکی بووە.

- باری سیاسی: ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەسەڵاتەی کەلە تەوێڵەدا بووە.

وادەردەکەوێ ئەو دەسەلاتەی کەبووە لەسەردەمی کۆن و نوێدا، ستەمێکی وانەبووە، کەکاریگەری وابکات چینایەتی و شەڕی ناوخۆ دروست بکات. ئەو ئاغاو بەگیەی کەبووە، هەم خۆشیان ستەمی وایان نەکردووە، هەم خەڵکەکەش هۆشیار بوون و بواریان نەداوەو بەرامبەری وەستاون. جگە لەمەش یەك دەسەلات نەبووە تاوەکوو دکتاتۆری‌یەکی ڕەها -مطلق- دروست ببێت، چونکە لەگەڵ بوونی دەسەلاتی بەگدا دەسەلاتی شێخیش بووە.

- بوونی تەصەوف: ئەمەش بۆخۆی قوتابخانەیەکی پەروەردەیی ڕۆحی بووە، نەیهێشتووە ستەمێکی وا لەیەکتری بکەن، هەمیشە شێخ و موریدەکان، قیامەت و دواڕۆژیان بیری خەڵکی خستووەتەوە تاوەکو بەهێمنی و ئارامی بژین و تەبابن و پێکەوە بژین.

هۆزو تیرەو بنەماڵەکانی تەوێڵە:

خوای گەورە لەسورەتی (الحُجرات)دا ئایەتی (١٣) دەفەرموێ:

(يأيُها النّاسُ إنّا خَلَقْناكُم منْ ذَكَرٍ وأُنثى وَجَعَلْناكُم شُعُوباً وَقَبائِلَ لِتَعارَفوا إنَّ أكرَمَكُم عنْدَ اللهِ أتْقاكُم إنَّ اللهَ عَليمٌ خَبير.)

واتە: ئەی خەڵکینە، بێگومان ئێمە هەمووتانمان لەنێرو مێیەك دروستکردووە - کەباوکە ئادەم و دایکە حەوایە-و کردومانن بەچەند گەل و هۆزو تیرەی جۆربەجۆر، تایەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەکەوە ... بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتانە کەزۆرتر لەخوا ترسەو فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خوا زاناو ئاگایە بەهەمووان.. (تەفسیری ئاسان ل٥١٧)

حەججاجی کوڕی یوسفی سەقەی دەڵێ:

لا تَقُل اصلي وَفَصلي ابداً إنَما اصل الفتى ماقد حَصَل
إنَّ الفَتى مَن يَقولُ ها انا ذا لَيسَ الفَتى مَن يَقولُ كانَ أبي
كُنْ إبنُ مَن شِئتَ وَاكتَسِب أدَباً يُغنيكَ مَحمُودُهُ عَن النَّسَبِ

پیرەمێرد دەڵێ:

نەپایەو پارە، نەڕیشەو ڕەگەز نەجوای ڕووکەش، نەبەرگ و مەرەز
یەک تۆز لەنرخی،هیچ کەس زیادناکات کەمرۆڤ نەیبێ، خۆی نرخێکی بەرز

پێشینان وتوویانە:

خۆت هەڵمەکێشە بەباوو باپیر مەڵێ باوکی من پاشا بوو یامیر

سەرەتا پێش نووسینی ڕشتەی ئەم بنەماڵانە دەپرسین: ئەم نوسینە قورس و زەحمەتە بۆ؟ لەوەڵام دا دەڵێین: جارێ مەبەستمان لەنوسینەکە ئەوەیە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە سوودی لێ وەربگرین نەك زیندوو کردنەوەی ڕۆحی عەشایری و تیرەو خێڵگەرایەتی، پاشان دەڵێین:

بەگشتی زانینی ڕشتەی بنەماڵە بۆخۆی شتێکی باشەو مرۆڤ پێشینانی خۆی بزانێ خراپ نی‌یەو بەتایبەت لەزانستی کۆمەڵناسی‌دا گرنگی‌یەکی خۆی هەیە، بەتایبەت تر بۆ توێژەرە کۆمەلایەتی‌یەکان کارئاسانی‌یەو سوودی زۆری لێوەردەگرن. بۆچی هەر بنەماڵە گەورەو دەسەلاتدارەکان ڕشتەکەیان دەنوسرێ‌و گرنگی پێ‌دەدرێ، بابنەماڵەکانی تری کۆمەڵگاش ڕشتەکەیان تۆمار بکرێ.

لەلایەکی تریشەوە: خەڵکی تەوێڵە ئەوسا هەموو بەیەکەوە بوون و کۆوە جەم بوون و سنوور نەبووە لەنێوان ناوچەکان داو خەڵکەکە ئازاد بوون و ئەو هەموو خەڵکە لەدەوروبەرەوە هاتوون لەتەوێڵەدا نیشتەجێ بوون، بەلام بەهۆی شەڕی نەگریسەوە لەساڵی (١٩٨١) ئەو هەموو خەڵکە، کەبەچەند نەوە کۆبوونەوە پرژو بلاو بونەوەو، لەدوای ڕاپەڕینیش زوربەی لەسلێمانی و هەڵەبجەی شەهیدو هەڵەبجەی تازە ماونەتەوەو کەمێکیان چوونەتەوە تەوێڵە.

ئەمانەی ئەم شارانە بەهۆی مانەوەیان و بەهۆی ژن و ژنخوازی‌یان لەگەڵ تیرەو هۆزەکانی تری کورددا، لەوانەیە دوای چەند ساڵێکی تر نەوەی زۆریان هەم زاراوەی هەورامیان لەبیر بچێتەوە، هەم ڕشتەی بنەماڵەو ئەصلی زێدەکەیان نەزانن کێ‌یەو کوێ‌یە...!!، بەم نوسینی ڕشتەیە ئەو نەوانەی ئێستاو ئایندە دەزانن ئەصڵ و زێدیان کێ‌یەو کوێ‌یە، ئەمەش دەمێنێتەوەو مێژوویەکیشە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

لەڕۆژگارەکانی مێژوودا، زۆر بەسەرهات و ڕووداو بووە، چونکە نەنوسراونەتەوەو سەرچاوەیەك نەبووەو تۆمار نەکراون ئێستا دەنگ و باسیان نازانین و شتەکان ون بوون و لەناوچوون.

ئەمە مێژووە، گەلێك مێژووی خۆی نەزانێت و تۆماری نەکات نازانێ هەنگاو بنێ‌و قەوارەی نەتەوایەتی خۆی لەدەست دەدات.

هۆزو تیرەو بنەماڵەکانی تەوێڵە چوون بەناو یەکداو ئاوێتە بوون لەناو خۆیاندا، هەربۆیەش تیرەو تایەفەگەری لەتەوێڵەدا زۆر ناخوێنرێتەوەو دەست نیشانکردنیان زەحمەتەو ماندوو بونێکی زۆری ویستووەو، لق و پۆپی زۆریان لێبووەتەوەو، لەناو تەوێڵەیی‌دا باوەو دەڵێن: تەوێڵە بێگانەی تیا نی‌یە..

ئەمەڕاستە، بەم ڕشتەی بنەماڵانەدا دەردەکەوێت بێگانەی تیا نی‌یەو هەموو خزم و کەسوکاری یەکترن، ئەگەر بێگانەیەکیش هاتبێتە تەوێڵە بەهۆی ژن و ژنخوازی‌یەوە لەگەڵ بنەماڵەکانی تردا بووەتە خزم و تەوێڵەیی.

دەربارەی ڕشتەی ئەم بنەماڵانە هەوڵمان داوە زانیاری ڕاستمان دەست کەوێت، چیمان بیستبێ و بەڕاست بۆمان دەرکەوتبێ ئەوەمان نوسیوە، ئیتر ئەگەر وانەبیێو ڕێگەمان نەکەوتبێتە لای شارەزاتر، ئەوە داوای لێبوردن دەوکەین.. گوێمان لەماندوو بوون و دووری و چەند جار ڕۆیشتنەوە بۆلای کەسەکە نەبووە. مەرجیش نی‌یە ئەمەی ئێمە هەمووی تەواوبیێو کەسمان لەبیر نەچوو بێ، بەڵام ئێمە ئەمەمان کردووەو ساغ کردووەتەوە، کێش ڕەخنەمان لێ دەگریێو تێبینی‌مان بۆ دەنێرێ سوپاسی دەکەین، بەس ئەوەندە بزانێ ئەم کارە قورسەو بێهەڵە نابیێو هەڵەش ببێت بەئەنقەست نی‌یەو کێش لەمە باشتر دەتوانێ شت بنوسێ و ڕشتەکان ساغ تر بکاتەوە، بابنوسیێو ئێمە دەست خۆشی لێدەکەین.

بەبۆنەی نەخوێندەواری‌یەوە، کەم کەس هەیە ڕشتەی بنەماڵەی بەنوسینەوە هەبێ، هەروەها بەبۆنەی ئەوەوە کەهۆزایەتی و تیرەگەرایی نەبووە لە تەوێڵەدا، خەڵکیش گوێیان نەداوەتە زانینی ڕشتەی بنەماڵەکەیان گرنگ تەوێڵەیی‌یەو لە تەوێڵە هەموو مافێکی تەوێڵەیی بووە، بابێکەسیش بووبێ، وەك کەسدارەکە ژیاوە، جگە لەهەندێ ڕووەوە نەبێ کەئەوەش پەیوەندی بەبنەماڵەکەوە نەبووە.

ئەتوانین بڵێین: هەموو کەسایەتی و ژن و پیاوە شارەزاو بەتەمەن و قسەزان و مێژووزانەکانمان بەسەر کردوونەتەوە. هەمووشیان بەگشتی هاتوون بەدەممانەوەو هاوکاریان کردووین و هانیشیان داوین بۆ ئەم نوسینەو پێشیان خۆش بووە.

ئەوەی کەبۆمان دەرکەوت لەم نوسینی ڕشتەی هۆزو تیرەو بنەماڵانەدا ئەمەی خوارەوە بوو:

– ناوو ناتۆرەو نازناو لە تەوێڵەدا زۆر بووە، ئێمە هەوڵمان داوە خۆمان دوور بگرین لەمە، مەگەر نازناوەکە خراپ نەبووبێ، یاناچار بووبین لەبەر ناسینەوەی کەسەکە.

– گرتنەوەی ناوی باوك و باپیرو داپیرە... زۆر دیارەو دەردەکەوێت وەك: عەباس عەلی عەباس عەلی، محەمەد محەمەد محەمەد، قادر ئاغای عەبدوالله ی قادر ئاغا... تاد.

– هەر منالێك لەسکی دایکیا بووبێ، باوکی مردبێ، دوای مردنی باوکی منالە لەدایك بووبێ، ئەوە بەناوی باوکی‌یەوە ناونراوە، هەندێکیشیان نازناوی نامەوشی یان لێ ناوە وەك: حەمەکەریم حەمەعەلی‌یە کوڵە، حەمەمراد حەمەمراد، ڕەمەزان لەتیرەی هەیاسان، حەمەکەریم حاجی حەمەکەریم... تاد.

– هەندێ جاریش منالەکە بچووك بووە باوکی مردووە، ئیتر دایکەکە بەخێوی کردووەو منالەکە بەناوی دایکیەوە ناسراوە وەك: مستەفا مستەفا نازناوی مستەفای ئاسمایە، حاجی حەسەن منە، ئایزەی فاتە، حاجی ئەوڕەحمانی موڵکی، فەحەی لاڵێ، ... تاد.

– ئەگەر نەنکی بەخێوی کردبێ ئەوە بەناوی نەنکیەوە ناسراوە وەك: نەصەهاجە، سمەپیکۆڵ... تاد.

– هەندێ ناویش هەیە نازناوی بابای بۆ بەکار هاتووە، وەك: مەعروف عەبدوالله= بابای منە، حەمەصادق حەمەحەسەن= بابای حەمەحەسەن، مستەفا ناجی= بابای ناجی، حەمە یوسف خواجە حسێن= بابای خواجە حسێن، حەیدەر محەمەد= بابای محەمەد ... تاد.

– هەندێ کەسیش دوو ناوی جیای هەیە، ناوە ئەصلی‌یەکەی جیاوازە لەگەڵ ناوە مەشهورەکەی وەك: مەحیەدین باسام= عەبوی باسامە، جەعفەر میرزا عەبدولقادر= کاکەی میرزا عەبدولقادرە، محەمەد عەبدوالله= کامەرانی هێمنەیە، قادر مەعروف= قالە مالەیە، ... تاد.

– هەندێ کەسیش نازناوی کاکەو کاکلەیان بۆ بەکار هاتووە وەك: حسێن غەفور= کاکلەی غەفورە، مەحمود کەریم= کاکلەی کەریمە، حەمەیوسف وەهاب= کاکلەی وەهاب، حەمەڕەحیم حەمە لەتیف= حاجی کاکەی حەمە لەتیف... تاد.

هەندێ جاریش نازناوی نامله یا حەمەلە بەکار هاتووە وەك: صادقی عوسمانی محەمەد بەناملە مەشهور بووە، حەمەئەمین لەتیرەی وەستا جامی بەناملە مەشهورە، یا محەمەد عوسمانی محەمەد بەحەمەلە مەشهور بووە.

– هەندێ ناو هەیە، کورت کراونەتەوەو کورتەی ناوەکە وەك نازناوێکی لێ هاتووەو بەکارهاتووە، وەك ئەم ناوانە لەباتی وشەی ئەصلی تر بەکارهاتوون وەك: حەمە، ئەحە، فەتە، عەبە، فەجە، مەحە، شەفە، ڕەشە، مچە، بلە، ئەلە،

عەبو، ئۆڵڵا، ڕەحلە، لەمان، مالە، قالە، عەزە، ئۆلە، ... تاد. یاخود وەك ئەم وشانە کەبۆ ناوی ئەصڵی ژنان بەکار هاتوون: ئایشیٚ، فاتیٚ، ئامیٚ، مەلیٚ، تەلیٚ، بەدیٚ، حەبیٚ، قەتیٚ، مەجیٚ، شازیٚ، نازیٚ، شیکلیٚ، خاتیٚ، منیٚ، گوڵیٚ، زیتە...

– هەروەها وشەی مەمول بۆ مەحمود بەکار هاتووە، حەمل یا ئەحل بۆ محەمەد، خاڵە بۆ خالد، حسلە بۆ حسێن، فالە بۆ فاضل یا فارس، عۆدە بۆ عەبدوالله.

– هەندیٚ بنەماڵە بوون هەر لەپێشینانیانەوە هەر کچیان زۆر بووە یا هەر کوڕیان زۆر بووە، یا هەر منداڵیان بەگشتی زۆر بووە، یاخود لەڕشتەکەدا دەردەکەویٚ وەجاغ کوێریان زۆر بووە.

– ئەوەش دەردەکەوێت ئافرەت لە تەوێڵەدا بەبێوەژنی کەم ماوەتەوە مەگەر هۆکارێك بوو بیٚ وەك تەمەن، منداڵ – دوای مردنی مێردەکەی یا جیابونەوە، شوی تری کردووە.

پێشینان وتویانە:

ئەوەی کەنازانی کوڕی کیٚیە   مەچۆ لەگەڵیا بۆ هەموو جیٚیە

خەڵکی تەوێڵە لەچەند هۆزو تیرەو بنەماڵەیەك پێکهاتوون .. کەئەمانەش هەندێکیان هەر لەکۆنەوە لە تەوێڵە بوون و دەکریٚ بڵێین ئەصڵ تەوێڵەیین، هەندێکیشیان مێژووی نیشتەجیٚ بوونیان لە تەوێڵەدا لەچەند سەدەیەك تێپەڕیوە، هەندێکی تریان نزیکەی سەدەیەك دەبێت، چەند بنەماڵەیەکیشمان هەن لەم سەردەمەی دوایی‌دا هاتوونەتە تەوێڵەو جێگیر بوون، لەوانەیە بڵێین نزیکەی نیو سەدەیەکە، گرنگ ئەوەیە جیاوازی نییە لەنێوانیانداو هەموو پێکەوە دەژین و کۆن و تازەیی، یاچینایەتی یاتیرەی فلان، نەبووەتە کێشەوو... کیٚ کەسایەتی خۆی دەپارێزیٚ کاسپی و بازرگانی خۆی دەکات و کیٚ زیرەکە بڕوانامەی باش بەدەست دەهێنیٚو ڕێزی دەگیریٚ... تاد.

هۆزو تیرەو بنەماڵەکانی تەوێڵە کەلەبوارەانی ترا باس کراون ئەمانەی خوارەوەن:

– بنەماڵەی مەلا نەزیر – لەسەوڵەتئاوای سنەوە هاتوون.
– بنەماڵەی مەلا حەکیم – لەئەسڵدا مەردۆخین
– بنەماڵەی مەلا مەحمود – تیرەیەکن لەتیرەکانی یاقوەسوری.
– بنەماڵەی شێخانی نەقشبەندی – تیرەیەکن لەتیرەکانی ئاغەلەران.
– بنەماڵەی سەیدەکان – لەکەلجییەوە هاتوون.

- بنەماڵەی قادربەگ - لەبەگزادەکانی نەوسودن، لەوێوە هاتوون.
- بنەماڵەی فەقێ ئەحمەدی غەزایی - لەبەغداوە هاتوون.
- ئەم بنەماڵانەو چەند بنەماڵەیەکی تر لەشوێنی تری ئەم پەڕاوەدا باس کراون، بۆیە لێرەدا باسیان ناکەینەوە بەڵکو باسی بنەماڵەکانی تری تەوێڵە دەکەین.

ناوی هۆزو تیرەو بنەماڵەکانی تەوێڵە

ز	ناو
١	هۆزی یاقوەسوری
٢	هۆزی خاڵە
٣	هۆزی ئاغەلەر
٤	هۆزی بوڵینە
٥	هۆزی ئەلی حاجی
٦	هۆزی هاڵەکۆك
٧	هۆزی فەرهاد
٨	هۆزی هەیاسان
٩	هۆزی خاڵەکە
١٠	هۆزی شاسوار
١١	هۆزی فەقێ ئەحمەدی غەزایی
١٢	هۆزی بایەزید صۆفی
١٣	هۆزی حەمە قوصەی
١٤	هۆزی قادری هەسەن
١٥	هۆزی وەستایان
١٦	تیرەی حەمە ئاغا
١٧	تیرەی خدرالی
١٨	تیرەی حەمزەیی
١٩	تیرەی حەمەی وەستا عوسمان
٢٠	تیرەی یاقۆ چاوشی کاکەڕەش
٢١	تیرەی هەیاسەی زۆراب
٢٢	تیرەی حاجی حەمەکەریمی دزاوەری

٢٣	تیرەی هەباسە
٢٤	تیرەی مەجید دەروێش
٢٥	تیرەی صۆفیان
٢٦	تیرەی ئەسکەندەری داود
٢٧	تیرەی مەولودی
٢٨	تیرەی ئیبراهیم جۆلا
٢٩	تیرەی خەسرەو خەشیل دزاوەری
٣٠	تیرەی ئەحمەد طەبیب
٣١	تیرەی قادری مارفە
٣٢	تیرەی خادمان
٣٣	تیرەی خواکەرەمی مەحمود
٣٤	بنەماڵەی مارفی حەبیبەاللە
٣٥	بنەماڵەی حسێن لەتیف
٣٦	بنەماڵەی حاجی عەلی محەمەد مەولود
٣٧	بنەماڵەی محەمەدی قادر
٣٨	بنەماڵەی وەستا عەزیز
٣٩	بنەماڵەی حەمەڕەزا
٤٠	بنەماڵەی فەتەی حەملی سۆسەکانی
٤١	بنەماڵەی ڕەمەزان سۆسەکانی
٤٢	بنەماڵەی ڕەحمانی بلە
٤٣	بنەماڵەی مەجنون شۆشمەیی
٤٤	بنەماڵەی بارام
٤٥	بنەماڵەی محەمەدی بابالە
٤٦	بنەماڵەی عەبدواللە ئەحمەد مەولان
٤٧	بنەماڵەی وەستا عەبدواللە ی پاوە
٤٨	بنەماڵەی وەستا عەبدوڕەحمانی دارتاش
٤٩	بنەماڵەی ڕەسولی نادر
٥٠	بنەماڵەی عوسمانی محەمەد
٥١	بنەماڵەی بارام سەوڵەتئاوایی
٥٢	بنەماڵەی حاجی فەرەج سەلیم

٥٣	بنەماڵەی لفت الله ئاسەوان
٥٤	بنەماڵەی حەمەیوسف حاجی محەمەد نۆدشی
٥٥	بنەماڵەی فەتح الله ی شوکرە
٥٦	بنەماڵەی هەیاس حەمەیوسف
٥٧	بنەماڵەی ئەلەی مەحمودە
٥٨	بنەماڵەی حەمەڕەزای مەحمود بەگ
٥٩	بنەماڵەی حاجی حەمەڕەشید پاوەیی
٦٠	بنەماڵەی مەلا ڕەشیدی مەلا عەبدولکەریم
٦١	بنەماڵەی عەبدوڕەحیمی مەلا جامی
٦٢	بنەماڵەی نەصروالله ی ڕەسوڵی
٦٣	بنەماڵەی ئەحمەد نۆدشی
٦٤	بنەماڵەی نەصروالله ی ڕەزاوی
٦٥	بنەماڵەی مومن حەمەشەریف پاوەیی
٦٦	بنەماڵەی نەجیبە فەنی عەلی ئاغا
٦٧	بنەماڵەی فەتاحی مەحمود سلێمانەیی
٦٨	بنەماڵەی علیان
٦٩	بنەماڵەی تۆفیق قادری هەڵە بجەیی
٧٠	بنەماڵەی ڕەحمانی جامی شۆشمەیی
٧١	بنەماڵەی حەمەحسێن خانەگایی
٧٢	بنەماڵەی مەولود گوشخانی
٧٣	بنەماڵەی محەمەد ڕوح الله دزاوەری
٧٤	بنەماڵەی حاجی محەمەدی فەتح الله
٧٥	بنەماڵەی حەمەگەلێنی
٧٦	بنەماڵەی ڕۆستەم خەرپانەیی
٧٧	بنەماڵەی غولاّم هانەگەرملەیی
٧٨	بنەماڵەی حەمەسەعید نۆدشی
٧٩	بنەماڵەی مستەفا مەحمود نۆدشی
٨٠	بنەماڵەی مەولە فەراد عەبابەیلەیی
٨١	بنەماڵەی حەمەڕەحیم تاوێرەیی
٨٢	بنەماڵەی حەمەڕەشید عەبابەیلەیی

٨٣	بنەماڵەی سەید شەریفی وڕایی
٨٤	بنەماڵەی حەمەڕەحیم هەجیجی
٨٥	بنەماڵەی برزو هانەگەرملەیی
٨٦	بنەماڵەی مەجید کەریم هەجیجی
٨٧	بنەماڵەی خوابەخشی عەلی
٨٨	بنەماڵەی الله مرادی عەلی
٨٩	بنەماڵەی حسێن سەرگەتی
٩٠	بنەماڵەی ئیسماعیلی ئەحلە
٩١	بنەماڵەی مەلا محەمەدی بانگوێژ
٩٢	بنەماڵەی حەسەن بڵبەری

ئەمە جگە ئەو بنەماڵەو تیرانەی لەبەشەکانی تری بواری ئاینی و ڕامیاری و ... تاد باسمان کردوون کەزیاد لە (١٠) بنەماڵەن.

هۆزو یاقوەسوری= هۆزی یاقوەسوری

یەعقوب کەبە یاقوەسور ناسراوە، نەوەی مەنوچەری کوڕی حاجی سەید ئەحمەد بەگە، ئەمیش بەچەند پشتێك دەگەڕێتەوە سەر سەید محەمەد زاهد، واتە پیر خدری شاهۆ.

باوو باپیری مەنوچەر، لەقەیتول ئاوای جوانڕۆ دانیشتوون، مەنوچەر کوشتن (قەتل)ی هاتووە بەسەرداو، ڕای کردووە چووەتە دەوروبەری سنە لەژێر دەسەلاتی ئەردەلانی‌یەکاندا نیشتەجێ بووە. - لەو کاتەدا جوانڕۆ لەژێر دەسەلاتی ئەردەلانی‌یەکاندا نەبووە- مەنوچەر کوڕێکی بووە بەناوی ڕۆستەم دواتر دێتە -دوست قول-ی لای هانە گەرمڵە نیشتەجێ بووە، سێ کوڕی بووە - حسێن و حەسەن و خالد-، حسێن پیاوێکی خوێندەوارو عاقڵ و زیرەك بووە، بەمیرزا حسێنی لهۆنی ناسراوە، بووە بەنووسەری خان ئەحمەد خانی ئەردەلانی کەلەسالانی (١٦١٦-١٦٣٦ن) فەرمانڕەوای ئەردەلانی‌یەکان بووە.

میرزا حسێن لهۆنی - ڕاوچی‌یەکی دەست ڕاستیش بووەو زۆر حەزی لەڕاوکردن هەبووە، جارێکیان خان پێی دەڵێ ئەمجارە بەیەکەوە دەچین بۆ ڕاو.. میرزا حسێن یەك دووجار خۆی نەخۆش دەخات و بیانوو دەدۆزێتەوە، خان لێ‌تێدەگات ئەمە بیانووە، تا جارێکیان میرزا دەڵێ: قوربان ڕاو کردن نارەحەتەو قورسە دەبێت لەکاتی ڕاوکردندا مرۆڤ خۆی بگرێو صەبرو ئارامی هەبێت و نەچیر نەشڵەژێنێ، ئەمەش بۆ جەنابت قورسەو ناکرێ، دەترسم منیش خۆم نەگرم و هەڵەیەك بکەم بەرامبەرت، چونکە من لەگەڵ هەرکەسدا بچم بۆ ڕاو دەبێت ئەو مەرجە قبوڵ بکات. خان دەڵێت: هەربەیەکەوە دەبێت ڕاوێ بکەین و مەرجەکەشت جێبەجێ ئەکەم.

دەچن بۆ ڕاو، خان لە (دامکا)و لەکاتی قەرەوڵ گرتنەوەی میرزادا خۆی ناگرێو دەجوڵێ.. نەچیر دەردەپەڕێت و دەڕوات... میرزاش پێی ناخۆش دەبێت، شتێك دەڵێت یان شتێك دەکات، دوایی میرزا ئایا لەترسی خان دەبێت یاخود شەرمی لێدەکات ناچێتەوە بۆ دوست قولی، دێتە تەوێڵە دادەنیشێ. خان خەبەری بۆ دەنێرێ بگەڕێتەوە، ئەویش دەڵێ: قوربان من بێشەرمی‌یەکم کردووە بەرامبەرت لەبەر ئەوە ڕووم نیە جارێکی تر بگەڕێمەوە. لەئەنجامدا خان دەڵێ: مادام ئاوایە هەر لە تەوێڵە دانیشەو هەندێ زەوی‌و زاری دەوروبەری جۆگەی قوڵەو داڵیتاو جاڕەڵوو قەدەغەی پێ دەدرێت.. بەم شێوەیە میرزا حسێنی لهۆنی لەتەوێڵە نیشتەجێ بووە.

میرزا حسێن کوڕێکی بووە بەناوی یەعقوب، چونکە ڕەنگی سور بووە بەیاقۆسور بەناوبانگ بووە، ئەم یاقۆیە پیاوێکی ئازاو زیرەك بووە، بەبۆنەی میراسی باوکییەوە دەوڵەمەند بووە. چونکە باخ و باخاتێکی زۆری بووە، هەروەها ڕانە گەلیشی بووە لەقەدەغەو جاڕەلۆکەی سوودی لێ وەرگرتووە، لەولاشەوە چونکە کەس و کاری لەتەوێڵە نەبووە ژنی زۆری هێناوەو نەوەیەکی زۆری لێکەوتووەتەوە، تەمەنیشی زۆر بووە، ئیتر توانیویانە دەسەلات پەیدا بکەن بەسەر ئەو میراسەیاندا دوایی هەندێکیان دەبنە کوێخا لەتەوێڵەداو ئێستاش زۆرترین هۆزی تەوێڵەن.

دوو کوڕەکەی تری ڕۆستەم (حەسەن و خالد) لەدوای براگەورەکەیان (میرزا حسێن) چی دەکەن؟.

حەسەن هەر لەدوست قول دەمێنێتەوەو ئێستاش نەوەیان لەهانەگەرمڵەو بیارەن، خێڵی حاجی حەمەوەیس و حاجی حامد و حەمەمینەڕووش لەو پیاوەن.

خالدیش دێتە نەوسوودو لەوێ ژیان دەباتە سەرو سێ کوڕی دەبێت ... لەهۆزی گەڕا دا باسی دەکەین.

جێگەی باسە بزانین ئایا دۆست قولی یا دۆست خول لەچییەوە هاتووە؟

قەلایەك هەیە لەهانە گەرمڵە بەم ناوەوە، دەڵێن: ئەم ناوە لەوشەی دەست قوڵەوە هاتووە، کەوەختی خۆی ئەو کەسەی ئەم قەلایەی دروست کردووە دەستێکی قولێ بووە، بۆیە ئەم شوێنە بەم ناوەوە ناونراوە.

نەوەی یاقوە سور

یەعقوبی میرزا حسێنی لهۆنی، حەوت کوڕی بووە: ئەحمەدو شێرزادو عوسمان و محەمەدو مستەفاو عەبدوالله و قادر... ئەوەشی کەبۆمان ساغ بووبێتەوە نەوەی هەر یەکێکیان بەم شێوەیەی خوارەوە بووە کە هەر یەکەیان تیرەیەك پێك دەهێنن.

١- تیرەی کوێخا ئەحمەدی یاقوەسور:

کوێخا ئەحمەد سێ کوڕی بووە - ئیسحاق و نادرو مارف- کەئەمانیش هەریەکەیان بنەماڵەیەك پێك دەهێنن:

أ) بنەماڵەی ئیسحاق:

دوو کوڕو چوار کچی بووە: کوڕەکانی : کوێخا حەمەئەمین و ئەحمەد.

* **کوێخا حەمە ئەمین** یان ئەم منالانەی بووە:

– فەتاح .. باوکی: مستەفا، نەجمەدین، مەحیەدین، سەعدەدین، قادر، ... تاد. ئەمانیش هەم خوشکیان هەیەو هەم نەوەشیان هەیە.

– محەمەد .. باوکی: حاجی صادق، ڕەشاد، سابق، عەینا، نازدارێ.

– عەلی.. باوکی: یاسین، عوسمان، ... تاد.

– نەجیب.. باوکی نەصرەدین، فاروق، حەمەئەمین، ظاهر، طارق... تاد. هەریەکێك لەم کوڕانەی کوێخا حەمەئەمین نەوەیان هەیە.

* **ئەحمەدیش** ئەم منالأنەی بووە:

– عەبدوالله ... باوکی فارس و ئەحمەدو ...

– کاکەبرا .. باوکی خەجێ و نەزاکەت و شەرافەت.

– مەهدی ... باوکی صەلاح و صبحی و صەباح و...

– توبا.. خێزانی وەیسی سلێمانی شاسواری.

– خاتە .. خێزانی حەمەڕەشیدی سلێمانی شاسواری.

* **چوار کچەکەی** ئیسحاقیش ئەمانەن:

عائیشە.. خێزانی حەمەیوسف حاجی مستەفای یاقوەسوری.

پیرۆزە.. خێزانی ڕۆستەم سان دوای ڕۆستەم سان شووی کردووە بە حەمەیوسف پاش مردنی عائیشەی خوشکی.

فاطمە .. خێزانی مەحمود ئاغای ڕەسوڵ ئاغا.

خامێ.. خێزانی حەمەیوسف وەستا محەمەدی بایەزید صۆفی.

ب) **بنەماڵەی نادر**...

کوڕێکی دەبێت بەناوی حاجی حەمە عەزیز .. لەگەڵ حەمەمینی صۆفی سلێمان دا برای دایکین – حاجی حەمە عەزیزیش دوو کوڕی بووە:

(١) حاجی قادر.. باوکی حاجی مستەفا...

(٢) حاجی نادر... باوکی مامۆستا محەمەد ...

ج) **بنەماڵەی مارفە**... مناڵەکانی ئەمانەن:

– حەمەلەتیف ... باوکی عەتیە خێزانی فەجە خاڵە.

– محەمەد ... باوکی فەرخی خێزانی وەستا محەمەدی وەستا قادر.

– ڕەحمان ناسراو بە لەمان ... باوکی سەلیم.

– عەزیز ناسراو بەعەزە.. باوکی حاجی حەمەمراد.

– عوزە ناسراو بەدێوانە ... باوکی حاجی وەسیم و محەمەد.

٢- تیرەی کوێخا شێرزادی یاقوەسوری:

کوێخا شێرزاد پێنج کوڕی بووە -مەلا مەحمودو یوسف و ئیسماعیل و حەمەلەتیف و قاسم- کەهەریەکەیان بنەماڵەیەك پێکدەهێنن:

أ) **بنەماڵەی مەلا مەحمود** - لەبنەماڵەی زانایاندا باس کراوە...

ب) **بنەماڵەی یوسف:** سێ کوڕی بووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

= **شێرزاد** - بابالەشیان پێ‌وتووەو بە (کەندەسمەیی) ناسراون، نۆمناڵی بووە کەئەمانەن:

١) حاجی حامد.. باوکی مەجیدو شێرزادو پەوەر خێزانی ئیسماعیلی حسێن و سوڵتانێ خێزانی محەمەدی حاجی عەبدوالله و خونچە خێزانی ئەوڕەحمانی صۆفی وەهاب.

٢) عابد.. باوکی ڕەشیدو مەناف و مەحبوبە خێزانی محەمەدی هێمنەو حەفصە خێزانی تۆفیق حەمەحسێنی شاپەری، ڕابعە خێزانی حامدی قالە غەفور.

٣) ئەحمەد.. باوکی صابرو عیززەت و جەمال و جەبارو شاپورو بەهیە خێزانی ئەبابەکر نۆدشی و نەهیە خێزانی حەمەصاڵحی عوزەو ڕەزیە خێزانی کەمالی خواکەرەم.

٤) محەمەد .. باوکی عومەرو نافع و عاصە خێزانی مومنی ئەولحامدو عائشە خێزانی حەمەحسێن حاجی فەرەج.

٥) حەلیمە خێزانی عەلی عەبدوڕەحیمی کوێخا قادر.

٦) پەسەند خێزانی محەمەدی سان ئەحمەد.

٧) سەلما خێزانی فەتاح کوێخا حەمەئەمین.

٨) مریەم خێزانی کەریم خان.

٩) زوبەیدە خێزانی ئاغەجافر.

= **حەمەحسێن** هەشت مناڵی بووە:

١) حەسەن باوکی عیزەت و عەبدولخالق و عەبدوڕەحمان و خەدیجە خێزانی جافر ئەلەو خاوەر خێزانی عومەری حەمە.

٢) حاجی تۆفیق.

٣) حاجی شەوکەت.

٤) حاجی عەلی (عەلی چاوش).

٥) عارف

٦) خەرامان خێزانی صۆفی حەمەکەریم.
٧) کۆفە خێزانی حاجی عەبدوڕەحمانی محەمەدی عەبدولمەجید.
٨) تفحە خێزانی فەتح الله حەمەلەتیف صەیفور.
= زۆراب.. چوار مناڵی بووە:
١) حەمە یوسف لەدەگاگای سەولاوای مەریوان دانیشتووە ئێستاش نەوەی هەیە بەناوی میرزا عەلی.
٢) کاکەسور ناسراوە بەکاڵە.
٣) عەبدولکەریم ناسراوە بە ئۆکە.
٤) عەینا دایکی مامۆستا غازی.
ج) **بنەماڵەی ئیسماعیل**.. کچێك و دوو کوڕی بووە: حەمەکەریم و حەمە سەعید نەوەی ئەمانیش ئەمەی خوارەوەیە:
= **حەمەکەریم کەبەحاجیلە ناسراوە** نۆ منالی بووە کەئەمانەن:
١) حاجی قادر.. باوکی حەمەکەریم و حاجی حەمەشەریف و حەمەئەمین و ئامینەی خێزانی عوسمانی جافرە مەمول.
٢) حاجی فەرەج .. باوکی جەلال و فاطمە خێزانی کەریم حەسەن و عائیشە خێزانی کامیلی حاجی مامۆستاو مەنیجە خێزانی کاکەبرای نادرو دەڵوەت خێزانی عەبدولخالق حەسەن و کۆفە خێزانی ڕەشادی محەمەد و طەلیعە خێزانی عەبدولغەفوری حاجی مستەفا.
٣) حاجی محەمەد .. باوکی عەباس و نەصرەدین و ئیدریس و ڕەئوف و جەوهەرو عەدنان و نەزیرە خێزانی عەبدواللە ی صۆفی وەهاب و وەزیرە خێزانی فەخرەدین حاجی سەلیم و نازیلە.
٤) نوریجان خێزانی (محەمەد = حەملی) کوێخا قادری یاقوەسوری.
٥) بەگیج خێزانی ئەسکەندەری قالە لاڵ.
٦) شیرین خێزانی عوسمانەی وەهاب.
٧) کاڵێ خێزانی حەیبە الله ی سۆسەکانی.
٨) خاڵێ خێزانی حەسەن حەمە لەتیف ئامۆزای خۆی.
٩) خەمێ خێزانی صۆفی وەهاب.
= **حەمەسەعید**.. کوڕێکی بووە، الله کەرەم بەئەڵلاك ناسراوە چوار کوڕی بووە کەئەمانەن:

١) حەمە سەعید بەحەملە ناسراوە.. باوکی عەبدول و مەعروف و ڕەئوف و حەیات و نازیمە.

٢) محەمەد .. باوکی الله کەرەم و فائق و ئەیوب و طەیبەو شەوبۆ.

٣) شەفیع .. باوکی صدیق و نامق و ماتاب کەژاڵ و نەرمین.

٤) حەمەڕەشید .. باوکی ئاوات.

= ڕابعە .. شوی کردووە بەمحەمەدی هەباسە.

د) بنەماڵەی حەمەلەتیف: دوو کوڕی بووە حەسەن و حەمەسەعید، نەوەکانیشیان بەم شێوە بووە:

= **حەسەن** ... سێ کوڕی بووە:

حاجی کامیل و کەریم و ئەمین کەبەناوێ لاڵێی دایکیانەوە ناسراون.

= **حەمەسەعید**.. کوڕێك و دوو کچی بووە:

محەمەد بەحەملە سێنزە ناسراوە، غەریبە خێزانی حەمەحسێن عەبدوالله گوڵە، ڕابعە (ڕابەشەل).

ه) قاسم.. بەقاسم ئاغا ناسراوە، دوو کوڕی بووە:

– عەزەلاڵ.. ژنی نەهێناوە.

– حەمل.. برای دایکی مەحمودی فاتەی هاڵەکۆکی‌یە ئەم منالآنەی بووە: فەرەج الله ژنی نەهێناوە، ئامینە خێزانی وەهابی ئەلە، شیرین خێزانی تۆفیق شەریف، خۆرشید خێزانی ڕەشەی ڕەعنا.

٣- تیرەی کوێخا عوسمانی یاقوەسور:

کوێخا عوسمان سێ کوڕی بووە – کەریم، هۆمەر، مەحمود – هەر یەکێکیش لەمانە بنەماڵەیەك پێکدەهێنن بەم شێوەیە:

أ) بنەماڵەی کەریم .. دوو کوڕو کچێکی بووە هەریەکە لەمانە نەوەکانی ئەمانەن:

= **حەمەحسێن** – حاجی فەرەجی بووە، ئەمیش نۆ منالی بووە کەئەمانەن:

١) حاجی مستەفا.

٢) حەمەحسێن.

٣) حاجی حەمەصالح.

٤) ئەدیبە خێزانی عومەرە فەنی.

٥) بەدریە خێزانی ئیبراهیم حەمەحسێن.

٦) ئامانێ خێزانی حاجی ڕەشید ڕەزاوی.

٧) خانمە خێزانی حەمەکەریم حاجی حەمەمین.

٨) نەزیرە خێزانی ئیدریس حاجی عەبدوالله.

٩) حەفصە.

= **حەمەسەعید** - ئەم منالأنەی بووە:

١) کەریم.. باوکی عەلی و عەزیز و محەمەد و صابرو عەبدوالواحد و صاحب و عومەرو مەحیەدین و فاطمە دایکی یونسی وەهاب سۆسەکانی.

٢) حاجی عەبدوالله.

٣) ئەبوبەکر.

٤) عارف .. ئەمانیش نەوەیان هەیە.

٥) ئاسما خێزانی حاجی سەلیم حاجی حەمە کەریم

= **کچەکەشی سۆسەن** بووە خێزانی سلێمانی وەیسی شاسواری.

ب) **بنەماڵەی هۆمەر**.. یەك کوڕی بووە، حەمەصاڵح کەئەم منالأنەی بووە:

١) عەبدولحەکیم .. باوکی حەمەصاڵح و هۆمەرو حەیدەرو...

٢) عەبدولقادر.. باوکی نەجیب و محەمەدو...

٣) عەبدولوەهاب... پیرۆزی بووە خێزانی میرزا فەتح الله بوڵینەیی، عاصێ و محەمەدی بووە، دوایی شوی کردووە بەحەمەباقی غەفور.. حاجی تۆفیق هەورامی بووە.

ج) **بنەماڵەی مەحمود**.. هەشت منالی بووە پێنج کچ و سێ کوڕ، کەئەمانەن:

١) شەمام خێزانی ئۆلواحدی صۆفی مەحمود لەخارگێلأن.

٢) ئامانێ خێزانی صۆفی مەحمود خارگێلأنەیی.

٣) عائیشە خێزانی محەمەدی کوێخا حەمەئەمین.

٤) پەری خێزانی کەریم حەمەسەعید کەریم.

٥) گەوەر...؟

٦) بابالە ئەم منالأنەی بووە:

أ) حەمەسەلیم باوکی عیزەت

ب) مەحمود نەوەی نەبووە.

ج) عوسمان بەکوێخا عوسمان ناسراوە... باوکی عەینەدین نانەوا.

د) عیزەت بەگەنجی مردووە.

هـ) ئامانێ خێزانی الله کەرەمی حەملە.

٧) عەلی محەمەد بەئەلە ناسراوە. ئەم منالأنەی بووە:

ا) جافر. ب) جەلال. ج) عەلی کاکل.

د) ئامینە خێزانی حاجی ئەبوبەکری ئەلە.

ه) نەهیە خێزانی ئەبابەکر موئمن نۆدشی

٨) تۆفیق باوکی جافرو...

٤- تیرەی کوێخا محەمەدی یاقوەسوری:

کوێخا محەمەد یەك کوڕی بووە حەکیم، ئەمیش دوو کوڕی بووە، یەکی بنەماڵەیەکیان پێك هێناوە بەم شێوەیە:

أ) **بنەماڵەی غەفور**.. یەك کوڕی بووە عەزیز بە ئایزە ناسراوە، منالەکانی ئەمانەی خوارەوەن:

١) حەمەڕەزا، باوکی مەحیەدین و نەصرەدین کەبەنەصەهاجە بەناوبانگە.

٢) محەمەد بەترکە ناسراوە.

٣) حاجی ئەمین.

٤) حاجی حەسەن.

٥) ئامینە خێزانی حاجی فەتاح حەمەصالح.

٦) مەحبوبە خێزانی صادق

٧) هەمینە خێزانی عەبدوالله ی حسێن.

ب) **بنەماڵەی حاجی قوربانی** ... دوو کوڕی بووە:

١) حەکیم.. ئەمیش کچێك و دوو کوڕی بووە: محەمەد و عابدو، عالیە خێزانی خولەی ئاسنگەر.

٢) حەمەمراد.. نەوەی نەبووە.

٥- تیرەی حاجی مستەفای یاقوەسوری:

حاجی مستەفا کەبەمچە قایم ناسراوە، چوار کوڕو کچێکی بووە، کەئەوانیش یەکی بنەماڵەیەکیان پێك هێناوە بەم شێوەیە:

أ) **بنەماڵەی حاجی حەمەیوسف**.. منالەکانی ئەمانەن:

١) حەمەصالح، کەبەئەشکە ناسراوە، منالەکانی ئەمیش: حاجی مەحمود، حەمەکەریم، فاضل، فائق، عیسا، سەعادەت خێزانی محەمەدی

حاجی حەمەڕەحیم، قەتحە خێزانی حاجی محەمەدی وەیسی، ستارە خێزانی حەسەن مەلە.

٢) عەلی.. باوکی عابد کەبە عابلەکەڕ ناسراوە.

٣) ئەحمەد.. ژنی نەبووە.

٤) شیرین خێزانی سەعیدی ئەحمەد هاڵەکۆکی.

٥) فاطمە ...؟

جگە لەحەمەصالح ئەوانی‌تر دایکیان عەینا بووە، خوشکی ئامینە غەریبە کەهەردوکیان خەڵکی ژاوەرۆ بوون.

ب) **بنەماڵەی موئمن**.. کوڕێك و سێ کچی بووە واتە چوار منالی بووە کەئەمانەن:

١) حاجی مستەفا.. منالەکانی ئەمیش: حاجی یونس، ئیدریس، محەمەد، حومەیرا خێزانی حاجی مستەفای حاجی قادر، عائیشە خێزانی ڕەحمانی قالە لاڵ، سورەییا خێزانی حەسەن عەبدوللە شارباژێڕی، حەمیدە خێزانی ناصری عەزە.

٢) زێبا خێزانی عەلی محەمەد .. دایکی حاجی شەفیع و مەحبوبەو عەللە.

٣) عەینا خێزانی حاجی ڕەحمان روح اللە.

٤) ڕەعنا خێزانی فەرەجی حەمەئەمین.

ج) **بنەماڵەی حاجی حەمەکەریم**.. ئەم حاجی‌یە لەسەفەری حەج دا مردووە، بۆیە لەدوای خۆی کوڕەکەی کەلەدایك دەبێ ناویان ناوەتەوە حەمەکەریم،.. نەوەکانی ئەمانە بوون:

١) ئەمین.. یەك کچی بووە، نازدارە خێزانی ئیدریس کەریم.

٢) حەمەکەریم، کوڕێك و سێ کچی بووە کەئەمانەن: عەبدولکەریم، نەزیرە خێزانی حسێن محەمەد غەفور، خەرامان خێزانی عەبدولواحدی حاجی عەبدوالله، حەمیدە خێزانی قادری محەمەد ڕۆستەم.

د) حسێن .. یەك کچی بووە.. بەیزا شووی کردووە بەمەلا عابد.

ه) غەریبە .. دایکی خودادای اللە مراد عەلی.

٦- تیرەی عەبدوالله ی یاقوەسوری:

عەبدوالله کەبەئۆڵلاّ ناسراوە.. دوو کوڕی بووە کەئەوانیش دوو بنەماڵەیان پێك هێناوە:

أ) بنەماڵەی ئەبوبەکر کەبەهەیبەکر ناسراوە، شەش منالی بووە، سێ کوڕو سێ کچ:

١) عەبدواللە بە ئۆڵڵاَ ناسراوە، باوکی میرزاو جەلال.

٢) ڕەحیم .. باوکی محەمەدو غەریبەی خێزانی حەمیدی عەزیز.

٣) وەهاب یەك کوڕی بووە، بەناوی خواکەرەم.

٤) نازداریَ خێزانی خالد خەسرەو خەشیل.

٥) خاتە خێزانی سەلیم ڕەحمان مارف.

٦) عەتیە خێزانی میرزا عەلی سەرهویەیی.

ب) بنەماڵەی ڕۆستەم .. کوڕێکی بووە یەعقوب، ئەمیش دوو کوڕی بووە:

١) حەمەشەریف... باوکی نازم و سالم و ئەشرەف و فاتمە خێزانی مستەفا محەمەد حەیدەر، عەزیمە خێزانی کوڕێکی خەڵکی گاپیلۆن، نازیمە.

٢) حەمەیوسف.. ژنی نەهێناوەو مردووە.

٧- تیرەی کوێخا قادری یاقوەسوری:

کوێخا قادر کوڕی بچوکی یاقوەسور بووە، .. (١٠) منالی بووە، پێنج کوڕو پێنج کچ، کوڕەکانی چوار بنەماڵەیان پێك هێناوە:

أ) بنەماڵەی عەبدوڕەحیم.. عەبدوڕەحیم لالێی کچی وەستا عەبدواللە ی وەستا جامی هێناوەو هاوسەری بووە، ئەم منالانەی بووە:

١) عەلی ... باوکی عەبدول و فاضل و حافظ ومەعصوم و کۆفە خێزانی عەبدواللە ی حەمەڕەشیدد و شەمام خێزانی حەمەڕەزای حاجی بابالەو توباخان.

٢) عەبدول محەمەد .. باوکی موختارو موعتەصەم و نەهیەو حەسیبەو زەکیەو نەفیەو ڕزگار خان.

ب) بنەماڵەی حسێن.. ئەم منالانەی بووە:

١) حەمەئەمین.. باوکی(حاجی حسێن=حسەشا)و فەرەیدونی مامالێ‌و غەریب و مەلا عەبدواللە .. ئەم دووانەی دوایی لەسیا گوێز ژیاون.

٢) عەبدواللە بەئۆڵلای حسلە ناسراوە.

٣) قادر.. بەقالەی حسلە ناسراوە.

٤) خەدیجە .. خێزانی فائقە پاوەیی.

ج) **بنەماڵــەی عەبدولکــەریم**.. کــوڕێکی بــووە بــەناوی حەمەڕەشــید کەبەحەمەڕەشیدی گوڵە ناسراوە، ئەویش ئەم منالأنەی بووە:

١) عەبدوالله بەعەبالە ناسراوە.

٢) عەبدولعەزیز.

٣) عەبدولکەریم بەبابالە ناسراوە.

٤) ئامینــە(ئاملــە) خێزانــی ئۆلکــەریمی حــەکیمی نــادر دایکــی حەمەکەریمی ئاملەو حەفصەو سەنیە.

٥) هەمینــە خێزانــی کــەریمی حەمەصــاڵح دواتــر شــووی کــردووە بــە حەمەسەعید حەمەصاڵحی هێوەری.

٦) وەنەوش خێزانی محەمەدی ئەحمەد خدرالی.

د) **بنەماڵەی ڕەفیق** بەڕەفلە ناسراوە ئەم منالأنەی بووە:

١) کەریم .. باوکی وەستا عارف و مارف.

٢) لــەتیف.. بــاوکی عــەریف سەلیم و عەبــدوڕەحمان بەئۆلــە پــەریجان ناسراوە.

ه) **محەمەد** بەحەملە مەشهور بووەو نوریجانی ئیسماعیلی کوێخا شێرزادی هێنــاوەو ســێ کچــی بــووە: دەڵوەت خێزانــی لــەتیفی ڕەزا وەیــس، عائیشــە خێزانی میرزا عەبدولقادر، خاتوون خێزانی مەلا صادق.

و) **کۆفە** ... شوی کردوزە بەپیاوێکی ڕەزاوی.

ز) **شــەمام** .. شــوی کــردووە بــە شــێخ حیســامەدین .. تفــەنگ لەدەســتیان دەرچووەو کوژراوە.

ح) **خورشــید**.. دوای کــوژرانی شــەمام ئــەمیش شــوی کــردووە بــە شــێخ حیسامەدین.

ط) **حەلیمــە**.. شــوی کــردووە بەسلێمانی خالــد فــەرهاد- دایکــی فەتحــەی خەیاتە.

ی) **پەروەر**.. شوی کردووە بەقادری مارفە، دایکی مارفەی قادرە.

چەند تێبینییەك:

١- بــەڕێز م. هۆشمــەن دەڵــێ: ڕشــتەی بنەماڵــەی یاقوەســور لای کوێخــا ئیســحاق بــووە، دوایــی فــەوتاوەو بــاوکم هەنــدێ شــتی نوســراوی هــەبوو لەکیمیاویەکەی هەڵەبجەدا نەماوەو ئەویش فەوتاوە.

٢- بۆ کوڕانی یاقوەسور پشتمان بەو زانیاریانەی م. هۆشمەن بەستووە، لەگەڵ ئەمەش دا حاجی یونسی حاجی مستەفاو حاجی صادقی کوێخا محەمەدو هەسەنی ئایزە دەڵێن:
حاجی مستەفاو عەبدواللە کوڕی یاقوەسور نەبوون، بەڵکو هەردوکیان کوڕی کوێخا ئەحمەدن.
٣- م. هۆشمەن دەڵێ: مەنوچەری حاجی سەید ئەحمەد بەگ .. لەئێناخیەکانی جوانڕۆیەو لەبەگزادەی جافەکانە.
سەرچاوە: م. هۆشمەن مستەفا فەتاح، حەسەن عەزیز غەفور، حاجی حەمەصاڵح حاجی فەرەج، عەبدول عەلی عەبدوڕەحیم، محەمەد حەبیب حەمەکەریم، حاجی صادق کوێخا محەمەد، حاجی یونس حاجی مستەفا، محەمەد عەبدولقادر، حاجی وەسیم عوزە، م. محەمەد حاجی نادر، ئیدریس حاجی محەمەد، حەمەکەریم حاجی قادر، مەعروف حەملە اللە کەرەم، جەلال عەلی محەمەد مەحمود، پەسەند بابالە، هەروەها دەروێش لەتیف و هادی حاجی ئایزەو ئەرشیفی خۆم.

* * *

بنەماڵەی مەحمودەی سمێڵ

مەحمود کوڕی ئیسماعیل کوڕی ئیبراهیمە، مەحمود دوو کوڕو کچێکی بووە:
* **ئیسماعیل (سمێڵ)**، ئەمیش یەك کوڕی بووە ئیبراهیم کە ئەم منالآنەی بووە:

أ) حاجی قادر.. باوکی ئیسماعیل و فاتمە...
ب) کەریم.. باوکی ئەنوەرو سیروان و نەزیرەو پەخشان و صەبریە.
ج) یونس.. نەوەی نەبووە.
د) کافیە.. خێزانی حاجی ڕەحمان حاجی سەعید.
ه) حەیات.. خێزانی وەستا نەجیب سۆسەکانی.
و) نەجات.. خێزانی (س) کەرکوکی.

* **حەکیم** .. دوو کوڕو کچێکی هەبووە کەئەمانەن:

أ) مەحمود باوکی حەمەصاڵح و حەمەیوسف و حەمەشەریف و حەمەکەریم و بەهیە خێزانی سەید ئەحمەدی عەلی سێلە.
ب) عەبدواللە بەعەبال ناسراوە، منالەکانی ئەمانەن:

- حاجی کاکەبرا.. باوکی داود، سلێمان، هادی، نەبەرد، خەدیجە خێزانی عەبدولی عەلی، مەحبوبە خێزانی فائقی حاجی تۆفیق، فاتمە خێزانی مەحیەدین حاجی محەمەد، ئامینە خێزانی ئیدریس حاجی حسێن.
- ڕەزا ... هەر لەبەغدا ژیاوەو منالی هەیە.
- سانیە .. دایکی عەلی و حسێن و مەهدی و عوزرا.
- خانمە.. دایکی حسێن (کاکلە)ی غەفور.

ج) بەیزا .. خێزانی وەستا حەمەئەمین وەستا عەبدوالله.

تێبینی:

ئەم بنەماڵەیەمان بۆیە بەدوای هۆزی یاقوەسوری‌یەوە نووسی، خۆیان و هەندێك کەس دەڵێن: یاقوەسورین، هەندێك دەڵێن دایکی مەحمودەی سمێڵ یاقوەسوری بووە، هەرچۆن بێت چونکە بەتەواوی بۆمان دەرنەکەوت کەیاقوەسورین بۆیە بەجیا نوسیمان لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوون هەیە کەیاقوەسورین بۆیە دورمان نەخستەوە لەم هۆزە.

سەرچاوە: فاتمە حاجی کاکەبرا، هادی حاجی کاکەبرا، حەمەکەریم مەحمود، م. هۆشمەن مستەفا، دەروێش لەتیف، ئەرشیفی نووسەر.

* * *

هۆزو خاڵەی= هۆزی خاڵە

لەهۆزی یاقوەسوردا، باسی خالدی کوڕی ڕۆستەم مان کرد کەلەدوای میرزا حسێنی براگەورەی، ئەویش دێتە نەوسوود لەوێ ژیان دەباتە سەرو سێ کوڕی دەبێت:

خالد کەخاڵەیان پێ وتووە، لەنەوسوود سەروەت و سامانێك پێك دەهێنێت و، پاش چەند ساڵێك کۆچی دوایی دەکات. سێ کوڕی لێ بەجێ دەمێنێت بەناوی مەحمود و محەمەد و ئەمین.

مەحمود پیاوێکی وریاو فێڵبازو گەڕکەر دەبێت کەمیراسی باوکیان بەش دەکەن ڕێك ناکەوێت و دەست دەکات بەفێڵ و گەڕکردن، ماوە نا ماوەیەك میراسەکە هەڵدەوەشێنێتەوەو ڕێك ناکەوێت بۆیە بەخولە گەڕا دەناسرێت.

محەمەدیشیان، پیاوێکی ساغ و پاك دەبێت گیری خواردووەو دەنگی بەرز بووە، جگە قڕەو هەراکردن هیچی تر نازانێ، هەر خولە گەڕ دەکات و ئەم دەیکات بەقڕە، بۆیە ئەمیش پێی دەڵێن حەمەقڕەو، نەوەکەی بەخێڵی قڕقەشە دەناسرێن

و سێ کورو کچێکی دەبێت یەکێك لەکوڕەکانی ناوی حەمەحسێن دەبێت، دێت بۆ تەوێڵەو ئەوانی تر لەنەوسود دەمێننەوە.

(ئـەمین)یـان پیـاوێکی بـێدەنگ دەبێـت، گـیری خـواردووە بەدەسـت هەردوکیانـەوە لـەدوای بـاوکی، بەشە میراسـی خـۆی دەفرۆشـێو دەچێتەوە بـۆ (دوست قول) لەوێ نیشتەجێ دەبێت و ئێستاش نەوەی لەهانە گەرمڵە هەیە.

لێرەوە بێینەوە سەر خولە گەڕا.

لەئەنجامدا: خولە بەشێکی زۆری بۆخۆی دەست دەکەوێت، دەترسێت ڕۆژێ ئەم بەش کردنە هەڵوەشێتەوە، بۆیە دەیفرۆشێو دێتە تەوێڵە دادەنیشێ و باخ و باخاتێکی زۆریش دەکڕێ نەوەکەی بەتیرەی گەڕایی دەناسرێت.

تیرەو گەڕای= تیرەی گەڕا

وتمان مەحمود کوڕی خالدی ڕۆستەمە، دەبێتە برازای یاقوە سور، لەدوای باوکی لەنەوسودەوە دێتە تەوێڵـەو بەخولە گەڕا مەشهور دەبێت، سێ کوڕی بـووە: عەبـدوڕەحمان، محەمـەد، مسـتەفا، لەگـەڵ کچـێك دا. هەریـەکێکیان بنەماڵەیەك پێك دەهێنن:

*** بنەماڵەی عەبدوڕەحمان:**

١) حەمەکەریم.. ئەمیش حەبیبی بووە کەباوکی ئەمانەیە: محەمەد، تالب، حەمەکەریم، فاتمە خێزانی ڕەحمانی سەعەی ئامۆزای.

٢) سەعید.. ئەمیش ڕەحمانی بووە کەباوکی: ئیبراهیم و جەعفەرو پەروێزو فەیرۆزو توبا خێزانی حەمەعەلی کەرەم، پاشان شوی کردووە بەمەولود دزاوەری.

٣) حەمەڕەحیم.. یەك کچی بووە، مریەمی خێزانی مەحمودی نالە.

٤) قادر.. کوڕێکی بووە حامد نەوەی نەبووە.

٥) شانازی خێزانی کوێخا حەمەئەمین.

٦) بەیزا خێزانی قاراغەی عەبدوالله ئاغا.

٧) مریەم خێزانی لەتیف حەمەی وەستا عوسمان.

٨) ئاملە خێزانی ئەلی مەولود.

٩) ڕابعە خێزانی خواجە ئەحمەدی مەولود.

١٠) شەمام خێزانی حەمەصاڵح حەمەیوسف.

١١) دەڵوەت خێزانی ڕۆستەمی فەتاح.

١٢) شیرین خێزانی حەمەیوسف قادر.

* **بنەماڵەی محەمەد** .. كوڕێكی بووە بەناوی حەمەمراد، ئەمیش كچێك و كوڕێكی بووە كەئەمانەن:

أ) خودادا بەخودادای مەمە ناسراوە ئەم منالآنەی بووە:

١) محەمەد (حەمەلە) چووە بۆ دزاوەرو لەوێ ژیاوە.

٢) ئەمین.. باوكی جەبارو غەفارو خالدو لەتیف و چیمەن خێزانی عەبدولمەجیدی حسێنە.

٣) صاحب.

٤) مورشید.

٥) صدیق.

٦) لاڵێ خێزانی عەزیزی حەمەحسێن.

٧) نەهیە خێزانی عەبدەكەی كۆزاد.

٨) زوبەیدە خێزانی صابری سۆسەكانی.

٩) نەهیە خێزانی سەعدەدین فەتاح.

ب) خامێ دایكی حسێنەی وەیسی یوسف.

* **بنەماڵەی مستەفا**.. ئەم منالآنەی بووە:

١) حەمەیوسف.. دوو كچی بووە: ئامانێ خێزانی حەمەعەلی مستەفا ئۆلمەجید، لەگەڵ نارنج.

٢) حاجی مەحمود .. نەوەی نەبووە.

٣) صادق .. دوو كچی بووە، ئامینە خێزانی حەملە ئەڵلاك، خەدیجە خێزانی دەروێش مەحمود بیارەیی.

٤) حەمەحسێن .. دوو كچی بووە: خاوەر خێزانی حەمەشەریف خواجە حسێن، گەوەر خێزانی حەیدەری محەمەد (بابای حەمەی قیمێ).

* هەروەها خولە گەڕا كچێكیشی بووە بەناوی (ڕۆحیزاد) شووی كردووە بەحاجی عەزیزی حەمەحسێن محەمەدی ئامۆزازای.

تیرەو حەمەحسێن و حەمە قرەی = تیرەی حەمەحسێنی حەمەقرە

محەمەد كوڕی خالدی ڕۆستەمە، پیاوێكی دڵپاك و دڵصاف دەبێت، بەلآم دەنگی بەرز بووەو پێیان وتووە حەمەقرە، یەكێك لەكوڕەكانی كەحەمەحسێن دەبێت دێت بۆ تەوێڵە نیشتەجێ دەبێت و ئەویش كوڕێكی دەبێت بەناوی حاجی عەزیز كەئەمیش سێ كوڕو سێ كچی بووە كەئەمانەن:

أ) بەلْقیس.. دایكی صۆفی حەمەكەریم و حاجی مامۆستای حەمەی قادر.

ب) مەلەك .. دایکی مرادی عەبدوالله.

ج) واکڵێ .. دایکی (فەجەو حەسەنی) حەمەمینی دەوڵەتیار.

د) محەمەد .. بەحەمە قوڵە ناسراو بووەو ژنی نەهێناوە.

ه) ئەحمەد .. نەوەی نەبووە.

و) حەمەحسێن .. نەوەیەکی زۆری لێ کەوتووەتەوە کەئەمانەن

* **بنەماڵەی عەزیز** کەبەعەزە ناسراوە ئەم منالأنەی بووە:

١) محەمەد (حەمل).

٢) حەمید.

٣) جەمیل.

٤) شەوکەت.

٥) عیزەت.

٦) سەعیدە خێزانی عارفی حەمەسەعید.

٧) نافعە خێزانی فائقی محەمەدی الله کەرەم.

* **بنەماڵەی حاجی عەبدوالله** .. ئەم منالأنەی بووە:

١) نەصرەدین.

٢) حەمەحسێن.

٣) تەلعەت.

٤) ڕەفعەت.

٥) تەیمور.

٦) ستارە خێزانی ئەبوبەکری حەمەسەعید.

٧) نەهیە خێزانی کەمالی حاجی عەلی خارگێلأنەیی.

٨) گوڵێ خێزانی خەسرەو خارگێلأنەی.

٩) بەهیە خێزانی نافعی محەمەد.

* **ئەبوبەکر** دوو کچی بووە:

١) سەربەناز خێزانی عەباسی حەمەمراد.

٢) قەمەرناز خێزانی حەمەکەریم عەلی دەلاك.

* **تۆفیق**.. یەك کوڕی بووە: ئەحمەد باوکی شەماڵ.

* **سوراحی** .. خێزانی محەمەدی بابالەی یوسف.

ئەوەی شایانی باسە: یەکێ لەو کوڕانەی حەمەقڕە کەلەنەوسود ماونەتەوە، ناوی کەریم بووە، ئەمیش کوڕێکی دەبێت ناوی مەحمود دەبێت، ..

ئەم مەحمودە دەچێتە کەرکوك لەوێ دەمێنێتەوە پاشان دەچێت بۆ (شەنگار = سنجار) لەوێ ژن دەهێنێت و دەوڵەمەند دەبێت، ئێستا بنەماڵەیەکی گەورەن لەوێ و لەساڵی حەفتاکاندا سەردانی تەوێڵەیان کردووە.

سەرچاوە: محەمەد حەبیب حەمەکەریم، تالب حەبیب حەمەکەریم، حەمەکەریم حەبیب حەمەکەریم، م. هۆشمەن مستەفا، حەمید عەزیز، دەروێش لەتیف محەمەد، مورشید خودادا، حاجی صادق کوێخا محەمەد ... تاد.

بنەماڵەی مەحمودی ئۆڕەحیمە

ئەم بنەماڵەیەش لەگەڵ هۆزی یاقوەسورو هۆزی گەڕا نزیکن، بەڵام بەتەواوی بۆمان ساغ نەبوویەوە دەچنەوە سەر چ تیرەیەك.

مەحمودی ئەوڕەحیمە دوو کوڕی بووە:

١) عەبدوڕەحیم.. منداڵەکانی ئەمانەن: مەحمود، محەمەد، ئەحمەد، عومەر، موعتەصەم، غاندی.

٢) حاجی عەبدولکەریم.. لەساڵی پەنجاکاندا چووەتە پاوەو لەوێ ماوەتەوەو نەوەی هەیە لەپاوە دەژین.

سەرچاوە: محەمەد عەبدوڕەحیم، ئەحمەد عەبدوڕەحیم، حاجی صادق، محەمەد حەبیب.

* * *

هۆزو ئاغەلەری = هۆزی ئاغەلەر

ئەم هۆزەش یەکێکە لەهۆزە گەورەکانی تەوێڵەو، بەبنەماڵەی خالد ئاغا ناسراوە. لەباسی شێخان دا ڕشتەی بنەماڵەکەمان باس کردووە، لێرەدا پێویست ناکات دوو بارەی بکەینەوە، تەنها ئەوەندە دەڵێین خالد ئاغا نۆ کوڕی بووە پێنجیان کە (مستەفاو قاسم و ئەحمەدو مەعروف و ڕەسووڵ) بووە، نەوەیان دیار نییە، بەڵام چوارەکەی تریان کە(عوسمان و عەبدواللە و حسێن و مەحمود) بووە، نەوەیان هەیەو باسیان بەم شێوەی خوارەوە دەکەین، کەهەریەکەیان تیرەیەکی هۆزی ئاغەلەر پێك دەهێنن:

* تیرەی شێخ عوسمان - سراجەدین - لەشوێنی تردا باسکراوە.

* تیرەی عەبدواللە ئاغا:

عەبدواللە ئاغا دوو کوڕی بووە، کەهەریەکێکیان نەوەی لێ کەوتووەتەوەو دوو بنەماڵەی تەوێڵە پێك دەهێنن، میران ئاغاو خالد ئاغای دووەم،

+ **بنەماڵەی میران ئاغا:** ئەمیش دوو کوڕی بووە قادرو سەعید.

= **نەوەی قادر ئاغا:** ئەمیش دوو کوڕی بووە، عەبدوالله ئاغاو ئاغە:

– عەبدوالله ئاغا ئەم منالأنەی بووە:

١) قادر کەبە قاراغە مەشهورە، باوکی مامۆستا عەلی و شەش کچە.

٢) ئەمین.

٣) سەعید.

٤) مەحمود کەهەر یەکێکیش لەمانە نەوەیان هەیە.

٥) سەلما خێزانی کوێخا مستەفا.

– ئاغەش ئەم منالأنەی بووە:

١) حسێن باوکی ئەمانەیە: سراحی خێزانی عەبالەی فەتح الله، شەمسیە خێزانی ئەولەی فەتح الله، تفحە خێزانی بابالەی حەمەڕەشید، جەواهیر خێزانی زۆراب عیزەت بەگ.

٢) مستەفا.. باوکی شوانەو چەند کچێك.

٣) حەسەن باوکی هادی.

٤) ئامێ دایکی سەعەی کاکەلی.

٥) عەللە.. سێ شووی کردووە (أ) کلاۆسیاو .. عەتیەو زوبەی بووە. (ب) حەمەڕەزا بەگ .. عیزەت بەگی بووە، (ح) تۆفیق حەمەحسێن .. ئەحمەدی بووە.

= **نەوەی سەعید ئاغا:** شەش کوڕی بووە بەم شێوەیە:

١) حەمەڕەشید .. کوڕەکانی: حەمەسەعید، کەریم، عوسمان، محەمەد ...

٢) حەمەلاو.. کوڕەکانی: حاجی حامد، مستەفا.

٣) تۆفیق.. کوڕەکانی: ئەنوەر، عەباس، عەبدولغەفور، ناصر...

٤) حەبیب.. کوڕەکانی: طاهر، عەبدولخالق..

٥) جەعفەر.. کوڕەکانی: جەمیل، صدیق، صاحب، طاهر..

٦) محەمەد .. کوڕەکانی: کەمال، عەبدوالله، فەرەج، جەلال..

+ **نەوەی خالد ئاغای دووەم** .. چوار کوڕی بووە:

١– حەمەئەمین.. چوار کوڕی بووە:

أ) حەمەخالد.. باوکی حەمەئەمین و بەکرو یونس و خاوەر خێزانی قادری فەتاحی کۆسەی چەمە لەبەکرەجۆ.
ب) حەمەصادق.. چووە بۆ مەهاباد نیشتەجێ بووە، پاشان هاتووە بۆ دووڕۆ ژیاوە، کوڕێکی بووە بەناوی حەسەن ئەمیش باوکی حسێن و عەدنانە.
ج) حسێن .. وەجاغ کوێر بووە.
د) حەسەن .. بەگەنجی مردووە.
٢- فەرەج الله .. باوکی: حەمەبۆر نەوەی نەبووە، سەلما خێزانی مستەفای حەمەڕەزا، ستارە خێزانی حاجی ئایزەی حەبیب، صەفیە خێزانی الله کەرەم ئیبراهیم.
٣- سەلیم.. کوڕێکی بووە بەناوی ئەحمەد ئەمیش ئەم منالآنەی بووە:
أ) ئامینەخێزانی ڕەحیم گوڵپی.
ب) حەنیفە خێزانی قالەی باڵخی واتە دایکی حەمە سەعیدی قالە.
ج) سەلیم .. بەگەنجی مردووە.
د) حەمەعەزیز کەبەحەمایزی گۆپە مەشهورە، ئەمیش ئەم منالآنەی بووە: مەحمود باوکی کامیل و کەمال، ئەحمەد باوکی جەمال، عەبدولمەناف، جەمیل، طالب، غالب، محەمەد، مەعصومە خێزانی حەمەعەلی حاجی محەمەد ڕۆستەم گوڵپی، فاتمە خێزانی عەلی حسێن، حەسیبە خێزانی ئەکرەمی خەلیفە عومەر، (بۆ ژنەکانی سەیری بنەماڵەی ئەلی حاجی بکە).
٤- حەمەڕەزا.. منالەکانی: کوێخا حەمەسەلیم باوکی شێرزادو شاهۆ، مستەفا باوکی صەبور، عایشە خێزانی محەمەد حەسەن لەتیرەی فەرهاد، گوڵباخ خێزانی حاجی عەبدوالله ی مومن.

*** تیرەی حسێن ئاغا..**

ئەم حسێنە چووە بۆ خانەقین لەوێشەوە چووە لەبەغدا نیشتەجێ بووە، ئێستاش نەوەی لەبەغدایە بەناوی حکمەتەفەنی، د. نەجمەدین نەقشبەندی، د. ئەکرەم نەقشبەندی..

*** تیرەی مەحمود ئاغا..**

مەحمود ئاغا کوڕێکی بووە بەناوی ڕەسوڵ ئاغاوە کەنەوەیەکی زۆری لێکەوتووەتەوەو کۆمەڵێك بنەماڵەیان پێك هێناوە بەم جۆرە:

= **بنەماڵەی مەحمود ئاغای دووەم**، نەوەکانی:

١) سان ئەحمەد ... مناڵەکانی: محەمەد (ڕەئیس)، طاهر، ئەسکەندەر، ئیبراهیم، عابد، تۆفیق، ئامینە خێزانی عەبدوالله ی ئەحمەد، حەفصە خێزانی حاجی مستەفای مەنوچەر.

٢) یار ئەحمەد.. مناڵەکانی: کەریم، مەحمود، ڕەزا، صاڵح، شەرەف خێزانی ڕەشە تەوێڵەیی لەبیارەیە، ئەمنە بەگەنجی مردووە.

٣) ڕەسوڵ.. دوو کچی بووە: تەیبە خێزانی حسێن قادر بەحسێنی خاوەر ناسراوە، سوەیبە خێزانی فەتەی ڕەحلە.

٤- کەیخسرەو.. مناڵەکانی: عوسمان، عەلی، عومەر، فاتمە (مامالێ خێزانی فائقی مەحمود مالە)، کۆفە خێزانی حەمەیوسف مارفە، تفحە خێزانی حەمەڕەزا بەگی مەحمود بەگ، (جەمیل و ئەمین و مەنیجەی خێزانی قاسمی مارف ئاغا بووە) پاشان شوی کردووە بەحاجی سەعید سەلام.

٥) مەنوچەر.. لەدزاوەر ژیاوە، مناڵەکانی: حاجی مستەفا، حاجی ڕەشید، حاجی قادر، زوبەیدە، ئاسما، حەیات، لەدزاوەر شویان کردووە.

٦) حسێن .. نەوەی نەبووە.

٧) مولکی.. خێزانی عەبدوڕەحیم و پاشان خێزانی خودادا لەتیرەی صۆفیان.

٨) پەریجان.. خێزانی حەسەنی ئەحمەد لەتیرەی فەرهاد.

٩) حەبیبە.. خێزانی قادر سان.

١٠) فەرخی .. خێزانی جافر بەگی کەیمنە.

١١) مینا (مامالێ) خێزانی مەحمود مالە.

= **بنەماڵەی نەصروالله** .. نەوەکانی ئەمانەن:

١) کەیکاوس.. باوکی: نەصروالله - کەبەنەصکۆڵ ناسراوە، مەحیەدین..

٢) عەلی محەمەد ... باوکی: محەمەد، جەمال، عەتیە خێزانی حاجی محەمەدی فەتح الله، سوراحی خێزانی نالەی خاڵخاس، صەبیحە، بەدیعە.

٣) باسام.. باوکی: مەحیەدین کەبەعەبو ناسراوە، عومەر، عوسمان، ئادەم، صەباح و شەمعە خێزانی عەلی حەمە ئەمین.

٤) خەدیجە خێزانی کەیخسرەوی مەحمود ئاغا.
٥) دەڵوەت خێزانی نەزەری کلاوسیاو.. شانازی خێزانی قادر بەگ کچی ئەم ژنەیە.
٦) نوریجان خێزانی قادری هەڵەبجەیی.

= **بنەماڵەی قادر ئاغا**.. کوڕێکی بووە بەناوی عەباس.. نەوەکانی ئەمیش بەم شێوەیە بوون:
١) مستەفا.. باوکی: باباسور، قومری خێزانی تۆفیق حەمەی ئاغەوەیش، زلێخا خێزانی ئیبراهیم ئەحمەدی قادری دارتاش، مەحبوبە خێزانی سەعەی سائق.
٢) ئەحمەد .. باوکی: محەمەد، عابد، ستار..
٣) مەلا قادری پاوە.. لەنوریاوی لای پاوە دانیشتووە، ئێستا ئیمام و خەتیبی پاوەیە.
٤) لاڵێ خێزانی حەسەن حەمەلەتیف.. دایکی حاجی کامیل و کەریم و ئەمین.
٥) شاناز خێزانی نادری عەبدوالله ی - دایکی حەمە یوسوڵە سور

= **بنەماڵەی عەزیز**.. دوو کوڕو دوو کچی بووە کەئەمانەن:
١) جەعفەر.. کوڕەکانی: حاجی حەمەخان، عەزیز ناسراو بەعەزە.
٢) حەمەئەمین: مناڵەکانی: حاجی ڕەئوف، مەعروف، عاصە خێزانی فەتح الله ی سلێمان خالد (فەتحەی خەیات).
٣) حەلاو.. دایکی حاجی عوسمانی محەمەد.
٤) ماکۆل.. دایکی ئەحمەد ماکۆلی بەڵخەیی.

= **بنەماڵەی فەتح الله** .. مناڵەکانی ئەمانەن:
١) لاوە ... مناڵەکانی: جافر، حەسەن، حسێن، قەتحە خێزانی کوێخا ڕۆستەم.
٢) مستەفا.. محەمەدی بووە باوکی ستار.
٣) ڕۆستەم.. کچێکی بووە ئایشەدایکی عەبدوالله ی حسێن و محەمەدو ئیسماعیل.
٤) فەتح الله.. بەفەتە دەلە ناسراوە، باوکی: قادرو ئیسماعیل.

= **بنەماڵەی مارف.. مناڵەکانی:**

١) ڕەحیم، بەڕەحلە ناسراوە باوکی فەتح الله، ئامان خێزانی الله کەرەمی شاوەیس، دەڵوەت خێزانی نادرە ئاشەوان.

٢) قاسم.. باوکی ئاوات، عەبدولکەریم، نافعە ڕوناك خێزانی جەباری فەتەی ڕەحلە، حەمدیە خێزانی نەزهەت ڕەحمانی جامی.

٣) مایجان خێزانی ڕەحمانی جامی.

٤) بانو، دایکی مەحمودی حەمەصاڵحی حەمەقوصەیی.

سەرچاوە: یادی مەردان ل٣٥، محەمەدی سان ئەحمەد، عەلی قادر ئاغا، عابد سان ئەحمەد، کەمال محەمەد سەعید ئاغا، شێرزاد کوێخا حەمەسەلیم، حەمەلاو حسێن لاوە، مەعروف حاجی حەمەئەمین، لەتیف محەمەد، هادی حاجی ئایزە، مەناف حەمەعەزیز، یونس حەمەخالد، ئەرشیفی خۆم.

* * *

هۆزو بوڵینەی= هۆزی بوڵینە

خدرو فەتح الله دوو برابوون، کوڕی شامراد بوون، باوکیان کەشامرادە خەڵکی پایگەلان بووە، پەریزادی دایکیشیان خەڵکی ئەوێهەنگ بووە، ئەم دوو برایە لەدەست زوڵم و ستەمی دەسەڵاتداری پایگەلانەوە خۆیان دەرباز کردووەو بەرەو تەوێڵە هاتوون، هەردوکیشیان دارتاش بوون و لە تەوێڵە دانیشتوون، بەڵام فەتح الله یان دواتر دەچێتە بیارە لەوێ نیشتەجێ دەبێ.

(لەوانەیە هۆزی گەلان کەپایگەلانین و لەبیارە نیشتەجێن لەنەوەی ئەم پیاوە بن، هەروەها م. محەمەد ئەمین هەورامانی لەمێژووەکەیدا ل(١٣-٥٣١) باسیان دەکات و دەڵێ: لەپیاوە ناودارەکانیان فەتەی حەمەکەریم بووە، کەنەصرەدین و ڕەحمان (لەمە)ی بووە، -نووسەر-)

خدری شامراد لە تەوێڵەنیشتەجێ دەبێت و کوڕێکی دەبێت بەناوی یەعقوب، ئەمیش چوار کوڕی بووە: حەمەوەیس، مستەفا، داود، مراد. مراد لەدوای خۆی نەوەی نەبووە، بەڵام سیانەکەی تریان هەریەکەیان تیرەیەکی ئەم هۆزە پێك دەهێنن.

جارێ بزانین وشەی (بوڵینە) لەچییەوە هاتووە؟

- هەندێك دەڵێن: ئەم ناوە لەوەوە هاتووە کەیەکەمجار (سنجەی بوڵینە) واتە سنجو ئەمان لەپایگەلانەوە هێناویانە بۆ تەوێڵە.

– هەنێکی‌تر دەڵێن: ئەوسا خەڵکی تەوێڵە لەپێینی تەوێڵەوە –کەئێستا دەکاتە دەوروبەری قوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵە– لەم بەرو ئەوبەری چەمەکەوە – بووڵ واتە خۆڵەمێش– یان لەوێ ڕۆکردووە، ئەم چوار برایە یەکەمجار لەوێ خانوویان دروست کردووە، واتە لەنزیک بووڵەکەوە، ئیتر بوڵینەیان بەسەردا براوە.

– هەندێکی تر دەڵێن: –کەئەم بۆچوونەیان زیاتر بڵاوەو بەڕاست دەزانرێ– ئەم وشەیە لەسەردەمی ئەم چوار برایەوە دروست بووە، کەئەوانیش دوانیان ئاسنگەر بوون (محەمەد و داود) دوانەکەی تریان دارتاش بووە، هەمیشە تۆزاوی‌و بولاوی = خۆڵەمێشاوی بوون بەهۆی ئیشەکەیانەوە، جادەڵێن جارێکیان.. شێخ محەمەد بەهائەدین بەلایانا تێپەڕ دەبێت و دەفەرموێ (بوڵینا بێ قەزا بیدێ) بەمانای خۆڵەمێشاویەکان بێ‌دەردو بەڵابن، ماندوو نەبن.. ئیتر ئەم وشەیە لەم کاتەوە بەکار هاتووە، بەم هۆزە دەڵێن هۆزی بوڵینە.. ئەوەی شایانی باسە ئێستاش بنەماڵەی حەمەوەیس و مستەفا هەر دارتاشن، ئەوانی تریش ئاسنگەرن.

تیرەکانی هۆزی بوڵینە ئەمانەن:

*** تیرەی حەمەوەیس یەعقوب**

حەمەوەیس (دە) منالی بووە، پێنج کوڕو پێنج کچ، هەریەکێك لەکوڕەکانی بنەماڵەیەك لەهۆزەکەیان پێك دەهێنن بەم شێوەیە کەباسیان دەکەین:

١- **بنەماڵەی الله مراد..** دوو کوڕو کچێکی بووە:

–عەلی وەیس .. منالەکانی: عابد، نازدارێ صابر، مەقصود، یاسین، صدیق، جەبار، صەدریە خێزانی حاجی مستەفای گەچ فرۆش. ئەم منالانەی ئەلی وەیس لەسالی چلەکانەوە هاتوون بۆ بیارەو پاشان بۆ هەڵەبجەو سلێمانی دانیشتوون، بۆ نمونە: صابریان دەڵێ: لەسالی ١٩٤٢ هاتووین بۆ بیارەو لە ١٩٤٧ هاتووین بۆ هەڵەبجەو لەسالی ١٩٥١یشەوە من لەسلێمانیم.

– زامن .. هاتووە لەدەگا شێخانی لای بیارە دانیشتووە.. یەك کوڕی بووە ، قادر.

– عەینا ..خێزانی حەمەی سلێمان..دایکی حەمەعارف و حەمەعەلی‌و..

٢- **بنەماڵەی غەفور**.. دوو کوڕو سێ کچی دەبێت:

- حەمەباقی ... ئەم منالأنەی بووە: حاجی تۆفیق بە(تۆفیق هەورامی ناسراوە)، نوری، عارف، کامیل، کەمال، غەفور، ڕەفیق، ڕەفعەت، حەبێ خێزانی حەسەنی حەمەسەلیم نادر، سەعادەت خێزانی مەحمودی مارفەی فەتح الله، خاڵێ گەنج بووە مردووە.

- حاجی ئۆلوەهاب.. ئەم منالأنەی بووە: حەمەکەرەم باوکی جەمال و مستەفاو ئاوات و ئومێد و سەرهەنگ و ئاوێنە، عەبدولخالق باوکی: غازی و سەرگوڵ خێزانی ڕەئوف فەرەج کۆکۆیی، هەروەها کچەکانیشی ئەمانەن: مەحبوبە خێزانی حاجی عەلی حاجی صادق، حەلیمە خێزانی طاهری سانە، مەحتەرەم خێزانی حاجی ڕەشیدی مەنوچەری دزاوەری، ماتاب خێزانی حاجی تۆفیقی حەمەحسێن، ئەختەر خێزانی شێخ حەیدەری عەبابەیلەیی.

- حسمەت.. دوو شوی کردووە: بەمەولودی بابالەو حەمەلەی عوسمانی محەمەد.

- (س) لەدشەی لای پاوە شوی کردووە.

- (س) لەهیروێ شوی کردووە.

٣- **بنەماڵەی وەهاب**.. یەك کوڕی بووە بەناوی محەمەد، بەلأم ئەم چوار کوڕی بووە کەئەمانەن:

أ) عەلی محەمەد، مناڵەکانی:

- کوێخا نەزهەت باوکی بەختیارو دیاری و یادگارو شەوبۆو هەتاوو شنەو ئاسایش.

- شەوکەت..

- ئافتاب خێزانی کەریم یار ئەحمەد.

- زیتە خێزانی کەنعان فەتح الله.

ب) حەمەئەمین.. مناڵەکانی:

- حاجی عەزیز... باوکی: مەعصوم و حەمەئەمین و ئافراسیاب و مەنصورو ناصر.

- حاجی محەمەد .. باوکی: عەبدوالله و ئیقباڵ و فوئادو فەهمی و سامی و چەند کچێك.

ج) حەمەڕەشید.. شەرەفەی کچی یار ئەحمەدی ئاغەلەری هێناو لەبیارە دانیشتووە، بۆیە بەڕەشە تەوێڵەیی ناسراوە. ئەم منالانەی بووە: عوسمان، عیزەت، حەبیبە الله، بەیزا، زێبا، دەلوەت، حەلیمە، توبا.

د) حەمە حسێن .. یەک کوڕی بووە (محەمەد) بەحەمەفاتە ناسراوە، منالەکانی ئەمانە بوون: حەمەحەسەن، حەمەحسێن، حەمەعارف، خدر، سەربەناز خێزانی حەمەمراد مارفە، سەعادەت خێزانی حاجی عوسمان ئەکرەم، سەنیە خێزانی شەوکەتی محەمەد، فاتمە.

٤- **بنەماڵەی مارف**.. پێنج منالی بووە سێ کوڕو دوو کچ کەئەمانەن:

أ) عەبدوالله .. زوبەی بابالەی زاوەری هێناوە، منالەکانی:

- مەحمود .. باوکی ئەبوبەکرو زۆراب و جەمیل، حەمیدە خێزانی حەمەلاوحسێن لاوە، حامیدە خێزانی کامیل کەریم ڕەشید.
- حاجی محەمەد باوکی: عەبدوالله و طاهرو مەعصومە خێزانی بەهجەت کەریم.
- شیرین خێزانی ئەسکەندەر حەمەحسێن.
- سوەیبە خێزانی ئەحمەد ئیبراهیم.
- عائیشە خێزانی حەمەشەریف هەجیجی.
- خاتون خێزانی تۆفیق باباحسێن لەشێخان.

ب) عەبدولقادر... منالەکانی:

- کەریم ناسراو بەعەلەم باوکی: ئەمین و لاولاو.
- ئەحمەد باوکی: ئیبراهیم و ڕەزاو مارف و خانم خێزانی عابد ئەحمەد عەباس.

ج) نادر، یەک کوڕی بووە: حەمەیوسف باوکی سەعدەدین و نادرو حەمەشەریف، شاناز خێزانی حاجی کامیل حەسەن، شازێ خێزانی جافرە بەیخان.

د) پیرۆز خێزانی خواجە ئەحمەد مەولود.

ه) ڕەعنا خێزانی ئەحمەد عەباس ... ئاغەلەر پاشان شوی کردووە بەمستەفای برای ئەحمەد.

٥- **بنەماڵەی یەعقوب** .. یەک کوڕی بووە بەناوی خەلیل، ئەمیش دوو کچی بووە.. ئافتاب خێزانی (س) خەڵکی شارەزوور، بەگیج خێزانی جافری لاوە.

٦- **شەمام** خێزانی مارفە گۆتە.

٧- وەنەوش خێزانی ڕۆستەم خەرپانەیی.
٨- ڕەنمان دایکی حەمەلاو بەگ عەزیزبەگ.
٩- کچی تری بووە لەسۆسەکان شوی کردووە.. دایکی حەمەحسێن و مستەفاو فەتاح.

*** تیرەی مستەفا یەعقوب:**

مستەفا کوڕێکی بووە بەناوی حەسەن.. بەحەسەنە خەڕات ناسراوە، سێ کوڕی بووە کەهەر یەکەیان بنەماڵەیەکیان پێکهێناوە بەم شێوە:

١- **بنەماڵەی کەریم**.. کوڕیک و دوو کچی بووە:
- عومەر.. منداڵەکانی: نافع باوکی عومەر، حەمەکەریم (بابا) باوکی ئەمین، حەمەڕەحیم، فەرخی خێزانی مەحمود فەرهاد، پەری خێزانی حامد ئایزە لەشۆشمێ.
- شیرین خێزانی طاهر بەگی عوسمان پاشای جاف.
- خاتون خێزانی جافری بابالە دایکی عالاو عەلی خەیات.

٢- **بنەماڵەی صۆفی حەمەسەعید**.. عائیشەی خەسرەوی یاقۆ چاوشی هێناوە، منداڵەکانی ئەمانە بوون:
- خۆرشید خێزانی حەسەنی حەکیم دایکی قادرو حەکیم.
- بەلقیس خێزانی نەجیبەفەنی، دایکی مستەفاو عەلی و مەلیعەو حەفصە.
- ئامینە خێزانی حاجی نادری حەمەعەزیز دایکی م. محەمەد.
- حەمە ئەمین .. نەوەی نەبووە.

٣- **بنەماڵەی ڕەحیم** ... کچێك و کوڕێکی بووە:
- جەمین .. خێزانی فەرهادی عوسمانە لاڵی حەمەقوصەی.
- حەمە صالح .. کوڕێکی بووە بەناوی مستەفای هەق مەشهورە، منداڵەکانی ئەمیش: حەمەصالح، طالب، سالم، حەلیمەو حامدەو چەند کچێکی تر.

*** تیرەی داود یەعقوب:**

داود کوڕێکی بووە بەناوی ڕەحمان.. ئەمیش حەوت کوڕی بووە، سیانیان ناوەکانیان نەزانراوە، دوانیشیان (موئمن و حەمەمین) نەوەیان دیار نییە، بەلام دوانەکەی تر (فەتح الله و فەرەج الله) نەوەکەیان دیارەو هەریەکەیان بنەماڵەیەکیان پێکهێناوە، بەم شێوەیە:

* **بنەماڵـەی فـەتح الله** .. چـوار کـوڕی بـووە: ڕەحمـان، صـادق، کـەنعان، میرزا.. ئەمانیش هەریەکەیان نەوەیەك پێك دەهێنن بەم شێوەیە:

١- نەوەی ڕەحمان .. دوو کوڕی بووە:

- سەعید چووە لەگوڵپ دانیشتووە .. مناڵەکانی: مەجید و ئیبراهیم و حەمەنەجیب و کچێك.

- حەمەکەریم.. چووە لەگوڵپ دانیشتوو، مناڵەکانی: حاجی محەمەد کەبەحەمـەی قەتـە ناسـراوە، یاسـین، عوسمـان، کامیـل، فاضـل، مریـەم، لەعلی، پەروین.

٢- نەوەی صادق.. دوو کوڕو کچێکی بووە:

- فـەتح الله.. مناڵـەکانی:مەحیـەدین، نەجمـەدین، صـادق، داود، ئـەیوب، خاتون خێزانیجەمال تۆفیق عەلی، نەهیە خێزانیطاهر عەلیسەرگەتی، زەکیە خێزانی بەهجەت ئافراسیاب بەگ، فەوزیە خێزانی ئیقبالً حەمەڕەزابەگ.

- مەحیەدین.. نەوەی نەبووە.

- سوراحی خێزانی عارفی حەمەحسێن.. نافعەی بووە، پاشان شوی کـردووە بـەدەروێش فـەتح الله ی نەوسـودی کـوڕێکی بـووە بـەناوی صـابر کەلەساڵی ١٩٨١ بەتۆپی ئێران لە تەوێڵە کوژراوە.

٣- نەوەی کەنعان.. سێ کوڕو سێ کچی بووە:

- ئیبراهیم ، ئەمین، ڕەحیم

- عەتیە خێزانی حاجی ئیبراهیمی شۆشمەیی، ئامینـە خێزانی فەتح الله ی صادق، توبا خێزانی حەمەڕەحیم

عەزیز مێرزا تاوێرەیی.

٤- نەوەی میرزا .. کوڕێك و کچێکی بووە:

- محەمەد .. چووە بۆ بەغداو هەر لەوێ ژیاوە.

-عاصێ خێزانی حاجی خدری سلێمان بـووە .. کچێکی بـووە بـەناوی خەدیجە دایکی سەید شەریفی سەید صادق.

* **بنەماڵەی فەرەج الله** .. دوو کوڕی بووە:

- موئمن .. لەبانی واتواتا کوژراوە.

- ئەحمـەد .. ڕەیحـانی نەصـرەدینی حەمەسـەلیمی هێنـاوە، کچێك و کـوڕێکی بـووە، کچـەکەی مینـا خێزانـی حـاجی ئـایزەی حەمەئـەمین، کوڕەکەیشـی: عەبـدوالله بەعەبولـە ڕەیحانەشهورە، ئـەم مناڵانـەی بـووە:

ئەحمەد، موئمن، نافعە خێزانی حەمەئەمین حاجی ئایزە، ئەختەر خێزانی موختاری مەحمود یارە، دولبەر خێزانی نەوزادی حاجی عومەری شەمعیّ، ئەسمەر.

سەرچاوە: حەمە عارف حەمیّ. محەمەد سان ئەحمەد، حەمەعار محەمەد، حەمەحەسەن محەمەد، نافع عومەر، صابر ئەلی وەیس، عەبدولخالق حاجی عەبدولوەهاب، ئافتاب عەلی محەمەد، حاجی تۆفیق هەورامی، نافعە عەبدواللە ئەحمەد، طالب مستەفا، هادی حاجی ئایزە، دەروێش لەتیف، حاجی محەمەد رەحمان، رەحیم کەنعان، مەحیەدین فەتح اللە، ئەمین عەلەم، حاجی بلال ئەسکەندەر، سوەیبە وەستا عەبدواللە.

* * *

بنەماڵەی مارفە گۆتە:

مارف خەڵکی ئامزیانی هەورامانی ئێرانە، هاتووە بۆ تەوێڵەو شەمامی حەمەوەیس بوڵینەی هێناوەو ئەم منالأنەی بووە:

- مستەفا.. کوڕەکانی: عومەر، صەلاح، ئەم دووانە ئێستا ماڵیان لەهانەژاڵەیە. کچەکانیشی: مەلیعە خێزانی کوێخا محەمەدی هەیاسە لەشارەزوور، فریشتەو تەلیعەش لەشارەزوور شویان کردووە.
- حسێن خێزانی نەبووە.
- رەعنا خێزانی شێخ عەبدواللە تاوێرەیی.
- مارف.. وادیارە لەدوای مردنی باوکی لەدایک بووە، بەمارفە لالّ ناسراوە، منالەکانی: دڵشاد، شوان، نعمەت، هەڵمەت، لایقەخان.

سەرچاوە: عەبدولخالق حاجی ئۆلوەهاب، حاجی تۆفیق حەمەباقی، صابر ئەلی وەیس، دەروێش لەتیف، سوەیبە وەستا عەبدواللە.

* * *

هۆزو ئەلی حاجی = هۆزی ئەلی حاجی

دوو بۆچوون هەیە بۆ وشەی (ئەلی حاجی) کەلەچی‌یەوە هاتووە، یەکێکیان دەڵیّ: لە (ئەهلی حەج)ەو هاتووە، چونکە لە(عەلی)یەو بۆ حەوت پشت چوون بۆ حەج. بۆچوونی دووەم دەڵیّ: عەلی کوڕی حاجی مستەفا بووەو، ئیتر بە (عەلی حاجی) بانگیان کردووەو مستەفاکەیان نەوتووە، لەکوردەواریشدا بوونی (عەلی) بە (ئەلی) شتێکی ئاسایی‌یەو زۆرە لەو جۆرە، .. وادیارە بۆچوونی دووەم ڕاست بیّ، بۆ ڕشتەی بنەماڵەکەشیان ئێمە ئەمەمان دەست کەوتووە.

عەلی کەبە ئەلی حاجی ناسراوە کوڕی حاجی مستەفای گەورەیەو کوڕێکی بووە بەناوی باوکی‌یەوە ناونراوە، کەحاجی مستەفایە ئەمیش پێنج کوڕی بووە کەهەر یەکەیان تیرەیەکی ئەم هۆزە پێك دەهێنن، بەم شێوەیە کەباسی دەکەین:

١) **تیرەی یوسف:**

یوسف دوو کوڕی بووە : عەباس و مەحمود ... نەوەی ئەم دوانەش بەم شێوەیە بوون:

* **بنەماڵەی عەباسی یوسف**.. سێ کوڕی بووە عەلی و صادق و بابا.. کەنەوەی هەریەکێکیان بەم شێوەیە بووە:

= **نەوەی عەلی**.. بەئەلی ناسراوە نەوەکانی ئەمانەن:

أ) عەباس (هەباس) .. باوکی‌ە حاجی عەلی، ڕەحیم، ئامینە خێزانی حاجی عەبدوڕەحمانی حاجی محەمەدی حامد.

ب) محەمەد.. باوکی حاجی حەمە عەزیز، کەناسراوە بەحەمایزی زیتە.

ج) حەبیبە.. خێزانی عەبدوالله باوکی ئۆقال.

د) بەیزا.. خێزانی ئیبراهیم ئیسماعیل.

ه) خاڵخاس.. خێزانی حاجی جافری ئەکرەم.

= **نەوەی صادق** .. دوو کوڕی بووە:

- باباڵە .. ئەمیش یەك کوڕی بووە.. عەبدوالله (عالا).
- ئەبوبەکر.. ئەمیش یەك کوڕی بووە.. محەمەد.

= **نەوەی بابا** .. کوڕێکی بووە بەناوی (عوزە) نەوەی ئەمیش ئەمانەن:

- حەمەصاڵح .. باوکی جەعفەرو جەزاو کامیل و کەمال و عەینا خێزانی عەبدوالله ی باباڵە.
- مستەفا.. باوکی ستارو نەریمان و مەریوان و ..
- ڕەیحان .. خێزانی خودادای حەمەمراد.
- حەیات.. خێزانی کەریم ئیبراهیم ئیسماعیل.
- مینا.. خێزانی حاجی حەمە عەزیزی زیتە.
- ئەفرۆز .. خێزانی حاجی ئۆلکەریمی مەحمود کەلەپاوە ژیاوە.

* **بنەماڵەی مەحمودی یوسف**

ئەم مەحمودە کوڕێکی بووە بەناوی یوسفی باوکی‌یەوە ناوی ناوە، ئەمیش دوو کوڕی بووە مەحمود و حاجی حەمەکەریم، کەنەوەی ئەمانیش بەم شێوەیە بوون:

= **نەوەی مەحمود** .. کوڕێکی بووە بەناوی (خودایوسۆ) ئەمیش دوو کچ و کوڕێکی بووە..

- شیرین خێزانی حەمەیوسف حەمە کەریم کەلەخارگێلانە.
- ئەفرۆز (ئەفۆل) خێزانی ئەحمەدی لالێ.
- فەتح الله بەفەتحەی حەلیم ناسراوەو گوڵنازی حەمەئەمینی هێناوەو ئەم منالانەی بووە:

+ مەحبوبە خێزانی حەمەیوسف گەورە.
+ عەتیە خێزانی حاجی مەحمود وەستا محەمەد.
+ بەیزا خێزانی غەریبی جافەی لفتە لەخارگێلان.
+ ئافتاب خێزانی حەمەسەعید حەمەمراد ئەحمەد.
+ تۆفیق .. بەتۆفیقی گوڵناز مەشهورە.

= **نەوەی حاجی حەمەکەریم..**

حاجی حەمە کەریم هاتووە لەخارگێلان دانیشتووە، .. سێ کوڕو کچێکی بووە کەئەمانە بوون:

١- حەمە یوسف .. باوکی حاجی عیزەت و حەمە کەریم و محەمەد و صابرو کاکەبرا.

٢- کوێخا حەمە حەسەن .. باوکی حەمە صالح و کوێخا ڕۆستەم و ئاغەو پەنیساو خاوەرو میناوو مەعصومەو ڕێحانەو ناهدەو گەلاوێژ.

٣- حەمە سەعید .. منالەکانی: حاجی حەمە ڕەشید - باوکی غەفورو مەولودو غەفارو ڕزگارو عائیشەو عەتیەو مەحبوبەو فریشتە. هەروەها حەمە سەعید دوو کچی بووە بەناوی ئامینەو نەجیبە کەشویان کردووە بەدوو پیاو لەخێڵی حەمە.

٤- خەجێ خێزانی جافری حەمەصالحی ئەسلەم کەپێشتر باسمان کرد.

٢) تیرەی حەمە ڕەحیم:

حەمە ڕەحیم کوڕێکی بووە بەناوی لەتیف - ئەمیش سلێمان ی بووە، سلێمانیش کوڕێکی بووە بەناوی ئەسلەم بنەماڵەی ئەسلەمیش ئەمەیە کەباسی دەکەین:

أ) لەتیف .. لەبانی واتواتا کوژراوە.. کوڕێك و کچێکی بووە .. نەجیب نەوەی نەبووە، ڕەعنا شوی کردووە بەمەلا کەریمی دەگاشێخان.

ب) حەمە صاڵح .. کوڕێکی بووە (جافر) ئەم جافرە کە لەتیفی مامی دەکوژرێت ژنەکەی کەناوی خەجێ دەبێ ئەو ئەهێنێ و دوو کوڕی دەبێت.. نەجیب هەر بەگەنجی مردووە، محەمەد .. باوکی عەتاو مەنصورر حەمە صاڵح و ...

ج) فاتمە .. خێزانی صەلاحەی خالدی هۆزی فەرهاد.

د- نازدار .. خێزانی مستەفای ئیسماعیلی هۆزی شاسواری.

ه- نازەنین .. خێزانی فەرەجی یەعقوب لەهۆزی ئەلی حاجی.

٣) **تیرەی خەسرەو..**

خەسرەو سێ کوڕی بووە: میرزا، قادر، ئەحمەد.. بنەماڵەی هەریەکێك لەمانەش ئابەم جۆرەیە:

* **بنەماڵەی میرزا..** دوو کوڕی بووە: کوێخا عەبدوالله و مەلا ئەبوبەکر نەوەی ئەمانیش ئەمە بووە:

- کوێخا عەبدوالله .. منداڵەکانی:

أ) حاجی عەلی باوکی: عەبدوالله و بورهان و بەهجەت و نائب و سامی و محەمەد.

ب) محەمەد بەگەنجی مردووە.

ج) فاتمە خێزانی ئۆلکەریم کەناسراوە بە بەگە.

- مەلا ئەبوبەکر کەبەمەلا هەیبەکر ناسراوە.. منداڵەکانی:

أ) حاجی ئیسماعیل - باوکی: ئادەم و یونس و کەریم و ئەبوبەکرو عوسمان و ئافتاب خێزانی هەسەنی ئایزە، ماتاب خێزانی حاجی ئیسماعیل صدیق، سەعادەت خێزانی حاجی عەبدوالله ی صدیق، گەلاوێژ خێزانی عوسمان محەمەد فەرەج، حەمیدە خێزانی هادی محەمەد سان ئەحمەد، خەرامان خێزانی فەرەجی خاوەر.

ب) مەلەك خێزانی هەیبەکری کۆزاد.

ج) ئیصاف خێزانی ئەورەحیمی مەحمود.

د) خەجێ .. (خەجول) شوی نەکردووە.

* **بنەماڵەی قادر..**

دوو کچ و کوڕێکی بووە، کچەکانی: ئامینە شوی کردووە بە عەلی عەباسی یوسف هەرلەم هۆزە، ئەویتر: مەنیجە، شویکردووە بەمەجیدخەسرەو گەلیانی .. کوڕەکەیشی: حەمە ئەمین بووەو ئەمیش شەش منداڵی بووە کەئەمانە بوون:

ا) موئمن .. یەك کوڕی بووە (حەمە عارف باوکی: موئمن و حەمزەو میکائیل و حکمەت و عادل و ڕوناك خێزانی نوری خاوەر.

ب) قادر.. کوڕێك و کچێکی بووە: عابد و سەلما خێزانی محەمەدی حەبیب.

ج) حەیبە اللە .. چوار کچی بووە:

١- توبا خێزانی حەسەنی صۆفی خدری بەڵخەیی.

٢- فەهیمە خێزانی غەفوری دەروێش نادری بۆینی.

٣- عەتیە خێزانی حەمەی مەحمود مالە.

٤- فاتمە.. خێزانی حەمە عەزیزی فەتاح.

د) باقی .. منالەکانی: حەمە مراد، مەحیەدین، عالیە خێزانی فەتحەی سۆسەکانی، صەبری خێزانی جەلالی وەستا ئەسکەندەر، قەدری خێزانی عومەری فەتاح، خاوەر خێزانی پیاوێکی خارگێلاّنەیی.

ه) حەلاو .. شوی کردووە بەفەتاح مەجید خەسرەو گەلێنی.

و) حەنیف .. لەدوای مردنی حەلاو ئەمیش شوی کردووە هەر بەفەتاح مەجید.

*** بنەماڵەی ئەحمەد ..**

کوڕێکی بووە بەناوی وەهاب.. ئەمیش دوو کوڕی بووە: ئەحمەدو ڕەحمان .. نەوەی ئەم دوانەش ئەمە بووە:

- نەوەی ئەحمەد .. دوو کوڕو سێ کچی بووە: جەلال، ئەحمەد، ئاسیلە خێزانی محەمەدی حەکیم، ڕەعنا خێزانی وەهابی ئەلە، پاشان شوی کردووە بە مەلا مستەفای بیارە، ئامانێ خێزانی عابدی حەکیم.

- نەوەی ڕەحمان.. دوو کچی بووە: تەیبە خێزانی مەناف حەمە مراد، شوکری خێزانی پیاوێکی هەڵەبجەیی.

٤) تیرەی خواکەرەم:

خوا کەرەم سێ کوڕی بووە: مەعروف و یەعقوب و حەمە لەتیف کەسێ بنەماڵەیان بەم شێوە پێکهێناوە:

*** بنەماڵەی مەعروف** .. یەك کوڕی بووە بەناوی عەبدوالله وە، کەبە عەبە کوڵە ناسراوە.. ئەمیش کوڕێکی بووە ناوی مەعروف بووە، نازناوی بابا بووەو چونکە دایکیشی مریەمی کچی حەکیمی خەسرەو بووە، بەناوی دایکیەوە ناسراوە بە(بابای منە). باوکی سوبحان و سیروان و عەفان و بێساران.

* **بنەماڵەی یەعقوب** .. یەعقوب کچێك و دوو کوڕی بووە کەئەمانەن:
أ) هاجەر .. خێزانی (حەمە صادق صەیفور) ئەمیش کچێکی بووە (بەگیج) شوی کردووە بەحەمەئەمین باوکی نەصرەدین .. جا ئەم نەصرەدینەش چونکە نەنکی بەخێوی کردووە بەنەصە هاجە ناسراوە.
ب) عوزە .. بەگەنجی مردووە.
ج) فەرەج .. ئەم فەرەجەش بەناوی دایکی‌یەوە ناسراوە بەفەجەی لاڵێ لەگەڵ ئەحمەدی لاڵێ و حەمە ڕەشید فەتاح دا برای دایکین. فەرەج ئەم منالانەی بووە:
- ماجەمین .. خێزانی مەلا عەلی مەلا محەمەد کەلە گرێزە ژیاوە.
- خەرامان .. خێزانی حاجی عەلی حسێن.
- ئامینە .. خێزانی حاجی ئامانەالله ی هێمنە.
- کافیە .. خێزانی جافرە ڕەسوڵ.
- ڕەحیمە .. بەگەنجی مردووە.
- یەعقوب .. بەگەنجی مردووە.
- فارس .. بەفارسی نازەنین ناسراوە.

* **بنەماڵەی حەمە لەتیف** .. دەڵوەتی کچی فەتح الله ی هێناوەو ئەم منالانەی بووە:
- سەلما خێزانی سەعید عەلی هەیاس.
- فاتمە خێزانی ئیمامی حەمە سور.
- عەبدولحامید .. لەبەڵخە ژیاوە باوکی: محەمەد و عەبدولفەتاح و صاحب و ئەدهەم و .. تاد.
- عەبدولخالق .. لەبەڵخە ژیاوە باوکی: عەبدولکەریمو مەعصومەو نەخشین و نەصرەت و ناسکە.

٥) تیرەی محەمەد:
ئەم محەمەدە ئەم بنەمالانەی لێ کەوتووەتەوە، بەلام بەتەواوی نەمانزانی ڕشتەکەیان چۆن هاتووە، وەزۆربەشیان لەخارگێلان نیشتەجێ بوون .. بنەماڵەکانیش ئەمانەن:

* **بنەماڵەی ئیسحاق** .. ئەم منالانەی بووە:
- موئمن .. باوکی حاجی عەلی و حاجی ئەحمەدو عەبدوڕەحمان و ..
- ئامینە .. خێزانی حسێن خورماڵی.

* **بنەماڵەی صۆفی حەمە صاڵح** .. یەك کوڕی بووە (کامەران) تەمەنی زۆر بووەو دوو کچ و کوڕێکی بووە کەئەمانەن:

- والی ..
- نایافت خێزانی عەبدوالله تۆفیق خەرپانەیی.
- نارنج خێزانی عەلی مستەفا بەڵخەیی.

* **بنەماڵەی لفت الله ی مەحمود**.. ئەم منالآنەی بووە:

ا) جافر .. پێنج منالی بووە:

١) کەریم باوکی صەبریە خێزانی مورشید خودادا.
٢) غەریب بەخەپە ناسراوە.
٣) خانمە خێزانی حاجی عیزەتی حەمە یوسف.
٤) نارنج خێزانی حەمە ڕەئوف حاجی ئەمانەالله.
٥) کۆفە خێزانی جەمال حەکیم.

ب) حەیبەالله .. یەك کچی بووە خەرامان خێزانی وەستا نەجمەدینی نەوسودی.

ج) فەرخی خێزانی مستەفا حەمە صالح (برای ئەحمەد عەرەب).

* **بنەماڵەی فەتح الله ی مەحمود** .. کوڕێك و کچێکی بووە، کوڕەکەی بەناوی حاجی ئامانە الله و بەحاجی ئامانە الله ی هێمنە ناسراوەو لە تەوێڵە ژیاوە، کوڕێك و پێنج کچی بووە کەئەمانەن:

- حەمە ڕەئوف، تەیبەی خێزانی تۆفیق وەستا حەمە ئەمین، نەهیە خێزانی حەمە ڕەحیم مەحمود، بەهیە خێزانی غەفوری حەمە ڕەشید لەخارگێلآن، نەزیرە خێزانی ڕەحمانی قادر، مونیرە خێزانی نەزمی حاجی ئایزە.

*بنەماڵەی عەبدوالله ی حەمە ڕەحیم .. کەبەعەبەلە شەمام ناسراوە، لەدوای مردنی فەتح الله - کەباسمان کرد- هێمنەی هێناوەو کوڕێك و دوو کچی بووە کەئەمانەن:

-محەمەد کەبەکامەران ناسراوە .. لەتەوێڵە ژیاوە بەلآم منالەکانی ئێستا چوونەتەوە بۆ خارگێلآن نیشتەجێ بوون کەئەمانەن: ئارام، عەبدوالله، ئەیار، سورەیا، کوبرا، کەویار، سەمیرە، ئاوارە.

-بەیزا خێزانی حەمەڕەزای مەحمود بەگ.

-زێبا خێزانیئەمینی ڕەشەی کۆزاد.پێشترخێزانی بابالەیصادق بووە.

سەرچـاوە: وەسـتا مـەحمود مسـتەفا لـە ١٩٩٣/١/١٣ لەسـەریاس، عەتیـە مەحمود مستەفا، مەنیجە مەحمود مستەفا، بەدریە حاجی عەلی عەباس، م. جەزا حەمەصاڵح عوزە، ئافتاب حاجی ئیسماعیل ئەبوبەکر، دەروێش لەتیف محەمەد، مەولود حاجی ڕەشید حەمەسەعید خارگێلانەیی، تۆفسق گوڵناز، حەمەصاڵح محەمەد جافر، جەلال ئەحمەد وەهاب، ئەدهەم عەبدولحامید، حاجی حەمە عەزیز محەمەد، حەمە ڕەئوف حاجی ئامانە الله.

*   *   *

هۆزو هاڵە کۆکیا = هۆزی هاڵە کۆك

وشەی (هاڵەکۆك) لەچی‌یەوە هاتووە؟

-هەندێك دەڵێن: ئەم هـۆزە حـەز لـەڕاوکردن و گـەڕانی کـەژوکێو دەکـەن و دەچن قارچك و ئـەو جـۆرە گیایانـەی کـەبۆنیان خۆشـە یـا دەخـورێن دەهێـنن.. جالەو جۆرە گیا بەهارانەی کەدەخورێن و ئەمان دەیانهێناوە هاڵەکۆك بووە، بۆیە بەهاڵەکۆکی ناسراون.

-زوربـەی خـەڵك و خۆشـیان دەڵـێن: بـاوا گـەورەیان (حەیـدەر)ی نـاو بـووە نازناوی (هاڵە) بووە.. ئەم هاڵە کوڕو کورەزای زۆری بووەو خێزانی بۆ هێناون و هەمووشـیان بەیەکـەوە لەبانـە گـەورە ژیـاون و زۆر ڕێـك و کـۆك و تـەبا بـوون بەیەکەوە، بێ‌ناکۆکی و ئاژاوە ژیاون، بۆیە پێیان وتوون خێڵی (هاڵەکۆك).

وادەردەکـەوێت ئەمـەی دووەمیـان ڕاسـتە، بـەڵام ئەگـەر ئـەو صـیفەتەی یەکەمیشیان جارجارە بووبێت، ئیتر زیاتر وشەکە چەسپیوە بەسەریاندا.

ئەوەی شایانی باسە: ئەم هۆزە تیرەو نەوەیەکی زۆری لێ بووەتەوە، بەڵام لـەم سـەردەمەدا زیـاتر لـەناو خـەڵکیدا بەهەسـەن منەیی‌یـەکان دەڵـێن هاڵـەکۆکی. وادیارە ئەمان ئەو صیفەتانەی سەرەوەیان باشتر لەناودا بێت تا ئەوانی تر.

نەوەکانی حەیدەرەکۆك ئەمانەی خوارەوەن:

١-یـەعقوب ٢- ئەحمـەدی جیهانبـەخش ٣- خالـدی ئەحمـەد ٤- میرزای ئەحمەد ٥-صەیفوری جیهانبەخش ٦- جوامێر.

*** تیرەی یەعقوب:**

یـەعقوب دوو کـوڕی بـووە، خواکـەرەم و حەمەکـەرەم. خواکـەرەمیان چوار کــوڕی بــووە: (الله کــەرەم، حەمــەمراد، فــەتاح، عەبــدوالله) هەریەکەشــیان بنەماڵەیەکی پێکهێناوە:

=بنەماڵەی الله کەرەم.. ئەمیش دوو کوڕی بووە:

أ-قادر.. دووکچی بووە بەناوی (حەلیمەو پەریجان)، پەریجان شوی کردووە بەپیاوێك خەڵکی (چیانە)ی کوردستانی ئێران و سێ کوڕی بووە (حەسەن و حسێن و عوسمان) حەلیمەش شوی کردووە بە حاجی شەریفی دزاوەری، سێ منالی بووە بەناوی (عەلی، ئامینە، بەگیج).

ب-حاجی حەسەن.. منالْ بووە باوکی مردووە، ئیتر دایکی کەناوی (مریەمی ئیسماعیلی مستەفای شاسواری) بووە بەخێوی کردووە، بۆیە: بەناوی ئەوەوە (مریەم-منە)وە ناسراوەو بەهەسەنە منە بانگ کراوە. ئەم منالأنەی بووە:

-الله کەرەم .. گەنج بووە لەکاروانیدا کوژراوە.

-حسێن .. بەگەنجی مردووە.

-حاجی ئەبوبەکر.. ئەمیش ئەم منالأنەی بووە: خواکەرەم، عەبدولقادر، عەباس، الله کەرەم، نەجمەدین، جەننەت خێزانی حاجی محەمەدی حامد، مریەم خێزانی نوری خودادا، دەڵوەت خێزانی حاجی غەفاری دزاوەری.

-محەمەد .. بەحاجی بەگ ناسراوە، منالەکانی: کەمال، جەمال، شەمعە خێزانی حەمە طاهری نۆدشی، پەنیسا خێزانی ڕزگاری عوسمان عارەب.

-ڕەعنا .. شوی کردووە بەحەسەن مەلە، کوڕێکی بووە بەناوی مەهدی، پاشان شوی کردووە بەحەبیب محەمەد، لەمیش جەمیلە فەنی بووە.

-خاوەر .. شوی کردوە بەعەلی وەستا قادر و ئەم منالأنەی بووە: حەمە ڕەشید، ڕابعە، عەتیە.

دەڵێن سەرگوزشتەی کوژرانی الله کەرەمی حاجی حەسەن بەم شێوەیە بووە:

لەساڵی (١٩٢٠) دوو کەس لەخەڵکی ناوچەی زەنگەنە لەنزیك بەڵخەی هەورامان لەلایەن پیاوەکانی سالارەوەڕووت دەکرێنەوە، دوای دوو ساڵ چەند تەوێڵەیی‌یەك بەکاروانی دەچنە ناوچەی زەنگەنە، لەوسەرەوە کەدەگەڕێنەوە، چەتەی زەنگەنەیی دادەنیشن بۆیان و تەقەیان لێ دەکەن و ئەم الله کەرەمەو دووانی تریان لێدەکوژن، بەحیساب هەقی خۆیان دەکەنەوە. هەندێك لەکاروان

چیەکان ئەمانە بوون: الله کەرەم لەگەڵ حەمەئەمینی صۆفی سلێمانی خالۆی، فەجەی حەمەئەمین، سلێمانی حەمەئەمین، حەمە کەریمی سوەیبەی، جافری بابالە، لەوکاتەدا الله کەرەم گەنج بووە، مینای عەبدوالله دەزگیرانی بووە، هەرچەندە ئەبوبەکری برای سەرەتای گەنجی بووە، ئیتر مینا مارەدەکەنەوە بۆ ئەم و پاش دوو ساڵ مینا دەگوازێتەوە. ئەوەی شایانی باسە ئەم تیرە بە سنجەی میریش ناسراون بەهۆی ئەو سنجەیەوە کەلە میری سور هێناویانەو لەبانە گەورە بوو، دارێکی جوان و گەورە بووە.

- **بنەماڵەی حەمەمراد**.. یەك کوڕی بووە بەناوی دایکیەوە بەئەحمەدی لاڵێ ناسراوە، کەلەگەڵ فەجەی لاڵێ و حەمەڕەشید فەتاحی ئامۆزایدا برای دایکین. ئەحمەدی لاڵێ ئەم منالانەی بووە:

-حەمە مراد.. مناڵەکانی: حەمەسەعید، مەناف.

-وەیسی .. مناڵەکانی: ستار، جەزا، عائیشە خێزانی تۆفیق گوڵناز، حەلیمە خێزانی صاحب عەبدولحەمید.

-شاپەری .. شوی کردووە بەحاجی محەمەد حەمەئەمین (حاجیەخرە) کوڕێکی بووە بەناوی (عەبدوالله)وە.

- **بنەماڵەی فەتاح** .. کوڕێك و کچێکی بووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

-پیرۆز.. شوی کردووە بەفەجە خاڵە.

-حەمەڕەشید .. مناڵەکانی ئەمانەن: عومەر، محەمەد، حەمەصاڵح، عوسمان، عەبدولخالق.

- **بنەماڵەی عەبدوالله** .. ئەم عەبدوالله یە چووە بۆ هانەگەرملەو لەوێ ماوەتەوەو نەوەی هەیە لەوانە: عەبدوالله کەبەعەبەسور ناسراوە، هەروەها سەعدی...

- حەمەکەرەمیان واتە حەمەکەرەمی یەعقوب کەبەحەمیلان مەشهورە، خانمی بووە شوی کردووە بە ئەحمەد عارەب.

*** تیرەی ئەحمەدی جیهانبەخش:**

ئەحمەد کوڕێکی بووە بەناوی حەمە یوسف، ئەویش پێنج کوڕی بووە: مەحمود، حەمە حسێن، شەریف، ئەحمەد، مەجید. هەریەکەشیان بەم شێوە بنەماڵەیەکیان پێکهێناوە:

= **بنەماڵەی مەحمود** .. دوو کوڕو دوو کچی بووە: کوڕێکی عارفی ناو بووە نەوەی نەبووە، کوڕەکەی تری (جافر) بووەو ئەم منالأنەی بووە کەهەر یەکێك لەوانیش نەوەیان هەیە:

عوسمان، صابر، موسا، سوبحان، عارف، کافیە شوی کردووە بەحەسەلیمی بابا کوڕێکی لێ‌ی بووە بەناوی (عیزەت)، نەجات.. کافیە زوو مردووە، ئەم نەجاتەی خوشکی شوی کردووە بەحەمەسەلیم بابا.

دوو کچەکەشی: یەکێکیان ئاسما بووە شوی کردووە بە مستەفای محەمەدی هەباس، ئەویتریان: سەلما بووە شوی نەکردووە.

= **بنەماڵەی حەمەحسێن**.. ئەم منالأنەی بووە:

حەمە یوسف (بابا)، یەك کوڕی بووە.. حەمەحسێن. حەمەصاڵح لەکەرکوك ژیاوە کوڕێکی هەیە بەناوی (سالار)، حەمە کەریم ڕەعنا، عەینا خێزانی حاجی وەسیم، شەمسیە خێزانی حەمە ڕەشید الله کەرەم، عەتیە خێزانی حەمەصاڵحی شاربازێڕی.

= **بنەماڵەی شەریف**.. ژنەکەی زوبەیدەی هۆمەری حەمە قوصەیی‌یە، بۆیە زۆرێك وادەزانن ئەم شەریفە لەتیرەی حەمە قوصەیی‌یە، منالەکانی شەریف ئەمانەن:

تۆفیق، عەلی، فەرەج الله لەخارگێلأن ژیاوە، سوراحی خێزانی وەیسی ئەحمەد، فەرخی خێزانی ئەحمەد وەهاب، فاتیل خێزانی حاجی عەلی کوێخا عەبدوالله، حەفصە خێزانی کوڕێکی زەڵمی، شەمام خێزانی حەمە حەسەنی ڕێحانی خارگێلأنەیی، شیرین خێزانی محەمەدی الله کەرەم.

=**بنەماڵەی ئەحمەد** .. ئەم منالأنەی بووە:

فەرەج، کچێکی بووە، حەمیدە خێزانی خواکەرەمی حاجی ئەبوبەکر، سەعید منالی نەبووە، حەکیم سێ‌کوڕی بووە: کامیل لەکاروانی‌دا کوژراوە، جەمال، حامد، فەرەج و سەعید دایکیان خانمی خوشکی مستەفای حەمزەیە، حەکیم دایکی جیایە.

= **مەجید** .. تەنها کوڕێکی بووە (نەجیب) ئەویش بەگەنجی مردووە.

* **تیرەی خالدی ئەحمەد** ..

ئەم خالدە بەخاڵە ناسراوەو دوو کوڕی بووە هەریەکەیان بنەماڵەیەکیان پێکهێناوە:

= **بنەماڵەی محەمەد** .. کەبەحەمە سور ناسراوە، دوو کوڕو دوو کچی بووە:

-ئیمام .. مناڵەکانی: حەمە کەریم، حاجی محەمەد، فەریح.
-دەروێش مەحیەدین.. مناڵەکانی: نەصرەدین، فەخرەدین، نەجمەدین.
-ڕەیحان .. شوی کردووە بەفەرەج ئەحمەد کەلەپێشەوە باسمان کرد.
-پیکۆل .. شوی کردووە بەئیسماعیل لەئەصڵدا پیکۆل ناوی پیرۆزە.
= **بنەماڵەی ئەحمەد** .. کەبەسێلە ناسراوەو ئەم مناڵانەی بووە:
-سەعید .. مناڵەکانی: جەمالەفەنی، جەبار، جەمیل، عەتیە خێزانی عومەری حاجی محەمەد، بەهیە خێزانی صابری فەرەجی حەمەئەمین.
-خالد ناسراوە بە (بابا) مناڵەکانی: هادی، فەیرۆز، صەبری خێزانی عەبدولقادری حاجی ئەبوبەکر، قەدری خێزانی دەروێش لەتیف. سەعادەت خێزانی جەباری عەبدولعەزیز.
-عەبدولواحد.. جەلالی عەینای بووە.
-عەلی.. مناڵەکانی: ئەحمەد، عەبدولعەزیز، مەلیعە خێزانی حەمە کەریم عەبدەکە، تەلیعە خێزانی مەلا ئەولەی مەلا عەبدولحەمید، ئافتاب خێزانی ئادەم عوسمان.
-عەبدولحەکیم.. مناڵەکانی: ڕەمەزان، عەدنان، مریەم، ناهدە، فەریدە، پەروین، نەخشین، زەکیە.
-فەرخی.. شوی کردووە بە باقی قادر حەمزەیی.

*** تیرەی میرزای ئەحمەد:**
ئەم تیرەیەش ئەم نەوەیەی خوارەوەی لێکەوتووەتەوە کەسێ بنەماڵەن:
= **بنەماڵەی عەبدوالله** .. کوڕێک و پێنج کچی بووە:
-کەریم .. مناڵەکانی: عەبدوالله، محەمەد، شەوکەت، ڕەحمە خێزانی ڕەشەی وەستا عەلی، فەرخی خێزانی ئیسماعیلی خانمە، ڕابعە خێزانی ستاری ئەحمەد.
-حەبێ .. خێزانی حەمە سەعیدی محەمەد.
-مینا.. خێزانی حاجی ئەبوبەکری حاجی حەسەن.
-خونچە .. خێزانی جافەی لفتە.
-پەریزاد.. خێزانی عەلی ئەحمەد (سێلە).
-حەلیمە .. خێزانی عیزەتی ئەحمەدی ئیسحاق.

= **بنەماڵەی ئەحمەد** دوو کوڕی بووە: حەسەن و حسێن، نەوەکانی ئەمانیش ئەمانەن:

-حەسەن .. منداڵەکانی: ڕەشید بەڕەشەی ڕەعنا ناسراوە، ئەم ڕەشەیە برای دایکی حەمەخانی وەیسی‌یە، منداڵەکانیشی ئەمانەن: نەجات خێزانی جافەی لفتە، زلێخا خێزانی حەمە چەلەبی، حەیات خێزانی حەمە کەریم ئیمام، غەریبە خێزانی خودادا (قوتیل)، عالیە خێزانی عوسمانی گۆزەڕەقەیی.

-حسێن .. دوو کوڕی بووە:

یەکێکیان .. قادر لەبیارە دانیشتووەو .. حەیبە الله و مەجێ خێزانی کەیکاوس بووە.

ئەویتریان .. عەبدولحەمید کەبەئۆلحامدە خەجلە ناسراوە، منداڵەکانی: حسێن، موئمن، مستەفا، خواکەرەم، حەمەکەریم (نامەوەش)، عەبدوڕەحمان .. ئەم عەبدوڕەحمانە برای دایکی قالەی فەرخیلەیە، کچەکانیشی: بەگیج خێزانی ئەمینی ئایزە، مەحبوبە خێزانی حەمە عەلی عارەب، خەرامان خێزانی قادری سۆسەکانی.

= **بنەماڵەی عەبدوولکەریم** .. کوڕێکی بووە بەناوی مەحمود چونکە ئۆلکەریم زوو مردووە مەحمود بەناوی دایکیەوە ناسراوە بە مەحمودی فاتە ئەمەش ناوی منداڵەکانیەتی: عەبدولکەریم، ئەحمەد، صدیق، حەمەڕەحیم، ئیدریس، عەباس، ئامان خێزانی عەبدوالله ی خارگێلانەیی، توبا خێزانی جەمیلی ئاغە جافر.

تێبینی/ مەحمودی فاتە لەگەڵ حەملی قاسم ئاغا برای دایکین.

*** تیرەی مەحمود صەیفوری جیهانبەخش:**

صەیفور دوو کوڕی بووە، یەکێکیان حەمەصادق هاجەری یەعقوبی ئەلی حاجی هێناوەو یەك کچی بووە بەگیج شوی کردووە بە حەمەئەمین، ئەویتریان حەمەلەتیف ئەم دوو بنەماڵەیەی پێکهێناوە (واتە دوو کوڕی بووە):

= **بنەماڵەی فەتح الله** .. منداڵەکانی: حەمە صاڵح، حەمەسەلیم، مەحبوبە خێزانی صابری جافە، مەعصومە خێزانی حەمەصادق، دەلوت خێزانی حاجی حەمەشەریف حاجیلە، عائیشە خێزانی حسێنی حاجی تۆفیق.

= بنەماڵەی عەبدوالله ناسراوە بەعۆدە، ئەم کچانەی بووە:
مینا خێزانی حەمەڕەئوفی هۆمەر، قەتحە خێزانی جەلال عەبدوالله، نەهیە خێزانـی محەمـەدی سـوەیبە (دارابـەگ)، عالیـە خێزانـی شـێخ ئەحمـەدی ئەحمەدئاوایی هەروەها تەلیعەی خێزانی عەلی جافرو مەلیعەی خێزانی حەمە کـەرەمی حـاجی عەبـدولوەهاب کەکچـی کاکـەخانی حـاجی فـەرەجن خوشـکی دایکیـی قەتحـەو نەهیـەو عالیـەن، بـەڵام مینـا دایکی جیایە خـەڵکی سنە بـووە، پێنجەکەی تر دایکیان نازاریی عەزیزی حەمەیوسفە.

* تیرەی جوامێر:

جوامێر بەجوانە ناسراوە، کوڕێکی بووە بەناوی (ڕەسوڵ) کە ئەم منداڵانەی بووە:
(فارس و عارف و فائق و جافر)، هەریەکێك لـەمانیش کۆمـەڵێ منداڵیـان بووە.. ئەوەی شایانی باسە .. فەرەج و سەعیدی ئەحمەدی جیهانبەخش برای دایکیی ئەم چوار برایەن کەباسمان کرد.

سەرچـاوە: جەننـەتی حاجی ئەبوبەکر خێزانی حاجی محەمەدی حامد-، عـەینای حەمەحسـێن خێزانـی حـاجی وەسیم، کـەریم عەبـدوالله مـیرزا، حـاجی محەمەد ئیمام، ئەحمەد مەحمود ئۆلکەریم، حەمە سەلیم فەتح الله، عومـەر حەمە ڕەشـید فـەتاح، نەصـرەدین دەروێـش مەحیـەدین، خواکـەرەم عەبدولحەمیـد، دەروێش لەتیف محەمەد، محەمەدی حاجی حەسەن، موسا جافر مەحمود .. تاد.

* * *

هۆزی فەرهاد

هـۆزی فـەرهاد کەبەفـەراد ناسـراوە، ئـەمیش یـەکێکی تـرە لـەهۆزەکانی تەوێڵە، ئەوەی کەئێمە بۆمان ساغ بووبێتەوە ڕشتەی ئەم هۆزە بەم شێوەیە:
فـەرهاد کـوڕێکی بـووە بـەناوی حسـێن ئـەمیش عوسمـانی بـووە، ئـەم عوسمانـەش سـێ کـوڕی بـووە: فـەرهادو باباسـورو وەیسـی کەئـەمانیش یـەکی تیرەیەکیان پێك هێناوە بەم شێوەیە:

* تیرەی فەرهاد

تـیرەی فـەرهاد، تیرەیـەکی زۆرن لـەهۆزی فـەرهاد، کـەپێنج کـوڕی بـووەو هەریەکەیان بنەماڵەیەك پێك دەهێنن:

أ) بنەماڵەی مراد.. کوڕی گەورەی فەرهادی دووهەم بووە، کەنۆ منداڵی بووە بەم شێوەیە:

١- موئمن .. بەمومنە سوورە مەشهور بووە، کوڕێکی بووە بەناوی حەمە یوسف زۆر بەغیرەت و ئازا بووە، نەیار بووە لەگەڵ قادر بەگدا بۆیە چووە بۆ هەورامانی تەخت دانیشتووەو مناڵەکانیشی ئەمانە بوون:

-محەمەد ... باوکی دارا

-مەحمود بە مەحمودی حەماڵ ناسراوە، باوکی صەباح و ژیان.

-حاجی مەحیەدین .. باوکی ڕزگارو بێستون و سەعدون و مەریوان و پەخشان و بەیان و بێگەرد.

-عائیشە خێزانی مارفی ڕۆستەم..

ئەم سێ کوڕو کچە لەتەوێڵە ماونەتەوە، ئەمانەی دواتر لەهەورامانی تەخت بوون لەگەڵ باوکیان.

-ئەحمەد - حەمەئەمین - حەمە عەزیز - حەمەکەریم - ڕابعە خێزانی حەمەکەریم لە هەورامانی تەخت.

٢- لفتە .. دوو مناڵی بووە کەئەمانەن:

-نادر کەبەنادری زێبا ناسراوە.

-شەرەفە دایکی قالەی مەجنون بووە.

٣-مستەفا .. ئەم مناڵانەی بووە:

-ناجی .. باوکی مستەفا (بابا) و نعمان و مەریوان و فاتمە خێزانی دڵشادی حەمەی واحد، کۆفە خێزانی ئەحمەد عەبدوڕەحیم، حەمدیە خێزانی جەمیل حەسەن.

-نەجیب .. باوکی دڵشادو صنۆبەر خێزانی صدیق عەزیز.

-عەزیز.. باوکی نامق و صدیق وو ..

-عەینا .. خێزانی حەمەسەعیدی قادر.

٤-حەمەوەیس.. دوو کچ و کوڕێکی بووە:

-مریەم.. شوی کردووە بەحەمەیوسفی مومنی ئامۆزای..

-پیرۆز.. شوی کردووە بەڕۆستەمی مستەفای بابا سور..

-حەمەصاڵح .. زوو مردووە یەك کوڕی بەجێماوە بەناوی شەریفە شەل ئەمیش هەر بەگەنجی مردووە.

٥-شاوەیس.. سێ کوڕو کچێکی بووە:

-محەمەد بەكۆڵە ناسراوە.. یەك كچی بووە (زوبەیدە) شوی كردووە بە محەمەدی حەمەیوسف و دارای بووە، پاش محەمەدیش شوی كردووە بەحەمەمرادی ئەحمەد خدرالی.. ئێستاش خێزانی (س) سۆسەكانی‌یە.

- الله كەرەم بەئەڵڵاك مەشهورە .. ئامانیٚ كچی ڕەحیم ی مارف ئاغا شوی كردووە بە محەمەد كوڵە دوای ئەو شوی كردووە بەم الله كەرەمە، مناڵەكانی ئەڵلاك: نافعە خێزانی مەجنون قادر، عەبدواللە و نەصرەدین و مەحیەدین و بەیزا خێزانی جافەی لاوە.

-كەرەم .. لەخانەقین ژیاوە.

-بەدیعە .. خێزانی حەمە داریانی.

٦-ڕەحیم .. سیٚ كوڕو كچێكی بووە:

-حەمەكەریم.. ئەم مناڵانەی بووە: مەعصومە خێزانی كەرەم شاوەیس، سەعادەت خێزانی عیزەتی حەسەن، فائق، حەمەكەریم (نامەوەش).

-عەبدولكەریم.. مناڵی نەبووە.

-عیزەت .. بەعیزەتی سائق مەشهورە.

-هاجەر خێزانی ناجی مستەفا.

٧-قیمەتیٚ.. دایكی هۆمەرو حەمەی قیمیٚ.

٨-ڕابعە .. دایكی حاجی مارفە.

٩-دەڵوەت خێزانی بلەبەكەی دزاوەری، ئەم بلەبەكە لەتەوێڵە ژیاوەو نەوەی نەبووە.

ب-بنەماڵەی خالد:

دوو كوڕی بووە سلێمان و صەلاحە، نەوەكانیان ئەمانەن:

=سلێمان ژنەكەی حەلیمە بووە، ئەمیش دوو كوڕو كچێكی بووە:

- حەمەصالح.. لەلایەن خوشكەزایەكی عەبدواللە ئاغاوە كە لولیٚ یان پیٚوتووە ئەم حەمە صالحە كوژراوە، بەلام لولێش لەلایەن حسلەو حەمەڕەشیدی برازایەوە لەتیرەی كوێخا قادری یاقوە سوری‌یەوە كوژراوەتەوە.

- فەتح الله بەفەتحەی خەیات ناسراوە، باوكی: حەمەصالح و سلێمان و شێركۆو قەدری خێزانی مەحمودی حاجی حەمەیوسفە.

- خاڵیٚ خێزانی سان ئەحمەد.

=صەلاحە.. دوو کوڕو سێ کچی بووە:

-عەبدوڵڵا .. باوکی موختارو صدیق و جەبارو بەدری خێزانی فەتاحی مەحمود (فەتاحی کارەبا).

-ئەمین.. باوکی کامیل.

-زلێخا شوی کردووە بە بابای خواکەرەمی مەحمود.

-شەمسیە خێزانی ئەورەحمانی موڵکی .. ڕەعنا خێزانی ئەسکەندەری سانە.

ج-بنەماڵەی ئەحمەد:

ئەحمەد کوڕێکی بووە بەناوی حەسەن کەپەریجانی کچی مەحمود ئاغای هێناوەو ئەم منالأنەی بووە:

-محەمەد .. بەشێخۆ ناسراوەو عائیشەی حەمەڕەزای خالد ئاغای هێناوەودوو کوڕو دوو کچی بووە: بابا، جەمیل.. بەجەمیل هەورامی ناسراوەو گەلاوێژ خێزانی حاجی مومنی بەڵخەیی و شوعلە خێزانی کەمالی عاصێ.

-خانم خێزانی حەمەکەریم ڕەحیم مراد.

-ئامانێ خێزانی حەمەشەریف هەجیجی.. حەمە شەریف لەم ژنەی ئامینەی خێزانی عەبەی چۆپی هەڵەبجەیی بووە.

د-بنەماڵەی فەرەج:

ئەم فەرەجە ژنەکەی دزاوەری بووە بۆیە ماوەیەك لەدزاوەر ژیاوەو دوو کوڕی بووە:

-مەجید .. بەمەجیلان ناسراوەو هەر بەگەنجی هاتووە لەهەڵەبجە ژیاوەو ژنێکی مۆریاسی هێناوە بەناوی ئایشێو ئەم منالأنەی بووە: عەلی جگەرچی، صالح، محەمەد، پیران، مەحبوب، شەونم، شەوبۆ، ڕووناك، صەباح.

-فەرهاد.. لەتەوێڵە ماوەتەوەو دوو کوڕی بووە بەناوی ئەنوەرو بورهان.

ە-بنەماڵەی حەمە یوسف:

یەك کوڕی بووە حەمەصالح، ئەمیش کوڕێکی بووە... بەناوی کوێخا مستەفاوە ئەمیش سێ منالی بووە: حەمەصالح، شیرین، حەبیبە- دواتر باس کراون.

* تیرەی باباسور

بابا سور سێ کوڕو کچێکی بووە، کەئەمانەن:

أ) محەمەد بەحەمەدی مەجە ناسراوە چونکە دایکی ناوی مەجێ بووە، دەڵێن: ئەم محەمەدە تەمەنی نزیکەی (١٥٠)ساڵ بووە، دوو کوڕی بووە:

-حەمە سەعید .. عوسمان پاشای جاف کوشتویەتی.

-مەجنون.. ئەم منالآنەی بووە: خەرامان خێزانی مەحمود (دایکی فەتاح دوایی خێزانی فەتە دەلە بووە دایکی قادرو ئیسماعیل)، کاڵێ خێزانی حەمە بڕوای کەبابچی، حەمەسەعید زوو مردووە، قادر باوکی محەمەدو حەمەسەعیدو مەجنون و مەحبوبەی خێزانی عیزەتی ڕەحیم و تەلیعەی خێزانی عومەری شەمعێ.

ب-مستەفا .. دوو کوڕی بووە: فەتحە خێزانی نەبووە، ئەوی تریان ڕۆستەم دوو کوڕو دوو کچی بووە:

-مارف و صابر، سۆسەن خێزانی حەمەخاتە، وەنەوش خێزانی عەبالەی ڕەشەی شوکرە.

ج-شوکرە.. ئەم پیاوە چووە لەشۆشمێ ژیاوە.. ئەم منالآنەی بووە:

-حسێن.. منالەکانی: شوکرە، کەیکاوس، خاڵێ، کاڵێ، نازەنین، حەلیمە، سۆسەن.

-ڕەشید .. منالەکانی ئەحمەد، عەبال، نازدارە، بەیزا خێزانی حەمەیوسف وەریاڵ.

-پیرۆزە.. دایکی ئایزەی فەرەج.

د-حەلیمە خێزانی کوێخا مستەفا بووە، کچێکی بووە بەناوی شیرین خێزانی هەباس دایکی حاجی عەلی و ڕەحیم و ئامینەی خێزانی حاجی ئەوڕەحمانی حاجی محەمەد، دوای هەباس شوی کردووە بەوەستا مەحمودی مستەفای شاسواری.

تێبینی/

ئەم کوێخا مستەفایە کەناسراو بووە بە قەیتە، پێشتر سەلمای عەبدوالله ئاغای هێناوە لەسەلما (حەبیبەو حەمەصاڵح)ی بووە، حەبیبە شوی کردووە بەوەستا مەحمودی مستەفاو مریەمی خێزانی سەعەی کاکەلی و عەتیەی خێزانی حەمەعارف مومنی بووە، کەحەبیبەش مردووە شیرین مستەفای هێناوە کەپێشتر

خێزانی هەباس بووە کەباسمان کرد، حەمەصاڵح نەوەی نەبووە، ماوەیەك پاسەوانی قوتابخانەی تەوێڵە بووە.

*** تیرەی وەیس:**

وەیسی کوڕی عوسمان، دوو کوڕی بووە:ڕەزاو حەکیم، نەوەی ئەمانیش بەم شێوەیە بووە:

= **بنەماڵەی ڕەزا**.. ڕەزا یەك کوڕو سێ کچی بووە کەئەمانەن:

ا) لەتیف.. دوو ژنی هێناوە: یەکەم دەلوەتی کچی حەملی کوێخا قادری یاقوەسور، لەم ژنەی حاجی حەمەڕەحیم ی کەبەحاجی کاکە ناسراوە، هەروەها کچێکیشی بووە بەناوی ئامینە شوی کردووە بە حاجی عەبولەی مومن دواتر شوی کردووە بەبابای منە.

خێزانی دووەم: مینای حەمەصاڵح کەریم بووە.. لەم ژنەیش نەهیەی بووە خێزانی مەجیدی فەتاح.

ب) نوریجان.. خێزانی حەمەخالدی حەمەئەمینی خالد ئاغای دووەم.

ج) مینا .. خێزانی کەریم حەمەسەعید یاقوەسوری.

د) پەریجان .. دایکی ئەولە پەریجان کەلەبەغدا ژیاوە.

- **نەوەی حەکیم**.. یەك کچی بووە کەناوی (سانیە) بووە شووی کردووە بە قالە وەلی.

ئەوەی شایانی باسە: ئەم حەکیمە بەحەکە ناسراوە، لەگەڵ حچە دوو هاوڕێی خۆشەویست بوون و هەمیشە بەیەکەوە بوون.. سەیری پەندی پێشینان بکە لەم پەڕاوەدا پەندێك هەیە لەم بارەیەوە.

*   *   *

هۆزو هەیاسا - هۆزی هەیاسان

هەیاس شاو محەمەد شا دوو برابوون، بنەماڵەکەیان لە (ئەکریدو حەمیدیە)ی تورکیا ژیاوەو دەسەلاتدار بووە. ئەم دوو برایە ناکۆك بوون لەگەڵ بنەماڵەکەیان و بەهەر جۆر بووە هاتوون لە تەوێڵە نیشتەجێ بوون و نەوەیان لێکەوتووەتەوە، چونکە هەیاس شا براگەورە بووە ناوی ئەو زیاتر دەرکەوتووەو وشەی (هەیاس شا)ش بووە بە (هەیاسا).

دەڵێن (هەیاس) لەمالێدەر دانیشتووەو (محەمەد)یش لەچلانە. ئەوەی شایانی باسیشە لەڕشتەی بنەماڵەکەی هەیاس شادا وشەی بلاڕەحمان و بلاڕەحیم هەیە، بەلام نەمانزانی ئەم وشەی (بلا)یە لەچیەوە هاتووە، ئایا لە

(برا)وە هاتووە، ئەم دووانە بە (برا ڕەحمان و براڕەحیم) یەکتریان بانگ کردبێ، یا لەوشەی (بلە)وە هاتووە کەکورتکراوەی (ئیبراهیم)ە یاخود لەشتی ترەوە هاتووە!!

وەك وتمان ئەم هۆزە دوو تیرەن: تیرەی هەیاس و محەمەد.

تیرەی هەیاس شا:

هەیاس کوڕێکی بووە بەناوی (فەتاح)، ئەمیش (بلاڕەحمان و بلا ڕەحیم)ی بووە، نەوەی هەریەکێك لەمانیش بەم شێوەیەیە:

= **بلاڕەحمان** .. مستەفاو فەتاح و سلێمان و حەمەئەمینی بووە، مستەفا نەوەی نەبووە، بەڵام سیانەکەی تریان بەم شێوەیەن:

* **بنەماڵەی فەتاح** ئەم منالآنەی بووە:

١-حاجی ڕەحمان ... منالەکانی ئەمانەبوون:

-حاجی محەمەد (حەمەسور): باوکی ئیسماعیل و میکائیل و کەمال ...

-فەتاح (وەتە سور) باوکی: لەتیف و نوری و کازم و حەکیم و ...

-مینا خێزانی مومنە گوڵە.

٢-غەفور .. ئەم منالآنەی بووە:

-عەبدولقادر.. باوکی: حاجی عابد، حامد، مەناف، یاسین، مەجید، صەفیە خێزانی عیزەتی حەمەصالح دوایی شوی کردووە بەمەعروفی ئەحمەد، خونچە خێزانی تاهری کاکەلە.

-مەجیدو مریەم و مەجیدێکی تر، هەموو بەگەنجی مردوون.

-حەلیمە خێزانی عارفی حەمەحسێن.

-نارنج خێزانی مەحمودی محەمەد.

٣-حەمەشەریف.. سێ کوڕی بووە:

-ڕەشید بەڕەشەی پەسەنێ ناسراوە منالەکانی ئەمانەن: حەمەسەعید بە(کلاوچەرمە) ناسراوە، ئیبراهیم (مام بلە)، حەمەشەریف، مستەفا.

-ڕەسول. . دوو کوڕی بووە: عەبدولحەکیم (چووە لەسۆسەکان دانیشتووە، باپیری عەبدولواحدی ئیبراهیم کەئێستا فەراشی خەستەخانەکەی تەوێڵەیە). حەمە حسێن باوکی صابرو ڕەسولی عومرێ.

-وەیسی .. چووە بۆ سەربازی و نەهاتووەتەوە.

٤-ڕۆستەم سێ کوڕی بووە:

-عەلی .. باوکی وەستا عەبدولعەزیزو نەجیب.
-محەمەد .. باوکی عەبدول و قادر و باقی و تۆفیق.
-سەلیم.. باوکی ڕەشید بەڕەشەلەی زەفیێ ناسراوە، مەلەکیێ خێزانی قالە مالە.
٥- سەعید.. دوو کوڕی بووە:
-هەیاس.. باوکی ستارو سەردارو سالارو صەبورو گەلاوێژی خێزانی دەروێش محەمەدی حاجی حەمەڕەشید حەمەئەمین و سەلما خێزانی عەلی محەمەدی الله وەیسی بارام.
-تۆفیق ....؟
٦-زەینەب .. دوو کچی بووە، مەنیجەو بەگیجە بەگەنجی مردوون.

*** بنەماڵەی سلێمان:**

سلێمان یەك کوڕی بووە محەمەد بە(حەمل) ناسراوە ئەمیش دوو کوڕی بووە:
أ-حاجی سلێمان، مناڵەکانی:
- محەمەد.. مناڵەکانی: عوسمان، عەلی، ڕەعنا خێزانی نەجیب عەلی ڕۆستەم، مەلەك خێزانی عەلی محەمەد عۆدە، نافعە خێزانی عوسمانی قالە وەلی، مریەم خێزانی عەبدولخالق، سەلما...؟
-مەحمود .. مناڵەکانی: عومەر، عەباس، غەفار، هەمینە خێزانی حەیب الله فەتح الله، ئافتاو خێزانی ئیسماعیلی حاجی یوسف.

*** بنەماڵەی حەمەئەمین:**

حەمەئەمین یەك کوڕی بووە مەجید ئەمیش کوڕێك و دوو کچی بووە کەئەمانەن:
أ-حاجی حەمەئەمین .. مناڵەکانی:
-حەمە کەریم باوکی شیروان و حەمەئەمین و حەسیبە خێزانی نەجیب حاجی محەمەد، حەمیدە خێزانی جەلال وەیسی، سەلما خێزانی حەمەصالح مەحمود، ڕەنگین خێزانی ئەیوب حەمەحەسەن.
-هادی.. باوکی: ئیقباڵ و نیعمەت و نەفعەت و بەهجەت و داناو زاناو لەیلاو ئەشرەفی.

ب-عەلله خێزانی فەجەخاڵە.
ج-عائیشە دایکی مستەفای هەق.
= بـــلا ڕەحـــیم .. دوو کـــوڕی بـــووە: مـــوئمن و ڕەحـــیم کەهەریەکـــەیان بنەماڵەیەکی گەورەیان پێکهێناوە بەتایبەت موئمن.

* بنەماڵەی موئمن:

مومن یەك کوڕی بووە (کەرەم) بەڵام ئەم سێ کوڕی بووە کەئەمانەن:

أ-ئەکرەم، پێنج کوڕو کچێکی بووە بەم شێوەیە:

١-سـەعید .. منالـەکانی: حەمەکەریم، حەمـەڕەحیم، حەسـەن، مەنیجە خێزانی کەریمی ئەلە، خەدیجە خێزانی مامە کوێر.

٢-خەلیفـە عومـەر.. منالـەکانی: ئـەکرەم، عەبـدواللە، حامـد، عاصـە خێزانی حەمەصاڵحی حەمەشەریف، سوراحی خێزانی ئەحمەدی حەمە، کۆفە خێزانی ئەنوەری پالانیایی.

٣-ئەبوبەکر.. مناڵەکانی: مەحیەدین، سەیفەدین، عەینەدین.

٤-حـاجی عوسمـان .. منالـەکانی: محەمـەد، ئیـدریس، عـەباس، ئیبراهیم، ئەمین.

٥-حاجی جافر .. مناڵەکانی: جەزا، ڕەزا، هادی، تۆفیق، توبا خێزانی محەمەدی کەریم، سوەیبە خێزانی حەکیم فەتاح.

٦-بەیزا .. خێزانی ئیبراهیم الله کەرەمی ڕۆستەم کابێن.

ب-حسێن .. ئەم منالانەی بووە:

١-خەلیفە حەمەکەرەم.. ژنی نەهێناوەو مردووە.

٢-کەرەم.. سێ منالی بووە: بابا یەك کچی بووە، مەلیعەی خێزانی فارس نازەنین، بەگیج دایکـی مـەلا محەمـەدی مـەلا صـاحب، مەعصومە خێزانی مەلا حەکیم برای مەلا عارف لەمەریوان دانیشتووە.

٣-حاجی عەلی .. مناڵەکانی: عەبدوالله، صدیق، حسێن، عەبدوڕەحیم، محەمەد.

٤- ڕەعنا خێزانی محەمەدی ڕۆستەمە.

٥- زوبەیدەی خێزانی سەعیدی ئەکرەمی ئامۆزای.

ج-ئەحمەد .. یەك کـوڕی بـووە..مومنەگوڵـە کەمناڵـەکانی: ستار، جەبار، ڕابعە خێزانیئەحمەدی ئۆلعەزیزی سۆسەکانی،فاتمە خێزانی کوڕێکی بەڵخەیی.

*** بنەماڵەی ڕەحیم:**

ئەم ڕەحیمە بەناوی بلا ڕەحیمی باوکی‌یەوە ناونراوە.. دوو کوڕی بووە کەئەمانەن:

١-حەبیب ئەمیش کوڕێکی بووە: محەمەد، ئەمیش کچێك و دوو کوڕی بووە، تەیبە خێزانی فەتاح قاراغەو حەمەڕەزا کەبەگەنجی مردووە، هەروەها حەبیب، حەبیب نەوەکانی ئەمانەن: جەمیل، عوسمان، محەمەد، کۆسالان، بێساران، هەورامان، شەوبۆ.

٢-ڕەمەزان .. کوڕێکی بووە حەمەمراد، مناڵەکانی ئەمانەن: ئەبوبەکر لەکوڕەمێو ژیاوەو ئێستا لەسەیدصادقە، عەبدوالله بەعەبدول ناسراوە، ئاسماء بەعاصە ناسراوە خێزانی عەبدولی حەکیم مەولود، خونچە خێزانی مەجیدی ئەلە، حەمەمراد بەنامە وەش مەشهورە.

تێبینی:

أ) موئمنی ئەحمەدو محەمەد حەبیب و حەمەمرادی ڕەمەزان برای دایکین.

ب) حەمەمرادی ڕەمەزان چوار ژنی هێناوە:

- عەینای قالەکەڕ.. عاصەو عەبدولی بووە.
- خاتون دەروێش ڕەحیم .. ئەبوبەکری بووە.
- مینای خواکەرەم سۆسەکانی.
- عەینای حەکیم مەولود.. نامەوەش و خونچەی بووە.

* * *

تیرەی حەمە شا:

محەمەد شا.. کوڕێکی بووە بەناوی حەیدەر .. ئەمیش ئەم منالآنەی بووە:

١-**بنەماڵەی حەمەصادق**.. سێ کوڕی بووە:

أ-کەریم.. مناڵەکانی: سەعید، ئیدریس، مەحمود (کاکلە)، ئادەم، ڕابعە خێزانی عەبدولواحدی حاجی عەبدوڕەحمانی مولکی، شیرین..تاد.

ب-وەهاب.. مناڵەکانی: عەبدوالله، محەمەد حەمەیوسف (کاکلە)، .. بەهیە خێزانی عەبدول محەمەدی عەبدوڕەحیم و ئاملە خێزانی مەولە فەراد، کافیە دایکی ئاملە.

ج-حەمەحەسەن.. مناڵەکانی: صادق (بابا)، سوبحان، صەلاح، ئەیوب، حەمزە، هەلآلە خێزانی کوڕی حەمە ڕەشید حاجی عەلی محەمەد.

٢-**بنەماڵەی محەمەد** .. دوو کوڕی بووە بەناوی دایکیانەوە ناسراون:

أ-محەمەد .. حەمەی قیمیٚ، منداڵەكانی: حەیدەر (بابا)، شەوكەت، فەرەج (نەوا)، مستەفا، خەرامان خێزانی سەید جافر.

ب-عومەر (هۆمەری قیمیٚ) .. یەك كوڕی بووە: جەلال.

٣-حەلیمە خێزانی فەتحەی خودادا.

٤-دەڵوەت خێزانی ماڵەی ئەحمەد شاسوار.

٥-(س) دایكی كوێخا قاسم لەدشەی لای پاوە ژیاوە.

سەرچاوە: حاجی محەمەد ڕەحمان كەئێستا تەمەنی (١١٦) ساڵە، نارنج غەفور، صدیق حاجی عەلی، دەروێش لەتیف محەمەد، عەبدول حەمەمراد، جەمیل حەبیب، شیروان حەمە كەریم، ئەرشیفی نوسەر.

* * *

هۆزی خاڵەكە

وشەی خاڵەكە لەناوی خالدەوە هاتووە كە كوڕی عوسمانی كوڕی ئەحمەدە، ئەم عوسمانە لەبێسارانەوە هاتووە بۆ نەوسود نیشتەجیٚ بووە. خالد (خاڵەكە) دواتر لەنەوسودەوە دێت بۆ تەوێڵە.. خالد دوو كوڕی بووە (ئەحمەد و محەمەد) هەریەكەیان تیرەیەكی تەوێڵە پێكدەهێنن، بەم شێوەیە:

تیرەی ئەحمەد:

ئەم پیاوە بیٚئەوەی دایكی یان باوكی سەید بن بەسەید ئەحمەد ناسراوە - لەتەوێڵە لەو جۆرە كەسە هەیە كەسەید نین و بەسەید ناسراون- بەهەر حاڵ نەوەكەی بەسەید ئەحمەدی ناسراون كچێك و كوڕێكی بووە، كچەكەی ناوی هەمینە بووە شوی كردووە بەعلیان و لەتەمەنی (١١٥) ساڵیدا مردووە، كوڕەكەیشی ناوی قادر بووە، ئەم قادرە حەوت كوڕی بووەو هەریەكەیان بنەماڵەیەكی لیٚ كەوتووەتەوە، بەم جۆرەی خوارەوە:

١- بنەماڵەی محەمەدی وەستا قادر .. نەوەكانی:

أ-حاجی ئەحمەد .. منداڵەكانی: مەهدی ، صدیق، سەعدی، سابق، نامق، عادل، صابر، ناجح، عەدنان، فەرخی خێزانی عابد وەستا عەلی، قومری خێزانی ڕەئوف حەملە ئەڵلاك، نەزیرە خێزانی عوسمانصوٚفی حەمەكەریم، كەلسوم، سروە.

ب-حاجی مەحمود .. منداڵەكانی: محەمەد، طاهر، ماجد، وەصفی، حامد، فەرهەنگ، فاتمە خێزانی عەلی عەبابەیلەیی، ڕەعنا خێزانی

حەمەئەمین عەلی عەبابەیلەیی، مریەم خێزانی عەبدول محەمەد، قەتحە خێزانی م.سەید ڕەشاد، سەمیرە خێزانی مەلا محسن شەمێرانی.

ج-حاجی مەجید.. منداڵەکانی: فائق، عەبدولکەریم، فاروق، ئارام، هێمن، صەبری خێزانی ڕەحمان کەریم سۆرانی، بەدری خێزانی حەمە غەریب حەمە غولام، وەزیرە خێزانی شمشێر حاجی عیزەت، چیمەن خێزانی سامی حاجی وەسیم، ئەمیرە خێزانی سیروان عابد، دولبەر خێزانی جەزا سلێمانەیی.

د-عابد.. منداڵەکانی: فاضل، ڕۆستەم، زۆراب، حەسەن، حسێن، هومایۆن، قەدری خێزانی بەهجەت عەلی، حەمیدە خێزانی عوسمان مراد، گەلاوێژ خێزانیموعتەصەم ئەحمەد، تارا خێزانی عەبدولی شەوکەتی قەصاب هەڵەبجەیی.

ە-حەبێ خێزانی کاکەی میرزا عەبدولقادر.

و-مەحبوبە خێزانی مرادی عەبدواللە.

ز-ئامینە خێزانی عەبدواللە ی حەمەڕەحیم شاسواری.

ح-شەمام خێزانی حەمەڕەزای مەحمود بەگ.

ط-خاڵخاس خێزانی حەمە عەلی عەزیز بیارەیی.

٢- بنەماڵەی عەلی وەستا قادر .. نەوەکانی:

ا-حاجی حەمەڕەحیم .. منداڵەکانی: مەحیەدین، فەخرەدین، سەمیرە خێزانی جەمال عەبدواللە حاجی سەلیم.

ب-حەمەڕەشید .. منداڵەکانی:

ج-ئەمنە خێزانی سلێمانی نادر.

د-ڕابعە خێزانی وەهاب صادق.

ە-عەتیە خێزانی حەبیب محەمەد.

٣- بنەماڵەی صادقی وەستا قادر.. نەوەکانی:

ا-وەهاب ب-عەبدواللە ج-عەبدوڕەحمان د-عیزەت ە-سەعید و-فاتمە خێزانی نادری حەمەئەمین ز-نەهیە خێزانی حاجی ئەحمەد محەمەد.

٤- بنەماڵەی بابای وەستا قادر. نەوەکانی:

ا-عەبدولعەزیز ب-هادی ج-فاتمە خێزانی ئۆلحەکیم سێلە د-ماتاب خێزانی تالب حەبیب ە-ئاسماء خێزانی حەمەئەمین کەریم ئەلە.

٥- بنەماڵەی حاجی حەمەصاڵح وەستا قادر.. نەوەکانی

أ-حاجی مستەفا .. مناڵەکانی: عەبدولغەفور، فەخرەدین، ڕەعنا خێزانی حەمە صالح مستەفا هەق، حەسیبە خێزانی ئەبوبەکری ئیسماعیل بەکرە.

ب-وەستا محەمەد .. مناڵەکانی: عەبدولواحد، ئیدریس، ماجد، نافعە خێزانی کەمال حەمدی، مەلیعە خێزانی صەباحی لاوە ئێستا خێزانی کوڕێکی بیارەییە.

ج-ئاسماو خێزانی حاجی ئۆلخالق عەبدولمەجید جامی.

د-سەلما خێزانی مەحمود سۆسەکانی.

ه-عوزرا خێزانی محەمەدی وەهاب.

و-ئامان خێزانی محەمەدی دزاوەری پێشتر شوی کردووە بەموئمن دزاوەری.

٦-بنەماڵەی مەلا حەمەئەمین (حاجی مامۆستا)ی وەستا قادر.. نەوەکانی:

أ-مەلا کامیل .. مناڵەکانی: عەباس، مەنصور، ناصر، ناصح، پەخشان خێزانی کەمال حەمەسور، نەسرین، پەروین.

ب-حاجی عارف .. مناڵەکانی: جەمال، سیروان، هوشیار، سامان، نەهاوەند خێزانی فەیرۆز ئەبوبەکر، ئافتاب خێزانی جەمال حەمەکەرەم، هەناء خێزانی حەسەن عابد.

ج-نەهیە .. خێزانی ئۆلخالقی حاجی ئۆلوەهاب.

٧-بنەماڵەی صۆفی حەمە کەریمی وەستا قادر.. نەوەکانی:

أ-قادر ب-عوسمان ج- عومەر

د-عائیشە خێزانی حاجی حەمەخان جافری عەزیز ئاغا

ه-حەلیمە خێزانی حاجی ئەحمەدی حاجی محەمەد.

و- خەدیجە خێزانی حەمە کەریمی خارگێلآنەیی

ز-بەهیە خێزانی وەستا بەشیری وەستا عەبدواللە

ح-سوەیبە خێزانی ئادەمی محەمەدی عوەز، مەنیجە...

*** تیرەی محەمەد**

ئەم وەستا محەمەدە بەحەماڵە ناسراوەو سێ کچ و کوڕێکی بووە، کچەکانی: ڕابە خێزانی حەمەڕەزا دایکی صاڵح چەقۆو مەحە ڕابە، سۆسەن خێزانی ئەکرەمی عوسمانی حەمە قوصەیی، کافە خێزانی حەمەسەعیدی کەریم

یاقوەسوری، هەروەها لەتەمەنی پیریدا یەك کوڕی بووە ناوی حاجی محەمەد بووە.. نەوەکانی ئەمیش ئەمانەن:

١-حاجی محەمەد بە(حاجی بابا) ناسراوە .. ئەم بەڕێزە ئەگەر ناوی سیانی بنوسرێ ئەوە (محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی محەمەد)ە .. منداڵەکانی: ظاهر، سەعدون، ناصر، موعتەصەم، حەمدیە.

٢-حاجی ئەحمەد .. منداڵەکانی: فاروق، مەعروف، ڕەئوف، عەتوف، دولبەر خێزانی حسێن حاجی عەلی، گوڵزار خێزانی مەعروف حەملە، شەرافەت خێزانی زۆراب حاجی محەمەد، سەمیرە خێزانی سەرکەوت یونس، ئەمیرە.

٣-شەفیع .. منداڵەکانی: عەدنان، عەتا، یەدواللە، لوقمان، سەعدیە خێزانی حەسەنی حاجی تۆفیق، .. تاد.

٤- عومەر .. نەوەی نەبووە.

٥- حەمەیوسف .. نەوەی نەبووە.

٦- عەبدواللە .. نەوەی نەبووە.

٧- فاتمە خێزانی حەمەخان خواکەرەم.

٨-خەدیجە خێزانی عەلی نەجیبە فەنی.

تێبینی/ ئەم ڕشتەی بنەماڵەی خاڵەکەیەم لەبەڕێز وەستا محەمەد وەرگرتووە، بەڵام بەڕێز حەمەیوسف حاجی محەمەد دەڵێ: خاڵەکە کوڕی ئەبوبەکری حەمەیوسفی حەمەعەزیزی عوسمانە.

سەرچاوە: وەستا محەمەدی حاجی حەمەصاڵح، حاجی مەحمود وەستا محەمەد، مەلا کامیل حاجی مامۆستا، حاجی ئەحمەد حاجی محەمەد، حەمەیوسف حاجی محەمەد، حەلیمە صۆفی حەمەکەریم، ئەرشیفی خۆم.

* * *

هۆزو شاسواری = هۆزی شاسواری

ئەم هۆزەش یەکێکی ترە لەو هۆزانەی کەنەوەی زۆری لێکەوتووەتەوە، شاسوار دوو کوڕی بووە (محەمەد و یەعقوب) کەهەریەکەیان تیرەیەکیان پێکهێناوە بەم شێوەیەی کەباسیان دەکەین:

تیرەی محەمەد شاسوار:

محەمەدیش دوو کوڕی بووە (مستەفاو ئەحمەد) نەوەی ئەوانیش بەم شێوەیە:

* **بنەماڵەی مستەفا محەمەد شاسوار** .. مستەفا کوڕێکی بووە بەناوی ئیسماعیل کەبنەماڵەیەکی پێکهێناوە کەئەمانەن:
١-عەلی بەئەلیە مەشهورەو یەك کوڕی بووە (عەبدولحامد) باوکی: حەمەیوسف و حەمە عەلی و عەبدولوەهاب.
٢- مستەفا .. سێ کوڕی بووە: مەحمود، ئەحمەد، حەمەسەلیم.
٣- فەتح الله .. دوو کوڕو کچێکی بووە: ئیسماعیل، خودادا، مینا خێزانی ئەمینی کەریم خادم.
٤- عەبدولقادر.. چوار کچی بووە: زلێخا خێزانی حەمەئەمین قادر، خەجێ خێزانی (س) نەوسودی، شەمام خێزانی حەمەڕەحیم وەیسی، بەگیج خێزانی محەمەدی مەجنون (حەکۆڵە) دواتر شوی کردووە بەقادری برای حەکۆڵە.
٥-گوڵە .. خێزانی حەمەصاڵحی هۆمەری یاقوەسوری.

* **بنەماڵەی ئەحمەد محەمەد شاسوار** .. ئەم کوڕانەی بووە:
١-ڕەحمان .. یەك کوڕی بووە حەمەحسێن ئەمیش دوو کوڕی بووە ڕەحمان و عەبدوالله گوڵە .. عەبە گوڵە کوڕێك و کچێکی بووە: حەمەحسێن و حەلیمە خێزانی عەلی کەیخەسرەو.
٢-مەعروف بەماڵە ناسراوەو دوو کوڕی بووە: مەحمود و قادر. مەحمود، فائق و بەگیجی بووە، بەڵام قادر حەمەئەمین و عەبدولخالق و قەدری بووە.
٣-عەزیز .. سێ کوڕی بووە:
أ- حەمەیوسف.. ئەمیش دوو کوڕو دوو کچی بووە: عەبە لەیلە، سەعە لەیلە، کاڵێ خێزانی حەمەکەریمی حاجی حەمەکەریم، لاڵێ خێزانی ئیبراهیمی ڕەشەی پەسەنێ (مام بلە).
ب- حەمەکەرەمە خاڵە .. یەك کچی بووە: عاصمە (عاصە) خێزانی شەفیع حەمەحەسەن.
ج-ڕۆستەم .. نەوەی بووە.
٤-کەریم .. کچێك و کوڕێکی بووە: کچەکەی سۆسەنی خێزانی صەلاحەی خالدی تیرەی فەرهاد. کوڕەکەی عەلی کەبەئەلە مەشهورە، ئەم منالانەی بووە:

أ-کەریم .. باوکی: حەمەئەمین، حەفصە خێزانی عەبدوواللە ی حاجی عەلی، حسمەت خێزانی حەمەڕەحیم حەمەشەریف، جەننەت خێزانی حەمە ئامله.

ب-حاجی ئەبوبەکری کلاشکەر .. باوکی: حامد و ئەنوەرو فەیرۆزو رەحمە خێزانی حەمەئەمین قالە مالە، نازدارە خێزانی عەباس فەتاح ڕۆستەم، سەلما خێزانی ڕەحیم کەنعان، توبا خێزانی نامەوەش (حەمەمراد حەمەمراد)، فەهیمە خێزانی ( ) بیارەیی، ناسکە خێزانی طاهری مستەفا، نەعیمە.

ج- مستەفا.. باوکی: طاهرو طالب و غالب و سەمیرە خێزانی جەمیل حەمەسەعید قادر، صەبریە خێزانی کەمال حەمەسەعید قادر، حەمدیە خێزانی سەردار عەبدوواللە ی مارفە، حەمیدە خێزانی حسێن حاجی عەلی عەباس.

د-مەجید.. باوکی: حەیدەرو عابدو گەلاوێژ خێزانی ناجی نەجیب و ..تاد.

ه- مینا خێزانی حاجی قادری فەتاح.

و-خونچە خێزانی ئایزەی عوسمانە.

ز-ئامینە خێزانی عەبدوواللە ی مارفە.

٥-حەمە صالح .. دوو کوڕی بووە:

أ-حاجی فەتاح .. منالەکانی: حەمە ڕەحیم، حەمە صالح، مریەم خێزانی ئەلەی شۆشمەیی.

ب-صادق.. منالەکانی: وەسیم، عەباس، خەدیجە خێزانی ڕەشەی اللە وەیس، مەنیجە خێزانی عەبدوواللە ی حەمە کەریم، جهان خێزانی قادری محەمەدی ڕۆستەمە، خالخاس خێزانی حەکیم حەسەن، نافعە خێزانی نەصرەدین مەحیەدین، واحدە خێزانی صدیق مەحمود.

تیرەی یەعقوب شاسوار

یەعقوب کوڕی زۆری بووە بەلام یەك کوڕی ناوی هەیەو نەوەی بووە بەناوی محەمەد، ئەمیش وەیسی بووە، وەیسیش دوو کوڕی بووە کەهەریەکەیان بنەماڵەیەکیان لێکەوتووەتەوە بەم شێوەیەی کەباسی دەکەین:

* **بنەماڵەی سلێمانی وەیسی** .. لەچوار کوڕو دوو کچ پێکهاتووە کەئەمانەن:

١-وەیسی .. منداڵەکانی: جەلال، هاشم، وەنەوش خێزانی ڕەحیم عەباس.
٢-حەمەلەتیف.. منداڵەکانی: جەمال، کەمال، جەبار، ئازاد، ڕەفعەت، کاڵێ خێزانی ئەحمەد پەتلە، گەلاوێژ خێزانی هادی برزو، مەهاباد خێزانی ڕەفعەت فەقێ محەمەد سۆسەکانی.
٣- حەمە ڕەشید .. منداڵەکانی: مەناف، نازدارێ خێزانی فارسە ڕەسوڵ، مەحبوبە خێزانی صوفی حەبیب، ڕەحمە خێزانی عەبەکەی جەمین، مەعصومە خێزانی ڕەزای یارە.
٤-حەمەکەریم .. منداڵەکانی: داود، سلێمان = کاکلە، حامدە خێزانی عەبدوڕەحمانی حاجی سەلیم، مەنیجە خێزانی هادی حاجی جافر.
٥-هەمینە .. خێزانی باقی حەمەئەمین قادر.
٦- فەرخی .. خێزانی حاجی عەبدوالله ی مەولود.

*** بنەماڵەی حەمەڕەحیم وەیسی .. دوو کوڕی بووە:**

١-عەبدوالله بەعەبدە ناسراوە .. باوکی: ئاوات و منیرەو ئەمیرە.
٢-ئەبوبەکر بەعەبو ناسراوە .. منداڵەکانی: ئەسکەندەر، حامد، ڕەئوف، حەمدیە خێزانی تۆفیق سەید شەریف.

تێبینی/

ئەم تیرەیە چونکە ژن و ژنخوازی‌یان لەگەڵ یاقوەسوری‌دا زۆر بووە خەڵك وادەزانێ کەیاقوەسورین، بۆ نمونە: سۆسەنی خێزانی سلێمانی وەیسی کچی کەریمی یاقوەسوری‌یە، توبای ژنی وەیسی سلێمان کچی ئەحمەدی ئیسحاقی یاقوەسوری‌یە، خاتە خێزانی حەمە ڕەشیدی سلێمان کچی ئەحمەدی ئیسحاقی یاقوەسوری‌یە.

سەرچاوە: مەحمود مستەفا لە (١٩٩١/١/١٣) چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا کراوە لەپاوە، مستەفا عەلی کەریم لە(١٩٩١/٢/٣٠) چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە لەپاوە، حەمەئەمین کەریم عەلی، حەمەحسێن عەبدوالله گوڵە، عەبدوالله حەمەیوسف (عەبە لەیلە)، جەلال وەیسی، هاشم، وەیسی، صابر مەحمود مستەفا، ئەرشیفی نوسەر.

* * *

نەوەی فەقێ ئەحمەدی غەزایی

پێشتر لەبەشی بواری ئایینی لە تەوێڵەدا، هەندێ زانیاریمان دەربارەی ئەم بەڕێزە نووسیووەو دەرمان خستووە کەفەقێ ئەحمەد نەوەی هەبووەو لەدەوروبەری (٣٥٠) ساڵ لەمەوپێش مردووە، لەدوای خۆیشی ڕشتەکەی چۆن هاتووەو نەوەکەی کێیە شتێکی وا لەبەردەستمانا نییە، بەلام دەماودەم و بە(تواتر) لەناو پیاوە بەتەمەن و مێژوو زانەکاندا دەڵێن: ئەم نەوانەی خوارەوە دەچنەوە سەر فەقێ ئەحمەدی غەزایی.

* **نەوەی فەقێ ئەبوبەکر** کەبە فەقێ هەیبەکر مەشهورە.

نەوەی ئەم بەڕێزەش ئەمانەی خوارەوەن:

١-حەلیمەی دایکی شێخ عوسمان سراجەدینی یەکەم .. م. مەلا عەبدولکەریم لەیادی مەردان بەرگی دووەم -ل (٧)دا دەڵێ:

دایکی شێخ عوسمان ناوی حەلیمەو کچی فەقێ ئەبوبەکری تەوێڵەیی‌یەو کەبەفەقێ هەیبەکر ناسراوەو ئەچێتەوە سەر فەقێ ئەحمەدی غەزایی بەغدادی.

٢-عەینا خێزانی جوانەی ئەحمەد غەزایی، هەروەها ئەم عەینایە شوشی کردووە بە محەمەد غەزایی.. لەهەردوکیان نەوەی هەبووەو دواتر باسیان دەکەین.

٣-خانمە کچی مەحمودە، مەشهورە بەخولە، دایکی حەمە عەزیز فەتاح کەناسراوە بەحانە. ئەم خانمە لەدایکی‌یەوە دەچێتەوە سەر فەقێ ئەبوبەکر.

٤-مەلا محەمەدی مەلا حامدی چلانە.. ئەم مەلایە ئەصلێ لەنەوەی فەقێ ئەحمەدە باپیری لەتەوێڵەوە چووە بۆ گوشخانی و پاشان مەلا حامد هاتووە بۆ دزاوەرو لەوێشەوە هاتووەتەوە تەوێڵە لەگەڕەکی چلانە نیشتەجێ بووەتەوە، مەلا محەمەد دوو کچی بووە: یەکێکیان ئامینە خێزانی حەمەلاوی سەعید ئاغە، ئەویتریان: عەینای خێزانی حەمەئەمین عەزیز ئاغا.

٥-بنەماڵەی حەمەصالح کەریم کەبەچەقەی کەریمە کوڵکە مەشهور بووە.. خورشیدی سلێمانی میرزای حەمە قوصەیی هێناوە، سێ کوڕو سێ کچی بووە:

أ-مینا خێزانی لەتیف ڕەزا وەیس لەتیرەی فەرهاد.

ب- سۆسەن دایکی ئەحمەدی وەستا حەمە عەزیز پاگاو.

ج- خۆرشید خێزانی حەمە ڕێواسی شۆشمەیی کەچووە لەهەڵەبجە دانیشتووەو صابرو مەعصومی هەیە.

د- کەریم .. هەمینەی حەمە ڕەشیدی یاقوەسوری هێناوەو سێ کوڕو سێ کچی بووە کەئەمانەن:

-حەمەصاڵح .. باوکی: سەرکارو سەرکۆو شێرکۆو شیروان و سەربەست و سامان و بەیان و جوان.

-عەبدواللە .. ژنی نەهێناوەو مردووە.

-عەبدولوەهاب.. باوکی: دڵنیا، میدیا، ئاکۆ، هۆگر، کاروان، هەوار، شنۆ.

-دەڵوەت .. خێزانی حاجی جەزای خواجە ئەحمەد.

-خۆرشید خێزانی حاجی ئۆلقادری حاجی عەلی محەمەد لەدۆڵبیان.

-ئاسماء خێزانی عابد قادر حەمەئەمین.

ه- حەمە سەعید .. کەکەریمی برای مردووە هەمینەی براخێزانی مارەکردووەو یەك کوڕی بووە بەناوی محەمەد، کەبە محەمەدی هەمینە ناسراوە.

ز- کاکەلە .. ژنی نەهێناوەو مردووە.

٦- بنەماڵەی نەصرەدین حەمەسەلیم .. ئەم منالأنەی بووە:

-حەمەسەلیم ..بەحەمە سەلیمە کوێر ناسراوەو منالەکانی: محەمەد، داود، نەصرەدین.

-ڕەیحان شوی کردووە بە ئەحمەدی فەرەج الله ی بوڵینە .. ئەم ژنە کوڕێك و کچێکی بووە: عەبدواللە کەبەعەبولە ڕەیحان مەشهور بووە لەگەڵ مینای خێزانی حاجی ئایزەی حەمەئەمین.

-حەمە صاڵح..؟ -حەمە عەلی .. ژنی نەهێناوەو مردووە.

٧-مایجان خێزانی ڕەحمانی جامی ...؟

سەرچاوە: محەمەد حەمە سەعید، هادی حاجی ئایزە، دەروێش لەتیف، حاجی ئەوڕەحمان حاجی محەمەد، مەعروف حەمەئەمین عەزیز، ڕۆستەم حانە، نافعە خێزانی حەمەئەمین حاجی ئایزە، ئەرشیف کەهەندێ شەهادەی وەفاتنامەو مەعلوماتی تر.

نەوەی نادری دەوڵەتیار

لەناو تەوێڵەدا پەندێك هەیە کەدەڵێت (تەوێڵەیی نادر شاش دان کوشتەی)، هەروەها ئەم نادرەش بەنادری دەوڵەتشا بەناوبانگە، لەئەنجامی گەڕان بەدوای ئەم پەندەو ئەم وشەی دەوڵەتشایەدا، چەند قسەو باسێکم دەست کەوت، وەك چیرۆك و ڕاز وان، نەك وەك ئەوەی گەیشتبمە حەقیقەت و ڕاستی، بەلاّم وام بەباش زانی ئەمە بنوسم، یا ئەوەتا کەسانی تربەشوێن ئەمەدا دەڕۆن و دەیگەیەننە ڕاستی یا بەپێچەوانەوە. بەهەرحاڵ ئەمە مێژووە بەباشم زانی ون نەبێ‌و بینوسم.

-دوای ئەوەی نادر شای ئێران، بەغداو موصل داگیر ئەکات، عوسمانیەکان خۆیان کۆدەکەنەوەو هێرشێکی گەورەی دەکەنە سەر، ئەویش بەخۆی و سوپاکەیەوە بەشارەزووردا دەکشێتەوەو کەدەگاتە ئەوشوێنەی کەئێستا پێی دەڵێن (خارگێلاّن)، پشوویەك دەدات و ماوەیەك دەمێنێتەوە.

-وشەی خارگێلاّن لەچییەوە هاتووە؟

چەند بۆچوونێك هەیە: دەڵێن لەوشەی بە(غارگێلاّنۆ) وە هاتووە، چونکە ئەو سوپایە بەغارو بەپەلە گەڕاوەتەوە تالەو شوێنە وەستاوەتەوەو پشوویەکی داوە، ئیتر ئەو سوپایە لەوێ هەواری هەڵداوەو ماوەتەوە بەسوپای (غارگێلاّنۆ) مەشهور بووەو، دوایش بەئەو شوێنەیان وتووە شوێنی ئەو سوپایەی بەغار گێلاّنۆ، پاشان وشەکە بووە بە خارگێلاّن.

دەڵێن: لەوشەی (خاتو گەیلان)ەوە هاتووە، گوایا کاتێك کەنادرشا لەو شوێنە لادەدات ئەو ناوە چەند ماڵێکی لێ بووە یەکێك لەو ماڵانە ماڵی ژنێکی خانەدان و بەسەلیقە بووە ناوی (خاتو گەیلان) بووەو، خزمەتی زۆری نادرشای کردووەو لەئەنجامدا ئەو ناوچەیەی بۆ تاپۆ دەکات و ئیتر ئەم شوێن بەناوی ئەوەوە ناونراوەو وشەکە گۆڕاوەو بووە بەخارگێلاّن.

-بۆچوونێکی تریش دەڵێت لەوشەی (خەیر گێلاّن - خێرگێلاّن)ەوە هاتووە، واتە بەخەیر گەڕاوەتەوە ئیتر ئایا سوپاکە گەڕانەوەکەی بەخەیر بووە یاخود بەخەیر گەڕاوەتەوەو قازانجی تیابووە بۆ ئەو ناوچە یا بۆ خاتو گەیلان.

-نادرشا- لە تەوێڵەوە دەچێتەوە ئێران، .. ئەو ماوەیە لە تەوێڵەبووە زوڵم و ستەمی زۆر کردووە، خەڵکی تەوێڵەی ناڕەحەت کردووەو ئازاری داون.

-لەپەڕاوی (ایران دراسه عامه -ص ٢٦٨، ابو مغلی محمد وصفی - بصره -١٩٨٥) هاتووە: (نادرشا لە ١٠/موحەڕەمی ساڵی ١١٦٠ك بەرامبەر بە

(١٧٤٧ن) لەئەسفەهانەوە چووە بۆ مەشهەد، لەوێ لار بوویەوە بۆ (خبوشان – قوچان) کەیەکێکە لەشارەکانی (سجستان) بۆ کوژانەوەی شۆڕشەکەیان و لەمانگی جمادی دووەم لەنزیك (خەتم ئاباد) سەنگەری گرت، بەڵام لەم کاتەدا (عەلی قولی میرزای) برازای نادرشا پیلانێکی ڕێکخست دژی مامەی و بەیارمەتی، هەندێ ئەمیری قاجاری و قزڵباشی چونە سەر خەیمەکەی و لەشەوی یەك شەممە ١١/جمادی دووەم سالی (١١٦٠ك بەرامبەر ١٧٤٧ن) کوشتیان).

–جا دەڵێن تەوێڵەیی دەستیان بووە لەهاوکاریو داڕشتنی ئەو پیلانەدا بۆ کوشتنی نادر شا بۆیە وتویانە – تەوێڵەیی نادرشایان داوە بەکوشت– واتە: ئەی فەرمانڕەوایانی تەوێڵە، ئەی خەڵکینە زوڵم و ستەم مەکەن لەخەڵکی تەوێڵە، چونکە تەوێڵەیی زیرەکن و وریان، ئەگەر بیانەوێ دەست بوەشێنن بادووریش بێ با زۆر دەسەڵاتداریش بێ وەك نادرشا دەتوانن دەست بوەشێنن و هەقی خۆیان بکەنەوە، بەڵام ئەوە خۆیان شەڕەنگێز نین و لەشەڕو شۆڕ خۆیان لادەدەن و مەبەست ئەوە نیە کەشتیان لەدەست نایەت.

–ڕازێکی سەیرو سەمەرە..

ڕووداوەکانی مێژوو شتی سەیرو سەمەرەی خولقاندووە.. تۆ بڵێی ئەم ڕازو چیرۆکە تا چەندە ڕاست بێو ئەصڵی هەبێ.. باگوێ بگرین بۆ ئەم ڕازو قسەو باسە..

–لەساڵی (١٩٩٠) لەدەمی وەستا مەحمودی مستەفاوە بیستم کەنادری دەوڵەتیار باوا گەورەی ئێرانی‌یەو لەسەری دایکی‌یەوە فەقێ ئەحمەدی غەزایی‌یە.

–شێخ صەفائەدین وتی: تەوێڵەیی هاوکاری پیلانی کوشتنی نادرشایان کردووە، بەڵام نازانم چۆن بووە! ئەوەندەش دەزانم بنەماڵەیەکی تەوێڵەیش هەن، لەنەوەی نادرشان، بەڵام نازانم کێن!.

–لەدەمی چەند تەوێڵەیی‌یەکەوە بیستومە کەباوکی نادرشا خەڵکی ژاوەرۆ بووەو چووە بۆ جوانڕۆو بووە بەجەنگاوەرێکی دەسەڵاتداری ئێرانیو پاشان نادری کوڕی دەسەڵات پەیدا دەکات و دەبێتە شای ئێران.

–وەستا صادق غەندی دەڵێ: (نادرشا ژنێکی تەوێڵەیی هێناوەو لەتیرەی فەقێ ئەحمەدی غەزایی بووە، وەختیك کەلەبەغداوە دەگەڕێتەوە بەشارەزووردا دەڕواتە خارگێلان و لە تەوێڵەوە دەچێتە ئێران. ..ئەو ژنەی لەماڵی باوای دەمێنێتەوەو بەڵام دوایی نادرشا دەکوژرێت ئەم ژنە لەم کاتەدا سکی پڕ دەبێت

و ناشـزانێت کەکوشـتنی مێردەکـەی دەسـتی تەوێڵـەیی تیـابووە، لـەو کاتەشـا کەلەتەوێڵە بووە نەیتوانیوە یا نەیوێراوە بگەڕێتەوەو لەماڵی باوانی دەمێنێتەوەو ئەم ژنە دوایی کوڕێکی دەبێت ناوی دەنێت عەبدوڕەحمان و گەورە دەبێت و ژن دەهێنێـت و ئـەمیش کـوڕێکی دەبێـت نـاوی (س) دەبێـت و ئـەم کـوڕە چـیرۆکی باپیرەی بـۆ دەگێڕنـەوە، دەچێت بـەدەمی مـیرات و سـامانی باوایـەوە کەنادرشـا بـووە، لەوسـەرەوە شـتێکی زۆر لەگـەڵ خـۆیدا دەهێنێتـەوەو ئـیتر پـیّی دەڵـێن (دۆڵەتدار - دەوڵەتیار) واتە دەوڵەمەنـدو خـاوەن سـەروەت و سـامان و ئاژەڵداررر ناوە ئەصڵییەکەی خۆی ون دەکات و بەدەوڵەتیار مەشهور دەبێت.)

ئەم دەوڵـەتیارەش خوشـکی شـێخ عەلیـە کوڵـەی هێنـاوەو کوڕێکی بـووە ناوی ناوە (نادر) ئـەم نـادرەش دوو ژنـی هێنـاوە: مەنیجـەی بـارامی خوشـکی الله کەرەم و الله وەیس، لاڵیّ کچی جوانەی ئەحمەد غەزایی.

م. حەمـە ڕەشـید نـادر کەلـەم بنەماڵەیەیـەو هەنـدیّ لـەو قسـەو باسـانەی لەدەمی باو باپیرانیەوە بیستویەتی و لەنامەیەکیدا لەم بارەوە دەڵێت:

نـادری دەوڵـەتیار هاونـاوی نادرشـایەو قورئـانێکی بچـوکم لایـە درێـژی (١,٥)سـم و پـانی (١)سـم لـە (جـامع الأزهـر)ەوە بـەدیاری بـۆ نـادری دەوڵـەتیار هاتووە، بەبۆنەی ئەو سامانە زۆرەی باپیریەوە کەدەوڵەتیار بووە باخی بێمـەکۆی هەموو کڕیوەو کرمی ئاوریشمی بەخێو کردووەو بازرگانی کردووە لەگەڵ شام و میصـرو وڵاتـان دا، ناسـراوی زۆری بـووە، ئـەو قورئانـەش لـەقاهیرەوە بۆیـان ناردوە، ئێستاش ماوەو لای منـەو هەشـت تاپۆو سەنەدیشم لایە لەسـەر بـاخ و باخاتەکەی.

بێینەوە سەر نەوەکەی نادری دەوڵەتیار.

نادر کوڕی دەوڵەتیارە ئەمیش کوڕی عەبدوڕەحمانە ئەمیش کوڕی نادرە..

ئەگەر ئەم ڕازەی کەباسمان کرد ڕاست بیّ ئەم نادرەی ئەخیر نادرشایە.

نادری دەوڵەتیار لەهەردوو ژنەکەی ئەم منالاَنەی بووە، چوار کوڕو چوار کچ:

١-حەمە لەتیف .. دوو ژنـی هێنـاوە: یـەکێکیان خاڵخاسی کچـی مـەجنون شۆشمەیی.. دووەمیان نەمانزانی کیّیە؟ منالّەکانی حەمە لەتیف ئەمانەن:

-عەلی .. نەوەی نەبووە.

-وەلی .. باوکی حەمە لـەتیف و کـەمال و خـەدیجە خێزانی مـەقصودی ئەلی وەیس.

-نادر .. بەناڵەی خاڵخاس بەناوبانگە باوکی: حەمەڕەشید و عەلی و تۆفیق و نەصرەت خێزانی حاجی عومەر سۆرانی و مەهاباد.

-یار ئەحمەد .. بەیارەی خاڵخاس بەناوبانگەو هەر لەبەغدا ژیاوەو لەوێش مردووەو نەوەی نەبووە.

٢-حەمەکەریم (حەکە) .. ئامینەی کچی مستەفای هێناوەو کوڕێك و کچێکی بووە:

-ئۆلکەریم.. ژنەکەی ئامینەی کچی حەمە ڕەشید گوڵە بووە، ئەم ئامینە پێشتر خێزانی قادری حەمەئەمین بووە، لەویش عابدو سەلمای بووە. لەئۆلکەریم سێ منالی بووە: حەمە کەریم کەبەحەمەکەریم ئاملە ناسراوە، حەفصە خێزانی حەمە عەلێ حەمێ، سەنیە خێزانی حەمە ئەمین سالە.

-مەنیجە .. شوی کردووە بە حاجی حەمە یوسفی بابا.

٣-حەمەڕەحیم .. کافیەی کچی ڕەحمانی سەلامی هێناوە.. کوڕێکی بووە بەناوی مەحمود، باوکی: نەفیە خێزانی حاجی عیزەتی کەشەنەی عەبابەیلەیی، صەفیە خێزانی ڕەحمانی حەمە گاوان، حەمەڕەحیم، شێرزاد، شەونم، مەهاباد.

٤- کەنعان .. ژنی نەهێناوەو مردووە.. پاییز چووە بۆ کەمەرسپێ بۆ دارهێنان لەوێ مردووە بەنەخۆشی کتوپڕ، هەرچەند خزمانی دەگەڕێن نایدۆزنەوە، تابەهارێ خەڵکی دەچێت بەو کەژو کێوانە بۆ گەڕان، دوای ئەوەی بەفر دەتوێتەوە دەردەکەوێت و دەیدۆزنەوە.

٥-مەلەك ... شوی کردووە بە حەمەکەرەمی یەعقوب هاڵەکۆکی، خانمی بووە خێزانی ئەحمەد عەرەب.

٦-عاصیە .. شوی کردووە بە پیاوێکی سۆسەکانی.

٧-زێبا .. شوی کردووە بە ئەحمەدی ڕەسوڵی نادر، سوەیبەی خێزانی حەمە یوسف حەمە وەیسی بووە.

٨-عەینا .. شوی کردووە بە حاجی محەمەدی حامد .. یەك کوڕی بووە حاجی عەبدوڕەحمان.

تێبینی/

١-ئەم بنەماڵەیە دایکیان بەچەند پشت هەر لەتیرەی فەقێ ئەحمەد بووە، دایکی عەبدوڕەحمان، دایکی دەوڵەتیار، دایکی نادر، هەروەها دایکی دوان

لەمناڵەکانی نادری دەوڵەتیاریش کە(کەنعان و عەینا)یە هەر لەتیرەەی فەقێ ئەحمەد بووە.. ئەیان ویستووە لەو تیرەیە بچڕن و دابڕێن.

٢-لەلای خەڵکی تەوێڵە واباس دەکرێتکەنزیکترین کەس لەم سەردەمەدا لەنەوەی فەقێ ئەحمەد (کەنعان و عەینا) بوون، ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کەئەوان سەرپەرشتی خەڵوەتگاکەی فەقێ ئەحمەدیان کردووە، یا لەبەر نزیکیان بووە لەنەسەبەوەلەفەقێ ئەحمەد.

سەرچاوە: بۆ ناوی بنەماڵەو ڕشتەکە – قەسام شەرعیەك کەلەلای م. حەمە ڕەشید نادر دەستم کەوتووە، هەروەها هەندێ مەعلوماتی زارەکیشم هەر لەناوبراوەوە وەرگرتووە، حاجی ئەوڕەحمانی حاجی محەمەد، عومەر ئەحمەد عارەب، ئەو ناوانەی کەلەباسەکە ناوم بردوون، ئەرشیفی نوسەر.

* * *

بنەماڵەی ئەحمەد غەزایی:

ئەحمەد لەنەوەی فەقێ ئەحمەدی غەزاییو برای محەمەد غەزایی بووە، ئەحمەد کوڕێکی بووە ناوی (جوانە) بووە، جوانە دوو ژنی هێناوە:

لەخێزانی یەکەمی سێ کچی بووە:

-خاڵێ .. خێزانی غەفور حەمە وەیس بوڵینە .. دایکی حەمە باقی و حاجی ئۆلوەهاب.

-خەدیجە .. خێزانی مەلا حەسەن مەلا صادق.. دایکی مەلا سەلیمی بەڵخەو مەلا سەعید لەکەرکوك.

-زینەت .. خێزانی حەمە وەیس موراد لەهۆزی فەرهاد.. دایکی مریەم و پیرۆزە.

لەخێزانی دووەمی کەعەینای فەقێ هەیبەکر بووە.. لاڵێ ی بووە خێزانی نادری دەوڵەتیار.. دایکی کەنعان و عەینای خێزانی حاجی محەمەدی حامد.

ئەم عەینای فەقێ هەیبەکرە شویەکی تری کردووە بە محەمەد غەزایی و لەویش منالی بووە.

سەرچاوە: حاجی مەحیەدین حەمە یوسف، حاجی عەبدوڕەحمانی حاجی محەمەد، وەستا محەمەد وەستا حەمە صاڵح.

* * *

بنەماڵەی محەمەد غەزایی

محەمەد برای ئەحمەد غەزاییەو هەردوکیان لەنەوەی فەقێ ئەحمەدی غەزایین، عەینای فەقێ ئەبوبەکری هێناوەو چووە بۆ بانەو پاشان هاتووە بۆ (ولأنە)ی لای چنگیان ژیاوەو لەوێ مردووە، ئیتر نەوەکەی هەر لەچنگیان ماونەتەوە ... ئەمەش هەندێك لەنەوەی محەمەد غەزایی: مستەفا، مارف، چەند کچێك.

مارف سێ کوڕی بووە: حەمەئەمین، محەمەد، ڕەشید .. بەڕەشە سور ناسراوە.

-محەمەدیان ئەحمەدو حەفصەی بووە.

-ڕەشیدیان .. سێ کوڕو کچێکی بووە کەئێستا لەسلێمانی دەژین و ئەمانەن:

١-حاجی سەعید.. باوکی: کەمال و داودو تەیب و ستارو تەحسین و نازدارو شۆخان و باخان و پیتان.

٢-حاجی مەحیەدین .. باوکی: نەجمەدین و بەهائەدین و عیزەدین و هێمن و نەسرین و پەروین و سەگوڵ و هەلأڵەو هێرۆ.

٣-حاجی عەلی .. باوکی: محەمەدو کامەران و ئەکرەم و ڕوناك و گوڵەو سوعادو ڕێزان.

٤-حەلاوەخان .. لەچنگیانەو منالی هەیە.

سەرچاوە: حاجی مەحیەدین ڕەشید، حاجی سەعید ڕەشید، حاجی عەبدوڕەحمان حاجی محەمەد.

نەوەی حەمەموئمن

حەمەموئمن لەنەوەی فەقێ ئەحمەد بووەو چووە بۆ سەولأوا کچێکی بووە بەناوی غەریبە خێزانی شێخ عەبدولحەکیم، هەر لەنەوەی فەقێ ئەحمەدو خزمی حەمەموئمن.. ئەم شێخ عەبدولحەکیمە کوڕەزای لەدەربەندیخانە .. بەناوی هادی، هەروەها (جهان)ی کچیشی لەعەربەتە

سەرچاوە: ڕەحمان الله وەیس.

هەروەها دەڵێن: نەوەی فەقێ ئەحمەد لەخانەقین هەیەو لەساڵی (١٩٧١) سەید محەمەد ناوێ هاتووە بۆ تەوێڵەو وتویەتی ئێمە لەنەوەی فەقێ ئەحمەدی غەزایین..

سەرچاوە: حاجی بابا حاجی محەمەد، حەمە کەریم حەبیب.

نەوەی شێخ عەلیە کۆڵە

ئەم شێخ عەلیە خۆی و یەکێك لەکوڕەکانی کە شێخ حەیدەرە لەبواری ئاییینی تەوێڵەدا بەسەرمان کردووەتەوەو لەسەرمان نووسیوە، لێرەدا وەك نەوەو منداڵەکانی لەسەری دەنوسین.

ئەم شێخ عەلیە لەنەوەی فەقێ ئەحمەدی غەزاییەو خوشکێکی بووە شوی کردووە بە دەوڵەتیاری عەبدوڕەحمانی نادر، شێخ عەلی چوار کچ و سێ کوڕی بووە کەئەمانەن:

١-یەکێکیان: شوی کردووە بە خالد ئاغا باوکی شێخ عوسمان سراجەدین.

٢-دووەمیان: شوی کردووە بە خالد ئاغای دووەم. فەرەج الله لەم ژنەیە.

٣-سێهەمیان: شوی کردووە بە حەمەئەمین خالد ئاغای دووەم، باوکی حەمە خاڵۆ.

٤-چوارەمیان: شوی کردووە بە عوسمانی یوسفی خەسرەو، باوکی وەستا نادر.

٥-شێخ میکائیل .. شێخ میکائیل بە شێخ میکێڵ ناسراوەو هەر لەتەوێڵە ژیاوە، بەلاّم بەسەردانێك چووەتە (پشتە) لەوێ کۆچی دوایی کردووەو هەر لەوێ نێژراوە، منداڵەکانی ئەمانەن:

ا-حەمەعەلی .. لەخورماڵ ژیاوەو یەك کوڕی بووە (حەمەسەعید) ئەم حەمەسەعیدە حەلیمەی حاجی قادری حەمە عەزیزی هێناوە، منداڵەکانی ئەمیش ئەمانەن: فاروق، صەلاح، ناصح، بەهیە خێزانی شێخ تەهای شێخ عابد، فەهیمە خێزانی ئەحمەدی مەلاعارف.

ب- عابد .. لەبیارە ژیاوە، منداڵەکانی: ئەحمەد، سەعدی، تەها، مەهدی.

ج- حەمە عارف.. لەساڵی (١٩٤٦) چووە بۆ سابلاّغ لەگەڵ قازی محەمەددا بووەو لەساڵی (١٩٥٠) لەسابلاّغ کوژراوەو یەك کوڕی بووە بەناوی ئەبوبەکر..؟!!

د-ئەبوبەکر.. لەشەمێران ژیاوەو یەك کوڕی بووە (محەمەد)..؟!!

ه-قادر.. هەر لەتەوێڵە بووە کوڕێك و کچێکی بووە: عەلی، سوەیبە خێزانی شێخ کەریم لەباوەکۆچەك.

٦-حاجی شێخ ئەبوبەکر.. سێ کوڕی بووە:

أ-تۆفیق .. لەدزلی ژیاوەو باوکی فارس و .. تاد.
ب-حەمەسەعید.. لەتەپی صەفا ژیاوەو نەوەی هەیە.
ج-فەتاح لەبیارە ژیاوەو.. دووکوڕو کچێکی بووە:
-جافر .. باوکی ئەحمەدو مستەفاو شەمام و تەمام و صەبری
خێزانی کەمالی عەبدوالله بەگ و حەنیف خێزانی ظاهری بیارەیی.
-عابد .. باوکی: محەمەد، فەتاح، ئەبوبەکر (بابا)، عەلی، فاتمە
خێزانی قادر کەبەنامەوەش ناسراوە، بارام.
-خاوەر .. خێزانی حەمەکەریم وەستا حەمەڕەحیم نادر.
٧-شێخ حەیدەر.. نەوەی نەبووە بەڵام زاناو مەلایەکی ناودار بووە، لەشوێنی تردا لەسەرمان نوسیووە.
سەرچاوە: تەها شێخ عابد، بەهیە حەمە سەعید خێزانی تەهای شێخ عابد، هادی حاجی ئایزە، حەنیف جافر فەتاح، دەروێش لەتیف، م. محەمەدی حاجی نادر، ئەرشیفی نوسەر.

*   *   *

بنەماڵەی بابالەی عەزیز

ئەم بنەماڵەیە خۆیان دەڵێن دەچینەوە سەر شێخ مکیڵی شێخ عەلی، بەڵام نازانن چۆن، لەدایکیانەوە یان لەباوکیانەوە، ئێمەش بۆمان ساغ نەبوویەوە، بۆیە نەمان خستە ناو نەوەی شێخ عەلیەوە لەگەڵ ئەوەش دوورمان نەخستنەوەو بەباشی دەزانین لێرەدا بینوسین.
بابالە .. خێزانەکەی کافیەی خوشکی حاجی تۆفیق نادر بووە، چونکە زوو مردووە، مناڵەکانی بەناوی کافیەی دایکیانەوە ناسراون کەئەمانە بوون:
١-حاجی ئامانەالله .. مناڵەکانی: عەلی، عومەر، عوسمان، بەکر، خەدیجە خێزانی تالب حەبیب، صەدریە خێزانی عەبدوالله کەریم خادم، مەنیجە خێزانی وەیسی حسێن.
٢-جەعفەر .. مناڵەکانی: عەزیز، حسێن، جەلال، زۆراب، ڕەحیمە خێزانی عەبدولی بابا، حەمدیە خێزانی کەمال سەعید.
٣-فەرەج .. مناڵەکانی: یونس، مەحبوبە خێزانی خالدی ئۆلحامید.
سەرچاوە: م. عەلی حاجی ئامانە الله، خەدیجە حاجی ئامانە الله، حاجی فائق حاجی تۆفیق، ئەرشیفی نوسەر.

*   *   *

تیرەی فەقی محەمەدی ئەحمەد حەیدەر

دەڵێن ئەم فەقێ محەمەدەش دەچێتەوە سەر فەقێ ئەحمەدی غەزایی، وەئەم بنەماڵانەی خوارەوەش دەچنەوە سەر ئەم تیرەیە:

*** بنەماڵەی محەمەدی ئەحمەد:**

ئەم محەمەدە بەحەمەخاتە مەشهورە، چونکە دایکی خاتەی زۆرابی ڕۆستەمە، حەمەخاتە لەدەگا شێخان نیشتەجێ بووەو نەوەی هەیە کەئەمانەن:

١-ئەحمەد .. باوکی موعتەصەم و مەحمودو نەزیرەو ... تاد.

٢-شەمام.. خێزانی حسێن لەدەگا شێخان.

٣-شەمسیە .. خێزانی حسێنی ئۆلحامدە خەجلە.

٤-ئامینە .. خێزانی یونس لەدەگا شێخان.

*** بنەماڵەی خواکەرەم:**

ئەم خواکەرەمە بەخولە ناسراوەو ئەم منالانەی بووە:

١-عەزیز (ئایزە) .. منالەکانی: حەمەڕەئوف، نەصرەدین، خەرامان خێزانی بەکری سلێمانەیی، مریەم خێزانی مەحمود حەمەیوسف، ئامینە خێزانی حەمەسەعید ڕۆستەم.

٢-حەمەئەمین (کاکل).. منالەکانی: نوری، حامیدە خێزانی حافیزی حاجی حسێن، خاوەر خێزانی حەمە ڕەئوفی مەلا کەریم دەگا شێخان.

٣-حەمەخان (خانەلە) .. منالەکانی: مەهدی، هادی، کەمال، فەیرۆز، عەباس، نەزیرە خێزانی حەمەی جافەی حەمەصالح.

٤-فەرخی .. خێزانی قادر بەگ.

٥-شیرین .. خێزانی هۆمەرەی وەستا عەزیز.

٦-خەدیجە .. خێزانی ڕەحیمی مراد فەرهاد.

*** بنەماڵەی حەمەسەعید حسێن**

حەمەسەعید بەخیشە مەشهورەو دوو کچی بووە:

١-یاسەمەن (یاسێ) خێزانی مەهدی ئەحمەدی یاقوەسوری.

٢- عاصمە (عاصێ) خێزانی عوسمانی کەیخەسرەوی ئاغەلەر.

*** بنەماڵەی حەمەصالح ..**

حەمەصالح دوو کوڕی بووە کەئەمانەن:

١-ئەحمەد .. کەچووە بۆ سەربازی و هاتووە عەرەبی‌یەکی باش فێر بووەو بەعەرەبی قسەی کردووە، بۆیە پێیان وتووە عەرەبێکی ڕووت و ئیتر بەعەرەبە ڕووت مەشهور بووە، منداڵەکانی: عوسمان، عومەر، حەمەعەلی، بەگیج.

٢-مستەفا .. لەخارگێلان ژیاوەو بەزەردەقالاو مەشهور بووە، منالی لەخارگێلان هەیە، باوکی: عابدو .. تاد.

سەرچاوە: حەمەعەلی ئەحمەد عارەب، مەهدی ئەحمەد، موعتەصەم ئەحمەد حەمەخاتە، ئامینە عەزیز، هادی حاجی ئایزە، دەروێش لەتیف، حاجی محەمەد ڕەحمان.

* * *

هۆزو بایەزید صۆفی = هۆزی بایەزید صۆفی

دەڵێن: بایەزید صۆفی و بابا ئەسکەندەر دوو برا بوون، لەسەردەمی ئەردەلانیەکانەوە لە(تاودۆلاو)ی هەورامانی ئێرانەوە، هاتوون بۆ زەلم و دوایی بۆ مێشلەی بەڵخەو پاشان هاتوون بۆ تەوێڵەو نیشتەجێ بوون.. بابا ئەسکەندەر نەوەی نەبووە، بەڵام صۆفی بەم شێوەیە نەوەی لێ کەوتووەتەوە:

بایەزید صۆفی - وەیسی - ڕۆستەم - دەوڵەتیار .. ئەمیش سێ تیرەی لێکەوتووەتەوە بەم شێوەیە:

١-**تیرەی ڕەحمانە سوور** .. ئەم منالانەی بووە:

=**بایەزید** .. لەبیارە دانیشتووە، نەوەکانی: عەبدواللە، حەمەعەلی، حەمە صالح، .. تاد.

=**کەریم**.. چووەتەوە بۆ (تاودۆلاو)و زێدی باپیرانی.

=**مەحمود** .. کوڕێك و کچێکی بووە: مستەفا باوکی: سانیەی خێزانی صابری ئەحمەد، زلێخا خێزانی مەلا عەلی مەلا محەمەد کەبەمەلا عەلی گرێزە مەشهورە.

=**ڕۆستەم** .. دوو کوڕی بووە:

-فەتاح .. منالەکانی: حاجی ڕەحمان، عەباس، عومەر، عەلی، عابد، ئەم سیانەیان هەر لەبەصرە ژیاون، مینا خێزانی حەمەڕەشید حەمەڕەحیم، ڕابعە خێزانی قالەسور، توبا خێزانی حاجی صادقی کوێخا محەمەد، زوبەیدە خێزانی قادری کەیمنەیی.

-قوربانی .. دوو کچی بووە: فاتمە خێزانی حەمەکەریمی حەمەعەلی‌یە کوڵە، عائیشە خێزانی عەلی حەمەباقی دەلاك.

٢-تیرەی حەمەجان .. دوو بنەماڵەی لێ کەوتووەتەوە:

=**بنەماڵەی عوسمان**: چوار کوڕی بووە: خدر، حەمەئەمین، فەرەج باوکی مستەفا، ئەم سیانەیان لەسنە ژیاون، کوڕەکەی تری، کۆزاد بووە لەتەوێڵە بووەو نەوەکانی ئەمانەن:

أ-مستەفا .. باوکی بەهیەی خێزانی ئەحمەد هەورامی.

ب-حاجی حەمەعەلی .. باوکی: عومەرو عەبدولکەریم و سەعدەدین و فەهیمەی خێزانی ئەورەحمانی خاتونەو مەحبوبەی خێزانی محەمەدی لاڵێ، ڕەفیقە خێزانی یونس حاجی ئیسماعیل، حەبیبە خێزانی عابدی حەمەئەمین جۆلاً. عەتیە خێزانی صۆفی کاکی.

ج-ئەبوبەکر (هەیبەکر) باوکی: تۆفیق، شەمام خێزانی محەمەد حاجی حەسەن، هەمینە خێزانی شەفیع عەزیز، نەهیە خێزانی عەلی قادر، قلە خێزانی پیاوێکی سلێمانەیی.

د-ڕەشید .. باوکی: ئەمین، صابر، ئەوڕەحیم، توبا خێزانی فارس ئەحمەد، زێبا خێزانی حەمەئەمین جۆلاً.

ﻫ-عەبدوالله .. بەعەبدەکە ناسراوە منداڵەکانی: حەمەکەریم، حەمەکەرەم، حەمە ڕەحیم، حەمید، نەفیە خێزانی ستاری کەریم، مەلیعە خێزانی پیاوێکی سەیدصادقی.

و-نادر .. منداڵەکانی: سلێمان باوکی (حەنیف خێزانی هەیاسی حاجی ئایزەو، بارام و شەوکەت و عیزەت و خدر)، مەحمود باوکی: (تاهیرو مەهدی و مەعصومە خێزانی کەریم حەمەگاوان، حەلیمە خێزانی عومەری سەعە، حامیدە خێزانی صدیق حاجی عەلی، فەتحە خێزانی هابیل حەمەعەلی، ڕەزیە خێزانی ئەحمەد بەڵخەیی، پەخشان خێزانی سەربەست حاجی ڕەئوف).

ز-ڕابعە .. خێزانی عوزەی بابالەی ئەلی حاجی.

=**بنەماڵەی وەیسی** .. نەوەکانی ئەمیش بەم شێوەیەن:

أ-حەمەخان .. منداڵەکانی: وەیسی، سەردار، موختار، سەربەناز خێزانی محەمەدی ئەبوبەکری ئەلی حاجی پاشان شوی کردووە بە تاهیری مەلا عەبدولحەمید، شیرین خێزانی حاجی عەبدوڕەحمانی حاجی محەمەد، گوڵچین خێزانی غەفاری ئەحمەدی عەبابەیلەیی.

ب-فەرخی خێزانی مەلا ئەبوبەکری میرزای ئەلی حاجی.

ج-مەلەکێ خێزانی هەیبەکری کۆزاد.
د-پەری خێزانی فەتح الله ئیسماعیلی شاسواری.
ﻫ-خەجێ .. نەنکی عەلی فەرخی.
٣-**تیرەی وەستا محەمەد** .. لەهەڵەبجە دانیشتووەو گۆڕەکەشی لەگۆڕستانی شێخ سماعیلە، ئەمیش سێ بنەماڵەی لێکەوتووەتەوەو چونەتەوە بۆ تەوێڵە دانیشتوون کەئەمانەن:
أ-**بنەماڵەی حەمەیوسف** .. ئەم کوڕانەی بووە:
-میرزا عەبدولقادر.. مناڵەکانی: کاکە (جافر)، سەعید، ناصر، خاوەر خێزانی محەمەدی سەعید ئاغا، بەدری خێزانی صدیق ئاغە جافر.
-حاجی سەلیم .. مناڵەکانی:مەحیەدین، فەخرەدین، عەینەدین، خامێ خێزانی فائقی حاجی تۆفیق، نافعە خێزانی تۆفیق هەیبەکری کۆزاد.
-حاجی حەمەڕەحیم .. مناڵەکانی: محەمەد، عاصە خێزانی جافەی کافە کۆڵێ، (س) خێزانی شەفیع وەستا شەریف.
-صۆفی حەسەن .. مناڵەکانی: یوسف، عیسا، مەعصومە خێزانی محەمەدی حاجی حەمەڕەحیم، حەفصە خێزانی حاجی ئەمین ئایزە غەفور، مەحبوبە خێزانی محەمەدی حسە.
ب-**بنەماڵەی حەمە صاڵح**.. کوڕێکی بووە بەناوی (فەرەج) کە (فەریح)یان پێ وتووە، ئەمیش خەرامانی خێزانی قالە غەفور و محەمەد صاڵحی بووە، ئەم محەمەد صاڵحەش ئەم مناڵانەی بووە:
م. عوسمان هەورامی، عیزەت، حەمەکەریم، ڕەعنا خێزانی حەبیب. ئامینە خێزانی خواکەرەمی عەبدولحەمید، عائیشە، فاتمە.
ج-**بنەماڵەی وەستا شەریف**.. ئەم مناڵانەی بووە:
-شەفیع .. باوکی: غالب نەوەی نەبووە، بەیزا خێزانی حەمەلەتیف وەلی، ستارە خێزانی حەمەصاڵح دینە.
-صۆفی محەمەد بەصۆفی کاکی ناسراوە .. مناڵەکانی ئەمانەن: هادی، مەهدی، نەزیرە خێزانی جەمەی مەحمودە شەل.
-فاتمە خێزانی صۆفی حەسەن.

سەرچاوە: نامەیەکی دەستنوسی مامۆستا فەخرەدین حاجی سەلیم، توبا فەتاح خێزانی حاجی صادقی کوێخا محەمەد، شیرین حەمەخان وەیسی خێزانی حاجی عەبدوڕەحمان حاجی محەمەد. تۆفیق هەیبەکر.

تیرەی یوسف عەزیز ئیبراهیم

ئەم بنەماڵەیە خۆیان دەڵێن دەچینەوە سەر بابا ئەسکەندەر بەڵام چۆن و بەچ شێوەیەك نازانرێ، چونکە دەڵێن: باب ئەسکەندەر نەوەی نەبووە...؟! لەوانەیە خێزانی یا دایکی بابائەسکەندەر لەم تیرەیە بێت.. بەهەر حاڵ نەوەکانی یوسف ئەمانەن:

+ **بنەماڵەی وەیسی** .. دوو کوڕو دوو کچ بووە:

-عەبدولقادر.. یەك کچی بووە بەناوی (ئەمنە) خێزانی حەمەکەریم حەمەصاڵح فەریح.

-حسێن .. مناڵەکانی: یوسف، وەیسی، حەکیم بەکاکل ناسراوە، عەبدولمەجید.

-خەدیجە .. خێزانی حەمەصاڵح فەریح.

-حیسمەت .. خێزانی عەبدولحەمید حسێن.

+ **بنەماڵەی حەمەڕەزا** .. کوڕێك و کچێکی بووە .. حەمەئەمین و نازدارە خێزانی حەمەیوسف حەمەحسێن جیهانبەخش، پاشان شوی کردووە بە فائقی ڕەسوڵ.

+ **زلێخا** .. خێزانی حەمەئەمینی صۆفی سلێمان دوای ئەویش شوی کردووە بەحەمەسەعید باوکی حەمەلە سێنزە.

سەرچاوە: یوسف حسێن.

* * *

هۆزی حەمە قوصەیی

وەستا محەمەد خەڵکی زەڵم بووەو هاتووە بۆ تەوێڵە نیشتەجێ بووە، ئەم هۆزە کەبەناوی ئەوەوە ناسراوە لەم تیرەو بنەماڵانەی خوارەوە پێك هاتووە:

* **تیرەی عوسمانە لاڵ** ... لەم بنەماڵانەی خوارەوە پێکهاتووە:

أ- **بنەماڵەی فەرهاد**.. دوو کوڕو کچێکی بووە کەئەمانەن:

١-مەحمود .. باوکی: کامیل، غالب، ئەنوەر، ئامینە خێزانی ڕەزای حاجی جافر، پەروەر خێزانی هادی حاجی حەمەئەمین، نەسرین خێزانی موزەفەری عەبالەی حەمەڕەشید.

٢-ئەحمەد .. باوکی: عوسمان، بەهیە خێزانی (س) بەڵخەیی، ماتاب خێزانی خاڵە ئاسەوان، مریەم خێزانی فەرەیدون حەمە سەلیم، مرواری خێزانی عەباس عەبابەیلەیی.

٣-ڕەعنا .. خێزانی حەمەسەلیم نادر.

ب- بنەماڵەی ئەکرەم .. شەش منالی بووە:

جافر، حەبیب، عابد، ئیبراهیم، توبا خێزانی حەیدەری ئۆلحەکیم، ئەمنە خێزانی حاجی عارف نەوێیی.

ج-بنەماڵـەی حەمەکـەرەم .. کچێك و کوڕێکی بـووە: عەبدوالله، قەتحـە خێزانی مەلا ڕەزای کەرکوکی لەسلێمانی ژیاوە.

د-بنەماڵەی فەتاح .. کوڕێك و دوو کچی بووە: حەمەخان .. بەحەمەخانە شەلە ناسراوە، گورجی خێزانی ئەحمەد فەرهاد.

ە-زەینەب.. خێزانی هۆمەری محەمەد.

*** تیرەی ڕۆستەمی ڕەحمان** ... لەم بنەمالانەی خوارەوە پێکهاتووە:

أ-بنەماڵـەی حـەبیب .. دوو کوڕی بـووە کەهەریەکـەیان نـەوەی بووە بـەم شێوەیە:

-عەزیز بەحاجی ئایزە مەشهورەو ئەم منالانەی بووە: مەهدی، هادی، رافع، ماجد، نەزمی، گوڵنار خێزانی ڕۆستەمی مستەفای حاجی فەرەج. نەصرەت خێزانی عەزیزی حاجی ئەولە.

-کاکەلە .. مناڵەکانی ئەمانەن: صابر، تاهر، حامد، مەتحە خێزانی عابد قادر غەفور، خانم خێزانی مەحیەدین فەتاح.

ب-بنەماڵەی حەمەصالح .. سێ کوڕو کچێکی بووە کەئەمانەن:

-زێبا خێزانی مستەفای هەق.

-کەتان خێزانی حەمەی واحد لەهەڵەبجە ژیاوە.

-سەعادەت خێزانی (س) هەڵەبجەیی.

-مـەحمود .. دوو ژنـی هێنـاوە، یـەکێکیان عائیشـە سـلێمانەیی‌یەو شـیروان و نەسـرین و ...، ئـەویتریان تەوێڵەیی‌یـە، دوای ئـەوەی کاکەلـەی حەبیب دەمرێ عاصەی خێزانی شو دەکات بەم مەحمودەو حەمەصاڵحی دەبێت و بەحەمەصاڵحی پورە عاصە مەشهورە.

ج-(س) دایکی حسێنی ئاغا.

*** تیرەی سلێمانی میرزا** .. ئەم نەوانەی بووە:

أ-بنەمالـەی محەمـەد .. بەحـەمێ مەشـهورە دوو کـوڕو دوو کچـی بـووە: حەمەعارف، حەمەعەلی، پیرۆز خێزانی مەلا سەلیم لەبەڵخە، خەدیجە خێزانی نافع عومەر کەریم بولێنە.

ب-ئەحمەد .. بەئەخل مەشهورە، کوڕێك و دوو کچی بووە:
سلێمان، شەمام خێزانی ئەوڕەحمان کەپەبێڵ، عەتیە خێزانی کەریمەخشیٚ.
ج-مەجنون..؟
د-خۆرشید .. خێزانی حەمەصاڵحی کەریم لەنەوەی فەقیٚ ئەحمەدی غەزایی.
هـ-مینا .. خێزانی لەتیف ڕەزاوەیس لەتیرەی فەرهاد.
و-سوەیبە .. دایکی محەمەدو عابدی حەکیم و دارابەگ.
ز-زیتە .. دایکی عەبولە زیتە.
* **تیرەی هۆمەری محەمەد** ...ئەم نەوەی لیٚ بووەتەوە:
١-حەمەحەسەن.. کوڕێك و کچێکی بووە: شەفیع و ئامینە خێزانی عابدی محەمەدی وەستا قادر.
٢-عەبدوالله .. بەعۆدە مەشهورە .. منداڵەکانی: حەمەصاڵح، عەبدول، ناصر، زلێخا خێزانی برزو، مەحتە، لاولاو خێزانی داود حەمەکەریم.
٣-حەمەصاڵح .. لەکاروانیدا کوژراوە.
٤-لەیلیٚ .. خێزانی حەمەیوسفی عەزیزی شاسواری واتە دایکی عەبە لەیلە و سەعەلەیلە.
٥-زوبەیدە .. خێزانی شەریفی قاتەڵە.
٦-ڕەیحان .. خێزانی حەمەیوسفی قادر.
٧-پیرۆز .. خێزانی سەید عەبدوالله بێساری.
* **تیرەی حەمەئەمین** .. دوو کوڕی بووە کەئەمانەن:
١-محەمەد .. بەحەمەدەوشەی مەشهورە ئەمەش منداڵەکانیەتی:
ئەولە، حەمەئەمین، زەریف خێزانی محەمەدی سان ئەحمەد، حەنیف خێزانی غەفور دەڵەمەڕی،
٢-حەمەکەریم بەحەمەکەریمە زلە مەشهورە .. دوو کچی بووە:
مینا خێزانی زۆرابە خاڵە، ڕەعنا خێزانی ئەولەی حەممەدەوشەی.
سەرچاوە: هادی حاجی ئایزەی حەبیب، حەمەعارف حەمیٚ، ناجح سلێمان، خەدیجەی حەمیٚ، حەمە خان فەتاح، موزەفەر عەبدوالله، ئەرشیفی نوسەر.

* * *

هۆزی قادر هەسەن

وەستا قادری حەسەن دوو کوڕی بووە: حسێن و حەسەن، هەریەکەیان دوو تیرەیان پێکهێناوە بەم شێوەیە:

*** تیرەی حەسەن قادر هەسەن:**

حەسەن دوو کوڕی بووە: کەرەم و عەبدواللە کەدوو بنەماڵەیان لێ بووەتەوە کەئەمانەن:

أ- بنەماڵەی کەرەم.. کەرەم کوڕێکی بووە بەناوی کاکە عەلی و بەکاکەلی مەشهورەو لەخانەقین نیشتەجێ بووە ئێستاش نەوەکانی زوربەیان لەوێن، کاکەلی دوو ژنی هێناوە: یەکەمیان ئامەی ئاغەی قاراغەیەو دووەمیان: ناوی نوقرەیەو خەڵکی سنە بووەو خوشکی مەجید سنەییە کەلەبەغدا ژیاوە، منداڵەکانی کاکەلی ئەمانەن:

١-سەعید .. باوکی: جەبارو ستارو شێرکۆو ڕەحمان و حەمیدە.

٢-حسێن .. لەڕوسیایە.

٣-حەسەن.

٤-فوئاد.

٥-ناصر.

٦-نهاد.

٧-سەنیە خێزانی حەمەعارفی حەمێ.

٨-صەفیە خێزانی ئایزەی حەمل.

٩-خورشید خێزانی حەمەڕەئوف هۆمەر.

١٠-شاناز.

١١-لەیلا.

١٢-سەعدیە.

١٣-سوها.

ب- بنەماڵەی عەبدواللە .. بەوەستا ئۆڵڵا مەشهورەو کوڕێکی بووە: مەحمود = مەمول، ئەمیش دوو کوڕو دوو کچی بووە:

١-فەیض الله .. بەتۆپل ناسراوە، باوکی: نائب، نەریمان، ئارام، دولبەر، شەهلا.

٢-عوسمان .. یەک کوڕی بووە نعمان.

٣-شیرین .. خێزانی ئەسکەی قەصاب بووە، دواتر شوی کردووە بە فالەی ئەشکە.

٤-خاڵە .. خێزانی حەمەئەمین ئەلی مەولود.

*** تیرەی حسێنی قادری هەسەن:**

ئەم حسێنە کوڕێکی بووە بەناوی حەسەن ئەمیش دوو کوڕو کچێکی بوە: یاسەمەن دایکی الله وەیسی ڕەحمانی بلە، نادر نەوەی نەبووە، محەمەد. ئەم محەمەدە بەحەملە سور ناسراوەو نەوەی بووەو بنەماڵەیەکی لێکەوتووەتەوە:

* بنەماڵەی محەمەدی حەسەن.. بەحەملی هەسەن مەشهور بووە ئەم مناڵانەی بووە:

١-عەزیز .. بەئایزەی حەمل مەشهورە مناڵەکانی ئەمانەن: محەمەد=بابا، نادر، نەعیفە خێزانی ئۆلکەریمی مەحمود، پرشنگ خێزانی عوسمانی مەحمود، بەدری خێزانی مەجیدی بابالە.

٢-نادر .. ژنی نەهێناوە.

٣-عائیشە .. خێزانی ڕەحیم سەلیم نەوسودی، ئامەی خێزانی عالای جافرو نەجیبەی خێزانی دەروێش مومن و نوقڵەی خێزانی (س) ی پۆلیس لەقەرەهەنجیر لەم ژنەن.

٤-ڕەنان .. خێزانی فەتاحی ڕۆستەمی مەولود.

٥-شەمام .. خێزانی بەکری قۆڵچی.

٦-حەبیبە .. خێزانی دیوانە عەلی عەزیزی عەنەبی .. دایکی ڕەفعەت و تۆفیقی دیوانە.

٧-بەگیج خێزانی وەستا حەمەیوسف حەمەحسێن.

سەرچاوە: هادی حاجی ئایزە، دەروێش لەتیف، نادر عەزیز محەمەد، نائب فەیض الله، جەبار سەعید کاکەلی، ئەرشیفی نوسەر.

* * *

هۆزو ئوسایا = هۆزی وەستایان

هۆزی وەستایان لە تەوێڵەدا ئەم هۆزو تیرانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

ا- تیرەی وەستا یاقۆ .. ئەم تیرە چەخماخسازو ئاسنگەرو جوڵا بوون، هەندێکیشیان بازرگانیان کردووە.

ب - نەوەی وەستا ئەحمەد .. زوربەیان ئاسنگەرو چەخماخساز بوون.

ج- تیرەی وەستا عوسمان .. ئاسنگەرو چەخماخساز بوون.
د - نەوەی وەستا ڕۆستەم کابێن .. کەزوربەیان جۆلاو ئاسنگەر بوون.
ه - تیرەی وەستا جامی .. هەموو ئاسنگەر بوون.
دەڵێن: ئەم تیرانە دەچنەوە سەر یەك بناغەو باپیرەیان یەکێکەو لەگەڵ هۆزی بولێنەش دا ژن و ژنخوازیان زۆرتر بووە، هەروەها تیرەی وەستا یاقۆو وەستا حەمەحسێن نزیکترن لەیەکەوە. ئەم تیرانەش هەموو لە تەوێڵە لەبەشی چلانە نیشتەجێ بوون و لەبناغەشدا هەر خەڵکی تەوێڵە بوون.

ا- تیرەو ئۆسا یاقۆی - تیرەی وەستا یاقۆ

یەعقوب کەبە یاقۆ بەناوبانگ بووە، چەخماخساز بووەو لەسەردەمی عوسمانیەکاندا چووە بۆ سەربازی و بووە بەچاوش و ماوەیەك لەئەستەمبوڵ ماوەتەوەو دوو کوڕیشی بووە: ئیسماعیل و ئیبراهیم. هەردوکیان لەسەردەمی باوکیان دا هاتووچۆی ئەستەمبوڵیان کردووەو خەریکی کڕین و فرۆشتنی (تریقە) بوون ... تاوای لێ دێت دەبنە بازرگانێکی گەورە لەنێوان (ئەستەمبوڵ و تەورێز)دا لەدواجاردا ئیسماعیل بە(تریقە)یەکی زۆرەوە دەگیرێت و هەموو کەل وپەلەکەی لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دەبرێت و خۆشی لەناو دەبرێت.

بێگومان کڕین و فرۆشتنی (تریقەو ساچمە) لەوکاتەدا قاچاخ بووە لەناو باری کەل و پەلی تردا بەتایبەت لەناو بۆشایی کەڵەشاخ دا هێنراوەو فرۆشراوە. ئیتر ئیبراهیم لەدوای ئیسماعیلی برای واز لەو بازرگانی‌یە قاچاخی‌یە دەهێنێت و هەرچی پارەی دەبێت دەیدات بەباخ و باخات و باخچە میراو دەوری هانەسوسو شەمبانو دەکڕێت و لەچەمی خوارەوەش هەندێك باخ دەکڕێت. پاشان لەسەردەمی کوڕەزاکانی‌دا باخچە میراو دەوروبەری بەنرخێکی کەم دەفرۆشێت و دەسەڵاتداری ئەو وەختە دەیکڕێت.

وتمان یاقۆ چاوش دوو کوڕی بووە: ئیسماعیل و ئیبراهیم، ئیسماعیل دوای خۆی یەك کوڕی بووە بەناوی صالح، ئەمیش دوو کچی بووە: حەبیبە خێزانی حامدی خەسرەو بووە، دایکی حاجی محەمەد،ئەوی تر مەلیعەی خێزانی ئیبراهیمی الله کەرەمی رۆستەم کابین. بەڵام ئیبراهیم یەك کوڕی بووە بەناوی خەسرەو، وەستا خەسرەو چووەتەوە سەر پیشەی باوایو ئاسنگەری کردووەو سێ کوڕو کچێکی بووە کەئەمانیش هەندێکیان پیشەساز بوون و هەندێکیان بازرگانیان کردووەو بنەماڵەشیان پێکهێناوە بەم جۆرە:

١-بنەماڵەی وەستا حەكیم .. خۆی و مناڵەكانی ئاسنگەر بوون سێ كوڕو كچێكی بووە كەئەمانەن:

أ-وەستا حەسەن .. مناڵەكانی:

-قادر .. باوكی: حەسەن و ئازادو سوهام خێزانی سابقی حاجی ئەحمەدو كەژاڵ.

-حەكیم .. باوكی: خۆراسان و كوردستان و كوێستان خێزانی كەمال قادر محەمەد.

-عصمەت خێزانی حاجی قادری عەلی محەمەد لەدۆلبیان، یەك كچی بووە (زوبە) شوی كردووە بە عیزەتی ڕۆستەم، پاشان عصمەت شوی كردووە بە بابای قالە.

-سوەیبە .. خێزانی عوسمانی حەمەكەریم وەستا نادر.

ب-وەستا ڕۆستەم .. مناڵەكانی:

-حەمە سەعید .. باوكی: فەیصەل و تەلعەت و قەیصەرو ئەژدەرو منیرە خێزانی سبحانی جەعفەری حاجی محەمەد، نافعە خێزانی عماد حامد حاجی سەعید، حەمیدە.

-عیزەت .. باوكی: موختارو نیازو نەزمیو ڕێزان و بەیان و هەلالە.

-جەلال .. باوكی: چۆمان و بەرزان و كەیوان و كەنار.

-خەدیجە .. خێزانی حامدی حاجی سەعید ڕەحمان.

-حەسیبە .. خێزانی قادری حەسەنی ئامۆزای.

ج- وەستا صادق .. مناڵەكانی:

-عوسمان .. ؟

-ئادەم .. باوكی چەند كوڕو كچێك.

-نەزیرە.. خێزانی شاهۆی زۆراب بەگ.

-شوكری .. خێزانی حەمەئەمین عەبدولخالق زۆراب سۆسەكانی.

-مریەم .. شوی كردووە بە عەبدوالله ی مەعروف لەتیرەی ئەلی حاجی واتە دایكی بابای منە.

٢-بنەماڵەی وەستا غەفور .. بەغەفورە زلە مەشهور بووە یەك كوڕو دوو كچی بووە:

-حسێن (كاكڵە) ... باوكی: نەریمان و ژیان و مژدە.

-عالیە بەعەللە بەناوبانگە خێزانی فەقێ عەلی هەیبەكر.

-فەرخی خێزانی عەبولەی ئەکرەم.

٣-بنەماڵـەی وەسـتا حامـد.. وازی لەپیشەسازی هێناوەو هەرچی باخ و باختیشی هەبووە فرۆشتوویەتیو بازرگانی کردووە لەنێوان سنەو تەبرێزو موصڵ و ئەستەمبوڵ دا .. ئەمیش هەر (تریقەو ساچمە)ی هێناوەو فرۆشتوویەتی، جارێك لەجاران زەرەرێکی زۆر دەکات ئیتر توانای نەماوە دەوڵەمەند ببێتەوەو وازی لێهێناوە.

وەستا حامد یەك کوڕو یەك کچی بووە:

أ-حاجی محەمەد ... مناڵەکانی:

-حاجی عەبدوڕەحمان .. باوکی: حامد، عەبدوڕەزاق، ئەمیر، سەمیر، کاروان، کارزان، حەبیبە خێزانی الله کەرەمی حاجی ئەبوبەکر، میدیا.

-جەزا .. باوکی: محەمەدو یاد.

-گوڵزار .. خێزانی ڕەفعەت کەریم یارە.

-شەوبۆ .. خێزانی صاڵح محەمەد کەریم پینجوێنی.

ب-نازدارێ .. شوی کردووە بە عەبدوڵلا ی عەبدولکەریم ناسراوە بەوەستا عەبدیلە.

٤-عائیشە .. شوی کردووە بە صۆفی حەمە سەعید حەسەن بوڵینە .. سێ کچ و کوڕێکی بووە کەئەمانەن:

- ئامینە .. خێزانی حاجی نادری حەمە عەزیزی یاقوەسوری.

- بەڵقیس .. خێزانی نەجیبەفەنی.

-خۆرشید .. خێزانی حەسەنی حەکیمی خاڵۆزای کەباسمان کرد.

-حەمەئەمین .. نەوەی نەبووە.

سەرچاوە: ئەرشیفی نوسەر، حاجی عەبدوڕەحمانی حاجی محەمەد، عیزەت ڕۆستەم، سوەیبە خێزانی ئەحمەد ئیبراهیم.

ب- نەوەو نۆسا ئەحمەدی = نەوەی وەستا ئەحمەد

وەستا ئەحمەدیش لەهۆزی وەستایانە، نەوەکەی بەئاسنگەری و چەخماخسازییەوە خەریك بوون، لەم سەردەمەشدا تیرەیەك لەنەوەکەی هەر ئەو کارە دەکەن کەئەویش تیرەی وەستا حەمەحسێنن، وەستا ئەحمەد سێ کوڕی بووە: حەمەحسێن و بابالەو شەهاب، ئەمەش باسی نەوەکانیانە:

*** تیرەی وەستا حەمەحسێنی وەستا ئەحمەد**

وەستا حەمەحسێن حەوت منداڵی بووە، چوار کوڕو سێ کچ، کوڕەکانی هەریەکە بنەماڵەیەکیان بەم شێوەیە پێکهێناوە:

١-**بنەماڵەی وەستا حەمەسەلیم**.. منداڵەکانی:

-وەستا ئەحمەد منداڵەکانی: مەهدی، ئیکرام، ئەکرەم، حصمەت خێزانی حەمەڕەشید هەورامی و پاشان خێزانی حەمەئەمینە قەڵەوی سائق، مەحبوبە خێزانی مومنی حەمەعارف.

-وەستا محەمەد .. منداڵەکانی: عەباس، غەریب، سەلیم، نوری، نەهیە خێزانی سەلیم کۆیی، صەفیە خێزانی عەریف سەلیم لەتیف.

-قەتحە خێزانی صادق حەکیم خەسرەو.

-قەمەرناز خێزانی حەمەفاتە.

-تفحە خێزانی عەلی محەمەد نەصروالله.

-کافیە شوی نەکردووە.

٢-**بنەماڵەی وەستاحەمەیوسف**.. منداڵەکانی: ئیسماعیل، هادی، حەبیبە خێزانی حسێنی لاوە، عەتیە خێزانی حاجی حەمە عەزیزی زیتە، ستارە خێزانی حاجی عەبدوالله ی عوسمانە، نارنج خێزانی مستەفا بەگی بیارە، شەمسیە خێزانی عەبدوالله ی هانەدنی، خونچە خێزانیحەمەیوسف نادر، حەفصە خێزانی جەمیلی ئاغەلەر.

٣-**بنەماڵەی وەستا عەلی** .. منداڵەکانی: عەزیز=عەزە، حەمە حسێن، عابد، دەڵوەت خێزانی مەحیەدین کەیکاوس، شەرافەت خێزانی حاجی عەلی هەورامی لەهەڵەبجە.

٤-**بنەماڵەی وەستا ئەسکەندەر** .. منداڵەکانی: حاجی بلال ، حەمە ڕەحیم، کەمال، جەلال، کۆفە خێزانی محەمەد دزاوەری کەبەپەخمە ناسراوە، مریەم خێزانی نەجیب مستەفا، مینا خێزانی ئەبوبەکر حەمەڕەحیم، نەعیفە خێزانی ئەبوبەکری عوسمانە، کوبرا خێزانی حاجی فەهمی دەرەشیشی.

٥-**خەرامان** .. خێزانی وەستا حەمە صاڵح وەستا قادر - دایکی وەستا محەمەد و حاجی مستەفا.

٦- **خانم** ...؟

٧- **دەڵوەت** شوی نەکردووە.

تێبینی/ هەریەکێك لە منداڵەکانی ئەم بنەماڵانەی باسمان کرد نەوەیەکی زۆریان لێ بووەتەوە.

سەرچاوە: حاجی بلال ئەسکەندەر، م. کەمال ئەسکەندەر، عەینا حاجی حەمەزەریف خێزانی حاجی بلال، عەتیەحەمەیوسف خێزانی حاجی حەمایز، وەستا محەمەد وەستا حەمەصاڵح.

* تیرەی باباڵەی وەستا ئەحمەد

وەستا بابا دایکی خەڵکی پاوەیە، سێ کوڕو دوو کچی بووە:

١-جافر .. خاتونی کچی کەریم بولێنەی هێناوەو ئەم منداڵانەی بووە:

أ_وەستا عەلی خەیات .. باوکی: عەبدوالله، هادی، مەهدی، سەعادەت خێزانی عابد ئەحمەد، نەعیفە خێزانی موختار حاجی حەمەحەسەن، ڕەعنا خێزانی عابد حەمەکەریم، سەبیحە خێزانی فائق سۆسەکانی، شنە خێزانی بەختیار حسێن شاربازێری.

ب-عەبدوالله (عالا) .. باوکی: هوشیار، هۆشمەن، نەوەل، نەبەرد، هەسێرە، ڕوناك.

ج-عەزیز (ئایزە) .. لەخانەگای لای پاوە ژیاوەو باوکی ئەم منداڵانەیە: جافر، جامی، عەباس، جەلال، نایافت، عالیە، کافیە، نەعیفە.

د-مەجید (مەسە)...؟

هـ-عوسمان (سوتیا)...؟

٢-مەحمود بەمەمول ناسراوە .. پیاوێکی ئازاو شەڕانی بووە، دوو کوڕی بووە:

أ-شەوکەت .. لەبەغدا ژیاوەو ژیانی بردۆتە سەر..؟

ب-ئەنوەر .. لەتەوێڵە بووە..؟

٣-محەمەد بەحەمل ناسراوە .. ئەمیش دوو کوڕی بووە:

أ-حاجی سەعید بەچالەکە مەشهور بووە.

ب-حەمید .. لەهەڵەبجە ژیاوە.

٤-مینا .. خێزانی کەیکاوس نەصروالله بووە لەهۆزی ئاغەلەر، دایکی نەصکۆڵ و مەحیەدین.

٥-هەیبەت .. خێزانی مومنەی جەمین .. دایکی حاجی حەمەحەسەن و حاجی عەبولە.

*** تیرەی شەهاب وەستا ئەحمەد:**

ئەم شەهابە چووە بۆ بەغداو لەوێ ژیاوەو کوڕێکی بووە ناوی جەلال بووە ئەمیش نەوەی هەیە بەڵام ئێمە نەمانزانی..؟!

سەرچاوە: هوشیار عەبدواللە، هادی حاجی ئایزە، دەروێش لەتیف، لەسەر قسەی وەستا محەمەدی وەستا حەمەصاڵح، حەمەحسێن و باباڵەو شەهاب کوڕی وەستا ئەحمەدن.

ج- تیرەو ئوسا عوسمان و ئۆسایا = تیرەی وەستا عوسمانی وەستایان

وەستا عوسمان کوڕی وەستا یوسفی وەستا خەسرەوی وەستا عوسمانە، ئەم بنەماڵەیەش چونکە هەموویان ئاسنگەر بوون بەتیرەی وەستایان ناسراون، عوسمان سێ کچ و کوڕێکی بووە بەم شێوەیە:

١-ڕابعە .. شوی کردووە بە حەمە عەزیزی نادری یاقوەسور.

٢-شەمام .. شوی کردووە بە حاجی محەمەدی حەماڵە.

٣-مریەم .. شوی کردووە بە مەلا عەبدولحەمیدی مەلا عەبدواللە ی مالێدەر.

٤-وەستا نادر .. ئەم نادرە دوو کوڕو سێ کچی بووە، کوڕەکانی یەکی بنەماڵەیەکیان پێکهێناوە:

ا-بنەماڵەی وەستا حەمەڕەحیم .. مناڵەکانی ئەمانەن:

-حاجی محەمەد .. مناڵەکانی: فەخرەدین، مەحیەدین، ئەیوب، نەجمەدین، خاتون خێزانی فەرەج باباڵە، مەلیعە خێزانی حامدی کاکەڵە، تەلیعە خێزانی سەلیم حەمە باقی، ئامانێ خێزانی فەیزواللە مەحمود، سۆسەن خێزانی نامق عەزیز.

-شیرین .. خێزانی ڕۆستەم حەکیم خەسرەو.

-زلێخا .. خێزانیعەبدولحەمید عەبدولمەجید.

ب-بنەماڵەی وەستا حەمەکەریم .. خاوەری وەستا فەتاحی حاجی ئەبوبەکری هێناوەو ئەم مناڵانەی بووە:

-عوسمان .. مناڵەکانی: صابر، نهاد، لاولاو خێزانی ئادەم صادق حەکیم.

-عەبدواللە .. بەعەبەی خاوەر ناسراوەو نەوەی نەبووە.

-حەلیمە .. خێزانی حەمەباقی غەفور.

-ئاسماء .. خێزانی نەجمەدین فەتاح.
-سەلما .. خێزانی حاجی ڕەشید کەریم خادم.
-خەرامان .. خێزانیمەحیەدینحەمەسەعید.
ج-پیرۆزە .. شوی کردووە بە وەستا جەعفەری عەزیز دەلاك.
د-خەرامان .. شوی کردووە بە هەسەنەی وەستا عەزیز.
هـ-ئاسیا .. خێزانی یوسف مومن دوو کچی بووە: خەجێ خێزانی فەقێ محەمەدی سۆسەکانی، غەریبە خێزانی فەتاحی سۆسەکانی.

سەرچاوە: عیزەت ڕۆستەم، حەسیبە ڕۆستەم، نەجمەدین حاجی محەمەد، کەتان کچی فەقێ محەمەد، ئەرشیفی نوسەر.

د- نەوەی وەستا ڕۆستەم کابێنی الله بەخش

ڕۆستەم کابێن سێ کوڕی بووە: مەجنون، الله کەرەم، زۆراب، هەریەکەیان تیرەیەکیان لێ بووەتەوەبەم شێوەیە کەباسی دەکەین:

تیرەی مەجنونی ڕۆستەم کابێن :

ئەم تیرە زوربەیان جۆلاً بوون، مەجنون ئەم نەوانەی لێ کەوتووەتەوە:

١- وەهاب .. منالەکانی ئەمانەن: حاجی محەمەد چونکە دایکی ناوی مەجێ بووە بەحەمەدە مەجە مەشهورە، ئامینە خێزانی فەرەجی ئاییزە، مەلەکێ خێزانی مەحمود حەمەڕەحیم نادر.

٢-حەمە کەریم (سورلە) .. منالەکانی: حەیبە الله، تفحە خێزانی حەبیب گوڵەخانی، مەجێ دوای وەهاب شوی کردووە بە حەمەکەریم بۆیە حەیبە الله کەبرای دایکی حاجی محەمەدەو ئامۆزاشیەتی هەر لەماڵی حاجی محەمەدا گەورە بووە.

٣-عەزیز = ئایزە .. منالەکانی: حامد، حەمەڕەحیم، سەعید، سەلما خێزانی مستەفا پالانەیی دوایی شوی کردووە بە حەمەئەمین بەگی شۆشمێ ئەم منالانە هەموویان لەشۆشمێ ژیاون، فەرەج لە تەوێڵە بووە باوکی عەباس و فەخرەدین و نەزیرەی خێزانی ئیدریسی عوسمان خەجلە.

٤-محەمەد بەحەکۆڵە ناسراوە .. بەگیجی ئۆلقادری شاسواری هێناوەو کوڕێك و کچێکی بووە:

أ-عەبدولحەکیم ی جۆلا .. باوکی: محەمەد= حەملێو عەفان و ئەختەر خێزانی عومەری ڕەعنا.

ب-زێبا خێزانی کەرەمی جۆلاّ.

٥-قادر .. سوەیبەی عەزیز دەلاکی هێناوەو منالّی لێ نەبووەو مردووە پاشان بەگیجی ئۆلقادری براژنی مارەکردووەو ئەمیش کوڕێك و کچێکی بووە:

أ-نادری جۆلاّ .. باوکی: قادرو فائق و عەینەدین و بەگیج خێزانی محەمەدی ئۆلحەکیم.

ب-فەرخی خێزانی ئۆلقادری حەمەصالّحی هۆمەری یاقوەسور.

٦-بابالە .. ئەم بابالەیە هاتووە لەبانی شار دانیشتووەو ئەم منالاّنەی بووە: عەبدولخالق، عەبدواللە، عەتیە خێزانی نادری جۆلاّ کەباسمان کرد.

تیرەی اللە کەرەمی ڕۆستەم کابێن:

ئەم تیرەیەش زۆربەیان ئاسنگەر بوون، اللە کەرەم دوو کوڕو دوو کچی بووە کەئەمانەن:

١-بنەمالّەی ئیبراهیم .. دوو ژنی هێناوە: یەکەمیان مەلیعەی صالّح ئیسماعیل یاقۆ چاوش بووە، دووەمیان: بەیزای ئەکرەمی کەرەمی موئمن لەهۆزی هەیاس شا.

ئەم ئیبراهیمە دایکیشی لەهۆزی ئیبراهیمی یاقۆ چاوشە، منالّەکانی ئیبراهیم ئەمانەن:

أ-حسێن .. منالّەکانی: مەلیعە خێزانی حاجی محەمەد مەجە، تەلیعە، نەصرەدین.

ب-ئەحمەد .. منالّەکانی: شەرافەت خێزانی حاجی ئەحمەدی وەستا محەمەد، هوشیار، نەصرەدین، شیروان، ئاوات.

ج-حاجی حەسەن .. منالّەکانی: فەخرەدین، شوکری خێزانی جافری تۆفیق نۆدشی، شیرین خێزانی عومەری ئەلە، نەسرین خێزانی صدیق عەبدواللە صەلاّحە، فاتمە خێزانی ئەیوب قادر فەتاح، پەروین خێزانی لەتیف فەتاح ڕەحمان.

د-اللە کەرەم .. منالّەکانی: ئامینە خێزانی نورەدین مستەفا نەجیب، لەیلا خێزانی هوشیار ئەحمەد ئیبراهیم، حەسیبە، حسێن، شاباز.

هـ-عەینا .. شوی نەکردووە.

و-ئامینە.. خێزانی حاجی حەمەخان جافر- کچێکی بووە لێی بەناوی مەعصومە.

ز-خانم.. خێزانی تۆفیق حەمەصاڵح ئامۆزای -یەك کچی بووە لێی بەناوی حەلیمە.

٢-بنەماڵەی حەمەصاڵح .. یەك کوڕی بووە تۆفیق .. ئەم تۆفیقە دوو ژنی هێناوە: خانم ی ئامۆزای کەباسمان کرد لەم ژنەی حەلیمەی بووە، خێزانی دووەمی صەفیەی فەرەج الله بووە لەمیش کوڕێکی بووە بەناوی حەمەصاڵح ... کەتۆفیق مردووە صەفیە شوی کردووە بە الله کەرەمی ئیبراهیم کەباسمان کرد.

٣-زلێخا .. شوی کردووە بە عەزیزی سلێمانی یاقۆچاوش، پێشتر خێزانی جافری برای عەزیزی سلێمان بووە.

٤-مەنیجە .. شوی کردووە بە حەمەصاڵحی ئەحمەد شاسوار، حاجی فەتاح و صادقی بووە.

تیرەی زۆرابی ڕۆستەم کابێن:

دەڵێن زۆراب دایکی لەنەوەی فەقێ ئەحمەدی غەزاییە بەڵام بۆمان ساغ نەبوویەوە، زۆراب دوو کوڕو کچێکی بووە، زوربەشیان جۆلاّ بوون کەئەمانەن:

١-فاتمە .. شوی کردووە بە حەمەحسێن بوڵینە .. دایکی حەمەفاتەیە.

٢-خاتمە.. شوی کردووە بە ئەحمەد فەقێ محەمەد .. دایکی حەمەخاتەیە لەدەگا شێخان.

٣-عەلی محەمەد .. دوو ژنی هێناوە: یەکەمیان: زلێخای وەیسی سۆسەکانی، دووەمیان: زێبای موئمنی مستەفای یاقووە سوری. عەلی محەمەد ئەم بنەماڵەیەی لێکەوتووەتەوە:

أ-وەستا وەهابی جۆلاّ .. ئامینەی کچی حەملی قاسم ئاغای هێناوەو ئەم منالانەی بووە: حەفصە خێزانی عوسمانی کەریم خادم، ئافتاب خێزانی حاجی مەحیەدین یوسف، صابر، ئیدریس، وەهاب لەخێزانی یەکەمی عەلی محەمەدە.

ب-حاجی شەفیع .. مناڵەکانی: محەمەد، داود، هاشم، کازم، ئەختەر.

ج-مەحبوبە خێزانی نەصروالله ی کەیکاوس (نەصکۆڵ).

د-سوراحی .. شوی نەکردووەو مردووە.

ه-محەمەد .. ژنی نەهێناوەو مردووە.

تێبینی/ زۆرابی ڕۆستەم کابێن و فەقێ محەمەدی ئەحمەد حەیدەر ئاوەڵزاوان، سیما خێزانی زۆراب بووەو سیمین خێزانی فەقێ محەمەد بووە، واتە مناڵەکانیان پورزای یەکترن.

سەرچاوە: الله کەرەم ئیبراهیم، سوەیبە خێزانی ئەحمەدی ئیبراهیم، مەلیعە خێزانی حاجی محەمەد وەهاب، صابر وەهاب عەلی محەمەد، عەباس فەرەج ئاییزە، ئەرشیفی نوسەر.

٥ - تیرەو ئۆسا جامی = تیرەی وەستا جامی:

ئەم تیرە بەتیرەی وەستایان (ئۆسایا) ناسراوە، هەمووشیان ئاسنگەر بوون و ئێستاش نەوەکانیان ئەم پیشەیە دەکەن، جامی گەورەی ئەم تیرەیە بووەو لەسێ بنەماڵە پێکهاتووە کەئەمانەن:

أ-**بنەماڵەی عەبدولەجید** .. شەش کوڕی بووە:

١-حاجی محەمەد .. مناڵەکانی: ئەبوبەکر (عەبولە)، جەعفەر، عەبدوڕەحمان، محەمەد، عابد، سەعید، داود، ناصر، عەینا خێزانی ئاییزەی خواکەرەم، قەتحە خێزانی حاجی قادری حەمەعەزیز، نەهیە خێزانی عیزەتی مستەفا.

٢-حاجی عەبدولخالق.. مناڵەکانی ئەمانەن: یونس، مریەمی خێزانی حەمە ڕەحیم ئەسکەندەر، نەسرین خێزانی م. سەید عەبدوڕەحمان سەیف تەها.

٣-عەبدولکەریم .. مناڵەکانی ئەمانەن: حەمەغەریب، فکرەت، قەییوم، مەحبوبە خێزانی عابدی حاجی محەمەد، غەریبە خێزانی مەحمودی ئەلە، ئەختەر خێزانی ئیسماعیلی محەمەد ڕەسوڵ، گوڵزار خێزانی فەخرەدین حاجی محەمەد حەمەڕەحیم.

٤-عەبدولحەمید .. مناڵەکانی ئەمانەن: خالد، سەلما خێزانی حەمەحەسەن حەمەفاتە، بەدریە خێزانی ئەنوەری فەرهاد، حەبسە خێزانی نەجیب کوێخا حەمەئەمین.

٥-مستەفا .. مناڵەکانی ئەمانەن: حەمەعەلی، ئاسیلە خێزانی حاجی محەمەد حەمەڕەحیم.

٦-عەبدولباقی .. مناڵەکانی: حەمەئەمین .. ئەمیش کوڕێکی بووە هەر ناوی حەمەئەمینە بە نامله مەشهورە.

ئەوەی شایانی باسە: مناڵەکانی ئەم شەش کوڕەی وەستا ئۆلمەجید هەریەکەیان نەوەیان هەیە، هەروەها حاجی محەمەدو مستەفایان دایکیان جیایەو برای دایکی جافرو حەکیمی سلێمانی یاقۆ چاوشن.

ب-بنەماڵەی وەستا عەبدواللە ناسراوە بەئۆسا عەبدە .. ئەم منالانەی بووە:

١-شوکرە.. کوڕێك و کچێکی بووە: عەبدواللە کەبەعەبەی شوکرە ناسراوەو لەسلێمانی ژیاوە باوکی حەبیب و ...تاد. کچەکەشی عەللەی خێزانی حاجی خدر بووە.

٢-حاجی فەتاح .. کوڕێك و دوو کچی بووە: محەمەد .. لەبەغدا ژیاوەو ئێستاش نەوەکانی لەوێن، فاتمە خێزانی مەلا ئەوڕەحمانی دایکی عەبدواللە و حامد و عابد، خەدیجە خێزانی ئۆڵلای حسلە، پاشان شوی کردووە بە حاجی عەبدواللە حەمەحسێن.

٣-لاڵێ خان .. شوی کردووە بە عەبدوڕەحیمی کوێخا قادری یاقوەسور.

٤-ئاملە خێزانی حەمەصاڵح حەمەیوسف ئەشکە، دوای ئەم شوی کردووە بە حاجی مەنوچەری دزاوەری.

ج-بنەماڵەی وەستا نەصرواللە .. کوڕێکی بووە بەناوی فەتح اللە لەساتیاری لای باینگانی ئێران ژیاوەو نەوەکانی ئەمانەن: حاجی مەلا صدیق، داود، عیزەت، صەلاح.

سەرچاوە: سەعیدی حاجی محەمەد، ئامینەی عەینای حاجی محەمەد، عەلی حاجی خدر، عابد سانە، پەسەند بابالە، عەبدول عەلی، ئەرشیفی نوسەر.

* * *

تیرەو حەمە ئاغای = تیرەی حەمەئاغا:

حەمە ئاغا کوڕی زەکەریایە، کەئەصڵ خەڵکی دێی کاکۆ زەکەریای لای مەریوانە .. دوو کچ و کوڕێکی بووە:

ا-هاجەر .. خێزانی شێخ عوسمانی سراجەدین بووە.

ب-مەحبوبە .. خێزانی پیاوێکی دزاوەری بووە.

ج-ئیسماعیل .. دوو کوڕی بووە: حەمەسەلیم بەگەنجی مردووە، بەڵام کوڕی دووەمی محەمەد بنەماڵەیەکی گەورەی پێکهێناوە کەسێ کوڕی بووە: غەفورو عومەرو ئیسماعیل، نەوەکانی ئەمانیش ئەمانەن:

١-غەفور.. سێ کچ و کوڕێکی بووە: خانمە خێزانی جافرە مەمول، ئامینە خێزانی ئۆڵلای هەیبەکر.. دایکی جەلال و میرزا، هاجەر خێزانی کەریم عوسمان، محەمەد بەحەممەدە غەفور ناسراوەو ئەم منالانەی بووە:

حەمەسەلیم، غەفور، حەسەن، حسێن، ئیبراهیم، ڕەحیمە خێزانی عەبدوالله ی حاجی سەلیم، ئەمانیش ئێستا نەوەیان هەیە.

٢-عومەر .. یەك کوڕی بووە حەمەئەمین .. منداڵەکانی ئەویش ئەمانەن:

-نازدارە خێزانی دووەمی عەبدیلە دایکی عەینەدین و کەمال، ژنەکەی تری عەبدیلە هەر نازدارە ناوێکی تر بووە کچی حامدی خەسرەو.

-نەصرەدین .. بەنەصە هاجە مەشهورە.

-عەبدولعەزیز .. لەخورماڵ ژیاوە.

-عەلی و عومەرو خۆرشیدیش بەگەنجی مردوون، عومەر پاش ژنهێنان مردووە.

٣-ئیسماعیل .. کوڕێك و دوو کچی بووە:

-ئۆلوەهاب.. باوکی ئیسماعیل و ئیدریس و زوبەی خێزانی عومەری ئەحمەد عارەب و ئامینەی خێزانی جەلالی ئەلەو سەعادەت خێزانی ئەمین عەلەم.

-موڵکی خێزانی حەکیم (حەکەلە) دایکی کامیل و جەمال و حامد.

-عەجەب گوڵ خێزانی تۆفیق قالەکەر.

سەرچاوە: حەسەن محەمەد غەفور، ئەرشیف.

* * *

تیرەی خدر ئالی

خدر کوڕی عەلیەو بەتیرەی خدرالی بەناوبانگەو لەگەڵ تیرەی حەمزەلەو تیرەی حەمەی وەستا عوسمان دا زۆر تێکەڵن و ژن و ژنخوازی زۆر بووە لەنێوانیاندا. خدر کوڕێکی بووە بەناوی ئیبراهیم، چونکە زۆر ئازا بووە لەڕۆیشتن داو هەواڵ و خەبەرێك بووبێت لەو سەردەمەدا بەودا گەیاندویانە بۆ شوێنانی تر، بۆیە بەبلە باڵدار ناسراوە. بلە باڵداری خدرالی ئەم منالانەی بووە، کەهەریەکەیان بنەماڵەیەکیان پێکهێناوە:

* **بنەماڵەی ڕەسوڵ** .. دوو کوڕو سێ کچی بووە:

أ- وەیسی.. منالەکانی:

١) ڕەسوڵ .. باوکی: قادر، مەعصومە خێزانی مستەفا حەمە ڕەشید، نەزاکەت خێزانی محەمەدی صالح حەمە ڕەزا، عەتیە خێزانی عەبە لەیلە.

٢) حاجی محەمەد .. باوکی: نەجیب، نەصرەدین، عابد، زۆراب، وەنەوش..

٣) سەعید.. باوکی: کەمال و جەبارو جەمیل و ستارو ڕابعە خێزانی سەعە لەیلە.

ب-حەمە عەلی .. منالەکانی:

١) حەمەکەریم .. باوکی: حەمەکەریم بەنامەوەش بەناوبانگە.

٢) خەرامان خێزانی سەعەڕوش.

٣) مریەم خێزانی ئەورەحیم قەرە.

ج- هەمینە .. شوی کردووە بەنادری ئەحمەدی حەمەی وەستا عوسمان.

د- عائیشە .. شوی کردووە بە صەیفور هاڵەکۆکی.

هـ- فاتمە .. شوی کردووە بەقادر حسێن ئەحمەدی هاڵەکۆکی.

* **بنەماڵەی دەوڵەتیار** .. یەك کوڕی بووە حەمە ئەمین .. ئەمیش دوو کوڕو سێ کچی بووە:

أ- فەرەج .. باوکی: صابر، فاتح، حسێن.

ب- حەسەن .. باوکی: محەمەد= شێخۆ، صەبریە خێزانی وەسیم صادق، قەدریە، عەزیمە، نازیمە، حەمە ئەمین، فاخر.

ج- یاسەمەن خێزانی فەتاحی ڕۆستەم.

د- حەنیفە خێزانی حاجی صادق حەمەحسێن.

هـ- زەریفە خێزانی کوێخا محەمەدی کوێخا حەمەئەمین.

* **بنەماڵەی حەمەعەزیز**.. کوڕێکی بووە بەناوی ئەحمەد، ئەم ئەحمەدە لەهویە ژیاوەو عیصمەتی مەلا ئەسکەندەری هێناوەو دوو کوڕوو دوو کچی بووە:

أ- محەمەد .. سێ ژنی هێناوە، سەلمای کچی حەمە عەطار، وەنەوشی حەمە ڕەشیدی گوڵە، سەلما ناوێکی تر، دوو کوڕو کچێکی بووە: ئەحمەد، ئیسماعیل، عائیشە خێزانی حاجی بابالەی مارف، .. ئەم منالانەی لەیەکەم خێزانی بوون.

ب- حەمە مراد.. ئەمیش سێ ژنی هێناوە، زوبەیدەی مستەفای مەولود، زوبەیدەی محەمەدی شاوەیس، خەدیجەی ئەحمەد خەسرەو ئەم منالانەی بووە: عەینا، عەبدولخالق، عەباس، ئەم سێ‌منالەی لەخێزانی یەکەم بوون، لەخێزانی سێهەمیش ئەم منالانەی تری بووە: عەلی، شەوبۆ، ئازاد سۆران، مەهاباد.

ج- شیرین .. خێزانی حەمەحسێنی حەمە سەعیدی شاپێ.

د- خانمە.. خێزانی حاجی محەمەدی حاجی صادق.

* **بنەماڵەی حەمە سەعید**.. بەحەمەسەعیدی شاپێ بەناوبانگە، مناڵەکانی ئەمانەن:

أ- حەمە حسێن .. مناڵەکانی: میرزا، ئیبراهیم، حەمە کەرەم، تۆفیق، عومەر، ئەهلە خێزانی عەبولە زیتە، سەنیە خێزانی نەصەهاجە.

ب- حاجی یوسف .. مناڵەکانی: ئیسماعیل، یونس، ناصر، نەصرەدین، ئەمین، ئەیوب، بەهیە خێزانی وەستا ئەحمەدی عەبدوڕەحمان دارتاش، سوەیبە خێزانی محەمەدی حەمە ڕەشید فەتاح.

ج- حەمە صالح .. مناڵەکانی: حەمە سەعید، ئازاد، مەحبوبە خێزانی عەبدوڕەحمانی ئەحمەد خەسرەو، حەبیبە خێزانی محەمەدی حاجی سلێمان، ئەختەر خێزانی عەبدولواحدی کەریم حەمە سەعید، شوکریە خێزانی حەمە کەرەم حەمە حسێن ئامۆزای.

د- حەبیبە .. خێزانی مەحمودە شەل، دایکی جەمەو عەبوی حەماڵ.

ه- زوبەیدە .. خێزانی محەمەدی ئەڵڵاك، دایکی تەیبە.

و- ئەفرۆز .. شوی نەکردووە مردووە.

* **بنەماڵەی مەحمود** .. تەنها یەك کچی بووە پەسەنێ، شوی کردووە بە حەمەشەریف حاجی ڕەحمانی هەیاس شا.

سەرچاوە: قادر ڕەسوڵ، سودم زۆر لێ وەرگرتووە، حەمە سەعید حەمە صالح، عەباس حەمە مراد، فاتح فەرەج، دەروێش لەتیف، حاجی صادق کوێخا محەمەد.

* * *

تیرەی حەمزەیی

حەمزە کوڕی یوسفە، لەگەڵ تیرەی خدرالیدا لەوانەیە بگەنەوە بەیەك و لەبناغەدا یەك هۆز بووبن. حەمزە ئەم مناڵانەی بووە: کەچەند بنەماڵەیەك پێك دەهێنن:

١- **بنەماڵەی حەمەڕەحیم** .. چوار کوڕی بووە، کەئەمانیش نەوەیان هەیە کەئەمانەن:

أ) ڕەشید بەکاکەڕەش مەشهور بوو .. دوو کچ و کوڕێکی بووە: ئاڵتون خێزانی عەزەی حەمەلەی ئامۆزای بووە، خانمە خێزانی جوانەی هاڵەکۆکی بووە، پاشان شوی کردووە بە ئەحمەدی جیهانبەخشی هاڵەکۆکی. مستەفا کەبەمچە ڕەشلە بەناوبانگەو چوار کوڕی بووە:

- صۆفی وەهاب.. منداڵەکانی: عەبدوڕەحمان، عەبدوالله، مەلیعە خێزانی حەمە ئەمین قادر، تەلیعە خێزانی عەبدولی حەمە بڕوا.
- صۆفی محەمەد ... منداڵەکانی: یاسین، موحسین، موعین، ڕەعنا خێزانی هادی بابای سێلە، عائیشە خێزانی ناصری وەستا حەمە ئەمین، فاتمە خێزانی سەید شەریف سەید صادق، نەعیمە خێزانی ڕەمەزان حاجی قادر سەرگەتی.
- صۆفی حەبیب .. منداڵەکانی: حورمەت خێزانی ئیسماعیل هەورامی، حەیات خێزانی نەصرەدین عەبدولعەزیز، سەعادەت خێزانی نوری کاکل، عەبدولواحد.

ب- ڕۆستەم .. کوڕێکی بووە بەناوی کەریم ئەمیش کوڕێك و کچێکی بووە، کچەکەی ڕابعە بووە شوی کردووە بەمەحیەدین لەگردی شەریف لەشارەزوور، کوڕەکەیشی کوێخا ڕۆستەم بووە، ئەم منداڵانەی بووە:

کەریم، ئەیوب، ڕزگار، نافعە خێزانی صاحب کەریم، سەنیە خێزانی سوبحان جافر، صەبیحە خێزانی نەصرەدین ئیبراهیم، ڕەنگین خێزانی عومەر شەریف ڕەزاوی، تاڤگە خێزانی جەلیل شەمێرانی، گەردە خێزانی حەمە سەعید ڕەزاوی.

ج- حەمە عەزیز.. کوڕێکی بووە بەناوی حەسەن، بەناوی دایکییەوە مەشهور بووە بەحەسەن مەلە .. منداڵەکانی: مەهدی، فەیرۆز، صەباح و چەند کچێك.

د- محەمەد بەحەمەلە مەشهور بووەو کوڕێکی بووە بەناوی عەزیز بەعەزە بەناوبانگ بووەو یەك کچی بووە، خەدیجە خێزانی بابای قالە.

٢- **بنەماڵەی حەمە یوسف** .. دوو کوڕو کچێکی بووە کەئەمانەن:

أ) حەمە شەریف .. سێ کوڕو کچێکی بووەو منداڵەکانی بەناوی دایکیانەوە ناسراون:
- حەمە یوسفی گەوەر .. منداڵەکانی: حەمە شەریف، نەجم، چیمەن خێزانی عەبدولکەریمی عارف ئامۆزای، بەرزان، سەردار، شەمسەدین، گۆران (بەهائەدین).
- عارف ئەمیش بەعارفی گەوەر ناسراوە .. منداڵەکانی: ناهدە خێزانی ئەیوب کوێخا ڕۆستەم، فەریدە خێزانی عوسمان گەورەدێیی، ساجدە خێزانی لوقمان هەولێری، عەبدولکەریم، مستەفا، موەفەق لهۆنی، نەوزاد، ئازاد.

- محەمەد ... ئەم محەمەدە لەساڵی ١٩٣٣ لەدەرە تاریک لەگەڵ حەمە کەریم لاڵە کوژراوە.
- مریەم .. بەگەنجی مردووە.
ب- حەمە ڕەحیم .. دوو کوڕو کچێکی بووە:
- محەمەد .. بەدارا بەگ بەناوبانگ بووە، ئەم منالآنەی بووە: فەهمی، سامی، فکرەت، حکمەت، وەصفی، ئامانج، کۆفە خێزانی ئیدریس مەحمود، (س) خێزانی ئادەم حەمە عارف حەمێ، فریشتە.
- حەمە کەرەم .. چووە بۆ کاروانی نەهاتووەتەوە .. دەڵێن: لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی فەرەج الله دا چووە بۆ گەرمیان کوژراوە.
- عائیشە .. خێزانی عەبدوڕەحمانی مەلا عەبدولحەمید.
- شیرین .. خێزانی حەمە سوری خالد هاڵەکۆکی، دایکی دەروێش مەحیەدین.
- وەنەوش .. خێزانی غەفوری محەمەد ئیسماعیل .. دایکی حەمەدە غەفور.
٣- **بنەماڵەی قادر کەبەقالە کەڕ ناسراوە**..ئەم منالآنەی بووە:
- صالح .. منالەکانی: سلێمانەی ئینزیبات، کەمالی مێژوڵە، ئەمنە خێزانی ئۆلحەکیم سێلە.
- تۆفیق.. منالەکانی: هەمینە خێزانی میرزای ئۆڵڵا، ڕەحمە خێزانی صەلاحی بابالەی حەمە ڕەشید، فەتاح. مینا شووی نەکردووە.
- باقی .. کوڕێك و کچێکی بووە: قادر بەقادری فەرخی مەشهورە، حەفصە خێزانی ئەمینی قالەلاڵ.
- عاصێ .. خێزانی مەلا کامیلی مەلا عەبدولقادر بووە.
- مینا...
- عەینا خێزانی حەمە مراد ڕەمەزان لەهۆزی هەباسان.
- بابا .. کوڕێکی بووە (مەجید) هاتووە بۆ گوندی کانی هەمزە لەپشت زەڕایەن لەشارەزوور، ئەمیش ئێستا کوڕێکی هەیە لەباریکەیە بەناوی عەبدوالله و نەوەی هەیە.
٤- تەمام .. خێزانی حەمە سەعیدی شاپێ لەتیرەی خدرالی.
٥- نەمام .. خێزانی غەفوری فەتاح لەهۆزی هەیاس شا.
٦- شەمام .. خێزانی حاجی حەمە کەریم حاجی مستەفای یاقوەسور.

سەرچاوە: ئەیوب کوێخا ڕۆستەم، عەبدولکەریم عارف، نارنج غەفور فەتاح، دەروێش لەتیف محەمەد، حەسەن محەمەد غەفور، حاجی محەمەد ئیمام، تاد.

* * *

تیرەو حەمەو ئۆسا عوسمانی = تیرەی حەمەی وەستا عوسمان

ئەم تیرە بەتایفەی خەیاتان ناسراون، وەختی خۆی باوا گەورەیان (حەمە لەتیف) بەشای خەیاتان بەناوبانگ بووەو، نەوەی بەم شێوەیە لێ بووەتەوە:

ئیسحاق ← ئیبراهیم، یوسف ← عوسمان ← محەمەد. ئەم حەمەی وەستا عوسمانەش ئەم بنەماڵانەی لێ کەوتووەتەوە:

١- **بنەماڵەی ئەحمەد** .. دوو کوڕی بووە: عەلی و نادر .. عەلی هاتووە بۆ هەڵەبجەو خوشکی حاجی شەخەڵەی هێناوەو یەك کوڕی بووە، ئەمیش هەر بەناوی باوکی‌یەوە ناونراوە عەلی.. ئەم عەلی‌یەش یەك کچی بووە بەناوی توبا.

بەڵام نادر، هەمینەی ڕەسوڵی خدر ئالی هێناوەو دوو کوڕی بووە کەئەمانەن:

- ڕەشید .. کوڕێك و دوو کچی بووە: نادر.. بەگەنجی مردووە، ڕەعنا خێزانی نازم هەڵەبجەیی، ئافتاب شوی نەکردووەو مردووە.
- حاجی تۆفیق ... ئەم منالآنەی بووە: حاجی الله کەرەم، حاجی فائق، حەسەن، حسێن، شاهۆ، نافعە خێزانی هادی حاجی ئایزە، فەرخی خێزانی ئۆلحە.. ئێستا خێزانی پیاوێکی هەڵەبجەیی‌یە، حەمیدە خێزانی ئۆلعەزیزی سەعید، حامیدە خێزانی عەلی حاجی ئامانە الله، مەلیعە خێزانی جەباری ئەمین، قەدری خێزانی حافیظ عەلی.

تێبینی/ حاجی تۆفیق دوو خوشکی دایکی هەیە کەباوکیان پاوەیی‌یە کە(کافەو خۆرشید) بوون.

٢- **بنەماڵەی مەحیەدین**.. ناسراوە بە دینە .. دوو کوڕی بووە:

- محەمەد = حەمەلەدینە، منالەکانی ئەمانە بوون: حەمە صالح، صدیق، باقی، حەمە سەعید، حەمە ڕەحیم، مەعصومە خێزانی حەمە ئەمین حەمە حسێن.
- فەتح الله = فەتەلەدینە.. ئەم منالآنەی بووە: حەبیب الله، مارف، عەبدولوەهاب، حەیات خێزانی صدیق حەمەی دینە، فەهیمە خێزانی نەصرەدین ئیبراهیم، مەلیعە خێزانی برهان فەرهاد، فەرخی خێزانی پیاوێکی خورماڵی.

٣- **بنەماڵەی عەزیز** .. عەزیز تەنها سێ کچی بووە:

- فاتمە .. شوی کردووە بەحەمەحسێنی شاناز.
- مەنیجە .. شوی کردووە بەحەمە یوسفی مستەفای خولەگەڕا.

- بەگیج .. شوی نەکردووە.

٤- **بنەماڵەی لەتیف** .. دوو کوڕی بووە:

- محەمەد .. بەوەستا محەمەدی کەبابچی و بەحەمەبڕوا ناسراوەو منداڵەکانی ئەمانەن: عەبدول، دەروێش لەتیف، مریەم خێزانی حاجی تۆفیق حەمە باقی غەفور، ئەدیبە خێزانی صۆفی محەمەد صۆفی وەهاب.

- عەزیز .. خێزانی نەهێناوەو چووە بۆ حەج لەوێ مردووە.

٥- بنەماڵەی قادر .. سێ کوڕو چوار کچی بووە:

- حەمە یوسف ... منداڵەکانی: عەبدولقادر، عەبدوڕەحمان، عەبدولخالق، عەللە خێزانی حاجی مستەفا سلێمانەیی، بەهیە خێزانی ئەحمەدی شەمسە.

- خواکەرەم .. منداڵەکانی: وەهاب، عابد، نەصرەدین، فەخرەدین، صابر، مەحبوبە.

- حەمە کەریم.. منداڵەکانی: موسا، بەشیر، مەلیعە خێزانی حەمە فەرەجی نانەوا هەڵەبجەیی.

- خەدیجە .. خێزانی عەلی محەمەد بەگ .. دایکی ئۆلکەریم بەگەیە.

- مروەت .. خێزانی حاجی حەمە ئەمین .. دایکی هادی.

- زێبا .. خێزانی یەکەمی حاجی تۆفیق نادر بووە، دوایی سوەیبەی هێناوە.

- ئامینە .. خێزانی عەلی قادر .. دایکی سەعید.

٦- **بنەماڵەی عوسمان** .. منداڵەکانی ئەمانە بوون:

- کەریم .. منداڵەکانی: عومەر، عەلی، عوسمان، یونس.

- ئیبراهیم .. منداڵەکانی: نەصرەدین، فەخرەدین، قەدری خێزانی جەمال حەمە لەتیف، تەلیعە خێزانی صاڵحی قادری هەسەنە شوان.

- مەلەك خێزانی سەید فەتح اللە.

- پەریزاد خێزانی قادری هەسەنە شوان لەخورماڵ.

- خەرامان خێزانی سەید سوبحانی خورماڵی.

٧- **بنەماڵەی حەمە ئەمین**.. یەك کوڕی بووە بەناوی ئەحمەد چووەتە دەگاشێخانی مەریوان دانیشتووە، منداڵەکانی: محەمەد، عەلی، ڕەحمان، عوسمان، کەریم.

٨- بنەماڵەی بایەزید .. کوڕێك و کچێکی بووە:

- کچەکەی ناوی ئامانێ بووە خێزانی نۆئێل مەسیحی بووە.. دوای ئەوەی موسڵمان بووەو ناوی خۆی گۆڕیوە بەمیرزا عەبدوڵڵا و ئەم شوی پێکردوە دوای ئەمیش نازدارێ خوشکی حاجی بارامی الله کەرەمی هێناوە.

- ئەبوبەکر.. دایکی ناوی زینەت بووەو باوکی زوو مردووە بۆیە بە عەبولە زیتە مەشهور بووە، ئەم منالأنەی بووە: ظاهر، سەعدی، نەزهەت، نەزیرە خێزانی ئاغەی خارگێلأنەیی، قەتحە خێزانی ڕەشە سوری بێ سەری، نەسرین خێزانی ئەیوبی حاجی ئەوڕەحمانی موڵکی، ڕەنگین خێزانی صەلاحی عەبدواللە ی حسێن، لەتیفە.

تێبینی/ قسە هەیە لەسەر ئەوەی کەئەم تیرەو تیرەی خدر ئالی یەك هۆز بن، بەلأم بەتەواوی بۆمان ڕوون نەبوویەوە بۆیە بەجیا نووسیومانن.

سەرچاوە: دەروێش لەتیف محەمەد،حاجی الله کەرەم حاجی تۆفیق، حاجی فائق حاجی تۆفیق، نەصرەدین خواکەرەم، قادری ڕەسوڵ.

* * *

تیرەی یاقۆ چاوشی کاکەڕەش

کاکە ڕەش خەڵکی ناوچەی مەریوان بووەو هاتووە لە تەوێڵە نیشتەجێ بووە، کوڕێکی بووە بەناوی یەعقوب، ئەم یەعقوبە ماوەیەك سەربازی کردووە بۆ دەوڵەتی عوسمانی و دەبێتە چاوش، پاشان دێتەوە بۆ تەوێڵە دادەنیشێ. پیاوێکی ناودارو دەسەلأتدار بووەو هەشت منالی بووە، شەش کچ و دوو کوڕ. کوڕەکانی یەکی بنەماڵەیەکیان پێکهێناوە، منالەکانی ئەمانە بوون:

١-شانازێ .. خێزانی شێخ محەمەد بەهلئەدین.. لە(یادی مەردان) دا ل(٨٤) م.مەلا عەبدولکەریم نوسیویەتی: چوارەم خێزانی شێخ ژنێکی تەوێڵەیی بووە، بۆی ساغ نەبووەتەوە کێیە!!.

٢-دەوڵەت خێزانی ڕۆستەم سات. لە مێژووی هەوراماندا ل (١٣٥). م.هەورامانی ئەم خێزانەی بەکچی یاقوە سور (یاقۆ چاوش) نوسیووە... ئەمە هەڵەیە چونکە یاقوە سور جیایە لەگەڵ یاقۆ چاوش دا.

خاتو دەڵەت دوای ڕۆستەم سان شوی کردووە بە مەجیدی هانە گەرمڵەیی.. دایکی حاجی حامد و ئەوانە.

٣-ئیصاف.. خێزانی حەمە ئەمین بەگی لهۆن لەبیارە دایکی فەتاح بەگ... دواتر شوی کردوە بە قادر ئاغای میران ئاغا، دایکی عەبدوالله ئاغە بووە.

٤-خاڵخاس... خێزانی ئیسحاق كوێخا ئەحمەدی یاقووە سوری ... دایكی كوێخا حەمە ئەمین.

٥-(س) خێزانی عەبدولقادری سۆسەكانی.. دایكی مستەفا.

٦-گوڵە... خێزانی حەمە حسێن دایكی عەبدوالله گوڵە.

٧-سلێمان... ئەم بنەماڵەیەی لێ كەوتووەتەوە.

أ-حەكیم... دەوڵەتی سۆسەكانی هێناوە بەڵام نەوەیان نەبووە.

ب-جافر... لە بانی واتواتا كوژراوە... یەك كچی بووە ئامینە خێزانی ئۆلكەریمی ئۆلمەجیدی جافی.

ج-عەزیز (ئایزە) سێ كچی بووە: زینەت بەزیتە مەشهور بووە، خێزانی محەمەدی عەلی واتە دایكی حاجی حەمایز..كافیە خێزانی سەید محەمەدە خڕە.... سوەیبە خێزانی حەسەنە ڕەش.

د-حاجی خدر ...شەش ژنی هێناوە كە ئەمانە بوون:

فاطمە پاوەیی، عەللەی شوكرەی عەبدوالله، مینا حەمە كریم مەحمود، عاصێ میرزا بوڵینەیی، یاسەمەن نەوزەر ڕەحمان، ئافتاب مەلا عابد...

مناڵەكانی حاجی خدر ئەمانەن:

-عەلی ... بە عەلی سائق ناسراوە .. یەكێكە لە گۆرانی بێژەكانی تەوێڵە خاوەنی نەوەیە.

-خەدیجە خێزانی سەید صادق عەلی مەولود.

-شەرافەت.

-عەطاو فاتمەو ڕەعنا بە گەنجی مردوون.

٨-مەحمود ... ئەمیش ئەم بنەماڵەیەی پێكهێناوە و بە زۆری لە سلێمانی ژیاون.

أ-حەمە صاڵح... لە تەوێڵە بە حەمە ڕەش ناسراوە و لە سلێمانیش بە صاڵح تانە. ئەم مناڵانەشی بووە: ئەنوەر، محەمەد، حسێن، حەسەن، قادر، گوڵێ خێزانی كابرایەكی هانەی دن، نەهیە خێزانی كابرایەكی سلێمانەیی، هەر یەكێك لە مانیش نەوەیان هەیە.

ب-حەمە كەریم... بە حەمە شیرینە ناسراوە. مناڵەكانی ئەمانەن:

-مەحمود باوكی هیوا مەلەك و شیروان مەلەك.

-عەلی..

-خاوەر خێزانی حەمەی ڕەحیمە.

-پەری خێزانی عەبولە ڕەیحانە.
-کاڵێ خێزانی پۆلیسێکی سلێمانەیی.
-مینا خێزانی حاجی خدری سلێمان .. دوایی شوی کردووە بە حاجی حەمایزی خادما.
سەرچاوە: عەلی حاجی خدر، سەید صادق عەلی، حاجی حەمایز محەمەد، مەحبوبە عەبدولکەریم، ئەرشیف نوسەر.

*　*　*

تیرەی هەیاسەی زۆراب:

ئەم بنەماڵانەی خوارەوە دەچنەوە سەر ئەم تیرەیە و دەبنەوە بەیەك بەم شێوەیە:

***بنەماڵەی بارامی هۆمەر**

بارام چوار کوڕی بووە: هەیاس و زۆراب و هۆمەر و عەزیز سیانەکەی پێشەوە بە گەنجی مردوون تەنها عەزیزیان نەوەی بووە کە بە حاجی ئایزە بارام مەشهورە و خەدیجەی مستەفای عوسمان سۆسەکانی هێناوە و ئەم منالانەی بووە:-

زۆراب، هەیاس، هۆمەر، حەلیمە خێزانی عارفە کەملە، غەریبە خێزانی حەمە سەعیدی حاجی عەلی محەمەد، ئامینە خێزانی حەمە کەریم عومەر کەبەبابا مەشهورە، شیرین خێزانی ئەنوەر عەلی کەریم، گوڵچین خێزانی شەوکەت بەڵخەیی.

*** بنەماڵەی قوربانی**

قوربانی کچێك و کوڕێکی بووە، کچەکەی شیرین بووە شووی کردوە بە بارامی هۆمەر کەباسمان کرد، کوڕەکەشی‌حسێنە شەل بووە.

ئەمە حسێنە لەلای سلۆر و هەزارانی بەفر بردویەتی و گۆڕیشی وا لە لای گۆلاوەکانی سلۆردا لە تەوێڵە لە کەژی کەمەر سپی هەندێ کە مەرو تاشە بەرد هەیە بە ناوی ئەم پیاوە ناونراون بە (تاشا حسێنە شەلی) . ٢-ئەم پیاوە کوڕێك و کچێکی بووە:

١) قوربانی... بە قولێ مەشهوور بووە و سێ کچ و کوڕێکی بووە: فاطمە خێزانی تۆفیقی قادر دایکی عەلی تۆفە...، ڕێحان خێزانی خاڵەی مارفە کەوەل، خەجێ خێزانی قالەی مەجنون، ئەمین.

٢) خەجێ .. دایکی حەمە سەعید خیشە.

*** بنەماڵەی کەریم قاسم**

کەریم بە کەملە ناسراوە و ڕێحانی وەهاب هاوسەری بووە ئەم منالانەشی بووە.

١-پیرۆزە خێزانی فەتەلە ئاسەوان.

٢-حەیات خێزانی صادق خارگێلانەیی.

٣-مینا خێزانی ڕەحمان بەڵخەیی.

٤-عارف باوکی: دڵشاد و گەلاوێژ خێزانی سەرداری خاڵەی مارفەکەوەل.

٥-حەمە ئەمین بەجوجولە ناسراوە.

سەرچاوە: هۆمەر حاجی ئازیزە، عارفەکەملە، ڕەحمان الله وەیس، دەروێش لەتیف محەمەد، ئەمینی قوربانی.

*　*　*

تیرەی حاجی حەمە کەریمی دزاوەری

حاجی حەمە کەریم کوڕی سەلیمی کوڕی مەلا قاسمی کوڕی مەلا جامی دزاوەری‌یە، لەگەڵ م. مەلا محەمەدی مەلا بەهائەدین دەبنەوە بەیەك.

حاجی حەمە کەریم لە دزاوەرەوەهاتووە لە تەوێڵە نیشتەجێ بووە و، شەمسیەی صۆفی سلێمانی هێناوە و سێ کوڕ و کچێکی بووە کە ئەم بنەماڵەیان پێکهێناوە:

١- بنەماڵەی حاجی سەلیم... ئەم منالانەی بووە:

أ) حاجی محەمەد .. منالەکانی: هادی، مەهدی، سامان، سەروەت، سەیوان، کەیوان، سالم، پەنا، مەهتاب خێزانی عیسای صۆفی حەسەن، ئافتاب خێزانی ئەنوەری عارف، نایافت خێزانی ئەحمەد مەنیجی دزاوەری، فەریدە خێزانی خالد خارگێلانی.

ب) عەبدوالله.. منالەکانی: کەمال، جەمال، حازم، باسم، ئەدیبە خێزانی هادی محەمەد، منیرە خێزانی غەفاری حەمە سەلیم، جەمیلە خێزانی داود غەفور، پەروین خێزانی نەریمان جەلال، نەزمی.

ج) عەبدوڕەحمان.. منالەکانی: حومێرا، زەکەریا، ئەیوب، سبحان، ئارام، چیمەن، دیمەن، نادیە.

د) ئەحمەد ... منالەکانی: شەهاب، شیلان، شلێر، شاهێن.

ه) خەدیجە.. خێزانی حەمە صاڵحی حەمە سەعیدی خدرالی.

و) بەگیج... خێزانی حاجی ڕەئوف حەمە ئەمین عەزیز ئاغا.

ز) حەفصە.. خێزانی مەجید خالد خەسرەو.
ح) حەمیدە.. خێزانی ئادەم کەریم حەمە صادق.
٢- بنەماڵەی حاجی شەریف.. چووەتەوە لە دزاوەر دانیشتووە و کچێك و کوڕێکی بووە: عەلی و ئامینە.
٣- بنەماڵـەی حەمەصـالح ... یـەك کـوڕی هـەبووە بـەناوی صـدیق... باوکی: ئەکبەر و تاریق و نەسرین و شەهێن.
٤- سەلما... خێزانی حاجی صالحی حاجی صادق.
سەرچاوە: نامەیـەکی دەسـت خـەتی کاك جـەمال عەبدوالله حـاجی سـەلیم. هەروەها سامان حاجی محەمەد.

* * *

تیرەی هەباسە

عەباس کە بە هەباسە ناسراوە کچێك و کوڕێکی بووە: کچەکەی شووی کردوە بە مەولودە دۆم، کوڕەکەشی محەمەد دوو ژنی هێناوە یەکێکیان، ڕابیعەی خوشکی حەمە کەریم حاجیلەی هێناوە، لەگەڵ شاناز ناوێ و سێ کوڕی بووە کە هەریەکەیان بنەماڵەیەکیان لێ دروست بووە بەم شێوە:

١-بنەماڵـەی حەمـە سـەعید ... حـەبێ ی کچـی عەبـدو الله ی مـیرزای هاڵەکۆکی هێناوە و دوو کوڕی بووە بەناوی دایکیانەوە ناسراون کە ئەمانەن:
-حاجی خوا کەرەم.. مناڵەکانی کەمال، جەلال، شەوکەت، تۆفێق، بارام، سەرتیپ، ناهدە خێزانی ستاری مستەفا.
-محەمـەد.. بـە حەمـە چـەلەبی ناسـراوە مناڵـەکانی: حەمـە سـەعید عەبدولسەلام، بەختیار، عەتیە خێزانی حەسەن محەمەد غەفور، خۆرشید خێزانی ئیبراهیم محەمەد غەفور، قەمەرناز خێزانی نامیق خەرپانەیی، سەعادەت خێزانی هادی عەبدولقادر، نەصرەت خێزانی ئاراس عەلی قاراغە، ئاواز خێزانـی سـەرتیپ عەبدولقادر.
٢-حەمە حسین.. بە حەمە حسێنی شاناز بەناوبانگە، مناڵەکانی ئەمانەن:
أ-حەمـە ئـەمین... مناڵـەکانی: حەمـە شـەریف، صـەلاح، تەلیعـە خێزانـی فوئاد شێخ ئەحمەد.
ب-شاناز.. خێزانی حاجی حەمەزەریف.
ج-دەڵوەت.. خێزانی ڕەحمان وەهاب.
د-عیصمەت خێزانی عەلی کەریم حەمە سەعید خورماڵی.

ھ-مەعصومە... خێزانی پیاوێکی خورماڵی.

٣-مستەفا.. ژنەکەی ناوی ئەسماء دەبێ خوشکی جافرە مەمول، کە وەختێ مستەفا دەمرێ ئەم سکی پڕ دەبێ و دوایی کوڕێکی دەبێ ناو دەنرێ مستەفا بەناوی باوکیەوە، بەلاّم بە مستەفای ئەسماء مەشهور دەبێ. هەروەها سێ کچیشی بووە: ئامینە خێزانی حاجی ئامان الله ی کافە، پیرۆزە خێزانی حاجی خوا کەرەم حەمە سەعید، عائیشە خێزانی ئەمینی خودادادا.

سەرچاوە: جەلال و توفێق کوڕانی حاجی خوا کەرەم، ئەرشیف نوسەر.

تیرەی مەجید دەروێش

مەجید خوشکی جیهانبەخشی هاڵەکۆکی هێناوە، دوو کوڕیشی بووە کە هەریەکەیان بنەماڵەیەك پێك دێنن کە ئەمانەن:

*بنەماڵەی فەتاح.. سێ کوڕی بووە:

ا-عەزیز .. ئەم عەزیزە عەینای کچی عەبدولڕەحیم کوێخا قادری یاقوە سوری هێناوە.. لەبەر ئەوەی پیاوێکی شۆخ و شەنگ و بەخشندە بووەو پێیان وتووە (حانە) واتە لە حانە دەچێت. مەبەستیان لەحانەی سلێمانەیی بووە کە لە مەڵکەندی ژیاوە و مزگەوتی حاجی حانی دروست کردوە. منالەکانی حانەش ئەمانەن: عەبدولڕەحمان، زۆراب، ڕۆستەم، حەمیدە خێزانی فەرەج الله ی محەمەدی ڕەسوڵ، شاناز خێزانی سەعید محەمەد.

ب-عەبدولوەهاب.. دوکچی بووە: مەحبوبە خێزانی عبدالله حەمە ئەمین بیاوێڵەیی: عالیە خێزانی حەمە ئەمین بەڵخەیی.

ج-ئەحمەد.. لە بەغدا ژیاوە و بە ئەحمەد کوردی مەشهورە... کوڕەکانی: مەهدی و موەفەق.

* **بنەماڵەی محەمەد** ..کوڕێکی بووە بە ناوی مەولود. ئەمیش کوڕێك و دو کچی بووە:

١-حاجی محەمەد، بە حاجی حەمە زەریف ناسراو بووە منالەکانی ئەمانەن:

ئەحمەد، مەحمود، موسا، عیسا، مەجید، تەها، عەینا خێزانی حاجی بیلال، ڕەعنا خێزانی غەفوری محەمەد، مینا خێزانی نامەوەشی قلە، حامدە خێزانی فائقی ئایزەی عوسمانە، صەبری خێزانی ئۆلکەریمی قلە، ڕابعە خێزانی فەخرەدینی گوڵێ، نەسرین خێزانی نعمانی نەصرەدین دەروێش مەحیەدین.

٢-قلیٚ خێزانی وەیسی محەمەد.
٣-خونچە خێزانی هومەرەی وەستا عەزیز.
سەرچاوە: ڕۆستەم عەزیز فەتاح، عەینا حاجی حەمە زەریف.

*　　*　　*

تیرەو صۆفیا=تیرەی صۆفیان

وەهابی خدری هەیبەکر بە چەند پشت بە صۆفیەتی هێناویانە، بۆیە بە تیرەی صۆفیان ناسراون. ئەم تیرە لە چوار بنەماڵە پێکهاتووە:

١-بنەماڵەی خودادا... کوڕێکی بووە بە ناوی عەبدولکەریم ئەمیش ئەم مندالآنەی بووە:

حاجی عەبدولحەکیم ناسراوە بە ئەولەی حەبیٚ باوکی مەناف و سیفەت و سەعدون و شەوکەوت و صەفیە. حاجی حسێن ناسراوە بە حسەی حەبیٚ باوکی کەمال و حەسەن و فەریدە، خەدیجە خێزانی حەمە ئەمین (کاکل) دواتر شوی کردوە بە مستەفای هەق، سوەیبە خێزانی حاجی حەمە عەزیزی حەمە شەریف خادم، خونچە.

٢-بنەماڵەی عەبدولڕەحیم.. کوڕێکی بووە بە ناوی حاجی عەبدولڕەحمانی مولٚکی ناسراوە، ئەمیش ئەم مندالآنەی بووە: ئەنوەر، ئیسماعیل، یاسین، ئەیوب، سەنیە خێزانی حاجی قادری مەنوچەر لە دزاوەر، بەهیە خێزانی حاجی حەمە حسێنی حەمە فاتە، قەتحە خێزانی کەریمەی ڕەشە، مرواری خێزانی کوڕی حەمە یوسف مارفە.

ئەوەی شایەنی باسە: مولٚکی مەحمود ئاغا لە پێشە وەشووی کردوە بە عەبدولڕەحیم، حاجی عەبدولڕەحمانی بووە، پاشان شوی کردوە بە خودادا، عەبدولکەریمی بووە واتە عەبدولڕەحمان و عەبدولکەریم برای دایکین.

٣-بنەماڵەی عوسمان.. ئەمیش سیٚ کوڕ و دوو کچی بووە:

-عەزیز بە ئایزە ناسراوە مناڵەکانی: فائق، عەبدولوەهاب، عومەر، پیرۆزە.

-ئەبوبەکر: مناڵەکانی: جەمال، صابر، نەزمی، پرشنگ، پەخشان، نەخشین.

-حاجی عەبدوالله: مناڵەکانی: بورهان، ڕافیع، عوسمان، مەعروف، بێگەرد، گەردە.

-حەبیبە خێزانی حاجی محەمەد مەولود ناسراوە بە حاجی حەمە زەریف.

-حەنیفە خێزانی هەیاس حەمە سەعید.

٤-بنەماڵەی ئەبوبەکر. ناسراوە بە هەیبەکر چونکە زوو مردووە منداڵەکانی بەناوی بەیخانی دایکیانەوە بانگ کراون، منداڵەکانی ئەمانەن:

ا- فەقێ عەلی.... لە گوندی تاتان دانیشتووە و منداڵەکانی لەوێن.

ب- جافر.. دوو کچ و کوڕێکی هەیە... شێرزاد،

ج-ڕەیحان ... دایکی عارفە کەملە،

د-نامینە... خێزانی ئەلەی ئەحمەد،

و-عەتیە خێزانی حسلەی مەجە.

سەرچاوە: بورهان حاجی عەبدوڵلا، ئیسماعیل حاجی عەبدولڕەحمان، مەناف حاجی عەبدولحەکیم، عومەر عەلی ئەحمەد، عەینا حاجی حەمە زەریف، دەروێش لەتیف محەمەد.

* * *

تیرەی ئەسکەندەری داود کەڕەسێ یی

ئەسکەندەر خەڵکی کەڕەسی ناوچەی ژاوەڕۆ بووە و هاتووە بۆ تەوێڵە نیشتەجێ بووە و نەوەکانیشی ئەمانەن:

١-بنەماڵەی حەمەئەمین...حەبێی عەزیز دەلاکی هێناوەو دووکوڕی بووە:

ا-نادر... منداڵەکانی: کاکە برا، جەلال، مەحمود، سوەیبە خێزانی عەبدولڕەحمانی حەمە یوسف، ستارە خێزانی عەبدولخالقی حەمە یوسف، س خێزانی کاکلەی عەللە، س خێزانی ناجی حەمە لەتیف.

ب-حاجی حەمە ڕەشید.. بە ڕەشە حەبە بەناوبانگە ... منداڵەکانی: حاجی حەمە ئەمین، دەروێش محەمەد، جەبار، مەعسومە.. خێزانی حاجی ڕەحمانی فەتاح.

٢-بنەماڵەی قادر کە بە قالەلاڵ بەناوبانگە و بەگیجی حەمە کەریمی حاجیلەی هێناوە و پێنج کوڕی بووە:

ا-ئەسکەندەر: منداڵەکانی: عابید، موزەفەر، تەلیعە خێزانی عوسمانی حاجی عەبدولڕەحمان.

ب- ڕەحمان: منداڵەکانی : ئادەم، هەڵگورد، محەمەد، فەریدە خێزانی عەباسی حاجی محەمەدی حاجیلە، ، ئەدیبە خێزانی حسێن فەرەج حەمە ئەمین، واحیدە خێزانی حەمە بچکۆلی نۆدشی، نەسرین خێزانی هاشم گەچێنەیی سەیران خێزانی ڕزگار نەصرەدین.

ج-عەلی.. مناڵەکانی ئەمانەن: نەصرەدین، محەمەد، صەبری خێزانی حسێن عەلی بیارەیی، قەدری خێزانی مەحیەدین باقی، عەزیمە.

د-ڕەحیم .. مناڵەکانی: تاهیر، جەزا، ئەیوب، شەمسیە خێزانی جەمال عەبدولقادر، بێخاڵ خێزانی عومەر خورماڵی.

ه-ئەمین.. مناڵەکانی: ئاوات، ئارام، شوکری خێزانی ڕەحیم عەبدواللە ی بیارەیی، چیمەن خێزانی عومەر عەبدواللە ی بیارەیی.

سەرچاوە: حاجی حەمە ئەمین و دەروێش محەمەدی حاجی ڕەشید، ئادەم ڕەحمان .

*　　*　　*

تیرەو مۆلودی=تیرەی مەولودی

مولودی بابالە ئەم بنەماڵانەی لێ کەوتوەتەوە:

١-عومەر (هۆمەر)... نەوەکانی:

حەمە ڕەئوف، حەمە غەریب، حاجی عەبدواللە، بەهیە خێزانی جافەی حاجی محەمەد، مەحبوبە خێزانی سەعیدی عوسمان، فەریدە خێزانی شەفیع حاجی محەمەد، عالیە خێزانی ئەلەی مەحمود، عەتیە خێزانی حەسەنی حەمە حسێن.

٢-خواجە ئەحمەد.. مناڵەکانی:

حاجی جەزا، کەریم، فائق، خاتونە خێزانی خودادای مەمە، فەرخی خێزانی حەمە ڕەزا بەگی جافرسان، بەیزا خێزانی قاراغەی عەبدواللە ئاغا.

٣-ڕۆستەم.. مناڵەکانی:

-فەتاح: ئیبراهیم، توبا خێزانی عەبەی صەلاحە، نازارێ خێزانی ئەسکەندەری حەمە حسێن.

-وەیسی: حەمە صالح، حەمە ڕەحیم، کۆفێ خێزانی حەمە ڕەقی حاجی محەمەد، صەفیە خێزانی کەمال خاوەر، پەری خێزانی وەستا سەید صادق، نەعیفە خێزانی حەمە سەلیم مستەفا.

-حاجی حسێن : هادی ، صاحب، حافز.

٤-عەلی (ئەلی) .. مناڵەکانی:

-حەمە ئەمین: عەلی، وەفا خێزانی ئادەمی حاجی ئیسماعیل، خاوەر خێزانی حەمە ڕەزا بەگ، عەفاو خێزانی باقی حاجە حەسەن ، ئامینە خێزانی مەعسوم حاجی ئایزە، نەخشین خێزانی عومەر حەمە حسێن.

-سەید صادق: حەمە شەریف، صەباح ، صەلاح، گوڵچین خێزانی مەلا عەبدوکەریم مەلا صاحب، گوڵزار خێزانی دڵشاد حاجی عەبولە، گوڵشەن.

-سەید جافر: عیسا، سامی، نازم، ئاراس، زمناکۆ، ئاکۆ، سالم، ...هتد، دایکی ئەم دوو کوڕەی، خاتوو عوزرایە، سەیدە.

-نادر: ئەسکەندەری قەساب.

-فتح الله...؟

-زێبا خێزانی کاکەلەی حاجی فەرەج سەلیم.

-ڕەعنا.. خێزانی حاجی حەسەن ئیسماعیل.

٥-حاجی عبدوالله ... منالەکانی:

ئیدریس، عەبدولواحید، محەمەد، تەلیعە خێزانی حافز مەلا عەبدولحامید، مریم خێزانی یونسی حاجی یوسف.

٦-مستەفا.. منالەکانی:

عیزەت ، جەمال، کەمال، زوبەیدە خێزانی حەمە مورادی ئەحمەدە، هەمینە خێزانی قادر ڕەحمان بەڵخەیی.

٧-محەمەد.. نەوەی نەبووە.

٨-عەبدولواحید: ژنی نەهێناوە لە غەزای ڕوسدا کوژراوە.

٩-خۆرشید شوی کردوە بە مەولود باوکی حەکیم.

١٠-شیرین شوی کردوە بە حەبیب باوکی حاجی ئایزە .

١١-مصریە شوی کردوە بە ئەلی باوکی ئۆلحامدە.

سەرچاوە: وەستا سەید صادق، عەبدولحکیم، هادی حاجی ئایزەی حەبیب، دەروێش لەتیف مەعلوماتی خۆم نوسەر.

*   *   *

تیرەی ئیبراهیم جۆلا

ئیبراهیم لە کۆلانی دەمەرە سورا جۆلا بووە، دوو کوڕی بووە فەرەج و عەزیز... هەریەکەیان بنەماڵەیەکیان پێکهێناوە...

*بنەماڵەی فەرەج... فەرەج کوڕێکی بووە بەناوی حەبیب الله کەبە حەبیوالله بلانی ناسراو بووە، ئەمیش ئەم منالانەی بووە:

١-عەلی... سانیە عەبالی هێناوە و یەك کوڕی بووە بەناوی عەلی کە بەعەلیە سانە مەشهورە.

٢-عابید... دوای عەلی سانیە شوی کردوە بەم عابیدەو دوو کوڕ و کچێکی بووە، حسێن، مەهدی، عوزرا خێزانی عەزەی وەستا عەلی، هەروەها عابد ژنێکی تری بووە بە ناوی حەفصەی خێزانی صادقی عەزیز دەلاك لەمیش دوو کوڕی بووە، صەلاح و صەباح.

٣-جەلال..

٤-جەمال.. بە مامۆستا جەمال بێدار ناسراوە..

٥-سوەیبە.

*بنەماڵەی عەزیز دەلاك.. عەزیز لە بەر ئەوەی سەربازی نەکات بۆ عوسمانی چووە بۆ ناوچەی سنە دانیشتووە، لەوێ ژنی هێناوە کە ناوی فاتمە بووە، ماوەیەکیش دێتە پاوە دانیشتووە. پاشان لە سەردەمی (شێخ سراجەدین یا بەهائەدین)دا سەردانی تەوێڵە دەکاتەوەو دەبێتە مورید و مەنسوبی شێخ، لە ئەنجامدا شێخ دەفەرمێ بڕۆ ماڵەکەت بێنەرەوە بۆ تەوێڵە و واز لە جۆلایی بێنە، ببە بە سەرتاش مەڕۆرەوە بۆ کۆلانی دەمەرە سوراش، وەرە لە نزیك قاپیەوە خانوو بکەرەوە، لەو کاتەدا مەلا جەلال لە دانیشتنەکەدا دەبێت، فەرمویەتی: من جێگا خانوت دەدەمێ، ئیتر لە پێینی کۆلانی تاشلاوە خانوو دەکاتەوە و دەبێتە دراوسێی مەلا جەلال.

عەزیز دەلاك چونکە پیاوێکی بە سەلیقە و ژیر بووە و هاتوو چۆی شێخی زۆر کردوە، فێری حەکیمی بووە، واتە دکتۆریش بووە، ئەم دوو پیشەیە بۆ ئەم بنەماڵەیە ماوەتەوە و تا ئەم دوایەش مناڵەکانی ئەم پیشەیان دەکرد. نەوەی وەستا عەزیزی دەلاك ئەمانەی خوارەوەن:

١-حەمە باقی... مناڵەکانی: أ-عەلی باوکی جەزا و ڕەئوف و حەمە کەریم، ب-حەمە ئەمین باوکی عابیدو ....

ج-فاتیح... د-حەمە سەعید، هـ-حەمە سەلیم، و-ئاسماء لە خورماڵ شوی کردوە.

٢-صادق.. مناڵەکانی: أ-توفیق، ب-فازل، ج-عومەر. د-عاصمە خێزانی مەلا عوسمانی خەراجیانی، هـ-حەفصەی خێزانی عابید حەبیبوالله بلانی، و-مەعسومە خێزانی حەمە ئەمین سلێمانەیی.. ئەم وەستا صادقە خۆیو کوڕەکانی لەهەڵەبجە دانیشتوون.

٣-جەعفەر.. مناڵەکانی: أ-صدیق باوکی حاجی عبداللە و حاجی ئیسماعیل و وەستا فەرەج و .. ب- عەبدولڕەحمان باوکی محەمەد و حەمە جافر

و .. ج-عائیشە خێزانی ئەحمەدی وەستا عەزیز. د-مەریەم خێزانی حاجی بابالەی مارفە.

٤-سوەیبە... خێزانی قادری مەجنون باوکی نالەی جۆلاّ.

٥-حەبیبە.. خێزانی حەمە ئەمین باوکی نالە و ڕەشە حەبە.

سەرچاوە: نامەیەکی دەست خەتی وەستا فەرج و وەستا صدیق.

*　*　*

تیرەی خەسرەو خەشیل دزاوەری

خەسرەو کوڕی ئەحمەد دزاوەرییە و، ئەحمەدی باوکی هاتووە بۆ تەوێڵە ژیاوە و دوو کوڕی بووە، مەحمود و خەسرە و، مەحمود لەبەر سەربازی کردن بۆ عوسمانیەکان ڕۆشتوەتەوە بۆ دزاوەر، لەو کاتەدا دزاوەر لە ژێر دەستەڵاتی سانەکاندا بووە و تەوێڵەش لە ژێر دەستەڵاتی عوسمانی-مەحمود نەوەی زۆرە، لەوانە: ئیراهیم و فەتح الله و پیرۆزە و ...تاد. ئەمانە لە پاوە و خانەگا دەژین. بەڵام خەسرەو لەو کاتەدا منداڵ بووە و کاتی سەربازی نەبووە لە تەوێڵە ماوەتەوە تیرەی خەسرەو خەشیلی پێك هێناوە کە لە دوو بنەماڵە پێکهاتوون کەئەمانەن:

١-بنەماڵەی ئەحمەد.. منالەکانی ئەمانەن: محەمەد، حاجی حەبیب الله، عەبدولڕەحمان، ئاسماء خێزانی حاجی حەسەن نۆدشی کە لە خەرپانی نیشتەجێ بووە، خەدیجە خێزانی حەمە مورادی ئەحمەدە لە تیرەی خدرالی .

٢-خالد.. بەخاڵە ناسراوە منالەکانی ئەمانەن: زۆراب، مەجید، فەتح الله، مولکی خێزانی حەیدەر خەرپانەیی، عاسێ خێزانی ئیبراهیمی عوسمان لە تیرەی حەمەی وەستا عوسمان پاشان شووی کردوە بەوەیسی ئەحمەد هاڵەکۆکی، خەرامان خێزانی حەمە لەتیف سلێمان شاسواری.

سەرچاوە: حاجی حەبیب الله ئەحمەد، ئەرشیف نوسەر.

*　*　*

تیرەی ئەحمەد تەبیب

ئەحمەد تەبیب خەڵکی خانەگای لای پاوەیە و محەمەدی کوڕی هاتووە بۆ دزاوەر دانیشتووە و دواتر هاتووە بۆ تەوێڵە جێگیر بووە. ئەم بنەماڵە بە بازرگانیەوە خەریك بوون و دەستی دکتۆریشیان بووە. محەمەد سێ کوڕی هەبووە کە ئەمانەن: حەمە حسێن و حەمە کەریم و حەمە عەزیز نەوەی ئەمانیش بەم شێوەیە:

*بنەماڵەی حەمە حسێن... کوڕێکی بووە بە ناوی حاجی صادق ئەمیش سێ کوڕ و کچێکی بووە بەم شێوەی:

١-حاجی عەلی .. منداڵەکانی: م.ئەحمەد ، جەلال، د.حامد، سەیوان، شەمعە خێزانی مامۆستا محەمەدی مەلا عارف، عەینا خێزانی مامۆستا زاهیری مەلا عەبدولحەمید، گەلاوێژ، نادیە.

٢-حاجی محەمەد.. منداڵەکانی: بەگیج خێزانی مستەفای ئاسما، خەدیجە خێزانی موسای صۆفی حەمە کەرەم، سەعادەت خێزانی پیاوێکی شاربازێڕی، شەمام خێزانی حاجی کامل حەسەن ، نەصرەت خێزانی مامۆستا بابای محەمەد، د.عبدالرحمان، صەلاح، صدیق، طائف.

٣-حاجی صاڵح.. منداڵەکانی: عەبدواللە (عەبدە) ، مستەفا، زاهیر، عومەر، عوسمان، فاتمە خێزانی مەجید ڕەحمان جامی، عائیشە خێزانی عەبدەکەی کۆزاد، نافیعە خێزانی عومەر گۆزەڕەقەیی، مەلیعە خێزانی (س) شارزووری.

٤-خاتوون... شوی کردوە بە حاجی سەید تەها سەید فەتحە.

*بنەماڵەی حەمە کەریم... دوو کوڕی بووە: حەمە ئەمین و محەمەد، حەمە ئەمین نەوەی بووە ، بەڵام محەمەد کە بە حەمە گاوان مەشهور بووە سێ کوڕ و کچێکی بووە کە ئەمانەن:

کەریم، عەبدولڕەحمان، ئەبوبەکر، مینا خێزانی شەفیع عەزیز دواتر شوی کردوە بە حاجی ڕەسوڵ وەیسی.. هەریەکێك لە کوڕەکانیشی نەوەیان هەیە.

*بنەماڵەی حەمە عەزیز.. سێ کوڕی بووە بەڵام یەکێکیان نەوەی بووە کە ناوی حەمە ڕەحیم بووە ئەمیش حەلیمەی خێزانی وەلی حەمە لەتیف ی بووە.

سەرچاوە: مامۆستا ئەحمەد حاجی عەلی، صدیق حاجی محەمەد، حەمە لەتیف وەلی، حەمە کەریم حەبیب.

* * *

تیرەی قادری مارفە

قادر، پەروەری کوێخا قادری یاقووە سوری هێناوە و دوو کوڕی بووە کە هەریەکەیان بنەماڵەیەکیان پێك هێناوە کە ئەمانەن:

*بنەماڵەی مارفە.. مارف ئەم منداڵانەی هەبووە:

١-حاجی بابالە... منداڵەکانی: حەمە ڕەزا، عابد، عەبدولخالق، تاهیر، جەلال، ئیمام، پەروانە خێزانی یونسی حاجی ئۆلخالق.

٢-حەمە یوسف...منداڵەکانی: نەصرەدین، مەحیەدین، سەیفەدین.

٣-حەمە مراد.. منداڵەکانی: بێساران، کۆساڵان، عائشە خێزانی مەلا عەبدەی مەلا عەبدولحەمید.
٤-قادر.. منداڵەکانی: صابیر، سەبیحە خێزانی محەمەدی قادر، حامیدە خێزانی ئیبراهیم قالەوەلی.
٥-سۆسەن خێزانی تۆفیقی سەعید ئاغە.
٦-خونچە خێزانی حسێنی ئاغە.
٧-قلیٚ خێزانی قاسم مارف ئاغا.
*بنەماڵەی عەزیز... یەك کوڕی بووە کە ئەویش بەناوی باوکیەوە ناونراوەتەوە عەزیز و بە ئایزەی فاتە مەشهورە برای دایکی مامۆستا ئیسماعیل محەمەد ڕەسوڵە.. ئایزە ئەم منداڵانەی بووە: نەصرەدین، فەخرەدین، نەجمەدین، صەلاحەدین، خورشید خێزانی عابدی سان ئەحمەد، فاتمە خێزانی ئیدریس عەلی شەریف.
سەرچاوە: عەبدول عەلی، نەصرەدین عەزیز، هادی حاجی ئایزە، پەسەند باباڵە یوسف.

* * *

تیرەو خادما=تیرەی خادمان

حەمە عەزیزی محەمەد لە سەردەمی شێخ عوسمان سیراجەدین دا لە هەورامانی تەختەوە هاتووە بۆ دزاوەر و پاشان هاتووە بۆ تەوێڵە نیشتەجیٚ بووە. چونکە خزمەتی مزگەوتیان کردوە و خادم بوون بە تیرەی خادمان ناسراون. نەوەکانیشی ئەمانەن:

١-بنەماڵەی وەستا کەریم.. وەستا ئەمین و حاجی ڕەشید و حاجی عوسمان و حاجی ئەبوبەکر و مامۆستا عومەر و مامۆستا عەبدواللە و ڕابیعەی خێزانی حاجی حسێنی بووە.
٢-بنەماڵەی حەمە شەریف... حاجی حەمە عەزیز و حەمە صاڵح و حەمە ڕەحیم و قەتحەی خێزانی حاجی کاکەبرای عەبالی بووە.
٣-بنەماڵەی مستەفا... حاجی حسێن حەسەنی بووە، حەسەن نەوەی نەبووە بەڵام حاجی حسێن کوڕێك و چەند کچێکی هەیە.
٤-هەروەها دوو کچیشی بووە: فاتمە شووی کردووە بە عەبالی حەکیم، عائیشە شووی کردوە بە پیاوێکی دزاوەری.

نەوەکانی هەریەکێك لەمانەی ڕابورد ئەوانیش منالیان هەیە.

سەرچاوە: حاجی ئەبوبەکری وەستا کەریم، فاتمە حاجی کاکە برا، ئەرشیف.

*　　*　　*

تیرەی خوا کەرەمی مەحمود

خوا کەرەمی مەحمود.. دوو کوڕی بووە: بابا و ئەحمەد کە هەریەکەیان بنەماڵەیەکی پێکهێناوەو ئەم دوو بنەماڵەیەش زیاتر جوڵاییان کردووە.

١-بنەماڵەی بابا.. دوو کوڕ و سێ کچی بووە:

أ-حاجی حەمە یوسف.. منالەکانی ئەمانە بوون:

-مەحمود... باوکی حەمە عەلی و حەمە عارف و غالب.

-فەرخی .. خێزانی حاجی شەفیع عەلی محەمەد.

-نەهیە.. خێزانی ئۆلکەریمی سۆسەکانی.

ب-محەمەد.. منالەکانی ئەمانە بوون: حەمە فەرەج، عومەر، جافر، عەزیز.

ج-خەرامان... شووی کردوە بە حاجی حسێنی ڕۆستەمی مەولود.

د-حەبیبە.. شووی کردوە بە ئۆلکەریمی خودادای تیرەی صۆفیان.

هـ-ئامینە (ئاملە) شوی کردوە بە ئۆلکەریمی حەکیمی نادر.

٢-بنەماڵەی ئەحمەد... کوڕێکی بووە بەناوی حەمە صالح کە بە سالە ناسراوە. منالەکانیشی ئەمانە بوون: حەمە ڕەحیم، حەمە ئەمین، حەمە سەلیم، سەعید، مینا خێزانی تاهیری کاکەلە، سەلما خێزانی عەبدولی عەبولە.

سەرچاوە: حەمە عارف مەحمود حەمە یوسف، مینا صالح ئەحمەد، هادی حاجی ئایزە، عومەر محەمەد بابا.

*　　*　　*

بنەماڵەی مارفی حەیبەالله

مەعروف کوڕی حەبیبەالله یەو بە (چەرمەڵە) ناسراوە و حەیبەالله ش برایەکی بووە بەناوی فەتح الله وە، مەعروف ژنەکەی ناوی خاڵێ بووە و خۆی زوو مردوە بۆیە منالەکانی بەناوەی دایکیانەوە ناسراون کە چوار کوڕ و کچێکی بووە کە ئەمانەن:

١-فەیزوالله.. بە فەیزەخاڵە مەشهور بووەو منالی نەبووە.

٢-فەرەج الله.. بە فەجە خاڵە مەشهورە ومناڵی نەبووە و ئەم سێ ژنەشی هێناوە پیرۆز خوشکی حەمە ڕەشید فەتاح، ناریّ کچی حەمە درێژی نەوسویی، عەلە کچی مەجید لە تیرەی هەیاسان.

٣-عەبدوالله.. ناسراوە بە عۆدە خاڵە، مناڵەکانی ئەمانەن:

-عەلی محەمەد.. بە ئەلە ناسراوە و باوکی عەبدوالله و کەمال و ....تاد، محەمەد، خاوەر خێزانی ئەسکەندەری قالە لاڵە، خاڵێ خێزانی پیاوێکە لە میری سوور، شیرین خێزانی حاجی ئەمینی ئەحمەد ئاوایی‌یە.

٤-مارف.. لە سکی دایکی دا بووە باوکی مردووە، بۆیە ناویان ناوەتەوە مارف بە مارفە خاڵە مەشهوربووە و دوو کچیشی بووە: ئەمنە خێزانی فەتەلەدینە، ئامینە خێزانی ئالو هەڵەبجەیی.

سەرچاوە: عبدالله عەلی محەمەد، دەروێش لەتیف، محەمەد عەبدوالله.

* * *

بنەماڵەی حسێن لەتیف

حسێن کە بە حسە ناسراوە کوڕی لەتیف کوڕی محەمەد کوڕی حەبیب کوڕی کەماڵە. دەڵێن ئەمانە هەموویان تاقانە بوون. نەوەکانی حسێن ئەمانەن:

١-محەمەد.. ئەم مناڵانەی بووە: تۆفیق، ئافتاب خێزانی فارس حاجی سەعید ڕەحمان، ماتاب خێزانی ئیسماعیل گوڵپی، واحیدە خێزانی حەمە ڕەشید، دولبەر خێزانی فەخرەدین حاجی حەسەن، حەسیبە...

٢-عەبدوالله.. ئەم مناڵانەی بووە: د.تاهیر، زاهیر، نەوزاد، صەلاح، د.فەلاح، فریشتە خێزانی مەحیەدین ڕەحمان الله وەیس، ڕوناك خێزانی شێرزاد کوێخا حەمە سەلیم.

٣-ئیسماعیل.. ئەم مناڵانەی بووە: فاتیح، ناجیح، فەریح، سەرکەوت، ئازاد، سەرگوڵ خێزانی ئەحمەدی عەبولە ڕەیحان، قەمەر ناز خێزانی کەمال ئەسکەندەر.

سەرچاوە: زاهیر عەبدوالله حسێن، ئەرشیف نوسەر.

* * *

بنەماڵەی حاجی عەلی محەمەدی مەولود

حاجی ئەلی محەمەد لەبەر ئەوەی باخەکەی لە دۆلبیان بووە، خۆی و مناڵەکانی ماڵیان هاتووەتە دۆلبیان و ئیتر لەوێ خانویان کردوەتەوەو نیشتەجێ بوون، حاجی سێ کوڕ و دوو کچی بووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-حاجی عەبدولقادر.. دوو کچی بووە: زوبەیدە خێزانی عیزەتی ڕۆستەم حەکیم، بەدری...؟

٢-حەمە سەعید.. ئەم منالانەی بووە:

محەمەد، مەهدی، هادی، ئیقباڵ، شیروان، کۆسار.

٣-حەمە ڕەشید.. منالەکانی: ئیدریس، والی، غالی، پەروێز، وەهبی. نارنج خێزانی کەریم محەمەد کەریم، مەحبوبە خێزانی سەید جەلالی سۆسەکانی. لیمۆ خێزانی تاهیری سۆسەکانی، بەهار خێزانی ئەسوەدی خەرپانی، فریشتە خێزانی شاهۆی عەلیە سانە، پەروانە...؟

٤-حەلیمە خێزانی فەتاح ڕەحمان.

٥-حەبیبە خێزانی حەمە یوسف وەهاب ناسراو بە کاکلە.

* * *

بنەماڵەی محەمەدی قادر

محەمەد کە بە حەمل ناسراوە لەگەڵ بنەماڵەی حاجی عەلی محەمەددا دەبنەوە بەیەك، حەمل ئەم منالانەی بووە:

-کەرەم، بە کەرەمی جۆلا مەشهورە، منالەکانی ئەمانەن: فاتمە خێزانی عوسمانی عەلی کوێخا حەمە ئەمین، خەدیجە خێزانی یونسی حەمە خالد، عەینا خێزانی عومەری حەمە ڕەشید فەتاح، ماتاب خێزانی عەلی حاجی سەعید ڕەحمان. حەمە عەلی.

-شەمام خێزانی کوێخا حەمە ئەمین ئیسحاق.

-مەلیعە خێزانی حەمە عەزیزی حەمە ڕەحیم حەمزە دایکی حەسەن مەلە، پاشان شوی کردووە بە نەجیب کوێخا حەمە ئەمین، لە میش نەصرەدین ی بووە.

-سنۆبەر خێزانی نەجیب کوێخا حەمە ئەمین پێش مەلیعە.

-حەمە عەلی ... خێزانی نەهێناوە و مردووە.

سەرچاوەی هەردوو بنەماڵە: زوبەیدە حاجی عەبدولقادر، عیزەت ڕۆستەم، خەدیجە کەرەم، یونس حەمە خالد.

* * *

بنەماڵەی وەستا عەزیز

وەستا عەزیز ئەم منالانەی خوارەوەی بووە:

١-حەسەن بە هەسەنە بەناوبانگە منالەکانی ئەمانەبون:

-هەمینە خێزانی سان ئەحمەد.. دایکی عابدو مەلیعەی خێزانی سەعلەی کەریم.
-صەبری خێزانی ڕەشە قەرەداخی.
-سوراحی خێزانی عەلی کوێخا حەمە ئەمین.
-مەلەکیٚ خێزانی وەستا عەبدولڕەحمانی دەلاك.
-مەحیەدین بە مەحە ڕابە ناسراوە و باوکی سەربەست و پەروین خێزانی تاریق نەسکۆل و دولبەر خێزانی عەزیز سەعید.
٢-هۆمەر بە هۆمەرە ناسراوە.. تەنها دوو کچی بووە:
-شاناز (شازیٚ) خێزانی مەلا عەبداللە ی گولٚپی.
-شەمام (شەمە) خێزانی ئەحمەدی ئامینەی سالە.
٣-ئەحمەد.. یەك کچی هەبووە شوکری کردووە بە فەجەی کافیٚ.. دایکی مەحبوبەی خێزانی خالیدی ئۆلحەمید.
٤-حەمە عەزیز.. بەناوی باوکیەوە ناونراوە و ئەمیش یەك کچی بووە بەناوی صەفیە شوی کردوە بە کەریمی خواجە ئەحمەدی مەولود.

*　　*　　*

بنەماڵەی حەمە ڕەزا

ئەم حەمە ڕەزایەش هەر لەگەڵ بنەماڵەی وەستا عەزیزدا یەك دەگرنەوە، حەمە ڕەزا، ڕابەی کچی حەمالەی خاڵەکەی هێناوەو، یەك کوڕی بووە بەناوی صاڵح بە چەقۆ مەشهورە، پاشان ڕابە شووی کردووە بە هەسەنەی وەستا عەزیز لەویش مەحە و صەبری بووە. مناڵەکانی صاڵح چەقۆ ئەمانەن:
-محەمەد، کەمال، جەمال، ڕەزا، دوو کچیشی هەیە.
سەرچاوەی ئەم دوو بنەماڵەیەی کەباسمان کردن: عابد سان ئەحمەد، قادر ڕەسوڵ، هادی حاجی ئایزە، دەروێش لەتیف.

*　　*　　*

بنەماڵەی فەتەی حەملی سۆسەکان

فتح الله ی محەمەدی سۆسەکانی کە مناڵەکانی بە زۆری لە تەوێڵە ژیاون ئەمانە بوون:
١-نەصروالله.. یەك کوڕ و دوو کچی بووە:
-حاجی عەبدوالله کە بە حاجی ئەولەی نەصە ناسراوە: ئەم منالأنەی بووە: نوری، عەزیز، فەتاح، جەعفەر، نەزمی، نەریمان، بارزان، ئەختەری خێزانی

عەبدولقادری مستەفا، گەوهەر خێزانی محەمەدی عەبدوالله ی حاجی نادر،
سورەییا:
-بەهیە خێزانی میرزا عەزیز سۆسەکانی.
-نەهیە خێزانی سەعید خەلەف لە هەڵەبجە.
٢-فەرەج .. کوڕێك و کچێکی بووە:
-ئەبوبەکر... باوکی فەرەج و شیروان و ڕوناك خێزانی حەمە عارف
مەحمود و...
-حەنیفە.. خێزانی حەمە عەلی محەمەد مەحمود کە ناسراوە بە بابای
سۆسەکانی.
٣-عەزیز... نەوەی نەبووە.
٤-حاجی کەریم .... کوڕێك و سێ کچی بووە:
-صابیر. باوکی: فەرحان و یاسین و زەکیە، فەوزیە، ڕەمزیە، مەرزیە.
-خاوەر... خێزانی فەتاحی حاجی عەبدوالله (فەتەی حاجی ئەولە).
-فریشتە.. خێزانی شوکرەی بەڵخەیی.
-ئامان.. خێزانی ئەحمەد حەمە عەزیزی سۆسەکانی.
سەرچاوە: حەمە عەلی محەمەد (بابا)ی سۆسەکانی، حەنیفە فەرەج، نەزمی حاجی عەبدوالله، ئەرشیف نوسەر.

* * *

بنەماڵەی ڕەمەزان سۆسەکانی

ڕەمەزان سێ کوڕی بووە کە ئەمانە بوون وە زیاتر لە تەوێڵە ژیاون:
*حەمە حسێن.. شەش منالی بووە دوو کوڕ و چوار کچ کە ئەمانەن:
١-حاجی حەسەن.. مناڵەکانی:
ا-میرزا باقی باوکی: ئازاد و نەوزاد و شێرزاد و حەسەن، ئەمیرە، هەلاڵە.
ب-مەلیعە.. خێزانی حەمە حسێن وەستا عەبدولڕەحمانی دارتاش.
ج-قەتحە... خێزانی حاجی بابای حاجی محەمەد.
د-نافیعە... خێزانی عەلیە فەنی قادر ئاغە.
تێبینی: حاجی ڕەعنا خێزانی حاجی حەسەن بووە و ئەم منالانەی کە باسمان کردون لە حاجی حەسەن بویەتی، پێشتریش شوی کردوە و دووکچی بووە و لەو شوەی پێشووی: مەحبوبە خێزانی مەحمودی حەمە صالح حەمە یوسف، مەنیجە خێزانی مەجید هەجیجی.

٢-حسێن ... بە حسێنی عەتیە ناسراوە منالّەکانی ئەمانە:
ا-بەشیر.
ب-نەزیر.
ج-صەلاح.
د-گەلاوێژ خێزانی فەرەج ئەبوبەکر.
ه-ئەستێرە لە خانەقین شوی کردوە.
و-پرشنگ خێزانی حەمە فەرەجی بابا.
ز-پەروانە.
٣-ئاسماء خێزانی صالّحی ئەحمەد خواکەرەم تەوێڵەیی.
٤-توبا خێزانی عەبدولعەزیز سۆسەکانی.
٥-سوەیبە خێزانی حاجی نادری سۆسەکان.
٦-عوزرا خێزانی صالّح مارف بەڵخەیی.
*حەمە صالّح... دوو کوڕی بووە :
١-حاجی فەرەج... باوکی: ناجیح و حەمەصالّح و بەختیار و فریادو...
٢-عەبدوالله .. باوکی: فەتح و الله و ...
*خضر ... سێ کوڕی بووە:
١-ڕەمەزان... باوکی: محەمەد و یاسەمەن و حەمە ڕەزا و ...
٢-ئۆلوەهاب... باوکی: یونس و شەرافەت خێزانی مەجیدە خالّەی تەوێڵەیی.
٣-حەمە صالّح.. باوکی: فەرەج و ....
سەرچاوە: حەمە عەلی محەمەد (بابای سۆسەکانی)، حەنیفە فەرەج، نافیعە حاجی حەسەن.

*   *   *

بنەماڵەی ڕەحمانی بلە

ڕەحمانی ئیبراهیم یەك خوشکی بووە بەناوی شیرین نەمانزانی خێزانی کێ بووە، بەلاّم ڕەحمان حەوت منالّی بووە چوار کچ و سێ کوڕە بووە کە ئەمانە بوون:
١-لەیلێ... بەخەلیفە لەیلێ ناسراو بووە دایکی وەستا ئۆلعەزیزی عەلی.
٢-هاجەر .. خێزانی حەمە مؤمن تەوێڵەیی دایکی غەریبەی خێزانی شێخ عەبدولحەکیم لە سەولاّوا ژیاوە.

٣-زوبێ... دایکی عەریف سەلیم لەتیف .. پێشتر خێزانی حسێن بەگی کلاوسیاوی هانە گەرمڵەیی بووە، لە میش عەتیەی خێزانی محەمەدی ئەحمەدی خەسرەو بووە.

٤-خەجێ .. دوو شوی کردوە: کەیخەسرەوی مەحمود ئاغا، دوایی شوی کردوە بە مەلا حەسەنی قازی ناسراو بە شاهۆ.

٥-نەزەر.. ناسراو بە کلاو سیاو کوڕێك و سێ کچی بووە:

أ-چنور... بەگەنجی مردووە.

ب-شاناز... خێزانی قادربەگی جافرسان.

ج-یاسەمەن... دایکی حاجی عەلی حاجی خدر.

د-شەمام.. خێزانی حەمەی حەمە سەلیم.

٦-الله وەیس... شەمامی مەجنونی هێناوە و دوو کوڕ و دوو کچی بووە:

ا-ڕەحمان (چەمەلە).. باوکی:مەحیەدین و غەریبە خێزانیمارفی ڕۆستەم.

ب-مەجید.. باوکی: خدر و سوبحان و سێ کچ.

ج-شەمسیە... خێزانی حاجی سەید محەمەد سەید فەتحە.

د-گوڵێ.. خێزانی وەستا عەبدولعەزیز عەلی.

٧-چنور ... بەدەستی بەگزادە کوژراوە.

سەرچاوە: ڕەحمان الله وەیس، حاجی سەید ڕەشاد حاجی سەید محەمەد، عەلی حاجی خدر، دەروێش لەتیف.

* * *

بنەماڵەی مەجنون شۆشمێ

مەجنون تەوێڵەییەو چووە لە شۆشمێ دانیشتووە، دوو کوڕ و سێ کچی بووە کە ئەمانەبوون:

١-مەولود باوکی: حەمە یوسفی وەریاڵ لە شۆشمێ، حەمە یوسف حەنیفەی عومرێ هێناوەو ئەم منالانەی بووە: توفێق، نافیعەی خێزانی صابیری کەریم یاقووەسور، مەلیعە خێزانی حەمە کەریم قالە شەلی سۆسەکانی.

٢-ڕەمەزان... باوکی زوبەی خێزانی مەلا عەلی کەرکوکی.

٣-شەمام... خێزانی الله وەیس ڕەحمانی بلە.

٤-خاڵخاس.. خێزانی حەمە لەتیف نادر دەوڵەتیار.

٥-شیرین.. خێزانی خەسرەو شۆشمەیی.

سەرچاوە: ڕەحمان الله وەیس، دەروێش لەتیف، ئەرشیف نوسەر.

بنەماڵەی بارام

بارام دوو کوڕ و دوو کچی بووە: الله کەرەم، الله وەیس، س، مەنیجە، بەم شێوەیە نەوەیان لێ کەوتووە:

١-الله کەرەم: شیرینی خوشکی حسێنی لەتیفی هێناوە، مناڵەکانی ئەمانەن:

أ-حاجی بارام باوکی: قلێ خێزانی ڕەحمانە سیاو لە دەرەقەیسەر، حەفصە خێزانی عوسمانی پۆلیس و پاش مردنی مەلیعەی خوشکی شووی کردوەتەوە بە عوسمان، تەلیعە خێزانی ڕەحمانی ڕەحیمە هەر لە دەرەقەیسەر.

ب-زلێخا خێزانی حەمە سەعید قادر.

ج-خانمە خێزانی محەمەدی مەلا مەحمودی گەچێنە، پێشتر شووی کردوە بە ئۆلقادری الله وەیس ئامۆزای.

د-نازدارێ خێزانی نۆئێل مەسیحی... دوای ئەوەی لەلای شێخ حیسامەدین موسڵمان بووە و ناوی خۆی گۆڕیوە بە میرزا عەبدوالله، ئامانێی بایەزیدی هێناوە و دوای ئەو ئینجا نازدارێ شوی پێ کردوە.

٢-الله وەیس... ئەم منالانەی بووە:

ا_عەبدولقادر ... یەك کچی بووە: سەوسەن خێزانی صابری عومرێ.

ب_عەبدوالله.. خێزانی نەهێناوە.

ج_حەمە ڕەشید.. مناڵەکانی: شیروان= شەوکەت، ڕەفعەت، تەلعەت، فاتمە خێزانی جەمال ئەبوبەکر، گەلاوێژ، لاولاو.

د_عەلی محەمەد (ئۆلحە) مناڵەکانی: دڵشاد، دڵسۆز، سەیوان، دڵنیا، ڕۆشنا.

٣-مەنیجە شوی کردوە بە نادری دەوڵەتیار: دایکی نالەی خاڵخاس و یارەی خاڵخاس.

٤-گوڵە.... شوی کردوە بە مەجنون شۆشمەیی.

سەرچاوە: ڕەحمان الله وەیس، خەدیجە صادق حەمە صالح خێزانی حەمە ڕەشیدی الله وەیس، دەروێش لەتیف، ئەرشیف نوسەر.

* * *

بنەماڵەی محەمەدی بابالە

محەمەد دوو کچ و کوڕێکی هەیە کە ئەمانەن:

-زبە خێزانی محەمەد حەبیب تیرەی هەیاس شا.

-پەزێ خێزانی ئەلەی کەریم لە هۆزی شاسواری.
-محەمەد.. دوو کوڕ و دوو کچی بووە: باقی، جەعفەر، فاتمە خێزانی مەحمود حاجی حەمە زەریف، سورەییای خێزانی عەبدوالله ی مارفە.
سەرچاوە: مامۆستا جەعفەر محەمەد بابالە، شیرین حەمە خان.

* * *

بنەماڵەی عەبدوالله ئەحمەد مەولان

ئەحمەد مەولان، خەڵکی نەوسودە و سێ کوڕی بووە، کوێخا مەجید، غەفور، عەبدوالله. مەجید و غەفور لەگەڵ باوکیان لە نەوسود ژیاون، بەڵام عەبدوالله چونکە پیاوێکی باڵابەرز بووە بە عەبە درێژ ناسراوە. ئەم عەبدوالله یە لەسەردەمی جافرساندا هاتووە بۆ تەوێڵە نیشتەجێ بووە، منداڵەکانیشی ئەمانەن:

١-کەریم خان- ئەم کچانەی بووە: تەلعەت خێزانی کوێخا نەزهەت عەلی محەمەد، ستارە خێزانی کوێخا مەجید بیارەیی، هەمینە خێزانی حەمە صاڵحی عۆدە، خورشید خێزانی تاهیری حەبیبە، مەلیعە خێزانی عەلی حسێن کە بە ئەلە تاتە مەشهورە.

٢-کاکەخان خێزانی نەبووە.

٣-عەلی محەمەد خێزانی نەبووە.

٤-مراد... ئەم منالأنەی بووە: عەبدوالله، عوسمان، بارام، سالار، حەلیمە خێزانی فەرەج الله محەمەد، سەدریە خێزانی بێستون ئیسمال، گەلاوێژ خێزانی صابر حاجی ڕەمەزان دەرەمەڕی، حومێرا خێزانی سوبحان حاجی ڕەمەزان، کەژاڵ.

٥-ڕەعنا... خێزانی حەبیب حەمە کەریم گەرایی.

سەرچاوە: محەمەد حەبیب حەمە کەریم، تالب حەبیب حەمە کەریم.

* * *

بنەماڵەی وەستا عەبدوالله ی پاوە

وەستا عەبدوالله خەڵکی پاوە بووە و لە سەردەمی شێخ محەمەد بەهائەدین دا هاتووە بۆ تەوێڵە و ماوەتەوە. نەوەکانیشی ئەمانەن:
-وەستا حەمە ئەمین....منالەکانی ئەمانەن: عەلی چووەتەوە بۆ پاوە و لەوێ ژیاوە نەوەشی هەیە، ئیسماعیل لە بەغدا ژیاوە، تۆفیق و غەریب و ناصر

نەوەیان هەیە و لە تەوێڵە دەژین، شەرافەت خێزانی تۆفیقی بەرید، مینا خێزانی مەلا حسێن گوڵپی.

-حەمە سەعید... لە بەغدا ژیاوە ئێستاش کوڕەکانی لەوێن،بەڵام خۆی لە کۆتایی ژیانیدا هاتووەتەوە بۆ هەڵەبجە و لەوێ مردووە.

-حەمە ڕەشید... خێزانی نەهێناوە و مردووە.

سەرچاوە: محەمەد سان ئەحمەد، هادی حاجی ئایزە، دەروێش لەتیف.

* * *

بنەماڵەی وەستا عەبدوڕەحمانی دارتاش

عەبدوڕەحمان کوڕی وەستا حەمە ئەمینە و لە هەورامانی تەختەوە هاتووە بۆ دزاوەر و پاشان هاتووە بۆ تەوێڵە و لەوێ نیشتەجێ بووە، دوو کوڕ و چوارکچی بووە کە ئەمانەن:

١-عەبدوڕەحیم... شاپەری دزاوەری هێناوەو سێ کوڕی بووە:

أ-ئەحمەد بەهیەی کچی حاجی یوسفی هێناوە و نەوەی نەبووە.

ب-مەحمود... قەمەرنازی حاجی حەمە عەزیز خادمی هێناوە و ئەم منالانەی بووە: تەلیعە خێزانی عەبدوالله حەمە صاڵحی حاجی صادق، بەدیعە خێزانی میرزا حەمە حسێن حەمە سەعید، فائزە خێزانی عەلی حاجی عەبدوالله ی خورماڵی، فوئاد، شێرزاد، زیاد، فریاد، فەوزی، فەرهەنگ.

ج-حەمە حسێن.. مەلیعەی حاجی حەسەن ڕەمەزان سۆسەکانی هێناوە و ئەم منالانەی بووە: عەفان، واحدە خێزانی عەلی حاجی خدر، حەفیدە خێزانی حەمە حسێن دەروێش مەحمودی دزاوەری، چیمەن خێزانی غەفوری مەجید هەجیجی، دیمەن خێزانی محەمەدی عەبدوالله سەقزی لە سلێمانییە.

٢-عەبدوالله... زێبای مەنوچەر دزاوەری خێزانی بووە و کوڕێك و دوو کچی بووە بەشیر... باوکی عەبدولڕەحمان و سارا و تارا و ... تاد.

ئەمنە خێزانی شەوکەتی حەمە حسێن یوسف یاقووە سوری، شوکری خێزانی ئەبوبەکری حەمە گاوان.

٣-عائشە... دایکی مەلا کامیلی مەلا حەمە عارف.

٤-رابعە ... دایکی مامۆستا صەلاحەدین مەلا محەمەد بەهائەدین کە ئێستا مامۆستا صەلاحەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە.

٥-فاتمە..دایکی کافیە خان خێزانی مەلا کامیلی مەلا حەمە عارف.

٦-زلێخا... خێزانی مەلا محەمەدی پاوەیی.
تێبینی: ئەم بنەماڵە هەموو دارتاش بوون و لە تەوێڵە ئەو پیشەیان کردوە.
سەرچاوە: عەلی حاجی خدر، واحدە حەمە حسێن، ئەرشف نوسەر.

*   *   *

بنەماڵەی ڕەسوڵی نادر

ڕەسوڵی نادر کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی مەحمودە، سێ کوڕ و دوو کچی بووە بەم شێوە:
أ-ئەحمەد... سوەیبەی خێزانی حەمە یوسف حەمە وەیسی بووە.
ب-محەمەد.. بە حەملە گەوەر ناسراوە چوار کوڕی بووە، حەمە یوسف، حاجی فەرەج اللە، حەمە حسێن، ئیسماعیلە فەندی، کە ئەمانەش نەوەیان هەیە.
ج-فەیزواللە... چوار کوڕو دوو کچی بووە:
-مەلا عەبدواللە .. لە سنە ژیاوەو بە مەلا عەبدواللە ی فەیزی ناسراوە.
-کەریم ناسراوە بە کەریمە خشێ... باوکی کەمال و عوسمان و عومەر.
- حەمەصالح لەتەپی صەفا ژیاوە باوکی عادل و ...
-عەبدول... لە هەڵەبجەی تازەیە... باوکی کەمال.
کچەکانیشی ئەمانەن:
شاناز خێزانی حەمە صالح بەگی هانە گەرملەیی، حەلیمە خێزانی ئەحمەدی خوا کەرەمی مەحمود.
سەرچاوە: حاجی فەرەج اللە محەمەد، محەمەدی سان ئەحمەد.

*   *   *

بنەماڵەی عوسمانی محەمەد:

عوسمانی محەمەد دوو کوڕی بووە کە ئەمانەن:
=محەمەد بە حەمەلە ناسراوە دوو ژنی هێناوە حیسمەت کچی غەفور حەمە وەیس بوڵینە، حەلاو کچی عەزیز ئاغای ڕەسول ئاغا... منداڵەکانیشی ئەمانەن:
-حاجی عوسمان... باوکی: عەبدواللە و سلێمان و محەمەد و مینای خێزانی صابری ڕۆستەم.
-صادق... بەناملە نوسراوە باوکی: عومەری ڕەعنا، قەتحە خێزانی جەمیلی ئاغە جافر، ئامینە خێزانی کەریم بەگی نەجەقولی بەگ، حەنیفە خێزانی بارام بەگی نەجەقولی بەگ.

-شاناز.. دایکی هەیاسی سەعید هەیاس شایی،

-خانزاد... دایکی بەهمەنی ڕەشە دۆم.

-کافیە .. خێزانی مەلا سەعید برای مەلا سەلیمی بەڵخە.

سەرچاوە: محەمەدی حاجی عوسمان، دەروێش لەتیف، محەمەدی سان ئەحمەد، حاجی محەمەد فەتاح.

* * *

بنەماڵەی بارام سەوڵەتئاوایی

بارام خەڵکی سەوڵەتئاوای لای سنە بووە، عەبدوسەلامی کوڕی هاتووە بۆ زەڵم و پاشان لە تەوێڵە نیشتەجێ بووە، عەبدوسەلام دوو کوڕی بووە:

١-عەبدوڕەحمان لەخێڵی وەستایان خانمەی هێناوەو.. دوو کچ و کوڕێکی بووە:

-نێرگز.. خێزانی فەتح الله ی شوکرە بووە دوای ئەم شوی کردووە بەحسێن قادر کەبەقالە حەیتە مەشهورە.

-کافیە.. خێزانی حەمە ڕەحیم نادر دەوڵەتیار.

-حاجی سەعید.. مناڵەکانی ئەمانە بوون: محەمەد، حاجی عەبدوڕەحمان، حامد بەبابامەشهورە، عەلی، فارس، ئەبوبەکر، مەعصومە خێزانی محەمەدی حەمە سەلیم.

ئەوەی شایانی باسە: ئەم عەبدوڕەحمانە هاتووە لەخارگێلاّن نیشتەجێ بووەو ڕانەمەڕی زۆری بووە، بەلاّم کوڕەکەی (حاجی سەعید) هاتووەتەوە بو تەوێڵە ژیاوە بۆیە لای خەڵکی تەوێڵە بەناوی باپیریەوە ناسراوە بەسەعید سەلام.

٢-عەبدولکەریم .. یەك کوڕی بووە:

-عەبدواللە بەعەبدیلە ناسراوەو مناڵەکانی:حەمەڕەشید، مەنیجە خێزانی فەتاح گوڵپی، عەینەدین، کەمال.

سەرچاوە: فارس حاجی سەعید، ئەبوبەکر حاجی سەعید.

* * *

بنەماڵەی حاجی فەرەج سەلیم

حاجی فەرەج دوو ژنی هێناوە.. یەکێکیان لاڵێ کچی فەتەی شوکرە بووە، ئەویتریان: خانمەی کچی عەبدواللە ئاغا بووە، حاجی فەرەج ئەم مناڵانەی بووە:

١-کاکەخان.. منداڵەکانی: مەلیعە خێزانی حەمە کەرەم حاجی ئۆلوەهاب، تەلیعە خێزانی عەلی جافر.

٢-کاکەلە ..منداڵەکانی:

أ- محەمەد باوکی: فەرەج و حەسەن و حسێن و زێبا خێزانی نەجدەت کەرکوکی خوشکەزای حاجی کامیل.

ب-(س) دایکی عەلی محەمەد عەبولە ناسراو بەئەلەکڵە.

٣-پەریزاد..خێزانی حەمە ڕەشید گوڵە، دایکی عەباڵەو باباڵەو ئۆلعەزیز.

٤-خانزاد .. خێزانی حاجی حەمەئەمین مەجید .. حەمەکەریمی بووە .. پاشان شوی کردووە بەڕەسوڵی وەیسی خدرئالی ئەم منداڵانەی لەمیش بووە: نەزاکەت و مەعصومەو عەتیەو قادر.

٥-مەحبوبە .. خێزانی حەسەن ئاغە .. دایکی حاجی هادی و عائیشە لەسەیدصادقن.

٦-حەبیبە .. خێزانی حەمەڕەشید هەڵەبجەیی کەناسراوە بەصۆفی گیلاغە .. دایکی حەمە سەعید. ئەم دوو کچەی (مەحبوبەو حەبیبە) لەخانمن.

سەرچاوە: قادری ڕەسوڵ، موزەفەری عەباڵە، حەمەکەریم حەبیب، دەروێش لەتیف.

* * *

بنەماڵەی لفت اللە ئاسەوان

لفت اللە سێ کوڕی بووە بەڵام تەنها یەکێکیان نەوەی بووە، کەئەویش ناوی ئەحمەد بووەو ئەمیش سێ کوڕی بووە کەئەمانەن:

١-فەتح اللە (فەتەلە ئاسەوان) پیرۆزی کەملەی هێناوەو ئەم منداڵانەی بووە: فائق، عەبدواللە، هادی، ئیبراهیم، شوکریە خێزانی ئەبوبەکری مەحمودە شەل.

٢-مەحمود (خولەی ئاسنگەر) .. منداڵەکانی ئەمانەن: مستەفا، صالح، حامد، یاسین، فاتح، شەهاب، نۆشیروان، لەعلی خێزانی عەبدواللە ی ئامۆزای، ڕەحمە خێزانی عوسمان حاجی سلێمان .. مەحمود دوو ژنی هێناوە: عالیەی حەکیم حاجی قوربانیو ئامە هەڵەبجەیی.

٣-کەریم .. چووە بۆ هەولێر ژیاوەو نەوەی هەیە.

٤-خەدیجە.. خێزانی حاجی سلێمان محەمەد لەتیرەی هەیاس شا.

سەرچاوە: ئیبراهیم فەتح اللە.

بنەماڵەی حەمەیوسف حاجی محەمەد نۆدشی

حاجی محەمەد نۆدشی بەحاجی مەڵکە بەناوبانگ بووە.. نەیاری ڕۆستەم سان بووە، بۆیە ڕۆستەم سان زیندانی ئەکات و ئازاری زۆر دەدات لەئەنجامدا هەر لەزینداندا دەمرێت... ئیتر حەمەیوسفی کوڕیشی لەگەڵ خواجە حسێنی کوڕیدا هەر ملیان نەداوە بەئەحمەد بەگی کوڕی ڕۆستەم سان، لەئەنجامدا: حەمە یوسف خۆی و مناڵەکانی دێنە تەوێڵەو قادر بەگ پەنای داون و ڕێزی گرتون و خۆشیویستون.

حەمەیوسف ژنەکەی ناوی (ئاسیاو) بووەو هاتووە بۆ تەوێڵەو لەوێ ماوەتەوەو هەر لەوێ مردووە. مناڵەکانی حەمە یوسف ئەمانەن: فاتمە، عائیشە، مینا، محەمەد، ئەبابەکر، خواجە حسێن. وادەردەکەوێت حەمە یوسف تەنها خواجە حسێنی لەگەڵ هاتبێت بۆ تەوێڵە.. خواجە حسێن، حەلیمەی کوێخا مەجید خەسرەو نۆدشی کەبە واڵە حەکیم مەشهور بووە هاوسەری بووە، کەهاتووە بۆ تەوێڵە خێزانی بووەو زۆر گەنج بووە، لەدەوری هەژدەساڵیدا بووە، واتە لەنزیکی ساڵی (١٩٠٣) بووە هاتوە بۆ تەوێڵە. مناڵەکانی خواجە حسێن ئەمانەن: عەینا دەزگیرانی حەمەکەریمی حەمەسەعیدی قالە بووە مردووە، محەمەد بەگەنجی مردووە، مەحبوب پێش شو کردنی مردووە، عەزیز لەتەمەنی ٣٥ ساڵیدا مردووە، برهان لەشەستەکان دا لەهەڵەبجە کوژراوە، حەمەشەریف چووە بۆ مەریوان دانیشتووە، (٧) کچ و (٣) کوڕی هەیە، محەمەد (٢) کچ و (٦) کوڕی هەیە. حەمەیوسف کەبە بابا مەشهورە (٥) کوڕو (٣) کچی هەیە، مریەم خێزانی محەمەدی حەسەنە کەبەشێخو بەناوبانگە (٤) کوڕو (٤) کچیهەیە.

سەرچاوە: چەند لاپەڕەیك لەژیاننامەی خواجە حسێن بەدەست نوسی وەستا بابای خواجە حسێن.

* * *

بنەماڵەی فەتح الله ی شوکرە

ئەم فەتح الله یە دوو کوڕی بووە: مەعروف و مستەفا.

أ-مەعروف بەمارفە ناسراوەو ئەم مناڵانەی بووە:

-ئەبوبەکر = عەبولە .. نەوەی نەبووە.

-عەبدوالله = عەباڵە .. مناڵەکانی: ئەکرەم، کامل، ڕاغب، سەردار، نەهیە خێزانی تۆفیق مستەفای ئامۆزای.

-عەبدوڕەحمان = ئۆلە .. دوو کچی بووە: خەرامان خێزانی حەسەن سەعید، ئەستێرە خێزانی مەلا صالح شارەزوری.

-ئەکرەم .. نەوەی نەبووە.

ب-مستەفا بەمچە زلە ناسراوەو چووە بۆ گوڵپ لەوێ نیشتەجێ بووەو منالەکانی: تۆفیق باوکی مستەفا کەلەهەڵەبجە ژیاوە، کۆفە خێزانی سلێمانی ئەخل، شیرین.

سەرچاوە: ئەکرەم عەبدوالله مارف، محەمەد سان ئەحمەد، دەروێش لەتیف.

*   *   *

بنەماڵەی هەیاس حەمەیوسف:

هەیاس کچێك و دوو کوڕی بووە: کچەکەی سەلما بووە شوی کردووە بە مەحمودی ئۆلکەریم هالەکۆکی ..دوو کوڕەکەیشی عەلی و قادر ئەم نەوەیان لێکەوتووەتەوە:

* عەلی: کوڕێك و سێ کچی بووە:

أ-سەعید .. منالەکانی: عەلی، عومەر، ئیدریس، عەباس، یونس، شیرین خێزانی ئۆلکەریم (بەگە)، ماتاب خێزانی جافری ئەکرەم.

ب-ڕەعنا خێزانی حەمە گاوان.

ج-کافیە خێزانی حسێنی وەیسی.

د-مەجێ خێزانی نادریکۆزاد.

* قادر.. کوڕێك و سێ کچی بووە:

أ-حەبیبە خێزانی لفتە.

ب-هەمینە خێزانی عەبولەی قادر.

ج-زوبەیدە خێزانی نادری خارگێلانەیی.

د-قادر لەبەر ئەوەی پیاوێکی زۆر موسڵمان بووە شێخ حیسامەدین پێی وتووە (وەلی) ئیتر بە (قالە وەلی) ناسراوە منالەکانیشی ئەمانەن:

محەمەد، حاجی حەمەصالح، ئیبراهیم، عوسمان، حەلیمە خێزانی حەمەکەریمی ڕەعنا.

تێبینی/ زۆر کەس وادەزانن ئەم بنەماڵەیە ئەلی حاجین بەبۆنەی ئەوەی کەباخەکەیان لەگەڵ باخی ئەلی حاجیەکان دا تێکەلاوە .. نەخێر .. ئەو باخە بەمیراس بۆ حەلیمەی ئەلی حاجی ماوەتەوە، ئەم حەلیمەیەش هاوسەری قادری هەیاس بووە.

سەرچاوە: عوسمانی قالە وەلی، محەمەدی قالە وەلی، عومەر سەعید.

*　　*　　*

بنەماڵەی ئەلەی ئەحمەدە

عەلی کوڕی ئەحمەدەو دوو کوڕی بووە:

١-ئەحمەد .. ژنەکەی ناوی خاڵێ بووە، ئەم خێزانەی دوایی شوشی کردووە بەفەتاحی مەحمود سلێمانەیی واتە منداڵەکانیان خوشك و برای دایکین. ئەحمەد یەك کوڕی بووە عەلی بەئەلە ناسراو بووە ئەمیش خێزانەکەی ناوی ئامێ بووەو دوو کوڕیشی بووە:

-مەحمود .. باوکی: والی و غەزالی و نازم و جاسم و وریا.

-عومەر .. باوکی: خەتتاب و هارون و بارولّ و عەزیم و کەویار خێزانی مارفی حەمەیوسف.

٢-مەحمود .. کوڕێکی بووە بەناوی مەلا حەمەسەعید و لەهەڵەبجە نیشتەجێ بووە ئەمیش کوڕێکی هەیە محەمەد لەسلێمانی دانیشتووە.

سەرچاوە: عومەر عەلی ئەحمەد، ئەیوب قادر فەتاح، ئەرشیفی نوسەر.

*　　*　　*

بنەماڵەی حەمەڕەزای مەحمود بەگ

مەحمود بەگ کوڕی عوسمان بەگی لهۆنە، عوسمان بەگ سێ کوڕی بووە:

أ-نەصروالله بەگ .. لەسەرگەت دانیشتووە منداڵەکانی ئەمانەن: مریەم خێزانی بارام بەگی حەمەئەمین بەگ، قومری خێزانی حاجی حەمەئەمین سەرگەتی، قەتحێ خێزانی عەبدوالله حاجی علی تەوێڵەیی، نەزیرە خێزانی تەیموری ئەلی بەگ، کۆسرەت، عەتا، باقی، نەوزادی گۆرانی بێژ.

ب-عەزیز بەگ .. لەنەوسود ژیاوە، منداڵەکانی: ڕەحمان و عەزیز.

ج-مەحمود بەگ.. ماوەیەك فەرمانڕەوایی دزاوەری کردووە، منداڵەکانی ئەمانەن:

-مەجید .. لەکەرکوك ژیاوە.

-بورهان چووە بۆ مەهابادو لەوێ ماوەتەوە.

-مستەفا .. لەخارگێلان ژیاوەو خێزانی نەهێناوەو میردووە.

-عوسمان لەنەوسود بووە.

-خاوەر .. خێزانی پیاوێکی پاوەیی بووە.

-حەمە ڕەزا .. بەحەمەڕەزا بەڵخانی بەناوبانگەو هاتووە بۆ تەوێڵە نیشتەجێ بووەو دوو ژنی هێناوە یەکەمیان: تفحەی کەیخەسرەوی ئاغەلەری هێناوەو ئەم منالانەی لێ بووە: مەنیجە خێزانی قاسم مارف ئاغا، عەینا خێزانی عارفی حەمە حسێن، ئەمین، جەمیل، خێزانی دووەمی: بەیزای خوشکی حاجی ئامانە الله ی هێمنە بووە، لەمیش ئەم منالانەی هەیە: مەعصوم، نوری، ئیقبال، شەوبۆ، شەونم، گوڵزار.

سەرچاوە: جەمیل حەمە ڕەزا بەگ، مەعصوم حەمە ڕەزا بەگ، دەروێش لەتیف محەمەد، ئەرشیفی نوسەر.

*　*　*

بنەماڵەی حاجی حەمە ڕەشید پاوەیی

حاجی حەمە ڕەشید ئەم منالانەی بووە:

١-حەمە غەریب.

٢-حەمەشەریف.

٣-حەمەڕەحیم.

٤-صەلاح .. جگە لەصلاح کەمردووە ئەوانیتر نەوەیان هەیە.

٥-گەوەر خێزانی صالح چەقۆ.

٦-حامیدە خێزانی عەلی چاوش. نافعەی خێزانی تۆفیق نۆدشی بووە دوایی حامیدە شوی کردووە بەوەستا مارفی بەننا لەسلێمانی.

٧-گورجی خێزانی قالەی حسلە.

سەرچاوە: هادی حاجی ئایزە، قادر ڕەسول، عەبدول عەلی، دەروێش لەتیف.

*　*　*

بنەماڵەی مەلا ڕەشیدی مەلا عەبدولکەریم

لەبنەماڵەی مەلا حەکیمی گەورەن کەلەبەشی بواری ئایینی تەوێڵەدا باسکراوە، مەلا ڕەشید ئەم منالانەی بووە:

١-فاتمە خێزانی حەمایزی گۆپە.

٢-مریەم خێزانی حەمایزی گۆپە .. لەدوای مردنی فاتمە شوی پیکردووە.

٣-حەبیبە خێزانی مومن حەمەئەمین لەتیرەی ئەلی حاجی.

٤- حەنیفە خێزانی حەمە حەسەن هۆمەر.

٥-ڕەحیمە خێزانی مستەفای گوڵە لەسلێمانی دایکی عەقید عەلی.
٦-عەبدولقادر .. دوو کوڕی بووە لەگەڵ دوو کچدا کەئەمانەن:
-عەبدولکەریم .. لەبەغدا ژیاوەو باوکی ئەم منالأنەیە: ئەحمەد، مەحمود، حسێن، حەسەن، سەرگوڵ، گەلاوێژ، نەوال.
-حەمەڕەشید .. باوکی: کۆسالأن و کۆسار، هاوکار، ناهیدە، بەهار، جوان، ژیان، شیلان، مونیرە، سومەییە.
-زێبا خێزانی حەمەڕەشید باوەکۆچەکی.
-ڕەعنا خێزانی حاجی حسێن باوەکۆچەکی.
سەرچاوە: مەناف حەمە عەزیز گۆپە، حەمە ڕەشید عەبدولقادر، ئەرشیف.

* * *

بنەماڵەی عەبدوڕەحیمی مەلا جامی

عەبدوڕەحیمی جامی لە بنەماڵەی مەلا حامدی مەلا حەکیمی گەورەن، عەبدوڕەحیم بەقەرە ناسراو بووەو کوڕێك و دوو کچی بووە:
-محەمەد .. ناسراوە بەحەمەشلەو نەوەی نی‌یە.
-تەلیعە .. خێزانی سەعید نەجیب سۆسەکانی.
-مەلیعە .. خێزانی جەمیل سەعید سێڵە.
سەرچاوە: حاجی ڕەحمان فەتاح، دەروێش لەتیف.

* * *

نەوەی نەصرواللە ی ڕەسوڵی

نەوەی نەصرواللە خەڵکی پاوەن، نەصرواللە سێ کوڕی بووە، حەمە سەعید، حەمەئەمین، حەمەڕەشید، حەمە سەعیدیان هەر لەپاوە ژیاوەو کوێر بووەو خێزانی نەهێناوە. دوو براکەی تر دێنە تەوێڵەو لەوێ دەمێننەوەو ئەمەش نەوەکانیانە:

- **بنەماڵەی حەمەئەمین** .. حەمەئەمین، ئامینە (ئاملە)ی کچی مستەفای هێناوەو کوڕێکی بووە بەناوی محەمەدو بەحەمە ئاملە ناسراوە، بۆ زانینیش ئەم ئاملەیە پێشتر خێزانی حەکیم (حەکە)ی نادری دەوڵەتیار بووە لەویش مەنیجەو ئۆلکەریمی بووە. منالەکانی حەمە ئاملەش ئەمانەی خوارەوەن:

نەسرین خێزانی ئیسماعیل خەرامان، نەزمی، سەعدون، شاهۆ، شلێر خێزانی شاهۆی ئەسکەندەر، شەهلا خێزانی خدری ئایزەی عوسمانە، وەردە خێزانی کوڕی ئیسماعیلی موڵکی، عەتا.

تێبینی/ لەدەفتەر نفوس دا باپیری حەمە ئاملە نەصرواللە نی‌یە بەڵکو ڕۆستەمە. لەئەصڵدا نەصرواللە کەیە.

- **بنەماڵەی حەمە ڕەشید** .. حەمە ڕەشید کچێك و کوڕێکی بووە، کچەکەی خاوەر بووە شوی کردووە بە حەمەی وەهاب سۆسەکانی باوکی حەمەیوسف. فائقیش کەبەفایقە پاوەیی بەناوبانگە، خەدیجەی حسێنی کوێخا قادری یاقوەسوری هێناوەو منداڵەکانیشی ئەمانەن: عەبدولخالق، نەصرەدین، نافعە خێزانی حاجی فەرەیدونی ماماڵێو جەلال و جەبارو کەمال.

سەرچاوە: نەصرەدین فائق، عەتا محەمەد، ئەرشیفی نوسەر.

* * *

بنەماڵەی ئەحمەد نۆدشی

ئەحمەد کوڕی عەبدوصەمەی مەولود نۆدشی‌یەو عائشەی ئەبوبەکر نۆدشی هێناوەو ئەم منالاَنەی بووە:

١-حەمە حسێن .. ماوەیەك لە تەوێڵە بووەو بەلاَم هەر لەنۆدشە نیشتەجێ بووەو باوکی: حەمەڕەشیدو ئەحمەدو جەمال و عەدنان و فەرخی‌و عەتیەیە.

٢-عەبدواللە .. لەهەڵەبجە ژیاوەو منالەکانی ئەمانەن:

حەمەئەمین لەکیمیایی هەڵەبجەدا مردووە، تۆفیق لەسلێمانی ژیاوەو ئێستا لەهۆڵەندەیە، فاتمە خێزانی حەمە قەسپەری عەبابەیلەیی‌یە، ئامینە خێزانی عوسمانی مەلا قادر.

٣-تۆفیق بەگەنجی مردووە.

٤-پیرۆزە خێزانی مەخولە پوزەیە لەنۆدشە.

٥-دەلۆوەت خێزانی فەتح اللە یە لەنۆدشە.

٦-ئەفرۆز خێزانی ئەولە مایجانە لەنۆدشە.

٧-حاجی عەبدوڕەحمانی خەیات .. لەساڵی سیەکاندا هاتووە بۆ تەوێڵەو نیشتەجێ بووە، عەینای کچی صۆفی حەمە عەلی نۆدشی هێناوەو ئەم منالاَنەی بووە:

جەزا، عوسمان، عومەر، خەدیجە خێزانی حاجی ئەحمەدی وەستا محەمەدی قادر، توبا خێزانی حاجی مەجیدی وەستا محەمەدی قادر، مەحبوبە بەگەنجی مردووە.

سەرچاوە: عومەر حاجی عەبدوڕەحمان.

* * *

بنەماڵەی نەصروالله ڕەزاوی

نەصروالله خەڵکی ڕەزاوی هەورامانی ئێرانەو هاتووە بۆ تەوێڵەو نیشتەجێ بووەو مناڵەکانی لە تەوێڵە ماونەتەوە کەئەمانەن:

١-حەمەکەریم .. لەسەردەمی جافرسان دا لەنێوان تەوێڵە و نەوسود دا بەدەستی یەکێ لەچەکدارەکانی بەگزادە دەکوژرێت.

٢-فاتمە .. خێزانی حەمەکەریمی حەمەعەلیە کوڵەی تیرەی خدرالی بووەو پاشان شوی کردووە بە پیاوێکی ئێناخی لەهەڵەبجە.

٣-حەمەسەعید بەسەعە ڕووش مەشهورەو خەرامانی حەمەعەلیە کوڵەی هێناوە ئەم منالآنەی بووە:

عەبدولعەزیز نەوەی هەیە، عەبدوڕەحمان، یوسف، سەعیدە، ئامینە خێزانی کەرەمەی شیرینە، ئەفرۆز خێزانی عەبدوڕەحمان صادق کەبەئەولە جەمین ناسراوە.

سەرچاوە: عەبدولعەزیز حەمە سەعید، حاجی فائق حاجی تۆفیق، نافعە حاجی تۆفیق خێزانی عەبدولعەزیز حەمەسەعید.

* * *

بنەماڵەی مومن حەمەشەریف پاوەیی

حەمەشەریف خەڵکی پاوە بووەو هاتووە بۆ تەوێڵەو ژنەکەشی ناوی جەمین بووە، یەك کوڕی بووە بەناوی مومن، بەمومنی جەمین ناسراو بووە، ئەم مومنە هەیبەتی بابالەی هێناوەو ئەم منالآنەی بووە:

١-حاجی عەبدوللە .. دوو ژنی هێناوە: ئامینەی لەتیفی ڕەزا وەیس، گوڵباخ حەمە ڕەزا خالد ئاغە، حاجی عەبولە ئەم منالآنەی بووە: برهان، عیسا، بەهیە خێزانی حسەن ئەحمەد مەلا جەلال بەڵخەیی کەبەحەسەن عەینا مەشهورە، نەهیە خێزانی مستەفا عوەز ئەلی حاجی، شەمام خێزانی حەسەن ڕەحیم بیارەیی، شەمعە.

٢-حاجی حەمە حەسەن .. زێبای حەمەلاوی سەعید ئاغای هێناوەو ئەم منالآنەی بووە: مەلا ستار، موختار، ناصر، سەعادەت خێزانی نوری حەمەباقی غەفور، نافعە خێزانی ئیسماعیلی حاجی عەبدوڕەحمانی مولکی.

٣-عەبدولفەتاح ... چووە بۆ خانەقین و پاشان لەبەغدا نیشتەجێ بووەو ئەم سێ مناڵەی بووە: نەجات خێزانی حسێن کەرکوکی‌یە، عەدنان، عەبدولئەمیر.

٤-محەمەد بەحەمەکە مەشهور بووە چووە بۆ دزلی ژیاوە، دوو کچی بووە.

سەرچاوە: برهان حاجی عەبدوالله، هادی حاجی ئایزە، دەروێش لەتیف.

* * *

بنەماڵەی نەجیبەفەنی عەلی ئاغا

نەجیبە فەنی خەڵکی سلێمانی بووە هاتووە بۆ تەوێڵەو بەڵقیسی صۆفی حەمەسەعیدی بولێنەی هێناوەو دوو کوڕو دوو کچی بووە کەئەمانەن:

١-عەلی .. ئەم منداڵانەی بووە: صەلاح، سەروەت، صەباح، شیرین خێزانی تالب مستەفا، گەلاوێژ خێزانی زۆراب مستەفا دوای ئەو شوی کردووە بە یەکێکی تر، ڕوخۆش خێزانی کاوەی محەمەدی حەمەسەعید. ڕوناک خێزانی ...، شەیدا.

٢-مستەفا .. ئەم منداڵانەی بووە: نورەدین، عیزەدین، حەیدەر، ئیکرام. ئارام، ئەسمەر خێزانی حەمەڕەشیدی عەبدوالله ی شەمسە، سیما.

حەفصە .. خێزانی سەعیدی میرزا عەبدولقادر.

٤-مەلیعە .. خێزانی حاجی مەلا صاحب مەلا نەزیر.

سەرچاوە: نورەدین مستەفا، ئەرشیف نوسەر.

* * *

بنەماڵەی فەتاحی مەحمود سلێمانەیی

فەتاحی مەحمود خەڵکی سلێمانی بووە، بەهۆی بازرگانی کردنەوە هاتوچۆی تەوێڵەی کردووە ژنێکی تەوێڵەیی بەناوی (خاڵێ)وە هێناوەو لە تەوێڵە نیشتەجێ بووەو کوڕێك و کچێکی بووە:

-حاجی قادر .. مینای ئەلەی کەریمی هێناوەو منداڵەکانیشی ئەمانەن: فەتاح، تۆفیق، ئەیوب، نوری، تەلیعە خێزانی جەمال مستەفا، مەلیعە خێزانی ئیدریس حاجی مستەفا.

-ڕەعنا .. دایکی حەمەکەریمی حەمە حسێن کەبەحەمەکەریمی ڕەعنا ناسراوە.

ئەوەی شایانی باسە: فەتاح پێش ئەوەی لە تەوێڵە ژن بهێنێ لەسلێمانی خێزانی تری بووە ئەم منداڵانەی هەبووە: حاجی ئیبراهیم، کەریم، حاجی حسێن، حاجی عوسمان، حاجی عەبدوالله.

سەرچاوە: ئەیوب، قادر، محەمەد سان ئەحمەد.

* * *

بنەماڵەی علیان

علیان خەڵکی سلێمانی بووە بەهۆی بازرگانی کردنەوە دێتە تەوێڵەو هەمینە کچی سەید ئەحمەدی هێناوە، مناڵەکانیشی ئەمانەن:

-ڕەشید .. یەك کوڕی هەیەو لەسەید صادق دانیشتووە.

-عەبدوالله .. شەش کوڕی هەیە لەقلرخی لای سەیدصادق دانیشتووە.

-جەواهیر .. خێزانی مەلا مەجید مەلا عەبدولحەمید.

-خاتونە .. خێزانی مەحمود حەمە عەزیزی گۆپە.

سەرچاوە: زۆراب عابد محەمەد، محەمەدی حاجی حەمەصالح.

* * *

بنەماڵەی تۆفیقی قادری هەڵەبجەیی

قادر خەڵکی هەڵەبجە بووەو هاتووە بۆ تەوێڵە، نوری‌جانی نەصروالله ی مەحمود ئاغەی هێناوەو تۆفیقی بووە، تۆفیقیش فاتمەی قوربانی خوشکی ئەمینی قولۆی هێناوەو ئەم منالأنەی بووە:

عەلی، کەمال، جەمال، خاوەر، هەریەکە لەمانەش نەوەیان هەیە.

سەرچاوە: هادی حاجی ئایزە، محەمەد سان ئەحمەد، دەروێش لەتیف.

* * *

بنەماڵەی ڕەحمانی جامی شۆشمەیی

جامی خەڵکی شۆشمێ بووەو هاتووە لە تەوێڵە دانیشتووەو کوڕێکی بووە بەناوی ڕەحمان .. ئەمیش ئەم منالأنەی بووە:

-نەجیب.

-حەمەئەمین .. باوکی فەیرۆزو ...تاد.

-نامەوەش .. نەوەی نیە.

-مەجید.

-نظام بەنەزهەت مەشهورە باوکی شاخەوان و ... تاد.

-زوبە خێزانی مستەفای نەجیب.

-تەلیعە خێزانی مارفە لاڵ.

-نەهلە خێزانی عەلی تۆفیق.

-پەنیسا خێزانی کەریم شۆشمەیی بەکەریم ئێرانی مەشهورە.

سەرچاوە: فەیرۆز حەمەئەمین، هادی حاجی ئایزە، عومەری ئەلە.

* * *

حەمەحسێن خانەگایی

حەمەحسێن .. بەلاڵە شوان مەشهور بووەو هاتووە بۆ تەوێڵەو لەوێ نیشتەجێ بووە.. مناڵەکانیشی ئەمانەن:

أ-حەمە کەریم .. دەڵێن ئەم حەمەکەریمە حەزی لە کچێکی نەوسودی کردووە بۆیە لەساڵی (١٩٣٢) کەلەگەڵ محەمەدی حەمەشەریف لەتیرەی حەمزەیی کەدەچێت بۆ دەرەتاریك لەلایەن پیاوانی حەمەئەمین بەگی نەوسودی‌یەوە هەردوکیان دەکوژرێن.

ب-محەمەد .. بەمحەمەدی لاڵە ناسراوە مەحبوبەی حاجی حەمەعەلی‌کۆزادی هێناوەو ئەم مناڵانەی بووە: سامان، بەیان خان.

ج-یوسف .. یۆسۆی لاڵە .. مەعصومەی ئامینە غەریبەی هێناوەو مناڵەکانی ئەمانەن: حەمەکەریم .. حەمەحسێن، حەسەن، فەرید، سوڵتانی خێزانی کەمالی صالح قادر (کەمال میژۆڵێ).

د-نازارێ .. خێزانی محەمەد غولام.

-قەتحە خێزانی حەمەوەنەوش.

-مەنیجە (میژۆڵێ) خێزانی صالح قادر حەمزەیی.

-عەینا دایکی تۆفیق فەتح الله نۆدشی،

سەرچاوە: دەرویش لەتیف محەمەد، حاجی حەمەصالح حاجی فەرەج.

* * *

بنەماڵەی مەولود گوشخانی

مەولود کوڕی میرانی کوڕی میروەیسەو خەڵکی گوشخانی لای نگلە. موریدی حاجی مەحیەدینی مەلا نەزیر بووەو هاتووە بۆ تەوێڵە نیشتەجێ بووەو خورشیدی کچی مەولودی بابالەی هێناوەو کوڕێکی بووە بەناوی حەکیم .. حەکیم سێ خێزانی هێناوە: کافە پاوەیی، ڕەعنای خەسرەو، ئەفرۆزی مستەفا خاڵەکە بەئەفۆل مەشهور بووەو ئەم مناڵانەی بووە:

١- عەبدول .. باوکی: فەیرۆزو بەهمەن و پەروێزو ڕەحمە خێزانی کەمال عەنەبی.

٢- کۆفە .. خێزانی مەجیدە سوری هەمەوەندی لەچەمچەماڵ.

٣- خورشید .. خێزانی حاجی کەریمی کەمەی عوسمان لەسۆسەکان.

٤- جەواهیر .. خێزانی باسام نەصروالله.

٥- ئامانێ .. خێزانی مەجیدی الله وەیس.

٦- عەینا .. خێزانی حەمەمرادی ڕەمەزان لەتیرەی هەیاس شا، پاشان شوی کردووە بە عەبدولواحدی سێڵە پاشان شوی کردووە بە ئیبراهیم ڕەشید پەسەندیْ.

سەرچاوە: عەبدول حەکیم مەولود.

*　　*　　*

بنەماڵەی محەمەد ڕوح الله جوراڵ دزاوەری

محەمەد ڕوح الله جوڕال لەدزاوەرەوە هاتووە بۆ تەوێڵە نیشتەجێ بووە، مناڵەکانی ئەمانەن:

-حاجی ڕەحمان .. باوکی: محەمەدو توبا خێزانی ڕەحیم ئەسکەندەر، فلیْ خێزانی عەبدولی محەمەدی ڕۆستەم، سوەیبە خێزانی جەلال حەمەسەعید قادر، قەمەرناز خێزانی پیاوێکی سەید صادقی.

-فەرەج .. باوکی: سەمیرە خێزانی ڕزگار حاجی مەحیەدین.

-محەمەد .. چووە بۆ کەرکوك نیشتەجێ بووەو نەوەی هەیە.

-ئەحمەد .. لەدزاوەر ژیاوەو نەوەی هەیە.

-مەجیْ .. خێزانی عەلی شەریف.

-مینا .. خێزانی ئەحمەد لالیْ.

سەرچاوە: حاجی ڕەحمان فەتاح، دەروێش لەتیف.

*　　*　　*

بنەماڵە حاجی محەمەدی فەتح الله

حاجی محەمەد کوڕی کەریمی کوڕی ڕەحیمە، کەریم بە فەتح الله ناسراوە، ئەصلْ خەڵکی شمشێری لای پاوەیەو بەگەنجی لەسەردەمی مەلیکیدا هاتووە بۆ تەوێڵەو عەتیەی عەلی محەمەدی نەصروالله ی ئاغەلەری هێناوەو نیشتەجێ بووە.

کەریم کەناسراوە بە فەتح الله ئەم مناڵانەی بووە:

ا-حاجی محەمەد .. ئەم مناڵانەی بووە:

کەریم، ئیسماعیل، فاتمە خێزانی جەلال عەبدولواحد، ئامینە خێزانی عەبدولخالق حاجی بابالە، عائیشە خێزانی نەصرەدین حەمەیوسف، صنۆبەر خێزانی یاسین حاجی عەبدوڕەحمان، شوکری خێزانی ئیدریس محەمەد، نەسرین خێزانی سەرتیپ طاهر.

ب-عەبدوالله .. لەنەوسود ژیاوەو کچێکی بووە بەناوی عالیە لەکەرکوك دانیشتووەو شەش کوڕی هەیە.

ج-سەلیم .. لەشمشێر نیشتەجێیە.

سەرچاوە: مامۆستا ئیسماعیل حاجی محەمەد، دەروێش لەتیف.

* * *

بنەماڵەی حەمە گەلێنی

محەمەد خەڵکی (گەلێن)ی هەورامانی ئێرانەو هاتووە بۆ تەوێڵە نیشتەجێ بووە، کوڕێکی بووە بەناوی خەسرەو ئەمیش دوو منالی بووە:

١-خاتە خێزانی مەحمود بووە دایکی باباو جافەو ئەلی محەمەد.

٢- مەجید .. منالەکانی ئەمانەن:

- فەتاح .. حەوت منالی بووە، چوار کوڕو سێ کچ کەئەمانەن:

١-مەجید

٢-عومەر

٣-حەمەعەزیز

٤-محەمەد

٥-پیرۆزە خێزانی ئۆلحەکیم محەمەد

٦-مریەم خێزانی حاجی عەبدوالله ی کەریم حەمە سەعید یاقوەسوری

٧-حەلیمە خێزانی مەلا حەمەحسێن، یاسینی بووە دوای مردنی مەلا حەمە حسێن شوی کردووە بە مەلا ئیسماعیلی مەلا عەبدوالله .

-عەبدوڕەحمان ... کچێکی بووە فەرخی خێزانی حەمە ئەمینی حەسەن نازە لەسلێمانی.

-حەمەئەمین (بابا) کچێکی بووە ناوی ئافتاب بووە، دایکی حیکمەتی سائق لەعەبابەیلێ، ئەوەی جێگەی باس بێت بەهۆی هاوسەرگیریان لەگەڵ هۆزی ئەلی حاجی‌دا خەڵك وادەزانن کەئەم بنەماڵە ئەلی حاجین. ئەم خێزانانەیان لەهۆزی ئەلی حاجی هێناون:

-مەنیجەی قادری خەسرەو شوی کردووە بە مەجیدی خەسرەو.

-حەلاوی حەمەئەمینی قادر شوی کردووە بە فەتاحی مەجید.

-حەنیفی حەمەئەمینی قادر دوای حەلاوی خوشکی شوی کردووە بە فەتاحی مەجید.

-قەدری باقی حەمەئەمین شوی کردووە بە عومەری فەتاح مەجید.

-فاتمەی حەیبە الله حەمەئەمین شوی کردووە بە حەمە عەزیزی فەتاح مەجید.

سەرچاوە: عومەر فەتاح مەجید، موئمن حەمەعارف موئمن، ئەرشیفی نوسەر.

*   *   *

بنەماڵەی ڕۆستەم خەرپانەیی

ڕۆستەم، صۆفی شێخ محەمەد بەهائەدین بووە هاتووە بۆ تەوێڵە، وەنەوشی حەمەوەیس بوڵینەی هێناوە، دوو کوڕی بووە:

-خەلیفە مەحمود .. ڕەحیمەی عوەزی مارفەی هێناوەو لەتەوێڵە ماوەتەوەو نەوەی نەبووە. بە مەحمود وەنەوش ناسراوە.

-محەمەد .. ئەمیش بەحەمەوەنەوش ناسراوە زیاتر لەبەغدا ژیاوەو منالەکانی ئەمانەن: عیزەت، عەتیە خێزانی عەزیزی هۆمەربەگ، بەهیە.

سەرچاوە: حاجی تۆفیق حەمەباقی، عەبدولخالق حاجی عەبدولوەهاب.

*   *   *

بنەماڵەی غولام هانە گەرملەیی

غولام کوڕی مەولودە، مەولود هانەگەرملەیی‌یەو غولامی کوڕی چووە بۆ نۆدشەو ئەم منالانەی بووەو هەندێ لەمنالەکانی هاتوون بۆ تەوێڵە:

- محەمەد .. نازاریێ حەمە حسێنی هێناوەو ئەم منالانەی بووە: حەمە غەریب، ئەیوب، ئازاد، فاتمە خێزانی حاجی حەمەصالح حاجی فەرەج، بێگەرد.
- مەعصومە .. خێزانی حاجی عەبدوالله حەمەحسێن حاجی عەزیز.
- ئامینە .. لەنۆدشە بووە.
- ڕابعە .. لەنۆدشە بووە.

سەرچاوە: حاجی حەمە صالح حاجی فەرەج.

*   *   *

بنەماڵەی حەمەسەعید نۆدشی

حەمەسەعید لەدەوروبەری ساڵی ١٩١٥ هاتووە بۆ تەوێڵە نیستەجێ بووە، ئەم منالانەی بووە:

- ڕابعە .. خێزانی مستەفا نۆدشی.
- سوەیبە .. خێزانی حاجی تۆفیق نادر.

- فاتمە .. خێزانی حەمەی بابا.
- صۆفی حەمەصالّح .. ژنی نەهێناوە.
- ئەبابەکر نۆدشی .. نەوەی هەیەو لەسلێمانی دەژی.

سەرچاوە: بەهیە مستەفا نۆدشی.

*　*　*

بنەماڵەی مستەفا مەحمود نۆدشی

مستەفا نۆدشی حەوت برای بوون، تەنها مستەفایان هاتووە بۆ تەوێڵە. مستەفا لەساڵی ١٩٢٤ هاتووە بۆ تەوێڵەو لەڕقی ئەحمەد بەگی جافرسان دا نۆدشەی بەجێ هێشتووەو ڕابعەی حەمەسەعیدی هێناوەو ئەم منالأنەی بووە:

- فەتح الله .. باوکی ڕزگارو ئەستێرە.
- حەمە ڕەشید .. ژنی نەهێناوە.
- بەهیە .. خێزانی حاجی عەبدولمەجید مەلا حەمە حسێن.
- مەحبوبە .. خێزانی نورەدین سلێمانەیی یەك کچی بووە ئەمیرە خێزانی ناصری حاجی محەمەد.
- توبا .. خێزانی ئەمین حەسەن کەبە ئەمینی لالّ مەشهورە.

سەرچاوە: بەهیە مستەفا نۆدشی، ئەرشیف.

*　*　*

بنەماڵەی مەولە فەراد عەبابەیلەیی

مەولود کوڕی فەرهاد عەبابەیلەیی‌یەو هاتووە بۆ تەوێڵەو ئاملەی هێناوەو نیشتەجێ بووە، نەوەکانیشی ئەمانەن:

- فەرەج .. بەفەرەجی سائق مەشهورە، ڕەعنای عەبابەیلەیی هێناوەو لەهەڵەبجە نیشتەجێ بووە.
- یوسف .. یۆسۆی حەماڵ .. تەلیعەی نەوسودی هێناوە:
- محەمەد .. محەمەدی خادم .. نەزیرەی کچی عەبدوالله ی مارفەی هێناوە. هەرسێکیان نەوەیان هەیە.
- غەریب .. نەوەی نی‌یە.
- صەفیە .. خێزانی حەیدەر عەبابەیلەیی.
- نەفیە.. خێزانی حەبیب عەبابەیلەیی.

سەرچاوە: ئەرشیفی نوسەر.

*　*　*

بنەماڵەی حەمەڕەحیم تاوێرەیی

حەمەڕەحیم کوڕی عەزیزی کوڕی میرزای تاوێرەیی‌یەو، حەمەڕەحیم هاتووە لە تەوێڵە توبای کچی کەنعان فەتح الله بوڵینەی هێناوەو هەر لەوێش ماوەتەوە، مناڵەکانی ئەمانەن:

ئەمنە خێزانی حەمەئەمین شەشە، دڵبەر خێزانی ڕاغب کەریم یارە، ئەختەر خێزانی حەمە ڕەشید پالأنەیی، صدیق، میرزا، سەیوان.

سەرچاوە: ڕەفعەت کەریم، هادی حاجی ئایزە، ڕەحیم کەنعان.

* * *

بنەماڵەی حەمەڕەشید عەبابەیلەیی

حەمە ڕەشید حەمە ڕەحیم عەبابەیلەیی‌یەو مینای فەتاح ڕۆستەمی هێناوەو دوو کوڕو کچێکی بووە:

محەمەد، صەباح، چیمەن خێزانی م.عەبدولواحدی وەستا محەمەد.

سەرچاوە: مینا فەتاح ڕۆستەم خێزانی حەمەڕەشید.

* * *

بنەماڵەی سەید شەریفی سەید غەفوری وڕایی

سەید غەفور کوڕی سەید مومنی وڕایە لە هەورامانی ئێران، سەید غەفور سێ کوڕی بووە:

- سەید ئەمین .. لەباوەنوور نیشتەجێ بووە کوڕێك و کچێکی بووە .. لەتیف و ئاواتخان.
- سەید محەمەد .. لەهەڵەبجە نیشتەجێ بووە دوو کوڕو کچێکی بووە.. ئیبراهیم، جەلال، فاتمە.
- سەید شەریف .. توبای کەریم ڕەزای هەجیجی هاوسەری بووە، لەسەردەمی مەلیکی‌دا هاتووە لە تەوێڵە نیشتەجێ بووەو ئەم مناڵانەی‌هەیە: تۆفیق، کەمال، بەهیە خێزانی شێرزاد باوەنوری.

سەرچاوە: تۆفیف سەید شەریف.

* * *

بنەماڵەی حەمەڕەحیم هەجیجی

حەمەڕەحیم هەجیجی سێ کوڕی بووە، هەرسێکیان هاتوون لە تەوێڵە دانیشتوون:

- حەمەفەرەج .. ژنی نەهێناوە.

- صادق .. لەئەصڵدا ناوی ئیسحاق بووەو عائیشەی وەستا عەبدواللە ی بوڵینەی هێناوەو کامیل و هەمینەی خێزانی مەحمودی پاچەی بووە لەهەڵەبجە.
- حەمە شەریف .. ئامانیّ‌ی کچی حەسەن ئەحمەدی هۆزی فەرهادی هێناوەو ئامینەی خێزانی عەبەی چۆپی هەڵەبجەیی بووە. ئیتر لەم کاتەدا صادق مردووەو ئامانیّ خێزانی حەمە شەریفیش مردووەو بۆیە عائیشەی وەستا عەبدواللە شوو دەکات بەحەمە شەریفی هێوەری و ئەم منالأنەی دەبن: فەرەج، عومەر، جەمال، کەمال..

سەرچاوە: سوەیبە وەستا عەبدواللە بوڵینە، مەهدی مەحمود پاچەچی، جەمیل محەمەد هەورامی، دەروێش لەتیف.

* * *

بنەماڵەی برزو هانە گەرمڵەیی

برزو کوڕی مستەفایەو خەڵکی هانەگەرمڵە بووەو چووەتە نەوسود، پاشان دێتە تەوێڵەو زلێخای عەبدواللە ی هۆمەر دەهێنێ‌و نیشتەجیّ دەبێت و ئەم منالأنەی بووە:

- هادی .. نەوەی هەیە.
- ناصر.. نەوەی هەیە.
- نافعە خێزانی حەمەڕەشیدی عابد.
- بەدیعە خێزانی جەلال ئەحمەد وەهاب.

سەرچاوە: حەمە ڕەشید عابد.

* * *

بنەماڵەی مەجید کەریم هەجیجی

ئەم مەجیدە، بەمەجلە هەجیجی مەشهور بووە، لە تەوێڵە ژیاوەو مەنیجەی ئەبابەکر سۆسەکانی هێناوەو پاشان هاتووە لەهەڵەبجە ژیاوەو ئەم منالأنەی بووە: ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان، عەلی، غەفور قەدریە خێزانی محەمەد هەڵەبجەیی.

تێبینی: ئەم مەنیجەیەی باسمان کرد، کچی حاجی ڕەعنایەو خوشکی دایکی باقی حاجی حەسەنە.

سەرچاوە: نافعە حاجی حەسەن خێزانی م. عەلی قاراغە.

بنەماڵەی خوابەخشی عەلی

خوابەخشی عەلی خەڵکی دزاوەر بووەو دوو کوڕو کچێکی بووە کەئەمانەن:

١- حسێن .. بەحسێنە گەشکێ ناسراوەو ئەمیش دوو کوڕو کچێکی بووە بەم شێوەیە:

- حەسەن .. بەحەسەنی خاڵێش ناسراوە باوکی .. حسێن و شەوبۆ..تاد.
- عەلی .. بە ئەلە تاتە مەشهورە .. چووە لەتووەقوت نیشتەجێ بووە. باوکی عائیشە خێزانی عوسمانی مراد، فاتمە خێزانی کەریم شەمێرانی .. تاد.
- خەدیجە .. خێزانی جەباری سەعەی سێلە.

٢- حەمە عەزیز بەعەزە گەشکێ مەشهور بووە، ژنی نەهێناوەو چووە بۆ کونەکۆتر ژیاوە.

٣- مەجە گەشکێ خێزانی وەهابی مەجنون .. دایکی حەمە مەجەیە.

سەرچاوە: دەروێش لەتیف، مەلیعە خێزانی حەمە مەجە، الله کەرەم حاجی ئەبوبەکر.

* * *

بنەماڵەی الله مرادی عەلی

دەڵێن ئەم الله مرادە برای خوابەخشی عەلیە، کەواتە ئەمیش خەڵکی دزاوەرەو هاتووە لە تەوێڵە نیشتەجێ بووەو غەریبەی مستەفای یاقوەسوری هێناوەو کوڕێك و کچێکی بووە کەئەمانەن:

١- خودادا .. بەقوتیل مەشهورەو غەریبەی کچی ڕەشەی ڕەعنای هێناوەو کوڕێك و کچێکی بووە کەئەمانەن:

- نوری باوکی سامان و دولبەرو ئەسمەرو بێگەرد.
- زوبەیدە .. خێزانی حاجی ئەحمەدی شارباژێڕی .. دایکی کەمال و جەمال و چیمەن دیمەن.
- فەرخی .. بەپەخێ مەشهورە شوی کردووە بەعوسمانە سیاو لەدەگا شێخان پێنج کچی بووە: حەلیمە، کاجولە، قەتحە، وەنەوش، س.

سەرچاوە: دەروێش لەتیف، حاجی یونس حاجی مستەفا، شیرین حەمەخان وەیس، ناصح قادر عەباس دەگا شێخانەیی. الله کەرەم حاجی ئەبوبەکر.

*　　*　　*

بنەماڵەی حسێن سەرگەتی

حسێن ئەصڵ خەڵکی سەرگەت بووەو چووە بۆ بێرواس ژیاوە، ماڵی خاڵی لەبێرواس بووە کەکچێك و سێ کوڕی بووە، مەنیج (مەجێ)، حاجی حەمەعەزیز، مستەفا، قوربانی.. بەڵام حسێن دوو کوڕی بووە کەهەردوکیان هاتوون لەتەوێڵە ژیاون کەئەمانەن:

١-محەمەد .. بەحەمە هۆرەم مەشهورە، مەنیج (مەجە)ی خزمی هێناوەو کچێك و کوڕێکی بووە:

- بەگیج .. شوی کردووە بە کەریم عوسمان.
- حەسەن .. بەحسلەی مەجێ بەناوبانگە .. باوکی خوارەحم و پەخشانی خێزانی عەلی کەریم عوسمان.

مەنیج (مەجێ) دوای محەمەدی مێردی، شو دەکات بەعەبال و لەویش ڕەزای بووە.

٢-ئەحمەد .. بەئەحلە هۆرەم مەشهورەو شیرینی حاجی قوربانی خزمی هێناوەو کوڕێکی بووە بەناوی محەمەد، ئەم محەمەدە چووە بۆ خانەقین و دوایی چووە بۆ کرندی ئێران ژیاوە.

سەرچاوە: حەسەن محەمەد (حسلە)، بەگیج محەمەد، دەروێش لەتیف، ئەرشیفی نوسەر.

*　　*　　*

بنەماڵەی ئیسماعیلی ئەحلە

ئیسماعیل، پیکۆڵ حەمە سوری خالد هاڵەکۆکی هێناوەو کوڕێکی بووە بەناوی قادرو مەلیعەی فەتەی هێناوەو یەك کوڕی بووە بەناوی ئیسماعیل .. قادر زوو مردووە بۆیە کوڕەکەی نەنکی بەخێوی دەکات و بەسمە پیکۆڵ ناسراوە.

سەرچاوە: دەروێش لەتیف، حاجی محەمەد ئیمام.

*　　*　　*

بنەماڵەی مەلا محەمەد بانگوێژ

مەلا محەمەد خەڵکی زەڵتەی مەریوانەو عەینای بلبەری هێناوەو کوڕێك و کچێکی بووە: غەفار، حەمدیە شوی کردووە بە موختاری ئازە، دواتر شوی کردووە بە محەمەد هانەژاڵەیی.

سەرچاوە: دەروێش لەتیف.

* **

بنەماڵەی حەسەن بڵبەری

بەحەسەن دیژلەمە بەناوبانگەو، سوەیبەی بڵبەری هیناوەو، دوو کوڕو کچێکی بووە کەئەمانەن: عارف، محەمەد، ئامینە ژنی سمە پیۆل.

* * *

گەلێك کەس لەنوسینی ئەم مێژووەدا هانیان داوین و دەست خۆشی‌یان لێ کردووین، بەتایبەت بۆ تۆمارکردنی ڕشتەی بنەماڵەکان — یەکێك لەو بەڕێزانە کاك سەباح جەمال مستەفایە ناسراو بە(ڕێبین تەوێڵەیی) بوو بەنامەیەك بەسەری کردوینەتەوەو ئەم کۆپلە هۆنراوەی بۆ نوسیوین .. ئێمەش سەرەڕای دەست خۆشی زۆر سوپاسی دەکەین، ئەمەش کۆپلە شیعرەکەیەتی:

نووسەری زانا، سەرچاوەی عیرفان	تەئریخ نوسەکەی ناوچەی هەورامان
ئیشێکت کردووە، هەر زۆر ژیرانە	بۆ خزمەتکردن ئەمّ هەورامانە
ئەجدادی خۆمان، نەبوو لەبیرمان	زیندوت کردەوە، بوون و نەبونمان
گشت کەس بزانێ، کوڕەزای کێیە	ئەسڵ و نەسەبی و، خەڵکی کام جێیە
هەرسەرکەوتوو بی، ئەی برای ئازیز	خامەت ڕەنگین بێت، لەوەرزی پاییز

٢٠٠٣/٩/٢١ ... بەداخەوە درەنگ زانیمان کەئەم بەڕێزە دەستی شیعری هەیە.

کوێخاو ئەنجومەنەکان

کوێخاکان

بێگومان لەهەموو شارو شارۆچکەو گوندێکی کوردستان دا، وەك ڕیش سپی‌یەك، کەسێکی ناودارو لێهاتوو بووە، بەناوی کوێخای دێ و گەڕەکی شار کەسەروکاری ئەو خەڵکەی کردووە.

بوونی کوێخا لە کوردستان دا، لەسەردەمی عوسمانیەکاندا دانراوە، بەڵام لەهەوراماندا لەپێش ئیسلامەوە کەسێك ئاوا بوو بێت بەناوی (پیر) یا (بابا)وە بەناوبانگ بووە، لەتەوێڵەدا هەردوو وشەکە هەیە[1]وەئەم کەسانە لە هەورامان دا لەپێش ئیسلام و دوای ئیسلامیش هەر کەسانێکی ئایینی بوون، تەنها لەسەردەمی عوسمانی‌یەکاندا کەسانی تر دانراون.

کوێخاکانی تەوێڵە زۆر بوون، بەزۆری لەهۆزی ئاغەلەرو یاقوەسوری بوون، وەلە بنەماڵەکاندا ئاماژەمان بۆ کردوون، بۆ نمونە: لەئاغەلەرەکان عەبدواللە ئاغاو قادر ئاغای کوڕی و کوێخا مستەفای زاوای‌و ... تاد.

لەیاقوەسورەکانیش: وەك: کوێخا ئەحمەدو کوێخا عوسمان و کوێخا قادرو کوێخا حەمەئەمین و ... تاد. هەروەها لەتیرەی ئەلی حاجی .. کوێخا عەبدواللە ی میرزا ..

لەم ساڵانەی دواتریش ئەمانەی خوارەوە کوێخای تەوێڵە بوون:

- محەمەد حەمەئەمین، لە نێوان ساڵانی(١٩٤٣-١٩٥٣)کوێخای مالێدەر بووە.
- حەمەسەلیم حەمەڕەزا-لەنیوان ساڵانی(١٩٤٤-١٩٥٥)کوێخای چلانە بووە.
- ڕۆستەم کەریم ڕۆستەم لەنێوان ساڵانی(١٩٥٣-١٩٥٦)کوێخای مالێدەر بووە.
- ماوەیەکی کەمیش حەمەصاڵح عەبدولحەکیم و محەمەد حەمە ڕەحیم ناسراوە بەدارا بەگ کوێخا بوون.

کوێخا حەمەسەلیم

- نەزهەت عەلی محەمەد لەسەرەتای ساڵی (١٩٥٥) ەوە بووە کوێخای چلانە بووە لەساڵی (١٩٥٦) بووە بەکوێخای هەموو تەوێڵە تا (١٩٧٣).

لەساڵی ١٩٧٣ وە بەهەڵبژاردن (عابد قادر غەفور) بووە بەکوێخای تەوێڵە تانسکۆی ١٩٧٥، لەدوای نسکۆوە دیسان (نەزهەت عەلی) بووەتەوە بەکوێخای تەوێڵە تاکۆچی دوایی کردووە لە ١٩٩١/٧/٢٧ هەر مۆری ئەو بەکارهاتووە بۆ تەوێڵەیی بالەشارەکانی سلێمانی و هەڵەبجەش بووبن.

ئەنجومەنەکان:

ئەوسا لەهەموو ناوچەکانی هەورامان دا ئەنجومەنیان بووە، هەر یەکێك لە (٩٩) نەوەدو نۆ پیرەی هەورامان سەرپەرشتی ناوچەیەکی کردووە. واتە تەوێڵەش وەك ناوچەیەکی هەورامان ئەنجومەنێکی بووەو پیرێك سەرپەرشتی کردووە. بەلأم دواتر بەهۆی دەسەلأتی بەگزادەو ئەردەلأنی و بابانەکانەوە دەسەلأت گۆڕاوەو کوێخا ڕۆڵی بینیوە لەگەڵ چەند پیاو ماقوڵێك وەك ڕیش سپی و دەمڕاستی ناوچەکە.

لەشەڕی جیهانی یەکەمەوە کەسەرەتای دەسەلأتی قادر بەگ بووە تاکۆتایی دەسەلأتی پاشایی لەعێراق کەئیتر دەسەلأتی قادر بەگیش نەماوە، گەلێك ڕیش سپیو پیاوماقوڵ لە تەوێڵە ڕاوێژیان پێکراوەو، وەك ئەنجومەنێکی ناڕاستەوخۆ ڕۆڵیان بینیوە، ئەم جۆرە کەسایەتیانە زۆر بوون جگە لە (شێخ و مەلاو سەیدو بەگ و کوێخاکان) ئەمە ناوی هەندێکیانە:

سان ئەحمەد، میرزا ئۆلقادر، ئەحمەدی ئیسحاق، حاجی نادر حەمە عەزیز، حاجی حەسەن الله کەرەم، ئەوڕەحیم مەحمود، وەستا عەبدوالله عەبدوڕەحیم دارتاش، عەلی عەبدوڕەحیم، حاجی فەرەج حەمە حسێن، حاجی ئۆلوەهاب غەفور، مارف قادر، حاجی محەمەد ئۆلمەجید، وەستا حەمە ڕەحیم حەمە عەزیز، غەفور خەسرەو، خواجە ئەحمەدی هۆمەری مەولود، وەستا جەعفەری دەلاك، حامد خەسرەو، صادق مستەفا، حەمەئەمین قادر، وەستا قادری ئەحمەد، حەسەن حەمەحسێن، حاجی ئایزەی حەبیب، عەبدوالله ی ئەحمەد، حەمەسەعید قادر، حاجی ئیسماعیل بەکرە، حاجی عەبولەی هۆمەر، حەمە باقی غەفور، محەمەد غەفور، محەمەد ڕۆستەم، حاجی تۆفیق نادر، حاجی ئەوڕەحمانی مولکی، ... تاد.

لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلول دا لیژنەیەك بەناوی لیژنەی (ئیصلاح)ەوە دانران، کەئەمانە بوون:

مەحیەدین حەمەسەعید، هادی عەزیز حەبیب، شەفیع حاجی محەمەد.

لەساڵی ١٩٧٣ کەپارتی دیموکراتی کوردستان دەسەلأتی هەبوو لەتەوێڵە، هەڵبژاردنێکی ئەنجام دا بۆ دانانی ئەنجومەنێك بەناوی ئەنجومەنی گەل، کە ١٨ کەس پاڵێوران و لەئەنجامدا ئەمانەی خوارەوە هەڵبژێرران:

١-عابد عەبدولقادر غەفور – بەسەرۆکی ئەنجومەن و کوێخای تەوێڵە دانرا (٣٠٠٠) دەنگی هێنا.

٢-هادی محەمەد سان ئەحمەد – ئەندامی ئەنجومەن.
٣-عەزیز کەریم حەمەسەعید – ئەندامی ئەنجومەن.
٤-محەمەد بەهائەدین صاحب – ئەندامی یەدەك (ئحتیات).

ئەم ئەنجومەنە تا نسکۆی (٧٥) ڕۆڵی هەبوو، پاشان چەند کەسانێکی تر هاتنە پێشەوە، وەك زمانزان و لێهاتوویەك ڕۆڵیان بینی لەبەدەمەوە چوونی ئەو کەسانەی کەسەردانی تەوێڵەیان دەکرد. زۆری نەبرد لەساڵی (١٩٧٧)دا باسی ڕاگوازتنی لادێکانی کوردستان پەیدا بوو، چەند کەسانێکی وریاو لێهاتوو دڵسۆز چوون بەدەم ئەم کێشەیەوە.. (لەشوێنی خۆیدا باسی دەکەین).

ئەوانەی لەدوای نسکۆوە تا چۆڵکردنی تەوێڵە وەك دەمڕاست و ڕیش سپی و پیاوماقوڵێك لەتەوێڵەدا دەوریان بووە، زیاتر ئەمانەبوون:

-محەمەدی سان ئەحمەد.
-م.مەحیەدین حاجی سەلیم.
-م.حسێن محەمەد غەفور.
-م.ئیسماعیل حەمەیوسف.
-م.مەلا جەمیل عەبدولئەحەد.
-حاجی محەمەد حاجیلە.
-حاجی محەمەد فەتحوالله.
-حاجی حەمەئەمین حەمە ڕەشید.
-محەمەد حەمەیوسف -دارابەگ.

لەساڵی ١٩٨١ کەتەوێڵە چۆڵکرا، ئیتر هیچ لیژنەیەك نەبووە، بەڵام جارجارە لەمزگەوتەکاندا و لەکاتی پرسەو بۆنەکاندا چەند کەسانێك قسەو باسێك کەپێویست بوایە دەیانکرد، وەك م.مەحیەدین و ڕەئیس محەمەدی سان ئەحمەد و زاناکان..

لەدوای ڕاپەڕین دا:

دوای ئەوەی خەڵکی گەڕایەوە بۆ تەوێڵەو، دامەزرانەوە لەسەر ماڵ و موڵکی خۆیان، چەند کەسانێك وەك ئەنجومەنێك ڕۆڵیان دەبینی، وەك: م.مەحیەدین و م.مەلا عەبدولقادرو حاجی حەمەصاڵح و م.تالب، پاشان لەساڵی ١٩٩٢ دا ئەم بەڕێزانە هەڵبژێردران بەئەنجومەن: صابر ئەحمەد بابا، ڕەحیم کەنعان، شیروان جەلال، نەصرەدین مەحیەدین، عەبدولعەزیز عەبدولوەهاب.

لەساڵی ١٩٩٣ دا هەڵبژاردێکی تر کرا ئەمانە دەرچوون:

نهاد عوسمان، عوسمان صۆفی حەمە کەریم، بەختیار عەبدولعەزیز، شیروان جەلال، ئەختیار عەزیز.

پاشان لەساڵی ١٩٩٧ هەڵبژاردنێکی تر کرا ئەمانەی خوارەوە دەرچوون:

جەمیل حەبیب، دیاری عەبدولقادر، عەلی حەمەئەمین.

لەدوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ساڵی ٢٠٠٠ ئەنجومەنێکی شارەوانی دامەزراوە کە ئەمانە لەگەڵ ئەو لیژنەی پێشوودا هاوکاری یەکترن (دڵسۆز محەمەد سان ئەحمەد - سەرۆکی شارەوانی، (بورهان عەلی کوێخا عەبدوالله، کەریم محەمەد کەریم، ڕۆستەم مستەفا فەرەج، نیهاد عوسمان حەمەکەریم).

لیژنەی سلێمانی:

یەك دوو جار لیژنە دانراو هەڵوەشێنرایەوە لەئەنجامدا ئەمانە وەك ئەنجومەنێك دانران:

-م.سەید عەبدوڕەحمان سەید تەها.

- م. سەید ڕەشاد حاجی سەید محەمەد.

-م.مەحیەدین حاجی سەلیم.

-م.نەزیف بابا حاجی.

-م.عەبدولواحد وەستا محەمەد.

-میرزا باقی حاجی حەسەن.

-حاجی الله کەرەم حاجی تۆفیق.

-م.محەمەد حاجی نادر.

-م.فەرید ئەحمەد موعین.

-عوسمان صۆفی حەمەکەریم.

هەروەها ئەم دوو بەڕێزەش دوو هاوکاری باشی ئەم ئەنجومەنەن:

-جەمال محەمەد حاجی سەلیم. (بۆ وەرگرتنی پارە).

-تۆفیق سەید شەریف. (بۆ بەدەمەوە چوونی پرسەو بەخاك سپاردن).

هەروەها دکتۆر تاهیر عەبدوالله ش وەك ئەندامێکی فەخری ئەم لیژنەیەو هاوکارێکی باشی صندوقەکەشە.

ئەم لیژنەیەی سلێمانی ئیشی باشیان کردووە، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

-لەکاتی هەردوو جەژنەکاندا خەڵکی تەوێڵە لەمزگەوتی قەزازەکاندا کۆدەبنەوە، ئەمان چالاکی‌یەکانی خۆیان ئەخوێننەوەو کێشەیەك بێت دەیخەنەبەر باس و لێکۆڵینەوەو هەروەها ئەم باسانە دەکەن:
-داوا لەبەشداربووان دەکەن بەهاوکاری کردنی زیاترو بەدەمەوە چوون و تەبایی و بەسەرکردنەوەو لەدەست نەدانی ڕەوشتە جوانەکانی کوردەواری.
-چالاکی ئەم ئەنجومەنە زیاتر: هاوکاری مادی پرسەکان، یارمەتی دانی ئەو نەخۆشانەی کەهەن و هەژاران و پێویستیان بەیارمەتی هەیە، بەدەمەوە چوونی کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان و صولح کردنیان، یارمەتی قوتابی‌یە هەژارەکانی تەوێڵە.

لیژنەی هەڵەبجەی شەهید:

بەهەمان شێوەو بۆ هەمان کارو مەبەست تەوێڵەیی‌یەکان لەهەڵەبجەی شەهید لیژنەیەکیان پێکهێناوە کەلەم بەڕێزانە پێکهاتوون:
-فەخرەدین حاجی سەلیم، حەمەصالح مەلا ئەحمەد، فەریح ئیسماعیل حسێن، موحسن مەلا عەبدولباقی، فاروق محەمەد حاجی حەمەعەزیز، تۆفیق حاجی خواکەرەم.

لیژنەی هەڵەبجەی تازە:

ئەمیش لەم بەڕێزانە پێکهاتووە: ئەیوب ڕۆستەم کەریم، ئەحمەد حاجی محەمەد، ئیدریس حاجی عەبدوالله، جەعفەر عەلی، عەلی حەمەعەزیز حەسەن.

*** هەندێ نەریت و باوی گونجاوی باش:**

هەر ناوچەیەك بۆ خۆی عادات و نەریتێکی تایبەتی خۆی هەیە – ئیجابی یا سلبی، لە تەوێڵەشدا، بەهەمان شێوە نەریتی ئیجابی و سلبی هەیە، لەئیجابی‌یەکان:

گەلکاری:

واتە: کارکردن بەکۆمەڵ و هاریکاری کردنی یەکتری. دوێنێ بۆ ئەو بوو، ئەمڕۆ بۆ من و سبەینێش بۆ تۆ.. بەو شێوەیە: چەند خێزانێ لەخزمان و دراوسێ و دۆستان کۆدەبنەوەو یارمەتی یەکتر دەدەن.

گەلکاری سودی زۆرە:
-کارەکە زوو دەکرێت و بەسەر ناچێت.
-لەڕوانگەی ئیسلامەوە مەقبوڵەو کارێکی باشە، لەسەر بناغەی (وتعاونوا علی البرّ والتقوی..)یە.

-دەبێتە هۆی خۆشەویستی‌و برایەتی و بەهێزکردنی صیلەی ڕەحم و دراوسێ‌یەتی.

دەبێتە هۆی زیادکردنی بەرهەمی ئابوری..

-جۆرە سەیرانێکیشە بۆ خەڵکەکە.

گەلکاری بۆ زۆر شت دەکرێت لەوانە:

-پاککردنەوەی باخ -گزی بارەکڵە.

-توو وەشاندن و چنینەوەی.

-گوێز تەکاندن و کۆکردنەوەی.

-ڕەز بڕین و ڕەزکێلاَن.

-ترێ کۆکردنەوەو کردنی بەمێوژ.

-دروێنەکردنی گیاو لۆ.

-ئاڵف کوتان و هێنانەوەی بۆ ماڵ.

-دار کردنەوەو هێنانەوەی بۆ ماڵ.

-خانوو دروستکردن و هێلەساو کردن و سواغ دان.

-باخ و تەلاَن دانان.

-هەروەها ..

لەناو ئەمانەدا، زیاتر پاککردنەوەی باخ کە گزی بارەکڵەی پێ‌دەڵێن دیارەو گەلکاری بۆ دەکرێت.

گزی بارەکلە[٢]:

لەکۆتایی بەهاردا باخەکان پاك دەکرێنەوە، لەو دارو بەردو چیلکەو گژوگیاو گەڵاَو وشکەی کەلەتەلاَنەکاند هەیە. بەتایبەت ئەگەر باخەکە داری تووی تیابێت، ئەوە دەبێت باش پاك بکرێتەوە.

ئەمەش بۆ ئەوەیە بەرهەمەکە بەئاسانی کۆبکرێتەوەو شوێنەکەش پاك بێت.

خاوەن باخ پێشتر کات دیاری دەکات و خزمان و دۆستان ئاگادار دەکات. لەو ڕۆژەدا هەموو بەرەو باخ دەکەونەڕێ بەژن و پیاوەوە.

ژنان زیاتر گسك دەدەن و پیاوانیش بارەکڵە دەکێشن.. یەکێك پێش دەکەوێت داروبەردو شتە گەورەکان لادەبات، ژنانیش گسك دەدەن. کوڕانیش بەدەم گسکەوە کۆما شەخەڵەکە ڕادەکێشن بەرەو خۆیان، کەزۆر بوو یا لەتەلاَنەکە لەچاڵێکدا دەکرێت بەژێر خاکەوە، یادوور دەخرێتەوە بۆ شوێنی تر.

ئێوارەیەو ئەم ئافرەتانە گزی بارەکڵەیان داوەو لەباخ دەگەڕێنەوە بەرەو ماڵەوە
ڕێگەی جامباز لەناوێسەر – ساڵی ١٩٥٤

ڕۆژی گـزی بارەکڵـــــە وەك ســـەیران وایـــە.. خـــاوەن بـــاخ خـواردنێکی چـاك ئامادە دەکات، وەك یاپراخ، چەند ژنێك هـەر خـەریکی نـان دروست کـردنن بۆ میوانەکان.

بێگومـــــان کـــاتی ئێـــوارەش کەتـــەواو بـــوون، زۆر جـــار دەیکـــەن بـــەگۆرانی و شـــیعروهەڵپەڕکێو ئێـــوار دەگەڕێنەوە.

تۆفیقی حاجی قادر شیعرێکی هەیە لەم بارەوە دەڵێ:

گزی بارەکڵە

ئارو ڕوەکەو گزی بارەکڵەیا خەبەر دەیدی هامسایا بەیا
نیم بەکرێها نیم بەدەسەوام پیاشا پیٚگیرو، گەر وێم نەتاوام
ئارو هامسایا گردیتا بەیدی ڕو دەسەوامیا سەرونەم دەیدی
دەسێو بارەکڵە، یو تاڵەوامی صاحیب مڵکەکە کەرو مەرامی
چەمی گزیدەرا، سیاوی بیٚگەردی بارەکڵەکیشی گەنجی نەبەردی
سەرپۆش بەسەری، سەروچۆکاوە براڵی دەمشاوە، مانیاشا سیاوە
بارەکڵە کیشە، براڵە خێرا سەیی لارینی، ویرەگان دێرا
گەل تەمامیا، نۆرۆ یاپراخان هەم سیاچەمانە، ئامان لەیلی گیان
ئیتر بەدەسە، گێلاٚ دماوە باس باس و سەباین، کۆگە بلاوە

میوانداری

ئەوسـا لـەدوای نوێـژی ئێـواران – غەریبـە– دەچـوونە مزگـەوت و، نوێژکـەرانیش دەیـانزانی کەئـەوە غەریبـە، دەیـانبردەوە بـۆ ماڵـەوەو ڕێزێکـی تایبەتی‌یان لێدەگرت. ئیتر شەو یا لەو ماڵە دەمایەوەو دەخەوت، یاخود دەهات بۆ مزگەوت.

سەرەڕای ئەمەش خانەقای تەوێڵە، ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لەبەڕێکردنی میواندا کەهەمیشە جمەی هاتووە.

میوان لەتەوێڵە ئەوەندە بەڕێز بووە .. وەقفی تایبەتی هەیە.

زۆرێک لەخاوەن باخەکان، دارگوێزیان لەباخەکانیان دیاری کردووە بۆ میوان و بەخشیویانە بەناوی (گوێزی نانی میوان) ئەم گوێزە بەرهەمەکەی کۆ دەکرێتەوە بۆ خزمەت کردنی میوان.

ئەوسا لەبەردەم مزگەوتی گەورە، نانەواخانەو چایخانەیەك هەبووە ئەو میوانەی نەچوایەتە خانەقاو مالآن دەچوو لەمزگەوت دەخەوت، لەنانەواخانەکە نانی دەهێناو لەچایخانەکە هێلکە یا ماست یاگوێزی بەچاوە دەخوارد، مەصروفی ئەم میوانە، بەم شێوە لەو (گوێزی نانی میوان)ە دەدرا..

ئێستاش ئەم دارگوێزانە وەقفن و لەشوێنی خۆشیان دا باسیان دەکەین.

خەیرانە (بەخشانە):

بریتی‌یە لەو شتەی کەدەبەخشرێتەوە بەسەر دەرودراوسی‌و خزمان و هەژاران دا، کەئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

-جومعانە: هەندێك لەخاوەن باخەکان دارگوێزیان دیاری کردووەو (وەقف) یان کردووە کەبەرهەمەکەی سالآنە لەئێوارانی هەینی‌دابەش دەکرێتەوە لەمزگەوتەکان، بەسەر نوێژکەراندا، یاخود لەو ئێوارەیەدا کاکلەی ئەو گوێزە دەکرێتە شتی ترو دەبەخشرێتەوە، وەك: گێتە مەژگە(کولێرە بەکاکڵە) کولیچە.. هتد.

-گوێزی نانی میوان: هەندێك دارگوێز هەن کراون بەوەقف و گوێزەکانیان دەفرۆشرێن و دەکرێنە مەصروف بۆ ئەو میوانانەی کەلەمزگەوتی گەورەدا ماونەتەوەو میوان بوون.

-گوێزی فەقی‌و مەلاو مزگەوت.. ئەمانەش کۆمەڵێك دارگوێزن بەخشراون و تەرخان کراون بۆ هەریەکێك لەوانە.

-کەشکەك.. خواردنێکی بەتام و خۆشە لەگەنمە کوتاوو گۆشت دروست دەکرێت.

پێشتر خەڵکی ئاگادار دەبێت و بەیانی زوو منالآن دەچن بەقاپ دەیهێنن. ئەمە زیاتر لەمانگی مەولود دا دەکرێت بەتایبەت ئەگەر زستان بێت. ئەمەش ماڵە دەوڵەمەندەکان ئەمەیان دەکرد. لەوانە: حاجی جەزا خواجە ئەحمەد،

حاجی قادر حاجی حەمەعەزیز، حاجی تۆفیق نادر، حاجی مەحمود مستەفا، حاجی عەبولەی هۆمەر، حاجی حەسەن منه.. تاد.

-دیاری کاروانچی‌یەکان.. ئەوسا کاروانچی‌یەکان پێش جەژنەکان کاروانیان کردووەو شتومەکیان هێناوە بۆ ماڵ و منداڵیان و بۆ فرۆشتن، بەڵام پێش سەفەرەکەیان ناونوسی هەژارەکانیان کردووە، کاروانچی‌یەکان هەریەکە بەپێی توانای خۆیان پۆشاك و خواردن و شمەکیان هێناوە بۆ ئەو هەژارانە.

-جگە لەمانەش.. بەخشینی بەروبووم.. ئەگەر کەسێك باخی نەبووبێت، گوێز یا توو یا هەر میوەیەکی نەبوایە.. ئەوەندە دراوسێ‌و خزم شتیان بۆ دەبردن لەخاوەن باخەکان زیاتر شتیان دەبوو.

بۆنەکان:

بۆنەکان زۆرن کەخەڵکی بۆیان کۆدەبێتەوە کەهۆکەیان خۆشی یا ناخۆشی‌یە.

بەگشتی بۆنەکان دەکرێن بەچەند بەشێکەوە:

-بۆنە ئایینی‌یەکان

-بۆنە کۆمەڵایەتی‌یەکان.

-بۆنە نیشتمانی‌یەکان و ئەوانی تر.

***بۆنە ئایینی‌یەکان:**

=جەژنەکان:

مەبەست لەهەردو جەژنی قوربان و ڕەمەزانە:

ئەوسا لەجەژندا خەڵکی تەوێڵە خواردنی بەیانیانیان دەبرد بۆ مزگەوت.

هەر ماڵێك سینیەك لەو چێشتەی دروستکراوە بۆ جەژن، دەیانهێناو لەمزگەوت دەیانخوارد. بەشی یەکتریان دەداو هەر چەند کەسێکی خێزانێك لەسەر سینی خۆیان نانیان دەخوارد. هەر ئەوەندە بوو بەکۆمەڵ لەمزگەوتەکەدا نانەکەیان دەخوارد. ئەمە دوای نوێژو وتارو گەردن ئازایی.

ئەوەی کەدەمایەوە بۆ مجەوری مزگەوت دەبوو، بەزۆری چێشتی جەژن قەیسی‌و فاصۆلیاو سەروپێ بوو،ئەم نان بردنە بۆ مزگەوت لەساڵی ١٩٧١ تەرك کرا.

سەردانی خزمان و دراوسێ‌یان لەجەژندا دەکراو، سەردانی ماڵان بۆ جەژنە پیرۆزە، زیاتر ژنان بەکۆمەڵ دەچوون. ڕۆژانی دووەم ئیتر تەوێڵەیی یان دەچوون بۆ سەیران یاخود بۆ گوندو شارەکان دەچوون، بۆلای ناسراوەکانیان.

خەڵکی تەوێڵە لەدوای ساڵی ١٩٨١ کەبەرەو سلێمانی و هەڵەبجە هاتن، هەوڵیاندا مزگەوتێك دیاری بکەن و لەرۆژی یەکەمدا یەکتر ببینن، لەسەرەتاوە بەبۆنەی نۆ جەژنی مردووەکانەوە دادەنیشتن، بەلاّم ئێستا ئەمە هەر ناوەن گۆڕاوە بۆ کۆبونەوەیەکی کۆمەلاّیەتی.

لەهەڵەبجە ئەوسا لەمزگەوتی شافعی دادەنیشتن و ئێستاش لەمزگەوتی دار الاحسان لەهەڵەبجەی تازەش لەمزگەوتی تەوێڵەیی‌یەکان، لەسلێمانیش لەمزگەوتی قەزازەکان، بۆ ماوەی دوو سەعات کۆدەبنەوەو جەژنە پیرۆزە لەیەکتر دەکەن.

لیژنە (ئەنجومەن)یش ئەگەر تێبینی‌و ڕاسپاردەیەکیان هەبێت دەیکەن و دەیلێن.

ئەم کۆبونەوە سودی زۆرە لەوانە:

-تەوێڵەیی‌یەکان بەتایبەت ئەوانەی سلێمانی، کەدورن لەیەکەوە، لەو ڕۆژەدا هەموو کۆدەبنەوەو یەکتر دەبینن و جەژنە پیرۆزە لەیەك دەکەن. ئیتر ئەوەی پێویست نەکات ناڕۆن بۆ ماڵەوە.

-دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندیان، وەك تەوێڵەیی نەپچڕێت و بەهێز بێت ر ناسین و خۆشەویستی و برایەتی زیاتر دەبێت.

-ئەگەر کێشەیەکیان هەبێت لەو کۆبونەوەیەدا دەخرێتەڕوو بۆ چارەسەرکردن.

-لیژنەکە، چالاکی‌یەکانی خۆی باس دەکات و پێشنیاری تازەش دەخرێتەڕوو، قسەو باسی لەسەر دەکەن.

=**هەروەها وەك شوێنانی‌تر ئەوسا ئاهەنگ و مەولودیان دەگێڕاو** مەلایەك مەولودنامەی دەخوێندەوە، ئێستاش ئەمە هەر هەیە.

=**بەڕێکردنی حاجیان و پێشوازی کردنیان:** ئەوسا بەتەپڵ و دەف و صەلەوات دان تاباجگیرا خەڵکی دەهات بۆ بەڕێکردن و پێشوازیان و، خزمە نزیك و دۆستەکانیان تا هەڵەبجە و زیاتریش دەهاتن.

=**ئیجازەی دوانزە عیلمی:**

فەقێ کەخوێندن تەواو دەکات و ئیجازەی دوانزە عیلمی وەردەگرێت ئاهەنگێکی قەشەنگیان بۆ دەگێڕا. لەمزگەوتی گەورە قەرەباڵغی‌یەکی زۆری بۆ دەکراو شەربەت و نوقڵ یا گوێزو مێوژیان بەش دەکردەوە، بەڵکو لەم

دوایی‌یەشدا لەبازاڕدا خەڵکی لەخۆشیا هەڵدەپەڕین وەك ئیجازە وەرگرتنەکەی م. مەلا سەید ڕەشادو مەلا عەبدولکەریم و مەلا صاڵح بازاڕی خرۆشاندبوو.

***بۆنە کۆمەڵایەتی‌یەکان**

بۆنە کۆمەڵایەتی‌یەکان زۆرن ئەوانەی کەدیاربن ئاماژەیان بۆ دەکەین لەوانەش:

پرسە:

چوون بەدەم پرسەوە بەتایبەت بەخاك سپاردن زۆر گرنگە، لەکاتی بەخاك سپاردن دا هەموو خەڵکی تەوێڵە بەشداریان دەکردو دوکان و بازاڕ هەموو دادەخران.

ئەوسا بەتەپڵ و دەف و مەولایاصەلی خەڵکیان دەبرد بۆ سەر قەبران، بەتایبەت ئەگەر کەسەکە زاناو شێخ و سەید و پیاوچاکێك یا گەنجێك بوایە. بەڵام لەساڵی ١٩٧٠دا جەنابی مامۆستا مەلا صاحب ئەم بدعەیەی تەرك کردو نەیهێشت[٥]، لەگەڵ هەندێ بدعەی تر وەك:

(چاو جگەرە) گێڕان لەکاتی پرسەدا، نان دانێکی زۆر بەخەڵکی، کولیچەو کولێرەو حەڵوا دەبران بۆ سەرقەبران .. هەروەها ژنان لەکاتی بەشدار بوونیان دا شتێکی‌یان دەبرد بۆ ماڵی خاوەن مردوو، وەك: شەکرو چاو ئاردو ڕۆن و ماست و .. یا حەیوانێك ..تاد. ئەمەیان هەرچەندە هاوکاری‌یەك بوو بۆ خاوەن پرسە، بەڵام ئەرکێکی زیادە بوو بۆ خەڵکی بەگشتی، جگەلەمەش ئەوسا پرسە، سێ ڕۆژ بوو هەر لەهەمان ساڵدا کرایەوە بە دوو ڕۆژ. ئەوسا پرسە لەمزگەوتا دادەنیشتن، بەڵام لەساڵی ١٩٧٧ تەعزیەخانەیەك لەپاڵ مزگەوتدا کرایەوە ئیتر پرسەکان لەوێ بەڕێ دەکران[٦].

گۆڕستان لەتەوێڵە چونکە ئەرزەکەی ڕەقەو ڕووبەرەکەی کەمە، هەر خانەوادەیەك ئەرزی بۆخۆی گرتووەو کردویەتی بەتەلان و چاکی کردووەو بەردەکانی دەرهێناوەو خاکەکەی تەخت کردووە، واتە ئامادەی کردووەو بۆ گۆڕهەڵکەندن ئاسانەو ماندوو بونی زۆری ناوێ. هەر خانەوادەیەك تەلانێکی تایبەتی هەیە.

گۆڕستانەکانی پێش ئیسلام لەلێژڵەو ماوامیو دەرەی تەرتیبا بوون.

گۆڕستانەکانی دواتر.. لەپشتی حەوزو ماوەزاو زیارەت بوون[٧].

گۆڕستانەکانی ئێستاش ئەمانەن:

-گۆڕستانی خانەقا.. کەتایبەتە بەبنەماڵەی شێخەکانەوە.

-گۆڕستانی بابا ئەسکەندەر لەپشتی مالێدەرەوەیە.

-گۆڕستانی بابا سەرهەنگ لەخواروی تەوێڵەوەیە. کەئەمە گەورەترین گۆڕستانی تەوێڵەیە.

پرسەی تەوێڵەیی لەساڵی ١٩٨١ بەدواوە لەهەڵەبجە لەمزگەوتی شافیعی بوو، بەلاّم لەدوای ڕاپەڕینەوە لەمزگەوتی (دارالاحسان)ە، لەسلێمانیش ئەوسا لەمزگەوتی (دوو دەرگا)بوو لەئەصحابەسپی، بەلاّم دوایی گواسترایەوە بۆ مزگەوتی (قەزازەکان).. لەهەڵبجەی تازەش لەمزگەوتی تەوێڵەیی یەکانە.

بێگومان لەناو تەوێڵەییدا (چلە)و (ساڵیاد) نی یە، بەلاّم ئەوسا (نۆجەژنە) هەبوو، لەمزگەوتێکدا هەموو کۆدەبونەوە، ئێستاش هەرچەندە کۆبونەوەکە هەیە، بەلاّم گۆڕاوە بووەتە کۆبونەوەیەکی جەژنانەو جەژنە پیرۆزەو ڕاوێژکردن.

تەوێڵەیی یەکانی دەرەوەی تەوێڵە ئەگەر مردوویان بمرێتبەدەگمەن دەیبەنەوە بۆ تەوێڵە، لەهەڵەبجەی شەهید یان لەهەڵەبجەی تازە یان لەسلێمانی دەینێژن.

کەس و کاری مردوو بەزۆری لەکوێبن، ئەوێ دەبێتە پرسەی سەرەکیو، لەشوێنی تریش دووەم ڕۆژ بۆی دادەنیشن، ئەوێ دەبێتە پرسەی فەرعی.. پرسە لە تەوێڵەو هەڵەبجەو سلێمانی و هەڵەبجەی تازە دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە خەڵکی زەحمەت و عەزیەت نەدریو مەگەر کەسێکی نزیك بێت بۆ پرسە سەرەکی یەکە.

لەڕاستیدا ئەمە ڕەچاو کردنێکی زۆر باشە، چونکە بۆنمونە: ئەگەر تەوێڵەیی یەك لەتەوێڵە بمرێت و لەوێ دوو ڕۆژ بۆی دانیشن لەشوێنەکانی تریش ڕۆژی دووەم دادەنیشن، ئەوکاتە تەوێڵەیی یەکانی تر لەسلێمانی و هەڵەبجەی شەهیدو هەڵەبجەی تازە ئەگەر سێیەکیشیان بڕۆنەوە بۆ پرسەکەی تەوێڵە ئەوکاتە بەلایەنی کەمەوە (٥٠٠) کەس دەبێ بڕۆنەوە ئەمەش ئەرکەو عەزیەتەو مەصروفەو وەقت یان دەڕواو لەوانەیە ڕوداویش ڕووبدات.. ڕەحمەت لەڕیش سپی یەکانمان کەئەم ئەرکەیان کەم کردەوە.

گۆڕهەڵکەنەکان:

هەر کەوتیان فلاّنەکەس مردووە، ئەوانەی کەخەریکی ئەم ئیشەن و توانای کرێکاریان هەیە، یەکسەر دەچن بۆ گۆڕستانی خاوەن مردوو، گۆڕێك ئامادە دەکەن، خۆئەگەر کەسەکە غەریبە بێت ، ئەوە زۆرکەس ئامادەیە لەگۆڕستانەکەیدا ئەو مردووە غەریبە بینێژن.

ئەوسا گۆڕهەڵكەنەكان جلی تایبەتیان دەپۆشی، ئەگەر باران بوایە چادرێكیان هەبوو لەسەر گۆڕەكە هەڵیان دەدا تاگۆڕەكەیان هەڵدەكەن.

گۆڕهەڵكەنەكانی ئەوسا ئەمانەبوون:

عەبدولكەریم مەجید، بابا عەبدوالله، حەسەن حەمەلاو، حەمەئەمین حەمەخاڵە، حسێن حەمەلاو، جەعفەر حەمەلاو، حاجی محەمەد حەماله، فەتحوالله ئیسماعیل، فەرهاد فەرەج، عەبدولخالق محەمەد، بابا عەبدوالله (بابای سێلە)، عەبدوالله ی صەلاحە، عەبدوالله مەلا عەبدولحەمید، مەحمود حەملە، قادر فەتحوالله، موئمن ئەحمەد (مومنە گوڵە)، مارف عەبدوالله (بابای مریەم)، مەحمود حاجی حەمەیوسف...هتد.

گۆڕهەڵكەنەكانی ئێستاش لەتەوێڵە زۆرن لەوانە:

عەلی نەجیب، فوئاد عومەر عارەب، كامل مەحمود فەرهاد، حەمەڕەئوف حاجی ئامانە الله، خواكەرەم حاجی ئەبوبەكر، عەبدول حاجی ئەبوبەكر...

ئەوەی شایەنی باسە كەمردوو برا بۆسەر گۆڕستان و نێژرا.. لەساڵەكانی شەستت بەدواوە بەزۆری (صابری ڕۆستەم) جەنازەكەی هەڵدەگرت و دەیهێنایەوە.

مردوو شۆرەكانیش: مەلا محەمەدی بانگوێژ، مەلا عەبدوڕەحمان مەلا عەبدوالله، حاجی عەبدوڕەحمان حاجی محەمەد.

ئەو مامۆستایانەی تەڵقینی مردوویان دائەدا لەساڵەكانی شەستەكان تا هەشتاكان زیاتر حاجی مەلا جەمیل بوو، جارجارەش مەلا عەبدوڕەحمان مەلا عەبدوالله بوو.

هەندێ داب ونەریت لەبارەی ئافرەتەوە:

لەبارەی ئیش و كارەوە: ئافرەتی تەوێڵە لەئیش وكاردا، لەباخداری و ئاژەڵداری و پیشەكاندا هاوكارێكی باشی پیاو بووە، وەك بڵێی ئیشەكان بەش كراون، بۆ نمونە: لەباخداریدا پیاو، گوێزو توو میوەكان دەوەشێنێ، بەزۆری ئافرەتیش ئەو بەرهەمانە دەچنێتەوە.

لەبارەی پۆشاكەوە: ئافرەتی تەوێڵە داپۆشراوەو، ئەوسا جل و بەرگی ئیش و كاری جیاواز بوو، لەگەڵ پۆشاكی تردا، ئەو پۆشاكانەی ئافرەتی تەوێڵە لەبەری دەكرد پێكهاتبوو لە:

گجی (كراس)، چێرگجی (ژێركراس)، پابەری (دەرپێ)، سوخمە (هێلەك)، كەوا، سەڵتە، لەچەك (سەرشان)، چەتفە (كوڵەوانە)، ڕووسەری (سەرپۆش)، هەروەها كلاوو كلاوزەڕو فێسیش بەكار هاتووە.

جگە لەمانەش بۆ خۆڕازاندنەوەو خۆجوانكردن خشڵی جۆراوجۆر بەكار هاتووە وەك: زێڕو زیو، مورووی گرانبەهای فسەیی و لاك و شیلان و كارەبایی و یاقوت و نوقرە بەجیا یاخود بەكلاوزەڕەكانەوە بەكارهاتوون، هەروەها كەمەرەو هەیاسەو گوارچەناخ و دوگمەو دۆلاب و دەستبەن و بازن لیرەو ئەنگوستیلەو لالوتەوانەو.. تاد بەكار هاتوون.

ئەوساش زەردێنەی هێلكەو گلێسەریش بۆ سەر شۆرین بەكار هاتووە.

ڕێوڕەسمی ژنهێنان:

ئەم ڕێو ڕەسمە بەم قۆناغانەدا تێدەپەڕێ:

–ئیستەی (دۆزینەوە): واتە كوڕە لەگەڵ كەس و كاریدا كچێك دەدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی بچێتە داخوازی.

–تاقیبات: لەوشەی تەعقیباتەوە هاتووە، بەمانای كوڕە یان كەسی نزیكی كوڕەكە، هەواڵ و دەنگ و باسی كچەو ماڵی كچەكە دەپرسن ئایا ئەم كچە دەشێ بۆ ئەو كوڕە.

–ڕاماڵی: ڕێ پاككردنەوە، بەناڕاستەوخۆ، كەسێك دیاری دەكرێت قسەیەك لەگەڵ ماڵی كچەكەدا بكەن، بزانن ئایا ئەم كارە سەردەگرێت، یاخود وەسفێكی ماڵی كوڕە لای كچەو ماڵی كچە دەكەن، بۆ ئەوەی شیرین و خۆشەویستیان بكەن لای كچەو ماڵی كچە.

–ئیجی: داخوازی كردنی كچە لەلایەن چەند كەسێكی زمانپاراو ژیرەوە.

–ماڵبڕ: واتە پێش مارەبڕین، یەك دوانێك لەخزمی كوڕە دەچنە ماڵی كچە، تابزانن لەسەر چی مارەی ببڕن، داوای چی دەكەن لەخشڵ و مارەیی و پارەی نەختینە .. ئەمەش بەمانای بڕینەوەی ماڵ و مارەیی .. ئەگەر داوای پارەی نەختینە بكەن بەوە دەوترێت شیربایی.. شیربایی تەنها لەساڵی شەستەكانا كەم كەمێك هەبووە، ئەوەش نەماوە.

–مارە بڕیەی (مارەبڕین): زانایەكی ئایینی دەبەن بۆ مارەبڕینی كچە لەسەر ئەوەی كەڕێكەوتوون لەسەری مارەی دەبڕن.

-شـیرینی واردەی: (شـیرینی خواردنـەوە): لەهـەردوولا چـەند خـزم و دۆستێك بـانگ دەکـەن بـۆ ئەمـەو هەنـدێ شـیرینیو میـوە دەهێنن لەوکاتـەدا دەیخۆن.

ڕەسیکیشتەی: ماوەی مارەبڕینە، تا گواستنەوەی بوك، لەم ماوەدا کوڕەو ماڵی کوڕە چەندجار بەپێی توانا سەردانی کچەو مـاڵی بـاوکی کچە دەکـەن، لەوکاتانەشدا دەبێ بەدەستی خاڵی نەچن.

-پاوێو کیاستەی (بەربووك ناردن): ڕۆژێك پێش بووك گواستنەوە، ماڵی زاوا ژنێك یان دوو ژن دەنێرن بۆ ماڵی کچە، ئەو دوو ژنە لەکەسی نزیکی کوڕەن.

-ڕەسـم و ڕەسـەد: بریتی‌یە لەوخواردەمەنیو کـەل و پەلـەی کـەماڵی زاوا لەگەڵ بەربوکا ئەینێرن بۆ ماڵی کچە.

-خەنـە بەنـدان: ئـەو شـەوەی بـووك دەگوازنـەوە دەسـت و پەنجەی بـووك دەگرنە خەنەو بەمە دەڵێن شەوی خەنەبەندان.

-فـاڕایۆ (گواسـتنەوە): بووکـە لـەماڵی باوکی‌یـەوە دەگوازنـەوە بـۆ مـاڵی زاوا.. ئەوسـا کۆمـەڵێك گـەنج و منـاڵ دەکەوتنـە شـوێن وەیـوی (بـوکێ) هەنـدێ شیعرو بالۆرەیان دەوت بەسەردا لەو بەیتانەی ئەوسای تەوێڵە:

زارولاَ مەکەردیش بیٚمانا ئیشەو زەما میمانا هەسورەی وەریش گرانا

لەباتی وشەی (زەماو هەسورە) واتە زاواو خـەزوور نـاوی زاواکـەو خـەزورە دەبرا.

وەیاخود دەوترا (ساش کەردۆ زەمین بیا گوڵیشا بەردەو ئەحمەد دیا

گوڵێ ناوی بوکەیەو ئەحمەد برایەتی.

لـەو کەسـانەی ئەوسـا ئـەم شـیعرانەیان دەوت (کـەمال سـەعید)بـوو کەدەکەوتـە پێشـی منالأنـەوە. (شـیعری تـر دەوتـرا بـەلأم ڕووی نـاو کتێبیـان نی‌یە).

وێنەی بوکێك لەکاتی گواستنەوەدا

لـەم کاتـەدا مـاڵی زاوا دەیکـەن بەزەماوەنـدو گۆرانیو هەڵپەڕکێ و

شیرینی کردن بەسەر کچەکەدا، لەوکاتەدا کەدەگاتە بەردەم ماڵی کورە، مێوژو گوێزو پارەو نوقڵ و چکلێت و شت دەکرێت بەسەر بوکیَدا، ئەوسا کورەیش نەیجە (قامیش)ێکی بەیەواش و ناسك دەیدا لەتەوقی سەری کچە .. لەم کاتەدا باوك یا دایك یا برا یا مامی کورە شتێك دەبەخشێت بەکچە، وەك خانوو، باخ، چڵەدارگوێز، یا ئاژەڵ، ..بەڵام ڕەشبەڵەك ناکرێت و نەکراوە لەتەوێڵەدا.

-زەماخوانی: ئەوەیە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەماڵی کچەوە، خواردنی چاك و باش و جوان دەبرێت بۆ ماڵی زاوا.

تەلبەردەی و تەلئاوردەی:

تەل بەردەی یا تەل و تۆشە بەردەی: ئەوەیە ماڵی بووکێ لەسێهەم ڕۆژدا یا لەحەوتەم ڕۆژدا هەندێ کەل و پەلی تایبەتیان دیاری کردووە، بۆ بووکێ وەك نوێن و جل و بەرگ و خواردن.. لەو ڕۆژەدا دەچن بۆ ماڵی زاوا.. بۆلای کچەکەیان، ماڵی زاواش خۆیان ئامادە کردووەو میوانیو پێشوازیيان دەکەن، بەتایبەت زاوا دەبێت زۆر گەرم و گوڕبێت لەگەڵ خەسویدا، خەسوش دیاریيەکی جوان دەهێنێ بۆ زاوا.

تەلئاوردەی: دوای (تەلبەردەی) ڕۆژێك دیاری دەکرێت ماڵی زاوا، بوکێ دەبەنەوە بۆ ماڵی باوکی، ئەو ڕۆژە بەگەرمی پێشوازی دەکرێن، لەماڵی کەس و کاری بوکێ دەبنە میوان، خەسو هەوڵ دەدات خواردنی زاوا جیاوازیيەکی ببێت واتە باشتر بێت.. ئیتر دوای ئەوە بوکێ دوو سێ ڕۆژێك دەمێنێتەوەو دوایی زاوا خۆی دێت دەیباتەوە.

لەکۆتاییدا دەڵێین: مەرج نیيە لەهەموو ژنهێنانێکدا ئەم قۆناغانە بەو شێوەیە تێپەڕێت جاری واهەیە دوانیان بەیەکجار جێبەجێ دەکرێت.

پێم باشە لێرەدا هەر بۆ زاخاوی دڵ ئەم پارچە هۆنراوەی عیزەت بەگی ئەلی محەمەد بەگ - ی جافرسان بنوسم، کەوەها نیشان دەدات، کچی کەریم سان دەچێت بۆ داخوازی کچی سەیدێك بۆ دڵشاد ناوێك:

حاجی ئەوڕەحمان نەتەبەی ڕەسول	خایشتماهەن، مەرکەریش قبووڵ
ئەگەر گەرەکتا، ئێمەکەری یاد	دڵ و دڵشادی یەکجار کەرەشاد
کەڵکێوەخاس و ئێمە، کەوتەن، لێت	مشیۆ دڵشادی، کەری وردیی وێت
باچەمیش نەنا، خۆ پەرچەئەسرین	لووتە، بازۆرە، پەی باڵای نەسرین
(شکۆفە)و (تەلی)، خۆ کەران قەپۆس	شاکامی مارا، دوژمن و هەم دۆس
تایفەی بەهمەن، تۆ عادز کەری	ئەحمەدو ڕۆزەی، دڵشان کز کەری

دەگای سەرکڕان، ڕەنجنی جەوێت ئاگات جەوێت بۆ، ئانا واتم پێت!!
تۆ قەومی کەرە، ئێمە، کەرەدۆس زیاد جەحەدی دەرنەشی جەپۆس
من هەرچی ماچوو، گردش بەدڵما شش دانگ سەرکڕان، خۆ ئاوو گڵما
کویستانی کەرو، بەهتیارت پەخشان ئامادەن، پەی کەل و کارت
هەرچیما واتەن، خۆ گردش ڕاسا زیادە چینەیە، خۆدەنگ و باسا
دوخت و نەسرینی، خۆیاد ئاوەرۆ هەرچی بەدڵشاد بازدیٚ، باکەرۆ
تاتەی سەیدو ئەدای نەجیبە بدەی سامانش، کاری عەجیبە
حاجی قەولشدا، دەسش ماچ کریا حوزوری مەجلیس، ماڵبرِیچ کریا
مەجلیس ماتش کەرد، تەلیٚ ئامادەنگ شەکەررێزش کەرد،گوفتاریسەد ڕەنگ
واتش: بەتاتەم شانسما بەرزا حاجی ئەورەحمان، نمونەی ئەرزا
بەلام وەڵینە، مزانی چیش واچی هەر پیسەداری، حاجی هورپاچی
واچی: سیاوڵەی درێژی بیٚڕەنگ تۆ حەدت نەبو، مەگەر داودبەگ

مێژووی هەورامان/ م. هەورامانی، ل٣١٤

مەلا حەسەنی دزلی لەدیوانەکەیدا (ل٤٤-٤٩) شیعرێکی دوورو درێژی نوسیوە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێرەدا بلاوی دەکەینەوەکەپەیوەندی بەم داب و نەریتی ژنهێنانەوە هەیە، مەلا حەسەن دەلیٚ:

ا..ڕیش چەرمەو قەومی، گلێری باوە پەی کوڕەکەیشا، ژنیٚ بنیاوە
پرس و مەلاو شێخ، ڕیش چەرمەو دەگا پەی ئی وەسڵەتی مشوری وەرا
هێجبی کریۆ، دیاری بەردەی تەدارەک گێرا،پەیدەس ماچ کەردەی
ئاماو لوایا، بیاو برۆ وەعدەو وەعیدا، جەڕاسو درۆ
گەلە (درەو) و (هەربەنە)و (هۆڵە) بان ماڵای زمسان، جەسەرداو سۆڵە
گجی هەسروە، کلاش هەسورە هێزم ئاردەیا، چاکەشەدورە
ئاخرش یاوۆ، وەلیمەی نیکاح تابا بەهەمسەر، حەلاڵ و مەباح
بەگردو خەڵکی، بەشارەت دریا شاهێدی عادڵ، ئامادە کریا
تەقلید بەزەوجەین، شاهێدو وەلی کریۆ بەزامن، حەزرەتی عەلی
ئەسلٚ و فەرعی دین، قەرائەت کریۆ پەنا بەفەتوای، عولەما بریۆ
ڕەزای تەرەفەین، مارەیی مەعلوم شەرایت پەسەند، بەبیٚ لام و حوم
ئەنکەحتو، زەووەج، هەزار قال و قیل نیکاح لازما، بەهەزار دەلیل

نیکاح جاری بیو، کریا پا (پاوەن)
جائیتر یاوا، نۆبەی زەماوەن
قەرزو هامسایا، سەلەم و حاجی
زەماکێشش مێ، هەر پێسە تانجی
تەدارک گێرا، شادی چەن وەشەن
گۆشت و برنج و قەند، چای ڕووەن
گۆرانی واتەی، چەپڵە، هۆرپڕای
لباسی زەریف، هەڵاوەو هۆزای
هەی بادە، بادە، هەی بادە، بادە
شادی و زەماوەن، موبارەک بادە
هەلولەو شمشاڵ، چەپڵەو دوزەلە
یۆ ماچۆ لوە، یۆ ماچۆ مەلە
سوارە غارغارێن، ڕەقس و سەماو زەوق
لەنجەو کناچا، مەڵامارۆ شەوق
ئاخرش وەیوە، یاوا بەزاوا
عەشرەت دەستاوەش، یانەتان ئاوا
ژیوایی تازە، دەس پەنەکەرا
تێلانیۆ سەوقات، دیسانۆ بەرا
بەهەزار ئومێد، هەزار ئارەزوو
ژەن ئاماپەی کوڕ، کناچی دریا شوو..!

هاوسەرگیری تەوێڵەیی لەچەند دێڕێکدا:

-ژن و ژنخوازی لەتەوێڵەدا تا ساڵی ١٩٨٣ز هەر لەناو خۆیاندا بووە، زۆر بەکەمی هاوسەرگیریان لەگەڵ خەڵکی تردا بووە مەگەر کەسەکە هاتبێت لەتەوێڵە ژیا بوو بێت و بوو بێتە تەوێڵەیی. بەڵام لەوە بەدواوە، ئەمە گۆڕاوەو لەگەڵ تیرەو خێڵ و ناوچەکانی تری کوردستان دا شتێکی ئاسایی‌یە.

-ژن بەژن و گەورە بەبچوك و بنەتۆو، نەبووەو نی‌یەو نەبیستراوە.

-کچ بەئارەزووی خۆی و ڕەزامەندی کەس و کاری شوو دەکات و، بەزۆر شووکردن نەبووەو نی‌یە.

-شیربایی‌و ژنفرۆشتن و مارەیی زۆر، نەبیستراوە ببێت مەگەر بەدەگمەن.

-فرەژنی زۆر کەمە لەنیوەی یەکەمی ئەم سەدەی ڕابورد نزیکەی (٣٠) حاڵەتێك بووە، بەڵام لەنیوەی دووەمی‌دا (١٥) حاڵەت زیاتر نەبووە. ئەوەش کەبووە زۆربەیان عوزرێکیان بووە کەژنی دووەمیان هێناوە.

ئێستاش کەساڵی (٢٠٠٣) یە، (١٢) حاڵەت هەیە لەناو هەموو خەڵکی تەوێڵەدا کەژمارەیان لەسەروی (٣) سێ‌هەزار خانەوادەوەیە.

بەکورتە:

کچ بەئارەزو و ڕەزامەندی کەس و کاری شوو دەکات و لەسنوری تواناداد مەصروف دەکرێت بەکورو، مارەیی لەسنوری شەرعدایەو، ڕەوشت و کەسایەتی زیاتر دەخوێنرێتەوە.

کەواتە: ژن و ژنخوازی لەتەوێڵە سلبیاتی زۆر کەمی هەیەو نەریتێکی وا کەدوور بێت لەئیسلامەوە لەم کارەدا نی‌یە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆشیاری‌یە ئیسلامی‌یەی کەلەناو جەماوەرەکەدا هەیە، کەبەبۆنەی ئەو ڕێنومایی‌یەی زاناو مامۆستاو شێخانەوەیە کەکراوە لەناوچەکەدا.

سەیران:

لەبەر ئەوەی زستانی تەوێڵە سەختەو لەوەرزی زستاندا، هەر لەماڵەوەن، چوونە دەرەوە کەمترە، بۆیە هەر کەبەهار هات خەڵکی تەوێڵە زۆربەی ڕۆژەکانی دەچن بۆ سەیران.

ئەو ڕۆژانەی کەزیاتر سەیرانی تیا دەکرێت، بریتی‌یە لەڕۆژانی (٤/١٥) بۆ (٥/١٥) وەلەناو ئەو ڕۆژانەشدا یەکی ئایار.

هەروەها هاوینانیش دەچن بۆ ناو باخ و بۆ سەر شاخەکان، لەم وەرزەدا شەو دەمێننەوە.

سەیرانگاکانی تەوێڵە زۆرن، تەوێڵە خۆی سەیرانگایە، ئەو شاخ و کەژو باخانە کەلەشوێنی خۆیان دا ناومان بردون هەموو سەیرانگان و شوێنی دڵڕفێن و قەشەنگن.

لەڕۆژانی سەیراندا جگە لەو خواردن و خواردنەوەیەی ئامادەی دەکەن و دەیخۆن، دەست دەکەن بەهەڵپەڕکێ‌و گۆرانی یاری کردن. تائێوارە بەسەر دەبەن و دەگەڕێنەوە ئاوایی گەڕانەوەشیان لەگەڕیاتەوە بێت یاخود لەسەر کەل و ڕاسایارێ وەبێت هەر بەچەپلە ڕێزان و سیاچەمانە خۆیان دەکەن بەناو شارۆچکەکەدا.

ناوی یاری‌یەکان:

لەو یاری‌یانەی کەلە تەوێڵەدا باون و بەناوبانگن بریتین لەمانەی خوارەوە:

١-یەك باز

٢-سێ‌باز

٣-باز بازێن

٤-هەترێ

٥-قولەقانی (هەترە شەلێ) (هەنگەشەلێ)

٦-قەڵاتوشکانی (قەڵا قەڵا)

٧-چەمەشیکالێ (چاوشارکێ)

٨-هەنورێ مەنورێ

٩-ئاشبە تەنورێ
١٠-تەڕەشوپانی
١١-سوارانی (کۆڵ کۆڵێن)
١٢-خواجەڕۆ
١٣-موشانی (موشێن - هەڵماتێن)
١٤-هەلوکانی (هەلوکێن)
١٥-خولیرانی (میزراحێن)
١٦-دیدەکانی (دیلانێ)
١٧-گۆرەوە بازی (کلاۆ کلاۆێن)
١٨-گورزانی (گورزان)
١٩-تەڵە ڕەواس (تەڵە ڕێوێ)
٢٠-گوندەلانی (تۆپەڵێن) (لەکاتی بەفردا دەکرێ)
٢١-خزلکێ (خلیسکانێ) (لەکاتی بەفردا دەکرێ)
٢٢-بیرهەڵکەندن .. (لەکاتی بەفردا دەکرێ)
٢٣-تۆپ تۆپێن .. مەبەست لەیاریەکانی تۆپە
٢٤-واغانی (واغێن)
٢٥-چالانی (چالێن)
٢٦-ماڵەپیتانی
٢٧-چەڵەمەشکێنە
٢٨-گەنم گەنم
٢٩-پەت پەتێن (زیاتر کچان ئەیکەن)
٣٠-خەت خەتێن (زیاتر کچان ئەیکەن)
٣١-هەڵمەقۆ (زیاتر کچان ئەیکەن)
٣٢-هەلور مەلور .. (زیاتر کچان ئەیکەن)
٣٣-هەلەق مەلەق
٣٤-قوڕو قەپ
٣٥-دامە
٣٦-سێ ڕیز -ڕیزکێن
٣٧-کەڵەشیرە جەنگی (شەڕەکەلەشێر)
٣٨-توتە جەنگی (شەڕە سەگ)

٣٩-کولارە
٤٠-مەتەڵ ئاردەی (مەتەڵ داهێنان)
٤١-ئەداله بۆوەرگانی (دایە گورگانە)
٤٢-ڤەرە ڤەریلی (پێشبڕکێ)
٤٣-شێرە ڤەرڤینی (شێرە بەفرینە)
٤٤-شێروخەت.

یادە نیشتمانیو نەتەوایەتیو ئەوانی تر

ئەو بۆنانەی کەلە تەوێڵەدا گرنگیی‌یان پێدرابێت بریتین لە:

یادی نەورۆز، ١١ی ئازار، ١٤ی تەموزو، یەکی ئایار، لەناو ئەمانەشدا زیاتر یادی نەورۆز بەهەند گیراوەو گرنگی پێدراوە بەتایبەت لەساڵەکانی شۆڕشی ئەیلول دا.

لەنەورۆزدا خەڵکی تەوێڵە لەهەموو سەربانەکاندا ئاگریان دەکردەوە، بەنەوت و خۆڵەمێش تۆپەڵیان دروست دەکردو لەسەر قەراغی سەربانەکان بەڕیز دایان دەنان، لەکاتی ئێوارە دایان دەگیرساند، دیمەنێکی زۆر جوانی هەبوو.

جگە لەمەش لەهەرسێ لوتکەی گاوران و ویسورەو پشتی مالێدەر ئاگری گەورەیان دەکردەوەو، هەر لەو ئێوارەیەداو سبەینێکیش لەبازاڕی تەوێڵە دەیانکرد بەهەڵپەڕکێو گۆرانی و پێشکەش کردنی شانۆگەری و سرودی نەورۆزو...

ئەو شوێنەی کەجێگەی شانۆگەریو سرودی تیا پێشکەش دەکرا، یاسەربانی حەوزەکانی مزگەوت بوو، یاخود بەردەمی دوکانی کوێخا حەمەسەلیم و چایخانەی سەیدجافر بوو لەناوبازاڕدا.

١١ی ئازار لەسەردەمی (١٩٧٠-١٩٧٤) زۆر بەگرنگ یادی دەکرایەوە.

١٤ی تەموزیش لەسەردەمی (١٩٥٨-١٩٦١) پاشان لە (١٩٧٥ - ١٩٨٠) یادی دەکرایەوەو ئاهەنگی‌یان دەگێڕا.

یادی دامەزراندنی حیزبەکانیش -شیوعی و پارتی - لەچەند ساڵێکدا گرنگی زۆری پێدراوە.

*** ئەو شتانەی کەجارجارە کێشەیان دروست کردووە:**

هەندێك شت هەن لە تەوێڵەدا جارجارە کێشەیان دروست کردووە کەئەمانەی خوارەوەن:

-لەوەڕگا:

ئەوساکە ئاژەڵداری زیاتر بووە، لەسەر لەوەڕگا جارجار ئاژاوەو کێشە دروست بووە، سەردەمانێکیش لەسەر ئەمە لەگەڵ خەڵکی دزاوەریشدا بووە بەکێشە.

-نۆیاو:

چونکە باخەکانی تەوێڵە بەراون، هەندێجار لەبەر کەمی ئاو کێشە دروست بووەو بووەتە هۆی دەمەقاڵە دروستکردن، بەڵام لەدوای ئەوەی (قادر بەگ) تەرتیبی نۆری ئاوی کرد ئەم کێشەیە نەماوە، لەشوێنی خۆیدا ئەمە بەدرێژی باس کراوە.

-بەفرماڵین:

لەزستاندا بەفرێکی زۆر دەبارێ و خانووەکانیش لەبەردو دارو قوڕ دروستکراون، بۆیە دەبێت سەربانەکان بماڵرێن، جاچونکە خانوەکان پڕن و بەسەر یەکەوەن هەشیانە شوێنی ئەوەی نییە، یان زۆر کەم و بچوکە بۆئەوەی بەفرەکەی تێبکرێت، یاخود شێوازی بەفرماڵینەکە باش نیە، .. ئەمانە ئەبنەهۆی نارەحەت کردن و بێتاقەتی دەرودراوسێو قرەو کێشەدروست دەبێت.

*** چەند دیاردەیەکی نابەجێ:**

چونکە تەوێڵە ماوەیەکی زۆر ناوەندێکی ئایینیو زانیاری بووە، دوژمنان هەوڵیان داوە، ئەم سەرچاوە لێڵ بکەن و فەساد بڵاوبکەنەوە، لەوشتانە:

-سوێند خواردن بەتەڵاق:

لەئیسلام دا سوێند خواردن بەغەیری خوا دروست نیە، بەڵکو (شرکە). بەداخەوە لەتەوێڵەدا (تەڵاق) وەك سوێند زۆر بەکاردەهێنرێت، بەڵکو هەندێك کەس ئەم وشە بووەتە بنێشتە خۆشەی سەر زمانیان .. ئەمە نەریت و عادەتێکی زۆر خراپەو شیرازەی خێزان تێك دەدات، هەر بۆیەش لەسەردەمی قادر بەگ دا قەدەغە کرابوو هەر کەسێك ئەم تەڵاقەی بخستایەی سزای دەدرا.

-عارەق خواردن و قومار کردن:

ئەم دوو کارە دزێوە، ماوەیەك لەتەوێڵەدا بووبوونە دیاردە، بەتایبەت لەساڵەکانی شەست بۆ هەشتاکان، زۆر بڵاو بوون، کەئەمەش هۆکاری خۆی هەبوو، لەوانە:

لاوازی ڕابوونی ئیسلامیو، خامۆش بوونی دەوری خانەقاو مزگەوتەکان لەو ماوەیەدا، بوونی فکرەی دی کەگرنگی دەدا بەم کارانە، هەروەها ڕەواج

پێدانی لەلایەن حوکم و دەسەڵاتەوە، بوونی کەسانی غەیرە لەتەوێڵەدا کەپێش ئەوەی بێنە تەوێڵەوە، ئەمە پیشەو کاریان بووە، جگە لەمانەش تەوێڵە سەیرانگایەك بووە، خەڵکی تر دەهاتن بۆ سەیران و ئەم کارەیان دەکردو کەس رێگەی لێ نەدەگرتن.

-وەك دەگێڕنەوە: لەساڵەکانی پێش شەستەکاندا، چەند دیاردەیەکی تر باو بووە، ئەویش: وەستانی گەنج و لاو لەڕێگەی کانی، کۆبوونەوەی گەنجان و لاوان لەسەربانی ماڵان و دەستکردن بەگۆرانی وتن و شیعر وتن و شێروخەت و هەڵماتێن و ...هتد.

-هەروەها بەهۆی پێگەی شوێنەکەو چڕو پڕی خانووەکان و جەم و جۆری خەڵکەکەی‌و نزیکیان لەیەکەوە، چەند سیفاتێکی سلبی دروست کردووە، لەسلبیاتەکان:

ئاگادار بوونی زۆر لەنهێنی یەکترو، چاوتێبڕینی یەکترو باسکردنی یەکتر، قسەو قسەڵۆك دروستکردن، خۆخۆری و دژ لەیەك خوێندن و ...هتد.

ئەو نەهامەتی‌یانەی کەتووشی تەوێڵەیی‌و تەوێڵە بوون:

تەوێڵە وەك بەشەکانی تری کوردستان، تووشی گیروگرفت و کێشە بووە، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەیە:

*** گرانی‌و برسیەتی:**

لەساڵەکانی شەڕی جیهانی یەکەمدا، خەڵکی تەوێڵە بێ‌بەش نەبوون لەو شەڕو شۆڕەو، ئەوانیش بەشداری‌یان کردووەو، توشی نارەحەتی بوون، برسیەتی‌و قات و قڕی‌و گرانی ڕووی کردووەتە تەوێڵەش.

ساڵی گرانیەکە (١٩١٧ز=١٣٣٦ك) لەتەوێڵە بەناوبانگ بووە بەساڵی (کۆچ و لیرە[٨])، واتە مەنێك گەنم بەیەك لیرە بووە.

لەو ساڵەدا سەروەت و سامان زۆر هەرزان بووە، تەنها خۆراك و پۆشاك گران بووە، بۆ نموونە-باخی حەمەی حاجیلە لەوکاتەدا بە (٥) لیرە فرۆشراوە واتە بە(٥)مەن گەنم[٩].

ئەوەی شایەنی باس بێت:

تەوێڵە لەچاو شوێنەکانی تری کوردستاندا ئەم گرانی‌یە، زیانی زۆری لێ نەداوە، بەبۆنەی ئەو بەروبومەی کەهەیبووە، وەك: گوێزو توو مێوژو بەڕوو بەروبومی ئاژەڵ[١٠]. لەم بارەوە حاجی محەمەدی ڕەحمان فەتاح کەئێستا ساڵی (٢٠٠٢)ەو تەمەنی ئەو کەلە (١١٥) ساڵیدایە خۆی ئەم گرانی‌یەی بینیوەو دەڵێ:

توو بەڕوو مێوژ، دەورێکی باشیان بینی لەتەوێڵە بۆ ئەوەی خەڵك ناڕەحەت نەبیٚو نەمریٚ، دەڵیٚ: تەوێڵەو هەورامان لەچاو شوێنانی تر توشی ناڕەحەتی نەبوون، هەرچی سامانمان هەبوو لەپێناوی مانەوەماندا بوو.

بەڕێز مەلا مارفی مەلا عەبدوالله ی مەریوانی، کەلەو ساڵەدا لەتەوێڵە ژیاوەو بەڕێزی ئێستا لەسلێمانیەو تەمەنی نزیکەی (١٠٠) ساڵە لەم بارەیەوە دەڵیٚ:

(بەهۆی نەبارینی بەفرو بارانەوە، قات و قڕی ڕووی کردە کوردستان، هیچ جۆرە کشتوکاڵێك بەرهەمی نەبوو، پووش و گژوگیا بۆ ئاژەڵ نەبوو، هاوکات لەپاییزدا سەرچاوە ئاوییەکانی خواردنەوە وشکیان کرد!.. هەر بۆیە زۆرێك لەئاژەڵەکان مردن و ئەوەی مایەوە لەگەڵ خەڵکیدا (کۆچڕەو)یان کرد بۆ ئەو شوێنانەی شك دەبرا، کەئاوی خواردنەوەی لیٚ بێت.

هەربۆیە زۆرینەی خەڵکی گەرمیان و سلێمانی و شارەزوور، ڕویان کردە هەورامان، لەبەرچاومدا مەنجەڵێك گۆڕ دراوەتەوە بە (مشتیٚ) توو! کاتیٚ زستان هاتەپێشیٚ بەهەمان شێوە خەڵکێکی زۆر مردن، بەبیرم دیٚو وادەزانم ئێستایە لەکۆلانێکی تەوێڵەدا قاچم گیر بوو لەشتیٚ، کاتیٚ سەرنجمدا قاچی تەرمیٚ بوو لەو چەندین کەسەی ڕۆژانە دەمردن، لەو کاتەدا ژنیٚ بەناوی (گوڵیٚ) پیٚی وتم: ئەوە (٥-٦) کەسیٚ مردوون، ئێمەش کەمیٚ خۆڵەمێشمان پیادان و شاردمانەوە.

هەروەها دەڵیٚ: کەسانی خەیرۆمەند لەو کاتەدا زۆر بوون، بەهانای خەڵکیەوە دەهاتن، لەوانە: لە تەوێڵەدا (شێخ حیسامەدین)، لەبیارە، (شێخ عەلائەدین) نانەواخانەیان دانابوو، تانان بدەن بەخەڵکی، لە هەورامانیش جافر سوڵتان نەیهێشت خەڵکی لەبرسانا بمرن...)[11].

هەروەها دەڵیٚ[12]:

لەگرانیەکەدا، تەوێڵە لەهەموو شوێنێکی تر باشتر بوو، هەرچەندە خەڵکی تووشی ناڕەحەتی بوون، خوشك و برایەك لەسنەوە هاتبوون، لەچەمی دزاوەردا، پیاوەکە خوشکەکەی خۆی سەربڕی بوو، خۆی تاتوانیبووی لەگۆشتەکەی خواردبوو، ئەویتری هێنایە، تەوێڵە بیفرۆشیٚ، کەیەکەم کەس لیٚی کڕی بوو لەوەختی سورەوە کردنەکەدا کەفی کردبوو بەمە ئاشکرا بوو، ئیتر کەس نەیکڕیو پێیان زانی و دەریانکرد.

دەگێڕنەوە[13]: لەم سەردەمی گرانیەدا عوسمانیەکان باج و سەرانەی چل یەك دەخەنە سەر تەوێڵە، سەرکارەکانیش کەباجەکە کۆدەکەنەوە، دەیکەنە

بیست و یەك.. دێنە تەوێڵە بەزەبرو زۆر باجەکە ببەن، ئەمەش لەتوانای خەڵکی‌دا نابێ، لەناوبازاڕی تەوێڵە دەکەونە گفت و گۆ لەگەڵیان سوودی نابێت، لەوکاتەدا خاتو (قیمەتێ) دایکی (حەمەو هۆمەر) کەماڵەکەی ڕوانیویەتی بەسەر سەرکارو خەڵکەکەدا، لێژنە دارەکەی ماڵەوەیان دەڕوخێنێ بەسەر سەرکارەکانداو هانی خەڵکەکە دەدات کەڕوبەڕوی ئەو زۆردارانە ببنەوە، لەئەنجامدا، خەڵکەکەش بەو دارانە بەر ئەبنە زۆرداران و بەسەرو دەست و قاچ شکاوی ڕاویان دەنێن بەرەو هەڵەبجە، پاشانیش نوێنەرێکی تەوێڵە دەچێتە ئەستەمبوڵ، بەئەمری سوڵتان، سەرانە نامێنێ لەسەر خەڵکی تەوێڵە.

*** نەخۆشی:**

لازاریف لەکێشەی کورددا، بەشی دووەم لاپەڕە (٥٨٦)دا دەڵێ:

(...چەندەها خێڵی کورد بەدەردی گرانەتاو کولێراو ڕەشەگرانەتا، لەناوچوون، هەتا چەند نوێنەرێکی کاربەدەستانی تورکیش دانیان بەوەدا ناوە، کەلەچەند ناوچەیەك (٣\٤)ی دانیشتوانەکانی کورد لەناوچوون...)

هەروەها دەڵێ:

(ئاژەڵەکان بەهۆی تالان کردن و نەبوونی لەوەڕگاو نەخۆشی، زیانێکی بێ شوماریان لێکەوت، لەچەند ناوچەیەك دانەیان نەماوە...).

بەم شێوەیە بلاوبونەوەی نەخۆشی لە کوردستاندا کاریگەری زۆری بووەو خەڵکی زۆری لەناو بردووە. تەوێڵەش وەك ناوچەیەکی کوردستان بەر نەخۆشی‌یەکانی تاعون و ڕشانەوەو ئاوڵەو چاوەقوڵە کەوتووە.. کەم ماڵ بووە تووشی نەهاتبێ ئەوەندە مردوون، گۆڕهەڵکەنەکان فریای گۆڕ هەڵکەندن نەکەوتوون)[١٤].

لەشوێنێکی وەك سلێمانی، لەبەر برسی‌یەتی‌و نەخۆشی ڕۆژ نەبووە (١٠) کەس کەمتری لێ بمرێ، بەڵکو زیاتر مردوون، شاردنەوەی تەرمی مردووەکان لەتوانای شارەوانی‌دا نەماوە. لەکۆڵانەکاندا تەرمی ڕووت و قووت و ئاوساوو شین هەڵگەڕاو بەرچاو دەکەوت و مرۆڤ ترسی لێ ئەنیشت[١٥].

بێگومان لە کوردستاندا چەند جارێك نەخۆشی بلاو بووەتەوە وەك ساڵەکای (١٧٩٥، ١٩٠٤، ١٩١٨، ١٩٣١، ١٩٤٥، ١٩٦٣،...هتد) ساڵی (١٩٠٤) بەساڵی ڕشانەوە بەناوبانگ بووە، کەکوشتارێکی زۆر بووە[١٦]. لەساڵی (١٩٣١)دا ئاوڵەو سورێژە لەتەوێڵەدا بلاو بووەتەوە کوشتارێکی زۆری کردووە، بەڵکو خەڵکی تەوێڵە، ناو تەوێڵە چۆڵ دەکەن و دەچنە دەرەوە بۆ کوێستانەکان.

لەبەر ئەوەی لەیەکێکی ترەوە نەگاتە ئەوانی تر، هەرچەندە نەخۆشی‌یەکەش گەیشتووەتە ئەوێش و چەند کەسێکیان لەوێش مردوون لەهانەی ڕێزاو، نەڵکمین و سێمارەوار، نەیانهێناونەتەوە هەر لەوێ نێژراون.

قادر بەگ لەیاداشتنامەکەیدا نوسیویەتی: بڵاوبونەوەی ئاوڵە کەلەساڵی (١٣٥٠ك) بووە، نزیکەی (١٠٩) کەسێکی تەوێڵەیی کوشتووە.

هەروەها لەساڵی (١٩٦٣)یشدا سورێژە دیسان لەتەوێڵە زیانێکی زۆری داوەو منالآن کەتووش دەبوون بەهۆی نەبوونی داوو دەرمانەوە، یەکسەر دەیکوشتن[١٧] لەو ساڵەدا (٢٨) منالْ مردوون.

*** لافاوو تەرزەو بارانی ناوەخت:**

چەند جارێك لافاو زیان و زەرەری داوە لە تەوێڵەو دەوروبەری، بەتایبەت لەساڵەکانی (١٩٣٦، ١٩٣٧، ١٩٥٧).

لەساڵی (١٩٣٦)یش لەبەهارو پاییزدا لافاو بووە، چونکە لافاوەکەی بەهار زیانی زۆری داوە، باس لەوە دەکەین.

لەساڵی (١٩٣٦ن)دا مانگێك بەهار گوزەرا بوو، ڕۆژی چوار شەممە، نزیك عەصر، بۆ ماوەی دوو سەعات بەخوورەم بارانێکی زۆر باری، بەجۆرێك پلوسکی سەربانەکان ئاوەکەیان نەئەکێشاو بەگوێسەبانەکاندا، ئاو دەهاتە خوارەوە، هەروەها چەمەکانیش لەئەندازەی خۆیان زیاتر ئاویان لەخۆ گرتبوو، سەر ڕێژیان کرد بوو بۆ دەوروبەریان...

لەم کاتەدا، هەندێ کەس لەدەرەوەی ئاوایی لەناو باخ و چیاکاندا بوون، کەبارانەکە ئەوەندە باریوە چوونەتە سەر دارەکان لەترسی لافاوەکە[١٨].

لەکاتی لافاوەکەدا خەڵکێکی زۆر لەمزگەوتی گەورەی تەوێڵە دەبن، لەخزمەتی شێخ حیسامەدین دا، کەلافاوەکە لەچەمی دزاوەرو ئاوێسەرەوە دێت، کەسەیر دەکەن زۆرەو بازاڕ دەکەوێتە مەترسی‌یەوە، خێرا شێخ دوور دەخەنەوە لەمزگەوت و دەیبەن بۆ ماڵی سانە، لەماڵێدەر[١٩].

قادربەگ لەدەفتەری یاداشتەکەیدا دەڵێ: لافاوێکی گەورەو زیان بەخش بووە لەساڵی (١٩٣٦)، بووەتە هۆی داماڵینی باخ و باخات و خانوی زۆر.

ئەم لافاوە زیانی زۆری داوە لەوانە:

-زیانی گیانی: الله وەیس ی باوکی (ڕەشەو ئەولحەو ئەولقادر) بووە. ئەم الله وەیسە لەگەڕیات دەبێت نزیك خانووەکەی ئێستای (د.تاهیر) کەلەبناری شاخەکەوە قوڕو لیتەو بەرد دێنێت، ئەم خۆی کەنار داوەو خۆی داوەتە پاڵ

بەردێك، بەڵام لافاوەکە (الله وەیس) دەگرێتە کۆش، لەپاڵ بەردەکە دەبێت بەژێرەوەو دەخنکێت.

-زیان و زەرەرێکی زۆری داوە لەباخ و باخاتی تەوێڵە:

-ئەو دارودرەختەی کەنزیك بەچەمەکان دەبن بردونیو شکاندونی.

-دیوارو کەڵەکەکانی تێك داوەو بردونی.

-جۆگەو حەوزەکانی پڕکردووەتەوە لەلیتەو قوڕاو بەتایبەت حەوزی (هانەی دلین).

-زیانێکی زۆریش کەوتووە لەبیناو خانوو بەرەو دوکان و بازاڕ لەوانە:

-دیوای چەمی ناوبازاڕی بردووە.

-هەموو قوتابخانەی تەوێڵەی بردووە، بەبیناو کەل و پەل و سجیلەکانیشەوە.

-ئاشە گەورەی شێخی بردووە.

-قەیسەریو خان و حەمامەکەی قادر بەگی بردووە.

-قەیسەری شێخ کەنزیکەی (٢٠) دوکان بوون ڕوخاندوونی و بردوونی.

* سەرما بردن و تەرزە:

لەهەندێ ساڵدا وەرز دەگۆڕێ، درەختەکان چرۆ دەکەن و، کەچی لەپڕ بەفرێك دەبارێت یا سەرمایەك دەست پیدەکات، ئەو کاتە چرۆی درەختەکان بەرگە ناگرن و سەرما دەیانبات، ئیتر ئەو ساڵە بەرهەم کەم دەبێت. ئەو ساڵانەی کەسەرما بووە ئەمانەن: (١٩٣٩، ١٩٥١، ١٩٦٦، ١٩٧١، ١٩٩٦) هەروەها هەندێجار، تەرزە دەبارێت ئیتر درەختەکان بەهەڵاڵەوەن، تەرزە، دارەکان لەچرۆە گەڵاو هەڵاڵە، دادەماڵێت و ئەوساڵەش بەرهەم نابێت، ئەمەش وەك ساڵەکانی (١٩٤٥، ١٩٥١، ١٩٦٦، ١٩٧٠، ١٩٩٥، ١٩٩٩).

* باران و تەرزەی ناوەخت:

-هەندێ جاریش باران بارینی ناوەخت زیانی زۆری داوە، لەو کاتەدا خەڵکی لەناو باخ دا بووە یاخود بەروبومی کۆنەکردووەتەوە بووەتە هۆی زیان کەوتنێکی زۆر.

دەماودەم دەگێڕنەوە کەساڵێکیان باران لەزستاندا نەباری، وای لێهاتووە ناوبازاڕی تەوێڵە لەبەر تەپ و تۆزو گەرما، ئاوڕشێنیان کردووە، ئەمەش لەچلەکاندا بووە، میرزا عەبدولقادر لەم بارەوە دەڵێ:

سالیوشا، چل و زمستانی

ئاوەرشێن کریا، تەخت و میدانی

-مەلا حەمەئەمین کەمەشهورە بە حاجی مامۆستا، لەبەرگی قورئانە دێرینەکەی مزگەوتی باساکا نوسیویەتی:

(واقع بونی بارانو تەرزە سخت لەتأریخ شەوی پێنج شەمە ١٢ هم مانگ جماد الآخرة (١٣٨٥) یەك مانگ مابوو بۆ حق پلە- تصادف ١٩٦٥/٩/٧).

ئەم سالانەش بەفری زۆری تیا باریوە: مانگی ١٩٥٧/٢، ١٩٦٦/١/٢٩، ١٩٦٧/١/١٨، ١٩٧١/١٢/١٠، ١٩٨١/١/١، مانگی یەکی ١٩٩٢، ٢٠٠٢)[٢٠].

* پێشێلکاری:[٢١]

لەسەردەمانێکدا، عێلی جاف کەبەرەو کوێستان ڕۆیشتوون لەدۆڵی تەوێڵەوە گوزەریان کردووە، جا تەوێڵەیەك کەباخێکی زۆری ببێت، عێلی جافیش بەئاژەڵێکی زۆرەوە داویانە لەم دەوروبەرە، ئەوە بێگومانە کەزیانێکی زۆر دەکەوێت لەو باخانە، بەڵکو دارو درەختێکی زۆریشیان بڕیوەتەوە بۆ دەوارو کەپرو گوێشیان نەداوەتە درەختی بەردارو بێ بەر.. بۆیە:

لەوکاتەدا، ڕیش سپیان جەماوەری تەوێڵە کۆدەکەنەوەو بڕیار دەدەن کەنابێت ئەم ستەم و پێشێلکاری‌یە قبوڵ بکرێت.. لەگەڕانەوەدا پێیان دەڵێن: چونکە تەوێڵە باخ و باخاتێکی زۆری هەیە بەڵکو گوزەرەکەیان بگۆڕن و لەشوێنی ترەوە گوزەر بکەن. بەڵام عێل مل نادات و دەڵێن: هەر لێرەوە هاتووچۆ دەکەین. لەبەر ئەوە ساڵی ئایندە کەوەرزی بەهار دێت لەسۆسەکان جەماوەری تەوێڵە خۆیان ئامادە دەکەن و دادەنیشن بۆ عێل. کەدێن ڕێگەیان لێدەگرن و نایەڵن و بەرەنگاریان دەبنەوە لەئەنجامدا شەڕ ڕوودەدات و دوو لەسەرۆك خێڵەکانی جاف دەکوژرێن.. ئیتر دەسڵەمێنەوەو ڕێگای تر دەگرنەبەر بۆ کوێستان.

*شەڕی عێراق و ئێران:

بێگومان بەهۆی شەڕی نێوان عێراق و ئێران ەوە، تەوێڵە کەوتە بەرقەصفێکی زۆرەوەو خەڵکێکی زۆری لێ کوژراو زیانێکی زۆری لێ درا، بۆیە لەساڵی ١٩٨١دا خەڵکەکەی، تەوێڵەیان چۆڵکردوو، تەوێڵەش خانووبەرەی بەسەر یەکەوە نەماو، باخەکانی وشك و وێران بوون... تالەڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ خەڵکەکەی گەڕایەوە، لەشوێنی تر ئاماژە بەمە کراوە.

تەوێڵەیی لەشارەکانی تری عێراق:

مرۆڤ مەرج نی‌یە لەهەر شوێنێك لەدایك بوو، هەر لەوێ بێ تامردن، بەڵکو دەکرێت لەشوێنی تر نیشتەجێ ببێت، بەتایبەت لەولاتەکەی خۆیدا هەقی ئازادی زیاتری هەیە، وەك چۆن خەڵکی غەیری تەوێڵە هاتوونەتە تەوێڵە ژیاون، تەوێڵەیش چوونەتە شوێنانی تر بەتایبەت هەڵەبجەو سلێمانی و دەربەندیخان و کەرکوك و بەغداو...هتد.

چوونی تەوێڵەیش بۆ هەر یەکێك لەم شوێنانە، هۆکاری خۆی هەبووە، یا مانەوەی بووە لەسوپاو خانەوادەی پێکهێناوەو چەند ساڵێك لەوێ ژیاوە، یا بەهۆی بازرگانیو کاسپیو کرێکاریو فەرمانبەریو مامۆستایی ... بووە.

ئەوانەی بەغداو کەرکوك و شارەکانی تری خوارووی عێراق ماونەتەوە، زیاتر ئەوانە بوون کەلەسوپادا ماونەتەوە.. بەلام لەشوێنێکی وەك دەربەندیخان زیاتر بۆ کرێکاری بووە لەبەنداوەکەدا، ئەوانەش لەهەڵەبجەو سلێمانی بوون، یامەسەلەکە بازرگانیو کاسپی بووە، یافەرمانبەری و مامۆستایی بووە.

لەساڵی ۱۹۷۰ بەولاوە بەتایبەت پاش نسکۆی ۱۹۷۵ تەوێڵەیی زۆر هاتن بەرەو بەغداو سلێمانی و هەڵەبجە، لەوەو پێشتر کەمتر خەڵك هاتوون، لەبەر ئەوە ئێمە ناوی ئەوانەی پێش (۱۹۷۰) هاتوون بۆ سلێمانیو هەڵەبجە و دەربەندیخان دەنوسین. ئەوانەی شارەکانی بەغداو کەرکوك و ئەوانە، هەم زۆرن هەم زۆر گوازراونەتەوە بۆ شوێنانی تر.

هەروەها دانەدانەش ماڵی تەوێڵەیی هەبوون لەسەیدصادق و دیانەو خانەقین و هەولێرو بەصرەو کوت و ...هتد. لەباسی بنەماڵەکانیشدا ئاماژەمان کرد بەهەندێ کەس کەچوون بۆ ناوچەکانی ترو لەوێ ماونەتەوە.

ناوی ئەو تەوێڵەییانەی کەهاتوونەتە هەڵەبجەو نیشتەجێ بوون:

وەستا صادق و کورەکانی (فازڵ و تۆفیق) لەساڵی ۱۹٤۳، حاجی ئۆلوەهاب لەساڵی ۱۹٤٦، عەبدول محەمەد عەبدورەحیم، ئەمین خودادا، صابر عەلی وەیس، مەقصود عەلی وەیس، عارف کەریم رەفعەت، حاجی محەمەد حەمەئەمین، حاجی تۆفیق حەمەحسێن، تاهیر سان ئەحمەد، عیزەت حەمە رەزا بەگ، داود حاجیکاکەبرا، حاجی شەوکەت حەمەحسێن، حاجی عوسمان کەریم، حەمەصاڵح فەتحو الله، حاجی عەلی عەباس، خواجە حسێن، حەسەن محەمەد ، عارف حەمەئەمین، حاجی تۆفیق حەمەباقی، فاتح حەمەباقی، حەمەئەمین حەمەباقی، عەزیز عەلی حەمەحسێن، حەمەلەتیف وەلی، فەرەج الله محەمەد، سەید

جەمیل سەید عوسمان، حاجی عەبدوالله هۆمەر، عەبدوڕەحمان حاجی محەمەد عەبدولمەجید، محەمەد حاجی تۆفیق .. هتد.

ناوی ئەو تەوێڵەییانەی کەهاتوونەتە سلێمانی و نیشتەجێ بوون:

حەمەصالح حەمەڕەزا (حەمەصالح چەقۆ)، مەحە ڕابە، صالح تاتە، (حسێن و حەسەن و قادرو ئەنوەر) کوڕانی صالح تاتە، عەبەی شوکرە، (نوری و ئەنوەر) برای حمەسەعید قادر، مەحمود حەمە کەریم لەگەڵ عەلی حەمەکەریم کەناسراون بەکوڕانی حەمە شیرینە، حەمەصالح فەریح، عومەر وەستا صادق، حەمەکەرەم حاجی عەبدولوەهاب، صابر عەلی وەیس، محەمەد حاجی نادر حەمە عەزیز، حەمە صالح وەیسی، باقی حاجی حەسەن، محەمەد مەلا عارف، تۆفیق هەیبەکر، حەمەسەعید ڕەشید، محەمەد حەمەیوسف (دارابەگ)، مەهدی عەزیز حەبیب، یاسین محەمەد ئیمام، عەباس فەتاح، شەوکەت عەزیز حەمەحسێن، حەمە کەریم حەبیب حەمە کەریم، حەمل عەزیز حەمەحسێن، مستەفا حەمەڕەزا، عیسا حەمەصالح حەمەیوسف، ڕەحمان حاجی سەعید، قادر ئیبراهیم قادر، کەریم ئیبراهیم سمێڵ، حاجی عەبدولمەجید مەلا حەمەحسێن، عەبدوالله حسێن، محەمەد مەلا عەبدولواحد، محەمەد حەمەحیسێن لاڵی، مەجید عەلی کەریم، ئیسماعیل صدیق، حاجی عەبدوالله صدیق، عەبدوالله حاجی عەلی حسێن، صدیق حاجی عەلی، نەزیف بابا حاجی، عەتوف بابا حاجی.. هتد.

ناوی ئەو تەوێڵەییانەی کەهاتوونەتە دەربەندیخان و نیشتەجێ بوون:

بەنداوی دەربەندیخان، پرۆژەیەکی گەورە بوو کەلە کوردستاندا دروستکرا، لەساڵی ١٩٥٦ دەست کرا بەدروستکردنی و لەساڵی ١٩٦١دا تەواو بوو، لەساڵی ١٩٦٢ عەبدولکەریم قاسم کردیەوەو، ٣٠ ملیۆن دیناری عێراقی تێچوو، جابۆ دروستکردنی پێویستی بەکرێکاری زۆر بوو، لەزۆر شوێنی کوردستانەوە خەڵك هاتن بۆ ئیشکردن، جگە لەوەش چەندەها دوکان و چایخانەو چێشتخانەو بازاڕ لەدەربەندیخان کرایەوە.

خەڵکی تەوێڵە هەم بۆ کاسپی و دوکانداری، هەم وەك کرێکار نزیکەی (٥٠) کەسێك ڕۆیشتن بۆ دەربەندیخان، لەو بەڕێزانە: حاجی عەلی عەباس، سەرەتا چێشتخانەی هەبوو دوایی بوو بەچاودێر، یەکەم ماڵی تەوێڵەیی بووە لەدەربەندیخان.

حاجی بارام دوکانی هەبوو، حاجی عەبدوڕەحمان ئەحمەد (ناسراو بەحاجی ئەوڕەحمان خەیات) دوکانی خەیاتی هەبوو.

محەمەد حاجی محەمەد (حەمە ڕەق)، مەحمود مستەفا ئیسماعیل، عیزەت مستەفا مەحمود، محەمەد غولام، حاجی مەحیەدین حەمەیوسف، حەمە شەریف حەمە ڕەشید، ڕەحیم عەباس عەلی، حەمە سەلیم حەمە باقی، محەمەد قادر مەجنون، مەحیەدین حەمەسەعید قادر، مستەفا حەمەصالح (مستەفای حەق)، حەمەیوسف گەوەر، مارف ڕۆستەم مستەفا، عیزەت حەمەڕەزا بەگ، حەمەسەعیا قادر مەجنون، مەجید الله وەیس، حاجی سەعید مەحمود، عەبدولکەریم عەلی محەمەد (بەگە)، نەجمەدین فەتاح حەمەئەمین، عەبدوالله حسێن (ئۆڵڵای حسلە)، کەرەم سەلیم ڕەحمان، جەلال حەمەسەعید قادر، وەهاب عەلی محەمەد، حەمە حسێن حەمە فاتە، جەزا حاجی عەبدوڕەحمان خەیات، عەبدوڕەحمان حەسەن حەمە حسێن، عەبدولمەجید مەلا حەمە حسێن، ...هتد.

چەندماڵێکیش جۆلاو دارتاش و ئاسنگەر بوون چوون بۆ ناوچەی پێنجوێن و شلێرو ناوخان و لەوێ ماونەتەوە، وەك: حەمەئەمین حسێن قادر، جۆلا بووە لەسیاگوێز مردووە، باوکی فەلەی ماماڵێ‌و حاجی حسێن و غەریب و مەلا عەبدوالله،

- عەلی هەیبەکر ناسراوە بەفەقێ عەلی بێخان، مێردی عەللەی غەفور.
- عابد ئەلی وەیس دارتاش بوو.
- ئەبوبەکر حەمە مراد، برای عاصەی عەبدولی حەکیم.
- کەریم ڕەحیم مراد، لەم دواییە لەئازادی لەسلێمانی دەژیا.

لیستێك بەناوی مردووانی خەڵکی تەوێڵە

بسم الله الرحمن الرحيم

((كُلُّ نَفسٍ ذائقةُ الموت))

مەولەوی دەڵێ:

ئاخر سەفەرەن ڕا خەیلێ دورەن   مەنزڵ بێ پایان، تۆشە زەرورەن
سەدای ئاسیاوچی، مەیۆ پەیاپەی   ئاسیاو خاڵیەن، نۆبەتەن سادەی
هەرئینەت زانا، (کا)م بەدانەوە   شەو ئالاش مالاش، بەخەرمانەوە

بێگومان تەوێڵەیەك مێژوویەکی کۆنی هەبێت لەناوچەکەدا، لەسەردەمی عوسمانی صەفەوی‌یەکانەوە، بەڵکو دواتریش تا ئەمڕۆش لەسەر سنور بێت و بەهۆی شوێنەکەیەوە، چەندەها ڕووداوی بەخۆوە ببینێت، تەوێڵەیەك ناوەندێکی شێخانی نەقشەبەندیو زانایانی ئیسلام بوو بێت و، لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێدا ڕۆڵی بووبێت و داڵدەی پێشمەرگەی کوردستانی دابێت.

تەوێڵەیەك، تەوێڵەیی‌یەکانی چەند هەزار کەس بن و لەهەموو چین و توێژێك بن، ئەوەندە کەڵەپیاوو ناوداری تیاهەڵکەوتبێت، لەناو زاناو شێخ و سەیدو شاعیرو میرزاو پیشەزان و باخەوان و ...تاد.

کەواتە: مردنی هەریەکێك لەکەسەکانی، بۆخۆی مێژوویەك تۆمار دەکەن، بەسەرهاتێك دەگێڕنەوەو باس و خواسێك دەنوێنن، جانوسینی بەرواری مردنی هەریەکێك لەو کەسایەتی‌یانە، ئەو مێژوو بەسەرهات و باس و خواسە دەپارێزێت و زیندووی ڕادەگرێت.

چەند تێبینی‌یەك لەسەر ئەم لیستە:

١-سەرچاوەی بەرواری ئەم مردوانە بریتین لە:

-خۆم (عەبدوڕەزاق) هەر بەمناڵی لەساڵەکانی (١٩٦٦)ەوە جارجارە تاوەکو ڕاپەڕین، ئەم جۆرە ڕوداوانە (مردن و لەدایك بوون و هەندێ ڕووداو)م لای خۆم نوسیون، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە زوربەیانم نووسیوە.

-سودم لەدەفتەرێکی کاك (مومن حەمەعارف) وەرگرتووە، کەناوێکی زۆری مردووی تیا نووسیوە، بەتایبەت لەدوای ڕاپەڕینەوە.

-سودم لەدەفتەرێکی کاک (فەریق حاجی الله کەرەم) وەرگرتووە، کەناوی (٥٧٧) مردووی تیابوو، لەبەرواری ١٩٨٤/١٢/٩وە بۆ ٢٠٠٢/١/٢٢.

-کاک (ماجد وەستا محەمەد حاجی حەمەصاڵح)یش ناوی (٢٨٩) مردووی بۆ ناردم کەلە ١٩٩٣/١/٢ بۆ ٢٠٠١/٦/١٧.

-کاک (مورشد خودادا)ش ناوی (١٥٤) مردووی بۆ ناردووم، کەبەرواری مردنی چەند کەسێکی تیا بوو لەشەستەکانەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٢.

-پاشان خۆم ناوی چەندەها کەس لەپیاوو ژن ناوم نووسیون و ئیتر کەوتومەتە پرسیارکردن لەکەس و کاریان و پیاوانی بەتەمەن بۆ دۆزینەوەی مێژووی مردنیان.

٢-هەر یەکێك لەم بەڕێزانە کەهاوکاریان کردوم ئەو (سجل و موفەکەرانەی) خۆیان داومەتێ تا سودیان لێوەرگرم، زۆر سوپاسیان دەکەم.

٣-هەموو ئەو سەرچاوانەم تەتەڵە کردوون، پاشان ئەو لیستەم نووسیوە.

٤-ناوی ئەو کەسانەی کەلەم کتێبەدا لەسەر ژیانم نووسیون وەك: بنەماڵەی زاناو شێخ و سەیدو شاعیرو بەگزادەو وەستاو پاشەهیدەکانی هەڵەبجە... تاد. ئەوانە ناوم لەلیستەکەدا دوبارە نەکردوونەتەوە، مەگەر بەدەگمەن.

٥-لەوانەیە هەڵە لەڕۆژو دوو ڕۆژ کرابێت لەبەروارەکەدا، چونکە هەیە لەئێوارەی (١٥)ی مانگ مردووە، بەڵام لە (١٦) یا (١٧)ی مانگ دا نێژراوە، ئیتر لێرەدا من لەوانەیە (١٥)ەکەم نوسیبێ یان (١٧)م نوسیبێ.

٦-ئێگومانم ناوی زۆر کەسمان لەبیر چووە، بەتایبەت پێشینەکان، ئێمە هەر ئەوەندەمان دەست کەوتووە، نووسیومانن، هەرکەسێك بۆ دواتر هاوکاریمان دەکات لەم بارەیەوە سوپاسی دەکەین.

٧-داوای لێبوردن ئەکەین ئەگەر ناومان لەبیرچوو بێت یان نەمانزانیبێت یاخود جارجارە ئەگەر ناچار بووبین نازناومان بەکار هێنابێت.

٨-هەندێك لەخەڵکی سۆسەکانیشمان نووسیون، چونکە لەلایەکەوە سۆسەکان دوور نی‌یە لەتەوێڵەوە، هەروەها زیاتر ناوی ئەو سۆسەکانیانەشمان دەستکەوتووە کەلەتەوێڵە ژیاون یا خزمایەیی‌یەکیان هەبووە لەگەڵ تەوێڵەییدا.

٩-دانە دانەش هەن تەوێڵەیی نین کەچی نووسراون لەم لیستەدا، بەڵام بەهۆی ژن و ژنخوازی‌یەوە وەك تەوێڵەیی‌یەکیان لێهاتووەو، نەناسراو نین لە تەوێڵەدا.

لەکۆتایشدا دەڵێین:

""إنا لله وإنا اليهِ راجعون""

ڕەحمەت لەو کەسەش کەوتویەتی:

شاهی ڕۆم و، موڵکی عەجەم، هی تۆبێ بەیەك عانە
عومری نوح و، هێزی نەمروود، زێڕی تۆبێ ئەم شاخانە
جەمالی یوسفت هەبێ، زانایی لوقمانی حەکیم
ئەنۆشی، شەرابی مەرگ، جێگەو لانەت گۆڕستانە

لەساڵی ١٩٣٠ - ١٩٥٠

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١٩٣٧/٩/٢٧	سان ئەحمەد مەحمود ئاغا	باوکی ڕەئیس (محەمەد)و تاهیرو عابدو تۆفیق و ئیبراهیم و ئەسکەندەر	لەتەوێڵە کوژراوە
٢	١٩٣٨	فەتح الله خدایوسۆ	باوکی تۆفیقی گوڵناز	لەتەوێڵە مردووە
٣	١٩٤٦/٦/١	وەستا محەمەدی وەستا قادر	باوکی حاجی ئەحمەدو حاجی مەجیدو حاجی مەحمودو وەستا عابد	لەتەوێڵە مردووە
٤	١٩٤٨/٣/٢	ئەحمەد ئیسحاق	باوکی عەبدوالله و عیزەت	لەتەوێڵە مردووە
٥	بەهاری ١٩٤٨	مەلا محەمەد حسێن مەلا عەبدە	باوکی مەلا عەبدوالله و حاجی عەبدولمەجیدو یاسین	لەتەوێڵە مردووە
٦	مانگی ١٩٤٨/١٢	حەمەشەریف خادم	باوکی حاجی حەمایزو حەمەڕەحیم و حەمەصاڵح	لەتەوێڵە مردووە

لەساڵی ١٩٥٠ - ١٩٦٠

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١٩٥١	حەبیب الله فەرەج ئیبراهیم	برای عەزیز دەلاك	لەتەوێڵە مردووە
٢	هاوینی ١٩٥٢	حەمەڕەحیم نادر	باوکی وەستا محەمەدی ئاسنگەر	لەتەوێڵە مردووە
٣	١٩٥٣/٢/٢٣	حەمەئەمین ئەلی	باوکی م. عەلی (ئەلی)	لەتەوێڵە مردووە
٤	١٩٥٤/٢/١٢	عەینا نادر حەمە لەتیف	خێزانی یەکەمی حاجی محەمەدی حامد دایکی حاجی عەبدوڕەحمان	لەتەوێڵە مردووە
٥	مانگی ١٩٥٤/٧	حەبیب ئەکرەم عوسمان	برای عابدو ئیبراهیم و جافر	لەتەوێڵە کوژراوە
٦	١٩٥٤	غەفور خەسرەو	باوکی حسێن	لەتەوێڵە نێژراوە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
٧	١٩٥٤/١١/١	سەید عوسمان مستەفا بەرزنجی	باوکی سەید جەمیل	لەخانەقای تەوێڵە نێژراوە
٨	١٩٥٨/٧/١٤	حاجی حەمەصاڵح وەستا قادر	باوکی حاجی مستەفاو وەستا محەمەد	چووە بۆ حەج لەوێ مردووە

لەساڵی ١٩٦٠ - ١٩٦٢

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١٩٦٠/١٢/١٠	حاجی عەبدوالله مەولود	باوکی ئیدریس و ئۆلواحد	لەتەوێڵە مردووە
٢	١٩٦١/٥/٢٥	حاجی حەسەن الله کەرەم	حاجی حەسەن منە، باوکی حاجی ئەبوبەکرو محەمەد	لەتەوێڵە مردووە
٣	١٩٦١/١٢/٤	محەمەد کوێخا حەمەئەمین کوێخا ئەحمەد	باوکی وەستا صادق و ڕەشادو سابق	لەتەوێڵە مردووە
٤	١٩٦٢/٦/٢٤	حاجی نادر حەمەعەزیز	باوکی م.محەمەد	لەتەوێڵە مردووە
٥	هاوینی ١٩٦٢	غەریب مەولود فەرهاد	برای فەرەج و یوسف و محەمەد	لەنزیک بەڵخە ئۆتۆمبیلەکەی وەرگەڕاوەو مردووە

لەساڵی ١٩٦٣

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	- /٢/	عەلی عەبدوڕەحیم	باوکی عەبدول و فازل و مەعصوم و خافز	لەسلێمانی مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
٢	٥/٢٠	فەرەیدە حاجی عەبدوڕەحمان حاجی محەمەد	-	هەرچواریان لەیەك ماڵدا بوون و تەمەنیان لەنێوان (٧-١١) ساڵیدا بووە، بەهۆی نەخۆشی سورێژەوە مردوون، دەڵێن ئەوساڵە لەتەوێڵەدا ٢٨ منداڵ مردووە.
٣	٥/٢٢	حامدە حاجی محەمەد	-	
٤	٥/٢٥	عەبدولواحد حاجی عەبدوڕەحمان حاجی محەمەد	-	
٥	٥/٢٨	بەختیار حاجی محەمەد	-	

لەساڵی ١٩٦٥

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	٨/١٥	حاجی محەمەد حەماڵە	باوکی حاجیباباو حاجی ئەحمەد و شەفیع و یوسف و عومەر	لەتەمەنی ٩٥ ساڵیدا مردووە لەخانەقای تەوێڵە نێژراوە
٢	٨/٢٨	حەبیب حەمەکەریم	باوکی تالب و محەمەدو حەمەکەریم	لەتەوێڵە نێژراوە
٣	١٢/٢٥	حاجی عەبدولخالق	باوکی وەستا یونس ی ئاسنگەر	لەتەوێڵە مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
		عەبدولمەجید جامی		

لەساڵی ١٩٦٦

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	٣/٢٥	یونس وەستا ئیبراهیم ئیسماعیل	–	لەتەوێڵە مردووە
٢	بەهار	ئەمین خودادا	باوکی جەبارو ستارو لەتیف و خالد	لەزوەوە لەهەڵەبجە ژیاوەو لەوێش مردووە
٣	٤/١٣	خواکەرەم قادر	ناسراوە بەخواکەرەمی پیر، باوکی صابرو نەصرەدین و فەخرەدین	لەتەوێڵە مردووە
٤	٦/٢٣	عەبدورەحیم مەحمود	باوکی م.مەحمودو محەمەدو ئەحمەدو عومەرو غاندی	لەتەوێڵە مردووە
٥	٨/١٥	مەلا عەبدولحەمید مەلا عەبدواللە	باوکی عەبدواللە و حافظ و تاهیرو زاهیرو مەناف و عەبدورەحمان	لەتەوێڵە مردووە

لەساڵی (١٩٦٧، ١٩٦٨)

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١٩٦٧/١/٢٤	رەفعەت حەمەرەحیم شەریف	برای شەریف و حکمەت و نعمەت	لەتەوێڵە مردووە
٢	١٩٦٨/٣/١٣	م. مەلا حافظ مەلا نەزیر	باوکی م.مەلا عوزەیرو لوقمان و نوعمان و	لەتەوێڵە مردووە
٣	١٩٦٨/٤/١٧	حاجی حەسەن حەمە حسێن رەمەزان	باوکی میرزا باقی	لەتەمەنی ٦٨ ساڵیدا مردووە
٤	مانگی ١٩٦٨/٥	بورهان خواجە حسێن	برای محەمەدو بابا	ئەندامی شیوعی بوو لەهەڵەبجە کوژراوە
٥	١٩٦٨/١٢/٢٨	ئامینە عەباس عەلی	خێزانی حاجی عەبدورەحمان حاجی محەمەد دایکی حامدو عەبدورەزاق	لەتەوێڵە مردووە

لەساڵی ١٩٦٩

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	٢٧/رەمەزان	وەستا عەبدولعەزیز عەلی رۆستەم	وەستا ئۆلعەزیزی پێڵاودروو	لەتەوێڵە نێژراوە
٢	٢٨/رەمەزان	وەستا محەمەد لەتیف	حەمەبرای کەبابچی	لەتەوێڵە مردووە

لەساڵی ١٩٧٠

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	٣/١٨	خاتو مەلیعەی	خێزانی مەلا صاحب مەلا نەزیر	لەتەوێڵە لەباوا سەرهەنگ

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
		نەجیبە فەندی		نێژراوە
٢	١٠/١٢	ئایشە عەبولەی ئۆلمەجید	خێزانی حاجی کاکەی حەمەلەتیف	لەتەوێڵە مردووە
٣	١١/٨	عەزیز عەزیز مەعروف	ئایزەی فاتە، باوکی نەصرەدین و فەخرەدین و نەجمەدین و صەلاحەدین	لەتەوێڵە مردووە

لەساڵی ١٩٧١

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/١	حەمەعەلی محەمەد سلێمان	برای حەمەعارف- باوکی مالك و ئەژدەرو هاشم و عامر	فیشەکی لەدەست دەرچووە لەماڵی خۆیدا لەتەوێڵە
٢	١/١	خاڵخاس عەلی عەباس	خێزانی حاجی جافری ئەکرەم دایکی جەزاو ڕەزاو هادی و...	لەتەوێڵە مردووە
٣	٣/١٩	شێخ محەمەد شێخ حیسامەدین	باوکی شێخ ئەحمەدو شێخ کەریم	لەئێران مردوو لەخانەقای تەوێڵە نێژراوە
٤	١٩٧١	وەستا ئەمین کەریم خادم	برای حاجی عوسمان و حاجی حەمەڕەشید حاجی ئەبوبەکرو م.عومەرو م.عەبدواللە	لەتەوێڵە مردووە
٥	١٢/٢٥	یاسین محەمەد ئیمام	برای تەحسین	لەسلێمانی کوژراوەو لەتەوێڵە نێژراوە
٦	١٢/٣٠	ڕەحمان سەعید ڕەحمان	باوکی حەمەجافرو ئیبراهیم و پەروێز	لە گەناوڵە (پشتی سۆسەکان) بەنەخۆشی دڵ مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە

لەساڵی ١٩٧٢

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	٢/٢٤	حاجی مەحمود مستەفا	مامی مورشیدی خودادا	لەتەوێڵە مردووە
٢	٣/٦	خەلیفە عومەر ئەکرەم	باوکی ئەکرەم و عەبدواللە و حامد	لەتەوێڵە مردووە
٣	٣/١٧	عەبدولواحد حاجی عەبدوڕەحمان حاجی محەمەد	-	لەتەمەنی ٤ ساڵیدا مردووە
٤	٣/٢٨	عەبدواللە هۆمەر	خاڵۆ عۆدە- باوکی حەمەصاڵح و عەبدول و ناصرو مەنصور	لەتەوێڵە مردووە
٥	٧/١٢	هەیاس سەعید	باوکی ستارو صەبورو سەردار	لەنوگرەسەلمان لەزیندانا لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
٦	٩/٢١	حاجی عەلی عەبدوالله میرزا	باوکی سەعیدو عەبدوالله و بورهان و بەهجەت و سامی	لەنزیک سۆسەکان لەسەیارەی حەمەصاڵحی مەحمود دا وەرگەڕاوەو مردووە
٧	٢/١٥	حەسەن مەحمود ئاغا	-	لەتەوێڵە مردووە
٨	١٢/٣١	مستەفا حەمەڕەشید	باوکی جەلال و حەمە ڕەشیدو جەبار	لەم ڕۆژەدا بەفرێکی زۆر لەتەوێڵە باریوە

ساڵی ١٩٧٣

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/٣١	عەبدوالله هەیبەکر	ناسراوە بە ئۆڵلاّ- باوکی میرزاو جەلال	لەتەوێڵە مردووە
٢	٢/١٢	حاجی حەمەتۆفیق سۆسەکانی	-	لەسۆسەکان مردووە
٣	٢/١٤	ئاوات باقی حاجی حەسەن	-	لەتەمەنی ٢٠ ساڵیدا بەڕوداوی سەیارە مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
٤	٢/٢٨	حاجی ڕەحیم دەگاشێخانی	مێردی نەعیمەی قاراغە	لەتەوێڵە مردووەو نێژراوە
٥	٣/٢	ناجی مستەفا مراد	ناجی جگەرە فرۆش باوکی باباو نوعمان و مەریوان	لەتەوێڵە مردووە
٦	٤/١٢	مستەفا نۆدشی	باوکی فەتح الله و حەمەڕەشید	لەتەوێڵە مردووە
٧	٥/٢٨	وەستا ئەسکەندەر وەستا حەمەحسێن	باوکی حاجی بیلال و حەمەڕەحیم و م.کەمال و جەلال	لەتەمەنی ٨١ ساڵیدا لەتەوێڵە مردووە
٨	٨/٢٣	خاتو سەعدا مەلا عەبدولواحد	خێزانی مەلا صابر مەلا عەبدە	لەتەوێڵە مردووە
٩	١٠/٢٦	حاجی کاکەبرا عەبدوالله	باوکی داودو سلێمان و هادی و نەبەرد	ڕۆژی هەینیو جەژنی قوربان لەتەوێڵە مردووە
١٠	١١/٢٣	حامد لاوە فەتح الله	-	لەتەوێڵە مردووە

ساڵی ١٩٧٤

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/٣	غالب حەمایز گۆپە	-	لەتەوێڵە مردووە
٢	١/٥	خەجێ قوربانی	خێزانی قادر مەجنون	لەتەمەنی ٧٥ ساڵیدا لەتەوێڵە مردووە
٣	٢/٢٤	عوسمان	ناسراوە بەکوێخا عوسمان باوکی عەینەدین نانەوا	لەتەوێڵە مردووە

٤	٣/٤	عەبدوالله صەلاحە	باوکی صدیق و جەبار	لەتەمەنی ٨٠ ساڵیدا مردووە
٥	٣/١٨	حەمەئەمین خورماڵی	–	لەبەرامبەر مەکتەبی سەرەتاییدا ئاو بردی
٦	٥/٣١	جافەی لفتە	–	لەدەرە تاریک لەباخی حاجی ئامانە الله مردووە
٧	٦/٢٦	حەسەن حەمەئەمین دەوڵەتیار	هەسەن باوکی محەمەد شێخۆ	لەتەوێڵە مردووە
٨	هاوین	زاهیر فارس ڕەسوڵ	–	لەتەوێڵە خۆی سوتاند
٩	هاوین	مەهدی حاجی ئایزەی حەبیب	باوکی تەلعەت و شێرکۆو شیروان	لەتەمەنی ٧٣ ساڵیدا لەسلێمانی مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
١٠	٨/١٥	کەریم فەیزوالله	باوکی کەمال و عومەرو عوسمان	لەتەوێڵە مردووە
١١	١٠/١٩	حاجی تۆفیق نادر	باوکی حاجی الله کەرەم و حاجی فائق	لەتەوێڵە مردووە
١٢	١٠/٢٤	ئیدریس وەهابعەلی محەمەد	برای صابر	لەڕێگای عەربەت سلێمانی بەڕوداوی سەیارە مردووە
١٣	١١/١٠	نافع دەروێش عەبدوالله	نافعی عەلله	پ.م پارتی بوو لەدەربەندیخان کوژراوە
١٤	١٢/٢٨	جەبار سەعید ئەحمەد (سێڵە)	باوکی م.سیروان و ڕزگارو سەریاس و ...	هەردووکیان لەسلێمانی کوژران و لەتەوێڵە نێژراون
١٥	١٢/٢٨	ئەمین حەسەن (لاڵێ)	برای حاجی کامیل و کەریم	

ساڵی ١٩٧٥

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/١	خواجە حسێن حەمەیوسف	باوکی حەمەشەریف و محەمەدو بابا	لەتەوێڵە نێژراوە
٢	٢/٢٠	حەمەعارف مومن حەمەئەمین	باوکی مومن و حەمزەو میکائیل و حیکمەت و عادل	لەتەوێڵە نێژراوە
٣	٣/١٨	کاڵێ مەجنون	خێزانی وەستا محەمەد- دایکی دەروێش لەتیف و عەبدول	لەتەوێڵە مردووە
٤	٥/٣٠	سەربەناز حەمەسەعید قادر	خێزانی حاجی عەبولەی هۆمەر	لەتەوێڵە مردووە
٥	١٩٧٥	عەبدولحامید عەلی اسماعیل	ئۆلحامیدەی ئەلیە	لەنزیک ٩٥ ساڵیدا لەتەوێڵە مردووە

ساڵی ١٩٧٦

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/٦	سەریاس ئیدریس کەریم	–	شت لەقورگی گیراوەو خنکاوە
٢	٣/٢٧	شیرین کوێخا مستەفا	خێزانی وەستا مەحمود مستەفا	لەتەمەنی ٧٤ ساڵیدا لەتەوێڵە نێژراوە
٣	٤/٩	سلێمان باقی قادر	سلێمانەی ئینزیباتی شۆڕش – باوکی شەماڵ	لەتەوێڵە مردووە
٤	٨/٣١	حاجی ئایزەی حەبیب	باوکی مەهدی و هادی و ڕافع	لەتەمەنی نزیکەی ٨٦ ساڵیدا

ساڵی ١٩٧٧

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	٥/٢	جەمیل ئاغە جافر	باوکی صەلاح و مەلافەلاح و	هەردوکیان لەزیك سۆسەکان شەوەکەی کوژراون
٢	٥/٢	حەسەن حەمەسەلیم	–	
٣	٦/١٢	حەمەڕەشید سلێمان	باوکی مەناف	لەتەوێڵە مردووە

ساڵی ١٩٧٨

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/١٢	محەمەد خودادا	برای مورشید	لەزاوەر مردووە
٢	١/٢٨	قەتحە حەمە سەلیم حەمە حسێن	خێزانی وەستا صادق حەکیم و دایکی عوسمان و ئادەم	لەتەوێڵە مردووە
٣	٩/٢٢	حمەسەعید قادر	باوکی حاجی عیزەت و نەصرەدین و جەلال و جەبارو کەمال و جەمیل	لەتەوێڵە مردووە
	١٢/٢٨	زۆراب مستەفا حاجی فەرەج	برای ڕۆستەم و حەمەفەرەج و سەریاس و شاهۆ	لە ١٩٧٨/١/١٧ لەزەردەهاڵ لەناوجیێبێکدا بوو تەقە لەپۆلیسێك کراو ئەو بریندار بوو پاشان برا بۆ بولغاریا بەڵام سودی نەبوو هێنایانەوە تەوێڵەو لەوێ نێژرا

ساڵی ١٩٧٩

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	٢/٧	وەستا صادق حەکیم خەسرەو	باوکی عوسمان و ئادەم	لەتەوێڵە مردووە
٢	٤/٦	فاتح عەلی شەریف	برای ئیدریس	لەکەرکوك سەیارە لێیداوەو لەتەوێڵە نێژراوە
٣	٧/١٤	حەمە زاهیر	برای سەعدون و ناصرو	لەخورماڵ مردووەو لەتەوێڵە

		حاجی بابا حاجی محەمەد	موعتەصەم	نێژراوە
٤	٧/١٦	حەیدەر محەمەد محەمەد حەیدەر	ناسراوە بەبابای خاڵۆ حەمە باوکی ناصرو ئەلیاس و کۆسالأن	لەبەردەم دوکانەکەی خۆیدا سەیارە لێیدا
٥	٨/١٧	دەڵوەت عەزیز مارف	خێزانی حاجی ئیسماعیل بەکرە	لەماڵی خۆیدا کەلەپشتی مەرکەزەوە بوو بەگوللەی مەرکەزی تەوێڵە کوژراوە
٦	٨/٣١	خەجێ هەیبەکر میرزا	خەجول	لەتەوێڵە مردووە
٧	٩/-	نائب عەلی عەبدوالله	برای عەبدوالله و بورهان و بەهجەت و سامیو ئاراس	بەقەصفی تەیارەی ئێران کوژراوە لەقەلأتێی شاتر لەخوار تەوێڵەوە
٨	١١/٣	ڕەعنا عەبدوالله	خێزانی حەبیب حەمەکەریم دایکی تالب و محەمەدو	لەهەڵەبجە مردووە
٩	١١/٢	دڵبەر محەمەد حسێن	خێزانی فەخرەدین حاجی حەسەن ئیبراهیم	بەهۆی سوتانەوە لەتەوێڵە مردووە

ساڵی ١٩٨٠

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/٣	حەمەیوسف وەهاب صادق	کاکلەی وەهاب	لەنزیك سۆسەکان لەباغی ئیبراهیمی سمێڵ عەسکەری عێراقی تەقەیان لێ کردو کوشتیان
٢	١/٣٠	وەهاب خواکەرەم	برای نەصرەدین و فەخرەدین و صابر	لەکەرکوك مردوو لەتەوێڵە نێژرا
٣	٢/٤	نەصروالله کەیکاوس	حاجی نەصکۆڵی گۆانیبێژ	لەبەغدا مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
٤	٥/١٢	حەمەصاڵح عیوەز صادق	باوکی جافرو جەزا	لەسلێمانی مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
٥	٦/١٣	حاجی عەلی حاجی صادق	باوکی م.ئەحمەدو جەلال و حامدو	لەسلێمانی مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
٦	٦/١٥	مەحمود حەمەکەریم حەمەصادق	کاکڵە	لەتەوێڵە نێژراوە
٧	٦/١٦	حاجی حەمەیوسف بابا خوا کەرەم	باوکی مەحمودو برای حەمەی بابا	لەتەوێڵە نێژراوە
٨	١٠/٢٥	مەحمود حەمەیوسف مومن	مەحمودی حەماڵ- باوکی صەباح	لەتەوێڵە مردووە
٩	١٢/١٧	موعتەصەم عەبدوڕەحیم مەحمود	برای م.مەحمودو م.ئەحمەدو م.محەمەدو	لەچەمی سیروان خنکاوە (پ.م) بنك بوو، لەتەوێڵە نێژرا

			م.عومەرو غاندی	
١٠	١٢/٢٩	ئەسکەندەر سان ئەحمەد	برای (ڕەئیس) و تۆفیق و عابدو تاهیرو ئیبراهیم	لەتەوێڵە نێژراوە

ساڵی ١٩٨١

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/٣٠	عیزەت ئەحمەد ئیسحاق	برای عەبدواللە ی ئەحمەد باوکی ئەیوب	لەهەڵەبجە مردووە
٢	٢/١	یاسین ئەمین کەریم	-	هەردوکیان پ.م ینك بوون لای ئیمامی زامن کوژران
٣	٢/١	ڕێبوار حەمەلەتیف وەلی	—	
٤	٢/٢	محەمەد حاجی مستەفا	برای یونس و ئیدریس	لەسلێمانی مردووەو لەتەوێڵە نێژراه
٥	٢/٥	عارف حەمە شەریف حەمەیوسف	عارفی گەوەر–باوکی عەبدولکەریم و مستەفاو نەوزادو موەفەق و ئازادو	لەتەوێڵە نێژراه
٦	٢/٥	ڕەحیم قادر ئەسکەندەر	باوکی جەزاو ئەیوب	لەتەوێڵە مردووە
٧	٢/٢٠	حاجی ڕەحمان روح الله	باوکی حەمەی عەینا	لەتەوێڵە مردووە
٨	٢/٢٣	ئەبوبەکری کوزاد	هەیبەکری کوزاد باوکی تۆفیق	لەتەوێڵە مردووە
٩	٢/٢٧	دیوان صابر حاجی کەریم	کچی صابری سۆسەکانی خوشکەزای مورشد خودادا	لەتەوێڵە کارەبا گرتیو لەباوا سەرهەنگ نێژرا
١٠	٤/١٨	حەمەعەلی کەرەم محەمەد	—	هەرچواریان لەشەڕی عێراق و ئێرانداو لەتۆپ بارانی تەوێڵەدا بەرکەوتن
١١	٤/١٨	نافعە حاجی تۆفیق	خێزانی هادی حاجی ئایزە	
١٢	٤/١٨	سنەوبەر مستەفا نەجیب	—	
١٣	٤/١٨	کازم حەمەشەریف یەعقوب	—	
١٤	٧/٤	پیرۆزە مستەفا	خێزانی حاجی خواکەرەم دایکی تۆفیق و جەلال و بارام و سەرتیپ	هەر شەشیان لەشەڕی عێراق و ئێرانداو لەتۆپ بارانی تەوێڵەدا بەرکەوتن
١٥	٧/٤	ڕەفیق حەمەباقی غەفور	—	
١٦	٧/٤	نەریمان وەهاب صادق	—	
١٧	٧/٤	نازیمە وەهاب صادق	—	
١٨	٧/٤	ئاکۆ حەمەیوسف مەحمود	—	
١٩	٧/٤	بابا خالد ئەحمەد	بابای سێلە	
٢٠	٧/٩	مستەفا نەجیب ئەفەندی	باوکی نورەدین و عیزەدین و	هەر سێکیان دیسان لەتۆپ بارانی تەوێڵەدا بەرکەوتن
٢١	٧/٩	فەرەیدون جافر ڕەسوڵ	—	
٢٢	٧/٩	میرزا عەبدواللە	میرزای ئۆڵڵا برای جەلال	
٢٣	٧/١١	نەجمەدین حاجی	برای خواکەرەم و عەبدول و	سەرباز بوو لەخەفاجی‌یە

		ئەبوبەکری حاجی حەسەن	الله کەرەم و عەباس	کوژراو لەهەڵەبجە نێژرا
٢٤	٨/١٦	جمهور نەجمەدین حاجی ئەبوبەکر	–	لەمنداڵیدا بەسورێژە مردووە
٢٥	٩/٣٠	هادی عەلی جەعفەر	برای عەبدواللە و مەهدی	سەرباز بوو لەخەفاجیە کوژراو لەهەڵەبجە نێژرا
٢٦	١١/٦	حاجی محەمەد حامد خەسرەو	باوکی حاجی عەبدوڕەحمان و جەزا	لەتەمەنی ٩٢ ساڵید لەهەڵەبجە مردووە
٢٧	١١/١٧	مەنیج حسێن (پورە مەجێ)	خێزانی حەمە هۆرەم دایکی ڕەزاو حەسەن	لەهەڵەبجە مردووە
٢٨	١٢/٦	صدیق خوادا	دەروێش صدیق برای مورشید	لەبەغدا مردووەو هەر لەوێش نێژراوە
٢٩	١٢/١٠	صۆفی حەمەکەریم قادر	باوکی د.قادرو عوسمان و عومەر	لەهەڵەبجە مردووە

ساڵی ١٩٨٢

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	٢/٢	حاجی عەلی عەباس عەلی	باوکی حسێن و حەسەن و عەباس	لەکەرەج مردووەو لەوێش نێژراوە
٢	٤/١٧	عومەر مەلا ستار حاجی حەمەحەسەن	–	لەزەمەقی بەڕوداوی سەیارە مردووە
٣	٤/١٨	پەروێز ڕەحمان سەعید	برای ئیبراهیم و جافر	لەهەڵەبجە کارەبا گرتی
٤	٥/٢٦	حەمەخان صالح	برای ڕەشەی صاڵحە	لای پردەکەی زەڵم کوژراوەو لەهەڵەبجە نێژراوە
٥	هاوین	صەباح باسام نەصرواللە	برای عومەرو ئەبوبەکرو عوسمان و ئادەم	گەنج بوون پ.م پارتی بوون لەکەرەژاڵی پشت ئەحمەد ئاوا کوژران
٦	هاوین	سەرکەوت حاجی کامیل	برای حەمەڕەئوف و	
٧	٨/٢٨	حەمەسەعید ڕۆستەم حەکیم	–	بۆ نۆباوچوبویەوە لەچەمی ئاوێسەر شەو کەوتە ناو کەمینەوەو کوژرا
٨	١٠/١٥	حاجی ئەبوبەکری ئەلە	حاجی ئەبوبەکری کلاشکەر	لەهەڵەبجە مردووە
٩	١٢/٦	عەبدواللە ئەحمەد ئیسحاق	باوکی فارس و ئەحمەد	لەهەڵەبجە مردووە

ساڵی ١٩٨٣

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	٢/–	ئەیوب محەمەد وەستا حەمەڕەحیم	برای فەخرەدین و نەجمەدین و مەحیەدین	پ.م پارتی بوو لە ئەحمەد ئاوا کەوتە بەر پەلامارێکی ڕژێم و لەگەڵ چەند

				کەسێکی تردا گیراو بێسەروشوێن کرا.
٢	٤/٢٣	عەتا فایەق ڕەسوڵ	–	ئەم حەوت کەسە لەبیارەوە دەگەڕێنەوە بۆ هەڵەبجە کەچووبوون بۆ سەیران لەنزیک خارگێڵان لوغمێك تەقیبوویەوە پیایانداو هەموویان مردن و تەنها دوو منالی تر دەرچوون
٣	٤/٢٣	نەزهەت عارف ڕەسوڵ	–	
٤	٤/٢٣	فایەق عەزیز	–	
٥	٤/٢٣	(س) کوڕی فایەق عەزیز	–	
٦	٤/٢٣	(س) کوڕی فایەق عەزیز	–	
٧	٤/٢٣	(س) کچی فایەق عەزیز	–	
٨	٤/٢٣	(س) کچی فایەق عەزیز	–	

ساڵی ١٩٨٤

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/٢	سامی محەمەد حەمەڕەحیم	سامی دارابەگی سوەیبە	بەڕوداوی سەیارە مردووە
٢	١/٤	هەڵکەوت حاجی عیزەت حەمەسەعید	برای سەرکەوت و شمشێرو سەرهەنگ و ..	لە١٩٨١ تۆپی شەڕی عێراق و ئێرانی بەرکەوت کەلەلا بوو تالەم بەروارە مردووە لەسلێمانی
٣	٤/١٩	حاجی عوسمان محەمەد	باوکی سلێمان و محەمەد عەبدوالله	لەهەڵەبجە مردووە
٤	٤/١٩	وەستا محەمەد حەمەسەعید	حەمە چەلەبی باوکی حەمەسەعیدو بەختیارو سەلام	لەهەڵەبجە مردووە
٥	٦/٢٩	حاجی مستەفا حاجی حەمەصاڵح	باوکی عەبدولغەفور فەخرەدین	لەسلێمانی مردووە
٦	٦/٣١	حاجی حسێن مستەفا	باوکی ئیدریس	لەهەڵەبجە بەدەستی کەسێکی نەناسراو کوژراوە
٧	٧/٢٤	عەلی نەجیب ئەفەندی	باوکی صەلاح و صەباح و ..	لەسلێمانی مردووە
٨	٨/٢٥	قەتحە حاجی محەمەد عەبدولمەجید	خێزانی حاجی قادر حەمەعەیز	لەسلێمانی مردووە
٩	٨/٢٦	حەلیمە حەمەکەریم نادر	خێزانی حەمەباقی غەفور	لەهەڵەبجە مردووە
١٠	٩/٩	ڕەحیم عەباس عەلی	ڕەحیمی هەباس- باوکی سیروان و مەریوان	لەهەڵەبجە مردووە
١١	١٢/٦	ئیسماعیل فەتح الله	ئیسماعیلی خەرامان	لەسیروان بەدەستی کەسێکی نەناسراو کوژراوە
١٢	١٢/٩	حەمە کەریم حاجی عەبدولوەهاب	حەمە کەرەمی حاجی ئۆلوەهاب-باوکی م.جەمال و مستەفاو د.ئومێد	لەگردی سەیوان لەسلێمانی نێژراوە

١٣	١٢/١٢	عەلی کوێخا حەمەئەمین	باوکی یاسین و عوسمان	لەهەڵەبجە مردووە
١٤	١٢/٣٠	مەلا حەمەئەمین وەستا قادر	حاجی ماموٚستا - باوکی مەلا کامیل و حاجی عارف	لەهەڵەبجە مردووە

ساڵی ١٩٨٥

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/١٠	خاتو حلیما مەلا نیزام	خێزانی مەلا حافظ مەلا نەزیر دایکی م.عوزەیرو لقمان و نوعمان و مەسعود	لەمەجید بەگ لەسلێمانی نێژراوە
٢	١/١١	ئەبوبەکر ئەکرەم	عەبولەی ئەکرەم - برای خەلیفە عومەر- باوکی مەحیەدین و سەیفەدین و	لەهەڵەبجە نێژراوە
٣	١/١٣	پیرۆز کەریم قاسم	خێزانی فەتەلەی ئاسەوان ناسراوە بەپیرۆزە کەملە	لەهەڵەبجە مردووە
٤	١/١٩	حاجی عوسمان ڕەشید	باوکی سلێمان و حەیدەرو حەمەڕەشید	لەهەڵەبجە مردووە
٥	٢/٣	محەمەد حەکیم قوربانی	باوکی حەکیم و حەمەکەریم	لەهەڵەبجە مردووە
٦	٣/٥	ئەحمەد وەستا عەزیز	مامی مەلەکەی خێزانی وەستا عەبدوڕەحمان دەلاك	لەگردی سەیوان نێژراوە
٧	٣/٧	عەلی جافر وەستا بابا	باوکی عەبدوالله و هادیو مەهدی	لەهەڵەبجە مردووە
٨	٣/١١	ئەفرۆز سەعید	خێزانی عەبدوڕەحمان -ناسراو بەئۆلە جەمین	بەقەصفی تۆپی ئێران لەهەڵەبجە کوژراوە
٩	٣/١٥	نامەوەش ڕەحمانی جامی	وەستا نامەوەش-برای حەمەئەمین	لەهەڵەبجە مردووە
١٠	٣/١٧	وەلی حەمە لەتیف نادر	باوکی حەمەلەتیف و کەمال	لەهەڵەبجە لەتەمەنی نزیکەی ٩٠ ساڵیدا مردووە
١١	٣/١٨	فارس ڕەسوڵ جوامێر	باوکی فەهمیو نەزمیو مەولود	لەهەڵەبجە مردووە
١٢	٣/٢٣	گوڵەی الله وەیس	خێزانی ئۆلعەزیز عەلی	لەگردی مامە یارە لەسلێمانی نێژراوە
١٣	٣/٢٩	سەلام حەمەصالح عۆدە	-	لەخەفاجیە کوژراو سەرباز بوو
١٤	٣/٢٩	قادر مەجنون	باوکی محەمەدو حەمەسەعیدو مەجنون	لەهەڵەبجە مردووە
١٥	٤/٢٨	حەلیمە حەمەئەمین	خێزانی محەمەد غەفور دایکی م.حسێن و حەسەن و غەفوری نانەواو حەمە سەلیم	لەهەڵەبجە مردووە

١٦	٥/١	محەمەد محەمەد حەیدەر	حەمەی پورە قیمەتیّ-باوکی مستەفاو شەوکەت و باباو فەرەج	لەگردی سەیوان نێژراوە
١٧	٥/٢	کامیل کەریم خواجە ئەحمەد	-	پ.م پارتی بوو لەکەرەژاڵ لەپشتی ئەحمەد ئاواوە بەقەصفی تۆپی عێراق کوژراوە
١٨	٥/١٣	کافیە مەحمود	کافە کەڕ-دایکی خواکەرەمی نانەوا	لەهەڵەبجە مردووە
١٩	٥/١٤	عەلی سەید ئەحمەد	عەلی سێلە-باوکی سەید ئەحمەدو ئۆلعەزیز	لەهەڵەبجە مردووە
٢٠	٥/٢١	صۆفی وەهاب صۆفی مستەفا	باوکی عەبدورەحمان عەبدوالله	لەهەڵەبجە مردووە
٢١	٥/٢٢	فاتمە شەریف	خێزانی صۆفی حەسەن	لەهەڵەبجە مردووە
٢٢	٦/١٣	ئارام حاجی مستەفا حاجی قادر	-	سەرباز بوو لەهۆڕی حوێزە کوژراوەو لەگردی سەیوان نێژراوە
٢٣	٦/٢٨	حەمەشەریف مەحمود	برای فەتاحی کارەبا	لەکوەیت ژیاوەو هەر لەوێش مردووە
٢٤	٧/٣	جەزا عەزیز	جەزای عەزیزە ڕۆڵە	لەگردی سەیوان نێژراوە
٢٥	٧/٤	هاوڕێ ئیسماعیل صدیق	برای هیواو کاوەو کاستڕۆو هەورامان و	لەسەربازی‌دا کوژراوەو لەگردی سەیوان نێژراوە
٢٦	٧/١٢	مریەم فەتاح مەجید	خێزانی حاجی عەبدوالله حەمەسەعید دایکی عوسمان و مەحمود و فەخرەدین	لەسلێمانی مردووە
٢٧	٨/١	عەبدوالله مەعروف فەتحوالله	عەبالەی مارفە	لەهەڵەبجە مردووە
٢٨	٨/٢	حەمەئەمین حەمەصالح ئەحمەد	حەمەئەمین ئاسما برای حەمە ڕەحیم و حەمە سەلیم و سەعید	لەسلێمانی کارەبا گرتی
٢٩	٨/٣	موختار حاجی حەمە حەسەن	برای مەلا ستارو ناصر	هەرچواریان چوون بۆ پرسە بۆ هەڵەبجە بەسەیارەیەکی بەرازیلی، لەڕێگادا لەگەڵ ئیڤایەکدا دەعمیان کردوو مردن
٣٠	٨/٣	عابد حەمەکەریم ئیمام	برای صەباح و ئازادو عادل	
٣١	٨/٣	تەلیعە عەبدوالله (تەڵ عۆدە)	خێزانی عەلی جافر خەسوی موختارو عابد	
٣٢	٨/٣	حەیات ڕەشید	دایکی عابد	
٣٣	٨/٥	ئەنوەر فەرهاد فەرەج	ئەنوەری فەراله برای بورهان	خۆی و کورەکەی بەدەعمی

٣٤	٨/٥	خەڵات ئەنوەر فەرهاد	گەنج بوو	سەیارە لەڕێی عەربەت سلێمانی مردوون و لەسلێمانی نێژران
٣٥	٦/١٠	عەینا مستەفا موراد	خێزانی حەمەسەعیدی قادر	لەگردی سەیوان نێژراوە
٣٦	٨/١٧	ئەحمەد حەمەکەریم	ئەحمەد پەتڵە	لەژێر تەعزیبی ڕژێمی عێراقدا لەهەیئەی کەرکوك مردووە
٣٧	٨/١٩	حەفصە حاجی عەبدوالله	خوشکی مەحمود و عوسمان و فەخرەدین	لەهەڵەبجە مردووە
٣٨	٩/٤	عەلی عەبدولعەزیز ڕۆستەم	عەلیە گوڵە باوکی نەجمەدین گۆرانیبێژ	لەهەڵەبجە مردووە
٣٩	٩/٥	سەعدیبەگ قادربەگ	-	لەسلێمانی مردووەو لەعەبابەیلێ نێژراوە
٤٠	١٠/٩	مینا عەبدوالله	مینای عۆدەی حەمەلەتیف خێزانی حەمەڕەئوف هۆمەر	لەهەڵەبجە مردووە
٤١	١٠/٢١	حاجی عوسمان ئەکرەم	حاجی عوسمانی حەلاو-باوکی م.محەمەدو ئیدریس و ئیبراهیم و	لەگردی سەیوان نێژراوە
٤٢	١٠/٢٣	حاجی حەمەصاڵح حاجی صادق	سالەی حاجی صادق باوکی عوسمان و زاهیرو عەبدوالله	لەگردی سەیوان نێژراوە
٤٣	١١/١٥	عەبدولحامد سەعید عەبدوسەلام	بابای حاجی سەعە-باوکی ماجدو هاشم و عیمادو سەرمەدو ناتق	لەسەرچنار بەقەصفی فڕۆکەی ئێران کوژراوە
٤٤	١١/١٨	حەمە کەریم سلێمان	باوکی داود و سلێمان	لەگردی سەیوان نێژراوە
٤٥	١٢/٢٨	حەمە مراد مارف	برای حاجی بابالەو قالەو حەمەیوسف	لەهەڵەبجە نێژراوە

ساڵی ١٩٨٦

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/١٥	بەیان صابر فەرەج حەمەئەمین	خوشکی نازم و نزار	لەکاتی شەکراوخواردنەوەدا لەهەڵەبجە گوللە لەدەستی براکەی دەرچوو کوشتی
٢	١/٢٤	حاجی فەرەیدون حەمەئەمین حسێن	فەلەی ماماڵێ-باوکی فوئاد	لەبەغدا سواری ماتۆڕ بوو بوو سەیارە لێیداو لەهەڵەبجە نێژراوە
٣	٢/٢٥	جەعفەر حاجی محەمەد عەبدولمەجید	جافەی حەمەی ئۆلمەجید	لەسلێمانی مردووە
٤	٢/٢٦	حەمەصادق حەمەصاڵح ڕۆستەم	مێردی مەعصومەی فەتح الله	لەهەڵەبجە مردووە

٥	٣/٢٦	مەحمود محەمەد	باوکی عومەرو عەباس و م.غەفار	لەڕێگای زەمەقی هەڵەبجە سەیارە لێ‌ی‌داو مرد
٦	٣/٢٧	خاتو ئامینە مەلا عەبدوللە	خێزانی مەلا حەسەن خوشکی مەلا حەمەئەمین و مەلا ئیسماعیل	لەگردی سەیوان نێژراوە
٧	٤/٢	عومەر مەحمود محەمەد	برای عەباس و م.غەفار	لەسەربازی‌دا کوژراوە
٨	٤/٢٣	محەمەد جەعفەر حەمەصاڵح	حەمەی جافەی حەمەصاڵحی ئەسلەم	لەعەربەت مردووەو لەهەڵەبجە نێژراوە
٩	٤/٢٤	سۆسەن	خێزانی ئەحمەد بابا دایکی شاپور	لەسلێمانی مردووە
١٠	٤/٣٠	محەمەد حاجی محەمەد عەبدولمەجید	حەمە ڕەق-باوکی یاسین و نوری و عەباس	لەگردی سەیوان نێژراوە
١١	٥/٣	حەلیمە کوێخا مەجید خەسرەونۆدشی	ناسراوە بەواڵە حەلیم خێزانی خواجە حسێن دایکی محەمەد و بابای خەیات	لەهەڵەبجە مردووە
١٢	٥/٩	کۆفە وەیسی ڕۆستەم	خێزانی محەمەدی حاجی محەمەد -دایکی عەباس و یاسین و نوری	لەگەڵ مێردەکەیدا (١٠) ڕۆژیان بەین بوو لەگردی سەیوان نێژراوە
١٣	٥/٢٠	عەبدوللە کوزاد	عەبدەکە-باوکی حەمەکەریم و حەمەڕەحیم و حەمید	لەهەڵەبجە مردووە
١٤	٦/١٠	سوەیبە یەعقوب	خێزانی عابدی حەماڵ- دایکی فاروق	لەهەڵەبجە مردووە
١٥	٦/١١	مارف مارف	مارفی دارتاش برای مستەفا	لەهەڵەبجە مردووە
١٦	٦/٢٣	حەبیبە ڕەشید سەعید ئاغا	خێزانی عەزیز عەزیز ناسراوە بەئایزەی فاتە دایکی نەصرەدین و فەخرەدین و نەجمەدین و صەلاحەدین	لەسلێمانی مردووە
١٧	٦/٢٦	غالب کەریم یار ئەحمەد	برای ستارو نەصرەدین و ڕاغب و ڕەفعەت	لەکاتی ناوبژیدا بەدەستێکی نەزانراو کوژرا
١٨	٦/٢٩	یادگار حەمەعەلی مستەفا	برای هابیل	لەسەربازی‌دا کوژراوەو لەسلێمانی نێژراوە
١٩	٧/٧	محەمەد عەزیز حەمەحسێن	حەملی عەزە -باوکی سامان و فەیصەل و نزار	لەگردی سەیوان نێژراوە
٢٠	٧/١١	سەعدەدین صادق	سەعلەی جەمین برای عەبەکەو ئەولەی جەمین	جەیش شەعبی‌بوو لەچوارتا مینی پیاتەقی‌و لەهەڵەبجە نێژرا
٢١	٧/٢٠	خاوەر ئەکرەم	خوشکی حاجی عوسمان و	لەهەڵەبجە مردووە

			عەبولەو حاجی جافر دایکی نوری	
٢٢	٧/٢٣	(س) کچی مارف دارتاش	-	لەکاتی تەقەدا بەگوولەی وێڵ لەهەڵەبجە مردووە
٢٣	٨/١٥	کوێخا حەمەسەلیم حەمەڕەزا	کوێخا حەمەسەلیم ی خەیات باوکی شێرزادو	لەگردی سەیوان نێژراوە
٢٤	٨/١٩	دەروێش مەحیەدین حەمە سور	باوکی نەصرەدین و نەجمەدین و فەخرەدین	لەهەڵەبجە مردووە
٢٥	٨/١٩	سەیوان حەمە یوسف مەولود	برای دڵشادو مەریوان	لەکاتی مەلەدا لەئاوی سیروان خنکاوەو لەهەڵەبجە نێژراوە
٢٦	٨/٢٤	عەبدول عەبدوالله	عەبدولی عۆدە- برای حەمە صاڵح و ناصرو مەنصور	لەبازیان لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە کوژراوەو لەسلێمانی نێژراوە
٢٧	٨/٢٥	محەمەد ئەحمەد	حەمەی ئەحمەدە باوکی ئەحمەدو ئیسماعیل	لەهەڵەبجە مردووە
٢٨	٨/٢٦	شەمام حەمەعەزیز	خوشکی قادر حەمەعەزیز-دایکی حاجی باباو حاجی ئەحمەدو شەفیع و عومەرو حەمەیوسف	لەهەڵەبجە مردووە لەتەمەنی نزیک ٩٠ساڵیدا
٢٩	٩/١٢	محەمەد عەبدوالله	کامەرانی هێمنی	چووبویەوە بۆ ئاودێران لەچەمی ئاوێسەر لوغمی پیاتەقیو لەهەڵەبجە نێژراوە
٣٠	٩/١٥	صدیق جەعفەر سەعید ئاغا	صدیقی ئاغە جافر	لەهەڵەبجە مردووە
٣١	٩/٢٥	عەلی سەعید حەمەیوسف	برای عەباس و عومەرو ئیدریس	لەهەڵەبجە مردووە
٣٢	٩/٣٠	جەزا ڕەحیم قادر	-	لەهەڵەبجە لەشەڕێکی عەشایرىدا کوژراوە
٣٣	١٠/٢	هیدایەت جەلال هۆمەر	-	چەکداری ڕژێم بوو شەو پێشمەرگە کوشتیان و لەهەڵەبجە نێژرا
٣٤	١٠/٥	عومەر عارەب ئەحمەد	باوکی فوئادو ڕزگارو شێرزاد	گوللە لەدەستی کوڕەکەی دەرچوو- لەهەڵەبجە مردووە
٣٥	١٠/٢٠	سەلما کچی حاجی حەمەکەریم	خوشکی حاجی سەلیم خێزانی حاجی حەمەصاڵح حاجی صادق دایکی عوسمان و زاهیرو عەبدوالله	لەهەڵەبجە مردووە
٣٦	١٢/١٦	توبا فەتاح ڕۆستەم	خوشکی م.ئیبراهیم خێزانی عەبەی صەلاحە	لەسلێمانی مردووە

٣٧	١٢/١٧	حسێن صالح تاتە	–	لەسلێمانی مردووە
٣٨	١٢/١٨	ئامینە حاجی وەسیم جۆلاّ	خوشکی م.سامیو صابرو ئادەم	لەسلێمانی مردووە
٣٩	١٢/٢٠	حاجی سەعید سەلام	باوکی محەمەدو حامدو حاجی ڕەحمان و فارس و عەلی و ئەبوبەکر	لەتەمەنی نزیک ٨٥ساڵیدا مردووە

ساڵی ١٩٨٧

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/٣	پورە خاتون	خێزانی مام ڕەحیم دایکی محەمەد	لەگردی سەیوان نێژراوە
٢	١/١٤	حەمەعەلی مستەفا عەبدولمەجید	باوکی هابیل و یادگار	لەگردی سەیوان نێژراوە
٣	١/١٥	حەمەحسێن وەستا عەلی	برای عابدو وەستا عەزیز	لەهەڵەبجە مردووە
٤	١/٢٠	زاهیر مەلا فایەق مەلا عیصام	–	لەکاتی شەڕی عێراق و ئێران داو لەتۆپ بارانی شاری سلێمانیدا کوژراوە، کە٤٨ کوژراو ١٢٠یش بریندار بوون
٥	٢/٦	مەنیجەی حەمەحسێن	ناسراوە بەمەنیجەی لاڵە دایکی سلێمانە	لەهەڵەبجە مردووە
٦	٢/١١	ئافتاب مەهدی ئەحمەد	خێزانی تەها هەڵەبجەیی بوو	لەسلێمانی پارچە تۆپی بەرکەوتو لەهەڵەبجە نێژرا
٧	٢/٢٤	محەمەد کاکەلە حاجی فەرەج	باوکی فەرەج و حەسەن و حسێن	لەهەڵەبجە مردووە
٨	٢/٢٥	لاڵەی خوادا	خێزانی خاڵۆ عەزە دایکی شەوکەت و عیزەت و حەمل و جەمیل	لەگردی سەیوان نێژراوە
٩	٣/٥	حاجی ئامانەاللە باباڵە	حاجی ئامانەاللە ی کافیّ – باوکی م.عەلی و عومەرو عوسمان و بەکر	لەهەڵەبجە مردووە
١٠	٣/٢٧	ئەحمەد شەمسەدین	باوکی م.صەلاح و زوهێر	لەهەڵەبجە مردووە
١١	٣/٣٠	زاهیر حەمەیوسف حەملە گەوەر	–	لەسەرچنار بەدەستی چەند نەناسراوێك کوژرا
١٢	٤/٩	عەینا حەمەیوسف قادر	خێزانی حەمە کەریم سلێمان دایکی داودو سلێمان	لەمەجید بەگ لەسلێمانی نێژراوە
١٣	٤/١١	حاجی ئامانە اللە فەتح اللە	حاجی ئامانە اللە ی هێمنە باوکی حەمەڕەئوف	لەهەڵەبجە مردووە
١٤	٤/٢٢	فەتح اللە مارف	فەتەلە دینەی هەلاج باوکی	لەهەڵەبجە مردووە

			فەتح الله و مارف وفەیزوالله و	
١٥	٥/١	عەبدولقادر حەمەیوسف	باوکی جەمال و سەرتیپ	لەهەڵەبجە نێژراوە
١٦	٥/٦	حاجی ڕەشید حەمەئەمین	ڕەشە حەبە-باوکی حاجی حەمەئەمین و دەروێش محەمەدو جەباری نانەوا	لەتەمەنی ٩٥ساڵیدا لەهەڵەبجە مردووە
١٧	٥/٦	قادر فەتح الله فەتح الله	قالەی فەتە دەلە	لەهەڵەبجە مردووە
١٨	٥/١٢	فەرخی ئەحمەد سێلە	خوشکی ئۆلحەکیم و عەلی سێلە- دایکی قادرو عەبدوڕەحمان	لەهەڵەبجە مردووە
١٩	٥/١٣	حاجی قادر ئیبراهیم ئیسماعیل	حاجی قالەی ئیبراهیمی سمێڵ	لەهەڵەبجە مردووەو لەسلێمانی نێژراوە
٢٠	٥/٢٠	مستەفا عیوەز صادق	مستەفای کەڕە، باوکی ستار	لەگردی سەیوان نێژراوە
٢١	٥/٢٤	قەدری بابای سێلە	خوشکی هادی و فەیرۆز خێزانی لەتیف حەمە بڕوا	لەڕاپەڕینی ٨٧دا چوون بۆ ئێران لەڕێگای شێخ سێڵە لەشاخ تل بوویەوەو بەسکی پڕەوە مردووەو لە (سەلاسی باوەجانی) نێژراوە
٢٢	٥/٢٨	بەرزان عیزەت مستەفا	برای بەیان و هەورامان و کوردستان	لەگەڵ هاوڕێیەکی دەبێتە شەڕیان هەردوکیان چەکدار دەبن و دەکوژرێت
٢٣	٦/٥	حاجی قادر ئەمین	قالە میناڵە	لەهەڵەبجە مردووە
٢٤	٦/١٥	عومەر محەمەد باباڵە	-	لەسلێمانی مردووە
٢٥	٧/١١	حەبیبە حەمەباقی غەفور	خێزانی حەسەن حەمە سەلیم	لەهەڵەبجە مردووە
٢٦	٧/١٦	کوێخا ڕۆستەم کەریم	باوکی م.کەریم و ئەیوب و ڕزگار	لەهەڵەبجە مردووە
٢٧	٧/١٧	ئامان ڕەحیم	خوشکی فەتەی ڕەحلە خێزانی ئەڵڵاکی شەمڵە	لەهەڵەبجە مردووە
٢٨	٧/٢٤	کوڕی ئیبراهیمی قالە وەلی	-	بەقەصفی فڕۆکەی ئێران لەسلێمانی کوژراوە
٢٩	٧/٢٩	مەلا کامیل مەلا عەبدولقادر مەلا عەبدوالله	باوکی مەلا عەبدولقادرو تاهیرو سەعدی	لەهەڵەبجە مردووە
٣٠	٨/١٦	ڕۆستەم حەکیم خەسرەو	باوکی حەمەسەعیدو عیزەت و جەلال	لەتەمەنی نزیک ٨٧ساڵیدا لەهەڵەبجە مردووە

٣١	٨/٣١	مەعروف حاجی ئەحمەد حاجی محەمەد	برای فاروق و ڕەئوف و عەتوف	سایەقی قەمەرەدەبێت و لەلای قەدەفەری دەعم دەکات و دەمرێت و تۆفیقی سەید شەریفی لەگەڵ دەبێت قاچی دەشکێ
٣٢	٩/٢	ڕێحان بابا	دایکی مورشیدی خوادا	لەهەڵەبجە مردووە
٣٣	٩/٢٠	لوقمان عەلی سەعید	-	لەسەر مەسەلەی عەدنانی برای گیراوەو کوژراوەتەوە
٣٤	١٠/١٥	سەعید حەمەیوسف	مام سەعە-باوکی کەمال و جەبارو جەمیل و ستار	لەهەڵەبجە نێژراوە
٣٥	١١/٢٥	کەمال سەید شەریف	برای تۆفیق	پ.م ینک بووەو لەسلێمانی کوژراوە
٣٦	١١/٢٨	محەمەد حاجی حەمەڕەحیم	حەمەدی حاجی، باوکی ماجد و شیروان	لەتەمەنی نزیک ٧٠ساڵیدا لەهەڵەبجە مردووە
٣٧	١٢/٧	عەبدول محەمەد عەبدوڕەحیم	باوکی موعتەصەم مامی عەبدول عەلی	هەر لەزووەوە لەهەڵەبجە ژیاوەو لەوێش مردووە
٣٨	١٢/٨	عارف حەمەحسێن حەمەیوسف	برای حاجی تۆفیق و حاجی شەوکەت، حاجی عەلی چاوش	لەهەڵەبجە مردووە
٣٩	١٢/٢٥	حەمەکەریم حەمەصاڵح ئەشکە	برای فایەق و فازڵ	لەسلێمانی مردووە
٤٠	١٢/٢٧	مەلا فایەق مەلا عیصام	باوکی زاهیر	لەگردی سەیوان نێژراوە

ساڵی ١٩٨٨

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	٢/١	صۆفی حەمەصاڵح نۆدشی	-	لەتەوێڵە لەخانەقا نێژراوە
٢	٢/٤	حاجی مستەفا حاجی فەرەج	باوکی ڕۆستەم و حەمە فەرەج و سەریاس و شاهۆ	لەگردی سەیوان نێژراوە
٣	٢/٦	حاجی فەتاح حەمەصاڵح	باوکی حەمەڕەحیم	لەهەڵەبجە مردووە
٤	٢/٢٠	نادر حەمەئەمین ئەسکەندەر	برای حاجی حەمەڕەشید باوکی جەلال و کاکەبراو مەحمود	لەهەڵەبجە مردووە
٥	٣/٢	عەبدوالله شوکرە عەبدوالله	باوکی حەبیب	لەزووەوە لەسلێمانی ژیاوەو لەوێش مردووە
٦	٣/١٦	لەم ڕۆژەدا نزیکەی (٢٨٠) کەس لەخەڵکی تەوێڵە شەهید بوون .. لەشوێنی تردا باس کراون		بەهۆی کیمیابارانی هەڵەبجەوە
٧	٣/٢٨	حاجی حەمە ڕەحیم	حاجی کاکە-باوکی حەمە	لەسلێمانی مردووە

		حەمە لەتیف	لەتیف و حەمە فەرەج و	
٨	٣/٣٠	جەلال مەحمود گۆپە	–	لەسلێمانی مردووە
٩	٥/١٣	مەناف عابد بابالە	برای ڕەشەی عابە	پ.م شیوعی بوو لەتەق تەق لای کۆیە کوژراوە
١٠	٥/١٥	سوراحی حسێن ئاغە عەبدوالله ئاغە	خێزانی عەبالە دایکی ئەکرەم و کامیل و	لەسلێمانی مردووە
١١	٥/٢٤	دلێر حافز حاجی حسێن	–	لەسەرجنار سەربازی ڕژێم برینداری کردوو دوای سێ ڕۆژ مرددوە
١٢	٧/٣١	ڕابعە حەمەسەعید نۆدشی	خێزانی مستەفا نۆدشی دایکی فەتح الله و حەمەڕەشید	لەسلێمانی مردووە
١٣	٨/٢٨	حاجی محەمەد حەمەئەمین	حاجییەخرە	لەپاوە مردووەو نێژراوە
١٤	٩/١٠	محەمەد قادر مەجنون	باوکی ناصح	لەسلێمانی مردووە
١٥	٩/١٦	عائیشە عەبدوڕەحمان	دایکی مەلا کامیل مەلا حەمەعارف	لەتەمەنی نزیک ٩٠ ساڵیدا لەسلێمانی مردووە
١٦	٩/١٩	عەینەدین ئەبوبەکر ئەکرەم	برای مەحیەدین و سەیفەدین	لە حللە سەرباز بووەو لەئاودا خنکاوەو لەسلێمانی نێژراوە
١٧	١٠/١٩	صەبریە حەمەسەعید قادر	خێزانی هادی حاجی حسێن	لەسلێمانی مردووە
١٨	١١/٢٨	گوڵناز حەمەئەمین	دایکی تۆفیق	لەسلێمانی مردووە

ساڵی ١٩٨٩

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/٣	سەعید حەمەیوسف	باوکی عومەرو ئیدریس و عەباس	لەتەمەنی نزیک ١٠٠ ساڵیدا لەسلێمانی مردووە
٢	١/١٩	عەبدولمەناف قادر غەفور	برای عابد قالە غەفور	لەتەمەنی ٤٠ ساڵیدا بەجەڵدە مردووەو لەگردی سەیوان نێژراوە
٣	٢/١٨	ڕەعنا جافر حەمەصاڵح	کچی جافەی حەمەصاڵحی ئەسلەم خێزانی مەلا کەریمی دەگاشێخان	لەسلێمانی مردووە
٤	٣/٤	صەلاح مەحمود حەمەیوسف	کوڕی مەحمودی حەماڵ برای صەباح	لەسلێمانی کوژراوە
٥	٣/١٨	حامد حەکیم	برای جەماڵی نانەوا	لەهەولێر مردووە
٦	٤/١٥	فەرخی سلێمان	خێزانی حاجی عەبدوالله دایکی ئیدریس	لەسلێمانی مردووە
٧	٤/٢٧	جەلال نادر حەمەئەمین	–	لەکامیارانی ئێران مردووە

٨	٥/٢٣	ئاریان حەسەن سەعید	کوڕی حەسەنی برای حەمەڕەحیم	لەتەمەنی ٨ ساڵیدا لەکارێزەوشك بەڕوداوی سەیارە مردووەو لەسلێمانی نێژراوە
٩	٥/٢٥	عەبدولوەهاب ئیسماعیل	باوکی ئیسماعیل	لەعەربەت مردووە
١٠	٥/٢٩	حەمەئەمین حەمە باقی عەزیز	حەمەئەمین جۆلاّ	لەسلێمانی مردووە
١١	٦/٤	عابد حەکیم حاجی قوربانی	عابدی سوەیبە باوکی د.صەباح و صەلاح و	لەسلێمانی مردووە
١٢	٦/٦	فەرخی حاجی حەمەیوسف	خێزانی حاجی فەرەج حاجیلە	لەسلێمانی مردووە
١٣	٦/١٤	عوسمان حەمەئەمین حەمە باقی	برای ئەبوبەکر	لەسلێمانی مردووە
١٤	٦/٢٠	ئەنوەر قادر حەسەن	برای حەمەسەعیدی قالە	لەسلێمانی مردووە
١٥	٧/١٨	کەریم خواجە ئەحمەد مەولود	برای حاجی جەزاو باوکی کامیل	لەسلێمانی مردووە
١٦	٨/٦	حاجی تۆفیق حەمە حسێن یوسف	برای عەلی چاوش و شەوکەت و عیزەت	لەتەمەنی ٧٥ ساڵیدا لەسلێمانی مردووە
١٧	٨/٩	عەلی محەمەد الله وەیس	ئۆلحەی الله وەیس	لەگردەچاڵی هەولێر مردووە
١٨	٨/٢٢	حاجی ئەبوبەکر حاجی حەسەن	باوکی خواکەرەم و عەبدول و الله کەرەم و عەباس	لەگوندی نێ لەمەریوان مردووە لەتەمەنی ٨٠ ساڵیدا
١٩	٩/٥	شێخ ئەحمەد شێخ محەمەد شێخ حسامەدین	باوکی شێخ عەلی و عەبدوڕەحمان و عیرفان و کۆسارو لوقمان و عادل	لەسنەی ئێران مردووە
٢٠	٩/١٠	عابد حەمەیوسف	باوکی فاروق	لەدەربەندیخان مردووە
٢١	٩/١١	صەفیە کاکە عەلی کەرەم	خێزانی عەزیز محەمەد دایکی نادرو محەمەد	لەسلێمانی مردووە
٢٢	١٠/٦	حاجی حەمەعەزیز حەمەشەریف	حاجی حەمایزی خادما-باوکی تۆفیق و حەمەسەعید و محەمەد و سەعدی	لەسلێمانی مردووە لەتەمەنی نزیك ٨٠ ساڵیدا
٢٣	١٠/١٨	فاتح حەمە باقی عەزیز	برای حەمەئەمین جۆلاّ	لەسلێمانی مردووە
٢٤	١٠/٢١	حەمەڕەزا ڕەمەزان سۆسەکانی		لەبەغدا مردووەو لەسلێمانی نێژراوە
٢٥	١٠/٢٥	کاکەبرا ئەحمەد ئیسحاق	-	لەسلێمانی مردووە
٢٦	١١/١٩	عەبدولکەریم وەیس محەمەد	ئۆلکەریمی ولە	بەکاریگەری کیمیایەکەی هەڵەبجە لەسلێمانی

				مردووە
٢٧	١١/٢١	سەلما ئەکرەم	خێزانی عەلی حەمە باقی دەلاك - خوشکی حاجی عوسمان و خەلیفە عومەرو	لەسلێمانی مردووە
٢٨	١٢/١٤	حەسەن محەمەد عەبدوالله	کوڕی حەمەی عۆدەلە	یەکێك بوو لەو ١٩ نەفەرەی لەدەعمی سەیارەدا لەقرەگۆل مردن
٢٩	١٢/٢٩	عومەر حاجی حەمەعەلی کوزاد	-	لەکەنگاوەر مردووە
٣٠	١٢/٢٩	حەیات عیوەز صادق	خێزانی کەریم ئیبراهیم ئیسماعیل	لەسەرچنار مردووە

ساڵی ١٩٩٠

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/١	حەمەصاڵح حەمە شریف حەمە عزیز	حەمەصاڵحی خۆشە	لەسەولاوای ئێران مردووە
٢	١/١٥	حاجی قادر مارف ئەحمەد	قالە مالە	لەسلێمانی مردووە
٣	١/٢٠	فەرەیدون حەمەسلیم نادر	فەلەی حەمەسەلیم برای بەشیری چایچی	لەبەغدا مردوو هێنایانەوە سلێمانی
٤	١/٢٦	چیمەن محەمەد حاجی حەمەڕەشید	کچی دەروێش محەمەد	لە١٦ ساڵیدا بەهۆی سوتانەوە لەسلێمانی مردووە
٥	٢/١٢	خەدیجە ئەحمەد ئاشەوان	خێزانی حاجی سلێمان	لەسلێمانی مردووە دوای تەمەنێکی درێژ
٦	٣/١٧	عەبدوالله مەعروف	عەبالەی مارفە شەل	لەسلێمانی مردووە
٧	٣/٩١	خانم کاکەلە حەبیب	خێزانی مەحیەدین فەتاح	لەسلێمانی مردووە
٨	٣/٢٨	بەهرۆز حاجی عەبدوالله هۆمەر	کوڕی حاجی عەبولە	بەڕوداوی سەیارە لەڕێی دوکان مردووە
٩	٥/٥	فەرەج روح الله	فەرەجی فەڕاش برای حاجی ڕەحمان	لەسلێمانی مردووە - خنکێنراوە
١٠	٦/٢	سەلما حەمەصاڵح سلێمان	خێزانی هۆمەری قیمە	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
١١	٦/٥	مەلا مەجید مەلا صەلاحەدین	باوکی صەلاحە دین ناسراوە بەمەلا مەجیدی بەڵخە	لەسلێمانی مردووە
١٢	٦/٦	ئیبراهیم مەلا عەبدوالله مەلا حسێن	-	لەبەغدا مردووەو هێنایانەوە سلێمانی
١٣	٦/١٢	هەڵاڵە عەبدوالله حەمەیوسف	کچی عەبەلەیلە	بەسوتان لەسلێمانی مردووە
١٤	٦/١٤	مستەفا ئەحمەد	باوکی مەعروف سۆسەکانی	٣ ڕۆژ بوو لەئێران گەڕابویەوە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
		خضر		لەسلێمانی مرد
١٥	٦/٢٨	بەهمەن عەبدولکەریم	بەهمەنی بەگە	ڕژێمی بەعس لە٢٩/١٠/٨٩ لەباریکە گرتی و لەم ڕۆژەدا لەسێدارەی داو لەگردی سەیوان نێژراوە
١٦	٦/٢٩	حەمەصالّح کەریم	حەمەصالّح هەمینە	لەکەربەلا مردووە
١٧	٧/٦	خەرامان عەزیز خواکەرەم	خێزانی بەکر سلێمانەیی	لەسلێمانی مردووە
١٨	٧/١٦	سلێمان نادر کوزاد	باوکی شەوکەت و عیزەت و خدر	لەسلێمانی مردووە
١٩	٧/٣٠	مەحبوبە هۆمەر مەولود	خێزانی حاجی سەعید عوسمان	لەسلێمانی مردووە
٢٠	٨/١	ڕەعنا موئمن	خێزانی فەرەج حەمەئەمین دایکی فاتح و حسێن	لەگردی سەیوان نێژراوە
٢١	٨/٢٠	ئاسما حەمەحسێن	خێزانی حەمەصالّح ئەحمەد مەحمود دایکی حەمەڕەحیم و حەمە سەلیم و سەعید	لەسلێمانی مردووە
٢٢	٨/٢٠	صدیق محەمەد دینە	برای باقی و حەمەڕەحیم	لەسلێمانی مردووە
٢٣	٨/٣١	خاوەر میرزا عەبدولقادر	دایکی وەستا کەمال و حەمەفەرەج و عەبدواللە	لەسلێمانی مردووە
٢٤	٩/٣	فەخرەدین صالّح یارە	برای فەرید	لەسلێمانی لەنزیکەی ٣٥ ساڵیدا مردووەو لەوێ نێژراوە
٢٥	٩/٢٠	ئەحمەد محەمەد ئەحمەد	ئەحمەدی حەمەی ئەحمەدە زاوای خەلیفە عومەر	لەسلێمانی مردووە
٢٦	١٠/١٠	بەکر حەمەخالد	بەکری حەمەخالّۆد برای یونس و حەمەئەمین	لەسلێمانی مردووە
٢٧	١٠/١٦	عەلی ئەسکەندەر	عەلی عەللیٚ دەگاشێخانەیی باوکی نەبەز	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٢٨	١٠/٢١	حەمەڕەزا مەحمود بەگ	حەمە ڕەزا بەڵخاتی	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٢٩	١١/١٣	صەباح حەمە ڕەشید ڕەحیم	صەباحی مینای فەتە	بەڕوداوی سەیارە لەسلێمانی مردووە
٣٠	١١/١٧	ولیٚ مەولود مەجید	خێزانی عەبدولقادر حەمەیوسف دایکی جەمال و سەرتیپ	لەسلێمانی مردووە
٣١	١١/١٨	عالیە مەلا صاحب	خێزانی حاجی ئەمین ئایزە	لەدەربەندیخان سەیارە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
			غەفور	لێ‌داو لەسلێمانی نێژراوە
٣٢	١١/١٩	عیزەت حەمەڕەزا بەگ		بەپردواوی سەیارە لەسلێمانی مردووە
٣٣	١١/٢٢	فەخرەدین عەبدولعەزیز عەلی	فەخەی پورە گوڵە	لەسلێمانی مردووە
٣٤	١١/٢٥	فاتمە فەتاح ڕۆستەم	خوشکی م. ئیبراهیم خێزانی مەجیدی مەئمور مەرکەز	لەبەغدا مردووەو لەسلێمانی نێژراوە
٣٥	١١/٢٨	حەسەن حسێن عەبدوکەریم	کوڕی حسەی حەبێ برای کەمال	بەگەنجی مردووە لەعەربەت نێژراوە
٣٦	١٢/١٥	عەینا حاجی محەمەد ئۆلمەجید	خێزانی عەزیز خواکەرەم دایکی حەمەڕەئوف و نەصرەدین	لەسلێمانی لەتەمەنی (٨٥) ساڵیدا مردووە
٣٧	١٢/٢٢	عەینا ئیبراهیم الله کەرەم	خوشکی حاجی حەسەنی ئاسنگەر	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٣٨	١٢/٢٤	منیرە حاجی قادر	خێزانی یونس حاجی یوسف	لەزەڕایەن نێژراوە لەبەغدا مردووە
٣٩	١٢/٢٦	دەروێش فەرەج	ناسراوە بە ئەلەلە	لەسلێمانی مردووە
٤٠	١٢/٢٧	چۆمان جەمال عەبدولعەزیز	کوڕی جەمالی پورە گوڵە	لەهەشت ساڵیدا لەسلێمانی مردووە

ساڵی ١٩٩١

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/١٣	عوسمان مەحمود فەرهاد	چایچی بوو لەبەغدا	لەبەغدا کۆچی دوایی کردوو هێنایانەوە سلێمانی
٢	٢/٧	خاتو خۆرشیدی مەلا عصام	خێزانی مەلا حەسەن مەلا حەبیب الله	لەسلێمانی مردووە
٣	٢/٨	نەهیە حاجی محەمەد فەتاح	خێزانی مەجید وەستا نەجیب سۆسەکانی کەهەر لەتەوێڵە دانیشتووە	
٤	٢/١١	کاڵێ حەمەشیرینە		لەسلێمانی مردووە
٥	٢/١٣	مینا عەبدوالله کەریم	خێزانی حاجی ئەبوبەکری حاجی حەسەن الله کەرەم	لەسلێمانی لەگردی سەیوان نێژراوە
٦	٢/١٤	نەجمەدین شەفیق سۆسەکانی	زاوای دڵشاد	لەکوەیت کوژراوەو هێنایانەوە باینجان
٧	٢/١٦	نەجیب عەلی ڕۆستەم	برای ئۆلعەزیزی پیلاودورە باوکی جەلال	لەسلێمانی مردووە
٨	٢/١٦	حیکمەت محەمەد حەمەڕەحیم	حیکمەتی دارا بەگ	لەکوەیت کوژراوەو لەسلێمانی نێژراوە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووە و نێژراوە
٩	٢/١٧	عەتیە حەمەئەمین	بەعەتیەی گەنجە ناسراوە شوی نەکردبوو خوشکی تۆفیق	لەتەمەنی (٥٠) ساڵیدا لەسلێمانی مردووە
١٠	٢/١٨	عەبدوالله فەتح الله ئەحمەد	عەبەی فەتەلە ئاشەوان	لەسلێمانی نێژراوە لەگۆڕستانی مەجید بەگ
١١	٢/١٩	خونچە هۆمەر		لەسلێمانی مردووە
١٢	٢/٢٣	عەلی شەریف	برای تۆفیق و باوکی ئیدریس	لەسلێمانی مردووە
١٣	٣/٧	سوراحیە محەمەد	خێزانی عەلی کوێخا حەمەئەمین دایکی عوسمان و یاسین	لەگردی سەیوان نێژراوە
١٤	٣/٧	هەورامان حاجی حەمەصالح حاجی فەرەج	-	لەڕاپەڕینەکەی شاری سلێمانیدا کوژراوە
١٥	٣/٨	ئامانە کچی حەمەئەمین	خێزانی حاجی قالە مینالە	لەتەمەنی (٧٨) ساڵیدا لەهەڵەبجەی تازە نێژراوە
١٦	٣/١٣	نوعمان لەتیف ئیبراهیم	کوڕی لەتیفی مام بلە	لەهەڵەبجەی تازە بەگوللەی وێڵ لە ١٣ ساڵیدا کوژراوە
١٧	٣/٢٥	تاهیر فارس ڕەسول	دەروێش تاهیر	لەسلێمانی مردووە
١٨	٣/٢٧	( ) کوڕی حەمەئەمین شەشە	حەمەئەمین زاوای حەمە ڕەحیم تاوێرەییە	لەسلێمانی لەکارێزەوشك بەپارچەی قازیفە کوژراوە
١٩	٤/١١	دکتۆر جەبار عەبدوڕەحمان حاجی محەمەد		دوای ١٥ ساڵ کەلەلایی لەتەوێڵە لەڕەوەکەدا کۆچی دوایی کردووە
٢٠	٤/٢٧	شیرین وەستا حەمەڕەحیم	خێزانی وەستا ڕۆستم حەکیم	لەتەوێڵە مردووە
٢١	٤/٢٩	حەسەن حاجی تۆفیق نادر		لەڕەوەکەدا لەتەوێڵە کوژراوە
٢٢	٤/٣٠	صابر حەمە صاڵح	صابری عومرا باوکی حەمەصاڵح و موختار	لەهەڵەبجە مردووە
٢٣	٥/٢	عەتیە فەتح الله	خێزانی حاجی مەحمود محەمەد وەستا قادر	لەتەوێڵە مردووە
٢٤	٥/٤	محەمەد عەبدولوەهاب		لەتەوێڵە نێژراوە
٢٥	٥/٢٠	محەمەد صۆفی مستەفا		لەهەڵەبجە مردووە
٢٦	٦/٥	نەصرەدین عابد ئەلی وەیس		بەلوغم لەبەمۆ کوژراون هەردوو پ.م پارتی بوون

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەكوێ مردووەو نێژراوە
٢٧	٦/٥	سۆران ئیسماعیل محەمەد		
٢٨	٦/٨	خەدیجە حەكیم		لەسلێمانی مردووە
٢٩	٦/١٠	بەرزان محەمەد سان ئەحمەد		لەئاوێسەر بەلوغم كوژراوە
٣٠	٦/١١	حەمەتۆفیق محەمەد حەسەن	تۆفیقی حەممەدی حسە	لەسلێمانی كوژراوە
٣١	٦/١٢	عەلی مەجید هەجیجی	خوشكەزای باقی حاجی حەسەن	لەبەغدا مردووەو لەسلێمانی نێژراوە
٣٢	٦/١٣	سەید حەمەئەمین سەید تەها	برای م.سەید عەبدورەحمان	لەسنە كۆچی دوایی كردووەو نێژراوە لەتەمەنی (٥٠) ساڵیدا
٣٣	٦/٢٧	شوكری عزەت ئەحمەد	خێزانی جەزا عەلی حەمەباقی	لەدووئاو سوتاو لەكرماشان مردووەو هێنرایەوە بۆ تەوێڵە
٣٤	٦/٢٩	قەتحەی حەمەشەریف خادم	خێزانی حاجی كاكەبرا	لەسلێمانی مردووە
٣٥	٦/٣٠	فەهمی محەمەد حەمەرەحیم	فەهمی دارا بەگ	بەلوغم كوژراوە لەچەمی زاوەر
٣٦	٧/٦	سەلما فەرەج الله	خێزانی مستەفا حەمەڕەزا	لەسلێمانی مردووە
٣٧	٧/٧	چنور عوسمان محەمەد صاڵح	–	لەسلێمانی بەگوللەی وێڵ كوژرا
٣٨	٧/١٢	فەتاح مەحمود	فەتاحی خەرامان كارەباچی	لەسلێمانی مردووە
٣٩	٧/١٨	سەریاس حەیدەر محەمەد	سەریاسی بابای حەمە	لەسلێمانی لەڕاپەڕینی دووەمدا كوژرا
٤٠	٧/٢٧	كوێخا نەزهەت عەلی محەمەد	–	لەسلێمانی مردووەو بردیانەوە تەوێڵە
٤١	٧/٢٨	تەیبە محەمەد حەبیب	خێزانی فەتاح حاجی قادر دایكی م.زیرەك ونەریمان و	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٤٢	٧/٢٩	سەعادەت حەمەكەریم رەحیم	خێزانی عزەتی حەسەن دایكی نیازیو قازی	لە تەوێڵە نێژراوە
٤٣	٨/١٣	مەعروف عەبدوالله	ناسراوە بەبابای مریەم	لەسلێمانی مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
٤٤	٩/٤	ئازاد عارف حەسەن	–	لەچەمی دزاوەر بەلوغم كوژراوە
٤٥	٩/١٠	(س) كوڕی عومەری حەمەی بابا	–	لەئاودا خنكاوە
٤٦	٩/١٣	عاصمە حەمەسەعید	خێزانی عوسمان	لەچەمی دزاوەر بەلوغم

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
		خێشە	کەیخەسرەو	کوژراوە
٤٧	١٠/١٣	فەریق عوسمان کەیخەسرەو	–	لەچەمی دزاوەر بەلوغم کوژراوە
٤٨	١٠/٢٩	نادر حەمە لەتیف دەوڵەتیر	نالەی خاڵخاس	لەهەڵبجەی تازە مردووەو بردیانەوە تەوێڵە
٤٩	١٠/٢٩	نیازی عزەت حەسەن	برای قازی	لەڕاپەڕینی دووەمدا بریندار بوو بردیانە تورکیا لەوێ کۆچی دوایی کردو هێنایانەوە بۆ تەوێڵە
٥٠	١١/١٢	قەدری فەتح الله سلێمان	خێزانی مەحمود حاجی حەمەیوسف	لەسلێمانی بەغازی حەمام مردووە
٥١	١٢/١٥	حەسیبە تۆفیق شەریف هیوا فەرەج روح الله	خێزانی فەرەج روح الله لەگەڵ حەسیبەی دایکیا کوژراوە	هەردوو لەسلێمانی کوژراون
٥٢	١٢/٢٣	صائب نەصرەدین کەریم	–	لەتەوێڵە گولله لەدەستی کۆسالان محەمەدی خزمی‌یەوە دەرچووە
٥٣	١٢/٢٧	حەمەصالح عەبدوالله	حەمەصاڵحی عۆدە	لەسلێمانی مردووە

ساڵی ١٩٩٢

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/٢١	صابیر کاکەڵەی حەبیب		لەتەوێڵە نێژراوە
٢	١/٢٥	ئیسماعیل فەتح الله ئیسماعیل	برای خوادا	لەسلێمانی مردووە
٣	٢/٩	عاصمە ئەحمەد ئیسحاق	خێزانی حاجی حامد	لەهەڵەبجە مردووە
٤	٣/٨	میرزا حەمە حسێن	میرزای شیرینە	لەبەکرەجۆ بەجەلدەی دڵ کۆچی دوایی کردووەو لەوێ نێژراوە
٥	٣/١١	جەبار حەمەصالح عەبدولحەکیم	برای فوئادو وەزیر	لەڕێگەی تەوێڵە بۆ دۆڵبیان بەهۆی بەفرەوە لەسەرمادا ڕەق بوەتەوەو لەسۆسەکان بەخاک سپێردرا.
٦	٣/٢٤	ساوا کەمال مستەفا		(پ.م) بوو گولله لەدەستی خۆی دەرچووە.
٧	٣/٢٨	قەتحە حەمەئەمین صۆفی سلێمان	خێزانی کەریم عەبدوالله	لەسلێمانی مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
٨	٤/١١	لەیلێ	خێزانی حاجی حەمەڕەشیدی خودادا سۆسەکانی	لەسلێمانی مردووە
٩	٤/٢١	خونچە عەزیز	خێزانی وەستا محەمەدی وەستا حاجی حەمەصالح	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
١٠	٦/١	سەرگوڵ عەبدولخالق حاجی ئۆلوەهاب	خێزانی م.ڕەئوف حاجی فەرەج کۆکۆیی	لەسلێمانی مردووە
١١	٦/١٨	سەیوان حەمەڕەحیم تاوێرەیی	برای میرزا	لە تەوێڵە مردووە
١٢	٨/٩	محەمەد مستەفا	باوکی ستار	لەسلێمانی مردووە
١٣	٨/١١	حاجی عیزەت حەمەسەعید قادر	–	لەسلێمانی مردووەو بردیانەوە تەوێڵە
١٤	٨/١٢	حەیات فەتح الله	خێزانی صدیق دینە	لەسلێمانی مردووە
١٥	٨/١٢	فەرەج بابالە	باوکی یونس	لەهەڵەبجەی تازە مردووەو بردیانەوە تەوێڵە
١٦	١٠/١	دڵشاد نافع محەمەد	–	لەچەمی دزاوەر لوغم کوشتویەتی
١٧	١٠/٤	حاجی حەمەعەلی کوزاد	–	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
١٨	١٠/٥	پێشڕەو جەمال عەبدولعەزیز	کوڕی جەمالی پورە گوڵە	لە تەوێڵە مردووە
١٩	١٠/١٨	فکرەت محەمەد حەمەڕەحیم	فکرەتی دارا بەگ	بەلوغم کوژراوە
٢٠	١٠/٣١	سوەیبە نادر	خێزانی ڕەحمان حەمەیوسف قادر	لەسلێمانی مردووە
٢١	١١/١١	مەعصومە مەلا عەبدولئەحەد	خێزانی حاجی ڕەئوف حەمەئەمین	لەهەڵەبجە مردووە
٢٢	١١/٢١	کەریم محەمەد	کەریم حەمە گاوان	لەسلێمانی مردووە
٢٣	١١/٢٤	خاتەی هەیبەکر	خاتەی لەمان دایکی کەرەمەو فاتح خێزانی سەلیم	لەهەڵەبجە مردووە
٢٤	١٢/٧	حاجی عەبدوڕەحمان ئەحمەد	باوکی جەزاو عوسمان و عومەر	لەسلێمانی مردووە لەتەمەنی ٧٥ ساڵیدا
٢٥	١٢/١٤	واڵە عەینا	خێزانی حاجی عەبدوڕەحمان ئەحمەد	لەسلێمانی مردووە
٢٦	١٢/١٧	سەعید حەمەیوسف	سەعە لەیلە	لەسلێمانی مردووەو بردیانەوە لەباوە سەرهەنگ نێژرا

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
٢٧	١٢/٢٢	قەتحەی عەبدوالله	قەتحەی عۆدە خێزانی جەلال عەبدوالله - ئۆڵڵا	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٢٨	١٢/٢٣	خەدیجە مستەفا عوسمان	خێزانی حاجی ئایزە بارام	لەهەڵەبجەی تازە مردووە

ساڵی ١٩٩٣

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/٣	خاتو شەمسی الله وەیس	خێزانی حاجی سەید محەمەد دایکی مەلا سەید ڕەشاد	لەئۆردوگای نەصر مردووە
٢	١/٥	شەفیق الله کەرەم		لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٣	١/٨	مەلا صابر مەلا عەبدە مەلایاسین	باوکی عومەر محەمەد و حەمە شەریف	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٤	١/٩	ئەشرەف نورەدین نەجیب	-	لەتەوێڵە بەلوغم کوژرا
٥	١/٩	کاوە وەستا غەریب وەستا حەمەئەمین	-	لەتەوێڵە بەلوغم کوژرا
٦	١/١٠	عومەر مستەفا عەبدوالله ئاغا	ئامۆزای عەلی قاراغا	لەسید صادق کوژراوە
٧	٢/١٢	عەتیە هۆمەر	دایکی عیزەتی حەسەن	لەسلێمانی مردووە
٨	٢/١٩	ئافتاب سەید محەمەد سەید فەتحە	خێزانی کوڕی سەید نەجمی یەخشی	لەئۆردوگای نەصر مردووە
٩	٣/٨	حەفصە نەجیبە فەندی	خێزانی سەعید میرزا عەبدولقادر	لەسلێمانی مردووە
١٠	٣/١٥	حەمەیوسف نادر	باوکی سەعدەو نادرو حەمە شەریف	لەبەکرەجۆ لەتەمەنی ٩٠ ساڵیدا مردووە
١١	٣/٢٠	خەرامان حەمەکەریم حاجیلە	خێزانی صۆفی وەهاب صۆفی مستەفا	لەهەڵبجە مردووە
١٢	٣/٢١	بەشیر حەمەسەلیم نادر	بەشیری چایچی	بەهۆی سوتانەوە لەتەوێڵە مردووە-سێهەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان
١٣	٣/٢٧	(س) کچی حامیدی قالە غەفور	-	لەسلێمانی مردووە
١٤	٣/٢٩	نەعیمە عارف حەمە حسێن	خێزانی تاهیری مەلا عەبدولحەمید	بەهۆی سوتانەوە لەسلێمانی مردووە
١٥	٣/٣٠	حاجی حەمە ڕەحیم وەستا عەلی	حاجی حەمەڕەحیم کلاشکەر	لەسلێمانی لەگردی سەیوان نێژرا
١٦	٤/٨	خەلیفە مەحمود	خەلیفە مەحمودی خانەقا	لەتەمەنی ٩٠ ساڵیدا

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
		ڕۆستەم		لەهەڵەبجە مردووەو برایەوە خانەقای تەوێڵە
١٧	٤/١٦	فائق نادر عەبدولحەکیم	فائق جۆلاّ	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
١٨	٥/٧	صابر خواکەرەم	ناسراوە بەچەرمە	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
١٩	٥/٢٢	ئەنوەر حاجی عەبدوڕەحمان مولکی	–	لەبازیان مردووەو بردیانەوە تەوێڵە
٢٠	٥/٣٠	شیرین شەریف	خێزانی محەمەد ئەڵلاك دایکی فائق	عەرەفەی جەژنی قوربان لەتەوێڵە مردووە
٢١	٦/٦	مەلا عەبدوڕەحمان مەلا عەبدوالله	برای مەلا حەمەئەمین و مەلا ئیسماعیل	لەسلێمانی مردووەو بردیانەوە تەوێڵە
٢٢	٦/٨	لەیلا نەصرەدین مەحیەدین	–	لە تەوێڵە مردووە
٢٣	٦/٨	حاجی عەبدوڕەحمان حاجی محەمەد ئۆلمەجید	باوکی د. جبارو حەمە شەریف و ئەنوەر	لەسلێمانی مردووەو بردیانەوە تەوێڵە
٢٤	٦/١٢	تەلیعە خواجە ئەحمەد	خوشکی حاجی جەزا	لەسلێمانی مردووە
٢٥	٦/١٥	کەریم عوسمان محەمەد	مێردی بەگیج – باوکی عومەرو عەلی و یونس و ...	لەتەوێڵە مردووە
٢٦	٦/٢١	محەمەد ئەحمەد	حەمەی ئەحمەد ڕەواس حەمەی ڕەعنا سور	لەسلێمانی مردووە
٢٧	٦/٢٣	محەمەد مەحمود	حەمەی مەحمود ماله	لەنقلیاتی بەغدا سەیارە لێیداوەو برایەوە هەڵەبجەی تازە
٢٨	٦/٢٤	وەیسی ئەحمەد	باوکی ستار و جەزا	لەتەوێڵە مردووە
٢٩	٦/٢٩	ئەمنە سەعید		لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٣٠	٦/٣٠	سەردار خالد مارف	سەرداری خاڵە	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٣١	٧/٢١	عەبدوالله حەمەکەریم عوسمان	باوکی د.جەزا و ناصر	لەسلێمانی مردووە
٣٢	٧/٢٦	شەمێران حسێن فەرەج		لەتەوێڵە کوژراوە
٣٣	٧/٢٧	خونچە عەلی کەریم	خێزانی ئایزەی عوسمانە	لەتەوێڵە مردووە
٣٤	٨/١٣	فەتاح قادر	باوکی زیرەك و نەریمان و...	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٣٥	٨/٣١	عەباس فەتاح ڕۆستەم	–	لەگردی سەیوان نێژراوە
٣٦	٩/١	تۆفیق شەریف	–	لەچەمی دزاوەر بەلوغم کوژراوە
٣٧	٩/٣	هۆگر صدیق عەبدوالله صالح	–	لەسلێمانی مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
٣٨	٩/٢٩	عەلی حەمەسەعید کەریم	باوکی نوریو ئەنوەر	لەتەوێڵە مردووە
٣٩	١٠/٨	کۆفە کەیخەسرەو	خێزانی حەمەیوسف مارف	
٤٠	١٠/١١	عاصە مەحمود	خێزانی دەروێش مەحیەدین	لەتەوێڵە مردووە
٤١	١٠/١٢	حەمە مراد قوربانی	-	لەتەوێڵە مردووە
٤٢	١٠/١٧	خەدیجە عەبدولکەریم	خەجێی کاکل لەم دواییە بووە خێزانی مستەفای حەق	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٤٣	١٠/٢٠	حەمەصالح سەعید حەمەحسێن	باوکی حەمەسەعید و نازدار	لەتەمەنی ٩٥ ساڵیدا لەتەوێڵە مردووە
٤٤	١١/٨	شیرین ئەحمەد گرانی	دایکی کەرەمەو ئیبراهیم و کاکل و عومەر	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٤٥	١١/١٨	فائق خدر	فایقە پاوەیی باوکی کەمال و جەبارو جەلال و عەبدولخالق و نەصرەدین	لەسلێمانی مردووە
٤٦	١٢/٢٠	حەفصە باقی	خێزانی ئەمین قادر	لەسلێمانی مردووە
٤٧	١٢/٢٤	حەمەڕەشید مستەفا نۆدشی	برای فەتح الله	ژن و منالی نەبوو لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٤٨	١٢/٢٤	عەبدوالله حسێن	باوکی د.تاهیر هەورامی	لەسلێمانی کۆچی دوایی کرد
٤٩	١٢/٢٥	جەلال بابالە مەعروف	جەلالی حاجی بابالە	ئەم سیانە لەخورماڵ لەشەڕی بزوتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی نیشتیمانیدا کوژران و لەتەوێڵە نێژران
٥٠	١٢/٢٥	فەیروز ڕەحمان سەعید	فەیرۆزی فاتە	
٥١	١٢/٢٥	ئەبوبەکر مەجید	خوشکەزای باقی حاجی حەسەن	
٥٢	١٢/٢٦	صاحب جەعفەر حاجی محەمەد	-	لە تەوێڵە لەشەڕی یەکێتی و بزوتنەوەدا کوژراوە
٥٣	١٢/٣١	خەرامان حەمە عەلی	دایکی ئۆلعەزیزی سەعەڕووش	لەسلێمانی مردووە

ساڵی ١٩٩٤

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/٣	تالب حەمەعەزیز	تالبی گۆپە	لەسلێمانی کوژرا
٢	١/٩	فەرحان عوسمان جەعفەر	-	لەتەمەنی ٣٨ ساڵیدا بەلوغم لەتەوێڵە کوژرا
٣	١/٢٣	دڵشاد حامد کاکەلە	دڵشاد ئەفسەر بوو لەسوپای عێراقی	دڵشادو ستار هەردوکیان لە ١٩٩٢ لەلایەن عێراقەوە گیران

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
٤	١/٢٣	ستار جەعفەر محەمەد	-	و لەسێدارە دراون بەلام لەدوای ڕوخانی ڕژێم زانراو لەسەرەتای مانگی ئایاری ٢٠٠٣ پرسەیان بۆ دانان
٥	٢/٢٥	حەمەکەریم حاجی حەمەئەمین	باوکی شیروان و حەمەئەمین برای هادی	لەسلێمانی مردووەو بردیانەوە تەوێڵە
٦	٣/٦	حاجی محەمەد فەتح الله	باوکی م.کەریم و م.ئیسماعیل	لەتەوێڵە مردووە
٧	٣/٢٢	ڕەزای عەبدوالله	ڕەزای عەبال کوڕی پورە مەجیٚ	هەر لەزووەوە لەبەغدا بووە بەلام لەکەرکوك مردووە
٨	٣/٢٨	عەبدوالله حەمەڕەشید	عەبالە- باوکی مزەفەرو ئەنصەرو سەرتیپ	لەهەڵەبجە مردووە
٩	٤/٤	غەفار فائق حەمەصاڵح	کوڕی فایقی ئەشکە	گەنج بووە مردووە لەگردی سەیوان نێژراوە
١٠	٤/٥	سەرهەنگ محەمەد قادر مەجنون	-	لەهەڵەبجەی تازە لە ١٢ساڵیدا مردووە
١١	٤/١١	(س) کچی مەلا کامل مەلا ئۆلواحد	-	لەڕێگەی بەغدا مردووەو لەسلێمانی نێژراوە
١٢	٤/١٤	مەنیج روح الله	خێزانی عەلی شەریف دایکی ئیدریس	لەسلێمانی مردووە -پیر بووە
١٣	٥/١٣	حاجی ئەحمەدی وەستا محەمەد وەستا قادر	-	لەسلێمانی مردووە
١٤	٥/١٥	نیزام ڕەحمان جامی	-	بەلوغم لەتەوێڵە کوژرا
١٥	٥/١٩	تەلیعە (تەلە)	دایکی حەمەحسێنە گوڵە	لەتەوێڵە مردووە
١٦	٥/٢٧	حاجی حەمەحەسەن موئمن	باوکی مەلا ستارو ناصر	لەپاوەی ئێران مردووە
١٧	٥/٢٨	سالم حەمەشەریف یەعقوب	برای ئەشرەف	پ.م یەکێتی بوو لەسەید صادق لەشەڕی بزوتنەوەو یەکێتیدا کوژراو لەسلێمانی نێژرا
١٨	٦/١٤	زێبا عەبدوالله	خێزانی ئەمینی ڕەشەی کوزاد پێشتر خێزانی بابالە بووە باوکی عەبدوالله (عالە)	لەهەڵەبجە مردووە
١٩	٦/١٩	حاجی عەلی حسێن	باوکی م.عەبدوالله و د.صدیق و عەبدوڕەحیم و حسێن	لەسلێمانی مردووە لەتەمەنی پیریدا نزیکەی (١٠٠) ساڵێ بووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
٢٠	٧/١	مولکی ئیسماعیل	خێزانی ئۆلحەکیم پاشان خێزانی جافری خارگێلانەیی بووە	لەسلێمانی مردووە
٢١	٧/١٣	ناصر برزوم	برای هادی	لەدەوری (٤٢)ساڵیدا مردووە لەهەڵەبجەی تازە
٢٢	٧/١٥	ئەمیڕ مەجید ڕەحمان	برای سەمیر	لەسلێمانی مردووە
٢٣	٧/٢٠	نەبەز تۆفیق عەبدواللە نۆدشی	کچەزای عەلی چاوش	لەگەڕانەوەیدا بۆ هەندەران لەڕێگای شەقڵاوە بەکارەساتی سەیارە کۆچی دوایی کرد و لەسلێمانی نێژرا
٢٤	٨/٢٥	وریا نەجیب مستەفا	-	لەشەڕی ینك و پدك دا کوژراوە
٢٥	٨/٢٥	ئەبوبەکر سلێمان عوسمان	-	لەتەوێڵە مردووە
٢٦	٨/٢٥	قەیصەر حاجی حەمەڕەشید نەجیب	قەیصەر حاجی حەمەڕەشید بەگ سۆسەکانی	لەتەوێڵە نێژراوە
٢٧	٨/٢٥	کەمال تۆفیق	برای عەلی تۆفە	لەشەڕی ینك و پدك دا کوژراوە (پ.م)ی پدك بووە
٢٨	٩/١٠	مریەم نادر کوزاد	خێزانی حەمەمراد قوربانی	لەتەوێڵە مردووە
٢٩	٩/١١	خاوەر عەزیز ڕۆڵە	خوشکی جەزا عەزیز خێزانی مەحمود حەکیمە	لەهەڵەبجە نێژراوە
٣٠	٩/١٢	خەرامان فەرەج	خێزانی قالە غەفور	لەبەغدا کۆچی دوایی کرد
٣١	١١/١٢	ڕەحمان حەمە گاوان	برای کەریم و ئەبوبەکر	لەهەڵەبجە مردووە
٣٢	١١/١٨	ڕەحمە عوەز دێوانە	خێزانی خەلیفە مەحمود خوشکی حاجی وەسیم جوڵا	لەسلێمانی مردووە
٣٣	١١/٢٩	حەمەصاڵح مەحمود حەکیم	ناسراوە بەساڵە سەریع	لەئۆردوگای نەصر مردووە بردیانەوە تەوێڵە
٣٤	١٢/٨	ئامینە عەلی	خێزانی حاجی ئەبوبەکری کلاشکەر	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٣٥	١٢/٢٠	حەلیمە قادر وەلی	خێزانی حەمەکەریم نانەوا دایکی م.هیوا	لەهەڵەبجە مردووە
٣٦	١٢/٢٣	محەمەد ئەبوبەکر صاڵح	مێردی سەربەنازی حەمە خانی هەلاج	لەسلێمانی مردووە
٣٧	١٢/٢٥	تاهیری کاکەلەی	تاهیری چایچی	لەسلێمانی مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
		حەبیب		
٣٨	١٢/٢٦	حەمەئەمین کەریم قاسم	برای عارفە کەملە	لەهەڵەبجەی تازە مردووە

ساڵی ١٩٩٥

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/٥	حەمەفەرەج محەمەد بابا	برای عومەرو جافرو عەزیز	لەشەڕی ینک و پدك دا لەخەلیفان کوژراوە- ینك بووە لەسلێمانی نێژراوە
٢	١/٧	بەهیە وەهاب صادق	خێزانی ئەلی محەمەد دایکی موعتەصەم	لەسلێمانی مردووە لەهەڵەبجە نێژراوە
٣	١/٣١	زەکاو شەوکەت محەمەد	-	لەسلێمانی مردووە لەتەوێڵە نێژراوە
٤	٢/١٧	عەبدوالله وەهاب حەمەصادق	عەبەکەی وەهاب	لەهەڵەبجە مردووە
٥	٣/٢٢	مەحمود حەمەیوسف بابا	باوکی حەمەعەلی و حەمە عارف و غالب	لەسلێمانی مردووە
٦	٣/٢٥	نەریمان حاجی عەبدوالله نەصروالله	کوڕی حاجی ئەولەی نەصە	لەشاخی بەمۆ بەهۆی لوغمەوە کوژرا - بۆ ڕاو چوو بوو لەهەڵەبجە نێژرا
٧	٣/٢٩	مەلەك کەیکاوس	خێزانی مەحمود حەمەشیرینە دایکی هیواو شێروان	لەسلێمانی مردووە
٨	٤/١٨	حاجی شەفیع ئەلی محەمەد	باوکی محەمەد و داودو کازم و هاشم	لەسلێمانی مردووە
٩	٤/١٩	سەرکەش کوڕی عارف حەمەباقی غەفور	-	لەبەصرە کوژراوە
١٠	٤/٢٣	زلێخا ئەحمەد	خێزانی وەستا ئیبراهیم ئەحمەد (دارتاش)	لەسلێمانی مردووە
١١	٤/٢٨	مومن ئەحمەد	مومنی گوڵە	لەتەمەنی ٩٠ ساڵیدا لەتەوێڵە مردووە
١٢	٥/٢	عومەر شەفیع حەمەحەسەن	ناسراو بەهۆمەر برای محەمەد	لەتەوێڵە قومبەلەی پیا تەقیەوە
١٣	٥/٢٠	حەمەئەمین عەزیز محەمەد ئەمین	حەمەئەمین حاجی ئایزە	لەناوی دوکاندا خنکاو لەسلێمانی نێژرا
١٤	٥/١٦	جەمال تۆفیق	برای عەلی و کەمالی تۆفە	لەسلێمانی مردووە
١٥	٥/٢٥	حەمەڕەئوف هۆمەر مەولود	-	لەسلێمانی مردووە
١٦	٦/٥	عەلی محەمەد ئەبوبەکر	-	لەهەڵەبجە مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١٧	٦/٨	سەربەناز ئەبوبەکر حەمەحسێن	خێزانی عەباس حەمەمراد دایکی گۆران و شاخەوان و هەورامان	لەسلێمانی نێژراوە
١٨	٦/٢٢	خدادا فەتح الله ئیسماعیل	برای ئیسماعیل	هەر لەکەرکوك ژیاوە لەوێش نێژراوە
١٩	٧/١٥	فەتح الله صادق	فەتەلەی صادق (ئاسنگەر) باوکی نەجمەدین و مەحیەدین و داودو ئەیوب	لەسلێمانی مردووە
٢٠	٧/١٥	تەحسین محەمەد حاجی محەمەد	برای یاسین و نوری	لەسلێمانی مردووە لەتەمەنی ٣٧ساڵیدا
٢١	٨/١	باقی محەمەد دینە	برای حەمەڕەحیم گەجکار	لەسلێمانی بەجەڵدە مردووە
٢٢	٨/١٥	ئەمیرە مەجید خالد	کچی مەجیدە خاڵۆو	لەهەڵەبجە مردووە
٢٣	٨/١٧	محەمەد الله کەرەم	باوکی فائق	لەهەڵەبجە مردووە
٢٤	٨/١٩	سەمیر حەمەئەمین سالە	–	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٢٥	٨/٢٧	زێبای لاوە	خێزانی حاجی حەمەو حەسەن موئمن دایکی مەلا ستارو ناصر	لەهەڵەبجە مردووە
٢٦	٨/٢٨	توبا حاجی ڕەحمان	خێزانی ڕەحیم قادر	لەتەقینەوەی مین دا کوژراوەو لەهەڵەبجە نێژراوە
٢٧	٩/٦	عومەر حاجی محەمەد حەمالە	برای حاجی باباو حاجی ئەحمەدو شەفیع و یوسف	لە تەوێڵە مردووە
٢٨	٩/١٢	زۆراب عەبدوالله حەمەکەرەم	برای د.جەزا	لەسلێمانی مردووە
٢٩	٩/٢٦	کەمال عەلی محەمەد عەبدوالله	کوڕی ئەلەی عۆدەلە	لە تەوێڵە بە(مین) کوژراوە
٣٠	٩/٢٨	ئەمنە مارف	دایکی حەیبەالله و فەیزەل الله و مارف کوڕانی فەتەلە دینە	لەهەڵەبجە مردووە
٣١	١٠/٣	عەینا مومن	خێزانی حاجی ڕەحمان روح الله دایکی حەمە	لەسلێمانی مردووە
٣٢	١٠/١٢	خانم ئەحمەد	خێزانی حاجی محەمەد حاجی صادق- دایکی عەبدول و صدیق و صلاح و تائف	لەگردی سەیوان نێژراوە
٣٣	١٠/١٦	شەونم حەمەمراد ئەحمەد	خوشکی عەلی حەمەمراد	لەسلێمانی مردووە
٣٤	١٠/١٩	نەصرەدین	نەصەی پورە گوڵە	لەتەوێڵە نێژراوە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
		عەبدولعەزیز		
٣٥	١٠/٢٢	قادر حسین قادر	قالەی حسلە - باوکی غازیو کوردە	لەسلێمانی مردووە
٣٦	١٠/٢٣	حاجی ئیبراهیم ڕەشید	مامە بلە	لەهەڵەبجە نێژراوە
٣٧	١٠/٢٨	حاجی حەمەئەمین عەبدولقادر	حەمەئەمینە قەڵەوی سائق عەبابەیلەییو زاوای حاجی مەحمودی حەمەی قالە پاشان بوو بەزاوای وەستا ئەحمەدی ئاسنگەر	لەسلێمانی مردووە
٣٨	١١/١	نازارێ حەمە ڕەزا	خێزانی فائق ڕەسوڵ	لەسلێمانی مردووە
٣٩	١١/١٠	حاجی حامد بابالە	باوکی مەجید و شێرزاد	لەتەمەنی نزیك (١٠٠) ساڵیدا لەتەوێڵە مردووە
٤٠	١١/١٦	پەروێز عەبدولحەکیم	برای فەیرۆز	بەلوغم لەتەوێڵە کوژرا
٤١	١١/٢٠	حەمەمراد حەمەمراد	نامەوەشی عەینا	لە تەوێڵە نێژراوە
٤٢	١١/٢٣	محەمەد عەزیز غەفور	ناسراوە بە(ترکە) باوکی عەزیز	لەسلێمانی مردووە
٤٣	١٢/١٤	حەفصە سان ئەحمەد	خێزانی حاجی مستەفای مەنوچەری زاوەری	لە (ڕەوانسەر) مردووە
٤٤	١٢/١٩	فاتمە صادق قادر	خێزانی نادر حەمەئەمین	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٤٥	١٢/٣١	تاهیری حەبیبە	-	لەسلێمانی مردووە

ساڵی ١٩٩٦

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/٦	عەبدوڕەحمان ڕەشید کوزاد	ئەوڕەحمانی خاتوونە	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٢	١/١٦	حەمەعەلی شەمسەدین	زاوای حاجی بابا	لەهەڵەبجە مردووە
٣	١/٢٢	قەدری عەلی قادر	خێزانی مەحیەدین باقی	لەهەڵەبجە مردووە
٤	٢/٦	مەعصومە حاجی ڕەسول	خێزانی مستەفا دایکی جەلال و حەمەڕەشیدو جەمال و جەبار	لەسلێمانی مردووە
٥	٣/١٧	نازیمە عەلی عەبدولعەزیز	کچی عەلیە گوڵە	لەباخی گشتی هەڵەبجە لەیادی کیمیاباندا بووەتە تەقەو کوژراوە
٦	٣/١٩	سانیە عەبدواللە	سانیەی عەبال دایکی عەلی و حسێن و مەهدی	لەهەڵەبجە مردووە
٧	٣/١٩	حەبیب محەمەد	باوکی م.جەمیل و عوسمان و محەمەد	لە تەوێڵە نێژراوە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
٨	٣/٢٣	عەبدوالله وەستا جافر	(عالا) باوکی هۆشمەن و	لەهەڵەبجە مردووە
٩	٣/٢٥	یونس حاجی یوسف	یونس خەیات	لەسلێمانی مردووە
١٠	٣/٢٦	حەیات ئیبراهیم ئیسماعیل	خێزانی وەستا نەجیب دایکی حەمەسەعید و ناجی و عەلی	لەسلێمانی مردووە
١١	٤/٥	ئەڵلاك شاوەیس	ئەڵلاکی شەمڵە باوکی نەصرەدین و عەبدوالله و مەحیەدین	لەهەڵەبجە مردووە
١٢	٤/١٢	نەهیە حەمە حسێن	خوشکی کەرەمەو عومەرو ئیبراهیم و میرزا دایکی زاهیر	لەهەڵەبجە مردووە
١٣	٤/١٥	ئاسیلە مستەفا	خێزانی حاجی محەمەد وەستا حەمەڕەحیم دایکی فەخرەدین و مەحیەدین و نەجمەدین	لەسلێمانی لەتەمەنی ٩٠ ساڵیدا مردووە
١٤	٤/٢٨	مەحیەدین حەمەسەعید قادر	باوکی سەرتیپ و جمهورو صەبورو	لەهەڵەبجە مردووە لەتەمەنی ٨٠ ساڵیدا
١٥	٥/١٢	عەبدوڕەحمان عەبدولقادر	باوکی ئادەم	لە تەوێڵە نێژراوە
١٦	٥/٢١	عارف جەعفەر مەحمود	عارفی جافە مەمول	لەتەمەنی ٤٨ ساڵیدا لەهەڵەبجە مردووە
١٧	٥/٢٥	مەریوان فائق محەمەد ئەڵلاك	-	١٥ ساڵ بوو لەهەڵەبجە مردووە
١٨	٥/٢٦	فارس عەبدوالله ئەحمەد ئیسحاق	باوکی جەمشێرو ڕەئوف	لەهەڵەبجە مردووە
١٩	٦/١٨	نەهیە لەتیف ڕەزا	خێزانی مەجید فەتاح	لەهەڵەبجە مردووە
٢٠	٦/١٩	ئاریان جەعفەر ئەکرەم	-	لە٦/١٢ ئەلغامی پیاتەقی لەتەوێڵە بەلأم لە ٦/١٩ مردووە
٢١	٦/٢١	عوسمان حاجی سلێمان محەمەد	-	لەسلێمانی مردووە
٢٢	٧/٢٢	فاتمەی مەلا صادق	خێزانی عەبەی شوکرە دایکی حەبیب	لەسلێمانی مردووە
٢٣	٧/٢٥	مریەم ڕەشید	خێزانی حەمە عەزیزی گۆپە دایکی مەناف و تالب	لە تەوێڵە مردووە
٢٤	٧/٣٠	قادر حەسەن حەکیم	قالەی خۆشە باوکی م.حەسەن و ئازاد	لەهەڵەبجە مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
٢٥	٨/١١	ئەمیرە حەمە سەعید محەمەد دینە	–	لەهەڵەبجە مردووە بەهۆی سوتانەوە
٢٦	٨/١٦	یوسف مەولود فەرهاد	–	لە تەوێڵە مردووە
٢٧	٨/١٩	مەنیجە صادق	خێزانی عەبدواللە حەمە کەرەمە	لەسلێمانی مردووە
٢٨	٩/١٨	فەرید حاجی کامیل حەسەن	–	بەهۆی لوغمەوە لەتەوێڵە کوژراوە
٢٩	١٠/٢	عەبدولواحد حاجی عەبدواللە	برای ئیدریس	لەچەمی زاوەر لوغمی پیاتەقی
٣٠	١٠/٨	مەجید عەلی کەریم	مەجیدی ئەلە برای حاجی ئەبوبەکری کلاشکەر	لەگردی سەیوان نێژراوە
٣١	١٠/٢٢	کۆسالان زۆراب مستەفا	–	ئەم دوانە خزمن و چەند ڕۆژێ پێش ئەم بەروارە لەتورکیا لەگەڵ چەند کەسێکی تردا کوژران ویستیان بچنە هەندەران
٣٢	١٠/٢٢	گەرمیان حەمەصاڵح مەحمود	کوڕی حەمەصاڵحی پورە عاصە	
٣٣	١٠/٢٣	حاجی ڕەئوف حەمەئەمین	برای مەعروف – باوکی م.حەمەئەمین و فاروق و تارق	لەهەڵەبجە مردووە
٣٤	١١/١	شەریف تۆفیق شەریف	–	لەهەڵەبجە نێژراوە
٣٥	؟١١/٢	زیاد محەمەد مەحمود ئاغا	محەمەد ئامۆزای م.عەلی قاراغەیە	لەتەمەنی ١١ ساڵیدا مردووە
٣٦	١١/٢٢	صەلاح هۆمەر عەبدولحەکیم	–	لەگردی سەیوان نێژراوە
٣٧	١١/٢٢	فەرەج حەمەئەمین دەوڵەتیار	فەجەی جۆلا– باوکی فاتح و حسێن	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٣٨	١١/٢٣	مەحمود حەمەعەزیز	مەحمود حەمایزی گۆپە	لەهەڵەبجە مردووە
٣٩	١٢/٧	غەفور وەستا تۆفیق وەستا حەمەئەمین	–	لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە شەو لەهەڵەبجە لەماڵ دەریان هێناو کوشتیان
٤٠	١٢/٢٦	کۆسار حەمەسەعید حاجی ئەلی محەمەد	برای حەمەی حەمەسەعید	لەهەڵبجە لەشاییدا بەهۆی فیشەك لەدەست دەرچوونەوە کوژراوە

ساڵی ١٩٩٧

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/٣	حەنیف عوسمان	خێزانی هەیاس حەمەسەعید دایکی	لەتەوێڵە مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
			ستارو	
٢	١/٤	سلێمان حاجی عوسمان محەمەد	برای عەبدوالله و محەمەدو	لەتەوێڵە مردووە
٣	١/٨	حەمەسەعید حەمە چەلەبی	برای بەختیارو سەلام	لەگردی سەیوان نێژراوە
٤	١/١١	راغب کەریم یار ئەحمەد	برای نەصرەدین و ستارو ڕەفعەت	لەتەوێڵە نێژراوە
٥	١/١٤	بەهمەن عەبدولحەکیم	برای فەیرۆز	لەدزاوەر بەلوغم کوژراوە
٦	١/١٤	عەبدولحەکیم سەعید	ئۆلحەکیمی سێلە باوکی ڕەمەزان	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٧	١/١٩	سالم تۆفیق حاجی قادر	–	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٨	١/٢٩	مستەفا عەلی محەمەد	مستەفای ئەلە باوکی تالب و غالب	لەپاوە مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
٩	١/٣١	عەبدوڕەحمان صۆفی وەهاب	–	لەهەڵەبجە نێژراوە
١٠	٢/٤	حاجی عەزیز حەمەئەمین	حاجی ئایزە بوڕیزەن	لەنزیك ١٠٠ساڵیدا لەسلێمانی مردووە
١١	٢/٦	ڕەفیق حاجی حەبیب الله	کوڕی حاجی حەیبە الله ی پێڵاودروو	لەتەمەنی لاویدا لەسلێمانی مردووە
١٢	٢/٧	حەسەن مەلا عەلی	مەلا عەلی برای مەلا عارفەو بەمەلا عەلی گرێزە ناسراوە	لەسلێمانی مردووە
١٣	٢/١٠	باسمە نامق عەزە	–	لەسلێمانی مردووە
١٤	٢/١٣	ئەبوبەکر حەمەڕەحیم	ناسراوە بەعەبوی تاتەڕۆ	لەسلێمانی مردووە
١٥	٢/١٥	حەلیمە فەتاح مەجید	خێزانی مەلا ئیسماعیل مەلا عەبدوالله دیکی جەبارو تالب و هادی	لەسلێمانی مردووە
١٦	٢/١٩	حاجی حسێن عەبدولکەریم	حسەی حەبێ باوکی کەمال	لەعەربەت نێژراوە
١٧	٣/٦	صابیر حاجی کەریم سۆسەکانی	زاوای خوادا باوکی فەرحان و یاسین	–
١٨	٣/١٤	(س) کوڕی سەید حەمەئەمین	کوڕی سەی حەمەئەمینی حەماڵ	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
١٩	٣/٢٧	مستەفا جەمال مستەفا	کوڕی جەماڵی عاصە	لەهەڵەبجە بەهۆی کارەبا گرتنەوە مردووە
٢٠	٤/١	شادیە عەبدولمەجید مەلا حەمە حسێن	–	لە ٢٦ ساڵیدا لەسلێمانی مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
٢١	٤/١٩	ئیسماعیل حەمەیوسف حەمە حسێن	وەستا ئیسماعیلی چەقۆ	بەڕوداوی سەیارە مردووە
٢٢	٤/٢٢	حەمەیوسف عەبدولحامد عەلی	حەمە یوسو ئۆلحامدەی ئەلیە باوکی ئایزو مارفە	هەفتەیەك پێشتر جەڵدە لێیدا لەهەڵەبجە مردووە لەتەمەنی ٧٥ ساڵیدا
٢٣	٤/٢٨	تاهیرسان ئەحمەد	برای ڕەئیس (محەمەد سان ئەحمەد) باوکی م.سەرتیپ	لەتەمەنی نزیك ٨٠ ساڵیدا لەهەڵەبجە مردووە
٢٤	٥/٨	وەستا مەحمود عەبدوڕەحیم دارتاش		لەسلێمانی مردووە بەتەمەن بووە
٢٥	٥/٩	وەستا ئەحمەد عەبدوڕەحیم		لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٢٦	٥/٢٧	شیروان ئەحمەد ئیبراهیم	برای هوشیارو نەصرەدین	لەوەزڵی پشتی تەوێڵە ئەلغام کوشتی
٢٧	٦/١١	شێخ صەفائەدین کاکە شێخ	-	لەتەمەنی نزیك ٨٠ ساڵیدا لەسلێمانی مردووەو لەخانەقای تەوێڵە نێژراوە
٢٨	٦/٣٠	سەعدەدین فەتاح حەمەئەمین	برای مستەفا و نەجمەدین و مەحیەدین	لەتەوێڵە مردووە
٢٩	٧/٤	ئاراس سوبحان حەمە حەسەن	-	گەنج بووە لەئاوا خنکاوە لەهەڵەبجە
٣٠	٧/١٣	محەمەد عەبدوڕەحیم	حەمە شلەی قەرە	لەگردی سەیوان نێژراوە
٣١	٨/٩	ئامینە جەعفەر	خێزانی ئۆلکەریم - دایکی فکرەت و قەیوم	لەگردی سەیوان نێژراوە
٣٢	٨/١٣	ئامینە عەلی کەریم	ئامەی ئەلە خێزانی عەبدواللە ی حاجی مارف دایکی سالارو سەردار	لەهەڵەبجە مردووە
٣٣	٨/١٧	سەلما	خێزانی کاکەبرای ئەحمەدی ئیسحاق	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٣٤	٨/٣٠	حەفصە وەستا حەمەیوسف	خێزانی جەمیل ئاغە جافر	لەسلێمانی مردووە
٣٥	٩/٢٦	حەمە ڕەشید حەمە سەلیم ڕۆستەم	ڕەشەلەی زەفێ باوکی خەلات و	لەسلێمانی مردووە
٣٦	١٠/٥	حەمەحەسەن حەمەصادق	حەمە حەسەنی خاتونە باوکی باباو سوبحان و	لەهەڵەبجە مردووە
٣٧	١٠/٩	فەرەج الله شەریف	فەرەج الله ی قاتەڵە	لەتەوێڵە مردووە
٣٨	١٠/١٤	ئاراس محەمەد حاجی	ئاراسی حەمەکە	پارتی بوو لەشەڕی پدك و

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
		حەمە ڕەشید		ینك دا لەشاخی سەفین کوژراو لەهەولێر نێژرا
٣٩	١٠/٢٥	صۆفی حەبیب مستەفا	باوکی عەبدولواحد	لەهەڵەبجە مردووە
٤٠	١١/٤	عەباس محەمەد حەمە سەلیم	-	لەسلێمانی مردووە
٤١	١١/٧	خاتوو حەبیبە سەرگەتی	خێزانی مەلا جەمال مەلا ئەحمەدی قازی- دایکی جەمیل و صدیق و ڕافع	لەسلێمانی مردووە
٤٢	١١/١٤	ئەبوبەکر عوسمان	عەبولی عوسمانە برای حاجی عەبدواللە باوکی جەمال	لەهەڵەبجە نێژراوە
٤٣	١١/١٧	عەبدواللە مارف	ئۆلەی مارفە	لەهەڵەبجەی تازە نێژراوە
٤٤	١١/٢٩	حەلیمە حاجی عەلی مەولود	خێزانی فەتاح کە ناسراوە بە (وەتەسور) دایکی لەتیف و نوری	لەتەوێڵە مردووە
٤٥	١٢/١٩	توبا حاجی ڕەحمان روح الله	خێزانی ڕەحیم قادر - دایکی جەزاو تاهیر	لەهەڵەبجە نێژراوە
٤٦	١٢/٣١	پیرۆزە فەرەج الله	خێزانی حاجی ئایزەی حەبیب - دایکی نەزمی	لەهەڵەبجەی تازە مردووە

ساڵی ١٩٩٨

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/٢	حەمەیوسف محەمەد	حەمەیوسوی حەملە گەوەر	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٢	١/٣	حاجی مەحمود حەمەصاڵح	باوکی حەمەصاڵح و بەختیار	لەسلێمانی مردووە
٣	١/٤	وەستا عەبدوڕەحمان وەستا جەعفەر	وەستا عەبدوڕەحمان دەلاك	لەهەڵەبجە مردووە
٤	١/١٦	مراد عەبدواللە ئەحمەد	باوکی عەبدواللە و عوسمان و بارام	لەتەمەنی نزیك ٨٥ ساڵیدا لەتەوێڵە مردووە
٥	١/٢٠	دەڵوەت کەریم	خێزانی حاجی جەزا	لەهەولێر مردووە
٦	١/٢٣	عەینا حەکیم مەولود	خوشکی عەبدول	لە تەوێڵە مردووە
٧	١/٢٦	هەمینە هەیبەکر کوزاد	خێزانی شەفیع عەزیز ڕۆڵە	لەتەوێڵە مردووە
٨	١/٣١	شەفیع عەزیز	شەفەی عەزیزە ڕۆڵە	لەتەوێڵە نێژراوە
٩	٢/١	فازل میرزا حەمەصاڵح	فالەی ئەشکە	لەسلێمانی نێژراوە
١٠	٢/٤	بەشیر صۆفی حەمەکەریم قادر	برای موسا خاڵۆزای حاجی الله کەرەمی حاجی تۆفیق	لەکۆنەوە لەبەصرە بووەو لەوێش مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١١	٢/٦	ماتاب قادر ئاغا عەبدواللە ئاغا	خێزانی حاجی حەمەغەریب هەڵەبجەیی	لەسلێمانی مردووە
١٢	٢/٧	کەمال مستەفا مەولود	کەمالی عاصە	لەتەوێڵە مردووە
١٣	٢/٩	نازدارە بێخان	خێزانی حاجی محەمەد دایکی عەبدواللە و تاهیر	لەسلێمانی مردووە
١٤	٢/١٢	فاتمە کەریم حەمەسەعید	دایکی یونس سائق	لەسۆسەکان مردووە
١٥	٢/١٣	جەواهیر علیان	خێزانی مەلا عەبدولمەجید	لە هەڵەبجە مردووە
١٦	٢/١٨	ساوێن کچی جەمال حەکیم	کچی جەمال نانەوا	لەتەمەنی ١٢ ساڵیدا لەسلێمانی مردووە
١٧	٢/٢٣	حاجی محەمەد وەیسی	حاجی حەمە ڕەق باوکی م.عابد	لەتەمەنی سەرو ٩٠ ساڵیدا لەسلێمانی مردووە
١٨	٢/٢٥	صادق غەنی	صادق شاکە - باوکی بێروزو عادل و نورەدین	لەتەمەنی نزیک ١٠٠٠ ساڵیدا لەهەڵەبجە مردووە
١٩	٣/١٣	جهاد اللە کەرەم حاجی ئەبوبەکر	-	لەتەمەنی ١٠ ساڵیدا لەهەڵەبجە مردووە
٢٠	٣/١٩	هادی حاجی حەمەئەمین	-	لە تەوێڵە نێژراوە
٢١	٣/٢٦	عائیشە محەمەد باباڵە	خێزانی حەمە حسێن حاجی فەرەج - دایکی بێستون و ئارام و ئاراس	لەبەغدا مردووەو لەسلێمانی نێژراوە
٢٢	٣/٢٧	صەلاح حەمەڕەحیم سەعید	صەلاح سائق	لەتەوێڵە نێژراوە لەتەمەنی ٣٨ ساڵیدا
٢٣	٣/٣١	غازی قادر حسێن	غازی قالەی حسلە	لەتەمەنی ٤٣ ساڵیدا مردووە
٢٤	٤/١٩	مەحمود مستەفا ئیسماعیل	وەستا مەحمودی کلاشکەر برای حەمەسەلیم	لەئۆردوگای سفید چق لەصحنەی لای بێستون مردووە لەگۆڕستانی شافعی لەکرماشان نێژراوە لەتەمنی نزیک ١٠٠ ساڵیدا
٢٥	٤/٢٦	(س) کچی صدیق شەفیع ئەڵلاك	-	لەهەڵەبجە بەسوتان مردووە
٢٦	٥/٢	عەتیە ئەحمەد	خێزانی کەریم فەیزواللە دایکی عومەرو کەمال و عوسمان	لەسلێمانی مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
٢٧	٥/٤	ڕەعنا عەلی مەولود	خوشکی سەید جافرو سەید صادق خێزانی حاجی حەسەن ئاسنگەر	لەهەڵەبجە مردووە
٢٨	٥/٥	فاتمە ڕەحیم عەبدوالله	خێزانی وەستا صدیق دایکی حاجی عەبەو فەرەج	تەمەنی ١٠٠ ساڵ زیاتر بووەو لەسلێمانی مردووە
٢٩	٥/١٠	خەرامان حەمە حسێن یوسف	خێزانی صۆفی حەمەکەریم دایکی قادرو عوسمان و عومەر	تەمەنی نزیك ٨٥ ساڵ بووەو لەسلێمانی مردووە
٣٠	٥/١١	مەنیجە سەعید	خێزانی کەریم ئەلە دایکی حەمەئەمین	تەمەنی نزیك ٨٠ ساڵ بووە مردووە
٣١	٥/١٢	مەجید وەستا نەجیب	برای حەمەسەعیدو ناجیو عەلی	لەسلێمانی مردووە
٣٢	٥/١٩	حەمەحسێن عەبدوڕەحیم دارتاش	برای وەستا ئەحمەد و مەحمود باوکی عەفان	لەسلێمانی مردووە
٣٣	٥/٢٦	(س) کچی عەبدولوەهاب کەریم	ئۆلوەهاب برای حەمەی حەمەسەعید لەدایکەوە	لەسلێمانی مردووە
٣٤	٦/٢	ڕێبوار حەمەصاڵح وەیسی	–	لەتەمەنی ٤٠ ساڵیدا لەسوید مردووە
٣٥	٦/٣	عەبدولحەکیم عەبدولکەریم	حاجی ئەولەی حەبێ باوکی مەناف و سیفەت و شەوکەت و سەعدون	لەهەڵەبجە مردووە
٣٦	٦/١٦	ئەنوەر عەلی حەمەسەعید	برای نوری عەلی	لەتەمەنی ٥٠ ساڵیدا لەمەریوان مردووە
٣٧	٦/٢٢	حەمەعەزیز فەتاح مەجید	ئازیزی فەتاح برای مەجیدو عومەرو محەمەد باوکی فەرید	لەتەمەنی ٦٣ ساڵیدا لەسلێمانی مردووە
٣٨	٦/٢٧	ئاراس حاجی حسێن	حاجی حسێن برای عەلی حاجی خدر لەدایکەوە	لەهەندەران مردووە
٣٩	٧/٢	سەعید کاکە عەلی کەرەم	برای حەسەن کاکەلی باوکی جەبارو ستارو شێرکۆ	لەخانەقین مردووە
٤٠	٧/٢٥	محەمەد سەعید ڕەحمان عەبدوسەلام	حەمەی حەمالْ برای حامدو فارس و عەلی و ئەبوبەکر	لەهەڵەبجە مردووە
٤١	٨/١	فائق ڕەسوڵ جوانە	فائقە کوێری دەلاڵ	لەتەوێڵە نێژراوە یەکەم پرسە بوو لەم مزگەوتە تازەی تەوێڵە بۆی دانرا
٤٢	٨/٦	مینا عوەز صادق	دایکی محەمەد حەمەعەزیز	لەهەڵەبجە مردووە
٤٣	٨/٧	ڕزگار مەعروف حەمەئەمین	برای پەیام	بەگرتنی کارەبا لەهەڵەبجە مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
٤٤	٨/١١	عوسمان ئەحمەد (عەرەب)	برای عومەرو حەمەعەلی -باوکی ڕزگارو شێرزادو	لەسلێمانی مردووە
٤٥	٨/٢٢	عەتیە حەمەصاڵح	خوشکی حەمەکەریم ڕەعنا - خێزانی پیاوێکی خارگێلانی	لەهەڵەبجە مردووە
٤٦	٨/٢٦	نافعە مەلا صابر مەلا عەبدە	خێزانی مەلا عەبدولکەریم مەلا ئەحمەدی قازی	بەهۆی سوتانەوە لەسلێمانی مردووە
٤٧	٩/٧	عەلی حەمەحسێن یوسف	عەلی چاوش	لەسلێمانی مردووە
٤٨	٩/٢٨	ئامان حاجی حەمەصاڵح	خوشکی وەستا محەمەدو حاجی مستەفا - خێزانی حەمەئەمین زاوەری	لەپاوە مردووە
٤٩	١٠/٧	فاتمە سەید محەمەد	خێزانی حاجی مستەفا دایکی یونس و ئیدریس و محەمەد	لەسلێمانی مردووە
٥٠	١٠/١٤	فاتمە مەلا عەبدوالله	خوشکی مەلا حەمەئەمین و مەلا ئیسماعیل و مەلا عەبدوڕەحمان خێزانی حاجی ڕەئوف سلێمانەیی	لەسلێمانی مردووە
٥١	١٠/١٧	زلێخا وەیسی	خێزانی حەمە چەلەبی دایکی حەمەسەعیدو بەختیارو سەلام	لەسلێمانی مردووە
٥٢	١٠/٢٥	مەحبوبە عەلی محەمەد	خوشکی وەهابی جۆڵاو حاجی شەفیع -خێزانی حاجی نەصکۆڵ	لەبەغدا مردووەو لەوێش نێژراوە
٥٣	١١/٨	سەرگوڵ عەبدول عەبولە	کچی عەبدولی ئاسنگەر - خێزانی ئاراس حەمەحسێن حاجی فەرەج	بەهۆی سوتانەوە لەسلێمانی مردووە
٥٤	١١/١٦	نوری حەمەباقی غەفور	برای تۆفیق و عارف و ڕەفعەت و غەفور	لەبەغدا ژیاوەو لەوێش مردووە
٥٥	١١/٢٩	محەمەد ڕۆستەم	حەمە ئاملەی حەماڵ باوکی نەزمی و سەعدون و	لەتەوێڵە مردووە
٥٦	١٢/١٤	عەبدولعەزیز عەلی سێلە	برای سەید ئەحمەد	لەهەولێر مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
٥٧	١٢/١٦	حەفصە عەزیز مارف	خوشکی حاجی حەمەمراد عەزەی مارفە. خێزانی مەلا حەبیب ی ناوی بوو	لەمەریوان مردووە

ساڵی ١٩٩٩

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/٢	سراحیە خەلیفە عومەر ئەکرەم	خێزانی ئەحمەدی حەمەی ئەحمەدە	لەسلێمانی مردووە
٢	١/٤	ئەمین حەمەڕەزا بەگی	ئەمینی چایچی ئاوێسەر	لەتەوێڵە مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
		بەڵخانی		
٣	١/٥	حاجی عەلی وەستا حەمەئەمین	برای وەستا غەریب و وەستا ناصر	لەپاوە مردووە
٤	١/٧	حاجی خواکەرەم حەمەسەعید	باوکی جەلال و تۆفیق و بارام و سەرتیپ	لەهەڵەبجە مردووە
٥	١/٨	حاجی مستەفا حاجی قادر	باوکی هیواو بارام و دڵشادو ڕزگارو فەهمیو ئاسۆو..	لەسلێمانی نێژراوە
٦	١/٩	مەحیەدین فەتاح حەمەئەمین	برای نەجمەدین و سەعدەدین و مستەفا	لەهەڵەبجە مردووە
٧	١/٩	نازیمە کچی یاسەمەن	خێزانی هیوا مەلەك خوشکی عەلی حاجی خدر لەدایکیەوە	لەسلێمانی مردووە
٨	١/٢٢	مەهدی حەسەن مەلە	برای م.فەیرۆزو صەباح	لەکەرکوك ژیاوەو لەوێش مردووە
٩	١/٢٣	حاجی محەمەد وەستا حەمەڕەحیم	وەستا محەمەدی ئاسنگەر باوکی فەخرەدین و مەحیەدین و نەجمەدین	لەتەمەنی نزیك ٩٠ ساڵیدا لەسلێمانی مردووە
١٠	٢/١	بەهیە نەجیب مستەفا	خێزانی مەناف حەمە عەزیزی گۆپە	لەهەڵەبجە مردووە
١١	٢/٣	حەمەئەمین حەمەخالد	حەمەمینە خالۆ- باوکی م.حمیدو کازم	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
١٢	٢/٤	مینا حەمەئەمین	خێزانی حاجی ئایزە بورپزەن	لەسلێمانی مردووە
١٣	٢/١٧	ئامینە ئەمین صۆفی سلێمان	خێزانی حاجی حەمە ڕەشید ناسراو بەڕەشەحەبە	لەسلێمانی مردووە
١٤	٣/٦	صدیق عەبدوالله صەلاحە	برای جەبار	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
١٥	٣/٧	صابر عوسمان حەمەکەریم	برای نهاد	ئەسیر بووە لەکوەیت و لەوێوە چووەتە هۆڵەندەو لەوێ مردووە
١٦	٣/١٠	عەبدوالله خالد مارف	برای صابری خاڵە	لەسلێمانی مردووە
١٧	٣/١٨	شەهلا حاجی محەمەد خرە	خێزانی پیاوێکی سلێمانەیی	لەسلێمانی مردووە
١٨	٤/٦	حەمەڕەزا حاجی بابالە مارف	برای عابدو م.عەبدولخالق و تاهیرو	بەڕوداوی سەیارە لەسلێمانی مردووە
١٩	٤/٦	ئەختەری قالەی هەیبەکر	خێزانی عومەری حەکیم	لەسلێمانی مردووە
٢٠	٤/٧	حەفصە مەلامحەمەد مەلاحامد	خوشکی مەلا عارف	لەهەڵەبجە مردووە
٢١	٤/١٠	مەلا جەمال مەلا ئەحمەد	باوکی جەمیل و رافع و	لەهەڵەبجەی تازە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
		معین	م.صدیق	مردووە
٢٢	٤/١٤	مەلەك وەهاب	خێزانی مەحمود حەمەڕەحیم دایکی حەمەڕەحیم و شێرزاد	لەهەڵەبجە مردووە
٢٣	٤/١٨	جەواهیر عەلی کوێخا حەمەئەمین	خێزانی نەجیب حەمەکەریم سۆسەکانی	لەبەغدا ژیاوەو لەوێش نێژرراوە
٢٤	٤/٢٣	مەلیعە فەتح الله فەتح الله	خێزانی حەمەئەمین حەمە خالد- دایکی م.حەمیدو کازم	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٢٥	٤/٣٠	مەحمود یار ئەحمەد	باوکی موختارو فەیرۆزو موعتەصەم و داناو..	لەتەوێڵە مردووە
٢٦	٥/٣	مەلا ئەحمەد مەلا عەبدە	باوکی حەمەعەلی و حەمە صاڵح و ئەدیب و سەلام	لەتەمەنی ٨٠ ساڵیدا لەهەڵەبجە مردووە
٢٧	٥/٤	سوەیبە حەمەسەعید نۆدشی	خێزانی حاجی تۆفیق نادر - دایکی حەسەن و حسێن	لەتەمەنی ٧٠ ساڵیدا لەهەڵەبجە مردووە
٢٨	٥/٥	حاجی حەمەخان جەعفەر	حاجی خانە - باوکی د.عەفان و گۆران	لەسلێمانی مردووە
٢٩	٥/١٨	سەید شەریف سەید تۆفیق	باوکی تۆفیق کلاشفرۆش ئەصڵ خەڵکی وڕای لای هەجیجە	لەسلێمانی مردووە
٣٠	٥/٢٤	حاجی حەمە مراد عەزیز مارف	باوکی بەرزان و حامدو عەزیز	لەسلێمانی مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
٣١	٥/٢٨	شەوکەت محەمەد محەمەد	برای فەرەج و مستەفا باوکی بەکرو	لەتەوێڵە مردووە
٣٢	٦/٦	شەمسیە صەلاحە	خێزانی حاجی ئەوڕەحمانی موڵکی - دایکی ئیسماعیل و ئەنوەرو ئۆلواحدو یاسین و ئەیوب	لەسلێمانی مردووە
٣٣	٦/٧	صەبریە عەلی وەیس	-	لەسلێمانی مردووە
٣٤	٦/١٨	مەبەست مەقصود حەمە حەسەن	-	لەهەڵەبجە مردووە
٣٥	٦/٢٢	وەستا ئەحمەد وەستا حەمە سەلیم	باوکی مەهدی و ئیکرام و	لەسلێمانی مردووە
٣٦	٦/٢٥	ئەلیاس حەمەعارف حەمە	برای عوسمان و شوعەیب و یوشەع و مەهدن	لەناوی دواودا خنکاوەو لەپاوە نێژراو
٣٧	٦/٢٦	عزەت حەسەت حەمەحسێن	باوکی نیازیو قازی	لەتەوێڵە مردووە
٣٨	٦/٢٧	بەهیە خورماڵی	خێزانی محەمەد حاجی سەلیم	لەسلێمانی مردووە
٣٩	٧/١٤	ڕەئوف ئەبوبەکر	برای ئەسکەندەر ناسراوە	لەلەندەن بەهۆی

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
		حەمەڕەحیم	بەئەسە	سوتانەوە مردووە لە٢٨ ساڵیدا
٤٠	٧/١٥	فاتمە حەمە ڕەحیم	خێزانی حاجی یوسف دایکی یونس و نەصرەدین و ناصر	لەسلێمانی نێژراوە
٤١	٨/١٢	عائیشە مەلا عەبدە مەلا یاسین	خێزانی سەید عوسمان دایکی سەید جەمیل و	لەتەمەنی نزیك ٩٠ ساڵیدا لەسلێمانی مردووە
٤٢	٨/٢٠	عابد ئەحمەد	برای ستار	لەسلێمانی مردووە
٤٣	٩/١٥	محەمەد حەسەن حەمەئەمین	ناسراوە بەمام شێخۆ باوکی حەمەئەمین و فەخرەدین و	لەتەمەنی نزیك ٨٠ ساڵیدا مردووەو لە گردی سەیوان نێژراوە
٤٤	١٠/٢	حەلیمە عەبدوالله میرزا	خێزانی عیزەتی ئەحمەد ئیسحاق دایکی ئەیوب	لەهەڵەبجە مردووە
٤٥	١٠/٣	جەمال حەکیم	جەماڵی نانەو	لەتەوێڵە مردووە
٤٦	١٠/٥	ڕەشید ڕەحیم عەبابەیلەیی	باوکی محەمەدو صەباح مێردی مینای فەتا	لەسلێمانی مردووە
٤٧	١٠/٢٧	حاجی ڕەشید کەریم خادم	باوکی م.عەباس و مەعروف و عەدنان و نوعمان	لەسلێمانی مردووە
٤٨	١١/٦	(س)کوڕی حەمەیوسف نادر	کوڕی حەمەیوسوڵە سور برای نادر و حەمە شەریف	لەیۆنان مردووە
٤٩	١١/١٥	محەمەد حەمەسەلیم نەصرەدین	مێردی مەعصومەی حاجی سەعید سەلام	لەسلێمانی مردووە
٥٠	١١/١٧	مەحبوبە حاجی حەسەن	خوشکی میرزا باقی خێزانی مەحمود حەمەصاڵح دایکی حەمەصاڵح و بەختیار	لەتەوێڵە مردووە
٥١	١١/١٩	زلێخا عەبدوالله عومەر	خێزانی برزوم دایکی هادی و ناصر	لەسلێمانی مردووە
٥٢	١١/٢٢	محەمەد فەتاح مەجید	برای مەجیدو عومەرو ئازیز	لەهەولێر مردووە
٥٣	١١/٢٧	نەهیە حاجی محەمەد ئۆلمەجید	خێزانی عیزەتی مستەفا دایکی بەیان و هەورامان و کوردستان	لەسلێمانی مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
٥٤	١٢/١	حاجی بابا حاجی محەمەد	باوکی سەعدون و ناصرو موعتەصەم	لەتەمەنی نزیك ٧٥ ساڵیدا لەهەڵەبجە مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
٥٥	١٢/٢٦	عومەر حەکیم عومەر	عومەری حەکە	لەسلێمانی مردووە

ساڵی ٢٠٠٠

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/٥	جوان عیزەت ڕۆستەم	–	لەتەمەنی ١٤ ساڵیدا لەسلێمانی مردووەو لەشەهیدانی هەڵەبجە نێژراوە
٢	١/٦	عەینا فەتح الله مەولود	دایکی غازی محەمەد عەبدولقادر	لەتەوێڵە مردووە
٣	١/٧	ئامانە کوێخا حەمەئەمین	خێزانی پیاوێکی خارگێلانەیی	لەزەمەقی مردووە
٤	١/١٨	حاجی عیزەت حەمەیوسف	لەخارگێلان دانیشتوەو مێردی خانمێ	لەخارگێلان مردووە
٥	١/٢٠	حاجی سەید محەمەد سەید فەتحولموبین	باوکی م.سەید ڕەشاد	لەسلێمانی مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
٦	١/٢٣	حاجی حەسەن ئیبراهیم	حاجی حەسەنی ئاسنگەر	لەتەوێڵە مردووە
٧	١/٢٥	کۆفە عەلی عەبدوڕەحیم	خێزانی عەباله حەمە ڕەشید خوشکی عەبدولی عەلی	لەهەڵەبجە مردووە
٨	٢/٤	حاجی عەبدوالله عوسمان	باوکی بورهان و عوسمان و	لەگردی سەیوان نێژراوە
٩	٢/٤	خەدیجە حاجی حەمەئەمین	خێزانی حەمەشەریف حەمە ڕەشید دایکی ستارو	لەسلێمانی مردووەو لەهەڵەبجە نێژراوە
١٠	٣/٧	بەهیە حاجی عەبدوالله حەمە حسێن	خێزانی نافع محەمەد	بەسوتان، لەسلێمانی مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
١١	٣/١٧	صابر خالد	صابیری خاڵە	لەسلێمانی مردووەو لەوێش نێژراوە
١٢	٣/١٨	لەیلا بەهجەت حاجی عەلی	خێزانی یادگار کوێخا نەزهەت	بەسوتان، لەسلێمانی مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
١٣	٤/٣	یاسمن حەمەسەعید	خێزانی مەهدی ئەحمەد دایکی صەلاح و صوبحی و صەباح	لەسلێمانی مردووەو لەوێش نێژراوە
١٤	٤/١٥	مستەفا عەبدولحامد	–	لەهەڵەبجە مردووە
١٥	٤/١٧	گەردە عارف کەریم	کچی عارفە کەملە	لەسلێمانی مردووە
١٦	٥/٣	غەفور محەمەد غەفور	غەفوری نانەوا	لەسلێمانی مردووە
١٧	٥/٣١	حەمە شەریف حەمە ڕەشید	باوکی ستار	لەهەڵەبجە مردووە
١٨	٦/٨	تەلعەت مەهدی عەزیز	برای م.شێرکۆ	لەسلێمانی مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
			شیروان	
١٩	٧/٤	مەلا ئیسماعیل مەلا عەبدوالله	باوکی جەبارو تالب و هادی	لەسلێمانی مردووە
٢٠	٧/١٠	ئامینە حاجی بابا حاجی محەمەد	خێزانی حەمە عەلی شەمسە	لەهەڵەبجە مردووە
٢١	٧/١٨	مریەم عەزیز خواکەرەم	خێزانی ڕەحمان الله وەیس	لەسلێمانی مردووە
٢٢	٨/٧	جەمال عەبدولعەزیز ڕۆستەم	جەماڵی پورە گوڵە	لەهەولێر مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
٢٣	٨/١٥	شیروان محەمەد حاجی حەمە ڕەحیم	شیروانی حەممەدی حاجی	لەسلێمانی مردووە
٢٤	٨/١٩	کاکە میرزا عەبدولقادر	باوکی قائد	لەتەوێڵە مردووە
٢٥	٨/٢٢	مەعصومە حەمە کەریم ڕەحیم	خێزانی کەرەم شاوەیس برای ئەڵلاك	لەکۆنەوە لەخانەقین ژیاوەو لەوێش مردووە
٢٦	٨/٢٥	صەبریە محەمەد حاجی حەمە ڕەحیم	خێزانی باقی حەمەی دینە	لەسلێمانی مردووە
٢٧	٨/٢٦	فائق فەتح الله	فائقی فەتەلە	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٢٨	٩/١٣	فاتمە حەمەصاڵح فەرەج	خێزانی پیاوێکی سلێمانەیی و خوشکی م.عوسمان هەورامی	لەسلێمانی مردووە
٢٩	٩/٢٨	حەمەڕەحیم تاوێرەیی	باوکی میرزا	چونکە لەزووەوە لەتەوێڵە ژیاوە لەسەر نفوس تەوێڵەیە لەتەوێڵەش مردووە
٣٠	٩/٢٩	ئیبراهیم ئەحمەد حاجی محەمەد	ئیبراهیم ئەحمەد حاجی حەمە زەریف	لەتەمەنی ٢٠ ساڵیدا لەتەوێڵە مردووەو بەهۆی غازی حەمامەوە
٣١	١٠/٢	حەلیمە مستەفا حەمەصاڵح	خێزانی حەمەسەعید قالەی مەجنون	لەسلێمانی مردووە
٣٢	١٠/١٠	مومن عەبدولحامد	وەستا مومن باوکی ڕەئوف و جەوهەر	لەتەوێڵە مردووە
٣٣	١٠/١٦	جەعفەر ئەکرەم عوسمان	—	لەتەوێڵە مردووە
٣٤	١٠/٢٠	سوراحی عەلی محەمەد نەصروالله	خێزانی نالەی خاڵخاس	لەسلێمانی مردووە
٣٥	١٠/٢٢	فاتمە عیوەز دێوانە	خێزانی موسای حاجی حەمە زەریف	لەهەڵەبجە مردووە
٣٦	١١/٢	نەریمان ئەبوبەکر مەحمود	کوڕی عەبوی مەحمودە شەل	لەتەوێڵە مردووە بەگەنجی

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
٣٧	١١/٤	مەهدی مەحمود نادر کوزاد	برای م. تاهیر	لەتەمەنی ٤٣ ساڵیدا بەجەڵدە مردووەو لەسلێمانی نێژراوە
٣٨	١٢/٧	عەبدوالله صادق قادر	عەبەکەی جەمین	لەهەڵەبجە مردووە
٣٩	١٢/٨	حەمەسەعید حەمەڕەشید	مامی سلێمانی عوسمان	لەتەمەنی ٩٠ ساڵیدا لەسلێمانی مردووە
٤٠	١٢/١٠	یادگار جەلال حەمە سەعید	-	یەکێتی بوو لەشەڕی پەکەکە لەقەلادزە کوژراو لەهەڵەبجەی تازە نێژرا
٤١	١٢/٢٧	حەمەحسێن حاجیفەرەج	باوکی بێستون و ئارام و ئاراس	لەسلێمانی مردووە دووەم ڕۆژی جەژنی قوربان

ساڵی ٢٠٠١

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/١	حەمەسەعید حاجی حەمە ڕەشید نەجیب بەگ	برای بەهمەن و بەرزان و	لەتەمەنی ٥٠ ساڵیدا بەهۆی جەڵدەوە لەسلێمانی مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
٢	١/١٢	زێبا	خێزانی صابری ئەلی وەیس	لەسلێمانی مردووە
٣	١/٢٧	عائیشە مەلا عەبدولخالق	ئامۆزای مەلا عارف خوشکی سەلمای صادق	لەتەمەنی ٩٠ ساڵیدا لەسلێمانی مردووەو لەزووەوە لەوێ ژیاوە
٤	٢/٢	حەمەیوسف حەمە شەریف	حمەیوسوی گەوەر	لەتەمەنی نزیك ٨٥ ساڵیدا لەهەڵەبجەتازە مردووە
٥	٢/٢٤	ڕابعە حەمەسەعید	ڕابە شەل	لەتەوێڵە مردووە
٦	٢/٢٧	مەحبوبە فەتح الله ڕەحیم	کچی فەتەی ڕەحلە خێزانی حەمە خالد سۆسەکانی	لەهەڵەبجەتازە مردووە
٧	٢/٢٧	نەجمەدین فەتاح حەمەئەمین	نەجەی نەوت	لەسلێمانی مردووەو لەگردی سەیوان نێژراوە
٨	٣/٣	عەبدولخالق عەبدوالله لوتف الله	خالدی ئامینە غەریبێ	لەهەڵەبجەتازە مردووە
٩	٣/٤	حاجی عەبدوڕەحمان حاجی محەمەد حامد	باوکی حامدو عەبدوڕەزاق و ئەمیرو..	لەسلێمانی مردووەو لەگردی سەیوان نێژراوە
١٠	٣/٧	قەتحە حەمەلاو فەتح الله	قەتێ خێزانی کوێخا ڕۆستەم	لەهەڵەبجەتازە مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
١١	٣/١١	کانی عەبدولباسط حاجی عەبدولمەجید	-	لەتەمەنی ٥ ساڵیدا مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەكوێ مردووەو نێژراوە
١٢	٣/١٥	ماجد صدیق مەحمود	–	بەكارەساتی سەیارە لەڕێی بەعقوبە لەتەمەنی ٢٢ساڵیدا مردووەو لەگردی سەیوان نێژراوە
١٣	٣/١٩	زوبەیدە خودادا الله مراد	زبەی خوشكی نورە	خێزانی حاجی ئەحمەدی شاربازێڕی بوو لەزووەوە لەسلێمانین
١٤	٤/١٣	حورمەت صۆفی حەبیب مستەفا	خێزانی ئیسماعیل نارنجڵەیی	لەهەڵەبجەتازە مردووە
١٥	٤/١٥	فەریدە حەمەئەمین بارام	خێزانی وەستا تۆفیق وەستا صادق	ئەم ژنە هەڵەبجەیی‌یە بەڵام مێردەكەی تەوێڵەیی‌یە لەسلێمانی مردووە
١٦	٤/١٦	مەعصومە غوڵام مەولود	خێزانی حاجی عەبدوالله حەمەحسێن دایكی نەصرەدین	لەهەولێر مردوو هەر لەوێش نێژرا
١٧	٤/٢٠	ئاندیا سەركەوت حاجی عیزەت	–	ئەم كچە لەسوید مردووە لە ٦/١٩ هێنایانەوە بۆ تەوێڵە
١٨	٤/٢٨	فائق حەمەصاڵح حەمەیوسف	فائقی ئەشكە	لەكەنگاوەر لەئێران مردووەو لەتەوێڵە نێژراوە
١٩	٥/١	ئامینەخان كاكەشێخ	خێزانی شێخ مەعصوم شێخ جەمیل	لەسلێمانی مردووە
٢٠	٥/١٩	مەجید خالد خەسرەو	مەجیدە خاڵە	لەسلێمانی مردووە
٢١	٥/٢٩	موسا محەمەد مەولود	موسای حاجی حەمەزەریف	لەتەوێڵە بەجەڵدەی دڵ مردووە
٢٢	٦/١	حەنان حەمە ڕەئوف كەریم	–	لەهەڵەبجەتازە مردووە
٢٣	٦/١٠	شەیدا حافظ حاجی حسێن	كچی حافظی خەرامان خێزانی جەباری عەبدوالله ی صەلاحە	لەهەڵەبجەتازە مردووە
٢٤	٦/١٠	فەیصەل نیازی بەگ	خاڵۆزای عەمید بارام سەعدی بەگ	لەئێران بەئەلغام مردووە
٢٥	٦/١٧	كاكەبرا نادر حەمەئەمین	–	لەهەڵەبجەتازە مردووە
٢٦	٧/٨	(س) كوڕی عەباس حەمەخان	–	لە ٨ مانگیدا لەسلێمانی مردووە
٢٧	٨/٤	سەلام زۆراب عەزیز	برای حیكمەت و فەلاح	لەسلێمانی بەگەنجی مردووە
٢٨	٨/٥	مەحمود عەبدوڕەحیم مەحمود	مەحمودە فەنی برای م.محەمەدو ئەحمەدو	بەجەڵدەی دڵ لەسلێمانی لەتەمەنی ٧٠ ساڵیدا مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
			عومەرو غاندی	
٢٩	٨/٥	فاتمە حەمەسەعید نۆدشی	خێزانی حەمەی بابا دایکی حەمەفەرەج و عومەرو جافرو عەزیز	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٣٠	٨/٦	خانم حاجی فەرەج	خێزانی حەمەکەریم حاجی حەمەئەمین دایکی شیروان و حەمەئەمین	لەتەوێڵە مردووە
٣١	٨/١١	حاجی عەباس مامە	مامی عەبەی مامە	ژنی نەهێنابوو لەسلێمانی مردووە
٣٢	٨/١٢	بەگیج زۆراب	خێزانی ڕەسوڵی سۆسەکانی خوشکی خەدیجەی ئایزە بارام	لەسلێمانی مردووە
٣٣	٨/١٣	حەمەئەمین حەمە حسێن	باوکی حەمەشەریف و صەلاح	لەهەڵەبجەی شەهید مردووە
٣٤	٨/١٥	حاجی ئەمین ئایزە غەفور	باوکی یاسین	لە ٧٥ ساڵیدا لەسلێمانی مردووە
٣٥	٨/١٩	زێبا مەحمود محەمەد بیارەیی	خێزانی عادلی حاجی ئەحمەدی حەمە	لەلای حەسیب صالح سەیارە لێیدا
٣٦	٨/٢٧	حەمە تاهیر نۆدشی	زاوای محەمەدی حاجی حەسەن	لەمەریوان مردووە
٣٧	٨/٣١	عەبدولوەهاب عەزیز عوسمان	دەروێش ئەولە	بەجەڵدە لەتەوێڵە مردووە
٣٨	٩/٩	ئاوات حاجی حەمەئەمین حاجی حەمە ڕەشید	-	بەگەنجی دوای یەك ساڵ نەخۆشی لەسلێمانی مردوو لەگردی سەیوان نێژرا
٣٩	٩/١٧	ئەدیبە قادر ئاغای عەبدوڵڵا ئاغا	خێزانی سەعید حاجی محەمەدی ئۆلمەجید	لەسلێمانی مردووە
٤٠	٩/٢٣	قادر صاڵح تاتە	-	لەززوەوە لەسلێمانییەو لەوێش مردووە
٤١	١٠/٦	حەمەصاڵح وەیسی ڕۆستەم	باوکی بەختیار	لەسلێمانی مردووە
٤٢	١٠/١٥	عابد حاجی محەمەد عەبدولمەجید	باوکی ئیدریس و سەرکەوت و بەهرۆزو	لەتەمەنی ٧٠ ساڵیدا لەسلێمانی مردووەو لەگردی سەیوان نێژراوە
٤٣	١٠/٢٩	مەحمود ئەلە	باوکی والی و غەزالی	لەتەمەنی ٩٠ ساڵیدا لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٤٤	١١/٤	گەردە عەبدوالله وەهاب	خێزانی فەیرۆز حاجی	لەتەوێڵە مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
			ئەبوبەکری ئەلە	
٤٥	١١/٥	م.مەحیەدین حاجی سەلیم	مەحیەدینە فەنی	بەنەخۆشی جەڵدەی دڵ لەسلێمانی مردووە
٤٦	١١/١١	بازغە مەلا حەمەحسێن مەلا حەبیب الله	خێزانی مەلا محەمەد بەهائەدین مەلا صاحب	لەسلێمانی مردووە
٤٧	١١/١١	سەلما عەبدولخالق	خێزانی صادق غەندی	لەتەوێڵە مردووە
٤٨	١١/١٥	پیرۆزە سەیدمحەمەد خرە	خێزانی ئەحمەد حەمەسوری خورماڵی	لەسلێمانی مردووە
٤٩	١١/٢٩	خاوەر عەبدوالله مارف	خێزانی ئەسکەندەر قادر	لەسلێمانی مردووە بەجەڵدەی دەماغ
٥٠	١٢/١	حاجی محەمەد حاجی سەلیم	باوکی هادی و مەهدی	بەنەخۆشی شەلەل لەسلێمانی مردووە
٥١	١٢/١٢	مینا فەتاح ڕۆستەم	خێزانی حاجی حەمە ڕەشید عەبابەیلەیی	لەگردی سەیوان نێژراوە
٥٢	١٢/١٣	حەفصە حاجی حەمەئەمین	خێزانی حەمەحەسەن خاتونە	لەهەڵەبجەی شەهید مردووە
٥٣	١٢/١٤	سەنگەر شوان مارف	کوڕی شوانی مارفی خاڵە سەید	لەتەمەنی ١٢ساڵیدا کارەبا گرتی
٥٤	١٢/١٦	پەری وەیسی ڕۆستەم	خێزانی سید صادق عەلی مەولود	لەگردی سەیوان نێژراوە- سەرلەبەیانی جەژنی ڕەمەزان
٥٥	١٢/٢١	حاجی حەمەڕەشید نەجیب بەگ	باوکی بەهمەن و بەرزان و بورهان	لەسلێمانی مردووەو لەباوەسەرهەنگ نێژراوە
٥٦	١٢/٢٢	بورهان فەرهاد فەرەج	بورهان فەراڵە	لەهەڵەبجە بەجەڵدەی دڵ مردووە
٥٧	١٢/٣١	فاتمە حەبیب حەمەکەریم	خێزانی ڕەحمانی سەعە	لەتەوێڵە نێژراوە لەتەمەنی ٨٥ ساڵیدا

ساڵی ٢٠٠٢

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/٧	عەلی حەمە کەریم	عەلی حەمە شیرینە	زیاتر لەسلێمانی ژیاوەو هەر لەسلێمانی مردووە
٢	١/٢٤	عەبدوالله عەلی کوێخا عەبدوالله	عەبەی حاجی عەلی	لەسەر جادەی سەهۆڵەکە لەسلێمانی سەیارە لێیداو بۆ بەیانی مردو لەتەوێلە نێژرا
٣	١/٢٧	نەهیە ئەحمەد بابا	خێزانی حەمەصاڵح عوەض	لەسلێمانی مردووە
٤	١/٢٨	(س)کچی بەهجەت کەریم	تەمەنی ٧ مانگ بووە	لەتەوێڵە مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
٥	٢/٢٢	م.مەهدی شێخ عابد شێخ مکایل	زیاتر لەبیارەو هەڵەبجە ژیاو بەڵام ئەصل تەوێڵەییە	لەهەڵەبجە مردووە
٦	٢/٢٧	حاجی عوسمان کەریم حەمەعەزیز	باوکی ڕافع و د. جەلالی صەیدەلی و کەمال و مەنصور	دوای دوو ساڵ نەخۆشی شەلەل لە هەڵەبجە مردووە
٧	٣/١	سەید عنایەت سەید نوری	برای سەید شەریف	لەسلێمانی مردووە
٨	٣/١٢	مریەم حەمەعەلی	خێزانی عەبدوڕەحیم ناسراو بەقەرە	لەسلێمانی مردووە لەماڵی حەمە شلەی کوڕی
٩	٣/١٢	سەید جافر عەلی مەولود	باوکی عیساو سامی و نازم و ئاراس و ئاکۆ	لەسلێمانی سەیارە لێیدا دوای دوو ڕۆژ مردووە
١٠	٣/١٩	حەمەکەریم شەمسەدین	باوکی یاسین و تەها	لەسلێمانی مردووە
١١	٣/٢٤	عالیە غەفور خەسرەو	عەللە خوشکی کاکلەو خێزانی فەقێ عەلی	لەدێی تاتانی پێنجوێن ژیاوەو هەر لەوێش مردووە
١٢	٣/٢٨	هۆشمەن بەهمەن ڕەشید	گەنج بوو بەنیازی چوونە هەندەران بوو	لەئەستەمبوڵ کوژراوە
١٣	٣/٢٩	ڕابعە کەریم حەمەعەزیز	خێزانی حاجی حسێن	لەهەڵەبجە مردووە
١٤	٣/٣٠	شاناز حەمەیوسف نادر	خێزانی حاجی کامیل	لەسلێمانی مردووە
١٥	٣/٣٠	زبێدە خودادا حەمەمراد	خوشکی مرشد - خێزانی صابر سۆسەکانی	لەسلێمانی مردووە
١٦	٤/١	شاهۆ عەلی حسێن	شاهۆی عەلی شەمعە	لەنەمسا مردووە
١٧	٤/٣	عاصمە حاجی حەمەصالح	ئاسمای خێزانی حاجی ئۆلخالق دایکی وەستا یونس	لەسلێمانی مردووە
١٨	٤/٢٢	ئادەم ئیسماعیل هەیبەکر	باوکی م.سەرتیپ و نەهرۆ	لەهەڵەبجە مردووە
١٩	٥/٣	مینا فەتح الله ئیسماعیل	خێزانی ئەمین وەستا کەریم خادم	لەسلێمانی مردووە
٢٠	٥/٦	هیدایەت عەبدوالله حسێن سۆسەکانی	-	لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا لەبەکراوا خنکاوەو لەهەڵەبجە نێژراوە
٢١	٥/١٣	هاوڕێ ڕزگار مەحمود	ڕزگاری مەحمودی حەمە شیرینە	لەسلێمانی مردووە
٢٢	٥/١٣	ئەحمەد حاجی محەمەد مەولود	ئەحمەد حاجی حەمەزەریف	بەجەڵدە لەتەوێڵە مردووە
٢٣	٥/٢٠	حەمەڕەشید وەستا عەلی قادر	باوکی فاروق و..	لەتەوێڵە مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
٢٤	٥/٢٥	حەمەحسێن حەسەن شەمسەدین	لەم ساڵانەی دواییدا لەباوەکۆچەکی لای هەڵەبجە ژیاوە بۆیە بە حەمەحسێن باوەکۆچەکی ناسراوە	لەباوەکۆچەکی لای هەڵەبجە نێژراوە
٢٥	٥/٢٧	ئیصاف هەیبەکر	خێزانی ئۆرەحیم دایکی م.مەحمود و ئەحمەدو محەمەدو عومەرو غاندی	لەسلێمانی مردووە
٢٦	٥/٣٠	سەعادەت حەمەحسێن حەمە فاتە	خێزانی حاجی عوسمان جافر دایکی ئیدریس و ئیبراهیم	لەسلێمانی مردووە
٢٧	٧/٤	مەهدی محەمەد حاجی سەلیم	-	پ.م یەکێتی بوو شەو لەهەڵەبجە کوژراوە
٢٨	٧/٤	ئایشە وەیسی محەمەد	خێزانی تۆفیق گوڵناز	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٢٩	٧/٨	حەسیبە عەلی محەمەد عەبدورەحیم	خوشکی موعتەصەم	لەسلێمانی مردووە
٣٠	٧/١٣	حەمەصاڵح مستەفا هەق	برای م.تالب	لەسلێمانی مردووە
٣١	٧/٢٠	توبا مستەفا مەحمود نۆدشی	خێزانی ئەمین حەسەن	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٣٢	٧/٢٩	لەولاو کوێخا عوسمان	خێزانی ئەمینی قوڵ	لەسلێمانی مردووە
٣٣	٧/٣١	فەرخی عومەر	خێزانی مەحمود فەرهاد	لەتەوێڵە مردووە
٣٤	٨/٢٩	پیرۆز نادر کوزاد	خێزانی محەمەد بابالە	لەتەوێڵە مردووە
٣٥	٩/٧	عەبدوالله شەمسەدین	باوکی صابرو حەمە رەشیدو ئومێد	لەبەغدا کۆچی کردو لەسلێمانی نێژراوە
٣٦	٩/٢٣	تۆفیق حەمە حسین	برای کەرەمەو عومەرو ئیبراهیم و میرزا	لەسلێمانی کۆچی دوایی کردوە
٣٧	٨/١٣	حەمەسەعید عەبدوالله ئاغا	مامی م.عەلی قاراغە	لەخورماڵ مردووە
٣٨	١٠/٨	سەنیە حەمەسەعید حەمە کەریم سۆسەکانی	خێزانی نوری حاجی ئەولەی نەصە	لەسۆسەکان مردووە
٣٩	١٠/١٧	عائیشە مەلا عەبدولمەجید	خێزانی حاجی حەمەعەلی کوزاد	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٤٠	١٠/٢١	فەرید جەلال وەیسی	-	لەلەندەن بەدەعمی سەیارە مردووە لە ١٠/٢٨ تەرمەکەیان هێنایەوە لەگردی سەیوان نێژراوە
٤١	١٠/٢٩	فەهیمە حاجی حەمە عەلی	خێزانی ئەورەحمانی خاتوونە	لەسلێمانی مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
٤٢	١١/١	نەمیە حاجی حەمەیوسف	خێزانی ئۆلکەریم عەزیز سۆسەکانی	لەسلێمانی نێژراوە
٤٣	١١/١	جەلال محەمەد سەعید ئاغا	جەلالی خاوەر	لەکرماشان مردووەو هەر لەوێش نێژراوە
٤٤	١١/٢٥	تۆفیق فەتح الله نۆدشی	زاوای صادق غەندی خوشکەزای یوسۆی لاڵە	لە١٩٩١ چووەتە نۆدشە ئیتر هەر لەوێ مردووە
٤٥	١٢/٢	نوری خودادا الله مراد عەلی	باوکی سامان	٢٨ی ڕەمەزان مردووەو بەیانیەکەی لەگردی سەیوان نێژراوە
٤٦	١٢/٩	حەبیبە حەمەیوسف حەمەحسێن	خێزانی حسێنی لاوە	لەسلێمانی مردووە
٤٧	١٢/١٤	دەروێش نادر شکرالله	نادرە ئاشەوان	لەڕەوەکەوە چووەتە سنە لەوێ‌مردووەو نێژراوە
٤٨	١٢/١٥	ئامینە صادق مستەفا	خێزانی حەمەسەعید الله کەرەم ناسراوە بە حەملە ئەڵڵاك	لەسلێمانی مردووەو نێژراوە
٤٩	١٢/٢٥	ئامینا حاجی عوسمان	خێزانی صابری ڕۆستەم	لەتەوێڵە مردووە
٥٠	١٢/٣١	دەوڵەت	خێزانی ئەبوبەکری سۆسەکانی دایکی فەرەج و شیروان	لەهەڵەبجە مردووە

ساڵی ٢٠٠٣

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
١	١/١	عەبدولخالق حەمەیوسف عەبدولقادر	برای عەبدولقادرو عەبدوڕەحمان	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٢	١/٢	جەمال حەمە لەتیف سلێمان	برای کەمال و جەبارو ناجیو ئازاد	لەهەڵەبجە مردووە
٣	١/١٨	موحسن محەمەد کەریم	برای یاسین و ناصرو تەهاو	لەئەسیناوە سواری پاپۆڕ بووەو نوقم بوون و ئەویش خنکاوە لە١/٢٥ لەسلێمانی پرسەی بۆ دانرا
٤	٢/١٠	شەوکەت عەزیز حەمەحسێن	برای حەمل و حەمیدو عیزەت و جەمیل	لەسلێمانی لەگردی سەیوان نێژراوە
٥	٢/١٣	قەدری حاجی عەبدوالله مەولود	خێزانی محەمەد سان ئەحمەد	لەسلێمانی مردووە
٦	٢/١٣	عەبدولعەزیز بابا قادر	ناسراو بەعەبدولی بابا	بەجەڵدە لەسلێمانی مردووەو نێژراوە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
٧	٢/١٩	عیسا فەخرەدین محەمەد	برای موسای وەستا فەخرەدین	گەنج بووەو لەماڵەوە خۆی کوشتووە لەهەڵەبجەی شەهید
٨	٢/٢١	حاجی ئەحمەد حاجی محەمەد حەماڵە	برای حاجی باباو شەفیع و حەمەیوسف و عومەر	بەجەڵدە لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٩	٢/٢٣	ئامینە مستەفا محەمەد	خێزانی حاجی ئامان الله ی کافیٚ	لەسلێمانی مردووە
١٠	٢/٢٣	ئەبوبەکری حەمە گاوان	برای کەریم و ڕەحمان	لەکەنگاوەری ئێران مردووە
١١	٣/٥	حەمەسەعید حەمە مراد ئەحمەد	حەمەسەعیدی حەمەلە	لەسلێمانی مردووە
١٢	٣/١٠	عەلی وەستا نەجیبی سۆسەکانی	برای حەمەسەعید و ناجی	لەسلێمانی مردووە
١٣	٣/٢٨	سیروان جەبار حەمەسەعید قادر	–	لەبیارە کوژراوە
١٤	٤/٦	مەنیجە حاجی فەرەج حاجیلە	خێزانی کاکەبرای نادری حەمەئەمین	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
١٥	٤/١٣	حەمەیوسف یەعقوب ڕۆستەم	ناسراوە بەشۆشۆ	لەتەوێڵە مردووە
١٦	٤/١٥	صەفیە محەمەد حەمەسەلیم	خێزانی عەریف سەلیم	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
١٧	٤/٢٦	عەبدولخالق قادر مەعروف	ئۆلخالقی قالە مالە	لەسلێمانی مردووە
١٨	٤/٢٧	دڵشاد حامد کاکەلە	–	لەساڵی ١٩٩٤ لەبەغدا گیراوە ئەفسەر بووە لەفڕۆکەخانە هەر لەوکاتەدا لەسێدارە دراوە بەڵام تا ئەم بەروارە نەزانراوە
١٩	٥/١٦	ژیوار ئیبراهیم حاجی عوسمان	–	لەتەمەنی ١٢ ساڵیدا لەحەوشەی ماڵەکەی خۆیان سەیارە لێیدا لەسلێمانی و مرد
٢٠	٥/١٦	(س)کچی هادی برزوم	–	بەسوتان مردووە لەسلێمانی
٢١	٥/١٨	ئافتاب عەلی محەمەد	خێزانی کەریمی یارە	بەتەمەن بوو لەتەوێڵە مردووە
٢٢	٦/١٠	مستەفا حەمەلاو	برای حاجی حامد	لەهەڵەبجە مردووە
٢٣	٦/١٧	دڵشاد مارف مارف	دڵشادی مارفە لاڵ	لەتەوێڵە نێژراوە
٢٤	٦/٢٠	عەینای حەمەڕەزا بەگی مەحمود	خێزانی عارف حەمەحسێن	–
٢٥	٦/٢٣	هیوا عەبدولکەریم عەبدولعەزیز	هیوای ئۆلکەریمی سۆسەکانی کوڕی نەهیەی حاجی	لەڕێگای کەرکوك بەدەعمی سەیارە مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
			حەمەیوسف	
٢٦	٦/٢٨	کامەران مەحمود عەبدوڕەحیم	کامەرانی مەحمودە فەنی	لەسلێمانی کارەبا گرتوویەتی
٢٧	٧/١	حاجی ئایزە بارام	باوکی زۆراب و هەیاس و هۆمەر	لەتەمەنی سەروو ١٠٠ساڵیدا لەتەوێڵە مردووە
٢٨	٧/١٤	سەمیرە حاجی حەمەڕەحیم وەستا عەلی	خێزانی جەمال عەبدواللە سەلیم	گەنج بووە لەسلێمانی بەجەڵدە مردووە
٢٩	٧/١٧	مستەفا مستەفا محەمەد	مستەفای ئاسما	لەسلێمانی مردووە
٣٠	٧/٢٧	غەفار ئەمین خودادا	برای جەبارو خالدو لەتیف	لەتەمەنی ٤٥ ساڵیدا لەهەڵەبجە مردووە
٣١	٨/١	ئەمین حاجی قوربانی	ئەمینی قوڵێ	لەسلێمانی مردووە
٣٢	٨/٢	موحتەرەم حەمەسەعید قادر	خێزانی حاجی عەلی عەباس	لەتەمەنی ٦٣ ساڵیدا لەهەولێر مردووەو لەسلێمانی نێژراوە
٣٣	٨/٣	خەرامان فەرەج	خەرامانی فەجەی لاڵێ خێزانی حاجی عەلی حسێن	لەتەوێڵە مردووە
٣٤	٨/٣	محەمەد ڕزگار شارباژێڕی	کچەزای م.حەمەئەمین حاجی ڕەئوف	مناڵ بووە لەسلێمانی سەیارە لێیداوە
٣٥	٨/١٢	ئافتاب مەلا عابد مەلا نەزیر	خێزانی شێخ ڕەئوفی شێخ خالدی لامەرکەزی	لەسلێمانی مردووە
٣٦	٨/١٣	مەعصومە صۆفی محەمەد مەحیەدین	کچی حەمەلە دینە خێزانی حەمەئەمین حەمەحسێن	لەتەوێڵە مردووە
٣٧	٨/١٧	ئامینە مەلا عەبدولحەمید	خێزانی مەلا عارف مەلا محەمەد	لەهەڵەبجە نێژراوە
٣٨	٨/٢٢	شەهلا سەعید حاجی محەمەد عەبدولمەجید	خێزانی کوڕێکی سلێمانەیی	لەئەمەریکا مردووە
٣٩	٨/٢٤	حاجی حەمەصاڵح قادر قادر	حەمەصاڵحی قالە وەلی	لەسلێمانی مردووە
٤٠	٨/٢٦	صدیق عەلی وەیس	برای صابرو مەقصودی ئەلی وەیس	لەسلێمانی مردووە
٤١	٩/٨	نازدار محەمەد کوێخا حەمەئەمین	خێزانی خالدی ئامینە غەریبە	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٤٢	٩/٩	حەبیبە حاجی عەبدوڕەحمان حاجی	خێزانی اللە کەرەمی حاجی ئەبوبەکری حاجی	لەهەڵەبجە مردووە

ز	بەروار	ناوی	ناسراوە	لەکوێ مردووەو نێژراوە
		محەمەد	حەسەن	
٤٣	٩/٢٥	ڕەزا یار ئەحمەد مەحمود ئاغا	برای کەریم و صالحی یارە	لەتەوێڵە مردووە
٤٤	١٠/١٢	کەریم ئیبراهیم ئیسماعیل	باوکی ئەنوەر	لەسلێمانی سەیارە لێیداوە
٤٥	١٠/١٩	عائیشە فەتاح ڕەحمان	خێزانی عەلیەسانە	لەتەوێڵە مردووە
٤٦	١٠/٢٠	سەعید کەریم حەمە صادق	سەعلەی کەریم	لەسلێمانی مردووە
٤٧	١١/١	مەلەك حەسەن عەزیز	خێزانی وەستا عەبدوڕەحمانی دەلاك	لەهەڵەبجە مردووە
٤٨	١١/٤	عەبدواللە حەمەیوسف عەزیز	عەبە لەیلە	لەهەڵەبجە مردووە
٤٩	١١/٥	عەبدولخالق بابالە مەجنون	برای عەتیەی نالەی حەکۆڵە لەبانی شار ژیاوە	لەسلێمانی مردووە
٥٠	١١/٧	تارق نەصرواللە کەیکاوس	تارق نەصکۆڵ	لەکەنگاوەری ئێران مردووە
٥١	١١/١٠	ئیسماعیل عەبدولوەهاب	برای ئیدریس	لەهەڵەبجەی تازە مردووە
٥٢	١٢/٢	حەمەنوری محەمەد حەمەحسێن	برای عەباس و حەمە غەریب و حەمە سەلیم	لەسلێمانی مردووە
٥٣	١٢/١٥	سۆما بەختیار حسێن	کچی شنەی وەستا عەلی جافر کەبەوەستا عەلی خەیات ناسراوە	بەگوللەی وێڵ لەشاری سلێمانی لەتەمەنی هەشت ساڵیدا کوژراوە کاتی تەقەی خۆشی بۆ گرتنی صەدام

هەندێ لەکەسایەتی‌یە ناودارەکانی تەوێڵە

تەوێڵە کەسایەتی ناوداری -لەپیاوو لەژن- زۆر تیاهەڵکەوتووە، لێرەدا بۆ نمونە، چەند کەسایەتی‌یەکی ساڵەکانی پەنجاکان بەدواوە دەخەینەڕوو، وەهەر یەکێکیشیان، بەچەند وشەیەکی کورت هەڵدەسەنگێنین و دەیان ناسێنین. بەڵام وەك پێغەمبەر درودی خوای لەسەر دەفەرموێت: اذكروا محاسن موتاكم. باس لەچاکەکانیان دەکەین چونکە هیچ کەس بێ هەڵە نی‌یە.

-حاجی ئۆلوەهاب غەفور: پیاوێکی دەوڵەمەندی تەوێڵە بووە، لەساڵی ١٩٤٦ز هاتووەتە هەڵەبجە -کاروانی بازرگانی هەبووە لەنێوان عێراق و ئێرران بازرگانی کردووە، لەهەڵەبجە خاوەن دوکان و خان و دیواخان بووە، زۆر نان بدەو خزمەتگوزار بووە، خزمەتی هەورامی‌یەکانی زۆر کردووە، بەڵکو هەمیشە دیواخانەکەی جمەی هاتووە لەخەڵکی تەوێڵەو دەوروبەری.

-حاجی حەسەن حەمە حسێن - باوکی میرزا باقی: بازرگان، پیاوێکی دەوڵەمەندی قسەزانی عاقڵ بووەو ئەهلی خەیرو خەیرات بووە.

-حاجی حەسەن الله کەرەم: خاوەنی کاروان و باخ و باخات و نان بدەو خزمەتکاری مزگەوت و مەلا بووە.

-حاجی محەمەد حەماڵە: وەستای پێڵاوو کڵاش دروستکردن بووە، هەمیشە حەزی کردووە خزمەتی خانەقاو مزگەوت و شێخ و مەلا بکات، لای شێخ حیسامەدین خۆشەویست بووە، بۆیە لەخانەقا نێژراوە.

-حەمە باقی غەفور: کاسب، خاوەن باخ و باخات، پیاوێکی لێهاتوو ئازا، موسڵمانێکی نان بدە، لەسەرخۆو بەویقار.

-حاجی فەرەج حەمەحسێن: کاسب، ئازاو، سیاسی بووە، یەکێك بووە لەپیاوماقوڵانی سەردەمی خۆی لەگەڵ قادر بەگ دا پەیوەندیان بەهێز بووە.

-کەریم یارە: قەصاب، پیاوێکی باڵابەرزی کەلەگەتی، ئەهلی زەوق و خۆش کەیف بووە، حەزی بەخزمەت کردنی خەڵك بوو.

-حەبیبە الله حەمەئەمین: بەحەبیبە الله سوور ناسراوە، وەستای کڵاش، ئازاو وریاو جەربەزەو گورج و گۆڵ، لەگەڵ قادر بەگ دا پەیوەندیان زۆر بووە.

-ئۆلحامیدی ئەلیە: کاروانچی، قسەزان و سیاسی، داناو ئازاو لێهاتوو، هەمیشە لەبەرەی دژایەتی بووە لەگەڵ قادر بەگدا.

-ئایزەی فاتە: کاسپ، سیاسی و قسەزان و لێهاتوو، خاوەن هەستی نیشتمانی‌و کوردایەتی بووە.

-حاجی قادر حەمەعەزیز: خاوەن باخ و باخات و کاسب، دەوڵەمەند، زۆر هاوکاری مەلاو مزگەوتی کردووە.

-حاجی ئایزەی حەبیب: بازرگان، پیاوماقوڵی سەردەمی خۆی، خوێندەوار، قسەزان، هێمن و لەسەرخۆو بێ فیز. لەحیسابدا کەم وێنە بووە، قادر بەگ ڕاوێژی پێکردووە.

-حاجی خواجە حسێن حەمەیوسف نۆدشی: خواپەرستێکی کەم دوو، لەسەرخۆ، بەشی خۆی خوێندەواری هەبووە، چاکەکار، یارمەتی دەری هەژاران، ئازاو نەترس، بالأبەرز، پاك و تەمین، جل و بەرگ جوان، قەد نەچووە بەلای ئاگردا. پیاوماقوڵی دیواخانی قادر بەگ بووە.

-حاجی عەلی حاجی صادق: بازرگان، پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆ، خوێندەوارو زیرەك. قسەزان و بلیمەت و چاکەخواز.

-حەمەسەعیدی قادر: بازرگان، موسڵمانێکی دڵپاك، خۆش خۆر، نان بدەو، چاکەخواز، میوان دۆست.

-حاجی عەبولەی هۆمەر:بازرگان، زیرەك و وریا، دەوڵەنمەندێکی سەخی.

-حاجی عەبدوالله ی حسێن: باوکی د.تاهیر - موسڵمانێکی چاك، دڵفراوان، بەخشندە، یارمەتیدەری هەژاران و لێقەوماوان بووە.

-قالەی مەجنون:جەنگاوەری قادر بەگ بووە، ئازاو لێهاتوو بەغیرەت بووە.

-حاجی تۆفیق نادر: کاسب و خاوەن باخ، سیاسی، حەنگاوەرو ئازا، نان بدە حەزی لەکوردایەتی بووە.

-مستەفای فەتاح: زمانزان، قسەزان، خوێندەوار. ڕاشکاوو صەریح، ملی نەئەدا بەزۆردار.

-حاجیجەزا خواجەئەحمەد:بازرگانێکیدەوڵەمەند،نان بدەو میوان پەزێر.

-حاجی سەلیم حەمەیوسف: خاوەن باخ و باخاتێکی زۆر، ئازاو لێهاتوو، زیرەك و قسەزان، دڵ صاف و خزم دۆست.

-حاجی حەمەصاڵح وەستا قادر: کاسب و موسڵمانێکی چاك، زیرەك و وریا، ئەهلی خەیرات، لەسەفەری حەج لەمەدینە کۆچی دوایی کردووە.

-صۆفی حەمەکەریم قادر: دوکاندار، ئەهلی جومعەو جەماعەت، خزمەتگوزاری مزگەوت و مەلاو خانەقاو شێخ.

-حاجی ئەوڕەحمانی موڵکی: کاسبێکی دەوڵەمەند، زیرەك، ئەهلی خەیرو چاکەو چاکەکاری، خزم دۆست.

حاجی ئەبوبەکری حاجی حەسەن

-حاجی ئەبوبەکری حاجی حەسەن: بازرگان و خاوەن باخ و مەڕو مالآت، موسڵمانێکی دڵپاک، خزمەتگوزاری مزگەوت و مەلا، نان بدەو میوان دۆست.

-حاجی حەمەعەلی کوزاد: دوکاندار، موسڵمانێکی چاك و دڵپاك و ئەهلی خەیرو حەسەنات.

-تاهیری سان ئەحمەد: دوکاندار، خوێندەوار، قسەزان، دۆستی شاعیران و خوێندەواران، تاچەند مانگێ پێش مردنیشی نامیلکە ئیسلامی‌یە کوردی‌یەکانی ئەم سەردەمەی دەخوێندەوە، ئەوەندە حەزی لەخوێندەواری هەبوو.

حاجی حەمەعەلی کوزاد

-حاجی حەمەمرادی عەزە: دوکاندارو باخدار، عەرەبی و فارسی باشی دەزانی، قسەزان و ئازاو چاونەترس و نیشتمان پەروەر.

-حەسەن حەمەسەلیم:عەرەبی‌و فارسی‌و تورکی‌دەزانی،قسەزان و ئازابوو.

-حاجی عەلی کوێخا عەبدوالله میرزا: خاوەنی باخ و مەڕو مالآت، ئازاو لێهاتوو، نان بدەو ئەهلی خەیرو خەیرات.

-حاجی ئەولەی نەصە: بازرگانێکی دەوڵەمەند، کوردێکی نیشتمانپەروەر، ئازاو لێهاتوو، بەخشندە.


حاجی محەمەد حامد

-حاجی محەمەدی حامد: کاسب، دڵپاك، ڕاشکاوو صەریح، قسەڕووت، ئازاو چاونەترس، هەق وێژ، وەفادار.

-حاجی بابای حاجی محەمەد: وەستای دروستکردنی کلآش، ئەهلی خەیرو حەسەنات، خزمەتگوزاری خانەقاو مزگەوت و شێخ و مەلاو فەقێو قسەخۆش.

-حاجی بابالەی مارف: کاسب و باخدار، ئەهلی خەیرو حەسەنات، خزمەتگوزاری مزگەوت و مەلاو فەقێ.

-محەمەد حەمەڕەحیم -دارابەگ: قسەزان، ئەهلی زەوق و خۆشگوزەرانی، حەزی لەخزمەتی خەڵکی بوو.

-مەحمود یارئەحمەد: دوکاندار،پیاوێکی‌دڵپاك و دڵ صاف و بێ‌کینەو بوغز.

-وەستا صادق غەندی: ئاسنگەر، پیاوێکی ئەهلی مزگەوت و خانەقا، دڵپاك و چاونەترس، هەق وێژو زیرەك.
-حاجی عەبدوالله حەمەحسێن: دونیادیدە، قسەزان، سیاسی و نان بدەو کەسێکی کۆمەلأیەتی.
-حاجی ئیبراهیم ڕەشید-مام بلە: سیاسی، قسەزان، خەڵکناس، خۆش گوفتار.
-حاجی ئەوڕەحمان ئەحمەد: بەرگدروو، دڵ پڕ لەعیشقی خوایی، ئەهلی خەیرو چاکەو خزمەتگوزاری مزگەوت، هەمیشە شیعرەکانی سەعدی شیرازی لەسەر زمان بوو.
-حاجی عیزەت حەمەسەعید قادر: کاسب، کەڵەگەت و بالأبەرزو بەغیرەت و ئازا -خۆش کەیف و ئەهلی زەوق.
-مەحمود محەمەد (باوکی م.غەفار): دڵفراوان، قسەخۆش و شۆخیکەر (سوعبەت چی).
-حاجی ئەحمەد حەمەی وەستا قادر: موسڵمانێکی ئەهلی جومعەو جەماعەت، خزمەتگوزاری مەلاو مزگەوت، ئەهلی خەیرات و حەسەنات، ئەهلی ڕاو سەیران. یەکێکیشە لەوەستا ناودارەکانی کلأش دروستکردن.
-حاجی محەمەد حەمەئەمین (حاجییە خڕە): بازرگانێکی دەوڵەمەند، قسەزان و دیبلۆماس، میوان دۆست.
-حاجی حەمەڕەشید حەمەئەمین -ناسراو بەڕەشە حەبە: ئازاو لێهاتوو، قسەزان و ڕاشکاو، خزم دۆست.
-حاجی فەرەیدون-فەلەی مامڵ: چایچی، ئازاو پاڵەوان، کورد پەروەرو خزمەتگوزار بەهەژارو لێقەوماوان.
-حاجی ئەوڕەحمانی حاجی حەمەی حامد: کاسب، دوکاندار، موسڵمانێکی دڵپاك و دڵصاف، پابەند بەمزگەوت و عیبادەتەکانەوە، خزمەتگوزارو ئەهلی خەیرو حەسەنات، ڕاشکاوو هەق وێژ.
-حاجی مستەفای حاجی قادر: بازرگان، عەرەبی زان، خوێندەوار، دەوڵەمەندو بەخشندە، خزمەتگوزاری مزگەوت و مەلاو فەقێ، ڕووخۆش، قسەخۆش و پیاوێکی کۆمەلأیەتیو سیاسی.
--مەلا ئیسماعیل مەلا عەبدوالله: دڵپاك، دڵصاف، قسەخۆش، بۆخوا صوڵحاو قورئان خوێن.

-فازل میرزا حەمەصالّح - فالەی ئەشکە: عەرەبی و فارسیزان، خوێندەوار، مێژووزان، تاکۆتایی مردنی حەزی لەموتالەعە بوو.

-حەمەسەعیدی ڕەشە-نوسەری شارەوانی:سیاسی، خزمەتگوزار بەگەل و نیشتمان.

-م.مەحمود عەبدوڕەحیم: مامۆستایەکی دڵپاك و دڵسۆز بەقوتابی، قسەخۆش و دڵ پڕ لەعەشق بەرامبەر بەسروشتی جوانی هەورامان و ڕاوکردن.

-م. مەحیەدین حاجی سەلیم: دڵسۆز بەگەل و نیشتمان، ماندو نەبوو لەخزمەتکردن بەقوتابی و کۆمەڵگا، کۆمەلأیەتی و ڕووخۆش.

-غەفور محەمەد غەفور: نانەواچی، قسەزان و زیرەك و کۆمەلأیەتیو حەکیم و چاکەخواز.

-حاجی محەمەد قادر، ناسراو بەحەمەی حاجیلە: کاسب، باخدار، نیشتمان پەروەر، خانەدان و بەخشندە، دڵصاف و ئازاو کۆڵنەدەر.

-عیزەت حەسەن حەمەحسێن: کاسب، سیاسی و نیشتمان پەروەر، ئازاو چاونەترس.

-حاجی ئیسماعیل بەکرە: خاوەن باخ و مەڕومالاَت، پیاوێکی ئازاو خزم دۆست و نان بدە.

-عەبدوالله ی ئەحمەد ئیسحاق: هێمن و لەسەرخۆ، قسەزان و ئەدەب دۆست و چاکەخواز.

-حاجی حەمەعەزیز حەمەشەریف: کاسب، ئەهلی تاعەت و خواپەرستی، هێمن و لەسەرخۆو بێوەی.

-کوێخا نەزهەت عەلی محەمەد: لێهاتوو سیاسی، کۆمەلأیەتیو چاکەخواز، ڕاشکاوو قسەزان.

-محەمەد غولاَم: موسڵمانێکی چاك، ئازاو بەغیرەت، خۆش ڕەفتار، هەر لەخۆی دەهات سەرچۆپی بگرێت.

-حاجی حەمەسەلیم حاجی حەمەکەریم: پیاوی مزگەوت و جومعەو جەماعەت، ئەهلی خەیرو حەسەنات.

-کوێخا ڕۆستەم کەریم: سیاسی و نیشتمان پەروەر، چاکەخوازو ڕەفتارجوان.

--حاجی محەمەدی وەستا حەمەڕەحیم: ئاسنگەر، خاوەن باخ و باخات، ئەهلی مزگەوت و جەماعەت، بێوەی و دوور لەشەڕوو ئاژاوە.

-سەعیدی وەیسی (مام سەعە): قسەخۆش، پادار، لەهەڵپەرکێو سەرچۆپیدا وێنەی نەبووە.
-حاجی محەمەد ڕەحمان فەتاح ڕەحمان-ناسراوە بە حاجی حەمە سوور: لەڕۆژی ٢٠٠٢/١١/١٤ بینیم وتی: تەمەنم (١١٥) ساڵە، بەخۆمەوە (٧٠) کەسین لەکوڕو کوڕەزاو کچ و کچەزا.. (٤) ژنم هێناوە، دەوڵەتی عوسمانی و حوکمی بەگەکانی لهۆن و حوکمی مەلیکیو جمهوری و صەدامم بینیوە، واحوکمی کوردیشم بینی.. لەدوای ئەوەی موقابەلەیەکم کرد بۆم دەرکەوت:
ئەم پیاوە زۆر خواناسە، ئەزمووني وەرگرتووە لەژیاندا، زیرەکەو شتی زۆری لەیادەو لەزۆر ڕوداوی ئەوسا بەشداری کردووە زۆر حەزی لەخوێندن بووە، بەلام بۆی ڕیك نەکەوتووە کەبخوێنێ. لەکۆتاییدا ئەم شیعرەی بۆ خوێندمەوە:

قەڵەم هەڵگرە بچۆرە مەکتەب بخوێنە زانست و ئەدەب
قەڵەمم هەڵگرت لەگەڵ دەفتەر خوێندم لەمەکتەب لەگەڵ برادەر
چومە مەکتەب بەچەند دەردی سەر بەخۆشیو شادی بردمە سەر
تەمەلیم کرد هەم چەند شەر نەمزانی تابومە بێ هونەر

ئەمەش چەند نمونەیەك لەخاتونان:
-خاتوو خۆرشیدی مەلا عیصام: ئافرەتێکی موسڵمانی قورئان خوێن، بەویقارو موحتەرەم.
-خاتو ڕەحمە-خێزانی مەلا عەبدولئەحەد: ئیماندارێکی قورئان خوێنی بێدەنگی دڵپاکی بەڕێزو موحتەرەم.
-خاتو شەمسیە الله وەیس-خێزانی حاجی سەید محەمەد: موسڵمانێکی قورئان خوێن، حەزی لەچاکەخوازی و یارمەتی دانی هەژاران دەکرد.
-خاتو خاڵێ - خێزانی سان ئەحمەد: زیرەك و نان بدە، میوان دۆست، دەمڕاسی ناو خزم و دۆستان.
-خاڵخاس- خێزانی خواجە ئیسحاق: خاوەن دیواخان، قابلیەتدار، نوێژکەرێکی باش.
-گوڵەی الله وەیس- خێزانی وەستا ئۆلعەزیز: وریاو ئازاو چاکەخوازو، زۆرێك لەهەڵسوکەوتی وەك پیاو وابوو، جەڕاحەیش بوو.

-حەفصەی نەجیبە فەنی-خێزانی سەعیدی میرزا ئۆلقادر: قورئان خوێن، بەویقارو موحتەرەم، شیعر دۆست و بەڵکو خۆشی کەم کەمێك شیعری بووە.

-فاتمە حەبیب - خێزانی ڕەحمانی سەعە: قسەزان، قسەخۆش، حکایەتزان.


مینا عەبدواللە لەگەڵ رەمزیو حەسەنی کورەزای ۲۲/ ۱۱ / ۱۹۸٦

-مینا عەبدواللە -خێزانی حاجی ئەبوبەکر حاجی حەسەن: ماندونەبوو لەئاست میوان بەخشندەو یارمەتی دەری هەژاران.

-مەلەك کەیکاوس - خێزانی مەحمودی حەمە شیرینە، قسەخۆش و سوعبەت چی، میوان دۆست و نان بدە.

-ئاسمای حاجی حەمەصاڵح - خێزانی حاجی ئۆلخالق، موسڵمانێکی بەویقار، ئیمانداریێکی بۆ خوا صوڵحاو، نوێژکەرێکی باش.

-عەینای حاجی محەمەد ئۆلمەجید- خێزانی ئایزە، چاکەخواز، کۆمەڵایەتی موحتەرەم.

-حەلیمە بابالە -خێزانی عەلی عەبدوڕەحیم، لەسەرخۆو میوان دۆست و خزمەتگوزار.

-خەرامان حەمەحسێن- خێزانی صۆفی حەمەکەریم، چاکەخوازو حەز بەخزمەتی میوان و مەلاو هەژاران.

-نەهیە حەمەلەتیف - خێزانی مەجیدی فەتاح، ئەهلی نوێژ لەکاتی خۆیدا، بەزۆری کات، دەست بەدەستنوێژ بووە، چاکەخواز.

–دەڵـوەت – خێزانـی حـاجی جـەزا، موسـڵمانێکی موحتـەرەم و حـەزی لەچاکەو خەیرو حەسەنات زۆر دەکرد.

–شیرین مستەفا – خێزانی مەحمودی مستەفا، لەبەرئەوەی شیری زۆری داوە بـەمنالان، پێیـان دەوت (دایـە شـیرین)، دایـە شـیرین سەرپەرشتی زۆرێـك لەکۆبونەوەکانی ژنانی دەکرد لەشایی‌و شیوەندا، ئازاو لێهاتوو.

–بـەیزا – خێزانـی وەسـتا حـەمەئـەمین، ژنێکـی ژنانـە، ئـازاو چـاونەترس، میوان دۆست.

–حەلیمە کوێخا مەجید– خێزانی خواجە حسێن.. بەخشندەو بەبەزەیی‌و ئەوەنـدە لەگـەڵ دەرودراوسـێ‌و خەڵکدا بـاش بـووە بەواڵـە حـەلیم ناسـراوە، واتـە خوشکە حەلیم.

–ولەی حاجی حەمەڕەشید – خێزانی مستەفای فەتاح ئافرەتێکی هێمن و لەسەرخۆو خزمەتگوزار بەمیوان.

–سوراحی ئەلی محەمەد – خێزانی نالەی خاڵخاس، قسەخۆش، قسەزان، گاڵتەچی، قورئان خوێن.

– قەتحـەی حـاجی محەمـەد – خێزانـی حـاجی قـادر حـەمایز لەسـەرخۆ، ئیشکەر، خزمەتگوزار.

–سوەیبەی حەمەسەعید – خێزانی حاجی تۆفیق، میوان دۆست، ئازاو لێهاتوو ماندوو نەناس.

–یاســەمەن حەمەئـەمین – خێزانـی فـەتاح ڕۆسـتەم، مامـان بـوو، وەك پزیشکێك دەوری هەبوو، قابلیەتدار بوو.

–عائیشــە مــەلا عەبدولمەجیــد – خێزانــی حــاجی حەمەعــەلی کــۆزاد نوێژکەرێکی چاك، ڕێزدارو میوان پەروەرو لەسەرخۆو هێمن.

–زولـەیخا عوْدە– خێزانـی برزوم، ڕێـزدارو بـەوەفا، نوێژکـەرو چاکەخواز، چێشت لێنەرێکی دیار بوو لەشایی‌و شیوەندا.

–سـەعادەت حەمەکـەریم، خێزانـی عیزەتـی حەسـەن، ئـازاو لێهـاتوو، کوردپەروەرو حەزی لەسیاسەت و کوردایەتی بوو.

–پەســەند بابالــە حەمەیوســف– تەمــەنی لەســەروو (٩٠) ســاڵیەوەیە، بیروهۆشی زۆر باشە، یادەوەری زۆری لەیادە، ژنێکی بەقابلیەت و ئیماندارە.

حاجی قادری حەمەعەزیزە -بە پێوە وەستاوە-، حاجی نادری حەمەعەزیز، مستەفای حاجی قادرو هیوای کوڕی

ساڵی ١٩٦١

کەسەکان لەراستەوە بۆ چەپ/ قادر ئاغای عەبدوڵڵە ئاغا، تاهیر سان ئەحمەد، حاجی مەحمود مستەفا، سەید عومەر بەرزنجی-مامۆستا بووە لەتەوێڵە، سەید عوسمان – باوکی سەید جەمیل-، بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ، بەڕێوەبەری خەزێنەی هەڵەبجە، حاجی حەمەصاڵح حاجی صادق. ....حەوشەی خانەقای تەوێڵە – ١٩٤١

ماموستا محەمەد عەبدوڕەحیم لەگەڵ باوکیدا، کاتێ باوکی نەخۆش بووە.
بەغداد نەخۆشخانەی کۆماری -١٩٦٦/٣/٢١

داود حاجی کاکەبراو حاجی عەبدوڕەحمان حاجی محەمەد - ١٩٥٢

عابد سان ئەحمەد -حاجی عەبدوڕەحمان حاجی محەمەد -وەلی حەمەلەتیف -دانیشتوو- ١٩٥٥

عەبدوڵڵە ئەحمەد- حاجی جەزا خواجە
ئەحمەد ١٩٧٤/٨/٦

صابر مەحمود مستەفا-مناڵەکە عەبدوڕەزاق
عەبدوڕەحمان -دەربەندیخان هاوینی ١٩٦١

ڕاغب کەریم یار ئەحمەد

حاجی محەمەد ڕەحمان ٢٠٠٢/١٢/١٠

داود حاجی کاکەبرا ٢٠٠٢/١٢/٦



ئیسماعیل خەرامان ١٩٧٣/٢/١٠

کۆمەڵێك لەخەڵکی تەوێڵە لەخانەقای تەوێڵەدا- هاوینی ١٩٧٦

کۆمەڵێک لەخەڵکی تەوێڵە لەخانەقای تەوێڵەدا - هاوینی ١٩٧٦

لەراستەوە بۆ چەپ/ راوەستاوەکان/ عەبدوڕەزاق عەبدوڕەحمان - یاسین محەمەد - سەرتیپ مەحیەدین - عەباس کامیل - ناصر حاجی بابا - دڵشاد عەبدواللە.
دانیشتووەکان/ دڵشاد محەمەد بەهائەدین-نەریمان عەبدواللە - کاوە ئیسماعیل - هادی عەلی.
پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ١٩٧٧/٦/٢٤ -بەیدەری

لەراستەوە بۆ چەپ/ عەبدواللە حاجی محەمەد - یاسین دزاوەری – مەعروف حاجی ئەحمەد – شەریف حەمەرەحیم - عەبدوڕەزاق عەبدوڕەحمان
دالآنی ١٩٧٧/٦/٢٤



حەمەعارف حەمێ
عەبدوڕەزاق
عەبدوڕەحمان

پاوە ٢٠٠٣/٦/١٩

صۆفی حەمەصاڵح نۆدشی و

مامۆستا هۆشمەن

١٩٨٤ / ٥ / ٥

هەورامانی تەخت – نزیك گۆڕەكەی پیرشالیار – ٢٠٠٢/٧/٤

وێنەی پیاوێک

بە پۆشاکی هەورامییەوە

وێنەی مناڵێک

بە پۆشاکی هەورامییەوە

وێنەی حاجی مەجید وەستا محەمەد- وەستا محەمەد حاجی حەمە صالح - ٢٠٠٤



وێنەی

چەند کچۆڵەیەکی

تەوێڵەیی

٢٠٠٣/٥/١

کویلە
بەهاری
١٩٩٨

وێنەی
ئافرەتێکی
تەوێڵەیی
نانی
هەورامی
دەکات

وێنەی
ئافرەتێکی تەوێڵەیی
تەشی دەڕێسێ

صەفیەی مەلا صادق
خێزانی حاجی مستەفای
حاجی حەمەصاڵح

١٨ / ٢ / ٢٠٠٣

پەراوێزەکان

(١) سەیری بەشی ئایینی بکە (شەخصەکان).

(٢) بۆیە ناوی (شێخ و مەلاو سەیدو بەگ) نانوسین چونکە بەگشتی لەشوێنی تردا ناومان بردوون وەك ناودارو کەسایەتی بوون لەکۆمەڵداو ڕۆڵیان بووە.

(٣) گزی بارەکڵە: گزی واتە: گسك.. ئەم گسکە تایبەتەو چڵەکانی گەورەن و بەرگە دەگرن، جۆرە دەوەنێکی بچوکەو لاسکەکانی بەقەد گەنم و جۆ بەرز دەبێتەوەو بەبنج و تۆپەڵە پێ‌ی‌دەوترێت (تاڵەڤام) بەمانای (بادامی تاڵ) لەدەرەی بەڵخ و بێدەری و ڤەنی سەربەن هەیە، زیاتر لەشۆشمی‌و نەوسودەو دەیهێنن.

بارەکڵە: دەمەکەی لەتەختەی ئەستور دروست دەکرێت، کەبەئەندازەی (١٠*٢٥) سم دەبێت، دەسکێکی‌هەیە دەکرێت بەناوەڕاستی‌تەختەکەدا، بارەکڵە بەرەوخۆت ڕایدەکێشی

(٤) ئەودارگوێزانەی کەوەقفن لەشوێنی خۆیدا باسکراون.

(٥) هادی حاجی ئایزە دەڵێ: لەدوای خوتبەکەی مامۆستا مەلا صاحب ڕەشەی کوزاد مرد، هۆمەری مەولود کەڕیش سپی‌و پیاوماقوڵێکی تەوێڵە بوو، حەڵواکەی ڕژاند لەبەردەم مزگەوتی گەورەدا بۆ ئەوەی ئەمە تەرك بکرێت و ئیتر تەرك کرا.

(٦) یەکەم کەس کەپرسەکەی برایە ئەم تەعزیەخانە، (حەمەڕەشید سلێمان) بوو لە ١٩٧٧/٦/١٥.

(٧) زیارەت: ئەو شوێنەیە کەشارەوانی‌و مەرکەزو ناوەندی یان تیادروست کردووە.

(٨) م.ڕەفیق حیلمی لەیاداشتەکەیدا ب١، ل٣١ دەڵێت: هۆقەیەك ئاردی تێکەڵ و پڕلەخاك و خۆڵ چووە لیرەیەك.

(٩) لەسەر قسەی عابد قادر حەمەئەمین.

(١٠) م.ڕەفیق حیلمی لەیاداشتەکەیدا ب١،ل٣١ دەڵێت: ئاردەبرنج و مێوژی ڕەش و تووی وشك و ئاردی‌بەڕوو و پاقلەی‌کولاْوو نانی‌وشك تەنیا خواپێداوەکان دەستیان ئەکەوت.

(١١) کوردستانی نوێ ژ٠ ١٨٨ بەرواری ١٩٩٩/٦/١٣.

(١٢) لەسەردانێکدا خۆی باسی کرد لە ٢٠٠٠/٦/١٤.

(١٣) ئەمە لەمامۆستا فەخرەدین حاجی سەلیمەوە وەرمگرتووە، ئەویش لەحاجی مامۆستاوە بیستویەتی.

کاك مستەفای کوڕەزای بۆی گێڕامەوەو وتی: (ماما قیمەتێم زۆر ئازاو کۆڵنەدەر بووە، بەغیرەت بووە زوڵمی قبوڵ نەکردووە.. ئەرزی باشیان بووە لەناو بازاڕدا، قادر بەگ زۆر هەوڵی داوە ئەو ئەرزەی لێ بکرێت بەپارە بێت یا بەزۆر، بەلاْم ئەم نەیداوەو کردوویەتی بەخانو لەپاڵ خانوەکەی قادر بەگدا.

دوای ئەوە محەمەدی مێردی دەمرێت، حەمەصادق ناوێکی خزمی داوای کردووە کەشوی پێ‌بکات، ئەم شوی پێ نەکردووە، چەند جارێکی تر داوای دەکات، تادوا جار

دەڵێ: بەیانی وەرنەوە وەڵامتان دەدەمەوە، بۆ بەیانی‌یەکەی.. قژی سەری خۆی کورت دەکاتەوەو پۆشاکی پیاوانە لەبەر دەکات و خەنجەرێك دەکات بەبەری پشتوێنەکەیدا، کاتێك کەدێنەوە بۆ وەڵام بەو شێوەیە خۆی پیشان دەدات و دەڵێ: دەی من ژنی شوم، ئیتر حەمە صادق کۆڵ دەدات.)

خاتو قیمەتێ کچی مستەفایەو خێزانی محەمەد حەیدەرە.. دوو کوڕی بووە: محەمەدو هۆمەر.. کەبەناوی دایکیانەوە ناسراون بەحەمەی قیمێ و هۆمەری قیمێ.

(١٤) لە وەستا محەمەدی حاجی حەمەصاڵح و مامۆستا محەمەدی حاجی نادرو وەستا صادق غەندی‌یەوە وەرمگرتووە.

(١٥) یادداشت – ڕەفیق حیلمی – ب١ ل٣٢.

(١٦) سلێمانی – ئەکرەم صالح ڕەشە.. ب٢، ل٣٢٥، هەروەها لەکتێبی (پەیامی هەورامان) دا ل ٤٩ نوسراوی هادی ڕەشید بەهمەنی دا دەڵێ: ساڵەکانی نەهامەتی‌و نەخۆشی لەئێران و عێراقدا ئەم ساڵانەش بوون: (١٨٧١، ١٨٧٧، ١٨٨١، ١٨٩٤)ز.

(١٧) حاجی عەبدوڕەحمانی حاجی محەمەد وتی: لەماڵی ئێمە چوار منالمان مردن، کوڕێك و کچێکم (عەبدولواحیدو فەریدە) خوشك و برایەکیشم (بەختیارو حامدە).

(١٨) عابد قادر حەمەئەمین دەگێڕێتەوەو دەڵێ: (بابا حەمەئەمین)م لەو کاتەدا لەهانەی ڕێزا دەبێت لەکاتی لافاوەکەدا دەچێتە سەر دار قەزوانێك لەترسی لافاوەکە.

(١٩) مامۆستا محەمەدی حاجی نادر دەڵێ: لەو کاتەدا من خۆم فەقێ بووم شێخم بینی کەلەترسی لافاوەکە دوریان خستەوە.

(٢٠) لەدەمی (وەستا محەمەدی وەستا حەمەصالح)ەوە بیستم، کەئەم ڕوداوانە لەم ساڵانەدا بوون:

-لەساڵی ١٣٢٢ك چاوە قووڵە بووە لە کوردستان داو لە تەوێڵە زۆر مردوون.

-لەساڵی ١٣٢٩ك بەفرەگەورەکە بووە، کە(٣٥)ڕۆژ خەڵك نەیتوانیوە لەماڵ بێتە دەرەوە.

-لەساڵی ١٣٣٣ك ڕۆژگیران بووە.

-لەساڵی ١٣٣٦ ك گرانیەکە بووە.

-لەساڵی ١٩٣٦ز لافاوێکی گەورە لە تەوێڵەدا بووە.

(٢١) لەدەمی صادق غەندی‌و مامۆستا فەخرەدین حاجی‌سەلیم و حاجی‌باباوە بیستومە.

تەوێڵە لەبواری ڕامیاریدا

* دێباچەیەك بۆئەم باسە
* تەوێڵە بووەتە جێگەی ململانێ
* ژیان و بەسەر هاتی قادربەگی جافرسان
  - قادربەگ وەك کەسایەتی‌یەك
  - قادربەگ وەك خوێندەوارێك
  - قادربەگ وەك فەرمانڕەوایەك
  - لەکارە چاکەکانی قادربەگ
  - ناکۆکی نێوان قادربەگ و شێخ حیسامەدین
  - قادربەگمان پێباشترە
  - ڕۆڵی قادربەگ لە ئاشتبوونەوەی هەردو سالاردا
  - نەیارەکانی قادربەگ
* قەصف کردنی بانە گەورە
* ڕۆڵی شێخانی تەوێڵەو جەماوەری هەورامان لەبەرگری کردن لەئایین ونیشتمان.
  - خاکی وەتەن وشێخانی نەقشبەندی
  - خەباتی شێخانی نەقشبەندی لەڕاپەڕینی(١٩٤٧)دا
* بەشداربوون لە شەری فەلەستین
* پۆلیسخانەی تەوێڵە
* حیزب وحیزبایەتی لە تەوێڵە
  = شیوعیەت لە تەوێڵەدا
  - لە بیرەوەری (٢١) ساڵی تێکۆشاندا
  - بۆچی حزبی شیوعی گرنگی دابوو بە تەوێڵە؟
  - بۆچی شیوعیەت لە تەوێڵەدا پەرەی سەند؟
  = پارتی دیموکراتی کوردستان
  - هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلول
  - هەموو دەست پێ کردنێك سەختە

- یەکەم دەست وەشاند لە ڕژێم
- ڕێگەگرتن بە مەئمور مەرکەزی تەوێڵە
- یەکەم بارەگای هێزی پێشمەرگە
- ڕزگارکردنی هەورامان
- گرتنی مەخفەری تەوێڵە
- گرتنی مەخفەری سۆسەکان
- گرتنی مەخفەری بیارە

= پەلامارە درندانەکەی زەعیم صدیق و شەڕی پردی زەڵم.

- پارتی‌یە دێرینەکان
- پێشمەرگەکانی شۆڕی ئەیلول

* تەوێڵە لە شۆڕشی ئەیلولەوە بۆنسکۆی (١٩٧٥)و چەند تێبینیەك
* تەوێڵە لەنسکۆی بەهاری (١٩٧٥)ە بۆ قەصفی بەهاری(١٩٨١).
* بۆچی تەوێڵە ڕانەگوازرایەوە؟
* تەوێڵە لە شەڕی عێراق وئێرا ندا
* تەوێڵەیی لەئاوارەیی‌دا
* بێداری بانگەوازی ئیسلامی
* کیمیابارانی هەڵە بجەو خەڵکی تەوێڵە
* تەوێڵە ناوچەیەکی مین ڕێژکراوە
* تەوێڵە و تەوێڵەیی لە ڕا پەڕین و دوای ڕا پەڕین
* چەند زانیاری‌یەك لە سەرخەڵکی تەوێڵە

- پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێ
- شەهیدەکانی شۆڕش
- مەرگەساتەکانی تر

* کارەساتەکانی تری شەڕی ئێران و عێراق

- ئەو تەوێڵەی‌یانەی کەچوونەتە ئێران
- دیلەکانی شەڕی کوێت و عێراق
- سەردانی ناوداران بۆ تەوێڵە

تەوێڵە لە بواری ڕامیاریدا

دێباچەیەك بۆ ئەم باسە:

بێگومان کە باس لە ڕامیاری دەکرێت، دەبێت باس لە فەرمانڕەواو دەسەلاتدارو شۆڕش وحیزب و ڕووداوو دائیرەو بارەگاکان بکرێت.

تەوێڵە لە فەرمانڕەوایی‌و دەسەلاتدا جیا نەبووە لە هەورامان، لە ماوەی هەزار ساڵی ڕابردوودا، بنەماڵەی سانەکانی لهۆن و وخانەکانی ئەردەلان و پاشاکانی بابان هەندێ جاریش لە ڕێگەی بەگزادەی جاف وعوسمانیەکان، دەسەلاتیان بووە و فەرمانڕەوای دەڤەرەکە بوون.

وەك لە گۆشەیەکی مێژووی هەورامان دا باسمان کرد، فەرمانڕەوایانی هەورامان لەساڵی(٣٩٢بۆ ١٣٦٢ك)فەرمانڕەوا بوون، لە نێوان ئەوماوەیەدا جارجارە دەسەلاتیان لاواز بووەو نەماوە، بەلام توانیویانە دەسەلات پەیدا بکەنەوەو لە ناوچەکە، دانەبڕێن.

ئەردەلانیەکان ماوەیەك فەرمانڕەوای دەڤەرەکە بوون، بێگە بەگ خۆی‌و منداڵەکانی فەرمانڕەوای ناوچەکەو دەورو بەری بوون. هەروەها خانی تری ئەردەلانی، وەك خان ئەحمەدخان، فەرمانڕەوای ناوچەکە بوون[1].

هەرچەندە زۆری نەبردووە، سانەکانی هەورامان دەسەلاتیان پەیدا کردوەتەوەو، ئەردەلانی یەکانیان دوور خستوونەتەوە.

تەوێڵە بووەتە جێگەی ململانێ:

لەساڵی(١٨٤٨ن)یش کە سنور جیاکرایەوە، هێڵی هومایۆن، هەورامانی کردە دوو بەش، تەوێڵە بەر عوسمانیەکان کەوت، لە ساڵەکانی (١٩٠٥) و (١٩١٤)دا، کەمێك گۆڕانکاری تر هات بەسەر سنورەکاندا، ئەمەش بووە هۆی کەم کردنەوەی دەسەلاتی جافرسان، ئیتر بەبەردەوامی جافرسان لە دوو بەرەدا شەڕی کردوە، لە لایەك لە گەڵ هێزەکانی ڕەزاشا، لە لایەکی تریشەوە لە گەڵ عوسمانیەکاندا.

پێش جەنگی یەکەمی جیهانی، جافرسان، بەهاوکاری جەماوەری ناوچەکە، توانی عوسمانیەکان لە دەڤەرەکە، دوور بخاتەوە، بەلام زۆری نەبرد لە ساڵی(١٩١٤) عوسمانیەکان پەلامارێکی ناوچەکەیان دایەوەو، بەهێزێکی زۆرەوە هاتنە تەوێڵەو، هێزەکانی جافرسان یان دوور خستەوە بۆ نەوسود و نۆدشەو دەوروبەری، تەوێڵە یان کردە گۆڕەپانی شەڕەکەو، هەروەها شاخی پشتی بێدەری لە خوار تەوێڵەوە، عوسمانیەکان کردیانە تۆپخانە[2] و لەوێوە قەصفی

نۆدشەو نەوسود و شۆشمێ‌یان کردو، ئەو دەورو بەرەیان هەموو سوتاند، لە وکاتەدا جافرسان و جەنگاوەرەکانی خۆیان حەشار دابوو لە بناری شاخەکانی نەوسود و نۆدشەوە.

عوسمانیەکان، نەیان توانی زۆر، لەناوچەکە بمێننەوە، چونکە جافرسان وجەنگاوەرەکانی دیسان دەرپەڕینەوە بۆیان وشپرزیان کردن.. لە لایەکی تریشەوە عوسمانیەکان پەشۆکابوون بەشەڕی ئیطالیاو بەڵقانەوە، بۆیە سوپای عوسمانی لەناوچەکە کشایەوە.(٣)

هەورامان بەگشتی لەم بەرەنگار بوونەوەی جافرسان لە گەڵ ئێران و عوسمانیەکان دا زیانی لێکەوت، تەوێڵەش هەروەها زیانێکی زۆری لێکەوت، بەتایبەت لە هێرشەکانی عوسمانیەکان بۆ سەر جەنگاوەرانی جافرسان و ناوچەکە،(٤) خەڵکەکەی توشی کوشتن و دەردی سەری هات، لەو لاشەوە بەشداری ڕاپەڕین و شەڕەکانی جافرسانیان کردووە و بەشی خۆیان قوربانیان داوە.

حاجی محەمەد ڕەحمان کە بەتەمەنترین خەڵکی تەوێڵەیەو ئەم بارودۆخەی بەچاوی خۆی بینیوە لەم بارەوە دەڵێ:

(کەجافرسان و چەکدارەکانی هاتنە تەوێڵە، عوسمانیەکانیان دوور خستنەوە، لەو کاتەدا عوسمانیەکان کەوتنەوە خۆو، ئەمریان دەرکرد کەدەبێت عەشایری شارەزوور و بناری هەورامان چەك هەڵبگرن دژ بەجافرسان، لەم کاتەدا خەڵکی تەوێڵە حەزیان لەم شەڕە نەدەکردو دەیان زانی فەقیرو هەژار زۆر دەکوژرێت، بۆیە: چەند ڕیش سپییەك لەگەڵ سەید فەتحەو مەلا عەبدەو مەلا حەبیبەالله ، چوونە نەوسود بۆلای جافرسان، داوایان لێکرد کە بەڵکو، ئەو، جەنگاوەرەکانی لهۆن بکشێنێتەوە تاوەکو ئەم شەڕە نەبێت، بەڵام بێ سود بوو، جافرسان تەوێڵەی چۆڵ نەکرد.

دوای ئەم نوێنەرە، ڕەئیس ئەرکانی حەربی عوسمانی، ئەمری شەڕی‌داو کوشتارێکی زۆر بوو. عوسمانیەکان بە جۆری چەك و بەژمارە لە پێشتر بوون لە لهۆنیەکان، توانیان پاشەکشە بە لهۆنیەکان بکەن و سوپای عوسمانی ڕژایە تەوێڵەو نەوسودیان سوتاند.

خەڵکی تەوێڵە هەندێکیان لەگەڵ عەبدواللە ئاغە بوون سەربە عوسمانی، هەندێکیشیان سەر بەجافرسان بوون، زوربەی زۆریشی بێ‌لایەن بوون.)

لێرەدا پێویست دەکات چەند خاڵێك ڕوون بکەینەوە:

یەکەم: ئەوەیە کە بزانین هەمووکات، شێخەکانی تەوێڵە ڕێزێکی بێ پایان یان لێگیراوە، لەلایەن ئەردەلانی‌و بابانی‌و سان و بەگزادەکانەوە، بگرە شاکانی ئێران و سوڵتانەکانی عوسمانیش بەڕێزێکی زۆرەوە سەیریان کردون و جۆرە سەربەخۆیەکیان بووە. لازاریف دەڵێ:

(.. شێخەکانی هەورامان و شەمدینان.. ناوێکی باشیان بۆ خۆیان پەیدا کردبوو، سەریان بۆهیچ یەکێك لەو حکومەتانە شۆڕ نەئەکردو تەواو سەربەخۆ بوون.[٥]

دووەم: عەبدوالله ئاغا کێ‌یە؟ عەبدوالله ئاغا کوڕی قادرئاغایەو ئەویش کوڕی میران ئاغای کوڕی عەبدوالله ئاغای کوڕی خالد ئاغایە- ئەم خالد ئاغایە باوکی شێخ عوسمان سیراجەدینی یەکەمە- ئەمیش کوڕی عەبدوالله ئاغایە.

ئەم بنەماڵەیە هەرلە باوکی خالدئاغاوە کە عەبدوالله ئاغا بووە، ئاغای تەوێڵە بوون، سەروکاری بەڕێوەبردن وئیدارەی تەوێڵەیان کردووە کە وەك موختارو کوێخای تەوێڵە بوون.[٦]

عەبدوالله ئاغا چوار کوڕی بووە کەئەمانە بوون: (قادر و ئەمین و مەحمود و سەعید).

لەناو ئەم چوار کوڕەدا، قادرئاغا کەبە قاراغە بەناوبانگە ناو دەردەکاو وەك کەسایەتیەکی ئازاو لێهاتوو دەردەکەوێت،. دواتر لە تەمەنی(٦٥) ساڵی‌دا لە ساڵی(١٩٤٣) لە تەوێڵە دەکوژرێت، لەدوای خۆیشی تەنها یەك کوڕی لێ بەجێ دەمێنێت بەناوی (عەلی) لەگەڵ شەش کچ دا.[٧]

ئەم عەبدوالله ئاغەیە کەلە سەردەمی جافرسان دا بووە، دەسەڵاتداری ناوچەکە بووە و لە لایەن عوسمانی‌یەکانەوە، پشتگیری کراوە، لە ڕووی ئیداریەوە پەیوەندی بەعوسمان پاشای جافەوە بووە لە هەڵەبجە، بەڵکو جارجارە، عوسمان پاشا، عەبدوالله ئاغاشی ناردووە بۆ بەرزنجەو دەوروبەری بۆ سەندنی خەرج وباج وشاخانە.[٨]

کاتێك قادربەگ دێتە تەوێڵە و حوکم دەکات، عەبدوالله ئاغا ماوەیەك ماڵی دێتە باخەکۆن لەوێ ژیان دەباتە سەر تاوەکو لە ساڵی (١٩٣٥) کۆچی دوای دەکات و دەیبەنەوە لە خانەقاکەی تەوێڵە بەخاکی دەسپێرن. قاراغەی کوڕێشی ماوەیەك ماڵی دێتە هەڵەبجە دوایی دەگەڕێتەوە تەوێڵە.

سێهەم: کێشەی نێوان جافرسان وعەبدوواللە ئاغە لەسەر چی بووە؟
ململانـێی نێـوان عەبدوواللە ئاغـەو جافرسـان لـە سـەر دەسـەڵات بـووە وەك وتمـان عەبـدوواللە ئاغـا، لـە بـاو باپیرانیـەوە کوێخایـەتی تەوێڵـەی بـۆ ماوەتـەوە و سـەروکاری کـردووە، بەتایبـەت لـە دوای ئـەوەی کەسـنور جیاکرایـەوە، تەوێڵـە بەتەواوی کەوتە سەر دەسەڵاتی عوسمانی. ئەمەش جافرسانی بێتاقەت کردبوو، کەبەشێك لـە هـەورامان لـە ژێـر دەسـەڵاتی‌دا نـەبێت... ئەمـە بـووە هـۆی ئـەوە کەخەڵکی تەوێڵە ببنە دووبەش، هەندێکیان پشتیوانی جافرسان بوون وچەکیان لـە گەڵـدا هـەڵگرتبوو، هەندێکیشـیان لـە گـەڵ عەبـدوواللە ئاغـادا بـوون. هـەردوو لا دژایەتی یەکتریان دەکرد.
کاتێك کەعوسمانیەکان دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا لاواز بوو و کشانەوە لـە تەوێڵـە و دەوروبـەری، عەبـدوواللە ئاغـەش پشـتیوان ودەسـەڵاتی جـارانی نـەماوە، چونکە ئەو وەك جافرسان چەکدار نەبووە، لە بەر چەند هۆیەکیش پـێی نـەکراوە و بـۆی نـەلواوە کاروبارەکە وەك پێویسـت ببـات بـەڕێوەو کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات.
لەهەمان کاتیشدا جافرسان نـەیتوانیوە، یاخۆی نەیویستووە، ڕاستەوخۆ بێتە تەوێڵە و فەرمانڕەوایی بکات.
ئـیتر بـۆ مـاوەی دووسـاڵ پەشـێوی و ئـاژاوەو ئـاڵۆزی یـەك لـە ناوچـەکەدا پەیـدا بـووە، شـەوکوتی‌و ڕاو ڕووتـی زۆر بـووەو، خـەڵکی لـە هـیچ سـەردەمێکی تەوێڵـەدا، وەزعـی ئاوایـان نـەبینیووە، تـەواو بێـزار بـوو بـوون لـەو بـارو دۆخـە چونکە بۆشاییەکی ئیداری دروست بووەو، دەسەڵات وەك پێویست نەبووە.
چـوارەم: لەسـاڵی (١٣٣٣ك- ١٩١٥ز) لـەڕۆژێکی جـەژن دا، عەبـدوواللە ئاغاو(١٥) پیاو لە تەوێڵەیی بۆ جەژنە پیرۆزە دەچنە خزمەتی شێخ نەجمەدین لە بیـارە. لـە گەڕانەوەشـیان دا، عەبـدوواللە ئاغـاو (٥) لـە پیاوەکـانی لادەدەن بـۆ دەگاشـێخان، بۆپرسـەی کوێخـا ئیـبراهیم، (١٠) کەسـەکەی تـر بـەرەو تەوێڵـە دەکەونەڕێ، کەکەمێك لەدەگاشێخان دوور دەکەونەوە بەرەو تەوێڵە دێن- دەگەنە (بـانی واتواتـا)، لـەوێ لەمبـەرو لەوبـەری ڕێگـەوە لەلایـەن چـەند چەکدارێکەوە، تەقـەیان لێ دەکرێو (٩) یـان لێدەکـوژرێن و تـەنها(١) کەسـیان نـەکوژراوە کەلـەو کاتـەدا دوور بـووە لەوانـەوەو لـەدواوە بـووەو پێیشـیان نـەزانیووە... ئەمـەیان، دوایی دەگەڕێتەوە بۆ دەگاشێخان و هەواڵ دەدات بەعەبدوواللە ئاغا.

ئەو (٩) کەسەش کەکوژرابوون ئەمانە بوون:

١- عەلی قادر ئاغا، ٢- جافر سلێمان یاقو چاوش، ٣-حەمە یوسف حەمل، ٤- نادر حەملە سور، ٥-موئمن ڕۆستەم، ٦- موئمن وەستافەرەجواللە ، ٧- ئیسماعیل محەمەد ئاغا ٨- ڕەحمان شاناز، ٩- لەطیف ئەسلەم.

کوژرانی ئەم پیاوانە بەم شێوەو لەوکاتەدا، دەبێتە گرژیەك و بێتاقەتی‌یەك کەلە دەقەرەکە، دەنگ و هەرایەکی گەورە دروست دەبێ‌و، چونکە کوژرانی (٩) کەس لەوزەمانەدا، بەبێ هیچ شەڕو جەنگێك بکوژرێن زۆرن.[٩]

پێنجەم: لەپایزی ساڵی(١٩١٥ز)دا زانایان و پیاو ماقوڵانی تەوێڵە لەگەڵ شێخ حیسامەدین، کۆدەبنەوە تاوەکو چارەسەرێك بۆ ئەم پاشاگەردانی‌یە بکەن، بۆ ئەوەی ولات هێمن و ئارام بێتەوە و ئەم بارودۆخە ئالۆزە بەم شێوە نەمێنێتەوە.

لەئەنجام دا، لەسەر ئەوە ڕێك کەوتون کە داوا لەجافرسان بکەن کەیەکێك لەکوڕەکانی بنێرێتە تەوێڵە، بۆ ئەوەی کاروبار و فەرمانڕەوایی تەوێڵە بکات و ببیات بەڕێوە.

نوێنەری تەوێڵە چووە نەوسود، بۆلای جافرسان و داواکەیان پێگەیاند، لەسەرەتاوە جافرسان دوو دڵ بوو لەوەلامدانەوەی ئەم داواکاری‌یە، لەوە دەترسا کەئەمە داوێك بێت بۆهەق سەندنەوەی ئەو (٩) پیاوەی کە لە(بانی واتواتا) کوژراون، چونکە لەناو تەوێڵەیی‌دا واگومان ئەبرا، کەئەوانەی تەقەیان کردووە لەو (٩) کەسە، چەکدارەکانی جافرسان بوون، بەڵکو قادربەگی جافرسان و حسێن بەگی ڕۆستەم سان لەگەڵیاندا بوون، ئەم گومانە کەوتبووە گوێی جافرسان، ئەوەش کەدوو دڵیەکەی بەهێزتر دەکرد لای جافرسان ئەوەبوو کە تەوێڵە یی یەکان قادربەگیان دەست نیشان کردبوو کەبێت بۆ تەوێڵە، لەکوژرانەکەش قادربەگ زیاتر تۆمەتبار کرابوو.

شێخ حیسامەدین، جافرسانی دڵنیا کردەوە لەوەو، کەفالەتی سەلامەتی قادربەگی کردو قەناعەتی پێ کرد کەئەمە فێڵ و داوو تەڵەکە نی‌یە.

ئەدمۆنس لەم بارەوە لەکتێبەکەی‌دا (کرد وترك وعرب-ص(١٤٠)) دەڵێ:

(.. چونکە خەڵکی تەوێڵە حەزیان بەسەرفرازی و ئاشتی و تەبایی بوو، ناچار بوون خۆیان ڕزگار بکەن لەم دەست درێژی‌یەو، ئارامی و ئاسایش بگەڕێتەوە بۆ تەوێڵە، بۆیە بانگهێشتی قادربەگی جەعفەر سوڵتانیان کرد کەبێت بۆ تەوێڵە و فەرمانڕەوایی ناوچەکەیان بکات.)

شەشــەم: بـەم شـێوەو، بـەم سیاسـەتە، جافرسـان تـوانی بـەهۆی یـەکێك لەکورەکانی لەتەوێڵە دەسەلاًت پەیدا بکات و کۆنترۆڵی هەموو هەورامان بکات. قادربەگ لەرۆژێکی بەهاری ساڵی(١٩١٦ز) لەنەوسودەوە کە پایتەختی جافرسان بـوو بـەرێو رەسـم ومەراسـیمێکی زۆرەوە هـات بـۆ تەوێڵـە و لەلایـەن جـەماوەری تەوێڵەوە، پێشوازی لێ کراوە.

ئـەو رۆژە، قادربـەگ خـۆی و ئەوانـەی کەلەگـەڵی بـوون کـە نزیکـەی (٣٠٠)کـەس بـوون لـەپیاوماقولاًنی هـەورامان و شـارەزوور، هـەموو میـوانی کەسایەتی ناوداری تەوێڵە (هۆمەری مەولود) دەبن.

وەك دەگێڕنەوە:

سـێ شـەوو سـێ رۆژ لـەماڵی (هۆمـەری مـەولود) نـان دراوەو لـەبازاڕی تەوێڵە، شاییو هەڵپەرکێ بووە.

حەوتــەم: جگـە لەتەوێڵـە زۆری نـەبرد، لادێکـانی تـری دەورو بەریشـی، کەوتنـە ژێـر دەسـەلاًتی جافرسـانەوە، کـە(١٦) لادێ بـوون کـە لـەوەو پێشـتر بەگزادەی جاف و بابانەکان دەسەلاًتی بووە بەسەریان دا.

عیزەت بەگی کەریم سان دەڵێ:

پـێش بـوونی جافرسـان بەسـان (لهـۆن) بریتـی بـووە لـە(هانـە گەرملـەو کەیمنەو بێدرواس وهە جیج و نۆدشەو نـەرویو شەرەکان و وەزڵـیو شۆشمیو تەشـارو شـێخان و نەوسـود)یـش پایتـەخت بـووە، پاشـان بـەهۆی جافرسـانەوە هەورامانی لهۆن پان وپۆڕ بوو وسنوری فراوان بوو.[١٠]

ژیان و بەسەر هاتی قادربەگی جافرسان [١١]

قادربەگ وەك کەسایەتی:

قادربەگ کوڕی جافرسانی محەمەد سەعیدسانی لهۆنە، لەساڵی(١٨٨٨ز) لەنۆدشە لەدایك بووە. لەدووەم خێزانـی جافرسانە کە نـاوی(فاطمةخان) بـووە، لەنەوەی مەلا ئەحمەدە و لەبەگزادانی خورماڵە.

قادربـەگ– دوو بـرای دایـك و بـاوکی بـووە، کـە ئـەوانیش کـەریم سـان و غەفاربـەگ بـوون.. کـەریم بـەگ لـەدوای جافرسـان لەسـاڵی(١٩٤١ز) بـووە بەسـانی هەورامان و لەساڵی(١٩٤٥ز) لەنەوسود کۆچـی دوایـی کردووە، یـەك کـوڕی بـووە بەناوی (عیزەت)کە دوایی ئەمیش دەبێتە ئەخیر سانی هەورامانی لهۆن.

غەفار بەگیش- هەر لەگەڵ قادربەگ بووە، هەردوکیان هەر بەیەکەوە کراون بەحاکمی تەوێڵە و سۆسەکان، بەڵام هەر ناوی قادربەگ دیار بووەو دەرکەوتووە. غەفاربەگ ئەمیری جەنگ بووە و هەر لە تەوێڵە مردووە لە (باوە سەرهەنگ نێژراوە، سێ کوڕی بووە:

مەجید بەگ- یەکەم کەس بووە لە تەوێڵە چووەتە قوتابخانە لە (١٠/١٤/ ١٩٢٨)، دواتر باوکی لەگەڵ باوای (جافرسان)دا کە دەبنە پەناهندە لە کەرکوک. دەست دەکاتەوە بەخوێندن تا دەگاتە پلەی ئەفسەری لە عێراق داو هەر لە کەرکوک دەمێنێتەوە.

سەعدی بەگ - قادربەگ - مەجید بەگ - عیزەت بەگ - عەبدوڵڵا بەگی مەحمود خانی دزڵی - بەغداد ١٩٣١

ئازاد هەورامی کە ئەندامی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان بوو، کوڕی ئەم مەجید بەگەی لهۆنە، کەلە (١٩٨٨/٨/٢١) لە قەندیل بەهۆی قەصفی فڕۆکەی دوژمنەوە پێکراو زۆری نەبرد لە پێناو کوردو کوردستان دا گیانی بەخشیو لە (سەرکڕان)ی لای پاوە بەخاک سپێررا.

فاتح بەگ- لە سلێمانی مردووە.

نووری بەگیش- ئێستا لە سلێمانیە.

ئافتاب بەگی خێزانی عیزەت بەگی خانەگا کەبە خانمی هەورامان ناسراوە کچی ئەم غەفار بەگەیە.

خێزان و نەوەکانی قادربەگ:

قادربەگ سێ ژنی هێناوە:

-توباخان کچی شێخ حەسەنی عەبابەیلێ بووە، کوڕێك و کچێکی لەم ژنە بووە، بەناوی (سەعدی ومەدینە). مەدینەخان شوی کردووە بە (صائیب بەگی زۆراب بەگ) و لەم سالانەی دواییدا لە سلێمانی کۆچی دوای کردووە.

-خاتوو شاناز- کچی نەزەری کلاوسیاوی تەوێڵەیی بووە کە واحیدەخان کە ئێستا لە ئێرانە کچی ئەم خاتوونەیەو شوی کردووە بە طاهری تۆفیق بەگ، هەروەها فەوزیەخانیشی بووە، شوی نەکردووەو ئێستا لەنەوسودە..

-خاتوو فەرخی- کچی خواکەرەم تەوێڵەیی- کە لەوەو پێش ژنی سالەی ئەحمەدی مەحمود بووە-خاتوو فەرخی لە گەڵ ئاوارەکانی نەوسودا لە ساڵی(١٩٨١) هات بۆ هەڵەبجەو، لەدوای دوو سێ ساڵێك هەر لە هەڵەبجە کۆچی دوایی کرد.

قادربەگ لە خاتوو فەرخی سێ کچی بووە:

-ئەدیبەخان ژنی شێخ لەطیفی شێخ صاڵحی عەبابەیلێ بووە، کەلە کیمیاویەکەدا، لەگەڵ کوڕێکی شەهید بوون.

-نافعەخان، ژنی نیازی حەسەن بەگ.

-زەکیەخان ژنی (ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی) نەوسودیە کە ئێستا لە کرماشانە.

قادر بەگ، لەم سێ ژنەی، تەنها یەك کوڕی دەبێ، کە ئەویش سەعدیبەگ بووە کەلە ساڵی (١٩٢٣) لە تەوێڵە لە دایك دەبێو، کە قوتابخانەی تەوێڵە دەکرێتەوە، دووەم کەس دەبێت، لە (١٤/١٠/ ١٩٢٨) ناوی خۆی تۆمار دەکات.

سەعدیبەگ، هەر لە تەوێڵە ژیاوە، تالەم سالانەی دوایی کە خەڵکی تەوێڵە ناوچەکەیان چۆڵ کرد، ئەویش هاتە سلێمانی، تالە(١٩٨١/٩/٥) کۆچی دوایی کردو، تەرمەکەی برایەوە بۆ عەبابەیلێ لەوێ بەخاك سپێررا.

سەعدی بەگ.. خاتوو سەعادەتی کچی حەسەن بەگی مامی هێناوە کە خوشکی نیازیبەگ بووە. چوار کوڕو کچێکی بووە بەناوی:

(بارام و قەیسەر و غالب و سەریاس و وەزیرە) لە کیمیاویەکەی هەڵەبجەدا، قەیسەر و غالب شەهید بوون، سەریاسیش لە دوای ڕاپەڕین چوو بۆ هەندەران، بەلام بارام بەگ ئێستا لە سلێمانیەو عەمیدە لە ئینضیباطیە ی سلێمانی وەزیرەخانیش شووی کردوە بە (   ).

قادربەگ، پیاوێکی بەسام و بەهەیبەت بووە، مۆن و تووڕە بووە، پێکەنینی کەم بووە، ڕەوشت بەرزو داوێن پاك و نەفس بەرز بووە،چاوی لە ناموسی خەڵکەوە نەبووە.

(ئازاو چاو نەترس بووە، لە شەڕەکانی جافرسان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و تورك وعەشایرەکانی دیکەدا بەشداری کردووەو ناوبانگی دەرکردووە) دەڵێن زۆر ڕقی لە کوفر کردن بووە.. حاجی محەمەد ڕەحمان فەتاح ناسراوە بەحاجی حەمەسور دەڵێت لە دەمی خۆی بیستومە لەو کاتەی کە لە بەغدا زیندان بووە جولەکەیەك کوفر دەکات، قادربەگ هەڵدەستێتەوە بۆی، بەجۆرێك لێی دەدات دەیکوژێت و دەمرێت.

قادربەگ (..زۆر دەوڵەمەند بووەو، هەروەك بەدەم خزمانی خۆیەوە دەگێڕنەوە، کاتی گوێزانەوە، قادربەگ، بەسندوق لیرەو پارەی سپی گوێزاوەتەوەو هەمیشە بەگزادەکان، بۆکڕینی موڵك یان، شتێ، بۆ پارەی پێویست، بەوکارە، چونەتە لای قادربەگ و هەروەك، هەندێ لە بەگزادەی جافیش، هەر چونەتە لای، قادربەگ و پارەیان. لای ئەو قەرز کردووە.

دەڵێن: زوربەی خەرجی جافرسان و کوڕانی کاتێ کەپەناهندە دەبن لە عێراق لەلایەن قادربەگەوە کراوە.. بەڵکو بەبەردەوامی بەدەمیانەوە بووەو لێیان نەبراوە.

حسێن بەگی ڕۆستەم سان، بەم جۆرە، باسی قادربەگ-مان بۆ دەکات و دەڵێ:

(باقی سالاران، بەیان ئاشکار

قادربەگ،چون شێر، نەدەس نامدار

حەقیقەت مەردەن، بە ئەقڵ و کەماڵ

بەماڵ و دەوڵەت، بەحسن و جەماڵ

بەجەماڵ یوسف، بەسەفا حاتەم

قەلعەو عەمارەت، چون جەمشێدی جەم

سەرای خوسرەویش، چەند زەڕین کەمەر

نمەیۆش وەچەم، دنیا سەرانسەر)

مێژووی هەورامان (٢٦٣، ٢٥٩)

قادربەگ.. زۆر پابەند بووە بەنوێژەوە، نوێژی بەیانیانی هەر بەجەماعەت کردوە، حەجی کردووە، بەرگری لەخەڵکی تەوێڵە زۆر کردووە، بەکورتە: وەك دەسەڵاتێکی ئەو کاتە سەیری بکەین، ئیجابیاتی زۆر بووە.

قادربەگ، لە ساڵی(١٩٧٨ز) لە نەوسود کۆچی دوایی کردووەو هەر لەوێش بەخاکی دەسپێرن.

قادربەگ وەك خوێندەوارێك:

قادربەگ هەر لەهەورامانی لهۆن، لەلای زانایانی ناوچەکە دەستی بەخوێندن کردووەو، خوێندەواریەکەشی وادیارە، لە پلەیەکی باش دا بووە، فارسی و عەرەبی باش زانیووە، دەستی شیعری بووە، هەرچەندە شیعرەکانیمان دەست نەکەوتووە، دەڵێن دیوانی خەیامی بەشیعر وەرگێڕاوەتە سەر هەورامی.

زۆر حەزی لەکۆڕی زانایان و خوێندەواران بووەو پرس و ڕاوێژی لەگەڵیان بووە.

وەستا محەمەدی وەستا حەمەصاڵح دەڵێ: جارێکیان دەفتەرێك شیعری خۆی دانا بوو، من گرتم بەدەستەوە تاهاتەوە ئەم شیعرەم خوێندەوەو لەبەریشم کرد:

باباست کەرو سەڵوی خەرامان	دەمت پڕنەقوڵ شیرینتەر جەگیان
دیمت ئوجو جام، چەم چەمیحەیات	قسەت دیسان قەن دەمت پر نەبات
لوتەت بەرو دوڕ، مانگی یەک شەوە	لالوتەوانە، هەم مانگی نەوە
یانی پیسە مانگ جەژنی ڕەمەزان	من ماچو نەویٚ ئاخری شەعبان
ئەوەن بی فەرح، ئیدە بی فەرەح	ڕەنگی جوانیش، چوون قەوس و قەزەح
دەهەمسش ماچی، ئادا ئەصحابە	بەهەشت وێنەشا ڕوو بەڕووی کەعبە

صاف تەرا سینەش، تەوەن و کەعبەی نەک بەسیاوی، قەدیم بەچەرمەی.

م. محەمەد ئەمین لە مێژووی هەورامان ــل (٢٥٩، ٢٦٠)دا دەڵێ:

(.. شایانی باسە، دەفتەرێکی نیوە دڕاوی (قادربەگ) بەهۆی کوڕانی عیزەت بەگی ئەلی محەمەد بەگەوە، دەستمان کەوت و لەو دەفتەرەدا، هەندێ زانیاری کەممان لە بارەی تەوێڵەوە دەست کەوت و لەگەڵ چەند ئایەتێك، کە بەشێوەی کوردی هەورامانی وەری گێڕاون! وەپارچە شیعرێکیشە کە بەدەسخەتی خۆیەتی و باسی بەسەرهاتی خۆی دەکات! لەو زانیارانەی لە بارەی تەوێڵەوە، وەك هاتنی لافاوێکی گەورەو زیان بەخش کەساڵی(١٩٣٦)و بویشە، بەهۆی داماڵینی باخ و باخات و خانووی زۆر. هەروەها بڵاوبوونەوەی (ئاوڵە) کەساڵی(١٩٣١) بووەو نزیکەی (١٠٩) کەسێکی تەوێڵەیی کوشتووە!

قادربەگ دەستی وەرگێڕانی هەبووە، چونکە عەرەبی باشی زانیوە، بەم بۆنەیەوە خەریك بووە کە قورئان، بۆ کوردی هەورامانی بگۆڕێ‌و، بەڵام ئێمە لەو دەفتەرەی‌دا، هەر تەنیا نەختێ لەو ئایەتە وەرگێڕاوانەمان، دەست کەوتن کە مابوونەوە!

ئێمە والێرەدا، وێنەیەك، یان، وەرگرتەیەك، لەو ئایەتە، وەرگێڕاوانە وەردەگرین و دەینوسینەوەو، بۆ ئەوەی خوێنەر ئاگاداری بێ‌و ئەوجا دوابەدوای ئەمە، وێنەی دەست خەت و کارەکەی خۆی (وەرگێڕانی ئایەتی قورئان) دەخەینە، بەر چاو.

یەکێ لەو سورەتانەی کە قادربەگ، دەستی پێ‌کردووە، کەوەری بگێڕێ‌و بۆشێوە کوردی هەورامانی، ئەم سورەتەیە:

الم* ذلك الكتاب لاريب فيه هدى

کەلیمێ ڕەمزێ، ئی‌نویسەیە، هیچ شکەش نی‌یەنە چەنە

للمتقين* الذين يؤمنون بالغيب ويقيمون

ڕانیشان دەرا، پەی دینداری، بەچەم پەنە نەکەوتەی

الصلوة ومما رزقناهم ينفقون والذين

نمایاو ئانێ ڕۆزیما دێنی خەرجیش کەراوە، ئانێ

يؤمنون بما انزل اليك وما انزل

ئیماندارێنی بەئینەیە، ئامانەرەوار جەچێ وەڵی

من قبلك وبالآخرة هم يؤقنون

جەوەڵێنە، جەدماوە، ئانێ باوەڕشا هەن

اولئك على هدى من ربهم وأولئك هم المفلحون

ئانێ هیدایەتشا دریان، ئانێ جە خودای هۆرچینیەنێ

وێنەی ئەو پارچە ئایەتە کەبەدەست خەتی خۆی نوسراوەو، لە لایەن خۆیشیەوە بە شێوەی کوردی هەورامانی لێکی داوەتەوە ئێستا هەیەو ماوە...).

قادربەگ وەك فەرمانڕەوایەك

پێشتر باسمان کرد کەچۆن زەمینە سازێنرا، تا قادربەگ هاتە تەوێڵە . واتە قادربەگ وەك فەرمانڕەوایەك هاتە تەوێڵە، هەر لەسەرەتاوە چەند کەسایەتیەکی ناوداری لە پیاو ماقوڵان و زانایان لە دەوری خۆی کۆکردەوەو ڕاوێژی پێکردن، وەك:

مەلا عەبدوالله ی مەریوانی، ئەحمەدی ئیسحاق، هۆمەری مەولود، میرزا عەبدولقادرو حاجی فەرەج و حاجی ئایزەی حەبیب.. تاد.

هەروەها تفەنگچی بووەو لەکاتی پێویست دا، ئامادەباش بوون، وەك: قالەی مەجنون، حەمە ڕەضا بەگ، حەیبە الله سور، ئایزە بوڕیزەن، فەتەگول، ئیتر دەستی بەئاوەدان کردنەوەو دروست کردنی خانویەکی قەشەنگ و جوان و گەورەو، گەرماوو قەیسەریو دوکان و بازاڕێکی گەورەو باخاتێکی فراوان و دڵگیر کەبریتی بوو لە باخچە میراو باخی نسارەی بەر شاجۆو نسارەی قرتە، ئەمانە هەموو ڕەونەقی شارۆچکەی تەوێڵەیان ڕازاند بووەوە.

کۆشك و خانوبەرەکەی بەجۆرێك بووە، کاتێك جافرسان لە نەوسود پیاوانی گەورەی میوان دەبێت، دەیان نێرێ بۆشاری تەوێڵە بۆ ماڵی(قادربەگ)ی کوڕی- هەروەك لە ژیاننامەی جافرسان دا ئاماژەمان بۆ کردووە.

لەکارە چاکەکانی قادربەگ:

ماوەی فەرمانڕەوایی قادربەگ لە نێوان ساڵانی (١٩١٦- ١٩٣٧) بوە، دوای ئەو ماوەیە ئەو دەسەڵاتەی نەماوە، چونکە نزیکەی(١٠) ساڵی زیندان بووەو دوای بەردانیشی، هەم فکرەی حیزبایەتی پەیدا بووەو هەم جەماوەرەکەش گۆڕاوە، لەو ماوەیەشدا، کە قادربەگ فەرمانڕەوا بووە، شێخ حیسامەدین وەك دەسەڵاتێکی ڕۆحی بووەو عەبدوالله ئاغاو دواتریش قادرئاغای کوڕی، کوێخای تەوێڵە بوون واتە لە ساڵەکانی (١٩٤٣- ١٩٥٧) کەدوای بەردانی لە زیندان دەکات ئەو دەسەڵاتەی جارانی نەماوە.

بەهەر حاڵ قادربەگ، لەماوەی دەسەڵاتیدا گەلێك ئیشیچاکی کردووە، کەلە شوێنی خۆیاندا بەدرێژتر باسمان کردون لەوانە:

١- لە سەردەمی فەرمانڕەوایەکەیدا ناوچەکە، هێمن و ئارام و ئاسایش بووە، ئەوبێ سەروبەرییەی جاران نەماوە، نزیکەی(٢٠) ساڵێك کاروباری باش ڕۆیشتووە بەڕێوەو، کێشە کەم بووە.

٢- هەوڵێکی زۆری داوە بۆ کردنەوەی قوتابخانەی تەوێڵە، بۆ ئەمەش بیناکەی -کەخانویەکی خۆی بووە- بەخشیویەتی بە قوتابخانەو جگە لەمەش خزمەتێکی زۆری قوتابیو مامۆستاکانی کردووە، قوتابی هەژار بەئارەزووی خۆی خوێندویەتی بەڵام قوتابی دەوڵەمەند واجبی کردوە دەبێت باوکی بینێرێت بۆ قوتابخانە.

٣- مزگەوتی گەورەی تەوێڵە لە ساڵی(١٩٢٩ز) دا، ڕووخاندووەو بۆجارێکی تر بەگەورەیی دروستی کردووەتەوە.
٤- نەخشەیەکی جوان وڕێك وپێکی داناوە، بۆدابەش کردنی ئاوی ئاوێسەرو چەمی دزاوەرو باخەکانی تر، کەبەڕاستی کارێکی زۆر گرنگ و باش بووە.
٥- هەندێ بینای دروست کردووە- هەرچەندە بۆ خۆی بووەو لەسەر ئەرکی خەڵك بووە-بەڵام بووەتە هۆی، بەرەو پێش بردنی بیناسازیو هونەری ئاوەدانکردنەوەو جوانکردنی دیمەنی شارۆچکەی تەوێڵە، چونکە وەستای کاراو لێهاتوی بۆ دروست کردنی بیناکانی هێناوە.
٦- کۆڵانەکانی تەوێڵەی چاك کردووە، بەتایبەت کۆڵانی گەڕەکی خەمەکاوە.
٧- هەروەها.. چەند یاسایەکی کۆمەڵایەتی داناوە، بۆ ئەو سەردەمە بۆ شارۆچکەیەکی وەك تەوێڵە زۆر باش بوون- لەو شتانەی کە قەدەغەی کردن:
ا- تەلاق خستن بۆسوێند خواردن.
ب-وەستانی پیاوان لەسەر ڕێگەی کانی ژنان.
ح-زەنگ کردنەملی ئاژەڵ، لە ئاواییدا بۆ ئەوەی خەڵك ئەگەر خەوتبێت بەخەبەر نەبێتەوە.
د- لە ئاودەستخانە هەرکەسێك بێتە دەرەوەو خۆی گورج نەکردبێتەوەو بەنەخوێنی بەدەستەوە بوایە. ئەمانە سزاکەیان (٥) تمەن جەریمە بووە.
ه- دزی و جەردەیی هەرکەس بیکردایە سزای زۆری داوە، ئیتر وای لێهاتووە لەو ماوەیە بەدەگمەن دزی کراوە.
و- هەر تەوێڵەییەك شکاتی لە غەیری تەوێڵەیی بکردایە، سزای دەدا،دەیوت دەبێت تەوێڵەیی ئازابیو کەسی تربێت شکاتی بکات.
ز- عارەق خوادنەوەو قومارکردن سزایەکی توندی دانابوو بۆیان.
ح-(ڕاگا گەلەی) واتە ڕێگەی بۆ ڕان کردەوە بەمانای ڕێگەیەکی تایبەتی بێت بۆ ڕان کەبڕوات بۆ لەوەڕگا، نەك زەرەر بدات وڕەز و باخ پێشێل بکات.
- ئەگەر کەسێك پیشەیەکی زانی بێ وەك بەرگدرووییو دارتاشی و ئاسنگەریو یا ولاخداری، بەڵام دەزگاکە یاولاخەکەی نەبوبێ ئەو دەزگاکە یا ولاخەکەی بۆکڕیوە خستویەتی کارو دوایی پارەکەی بە(قیست) داوەتەوە، یاخود پارەی بەقەرز داوە بە بازرگان و کاسپ تا بەتاڵ نەبن کاسپی بکەن.

ناکۆکی نێوان قادربەگ و شێخ حیسامەدین:

هەرچەندە، قادر بەگ کەدێتە تەوێڵە، شێخ کەفالەتی سەلامەتی دەکات و بەحیساب، جافرسان لەبەر خاتری ئەو قادربەگی نارد، کەچی پاش چەند ساڵێك، ناکۆکی کەوتە نێوانیان.

قادربەگ، لە تەوێڵەدا، کۆشك وتەلار و حەمام و خان وچایخانەو ئاش و قەیسەریو بازاڕێکی گەورە دەکاتەوە، لە لهۆن دا، ناوبانگی دەرکردبوو، تەواو بوونی ئەو هەموو کۆشك و خانو و خانوبەرە، هەوەك خۆی نوسیویە لە ساڵی(١٣٤٠ك-١٩٢١ن) تەواو بووە.

م. محەمەد ئەمین لە مێژووەکەیدا -ل٢٥٨- دەڵێ:

(..دروست کردنی ئەو خانووەو هەندێ دوکانی قادربەگ لە تەوێڵەدا، بوون بەهۆی ئەوەوە، کە شێخ حیسامەدین پێی ناخۆش بێو پیاوی پیاوانەو بەناوبانگی تەوێڵەش، لایەنی شێخ حیسامەدین بگرێو دژی قادربەگ بوەستێو قادربەگیش، سێو دووی لێ نەکاو بیکوژێو، ئەمەش بووە بەهۆی کوشتنی یەکێ لە لایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە یەکێکی تر زیندانی بکرێت و لەلای سێهەمیش، بووە بەهۆی داخستنی دووبەرەکی لە نێوان تەوێڵەییدا، کە ئەوانیش بەرەی شێخ و بەرەی بەگن.

دیارە لەو دوو بەرەکییەدا، هیچ لایەکیان وەك(سان ئەحمەد)و وەك (قادر ئاغا) زەرەریان نەکرد...)

ئێمە هۆکارەکان وەك دەماو دەم بیستراوە دەگێڕینەوە بۆ ئەمانەی خوارەوە:

- قادربەگ، داوای حەمیدەخانی لە شێخ کرد، بەڵام شێخ حیسامەدین نەیدایە. ئەمە سەرەتاکەی بوو.

- لە کۆکردنەوەی سەروەت و سامان دا، مونافیسی یەك بوون، ئەمەش حەساسیەتی دروست کردبوو.

- دەسەڵاتی سیاسی قادربەگ، بەناڕاستەوخۆ، کاریگەری هەبوو، لەسەر کەم کردنەوەی دەسەڵاتی شێخ حیسامەدین.

- خزمانی شێخ-سان ئەحمەدو عەبدواللە ئاغەو قادرئاغای کوڕی- پێش هاتنی قادربەگ دەسەڵاتیان لە تەوێڵەدا هەبووە، چونکە لەڕاستیدا ئەمان هەر نەیار(معارض) بوون بەهاتنی قادربەگ. بەڵکو نەشیان دەتوانی مەنعی

هاتنی بکەن و جگە لەمەش بۆ نەهێشتنی پشێویەکەو بێ سەروبەری لە ناوچەکەدا ناچار بوون لەگەڵ جەماوەرەکە پێشوازیشی بکەن.

– ئەو هەموو باج و سەرانەیەی کە قادربەگ خستبوویە سەر خەڵکەکە، خەڵکەکەی بێتاقەت کردبوو، ئەوانیش دەچوون بۆلای شێخ دەردی دڵی خۆیان دەکردەوە ئەویش پێی ناخۆش بوو.

– جگە لەمەش لە هەموو سەردەم و زەمانێکدا، ئاشوب گێڕو فیتنەچی، دەوری زۆر دەبینن لەنێوان خەڵکیدا چونکە بەرژەوەندیان هەیە لەو ئاژاوەیەدا– لێرەشدا لەناوچەکە چەند کەسانێك هەبون ڕۆڵی ئاژاوەو فیتنەیان دەبینی کەهەر لە نزیکەکانی خۆیان بوون.

کە قادربەگ حەمیدەخانی نەدرایە کەوتە بیانو گرتن و دەست گرتن بەسەر هەندێ ئەرزدا کە ئەرزی شێخیشی تێدا بوو. ئەمەو هۆکانی تر ئاگری فیتنەیان دروست کردو هەردولا، کەوتنە هەڕەشەو گوڕەشە لە یەکتری.

سان ئەحمەدو قادر ئاغا، پشتیوانی شێخ بوون و دژی قادر بەگ بوون، ئەم دژایەتیو ناکۆکیەی نێوان شێخ و قادر بەگ بوو بە هۆی زیانی تەوێڵەییو کوشتنی دوو پیاوی ناوداریان.

لە ئەنجامدا لە (١٩٣٧/٩/٢٧)سان ئەحمەدی مەحمودئاغا دەکوژرێت و قادر بەگ لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە دەگیرێت و بەڵکو لەسەرەتاوە زوربەی کەس و کاریشی دەگیرێت، دوای ماوەیەك بەردەبن بەس قادر بەگ لە زیندان دەمێنێتەوە...ئەو ماوەیە ماڵەکەشی تالآن دەکرێت و وەك کەلاوەیەکی لێ دێت.

مەحکەمەی عێراقی حوکمی لەسێدارەدانی دەرکرد بۆ قادربەگ، بەلآم دوایی کردی بەحوکمی ئەبەدی، پاشان بەهۆی حوکمی عەشایری دەسەلآتی بەگزادەوە حوکمەکەیان کرد بە(٢٠) ساڵ.

قادربەگ لە زیندان مایەوە تالە شەهریوەری ساڵی (١٩٤١ز) کە کەریم بەگی برای لە زیندانی قەصری قاجاڕ بەردەبێت، لەگەڵ مەنصوربەگی برایدا دەچن بۆ بەغدا، لەوێ وەصی عێراق دەبینن وداوای بەردانی قادربەگ دەکەن. وەصی پەیمانی دانێ کەبەری بدات وفەرمانیدا بەزووترین کات ڕێگایەك بۆ بەردانی بدۆزنەوە.

کەریم بەگ لەو سەردانەیدا بۆ عێراق، توانی سەردانی قادربەگی برای بکات لە بەندیخانەی کەرکوك. ئەوەی لێرەدا جێگەی باسە و پەیوەندیشی هەیە بەم ڕووداوە، کوژرانی قادرئاغای عەبدوالله ئاغەیە.

لە شەوی سێشەمە \چوارشەمە (٢٣-٢/٢٤ ساڵی (١٩٤٣) لەلایەن دوو کەسەوە بەدۆستی، قادرئاغا لەماڵ دێننە دەرەوەو تادەیگەیەننە بەرامبەر خانەقای تەوێڵە لەوێ تەقەی لێ دەکرێت ودەکوژرێت.. دەڵێن: کوژەری قاراغە، سەعدی بەگی قادربەگ دەبێت کەلەو کاتەدا لە نەوسود بووەو شەوهاتووە قاراغەی کوشتووەو گەڕاوەتەوە نەوسود بۆیە حکومەتی عێراق نەیتوانیوە بیگرێت.

کوژرانی ئەم دوو ناودارە کێشەیەکی گەورە بوو لە تەوێڵەداو پشێویەکەی زیاتر گەورە کرد.. ئەمە مایەوە تاوەکوو ساڵی(١٩٤٧) حکومەتی عێراقی بڕیاری ئازاد کردنی قادربەگی‌دا، بەمەرجێك بنەماڵەی سان ئەحمەد لێی خۆش بن..

سەرەنجام زەمینە خۆشکرا، هەردوو بنەماڵە، بنەماڵەی ئاغەلەران و بنەماڵەی بەگزادە ئاشت ببنەوەو ڕێك بکەون.

ئەمەش بەهۆی حکمەت وعەقڵ و بیرکردنەوە لەئایندەی خۆیان تائاژاوەکە گەورەتر نەبێت...بەشێوەیەکی یاسایی‌و عەشایری چارەسەری کێشەکە کراو کۆتایی پێهێنرا... ئەویش ئەوەبوو حەمە ئەمین سان و نزیکەی(٢٥٠) کەس لە بەگزادە و عەشایر هاتنە تەوێڵە و سەردانی ماڵی سانەیان کردو داوای لێ بوردنیان کرد. لەلایەن خاتو (خاڵێ)ی خێزانی سان و کوڕەکانی‌و، بنەماڵەی ئاغەلەران لە ماڵێدەر لە ماڵەکەی سان ئەحمەد پێشوازیان کردو، لە قادر بەگ خۆش بوون و مەزبەتەیەکیان کردەوە بۆی بۆ ئازادکردنی. لەدواییدا چەند کەسانێك لە بەگزادەو ئەحمەدی ئیسحاق مەزبەتەکەیان هێنا بۆ سلێمانی بۆلای شێخ بابە عەلی‌و ئەویش گەیاندی بەشوێنی خۆی. بەم شێوەیە قادربەگ لەساڵی (١٩٤٧) ئازاد بوو و گەڕایەوە تەوێڵە.

- لەلایەکی تریشەوە کە ناکۆکی دروست بوو لەنێوان شێخ و قادربەگ داو خوێن ڕێژرا لە نێوانیان، ئیتر شێخیش وای بەباش زانی بچێت بۆ باخەکۆن لە تەوێڵە دور بکەوێتەوە..بەڵکو ئاژاوەکە بکوژێتەوە..

- سەعدی بەگیش دوای ئازاد بوونی باوکی ئەویش گەڕایەوە، بەڵام لەسەرەتاوە وتیان بالەسۆسەکان دانیشێ و نابێت بێتەوە تەوێڵە، لەبەر ئەوە چەند ساڵێك لە سۆسەکان مایەوە، دواتر گەڕایەوە تەوێڵەو هاتەوە لای قادر بەگی باوکی.

کە قادربەگ گەڕایەوە تەوێڵە، ئەو دەستەڵاتەی جارانی نەما، لە لایەکەوە بەگزادە بەگشتی دەسەڵاتی لاواز بوو بەهۆی دەسەڵاتی دادگاو پۆلیسخانەوە،

لەلایەکی تریشەوە، ئەو جەماوەرەی نەمابووبە هۆی بوونی ئەو کێشانەی لەوەو پێش، جگە لەوەش فکرەی کوردایەتیو حیزبایەتی بە تایبەت لەسەرەتای پەنجاکانەوە فیکرەی شیوعیەت سەری هەڵدابوو...بۆیە لە (١٩٥٧/١٠/٢١) دەچێتەوە بۆ نەوسود، شوێنی سەرەکی باو باپیرانی لەوێ دەمێنێتەوە تا کۆچی دوایی دەکات.بەڵام سەعدیبەگی کوڕی لە تەوێڵە دەمێنێتەوە لەسەر موڵك وماڵەکەی باوکی دادەنیشێ و ژیان دەباتە سەر.

قادر بەگمان پێ باشترە:

لە مێژووی هەورامان دا-ل ٢٦٣-هاتوە، کە بەدەم ڕەئیس (محەمەد سان ئەحمەد)ەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ:

(مستەفا بەگ-ی جافرسان، بۆ تەوێڵە دەچێو بەو نیازەی، لە تەوێڵە دابنیشێ، تاوەکو، بتوانێ، لە قادربەگی بسێنێو لە جێگای‌دا ببێ بەحاکمی تەوێڵە.

تەوێڵەیی، هەست بەوە دەکەن، کەلە هەموو ڕوویەکەوە، قادر بەگ، بۆ تەوێڵەیی باشترە، چونکە هەر وەك قادربەگ، سەرپاکی تەواوی تەوێڵەیی دەناسێ، هەروەها تەوێڵەیش زۆر چاك، فێری دڵ و دەروونی قادربەگ بوون و لەگەڵی‌دا ڕاهاتوون.

لەبەر ئەم هۆیانە، هەندێ پیاوی ناسیاو و دیاری تەوێڵەیی بۆ نەوسود بۆلای جافرسان، دەڕۆن و لەوێ، لای جافرسان، دەڵێن، کە مستەفابەگ بە تەداوی کردنی نەخۆشیەوە، بۆ تەوێڵە هاتوەو لەڕاستی‌دا، نەخۆش نیە، بەڵکو نەخۆشی تەوێڵەیەو، ئەگەر ئێوە لە ئێمە بپرسن، هەر قادر بەگمان دەوێ.

جافرسانیش، مەحمود هەجیجی بۆ تەوێڵە، بۆ سەر سالار (مستەفا بەگ)ی دەنێرێو فەرمانی دەداتێ کە لەوێ، دەری بکات!)

ڕۆڵی قادر بەگ لە ئاشت بوونەوەی هەردو سالاردا:

سالارە دەولە نازناوی، سالاری بەخشیوە بەهەندێ کوڕو برازایانی جافرسان، لەوانە:

- ئافراسیاوبەگی ڕۆستەم سان، کە حاکمی (هانە گەرمڵە و کەیمنە و بێدەرواز و بیارە و نارنجڵە و گوڵپ و سەرگەت و گەچێنەو باخەکۆن و بنجە و دڕەیو هانەی دن و دەرەومەڕێ)بووە.

- هەروەها مستەفابەگی جافرسانیش کە حاکمی (دەگا شێخان و بەڵخە و خەرپانیو دەرەقەیسەر)بووە، کە هەردوکیان نازناوی (سالار)یان بووە.

هەر وەك لە مێژووی هەورامان دا –ل٢٢٥–هاتووە:

ئەفراسیاوبەگ و مستەفابەگ، هەمیشە لەسەر موڵك و لەسەر ئەوەی کە ئەم دڵخۆشی پیاوی ئەو دەکات و هەریەك لەوان، هانی پیاوی ئەو دژی ئەم هان دەداو بەو جۆرە.

بەهۆی قادربەگەوە، لەسەر فەرمانی جافرسان، (ئافراسیاوبەگ و مستەفابەگ لە تەوێڵە و لە ماڵی قادربەگ، دەبێ کۆببنەوە، بۆ ئەوەی لە یەکتری، خۆش بن و ئاشت بکرێنەوە.

لەوێ لەماڵی قادربەگ داو بەبێ ئەوەی قادربەگ پێ بزانێ‌و، مستەفابەگ تفەنگچی ئامادە دەکات، کە کەی پیاوی ئەفراسیا و بەگ گەیشتنە بەرەوە، ئەمان، لێیان بدەن!!

بەلام پێش ڕوودانی کارەکە، قادربەگ پێیان دەزانێ‌و پیاوەکانی مستەفابەگ، چەك دەکات و ئەوجا، پاش ئەوە، قادربەگ، هەردووکیان، ئاشت دەکاتەوە.بێگومان هەر وەك بەدەم خەڵکی ئەو سەردەمەوە دەبیسترێت ئاشت بوونەوەیەکی ڕواڵەتی بووەو لەدڵەوە، هەمیشە هەروەك دەرکەوتوە یەکتریان خۆش نەویستوە.

پاشان جافرسان خۆی ناچار دەبێ‌و دێتە ناوەوەو، جەماوەرێکی زۆر لە بیارە کۆدەکاتەوە و، صوڵحی هەردوولا دەکات...)

نەیارەکانی قادر بەگ:

جگە لەشێخ حیسامەدین و سان ئەحمەد و عەبدواللە ئاغا و قاراغای کوڕی‌و..

دەڵێن: هەندێك لە مەلاکانی تەوێڵەش، وەك مەلا عەبدەو مەلا حەبیبواللە مەلا ئەحمەدی قازی.. لەگەڵ قادر بەگدا نەبوون..

مەلا عەبدە چەند ساڵ مەلاو خەتیبی مزگەوتی گەورەی تەوێڵە بووەو، لەسەر مەسەلەیەکی شەرعی لەگەڵ قادر بەگدا تێك دەچن و ئیتر واز لە خەتیبی ئەهێنێت.

مەلا حەبیبواللە یەکێك بووە لەوانەی هەوڵی داوە پۆلیسخانە لەتەوێڵەدا ببێت، ئەویش بۆ ئەوەی دەسەڵاتی قادربەگ کەم ببێتەوە.

مەلا ئەحمەدی قازی، قازی تەوێڵە دەبێت لەسەر تەداخول کردنی قادربەگ لە قەزاوەت، ئەویش تێك دەچێت و پاشان دەچێتە سلێمانی‌و هەڵەبجە دەبێتە قازی، پاشان دێتەوە بۆ سۆسەکان و دەبێتە مەلای ئەوێ، ئیتر دژایەتی قادربەگ

دەکات و خەڵکی هان دەدات دژی قادربەگ..ئەویش عەزیەتی ئەو کەسانە دەدات کە تێکەڵاوی قادربەگ دەکەن.دەگێڕنەوە:

مام ئەولحامدی ئەلیەکە پیاوێکی قسەزان و دانا بووە، لەگەڵ مەلا ئەحمەدی قازیدا نێوانیان خۆش بووەو بە نهێنی هات و چۆی کردووە لە دەرەی بەڵخ یەکتریان بینیوە.کە قادر بەگ بەمە دەزانێ پیاوی خۆی دەنێری بەشەق بیهێنن..پیاوەکانیش کە دەچن بە شوێنیا پێی دەڵێن ئێمە ئەمری وامان پێیە، هەڵسە پێشمان کەوە تا نزیک بارەگای قادربەگ لەوێ نەختێك مشتەکۆڵەو بۆکسی لێدەدەن، لەوکاتەدا ئەویش کەلێی دەدەن دەڵێت(بەخوا لەت و پەتم کەردی من هەر وەش مەبووجە قەرزو وێم و هەر یاگیو ویش شارۆوە، ملو تەڵەبش تا حەق و وێم هور گیروۆ) واتە:

(بەخوا لەت و پەتم بکەن من هەر خۆش نابم لە قەرزی خۆم، لەهەر شوێنێك خۆی بشارێتەوە دەچم داوای خۆمی لێدەکەم تا حەقی خۆم وەردەگرمەوە) قادر بەگ گوێی لەمە دەبێت، کە دێتە بەردەمی قادر بەگ لێیی دەپرسێ قەرزی چی؟دەڵێ: قوربان من لەماڵی دونیا هەر ئەوەم هەیە لای ئەوە ئەویش نامداتەوەو منیش وازی لێناهێنم و جارجارە دەچم بەڵکو پارەکەم بداتەوە...بەم شێوە مام ئەولحامد خۆی ڕزگار دەکات.

-قادر بەگ کەلەگەڵ ئەم مەلایانە تێك دەچێت، مەلای تر دادەنێت و تەعین یان دەکات .. مەلا صاحب لە سلێمانیەوە دەهێنێتەوە بۆ تەوێڵە و دەیکاتە ئیمام و خەتیبی مزگەوتی تەوێڵە. مەلا عەبدوالله ی مەریوانیش دەکاتە قازی تەوێڵە..

-لە کۆتایدا دەڵێین:

قادربەگ، پابەند بووە بە دروشمە ئاینییەکانەوە، بەغیرەت و ئازا و لێهاتوو بووە، خوێندەوار و زانست پەروەر بووە، خزمەتگوزارو ئاوەدانکەرەوە بووە، بێ سلبیاتیش نەبووە.

قەصفکردنی بانە گەورە:

لەساڵی (١٩٣٠)دا کە جافرسان و چەکدارەکانی پەنایان بەعێراق هێنا سەرەتا هاتنە تەوێڵەو پاڵانیا، نزیکەی (٤٠) ڕۆژێك لێرە مانەوە، پاشان تەسلیم بە حکومەتی عێراقی بوون. خودی جافرسان و بنەماڵەو نزیکەکانی کەنزیکەی (٣٠٠) کەس بوون حکومەتی عێراق هێنانی بۆ بەغدا، بەڵام هەندێکیان لەتەوێڵە مانەوە، بەتایبەت نۆدشییەکان، ئەمانە جارجارە شەو دەچوونە ناو خاکی ئێرانەوە ئەیاندا لەسەربازانی ڕژێمی ئێران.

لەو کاتەوە کەجافرسان هات بەم دیودا، چەند جارێك فڕۆکەی ئێرانی هاتووە بۆ سەر خاکی تەوێڵە، بەڵام زیانی نەداوە تاوەکو لەهاوینی (١٩٣١)دا قەصفی گەڕەکی بانەگەورەی لەتەوێڵە کردووەو ئەم زیانانەی خوارەوەی داوە:

– پیاوێکی نۆدشی بەناوی (کەریم)ەوە کوشت.

– عەینا ئەبوبەکر– خێزانی وەستاعەلی سەیدقادر، برینندار کردوو زۆری نەبردووە کۆچی دوایی کردووە، هەروەها وەستاعەلی خۆیشی و منداڵەکانیشی (ئەمنەو عەطیەو حەمەڕەحیم) برینندار بوون، ئەمانەی تریش برینندار بوون:

– خونچە عەبدوالله ، خاوەر حاجیحەسەن، ڕەیحان خێزانی وەستا فەرەج، زوبەیدە خێزانی شەریفی جهان بەخش.

– جگە لەمەش خانووبەرەیەکی زۆری ڕوخاند و وێران کرد، چەند وڵاخ و مەڕوماڵاتێکیشی کوشت.

ڕۆڵی شێخانی تەوێڵەو جەماوەری هەورامان لەبەرگری کردن لەئاین و لەنیشتیمان[١٢]:

دوای ئەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی بەسەر گەلانی ناوچەکەدا سەپێنرا، زۆرینەبرد کوردیشیگرتەوە، ئەوەبوو هێزێکی گەورەی ڕووس پەلاماری باکورو باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیدا، لەباشوریشەوە، هێزێکی بەریتانیا بەرەو بەصرە هەڵکشا ڕووەو خاکیکوردستانی باشور. لەباکورو باکوری ڕۆژئاوایشەوە هێزەکانی عوسمانی بەسەر پەرشتی چەند سەرکردەیەکی ئەڵمان، هەڵیان کوتایە سەر کوردستان... هەموو ئەمانە بەشوێن بەرژەوەندی خۆیان دا، دەگەڕان.

بۆ بەرپەرچ دانەوەی هێزەکانی ڕووس، سەرکردایەتی باڵای سوپای عوسمانی، عومەر ناجیبەگی– ڕاسپارد کەپەیوەندی بەسەرۆك هۆزو شێخەکانی سلێمانی و شارەزوور و هەورامانەوە بکات.ئەمیش هاتە سەرئەو باوەڕەی کەبەبێ هاوکاری و ڕەزامەندی شێخەکانی نەقشبەندی لەهەورامان و شێخەکانی قادری لەسلێمانی ناتوانێ هیچ بکات و سەربکەوێ. بۆیە:

دەستی کرد بەپەیوەندی کردن بەشێخ نەجمەدین و شێخ عەلی حیسامەدینەوە لەهەورامان، کەپێش ئەمەش شێخ مەحمودی بینی بوو لەسلێمانی. لەم پەیوەندی کردنەدا باس لەپەلامارەکەی ڕووس کراو، تێی گەیاندن کەلە (١٩١٦/٦/١٣) سوپای ڕووس گەیشتووەتە، بانەو سەقزو سەردەشت و دەیانەوێ، لەوێوە بێنە مەریوان و پێنجوێن و سلێمانی، لەناوچەی مەهابادیشەوە، بەرەو ڕایات و ڕەواندز بێن. هەروەها باسی ستەم و خراپەکاری و کافری سوپاکەی ڕووسی بۆباس کردن.

شێخ نەجمەدین و شێخ عەلی حیسامەدین، ڕۆڵێکی سەرەکیان بینی لەئاگادارکردنەوەی جەماوەرەکە، بۆ ئەم مەبەستەش زانا و ناودارەکانی ئەو وەختە، وەکوو:

مەلاعەبدولقادری مودەڕیس و مەلاموستەفای خورماڵ و مەلاقادری مەلامونمین و شێخ بابە ڕەسوڵی بێدەن و چەندانی تر کۆکرانەوەو، باسی ئەم هێرشەی دوژمنیان بۆ کردن و وتیان مادام گەل و نیشتیمان و ئاین لەمەترسیدایە، دەبێت بەهەموو شێوەیەك هەوڵ بدەین ئەم دەست درێژیو داگیر کردنە دژی بوەستین. بەهەموو لایەك قەناعەتیان هاتە سەرئەوە کەئەمە غەزایەو فەرزی عەینیشە.

بۆئەم کارە، شێخ نەجمەدین چەند نوێنەرێکی ناردە لای شێخ عەلائەدینی برای لەهەورامانی ئێران و شێخ نزامەدین لەخانەقین. سەرەڕای ئەمەش جافرسوڵتانی سەرەك عەشیرەتی لهۆن و سەرەك عەشیرەتی جاف و ناودارانی تری ئاگادار کردن.

بەهەموو لایەکەوە جەماوەریان هاندا، بەیارمەتی جەحفەلی سلێمانی دژی ڕووسەکان بوەستن. داواکرا لەخەڵکی کەبەخۆیان و چەك و ئەسپ- ئەوەی کەهەیەتی - لەگەڵ نان و تووی وشك، هەڵبگرن و بچن لەناوچەی پێنجوێن کۆببنەوە. بڕیاریش بوو کەعومەر ناجی، چەك وئازوخەو پێداویستییەکانی جەنگ دابین بکات.

ئەم فتوایەی زاناکانی تەوێڵەو بیارەو شێخانی نەقشبەندی، کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر، هەست و سۆزی خەڵکی ناوچەکەو دەوروبەریو، بۆیە ئامادەییەکی زۆریان دەربڕی.

مەحمود پاشای جاف، نێوانی لەگەڵ شێخ نەجمەدین دا زۆر خۆش بوو، دەستووریدا، کەهەموو هۆزەکانی جاف دەبێ بەشداری ئەم غەزایە بکەن.

ئاپۆرەی موجاهدانی کوردو، شێخەکان لەناوچەی پێنجوێن، عومەر ناجی سەرسام کردبوو، کەچۆن وابەگیانێکی بەرزەوە هاتوون شەڕ بکەن، لەپێنجوێن هەندێ کەل و پەل دابەشکرا بەسەر جەنگاوەراندا.

لەپەیامی هەورامان ل(١٥٧)دا هاتووە و دەڵێ: شێخانی هەورامان (حیسامەدین و نەجمەدین و عەلائەدین) هاتنە گوندی ڕەزاو، هەموو لەشکریان ڕێك خست کەزیاتر لەچوار هەزار کەس ئەبون..)

موجاهدان دابەشکران بەسەر سێ بەرەدا:[١٣]

- ناوچەی سنە بەسەر پەرشتی شێخ عەلائەدین و کوڕەکانی بەتایبەت شێخ عوسمانی کوڕی کەلەتەمەنی گەنجی‌دا بوو، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەخزمەت، باوکی وبراکانی‌دا، شەڕیان دەکرد.[١٤]

- ناوچەی سەردەشت بەسەرپەرشتی شێخ عەلی حیسامەدین و براو کوڕەکانی بوو.. هەروەها بەگزادەکانی جاف، تاهیربەگی وەسمان پاشا و عەلی بەگی مەحمود پاشاو حسێن بەگی مەحمود پاشاو حسێن بەگی حەسەن بەگ و حەمەسەعید بەگ و حەسەن بەگی وەڵەدبەگ و عەلی‌بەگی ئەحمەدبەگی وەڵەدبەگ.. هەموو ئەمانە هاوبەشی ئەم شەڕەیان کردو لەم بەرەدا بوون کەشێخ حیسامەدینی لێبوو.[١٥]

- ناوچەی مەریوان بەسەرپەرشتی شێخ نەجمەدین و براو کوڕەکانی بوو. جەنگاوەران دەستیان کرد بە هەڵمەت بردن و دەست وەشاندن لەدوژمن، بەتایبەت، لەهەندێ شوێن دا، وەك شەڕی پارتیزانی زیان یان دا، لە ڕووسەکان و بۆی دەردەچوون.. واتە سیاسەتی -لێدەو ڕاکە- یان بڵێین کەڕوفەڕ.. هەبوو.. وایان لەدوژمن کرد، نەیانهێشت پەلبهاوێژن بۆ پێشەوە.

ئیتر ڕووسەکانیش کەزانیان گشتی ناوچەکە، بووەتە دوژمنیان و بەڕۆژو بەشەو لەسوپاکەیان دەدرێت، بڕیاری کشانەوەیاندا.

ڕووسەکان هەر گوندو شارێکیان گرتبوو جگە لەکوشتن و گرتنی خەڵکەکەی تالانیان کردبوون.. دوایش کەچۆڵیان پێکردن هەموو ناوچەکانیان سوتاندن ... ئەمەش بووە هۆی ئەوە کەجەنگاوەران سوود لەئاوایی‌یەکان وەرنەگرن بۆ خوادن و حەسانەوە.

دوای ئەنجام دانی چەندەها شەڕو چالاکی، غەزاکاران کەوتنە ڕاوی پاشماوە پەڕاگەندەکەی ڕوسیا. موجاهیدانی کورد، هەرچەندە ڕووسەکانیان دەرپەڕاندو دووریان خستنەوەو ناوچەکەیان پاراست لەپلانەکانی دوژمن، بەڵام بەداخەوە سەرکەوتنەکە تاسەر نەبوو، چونکە بەڕێوەبەرانی جەحفەلی سلێمانی‌و مەفرەزەکەی عومەر ناجی‌بەگ و سەرکردایەتی باڵای سوپای عوسمانی نەچوون بەدەمیانەوە.. پێداویستی یەکانی شەڕیان بۆ دابین نەکردن.. ئیتر:

١- دوای ئەوەی فەرمانی ئاینی‌و نیشتیمانی خۆیان بەرامبەر بەدین و بەگەلەکەیان بەجێ‌هێنا.

٢-چونکە ڕووسەکان کشابوونەوەو مەترسیش لەسەر ناوچەکە نەمابوو.

٣-لەبەر بێ خۆراکی وبێ دەرمانی و نەمانی‌پێداویستی شەڕ.

٤-لەگەڵ ئەمەش دا بەشی خۆیان شەهیدو، بریندار و نەخۆشیان بوو..
بۆیە: بڕیاری کشانەوەیان داو، گەڕانەوە، ناو ماڵ و حاڵی خۆیان.
ئەوەی شایانی باسیشە:
بەشداری کردنی کورد لەشەڕەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەسالآنی (١٩١٤-١٩١٨) بەڕووداوی سەفەر بەلك ناسراوە لای کورد.[١٦]
لەم شەڕەدا:
- هێزی ڕووس و هێزی کورد، جیاوازی زۆری بوو، لەڕووی- ژمارە و جۆرەوە- ڕووسەکان ژمارەیان زۆرتر بوو، مەشقی سەربازی و جۆری شەڕکردن فێرکرابوون، جگە لەوەی کەچەك و ئامێری پێداویستی‌یە کانی جەنگیان هەبوو، بەلآم کورد بەپێچەوانەوە.
- ڕووسەکان زیانێکی زۆریان لێکەوت، بۆیە لە (١٩١٦/٧/٢٨)لە ناوچەکە دوور کەوتنەوەو دەرپەڕێنران.
- زوربەی لادێکانی ئەم دەڤەرە لەلایەن ڕووسەکانەوە سوتێنران و تالآنکران و کاولکران. خەڵکێکی زۆریان لەگوندەکان کوشت و بەدیل گرتنیان.
- زوربەی لادێکانی هەورامان چەندەها قوربانی و شەهیدیان دا، لەو شەهیدانە: -مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلاشەمسەدینی کوڕی مەلاحامیدی کاتب[١٧] لەتەوێڵەیش: زەینەدین کوڕی مەلانەجمەدین، مەحیەدین محەمەد وەستا عوسمان ناسراوە بە(دینە)، سورەی پەسەندو قالەی سۆسەن و هەروەها گەلێکیش بریندار بوون لەوانە:
خواکەرەمی قادر ناسراوە بەخواکەرەمی پیر، ڕەحیمی هەیبەکر. عەبدواللە ی وەستا مارفی تەوێڵەیش لەلای ڕووسەکان (٧)ساڵ دیل بوو.[١٨]
- دەرکەوت کەکورد هەمووی بۆ بەرگری لەکوردستان و لەئاینەکەی ئامادەیی باشی هەیە، کەقوربانی بداو ماڵ و سامان و گیانی خۆی ببەخشێ.
- لەمەوە دەرکەوت کەباشترین بزوێنەری گەلی کورد بۆ خەبات و تێکۆشان، ئاینی ئیسلامە، ئەوەتا فتوای (شێخ الاسلام)ی ئەستەنبوڵ و[١٩] زانایانی ناوچەکە، جەماوەرەکەی خرۆشاندووەو کاریگەری بووە لەسەر کۆکردنەوەو ئامادە بوونیان، بەڵکو بۆیان دەر کەوتبوو کەبێ ڕەزامەندی سەرکردە ئاینی‌یەکان ناتوانن کارەکانیان ئەنجام بدەن و[٢٠] ئەم بەرەنگاری‌یە بکەن لەئیسلام و نیشتیمان و گەل و دەسەلآت.

- کەسایەتی شێخانی هەورامان و زانایانی مەدرەسەی بیارە دەرکەوت کەکاریگەریان هەیەو جەماوەرەکە گوێ ڕایەڵیانن.

خاکی وەتەن و شێخانی نەقشبەندی:

جگە لەمەش شێخانی نەقشبەندی هەورامان، خۆشەویستی کورد و کوردستان لەهۆنراوەکانیاندا دیارەو، ئاماژە بۆ زانست دەکەن کەچرایەکی ڕوناکە بۆ سەرفرازی و پێشکەوتنی گەل، بۆنمونە: ئەوەتا شێخ عوسمان سراجەدینی دووەم لەکتێبی (چەپکە گوڵێ لەگوڵزاری عوسمانی-ل-٨٧-٩٠) دوانزە کۆپلە شعری پێنج خشتەکی هەیە.. ئێمەش لێرەدا هەندێکی دەنوسین:

(خاکی وەتەنم)

خاکی وەتەنم زۆری هەیە گەنجی نیهانی..
پڕیە لەمەعادین، لەدوڕو گەوهەری کانی
خاڵ خاڵی سپیو، سەوز و بڵند گردی جوانی..
هەردەم بەنیشانێکە ئەگەر بێتوبزانی
هەرعیلمی ئەوێ، عیلمە براوبابی کوڕانە

*   *   *

ئەی خاکی وەتەن، گوێگرە لەم ناڵەیی زارە
لەم دەنگ خۆشە، لەم گەلە لاوان و قەتارە
گوڵ بۆچی نەهات، وەختی ئەمێستاکە بەهارە
یابۆ منی بێچارە بەلاٌهەر لەکەنارە
ئەستێرەیی بەختم لەشەوو ڕۆژ نیهانە

*   *   *

ئەی خاکی وەتەن، بۆچی نی‌یە شێوەیی پارت
بویتە(چەلەحانە) شەڕو شۆرە هەموکات
بۆ بوو بەشەوە زەنگ، شەوو ڕۆژی بەهارت
باڕۆح و سەرو ماڵی وەتەن بێ بەنیسارت
بۆتۆیە لەسەر چاوەیی چاو سەیلی ڕەوانە

*   *   *

(دالأنی)بە ناڵینی دڵ و گرمەیی خۆشی
ئەیوت بەنەوایی وەتەنی سینە خرۆشی
تاکەی بەبەلاش عومری من و خۆت ئەفرۆشی

بەعیلمی‌یە ناچاری قسەی فلس و قرۆشی
تێفکرە دەروونم کەپڕی گەنجی نیهانە
*   *   *

هەر عیلمە برا، زانستە ئەسبابی شەهانە
هەر عیلمە ڕەفیق، موونیسی یاری سەفەرانە
هەرعیلمە چرای ڕێگەی پاکی طەیەرانە
زانینە بەقیمەت لەڕەواجایە گرانە
هەر جەهلە کەهەرزانە، بەلاّیەکی گرانە
*   *   *

بەو خوایە کەیەکتاوو یەکە، من یەک ئەناسم
هەرکوردم و کوردە، وەتەنی ڕاسیو ڕاسم
بۆتۆیە شەوو ڕۆژنی‌یە خوردو خۆراسم
بۆتۆیە لەدنیا خەفەتم، بەرگی پەلاسم
بۆتۆیە کەوێلم، ئەگەرێم من بە بەهانە
*   *   *

کورد پاکن و ئازان و جوان مەردن و بێباک
بۆڕاسی لەلای هەر بەشەرێ سافن و دڵ پاک
هوشیارو وەفادار و مونەووەر دڵ و ڕوناک
بۆکاتی شەڕو ڕۆژی، نەبەرد چوست و چالاک
تک تک ئەتکێ جەوهەری ئەو تێغە دەبانە

ئەم پێنج خشتەکی‌یە لەژمارە(٣و٤)ی ساڵی (١٩٤٢)ی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بلاّو کراوەتەوە.

ئاوێسەر مەکۆی پشتگیری:

دوای ئەوەی کۆماری کوردستان لەمەهاباد دامەزراو پێشەوا قازی محەمەد کرا بەسەرۆك کۆماری کوردستان، نوێنەری قازی محەمەد نێررا بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان، داوا لەهەموو سەرۆك عەشیرەکانی کورد کرا، کەپشتگیری ئەو کۆمارە بکەن و بچنە ژێر ڕکێفی‌یەوە.

لەبەر ئەمە لە (تەموزی ١٩٤٧)دا، لەئاوێسەر - هاوینەهەواری تەوێڵە- هەموو زاناو شێخ و سان و خان و بەگزادەو وەکیڵ و پیاوماقوڵ و ڕیش سپی و

ناوداران و جەماوەری هەورامان و مەریوان و جوانرۆ كۆبوونەوە بۆ پشتگیری كردن لەو حكومەتە كوردی‌یە. لەو ناودارانەی ناویان دەزانین و بەشدار بوون لەو كۆبونەوەدا: حەمەئەمین سان، حەسەن سان، عەبدوالله خان، حەمەد سان و قادر بەگی تەوێڵەو ... تاد.

كۆبونەوەكە سێ شەوو سێ ڕۆژ بەردەوام بووە، خەیمەو چادرو كەپرێكی زۆریان هەڵدا بوو، نان و تفاق و خواردنێكی زۆر ئامادە كرابوو...

كۆبونەوەكە ئەنجامێكی باشی هەبوو، بروسكەی پیرۆزبایی‌یان نارد بۆ پێشەواو خۆشحاڵی خۆیان دەرخست بۆ دامەزراندنی حكومەتەكەی‌و، ئامادەیی هاوكاری‌یان دەربڕی‌و ... لەم كۆبوونەوەدا ڕۆڵی حەسەن سان زیاترو زۆرتر بووە لەكۆكردنەوەی پیاوماقوڵەكان و سەركەوتنی كۆبوونەوەكەو زیاتر پشتگیری كردنی بۆ كۆمارەكە.

ئەوەی شایانی باسە:

- خەڵكی تەوێڵەو بیارەو دزاوەرو كەیمنەو دەوروبەریان بەگەورەو بچوكەوە هاتبوون بۆ ئاوێسەر...

- ڕۆڵی جەماوەری تەوێڵە لەخزمەتكردن و ناندان و ڕێكخستنی كۆبوونەوەكەو، هەروەها ڕۆڵی ئەو توێژە ڕۆشنبیرو سیاسیانەی كەلەحیزبی هیواو كۆمەڵەی برایەتی‌دا بوون، زۆر بووە.

- جگە لەمەش ڕۆژی سێهەم، كۆبوونەوەكە كرا بەهەڵپەڕكێ‌و گۆرانی‌و شایی‌و پێشبڕكێ‌ی سواری‌و نیشانە شكێنی‌و ...تاد.

- بەم شێوە هاوینەهەواری ئاوێسەر، بووە ناوەندو مەكۆیەك بۆ خۆسازدان و خۆ ئامادەكردن و پشتگیری بۆ دووەم حكومەتی كوردستان.

خەباتی شێخانی نەقشبەندی لەڕاپەڕینی(١٩٤٧)دا[٢١] :

كاتێك كەلەسەرەتای چلەكانەوە، بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەكەمان كەوتە گەشە كردن و جوڵە، كۆمەڵەی برایەتی‌و هیوا، دواتریش پارتی دیموكراتی كوردستان دامەزران... هەستی كوردایەتی‌و نیشتیمانپەروەریش، جەماوەری گەلەكەمانی خرۆشاندو جوڵاند.

جالەم بزاڤ و كۆمەڵە و هەستەدا، شێخانی نەقشبەندی ڕۆڵێكی گەورەیان بینیووە لەكوردستان دا، ڕابەرایەتی و بەشداری شۆڕش و ڕاپەڕینەكانیان كردووە. یەكێك لەو بەشداری بوونە ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٤٧)بووە دژی پەیمانی (پۆرت سۆس). لەساڵی (١٩٤٧) دوای هەرەسی كۆماری مهاباد جەماوەری

تەوێڵە و بیارەو لادێكانی تری هەورامانی عێراق و هەڵەبجە تاسەرچەمی سیروان، ڕاپەڕین و سەرانی ڕاپەڕینەكەش شێخانی نەقشبەندی هەورامان بوون.

.. شێخ مەحمودی كاكە شێخ دەگێڕێتەوە كەخۆی یەكێك بووە لەبەشداربوانی ئەو ڕاپەڕینە، دەڵێت: بلاْوكراوەیەك هاتبوو بۆ شێخ محەمەد ئەمین شێخ عەبدوالله، ئەویش هێنای بۆمن، تێیدا داوای جموجوڵ و دەست وەشاندنی بەرامبەر دام و دەزگاكانی میری دەكرد. منیش بردم بۆلای مامم شێخ تائب و بڕیارمان دا، هەموو كوڕەشێخەكان كۆبكرێنەوەو كارێك بكەین، بەم جۆرە هەموو كوڕە شێخەكان لەبیاوێڵە كۆبووینەوە، دابەش بووین بەسەر بنكەكانی پۆلیس(مەخفەر) لەناوچەكەدا، بەم جۆرە شێخ مەحمودی كاكە شێخ لەگەڵ چەند كەسێك بۆ هەڵەبجەو شێخ تائب و شێخ نەصرەدین بۆ خورماڵ و شێخ زاهدو شێخ محەمەدی شێخ عەلائەدین بۆ بیارە و تەوێڵە. بەم جۆرە ڕێو شوێن و سەعاتی سفر دیاری كرا، لەیەك شەوداو لەیەك كاتدا لەناوچەكەدا لەبیست بنكەی پۆلیس درا، هەر لەتەوێڵە و بیارەو سۆسەكان تاسەر چەمی سیروان.

پاش ئەم كارە، دەستكرا بەشالاْوی گرتن و ئەم ناوانەی خوارەوە گیران. لەگەڵ ئەوانەی پێشتر باسمان كرد:

شێخ حەمە ئەمین شێخ عەبدوالله و شێخ خالیدی شێخ جەمیل و ڕەئوف یەحیاو دوو مامۆستای سلێمانەیی كەلە تەوێڵە بوون بەناوی كەمال و جەمال.

هەموو ڕاپێچی زیندانی سلێمانی كران، ماوەی(٥٥) ڕۆژ لێكۆڵینەوە بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا خەڵكی سلێمانی هەروەك نەریتی خۆیان، كەهەمیشە مەڵبەندو قوتابخانەی كوردایەتی بوو هەركە زانیان ئەم كۆمەڵە لەسەر كوردایەتی گیراون هەموو ڕۆژێك سێ ژەمەخواردن و هەموو پێداوویستیان بۆدابین ئەكردین و خزمەتی باشیان دەكرد. ئەم كارە لەخەڵكی سلێمانی دوورنیە. پاش (٥٥) ڕۆژ لێكۆڵینەوە لەبەردەم موتەسەڕیفی سلێمانی (مەعروف چیاوك) ئامادە بووین و بڕیاری حوكمی بەمجۆرە بەسەرادابین.

هەریەك لەشێخ تائب و شێخ مەحمود و شێخ زاهید و شێخ محەمەد و شێخ نەصرەدین بەسێساڵ زیندان یا(٥٠٠) سەد دینارو، شێخ محەمەد ئەمین و هەردوو مامۆستا كەمال و جەمال بەدووساڵ زیندان یا(٢٠٠) دینارو، ڕەئوف یەحیاش بەیەك ساڵ زیندان یان (١٠٠) دینار، پاش تەسلیمكردنی پارەكان ئازاد كراین، بەلاْم بەمەرجێك تادوو مانگ هەموو ڕۆژێك لەسەرای سلێمانی ئامادەبین.

ئەم ڕاپەڕینە بەگژا چوونەوەی ڕژێمی سەردەم بوو کەڕژێمی هێنایە لەرزین و سەلماندمان کەکورد هەیەو بەڵگەی بونی خۆی دەسەلمێنێت. بۆیە ڕژێم کەوتە پەلەقاژە، گەرچی نەیتوانی ئەوگیانی کوردایەتیە سەرکوت بکات، چونکە لەبیری کوردایەتی ڕاستەقینەوە هەڵقولا بوو.

سەرەڕای ئەوەی هەرچی لەتوانایدا هەبوو بەکاری هێنا، ئەمە بەڵگەیە لەمێژووی خوێناوی میللەتی کورد هەرلەکاتی دەسەلاتی میدییەکانەوە کورد لەگەڵ داگیرکەران لەململانێدایە بۆ سەندنەوەی مافی خۆی کەلەکاتی خۆیدا خاوەن دەسەلات بووە، ئەمەش بازنەیەکی نەپساوەی زنجیرەی خەباتی گەلی کوردە.

بەشداربوون لەشەڕی فەلەسطین:

کەلەسەرەتای چلەکانەوە،جموجوڵی زایۆنی زیادی کردو زلهێزەکان بەبێ پەردە دژی خاك و خەڵکی فەلەسطین وەستان، ئیتر لەوڵاتانی ئیسلامی بەتایبەت دەوروبەری فەلەسطین غیرەتی ئیسلامییان جولاو فشاریان لەسەر دەوڵەتەکانیان دروست کرد کەئامادەن بەشداربن لەشەڕی فەلەسطین ئەمەش بەزۆری ئەفسەری عێراقی بوون ئەم فشارەیان دروست کرد.

سوپای عێراقی سێجار بەشدار بووە لەشەڕی فەلەسطین و جولەکەدا، لەچلەکان بەتایبەت لە(١٩٤٨)، لەساڵی (١٩٦٧) و (١٩٧٣)یشدا.

خاڵۆ حەمەڕەحیم حەمەشەریف لەم بارەوە وتی: پێش ئێمە وەجبەیەك سەربازی عێراقی لەساڵی (١٩٤٥)دا چوو بوون بۆ بەشداری شەڕی فەلەسطین .. ئەمانە پێیان دەوتن عەسکەری لەبی ئینگلیزی، جالەو تەوێڵەیی‌یانە:

سەید صادق عەلی مەولود، عەبدولکەریم کەناسراوە بە(بەگە). دەڵێ: وەجبەی دووەم ئێمە بووین، کەمەوالیدی ساڵی (١٩٢٨) بووین لەساڵی (١٩٤٦) براین بۆ سەربازی- ڕەئیس تەجنیدی هەڵەبجە لەوکاتەدا (ڕۆستەم بەگی ئافراسیاوبەگ) بوو، نزیکەی ساڵێك لەبەغداو دیوانیە بووین، پاشان نقلْ کراین بۆ فەلەسطین، چوینە (نابلس، طولکەرەم، جنین، عنبتە، رام الله ، بيت المقدس) ... نزیکەی (١٤) مانگ ماینەوە، زۆرمان بۆ جولەکە هێنابوو ئێمە لەکەتیبە هەندەسە بووین، ئامرەکەمان (ڕەفعەت حاجی ستری) بوو پیاوێکی زۆر موسڵمان بوو، من مەسئولی ئەرزاق بووم، بەلام زوربەی هەورامییەکان ئەوانەی خوێندەواریان بوو خرانە سەر جهاز- بۆئەوەی بە هەورامی قسەبکەن و جولەکە لێیان تێنەگات- وەجبەی ئێمە تەوێڵەیی زۆر بووین لەوانە:

- خۆم-حەمەڕەحیم حەمەشەریف عەزیز.
- عەبدولخالق حەسەن حەمەحسێن.
- ڕەحمان حەمەیوسف قادر.
- محەمەد عەبدوالله میرزا.
- عارف حەمەشەریف.
- محەمەد حەمە ئەمین ڕۆستەم(حەمە ئامله).
- شەوکەت عەبدوالله ئەحمەد.
- ڕەحمان فەتاح ڕۆستەم-تازە گەیشتبوین فرۆکە قەصفی کردین و ڕەحمان بریندار بوو. ئیتر ئەویان گەڕاندەوە.
- عوسمان محەمەد- عوسمانی حەملی سۆسەکانی- لەگەڵ(٣١)کەسی تردا کەوتن بەسەر ڕەطڵێکی ئەلغام داو شەهید بوون. هەروەها دەڵێ: لەساڵی (١٩٤٨)دا شەڕ زیاتر گەرم بوو، سوپای عێراق زۆرتر بەشداری کردو زوربەی ئەمانەش (تطوع) بوون، لەلیواکەی عومەر عەلیدا خۆیان ناونوس کردبوو کەئەمانەش هاتن، ئێمە لەطولکەرەم بووین.

لەم بارەوە لەمێژووی هەڵەبجەدا هاتووەکە: (موسڵمانانی زۆر وڵات چونە بەرەی جەنگەوە دژبەجولەکە لە وانە: خەڵکی میصرو سوریاو ئەردەن و عێراق.

.. خەڵکی کوردستانیش بە لیوایەکی تەواو بەشداری لە وشەڕەدا کردو ئاگاهی غەزاو جەنگ لێدرا، لە هەموولایەکەوە خەڵك بە پیری بانگەوازەکەوە چون خۆیان خۆبەخش کرد، سەرکردەی لیواکە(عومەر عەلی) بوو کە یەکێکە لە کوردەکانی کەرکوك و خاوەن غیرەتێکی ئیسلامی زۆر گەورەبوو. لە شاری هەڵەبجەش هەندێ گەنجی خوێن گەرم بۆتۆڵە کردنەوە لە جولەکە خۆیان خۆبەخش کرد لەگەڵ لیواکەی (عومەر عەلی)دا بەرەو فەلەسطین بەڕێکەوتن. وەك باسی لێوەدەکەن زۆر لە شارەگەورەکانی ئیسرائیل دەگرن و گەمارۆی (تەل ئەبیب)ی پایتەخت ئەدەن، لە وەدا ئەبێ هەموو شت کۆتایی پێ بێت، بەپلانێکی نێو دەوڵەتی هەموو سوپاکان پاشەکشە پێ دەکرێ، هێرشی موسڵمانان بۆ سەر جولەکە کۆتایی پێ دێت.[٢٢]

تێبینییەك:

چەند کەسانێك وەك (حەمە ڕەحیم حەمە شەریف، حاجی ڕەحمان فەتاح) دەڵێن:

حەمەکەریم حەمەسەعید یەکێك بووە لەوانەی کەلەساڵی(١٩٤٦) چوین بۆ فەلەسطین وە(حەمە کەریم) شەهید بوو.. بەلاّم هادی حاجی ئایزە کە بەمام هادی ناسراوە دەڵێت:

(حەمە کەریم حەمە سەعیدو عیزەتی ئەحمەدی چایچی) لە ساڵی(١٩٤١) لەگەڵ ڕەشید عالی گەیلانیدا بوون، سەرباز بوون لەسەر بازگەی (سینە دەبان) لەو کاتەدا هەردوو کوژران، مامۆستا عەلی قادرئاغەش بۆ (عیزەت) هەمان شت دەڵێت کەپورزایەتی.

پۆلیسخانەی تەوێڵە[٢٣]:

ئاشکرایە کەمرۆۋ ناتوانێ خۆی بەتەنها بژی، بەڵکو بەکۆمەڵ دەژی، کەبەکۆمەڵیش ژیا، جارجارە کێشەو گیروگرفت لەنێوانیان دا ڕوو دەدات، جا بۆئەوەی ئەوکێشانە درێژە نەکێشن و گەورە نەبن، دەبێت چارەسەر بکرێت و هەق خوراوانیش، هەقی خۆیان وەربگرن و ستەمکارانیش بەسزا بگەن.

جگە لەوەش بۆڕێکخستنی هەندێ باری کۆمەلاّیەتیو بگرە لەسەر سنورەکانیش بۆ ئەنجام دانی کاری ڕامیاریش... لەبەر ئەمانە بوونی پۆلیسخانە پێویستیەکی کۆمەڵەو بارەگایەکی شارستانییەو داواکردنی کردنەوەی لەناوچەکەدا.. بەڵگەیەکە ئەو خەڵکە نایانەوێ بەئاژاوەو پەشێوی بژین.

وتمان لەسەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە تەوێڵە بێئیدارەییەکی پێوە دیار بوو، هەندێ کێشە ڕوویدا، بۆیە ناچار بوون کەقادربەگ بکەن بەفەرمانڕەوای خۆیان، دواتریش کەدەوڵەتی عێراق دامەزرا، هەڵەبجە بووە قەزایەکی ڕەسمی عێراق و، حامدبەگ بووە قائیمقامی هەڵەبجە..[٢٤]

خەڵکی تەوێڵە چون بەدەم ئەو دەنگ و باسەوە کەگوایا حکومەتی عێراقی دەیەوێ پۆلیسخانە لەتەوێڵە بکاتەوە، لەبەر ئەوەی لەسەر سنورە ... بەبیستنی ئەمە چەند تەوێڵەییەك چون بەدەم ئەو قسەوە، لەوانە:

مەلا حەبیبوالله ، سان ئەحمەد، قادرئاغا. بەلاّم قادربەگ پێی خۆش نەبووە، موعارز بوو، بۆیە: حامد بەگ داوای لەقادربەگ کرد کەوازبێنێو بەرەنگاری نەکات، چونکە بەهەر شێوەیەك بێت حکومەت بڕیاری داوە کەلەتەوێڵە دەبێت پۆلیسخانە بکرێتەوە.[٢٥]

ئیتر لەساڵی (١٩٢٥) پۆلیسخانە لەتەوێڵە کرایەوەو ماڵی قادرئاغا بوو بەیەکەم بارەگای پۆلیسخانە و گومرگ، یەکەم لێپرسراویش... مستەفای پوتەبوو کەچاوشێکی سێخەت بوو.

پاشان لەبەردەم مزگەوتی گەورە، پاڵ سورە چنارەکە، بینایەك هەبوو کرا بەپۆلیسخانە، دوایی ئەم شوێنە خاڵۆ باسان کردی بەچایخانە..

ئیتر بەدانانی پۆلیسخانە لەتەوێڵە، دەسەڵاتی حکومەتی مەلیکی زاڵ بوو وکێشەکان دەچوونە بەردەم پۆلیسخانەو قادربەگیش دەسەڵاتی جارانی نەماو ڕۆژ بەڕۆژ کز دەبوو.

یەکەم بینای مەرکەز کەدروستکراوە لەساڵی(١٩٣٤)دابوو لەنزیك مزگەوتی گەورە لەپشتی شارەوانی یەوە کەلەبەشی خوارەوەی مالێدەرە، کەتاساڵی (١٩٦٣)مابوو دوایی کەکەمێك قولەکانی ڕوخێنرا لەوە بەدوا تێکدرا. لەساڵی (١٩٧٠) دروستکرایەوە تالەشەڕی عێراق و ئێران دا (١٩٨٨) بەیەکجاری ڕوخێنراو هێشتا دروست نەکراوەتەوە.

پۆلیسخانەی تەوێڵە تازە دروستکراوەتەوە- ١٠/ ٢ /١٩٧٢

لەساڵی(١٩٣٠)دا دائیرەی ئیستهلاك کرایەوەو، یەکەم مەئموری ئەحمەد غەفورئاغا بوو، پاشان چەند تەوێڵەیی‌یەك بوونە مەئمور: وەك عەبدوالله ی ئەحمەدو عارفی حەمەحسێن و چەند کەسێکی تر، ئەم دائیرە، هەر لەگەڵ پۆلیسخانە بەیەکەوە بوون.

دوای چەند ساڵێك دائیرەی گومرگ لەپۆلیسخانە جیاکرایەوە، یەکەم بینای دائیرەی گومرگ ماڵی حاجی عەزیز حەبیب بوو، پاشان لەماڵی مەهدی کوڕی حاجی عەزیز بوو، کەلەو کاتەدا چەند دەست خانووی لەباخچە میرا کردەوەو یەکێك لەوخانوانە کرایە دائیرەی گومرگ.

پۆلیسخانەی تەوێڵە بەردەوام بوو تاساڵی(۱۹٦۲)- هەرچەندە جارجارە دەکەوتە بەر ڕاپەڕینەکان، وەك ڕاپەڕینی ساڵی (۱۹٤۷، ۱۹۵۸) کەشۆڕش دەستی پێکرد، خاڵۆ برایم دەوری مەئمور مەرکەزی بینیو وەکیل بوو. پاش چەند گفت و گۆیەك و تەقەیەك مەرکەز تەسلیم کرا .. ئیتر تەوێڵە کەوتە دەست شۆڕش کەیەکێك بوو لەناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان. ئیتر لەم کاتەدا ڕێکخراوی پارتی ڕۆڵی مەرکەزی بینیو کارەکانی ئەنجام دەدا، لەساڵی (۱۹۷۰) دیسان پۆلیسخانەو گومرگ کرانەوە، تابەهاری (۱۹۷٤)، پاشان حکومەت وەك دائیرەکانی‌تر گەڕاندنیەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی. لەدوای نسکۆی (۱۹۷۵) مەرکەز بەشێك لەدائیرەکانی ئەمنیشی تیاکرایەوە، بێگومان ئەم ماوەیەی لەوەوپێشیش لەپۆلیسخانە ئەودەورەی ئەمنیەتە بینراوە بۆ حکومەت. لەدوای ڕاپەڕینەوە دەسەڵاتی حیزبەکان، فەرمانڕەوایی تەوێڵەیان کردووە، بەڵام لەساڵی(۱۹۹۸) لەسەرداوای خەڵکی تەوێڵە پۆلیسخانە جارێکی‌تر کرایەوەو ماڵی بەڕێز (تەحسین حەمە ئیمام) لەناو بازاڕدا، کرایە بارەگای پۆلیسخانەو ئیدریس سەعید بوو بەبەرپرسی بنکەکە. ئێستاش کەلەساڵی (۲۰۰۲) ئەفسەری پۆلیس مولازم محەمەد صاڵح بەرپرسی بنکەیەو دوو موفەوەزو (۱۳) پۆلیسن.

بوونی پۆلیسخانە لەوناوچەدا زۆرباشە هەرچەندە بەهۆی سیاسەتی ڕژێمە دکتاتۆرەکانی عێراقەوە دەوری سیخوڕیو ستەمکاریو چەوساندنەوە ە کێشە دروستکردنی بینیووە.


خواکەرەم حاجی ئەبوبەکر - پۆلیس

بەڕاستی لەساڵی(۱۹۷۷-۱۹۸۱) پۆلیسخانەی تەوێڵە، هەڵسوکەوتەکانی باش نەبوو، ڕق و کینەی خۆی بەرامبەر بەپێشمەرگە، بەجەماوەرەکەی دەرشت و، زۆرجار لەوێوە تەقە دەکرایە ناو ماڵەکانەوە خەڵکیان دەکوشت، جگە لەوەی کەبۆ بەیانی‌یەکەی ئازاری خەڵکیان دەدا. هەروەها دائیرەی گومرگیش خەڵکی بێ‌تاقەت دەکرد، بەهۆی ئەو فشارە زۆرەی کەدەیخستە سەر کاسبکاران، بەڵکو هەڵس وکەوتیان زیادەڕەوی تیابوو. ئاشکرایە ئەو ناوچە سنوریانە نیوەی گوزەران و ژیانیان لەسەر

ئەو بازرگانی کردنەی عێراق و ئێرانە.

مەئموری مەرکەزەکانی تەوێڵە زۆر بون لەوانە:

- مستەفای پووتە.
- ڕەشیدە فەندی.
- مەجیدە فەندی
- حسێن محەمەد سلێمانەیی.
- عوسمانی مەلا.
- مەلا ڕەئوف.
- ئیبراهیم قەرەداغی- کەبە (خاڵە بلە) بەناو بانگ بوو.

ناوی هەندێك لەوپۆلیس و باش چاوشە تەوێڵەیانەی کەلەپێش (١٤) تەمموزی (١٩٥٨)ەوە بوونە پۆلیس. (صاڵح تاتە- یەکەم باش چاوش بووە، ڕەشید حەمە ئەمین، ئیبراهیم ئەحمەد، نادر حەمەلەطیف، مستەفا حەمەڕەشید، مەحمود حەمەصاڵح، طاهری کاکەلە، ئەنوەر قادر، محەمەد حەمەصاڵح، محەمەد حاجی عەبدواللە، حەمەکەریم حاجی حەمەصاڵح، عیسا حاجی حەمەصاڵح، سەعدەدین فەتاح، عەبدواللە حەمەسەلیم، حەمەکەریم قادر، حەمەکەریم شەمسەدین، عەلی حاجی سەعید، حافیظ حسێن...)

ئەمانەش لەساڵی (١٩٥٩)دا بوونەتە پۆلیس.. (..طالب حەبیب، محەمەد عەزیز حەمە حسێن، عەبدول محەمەد، مستەفا مستەفا واتە مستەفای ئاسماء..)

لەساڵی (١٩٧٦)یش ئەم سیانەی خوارەوە لەباتی سەربازی بوونە پۆلیس (جەعفەر عەبدولڕەحمان، نەبەرد کاکەبرا، سەعدەدین حەمەعەلی) لەساڵی (١٩٩٨)یش کەپۆلیسخانە کرایەوە چەند کەسێك خۆیان کردە پۆلیسی پۆلیسخانەی تەوێڵە. کەئەمانەن: (فەریق صابر کاکەلە، عەدنان محەمەد، عادل صادق غەندی، ئیدریس عەبدولوەهاب) باش چاوشەکانی گومرگیش ئەمانە بوون: (ئەحمەد غەفور ئاغا، عوسمان (زاوای حاجی بارام تەوێڵەیی)، سەید ئەحمەد، سەید قادر، غەریب سلێمانەیی و، چەند عەرەبێکیش...)

حیزب و حیزبایەتی لەتەوێڵە

حیزبی هیوا : بەڕێز د.مارف خەزنەدار دەڵێ:

(.. حیزبی هیوا یەکەم قوتابخانەی کوردایەتی ڕەسەن بوو بیروباوەڕی نیشتیمان پەروەری بلاوکردەوە، فیکری نیشتیمانی کوردی قەرزاری هیوایە، تادەگاتە هەموو ئەوحیزبانەی لەدواییدا لەکۆمەڵی کوردەواری عێراقدا دروست بوون، هەموویان قەرزاری حیزبی هیوان، ئەمە کۆمەنیستەکانیش دەگرێتەوە. بەشێکی زۆر لە دامەزرێنەرانی لقی کوردی لەحیزبی کۆمەنیستی عێراق و کۆمەنیستە کوردەکان ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەگەر ئەندامی حیزبی هیواش نەبووبن ئەندامی بەچکە شێرانی هیوا بوون...)[٢٦]

حیزبی هیوا لە نێوان سالانی (١٩٣٩-١٩٤٤) لە کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی ڕەفیق حیلمی دامەزراوە. لە ماوەیەکی کەمدا توانی ببێتە حیزبێکی جەماوەری لە کوردستان دا.

.. پێشتر کۆمەڵەی برایەتی لە ساڵی(١٩٣٧) لە لایەن شێخ لەطیفی شێخ مەحمودەوە دامەزرابوو، چەند تەوێڵەیی یەك پەیوەندی‌یان پێوە کردبوو، دواتر هەر ئەو تەوێڵە یانەو چەند کەسێکی تر پەیوەندیان کرد بە حیزبی هیواوە، لە ساڵی (١٩٤٣)دا (٢٣) تەوێڵەیی لە حیزبی هیوادا بوون ئەوانەی دەوروبەری تەوێڵەش پەیوەندیان بەمانەوە بووە، بەهەموویانەوە زیاتر لە (٥٠) کەسێك بوون، لەئەندامە چالاکەکانی خەڵکی تەوێڵە ئەمانە بوون: بابا حاجی، محەمەدسان ئەحمەد، قادرئاغای عەبدواللە ئاغا، شێخ صەفائەدین، شێخ محەمەد ئەمین، حەمە ئەمین عەلی مەولوود، حاجی تۆفیق نادر، کوێخا ڕۆستەم، حەمە صالح عەبدولحەکیم، محەمەد حاجی حەمە ڕەحیم، محەمەد قادر حاجیلە، فاضل حەمە صالح، حاجی نادر حەمەعەزیز، مەلا حەمە ئەمین (حاجی ماموستا)، مەلا عەبدولئەحەد، عەبدواللە ئەحمەد، مستەفا فەتاح، حاجی حەمە ڕەشید خودادی سۆسەکان، حاجی حەمەعەلی کوزاد، حاجی ئەبوبەکر حاجی حەسەن، حەبیبەاللە سور، کوێخاحەمەسەلیم، حەمە کەرەم حاجی ئۆلوەهاب).

لەساڵی (١٩٤٣)دا خەیرواللە عەبدولکەریم- کەیەکێك بووە لە چوار ئەفسەرەکەی باشوری کوردستان کە لە (١٩٤٧/٦/١٩) لە لایەن عێراقەوە لە سێدارە دراون- کەئەو کاتە لێپرسراوێکی حیزبی هیوا بووە، هاتووە بۆ تەوێڵە، ناوی ئەندامانی حیزبی هیوای نووسیوەو پرسیاری لێ کردون کە چەندیان

چەکیان هەیە و جۆری چەکەکانیان چۆنەو کارو ئیش و چالاکیان چۆنەو چۆن دەڕوات و زۆر ئومێدی پێیان بووە، دڵخۆش بووە بە سەردانەکەی.[٢٧]

ئەم حیزبە لە سەرەتای چلەکانەوە سەرتاسەری کوردستانی گرتبووەوە، دوایی کە تەشکیلاتی ئەم حیزبە گۆڕاو بوو بە دوو بەشەوە، ئەندامەکانیشی بەهەمان شێوەیان لێهات. سەرەنجام ئەندامەکانی، خۆیان یان لە پارتی دیموکراتی کوردستان یالە حیزبی شیوعی عێراقی بینیەوە.[٢٨]

شیوعیەت لەتەوێڵەدا:

مامۆستا مەحیەدین حاجی سەلیم کەیەکێك بووە لەشوعیە کۆنەکانی تەوێڵە، تاکۆتایی ژیانیشی هەر لەسەر ئەو ڕێبازە بووە.[٢٩] دەڵێ:

یەکەم کەس کەشیوعیەتی هێنایە تەوێڵە- شێخ جەعفەری حاجی مامەندی بووە کەلەساڵی(١٩٤٨) مامۆستا بووە لەتەوێڵەو، سەرەتا پەیوەندی بەچەند کەسێکەوە دەکات لەوانە: شێخ صەفائەدین و شێخ محەمەد ئەمینی برایو چەند کەسێکی‌تر. پێشتر کەلەساڵی (١٩٤٦) یەکەم شانەی شیوعی لەهەڵەبجە دادەمەزرێت، هەرلەوکاتەدا، غەفوری میرزا کەریم کەشوعیەکی ناسراوی سلێمانیە، پەیوەندی کردوە بەخەسرەوی کوێخا عارفی بیارەییەوە- کەیەکەم هەورامی بووە بووەتە شیوعی- لەڕێگەی ئەویشەوە دەچێتە بیارەو فەقێکانی ئەوێ کەفاتح و حەمەی مەلاکریم و ئەحمەدی شێخ عابدو.. تاد. ئەوانەش دەکاتە شیوعی.

بێگومان ئەو چەند شیوعیە کەشێخ جەعفەر کاریگەری هەبووە لەسەریانەوە لەگەڵ چوار پێنج کەسی تر کەلەوەو پێش لەحیزبی هیوا بوون، دواتر غەفوری میرزا کەریم توانی شانە یەکیان لێ‌دروست بکات و شێخ صەفائەدین بکاتە سەرۆك شانەیان.

ئیتر شیوعیەکان، ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو زیاد بوون دەڕۆیشتن بەتایبەت لەساڵەکانی(١٩٥٨-١٩٦٢) بارەگاشیان لە(باخچان)بوو کەپێیان دەوت(گەنجان)[٣٠] زۆربەشیان لەبەگری میللی‌دا بەشدار بوون. ئەمانە لە(ماوەزا) مەشقیان پێ‌دەکراو شەوانەش پاسەوانیان لەبازاڕو کۆڵانەکان دادەگرت.[٣١]

(گەنجان) ڕێخراوی شیوعی یەکان بوو، (لاوان)یش ڕێکخراوی پارتی بوو، گەنجان زۆر بوون. دژایەتی یەکتریان زۆر دەکرد، شیوعی‌یەکان، هەرکەسێك لەگەڵیان نەبوایە پێیان دەوت کۆنەپەرست(ڕەجعی)و، بەدەوڵەمەند و ئاغاو بەگەکانیان دەوت (کللی ئیستعمار). زۆر لەدەوڵەمەندو ئاغاکان لەترسی

شـیوعیی‌یەكان لەكوردسـتاندا نـاوی خۆیـان بەشـیوعی نووسـی بـوو، چـونكە دەسـەڵاتیان هـەبوو. مـیرزا مـەنگوڕی لـەم بـارەوە زۆر بەسـەرهات دەگێڕێتـەوە لەشوێنێك دا دەڵێ:

.. بەم پیێیە حیزبی شیوعی دەستی دابووە گاڵتـەكردن بەمقەدەراتی گەلی عێراق. ئـەوەی كەرەبـەن بوایـە پێیـان دەوت حیـزب ژنت بۆدێنێت و تفـەنگێك و دەمانچـەیەك لەگـەڵ (٢٠) سـەر مـەڕو بـزن و جوتـە ئێسـترێك و (١٥٠) دینـار بەخشیشـت پێشـكەش ئـەكات. بۆ سـەركەوتنی مەبەستەكانیان ئەمـەیان دەوت، بازاڕی شـیوعی بـرەوی سـاندو كـاڵای شـیوعی لـەبازاڕی سیاسـەتدا بـەنرخێكی فراوان دەفرۆشـرا، سـرودی(وطـن حـر وشـعب سـعید)، (سـنمضـي سـنمضـي الى مایرید) لەهەموو لایەكەوە بەئاسمانی عێراقا بەرز بوو بوویەوە.[٣٢]

دەسـەڵاتی شـیوعی‌یەكان زۆری نـەبرد، عەبدولكـەریم قاسـم لێی دان و، هـەروەها پـارتیش كەوتـە مونافەسـەیان. بەهەڵگیرسـانی شۆڕشـی ئـەیلول ئـەو دەسەڵاتەیان بەرەبەرە كزبوو. واتە شیوعی‌یەكان لەساڵی (١٩٦٢)دا بەرەو ڕووی دوومەسەلەی گرنگ بوونەوە هەم سیاسی هەم فكری. یەكێكیان شوڕشی ئەیلول و ئەویتریشیان ڕژێمی قاسم لێی دان و لەدەسەڵات دووری خستنەوە.

لەبیرەوەری(٢١) ساڵی تێكۆشان دا :

نایب عەبدوالله كەلەساڵانی(١٩٦١بۆ١٩٦٨) سەرپەرشتی شیوعی‌یەكانی هەڵەبجەو دەورو بـەری كـردووە لەكتێبی (بیرەوەری ٢١سـاڵی تێكۆشـان)ەكەی‌دا دەڵێ:

حیزبـی شـیوعی بایـەخێكی تایبـەتی دابـوو بـە هەورامی‌یـەكان. بۆئـەوەی زیاتر بچنە ناویانەوەو ڕایان بكێشین بۆ ڕیزی تێكۆشـان و بۆنـاو حیـزب، چـونكە لەڕاستی‌دا هەورامی‌یەكان بەشێكی چەوساوەو گرنگی كۆمەڵگای كوردەوارین... هەروەها دەڵێ: ڕۆڵێكی گرنگیان لەتێكۆشانی حیزبدا دەبینی‌و كەسایەتی ژیرو زانـا و ئیشـكەر و زانایـان تیـا هەڵكـەوتبوو، بۆنمونـە: ماوەیـەكی زۆر سكرتێری لیژنـەی هەڵەبجە هاوڕێیەكی هـەورامی ئازاو خوێندەوارو كۆڵنـەدەرو تێكۆشـەر بوو... لـەڕووی چەكداریشـەوە گەلێ قارەمانیـان تیاهەڵكـەوتووە، وەك نەسرەدین عابـد كەلەتەمـەنی(١٤) سـاڵیەوە بۆمـاوەی (٢٥)سـاڵ چـەكی پێشـمەرگایەتی لەشـاندا بـووە... گـەلێ ڕۆڵـەی تریشـیان ئـاوا هـەبووە، نـەك لەهەڵەبجـە بـەڵكو لەسلێمانی‌و كەركوك و جێگاكـانی تریشدا هـەبوون. پاشـان دەڵـێ: من پێم وایـە هەردەم بایەخ بەو جەماوەرە دڵسۆزە بدرێ‌و هەرگیز فەرامۆش نەكرێن.[٣٣]

نایب عەبدوالله -لەچەند شوێنی تردا لەباسی شیوعی‌یەکانی تەوێڵەدا دەڵێ:

- لەساڵی(١٩٦١)دا مامۆستا مەحیەدین سکرتێری لیژنەی‌تەوێڵە بووە.(٣٤)

- چەند جارێکیش باسی ئازایی‌و تێکۆشانی برهانی خواجە حسێن و وەستا مەقصودی دارتاش و مەناف حەمە ڕەشیدو نەصرەدین عابدو وەستا عارفی ئاسنگەر دەکات...(٣٥)

- لەباسی کۆبونەوەی لەگەڵ لیژنەی تەوێڵەدا دەڵێ:(٣٦)

- ساڵی (١٩٦٥)، کەبرادەرانی پارتی‌و پێشمەرگە، لەتەوێڵە و ناوچەکەدا دەسەلاتدار بوون ڕێکخراوی حیزبمان لەتەوێڵەو هەموو ناوچەکەدا بەنهێنی کاریان دەکرد، ئالەو کاتەدا، ڕێخراوی تەوێڵە زۆر بەهێزو فراوان بوو، لیژنەکەیان لەئاستی ناحیەدا بوو، سکرتێری لیژنەکەیان ئەندامی لیژنەی قەزابوو، چوار لیژنەی گەرەکیان لەدواوە بوو، هەر لیژنەیەکیش زیاد لە (٦-٧)شانەی ئەندامی‌و پالێوراوی پێوە بەسترابوو، جگە لەژمارەیەکی زۆریش لەدۆستەکانی حیزب، پەیوەندیشیان بە هەندێ دێهاتی دەوروبەری خۆشیانەوە هەبوو، کەشانەو هاوڕێو دۆستێکی زۆریان هەبوو.

ئەندامانی لیژنەکە، هەموو لەکەسانی شارەزاو ئازاو بەجەرگ بون. گیانی لێبوردن و قوربانی دانیان زۆر هەبوو، بەلام لەسەر هەندێ شتی بچوک لەناوخۆیان دا هەمیشە گیرو گرفتیان هەبوو،... بڕیاردرا لەگەڵ هاوڕێ عارف سەردانی تەوێڵە بکەین..(٣٧) لەدێی عەنەبەوە بەڕێگای قاچاخ، زۆر دوورو سەخت و بەردەلانی بەیانی زوو کەوتینە ڕێو لەئێوارەدا گەیشتینە تەوێڵە. لەکاتی نان خواردنی ئێوارەدا بوو، خۆمان کرد بەماڵی عەلی قادر ئاغادا کە ئەودەم سکرتێری لیژنەی تەوێڵە بوو، لەپاش نانخواردن و پشودان لیژنەی کۆکردەوەو کۆبونەوە دەستی پێکرد. لەنیوە شەودا گەیشتینە ئەنجامێکی باش و گیرو گرفتەکان تاڕادەیەك چارەسەر کرا... هەروەها دەڵێ:

دوایی پێم وتن: هیچ گیروگفتی سەرەکیتان نیە، هەموو دڵسۆزو ئیشکەرو تێکۆشەرن، بەلام ئەو نەخۆشی‌یەی کەسەدان ساڵە توشی گەلی کورد بووە ئێمەشی گرتووەتەوە، ئەوەیە کەبەسەرکردایەتی خۆمان ڕازی نین...

بەیانی‌یەکەی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی خوارەوەدا کۆبوینەوە، ڕۆژی دووەم پێش ئەوەی زەردە لەکەل دەرکەوێ تەوێڵەمان بەجێهێشت.

لەچایخانەی سەرڕێگای (سۆسەکان) نزیك بووینەوە، بۆنی سیی‌و جگەر ئەوناوەی پڕ کردبوو، وتم: هاوڕێ عارف، ڕێگەمان دوورەو سەختە، باتێر سی‌و جگەر بخۆین ئینجا بڕۆین. لەوەلامدا وتی: بڕوا بکە من لەتۆ زیاتر حەزی لێدەکەم، تۆقسەت نەکردبایە من دەمکرد، بەلاْم ئەی ئەگەر پێشمەرگەیان کادریی پارتی هاتن و ئێمەیان بینی؟ وتم: زۆر زۆردەمانگرن و دەمانبەن بۆلای (عەبدولی سۆران) کەزۆر دەمێکە بەتەمام ببینم.

هەرزانیم وادەلێیت، بابڕۆین بۆ جگەر خواردن.

هەریەکەی بەشی دوو کەس جگەرمان بەپیازە سورە خۆشەکەی هەورامانەوە خواردو بەسەلامەتی کەوتینە ڕێ بۆ هەڵەبجە، ئەمسەر خۆش بوو. هەم تێربووین هەمیش ڕێگاکە لێژبوو.

بۆچی حیزبی شیوعی گرنگیدابوو بەتەوێڵە؟

وەك دەڵێن [٣٨] حیزبی شیوعی گرنگیەکی زۆری دابوو بەهەورامی‌یەکان بەتایبەت شارۆچکەی تەوێڵە، دیارە دەبێت چەند هۆیەك بن، بەلای ئێمەوە گەلێك هۆبوون، لەوانە:

١- تەوێڵە مەڵبەندێکی ئاینی بوو، لەلایەکەوە بنکەیەکی گەورە بوو بۆ ڕێبازی نەقشبەندی، لەلایەکی تریشەوە مەڵبەندێکی زانست و خوێندەواری بوو، کۆمەڵێك زانای چاکی لێهەڵکەوتبوو.

ناوەندێك بوو بۆناوچەکەو دەوروبەری، بگرە بۆ دەرەوەی ناوچەکەش، چونکە شێخەکان موریدو مەنسوبێکی زۆریان هەبوو، لەهەموو کوردستان و ئێران و تورکیا و سوریا و عەرەبستانەوە دەهاتنە تەوێڵە بۆ وەرگرتنی، هەم عیلم، هەم عیرفانیەت... جا شیوعی‌یەکان ویستیان دەست بگرن بەسەر هەردوو سەرچاوەکەداو سەرچاوەکە لێڵ بکەن، تائەندازەیەکیش سەرکەوتن. چونکە زوربەی شیوعی‌یە سەرەتایی‌یەکان کوڕە مەلاو کوڕە شێخ بوون.

٢- ڕۆشنبیرو خوێندەوارێکی زۆری تیا هەڵکەوتبوو، بەهۆی ئەوەی کەلە ساڵی (١٩٢٨)ەوە قوتابخانەی تیاکرا بوویەوە، قوتابیەکانیش پێگەیشتبوون.

٣- تەوێڵە ژمارەی دانیشتوانی زۆربوو، لەچاو گوندو لادێو ناحیەکانی دەورو بەریدا. [٣٩]

٤- لەسەر سنوری عێراق و ئێران بوو، ئەمەش گرنگی‌یەکی زۆری پێ دابوو تالەوێوە ئەم فکرو بۆچونە، بچێتە ئەودیوی سنور، چونکە فکرەی شیوعی سنور لەبەردەمی‌دا نیە.

٥- مەڵبەندێکی بازرگانیو پیشە سازی بوو بۆدەوروبەرەکەی، بەو بۆنەوە خەڵکەکەی تێکەلاوی زۆری هەبوو لەگەڵ کەسانی تردا.

بۆچونی شیوعیەت لەتەوێڵەدا پەرەی سەند؟

فکری شیوعی لەتەوێڵەدا زۆرو وەزووش گەشەی سەند بەتایبەتی لەسالانی(١٩٥٥-١٩٦٥)، خوێنەوارێکی زۆر چوون لەگەڵیدا، بەپێی قسەی مامۆستا مەحیەدین لەساڵی (١٩٥٩)دا نزیکەی (٥٠٠) کەس بوون، بۆیە لەو ماوەیە بەتەوێڵەیان وتووە مۆسکۆی دووەم. جالەو کەسانەی زوو بوونە شیوعیو ڕۆڵیشیان بووەو بوونە هۆی گەشەکردنی شیوعی لەتەوێڵەدا:

شێخ صەفائەدین، شێخ محەمەد ئەمین کاردۆخی، م. ئیسماعیل حەمە یوسف، م. محەمەدی حاجی نادر، م. عەلی قادر ئاغا، م. فاضل عەلی، م. مەحیەدین حاجی سەلیم، م. مەحمود عەبدەلڕەحیم، م. ئەحمەد حاجی عەلی، م. حسێن محەمەد، م. حەمەصالح فەتحوالله ، م. ئیبراهیم فەتاح...تاد.

بێگومان ئەم پەرەسەندن و گەشەکردنەش هۆکاری خۆی هەیە لەوانە:

١- بەهێزی پلان و نەخشەکەی حیزبی شیوعی:

شیوعیەکان نەخشەکەیان بەجۆرێك داڕشت لەسەرەتاوە، کوڕە شێخ و کوڕە مەلاو کوڕە میرزاو کوڕە ڕیش سپییەکانیان، قەناعەت پێ کردبوون، کەئەمانەش لەڕۆشنبیرو خوێندەوارو قسە ڕۆیشتوان بوون، هەم بەهۆی خۆیانەوە هەم بەهۆی بنەماڵەکەیانەوە... چینی کرێکارو جوتیاریش کەزوربەی جەماوەرەکەن داوی ئەم بنەمالانە کەوتوون. واتە ئەو ئەندامانەی کەسەرەتا بوونە هەڵگری فکرەی شیوعی، کوڕی ناوداران بوون خەڵکی گوێیان بۆدەگرتن و کاریگەریان هەبوو لەسەر جەماوەرەکە لەقوتابخانەو دیواخان و چایخانەو بازاڕدا ڕۆڵیان هەبوو.

٢- ئەودەسەلاتە ڕۆحیەی شێخانی نەقشبەندی کەم بوویەوە، بەتایبەت بەکۆچی دوایی شێخ حیسامەدین و نەبونی جێگرێکی وابەوشێوەیە کەجێگاکەی پڕ بکاتەوە، هەروەها هەندێ زانای ناوداریش بوون یاپیر بوو بوون یامەشغوڵ بوون بە (نەحوصەرف و فقهە)وە نەیان دەتوانی ڕۆڵی خۆیان ببینن... ئەمە لە لایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە، نەبونی بانگەواز کەرێکی ئیسلامی لەتەوێڵەدا بەشێوازێکی ڕەسەن و هاوچەرخ و بەشێوەیەکی ژیرانەو حەکیمانە بۆشایەك بوو.. ئەمە لەسەرەتای پەنجاکانەوە بۆ شەستەکان لەتەوێڵەداوا بووە...

٣- بوونی ململانێ لەنێوان قادربەگ و هەندێ لەجەماوەرەکە، بەگشتی خەڵکەکەی بێتاقەت کربوو، هەروەها کوژرانی سانەو قادرئاغاش کاریگەری خۆی بوو بوو، (٤٠) ئەمانە بوونە هۆی ئەوە فکرەیەك، حیزبێك باوەشی بۆبکرێتەوە کەببێتە مامە خەمەی خەڵکی، دروشمەکانی شیوعیش لەوکاتەدا هەڵگری خەمەکان بوون.

٤- دەوڵەتی صەفەویو عوسمانی یاهاوپەیمانەکانیان سەرسنورەکانیان ماندو کردبوو، لەدوای ئەوانیش دوو شەڕی گەورەی جیهانیش ڕووی دابوو، ئەمیش دیسان خەڵکی نارەحەت کردبوو، چونکە تەوێڵە لەسەر سنوور بوو، جاهاتنی ئەوفکرەو ئەو حزبە، دڵخۆشکەرە بوو، بۆ ئەو ناوچانە.

٥- کە دەوڵەتی عێراق دامەزرا، حکومەتی مەلیکیش شتێکی وای پێ نەبوو، وەك فکرەو بۆچونی نوێ تەنها بۆشاییەکی ئیداری پڕکردبووەوە. ئەمە بۆ خەڵك بەگشتی، بۆ تەوێڵەش هەروەها وابوو.

٦- خەڵکی تەوێڵە بەزۆری زەحمەتکێش و کرێکارو جوتیارو باخەوان بوون، شیوعیەتیش ئەو دروشمانەی هەڵگرتبووکەئەمانە ڕزگاردەکات. لەولاشەوە دروشمەکانیان قەناعەت پێکەرو بیرقەدارو تازە بوون.

٧- دەسەڵاتی ئیداریو سیاسی- قادربەگیش بەرەو لاوازی ڕۆیشتبوو بەڵکو دەسەڵاتی وایەنەماوە، واتە وەك دەسەڵات کەسێکی وانەبوو بەرنگاری بکات.

٨- هەواڵ و دەنگ و باس و ڕاگەیاندنی جیهان و عێراق و واقعەکە یارمەتی دەریان بوو.. بەرامبەر بەکێشەی کورد، چونکە یەکیەتی سۆڤیەت بەڕزگارکەری گەلان و نەتەوەکانی جیهان ناسرابوو بەخەڵکەکە، لەولاشەوە ئەمریکاو بەریتانیاو... بەداگیرکەرو ئیستعمار ناسێنرابوو.. جا چونکە شیوعی یەکانی تەوێڵە خوێندەوار بوون، ئەمەیان باش ڕاڤە دەکردو بەنوسراو بەوتە بلاویان دەکردەوەو مێشکی خەڵکەکەیان پڕ کردبوو بەلای خۆیاندا ڕایان کێشابوون.

٩- هەمیشە نەوەی نوێ-حەزدەکات و چاوەڕێی شتی تازەو بیرو باوەڕو مۆدێلاتی نوێ دەکات.. جا ئەو خوێندەوارەی کە خوێندنیان تەواو کردبوو پێگەیشتبوون.. ئەبوایە گۆڕانکاریەك لەبیرو باوەڕو هەڵس و کەوتیان دا ببوایە.. لەبەرئەمە ئامادەییان هەبوو بۆ ڕێبازێك کەوەری بگرن و خزمەتی تیابکەن.. ئیتر لەحیزبی شیوعیدا خۆیان بینیەوە.

١٠- حیزبی تری ساحەکە، کەپارتی بوو... تاشۆڕشی ئەیلول نەکەوتبووە گەشەکردن، پاشان جیابوونەوەی باڵی مام جەلالیش کاریگەری هەبوو لەسەر پارتی، چونکە رێژەی ئەو باڵە لەتەوێڵە کەم نەبوون.. هەروەها لەچاو شیوعی‌یەکانیش دا کادری خوێندەواریان زۆر کەم بوو..

بێگومان کەپارتی خۆی گرت و زاڵ بوو بەسەر کێشە ناوخۆیی‌یەکانی خۆی، بەتایبەت گرنگیەکی زۆری دا بەتەوێڵە ئیتر لەوکاتەوە شیوعی‌یەکان بەرەو کزیو لاوازی رۆیشتن..

ئەم خاڵانە هەرچەندە هەندێکیان گشتین بۆ شوێنانی تریش، بەلآم لەگەڵ خاڵە تایبەتیەکان دا بەیەکەوە کاریگەریان بووە لەسەر پەرەسەندنەکە.

پارتی دیموکراتی کوردستان

پێشتر وتمان حیزبی هیوا لەساڵی(١٩٤١)دا ئەندام و لایەنگری لەتەوێڵەدا پەیدا کردبوو، بەلآم لەساڵی(١٩٤٤)دا ریزەکانی لەبەر یەك ترازان و بوو بەدووبەشەوە، بازووی چەپ لەحیزب جیابووەو وەك حیزبێکی سەربەخۆ بەناوی حیزبی رزگای کوردەوە، کەوتە چالاکی نواندن و پشتی بەیەکیەتی سۆڤیەت بەست. بازوی راستیش پشت ئەستور بوو بەبەریتانیا کەرەفیق حیلمی سەرۆکایەتی دەکرد. پاشان بازووی چەپ و راست چەند گۆڕانکاریەکیان بەسەرهات، لەئەنجامدا:

ئەندامەکانیان یا لەپارتی دیموکراتی کوردستان یا لەحیزبی شیوعی عێراقی خۆیان بینیەوە... خەمێکیشیان وازیان هێنا.[٤١]

..چونکە سەرکردایەتی هەردو حیزب- شۆڕش و رزگاری- بڕیاریان دا کەحیزبەکانی خۆیان هەڵوەشێنن و، بێنەریزی پارتیەوە، بەمەرجێ هەردوکیان کۆنگرەی تایبەتی خۆیان بگرن و لەو کۆنگرەیەدا، چۆنیەتی گۆڕانکاریەکە بە ئەندامەکانیان رابگەیەنن.

کۆنگرەی ئەم دوو حیزبە لەسەرەتای مانگی ئابی(١٩٤٦)دا گیراو، زوربەی هەرەزۆری ئەندامان (چوونە نێو حیزبی نوێ) یان پەسەند کرد...[٤٢]. کەحیزبی نوێش پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کەلە (١٦/ئابی/١٩٤٦) دامەزرا. ئەندامانی حیزبی هیواش لەتەوێڵە خۆیان لەم دوو حیزبە بینیەوە.

کەواتە:

مێـژووی پـارتی لەتەوێڵـە دەگەڕێتـەوە بۆچـالاکی زوربـەی ئەندامـەکانی حیزبی هیوا کەئەو زۆربەیە لەپارتی‌دا خۆیان بینیەوە. ئیتر بەدامەزراندنی پارتی کۆمەڵێکی تر پەیوەندیان کردو هەستی نەتەوایەتی زیاتر کەوتە گەشەکردن.

ئەم پارتیانەی تەوێڵە پەیوەندیان لەسەرەتاوە بە سلێمانیەوە بووە، بەلاّم دوایـی پەیوەسـت کـران بەهەڵەبجـەوە. چـالاکی پـارتی بـەنهێنی بـوو تالـە (١٩٥٩/١/٩)دا پارتی مۆڵەتی کارکردنی پیٚدراو بەئازادی کەوتە چالاکی نواندن.

لەوساڵەدا پارتیەکانی تەوێڵە، دوکانی مەهدی حاجی ئایزەیان کرد وەك بارەگایەك، کەلەناو بازاڕدا بـوو، بەرامبـەر بەمزگەوتی گەورە، کەئێستا دوکانی وەستا بەشیری عەبدوالله یە.

لـەم ساڵەدا چـەند قوتابیـەك هاوینەکـەی گەڕانـەوە بـۆ تەوێڵـە بارەگـای قوتابیانیان دامەزراند لەو قوتابیانە:

بارام سەعدی، عەلی حەمەئەمین، طەلعەت مەهدی، عەبدولکەریم محەمەد ئەڵلاك، کەریم کوێخا ڕۆستەم، شێرکۆ مەهدی، صابر مەحمود، فائیق عەزیز...

بێگومـان لەتەوێڵـە وەك زوربـەی زۆری ناوچـەکانی تـری کوردسـتان ، تاسەرەتای ساڵی شەستەکان: دوو حیـزب ڕۆڵیـان هـەبوو، شـیوعی‌و پـارتی. شـیوعیەکان زۆرتـر بـوون و، زۆربەشـیان خوێنـدەوارو گـەنج بـوون و، پەیوەندیشـیان بەگـەلێ قۆناغـدا تێپـەڕی‌وە... (چـونکە حیزبـی شـیوعی یەکـەم حیزبـی عێـراق بـوو کـەڕێخراوی لەکوردسـتاندا ببـێ، شـان بەشـانی پـارتی دیموکراتی کوردستان.. کاتێ لەساڵی(١٩٤٦)دا پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا، حیزبی شیوعی بەڕێکخراوێکی زیادەی داناو، پـیٚی وابوو، هـەبوونی پێویسـت نیـە، چـونکە لەکوردسـتان دا حیزبی‌شـیوعی هەیـە).[٤٣] (خـاڵی ناکۆکیشیان زۆربوو)[٤٤].

ئەوەی شایەنی باسە:

هـەردوو حیـزب زەمینـەی لـەباریان لەبـەردەم دابـوو بۆگەشەکردن، حیزبـی شـیوعی بـەپلانێکی بـەهێزو کۆمـەڵێك دروشمـی بریقـەدارو بـەڵێنی دڵخۆشـکەرو، بـوونی فراغێکـی فکـری‌و سیاسـی‌و پشـتیوانیەکی زۆری سـۆڤیەت و، وەبـوونی کۆمەڵێك دەرچووی ڕۆشنبیر لەناوچەکە زەمینەیان سازان بۆی.

پارتیش بەبزواندنی هەستی ئاینی‌و نەتەوایەتی کۆمەڵێك لەناودارو پیاو ماقوڵ و گەنجی لەدەورو بەری خۆی کۆکردەوە. لەو سەردەمەدا ئەوەی شیوعی

نەبوایە بەدواکەتوو و کلکی ئیستیعماریان دادەنا. بەڕێز کاك مەسعود بەرزانی لەم بارەوە دەڵێ:

(سەیر لەوەدایە کەئەو سەردەمە، هەڵسەنگاندنی چاکەو خراپە دوو سەرە بوو، ئێستاش هەرواماوە. ئەو ئاغایەی لایەنگری حیزبی کۆمۆنیست بوایێ بە(ئاغای دیموکراتیو پێشکەوتوو،) دەژمێردراو، هەرئاغایەك بەلای پارتیدا بوایێ بە(کۆنە پەرست و دواکەتوو) دەزانرا، ئەوچەند کەسەش کەلایەنی حیزبی بەعسی عەرەبیان گرتبوو بە(یەکیەتی خوان) ناودەبران).[٤٥]

خاڵێکی تریش لێرەدا پێویستە ئەویش ئەوەیە، دژایەتی کردنی ئیسلام لەلایەن شیوعیەکانەوە کاردانەوەیەکی دروست کردبوو بۆ ئەوەی پارتی جەماوەرێکی ببێت، چونکە زۆرێك لەپارتییەکان هاندەری ئاینی پاڵی پێوە نابوون کەبچنە ناوی، لەساڵی(١٩٧٠) کەیەکیەتی زانایان دروست بوو، زانایانێکی زۆر لەتەوێڵەدا چونە ناو ئەو یەکیەتیەو چالاکیان ئەنجام دا.

هەردوو حیزب شان بەشانی یەك، لەپێشبڕکێو کێشمە کێش دابوون. لەساڵەکانی (١٩٥٨) بۆ (١٩٦٥) شیوعیەکان زیاتر دەسەڵاتیان بووە، ئیتر لەوە بەدواوە هەر پارتی لەتەوێڵەدا بالادەست بووە تاساڵی(١٩٧٥).

هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول:

لەئەنجامی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی حکومەتی عێراق و هەڵوێستە نالەبارەکانی بەرابەر بەکورد، جەماوەرو عەشایری کوردستان هەستی نەتەوایەتیان جوڵاو دەنگی ناڕەزایان بەرز کردەوە، گەلێك خۆپیشان دان و مانگرتن دەستی پێکرد، دواتریش خێڵەکان خۆیان چەکدارکردو دژ بەحکومەت وەستان، لەئەنجامدا:

پارتی لە (١١/ئەیلولی/١٩٦١)دا بڕیاری دەست پێکردنی شۆڕشیدا، ئیتر لەهەموو ناوچەکانی کوردستانەوە، خێڵ و عەشایرەکان جوڵان. ئەوەی شایەنی باس بێت عەشایرەکان، بەتایبەت ئاغاو دەرەبەگەکان زۆر پڕبوون لەحکومەت، چونکە لەوکاتە بڕیاری چاککردنی کشتوکاڵ درابوو، لەلایەن حکومەتی قاسمەوە، ئەو بڕیارەش لەبەرژەوەندی ئاغاکان نەبوو.

جەماوەری کورد هەر لەبادینان و خۆشناوەتیو پشدەرو بتوێن و شارباژێڕو سورداش و گەرمیان و شارەزوورو پێنجوێن و هەورامان... خۆی ئامادە کرد بۆ پێشگرتن لەو سوپایەی عێراق کەلەموصڵ و کەرکوکەوە دەیویست بێت بەرەو کوردستان.

جـەماوەری دەڤـەری سـلێمانی، لـەدوو قۆڵـەوە، خۆیـان ئامـادە کـرد، لەدەربەندی بازیان و دەربەندیخان، لەهەردوو قۆڵەوە شەڕ گەرم بوو، لەسـەرەتاوە هێزی چەکداری کورد، دەستی خۆی وەشاند لەسوپا، بەڵام زۆری نەبرد، ڕژێم بە تۆپ و فڕۆکە، بۆمبارانێکی سەختی هێزی چەکداری کوردی کرد، تـوانی هێـزی کـورد، پەرتـەوازە بکـات و، ورەیـان بڕوخێنـێ. لەڕاستیدا هێـزی کـورد،تۆکمـەو پڕچەك نەکرابوو، جۆری چەکیشی زۆر لەئاستی چەکی حکومەتدا نەبوو... ئەمە سەرەتای شۆڕشی ئەیلول بوو، وەیەکەم پێکدادانی کوردو حکومەت بوو.

جاخـەڵکی تەوێڵـەش بەشداری ئـەم پـەلامار دانـەیان کـردووە، دەگێڕنـەوە کە: لەناو بازاڕی تەوێڵەدا چەند پیکابێك لەخەڵك کۆبوویەوە، بەچەکی خۆیانـەوە بەرەو دەربەندیخان بەڕێکەوتن، کەهەموویان سەربە ڕێکخستنەکانی پارتی بـوون کەئەمەش ناوی هەندێکیانە:

سـەعدی بـەگ، مەهـدی حـاجی ئـایزە، هـادی حـاجی ئـایزە، حـاجی بابـا حـاجی محەمەد، طاهری حەبیبە، حەمەمراد عەزە، عەلی هەباس، عیزەت حەسەن، کوێخا ڕۆستەم، ئۆڵڵای حسلەو، چەندانی تر.

دوایـی کەگەڕانەوەو، حکومەتی عێراقی زاڵ بوویـەوە، ئەوانـەی لەوشـەڕەدا بەشدار بوون زۆریان گیران لەوانە:

- طاهری حەبیبە لەبازاڕدا (خاڵەبلە) چەکی کرد کەدەمانچەیەکی پێبوو.

سـەعدی بـەگ، مەهـدی حـاجی ئـایزە، حـاجی بابـا، هـادی حـاجی ئـایزە .. هەندێکیشیان خۆیان کەناردا و نەگیران.

هەموو دەست پێکردنێك سەختە :

بێگومان هەموو دەسـت پێکردنێـك هـەم سـەختەو هـەم لەخاڵێکـەوە دەست پێدەکات. شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێش هەم سـەرەتاکەی سـەخت و قـورس بوو، کە دەستی پێ کرد، هەم لەدەڤەری شارەزوورو هەورامانـەوە سـەری هەڵـداو کەوتـە گەشـەکردن.(٤٦)، بەڵکو گرتنـی مەخفـەرەکانی تەوێڵـە و دەڤەرەکـە، بـووە خاڵی دەست پێکردن و سەرەتای شۆڕش، ئیتر ناوچەکە بووە پەناگا بۆ شەڕی پارتیزانی پێشمەرگە.

کەشۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا، پارتی بەساچمەو وەرەنـدڵ و تـاپڕ دەسـتی پێکـرد، دوایـی بڕنـەوی درێـژو وەسـەط و کلاشـینکۆف و دەمانچـەو ڕەشاشـی دەست کەوت.

بەڕێز کاك حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی کەخۆی ئەندامێکی کاراو لێهاتووی ناو پارتیو شۆڕش بووە لەکتێبی بیرەوەریەکەی خۆیدا- لەشنرویۆە بۆ ستۆکهۆڵم- دەڵێ:(٤٧)

.. لەساڵی(١٩٦١)دا پارتی خواخوای ئەوەی بوو بڕنەوێکی دەست کەوێت، بۆیە کەوتینە جمو جوڵ وپەیوەندیمان کرد بە حیزبیەکانمانەوە، هەندێکیان، یەکی تفەنگێکیان پێشکەش کردین، ئەوە بۆئێمە زۆر پێویست و شتێکی زۆر بەنرخ بوو، لەوانە:

- حاجی مستەفای تەپی سەفا.
- مستەفا فەنی لەخورماڵ.
- مستەفای حاجی فەرەج لەتەوێڵە.
- حاجی ئەولەی نەسە لەتەوێڵە.

ئەمە وای کرد کە هێزی چەکداری کورد، بەهێزبێت و توانای چالاکیو ڕزگارکردنی ناوچەکەیان کرد.

یەکەم دەست وەشاندن لە ڕژێم:

دوای ئەوەی چەند تەوێڵەییەك بونە پێشمەرگە، لەگەڵ پێشمەرگەکانی دەڤەرەکە، کەوتنە گەڕان بۆ تر ساندنی حکومەت و پیشاندانی هێزی پێشمەرگە. خەڵکی تەوێڵە زۆرێکیان بژێویان لەسەر کاسپی کردنی سەر سنورەکان بوو کەشمەکیان ئاڵ و گۆڕ دەکرد لەنێوان تەوێڵە و گوندەکانی ئێراندا.

جالەو کاتە لەتەوێڵەدا دائرەی گومرگی لێبوو، چەند قۆڵچییەکی عەرەب ڕێگەیان بەو کاسب کارانە دەگرت، بۆئەمەش وەك کەمین دەردەچوونە ناو باخەکانەوە خۆیان دادەگرت بۆ کۆڵبەرەکان بەتایبەت لەقەلاّمسێن و گەریات کەمینیان دادەنا.

پێشمەرگەش لەوکاتەدا تازە پەیدا بوو بوون، چالاکی وایان ئەنجام نەدابوو، ویستیان هەڕەشە لەو قۆڵچیانە بکەن کەفشار نەخەنە سەر خەڵکی تەوێڵە و بیان ترسێنن. لەبەر ئەوە لە (١٩٦٢/٨/٢٤) چەند پێشمەرگەیەك لەخوار خانەقاوە لەپاڵ چایخانەکەی حەمەرەضا-دوایی بەچایخانەی ئەوڕەحمانی ملکی ناسراوە- ئێوارەیەك بۆیان دادەنیشن و کەمین دادەنێن بۆ قۆڵچییەکان.

قۆڵچییەکان دوان دەبن (حەمودیو سەید حەسەن) کەئێوارە دەگەڕێنەوە پێشمەرگەکان تێیان دەخوڕن، بەڵام یەکێك لەپۆلیسەکان دەست دەکاتەوەو

سەلیەیەك دەكات و كەسیش ناپێكێ، بۆیە لەولاوە پێشمەرگەیەكی تر تەقەیان لێدەكات و دەیان كوژێت.

ئەمە سەرەتایەك بووبۆ شۆڕش و گۆڕانی بارو دۆخەكە لەناوچەكەدا، جا چونكە تەقەو كوشتن كەم بووە لەتەوێڵە، ئەمە زۆر دەنگی دایەوەو پێشمەرگە سامێكی پەیدا كرد.

ڕێگە گرتن بەمەئمور مەركەزی تەوێڵە:

كاك حەمەی فەرەج دەڵێ:[٤٨]

..لەناوچەی هەڵەبجەوە نامەیەكیان بۆ ناردین كەئاگاداریان كردین كارمەندی نێوەندی تەوێڵە (مأمور مركز) كەناوی (خاڵە بلە)[٤٩] بوو لەهەڵەبجە مانگانەی پۆلیس وەردەگرێو سبەینێش دەگەڕێتەوە، نامەكە لەلایەن حەمە ڕەحیم بەڵخەیی‌یەوە نێرابوو، ئێوارە نامەكەمان بەدەست گەیشت، لەنامەكەشدا ئەوەی دیاری كرابوو كە خاڵە(٦) پۆلیسی لەگەڵدایە، بەئۆتۆمبیلی (مسەلەحە) ئەگەڕێتەوە، پارەكەی كەپێیانە (١٥٠٠) هەزارو پێنج سەد دینارە، كەبۆ ئەو ڕۆژانە زۆربوو، خۆشیان ئامادە باشی ڕووداوی ڕێگەكەیان پێشبینی دەكرد، كەپارەكەیان لێ بسێنن.

ئێمە لە (زەڵەكێ)[٥٠] بەرەو(وەزەنێ)[٥١] بەڕێكەوتین، بەیانیەكەی گەیشتینە ئەوێ، ئەوجێیە، دەیڕوانیە نێوان بیارەو بەڵخە. هەرزوو خۆمان كرد بەدوو بەشەوە، من و جەمال بابان و عەلی شیعە، لەدەورو بەری جادەكە لەناو تەلانێكەوە خۆمان حەشاردا، بڕیار وابوو كە تەقە نەكەین هەتا(مسەلەحەكە) دەگاتە بەردەممان، شایانی باسە كەتەقەكردن ئەودەمە هێندە ئاسان نەبوو، سەرەتای شۆڕش بوو،

كاك (حلمی)[٥٢] لەسەر چیا بەدووربین تەماشای ڕێگەكەی دەكرد، ئاگاداری كردین كە(مسەلەحەكە) لە دەرگا شێخان دەرچوو بەرەو وەزەنێ دێت، ئێمەش خۆمان ئامادە كرد تادەگاتە نزیكمان، بەلام لەناكاو لە پشتمانەوە بوو بەتەقە، كەلە(مسەلە حەكە) ورد بوینەوە، بۆمان دەركەوت كەئەو نی‌یە تەقەدەكات، بەڵكو پۆلیس لەسۆسەكانەوە هاتبوون بۆ پاراستنی پارە هەڵگرەكان، پۆلیسێك[٥٣] كەدەچێتە سەر سەنگەرەكەی كاك حیلمی پێی دەڵێت چی دەكەیت لێرە؟ ئەویش پێشمەرگەیەكی لەگەڵ دەبێت، فریا دەكەوێت بۆ ئەوەی تەقە لە كاك حلمی نەكات، ئەم یەتە دەست و دەیكوژێت، كاتێك كەپۆلیسەكانی ناو(مسەلەحەكە) گوێیان لەتەقە كردنەكە كەدەبێت، ئەوانیش

خێرا دەیکەن بەتەقەو گەرانەوە بەرەو بیارە، ئەوەندە بەپەلە گەڕابووەوە، لەوێ وەرگەڕابوو، ئێمەش بەزەحمەت توانیمان لە وێ دەربچین، چونکە شەڕەکە زیادی کرد، کاک حیلمیو کاک تایەر تەوێڵە یی[٥٤] برینداربوون و بەزەحمەتێکی زۆر هەردوکیانمان گەیاندە (تاوێرە). ئاگاداریشیان کردین کە هێزی پۆلیسی (قوەی سیار) کەدەورو بەری (١٥٠-٢٠٠)کەس دەبن لەسلێمانیەوە گەیشتونەتە ئەوێ.

ئێمەش بۆ برینداره‌کانمان هەرئەوندە فریاکەوتین، کەفریاگوزاری بەپەلەیان (اسعافات اولیة)یان بۆ بکەین و دوو ئێسترمان بۆ گرتن لەڕێگەی شاخی شنرویێوە، شەو ناردنمان بۆ هەڵەبجە، بە نهێنی بۆ ماڵی دۆستەکانمان بۆ تەداوی کردن، پاش ئەوە ئێمە ناوچەکەمان بەجێ هێشت و بەرەو سازان ڕۆیشتین و.. کاک تایەریشمان بەنهێنی ناردەوە بۆ سلێمانیو کاک حلمیش کەبرینەکەی چاکتربوو لەگەڵ خۆمان بەرەو سەرتەك و بەمۆ بەولاخ بردمان..

یەکەم بارەگای هێزی پێشمەرگە:

کەشۆڕشی چەکدارانەی کورد دەستی پێکرد لەمانگی(١٩٦٢/٧)دا یەکەم بارەگای هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی وەزگێڵ دانرا.. کەکەوتۆتە پشتی هاوارو کەژی شنرویێوە. وەیەکەم مەفرەزەی سەرەتایش لەوکاتەدا تەشکیل کرا.[٥٥] هەر لەوکاتەشدا ئەندامەکانی پارتی ئاگادار کراونەتەوە ئەوانەی کەچەکیان هەیە چەکەکەیان بنێرن بۆیان بۆ بارەگاکانی هێز.لەوانەی چەکیان بۆناردون لەتەوێڵە:

مستەفای حاجی فەرەج، حەمەصاڵحی حاجیفەرەج، حاجیئەولەی نەسە، سەعدی بەگ، عیزەتی حەمەسەعید، مەحیەدین حەمە سەعید....

هیوا هەبوو ساچمەیەك، هەش بووە تاپڕێکی ناردووە، نزیکەی (١٦) تفەنگ لەشانێك کۆبووەتەوە...[٥٦]

ڕزگار کردنی هەورامان:

دوای ئەوەی کەپارتی لەگەڵ حکومەتی عێراق دا تێکچون و گفتوگۆیان گەیشتە بنبەست، پارتی بڕیاریدا چەند، ناوچەیەك ئازاد بکات و بیکاتە بنکەی پێشمەرگە لەکوردستان دا، بەتایبەت ڕزگارکردنی دەڤەری هەورامان و قەرەداغ و ماوەت زۆرپێویست و لەباربوو. بۆئەمەش هەورامان کرا بەسەرەتای ڕزگارکردن.

یەکەم مەفرەزە تەشکیل کرابوو لەمانگی تەموزی ساڵی(١٩٦٢)دا بوو، وەرزی زستانیش لەدواوە بوو، بۆیە بیرکردنەوە لەڕزگار کردنی چەند ناوچەیەك زۆر پێویست بوو.

لەهەورامان... هەنگاوی یەکەم لەوەزگێڵەوە بەرەو هاوارو جاوریو بەڵخە دەڕۆن، ئەو(٢٥) پێشمەرگەیە شەو لەبەڵخە دەمێننەوەو، زۆر یارمەتی‌یان دەدەن، وە ئاگاداری دۆست و لایەنگرەکانیان دەکەن کە بلاوی بکەنەوە کە پێشمەرگە دەیانەوێ جادەکە کۆنتڕۆڵ بکەن.

لە ملەی وەزەنێ عەمودێکی تەلەفۆن دەردەهێنن و کەلەکێك دروست دەکەن و عەمودەکەی لە سەر دادەنێن، بە بەتانی و گوێنی، باش دەیبەستن، هەروەها کەڵەکێکی تر دروست دەکەن بە بەتانی دای دەپۆشن گوایە، ئەمەش گوللەی تۆپەو ئەوی کەش (مەدفەعە)و هەرچی جێ‌یەکیان بوێت بۆردومانی دەکەن.دووسێ ساچمە ژەن بەدەست دادەنێن لەگەڵ باوەڕ پێکراوێکدا بۆ پاسەوانی کردن، تەنیا باوەڕ پێکراوەکە ڕاستی مەسەلەکەی زانیوە کە ئەوە(مەدفەع) نیەو عەمودە...

هەر لەوێ خەبەر دەدەن بەمەخفەری سۆسەکان و بیارە گەر چۆڵی نەکەن و تەسلیم نەبن ئەوا ناچار دەبین کە مەخفەرەکەتان بەسەردا بڕوخێنین. ئیتر لەوێوە بەرەو ئاوێسەر دەکەونە ڕێ بۆگرتنی تەوێڵە [٥٧]

گرتنی مەخفەری تەوێڵە :

هەر لەسەرەتای شۆرشی ئەیلولەوە پۆلێك لەگیانفیداکانی تەوێڵە چوبوونە ڕیزی پێشمەرگەکانی کوردستانەوەو لەگەڵ شێخ حەمەئەمین و نوری حەمەی نانەواو حەمەی فەرەج... تاد چەکیان هەڵگرتوو لەوانە:

(تاهری حەبیبە، جەلالی وەیسی، عەبدولکەریم عەلی محەمەد (بەگە)، کوێخا ڕۆستەم، ڕەحمانی الله وەیس، نەصرەدین عەبدوالله ، عەبەکەی وەهاب، نوری غەفار بەگ، ئیدریس حاجی عەبدوالله ، صابری کاکەلە، شەفیعی ئەڵلاك، حەمە یوسفی مارفە..تاد) بەڕێز کاك حەمەی فەرەج دەڵێ: ...کەگەیشتینە ئاوێسەر وەلاممان بۆ دۆستەکانمان نارد وەك: مستەفای حاجی فەرەج، حەمە صاڵحی حاجی فەرەج، عەبدولخالقی حاجی عەبدولوەهاب، سەعدی بەگ، ئەولەی نەسە، عیزەتی حەمەسەعیدو کۆمەڵێکی دیکە لەتەوێڵە و، داوامان لێ‌کردن کەلەگەڵ خۆیانا نان و ئازوقەمان فریا بخەن. ئەو برادەرانەی گەیشتنە لامان، لەدانیشتنەکەدا زانیاری تەواومان سەبارەت بە پۆلیسەکان و ڕوتبەکانیان و ژمارەو جۆری چەك و تەقەمەنیان وەرگرت. بڕیاماندا کە پەیوەندیان لەگەڵ بکەین کەبێ هیچ تەقە کردنێك تەسلیم بەئێمە بن، ئەم بڕیارەمان تاقی کردەوە، وەلاممان بۆ(خاڵەبلە) نارد کەمەئوری مەرکەز بوو کەوا بەرگری نەکات و خۆی

بەدەستەوە بدات، خۆشمان دابەزینە ناو تەوێڵە و دەوروبەری مەخفەرەكەمان گرت، بەدالەكەی تەوێڵەمان گرت[٥٨] و بەتەلەفۆن لەگەڵ خاڵە بلە قسەمان كرد بۆ خۆ بەدەستەوەدان، شایانی باسە كەچەند جارێكی دیكەش داوامان لێكردبوو، بەلآم ئەو هەر ئەم كارەی دوادەخست و داوای ئەوەی لێدەكردین كەجموڵمان لەشوێنێكی دیكە دەست پێ بكەین. لەئەنجامدا پەیمانی داینێ كەلە ماوەی(٢٤) كاتژمێردا خۆی بەدەستەوە بدات، بەلآم دیار بوو كەگفتەكەی خاڵە بلە ڕاست دەرنەچوو، برادەرێكمان بروسكەیەكی خاڵە بلەی گرتبوو كەتیایدا نووسیبوی (ارحمونا یرحمكم الله) كەبۆ بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی ناردبوو. لەبەر ئەوەی ئەوان جێ‌و ڕێو هەڵوێستیان لاوازو هی ئێمە سەركەوتوو تربوو، بڕیارمان دا پەلاماریان بدەین.[٥٩]

پێشمەرگەكان بوونە چەند بەشێكەوە، بەشێكیان لەپشتی خانوەكەی (مام بلە)وە لە (بەرامبەر)، سەنگەریان بەستبوو، دووسێ پێشمەرگەش لەقەلآی گاوران بوون، ئەوانی تر دەوری مەخفەرەكەیان دابوو، لەسەربانی خانوەكەی حاجی ئیسماعیلی بەكرەو، ژێر مارەكەی حاجی تۆفیق بوون، لەوێوە چەند تەقەیەكیان كرد. لەئەنجام دا خاڵۆ برایم و پۆلیسەكان تەسلیم بوون. بەم شێوە لە (١٩٦٢/١٠/٧)دا مەخفەری تەوێڵە گیرا (پێشمەرگە چونە ناو مەخفەرەكەوەو پۆلیسەكان چەك كران و لەژوورێكدا دانران و خاڵە بلەش لەژوورێكی تر. دەست كەوتیش (٢٤) تفەنگ و یەك ڕەشاش و دەمانجەیەك و دووربینێك و جیهازێكی پەیوەندیو كۆمەڵێك فیشەك.)[٦٠]

لەو پۆلیسانەی كەلە مەخفەرەكە بوون:

(ڕەشید حەمە ئەمین، عەبە ڕەش، ڕەشید ڕەحیم، سەعدەدین فەتاح، حەمەی صالح تاتە، محەمەدحاجی عەبدواللە ، جەمیل ئاغە جافر، فەرەجواللە محەمەد، حەمە ئەمین حەمەخالد، نافع محەمەد، قادرە سوری سۆرانی، ئەم بەڵخەیانەش: غەفور ئەمین، مستەفا خدر، حەمەڕەحیم، عەبدوڕەحمان، وەچەند بەرزنجەییەكیش:

ئیتر ئەم پۆلیسانە هەندێكیان بوونە پێشمەرگەو، خاڵۆ برایم وئەوانی تر بەرەو هەڵەبجە بەڕێ كران. ئەوەی شایەنی باسە: ڕێكخستنی پارتی لەتەوێڵە هاوكاریەكی باشی پێشمەرگەیان كردو بەخواردن و ئازوقە بەڕێ نیشاندان و چەكداری كردن و... تاد.

لەو ماوەیەدا خەڵکی تەوێڵە لەناو ئاوایی دوورکەوتنەوەو چوونە ناو باخەکانی دزاوەرو ئاوێسەر، بەڵکو هەندێ ماڵیش بەرەو دزاوەرو کەیمنەو هانەگەرمڵە ڕۆیشتن، لەترسی ئەوەی نەوەك حکومەت بە فڕۆکە تەوێڵە بۆردومان بکات، بەڵام ئەمە زۆری نەبرد خەڵکی گەڕایەوە ناو خانوەکان، چونکە لەلایەکەوە سەرما دەستی پێ کردبوو، دوای ئەوەش ناوچەی هەورامان بەتەواوی کۆنترۆڵ کراو، بووە ناوچەی ڕزگار کراوی کوردستان کەتاساڵی (١٩٧٥) بەردەوام بوو.

گرتنی مەخفەری سۆسەکان:

دوای ئەوەی تەوێڵە ڕزگارکرا، نوری حەمەی نانەواو چەند پێشمەرگەیەك مانەوە لەتەوێڵە، ئەوانی تریش بەرەو مەخفەری سۆسەکان هاتن. بەڕێز کاکە حەمەی فەرەج دەڵێ:

..لەبەر ئەوەی هێرش بکەینە سەر مەخفەرەکە. یەکێکمان ناردە ئەوێ کەلەهاتنی ئێمە ئاگاداریان بکەن، لەوێ دووسێ کەسی لێبوو، کاك حەمەی گوڵپی‌و کاك کەریم هاواری، هەردووکیان پۆلیس بوون سەر بەخۆمان بوون.[٦١] کاتێك گەیشتین داوامان لێکردن مەخفەرەکەمان بدەنە دەست، خۆئەگەرنا ئەوا هێرش دەکەینە سەرتان بەزۆر لێتان دەسێنین. ئێمەش چووبووینە نزیك تەنکی ئاوی مەخفەرەکەوە، دوو پۆلیسەکەی سەربەخۆمان هەولێکی زۆریان دابوو کەپۆلیسەکانی دیکە کەژمارەیان (١٢) کەس بوون قەناعەت پێ بکەن، بەڵام هەوڵدانەکەیان سەری نەگرت. فەرمانەدەی مەخفەرەکە کەعەریف محەمەد کەللەڕەقی دەمار گرژبوو، بڕیاری دابوو کەهەروا بە ئاسانی خۆی نەدات بەدەستەوە، ئیدی ناچاربووین کەپەلاماریان بدەین.

لەئەنجام دا: عەریف محەمەدو چوار پۆلیسی دیکە ڕایان کرد،[٦٢] بەرەو هاوارو، لەوێوە بەڕێی تاوێرە بەرەو هەڵەبجە بڕۆن، چوینە ناو مەخفەرەکەو، پۆلیسەکانی دیکەمان چەك کردو کاك شێخ محەمەد ئەمینمان لەوێ دانا، من و جەمال بابان و عەلی شیعە، دوای عەریف محەمەدو چوار پۆلیسەکەی ترکەوتین، مەبەستمان ئەوە بوو کەبەر لەوەی بگەنە هەڵەبجە ڕێیان پێ بگرین، ڕێگەی نێوان هاوارو تاوێرەش دوورەو دەبوایە فریا بکەوتینایە، ئەودەمە هیچ بیرمان لە هیلاکی‌و ماندو بوون نەدەکردەوە، گرنگ بەلامانەوە بلاو کردنەوەی دەسەڵاتی شۆڕش بوو، بەماوەیەکی کەم ڕێگەکەمان بڕی‌و تاریکی‌و لێڵی بەیانی گەیشتینە تاوێرە، لەوێ گوێمان بۆ ئەو کاروانچی‌یانە هەڵخست کەبەرەو هەڵەبجە دەڕۆشتن، یەك لەوانە ئاگاداری کردین کەعەریف محەمەدو چوار پۆلیس

بەدوامانەوەن، بەرێکەوت پۆلیسەکان لەو نزیکانەی ئێمە دەبن و گوێیان لەقسەکانمان دەبێت و بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە، ویستیان ڕێگەیەکی دیکە بەرەو هەڵەبجە بگرن، بەڵام ئیمە پێمان زانین، بەرەو ئەو ڕێیەی ئەوان دوایان کەوتین ڕێگەکە زۆر هەوراز بوو، گەیشتبوینە نیوەی ڕێگەکە گوێمان لەدەنگە دەنگ بوو لەدۆڵەکەدا، دونیا کەمێك ڕوناك ببوو، ئێمەش کەمێك بلاو بوینەوە تاڕێی ئەوەیان نەبێت بەرەو یاڵەکانی سەرەوە بڕۆن، ئێمە تارماییەکانی ئەوانمان دەبینیو هاوارمان لێکردن کە خۆبەدەستەوە بدەن، بەلام ئەوان کەوتنە تەقە کردن لێمان، ئەوجێیەی کەئێمەی لێبووین بەسەر ئەواندا دەیڕوانی هاوارمان لێکردنەوە، ئەگەر خۆبەدەستەوە نەدەن دەتان کوژین، پاش مشتومڕێکی نێوان خۆیان هەستیشیان دەکرد کەژمارەی ئێمە زۆرەو، ناچار خۆیان دا بەدەستەوەو دەرکەوت کە دوو پارچە چەکی زێدە شیان پێبوو، کاك عەلی ئەحە کەچەڵ لەگەڵ ئێمە بوو بێ چەك بوو، چەکێکمان دایەو ئەوانی کەش میلەکانمان دەرهێناو لەگەڵ فیشەلغەکاندا دامان بەسەر شانی پۆلیسەکانداو هەموو پێکەوە بەرەو هاوار ڕێکەوتین، خەڵکی ئەوێ بەچەپڵەڕێزان پێشوازیان لێکردین، خواردن و نان و دۆیان بۆ هێناین و پیرۆزبایی گەرمی ئەم سەرکەوتنەیان لێکردین.

لەهاوار بڕیارمان دا بەرەو بەڵخە بڕۆین و وەلامیش بۆ شێخ حەمەئەمین و ئەوانی دیکە بنێرین کەبێنە بەڵخەو گشتمان لەوێ کۆببینەوە بێگومان هەموومان لەوێ یەکترمان گرتەوە، شەو کۆبونەوەیەکمان کرد کە پلانێك بۆ گرتنی مەخفەری بیارە دابنێین.[٦٣]

گرتنی مەخفەری بیارە:

هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتنیان بەدەست هێناو، بەرەو بیارەش کەوتنە ڕێ، کەبڕیار بوو ئەویش ڕزگار بکرێت.

لەو کاتەدا هەم پێشمەرگە ژمارەیان زیادی کردو هەم ورەشیان بەرز بوویەوە بۆیە: .. هێزەکە بووبە سێ ڕەتڵ و لە سێ قۆڵەوە، پەلاماری مەخفەرەکە درا کە نزیکی مەخفەرەکەش بوونەوە هاواریان لێ کردن کە خۆیان تەسلیم بکەن. وەلەڕێی دۆستەکانیشیانەوە پەیوەندیان پێوە کردن کە خۆیان بدەن بەدەستەوە بۆ ئەوەی نەکوژرێن. پێشمەرگەکان بەهۆی دوان لەپۆلیسەکان کەپارتی بوون، هەموو زانیاریەکی ناو مەخفەرەکەیان دەزانی. ئەوشەوە دەوری مەخفەرەکەدرا، تابەیانی، کەڕۆژ بووەوە پۆلیسەکان خۆیان دا بەدەستەوە کەژمارەیان (١٩)کەس بوون لەگەڵ بەڕێوەبەری مەخفەرەکەدا. دەستکەوتی پێشمەرگە لەم مەخفەرەدا:

(١٩) تفەنگ، یەك ڕەشاش، جیهازێك، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەفیشەك و کەل و پەل. لەپۆلیسەکان حەمەسەمینۆف و حسێن مەحمود، بوون بەپێشمەرگەو ئەوانی دیکەش بەکەفالەت بەردران کەجارێکی دیکە نەچنەوە ڕیزی حکومەتی عێراق.[٦٤]

ئەوەی شایەنی باسە:

–حەمەگوڵپی لەگرتنیمەخفەری بیارەدا دەورێکی قارەمانانەی هەبووە.[٦٥]

– حەسەن بەگی پالأنیاش لەگرتنی مەخفەری بیارەو ناوچەکەدا بەگشتی ڕۆڵی زۆری بووە.

–.. دواتر مەخفەری بیارە کراوە بەبارەگای لق و بەر پرسیاری لق شێخ حەمەئەمین بووە، بەرپرسیاری عەسکەریش کاك حەمەی فەرەج بووە.. حیلمی عەلی شەریفیش کەئەندامی سەرکردایەتی بووە لەبەمۆوە هاتوەتە هەورامان و بڕیار دراوە مەخفەرەکەی خورماڵ بگرن.. لەم کاتەدا ژمارەی پێشمەرگە لەدەڤەرەکە گەیشتووەتە (٧٠) پێشمەرگە.[٦٦]

– ئیتر ناوچەی هەورامان بەگشتیو، تەوێڵەو بیارە بەتایبەتی بووە پەناگاو پارێزەرو قەڵاو ناوەندی شۆڕش و پێشمەرگە، بۆ شەڕی پارتیزانی لە هەڵەبجەو دەورو بەری دەستیان دەوەشاندو دەگەڕانەوە بۆ تەوێڵە، هەروەها زوربەی پێشمەرگەکانی خەڵکی هەڵەبجەو سلێمانیودەورو بەری کەلەوێ بوون ماڵ و منداڵەکانیشیان هێنایە بیارەو تەوێڵە .

– بێگوکان ساڵی (١٩٦٢) بەساڵی شۆڕشی پۆلیس بەناوبانگ بوو، چونکە لەوساڵەدا،پۆلیسی شارو شارۆچکەکانی لیوای سلێمانی و هەولێر پەیوەندیان کرد بەشۆڕشەوە، زوربەی لقەکانی پێشمەرگە لەپۆلیس پێکهاتبوون، زوربەی سەرپەل و سەرلقەکانیش لەپۆلیس دانرابوو، بەڕاستی پۆلیسی کورد لەوساڵەدا، ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان لەگەشەکردن و پەرەپێدان و خورت کردن و سەقام گیرر کردنی شۆڕشی ئەیلول دا هەبوو.[٦٧]

پەلامار دانەکەی زەعیم صدیق و شەڕی پردی زەڵم[٦٨] :

دوای ئەوەی هەندێ ناوچە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە ئازاد کرابوو، وە ڕۆژانەش پێشمەرگەش دەستی لەحکومەت دەوەشاند. حکومەت لیوای (٢٠)ی تەرخان کرد، بۆکپ کردنەوەی شۆڕش لەناوچەی سلێمانی، ئەمەش زەعیم صدیق سەرپەرشتی دەکردو لەلایەن عەبدوسەلام عارفەوە ڕاسپێرا بوو. لە (١٩٦٣/٦/٩) حکومەت هاتوچۆی لەناو شاری سلێمانی قەدەغە کرد،

نزیکەی (٤٠٠٠) کەسی گرت و، (٣٠٠) کەسی گوللە باران کردن و باقی دیلەکانیشی بۆماوەی دوو مانگ ئەشکەنجەدان، وەچەند گوندێکی سوتان و وێران کرد، وەك گوندی (بیلکێ)و (سیارە)و گوندەکانی ناوچەی (خەلەکان و عەربەت و سورداش و قەرەداغ و بازیان) کە نزیکەی (٣٠) گوند بوون وە زۆریشی لێگرتن و کوشتن[٦٩].

لەو گیراوانە فەرمانبەری حکومی زۆری تیابوو (ڕەئیسی صحەو مدیری مەعاریف و مدیری طاپۆ)شی تیابووە.

ئەمە هەموو بەفەرمانی زەعیم صدیقی خوێن ڕێژ بوو.

کەهێزەکەی زەعیم صدیق بەرەو سەیدصادق هات، ماوەیەك لەوێ مایەوە، پێکهاتبوو لەلیوای (٢٠)و دوو فەوجی موظە لیو (٧٠٠) جاش و چەند دەبابەو فرۆکەیەك.

هێزی پێشمەرگەش (٧٥)کەس بوون، نەوشیروان فوئاد مەستی بەرپرسی یەکەم بووە، لەبیارە دانیشتبوو، حەمەی فەرەج لێپرسراوی سەربازی بووە، تەها بامەڕنیش سەرپەرشتی ناوچەکەی کردووە. چەکی پێشمەرگە ئەوکاتە (١١)تیرو (٥) تیری ئینگلیزیبووە، تاك تاکە کلاشینکۆف و ڕەشاش بووە. بۆ ئەم شەڕە (١٢) کەس لەخەڵکی تەوێڵە لەم هێزەدا بەشدار بوون لەوانە:

حاجی الله کەرەم حاجی تۆفیق - ١٦ / ١٢ / ٢٠٠٢

(الله کەرەم حاجی تۆفیق، مستەفای حاجی قادر، حەمەیوسف مارفە، عەبدوالله نەصروالله ، عەبدولکەریم عەلی محەمەد (بەگە)، نەصرەدین عەبدوالله ، ئادەم کەریم، عەبدولخالق عەبدولوەهاب، عەبدوالله حەمە ڕەشید،... هەروەها چەند کەسێك لەخەڵکی تری هەورامان وەك: محەمەد گوڵپی، ئەمین دەگا شێخانی، حسێن بەگی غەفار بەگ و .. چەندانی تر... بەشداربوون.

کەهەواڵ دراوە سوپای عێراق دەیەوێ بەرەو هەڵەبجەو هەورامان بێت، پێشمەرگە بڕیاری داوە تادەتوانێت

بەرەنگاری دەکات. بۆیە لەپردی زەڵم لەم بەرو ئەبەری جادە، پێشمەرگە چووەتە کەمینەوە کەسەرلەبەیانی یەکی (مانگی ١٩٦٣/٧/) چەند تانك و زریێپۆش هاتون و پاشان چەیش و جاش هاتون، بۆماوەی نیوسەعات شەڕ بەردەوام بووە، جەیشەکە شکاوەو نەیتوانیوە بێتە پێشەوە، بۆیە گەڕاوەتەوە بەرەو سەید صادق. دوای چەند ڕۆژێك حکومەت بەهێزێکی زۆرترەوە کەوتوەتەڕێ، بەسێ ڕەتڵەوە یەکێ لەقاجرەوە یەکێ لەگێڵەکەوە، یەکێ لەجادەوە.. هێزی پێشمەرگەش ڕەشاشێکی لەسەر گردەکەی گردی گۆوە داناوە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك، پێشمەرگەش لەمبەرو ئەوبەری جادەکەی گرتووە لەناو جۆگەو زەلکاوەکاندا. (لەسەر پێشنیاری مستەفای حاجی قادر ئاو دەکەنە سەر مەزرای ئەو ناوە بۆ ئەوەی کەدەبابەهات بچەقن.)[٧٠]

ئەم جارەش: کەشەڕ گەرم بووە، ماوەی دوو سەعاتی خایاندوە، سەربازو جاشێکی زۆر کوژراوەو هێزی پێشمەرگەش هیچ زیانی نەبووە، بەڵام زۆری پێ نەچووە حکومەت هێرشێکی تری کتوپڕی لەدەمەو ئێوارەیەکدا کردووەتەوەو ئەمجارەش سەرکەوتوو نەبووە، لەهێرشی چوارەمیدا تانکەکان پشتی پێشمەرگەیان گرتووەو، خۆیان گەیاندوە دوو ڕیانەکەی هەڵەبجە- خورماڵ ٤ سەعات بەبەردەوامی شەڕبووە. لەم شەڕەدا (١٤) پێشمەرگە شەهید بوون، کە(٣) پێشمەرگەیان، تانکەکان چوو بوون بە سەریاندا، کە (ئەمین دەگا شێخانیو عنایەت ئێناخیو شەهید حەسەن) بوون، چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار بوون.

یەکێکی تر لەو پێشمەرگانەی تر، کەشەهید بووە لەم شەڕەدا، شەهید حەمەگوڵپی بووە کەتافیشەکی پێ بووە شەڕی کردووە کەفیشەکیشی پێنەماوە، بەخەنجەرەکەی چووەتە سەر دەبابەیەك، بۆئەوەی پەلاماری عەدەد تۆپەکە بدات، بەڵام لەدواوە دەبابەیەکی تر، تەقەی لێدەکات و شەهیدی دەکات، دواتر بەدوای دەبابەیەکدا تاسەیدصادق ڕای دەکێشن[٧١].

ئەم چوار هێرشە لەماوەی (١٥) ڕۆژدا کران و، هێزی پێشمەرگە جگە لەکشانەوە بۆ خورماڵ و بیارە هیچ چاریان نەماوە، هێزی حکومەتیش بەرەو هەڵەبجە ڕۆیشتوون، لەوێشەوە بەرەو زەردەهاڵ کەوتنەڕێ، هێزی پێشمەرگە لەشاخەکانی بیارەوە، چوونەتە سەنگەرەوە، جەیش دەستی کرد بەتۆپ بارانی دێهاتەکانی ئەو ناوە. لەو شەڕەدا ئەو دەورو بەرە هەمووسوتاوە، زیانێکی زۆر لەمەڕو ماڵات کەوتووە، خەڵکێکی بێتاوان کوژراون، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك پاشان جەیشەکە گەڕاوەتەوە بەرەو هەڵەبجەو نەیتوانیوە بگاتە بیارە.

دەوری کاک (فەرەجی لەمە بیارە)یش کەم نەبووە لەم شەڕەدا کەوەك کادیرێك، پێشمەرگەی لەهەواڵەکان ئاگادار کردوەتەوە.

لەم هێرشە دڕندانەی زەعیم صدیق، خەڵکێکی زۆری دەڤەری سلێمانیو شارەزوورو هەڵەبجەو خورماڵ، لەدەست زوڵمی ئەو هێرشە ڕای کردبووە هەورامان بەتایبەت تەوێڵە، لەنفوسی خۆی زیاتر خەڵکی لێبووەو داڵدەی خەڵکی داوە.

پارتی یە دێرینەکان:

پارتی دیموکراتی کوردستان، پێش ئەوەی بێتە حیزبێکی چەکدارو شۆڕش هەڵگیرسێنی، وەك پارتێکی سیاییو تەنزیمی لەکوردستاندا کاری دەکردو کۆمەڵێك تەنزیمی هەبوو. پارتی‌یە دێرینەکانی پێش شۆڕشی ئەیلول لەتەوێڵەدا نزیکەی(١٥٠)کەس بوون لەوانە:

هادی حاجی عەزیز حەبیب - ١٠ / ٧ / ٢٠٠٢

(مەهدی عەزیز حەبیب، حەمە مراد عەزیز، هادی عەزیز حەبیب، سەعدی بەگ، کوێخا ڕۆستەم، محەمەد محەمەد(حاجی بابا)، عەلی عەباس، محەمەد ئەڵڵاك، شەفیع محەمەد، عیزەت حەسەن، عەزیز عەزیز(ئایزەی فاتە)، کوێخا حەمەسەلیم، عەبدوالله حەمەڕەشید، عەبدولخالق عەبدولوەهاب، مەحیەدین حەمەسەعید، مستەفا فەرەج، طاهری حەبیب، ڕەحمان الله وەیس، عەلی کوێخا عەبدوالله ، حەمەصالح فەرەج، حامد لاوە، عەبدوالله نەصروالله (حاجی ئەولە)، عیزەت حەمەسەعید، عەبدولکەریم ئەحمەد موعین، مستەفا قادر، عەبدولکەریم عەلی محەمەد (بەگە)، جەلال وەیسی، فەجەی حاجیلە، حەمەی حاجیلە، حەمەصاڵحی وەیسی، عارفی حەمەحسێن، ئەحمەد عەبدوڕەحیم (وەستا ئەحمەدی تارتاش)، عەزیز کەریم، صابری کاکەلە، عابد سان ئەحمەد، عابد عەبدولقادر... تاد.

پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول:

لەسەرەتای شۆڕشەوە بۆ نسکۆی شۆڕش، نزیکەی (١٢٠) کەس لەخەڵکی تەوێڵە بوونەتە پێشمەرگە. زوربەی زۆری ئەو کەسانەی کەسەر بەڕێکخستنی پارتی بوون، لەسەرەتاوە بوونەتە پێشمەرگە، لەشەڕی دەربەندیخان و گرتنی مەخفەری تەوێڵە و شەڕی زەڵم دا بەشدار بوون. بەڵام لەساڵی(١٩٦٥) بەولاوە زۆرێك لە مانە لەپێشمەرگایەتی وازیان هێنا یا هەروەك تەنزیمێك مانەوە، جگە لەمانەش هەندێکی تر بوونە پێشمەرگە وەك:

نەصرەدین عەبدواللە ، محەمەد حەمە سەعید کەریم، شەفیع ئەڵڵاك، ئیدریس عەبدواللە، هادی برزوم، مەجنون قادر، زۆراب عەزیز بارام، یوسف محەمەد، نەصرەدین محەمەد حاجیلە، محەمەد ئەحمەد، ئیدریس محەمەد ئەحمەد، عەباس تۆفیق، عوسمان عەبدولڕەحمان ، ئەنوەر عەلی کەریم، فاتح عەلی شەریف، محەمەد جەعفەر، ئەمین ڕەشید، دڵسۆز محەمەد سان ئەحمەد، عوسمان باسام، عومەر باسام، ئەحمەد عەلی سێلە، عەبدول ئەبوبەکر حەسەن، عەبدول عۆدە، مەحیەدین ئەڵلاك، حەمەسەلیم حەمەصاڵح ، حەمەسەلیم لەطیف، حەمەلەطیف حەمەڕەحیم، عوسمان حەمەکەریم، عومەر سەعید، حەمەفەرەج محەمەد بابا، جەمال حەمەسەعید، عەبدواللە عەلی، سەعید حەمەصاڵح، عەزیز عەبدواللە، نوری حەمەئەمین، نەزهەت ڕەحمان، عەبدولوەهاب عەبدولحەمیدو تاد.

محەمەد حەمەسەعید لەساڵی (١٩٦٧)ەوە پیشمەرگەیە تائیستا.
نەصرەدین عەبدواللە لەساڵی (١٩٥٩)ەوە پیشمەرگەیە تائیستا.

هەریەك لەمانە بەبەردەوامی پێشمەرگە بوون یاماوەیەك، هەیانبووە وەك پێشمەرگەیەك لەسەر جیهازی لاسلکی بووە یاخود

لەڕێکخراودا ئیشی کردووە، هەیانە شەهید بووەو هەشیانە ئێستاش هەر پێشمەرگەیە لای پارتی یالای یەکیەتیو ..تاد.

تەوێڵە لەشۆڕشی ئەیلولەوە بۆنسکۆی ١٩٧٥و چەند تێبینییەك:

دوای ئەوەی تەوێڵە لەلایەن شۆڕشەوە ڕزگارکراو، بووە یەکێك لەناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان، ئیتر تەوێڵە چەندەها ڕووداوو بەسەرهات و خۆشیو ناخۆشیو هەڵوێست و کاری بەخۆوە بینی، کەدەکرێت ئامارژە بەهەندێکیان بکەین:-

- چەند جارێك لەلایەن حکومەتەوە مەکتەب و دام دەزگاکانی خۆی کێشاوەتەوە ژێر دەسەڵاتیو، هەرکە نێوانی پارتیو حکومەت باش دەبوو دەیناردنەوە. ئەمەش زیانێکی زۆریدا لەناوچەکە بەتایبەت لەقوتابیان.

- هەرلەسەرەتای شۆڕشەوە، تەوێڵە بووە مەڵبەندێکی گرنگ بۆ هێزی پێشمەرگە، بووە پەناگاو جێگەی حەوانەوەی ماڵ و منداڵ و خودی پێشمەرگە خۆشی. زۆرێك لە لێپرسراوانی(پ د ك)و شۆڕش ماڵیان هێنایە تەوێڵە لەوانە: هەر لەسەرەتاوە ماڵی ئەم بەڕێزانە هاتە تەوێڵە: شێخ حەمە ئەمینی شێخ عەبدوالله، نوری حەمەی نانەوا، حەمەی فەرەج، شێخ سەعیدی موفتی، حەمەی لاسلکی ... پاشان ئەمانەش ماڵیان هێناوە:

عەبدولوەهاب ئەتروشی، فەتاح ئاغا، موعاون کەمال شێخ غەریب، صالح بێداوی، فاضل سۆرانی، فاضل تاڵەبانی، ڕەشید سەندی، جەمال نامق، دیاری حامد بەگ، عومەر تاڵەبانی، جەمال خەفاف، کەمال خەفاف، عەبدولی سۆران، کەریم دەروێش، دەروێش ئاغا، نوری حەمە عەلی، ئەکبەر حەیدەر، شەوکەت حاجی عەلی، حەمەئەمین حاجی مامە ندی، عەزیز دەروێش،...تاد

- لەسەرەتای شۆڕش دا خەڵکی هەورامان بەگشتیو تەوێڵەو بیارە بەتایبەتی، زۆر لێبڕاوانەو مەردانە هاتنە مەیدانی خەبات و تێکۆشان، چەند پێشمەرگە یەکی ئازاو ناوداریان تیا هەڵکەوت وەك (کەمالی ئەحەڕوش و ڕەشەی صاڵحە)، خەڵکی ناوچەکەش زۆر لەدەوری ئەم دوانە کۆبوو بوونەوە، بەڵام عەبدولوەهاب ئەتروشی، کەوتە دژایەتیان و پێی ناخۆش بوو ئەم دووانە ئاوا هەڵکەوتوون و ملی نادەنێ. لەئەنجامدا عەبدولوەهاب بەفێڵ کەمالی کوشت و باوکیشی لای قاینەجەی شارەزوور کوشت، ئەوانەی خەڵکی هەڵەبجە و هەورامان، کەلەگەڵی بوون، بەزۆرو بەلێدان هێنایەنیە ژێر ڕکێفی خۆی، نەیهێشت لەهەوراماندا ناودارو لێپرسراوێ هەڵکەوێ.[٧٢]

– ڕەشەی صاڵحەش، لەداخی عەبدولوەهاب هەرلەوکاتەوە کەماڵی کوشت، پاڵی‌دا بەڕژێمی عێراقی‌یەوەو کەوتە دژایەتی کردنی شۆڕش، بەتایبەت دەست و پێوەندی عەبدولوەهاب.. ڕەشەی صاڵحە لەسەر ئەم کارەی بەردەوام بوو،وە بووە بەیەکێك لەدڵسۆزەکانی ڕژێم و تەنانەت لەشەڕی عێراق و ئێران دا– نوط الشجاعە–ی وەرگرت، بەڵام لە ئەنجام دا ڕژێم لە (٢٠/٤/١٩٨٦) لەسێدارەی دا لەسەر ئەوەی کەگوایە خیانەتی کردووە لەهێرش کردنێکدا بۆگرتنی کەژێك لەشەڕی عێراق و ئێران دا.

– ناکۆکی.. نێوان هەردوو باڵی پارتی گەیشتە خەڵکی تەوێڵەو، ناکۆکی خستە نێوان تەوێڵەیی‌یەکانیش. ئەوکاتە بەهەردوو باڵەکەیان دەوت(مەلایی‌و جەلالی)، هەردوولا ئازاری ڕێکخستنەکانی یەکتریان دەدا، جەلالیەکان لەشارەکاندا بەتایبەت لەهەڵەبجە دەسەڵاتیان دەڕۆیشت، ئازارێکی زۆری خزم و کەس و کارو ئەندامەکانی مەلایی‌یەکانیان دەدا، مەلایی‌یەکانیش درێخی‌یان نەدەکرد لەخزم و دۆست و ئەندامەکانی جەلالی‌یەکان، بەتایبەت لەتەوێڵەدا ڕێکخستنی جەلالی‌یەکان زۆربوو، هەردوولا ئەوکاتە ئەوەندە ئازاری یەکتریان دەدا ئازاری دوژمنی سەرەکیان نەدەدا، بەڵکو دوژمنی سەرەکیان لەبیرچوو بوویەوە... لەو سەردەمەدا عەبدولوەهاب لە تەوێڵەدا باڵا دەست بوو بڕیاری گرتنی جەلالی‌یەکانی داو، زیندانی کردن و، هەندێکیشیانی نارد بۆ(خەلان) لەوێ زیندانی کران. لەوانەی کە گیراون و ئازاردران:

سەعدی بەگ، جەلال حەمە سەعید قادر، حاجی ئەولەی نەسە، مستەفا حاجی فەرەج، ئازەی کەریم، نوری بەگ، تۆفیق گوڵناز، ئۆلخالق فایق... بەڵکو لەچەمی دزاوەر لەناو باخەکاندا قەبری بەدەستی گیراوەکان خۆیان هەڵکەند بۆیان بۆئەوەی بیان ترسێنێ‌و ئیعتراف بکەن لەسەر ڕێکخستنی جەلالی‌یەکان.هەندێکیشیان خۆیان گەیاندە هەڵەبجەو پاڵیان دا، بەجەلالی‌یەکانی ئەوێوە، وەك: عەلیەسانەو حەمە مرادی باقی... هەر بەهەڵهاتنی ئەوان لەتەوێڵە کەس و کاریان گیران و بەڵکو خانوەکانیشیان سوتێنران.

– لەو سەردەمەدا شەوانە، چریکێکی زۆر دەهاتنە تەوێڵەو لەوێ دەمانەوەو شەوانە هێرشیان دەکردە سەر هەڵەبجەو گوندەکانی دەوروبەری. شەوی(٨/٨/١٩٦٩) چریکێکی زۆر ڕژانە ناو تەوێڵەو هەموو مزگەوت و چایخانەکانیان پڕکرد، لەوێ بەرەو هەڵەبجە هاتن و شەڕێکی گەورە لەنێوان

چریك و مەلایی لەلایەکەوە، جەلالی و جەیشی عێراق لەلایەکی ترەوە، لەوشەودا چرێکێکی زۆر کوژران و بەدیل گیران.

- یەکیەتی قوتابیان لەتەوێڵە بەردەوام بوو، گەلێك چالاکی ئەندواند، بەلام زیاتر لەدوای (١١) ئازاری (١٩٧٠) کەیەکیەتی لاوان لەتەوێڵە دامەزرا، کۆمەڵێك قوتابی لەناوەندی تەوێڵە پێگەیشتن لەبۆنەکاندا چالاکی جوان و گرنگیان ئەنجام دەدا کەکۆمەڵێك تیپی شانۆییان تەشکیل داو لەدواتر لە بەشی شانۆدا باسێکی لێوە دەکەین.

-هەرکاتێك لەبەرەکانی جەنگدا لەگەڵ حکومەت شەڕبوایە، خەڵکی تەوێڵە چاوەڕوانی ئێوارەیان دەکرد کەبروسکە، بێت چونکە ئێواران بروسکەو هەواڵە گرنگەکان کەدەهاتن. لەبڵندگۆی مزگەوتی گەورەی تەوێڵەوە، لەلایەن مامۆستا مەلاجەمیل یا محەمەدی وەستا جافرەوە، دەخوێنرانەوە.

- بەدێژایی ئەو (١٤)ساڵەی شۆڕش، کەپێشمەرگە لەبەرەکانی جەنگەوە دەگەڕانەوە تەوێڵە، لەلایەن خەڵکی تەوێڵەوە خزمەت دەکران، چونکە شوێنی تر نەبوو بۆ جێگەی حەوانەوە، ئوتێل و بارەگاکان، پێشمەرگەی موقیمیان تیابوو.

ئەو پێشمەرگانە، لەلایەن ئینضباطی شۆڕشەوە، کە(عەبەڕەش و سلێمانەو کەریم تەتەر)بوون، دابەش دەکران بەسەر ماڵەکان دا، هەرماڵێك لەیەکێکەوە تاپێنج کەسی بەردەکەوت بەپێی کەم و زۆری پێشمەرگە لەوشەوەدا. پێشمەرگەکان دوای نان خواردن دەچوون بۆ مزگەوتەکان دەخەوتن، لەوماڵەوە نوێن و پێخەفیان بۆ دەبردن. لەماوەی ئەم (١٤) ساڵەدا خەڵکی تەوێڵە خزمەتی‌وای بەپێشمەرگە کردووە کەهیچی کەم نەبووە لەو پێشمەرگانەی کەلەبەرەکانی جەنگدا بوون، جگەلەمەش بەپارەو پول و ئازوخەو پێشمەرگەش بەشداری لە شۆڕش دا کردوە.

- هەرلەم بارەوەچەند هەڵوێستی گرنگی خەڵکی تەوێڵە دەبێت تۆماربکرێت بەرامبەر خەڵکی کوردستان کردویانە.

* لەدوای (١٩٧٤/٣/١١) کەحکومەت و پارتی ڕێکنەکەوتن و حکومەت پەشیمان بوویەوە لەبەیانی ١١ئازار، ئەوەبوو شۆڕش دەستی پێکردەوە، جەماوەرێکی زۆر لەکوردی شارەکان لەسلێمانی‌و هەڵەبجەو کەرکوك و دەوروبەرەوە، خۆیان گەیاندە ژێردەسەلاتی شۆڕش.. تەوێڵەش قەرەباڵغی‌یەکی زۆری تێکەوت، ماڵ و مزگەوت نەمابوو میوانی نەبێت، هەرماڵێك بۆخۆی تابەیانی خەریکی دروست کردنی نانی هەورامی بوون فریا نەئەکەوت...

بەڕاستی خزمەتێکی جوانی ئەو میوانانەیان دەکرد بەخواردن و پۆشاك و پێداویستی ترەوە.

ئەو کەسانەش کەبەخێزانەوە هاتبوون لەلایەن خەڵکی تەوێڵەوە ژوورو خانویان پێدان بەبێ ئەوەی هیچ کرێیەك لەکەس وەربگرن.

* لەماوەی ئەو ساڵەدا، خەڵکێکی زۆر چووە ئێرانەوە، وەك پەناهیندەیەك لەئۆردوگاکانی سەریاس و قەصری شیرین، مانەوە، بەڵام کەنسکۆی ١٩٧٥هات زۆریك لەو ماڵانە گەڕانەوە بۆعێراق، جاچونکە سەیارە نەبوو، قەرەباڵغ بوو، ماوەیەك لەناو باخەکانی تەوێڵە مانەوە... لەوکاتەدا خەڵکی تەوێڵە لەناو ماڵەکانیان دا خواردنیان لێناو.. چێشت و کولیچەو خەپلەو گوێزو مێوژو نانی هەورامیوچاو.. بردیان بۆ خەڵکی کەلەناو باخەکاندا بوون، ئالەو کاتەدا نانێك چەند قات پارەی خۆی دەکرد، کەچی تەوێڵەیی بەخۆڕایی لەڕێی خوا دابەشیان دەکرد بەسەر ئەو خەڵکەدا کەهەموو ورە ڕوخاوو ناڕەحەت بوون، بەشکستی شۆڕش و زۆر دڵ پڕ لەئاهو حەسرەت بوون، ئەوچوون بەدەمەوەیە کارێکی ئیجابی بوو بۆسەر دەرونیان، هەقی خۆیەتی شۆڕشی کورد، هەمیشە ئەم جۆرە خزمەتانەی تەوێڵەییو نمونەی تەوێڵەیی لەبیر نەکات، هیچ نەبێت لەکتێبە مێژوویەکاندا تۆماربکرێت و بنرخێنرێن و ببنە نموونە بۆ نەوەی داهاتوو.

*چەندجار هێزیحکومەت هێرشی کردووەوپەلاماری بیارەو تەوێڵەی داوە کەبیگرێت و بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، وەزۆر کوشتاری بۆداوە چ لەهێرشەکەی زەعیم صدیق و چ دواتریش، بەجەیش و جاش هەوڵی بۆداوە، بەڵام هێزی پێشمەرگە بەهەموو شێوەیەك بەرگریان کردوە بەهیچ شێوەیەك نەیان هێشتووە، هێزی حکومەت لەناوچەی هەورامان نزیك بێتەوەو هەورامان بکەوێتە دەستیان.

* لە(١٩٧٤/٤/٢٦) کەشاری هەڵەبجە بەبۆمبای ناپاڵم لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بۆمباران کرا، خەڵکێکی زۆری لێ شەهیدو بریندار بوو، وەخەڵکەکەشی ئاوارە بوو. شەوەکەی (٢٦-١٩٧٤/٤/٢٧) بازاڕی تەوێڵە ڕێگە نەبوو، هەر بریندار بوو، دەیان هێنا بۆ تەوێڵەو، خەڵکەکەشی ئەوشەوە تابەیانی بەرەو بیارە و تەوێڵەهاتن. ماڵ و دوکان و چایخانە و مزگەوت و خانەقاو قوتابخانەکان پڕ بوونەوە، لەوکاتەدا خەڵکی تەوێڵە، ئازایانەو کوردانە چوون بەدەم ئەو هەموو خەڵکەوە، کەلەوە پێشتریش ماڵ نەبووە ماڵی تری نەگرتبێتەخۆ، ئەو هەموانەی تریشی دالدەدان تادوای چەند ڕۆژێك بڕێکیان بەرەو ئۆردوگاکانی ئێران ڕۆیشتن.

* هـەر لـە (١٩٧٤)دا دکتـۆرو مامۆسـتاو ڕۆشـنبیرێکی زۆر هاتبوونـە دەرەوە، تاماوەیەك ئەو هەموو خەڵکە بڵاو بوو بونەوە لەناو باخەکانی تەوێڵەدا، دوایی (تەوظیف) کران لـەدەزگاکانی شۆڕش دا.. لەشـوێنی تـردا باس کـراون کەچۆن باخەکان کرانە قاعەی تاقی کردنەوەی قوتابیان و بنکەی تەندروستی.

* لە(١٩٧٤/٣/١٢) پێشمەرگە لەدەربەندیخان لەگەڵ شیوعیەکان لەیەکیان دا، لەوشـەوەدا کەیەکـەم شـەڕ بـوو کەدەسـتی پیٚکرایـەوە،(نـافع حـەبیب الله ی سۆسەکانی) شەهید بوو مەیتەکەیان هێنایەوە مزگەوتەکەی تەوێڵە، لەو شەوەدا هەندێك لەکەس و کاری دەگریان، لەوکاتـەدا پـورە عەللەی خێزانی حەمەشیرینە کەپوری نـافع بـوو هاتـە مزگەوتەکـەو ڕووی کـردە خەڵکەکـەو وتـی کـەس: بۆنـافع نەگری، نـافع چـونکە نوێژکـەر بـووەو لەڕێگـەی نیشـتیماندا کـوژراوە، شـەهیدە، شەهیدیش گریانی ناویٚ.. ئەو وتەی پیرەژنە زۆرکاریگەربوو.

* دەرگای سنوری ئێران لەم ساڵەدا زیاتر کرایەوە، هاتو چۆکردن بۆئێران ئاسان بوو، جۆرە گەمارۆیەکی ئابوری لەلایەن ڕژێمەوە خرابووە سەرناوچـەکانی ژێردەسەلاٚتی پێشمەرگە، بۆیە:

فرۆشگایەکی گەورە لەگاراجەکـەی حـاجی الله کـەرەم دا کرایـەوەو، هیـوای جەلال حەمدی سلێمانەیی بووە لیٚپرسراوی. لەشـۆشمیٚی سـەرسنوریش حـاجی عەلی عەباس تەوێڵەیی سەر پەرشتی دەکرد.

- سـالانی (١٩٦٢-١٩٧٠) هـەر پـارتی دەسـەلاٚتداربوو، حکومەت هیچ دەسەلاٚتی نـەبووە، لەسـالانی(١٩٧٠-١٩٧٤)یـش، پـۆلیس لەتەوێڵـە هـەبوو، بـەلاٚم هـەر پێشـمەرگە دەسـەلاٚتدار بـوو،.... لـە (١٩٧٤)وە هەنـدێکی کـەم لەکارمەنـدو پۆلیس و مامۆستایان بەنهێنی هاتنـە ژێردەسەلاٚتی حکومـەت، زۆرێك لەوانـەش شیوعیەکان بـوون، کەلەوکاتـە لەگـەڵ حکومەتـدا لەبەرەیەك دابـوون، چـەکیان دژ بەشۆڕش هەڵگرتبوو.

تەوێڵە لەنسکۆی بەهاری (١٩٧٥) بۆ قەصفی بەهاری (١٩٨١):

چەند ڕۆژێك دەنگی بڵندگۆی مزگەوتی گەورەی تەوێڵە نەبوو، کەبروسکەکان بخوێرێنەوە، وتیان سەرکردایەتی پارتی کۆبونەوەیەکی گرنگیان هەیەو رووداوو گۆرانکاری‌یەك دەبێت، بۆیە چاوەڕوانی (عەبدولوەهاب ئەتروشی) دەکرا کەبگەڕێتەوەو بروسکەیەکی گرنگ بخوێنرێتەوە، کەچی گەڕایەوەو کۆبونەوەی بەسەر لق و ئامر هێزو لێپرسراوانی پارتی کرد" دوای کۆبونەوەکە مقۆمقۆیەك پەیدا بوو، جەماوەر نەیان دەزانی چی‌یەو لێپرسراوانیش سەرسام بوو بوون.. تومەز، عەبولوەهاب هەواڵی نسکۆی گەیاندوە بەلێپرسراوان و کەسیش ناوێرێ ئەمە بدرکێنێ نەوەك درۆبی‌و سیاسەتێك بێت.

بۆ بەیانی (عەبدولوەهاب) لەبەرچاوی خەڵکی لەهەیوانی بەلەدیەکە هەندێ قسەی وت بە شۆڕش و چەند ڕەسمێك لەوناوە بوون فڕی‌دان ، ئیتر خەڵکی بۆیان دەرکەوت ئەم هەواڵە وادیارە ڕاستەو ڕادیۆکەی پارتی (دەنگی کوردستان) دەنگی نەما، هەواڵەکانی جیهانیش کەوتنە باس لەم رووداوە. سێ‌ڕۆژ خەڵکی وڕو سەرسام و حەیران بوون، هەرخەڵك بوو دوو، دوو و سێ سێ قسەیان دەکرد، هەندێك هەبوون هەرقەناعەتیان نەبوو، تاهەواڵ هات کەلێپرسراوان لەسلێمانین، ئیتر سەیارە بەرنەئەکەوت بۆ خۆ تەسلیم کردنەوە.

خەڵکی بوو بەدوو بەشەوە، بەشێك بەرەو ئێران ڕۆیشتن و بەشەکەی تریش خۆیان تەسلیم بەحکومەتی عێراق کردەوە.

هەرچەك بوو دەفرۆشرا، بەنرخێکی هەرزان، برنەو دەدرا بەدینارێك، بەڵکو هەندێك، لەداخانا فڕێ‌یان دەدایە ناو چەمەکەی بازاڕەوە.

ئەوانەی خۆیان تەسلیم دەکردەوە، دەهاتنە عەربەت، عەربەت لەوکاتە قەرەباڵغی‌یەکی زۆری تیابوو، چونکە هەموو دەڤەری هەورامان و هەڵەبجەو خورماڵ و شارەزوورو پێنجوێن و سەیدصادق دەهاتنەوە ئەوێ. حکومەت فایلی خۆتەسلیم کردنەوەی کردبووەوە نزیکەی (١٠٠) پرسیاری لەخەڵکی دەکرد. خەڵکی بەگشتی (پێشمەرگەو بی‌لایەن) دەبوایە خۆی تەسلیم بکردایەتەوە بەتایبەت فەرمانبەرو ئەوانەی سەربازیان لەسەر بوو. هەمووشیان کەسەربازیان لەسەر بوو بەر یاسای لێبووردنی ژمارە (٥٢)ساڵی (١٩٧٥) کەوتن کەبەپێ‌ی ئەو یاسایە ئەمانە گەڕاونەتەوە(عائدونن)بۆڕیزی نیشتیمانی، هەموو بەر ئەولێبوردنە کەوتن، هەوڵ درا هیچ کوردێك لەڕیزی سوپادا نەبێت ئەمەش سیاسەتێکی تری

حکومەت بوو، بەرامبەر بەکورد بەکاری هێنا، نەوەك کورد جارێکی تر شۆڕش بکاتەوە باله سوپادا فێری چەك و مەشق و ئامێری سەربازی نەبن.

– لەوکاتەدا، ئەو فرۆشگا گەورەیەی کەلەتەوێڵەدا بوو، هەمووی تالآن کرا، زیاتر لەلایەن لێپرسراوانەوە، شتە گرنگ و بەنرخەکانیان برد، دەڵێن: لەوکاتەدا (٤٠) چل هەزار دینارو دووسێ هەزار کارتۆن جگەرەی دیمۆریو ڕۆسمەنی تیابوو، لەگەڵ پۆشاك و خۆراك و سەعات و ڕادیۆو شمەکی‌تر...

– هەموو مقەڕو بنکەو بارەگای شۆڕش تالآن کرا، بەڵکو هەموو کەلوپەلی شارەوانیو قوتابخانەو ئەوانەش بران.هەرچەندە دوایی هەندێك لەو کەلوپەلانەیان گەڕاندەوە، بەلآم بەڕاستی ئەم ڕاو ڕووت و تالآنی کردنە کەلەناو کورددا هەیە، کارێکی دزێو خراپە، چەندجار دووبارە بووەتەوەو کەچی پەندو عیبرەت وەرناگرین. ئەمەش لەئەنجامی ئەو شکست و ڕووداوانەوەیە کەکورد بەخۆیەوە دەیبینێ.

– نزیکەی مانگێك شوێنێکی وەك تەوێڵە هیچ حوکمڕانی تیانەبوو نەپێشمەرگەی تیابوو نەحکومەت، لەکۆتایی مانگی نیسانی (١٩٧٥) بەرەبەرە سوپای عێراق گەڕایەوە ئەو شوێنانەی وەك تەوێڵە.

لێپرسراوانی حکومەت زۆر دەهاتن بۆ تەوێڵە، خەڵکیان کۆدەکردەوەو هێرشیان دەکردە سەرپارتیو شۆڕش و بارزانیو بێ‌ئەوەی موراعاتی هەست و شعوری خەڵکی بکەن. لەلایەکی تریشەوە بەڵێنی‌شتی زۆریان دەدا بەجەماوەرەکە بۆ هێورکردنەوەی خەڵکەکەو ڕەواندنەوەی مێشکیان... لەو لێپرسراوانە:

طارق عەزیز، سەعدون حەممادی کەهەردوکیان وەزیر بوون، قائد فرقەو پارێزگاری سلێمانیو لێپرسراوانی پۆلیس و دەزگا حکومیەکان.

– لەکۆتایی مانگی نیسان دابوو،دەزگاکانی میری گەڕانەوە بۆ تەوێڵە. وەك قوتابخانەو خەستەخانەو بەدالەو شارەوانیو دائرەی کارەباو پۆلیسخانەو گومرگ و ئەمن و کەتیبەیەك لەعەسکەری.

– بۆماوەی ساڵێك تەوێڵەو شوێنەکانی تری کوردستان، ئارامیو ئاسایشی تیابوو، بەلآم خەڵکی بەگشتی بێتاقەت بوون، لەلایەکەوە ئەونسکۆیە کاریگەری سلبی هەبوو بۆ نیشتیمان پەروەران و خەمخۆرانی گەل، جگە لەمەش خزم و دۆستێکی زۆر ئاوارەی ئێران بوو بوون بێ‌ئەوەی پاشە ڕۆژی ئەوانە بزانرێ بەرەوکوێ دەڕوات.

هەروەها سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیرانیش، هەریەکە بۆخۆی دەترسا حکومەت فشاریان بخاتە سەرو ئازارو ئەشکەنجەیان بدات.

– حکومەت لەوساڵەدا سیاسەتی بڵاوکردنەوەی فەسادو لەبیر بردنەوەی کوردایەتی بەکاردەهێنا. لەوماوەیە چەند جار ئافرەتی بەرەڵاو سەماکەرو زوڕناژەن و فلیمی بێئەخلاقی سینەمای گەڕۆکی دەهێنا، بۆناو بازاڕی تەوێڵە و گەنجێکی زۆر کۆدەکرایەوە. هەندێجار بەناوی بەرنامەی تەندروستییەوە خەڵکی کۆدەکرایەوە، کەچی نیوسەعاتێ ئەو بەرنامەیە بوو، دوای ئەوە دوو سەعات لەو فلیمە خراپانەی لێئەدا کەگەنج مەشغوڵ دەکەن و حەزی لێدەکەن.

– هەرلەبەهارو هاوینی ساڵی(١٩٧٥) چەند جار کۆپتەری ئێرانیو عێراقی دەهاتن نوێنەری عێراق و ئێران یان پێبوو، لەسەر شاخەکانی تەوێڵەوە دادەبەزین و قسەیان لەسەر سنورەکان دەکرد کەلەڕێکەوتنی جەزائردا، ڕێکەوتبون لەسەری.

– هەرلەوماوەی ساڵەدا– چەند کەسانێکی زمانزان، ڕۆڵێکی باشیان بینی بۆ بەدەمەوە چوونی ئەولێپرسراوو قیادانەی کەدەهاتنە تەوێڵە لەوانە:

(حەسەنی حەمە سلیم، حاجی حەمەمرادی عەزە، حەسەنی خاڵێ...)

چونکە ئەمانە فارسیو عەرەبییەکی باشیان دەزانی.

– ساڵێك بەسەر نسکۆدا کۆتایی نەهات، بەرەبەرە فشار کەوتە سەر جەماوەر بۆ بەبەعسی کردن و نقڵ و گرتن، هەروەها ئەودەنگ و باسە گەرم بوو کەماوەیەکیتر خاڵەکانی تری جەزائر دەبێت جێبەجێ بکرێت لەوانە: داگرتنی دێهاتەکانی سەرسنورو کردنەوەی ئۆردوگا بۆیان.

– زۆری نەبرد شۆڕشی نوێی کورد، دەستی پێکردەوەو، هەورامان بەتایبەت تەوێڵە، بوویەوە بەلانکەو جێژوانی پێشمەرگە. هاوینی (١٩٧٦) بوو، دەنگ و باسی پێشمەرگە پەیدا بوویەوە، لەناوباخەکانی تەوێڵە، لەئاوێسەرو دەرەقازان و قاقوڵی کەوتنە هوشیار کردنەوەی گەنجان و ئەنجام دانی چالاکی.

– وەك وتمان تەوێڵە بوو بەلانکەی پێشمەرگە... پێشمەرگەکانی یەکیەتی مەقەڕیان لە (پەرۆنی)بوو نزیك شۆشمێ، بەرابەر سۆسەکان، لەوێوە دادەبەزینە ناوباخەکانی خوارەوەی تەوێڵە،(دەرەقازان و قاقوڵی)، توانیان زۆرێك لەوگەنجانە کەهاتوچۆی ئەوباخانە دەکەن قەناعەت پێبکەن و. بچنە ڕیزی ڕێکخستنەکانیانەوە.

لەدەوروبەری هانەگەرمڵەو کەیمنەش پارتی‌یەکان مەقەڕو بارەگایان دانا، ئەمانیش زیاتر هاتووچۆی ئاوێسەریان دەکردو کەوتنە چالاکی نواندن.

بێگومان دوایی ئاوێسەر بووە جێژوانی جەماوەرو پێشمەرگەی پارتی‌و یەکیەتی، چەندجار لەئاوێسەر کۆبونەوەی فراوان کراوە بەجەماوەر لەلایەن یەکیەتی‌و پارتی‌یەوە. لەوانە:

- لە(١٩٧٩/٧/٤)لەئاوێسەر بەئامادەبوونی خەڵکێکی زۆری تەوێڵە لەلایەن (محەمەدی حاجی مەحمودو، سامان فەرەج زۆراب بەگ و حەمەی حەمەسەعیدو عەبدولخالق عەبدولوەهاب تەوێڵەیی‌یەوە) کۆبوونەوەیەك کرا کاك حمەمەدی حاجی مەحمودو کاك سامان هەندێك ڕوونکردنەوەو باسی بارودۆخی کوردو شۆڕشیان کرد. هەروەها چەند جاریش لەلایەن کاك نادر هەورامی‌یەوە کۆبونەوەو قسەوباس لەسەر وەزعی کوردوپارتی‌و شۆڕش لەئاوێسەر کراوە بۆخەڵی تەوێڵە. لەڕاستیدا کاك نادر لەتەوێڵەو دەڤەرەکە توانی جارێکی تر پارتی‌و شۆڕشی گولان بناسێنێتەوە بەجەماوەری ناوچەکە.



- لەیەکی ئایاری ساڵی(١٩٧٧) خەڵکێکی زۆری تەوێڵە وەك ساڵان چوون بۆ ئاوێسەر بۆ سەیران، بەداخەوە لەنێوان چەند کەسێکدا، شەڕێك ڕووی‌دا، دوایی شەڕەکەش گەورە بوو، وای لێهات سەیران لەهەموو خەڵکی تێك چوو، هەڕەشەو گوڕەشە لەیەکتری زۆرکرا، خەڵك دەیوت بەیانی لەناوبازاڕی تەوێڵە ئەم شەڕە دەست پێ‌دەکاتەوە، بەڵام هەرئەوشەوە ڕووداوێکی تر ڕووی‌دا بۆبەیانی ئەوباسە نەما.

هەر لەو شەوەدا (١-٢/٥/١٩٧٧) چەندپێشمەرگەیەك دەچنەسەر ماڵی (حەسەنی حەمەسەلیم و جەمیلی ئاغا جافر) دەیانبەن بۆسەر جادەکەی باجگیرا دەیان کوژن... کوشتنی ئەم دوو تەوێڵەیی‌یە، خەڵکی زۆرترساند، بەتایبەت ئەوانەی نزیك بەڕژێم بوون سڵەمینەوەو دوورکەوتنەوە.

- هاوینی ساڵی(١٩٧٧)بوو، ڕەمەزان بوو، بازاڕو چایخانەکانی تەوێڵە تاپارشێو هەبوون، هێشتا هاتووچۆی شەوانە ئازاد بوو، خەڵکێکی زۆر

ئەوهاوینە لەناوباخەکاندا بوون، شەوی ٢٧ڕەمەزان، کارەبا نەبوو لەدوای نوێژی عیشا لەبەردەم دەرگای قەیسەری‌یەکەی سەعدی بەگدا تەقینەوەیەك بوو، کەمینی عەسکەری لەناو بازاڕدا بوو، هەرلەگەڵ تەقینەوەکەدا سەربازەکان خۆیان کرد بەچایخانەکەی بەڕێز(عەبدولی عەلی)دا کەخەڵکێکی زۆری تیابوو،سێ‌کەسیان دەرهێنا بەناوی (موختارعەزیزکەریم، یاسین محەمەدوەهاب، بەختیارعەبدولعەزیز) هەرلەبەردەم چایخانەکە سەلیەیان لێکردن، موختار و یاسین کوژران و بەختیار پێوە نەبوو، بەڵام خۆی کردبوو بەمردوو تاسەربازەکان ڕۆیشتبون دوایی بەهەرچۆنێك بووبێت ئەوخۆی دەرباز کردبوو.

ئەوشەوە تادرەنگانێ هەر تەقەبوو، نوێژکەرانی تەراویح هەر لەمزگەوتی گەورەدا بوون نەیان ئەتوانی بێنە دەرەوە لەبەر گوللەباران، چەند جار لەبڵندگۆوە بەکوردی‌و عەرەبی داوایان کرد لەجەماعەتی(سریە) کەتەقە ڕابگرن و باخەڵکەکە بگەڕێتەوە، ناوماڵەکانیان، بەڵام بی‌سود بوو، تانوێژی بەیانی کرا، ئینجا تەقە وەستا، دوایی دەرکەوت کەیاسین و موختار کوژراون. لاشەی ئەودوانە تانزیکی نیوەڕۆ هەرکەوتبون و خەڵتانی خوێن بوو بوون، دوای نیوەڕۆکەی نێژران. جەژنی ڕەمەزان لەتەوێڵە نەکرا، ڕۆژی جەژن ئامرلیوای زەردەهاڵ هات، موقەدەمێك بوو، لەمزگەوتەکەدا خەڵکی کۆکردەوە، دەیوت ئەمانە کەکوژراون کوڕانی خۆتان کە(متمرد)ن کوشتویانن. مەهێڵن کوڕەکانتان بچنە ناویانەوە، چەك وەربگرن دژیان و مەهێڵن بێنە ناوتانەوە.

لەوکاتەدا هەندێك کەس قسەیان کرد کەئێمە چی‌بکەین و دەسەڵاتمان نیەو لەوبابەتانە، بەڵام دووکەس بەجەسورانەو ئازایانە ڕووبەڕووی ئامر لیوا وەستانەوەو وتیان:

نەخێرجەنابی ئامرلیوا، ئێمەخۆمان دەزانین بەبەرچاوی خۆمانەوە سەربازەکان خۆیان کردووە بەچایخانەکەداو ئەوانەیان دەرهێناون کوشتویانن و بەڵگەشمان هەیە. ئەو دوو چاو نەترسەش حاجی حەمەمرادی عەزەو حەمەسەلیم فەتحوالله بوون.[٧٣]

– لەدووای ئەم ڕووداوە، بارودۆخی تەوێڵە تێك چوو، وەزع ناخۆش بوو، گرتن و فشار زۆربوو، شەوانە هاتووچۆ قەدەغەکرا، ئەوباخانەی کەشەو نۆبەئاویان بوو بەترس و لەرزەوە دەچوونە باخەکانیان، ڕەبایەکان لەسەرلوتکەی شاخەکانەوە دانران و هەرتەقەیەك کەدەبوو ئەوان، خانوەکانیان دەدایە بەرگوللە، بەهیچ شێوەیەك دەست پارێز نەئەکرا، چەندجار گوللە لەپەنجەرە و

دەرگاکانەوە چووە ماڵەکانەوەو خەڵکیان بریندار یاکوشتووە، لەشوێنی تردا ئاماژە بەو بیرندارو کوژراوانە دەکەین.

– لەو ماوەیە بەدواوە تاچۆڵ کردنی تەوێڵە، شەوانە چەندجار پێشمەرگەکانی یەکیەتی یاپارتی دەهاتنە ناو تەوێڵەوە تەقەیان دەکرد لەپۆلیسخانە یا–سریە–سریە ئەوکاتە لەپاڵ خەستەخانەکەدا بوو بەرامبەر بەماڵەکانی بەڕێز (محەمەدی سان ئەحمەد). پیاوانی ڕژێم کەئێوارە دەهات لەمەقەڕەکانیان نەئەهاتنە دەرەوە، کەتەقەش دەبوو بەکوێرانە دەستیان دەکرد بەتەقە بەناوماڵەکان دا.

– لەڕاستیدا ماوەیەك تەوێڵە وەك زیندانێك وابوو، شەوانە هاتووچۆ قەدەغە بوو، کەژوکوێوو سەیرانگاو باخ و باخاتەکان کەس نەیئەوێرا سەردانیان بکات و... ئەگەر شەو پێشمەرگە دەستی بوەشاندایە یاهەر ئەو شەوە یەکێك دەکوژرا لەماڵەکانەوە، یابۆ بەیانییەکەی سەربازەکانی ڕژێم ئەکەوتنەگیانی هاوڵاتیان و ئازاریان دەدان.

بەکورتەو پوختە دەتوانین بڵێین تەوێڵەو تەوێڵەیی:

– هەمیشە قەڵایەك بووە بۆ شۆڕشەکانی کورد.

– بەشداری شۆڕشەکانی کوردیان کردوە بەتایبەت شۆڕشی ئەیلول و حوزەیران و گوڵان.

– بەشداری شەڕی ڕوسەکانیان کردوەو قوربانیشیان داوە.

– سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیری بەتواناو لێهاتوویان لێهەڵکەوتووە کەلەکۆمەڵ و حیزب و ڕێخراوە کوردستانیەکاندا ئەسپی خۆیان تاوداوە بۆ خزمەتکردن بەکۆمەڵگای کوردەواری.

– بەشداری شۆڕشەکانی جافرسانیان کردوە کەدژبەزوڵم زۆرداری کراون.

– لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم، بۆدەڤەری شارەزوورو دەوروبەری سودێکی زۆر وەرگیراوە لەبەروبومی هەڵەبجە بەگشتی و تەوێڵە بەتایبەتی.

– بەشداری شەڕی (فەلەسطین)یان کردوە.

– بەرەنگارییەکی زۆری ستەمکارو خوێنڕێژ، زەعیم صدیقیان کردوە لەشەڕی زەڵم دا.

– بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلول وگوڵان وەك پێشمەرگەو وەك ڕێکخستن بەشدار بوون.هەروەها لەگەڵ یەکیەتی نیشتیمانیشدا چ وەك پێشمەرگە چ وەك ڕێکخستن بەشداریان کردووە.

– پێشـــوازی و بەدەمەوەچـــوونی –خــــەڵکی هەڵەبجـــەیان کـــردووە لەبۆمبارانەکـەی سـاڵی(١٩٧٤).– خـەڵکی شـارەکانی سـلێمانیو دەوروبـەری لەهەڵگیرسانەوەی شۆڕش لـە(١٩٧٤)دا. گەڕانـەوەی خـەڵکی لـەئێران لەنسکۆی (١٩٧٥)دا. هـەروەها هاوکـاریو خزمـەتکردنی جـەماوەری گونـدەکانی دەڤـەری نەوسود لەساڵی(١٩٨٠)دا.

– لەڕاپـــەڕینی (١٩٤٧) کەلەشـــارەزوورو هەڵەبجـــەو هـــەورامان کـــرا، لەڕاپـەڕینی (١٩٨٢، ١٩٨٧)ی شـاری هەڵەبجـەدا، لەڕاپـەڕینی (١٩٩١)لەشـاری سلێمانیدا... لەهەموو ئەمانەدا بەشدار بوون و ڕۆڵی بەرچاویشیان بووە.

– لەدوای ڕاپەڕین لەکۆڕەودا پەناگابووبۆ زۆرێك کەنەهاتنە ناوئێرانەوە.

– لەشـەڕەکانی نـاوخۆدا لەسـاڵی (١٩٩٤–١٩٩٥) بـۆ پـارتیو بزوتنـەوە، قەڵاو سەنگەربوو، لەساڵەکانی دواتریش بووە جێگەی سەرکردایەتیو هێزەکانی بزوتنـەوە، بـەڵکو لەسـاڵی (٢٠٠٠)دا، یـەکبون، ئـەوێی بەباشـترین شـوێن دانـا کەکۆنگرەی تیابەست.

بۆچی تەوێڵە ڕانەگوێزرایەوە؟[٧٤]:

یـەکێك لەبەنـدەکانی ڕێکەوتنامـەی جـەزائیر لـەنێوان عێـراق و ئێـران دا، ئـەوەبوو کەهـەر یـەك بـە قـوڵایی (٢٠کـم) خـاکی خۆیـان چـۆڵ بکـەن و گونـدو شارۆچکەکان دابگرن، تـاوەکوو لەیـەکیان دابـڕێن و هەریەکە بۆخۆی کوردستان بکەنـە قەفـەزێك و دانیشـتوانی ئـەو شوێنانەشـی بخرێتـە ئۆردوگاکانـەوە، وەك دەست بەسەربن تا جارێکی تر کورد نەتوانێت شۆڕش بکات ... شای ئێران ئـەم بڕیارەی خێرا جێبەجێ نـەکرد، دوایش ئینقلاب کـراو جێبەجێ نـەکرا... بـەڵام عێـراق کـردی بـەبڕیارێك و کـەوتـە جێبـەجێ کردنـی... (٤) قـەزاو (٣٠) نـاحیـەو نزیکەی (٥) هەزار گوندی وێران و خـاپور کرد... ئـەم بڕیارە تـەوێڵـە و بیارەشـی ئەگرتەوە...هاوینی (١٩٧٨) خەڵکی ناوچەکە بەم دەنگ و باسە تـەواو بێتاقەت بـوون، دڵسـۆزان و خـەمخۆرانی تەوێڵـە، کەوتنـە قسـەو بـاس لەسـەر ئەمـەو چـی بکەین و چارەسەری ئەم کێشەیە کەڕوبەڕوومان دەبێتەوە چۆن بکەین.

بۆیە: لەسەرەتاوە کۆبونەوەیەکی فراوان کراو، تاوتوێی کێشەکەیان کردو گەیشتنە سەر ئەوەی: باشترین چارەسەر گرتنەبەری ڕێگەی یاساییە، ئەویش بەپێکهێنانی لیژنەیەکی دڵسۆزو کۆڵنەدەرو ئازاو بەصەبر، کەئەم بەڕێزانە بوون:

– مامۆستا مەحیەدین حاجی سەلیم–لێپرسراوی لیژنە

– مامۆستا ئیسماعیل حەمەیوسف –ئەندام

-کاك محمد سان ئەحمەد – ئەندام

-کاك محەمەد حەمە ڕەحیم (دارا بەگ)- ئەندام

-حاجی محەمەد حاجیلە – ئەندام

-حاجی محەمەد فەتحوالله – ئەندام

- حاجی حەمەئەمین حاجی حەمەڕەشید – ئەندام

ئەم لیژنە ئەم بڕیارانەی دا:

- سکاڵانامەیەك بنوسن بەکورتەو بەپوختە.

-ئەو سکاڵانامەیە (٢١) نوسخە بێت..

- ئەندامانی لیژنە کۆڵنەدەن تا بگەنە ئەنجام.

سکاڵانامەکەش ئەم خاڵانەی تیابوو:

١- تەوێڵە خاوەنی مێژوویەکی کۆنەو شوێنەوارەکانی دەگەڕێنەوە بۆ پێش ئیسلام.

٢- هەر لەدێر زەمانەوە جێگەی خوێندن و خوێندەواری بووەو ئێستاش چوار قوتابخانەی سەرەتایی‌و سانەوییەك و دوو مەڵبەندی نەخوێندەواری، پیاوان و ژنانی تیایە.

٣- هەموو خزمەتگوزاریەکانی تیایە وەك: شارەوانی‌و پرۆژەی ئاوو کارەباو بەریدو بەدالە و دائیرەی ئەمن و پۆلیسخانە و بنکەی تەندروستی‌و کتێبخانەو بنکەی کەشناسی، سریەیەك سەربازو هەروەها جادەکەشی قیرتاو کراوە.

٤- ژمارەی ماڵەکانی زیاتر لە(١٦٠٠) ماڵە، دانیشتوانیشی نزیکەی (٥٣٠٠) کەس دەبن.

٥- جێگەی پیرۆزی تیایەو خاوەنی پێنج مزگەوت و یەك خانەقایە، جگە لەوەی گۆڕی چەند پیاوچاکێکی وەك شێخ عوسمان سراجەدین و سەید فەتحەو مەلا نەزیرو فەقێ ئەحمەدی غەزایی لێیە، هەروەها مووی موبارەکی ڕیشی پێغەمبەریشی لێیە (ص).

٦- خانوەکانی بە شێوەیەکی هەندەسەیی‌و شارستانی دروست کراوە کە نمونەی جوانین لەعێراقدا.

٧- باخ و باخاتێکی زۆرو هەموو جۆرە میوەو بەرو بومێکی هەیە کەبەرهەمن بۆ وڵات، وەئەم باخانەش بەرهەمی چەند ساڵێکن کەڕەنج و ماندوبونێکی لەگەڵ دا کێشراوە تا گەیشتونەتە ئەمڕۆ.

٨- جگە لەمانە، خاڵێکی سەر سنوریشە لەم ناوچەیەدا، بۆ پەیوەندی کردن بە ئێرانەوە، بۆ حکومەتی عێراق، بوون و مانەوەی تەوێڵە لەشوێنی خۆی زۆر پێویستە.

لەکۆتایشدا نوسرابوو...حەز دەکەین خانوەکان بڕوخێنن بەسەرماندا و بیانکەنە گۆڕستان بۆمان نەك بارکردن و ڕاگواستنمان.

ئەم سکاڵانامەیە درایە ئەم (٢١) دەزگایانەی خوارەوە:

١- پۆلیسخانەی تەوێڵە.
٢- ڕێکخراوی بەعس لەتەوێڵە.
٣- بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی بیارە.
٤- قایمقامیەتی هەڵەبجە.
٥- ڕێکخراوی بەعس لە هەڵەبجە.
٦- پارێزگاری سلێمانی.
٧- شوعبەی حیزبی بەعس لەسلێمانی.
٨- بەڕێوبەرایەتی ئەمن لە سلێمانی.
٩- مەنزومەی باکور لەکەرکوك.
١٠- ئەنجومەنی یاسادان - هەولێر.
١١-ئەنجومەنی جێبەجێ کردن - هەولێر.
١٢- وەزارەتی ناوخۆ.
١٣- ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق.
١٤- ئەنجومەنی وەزیران.
١٥- قیادەی قوتری.
١٦- جێگری سەرۆك کۆمار-صەدام حسین.
١٧- سەرۆك کۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر.
١٨- ڕۆژنامەی - الثورة.
١٩- ڕۆژنامەی- العراق.
٢٠- ڕۆژنامەی - الجمهوری.
٢١- ڕۆژنامەی - طریق الشعب.

ئەم لیژنەیە خۆیان هەڵسان بەگەیاندنی ئەم سکاڵانامانە بەهەریەکێك لەو دەزگایانە مامۆستا مەحیەدین کەلێپرسراوی لیژنەکە بوو وتی:

کەچوین بۆلای هاشم عەقراوی لێپرسراوی ئەنجومەنی یاسادانان وتی:

ئەمری سەید ڕەئیسە کەدەبێت دێهاتی کوردستان بێنە (موجەممەع) پاشان هێرشی کردە سەر خەڵکی لادێ... کاك محەمەدیش (ڕەئیس) وتی: جەنابی کاك هاشم هێرش مەکەرە سەرخەڵکی لادێ، زوربەی کورد لادێیی یە خۆشت لادێیت.. ئیتر بیٔدەنگ بوو. هەروەها مامۆستا مەحیەدین دەڵێ: کەگەیشتینە نوسینگەی سەرۆك کۆمار سکاڵاکەیان لێوەرگرتین و دوایی وتیان خۆمان وەڵامتان دەدەینەوە.

ئەوەی شایەنی باس بێت لێرەدا ئەوەیە:

چەند کەسانێك لە خەڵکی بیارەو بەڵخەش بۆهەمان مەبەست سکاڵانامەیان بۆبەڵخەو بیارەنوسیو لەگەڵ ئەم لیژنەدا ئەوانیش هەوڵیان دا..

لەدوای دوو مانگ پارێزگاری سلێمانی کەئەرشەد زێباری بوو هات بۆ تەوێڵەو خەڵکی تەوێڵەی کۆکردەوەو مژدەی دانێ کەبەفەرمانی سەرۆك کۆمار- تەوێڵە و بیارە- لەجێگەی خۆیان ئەمێننەوە. لەوکاتانەدا بەڕاستی مژدەیەکی خۆش بوو بۆ دانیشتوانەکە.

کەواتە: هەوڵ و تێکۆشانی ئەم لیژنە، بوو بەهۆی نەگوازتنەوەی تەوێڵە... لەبەرئەمە نابێت هەوڵی ئەم بەڕێزانە فەرامۆش بکرێت بەتایبەت هەردوو بەڕێزان کاك محەمەدی سان ئەحمەد و مامۆستامەحیەدین کەزیاتر ماندوو بوون و هەوڵیان داوە. خەڵکی تەوێڵە بەم شێوە هەوڵیان داوە تاوەکوو لەجێگەی باو باپیرانیان دا بمێننەوە.

تەوێڵە لەشەڕی عێراق و ئێران دا

پێگە (مەوقع)ی تەوێڵە لەسەر سنوری دوو دەوڵەتی هەمیشە ناکۆك لەگەڵ یەکتردا.. زیانێکی زۆری لێداوە، بەتایبەت لەشەڕی هەشت ساڵەیان دا ، بووە هۆی کوشتن و وێرانکردن و چۆڵکردن و ئاوارە بوونی دانیشتوانەکەی. لەکاتی ئینقلابی کۆماری ئیسلامیدا، ناحیەی نەوسود بەدەستی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بوو... تائەم شەڕەش سوپای ئێران نەگەڕابووەوە ناوچە سەرسنوریەکانی کوردستان.

ئەوەبوو سوپای عێراق، هەر لەسەرەتاوە چووە ناوخاکی ئێرانەوە، بەتایبەت لەم دەڤەرە، ناحیەی نەوسودی بەبێ تەقە کۆنترۆڵ کردو، بەرامبەر سوپای ئێران وەستا. .هەرلەم سەرەتای شەڕەوە، (نائیبی حاجیعەلی عەبدوالله) کەجێبێکی پیٔبوو لەهەڵەبجەوە بەرەو تەوێڵە دەهاتەوە، فڕۆکەیەکی ئێرانی لەپێچی بلە تەقەی لێکردو کوشتی. کەسوپای عێراق چووە دەڤەرەکە

دانیشتوانی نەوسودو لادێکانی دەوروبەری ناچاربوون گوندەکان چۆڵ بکەن، زوربەیان بەرەو تەوێڵە هاتن.. خەڵکی تەوێڵەش.. لێهاتوانەو کوردەواریانە، چون بەدەم ئەو خەڵکە لێقەوماوانەوە، ئەوهەموو خەڵکە لەتەوێڵە جێگایان کرایەوە.. جەماوەرەکە زۆردڵخۆش بوون، بەو بەدەمەوە هاتنەی خەڵکی تەوێڵە.. بەڵام دوای ماوەیەك حکومەتی عێراقی لەئۆردوگای عەنەبدا، لەهەڵەبجە خەیمەی بو هەڵدان، هەندێکی هێنان بۆ ئەوێ و ئەوانیتر بڕێکیان چوونەوە ناودەوڵەتی ئێران و هەندێکیشیان هەرلە تەوێڵە مانەوە، کەتەوێڵە چۆڵیکرد ئەوانیش هاتنە ئۆردوگای عەنەب، دوای چەند مانگێك لەوێش بردنی بۆ ڕومادی...

تەوێڵە لەمانگی چواردا بارودۆخی گۆڕاو، بەرەبەرە بەرتۆپ درا، سەرەتا جادەی نێوان تەوێڵە و بەڵخە کەوتە خەتەرەوە سەیارەکانینێوان، ئەوجادە درانە بەرتۆپ پاشان تەوێڵەشی گرتەوە.

یەکەمجار لەڕۆژی (١٩٨١/٣/٢٤) تۆپ دای لەخانوەکەی مەهدی حاجی ئایزە لەباخچە میرا.. ئەو خانووە،ماڵی سابیری مەحمود مستەفای تیابوو، سەربانی هەیوانەکەیانی ڕوخاند، هەرچەند هەموو خانەوادەکە لەژوورەوە بوون، بەڵام کەس نەکوژرا، تەنها بەدریە عەلی عەباس، خێزانەکەی سابیر بریندار بوو، ئەویش بەسوکی، هەرلەوکاتەدا چەند تۆپێکیتر، دای لەباخچە میرا لایپردەکەی هانە سوسو، سابیر ناوێکی نەوسودی کوژرا کەئەو ڕۆژە، لەزیندانی جەماعەتی ڕزگاری لەبیارە بەر بووبوو.

دوای دوو ڕۆژ (١٩٨١/٣/٢٦) تۆپ بارانێکی تری تەوێڵە کرا، تۆپێك دای لەخانوەکەی مزگەوتی گەورە، کەلەپشتی مزگەوتەوە بوو، کەماڵی مامۆستا سەید عەبدوڕەحمانی سەید تەهای تیابوو، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی نەدا. ئیتر لەوکاتەوە جارجارە تۆپ ئەیدا لەتەوێڵە، بەڵام لەتۆپبارانی ڕۆژی (١٩٨١/٤/١٩)دا چەند کەسێکی کوشت کەئەمانە بوون:

(حەمەعەلی کەرەم، نافعەحاجی تۆفیق خێزانی هادی عەزیز، سنۆبەر مستەفا نەجیب، کاظم حەمەشەریف یەعقوب) هەروەها هەڵکەوتی (حاجی عیزەت و مامۆستا حامدی خەلیفە عومەرو حاجی مەحیەدینی حەمە یوسفی)بریندار کرد.

لەکۆتایی مانگی(١٩٨١/٦)ئامرلیوایەکی سوپای عێراق بەخۆی و کەتیبەیەکەوە تەسلیم بەئێران بوون.. مەدفەعیەکانی ئەو کەتیبەیە کەلە (ملەندو، دانرابوو بەرامبەر سوپای ئێران ڕوویان وەرگێڕا بەرەو تەوێڵە و قەصفێکی

سەختی چلانەی کردو زۆر خانووی ڕوخاند، بەلآم کەس پێوە نەبوو، پاشان قەصفەکە بەردەوام بوو بۆناو بازاڕو مالێدەرو زۆر شوێنی گرتەوەو، بوو بەهۆی کوشتنی کۆمەلێکی تر. کەئەمانە بوون:



حامد عەبدورەحمان - حەمەعەلی کەرەم - بەغداد ١٩٧٦

(ڕەفیق حەمەباقی، نەریمان وەهاب صادق، نازیمە وەهاب صادق، منالێکی حەمەیوسف مەحمود، پیرۆزە مستەفا خێزانی حاجی خواکەرەم، بابا خالد (بابای سێلە)و دواتریش میرزا عەبدوالله و فەرەیدون جافر ڕەسولْ و مستەفای نەجیب و پیاوێکی نۆدشی و چەند کەسێکیش بریندار بوون).

لەم بەهارەدا کەبەم شێوە تەوێڵە بۆمباران کرا بەرە بەرە خەڵکەکەی بەرەو هەڵەبجەو سلێمانی هاتن.. هەرچەندە لەلایەن حکومەتەوە زۆر بەزەحمەت ڕێگە بەخەڵکەکە ئەدرا کەتەوێڵە چۆڵ بکەن.. بەلآم خەڵکی هەردەهات، هەندێك لەهاوارەوە بەپێ‌و بەولآخ هاتن بۆ هەڵەبجەو دواتر لەمانگی تەموز حکومەت ناچاربوو کەبوار بەهەموو خەڵکەکە بدات.. ئیتر لەکۆتایی مانگی تەموزدا تەوێڵە بەتەواوی چۆڵ کرا... ئەو هەموودانیشتوانەی جگەلە هەندێ پێداویستی کەم نەبێت هەموو سەروەت و سامان و خانوبەرەو باخ و باخاتی چەند ساڵەیان بەجێهێشت..

وەك دەڵێن:

ماڵی وەستا حەمەسەلیمی محەمەد غەفور دوامالْ بووە هاتووە بۆ هەڵەبجە، ماڵی کەمالی مستەفاش تاپایز هەرلەناو باخەکانی چەمی خوارەوەدا ماوەتەوە ئیتر سەرماو سۆڵە ناچاری کردوە تەوێڵە بەجێ بێڵێ. حەمە خانە شەلەش هەرلەناو خانوەکەی خۆی دابوو، تارۆژێك عەسکەریە دەیبینن و سواری زیلێکی دەکەن و دەیهێننە هەڵەبجە، بەلآم صۆفی حەمەصالح نۆدشی کەپیاوێکی بەتەمەن بوو، هەرلەخانەقای تەوێڵە مایەوە تالە(١٩٨٨/٢/١) کۆچی دوایی کردو لەوێ بەخاکیان سپارد.

هەندێك لە خەڵکی تەوێڵە تادوو سێ‌ساڵ بەنهێنیو بەوەرەقەی قائیمقامی هەڵەبجە، لەهاویندا دەچوونەوە بۆئاودێرانی باخەکانی ئاوێسەر، ئەوانەش سێ‌کەسیان لێ‌کوژرا، دوای ئەرە خەڵکی تەوێڵە تابەهاری ڕاپەڕینی (١٩٩١) نەچونەوە تەوێڵە، ناوچەکەیان بووە، ناوچەیەکی قەدەغەکراو(موحەڕڕەمە) تەنها سەربازی عێراقی تیابوو...

تەوێڵەیی لە ئاوارەیی دا[٧٥]:

لەبەهاری ساڵی (١٩٨١)دا، دانیشتوانی تەوێڵە ئەو بەهەشتە جوانەیان لێ کرا بەدۆزەخ و ئەو نیشتمانە خۆشەویستەیان بەجێ هێشت و خواخوای ئەوەیان بوو، ولاخێك یا سەیارەیەکیان دەست کەوێت تادوور بکەونەوەو، لەکوشتن خۆیان و منالیان ڕزگاربکەن. ئیتر سۆزی نیشتیمان و زێدی باوباپیران بووە، وێردی سەرزمان و هەوێنی شیعرو سۆزو گۆرانیان هەردەم بەیتەکەی شێخیان دەوتەوە لەسیاچەمانەکانیان دا کەدەڵێ:

فرە گیلانی سەحراو دەشت و دەر
نەدیم مەسکەنیو تەوێڵی وەشتەر

ئەوەتا بەخەیاڵ سەفەردەکەن بەرەو هەورامان و سەرلە زێدەکەیان دەدەنەوەو ئاهو ناڵەیان بەسیاچەمانە ئاوا دەردەبڕن و دەڵێن:

یاران گەرەکما، سەفەری کەرو | بەرەو هۆرامان، من یادێ کەرو
ئەوەڵ سەفەرم یاوانێ خورماڵ | دیم بیەن وێرانە، نەمەنەن یەک ماڵ
بەرەو زەردەهاڵ، ڕام گیرتێنە قەر | دیم ئاییچ پاسە، جەخورماڵ بەتەر
چاچ نەمیدرانی، ڕووەم نیابیاری | دیم وڕێنی یورە، هەرچوار دیواری
باسش مەکریۆ، دەگاشێخانی | بەهەشت و چیشی، خوا وێت مزانی
چاچ دیسانۆ، ڕووەم نیا بەڵخە | چیش شا سەرئامان، ئاگرد عەشرەتە
پێچ و بلەینە، لوانێ سۆسەکان | چیش ئامان پێشان، دوس و ڕەفیقان
کەوەختیو لوانی، ڕووەو تەوێڵی | ئازیزی ولاتی، گرد بیێنی وێڵێ
باقی وەسەلام، شاخی هەورامان | ئینە دووری تۆن، پیسەم سەرئامان

- تەوێڵەیی کەبەرەو خوار هاتن زوربەیان بەرەو هەڵەبجەو سلێمانی هاتن، ڕێژەیەکی زۆرکەم لەخورماڵ و سەید صادق و عەربەت و دەربەندیخان و هەولێرو کەرکوك و بەغدا ڕۆیشتن.

- ئەو تەوێڵەیی‌یانەی کەلە هەڵەبجە بوون لەکیمیاویەکەدا زۆریان لێ‌شەهید بوون.. لەشوێنی خۆیدا ناوەکانیان نوسراون، ئەوانی تر لەساڵی

(١٩٨٧)و لەوکاتی کیمیاویەدا ئاوارەی ئۆردوگاکانی ئێران بوون لە(سەلاس و جوانڕۆو سەریاس و کامیاران و بارام ئاواو دزلیو سەقزو شارەکانی ئێران دا بوون).

- لەدوای کیمیاویەکەشدا تەوێڵەییش وەك خەڵکی هەڵەبجە بەرەو ئۆردوگاکانی باینجان و بازیان و بەرحوشترو گردەچاڵ کەوتن و شاڵاوی گرتن و کوشتن و زیندانی کردنی ڕژێم، گرتنیەوە.

- ئەوماوەی دە ساڵە (١٩٨١-١٩٩١) خەڵکی تەوێڵە بەهۆی عیزەتی نەفس و ڕەنجی دەست و بازوو و دەست ڕەنگینی خۆیانەوە، بژێوی خۆیان دابین کردەوەو دەستیان پان نەکردەوە بۆهیچ لایەك و هیچ کەسێك، چونکە زۆربەیان پیشەیەك یازیاتر دەزانن، ملیان کەچ نەکرد بۆ ڕژێم و گوێیان لە فەصلْ کردنی وەزیفە نەبوو، زۆر بەدەگمەن چەکیان بۆ دوژمن هەڵگرتووە، ئەمەش لەچاو شوێنانی ترو زۆری خۆیان زۆر زۆر کەم بوون.. بەڵکو بەپێچەوانەوە یالەناو ڕیزەکانی خەبات و تێکۆشان دا بوون یا زیانیان نەبووە بۆ گەل و. نیشتمان، واتە گەر گوڵ نەبووبن دڕکیش نەبوون.

- ئەوماوەیە لەلایەن ڕژێمەوە، هیچ یارمەتیەك و کۆمەکیەك بەرامبەر تەوێڵەیی نەکراوە، نە ئۆردوگایان بۆ کراوەتەوە نەیارمەتی دراون نەسەرۆك تیرەو بنەماڵەکانیش بوونەتە موستەشارو بەڕەعیەتەکەیان دیواخانەکەیان گەرم بکەن.

- خەڵکی تەوێڵە- تەعویزی-خانوبەرەو موڵك و ماڵیان وەرنەگرتووە، بەڵام هەندێکیان بەناوی زیانی جەنگ (ضرر الحرب) هەندێ پارەیان وەرگرتووە لەچاو خەڵکی تەوێڵەدا، ڕێژەیەکی زۆرکەم ئەوەشیان وەرگرتووە.

- ئەو ماوەیەو ئێستاش، ئەوانەی کەلە غەیری تەوێڵەدا دانیشتون زۆر بەچاکی بەدەم یەکترەوە بوون و، لەخۆشیو ناخۆشیەکانی ژیان دا یەکتریان بەسەر کردووەتەوەو لەیەکتر دانەبڕاون.

– لەوماوەیەدا (هەرچەندە ئامارێکی وامان نیە) تەوێڵەیی بەهۆی بارودۆخی دەرونی و خەم و خەفەتەوە، ڕێژەیەکی ئەوەندە زۆریان لێ مردن بەتایبەت بەتەمەنەکان، خەڵکی هەڵەبجە دەیان وت: تەوێڵەیی کاتێک بچنەوە تەوێڵە، بەقەد پڕی پیکابێکیان نامێنێ.

بێداریو بانگەوازی ئیسلامی:

بێگومان پێشتر بواری ئاینیمان باس کرد، کەلەتەوێڵەدا چۆن بووە، لێرەدا بەکورتە باسێکی بێداری ئیسلامی دەکەین لەتەوێڵەدا چۆن بووە.

هەرچەندە بێداری ئیسلامی لەسەرەتای پەنجاکانەوە لەعێراق و کوردستان دا بڵاوبوەتەوە، بەڵام ماوەیەك کەوتە بەر شاڵاوو هێرشی دوژمنان و ناحەزانیەوە، ئەوەبوو ماوەیەك لاواز بوو، لەسەرەتای هەشتاکانەوە کەوتەوە گەشەکردن، لەم کاتەدا لاوان و گەنجانی تەوێڵەش بەش بەحاڵی خۆیان لەدەوری ئەم بانگەوازە بێداریەدا کۆبونەوە. دیارە لەم کاتانەدا، خەڵکی تەوێڵە لەهەڵەبجە و سلێمانیو شارەکاندا بوون، لەهەورامان دا نەبوون. ئەو تەوێڵەیییانەی کەلەهەڵەبجە بوون زیاتر چوون بەدەم بانگەوازی ئیسلامیەوە، لەدوای ڕاپەڕینیش کەبێداری ئیسلامی زیاتر کەوتە گەشەکردن، تەوێڵەیی زۆر، لەناو ئیسلامییەکان دا قەناعەتیان بۆدروست بوو لەدەوریان کۆبوونەوە، بەتایبەت لەناو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دا، بەڵکو لە تەوێڵە یەکگرتوو ئەوەندە ئەندام و لایەنگری بوو، کەتوانی بارەگای ناوچە بکاتەوە لەناو خودی تەوێڵە، جگە لەوەش لەکاتی هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا لەساڵی(٢٠٠٠) ئەگەر چەند شتێك نەبوایە ئیسلامییەکان دەردەچوون.

بەکورتەو بەپوختە:

خەڵکی تەوێڵە چونکە زۆرن، لەناو هەموو حیزبەکانیشدا زۆرن، لەزوربەی حیزبە سەرەکیو ڕەسەنەکانی عێراق و کوردستان دا هەبوون و هەن، گەیشتونەتە ئاستی سەرەوەی لێپرسراویەتی، چونکە لەدەوری سەرەك خێڵ و هۆز، کۆنەبوونەتەوە، وەخوێندەواریشیان زۆرەو، هەموویان لەناو یەك حزب یادوو حیزب دانین، قەناعەت و بەرژەوەندیان بۆ دروست بوبێت لەگەڵ ئەو حیزبەدا بوون.

هەندێ ناوچە لەبەر ئەوەی لەدەوری سەرۆك خێڵ کۆبوونەتەوە، سەرۆکەکەیان سەر بەچ حیزبێك بێت زوربەی ئەوخێڵە سەربەو حیزبەن. لەتەوێڵە وانیە قەناعەتی فیکریو سیاسیو بەرژەوەندیە.

کیمیابارانی هەڵەبجە و خەڵکی تەوێڵە:

هەڵەبجە یەکێکە لەکۆنترین و گەورەترین قەزای عێراق، رێژەی دانیشتوانی لەساڵی(١٩٧٧)دا زیاتر لە (٨٥) هەشتاو پێنج هەزار کەس بووە، جگە لەناحیەی ناوشار. لەپێنج ناحیەو (٢١٦)گوند پێکها تبوو، بەلاّم لەکاتی کیمیاویەکەدا ئەوهەموو گوندانە کۆکرابوونەوە لەئۆردوگاکانی عەنەب و زەمەقیو سیروان و خورماڵ و شانەدەریو زەرایەن، تەنها (١٨) گوندیان مابوونەوە.

هەڵەبجە بەچیاکانی هەورامان و سورێن و بالامبۆو دەشتی شارەزوور دەورەدراوە. ئەم شارە بەشارێکی ئیسلامپەروەر نیشتیمانپەروەر ناسراوەو لەبێداری ئیسلامی لە کوردستان و عێراق و دەرەوش دا، رۆڵی خۆی بینیووە. هەروەها گەلێزاناو بیریارو رۆشنبیرو ناوداری تیا هەڵکەوتووە کەرۆڵیان بووە لە شۆرش و خەباتی گەلەکەماندا.

خەڵکەکەی هەمیشە دژ بەستەم و زۆرداریو ناڕەوایی بوون، چەند جار راپەریون و پەلاماری دوژمنیان داوە. هەر ئەم خەبات و مێژووەی وای کردووە لەدوژمنان هەردەم لەپیلانگێران دابن بۆی... هەربۆیە بەرهێرشی فرۆکەکانی ئینگلیز لەساڵی (١٩٢٠و١٩٢١)و گرتن و زەبرو زەنگی ساڵەکانی (١٩٤٧، ١٩٥٤، ١٩٥٥)و هێرشە درندانەکەی زەعیم صدیق لەساڵی(١٩٦٣)و قەصفی ساڵی (١٩٧٤) و (١٩٨٧).. کەوتووە. کیمیابارانی ساڵی (١٩٨٨)یش شالاّوێکی تری دوژمنانە بوو، بەرئەم ناوچەیە کەوت، بەلاّم شالاّوو هێرشی ئەم جارە، گەلێ بەر فراوانترو درندانە ترو کوشندە تربوو، ئەوەندە بەئازار و پرمەینەت و سەخت بوو ویژدانی گەلانیتری هەژاندو، بوو بەمانشێتی رۆژنامەکان و باس و خواسی هەموو جیهان. گۆرانکاریەکی زۆری هێنا بەسەر ناوچەو هەرێمەکەدا، بەڵکو کوردی ناساند بەولاّتان و کێشەکەشی بردە پێشەوەو، بووە خاڵێکی وەرچەرخان و بێدارکردنەوە لەخودی کوردیشدا.

لەم کیمیابارانەدا نزیکەی (٥) هەزار شەهیدو (١٠) هەزار بریندارو (٧٠) هەزاریش ئاوارە بوو. دیارە دانیشتوانی هەڵەبجە لەوساڵەدا پێکهاتبوو لەخەڵکی خودی هەڵەبجە و لادێکانی هەورامان و شارەزوور.

خەڵکی تەوێڵەش لەوکاتەدا رێژەیەکی زۆری لەشاری هەڵەبجە بوون، بۆیە، لەم کیمیاویەدا ژمارەیەکی زۆری لێشەهید بوون.

وابـزانم بەتـەواوی ئامـارێکی وردو تـەواو نـەکراوە بۆنـاوی شـەهیدانی هەڵەبجە، بەڵام تائەندازەیەك ئەوەی کەکراوە زۆر نزیکە لەڕاستیی‌یەوە.

تەوێڵـەیی (٢٥٨) کەسـێك شـەهید بـوون، لەوانەیـە هـەش بێت ناویمـان دەست نەکەوتبێ، بەڵام پێویستە خوێنەر پێشتر ئاگاداری ئەم چەند سەرنجانەی خوارەوە بێت:

١- ئەم ناوانە لەسێ سەرچاوە وەرگیراون:

یـەکێکیان: هـەرخۆم (عبـدالرزاق نووسـەر) لـەکاتی کیمیاویەکـە نـاوی (١٩٢)کەسم لای خۆم نوسی بوو.

یـەکێکی تریـان: بـەڕێز مامۆسـتا (فـەخرەدین حـاجی سـەلیم) تەوێڵـەیی کەئێستا لەهەڵەبجەیە، لەم بارەوە هاوکاری باشـی کردووین و لیستێك ناوی بۆ ناردووین کە (٢٠٦) ناوی تیابوو.

سێهەمیان:ناملیکـە خنجیلانەکـەی بـەڕێز هـەورامان عـەلی تۆفیـق بـەناوی هەڵەبجە کارەساتی کیمیابارانی سـاڵی (١٩٨٨)- کەناوی (٢٥٦٩) لەشـەهیدانی هەڵەبجەی نووسیووە، وەجیاشـی کردونەتـەوە کەخـەڵکی کوێن ، لەوانـە (٢٨٨) شەهیدی تەوێڵەی نوسیووە...[٧٦]

٢- ئـەم ناوانـەی کەنووسـیومانن چـەند کەسـێکیان دواتـر مـردوون، نـەك لـەکاتی کیمیاویەکـەدا، بـەڵام هۆکارەکـە هەرکیمیاویەکـە بـووە، بۆیـە لەسـەر ئـەو شەهیدانە نووسراون.

٣- لەسـەر ئەم ڕووداوە نـەمان ویست زۆرتـر بڕۆین، چونکە بابەتەکەمان تایبەت نیە بۆئەمە، هەم نوسینی تریش زۆرهەیە لەسەر ئەم مەرگەساتە، لەوانـە: مرثیـةی حلبجـە- نصـرەت الله مـەحمود زادە، خـەزانی هەڵەبجـە- بـارامی وەڵەدبـەگی، ناڵـەی هەڵەبجە -جـەمال بێدار، کارەسـاتی کیمیابارانی هەڵەبجە- شەوکەتی حاجی مشیر، هەڵەبجە کارەساتی کیمیابارانی ساڵی١٩٨٨- هەورامان عەلی تۆفیق..تاد.

٤- خــەڵکی هــەورامان بەگشــتی زۆری بەرئــەم کیمیاویــە کــەوتن، لــەو ناملیکەیەی (هـەورامان عـەلی)دا جگـە لـە خـەڵکی تەوێڵە زیاتر لـە (٥٠٠) کـەس ناوی هەیە کەخەڵکی لادێکانی هەورامانن، لەگەڵ ئەوەی تەوێڵەدا خۆی لە(٨٠٠) شەهید زیاتر دەدات.

٥- لەوانەیە هەش بێت کەلێرەدا ناوی تۆمار نەکرابێت، ئێمە بەدووری نازانین، هەوەك چۆن بەدوری نازانین کەناو بەهەڵە نوسرابێت، بەلام هەردوو حاڵەتەکە لەوانەیە دەگمەن بێت.

ناوی ئەو تەوێڵەیی‌یانەی کەلەکیمیابارانی هەڵەبجەدا شەهید بوون

ز	ناوی سیانی	لەدایك بوون
١	ئاوێسەر عەبدولقادرمحەمەد	١٩٧٦
٢	ئاریوش غالب سەعدی	١٩٨٥
٣	ئازاد ئیسماعیل حسێن	١٩٦٦
٤	ئاریان حەمەکەریم عومەر	١٩٨٢
٥	ئافتاو ئیبراهیم ڕەشید	١٩٦٢
٦	ئاشنا عەبدولقادر محەمەد	١٩٧٧
٧	ئاواز عابد ئەکرەم	١٩٦٨
٨	ئاژین فەخرەدین سەلیم	١٩٧٧
٩	ئامینە عەزیز بارام	١٩٥٢
١٠	ئامینە حەبیب مەولود	١٩١٧
١١	ئارام فەخرەدین ئیبراهیم	
١٢	ئاوێنە عەبدولقادر محەمەد	
١٣	ئاراس فەخرەدین ئیبراهیم	
١٤	ئەدیبە قادر جعفرسان	١٩٣٧
١٥	ئەسمەر حەمەصالح قادر وەلی	١٩٧٧
١٦	ئەسمەر عەبدواللە ئەحمەد	١٩٦٥
١٧	ئەڤین حسێن تۆفیق	١٩٧٧
١٨	ئەمین قادر ئەسکەندەر	١٩٣٣
١٩	ئەمیر محەمەد حەمە ڕەحیم	١٩٧٦
٢٠	ئەژین سەربەست مەحیەدین	
٢١	ئەحمەد ئەحمەد وەهاب	١٩٥٢
٢٢	ئەکرەم فەخرەدین ئیبراهیم	١٩٧٤
٢٣	ئەحمەد عەبدواللە ئەحمەد	١٩٥٣
٢٤	ئیبراهیم نەصرەدین ئیبراهیم	١٩٧٦
٢٥	ئیسماعیل حسێن لەتیف	١٩٣٠
٢٦	ئەحلام عومەر حەمەڕەشید	١٩٦٨
٢٧	ئەدهەم حەمەعارف حەمە	١٩٦
٢٨	ئیسماعیل ئەبوبەکر	١٩١٥
٢٩	ئێران عابد ئەکرەم	
٣٠	ئەمیرە حەمە سەعید وەیسی	
٣١	باخەوان جەمیل مەحمود	١٩٧٥
٣٢	بێساران عەبدوڕەحمان عەبدولوەهاب	١٩٧٢
٣٣	بێرون جەمیل مەحمود	١٩٨٤
٣٤	بێگەرد سەعدواللە صادق	١٩٧٠
٣٥	بێخاڵ سەعدواللە صادق	١٩٦٨
٣٦	بەهمەن جەمیل مەحمود	١٩٧٣
٣٧	بەکر وەیسی عەبدولکەریم	١٩٣٤
٣٨	بەفراو اللە کەرەم ئەبوبەکر	١٩٧٦
٣٩	بەدیعە عەبدوڕەحمان عەبدولوەهاب	١٩٧٤
٤٠	بەدریە محێدین حەسەن	١٩٥٧
٤١	بەهار فەخرەدین ئیبراهیم	١٩٨٦
٤٢	بەهار حسێن	
٤٣	پشتیوان سەعدواللە صادق	١٩٥٤
٤٤	پەروین مەحیەدین حەسەن	١٩٦٢
٤٥	پەری کەریم	١٩٢٨
٤٦	تانیا مەحیەدین سەلیم	١٩٦٧
٤٧	توبا حەمە ڕەشید کوزاد	١٩٣٢
٤٨	توبا شەفیع اللە کەرەم	١٩٦٢
٤٩	توبا ئەحمەد ئیسحاق	١٩٣٠
٥٠	جوان فەرید جەمال	١٩٨٤
٥١	جهانگیر سەعدواللە صادق	١٩٧٦
٥٢	جمال مستەفا مەولود	١٩٣٣

٥٣	جیهان صادق حەمەصاڵح	١٩٥٣
٥٤	جیهاد الله کەرەم ئەبوبەکر	١٩٧٩
٥٥	چنور حەمەکەریم حەمەکەریم	١٩٧٠
٥٦	چرۆ نعمان حافظ	١٩٨٢
٥٧	چنور حسێن تۆفیق	١٩٧٩
٥٨	چیمەن مستەفا فەتاح	
٥٩	چرۆ ناجی حەمە لەتیف	
٦٠	حەمە یوسف مارف قادر	١٩١٧
٦١	حەمەصاڵح حەمەشریف حەمەعزیز	١٩٢٦
٦٢	حەمەشریف یەعقوب ڕۆستەم	١٩٢٦
٦٣	حەمەصاڵح حەمەڕەشید فتاح	١٩٤٠
٦٤	حەمەکریم حاجی حەمەکریم	١٩٥٣
٦٥	حامد حەکیم ئەحمەد	١٩٥٣
٦٦	حسین توفیق نادر	١٩٤٩
٦٧	حەمەکریم عومەر حەمەکریم	١٩٣٤
٦٨	حەسەن فارس عبدالله	١٩٦٧
٦٩	حەمەمراد ئەحمەد عەزیز	١٩١١
٧٠	حەمیدە حەکیم مەجید	١٩٥٠
٧١	حەسیبە تۆفیق صادق	١٩٤٨
٧٢	حەلیمە عەلی حسەین	١٩٣٩
٧٣	حامدە مستەفا فەتاح	١٩٦٥
٧٤	حەمەخان وەیس حەمەخان	١٩١٠
٧٥	حەسەن حسەین عەبدولکەریم	١٩٦٧
٧٦	حەمەصاڵح ئەحمەد ڕەشید	
٧٧	حسێن قادر عەبدوالله	
٧٨	خوشکان سەعدوالله صادق	١٩٧٢
٧٩	خونچە حامد بابا	١٩٤٤
٨٠	خەرامان حەمەیوسف حەمەحسێن	١٩٥٥
٨١	خاڵخاس صادق حەمەصاڵح	١٩٤٥
٨٢	خۆراسان حەکیم حەسەن	١٩٧١

٨٣	خەدیجە محەمەد ڕەحیم	
٨٤	خانزاد سەعید ڕەحیم	١٩٢٠
٨٥	خاتون عەبدوالله مەعروف	
٨٦	دەشتی عابد ئەکرەم	١٩٧٥
٨٧	دیلمان جەمال عەبدوالعەزیز	١٩٨٥
٨٨	داریوش غالب سەعدی	١٩٨٠
٨٩	دنیا صادق محەمەد	
٩٠	دانا لەتیف حەمەصاڵح	
٩١	دولبەر لەتیف صاڵح	
٩٢	ڕازاو تاریق نەصروالله	
٩٣	ڕەنج فەخرەدین سەلیم	١٩٨٧
٩٤	ڕێبوار نەصرەدین ئیبراهیم	١٩٨١
٩٥	ڕزگار نەجمەدین فەتاح	١٩٦١
٩٦	ڕامش غالب سەعدی	١٩٨٧
٩٧	ڕەمزیە نەجمەدین ئەبوبەکر	١٩٧٨
٩٨	ڕەنگین سەعدوالله صادق	١٩٨٠
٩٩	ڕابعە محەمەد مەولود	١٩٥٨
١٠٠	ڕۆشنا عەبدوڕەحمان عەبدولوەهاب	١٩٨٢
١٠١	ڕێزان عابد ئەکرەم	١٩٨٠
١٠٢	ڕێکان عابد ئەکرم	١٩٨٦
١٠٣	ڕەعنا نادر حەمە لەتیف	١٩٤٧
١٠٤	ڕەعنا مەحمود محەمەد قادر	
١٠٥	ڕەزا ئەحمەد قادر	١٩٣٠
١٠٦	ڕەعنا حەمە یوسف قادر	١٩٢٥
١٠٧	زەکەریا عەبدوڕەحمان عەبدولوەهاب	١٩٦٣
١٠٨	زێبا حەمە ئەمین	١٩٣٠
١٠٩	زانا لەتیف صاڵح	
١١٠	ژیان حەمەئەمین	
١١١	ژیان حەسەن توفیق	
١١٢	سەردەشت ئەحمەد عەبدوالله	١٩٧٩

١١٢	سەربەست حەسەن عەزیز	١٩٧١
١١٤	سەرپێز محەمەد حاجی حەمەڕەحیم	١٩٧٤
١١٥	سەربەست عابد ئەکرەم	
١١٦	سەریاس عابد ئەکرەم	١٩
١١٧	سەفیە محەمەد حەمەحسێن	١٩٤٢
١١٨	سەعادە خالد ئەحمەد	١٩٥٣
١١٩	سەعادە حەمەصاڵح حەمەیوسف	١٩٣٤
١٢٠	ساکار محەمەد حەمەصاڵح	١٩٨١
١٢١	ستار حەمەسەلیم محەمەد	١٩٦٣
١٢٢	سەعدوالله صادق غەنی	١٩٣٥
١٢٣	سەرهەنگ فەخرەدین عەبدولعەزیز	١٩٧٨
١٢٤	سەنگەر فەخرەدین سەلیم	١٩٨٢
١٢٥	سەربەست مەحیەدین	
١٢٦	سیروان عەبدولخالق فایەق	
١٢٧	سەعید محەمەد	
١٢٨	سەیوان ڕەحمان قادر	
١٢٩	سەرکەوت ڕەحمان قادر	١٩٦٨
١٣٠	سەنیە محەمەد	
١٣١	شنۆ نعمان حافظ	١٩٨٠
١٣٢	شوانە حەمەسەعید	
١٣٣	شاهۆ حەمەڕەشید	
١٣٤	شاخەوان مەجید	
١٣٥	شاخەوان حسین تۆفیق	١٩٧٥
١٣٦	شاخەوان فەخرەدین ئیبراهیم	١٩٨٢
١٣٧	شاخەوان محەمەد حەمەصاڵح	١٩٨٢
١٣٨	شەمسە حسێن قادر ئاغا	١٩٢٧
١٣٩	شیلان عەبدوڕەحمان عەبدولوەهاب	١٩٧٩
١٤٠	شنۆ حەمەئەمین	
١٤١	شیلان ئەحمەد عەبدوالله	١٩٧٧
١٤٢	شادان ئەحمەد عەبدوالله	١٩٨٧
١٤٣	شەرمین ئەحمەد عەبدوالله	١٩
١٤٤	شەمعە جەعفەر بابالە	١٩٥٠
١٤٥	شادان نەریمان مستەفا	١٩
١٤٦	شیرین عابد ئەکرەم	١٩
١٤٧	شەمعە حەمەئەمین مەحمود	
١٤٨	صابر فەرەج حەمەئەمین	١٩٣٤
١٤٩	صەلاح کەریم نەجمەدین	
١٥٠	صەباح صائیب زۆراب	١٩٥٤
١٥١	صەبیحە کوێخا ڕۆستەم کەریم	١٩٥١
١٥٢	طەلیعە قادر مەجنون	١٩٤٨
١٥٣	طەلیعە قادر فەتاح	١٩٤٨
١٥٤	عەبدولکەریم وەیس عەبدولکەریم	١٩٤١
١٥٥	عارف محەمەد حامد	١٩١٤
١٥٦	عومەرعەبدولحەکیم حەمەصاڵح	١٩٣٠
١٥٧	عابد عەبدولحەکیم قوربانی	١٩٢٦
١٥٨	عابد ئەکرەم عوسمان	١٩٣٢
١٥٩	عەدنان نەسرەدین ئیبراهیم	١٩٦٧
١٦٠	عەزیز کەریم حەمەسەعید	١٩٢٢
١٦١	عەلی محەمەد عەبدوالله	١٩٣٧
١٦٢	عەزیز محەمەد حسێن	١٨٩٧
١٦٣	عەبدولواحد کەریم حەمەسەعید	١٩٣٦
١٦٤	عەبدوڕەحمان حەسەن حەمەحسێن	١٩٤٦
١٦٥	عەبدوالله حەمەحسین عەبدوالله	١٩١١
١٦٦	عائیشە حەمەخان	١٩٣٢
١٦٧	عصمەت حەسەن حەکیم	١٩٣٠
١٦٨	عائیشە مستەفا مؤمن	١٩٣٢
١٦٩	عائیشە یەعقوب ڕۆستەم	١٩٢٥

١٧٠	عاليه باسام نەصروالله	
١٧٢	عائيشه فەتحوالله صەيفور	١٩٥٨
١٧٣	عەبدولخالق فايەق	١٩٣٨
١٧٤	عەبدولكەريم صاحيب نەزير	١٩٥٥
١٧٥	عەبدول محەمەد ئەمين	
١٧٦	غالب سەعدی قادر	١٩٥١
١٧٧	فەلاح سەعدوالله صادق	١٩٦٩
١٧٨	فەخرەدين عەبدولعەزيز عەلی	١٩٤٢
١٧٩	فەريد جەمال مستەفا	١٩٥٦
١٨٠	فەخرەدين ئيبراهيم عوسمان	١٩٤٣
١٨١	فەتحوالله عەبدوالله فەتاح	١٩٠٩
١٨٢	فەتحوالله سلێمان فەتحوالله	١٨٩٨
١٨٣	فريشته حەمەكەريم حەمە	
١٨٤	فريشته نامەوەش	
١٨٥	ڤيان حسێن تۆفيق	١٩٧٨
١٨٦	ڤيان فەريد جەمال	
١٨٧	قەيصەر سەعدی قادر	١٩٥٢
١٨٨	كاروان فەريد جەمال	١٩٨٦
١٨٩	كۆسالان عەبدوڕەحمان عەبدولوەهاب	١٩٧٤
١٩٠	كاروان جەمشير فارس	١٩٨٥
١٩١	كاوە حسين حەمەلاو	١٩٦٨
١٩٢	كۆسار نعمان حافظ	١٩٨٧
١٩٣	كاكەبرا ئەحمەد ئيسحاق	١٩٣٥
١٩٤	كامەران نەريمان مستەفا	١٩
١٩٥	كارزان نەريمان مستەفا	١٩٨٢
١٩٦	كاروان نەريمان مستەفا	١٩٨٧
١٩٧	كەويارحسێن تۆفيق	١٩٧٦
١٩٨	كەلسوم فەخرەدين ئيبراهيم	١٩٧٨
١٩٩	كافيه مەحمود عەبدوڕەحمان	١٩٣٠
٢٠٠	كوێستان عەبدوڕەحمان قادر	١٩٧٠
٢٠١	كەژاڵ عەبدوڕەحمان حەسەن	١٩٧٤
٢٠٢	كاڵێ قادر رەسوڵ	١٩٢٨
٢٠٣	كۆسالان قادر احمد	
٢٠٤	كارزان نەصرەدين محەمەد	
٢٠٥	كۆسار نەصرەدين محەمەد	١٩٨٢
٢٠٦	كوردستان نەصرەدين	
٢٠٧	كەريم عەزيز	
٢٠٨	گوڵزار عەبدولخالق	
٢٠٩	گوڵزار تاريق نەصروالله	
٢١٠	گوڵگوش غالب سەعدی	
٢١١	گۆران محەمەد صاڵح	
٢١٢	لاولاو عەبدوالله هۆمەر	١٩٦٥
٢١٣	لهۆن عابد ئەكرەم	١٩٨٨
٢١٤	مەدينه حەمەئەمين	
٢١٥	ماكوان سەعدوالله صادق	١٩٦٥
٢١٦	مەحمود محەمەد مولود	١٩٤٤
٢١٧	موئمين عەبدوالله ئەحمەد	١٩٥٣
٢١٨	مستەفا فەتاح حەمەئەمين	١٩١٦
٢١٩	محەمەد صاڵح حەمەڕەزا	١٩٤٠
٢٢٠	مژدە عابد ئەكرەم	١٩٨٢
٢٢١	مەنيجه نەصرەدين ئيبراهيم	١٩٧٣
٢٢٢	مريەم عەبدولكەريم	١٩٣٣
٢٢٣	ميديا محەمەد حەمەصاڵح	١٩٧٦
٢٢٤	محەمەد عەبدوالله مەولود	١٩٣٠
٢٢٥	مەريوان عەبدوالله حەمەصاڵح	١٩٧٠
٢٢٦	مەحبوبه عەلی مەحمود	
٢٢٧	مريەم مەحمود	
٢٢٨	مەدينه حەمەشەريف	
٢٢٩	( ) مەحمود محەمەد محێدين	١٩٨٧
٢٣٠	ناجح ئيسماعيل حسێن	١٩٦٠
٢٣١	نازم حەمەشەريف يەعقوب	١٩٦٨
٢٣٢	نەصرەدين ئيبراهيم عوسمان	١٩٤٠
٢٣٣	نەصرەدين محەمەد حەمەكەريم	١٩٤٧

٢٣٤	نزار فایەق حەمەصاڵح	١٩٨٦
٢٣٥	نەریمان مستەفا فەتاح	١٩٤١
٢٣٦	نەجیب عەلی ڕۆستەم	١٩١٤
٢٣٧	نەرمین سەعدواللە صادق	١٩٨١
٢٣٨	نیان فەرید جەمال	١٩٨٣
٢٣٩	نگین فەخرەدین سەلیم	١٩٨٠
٢٤٠	نیاز عابد ئەکرەم	١٩٧٦
٢٤١	نگین نەصرەدین ئیبراهیم	١٩٨١
٢٤٢	ناسکە شیروان محەمەد	١٩٨٧
٢٤٣	نازەنین محەمەد عەبدواللە	١٩٦٥
٢٤٤	نوخشە صاڵح	
٢٤٥	نازدار فەتاح مەولود	١٩١٠
٢٤٦	وەزیرە عەبدولقادر محەمەد	١٩٧٦
٢٤٧	واحیدە حەمەشەریف حەسەن	
٢٤٨	هەرێم حسێن تۆفیق	١٩٨٠
٢٤٩	هەورامان فەخرەدین ئیبراهیم	١٩٨٥
٢٥٠	هەورامان عەبدولقادر محەمەد	١٩٧٨
٢٥١	هەورین فەخرەدین سەلیم	١٩٧٨
٢٥٢	هەنا نەصرەدین محەمەد	١٩٨٧
٢٥٣	هەدیە زاهیر حەمەصاڵح	١٩٨٦
٢٥٤	هەمینە سلێمان وەیس	١٩٢٢
٢٥٥	هەمزە سلێمان عوسمان	١٩٧٢
٢٥٦	هەرێم حەمید حەمەسلێمان	
٢٥٧	هوشیار جەبار عەبدواللە	
٢٥٨	یوسف حەمەحسێن حەمەسەعید	١٨٩٠

ئەمانەش ئەنفال کراون:

شیرین حەمد قاسم ئاغا	١٩٢٥
عەلی قادر ئەسکەندەر	١٩٣٠
سەلما حەمەصاڵح وەستا قادر	١٩٢٩
ئادەم کوری سەلما (ئادەم مەحمود)	١٩٥٥

تەوێڵە ناوچەی مین ڕێژکراوە:

بەهۆی بارودۆخی ناوچەکەوە-بەتایبەت شەڕی نێوان عێراق و ئێرانەوە، زۆرر شوێنی تەوێڵە ئەڵغام ڕێژکراوە، زیاتر چەمی دزاوەر، چەمی‌ئاوێسەر، کەمەرسپی‌و سەرچاڵ و گوزیندار و قەڵامیرزاو پشتی خەڵەفی‌و لوتکەی صۆفی جانە... هەرچەندە مینی هەندێ شوێنیان دەرهێناوەتەوە، بەڵام زۆری ماوە، لەکۆڕەوەوە، تاساڵی (٢٠٠٠) (٢٢) کەسی کوشتووە بەپێی تۆماری بنکەی تەندروستی تەوێڵە کەئەمەش ناوەکانیانن.

١-بەرزان محەمەدسان ئەحمەد
٢-عاصیمە محەمەدسەعید
٣-فەریق عوسمان کەی‌خەسرەو
٤-ئازاد عارف حەمەحسێن
٥-فەهمی محەمەد حەمەڕەحیم
٦-ئەنوەرمیرزا عەبدواللە

٧-سەردارخالد
٨-شاهۆحەمەیوسف
٩-ئەشرەف نورەدین مستەفا
١٠-دڵشاد نافع بابا
١١-فکرەت محەمەد حەمەڕەحیم
١٢-فەرحان عوسمان جەعفەر
١٣-کاوە غەریب حەمەئەمین
١٤-کەمال عەلی محەمەد
١٥-ئاریان جەعفەر ئەکرەم
١٦-نەزهەت ڕەحمان جامی
١٧-هۆمەر شفیع محەمەد
١٨-فەرید حاجی کامیل حەسەن
١٩-عەبدولواحد عەبدوالله مەولود
٢٠-بەهمەن عەبدولکەریم حەکیم
٢١-پەروێز عەبدولکەریم حەکیم
٢٢-شیروان ئەحمەد ئیبراهیم.

لەهەمان بنکە ناوی (٣٧) کەس تۆمارکراوە کەبریندداربوون بەهۆی لوغوم و مینەوە کەئەمەش ناوەکانیانە.

ز	ناو	زیان لێ کەوتنی
١	ڕزگار جەبار سەعید	پەڕینی قاچی ڕاستی
٢	وەهاب صادق ئەحمەد	پەڕینی قاچی چەپی
٣	ژیان حەمەمراد	پەڕینی قاچی ڕاستی
٤	نەعیمە وەسیم عوەض	پەڕینی قاچی ڕاستی
٥	ئەحمەد تۆفیق	پەڕینی قاچی ڕاستی
٦	نەهیە ئەبوبەکر کوزاد	پەڕینی قاچی ڕاستی
٧	توبا ڕەحمان روح الله	پەڕینی قاچی ڕاستی
٨	حەمزە نورەدین مستەفا	پەڕینی هەردوو پەنجەی دەستی ڕاستی
٩	ماجد مستەفا عەبدولحامید	پەڕینی هەردوو قاچی لەگەڵ چاوی ڕاستی
١٠	حەمزە حەمەحەسەن	پەڕینی دەستی ڕاستیو کوێریش بووە
١١	حەیدەر عەلی محەمەد	پەڕینی دەستی ڕاستیو کوێر بووە.

١٢	زۆراب عوسمان جافر	پەڕینی قاچی ڕاستی.
١٣	ئەنوەر عارف ڕەسوڵ	پەڕینی قاچی ڕاستی
١٤	عەدنان عارف محەمەد	پەڕینی قاچی ڕاستی
١٥	ئافتاب محەمەد حەمەسەلیم	پەڕینی قاچی ڕاستی
١٦	حەسەن نەجمەدین ئەبوبەکر	چاوێکیو دەستێکی لەدەست داوە
١٧	تالب عەبدوالقادرئەبوبەکر	بریندار
١٨	باران جەمال محەمەد	بریندار
١٩	جەمال محەمەدحەسەن	بریندار
٢٠	شاهۆ عەلی عەلی	قاچێکی لەدەست داوە
٢١	محەمەد صابر عەبدواللە	هەردوو قاچی لەدەست داوە
٢٢	لەتیف ڕەحمان	سیٚجار برینددا بووە
٢٣	دیاری تۆفیق سان ئەحمەد	دوو پەنجەی دەستی لەدەست داوە
٢٤	عوسمان کەریم	بریندار
٢٥	یونس کەریم	بریندار
٢٦	عەتا محەمەد ئەمین	پەڕینی هەردوو قاچی
٢٧	هێمن فەتاح	بریندار
٢٨	هاوڕیٚ فەتاح	بریندار
٢٩	حەمەسەلیم محەمەد غەفور	قاچێکی لەدەست داوە
٣٠	عەتا محەمەد ئەمین	هەردوو قاچی
٣١	هێمن صەلاح جافر ڕەسوڵ	قاچێکی لەدەست داوە
٣٢	سارەوان سالار جافر ڕەسوڵ	دوو پەنجەی دەستی لەدەست داوە
٣٣	عەزیمە عەلی قادر	قاچێکی لەدەست داوە
٣٤	پەروین کاکل	بریندار
٣٥	نەزمی حەمەصالح فەرەج	قاچی ڕاستی لەدەست داوە
٣٦	نەزهەت عەلی محەمەد	قاچێکی لەدەست داوە-لەکۆڕەودا لەنەوسود مینی پیادا تەقی
٣٧	حەمە یوسف مەحمود حەکیم	بریندار

تەوێڵە و تەوێڵەیی لەڕا پەڕین و دوای ڕا پەڕین:

لەم ماوەی کەگوزەرا لەپێش ڕاپەڕین دا.. خەڵکی قەزای هەڵەبجە بەگشتی تووشی دەردی سەریو مەینەت و ئازارێکی زۆرهاتن.. کەم دەڤەر هەبێ-مەگەر ناوچە ئەنفال کراوەکان- وەك ئەم خەڵکی قەزایە شەهیدو دەربەدەریو ئەشکەنجەیان چەشتبێ. سەردەمێك بوو ئەوەی دەفتەر نفوسەکەی هەڵەبجە بوایە لەشاری سلێمانی قاچاغ بوو، خانویان بەکرێ پێنەدەدرا، منالیان لەقوتابخانە وەرنەدەگیرا بایەعیان نەبوو، لەدائیرە وەرنەئەگیرانەوە..تاد.

پێشینان دەلێن:

هەمووشت لەباریکیدا دەپچڕێ تەنها ستەم لەقایمیدا.. ستەم کردن لەکورد بەگشتیو هەڵەبجەیی بەتایبەتی گەیشتە قایمی.. هەرلەبەر ئەمەش بوو لەڕاپەڕین دا هەڵەبجەیی ڕۆڵی خۆیان هەبوو... خەڵکی تەوێڵەش لەسلێمانی بەشداریەکی باشیان هەبوو لەپەلاماردان و ڕاپەڕینەکەدا، چونکە تەوێڵەیی چەند جار ماڵ وێران کرابوون کاتێك لەتەوێڵەبوون، چوونە هەڵەبجەو لەوێوە چوونە ئێران- هاتنەوە سلێمانی، کەچی لەسلێمانیش نەیان دەهێشت دانیشن، چوونە باینجان و بەرحوشتر و هاتنەوە سلێمانیو کۆچڕەویان کردو پاشان بەرە بەرە نیشتەجێ بوونەوە، واتە زۆرداخ لەدڵ بوون ستەمیان زۆر لێکرابوو.

لەکۆچڕەودا تەوێڵە وەك ئۆردوگایەکی لێهات و هیلال ئەحمەڕی ئێرانی، لەتەوێڵە ڕۆڵێکی باشی بینی لەدابەشکردنی چادر و دابینکردنی بنکەیەکی تەندروستیو بەداو دەرمان و دکتۆرەوە... نزیکەی دووسەد ماڵێکی تەوێڵەیی لەو ئاپۆڕەدا مانەوە، چوونەوە سەر کەلاوە کۆنەکانیان و دەستیان کردەوە بەدروستکردنی خانوەکانیان.. لەناو ئەوانەدا کە زوو چوونەوە تەوێڵە و خانوویان دروست کردەوە بەڕێزان (وەهاب صادق و ڕاغب کەریم یارئەحمەد)بوون.

لەدواتردا قوتابخانەو دەزگاو دائرەکان کرانەوەو، خەڵکەکە نیشتەجێ بووەوەو شادبوویەوە بەزێدی خۆیان. ئێستا زیاتر لە (٦٥٠)ماڵی تیایەو ئەوانی تر لەهەڵەبجەو سلێمانیو هەڵەبجەی تازەو شارەکانی ترن.

چەند زانیاریەك بەگشتی لەسەر خەڵکی تەوێڵە :

پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێ:

کەشۆڕشی نوێ دەستی پێکردەوە، تەوێڵە و تەوێڵەیی یەکان دوور نەبوون لەشۆڕش، بەڵکو کەسانێکی زۆر بوونە پێشمەرگە و پەیوەندیان کرد بەڕێکخستنەکانی شۆڕشەوە.

ڕزگار مەحیەدین - حەمە فەرەج مستەفا
سیلنزاری بیوەك - هاوینی ١٩٧٩

لەدەست پێکردنی شۆڕشەوە، بۆڕاپەڕین (١٩٧٦-١٩٩١) زیاترلە (١٠٠) پێشمەرگەی تەوێڵەیی بوون. لەوانە کەزیاتر لەناو شۆڕش دا ناویان بووە بەڕێزان:

لەیەکیەتی نیشتیمانی کوردستان:

ئازاد مەجید غەفاربەگ ناسراو بەئازاد هەورامی، جەمیل هەورامی، محەمەد حەمەسەعید، نیازی عیزەت، حەمە فەرەج محەمەد بابا، شەوکەت حەمە ساڵح، عوسمان صۆفی حەمەکەریم، حەمەسەلیم فەتحوالله ، ڕزگار مەحیەدین، سەردار شەوکەت...تاد.

لەپارتی دیموکراتی کوردستان:

نەصرەدین حاجی عەبدوالله ، محەمەد حەمەسەعید، زۆراب عەزیز بارام، نەصرەدین عابد عەلی وەیس، عوسمان حاجی عەبدوڕەحمان، کامیل کەریم، سەید ئەحمەد سەید عەلی، ئەنوەرعەلی حەمەسەعید، عەبدوالله محەمەد، مەجنون قادر..تاد.

لەناو حیزبی شیوعیدا:

نەجمەدین فەتحوالله ، مەناف حەمەڕەشید،

لەناوحیزبی سۆشیالیست دا:

عەبدولخالق عەبدولوەهاب...

شەهیدەکانی شۆڕش:

لەشۆڕشی ئەیلولەوە بۆ شۆڕشی نوێو لەوێشەوە بۆ ڕاپەڕین لەڕاپەڕینەوە بۆ پاراستنی حکومەتی هەرێم تاساڵی (٢٠٠٠) نزیکەی (١٠٠) پێشمەرگەی تەوێڵەیی شەهید بوون لەوانە:

لەناو پارتیدا: (سەید ئەحمەد سەید عەلی، مەجنون قادرمەجنون، کامیل کەریم خواجە ئەحمەد، سەرکەوت حاجی کامیل حەسەن، صەباح باسام نەصروالله، نەصرەدین عابد عەلی وەیس، سۆران ئیسماعیل محەمەد، ئاراس محەمەد حەمەڕەشید ... تاد).

لەناویەکیەتیدا: (ڕێبوارحەمە لەتیف وەلی، یاسین ئەمین کەریم، سەعدی ئەبوبەکر ئەکرەم، ئازاد مەجید هەورامی، نەریمان ئیدریس عەبدالله، نیازی عیزەت حەسەن، حەمەفەرەج محەمەد بابا... تاد).

بەهۆی وەزعی سیاسییەوە کەشۆڕشی نوێ دروست بوویەوە، لەتەوێڵە چەند کەسانێك لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە گیران و زیندانی کران، دوای ماوەیەك ئازاد کران، لەوانە:

جەعفەرحاجی عەبدالله ، هادی حەمەیوسف، جەمال ئەلی محەمەد، بەڵام (عەبدولحەکیم فەتاح) ناسراو بە(حەکلە) گیراو بێسەر و شوێن کرا.

دواتریش لەشەڕدا وەك پێشمەرگە چەند کەسانێك گیران و هەشیانە تائێستا هەربێ سەروشوێنە، وەك:

یونس فەرەج و ناجی حەمەلەتیف لەئەحمەد ئاوا گیران و(٢٠) ساڵ حوکم دران، دوایی بەر لێبوردن کەوتن، هەروەها ئەیوب محەمەد حەمەڕەحیم لەهەمان شوێن گیرا ئائێستاش بێسەروشوێنە.

(فەخرەدین عەبدالله حەمەسەعید) لەساڵی (١٩٨٨) گیراو لەدوای ڕاپەڕین لەساڵی (١٩٩٧) بەربوو، ئێستا ئەفسەرە بەپلەی عەقید لەناو فەرماندەیی یەکیەتی نیشتیمانیدا.

مەرگەساتەکانی‌تر:

- ئەمانەی خوارەوە لەساڵی (١٩٧٧ بۆ ١٩٨١) کوژراون لەتەوێڵەدا، لەئەنجامی ئەو زروف و بارودۆخەی کەلە تەوێڵەدا هەبوو، ئیتریا بەئەنقەست یا بەگوللەی وێڵ لەلایەن ڕژێمەوە کوژراون:

(موختار عەزیز کەریم، یاسین محەمەد مستەفا، حەمەعەلی عەبدولحەمید، دەوڵەت عەزیز مەعروف (خێزانی حاجی ئیسماعیل ئەبوبەکر)، عەزیز مەحمود حەمەزەریف، حەمەیوسف وەهاب صادق)

- ئەمانەش بریندابوون:

(موڵکی‌مەجید الله وەیس، دوڵبەر نوری خودادا، ئامینە صدیق عەلی، ڕێبوار یوسف مەولود، دیاری حەمەصالح فەرەج (بەئەڵغام لەدەرەی بەڵخ)

- دوای ئەوەی کەتەوێڵە چۆڵکرا لەساڵی (١٩٨١) هەندێك لەخاوەن باخەکان دەچونەوە بۆ ئاودێرانی باخەکانیان، جا تاساڵی (١٩٨٧) سێ‌کەس کوژران کەئەمانەن:

حەمەسەعید ڕۆستەم حەکیم-لەچەمی‌ئاوێسەر شەو تەقەی‌لێ‌کراو کوژراوە.

محەمەد حەمەڕەحیم (دارابەگ) لەئاوێسەر بەئەڵغام کوژرا.

محەمەد عەبدوالله (کامەران هێمن) لەئاوێسەر بەئەڵغام کوژرا.

-لە شۆڕشی نوێشدا لەنێوان (١٩٧٧ بۆ ١٩٨١) لەلایەن شۆڕشەوە سێ تەوێڵەیی لە تەوێڵەدا کوژراون کەئەمانەن:

(حەسەن حەمەسەلیم، جەمیل ئاغە جافر، محەمەد حەمەڕەشید.)

- لەکۆتایی شەستەکان دا (هەیاس حەمەسەعید) کەپیاوێکی کاسب بوو هاتو چۆی بەغدای دەکرد، لەلایەن ڕژێمەوە گیراو لە(نوگرەسەلمان) زیندانی کرا، دوای ماوەیەك هەواڵ هات کەکوژراوە.

- لەنێوان ساڵانی(١٩٧١بۆ١٩٧٥)لەسلێمانی ئەم سێ تەوێڵەیی‌یە بەبێ تاوان کوژراون کەکاسب بوون:

(یاسین حەمەئیمام) شەوی(٢٤-١٩٧١/١٢/٢٥، (جەبار سەعید محەمەد)و (ئەمین حەسەن) هەردوکیان بەیەکەوە کوژراون لە (١٩٧٤/١٢/٢٨).

- ئەم دوانەش ونن(مەفقودن) لەدایك بووی پەنجاکانن:

(حەبیب عەبدولقادر حەمەیوسف) لەکۆتایی حەفتاکان دا لەتەوێڵە هاتووە بەرەو هەڵەبجەو سلێمانی و ئیتر دیار نەماوە.

(حەمەوەیس میرزا عەبدوواللە) لەساڵی(١٩٨١)دا سەربازی فیرار بووە، چووە ئێران و لەتاران دیار نەماو ونبوو.

مەرگەساتەکانی تری شەڕی عێراق و ئێران:

لەم شەڕەدا خەڵکێکی زۆرگیرا بەسەرباز، زور بەیان فیراریان کردو، بەلاّم هەندێك لەسەرەتای شەڕەکەوە چوون بۆ سەربازیو کوژران کەئەمانە بوون:

(نەجمەدین ئەبوبەکر حەسەن، هادی عەلی جەعفەر، یادگار حەمەعەلی مستەفا، عومەر مەحمود محەمەد، ئیدریس مەحمود، فەیزوواللە فەتحوواللە ، ئارام مستەفا قادر، حیکمەت محەمەد حەمەیوسف...)

بەهۆی تۆپبارانی شوێنە مەدەنیەکانیشەوە لەغەیری تەوێڵە ئەم تەوێڵەیی‌یە مەدەنیانە شەهید بوون:

نیهایەت کاکەبرا نادر لەهەڵەبجە، ئەفرۆز حەمەسەعید خێزانی ئەولە جەمیل لەهەڵەبجە، ظاهرمەلا فائق لەسلێمانی، ئافتاب مەهدی ئەحمەد لەسلێمانی، حامد سەعید سەلام لەسەرچنار.

لەهەمان شەڕدا ئەمانەش بەدیل گیراون:

ظاهر عەبدوواللە حسێن، صەباح حەمەکەریم ئیمام، داود غەفور محەمەد، هادی حسێن عەبدولحامد، سەیفەدین صاحب نەزیر، ڕەئوف صدیق ئاغە جافر...ئەمانە لەدوای شەڕەکە ئازاد کران و گەڕانەوە.

ئەمانەش لەوشەڕەدا سەرباز بوون و ونبون(مەفقودن):

جەبار حسێن لاوە، مەهدی ئەحمەد ڕۆستەم، سەلام حەمەصاڵح عەبدوواللە، ئیبراهیم صدیق ئاغەجافر، فوئاد کاکەعەلی کەرەم...

ئەو تەوێڵەیی‌یانەی کەچوونەتە ئێران:

ئەوانەی لەسەردەمی مەلیکی‌دا چوون: ئەو تەوێڵەیی‌یانەی کەلەپێش (١٤ی تەموزی ١٩٥٨)وە چوونەتە ئێران ئەمانەن: حاجی ئەولکەریم برای ئەوڕەحیم، عەلی‌وەستا حەمەئەمین–هەردوو لەپاوە دانیشتون.

حەمەیوسف موئمن لەگەڵ حەمەئەمینی کوڕی لەهەورامانی تەخت بوون، حاجی حەسەن قادر لەخانەگا بوو، مەحمود کوزاد لەسنەیە، حەمەشەریف خواجە حسێن لەمەریوانە... ئەمانە کەناومان بردن وەك تەوێڵەیی ناسراون هەرچەندە لەئەصڵدا هەندێکیان هەرخەڵکی ئەو شوێنەن، بەلاّم چونکە ماوەیەك لەتەوێڵە بوون بۆیە ناومان نووسین...

ئەوانەی دوای نسكۆی ١٩٧٥:

ئەو خانەوادانی كەلەنسكۆی شۆڕشی ئەیلول دا چونە ئێران:

(عەباس تۆفیق، ئەنوەرعەلی، عەلیعەباس، هەرسێكیان تاكۆتایی ژیانیان هەرلەوێ مانەوە، مناڵەكانی حاجی عەلی عەباس لەدوای ڕاپەڕین گەڕانەوە، عەلی قادرئاغا، عوسمان عەبدولڕەحمان، محەمەد ئەحمەد، عەبدولڕەحمان ئەحمەد... ئەمانەش لەدوای یەك دووساڵ گەڕانەوە، عوسمان باسام لەساڵی(١٩٩٧)، گەڕایەوە. بەڵام زۆراب عەزیز بارام تائێستاش هەرلەوێیە.

– ئەوكەس و خانەوادانەی لەشەڕی عێراق و ئێران دا چوونەتە ئێران..

صەباح مەحمود، ناصر حەمەحەسەن، عەبدولكەریم مەجید، حەمەحسێن فائیق، عەبدولڕەحمان تەها، لوقمان حافظ، مەهدی ئەحمەد، سابق ئەحمەد، هادی كاكی.. تاد.

–ئەو تەوێڵەییانە لەڕاپەڕینی ساڵی (١٩٨٧)ی هەڵەبجەدا چوونەتە ئێران: لەم ڕاپەڕینەدا نزیكەی (١٠هەزار) كەس لەجەماوەری هەڵەبجە لەناوچەی

دڕۆڵەو هـاوارو زەڵمـەوە وەك پەناهندەیەك چوونە نـاو دەوڵـەتی ئێرانـەوە لـەناو ئـەو جەماوەرەشدا چـەند خانەوادەیـەكی تەوێڵەیی ڕۆیشتن لەوانە: (مەلائەحمـــەد مەلاعەبـــدە، عـــەلی مەلائەحمـــەد، حامـــد عەبدولڕەحمان، عەبدولڕەزاق عەبدولڕەحمان، جـەزا محەمـەد، غـەفار مـەحمود، لـەتیف محەمـەد، محەمـەد حەمەڕەشید، جـەبار ئـەمین، سـتار مستـەفا، تۆفیـق خواكەرەم، بارام خواكەرەم، حەمەصادق حەمەحەسەن، ئـەیوب حەمەحەسـەن، حەسەن تۆفیق، جەلال فائق، مستەفا محەمەد، حەسەن عابد، فاضل عابد،...)

چەند ڕەبەن (مجرد)ێكیش چوونەتە ئێران وەك: (نهاد عوسمان، سـەرتیپ خواكەرەم، عەباس حەمەخان..)

– بـەهۆی نسكۆی(١٩٧٥)و ڕاپـەڕینی (١٩٨٧)و كیمیـاوی (١٩٨٨)و كـۆڕەوی (١٩٩١)ەوە تەوێڵەیییەكی زۆرچوونە ناوخاكی كۆماری ئیسلامییەوە وەك پەناهندە، جالـە تەوێڵـەییانـە نزیكـەی (٧٠) تەوێڵـەیی لـەناوخاكی ئێـران دا كـۆچی دواییـیان كـردوەو خـاكی غـەریبی بووەتـە مـاوای هەمیشـەییـیان، بەتایبـەت لەكیمیاویەكـەدا زیاترلە (٥٠)كەس هەرلەوێ بەخاك سپێرراون و هەریەكەشیان لەشوێنێك.

دیلەکانی شەڕی کوێت - عێراق:

لەساڵی (١٩٩١) لەشەڕی کوەیت-عێراق دا چەند تەوێڵەیی‌یەك دیل کران لە سعودیە، لەوانە: صابرعوسمان کەریم- دوای چوار ساڵ لەسعودیە برا بۆ هۆڵەندا لەوێ لە(١٩٩٩/٣/٨) کۆچی دوایی کرد.

تەها محەمەد کەریم – دوای چوارساڵ لەسعودیەوە چوو بۆ ئەمریکاو ئێستا پەناهندەیە لەوێ.

غاندی عابد حەبیب لەوشەڕەدا دیار نەماوە.

نزیکەی (٢٠) سەربازێکیش دیل کران، بەڵام لەدوای مانگێگ ئازاد کران و گەڕانەوە لەوانە:

عومەر حاجی ئامانە الله ، فاروق حاجی ئەحمەد، بەختیار خالد، نهاد عوسمان، عومەر عەبدولڕەحیم ...تاد.

هەرلەو شەڕە، نزیکەی ٤هەزار سەرباز لەسەر سنوری خاکی (عێراق- ئێران)دا بوون و لەوکاتەدا چوونە ناوخاکی ئێرانەوە وەك پەناهندەیەك، بەڵام لەوێ دیل کران، دوای هەشت ساڵ لە(١٩٩٩/١/١٧) ئازاد کران کەئەم دوو تەوێڵەیی‌یەش لەوانە بوون: (جەزا محەمەد حامد، مەهدەن حەمەعارف).

سەردانی ناوداران بۆ تەوێڵە:

تەوێڵە هەمیشە گرنگیەکی خۆی هەبووە لەزۆر ڕووەوە، خەڵك و پێگەی تەوێڵە جێگەی بایەخ دان بووە، بۆیە:لەزانستخواز و مێژوو نوس و فەرمانڕەواو سیاسەتمەداران، هەریەکە بەمەبەستێ سەردانیان کردووە، جالەو کەسانە:

– مەولانا خالیدی نەقشبەندی.. زاناو پێشەنگی ڕێبازی نەقشبەندی، چەندێ جار لەنێوان سالأنی (١٧٩٤-١٧٩٨)ز.

– مێجەرسۆن- گەشتیارو ئەفسەرێکی بەریتانی بووە لەساڵی (١٩١٩-١٩٢١)یش حاکمی سیاسی سلێمانی بووە کەلەلایەن ئینگلیزەوە دانراوە، لەساڵی (١٩٠٩)دا گەشتی کردوە بۆ تەوێڵە.

– سی.جی-ئەدمۆنز.. سیاسەتمەدارو ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانیو ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق بووە، لەساڵانی (١٩٣٥-١٩٤٥)، دووجار سەردانیکردووە لەساڵی(١٩١٩)،وە لەساڵی(١٩٤٣)، سەردانی تەوێڵەی کردووە.

– میر عەبدوالله خانی تەهماسب لەساڵی(١٩٢٦) دێتە تەوێڵە بۆ ماڵی قادربەگ.

– کابتان لیس--- لەسیەکاندا سەردانی تەوێڵەی کردووە.

- ڕەزمارا-ئەفسەرێکی ئێرانی بووە، سەر لەشکری کوردستان بووە دوایی بووە بەسەرۆك وەزیران لەساڵی (١٩٣٣) سەردانی تەوێڵەی کردووە.

- شاکر فەتاح...نوسەرو ڕۆژنامە نوس و ناوداری کورد لە(١٩٣٣) گەشتێکی تایبەتی کردوەو لەساڵی (١٩٤٠)یش بەدواشەوە چەند جار ڕۆیشتووە.

- تەهاهاشم... ڕەئیس ئەرکانی سوپای عێراق...(١٩٣٦)

- شێخ باباعەلی شێخ مەحمود... ناودارێکی سلێمانیو دوایش کرا بەوەزیری عێراق.

- خەیروالله عەبدولکەریم-لێپرسراوێکی حیزبی هیوا بوو، بەنوێنەرایەتی ڕەفیق حیلمیو شێخ لەتیف نێرراوە.. یەکێکە لەچوار ئەفسەرە قارەمانەکانی کورد، کەلەسێدارە دران.. لەساڵی (١٩٤٣)سەردنی تەوێڵەی کردووە.

- سەعید قەزاز.. وەزیری ناوخۆ...سێجا (١٩٥٣، ١٩٥٥، ١٩٥٧)

- عومەر عەلی - موتەسەریفی سلێمانی بووە لەسالأنی (١٩٥٤-١٩٥٧) سێجار (١٩٥٥، ١٩٥٦، ١٩٥٧).

- عەبدولئیلا-وەصیمەلیك فەیصەڵی دووەم (١٩٥٦/٩/٢٦)

- سامی فەتاح...وەزیری ناوخۆی عێراق.. (١٩٥٧)

- فاضل جەمال.. سەرۆك وەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی عێراق.. (١٩٥٧)

- سەعدون حەمادی.. سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی ١٩٧٥

- تارق عەزیز.. وەزیری عێراق ١٩٧٥

- شکری الحدیثی... بەرپرسی فەیلەقی یەك ١٩٧٦

- ئیسماعیل تاهر النعیمی بەرپرسی فەیلەقی یەك /٤-١٩٧٧

- ئەرشەد ئەحمەد زێباری.. پارێزگاری سلێمانی (١٩٧٧)و(١٩٧٩)

- عەبدولڕەقیب یوسف.. شوێنەوار ناس و نوسەر ١٩٨٠

لەدوای ڕاپەرینی ساڵی (١٩٩١)یشدا... چەند لێپرسراوی حیزبیو حکومیو کەسایەتی سەردانیان کردووە لەوانە:

- مامۆستا مەلاعوسمان عەبدولعەزیز.. ڕابەری گشتی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق.

- مامۆستا مەلاعەلی عەبدولعەزیز کاتێك کەجێگری ڕابەر بووە دواتریش کەڕابەری گشتی بزوتنەوەو یەکبوون بووە.

– کاک مەسعود بارزانی.. سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

– مام جەلال تاڵەبانی.. سکرتێری گشتی یەکیەتی نیشتینانی کوردستانی عێراق

– کاک محەمەدی حاجی مەحمود.. سکرتێری حیزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان

– پرۆفیسۆر دکتۆر عەلی مەحیەدین قەرەداغی.. سەرۆکی یەکگرتووی ئیسلامی کورد

– حاکم قادر حەمەجان عەزیز–سەرۆکی شارەوانی وپارێزگاری سلێمانی لەسالآنی (٢٠٠٠، ٢٠٠٣).

– هەروەها لەدوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم بۆ ناوچەکە، چەندەها کەسایەتیو دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم سەردانی تەوێڵەیان کردووە وەك بەڕێزان:

– مام جەلال و د.بەرهەم، هەندێك لەئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و چەندەها کەسایەتیو ناوداری تریش.

نائب ضابط

حامد سەعید عەبدورەحمان

ناسراو بەبابای حاجی سەعید



عەبدول حاجی ئەبولەکر - سەرباز

پەراوێزەکان

(١) سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:
-شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی ل ١٩٨-٢٠٥
-مذاكرات مامون بەگ بن بیگە بەگ- محەمەد جەمیل ڕۆژ بەیانی-شکور مستەفا ص ١٧.
-مێژووی ئەردەڵان-مەستورەی کوردستانی- د.حەسەن جاف و شکور مستەفا.. کرویانە بەکوردی. ل ٢٧-٥٠
-لەشەرەفنامەی ل ١٩٩دا هاتووە کە:
مەئمون بەگ لەساڵی(١٤٥٧-١٤٩٤و) حوکمی کردووە. مەئمونیش لە مذکرات ل ٥٨دا دەڵێ:
کاتێك کەبێگە بەگ و زۆراب(سوهراب)بەگ تێك دەچن و دەچن بەگژیەکدا، زۆراب بەگ لەقەڵای مێشلە(کەلە خوار تەوێڵەیە-نوسەر) خۆی دادەمەزرێنێ و لەئەنجامدا ناوچەکە توشی سوتان و وێران و کاولکاری دێت.
-خان ئەحمەد خان جگە لەشارەزوور دەسەڵاتی فراوان کردووە. لەمێژووی ئەردەڵانی مەستورەخانم دا ل ٦١هاتووە کە: ..خان ئەحمەد خان کرماشان و هەورامان و گەڕووس و ورمێ و سەنقەری گشت خستە سەر قەڵەمڕەوی وڵاتەکەی و، هەرچی ناوچەکانی دەوروبەریش بوون سەر لەبەری تاڵان کردن..)

(٢) ئێستاش شوێنەواری ماوەو هەربەتۆپخانە بەناوبانگە.

(٣) کردو ترك و عرب-ادموندز-ص(١٤٠) هەروەها جریدەی الاتحاد- ژمارە(٣٣٥)

(٤) بەپێی قسەی ڕیش سپیانی تەوێڵە وەك حاجی محەمەدی ڕەحمان، حاجی‌بابا، محەمەدی حاجی حەسەن، حاجی حەمەڕەق..تاد.

(٥) کێشەی کورد-ب(١)،ل (٤٧)لازاریف.

(٦) سەیری بنەماڵەی شێخ عوسمان سراجەدین بکە لەم پەڕاوەدا.
بۆ ژیان و بەسەرهاتی عەبدوالله ئاغاو قادر ئاغای کوڕی و هەروەها ئەو ڕووداو بەسەرهاتە سودم وەرگرتووە لەم بەڕێزانە: م.عەلی قادرئاغا، محەمەد سان ئەحمەد، حاجی محەمەد ڕەحمان، وەستا محەمەد حەمەصاڵح، حاجی حەمەمراد، وەستاصادق غەندی، عەبدولخالق حاجی عەبدولوەهاب)

(٧) کورتەیەك لەژیانی مامۆستا(عەلی قادرئاغا): قادرئاغا لەدوای خۆی شەش کچ و یەك کوڕی بەجێ‌ماون کچەکانی (ڕەعناو حەبسەو ماتاب و خونچەو ئایشەو ئەدیبە)بوون، کوڕەکەیشی کەهاوناوی ئەوعەلی‌یەیە کەلە بانی واتواتا کوژراوە.

ماموستا عەلی، لەساڵی(١٩٣١ن) لە تەوێڵە لەدایك بووەو، قوتابخانەی سەرەتاییشی هەرلەوێ تەواو کردووە، خانەی ماموستایانیشی لەسلێمانی ودهۆك و بەعقوبە تەواو کردوە، لەساڵی (١٩٥٢) لەسەر گەڵو بۆ یەکەمجار تەعین دەبیٚو دەبێتە ماموستای ئەوگوندە. پاش ساڵێك خۆی نقڵی تەوێڵە کردووە، تاوەکو ساڵی(١٩٥٧)نقڵ کراوە بۆ ئاوەکورتیٚ، دوای ساڵێك دیسان دەچێتەوە تەوێڵە. لەساڵی(١٩٥٩) گوازاروەتەوە بۆ سلێمانی، ساڵی(١٩٦١) دیسان چووەتەوە تەوێڵە.

کەشۆڕشی ئەیلول دەست پیٚدەکات و دام و دەزگای میری لەتەوێڵە نامێنیٚ، ئەویش وەك ماموستایەك لەساڵی (١٩٦٢) دێتە هەڵەبجە، بەڵام لەساڵی (١٩٦٣) کەزەعیم صدیق دێتە هەڵەبجە، ماموستا لەگەڵ چەند کەسێکیتردا دەگیرێت لەسەر ئەوەی دژ بەبارزانیو پارتی قسەی خراپ ناکەن و جنێو نادەن.

پاش ئەم گرتنە نقڵ دەکرێتە دوکان. لەساڵی (١٩٦٣) کەلەعێراق کۆدێتا دەبێت، ئەمری گرتنی ئەمیش دەردەچێت، بۆیە دەچێتە کەڵکەسماق و پەیوەندی دەکات بەبنکەی حیزبی شیوعی ئەویٚوە، لەوکاتەدا ئەمری فەصڵ کردنی دەردەچێت. هەرلەو ساڵەدا دەگەڕێتەوە تەوێڵەو، لەساڵی (١٩٦٤) یەکەم قوتابخانەی ئازادی کراوەتەوە لەناو شۆڕش دا ئەم بوو بەبەڕێوەبەری.

ماموستا عەلی یەکێك بووە لەشیوعییە کۆنەکانی تەوێڵەو، بەڵکو لەساڵی(١٩٦٥)یش سەرۆکی لیژنەی تەوێڵە بووەو ئەو هەموو گرتن و نقڵ و فەصڵ کردنەی لەسەر ئەوەبووە.

لەکۆتایی ساڵی(١٩٦٥) لەسەر جیاوازی فکری شیوعی، وازی لەشیوعیەت هێناوەو پەیوەندی کردوە بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، لەوکاتەوە تائێستا هەرلەگەڵ پارتیدایە.

لەساڵی(١٩٧٠) تەعین بووەتەوەو ماڵیان دێتە خورماڵ، لەوکاتە هەم یاریدەدەری بەڕێوەبەر بووە لەقوتابخانە ، هەم لیٚپرسراوی ڕێکخراوی پارتی خورماڵ بووە.

لەساڵی(١٩٧٥) ماڵی چووەتە ئێران و لەمانگی (١٩٧٦/١٠)گەڕاوەتەوە عێراق و لەسلێمانی دانیشتووەو چووەتەوە سەرکاری ماموستاییەکەی خۆی،
تالەساڵی(١٩٨٣) خۆی خانەنشین کردووە،و ئێستاش لەسلێمانی بۆخۆی دانیشتووە، خاوەنی ماڵ و منداڵی خۆیەتیو حەزدەکات خزمەت بکات بەگەل و نیشتیمان و هاوڵاتیانی خۆی و کەسایەتییەکی ناوداری تەوێڵەیە.

(٨) مێژووی هەورامان –محەمەد ئەمین هەورامانی– ل (٩٢٠).

(٩) ئەم ڕووداوە زوربەی ڕیش سپیانی تەوێڵە دەیگێڕنەوە، بەڵام ئێمە زیاتر سودمان لەم بەڕێزانە وەرگرتووە: حاجی محەمەدی ڕەحمان و ماموستا عەلی قاراغەو

وەستامحەمەدی حاجی حەمەصالّح و هادی حاجی ئایزەو حاجی بابا. بۆ ناوەکان و ساڵەکە:

مامۆستا عەلی لەدەفتەری یادەوەریەکانی خۆی نوسیبونی هەروەها حاجی محەمەدیش هەندێ ناوی دەزانیو لەبیری مابوون و وەدەڵێ: باش بیرم دێ کەوەختێ مەیتەکانیان هێنانەوە تەوێڵە، هەموو تەوێڵە بوویە شیوەن و گریان و نزیکەی مانگێ کەس ئیش و کاری نەدەکرد. وەدەڵێ: عەبدوالله ئاغا بەیانییەکەی لەگوزینداروکەمەرسپیێوە گەڕایەوە تەوێڵە.

(١٠) مێژووی هەورامان –ل (١٤١)

(١١) سودمان وەرگرتووە لە مێژووی هەورامان، لەگەڵ ئەوەشدا چەند تێبینیەکمان هەیە لەسەر ئەم مێژووە لەم باسی قادربەگەدا:–

–لە ل(٢٥٧)دا نوسراوە کەقادربەگ لەساڵی(١٣١١ك)لە دایك بووە، ئەمە هەڵەیە لەساڵی(١٣٠٦ك)لەدیك بووە کەبەرامبەرە بە (١٨٨٨ز).

– لە ل(٢٥٨)دا نوسراوە کەلەساڵانی (١٣٢٦)ك قادربەگ ئازاد کرا. ئەمەش هەڵەیەکی زەقە ئەگەروابێ لە (١٣١١) لەدایك ببێو لە(١٣٢٦) لەزیندان ئازاد ببێ واتە لە ١٥ساڵیدا هاتە تەوێڵە و حوکمی کردو(١٠)ساڵ زیندان مایەوەو ئازاد کرا، نەخێر ئەمە دەبێت ساڵی کۆچی هەتاوی بێت واتە(١٣٢٦+٤١) = ١٣٦٧کۆچی مانگی کەدەکاتە ساڵی(١٩٤٧ز).

–کەکەریم بەگ چووە بۆلای وەصی ساڵی(١٩٤١ز) بووە دوای ئەوەبە (٦)ساڵ ئینجا قادربەگ بەربووە.

–ل(٢٥٨)نوسراوە ئەوخانو کۆشکەی لەساڵی(١٢٤٠)کۆچی تەواو بووە، ئەمەش هەڵەیەکی تری گەورەیە، چونکە لەوساڵە هێشتا قادربەگ لەدایك نەبووە ڕاستیەکەی ساڵی(١٣٤٠ك)یەکە دەکاتە ساڵی(١٩٢١ز).

لە ل (٢٥٩)نوسراوە(١٩٢٦) لافاوێکی گەورە لەتەوێڵە بووە زیانی زۆری داوە لەباخ و باخات، ئەمەش لەوانەیە هەر لافاوەکەی ساڵی(١٩٣٦ز)بێت کەزیانێکی زۆری داوە لەقەیسەریو قوتابخانەکەی تەوێڵە کەبیناکەی هی قادربەگ بووە.

–لە ل (٢٥٩)دا نوسراوە قادربەگ لەساڵی (١٣٥٧) ڕۆژی مردووە. لەتەمەنی ٩٢ساڵیدا ئەمەش هەڵەیە، چونکە ئەو ساڵە یەکەم ساڵ بووە لەزینداندا بەرامبەرە بەساڵی (١٩٣٨ز) بەڵکو لەساڵی ١٣٥٧+٤١ = ١٣٩٨ك مانگی مردووە کەبەرامبەرە بە ١٩٧٨زاینی. ئەوکاتە بەساڵی کۆچی دەکات(٩٢)ساڵ بەم شێوە ١٣٩٨–١٣٠٦=٩٢ساڵی کۆچی، بەساڵی زاینیش دەکاتە ٩٠ ساڵ بەم شێوە ١٩٧٨–١٨٨٨=٩٠ ساڵی زاینی.

–قسەشمان لەسەر تەفسیرەکەی هەیە کەلەلاپەڕەی (٢٦٠)دا نوسراوە.

(١٢) بۆئەم باسەسودم وەرگرتووە لەنوسراوێکی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژ-١٤٥سالی ٢٠٠٠ل ١٧-٢٤ کەلەلایەن لیوا ڕوکن محەمەد شێخ نەجمەدین نەقشبەندی‌یەوە نوسراوە.

(١٣) بێگومان ئێمە لێرەدا، زیاتر ڕۆڵی شێخان و جەماوەری هەورامان دەخەینە ڕوو، چونکە مەبەستی باسەکەمانە، ئەگین عەشیرەتەکانی تری کورد، زۆری بەشدار بوون لەم شەڕەدا وەك عەشیرەتەکانی:

(پیران، مامەش، مەنگور، موکری، سیوسنی، گەورك، زەزرا، هەرکی، شکاك...) هەروەها پیاوە ناودارەکانی تری کورد وەکوو: شێخ مەحمودو خالۆ قوربانی‌و شێخ جەلال حسێنی نەقشبەندی، قاضی فەتاح- مامی باوکی قازی محەمەد بووە کەلەو شەڕەدا شەهید کراوە-، شێخ یوسف شەمسەدین بورهانی، شێخ باباحەکیم سەیدی زەنبیل، مەلامحەمەد سەعید صەدرلعولەمای موکری..).

سەیری ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژ١٤٧، بەرواری ١٩٩٧/٧/٢٥بەشی عەرەبی‌یەکەی.

(١٤) تەئریخی جاف- کەریم بەگی فەتاح بەگ-بەغداد-١٩٩٥-ل ٨٦دەڵێ:

بەڕێز شێخ عوسمانی شێخ عەلائەدین نەقشبەندی بۆمی گێراوە کەخۆی لاوبووە لەم شەڕەدا بەشداری کردووە، زوربەی عەشایری کورد ئازایانە شان بەشانی تورکەکان دژی ڕووسەکان شەڕیان کردووە.

(١٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١٦) سەفەر بەلك.. یاسەمەر بەرلەك یاخود سەفەر بەکلەك، زاراوەیەکی تورکی‌یە بەمانای (نەفیرعام) هاتووە بەڵام لای کورد دەلالەت لەسەر سەفەرێکی شوم دەکات و گەڕانەوە لەوسەفەرەدا کەمە، چونکە لەوشەڕەدا هەرکەس چوبێت بەزۆری کوژراوەو نەگەڕاوەتەوە.

(١٧) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژ (٢٣٢٦) بەرواری(٢٠٠١/٢/١١).

(١٨) بۆئەم ناوانە سودم لەدەروێش لەتیف وەستا محەمەدو حاجی محەمەدی ڕەحمان وەرگرتووە.

حاجی محەمەد دەڵێ:

بەئەمری شێخ حیسامەدین لەبازاڕی تەوێڵەدا جاڕدرا کەخەڵکی خۆی ئامادە بکات بۆ غەزای ڕوس. تەوێڵەیی زۆر ئامادە بوون لەوانە کەدەوریان بوو:

مەلا عیصام و مەلا حەبیبەالله، وەستا حەمەڕەحیم، غەفورە زلە، حامدی خەسرەو، سەعەی فەتاح ناسراو بەسەعەی خونچێ، کەسەعە لەوشەڕەدا گەیشتە ئەستامبوڵ و دوایی هاتەوە تەوێڵە.

(١٩) کردستان فی‌سنوات الحرب العالمیه‌الاولی بغداد-١٩٨٤. هەروەها گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژ(١٤٥) ساڵی ٢٠٠٠ل(١٩).
ڕۆژنامەی یەکگرتوو- عەرەبی‌یەکەی ژ (١٤٧)، ١٩٩٧/٧/٢٥
(٢٠) ڕۆشنبیری نوێ ژ (١٤٥)ساڵی (٢٠٠٠)ل (١٩).
(٢١) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژ ٢٤٢٠ بەرواری ٢٠٠١/٤/٧ نوسینێکی صەلاح نەقشبەندی... من خۆم (عەبدولڕزاق) لەشەوی ٢٣-٢٤/١/٢٠٠٢ مقابەلەیەکی شێخ مەحمودم کرد وتی: ئەو مامۆستا جەمال و کەمالە لەتەوێڵە مامۆستا بوون نەك لە هەڵەبجە وەك کوردستانی نوێ وایان نوسیووە.
(٢٢) لاپەڕەیەك لە مێژووی هەڵەبجە (١٧٠٠-١٩٥٨ز) بەکر حەمە صدیق ل ٧٤. هەروەها ناوی ١٣کەسی نوسیوە کەبەشدار بوون لەو شەڕەدا کەخەڵکی هەڵەبجە بوون.
(٢٣) بۆئەم باسە سودم وەرگرتووە لەم بەڕێزانە:
محەمەد سان ئەحمەد، مامۆستا مەحمود، مامۆستا مەحیەدین، م. عەلی قادرئاغا، مەلا حەمەئەمین مەلا عەبدوالله، مەلا عەبدولکەریم مەلا ئەحمەدی قازی، تالب حەبیب..)
(٢٤) ٢٤-حامد بەگ کێ‌یە؟

کوڕی مەجید بەگی عوسمان پاشای محەمەدپاشای جافە.

عوسمان پاشا پێنج کوڕی بووە: حەمەسەعیدو مەجید لەیەکەم ژنی عوسمان پاشان، تاهرو عیزەت و ئەحمەد موختار لەعادلە خانمن کەژنی دووەمی بووە.

حەمەسەعید باوکی داود بەگی عەبابەیلی‌یە، مەجیدیش باوکی حامد بەگە. حامدبەگ لەسالأنی (١٩٢٤-١٩٣٢) قائیمقامی هەڵەبجە بووە.

.. دۆستایەتی وخزمایەتی وەسمان پاشاو بەگزادەکانی هەورامان زۆر باش بووە، چونکە یەکەم ژنی وەسمان پاشا، کەدایکی مەجید بەگ و حەمەسەعید بەگ بووە خوشکی(جافرسان) بووە، واتە جافرسان خاڵیانە کەواتە قادربەگ و حامدبەگ خاڵۆزاو پورزا زابوون.

سەیری (هەڵەبجە لەکلاو ڕۆژنەی مێژووە-عەبدوالله قەرەداغی)بکە، ل ٢٥، ٣١ هەروەها کردو ترك و عرب- ص ١٣٣

(٢٥) لەبەڕێز مەلامارفی مەلا عەبدوالله ی مەریوانیم بیستووە.
(٢٦) گوڵان ژ (٢٦٤)، (٢٠٠٢/١/١٠)
(٢٧) بەپێ قسەی بەڕێزان (محەمەدی سان ئەحمەد، م. مەحیەدین حاجی سەلیم، م. عەلی قادرئاغا، م. شێخ صەفائەدین..)
(٢٨) جولانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان -ل (١٨٩-٢٠٢) د. عەزیز شەمزینی. سەیری بکە بەکورتە لەسەردابەش بونەکە ئاماژەی پێ‌دەکات.

(٢٩) مامۆستا مەحیەدین لەدایك بووی (١٩٣٤)و لەنیوەی پەنجاکاندا پەیوەندی کردوە بەحیزبی شیوعی‌یەوە، یەکێك بووە لەو شیوعیانەی کەزیرەکانە کاری کردوەو توانیویەتی خەڵکێکی زۆر بهێنێتە ناو شیوعیەوە، وەتا کۆچی دوایی کرد لەسلێمانی لە(٢٠٠١/١١/٥) بەفکرەو بەتەنزیم کاری کردوە بۆ شیوعی... لەڕۆژی (٢٠٠٠/٩/١٠) وتی: زیاتر لە (٤٠) ساڵە شیوعیم.

-ئێستاش هەرلەگەڵیاندام.

-زوربەی هاوڕێکانم بەتەنزیم وازیان هێناوە لەشیوعی بەڵام کەمێکیان بەفکرە هەر شیوعین.

لێمان پرسی گرنگترین وەسیلە بۆ کەسپ کردنی خەڵکی بەلاتەوە چی‌بوە؟ وتی:

-بەمامەڵەی جوان و بواری کۆمەڵایەتی و سۆزو عاتفەی خەڵکم ڕاکێشاوە.. ئەوانەشیان بۆ ڕێکخستن باش بووبن بەفکرە کارم لەسەر کردون بەتایبەت گەنج و قوتابی.

-مامۆستا بۆئەم کتێبە زۆر پەیوەندیمان پێوە کردوەو هاوکاری زۆری کردوین و یەکێك بووە لەوانەی کەزۆر هاندەرمان بووە.

(٣٠) گەنجان- وەکو لاوانی پارتی وابوو کەهەموو گەنج بوون، ئەم بارەگایە لەخانویەکی حاجی تۆفیق دا بوون کەلەم دوایی‌یە حاجی حەمەئەمین حاجی حەمەڕەشید کڕی‌و کردی بەدوکان و خانوو.. پشتی گەنجان باخچەیەك بوو لەداری هەڵوژەو قەیسی‌و قۆخ پێکهاتبوو کەلەپشتی حەوزەوە جۆگەیەك ئاوی بۆ هاتبوو.

(٣١) کورتەیەك لەسەر بەرگری مللی:

مەبەست لەپێکهێنانی بەرگری مللی چەکدارکردنی گەل و مەشق پێکردنی بوو بۆ بەرگری لەکۆمار شان بەشانی سوپا دژی مەترسی دەرەوە، کەچی ئەو بوویە دەوڵەتێك لەنێودەوڵەتدا، لەوە دەرچوو کەبۆی دانرابوو.. ئەومافەی دابوو بەخۆی کەبەبێ قانون دەسەڵاتی دەزگاکانی دەوڵەت بەکاربێنێ، جاچونکە لەداهاتنی بەرگری میللی‌دا حیزبی شیوعی دەوری هەرەگەورەی هەبوو، تەواوی ئەو دەست درێژییانە بەسەر ئەودا شکایەوە.

بەرگری میللی بەپێی فەرمانی سوپایی ژ(٩٨٩) ڕۆژی (٢٢)ی تەموزی (١٩٥٨)دامەزرا، عەقید تەها بامەڕنی کرابە فەرماندە و بەسەر سێ سەرکردایەتی‌دا دابەش کرا، باکور و نێوەڕاست و باشور، دەوری بەرگری لەهەموو ناوچەکان زیادی کردو دەست درێژی‌و سەرەڕۆیی بۆسەر هاونیشتیمانان گەیشتە ڕادەیەك کەبیری لێنەکرابووەوەو، بەتایبەتی پاش تێکشکانی بزوتنەوەی شەواف لەموصڵ و ڕوداوەکانی کەرکوك، وای لێهات عەبدولکەریم قاسم ناچاربوو فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی دەرکرد. پاش ڕووداوە ناخۆشەکانی کەرکوك لەتەموزی (١٩٥٩) لە

کوردستانیشدا کردەوەکانی بەرگری میللی کاریگەریەکی بەهێزبوو لەهەڵگیرساندنی ناکۆکی نێوان حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان دا. هێزی بەرگری لەژێر دەسەلاتی شیوعیدا بوو، سەرەڕای دەست درێژیەکانی ویستی زاڵ بوونی خۆی بەسەر حیزبەکاندا بسەپێنێ‌و، دانیان پیّبنیّ کەحیزبی شیوعی دەوری سەرکردایەتی هەیە.

ئەمە گەلێك گیرو گرفتی هێنایە پێش لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا زۆرجار دەمەقالێ نێوان کادێرەکانی ئەم دووحیزبە دەگەیشتە لێکدان کەزەلامەکانی بەرگری میللی دەهاتن و لەسەر شیوعیەکانیان دەکردەوە. ئەوەی زیاتر پەیوەندی نێوانیانی تێك دەدا، دەستێوەردانی حیزبی شیوعی‌بوو لەکاروباری نێوخۆی پارتی، لەوکاتەدا، ناکۆکی کەوتە نێوان ئەو دوو لایەنەی پێیان دەڵێن لایەنەکانی هەمزە عەبدوالله و برایم ئەحمەد.

بارزانی‌و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد- (١٩٥٨-١٩٦١)ل (٦٨، ٧٢) مەسعود بارزانی

[٣٢] بەسەرهاتی سیاسی کورد-بەرگی یەکەم-میرزا محەمەدئەمین مەنگوری ل ١٧-١٨.

[٣٣] بیرەوەری ٢١ساڵی تێکۆشان- نایب عەبدوالله ل (٢٠٠-٢٠١)

[٣٤] هەمان سەرچاوە ل (١١٦)

[٣٥] ٣٥-هەمان سەرچاوە ل (١١١، ١٢٩، ١٨١، ١٨٦، ٢٠٠، ٢٠٥)

[٣٦] هەمان سەرچاوە ل (١٨١-١٨٣)

[٣٧] هاوڕێ عارف- وەستاعارفی کەریمی ڕەفلەیەکە لەزووەوە ماڵی هاتبوو بۆ هەڵەبجە، ئاسنگەر بوو.. بۆیە ڕۆیشتووە لەگەڵیدا، جگە لەوەی ئەویش هاوڕێبازی نایب عەبدوالله بووە چونکە خەڵکی ناوچەکە بووەو شارەزای ڕێگەکە بووە بەڕێگایەکی قاچاخ دا ڕۆیشتوون.

[٣٨] وەك ئەوەی کە نایب عەبدوالله دەڵێت پێشتر ئامارەمان پیّداوە، شیوعیەکانی تەوێڵە، هەرهەمان قسەدەکەن کەگرنگی‌یەکی زۆر دراوە بەتەوێڵە، لەلایەن حیزبی شیوعی‌یەوە.

[٣٩] سەیری ژمارەی دانیشتوانی بکە کەلەپێشەوە باسمان کردوە.

[٤٠] پێشتر باسی سان ئەحمەدو قادرئاغامان کردووە.

[٤١] جولانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان ل(١٨٩-٢٠٢) د. عەزیز شەمزینی.

[٤٢] بارزانی‌و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٣١-١٩٥٨) ل ١٥٩... مەسعود بارزانی

لەسەرتاوە ناوی (پارتی دیموکراتی کورد)بوو دوای ١٤ی تەموز بوو بەپارتی دیموکراتی کوردستان

(٤٣) بارزانیو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد(١٩٥٨-١٩٦١) ل ٦٦.. مەسعود بارزانی

(٤٤) هەمان سەرچاوە ل (٦٦-٧٥) سەیر بکە هەندێ لەخاڵەکانی باس دەکات.

(٤٥) هەمان سەرچاوە ل (٦٣)

(٤٦) لەکوردستانی نوێ ژ ٢٤٥٥، ٢٠٠١/٥/١٧ دا هاتووە کە:

ماموستا شێخ محەمەد ئەمین عەبابەیلێی لەمانگی ١٩٦٢/٧دا بۆیەکەم جار لەشاخی شنروێ لەسەر کانی وەزگێڵ یەکەم مەفرەزەی سەرەتایی دروست کرد.

کاک حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی لەکتێبی(لەشنروێوە بۆ ستۆکهۆڵم)دا ل ٥٣دا دەڵێ:

بۆ مێژوو دەیڵێم لەناوچەی ئێمەدا، هەوێنی دروست کردنی مەفرەزەی سەرەتایی پێشمەرگەی کوردستان دروست بوو، لەم مەفرەزەوە ناوی پێشمەرگە کەوتە سەرزاری خەڵکی و جەماوەر... بوونە پێشەنگی کاروانی خەبات و نەبەزین، هەروەها کاک محەمەدی حاجی مەحمود لەڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك دا ل ٢٩دا دەڵێ:

تەنیا مەفرەزەیەکی پارتیزانی چەکداری لەسەرانسەری کوردستان دا لەوکاتەدا ئێمە بووین کەدەست پێکی شۆڕشی تازەو مەشخەڵی داگیرساوی دژبە تاریکستانی زۆرداری ڕژێم بووین. کاك شەوکەتی حاجی موشیر لە(کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە) ل ٧٣دا دەڵێ:

لەشەوی ٢٦-١٩٧٦/٦/٢٧دا بوو یەکەم مەفرەزەی چەکداری لەگوندی تەپیصەفا کۆبوونەوەو ڕێگەی شاخیان گرتەبەرو پێشمەرگە دروست بونەوەو یەکەم تەقەش لەشۆڕشی نوێدا لەپردی زەڵم بوو بەرامبەر بەدوژمن کرا. هەروەها لەگولان ژ (٤١٩)، بەرواری (٣٠/١/ ٢٠٠٣) باس لەشۆڕشی گولان و هەڵگیرسانەوەی دەکات کەچۆن کاك نادر هەورامی دێتەوە بۆ هەورامان و شۆڕشی نوێ دەست پێ دەکەنەوە.

(٤٧) لەشنروێوە بۆ ستۆکهۆڵم- ل ٣٦ حەمەی فەرەج

(٤٨) لەشنروێوە بۆ ستۆکهۆڵم- ل ٦١-٦٣

(٤٩) خاڵەبلە: ئیبراهیم فەتاح قەرەداغی بووە.

(٥٠) زەڵەکێ: لەنزیك گوندی عەبابەیلێیە لەدامێنی شنروێدا ئەوکاتە دووسێ ماڵ و چایخانەیەك بووە.

(٥١) وەزەنێ: لەنیوان دەگاشێخان و بەڵخەدایە.

(٥٢) مەبەست لە (حلمیعەلی شەریف)ە، وادیارە لەلایەن پارتییەوە ئەو بەسەرپەرشتی کەریان دانراوە ئەوکاتە ئەندامی ل. م پارتی بوو.

(٥٣) پۆلیسەکە ناوی مەلاقادر دەبێت.

(٥٤) مەبەست لەتاهری حەبیبەیە.

(٥٥) لەشنرویەوە بۆستۆکهۆڵم ل- ٦١هەروەها کوردستانی نوێ ژ ٢٤٥٥ ،٢٠٠١/٥/١٧.
(٥٦) هەمان سەرچاوە ل ٦٨
(٥٧) هەمان سەرچاوە ل ٧٠
(٥٨) بەدالەی تەوێڵە ئەوکاتە لەخانوەکەی حاجی عەلی کوێخا عەبدواللە دابووە لەپشتی حەوز، تۆفیقی هەڵەبجەیی مەئموربەدالە بوو.
(٥٩) لەشنرویەوە بۆ ستۆکهۆڵم ل (٧٠-٧٢)
(٦٠) لەشنرویەوە بۆ ستۆکهۆڵم ل ٧٢ بۆ بەرواری گرتنی مەخفەرەکە لەئیدریسی حاجی عەبدواللە حاجی باباو چەند کەسێکی ترم بیستووە، بەلاّم مام هادی حاجی ئایزە دەڵێ لە ٩/١٣/گیراوە.
(٦١) بەرێز دکتۆرفائق محەمەد گوڵپی لەکوردستانی نوێ ژ ٢١٨٤بەرواری ٢٠٠٠/٦/٢٨ نوسینێکی بلاّو کردوەتەوە بەناوی (ڕاست کردنەوەی چەند هەڵەیەکی مێژوویی) تێبینی لەسەر گرتنی مەخفەری سۆسەکان و بیارە هەیە دەڵێ:
(کاك حەمە گوڵپیو کاك کەریم هاواری پێش ئەوەی کاکەحەمەی فەرەج و ئەوان، بچن بەماوەیەك لەمەخفەرەکەی سۆسەکان دەرچوو بوون و پەیوەندیان بەهێزی پێشمەرگەوە کردبوو، تەنانەت لەسەربانی مەخفەرەکەوە بەحەبل خۆیان شۆڕ کردبووەوە، ئەوەش بوو بووە هۆی ئەوەی کەپێستی دەستیان لێ بێتەوەو پاش مانگێك چاك بوونەوە، ئەوکاتەی هەوڵی گرتنی مەخفەری سۆسەکان درا ئەوان پێشمەرگە بوون و بەشداریان لەگرتنی مەخفەرەکە کرد، تەنانەت خەڵکی تاوێرە بۆیان باسکردم کەچۆن شەهید حەمەگوڵپی باوکم، دوای ئەو چوار پۆلیسە کەوتووەو بەلەهجەی هەورامی لەگەڵ پێشمەرگەکانی تردا هاواری کردووە (پیلارە) واتە بۆئەملا بڕۆن..)
(٦٢) ئەوچوار پۆلیسە: یەکێکیان نالەی خاڵخاس تەوێڵەیی بووە، یەکێکی تریان ئەڵماس هاواری، یەکێکی تریان عەبدواللە تاوێرەیی بووە (برای شێخ سمایل)، چوارەمیان ناوەکەمان نەزانی کێبووە!
(٦٣) لەشنرویەوە بۆ ستۆکهۆڵم- ل ٧٣-٧٤-٧٥)
(٦٤) لەشنرویەوە بۆ ستۆکهۆڵم ل ٧٦
(٦٥) کوردستانی نوێ ژ (٢٢١٠ ، ٢٠٠٠/٧/٢٩)
(٦٦) لەشنرویەوە بۆ ستۆکهۆڵم ل (٧٧)
(٦٧) خوارووکوردستان و شۆڕشی نەیلول، بنیاتنان و هەڵتەکاندن (١٩٦١-١٩٧٥)چاپی سێهەم- ئیبراهیم جەلال- ١٩٩٩-ل٨٨.

(٦٨) بۆ ئەم باسە سودم وەرگرتووە لەکتێبەکەی کاک حەمەی فەرەج لە(شنرویۆوە بۆستۆکهوڵم) ل (٩٢-١٠٤) هەروەها نوسینێکی دکتۆر فائق گوڵپی لەکوردستانی نوێ ژ ٢١٨٤، ٢٨/٦/٢٠٠٠ وەچەند پیاو ماقوڵێکی خەڵکی تەوێڵە وەك:
ڕەحمان الله وەیس، هادی حاجی ئایزە، حاجی باباو حاجی حەمەمراد، حاجی الله کەرەم حاجی تۆفیق، حاجی الله کەرەم دەڵێ: من پێش ئەم شەڕە چوم بۆ قەرەداغ بۆ شەڕ، بۆیە لەشەڕی دەربەندیخان بەشداریم نەکرد، بەلام حاجی عەلیهەباس بەتفەنگەکەی من چوبۆ شەڕی دەربەندیخان.
(٦٩) بەسەرهاتی سیاسی کورد- بەرگی یەکەم- میرزا محەمەد ئەمین مەنگوری ل (٥٠، ٦١)
(٧٠) هەمان سەرچاوەل ١٣٤
(٧١) بەسەرهاتی سیاسی کورد بەرگی یەکەم-میرزا محەمەد ئەمین مەنگوری ل ١٣٤، دەڵێ: حاجی الله کەرەم کلاشی لەپێ دەبێ، کلاشەکان لەزەلکاوەکان دەچەقن و دەگیرێنە قوڕ و زەلکاوەکە، مستەفای حاجی قادر مشکییەکەی سەری ئەبەستێ بەقاچییەوە لەباتی پێلاو بۆئەوەی پێخاوس نەبێت و زیخ و بەرد نەدات لەقاچی، تابتوانێ بڕوات بەڕێوە.
(٧٢) کاك محەمەدی حاجی مەحمود لەڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك دا بەرگی یەکەم ل (٣٥٤)دا ئاماژە بەمە دەکات.
(٧٣) خۆم (عەبدولڕەزاق- نوسەر) لەو کۆبەنەوەیەدا بووم.
(٧٤) بۆئەم بابەتە زیاتر سودم لەبەڕێزان (م. مەحیەدین و کاك محەمەدی سان ئەحمەد)وەرگرتووە.

(٧٥) بۆیە وشەی ئاوارە بەکارهاتووە، چونکە زێدەی مرۆڤ خۆشەویستە، کۆمەڵێك یادگاریو یادەوەری تیایە بۆمرۆڤ، ئەگینا خاکی کوردستان هەموونیشتیمانە بۆ تەوێڵەیی.
(٧٦) لەگەڵ دەست خۆشییەکی زۆرم بۆ کاك هەورامان عەلی تۆفیق کەماندوو بووەو ئەرکێکی زۆری کێشاوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لەو ناوانەی تەوێڵەدا ئەوەی من زانیبێتم کەمێك هەڵەیە لەژمارەو ناوەکاندا(٣٠) کەس بەهەڵە نوسراوە، یا نەمردووە یادووبارەیە، وەنزیکەی (٢٠) ناویش نوسراوە کەناناسرێن.

تەوێڵە لەبواری تەندروستیدا

پێشەکی:

جەڕڕاح و حەکیمەکانی تەوێڵە

مامانەکانی تەوێڵە

بنکەی تەندروستی تەوێڵە

کورتەیەك لە ژیانی سەید عوسمان

خەستەخانەی تەوێڵە لە سەردەمی شۆڕش دا

دوکتۆرە تەوێڵەیی‌یەکان

هەڵوێستێکی جوامێرانە

پەراوێزەکان

تەوێڵە لە بواری تەندروستیدا[١]

پێشەکی:

بە شێوەیەکی گشتی چەند هۆکارێك کاریگەریان هەیە لەسەر ئەم بوارە.

ئاو و هەوای ناوچە و پیشە و جۆری ئیش و جۆری خواردن و خۆراك و ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری، بەڵکو بواری ڕۆحیش لەسەر نەخۆشی‌یە دەرونی‌یەکان کاریگەری هەیە.

ئەمانە هەموو تایبەتمەندیەك دەدەن بەم بوارە. بۆ نموونە:

تەوێڵەیی‌یەك لە ژێر سێبەری فێنکی درەختەکانی ئاوێسەر و گەریات، هاوین بەسەر بەرێ، نەخۆشی‌یەکانی جیاوازی هەیە. -بەڵکو لەوانەیە بە هۆی ئاو و هەوای هاوینەوە نەخۆش نەکەوێ-لەگەڵ ئاو و هەوا و گرە و هالاوی گەرمیان و شارەزوور جیاوازە.

تەوێڵەیی‌یەك هەمیشە پیشەکەی کرێکاری و باخەوانی و ئاسنگەری و دارتاشی و ...تاد، جیاوازی هەیە لەگەڵ کەسێکدا کە لە شاردا کەمتر دەجوڵێ و وەرزش ناکات.

تەوێڵەیی‌یەك زیاتر خواردنە ڕوەکی‌یەکان بخوات و شەوچەرەی -گوێز و مێوژ و بادام و قەزوان و تووە وشکەی تارانی بێت، نەخۆشی‌یەکەی جیاوازی هەیە لەگەڵ کەسانێکدا ئەم جۆرە خواردنانە ناخوات، یا بڵێین وەك ئێستا خواردنەکانی هەموو بائعین و یا موعەللەباتین و ...

هەروەها تەوێڵەیەك قوتابخانەی ڕۆحی تیابێت، خەڵکانی تر لە شوێنانی ترەوە بێن بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشی‌یە دەرونیانە و، چەند ڕۆژێك لەو قوتابخانانە بمێننەوە، تا لە ڕووی دەرونی‌یەوە چاك ببێتەوە، جیاوازە لەو شوێنانەی کە خەڵکەکەی ساڵی جارێك قوتابخانەی ڕۆحی و دەرونی بەسەر ناکەنەوە..

لێرەدا مەبەستمان ئەوەنی‌یە کە نەخۆشی لە تەوێڵەدا بلاْونەبوەتەوە و نابێتەوە نەخێر، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە نەخۆشی‌یەکانی تەوێڵە و ئەو جۆرە شوێنانەی کە وەك تەوێڵە وان، هەندێك نەخۆشی تایبەتی خۆیان هەیەو هەندێك نەخۆشیش هەن لە ناویان زۆر کەمە، بۆ نموونە:

ئەم نەخۆشیانە زیاتر لە تەوێڵەدا هەبوون وهەن -سەرما خوردەگی‌یەکان- ئەو نەخۆشیانەی بەهۆی سەرما و سوڵە و باران و بەفرەوە توش دەبن وەك: هەلامەت، ڕۆماتیزم، ئەنفلۆنزا.

هـەروەها ئـەم نەخۆشـیانەش لـە تەوێڵـە کـەمتر بڵاوبونەتـەوە: مـەلاریا، کولێرا، گرانەتا، چاوئێشە.

بەهۆی بەفرەوە چاوئێشە یان بڵێین چاو بردن، هەر بەهۆی بەفرەوە دەست و پێ و پەنجەکان بـەفر دەیانبات، ئەو نەخۆشیانەی کەبـەهۆی قەڵەویەوە مرۆڤ توشـیان دەبێـت لـە تەوێڵـە زۆر کـەمن، چـونکە دەوێڵـەیی ئەوەنـدە دەجوڵێـت و دەچێت بۆ ناو باخ یا بۆ سەرشاخ یا بۆ کرێکاری و یا لە بازاڕەوە لە ڕۆژێکدا دو و سێ جار دەچێتەوە بۆ ماڵەوە دێتە خوارەوە ئەمە وادەکات کە تەوێڵە قەڵەوی کەمتر تیا بێت.

بەهەرحاڵ ئەو نەخۆشیانەی کە لە مێژوودا ڕوویان داوە و کوردستـانی بە گشتی گرتۆتەوە، تەوێڵەش لێی دەرنەچووە و خەڵکانێکی زۆری گرتووە وەك:

دەگێڕنـەوە لـە کـاتی گرانـی و برسـیەتی‌یەکەی سـالاّنی جـەنگی یەکـەمی جیهـانی نەخۆشـی بـڵاو بوەتـەوە و خـەڵکانێکی زۆری کوشـتووە، یـاخود هـەر بەهۆی برسیەتی‌یەوە، چەندەها خەڵك مردوون.

یـاخود لـە یاداشـتنامەکەی قـادر بەگـدا هـاتووە کـە لـە سـاڵی (١٩٣١)دا نەخۆشـی ئاوڵـە بڵاوبوەتـەوە نزیکـەی (١٠٩) کەسـی کوشـتووە. یـاخود سـاڵی (١٩٦٣) سورێژە بڵاوبۆتەوە و منالّی زۆری کوشتتووە.

جەڕڕاح و حەکیمەکانی تەوێڵە

لەلای هەمووومان ئاشکرایە کە ئەوسا بەم شێوەیەی ئێستا خەستەخانە و دوکتۆر نەبووە، چەند کەسانێك زیرەك و دانـا، بە مومارەسـەی ڕۆژانـەی خۆیـان وەك دوکتۆر ڕۆڵیان بینیووە.

لە ڕیزی ئـەم خەڵکانـەش لـە تەوێڵەدا شێخانی نەقشـبەندی زیـاتر دەوری (حەکیم) یان بینیووە وەك دکتۆرێکی جەستەیی و دەرونی.

ئەمانــە نــەك بــۆ تەوێڵــەیی بــەڵکو بــۆ دەرەوەی تەوێڵــەو هــەورامان و کوردستانیش ڕۆڵی خۆیان بینیوە. تەنانەت زۆرێك لەو دەرمانخانە گیاییانەی ئێستاش کە لە عێراق و ئێراندا هـەن، کاریگـەری ئـەم حەکیمانـەی نەقشـبەندیان لەسەرە، هەروەك میرزا صدیق ئەحمەد لە کتێبەکەیدا –گژ و گیا و ئاژەڵ–ل –١١– ئاماژەی بۆ کردووە.

بێگومان چەند کەسانێکیش لەبـەردەم ئـەم شێخانەدا فێری هەنـدێ شت بون و دەرمانیان نوسیوە بۆ نەخۆش، یاخود هەر خۆیان جۆرە مومارەسـەیەکیان کردووە و فێر بوون.

ئەو داودەرمانانەش کە بەکارهاتوون بۆ نەخۆشی‌یەکان بە زۆری، دەرمانە کوردەوایەکان بوون و زیاتر سودیان لە گژو گیا وەرگرتووە. لەبەشی گژوگیاش دا ئاماژەمان بەم جۆرە گیایانە داوە کە بۆ دەرمان بەکارهاتوون.

حەکیمەکانی تەوێڵە

- شێخ محەمەد بەهائەدین
- شێخ حیسامەدین
- شێخ ئەحمەد شێخ محەمەد
- میرزا عەبدولقادر حەمە یوسف
- وەستا عەزیز دەلاك
- وەستا جەعفەر عەزیز دەلاك
- وەستا صادق عەزیز دەلاك
- وەستا صدیق جەعفەر عەزیز دەلاك
- وەستا عەبدوڕەحمان جەعفەر عەزیز دەلاك
- وەستا عەلی حەمە باقی عەزیز دەلاك
- مامۆستا باباحاجی
- ئیمام محەمەد خالد
- وەستا حەمە ڕەحیم وەستا نادر
- حاجی نادر حەمە عەزیز
- حەکیم مەولود
- محەمەد غەفور
- خاتو ڕەحمە
- بەیزای وەستا حەمەئەمین
- خاتو شەمسە الله وەیس
- عەینای حاجی محەمەد
- حەفصەی نەجیبە فەنی
- صادق غەندی

جەڕاحەکانیش ئەمانەی خوارەوە بوون:

- محەمەد ئەمین کوێخا ئەحمەد
- ئیمام محەمەد خالد
- محەمەد غەفور
- غەفور محەمەد غەفور
- صادق غەندی
- محەمەد ڕەحمان (حەمە سور)
- گوڵەی الله وەیس ڕەحمان
- ڕەشاد محەمەد حەمە ئەمین کوێخا
- صادق محەمەد حەمە ئەمین کوێخا.
- نەصرەدین دەروێش مەحیەدین
- خەرامان عەبدولعەزیز

مامانەکانی تەوێڵە

مامانەکانی تەوێڵە ئەمانەی خوارەوە بوون:

- شیرین.. دایکی دەروێش مەحیەدین
- نوری جان خالد
- گوڵە الله وەیس
- ڕەیحان حەمە صالْح
- عەینا حەکیم مەولود
- ئامینە عەبدو الله ڕەضا
- دەڵوەت عەلی حەمە حسێن
- یاسەمەن حەمە ئەمین دەوڵەتیار
- کۆفە تۆفیق مستەفا
- سۆسەن ژنی سلێمان حەمە ڕەحیم
- ئامینە لاوە
- ئامینە قادر حاجیلە
- خەرامان عەبدولعەزیز
- بەهیە سەعید سێلە
- صافیە مەحمود حەمە..

لە کوردستانی نوێ ژمارە (١٧١٦)ی بەرواری (١٩٩٨/١٠/١١) دا هاتووەو دەڵێ:

خاتوو صافیە مەحمود تەوێڵەیی کە لەدایك بووی ساڵی (١٩٤٩)یە، مامانە و نەشتەرگەری -مایەسیری-دەکات و تا ئێستا (١٠٠٠) نەشتەرگەری زیاتری کردوە، ئەم ژنە ئێستا لە گەڕەکی سەرای سەید صادق دانیشتووە.

بنکەی تەندروستی تەوێڵە

بەڕێز کاك محەمەدی سان ئەحمەد دەڵێ:

لە ساڵی (١٩٣٢)دا، یەکەمجار خەستەخانە لە تەوێڵە کرایەوە. یەکەم (موضەمید، ستارەفەنی سلێمانەیی بوو- ئێستا خەزوری شیروانی مەهدی حاجی ئایزەیە-، ستارەفەنی کەم مایەوە زوو نقلّ ببوو، پاشان ئەمانەی خوارەوە وەك برین پێچ و یا وەك یاریدەدەری پزیشکی دەوامیان تیاکردووە:

- سەید عوسمان-بەرزنجی. (برینپێچ)
- صالح حەمە ئەمین-خەمزەیی. (برینپێچ)
- حەمید - عەرەب بوو. (برینپێچ)
- عەبدولقادر - عەرەب بوو. (برینپێچ)
- سەید جەمیل سەید عوسمان. (برینپێچ)
- صدیق عەلی حسێن- تەوێڵەیی. (برینپێچ)
- عەبدوڕەضا عەبدوڕەزاق- سەماوەیی- (یاریدەدەری پزیشکی).
- فاخر- موسلاّوی. (ی.پ)
- یەحیا-سەماوەیی. (ی.پ)
- باقر مەطەر غرەبیچ-بەغدادی. (ی.پ)
- حەسەن محەمەد حسێن-سلێمانەیی- (ی.پ)
- سەلمان عەبود سەلمان - شەرقاطي (ی.پ)
- نوری محەمەد محەمەد تەوێڵەیی (ی.پ)
- کەنعان کەمال (ی.پ)

ستەرەکانیش ئەمانەی خوارەوە بوون:

- شیرین مەحمود-خورماڵی.
- فاطمە عوسمان-دوکانی.
- ئاسۆ جەلال-سلێمانەیی.

- هەتاو –خورماڵی.
- شوکری ئەحمەد خضر–قەڵادزەیی.
- پەخشان – سلێمانەیی.
- ڕەنگین کەریم–خورماڵی.
- چیمەن کەریم–خورماڵی.

تێبینی: ئەم بەڕێزانە هەیانە کەم ماوەتەوە. هەشیانە زۆر ماوەتەوە لە (برینپێچ)ەکاندا بەڕێزان (سەید عوسمان و صدیق عەلی)یەکی زیاتر لە (١٠)ساڵ لەو بنکەیە خزمەتیان کردوە، لە(یاریدەدەر)ەکانیش بەڕێز (باقر مەطەر و نوری محەمەد) خزمەتیان زۆر بووە.

لەدوای ڕاپەڕین:

سەرەتا وەك دەزگایەکی تەندروستی کاتیهەبوو کە ئەم سیانەی خوارەوە بەڕێوەیان دەبرد:

(داود خالد، نائب فەیضو الله، بەختیار عەبدولعەزین) دواتر بنکەیەکی تەندروستی تیا کرایەوە ئەمانەی خوارەوە وەك یاریدەدەری پزیشکی دەوامیان تیا دەکرد:

بەختیار عەبدولعەزیز–بەڕێوەبەر

نائب فەیضو الله مەحمود

حکمەت حەمە ڕەحیم حەمە شەریف.

لە ساڵی (٢٠٠١) بەولاوە ئەمانە لەم بنکەیە خزمەت دەکەن:

- دوکتۆر ئەفرام محەمەد حەسەن–خەڵکی کفری.

حکمەت حەمە ڕەحیم، نائب فەیضو الله، ئەمیرە حسێن محەمەد، بێخاڵ جەمیل محەمەد، هاشم حەمە عەلی، لەیلا ئەبوبەکر، سەعدی ئەحمەد محەمەد.

بینای ئەم بنکە تەندروستییەی تەوێڵە، لەسەرەتاوە، لەسەر دوکانەکەی صۆفی حەمە کەریم بوو لە ناو بازاڕدا، پاشان کە بینا بۆ شارەوانی تەوێڵە دروست کرا، دوایی کرایە دوو قات، قاتی خوارەوە سەر کانییەکە، کرایە بینای خەستەخانە، تا لەسەرەتای شەستەکانەوە بینای تایبەتی بەرامبەر خانوەکەی محەمەدی سان ئەحمەد کە ئێستاش لەوێیە بۆی دروست کراوە. لەساڵی (١٩٧٦) کەمێك دەستکاری کراو لەولاتریشەوە بینای تر دروستکراوە.

لەو کاتەشدا کە تەوێڵە چۆڵ بووە، ئەو بینایەش وەك بیناکانی تری تەوێڵە تێکدراوە، تا لە دوای ڕاپەڕین ئەو بینایە بە شێوەیەکی جوانتر دروست کراوەتەوە.

خزمەتگوزارەکانی ئەم بنکەیەش هەر لەسەرەتاوە تا ئێستا ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بوون:

- حەسەن حەمە یوسف، عەبدولخالق حەسەن، عەبدواخالق حەمە مراد، عومەر حەمە عەلی. فاروق ئەحمەد محەمەد، نافعە ڕۆستەم کەریم، نافعە صادق فەتاح، یونس ڕەشید خودادا، فائق عەزیز، فاضل حەمە سەلیم غەفور.

کورتەیەك لە ژیانی سەید عوسمان

سەید عوسمان کوڕی سەید مستەفای بەرزنجەیە، لە ساڵ (١٩٣٣) لە خەستەخانەی سلێمانیەوە دەگوازرێتەوە بۆ تەوێڵە، دووەم کەس بووە لە دوای ستارە فەنی دەچێتە بنکەی تەندروستی تەوێڵەوە، لەسەر داوای مەرحومی شێخ عەلائەدینیش بۆ ماوەیەك لە هەموو مانگێکدا (١٠) ڕۆژ لە بیارە دەوامی کردووە، چونکە لەو کاتەدا لە بیارە دکتۆری بۆ تەعین نەکراوە. سەید عوسمان سێ ژنی هێناوە:

- ئاسکۆڵ میرزا عارف سلێمانەیی.. ئەم منالآنەی لێ بووە: عومەر، بەهیە، عەلی، لەتیف، کەمال،.
- عائشە مەلا عەبدوالله مەلا یاسین تەوێڵەیی.. ئەم منالآنەی لێ بووە: جەمیل، بەدریە، غازی، گەلاوێژ، بەختیار، فوئاد.
- خەرامان یوسف بەڵخەیی.. ئەم منالآنەی لێ بووە: ئەمیر، مەزهەر هاشم.

سەید عوسمان هەر لە تەوێڵە دەمێنێتەوە، لەوێ ژنی دووەم دەهێنێ تا لە (١٩٥٤/١١/١) لە تەوێڵە کۆچی دوایی دەکات و لە خانەقای تەوێڵە بەخاك دەسپێردرێ.

سەید جەمیلی کوڕیشی کە کارمەندی تەندروستی (موظف الصحي) دەبێت لەبەرواری (١٩٧١/١/١) لە هەڵەبجەوە خۆی نقلْ دەکات بۆ خەستەخانەی تەوێڵە تا لە (١٩٧١/١٠/١٠) نقلْ دەبێتەوە بۆ هەڵەبجە.

لەسەردەمی سەید عوسمان دا (حەسەن حەمە حسێن یوسف) فەڕاشی خەستەخانەی تەوێڵە بووە، دوای خۆیشی عەبدولخالقی کوڕی تەعین کراوە لە شوێنەکەی.

خەستەخانەی تەوێڵە لەسەردەمی شۆڕشدا

لەساڵی (١٩٦٢) بەولاوە، خەستەخانەی تەوێڵە دەورێکی باشی بینیوە بۆ شۆڕش، بە تایبەت لە ساڵی (١٩٧٤)ا زۆرێك لە دوکتۆرەکانی شاری سلێمانی هاتنە دەرەوە لە تەوێڵە دانیشتن، بۆیە: لە باخەکەی محەمەدی حاجی حەمە ڕەحیم، چەند کەپرێکیان دروست کرد قەرەوێڵەیان تیا دانا و، هەروەها بینای قوتابخانەکەی ناوەندی تەواو بوو بوو، بەڵام هێشتا قوتابی تێنەچوو بوو، لەم کاتەدا کرایە خەستەخانەیەکی گەورە و ئەم دوکتۆرانەی تیابوو:

- د.ئومێد مەدحەت موبارەك-سەرۆکی بەڕێوەبەری تەندروستی بوو.
- د.کەمال عەبدوالله ناجی
- د.عەبدولقادر شاڵی
- د.ئەحمەد کەمال شاڵی
- د.جەمال ڕەشید حەمادی
- د.باقر محەمەد مالك
- د.عەلی سەعید
- د.جەبار عەبدولڕەحمان
- چەندەها دکتۆری تر.

دکتۆرە تەوێڵەییەکان:

ئەو تەوێڵەییانەی تاساڵی (٢٠٠٣) بوونەتە دوکتۆر ئەمانەی خوارەوەن:

١- د.جەبار عەبدولڕەحمان محەمەد-لە ساڵی ١٩٧٤ بووەتە دوکتۆر و یەکەم دوکتۆری تەوێڵەییە.

٢- د.حامد عەلی صادق -دوکتوراە

٣- د.طاهر عەبدوالله حسێن-دوکتوراە

٤- د.ئومێد حەمە کەریم عەبدولوەهاب-دوکتۆراە

٥- د.جوان مەعصوم عەزیز

٦- د.صەباح عابد حەکیم

٧- د.جەلال عوسمان کەریم-صەیدەلانی

٨- د.جەزا عەبدوالله حەمە کەرەم

٩- د.فەلاح عەبدوالله حسێن

١٠- د.عەفان حەمەخان جەعفەر

١١- د.صابر وەسیم عوەز-صەیدەلانی

١٢- د.عومەر حەمە کەریم قادر
١٣- د.ئاسان ڕافع عەزیز-دوکتوراه
١٤- د.سەروەت توفێق سان ئەحمەد
١٥- د.زمناکۆ دڵشاد کەریم
١٦- د.دیاری عەبدولڕەحمان محەمەد-دوکتوراه
١٧- د.شەوقی موختار حەمە حەسەن
١٨- د.ئەزهەر حەمە کەریم محەمەد
١٩- د.حەمید حەسەن محەمەد
٢٠- د.هەردی تۆفیق حەمە حسێن
٢١- د.سوهام محەمەد ئەمین
٢٢- د.شەهلا حەمە یوسف حسێن
٢٣- د.نیشتمان ظاهر محەمەد
٢٤- د.باخەوان ڕافع عەزیز
٢٥- د.شەنیەر ڕافع عەزیز
٢٦- د.یوسف ئەسعەد عابد
٢٧- د.ئەمیر ئەسعەد عابد
٢٨- د.شاخەوان عەبدوالله کەریم
٢٩- د.شایان بارام سەعدی
٣٠- د.کاوێنا مەحیەدین سەلیم
٣١- د.نەوزاد ڕۆستەم زۆراب.....تاد

ئەمە جگە لەوەی هەندێك لەم بەڕیزانە قوتابی ماجستێر و دوکتۆران، وە زیاد لە دوانزە قوتابیش لە کۆلێژی پزیشکین و هەروەها چەندەها یاریدەدەری پزیشکی و برنپێچمان هەیە.

هەڵوێستێکی جوامێرانە

د. طاهر هەورامی

لە دوای ڕاپەڕینەوە دوای ئەوەی بنکەی تەندروستی تەوێڵە کرایەوە-کارمەندی تەندروستی بۆ نقلْ کرا، ئەم بنکە خزمەتێکی گەورەی تەوێڵەیی کردووە، بەتایبەت ئەو کارمەندانە، بەلاّم لەوە گرنگتر هەڵوێستی جوامێرانەی دوکتۆر طاهر هەورامی‌یە، کە لەدوای ڕاپەڕینەوە، جار جارە خۆی و دکتۆرە جوانی خێزانی، یان دکتۆر فەللاحی برای، کە دوکتۆری ددانە دەڕۆنەوە بۆ تەوێڵە بەخۆبەخش لەو بنکەیەدا نەخۆش دەبینن و چارەسەریان بۆ دەنوسن، بەڵکو ماوەیەك ڕۆژانی هەینی، تەوێڵە وای لێ هاتبوو خەڵکی لە ئێرانیشەوە لە سنە و مەریوان و پاوە و هەورامان و ڕەوانسەرەوە دەهاتن بۆ تەوێڵە، بۆ لای دوکتۆر طاهر . بەڕاستی ئەمە خزمەتێکی گەورەبوو بەرامبەر بەو کەسانە دەکرا.

دەبێت ئەم هەڵوێستە جێگەی ڕێز و سوپاس بێت لەلایەن جەماوەرەکەوە بە گشتی و تەوێڵە بە تایبەتی.نمونەی ئەم جۆرە کەسانە لە ناومانا زیاد بێت.

پەراوێزەکان

(١) بۆ ئەم بەشە بە گشتی سودم وەرگرتووە لەم بەڕیزانەی خوارەوە:

- محەمەد سان ئەحمەد
- سەید جەمیل سەید عوسمان
- صدیق عەلی حسێن
- حکمەت حەمە ڕەحیم حەمە شەریف
- حاجی عەبدوڕەحمان حاجی محەمەد
- صابر مەحمود مستەفا
- جەننەت حاجی ئەبوبەکر
- د.سەروەت توفێق.

تەوێڵە لەبواری ئەدەب و هونەردا

شیعرو شاعیران:

-مەولەوی تاوگۆزیو شیعرەکانی تەوێڵەی

-میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی

-مامۆستا بابا حاجی

- محەمەد ئەمین کاردۆخی

-دانای هەورامی

-م. عوسمان هەورامی

-م. جەمال بێدار

-م. ئەبەز هەورامی

-م. عادل شاسواری

-م. گۆران عەباس

-خوشکە کەتان خادیمی

-عەبدولکەریم ئەقشبەندی

-تۆفیق هەورامانی

-مەلاکامیل حاجی مامۆستا

-طاهری وەستا مستەفا

-مەلائەحمەدی قازی

-حاجی مامۆستا

-وەستا مستەفای ئەلە

-وەستا عەبدولعەزیز

فۆلکلۆر:

-لەهۆنراوە فۆلکلۆریەکان

-وتەی پێشینان و قسەی ئەستەق

-حیکایەت و حیکایە تخوازەکان

-قسەو قسەزانەکان

-قسەو قسە خۆشبوەکان

-گۆرانیو گۆرانی بێژەکان

-تیرامانێك

-شانۆو شانۆگەرەکان

- کورتە ژیانێکی م.ئەیوب رۆستەم

-وەرزش و تیپەکان

-هەڵپەرکێو سەرچۆپی کێشان

-تە پڵ لێدەرەکان

-دەهۆڵ لێدەرەکان

-شمشاڵ ژەنەکان

-چاوگێرانێکی خێرابەرۆژنامەی خورماڵ دا

تەوێڵە لەبواری هونەرو ئەدەب دا

لەڕاستیدا، هونەرو ئەدەب بەگشتی، ئاوێنەی واقعی زەمان و زەمینی خۆیەتی، هونەرو ئەدەبی خەڵکی هەورامانیش بەگشتیو تەوێڵەیش بەتایبەتی ئاوێنەی ئەو واقیعەی خەڵك و خاکەکەی پیشان دەدات.

ئاوو هەوای دەڤەرەکەو، سروشتی جوان و قەشەنگی هەورامان و سەختیو قورسی ژیان و باوو نەریتە کۆمەڵایەتیو کاریگەری ئاینی زەردەشتیو ئیسلام و بوونی ئەوهەموو پیرو شێخ و خانەقاو مزگەوتانەو...تاد. ئەمانەو چەندانی تری لەوشێوە، ئاوێنەن و کاریگەرن لەسەر هونەرو ئەدەب... ئەمانە هەموو لەم بەشی هونەرو ئەدەبەدا کەباسی دەکەین ڕەنگ و دەنگ دەدەنەوە...

هونەرو ئەدەب لەڕووی خاوەنیەتی‌یەوە دووجۆرە:

جۆرێکیان: ئەوهونەرە یائەو ئەدەبە، خاوەنی هەیەو پاڵ ئەدرێتە کەسێکەوە، وەك دەڵێن ئەم شیعرە هی ئەوشاعیرەیە.

جۆری دووەمیان: ئەو هونەرو ئەدەبەیە کەخاوەنی کەسی‌نیەو بوەتە موڵکی میللەت و تایبەتمەندی نیە بۆتاکە کەسێك، ئەمەیان بەشێکە لەفۆلکلۆری ئەوگەلە. بەشی یەکەمیش هەرچەندە دەچێتە ناومێژووەوەو دەبێتە موڵکی گەل و نەتەوە، بەڵام تایبەتمەندی تاکە کەسی خۆی‌هەیە. ئەوەی شایەنی باسە زۆرجار جۆری یەکەمیش خاوەنەکەی ون دەبێت و دەبێتە فۆلکلۆر، بەتایبەت پەندو قسەی نەستەق و حیکایەت و ئەو هۆنراوانەی کەنانوسرێنەوە...

شیعرو شاعیران

بێگومان شیعر، چێژو کاریگەری خۆی هەیە لەسەر هەست و سۆزی مرۆڤ، هەمووکەسێك ناتوانێ وشەکان بهۆنێتەوە، بەڵکو کەسی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەم پەڕاوەی ئێمەش نامانەوێت بێ‌بەش بێت لەم چێژو خۆشی‌یەو لەم ناوداره تایبەتی‌یانە، بەڵام ئەو شیعرو شاعیرانەی کەبمانەوێت بەسەریان بکەینەوە زۆرن، ئەگەر هەموویان بهێنین لەم بەشەدا ڕیزیان بکەین زوربەی کتێبەکەی ئەگرتین بۆیە:

* ئەوکەسانەیان کە وەك زانا، یاوەك، شێخێك، ناسراون، بەڵام شاعیریش بوون لەڕیزی زاناو شێخەکاندا نوسیومانن، بەڵام ئامارەشمان بۆ شیعرو شاعیریەتی‌یەکەی کردووە، ئیتر لێرەدا بەپێویستمان نەزانیوە دوبارەیان بکەینەوە چونکە زۆرێك لەزاناو شێخەکان دەستی شیعریان بووە.

* ئەوانەی کەبەسەرمان کردوونەتەوە پۆلێن مان کردوون،بەچوار بەشەوە:

– بەشی یەکەم: چوار شاعیری ناودار بوون کەکۆچیان کردووەو، دوانیان تەنها شاعیربوون، لەسەردەمی خۆیان دا لەبۆنەکاندا شیعریان نوسیوەو لەناو جەماوەریش دا خوێندویانەتەوە وەك:

میرزای تەوێڵە و باباحاجی. دوانەکەی تر جگەلەوەی شاعیربوون دەستی نوسینیشیان هەبووەو نوسراویان هەیە وەك: م.کاردۆخیو دانای هەورامی.

–بەشیدووەم: ئەوشاعیرە لێهاتوانەن کەهەم شاعیرن و هەم نوسەریشن و ئێستاش لەژیانـدان و بەهۆی شیعرو نوسراوەکانیانەوە ناسراون، وەك ماموستایان: (عوسمان هەورامی، جەمال بێدار، نەبەز هەورامی، عادل شاسواری، گۆران عەباس، کەتان خادیمی).

–بەشی سێهەم: چەند شاعیرێکی میللین، نەدیوانیان هەیە نەنوسەریشن، ئێستا لەژیاندان و لێرەو لەوێ شیعریان لێوە دەگێرنەوە، بەلام چونکە خوێندەواریان هەیە خۆیان شیعرەکانیان نوسیوەتەوەو لای خۆیان پاراستوویانن هەرچەندە لەناو جەماوەردا وەك شاعیرێك نەناسراون. لەوانەیە لەم جۆرە شاعیرانەمان زۆرهەبێت، ئێمە ڕێگەمان نەکەوتبێتە لایان و ئەوانیش خۆیان دەرنەخستبێ. ئەم شاعیرە میللییانەش ئەمانەن:

(م عەبدولکەریم، تۆفیق هەورامانی، مەلاکامیلی حاجیماموستا، تاهر مستەفا.)

–بەشیچوارەم: چوار شاعیری کۆچ کردون، دوانیان زاناو ناودار بوون کە (حاجی ماموستاو مەلائەحمەدی قازی) بوون دوانەکەیتر خوێندەواریان کەم بووە، تەنها قورئان خوێن بوون ئەمانیش:

(وەستا ئۆلعەزیزو وەستامستەفای ئەلە) بوون. ئەم کۆمەڵەیان شیعریان بەدەگمەن دەستمان کەوتوون، بەلام ناوەکانمان تۆمار کردوون بەلکو لەئایندەدا بەرهەمەکەیان دەستمان بکەوێت.

بەپێویستمان زانیپەراوەکەمان بێبەش نەبێت لەبەهرەی هەریەکێك لەم شاعیرانەی ناومان بردن، بۆیە بەپێی توانا–ئەوەی دەستمان کەوتبێت– شتێکیان لەسەر بلاو دەکەینەوە. هەڵسەنگاندنی شیعرەکانیشیان بەجێدەهێڵین بۆ خوێنەر.

پێشمان باش بوو، مەولەویش بخەینە ئەم ڕیزەوە، نەك مەولەوی وەك تەوێڵەییەك، نەخێر مەولەوی نەهەورامییەو نەتەوێڵەییە لەژیانەکەیدا باسمان کردووە–بەلام وادەزانم ئەگەر باسێك لەسەر هۆنراوەی هەورامی بکرێت

یاخەیرباس لەشاعیرانی هەورامی بکرێت بیٚباسی مەولەوی‌و شیعری مەولەوی، ئەوباسە، ناتەواو دەبێت. خۆئەگەر کەسێکیش سیاچەمانە، بچڕێت، شیعرەکانی مەولەوی نەکاتە هەوێنی شیعرەکانی ناتەواودەبیٚ..

بەڵێ مەولەوی هەورامی نیە، بەلاٚم لەهەورامان زۆرژیاوە، سۆزی دڵ و خامەکەی بەهەورامی هۆنیوەتەوە بەتایبەت لە تەوێڵە زۆرژیاوەو پەیوەندی بەتینی بەشێخانی تەوێڵەوە بووەو، شیعری زۆری هەیە لە تەوێڵە یا بەسەر شێخانی تەوێڵەی‌دا وتووە. بۆیە:

کورتە باسێکی مەولەوی‌و ئەو شیعرانەی کەپەیوەندیان بەتەوێڵەوە هەیە، لێرەدا دەیانخەینە ڕوو، وسەردانەکەی تەوێڵەمانی پیٚدەڕازێنینەوە، بەڵکو لەویشەوە دەست پیٚدەکەین.

کورتەیەك لەژیاننامەی مەولەوی[1]

یەکێکە لەئەدیبە هەرەبەرزەکانی گەلەکەمان، زانایەکی بەرزی ئاینی‌و سۆفی‌یەکی‌بیٚگەردو، شاعیرێکی بیٚهاوتابووە.

شیعری مەولەوی خۆی گەیاندوەتە، زوربەی کۆڕو دیواخانەکان، بەڵکو دەرەوەی کوردستانیشیان گرتووەتەوە.

ئێستاش ناوی مەولەوی‌و، شیعرەکانی، لەهەرشاعیرێکی‌تری‌کورد زیاتر بەسەر زمانی خەڵکەوەیە.. ئەم ڕاستی‌یە بەشێکیشی ئەگەڕێتەوە، بۆئەم پەیوەندی‌یە بەتینەی کەمەولەوی لەگەڵ خواڵیٚخۆشبوان شێخ (سراجەدین و بەهائەدین و ضیائەدین)بوویەتی، کەئەوانیش خاوەنی گەورەترین خانەقاو خوێندنگای ئاینی بوون، لەسەردەمی خۆیانا لە کوردستانا، مەنسوبیان لەهەموولایەکیدا بووە، وەخوێندنگاو خانەقاکانیان، فەقیٚو صۆفی‌لەزوربەی ناوچەکانی کوردستانەوە تیابووە. ئەمەش بووبە هۆی ئەوە، شیعری مەولەوی زوربەی ناوچەکانی کوردستان بگەڕیٚ جگەلەوە، سەردەمی ژیانیشی پێشکەوتووتر بووە لەسەردەمی بێسارانی‌و صەیدی.. هەروەها پلەی زانستی‌و وردی‌و ناسکی‌و سۆزو ئەقڵی مەولەوی زۆرلەسەرەوە بووە.

ئەمانە وایان کردووە، شیعری مەولەوی، زۆرلەپێشەوە بێت و، خەڵکێکی زۆرئاشنابن پیٚی.

-ناوی سەید عەبدوڕەحیمی کوڕی مەلا سەعیدە، لە نەوەی یوسف جانی کوڕی مەلا ئەبوبەکری موسەننفی چۆڕیە، کەئەگەڕێتەوە، سەر سەید محەمەد زاهد، کەبە پیر خدری شاهۆ ناسراوە...

-نازناوی شیعری (مەعدومی)یەو، لەناو خەڵك و لەکۆڕی ئەدیبانا بە(مەولەوی)ناوبانگی دەرکردوە.

-لەساڵی(١٢٢١ ك-١٨٠٦ ز)لەسەر شاتەی ناوچەی تاوگۆزی عێراق، لەدایك بووە.

-بۆ خوێندن چووە بۆ پاوە و چۆڕ و سنە و بانە و سلێمانی، دوایی هاتووەتەوە هەڵەبجە لەمزگەوتی جامیعە، لای مەلا صادقی تەوێڵەیی، کە موستەعید بووە لە خزمەتی مەلا عەبدوڵڵەی خەرپانیدا، خوێندویەتی، پاشان چووە بۆ جوانڕۆ لەخزمەتی مەلا محەمەدی قازی خوێندویەتی، بۆ جاری دووەم، چووەتەوە بۆ سنە، لە مزگەوتی (دار لئیحسان)دامەزراوە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لەخزمەتی مەلا ئەحمەدی نۆتشەیی، کەموفتی سلێمانیو ماموستای مزگەوتی مەڵکەندی بووە خوێندنی تەواو کردووەو، مۆڵەتی دەرس وتنەوەی وەرگرتووە.

-مەولەوی لە چروستانەی لای هەڵەبجە، بوەتە مەلاو دامەزراوە و فەقێی ڕاگرتوە، پاش ماوەیەك هەوای تەصەوف ئەکەوێتە کەللەیو دەچێت بۆ تەوێڵە، بۆ خزمەتی شێخ عوسمان سراجەدین، دەبێتە موریدیو وەختێکی زۆر بەسلوکەوە ئەباتە سەر.

ماوەیەك ماڵی لە(بیاوێڵە)بووە پاشان دەچێتە (گونە)دواتر دەچێتە (شەمێران)لە کۆتاییدا دەچێتەوە (سەرشاتە)و لەوێ دەمێنێتەوە، تا لەساڵی (١٣٠٠ ك-١٨٨٣ ز)کۆچی دوایی دەکات و، لەگۆڕستانی ئەسحابە لە (سەرشاتە)بە خاك دەسپێرێ.

-مەولەوی لە عیلمی کەلام دا دەستێکی باڵای هەبووە لەم بارەوە گەلێك پەڕاوی داناوە لەوانە:

(الفضیلة)کە٢٠٣١ شیعری عەرەبییە کەلە (١٢٨٥ ك)دایناوە.

(العقیدة المرضیة) (٢٤٥٢)شیعری کوردییە کەلە (١٣٥٢ك)چاپ کراوە.

(الفوائح)کە (٥٢٧)شیعری فارسییەلە (١٣٥٢ك)چاپکراوە؟

-جگەلەمەش نامیلکەیەکی بەفارسی هەیە باسی ئوسوڵی تەریقەتی نەقشبەندی ئەکا.

-مەولەوی دیوانەکەی لەلایەن ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسەوە کۆکراوەتەوەو، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو لەسەری نوسیوەو چاپیکردووە.

-وەك وتمان مەولەوی موریدی شێخ سراجەدین بووە، پاش وەفاتی ئەو،بووە بەموریدی شێخ بەهائەدین، وەپەیوەندی ڕۆحی لەگەڵ شێخ ضیائەدین-یش بووە. زوربەی هەڵبەستەكانی پڕن لەهەستی بەسۆزی، بەرامبەربە (پیر)، وەنیشانەی ئەوەن كەموریدێكی چەند ڕاست بووە، وەلەڕێگای ئەم موریدیەتیەوە دەستێكی گەورەی لە (تەوصەف)دا پەیدا كردووە.

-جارێكیان لەخانەقای تەوێڵە ئەبێ، لەچروستانەوە دێن بەدوایا، كەبگەڕێتەوە بۆماڵ، چونكە كوڕێكی نەخۆش ئەبێ، ئەمیش سوارئەبێ‌و ئەگەڕێتەوە تائەگاتەوە چروستانە كوڕەكەی ئەمرێ.

بەبۆنەی مردنی ئەم كوڕەیەوە شێخ بەهائەدین ئەچێ بۆلای، بۆسەر خۆشی لێكردنی، مەولەوی بەهاتنی شێخ ئەوەندە خۆشحاڵ ئەبێ وەجد ئەی‌گرێ‌و ئەڵێ حەزم ئەكرد، تاماوم ساڵی كوڕێكم بوایەو بمردایە، بەوشەرتە تۆهەمووجارێ بهاتیتایە بۆلام و سودی ڕۆحیم لێوەربگرتیتایە.

مەولەوی گەلێ بەسەرهات و نوكتەو شتی تری هەیە، هەروەها گەلێ دۆستی ناوداری بووەو سەردانی كردون و بەشیعر نامەشیان گۆڕیوەتەوە.

ئەمەش گوڵبژێكی شیعرەكانی مەولەوی‌یە كەپەیوەندیان بەباسەكەمانەوە هەیەو وەبۆ هەر شیعرێكیشی ئاماژەمان بەژمارەی لاپەڕەی دیوانەكەی كردووە.

-١- [١]

ئایینەی كامڵ! ئازیزەكەی فەرد! فیدای ئامات بم، صەفاییت ئاوەرد[٢]
خەیلێن گەردپات، نەدیدەم دووربێ یانەی چەم وێران، تەمام خاپوربێ[٣]
خاس بی، تەشریفت هەم ئاوەردەوە گەرد پات وەتەن، ئاواكەردەوە[٤]

---

[١] مەولەوی ئەم قەسیدەی لەپێشوازی شێخ بەهادینی تەوێڵەداوتووە.

[٢] واتە: ئەی ئەوكەسەی كەوەك ئاوێنەی بێگەرد وایت، بووەرگرتنی شێوەو خوڕەوشتی باوكە پێ گەیشتووەكەت، ئەی تاقانە ئازیزەكەم! بەقوربانی هاتنت بم، خۆشیت لەگەڵ خۆت هێنا.

[٣] واتە: دەمێكە تۆزی كەوشەكانت دوورە لەچاوەكانم و ماڵی چاوم بەتەواوی وێران بووە، گوایە وەك بانی خانوو كەخۆڵی بەسەرەوەنەمێنێ، دلۆپەئەكاووێران ئەبێ، چاوی ئەویش ئەگەرتۆزی كەوشەكانی شێخی بەسەرەوەنەبێ، فرمێسكی لێئەڕژێ‌و كوێرئەبێ.

[٤] واتە: چاك بوو دیسان تەشریفت هێناوەو تۆزی پێت وەتەنی خۆی-كەچاوەكانی منە-ئاواكردەوە.

ساقی، ئینه بەزم، وەصڵ یارانەن چەرخیچ هەرئەوچەرخ، هەردە جارانەن[٥]
دەورێ دەر، وەبەزم، وەپیاڵەوە ژەنگ دڵ وەزاخ، مەی بماڵەوە[٦]
جامێمان جەدەس، تۆهەم سەندەبۆ فرسەتەن، نصیو، نەک نەماندەبۆ[٧]

* * *

-٢-[١]

ئێمەگشت فانی، هەرئەوەن باقی نازوون وەبازووی، پڕنەیرووی ساقی[٢]
خەڵاصیش دا پێت، وەیەک پەیمانە ئازاد بیت جەبەند، بەستەی پەیمانە[٣]
عارفان چ خاس، پەیوەحەق بەردەن وەصیەت (حافظ)وەجا ئاوەردەن[٤]
دەفنت نەپەهلووی، مەیخانە کەردەن وەسەرخاکت دا، سەبووی مەی مەڕدەن[٥]

---

[٥] هەردەجاران: جاری جاران، مەعنای ئەم شیعرەو شیعرەکانی پاشەوە لەدوا شیعرادێ.
[٦] لەگەڵ شیعری دوایی‌دا مانەکەی دێت.
[٧] واتە: کاکەی پیاڵەگێڕ ئەم کاتە، کاتی بەزم و ڕابواردنی گەیشتن بەیارە. چەرخیش هەروەك جاران وایە، ساخولێبدەبەدەورماناو بەزاخاوی مەی ژەنگی دڵمان پاك کەرەوە، باتافرسەتە پیاڵەیەك مەیمان لەدەستی تۆیش وەرگرتبیێ، نەوەك بەشمان لەمە زیاترنەمابێ بەدنیاوە.ل (٤٧-٤٨)

* * *

[١] مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بۆلاواندنەوەی عەبدوڕەحمانی حاجی مەحمودی یارەیسی وتووە، کەلە تەوێڵە بەگوللەیەکی لەدەس دەرچووی شێخ هیدایەتی حاجی شێخ ئەحمەدی شێخ عوسمان کوژراوە قەبرەکەی لەپاڵ خانەقای تەوێڵەیە.
[٢] نازوون: بنازم، پڕنەیروو: بەهێز، مەعنای ئەم شیعرەلەگەڵ شیعری دواییدادێ.
[٣] پەیمانە: پیاڵەی شەرابی‌مەرگ، بەستەی پەیمانە: پەیمانێ لەگەڵ خوادابەسراو، واتە: ئێمەهەموومان ئەمرین و مانەوە هەر بۆخوا خۆیەتی، سابا بنازم، بەشان و قۆڵی بەهێزی ساقی (مەبەست قودرەتی خوایە) کەبەپیاڵەی شەرابی مەرگ ڕزگاری‌کردی، لەبەندی پەیمانێ لەگەڵ خوادابەسراوی ئازادکردی کەئەبوو بەپێی ئەمرو نەهی ئەو بجوڵێیتەوە.
[٤] عارفان: خواناسەکانی خانەقای تەوێڵە، مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دادێ.
[٥] پەهلو: تەنشت، سەبوو: کوپە، مەڕدەن، شکاندووە، واتە: پیاوچاکەکانی خانەقای تەوێڵە، چەندباش بۆی‌چوون کەوەسیەتەکەی حافظی‌شیرازی‌یان لەتۆدا بەجێ هێناوە، گوایەوەك چۆن ئەو وەسیەتی کردبوو کەلەپاڵ مەیخانەدا بینێژن و کوپەیەشەراب

قەڵەم یادکردار، یاروئەغیاردا | ڕەقەم کەردتەء ریخ، وەرووی مەزاردا[٦]
جامێش نۆشاوە، چۆن مەردان و یەرد | (گۆشەی مەیخانە، وەزاویەکەرد)[٧]

* * *

-٣-[١]

بیکانە پەیکیٚ، وەپاڕانەوە | پەی‌کیٚ؟ پەی مەجنون بیارانەوە[٢]
مایەی‌بیٚ مەیلیت بشارانەوە | باباست نەشۆ بەشارانەوە.[٣]

* * *

بەسەرقەبرەکەیا بشکێنن، هاتن تۆیشیان لەپاڵ مەیخانەی عەشقا (وەك خانەقای تەوێڵەبیٚ) نایەقەبرەوە.

[٦] یادکردار: بیرخەرەوە، ڕەقەم کەرد: نووسی، مەعنای ئەم شیعرەلەگەڵ شیعری‌دوایی‌دادیٚ.

[٧] زاویە: کونجی عیبادەت. واتە: قەڵەم کەئیشی ئەوەیە شت ئەخاتەوە یادی دۆست و بێگانە، مێژووی مەرگی وا لەڕووی قەبرەکەی نووسی، کەجامی شەرابی مەرگی نۆشی‌و وەك پیاوان بۆی‌دەرچوو، کونجی مەیخانەی عەشقی (وەك خانەقای تەوێڵەبیٚ) کرد بەعیبادەت خانەی خۆی.

ڕستەی (گۆشەی مەیخانەوەزاویەکەرد)بەڕێنوسی ئەوسا کەمەولەوی شیعرەکەی نوسیوە بەم جۆرەیە (گۆشەمیخانەو زاویەکرد)بەم شێوە بەپیٚی پیتی ئەبجەدی دەکاتە (١٢٩٦)کەساڵی مردنەکەیەتی. ل (٥٢-٥٣).

* * *

[١] مەولەوی بەم دووشیعرە قسەلەگەڵ شێخ بەهادینی تەوێڵە ئەکا وەداوای لیٚ‌ئەکا کەبنێریٚ بەدوای شێخ ضیائەدینی برایا کەتۆزێك دڵگیربووبوو لەکاکی وەڕۆیشتبوو بۆمەریوان.

[٢] بکیانە: بنێرە، پەیك: فروستادە، نامە، بیارانەوە: بگێڕنەوە.

[٣] مانای هەموو، واتە: شاتریٚ بنێرە بەزمانی تۆوە بپاڕێتەوە لەشێخی برات کەئەوەندەی ئەوەی‌ی وەك مەجنون بۆ لەیلابەڵکو بگەڕێتەوەو ناوتان نەزڕیٚ لەشاران.

لەشیعری یەکەمدا بەپیٚی عیلمی بەدیع هونەری (جناس الترکیب هەیە لەبەینی (پەیکی)و (پەی‌کی)دا، وەلەبەینی (بشارانەوە)و (بەشارانەوە)داکەجاران بەبیٚ (هە)ی (بە) ئەنوسرا، (جناس الترکیب) لەعیلمی بەدیع دا ئەوەیە دوو وشە وەك یەك وابن، بەڵام یەکێکیان یەك پارچە بیٚو ئەویان لەدوو وشەپێکهاتبیٚ. ل (٨٤)

* * *

-٤- -١-

جەمن تادووری، ئەرصەدفرسەنگ بۆ | ئەربۆڕازیبوو، زوانم لەنگ بۆ[٢]
بەلاَم چێش کەرو، بەلاَم هەم ڕازەن | فەڵەک کەڵەک چین،چەنیم کەچ بازەن[٣]
کاردمەینەتش، ئیستیخوان کاوان | ضیای دیدەو دڵ، مەگێرەم تاوان[٤]
قەلاَی ویرم، سەیل هووناو بەردەبێ | بورج ئاگاییم، وێران کەردەبێ[٥]
کێشک چێی خەیاڵ، خەم فام سەندەبێ | دووکانچەی بەدەن، بێکەس مەندەبێ[٦]
فرسەت زانابێ، تەریدەی قاتڵ | یەک سەربەردەبێ، کالاَی گیان و دڵ[٧]
خەبەربیم هۆشم، ئاماوەبەردا | ئەم لاگیان، ئەولادڵ، دام وەسەردا[٨]

-١- مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی بۆجەنابی شێخ عومەر نوسیووە، لەوەلاَمی گلەیی کردنی ئەوا کە بۆ مەولەوی نووسیوە بۆچی ناچێ سەری لێبدا.

(٢) فرسەنگ: فرسەق، فرسخ، واتە: من لەگەڵ دووری دۆستاناناشناییم نییە، هەتاوەکوو، ئەگەرماوەی بەینی من و دووری بیشگاتە صەدفرسەق، یاخود ئەگەر ڕازیبم بەوماوەیە زمانم لاڵ بێ، بەڵکو حەزئەکەم بەینمان زۆرتربێ، یانی ئەوەندە موشتاقی نزیکیم.

(٣) واتە: بەلاَم چیبکەم بەلاَومەینەت هاوڕێمە، وەگەردونی(......) لەگەڵما ڕێك نییە، بۆیەنەم توانیوە بەخزمەت بگەم، لەنێوانی دوو وشەی (بەلاَم)دا (جناسیتام)هەیە بەپێی عیلمی بەدیع.

(٤) کارد: چەقۆی گەورە، ئیستیخوان: ئێسقان، کاوان: قلەشاندووە، واتە: کێردی دەردو مەینەت ئێسقانەکانی لەشمی قلەشاندووە بۆیە ناتوانم جوڵەبکەم. کەواتە: تۆیش تاوانبارم مەکە ئەی ڕووناکی چاوو دڵم، لەبەکارهێنانی وشەی (ضیا)دا ئیشارەتێکی جوان هەیە، چونکە لەقەبی شێخ عومەر (ضیائەدین) بووە.

(٥) لەگوێ دەریاکانا، بورجێکی بەرز دروست ئەکەن، وەلەقەلە پۆپەکەیدا، چرادائەنێن، بۆئەوەی کەشتییەوانەکان لەدوورەوە ببینن وەڕێون نەکەن، ئەوە پێی ئەڵێن بورجی ئاگادارکردنەوە. واتە: لافاوی خوێناو قەلاَی بیری بردبووم و بورجیئاگادارکردنەوەمی وێران کردبوو.

(٦) واتە:خەم ئەقڵ و فامی لەئیشك چیوجووم-کەخەیاڵە-سەندبوو، وەدووکانچەی لەشم بێکەس مابووەوە.

(٧) تەریدە: طریدە، دەربەدەر، واتە: جەردەی دەربەدەرو پیاوکوژ بەهەلی زانیوو، سەرمایەی بوونمی دزیبوو کەدڵ و گیانمە.

(٨) واتە: کەخەبەرم بووەوەو هۆشم هاتەوە بەبەرما ڕوانیم بەم لاو بەولاما سەیرم کرد نەگیانم ماوەو نەدڵم لەداخانا دام بەسەرما.

لادیٔێش سەخت، ساتیٚوەی ڕۆوەی	واتم چارنییەن، مەربشون وەپەی[9]
دیم ناڵچەکەی داخ، دڵەی پڕچەهوون	شەقڵش هانەڕووی، گەرد ڕای دەروون[10]
ڕەوان تەرجەهەرس، وەصەدقەترەو دەو	تاوەمەکۆگەی، ئاسانەکەی ئەو[11]
لالآم و نالآم، حاشات موشکوڵەن	گیان فیدای تۆبو، یەبەڵگەی دڵەن[12]
سیوای تۆئازیز، نەیزەمانەدا	کێن گوزەر کەرۆ، بەیوێرانەدا[13]
نەنیم نیگایێ، نەکەرد تەماشا	چێدیش و یٚنەی ماڵ، یاران کەردحاشا[14]

(٩) واتە:تاوێك ئێش و ئازارم چەشت بەدەس ئەم کارەساتەوە، تاوێکیتریش هاوارو ڕۆڕۆم کرد، بەلآم ئاخری وتم کەڵکی نی‌یە ئەبێ بڕۆم بەدوایانا بزانم بۆکوێ براون.

(١٠) شەقڵ: نیشانە، واتە: سەیرم کرد داخ و خەفەتی دڵەکەی خوێناویم کەوەك ناڵ بەقاچیا داکوتراوە، نیشانەی بەجێ هێشتووە بەتۆزی ڕێگای دەرونمەوە.

(١١) هەرس: فرمێسك، قەترە: بارەقە، دەو: ڕاکردنی توند، مەکۆگە: جێگای مەکۆ، پاچاڵ، مەبەس شوێنی شاردنەوەی ماڵی دزینی‌یە.

ئاسانە: بەردەگا، واتە: منیش بەپەلە بەشوێن پی‌کەیاهاتم و ڕێگام هەڵ گرت، تاگەیاندمیە، مەکۆگای ئاسانەکەی ئازیزم.

(١٢) یە: ئەم، واتە: لێی پاڕامەوەو نالآندم لایاو، پێم وت دڵ و گیانم لای‌تۆیە، وەناتوانی حاشای لێبکەی، چش لەگیانم، بەلآم ئەم شوێن پێیە کەگەیشتووەتەبەردەرگاکەی تۆ، نیشانەی ئەوەیە کەدڵم لەلای تۆیە، بمدەرەوە.

(١٣) نەی: لەم، واتە: ئازیز، کێ‌بێ جگە لەتۆ لەم زەمانەدا ڕوو بکاتە ماڵی وێرانی من، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوە کەوا دڵ و گیانم لای تۆیە.

(١٤) واتە: نەسەیری کردم نەلایەکی لێکردمەوە، حاشای لەدڵ و گیانی منیش کرد وەك حاشای لەماڵی یاران کردووە، بۆیە وامنیش هۆش و دڵم نەماوە، وە ئەگەر نەیەم بۆ خزمەتی تۆ و یارانی تر عوزرم پەسەندە، مەولەوی لەم شیعرەیا بەشێوەیەکی ورد و جوان ئیشارەت ئەکا بۆ ئەوە کەخۆی دڵ و گیان بەخت ئەکا لەپێناوی یارا، بەلآم خەڵکی ماڵ بەخت ئەکەن. ل (١٥١-١٥٣)

* * *

-٥-(١)

جلیوەی جەلای جام دڵەی پڕ جەگەرد — فەرمات پەی تەزبیح، ها ڕەوانەم کەرد(٢)
پەری تۆ خاسەن، هەر شام تا سەحەر — هەر ژمارەی وەصڵ، باڵای دڵبەر کەر(٣)
نەک چون من وضوو، وە هووناو ئەستە — خەم سیواک، نمای مەینەتان بەستە(٤)
نێشتەی گۆشەی تار، نمازخانەی دەرد — ڕونەپای میحراو، هەناسان سەرد(٥)
وەی وضوو ونماو، وەی سیواکەوە — جەی گۆشەی میحراو، مزگی پاکەوە(٦)
دانەی مەرجانی، هەرس مەهجوری — هۆنیای تای کرژ، ڕشتەکەی دووری(٧)
پەی ژمارەی ذکر، کزەی ئێش و نێش — کافی‌یەن دیدەم، تەزبێحم پەی چێش(٨)

* * *

(١) جارێکیان شێخ (عوسمان سراجەدین)ی تەوێڵە، داوای تەزبیحێك لەمەولەوی ئەکات، ئەویش تەزبیحەکەی بۆ ئەنێرێو ئەم شیعرانەی بۆ ئەنوسێ.

(٢) جلیوە: خۆ دەرخستن، جەلا: ڕوناکی، واتە: ئەی ئەو دۆستەی کەهۆی پاك بوونەوە و ڕووناکی جامی دڵە پڕ لەتۆزەکەی منی، فەرموبوت بۆ تەزبیح وابۆم ڕەوانە کردی. لەهەندێ نوسخەدا لەجیاتی (گەرد)نوسراوە (دەرد).

(٣) پەری: بۆ، شام: ئێوارە، واتە: تەزبیح بۆتۆ باشە هەرلە ئێوارەوە تا سبەینێ ژمارەی گەیشتن بەباڵای یاری پێبکە. لەهەندێ نوسخەدا لەجیاتی (هەر شام و سەحەر)نوسراوە (هەر شام، هەر سەحەر).

(٤) وضوو: دەست نوێژ، ئەستە: سەندوو، گرتوو، نما: نوێژ، بەستە: دابەستوو، مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٥) نیشتە: دانیشتوو، تار: تاریك، واتە: نەك وەك من کەدەس نوێژم بە خوێناو گرتووە و خەم و مەینەت سیواکمە و نوێژی مەینەتم دابەستووە و لە سوچی تاریکی مزگەوتی دەردا دانیشتووم ڕووم کردووەتە میحرابی هەناسەی سارد.

(٦) وەی: بەم، جەی: لەم، مەعناکەی لەگەڵ شیعری دوایدا دێت.

(٧) مەرجانی: وەك مەرجان، مەرجان ڕوەکێکی سوری دەریایی‌یە، وەك پەنجەی دەست، هۆنیا: هۆنراوە، تا: تاڵ.

(٨) واتە: من بەم جۆرە دەس بەنوێژ و سیواك و نوێژەوە، وە لەم سوچە پاکەی میحرابی مزگەوتا، دەنکە دەنکەی فرمێسکی مەرجان ڕەنگی دوریم کە بەتاڵی کرژی دەزووی هیجران هۆنیومەتەوە، بەسمە بۆ ژمارەکردنی کزەی ئێش و دەردی خۆم، ئیتر تەزبێحم بۆچی‌یە گیانەکەم؟ ..... ل (١٥٤-١٥٥)

* * *

-٦- [١]

چەرخەیە تۆنی، ئەی مەیلەکەردی — بەختە یە تۆنی، شادی ئاوەردی [٢]
خەمە فرسەتیٚ، ئامانەن زامان — دەردە مۆڵەتیٚ، نامەی لەیل ئامان [٣]
تەحریر خوردەی، ڕێحان بێزەکەت — تەقریر شیرین، شەکەر ڕێزەکەت [٤]
یاوا وەسەروەخت، خەستەی دەردەکەت — مەڵهەم دا نەزام، دووری کەردەت [٥]
من کێنان خامەت، وەیادم کەردەن — حوسنت زیاد بۆ، پەی دڵان بەردەن [٦]
جەمینت هەرسات، نە جەلاییٚ بۆ — هەر جەلا پەی من، وە بەلاییٚ بۆ [٧]
نیم نیگات ڕەفیق، تیر ئەندازی بۆ — دڵەی من نیشان نەجان بازی بۆ [٨]
واتم مەیل دڵ، پەی کەسیٚ کەسەن — جەتەن خوای‌صوحبەت،ظاهیری وەسەن [٩]

---

[١] مەولەوی جارێکیان ئەڕوا بۆ تەوێڵە بۆ زیارەتی شێخ بەهائەدین، چەند ڕۆژیٚ لەویٚ ئەمێنێتەوە، بەلاّم چونکە شێخ نەخۆش ئەبیٚ‌ چ ناتوانیٚ چاوی پیٚ بکەویٚ، لەو بەینەدا شێخ نامەیەکی بۆ ئەنێریٚ و هەواڵی ئەپرسیٚ، ئەویش بەم شیعرانە وەلاّمی ئەداتەوە.

[٢] چەرخە: ئەی فەلەك، یەتۆنی: ئەمە تۆی، کەردی: کردت، مەعنای ئەم شیعرە و شیعری دوایی بەیەکەوە دیٚ.

[٣] خەمە: ئەی خەم، ئامان: هاتووە، واتە: ئەی فەلەك ئەمە تۆ بووی ئەم مەیلەت لەگەڵ کردم، وە ئەی بەخت ئەمە تۆ بووی شادی و خۆشیت هێنا، توخوا سا ئەی دەرد و خەم مۆڵەتم بدەن نامەی لەیلم بۆ هاتووە با بیخوێنمەوە.

[٤] تەحریر: نامەی نوسراو، خوردە: وردە، ڕێحان بێز: ئەو خەتەی کە خەتی ڕێحانی لەبەرچاو ئەخا. (ڕێحانی) جۆرە خەتێکە، تەقریر: قسە. شەکەر ڕێز: ئەوەی شەکری لیٚ ئەوەریٚ.

[٥] واتە: ئەی خۆشەویستەکەم نامە خەت وردەکەت گەیشت کە ئەوەندە جوان بوو، خەتی ڕێحانی لەبەر چاو ئەخست، وە قسە جوانەکانت هاتن کە شەکریان لیٚ ئەوەری، وەکەوتنە فریای دۆستەکەت، کە گرفتاری دەردتە، وە بوون بە مەڵهەم بۆ ئەو برینانەی کە بەهۆی دوری تۆوە پەیدا بوون.

[٦] واتە: من کێم قەڵەمەکەی تۆ هێناومیەتەوە یاد، یاخوا جوانیت هەمیشە ڕوو لە زیادی بیٚ بۆ فڕاندنی دڵی دڵداران.

[٧] جەمین: جەبین، ڕوخسار، واتە: یاخوا ڕوخسارت هەر تاویٚ تیشکێك بداتەوە، وەهەر تیشکدانەوەیەکی بەلایەك بیٚ بۆ من.

[٨] واتە: یاخوا هەمیشە ڕوانینت بەلاچاو وەك تیرتەقاندن وابیٚ بۆ کوشتنی یاران، وە دڵی منیش ببیٚ بە نیشانەی و لە گیان بەخت کردنا بێت.

[٩] تەن خوا: جیاتی، وەسەن: بەسە، موعنای ئەم شیعرە و شیعری دوای پێکەوەدیٚ.

خەیاڵم کەفتەی، ئاسانەکەی تۆن چ حاجەت ظاهیر ئاماو ئامۆشۆن [10]
دیام خەیر دوریت، زۆرش ئاوەردەن ئامانێ بەڵکم، ئینە چەپ کەردەن [11]
هەرپاسە شادیش، نی‌یەن بەینەتش بەڵ بێ بەقابۆ، سزاو مەینەتش [12]
سێر ساوون وەچەم، ئەو پەڵەی بێ گەرد چێش هەرزیادەرد، دەردوەبان دەرد [13]
وەشڵە وەمەینەت، وەخت مەهجوری صەدرەحمەت ئەوەبر دووری‌و ڕەنجووری [14]
ئەرصەدتۆی دەروون،پەرێت قەقنەس بێ یانەی دڵ وەیاد ئاوا بی بەس بێ [15]
ئیسە حەسرەتان، بیم بەد ئەندێش هەریەک جەلایێ،مەکێشۆم پەی‌وێش [16]
خصوص تۆ وەی ڕەنگ، مەوینوون دڵگیر چمان دەروونم مەپێکان وە تیر [17]

---

(10) واتە: وتم بۆ کەسێ کە کەسبێ، خۆشەویستی دڵ بەسە و پێویست بە هاتنی خۆی ناکا، منیش خەیاڵم هەمیشە لەبەر دەرگای تۆدا کەوتووە، ئیتر چ ئیحتیاجیەکم هەیە بۆ هاتوچۆی ئاشکرا.

(11) دیام: سەیرم کرد، مەعنای لە دواتر دێ.

(12) هەرپاسە: هەروەك، بەینەت: وەفاو بەین.

(13) سێر: تێر، ساوون: بسوم، چێش: کەچی.

واتە: بەلاًم دیتم سودی نی‌یە، دوریت زۆری هێناوە بۆم وتم بابڕۆم ئەمە خوایە گەردون وەك خۆشی‌یەکەی زۆر دەوام ناکا. بەڵکو سزا و مەینەتیشی زۆر درێژە نەکێشێ وەچاوم بەیاربکەوێ و تێر تێر کەوشە بێ گەردەکانی بێنم بە چاوەکانما، کەچی دەردی زیاد کردم و چاوم بەیار نەکەوت.

(14) وەشڵە: خۆزگە، ئەو:لە، مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوەدێ.

(15) ئەرصەد: هەرچەند. پەرێت: بوت. واتە خۆزگە بەدەردو مەینەتەکەی زەمانی دووری، وەرەحمەت لەو گۆڕە تاریکەی فیراق، کە ئەوسا تیا ئەژیام، هەرچەند دەروونم بۆت سوتا بوو، وەبوو بوو بەقەقنەس، بەس نەبوو ماڵی دڵم بەیاد کردنەوەت ئاوەدان بوو.

(16) بیم: ترس، بەد ئەندێش: ڕەقیبی نیاز خراپ، مەکێشۆم: ڕام ئەکێشێ، واتە: ئێستا داخ و خەفەت و ترسی بەدکار هەریەکە لە لایەکەوە ڕام ئەکێشن بۆلای خۆیان.

(17) چمان: وا ئەزانم، واتە: بەتایبەتی تۆ بە ڕەنگێ خەفەتبار ئەبینم وا ئەزانم دڵیان بەتیر پێکاوم. ئەش گونجێ شیعرەکە بەم شێوەیە بێت: (چەمان دەروونم ...تاد) چونکە لە نوسینی کۆنی کوردیدا لە جیاتی جوولە (حرکە) پیت (حرف) دانەئەنرا وەك ئێستا، (چمان) و (چەمان) وەك یەك ئەنوسران.

بەم پێیە مەعنای شیعرەکە بەم جۆرەی لێ دێتەوە: بەتایبەتی هەرکەتۆ بەم ڕەنگە ئەبینم چاوەکانم دڵم بە تیر بریندار ئەکەن، چونکە ئەو چاوپێکەوتنە ئەبێ بەهۆی خەمباربونی دڵم.

خەریک مەوج گێجاو دەردەن | زوانم دایم ویردش ئەی فەردەن:[18]
من نەبوون ئازیز، گەردەن بلووری | کێن ڕەحمەت کەرۆ،وەصڵش نەدووری[19]
خاس بی ئەر صەد جار، شادی وەبادبیم | دووراو دوور وەدین، ئاسانەش شادبیم[20]
ئیسەها فەڵەک کەڵەک بەستەوە | تۆرِدا و دووریش ها بە دەستەوە[21]
خەفەت وا دەتەن، مەینەتان سادەی | وەخت بارانەن ئەسرین دەیپەیکەی[22]
ئازیزت ئاستەن هاوە دماوە | تەنە بۆ بیٚگیان ساشۆ وەڕاوە[23]
شنەفتم گیانم باڵاتووڵ نەی | ئیرادەت کەردەن چەنیخەستەت بەی[24]
مەگەر پای تەدبیر بەدبەختی ڕێش بۆ | گیان هەوایصوحبەت جەستەکەم پێش بۆ[25]
وەرنە شێتە وێم دڵ وەشی دڵەن | گیان جەتەن بەرشی ئاناش موشکوڵەن[26]

---

(١٨) ویرد:دۆعای سەرزمان، مەبەست قسەیەکە هەمیشە بوترێتەوە، مەعنای لەدواوەدیٚ.

(١٩) نەبوون: نەبم، واتە دڵم گرفتاری شەپۆلی دەریای دەردەو هەمیشە ویردی سەرزمانم ئەوەیە ئەڵێم: ئازیزە گەردن وەك بلوری بیٚ گەردەکەم، من ئەبیٚ چ عاشقێکی تر ئەوەندە چارە ڕەشە کە بە یار گەشتنەکەی خۆزگە بەدوری بخوازیٚ لەبەر کە هیچ کەڵکێکی لەخۆی دەستگیر نەبوبیٚ.

(٢٠) باد: با، واتە: باش بوو جاران هەرچەندە هەرچەند شادی و خۆشیم درابوو بە با، بەلاَم خۆ هیچ نەبیٚ دوراو دور، دڵم بە دیتنی بەردەرگاکەی خۆش بوو.

(٢١) واتە: کەچی وا ئێستا گەردوونی چەپ گەرد کەڵەکی بۆ نامەوەو توورداوی دوورخستنەوەی گرتووە بە دەستیەوە. مەبەستی مەولەوی ئەوەیە کە تەوێڵە بەجیٚ ئەهێڵیٚ و ئەگەڕێتەوە. کۆکردنەوەی (کەڵەك) کەپێی ئەپەڕنەوە لە ئاو، لەگەڵ (توورداو) کەهی ماسی گرتنە، تەعبیرێکی ناسکە لەم شوێنەدا چونکە گەڵیٚ جار ماسی گر سواری کەڵەك ئەبیٚ و ئەچیٚ بۆ ماسی گرتن.

(٢٢) پەی کەی: بۆ کەیت هەڵ گرتووە. مەعنای لە دواترەوە دیٚ.

(٢٣) ئاستەن: بەجیٚ هێشتووە. تەنە: ئەی لەش، بۆ: بی، شۆ: بڕۆ. واتە: ئەی خەفەت ئیتر وادەتەو ئەوا مەینەت، داباریٚ بەسەرما ئەی فرمێسك تۆ سەرەتە خۆت بۆ کەی هەڵگرتووە، وەك باران دارژێ، چونکە ئازیزتان -کە گیانمە- لای یار بەجێماوە و لەشم بەتەنیا گەڕاوەتەوە. مەولەوی ئەمجا ڕودەکاتە لەشیو پێی ئەڵێ: ئەی لەش تۆش بەبیٚ گیان بی بەڕێوە. لەشیعرەکانی لەمەو پاشیشدا ڕووی قسە ئەکاتە گیان و لەگەڵ ئەو ئەدویٚ.

(٢٤) شنەفتم: بیستم، نەی: قامیش، چەنی: لەگەڵ، بەی: بیست. مەعناکەی لەدواوەدیٚ.

(٢٥) ڕێش: بریندار، هەوا: ئارەزوو، صوحبە: هاوڕێیەتی. پێش: پێی، لەگەڵی.

(٢٦) شێتە: شێتۆکە، نەفام، واتە: بیستومە ئەی گیانە وەك قامیش لەریوەکەم، ویستوتە لەگەڵ هاوڕێدا ببیت کە لە شمە، بەلاَم مەگەر قاچی تەگبیرکردنی بەدبەختی

-٧- [١]

دەرمان زامان، دەردەکەی کاریم | هام ڕاز ناڵەی،شەوان بێداریم
ڕاحەتیی جەستەی مەینەت بارەکەم | تەسکینی دڵەی، پڕجە خارەکەم
نامەو هەدیەی دۆستانەت یاوا | تەصدیعت کێشا،خەیلێ ماڵئاوا
ڕەویەی بوزورگیت،وە جا ئاوەردەن | غەریب نەوازیت، وەپیشە کەردەن
بەڵام بینایم، من دۆست گیانیم | نەک چون بێشەرتان نانیوزوبانیم [٢]
دڵم وە مۆبەت، مەیل تۆشادەن | ئەی تەعارفە، جەلام زیادەن [٣]
خصوص من صەرعیو، لێوەو وێڵ تۆم | سەودایی خەمبار، ئەڕاگێڵ تۆم [٤]
پەی تۆ خاطرم، پڕ نێش و خارەن | پەی تۆزیندەگیم،چون ژار مارەن [٥]
دەروونم دایم،جەهوون کەیل تۆن | حەیاتم وەشەوق، هەوای مەیل تۆن [٦]
هەرگا دیم وەچەم،شێوەی بالاکەت | بۆسام خاک پاو،گەرد پالاکەت [٧]
ئانە گرد مایەی کامەرانی مەن | ئانە گرد وەشی وشادمانی مەن [٨]
وەرنە ئیسە من،هوون دڵ وەردە | قامەت سەنگیبار،خەمان خەم کەردە [٩]
دەروون وە مەودای، دووریت بییەن ڕێش | هەی خاکم وە سەر،سەوقاتم پەیچێش [١٠]

شکابێ تۆ بتوانی ئارەزوو بکەی ببی بە هاوڕێ ی لەشم لەگەڵیا بگەڕێیتەوە، ئەگینا قوربەسەرم مەگەر بەم جۆرە ئارەزووانە، هەر دڵخۆشی خۆم بدەمەوە، چونکە کە گیان لەلەش دەرچوو زەحمەتە جارێکی تر بگەڕێتەوە. ل (١٦٦-١٧١).

* * *

[١] مەولەوی ئەم غەزەلەی بۆ دۆستێکی نوسیوە کە دیاریەکی بۆی ناردبوو، دوریش نیە ئەو دۆستە شێخی تەوێڵە بوبێ.
[٢] واتە: ئەی بینایی چاوم من دۆستی گیانیم نەك وەك بێ وەفایان دۆستی زمان و نانی بم بە هیوای دەستکەوتێ بم.
[٣] مۆبەت: موحیبەت، تەعارف: خۆ ناساندن، مەبەستی دیاری ناردنە.
[٤] صەرعی: ڨ دار، لێوە: کەف چەرین، ئەراگێل: بەدوادا گەڕاو. لە بنچینەدا دوو وشەیە (ئەرا) واتە (بۆ) وە (گێڵ) گەشت. لە هەندێ نوسخەدا نیوەی دووەمی ئەم شیعرە بەم شێوەیە نوسراوە: سەودای ئەراگێڵ لەعل لێل تۆم.
واتە: نەخۆش کەوتووی گەڕانم بەدوای لەعلی لێڵی لێوی تۆدا.
[٥] خاطر: دڵ، نێش: ئیش، زیندەگی: ژیان. [٦] هوون: خوێن، کەیل: پڕ.
[٧] گا: کات، بۆسام: ماچم کرد. [٨] ئانە: ئەوە، گرد: هەموو، وەشی: خۆشی.
[٩] وەرنە: ئەگینا، وەردە: خواردوو، خەم: چەماوە، مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دواییدا دێ.

-٨- (١)

دەلیل وادەی،سەر سەراوەکەم — بینایی دیدەی،شەوبێخاوەکەم [٢]
ڕەفیق سەرحەد،ئەقلیم دەردان — ناخودای کەشتی،بەحرەکەی هیجران [٣]
ئوستادی تەعلیم، دەرس مەجنونیم — دەس گیر ڕاگەی، سەختیو زەبونیم [٤]
شەمع بەزمگەی، مەهجوریو دووری — میعمار ئەساس، پایەی سەبوری [٥]
مەصقەڵ چیی سەولا، ئاینەکەی دڵ — غەواص دانەی، دەریاچەی موشکول [٦]
خەم نەوەخت بەزم، فەرمان فەرماشەن — شادیم ئەلوەدای، جەلەیل جیاشەن [٧]
من خۆپایخەمان،سامان سامکەردەن — دەک بمرم هانات، بەمن ئاوەردەن [٨]

---

(١٠) مەودا: تیغ، ڕێش: بریندار، سەوقات: دیاری.
واتە: ئەگینا ئێستا من کە خوێنی دڵی خۆم ئەخۆم و باری قورسی خەم و مەینەت پشتمی چەماندووەتەوە و دەرونم بە تیغی تیژی دووریت بریندار بووە، هەی قوڕم بە سەر، دیاریم بۆچییە؟ ل (٢١٩-٢٢١).

* * *

(١) جارێکیان شێخ بەهائەدین ئەنێرێ بەدوای مەولەویدا بۆ ئەوەی بەسەفەر بینێرێ بۆ شوێنێك و ئیشێکی پێ بسپێرێ، مەولەویش پێی ناکرێ بڕوا، لەوەڵاما ئەم پارچە هەڵبەستە بۆ شێخ ئەنێرێ.
(٢) وادەی سەرسەراو: کاتی بردن بۆسەر ئاو بۆ شۆرین پاش مردن.
واتە: ئەی ڕێنمونی کەرم لە کاتی مردنما، ئەی بینایی چاوەکانم کەشەو خەویان نییە.
(٣) ناخودا: کەشتییەوان، واتە: ئەی هاوڕێم لە سنوری وڵاتی دەرد و مەینەتا کە ئەمپارێزی، وە ئەی کەشتییەوانی ناو دەریایدووری کە ئەم گەیەنێتە جێ.
(٤) ئەی مامۆستا یەك کەوانەی عەشقت فێر کردم.
(٥) میعمار: وەستا بەنای بەناوبانگ، واتە: ئەی ڕوون کەرەوەی دڵم لەکاتێکا کەبەهۆی دووری دۆستانەوە دنیام لێ تاریك ئەبێ، وەئەی دروستکەری بنچینە دیواری خۆڕاگرتن و بوردەباریم.
(٦) مەصقەڵ چی: سپی کەرەوە، سەواد: ڕەشایی، غەواص: ئەوەی خۆی لەبنی دەریادا نوقم ئەکاو گەوهەر دەردێنێ. واتە ئەی ڕۆشن کەرەوەی ئاوێنەی ڕەش بووەوەی دڵم، وەئەی دەرهێنەری گەوهەری مەعنا لەدەریای ئەو باسە عیلمییانەدا کەزانینیان گرانە.
(٧) فەرمان فەرما: حوکمڕان، ئەلوەدا: ماڵئاوایی، واتە: خەم و مەینەت وا لەبەزمی فەرمانڕەوایی و سەرداریدا، وەشادی خەریکی ماڵئاوایی کردنە، بەبۆنەی جیابوونەوەیەوە لەمن.

وەمەرگت دایم، زامم هەر بەسۆن دەرد وێم كەمەن، ئەمجار نۆبەی تۆن[9]
پێسە مزانی، هیچم كەم نی‌یەن وێران یانەكەم، وێت وەچەم دی‌یەن[10]

* * *

-٩-[1]

ڕەفیق مەحرەم عیجز و سرورم حەكیمەكەی ئێش، زام ناسۆرم[2]
ئاو یارەكەی، سەوزەی ئارەزووم دانا بە گردین، ڕاز كۆنە و نۆم[3]
دەماخ وەنەشئەی، سەر بەرزان كەیل مورشید میراو، سەر جۆی با دەكەیل[4]
ئەنیس و مەجلیس، عەیش و نیشاطم دەسگیر ڕاگەی، هات ونە هاتم[5]
جڵە و كێش زەوق، ئاهووی ڕەوێڵم بەزم ئارای مەجلیس، كەمەن وەپێڵم[6]

---

[8] سامان سا: تەخت وەك زەوی، واتە: قاچی خەفەت منی لەگەڵ زەویدا تەخت كردووەو پلیشاندوومیەتەوە، كەچی تۆش هانات هێناوەتە منی بیّ دەسەڵات كەئەو ئیشەت بۆ بكەم.
[9] واتە: قەسەم بەمەرگت زامی دڵم هەمیشە سۆی پیادێتەوە، ئەنجا بەمەعناوە دەڵیّ: دەردی خۆم كەمەو هەر هی تۆی ناتەواوە بائەویشی بێتەسەر.
[10] پیسەمزانی: وادەزانی، واتە وائەزانی هیچم كەم نی‌یەو حاڵم ڕێك و پێكەو لەسەر خۆیەتی، خۆتۆ بەچاوی خۆت ماڵە وێرانەكەمت دیوەو ئەزانی چۆنە، ئیتر چۆن تەكلیفی وام لیّدەكەی. ل(٢٣٦-٢٣٨).

* * *

[1] مەولەوی ئەم قەصیدەیەی بۆ شێخ سراجەدین نووسیوە.
[2] واتە: ئەی هاوڕێی مەحرەمی خۆشی و ناخۆشیم، وەئەی تیماركەری برینی بە ناسۆر كەوتووم
[3] ئاویار: ئاودێر، واتە: ئەی ئاودێرەكەی پەلە دەغڵی هیوام، وە ئەی شارەزای هەموو برینێكی كۆن و تازەم.
[4] واتە: ئەی ئەو كەسەی كە لوتت پڕبووە لە بۆنی خۆشی پایەی بەرزی بە خوا گەیشتن، وە ئەی ڕیّ پیشاندەری كەوەك میراوی جۆگەی شەرابی خۆشەویستی وای.
[5] ئەنیش: ئولفەت پێوەگیراو، واتە: ئەی هاودەمی مەجلیسی خۆشیم، وە ئەی دەسگیرم لە ڕێگای هات و نەهاتدا.
[6] ڕەوێڵ: گەلە، پێڵ:كەلەكە، واتە ئەی ڕاكێشەری جڵەوی ئارەزوی گەلە ئاسكەكان كە مەنسوبەكانن ئەیانهێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست، وە ئەی ڕازێنەرەوەی مەجلیسی ئەوانەی كە مەندیان بەستووە بۆ عیبادەت. لە تەریقەتی نەقشبەندی یا ئوسوولە

وەمەرگت بەند خەم، جەلام بی‌یەن جەم	لاو هوون گرتەن، پای شەرم مەحکەم (٧)
زنجیر مەینەت، پای گورێز بەستەن	مارەکەی‌دووریت،ڕیشەی دڵ گەستەن (٨)
سامان سام کەردەن، دەردەکەی فیراق	بۆی تاڵی دووریم، مەیۆ نەمەزاق (٩)
جەوساوە ئازیز، لێم نادیارەن	سەیر کائینات، نەدیدەم خارەن (١٠)
ئامۆشۆی یانەم، کەردەن و یانە	یەکسانەن، جەلام، قەوم و بێگانە (١١)
ئیلتیجام بە تۆن، جای هانامەنی	نەبەیدای هیجران، ڕەهـ نومامەنی (١٢)
ئەمجار تەن خەستەی، زار و ڕەنجووریم	کارێزە ڕێزەی، کارد مەهجووریم (١٣)
گرمەی‌کورەی دەرد،کۆی تاقەت تاوان	بۆی‌سفتەی‌جەرگم، وەگەردوون یاوان (١٤)
هەر ڕۆجەیحونێ، مەرێزۆنە چەم	سارای دڵ بی‌یەن، وەهووناو چەم (١٥)
هەر ساتێ دەردێ، سزا مدۆ پێم	یەک ئان زیندەگیم،حەرام بی‌یەن لێم (١٦)

سۆفیەکان دەستە و ئەژنۆ دائەنیشن وە قایشێك لە پشتیانەوە دێنن و لەسەر ئەژنۆیان توندی ئەکەن.

(٧) واتە: قەسەم بە مەرگت ئەوەندە خەم و خەفەت کۆبووەتەوە لام، وە ئەوەندە گریاوم و لە جیاتی فرمێسك خوێن لە چاوم هاتووە، ئێستا لافاوی خوێن پێی شەرمی بەستووم و ناتوانم بجولێمەوە

(٨) گورێز: ڕاکردن، واتە: زنجیری مەینەت پێی ڕاکردنی بەستووم و ماری دووریت ڕیشەی دڵی گەستووم.

(٩) واتە: دەردی دوری‌لەگەڵ زەوی‌تەختی کردوم و ئێستا بونی تاڵی‌ی دوری لەدەمم دێ.

(١٠) واتە: لەو کاتەوە کە ئازیزم لێ دیار نی‌یە، هەرچی سەیری خەڵك بکەم وا دەزانم درك ئەچێ بەچاوما.

(١١) ویانە: بیانوو، واتە: ئامۆشۆی ماڵم کردووە بەبیانوو بۆ دەرنەکەوتن، ئەگینا قەوم و بێگانە وەکو یەکن لەلام.

(١٢) ئیلتیجا:پەنا، هانا: دەسەودامێن بوون، بەیدا: بیداء، دەشت، واتە: پەنام بەتۆیەو دەسەودامێنی تۆ بووم، چونکە تۆی لە دەشتی دووری یا ڕێگام پیشان ئەدەی.

(١٣) واتە: لەشم بەهۆی نەخۆشیەوە، یەکجار ناڕەحەتە، وە دڵم بە چەقۆی دووری پارچە پارچە بووە.

(١٤) واتە: گرمە گرمی کورەی دەردم کێوی سەبر و بوردەی باریمی تواندووەتەوە، وە بوونی جگەری سووتاوم بە هەموو لایەکا بڵاوبۆتەوە.

(١٥) واتە: هەر ڕۆژێ ئەوەندەی چەمی جەیحون فرمێسك لە چاوەکانم ئەڕژێ، وەتەختانی دڵم بووە بە چەمی خوێناو.

(١٦) واتە: هەرتاوێك دەردێك سزام ئەداو وام لێهاتووە بەیەکجاری ژیانم لێ حەرام بووە.

دەخیل تاهالآتەن، نەویەن وەگەرد　　　سفتەش نەبەردەن،وەناڵەکەی دەرد [17]

ڕجاکەر (احمد) لوطفش بۆ چەنیم　　　خەجاڵەتی ی بەرز (کریم) نەیۆ پێم [18]

وەرنەهامردم، تۆ بای سلآمەت　　　باهەر بمانۆ، تا ڕۆی قیامەت [19]

* * *

-١٠-[1]

شێخ دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی　　　یاگەی حەقیقەت جیلوەی ئەحمەدی [2]

جە شەو هەوارگەی، فەنا ویەردە　　　پای هەردەی بەقا، یا تاغگە کەردە [3]

منصف بە وەصف، شأنی و صفاتی　　　مشرف بە فەیض، تجلای ذاتی [4]

خەلیفەی صەدای (أدن) شنەفتە　　　بەڵەدنە سارای ئەطوار هەفتە [5]

---

[17] هالآ: هێشتا، سفتە: سوتاو. مەعنای ئەم شیعرە بەستراوە بە شیعری دواییەوە، لە هەندێ نوسخەدا لە جیانی (نەبەردەن) نووسراوە (نەوەردەن) واتە: نەخواردووە.

[18] واتە: دەخیلتم تا لاشەم نەبووە بە تۆز و گەرد خۆڵە مێشەکەی بەدەم ناڵی ئەسپی خۆیەوە نەداوە بەبا، تکا بکە بەڵکو پێغەمبەر (د.خ) لوتفی لەگەڵم ببێ و شەفاعەتم بۆ بکا، بەڵکو خەجاڵەتی حوزووری خوا نەبم لە قیامەتا.

[19] بای: بیت، واتە: ئەگەر واناکەی وا ئەوا من مردم تۆ سلآمەت بی، با دەرد و مەینەتەکەشم تا ڕۆژی قیامەت بمێنێتەوە. ل (٢٦٤-٢٦٧).

* * *

[1] مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لەوەلآمی نامەیەکی شێخ سراجەدینا وتووە، کەگلەیی کردبوو لێ ی بۆچی نامەی بۆ نانوسێ.

[2] بەهرە: خواداو، سەرمەدی: نەبڕاوە، واتە: ئەی شێخێ کەلە بەش و بەهرەی نەبڕاوەدا دەوڵەمەندی، وە جێگای دەرکەوتنی نوری ڕاستەقینەی پێغەمبەری.

[3] شەوهەوارگە: ئەو شوێنانەی کە کۆچەری بە ناچاری ئەیکەن بە مەنزڵ، یاتاغگە: جێگای یاتاغ. واتە: ئەی شێخێ کە عالەمی فەوتانت بەجێ هێشتووە و لە عالەمی مانەوەی هەمیشەیی‌دا جێگات گرتووە.

[4] واتە: ئەی شێخێ کە ئەو صافی فیعلی و زاتیت هەیە، وە بەرەکەتی دەرکەوتنی نووری زاتی خوا لێی داوی، ئەو صافی فیعلی ئەو صیفەتانەن کە مەعنای کردن بگەیەنن وەك ڕێ پیشان دان و یارمەتی دان، ئەو صافی زاتی یش ئەو صیفەتانەن کە لە شەخس خۆی‌دا هەن، وە لەو لانادەن وەك زانین و توانا.

[5] ادن:نزیك بەرەوە. مەبەست لەوەیە کە خوا لە شەوی میعراجا بە پێغەمبەری فەرمووە لێ ی نزیك ببێتەوە. ئەطوار هەفتە: حەوت حاڵەکە. ئەهلی تەصەوف ئەڵێن مرید ئەبێ بە حەوت حاڵدا تێبپەڕێ تا ببێ بە مورشیدی خەفی، ئەخفا، نەفس، تەبیعەت، واتە:

واسیطەی ڕاگەی بەین عیلم و عەین
صاحیب جناحێن، یەعنی ذی النورین [٦]

پیرپاک جەگەرد، خاک ناسووتی
مەنزڵگەی سەربەرز، سەرمەلە کووتی [٧]

دڵ وە نەوای بەزم، جە بەڕووت ئاوا
سێراو سەراو، لاهوتی ماوا [٨]

(جسما لدینا، روحا لدیە)
دائیرەی تەمام (منە الیە) [٩]

بێ تەلوین نەسای، تەمکین دا مەکین
(روح اللە، روحــــە آمیــن) [١٠]

نامەی ڕۆح ئەفزای شیرینت یاوا
دڵ وەمەر دومەک، دوو دیدەش ساوا [١١]

تۆی دەروون وەنوور، صەفا دا پەرداخ
بۆی ئاشناییم دا، نەرووی دەماخ [١٢]

دەرگای حوقەی لاڵ، دانەت شکاوان
جەرووی لوطفەوە، ئینەت فەرماوان: [١٣]

ئەی شێخێ کە جێنشینی ئەو پێغەمبەرەی کە بانگی (نزیك بەرەوە)ی بیستووە لە خوا، وە لە مەیدانی ئەو حەوت حاڵەدا شارەزای کە بەسەر مریدا تێ ئەپەڕێ.

[٦] واتە: بۆ خوا ناسین دوو ڕێگا هەیە، ڕێگای زانست کەهی زانایانە، وە ڕێگای لە حەقیقەت گەیشتن کەهی ئەهلی تەصەوفە، وە بەهۆی تۆوە ڕێگای یەکەمیان: ئەبەستڕێ بە ڕێگای دوهەمەوە، وە زانایان شارەزای ڕێگای دوهەمیش ئەبن، وە تۆ خاوەنی دوو باڵی کە عیلمی ظاهیر و باطنە، مەولەوی نەزاکەتێکی جوانی کردوە لە دانانی صیفە (ذي النورين) دا کە لەقەبی حەزرەتی عوسمانی خەلیفەی سێیەمە بۆ شێخی سراجەدین کە ئەویش ناوی (عوسمان) بووە.

[٧] ناسووت: جیهانی ئادەمیزاد، مەلەکوت: جیهانی مەلائیکەکان. واتە: ئەی شێخێ کە گەرد و خۆڵی جیهانی ئادەمیزادت پێوە نەماوە، وە لەسەروی جێگای مەلائیکەکانەوە جێگات بۆ خۆت دروست کردووە.

[٨] نەوا: ئاوازە، جەبەڕوت: هێزی خوا، سێراو: تێراو، لاهوت: خوایی. واتە: ئەی شێخێ کە دڵت بە ئاوازەی بەزمی تەئسیری خوا ئاوەدانە، وە کانیاوی فەرمانی خوات کردوە بە جێگەی خۆت و لێی تێراو بووی.

[٩] واتە: ئەی شێخێ کە بەلەش لای ئێمە و بەدڵ لای خوای، وە دائیرەی مەعنەویات لە خۆتەوە دەست پێ ئەکاو لە خۆتا دوایی دێ.

[١٠] تەلوین: ڕەنگ کردن، مەبەست گۆڕینی وەزعە، تەمکین: جێ گرتن، مەکین: جێ گرتوو، واتە ئەی شێخێ کە لە سێبەری دامەزراوی و نەگۆڕانی وەزعدا جێگەت گرتووە، خوا گیانت تواناتر و بەهێزتر بکات.

[١١] مەردومەك:بیلبیلەی چاو، واتە: نامە گیان بەهێز کەرەکەت گەیشت، دڵم هێنای بە بیلبیلەی چاوەکانیا.

[١٢] واتە: بە تیشکی خۆشی ناوی دڵی بوژاندمەوە و بونی ئاشنایی کرد بە لووتما.

[١٣] حوقە: سندوق، لاڵ: لەعل، مەعنای ئەم شیعرە بەستراوە بە دوو شیعری پاشەوە.

یا کاغەز بڕیان یامەلاّ مەردەن	یاخۆ عارتەن، دۆس وەیاد کەردەن
غەمگین مەنیشە، غەم بدەر وەباد	فەلەک نمازۆ، کەس وە خاطر شاد [١٤]
ئەوەڵ من کێنان، وجودم جە کۆن	واچوون دۆسەنان، شەرت قەبووڵ تۆن [١٥]
ئەر وە بێگانە وەر، خۆیشم زانی	تۆ حەساوەنی، وەهەرچیم وانی [١٦]
دووەم، چوون کەسێ گەدایی کێش بۆ	یاد تواضع، خەصڵەت وێش بۆ [١٧]
ئەر بارۆ نەدڵ، نواضع کەردەن	هەر عادەت وێش، وەجا ئاوردەن [١٨]
بەلاّم هەرکەسێ، شێخی میسالەن	عادەت ئیستیغنا و، شێوەش جەلالەن [١٩]
ئەر جار جارێ نام، چوون منێ بەرۆ	خرق العادەتێ، ظاهیر مەکەرۆ [٢٠]

* * *

---

(١٤) واتە: دەرگای سندوقی دەنکە لەعلت شکاندووە کە لەڕووی لوتفەوە فەرمووتە. یا کاغەز براوە تا لێ ی بنوسی بۆم، یا مەلا مردوە تا بینوسێ، یا عەیبت لێ دێ یادی دۆستانت بکەیتەوە؟ وە فەرمووتە بە خەفەتباری دامەنیشە و خەمت بدە بەبا، چونکە فەلەك کەس بە دڵشادی ناهێڵێتەوە.

(١٥) کینان: کێم، کون: کوێیە، مەعنای ئەم شیعرە بەستراوە بە شیعری پاشەوە.

(١٦) حەساوەنی: حسێبی، وانی: بخوێنێتەوە.

مەولەوی بەم شیعرانە وەڵامی گلەیی شێخ ئەداتەوە و ئەڵێ: یەکەم من چیم تا بڵێم دۆستی تۆم و نامەت بۆ بنوسم، شەرت ئەوەیە تۆ بەدۆستی خۆتم پەسەندکەی، چونکە هەر تۆ حسێبی بە دۆستم دانیێ یا بە بێگانە.

(١٧) کێش: پەیڕەو، مەعنای ئەم شیعرە بەستراوە بە شیعری دواوە.

(١٨) واتە: دووهەم ئەگەر هەژارێکی وەك منی خۆ بەکەم زانیو بیەوێ نامە بنوسێ و خۆی بەکەم بداتە قەڵەم ئەوە شتێکی سەیری نەکردوە، چونکە ڕەوشتی خۆی هێناوەتە دی.

(١٩) مەعنای بەستراوە بە دواوە. (٢٠) بەرو: ببا، فرق العادە: شتێ لە عادەت بەردەر.

واتە: بەلاّم هەرکەس وەك شێخەکەی من وابێ و بێ ئیحتیاج بێ لە خەڵك و خۆی نەداتە قەرەیان، ئەگەر جار جارێ ناوی یەکێکی وەك منی بیربکەوێتەوە و نامەیەکم بۆ بنوسێ، ئەوە شتێکی کردووە لە دەستی کەس نەیەت. ل (٢٩٨-٣٠١).

-١١-[١]

شیفای ئێش و نێش، ئەی زامان سەخت ضیایدیدەودڵ،مەعدوومیی بەدبەخت[٢]
دەستەی وەنەوشەی، پەڵ دێزت یاوا بۆش بۆیوەفایلەیل، نەدەماخ ساوا[٣]
گەرد دەرد ڕێش، دەروون بەردەوە عەشقەکەی قەدیم، تازە کەردەوە[٤]
سەودای وەنەوشەی، پەڵ دێز باخان هەوای گوڵاڵان، سەرکاوان زاخان[٥]
پەی کەسێ خاسەن، ئەوەڵ دەردش بۆ ئیبتبدای خێزیای، دوود سەردش بۆ[٦]
کەرۆ مەشق عەشق، وێنەی منالآن گا سەیر کاوان، گابۆی گوڵاڵان
نەک چۆن من صەرعی، سادار مەردە لافاو دەردان دڵ، وێران کەردە[٧]
کورەیعەشق دڵ، هەریەندجۆش وەردەن گوڵاڵەم چون وێم،فەراموش کەردەن[٨]

* * *

---

* * *

[١] مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ شێخی ضیائەدین نووسیوە لەوەڵامی ئەوەدا کەئەو چەپکەیە یەك وەنەوشەی بۆ نارد بوو.

[٢] ئەی: ئەم، ضیا:ڕۆشنی، ئیشارەشە بۆ لەقەبی ضیائەدین.

[٣] واتە:چەپکە وەنەوشە پەل سەوزە تۆخەکەت گەیشت، بۆنە خۆشەکەی بۆنی وەفای لەیلی دا لەلوتم، مەبەست لەلەیل شێخی ضیائەدین خۆیەتی.

[٤] واتە: تۆزێ دەردی دڵە بیمارەکەمی لابرد.

[٥] سەودا: ئارەزوو، مەعنای ئەم شیعرە و سێ شیعری پاشەوە پێکەوەدێ.

[٦] خێزیا: هەڵسان.

[٧] صەرعی: فێدار، سادار: کەسێکە هەر لە خۆیەوە لە هۆشی خۆی بچێ. واتە: ئارەزو کردنی وەنەوشەی پەل دێزی ناو باخەکان و حەزکردن لە گوڵی سەربەرزایی و زەرد و ماکان بۆ کەسێ باشە کە سەرەتای دەردەدار بوون هەڵسانی دوکەڵی هەناسە ساردی بێ، وە وەك منالآن تازە فێری دڵداری ببێ و تاوێك بۆ شاخەکان بڕوانێ و تاوێك بۆنی گوڵ بکات، نەك وەك منی فێدار بێ هۆشی مردوو کە لافاوی دەرد دڵی وێران کرووم.

[٨] واتە:مـن تـەنووری عەشـقم ئەوەنـدە بـەتاوە لـەتاوا گوڵیشـم وەك خـۆم لەبیرچـۆتەوە ل(٣١٧-٣١٨).

* * *

-١٢-[1]

ضیای دڵ نامەت، وەلای دڵ ڕێشان یاواو ڕەنگین کەرد، بەزم دەروێشان [2]
شنەختم پەڕێت، ڕاس گێلا چەپ گەرد بەوەصڵ لەیلا، شادمانت کەرد [3]
دڵ وەنزیکی، هەر یەند مەسرور بی جەسزای مەینەت،ڕای دووری دوربی [4]
پەریٚ تۆ ڕاحەت، پەریٚ من زامەت وەردە بێم هەردوو، تا ڕۆی قیامەت [5]
تۆ نەتۆی باخچەی وەصڵ دڵبەردا من نەپێچ گێج، دەریای خەتەردا [6]

* * *

-١٣-[1]

نمانای بەهەشت پێشانی نووری ئازیز وەی سفتەی، دۆزەخ دووری [2]
دووریت عەزابیٚ، سازدابیٚ پەرێم عەزابێو تەردا، ئاما و لوات پێم [3]
ئای هەنی جەی دەرد، کیٚ دەرمان سازۆ وەهەمسایە، سەگ کام دەرماڵ نازۆ [4]

---

[1] مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ شێخی ضیائەدین نووسیوە لەوەلامی نامەیەکی ئەوا کەمزدەی هاتنەوەی دۆستێکی تیا بووە.

[2] واتە: ئەی ڕوناکی دڵم نامەکەت کە بۆمنی دڵ بریندار نوسی بوو گەیشت، وە کۆڕی ئاهەنگی هەژارانی خۆش کرد.

[3] واتە:بیستم گەردوونی چەپ گەرد بۆتۆ ڕاست دەرچوو وەبەوەصڵی یار دڵشادی کردی.

[4] واتە: دڵم بە نزیك کەوتنەوەت لەلەیل یەکجار نزیك بوو، وەدوورکەوتەوە لە چەشتنی سزا بە بۆنەی ڕێگای دووری تۆوە.

[5] وەردە بێم: بخوێن. واتە: یاخوا تاڕۆژی قیامەت تۆ هەرڕەحەت بیو من مەینەت بچێژم.

[6] واتە: تۆ لە باخچەی وەصڵی یارا ڕابوێری و من لە گێژ و تەنورەی دەریای خەتەردا وەختم بەرمە سەر ل (٣٢٤).

* * *

[1] مەولەوی ئەم قەسیدەیەی پاش گەڕانەوەی شێخی بەهائەدین وتووە کەچوو بوو بۆ دیدەنی.

[2] نمانای: پێشانتدا، پیشانی ناوچاو، نوری: نورانی، واتە: ئازیز ناوچاوی نورانیت پیشاندا بەم سوتاوی دۆزەخی دوریە.

[3] واتە: دووریت عەزابێکی بۆ سازدابووم، ئێستاش هاتن و گەڕانەوەت عەزابێکی تری بۆ سازداوم.

[4] جەی: لەم، هەمسایە: دراوسیٚ، نازو: بنازیٚ، واتە: ئای ئیتر کیٚ دەرمانی ئەم دەردی دوورکەوتنەوەیەتم بۆ سازبکا، وەمن ئولفەت بەکێی ترەوە بگرم؟ دیارە ناتوانم ئولفەت بە کەسی ترەوە بگرم، چونکە سەگی هیچ دەرماڵیٚ نانازیٚ بە ماڵە دراوسیٚ.

چەم وەگەرد ڕای، کێ ڕۆشنا بۆ		لەب وە یاگەپای، کێ ئاشنا بۆ [٥]
ڕۆژیوەصڵت ئەرصەد، زەروور نەفامەن		مزانام فەلەک، چەپ گەردش نامەن [٦]
فەلەک داد جەدەرد، بێ دەواکەی تۆ		مغنی فریاد ئەو، نەواکەی تۆ [٧]
بوڵەندکەر مەقام، (دڵسۆز) وەراسی		تەنزیلەش فەردگەل، خاڵۆی کۆماسی: [٨]
ڕۆی وەصڵت هەر بیم، ئەی ڕووە پێم بێ		جەو بۆنە هەر ڕۆ، ڕۆڕو خدێم بێ [٩]
ئیسەها فەلەک، نیشانادەن پێم		ئاخ ترسیاگەکەی، گیر ئاوەردە وێم [١٠]
ئەمجار کێ تاقەت، دووری تۆ دارۆ		دەک بەرقی عەزەب، وە جەسەم وارۆ [١١]

* * *

---

[٥] لەب: لێو، یاگە: جێگە. واتە: لەمەو پاش تۆزی ڕێگای کێ ببێ بە کلە و چاوم ڕۆشن بکاتەوە، وەلێوم ژێرپێی کێ ماچ بکا و شارەزای ببێ.
لە هەندێ نوسخەدا لەجیاتی (یاگە) نوسراوە (خاك).

[٦] زەروور: پیاوی ناچار و ناعیلاج. مزانام: ئەمزانی. واتە: هەرچەندە پیاوی داماو و ناچار عەقڵی لە جێی خۆیا نی‌یە و هیچ نافامێ، بەڵام من هەرکە بەتۆ گەیشتم ئەمزانی گەردوون ناوی چەپگەردە و هەمیشە بە ئارەزووی دڵ نابێ.

[٧] ئەو: لەو، مەعنای نیوەی دووەمی ئەم شیعرە بەستراوە بە شیعری پاشیەوە.

[٨] دڵسۆز: ئاوازێکی کۆنی کوردی‌یە. تەنزیلە: وشەی دۆعا، لێرەدا مەبەست بەیتی گۆرانی‌یە، واتە: کاکەی گۆرانی بێژ، هاوار بۆ ئاوازە خۆشەکەت، توخوا دەنگی لێ هەڵبڕەو نقامی دڵسۆزمان بۆ بڵێ بە شیعری خاڵۆی کۆماسی‌یەوە.
شیعرەکانی خاڵۆ ئەم سیانەن کە لە پاش ئەم شیعرە دێن.

[٩] بیم، ترس. واتە: ئەو ڕۆژەی پێت گەیشتم ترسی ئەمڕۆم لە دڵا بوو، لەبەر ئەوە خووم دابووە هاوار و ڕۆڕۆ.

[١٠] واتە: وا ئێستا فەلەك ئەوەی پیشاندام کە لێی ئەترسام، ئای هاوار بۆ منی. گیرخواردوو.

[١١] دارو: هەیەتی، ئەم شیعرە لەقەسیدەیەکی تری مەولەوی‌دا هاتووە، بەڵام لەوێ ئیشارەتمان نەکردبوو بۆ ئەوە کە هی خاڵۆی کۆماسی‌یە. ل (٤٢٧-٤٢٨).

* * *

-١٤-[١]

نەسیم دووی دەروون، چون هەردە جاران ئیمجار دەرنەکاخ، دەماخ یاران[٢]
وا چەدیم وەچەم، دێوانەکەی تۆ ڕووش کەردەن نەڕووی، ئاسانەکەی تۆ[٣]
نامەی ئایرین، دڵسۆزیت یاوا بڵێسەم وە سام، گەردون سەر ساو[٤]
سۆچنا جەستەی، زامەتان خەستە لابەرد تۆی دەروون، دڵەی دەرد گەستە[٥]
وەشی‌و شادی‌و زەوق، پەی‌ئێمەنی‌یەن جە دەسمان ڕشتەی، ڕاحەتی شی‌یەن[٦]
دوژمنی فەلەک، پێمان قەدیمەن چەنیمان مەینەت، قەدیم نەدیمەن[٧]
مەست بادەی کەف، ڕۆزگارانیم بێ هۆش هیجران، قەدیم یارانیم[٨]
نەدڵ ئەو دڵەن، نەهۆش ئەو هۆشەن نەفام ئەو فامەن، نەگۆش ئەو گۆشەن[٩]
هەر کاتێ زانای،فەلەک نەردێ شەند وێنەی هام جامان، جامان وە جامەند[١٠]

* * *

---

[١] مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لەوەلامی نامەیەکی شێخی بەهائەدین دا نووسیوە.

[٢] واتە: ئەی بای نەسیم، ئەمجاریش وەك جارەکانی‌تر بڕۆ دووکەڵی دەرونم بدە لە کۆشکی بەرزی دەماغی دۆستت، با تێ بگات ئێستا ئاگری دەرونم چەند بە تاوە.

[٣] پێی بڵێ بە چاوی خۆم دۆستە شێت بووەکەتم دی ڕووی کردبووە بەردەرگای تۆ و ئەی وت. واتەکەی لە شیعرەکانی لەمەو پاش دێ.

[٤] واتە: نامە ئاگرینە پڕ لە دڵسۆزیەکەت گەیشت، وە ئاگری خۆشەویستیمی بەتین تر کرد و زوبانەی بڵێسەی دەروونم خۆی دا لە ئاسمان.

[٥] واتە: لەشی گرفتاری زەحمەتی سوتاند و توێکی دڵی دەرد گەستومی داماڵی.

[٦] واتە: خۆشی و شادی بۆ ئێمە نی‌یە، ئێمە سەرە دەزووی ڕەحمەتیشمان لەدەست دەرچووە.

[٧] واتە: ئێمە لە مێژە دوژمنی گەردونین و هاودەنگی دەرد و مەینەتین.

[٨] واتە: سەرخۆشی شەرابی دەستی ڕۆژگارین و لەبەر دووری دۆستی کۆن هۆشمان لا نەماوە.

[٩] واتە: هیچمان وەك ئەوسا نەماوە.. نەدڵمان وەك جاران شادە، وە نەوەك جاران هۆشمان لە خۆمانە، وەنە وەك ئەوسا تێ ئەگەین و گوێمان لە قسەو ڕازی دۆست ئەبێ.

[١٠] واتە: هەر ئەوەندەت زانی گەردوون نەردێکی بۆ لەناوبردنی ئێمەش هەڵدا، وە ئێمەش وەك هاوڕێیان جێ و شوێنمان بە چۆڵی مایەوە. ل (٤٣٤-٤٣٥).

* * *

-١٥-[١]

نامەی عەینەر بۆت، باد صوبح ئاوەرد	عەترش زامەکەی، کۆنەم تازە کەرد [٢]
موتالەعەم کەرد، وەدەم دەردەوە	جەفاکەی وەرین جە یاد بەردەوە [٣]
مەفهوم بی تەحریر، وەش تەقریرەکەش	مەعلوم بی جەلای، خەستەی‌تیرەکەش [٤]
فیدای خامەت بام، وەیادم کەردەن	یادم نمەشی، تاوەڕۆی مەردەن [٥]
بەڵام جە دوریت، شای صاحێب شەرتان	دوود دڵ وە چەرخ، هەفتەمین یاوان [٦]
دووریت چون ئەڵماس،نیشتەن نەجەرگم	هاوەختەن بەیۆ، وا دەکەی مەرگم [٧]
داخ باڵاکەت، بەروون وە گڵکۆ	وەهام باڵای وێم، خاکم وەسەر بۆ [٨]

-١٦-[١]

ناوەری دڵ، ماوەرونە دڵ	من جە مەیل تۆ، لادێ بوو غافڵ [٢]
وە دیدەی مەخمور شیرین تەرز تۆ	وە نەشئەی شێوەی، باڵای بەرز تۆ [٣]

---

[١] مەولەوی جارێکیان نەخۆش ئەکەوێ، شێخی بەهائەدینیش نامەیەکی هەواڵ پرسی بۆ ئەنێرێ، ئەمیش لەوەراما ئەم پارچە شیعرەی بۆ ئەنێرێ.

[٢] واتە: بای بەیانی نامە بۆن خۆشەکەتی بۆ هێنام، وەبۆنی ئەو نامەیەت زامی کۆنەمی تازە کردەوە.

[٣] وەرین: پێشوو، واتە: نامەکەتم بەدەم دەردەوە خوێندەوە ئەوەندی دڵشاد کردم ئێش و ئازاری کۆنی لەیاد بردمەوە.

[٤] واتە: منی گرفتاری تیری ئەو، حاڵی بووم لەو شتانەی لە نامەکەیا نوسرابوون و ڕوون کرابوونەوە.

[٥] نمەشی: ناچێ، مەعنای ئەم شیعرە و شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

[٦] واتە: بە قوربانی قەڵەمەکەت بم کە منی هێناوەتەوە یاد، من تا ئەمرم تۆم لە بیر ناچێ، بەڵام لە تاو دوریت دووکەڵی دڵم گەیوەتە ئاسمانی حەوتەم.

[٧] بەیۆ: بێت، مەعنای ئەم شیعرە و شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

[٨] گڵکۆ: قەبر، واتە: ئازیزەکەم وەك ئەڵماس چون شووشە لەت ئەکا، دوریت بەو جۆرە نیشتوەتە سەر جگەرم و لەت لەتی کردوە ئەوەندەی نەماوە وادەی مردنم دابێت و بەبەرزی باڵام خاك بنیشێتە سەرم. ل (٤٣٧-٤٣٨).

* * *

[١] وادیارەمەولەوی بەم قەسیدەیە قسە لەگەڵ شێخی‌ضیائەدین ئەکا کەهەندێ کەس وایان تێگەیاندبێ گوایە مەولەوی ساردە لەگەڵیاو ئەویش بەم قەسیدەیە پاکانە بۆ خۆی دەکا.

[٢] ناوەری: نەهێنێ، ماوەرو: ئەهێنم، لادێ: تاوێك، واتە: ئازیزەکەم نەکەی ئەوە بێنی بەدڵتا کەمن ئێستا ئەیهێنم بە دڵما کە ئەوەتە من تاوێك لە خۆشەویستی تۆ بێ ئاگابم.

نەشێخ، نە مەڵلاَ، نە قازی ڕووی شەرع نە صۆفی و عابید، ئەهل تەقوا و وەرع
نی‌یەن داخ تۆش، نەبۆ نەتۆی دڵ موشکڵەن ئازیز، جەمین پەرەی گوڵ [4]
وە تیرتانەی ڕەقیب، دڵ سەنگ بینایی دیدەم، خاتر مەکەر تەنگ [5]
ئاریٚ واجبەن، تانەی بەد کاران پەی گەرمی بازاڕ، عەشق دڵداران [6]
نصیو هەرکەس، موبتەلای یارەن زۆلانەی زنجیر، قەتڵ سێدارەن [7]

* * *

-١٧-[1]

وە خیلافەوەن، یاران سەر مەس تەقاضای زاتی، طەبعم هەرچی هەس [2]
جەذبەی ئاهینم، دەماخ دان پەرداخ میقناتیز تۆی جام، کەردەن وە یاتاخ [3]
کارەبا نەدەور، کام مدەرۆ دەور نەدەورەی موورەی، کارەبا کا تەور [4]

---

[3] مەخمور:مەست، مەعنای ئەم شیعرە و دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.
[4] واتە: قەسەم بە چاوە مەستە جوانەکانت و بەلەنجە و لارەی بالاَی بەرزت هیچ شێخ و مەلا و قازی و خوا پەرستێك نی‌یە داخی عەشقی تۆی لە دلاَ نەبێ، وە زۆر زەحمەتە شتی وا ڕوو بدا.
[5] ڕەقیب: بەدکار، واتە: بینایی دیدەم دڵی خۆت تەنگ مەکە، بەتیری تانەی بەد کاران کە منت بە بێ وەفا لەلا ئەدەنە قەڵەم.
[6] ئاری: بەڵێ: واتە: چونکە دیارە تانەی بەدکار پێویستە بۆ گەرمی بازاڕی دڵداری.
[7] زولانە: ئەڵقەی گیرکراو لە ئەڵقەی تر، واتە: هەرکەس گرفتاری دەردی خۆشەویستی بێ، ئەڵقەی زنجیری زوڵفی یار و سێدارەی بالاَی بەشی بێ، ئیتر چۆن لە تاتوونی بەدکار ئەترسێ. ل (٤٣٨-٤٣٩).

* * *

[1] مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لەوەلاَمی نامەیەکی شێخی سیراجەدینا وتووە، کەگلەیی تیاکردبوو لەمەولەوی کەبێ وەفایە لەگەڵی و خەبەری ناپرسێ.
[2] تەقاضا: خواست، طەبع: طەبیعەت، سروشت، واتە: ئەی یارە سەرخۆشەکانم، هەرچی خواست و ئارەزووی سروشتمە هەمووی بە پێچەوانەی ئەوەیەکە ئەبوو وابوایە. لەشیعرەکانی پاشەوەدا ئەم پێچەوانەیی‌یە ڕوون ئەکاتەوە.
[3] جەذبە: ڕاکێشان، ئاهین:ئاسن. واتە: یاسای سروشت وایە کەمیقناتیز ئاسن ڕابکێشێ بۆلای خۆی،کەچی ئێستا لەشی وەك ئاسنی من خۆی ئامادە کردووە بۆ ڕاکێشانی میقناتیز و میقناتیزیش ناو شوشەی کردوە بە جێگای خۆی تا ئەو نەتوانێ ڕایبکێشێ. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی (ئاهینم) نوسراوە (ئاسنم).

ئەر گێروو وەکام، کافورم کەم کەم | ئاو قەفاڵ وێش، مە پێکۆ دەردم [5]
أنفیەکەی گەرد، ڕایدەردم هەوا | مەکەرۆ دەماخ،ئەفلاتۆن دەوا [6]
گەرمیم تاف ساف، وەسەر ئەندەردا | بەستەن وەڕووی تاش، نیمە کەمەردا [7]

---

[4] کام: لەشی وەك کام، مدەرو:ئەدا، مووره: مووروو. واته: یاسای سروشت وایە کارەبا پوش هەڵبگرێ، کەچی ئێستا بەدەوری لەشی وەك کا باریك بووی منا خول ئەخوا، وەك چۆن لە ڕاستیدا کا بە دەوری مووروی کارەبادا خول ئەخوا.

[5] کام: بە فارسی واته دەم، کافور: ماددەیەکی سارده کەسێك خوێنی لوتی بەربێت ئەی خەنە سەر تەوێڵی بۆ ئەوەی خوێنەکەی بوەستێتەوە.
قەفاڵ: دەمارێکە لە پشتی ملەوە لە کاتی تەوژمی خوێنا کەڵە شاخی لێ ئەگرن.
مەپێکۆ: بەرئەبێ، دەردەم: کوتوپڕ. واته: ئەگەر تۆزێك کافور بگرم بە دەممەوە ئەوەندە گەرم ئەبێ گورج خوێنی دەماری پشت ملی بەرئەبێ لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی (کەم کەم) نوسراوە (وەکەم).

[6] انیفه :بڕنوتی، واته تۆز بچێ بەلووتی هەر کەسێکا لەوانەیە نەخۆشی بخا کەچی تۆزی ڕێگەی دەردی من هەوا وەك برنوتی ئەیکا بە لووتی ئەفلا تونی حەکیمەوەو دەرمانی پێ ئەکا

[7] سەر ئەندەر :لەسەرەوە بۆ خوار، تاش: بەردی زل لا شانی شاخەکان، نیمە کەمەر : ناو قەد، واته جۆشی گەرمای دڵم ئەبو وشکم کاتەوەو بمسوتێنێ کەچی تافی ئاوی صافی لە چاوەکانمەوە دەرکرد بۆ خوار،وە ئەو ئاوەگەرمەی وەك سەهۆڵ مەیاند بە تاشە بەردی ناو قەدمەوە. لەهەندێ نوسخەدا لەپاش ئەم شیعرە، وەلە هەندێکی ترا ئەو شیعرەو دووشیعری تر هەیە. بەڵام هەرچی ورد بووینەوە پەیوەندی‌یەکمان نەدۆزی‌یەوە ئەو سێ شیعرە ببەستێتەوە بەم شوێنەوە،وەنەمان زانی ئاخۆ شیعری قەسیدەیەکی ترن کەوتونەتە ئێرە، یان هەر شیعری ئێرەن و لێیان فەوتاوە، بۆیە پەیوەندەکەیان نازانرێ، لەبەر ئەوە نەمان خستنە ئەصڵی کتێبەکە وەهەر لێرەدا نووسیماننەوە،ئەمەش ئەوسێ شیعرە:

چوون هەرس دیدەم، وەناکامەوە | شنەفتم ئازیز، لواو ئامەوە
ئەوەڵ صەدای نەی،مەرگەکەم ئارو | وەی دوەم نەفەس فەردایی دارو
هەوای سازگار،فەصڵ مەینەت وەخت | ماوەرو دەم دەم شادەی سەیرو جەخت

ناکا: کتو پڕ، ئامەوە: ئاماوە،هاتەوە، ئارۆ :ئەهێنێ، دارو : هەیەتی،ماوەرۆ : ئەهێنێ، شاده :شەهادەت، شایەتی، سەبر: پژمەی یەکەم کەمەشهورە نیشانەی شەڕە، جەخت : پژمەی دووەم کە نیشانەی خەیرە، واته : وەك چۆن فرمێسکی چاوم لەناکاوا ئەڕژێ، هەروەها کتو پڕ بیستم ئازیز کتوپڕ ڕۆیشت و هاتەوە. ڕۆیشتنەکەی ئاوازەی یەکەم فووی ڕۆژی قیامەتی‌دا لەگوێم کەهەموو کەسێکی پێ ئەمرێ، هاتنەوەشی وەك

ئازیزیەقین عەکس،وەش نامەکەی تۆن سایەکەی صیفەت،کەلامەکەی تۆن[٨]

نازوون وەیمەظهەر،هایهایەچێشەن نەشئەی ئەو صیفەت،ذاتی تۆ پێشەن[٩]

جەنامای جواو، جەبێ وەفایم هەرچیت فەرماوان،ڕاسەن، بینایم[١٠]

ئەر وەفام مەبی،پەی تۆ مەمەردم خەیر مەبڕیابێ، پەنجەی پای فەردم[١١]

ئازیزم نامە پێچ مدۆ چون مار خامەی چەم یەکێ،ئەسرینان هەزار[١٢]

وێش دان ئەسەر کەف،کووپەی سیایی پەی شەکوای عەرضەی،دەرد جیایی[١٣]

وەخوا ئەدووریت،کۆتایش ئاوەرد ئەگیان ئیختیار،ماوای بەدەن کەرد[١٤]

ئاوازەی فووی دووەم بوو کەمردوو زیندوو ئەکاتەوە، هەوای سازو سازگاری وەرزی مەینەت تاوتاو نیشانەی ناخۆشیو خۆشی پیشان ئەدا، جارێك ئەم پژمێنێ، یەك پژمەیش نیشانەی شەڕە کەدوورکەوتنەوەی دۆستە وەك ئەڵێن (سەبری هێنا) جارێکی تریش ئەم پژمینی پژمەی دووهەمیش نیشانەی خەیرە کەگەڕانەوەی دۆستە وەك ئەڵێن (کردی بەجەخت). لەهەندێ نوسخەدا لەجیاتی (ئارو) نوسراوە (ئازو) واتە ئارەزوو ئەکا، وەلەجیاتی (دارو) نوسراوە (وازو) واتە ئەیەوێ.

[٨] سایە: سێبەر، واتە: ئازیز، بێگومان ئەم گۆرانی سروشتە کەلەمنا ڕووی داوە لەئەنجامی هاتنی نامەخۆشەکەی تۆوەیە، وەسێبەری سیفەتی گوفتاری تۆیە کەچۆن ئەگەر خۆت حازر بی وەزعم ئەگۆڕێ، بەنامە ناردنیش ئەتوانی وام لێبکەی.

[٩] نازوون: بنازم. مەظهەر: دەرکەوتن. یە: ئەمە. پیشەن: پێیەتی. واتە: حەقمە بنازم بەم دەرکەوتنانەی بەرەکەتی تۆ.. ئەمە چ حاڵێکە ڕووی داوە لەمن شنەی صیفەتە زاتییەکانی تۆی پێوەیەو ئێستا من هەندێ لەو صسفەتانەی تۆم تیا پەیدا بووە.

[١٠] ناما: نەهاتن. واتە: بینایی چاوم، هەرچیت فەرمووە لەبارەی وەرام نەنوسینەوەی من و بێ وەفاییمەوە هەمووی ڕاستە.

[١١] مەمەردم: ئەمردم. مەبریابێ: نەبرابوو. واتە: ئەگەر وەفام بوایە ئەمردم بۆت، یاخۆ پەنجەی پێی شیعرم نەبڕابوو تا چەند شیعرێکت بۆ بنوسم. لەنوسخەیەکی ترا لەجیاتی (مەبریابی) نوسراوە (مەمەریابی) واتە (نەشکابوو).

[١٢] واتە: ئازیزەکەم، کاغەز لەئیشتیاقی هاتندا بۆلات وەك مار پێچ ئەخوا. قەڵەم قامیشی چەمیش هەرچەند یەکێك بێت، خۆ جۆگەلەی فرمێسکی چاوم کەوەك قەڵەم ڕێك بەڕووما ئەڕژێتەخوار، هەزار قەڵەمی لێپێکهاتووە.

[١٣] واتە: کوپەی خوێنی جەرگیشم وەك شوشەی مەرەکەبی ڕەش هەڵچووەو گەیشتووەتە لێوار، بۆ ئەوەی عەرزو حاڵی شکاتی دووورێتی پێ بنوسرێ.

[١٤] واتە: ئەدووریت دوایی هات، وەنەگیانم لەلەشما ئۆقرەی ئەگرت، ئەی ئیتر بۆچی نامەت بۆ نەنوسم.. وەرامی ئەم پرسیارە لەشیعرەکانی پاشتردا ڕوون ئەکاتەوە.

بەڵام یادەکەت،ناستەنش وێم پێم — وێم بەرکەرد،نیشتەن وێش جەیاگەی وێم[15]

ئەجزای تەن،یەکسەر جەشادمانی — نمەیۆش وەخاو،صەد زیندەگانی[16]

هەرجزوێم،پەی وێش یەندسەرشاربییەن — ئەی جزوم جەی جزو، خەبەردار نییەن[17]

نەدڵ یاد ڕاز، صەفحەی نامەشەن — نەسەر پەنجەی هۆش گرتەی خامەشەن[18]

یەند نەتۆی زەلکاو،دەوات پر وەی — مدران منتظر وەڵگ،ئاوەردەن نەی[19]

نەی مدۆ صەدای،دڵان پێخەستە — وەڵگ مارۆشەوە،بەستە وەبەستە[20]

ئیسە یادتەن،سزای خیطابەن — ئەر سزا وە ناز،وەر وەعیتابەن[21]

نە نە،سفتەی هیجر،خاڵ ئاڵاتم — دۆزەخی دۆزەخ،دووری باڵاتم[22]

بویەر جەمەنەیم،شای نەو نەمامان — مەردەن پەی گرۆی، دۆزەخی نامان[23]

---

(١٥) واتە : ئەو هەموو هۆیانە هەبوون بۆ نامە نووسین، بەڵام یادت نەی هێشتبووم لای خۆم وەدەری کردبووم لەلەشم جێگەکەمی گرتبووەوە.

(١٦) نمەیۆ: نایەتە. خاو: خەو. واتە: بەهۆی ئەوەوە کەیادی تۆ هاتە لەشم و جێگامی گرتەوە، ئەندامەکانی لەشم لەخۆشیاندا ژیانیشیان بیر ناکەوێتەوە.

(١٧) واتە: هەر ئەندامێکی لەشم ئەوەندە سەرخۆش بووە، هیچ کامێکیان ئاگای لەوی تر نییە.

(١٨) ڕاز: قسە. گرتە: گرتن. واتە: لەبەر سەرخۆشی نەدڵ ئەوەی لەیادە قسە بنوسێ لەسەر ڕوی قاقەز، وەنەسەرپەنجەیشم هۆش و فامی قەڵەم گرتنی هەیە.

(١٩) مدران: وەستاوە. وەڵگ: گەڵا. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوەدێ.

(٢٠) مدۆ: ئەدا. ماروشەوە: ئەیهێنێتەوە. واتە: قەڵەمی قامیش ئەوەندە لەناو زەلکاوی شووشەی مەرەکەبی پڕ لەمەینەتاماوەتەوەو چاوەڕوانی نووسینی کردووە، سەوز بووەو گەڵای کردووە، ئێستا قەڵەمەکەم ئاوازەیەکی لێوەدێت صەد دڵ لەبیستنی نەخۆش ئەکەوێت، گەڵاکەشی بەستە بەبەستە ئەو ئاوازەی بۆ ئەسەنێتەوە.

(٢١) سزا: شایان، واتە: مادەم گیانم لەلەشما نەماوەو یادی تۆ لەشی داگیر کردووم، هەر یادەکەی خۆت لایقی ئەوەیە قسەی لەگەڵ بکەی، جائیتر قسەکەت لەڕووی نازەوە بێ یالەڕوی لۆمە کردنەوە.

(٢٢) سفتە: سوتاو. مەعنای ئەم شیعرەیش لەگەڵ شیعری پاشەوەیدا دێ.

(٢٣) مەنەیم: مانەوەم. مەولەوی لێرەدا دەس لەبیانووەکەی پێشەوەی هەڵ ئەگرێو بیانوویەکی تر دێنێتەوە بۆ نامە نووسین، وەئەڵێ: ئازیزەکەم، نە.. نە.. ئەم عوزرانەم کەهێنامنەوە پێویست نین چونکە من سووتاوی دووری خاڵی باڵاڕەنگاوڕەنگەکەی تۆم و نیشتەجێی دۆزەخی دووری باڵاتم، ببورە لێم کە ماوم و ئەژیم، مانەکەم لەبەر ئەوەیە کەئەهلی دۆزەخ نامرن. ل(٤٥٢-٤٥٧)

-١٨-[1]

وەش ئامای هەیپەیک،لای قەبیلەی لەیل جەیب دڵ وەعەتر،مەیل لایلیکەیل[2]
وەختیدووی دەردان،مەو یەرد نەهەردان جە کورەی ئایر،دەرد بیدەردان[3]
نامەی وێرانەی،دڵان پیئاوا جەناکام یاوا، بەڵام کام یاوا[4]
هەی وەفەرق دین،زامداران تاج دای شەریعەت مەیل لەیلی،ڕەواج دای[5]
قات بی جە کەثرەت،یاران هام دەم گەرد کۆی دڵبەر،خەبەر بەر پەی چەم[6]
مەخمورکەر دەروون،جەبادەی باقی یانیَ نەی جواو،خاتیمەی ساقی[7]

* * *

[1] مەولەوی ئەم نامەیەی لەوەرامی نامەیەکی شێخ تاجەدینی کوڕی حاجی شێخ عەبدوڕەحمان کوڕی شێخ سراجەدینا وتووە، کەلەهەولێرەوە نوسیبووی بۆ مەولەوی کەلەو دەمەدا لەتەوێڵە بووە، وەباسی تەئسیرو بەرەکەتی شێخی بەهائەدینی مامی تیا کردبوو، وەنوسیبووی ئەگەر بۆم ڕێکەویَ دێم بۆ زیارەتی تا لەنزیکەوە کەڵکی لیَ وەرگرم.

[2] پەیك: فروستادە. جەیب: بەرۆك، واتە: بەخێر بێیت ئەی فروستادەی لای هۆزی لەیلەوە هاتوو، کەبەرۆکی دڵ و دەرونت پڕە لەبۆنی خۆشی خۆشەویستی یار.

[3] دوو: دوکەڵ. مەویەرد: تیَئەپەڕیَ مەعنای ئەم شیعرەش بەستراوە بەشیعری پاشەوەیەوە.

[4] یاوا(ی یەکەم): گەیشت. یاوا(ی دووەم): گەیشتن. واتە: کاتێك کەدووکەڵی دەردو مەینەت لەئاگردانی هەرگیز دەرد لیَنەدەر نەدراوەوە – کەدڵی دۆستە خەفەتبارەکانە بەرز بویەوە بۆ سەر بەرزاییەکانی نامەکەت کەماڵی وێرانی دڵمان ئاوا ئەکاتەوە. لەناکاو گەیشتە دەستم، بەڵام چۆن گەیشتنێك؟

[5] فەرق: تەوقەسەر. واتە: بەو نامەیەت تاجت نایە سەر تەوقەسەری دینی ئەوانەی گرفتاری زامی عەشقن وەڕەواجت دا بەشەریعەتی خۆشەوستی یار کە شێخی بەهائەدینە.

[6] کەثرەت: زۆری. واتە: کاکەی فروستادە خەبەر بدە بەچاو کەبەهۆی کۆبونەوەی دۆستانەوە بۆ گویگرتن لەنامەکەی شێخ، تۆزی بەردەرگای یار هەموو برایەوەو نەما تاچاو لەجیاتی کلە بەکاری بێنیَ.

[7] مەخمور: مەست. بادە: مەی. واتە: دڵ و دەرونت سەرخۆش بکە بەپیاڵەی شەرابی نەبڕاوە، کەئەم وەرامەیە کەدوا وەرامە لەمنەوە بیبەی بۆ شێخ تاجەدین. جوملەی (خاتیمەی ساقی) ئیشارەتە بۆ ئەوە کاتیَ کەمەی گێڕ دوا پیاڵەی هێنا ئەوە وائەگەیەنیَ کەئاهەنگ گێڕەکان، ئیتر بڵاوەی لیَ بکەن و بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان.

بەڵێ چون لەزەت،تیر نازداران   تام نەدان ئەو دڵ،بازیت شوماران[8]
نازون وەوغیرەت،چ خاس پێت زانان   ماشەڵات وەحاڵ،یاران پێ وانان[9]
هەوای کۆتایی،ناڵەی،وێت بیەن   وەتیرێ هەنی،ئاگاهیت نییەن[10]
دڵ ناڵان بییەن،ناڵان پەی تیرەن   تیر سەر مایەی گیان،ئالەم پیرەن[11]
کۆتایی نییەن،دۆس وەناڵەی دڵ   چوون وەردۆ جەگیان،دەس دڵەی خەجل[12]
نیشان ئەوبۆ دڵ، نەجایخەدەنگ هون   پەی وضوو حەوز،حەوز بدۆ وە بیرون[13]
حەوزێحەنەفی،خاس پێش ڕەزا بۆ   نەک جەی شەرعەدا،نمات قەزا بۆ[14]

کەواتە ئەم جوملەیە ئیشارەتە بۆ ئەوەی کەداوا لەفروستادەکە ئەکا زوو بگەڕێتەوە. وەرامەکەی مەولەوی ئەوەتە لەشیعرەکانی پاشەوەدا وتراوە.

(٨) بازیت: گاڵتە. شماران: ژماردووە. واتە: لەمەوبەر لەبەر ئەوە کەتامی تیری نازاران نەگەیشتووە دڵت. ئیشی دڵداریت بەگاڵتە ئەهاتە پێش چاو. بەڵام ئێستا کەتووشی هاتی، باوەڕت کرد.

(٩) واتە: بنازم بەغیرەتی یار بەرامبەر بەوە کەبەباشی پیێ زانیت و کارێکی لێ کردی سەرت سوڕ بمێنێ لەحاڵی دۆستان.

(١٠) هەنی: ئیتر . واتە: بەهۆی کورتی ناڵەی خۆت و خۆنەگرتنەوە بووە کەبەتەنیا تیری لەهۆشی خۆت چووی و ئاگات لەخۆت نەماوە.

(١١) ناڵان (ی یەکەم): ناڵەکەر. ناڵان (ی دووەم): ناڵین. واتە: ئێستاکە هۆشت هاتووەتەوە بەبەرتاو کەوتویتە ناڵەناڵ، بۆ تیر ئەناڵێنێ لەدەستی ئەو دۆستەوە کەسەرمایەی گیانی عالەمە کەپیرە.

(١٢) وەردو: بەردا. واتە: دۆست هەرگیز درێغی ناکا لەناڵەی دڵ و تیری پێوە ئەنێ هەر بەو مەرجە کە ئەو دڵە شەرمەسارە دەس بەردار ببێ لەگیانی خۆی و لەخۆی ببورێ. کەواتە هەرکاتێ تیری دۆست کەم بێ خەتای ئەو نییە، هی ئەوەیە دڵ بەڕاستی ئارەزووی تیر ناکا.

(١٣) بیرون: دەرەوە، واتە: نیشانەی ئەوە کەدڵی عاشق دەس بەردار بوبێ لەگیانی خۆی، ئەوەتە تیری دولبەر یەجۆرێك کاری لێ کردبێ لەجێگەی تیرەکەوە ئەوەندە خوێن هەڵقولیبێ بوبێ بەحەوزو عاشقەکە خۆی دەس نوێژی لێ بگرێ.

(١٤) حەنەفی : پەیڕەوانی ئیمام حەنەفی، نما: نوێژ. واتە: ئەبێ حەوزەکە ئەوەندە قوڵ بێ حەنەفییەکان پێی ڕازی بن وەلایان وانەبێ هەر دەس نوێژێکی پێ بگیرێ بەتاڵەو ئەبێ نوێژەکە بەقەزا بگێڕرێتەوە. شایانی باسە بەپێی پەیرەوانی ئەبو حەنیفە دروست نییە لەئاوی وەستاودا دەس نوێژ بگیرێ ئەگەر چاڵاوەکە دەگەز پان و دەگەز قوڵ نەبێ بەگەزی قۆڵ.

چون تازە زامیٚ،هۆشت ویەردەن — ویٚت ئاسا خەیالٚ،ئازیزت کەردەن[15]
ئەر جە کۆن،دووریو نزیکی جەکۆن ؟ — دووریو نزیکی،وەصف من و تۆن[16]
مەنزڵش نیەن،ئەو قەوس ئەوخەدەنگ — کیٚ پەرساش یەکیٚ وەصەدهەزار فەرسەنگ[17]
یەکیٚوەن هەر وەخت،نیشان دادەن — کیٚشاو بەرشیەو،ئەو نیشان دادەن[18]
ساقی زیادەی مەی زۆر ئاوەردەن — سرِسەر بەردەن،وەر نەسەر بەردەن[19]
تەنگە زەرفە نان،هیلاکم مەکەر — ویسعەت مەشرەبی،یاجام نیم پەرِدەر[20]

* * *

-١٩-[1]

وێش نمەوینۆ،ئازیز،خەمینت — دیارەن لێڵەن،جام جەمینت[2]
تاڵەن کام دڵمەینەت گازەکەت — تام دووریشەن،ڕیٚزەی ڕازەکەت[3]

---

(١٥) لێرەوە مەولەوی وەرامی ئەو قسەیەی شێخ تاجەدین ئەداتەوە کەوتبوی ئەگەر پێم بکریٚ دیٚم بۆ زیارەتی مامم، مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دیٚ.

(١٦) واتە: تۆ لەبەر ئەوە کەتازە دڵداریو، بەم زوانە بریندارکراوی و هۆشت لانەماوە، خۆت ئاسایی یادی مامت ئەکەیت، ئەگینا ئەو لەکویٚو دووری و نزیکی لەکویٚ؟ بۆ پیاوی خوا دووری نزیکی کەی هەیە؟ دوورو نزیکی بۆ من وتۆیە.

(١٧) واتە: ئەو تیرو کەوانی مەعنەوی ئازیزە ماواو مەنزڵێکی تایبەتی نییە، هەرکەس پرسیاری لیٚکردی لەوەرامیا بڵیٚو فرسەقێك و صەد هەزار فرسەق بۆ ئەو وەك یەك وایە.

(١٨) کێشا: کێشانە دواوەی کەوان. واتە: هەر ئەوەندە نیشان ئامادەکرابیٚ بۆ لیٚدان، ئەو کەوان و ڕاکێشان و تیردەرچوون و نیشان پێکانی یەك شتەو لەیەك کاتا تەواو ئەبیٚ.

(١٩) سرِ: هەست. لێرەوە مەولەوی بەعادەتەکەی خۆی ڕووی قسە ئەکاتەوە ساقی .. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری پاشەوەیدا دیٚ.

(٢٠) تەنگە زەرف: بیٚسەبر. ویسعەت مەشرەبی: دڵ فراوان. واتە: کاکەی مەی گێرِ ئەم هەموو قسەیە کەکردم هی ئەوە بوو زۆری شەرابەکەت، عەقڵ و هەستی نەهێشتوم، هەرچەند هێشتا سەری نەبردووم و نەی کوشتووم، لەبەر ئەوە سەبرو توانام، ئەزیەتم مەدە یاتۆزی دڵم فراوان کە، یا پیاڵەکەم تا نیوە بۆ تیٚکە تابتوانم خۆم ڕاگرم. ل(٤٦١-٤٦٥)

* * *

(١) مەولەوی ئەم پارچە هەڵبەستەی لە تەوێڵە وتووە، لەکاتێکا کە شێخ لەسەر سەفەر بووەو ئەمیش ویستویەتی چاوی پیٚبکەویٚ و مالاوایی لیٚبکاو بگەرِێتەوە، بەلام بۆی ڕیٚ نەکەوتووە.

(٢) واتە: ئازیز دۆستە خەفەت بارەکەت خۆی نابینیٚ لەناو چاوتا، مەبەسی ئەوەیە ئاوێنەی تەوێڵی بەهۆی نیازی سەفەرەوە لێڵ و تۆزاوی بووە.

بەدبەختی منەن،وەیانەم هەرەس ئازیزیٚچون تۆ،نمەگنۆ وەدەس[٤]

وەر نەشەم هەزار،پەروا نەدارۆ ئەر یۆشا کەم بۆ،پەروا نەدارۆ[٥]

ساقی دەس چەرخ هەرها نەکاردا تای تانتەی دووریش،بەستەن وەرداردا[٦]

سەروەخت هەستی،جەدەس وەردامەن تەدارەک خەیر،ئارۆو فەردامەن[٧]

تەمامەن بەرات،قەبض و حەواڵەم دێرەن کەرەم کەر،بدەر پیاڵەم[٨]

تاهیممەت وازو، وەیەک پەیمانە خاڵی بۆ چێمەیچ،گۆشەی مەیخانە[٩]

*　　*　　*

-٢٠-[١]

وەخت چەم نە چەم،شێوەی دیار بی جەلام فەصڵ وەصڵ،بەزم ئەغیاربی[٢]

---

[٣] واتە: دەمی دڵی دۆستە مەینەت گازڵ گرتووەکەت تاڵەو، وردەشەکری قسە خۆشەکانت تامی دوورکەوتنەوە ئەدا.

[٤] نمەگنۆ: ناکەوێتە، مەعنای ئەم شیعرە باسراوە بەشیعری دواوە.

[٥] شەم: شەمع. یوشا: یەکێکیان، واتە: هەرەس بەماڵم نەگبەتی منە وا ئازیزێکی وەك تۆم دەسگیر نابیٚ، تاوێك لای دانیشم، ئەگینا وەك شەمع هەزار پەروانەی بەدەورایە وەئەگەر یەکێکیان دیار نەبیٚ ئەو باکی نی‌یە، تۆیش ئەگەر منت لا نەبیٚ هیچ مەبەستت نی‌یە تۆ زەرەر ناکەی من زەرەر ئەکەم.

[٦] تانتە: تان، مەولەوی لێرەدا بەئوصوڵەکەی خۆی ڕووی قسە ئەکاتە مەیگێڕو پیٚی ئەڵیٚ دەستی جوڵای گەردون هەر لەکارایەو تاڵی تانی بەستووەتەوە دارو ئەیەویٚ پۆکەی لیٚداو پارچەی دووریم بۆ دروست کا.

[٧] واتە وەختی لەدەستدانی بوونمەو خۆم ئامادەکردووە بۆ ڕۆیشتنی یەگجاری‌و لەئەمڕۆو سبەی‌دام.

[٨] بەرات: ئەو خەڵاتەی گەورە گەوران ئەی بەخشن بەدەست و پێوەندی خۆیان.
قەبض: وەرگرتن، دێر: درەنگ.

[٩] وازو: بخوازم، پەیمانە: پێوانە، چێمەیچ: لەئێمەیش، واتە: بەراتی خۆم بەتەواوی دەسگیر بووە بەڕاستەوخۆ بەحەواڵە بۆ سەر سەرکار وەهەر تەنیا پیاڵەی شەرابی مەرگم ماوە، درەنگە ئەویشم بدەریٚ بابەنۆش کردنی داوای هیممەت و بەرەکەتتان لیٚ بکەم و بڕۆم و گۆشەی مەیخانەی جیهان منیشی تیا نەمێنیٚ. ل(٤٧١-٤٧٢).

*　　*　　*

[١] مەولەوی ئەم دوو شیعرەی لەسەردەمی کوێریدا بۆ شێخی بەهائەدین نووسیوە.

[٢] واتە: کاتێك کەچاوم هەبوو شێوەت لەناوچاوما دەرئەکەوت، لەبەر ئەوە بەخۆشی کاتی بەتۆ گەیشتن بۆ بێگانە بوو کەشێوەتە، چونکە لەجیاتی ئەوەی من بتبینم

ئێسە لێڵایی،گرتەن دوودیدە خەڵوەتەن سابۆ ئەی بەر گوزیدە[3]

* * *

-٢١-[1]

یا شێخ هەرِ گاوان مەیلەکەی لەیلێ سەربەسەر وەگیان هەرزانەن خەیلی[2]

جۆش کورەی مەیل، دڵ ستانی‌یەن دەواش هەوای فەرد، زمستانی‌یەن[3]

ئۆسای بلوربەند، پەنجەرەی کاوان ئاینە سازیش وست، ئەو شەتاوان[4]

وەروی بەرد ئەوبەست، گرد گۆزەرگایێ دووی ئایزشەن، دڵ ئاهەرایی[5]

های نەدڵ لواو، ئاماش پەی نی‌یەن مەکیانەش پەی‌چێش،نەسیم کۆشی‌یەن[6]

وێنەکەت لەناوچاوما بوو ئەی بینیت، وەئەکەوتە نێوانمان و نەی ئەهێشت هەردووکمان بەتەنها ڕابوێرین.

[3] واتە: بەلام ئێستا لێلایی داهاتووەو شێوەت ناچێتە ناوچاوم وەرە لام پێکەوە دانیشین. ل(٤٧٩).

* * *

[1] مەولەوی جارێکیان لەخانەقای تەوێڵە میوان بووەو لەباڵەخانەی سەر چەمەکە دابەزیوە – کەدیوەخانی شێخی بەهائەدین بووە – کات زستان و دنیا تەڕو توشی بووەو ژوورەکەی مەولەوی دڵۆپەی کردووە. مەولەویش بەم چەند شیعرە داوای لە شێخ کردووە کەبان گوشێك بنێرێ بانی ژوورەکەی بگێڕێ.

[2] هەرگاوان: قوڕاوەکان. واتە: یاشێخ قوڕاوێك کەبەهۆی مەیلی لەیلێوە بیرژێ لەگیانی دڵدار، ئەوەندە بەنرخە ئەگەر سەربەسەر بیگۆڕینەوە بەگیانی خۆی هێشتا بەهەرزان دەسی کەوتووە، کەواتەمن لەدڵۆپە کردنی ژوورەکەم زوویر نیم، وەهەر کردومە بەبیانوو بۆ ناردنی ئەم شیعرە.

[3] دڵ ستانی: دڵ سەندن، واتە ئێستا کاتی جۆش سەندنی کورەی خۆشەویستی‌یەکە دڵ لەئینسان ئەسێنێ، وەئەو کەف و کوڵە بەهەوای شیعری باسی زستان کردوو دائەمرێتەوە.

[4] واتە: وەستای شوشە تێخەری پەنجەرەی شاخەکان دەستی کرد بەئاوێنە دامەزراندن بەسەر چەمەکانیشا، مەبەسی ئەوەیە ئەو خوایەی کەچۆڕاوگەی ئاوی سەر شاخ و ئەشکەوتەکانی کرد بەسەهۆڵ، چەمەکانیشی مەیاند.

[5] بەرد ئەو بەست: بردیە بەست، دای‌پۆشی. ئاهەرا: ئەو ڕێگایەی کەبەزەحمەت پێی بوترێ ڕێگا. واتە: بەفر ڕێگاو بانەکانی هەموو داپۆشیوە، دڵ ئەگەر تاقە ڕێگایەکی بێ بۆلای یار بریتی‌یە لەدوو کەڵی هەناسەی کەهەڵی ئەکێشێ لەتاو دووری ئەو.

نەسیم پەنجەی پات، ئەر سەردی کێشان | بدارەش نەتۆی، دڵ دەروون ڕێشان[7]
شۆن هەن نەی سەروەخت، سازان پەی دەلیل | جەهەر سەربەرزیٚ، هەرس دیدەم میل[8]
بشۆ چون یاوای، وەی دووی سەردەوە | بیٚ پرسا بناڵ وەی دوو فەردەوە[9]
باڵاخانەی چەم، دێوانەکەی تۆ | بانەئاو وەگڵ، ئاسانەکەی تۆ[10]
تکەش عاجز کەرد، خەیاڵت تێشدا | ئازیز بۆ جاریٚ، پا ینیە پێشدا[11]

---

(٦) کۆشیـیەن: بـۆ کـویٚ چـووە، لێرەوە مەولـەوی ئەکەوێتـە قسـە لەگـەڵ خـۆیو ئـەڵیٚ نەکەی دڵ بنێری، چونکە دڵ هات و چۆی بۆ نییە، ئەی نەسیم بۆ کویٚ چووە ئەو بانگ کە بینێرە.

(٧) واتە: نەسیم ئەگەر پەنجەی پێت سەرمای بووە بیخەرە ناو دڵی دەروون بریندارانەوە باگـەرمی بێتـەوە. مەولـەوی لێـرەدا وردەکاری‌یـەکی جـوانی کـردووە کەنەسـیمی شوبهاندووە بەئینسـان کەبەسەر بەفرا بڕوا پـیٚی سەرمای ئەبیٚ نەسیمیش کەبەسەر بەفرا بوەریٚ دیوی سەر بەفرەکە هەوای ساردە بەفرەکە وەرئەگریٚ.

(٨) شـۆن: شـوێن، سـازان: دروسـتی کـردووە، میـل: ئـەودارەی لەسـەر ڕێگـای بـیٚ نیشانەدای ئەچەقێنن بۆ ئەوەی ڕێبوار ڕیٚ ون نەکا. واتە: ئەگـەر لـەوە ئەترسی ڕێگات لیٚ ون ببیٚ مەترسە، چونکە ڕێگاکە نیشانەی هەیە، لـەم زستانەدا فرمێسکی چاوەکانم لەهەموو بەرزایی‌یەکا نیشانەیەکی داناوە بۆ ڕیٚ بەدی کردن.

(٩) یشـۆ: بچـۆ. واتـە: بڕۆ بۆ لای دۆسـت کەگەیشـتیتە لای بـەدەم هەناسـەی سـاردەوە بناڵێنەو ئەم دوو شیعرە بڵیٚ، دوو شیعرەکە ئەوانەی پاش ئەم شیعرەن.

(١٠) بانەناو: سواغ دراو، مەعنای هەردوو شیعرەکە پێکەوە دیٚ.

(١١) تکـە: دڵۆپـە، بنیـە: بنـیٚ، واتـە: باڵەخانـەی سەرچـەم کـەدیوەخانی تۆیـەو بانەکـەی بەخاکی بـەردەرگاتان سواغ دراوە، کەوتووەتـە دڵۆپـە کردن و وەبەهۆی ئـەوەوە ناتوانین لەسـەر ئوسوڵی تەریقـەتی نەقشـبەندی خـەیاڵ لـەتۆ بکەینـەوە تیایاو (ڕابیطە)ت بکـەین، جارێك تەشریف بێنە پیٚیەکی پیا بنیٚ بادڵۆپـە نەکاو بتوانین خـەریکی بیرکردنەوەکەمان بین. ئەمـە مـەعنا دیاری‌یەکـەیەتی، بـەڵام مەولـەوی مەعنایەکی لەمەوردتریشـی مەبەسـت بـووە کەئەوەتـە باڵەخانـەی چـاوی دڵدارەکـەت کـەدڵی دیوەخـانی خۆتـەو هەمیشـە تـۆی تیایـت. وەبانەکـەی بـەخاکی بەردەرگاکـەت سـواق دراوە –مەبەسـی لەوەیـە گوایـە هـەموو جاریٚ پـیٚی ئەنایـە سـەر چـاوی – تـك تـك فرمێسـکی لیٚ ئـەڕژیٚ لەبـەر ئـەوە وێنـەت لـەناو چاوما عاجز بووە –چونکە کەچاو ئاو بکا وێنـەی هیچ بەسافی وەرناگریٚ– سـائازیز پـیٚ ئاسکەکانت بنیٚ بەسەر چاوەکانما بادامرکێن و فرمێسك نەڕێژن...

لەهەندیٚ نوسخەدا شیعری یەکەم لەم دوو شیعرە بەم جۆرەیە:

باڵە خانەی چەم دڵ دێوانەکەت | بانەناو وەخاك سەر ئاسانەکەت

*　　*　　*

-٢٢-[١]

یاوا پێم نامەی، شیرین خیتامەت	دەک دەک نەرێزۆ،سەرپەنجەی خامەت[٢]
سیای سورمەی خەت، نەدیدەم شانا	بادرەوشەی وەرەق، خەمان ڕفانا[٣]
مەرهەم بی پەی زام، ئەفعی یان گەستەم	دەوابیپەیدەرد، جەستەکەی خەستەم[٤]
تەسکین دا وەئێش، ئێشەکەی دووری	وەدڵەی سۆچیای، نارمەهجوری[٥]
مەگەر خوداوەند، کەرەم کەردەوە	تەفرەقەی یاران، جەم ئاوەردەوە[٦]

واتە: باڵەخانەی سەرچەم کەهی دۆستە بۆ شێت بووەکەتە، وەبەپێی مەعنای دووەم باڵەخانەی چاوی ئەو دۆستە کەدڵی شێت بووە بۆت.. تاد. ل(٥٣٧-٥٤٠).

*　　*　　*

[١] مەولەوی ئەم چەند شیعرەی بۆ شێخی بەهائەدین نوسیوە کەنامەیەکی بۆ نارد بوو، وەتیایدا باسی کردبوو کەشێخ ضیائەدین-ی برای لەئێرانەوە گەڕاوەتەوە.

[٢] واتە: نامە ئاخر خۆشەکەتم پێ گەیشت، یاخوا هەرگیز ئەو سەر پەنجانەت دانەڕزێن کەقەڵەمەکەیان گرتبوو بەدەستەوە. وشەی (شیرین خیتامەت) ئیشارەتە بۆ ئایەتی (خیتامە مسك).

[٣] بادرەوشە: باوەشێن. واتە: مەرەکەبە ڕەشەکەیم وەك کلەوشاند بەچاوما کاغەزەکەش لەجیاتی باوەشێن خەمی لێ دوورخستمەوە.

[٤] ئەفعی : مار، واتە نامەکەت بووە بەمەڵهەمی زامی ماران گەستەم و دەرمانی دەردی لەشی بیمارم.

[٥] واتە: ئێش و ئازاری نووکی تیژی دوریتی داسوکناندو ئیسراحەتی دابەدڵم کەبەئاگری دووری سوتاوە.

[٦] واتە: چونکە خوا لوتفی کردو دۆستانی لەیەك بووی یەك خستەوە. ل(٥٤١-٥٤٢).

میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی[٢]

(١٨٧٣-١٩٤٩ز)

ناوی عەبدولقادری کوڕی حەمەیوسفی کوڕی وەستا محەمەدە، لەتەوێڵە لەدایک بووەو هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووەو نێژراوە، بە منداڵی لای مەلاکانی تەوێڵە دەستی کردووە بە قورئان خوێندن، پاشان چووەتە حوجرەو ماوەیەکیش بۆ خوێندن چووەتە سنە و دوایی گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی.

میرزا ژیانی بە باخداری و خوێندنەوەی پەڕاو و هۆنینەوەی هۆنراوە و ڕێنمونی خەڵکی بردووەتە سەر، دەستیشی بووە لە پزیشکی‌دا و لە داوودەرمانی کوردەواری شارەزا بووە، کەسایەتی‌یەکی ناودار و قسەزانی سەردەمی خۆی بووە، پیاو ماقوڵی دیوەخانی قادربەگ بووە و ئەویش ڕاوێژی پێکردووە.

میرزا ئۆلقادر دەستێکی باڵای هەبووە لە شیعردا، هەروەك باسی دەکەن شیعری زۆری بووە، بەڵام بەداخەوە هۆنراوەکانی کۆنەکراونەتەوە، وە بەم چەند نمونە شیعرانەشدا دەردەکەوێت کە شاعیرێکی لێهاتوو بە توانا بووە. هۆنراوەکانیشی بە زمانی فارسی و شێوازی هەورامی وتووە. ئەمەش چەند نمونەیەکن لەو شیعرانەی کە دەستمان کەوتوون.

لە ساڵی (١٣٢٩ك/١٩١١ز) دا، لە پایزی ئەو ساڵەدا دونیا زۆر سارد و تەڕوتوشی دەبێت، میرزا پێشبینی ئەوە دەکات کە ئەمساڵ بەفرێکی زۆر بباریۆ و گوزەرانی خەڵکی سەخت بێ، بۆیە ئامۆژگاری خەڵکی دەکات کە خۆیان ئامادە بکەن و ئازوخە و پێداویستی کۆبکەنەوە، جا ئەمە دەکات بە شیعر، بەڵام کاتێ بەفرێکی زۆر دەبارێ لەو کاتەدا هەندێ شیعر دادەنێ هەردوکیان بەیەکەوە دەهۆنێتەوە، مرۆڤ دەخاتە ناو واقیعێکەوەو دیمەنێکی زستانی هەورامان دەخاتە ڕوو. بەفرەکە لە (١٥)ی موحەڕەمەوە بۆ (٢٠)ی صەفەر واتە ماوەی (٣٥)ڕۆژ لەسەر یەك بەفر باریوە هەموو دەشت و شاخی داگرتووە. ئەمەش هۆنراوەکەیە[٣].

حەیی جهاندار، حەیی جهاندار	پەنا هەر وەتون، حەیی جهاندار (١)، (٢)
پەنا هەروەتون، پەنای تەرجە کون	گومەن ئیبلیسی، بی‌شەرت و بی‌شون (١)،(٢)
بەندەی‌بی میقدار، کەم عەقڵ وکەم فام	بەحسی صنعەتت، مەکەرۆ تەمام (١)، (٢)
موددەعاش ئیدەن، ئەندک و کەم کەم	جە تەعریفی ساڵ، ئیمساڵ بدەو دەم (١)، (٢)

تأریخ جە هەزار، سیٚ صەد بیست و نۆ
قەومان، عەشرەتان ژیران سەرشێتان
ساڵش زیقەتەن، عەشرەتان ئیمساڵ
هەرکەس ماڵدارەن، بارزقش جەم بۆ
رۆغەن و گەنم، برنجی شاران[٤]
بیٚ دەوڵەت دوودەس، بدۆ وەسەردا
وەبیٚ چەند و چون، وەبیٚ بەهانە
ناگا جەتەقدیر، بینای بانی سەر
بیٚ بەتۆز گەرد، جەڕووی هەواوە
پایتەختش بوەست ئۆ (پەشت و ناوای[٥]
ساکە ئیدش دی (دوختان و خانی)[٦]
(خورخوڕەای چڕیش، (هانە شروانی)
خەبەر کیانی، پەی (مڵەوەردی)[٧]
هەم (داڵەمێزای، بەرزی بانی شار
(گۆیژەای چڕیش، هەو (پیرەمەگرون)
مەر تۆ وە باطن ، جە ڕووی گوستاخی
واچە وەکێڵ بوو، ئاو و (سیروانی)
واچە (زمناکۆای، ساکن بوو پەی وێش
(ماکوان) عاجز، (کۆیلە) بیٚ دەنگ[٨]
وات: کوان، بەرزان، ترازان، کاوان[٩]
فەلەک چەنیمان، خەیلێو وەقینەن
جە پانزەهەمی، ماهی موحەڕڕەم
بی وە زەمهەریر، جە سەر کلاٚوان
داش وەباغان دا، بە شادمانی
موختەسەر پەیتان، چیش کەرو بەیان
موختەسەر وارا، تابیستی صەفەر[١٠]
ڕاهان شین نەبەند، دەربازان ماتڵ
صنعەتکار دەسش، جەصنعەت کێشان
بەزازان عاجز، جۆلاٚیان ماتڵ
چوار پینەی کەفشی، فەقیران دڕیان
بابیٚ تفاقی خەڵقان، کەین مەعلوم

تأریخی ئەمساڵ،جەلات مەعلوم بۆ (١)،(٢)،(٣)
گردین بگرە و دی، پیٚ بەختی وێتان (١)
زەخیرەی پایز، کەردش پایە ماڵ (١)
نەکای جە وەهار، ئەوزاحش کەم بۆ (١)، (٣)
ئامادە کەردی، بیٚ حەدو پایان (١)، (٣)
پەلاٚ سێو قایم، کەرۆ وەبەردا (١)، (٢)، (٣)
ڕزقی زمساتان، باوەردی یانە (١)
هەور جەڕووی فەلەک،سەر ئاوەردوەبەر (١)، (٢)
شی پەریٚ (شاهۆ) جە پشتی (پاوە) (١)، (٢)، (٣)
زەلانش کیاست پەی(سەڵوە کاوای(١)،(٢)،(٣)
وات (هاڵی و ڕا) حاڵم بزانی (١)، (٢)، (٣)
پەی (قوڵۆدمەای ، خەبەر کیانی (١)، (٢)، (٣)
(وەڵنەوەزانا)، باخەبەرکەردی (١)
(کورە کاژاوای، بەرزنجەی هەژار (١)، (٢)
پیری گشت پیران، ئومێدم وەتون (١)، (٢)
خەبەر بدەینە، بە (قەرەداخ)ی (١)، (٢)
خەبەر بدەرو، (حللە و دیوانی) (١)، (٢)
خەبەر بدۆنە، بەهامسایا وێش (١)، (٣)
بەرزی (داڵەهۆ) عاجزەن بیٚ ڕەنگ (١)،(٢)،(٣)
دەشتان، باغاتان، چەشمەو سەرئاوان (١)، (٢)
ئیمساڵ چارەمان، هەر زاری و شینەن (١)، (٢)
باجە وارای بەرف، ئیتر بدەین دەم (١)، (٢)
داش وەدەشتان دا، هەم وەردی کاوان (١)
پایتەختش ئاورد، پەی ئاوەدانی (١)، (٢)
پەنا مەگیر و، بەزاتی سوبحان (١)
ئادەم جەیانە، نمەشی وەبەر (١)، (٢)، (٣)
قاتران جەگەوڕ، گشت مەندەن خجڵ (١)،(٢)
دەستەزەڕانی، نیشتەن پەی وێشان (١)، (٢)
کەوش دروان یەک سەر،گشت مەندەن خجڵ (١)،(٢)
هەلاجان بیٚکەیف ژیکەمان بریان (١)، (٢)، (٣)
گەدایان گوش دەن، لێتان بۆ مەفهوم (١)، (٢)

دوکەڵ و یانەی، کارێوش کەردەن	پەنا بە ئەهلی، جەهەنەم بەردەن (١)،(٢)،(٣)
نەهێزم مەنەن، نە گەنمەشامی	پەری گەدایان، بی وەبەدنامی (١)، (٢)
دەوڵەمەند تەماش، بەگەدا کەردەن	مەزانۆ مەردەن، یاخود هەر مەننەن (١)، (٢)
بشین وەسەروەخت وەحشیانی کۆ[11]	بەدحاڵی ئەوان، ئەمجا مەعلوم بۆ (١)، (٢)
زەیقەتێو ناو، وەحشیان کەفتەن	سەگان جەهەیبەت گورگان نەسرەوتەن(١)،(٢)، (٣)
ئاوارە تون بین (کەبکان)، جەداخان[12]	ئارامشان بڕیان، کەڵان جەزاخان (١)، (٢)
هۆریشە چەنی، ڕەواسی، بی، پیر	هەرکەس پەری وێش،ئاوەردەن بەگیر(١)،(٢)
ئاهوی گەرمیان، چەنی پاساری	گەناسە لە چەم، دەردش بی کاری (١)
قاژان نەوەر زاخ، بەننەن ڕاگەشان	قالاّ و گوشەی ئاو، بیەن جاگەشان (١)، (٢)
قشقەڕە حەیران، مەننەن جەی کارە	حاجی لەق لەقان، گشت بیەن ئاوارە (١)، (٢)
گردین مەواچان، کەی بەیۆ وەهار	نەجات یافتە بین، بشین سایەی دار (١)، (٢)
شەرعی ئەی وەڵات، هاکۆتەن ئەودور	بابشمیٚ سەروەخت، کوردی شارەزور (١)
دەردەگا کارێو کەرد بە شارەزور	ئیتر نمە بۆ، تاوە نەفخی صور (٢)
ئەسپ و (مادیان)، وردە حەیوانی[13]	نەجەدەواردا، نەجە دێکانی (١)، (٢)
نەمەندەن ئەصڵەن،گردین قڕکەردەن	چەرمشان پەری،(هەمەدان) بەردەن(١)
بەزەیم ئامان، بەی کوردانەدا	بەی وەحشیاتان، جە هەردانەدا (١)
ماشاء الله قادر قدرت نمانا	تخم سفیدیش، بە زەمین شانا (١)
قادر تا زیندەی، بنیشە بیٚ دەنگ	هەرزەیت کەردەن،سەرت داوەسەنگ(١)،(٢)

-کاتیٚ کە جافرسان کۆچی دوایی دەکات و، دەیهێننەوە بۆ گۆڕستانی عەبابەیلیٚ، میرزا ئۆلقادری تەوێڵەیی، بۆ ئەویٚ دەڕوات و لەویٚ، لەسەر قەبرانەوە، پارچە هەڵبەستیٚ دادەنیٚ و بەحسابی ئەبجەدی، ساڵی مردنەکەی تیادا، دەردەخات. کە ساڵی ١٣٦٢ کۆچییە.

ئەمەش هەڵبەستەکەیە بە ڕێنوسی کوردی ئەمڕۆ:

سوڵتانی عادل، نەوشیران سیفەت	دارایی عەداڵەت، دارایی مەعریفەت
سوڵتانی سەرحەد، بەینی دەوڵەتەین	سادق پەی میللەت، ئەمین بیی جەبەین
یاڕەب بەحاجەت، خاسانی دەرگاه	جەعفەر سوڵتانی، ببەخشە گوناه
بەرشیی، جەدونیای، بیٚ وەفای غەددار	چەنی سەحابە، بیی بەهام مەزار
ئەبا عوبەیدە، بیی بە نەسیبش	جە مەزارستان، جەدی حەبیبش
دوقەڕن، حوکمدار بەینی دەوڵەتەین	بوانا، شێوەی، سانی ذولقەڕنەین
ئەسکەندەر ئاسا، بە فەتح و نەسرەت	ڕەواج دا، شێوەی لهۆنی میللەت
تأریخی فەوتش، بکەردم حەسێب	ئەبجەدوات، واچە (سُلطانی غریب)[14]

هەروەها میرزا عەبدولقادر بەبۆنەی کۆچی دوایی کەریم سانەوە ئەم هۆنراوەیەی لەساڵی (١٣٦٤) کۆچیدا وتووە[١٥]:

این کریم سلطان اورامان که او	واز تسلسُل از نژاد بهمنی
چون ز دنیا جود، عدلش هردو بود	مادحم بهر وفاتش بازبانی سوسنی
جانشین عزت و عزت قرین باداخدا	دوستانش درسیاهی بازدادی روشنی
باز وی جود و سخایش مشتبد شد با پدر	یارب بهرتن، این بازوریش رانشکنی
بهر استغنای طبعش لازم تأریخ بود	فوت کردودرقیامت گفت ابجدشدغنی

میرزا عەبدولقادر لەکاتی دروستکردنەوەی مزگەوتی گەورەی تەوێڵەدا لە ساڵی (١٩٢٩) شیعرێکی جوانی هۆنیوەتەوە کە لە شوێنی خۆیدا بڵاومان کردەوە – لەبواری تەوێڵە لەڕووی ئاینییەوە– کە لەسەرەتاکەیەوە دەڵێت:

اقصر فردوس است، یاعرش است هم چرخ برین

کس ندیدەست، ببیند، خاک و اب هم چنین..)

ئەم هۆنراوەیە لەلای بەڕێز مەلا کامیلی حاجی مامۆستا دەستم کەوتووە، هەرعەینی شیعر دوجار نوسراوەتەوە یەکێکیان بە قەڵەم ڕەش ئەویتر بەقەڵەمی شین، کەمێك جیاوازیان هەیە لەچەند وشەو لەچەند دێڕە شیعرێکدا، ئەوەی بەقەڵەمی شین نوسراوە لە ئەخیرەوە چوار دێڕی نییە، کەچی لەڕەشەکەدا هەیە، ئەوچوار دێڕەش پەیوەندی نیە بەوانی ترەوە، بۆیە لێرەدا نەمان نوسیوە. (جیاواز یەکانیش کاممان بەباش زانیوە ئەوەمان نوسیوە) بە قسەی مامۆستا کامیل، میرزا ئۆلقادر شیعرەکەی لەسەر زمانی کۆڵبەرێکەوە نوسیوە کەلەتەوێڵە بووە و خەڵکی هەورامانی ئەو دیو بووە، شێوەی ژیانی ئەو فەقیرەی بەم شێوەیە دەرخستووە:

چل و پەنج ساڵ، عومرم صەرف کەردەن	بغەیر خەجاڵەت، دڵم نەسرەفتەن
ڕەوان پەلە پەل، ڕزقی ئێوارە	شەوان خەیاڵات، غەم و پەژارە
حەماڵی زەلیل، بەدەستی خاڵی	شەوان بە خەفەت، ڕوان حەماڵی
تاکە دەست گنۆ، نان پەی منالان	بەرگی فەقیری، چە تومش کالان
کوپانە جەکوڵ، وەریسە جە مل	گێڵو جە بازاڕ، کابرای شڕی زل
مەجبور مەگێڵو، بە دەستی خاڵی	تا پێداکەرۆ، نان بە حەماڵی
هاوار مەکەرۆ، جەوێم بێزارم	ڕەحمی خێرتان بۆ، من کڵفەت بارم
من کەس مەژناسو، جە شارو وڵات	حەماڵی کەر و، تا ببۆم نەجات
مانگی چل دینار، نیام کرێ یانە	بە زیندە مەردەم، تەڵقینیم وانە
مەردەیم خاستەرا، ئاوات موازوو	بەڵکە خوداوەند، نەجاتم دۆ زوو
هەریاگێو ملو، مدام دژمانی	خودا عزرائیل، زوو پەیم کیانی

نەجاتم بونە، جە دنیای بەدبەخت
هیچ نەدات وەمن قەصر و تاج و تەخت

تۆ دانت بەمن، ڕووتو شڕۆڵی
غەم و خەفەت و، نەگبەتی و کرۆڵی

دایم بیمارم، دڵ پەرێشانم
جەتای فەقیری، عومر بێزارم

عومری بەدبەخت، گەر نەبۆش ڕۆزی
مەجبور بەشەوان، بکەر و دزی

یام بە سواڵە، گیرۆ گۆچانە
کۆڵان بە کۆڵان، هەم گیڵۆ یانە

ڕۆ هورماڵۆ، سواڵە کەرۆ
شەرم و حەیاو وێش، تەمام مەبەرۆ

کڵفەت جە ئاورای، جە یانە ناڵە
تا تاتە بێوە، کەرو سواڵە

مەغریب شادابێ، ئاماوە یانە
ژەنی خرابە، گرتش بەهانە

نەواتش کڵفەت، جەمن بیەن ئیجاد
واتش پیاکە، تۆ بدەم نەجات

مەبو شەریکت، جە تۆ بو جیا
تەڵاقم نەدەیت، مەبەروت حەیا

سەبای زوتەرا، بەرەم لاو قازی
من بە فەقیری، قەت مەبو ڕازی

تۆ تەسەت نیا، جەنانە ساجی
من حەشاکەر و، پەی ئاغە حاجی

چینەی زیاتر، مەکەرە قاڵە
من ڕازی مەبوو، نان بە سواڵە

کەی ڕەزای هەقەن، شوکەرۆ حەماڵ
ژەنیوە جوانە، عومرش بۆ سی ساڵ

تۆ کڵفەتت هەن، حەشامەکەری
حەیاو شعور و، تۆ ویت مەبەری

جا ئافرەت عەیبا، جە خودای تەرسە
هەرچی من کەرۆ، چنەم مەپەرسە

چێشت گەرەکا، صوبح و ئێوارە
واچە پیاکە، بازاڕ پەیم بارە

بەڵێ جە ئەزەل، ڕزق و من کەما
هەرچی تۆ واچی، هەم سەروچەما

ئافرەت وەزەرە، حەرف و شەیتانی
خودا کەریما، هەتا بەیانی

کە صوبحێ هورست، کابرای غەمبار
ڕوونیا بازاڕ، هەم بە شەرمەسار

ڕوونیا بازاڕ، بەصەبرو ویقار
دیش شەخصێ جە دوور، ئاما بەرەو وار

دەست تۆ بارە، پەنەم برمانە
ڕووە من کەرە، هەنەم هەرمانە

وات گیرە دەستت، ئابرای ژیرە
هەردیوی دەسیش، پەڕکەرد جەلیرە

خودا حافیزیش کەردە فەقیری
خاس نەجاتش بی، ئەو جە ئەسیری

لواوە یانە، بە دڵێوی وەش
فەقیریش نەمەن، بی بە صاحب بەش

صەد و بیست لیرە، گەوهەر ئەو چراخ
وەش و بەشارەت، هیچ نەمەنش ئاخ

کە ژەنی زاناش بی ئاغە ژەنی
ماچو پیاکە، یاخوا هەر مەنی

تو عەفووم کەرە، کڵفەت باری تۆم
خەیلێ خەجاڵەت، من هەم ڕەنجەڕۆم

من عەفووت کەرو، وەر و کڵفەتی
تۆ بێ عەقڵە بیەی، لات دا جە خەتی

بی صاحب قەصر، هەم بی صاحب نان
بی بە دەوڵەمەند، هەم صاحب دوکان

خودا کارو وێش، هەر وێش مزانۆ هیچ کەس جە سرڕو، خودای مەزانۆ
هەر چێو خوداوەند، کەرونەش تەقدیر مەپەرس و گەدان، هەم مەپەرسۆ ژیر
درەختی وشک مارونە سەمەر هەروێش حەکیمەن،هەروێش نەجاتدەر

ئەم هۆنراوەیەش لەلای مەلا کامیلی حاجی مامۆستا دەستم کەوتووە، هۆنراوەکە لەسەر ئەوەیە کە میرزا جوتێ قۆندرەی چاکی بووە، جارێکیان (ڕەسوڵە جوانە) کە پیاوێکی قسەخۆشی تەوێڵەیی بووە، هاتووە داوای کردون کە پێی بدات بچێت تا بازاڕ.. ئەویش بە ناچاری داویەتی بەلایەوە، بەلام (ڕەسوڵ) بەو قۆندرانەوە دەرچێت بەو کەژ و کێوانەدا دەگەڕێت و قۆندرەکان تۆپی ژێرەکەیان نامێنێت.. کە دێتەوە میرزا بەمە بێ تاقەت دەبێت، ئەمە بەم هۆنراوەیە دەردەبڕێت و دەڵێ:

جوتێ کلاشم بێ، هەم جوتێ قۆندرە قۆندرەی فەتوحی، هیچ نەبیش نمرە
من زیلم ناما، کەرونەش ئەو پام بە پاخروا لوام ئەمجا ئەو دەوام
کابرایێ نەگبەت، ئاما ئەو یانە قۆندریش بەردی، نیمە بەهانە
ماچۆ ئەی میرزا، دەخیل صەد دەخیل تۆ کەرە چارەم، مەکەرەم زەلیل
تا ملو بازاڕ، پاڵەی مەسانو سواست کەرو، دۆعات پەی موانو
من هامساوتۆنا، بونە خدمەتکار ڕجاتکەر و ونە، مەمکە شەرمەسار
واتم هابەرە، بەلام نەفەوتیا ڕانە تۆ پەشا، نەمەنۆ جیا
واتش بەڵێ تۆ، غەمت نەبۆنە ئەم پەڕ تا ئەوپەڕ، (بەڵکوا) ملونە
ئەجیام ڕاس ماچۆ، کابرای فێڵێباز هەرچی من واتم، ئەمرکەری خاست
تۆمەز ملونە پەی (ئاوێسەر)ای درۆ دەلەسە، ....ری
کوتەش مەڕیان، پیکەنی گیرۆ بەقەسەم واردەی، بە فێڵ و درۆ
(ملەگا نەڵکمین)، تێپەڕ مەکەرۆ جە (مروکرۆبانگانێ) ڕوو بە(هانە مرۆ)
(هانە مرۆ) لوان، (تاشا خورخوڕە)ای گوشش هیچ نیا، دژمانو قرەی
چاگەیچ لوان، (دەشت و مارانی) (خورخوڕە) و (هەیات)ان (دوختان و سانی)
کۆتە باوەرۆ، ئەو .... کلاشی کەرۆ، ئەو قوڕ بەسەرە
قۆندرەی فەتوحی، ئی تاش و ئۆتاش تۆپۆ قوندرەکا، نەمەنە جە پاش
قۆندرێم دای‌پنە، بلی وەبازاڕ پاڵەی پسانی، شەرت بۆ کەروت دار
وەختێ ئاماوە، لوانی یانە واتم وەسیشا: ڕەسوڵە جوانە
ماچو ئەی میرزا، هامسایی ساچە ڕجات کەرونە، قسی مەواچە
من مەشهورەنا، ماچام پنە ڕەسوڵ قابیلش نیەن، نەپارە نە پوڵ

-لالۆ کەریمی عەبە کەپیاوێکی تەوێڵەیی بەتەمەنە و لە دایکبوی (١٩١٤)یە و قسەی خۆشە و حەزی لە گۆرانی و شیعر و حیکایەت هەیە لە (١٩٩٧/٧/٣١)دا ئەمەی بەم شێوە گێڕایەوە و بە شریت لامانە و دەڵێ:

قادر بەگ چەند تفەنگچی‌یەك كۆدەكاتەوە وەك: هەسەنی الله کەرەم و حەملی قاسم ئاغا و حەمە سەعید و یەك دوانێکی تر، دێن بۆ ئاوێسەر بچن بۆ ڕاو بۆ ئەو کەژو کێوانە، میرزا ئۆلقادریش لە ئاوێسەر دەبێت، قادر بەگ دەڵێ: دەبێت تۆش بێیت لەگەڵماندا، بەڵام ئەو جوتێ قۆندرەی لەپێدا دەبێت و ڕەسوڵە جوانەش لەو کاتەدا لەوێیە و کلاشی لە پێیە، میرزا داوا لە ڕەسوڵ دەکات و دەڵێ تۆ ئەو کلاشانە بدە بەلای منەوە، من بۆ ئەو کەژانە دەچم قۆندرە بۆ ئەوێ ناشێ تۆ بۆ دێ دەچیتەوە با قۆندرەکانی منت لەلابێت، ڕەسوڵ پێی خۆش نابێت بەناچاری دەیداتێ.

میرزا لەگەڵ قادر بەگدا دەچێت و دەگەڕێن کاتێ دێنەوە (مرۆکور ومبانگانی) دەبینێ تۆپی قۆندرەیەك لەو ناوە کەوتووە، دەڵێ بەخوا ئەمە هی قۆندرەکانی منە.

بەهەر حاڵ کە دێنەوە تەوێڵە دەبینن بەڵێ وایە، ڕەسوڵ بەو قۆندرانەوە چووە بەو شاخانەدا گەڕاوە تاوەکو (تەختە کۆتە)یەکی کلاش بدۆزێتەوە و بیبڕێت و بیهێنێتەوە، میرزاش بەمە بێ تاقەت دەبێ و ئەم شیعرە بەم شێوەیە دەهۆنێتەوە.

کەوشم دان بەدەست، یەک.....	بە شان و باهۆ، بەوێنەی بەگێ
نەزانام.....ئەو ....ڕە	نەتیجە بەزاز، ئەو دەربەدەرە
ئەمن شیم پەرێ، تەختی هۆرامان	سەیری تەختم کەرد سەرهەتا دامان
تومەز ئەو بەدبەخت، ئەو دۆمە بەد شۆم	کەوشش بەردەناو، پەرێ تەختەی دۆم
خوڕ خوڕەو هەیات، تاهانە مرۆ	کۆکۆ مەگێڵۆ، تەختە باوەرۆ
چەوسەرۆ ئامان، دۆمنەی پالاّ دێز	بزماری کەوشش، کەوتەن ڕێزە ڕێز
شەرعەما کەوتەن، ئۆ یانە و قازی	بەچار و ناچار، قادر بی ڕازی
تا قادر مەنەن جە تۆ ڕازیەن	چونکە چەی دمای، کلاش بازیەن

-بێگومان ئەم هۆنراوانە، چونکە لە وەختی خۆیدا نەنوسراونەتەوە، ئەگەری ئەوە هەیە کە گۆڕانکاریان بەسەردا هاتبێ و دەما و دەم وشەکان گۆڕرابن.

مامۆستا بابا حاجی (١٩٠٤-١٩٦١)[١٦]

بابا حاجی ناوی مەحیەدین کوڕی مەلا نەجمەدین کوڕی حاجی مەحیەدین کوڕی مەلا نەذیری گەورەیە، بەهۆی خۆشەویستیەوە بەبابا حاجی ناویان بردووە.

لەتەوێڵە لە دایک بووە هەر لە وێش دەستی بە خوێندن کردووە، پاشان بۆ خوێندن چووە بۆ سنە و بانە و سلێمانی.

- سێ ژنی هێناوە و، هەشت کوڕو دوو کچی بووە.

- لە تەوێڵە ماوەیەکی زۆر خەریکی پێگەیاندنی منداڵ بووە و ، فێری قورئان خوێندنی کردون.

- ماوەیەك مەلای هەردوو گوندی گریانەو بۆین بووە، خزمەتێکی باشی منالانی ئەم دوو گوندەی کردووە.

- لەساڵی (١٩٤١-١٩٤٣) کاتبی شارەوانی تەوێڵە بووە، هەروەها ماوەیەك کاتبی شێخ حیسامەدین بووە.

- هەوڵی زۆری داوە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری.

- خۆشنوسێکی نایاب بووە، گەلێك پەڕاوی بەخەتە جوانەکەی نوسیوەتەوە.

- لەکاری پزیشکیدا شارەزا بووە.

- هەستی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بەهێز بووە، یەکێك بووە لە ئەندامانی حیزبی هیوا و ماوەیەکیش لێپرسراوی ناوچەی هەورامان بووە، پەیوەندی بە شێخ لەطیفی شێخ مەحمودەوە بووە، سەردانی شێخ مەحمودی زۆر کردووە، مەلا فەتاح ناوێك کە پەیوەندی بە کۆماری مەهابادەوە بووە، سەردانی بابا حاجی زۆر کردووە.

- هاوکاری لە دروستکردنی مزگەوتەکانی گریانەو بۆین و مزگەوتی بابا ئەسکەندەر لە تەوێڵە کردووە، بەڵکو هاندەر بووە لە دروستکردنیاندا.

- لەئاخری تەمەنیدا، مەلای مزگەوتی بابا ئەسکەندەر بووە.

- لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٦١)، مامۆستا باباحاجی توشی نەخۆشی دەبێت و دەیهێنن بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی، تا لە (١٩٦١/٧/٥) دا کۆچی دوایی کردوە و تەرمەکەی دەبرێتەوە بۆ تەوێڵە، هەر لەو ڕۆژەدا کە مامۆستا کۆچی دوایی کرد، خوای گەورە کوڕێکی پێ بەخشین و ناویان نا (ئەمجەد) کەئێستاش مامۆستایە.

- بابا حاجی دەستی بووە لە شیعر نوسین دا، بەڵام بەداخەوە زۆری فەوتاون و هەندێکی لای منالەکانیەتی، بەتایبەت مامۆستا نەظیف، وە نازناوی شیعری (مُحی) بووە وەك دەڵێ:

(محی) دڵبەر، وەکو مەهتاب لە ئاستی من کە ڕووی هانی
بەجارێ دەستە کێردی کرد دڵم، وەك قۆچی قوربانی

بەبۆنەی شۆڕشی گەلاوێژی (١٩٥٨)ەوە ئاهەنگێکی خنجیلانە لە تەوێڵەدا دەکرێت، داوا لە مامۆستا دەکەن کە بەشداری بکات و شیعرێك بخوێنێتەوە، ئەویش بە شیعرێك بەشداری دەکات ئەمە کۆپلەیەکە لەو شیعرەی کە دەڵێ:

چەند ساڵان لەبەر، زوڵم و زۆری زۆر   دەرگای شادیمان، لێ کرابوو مۆر
هەرجار بەجۆرێ، هەر ڕۆژ بە ڕەزمێ   ئەباری باران، هەر جار بە تەژمێ
جارێ ڕەشەبا جارێ بە تەرزە   خوێناوی لاوان، دەهاتە لەرزە ..هتد.

بەبۆنەی لافاوەکەی شاری سلێمانیەوە لە ساڵی ١٩٥٧دا دەڵێ:

شاری سلێمانی شارێکی بەرزی   لەبەر بەرزی خۆت، تەواو سەربەرزی
ساڵێ ڕەشەبا، ساڵێ بە تەرزە   قامەتی جوانت، دێنێتە لەرزە
پایز بارانی، پاڵەی خوێناوە   بۆ لاوانی تۆ، بەینێکە باوە....!

بەبۆنەی کۆچی دوایی شێخ حیسامەدینەوە پارچە شیعرێکی (١٤٨) دێڕی داناوە، کە هەست و سۆزی دڵی خۆی تیا دەربڕیوە.

سەروان تەزروان، وەسەر بەرزەوە   ویکۆڵان وەسۆز، دەم وەلەرزەوە
شەتاو مەشنیۆ، وەشنۆی شەماڵ   لێڵەن جە دوری، پیری ساحیب باڵ
بولبول، قومریان، وەسۆزی غەمگین   مەحزون، موانان، پەری شاهی دین
ژەرەژان وەسۆز، موانان کۆکۆ   هوهو موانۆ پیری دینم ڕۆ
ئاوێسەر حەزین، نەڵکمین ماتەن   کویلە و بزازەرا، جان فیدا ڕاتەن
زەردەلۆ کاڵێ، تاگمۆ دالاّ   تەخت و دالانی، پەی تو مەنالاّ
بەرزەڵنگ بەرزەن، وە شاخانەوە   چنور مەشنیۆ، وە داخانەوە
ماچان نادیار، پیرچنار چۆڵەن   ئەڵبەت تەشریفش جە کراویە دۆڵەن

یا خۆم جه زەڵمەن، یام باخەکۆنەن — مەگێڵان غەمگین، یەکسەر جەوبۆنەن
یاخۆم مەبادا، جه توێڵه بۆ — ئازادی عەشرەت، تەشریف بەرده بۆ
له بۆ بەقای ئەو دایم ڕاجی‌یه — ناظمی ئەشعار بابا حاجی‌یه....)

له گرنگترین شیعرەکانی بابا حاجی شعری –(ئەشعاری وەتەنه)

ئەشعاری وەتەن

به هیمەت وەرنه مەیدان، نەماوه بەزمی ڕۆڕۆمان
دەلێدەن تەپڵی هوشیاری، وەتەن ئاوایه ئەمڕۆمان
به مەعنای (لیس للأنسان) ئەگەر هیمەت بکەن یاران
نەتیجەی بەحری دنیایه ، بەکەم کەم تك تکەی باران
به ئیستمدادی زاتی هەق، بکەین ئیرشادی عیزەتمان
به پەنجەی حەیدەری ئاسا، بکەین دەفعی ڕەزالەتمان
مەڵێن هیچ ناکرێ و نابێ، به جۆشن پۆلی نەورەسمان
به جورئەت وەرنەوه مەیدان، پەنابەین زاتی ئەقدەسمان
وەتەن بێ بەهره قەد نابێ، له کوردا شێری شێرانمان
هەیه، هەر ماوه، مەر وەختێ، بدا تەوفیقی یەزدانمان
مەبن مەحزون بەهیمەت بن، گەڕاوه ڕۆژی مەتڵەبمان
بەکەم کەم دەستی بۆ بگرین، هەتا وەختی ئیشارەتمان
کیفایەت بەرگی نەگبەتمان، نیهایەت خەوی غەفڵەتمان
هەتا کەی ڕەنجبەری خەڵك بین، به ڕوح و گیان و سەروەتمان
خوداوەندا، به ئیعجازی موحەمەدمان
به شاهی (مرتضی) و حەیدەر، ئیمامانی شەهیدانمان
ئەوانەی خاینی کوردن، وەکو سەگ بێنه ژێر پێمان
ببێ عیبرەت له دنیادا، هەتا ڕۆژی قیامەتمان
دەسا (محی) ئومێد وایه نزیك بێ کەسبی صحەتمان
له گێچی غەفڵەتا دەرچین، نەمێنێ ئەصڵی عیلەتمان

محەمەد ئەمین کاردۆخی (١٩١٦-١٩٨٢)[١٧]

ناوی (محەمەد ئەمین)ی کوڕی شێخ محەمەد کە بە (کاکە شێخ) ناسراوە کوڕی شێخ محەمەد بەهائەدین کوڕی شێخ عوسمان سراجەدینی تەوێڵەیە، دایکی کچی مەلا نەجمەدینی مەلا نەذیرە.

وێنەی کاردۆخی ساڵی ١٩٨٢

لە (١٩١٦/٣/٢٥) لە تەوێڵە لە دایك بووە، لە پێنج ساڵیدا لای باوکی و خاڵوانی قورئان و کتێبە ئاینی‌یەکانی خوێندوە، لە ساڵی (١٩٢٩) لە تەوێڵە چووەتە مەکتەب لە ساڵی (١٩٣٥) دا خوێندنی سەرەتایی تەواوکردوە، پاشان چووەتە بەغدا لە خانەی مامۆستایان وەرگیراوە، لە (١٩٣٩)دا خوێندن تەواو دەکا و لە (١/١٠/١٩٣٩) تەعین کراوەو بووە بەمامۆستا لەتەوێڵە.

ژیانی مامۆستایەتی لەم شوێنانە تەواو کردووە. ساڵێك لە تەوێڵە، دە ساڵ لە بیارە، دوو ساڵ لە عەبابەیلێ، ساڵێك لە جافەران، دە ساڵ لە هەڵەبجە، دوو ساڵ لە سلێمانی، شەش ساڵ لە بەغدا تا لە (١/٤/١٩٧٠) خۆی خانەنشین دەکا و دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، واتە (٣١) ساڵ خزمەتی بووە لەپەروەردەدا. لە بەرواری (٨/٦/١٩٨٢) لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. کاردۆخی هەر بە منداڵی حەزی لە خوێندنەوە و لەبەرکردنی هۆنراوە بووە بەتایبەت هۆنراوەکانی حاجی قادرو کوردیو مەولەوی..کاریان تێکردووە.

لە ساڵی (١٩٣٥) دا دەستی بە شیعر وتن کردوە کەیەکەم هەڵبەستی بە ناوی (خۆشەویستی وەتەن) بووە لە بەغدا وتویەتی.

هۆنراوەکانی زیاتر خۆشەویستی و نیشتمانپەروەری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون، بە شێوەی زاری هەورامی و سۆرانی هۆنراوەکانی نوسیون، کەمێك لە شیعرەکانی سەعدی شیرازیشی کردووە بە کوردی.

جگە لە دیوانەکەی خۆی کە بە ناوی (دیوانی کاردۆخی)یەوەیە، هەندێ دیوانی تری بە چاپ گەیاندون، وەك دیوانی صەیدی هەورامی و دیوانی شاهۆ و هەندێ تریشی هەیە کە بە چاپی نەگەیاندون وەك:

لە بەشی دیوانەکەی دا ناوەکانی تۆمار کردون کە ئامادەی چاپن، سەرەڕای ئەمەش چەند نمونەیەك لە بەرهەمەکانی فەوتاون[١٩].

ئەمەش چەند نمونەیەك لە هۆنراوەکانی:

وەتەن مەورەشیۆ

وەتەن ئەدانە، کەس مەدۆش بەزەڕ ... ئانە دۆش بەزەڕ، شێتا، یاخود هەر
وەتەن قیمەتش، حسێب مەکریۆ ... بەهەزار کولورێ، لیرێ مەدریۆ [٢٠]
ئانە ورەشۆش، یا کرێش ورۆ ... پیسەنە، ئەدەی، پەی خەڵکی بەرۆ
پەی وڵات و وێش، هەرکەس پاسەش کەرد ... ئانە ئاورۆ، وێشو، کەساش بەرد
پانەی نەواچی، قەت پیا خاسا ... مەژگش شڵەقیان، تاواچی کاسا
پەی حەیاشیەش، ئەشیەی زوو مەردێ ... دەستش جە دەستوو، ناحەزا وەردێ

مامۆستا کاردۆخی هۆنراوەیەکی داناوە، لەسەر جوانی دیمەنی (کەمەر سەلارە) –کە گردۆڵکەیەکە، لە دامێنی خوارەوەی بیارە– یەکەمجار بە سۆرانی شیعرەکەی هۆنیوەتەوە، دوای حەوت ساڵ وەری گێڕاوەتە سەر هەورامی، ئەمەش چەند نمونەیەك لە هەردوو شێوەکە:

لە سۆرانییەکەدا دەڵێ:

لەسەر پەردەی دڵ، وێنەت دیارە ... جوانیت باس ناکرێ (کەمەر سەلارە)
شوێنی ڕوانگەت، یەکجار ڕەنگینە ... ئاسۆی لای سەرووت، شاخی بەفرینە
هەر لە ژوور (کەیمنە) تا (دەرە قەیسەر) باخ و باخاتی، بەردەمتە یەکسەر
هەوایش تا بڵێ، پاک و بێگەردە ... چاو قەت تێر نابێ، لەو شاخ و هەردە
خۆ بەتایبەتی، وەختی بەهاران ... هەتا چاو کارکات، خەیمەی گوڵاڵان
قەدپاڵی شاخ و، باخی گرتووە ... دڵی سەیرکەری، سەرسام کردووە ..!

لە هەورامییەکەشدا دەڵێ:

پەردەو دڵینە، وێنەت دیارا ... (کەمەرە و سەلارە) فرە ئاشکرا
جوانی دیمەنیت، باسش مەکریۆ ... بە شیعرە و پەخشان، تەعریف مەدریۆ
وەرە چەمەکەت، یەکجار ڕەنگینا ... ئاسۆ و، لاو سەرەیت، کەشی وەروینا
چوەر و (کەیمنە)ی، تا (دەرە قەیسەر) باخ و باخاتا، سەرانسەر یەکسەر
هەوات تا واچی، پاک و بێ گەردا ... چەم سێر مەوەرۆ،سەیرکەردە و هەردا
خۆ بەتایبەتی، وەختو وەهاری ... خەیمەو گورالا و، هەراڵە و داری
قەد پاڵ و کەشی و، باخاتشا گرتەن ... تەماشا کەرشا، جەزوان و ستەن..!

لەهۆنراوەی (ڕقمە لە لار و خوار)دا دەڵێ:

(....لە ڕێی ڕاست، هەرکەسێ لادا، خراپە، لارە، بێ بارە
مەراق و دەردی من، زۆری، لەدەس لار و بەد ئەتوارە
ئەوەی ڕاستە لە لام چاکە، ئەگەر بۆرە ئەگەر خزمە
پیاوی لار و ناڕاستیش، لە لای من، تا بڵێی نزمە..!

مامۆستا لە هۆنراوەکانیدا، زۆرجار دیاردە ناشرینەکانی کۆمەڵگا دیاری دەکات و داوا دەکات کە کۆمەڵگا ڕێگای ڕەوشت جوانی و برایەتی بگرێتەبەر، لە هۆنراوەی (کەس و کاری خراپ) دا دەڵێت:

خوایا کوێر و ئیفلیج بێ، لە هیچ شوێنێ نەبێ چاری
ئەوەی خوارە، ستەمکارە، لەگەڵ خزم و کەس و کاری
بە ئاسودە نەژی ساتێک، (کەسی ناپاک) خواوەندا
کەڕ و کاس و کەساسی کەیت، بە هەردوو دەس بەسەردادا.....)

لە هۆنراوەی (پێنج لادا) دەڵێت:

تەنیا لە سورەی (حُجرات) پێنج لا — بەقسەی چەند شێخ، وتەی چەند مەلا
لابران نەمان، زوو بەدەست و برد — تا خەڵقی نەڵێن، بۆچی واتان کرد
لای (ولا یَغتَب)، (ولا تلمزوا) — لای (ولا یَسخَر)، لای (تَنابَزوا)
(لا تَجَسوسیش)، باوی نەماوە — ئەوەی ڕاستی، هەر پارە باوە
حەزناکەم بڵێم، بەڵام بەخوا — چەند (لا)ی تریش هەن، ئەوانیش هەروا
نەما حوکمیان لاچون لابران — وەکو نوسراوێک، دەسکاری کران

مامۆستا محەمەد ئەمین لە هۆنراوەکانیدا باسی خۆشەویستی و عەشق زۆر دەکات بەتایبەتی خۆشەویستی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بەکورد و کوردستان، بابزانین لە هۆنراوەی عەشقدا چی دەڵێت:

لەسەرەتاوە دەڵێت:

تا پیربم پتر عەشق زیاد ئەکا — سۆزی ئاگری دڵ، بەر باد ئەکا
عاقڵ لە بەڵا، زوو خۆی لائەدا — عاشقیش گاڵتە بە بەڵا ئەکا
منیش عاشقی خاکی کوردانم — گیرۆدەی جوانی دەشت و هەردانم

دواتر دەڵێت:

بۆ بەدبەختی کورد، بۆ ڕۆژی ڕەشی   بۆ کەساسی کورد، بۆ ژین و بەشی
بۆ پۆل پۆلی کورد، بۆ زەرد و سوری بۆ نارێکی کورد، ڕێگای زۆر جۆری

لە کۆتایدا دەڵێت:

بەسە بابەس بێ، ئیتر بۆ خوا — بێنە سەر یەک ڕێ، یەک بیر یەک بڕوا
بیری شەڕ و شۆڕ، دەربکەن لەسەر ڕێگەی ڕزگاری، گەل بگرنە بەر
ڕێگای ڕاستی پاک، خەبات تێکۆشان   بگرن و بڕۆن، یەک خەن مەبەستان
وەک برادەستی، یەکتری بگرن — ژینتان بایەک بێ و، پێکەوە بمرن

مامۆستا کاردۆخی هەرچەندە چووەتە، تەمەنەوە و پیر بووە، بەڵام خۆی هەر بەگەنج دادەنێ و، بەتایبەتی کاتێك چاوی دەکەوێت بە یارەکەی، لە شیعری (پیری هەرناوە) دەڵێ:

یار وتی، سەرت، وەک بەفرەسپی تازە لەسەیری، جوانانت چی!!
وتم هەرکاتیٚ، چاوم کەوت بە تۆ زوو گەنج دەبمەوە، تازە سەر لەنۆ
لە کۆتاییەکەیدا دەڵێت:
سەیرکە چۆن، لاچوو، خەفەت و ماتی هەر لەو کاتەوە، دەرکەوتی هاتی
هەتا (کاردۆخی)، تۆی لە بەرچاوە پیری هەر ناوە، خەیاڵی خاوە

کارۆدخی زۆر دڵی کراوەتەوە بە وەتەن و ناوچەکەی خۆی، لە هۆنراوەی (وەشی ولاٚتی)دا پاش ئەوەی ناوی سەیرانگا و باخ و باخات و کەش و کێو و گوڵە بۆنخۆشەکانی دەبات لە کۆتاییدا دەڵیٚ: مرۆڤ ئەو ناوە ببینیٚ و بگەڕیٚ ئەگەر پیریش بێت گەنج دەبێتەوەو دەحەسێتەوە، وەك دەڵیٚ:

...گورج خێرا فاریۆ، ڕەنگ و بۆ و پیریمەوینی ئیتر، هەرگیز زویری
زوو گەنج مەبیەوە و، مەوینی وەچەم چواردە ساڵەنی، بی زیاد و کەم
چونکە بەهەشتا، ئاماوا و مەسکەن چی بەهەشتەنە، پیری چکۆ هەن؟ ...)

لە هۆنراوەی ڕیٚی خەباتیش دا دەڵیٚ:
....تا لە ئاسماندا (شەفەق) و (بەیان) تیشکی زێڕینی (هەتاو) ی کوردان
سەردەرنەهێنیٚ من هەر پەژارەم بیٚ شەوق و زەوقم وێڵ و ئاوارەم...
.. لە کۆتایدا داوا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەکات کە:
بۆ بەرزی گەلتان ڕێی (خەبات) بگرن پەردەی نارێکی و جیایی بدڕن

کاردۆخی هەندیٚ پەندی پێشینانیشی کردوە بە شیعر .. (واتەو وەڵینا) وەك دەڵیٚ:

....-وڵەنە، مەیابەر، بەقسی وەشی چ مار چ کەمتار، چ پیرە هەشی
-ماڵ یەکجار فرەن، سەرەبەرکەرە ویەردە ویەرد، باسش مەکەرە
-دارماچۆ دەسە، گەر جە وێم نەبۆ تەوەر مەتاۆ و، لاشەم شەق کەرۆ
-ئانە مل و من، ئانە کاردە و تۆ چیش ئەمرە کەری، زوو فەرماوە بۆ
-وێش کەردەن بە قەوم بە لالۆ لالۆ ئیسە گەرەکشا زەمینم کاڵو
-مەکەرە قسی، بی فکر و هۆشی بزانە دیوارا، هەنیشا گۆشی
-ئاندە بۆ و لوە، قەدرت بزانا گرد یانێوە مەلە، واچا شوانا

مامۆستا هۆنراوەی زۆرە ئێمە لێرەدا هەر ئەوەندە دەتوانین لەسەریان بنوسین، بەلاٚم ئەوەش دەڵێین: ئەگەر چاوێك زیاتر بگێڕین بە هۆنراوەکانی (بولبولی سەروەش) و (سەماکەرە) و (براڵە) و (وەشی ولاٚتی)دا ئەو کاتە کاردۆخی باشتر دەناسرێت.

دانای هەورامی[٢١]

ناوی محەمەد بەهائەدینی کوڕی مەلا صاحب لە نەوەی مەلا نەذیری گەورەیە. لە ساڵی (١٩٣٤) لە تەوێڵە لە دایک بووە، لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە، زۆربەی کتێبەکانی حوجرەی لە تەوێڵە تەواو کردووە، پاشان دێتە سلێمانی بۆ خوێندن و لە ساڵی (١٩٥٧) لە مزگەوتی ئەوقافی سلێمانی مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێ.

لە ساڵی ١٩٥٩ چووەتە، خولی ئاینی مامۆستایان و دوایی کراوە بە مامۆستا لە، لە قوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵە.

دانا: ژیانی مامۆستایەتی بە زۆری لە تەوێڵە بووە-جگە چەند ساڵێکی هەڵەبجە و سلێمانی نەبێت- لە (١٩٧٧/٨/٢٠) بە یەکجاری خۆی نقڵی سلێمانی کرد، بەڵام زۆری پێ نەچوو توشی نەخۆشی شێرپەنجە هات و لە (١٩٧٩/٧/١٣) دا کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی برایەوە بۆ تەوێڵە و لە گۆڕستانی (باوا سەرهەنگ) بە خاك سپێردرا. لە دوای خۆشی چوار کوڕ و دوکچی بەجێ ماون.

دانا-مامۆستایەکی قسەخۆش و نوکتەچی و دەنگ خۆش بوو، هەروەها نوسەر و شاعیر و ئەدەب دۆست بووە، حەزی کردووە لە ئەدەب و ڕۆشنبیری.

لەبەرهەمەکانی:

-لە ساڵی (١٩٥٥) دا کتێبی (یوسف و زلێخای) چاپ کردوە.

-لە ساڵی (١٩٦٨) دا کتێبی-پیری شالیاری زەردەشتی-نوسیوە و چاپی کردووە، کە بوو بەهۆی ناسینی مامۆستا لە ناوچەی هەوراماندا، وەبووبە سەرچاوەیەکیش بۆ مێژووی هەورامان و بوێژ و پیاوە ناودارەکانی هەورامان.

دانا: وەك خۆی دەڵێ:

هۆنراوەی زۆری لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوە بە نازناوی -دانای هەورامی-وە هەر بەردەوام بووە لە نوسین و هۆنراوەدا، تا دیوانێکی هۆنراوەی بووە و ئامادەی چاپ بووە، بەڵام بە داخەوە لە نسکۆی (١٩٧٥) دا لە ڕوداوێکدا لە تەوێڵە فەوتاوە، لەگەڵ گونیەك لە کتێبی چاك و باش و بە نرخ[٢٢].

لە هۆنراوەکانی:

نیشتەبێم وەکز، جە دووری چەمم   بە کوڵ مەگرەوان، من هەردوو چەمم
زانام کە هانام، یاوا بە گەردوون   دەس بەگاچۆن، ببم پەی باڵای چەم

* * *

ناگادیم چەمم، هانە وەرمەنە   وێرەگا وەختەن، پرشەی وەرمەنە
واتم بی دار بە، ئەی دڵ شادیەن   چون دڵ بێ ئاگان، ئینا وەرمەنە

واتە: بێزاری دەربڕینە لە دووری یار، وە لە ئەنجامدا خۆشی و کامەرانی ئەگەیەنێ لەدووری‌یەوە بۆ نزیکی‌یەکی کوتو پڕی، وە لەم هۆنراوەیەدا — ڕەوانبێژی—البلاغە، جوان دەردەکەوێ وەك چوونیەکی تەواو —الجناس التام.

وشەی چەمم بەسێ مانا هاتووە:

لەیەکەم دا: یار، دووەم: چاو، سێهەم: چەمانەوەیە، وشەی وەرمەنە: یەکەم: بەردەم، دووەم: خۆر مابوو، سێهەم: لە خەوابوو ئەگەیەنێ.

لە هۆنراوەیەکی کەدا ڕوو ئەکاتە چیای (تەختی هەورامان)و ئەڵێ:

ئەی‌تەخت چی‌بەرگی، ماتەمیت پۆشان   ئەسرینی هونین، نە دیدەت جۆشان
بێ ناز و پەرۆش، ژەرەژت لاڵەن   هام ڕازت پەپون واشەن یا داڵەن
هەر چند بە نامی، ماچا تەختەنی   بەڵام پەی ئێمە، خەیلێو سەختەنی
شەماڵت فاڕان کەردەنت بۆران   تاکوشندەبۆ، پەرێ ڕاویەران
دانا: بەدنیای کەمێ ڕات بەردەن   وێت جەدەردی من، بێ‌خەبەر کەردەن
تا یاران وەی تەور، بەیانی سەرم   بۆش نیەن اچنور) یا (وەرکەمەر)م
(سورە هەراڵە)م، گوڵ مەکەرۆ سور   کەس بۆنی (شەوبۆ)م، مەکەرۆ جەدور
چەرخی گەردونی، تاپیسە گێلاّ   من هەر ماتەناو، بینایم لێلاّ
هەر ساتێو نەمەن، قەدەغەو سنور   سەیرانم کەردی، بەکەیف و سرور
پێچاو پێچ جادەی، نەدەورم دریا   باکوڵ نەوینۆ، تاغەمیم بڕیا...

پاشان دەڵێت:

دالأنی‌و هەیات، هەتا حەوت کەشان   (بەرزەڵنک) کەرۆ، بۆیی وێش پەخشان
هان جەدامێنم، چەمەی ئاوێسەر   تامو شیرینیش، وەشتەر جەکەوسەر
گۆشت کەر کەرۆ، جەقاقبەی ژەرەژ   جەنەغمەی بولبول، لای نساری کەژ
پی ڕەنگە هەرکەس، جەلام بنیشۆ   هەرگیز هەناسەی، سەرد هۆر مەکیشۆ[٢٣]

ماموستا محەمەد لە هۆنراوەیەکی (٢٢) دێڕی دا لە تەڵقینی ڕەنجبەرێکی هەورامی‌دا دەڵێ:

ئەی بەندەی خودا، جە گۆڕی تەنیا ئیستە فریشتی، پەی لاو تۆ مەیا
پەرسا لێت ماچا، ئاینت کامەن خودا و پێغەمبەر، پەڕاوت کامەن
نەتەرسی واچە، یەزدان خودامەن موحەمەد نەبیم، هەم پیشەوامەن
قورئان پەڕاوم، کابە قیبلەمەن زۆرداری کافر، برا کوشتەمەن
چێش پەرسی، ئادەی کاکەی ئەرنەموک تا واچوت پەنە، بە ئاسان و سوک....!
لەسەر زمانی کاکی ڕەنجبەر وەلام دەداتەوە دەڵێ:
پەی لوای بەهەشت من بێ مەرجەنا چون شەهیدەنا، کوشتەی ڕەنجەنا
بێگومان زانۆ، یاگەم، بەهەشتا واز جەمن باردێ، خودا حافیزتا
مەشێی زانێتا، من نەمەردەنا زەحمەت و ژیوای، بێ هوش کەردەنا
پەی ئامای قەبری، ئاواتم واسەن وچانم دیدەی، کۆتایی باسەن!

* * *

دانای هەورامی: وەنەبێ هەر بە هەورامی شیعری نوسیبێ بەڵکو زۆرێك لە شیعرەکانی بە سۆرانی نوسیووە، وەك لەم پارچە شیعرەی دا هەستی کوردایەتی بەرز دەبێتەوە و خۆزگەکانی خۆی ئاشکرا دەکات و داوای یەك بیری و یەك ڕایی و تەبایی لەگەلی کورد دەکات، وەك لەم هۆنراوەیەیدا دەڵێت:

گەلی کورد

کوردە کەساسی و، داماوی تاکەی تاکەی بەبێ سود، قوربانی ئەدەی
ئاخۆ کەی ئالآت بشەکێتەوە خونچەی ڕزگاریت، بگەشێتەوە
خۆزگەم بەو ڕۆژەی ئەم گرن بە دیل بتوانم بچمە سەر، کێوی قەندیل
ڕوو وەرچەرخێنم، بەچەپدا و بەڕاس ڕوو بکەمە لاوی، دەرسیم و سیواس
دەست ڕاتەکێنم، بەرەو قامیشلی ژەنگار و زاخۆ، هەتا مەندەلی
زاگرۆس و ورمێ، بابە مەهاباد ئاکرێ و سەفین، بەرزانی ئازاد
بڵێم ئەی گەلی، کوردی چەوساوە تاکەی بیروڕات، پەرش و بلاوە
قۆلی لێ هەڵکە و، چاکت بەلادا چ بەئاشکرا و، چ لە پەنادا
دەس ڕاتەکێنە لە زنجیر و کۆت ئەم ڕێگا سەختە، کێ تەختی کا بۆت

لە هۆنراوەیەکی کەدا لە ژێر ناونیشانی –مرۆڤ– دا باس لە پێشکەوتنی مرۆڤ دەکات ودەڵێ: هەر چەندە پێش کەوتووە، بەلام بەلای منەوە هەر نەزانە، مادام ئاوا هەر خەریکی شەڕو شۆڕو خۆ کوشتنە، ئاوات دەخوازێ کە شەڕ نەمێنێ و خەڵك بە ئاسودەیی بژی وەك دەڵێ:

مرۆڤ

مرۆڤ ئەمرۆ پێشکەوتووە　　لە زانستا سەرکەوتووە
بە ناو بۆشایی هەڵئەفڕێ　　هەموو قۆناغێکی ئەبڕێ
لە ڕۆژئاوا تا ڕۆژهەڵات　　ڕێگا بڕین ئاسان ئەکات
دروستی کرد ئەتۆم و تانگ　　زۆریش نابات ئەچێتە مانگ
بەڵام داخی من زۆرگرانە　　تاکو وابێ، هەر نەزانە
هەر باتیژ بیرو بەکاربێ　　باهەزار ساڵ خوێندەوار بێ
ڕۆژێ خۆشە، نەمێنێ شەڕ　　هەڵمەت نەبا گورگ بۆ مەڕ
چی چەک هەیە بتوێتەوە　　سەرلە نوێ، خاو بکرێتەوە
پۆڵا و ئاسنی دەبابە　　بۆ مەکینەی جوت زۆر نایابە
ئالای زۆردار سەر نگون بێ　　ڕۆژی گەلان، گەش و ڕون بێ
خوێن نەمژێ بۆ دڕندە　　نەیکا بە ژێر دەست وبەندە(٢٤)

لەپەڕاوەکەیدا –پیر شالیاری زەردەشتی–ل (٢١–٢٣) هاتووە:

ئـەم هۆنراوانـەی مامۆسـتا (گـۆران)، دانـای هـەورامی کردونـی بـە پێـنج خشتەکی، کەلەسەر دیمەنی هەورامانە و دەڵێ:

دێ لەناودۆڵی پێچ و پەنایە　　خانوو لەقەدپاڵ کەژ و کێوایە
ئاوەدان و پڕ خۆشی و هەرایە　　(کام بەر بە ڕۆچکەی بەرز و سەفایە
چەشنی دڵی شاد دێیە ئاوایە)

مرۆڤ لە سەیری، گەشتی ئەبێ لێو　　هاوین لەناو باخ، بە خێزان و خێو
دەور و پشتی دێ، ڕیزە داری مێو　　(یەک لەسەریەکتر، بەرەو لوتکەی کێو
بۆ ئاسمان ئەچن، وەک پێپلیکەی دێو)

هەندێ ڕێگای ڕاست ، هەندێ لار و چەوت لەپاڵ چەمێکا، کە دێت لێ دەرکەوت
کەمیان یەک نهۆم، مەگەر بە هەڵکەوت　　(لە دێدا کام جێت،گەورە بەرچاو کەوت
ماڵی ئاغایە و، خانەقا و مزگەوت)

کاتێ ئەزانی وای، لەبەهەشتا　　هەزار خەیاڵی، خۆش دێ بەسەرتا
هەوای سازگار، ئاو لەبەردەمتا　　(خانووی بەگزادە، لەسای درەختا
ئارامی بووکە، لە کۆشی بەختا)

خەڵکی هەورامان، وەک لەوێ بووم خۆم　　هەندێ باغەوان، هەندێ جۆلا و دۆم
ئەوکارەی لەوێ، ئەکرێ مەر لە ڕۆم　　(خانوی ئەهالیش، زۆریان دوو نهۆم
هەندێ قنج و قیت، هەندێ لار و کۆم)

لەیادم ناچێ، تا ئەمنێنە گڵ   تالێدا نەبزێ، نەسرەووی دڵ
ئەناڵێم هەروەک، بولبولی سەر چڵ   (ژنی هەورامان سەرتاپا خشڵ
سەرچاوەی بۆنی مێخەک و سمڵ)
بەلەنجە و لار و، بەچاوی پڕ کل   لێو ئاڵ و ڕەش خاڵ، سرکەیی لە مل
گفتوگۆ شیرین، وەک نەغمەی بولبول   (تا بڵێی تەڕ پۆش، ئاڵ و والا جل
بەژن و بالا جوان، بەدەن نەرم و شل)
پڕیە لە خۆشی و، لە کامەرانی   سەد دڵی غەمبار، ئەبێ حەیرانی
شنەی شەماڵی، سەرکۆسارانی   (عیشقی ئێوارەی، سەرەڕێی کانی
بەرئەداتە چەم، کڵپەی گۆرانی)
عیوی هەرزەکار، پڕ لەسەدایە   تا سەرلوتکەی شاخ، کەیف و سەمایە
دەنگی گۆرانی و، پێقەی زورنایە   ڕۆژئاوا ئەبێ، چەم تاریک دایە
دەنگی (کنالەیل) هەر دوایی نایە

عوسمان محەمەد هەورامی [٢٥]

-ناوی (عوسمان محەمەد صاڵح فەرەج)ـە و بە (عوسمان محەمەد هەورامی) ناسراوە.

-لە ناوەڕاستی شوباتی (١٩٤٠)، لە شارۆچکەی تەوێڵە لە دایکبووە.

-پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی تەوێڵە تەواو کردووە.

-لە ساڵی (١٩٤٧) دا باوکی بەماڵەوە هاتۆتەوە سلێمانی.

-ئیتر هەر لە سلێمانی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و دەورەی مامۆستایانی تەواو کردووە و، لە ساڵی (١٩٥٨) دا کراوە بە مامۆستا.

-لە ساڵی (١٩٥٩)دا، لە کۆلێژی ئاداب-لە بەغداد، لەبەشی کوردی، کە بۆ یەکەمین جار کراوەتەوە، وەرگیراوە، لەبەر دەست کورتی تەنها دوو مانگ بەردەوام بووە، دواتر گەڕاوەتەوە سلێمانی.

-لەگەڵ گوندی چەپەك و دووری کوردستان مامۆستا بووە:

تەوێڵە، چنارنە (سەربە ناحیەی بنگرد)، شێنێ (سەربە قەڵادزێ)، دەگاشێخان (سەربە ناحیەی بیارە)، قلیجە (سەربە دەربەندیخان)، لە زۆر قوتابخانەی ناو شاری سلێمانیشدا بووە.

-بایەخێکی زۆری داوە بە بواری فراوانی پەروەردە و بۆ ئامانجە فراوانەکانی پەروەردەی منداڵ بەرهەمێکی زۆری نوسیوە، بەشی زۆری چاپ نەکراوە.

-سەرەڕای بواری هۆنراوە لە فەرهەنگسازی، ڕێنوس، زمان، لێکۆڵینەوە و ساخکردنەوەی بەرهەمی هەندێ شاعیری کلاسیکیدا چالاکی دیاری هەیە.

-لە گەڵ ڕۆژنامە و گۆڤاردا بەرهەمی بڵاوکراوەی هەیە.

-لە کتێبەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا (هەردو قۆناغەکە)، بیرکاری، کوردی، زانست، -سەرپەرشتی ڕێنوس و زمانی کردووە.

-خزمەتێکی زۆری بە کەلەپور و فۆلکلۆری کورد کردووە، بەتایبەت بە کەلەپور و فۆلکلۆری هەورامان، لەم بارەوە نوسراوی زۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بلاّوکردووەتەوە.

بەرهەمە چاپکراوەکانی:

دیوانی شاهۆ، دیوانی صەیدی هەورامی، دیوانی وەلی دێوانە، دیوانی حاجی باقی بەنگینە، کەشکۆڵی حاجی مەحمودی یاروەیس، خونچە گوڵ، مناڵ و گوڵ، مافە گەشەکانم، هەرسێکیان هۆنراوەی پەروەردەیین، دیوانی سەودایی-شێخ ئیسماعیلی دۆلاّن، هەروەها پیاچونەوە ودارشتنەوەی چەند دیوان و پەراوێکی تر، گەلێك بەرهەمی چاپنەکراویشی هەیە.

-مامۆستا دەستێکی بالاّی هەیە لە هۆنراوەی نوێدا، خۆی گوتەنی:

ئەوەندەی ئاگادارىم، لێکۆڵەرەوانی بواری هۆنراوەی نوێ، بەندەیان بە پێشەنگ داناوە لە شێوەزاری هەورامیدا... ئەوە بوو لە کۆنگرەی هەورامانناسیدا، نوسەران و شاغیرانی ئەودیو ئەو بۆچوونەیان دا بە گوێمدا...

-لە فەرهەنگسازی و ڕێنوس و زماندا، شارەزا و کارایە، بە تایبەت لە شێوەزاری هەورامیدا، داهێنان و تێبینی خۆی هەیە، بۆ بەرەو پێش بردن و پاراستنی زاری هەورامی، بۆ نمونە دەڵێ:

بەم دوو هێما ساکارە (٥،٨) لە جێی خۆیاندا فۆنەتیکی زاری هەورامی دەپارێزرێ. ئەم کارەشم لە نامەی دکتۆرای (د. فەرەیدون بەرزنجی)دا پیادە کردوە و بۆ یەکەمین جار بوو کارێکی وا ئەنجام بدرێ...

و: لەنێوان (و،ۊ)دا.

د: (د)ی سواو.

ێ، ێ: بزرۆکەیە، (ی) کورت.

ئەم هێمایانەش لەم چەند دێرە هۆنراوەدا بەدی دەکرێن:

دیسان ئاوێسەر، زەبوون و زەردەن جەدووری یاران، خەزانش کەردەن

چەمەڕان یاران، گیلاّوە جە نۆ سەیران کەراوە، جەسەر چەمە و کۆ

ئاوەدانبووە، بەهەشتی بەرین نوشکەراوە نوش، سەرچەمەی شیرین

چەرخی چەخماخە، هورچەرخێۆ هەمدیس سەرنگو ونبانێ، بەدانی نەگریس

* ئەم هۆنراوە لەبەشی جوگرافیای تەوێڵەدا بلاّومان کردۆتەوە بۆیە تائێرەی دەنوسین.

ئەمەش چەند نمونەیەکە لەهۆنراوەکانی:

وەشەویسیما جە گەردوونی فراوانتەرا

نازدارەکەم،
دیسان جەنۆ
ئانا دیما قیامەت هورست
ئێر کۆتەنۆ
یارشا جەیارادوورۆ وست
وەرمو چەما توریا، توریا
هەسارەو ئەشقو نازدارا
کزو تەنیا
مدیو ئاسۆگا و نەمری،
خونچە و سوسەن
شەوبۆو چنوور و کەمەری
هەراڵەبرەم و یاسەمەن
گوناو بارەگا و شەیدایا
ڕووگەشانا، کڕنوش بەرا،
گرد هەناسە و دەربەدەرا
گیرانە باوەش و گیانی
پرشنگ مدانە ئاسمانی،
جە بارەگا و گیانی بەرزی
سەرنەوەیۆ
هەزار گوڵزار و چوار وەرزی
سەرهورمدا
ڕوشتی مدا
بەتەخت و چەرخ و گەردوونی، ..
گرد و گیانە نەمرەکا
گزنگ مدا
بە ناخو هەست و دەروونی،
ژیوای تازە ڕوشنبو وە
پیوانە و گەردونی جەنو
فاڕیونە دیسان جەنو وە،..

ئازیزەکەم،
ئەی چەمەی گیانیی بەختەوەر
جا دووبارە
چەمە و ئەشقە سەربەرزەکا
گرد گەردوونی گیروتەوەر
بەهەزاران گوڵخەندەران
جە ڕوجیاری و وەری گەشتەر
جە گەردوونی فراوانتەر
سەرمارا بەر
بەرمدانیْ هەتاکو سەر*

تەوێڵێ - ئەیلول (١٩٧٨).

گۆرانیە نەمرەکا ماچمێ

ئازیز کە شادی بەڕپریا
جە بەهەشت و کویستانی،
فرە شادانە دوزەخو
گرەو کوشندە و گەرمیانی
کویستان دیا شونیشەرە
دەروون گرەش وەربیەنە
نەرە بیۆ بە قوتەرە [1]

* * *

کە ژەرەژی خاڵ و میڵدار
دووە دریا
گوارەکیش هەر پرووزیێ و

---

* لە گۆڤاری (نوسەرانی کورد)دا، ژمارە (١١)، خولی دووەم، شوباتی (١٩٨٣)دا بڵاوکراوەتەوە.

(١) گورانیە نەمرەکاما ماچمێ: گۆرانیە نەمرەکانمان ئەڵێینەوە : بەڕپریا: دەرپەڕێنرا. جە: لە. فرەشادانە: فڕێیاندانە. دیاشونیشەرە: ڕوانی بەدوایدا. وەربیەنە: تێبەربوو. نەرە: دار بەڕوو. بیۆ: بووەوە.

جە لانەکەش تەرەکریا،
ڕووە و هەوارگەی چۆڵ دیا
کەسش نەدی،
جە داخێنە فنجوقش کەرد
پەی دووری، تا جە چەم بڕیا (٢)
*　　*　　*

گەشت و سەیران ئەرامەندەن
کۆڕ و گورالاما کزا
گرد جارێنە
ددانو شادیشا کەندەن
نازدارەکی نادیارینی
بدانێ لوتکە و سەربەرزا
ئەجیو خاموشی باڵش شان
ملو دەرەو کەشەکارە
سروشت گردش بێئاوازا
دوور جە بالاو یاری گیانی
ئاوەدانیی سەرزەمینی
شین و شەپوڕا و ویرانی
بەلام ئازیز !
هەرچەند گرە دانش هەناو و کویستانی،
ئارو تینا
سەبای شەختە و یەخبەندانی، ..
پیرەی خەندە و خونچەو دلاً
وەشی بەزمی هەرگیز نەمر
بەخشو بەجیهانی وەلاً،
سەرنەوەیۆ

---

(٢) ژەرەژ: کەو. دووەدریا: دوکەڵدرا.

گوارەکیش: بەچکەکانی، بارە بچکۆلەکانی. هورپرووزیێ: هەڵپرووزێنران.

دیا: سەیریان کرد، جەچەم بڕیا: لەچاو ونبوو.

هەرچی دڕەی و پەیکولاْ
هەر بەڕەگۆ هور پاچمیْ
تێکەڵْ بە شنە و سەرکەشا
بەکام هەوا فرە وەشا
جە سەر کەمەرە بەرزەکا
گورانییە نەمرەکاما
دیسان ماچمیْ
هەر ماچمیْ
هەر ماچمیْ.... [٣]
(تەوێڵە-١٩٧٨/٨/٢٥)**

ئەشقی پاکژ

بەیدی پیمەوە   دەردە دارەنا
بە ئەشقی پاکژ   جگەر پارەنا[١]
تک تک هەناوم   تکیا وە دامان
هەر بەزور مەندەن بینایی چەمان [٢]
هەی دەردەداران، یارانی هامفەرد
دیتا گەردوونی   بەدواز چێشش کەرد[٣]

---

[٣]ئەرامەندەن: داماوە. گرد جارێنە: هەموو بەجاریْ.
ددنوشادیشا کەندەن: ددانی شادییان دەرکێشاوە.
بدانیْ: بدەنەوە. ئەجیو: وا پێدەچیْ. باڵش شان: باڵی کێشاوە.
ملو دەرەو کەشەکارە: بەسەرچەم و شاخەکانا. گردش: هەمووی.
دانش: داویەتی. ئارو: ئەمڕۆ. پیرەی: دووسبەی.
بەخشو: دەبەخشیْ. وەڵاْ: بەربڵاو. سەرنەوەیۆ: سەرلەنویْ.
دڕەی: دڕك. هورپاچمیْ: هەڵیاندەپاچینەوە.
** لەگۆڤاری (نوسەری کورد)دا بڵاوکراوەتەوە، ژ (٧) خولی دووەم، تەممووزی (١٩٨١).
(١) بەیدی پیمەوە: وەرن بەدەممەوە. دەردەدارەنا: دەردەدارم. جگەر پارەنا: جگەر پارەم.
[٢] تکیا وە دامان: تکایە دامێن. بەزور: بە ئاستەم، بە حاڵْ. مەندەن: ماوە.
چەمان: چاوان.

هەمیشە و هەردەم ئاشقانی دانا
پەی بەخت و وێشا هەی دادشانا...[٤]
دیارا هەر ڕوی بە دڵو یارا
چەرخێ چەرخیو، یاران ویارا [٥]
کوتایی مێنە بەدەردو بەڵا
بە دوور جە کسپەو هەم خورپەو دڵا [٦]
جە سەرکو ڕوجیار، جە دەشتان خەندە
شادی بەخشانی بە ئەرامەندە، .....[٧]
چەنی شەیدایا پەیمانی بینمێ
سەرانسەر تاسەر هیچ خەم نەوینمێ [٨]

*　　*　　*

ئاشتی و ئاسایش

بێئاسایش
خەندە و گەشەی ژین کوتەڵە
بزەی گەشی لێوی ساوا
تەمو مژو چرە دووکەڵە..

تین و وزەی ئاسایشە
سەراپا ژین
ئەکاتە گەشتی پڕ ورشە،
لە سای باڵی
دڵنیایی و ئاسایشا

---

[٣] هامفەرد: هاوهەست و هاودەرد. دیتا: دیتان. بەدواز: بەدخواز. چیشش کەرد: چی کرد.

[٤] پەی بەختو وێشا: بۆ بەختی خۆیان. هەی دادشانا: هەی دادیانە.

[٥] ڕۆی: ڕۆژێ. بەدڵویارا: بەدڵی یاران.

[٦] مێنە: دێت. خورپەو دڵا: خورپەی دڵان.

[٧] جەسەرکو: لەسەرکێو. ڕوجیار:ڕۆژ، خۆر. بەخشانی: ئەبەخشن. ئەرامەندە: داماو.

[٨] چەنی شەیدایا: لەگەڵ شەیدایان. بینمێ: ئەبەستینەوە. نەوینمێ: نەبینینەوە.

ڕەوتی گۆڕین و پێشکەوتن
وا لە جونبوش و کۆششا..

چەندە خۆشە
کۆرپە لە باوەشی دایکا
شادو ئارام چاو لێکبنێ
لە سەرچاوەی ڕوون و پاکا
سروە بەسەریا بشنێ:
لە جێی فرمێسک و گڕی سوور
چاوی دایکان، دیدەی خوشکان
ببن بە تیشکی بێسنوور
بلکێتە سەرگۆنای ژیان...

ئەوی کڵپەی سوور بچێژێ
لە ناخەوە
جەرگی بە گڕدا بچزێ
لە ناخەوە
جەرگی بە گڕدا بچزێ،
گرانی تەنگی پێهەڵچنێ
وێرانی هەستی بجنێ
باشتر، چاکتر، ڕاست دەزانێ
جەنگ واتە چ دەردوژانێ!..
ئاسایش شادی و خۆشییە
خۆشترین خۆشی و خۆشنۆشییە،
ئاسایش و کامەرانی
جەنگ و دۆزەخ و وێرانی،
وەکو کابرای جاران دەیگوت
بە هاواری گیانی گیانی
هیچ گومانی تێدا نییە
تا نەیخۆی نازانی چییە!...

چەندە خۆشە
بەهارەکان نەژاکێنرێن
دڵدارەکان نەتارێنرێ ....
ژیان بە جوانی ببینین،
مرۆڤی سەراپا سەر زەمین
پێشیاوبین
بڵێین گوڵزاری ئەم ژینە
بە گەشبینیی ڕاست دەبینین ...

بێئاسایش
هەنگوینی ئەم کوردستانەش
هەر بەوێنەی ژاری مارە
ناخی گەشی ئەم ژیانەش
دەردەدارە، کۆڵەوارە...

دەبا بەستەکەی گیانیمان
بۆ بووکی نازی ئاشتیبێ
خەندەی جەرگەی شادمانیمان
دوور لە کسپە و لە پەستیبێ،
دانسقە بووک کوردستان بێ
چاوەی سروودی مەستانبێ،
لە جیاتی دوکەڵ و بارووت
مەڵبەندی ژینی نەمری
هەر گوڵاوبێ، گۆتای یاقووت!..

گەلێ خۆشە
ئاشتی بەرهەمی ڕەوانبێ
مایەی تینی تێکۆشانبێ،
لەم بوارە زۆر بە نرخەدا
هەر مرۆڤێکی ئەم گەردوونە

شان بەشان و چاک یەکسانبێ

ژین جوانبێ

چراخانبێ..

بەغداد / ١٩٨٨/٨/٩

کۆیلەی ئەشق

کوانێ ئەشق

شەیدای وەکو منە دیوە؟!

کێ وێنەی من

بە بێ پەروا، لە دوای مەشق

تیری ئەشق

سەراپا بوونی سمیوە!..

لەوەتی هەم

ورشەی ئەشقی ڕاست ڕووگەمە

بە درێژایی ژینم سەرجەم

هەر ڕێبازی ئەشق ڕێگەمە،..

من پابەندی

پەیمانی هەرگیز نەمرم

بەندەی وابەستە و پەسەندی

ئاڵای باڵای ئەشق هەڵئەگرم !...

هێندە ئەشق ئاڵایە گیانم

تا سەراپا بووم بە کڵپە،

بەختەوەر و شادمانم

زۆر بێباک و بەبێخورپە

وردە وردە ئەتوێمەوە

زۆر دڵنیام

هەزار جار و جارێکی کەش

لەگەڵ هەتاودا دێمەوە،..

بەهێمنیو زۆر بەوردی

ئەبم بە گزنگی سەودا،

شادو بێگەرد، هێدی هێدی

هەموو کۆمای

خەمی دڵی ئاشق و شەیدا
لەگەشترین لوتکە و دوندا
بەجاریٚ ئەدەم بە بادا...
١٩٩٦/١/٣١.

هەڵوێستێك

کاکی هۆزنڤان و نوسەر
کاکی بە توانا و بەهرەوەر
پەساپۆرتەکەت دەربێنە
دوور لە فرو فێڵ و درۆ
لەبەرچاوم بیسوتێنە،
بکەوە خۆ
وەرەوە ناوباوەشی ئەم کوردستانە
ئەوسا وتەی ڕەنگاو ڕەنگ و
سادە و ڕازاوەت جوانە ..
ئێستا کە بۆ هەرکویٚ بڕۆی
لەتەک داب و ناخما نامۆی،
هەرچەند بڵێی کوردم، بەڵام
ناخت هەروا بیانییە
بانگەوازت ناگاتە لام،
پەیوەندیی گیانیت لەگەڵ ئەم
خاکەدا هەر زوو پچڕاوە
سەد مەخابن کۆرپەی ناخت
لەسەرچاوە دابڕاوە..
ئێستاش کاتی هاتووە بڵێم
بە زمانی پاک پاراوی
دەروونی ئەم کوردە پاکە
بەدڵسۆزی بۆ تۆ ئەدوێم،
لەپیتۆڵی بۆش و بێجیٚ
دەستبەرداربە
هێور بەوە و چاک هوشیار بە
وشەی قەبە هەڵمەیەنجە

گەلێکت وت، هەر وتتەوە،
وازبێنە لەم منجە منجە!!.
توخوا بەسە
سەرمان کاسە،
کوانێ ئەمە چارەسەری
دەردی برسی و
ڕوت و ڕەجاڵ و کەساسە؟!!!..
١٩٩٥/٩/٥

کۆچی ناهەموار

لەگەڵ کازیوەو بەیانا
زەردەپەڕی سەرکێوانا،
بە ئەشقەوە
لە بینۆگەی سەرمەشقەوە،
لە گۆشەنیگای والاوە
لە ورشەی عەرشی بالاوە
بنوارە وارگەی سەرمەستان،
کوێ خۆشترەلە شارو دێ و
سەراپا خاکی کوردستان ؟!..
*　　*　　*

بۆخۆت زادەی دیدەی لوتکەی،
بۆ کۆچئەکەی ؟!
چۆن دڵتدێ
دەست لە دڵ و دڵدار بەردەی!
زێدی پیرۆز نیشتمانە
هەرچی کۆڕی نازدارانە
لە ئامێزی گەشیدایە،
واگەرمە گەشتی شەیدایە
دەی بە سەودای جارانەوە
یادی کۆڕی یارانەوە
زوو وەرەوە
بە تاسەوە

خۆت بخەرەوە
دیدەی مەزنترین دایە..
چارەسەری
هەموو دڵانی لە دڵدایە،
میهرەبانیی
پرشنگی سۆزی خودایە..
هاواری گیانە، هاوارە،
بێدڵە ڕاوکێ
دەست لەم کۆچە ناهەموارە
بەردەو زوو خۆت کۆکەرەوە
سەربەرەوە
بۆ باوەشی سۆزی دایە
بەکوڵ گیانی لەڕێتایە
سەربەرەوە،
دەی وەرەوە
چاو و دڵمان
گەش گەش و ڕۆشنکەرەوە ...
٢٠٠٣/١/١٦.

* * *

جیهانی منالْ

بابا نۆرۆز

ئوخەی، نۆروز ئاماوە — جارِ و شادی دریاوە[١]
بابا نۆروز جە سەرکو — سەرچوپیما پەی کیشو[٢]
مژدە و شادیش ئاوەردەن — خەمش ڕیشەکەن کەردەن[٣]
ئانا جیهان ژیوانۆ — ئێرە گەشە کریانۆ[٤]

---

[١] ئاماوە: هاتەوە. دریاوە: درایەوە.
[٢] سەرچوپیما پەی کیشو: سەرچۆپیمان بۆ ئەکێشێ.
[٣] شادیش ئاوەردەن: شادیی هێناوە. خەمش ڕیشەکەن کەردەن:خەمی ڕیشەکێش کردوە.

ئازادیی سەرانسەری گوڵخونچەن، خەندەو پەری [٥]
ئیمەیچ هەر چون ڕوجیاری پەی کوردی بیمێ دیاری [٦]
٢٠٠١/٣/١٠

میـــــن

ئانە مینا بەچاندی تەوەنیش پەی مەشاندی
هەرگیز مەلدێ لاشەنە دەسش مەدەیدێ وەنە
دەسما پڕنو، قاچ پڕنو، سەراپا گیانما وڕنۆ،
کار و کردەوەش مەرگا مارا، پاڵنگا، وەرگا...
ئانە مینا، دژمنا دوزەخی سەختی بیپەی
گیانو تۆو گیانو منا
.١٩٩٥/٨/٣

نۆپەرێتی
ئاژاوە

١-بابە، بابە
دایە، دایە
توو ئەوخوایە
تاکەی ئەم هەراو هوریایە؟!
٢-پێتان وتین
بەری ژیانین
ئەی لەبەرچی
هەموو ڕۆژێ نوقمی ژانین؟!
بۆچی؟ بۆچی؟!
دەی لەبەرچی؟!
٣-توخوا بەسە، دەی تەبابن
دوور لە ئاژاوە و هەرابن و ،
سەرگەردانین، ماڵ وێرانە
لەجیێ شادی هەر گریانە!

---

[٤] ئانا: ئەوەتا. ژیوانۆ: ژیاوەتەوە. ئێرەگەشە: ئاگرەگەشە. کریانۆ: کراوەتەوە.

[٥] گوڵخونچەن: گوڵ خونچەیە، خونچە گوڵە.

[٦] ئیمەیچ: ئێمەش. چوون ڕوجیاری:وەکو ڕۆژ. پەیکوردی: بۆکورد. بیمێ: ئەبین.

توو خوا تاکەی!
دەی بەسە، دەی!..
بابە
ڕۆڵە، بانگەوازی ئێوە
تیشکی هەردوو دەشت و کێوە
وا ئاوتانکرد بە ئاگرما
ئەها... ڕق و کینەم نەما!....
دایە
ڕۆڵە، ئێوە جگەرگۆشەن
خەرمانی ڕەنجی پڕ ورشەن
فریشتە و پەرین
پاک و شیرین،
وتەکانتان وەک خۆتانن
شیلەی گوڵ و
شۆک و هەنگوینی کوێستانن!!
مناڵەکان (بەگومانەوە)
واتە ئێستا دۆست و تەبان !
بونەتەوە بە چراخان؟!
وەکو جاران دایەو بابەن؟!
هاوڕێی ئەم کۆڕە نایابەن؟!

دایە و بابە

دڵی ئێوە هەرچۆنێکە
دڵی ئێمەش هەروا ڕێکە
ئەستێرەی بەختی گەشمانن
کۆرپەگەشەی باوەشمانن!..

هەموو

بژی ئاشتی و تەبایی
نامەی باڵای خودایی،
خەندەی بێگەردی ناوماڵ

ژین ئەکا بە خونچەی ئاڵ

ئاشتیی ماڵ سەرەتایە

بۆ شادی ئەم دنیایە....

.١٩٩٥/٧/١١

گوڵبژێك لە نامیلکەی (مناڵ و گوڵ) کە چەند هۆنراوەیەکی پەروەردەیین، لەساڵی (٢٠٠١) لە چاپ دراوە.

دڵسۆزترین

دڵسۆزترین کەس هەر مامۆستایە لە خۆ بوردنی زۆر بێ هاوتایە

(رێزی لێ بگرە بە گیان و بەسەر هێندەی نەماوە بێتە پەیامبەر)*

گوڵخونچە

گوڵخونچە و گوڵزاریەنا

خەندە و نەو وەهاریەنا

سرەوە و بەرەبەیانی و

نەواو سەرکۆساریەنا[1]

سۆماو هەردوی چەمانا

لابەر و گرد خەمانا

ئاواتو گرد دۆروبەری و

دەرمان و گرد دەردانا[2]

هەربەوێنە و ڕوجیاری

پەی شادی کوردەواری

بوونە چراوی ڕوشنە و [3]

چارەسەر و هەژاری

---

* ئەم دێرە هۆنراوەیە لە هۆنراوەکەی ئەحمەد شەوقییەوە وەرگیراوە کە دەڵێ:

قم للمعلم وفیە التبجیلا کاد المعلم ان یکون رسولا

[1] خونچەوگوڵزاریەنا: گوڵخونچەی گوڵزارم. نەو وەهاریەنا: نەوبەهارم. نەواو: نەوای. سەرکوساریەنا: سەرکۆسارم.

[2] هەردوی: هەردو. چەمانا: چاوانم. لابەروگرد: لابەری هەموو. خەمانا: خەمانم. دەردانا: دەردانم.

[3] ڕوجیار: ڕۆژ، خۆر. پەی: بۆ. بوونەچراوی: ئەبم بەچرا.

باشترین هاوڕێ

مەراقم بوو زۆر گەڕام
بۆ هاوڕازی گیانی
بچمەلای و بێتەلام
بە ئاواتی دڵ، بەکام
کاتی خۆش بەسەر بەرین
لەناو گیانی یەکترا
وەکو پەپوولە بژین
پەیامێکم پێدرا
هاوڕێی باش هەرکتێبە
ئازیزم تا ئەتوانی
زوو لەگەڵیا هاوڕێبە

دارگوێز

دار گوێزەکەم
ئازیزەکەم
زۆر نازدار و بەڕێزەکەم
دیمەن جوان
گەش و خەپان
باڵات بەباڵای کەشکەلان
بەرز و باڵای
وەکو ئاسۆ لە لوتکەدای
داری خێر و پڕ لەبەری
تۆ نەمری
گوێزی زۆر خۆشمان بۆ ئەگریّ

دارتـــــــو

ئەی دار توو
تۆ نەمری، وەکو مێژوو
بەرەکەت خۆش و شیرینە
دیاریی بە نرخ و دێرینە
لەسەردەمی گرانیدا

لە دەورانی بێ نانیدا
بۆ هەزاران هەزار داماو
بووی بە ژیان، بووی بە هەتاو
هێمای نەمری و دروشمی ژینی
هەر شیرین و جوان ئەنوێنی
لە دڵمانای زۆر بڵندی
دیاری باڵای خوداوەندی

منداڵ و گوڵ

بەرِوخسار و بەدیمەن
گوڵەکانیش وەک ئێمەن
هەروەک ئێمە رِەنگینن
شادی و خۆشی و نگینن
ناویان وێنەی ناومانە
بۆنیان وەک گوڵاومانە
بۆنیان وەک ئێمەی جوان...
ئێمە و گوڵان بۆ ژیان
بوینەتە سۆمای چاوان

شنیا

گوڵشنیاین
زۆر وریاین
گەشەی ئاوات و هیواین
نیانین
شادانین
کۆرپەلەی کوردستانین
چالاکین
بێباکین
بێگەرد و ژیر و پاکین
وەک چاوان
بۆ باوان
ئەبینە خۆری هەمووان.

جەمال-بێدار[٢٦]

ناوی (جەمال حەبیبوالله فەرەج)ـە، نازناوی (بێدار)ە و لە ساڵی (١٩٤٧ز) لە تەوێڵە لە دایك بووە، لەتەمەنی (٤) ساڵیدا بووە باوکی کۆچی دوایی کردوە، پاشان دایکی، بێدار و برا بچوکەکەی (جەلال)ی، گواستوەتەوە بۆ گوندی دەگا شێخانی لای بیارە ئیتر لەوێ ژیانیان بردووەتە سەر.

جەمال، خوێندنی سەرەتایی لەبیارەو ناوەندی و یانەی مامۆستایانی لە هەڵەبجە و سلێمانی تەواو کردوە. لەسەرەتای حەفتاکاندا بووە بە مامۆستا لە (سەرگەت)، پاشان گوێزراوەتەوە بۆ پریسی سەروو لە ناحیەی سیروان، لە ساڵی (١٩٧٠) ژنی هێناوە و (٥) کوڕ و (٤) کچی هەیە.

لە ساڵی (١٩٨٨)دا لە ئەنجامی کیمیابارانەکەی هەڵەبجەدا، ئاوارەبووە و ڕووی کردووەتە ئێران، لە (١٩٩٤/١٢/١٦ز) هاتوەتەوە بۆ کوردستانی عێراق، ئێستا مامۆستایە لە هەڵەبجەی شەهید.

مامۆستا جەمال بێدار، بەهۆی بێداری‌یەوە، لە وەزیفە دوور خراوەتەوە و چەند ساڵێك بە پیشەی بەرگ دروویی (خیاطي) یەوە خەریك بووە، باری هەژاری سەرشانی گەلێ قورس بووە، بەڵام نەنەویوەو سەربەرزانە ئارامی گرتووە.ناوبراو هەمیشە شەیدای خوێندنەوەو نوسینەو، گەلێ بەرهەمی جۆربەجۆری هەیە، لەبەرهەمە چاپکراوەکانی:

سروەی بێداری، ناڵەی هەڵەبجە، دیاری بێداری، کە هەرسێکیان شیعرن. هۆرامان و هۆرامی‌و واتە و وەڵینا- بەرگی یەکەم، بەرەو بەختیاری ئافرەت- بەرگی یەکەم، ڕەنجی بابردوو- کە چیرۆکە، هەروەها چەندەها نوسراوی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردووەتەوە، ئەم بەرهەمانەشی ئامادەی چاپن-بەرەو بەختیاری ئافرەت کە دوانزە بەرگە.. ناڵەیەك لە واقیعی ئەمڕۆی موسڵمانان.. دەروازەی شیعر ناسین..کۆمەڵێك چیرۆکی کورت و درێژ، لەخۆبایی بوون...کۆمەڵێك مەقالاتی جۆربەجۆر.. دەرکەوتنی نیشانەی نێر و مێ لە زاری هۆرامیدا.. چەند بەرهەمێکی تەرجومەکراو لەعەرەبیەوە بۆ کوردی، چوار دیوان بە زاراوەی سۆرانی، دیوانیکی هەیە بە ناوی (سورە هەراڵە و هۆرامانی)

بەشێوەزاری هەورامی‌یە. لە ساڵی (٢٠٠١)ی زایینییەوە، زۆر بە گەرمی دەستی داوەتە دانانی قاموسێکی (هۆرامی-سۆرانی)، وە ئێستا خۆی یەکلایی کردووەتەوە بۆ لێکۆڵینەوە و نوسین لەسەر هۆرامان و هۆرامی بە هەموو لایەنەکانییەوە ...

ئەمەش چەند نمونەیەك لە هۆنراوەکانی:

کەڵکەڵەی وەتەن

کەڵکەڵەی وەتەن هەورامانمەن زێدەکەی باب و باپیرانمەن
ئارەزووی دیدار هەوارانمەن جۆشی عەشقەکەی (کۆسارن)مەن
گلاراوی گەشت دەرەو باخمەن بێ تاقەتی کۆ و، خڕ و زاخمەن
تەژنەی (هەنجیرە) و، (گۆزیندار)مەن پەی (بومێ نیشتێ)، هەی هاوارمەن
هەرچندە ڕازی، بە قەزای قەزام بەڵام دڵسوتەی، (کەمەر بەڕەزا)م
بەخەیاڵ تاوێ، هام نە (چنارە) ورد ڕاتەی کەروو، ڕوو بە (داشارە)
کە چاگۆ مدیەو، پەی (ئەرخەوانی) ملوۆ زەوقەکە و، سەردەم و جوانی
کەڵکەڵەی وەتەن، هەورامانمەن مەخسووسەن تاسەی (دەگا شێخانمەن)
های (باخچە میرە)، نەشیەنی ویرم! (سانالۆ جافا)، پەی تۆ زویرم
چیرە چیرِی چێڵ، قاقبە قاقبەی بەق جە (گامەخەڵ)دا، شەبەق کەران شەق
ئاخ! پەی (بۆژانە) و (کەکەوەو فەقی) چ دەرمانێوەن، پەرێ دڵ ڕەقیی
(ملەگا درێژە)، نەخشی نیگامەن خەیاڵی سەحەر، تاویرە گامەن
ساتێ (قەلاتی)ام ، هانە نەزەردا تاوێ ئینانێ، جە (وەرانوەر)دا
(ملەخانەگا)، چاگۆ دیارەن هەرچواروەرزمش،وەش چوون وەهارەن
(دەرەو دووکەلا)، تا (سەردەرەوەن) وەنەن، یا بلچەن، هەژگەن، یان نەرەن
ئاخۆ جارێ تەر، هەم چەنی یارا بلمێوە سەیران، (تایلێ هەوارا)؟!.
ئاخۆ جارێ تەر، بلمێ (دیدوڵێ)؟! هەم دەرزە هێزمی، گیرمێوە کوڵی؟!
ئاخۆ جارێ تەر، سوبح و وێرەگا ڕاماگنۆوە، (سەرهاڵ) و (ویرگا)؟!
ئاخۆ بێ ورکە و، بێ سەرگەردانی ڕاماگنۆوە، دیسان (سەردانی)؟!
ئاخ پەی (دەشتۆێی)، پەی (هانەدرەی)! هامنان بێ باک، جە گەرماو گرەی
ئاخۆ بە یەقین، دوور جە شەک و زەن ڕاماگنۆوە، دیسان (سەرووەزەن)؟!
موشتاقی وەتەن، هەورامانەنان هەی داد! پا بەسیای، گوزەزانەنان
ئەگەر نەهاتیی و ناچاریی نەبۆ یاران! من جەکۆ و گەرمەسێر جەکۆ؟!

لە ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژمارە ١٩٠ ١٩٩٨/٦/٥

* * *

بەمن چێش

دڵ تۆریا، لوا، شەنگی بەمن چێش؟ گونای کافووریی، زەنگیی، بەمن چێش؟
جە تاریی زیندان وەهار بەمن چێش؟ من جە خارستان، گوڵزار بەمن چێش؟
گۆش هوورەش مەیۆ، کەمان بەمن چێش؟ جەورگی نەهەنگ، مەکان بە من چێش؟
بەهەربەند نشین، تەلار بە من چێش؟ کاسەم گڵینەن، ژیار بە من چێش؟
کەدەم کەپەش بێو گەزۆر بەمن چێش؟ چەم و دەم بەسیا، فرۆ بە من چێش؟
من باخەڵ هاڵیی، دوکان بە من چێش؟ پا بەرز مەبۆوە، سەیران بەمن چێش؟
جە دەباخ خانە، عەبیر بە من چێش؟ دمای دەس شیەی تەگبیر بەمن چێش؟
عومرم ولاویا، زەمەن بە من چێش؟ گردش جەژنە بۆ تەمەن بەمن چێش؟
دنیا هەر جۆر بۆ چێولای بە من چێش؟ من وەرمم ڕەمان لای لای بەمن چێش؟
ڕاویەری وێڵ، هەوار بەمن چێش؟ گرد لێوەم گێریان، بگار بە من چێش؟
کە مەر هەربلوو، دەوا بە من چێش؟ ویەردا، شین و نەوا بە من چێش؟

ئەمەش کۆمەڵێك شیعری هەڵبژاردەی (سروەی بێداری):
لە شیعری (بێ شۆڵەی باوەڕ) دا-ل (٥٠-٥١) دا دەڵێت:

ئای! من دیمەنان، گەش و وەشم دی وەی! چەن گوراڵەی گەشی کەشم دی
چنور و شەوبۆ، ڕێحان بۆ کەردم وەرواری سەردی، سەرکاروان وەردم
نەرگزی خومار، دەشت و دەرم دی بنجی بەرزەڵنگ، بەرز کەمەرم دی
قاقبەی ژەرەژان، سەرکۆی کۆساران حەیران مەکەرد دڵ، تێکڕای ڕاوکاران
جریوەی بڵبلان، شەیدای پەڕەی گوڵ ئاهوی چەم سیای، تیژ ڕەوی گورج سڵ
زرەی زایەڵەی، زەنگوڵەی ئێلاخ وەناسک سروەی، ئاردەن پەی دەماخ
هەیهەی،سەیرانگەی،فێنک وسەردم دی چەن سەبزە زاران، مێرگ و هەردم دی
چەن بەزم و نەزمی، ئاهەنگ بەسم دی غەمزەی بەلەرزەی، دیدەی مەسم دی
خەندەی ڕەنگ خەنەی، ناسک لەبم دی چپەو ئیشارەو گاڵتە و گەپم دی
وەلوەلەی لولەی، قەد لولەی شوان سەدای تار و عود، زریکەی کەمان
بێ حەدی خەیاڵ، سەرشاری شەراب حونجەرەی موطرب ، بێ باک جە عیتاب
سروەی نەسیمی، سەر سوبحی باخان شەنکەری تاتای، بەرزە دەماخان
خشپەی خەزانی، وەرزانی پاییز ئاوارەیی مەل، وادەی گەڵاڕێز
تەپ و نم کەردەی، هەوری دڵ سیاو ئامێتەی پرشنگ، گەننە وەرەتاو
ئی دیمەنانە، هەر یۆشا پای وێش بەرکیشۆ جە دڵ، ڕیشەی ئێش و ڕیش
هەر یۆبە تەرزێ، خاس کاریگەرەن هەریۆ بەبەزمێ، خەمان بەرکەرەن
جەگردی خاستەر، ساکنی دڵەن وەدەس وستەیش، خەیلێ موشکڵەن

جەگرد قازانیٚ، چەمچە ئاساییم | کەچی ساکنی، بەویمۆنە دیم
ئەجیام سەرسەختی، بەختی سیامەن | خەم و هەم داییم، هامدەمی ڕامەن
تومەز نەتیجەی گوم کەردەی ڕاهەن | شارٚاگوم کەردەی، مایەش هەر ئاهەن
بیٚ شوٚڵەی باوەڕ، ژیوای حەیوانین | هەرخەم وەردەیی و، هەر سەرگەردانین

لە هۆنراوەی (ئەریٚ هۆ دڵەکەم) دا دەڵێت: ل (٩-١١).

..ئای! کە کوێرانە، دنیا ئەبینی | ڕەنگە لات وابیٚ، هەروا ئەمێنی
داوی ڕۆیین و، نیهان ئەپسێنی | هەرواش بە ئاسان، بەخت بەدەست دێنی

لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

دڵە بۆ هەوەس، ملم مەشکێنە | ڕێی ڕاستی، ڕوونم لیٚ مەشێوێنە
نەکەی بۆ خۆشی، کورتی چەند ساتێک | خالقی کەونم، لیٚ مەڕەنجێنە

لە کۆپلەکانی کۆتایدا دەڵێت:

گەردونیا هەموو، زێڕ وگەوهەر بیٚ | مانگ و ئەستێرە و، خۆری لەسەر بیٚ
دارو دەوەنی، هەموو بەبەربیٚ | کەس پێی تێر نابیٚ، باوەڕ گەر نەبیٚ
ئەریٚهۆ دڵەکەم، هەیهەرزەی خامۆش | تەنیا باڵی کۆچ، ساتیٚ بێنە هۆش
نازانی ڕۆژێک، ئەخزێیتە چاڵێک | تەنیاو دەس بەتاڵ، خاک و خۆڵ بەدۆش
دڵە ڕاچڵەکە، پاش دوو سیٚ سبەی | ناکام و ماندو، پڕ غەم، بیٚ ئۆخەی
بیٚ توٚشە، ناچار، دوا ئۆغر ئەکەی | هاکا ئەجەل لێت دەستی دایە نەی

لە شیعری (گەلی ئێمە)دا، لە کۆتاییەکەیدا دەڵێت: ل (٤٩)

ڕێگای ڕزگاری قوربانی ئەویٚ | قوربانیش شوٚڵەی، گیانی ئەویٚ
ئەمەش پەروەردەی، بیٚ گەردی ئەویٚ | ئەمیش دڵسۆزی، ئیمانیی ئەویٚ

لە هۆنراوەی (هەریەك لە ئێمە) دا دەڵێت: ل (١١٦-١١٧)

هەریەک لە ئێمە دارێک بڕوێنێت | لە جیاتی ئەوەی لقێک بشکێنێت
لەدوای چەندساڵێک جیهانێکی تر | پڕ لە داروبەر، بەدەست ئەهێنێت

لە کۆتایشدا دەڵێت

ئەو شەوە زەنگەی ئەمشەو ئەیبینین | هەریەک مۆمێکی، بۆ داگیرسێنین
ڕۆژێکی ڕوونی، بیٚ گەرد وەدی دێت | سەد شەوی تاری، وای پیٚ ئەفڕێنین
ڕێی چاکەخوازی، دوورو درێژە | کرداری ئەویٚ، نەک وشەو بێژە
ئەگەر ڕاست ئەکەی ڕزگاریخوازی | هەنگاو هەڵگرە، عەرەق بڕێژە

لە شیعری هەوراماندا دەڵێت: ل: (٩٥-٩٦)

بەهەشتی ڕووی سەرزەمینە مایەی شادی و خۆشی ژینە
لە جیٚی سەد لەیل و شیرینە، هەورامان خۆش و ڕەنگینە

لە کۆتاییشدا دەڵێت:

بەڵێ، بیروبڕوام وایە، تا میوانم لەم دنیایە
هەموو سەر زەوی، یەکێکە، بۆ هەموو لامان ڕەوایە
بەڵام بۆیە بە تەنیا ئەم هاتە، نێو فەردی شێواوم
زێدمانە و شارەزای ئەمم، سی ساڵێکە لەوێ ژیاوم
تێیدا گەشاوە دەرووونم، کێوانی بوونە بێستونم
دیمەنی زۆر و زەبەندەی، نەخشن لەسەر دیدەی ڕوونم

لە(سروە)دا، هۆنراوەی (سوننەتی ژیان)ی بەم شێوە هۆنیوەتەوە: ل:(٧١-٧٢).

هەنگێک بە سروەی ناسکی باڵی — گوڵی دەلاوان، دەیمژی خاڵی
هەرچەند گیزاندی، لێی نەبوم حاڵی — زەردەواڵە هات، باڵی داماڵی
لەناو باخێکی خۆشی چۆڵ و هۆڵ — ئاسکێکم بینی گەردن، ساف و سۆڵ
خۆی ئەتلان، لەسەر گیای نەرم و نۆڵ — لێی ڕاپەڕی گورگ، بەدبەختی کلۆڵ
باخێکی پڕ بەر سەوز و پەرداخ بوو — تێراو، سێبەر کپ، نمونەی باخ بوو
گەڵاو بەر و لق، تەرزە دایکوتان — ئای چۆن باخەوان، دوچاری ئاخ بوو
لە نزارێکدا خاڵ خاڵ و ڕەنگین — چنور بۆژانە، پەخشان و چین چین
قاقیە قاقبە بوو، چەند کەوێکم دین — بازێ پەیا بوو، ترسان هەڵفڕین
دایکێکی دەنگخۆش، هەست نەرم ونیان — لە ئامێزیدا، کۆرپەی ئەلاوان
کەچی چنگی مەرگ لە یەک چرکەدا — دوچاوی کاڵی کۆرپەکەی خەوان
برام، پەژارەو پەستی پێ ناوێ — هەنگاوی ڕەوتی، ناوەستێ تاوێ
چینێ ئەهێنێ چینێ ئەنێرێ — سوننەتی ژینە و هەنگاو ئەهاوێ

نامیلکە شیعری (نالەی هەڵەبجە)، کۆمەڵێك ئاهو نالەی هەڵەبجەیە بەشیعر هۆنیویەتی‌یەوە ئەمەش دوو نمونە لەهۆنراوەی (کارەساتەکەی هەڵەبجە)دا دەڵێ: ل(١).

(برای کوردی موسڵمانم! ئەبێ باسی چیت بۆ بکەم؟!
بۆچی باسی ترمان هەیە بێجگە، لەباسی دەرد و غەم؟!
دەیان ساڵە غەم، هەردێت و لە دڵدا پەنگ ئەخواتەوە
سروشتی غەمیش وەهایە، کە تازە کۆن ناشواتەوە
لە خاکی خۆتا، بۆچ ئەبێ، هەوای ئازادی هەڵنەمژی؟!
ئەبێ بۆچ کۆت، لەگەردن بی و تاهەیت بە ناکامی بژی؟!...)

لە(شیوەنی هەڵەبجە)دا، شەماڵ ڕادەسپێرێ کە بڵێت: ل: (١٢-١٥)

ئاخ! بۆ هەڵەبجە، شاری شیرینم مەڵبەندی حەیاو، شەرەف و دینم
داخ! بۆ هەڵەبجە شاری کوردانم هێلانەی ئینصاف، قەڵای ویژدانم
ئۆف! بۆ هەڵەبجە شاری ئومێدم دایکی هەزاران، شێری شەهیدم

لە کۆپلەی دواتردا دەڵێت:

شەماڵ! لە جیاتی ئێمەی کەس کوژراو برۆ سەر گۆڕی بە کۆمەڵ نێژراو
شینێک بگێڕن بەرد بکات بە ئاو گۆڕەکان تەڕکەن بە فرمێسکی چاو
باوا بە جۆش بێ، مردوو بێدارکا گیا لە گەڵتانا شیوەن و زارکا
ئەستێرەی ئاسمان، لەو جێگا بەرزە بۆ کزەی دەرون شەو بێتە لەرزە
ئەگەر گۆڕەکان کێلیان بۆ کرابێت چ ناو نوسرابێت یا نەنوسرابێت
لە جیاتی ئێمە سەلامیان لێ کەن هەواڵی ماتی ئێمەیان پێ بەن
تا بەیانی خۆر دەردێت لە ئاسۆ بەیەک دەنگ بڵێن! ئۆف هەڵەبجەڕۆ

(دیاری بێداری) کۆمەڵێك سرودە بۆمنالأن ئەمەش دوونمونە لەوهۆنراوانە:

لە هۆنراوەی (دەنگی بێداریم) دا-ل(٦٧).

(.. من موسڵمانم..دەنگی بێداریم ئاسۆی ئازادیم.. زەنگی ڕزگاریم
بۆ دڵی دۆستان، سروەی شەماڵم بۆ یەخەی یاران، من گوڵی ئاڵم
چقڵی بیلبیلەی چاوی ملهوڕم شێرێکم ورگی، زاڵم هەڵئەبڕم
ئەرکی سەرشانم، لەم سەرزەمینە جێ نشینییە.. کاری گۆڕینە..)

لە هۆنراوەی (کوردێکی موسڵمانم)دا-ل(٩٢) لە کۆپلەیەکیدا دەڵێت:

(.. کوردێکی خاوەن هۆشم ئاو و خاکم نافرۆشم
بۆ سەربەستی و ئازادی تەواو شەیدا و پەرۆشم..)

لەسەرەتای پەراوی (هۆرامان و هۆرامی و واتە و وەڵینا) دا -ل(١٩)دا دەڵێت:

(وەتەنی ڕەنگین، هەورامانەکەم مەنزڵ و ماواو، خانە و لانەکەم
بەهەشتی شیرین، ڕووی سەربساتم سەرچەمەی شادییم، ئاسۆی ئاواتم
چەوساوەن بێ بەش، دیدار و تونا غەمگین و ماتەم، دەروون بە سۆنا
نەژیواییم ژیواین، نەبیەم بیەین هەر دەربەدەریی و، ئەمەن سەربشیەین
ئاخم پەی سایەی، باخ و دارانت داخم پەی شنەی، لای لای هەوارانت
بەە، قڵمەی قلوەز، بەە، هاژەی بەنگا چ مۆسیقیۆەن، سوبح و وێرەگا
هەوات بەهەشتی، ئاوت کەوسەری میللەتت ئارام، خاکت گەوهەری
کەشت پەڕ جەفەڕ، باخت پەڕ جەبەر پێشانگای سوبحی، خالقی ئەکبەر..)

نەبەز هەورامی[٢٧]

– ناوی (نەبەز كەمال محەمەد)ە و ناسراوە بە (نەبەز هەورامی).
– لەساڵی (١٩٦٧) لە تەوێڵە لە دایك بووە.
– خوێندنی سەرەتایی هەرلەوێو، سێ ناوەندی و خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی ساڵی (١٩٨٤/١٩٨٥) تەواوكردووە.. لەساڵی (١٩٩٢)ەوە مامۆستایە.

ژیانی ڕۆشنبیری:

* هەر لە منداڵی‌یەوە حەز و ئارەزووی خوێندنەوەی لەلا رسكاوە، بە تایبەتی خوێندنەوەی مێژووی كورد و ئەدەبی بەرگری كوردی، هەر لە قۆناغی سەرەتایشدا بەشداری لە چالاكی هونەریی قوتابخانەدا كردووە.

* لە ناوەڕاستی هەشتاكاندا زیاتر بە دونیای ئەدەب و هونەری مۆسیقا ئاشنا بووە.

* ساڵی (١٩٨٨) یەكەم بەرهەمی شیعریی نوسیووەو، هەر لە هەمان ساڵدا كورتە وتارێكی بەناوی خوازراوەوە لە گۆڤاری (دەنگی باوەڕ)دا بلاْوكردووەتەوە.

* لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ەوە لە دونیای نووسین نزیكتر بووەتەوە و شیعر و بەرهەمی نوسراوی تری لە گۆڤار و ڕۆژنامەی ئیسلامیەكاندا بلاْوكردووەتەوەو چەند كۆڕێكی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بۆ گێراوە و لە چەندین ئاهەنگی بۆنەكاندا بە شیعرو پەخشان بەشداری كردوە.

* لەپاڵ كاری نووسیندا، بایەخیشی بە هونەر داوەو لەپاش ڕاپەڕینەوە لەبەرهەمە سەرەتاییەكانی سرود و مۆسیقای تیپی (ڕابەر)دا هاوكاری كردووە تا ئێستاش لەگەڵ (دەزگای هونەری پەیام) هاوكاری هەیە..

* لە مەیدانی كاری ڕۆشنبیری‌دا لەم جێگانەدا كاری كردووە:

* ئەندامی دەستەی باڵای (یەكێتی ڕۆشنبیرانی موسڵمانی كورد) بووە(١٩٩٢-١٩٩٤).

* ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری (ڕابەر) بووە.

* ئەندامی دەستەی باڵای (كۆمەڵەی نوسەرانی ئیسلامیی كوردستان)ـە لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە.

* ماوەیەك بەرپرسی لقی هەڵەبجەی شەهیدی هەمان كۆمەڵە بوو.

بەرهەمەکانی:

* کۆمەڵە شیعرێکی چاپنەکراو.
* کۆمەڵە پەخشانێکی چاپنەکراو.
* شیعرو پەخشان و بابەتی ئەدەبیی‌و کورتە لێکۆڵینەوە و وتاری لە گۆڤار و ڕۆژنامە ئیسلامی‌یەکاندا بلاوکردووەتەوە.

ئەمەش کۆمەڵێك لە هۆنراوەکانی وەك نمونە بلاودەکەینەوە:

لە هۆنراوە سەرەتاییەکانی ماموستا نەبەز:

ئەگەرچی زۆر لێتان دوورم
بەلام دڵم لەلاتانە
ڕەش هەڵگەڕا ڕەنگی سوورم
لەداخی ژینی بێ لانە

شوعێبە/کانونی یەکەم/١٩٩١.

* * *

ڕێبوار

ڕێبوارێ بووم بۆ ماوەیەک
ڕێگەم کەوتە ئەم ناوە
وەبەر داوی دوژمن کەوتم
بۆخۆم کەوتمە ئەم داوە

لێرەش زۆرم بەجێهێشتن
ئاخ و ئۆف و هەناسە
لێرەش گەلێکم پێ چێژران
داخ و حەسرەت و تاسە

لەگەڵ سوێی ئەم زامانەشدا
کێوی دڵم نەلەرزی
هەتا ئاواتم هاتەدی
نەیارم بۆخۆی بەزی

دەڕۆم ئێرەش جێ دەهێڵم
دەگرمە بەر ملی ڕێم
خۆم و خوای خۆم پێدەزانین
بەرەو کوێ هەنگاو دەنێم

شوعێبە /کانوونی دووەم/ ١٩٩١

ئەم هۆنراوەیەی بەبۆنەی یەکەمین وەرزی گوێز تەکاندنی پاش ڕاپەڕینەوە وتووە بەیادی ئەو ساڵانەوە کە دەڤەری هەورامان وێرانە و هێلانەی کوندە پەپوو بوو (ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرام بوو) لەو کاتەدا:

مامەی شەنیەر

- بێ قەزابی مامەی شەنیەر
دەمێکە فەرمووی کەس ناکەی
دەستێ بێنێ بۆ گوێزی تەڕ
-ئاخر کوڕم! دەمێ ساڵە
بەروبوومی ئەم مەحاڵە
باز و هەڵۆ لێی بێبەشن
هەر خۆراکی قەل و داڵە
-باشە مامە! ئەو نەمامە
وابەرەکەیان دارنیو حەلوشیان کرد
توێکڵی بۆ دادەماڵن؟
لق و پۆپی بۆ دەشکێنن، دەیسوتێنن؟
بۆچی گوایا ویستوویانە ڕەگ و ڕیشەشی دەرێنن؟
- کوڕم ڕۆڵە
دوژمنی ئەم خاک و خۆڵە
هێندە ساویلکە و نەزانن
وا دەزانن
ئەم چەم و باخە (جارێوتەر)
درەختی لێ سەوز نابێ
ئەگەر بشبێ، نایەتە بەر
١٩٩١/١٠/٧ تەوێڵە

*   *   *

کۆپلە شیعرێك بۆ هەڵەبجە

لەوەرزی گەڕانەوەی ئاو لەسەفەریساڵگار و
لە دەمی بەربوونی زمانی گوڵاندا
لە جەنگەی هەڵکردنی نەفخی ژیانەوە بەسەر خاکدا
لە ژوور سەرت خاچێکی ئاگرین داهێڵرا
لە خوارێ، لە داری ئەبەنووس تابووتیان بۆ ڕۆحت داتاشی
گۆڕهەڵکەن، دواپاچی خۆی وەشاند..
چنگی سوور تا گەشتە بەر دەرگات
ئاسمان تۆی لە پەنجەرەوە هەڵکێشا
تابووت هەرلەجێی خۆی شەقی برد
گۆڕهەڵکەن سەردۆلکەی گەرم کرد

* * *

شەپۆلی یاد

ئەو دەمانەی مەلی یادت
پەلی داری بەرکوختی دڵم جێدێڵێ و
دەمداتە دەستی تەنیایی
دێوەزمەی دێزی تەنیاییش
بەبەردەم گوفەکەکاندا و
بەسەر زیخی گوزەری ئازارەکاندا
لەدووی خۆی پەلکێشم دەکا و
دەمداتە دەست تاریکایی
ئیتر دەبم بە ڕێبواری
نیوەشەوی ڕەشی تاری سارای چۆڵی ناهومێدی
تروسکایی دەرەتانێ بەدی ناکەم
حەزیای مەرگیش
بەرەو ڕووم دێ... هێدی هێدی.......
ساتێکیش کە: شەپۆلێکی زیوینی ڕووباری یادت
لە بەستێنی دڵم دەدات
کە ساتێکیش سروەی شەماڵێکی خەملیو
لە بنار و بڵندایی کوێستانی بەزەییتەوە

دێت و بۆ سەر باخی باوەڕم هەڵدەکات
ساتێک کە ڕێژنە بارانی
(هەوری ئاڵی) ناوەکانت
بەسەر دەڤەری دەروونی وشک و تینوما هەڵدەکات
من گژوگیای پەژموردەم دەبوژێمەوە
من شۆڕە بی تازە هەڵچوم
بەسەر سەدان وشکەدارا دەشنێمەوە
نووستوویەکم
تەپو تۆزی لاڕێیانم لێنیشتووە و ڕادەبمەوە
ڕادەبمەوەو
بەبانگی پڕ لە بەزەییت
بانگی بەڵێن و پەیمانت
بەرەو کازیوە دەچمەوە ... ١٩٩٥.
- کوفەك:سەرانگوێلك
- بەستێن: قەراخی ڕووبار

* * *

سەدای سەفینەکان

ئەمە دەنگێکی ئەبەدییە
شەپۆلەکانی
ئاوێتەی زەمەنی مانگ و ساڵ و سەدەکان بووە ..
ئەمە خۆرێکە
لەگەڵ یەکەم هەناسەدانی سپێدەی بووندا هەڵاتووە...
ئەمە خۆری خولگەیەکی خواییە
کە ترازا
پەڕوباڵی گشت یاساکان: هەڵدەپڕوزێ
ئێسک و پروسکیان: هەڵدەقرچێ...
ئەمە شینایی ئاسمان و
ڕەنگی خۆڵ و
تەڕایی باران و
قورسایی زەوییە..
ئەمە دەنگێکی ئەبەدییە..

ئەمە سوێندی سیحربازەکانی فیرعەون نیە
لە دایک نەبوو..گیا...نی....دا
نەعرەتەی ئەو لەشکرە نیە
مێشوولە، (ئێسقانە تەرمی) لە خاک نا..
ئەمە دەنگێکی نێو گەرووی ئەو کەشتییەیە
بیابان بوو بە ئۆقیانوسی،
مانگی کرد بە چارۆکەیو
لوتکە و بنار: نەهەنگ، ماسی
ئەمە دەنگی نێو گەرووی کەشتییەکەی نوحە و
پەیامی لە چاوی شەپۆلەکانیدا هەڵگرتووە و
بەرەو لوتکەی چیای زەمەنەکانی دەبات...
لە ژمارە (٣٩)ی گۆڤاری (پەیامی ڕاستی) ساڵی (١٩٩٥)دا بڵاوکراوەتەوە.

* * *

ئاوابوون

جەخار بۆ پەژمووردەبوونی لالەزارەکانی تەمەن
بۆ پەرتبوونی پێکەنینە گولاویەکانی بەیانیان
بۆ وێرانەیی کەوێڵە بەهاریەکانی ئومێد
چەند زوو ڕەت دەبن و وەرزەکان
چەند بە پرتاو دیسان دەگەڕێنەوە بۆ مەرگ
چەند بە پارێزەوە تەپوتۆزی ڕێیان لەسەرشانمان نیشت
چەند بەجوانی و بەمەکرەوە سەرو ڕیشمانیان داگیرساند
چەند بێباکانە بەژێر سێبەرە ساختەکانیاندا پەلکێشیان کردین
چەند بە عەزرەتەوە بینیان بە ئەسرینەکانمانەوەنا
چەند بێ مرووەتانە خۆڵیان باراندە سەر خەندەکانمان
جەخار...جەخار
پاش نیشتنەوەی هەرەسە سامناکەکانی زستان
نە فریای دانانەوەی باخچەی ماڵ دەکەوین
نە فریای ناشتنی شەتڵی گوڵ
نەفریای سەیرانی بناریٚ...بەندەنیٚ
نەفریای کێڵانی مەزراییٚ....ڕەزێکی ماتەمین

لە هەشت و نۆی ژماردنی ئەستێرەی شەوی هاوینان
سەرخەوێکی پڕ لە خەوی خۆڵەمێشی
پڕ لە وڕێنەی دووکەڵین...لوولی داوین
ئۆخژنی خەو هێشتا نەگەیشتۆتە گیانمان
ڕۆژگار گۆزە ئاوەکانی دەمەونخوون دەکاتەوە بەسەرمانا
بەر لەوەی کزەبای سەحەر لە تەڕایی جەستەمان دات
ڕوخساری ڕەنگی زەردەپەڕی لێ نیشتووە
نەچەپکێ نێرگزمان کڕی لەمناڵی سەر جادەیەک
نەسێبەری بەئارەقەی ڕوومان تەڕبوو
نەپیاسەی خەیاڵاوی ناو باخێکی خەزانکردوو
نە لە شێرە بەفرینەکانیش بووینەوە
کەمێ هێواش
کەمێ هێواش با قومێ ئاو لەو کانیاوی ژێر سێبەری شۆڕەبییە بخۆینەو...
ئەوا خنکاین.....تەنها قومێ.. قومێک و دێین
با تاوێ خۆمان بدەینە بەر بزەی پەلکە زێڕینە..
خەم خواردینی تەنها تاوێ.... تاوێک و دێین
کەمێ هێواش باسەرکەوینە باڵکۆنی تەلاری تەنیشت ئەو پارکە
زەردەپەڕە بڕوانینە خەمی دەریا
بالادەینە ژێر ساباتی ئەو گوێ چەمە
نان و چایەک لەگەڵ ئەو باخەوانەدا بخۆین
ساتێ لەگەڵ هاژە و خوڕەی ئاودا بدوێین
با.....
کەمێ هێواش... کەمێ کەمێ
ئێمە سەری هەموو ساڵێ
ساڵی زاینی و قەمەری
ساڵی هیجری و شەمسی و کوردی
خەونە ژەنگاویەکانمان دەم بەخەندەوە دەژمێرین
تەمەننا تۆزاویەکانمان بەتاسەوە هەڵدەڕێژین
هێشتا لە ڕیزی دووهەماین
ساڵمان چاوی کز کز بووە و بۆ دار عەساکەی دەگەڕێ

ساڵی تازەش دیسان تەدارەکی دەوێ و
دێتەوە بۆ ژماردنی خەونەکان و
ڕیزکردنی تەمەنناکان
تازە لە ڕیزی یەکەماین
ساڵمان چاوی کز کز بووە و ...
ساڵی تازەش دیسان ..
دەڵێگەڕێن با تەمانناکان بژمێرین .. ژماردن بەس
باخەونەکانمان هەڵڕێژین... هەڵڕشتن بەس
دەڵێگەڕێن...لێ گەڕێن لێ
بەهارە با بڕوانینە هەڵبەستنی هێلانەی ئەو کۆترە شینکە کێویانە
هاوینە با ئەو میوەجاتە نەگەنێ بیڕنینەوە
پایزە با هەمبانە بێ بنەکانمان بە دارماڵێ بەین بە شانا
زستانە با پەناگەیێ گەرم کەین و
بەدەم شەوچەرەی کوشتنی شەوگارەوە
دەست بکەین بە گێڕانەوەی حیکایەتە سەدبارەکان
بەهارە با... هاوینە با...زستانە...بەهارە
کەمێ هێواش ... کەمێ هێواش
دەبا ئیتر نوێژێکی قووڵ بۆ ئەم عەسری موسیبەتە بە قنوتەوە دابەسیتن
بابگەینە ئایەتەکانی سەرەتای سورەتی ئەم سەفەرەمان
با حەجێ بۆ لەدایک بوونەوە بکەین
با خەندەقێ بە چوار دەوری قەڵای گەمارۆدراوی بەیعەتمانا لێدەینەوە
با..
کەمێ هێواش .. ئێرە کوێیە
لێگەڕێن با دەستێ بە چاومانا بێنین
ئەم هەوارگە کافوریە کەی هێندەشمان لێ نزیک بوو
چ دوڵدوڵی مەودای ئەم ساڵە تیشکیانەی پێ تەی کردین
جەخار...جەخار
هەربەم تۆزی سەرچاوەوە کەوتینە ڕێ
کەمێ لە نیشانەکانی سەرە ڕێگەکان ڕانەماین
لەبەردەم خەڵوەتگاکانا سەری نەویمان هەڵنەبڕی

بە نێو پاشماوەی پایزی بای صەر صەرا
سەری قنجمان نەوی نەکرد
قا قا پێکەنینمان دەهات بە سیمای مردوشۆرەکان
کەمێ هێ....وا....ش
ئەوە کێلی کەلەکەبوو هەڵبژێرە
ئەوە سایەی دار ئەرخەوان دەداسەکنێ
ئەوە تەڵقین بەچەند تەرزە ئاوازەوە گوێ ڕادێرە
کەمێ..هێ...
خۆ وتیان لێرە دەوەستین
با دەنگخۆشێ بۆ تەڵقین بدۆزینەوە و
بەردە کێلێکی بە ڕەونەق هەڵبژێرین
ئەی گڵ لە تۆوە دەرهاتین و تینوو تینوو
سەراسیمە و
بەپێی شەقارەوە وا گەڕاینەوە باوەشت
گەرووی وشکمان پڕ لە گڵخنکی ناخت کە
ئاو تەژناییمانی نەشکاند
چ سەفەرێ بوو پێت کردین
چ ماجەرایەک بوو دیمان
ئەی مەرگ...وەرزە زەرد هەڵگەڕاوەکانی ژین جێیان هێشتین
وا خۆمان بە تۆ دەسپێرین
بماندەوە دەست مروەتی وەرزە سەوزەکانی خلوود.*

* لە گۆڤاری پەیامی ڕاستی-ژ ٥٤ کانونی یەکەم ساڵی ١٩٩٨ بلاّوبوەتەوە.

عادل شاسواری [٢٨]

ناوی (عادل حەمە عارف موئمن)ـە و، نازناوی (شاسواری)یەو، لە (١٩٧٠/١/٢)لە شارۆچکەی تەوێڵە لە دایك بووە، تا پۆلی پێنجی سەرەتایی لەوێ تەواو کردوەو، لەگەڵ کۆچی بە کۆمەڵی تەوێڵەیی‌دا، ئەو شارۆچکەیەی بەجێ هێشتووە و، لە هەڵەبجە نیشتەجێ بووە و، تا کیمیا بارانی هەڵەبجە لەوێ ماوەتەوە، پاشان ڕووی لەئێران کردوەو لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەدا، دوای (٨) مانگ گەڕاوەتەوە سلێمانی و درێژەی بەخوێندن داوەودبلۆمی بالآی لەزمانی کوردیدا بەدەست هێناوە، لە (١٩٩٣-١٩٩٤). لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠١-٢٠٠٢)ـەوە لە زانکۆی سلێمانی (کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتی‌یەکان-بەشی ڕاگەیاندن)دا وەرگیراوە و سەرقاڵی خوێندنە.

لە ساڵی (١٩٩٣)دا بووەتە ئەندامی (کۆمەڵەی نوسەرانی ئیسلامی کوردستان).

لە ساڵی (١٩٩٤)دا بووەتە ئەندامی (یەکیەتی نوسەرانی کورد).

لە ساڵی (١٩٩٨) دا ئە.بێتە ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری (نمانا).

لە ساڵی (١٩٩٩)دا ئەبێتە ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری (پەیامی ڕاستی) بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو.

لە ساڵی (٢٠٠٠)دا لەگەڵ چەندین مامۆستای پسپۆڕدا لە سلێمانی، (ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەت)ڕادەگەیەنن و ئەمیش بە هەڵبژاردن دەبێتە ئەندامی دەستەی بالآ-لێپرسراوی ڕاگەیاندن.

لە ساڵی (٢٠٠١)ش ئەبێتە ئەندامی (یەکیەتی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان) لە نێوان ساڵەکانی (١٩٩٥-٢٠٠١) وەك کارمەندێکی کارا لە ڕادیۆی دەنگی یەکگرتووی ئیسلامی لە سلێمانی کاری کردوە.

لە ساڵی (١٩٨٧)ـەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا چەندین دەقی شیعری و نوسینی ئەدەبی و فیکری بڵاوکردووەتەوە.

لە ساڵی (١٩٩٧)دا، یەکەمین دیوانە شیعری بەناوی (تیرۆژ)ـەوە بڵاوکردووەتەوە.

لە ساڵی (١٩٩٨)دا، دیوانە شیعری (کوردستان ولاّتی مان و نەمان) بلاّوکردووەتەوە.

لە ساڵی (١٩٩٨)دا. (دیوانی شاسواری) بلاّودەکاتەوە، لە قەوارەیەی مامناوەندی (٣٦٤)لاپەڕەدا کە کۆی بەرهەمی شیعری (١٠) ساڵی شاعیرە.

لە ساڵانی (١٩٩٧-٢٠٠٢) شەش بەرگ لە (کۆباسەکانی میحراب)ی مامۆستا شەماڵ عەبدوڕەحمان موفتی، ئامادە دەکات و بلاّودەکاتەوە لە قەوارەیەکی بچوك (٥٧٠) لاپەڕەیی‌دا کە زۆربەی تایبەتە بە بواری (ئیعجازی زانستی).

لە ساڵی (٢٠٠٢)شدا. دوو بەرگ لە (سۆمای دیدە) بلاّودەکاتەوە لە بەرگێکی قەشەنگی (٧٢٤) لاپەڕەیی‌دا کە (٢١٣٠) بابەتی هەمەڕەنگی ڕۆشنبیری و هونەری و مێژوویی و زانستی و کلتوری لە خۆگرتووە.

شاعیر زیاد لە (١٥) شیعریشی لەلایەن هونەرمەندان (ئەیوب عەلی-مەڕوان حەمە خورشید، بیلال کەیوانی، دانا مستەفا، عەلی حەمە دەروێش..تاد) کراون بە گۆرانی.

ئەمەش چەند نمونەیەك لە هۆنراوەکانی کە لە دیوانەکەیدا هەڵمان بژاردون، وە زۆریشیان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بلاّوکراونەتەوە.

ڕەگ و بالا

ڕووبار دەڕوا..
هەرگیز ناگەڕێتەوە دوا
چناریش بالاّ دەکا
منیش هێمن لەم نێوەندا
ڕەگم هەروەکو ڕووبارو
بالاّیشم وەک چنار دەکا...! ..ل ٢٩.

*　*　*

پیاڵە چایەك

کوڕە لاوێک دەچێتە جەنگ
پاش ماوەیەک ئەسیر ئەکرێ
(٧) ساڵ لە نێو زیندان دەنرێ
پاش زیندانی ئینجا نۆرەی ئازادی دێ
دایکی کوڕە بە باوەشێک ئومێدەوە
ئامێزی بۆ دەگرێتەوە
هەر لە ڕێوە جامێ ئاوی سازگاری بۆ دەهێنێ
-ئۆخەی ڕۆڵە
پێش ئەوەی سەربنێمەوە
چاوانم پێت ڕوون بوویەوە
دانیشە لام کوڕی دایە
با چایەکت بۆ دەم بکەم
لە ژێر کەپری کۆنە هەواری مناڵیا...
کوڕە دانیشت، لەگەڵ بارانی خەم و
گێڕانەوەی ڕازی دووریی نیشتماندا
چا پێ گەیشت
-فەرموو ڕۆڵە..
دەمێکە ژەم دەستی دایکت نەخواردووە
نۆش کە بەندی جگەرەکەم
لەگەڵ یەکەم قومی چادا لارە مل بوو
کۆستی دایک کەوت بوو بە دوو
چونکە بەدەستی خۆی کوڕی
کوشت بەیەک پیاڵە چایی
کتری چاکە دووپشکێکی تیا کولا بوو..! ل (١٠٦-١٠٧).

* * *

لەدایك بوون

نەم بینیوە، بەڵام ئەگێڕنەوە و ئەڵێن:
هەرکات کۆرپەیەک دێتە ژیان
لە فیلیپین و یابان، بەگوێی ڕاستیا
گازەی (بوزا)ی بۆ دەخوێنن
لە خاکی پیرۆزی مەککە
بەقامەت و بانگی خوا، ڕای دەژێنن
بەڵام لە خاکی نسکۆی سوور
گەلی کوردستانی باشوور
خۆم بینیومە بۆ یەکەم جار
ئەو دەنگەی کۆرپە دەیبیستێ
تێسکەی کەڵەشینکۆفێکە و لە پاڵ گوێیا دەتەقێنرێ..! ل (١٢٤).

لە بەشی کۆتایی کۆمەڵە شیعری (کوردستان دەڤەری خەم و .. وڵاتی وێرانستان)دا دەڵێ:

..مێژوو دەڵێ:
هۆلاکۆ هێشتا منداڵ بوو
جەنگیزخان پێی نەگرتبوو
هیتلەر لەناو ڕەوڕەوا بوو
کوردستانی من ڕەخش بوو
ئەوا تا ئێستا ڕێ دەبڕێ
ئەوا تا ئێستا هەر دەفڕێ
کەچی لەجێی خۆی نابزوێ..!
ئێمە لە نێو کۆشتی ئاسمانی کوردستان
قەت ناخوازین هۆلاکۆ بین
جەنگیزخانی پێ گرتوو بین ...
هیتلەری عەرشی نازی بین
ئاواتمانە
هۆلاکۆکان زوو بنەون
جەنگیزەکان هەر پێ نەگرن
لە چنگی ڕەشی نازیەکان

ڕزگار ببن..
ئێمە داغان بوین...
هیلاک و شەمزاین..
ئێمە برسی نانی فیکرین
نانی هەڵوێست و مامەڵەین..
ئێمە برسی
بەس نانی خڕی تەنور نین،
ئێمە برسی خوانی مامەڵەی جیهانین
ئێمە برسی
قەوارەی بوونی خۆمانین...
ئێمە بۆیە برسین:
چونکە باوەڕدارێکی کوردین؟؟!.. ل(٢١٢-٢١٤)

لەسەرەتای کۆمەڵە شیعری (پەلەوەری خامە لە ئاسمانی کوردستان دا) دەڵێ:

(پێش بینی ناکەم کوردستانەکەم،
ئاوا شەمزاو داغان بێ،
ئاواتە خوازم کە هەڵە بم،
من هەڵەبم بەس کوردستان سەربەرز بێ..) ل(٢٣٧)

لە چامە پەخشانی (بوون)دا دەڵێ:

لەم گرانی بوونەدا، باوکێک بەتەنها
کوڕەکەی دەڵێت:
-ڕۆڵە، ئەتفرۆشم!
-بابە، چۆن دڵت دێ؟
-بەنرخێک، کە کەس نەتکڕێ!!..ل (٢٥٣)

لە کۆمەڵە شیعری چوارەم (چرای زیبا)دا- کە چەند شیعرێکن بۆ گۆرانی و زوربەشیان کراون بە سرود و گۆرانی و ئاوازیان بۆ دانراون، ئەمەش چەند نمونەیەکن لەو شیعرانە:

عەشقی خودا

من عاشقم یارەبی.. عاشقی من یارەبی
سەرداری عیشقی گیانم..سەرداری من یارەیی
ڕازی دڵم ڕازی عیشقە..دەرمانیشم عیشقی یار
بە فرمێسکم یادت ئەکەم.. ئەی عاشقم یارەبی
تاریکە ژیان و زیندەگیم، ڕابردویشم لێڵ و تار
ڕووناکی گیان و دەروونم، تۆی دڵدارم یارەبی
چی بڵێم؟ من چی بکەم؟ هێندە گومانم بێ شومارە
میهری تۆش زۆرو فراوان، سەرداری من یارەبی
ئەم عیشقە سوتاندمی، کێوی (طور)م بوو بەکار
کوا ببمە (طور) و دیاری چاوی زاهیدان یارەبی
بوومە دەریا و گۆ، شەپۆلم جار لە دوای جار
بە نووری عیشقی پاکی تۆ، سووتام، عاشقم یارەبی. ل (٢٩٦)

* * *

(عەرشی دڵ)

عاشقان، تەوبەکاران، زرنگەی شەو بێداران
بێن بۆ تەهلیلەی ئەم شەو، حەلقەی زیکری دەروێشان
چاوی چرای خانەقا، چاوەڕوانی کڕنووشە
بۆ خوای بەرز، تەعالا، فرمێسک ئەکا پرووشە
ڕۆحی من ئەکاتە ناڵە، دەروونم بێ قەرارە
زارم تاڵە وەک ژاڵە، دڵ لەکارم بێزارە
بەردە نوێژی ئەم باخەم، دەگوێزمەوە ناو دڵم
عەرشی ڕۆحم ئەکەمە، سوژدە گاهی سەر گڵم
میحرابی ئەم مزگەوتەم، کردووەتە هیوای ژینم
پەشیمانی لە گوناه، بووەتە پەرچەمی دینم- ل (٢٩٨).

* * *

(جــــەژن)

گەلی کوردانم جەژنتان پیرۆز — دڵم لێوانە لە هیواو لە سۆز
ساڵێکی نوێ دوور لە غەمباری — کۆتری ئاشتی ببێ بە دیاری
زەردەخەنەی لێو نەک چاو بە گریان — ئاشتی و هێمنی مەرجە بۆ ژیان
ئاشتی لە ئێوە لە ژیانی جوان — ئاسوودەیی دڵ ژیانی کامەران
ئومێد و هیوای من هەموو کاتێ — سەربەرزی گەلە و خۆشی بگاتێ
زرنگەی زەنگی شادی دێتە گوێ — کە زۆر نزیکە هەڵبێ (ڕۆژی نوێ).

* * *

ئەلبومی کوردستان

دەربەندی ژیان، هەوارگەی گوڵان — پەپولەی ڕۆحی، گەلی کوردستان
مەزرای هیوایە، چاوانەی سۆزە — هەنگی ئەم گەلە، تەنایی هۆزە
بینایی ڕووناک، مەودای چاو بەرین — دەکشێ بۆ کارای، گەردونی نەخشین
ئاو بە شەپۆلی، شاخ بە هۆزانی — دارستان چۆپی، ئاهەنگی جوانی
ڕۆحی بەهارە، پریشکی کاریز — کە گوڵ بەنەرمی لێی دەکا پارێز
ئەم کوردستانە، ئەلبومی گوڵە — سەیرانگای عیشقی، یەکبونی دڵە..

ل (٣١٣)

لەچامەی (نامەیەك بۆ دایکم)دا دەڵێت:

ئەنووسم نامە — بەنووکی خامە
لەسەر پەڕەی گوڵ — دڵ بێنێتە کوڵ
بەدڵی غەمبار — بەجەستەی هەژار
بە بیری جۆش — بە ئاوازی خۆش
بە سلاوی ڕەنگین — بە سۆزی سەنگین
سلاوێ نەخشین بێ — وەک زەنگ زەنگین بی
توێشوی ڕێبواربێ — ئاوارەی دوور بێ
سلاوێ بە سۆز بێ — یەکجار پیرۆز بێ
شنەی بەیان بێ — ڕازاوەی چیا بێ
دیاری بەهار بێ — سلاوێکی پتر بێ
لە هەموو زیاتر — بێ ئەندازەتر
لە جوان جوانتر — لەمەش نەخشین تر
لە گوڵیش گەشتر

پێشکەش بەوە بێ   کەمن ئەمەوێ

بێ گومان دایکمە   کە خۆشم ئەوێ..   ل(٣٥٦)

لە کۆمەڵە شیعری یەکەم (شۆڕشی گەل)دا چەند کورتە شیعرێك نوسراون، جا یەکێك لەو شیعرانە ئەمەی خوارەوەیە، لە ل(٨٧) نوسراوەو لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر بەرگی دووەمی دیوانەکەشدا نوسراوەتەوە ... میش لێرەدا پێم باش بوو لەم کۆتاییی‌یەدا ئەم هۆنراوە بنووسم..

ئازادی

(بریا داری ئازادی بەخوێن ئاونەدرایە، بۆ ئەوەی هەرکات خوێنی لێبڕا، وشك نەبێت)

ئاخۆ زەوی
کاتێک کە مانگی دیاری کرد
ئەڵقەی کردە کامین پەنجەی؟!
ئاخۆ شەو بووک
کاتێک گوێزرایەوە ئاسمان
کام ئەستێرە کرایە گوارە
کێ بوو بە زاوای چرا خان
ئاخۆ ڕوبار کاتێ شەپۆلی مارە کرد
کام کانی بوویە پێ خەسوو
بۆ شاری هەنگوین هاوڕێی بوو؟!
یاخود بەهار کە گوڵی کردە دەزگیران
کام قردێلەی لە قژی داو
کام ملوانکەی لە گەردن و
کام موستیلەی لە پەنجە کرد؟
ئاخۆ ئازادی کە بوویە زاوای ئاشتی
کام کراسی کردە دیاری
سوور یا سپی..؟!

گۆران عەباس[٢٩]

- (گۆران عەباس حەمە مراد) لە ساڵی (١٩٧٣) لە شارۆچکەی تەوێڵە لە دایك بووە.



- لەبەر ئەوەی ئەو کاتە باوکی کارمەندی شارەوانی بیارە بووە، ئەمیش خوێندنی سەرەتایی لە بیارە دەست پێکردووە، پاشان لە هەڵەبجە سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە.

ئامادەیی و پەیمانگەی مامۆستایانیشی لە سلێمانی تەواو کردووە، واتە لە ساڵی (١٩٩٤) وە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی باڵایە و بووەتە مامۆستا.

لە ساڵی (١٩٨٨)ەو دەستی کردووە بە شیعر نووسین، ئێستاش کۆمەڵە شیعری (خەمەکانی نیشتمان) لە قەبارەیەکی گونجاو (٣٨٥)لاپەڕەدا لە ژێر چاپدایە.

سەرەڕای شیعر چەندین بابەت لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا لەسەر شیعر و ئەدەب و بابەتی ڕۆشنبیری بلاْوکردووەتەوەو سەرنووسەری گۆڤاری (نمانا)ی فیکری و مەعریفی‌یە، کە تا ئێستا (٣) ژمارەی لێ دەرچووە.

نزیکەی (٧٠) شیعری مامۆستا گۆران، کراوەتە گۆرانی لە لایەن (١١) گۆرانی بێژەوە.

ئەمەش چەند نمونەیەك لە شیعرەکانی ئەم بەڕێزە.

شیعرێکی هەورامی بە شێوەی ئازاد

وەختێ کە وێرەگا مێ
بە تەژنایی..
ڕووە مەکەرە ئۆ بیابان و تەمێ
بە سەراب و ئابەڕڕەبی ئیرادەیە
مەخەڵەتیە
باجارێ وتەر دەست نەبرۆ،
وەرە تاویش مەرگ مانە!
ئەگەر ملی

مشتێ و ئاوۆ ئاوێسەری و
رۆحیت پەڕە کەرە هەناسۆ
پیاسۆ ویرەگانا (مێوە دێما)
ویرت نەشۆ
چاگە، نەوەنۆ ژەرەژی و
نەبۆو چنوری مشناسا!
گەر وشکنایشاو
بۆو ڕێحانیشا گێرتە!
داوا نەکەری بەخشات و
سەرەی بەرزت
هەرگیز نەنامنی پێشا..
چونکە هەر حەیات بەرانە...
چێ گرد و وەرمەکات بنیەرە و
نەکەری چن وێت بەریشا
باچاگە وەنەت نە شێونا
وەرمێ ئاگەیە وینیشا
بەبێ دەس و دیم وینیشا!
وەختێ وشەویش گنی سارا
دەسێ و نیا پۆژنۆتەرە و
گەر کفینەش ..
دەنگێو نیا واچۆ (اللّه)
تۆ چێگە چن عەزیزەنی
کەلوای ئاگە
خاس بزانە هەزار ئاننە غەریبەنی!!
عەزیزەکەم ..
تۆ.. ڕەیحانۆ سەیینیو
چا مەملەکەت و دڕەیان
وەرگۆ و شەراو مەرگ و بیابانی مەگیری و
بێ ئانێچە بیاوی پنە
سیس بیو مری!! ... ١٩٩٨/١/١٠

ئەم هۆنراوەیە بە (هەورامی و سۆرانی و بادینی) نوسراوە و هونەرمەند (مەڕوان حەمە خورشید) کردویەتی‌یە گۆرانی لە ساڵی (٢٠٠١) پێشکەش کراوە.

وەشتێکی ماندی

وارانەکەی هیجرەتی ڕاز، سەرجەنۆ جەدیدەم وارا
ماتەم و فیراقی نازیش بەوێنەی ڕۆی ڕەوان دیارا
بەیادو دووری ڕای وەصڵش گوزەشتەم وەخەیاڵ ئاورد
مەرخەیالآن بارو وەرۆ شێوەی شەو وزۆ سارا
*　　*　　*

ئەز باڵندێ عاسمانەکێ ڕێ ل وەغەرەکا دویرم
هاتم شین وارا فەژیتم تک تکا دلۆپا هیلاکیم
ئەی کەنارێ تەنها گەها شیعر و هەناسە و هێڤیا من
بلال ڤێرێ سەرێ دانم داشین بێت دما گاڤامن
*　　*　　*

ساقیا ساتێ بگێڕە جامی پڕ میهر و سۆزی خۆت
جیلوەی ماڵت بنیرە بۆ مورید و ئەنیسی خۆت
گەرچی نم نم ماڵی گەرمت ڕۆحی شەکەتم تەڕ ئەکا
شکستەی مانی سەرابییم بمکە میوانی ساهی خۆت
*　　*　　*

عیشقێکی سەربڕاو

(لە یادی لەیەك کردنی عاشقانی عیشقی ئەبەدیدا)

هۆ بابە گیان.. هۆ بابە گیان
لەیادمە واسەری غەمم
لەسەر ئەژنۆی هیوا ناوە
فرمێسکەکان
وەکو جەستەی شەکەتی خۆم
تنۆک.. تنۆک
سنوری چاویان جێهێڵا!
لەدوای وانیش بەبێ هیوا
کز..کز سوتان....

نەهاتنەوە....نەمدینەوە.

هۆ بابە گیان .. هۆ بابەگیان
منیش وەکو منالآنی هەموو جیهان
باوکم هەبوو.
دەستی سۆزی گشت بەیانێک
لەگەڵ ئاسۆ
بەسەری نازی ئێستامدا دەهێنا
بەلآم ئێستا بەبێ بابە وا چاوەڕێم
هەواڵی بێت،
شنەی سۆزی بەیانی بێت.
هاوار.. هەیهات
هۆ بابە گیان.. هەواڵی هات
ئێستاش ناخم لە دووی ئەودا
وا خول ئەدات..
شەماڵ وتی:
ئەم بەیانە... لەپاش سەدای
(الله اکبر)ی مندا
سەری شکۆی باوکی سۆزت
لە (سجدە)دا بڵند بوو
بەهاری غەم.. پەیامی شەڕ
لەجێی بوغورد و ڕەیحانە
بۆنی سیانید و خەردەلی
(دکتاتۆری شەڕ و شینی)
بۆ ئەو هێنا...!
لەو ساڵەوە بەبێ بابە
بۆ شارەکەی خۆم دێمەوە؟!![*]

* * *

---

[*] پەیامی ڕاستی ژمارە ٢ ٤ی / ئازاری/١٩٩٦ بلأوکراوەتەوە.

خەمەکانی نیشتمان

بە خوێندنەوەی لاپەڕە سوچ دڕاوەکانی
پێش زەمەنی مناڵیم ..
ئەم گۆرانیە ئەنووسمەوە،
پێش کەوتنی ڕەشەبا
لە پەنجەرە گچکەکەی ماڵە دراوسێکەمانم ئەڕوانی..
کە بەدەم ئەو گەڵایەوە پێدەکەنی
خۆی بۆ سەفەرێکی تولانی ئامادەکردبوو..
سەرتاپا زەرد..
بەر لەوەی باران لێو بجوڵێنێت..
پاسارەکان پەراوەیان بۆ وتنەوەی
گۆرانیەکانی ژێر نازی دڵۆپە نەرمەکانی
ئەکرد و
بۆ ساتێکیش چاویان لە سەمای
هەورە ماندووەکان غافڵ نە ئەکرد.
گەرچی دۆستایەتی شەپۆل و کەنار
هێند شەڕی دەریا و وشکانی دێرین نیە!
بەڵام شەپۆل ..
بەجارێک ماچ کردنی کەنار
سەدەها ساڵ لە دژایەتی باوانیان ئەشواتەوە.
من ئەمەوێت..
بە پاشکۆی نەسیمێکی دەم بەیانی
سەر کەنارێکی عاشقدا ..
سڵاوێکی جاویدانیت
بەشەرمە تکەیەکی باراندا بۆ ڕەوانەکەم..
لەگەڵ سەمای
پاش وەرینی گەڵایەکی عاشقدا
هەناسەیەکی مەحەبەتت..
بەدەم پێکەنینێکی پەنجەرەکانەوە
بۆ هەڵکەم ..

ئەو ساتانەی لە شینایی چاوەکانتەوە
بۆ گەمەی مراویە ناسکەکانت ئەڕوانی و
بە دیتنی چاوشارکێی کۆترەکانیش
ئەتریقایتەوە..
ئەو دەمانەی بە دایکتت ئەوت
چیرۆکی (حەوت براو خوشکە بچوکەکە)ت
بۆ بگێڕێتەوە.
تاکو بە هێمنی و لەگەڵ سێبەری
هەناسەی دایکتا
خۆ لە ئامێزی خەوێکی نەرم بنێیت.
ئەو لەحزانەی
لەبەردەم حانوتی قوتابخانەکەتاندا
بۆ نوقڵە شین و سوورەکان ڕیزت ئەگرت و
جار جارێکیش بەنازەوە
بۆ هاورێکەتت ئەڕوانی
ئەو ڕۆژانە،
تۆ پارچەیەک بوویت لە بەرائەت و
بەرائەتیش..
تۆ و جانتا و کتێبەکانتی لە ئامێز گرتبوو..
کە وێنەت ئەکێشا..
لەسەر مێزێکی لاکێشەیی
گوڵدانێکی بەرز و
باقەیەک لە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگت ئەڕواند،
دڵێکی گەرمت بە بەرۆکی مێزەکەوە
شۆڕ ئەکردەوە.
تەنانەت ئەتویست..
چاوی جوان بۆ گەلا و گوڵ و
ئاسمان و مانگیش بکێشیت.
تۆ لە جوانی چاوەکانتەوە
بۆ هەموو جوانیەکانت ئەڕوانی

لە پانتایی بەرائەتتەوە..
گۆرانیت بۆ هەموو لایەک ئەچڕی و
بەیانی باشت..
پێش جریوەی چۆلەکە و
بزەی خۆر و
هەناسەی سەحەر و
نەرمایی نەسیمیش ئەخست.
دەریایەک بوی لە شەپۆلی ناز و
ئاسمانێک لە پێکەنینی نەرمی دایکت
هەموو گوڵێک
بۆ پاکیەتی تۆ خۆی نمایش ئەکرد و
لەگەڵ ابووم و لیلڵادا بەشەڕ ئەهات
تا تۆ بیکەیتە گۆرانی،
ئەی ناسکترین بەیانی و
نەرمترین شەو...
جوانترین هێمنی..
ئەی پاکترین گوڵ و
عاقڵترین منالْ و
قوڵترین جوانی،
پێش ئەوەی هەنگاوی ڕازت
بۆ ئەم دونیا پڕ مەینەتیە هەڵگریت و
ورد..ورد بۆ جیهانی گەورەکان بکەویتە ڕێ،
بەر لە جێهێشتنی یەکەمین جێپێ و
دانەوەی یەکەیمن هەناسە و
یەکەمین تروکاندنی چاوەکانت.
ئەم نیشتمانە..
لەگەڵ منالێدا ئەژیت و
بەگەورەبونتەوە مانوبوون ئەکێشێت.
وێنەکانت..
لەئەلبەمی خەونەکانیدا گەورە ئەکات

تۆ منداڵیش..
کێوێک لە هیوای ئەوسا بوویت و
ساڵ دوا ساڵیش
بەفری ئاواتەکانت لەسەر ئەباریەوە.
تۆ بە منداڵیش ..
هەناسەی گوڵە وەنەوشەیەکی
کەنار سێبەرێکی کاڵ بوویت..
ساڵ دوا ساڵیش
بۆنی عەشقت زێدەتر ئەبوو
کەمنداڵیش بوویت..
میوانی هەموو پاسارێک بوویت..
چۆلەکەکانت فێری جریوە ئەکرد
گۆرانیت بۆ دەم بەیان ئەوتەوە
بەهار دوای بەهاریش
وانەی جوانیت قوڵتر ئەبوو
لە ڕابردوودا..
هەر بۆ ئاییندە ئەژیایت و
بۆ داهاتوش لەگەڵ پۆلی مەلە خاکیەکاندا
سەفەرت بۆ ئێستا ئەکرد..
کە گەورەبوویت..
وا نیشتمان ..
لە چاوە شینەکانتەوە
بۆ هەموو شینایی خۆر ئەڕوانێت،
بەدیار (چرِ و چەمی) منداڵیتەوە
نەخشەی جارێکی تری خۆی ئەکێشێتەوە
تۆ لێرەوە تێپەڕبوویت و
هەر بۆ ئێرەش ئەگەڕێیتەوە..
نیشمان..
هەموو ئاسمانی ئەکاتە پۆلە مەل و
چاوەکانی بە جێ ژوانی مراویەکان ئەکات

کەنارەکانی بۆ نازی شەپۆلەکان ڕائەخات و
هەموو گیانی چون پەنجەرە گچکەکەتان
ئەکاتەوە..
تا بە قوڵایی ئاسمانیدا بفڕێت و
بە ئاسکی مراویەکاندا بڕوانیت و
لەگەڵ شەپۆلەکاندا سەفەر کەیت و
بە یانیانیش.. بەیەکجاری
تاکو ئەبەد..
جریوەکەت بڵێیتەوە..
ئێرە نیشتمانی تۆیە و
بێ تۆ..
ئێرە هێند قوڵایی چۆڵی چۆڵە... پاییزی ١٩٩٩

*　*　*

کەتان خادیمی[٣٠]

ژیانی کەتان خان لە چەند دێڕێکدا

-ناو کەتان حەمە ڕەحیم حەمە شەریف، ناسراو بە (کەتان خادیمی).

-لە دایک بووی (١٩٧٥) / لە تەوێڵە.

-هاوسەری م. نەبەز هەورامی‌یە،

-دەرچووی سێهەمی ناوەندی‌یە.

-ساڵی (١٩٨٨) یەکەم بەرهەمی نوسیووە.

-لە ساڵی (١٩٩٥)وە بە بەردەوامی دەنووسێ و زیاتر وەك چیرۆکنوس ناسراوە.. هەرچەندە شیعر و پەخشان و دەقی شانۆیی و بابەتی تری نوسیووە.

-بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا و بەشێوەی کۆڕگرتن بڵاوبوونەتەوە.

-کۆمەڵە چیرۆکێکی ئامادەیە بۆ چاپ.

گوڵ

ئەی گوڵ... ئەی ڕەونەقی، ڕوخساری سروشت.
پەڕەکانت واڵاکە.. واڵا
نازانم! چ عەشقێکە سەری پێ هەڵگرتووم
ئەی گوڵ گەر خونچەی بەهاریش بیت
من هەر هاتووم
منی هەڵوەدا لەپەڕەکانتدا حەشار بدە
بە تاوێک لە ژێر باڵە نەرمۆڵەکانتا، چاو لێک نێم
بەڵکو خەونێک بە منداڵیمەوە ببینم
ئەی گوڵ . با بۆ ساتێک ترپەی دڵمان
یەکخەین
کەمێک بۆنی عەتراویت لە جەستەم بنیشێت
دە پەڕەکانت واڵاکە.. واڵا.... زیاتر
واڵایان کە

دەمەوێ لەسەر سنگت هەڵاژێم و بە نێو
پەڕەکانتدا
تێر تێر چاو ببڕمە ئاسمان و
ساتێک لەگەڵ باڵندەکانی باوەشیدا بدوێم
ئەوە بۆ؟ لە جریوە ناکەون
ئەوە بۆ ساتێ هەدا نادەن
بەو جەستە بچووکەوە بۆ لەمەلەی بەرینای ئاسمان
قەت تێر نابن
نازانم چ کاتێک لەگەڵیاندا بدوێم
لەو کاتانەدا کە جەزبەی جریوە گرتوونی
یان لە کاتێکدا بە دەنووک پوش و پەڵاش
بۆ هێلانە دەهێنن
نازانم.... نا
ئەی گوڵ .. ئەگەر واڵاش نەبێت
هێندەش بێیتەوە یەک تابێیتەوە بە خونچە
من هەر هاتووم.
منیش هێندە بچوک دەبمەوە تا لەتۆدا
جێم بێتەوە.
سەیریش نییە....
ئەی ڕۆژێ کۆرپەلەی هەناوی دایکم نەبووم
ئەی گوڵ ......
واڵا بێت یان... نا
تازە من هاتووم و سەرم خستۆتە باوەشت
تا ئاوێتەی شیلەت بم و
هەردوو پێکەوە هەنگوینی شانەیەک بین.

لە ڕۆژنامەی ئایندە ژ.(٥٠) بەروارى - ئايارى - ٢٠٠٢ بڵاوکراوەتەوە.

خۆرگیران

بێ ئەوەی پەڵە هەورێ بە ئاسمانەوە ڕاکشابێ..
بێ ئەوەی هێشتا باڵندەکان گەڕابنەوە هێلانەیان
بێ ئەوەی هێشتا داپیرەش، لە باخ هاتبێتەوە
بێ ئەوەی خۆریش گیرابێ! !
شەوێکی بێ مانگ و ئەستێرە، خۆی شۆڕ کردەوە
بردمیە خەڵوەتی خۆیەوە.
لەم بەناو ڕۆژەدا
سەرم بە هەر کوچەیەکی شاردا دەکرد لەوەسەرەوە لێم گیرابوو
شەمشەمە کوێرەکانی نێو کەلاوەکان پەنجەیان بە چاوما دەکرد
سێبەری مەرگی خەندەکان بەپیر هەنگاومەوە دەهات
مەلی خامۆشی ناو سنگم فڕی و لەشەقەیباڵیدا
لە ژێر تیشکی زەردەپەڕا
تا چاو بڕکات هەر ئەمڕوانی بە دوایدا
بارانی چاو بەسەر هێلانەی چۆڵیدا نم نم باری
ئاخ.. نەمزانی غوباری چ سەحرایێ بوو چاویلکەکەمی داپۆشی
هەڵمی هالاوی کام کۆست بوو نیشتە سەریان
دونیا لەبەر دیدەم لێڵ بوو
لێڵ وەک ئێوارەی (٣/١٦)
ئەمڕۆ دەستی تارمایی مەرگم گرتبوو
بەپێی شەقار شەقارەوە
بە شەقام و کوچەکانا .. سەمام دەکرد
سەمای مەرگ و .. سەمای سەفەری دابڕان
سەمای شەوی بێ تریفەو
سەمای دوا ساتی خۆرگیران

*   *   *

کەتان خان وەك دایکێکی بەسۆز و بە ئارام بەرامبەر بە کۆرپەکەی لە (مەملەکەتی مەرگی وشەو بارانی وەرزی ژیانەوە)دا کە چەند کۆپلەیەکە لە کۆپلەی کۆتاییدا دەڵێ:

ا.. ئەمێستا وەرز... ڕوو لەبەهاری
ڕەحمە دە داباریٚ ئەی بارانی
ژیانەوە!
من قەت .. لە ناخەوە.. تینوو
نەبووم نمەت تامی نمەی ئاوی زەمزەم
ئەدا..
نمەت بۆنی نمەی ئاوی کەوسەر ئەدا
دە داباریٚ و.... بەخوڕ داکە!
ئەم غوبارەی سەر بەردی دڵ
-تۆنەبی-چی دەیشواتەوە
دە داباریٚ و بە خوڕ داکە!
بەسەر مەزاری ئەم وشە ڕوتەڵە
ساوایانەدا
ئەم باخچە پڕ لە گۆڕیچە،
پڕ کەرەوە لەوەنەوشەی وتەی نەرم و
لە گوڵە مینای پرسیارو لە گوڵە
هێرۆی پێکەنین و
لە شەست پەڕی ژمارەو پیتی
تەڕ و پڕ...
دە داباریٚ .. بارانی وەرزی (ئیحیا)
بوون،
بە خوڕ داکە.. بە بەرامەکەی فەیزی ناوی
(موغیثلەوە..)

ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژ.(٤١٤)ی بەرواری (٢٠٠٢/١١/١٥).

* **

کەتان خانم لەسەرەتای ئەم سۆزەیدا دەڵێ: بە بۆنەی ساڵی نوێی خوێندنەوە، پێشکەشە بە ئازارە بێدەنگەکانی (زەنوێر)ی کوڕە گەورەم.. کە دەبوو ئەمساڵ لە پۆلی دوو بخوێنێ.. کەچی ئەو لە نیوەی ڕێی (پۆلی یەك)دا زمانی خۆی ون کرد و هەستی بیستنی هەڵوەری و ڕەنگی وانەکانی پۆلی یەکیش لە لاڕەش بوو.... بەئومێدی شیفا.

ئەمەش یەکێك لە چیرۆکەکانی بە ناوی:

وەرزی گـــوناهـ

(پێشکەش بە دایکی خۆشەویستم.. ئەو دایکەی کە توند لە باوەشی گرتبووم لەو ڕۆژانەدا کە دایکان پاڵیان بە منداڵەکانیانەوە دەنا)

هەستت بە هەناسە سواریەك دەکرد... بەرەو لای ئاوێنەکە ڕۆیشتیت... قژە ماش و برنجیەکانت ئاڵۆزکا بوون، چاوەکانت بە قوڵایی ڕوخسارە قوپاوەکەتدا ڕۆچوو بوون.. سەرنجێکت لە نووسینە لار و وێرەکانی سەر دیوارەکەدا .. ئەو نوسینانەی چەندین ساڵە خەریکی خوێندنەوەیانیت.. بە چەند سەعاتێك وشەیەکیانت بۆ ساغ نەکرایەوە: (ب..م...د..) چ واتایەك دەگەیەنێ ؟!!!.... زور هەوڵت ئەدا لێیان تێ بگەیت، بێ سود دەبوو.. هەر لە خۆوە چەندین لێکدانەوەت بۆ دادەنان........

وێنە ترسناکەکەی ناو ئاوێنەکە بەڕێگەی لۆچەکانی ڕوخسارتدا بەرەو کووچەکانی منداڵی پەلکێشی کردیت ...

بەرەو ئەو ڕۆژگارانەی لەگەڵ منداڵانی گەڕەکدا بەدەم شایی گریانەوە بە خلیسکێنە بەسەر لوتکە شاخەکانەوە خزانە خوارەوە..تۆش ئەو بەیانیە دایکت پاڵێکی پێوەنایت: (بڕۆ ... ڕۆڵە مەترسە.. تۆش وەك ئەو منداڵانە چاو نەترس بە)

هێشتا لە نیوە ڕێگەدا بون منداڵە نێرینەکان ردێنیان سپی سپی بوو، پرچە پڕ لە قردێلە ڕەنگا و ڕەنگەکانی کچۆڵەکان هەڵوەرین، ... جلە جوانەکانی جەژنتان درك و زیخی ڕێگا شڕ و شیتاڵی کردن..(ئەمە چ گوناهێ بوو دایکەکانتان پێیان کردن..)

لەوێ بەفر کلو کلو دەباری، زۆر جوان دەباری ... دایکەکانتان لە ترسی سەرما چەند پارچە جلێکی ئەستوورو گۆرەویەکی تاکەو تاکیان پێ لەبەر کردن .. لە نیوەی ڕێگەکەدا کە جلەکانتان دڕان هەستتان بە سەرما دەکرد، تا بەرەو دامێن دەهاتن هەوا گەرمتر دەبوو.. تا لە سنوورەکانی مەملەکەتی گوناهـ نزیك بوونەوە ...گڕ لە جەستەتان هەڵسا، ئیتر لەو ساوە بەفرتان بە چاوی خۆتان نەبینیەوە، جاران چنگتان پیادەکرد و ، بە تۆپەڵ لێتان دەخوارد، ئێستە دەمتان وشك بۆتەوە.. وەختە بۆ تۆزێك بەفر سوێتان بێتەوەتا کەمێك بڵێسەی ناختان دامرکێنێت.. ئەو ڕۆژگارانە لە بری بەفر گوناه دەباری، هەر ئێوە نەبوون لێزمەی گوناه خستنی.. ئاسکە کێویەکان لە بیابان خۆیان بینیەوە، شاخە جوانەکانیان

توانەوە...وشترەکان کە بە قەدی شاخەکاندا هەڵگەڕان هەر لە ڕێوە توورەکەی ئاوەکەیان شەقی برد.. بە ماسیەکانیان گوت (ئەوە ئاسمانی فراوان بۆ کوێ دەفرن بفڕن) دەستی میهرەبانیشیان بەسەری باڵندەکاندا هێنا (ئەوە زەریا قووڵەکان و گۆشتی گیانداره ئاویەکان، لە کەللە سەریش هێلانە دروست بکەن)، هەر لەو ڕۆژانەشدا تۆیان پەستاوتە ئەم ژووره دیواره ئەستورەوە، لێرە یان خەریکی خوێندنەوەی وشە لار و وێرەکانی سەر دیوارەکەی، یان گوێ بۆ چەقە چەقی شەڕی دوو خوشکەکەت دەگری، کە خەریکە شاڵاوی دەنگی ناسازیان مێشکت بتەقێنێ... لە شاڵاوێکەوە بۆ شاڵاوێکی دی... هەمیشە بە تەمای دوا شەپۆلی چەقە چەقیانی.. جاران خوشکەکانت کەی وابوون...؟ بێ یەکیان نەدەکرا نانخواردنیشیان پێکەوە بوو.. زۆربەی کات دەستیان لە ملی یەکدا بوو.. لەو ڕۆژەوەی لە شاخەکە (داگەڕانە) خوارەوە هەر لە نیوەی ڕێدا لە داخی دڕانی جلەکانیان و هەڵوەرینی پرچەکانیان، بەربوونە یەکدی.. خۆشیان نازانن شەڕەکەیان لەسەر چییە... بەرلەوەی دەست بدەنە یەخەی یەك.. شەڕەقسەیەکی ئاساییە... بەرە بەرە دەنگ و قیژەیان بەرز دەبێتەوە .. بەورد و خاش بوونی شووشەیەك یان شتێکی دی کە بەر زەبری ڕقیان کەوت، شەڕەکە وەستا..

هەناسە سواریەکەت زیادی کرد...

بۆ یەکەم جارە بەم شێوەیە هەست بە دڵە ڕاوکێ و بێ ئارامی بکەیت.. سەیرت لێ دێت چۆن توانیوتە ئەو هەموو ساڵە لەناو تاریکایی ئەم چوار دیوارەدا بژیت.. چاوەکانت بۆ درزی ڕووناکیەك دەگێڕی..(بەر لەوەی تەرمێکی سارد و سڕ کە ژێر پێڵوەکانی بەوشە لار و وێرەکان و گوێچکەی لە قیژەی جەرگبڕ ئاخنرابن ڕاکێشە دەرەوە....)

چاوەکانت لە ئاوێنەکەوە بەسەر دیوارەکاندا گواستەوە لەسەر دیوارەکە و ڕەفەکە گیرسانەوە ...گوڕێکت دایە خۆت، قوتووە ژەنگاویەکەت داگرت .....بەسەر مێزەکەدا دەمەونخونت کردەوە.. شتەکانی ناوی هەڵڕژان (مەقەست، شووشەی بەتاڵی بۆن، دەنکە گوڵەبەڕۆژەی گەنیو، گوێزان، کلیل، ..ك..ل..ی..ل)زەردەخەنەیەك وەك مەلێکی غەریب و لانە تێکچووو لەسەر ڕوخسارە چرچەکەت ساتێ نیشتەوە..ئیتر دەچیتە دەرێ ... بەرلەوەی مەیتێکی سامدار چەند کەسێك هەریەکەی پەلێکی بگرن و فڕێی بدەنە دەرەوە..کلیلەکەت بادا..یەك..دوو جار جیڕەی دەرگاکە بەر گوێت کەوت... بەرەو باخچەی

حەوشەکە ملت نا... لە ژێر سێبەری دار زەیتونەکەدا هەڵترووشکایت... دەنگی گریانی منداڵە برسی وبێ لانەکان و ناڵە و پاڕانەوەی پیرەمێرد و ژنە ڕەشپۆشەکانی لا کۆلانەکان وەڕسی کردیت ..دڵت گوشرا، نەتدەزانی منداڵەکان بیانوی چ خواردنێ لە دایکیان دەگرن؟.. یان کێ دەڵێ هەموویان دایکیان هەیە... ژنە ڕەشپۆشەکە لەسەر دیوارەکە دەستیان لێ پان دەکردیتەوە تا جارێکی دی مەرگی کۆرپەکانیان لە باوەشیاندا نەبینن... شل شل بن..دوایی بۆ هەتا هەتایی چاو لێك نێن.. تۆش لەپە قڵیشاوەکانت پڕ کردن لە پریشکی شەڕی دوو خوشکەکەت و تەپ و تۆزی سەر وشە لار و وێرەکانی سەر دیواری ژوورەکەت ..

منداڵە ڕووتەکان وەك کەروێشك بەربوونە گوڵە وشکە بێ بۆنەکان و لقی درەختە زڕەکان ..وات هەست دەکرد هێندە نابات دوا هەناسە دەدەیت و لاشەکەت منداڵە برسییەکان تێی بەردەبن و بەر لەعنەتی دایکەکانیان دەکەویت ... بە پرتاو بەرەو قادرمەکانی سەربان ملت نا..لایەکت کردەوە هەستت بە لەززەتی جۆرە جۆشییەك کرد لە لەدوا قادرمەدایت... ئیتر لێرەوە ژێر ماسکەکانیش دەبینی ...ناوەوەی ژووری ماڵی منداڵەکان دەبینی... چاوەکانت هەڵگلۆفین.. خانووە گڵەکان نیگاتیان لە خۆیاندا گوم کرد..باڵەخانە چەند قاتەکان و خانووە سادەکانی شارت بینین.. چۆن بە ئاڕاستەی ئاریەڵەکانی سەربانەکانی یەکدی پێدەکەنین...خۆت بەسەر دیواری سەربانی ماڵی دراوسێکەتاندا دا... منداڵێك لە باوەشی ژنێکدا چاویلێك ناو.. وەك بڵێی مردبێت.. یەکێکی لەو گەورەتر بەدیار قاپێکی خاڵیەوە دەگریا.. سەیرێکی کۆلانەکانت کرد . دوو خوشکەکەت بەرامبەر یەك وەستاون و هەریەکە پۆلێك ژنی گەڕەکی بەدواوەیە.. چاوت هەڵبڕی، بە لوتکە شاخەکەی ئەو بەرتەوە دایکت بینی دەستی ناوەتە ژێر چەناگەی... نۆ مانگی تەواو کردووە و چاوەڕێی نۆ ڕۆژی ترە تۆ لەدایك بیت.

*   *   *

عەبدولکەریم نەقشبەندی[٣١]

ناوی عەبدولکەریم کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی موعینەدینی کوڕی مەلا نەزیری گەورەیە.

مەلا ئەحمەد باوکی چوار ژن دەهێنێ، یەکێکیان، ئافتابی کچی مەلا عەبدولواحدی کوڕی مەلا عەبدەی تەوێڵەیی دەبێت، م. عەبدولکەریم لە ئافتاب خانمە، لە (١٩٣٣/٣/٢٤)لە تەوێڵە لە دایك بووە و لەلای باوکی دەست دەکات بە قورئان خوێندن.



لە (١٩٥٣/٧/١) دەچێتە سەربازی، لە کەرکوك لە قوتابخانەی شەو لە پۆلی (٦)ی سەرەتایی دەوام دەکات و پاشان ناوەندی ئێواران هەر لە کەرکوك تەواودەکات.. دوایی کەنقڵ دەکرێت بۆ موصڵ، لەوێ تادووی پیشەسازی دەخوێنێ...

کە شۆڕشی ئەیلول دەست پێ دەکات، ئەو هەر لە سوپا دەبێت و لەسەر کوردایەتی زیندانی دەکرێت. لە ساڵی (١٩٦٣)دا لە زیندان هەڵدێت و دێتەوە تەوێڵەو پەیوەندی دەکات بەشۆڕشەوە، وەك کادرێکی دڵسۆزو سەرکەوتوو بەردەوام دەبێت تا ساڵی (١٩٧٥).. لەوە بەدواوە ماڵی دێتە سلێمانی و خەریکی کاسبی و کاری بژێوی دەبێت..ئێستاش هەر لە سلێمانیە.

مامۆستا عەبدولکەریم زۆر حەزی لە خوێندنەوە و نوسین هەیە بە تایبەت پەڕاوە مێژوویی و ئەدەبیەکان، کە دەخوێنێتەوە تێبینی خۆی لە کەشکۆڵەیدا دەنوسێت. جگە لەوەش خۆشی دەستی نوسین و شیعری هەیە.

ئەمەش چەند نمونەیەك لە هۆنراوەکانی:

لە چەند هۆنراوەیەکدا لەسەر هۆرامان دەڵێت:

هۆرامان! دیارا، یاگو پیرانە	یاگۆ زانایاو، گرد باپیرانە
هۆرامان ! یاگۆ، ئازیزامانە	یاگۆ شانازی و، سەربەرزیمانە
هۆرامان!هەواش، هەواو بەهەشتی	پەی کوردەواری، یاگو پایتەختی
هۆرامان! سەراو، خاکش ڕەنگینا	یاگۆ ویشەنە، پایتەختی چینا
هۆرامان! ڕەنگین، یاگیش سەختەنە	ژیوای هۆرامان، شانس و بەختەنە
هۆرامان! وەشا، خاکش دڵگیرا	یاگو ژەرەژا و، ڕاگەو نەچیرا

لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

هۆرامان بەهەشت، ڕووی سەرزەمینا یاگو پیاخاسا و، هەم عاقڵ و دانا
سەرچەمەو دینی و، فام و زانینا گوڵ و گوڵزار و، جوانا و شیرینا
هۆرامان پەیما، بیەن بە قەڵا خەڵکش سالما، دووڕاجە بەڵا
سەرچەمە و عیلم و، تەریقە و نەقشین یاگۆ شاعیراو، مەڵلای نۆدشین
یاگو سنعاتی و پیشەسازانە یاگۆ جوانی و، سیاوچەمانە
یاگۆ ڕاو تەدبیر، ڕاز و نیازانە یاگۆ عالما و، دانا و پیرانە
خانەقاو تەکیە، صۆفی و دەروێشان ساوی و بەی و مرۆ، تفە بی پیشان
هەڵوچە و هەنار، کەڵەباب و وەزای سەیۆ ویرەگا و کەمەر بەڕەزای

لەبارەی شاخی هەورامانەوە دەڵێت:

(..وەشا هۆرامان، چەم تیرمەوەرۆ خەڵک هامنەنە، پەناش و نەبەرۆ
زمسانێ چەرمەن، وەهارێ سەوزا کەوسەرا ئاویش، دامێنش حەوزا
هامنش فێنک، پایز غەمناکا سەربەرزا و بڵند، هەردەم بێ باکا
وەروە و زمسانی، شنەو هامینش باوەشین کەرا،هەم توچی و منیش..)

دواتر دەڵێت:

هەوارگە و شێخ و سان و بەگانی پشت و کۆمەک و گرد هۆرامانی
دلی کەشانە، خاوەن بەختەنی قەڵای پولانی، ڕوا سەختەنی.

لە هۆنراوەی (مردن)دا دەڵێت.

مردن دەرسە گەر ڕاستت دەوێ ئەنجام مردنە، ڕۆژبێ یا شەوێ
ئەجەل کە هات، لێرە بێ و لەوێ ئیتر بۆی بنو خەوت لێ کەوێ
ئەگەر لەناو ئاسن بی، یان پۆڵا دنیا باوەش بگری، بیدەی بەکۆڵا
لەسەر قاسەبی، یا لەناو هوڵا هەر ئەبێ بمری، بڕزی لە خۆڵا
هەرگیز بەخۆت و، دنیا مەنازە هەردەم مەگرە، بەزم و ئاوازە
خۆت فش مەکە، قیرەت وەک قازە دونیا سووکە، وەک پوش و پیازە

لەبارەی گۆمی (زرێبار)ەوە دەڵێت:

ماچان زرێبار، ئەوسا شاربیەن چوار دەروازەو، چن قولە بیەن
خەڵک و شارەکەیش، ستەمکاربیەن قار، وەنەش گیریان، یەختەسار بیەن

ماموستا لەسەر (چن قولە) کە، دەڵێت (هەشتا قولە) یا (هەشتا منارە)ی هەبووە.

لەهۆنراوەی (تەمەن) کە لە (١٩٨١/٩/٧)دا نوسیویەتی دوای چۆڵ کردنی تەوێڵە و ئاوارەبوونی خەڵکەکەی ... لێرەدا دەڵێت:

تەمەن بێ بایەخ، یاوا چل و هەشت — خەیاڵی بەتاڵ، هان جە گێج و گەشت
هەرکەس دڵ وەش بوو، پەی دنیا فانی — پەشیمان مەبۆ، ماوەرۆ نیهانی
بەڵام کەردەی خاس، مەلۆ یاگێ وێش — جە هەردودنیا، مەشی بەرەو پێش
هەرکەس تاوابۆش، خاسەش کەردەبۆ — خاسەکردارش دەس ئاوردە بۆ
جەلا و خاس و عام، یادش مەکریۆ — یادش بەخاسە بەباس مەکریۆ

پاشان دەڵێ:

هەرکەس وەهارش، بە پایز گیلاَ — هەردەم سەرکەش و، بێ بەخت و وێڵاَ
ساڵەما ئیساڵ، ساڵی سەختەنە — ساڵی وەشومە و، هەم بەدبەختەنە
سەردار و وەختی، ستەمکاربیەن — وەهار و ئێمە، وە پایز شیەن

دواتر شاعیر هاوار لە خوا دەکات و دەڵێت:

یارەب بە حاجەت، کیاستەکە و وێت — هاوارم بەرزا، پەنام بەردەن پێت
نەجاتمان بدەی، جە ڕووی ناهەموار — ناحەزمان مل کەچ، ڕسوا و چەمەوار
یارەب هەرکەس، دڵش پاک نەبۆ — باساتێ و زووتەر بە شەش دۆزەخ بۆ
نەجاتمان بدەی، دەس و زۆرکاری — شیفاما بدەی، ئای لە بیماری؟!
دەردە کوشندی و، ستەم و واری — لادەی جەسەرما و، بە دو بەدکاری
ئێمەچون یارا، ڕزگارێ کەری — باڕوستەمی، سەرما لابەری
تەمەنم ویەرد، نەدیم ئاسودەی — ئی ستەم کاریە، یارەب تاکو کەی؟!

مامۆستا لە ساڵی (٢٠٠٠)دا کەتەمەنی بەرەو سەرەوە دەڕوات و هەر لەسەر تەمەنی دەڵێ:

اتەمەنم ئێستا، لە شەست و حەوتە — بارم گرانە و، کات وادەی مەوتە
هەوڵ و هەوڵدان، هەر لە نەسرەوتە — دنیاش لای یەزدان، هەر قولتە جەوتە)

لە هۆنراوەیەکدا جوانیەکانی هەورامان پێشکەش بە دۆست و ڕەفیقانی دەکات:

باقەی بەرزەڵنگ هەم تۆپەی چنور — سورە هەڵاڵە و، گوڵی زمرد و سور
هەڵاڵە برایمە، وەنەوشەی ملکەچ — سێوی لاسورە، شەمامە و نارەنج
بەهێ و هەڵوژە، شاتوی تەڕی سور — ئاوی ئاوێسەر، ئاوەکەی پلور
تووە تارانی، بێ پێشەو شامی — تێریان لێ ناخۆی لەبەر خۆش تامی
کاردە وەژەی، گوێزی کانەسیاو — یان بە برژاوی، یا بەخوێیاو

لە کۆتایدا دەڵێ:

دەستەی گوڵەباغ، بۆنی وەنەوشە پێشکەش بێ بۆتان، بۆنیان زۆر خۆشە

ماموستا عەبدولکەریم لە (١٩٥٩/٩/١٤) خێزانی پێکەوەناوە کەخاتوو نافیعەی کچی مەلا صابر بووە دوو کچ و چوار کوڕی لێ بووە و بەڵام نافیعە خان لە (١٩٩٨/٧/٤)لەکاتی نان کردندا بەهۆی ئاگری پەرەمێزەوە سوتاو لەشەوی (١٩٩٨/٨/٢٦/٢٥) کۆچی دوایی کردوە.

مردنی خاتوو نافیعە کاریگەری زۆری بووە لەسەر ماموستاو، بۆیە لە هۆنراوەیەکی درێژدا، ئاهو ناڵە و خەم و خەفەتی خۆی دەردەبڕێ ئێمەش چەند کۆپلەیەکی بلاْودەکەینەوە.

لەسەرەتاوە دەڵێ:

ئەو ئاگرەی کەوا، تۆی کرد بە قەقنەس یاخوا کوژاوەبێ، تا ڕۆژی ئەلەس

لەخوامە ئیتر، لێت کوژاوە بێ دەرگای بەهەشتت، لێ کراوەبێ

لە خوام داوایە، عەفوی بەکاربێ لوتف و کەرەمی، یەک بە هەزار بێ

ئومێدم هەیە، لەبەهەشتابی هەردەم لە صەفا و،کەیف و گەشتا بی

پاشان دەڵێ:

خۆشەویستەکەم، هاودەم چل ساڵم بۆچ ئاگرت بەردا، لە دڵ و حاڵم

خوایە هیچ کەس، ماڵ وێران نەبێ وەک من مەلول و ، پەرێشان نەبێ

لێرەدا ماموستا سۆزی خۆی بۆ مناڵەکانی دەردەخات و دەڵێ:

لە جێگەی دایکیان، نازیان دەکێشم بونەتە هێمنی، پڕ زام و ئێشم

بەم شێوەیە کۆتایی بە شیعرەکەی دەهێنێ و دەڵێ:

حەز بەمەرگ دەکەم، زوو بگەمە لات تا تازەبێتۆ، مەیل لەگەڵ وەفات

لەسەر ئارامگات، تووە و ئەرخەوان تۆیش ئارام بگرە، لەلایان میوان

ئەرخەوانەکەی، دامێن مەزارت بووە سەیرانگای، کاتی بەهارت

ئەو ئەرخەوانەی، بەهاران سورە خوێنی جەرگمە و، وا لەمن دوورە

کاتێ سور دەبێ، سەرکوڵمی تۆیە لەلام بۆن خۆشە، وەک بۆنی تۆیە...!

ماموستا عەبدولکەریم گەلێك هۆنراوەی تری هەیە لەسەر شاعیرەکان و لەسەر چۆڵ بوون و وێرانکردنی ناوچەکانی (بەڵخە و سۆسەکان و تەوێڵە و کورد و کوردستان و بوارە کۆمەلاْیەتی و ..تاد، بەلاْم ئێمە لێرەدا لەمە زیاتر بوارمان نیە لەسەری بنوسین[٣٢].

*   *   *

تۆفیق هەورامانی[٣٣]

ناوی توفیق قادر فەتاحە، لە ساڵی (١٩٤٦ز) لە تەوێڵە – چلانە لەدایک بووە، تاشەشی سەرەتایی لەوێ تەواوکردوە، پاشان هاتووە بۆ هەڵەبجە و تا سێی ناوەندی خوێندوە.



لەساڵی (١٩٦٥) چووە بۆ سەربازی کە تەواوی کردوە، گەڕاوەتەوە تەوێڵە، ئیتر لەو کاتەوە (١٩٦٧)وە تاوەکو ساڵی (١٩٨١) لە تەوێڵە دوکانی بووە.

لە دوای چۆڵکردنی تەوێڵە، ماڵی هاتووەتە سلێمانی تاوەکو ساڵی (١٩٩٥)، لەوە بەدواوە ماڵی چووەتە هەڵەبجەی تازە، تائێستا (٢٠٠٢)ماڵی لەوێیە، لە تەوێڵە دەرچووە تا ئەمڕۆ بە کلاش چنین ژیان دەگوزەرێنێ و خاوەنی چوار کوڕ و چوار کچە.

تۆفیق هەر لەسەردەمی لاوێتی، حەزی لە شیعر و ئەدەب کردووە، شیعرەکانیشی زیاتر باس لە جوانی سروشتی کوردستان بەگشتی و هەورامان بەتایبەتی دەکەن، هەروەها لەبوارە کۆمەڵایەتی و جۆرەکانی تری ژیانەوە هۆنراوەی هەیە.

لەبەشی کۆمەڵایەتی دا هۆنراوەی (گزی بارە کڵە) و لەبەشی جوگرافیادا هۆنراوەی (سەفەری شەماڵ)مان نوسیوە سەرەڕای ئەو دوو هۆنراوە ئەمەش چەند نمونەیەکی تر لە هۆنراوەکانی.

ڕەسمەکەم

یاران تەماشا و ڕەسمەکەیم کەردی ... پێ تابەرگنۆ، چن داخێو دەردی
ئینا وەرمەنە، دایم یەرە ژەمە ... کێشای گیانی، قەبرە و مەحکەمە
بەرمەشۆ جەدڵ یەک لە حزە و یەک سات ... پۆچی ڕەسمەکەم، پاسە کزاو مات
هیچ دڵوەش مەبۆ، بەسەیر و سەفا ... وێش غەریب زانۆ، چی دنیای جەفا
مادام خاکیەناو، خاک مەنزڵم بۆ ... دەی با هەر خەمش، دایم دڵم بۆ

* * *

هۆرامانەکەم

هۆرامانەکەم، هۆرامانەکەم بەهەشت و دنیای، دڵ و گیانەکەم
وەتەنی ئازیز، وەتەنی بۆ وەش هەرچی تۆ وینو، دڵەکەم بۆوە گەش
یاران وەتەنم، وەش و ڕەنگینا پۆچی دڵەکەم، دایم خەمگینا
یاران پاخوا، وێش تەنیاو تاکا ئا هۆرامانە، وەشترین خاکا
خاک و گیواوش، گردش دەرمانا بەڵام داخەکێم، قەدرش مەزانا
کێ بیەنش وەتەن، ئاندە ڕەنگین بۆ بەهەشت و دنیای، ڕووی سەرزەمین بۆ
یاران دەی لودی، سێرانی کەردی گوشت و دمەو نان، چن ویتا بەردی
ئای داخەم مەشۆ، پەی پلورە چەرمێ مەحالاً ئیتر، سێرانش کەرمێ
ئاپلورە چەرمێ، هانۆ ویکۆڵش چن نانەچەربەو گوشت و دمەی سوڵش
یادگاریا پێما، ئا بەزم و ڕەزمە چن هور پرێنمێ، هەم کێڵێ و گەمە
یاران جیای من، سێرانیش کەردی چاسەرکەمەرا، خەمی بەرکەردی
واچدی سەیادا، با بلا ڕاوە تەقەی دوە تەقە، کەشی دەنگ داوە
واچدی سەیادا، ڕەفیق و یارا پیرو زەردەڵەی، باوەروە بارا
سەروچیرەکێش، کەرا گوڵە چنور بانەتاویۆوە، تا بیاوۆنە دوور
یان پێ دلی دۆی، تازە ژنیابۆ با تامش وەش بۆ، نەختێ و چیا بۆ
شۆگەو سەیادا، ئاییرێو گرۆ ئانە سەیادا، کەڵ سەرەبرۆ
شۆگە تاریک بیەن، چنی دوکەڵی نەرمە شاوستەن، سەرو سکەڵی
هۆرامان پەڕا، پیا خاس و پیر چننێ جەراحێ، چەن حەکیمێ ژیر
حەکیم بەحیکمەت،ژیر فکرو هۆشش بەڵام پێ کەسێو، قسێ بلونە گوشش
دەی با گردیما، کەرمێ خزمەتش هەرکەس ویژدانش، وێش و هیمەتش
گردیما چاگە، بیینمێ پەروەردە ئازیز بۆ لاما، ئاکەش و هەردە
بابلۆ هۆرامان، هەرکەس خەمش هەن دەردەکاش پرنۆ، ئەگەر دەردش هەن
سیرانو وەشی، گێلأی کەشش هەن تا هەزار گیواو، گوڵی وەشش هەن
هەوای فێنک و، کەش و ماتش هەن گمۆ دالأنی و، هەم هەیاتش هەن
ژەرەژ، هۆریشە، نەچیر کەڵش هەن ئەنواع ئەسڵەحەی، بێ دوکەڵش هەن
هەم سیپە و دامگا، شەرەبەقش هەن گرمە و تاپڕی و، تەقەی ڕەقش هەن
تەقۆ برنەوی، جامبیزارش هەن نرکە و ناڵەی کەڵ، فرە ئازارش هەن
هەناسۆ کەڵی، گەردن سورش هەن جەبۆی بۆژانە و، بۆی چنورش هەن
هەردو کەش و کۆ، هانۆ ئاوش هەن شۆگەو سەیاداو، شۆ وەش خاوش هەن

چن حەکیم و ژیر، دەگاو شارش هەن سەیید و مەڵلاّ، پیر شالیارش هەن
حەکیم و جەڕاح، شێخی خاسش هەن چن زاناو شاعیر، سان و خانش هەن
شرام و تەخت و، کوسالاّنش هەن قولەی پیر ڕۆسەم، عۆدالاّنش هەن
هۆرامانی تەخت، هەم لهۆنش هەن سیاوچەمانەی، بەزمی کۆنش هەن
خەڵکی ڕێکو پێک،حساب ڕاسش هەن ئاقڵ و ژیر و، ئوسای خاسش هەن
کارگەی کێمنەو، بێدەواسش هەن فەرەنجیو کەرەک،نمەدی خاسش هەن
چن جۆرپۆشاک و، چۆغۆرانکش هەن کلاّش و پالاّ و، تفاقی عالش هەن
سەراوو هۆڵی،شاهۆو تەختش هەن فرەوەش و دڵگیر،چوون بەهەشتش هەن
هویە و سەر هویە، بێسارانش هەن شۆگەو سێرانگەو، سان و خانیش هەن
هۆرامانەکەم، یاگە کۆ خانا هەر سەربەرزبینە، پیسە سانەکا

* * *

تەوێڵی ڕەنگین

کیٚهەنش وەتەن، ئاندە ڕەنگین بۆ بەهەشت و دنیای، ڕووی سەرزەمین بۆ
بەدوێ دەرێ، بەیەرێ کەشێ خوای وێش کەردێنە، بەیەریو بەشی
بەمێوە دێمی و براڵوێ و نەرێ ڕەنگینی بیێنێ، کەشێ هەریەرێ
تەلاّن بەلاّن، کوزێ و قەڵوەزێ مڵک نیا بێ بەش بۆ، جە تفێ و وەزی
یاران تەوێڵی، کەی فرە وەشەنە فەسڵەکەی پاییز جەتەقەشەنە
وەهارش وەشا وەهار گوڵڕێزا بلی هانە نەمرۆ یان هانۆ ڕێزا
ئینجا کام وەختش، یاران وەش نیا دڵ و بەشەریش پنە گەش نیا
ئەی خوا چن وەشا، ئاو و نۆباوش هاژۆ بەنگایا و، شۆ شیرین خاوش
پاسە مانگە شەو گنۆ ڕوی وەلاّت ماشة الله خواکەی، ساحێب دەسەلاّت
شەوی وا گنۆ، خشەبێ و زرمە مروە سیاوێنێ و مروە سیفرمە
یان قلو ڕێحان، هەز بەو لۆلاوش ئێسە داخەکێم، نەمەنەن باوش
بابێو تەوێڵێ،هەرکەس خەمش هەن ئاو و باخات و، هانە چەمش هەن
چلانە و مالێدەر، وەرانوەرش هەن دەرۆزا وەری و، ئاوێسەریش هەن
چەمەیئاوێسەر فرەمەشهورش هەن خانەقاو مزگیو، چەمەی پلورش هەن
سەیێ فێنکە و، ئاوێ پاکش هەن شنەی بێدەری هەم گەڕیاتش هەن
هانە خاڵەکە و، چن ماوەزاش هەن هەم پەشت و حۆزی،هانەمڵکشاش هەن
هانۆ بازاری و، هانۆ چلانەیش هەن ویسورەو وەزڵی، صۆفی جانەش هەن

لابلای شاجۆی و، جۆماجۆلیش هەن	چەنی قەلاَمسێن، گمە قوڵیش هەن
ماوە زاسانی و، سارا گێڵیش هەن	قاقوڵی و قازان، شوانگێلش هەن
هەتا پالاَنیا، سۆسەکانیش هەن	ئۆدمس و دەرەی، هەم ئی دەسش هەن
کەش و مێوە دێم،ملک و وەراوشەن	هەوای فێنک وەش، شیرین خاوش هەن
هەتاباس کەرو،وەشیو باسش هەن	پەڕوکتێبی، تەئریخ باش هەن
گردباس مەکریۆ،فرە وەشتەرش هەن	خوابدۆ فرسەت،وەختێوتەرش هەن

* * *

من و گەریاتە

ڕویو لوانی، سەیۆ وەزیوی	پالْ و ئاویوی، وەش قەڵوەزیوی
دیانی ئینە، خۆ گەڕیاتەنە	بەلاَم هەر فرە، چۆڵە و ماتەنە
قشقەڕێو وانی، چنی واشیوی	منیچ لوانی، سەروتاشیوی
خەیلێو نیشتارە، دوی سەعاتی	کۆتانی قسی، چنی گەڕیاتی
واتم ئەی گەڕیات، گوزەرگە و هۆزا	چی پیسە ماواو، مەسکەن بێ سۆزا
یانی چیش گەڕیات، نشینگە و جارا	کۆن قسەو سوعبەت، ڕەفیق و یارا
چکون سێ سەمەن، ماوای دڵگیرم	چایچی فەرەیدون، هەم کاک بەشیرم
کونێ پیێ گۆری، فەقیانی چەرمی	چاخ و سەماوەر، دیژلەمێ گەرمی
کون چۆخە و ڕانک، بەرێ نامداری	مشکی ئەڵوەنی، هەم کلاَولاری
فەرەنجی بەرێ، هەم کلاَشی چەرمێ	بەیا باجگیرا، پیاسە کەرمێ
کون ژەنی خاسی، قابلیەتداری	گرد موحتەرەمی، سەرو کلاَو لاری
پێ دلی مڵکا، بەیاو بویەرا	بەگەڕیاتەدا، گرد گوزەر کەرا
دیانی تەوێڵی، دیاربی مالێدەر	هەرچەند هوڵم دا نەدیم ئاویسەر
خشۆ ئاوەکێ و، دەنگ و قالاَوا	چ صەدێوەش بی، چاکات و ماوا
سەیۆ گەریاتی و، وەرو دلی دەرەی	دەنگ و ئاوەکی، شەتنێ و سەردەرەی
پەپولێ وەشێ، دلی گەزەنی	خۆ دالْ و واشە، چەمی یۆی کەنێ
تەماشاکەر و هیچ کەس دیار نیا	چا دلی دەرەینە، وێم تاق و تەنیا
خەیلێ و نیشتارە، هۆرم کێشت خەمی	تاشەکەم تەڕ کەرد، بە هەڵسی چەمی
خیالاَتی زووم ، جەویر ئاماوە	زامی فرەسەختم، دیسان کولیاوە
ئیسە تەمەنم، یاوان ئۆ پیری	عاجز و ماتەم، بەدڵْ زویری
ئاخر دیدەنەن، گەڕیات و جارا	بائی وەسیەتیە، کەرو پێ یارا

یاران وەسیەتم، هەن پێ گردیتا بەژمن و پیاو، گۆرۆ وردیتا
یاران یەکتری، عاجز نەکەردی سەرفەنەزمر و، چنە ویەردی
تەوێڵی گێڵدی، کەش و کوسارش تازە کەردێوە، یانە و ئاسارش
یاخوا بەوەشی ژیانتا بەردی سەر بێدی گەڕیاتە، بلدی ئاوێسەر
بەڵکو ئاوا بۆ، مەسکەن و وڵات پێ نەوەی تازەی، کریانشا خەڵات
تەماشەش کەردیهەرفرە بەقیمەت خوا یارتا بۆ، جەشمەیچ هیمەت
دنیا هەر پاسەن، جیل بەجیل ویەرۆ حازر بکەرۆ، دماین مومرۆ
ئیتر خوا حافیز مەنزڵگەو ساڵا با منیچ وێڵ بو، پێ وێم جەشارا

*　　*　　*

چنور

فرۆ یارا هەن، جە کوڕا و کناچا چنور چیش بونە، پەرسانی ماچا
چنور ڕەمزیوا، پێ هۆرامانی مشۆ بزانا یارانی گیانی
چنور گیواوا، چا هۆرامانە سۆز وبۆ وەشا، جە چا کوێستانە
چنور پەروەردە و، ئاو و وەرواوان پێ وێش مەشنیۆ، چا کاوە کاوا
وەختێ و کە چنور، پیربۆ کەرۆ گوڵ نەشئەو شایی و زۆق، مدۆنە بەدڵ
چنور و شۆبۆ، هەردو گناپێوە دڵ بۆ بە حێران، ئاشق و لێوە
چنور چون زوڵف، شۆبۆ جوان گوڵ ڕۆشن کەرا چەم ، شایی مدا بە دڵ
چا هۆرامانە، بیەنا پەروەردە فرەگێڵانا، چا کەش وهەردە
پۆچی چنور بیەن، بە دیوانەکەم یانی ئازیزا، هۆرامانەکەم
کوردستان گردش، دڵ و گیانما هۆرامان زیاتەر، یانە و لانەما

لە هۆنراوەی (عەریزە پەی چنوری) دا دەڵێت:

(.. چنور حەزکەر و، بۆنە دیدەنت تەماشا کەرو، ئاسۆزیە هەنت
هەر مەنەن جەلام، ئامەیل و وەفا ئاخ جە داخ پیری، مەینەت و جەفا
ئیسە مەتاو و، من بۆنەوە لات پابەند کریانا، نیام دەستەڵات
جیای شایی و زۆق، ماتی و زویری بریان بە باڵم، زنجیر و پیری
نەمەنەن شادیم، فرە بیەن خەمم نەقوە زەنگۆڵا، نە حوکمی چەمم
مەگەر بە خیاڵات، بارمیشۆ وەیاد خەمی دڵەکێما، گردی دێمی باد
چنور من پیری، نەبیەن خەیاڵم ئیسە دوکەڵا، هەناسەی کاڵم

لە کۆپلەی دواییدا دەڵێت:ن

بەرزەڵنگ شابۆن، پێ بیوێ ماراش		مەبۆ پیسە تۆ، پێ قەد و باڵاش
چنور بژنەوە، من چەنی تۆما		ئیتر من وادەی، ئاخر لواما
کۆچ کەردەی ماوای، یانەی چۆڵ و مات مەوینیم ئیتر، جارێ وتەر بۆ لات
چنور یاخوا، دایم بۆ وەش بی		وەهارت وەش بۆ،هەر سۆزوگەش بی

*   *   *

هانە چەمەکێ

دیسان دڵەکەم ئاماوە وەجۆش		یەک سات جە خیاڵات، مەبۆ فەرامۆش
دایم جە خیاڵ، گێڵای کەش و کۆن		سێران و هانا و، چنور و شۆبۆن
باکەر و باسم، باسش وزو سەر		ئازیزتەر بۆلام، چەمەی ئاوێسەر
چەمەی ئاوێسەر،نامێت فرەمەشهور		تەمەن لوا پیری، جەتۆ کۆ تادور
ئاوە چیاکێت، سێ سەمەنی وەش		ڕەنگینت کەردەن، پەی دامانی کەش
دوریتا دڵەکەم، مات و پەشێوا		چەمەی ئاوێسەر، هەم هانۆ ڕێزا
شنۆ وەزەکا، شایی دڵ و منا		یاگۆ سێرانیاو، یاگۆ کلاش چنا
هانە ڕێزینە، هەم هانۆ خانی		ملەگا نەڵکمین، ئاوات و جوانی
یاگۆ هورپڕای، چەرخ و زەمانەی		چۆخۆ و ڕانکی و، مشکی و فەقیانەی
هانۆ کۆیلەی، هەم هانۆ ڕێزا		یاگۆ نازارا و، برا ئازیزا
هانە دەرەقول، هانە کڵەو میری		دەرمان و دەرد و، جوانی و پیری
پێ شایی و کێفی، وەشی و دڵگیری		نیا پیسۆ وێت، هانە کڵەو میری
ئای چن وەشەنی، گمۆ دالانی		یاگۆ هەوارا، خان ئەحمەد خانی
باگمۆ دالانی، نەنیشۆ تەنیا		چەنی هەشەولی، دەم وەدەم بنیا
کەرا تەماشای، تەخت و خرە چەرمە		چنور و شۆبۆ، بەرزەڵنگ چەرمە
بەرزەڵنگ جەکۆ، چنور پای وەرواو		چوزەی گاگوراڵ، تازە بیەن سیاو
سورە هەراڵە، پای دامانی کەش		سەرەت کاس کەرۆ، بەهەزار بۆی وەش
یاران یەواشیو، بابە ئارامی		سەردێمی ئۆلاو، هانەو وەشنامی
با پلورە چەرمی، نەنیشۆ غەمبار		شان بدۆ وەشان، بەرزی گوزیندار
هۆ بەرزی نوێجەر، هانەو بزازەرا		دوریتا ئێشا و، خەیڵی و ماجەرا
وەشڵەی پایارا، سێرانتا کەرا		گێڵای وەشکەراو، وەرواوە موەرا
ئازیز بابلمێ، هەوارە بەرزە		جا چاگە دێمێ، چن داد و عەرزە

لاکەرە لاوە، بدەیە جاروبار
کەرە تەماشای بالآی گوزیندار
هەڵبەت تۆ ماچی، بالآکەش کولآ
ئازاش ڕیواوی و، بەڕەزا و گولآ
دەنگە دەنگیٚ ومێو، چاسەرو ئاوا
هانە شروانیا، هانە سیاوا
هانە شروانی، کۆتەن گلاراو
بوڵە بوڵشانە، چنی هانە سیاو
مەحکەمەشانە، بیەن هەراو قڕە
پیٚ چیای ئاوی، هانە خوڕ خوڕە
واچەشا پنە، هۆ هانە سارا
چی قڕە کەرا، چی واز نمارا
ناهەق کەرانی، عەزیەت و ویٚشا
گر کەس مزانۆ، خوڕە خوڕە چیٚشا
هەڵس و چەماشا، ئاوۆ وارانی
بەخوڕ وەستەرە، دەشت و مارانی
هەڵسی (تۆفیق)یچ پیسەو ئادییشا
ساڵ بەساڵ ویەرۆ، وەشڵەی پاریشا
چننیٚ تایفە و هۆز، چن کەس و کارما
شوبەشۆن ویەرۆ، نەبی ئاسارما
بەشەری دڵڕەق، فەقیر و نەفام
دنیا پیٚ کەسی، نەیاوان ئاکام

* * *

شوکرانە و خوای

جوانی و پیری، ساغیو نەوەشی
جەلاو تۆوە مێو، پنەما بەخشی
یان کەم و زیادی، ژیواو تەمەنما
یان جەدروس کەردەی، ئاشکڵە هەنما
مەکینەو جیهاز، بیٚ وایرو بەنزین
تا ئاخر و گیانی، کارکەر و یەکبین
پیٚ ویٚش گیلۆنە، وەش کارکەرۆنە
بەندە مەتاوۆ، شوکرت کەرۆنە
یان بیەیو نەبیەی ، ساغی و کەساسی
ئیمتیحان کەری و، عەبد بشناسی
شوکر و سوپاست، مەکریۆ تەمام
مەربەندەی بیٚ هۆش،بیٚ عەقڵ و نەفام
هەرکەسیٚو کەرۆ، شوکرو تۆ بەدڵ
ڕەحمش پنە کەری ، یاوۆنە مەنزڵ

لە کۆپلە شیعری کۆتایی (شیرین شەمامە)دا دەڵێت:

ئارو عەرەفەن دوسەکەی گیانی
سەبای جەژنەنە خۆ ویٚت مزانی
یەکەم دۆعاو سلآم، دووەم جەژنانە
ئانا پیٚم کیاستی، تۆچ پەی من کیانە
جەژنەت موبارەک گەردەن بۆ ئازاد
بەخەبەریٚ وەش، تۆچ من کەرە شاد

مەلا کامیلی حاجی مامۆستا (٣٤)

ناوی کامیل کوڕی مەلا حەمە ئەمینە کە ناسراوە بە حاجی مامۆستا، لە ساڵی (١٩٣٢) لە تەوێڵە لە دایك بووە هەر بە مناڵی چووەتە قوتابخانە و تاشەشی سەرەتایی خوێندووە، پاشان لە حوجرە دەستی کردووە بە خوێندن لەلای مامۆستا مەلاصاحب، دوایی هاتووە بۆ خورماڵ لە خزمەتی مەلا محەمەدی مەلا بەها و مەلا سەید عارف خوێندویەتی، لەبەر چەند هۆیەك نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات و دەگەڕێتەوە تەوێڵە.

مەلا کامیلی حاجی مامۆستاو عائیشەی خێزانی

لە ساڵی (١٩٦٨) بەخادم و بانگدەری مزگەوتی تەوێڵە تەعیین دەبێت، تا ساڵی (١٩٨٧)خۆی خانەنشین کردووە.

مەلا کامیل هەمیشە لە خزمەتی مزگەوت و خانەقاو مەلاو شێخدا بووە، ئێستا کەساڵی (٢٠٠٣)ە لەسلێمانی نیشتەجێیەو پیر بووەو کەمێك ناساغە. مامۆستا مەلا کامیل هەروەك باوکی، دانیشتنەکانی بە شیعر و حیکایەت و سەرگوزشتەی پێشینان گەرم دەکات، گەلێك شیعری مەولەوی و صەیدی و بێسارانی و مەلا حەسەنی دزڵی لەبەرە، ئیتر ئەوە شیعرەکانی سەعدی و حافیظ و خەیام و گەلێکی بەرە.

کاتێك کە داوای شیعری خۆیم لێ کرد وتی: باکەشکۆڵەکەم بێنم عەلایەگەیەکی هێنا پڕ بوو لە چەند وەرەقەیەك لە شیعری مەولەوی و میرزا ئۆلقادر و شیعری باوکی و، وتی : ئەمانەش هی خۆمن، هەرچەندە زۆر بەدڵە نین، وا لێرە چەند نمونەیەك لە شیعرەکانی بلأودەکەینەوە، تا بزانرێت ئەگەر مامۆستا کامیل ئەدیب نەبێت، ئەدەب دۆست بووە، ڕۆحی ئەدەب و شیعری تیابووە.

هۆنراوەکانی مامۆستا کامیل هەمووی عیرفانی و باس لە سروشتی جوانی هەورامان و هەروەها کۆمەڵایەتین.

* * *

خودا وەشیش دا

چوار فەصڵەی وەشانەک وەکو قەهار — گوڵ و گوڵزاری، کەژو کۆو نسار
چن وەشا هامن، صاحب پڕ سەمەر — ئاوی فێنکە، بە میسلی کەوسەر
جەفەصڵی پاییز، کوکەردەی بەرهەم — چن وەشا خەڵکی، مەمەنونەش خەم
تاریکی زمسان، زیقەت و سهول — بازە قوشانە بەس مەبا مەلول
ماچانیش پەنە، مانگ و کلاشی — هەرمانێتەر نیا، مەگەر دارتاشی
کارو زمسانی، واجبا کەری — وەڵتەر کەردەبوت، تا ئیسە وەری
کەوتیمی نەورۆز وەشتەرا لامان — بەهار فەصڵش دان، لاشیەن زمسان
سوپاس پێ خوای، نەمەنەن سەردا — زمسان نەجات بی، خودا وەشیش دا

لە هۆنراوەی (ڕەیحانە ڕەشە) دا دەڵێ:

باکەر و باس و، گولانی قەهار — ڕەیحانە ڕەشە، حەکیمی سەردار
هەرکەسیۆ ڕێحان، بکەرۆ بووە — دڵش مەردەبۆ، زیندە مەبۆوە
پەی مەژگی بەشەر، عەقڵ بۆ زیاد — جەنەوەشی سیل، مەبۆنە ئاباد
دیسان پەی چەما، خەیلێ دەرمانەن — ڕاسەن فەرمودەی، حەزرەت لوقمانەن

* * *

ڕزگارما کەرە

ڕەحمەت فەرماوە، خودای بانیسەر — ڕۆشن کەرەوە، دەرەی ئاوێسەر
تۆ کەری ڕەحمەت، فرە و فرەوان — جە غەم و خەفەت، جە دەرد و تاوان
زەڕێوە جە لوتفت، عەطا کە پێمان — غەریب و فەقیر، کەرە چارەمان
کەرەمان خاطر ، ڕەحیم و ڕەحمان — لەبەر گەورەیی، سی جزمەی قورئان
جەدەستی زاڵم، بمانکە خەلاس — ڕزگارما کەرە، باکو تابو باس

ئەم شیعرە لە ئەسڵدا فارسی بووە بە ناوی (ناگەهان)ەوە مامۆستا کامیل کردویە بە کوردی و بەم شێوەی هۆنیوەتەوە:

یەک، ڕۆنیشتارە بە کەیف و سرور — چەنی وەزیران، جە قەصر و قصور
وەختێوم زانا، چەمانم بی کور — جەلای من نەمەن، نەعەقڵ و شعور
جەلای وەزیران، نیشتەبم وەتەخت — مەرگ ئاماوەلام منش کەرد بەدبەخت
هەرئینەم زانا، یەک مەلائیکەت — فەرماواش هورزە، جمجمەی نەگبەت
واتم تۆ کینی، ڕۆحم قوربانەت — واتش: عیزرائیل، بیەنا میمانت

ڕۆحیت کێشونە، بە ئەمری غەفور	مەردەی بێ حەیا، کافری ڕەنجور
کە (ئیست)ش کێشا، ڕۆح و گیانم	جەوەشی دنیای، نەمەن ئارامم
زوانم نەمەن، دڵ ویش مدران	جەناڵە و گیانیم، جەرگم بی بریان
وەختێو کە گیانم، جەمن بی جیا	ئەندامم سیاوبی، بی بە توتیا
منشا بەردانی، دلی جەهەننەم	شەش صەد ساڵ چاگە، بەبێ زیاد و کەم
من پاشا بینی، جە حەوت ئەقلیم	ئێسە مەقامم، بیەن بە جەحیم
صەدوبیس ساڵی،من حوکمم کەردەن	ئێرو دۆزەخیم، پێ وێم خاس کەردەن
عاقیبەت مەردا، بیا شەرمەزار	هیچ خاصەم نەبی، تاکۆتا ئۆ (نار)

هۆنراوەی (ئای پیری) بەم شێوە هۆنیوەتەوە و دەڵێ:

دڵ وەبریانم، دڵ وەبریانم	ئیسە کە پیرم، دڵ وەبریانم
هەناسە سەرد و، هەم حاڵ شێواوم	هیچ کەس بەرێکی، مەبەرو ناوم
نام و ڕاس و من، بە خراپ بەرانێش	مەتاۆ و جمو، مەگەر کێشمەکێش
ماچان پیرەنی، دەم و وێت گیرە	زوانت گیرە، قسێ مەکەرە
کەگوفتێ کەری، ماناش بزانە	بارێزت زیاد بۆ، چێگە و جەیانە
جەلاو هامسایا، ڕاز و وێت گیرە	لەوزت باوەش بۆ، بانەبی قیرە
میمانت ئاما، بازوانت وەشبۆ	جە مەجلیسەنە، نەبی ڕەنجەڕۆ
ئەدەب و ئەرکان، گفتوگۆ کەرە	هەتامتاوی، وارۆ نیشەرە
زوانت گیرە، دژمان و غەیبەت	بانەواچانی، ئەی پیری نەگبەت
ئای پیری فەقیر، عەقڵش مەبۆ کەم	هێزش مەمەنۆ، جە گۆش و جە چەم
گوشش کەڕی با، چەمیش کەم حوکمی ڕووبەڕوو ماچا، عەیبش فرەبی
دنیا بێ وەفا، کارێوش کەردەن	بێزارم جەگیان، ڕازیم بە مەردەن
عومر و من یاوان، ئۆ حەفتا ساڵی	مەرگیرۆ دەسۆ، چووە و سواڵی
مەتاو کەرو، کاسپی پەی مناڵ	هاوار وەماڵم، ئای پیری چن ساڵ

*	*	*

تاسە و تۆم کەردەن

تاسەو تۆم کەردەن، وەتەن هۆرامان	بێ تاقەتەنا، فرە وفراوان
تاسە و تۆم کەرد، جە صبحێ سەحەر	ئەوەڵ پێ گەڕیات، دووەم ئاوێسەر
شەوان مەوسونە، ڕوان تاسەی تۆم	ها جەدووری تۆ، خەیلێ ڕەنجەڕۆم
گەرد و گەردەلول، جە شنەی شەماڵ	هەناسەی سەردم، بیەن پایە ماڵ

یاخوا هیچ کەسێ و، نەبونە بێ بەش وەشی وەتەنی، تەماشای سەرکەش
تاسەی دورینا، غەریبی شاران هەرسی مجونە، وەک ئاوی باران
کزەی دەرونم، دەردی بێ دەوا گەرکەسێو نەبۆ، کەرو دڵ نەوا
دڵ نەوات کەرۆ، هەم بە میهرەبان ئەڕ ڕاست واچونە، وەصوبح و شەوان
گەر بە خزمەتکار، کەرینەم قبوڵ وەتەن ئامادەم، بە گیان و بە پوڵ
وێنەی ئەم گوڵە، کێشانم نیشان سەرو دڵەکەیم، نەخش و تۆم کیشان
ئانە بوڵبوڵەن، وەسەری ئەو گوڵ مەگێلۆ ئەم سەر، ئەم چڵ و ئەو چڵ
بوڵبوڵ مەکێشو، وە داخی چەمەن مەگنۆ وەسەری، ئەو دامی کەمەند
بوڵبوڵ مەگرەوۆ، وەعەشقی وەهار کەی ڕاگەش مەدان، بشۆ وە گوڵزار
منیچ هەر پاسە، تاسەکە و تۆما کەی ڕام دا پنە، بلۆ وەتەنما

لە هۆنراوەی (دنیا بە تاڵەن) دا دەڵێت:

(دنیا بەتاڵەن، دنیا بە تاڵەن ڕەفیقی دنیای، خەیلێ گرانەن
عومرت هەرچەند بۆ، بە مانگ و بە ساڵ عاقیبەت ملی، مەیاوی مەحاڵ
وەشی و بەشارەت، بە تاج و بەتەخت پەنجودوی ڕوێن،مەکەروت بێبەخت
جوانیت نمازۆ، کەروت کەڕو کۆر هێزت نمازۆ، شەقت مدۆ چۆر

لە هۆنراوەی (ئارۆ دیم) دا دەڵێت:

(ئارۆ دیم شەخصێو، مەگێلۆ چون شیت کولان بە کولان، خوزگەم نەبۆ پێت
بەهاوار هاوار، بە گریەو زاری مدۆ وەسەردا، چون تازیە باری
من پەرسام چنە، چی پاسەت کەردەن هەڵبەت دوسێوی، شیرینیت مەردەم
بە عیشقی ئەو دۆست، بیەنی تازیە بار مەگیلی شار و، کولان و بازاڕ
بە وێنەی مەجنون، شێتی ماڵ وێران بە عەشقی لەیلێ بیەن سەرگەردان
هەرکەس دنیانە، جە چەرخی ڕۆزگار عەشقش دنیا بۆ، مەبۆ سەرکەوار
سەرگەردان مەبۆ، مەمەنونەش هۆش چەمیش مەبا کۆر، کەڕ مەبۆنە گۆش
مەجنون پەی لەیلێ، فەرهاد پەی شیرین بی بەشی بیێ، جە دنیا و جە دین..)

* * *

سەنا خواگیان

بە دڵەی پڕ جۆش، غەم و خەجاڵەت عالەم ماڵ وێران، هەم بێ کەسابەت
بێ خەرج و خۆراک، بە هەناسەی کاڵ حەماڵی کەرۆ، ئەم ماڵە و ئەو ماڵ
ماچۆ خودایا، حاڵم بەد حاڵا ڕزق و وێرەگایم، کڵفەت مەحاڵە

دەس و پا، چیۆ، گۆشش باسهۆڵ بەسکی هاڵی، حەماڵی کرۆڵ
بەپای پێخاوس، باخەڵی هاڵی بەرەنجی مەینەت، نانی حەماڵی
نامیش بەرانی، هەو عەرەبانە ئا فەردە ئاردەی، بەرۆ ئۆ یانە
مەعمەلە مەکە، مەکە سەرەوار ملت بشکیێنە، ئەوا یەک دینار
من چەک بەدەسم، صاحب دەمانچە گەر قسەئەکەیت، ئەتکەم کەلەمچە
برۆ مەوێسە، بیان بەوە ماڵ قسە هیچ نەکەیت، نەگبەتی حەماڵ
وتم براگیان، رەحمێ خێرت بێت قسەت ئەشکێنم، ئەیخەمە ژێرپێت
تۆ ناتوانی بە زوڵم و بەو حاڵ قسەم پێ بێژی بمنێری بۆ ماڵ
ئەمە زەمانەی، بەعسی پیس نیەن حوکمی کوردیە، جاشی سەرشیەن
خوداوەندرەحمش،پەیمان ئامان جۆش ئیزاعە و رادیۆ، گنۆمان وە گوش
هەرکەس بە خیلاف، رەفتار کەرونە حەپسخانەی کورد، هەم موەرونە
سایە و خوایۆ، هەنمان پەرلەمان هەرزانیچ بونە، سەنا خوا گیان
* * *

راز و دڵەکەیم

عەشرەت هەی هاوار من کوور وپیرم نەجاتم بدەن، بکەن تەگبیرم
جەدەردی دنیا کەردێم بێ خەبەر هەم زەهری مارەن، تیژتەر جە نەشتەر
ئەی دنیای وەشبۆ، بێ وەفاکەم فام چەند خانەدانت، تۆ وستەنت دام
هیچ کەس جە فێڵ و، بەقاو بێشونت خەلاس نمەبۆ، هەرگنۆ شونت
عاقیبەت سەرسام،کەریش ماڵ وێران ئانە گنۆ شونیت، چێ بوو یا ئێران
ئەتۆ مەزانی، دنیای بێ بینام تۆ کەم عومرەنی، بێ عەقڵ و کەم فام
کێ واتەن بە تۆ، گنینە شۆنیم گەر فکر کەریۆ، مەتاوی دۆنیم
بەڵێ مەزانۆ، تۆ بێ وەفانی عومر و جوانیم، جە دەس مسانی
لە دواتردا دەڵێت:
دەسم دا قەڵەم بەدڵەی پرغەم نوختە بە نوختە، بێ زیاد و بێ کەم
تاکەر و باس و شانسی روو رەشم دونیا و قیامەت، هەرمن بێ بەشم
بەشی من کەمەن، کارەکە وایە لیباسم هەروەک، وێنەی گەدایە
گەدای قوربەسەر، نیاش رەحەتی بێ نان و خۆراک، نیەنش چاشتی
نەساوەرش هەن، نەبرنج و رۆغەن مەگەر قەدیمی، دییێ باش بەچەم
فەقیر کڵفەتش، مەزانۆ صنعات عومرش کەم مەبۆ، سەعات بەسەعات

ویچش بێ زارەن جە گیانی شیرین قاچ قول ڕوتەن، لیباسی قیرین
صابون گرانا، تالیباس شۆرۆ هیچ فلسش نیا، ئیتر چیش کەرۆ
ئاوات مەواز و، بێنە عزرائیل مەرگش خاستەرەن تاکو بو زەلیل
فەقیر ئانەن هیچ شک مەبەرۆ هەم شەو و هەم ڕۆ، خەفەت مەوەرۆ
ملۆ ئەو بازاڕ، هەرمانێ کەرۆ غەم و کڵفەتش، تەمام مورۆ
دەی کیانە ڕەحمەت، بینایی چاوان من شرڕ و کرۆڵ، هەم هەنم تاوان
چوون فەقیرەنا، هەم بێ مڵکەنا داخۆ کڵفەتی، تەمام وێڵەنا
هەریاگێو ملو، زوان لاڵەنا چون بێ زەڕەنا، زەڕە تاڵەنا
مل و پەی بازاڕ، من پەی حەماڵی وێرەگا ملۆوە، بەدەسی هاڵی
کۆپان و کوڵی، وەریس و دەسی ئای پێ گەدایی، چەنی بێ کەسی
ڕوێ جەڕوا، نەک پیسە و جاران جە صوبحێ سەحەر، لوانێ مێدان
تالوانێ سەرو، دوکان و ناجی* ڕوەم هورمالا، بە ناعیلاجی
واتم ناجی گیان تۆ کەرەم حەماڵ ناجی میرناش، کەردش قاڵە قاڵ
حەماڵم پێ چێش، وێم حەماڵەنا جە تۆ زیاتەر، وێم گەماڵەنا
جوابش دانێ، گێلانی دماوە دوکانش ژەنی، ناجی لواوە
کەوتانی شۆنیش، ئەو بەرەو یانەی پەوکەی لوانی، هەم پەی بەهانەی
وەختێ کە لوانی، ئەو شۆنۆ ناجی خوڵکەشا کەردا، بە ناعیلاجی
ماچو ئاغا ژەن، نانش پەی بارە فەلاقەش کەرۆ، مدۆش قەنارە
نانش پەی بارە، وەش کەرە خێرا هیچ مەوەرۆنە، خۆ تەمام سێرا
نانش نەدانی، ئا ئاغا ژەنە ماچۆ ئاغە گیان، بەرە بژەنە
بەرە بژەنە، وزەیچش کولان یام بە کوتەک دەش، یا کوڵە گوچان
واتم ئاغە گیان، من مەبو ڕازی شەڕ و من و تۆ، گنۆ لاو قازی
شکاتت کەرو، جە ڕۆ قیامەتی جەمن زیاتەر، بینە پاپەتی
من میمانەنا، فەلاقەم کەری چی کولانەنە ئاوەڕوم بەری
تۆ ماچانت پنە، صاحیبی سەروەت تۆ پەی فەقیری، هورگیری کوتەک
ئامانا یانەت، تو خوڵکەم کەری غەم و پەژارە و، فەقیری بوەری
ئەتۆ صەدساڵین، عومرصەرفکەری عاقیبەت مری، بە قوڕبەسەری
خوداوەند کارش، هەر پاسە بیەن ئانە نەبەخشۆ، جەکیسش شیەن

---

* ناوی ناجی هێمایە بۆ کەسێك

خوداوەند عەبدش، تاقی مەکەرۆ دنیا هیچ نیەن، هەر وێشۆ ملۆ
ڕەحم و خەیریت بۆ،خودات بۆجەویرئەی پیای بەخیڵ، قیامەت فەقیر
ماڵ و سەروەتت، مەبۆ بە تالأن عاقیبەت سواڵ، مەرگێلی کولأن
خوا هەق و من، جەتۆ بسانۆ تەڵقین و قەبرت، هیچ کەس نەوانۆ
نیمە کەرانی، نیمە مورانی ئانی کەردەنشا، زەرەر کەرانی
جاقورِ بەسەرت مەبی پەشیمان قیامەتەنە، چیش کەری ئامان
تەئکید بزانە، دونیا وانیەن خاصە ئانەنە پەی خوای بیەن

* * *

پیری نەقشبەندم ڕۆ

پیری تەوێڵە، خاوەن عەقڵ و دین جێگەدارەکەی، شاهی عەلادین
شێری شابازان، قوطبی هۆرامان دەشت نەمامەکەی، شاعوسمان گیان
داخت و ستەدڵ، صۆفی و موریدان هەر جەئەستەمبوڵ هەتا هۆرامان
مەرگی ناکامت، کاریۆش کەردەن بێزارین جە گیان، ڕازیت وە مەردەن
تەلەفۆن کریا، شاری ئەستەموڵ شێخ فەوتش کەردەن، مەنصوبان کرۆڵ
دەنگی تەلەفۆن، جە صوبحێ سەحەر ئاماوە گۆشم، بیانی خەبەر
جەمعی مەنصوبان، دەشت بکەن گریان هەرجە کوێسانا، هەتاکو گەرمیان
بەشین و زاری، بە دڵەی پڕ جۆش ئاغە ڕۆمانە، لێمان نەمەندۆش
جە دەستما بەرشی، تاجی بیارە پیری ئازیزما، جە عالەم دیارە
یاران هام فەردان،مەنصوبیسەردەشت گوڵ عوسمان ما، تەشریف بەرد بەهەشت
پشتبۆت کەردەن چۆڵ، هانەوا غەمگین کۆتە شریفت بەرد یا سراجەدین؟
لوان وەخزمەت، ڕەسولی سەروەر خودا بەخشان پێش قەصری مونەوەر
بیارەش کەرد چۆڵ، هەورامان لهۆن لوان ئەو خزمەت، شاهی باغەکۆن
واتم موریدا: ئاغەمان چکۆن؟ داخم چۆڵش کەرد، مەحاڵی لهۆن
تەشریفت بەرد، وەلای گەیلانی تۆ جیات ئاست، شاری سلێمانی
ئاغە توخودا، دڵمان بی بریان هەرجە هەڵەبجە، تاکو موکریان
سەقزو بانە،سەردەشت،مەهاباد تازیە بارتەن، کەسشانیا شاد
بەرزی پایگەلان، ژنێن چەشمیدەر گرەوان ماچان، شێخی پڕ هونەر
پیری طەریقەت، صاحبی کەمەند ڕۆشن کەرەوەی، ڕاکەی نەقشبەند
تەمام نمەبۆ، وەصف و صیفاتت بەرزو بڵندبۆ، هەم دەرەجاتت

خودام طەلەبەن،پیری‌صاحب دین ماوات بۆ بەهەشت، مەکانی ڕەنگین
ببی بە ساقی، جەحەوزی کەوسەر بە خاطری تاج، ڕەسولی سەروەر
من چێش کەرونە، دۆرۆ چ بیەن چۆڵ بی بەهام ڕەفیق، باغی کراویە دۆڵ
خوێ سمڵێ چرۆ، ئەو هانە و لاری شێخ تەشریفش بەرد، دەگاو ژیواری
شاری هەورامان، وەشی و بە شارەت نەمەنەن جەلاش، شیەن بە غارەت
داخی وەجەرگم، ڕۆحم ئاغە گیان شامیان زاریشا، هەم کانی سانان
قوریان چی پاسە، کەردت تۆ پێمان یەک جار چۆڵت کەرد تەمام هۆرامان
بیارە حەزین، تەوێڵی ماتەن صۆفی و دەروێشان، جان فیدای ڕاتەن
باخی خوێ سمڵێ، خەزانش کەردەن کۆسالأن ماچۆ، وەشیم ویەردەن
کۆسالأن بەرزەن، سەولأوا ماتەن چنورۆ شەوبۆ، پەی تۆ خەلأتەن
بەرزەڵنگی بەرز، پای کەمەرۆلۆ گولأنی بەهار، بان قوربانۆ تۆ
کوێسانان ڕەنگین، تەزیە بارتەن ژان و ژاوەرۆ، هەم غەمبارتەن
پیرڕۆستەم بەرزەن،سەوزو مێرغوزار ماچو سەیرانم، مەکەردی چون پار
مەکەرۆ زاری، کەش و کۆ کەمەر هەرجە خوڕ خوڕە، تاکو ئاوێسەر
ئاغەم دمای تۆ، کێ گیرۆ وەیاد تەخت و خوڕخوڕە، سەرچەمەی هەیات
ئیتر باکەرو شین و ئاغە ڕۆ خوا مزانۆ، ساڵێوتەر کێ بۆ
عوسمانی ثانی، پیری خاسم ڕۆ تەکیە و خانەقا، خودا ناسم ڕۆ
شێخی پایە بەرز، هەورامانم ڕۆ بابەی مەنصوبان، کوردستانم ڕۆ
پەی دین و دنیا، دەوڵەمەندم ڕۆ ڕۆشن کەرەوەی، نەقشبەندم ڕۆ
جێگەدارەکەی عەلادینم ڕۆ بابەی ئاواران، هەم فەقیرم ڕۆ
شێخی کەم خەو و، طاعەت کەرم ڕۆ عاشقی ماوای، ئاوێسەرم ڕۆ
تاج و تەختی، مەحمود ئاوام ڕۆ پشتی مەنسوبان،سەڵوەت ئاوام ڕۆ
کوسالأنی بەرز، مدیۆ رە دوڕۆ ژەرەژان موانان، ماچان ئاغە ڕۆ
بە شەو و بە ڕۆ، صۆفیانی تۆ بە دڵ و بە گیان، کەران ئاغە ڕۆ
خولاصە عالەم، بیەن تازیە بار پەی ڕحلەتی تۆ، کەران شین و زار
خۆزگە هەرکەس، بیەن مەنصوبت جە بەهەشتەنە، مێنە حضورت

تاهیری وەستا مستەفا[٣٥]

ناوی طاهیری کوڕی وەستا مصطەفای عەلیە. لەساڵی (١٩٦٣ن) لە شارۆچکەی تەوێڵە لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە تەوێڵە خوێندووە، لەبەر سەربازی نەیتوانیەوە خوێندن تەواوبکات، چەند ساڵێك بەدەست سەربازی و فیراریەوە ژیانی بردووەتە سەر و زۆر ماندو بووە، ئێستا کاتبە لە ناوەندی تەوێڵە.لە ساڵی (١٩٨٦) خێزانی پێکهێناوە و ئێستا خاوەنی (٤) مناڵە و دانیشتوی شارۆچکەی تەوێڵە.



ناوبراو هەر لە مناڵیەوە خولیای شیعری شاعیران بووە، شیعرەکانی باوکی کاریگەری هەبووە لەسەری، لەسەرەتای هەشتاکانیشەوە خۆی دەستی کردوە بە شیعر نوسین و، گەڵێ شیعری هەیە، هەرچەندە شیعرەکانی سەرەتایین، بەڵام هیوای دواڕۆژێکی باشتری لێ دەکرێت.

ئەمەش چەند نمونەیەك لە هۆنراوەکانی:

لە چەند چوارینەیەکی جیاوازدا دەڵێ:

- وەرن سەیرم کەن، لەم زیندانەدا   دەستم والەسەر، هەردوو ئەژنۆم دا
هەر هاوار دەکەم، برایان چارە   کەس ڕوویێ ناکا بەلای دەمم دا

لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

- عومری تاڵی من، ئێستا چل ساڵە   خۆشیم نەدیوە، لەم هەموو ساڵە
ئیتر چۆن بڵێم، لە دنیا ژیام   جامی خۆشی من، هێشتا بە تاڵە

- دەم بە ئاهی سەردەوە دەرون پڕ برین و زام
نەم دی لە باغی عومرم نەمامێ نەونەمام
نەهاتەدی و نایەتە دی ئاواتی طاهر
ئەیبەمە ژێر گڵ ئاخ و داخ و سکاڵام

- خزمینە قەد مەڵێن کەس لە طاهر تێ ناگا
وەکو دێوانەم لە شوێنی چۆڵ و بێ دەنگا
هەروەک وەلی بۆ شەم سەری نایەوە یاران
منیش سەرئەنێمەوە بە ئاهی کۆمەڵگا

لەهۆنراوەی ((جوانی بەهار))دا کە لە ساڵی (١٩٨٧) وتویەتی دەڵێ:

بەهارە وەختی گوڵ و گوڵزارە
شاخ و داخ ڕەنگین لەدوور دیارە

توولە ڕێی شاخان، دیارە لە دوور
ڕازاوەتەوە، ڕەنگی زەرد و سوور

هاژەی ئاوی چەم،گشت بەرەوخواردێ
چەند خۆشە بە خوڕ، ئەڕوا بۆ ناودێ

بۆنی هەڵاڵەی بۆن خۆشی ناو باخ
دڵ ساکن ئەکات، دەرد و ئێش و ئاخ

لە دامێن شاخا، لەناو گوڵزاران
لەسەر پەڕەی گوڵ، پاشماوەی باران

هەڵاڵە برمەش سەری دەرهێنا
لە پاڵ تاشەبەرد، وا خۆی پەنادا

داربەڕووی جوان، بە قنج ڕاوەستاو
لق و پۆپی شۆخ، بە باران شۆراو

سەیری ناو باخ کە، هەڵوژەو هەنار
ئەوسا ئەزانی، چەند جوانە بەهار

ئەوەی باسم کرد، بەهاری زوو بوو
جێ ژوانی یاران، قەد نەسووتا بوو

بەڵام داخەکەم، بەهارمان نەما
تابن چەقیوین لە دەریای غەما

ئەم هۆنراوە پێش ڕاپەڕین وتراوە کاتێك کە ڕژێم دەسەڵاتی بووە بەسەر کوردستاندا، تەوێڵە چۆڵ بووە وادیارە، شاعیر، هیوایەکی وای نەماوە هۆنراوەکە بەناوی (فەقیری و غەریبی)یە ..دەڵێ:

فەقیر، بەسەزوان، بی تەگبیریمەن
ئینە جوانیما، یاخود پیریمەن

ئەگەر جوانیما؟ شل و شیواڵەن
سێران و وەشی، گرد جەلام تاڵەن

دەس بەسەرەنا و، بێ تەگبیرەنا
وەشی وەتەنی، بی خەبەرەنا

جە عەزرەتەنا، ڕویوی ئارام
خەبەریوی وەش، بارانی پەی لام

من بە هیچ جۆریو، نەدیم ئاڕوە
نەمام و جوانیم و، کەم کەم لاربووە

نەوەتەنم هەن، نەیانە و بانێو
چنەش بنیشو، بسرەو و تاوێو

تاوێم گەرەکا، دوور بوو جە غەمی
فەقیر و غەریب، لام نەبا جەمی

مەحاڵا ئاڕوە، بۆ بەخەڵاتم
تاوێو سەربەرزبو، من جەوڵاتم

نیشتەنا غەمگین، فرە پەرۆشەنا
پەی دووری وەتەن، سیاو پۆشەنا

وەتەن بزانە، هەر جەویرمەنی
فکر و خەیاڵ و، شەو و ڕوی مەنی

خۆپەی ئازادیت، من خەبات کەرو
زام و زەخم و تۆ، من دەرمان کەرو

جوانیم بابلۆ، من جەڕاو تۆنە
بەش بە ئازادی، خاس بدیۆت پۆنە

*وشەی جوانی بە مانای گەنجی دێت.

لە هۆنراوەی (ئێوارەی ڕۆژێکی پایز)دا کە لە ساڵی (١٩٨٥) دا لە سیدەکان بووە وتویەتی:

(.. ئەهاتە خوارێ، نم نمەی باران — بە هێواش ئەیدا، سەرگەڵای داران
گەڵای دارەکان، ڕەشەبا ئەی برد — لەملا هەڵی گرت، بۆ ئەولای ئەبرد
تەم و تواڵی، دابویە ناو باخ — منیش لە جێی خۆم، هەڵ ئەکێشم ئاخ
تەم و تواڵی، کەم کەم کەمی کرد — ئیتر بەرەو شاخ، کەمێ سەیرم کرد
بینیم حەسارۆست، بەفر دای پۆشی — بۆ دڵەی خەمبار، کردم دڵخۆشی
وتم حەسارۆست، سەربەرزی کوردان — بەرزترین شاخ، هەموو کوردستان
شاخەکانی تر، هەر بە وێنەی تۆ — بەفر دەیان گرێ، لە دوای مانگی نۆ
بەڵام تۆ گەورەی هەموو شاخانی — پەناگاو لانەی، بەچکەی شێرانی..)

کاکە تاهیر و هەڵبژاردنەکەی حاجی ڕەحمان

لە ٢٠٠٠/٢/٣دا کە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا هەڵبژاردن کرا بۆ ئەنجومەنی شارەوانییەکان بە هاندانی کاکە طاهیر و چەند کەسانێکی تر[٣٦] (حاجی ڕەحمانی فەتاح) خۆی دەپاڵێوێ بۆ ئەنجومەنی شارەوانی شارۆچکەی تەوێڵە، بەم هۆنراوەی خوارەوە پڕوپاگەندەی بۆ دەکات و بە چەند نوسخەیەك بڵاوی دەکاتەوە کە دەڵێ:

خزمەتگوزاری مزگەوتی گەورەی (تەوێڵە)
حاجی ڕەحمان[٣٧]

بە نام و خوای گۆرە و میهرەبان — وەصفش کەرونە،کاک حاجی ڕەحمان
زەحمەتش کێشان، نۆباوش کەردەن — پێیاردی خەڵکی،درێخیش نەکەردەن
درەختش هورپات، پێوەنیش دێنی — دێبا گردیما، ڕەئیەش پێ دێمێ
مشکیش ئەڵوەنا، فەقیانەش چەرمەن — شاو پیایان، ئاخر ڕیش چەرمەن
ڕەفیقیش لوێ، هەر وێش تاق مەنەن — عاقیبەت خێرا، با بۆ ئەنجومەن
ڕەئیەش پێ دێدێ، فرە بە جیددی — بەش بۆ زەمانۆ، حەممەدی مەهدی
مزگی وارینش، کەردەنۆ ئاوا — ئاویش پێ کێشتەن، بەدڵ و داوا
دیارا شایستە و، ئەنجومەنیەنی — پیا ماقوڵ و، هەم ڕیش چەرمەنی
گەر گەرەکتانە، نەبیدی وێڵی — گۆڕۆ گولانە و، خەڵك و تەوێڵی
حاجی ڕەحمانی، کەردی ئەنجومەن — ئیتر تەوێڵی، گرد بێ موشکیلەن
تەجاوز و ڕنۆ، باروم لابەرۆ — هیچ هێزێو نیا، بێو قسێ کەرۆ

پرد و گەریاتیش، دروسە کەردە | تەلاَن و مزگیش، ڕزگارە کەردە
دەساڵی تەمام ئاد میراو بیەن | چی دەساڵەنە، کەس بی ئاو نەبیەن
تا ئاد نەبیەیی، میراوۆ ئاوی | خەڵکی بەکونە، لویٚ ئاوی ماری
دۆڵەتی کەکەرد، میراوی تەمام | دڵی هۆشانە، خەڵکی نیاش نەمام
هەنارو هەنجیر، ساوو شیلاَنە | ئاویش دارێنیٚ، جەوێرەگانە
هانۆ کەمەر سپی، پەنجاو هەشتەنە | ئادی وەشکەردمن، چا بەهەشتەنە
خەڵکی لوان وا، سێرانش کەردەن | ئاویش واردینە، دۆعاش پەی کەردەن
هورش چندیٚ، نمایندەو ویتان | حاجی ڕەحمانی، ناسراو ئەرخەوان
بەلیٚ، حاجی ڕەحمان گۆرەمانە | شیرو مەیدانیا، چی هۆرامانە

حاجی ڕەحمان لەم هەڵبژاردنە دەرنەچوو، ئەم هەموو پیاهەڵدانەی (طاهر) سوودی وای نەبوو بۆی، بۆیە کەوتە گلەیی‌و ڕەخنەگرتن شاعیریش بەم شێوە لەسەر زمانی ئەو دەڵیٚ:

ڕازی خواش سەر بی، بیانی کەساس | نەبیا ئەنجومەن، نەبیانی دەمڕاس
چوارو مانگی، من یاخی بونە | هیچ کەس نزیکۆ، دەسم نەدۆنە
چون داخ دڵەنا، دەسی خراپ شانۆ | قەتلیوە کەرو، من وێم مزانۆ
کۆتانی شۆنۆ، طاهیرو مسەفای | هوریش کەنانی ، هەر پیسەو کەمای
نەدرەختم نیان، نەنیانم نەمام | هیچ شاناست پنەم،هەچکو چیم تەمام
دەردەت گنۆ من، غازی حەممەدی | جەگردی زیاتەر کەردەنت بەدی
مەعصومی هورزۆ، کەرۆ بەرەکەی | خۆ من بەرنەشیا، خەتاو خەڵکەکەی
من هەر تۆم بینە، وەسیما دنیا | بابلا ئانیٚ، قەلاَکیٚ گیرا
پیٚ وێم نیشوەرە بیٚ دەنگ و ئارام | تەماشا کەرو، قەزات گنۆ کارام

مەلا ئەحمەدی قازی [٣٩]

ناوی مەلا ئەحمەدی کوڕی موعینەدینی کوڕی مەلا نەزیری گەورەیە. لەساڵی (١٨٨٤ز) لەتەوێڵە لەدایك بووە، هەر لەتەوێڵەش دەستی بەخوێندن کردووە، خوێندەواری زۆری نەبووە، دەڵێن تا کافیەی خوێندووە، بەڵام خۆی خوێندنەوەی زۆری بووە، خوێندەوارێکی چاکی لێدەرچووە، لەتەوێڵەو سلێمانی و هەڵبجە قازی بووە. لەکۆتایی ژیانیدا هاتووەتەوە سۆسەکان و بووە بەمەلای ئەوێ، زیاتر لەبیست ساڵ لێرە ماوەتەوەو ڕێزێکی زۆری بووە لەلای خەڵکی سۆسەکان.

مەلا ئەحمەد چوار ژنی هێناوە:

- ڕەعنا کچی ئەحمەد بەگی حەمە عەلی بەگی نەوسوود، لەم ژنەی جەمال و کەمال و پیرۆزی بووە.
- فاطمە کچی شێخ حەمەسەعیدی مازیبن. کچێکی منالی بووەو مردووە.
- ئافتاب کچی مەلا عەبدولواحدی کوڕی مەلا عەبدەی تەوێڵەیی، لەم ژنەشی: عەبدولکەریم و بەدیعەو حەلیمەو صەبریەی بووە.
- حەلیمە کچی مەلا حەبیب الله ی مەلا جەلالی ئامۆزای خۆی: لەم ژنەشی: فەرید و محەمەد و توبای بووە.

مەلا ئەحمەد لەساڵی (١٩٥٦) کۆچی دوایی کردووە. لەو ماوەیەی کەلە تەوێڵە بووە، قوتابی زۆری بووە، لەسەرەتاوە لەگەڵ قادر بەگدا نێوانیان خۆش بووە، بەڵام زۆری نەبردووە بووەتە نەیاری، بۆیە بەرەو شوێنانی تر دەچێت و ناگەڕێتەوە بۆ تەوێڵە، خەڵکیشی هانداوە دژی قادر بەگ، لەبەر ئەوە قادر بەگیش چاودێری خستبووە سەری.

مەلا ئەحمەد، مامۆستایەکی کورد پەروەرو نیشتمان پەروەر بووە، زۆر حەزی بەخزمەتگوزاری میللەتەکەی کردووە.

لەبارەی شیعرو ئەدەب دۆستی ئەم بەڕێزەوە:

بەڕێز م. عەبدولکەریمی کوڕی دەڵێت: دیوانێك شیعری بەخەتی خۆی بووە، خەتیشی زۆر خۆش بووە، کەشکۆڵەکەشی کەوتە لای حاجی مامۆستا (مەلا حەمەمین) [٤٠].

بەڕێز: م. فەریدی کوڕی دەڵێت: باوکم قسەخۆش و زمانپاراوو خەتخۆش و هۆنەرو خزمەتگوزار بووە.

بەڕێز: م. عوسمان محەمەد هەورامیش لەدیوانی صەیدی هەورامی‌دا ل(٥)دا دەڵێت:

(دیوانێکی نوسراوی صەیدی لای کاك عەبدوالله ی ئەحمەدی ئیسحاق بوو، خواستم و دایەلام، ئەم دیوانە (مەلا ئەحمەدی حاجی موعینەدین)ی تەوێڵەیی کەخۆشنوسێکی بێهاوتای سەردەمی خۆی بووە، لەساڵی (١٣٦٥ك=١٩٤٦ز)ی بەخەتێکی جوان نوسیویەتی‌یەوە)[٤١].

لەم بەڕێزانەوەو چەند کەسێکی تریشەوە دەردەکەوێت، کەمەلا ئەحمەد کەشکۆڵێکی بووە، شیعری زۆر تیا بووە، هەندێك دەڵێن خۆشی شاعیر بووەو شیعری بووە، هەندێکی تر دەڵێن: نەخێر چونکە خۆی خۆشنوس بووە شیعری شاعیرانی تری کۆکردووەتەوەو بەخەتە جوانەکەی خۆی دەینوسینەوە ناو کەشکۆڵەکەی.

بەهەر حاڵ، وادەردەکەوێت ئەم بەڕێزە شاعیر بوو بێت، هەرچەند نمونەیەکی شیعرەکانیمان دەست نەکەوت.. ئەگەر شاعیریش نەبووبێت، شاعیرو ئەدەبدۆست بووەو ئەوەندە شیعری شاعیرانی لەبەر بووە لەناو جەماوەردا وەك شاعیرێك ناسراوە... چاوەڕوانی ئایندەین!!؟؟.

حاجی مامۆستا(٤٢)

ناوی مەلا حەمەئەمین کوڕی وەستا قادری سەید ئەحمەدی خالدەو، کەبە خاڵەکە ناسراوەو، کەخەلیفەی شێخ سراجەدین بووە، ئەم خالدەش کوڕی ئەبوبەکری کوڕی حەمەعەزیزی کوڕی عوسمانە.

لەناو تەوێڵەدا بەتیرەی سەید ئەحمەدی ناسراون، ئەم تیرەیە لەئەصڵدا لەنەوسوودەوە هاتوون بۆ تەوێڵە.

مەلا حەمەمین لەناو خەڵکدا بەحاجی مامۆستا ناسراوەو لەساڵی (١٣١٧ك -١٨٩٩ز) لە تەوێڵە لەدایك بووە، هەر لەوێ بەمناڵی لەگەڵ مەلا حافیظ ی کوڕی مەلا نەزیردا لەلای مەلائەحمەدی قازی قورئان دەخوێنن و، پاشان دەست دەکەن بەکتێبە وردەکانی ئەو سەردەمە، پاشان هەردوکیان بۆ خوێندن دەچنە مەریوان و دەوروبەری، لە (تتمدەر)و (ولەژێر)و (دووڕۆ)و (ژان)و (بێساران) و (هەژگەرە)و (تەختە)و (سنە)، دەگەڕێن بۆ خوێندن.. لەسنە لەخزمەتی مەلا ئەحمەدی موفتی سنە ماوەیەك دەمێننەوە.

مەلا حەمەمین لەدواجاردا، دێتە پاوە لەخزمەتی حاجی مامۆستای گەورە، مەلا ظاهری پاوە، دوانزە عیلمی تەواو دەکات و مۆڵەتی مەلایی وەردەگرێت.

حاجی مامۆستا هەرچەندە خۆی تەعین نەکردووە وەك مەلایەك، بەڵام خوێندەوارێکی لێهاتوو شارەزا بووە، بەتایبەت لەوتنەوەی کتێبە فارسیەکاندا، وەك (گوڵستان و دبستان)، دەستێکی باڵای بووە لەوتنەوەیاندا.

بۆ وەڵامی پرسیاریش دانەماوە، هەمیشە لەو پرسیارانەیان بردووەتەلای کەپێچ و قورس بوون.

حاجی مامۆستا ماوەیەك کاتبی قادر بەگ بووە، قادر بەگ لەپرس و ڕاوێژدا سوودی زۆری لێ وەرگرتووە، بەڵکو دەرسیشی لا خوێندووە. لەساڵەکانی حەفتاکاندا لە تەوێڵە دوکانێکی هەبووە، بەڵام دوکانەکەی هەمیشە وەك قوتابخانەیەك وابووە، کەسانی خوێندەوار لەخزمەتیا دەرسیان دەخوێندو پرسیاریان لێ دەکرد.

حاجی مامۆستا لە(١٩٨٤/١٢/٣٠) لەهەڵەبجە کۆچی دوایی کردووە، دوو کوڕی هەیە بەناوی (عارف و کامیل) کەهەردوکیان لەسلێمانین.

بەداخەوە ئەم جۆرە پیاوانە وەك پێویست نەناسراون و بۆیان نەلواوە خزمەتی زیاتر بکەن، چونکە بەڕاستی ئەوەی حاجی مامۆستای ناسیبێ دان دەنێت بەدانایی و زیرەکی و خوێندەواری ئەم مامۆستایەدا.

حاجی مامۆستا جکە لەزانایییەکەی زۆر ئەدەب دۆست بووە، حەزی لەتێکەڵاوی زانایان و ئەدەب دۆستان کردووە، هەمیشە کۆڕەکانیشی بەشیعر گەرم دەکرد، بەتایبەت شیعرەکانی سەعدی شیرازی و حافیظی شیرازیو خەیام و مەولەوی و صەیدی و بێسارانیو شیعرەکانی خۆی، دەڵێن: زیاد لە (٦٠) هەزار شیعری جۆراوجۆری لەبەر بووە[٤٣].

بەداخەوە شیعرو کتێبەکانی زۆریان لەکیمیاویەکەی هەڵەبجەدا فەوتان و ئێمە لەشیعرەکانی خۆی هەر ئەمەمان دەست کەوتووە والێرەدا بڵاوی دەکەینەوە کەلەبەڕێز مەلا کامیلی کوڕیەوە وەرمان گرتووە ئەو دەڵێ: ئەم دوو هۆنراوە هی باوکمن:

ئەم هۆنراوە حاجی مامۆستا بۆ میرزا عەبدولقادری تەوێڵەی نوسیوە:

ئەی برای شیرین، ڕۆحی ڕەوانم   من زامداری تۆم، بکە دەرمانم
دەرمانی دەردم سلامەتی تۆن   ئەی ڕۆشنای چەمام، گیانم دۆستی کۆن
خەیلێ تاسەی تۆم، من بەرونەت ناو   چون گوڵی بەهار، تەژنەژ بۆ پەی ئاو
گوڵ تەژنەبارا، فەصڵ بەهارەن   من تەژنەی تۆمەن، جەکۆدیارەن
شەو هەتا سەحەر، وای جەخیاڵم   پەی دوری باڵات، بڕیان قەرارم
غەم و خیاڵ و پەژارەو پیرم   بەگیانت قەسەم، بەرمەشی بیرم
بەدڵ و بەڕۆح، گڵە چەمانم   هەرچی تۆ ماچی، بەندە فرمانم
من جەغەریبی، دوور جەوەتەنم   بەصەد قەسەمم، دندانت کەنم
ئاخۆ داخ و ئێش، زامانی تازەن   برای وەشەویس، هەر تۆم نیازەن
تۆ پەرسە خەبەر، جەداخ بووم بەشێت   تۆ حوببی خودا، پەرسە دۆستی وێت
من جەغەریبی، تۆ جەوەتەنی   خودام تەڵەبەن، برام هەر مەنی
تا دونیا دونیان، جەلەیل و نەهار   من پەی دووری تۆ، بڕیانم قەرار
چاوەکەم یادت، بەرمەشۆ بیرم   گەر تۆ نەبینم، وێنەی ئەسیرم

* * *

مەردەی

هیچ کەس ئی دنیێ، تاسەر مەوەرۆ | مشۆ گرد بلمێ، کەران ئایەڕۆ
منیات تۆی کەفەن، خێرا پەلەپەل | قەلبت موەرا، مارو مورۆ مەل
نەدۆشەکیت هەن، نەلیفەو سەرین | گەر طاعەت کەر بی، ماچا ئافەرین
گەر گوناهکاری، صەقەری سامناک | عەزابت سەختەن، مەکەرات هیلاک
مەلائیکە مەیان، سوئال و جەواب | چنەت پەرسانی، ئەی ئەهلی ثەواب
دەوە جوابما، کامەنە دینت؟ | تاکە نەسۆچۆ قەلبی ڕەنگینت
تۆ دەوە جوابمان، بەگوفتی ڕاسی | پێغەمبەرت کێن؟ تۆ کێ مژناسی؟

لەدوا کۆپلەدا دەڵێت:

فەرمودەی خوا تۆ بکەرە گۆش | تاڕۆژی حەشر، نەبی فەرامۆش
جەقەبری تاریک، غەریب و بێ کەس | کێ یاوۆ هانات، فەردی فریاد ڕەس

دەڵێن قەرزی لای یەکێ ئەبێ بەم هۆنراوەیە داوای قەرزەکەی دەکات و وادیارە قەرزارەکە زۆر لار بووەو دەڵێت:

بامن کَچ و باتۆ کَچ | باخلق خدا هر کَچ
اخر قَدَم راست بنی | ای همجا هَر تو کچ[٤٤]

وەستا مستەفای ئەلە

ناوی مستەفا عەلی محەمەدەو بەوەستا مستەفای ئەلە ناسراوە، لەساڵی (١٩٢٩ز) لەشارۆچکەی تەوێڵە لەدایك بووە، بۆ بژێوی ژیانی هەر بەمناڵی لەلای حاجی ئەبوبەکری برای فێری کلاش دروستکردن بووەو تاکۆتایی ژیانی هەر لەسەر ئەم کارەی بەردەوام بووە.



لەلای مەلا عەبدولحەمیدی مالیدەر قورئانی خوێندووە، پاشان دوو سێ کتێبی تری ئایینی خوێندووە، لەلای حاجی مامۆستاش شارەزا بووە بەشیعرەکانی سەعدی و حافظی شیرازی. لەتەمەنی لاوی‌دا خوێندنەوەو نوسینی شیعر بووەتە خولیای، هەوێنی شیعرەکانی خۆشەویستی ئایین و جوانی سروشتی هەورامانە.

هەروەها زۆر لەڕووداوە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ناو کۆمەڵگای بەهۆنراوە هۆنیوەتەوە، جاچەند چامەیەکی لەو بارەوە هەیە، لەبەر ئەوەی زیاتر داشۆرینەو ناوو ناتۆرەی زۆر تیایە، پێمان باش نەبوو ئەو هۆنراوانەی بڵاو بکەینەوە.

بەداخەوە شیعرەکانی زۆر بوون، بەڵام چونکە کۆنەکراونەتەوە، فەوتاون و مەگەر کەمێکیان مابن، ئومێد هەیە کاکە طاهری کوڕی ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی‌و شیعرەکانی باوکی کۆبکاتەوە، چونکە ئەویش خۆی ئەو بەهرە شیعریەی هەیەو حەزی لەدونیای ئەدەبە.

وەستا لەکیمیاویەکەی هەڵەبجەدا، ماڵی چووەتە پاوە، بەماڵ و منداڵەوە لەوێ مایەوە تالەبەرواری (١٩٩٧/١/٢٦) لەنەخۆشخانەیەکی کرماشاندا کۆچی دوایی کردوو، لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ تەوێڵەو لەگۆڕستانی باباسەرهەنگ بەخاك سپێررا. وەستا مستەفا خاوەنی سێ کوڕو سێ‌کچە.

ئەم یەرێزە، پیاوێکی بەسەلیقەو هۆشمەند، هێمن و لەسەرخۆو دڵ پڕ لەئیمان و قانع بەژیان بووە، کورتەچیرۆکی جوانی دەزانی کەپڕ بوون لەپەندو عیبرەت، جارجارەش شیعرەکانی (گوڵستان و دبستانی) دەهێنا، گوڵزاری

کوڕەکانی خۆی پێدەڕازاندەوە. وەستا لەم دواییەدا ئەم شیعرەی زۆر لەسەر زمان بوو دەیووت:

لەهیچ ناترسم، غەیرەس لەمردن   تەقەی پاچ و بێڵ، قەبر هەڵکەندن

ئەمەش چەند نمونەیەك لەشیعرەکانی:

تەن دان وەلاوە، دڵ دان وەخیاڵ   بیرە وەسیەتی، ئاکاب و مناڵ
نیشانەی پیری، سەرئاوەرد دیار   هێزم بێهێزەن، ڕاسم بیەن لار
زار زار مەناڵو، دڵ وێنەی لالأن   پەی مایەی عومرم، شیەن بەتالأن
عومرم سەرف کەرد، نەزان چێش کەردە پەی ڕای ئاخرمان، ئاخ و داخ بەردە
پەی ڕای ئاخرمان، خەجاڵەت پێمەن   خەتای کەس نیەن، کرداری وێمەن
پەی عومری عەزیز، ئاخ و داخ وەردم   هیچ پەی قیامەت، حازر نەکەردم
دەردم گرانەن، دەروون پەرێشان   یاران قیامەت، تەگبیرم چێشەن،

* * *

فکری شکاتشەن، لاو خیاڵیەوە   وەشەگیرواردەن، دەسوتاڵیەوە
پیری بەنەوعێ، تەن بێ هێز کەردەن   هەرئاخ ئاخشەن،پەی وەختی مەردەن
من یا فراقەن، یا خەجاڵەتەن   سەفەر هانەبەر، ڕای قیامەتەن
سادڵ زات کەرە، ڕوو ئەو دیوان کە   کردەوەت نەڕوی، دیوان بەیان کە

* * *

سەیرکەردم وەهار، چون سالأن نەبی   زەمزەمەی جاران، خاڵ خالأن نەبی
وەهار چون واران، سالأنش نەبی   ئازیز مەیلەکەی جارانش نەبی

* * *

ئەم هۆنراوەیەی لەسەر (شێخ حسامەدین) نوسیووە:

سەلامت لێ بێ یا شێخی ثانی   شێخی تەریقەت، زادەی عوسمانی
یانەت باخەکۆن، بەرزی شارەزوور   خۆ هەر نامی تۆن، مەشهورەن جەدوور
وەش نیا حاڵم، پەشێوەن یەکجار   دەرمان نەکیانی، مەگیرۆ قەرار
جەلاو تۆ دەرمان، ئازیزم چیشەن   یەک نەزەر کافین، دڵ خەیلێ ڕێشەن
مستەهەقەنا، ئازیز تۆمزانی   هەر مشیۆ دەرمان، پەی من کیانی
باقی وەسەلام، شای هۆرامانی   ئوستادی کامل، قوطبی زەمانی

* * *

لەساڵی ١٩٨٨ دا خەوێك دەبینیو بەم شێوە دەیهۆنێتەوە:

لەخەودا

شەوێ لەخەوما چووم بۆ تەوێڵە ئەنوارم گشتی وێرانەو چۆڵە
پرسیم لەو دارەی والەمەیدانە کوانێ (مالیدەر) کوانێ (چلانە)
وتی (چلانە) و (مالیدەر)ام ڕۆ بەقەد هەردوکیان (واراوەر)ام ڕۆ
جمعەو جەماعەت مزگەوتانم ڕۆ زیکرو تەهلیلەی بەربەیان ڕۆ
دەف و تەپڵەکەی دەروێشانم ڕۆ تەکیەو خانەقای شێخ (عوسمان)ام ڕۆ
کانی سنعات و زانایانم ڕۆ صاحب سفرەو خوان خانەدانم ڕۆ
قەیسەری و دوکان سەرمەیدانم ڕۆ سەوداو مامەڵەی بازرگانم ڕۆ

لەسەرەتای هۆنراوەی (صەیاد)دا دەڵێت:

تەئریخ جەهەزار، نۆسەد شەست و چوار صەیادی سەرسەخت، ئامان وەگوفتار
(واتش عەشرەتا، ساڵەش وەشەنە ئازوخە باردێ، بلمێ کەشەنە
جەهانە سوسو، تا خەمەکاوە صەیادی چڕدی، بابلمێ ڕاوە
بزانمێ کاما، تفەنگچی خاسا کاما وەش پیکاو، کاما دەست ڕاسا
داشاونە لوێ، ئۆپەشت و بانا صەیادی تەمام، ڕاوەو حەیوانا..)

لەسەرەتای چامەیەکی دوورو درێژدا دەڵێت:

ئەگەر پەرسینە پەی حاڵ و ئەحواڵ وەختش وەهار بی، کویسانان خاڵ خاڵ
شەوێ جەشەوان، جەسەعات یەری (س...) نیشتەرە حیکایەت کەری
واتش ئەی یاران، قەومان خوێشان ئارۆ من دڵم، بیەن پەرێشان..)

وەستا مستەفا لەکاتی سەرەمەرگدا هەر لەخەستەخانە، دوا شیعری خۆی وەك دوا یادگار نووسیوە، کەتێیدا کەوتووەتە (موناجات) لەگەڵ خوادا، ئەمەش دەقی هۆنراوەکەیەتی:

موناجاتمەن

موناجاتمەن، موناجاتمەن فکرو خەیاڵی ڕای نەجاتمەن
"کانە کووی کەرەم" کەریمی کارساز یاڕەب! جەدەرگات تۆبەم هەن نیاز
واران مەرەکەب، درەختان قەڵەم وەسف و سەناو تۆ، مەکریو سەرجەم
هەندێ بنوسم جەتەعریفاتت قودرەت نمانای، ڕووی سەربساتت
کانە کوی کەرەم، ڕەحمەت فروان ئامان و تۆبە، فرەم هەن تاوان
یاڕەب بەخاتر پاکی پێغەمبەر موخافاتم هەن، جەڕۆژی مەحشەر
یاڕەب جەدەرگات، ئینەن ئاواتم ئاسان بویەرۆ، وەختۆ سەعاتم
یاڕەب هەر وەختێو کەبۆ خەلاسمان دەفتەرمان بدەی، بەدەستی ڕاستمان

ئەم هۆنراوەیە ئاوازی بۆ دانراوەو لەلایەن تیپی پەیامەوە وتراوە.

وەستا عەبدولعەزیز[٤٦]

وەستا عەبدولعەزیز کوڕی عەلی کوڕی ڕۆستەمە، لەساڵی (١٨٩٠ز) لە تەوێڵە لەدایك بووە، هەر بەمناڵی لای (خەلیفە لەیلیٚ)ی دایکی چەند جوزئێك قورئانی خوێندووە، لەلای باوکیشی کەوەستای پێڵاو دروست کردن بووە، فێری ئەم پیشەیەی باوکی بووەو تاکۆتایی ژیانیشی هەر ئەم ئیشەی کردووە.

هەر بەلاوی حەزو خولیای شیعر لەبەر کردن وشسعر وتنی بووە، چونکە زیرەك بووە، یەك دوو جار شیعریان بۆ خوێندبێتەوە لەبەری کردووە.

گەلێك شیعری صەیدی و بێسارانی و مەولەوی و سەعدی شیرازی لەبەر بووە. هەروەها زۆربەی شیعرەکانی مەولود نامەو میعراج نامەو حەیدەرنامەی لەبەر بووە، دوو شریتی تەسجیلی هەیە لە (١٩٦٩/٣/٢٦) گرتوویەتی، هەمووی لەم شیعرانەیە بەدەنگە بەسۆزەکەی خۆی تەسجیلی کردوون.

هاوڕێکانی وەستا زیاتر ئەمانە بوون: سەید عوسمان، مەلا حەسەنی دزلی، حاجی مامۆستا، حاجی سەید محەمەد، حاجی ئەحمەدی حەمەی قادر، حاجی بابای حاجی محەمەد، شەفیع حاجی محەمەد .. تاد. هەروەها تێکەلاٚوی دیواخانی قادر بەگی زۆر کردووەو قادر بەگ خۆشی ویستووە.

وەستا ئۆلعەزیز جگە لەوەی شیعرێکی زۆری شاعیرانی لەبەر بووە، خۆیشی دەستی شیعری بووە، بەتایبەت لەسەر وەصف کردن دەستێکی بالاٚی بووە. لەلای خەڵکی پیاوێکی خۆشەویست بووە، هەمیشە لەدوکانەکەیدا خەڵکی لەلا بوو، هاتوچۆکەرانیشی زیاترموشتەری شیعرەکانی بوون. وەك: م. عوسمان محەمەد هەورامی، م. مەحیەدین حاجی سەلیم، م. مەحمود عەبدوڕەحیم و م. محەمەد عوسمان ..تاد.

کاك بەختیاری کوڕی دەڵێت: شیعرەکانی خۆیبەشریت هەمان بوون، بەلاٚم کەتەوێڵەمان چۆڵ کرد، شریتەکان فەوتان، هەروەها دەڵێت: لەگەڵ حەفصەخانی نەجیبەفەنیدا کەدەستی شیعری بووە، شەڕە شیعریان دەکرد[٤٧].

کاك جەلالی برازای دەڵیٚ: مامەم شیعری زۆری هەبوو، بەتایبەت شیعرێکی دوورو درێژی هەبوو لەسەر (لەك) زۆرجار دەیوت بۆمان، بەلاٚم بەداخەوە نەمان نوسیوەتەوە.

وەستا لەبەرواری (٢٧ی ڕەمەزانی ١٩٦٩) لە تەوێڵە کۆچی دوایی کردووەو لەباوا سەرهەنگ نێژراوە.

بەڕێز م. عوسمان هەورامی لە (ل٤)ی دیوانی صەیدی هەورامیدا، دەڵیٚ: (لەهاوینی (١٩٥٧)دا، کەلە تەوێڵە بووم زۆرجار لەخوالێخۆشبوو وەستا (عەبدولعەزیز عەلی –١٨٩٠–١٩٦٩) هۆنراوەی (صەیدی)م ئەبیست،.. ناوبراو

هەرچەندە نەخوێندەوار بوو، لەگەڵ ئەوەشا سەلیقەیەکی سروشتی هەبوو بۆ لەبەر کردنی هۆنراوە، .. منیش زۆرجار، کەلەسەر دوکانەکەی دائەنیشتم، دەفتەرێکی بچوکم پێبوو، دەستم ئەکرد بەنوسینەوەی هەر هۆنراوەیەکی لەبەری بوو" هۆنراوەی زۆر شاعیری لەبەر بوو، بەلاّم لەهەموویان پتر هۆنراوەکانی (صەیدی) ...).

بێگومان وەك لەژیانی مەلا حەسەنی دزلیدا باسمان کردووە، نێوان مەلا حەسەن و وەستا ئۆلعەزیزخۆش بووە لەدیوانەکەی مەلا حەسەن(ل٨١)دا هاتووە:

(.. بەپێی فەرموودەی یەکێ لەماموٚستایانی تەوێڵە ئۆسا (ئەولەزین)... هۆنەرێکی بیر تیژ بوو، خوێنەوار نەبوو، بەلاّم شەڕە شیعری ئەکرد. شیعری خۆی ئەخوێندەوە کەس چەنە بەری نەدەهات، گوڵێ خانم ژنێکی بالاّبەرزو شۆخ و لێهاتوو بوو، چۆخەو ڕانکی پیاوانەی لەبەر ئەکرد. بڕنەوێکی دەکردە شان و سام و هەیبەتێکی بوو، لەو دەورو بەرەدا ناوی داخستبوو، زۆر بەغیرەت بوو. ئوسا خۆیشی زۆر قسەخۆش بوو لەخزمەتی خەلّکا بوو.

ئیشی کلاّش و شتی ئەکرد، زۆر هونەرمەند بوو، تەنانەت موشکلی پینەو پەڕۆی حەل ئەکردو کەوشیشی دروست ئەکرد. واتە خۆی پێستی خۆشە ئەکردو ئەیکردە پێلاّوی زستانی بۆ خەلّك، ئەمەش نمونەیەك لەهۆنراوەکانی:

چواردەیٚ تەموز، چواردەی تەموز[1] ئیستعماری کردووە بەچووز
بەرگی ژنانەی کردەبەر[2] بۆ کویٚ ئەچیٚ ئەی قوڕ بەسەر
خۆشمان بۆ هات، جمهوریەت[3] سەرۆکمان دانیشت لەسەر تەخت

لەبارەی میوان بەدیاری و سەوقاتەوە ئەڵیٚ:

میمان بیٚ سەوقات قەدر مەدارۆ زەڕە شیرینا میمان چێو بارۆ

هەروەها وەك پەندێك ئەمەی خوارەوەی زۆر دەوتەوە:

هەڕێو نامێش سۆنە بۆ ڕێوە ئننە تننە بۆ
خەلێو جە (ئەرجومە) بۆ مشێو بارش چننە بۆ

(ئەرجومە) وادەردەکەویٚ مەبەستی دیٚی (ئەنجومنە) بێت.

---

[1] چواردەی تەمووزی (١٩٥٨) کەڕژێمی پاشایی ڕوخاو جمهوری لەعێراقدا دامەزرا.

[2] مەبەست نوری سەعید بوو، لەترسی شۆڕش جلی ژنانەی لەبەر کرد کەچی هەر کوژرا.

[3] لەو کاتەدا عەبدولکەریم قاسم هاتە سەر دەورو خەلّك وای دەزانی بەدەست ئیستعماری ئینگلیزەوە نەجاتی ئەبیٚ ئیتر ژیانێکی خۆش دەست پێدەکا، خەلّك بەمافی خۆی دەگا، بەتایبەت خەلّکە کوردە داماوەکە هەڵدەپەڕیو پێی وابوو هەقی دەدرێت، کەچی ئەوەی لیٚ دەرچوو دیمان.)

فۆلکلــۆر

فۆلکلۆر:

هەموو ئەوشتانە دەگرێتەوە کەپێوەندییان بەئامادەکردنی بیری خەڵکەوە هەیە و، دیاری کراوێکە لەسەر توانا و لێهاتووی هونەری خەڵکان. لە ڕوانگەی بابەتەکانیەوە پێناسەی تری هەیە، کە دەبێت شتە کۆمەلأیەتی و دەرونی یەکان یش بگرێتەوە، چونکە بابەتەکانی فۆلکلۆر بە گشتی دەکرێنە دووبەش:

یەکەمیان: بریتی یە لەو شتانەی کە شوێنەوار و کولتورە.

دوەمیان: بریتی یە لەو شتانەی کە کلتوری یە، بەلأم لەبەردەستدایە واتە بەکاردەهێنرێت[٤٨].

بەشێوەیەکی تر بڵێین: فۆلکلۆر لە دوو جۆر شت دەکۆڵێتەوە:

جۆرێکیان کەلەپور و بەرجەستە کراوە، کە هەموو ئەو ئامێر و پۆشاك و خواردن و شتانەی کە لە پێداویستی ژیاندا بەکاردەهێنرێت دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەو داب و نەریت و باوەی کەلە بۆنە و ئاهەنگ و یاری یە میللییەکان و ..تاد، دەکرێت.

جۆرەکەی تریان: کولتوری و مەعنەوی یە، واتە: بریتی یە لە کولتور و فەرهەنگ و هونەر و ئەدەب، کە ئەمەش خۆیان لەشیعرو ئەفسانەو پەندو قسەی نەستەق و مەتەڵو حیکایەت و گۆرانیو داستان و گاڵتەو گەپ...تاد، دەگرێتەوە.

ئەوەی کە گرنگە و مەرجە ئەوەیە کە: فۆلکلۆر مەڵکی تاکە کەس نەبێت و خاوەنەکەی نادیار بێت و تەنها گەل خاوەنی بێت، هەر وشەکەش بەمانای سامان یان کەلەپوری خەڵك دێت.

ئەوەی شایەنی باسە: کورد وەکو میللەتانی تری جیهان خاوەنی کۆمەڵێ کەلەپور و فۆلکلۆری تایبەتی خۆیەتی-خاوەنی شایی و شەوارەو شەوچەرە و ..ئاهەنگ و زەماوەند و خەتەنە سوران و سەرخەرمان و ساوەر کوتان و چەندان داستانی مەزنە...[٤٩])

لێرەدا دەتوانین بڵێین: ناوچەی هەورامان لە فۆلکلۆردا زۆر دەوڵەمەندە، لە هەموو شوێنێ زیاتر فۆلکلۆری خۆشی پاراستووە. دەڵێن:

لەساڵی (١٩٥٥) دا، لە سلێمانی پێشانگایەکی فۆلکلۆری و کەلەپوری کراوەتەوە، لە لایەن (عومەر عەلی)یەوە کە موتەصەریفی ئەو کاتەی سلێمانی بووە. فۆلکلۆری هەورامان بەشێکی زۆری پێشەنگاکەی داگیرکردبوو، زۆربەی زۆری شتەکان لە فۆلکلۆری هەورامان بوو.

م. بارام سەعدی دەڵێ:

(لە ساڵی (١٩٧٥-١٩٧٦)دا پێشەنگایەکی فۆلکلۆریمان لە بینای ناوەندی تەوێڵە کردەوە، چەندەها شتی دانسقە و نایابی تیابوو... بەداخەوە نازانم دوایی چی لێهات).

بابەتەکانی فۆلکلۆر، زۆریان لە شوێنەکانی تری ئەم نوسینەدا باس کراون، بە تایبەتی لەبەشی ئابوری و هونەری ئاوەدانکردنەوە و کۆمەڵایەتی و پیشەسازی دا. هەندێکیشیان کە پەیوەندی بە ئەدەب و هونەرەوە هەیە لێرەدا دەیانخەینە ڕوو.

بە نیسبەت هۆنراوە فۆلکلۆریەکانەوە، ئەوانیش زۆریان لە شوێنی تر نوسراون، وەك لە باسی جوگرافیای تەوێڵە و سروشتی تەوێڵە و گوڵەکان و ...تاد.

وا لێرەش ئاماژە بە هەندێکی تر لەو هۆنراوانە دەکەین، بەتایبەت کە لە تەوێڵە زۆر باون و لەسەر وێردی زمانی خەڵکیەوەن:

لە هۆنراوە فۆلکلۆریەکان

نالە ناڵێو مێو، چا قەبرسانە — ناڵەی پیرنیەن، ناڵە جوانە
ئاخ پەی جوانی‌یەکەیم گێڵێ دماوە — شکات و پیریم، کەردێ جەلاوە
ڕێحان پەی پاسار، بەرزەڵنگ پەی کۆ — سوپا پەی سالار، جوانیەکەیچ پەی تۆ
قەهار ئاماوە کەش و کۆ ڕەنگین — دڵەی عالەم شاد، دڵەی من غەمگین
قەهار پەی کەسی و، وێچش وەهاربۆ — نەوەک پیسەو من،دڵەش غەمبار بۆ
ولاَت و ویما، کویَ و دیارا — ئیننۆ ئاکۆیە، خەم جە دڵم بارا
ئانا تۆ ملی، منت جەویر بۆ — ڕەنگا تەوێڵێ، خاکش دڵگیر بۆ
هەرچەن دڵ وەشی دڵەم دامەوە — دڵ بی پەلەوەر، نەنیشت لامەوە
گوراڵی کەشا گردم بۆ کەردێ — بۆ تۆشا نەدا، دەسکەنەم کەردێ
سیاو ڕێحانە و دەرەو لهۆنی — وەشڵەی پاکەلیە، ئۆ دیمش تۆنی
کوێسانان خاڵخاڵ، بەفری پاش و پێش — تۆجەشارەزوور،من شاهۆم پەی‌چیش
ڕێحانم کالاَ، بەدەم و بێلی — پەی چەمە سیاوا دەرەو تەوێڵێ
یاخوا نەڵکمین، هۆر کنیۆ جەبن — بەڵکو بەربیێو، نوری دڵەکەی من
ئەی خوا چن وەشا، ساحبو وەهاری — بلی مڵکۆری، دەرۆ چناری
چوار فەصڵەی وەشا، نەک وەکو قەهار — گوڵی بەرمەیا، هەزار بە هەزار

پیٚ کی هۆر مجو، زوخاو و دلاٚ — چەنی کی کەرو، سیرانو گولاٚ
هەرکەس خەمبارا، با بیٚو وەلاومن — خەم چەنی خەمی، زوو مەبۆ ساکن
کویلەی چریش کوا گرد بەیدیٚ — شاهۆی‌شاش مەردەن،سەرونەش دەیدیٚ
کویلەی چریش ئۆ بزازەزا — خورِ خورِەو هەیات، خەیلیٚ مەجارا
ئەی خوا چن وەشا، صاخب و ڤەهاری — نەڵکمین بدیەی، ئۆ گوزینداری
گوزیندار مەدیۆ، سەیمارەواری — کۆنی نازاری، دەرەو چناری
خواڵەی خەمانش، هەر پیٚ ویٚم نیان — سەحەر مەهورز و، هەناسەم چنیان
یەک باریٚو جە خەم، نیشتەن وەلیٚوم — کەرەم کەرِەحمیٚو،جەستەی پەشیٚوم
گەزتەی مارخاسا، چون زوو بو سارِیٚژ — نەکۆی دەردی دلٚ، دایم کەرۆ ئیش
یاران هامسەران، عەشرەتان ئامان — زامانی سەختم نیاشا دەرمان
زامداریٚ چون من، حەکیمیٚ چون تۆ — مشیٚو ئازامە، چی سارِیٚز نەبۆ
سورە هەراڵەی وات، من یاگیٚم خرِا — کاتیٚو بەرمە و، وەختی کۆپرا
وەنەوشەم چنی تەپم دا جە کۆ — شەوگارم شەق کەرد نەیانیٚ تۆ
ئەی دورە ولاٚتا، سلاٚم ونەتا — من بو کاواتر، مەیاو و لاتا
هەرلیٚو گوڵیٚ هەن، پەرچینش غارا — رِای بولبول نیەن، گولٚ ئینتیزارا
هەرچەندە کەرو،خەیالاٚنی تۆ — گەرمە شینمەن، دوبارە جەنۆ
هەرچندە کەرو، خەیاڵی پاری — جار بەجار بەتەر، دەردم بۆ کاری
سەرتاپا کەشا، گولٚ و گوڵزارا — سەیران وەش بیەن، چەنی نازارا
چنور شەیدابی، هەردە بە هەردە — مدۆ بەسەردا ، چون ئازیز مەردە
مژدە بۆ یارا، تەمام وەهارا — کەش و کۆ رِەنگین، دنیا گوڵزارا
ئازیز نعمەتەن، قەدرش بزانە — حەیفەن جەوەتەن، بینە بیگانە
صەیاد نەمەنەن، گیٚڵۆ سەرکەشا — هۆرامان گردش، سەرانسەر وەشا

وتەی پێشینان = واتەو وەڵینا[٥٠]

وتەی پێشینان: یا پەندن یاخۆ قسەی نەستەقن، پڕن لە واتاو مەبەست بە شێوەیەکی سادەو ڕەوان، پڕن لەڕەوانبێژی و حیکمەت و ئامۆژگاری، لەوشەی ڕەسەنی کوردەواری. هەیانە زۆر سوک و سادەو ئاسانە، هەشیانە زۆر قوڵ و گران و ئاڵۆزە لەوشەی ڕەسەنی کوردەواری. هەیانە زۆر سادەو سوک و ئاسانە، هەشیانە زۆر قوڵ و گران و ئاڵۆزە، خوێندەوار و نەخوێندەوار لێیان تێ دەگەن.

وتەی پێشینان: بیری پڕ لە ژیری باب و باپیرانمانە کە لە زاری بێ خاری پاکیانەوەهاتوونەتە دەرەوە، خۆ ناسینی پێشینانە بە نەوەی ئەمڕۆ و داهاتوو، ئاوێنەی دید و بۆچونی ڕاستەقینەی ژیانیانە، لەگەڵ ئەمانەشدا دیاری و سەوقاتێکی گرانبەهای بەنرخە لێیانەوە نێرراوە بۆ ڕۆڵەکانی داهاتووی خۆیان.

وتەی پێشینان: بەرز و بەنرخن، چاك و بە تامن، گەنجینەیەکی پڕ لە گەوهەر و سامانی نەتەوەیین و بەرهەمی ناخی ڕۆڵە قسەزان و زانا و داناو هۆشیارەکانی گەلەو بوونەتە مولکی گەل و نەتەوە و، گیانی نەمری و جاویدانیان لە خۆ گرتووە و، تا گەل بمێنێ ئەوانیش زیند و دەژین. هەروەها شێوە و وێنەی ناوچەیی و ئاساییان وەرگرتووەتە خۆیان، چونکە قسەی زاری خەڵکی دەڤەرەکەن، واتە هەر ناوچەیەك بۆ خۆی کۆمەڵێك لەو وتە بە نرخانەی گرتووەتە خۆی و لێی بەجێ ماوە.

هەورامان و تەوێڵەش لەناو دەڤەرەکەدا بەهەمان شێوە بۆ خۆی خاوەنی کۆمەڵێك (واتەو وەڵینا)ن- ئێمە ناتوانین ئەو هەموو وتانە کە لە هەوراماندا باون بیان نوسین بەڵکو تەنها هەندێك لەوانە دەنوسین کە لە تەوێڵەدا هەن و باون و زیاتر بەکاردێن.. ئەوانیش مەرج نی‌یە هەموویان دەستمان کەوتبن......ئەمەش کۆمەڵێك لەو وتانە:

-تەوێڵەیی کاغەزی چەرمە مواناوە.

واتە تەوێڵەیی کاغەزی سپی دەخوێننەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەوێڵەیی زیرەکن و لە شت تێ دەگەن و، پێشبینی شت دەکەن.

دەگێڕنەوە: لەلایەن مەحمود خانی درزلی‌یەوە، نامەیەکی سپی دەگاتە دەستی قادر بەگ، ئەویش خەبەر دەنێرێ بۆ (مەلا ئەحمەدی قازی یا میرزا ئۆلقادر) کە بێت ئەم نامە سپی‌یە بخوێنێتەوەو چی لێ تێدەگات. لەوەڵامدا دەڵێت: قوربان نەخۆشم ناتوانم بێم، بەڵام خۆت ئاگرێك بکەرەوە و کاغەزەکە بدە بەسەر ئاگرەکەدا ئەوەی کەنوسراوە تیایدا دەردەکەوێت. وەبشزانە ئەو نامە

بەناوی پیاز نوسراوە. قادر بەگیش ئاوا دەکات و نوسینەکە دەردەکەوێت و دەیخوێنێتەوە، پاشان (میرزا ئۆلقادر یان مەلا ئەحمەد) دێتە لای قادر بەگ دەڵێ: بەگم نەخۆش نەبووم بەلام بۆیە نەهاتم ئەوە نامەیەکی نهێنی تۆو ئەو کەسە بوو، وتم با هەر خۆت بیزانی و بیخوێنیتەوە. قادر بەگیش دەڵێ بە خوا خۆ وابوو، ئەمەت ژیرانە ترو عاقلانە تر بوو لە ئەسڵی خوێندنەوەکە.

لەو کاتە قادر بەگ وتی:

بەڕاستی تەوێڵەیی کاغەزی چەرمە مواناوە.

هەروەها دەگێڕنەوە:

حاجی ئۆلوەهاب و حاجی محەمەد (حاجی یەخرە)، بە شەریکی کاسپی دەکەن لەو ماوەیەدا کاکڵەیان کڕیوە و بردویانە بۆ بەغداد حاجی ئۆلوەهاب دەچێت لەگەڵیدا، ئەڵێت ئەگەر ئەمەم باش فرۆشت خەبەرت بۆ دەنێرمەوە کاکڵەی تر بکڕە....کاکڵە لە بەغدا دەفرۆشێت و قازانجی باش دەکات، ئیتر حاجی ئۆلوەهاب کاغەزێکی سپی دەنێرێتەوە بۆ تەوێڵە، کە کاغەزە سپییەکە دەگاتە دەستی حاجی محەمەد، حاجی عەبولەی هۆمەر ئاگای لێ دەبێت و کاغەزە سپییەکە دەبینێت و تێ دەگات کە مەبەستی ئەوەیە کە کاکڵە لە بەغدا پارەی باش دەکات. جا پێش حاجی محەمەد هەڵدەسێ کاکڵەیەکی زۆر دەکڕێ و دەیبات بۆ بەغدا و دەیفرۆشێ. کە حاجی ئۆلوەهاب بەمە دەزانێ، دەڵێ: بە حاجی محەمەد من هیچم نەنوسی لە کاغەزەکە نەوەك بکەوێتە دەستی تەوێڵەیی و بیخوێننەوە نەمزانی (تەوێڵەیی کاغەزی چەرمە مواناوە).

-تەوێڵەی مەبە و، تەوێلینە بە.

واتە: تەوێڵەیی مەبە و بەلام لە تەوێڵە بە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەوێڵەیی خزمەتی غەریب دەکەن، ڕێزی غەریب دەگرن، لە ڕاستیدا نیوەی خەڵکی تەوێڵە، تەوێڵەیی ئەسڵی نین بەلام کە هاتوون بۆ تەوێڵە ڕێزیان ئەوەندە لێ گیراوە لە تەوێڵە ماونەتەوە.

-تەوێڵەی بەو، دەربەدەربە.

واتە تەوێڵەیی لە دەرەوەی تەوێڵە، زۆر بەدەم یەکترەوەن و هاوکاری یەکتر دەکەن و نزیك دەبنەوە لە یەکتر.

-یاخوا تەوێڵەی هەر فرە بوو، بادەربەدەر بوو.

ئەم پەندە بەم جۆرەش هەیە(قۆم فرە بوو بادەربەدەر بوو).

لەگەڵ پەندەکەی سەرەوەش هەر نزیکە واتاکەی واتە:تەوێڵەیی یا خزم یاخوا هەر زۆربێت یا دەربەدەریش بێت و لە تەوێڵەش نەبێت، بەڵام هەر ڕۆژێک بەهاناتەوە دێت و سودی دەبێت.

–تەوێڵەیی، یانە وێرانی، ئاوی پلورینی.

ئاوی پلور ئەو ئاوەیە لەناو بازاڕدا لە پاڵ مزگەوتی گەورە، ئاوێکی خۆش و سازگارە، ئەوسا دوو چایخانەش لەو ناوەدا هەبوو، سێبەری سورە چنارەکەش خۆشتر و جوانتری کردبوو، جا تەوێڵەیی ئەو ئاوە سازگارەیان بەلاوە زۆر خۆش بووە، زۆرجار لەکاروان و سەفەریان یا بڵێین کاتێک دوور کەوتونەتەوە و چونەتە غەریبی بیریان لەم ئاوی پلورە کردۆتەوەو وازیان لەو کاروانە یان لەو سەفەرە هێناوە. دەڵێن: حەمە کەرەمە خاڵە چووە بۆ کاروان لە نیوەی ڕێگە گەڕاوەتەوە، دوایی چووەتە سەر ئاوەکە و، گوایا تفێکی لەئاوەکە کردووە و وتویەتی بەئاوەکە چیمان پێ دەکەی ئێمە لە بۆنەی تۆوە ناتوانین لە تەوێڵە دوورکەوینەوە و پاشان ئەم پەندەی وتووە.

–تەوێڵەی تانەچەشۆش قەناعەت مەکەرۆ.

واتە: تەوێڵەیی عاقڵە و زیرەکە تاشت ئەزمون و تاقی نەکاتەوە، باوەڕ و قەناعەت ناکات، بە عاطفە و سۆز ناکەوێتە شوێن هەر هەواڵ و خەبەرێک کە بیبیسێ.

–تەوێڵەی نادرشاش دان کوشتەی[٥١].

نادر شا، شای ئێران بووە، کوردستانی داگیر کردوە، دوایی بەغداش داگیر دەکات و پاشان کە عوسمانیەکان پەلاماریان داوە لە شارەزورەوە هاتوەتە تەوێڵە و لەوێ چوەتەوە ئێران بەڵام ستەمی زۆر کردوە.

دەگێڕنەوە: لەکوشتنەکەیدا دەستی تەوێڵەیی تیابووە ئەمە لە کاتێکدا دەوترێت بەخەڵکی، کەدوژمنایەتی تەوێڵەیی بکات پێی دەڵێن: ستەم مەکە لە تەوێڵەیی و خۆت مەکە بە دوژمنیان چونکە ئەوانیش ئەگەر بیانەوێت دەتدەن بە کوشت و بەخۆشت نازانی.

–بەڵێ نا تەوێڵەی بیەنی:

دەڵێن کە جافرسان دەگەیشت بە تەوێڵەیی پرسیاری زۆری لێ دەکردن، دەربارەی دەنگ و باس و هەواڵ. ئەوانیش وەڵامی جوانیان لابووەو شتیان زانیوە، بۆیە تەوێڵەیی لای جافرسان بە زیرەك و هۆشیار و وریا کەوتونەتە بەرچاوی... جا ئەگەر لەکەسێکی تر پرسیاری بکردایەو وەڵامی نەزانیایەو

ئاگای لە دونیا نەبوایە پێی دەوت: بەڵێ نا تەوێڵەیی بیەنی واتە: بەڵێ وامزانی وەکو تەوێڵەیی زیرەك و وریای.

-تەوێڵەی بە ئافەرین مەخەڵەتیۆ.

واتە: تەوێڵەیی بە پیا هەڵدان و ستایش ناخەڵەتێت.

-خوایا جە دەم و تەوێڵەی لام دەی.

واتە تەوێڵەیی بیانەویٚ بە زمان شایعە و جەنگی دەرونی بکەن، لەگەڵ دوژمندا دەیڕوخێنن، بۆیە ئەم دۆعایە کراوە، دەشڵێن ئەمە وتەی ئەولحامدی ئەلیەیە کە دژایەتی قادر بەگی کردووە. خەڵکی ڕاپۆرتی زارەکیان لەسەر داوە بەڵکو هەندیٚ کەس ڕقیان لیٚ بووە، شتیان بۆ دروست کردوە، ئەویش لەم کاتەدا ئەمەی وتووە.

-مانگە شەوە و خوای و کلاشی تەوێڵەیا.

ئەمە کاروان چی وتویانە واتە شەوێك بڕۆی بۆ کاروان، مانگە شەوبێت و کلاشی تەوێڵەیشت لە پێدا بیٚ، ئەو کاتە سەفەر خۆشە، هەم دونیا ڕۆشنە و هەم بەو کلاشانەوە دەتوانی پیادە ڕیٚ بکەیت، لە کاتی تردا دەوترێت کە ئەگەر کارێك بکەیت دوشتی بوێت هەردوو بن ئەو کاتە ئەم پەندە دەوترێت.

-ئەی نەوەری گەرەکتا وێت کەری بە صاڵح تانە.

واتە: ئەی نەیخۆی دەتەوێت خۆت بکەیت بە صاڵح تانە.

دەگێڕنەوە:

صاڵح تاتە لە باشوری عێراق، پۆلیس دەبێت، موخالەفەیەك دەکات و ئامرەکەی لێی توڕە دەبێت، دەڵێت.. شەرت بیٚ نقڵت بکەمە شوێنێکی دوور، ئەویش دەڵێت: منەتت نەبیٚ ئەگەر نقڵم نەکەیت بۆ ئاخر دێی سەرسنوری ئێران و عێراق کە تەوێڵەیە... ئامرەکە دەڵێت شەرت بیٚ نقڵی ئەو شوێنە دورەت بکەم.. لەئەنجامدا نقڵی تەوێڵەی دەکات کە زێدی لە دایکبونی خۆیەتی.

-من تاتەیم ژەنی پیٚ ناردە نا.

واتە من باوکم ژنی بۆ نەهێناوم بەڕەنجی شانی خۆم ژنم هێناوە. کاتێك دەوترێت کە کوڕ داوای ژن بکات لە باوکی بەلاّم هیچی نەبێت. دەڵێن ئەم پەندە خاڵۆ (حەمەی سلێمان) وتویەتی کە باوکی (حەمە عارف و حەمە عەلی)یە کە بە حەمیٚ ناسراوە.

-تاتەکە و حەملە قشقەڕیا.

واتە: باوکەکەی حەملە قشقەڕە.

بەمانای کاروئیش پەك دەخات و ئیش دەشێوێنێ، دەگێڕنەوە:

جارێکیان لە ڕۆژی هەینیدا لە تەوێڵە (٣٩)کەس ئامادە دەبن بۆ نوێژی هەینی، دەنێرن بە شوێن باوکی حەملەدا بەڵکو بێت و ببنە (٤٠) کەس و نوێژی هەینی بکەن ، چونکە بەپێی مەزهەبی ئیمامی شافعی دەبێت ئامادەبوانی نوێژی هەینی لە (٤٠)کەس کەمتر نەبن- ئەویش دەڵێ: بە خوا هەلە، خوا ئیشی منی زۆر جار پەك خستووە، ئەبێ ئەمڕۆ منیش ئەم نوێژ کردنە پەك بخەم، نایەت و خەڵکەکەش نوێژەکە ناکەن.

-جەنان و دۆی وارتەر نمەو.

لە کاتێکدا دەوترێت بۆ کۆتایی هێنان بە گفتوگۆیەك ئەوە ئیتر ئاخیر قسەیە. ئەگێڕنەوە:

صاڵح تاتە و دوو پۆلیس دەچنە لادێیەك و، وا بڕیار بووە کوێخا پۆلیسەکان بەسەر ماڵەکاندا دابەش بکات و هەریەکێکیان بەر ماڵێك دەکەون، صاڵح تاتەش بە خۆی و ئەسپەکەیەوە دەچنە بەرماڵێ، دوای مەرحەبایی و بەخێرهاتن، صاڵح تاتە دەڵێت: زەحمەت نەبێ ئاوی فرۆجاوەکە با سوێر نەبێ.. خاوەن ماڵ دەڵێ... بەخوا فرۆجمان نییە تاسەری بڕم بۆت ... صاڵح تاتە دەڵێت: دەی حەلیماو، واتە (ئاوی پلاوی برنج)ـەکە مەڕژێنە با بیدەم بە ئەسپەکەم، خاوەن ماڵ دەڵێت: بە خوا برنجیشمان نییە..صاڵح تاتە دەڵێ: کەواتە ساوەرمان بۆ لێ دەنێن. دەڵێت: بە خوا ساوەریشمان نییە. ئیتر صاڵح تاتە دەڵێت: تەلاقم کەوتبێ لە نان و دۆ بەرەو خوارتر نایەم.

-کوڕو یودەی بەو، زەڕت بۆ.

واتە: بە داخەوە کوڕی یەهودی بیت -کەلەناو کۆمەڵدا سوك و بێ نرخن- بەلأم پارەت بوو، نرخت هەیە و ڕێزت دەگرن، ئەم پەندە ، وتەی حاجی حەمەی حامدە، ئەمە سیفەتێکی خراپە لەناو کۆمەڵگادا، نابێت کۆمەڵ کەسایەتی بە پارە بخوێنێتەوە.

-بەخوا خوەم مێو.

واتە: بەخوا پێکەنیم دێ، لە کاتێکدا دەیڵێی کە گاڵتەت بێ بەو وتەو کردارەی لەبەرامبەرت دەکرێت. هەمان ئەوکەسە وتویەتی کەلەسەرەوە باسمان کرد.

-تاتە عومرتا درێژ بۆ.

واتە باوکە عومرتان درێژبێت... ئەمە بە تانە و تەعلیقەوە وتراوە و دەوترێت. بە مانای عومرتان کورت و نەمێنێت.. ئەمەش خاڵۆ ئەولحامدی ئەلیە وتویەتی بە گەنج یان بە منداڵ.

-مەڵڵا صابیر مەردەن، نەك خاتوو سەعدا.

خاتوو سەعدا خێزانی مەلا صابیر بوو، کاتێك کۆچی دوایی کرد وتیان بە خاڵۆ ئۆلحامد، خاتوو سەعدای ژنی مەلا صابر مرد. ئەویش ئەم پەندەی وت. مەبەستی ئەوە بوو خاتوو سەعدا ڕۆیشت بەڵام چونکە مەلا صابیر پیر بووە ناتوانێ ژن بێنێت دوای ئەو، کەواتە ئەو پەکی کەوت و زەرەری کرد، واش بوو نەیتوانی ژنیتر بێنێت.

ئێستا لە کاتێکدا دەوترێت یەکێك ژنەکەی بمرێت، بەڵام پیر بێت و ژنی بۆ نەیەت.

-هەرەکەی بارە بەزوانمۆ بەسەشۆ.

بەمانای: کەرەکە بێنە بە زمانمەوە بیبەستەرەوە، دەگێڕنەوە:

حاجی مستەفای حاجی قادر لە چایخانەیەکی تەوێڵە دانیشتووە، مەلا عابد بەخۆی و گوێ درێژەکەیەوە لەو ناوە تێدەپەڕێت و سەلام لە حاجی دەکات، ئەویش فەرموی لێ دەکات کە دانیشێ شتێ بخوات.. مەلاش ئامادەیی دەردەبڕێ و دەڵێ ئەی کەرەکەم لە کوێ ببستمەوە، حاجیش لەوەلامدا ئەم پەندەی وتووە. مەبەستی حاجی ئەوە بووە، ئەگەر بە زمان خوڵکی تۆم نەکردایە تۆش نەت ئەوت لە کوێ کەرەکەم ببەستمەوە، قابیلە خۆ فەرمووی خۆتم کردوە نەك ئەوە کە دەبێ خەمی کەرەکەشت بخۆم-لە کاتێکدا دەوترێت ئەگەر زمان هەڵەیەك بکات و خاوەنەکەی پەشیمان بێت لە وتنەکەی.

-کۆمەڵێك پەند هەن بە تەڵاقەوە وتراون وەك ئەم تەڵاقانە کە بە تەڵاقی خاوەنەکانیانەوە ناسراون لەوانە:

بارام بەگ (١٩٠٣-١٩٩١) قسەخۆش بووە، تەلاقی زۆری خستووە، تەڵاقەکانیشی بوونەتە پەندو قسەی نەستەق، بۆ نمونە: بارام بەگ تەڵاقی خستووە وتویەتی:

تەڵاقم کەوتە بو، کەس بیمەك نیا، وێش وێش بیمەك کەرۆ.

بە مانای: کەس ناشرین نیە، خۆی، خۆی ناشرین دەکات. ئەمەش بەهۆی هەڵس و کەوت و ڕەفتاریەوە، ئیتر ئێستا کەسێك کارێکی ناباش بکات و خەڵك

لێی بیٚ تاقەت بن دەڵێن..تەلاّقەکەو بارام بەگ یا کەس بیمەك نیا وێش وێش بیمەك کەرۆ.

–پیسەنە عەلادینی خەیرەش پیٚ وێش نیەنە.

بە مانای: وەکو زۆپای عەلادین خەیری بۆ خۆی نی‌یە، دەگێڕنەوە: بارام بەگ تەلاّقی خستووە عەلادین بنی خۆی گەرم ناکاتەوە واتە: خەیری بۆ خۆی نی‌یە ئیتر بە تەمای خەیر بداتەوە بۆ کەسی تر، ئەمە بەیەکێك ئەوترێ کە کەس بەتەمای خەیر و چاکەی لیٚ نەکات.

–بارام بەگ ڕاستش واتەن: هەرکەس تکەو یانەی و، ڕیٚز و دلی پالاّیش قبوڵ کەرو (گە ...) قبوڵ کەرو.

بارام بەگ تەلاّقی خستووە هەرکەس لە ماڵەوە بێت و خانوەکەی دلۆپە بکات و نەچێت بیگێڕێ و لە ناو پێلاّوەکەیدا بەردی بچوك ببێت و بڕوات بەڕێوە، دەری نەهێنێت.. ئەمانە قبوڵ بکات.. شتی تریش ؟ قبوڵ دەکات.

–تەعویز پیسە کەرو سەرۆشۆسەیۆ سەیارە مدۆماونە.

کە لادێکان بارکران، خەڵکی تەعویزیان وەرگرت، هەرخەڵك بو نەیئەزانی لە شۆفێری کەچی سەیارەیەکی دەکڕی و پارەکەی خەرج دەکرد. جا بارام بەگ تەلاّقی خستبوو تەعویز ئاوا بکات لەسەر ئەم شۆستە سەیارە لێمان دەدات. ئەوەندە کەسی ناشی سوکان دەگرێ بەدەستیەوە..دەڵێن هەر لەوشوێنە کە تەلاّقەکەی خستبوو، دوای چەند ساڵێك سەیارە لێی‌داو دوایی کۆچی دوایی کرد.

–مەوەرو مەجمنو.

واتە ناخۆم و نایجوڵێنم.

دەگێڕنەوە: سەید حەمە شەریف کوڕی سەید صادق، (پەری) باوەژنی بانگی دەکاتە ماڵەوە کە نان بخوات، ئەویش دەزانیٚ مەسەلە، نان خواردن نی‌یە و بۆ ئەوە بانگی ناکات، بەڵکو دەیەویٚ بێشکەی منالی پیٚ بجوڵێنیٚ، بۆیە یەکسەر ئەم پەندە دەڵیٚ.

–هەرچی کریا و شی.

واتە: هەرچی کرا تەواو ڕۆیشت و ناگەڕێتەوە. بەمانای لەکاتی خۆیدا هەلت دەست کەوت دەستی خۆت بوەشێنە و مەترسە لە ئایندەکەی.....

دەگێڕنەوە و دەڵێن: حەمە خانە شەلە، شتی زۆری کردوە و دەستی زۆری وەشاندوە، پێی دەڵێن: باشە تۆ بیر لەم شتانە ناکایتەوە دەیان کەیت، ڕۆژێك دەبێت تووش ببیت، ئەویش لەوەلاّمدا ئەمە دەڵیٚ.

-جا ئینە ڕێکا، جارێك مەنەن.

لە تەوێڵە دوو برا بوون بەناوی (ظاهر) و (طاهر)، ظاهر براگەورە بوو، بەڵام (طاهر) ی برا بچوك لە پێشەوە ژنی هێنا. کاتێك (ظاهر) بەمە دەزانیٚ، دەڵێ بەبرا بچوکەکەی (جا ئینە ڕێکا) واتە: جا ئەمە ڕێکە تۆ پێش من ژن دەهێنی، ئەویش هیچی بۆ نامێنێتەوە تەنها ئەوەندە نەبێت دەڵێ: (جارێك مەنەن) واتە جارێك ماوە، واتە با ئەم کارە ناڕێکەی منیش بچێتە پاڵ ناڕێکە کانی تر.

-مەردا، ناڕازیی نەبیدی، ئانە حوکم و حەمە عەلی مۆڵەیتا نەدیەن. لە کاتی بێزاریدا دەوترێت، کە ئاوات لە مردن بخوازی و بێ تاقەت بی لەو حوکمەی کە دەکریٚ و دەسەلاٚتی هەیە بەسەرتا.

دەگێڕنەوە:

لە ساڵی شەستەکاندا چەند تەوێڵەیی‌یەك لەلایەن عەبدولوەهاب ئەتروشی‌یەوە دەگیرێن و عەزیەت دەدرێن، پاشان دەدرێنە دەستی حەمەعەلی مەولود کە ببرێن بۆ بیارە، لە ڕێگا حەمە عەلی زیادە ئازارێکیان دەدات، لە نزیك گۆڕستانەکەی سۆسەکان یەکێك لە زیندانیەکان ڕوو دەکاتە مردوەکان ئەم وتە دەڵێ.

-بیمەکی یەکتری میزاوە، واتە: ناشرینەکان یەکتر دەدۆزنەوە. بە مانای ئەوانەی خویەکیان هەیە یەکتر دەدۆزنەوە لێرەدا مەبەست لەو کەسانەیە کە خوی ناشرینیان هەیە و لار و چەوێڵن یەکتر دەدۆزنەوە و دەکەونەیەك-ئەم پەندە وا دەگێڕنەوە کە حەمە کەرەمە خاڵە وتویەتی.

-وێم چێگەو یار جە دالاٚنی.

بە مانای خۆم لێرە و یار لە دالاٚنی. دالاٚنی کەژێکی پشتی تەوێڵەیە مەبەست ئەوەیە شتی وانابێت چۆن دەبیٚ من لێرەو ئەو لەویٚ.

-لاسی خەزان بەرامبەری تەخت.

لاسی خەزان لە پشتی چلانەوەیە، تەختیش کەژێکی بەرزە لەپشت ئاوێسەرەوەیە هەرچەندە دیارن لە یەکترەوە بەلاٚم نێوانیان هەیە. دەگێڕنەوە: میرزا ئۆلقادری تەوێڵە، هەندیٚ (لۆ)ی دەبێت، دەیەوێت بیفرۆشیٚ بە پیاوێك پیاوەکە دەڵێت من (لۆ)ی کوێستانم دەوێت، هی تەخت و بزازەراو ئەو ناوەم دەویٚ، میرزاش لەوەلاٚمدا دەڵیٚ: ئەم لۆیەی منیش هی لاسی خەزانە کە بەرامبەری تەختە...وادیارە کڕیارەکە نازانیٚ لاسی خەزان لە کوێیە و قەناعەت

دەکات بەو قسەی میرزا. ئەم پەندە لە کاتێکدا دەوترێت بۆ قەناعەت پێ کردن یا بۆ خەڵەتاندن.

-ڕوێو یەری جاری مرونەو زیننە بوۆ.

دەگێڕنەوە: (جافر ناوێك) هەژارو نەدار بووە، منالی زۆریشی بووە، حەزی کردوە وەك منالانی خەڵکی خواردنی سێ ژەمەیان باش بێت، بەڵام ئەمیش هەژار بووە خەم و خەفەتی زۆری خواردووە، وتویەتی هەر ژەمە خواردنێك مردنە بۆ من، بۆیە تەلاقی خستووە ڕۆژی سێجار دەمرم و زیندوو دەبمەوە.

-بەخەم و کۆنەیۆ سەرم نەنیانۆ.

بەمانای: بەخەمی کۆنەوە سەرم نەناوەتەوە، دەگێڕنەوە هەر ئەم خاڵۆ جافرە چونکە گیرو گرفتی زۆربووە، هەمیشە خەم و خەفەتی هەبووە، تەلاق دەخا تائێستا بەخەمی کۆنەوە نەخەوتووم، هەمیشە خەمی تازەم بۆ پەیدا بووە.

ئیتر ئێستا لە ناو تەوێڵەیدا خەم بێت بەسەر خەمی تردا دەڵێن ڕەحمەت لە خاڵۆ (جافر) کەئەم تەلاقەی خستووە مەبەست لەوەیە ئەم دونیا پڕە لە خەم و خەفەت و خەمیش هەر تەواو نابێ.

-توتکولی وەی کەری خاستەرا تا زاولێ ئی زەمانەیە.

بەمانای توتکە سەگ بەخێو بکەی چاکترە تا منالی ئەم زەمانەیە، دەگێڕنەوە: (عەبە ناوێك) بووە کە پیاوێکی هەژار بووە، هەمیشە خەریکی باخەوانی و کرێکاری بووە، ڕزق و ڕۆزی پەیدا کردوە بۆ منداڵەکانی، کەچی منداڵەکانی بە گوێی ناکەن، ئەویش تەلاق دەخات توتکە سەگ...

واتە ئەوان بەوەفاترن و نانیان بدەی دێن بە دەمتەوە، بەڵام منالی ئەم سەردەمە بێ وەفان و بە گوێت ناکەن، ئیتر ئێستا ئەم پەندە ناسراوە بە (تەلاقەکە و عەبەی) لەکاتێکدا دەوترێت کە منال بە گوێی دایك و باوکیان نەکەن.

-دژمانی فەرزەیچ هەنە.

بە مانای جنێوی فەرزیش هەیە، دەگێڕنەوە: قالەی مەجنون لەناو باخ دێتەوە ماندووە و بەژنەکەی دەڵێ: خەجێ گیان چۆڕێ ئاوم بەرێ، خەجێ وەلامی ناداتەوە: دەڵێ: خەجێ تینومە و ماندووم لەو کونە کەمێك ئاوم بدەرێ، خەجێ ئاوەکەی ناداتێ، ئەمجارە دەڵێ: سەگباب دەی هەڵسە نەختێ ئاوم بەرێ. خەجێ خان ئینجا هەڵدەسێتەوە و ئاوەکەی دەداتێ، لەم کاتەدا قالە دەڵێ: (تەلاقم کۆتەبۆ دژمانی فەرزێچ هەنی)، مەبەستی قالە ئەوە بووە ئەگەر

خەجیٚ ئیجباری نەکردایە جنێوەکەی نەئەدایە، ئیتر ئێستا یەکێك تورە ببێت و جنێو بدات دەڵێن (تەلاّقەکەو قالە و مەجنونی نیا... دژمانی فەرزەیچ هەنە).

-دەرمانەکەو علیانیا

دەڵێن: علیان ناوێك لە تەوێڵە بووە، چاوی مژمۆرو تەواو نەبووە، کەچی دەرمانی دەستنیشان کردووە بۆ ئەو کەسانەی کەچاویان تەواو نەبووە، ئێستا ئەمە بووەتە پەندێك، واتە کەسێك نەتوانێت گیروگرفتی خۆی چارەسەر بکات، چۆن گیروگرفتی خەڵکی تر چارەسەر دەکات.

-ئوجۆ حەکەو حچەنیٚ.

دەڵێن: حەکەو حچە دوو پیاو بوون هاوڕیٚی گیانی بەگیانی یەکتر بوون، هەمیشە بەیەکەوە بوون، ئاواتیان خواستووە بەیەکیشەوە بمرن. دەڵێن: کەحچە دەمریٚ حەکەش لەخوا دەپارێتەوە سیٚ ڕۆژەی حچە تەواو نەبیٚ ئەمیش بمریٚ.. بەفەرمانی خوای گەورە لەسێهەم ڕۆژدا حەکەش دەمریٚو بەئاواتی خۆی دەگات.. هەردوکیان لەئەخیر تەلاّنی باخەکەی کوێخا حەمەسەلیم دا نێژراون.. ئەم پەندە لەکاتێکدا دەوتریٚ کەببینی دوو کەس زۆر بەیەکەوە بگەڕێن، ئەوکاتە دەڵیٚی: ئەم دوانە دەڵیٚی حەکەو حچەن.

-تەمەنم هەر ئی سەعاتەنە.

فەرەج الله ناوێك بووە، تەمەنی زۆر بووەو قسە زان و دانا بووە، بەلاّم هەموو کەس لەقسەکانی تێنەگەیشتوون، بۆیە پێیان وتووە فەرەج الله شێت، هەروەك چۆن بەباڵوڵی دانایان وتووە باڵۆڵە شێت.

جارێکیان خاڵۆ فەرەج الله پاڵ دەدات بەکۆڵەکەکەی مزگەوتەوەو لیٚی دەپرسن خاڵۆ فەرەج الله تەمەنت چەندە؟ ئەویش لەوەلاّم دا دەڵیٚ: تەمەنم هەر ئی سەعاتەنە.. واتە: تەمەنم هەر ئەم سەعاتەیە.. ئەوەی گوزەراوە ناگەڕێتەوەو ئەوەی ئایندەش نازانم چۆنەو تاکەی دەبێت، کەواتە ژیان هەر ئەمەیە کەئێستا تیایدا دەژیم.

ئەمانەش لەو پەندانەن کە زۆر باون لەسەر زمانی تەوێڵەیی:

-ئاگات ئافەرمی بۆ.

واتە: بە ئافەرینی خەڵکی نەخەڵەتێی بەتایبەت لە کاتی گەنجیدا بە گەنج دەوترێت و لەشتدا زۆر دەچێتە پێشەوە تا تێدەکەوێ، ئەمە بەو کەسانە دەوترێت، بۆ ئەوەی تێنەکەون.

-چیرو لوسێوی لوە بتاویش.

واتە: قورسایی‌یەك هەڵگرە بیتوانی، مەچۆرە ژێر باری قورسەوە.

-ئەدالی هەشەنە بوەش وەشەنە.

واتە: دایك باوەك ورچیش ناشرین بێت، بەلاّم هەر بۆنی خۆشەو خۆشەویستە.

-ئەدالو هۆمەرەی لوا سەیەو نەرەی.

دایکی هۆمەر زۆر جار هۆمەر ئەکات بە بیانو بۆ خۆدزینەوە و کەنارگرتن و، هۆمەر دەبات بۆ بن سێبەری دار بەڕوو، گوایا هۆمەر خۆرەتا و ئەیبات، ئەمە کاتێك دەوترێت کە یەکێك خۆی بدزێتەوە و شتێك بکات بە بیانوو.

-تاسی وات مەریێنی نەوەك زریێنی، یاخود، شیشی وات مەریێنی نەوەك زریێنی. واتە مردن باشترە لەوەی ناوت بزڕێ.

-دۆم بۆ کلاّشی پەی وێش کەرۆ.

واتە خاوەن کار و پیشەساز ئەگەر ئیش بۆ خۆی بکات زۆر بە دڵسۆزی دەیکات و هەوڵ دەدات بە چاکترین شێوە ئەو کارە دەکات.

* بێ گومان کۆمەڵێك پەند و قسەی نەستەقیش هەن لە شێوەی هۆنراوەدا داڕێژراون وە تایبەتیش نین بە تەوێڵەوە، بەلاّم لەسەر زاری زۆر کەسانی بەتەمەنەوە لە تەوێڵە دەبیسترێن. وەك ئەمانەی خوارەوە:

- تا دالێ و مەنۆ بە داڵە هۆوە	شەرتەن بنیشو بە دیار و تۆوە.
- پای پەتی وەشا، نەکو پالاّی تەنگ	بێ ژەنی وەشا،نەک یانەی پڕ جەنگ
-بێ یانەی وەشا، دلێ ئاکوا	نەک یانەی پڕ دەنگ چەنی بەدگوا
-دنیای بێ وەفا، کاروان سەرای ڕەنگ	نیمێ بە دڵشاد، نیمێ بە دڵ تەنگ
-دنیا هەر دنیان ئی دنیا بادەن	ئەبلەهـ کەسێوەن، بە دنیا شادەن
-جەبێ کەسی وێم، تۆم کەردەن بەکەس	نەبەکەس شیای نەبە نیمە کەس
-هەرکەس ئارەزووی، دیدەو کەسیوشا	ساتێو وینۆنەش، ساڵی و وەسیشا
-حاکم نۆشیروان، وەزیر بەختیار	ئاوەدانە یۆ ، وێرانە هەزار
-کەس بیەن بەناکەس،ناکەس بیەن بەکەس	صاحب خانەدان، بەرشیەن عەبەس

-هەی داد هەی بێ دادن چارەم سیاوەن   منیشو دەریا، وشک و بێ ئاوەن
-دەلیلم کیاست ، ڕاگا ڕازنۆ   نەزانام دەلیل، شەرمەسازنۆ
-تاکو نەچەشی زوقم و زمسانی   بەدەست نماری باخ و بێستانی
-تا گۆرە نەواچوو یانەنە   گولانە مەگیڵنوش بانەنە
-نیا یانەشا، شام و دەروێشا   لنگی پێ شا، سەرچۆپی کێشا
-ئەی واڵی ژیر برات بۆ پیر   جەنگ کەری ئاشتیت بۆ ویر

حیکایەت و حیکایەت خوانەکان:

ئەوسا تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەو گۆڤار و پەڕاو نەبوون، بۆیە خەڵکی، شەویان زیاتر بە حیکایەت کردن بردووەتە سەرو، لە دەوری ئاگردانەکان کۆبونەتەوە و شەو چەرەیان ئامادە کردوەو گەنجان و لاوان لە دەوری پیاوە بەتەمەنەکان، ئەوانەی کە توانیویانە حیکایەت و چیرۆك بگێڕنەوە کۆبونەتەوە و گوێیان بۆ گرتوون.

جا لە تەوێڵەش گەلێك حکایەتخوان بوون و خەڵکی لە دیوەخانەکاندا لە دەوریان شەوانە کۆبونەتەوە لەوانە:

-عەبدوالله- کە بەعەبە درێژ بەناوبانگ بووە-باوکی (موراد) ئەم پیاوە ئەوەندە قسەی خۆش بووە زۆر جار -جافرسان- دانیشتووە و گوێ ی بۆ گرتووە.

-حەمە ئەمین خالد-کە بە حەمە مینە خالۆد ناسراوە.

خالد مەعروف- کە بە خاڵەی مارفە ناسراوە.

-ئایشێ (خێزانی میرزا ئۆلقادر)

-فاتمە (خێزانی صۆفی حەسەن).

-بەگیج عەبدولحامید.

-خورشید حاجی حەمە ئەمین.

-فاتمە حەبیب.

-صالەی حاجی صادق.

-حاجی عەلی حاجی صادق.

-خواجە حسین.

-حاجی عەلی عەباس .

-حاجی ڕەحمان ڕوحوالله.

-کوێخا حەمە سەلیم حەمە ڕەزا.

-مەلا ئیسماعیل مەلا عەبدوالله.

-عەباس فەتاح ڕۆستەم.

-حاجی محەمەد حاجی صادق.

-دەروێش لەتیف وەستا محەمەد.

قسەو قسەزانەکان (داناکان):

قسەکرد ئاسانە، هەموو کەسێ دەتوانێ قسە بکات، بەڵام مەرج نیە قسەکان، خۆش بن، لەشوێنی خۆیاندا بن، خەڵك تاقەتی هەبێ گوێیان بۆ بگرێ و سود بەخش بن بۆ خەڵکی.

هەندێك قسە دەکەن قسەکانیان، ڕەقن، تاڵن، بێتامن، جەرگبڕن، گەزندەن. هەندێك قسە دەکەن، قسەکانیان حیکمەتن، گەوهەرن، دڵگیرن، نەستەقن، هەندێك قسە دەکەن قسەکانیان، خۆشن بەتامن، دڵخۆشکەرن، نوکتەن، هەندێکیش قسەکانیان ئاسایین، جارجارە ڕەقن، جارجارە باشن، جارجارە نوکتەن، بەڵام بەزۆری وتەکانیان ئاسایین و سادەن.

مرۆڤەکان بەم شێوەیە لەقسەکردندا جیاوازن. لەڕوویەکی تریشەوە، هەیە زۆر بڵێیە، هەیە کەم دووە، هەیە لەشوێن و کاتی خۆیدا قسە دەکات، هەشە ئاسایییە. جائێستا ئاماژە بەهەندێ لەقسە زانەکانی تەوێڵە دەدەین لەوانە:

ئەحمەدی ئیسحاق، حەمەلەتیف صەیفور، عەبدوالله ئاغا، کوێخا عەبدوالله میرزالە، هۆمەری مەولود، میرزا عەبدولقادر، حەمەکەرەمە خاڵە، حەیبە الله حەمەئەمین، حاجی مامۆستا، خواجە حسێن، حاجی عەلی حاجی صادق، طاهری سانە، حەسەن حەمەسەلیم، فازڵ حەمەصالح، مستەفا فەتاح، حاجی محەمەدی حاجی صادق، حەسەنی خاڵە.

قسەو قسەخۆشبووەکان:

مەلا عابد، مام سەعەی وەیسی، وەستا ئۆلعەزیز، محەمەدی عەلی محەمەد، کەرەمی حەمل، باسام نەصروالله، مەلەکی کەیکاوس، سوراحی عەلی محەمەد، خاتو ئاسیە خێزانی سەعید ئاغە، خاتون نەصروالله.

بۆ نمونە: مەلا عابد قسەی خۆش بووە، نوکتەی زۆر لەسەری هەیە، لەوانە،

* جارێکیان دەڵێ بەژنەکەی کەمیوانم هێنایەوە ماڵەوەو دەستم هێنا بەریشما، واتە ئەوە بووە بەریشمەوەو توش بووم، هەرچی هەیە بۆی بێنەو بابیخوات و بڕوات و لەکۆڵم بێتەوە، بەڵام کەدەستم هێنا بەسەرچاوما، واتە سەر چاوم هاتووەو خۆشەویستە، خێرا خواردنی چاکی بۆ دروست بکەو شتی باشی بۆ بێنە.

* هەرکەس بزانێ چی لەدەستماڵەکەمدایە، ئەوە هەرمێ گەورەکەیانی ئەدەمێ.

* نۆ هەرمێم پێیە کێ دەزانێ تاقن یا جوتن.

* جارێکیان خاتوو (بەیزا)ی خێزانی مامۆستا دێت بۆ سلێمانی بڕیارە سێ ڕۆژ لەسلێمانی بێت و بگەڕێتەوە، سێهەم ڕۆژ هەر لەبەیانی‌یەوە مامۆستا دێت بۆ بازاڕ بۆ چاوەڕوانی مەلا ژن، خەڵکیش دەزانن مامۆستا بەم بەیانی‌یە زووە بۆچی هاتووە بۆ بازاڕ، تائێوارە مەلاژن ناگەڕێتەوە، مەلا خۆی ناگرێت و لەناو خەڵکەکەدا دەڵێ: ئەی سایقەکا خوا ناروتاوە ئارۆ هەر پیێ ماردێ. لەپڕ سەیارەیەك دێت و مەلا ژنی تیایە خێرا دەڵێت: نا، نا خێر بەیدێ .

* دەڵێن جارێکیان چەند پیاوێك بانگ دەکات بۆ تووەتەرە خواردن بۆ باخەکەی لەو کاتەدا پیاوەکان دوو سێ کەسی تر دەبینن کەئەوا لەبەردەم تەلانەکەدا دێن تێدەپەڕن، دەڵێن مامۆستا مەگەر خولکی ئەوانە بکەین، مامۆستا دەڵێت: ئێوە چاو بنوقێنن بائێمە ئەوان نەبینین، کاتێك کەهاتن ئەوان سەلامیان کرد مامۆستا چاوی نوقاندبوو بەدەست وەڵامی سەلامەکەی دانەوە.

نمونەیەکی تر: مام سەعە کەبە سەعە کولەکە ناسراوە، قسەی خۆش بوو، ئینسان لەلای‌دا بێ تاقەت نەدەبوو.

– عەلی محەمەدی وردەواڵە فرۆش هەبوو، کەبەئەلەپشقەل ناسراو بوو، دوکانی هەبوو ماوەیەك سەوزەو میوەی دەفرۆشت، جارێکیان کولەکەی باشی لەلا دەبێت و مامە سەعە بانگ دەکات دەڵێ: وەرە مام سەعە کولەکە بکڕە بزانە چەند کولەکەیەکی چاك و باشن، مام سەعەش تیٚ‌دەگا ئەو چی مەبەستە یەکسەر دەڵێ: ئەی تاتە ئانە پشقەڵی خاسیشا کەردینی.. واتە: ئەی باوکە ئەوە پشقەڵی باشیان کراوەتە بنی بۆیە ئاوا چاکن.

گۆرانی و گۆرانی بێژەکان

بێگومان گۆرانی بەشێکی گەورەی لەفۆلکلۆری هەورامان داگیر کردووە. گۆرانی هەورامی ڕیتم سۆزو ئاوازی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ هەر بۆنەو کاروبارێکی ژیان، جۆرە گۆرانی‌یەکی تایبەت هەیە، بەڵکو هۆنراوەکانیشی تایبەتن و جیاوازن.

تەوێڵە وەك دەڤەرێکی گەورەی هەورامان لەم هونەرە دانەبڕاوە، بەڵکو هەر لەدێرین زەمانەوەناوەندێکی ئەم هونەرە بووەو گرنگی زۆری پێ دراوەو لەساڵانی ئەم دوو سەدەیەش لانکەیەك بووە بۆ گۆرانی بێژەکان و، بووەتە جێگەی سۆزی عیشقی عاریفانی طەریقەت و، لەساڵەکانی پەنجاکان بەدواوەش مەیدانی بازاڕی تەوێڵە جێگەی هەڵپەڕکێ‌و شایی‌و ژوانی گۆرانی بێژانی- برایانی کەیمنەیی بوو[٥٣].

گۆرانی هەورامی بەشێوەیەکی سەرەکی دوو جۆرە:

١- گۆرانی خاو: ئەمیش دوو جۆرە:

ا- گۆرانی زۆر خاو، کەبەسیاچەمانە ناسراوە.

ب- گۆرانی کەمێك خاو، گۆرانی‌یەکانی ئەم جۆرە بەوردە بەزم و بەزمی شێخانەو بەزمی گێلاَی = گەڕیان ناسراون.

٢- گۆرانی خێرا: ئەم جۆرە گۆرانی‌یانە بەچەپڵەوە دەوترێن، ئەمیش دوو جۆرن:

ا- گۆرانی زۆر خێرا، ماوەی نێوان چەپڵەیەك و چەپڵەیەکی تر کەمە، واتە چەپڵەکان بەخێرایی لێدەدرێن، لەکاتی هەڵپەڕکێدا ئەم گۆرانی‌یانە دەوترێن.

ب- گۆرانی کەمێك خێرا، ماوەی نێوان چەپڵەیەك و چەپڵەیەکی تر زۆرترە، وەك گۆرانی ئامە کوڵێ و فاتە کوڵێ و گوڵ یا حاجی مریەم.

گۆرانی خاو (سیاچەمانە):

جۆرە گۆرانی‌یەکی میللی تایبەت بەناوچەی هەورامانە، ڕەسەنایەتی خۆی هەیە لەناوچەکەدا، وەك مەقام وایە، وەك چۆن جاف هۆرەی هەیە، بادینان و دەشتی هەولێر لاوك و حەیرانیان هەیە هەورامانیش ئەم سیاچەمانەی هەیە.

سیاچەمانە یان گۆرانی خاو:

خەم ڕەوێنە، دروستکەری ئەڤینی خاوێنە، دلۆڤانی و بەزەیی‌و هەستی مرۆڤایەتی‌یە، لەسەر خۆو هێمن و بەئەسپایی گەروو خۆی خاوێن دەکاتەوە، لەگەڵ هۆزانی بەرزی بۆ سەدای دەنگی (کنا لەیل)ی هەزارانی یا (چاو ڕەشەکاڵی) سەرقافڵەی خاوی گۆرانی. ئەم گۆرانی‌یە زۆر بەئیقاعی هێواش و لەسەر خۆ دەوترێ، مرۆڤ سەرمەست و خەیاڵاوی دەکات[٥٤].

سیاچەمانە لەزمانەوانی‌دا: سیا– ڕەش، چەمانە – چاوانە، واتە چاوڕەشانە.

لەڕووی زاراوەدا، بەو ئاوازو گۆرانی‌یە کوری‌یەی هەورامان دەوترێ کەلەسەر شێوەی مەقامە.

سیاچەمانە: هۆنراوەکانی زیاتر باس لەژیان و گوزەران و سروشت و ئەوین دەکات.

هۆنراوەکانی یا فۆلکلۆرین یا هۆنراوەی شاعیرانن، وەك مەولەوی و بێسارانی و صەیدی و خاناو..تاد. گۆرانی بێژ زۆر بایەخ دەدات بەهۆنراوەی لەڕووی ناوەرۆك و ماناکەیەوە، هەروەها بۆ ئەوەی زۆر ماندووی نەکات – چونکە سیاچەمانە چڕین توانایەکی تایبەتی دەوێ – بۆیە زۆرجار دوو گۆرانی بێژ بەیەکەوە دەیڵێن تا زوو ماندوو نەبن، سیاچەمانە مێژووی سەرهەڵدانی و پەیدا بوونی نازانرێ و خاوەنی یەکەمی (ونە) وەك گۆرانی‌یە فۆلکلۆریەکانی تری کوردی، بەڵام ڕایەك هەیە:

(یوسف ئاسکە) مامۆستای قوتابخانەی سیاچەمانە بووە، نەك بەیەکەم سیاچەمانە بێژی دابنێین، چونکە سیاچەمانە لەوە کۆنترە.

یوسف ئاسکە، گۆرانی بێژی دیوەخانی (خان ئەحمەد خان)ی ئەردەڵانی بووە، خاتوو کلاوزەڕیش کەخێزانی خان دەبێت ئافرەتێکی زۆر شۆخ و شەنگ و چاوڕەش بووە، گوایا یوسف ئاسکە گۆرانی سیاچەمانە بەچاوڕەشەکانی خاتوو کلاو زەڕدا دەڵێت، لەئەنجامدا خان بەمە دەزانێت فەرمانی مەرگ بەسەر (یوسف) دا دەداو هەر بەزیندووی دەیئاخنێتە دیوارێکەوە کەبەقسڵ هەڵچنراوە، تائێستا شوێنەواری ئەم ڕووداوە لەپشت ئەحمەدئاوای سەر بەناحیەی خورماڵ ماوە[٥٥].

جاچونکە ئەو گۆرانی‌یە خاوبووە زیاتر شیعرەکانی بەسەر چاوڕەشەکانی خاتوو کلاوزەڕدا وتراون..دوای ئەوە بەوگۆرانی‌یە خاوانەیان وتووە سیاچەمانە.

سیاچەمانە جۆری زۆرە، هەرجۆرێك لەبۆنەو مەبەستێکدا وتراوە بۆنمونە:

(دەرەیی و پەسەك): باسی کەژوو کێوو باخەکان دەکات لەو شوێنانەشدا دەوترێت.

(میناداد‌و خواڵەداد و ئایشێ ڕۆ): باسی زۆرداری و ستەم و بەگژاچوونی هەژاران دەکات دژ بەستەمکاران.

(ولە هەنارگیان و خاڵ سیاو لەیل و یاران یاران): باسی خۆشەویستی و وەسف دەکات.

(بادەو بادە) لەکاتی بووك گواستنەوەدا دەوترێت.

(صەیادی کەڵ کوژ): باسی ڕاووشکار دەکات.

(شێخانە): باسی ئەو پەیوەندی‌و خۆشەویستی‌یەی نێوان صۆفی و مورید دەکات لەگەڵ شێخەکانیاندا.

(کۆنە هەواران و ئەی وەتەن): باس لە وەتەن و دوورکەوتنەوەو غەریبی دەکات.

هەروەها بەڕێ کردنی کاروان و گەڕانەوەیان، لەپێشوازی حاجیان و بەخاك سپاردنی مردوودا بەزمی چەمەرێ وتراوە.

جۆرەکانی گۆرانی خاو بەگشتی زۆرن لەوانە:

١- دەرەیی
٢- پەسەك
٣- میناداد
٤- خواڵەداد
٥- کنالەیل
٦- ئای لەیل
٧- ولە هەنار
٨- ڕەفیق داد
٩- چیبکەم
١٠- ڕابە ڕابە
١١- وەسەت مەڕۆ
١٢- ئایشێ ڕۆ
١٣- ئای دادە ڕۆڕۆ
١٤- خاڵ سیاو لەیل
١٥- ئەسڵێ
١٦- صەیادی کەڵ کوژ
١٧- ئەی خاڵ وەی خاڵ
١٨- یاران یاران
١٩- پێچە پیچی
٢٠- بەزمی ئۆقاڵ
٢١- لاوە لاوەکە – شێخانە
٢٢- ئای مەدەد – شێخانە
٢٣- گوڵەکەم عەلی گیان –شێخانە
٢٤- دیدەم ئاخ – شێخانە

٢٥-ئاخ ئازیز – شێخانە
٢٦- سەلەسەلە
٢٧- کۆنە هەواران
٢٨- سەوزێ مەزەدار
٢٩- عەر عەر داد
٣٠- مەچۆ مەچۆ
٣١- هەوری لەمل
٣٢-ئۆسا ژەن
٣٣- کورپەلی قەد باریك
٣٤- تەقەی تەوەن میر
٣٥- چەمەرێ
٣٦- سوەیبە داد
٣٧- شلێرگیان
٣٨- ڕەز بڕین
٣٩- خاڵخەنێن
٤٠- عەتیلی
٤١- نازار وەی
٤٢- بەزمی قالەمراد
٤٣- بەزمی مام حەیدەر
٤٤- بەزمی یوسوڵەی جانە
٤٥- بەزمی ئەحمەدی نازارێ

گۆرانی خێرا = چەپڵە

ئەم جۆرە گۆرانیانە بەخاو ناوترێن، بەڵکو بەخێرایی دەوترێن، وەك بەستە وایەو گۆرانیەکە کێشێکی مۆسیقای ڕێك و پێکی هەیە، دەتوانین هاوتامی بین بەچەپڵە لێدان یا هەڵپەڕکێ و دەپڵ و دەف و مۆسیقاو..

لەبەر ئەوەی لەهەوراماندا زیاتر چەپڵە بەکار هاتووە لەگەڵ ئەم جۆرە گۆرانیانە بۆیە بەگۆرانی چەپڵە ناسراون.

جۆرەکانی:

١- شرینە و خانم
٢- گوڵەکەم نەخشانم
٣- ئامەکەو ئامینە
٤- خەجیم خەجێ
٥- نارنجەو نارجە
٦- بەتۆری کرد بەتۆریای
٧- خرنگەگیان خرنگە
٨- بیمارم وەی بیمارم
٩- بەرزی بەرزی
١٠- قاسمخان
١١- کاوە شنگیەنە
١٢- نارنجەو نارنجە
١٣- کەتانەو کەتانە
١٤- مینا خاتوو مینا
١٥- خاڵداری خاڵداری
١٦-هەناری گوڵ هەناری
١٧- ئای وەییە وەییە
١٨-گولاڵە سوورە
١٩- ئای بێنە بێنە
٢٠- هەلام هەلامە
٢١- ... تاد.

لەگۆانی بێژەکانی هەورامان

١- حەمـەی داد، ناسـراو بەئەسـڵی نەوسـودی، گـۆرانی ئەسـڵی بـەناوی ئەوەوە ناونراوە.

٢- حەیدەر نۆدشەیی - ناسراوە بەمام هەیەر.

٣- حەمە جافر حەمیٚ - نۆدشەیی.

٤- یوسف جانەی - دزاوەری.

٥- عەلی نەوسودی - ناسراوە بەئەلیلەی نەوسودی.

٦- ئەحمەدی نازداریٚ - بیارەیی.

٧- حەیران محەمەد کەیمنەیی -ناسراوە بەواڵە حەیرانیٚ-.

٨- عارفی چایچی - زەردەهاڵی.

٩- شەوکەت دەگاشێخانەیی.

١٠- هادی دەگا شێخانەیی.

ئەمانە کۆچیان کـردووەو گـۆرانی تۆمارکراویـان نیـە، جگـە لـەمام هەیـەرو ئەلیلەو شەوکەت و هادی چەند شریتێکی گۆرانیان بەجیٚ ماوە.

لەگۆرانی بێژە ناودارەکانی ئێستا کەماون و گۆرانی تۆمارکراویان هەیە:

١- عوسمان کەیمنەیی - کەبەمامۆستای گۆرانی ئەم سەردەمە دادەنرێت لەهەوراماندا، لەهـەردوو جۆری گـۆرانی سیاچەمانەو چەپڵەدا توانایـەکی باشـی هەیە[٥٦].

٢- حەمە حسێن کەیمنەیی.

٣-شەفیع کەیمنەیی.

٤- جەمیل نەوسودی.

٥- جیهانبەخشی نەوسودی

٦- فەتحواللە ی ئەمینی جوانڕۆیی

٧- تۆفیق دزاوەی

٨- عەلی گوڵپی

٩- فەرەج کەیمنەیی

١٠- سیروان حەمەحسێن کەیمنەیی

١١- مەولود شۆشمەیی

١٢-نەوزادی نەصرو بەگ - بنجەی دڕەیی

١٣- صەباح حەمە صالح خارگێلانەی

١٤- دارا محەمەد عوسمان بەڵخەیی
١٥- عادل ڕەحمان بەڵخەیی ناسراو بەعادل هەورامی
١٦- عیسا دشەیی
١٧- شیروان زەردەهاڵی ناسراو بەشیروان هەورامی
١٨- حسێن حەسەن خارگێلاّنەیی
١٩- بەهرۆز بەڵخەیی
٢٠- عەتا شەریف زەڵمی
٢١- باقی هەورامی
٢٢- ئەرجومەن دەگا شێخانەیی
٢٣- هێرش هەورامی
٢٤- ئیسماعیل هانە گەرمڵەیی
٢٥- ڕۆستەم کەیمنەیی

گۆرانی بێژە تەوێڵەیی‌یەکان:

لەگۆرانی بێژە ناودارەکان کەمردوون:
١- حەمە کەریم عەبولەی قادر- گۆرانی تۆمار کراوی نیە
٢- حەمەکەریم سلێمان - گۆرانی تۆمار کراوی نیە
٣- فەرەج حەمە ئەمین - گۆرانی تۆمار کراوی نیە
٤- حسێن حەمەلاو - گۆرانی تۆمار کراوی نیە
٥- عەلی عەبدولعەزیز (عەلیە گوڵە)
٦- محەمەد مەحمود مەعروف (حەمەی مەحمود مالە)
٧- داود حەمە سەلیم
٨- حەمەی ئەلی محەمەد - گۆرانی تۆمار کراوی هەیە
٩- نەصروالله کەیکاوس ناسراو بە نەسکۆڵ لەدەنگی ڕادیۆی کوردیەکەی بەغدا گۆرانی تۆمار کراوی هەیە. هەروەها لەتەلەفزیۆنی کەرکوك لەپێشەکی تەمسیلە کوردیەکان گۆرانی ئەم لێدەدرێت.
١٠- عەزیز حەمە ئەمین (حاجی ئایزە) - گۆرانی تۆمار کراوی هەیە.

ئەو گـۆرانی بێژانـەی کەئێسـتا بـەردەوامن و گـۆرانی تۆمارکراویـان هەیـە ئەمانەن[٥٧]:

١- حاجی ڕەحمان فەتاح ڕۆستەم .
٢- عەلی حاجی خدر سلێمان.
٣- نەصرەدین حەمەسەلیم - ئێستا لەئەمەریکایە.
٤- دەروێش محەمەد حاجی حەمەڕەشید.
٥- عەبدوڕەحمان قادر.
٦- نوری قادر فەتاح.
٧- مالك حەمە عەلی محەمەد.
٨- عەزیز حەمە سەعید.
٩- نزار صابر فەرەج.
١٠- نەجمەدین عەلی عەبدولعەزیز.
١١- ئاوات حەمە صاڵح مەحمود.
١٢- سیروان جەلال عەبدواللە.
١٣- هەورامان عیزەت مستەفا.
١٤- ئەدهەم سوبحان جەعفەر.
١٥- یونس میرزا عەبدواللە.
١٦-نازم صابر فەرەج.
١٧-وەهبی حەمەڕەشید عەلی

تێڕامانێك:

لەپێشتردا – وتمان– هونەرو ئەدەب ئاوێنەی واقعی خۆیەتی، جا هەروەك نمونەیەك ئەگەر چاوێك بەگۆرانی و شیعرە فۆلكلۆرییەكاندا بگێڕین، بۆمان دەردەكەوێت كەبەڕاستی ئەو گۆرانی و شیعرە فۆلكلۆرییانەی كەلەسالەكانی هەشتاكاندا وتراون، هەمووی باس لەغەریبی و ئاوارەیی و چۆڵی و وێران بوونی باخ و خانووەكانی هەورامان و بەگشتی ئاهونالەو حەسرەت و ئاخ و داخی كۆچ و بارو دەردی سەرییەكە لێرەو لەوێ تووشیان بووە.

ئەو ئاهوو نالەو حەسرەتەش بەئاوازەكانی سیاچەمانە دەریان بڕیوەو.. گۆرانی چەپلە لەو ماوەیە كەم وتراوە، چونكە گۆرانی چەپلە زیاتر ئاوازی خۆشی و صەفاو زەوقە.. بەلام گۆرانییە خاوەكان هەموو سۆزو خۆشەویستیو موناجات و پیاهەڵدان و لاواندنەوەن، جگە لەئاوازەكانی كەخەمبارن و حەزینن، شیعرەكانی ئەو ماوەیەش یابلێین شیعرەكانی سیاچەمانە، جیاوازن لەگەڵ شیعرەكانی گۆرانی چەپلە. ئەمەش كۆمەڵێك شیعری فۆلكلۆرین، كەلەگۆرانی خاوو سیاچەمانەدا دەوترێن، لەو ماوەیەشدا بەزۆری لەم جۆرانەوتراون:

شەوی تاریكە، هەساری ماتی	وەشڵەی پاشەوی، داما گەریاتی
هەورامان گردش چنوراو شەوبۆ	ئینە چن ساڵێن نەكەردەنم بۆ
ئینە نۆ ساڵین نەدیەنم بەچەم	نیمۆ عەمرەكەیم، پەیتۆ كەردەن كەم
وەتەن و ویما، بیەنا ئاوارە	كۆتا غەریبی، خاس نیگام دارە
بەتەقەی بڕنەو، هاڕەی سەلیبی	وەتەن هورکنیام، كۆتا غەریبی
وەتەن هورکنیام، تەمای دڵنیام	دەک كۆر بۆ، ئیگە، بیٚ تۆ چۆن ژیام
نەوسودە خەمبار، شۆشمیٚ ماتە	گرد بارشا كەردەن، ئینیٚ گەڕیاتە
چەواشە بۆ، چەرخ و زەمانە	دیدەو ڕەفیقاش، كەردەن بیگانە
شەماڵ دەخیلەن، لوەشوشمیٚ	دماو ڕەفیقا، شایی مەكەرمیٚ
شەماڵ دەخیلەن، لوە تەوێڵیٚ	لوە هەوارگە، هەم یانی وێڵیٚ
ئای پەی گەڕیاتی، هەم پەشت و حۆزی	خەزانش كەردەن، نەمەنەن سۆزی
ئای پەی مەرو، دەرەو زاوەری	هامنۆ چۆڵا، باوەڕ مەكەری
كوەكی شاهۆی، ئۆبەراو بەرم	تیری غەریبی، دانش جگەرم
ئاكەشە سەختە، ئا هۆرامانە	گردش نمونەو بەهەشتیمانە
زامانم سەختا، دەردم بی دەرمان	دریا نۆ جەرگم، تیری هۆرامان
ئاهۆرامانە من گەڕیام پێدا	ئاد هەر باقیا، من شیم لەڕێدا

بێ‌کەس و غەریب، ئەرامەندەوێم
جەوەتەن برشیام، پەڕاکەندە وێم
دەرونم بیەن، بەگومەلێڵی
پەی ئاوارەکا، دەرەو تەوێڵی
هەی داد هەی بێداد، حەشر هەڵساوە
ماجەرای گەردوون، لای من ڕووی داوە
غەریب و غەمبار، کوچەی شارانم
وێڵ و دەربەدەر، دوور جەیارانم
کەسی فریینی، چون گەڵای داران
کەسی بەمن چیش، وێڵم جەشاران
هەرکەسێو کەرو، غەریب نەوازی
بێشک خواوەن، بوش چنە ڕازی
سەریاس غەریبم، قەدرم بزانە
قەدری غەریبان خەیلێ گرانە
وەختێ بەرکۆتا، بژناسە دەنگم
تۆزی غەریبی، نیشتەن ئۆ ڕەنگم
غەریبی شارا، هەر پەی وێم خاسا
خۆراکم خەماو، بەرگم پەڵاسا
غەریب غەریبا، غەریب دیارا
یانۆ غەریبا، گۆشەو کەنارا
غەریب ئانە نیا، ملورە یەمەن
غەریب ئانەنە، ملۆ تۆی کەفەن
بامن هورکێشو، هەناسانی سەرد
پیری وێش ئاما، جوانیەکەیم ویەرد
وەتەن ئەی وەتەن، مایەو خەفەتیم
ئینە چنساڵێن، ئامان نەگبەتیم
ئاخ لەبانی ئاخ، ئێش لەبانی ئێش
دەردی هۆرامان، قەد نابێ سارێژ
من کورە هۆرامی، بەچنور پەروەردە
ئیسە جەگەرمیان، سەبونی بەردە
سورە هەراڵە چنور خیزیان
شارەزوور گەرما، پۆکەیم بێزیان
هامنا گەرما وەهار سەرشیەن
قلی قای بەردە، دڵ غەمگین بیەن
حەکیم ئامانە، دەردما گرانە
سەیری هۆرامان بۆمان دەرمانە
تەرسو مرونە، بیابان بۆ جێم
ڕفیقی بەیا، نەزانا من کێم
هەڵاڵە برەمی، ولیش کەردینی
وەشڵەی پانیشا، وەتەن مەردینی
ژەرەژ نەبینی، قەفەز کریانێ
بولبول نەبینی، وەتەن بڕیانێ
نێرگز کەرونە، پێشوازی وەهار
ئاوەختە وەشا، بلمێوە هەوار
ئاوەختە وەشا، بلمێ ڤیاری
هەڵاڵەو دەرەی دۆوە دیاری
یاخوا هۆرامان! بەرز بۆنە پایەت
هەزار پیسەو من، بنیشا سایەت
تازە وەرکۆتەن، پایین و کەشا
هۆرامان گردش، ماچی بەهەشتا

شانۆو شانۆگەرەکان(٥٨)

* بۆیەکەم جار لەساڵڕۆژی چوونە سەر تەختی مەلیك فەیسەڵی دووەم لەساڵی ١٩٥٧دا لەبازاڕی تەوێڵەدا شانۆگەری‌یەکی گاڵتەجاڕ، نمایش کراوە کەئەکتەرەکان ئەمانە بوون:

- صادق غەنی – دەوری ورچی بینیوە.. مردووە.
- حەمەسەعید حەسەن ناسراو بە –خیشە– دەوری ورچەوان...مردووە.
- حەمە لەتیف سلێمان.. مردووە.

* لەساڵی ١٩٥٩دا لەساڵڕۆژی ١٤ی تەموزدا، شانۆگەریەك لەسەر کێشەی دەرەبەگ، پێشکەش کراوە، کەئەمانە دەوریان تیا بینیوە: – عەلی قادر ئاغا – بارام سەعدی بەگ – حسێن محەمەد غەفور – جەمال سەعید سێلە – ئەحمەد حاجی عەلی – عوسمان محەمەد صاڵح ناسراو بە (عوسمان هەورامی)

* لەساڵی ١٩٦٣دا شانۆی (نرخی ئازادی) پێشکەش کراوە کەلەنووسین و دەرهێنانی مامۆستا ساجد ئاوارە کەئەو کاتە لە تەوێڵە مامۆستا بووە، ئەکتەرەکان:

- پرشنگ جەمال خەفاف – جەلال جەمال خەفاف – بابا محەمەد شێخۆ
- ئەیوب ڕۆستەم – دەوری منداڵێکی گوڵە بەڕۆژە فرۆش دەبینێ لەتەمەنی نۆ ساڵیدا، هەروەها چەند قوتابییەك.

لەمەودوا جموجوڵی شانۆ، وەستا لەبەر بارودۆخ تاساڵی ١٩٧٠.

* لەساڵی ١٩٧٠ مانگی تەموز، تیپێك دروستکراوە بەناوی (تیپی شانۆی تەوێڵە) ، بەڕێوەبەر – ئەیوب ڕۆستەم.

بەشدارانی تیپ:

- جەعفەر عەبدوالله – ئادەم محەمەد – حەمەصاڵح تۆفیق – نیازی عیزەت – طاهر عەبدوالله

سەرجەم ئەندامەکان (٢١) ئەندام بوون، بەڵام ئەم شەش کەسە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر بوون.

ئەم تیپە بۆیەکەم جار، لەساڵی ١٩٧١ شانۆگەری (سەفەرێك بۆ حەج)ی نومایش کرد، لەنووسین و دەرهێنانی بەڕێز ئەیوب ڕۆستەم بوو. ئەکتەرەکان: – ئەیوب ڕۆستەم– عەدنان شەفیع – عوسمان کەریم – شێرزاد حەمە سەلیم – ئادەم محەمەد – مالیك حەمەعەلی – حەمەصاڵح تۆفیق – ڕزگار ڕۆستەم– عوسمان عەبدوالله.

* لەساڵی ١٩٧٢ شانۆگەری (کاوەی ئاسنگەر) نوسینی میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی. ئەکتەرەکان:

- میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی (کاوە) - ئەیوب ڕۆستەم (زوحاک) - عەدنان شەفیع - سۆران ئیسماعیل - حەمەصاڵح تۆفیق- نیازی عیزەت - ئادەم محەمەد - شەوکەت حەمەصاڵح - داود حەمەکەریم - ڕەحمان فەتاح - صابر مەحمود - ڕزگار ڕۆستەم - نوری قادر - کەمال حەمەسەعید - مالیك حەمەعەلی - مەحمود بەڵخەیی - بەیان عیزەت.

ئەم شانۆگەریە زیاتر لە (٤٢) ئەکتەر ڕۆڵیان تیا بینیوە، گەورەترین و



شانۆگەری کاوەی ئاسنگەر - بازاری تەوێڵە - ٢٤ / ٣ / ١٩٧٢

بەهێزترین شانۆیی بووە، لەتەوێڵەدا نمایش بکرێت کەلەناوەڕاستی بازاڕی تەوێڵەدا، جەماوەرێکی زۆر کۆ بوو بوویەوە بۆ سەیرکردنی. هەمان شانۆ بەهەمان تەشکیل بێجگە لەگۆڕانی دەوری (ئەیوب ڕۆستەم) بە (ناصر عەزیز) بۆ دەوری زوحاك لەنەورۆزی (١٩٧٣)دا، دووبارە کرایەوە.

ئالێرەدا جێگای خۆیەتی یادێکی میرزا محەمەد مەنگوڕی بکرێت.

کورتەیەك لەژیاننامەی میرزا مەنگوڕی[٥٩]:

– لەساڵی ١٩١٠ لەقەڵادزێ چاوی بەژیان هەڵهێناوە.

– لەساڵی ١٩٣٥ بەشداری دامەزراندنی حیزبی خوێنڕێژی کردووەو ئەندامی حیزبی (برایەتی)یش بووە[٦٠].

– لەساڵی ١٩٤٥ بەشداری کۆماری مەهابادی لەکوردستانی ئێران کردووە.

– لەساڵی ١٩٤٨ گەڕاوەتەوە سلێمانی و بووە بەفەرمانبەر.

– لەساڵی ١٩٥٢ چۆتە ڕانیەو لەوێ نیشتەجێ بووە.

– لەساڵی ١٩٧١ لەسەر چاپکردنی کتێبی (گەشتی ئەستێرەی مەریخ) گواستراوەتەوە بۆ تەوێڵە.

– لە ١٩٧١/٦/٦ لەتەوێڵە چووەتە سەر ئیشەکەی (محاسب و ملاحظ)ی شارەوانی تەوێڵە بووە، ئیتر جگە لەو ماوەیەی کەلەساڵی ١٩٧٤ چووەتە ئێران وەك پەناهەندەیەك ...هەر لە تەوێڵە ژیاوە، تاوەکو ١٩٧٦/١/١ خۆی خانەنشین دەکات و دێتە سلێمانی دادەنیشێ.

– لە ١٩٨٨/١/١٣ لەتەمەنی ٧٨ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و لەگردی سەیوان لەسلێمانی بەخاك دەسپێررێو، لەساڵی ١٩٩٢ لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی دەبرێتەوە بۆ سەر شاخی (کێوەڕەش) لەڕانیە.

بەرهەمە چاپکراوەکانی:

-چیرۆکی ماهراکۆ، چیرۆکی فەیرۆزخانی پشکۆ، زێرینای ئامێدی، بوکێکی ناکام و گەشتی ئەستێرەی مەریخ.

لەدوای خۆیشی (دوو بەرگی بەسەرهاتی سیاسی کورد) و (بەسەرهاتی مەنگوڕی) لەکوردستانی نویّ بە (١٠) بەش - چاپ و بلاّوکراوەتەوە- گەلێك بەرهەمیشی هەیە کەچاپ نەکراون.

- لە ١٩٨٠/٣/٢٠ میرزا لەئێستگەی کوردی بەغدا گفتوگۆیەکی لەگەڵدا ساز کراو، بەسەرهاتی ژیانی خۆی گەلێك باس کردو، پاشان باسی نەورۆزی شارۆچکەی تەوێڵەی کرد کەچۆن ئاگر لەسەر بانەکان دەکەنەوە، وتی: جوانترین دیمەنی نەورۆز ئەو دیمەنە بووە، بەلامەوە، کەلە تەوێڵە بینیومە، .. هەروەها دەیوت من هەرچەندە بۆ تەوێڵە نەفیان کردم، بەلاّم لەڕاستیدا بەبۆنەی ئەو چالاکییە هونەرییەو بەهۆی جوانی دیمەنی شارۆچکەکەو، ئاوو هەواکەیەوە خۆشترین کات و وەختم بووە.. ئەگەر بەبۆنەی منالّەکانمەوە نەبوایە کەقوتابی بوون نەئەهاتمەوە سلێمانی و هەر لە تەوێڵە دەمامەوە(٦١).

* * *

* لەساڵی ١٩٧٤ شانۆیی (کابتن ئای) نووسین و دەرهێنانی ئەیوب ڕۆستەم کرا، ئەکتەرەکانی:

- ئەیوب ڕۆستەم - ئادەم محەمەد - نیازی عیزەت - قازی عیزەت- .. هتد.

* لەساڵی ١٩٧٤ شانۆیەك کرا بەناوی (وزەی بیرو بازوو) لەلایەن کۆمەڵێك لەهونەرمەندانی هەڵەبجەوە لەوانە:

- غازی مەلا عەلی - نیهاد و نەجات (دوو برا بوون) ئەم شانۆیە لەنوسینی (محەمەد غەفور شەریف).

* لەساڵی ١٩٧٥ شانۆگەری (ڕێگای نیشتمان) نووسین و دەرهێنانی ماموّستا فەرەج قابلەمە کەخەڵکی سلێمانی بوو. ئەکتەرەکان:

- ئەیوب ڕۆستەم - حەمەصالح تۆفیق - صەباح جەمال - عومەر نافع - صابر وەسیم ... هتد.

* لەساڵی ١٩٧٨ شانۆیی (پیاوێکی ڕەزیل) نووسین و دەرهێنانی (فەرید جەمال) لەئەشکەوتەکانی خانەقا پێشکەش کرا. ئەکتەرەکان:

- فەرید جەمال - بەهرۆز عابد - حەیدەر مەجید - ئەیوب فەتحواللە.

* لەوە بەدواوە جموجوڵی شانۆیی لەبەر بارودۆخ وەستاو، شەڕی عێراق ئێران دروست بوو، خەڵكی بەرەو شارەكان هاتن.

لەدوای ڕاپەڕین دەست كرایەوە بەدروستكردنی لیژنەیەك بەناوی (لیژنەی سەرپەرشتی كارە هونەریەكان) بەڕێوەبەر بەڕێز ئەیوب ڕۆستەم بوو لیژنەكەش لەئەمانە پێكهێنرا:

- جەلال بابالە - ئیمام بابالە - فەرەج حەمەڕەحیم - سۆران ڕەحمان.

بەرهەمی ئەو لیژنە لەو ساڵەدا شانۆیی (هەنگاو) نووسین و دەرهێنانی یاریدەدەری پزیشكی یوسف عیزەدین سلێمانەیی بوو، ئەكتەرەكانی:

- صەباح جەمال - هاژە (خێزانی یوسف) - جەلال بابالە - سەرتیپ صابر - تەحسین محەمەد - گوڵاڵە عەبدوالله - (س) كچی فائق فەتحوالله.

* لە ١٩٩١/٨/٢٠ دا ئاهەنگێك سازكرا كەتێیدا دوو شانۆیی پێشكەش كرا، یەكێكیان: گاڵتەجاڕیەكی كورت بوو (دیمەنێك لەچایخانە) نووسین و دەرهێنانی (ئەیوب ڕۆستەم). ئەوی تریان شانۆیی (خۆر هەڵاتن) نووسینی م . شفیق محەمەد و دەرهێنانی ئەیوب ڕۆستەم. پاشان بوو بەدوو تیپ:

- تیپی هونرەی هەورامان كەئەمانە دەستەكەی بوون: ئەیوب ڕۆستەم، صەباح جەمال، سەركەوت حەمەحسێن.

- تیپی شانۆی شەهید نیازی كەدەستەكەی ئەمانە بوون: ئادەم محەمەد، ئەختیار عەزیز، حەیدەر مەجید.

لەبەرهەمەكانی تیپی هونەری هەورامان:

- (دیمەنێك لەدائیرە) نووسین و دەرهێنانی: ئەیوب ڕۆستەم.

- (ئاوێنە) نووسین و دەرهێنانی: صەباح جەمال.

- (بانێكەو دوو هەوا) نووسین و دەرهێنانی: ئەیوب ڕۆستەم.

- (سەگ بیمەی بێكاریە) ئامادەكردنی: موەفەق لهۆنی، دەرهێنانی: ئەیوب ڕۆستەم.

دوای دروستبوونی یەكێتی هونەرمەندانی یەكگرتووی كوردستان، توانرا هەردوو تیپەكە لەلیژنەی هەورامانی ئەو یەكێتی‌یەدا كۆبكرێتەوە. دەستەی لیژنەكە:

- ئەیوب ڕۆستەم - لێپرسراوی لیژنە.

- جەلال بابالە - سكرتێر.

- سەریاس جەبار سەعید - ژمێریار.

- سەرکەوت حەمەحسێن - ئەندام.

- ئەختیار عەزیز- ئەندام.

بەرهەکانی:

- (سۆزو پەشیمانی) ئامادەکردنی: ئەیوب ڕۆستەم، دەرهێنانی: لوقمان عەزیز. پاشان لەبەر بارودۆخەکە شانۆییەکانی گواستەوە بۆ هەڵەبجەی تازە. لەوانە: (پەیامی مرۆڤایەتی، کەرنەڤاڵ) بەهاوکاری هونەرمەندانی لیژنەی ناوچەی شارەزوور، لەنوسین و دەرهێنانی ئەیوب ڕۆستەم. لێرەدا بەپێویستی دەزانین کەکورتەیەك لەژیانی بەڕێز مامۆستا ئەیوب ڕۆستەم بخەینەڕوو.



ئەیوب ڕۆستەم[٦٢]:

ژیانی لەچەند دێڕێکدا:

- ناوی: ئەیوب کوێخا ڕۆستەم کەریم ڕۆستەمە.

- ساڵ و شوێنی لەدایك بوونی: ١٩٥٤ تەوێڵە.

- خوێندنی: پەیمانگەی ڕاهێنان و ڕێنمایی کشتوکاڵی.

- باری خێزانی: خێزاندارەو چوار مناڵی هەیە.

- دەستپێکرد بەکاری هونەری ١٩٧٠.

- لەم بەرهەمە شانۆییانەدا بەشداری کردووە:

١- شانۆیی کچ بۆ فرۆشتن - نووسین.

٢- شانۆیی سەفەرێك بۆ حەج - نووسین و دەرهێنان و نواندن.

٣-شانۆیی عەزە فریام کەوە، نووسین و دەرهێنان و نواندن.

٤-شانۆیی کاپتن - A- دەرهێنان و نواندن.

٥-شانۆیی لەڕێگەی نیشتماندا - نواندن.

٦-شانۆیی کاوەی ئاسنگەر - نواندن.

٧-شانۆیی خۆرهەڵاتن - دەرهێنان.

٨-شانۆیی دیمەنێك لەدائیرە نووسین و دەرهێنان.

٩-شانۆیی بانێکەو دوو هەوا -نووسین و دەرهێنان.

١٠-شانۆیی ئاوێنە - نواندن.
١١-شانۆیی سەگ بیمەی بێکاریە - دەرهێنان و نواندن.
١٢-شانۆیی سۆزو پەشیمانی - ئامادەکردن.
١٣-شانۆیی ئەو جیهانە خەون نیـیە - ئامادەکردن و دەرهێنان.
١٤-شانۆیی کەرنەڤاڵ - نووسین و دەرهێنان.
١٥-شانۆیی مەرگەساتی پەپولەکان - نووسین.
١٦-شانۆیی بەسەرهاتی تارماییـیەکان - نووسین و دەرهێنان.
١٧-شانۆیی دێوی عاشقان - نووسین و دەرهێنان و نواندن.
١٨-شانۆییقەل و ڕووتە - دەرهێنان.
١٩- شانۆیی خاك دەمێنێ‌و درەخت نامرێ - نووسین و دەرهێنان.

ئەم بەڕێزە شان بەشانی بواری هونەری لەبواری ڕۆشنبیریشدا چالاکی نواندوە، تا ئێستا دەیان کۆڕو سیمیناری بەستووەو لەچەندین مونازەرەدا بەشداری کردووە لەبوارە جیاجیاکانی - سیاسی - فیکری - ڕۆشنبیری گشتیـدا، هەروەها چەند نامیلکەیەکیشی بەچاپ گەیاندووە، لەوانە:

١- دەروازەیەك بۆ سۆسیال دیموکرات.
٢- عەلمانیەت.
٣- عەولەمە شۆڕشی عەقڵەکانە.
٤- کتێبی وەڵام بۆ (١٠٠) پرسیار بەبەشداری بەڕێز عەلی حاجی فەرەج.

لەبواری کارکردن لەڕادیۆو تەلەفزیۆندا کاری کردووە بەم شێوەیە:

١) ئامادەکردن و پیشکەش کردنی بەرنامەیەکی هەفتانە بەناوی (وەشەن هەورامان) ماوەی پێنج ساڵەو تائێستاش بەردەوامە، لە دەنگی گەلی کوردستان،.

٢) ئامادەکردنی بەرنامەی (هەوارگەی شیعر)و بەشداری کردن لەپێشکەش کردنیدا بۆ ماوەی (١٨) مانگ (دەنگی گەلی کوردستان).

٣) ئامادەکردنی بەرنامەی (لاپەڕەیەك لەمێژوو)ماوەی زیاتر لەسێ ساڵەو تا ئێستاش بەردەوامە. (دەنگی گەلی کوردستان).

٤) ئامادەکردنی بەرنامەی (فەرهەنگی زانیاری) ماوەی زیاتر لەسێ ساڵەو تا ئێستاش بەردەوامە. (دەنگی گەلی کوردستان).

هەروەها چەند بەرنامەیەکی تایبەتی بەهونەرو مێژوو لایەنەکانی تری ژیانی خەڵکی هەورامان ئامادەکردووە، کەئەم بەرنامانە زیاتر لەجەژنەکان و بۆنەکاندا پیشان دراون.. لەوانە:

١- لەساباتی هونەری هەوراماندا - (١٤٠) دەقیقەیە بەسێ ئەڵقە.
٢- بەرنامەی تایبەت بەسیاچەمانە - ٤٥ دەقیقە بەیەك ئەڵقە.
٣- شەوانی جەژن - ٥٠ دەقیقە بەیەك ئەڵقە.
٤- نەورۆزی هەورامان - ٩٠ دەقیقە بەیەك ئەڵقە.
٥- چەژنی هەورامان - ٩٠ دەقیقە بەدوو ئەڵقە.
٦- شۆچەرۆ هۆرامانی - ٩٠ دەقیقە بەدوو ئەڵقە.
٧- هەوای کەمالاْ - ٩٢ دەقیقە بەدوو ئەڵقە.

ئێستاش ئەم دوو کتێبەی ئامادەن بۆ چاپ:
١- مێژووی هەوارگەکانی جاف و شارەزوور.
٢- مێژووی حوکمڕانی هەورامان.

هەروەها ناوبراو کارگێڕی مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان و لێپرسراوی هونەرمەندانی هەورامانە.

* * *

وەرزش و تیپەکان[٦٣]:

لەڕاستیدا وەرزش لەشوێنە شاخاویەکاندا وەك شارۆچکەیەکی تەوێڵە لاواز دەبێت، چونکە:

- خودی ئیش و کاری خەڵکەکە بۆخۆی وەرزشە، هەموو جموجوڵ و هاتووچۆیەك هەر سەرکەوتن و دابەزینە، لەبازاڕەوە بۆ خانووەکان و لەخانووەکانەوە بۆ بازاڕو .. هتد. وەرزشە، ئەمە لەلایەك.

لەلایەکی ترەوە نەبوونی شوێنی گۆڕەپان بۆ یاری کردن خۆی بۆخۆی کێشەیە، تەوێڵە شوێنێکی فراوانی وای نییە یاچەند شوێنێکی وای نیە، تیپێك یان چەند تیپێك دابمەزرێن.. ئەو شوێنەش کەئێستا هەیە شوێنی ئوتێلەو ئوتێلەکە ڕووخاوەو دروست نەکراوەتەوە.

وەرزش لەپێش ڕاپەڕینەوە مەگەر لەقوتابخانە یا لەناو باخەکاندا کرابێ.. لەدوای ڕاپەڕینەوە لەخوار خانەقاوە شوێنی ئوتێلە سیاحیەکە پاك کرایەوەو کرایە گۆڕەپانی یاری کردن.

ئیتر چەند تیپێك دامەزران لەوانە:

تیپی وەرزشی چیا، لەلایەن فاروق ئەحمەدەوە، تیپی وەرزشی ئاوێسەر، لەلایەن ستار مەجیدەوە، دوایی شوان حەمەسەعید کرایە سەرۆکی تیپەکە،

تیپی وەرزشی لاوانی شەرام، لەلایەن چەند گەنجێکەوە، دوایی بوو بەتیپی وەرزشی دواڕۆژو هێمن محەمەد کرایە سەرۆکی، تیپی وەرزشی شالاّو لەلایەن نیعمەت هادی‌یەوە، تیپی وەرزشی زانیار دوایی بوو بە هەورامان لەلایەن ناجح حاجی ئەحمەدەوە، ئەم تیپە یەکێکە لەتیپە بەهێزەکان، ئێستا شاخەوان فەرەج بەڕێوەبەرێتی. تیپی وەرزشی ڕابەر، لەلایەن فکرەت نەصرەدینەوە. تیپی وەرزشی دەریا لەلایەن عەدنان ئیسماعیلەوە.

ئێستا (٢٠٠٢) شاخەوان فەرەج محەمەد بەڕێوەبەری یانەی وەرزشی هەورامانە، دەڵێ: (ئێستا یاری تۆپی پێ‌ی پلە (١، ٢، ٣، ٤)مان هەیە، هەروەها بالەشمان هەیە، ژمارەی یاری چی‌یەکانمان (٨٥) یاریزانەو (٢٠) یاریزانی بالەشمان هەیەو بەنیازین یاری تێنسیش بکەینەوە.

خولی تایبەتیشمان بۆ کراوەتەوەو لەو خولەشدا (١٢) تیپ بەشداری‌یان کردووە، کەتێیدا یانەی وەرزشی هەورامان بەپلەی یەك سەرکەوتووە).

ئەوەی شایانی باسە: ئەم ماوەی ڕابردووە چەند خولێکی تۆپی پێ کراونەتەوە لەلایەن تیپەکانەوە، هەروەها چەند خولی یاری (ماراسۆن)یش لەبەڵخەوە بۆ تەوێڵە کراونەتەوە. جگە لەمەش ماوەتەوە ئەوە بڵێین .. لەڕاستی‌دا ئەم ماوەی ڕابردووە بەبۆنەی بارودۆخەکەوە تیپەکان بەتەواوی جێگیر نەبوون و گۆڕانکاری‌یان جارجارە بەسەردا دێت.

* * *

هەڵپەڕکێ‌و چۆپی کێشەکان

هەڵپەڕکێ:

هەڵپەڕکێ یەکێکە لەو کەلەپوورە کۆن نەبووەی کورد، کەهەر لەزووەوە هەبووەو ئێستاش لەبرەودایە، هەڵپەڕکێ شێوەیەکی سەماکاری مۆسیقا ئامێزی کوردەواری پێوەیە، کەهەر هەڵپەڕکێ‌یەکی کوردی، خاوەنی ئیقاعێکی تایبەتی و ئاوازی تایبەتی خۆیەتی.

هەڵپەڕکێ‌ی هەر ناوچەیەك دەربڕین و ئاوێنەی ژیانی ئەو میللەتەیە لەو ناوچەیەی خۆی‌دا.

ژمارەو جۆری هەڵپەڕکێ‌ی کوردی لە کوردستاندا زۆرە[٦٤]، لەهەر ناوچەیەکی کوردستاندا، چەند جۆرێك لەهەڵپەڕکێ باون، لە تەوێڵەشدا زیاتر ئەمانە باون:

(چەپێ)، (یەك پێیی، فەتاحیشی پێ دەڵێن)، (سێ پێیی)، (دیدەکانی) واتە: دیلانێ، وەك دیلانێ وایە، دێن و دەچن، زیاتر لەسەرەتای هەڵپەڕکێکانەوە ئەم جۆرە هەڵپەڕکێیە دەکەن، بۆ گەرم بوون، (لەمەنەوشانی) ئەمیش بەسك و بەشان، سك دەردەپەڕێنی و شانیش هەڵدەتەکێنی، هەروەها (شێخانە)ش هەیە کەزیاتر صۆفی‌یەکان لەسەرەتای حال کردندا دەیکەن.

دەتوانین بڵێین لە تەوێڵەدا چەپێ لەهەموویان زیاتر بەناوبانگە، پیاو ماقوڵان و ژنان زیاتر ئەم هەڵپەڕکێیە دەکەن، یەك پێیی و سێ‌پێیی زیاتر گەنجانەیەو گەنج زیاتر پێی هەڵدەستێ، چونکە خێرایەو ماندوو بوونی تیایە.

ئەوسا لەناو بازاڕی تەوێڵەدا دوو سێ ڕیز هەڵپەڕکێکەران، دەوەستان و بەنۆرە گۆرانی بێژو شمشاڵ ژەن و دەهۆڵ لێدەرەکان، گەرمیان دەکرد.

لەبۆنەکاندا لەگۆڕەپانی بازاڕی‌تەوێڵەدا، خەڵکی کۆ دەبوویەوەو هەڵپەڕکێ گەرم دەبوو.. بەتایبەت لەبۆنەی نەورۆزو (١١)ی ئازارو (١٤)ی تەموزدا.

لەکاتی هەڵپەڕکێ کردندا، لەبازاڕی تەوێڵە خەڵکی لەدەوروبەردا دەوەستان و سەربانی قاپی و قەیسەری‌و سەعدی بەگ و سەر دوکان و خانووەکان، ژنان و منداڵان دادەنیشتن بۆ سەیرکردنی هەڵپەڕکێکەران.

ئەوەی شایانی باسە: كەم سەیران بكرێت لە تەوێڵەدا، هەڵپەڕكێی تیانەبێ، بەڵكو مەرجە كەسەیران بكرێت لە تەوێڵە دەبێت بۆ (تەلاّنی باخێك یا لاسی شاخێك) بڕۆن تاشوێنی هەڵپەڕكێی تیا بێت.

ئەوانەی جوان هەڵپەڕیون و ناسراون لە تەوێڵەدا زۆرن لەوانە:

- كەریم یار ئەحمەد - حەمەلەتیف سلێمان - حامد لاوە - حەمەكەریم سلێمان - باقی حەمە ئەمین - كوێخا نەزهەت عەلی محەمەد - حەمەصالح عەبدولحەكیم - جەمیل ئاغە جافر - سەعید وەیسی - حاجی ئەبوبەكری حاجی حەسەن - باسام نەصرواللە - حاجی ئەبوبەكری عەلی - حەبیبە اللە حەمەئەمین - تۆفیق وەستا حەمە ئەمین - یوسف حەمەحسێن - كوێخا حەمەسەلیم حەمەڕەزا - حەمەڕەئوف هۆمەر - محەمەد حەمەڕحیم (دارا بەگ) - حاجی عیزەت حەمەسەعید قادر - مەحیەدین حەمەسەعید.

- نەصرەدین حەمەسەعید - نەصرەدین كەریم یار ئەحمەد - ستار كەریم یار ئەحمەد - سەعید حاجی محەمەد.

كۆمەڵێك گەنجی تەوێڵە - چوون بۆ سەیران بۆ لێژڵە - ١٩٧٦/١/٢٩

تەپڵ لێدەرەكان:

- حەمەكەرەم خاڵە - دەروێش محەمەد حاجی حەمەڕەشید - هادی حاجی ئەبوبەكر - ئەبوبەكر باسام - نادر مەحمود ناسراو بەناڵە ئاسەوان - ئیبراهیم حەمەحسێن - عەلی عەلی (عەلیە سانە) - سەید حەمەئەمین (حەماڵ)

دەهۆڵ لێدەرەكان:

- ئەبوبەكر باسام
- عەلی عەلی (عەلیە سانە)

شمشاڵ ژەنەکان:

- فەرەج خالد - ڕەشید حەمەسەلیم ڕۆستەم - عوسمان جافر مەحمود - حەمەصالح تۆفیق - محەمەد الله کەرەم - حسێن عەبدولحامید - ئیسماعیل حاجی محەمەد ڕەحمان.

*　　*　　*

چاوگێڕانێکی خێرا بەڕۆژنامەی خورماڵ دا[٦٥]:

ئەگەر بەخێرایی چاوێك بگێڕین بەڕۆژنامەی خورماڵ دا، هەندێك زانیاریمان دەست دەکەوێت، سەبارەت بە تەوێڵەو دەڤەری هەورامانی عێراق، کەوەك شتێکی مێژووی ئەو زانیاریانە خراپ نین و بەڵکو سود بەخشن، بۆیە لێرەدا دەینوسین.

ڕۆژنامەی خورماڵ، لەخورماڵ دەرچووە، کارگێری ناحیەی خورماڵ کە(شاکر فەتاح) بووە، بەیارمەتی و پشتیوانی مەلا خالد، پێش نوێژی مزگەوتی خورماڵ و شێخ محەمەد حیلمی برین پێچ دەری کردووە.

ئەم ڕۆژنامەیە یەکەم ژمارەی لە ١٩٤٠/٦/٣ دەرچووە، وەئەخیر ژمارەشی کەژمارە (٢٤)ە لە ١٩٤٠/٩/٢٤ دەرچووە، لەدوای ئەم بەروارە (شاکر فەتاح) براوە بۆ سەربازی و کەسی تر نەبووە سەرپەرشتی بکات و بڵاوی بکاتەوە.

ئێستا هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەکە کۆکراونەتەوەو وەك نامیلکەیەکی خنجیلانە لەکتێبخانەکاندا هەیە، ئەمەش هەندێك لەو زانیاریانە:

- لە (ل٣)دا لەپێشەکیدا دەڵێ: (.. گوندی خورماڵ خۆ بچوك بوو، هەر پەنجا شەست ماڵێك دەبوو، بەڵام لادێکانی خورماڵ، زۆر گەورەو ژمارەیان لە (٧٠-٨٠) گوندێك بوون، کە (١٥٠٠٠) پانزە هەزار کەسێك بوون.

- لە (ل٤)دا دەڵێ: (لەهەموو لادێکانی دا سێ خوێندنگاو سێ نەخۆشخانەیان هەبووە، سێ دەردیان هەبووە، هەژاری، نەخۆشی، نەخوێندەواری.. تائەندازەیەکی باش لەچاو گوندەکانی تری کوردستاندا، دێیەکانی هەورامان، بەتایبەت تەوێڵەو بیارەو باخەکۆن، پێشکەوتوو بوون، لەپیشەسازی و بازرگانیو باخ بەرهەم هێنان و خانوو بەرەدا. لەڕاستیدا لەم ڕووەوە سەرۆکە بەگ و شێخەکانیان دەستێکیان هەبووە لەمەدا.. جۆرە ئارامیو ئاسایشێکیان بۆ ئەو دێیانە دامەزراندبوو، بەهۆی ئەوەوە دەیانتوانی بازرگانی لەگەڵ براکوردەکانی ئێران دا بکەن و دەوڵەمەند بن..)

- لە (ل٦)دا دەڵێ: (.. لەخورماڵ خوێندنگایەکی شەوم کردەوە، بۆ بەرەنگاری نەخوێندەواری، لێرەدا بەپێویستی دەزانم سوپاسێکی پڕ بەدڵی (شێخ حیسامەدین) بکەم کەلەخانەقاکەدا، ژوورێکی دامێ، هەروەها هەندێك دارو هەندێك پارەیشی دامێ، کەژوورەکەی پێ چاك بکەم و پڕی بکەم لەکورسی و مێزوو تەختە بۆ ١٦ شاگرد، دوای شێخیش کوڕەکەی (شێخ محەمەد) بۆ باخچەی ڕۆژنامەکە یارمەتی دام، .. بەپارچەیەك زەوی‌و ئاوو دارێکی زۆر..)

- لە (ل١٤) دا دەڵێت: (.. فەرمانڕەوایی عێراق لە ١٩٤٠/٥/٣٠ دا بە (مستەفا بەگی جافر سوڵتان) ی گەیاند کەئیتر دەتوانێ بچێتەوە (دەرگا شێخان) و لەوێ تەماشای کاروباری خۆی بکات.)

- لە (ل٨٨)دا دەڵێ: (سەرۆکی تەندروستی سلێمانی چووە بۆ تەوێڵە، لای کوێخا محەمەد دەستی گرتبووەوە .. - وادیارە دەستی شکاوە، (نوسەر)- لەم ڕۆژانەدا بە(٩) ئۆتۆمۆبیل لەگەڵ پزیشکی هەڵەبجەدا گەڕانەوە هەڵەبجە لەوێشەوە بۆ سلێمانی.

لەهەمان لاپەڕەدا دەڵێ: (.. لەم ڕۆژانەدا لەلایەن قائمقامی هەڵەبجەو کارگێڕی خورماڵەوە، ڕێگای ئۆتۆمبێلی هەڵەبجەو بیارە چاك کراو تەخت کرا.

- لە (ل ١١٢)دا دەڵێ: (.. نوسیاری باڵباز خانەی خورماڵ - عەباسی سەعەدز کوژ- گوێزرایەوە بۆ تەوێڵە.)

لەخۆزگەکانی ڕۆژنامەی خورماڵ، ژمارە (١٨) بەرواری ١٩٤٠/٨/٢٦ ئەمەی خوارەوەن:

- خۆزگە.. ڕێگای خورماڵ و تەوێڵەو ، خورماڵ و زەڵم، وا تەخت دەکرا بۆ ئۆتۆمبێل بشێت.

- خۆزگە .. خورماڵ بەهەڵەبجەو تەوێڵەو بیارەوە بەتەلەفۆن دەبەسترا.

- لە (ل ١٤٠)، ژمارە ٢٠ لە ١٩٤٠/٩/٥دا دەڵێ:

(ئەحمەدی غەفور) فەرمانبەری ئازووقەی تەوێڵەو (سەید ئەحمەد) فەرمانبەری گومرگی تەوێڵە، بۆ سەرلێدانی کارگێڕی لادێی خورماڵ، دوو شەو لەخورماڵ مانەوە، کارگێڕی لادێی خورماڵیش لەگەڵیاندا چووە بۆ هەڵەبجە..

لە (ل١٦٦)دا دەڵێ: (.. لە(قادر کەرەم) و (چەمچەماڵ) و (گەرمیان) ەوە، پۆل، پۆل، جوتیارو لادێیەکان هاتوون بۆ توو کڕین، بەلاْم هێشتا کڕیاری گوێز نەهاتوون.)

پەراوێزەکان

(١) دیوانی مەولەوی - کۆکردنەوە، لێکۆڵینەوەو، لێکدانەوەو، لەسەر نوسینی - مەلا عەبدولکەریمی مودەریس.

(٢) سەرچاوەی ژیانی ئەم شاعیرە ئەمانەی خوارەیە:

- دیوانی پیرشالیاری زەردەشتی - دانای هەورامی ل(٦١).
- مێژووی وێژەی کوردی -٢- صدیق بۆرەکەیی - ل(٢٧١).
- هەروەها م.مەحیەدین حاجی سەلیم کەبرازای میرزایەو لەگەڵ حاجی مەحمودی وەستا محەمەدی وەستا قادری تەوێڵەیی.
- مەلا کامیلی حاجی مامۆستا و هەروەها......

(٣) چەند تێبینی یەك لەسەر ئەم هۆنراوەیە:

ا) لەسێ سەرچاوەوە ئەم هۆنراوە وەرگیراوە:

- ئەو دێڕانەی کە ژمارە(١) لەبەر دەمیدایە،واتە لەو دەستنوسەوە،وەرم گرتوە کەلەبەڕێز مامۆستا مەحیەدین حاجی سەلیمەوە، وەرم گرتووە.

- ئەو دێڕانەی کەژمارە (٢) لەبەردەمیدایە، واتە لەحاجی مەحمود حەمەی قادرم وەرگرتوە کەلە (١٩٩٨/١١/٢٦) سەردانم کردووە، ئەم شیعرانەی لەبەر بوو.

-ئەو دێڕانەی کەژمارە (٣) لەبەردەمیدایە، واتە لەکتێبی پیرشالیاری زەردەشتی وەرگیراوە.

ب) ئەو دێڕەهۆنراوەیان کەژمارەیەکی لەبەردەمدایە، واتە هەرلەو سەرچاوە هەبووە، بەڵام ئەگەر دوو ژمارە یا سێ ژمارەی لەبەردەمیدا بێت، واتە لە دوو یا سێ سەرچاوەوە ئەو شیعرە بووە.

ج) ئەو وشانەی ناو کەوانەکان ناوی کەژو کێوو شوێنن.

د) هۆنراوەکە بەهەموویەوە لەهەرسێ سەرچاوەکەدا (٥٣) دێڕە بەبۆچونی خۆم (نوسەر) تێکەڵاوم کردووە.

ه) لەگەڵ ئەو هۆنراوەدام کە نوسیومە، نەك لەگەڵ پەراوێزەکان.

و) لەهۆنراوەکەش دا وادەردەکەوێ کەجگە لەهەورامان بەفرەکە شوێنانی تریشی گرتوەتەوە. بەڵکو نەخۆشیش کەوتوەتە ناو ئاژەڵی شارەزوور.

ز) بۆ ئەوەی ژمارەی پەراوێزەکان لەگەڵ ئەو سێ ژمارەیە تێکەڵاو نەبن، پەراوێزەکانمان لەسەر نیوە دێڕی یەکەم نوسیومانن.

(٤) ئەم دێڕە لە دەستەخەتەکەدا بەم شێوە هاتووە:

رۆغەن و گەنم ، برنجی شاران
ئامادە کەردی پەی جەمعی یاران

(٥) ئەم دێڕە لەپیرشالیاردا واهاتووە:

پایتەختش بۆوست، ئۆ (پەشت و ناو)ی

هاوڕاش کیاست پەی (سەڵوە کاوی)

(٦) لەپیرشالیاردا دەڵێ :

ساکە ئید ئەژنی ، دووختان و خانی

وات هاڵی وڕا ، حاڵم بزانی

(٧) لە دەستنوسەکەی م. محیە دین دا بەم شێوە هاتووە:

خەبەر هەم دەیدی بەمڵە وەردی

وەرنەوەزانی با خەبەر کەردی

(٨) لەپیرشالیار دا بەم شێوە هاتووە:

کریلە عاجز ماکۆن بێ دەنگ

بەرزی داڵەهۆ عاجزەن بێ ڕەنگ

(٩) لە دەمی حاجی مەحمودەوە بەم شێوەم بیستووە:

کوان سەر بەرزان، نزران کاوان

دەشتان باغاتان ، چەشمەو سەرئاوان

(١٠) لەپیرشالیاردا وا هاتووە:

موختەصەر ، وارا تابیستی صەفەر

عاڵەم جەیانە ، نەمەشی وەبەر

(١١) لە دەستخەتەکەی م. مەحیەدین واهاتووە:

بابکەین تەعریف ، وەحشیانی کۆ

بەدحاڵی ئەوان ،وەلات مەعلوم بۆ

(١٢) کە بکان = واتە کەوەکان

(١٣) لە دەست خەتەکەدا هاتووە:

بعد از دەردەگا، وردە حیوانی

نەجە دەواردا ، نەجە دێکانی

وشەی (مادیان) واتە ماین

(١٤) مێژووی هەورامان – محەمەد ئەمین هەورامانی –ل ١٦٠.

(١٥) مێژووی هەورامان –ل ١٩٣

(١٦) بۆ ئەم باسە سودم لە نامیلکەی (باباحاجی لە نێوان هەورامان و شنروێ) وەرگرتووە کۆکردنەوەو ڕێکخستنی نظیف بابا حاجی.

(١٧) سـودمان لەدیوانەکـەی وەرگرتـووە- چـاپی دووەم سـاڵی ١٩٨٢ بەشـی یەکـەم و هەندێ لە بەشی دووەم.
(١٨) دیوانەکەی سەیریکە ل (١٠٣)
(١٩) دیوانی کاردۆخی ل (٥) هەروەها هۆنراوەی زۆری لەڕۆژنامەکاندا بلاوکردوەتەوە.
(٢٠) کولوریّ : کلورەی پارە، خەزێنەی پارە، کلور دەکاتە پێنج لەك، لەکیش سەد هەزارە کەواتە: یەك کلۆر، دەکاتە پێنج سەد هەزار.
(٢١) سەرچاوەم بۆ ژیان و هۆنراوەکانی دانای هەورامی ئەمانەی خوارەوە بوون:
- پیرشالیاری زەردەشتی – دانراوی (دانا) خۆی.
- ڕۆژنامـەی هاوکـاری ژمـارەی (١٠٩٢) بەرواری (١٩٨٩/٧/١٣) کەبەڕێز سـەلام مەنمی لەیادی تێپەڕ بوونی (١٠) ساڵ بەسەر کۆچی (دانا)دا نوسینێکی کورت و پوختی بلاوکردوەتەوە.
- بەڕێز مامۆسـتا دڵشـادی کـوڕی دانـای هـەورامی یارمـەتی داوم کـەزۆر سوپاسی ئەکەم.
– ئەرشیفی خۆم (نوسەر
(٢٢) وەك لەدەمی کاك دڵشادی کوڕی‌یەوە بیستم:
کاتێك مامۆسـتا لەنسـکۆی (١٩٧٥)دا دێتـە سلێمانی خەبـەر دەنێرێتـەوە بـۆ تەوێڵـە، نەوەك ماڵەکەمان بپشکنن ئەو گونیە کتێبەم لابەن لەماڵەوەو دوری بخەنەوە، ئەوانیش گونیەکە دەهێـنن بـۆ گەوڕەکەی پورە فاتـەی وەسـتا صـدیق. پاشـان منـالآن لـەو نـاوەدا چاوشـارکێ دەکـەن کەدەچنە ئـەو گـەوڕەوە کتێبەکان دەدۆزنـەوە- پۆلیسـێك لـەو نـاوە دەبێـت بەمـە دەزانێـت. کتێبەکان دەبات بۆ پۆلیسخانە، ئیتر سەریان خورا .. پاشـان کەزانرا هی (دانا)ن و شتیان دژی ڕژێم تیابوو، چەند ڕۆژێك زیندانی کرا.
(٢٣) ئەم هۆنراوە لەساڵی شەستەکاندا وتراوە، مامۆستا باسی ئەوە دەکات کەئەو چیایە پێویستی بەجادە هەیەو ئاوات دەخوازێ کەخەڵکی تەوێڵە بەسەربەستی بتوانن سەیرانی بکەن، چونکە شاخەکە کەوتۆتە خاکی ئێرانەوە، بەلآم لەساڵەکانی حەفتاکانەوە جادە براوە بۆ ئەو چیایەو لەسالآنی ئەم دواییەشدا کەمێك ئازادی هەبوو بۆ خەڵکی هەورامانی عێراق، تا ئەندازەیەك ئاواتەکەی دانا هاتووەتە دی.
(٢٤) ئـەم دوو هۆنراوەیـەم (گـەلی کـوردو مرۆڤ) لەسـاڵی (١٩٧٦) لـەکاك دڵشـادی هـاوڕێم وەرگرت کە کوڕی مامۆستایە.

(٢٥) سەرچاوەم بۆ ژیان و و هۆنراوەکانی م. عوسمان هەورامی ئەمانەی خوارەوەیە:
–چـەند لاپەڕەیـەك لەنوسـینی خـۆی لەسـەر ژیانەکـەی و هۆنراوەکـانی کـەبۆی ناردوبووم –زۆر سوپاسی دەکەم .

-دیوانەکەی صەیدی هەورامی کە مامۆستا عوسمان لەچاپی داوە.
-نامیلکەی (منالْ وگولْ) کەچەند هۆنراوەیەکمان لیْ هەڵبژاردووە..
(٢٦) سەرچاوەی ژیان وشیعرەکانی م. جەمال بێدار ئەمەی خوارەوەیە:
– وەڵامی نامەیەکی مامۆستا خۆی کە نوسیویەتی بۆمن (نوسەر) .کە جگە لەسەر ژیانەکەی خۆی، هەردوو شیعری (کەڵکەڵەی وەتەن) و(بەمن چێش)ی بۆ ناردوم لەونامەدا.
– ئەو پەڕاوانە خۆی کەچاپی کردون وەك:
سروەی بێداری، ناڵەی هەڵەبجە، دیاری بێداری وهۆرامان و هۆرامی و واتە و وەڵینا...
زۆر سوپاسی دەکەم بۆ ئەو نامەیەی کەبۆی ناردبووم.
(٢٧) ژیان وشیعرەکانی م. نەبەز، هەمووی خۆی بۆی ناردووم دوای ئەوەی کە خۆم (نوسەر) داوام لیْ کردبوو زۆرسوپاسی دەکەم.
(٢٨) سەرچاوەکان:
- بۆ ژیانەکەی نوسراوێکی دەست خەتی خۆی.
- دیوانەکەی بەناوی (دیوانی شاسواری-١٩٨٨-١٩٩٨) زۆرسوپاسی هاوکاری کردنی دەکەم.
(٢٩) سەرچاوەی ئەم نوسینەم لەسەر ژیان و شیعرەکانی م.گۆران، ئەو نوسراوەی خۆیەتی کەبۆی ناردم دوای ئەوەی داوام لیْ کرد بوو، هەروەها لەگۆڤاری پەیامی ڕاستیش سودمان وەرگرتووە. سوپاسی هاوکاری دەکەین.
(٣٠) سەرچاوە: دەستنوسێکی خوشکە کەتان خۆی کەبۆی ناردبووم سوپاسی هاوکاری دەکەم.
(٣١) سەرچاوەی ئەم نوسینەم لەسەر ژیانی ئەم بەڕێزە، سەرچاوە دەست نوسەکانی خۆیەتی کەوەختیْ داوای هاوکاری و هەندیْ پرسیارم لیْ کرد زۆر بەسنگ فراوانی، وەڵامی دامەوەو هانیدام سەرەڕای ئەوەش چەند دەفتەرێك لەدەستنوسەکانی خۆی دایە لام و سودم لیْ وەرگرت.
(٣٢) سەیری بەشی جوگرافیای تەوێڵە بکە چەند شیعرێکی تری لەویْ بلاْوکراونەتەوە، ئەو شیعرانەی تری کەلەو بەشەدا بلاْوکراونەتەوە وەختیْ دەستم کەوتن لەپۆلی یەکی ناوەندیدا بووم ساڵی (١٩٧١). چونکە ماڵی مامۆستا دراوسیْمان بوون، جارێکیان لەبەردەم ماڵی خۆماندا دوو سیْ وەرەقە کەوتبوون منیش هەڵم گرتن سەیر دەکەم شیعرن و لەسەر تەوێڵە نوسراون و خاوەنەکەیان نوسراوە عەبدولکەریم نەقشبەندی، هۆنراوەیەکیان بەناوی (بەگوێرەی توانا) لەبەرم کردو لەوکاتەدا مامۆستا بارام سەعدی وانەی کوردی پیْ دەوتینەوە تاقیکردنەوەی زارەکی نیوەی ساڵ هاتە پێش، مامۆستا

وتی هەرکەسە شیعرێکی دەرەوەی کتێبەکەم بۆ بڵێ نمرەی باشی دەدەمێ لەو کاتەدا منیش ئەو هۆنراوەیەم بۆ وت زۆری پێ خۆش بوو وتی: هی کێیە وتم: هی عەبدولکەریم نەقشبەندی‌یە، لەوێ زانیم کاک عەبدولکەریمی دراوسێمانە، تائەو کاتە نەمزانی بوو کەهی ئەوە، پاشان لەم دوایی‌یە ئەمەم بۆ باس کردو وتم ئەم هۆنراوانەشت من لام هەیە کەخوێندمەوە وتی بەڵێ ڕاستە هی منن واش دەزانم هۆنراوەی (جوانی تەوێڵە) دوایی لای کاک حەمە شەریفی ژن برای مامۆستا دەستم کەوت.. لەگەڵ ڕێزو سوپاسێکی زۆرم بۆ م. عەبدولکەریم.

(٣٣) سەرچاوە:

- دوای ئەوەی نامەیەکم بۆ نووسی، چەند لاپەڕەیەك لەژیانی خۆی و هەندێ شیعری بۆ ناردوم.

ئەرشیفی خۆم کە لەساڵی حەفتاکان دا شیعری ئەم بەڕێزەم هەبووە. سوپاسی هاوکاری دەکەم.

(٣٤) بۆ ژیان وشیعرەکانی سودم لەخۆی وەرگرتووە کەچەند جار چومەتە خزمەتی و هەندێ دەستنوسی خۆی هەبوو دایمێ و منیش گوڵبژێرێکم لێ کردن و کەمێك شیعرەکان پەرژو بڵاو بوون ڕێکم کردن و نوسیمەوە.

(٣٥) ژیان و شیعرەکانی هەمووی سودم لەکاك طاهیر خۆی وەرگرتووە.

(٣٦) چەند کە سانێکی تریشتگیری دەکەن بۆ ئەوەی خۆی بپاڵێوێ و پروپاگەندەشی بۆ دەکەن لەوانە کاك تۆفیق قادر ئەم شیعرەی بۆ دەنوسێ :

هەر بەر قەرار بی ئەی برای گیانی
پەی خزمەت کەردۆ، گرد هۆرامانی
وەراوەرو چڵانە، هەم قەلا بۆزان
شارەزایت هەن، جەقفڵ و قازان
ئەگەر جەمن بۆ، بونەم دەسەڵات
مودیر بەلەدیەت، کەرونە خەڵات
حاجی‌و بەغیرەت، هەم زیادی تەمەن
هەرلایق و تۆن، بینە ئەنجومەن

(٣٧) حاجی ڕەحمان فەتاح ڕۆستەم، لەدایك بووی (١٩٢٨) لەتەوێڵە لەدایك بووەو ساڵی (١٩٤٦) براوە بۆ سەربازی، چووە بۆ شەڕی فەلەسطین و بریندار بووە. کارمەندی شارەوانی تەوێڵە بووە، ماوەیەك لەدائرەی کارەبا بووە پاشان لەدائرەی ئاو کاری کرووە. نزیکەی (١٥) ساڵ موتەوەلی مزگەوتی گەورەی تەوێڵە بووە پیاوێکی قسە خۆش و دڵپاك و دەنگ خۆشە حەزی لەخزمەتگوزاری‌یە.

(٣٩) سەرچاوەم بۆ مەلا ئەحمەدی قازی:

- نوسراوی هەردوو بەڕێزان (م.مەلا عەبدولکەریم و م. فەریدی) کوڕی.
- دیوانی صەیدی هەورامی – کۆکردنەوەو گۆڕینی– عوسمان هەورامی.
- وەستا صادق غەندی.
- مەلا کامیلی حاجی مامۆستا.
- وەستا محەمەدی حاجی حەمە صالح.

(٤٠) زۆر گەڕام بۆ کەشکۆڵەکەی دەستم نەکەوت.

(٤١) لەبارەی ساڵی لەدایک بوونەکەی م. عوسمان لە دیوانەکەی صەیدی هەورامی دا نوسیویەتی (١٨٩٤-١٩٥٦) ژیاوە. بەڵام م.عەبدولکەریمی کوڕی دەڵێت لەساڵی (١٨٨٤) لەدایك بووە لەبەر ئەوەی مەلا عەبدولکەریمی کوڕی زۆر دڵنیا بوو لەوەی خۆی، ئێمەش ئەومان نوسیووە.

(٤٢) بۆ ژیان و بەسەر هاتی حاجی مامۆستا لەم بەڕێزانە سودم وەرگرتووە:

– مەلا کامیلی کوڕی حاجی مامۆستا دەربارەی ژیانی و هەندێ دەستنوس، شیعرەکانیش لای ئەو وەرم گرتوون کەلەسەر چەند وەرەقەیەك نوسرابوون و لەخوارەوە یان نوسرا بوو – شیعری حاجی مامۆستا.

- وەستا محەمەدی حاجی حەمەصاڵحی برازای.
- حاجی عارفی کوڕی حاجی مامۆستا.
- حاجی مەحمود وەستا محەمەد.

جەمال حاجی عارف.

(٤٣) وەك مەلا کامیلی کوڕی، حاجی عارفی کوڕی، وەستا محەمەدی برازای، کاك جەمال حاجی عارفی کوڕەزایو...تاد، هەروەها کاك سەعدی حاجی ئەحمەد وتی: من خۆم بیستم لەدەمی خۆیەوە کەوتی (٨٣) هەزار شیعری جۆراوجۆرم لەبەرە زوربەیان فارسی و عەرەبین.

(٤٤) ئەو شیعرە فارسی‌یەم لای کاك جەماڵی حاجی عارفی حاجی مامۆستا وەرگرتووە.

٤٥) بۆ ژیان و شیعرەکانی وەستا مستەفا سودم وەرگرتووە لە: کاك تاهیری وەستا مستەفاو دەروێش لەتیف محەمەد و کاك شێرزاد کوێخا حەمەسەلیم و ئەرشیفی خۆم (نوسەر).

(٤٦) بۆ نوسین لەسەر وەستا عەبدولعەزیز سودم وەرگرتووە لە:

- نامەیەکی وەڵام ئامێزی کاك بەختیاری کوڕی وەستا عەبدولعەزیز، لەگەڵ شریتێکدا.
- کاك جەلال نەجیب ی برازای وەستا.
- م. سەید ڕەشاد حاجی سەید محەمەد.
- شریتێکی کاك خدر عەزیز عوسمان.

- دوو شریتی بەڕێز شەفیع حاجی محەمەد.

ئەوەی شایەنی باسە دوو شریتەکەی کاک بەختیارو کاک خدر هەر ئەو دوو شریتەی کاک شەفیعن، وەستا وابزانم حەیدەرنامەیە بەدەنگی خۆی تەسجیلی کردووە.

- هەردوو دیوانی صەیدی هەورامی و مەلا حەسەنی دزڵی کەلەباسەکەدا ئاماژەم پێکردوون.

ئەرشیفی خۆم (نوسەر).

(٤٧) حەفصەخان خێزانی سەعیدی میرزا عەبدولقادر بوو، خەڵکی تەوێڵەیەو لەلای خەلیفە لەیلیۆ چەند مەلایەکی تەوێڵە قوورئانی خوێندووە، لەزوربەی پرسەکانی تەوێڵە کۆنترۆڵی پرسەی ژنانی دەکردو قورئانی دەخوێند.

دەڵێن: شیعری زۆری لەبەر بووە، بەتایبەت شیعرەکانی مەولەوی‌و صەیدی‌و میرزا ئۆلقادرو...

دەڵێن: خۆشی دەستی شیعری بووە، بەڵام بەداخەوە زۆر گەڕام شتم دەست کەوێت لەسەری، بەڵام هیچم دەست نەکەوت. خاتوو حەفصە لەبەرواری (١٩٩٢/٣/٨) لەسلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

(٤٨) گۆڤاری ڕامان ژ(٦٩) بەرواری (٢٠٠٢/٣/٥) ل(٢٤٨).

(٤٩) گۆڤاری کەلەپوری کورد، ژ(٢) نەورۆزی (١٩٩٣).

(٥٠) بۆ ئەم پێشەکی‌یە سودم وەرگرتووە، لەپەڕاوی (هۆرامان و هۆرامی و واتەو وەڵێنا – نوسراوی م.جمال بێدار، ل (٧٥–٨٥)).

(٥١) لەڕاستیدا ئەم پەندە دەوترێت، بەڵام نازانین چۆن بووە، بەڵێ ڕاستە نادرشا هاتووە بۆ شارەزوورو لەوێ وە گەڕاوەتەوە بۆ ئێران، بەڵام ئیتر تەوێڵەیی چۆن دەستیان بووە لەم کوشتنە نازانرێت. لەکتێبی (ایران دراسە عامە – محمد وصفی – ابو مغلی – بصرە – ١٩٨٥ – ص ٢٦٨)دا هاتووە: نادرشا لە(١٠ی موحەڕەم – ١١٦٠ك = ١٧٤٧ز) لەئەسفەهانەوە چووە بۆ مەشهەد، بەڵام لەوێوە چووە بۆ (خبوشان – قوجان) کەیەکێکە لەشارەکانی سجستان بۆ کوژانەوەی شۆڕشەکەیان و لەمانگی جمادی دووەم لەنزیك (خەتم ئاباد) سەنگەری گرت، بەڵام (عەلی قولی میرزا) کەبرازای نادرشا بووە پیلانێکی ڕێکخستووە دژی مامەی،

بەیارمەتی هەندێ ئەمیری قاجاری و قزڵباشی چونە سەر خەیمەکەی‌و لەشەوی یەك شەممەی (١١ی جەمادی دووەم) ساڵی (١١٦٠ك = ١٧٤٧ز) کوشتیان.

[٥٣] مەبەست لەبرایانی کەیمنەیی، ئەم سێ گۆرانی بێژەیە (عوسمان کەیمنەیی، حەمەحسێن کەیمنەیی، شەفیع کەیمنەیی).
لەزۆربەی بۆنەو شاییەکان دا هەرسێکیان بەیەکەوە گۆرانیان لەمەیدانەکەی بازاڕی تەوێڵەدا دەوت.

[٥٤] – گۆڤاری ڕامان، ژ(٣٩)، ١٩٩٩/٩/٥، ل(٢٤٥) گۆرانی خاو لەدەڤەری هەورامان – دارا محەمەد عوسمان.
– گۆڤاری ڕامان، ژ(٤٤)، ٢٠٠٠/٢/٥، ل(١٢٥) وتوێژێك لەگەڵ هونەرمەندی دەنگ خۆش (جەمیل نەوسودی) ئامادەکردنی جەلیل عەباسی لەمەریوان.
– گۆڤاری شاکار، ١٩٩٩/٢/٢١ دەروازەیەك بۆ سیاچەمانەی هەورامان– سیروان جەلال تەوێڵەیی.

[٥٥] م. محەمەد ئەمین هەورامانی لەمێژووی هەورامان ل(٦٦٠-٦٦٤)دا دەڵێ: (گۆڕی ژنێك و پیاوێك کەوتونەتە ئەولای هەواری پیر ڕۆستەمەوە، لەسەرە ڕێی، دێی دەرەوکێ و عەمارەتی خان ئەحمەد خانی ئەردەلانی و لەهەواری پیر ڕۆستەم و هەوارگەی (گەچانی)و کەمالاو هەورامانی تەخت.
م. هەورامانی ڕەئی وایە کەئەم دوو گۆڕە، گۆڕی خاتوو کلاوزەڕ (گوڵزەڕین)و یوسو ئاسکە بێت...). بۆچونەکەی نزیکە لەڕاستییەوە.

[٥٦] لەگۆڤاری ڕامان، ژ(٤٤) ل (١٢٦)، جەمیل نەوسودی ئاماژە بۆ ئەمە دەکات و بەوەی دادەنێت.

[٥٧] ئەم پێنج گۆرانی بێژەی خوارەوە لاوی تازە پێگەیشتوون و برەویان داوە بەگۆرانی هەورامی: (سیروان و نەجمەدین و ئاوات و هەورامان و ئەدهەم...).

[٥٨] زۆربەی ئەم بابەتەم لەم بەڕێزانە وەرگرتووە:
- کاك ئەیوب ڕۆستەم زۆر هاوکاری کردم.
- ماموستایان (حسێن محەمەد غەفور، بارام سەعدی، عەلی قادر ئاغا)..
سوپاس بۆ هەموویان.

[٥٩] بەسەرهاتی سیاسی کورد– بەرگی یەکەم و بەرگی دووەم، لەنوسینی میرزا خۆی. هەروەها کوردستانی نوێ لەژمارە (١٠٧٦)ی ١٩٩٥/٩/١، وە لە(١٠) ژمارەدا لەلاپەرە (٣)، بەناوی (کتێبی هەینی) بەسەرهاتی مەنگوڕی بلاوکردوەتەوە کەخۆی نوسیویەتی، وەك (یادەوەریەك) لەو کاتە بلاوکراوەتەوە.

(٦٠) ئەگەر سەیری هەردوو ژمارەی كوردستانی نوێ (١١٠٠، ١٩٩٥/٩/٢٩) و (١١٢٦، ١٩٩٥/١١/١٠) بكەین بۆمان دەردەكەوێت كە:

مەلا حەسەنی قازی كوڕی مەلا عەبدولقادری گەورەی بیارەیە، كەنازناوی (شاهۆ)یە لەگەڵ مەنگوڕی و چەند پۆلیسێك لەساڵی (١٩٣٥) حزبی (خوێنڕێژی) دادەمەزرێنن و مەلا حەسەن دەبێتە سەرۆك.

ئەم حیزبە لەگەڵ كۆمەڵەی برایەتی‌دا ناكۆك بوون، چونكە برایەتی پێی وابوو، كەحیزبی خوێنڕێژی داتاشراوی ئینگلیزەو بۆ بەرامبەر برایەتی دروستكراوە.

دوایی مەلا حەسەن نقڵ دەبێت بۆ بەغداو مەنگوڕی سەركردایەتی حزبەكە دەكات، بەڵام وادیارە لەگەڵ برایەتی‌دا ڕێك دەكەون و دەبنە یەك حیزب و شێخ لەتیف دەكەنە سەرۆكی حیزبەكە، دواتر ئەم حیزبە بەرەو مردن ڕۆیشت و هەڵوەشایەوە، لەسەرەتای چلەكانەوە ڕەفیق حیلمی توانی لەئەندامانی حیزبی برایەتی، حیزبی هیوا دامەزرێنێ.

(٦١) ئەرشیفی نوسەر (عەبدولڕەزاق) كەخۆی گوێی لێبووە لەدەفتەری یادگاری‌یەكانی‌دا وەك تێبینی‌یەك تۆماری كردووە.

(٦٢) دەقی ئەم ژیاننامەو چالاكی‌یانەی كاك ئەیوب لەخودی خۆی وەرگیراوەو ئێمە بلاوٚمان كردوەتەوە... زۆر سوپاسی هاوكاری كردنی ئەكەین.

(٦٣) ئەم زانیاریانەم لەم سەرچاوانەوە وەرگرتووە:

- تالب عەبدولقادر حاجی ئەبوبەكر، ناجح حاجی ئەحمەد محەمەد، ڕۆژنامەی بزوتنەوەی ئیسلامی ژ(١٢٤)، ٢٠٠٢/٩/٤ مقابەلەیەكی شاخەوان فەرەج.

(٦٤) كەلەپوری كورد ژ(٢)، نەورۆزی (١٩٩٣)، بابەتێكی بەڕێز عادل محەمەد كەریم، ل(٤٥-٥٢، بەناوی هەڵپەڕكێی كوردی و جۆرەكانی... ئەم نوسەرە زیاتر لە (٥٠) جۆر هەڵپەڕكێی كوردی ناوبردووە، كەلەكوردەواریدا باون.

(٦٥) ئەم ڕۆژنامەی خورماڵەم لەكاك ئیبراهیم مەیكە دەست كەوتووە، زۆر سوپاسی ئەو هاوكاریەی ئەكەم.

بەشی سێهەم : پاشکۆ

١-سۆسەکان

٢-بەڵخە

٣-دەگا شێخان

٤-بیارە

٥-خورماڵ

کۆتایی:

سەرچاوەکان:

سۆسەکان

- پێناسە
- ناوەکەی لە چییەوە هاتووە
- مێژووی دروست بوونی سۆسەکان
- شوێنەوارەکانی
- بەش و گەڕەکەکانی سۆسەکان
- ژمارەی دانیشتوانی
- شوێنەکانی
- تیرەو ناودارەکانی:
- لە پیاوە ناودارەکانی
- فەرمانڕەواو کوێخاکانی
- پرۆژەکانی:

مزگەوت

قوتابخانە

بنکەی تەندروستی

پۆلیسخانە

- گوزەرانی ژیانی خەڵکی سۆسەکان
- لە شۆڕشی کورددا
- ڕاگوازتنی سۆسەکان
- سۆسەکان لە دوای ڕاپەڕین و ئێستای:

سۆسەکان[١]

گوندی سۆسەکان بەقەد پاڵی چیای (کەمەر کەنۆڵە)وەیە، لەبەردەم لوتکەی (تۆبچانە)و شاخی هەوارە بەرزەدایە، ڕووی کردووەتە قیبلەو بەرامبەریشی زنجیرە چیاو تەپۆڵکەکانی (پەرۆنێ)و(وەنی سەربەن)ە، لەسەرسنوری هەورامانی ئێران. دەکەوێتە نێوان تەوێڵەو بەڵخەوە، لەتەوێڵەوە(٣ کم) دوورە، هەرچەندە دەتوانین بڵێین سنوری تەوێڵەو سۆسەکان جیا ناکرێتەوەو باخەکانیان تێکەڵاو بوون بەیەکدا.

ناوەکەی لەچی یەوە هاتووە؟

- وشەی (سۆسەکان) زیاتر ئەم سێ بۆچوونەی لەسەرە:

زۆربەی خەڵکی ناوچەکە لەگەڵ ئەوەن کە(سۆس) لەهەورامیدا، واتە· سوێسکە، ئەم ناوچەو شوێنە وەختی خۆی سوێسکەی زۆربووە وناوەکەی لەوە وەهاتووە، ئیتر پاشگری (کان)ە کەش یالە(کانی) یەوە هاتووە کە سوێسکەکان هاتوونەتە سەرکانی یەکان بۆئاو خواردنەوە، یاخود لەوشەی (کان)ەوە هاتووە کە لەهەورامیو سۆرانیشدا هەیە (کانە بەرد، کانە خوێ).. ئەگەر(کان)ە کەش لەمەوە هاتبێ، واتە: ئەم شوێنە وەك کان وابووە سوێسکەی زۆر بووە.

- هەندێکیش دەڵێن: لەوانەیە لەوە وە هاتبێ، خانووی سۆسەکان بەقەد پاڵی چیای کەرمەرکەنۆڵەوە یە، بەڵام ئەم چیایە لەخوارەوە کە خانوەکانی لێ دروست کراوە، بووەتە سێ بەشەوە، سێ سەکۆیە، واتە: لەوانەیە وشەکە لە(سێ سەکوان)ەوە هاتبێو بووەتە سۆسەکان.

- بڕێکیش دەڵێن: لەوانەیە لەوشەی (سۆسەن خان) ناوێکەوە هاتبێو، وەختی خۆی ناودار بووبێ لەم شوێنە... بەهەرحاڵ بۆچوونی یەکەم لەلای خەڵکی پەسەند ترە.

مێژووی دروست بوونی سۆسەکان:

وەك باس دەکەن، مێژووی دروست بوونی ئەم گوندە کۆن نی یە، دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (١٥٠) ساڵێك لەمەو بەر، کاتێك هەندێ خاوەن باخی تەوێڵەیی، باخیان لەچەمی سۆسەکان دەبێ، بۆ ئەوەی نزیك بن لە باخەکانیانەوە- کێڵ- دروست دەکەن تادرەنگانێکی پاییز دەمێننەوە، چونکە بەروبوومی ئەم چەمە گوێزو هەنارو تریو بەهیو... ئەو شتانەیە کە ئەمانەش لەپاییزدا دێنە بەرهەم... پاشان هەندێك لەخاوەن باخەکان هەر بەیەکجاری

خانوو درووست دەکەن و دەمێننەوە... ئەوەی شایەنی باسە: ئێستاش تەوێڵەیی باخیان لەچەمی سۆسەکان وخوار سۆسەکانیشەوە هەیە.

پاشان چەند بنەماڵە یەکی بەگیش لەسۆسەکان نیشتەجێ دەبن، وەك بنەماڵەی کوڕانی نەجە قولی بەگ کە لەشۆشمیۆوە هاتونەتە پالانیاو دواتر لە سۆسەکان نیشتەجێ بوون، ئێستاش لەتەوێڵەن... هەروەها بنەماڵەی حاجی حەمە ڕەشیدی خودادا... واش دەگەڕێنەوە: خەڵکی(ژان)ی ژاوەرۆش، هاتوونەتە سۆسەکان، بەڵام ساغ نەبویەوە بۆمان کام بنەماڵەیە.

شوێنەوارەکانی:

وتمان سۆسەکان- خۆی زۆر کۆن نیە، بەلام لە دەوروبەری، قەڵاو شوێنەواری کۆن هەیە، وەك ئەمانەی خوارەوە:

- قەڵای شاتر (قەلا تۆشاتری):

ئەم قەڵایە لەلای باکوری ڕۆژ هەڵاتی سۆسەکانەوەیە، دەڵێن قەڵای جافی شاتری بووە... جافەکان لێرەوە گوزەریان کردووەو چوون بۆکوێستان، ماوەیەك ڕێگەیان لێ گیراوە، نەیان هێشتووە لێرەوە بڕۆن. لێرەدا قەڵایەکیان دروست کردووە بۆ پاراستن وبەرگری خێڵەکەیان، ئیتر بەقەڵای شاتری ناسراوە.

- قەڵای قرتە (قەلا تۆ قرتەی)

لەوبەری سۆسەکانەوەیە لەسەر سنوری ئێرانەو، لەساڵەکانی پەنجاکانەوە ئێران کردی بەقەڵایەکی سەرسنورو لە بەرامبەر قەڵای سۆسەکان کردیەوە. قرتە ناوی پیاوێك بووە، ئەو قەڵایەی دروست کردووە.

- قەڵای تەوەن چەخماخ: عوسمانیەکان دروستیان کردووە، لەنێوان سۆسەکان و بەڵخەدایە، کەئەو قەڵایە یان درووست کردووە، پیکیان لێ داوە بەردەکانی چەخماخەیان لێ داوە، بۆیە، بەو ناوەوە ناو نراون.

– قەڵای باجگیرا: قەڵایەکی تایبەت بووە، پۆلیس تیایدا دانیشتوون باج یان سەندووە لەخەڵکی، لەبەشی سەرەوەی سۆسەکان لەلای چەپەوە لەپشتی جادەیە.
– قەڵای تۆپخانە: لەساڵی(١٩١٢) عوسمانیەکان دروستیان کردووە، لە پشتەوەی سۆسەکانە بەسە شاخەکەوە.
– ئەسپە تاچن: شوێنی مەشق کردنی سوارەکان بووە، لەلای ڕاستی قەڵا(مەرکەن) کەی سۆسەکانەوەیە، ئێستا لەبەهاران دا مێرگێکی سەوزە بۆ لەوەڕاندنی وڵاخ.

بەش و گەڕەکەکانی سۆسەکان:
سۆسەکان لە چوار بەش پێکهاتووە:
کەلارا: وادیارە وەختی خۆی کەلار بووە... ئەم گەڕەکە کۆنترین گەڕەکی سۆسەکانە کە لەبەشی ڕاستەوەیە.
دەگا: بەشی ناوەڕاستە هەندێك دەڵێن ئەم بەشە کۆنترەو یەکەمجار لێرە خانوو کراوەو ئەمە دێکە بووە، دوایی خانوو لەدوو بەشەکەی تری دروست کراوە.
منارا: لەلای چەپەوەیەو وشەکە لە(هەنارانەوە) هاتووە، چونکە لەو شوێنە هەناری زۆر بووە.
باجگیرا: ئەم بەشەیان تازەیەو کەتووەتە لای چەپەوە، لەطە رەفی تەوێڵەیە، لەدوای ڕاپەڕین لە سەرجادەو پشتی جادە کۆمەڵێك خانووی تر دروست کراون، ئەمانەش بوونەتە گەڕەکی سەرجادە.
ژمارەی دانیشتوانی:
بەپێی قسەی پیاوە پیرەکانی دەڤەرەکە، لەساڵی گرانیەکەدا نزیکەی(٢٠) ماڵێك بووە.
بەپیّی ئاماری ساڵی (١٩٥٧)یش (٢٢٣) کەس بووە، کەنزیکەی (٤٤) خێزان دەکات.
لەساڵی (١٩٧٧)، (٨١) خێزان بوون، (٤٧٢) کەس بوون.
ئێستاش کەساڵی (٢٠٠٣) نزیکەی (٢٠٠) خێزان دەبن، (٨٠) خێزانێکیان لە سۆسەکانن وئەوانی تر لە هەڵەبجەی شەهیدو هەڵەبجەی تازەو سلێمانی وشارەکانی ترن.

شوێنەکانی:

جگە لەو شوێنەوارانەی کەباسمان کردن، هەندێ شوێنی ترهەن لە سۆسەکان ودەوروبەری داوەك:

بازی جەژنیگا: کەتەپۆڵکە یەکی ڕووتە لە بەهاراندا بەسەوزە گیایەکی جوان دەڕازێتەوە لەخوارووی لای ڕاستی سۆسەکانەوەیە،لەکاتی جەژن دا خەڵکی سۆسەکان دەچنە ئەو تەپۆڵکە یاریو گەمەی خۆیان دەکەن.

دەرە قازان: باخەکانی بەردەم سۆسەکان دەگرێتەوە زیاتر بەشی بەردەم (کەلارا)یە.

شوانگێڵ: لەڕۆژ ئاوای سۆسەکانەوەیە بەردەم جادە، کۆمەڵێك ڕەزو لەوەڕگایە، کانی و ئاویشی لێیە لەبەهاراندا شوێنێکی دڵگیرە.

تیرەو نادارەکانی:

خەڵکی سۆسەکان لەچەند تیرەیەك پێکهاتوون ناودارەکانیان ئەمانەن:

- تیرەی فەتە... نەصەی باوکی حاجی ئەولە لەم تیرەیە.
- تیرەی ڕەمەزان... حاجی حەسەن- باوکی میرزا باقی لەم تیرەیە.
- تیرەی صۆفی قادر... حاجی نادر لەم تیرەیە.
- تیرەی نەجە قولی بەگ... حاجی حەمە ڕەشیدو بارام بەگ وکەریم بەگ لەم تیرەن.
- تیرەی خودادادی... حاجی حەمە ڕەشید لەم تیرەیە.
- چەند تیرەیەکی تریش..

لە پیاوە ناودارەکانی:

- حەمە حسێن ڕەمەزان - باپیری میرزا باقی حاجی حەسەن.. ئەم حەمە حسێنە حەوت ساڵ سەربازی عوسمانی بووە، بۆیە تورکی‌یەکی باشی زانیوە، پیاوێکی دنیا دیدەو قسە زان ولێهاتوو بووە.
- حاجی نادری ئەحمەدی صۆفی قادر: پیاوێکی دینداری خاوەنی باخ و باخاتێکی زۆرو قسە ڕۆیشتوو بوو.
- حاجی حەمەڕەشیدی خوداداد.. ئەم بەڕێزە دەچێتەوە سەر بەگزادەکانی گوندی تفڵی لەهەورامانی ئێران .. لەکوڕە ناودارەکانی (محەمەدە کەناسراوە بەحەمەکە) حاجی حەمە ڕەشید.. پیاوێکی وریاو لێهاتوو، خاوەن باخ وباخات وئەهلی طاعەت ونیشتیمان پەروەرێکی تێکۆشەریش بووە.

– نەصرو اللـه ناسراو بـه نەصـه... بـاوکی حـاجی ئەولـه: ئـەم پیـاوە، دەوڵەمەند بووە، حەزی لەخەیرو چاکە کردووە، ئازاو لێهاتووش بووە.

– بـارام بـەگی نـەجیب بـەگی بـارام بـەگ: دەچێتەوە سـەر بـەگزادەکانی نەوێ... ئەم پیاوە زۆرئاقڵ و داناو قسەزان وبەغیرەت بوو، یەکێك لـەو کەسـانەی کەقسـەی زۆر دەگێڕنـەوە لـە کـۆڕو کۆبونـەوە کانـدا.. بەتایبـەت لـەناو خـەڵکی دەڤەرەکەدا تەلاّ قەکانی بارام بەگ مەشهورن.

– حـاجی حەمـە ڕەشـیدی بـرای بـارام بـەگ: پیـاوێکی ئـازاو بـەغیرەت وکۆمەلاّیەتیو بەخشندەبوو.

– تۆفیـق حسـێن.. هەرچـەندە نەخوێنـدەوار بـوو، بەلاّم حیسـاب گـەرێکی شـارەزا بـوو لـە کەشناسـیو بـورج ووەرزەکانـدا... خـەڵکی متمانـەیان دەکـرد بۆکەشناسی مام تۆفیق، هەروەها، لەحیساباتی تـردا زیـرەك بـوو، وەلاّمیڕاسـتی خێرا دەدایەوە. بۆ نمونە: دەتوت ساڵێ یامانگێ یاکەمتر چەند دەقیقەو چەند سەعات دەکات، بەماوەیەکی کەم حیسابی دەکردو وەلاّمی دەدایەوە.

– وەسـتا عەبـدواللە ی دارتـاش: [٢] جگـە دارتاشـی وەسـتا دیـوارێکی باشیش بوو، پیاوێکی زاهدی خواناسی لەخواترس بوو، بەویقارو نورانی بوو، لەلای خەڵکی ڕێزێکی زۆری هەبوو.

– دەروێـش عەبدواللە [٣]: پیـاوێکی قسـەزان وعاقـڵ و زمـان پـاراو بـوو، بەمام عەبدواللە ناسـراوە، لەسۆسەکانەوە چووە بـۆ ئێلاّنپـێ، لـەوێ دانیشـتووە، پاشماوەی ژیانی لەوێ بەسەر بردە سەر، دەستی شیعری بووە، بەلاّم بەداخـەوە شـیعرەکانی کۆنەکراونەتـەوە، تـەنها شـریتێکی دەسـتمان کـەوتووە.. لـەدواتر نمونەیەك لەشیعرەکانی دەخەینە ڕوو..

هەروەها گەلێك ناودارو کەسایەتی تر بوون وەك: وەستا قادرو مستەفای ئۆلقادر کوێخاکان وگەلێکی تر....

ئەمـەش کۆپلەیەکـە لـە هۆنراوەیـەکی دوورو درێـژی دەروێـش عەبـدواللە کەباس لە گەنجیو پیری خۆی دەکات ودەڵێ:

ئاخم جوانی، داخم جوانی — کون قەتارەی وەش، ڕەنۆ ددانی؟
کون قەتارەی وەش ڕەزنۆ ددانی؟ — کون حەرفی شیرین لەفزو زوانی؟
هەتا کەجوان بیم، نەختێ باوم بێ — کێش دوو گەزی، لارە کلاّوم بێ
هەریانێ لوێنێ، دەوری پلاّوم بێ — فرۆجی سورکریاو، مریشکی کولاّوم بێ
زیادم کەردەبێ، چن جەفاو جەورم — صاحب ووێرەگا، نیشێنێ دەورم

گۆشت وقەن وچای، بەپەیانپە یۆ جارێنە ماچا، تاتە خێر بەیۆ...

دەڵێن: دەروێش عەبدوالله کەلە شێرێکی دەبیٚ زۆری خۆش ویستووە، نەصرەدین ناوێکی برادەری دەبێت لێی دەشارێتەوە لەوکاتەدا ئەم شیعرە دەڵیٚ.

سەرەش ئاسماناو، چیریش زەمینا بلۆ بیخو دنیای، هەر نەصرەدینا

مام رەمەزان داوای هەندیٚ زەوی لیٚ دەکات بیکات بەباخچە، بەم شیعرە وەلامی دەداتەوە:

مەڵلاٚ ئەحمەد، چن کێخا کەمەی وەرێسیٚو زەمین، پیماپەی ڕەمەی

بەم شێوە هەولی‌داوە هەر بەشیعر وەلامی خەڵکی بداتەوە.

فەرمانڕەواو کوێخاکانی:

بێگومان سۆسەکان پێشتر وەك -تەوێڵە- کاربەدەستیٚ باج وسەرانەی لیٚ کۆکردونەتەوەو سەرپەرشتی کردون، لەوانەی کەناوی بزانین(حەمیٚ) بووە- مامی عیزەتی مستەفا تەوێڵەیی- کوێخا کانیش ئەمانە بوون:

کوێخا ئەحمەد، کوێخا فەتح الله و کوێخا کەریم، کوێخا سەعەی صاڵحی خوامروەت، کوێخا مەهدی کوێخا سەعید،...)

کاتێك کەقادر بەگ لە تەوێڵە دامەزرا، دەستی کرد بەدروست کردنی خانوو قەیسەری وکۆشکەکەی، لەو کاتەدا لە سۆسەکان کورەیەکی گەچی داناوە بۆ بەرهەم هێنانی گەچ و قسا، بۆ کۆشکەکەی. هەروەها گەلەخانێکی دروست کرد بۆ ڕانە بزن و مەڕەکانی.. ئەمە بووبەهۆی زۆربوونی سۆسەکان، بەتایبەت لەبواری بەخێوکردنی ئاژەڵ وباخداری‌یەوە چەند پیشەیەکی دەستیش وەك دارتاشی‌و جۆلاٚیی‌و کلاٚش وپێلاٚو دروست کردن تیا پەیدا بوون.

لەڕووی فەرمانڕەوایی دەولەتی‌یەوە، هەمیشە وەك تەوێڵە وابووەو، فەرمانڕەوای تەوێڵە حوکمی سۆسەکانیشی کردووە. ماوەیەکیش سەعدی بەگی قادر بەگ لەسۆسەکان دانیشتووە،

پڕۆژەکانی:

مزگەوت: لەسەردەمی قادر بەگدا، خەڵکەکەی بەهاوکاری قادر بەگ، مزگەوتێکی بچوکیان دروست کردو، کانی‌و حەوزو ئاوەکەشیان دەستکاری کرد... بەماوەیەکی کەم لەپێش بارکردنی دا، - حاجی حەمەڕەشیدی خودادادـ بەهاوکاری خێر خوازانی گوندەکەو شوێنانی تر، بەتایبەت خەڵکی

تەوێڵە مزگەوتەکەیان دەست کاری کردو نوێیان کردەوە. ئەم مزگەوتە لەکاتی ڕاگوازتەکەدا، وەك خانوەکان ڕوخاو تالەدوای ڕاپەڕین جارێکی کە ئەم مزگەوتەیان دروست کردووەتەوە.

وەك دەڵێن: یەکەم مەلای سۆسەکان، مەلا عەبدولواحدی کوڕی مەلا عەبدە بووە.... چونکە باخەکەی لەدەرە قازان بوو، ئیترماڵیشی هاتە سۆسەکان وبووە ئیمامی مزگەوتەکەش، لەدوای ئەو مەلا ئەحمەدی کوڕی حاجی موعینەدین کەبە مەلا ئەحمەدی قازی ناسراوە، بووە بەمەلای سۆسەکان.. نزیکەی (٢٠) ساڵ مەلای سۆسەکان بووە، خەڵکی زۆر ڕێزیان لێ گرتووەو زۆرخۆشیان ویستووە.

لەدوای مەلا ئەحمەد، فەقێیەکی خۆی لەخەڵکی سۆسەکان (فەقێ محەمەد) بووە پێش نوێژی ئەم مزگەوتە، پاش ئەمیش مەلا ئقبالْ کەخەڵکی گوندی ناوی هەورامانی تەخت بوو، بوو بە مەلای سۆسەکان، بەڵام ماوەیەك پێش بارکردنی گوندی سۆسەکان حکومەتی عێراق گرتیو ڕەوانەی ئێرانی کردەوە.



لەدوای ڕاپەڕینیش ماوەیەك چەند گەنجێك پێش نوێژیان دەکرد، بەڵام ئێستا (نورەدین مستەفا تەوێڵەیی) وتاربێژەو نوێژی هەینی دەکات.

قوتابخانە: پێش ئەوەی قوتابخانە لە سۆسەکان بکرێتەوە، چەند قوتابییەکی خەڵکی سۆسەکان هاتوون بۆ تەوێڵە خوێندویانە..

یەکەمجاریش لەساڵی (١٩٥٥ز)دا مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری کراوەتەوەو، مامۆستا(محەمەد بەهائەدین مەلا صاحب) وانە بێژی بووە، لە مزگەوتەکەدا وانەیان خوێندوە لەو کاتەدا(١٤) فێر خواز بوون. بۆساڵی داهاتوو، مەڵبەندەکە گوێزراوەتەوە بۆخانووی حاجی حەسەن حەمە حسێن.. مامۆستاکەشیان ڕاهێنەری گوند (مرشد ریفی)، (ئیسماعیل صدیق جەعفەر)ی

تەوێڵەیی بووە، لەوساڵەدا- وەصی عەبدولئیلا- خاڵی مەلیك فەیسەڵی دووەم، كە سەردانی شارۆچكەی تەوێڵە دەكات، مامۆستا ئیسماعیل، هەموو خەڵكی ئاوایی سۆسەكان وفێرخوازەكانی دەهێنێتە سەرجادە كەی سۆسەكان و ڕیز دەبن و-قەرەقۆزی پایز- دەگرن بەدەستیانەوەو بەچەپڵەو شیعرو، هەوەها لەسەر جادەكە بەدارو بە گەڵاو بەمەوج وجاجم وخامە سورە تاق- یابڵێین دەروازی پێشوازیو چوونە ژوورەوە دروست دەكەن.. لەوێوە پێشوازیان لێ كردووە ئەو ڕۆژە ٢٦/ ١٩٥٦/٩بووە.

مامۆستا ئیسماعیل وتاری بەخێرهاتن دەخوێنێتەوەو، وەصییش سوپاسیان دەكات ولەو كاتەدا داواكاری خەڵكی سۆسەكان دروست كردنی پرۆژەیەكی ئاوو، كردنەوەی قوتابخانەیەك دەبێت بەشێوەیەكی ڕەسمی، وەصی بەڵێنی هەردوكیان دەداتێ.. ئیتر دواتر لەلایەن پارێزگاری سلێمانیەوە-عومەر عەلی-ئەم پرۆژە جێبەجێ كراوە، كەبریتی بووە لە دروست كردنی حەوزێكی ئاو لە سەرچاوەی ئاوەكەوەو ڕاكێشانی ئەو ئاوە بۆ عەماراوێكی تر بۆناو گوندەكە، كەلەوێ(٥) بەلوعەی پێوە بووە، ئیتر لێرە ژنان ئاویان بردووە بۆماڵەكان.

- لەدوای مامۆستا ئیسماعیل صدیق.. مامۆستا مەلا حافیظ مەلا نەزیر- بووە بەوانە بێژ لە مەڵبەندەكە..

- لەساڵی (١٩٥٧-١٩٥٨) بەشێوەیەكی ڕەسمی قوتابخانەی سەرەتایی تێدا كرایەوەو، فێر خوازەكانی مەڵبەندەكە، تاقی كرانەوەو، هەندێكیان خرانە پۆلی یەك وئەوانی ترخرانە پۆلی دوو، هەمووشیان لە (٣٦) قوتابی پێكهاتبوون لەكوڕوكچ.

- دواتریش مەڵبەندەكە هەر هەبوو بۆ پیاوان، بەشەو وانەیان پێ دەوترا، تاماوەی چەند ساڵێك. قوتابخانەكەش ڕەسمی كرایەوە، لەخانووی حاجی حەسەنەوە گوێزرایەوە بۆخانوی (حاجی عەبدوالله ی نەصروالله) تاوەكو لەساڵی (١٩٧٠) بینای قوتابخانەكەی بۆ دروست كرا.

- ئەم مامۆستایانەی خوارەوە، لەم قوتابخانەی سۆسەكان =ە مامۆستابوون:

م. فاضل عەلی عەبدوڕەحیم، م. محەمەد عارف محەمەد، م. مەهدی حەسەن، م. حمە صالح فەتح الله، م. حەمید عەرەب بووە، م. ئیسماعیل محەمەد ڕەسوڵ، ئەم مامۆستایانە جگەلە(م. حەمید) هەموو تەوێڵەیی بوون. پاشان م. محەمەد ئەمین ڕەئووف و، م. شێركۆ مەهدی، بوونە مامۆستای سۆسەكان. م.

شێركۆ تاساڵی (١٩٧١-١٩٧٢) بەڕێوەبەر بوو، ئیتر خۆی نقڵی تەوێڵە كردو، م. فەرید ئەحمەد موعین بووە بە بەڕێوە بەری، مامۆستا(كامیل عارف نەزیرو، م. هۆشیار بابا حاجی مەحیەدین) بوونە مامۆستای قوتابخانەكە.

پێش ڕاگوازتنی سۆسەكان، تاوەكو پۆلی شەشی تیابوو، ئەم ماوەیەش عەبدوالله حاجی نادر خزمەتگوزاری ئەم قوتابخانە بووە.

بنكەی تەندروستی:

لەساڵی (١٩٦٩) بینا بۆبنكەی تەندروستی لە سۆسەكان كرایەوە.. بەڵام كارمەندی تەندروستی بۆدیاری نەكراو، لەدوای ڕاپەڕینیشەوە هێشتا هیچی لەم بارەوە بۆ نەكراوە.

پۆلیسخانە:

سۆسەكان لەبەر ئەوەی بەرامبەر بوو بەسنوری ئێرانەوە، هەر لەسەردەمی عوسمانیەكانەوە چەند قەڵایەك بوون كەڕۆڵی پۆلیسخانەیان بینیوە، وەك قەڵای باجگیران كەشوێنی گومرگ بووە، قەڵای سۆسەكان و...

لەسەردەمی پاشایەتی‌دا حكومەتی عێراقی مەخفەرێكی پۆلیسی كردووەتەوە، دواتر لەساڵی(١٩٥٨) ئەو مەخفەرەی ڕووخاندو، قەڵای سۆسەكان وەك ناوەند-مەركەز-ێك كردەوە دوو قولەشی بۆكرد، چونكە بەرامبەر بوو بەقەڵاكەی ملە شۆپەی شۆشمێ‌ی ئێران، لەلایەن عێراقەوە گرنگ بوو.

ئەم قەڵایە پۆلیسی تیابوو، تالە شۆڕشی ئەیلول دا، لەلایەن پێشمەرگەوە گیراو پێشمەرگەی تێچوو، بەڵام دوایی ڕوخێنراو لەساڵی (١٩٧٦) دروستكرایەوە، ئێستاش زۆری ماوەو هێزی پێشمەرگەی تیایە.

گوزەرانی ژیانی خەڵكی سۆسەكان:

خەڵكی سۆسەكان، ژیانیان زیاتر لەسەر باخداری‌و كشتوكاڵ وئاژەڵداری بووە، بەتایبەت باخ لەهەموو جۆرە دارێكی یان هەیە. چەمێكی گەورەیان هەیە و پڕ لەئاوو كانی‌یە، لەلای ڕاستی قەڵای شاتریشەوە، ڕەزەدێمێكی زۆر هەیە كەهی خەڵكی تەوێڵەو سۆسەكانە كەبە شوانگێل ناسراوە.

جگە لە مەش خاوەنی ئاژەڵ بوون و، وەهەندێ پیشە یش یان کردووە، لەبەر ئەوەی کەوتوەتە سەر سنوریش، هەمیشە جێگەی کاسپی وقاچاخی بووە، بەتایبەت لە دوای ڕاپەڕینەوە سۆسەکان بووەتە، ناوەندێك، بۆئاڵ وگۆڕ کردن و گواستنەوەی شمەك وکەل وپەلی بازرگانی.

هەرئەم هۆیەش بووە کە لە دوای ڕاپەڕین، سۆسەکان باش گەشەی کردوەو خەڵکێکی زۆری گەڕایەوەو خانوەکانی سەرجادەو چەندوکان وخان ومەحەل وشوێنی تری تیادروست کراوە.

- لەشۆڕشی کورددا:

خەڵکی سۆسەکانیش هەمیشە لەپشتیوانی شۆڕشی کوردابوون، پیاوەناودارەکانی لە ڕێخستنەکانی حیزبە سیاسی یەکاندا بوون، بەشی خۆیان ڕۆڵیان بینیووەو، چەند گەنجێکیشیان چەکی پێشمەرگایە تیان کردوەتەشان وبەتایبەتی لەشۆڕشی نوێدا گەنجێکی زۆریان بوونەتە پێشمەرگە.

- ڕاگوازتنی سۆسەکان:

لەڕۆژی (١٩٧٨/٩/١٩)ەوە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە، خەڵکی گوندی سۆسەکان ئاگادار کران خۆیان ئامادەبکەن، دوای حەفتە یەکی تر دەگوازرێنەوە، لەم ماوەیەدا نزیکەی(٣٠)ماڵیان خۆیان چوون بۆتەوێڵەو، لە وێ مانەوەو بەربڕیاری ڕاگوازتن نەکەوتن.

لە بەرواری (١٩٧٨/٩/٢٦) بەهۆی ئیفای سەربازیەوە(٥٦) ماڵەکەی تر ڕاگوێزرانەوە بۆئۆدوگای زۆملیێ سیروان، هەر لەوکاتەدا کەماڵەکان باردەکران کاربەدەستانی ڕژێم بەهۆی(T N T) یەوە خانوەکانی ڕوخاندن و تەقێنرانەوە. خەڵکی سۆسەکان لەم ئۆردوگایەدا مانەوەو لە کاتی کیمیاویە کەش دا (١٠) کەسێکی یان بەرکیمیاوی کەوتن وشەهید بوون.

تائەو ماوەیەی کە تەوێڵە ئاوەدان بوو، خەڵکی سۆسەکان بەنهێنی یەوە دەچوونەوە بۆسەر باخەکانیان ونەیان هێشت باخەکانیان وشك ببن، بەڵام دواتر ناوچەکە بەگشتی قەدەغەکراو، بوو بەناو چەیەکی سەربازی لەشەڕی ئێران و عێراق دا.

بەڕێز (عەبدولکەریم مەلا ئەحمەدی قازی) بەبۆنەی ڕاگوازتنی سۆسەکانەوە، ئەم هۆنراوەی نووسیوە ئێمەش لێرەدا بەباشمان زانی بینوسین:

سۆسەکان چۆڵ، یانەی وێرانم | لە دەستی جەور، واهەراسانم
لانەی تێکۆشان، کانگای هەژاری | سوتان و وێران، بۆی هات بەدیاری
لانەی چەند ساڵە، زوو وێران کرا | خەڵکی سۆسەکان ، بۆسیروان برا
هەناسە ساردی، بەماڵ سوتاوی | بەقافڵەبران، پیرو هەم لاوی
(کەلارا) سوتا، (باجیگیرا) وێران | دوکەڵی سوتان، چوو بەرەو ئێران
(مانارا) هاوار، ڕەزی بەختیاری | سوتادیێ ناوەند، ئەویش یەکجاری
لە(دەگا کۆنێ)، تاکو نزارە | کام وڵات کام شار، ئاوا هەژارە
کام باخ کام گوڵزار،وای‌کردی خەزان | باخان گشت وشک، وێرانە ڕەزان.

سۆسەکان لەدوای ڕا پەڕین و ئێستای:

خەڵکی سۆسەکان لە دوای ڕاپەڕین گەڕانەوە زێدی خۆیان و، بەرەبەرە دەستیان کردەوە بەئاوەدان کردنەوەی خانوو بەرەو باخ وباخەتەکانیان. ئێست کەساڵی (٢٠٠٣) نزیکەی (٨٠) ماڵێکی تیایەو حەوزو ئاوەکەی جارانیان چاك کردوەتەوەو مزگەوتێکی بچکۆلەیان هەیەو قوتابخانەیان بۆکراوەتەوە، تاوەکو پۆلی شەشی سەرەتایی تیایەو- بێستوون کەمال مصطفە فا تەوێڵەیی بەڕێوبەرەو، چەند مامۆستایەکی تریشی لێیە. هەروەها قەڵاکەی سۆسەکان هێزی پێشمەرگەی تیایەو، لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامی کوردیشەوە پڕۆژەی ئاوەکەی بۆڕاکێشراوەو، خەڵکە کەی جگە لە باخ داریو کشتوکاڵ وئاژەڵداری خەریکی بازرگانی کردنن لە نێوان سنوری هەرێمی کوردستان وئێران دا، کە بە بارو بەکۆڵ شتو مەکی بازرگانی دەگوازنەوە.

بەڵخە

- پێناسە
- بەڵخەو مێژووی چۆنیەتی دروست بوونەکەی
- وشەی بەڵخە لە چیەوە هاتوە؟
- شوێنەوارە مێژوویی‌یەکانی ئەم ناوچە
- گەڕەکەکانی بەڵخە
- سەیرانگاکانی بەڵخە
- پرۆژە خزمەتگوزاری‌یەکان لەبەڵخە :
- مزگەوت
- قوتابخانە
- بنکەی تەندروستی
- بەڵخەو ژمارەی دانیشتوانی
- بەڵخەو ڕاگوازتنی
- بەڵخە گوزەرانی خەڵکەکەی
- بەڵخەیی‌و بۆنەکان
- فەرمانڕەوایانی بەڵخە
- نەوەی فەتاح بەگی بەڵخە کێن؟
- مستەفا بەگی کوڕی جافر سان
- ناودارو کەسایەتی‌یەکان
- بەڵخەیی‌و کوردایەتی
- بەڵخەیی‌و ڕابوونی ئیسلامی
- بەڵخەو بەڵخەیی لە دوای ڕاپەڕین

بەڵخە[٧][٤]

(بەڵخە) یەکێکە لە شارە دێکانی هەورامانی لهۆنی عێراق، دەکەوێتە سەر ڕێگەی -جادەی-نێوان سۆسەکان و دەگا شێخان. ڕووبەری بەڵخە فراوان و بڵاوە، کەوتووەتە نێوان(سۆسەکان و پاڵانیاو هاوارو تاوێرەو خەرپانیو دەگا شێخان)، بەشی پشتەوەی چەند شاخێکی بەرزە بەناوی (جەژنگاو تەوەنێو هەوارە بەرزە)، بەشی پێشەوەی یا بڵێین بەردەمەکەی فراوانەو دۆڵێکی کراوەیە.دوریشی لە بیارەوە (٨کم)و لە تەوێڵەشەوە (٦کم)ە.

(بەڵخە) و (مێژوو)و (چۆنیەتی) دروست بوونەکەی:

پێشتر باسی ئەو شوێنەوارانەمان کرد، کە ناوچەکە کۆن و دێرینە، بەڵام ئەو شوێنانە بەهەر شێوەیەك بووە چۆڵ بوون، دواتر نزیکەی (٢٥٠)ساڵ لەمەو پێشتر دوو شوێنی تر ئاوەدان بوونەتەوە:

یەکێکیان لەخوار (وەروەزەن)ەوە بووەو بە بەڵخەی خواروو ناسراوەو، (دێگە)شیان پێ وتوە، واتە (دێیەکە)کە ئەمەیان کۆنترو گەورەتر بووە.. ئەوی تریشیان لە سەرووی (وەروەزەن)ەوە بووە لە خوار تەوەنێوە لە دۆڵێکدا بووە، ئەمیش بە بەڵخەی سەروو ناسراوە لە سەردەمێکدا، یا(بابانیو ئەردەڵانی)یەکان بوون یا لەسەر دەمی (عێراق و ئێران)دا بوون، هەر یەکێك لەو دوو بەڵخەیە بەسەر دەسەڵاتێك کەوتوون و سنور جیای کردوونەتەوە لەیەك، جا خەڵکی بەڵخەی خواروو لەبەر هەر ستەمێك یا باجێك یا سەربازی یا نەخۆشی یا هەر شتێك بووە ڕایان کردووە بۆ بەڵخەی سەروو کەوەك وتمان لە(دەرە)یەك دایە واتە لە چەمێك دایە کە خوارەوەیان بەدێی ئەسڵی زانیوە بۆیە پێیان وتوە (دێگە) واتە دێی ئەسڵی یەکەمان ئەوەیە کەسە ڕاکردوە کە، ئیتر چووەتە (دەرە=چەمە)کەو ڕزگارو نەجاتی بووە لەو هۆیە کە لەبەری ڕای کردوە. بۆیە بە بەڵخەی سەرەوەیان وتوە (دەرە نەجات) لەم کاتەدا ئەو دوو دێیە هەر یەکەیان سەربەخۆ جیابون و کەوتونەتە بەر دەوڵەتێکەوە.بەم شێوە بەڵخەی خواروو کەم بوونەتەوەو، بەڵخەی سەروو گەورەو فراوانتر بووە، بەڵام دواتر سنور دەستکاری کراوەو هەردوکیان کەوتونەتەوە بەر یەك دەسەڵات کە ئەویش عێراقە.

کە بەڵخەی ناوەڕاستیش دروست بووە هەردوکیان بەرەو کەمی ڕۆیشتون و بەڵخەی تازە گەورە بووە.

ئەی وشەی (بەڵخە) لە چیەوە هاتووە؟

دوو بۆچوون هەیە بۆ ئەم وشە، یەکێکیان دەڵێت:

دوو برابوون خەڵکی (بەڵخ)ی لای سەمەرقەندو بوخارا بوون، هاتوون لەو دوو شوێنە-دێگەو دەرە نەجات-نیشتەجێ بوون، یەکێکیان لە خوارەوەو ئەوی تریان لە سەرەوە، بە ناوی ئەم دوو کابراوە ناو نراون بە بەڵخەی خواروو بەڵخەی سەروو.

بۆچوونی دووەم: دەڵێت: ئەم شوێنە پڕەلە (بەنگاو تاف) واتە تاڤگە وەك: تاڤگەی (وەروەزەن، سەروەزەن، وەزەنێ) ئەم تاڤگانەش بەبەردەوامی ئاویان پیا دێتە خوارەوەو، ئاوەکەش بەڵخی هەیە- بەڵخ: جۆرە کلسێکە بەهۆی ئاوەوە لە ئاوەڕۆکاندا دروست دەبێت، بەتایبەت بەسەر بەردو تاشە بەردەکاندا. زیاتر ڕەئی لەسەر ئەوەیە ئەم وشەیە لەمەوە هاتبێ، واتە لەبەر بەڵخی زۆر لەم ناوچەیەدا ناونراوە بەڵخە.

هەندێکیش وادەگێڕنەوە کە: (دێگەو دەرەنەجات) دوو دێبوون... بەڵام لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دا(یاقوە سوری) تەوێڵەیی کەپیاوێکی ناوداری تەوێڵە بووە، لەکاتی کاروانی دا، لەنزیك وەزەنێ، لای داوە، پاشان وەك هەوار هاتووە بۆئەم ناوەو، وتوویەتی هەوارم لای بەڵخەکەیە، لەمەوە ئەم ناوە پەیدا بووە.. ئیتر هەرلەو دەمانەش دا چەند خانویەك کراونەتەوەو، لەسالی (١٩٥٦) بەدواوە کەجادەی



نێوان بیارەو تەوێڵە لێرەوە براوە، ئەم بەڵخە گرنگی پێدراوەو، دواتریش مزگەوت وقوتابخانە لێرەش کراونەتەوە. لەئەنجامدا: ئەم شوێنە گەورە بووە- بەڵخە- بووەتە دێ، دێگەو دەرەنەجات بەرە بەرەو کەم بوونەوە ڕۆیشتوون. تەنانەت دەڵێن: دواخێزان کەلەبەڵخەی خوارووەوە کۆچی کرد بۆ

ئەم بەڵخە تازەیە لەساڵی(١٩٧٠ن)دا بوو، کەئەویش ماڵی (ڕەحمانی عەبدول) بووە. بەڵام دەرە نەجات زووتر چۆڵ بووەو چونکە بەهۆی نەخۆشی تاعونەوە زۆریان لێ مردون، ئەوانی تریش چۆڵ یان کردووە.

شوێنەوارە مێژوو یەکانی ئەم ناوچە:

چەند شوێنێك لەم دەڤەرە هەیە، شوێنەوارەکانیان بەتایبەت ئەو گۆڕستانە گەورەیەو جۆری ناشتنی مردوەکانیان و، هەروەها بوونی ئەو کەل و پەل و خشڵ وقاپ وشتانەی کە دەدۆزرێتەوە، بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەم ناوچەیە پێش ئیسلام ئاوەدان بووەو خەڵکی تیابووە. ئەوشوێنانەش وەك:

- سۆڵێ: دەکەوێتە نزیك (هاوار) چەمێکی قوڵە بەزستاندا لەبەر قوڵیەکەی بەفر نایگرێ.. ئەمە مێژووەکەی کۆن دیارە، گۆڕستانێك لەم ناوەیە.. لەپاڵی سۆڵێدا لوتکەیەکی بەرز هەیە پێی دەڵێن: سەی قەڵا یا سایە قەڵا ... ئەمیش شوێنەوارێکی کۆنە، ئاساری کۆنی تیا دۆزراوەتەوە کەبۆ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە.. سایە قەڵا،(قەڵای گاوران) یشی پێ دەڵێن.

- زەڕینەدۆڵ.. ئەمیش کاتی خۆی دێ بووە، ئەکەوێتە سەر ڕێگەی بەڵخە- خەرپانی... شوێنەواری ماڵەکانیان نەماوە، بەڵام گۆڕستانەکەیان ماوە.

- هانە وتێ یا هانەی تا: ئەمەش کانی‌یەکە ئەکەوێتە خوار چەمی وەزەنێ، لە پشت (دەرە نەجات)ەوەیە، شوێن و ئاسەوارەکانیان دیارەو ماوە، جێگەیەکی مەحکەم وقایم وکەنارەو حەشارگەیە مێژووی ئەمیش کۆنە.

- سەر بەڵخ: دەکەوێتە سەرووی چەمی وەزەنێ.... دەگێڕنەوە: شێخ مؤمن ناوێك پیاوێکی زۆر موسوڵمان بووەو لەم شوێنە ژیاوە، باوکی ئەو(سەید سەلام)یە کەلەملەی سەید سەلام نێژراوە. دەڵێن شێخ مؤمن دوای مردنی سەید سەلامی کوڕی، سەر بەڵخی بەجێ هێشتووەو دەچێت بۆ سازان لەوێ دەمێنێتەوە[٥].

ئێستاش کەلاوە ڕوخاوەکانی سەر بەڵخ ماون، دیواری ماڵەکان دیارن و، چەندەها گۆڕیش هەن کە ئەمانە هی سەردەمی ئیسلامن.

- قەڵای خەسرەو ئاغە: قەڵایەکی کۆنەو دیوارو حەساری بووەو، لەسەر تەپۆڵکەیەکە. جگە ئەو شوێنانە شوێنی تری تیایە وەك: بەکۆیەر، نساری وەزمان ،.....تاد.

ناوی (مێشلە)[٦]:

ناوی شوێن و شوێنەوارەکانی ئەم ناوچە لە پەڕاوە مێژووییەکاندا کەم دەست دەکەون، بەڵام ناوی (مێشلە) هەیەو، واش دەردەکەوێت کەوا کۆنەو قەڵایەکی مەحکەم و قایم و گەورەو فراوانیش بووە، بۆ خۆپاراستن لە دەست دوژمن بەکار هێنراوەو، لە کاتی هێرشەکاندا خۆیان تیا قایم کردووە، وە باس لە بوونی کلیلیش دەکات کەنێردراون بۆ ئوستانە... ئەوەی شایەنی باسە:

- ئەمەش لە باسی بێگە بەگدا هاتووە -بێگە بەگیش لەساڵی ٩٥٧ك = ١٥٤٨ز) کۆچی دوایی کردووە.

- وشەکە بە (مەشعەلە) هاتووە لەگەڵ وشەی (شەمع ئێران)دا....مێژوو نوسەکان هەموو دەڵێن:مەشعەلە = مێشلەی هەورامانەو (شەمع ئێرانیش) شەمێرانە ئەم وشە لە سەردەمی ئەردەڵانەکان دا بەکارهاتووەو، وادیارە بۆ جێگەی سەیران و خۆپاراستن و خۆ قایم کردن سودیان لێ وەرگرتووە... وشەکەش لەوانەیە لە (مێشلە زەردوونە)وە هاتبێ کە دارێکی هەمیشە سەوزەو لەم ناوچە زۆر بووە.

- **گەڕەکەکانی بەڵخە :**

- گەڕەکەو بەگزادا = گەڕەکی بەگزادەکان
- گەڕەکەو هاڵاوی = گەڕەکی هاڵاو
- گەڕەکەو ملەگاو خەڕاتا یا گەڕەکی-سەریاڵ-یشی پێدەڵێن
- گەڕەکەو دەرەی = گەڕەکی چەم
- گەڕەکەو دەرە ولی = گەڕەکی دەرەول

-دوای ڕاپەڕین کەخەڵکەکەی گەڕاونەتەوە ئەم دووگەڕەکەی زیاد کردووە:

- گەڕەکەو مێشلەی = گەڕەکی مێشلە
- گەڕەکەو هەرزنە جەڕی = گەڕەکی هەرزنە جەڕ.

سەیرانگاکانی بەڵخە:

بەڵخە خۆی ناوچەیەکی دڵگیرو فراوانە، هەموو باخ و باخاتەکانی سەیرانگایەکن بۆخۆیان، بەڵام هەندێ شوێنی هەیە زیاتر دڵگیر ترن بۆسەیران وگەشت وگوزار، وەك: سەرووەزەن، وەرووەزەن، سەربەڵخ، تەوەنێ، ڕێوڵە، مێشلە، ساراو سۆڵێ، هانەو کەریمەی، هانە هەڵوچە، شەمێ.. تاد.

شایانی باسە- ئەوسا چایخانەی- مێشلە- جێگەی حەوانەوەو لادانی کاروان و ڕێبواران بوو، هەروەها تاقگەی وەزەنێ جێگەی سەیران ومانەوەی خەڵکی بووە بەشەوانی هاوین.

پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان لەبەڵخەدا:

مزگەوت:

لەدەورو بەری ساڵی (١٣٠٨ك) شێخ عومەر ضیائەدین بۆ یەکەمجار مزگەوتێك لەسەر مەصروفی خۆی دەکاتەوەو مەلاشی بۆدیاری دەکات. پاشان خەڵکەکەی دوای چەند ساڵێك ئەم مزگەوتەیان گەورەکردووە.

لەساڵی (١٩٧٦)یشەوە مزگەوتێکی تر لە(سەریاڵ) دروست دەکەن.. ئەم دوو مزگەوتە لەچۆڵ کردنەکەدا ڕوخان و وێران بوون.

لەساڵی (١٩٩٢) لەدوای ڕاپەڕین جارێکی تر خەڵکە کەی لەشوێنی مزگەوتەکەی شێخ عومەردا مزگەوتێکی تازەیان دروست کردووە.. لەساڵی (١٩٩٥)یشەوە لەسەریاڵ لەشوێنی مزگەوتەکەی تر دەستیان کردەوە بەدروست کردنی مزگەوتێك، بەڵام دوایی یەکگرتووی ئیسلامی کورد هەڵسا بەتەواو کردنی ئەم مزگەوتە.

قوتابخانە:

لەساڵی (١٩٥٣) بۆ یەکەمجار قوتابخانەی بۆ کرایەوەو یەکەم مامۆستاشی (سەید حەسەن مصطفا مەولانا) بووە، کەئێستا لە(لەندەن)ە، یەکەم بیناشی خانوەکەی ئەحمەدی عەبدولقادر بووە.

لەساڵەکانی حەفتاکاندا قوتابی یەکانی ناوەندی دەچوونە تەوێڵە دەیان خوێند، لەکاتێکدا کە بەڵخەیان بارکرد نزیکەی (٤٠) قوتابیان هەبوو، لەناوەندی تەوێڵە دەیان خوێند، بۆیە پێش ئەوە ئەمری کردنەوەی ناوەندی بۆ دەرچوو تەنانەت بناغەی بینای ناوەندیان بۆ ڕێژاو شوێنیان بۆدیاری کرد.

لەدوای ڕاپەڕینیش کە بەڵخە ئاوەدان بوویەوە، قوتابخانەی تیاکرایەوەو مامۆستا(کەمال غەفور) بوو بە بەڕێو بەری قوتابخانەکەو لەساڵە(١٩٩٣)شدا بۆیەکەمجار پۆلی یەکی ناوەندی- وەك مولحەق- بۆی کرایەوە، هەر مامۆستا کەمال سەرپەرشتی دەکرد تاوەکو لەساڵی(١٩٩٦) بەتەواوی ئەمری ناوەندی بۆ دەرچوو، مامۆستا (ئەحمەد حەمە ڕەشید) بوو بە بەڕێوەبەری و دوای ئەویش مامۆستا(فەریح عەبدولغەفور) بووە بەڕێوەبەر.

م. کەمال غەفور تاساڵی(١٩٩٩) بەڕێوەبەری سەرەتایەکە بوو، دوای ئەویش (نەرمین حسێن) بووبە بەڕێو بەری سەرەتایی یەکە.

بنکەی تەندروستی: لەپێش ڕاپەڕیندا کەهێشتا بەڵخە چۆڵ نەبووە بنکەیەکی تەندروستی تیابوو... لەساڵی (١٩٩٤)یش دیسان بیناکەی دروست کراوەتەوە (ڕزگار) بیارەیی بووە بە بەڕێوەبەری بنکەکە.

- هەروەها لەسالأنی (پێش بارکردنی) گەرماو- حەمام-ێکی گشتی تیابوو، لەگەڵ چەند دوکان وچوار چایخانەی هاوینەو زستانە.

بەڵخەو ژمارەی دانیشتوانی:

دەڵێن بەڵخە لەساڵی(١٩٤٧) دا نزیکەی (٨٠)ماڵ بووە (خواروو (١٧)، ناوەڕاست (٢٥)، سەرو(٣٨) لەئاماری ساڵی (١٩٧٥) بەڵخەی سەروو (٥١٢) کەس بووەو بەڵخەی خوارووش (١١٠) کەس واتە: هەمووی نزیکەی (١٢٥) ماڵ بووە لەساڵی (١٩٧٨) کەبەڵخە ڕاگوێزراوە نزیکەی (٣١٥) خێزان بووە.

ئێستاش کەلەساڵی (٢٠٠٣) نزیکەی (٥١٥) ماڵە، کەلە بەڵخەو سلێمانی و هەڵەبجەی شەهیدو هەڵەبجەی‌تازەو شارەکانی‌ترن.. هەر لەو بەڵخە نزیکەی (٦٠) خێزان دەبن ولەهەڵەبجەی شەهید کەزۆربەیان لەوێن(٢٥٥) خێزانن.

بەڵخەو ڕاگوازتنی:

لە(١٩٧٨/٨/٢٩)دا شارە دێی بەڵخە، وەك گوندو شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان، بەربارکردن و ڕاگوازتن کەوت و لەبەرەبەیانێکی هاوین دا زیل و ئیڤاکانی ڕژێم بەخۆیان و سەربازو جاشەکانیانەوە، دەوری بەڵخەیان داو خەڵکەکەیان گوازتەوە بۆئۆردوگا زۆرە ملێ کانی(عەنەب وزەمەقی‌و سیروان)و دابەش کران بەسەر ئەو سێ‌کۆمەڵگایەدا. پاشان هەموو خانووبەرەو بیناکانی ڕوخێنراون وسوتێنران و، ناوچەکەش بووە ناوچەیەکی قەدەغە کراو، بەڵام تاوەکو ساڵی (١٩٨١) کە هێشتا تەوێڵە چۆڵی نەکرد بووخەڵکی بەڵخە بەنهێنی یەوە دەیان توانی سەرپەرشتی زۆرێك باخەکانیان بکەن وسود لە بەرهەمەکەیان وەربگرن، بەڵام دوای چۆڵ کردنی تەوێڵە بەهۆی بێ ئاوی وبێ خزمەتی‌و، کیمیاوی ڕژێم کەڕژاندبووی، باخ ودارستان ورەزەکان، هەموو وشك بوون و فەوتان.

لەم کاتە(٣١٥) خێزان بوون نزیکەی (١٥٠٠) کەس بوون، (٢) مزگەوت و(١) قوتابخانەو(١)بنکەی تەندروستی‌و (١) گەرماوی گشتی‌و (٤)چایخانەو چەند دوکانێکی تیابووە،

بەڵخەو گوزەرانی خەڵکەکەی:

ژیان و گوزەرانی بەڵخە زیاتر لەسەر باخ و کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە، ڕێژەیەکی کەمیش- ئەوسا- خەریکی پیشەی دەستی وەك جۆلاییو کلاش چنین و پێلاودروویيو بەرگدروویيو کاسپی کردن بوون. پیشە کانیش خەریکە لەناو نەوەی تازەدا نامێنن، زیاتر خۆیان بەوەزیفەی حکومییەوە خەریك کردووەچ لەبەڵخەو دەرەوەی بەڵخە.

بەڵخەیی باخ وباخاتێکی زۆریان هەیە، بەتایبەت گوێزو توو، هەنارو هەنجیرو قۆخ وقەیسیو هەڵوژەو هەرمێو بەهێو ترێ... جگە لە مەش ڕەزەدێمێکی زۆر لەترێی ڕەش ودارستانی سروشتی پڕ لەدار بەڕوو قەزوان وگوێژو... یان هەیە.

بەڵخەییو بۆنەکان:

خەڵکی بەڵخە ئەهلی زەوق وکەیف وخۆشین، ئەوسا- لەبۆنەکانی شایی بوك وزاواو بۆنە کۆمەڵایەتی یەکانی ناوچەکەدا، کۆڕەکانیان بەگۆرانی و دەهۆڵ وزوڕناو شمشاڵ وهەڵپەڕکێ گەرم دەکردو، لەشوێنە تایبەتییەکانی خۆیان وەك: پاچەڵگاو ملەگاو مێشلەو وەزەنێ.. کۆ دەبوونەوە.

فەرمانڕەوایانی بەڵخە:

وا دەردەکەوێت، بەڵخە، وەك ناوچەکانی تری دەورو بەری وەك تەوێڵەو بیارە- ماوەیەك ئەردەڵانی یەکان وماوەیەك بابانییەکان، بەهۆی جافەکانەوە فەرمانڕەوای ناوچەکە بوون، دواتریش بەگزادەی لهۆن فەرمانڕەوایی یان کردوە.

- لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمەوە بۆ جەنگی یەکەمی جیهانی- فەتاح بەگ وکوڕەکانی- فەرمانڕەوای بەڵخە بوون، لەدوای ئەوان مستەفا بەگی جافر سان، بووەتە حاکمی بەڵخە.

م. محەمەد ئەمین هەورامانی لەمێژوەکەیدا دەڵێ:

(حمە ڕەشید لهۆنی وەهای لە قەڵەم دا، کەئەوان نەوەی(موسا خان)ن، کە لەکات ودەمێك حاکمی لهۆن بووە، ئەگەر وەها بێ دەبێ لەنەوەی موسا خان برای (شەرەفولملك) بن، ئەوەی کە حەمە سەعید سانی کوشت)(٧).

وەك دەڵێن: فەتاح بەگی بەڵخە، ماوەیەکی زۆر سەروکاری بەڵخەی کردووە، لەسەردەمی دەسەڵاتی جاف و بابانەکاندا، لەدوای خۆی سلێمان بەگ ودوای ئەمیش مستەفا بەگی سلێمان بەگ بوو، تا جافر سان دەسەڵات پەیدا دەکات وسالار دەبێتە حاکمی بەڵخەو دەگا شێخان.



* لەراستی دا (عەبدورەحمان) کوڕی سلێمان بەگ نیە، بەڵکو کوڕی مەلا قادری مەلا عەبدولعەزیزی ئەوسودیەو سلێمان بەگ باوەپیارەیەتی.

مستەفا بەگی کوڕی جافر سان:

مستەفا بەگ کەناز ناوی (سالار) بووە، لە سەردەمی سانیەتی جافر سان دا- حاکمی بەڵخەی سەروو بەڵخەی خواروو و دەگا شێخان وخەرپانی بووە.

مستەفا بەگ، بەهاوینان لە بەڵخەو دەگا شێخان دانیشتووە، بەزستانیش لە خەرپانی بووە.

لەساڵی (١٩١٩)، کەشێخ مەحمود سەردانی دەگا شێخان دەکات، چووەتە ماڵی مستەفا بەگ، بۆئەوەی بیکاتە پشتیوانی خۆی.. مستەفا بەگیش بووەتە پشتیوانی شێخ وبەشداری شۆڕشەکەی کردووە.

کاتێك کەشۆڕشگێڕەکانی هەڵەبجەو هەورامان لە(ئەشکەوڵ) کۆبوونەوە دژ بەئینگلیزەکان، مستەفا بەگ وئافراسیاو بەگ، بەخۆیان وچەکدارەکانیانەوە پشتیوانیان لە شێخ ڕەشیدی عەبابەیلێ کرد، کەهاوپەیمانی شێخ مەحمود بوو. هەر لەبەر ئەم بەشداریەی مستەفا بەگ بوو، لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە بۆردومانی بەڵخە کراو، چەند کەسێکی بێ تاوان شەهید کردن[٨].

حسێن بەگی ڕۆستەم سان دەربارەی مستەفا بەگ دەڵێ:

سالاری جەنگی، دەلیلەن بێباک مەشهورەن نامش، تاکورەی ئەفلاک
تەمام هەن دلێر، ساحیب فەراسەت پەرێ ئەوخاسەن، حوکم وڕیاسەت
گوڵی وەزیری، مەغزی سوڵتانی حوکمی ضوحاکیو، نەوشیروانی
نەقووەی قەلبش، شش دانگ نەجەوهەر نەهەنگ نەدەریا، ماوەڕۆ نەبەر[٩]

سالار دوو کوڕی بووە بەناوی فەیصەڵ وقەیسەر، فەیسەڵ بەگ ئێستا لەسلێمانی نیشتەجێیە. قەیسەریش کۆچی دوایی کردووە.

سالار، لە تەمەنی(٨٥) ساڵیدا لەشەوی (١١-١٢ /٢/١٣٩٩ك) بەرامبەر بە(١٥-١٦/ ١٩٧٩/٢ز) کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی عەبابەیلێ بەخاك سپێردراوە... لە سەر گۆڕەکەشی ئەم هەڵبەستە نوسراوە:

مردنی سالار پەی قەوم وخوێشان لە دڵ دەرناچێت، تائاخر زەمان
سڵاو لە گۆڕت، بەهەشت بێ جێتان بەیاوەرت بێ، ڕەحمەتی یەزدان
عێراق وئێران، نەوەی کوردستان گشت وەپەرۆشە، بۆ کۆچی سلطان!

ناودارو کەسایەتی‌یەکان:

- لێرەوە بۆمان دەرکەوت کەبەڵخەو دەورو بەری شوێنە وارێکی کۆنی هەیەو، خەڵکەکەشی لە بوارەکانی ژیان دا ڕۆڵیان بووە، بەتایبەت هەندێکیان خاوەنی کەسایەتی‌و ناوو پلەو پایە بوون لە وانە:

- فەقێ نادر- ناودارێکی ناوچەکە بووە، حەوت ساڵ لە سوپای عوسمانیە کاندا سەربازی کردووە، بەو بۆنەوە تورکیە کی باشی زانیوە، دوای ئەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوچەوە باج وسەرانەیەکی زۆر دەخەنە سەرخەڵکی ناوچەکەو، وەماڵەیان خراپ دەبێ لە گەڵیاندا.

ئەم ناودارە لە گەڵ دووکەسی ترلە ئەهلی ناوچەکە، لە گەڵی دەڕۆن بۆ ئوستانە، بۆلای سوڵطانی عوسمانی. سکاڵای خەڵکەکەی پێدەگەیەنن، لە ئەنجامدا، سولطان، هەموو خەڵکە کە لە باج وسەرانە دەبەخشێ‌و وەدەسەڵاتدارانی ناوچەکەش دەگۆڕێ.

- فەتاح بەگ: لە سەردەمی عوسمانیە کان دا، سەرپەرشتی بەڵخەی کردووەو کەسایەتیەکی خوا ترس وداد پەروەر بووە، کاتێك کەدەسەڵاتدارانی عوسمانی ویستویانە هەندێك ماڵ وموڵك و سامانی بۆ تاپۆ بکەن ئەم نەیویستوەو بەحەرامی زانیوە.

- ڕەحمانە سور: پیاوێکی ئازاو زیرەك و وریا بووە، لە گەڵ سالار(مستەفا بەگ)دا نەیار بووە، پێش هاتنی سالار بۆ بەڵخە کوێخای فەتاح بەگ بووە.

- حەمەکە: پیاوێکی زۆرداناو عاقڵ وبیرتیژ بووە، پێشبینی بەهێزبووە و خەڵکی شتی سەیری لێ دەگێڕنەوە.

- حاجی حەمە ڕەحیم حەمە عەزیز: پیاوێکی ئازاو چاو نەترس و بەغیرەت بووە، سیاسی بووە،

- عەلی بەگی حەمە صاڵح بەگ: حەکیم وجەڕاحێکی سەرکەوتوو بووە.

- ئاغەی سێمان بەگ: پیاوێکی ئازا، ئاقڵ، قسەزان وسیاسی بووە.

- خاتوو زوبەیدەو پورە ڕەیحان ودادە عەینای قوربانی: کەئەمانە چەند ئافرەتێکی پزیشك بوون لەبواری شکان ونەخۆشی‌دا چارەسەری نەخۆشیان کردووە، وەگیاشناس بوون بۆ چارەسەر کردن.

- فاتە قلیان وقەتە جەهان: دووژنی مامانی سەرکەتوو، زۆر بەغیرەت و بەدەمەوە هاتوو بوون.

هەروەها گەلێ پیاوو ئافرەتی تری ناوداریان بووە وەك:
دەروێش عەبدوڵڵەو دەروێش ئیسحاق، صۆفی صادق و صۆفی مصطەفاو صۆفی خدر، ئەحمەدی مەحمود و سەعید بەگ و، حاجی تۆفیق و ڕەحیمە کۆك وسەلیمە کۆك، ئەحمەدی محەمەدی حەمە کەریم و..تاد.
جگە لەمانەش گەلێك زاناومەلاو ناوداریش لە بەڵخەدا بوون وەك: مەلا جەلالی فەقێ یوسف، مەلا ئەسعەدو مەلا عەزیزو مەلا هۆمەرو مەلا عەبدوڕەحمان و مەلا ئەبوبەکرو مەلا مەحمود مەلا ئەحمەدی حەمە صالح.. هەروەها مەلا سەلیمی تەوێڵەیی‌و مەلا مەجید تەوێڵەیی هەر لە بەڵخە ژیاون، لەبەشی تەوێڵە لەڕوی ئایینی‌یەوە باسکراون.
- لە کوێخاکانی بەڵخە: حەمە ئەمین، حەمە مؤمن عارف، صالح، ڕەحمان، حاجی حسێن، حامد ئەمین، ئێستاش حاجی مەحمود بەگ.
- لە دوکاندارەکان: حاجی عەزیز، ئیسماعیل ئومین، حاجی مومن، ئەحمەدی عەبدولقادر.
- لە پێڵاو دروەکان: حەمەی عەبدولقادر، حاجی حەمە خەزان، وەستا فەتاح، ئەحمەدی وەستا فەتاح.
-لە بەرگ دروەکان: محەمەد ناسراو بە حەمەی خەیات، محەمەد ئەمین، لە ژنانیش خاتو سۆسەن وسەعدیەخان.
- لە جۆلاکانی: حاجی خالە، حەمە کەڕ، وەستا ئۆلخالق، ڕەحمانی ڕۆستەم.

بەڵخەیی‌و کوردایەتی:

خەڵکی بەڵخە بەگشتی وهەمیشە پشتیوانی دۆزی ڕەوای گەلەکەیان بوون، هەر لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە ڕێژەیەکی زۆریان بەشداری شۆڕشیان کرد زیاد لە (٩٠) لاویان چەکی پێشمەرگایەتیان کردە شان و، لەشۆڕشی نوێشدا نزیکەی (٢٥) پێشمەرگەیان هەبووەو لەو پێناوەشدا نزیکەی (٢٠) شەهیدیان داوە.

لەپێشمەرگە ناودارەکانیشیان وەك:

قادر مایجان، حەمە ڕەضا قادر مایجان، حاجی عومەر خالد، قادر عەبدولکەریم عەبدولقادر کە بەقالە سور ناسراوەو سەرلق بووە، قالە لاڵ لەزۆزك کوژراوە، حاجی حەمە غەریب ، شەوکەت لهۆنی، عوسمان چاوڕەش، ئەحمەد عەلی، ئەحمەد مینا، مام هەڵمەت کەلەپێشمەرگە سەرەتاکانی یەکیەتی نیشتیمانییە. لەکیمیاویەکەی هەڵەبجەشدا (١٢٦) کەسیان شەهید بوون و (٣٠) کەسیان ئەنفال کراوە.

بەڵخەیی‌و ڕابونی ئیسلامی:

بێگومان ڕابونی ئیسلامی لە بەڵخەدا مێژوویەکی هەیەو لەچاو دەورو بەرەکەیدا گەلێك لەپێشە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەم بەڕێزانە: عەبدولکەریم حامد مەجید، حەبیب محەمەد سەعید، عوسمان محەمەد ئەمین (جوتیار)، حاجی محەمەد تۆفیق، حاجی نادر عەبدوڕەحمان، حاجی عابد محەمەد، قادر قادرو چەندانی تر، هەروەها لە نەوەی دوەمیش ئەم بەڕێزانە ڕۆڵیان بووە: کەمال غەفور، مەلا نامق، فەریح عەبدلغەفور، بورهان حەمەخان.. تاد.

ئەمانە توانیویانە، کاریگەری دروست بکەن لەسەر قوتابیان وهەم لەسەر خەڵکەکە بەگشتی، پاشان چونکە خەڵکی بەڵخە لەو ئۆردوگایانە بوون کەبانگەوازی ئیسلامی تیایاندا بەهێز بوو، ئەوەش بۆخۆی کاریگەریەکی تری هەبوو.. بۆیە دەتوانین بڵێین: ڕابونی ئیسلامی بەگشتی لەناو گەنج ولاو و خوێندەواری بەڵخەییدا بەهێز بوو، وەزۆریان لەدەوری بانگەوازی ئیسلامیدا کۆبوونەوە.. بەڵکو چەند زانایەکیشیان لێی گەیشتوون. وەك: مەلا لوقمان و مەلا نامقو مەلا بەشیر، مەلا عەبدڕەحمان، مەلا ڕێبوار، مەلا نزار مەلا تەها.. کەهەر یەکێکیان بۆخۆی بانگەوازکەرێکی لێهاتوون، جگە لەمەش کەسانی لێهاتووی باشیان لێ هەڵکەوتووە.

بەڵخەو بەڵخەیی لەدوای راپەڕین:

هەر لەدوای راپەڕین لە ساڵی(١٩٩١)ەوە بەرە بەرە خەڵکی بەڵخە بەرەو زێدی باو باپیریان کەوتنە ڕێو دەستیان کرد بەدروست کردنەوەی خانو بەرەو باخ وباخەتەکانیان وماندو نەناسانە توانیان زێدە خۆشەویستەکەیان ئاوەدان بکەنەوە.

ئێستا بەڵخە نزیکەی(٦٠) ماڵی لێیە، (٢) مزگەوت و(١) قوتابخانەی سەرەتایی (١) قوتابخانەی ناوەندی و (١) بنکەی تەندروستی وپڕۆژەی ئاوو کارەبای هەیەو دوو چایخانەو چەند دوکانێکی تیایە... لەهاوین دا زیاتر قەرەباڵغ دەبێت وخەڵکەکەی لەشارەکانەوە دەگەڕێنەوە بۆلای باخ ورەزو شوێنەکانیان.

لەخەڵکی بەڵخە ڕێژەیەکی زۆر خوێندەوار هەڵکەوتووە، لەزاناو مامۆستاو دکتۆرو نوسەرو کادێری حیزبیو هونەرمەندو.. تاد.

بەڵخە لەساڵی ١٩٩٨ دا

دەگا شێخان

- پێناسە
- ناوی دەگا شێخان
- مێژووی دورست بوونی دەگا شێخان
- دەگا شێخان وسەیرانگاكانی
- تیرەو هۆزەكانی دەگا شێخان و پیاوە ناودارەكانی
- ژیانی ئابوریو بژێوی خەڵكی دەگا شێخان
- حەكیمان وجەڕاحەكان
- دەگاشێخان ومزگەوت
- دەگا شێخان وقوتابخانە
- حاكمەكانی دەگا شێخان
- خەبات وقوربانی دانی خەڵكی دەگا شێخان
- دەگا شێخان لەڕاگوازتن ودوای ڕاپەڕین

دەگاشێخان[10]

دەگاشێخان لە ڕۆژ هەڵاتی بیارەوەیە،(٣ کم) لە بیارەوە دوورە، (١١کم)یش لەڕۆژ ئاوای تەوێڵەوەیە.لە باشورەوە بەرەو باکوری ڕۆژ هەڵات، تەپۆڵکەو چیاکانی: بانیتا، ملە دەرەشۆلا، لوتکەی سیپەی کوێخا ئیبراهیم، لیدۆڵێ، کەمەر بەڕەزا.

بەرەو خۆر ئاوا: هەوارا، گامەخەڵ، باخچە میرە، سەردەرەوەن، ملەخانەگای ژوورین، ملە خانەگای خوارین، ملەگاو کاواتی، لە نێوان ئەم تەپۆڵکەو چیایانەدا چەمێکی تەسکی درێژی قوڵ- کەچەند وردە چەمێکی تری دێتەوەسەر- پێکهاتووە، کەپێی دەڵێن: (چەمی دەگاشێخان) ولەلای باشورەوە دەڕژێتە نێوچەمی بیارەوە. ئەوچەمە بەناوی گوندەکەوە ناونراوە(دەرەو دەگاشێخانی).

گوندەکە ڕوو بەقیبلەیە پاڵیداوە بەچیای (کەمەر قەتارا)وە، وەلەنێوان چیای(باخچەمیرە)و چیای(سەردەرەوەن) دایە.

ئاواییەکانی دەوروبەری بریتین لە: تەوێڵەو بەڵخەو دەرە قەیسەروو بیارە لە دیوی عێراق دا، کەیمنەو هانە گەرمڵەش لەدیوی ئێران دا.

ناوی دەگاشێخان[11] :

ناوی گوندەکە وشەیەکی لێک دراوە، لەدوو وشەی(دەگا + شێخان) دروست بووە. وشەی (دەگا) بەزاری هەورامی واتە(دێ)، وشەی (شێخان) یش، کۆی (شێخ)ە، بەم جۆرە ناوەکە بەسۆرانی واتە(دێی شێخان) کەچی وشە کەبەهەڵە لەلایەن دەزگا ڕەسمی یە کان و هەندێ خەڵکەوەبە(دەرگاشێخان، وەرگێراوە. ئەمەش لە وەوە ئەم هەڵەکراوە کەهەورامی وتویەتی دەگا، سۆرانی بەدەرگا تێگەیشتووە، چونکە وشەی دەگا لە سۆرانی دانیە.

بۆچی بەدەگا شێخان ناونراو؟

وەك دەردەکەوێت ژمارەیەك شێخ لەم دێیەدا ژیاون، چەند ئارامگا (مەرقەد)یك لەدەوروبەری ئەم دێیە دا شوێنەواریان ماوەو هەیە وەك: لەڕۆژ هەڵاتیەوە گۆڕی (دەروێشە پڕچنە)، لەسەرووی ڕۆژهەڵاتیەوە گۆڕی(ئیمام ڕەزا)، لەڕۆژ ئاوایەوە ئارامگای (ئیمام قاسم وشێخ ئەحمەد جامی وشێخ مەحمودی برای). لەباشورەوە (تفلی ساواو شێخ مەزران).

لەنەوەی ئەم شێخانە (شێخ عارف وشێخ قەسیم) بوون، کەلەدەورو بەری ساڵی(١٩٣٠ن) کۆچی دوایان کردووە. ئەمانیش ئێستا نەوەیان ماوەکە (شێخ حەمە عارف مصطفە فا عارف وشێخ محەمەد ئەبوبەکرتەها قەسیم)ن. جالەبەر بوونی ئەم شێخانە کەتیایدا ژیاون بەوناوەوە ناونراوە.

مێژووی دروست بوونی دەگا شێخان.

ئەم دێیە، هەرچەندە بەتەواوی و بەشێوەیەکی ڕاست وڕوون مێژووی دروست کردنی نازانین، بەڵام بەقسەی پیاوە بەتەمەنەکان دەماو دەم لەباب و باپیرانیانەوە بیستویانە کەئەم دێیە زۆرکۆنەو سەدان ساڵە هەربووەو هەیە، ئێمەش بەپشت بەستن بە چەند بەڵگەیەك دەتوانین لە سەر مێژووەکەی چەند قسەیەك بکەین، لەوانە:

- هەندێك دەڵێن: ئەم بنارەی هەورامان کەوتوەتە ژێر دەسەڵاتی ئەسکەندەری مەکدۆنییەوە، بەزۆر کراون بە(نەصرانی) جانەریت وباوی ئەو سەردەمەش وابووە کەزاخەیەکی گەورەیان دروست کردوەو هەرکەس مردووە، خستویانەتە ناو ئەو زاخە گەورەوەو پێیان گوتووە (گۆڕیچە).

جاتا ئێستاش لە نزیك ئەم گوندەوەو لەدامێنی ڕۆژ ئاوایەوە، باخێك هەیەو ماوە، ناوی (گۆڕیچە)یە. بەم پێ یە دەکرێت بگوترێت: دێی دەگاشێخان لە و ڕۆژگارەدا هەبووەو، ئەو ناوی گۆڕیچەیە دەگەڕێتەوە بۆئەو سەردەمە.

- هەندێکی تردەڵێن: ئەم دێیە لەبیارە کۆنترەو دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی ساسانیەکان کەئەوکاتە ناوی (داشارە) بووە.

- دەیان ساڵە، لەناو خەڵکی دەگا شێخان دا، قسەیەك بە(تەواتر) ووەك ڕاستی یەکی بەڵگە نەویست، دەکرێت ودەگوترێت، گوایا کاتی خۆی (سوڵتان ئیسحاق - سوڵتانی ساق)و (شێخ ئەحمەدی جامی) لەسەر موڵکیەتی دەگاشێخان بووە بەهەراو ناکۆکیو قڕەیان، دواجار چوونەتە لای (تڵفی ساوا)و کێشەکەی بۆ چارەسەر کردون و، دەگا شێخانی داوە بە شێخ ئەحمەدو سوڵتانی ساقی ناردووە بۆ قەراغ ڕۆخانە، بۆگوندی (پیردیوەر) ی سەرڕوباری سیروان، لەنزیك گوندی(شێخان) ی ئێستای ناوچەی هەورامانی لهۆن.

دەبێ ئەوەش بزانین، کەسوڵتان ئیسحاق لەسەدەی چواردەهەمی زاینی داژیاوە لەساڵی(٧١٦ك)ی بەرامبەر بە(١٣١٦-١٣١٧ن)ی هاتۆتە دنیاوە[١٢].

بەم پێ یەش بێت(دەگاشێخان) ئەوکاتە هەبووە، کەواتە: تەمەنی دەگاشێخان (٢٠٠٣-١٣١٧- ٦٨٦) شەش سەدوهەشتاو شەش ساڵ زیاترە.

لەساڵی (١٩٦٢ان) دا، م. جەمال بێدار بەچاوی خۆی لەگۆڕستانەکەی (دەروێشە پرچنە)دا، کێلێکی مەڕمەڕی دیووە، لەسەر گۆڕێك بەعەرەبی لەسەری هەڵکەندراوەو، ناوی مردووەکەو مێژووی مردنەکەی لەسەر نوسراوە،کەحیسابی کردووە تائەو کاتە کردویەتی یە(٣٦١) ساڵ واتە تائێستاکە ساڵی(٢٠٠٣) یە دەکاتە (٤٠٣) ساڵ.

– هەروەها... لەڕۆژئاوای دەگاشێخانەوە، شوێنەواری دێیەك ماوە گەرچی شوێنەکەی کراوە بەباخ پێیان گوتووە(داشارە)، بەواتای (دێی‌شار) گوایە گوندێکی ئەوەندە گەورەبووە، شارەدێیەك بووە، زۆربەی خەڵکەکەی بەنەخۆشی تاعون مردون.

– لەڕۆژ هەڵاتی دەگا شێخانیشەوە، شوێنەواری دێیەك هەیە پێ‌ی دەوترێت(دەگاو هاڵی)، چونکە لەخواروویەوە هاڵێکی گەورە هەیە.. (هاڵ) شوێنێکی بەرزی سەختە کەلەبەر بەرزی‌سەر تێیدا گێژ دەخوات.

– لەخوارووی ڕۆژ ئاوایشەوە، شوێنەواری دێ یەکی تریش هەیە کەبە(کەلارو گاورا) ناسراوە، بەناوەکەیدا وادەردەکەوێ کەوەختی خۆی دانیشتوانەکەی (گاور) بوون. لەساڵی حەفتاکاندا لەم شوێنە کۆمەڵێك شت دۆزراونەتەوە، کەجارێکیان کوپەیەك دۆزراوەتەوە (٩٠) دانە سکەو شمشێرێك وپەیکەری کەڵە شێرێك وچەند شتی تری تیابووە، دۆزەرەوەکان بەپارەیەکی باش فرۆشتویانن.

ئەمانەی کەباسمان کردن، ئەوانەن، کەوادەکرێت بکرێتە بەڵگەی مێژوویی، بۆمێژووی دروست بوونی دەگا شێخان.

دەگاشێخان وسەیرانگاکانی:

وەك لەسەرەتاوە گوتمان، دەگا شێخان دەکەوێتە نێوان ژمارەیەك تەپۆڵکەو چیای بەرزەوەو، دەڕوانێت بەسەر چەمێکی درێژی تەسکی قووڵدا، ئەم چەمەش چەند چەمێکی تری دێتەوە سەر، کەلە سەرەوە بۆ خوارەوە ئەمانەن:

چەمی هانەکە ناتر، چەمی کەمەر بەڕەزا، چەمی شێخ مامۆ، چەمی هەنارا سمێڵی، چەمی دەرەو کۆڕێ، چەمی دەرە دووکەڵا، چەمی چنارە.

ئەم تەپۆڵكەو چیا بەرزو سەوزە پڕ لە دارو درەختە، بەكانیاوەكانیەوە، بەگژوگیاو لۆجاڕەوە: بە هەوای فێنك و سازگارەوە: بەجریوەی مەل و قاسپەی كەوەوە..بە باڕەو باعەی ئاژەڵەوە، بە ڕەزە دەیمەكانەوە..تەلان تەلانی باخە سەوزو قەشەنگەكانیشی بێتە پاڵ، هەمووی سەراپا دەبێتە سەیرانگایەكی فراوانی خوا كردی. سروشتی ..هەمووی دڵ و دەرون و مێشك و خەیاڵ دوێنە..خەم ڕەوێنە ..تاسكە شكێنە..حەزو ئاوات بزوێنە..خەم و داخ مرێنە.لەگەڵ ئەوەشدا سەیرانگای جوانی تایبەتی هەیە، وەك: گوزیندار، تایلێ هەوارا، هەنجیرە، دەرەو شێخ ئەحمەدی، هانەو چنارەی، هانە تازە، سەرەوەزەند، وێرگا، سەردانی، هانەو مەرێ، هانە پاڵەوان، هانەو دەرەوجانی، هانەدڕەی،دەرەشۆلاّ، هانەو محەمەدی كەبەهانەی چایخانەش ناسراوە.

تیرەو هۆزەكانی دەگاشێخان و پیاوە ناودارەكانی:

خەڵكی دەگا شێخان لە چەند تیرەو هۆزێك پێكهاتوون گرنگەكانیان ئەمانەن:

تیرەی كوێخا برایم، صۆفی عەولاّ، وەستایان، شێخان، فەقێ‌و تیرەی عەزە ... ئەم تیرانەش خزمایەتی‌و تێكەلاّوی یەكی بەتین بەیەكیەوە گرێ‌داون.

خەڵكی ئەم دێیە تێكڕا، خەڵكێكی دڵپاك وڕووخۆشی بەزەوق ودەرون فراوان وبەرچاو تێرومیوان پەروەرن. لەناوخۆشیان دا هاوكاریو هاودەردی یان هەبووەو هەیەوبەردەوامە.

لە نێوان خۆشیان دا پیاوێكی ژیرو دانایان هەڵبژاردووە، بووە بەكوێخایان ودەم سپیان، ئەویش دریغی لەكارو خزمەت كردن نەكردووە. لە كوێخاكانیان: .. كوێخا ئیبراهیم عەبدوالله، كە لە ساڵی(١٩١٥ز) كۆچی دوایی كردووە، كوێخا حەمە ڕەشیدی كوێخا ئیبراهیم، كوێخا حەمە صالح، كوێخا عیزەتی كوێخا ئیبراهیم، كوێخا حسێن الله كەرەم، كوێخا شەوكەتی كوێخا عیزەت.. بەلاّم لەدوای ڕاپەڕینەوە كوێخا ڕۆڵی نەماوە، لەجیاتی كوێخا ئەنجومەنی گوند ئەو ڕۆڵە دەبینێ.

بێگومان گەلێك پیاوی تری ناودار لەدەگا شێخان دا هەڵكەوتوون، وەك حاجی ئەحمەدی نادر، كەپیاوێكی نان بدەو بەخشندە بووە، حەمە نەبات كەپیاوێكی لێهاتوو بووە، نەوەكانی چوونەتە گوندی دەرەقەیسەر، بەڵكو دەڵێن ئەمان گوندی دەرەقەیسەریان ئاوەدان كردووەتەوە. هەروەها وەستا مستەفا،

تۆفیق صالح، ئەحمەدی فەقێ، صۆفی نعمەت، وەستا بابا، وەستا قادرو وەستا زامن ورەحمان وعەزیزوئەحمەدی عەزیزو محەمەدی نیعمەت وحەمەڕەزای وەستا مستەفاو ئەمین حەمە کەریم و عەلی مەحمود زەلام و حاجی حامدی تۆفیق و مەجید حامدو سەید باباو ئەحمەدی قادرو محەمەد طەیب و حەمەخان کەریم ومیرزا ئەمین. ئەمە جگە لەمەلاو شێخەکان و چەندانی تر..

ژیانی ئابوری وبژێوی خەڵکی دەگاشێخان:

ئاشکرایە، ئەوسا، بەشێوەیەکی گشتی ئاستی ژیان و گوزەران نزم بووە، بەڵام خەڵکی ئەم دەڤەرە، نەبوونی وقات و قڕی لەهەموو کەسانی تری عێراق و ئێران کەمتر بەخۆیەوە دیوە، چونکە ژینگەکەی باشترین یارمەتی دەربووە.

دەکرێت بڵێین:، خەڵکەکە بەگشتی پشتی بەبەرهەمی باخات وڕەزەدێمەکانیان بەستووە، هەرلەسەرووی ئەم دێیەوە، ئەم بەروئەو بەری چەمەکە هەتا دەچێتەوە چەمی بیارە، هەمووی باخ و باخاتی پڕ لەبەرهەمی جۆراوجۆرەو، بەرهەمەکانیش هەموویان دەچنە خانەی خۆراکەوە، وەك: گوێزو توو، هەنارو هەڵوژەو سێوو هەرمێو قەیسیو.. شاخەکانیش پڕن لەداربەڕوو، بلاڵووك، هەرمێ کێویلە، چەقالە، گژوگیای پاك و بەتام کەبۆ خواردنی مرۆڤ لەبارن. لاپاڵی شاخەکانیش کراوە بەڕەزەدێم، کەگەڵ جۆرە ترێی بەتام دەبەخشن بەخاوەنەکانیان.

قەد پاڵی چیاکان وهەندێ دۆڵی نیوا نیان وچەندان تەپۆڵکەش هەن بەهۆی گاوە، یان بە پاچ وبێڵ کێڵاویانەو گەنم وجۆو گەنمە شامیان تێدا چاندووە، نۆك ونیسك وتوتن وماشیان تێدا کردووە، ئەمە جگە لەسەوزە بەهەموو جۆرەکانیەوە، کەزوربەی خێزانەکان بۆخۆیان کردویانەو، هەشیان بووە بۆفرۆشتن کردوویەتی.

کێڵگەی باخەکانی دەگاشێخان بەخەیاری گەورەو سەوزو ناسك بەناو بانگن... قەد پاڵی شاخەکانیشی بەترشە سماقی جوان وسورو ترش ناسراون.

لەگەڵ ئەمانەشدا، ئاژەڵداریو دامداریهەر هەبووەو بەبەشێك لەئابوری خەڵکەکە ژمێرراوەو سوودی پێ گەیاندون. کاروان کردن ودارفرۆشتن وکرێکاریش، بەبەردەوام لەبەر دەستی خەڵکەکەدا بوون.

لەڕووی پیشەو صنعا تیشەوە، هەندێ وردە صنعاتیان کردووە، هەرچەندە بەگشتی کوڵ بوون لەم بوارەدا. پیشەو پیشە کارەکانیش ئەمانە بوون:

ئاسنگەرەکان .. مەلا عوسمان، وەستا ڕەحمان، وەستا مصطە فا .

جۆڵاکان .. مەلا کەریم، محەمەد عەزیز.

بەناکان .. وەستا قادر، وەستازامن، وەستا حەمە ئەمین، وەستا ئەحمەد، وەستا عەلی..

پێلاودروو و کلاشکەرەکان.. وەستا حەمە طەیب فەتح الله و وەستا محەمەدی کوڕی.

کلاش چنەکان .. خاڵۆ ئەوڕەحمان وعەبە شەل..

تەنەکەچیەکان .. وەستا باباو وەستا عەلیو وەستا حەمە ئەمین.

هەلاجەکان .. عەلی مەحمود زەلام..

لێفەدرووەکان .. خاڵۆ عەباس قادر..

بەرگدرووەکان .. وەستا جەعفەر مەحمود، وەستا حەمە فەرەج ڕەحمان..

وردەواڵە فرۆشەکان .. کەریم مەحمود.

دوکاندارەکان .. قادر وەستا ئەحمەد، فرحان حەکیم، صابر جافر، عومەر جافر. شایەنی باسە، خەڵکی ئەم دێیە، خەڵکێکی بەقەناعەت وبەکەم ڕازیە، هەڵپەو تەماعی زۆرکەمەو زۆریش بەرچاو تێرە.

حەکیمان وجەراحەکان:

لەناو خەڵکی دەگاشێخان دا، هەندێ کەس وەك حەکیم(پزیشك) هەڵکەتوون، لەناودارەکانیان:

تۆفیق صالح، مەلا عوسمان، حەمە خاتە، وەستا بابا، شەمامی حەمە خاتە، گەوهەرڕەحمان زۆراب کەئافرەتێکی ئێجگار زیرەك بووە لەپزیشکە وانیدا.

دەگاشێخان ومزگەوت:

دەگا شێخان پێش ڕاگوازتن، مزگەوتێکی گەورەی لەبەشی خوارەوەی دێیەکەدا هەبوو، لەسەر کانیاوێکی ڕوون وپاك وسازگار، ئاوەکەی بەزستاندا هەڵمی لێ هەڵدەسا، بەهاوینیشدا، بەفراوێکی ساردو نایاب بوو.مزگەوتەکەش دێرین بوو، کەس نەیدەزانی کوت ومت کەی ولەلایەن کێوە دروست کراوە،

گەرچی هەندێ لەپیاوە بەتەمەنەکان باوەڕیان وابووکەبۆ یەکەمجار لەلایەن شێخ ئەحمەدیجامییەوە دروست کراوە.بەهەرحاڵ ئەم مزگەوتە لەساڵی(١٩٣٠ز) لەلایەن (مصطه فابەگی جەعفەر سوڵطانە) وە بەشێوەیەکی نوێو جوانتر دروست کراوەتەوەو، بنمیچەکەی سەر پاك (تەختە بەند)بوو.. ئەم مەلایانەش پێشنوێژیو خوطبة خوێندنەوەیان تێدا ئەنجام داوە..

مەلا شێخ عارف، مەلا عوسمان، مەلا عەباس، مەلا بەهائەدین، مەلا کەریمی ئەحمەدی فەقێ، مەلامصطةفای بیارەیی... جارێکیتر مەلا کەریمی ئەحمەدی فەقێ تاڕاگوێزرانی گوندەکە.. دیارە پێش ئەمانیش کەسانی ترهەبوون، بەلاّم ئێستا ئێمە نایانزانین.

لەدوای دروست بوونەوەو ئاوەدانکردنەوەی دەگاشێخان لەم شوێنە نوێیەیدا.. بەهەوڵ وتەقەلای خەڵکیدێیەکە بەتایبەتی مامۆستا ئەسعەد خواکەرەم و محەمەدی حەمەطەیب وئیبراهیمی کوێخا حەمە ڕەشیدو فەرحان حەکیم و، بەوەستاییو لێبڕانی ئەحمەدی وەستا قادر.. سەرلەنوێ مزگەتێکی نوێ لەشوێنێکی ترو کەمێك لەپشت جادەوە دروست کرایەوە.. یەکگرتووی ئیسلامی کوردیش دەست گیرۆییەکی چاکی کردن و بۆی تەواوکردن.. نەخش وجێگە پەنجەی هەردیارو دیاربێت.

مامۆستا ئەسعەد کەمامۆستای قوتابخانەکەش بوو، توانی بۆماوەی (٤) ساڵ مەلایەتی مزگەوتەکەش بکات، تامامۆستا مەلا ڕێبوارسەلیم بەڵخەیی بووە مەلای ڕەسمی مزگەوتەکە، دوای ئەویش مەلا فارس حەمە طه یب هات. خەڵکی دەگا شێخان بەگشتی ئەهلی جومعەو جەماعەتن کەمیان هەبێت نوێژ نەکەن، پیاوچاك ومسوڵمانی باشی لێهەڵکەوتووە.. گەنجێکی زۆری هەیە لەدەوری ڕابوون وبانگەوازی ئیسلامیدا کۆبوونەتەوە.

دەگا شێخان وقوتابخانە:

لەسەرەتای ساڵەکانی پەنجاکانەوە ژمارەیەك فەقێ لەمزگەتی دەگاشێخان دا، لای بەڕێز مەلا مصطه فای بیارەیی دەرسیان دەخوێندو، خەڵکی ئاواییەکەش زۆربەڕێزەوە سەیری دەکردن وبەپێی توانا خزمەتی دەکردن وبەفەڕوخێری ناوچەکەو دێیەکەی دەزانین.

م. مەلا مستەفا خۆی دەیگێڕێتەوەو دەڵێ:

(نزیکەی (١٥) ساڵ مەلای دەگاشێخان بووم، لەساڵی(١٩٥٦)دا کەوەصی (عەبدولئیلاه) و وەفدەکەی مەلیك هاتن بۆ دەڤەرەکەو چوون بۆ تەوێڵە، من خەڵکی دەگاشێخانم کۆکردەوەو لەسەر ڕێگە، پێشوازیمان کردن ونزیکەی چارەکێ ڕاوەستان و، داواکاری خۆمان مان پێشکەش کردن، کەبریتی بوو لەکردنەوەی قوتابخانە لەگوندەکەمان، هەرلەوێ (عومەر عەلی) کەپارێزگای سلێمانی بوو، وەرەقەیەکی دامێو لەسەری نووسی لەبەیانیەوە دەست بەکاربە، ئیتر منیش بۆماوەی ساڵێ وەك موحاضر دەرسم وتەوە. قوتابخانەکەشمان بەناوی (مدرسة مكافحة الامية فی قرية دەرگاشێخان)ەوە بوو، پاش ساڵێك بەشێوەیەکی ڕەسمی قوتابخانەی سەرەتایی کرایەوەو- وابزانم- یەکەم ماموستاشی (حەسەن) ناوێبوو.).

م. جەمال بێدار دەڵێ: (لەوکاتەی (م. مەلا مصطفا) قوتابخانەکەی کردەوە نزیکەی (٢٠-٢٥) منالێ ڕوومان کردە قوتابخانەکەو من یەکێك بووم لەوقوتابیانە.).

دوای ئەوەی بەڕەسمی قوتابخانە کرایەوە، لەخانوەکەی (سالار)دا کە(هێوانە چەرمێ) واتە: هەیوانە سپی یان پێ دەوت، بۆماوەی (٥) ساڵ دەوامی تیاکرا تابینای تایبەتی بۆ دروست کرا.

لەم قوتابخانەیەدا چەندان ماموستاو بەڕێوەبەر دەوامیان تیاکردووە، ئەمانە بەتەرتیب بەڕێوەبەرەکانن:

تۆفیقە فەندی، عومەرە فەندی عەبابەیلیێیی، عوسمان محەمەد صالح تەوێڵەیی ناسراو بەعوسمان هەورامی، مەنصور مەلا ظاهر بیارەیی، عەبدولمەناف عەبدولقادر غەفور تەوێڵەیی، جەمال حەبیب الله (بێدار)، حەبیب محەمەد سەعید بەڵخەیی، محەمەد چەمچەماڵی، لەدوای ڕاپەڕینیشەوە کە لە(٢١/ ١١/١٩٩٢) جارێکی تر قوتابخانە کراوەتەوە بەڕێوەبەرەکانی ئەمانەبوون:

ئەسعەد خواکەرەم دەگاشێخانی، نزیکەی (١٠)ساڵێ بەڕێوەبەر بووە، بەڵام ئێستا(٢٠٠٣) کۆسالان عومەر جەعفەر دەگاشێخانی بەڕێوەبەرە. هەوەها گەلێك کەسی تر لەم قوتابخانە ماموستا بوون وەك:

حسێن محەمەد غەفور، موختار عەلی محەمەد، ئەبوبەکر ئیسماعیل، فەخرەدین سەلیم، جەزا حەمە صالح، جەمیل حەبیب محەمەد.. کەئەمانە هەموویان تەوێڵەیین.

م.ئەسعەد دەڵێ: لەدوای ڕاپەڕین، کە قوتابخانە کرایەوە بۆماوەی دووساڵ تەنها خۆم بووم لە قوتابخانەکە وە(٤) پۆلم هەبوو، دوو دەوامم دەکرد، بەلاّم ئێستا (١٩٩٨)،(٦) پۆلین و(٨٥) قوتابیمان هەیە، من بەڕێوەبەرم و ماموستاکانیش ئەمانەن:

خالد حەمە عەلی، سەرکەوت یوسف، هوشیار محەمەد، ئاراس قادر، کەهەرچواریان خەڵکی بیارەن، کامەران حەمە ئەمین خەڵکی هەولێرە.

حاکمەکانی دەگاشێخان:

دەگاشێخان تاپێش دەسەلاّتی بەگزادەی لهۆن، کوێخا ئیبراهیم و بنەماڵەکەی سەروکاریان کردووە، کە ئەمیش پەیوەست بووە بە عەبدوالله ئاغەی تەوێڵەوە، باج وسەرانەیەك یاتەبلیغا تێك بوو بێت لەڕێگەی ئەمەوە گەیەنراوە.

وەك پێشتر وتمان کەجافر سان هاتە سەر حوکم، مصطەفا بەگی کوڕی کەبە (سالار) ناسرابوو کردی بەحاکم و فەرمانڕەوای دەگا شێخان وبەڵخەو خەرپانی.

ئەم پیاوە دەسەلاّتێکی تەواوی هەبووە، لەسەرووی دێکەوە کۆشکێکی گەورەی سێ نهۆمی بەبەردو قسڵ ودار کردبووە وەو، دەیڕوانی بەسەر باخچەیەکی جوان دا کە بە(باخچەی سالار) ناودەبرا وبەهار بەندێکی لەتەنیشتەوە بوو.

خەڵکی گوندەکە کەبەتێکڕا، گەواهی دەدەن، لەسەر ئازایەتیو بەهێزیو داوێن پاکی (سالار). ئەم حاکمە گەلێ سیفاتی جوانی تێدا بووەو کارانێکی چاکیشی ئەنجام داوە، لەوانە:

تازە کردنەوەی مزگەوتەکەی دەگاشێخان.. کڕینی باخێکی شێخ عارف بۆ مزگەوت، پاك وتەمیزیو ڕێز گرتنی مزگەوتی زۆر بەلاوە گرنگ بووە، زۆردژ بەداوێن پیس وڕەفتاری ناشیرین بووە.

خەبات و قوربانیدانی خەڵکی دەگاشێخان:

خەڵکی دەگا شێخان، خەڵکێکی تێکۆشەری، گیانفیداکاری، موسوڵمانی ماندونەناسن، خەڵکێکی دوورەپەرێزی لە دونیا دابڕاو نین، هەرچەندە خەڵکەکەی دەرونێکی هۆگرو ئارامیان هەیە، حەزیان لەتێکەلاّویو ژیانی کۆمەلاّیەتیيە... ئەمەش وای لێکردون کە گەلێ جار نرخی ئەوە بدەن بۆیە، لە

چاو کەمی خۆیداو لە چاو هێمنیو ئارامی خەڵکەکەیدا، دەتوانین بڵێین: قوربانی جۆراو جۆرو زۆری داوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گیانی ئیسلامەتیو کوردایەتی‌یە بووە، کە لەناو دڵ و دەرونی خەڵکەکەیدا بووە.

دەگا شێخانەیی هیچ کاتێك دریغیان نەکردووە، لەگەڵ ولاتەکەیاندا، بەڵکو هەمیشە پشتیوانی کێشەی ڕەوای گەلەکەیان بوون و، لە هەموو کات و ساتەکاندا پێشمەرگەیان بووەو، بەشداری‌یان کردووە لە شەڕەکاندا دژ بەستەم و زوڵم و زۆرداری ... هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولدا، لە شەڕی پردی زەڵمدا دژ بە زەعیم صدیق پێشمەرگەیان بووەو شەهیدشیان داوە. کە ئەویش ئەمین دەگا شێخانەیی بوو.

لە هەڵگیر ساندنەوەی شۆڕشی نوێشدا، دیسان پێشمەرگەیان بووە، وەك قادری وەستا زامنی الله مورادو فاتح قادرو....تاد. بەڵکو لەم شۆڕشەشدا قادری وەستا زامن شەهید بوو.

بەهەر حاڵ قوربانیەکان جۆراو جۆرن و خۆیان زیاتر لە (٣٠)کەس دەدەن. ئەوەی کە دەست ئێمە کەوتبێت ئەمانە بوون، بەم شێوەیە:

– لە پێشمەرگایەتی‌دا:

حەمە ئەمین یوسف ئیبراهیم، ئەمین حەمە کەریم ئیبراهیم، قادر زامن الله موراد، هادی عزەت ئیبراهیم، مەنصور شەریف، قادر حەمە موراد ئەحمەد، بورهان عەبدوڕەحمان نعمەت، حەمەخان ئەمین حەمە کەریم، دیاری حەمە تۆفیق، کەیوان عەبدوڕەحمان ئەسکەندەر، سەفەر عەبدواللە.

– لە سەربازی‌دا:

ئیدریس نوری مصتەفا، حەمەکەریم عەبدواللە، طاهر محەمەد نعمەت، عەبدوڕەحمان ئەسکەندەر ئەحمەد.

– لە کیمیاوی هەڵەبجەدا:

میرزا ئەمین حەمەکەریم، پیرۆز الله کەرەم، نایافت حەمە حسین، کافیە عوسمان ئەحمەد، ئیقباڵ حەمەخان کەریم، فەریح غەفار شەریف.

– لە شەڕی عێراق و ئێران بەتۆپ کوژراوە:

قەدەم خێر جەعفەر مەحمود، طةلَعەت جەعفەر مەحمود، ڕابیعە ژنی مەحمود ئەحمەد، نادیە عەبدواللە ئەحمەد، ئەمیرە حەیدەر قادر، عیرفان حەیدەر قادر، عمران حەیدەر قادر، سەمیع حەیدەر قادر .

دەگا شێخان لە ڕاگوازتن و دوای ڕاپەڕیندا:

لە بەرواری (١٩٧٨/١٠/١٥)لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە دەگا شێخان ڕاگوێزرایەوە بۆ ئۆردوگای سیروان، کە ئەو کاتە(٩٥)خێزان بوون، نزیکەی (٥٥٠)کەس بوون و، مزگەوتێك و قوتابخانەیەکی تێدا بوو.ئەوسا خانووەکانی دێکە، نزیکەی (٢)کم لەسەرووی جادەکەوە بوون، بەلام لە دوای ڕاپەڕین لە ساڵی (١٩٩١ ز)دێیەکە، لە شوێنەواری (کەلارو گاورا)دروست کرایەوە، کە جادەکە لەبەردەمی دێیەکەدایە، ئێستا دەگا شێخانی نوێ، هەر ماڵێك بۆ خۆی بەلوعەی هەیە، چونکە لەلایەن یەکگرتوی ئیسلامی کوردەوە بە هاوکاری دەزگای یونسێف بە بۆری لە کانیەکەی دەگا شێخانی کۆنەوە ئاوی بۆ ڕاکێشاون. ئەوسا کارەبای نەبوو، بەلام ئێستا مولیدەیەکی کارەباییان هەیەو، بەشی ماڵەکان دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا مزگەوتێکی جوان و قوتابخانەیەکی قەشەنگیان هەیە کە ژمارەی قوتابیان زیاد لە(١٢٥) قوتابین.

لەم کاتەدا (ساڵی ٢٠٠٣)خەڵکی دەگا شێخان (٦٥)خێزانیان لە دێکەن، (٣٠)ماڵیان لە هەڵەبجەی شەهیدن، (١٥)ماڵیان لە هەڵەبجەی تازەن (٣٥)ماڵیان لە سلێمانین، (٢٥)ماڵیان لە ئێران و هەولێرو شوێنەکانی ترن، واتە: بە گشتی نزیکەی (١٧٠)ماڵێك دەبن هەر بۆ ئەوەی بزانین کە دانیشتوانی دەگا شێخان لە ساڵی (١٩٥٧)دا، (٣٥١)کەس بوو کە نزیکەی (٦٦)ماڵ بوون.

بیارە

- پێناسە
- سنورو چەم و جۆگەکانی بیارە
- بیارە لەمێژوودا
- بیارەو گەڕەکەکانی
- بیارە سەیرانگایە
- بیارەو گوزەرانی خەڵکەکەی
- تیرەو هۆزەکانی بیارە
- کوێخا کانی بیارە
- ناودارانی بیارە
- بیارە وەك دەسەلاتداریەتی
- ئافراسیاو بەگ
- ڕشتەی بنەماڵەی بەکر بەگ
- مزگەوت وخانەقای بیارە
- مەلا ئیبراهیمی بیارە
- خانەقاو خوێندنگای بیارە
- دام و دەزگا حکومی‌یەکانی ناو بیارە
- بیارەو چۆڵ بوونی
- بیارە مەڵبەندو داڵدەدەری شورشگێڕان بووە.
- بیارە لەدوای ڕا پەڕین
- گەشتی بیارە

بـیـــارە [١٣]

بیارە یەکێکە لە شارۆچکەکە ڕەنگینەکانی هەورامانی لهۆن لە کوردستانی عێراق، ناوچەیەکی دێرینەو شوێنەواری کۆنی زۆری تیایە. (٢١کم) لە سەرووی هەڵەبجەوەیە،(١٨کم) لەخورماڵەوە دوورە، نێوان تەوێڵەو بیارەش(١٤کم)ە.

سنورو چەم وجۆگەکانی بیارە:

بیارە کەوتووەتە سەر سنور، باخەکانی بیارەو هانە گەرمڵە تێکەڵاو بوون و چوون بەیەکدا، تەنها جۆگەیەکی بچوك هەیە لە نێوانیان دا، لە وێ وە دەپەڕیتەوە بۆئەو بەر کە هەورامانی ئێرانە، واتە ئەو جۆگە سنورەکەیەتی.

ئەو لادێیانەی بەشی سەرەوەی بیارە لە هەورامانی ئێران، پێکهاتوون لە (بێرواس وکێمنەو هانە گەرمڵە) هەرسێکیان کەوتوونەتە دۆڵێکی فراوان وپشتەوەیان شاخەکانی(هەیات ونوەیجەرو مارانیو تەتە)ن، ئاوی ئەو شاخ وکانیانە بەتایبەت چەمەکانی هانە گەرمڵەو هانە سواراو گوزیندارو.. دەبنەوە بەیەك ولە گەڵ چەمی(دەرەو تەکیە)دا لە بیارە یەك دەگرنەوەو چەمی بیارە پێك دەهێنن وبەناوەڕاستی بیارەدا دەڕوات ودوو سێ پردی بۆکراوە، ئەم بەرو ئەو بەری بیارە دەبەستێت بەیەکەوە، یەکێك لە وپردانە پردی جادەی نێوان بیارەو تەوێڵەیە دەیلکێنێ بەیەکەوە.

ئاوی ئەو چەمە لەخوار بیارەوە لەگەڵ ئاوەکەی (دەلێن) یەك دەگرن و، پاشان دەڕژێنە ناودەریا چەی دەربەندیخان.

بێگومان ئەم ئاوە بەم شکڵ وشێوەیەکە هەبێت و زۆربێت، لەکاتی بارانی زستان و بەهاران دا ئاوایە، چونکە لەوەختەکانی تردا، ئەم ئاوە کەمەو هەربەشی کشتوکاڵ وباخەکانیان دەکات کە لەوکاتەدا چەند جۆگەیەکی لێ هەڵدەکەن بۆ ئەو باخانە وەك جۆگەی:

(جوەو کۆی، جوەو بێڵە خای، جوەو ئاساوە بەرزەی، موسا قەڵبە، خواجای، باخە قوڵە، موسایان، ئەجێ، هانە نەوتێ، هانە قالاوا، زەردە هاڵە، هەزارگری، جووەو ئاش وشێخ عومەری، جووەو ئاش وموفتی.....هتد.

بێگومان ئەوسا هەموو هەورامانی کوردستانی عێراق سەربەناحیەی خورماڵ بووە، بەلام لە ساڵی (١٩٧٠)وە کە بیارە کراوە بەناحیە، لە وکاتەوە ئەم شوێنانەش لە ڕووی کار گێڕی یەوە جیاکراونەتەوە لە خورماڵ وخرانە سەر ئیدارەی ناحیەی بیارە:

خودی (بیارە)، تەوێڵە، سۆسەکان، بەڵخە، پالانیا، دەگاشێخان، دەرە قەیسەر، نارنجلە، زەردەهاڵ، بنجۆدرەی، خارگێلان، گوڵپ، باخەکۆن، گەچینە، هانەی دن، سەرگەت، دەرەی مەڕ، خەرپانی، (تاوێرە، گریانە، جاوری – ئەم سێ گوندە سەربەعەشیرەتی جافن)، (هاوار، هەوارە کۆن، دەرەتفێ– ئەم سیانەش کاکەیین بەسۆرانی جافی قسەدەکەن).

بیارە بە ناوچەیەکی شێخ نشین ناوبانگی هەیە، بەبۆنەی شێخەکانیەوە، شێخ عومەرو شێخ نەجمەدین و شێخ علائەدین و شێخ عوسمانەوە، هەروەها بوونی مووی ڕیشی پێغەمبەر (ص)(مەحاسینی شەریف)ەوە بە(بیارەی شەریفە) ناوبانگی دەرکردووە.

بیارە لە مێژوودا:

(ئاسەوارەکان ئەوە دەسەلمێنن، بناری شاخی سورێن و هەورامان لەگوندی نەوێ تاکو خورماڵ و، لەوێشەوە تاوەکو ئاتەشگای لای (بارا)[١٤]، (بیر)[١٥]، بیارەی ئێستا یەکپارچە کراوەتە شارێکی بەرفراوان و ئاوەدان).[١٦]

وادەرئەکەوێ (لە سەردەمی لۆلۆییەکان دا، لە شوێنی بیارەی ئێستادا شارێك هەبووە بەناوی (بیر)و ئەو شارە یەکێك بووە لە شارەکانی مەملەکەتی (زاموا)و ناوی (بیارە)ش لە ناوی ئەو شارەوە هاتووە، هەروەها لەسەردەمی لەشکرکێشی‌یەکانی (ئەسکەندەری مەقدۆنی)، بیارە ئاوەدان بووە، کەواتە: لە (دەگا شێخان)بیارە کۆنترە).[١٧]

هەروەها لوتکەی کەژی ڕۆژئاوای بیارە بە (کلاوەی ئاشور) بەناو بانگە. ئەمەش بۆ سەردەمی ئاشوریەکان دەگەڕێتەوە.

.. بیارە ئاتەشگە دەیەکی سێ چوار کیلۆمەتری درێژی تێدایەو، کاتی خۆی شارێکی زۆر درێژ بووە، کە لە بیارەی ئەمڕۆوە (کێلی ئەسپوڵ) تاوەکو (پاینی شار–بانی شار) کێشراوەو سەرپاکی‌خانوەکانی‌بە یەکەوە نوسراون ([١٨]

شاکر فەتاح لە گەشتەکەی‌دا، کەلە (١٩٣٣/٨/٢٣)کردویەتی بۆ هەورامان دەڵێ:

(.. بیارە پەنجا ماڵێکە، بەلام بە باخ و باخات تەنراوە، ئەو چەمانەی کە بەناو دێدا دەڕوات، لە گەڵ ئاوی ئەو تاقگەیە کەئاشەکەی شێخ ئەگێڕێ، لە گەڵ ئەو کێوو کەژە ڕەنگینەدا، چاو ئەندازێکی یەجگار ئاوازەی هەیە، لە بیارە، یەك دوو شۆڕەبیم تیادی، بالابەرز بوون، لقەکانی واشۆڕ بووبونەوە ئەتگوت پرچی

کچێکی جوانن، بەڕاستی جوانترین دارێك بوو کە لە هەورامان دا دی بووم، هەروەها بیارە لە هەموو دێهاتەکانی تر جوانترم هاتە پێش چاوو، لادێیەکان چایخانەیەکیان لە سەر ئەو چەمە لە جوانترین جێگای بیارەدا کردبووەوەو.تەخت و کورسی یەجگار نایابیان تیا دانابوو.لادێیەکانیش وەك هی ئەولا ڕێکوپێك بوون. قەیسەریەك و چەند دوکانێکی تریشی تیایە.)[١٩]

هەندێك دەڵێن: ناوەکەی لە وشەی (بیارە –بوێرە)وە هاتوە..[٢٠]

(نامی) دەڵێ:[٢١]

ابزانن یارم پێکامی بە تیر	تیری دڵگیری (بیارە)دڵگیر
(بیارە)مەعنای (پیادەڕێ)یە	ڕێگەی پیادەیە، پشتی ئەو دێیە
وەختی هێرشی، سوپای ئەسکەندەر	وڵاتیان داگرت، ئەم سەر تا ئەو سەر
سوارە بەدڵی، نا ئەمینەوە	هەموو سەر کەوتن، لە سورێنەوە

پیادەش لە بیارەی خۆش سەرو سامان سەرکەوتن بۆ سەر، کێوی هەورامان

جا ئەو تیەریوا، دڵبەر دای لە دڵ	دڵی کرد بەجێی، تێراوێی موشکوڵ
هەر لەو ساتەوە، هەتا ئەم ساتە	دڵم چاوەڕێی، بۆی بەرەکاتە
هەرچەند پێکامی، بە تیری نیگا	دۆعای بۆ ئەکەم، کاتی سەحەرگا
قەد بێزار نابم، بە ئێش و ئازار	ئازارم بۆنی، دێنێ لە گوڵزار)

بیارەو گەڕەکەکانی:

بیارە لەسەرەتای هەشتاکاندا فراوان و گەورە بووبوو، (لەلایەکەوە لەداوێنی کەلی یاخود شاخی ئاشوردا بەرەو (هارە گلان)و (قەلا) ڕاکێشرا بوو، لەلایەکی دیکەشەوە (وەرانوەر)ی داگرتبوو بەرەو (تەپی نیعەت) کشا بوو،خۆی چەند گەڕەکێکی پرژوبلاوی پێکەوەنابوو)

هەرە گرنگترین گەڕەکی بیارە ئەمانەن:

- گەڕەکەو سمێڵی = گەڕەکی سمێڵ
- گەڕەکەو گەلانی = گەڕەکی گەلان
- گەڕەکەو دلی دەگای = کەڕەکی ناودێ
- گەڕەکەو پەشت جۆی = گەڕەکی پشتجۆ
- گەڕەکەو هارەگلانیو قەڵێ = گەڕەکی هارەگلان وقەلا
- گەڕەکەو لابلاو تەختە قەرەجی = گەڕەکی تەختە قەرەج
- گەڕەکەو مەرقەدیو شێخا = گەڕەکی مەرقەدو شێخان

– گەڕەکی ملەی چنارو تەپی ئەحل وتەپی کاوات... ئەم گەڕەکانە بەتایبەت ئەوانەی پێشەوە کە نوسراون کۆنن، بەڵام ئەوانەی دوایی لە گەڕەکە تازەکانن.

دەشتوانین بڵێین: بیارە بەگشتی دەکرێت بەسێ بەشەوە (سێ گەڕەکی سەرەکی یەوە).

– پشتجۆ = پشت جۆگا
– هانۆ چناری = کانی چنار
– وەراوەر = بەرامبەر

ئەوەی شایەنی باسەچونکە بیارە ناوچەیەکی شاخاویەو، خانوەکانی چین لە سەر چین و کەمیان هەیە یەك نهۆم بن، زۆربەیان بەدوو یان بەسێ نهۆم دروست کراون و خانو بەرەکەی لە دۆڵێکدایە بەشی زۆری لە خۆرئاوایە.

بیارە سەیرانگایە:

سروشتی خاك و ئاوو هەواو باخ و باخاتی بیارە، وای کردووە کە بۆخۆی ببێتە سەیرانگا یەکی جوان وقەشەنگ وهاوینە هەوارێکی فێنك وسازگار. هەر باخێك وهەربن دارێکی بگری بۆخۆی جێگەی خۆشیو صەفاو سەیرانە، لە گەڵ ئەوەش دا هەندێ شاخ وتەپ وشوێنی هەیە، زیاتر دڵڕفێن و خۆشی بەخشە بۆ سەیران و گەشت وگوزارو شایی کردن وەك:

هارە گڵاڵ، تەپی ئەحلە، تەپی نیعمەت، کەمەر سەلارە، ملەگای چنار، هانەوا، هێڵە گەمە، تەپە قوت، ئاسنە وەرد، ئاڵیاوا، وەیوڵێ، گەناوڵێ، وەزەنێ، ماوەزاو لەقە لەقا، هانە نەوتێ، کاوات،.. تاد.

خۆشە بیارە، لە ڕووی هەورامان	مەنزڵگەی بیارە، سەرتا بەدامان
بەهەشتی عەرزە، گوڵ وگوڵزارە	بێنی دەرمانی، دەردو ئازارە
بێستان وباخەو، درەختی بەبەر	شۆڕەبیو چنار، بەوێنەی عەرعەر

سەروی سەر سەوزو، نەمامی نەوتوڵ بەسرووەی شەماڵ، دێنە جم وجوڵ

دەڵێی قەتارەی، دۆست ودڵدارن	بۆدەست لەملان، موشتاقی یارن
شنەی وەنەوشەی، کەئەدا لە دڵ	دڵ بۆن خۆش ئەبێ، وێنەی پەڕەی گوڵ
کەدێن بەیەکا، گوڵی ڕەنگامە	سەوزو زەردو سور، وێنەی شەمامە
دێتە بەرچاوت، وەرەق بەوەرەق	بەرگی سندوس و، کاڵای ئیستەبرەق
ئامان نشینگای، یارانی سامی	فەرامۆش مەکەن، ئەحواڵی (نامی)[٢٢]

مامۆستا کاردۆخی گەڵێ هۆنراوەی هەیە لەسەر جوانی دیمەنی(بیارە) لە هۆنراوەی(کەمەر سەلارە)دا دەڵێ:

(.. هاژەو دەرەی‌و، دەنگ وبوڵبولاّ — نمازا مەنۆ، هیچ دەردو بەلاّ
ڕەنگ هەراڵەو، هەڵوچا باخا — دڵە نەلابەرا، چێش ئاخ وداخا
دەنگ وباڵدارو، سەرچڵ واوەنا — قاسپەو (ژەرەژا)و، سەرو تەوەنا
خەمێت لابەراو، وزاوەتەوە ویر — دەورو دڵداری‌و، سەیرانگای دڵگیر
چند جوان وسورا، قۆخ وقەراخ ڕێ — زیوی تاویان،(دەرە) بەخورمێ
باعەو مەیامێ، چاکەش وهەردە — هۆرەو هیتیاریا، چەودەس چاوەردە..)[23]

لەدواییدا- لەسۆرانی‌یە کەدا- دەڵێ:

لەبەر جوانی، خاکی کوردستان — سوپاس گوزاربووم، لەعاستی یەزدان
ئاواتم وابوو، جادەی (بیارە) — لە(تافا) بێتە (کەمەر سەلارە)
بەناو باخانا، ئۆتۆمبێل بڕوات — تەپی(نیعمەت وقەلاّوو کاوات)[24]

بیارەو گوزەرانی خەڵکەکەی:

بیارە زیاتر بەناوچەیەکی کشتوکاڵی‌و ئاژەڵداری‌یەوە بەناوبانگە، خەڵکەکەی زۆر کەمیان بەپیشەی دەستی‌یەوە خەریکن، کەم خێزان هەیە کەباخی نەبێت و خەریکی کشتوکاڵ و باخداری نەبێت.

باخی بیارە، سەرەرای گوێزوتوو، باخی میوەی زۆری تیایە وەك: هەڵوژەو قەیسی‌و قۆخ وهەنجیرو هەرمێ‌و هەنارو سێوو تری‌و.. هەروەها داری چناری زۆری هەیە. جگە لەمەش کشتوکاڵی لێ دەکرێت وەك: گەنم وجۆو برنج ونۆك و لۆکەو تەماتەو پاقلەو سەوزەو میوەهاتی تر...

لەبەر ئەوەی کەوتووەتە سەر سنوریش مەڵبەندێکی بازرگانی بووە لە کۆن و نوێدا، ئەوسا ڕێگەی کاروانی خەڵکی شارەزوور بووە بەرەو پاوەو کرماشان، یاخود بەرەو مەریوان وسنە، لە سەردەمی تازەشدا بازرگانی کردنی لە گەڵ گوندو شارۆچکە کانی دەورو بەری لێ‌نەبڕاوە.

تیروهۆزەکانی بیارە:

خەڵکی بیارە وەك خەڵکی ناوچەکانی تری هەورامان، تیرە تیرەن و هەر تیرەیەك دەچێتەوە سەر هۆزێك، لە هۆزەکانی بیارە وەك:

(هۆزی گەلان، هۆزی سمێل- ئەم دوو هۆزە دەڵێن لەپایگەلانەوە هاتوونەتە بیارە-، هۆزی مەلا ئیبراهیم، هۆزی بەگان، هۆزی بابا، هۆزی شێخان،

هۆزی شێخ مکێڵ، هۆزی شێخ عەلی، هۆزی مەلا عەبە، هۆزی لەیلێ، هۆزی حەمە شارەزووری، هۆزی نەسەخانم(حاجی خەلیفە)، هۆزی وەستایان، هۆزی حەیدەر ئاغا، هۆزی ڕەشە تەوێڵەیی، هۆزی فەتەی حەمە کەریم، هۆزی سەییدا.. تاد.

ئەوەی شایەنی باسە: زۆرێک لەم هۆزانە لە شوێنەکانی تری بیارەوە هاتوون، لە بیارە نیشتە جێ بوون، بۆنموونە: هەرسێ هۆزی شێخان و، هۆزی ڕەشە، لە تەوێڵەوە ڕۆیشتوون...

کوێخاکانی بیارە:

کوێخاکانی بیارە بەزۆری لە تیرەی سمێڵ بوون کەڕشتەکە یان بەم شێوەیە هاتووە:

ئیسماعیل بیارەیی یابڵێین کوێخا سمێڵ- کوێخا حەمە ئەمین- کوێخا مستەفا، کوێخا مستەفا ئەم چوار کوڕەی بووە: (کوێخا عارف، میرزا غەفور، فەتاح، ئەمین)

- لە کوێخا عارف، حاجی محەمەدو حاجی مستەفاو حەمەدەمین هەڵکەوتوون و لەو سیانە، دوانەکەی پێشەوە بوونەتە کوێخا.
- لە میرزا غەفور، حاجی ئەحمەدو خەسرەو، حەمە ڕەشید هەڵکەوتوون.
- لە فەتاح، حەمە عەلی‌و بارام بوون.
- لە ئەمین...؟

بێگومان لە سەردەمێکیشدا، کوێخا محەمەد کە بەشا محەمەدی فەقێ مەحمود ناسراوەو، لە تیرەی مەلا ئیبراهمە، کوێخاو دەسەڵاتداری بیارە بووە لەلایەن بابانەکانەوە دانراوە.

لە کوێخانی تریش ئەمانەبوون:

کوێخا عەزیز، حەمە ڕەضا، غوڵام، عەلاون، قادر، لە ساڵەکانی ئەم دوایی یەش حاجی مستەفا بوو بەکوێخای بیارە.

ناودارانی بیارە:

لە بیارەدا جگە لە بنەماڵەی مەلاو شێخ و بەگزادەو کوێخاکان، گەلێک پیاوی پیاوانەو بەسەلیقەو خوێندەوارو دونیا دیدە هەڵکەوتوون، لەوانە:

فەتحواللە حەمەکەریم، نەصرواللە فەتحواللە، ڕەحمان فەتحواللە، مەحمودی مستەفاو حاجی اللە کەرەم و ڕەحیمی قەصاب و فەرەجی سەعیدو جافری فەتاح و وەستا حەمە حسێن و وەستا ڕەشیدو وەستا حەمە ئەمین و

حاجی حەمە وەیس، حاجی غەفار، غەفوری حەمەسەعید، عیزەت حەمە کەریم، لەم سەردەمەشدا گەلێك ناودارو خوێندەواریان تیا هەڵکەوتووە لە هەموو چین وتوێژێك وەکو:

ماموستا مەلا موسا حەبیب، حاجی ئەحمەد، حاجی عەبداللە، ئەمین حەمە وەیس، فائق عەبدولواحد ماموستا بورهان مەحمود، ماموستا حەمە ئەمینن هەورامانی، ماموستا حەمە عەلی، ماموستا حەمە ئەمین حاجی فەرەج...

ماموستا مەلا موسا حەبیب

وێنەی بەڕێز حاجی ئەحمەد میرزا غەفور مستەفا بیارەیی‌یە.

ئەم ناودارەی بیارە لەدایکبووی (١٩٢٨)ە تا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندووە، پیاوێکی عاقڵ و داناو خواناسە، شارەزایی زۆرە لە مێژوو و ئایین دا، سێ حەجی کردووە، وێنەی ئەم جۆرە پیاوانە هەر زۆر بێت.

بیارە وەك دەسەڵاتدارییەتی:

بێگومـان هـەورامانی عێـراق بەگشـتی وبیـارەش هـەروەها.. لەلایـەن سانەکانی هەورامانەوە فەرمانڕەوایی کراوە، بەڵام ماوەیەك خانەکانی ئەردەڵان دەسـەڵاتیان بـووە بەسـەریدا، ماوەیـەکیش لـە ژێـر دەسـەڵاتی بـەگزادەی جـاف وبابانەکانـدا بـووە لـەم ماوەیەشـدا چـونکە سـەر سنوربووە خۆیـان وبابـان وجافەکانیش پەیوەست بوون بەدەسـەڵاتی عوسمانیە کانەوە، بۆیـە، عوسمانیە کـان سـوپایان لـەم ناوچـەدا هـەبووە، بـەڵام بـەڕێوە بردنـی کاروبـاری دەڤەرەکـە، خودی کوێخای ناوچەکە کەسەر پەرشتی خەڵکەکەیان کردووەو، کاروبار یـان بـردوون بـەڕێوە. جالـە ڕاسـتی دا بیـارەو تەوێڵـە هەرماوەیـەك بەدەسـت بنەماڵەیەکەوە بووە. بیارە ماوەیەك لەلایەن نەوەکانی بەکر بەگەوە حوکم کراوە کە دەسەڵاتداری هانە گەرمڵە بوون.. لە دەورو بەری ساڵی(١٨٤٨ز) لە سەردەمی حەمە سەعید سان دا بیارەو تەوێڵە پشت دەڵێن بەدەست پاشایانی بابانەکانـەوە بوون. کە لە و کاتەدا، شا محەمەد(کوێخا محەمەدی فەقێ مەحمود) سـەروکاری بیارەی کردووە،عەبدوالله ئاغاش، کوێخای تەوێڵە بووە. عەبدوالله ئاغا تاجەنگی یەکـەمی جیهـانی لـە تەوێڵـە دەسـەڵاتی بـووە، بـەڵام شـا محەمـەد زۆرنابـات لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی ڕۆسـتەم سـان دا، دەکوژرێـت، ئـیتر بیـارە، چـەند سـاڵێك محەمەد بەگ (حەمیتە)ی کوڕی حەمە سەعید سان وپاشان فەتاح بەگی برایـەوە حـوکم کـراوە، دوای ئـەمانیش ئافراسـیاو بـەگ لەلایـەن جافرسـانەوە کـراوە بەحاکمی بیارەو دەوروبەری.

حـوکمی ئـەمانیش زۆری نـەبردووە، عوسمانیـە کـان دەسـەڵاتیان پەیـدا کـردووە تـەوەو، بەڵام پاش ماوەیـەك لەلایـەن بەگێکـەوە، سـەربازێکی عوسمـانی لەپشـتی بیـارە دەکوژرێـت- ئەمـە لـە سـەردەمی جافرسـان دا بـووە- لـە سـەر کوشـتنی ئـەم سـەربازە، عوسمانیـە کـان وجافرسان تێـك دەچـن، لـە سـەرتاوە عوسمانیـە کـان چـەند بـەگێك دەگـرن، بۆیـە جافرسان پـەلاماری عوسمانیـەکان دەدات ولـە نـاو چـەکەدا دووریـان دەخاتـەوە، بـەڵام عوسمانیـە کـان خۆیـان کۆکردوەتـەوەو هێرشـێکی گـەورەو بێ ڕەحمانـە دەکەنـە سـەر ناوچـەکەو بـەڵکو نەوسودو نۆدشەش دەسوتێنن..

کەشـەڕی یەکـەمی جیهـانی دەسـت پێـدەکات عوسمانیەکان لـە ناوچـەکە دەکشـێنەوەو، بـەگزادەی لهـۆن دەسـەڵات پەیـدا دەکەنـەوە.. بیـارە دیسـان دەکەوێتەوە ژێر دەسەڵاتی ئافراسیاو بەگ.

دەکرێت بڵێین: لەساڵی(١٨٩٥)ەوە جگە لە دووسێ ساڵێك نەبێ تاماوەی چل ساڵێك، بیارە ئافراسیاو بەگ حاکمی بووە، چونکە لە سەردەمی سانیەتی جافرسان وکەریم سان دا، هەرناوچە یەکی لهۆن بەر بەگزادەیەك کەوتووەو، بەگەلێك لەبەگزادەکان کراوەتە حاکمی ناوچەکە.

ئەم شوێنانەی خوارەوە لە سەردەمی سانیەتی- جافرسان وکەریم سان- دا بەر حاکمیەتی ئافراسیاو بەگ کەوتن:

(سەرگەت، هانەی دن، دەرەی مەڕ، باخەکۆن، گەچێنە، گوڵپ، نارنجلە، کەیمنە، هانە گەرمڵە، بێدرواس، بنجەی دڕەی، بیارە)

بۆیە لێرەدا بەباشی دەزانین کورتەیەك لەژیانی ئافراسیاو بەگ باس بکەین وئەوەش بڵێین، ئەوەی بەکر بەگ پێش کوێخایەتی شامحەمەد دەسەڵاتیان بووە لە بیارەدا.

ئافراسیاو بەگ[٢٥]:

ئافراسیاو بەگ کوڕی ڕۆستەم سانی محەمەد سەعید سانە- سەیری ڕشتەی بنەماڵەکە بکە لەبەشی مێژووی هەورامان دا- دایکی ناوی خاتوودەوڵەتەو کچی (یاقۆ چاوشی کاکەڕەش)ی تەوێڵەیی یە.

لە ساڵی(١٨٤٧ز) لە(نەوسود) لە دایك بووە، هەر لە هەورامانیش گەورە بووەو،(١٢) ژنی هێناوەو(٩) کوڕی هەبووە.کەبووەتە یەکێك لە حاکمەکانی جافرسان وفەرمانڕەوایی ئەو شوێنانەی کەباسمان کردن پێ سپێررا، هاتە(هانە گەرمڵە) دانیشت و فەرمانڕەوایی یەکەی کرد.

ئافراسیاو بەگ: نازناوی (سالار) بووە، کەسایەتیەکی زیرەك و،هوشیارو زۆر ئازاو بەجەرگ و کۆڵنەدەر بووە. هەرچەندە نەخوێندەوار بووە، بەڵام زۆر تێگەیشتوو بووەو بەفەیلە سوفی نەخوێندەوار ناوبراوە. دەروونناس ودیبلۆماس وسیاسی ونەخشە کێش بووە، خاوەنی ئەقڵ وبیرێکی ئابوری و باخداری بەهێز بووە. حسێن بەگی برای- کەدەستی شیعری هەبووە- بەم شێوەیە باسی ئافراسیاو بەگ دەکات ودەڵێ:

سالار ئیجلالەن، دیارەن جەدوور　　برقەی بەیداخش،ها، نەقوبەی نوور
هانە ڕکابش، سەرداران چەند تەن　　مەیۆوە ڕاوە، شێر بەچەی ئەژەن
مەر ئەفراسیاو، پادشای تورکان　　بۆهام ترازووی، شێری نەوجەوان
وەگشت سالاران، سالار سالارەن　　نەزۆری مەساف، ڕەسمش دیارەن
دایم موزەففەر، عەزمش وەجەزمەن　　مەشهورەن نەجەنگ، سالاری ڕەزمەن

ئافراسیاو بەگ: خاوەنی پیاوو تفەنگچی ئازاو دلێر بووە، لە کاتی پێویست دا چووە بەدەم سانەوەو لە شەڕەکاندا هاوکاری کردووە، بەتایبەت لەساڵی (١٩٣٠)دا لە (هەیات) لە گەڵ لەشکری (ڕەزمارا) توشی شەڕێکی قورس بووە، بەلاّم لە ئەنجام دا تفەنگچی یەکانی بلاّوەدەکەن وخۆی لە عێراق وئێران قاچاخ دەبێت و، چەند ساڵ بەزستانان بەجلی دەروێشی لەشارەکانی کەرکوك و سلێمانی‌وچەمچەماڵ دەمێنێتەوە و، بەهاوینانیش دێتەوە لەشاخەکانی هەورامان شەڕی پارتی زانی دەکات و سەربازەکانی ڕژێمی ئێران، لەوناوە شپرز دەکات و چەند مانگێکیش ناوچەکانی هانە گەرمڵە ڕزگار دەکات. لەکۆتایدا:

(تەمساری سیاپۆش) کە ئەفسەرێکی ئێرانی بووە لە وسنورەدا، لەگەڵ سالاردا ڕێك دەکەون بەهۆی مەلا ئەحمەدی کەیمنەوە... ئێران، لێبوردن بۆ سالارو کەس وکاری دەردەکات و سەروەت و سامانەکەی پیَ دەداتەوەو حسێن بەگی برایشی کەلە وکاتەدا زیندان دەبێت لە تاران ئازادی دەکات وسالاریش سەرپشك دەکات لە هەرکویَ دادەنیشیَ، ئیتر سالار نەچوویەوە بەخاکی ئێران داو بڕواو متمانەی نەبوو، هاتە سەرگەت دانیشت ودەستی کرد بەکشتوکاڵ وباخداری.

- ئافراسیاو بەگ، هەورامان و عەشیرەتەکەی زۆر خۆش ویستوە، زۆر دڵی کراوەتەوە بە هەورامان و بەرگری زۆری کردووە لە خاك و خەڵکەکەی.

- لەگەڵ شێخ حیسامەدین دا نێوانیان زۆرخۆش بووە، ولە لایەکی تریشەوە زاوای شێخ نەجمەدین بووە.

- لەگەڵ مستەفا بەگی ئامۆزای دا، نێوانیان باش نەبووە.

- زۆر هاوکاربووە بۆکۆکردنەوەی قوتابخانەی بیارەو، کوڕەکانی خۆیشی- جەمیل بەگ ویار ئەحمەد بەگ، لەپێش هەموو کەسێکەوە دەنێرێتە قوتابخانە.

- ئافراسیاو بەگ، لە وکاتەی کە لە هانە گەرمڵە بووە.. کۆشك و خانویەکی جوان وڕازاوە دروست دەکات وکەبە (یانە چەرمە) بەناو بانگ بووە... مزگەوت وحەوزو ئاوو ئاوەڕۆیەکی ڕێك وپێك و جوان دروست دەکات.

- ئەدمۆندز لە گەشتەکەی بۆ تەوێڵەو بیارە.. لە بیارەوە دەچێتە هانە گەرمڵەو، شەوێك لەلای ئافراسیاوبەگ دەمێنێتەوە، زۆر سەری سوڕدەمێنیَ لەوکۆشك و تەلارو خانوبەرەی سالار، بەتایبەت بەرامبەر مزگەوتەکە، چۆن ئەو ئاوو جۆگەو جێگەی دەست نوێژو تەرتیباتە، بەو شێوە جوان وڕێکوپێکە،

کەبەشێوەیەکی تەندروستیو پاك دروست کراون... دەڵێ: لە هیچ شوێنێك بەو شێوە جوان وپاك وخاوێنیو تەندروستی یە شتی وام نەبینیوە نە لە عێراق ونە لە ئێران، ئەمە بەڵگەیەکە لەوەی (ڤسباسیان)ی ئیطالیاش پێشکەوتووترە، کە(تیتوس فلابیوس)ی ئیمپراتۆری ڕۆمانی دروستی کردووە کەبە ئاوادانکردنەوەی ئیطالیا بەناوبانگ بووە، هەروەها دەڵێ:

بەڕاستی هەورامان زۆر جیاوازە لە شوێنەکانی تر بەتایبەت لە چاکسازی کارگێڕی- ئیصلاحی‌ئیداری-و تەنظیماتی خەیریەوە.

بێگومان ئافراسیاو بەگ و ئەدمۆندز، سەردانی یەکتریان کردووە.. لە وکاتانەش کەسالار لە سەرگەت بووە ئەدمۆندز هاتووە بۆلایو ڕادیۆیەکی باتری تەڕی بۆ هێناوە.




عەلی مەردان سان (٢٦)
عوسمان سان
بەکر بەگ (٢٧)
مەحمود بەگ
ئەحمەد بەگ
عەلی بەگ
فەتحوالله
فەرەجوالله بەگ
محەمەد بەگ
عەبدوالله بەگ
عزەت
حەمەلاو
مەجید بەگ
فەتاح
صالح
حەمەخان بەگ

مزگەوت وخانەقای بیارە:

لە بیارەدا گەلێك مزگەوت وخانە قا بوون، وا دەگێڕنەوە کە کۆنترین مزگەوتی بیارە مزگەوتی(عەبدوالله)یە کە گوایا (عەبدوالله ی کوڕی عومەر) لە سەرەتای هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان دروستی کردووە. (سەیری بەشی هەورامان مەڵبەندێکی ئاینی بووە لە کۆن ونوێدا بکە- باسی ئەم مزگەوتە کراوە).

هەرچۆن بێت ئەم مزگەوتە کۆنترین مزگەوتی بیارەیە، ژێر زەمینێکی سێ گەز پان وپانزە گەز درێژی بووەو کتێبی نایاب وجۆراو جۆری تیابووە، بەداخەوە ئەم کتێبانە لە ساڵەکانی حەفتاکاندا سەریان خورا.[٢٨]

دەڵێن: لەم ژێر خانەدا، سەید محەمەد(پیر محەمەد) ناوێکی تێدا نێژراوە کەبایرەی هەرەگەورەی مەلائیسماعیلی بیارەبووە، هەندێك هەر بەناوی مزگەوتی پیر محەمەد ناوی دەبەن ودەڵێن هەرئەم پیر محەمەدە دروستی کردووە.[٢٩]

ئەم مزگەوتە ڕۆڵی زۆری بینیووە لە پێگەیاندنی زۆر زانادا، وەزۆر زاناش لە مزگەوتەدا دەرسیان گوتوەتەوە، بەتایبەت نەوەی ئەم پیر محەمەدە، کەزانای ناوداری ئەم دوایی‌یان مەلا ئیبراهیمە، بۆیە بەپێویستی دەزانین کورتەیەکی لە سەر بنوسین. لە بیارەدا جگە ئەم مزگەوتە مزگەوتی تری تیایە، کەئەمانەن:

دوای ئەم مزگەوتە، خانەقا دروست دەکرێت، لەحەفتاکانیش مزگەوتی پشتجۆ لەلایەن خەڵکەوەدروست کراوە.. ئەم سێ مزگەوتە لەچۆڵ بوونی بیارەدا ڕوخان ودوای ڕاپەڕین دروست کرانەوە.

لەساڵی(١٩٩٥)یش لەوبەری پردەوە لە بەشی- کاوات- یەککگرتووی ئیسلامی کورد، مزگەوتێکی دروست کرد. هەرلە هەمان ساڵدا، لە ملە گای چنار بەڕێز حاجی فاتحی حاجی ئەحمەدی میرزا غەفووریش مزگەوتێکی دروست کرد، بەم شێوە تا ئێستا(ساڵی ٢٠٠٣) ئەم مزگەوت وخانەقایانەی تیاکراوەتەوە.

مەلائیبراهیمی بیارە[٣٠]

مەلا ئیبراهیم کوڕی مەلا ئیسماعیلە، کە ئەمیش لە نەوەی پیر محەمەدە. مەلا ئیسماعیل زانایەکی ناوداری سەردەمی خۆی بووە، ماوەیەکی زۆر موفتی بابانیەکان بووە. ماوەیەکیش لەمزگەوتی بیارەدا وانەی وتوەتەوەو، فەقێی زۆری پێگەیا ندووە. لە دەورو بەری ساڵی(١٢٠٠ك) لەجیهان دەرچووە، دەڵێن: ئەم مەلا ئیسماعیلە بیست وپێنجەم مەلایە لە ڕشتە (شەجەرە)ی بنەماڵەکەی دا. واتە بیست وپێنج پشتی مەلای بیارە بووە. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ئەبێ لە دەورو بەری ساڵی(٧٠٠)کۆچی یەوە ئەم بنەماڵە لە بیارەدا مەلابوون. مەلا

ئیبراهیم لە لای مەلا ئیسماعیلی باوکی دەستی کردووە بەخوێندن، لە دوای کۆچی باوکی دێتە سلێمانی لای سەید عەبدولکەریمی بەرزنجی دەخوێنێ، چەند ساڵێك دەمێنێتەوە، تاوەکو مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێو، لە ساڵی(١٢٠٤یاە ١٢٠٥) ی کۆچی لە گەڵ چەند فەقێ یەکی موستە عیدی باش دەگەڕێتەوە بیارەو، دەبێتە مەلاو مودەڕیسی بیارەو، جێگەی باوکی دەگرێتەوەو، لە لایەن بابانیە کانیشەوە یارمەتی زۆری دەدەن و چەند پارچە باخ لەپشتجۆگەی بۆ تاپۆ دەکەن و بۆ خەرجی خۆیو قوتابیەکانی.

مەلا ئیبراهیم لە سەردەمی ئەوڕەحمان وئیبراهیم پاشای بابان ژیاوەو سەردەمێك (قاضی القضاة) موفتیان بووە، تێبینیو فتواو قەزاوەتی تۆمارکراوی زۆری بووە کەپێویستی یان بە کۆکردنەوە هەیە.

مەلا برایم زانایەکی بەرزبووە بەتایبەتی لە زانیاری بەلاغەدا. ئەڵێن: کەم مەلا بووە وەکو ئەم مەلائیبراهیمە کتێبی (عیصامەدین وەضعی) زانیبێ. واباوە مەولاناخالید لە خوێندنگای (مەلا برایم وشێخ عەبدوڵڵەی خەرپانی ومەلا جەلالی خورماڵی)دا خوێندویەتی. چونکە ئەم سێ خوێندنگا لەو سەردەمەدا لە خوێندنگا بەرزە کانی کوردستان بوون.

مەلا ئیبراهیم لە خوێندنگای بیارە دەرسی وتووەتەوە هەتا لە ساڵی(١٢٥٠ك)دا بەڕەحمەتی خواچووە.



خانەقاو خوێندنگای بیارە

یەکێکە لە ومەڵبەندە ئاینی ورۆشنبیریانەی کوردستان، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، ڕۆڵێکی گەورەو دیاری هەبووە، لەپێگەیاندنی ژمارەیەکی زۆر ماموستای زاناو دانای کورد، کەبوونەتە هەڵگری مەشخەڵی زانست و ئەدەب و ڕێبازی نەقشبەندیو قادری، کە تاوەکو ئێستا جێگەو پلەو پایەیان لە وبوارەدا بەڕوونی دەدرەوشێتەوە. قوتابخانەی بیارە، یەکەم قوتابخانە بووە لە کوردستان دا دابمەزرێت وئەرکی پێگەیاندنی ماموستایان بگرێتە ئەستۆ، کە شێخ عومەر ضیائەدین کوڕی شێخ عوسمان نەقشبەندی تەوێڵە- خوالێیان خۆش بێت- لە ساڵی(١٣٠٧ك = ١٨٨٩ز) سەرەتا وەك مزگەوت دایمەز راندووەو پاشان بووەتە قوتابخانەو مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری ئاینی کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا، چ وەك قوتابخانەیەك بۆ زانایان وقوتابیان، چ وەك مەنزڵگایەك بۆ ڕێبازی نەقشبەندی، هەروەها ببووە داڵدەی هەژارو لێقەوماوو بێدەرەتان لەسەر تاپای ناوچەکەدا.

لەم مەدەرەسەیەدا گەلێك زانای پایە بەرزو ناودار دەرچوون. لە وانە: شێخ قاسم ئەلقەسیمی موفتی عێراق، مەلا عەبدوڵڵەی وەڵزی، مەلا زەینەلٚ عابدینی نۆدشە، مەلا عەبدوڕەحیمی چرۆستانی، مەلا بەهائەدینی دزاوەریو مەلا مستەفای خورماڵیو گەلێکی تر. لە وماموستایانەی دەرسیان وتوەتەوە، ماموستا مەلا عەبدولقادری کانی کەوەییو مەلا ئەحمەدی نۆدشی.(٣٢)

خانەقای بیارە لە سەردەستی شێخ عومەر دروست کراوەو، پاشان لەسەردەمی شێخ نەجمەدین وشێخ عەلائەدین دا برەوی پێدراوەو گەلێك زانای تری بۆ هاتووە بۆ وانە وتنەوە، چەند دام ودەزگایەکی دەوڵەتیش لەم سەردەمەدا کرانەوە، بەهەر حاڵ بیارە دوو خانەقای تیاکراوەتەوە، ئەوەی سەرەوە خوێندنگاکەی تیابووە. لەئەنجامدا: بیارە بووەتە مەڵبەندی عیلم وعیرفان وبەئەزهەرێکی بچوك یابڵێین بەئەزهەری کوردستان دانراوە. هەربۆیە گەلێك شاعیرو خواناس بەشیعرە کانیان باسیان کردووە لەوانە:

بێخود لە دیوانەکەی دەڵێت:(٣٣)

خەڵکە بۆناچن لە بۆ ڕەوضە ی بیارە بۆ طە واف
خاکی وەک خاکی بەقیعەو، ئاوی ئاوی زەمزەمە
نەک بەتەنها قەیصەری ڕۆم، خادیمی دەرگای ئەوە
بۆسوجدەی حاجیبی خاقانی چین پشتی خەمە

نێرگسی ئەو تا طەبیبم بیّ، چ باکم زەخمە من

بۆ بـڕینی ظاهیرو باطین، نیگاهی مەرهەمە

هێندە بۆ ئیحیای دڵی مردوو، یەدی بەیضای هەیە

گاورو جووش پیّی ئەڵێن موسادەسەو عیسادەمە

ئیلتیفاتی شاهی من بۆ دۆست و دوژمن وەک یەکە

خزمەتی(سیان)ە گەربێگانەیە یامەحرەمە

خاکی بەرپیّی ئەوبە، (بێخود) گەربە ڕیفعەت طالیبی

دەس بەداوێن گرتنی بۆبانی عیرفانی سوللەمە

شێخ عوسمانی دووەم ئەم شیعرە پێش کەش دەکات بە شێخ عەلائەدینی باوکی–لە مەدحیئاستانەی بیارەی شەریفدا، نوسیویەتی:(٣٤)

سەرگەشتە مەبن، هەروەکو پەروین وستارە

بۆئەهلی خیرەد خۆنییە، لازم بەئیشارە

هەرکەس ئەیەویّ عەفوی خودا، عومری دووبارە

ئەمڕۆ بەیەقین کەعبەیی حاجاتە بیارە

مەعلومە کەوا طوری موناجاتە بیارە

* * *

ئەتراف ودەروبانی، بەقورئانە مونەووەر

ناوهۆدەو سەقفی، بەئەحادیثە موصەووەر

ئەرواحی مەلەک گردە، لە ئەرکانی مودەووەر

باخاتی جینان ئاوی ڕەوانی وەکو کەوثە ر

وەک بوومی (بەقیع) جێگەیی ئاواتە بیارە

* * *

خاکی دەری بینایییە،بۆ دیدەیی کوێران

باعیث بەشیفای زامی، دڵی چاکی ئەسیران

دەربانی دەری خان وئەمیر، شاە و وەزیران

جیّی ڕەحم ودەوای نوری دڵیچاکی فەقیران

ساموژدەبیّ واکانی کەراماتە بیارە

* * *

هەرکەس ئەیەویّ نوری عیباداتی لە دڵ بیّ

ئازو هەوەسی مەحبەسی زامی دڵیچڵ بیّ

خاریدڵ وخاشاکی هەموو پاکی بەگوڵ بێ

خۆیشیدڵی بۆهۆشی خودادۆزی بەقوڵ بێ

ئاوارە نەبێ، بەحری فیوضاتی بیارە

*　*　*

جێی مووی مەحاسینی نەبی سەیدی سەروەر

یەک مووی شەریفی بەنەبییێکە بەرابەر[٣٥]

بەم مەسئە لە یە ناطیقەی خۆشەرعی موطەهەر

جێی فەخری هەموو عالەم و ئەبرارە سەراسەر

عالی هیمەمە، شاهی مەقاماتە بیارە

*　*　*

ڕەحمێکە ئیلاهی بەویصالی شەهوماهم

ئەوشاهە کەوا صەیقەلە بۆ قەلبی سیاهم

ئەو شاهە کەوا باعیثە بۆ عیززەت و جاهم

بۆ ڕێی هودا هەر ئەوە دەسگیرو پەناهم

میرئاتی صەفا مەطلەعی ئایەتە بیارە

*　*　*

یاران وەرنۆسەرکەنە پێ، دیدە بەگریان

تاکەی دەگەڕێن مات وسەراسیمەو حەیران

بەو سۆزی دەروون، قرچەییدڵ سینەیی بوریان

بێنۆ بەصەفای قەلب ویەقین جەمعی برایان

بۆ نوری (ضیا) فەوزی سەعاداتە بیارە

(قانع)ی شاعیریش دەڵێ:[٣٦]

بەرێکەوت ڕێکەت، ڕۆژێ لە ڕۆژان　　هاتمە (بیارە) مەعدەنی عیرفان

زووبۆم کرابوو، باسی ئەوصافی　　سەرچاوەی فەیزی بێ لە کەوسافی

ئەیانوت بێشک کانی مورادە　　ڕێگەی نەجاتی ڕۆژی مەعادە

کەهفی ئەمانە بۆ خەتاباران　　مەنزڵگای تەوحید بۆتەقواکاران

کەنوارپیم فەیزی لە بەر ئەباری　　عەرش بوو بۆلیقای حەزرەتی باری

گرۆی شەوخێزان، دەروون ئاوەدان　　ماتەم نشینان بەظاهیر وێران

ڕوانیم خەلایق ڕیز ڕیزو قەتار　　ئەجووڵێنەوە، هەزار بەهەزار

یەکێ دڵ گەرمی صەدای قورئان خوێن　　بەتیری عەشقی یەکێ دڵ پڕ خوێن

یەکێ موبتەدی لە عیلمی فەنا   یەکێ شەهسوار مەیدانیبەقا
یەکێ خەریکی عیلمی ظاهیر بوو   یەکێ مەنظور بوو، یەکێ ناظیر بوو
ڕۆییم، گەییمە، نانەوا خانە   برسێتیم بۆخۆم کرد بە بەهانە
داخڵ بووم بەناو ژوری نان کردن   دانیشتم لەپێی، کولێرە خواردن
وتم: نانەوا، خۆت وئیمانت   ڕۆژێ چەندێکە، مەصرەفی نانت؟
ووتی: هەرڕۆژێ میوانمان کەم بێ   هەشت پووت ئەشێلم،خاترت جەم بێ
بەعزێ ڕۆژ میوان نایەتە تەحریر   دە تەنەکە ئارد، ئەکەم بەهەویر
هێشتا بەش ناکات، ئەشێ دووبارە   هەویر بشێلم، چارم ناچارە
خۆم وچوار شاگرد، هەتا نیوە شەو   ئارامان نی یە، بەدەوانی دەو
لەوێ تێپەڕیم، چوومە خانەقا   ئەماشا ئەکەم وەک (یوم البقا)
صەفێ نوێژ ئەکا، صەفێ مەشغوڵە   صەفێ لە یادی، شاهی ڕەسوڵە
گاهێ نەعرەتەی (یاالله)ی شەیدا   ئەگاتە حوزورعەرشی بارەگا
یەکێوەک قازان، بەدڵئەدا جۆش   یەکێ لەبادەی،مەحەببەت سەرخۆش
یەکێ شاگردە، یەکێ ئوستادە   گشت کەس لە ڕوتبەی خۆیا دڵشادە
ئەمجا ڕووم کردە، ناو تە لە بەی دین   (رضوان الله عنهم أجمعين)
سوختەو موستەعید لەسەر ئیجازە   (الحمد لله) بەبێ ئەندازە
گرمەیدەرس و دەور،موتالآی تەفسیر   حوجرەی شافیعی، ئەخاتەوە بیر
پرسیم لە مەلا، کە فەقێی چەندە   وەک خونچە پشکوت بە لێوی خەندە
وتی: نازانم، هەر دێت و دەڕوا   مەپرسە لە سیڕ، کردەوەی خودا
کە دیقەتم کرد، هەر یەکە کارێ   هەر یەکە ویردێ، هەر یەک هاوارێ
شێرانی ڕێی حەق، بە عیلم و عەمەل   خەیمەو خەرگایان، بردۆتە سەر کەل
بە سۆزی دەرون، ئاهی نیوەشەو   ڕووبەڕووی مەقصەد، بێ ئارام و خەو
کاروان ڕێگەی کۆچ، سارای مەحەببەت   سەرحەڵقەی حەڵقەی شۆری طەریقەت
ئەوسا کە زانیم، بێشەی شێرانە   ئارامگای کۆڕی، دڵ بێدارانە
ڕووم کردەمەجلیس،شای(سراج الدین)   (عثمانی)ی ثالث، سەرچاوەی یەقین
موجەددیدی دین، ڕەسولی ڕەهبەر   وەکیلی موتڵەق، شای (خیر البشر)
خەریکی ئیرشاد، ڕێگەی خودا بوو   لە سەرتا بەپێ غەرقی لیقا بوو
بەدەس کیتابەت، بە دەم نەصیحەت   بەدڵ دڵداری، یاری طەریقەت
بە چاو تەوەججوه، بە ڕۆح هۆشیاری   لەگەڵ مریدان، بۆ نیگەهداری
نزیک تالەدوور زۆرچاک هۆشیارە   بۆ هەموو مورید، باش ئاگادارە

کەدیم ریسالەی، نەصیحەت نامە	تۆشەی ساری دەشت (یوم القیامة)
ئەینوسییەوە بۆ (عبدالرحمان)	نەتەنها بۆ ئەو، بۆ هەموو یاران
چرا ئاسابوو بۆ ڕێی هیدایەت	چاوساقی کوێربوو، بۆسەر سەعادەت
بەڵێ بە ظاهر بۆم خوێنرایەوە	گرێی مەعانیم بۆ کرایەوە
نەسیمی عەتری دای لەدەماغم	بوو بەبەرهەمی دڵەی ناساغم
ئەوسا داچڵەکام بۆ پەرێشانیم	بۆ عومری فەوتا لەڕێی نەزانیم
کردم بە چرای بەرپێی تاریکم	کردم بە عاسای دەستی باریکم
وتم: یا (کریم)، (علام الغیوب)	(رحمان الرحیم)، (غافر الذنوب)
بمکە بە خاتر، شای (قاب قوسین)	بمبەخشە بەنوور، سەییدی کەونەین
بەسۆزیسینەی، فاطیمەی مەعصوم	بەقەتڵ ناحەق، حوسەینی مەزڵووم
بەضیای قەلبی، شای (سراج الدین)	عثمانی سێهەم، موجەددیدی دین
بمخەرە زومرەی، مەنسوبی دەرگای	بێبەشم نەکەی لەسایەو سەرسای
بائیتربەس بێ، لەسەرگەردانی	فرسەتە (قانیع) بگرە دامانی

دام ودەزگا حکومییەکانی ناو بیارە:

بیارەو قوتابخانە:

قوتابخانەی سەرەتایی لە بیارەدا لە ساڵی(١٩٣٣-١٩٣٤ز) داکراوەتەوە، یەکەم مامۆستای، عەبدوللە صەبری سلێمانەیی بووە، پاشان ئەم بەڕێزانەی تر یەك لە دوای یەکتر بەڕێوە بەری ئەم قوتابخانە بوون:م. عەلی ئەمین، م. شێخ صەفائەدین تەوێڵەیی، م. محەمەد مەلاحسێن بیارەیی، م. ئەحمەد مەحمود عەزیز هەڵەبجەیی، م.محەمەد عەلی فەتاح بیارەیی، م. حەبیب فەرەیدون بیارەیی، م. مەنصور ظاهر بیارەیی،م. برهان مەحمودبیارەیی، م. صەلاح قادربیارەیی.. ئەمانە هەموو تاساڵی(١٩٨١) بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان بوون.

لە کۆتایی حەفتاکانیش قوتابخانەی دووەم بەناوی قوتابخانەی ڕەنگینی سەرەتایی کرایەوەو، م. ئیقباڵ میرزا ئەحمەد بیارەیی بوو بەبەڕێوەبەری، دواتر م. ظاهر محەمەد سەعید بیارەیی کرا بە بەڕێوەبەری تاساڵی (١٩٨١) بیارە چۆڵ کرا.

لە ساڵی پەنجاکانیشەوە قوتابخانەی کچانی تێدابووە، تاوەکو چۆڵ کردنی لە ساڵی(١٩٨١). لە سەرەتای حەفتاکانیشەوە دواناوەندی تێدا کرایەوە.

لە دوای ڕاپەڕینەوە، قوتابخانەیەکی سەرەتایی تێکەڵاوی تیا کراوەتەوە، بەڕێوە بەرەکانی ئەمانەن:

م. مودریك مەجید، م. سەرتیب محەمەد ڕەحمان، م. محەمەد عەلی فەتاح، م. یاسین کەریم، م. خالد حەمە عەلیمحەمەد، کەهەموویان خەڵکی بیارەن. ئێستاش ناوەندی ودواناوەندی تیایە.

ئەوەی شایەنی باسە:

کاتێك لە ساڵی (١٩٣٥)دا، کە دەوڵەت ویستی بینا دروست بکات بۆقوتابخانەی بیارە، زەوی دەست نەئەکەوت، چونکە هەمووی باخ وباخات بوو، ئەوە بوو ئافراسیاو بەگ لە باخەکەی خۆی لە (دەرەی تەکیە) ئەرزیدا بەمیری بۆبینای قوتابخانەکە.

خەڵکی بیارە خوێندەواری زۆرهەیە، چەندەها ڕۆڵەی پێگەیشتون وچەندەها مامۆستای سەرەتایی و ناوەندیو دەیەها ئەندازیارو دکتۆرو خاوەن بڕوانامەی بەرزی هەیە، هەروەها نوسەرو شاعیرو ئەدەبیی زۆریشی هەیەو پێگەیاندووە.

شارەوانی:

لەساڵی (١٩٥٦)دا شارەوانی بیارە دامەزراوە، یەکەم سەرۆکیش شێخ ناجی شێخ عەلائەدین بوو، پاشان حەمە سەعید بەگی دەرەشیش و عەلی تۆفیق بیارەیی بوو، لە دوای نسکۆی ساڵی (١٩٧٥)یشەوە، بورهان توفیق ئەبوبەکر بیارەی بووە تا چۆڵ بوونی بیارە ساڵی (١٩٨١).

لەدوای ڕاپەرینیشەوە بەوەکالەت و مووەقەت سەرۆکی بووە، بەڵام لە(٢٠٠٠/١/٣) بەهەڵبژاردن ئەم بەڕێزانەی خوارەوە دەرچوون بۆ سەرۆك و ئەنجومەنی شارەوانی بیارە.

تەها کەریم ئەحمەد–سەرۆکی شارەوانی.ئەمانەی تریش بە ئەندامیەتی ئەنجومەنی شارەوانی دەرچوون..

(ڕەفعەت محەمەد کەریم، طاهر حەمە عەلی عەزیز، سالم کەریم محەمەد، صالح محەمەد مەعروف).

پرۆژەی جادەو ئاوو کارەبا:

لە ساڵی (١٩٣٤)وە جادەیەکی خاکی سادە لە چەمەوە هاتووە بۆ ناو بیارە، هەر لەو ساڵەدا، ئەحمەد فەخری قایمقامی هەڵەبجە لە و جادەوە ئۆتۆمبیلێکی هێناوە بۆ ناو بیارە، بەڵام لە ساڵی (١٩٣٦)دا لافاوە گەورەکە جادەکەی بردووەو تێکی داوە.ئەو جادە بەو شێوەیە نەبووە، تا ساڵی (١٩٥٦) ئەو جادەی کە ئێستا هەیە چاك دەکرێت و دەبرێت بۆ بەرەو تەوێڵە.

پرۆژەی ئاوی بیارە:

لەکۆتایی پەنجاکاندا شارەوانی بیارە، هەندێ چاکسازی بۆ ئاوی بیارە کرد، تاوەکو لەحەفتاکان بەتەواوی پرۆژەی ئاوی دامەزراو بە ڕێك و پێکی چاك کراوە.

کارەبای بیارە:

لە ساڵی (١٩٤٢)دا، شێخ عەلائەدین موەلیدەیەکی (١٠٠) گڵۆپی هەبوو، بۆ گەڕەکی شێخان بۆ خانەقاو خوێندنگاو ماڵی خۆی بەکار دەهێنا. خودی شارەوانیش، شتێکی لەو جۆرەی هەبوو، شەوانە بۆخۆی بەکاری دەهێنا، تا لەساڵی (١٩٧٠) کارەبای سەرەکیو ناوەندی لەهەڵەبجەوە بۆی هات. لە دوای ڕاپەڕینیشەوە موەلیدەی کارەبای هەیە.

دەزگا حکومیەکانی تری بیارە:

پۆلیسخانە:

لە ساڵی (١٩٣٦)ەوە پۆلیسخانە لە بیارەدا کراوەتەوەو، تا ئێستاش بەردەوامە، یەکەم بینای کە بۆ دروست کراوە لەساڵی پەنجاکاندا بووە لەملەگای چنار بوو، بەڵام لە شەڕی عێراق ئێراندا ڕوخێنراوە، تا ئێستاش شوێنی تایبەتی بۆ دروست نەکراوەتەوە، ئێستا (موعاوینیەتی شورطةو نفوس و..) تیادایە.

بوون بە ناحیە:

بیارە لە سەرەتای حەفتاکاندا بووە بە ناحیە، پێشتر خۆیو گوندەکانی دەورو بەریشی سەر بەناحیەی خورماڵ بوون، کە لە ساڵی (١٩٧٠) کراوە بەناحیەو، جگە لە خودی بیارە و تەوێڵە (٢٢)گوندی خرایە سەر.

بەڕێوەبەرەکانی ناحیە ئەمان بوون:

فاضل سوارە توکەیی، جەمال شێخ کەمال، سەعید یەعقوب، لە دوای نسکۆی ساڵی (١٩٧٥)یشەوە، محەمەد عەلی (ئەبولوەفا)، سیروان فەوزی سلێمانەیی بوو، ئەمە تا ساڵی (١٩٨١): لە دوای ڕاپەڕینیشەوە (ناصر ئەحمەد غەفور) بیارەیی بەڕێوەبەری ناحیەیە.

بنکەی تەندروستی:

بیارە لە ساڵی پەنجاکانەوە بنکەیەکی تەندروستی بۆ کراوەتەوە، ئێستاش هەر هەیە.

فەرمانگەی کشتوکاڵی:

لە دوای نسکۆی ساڵی (١٩٧٥)وە فەرمانگەی کشتوکاڵی تیا کراوەتەوە، ئێستاش ئەو فەرمانگەیە هەیەو کۆمەڵێك فەمانبەری هەیە کەسەرپەرشتی کشتوکاڵ و باخ و دارستانەکانی ئەو ناوچەیە دەکەن.

هەندێ زانیاری هەر بۆ زانین:

- بۆ یەکەمجار لە دەوروبەری ساڵی (١٨٨٠ ز) کوێخا عەزیز لە لای بەگزادەی جافەوە چای هێناوە بۆ بیارە.
- ئەحمەد فەخری قایمقامی هەڵەبجە لەساڵی(١٩٣٤) ئوتۆمبێلی هێناوە بۆ بیارە.
- ڕادیۆ لە ساڵی (١٩٣٩) شێخ محەمەد شێخ حسامەدین هێناویەتی پاشان شێخ عوثمان هێناویەتی.
- سەعات لە مانە کۆنترە.

بیارەو چۆڵ بوونی:

بیارەش وەك تەوێڵەو لادێ کانی تری هەورامان، ئەمری ڕاگوێزانی هەبووە، بەلاّم وەك لە بەشی تەوێڵە باسمان کرد، بەهۆی هەوڵ وتێکۆشانی خەڵکه کەی‌و چەند هۆیەکی تر ئەمری ڕاگوازتنەوە کەی وەستاو

بیارەو تەوێڵە لە هەورامانی عێراق دا مانەوەو ڕانەگوێزران، بەلاّم لە شەڕی عێراق وئێران کەوتە بەر تۆپ وقەصف و لەساڵی (١٩٨١)دا بەرەبەرە خەڵکی خۆی چۆڵی کرد، بەلاّم تاچەند ساڵێك هەرهات وچۆی دەکرا بەهۆی بوونی هێزی چەکداری ڕزگاری‌یەوە، لەساڵی(١٩٨٨) ەوە ئیتر کەسی تیانەماو ئەویش بەرکیمیاوی کەوت و زۆربەی خەڵکەکەی کە لەهەڵەبجە بوون بەشی خۆی شەهیدیان بوو، بەڵکو زۆربەی باخەکانی بیارە بەرکیمیاوی کەتن وسوتان و وشك بوون، خانوەکانیان ڕوخاندو وویران بوون.

لە وساڵەدا کەچۆڵ بووە نزیکەی (٧٠) دوکانی بووە، ئوتێلێك وخانێك وئەو دام ودەزگایانەش کەباسمان کرد. ئەو ساڵەش(٤٥٠) ماڵێك بوون. لەکیمیاوی هەڵەبجەش دا نزیکەی (٨٥) کەسیان لێ شەهید بووە.

بیارە مەڵبەندو دالّدەدەری شۆڕشگێڕان بووە:

بیارە هەرلە سەرەتای شۆڕشی ئەیلول وبگرە پێشتریش، مەڵبەندو ناوەندی شۆڕش وپێشمەرگە بووە. بەڵکوبووە بەپەناگاو دالّدە دەری پێشمەرگەو خانەوادەکانیان. چەندەها کەسیان هەبوو چەکی پێشمەرگایەتیان کردە شان

وبەڵکو لە وپێناوەشدا گیانیان لە دەست داوە. لەو پێشمەرگانەی کەبەشدار بوون لە گرتنی مەخفەری بیارەدا:

محەمەد عارف، مەحمود مستەفا، ڕەحمان ڕۆستەم، محەمەد سلێمان..

لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە بیارەیەکی زۆر لە دەوری کەمالی ئەحمە ڕوشەوە کۆبونەوە، بەڵام بەهۆی دژایەتی عەبدلوەهاب ئەتروشی لەگەڵ کەمال دا کەبووە هۆی کوژرانی خۆیو باوکی، ئیتر بیارەییو هەورامی بەگشتی لە شۆڕش تەکینەوە تاپاش ماوەیەك ئەو بێ تاقەتیە هەرهەبوو، بەڵام دەتوانین بڵێین ئێستا بیارەیی زۆر لەدەوری هێزە سیاسی یەکاندا کۆبونەتەوە چ حزبە علمانیو چ حزبە ئیسلامی‌یەکان بەتایبەت چەکداری زۆریان هەیە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا.

بیارە لە دوای ڕاپەڕین:

خەڵکی بیارە هەر لە ڕاپەڕینەوە خۆیان گەیاندەوە زێدەکەی خۆیان و، بەرەبەرە دەستیان کردە ئاوەدان کردنەوەی، دام ودەزگاکان دانرانەوەو قوتابخانەو بەڕێو بەرێتی ناحیەو شارەوانی بۆ تەعین کرایەوە.

ئێستا (٢٠٠٣) بەڕێوەبەری ناحیەکەی (ناصر ئەحمەد غەفورە) سەرۆکی شارەوانی کەبەهەڵبژاردن دەرچووە (تەها کەریم ئەحمەدە) چەندەها کارمەندو مامۆستاو کرێکاری لێیە.

بیارە ئێستا زۆرێك لە خانوەکانی کراونەتەوە، لەبازاڕەکەش دا نزیکەی (٧٥) دوکانی ئاوەدان کراوەتەوە.

خەڵکی بیارە ئێستا کەساڵی(٢٠٠٣) یە نزیکەی (٨٠٠) خێزان دەبن، نزیکەی (٣٥٠) خێزانیان چوونەتەوە بیارە، ئەوانی تریش لەهەڵەبجەی شەهیدو هەڵەبجەی تازەو سلێمانی و هەولێرو شارەکانی ترن، لە گەڵ ئەوەشدا زیاد لە(٢٠٠) خێزانی شوێنانی تر لە بیارەدا نیشتەجێن.

بەداخەوە بیارەش وەك ناوچەکانی تری هەورامان لە دوای ڕاپەڕین وەك پێویست گرنگی پێنەدراوەو ئاوەدان و خزمەت نەکراوە.. ئەمەش بەبۆنەی هەندێ شەڕو شۆڕ کە لە و ناوچەدا بۆی دروست کراوە.

گەشتی بیارە[٣٧]:

گەشتی بیارە،چەند هۆنراوەیەكی سەرپێیی مامۆستا فاتح مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیسە. مامۆستا فاتح لەنێرگسەجاڕ لە دایك بووە لە (١٩٢٦/١/٧)، خوێندنی مەلایەتی لای باوكی تەواو كردووەو، چەند ساڵێك بووەتە مەلاوپاشان كراوە بەمامۆستای سەرەتایی، دواتر لە ساڵی(١٩٧٢)بەكالۆریۆسی لە شەریعەت وئاداب دا هێناوە، چەند جار لەسەر سیاسەت گیراوەو دوور خراوەتەوە لە سەركار، پەڕاوی چاپ نەكراوی زۆری هەیە...

لەبەرئەوەی باوكی لەبیارەدا مەلاو مودەڕیسی بیارە بووە، ئەمیش بیارە بووەتە زێدو نیشتیمانی، تاساڵی (١٩٥٠)ش لەبیارە دوور دەكەوێتەوەو بەرەو بەغدا دێت و ئیتر بۆی نەكرا بگەڕێتەوە. لەكۆتایی ژیانیدا لەساڵی(١٩٨٩) نەخۆش دەكەوێت و لەخەستەخانە دەكەوێت و بەخەیاڵ گەشتێك دەكاتەوە بۆبیارەو، گەشتەكەی بەهۆنراوەیەك دای دەڕێژێ، كەوێنای ساڵانی ئەوكاتەیە كە لە وێ بووە.. دواتر لە (١٩٩٠) وەك خۆی دەڵێ- خودا(بیارە)ی نازداری بەخشی بەحەمەی برام و ئەمە هانی دام ئەم ڕەشنووسەم پاكنوس بكەم وبیخەمە بەردەستی خوێندەوارانی ئازیز.

مامۆستا فاتح (١٩٩١/٥/١٦) بەنەخۆشی دڵ كۆچی دوایی كردووەو لە دوای خۆی (محەمەد)ی برای ئەم هۆنراوەی لە نامیلكە یەكی بچوكدا بەناوی گەشتی بیارەوە چاپ دەكات.

هۆنراوەكە (٢٥٢) دێرە شیعرە، هەرلە سەرتاوە لە هەڵەبجەوە گەشتەكەی دەست پێ دەكات و بەرەو بیارە دەكەوێتە ڕێو لە وێ دەمێنێتەوەو، پاشان بەرەو تەوێڵە دەڕوات لە وێ كۆتایی بەگەشتەكەی دەهێنێت.

لە سەرەتاوە دەڵێ:

قیبلەم گەشتێكە.. قیبلەم گەشتێكە..
پاش چل ساڵ غوربەت، خەونە گەشتێكە

بۆزێدی دڵگیر، بۆبەهەشتێكە..
بۆلوتكەی چیا، بۆپێ دەشتێكە..

بۆجێگایەكە، عومری منالیم
تەمەنی گەنجی و دەمی دڵ قالیم

لەوێ بەسەر چوو، هەمووگیان هیوا
ئاسۆی ئاواتم ،نەدەبوو ئاوا..

جێی حەسانەوەم، حوجرەی فەقێبوو..
لەگەڵ هەڤالان، دەمە تەقێ بوو

بۆ(بیارە) یە گەشتی ئەم جارەم
كەپەروەردەی ئەو شاخ وبنارەم

دوولا: چیا،ناو: دۆڵ ودار سەدتەرز
لای سەرویش، شاخی(هەورامان)ی بەرز

داوێنیش دەشتی، بەرفراوانە ... بەهەشتی خوایە، ئەم کوردستانە

وەسپی کوێت بکەم؟ گشت لا گوڵستان! ... بەسە بۆجوانیت ناو(کوردستان)

شاعیر بەم شێوە دەڕوات وئیتر لە هەڵبجەوە گەشتەکەی دەست پێ دەکات، لە وێوە سەیری عەبابەیلێی کۆتایی جلەکان دەکات، پاشان بەرەو عەنەب و دەرەشیش وبیاوێڵە دەڕوات وئیتر بیارەی لێوەدەردە کەوێو، لە دێری(٧٧)ەوە بۆدێری(١٧٩) بەم شێوەیە هۆنراوەکەی دەهۆنێتەوەو دەڵێ:[٢٤]

.. ئیتر بمگرە(بیارە)!، هاتم ... هەر لەدوورەوە، فیدای باڵاتم

لایڕاست ملەویاڵ، لایچەپ دەشتیتەخت ... دەشت ویاڵ ودۆڵ، وەک باخی بەهەشت

جارێ بەرەو خوار، جارێ بەرەوژوور ... نیشانێ نزیک، نیشانێ لە دوور

من بۆ گوڵعوزار، بولبول بۆگوڵزار ... پەپولەیش لە بۆ، هەڵاڵەی بۆندار

هەریەک بۆشتێ، خەریکی گەشتە ... کەس بەکەس نیە لە ودەرو دەشتە

سەرم هەڵبڕیبەرەو (خەرپانی) ... زێدی (شێخەولای زانای ڕەببانی

مامۆستای دەرزی(نالی)و(مەولانا) ... ئەم جوانیو، ئەو دین لە کوردستانا

بەرامبەر ڕوانیم، چەپی خۆر نشین ... (باخەکۆن)ە کەی،(شێخ حیسامەدین)

بەوسەر شاخەوە، لانەی هەڵۆبوو ... نمونەی توانی، دەستی مرۆبوو

نەختێ لە ولاتر(زەڵم) وئاوەکەی ... تاڤگە بەگوژم وبەپڕ تاوەکەی

پێتەختی دێرین، گشت(ئەردەڵان)بوو ... قەلاّ سەختەکەی(خان ئەحمەد خان)بوو

تا(دەرە قوڵە)، ئەمە حاڵم بوو ... بەم چاووبەو چاو، یاڵەو یاڵم بوو

بۆحەسانەوەی، شەکەتی ڕێگا ... لە چاخانەکەی (زەردەهاڵ)لام دا

چاییێکی ڕەش و، جامێ ئاوی سەرد ... ناهێڵێ لە ناو لەش ودڵا دەرد

(باسکە درێژ)م، گرتەبەر تا سەر ... ئەو ناوەم دایە، بەر مەددی نەزەر

لای ڕاست دوادوایی، چەمی(بیارە) ... بەرانبەر شاخی (هەورامان)دیارە

لای چەپـ(هانەوا) و پەڵکی پڕسایە ... لەولاتر قەڵای (سەنگی سیا)یە

لەسەرخۆ برِیم، ڕێی(باسکە درێژ) ... ئەم سەری هەوراز، لە وسەرەوەلێژ

ڕۆییم تاگەیمە ملەی(ئاتەشگا) ... کەخەڵکی ئێستاش، گڵی لێ ئەبا

ماڵ ماڵە ئەدەن، بەگڵی پاکی ... بۆبەرەکەتی هێزی ڕوناکی

گەیمە(تافا)و،(چەمی خواجایی) ... بەچەپا ڕۆییم، بەرەو ئاوایی

دیوی ئەمدیوی، (ملەگای چنار) ... قەڵای ڕووخاوی، عوسمانی ئاسار

---

(٢٤)

کەشکامەوە، بەدیوی باخا هەڵزنیم بەقەد، تووڵەڕێی شاخا
چەند هەنگاو ڕۆییم، بەرەو پێشەوە لەگەڵ خۆم دەژیام، بەئەندێشەوە
بەرەو پیرم هات، جێگای دێرینم (کەمەرسەلارە)ی جوان وڕەنگینم
کەشوێنی گەشتی، ئێوارانمان بوو جێگای ژوانی، دڵدارانمان بوو
دەڕوانی بەسەر، هەرچی باخاتە بەردەم یەک پارچە، سەوزیی بێساتە
دیمەنی وەها، دڵگەش وجوان گرانە هەبێ مەر لە کوردستان
نەختێ لەولاتر، چەمی(بێڵەخا) بەعەکسیڕێی خۆی، هەربەناوباخا
بەتاوێ لێرەو، تاوێتر لە وێ ڕێی پیشان دەدام، بچم بۆناودێ
لەم باخ بۆئەو باخ، تەلان بەتەلان هەنگاوم دەنا، لەم یان بۆئەویان
بەرەو ژوور لایچەپ، (ملەی چنار) بوو ژوانگەی هەزاران یارو دڵداربوو
(ملەگای چنار) ئای کەدڵگیرە دواهەواری گشت منالْ تاپیرە
بەردەنوێژەکەی، بەرجۆگەی(پشت جۆ) مانوی دەردەکا، قرچەی نیوەڕۆ.
سروەی نەسیمی، بۆگیانی ڕێبوار فێنکی دڵەو، دەرمانی ئازار
ئەوبەری جۆگا، لە قەراخی شاخ گۆڕستانێکە پڕ، لە ئاخ وداخ
گڵکۆی شەهیدە، هیی بەر گوزیدە هیی لە خواترس و، هیی سزادیدە
زۆری تێدایە، لە نامرادان خێر لە خۆنەدیو، دەستەی ناشادان
کەدەربەدەری زوڵم وسزابوون بێ بەش لە هەموو، خێری دنیابوون
لەئەهلی دڵی دەرون ئاوەدان کە لەیادی خوا، لێوان بوو دڵیان
کۆمەڵێ کەس ودۆست وناسیاوە دڵم بەیادیان، خوێنی تێزاوە
باخی(قاراغە) نەختێ بەرەو خوار جێی یاری فەقێ لە وەرزی بەهار
تۆپقارو جوغزێن، کلاو کلاوێن سێبازوکەوشەک، یەک لەدوایەک دێن
سێشەممەو جومعە، خۆشیو سەفابوو زۆرجار هەڵپەڕکێو بەزم وسەدابوو
نزیک بوومەوە، لە کەوانەی دێ (باخیلادەگا) بەرەو پیرم دێ
چەند هەنگاو لە ولا ئیتر ناودێیە خانەقای صۆفیو حوجرەی فەقێیە
لای ڕاست کۆشکەکەی (مەولانا)ی جاران لای چەپ(سەربرج)ای ئاخر ماوامان
لە ولاتر ماڵی عومری منالی پاش ئەویش(بانە بەرزە)و جەنجاڵی
لە وێ دابەزیم پشتی مەرقەد بوو قاپییە تاریکەی پێپیلکەی بەردبوو
لەو سەری کۆلان(حەوشی خانەقا) بۆدەستەی صۆفی وەک ئاوی بەقا
حەوشی خانەقا، سەیری کوێت بکەم سەر لەکام حوجرەو کام ڕێو جێت بدەم
جێگای داخوازیو ڕازو نیازی جێگای ئاهەنگی مەلای موجازی

سەکۆی بەردەمی مەرقەدو هەیوان شوێن دەوری فەقێی سبە ینیو شێوان
حەوزە گەورەکەی شوێن دەستنوێژ گرتن تەلە بەردی لووس بۆسوجدە بردن
(چنارە بەرزە) لووت لە ئاسمانە لەقلەق سەرپۆپەی کردووە بەلانە
دوونارەوەنی پڕلە گەڵاو سەوزی لە ڕاست وچەپی قەزاخی حەوزی
شۆڕە بیەکەی، سەرحەوزەکەی خوار لق سەرەوداوێن، هەوەک زوڵفی یار
خانەقای خواروو، خانەقای سەروو هیبەرەی تازەو هیی بەرەی بەروو
حوجرەی مەدرەسەو، کتێبخانەکان ژووری لای چەپی، حوجرەی فەقێکان
بانی مەرقەدو، هەیوانەکانی جووتێ گومەزی، سەوزی زۆرجوانی
سورەتووەکەی، سەرپلە کانە کەئەمانچنی، دانە بەدانە
خانەقای سەرووی، هەمیشە جەنجاڵ فەقێو دەرزو دەور، گرمەو دەمەقاڵ
میرزا عەبدوڵڵاو، ئاوازی شمشاڵ (کورتێ)و(گەوهەرێ)و(نابێ)و(یارغەزال)
کەمیرزا هات، شمشاڵ لێبدا سۆفی چلە کێش، ئەکەوتە سەدا
خەڵوە تخانەکەی، لە بیر ئەچووەوە هەستی نەئەکرد، ڕۆژە یاشەوە
کۆڕی جەنجاڵی، مانگی ڕەمەزان کە کەس نەدەنوست، تابەرە بەیان
بانی بازاڕو،(ئاڵێ بابەکەم) دەنگی دەگە ییە، ئاسمانی یەکەم
بێجگە لە حاڵ و، لە جەزبەی سۆفی بەگەرمای هاوین، زستان وتۆفی
بەردەمی بازاڕ، چاخانەی پشت چەم دڵی خەمباری، پاک ئەکرد لەخەم
کۆڕی جەنجاڵی، چێشتە نگای هاوین نموونەیێبوو بۆخۆش بەختی ژین
ئاشی خانەقای، لاشانی بازاڕ ڕێ بەرناکەوێ،لەزۆری ئاش هاڕ
ئاشە بەرزەکەی، لافاو هەڵگرتوو قیبلەی کوڕ گەلی، کچان دڵ بردوو
ئەم دەورو بەرە، جێی یادگارە دەرمانی دەردی، دەرون بیمارە
دەگەڕام بەسەر، بانی بازاڕدا چاوێکم گێڕا بەسەروخواردا
گەڕەکی(سمیڵ)، گەڕەکی (گەلان) هیی بەگەڕووتەو، هیی بەرەی شێخان
ناوەڕاستیدێو، ڕەشە خەڵکە کەی لە کەوانەی دێ، قوتابخانەکەی
دوورتر بناری، شاخی هەورامان دەستم دامێنت،پۆیلەدار ئامان
لەوێدا (هانە گەرمەای جوانە ئەمبەرو ئەو بەر، باخ وبێستانە
لەو بەرەو ژوور تر، (کەیمنە) دیارە کام میوە خۆشە، لەوێ بەبارە
تۆزێ لەولاتر، دێی(بێدەرواز)ە کانیو باخاتەو، بەزم وئاوازە
عەتری کەماو لۆو، بۆنی خۆشی چنوور ڕێبوای شەکەت، مەبەست ئەکا لەدوور
ئەنجا هاتمە خوار، لە بانی بازاڕ لە قاڵدرمەی دار، پاڵ شۆڕە چنار

بەرەو خواربۆ، لای نانەواخانە　　نانی خۆڕایی، مووچەی میوانە
فەقێ محەمەدی، خواناسی پیاوچاک　　بەرپرسی‌نان بوو، دەست پاکودڵ پاک
بۆفەقێ‌وسۆفی‌و، میوان گەورەوورد　　کولێرەی گەرمی ئامادە دەکرد
هەزاران ڕەحمەت، لە خاکی گۆڕی　　کەقەت ڕێگەی خۆی بۆکەس نەگۆڕی
لەوێوە ڕۆییم، بەرەو(کامووسا)　　بۆئاوی گەرمی زستان وئەوسا
ناوەڕاست چەمە، بەردی گەوهەرن　　ماڵەکانی شێخ، ئەمبەرەو بەرن
ئەمبەر ماڵی شێخ، ئەو بەر ماڵی شێخ　　دەس وپێوەندو، خزمەتکاری شێخ
نەختێ لە ولاتر، پەڕیمە ئەو بەر　　تێرتێر ئاوم خوارد، لە(کانی‌ماوزەڕ)
کۆشکی شێخ عوسمان، باخەجوانەکەی　　پڕتەڵانی بەرز، مەودا پانەکەی
لایێ‌فوارە، لەلایێ گوڵە　　ئای کەفەرەح وڕەحمەتی دڵە
کە گەیشتمە، کەوانەی گوڵزار　　هاتە سۆزامی، دڵەی دەردەدار
چەند جار بێرەدا ، لەگەڵ هاوسەران　　بۆ(تەپی نیعمەت) ئەچوین بۆگەڕان
لەسەر تەختایی، ئەوتەپە جوانە　　(شیرینەو خانم)،(ئامان لەرزانە)
هەڵپەڕکێ فەقێ‌و، لفکەو جەمانە　　لەهەموو لایێ، چاوڕەش ئامانە
قریوەی فەقیێ، دڵ تەڕو دڵ خوش　　ئەی ژیانەوە، ئینسانی بێهۆش
لای ڕاستی تەپیش، لێژ گەو تەڵانە　　باخ وبێستانە، ڕەنجی ئینسانە
قوربانی ڕێگەی، ئەم لالە زارە　　(کەریمی مەتی مولکی)ی هەژارە
(حەمەی مەلاک)و چەندی تری وا　　کەچوار فەسڵەی ساڵ، ڕەنجیان تیادەدا
ئای کە بنیادەم ئازاو، سەرسەختە　　کەمی بەختەوەر، زۆری بەد بەختە
خەریک بوو گەشتم، دوایی پێ بێنم　　لەو مەرزو بوومە، ئیتر نەمێنم..)

ئیتر بەرەو تەوێڵەدە کەوێتەڕێ..

بەڕاستی (گەشتی بیارە) شتی مێژوویی‌و جوگرافی، زۆری بیارەو ناوچەکە باس دەکات بۆیە بەباشمان زانی کەلەم پەڕاوەدا بینوسین.



خــورمــــاڵ[٧]

- وتمـان (خورمـاڵ)ی ئێسـتا، ئەوسـا نـاوی (گوڵعەنبـەر)بـووەو، وێـران بـووەو، پاشـان دروسـت کراوەتـەوە، لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـت دا دێ یـەکی بچوك بـووە، نزیکـەی (٥٠) ماڵێـك بـووە، لـە ساڵی(١٩٣٢ن) کـراوە بـە ناحیەیـەك سەربەقەزای هەڵەبجە.

لەساڵی(١٩٧٠) کـەبیارە کرابەناحیـە، چـەند گوندێکیشـی لەسـەر لابـراو خرانـە سـەربیارە، ئێسـتا کەسـاڵی(٢٠٠٣) خورمـاڵ لـەم گوندانـەی خـوارەوە پێکهاتووە:

* (١-شـیرەمەڕ، ٢- تەکیـە، ٣- ئـاوایی حمـەی فـەرەج،٤- گێڵـەك، ٥- گردی قازی،٦- تازەدێ) ئەمانە جافن و سەربەعەشیرەتی صەدانین.

* (٧- کشــــەدەری،٨- تەپەرێزنــــە، ٩- قــــاجر، ١٠-ڕیشــــێن، ١١- مەلاوەیسـە، ١٢- گوڵەخانـە،١٣- قوڵـەخورد، ١٤- دەرەگـوڵان، ١٥- قەدەفـەری) ئەمانەش جافن سەربەعەشیرەتی هاڕونین وچەند ماڵێکی قەویلە بیان تیایە.

* (١٦- عـامورە، ١٧- بـانی شار، ١٨- میری سور، ١٩- چناره، ٢٠- کـانی ئەسـکان، ٢١- گەچێنەی بـانی بنـۆك، ٢٢- نـەوێ، ٢٣- بـانی بنـۆك، ٢٤- بەردەبەل، ٢٥- قەڵبەزە، ٢٦- هەنجیرە یا بەردە بەلی بچوك)، ئەمانـە دێهاتـەکانی بنـاری سـورێنن- لەعەشـیرەتەکانی جـاف وکۆماسـیو بێسـەری وغـەوارەو هۆزهەسەنی و شێخان) پێکهاتوون.

* (٢٧- ئێلانپـیێ، ٢٨- هانـەی قـوڵ، ٢٩- ئەحمـەد ئـاوا،٣٠- زەڵـم) ئەمانیش دێهاتەکانی بناری چیای هەورامانن کەهەمویان هەورامین.

* (٣١- ئاوایی ڕۆستەم بەگ، ٣٢- دێ کۆن) وەڵەدبەگین زیاتر تێکەڵن لەگەڵ جاف دا.

* (٣٣- گۆمەلار،٣٤- خێڵی حەمە، ٣٥- تەپەکوڕە، ٣٦- شەشکی شێخ حسێن، ٣٧- شەشکی حاجی عیسا) ئەمانەش جافن سەربەعەشیرەتی هاڕونین.

* (٣٨- تەپی سەفای سەرو، ٣٩- تەپی سەفای خوارو) ئەمانـەش جـافن سەربەعەشیرەتی (یاروەیسن) هەندێ ماڵیتری سەربەعەشیرەتەکانی تری تێدایە.

* (٤٠- دەرەشیشی سەروو، ٤١- دەرەشیشی خواروو) ئەمانیش جافن وهەندێ ماڵی شێخانی هەورامانی تێدایە.

سـەیری (کارەسـاتی کیمیابـارانی هەڵەبجـە) نوسـینی- شـەوکەت حـاجی مشیر ل (٥٧- ٥٩)

چەند زانیاریەك لە سەر (خورماڵ)

شاری خورماڵ شارێکی کۆنی مێژوویی‌یە، لە سەردەمی ساسانیە کاندا شاری(نیمراه) = (نیوەی ڕێ) شارێکی گەورە بووە لە شارەزووردا، مەبەستیش لە نیوەی ڕێگا واتە نێوان(تەیسە فون – مەدائین)وکوانووی ئاگر پەرستەکان لە (شیز-ئازربایجانی ئێران)ە، شارەزوور ئەوسا خۆی شاربووە، ئیبن حەوقەل لە سەدەی دەهەمی دوای عیسا باسی دەکات: کەشارێکە دیواری بۆکراوەو دانیشتوانی کوردن.. ئەمە جگە لە ئیبن موهەلهەل و یاقوتی حەمەوی ئەوانیش باسیان کردووەو دەڵێن:

شاری (نیمراه) دەکەوێتە نزیك چیای (شاران- هەورامان) و(زەڵم)ەوە هەردوو ڕۆژهەڵا تناسیش (جریکوف)و (هرتسفلید) دەڵێن:

شاری (نیمراه) بریتی‌یە لە: شاری (گوڵ عەنبەر- گوڵ ئەحمەر- خورماڵ)ی ئێستا- ئەمەش لە گەڵ بۆچونەکەی (ئیبن موهە لهەل ویاقوتی حەمەوی)دا ڕێك دەکەوێت. سەیری هەردووکتێبی- تاریخ السلمانیة وانحائها- تالیف محمد امین زکی- ترجمة محمد جمیل بندی الروزبیانی ص ٣١ بکە لەگەڵ(سلێمانی شارە گەشاوەکەم- جمال بابان ل(٨)

- لە (دائیره المعارف)ی (بستانی)دا ل -٦١٥ دا هاتووە:

لە ساڵی (٦٢٣ك- ١٢٢٦ز) شارەزوور، لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ زیاتر بوومەلەرزە لێی‌داوەو خاپورو وێرانی کردووەو شەش قەڵای تیابووە هەمووی ڕوخاون و وێرانی کردون.

سەیری کتێبی(شهروز-السلیمانیه- عباس العراوی- ص ١٢٨)

لەساڵنامەی (١٩٩٨)ی سلێمانی‌دا- ل (٩) دا دەڵێ:

(لەساڵی (١٩٠٧)دا ولایەتی موسڵ لە(٤) سنجەق پێکهاتووە(موسڵ، کەرکوك، هەولێر، سلێمانی)، سنجەقی سلێمانی لە(٥) قەزاو(٩) ناحیە پێکهاتووە قەزاکانی (ناوەندی شار، بازیان، چەمچەماڵ، مەعمورە حەمید(پشدەر)، شەهربازار، گوڵ عەنبەر،(خورماڵ)، قائمقامەکەی گوڵعەنبەر (عوسمان پاشای جاف کە میری میرانە)، ناحیەکانیشی: قزلجە (پێنجوێن)، سرۆچك (بەرزنجە) بوون....)

واتە وشەی (گوڵعەنبەر) لەسەردەمی عوسمانی‌دا، بەکارهاتووە بۆ (قەزای هەڵەبجە) دواتر بۆ (ناحیەکە) بەکار هاتووە، ئەم وشەیەش لە ساڵی(٥٥١ك)دا بەکارهاتووە لە وکاتەوەکە(عەنبەرە) خاتوون کچی (بەدر) پاشا بووەتە گەورەی ناوچەکەو، ١٣ ساڵ فەرمانڕەوای ناوچەکە بووە لە ساڵی(٥٦٤ك) کۆچی دوای کردووە.. ئەمەش لە بەرگی ئەو قورئانەوە نوسراوەکە ئێستا لە بەغدایە..

سەیری گۆڤاری کاروان بکە ژ ٣٦/ مانگی (٩) ساڵی ١٩٨٥- حلقة مفقودة من تاریخ شهروز- محمود احمد محمد.

لە جوگرافیای کوردستان -کەریم زەند- ل(٣٣٥,٣٦٩)دا دەڵێ:

لەساڵی(١٩٥٧)دا هەڵەبجە لەم ناحیانە پێك هاتووە:

- ناوەندی = ژمارەی گوندەکانی (١٠٠)گوندبووە.

-شارەزوور = = = (٥٣) =.

- وارماوا = = = (٤٨) =.

-پێنجوێن = = = (١٠٢) =.

-خورماڵ = = = (٥١) =.

کۆی هەمووی گوندەکانی هەڵەبجە- ٣٥٤ گوند بووە.

تێبینی یەك- م. کەریم زەند، ناوی (٥٠) گوندی نوسیوە کەچی لە ژمارەکەدا(٥١) گوندە، هەروەها لە ناوی گوندەکاندا ئێمە بەجۆرێکی تر ناوەکانمان نوسیون، چونکە ئەوەی م. کەریم زەند هەڵەی تیایە. هەروەها ئەم ئامارە لە کتێبی (الاکراد- دراسة جغرافية اثنوغرافية- ص (٢١٢) دا دەڵێت ئاماری ساڵی(١٩٤٧)ە ئەمەش ناوی گوندو ژمارەی دانیشتوانەکانیان:

ز	ناوی گوند	ژمارەی کەس
١	ناوەندی خورماڵ	٦٥٠
٢	بانی شار	٣٢٣
٣	بیارە	١٤٥٨
٤	تەوێڵە	٢٩٥٢
٥	تەکیە	٣٢
٦	ئاوای حەمەی فەرج	٣٤
٧	ریشێن	٢٠٠
٨	گردەنازێ	٢٠٠
٩	نەوێ	٣٠٦
١٠	بەردەبەل	١٩٣
١١	تە پە رێزینە	٥٤
١٢	سەرەقوڵە	٥٨
١٣	شیرەمەڕ	١٨٩
١٤	کنیلك	٧٣
١٥	قاجر	٥٣
١٦	کشەدەری	٣٥
١٧	قەدەفەری تازە	٧٣
١٨	خەرپانی	٤٥٣
١٩	گەچینەی باخەکۆن	٢٠٣
٢٠	باخە کۆن	٥٥
٢١	گوڵپ	٧٦٠
٢٢	نارنجلە	٢١٠
٢٣	چنارە	١٧٧
٢٤	ئاوای عەبا س بەگ	٢٠٠
٢٥	ئاوای حەمە سەلیم	٢٠٠
٢٦	زەڵم	٣٥٨
٢٧	سەرگەت	٣٧٨
٢٨	دەرەیمەڕ	٥٢٥
٢٩	بنجەو درەی	٢٥
٣٠	دەرەقەیسەر	١٠١
٣١	ئەحمەد ئاوا	٢١١
٣٢	خارگێلان	١٢٣
٣٣	دەگا شێخان	٣٥١
٣٤	دەرە تفێ	٩٥
٣٥	عامورە	١٦٣
٣٦	میری سور	١٩٥
٣٧	بەڵخەی خواروو	١١٠
٣٨	بەڵخەی سەروو	٥١٢
٣٩	گریانە	١٤٩
٤٠	ئێلانپێ	٧٣٦

ز	ناوی گوند	ژمارەی کەس
٤١	هاوار	٤١٥
٤٢	هاوارە کۆن	٦٣
٤٣	بانی بنۆک	٤١١
٤٤	هانەی دن	٢٦٥
٤٥	تاوێرە	٢٥٥
٤٦	سۆسەکان	٢٢٣
٤٧	کەچینەی زیروڵ	٢١٦
٤٨	پالانیا	١٧٨
٤٩	زیرون	٩٨
٥٠	هانەی قوڵ	٣١٦
	کۆی هەموی	١٥٩٢٥

قەڵاومزگەوتی گەورەی خورماڵ

پەراوێزەکان

(١) سەرچاوەی ئەو زانیاری یانەی لە سەر سۆسەکان وەرم گرتووە ئەمانەی خوارەوەن:

- بەڕێز م. فەرید ئەحمەد موعین کەدوای ئەوەی لەنامەیەکدا چەند پرسیارێکم لێکرد بەنامەیەکی چەند لاپەڕەیی وەلامێکی بۆنوسیم، سەرەڕای ئەوەش چەند جارێك قسەو باسمان لە وبارەوە کردووە.
- بەڕێز میرزا باقی حاجی حەسەن کە لە شەوی ٦/٥ / ١ /٢٠٠٣ سەردانم کردووەو وەلامی چەند پرسیارێکی داومەتەوە.
- پەیامی هەورامان – هادی بەهمەنی.. ل (١٤١)
- جوگرافیای کوردستان – کەریم زەند.. ل(٣٦٩)
- ئەرشیفێکی خۆم (نوسەر)

(٢) لەبەر ئەوەی وەستا عەبدواللە ی تریش لەسۆسەکان بووەو، لێمان تێك نەچێ، کەمێك لەسەر هەردووکیان دەنوسین.

ئەم وەستا عەبدواللە یە دووبراو خوشکێکی هەبووە کەئەمانە بوون:

- حەبیب اللە لە تەمەنی چل ساڵیدا مردووە، کچێك وکوڕێکی لێ بەجێ ماوە بەناوی (قەتیو نافع).

نافع پێشمەرگەی پارتی بوو لە سەرەتای (١٩٧٤) شەهید بووە، کوڕێکی ئازاو لێهاتوو بوو.

- برایەکی تری بووە هەر لەگەنجی‌دا مردووە،بەداخەوە ناوەکەمان نەزانی.
- خاتوو عەللە... خێزانی حەمەشیرینەی تەوێڵەیی، ژنێکی خواناس و بەویقاربوو. کاتێك نافعی برازای مەیتەکە یان هێنایەوە بۆ مزگەوتەکەی تەوێڵە، ئەم ژنە هاتە مزگەوتەکەو مەیتەکەی بینیو وتی: نامەوێ کەس بۆنافع بگری، نافع لەرێگەی کوردو کوردستان دا شەهید بووە.

(٣) ئەم دەروێش عەبدواللە یەش، برایەکی بووە هەرئەویش ناوی حەبیب اللە بووە، تەمەنی زۆرنەبووە، خێزانەکەی (کاڵێ حاجیلەی تەوێڵەیی)بوو..

هەروەها خوشکێکیان هەبووە بەناوی (دەڵوەت)، زیرەك وقسەزان بووە دەستی شیعری بووە.

ئەوەی ئەم دەروێش عەبدواللە یە.. عەینەدینی گۆرانی بێژە کەلەمەریوان دادەنیشێ.

(٤) جگە لە وسەر چاوانەی دواتر ئاماژەیان پێدەکەم ئەمانەی خوارەوە سەرچاوەی ئەم نوسینە بوون..

- بەڕێز م. مەلانامق بەڵخەیی دوای ئەوەی نامەیەکی پرسیار ئامێزم ئاراستە کرد، بەچەند لاپەڕەیەك کۆمەڵێك مەعلوماتی لە سەر بەڵخە بۆناردم لە گەڵ چەند ڕەسمێکدا.

- بەڕێز م. کەمال غەفور بەهەمان شێوە لە گەڵ ئەوەشدا چەندەها پرسیارم لێکردووە بەتایبەت دەربارەی بنەماڵەی بەگزادەکان ئەویش پرسیاری لە زۆرکەس کردووە وەك غەفاربەگ ومحمود بەگ کەرشتەی بنەماڵەکەی فەتاح بەگی لە وانەوە وەرگرتووە.

- ڕۆژنامەی (الاتحاد)ژ (٣٤٧) بەرواری(١٩٩٩/١٢/٣) نوسینێکی بەڕێز کاك ئەیوب ڕۆستەم بەناوی(بلخە- قرية الشلالات النابضة بالحياة) ..

- بۆ ژمارەی شەهیدی کیمیاوی بەڵخە سەیری پەراوێزی (هەڵەبجە- کارەساتی کیمیابارانی ساڵی(١٩٨٨) بکە ل(٦٥-٦٧) ناوی شەهیدەکان نوسراوە، بەڵام لە وانەیە کەمێك هەڵەی تیابێت.

- هەروەها سودم وەرگرتووە لە کاك قادرقادرو...

- ئەرشیف ومەعلوماتی خۆم(نوسەر)

(٥) سەیری بنەماڵەیی شێخ موئمینی سازانی بکە لە بنەماڵەی زانیاران ل(٣٨١-٣٨٨) بۆزیاتر شارەزایی. هەروەها لە هەمان سەرچاوەدا هاتووە کە شێخ موئمینی کوڕی سەید حەسەن لە ساڵی(١٢١٠ك) لە سازان مردووە، وەدەڵێ شێخ موئمین سێ کوڕی بووە: شێخ حەسەن وشێخ سەلام وشێخ وەسیم، شێخ حەسەن دۆست و برادەری مەولەوی بووەوهەردووکیان مەنسوبی شێخ محەمەد بەهائەدینی تەوێڵەیی بوون. لەدوایدا دەڵێ:

شێخ سەلام لەپێش ژن هێنانیدا لەدێی بەڵخەی نزیکی تەوێڵەی هەوراماندا کۆچی دوای کردووەو گۆڕەکەی لە گۆڕستانی بەڵخەدایە.

بەدرێژیش باسی شێخ وەسیم و کوڕەکانی دەکات.

(٦) سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

- مذاکرات مامون بگ بن بیگە بگ ص (٥٨، ٨٠)

- یاداشتەکانی مەئمون بەگ کوڕی بێگە بەگ- وەرگێڕانی: سەلاح نەقشبەدی ل(٥٦، ٧٨، ١٠٨)

- شەرەفنامە ل(٢٠٢)

(٧) سەیری مێژووی هەورامان ل(٣٤٢)بکە. هەروەها لەهەمان سەرچاوەدا لە (ل ١٢٨,١٣٢) باس لەوە دەکات کە:

لەوکاتەی حەمە سەعید سان لە دەست فەرهاد میرزا ڕای کردو هاتە شارەزور، حاکمی کوردستان، هەورامانی لهۆنی دایە دەستی دیوان بەگی وموساخانی برای

شەرەفە لمولکی کردە حاکمی لهۆن. بەڵام زۆری نەبرد بەگزادەی لهۆن بەهۆی ڕۆستەم سانەوە دەسەڵاتیان لە هەورامانی لهۆن پەیدا کردەوە، ئەمەش لە ساڵی(١٢٩٢ك-١٨٧٥ن) بووە لەوکاتەدا، موساخانیان، یاکوژران یابڵاوەیان کردوڕایان کرد.. لە وانەیە ئەکەر ڕاست بێت لە نەوەی موساخان بن، لە وکاتەدا بەڵخە لە ژێر دەسەڵاتی جاف وبابانەکاندابووە. بۆیە هاتوون لەوێ جێگربوون.

(٨) جریدە الاتحاد- العدد- ٣٣٥- (١٩٩٩/٩/١٠) هەروەها سەیری هەڵەبجە لە کلاو ڕۆشنەی مێژووەوە- ل(٢٧- ٢٨) عەبدوالله قەرەداغی.

(٩) مێژووی هەورامان -ل (٢٦٦).

(١٠) سەرچاوەی ئەم نوسینە ئەمەی خوارەوەیە:

- بەڕێز (م. جەمال بێدار) دوای ئەوەی نامەیەکی پرسریا ر ئامێزم ئاڕاستە کرد، ئەویش نامەیەکی وەڵام ئامێزی تێرو تەسەلی شەش لاپەڕەیی بۆنوسیمەوە...
- هەوەها بەڕێز(م. ئەسعەد(خواکەرەم) بەهەمان شێوە..
- کاك ناصح قادر دەگاشێخانەیی و ، م. مەلا مصطفای بیارەو چەند کەسێکی تر.
- ئەرشیفێکی خۆشم(نوسەر)

(١١) دەبێت بزانین لە هەوراماندا دوو دەگاشێخان هەیە، یەکێکیان ئەم دەگاشێخانەیە کەباسی دەکەین کە لە هەورامانی عێراق دایە، ئەویتریان لە هەورامانی ئێران دایە، لە دۆڵی شامیان.

(١٢) لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە- ل ١١٧-د. مارف خەزنەدار یاخود سەیری پەیامی هەورامان بکە بۆ ژیانی سوڵتان ئیسحاق ل(٤٢٤).

(١٣) سەرچاوەی ئەم نوسینەی بیارەئەمانەیخوارەوەیە:

-وەڵامی چەند پرسیارێکی بەڕێز (م. بورهان مەحمود بیارەیی) کەدوای ئەوەی چەند پرسیارێکم لێکردبوو بەنامەیەك وەڵامی داومەتەوە.

- موقابە لە یەکی بەڕێز حاجی ئەحمەد غەفور موستەفا بیارەیی لە بەرواری (٢٠٠٣/٢/٢٨)کراوە

- چەند مەعلوماتێکیش لە م. فاروق فەیزوالله بیارەیی..

- مێژووی هەورامان- جگە لە وشوێنانەی دیاریمان کردون سودمان لێوەرگرتووە لە چەند شوێنێکی تردا.

- کوردستانینوێ ژ(١٩٠٢) بەرواری (١٩٩٩/٧/١٣)

- یەکگرتوو- ژ (٣٣٧)

(١٤) خولاصەی تاریخ کوردو کوردستان- ل ٦٩- محەمەد ئەمین زەکیبەگ.

(١٥) گۆڤاری کاروان ژمارە(٣٤) د. حیسامەدین نەقشبەندی- ل (١٥٥)

[١٦] کوردستانی نوێ ژ(٢٤١٩) بەواری(٢٠٠١/٤/٥) نوسینێکی بەڕێز عزەت هەورامی، بەناوی (نهێنیەکانی بێرواس)..
بۆ زیاتر شارەزایی کتێبی سلێمانی شارەگەشاوەکەم- بەرگی یەکەم- جەمال بابان (ل ٩) هەروەها کتێبی(تاریخ السلیمانیة وانحائها- محمدامین زکی بگ ص (٢٧) هاتووە دەڵێ:
وڵاتی لۆلۆکان، شارو دێهاتەکانی زۆربووە لە زووە وە خەڵکی تیانیشتە جێیەو ئاوەدانە بەڵگەشمان ئەوەیە(ئاشور ناصرپاڵ) لە میلی سەرکەوتننامە (عمودالظفر)ە کەیدا ئەڵێت:
(بیست وپێنج شارم لە وڵاتی لۆلۆکان داگیرکردووە ئەمەش ناوەکانیانە:
بابێت، دغارا، بارا، کاگری، زیمری، وینی.. تاد.
کەواتە شاری (بارا) لە وسەردەمەدابووە. بۆچونێکیش هەیە کە بارا واتە(بیارە)ی ئێستا.
[١٧] کوردستانی نوێ، ژ ١٩٢٦ بەرواری (١٩٩٩/٨/١٦) نوسینێکی بەڕێز (ئەیوب ڕۆستەم) کەوەك خۆی نوسیویەتی سودی لە باسێکی د. حیسامەدین نەقشبەندی وەرگرتووە لە ژێر ناوی (المدن الاثریة في شهروزو تعین مواقعها)
[١٨] مێژووی هەورامان -ل (٥٣٠)
[١٩] گەشتی هەڵەبجەو هەورامان -ل (٤١) شاکر فەتاح
[٢٠] وەك کەریم زەند لەجوگرافیای کوردستان دا-ل(٢٣٧) دەڵێت.
[٢١] بەدیع و عەرووزی نامی- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس-ل (٣٠)
[٢٢] بنەماڵەی زانیاران- مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس- ل ٤٢٤
[٢٣] دیوانی کاردۆخی -ل (١٨٢)
[٢٤] دیوانی کاردۆخی- ل (٦٣) ئەم هۆنراوەی بە هەورامیو هەم بەسۆرانی هەیە.
[٢٥] بۆژیانی ئافراسیاو بەگ سودم وەرگرتوەلە:
-مێژووی هەورامان -ل (١٤٥، ٢١٦- ٢٣٢)
-کردوترك وعرب- ادموندز-ص (١٥٧)
[٢٦] بۆ ڕشتەی (بنەماڵەی عەلیمەردان سان) سەیری ڕشتەی بنەماڵەی سان وبەگزادەی هەورامان بکە لە مێژووی هەورامان دا هەرلەم پەڕاوەدا.
[٢٧] ئەم ڕشتەی نەوەی بەکر بەگە لە بەڕێز حاجی ئەحمەد بیارەییم وەرگرتووە. لە گەڵ ئەوەی پەیامی هەورامان ل (١٤١)،و ئەوەی مێژووی هەوراماندا -ل (٥٣٤) دا جیاوازی زۆرە، بەڵام لە بەر ئەوەی حاجی ئەحمەد زۆرتەئکید بوو لە وەی خۆی کەڕاستە ئێمەش ئەوەمان نوسیووە.
[٢٨] لەم پەڕاوانەدا ئاماژە بە کتێبخانەی بیارە کراوە:

بنەماڵەی زانیاران – ل (٤٢٢)

مێژووی هەورامان –ل (١٠)

بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد– بەرگی یەکەم– ل (٣٢١)

(٢٩) لەوانە حاجی ئەحمەدی بیارەیی دەڵێت: ئەوپیرە، پیرمحەمەدی شامییە ئەو، مزگەوتەکەیدروست کردووەو هەڵەیەکی زۆرگەورەیە کە دەڵێن عەبدوڵڵەی کوڕی عومەر دروستی کردووە.

(٣٠) سودم وەرگرتووە لە:

بنەماڵەی زانیاران– ل(٤٢١-٤٢٣)

مێژووی هەورامان –ل(٩-١٢) بەنیسبەت ڕشتەی بنەماڵەکەوە ئەوەی م. محەمەد ئەمین هەورامانیم بەڕاست زانیوە بۆیە ئەوەم نوسیوە.

(٣١) م. محەمەد ئەمین هەورامانی کەخۆی لەم بنەماڵەیەوە لە مێژووەکەیدا دەڵێت: شامحەمەد بەبۆنەی باوکیەوە موڵک ومالێکی زۆری بۆماوەتەوە، دواتر بەپیلانێك دەکوژرێت، جادووژنی بوە، یەکێکیان خاتوو خورشیدی بەکربەگ بووە، مستەفا لەم ژنەیە ئەم ژنەدوای مێردەکەی شوی کردوە بە فەتحوڵڵەی حەمەکەریم بیارەی.

ئەوی تریان خاتوو دەوڵەت بووە، کەمەحمودو عەبداڵلەش لەم ژنەن ئەم دوانە منداڵ بوون باوکیان مردووە بۆیە بەناوی دایکیانەوە ناسراون، دەتە، کورتکراوەی دەوڵەتە، ئەم خاتوو دەوڵەتەش دوایی شوی کردوە بە ڕۆستەم سان.

(٣٢) کوردستانی نوێ–ژ– ٢٣٢٦، بەرواری(١١/١٢/٢٠٠٠) مەدرەسەی بیارەو ڕۆڵی شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی نوسینی هێرش محەمەد ئەمین.

(٣٣) گەوهەری حەقیقەت– بەرگی یەکەم– ل٢١٥.

(٣٤) چەپکە گوڵی لە گوڵزاری عوسمانی–ل (١٤-١٥)

(٣٥) مەبەس لێرەدا ژمارەیە، یانێ ژمارەی مووی ڕیشی موبارەکی (١٢٤٠٠٠) دانەیەو ژمارەی پێغەمبەرانیش (١٢٤٠٠٠) پێغەمبەرە وەکو لەحەدیسا هاتووە.

(٣٦) چەپکە گوڵی لە گوڵزاری عوسمانی –ل(٦٦-٧٠)

(٣٧) گەشتی بیارە – هۆنراوەیەکی سەر پێیییە– فاتح عەبدولکەریم.

کۆتایی

بەم شێوەیە سەربوردێکی هەورامان و سەردانێکی تەوێڵەمان کرد، ئەمە گەشت و گوزارێك بوو بۆ بوارەکانی ژیان لەهەورامان دا، بۆ جۆری خاك و ئاوو هەواو مێژووی ناوچەو خەڵکەکەی‌و بەسەرکردنەوەیەکی شاعیرو سان و خان و بەگ و بەگزادەکانی هەورامان بوو هەروەها سەردانێکی تەوێڵە بوو، لەگەشتەکەماندا تەوێڵەمان هەڵبژارد وەك نمونەی شارۆچکەیەکی هەورامان، تیایدا ماینەوەو لەهەموو بوارەکانی‌دا لێکۆڵینەوەو باس و خواسی خۆمان کرد، یەکەیەکەی بوارەکانی تەقەمان لەدەرگای‌دا، چووینە ژووری بوارەکان، چیمان بینی‌و چیمان بیست چیمان پێ باش بوو تۆمارمان کرد بۆ نەوەکانی داهاتوو.

دڵمان خۆش بوو کەخوای گەورە ئەوەندە بواری پێ‌داین کەئەم نوسینە تەواو بکەین، بیخەینە بەردەستی خوێنەران.

هەندێ شت لەداخران و کڵۆم کراودا بوون، توانیمان بیانکەینەوەو، هەندێ شتی پێشینان و کەلەپورو کەلتوری مێژووی ناوچەکەمان لەفەوتان و لەناوچوون پاراست.

هەموو بوارەکانی -مێژوو، جوگرافیا، کەلتور، فەرهەنگ و ڕۆشنبیری‌و ڕەوشتی ئایینی‌و ڕامیاری و ئابوری‌و کۆمەلایەتی ... تاد، بەستراون بەیەکەوە، دەرخستنی ئەم بوارانەی هەرناوچەیەك پێویست و زەرورن، تاوەکو نەوەکانی پاشەڕۆژ بتوانن ژێرخان و سەرخانی گەلەکەیان لەبەرچاو ڕۆشنی لەسەری بینا بکەن، هەروەها دەرکەوت بۆمان هێشتا زۆر شت هەیە کەگرنگەو نەنوسراوەتەوە، وەگەڵ پیاوی داناو قسەزان و بەتەمەنمان هەیە، کەپەندو قسەو بەسەرهات و شتی مێژووییان لەلایە، کەدەماودەم بۆیان ماوەتەوەو پاراستویانە، پێویست دەکات ئەمانە زیاتر سوودیان لێ‌وەربگیرێ.

- ئێمە هەر ئەوەندەمان پێکراوەو توانیومانە، بەڵکو کەسێکی تر بتوانێ‌لەئایندەدا شتی چاکترو باشتر بنوسێ.

جارێکی تریش دەڵێین، کارەکانمان بێ کەم و کوڕی نییەو نابێ، هەرکەسێکیش هەر ڕەخنەو تێبینیو پێشنیارێك مان بۆ دەنێرێ زۆر سوپاسی دەکەین و دەیخەینەبان چاوو دڵ و گیانمان.

هیوادارین توانیبێتمان خزمەتێك بەگەل و ولاتەکەمان بکەین -انشاءالله- ئەمەش دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ نەوەکانی ئایندەو سودبەخش دەبێت.

بەهیوای: ئایندەیەکی گەش و ڕووناك بۆ کوردو کوردستان.

بەهیوای ئایندەیەکی شکۆمەندو سەرفرازو بڵند بۆ هەورامان و تەوێڵەی خۆشەویست.

بەڵێ، هەزارجار بەڵی ... بەم سەربوردو سەردانەمان بۆ هەورامانی سەرزەوی پیرۆزو هەواری ئەمن و ئەمان و، بۆ تەوێڵەی ئەهلی عیلم و عیرفان و ئەزهەری کوردستان. چاومان گەشایەوە، دڵمان کرایەوە، ئاسودەییمان بۆ هات، شانازیمان پێ بەخشرا کەزانیمان زێدەکەمان ئاوایە، ماوایە.

یاخوا هەر ئاوابێ:

- خاکی پیرۆزو دڵگیرو ڕەنگین.
- ئاوو هەوای سازگارو دڵرفێن و نەخشین.
- خەڵکی هێمن و خاوەن پایەو زانین.

نوسەر

٢٠٠٤/١/١

سلێمانی

سوپاسنامە

لەکانگای دڵمەوە ڕێزو پێزانین و سوپاسی خۆم پێشکەش دەکەم بەیەکە یەکەی ئەو بەڕێزانەی کەهاوکاریان کردووم بۆ نوسین و بەچاپ گەیاندنی ئەم پەڕاوە.

- هەیانە بەوشەیەك یا ڕستەیەك یا نوسراوێك ...
- هەیانە بەوێنە یابەشریت و کاسێتێك ...
- یا بەنامیلکەو پەڕاوێك ...
- یا بەڕێنمایی و هاندانێك ...
- یاخود بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان یا بەزۆر شێوە ...

هەروەها سوپاسێکی زۆرم هەیە بۆ هەردوو بەڕێزان :

- (کاك ئیسماعیل حەمەعەلی خورماڵی و کاك بەرزان حەمە ئەمین)

کەهەریەکەیان کارێکی تایبەتیان لەئەستۆ گرت و بەئەنجامیان گەیاند.

بێگومان هاوکاری بەڕێزان نەبووایە منیش نەم دەتوانی ئەم ئەرکە بەجێ بهێنم و ئەم پەڕاوەم بەچاپ نەئەگەیاند.

جارێکی تریش وەفاو ئەمەکداریم بۆ یەکەیەکەی ئەوانەی ناومان بردوون لەم پەڕاوەداو هاوکاریان کردوین، نمونەیان زۆر بێ هەر سەرکەوتوو بن...

سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردییەکان

ز	ناوی پەڕاو	ناوی دانەرو وەرگێڕ
١	یادی مەردان بەرگی یەکەم	مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس
٢	یادی مەردان بەرگی دووەم	مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس
٣	بنەماڵەی زانیاران - بەرگی سێهەم	مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس
٤	شەریعەتی ئیسلام	مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس
٥	مێژووی هەورامان	محەمەد ئەمین هەورامانی
٦	مێژووی کوردو کوردستان	محەمەد ئەمین زەکی بەگ
٧	مێژووی کوردو کوردستان	محەمەد مەردۆخی کوردستانی - و.عەبدولکەریم محەمەد سەعید
٨	مێژووی ئەدەبی کوردی	عەلائەدین سجادی
٩	مێژووی وێژەی کوردی -دوو بەرگ	صدیق بۆرەکەیی (صەفی زادە)
١٠	مێژووی زانایانی کورد-چوار بەرگ	محەمەد عەلی قەرەداغی
١١	مێژووی ئەردەلان	مەستورەی کوردستانی - د.حەسەن جاف و شوکور مستەفا
١٢	تەفسیری ئاسان	برهان محەمەد ئەمین
١٣	لەپەراوێزی مێژووی ئەردەلان دا	نەوشیروان مستەفا ئەمین
١٤	شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی	وەرگێڕانی هەژار
١٥	پەیامی هەورامان	هادی ڕەشید بەهمەنی
١٦	چمکێکی مێژووی هەورامان و مەریوان	محەمەدی مەلا کەریم
١٧	پیرشالیاری زەردەشتی	محەمەد بەهائەدین صاحب (دانای هەورامی)
١٨	هەڵاڵە برایمەی هەورامان	ڕەشید هەورامی
١٩	گەشتی هەورامان و هەڵەبجە	شاکر فەتاح
٢٠	کوردو کوردستان	واسیلی نکتین - و: خالیدی حیسامی
٢١	لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە	د. مارف خەزنەدار
٢٢	کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا	حەسەن مەحمود حەمە کەریم
٢٣	کوردستان لەدەوڵەتی مادەوە بۆ دەوڵەتی	حەسەن مەحمود حەمە کەریم

	مەدینە	
٢٤	ئایینی کورد –لەتۆفانی نوحەوە تا سەرەتای ئیسلام	حەسەن مەحمود حەمە کەریم
٢٥	کابانی کوردی – بەنوێنەری کورد دەگاتە حیجاز	حەسەن مەحمود حەمە کەریم
٢٦	لەمەدینەوە بۆ مەدائن	حەسەن مەحمود حەمە کەریم
٢٧	سوپای ئیسلام دەگاتە سنوری کوردستان	حەسەن مەحمود حەمە کەریم
٢٨	لەعەممانەوە بۆ ئامێدی –گەشتێك بەکوردستانی باشور	عەلی سەیدۆ گەورانی – و: طالب بەرزنجی
٢٩	لاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵەبجە	بەکر حەمەصدیق عارف
٣٠	هەڵەبجە لەکلاوڕۆشنەی مێژووەوە	عەبدوالله قەرەداغی
٣١	یاداشتەکانی مەئمون بەگ کوڕی بێگە بەگ	وەرگێڕانی سەلاح نەقشبەندی
٣٢	جوگرافیای کوردستان	جەلال ئەمین بەگ
٣٣	جوگرافیای کوردستان	کەریم زەند
٣٤	جوگرافیای کوردستان	عەبدوالله غەفور
٣٥	بیرەوەری (٢١) ساڵی تێکۆشان	نایب عەبدوالله
٣٦	هەڵەبجە کارەساتی کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨	هەورامان عەلی تۆفیق
٣٧	کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری ١٩٨٨	شەوکەتی حاجی موشیر
٣٨	ڕۆژنامەی خورماڵ	شاکر فەتاح
٣٩	سلێمانی شارە گەشاوەکەم –ب–١	جەمال بابان
٤٠	شاری سلێمانی –ب (١،٢)	ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی ڕەشە
٤١	ژیناوەری زانایانی زانایانی کورد لەجیهانی ئیسلامی	محەمەد صالح (شەپۆل)
٤٢	خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول	ئیبراهیم جەلال
٤٣	بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد	مەسعود بارزانی
٤٤	لەشنرویۆوە بۆ ستۆکهۆڵم	حەمەی فەرەج
٤٥	تێڕوانینێك بۆ دۆزی کورد	عەبدوڕەزاق عەبدوڕەحمان محەمەد

٤٦	چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد	د.کەمال مەزهەر
٤٧	چیم دی - بەرگی یەکەم	ئەحمەد خواجە
٤٨	پەنجەکان یەکتری دەشکێنن	نەوشیروان مستەفا
٤٩	کێشەی کورد - ب (١،٢)	ن:لازایف - وەرگێڕانی د.کاوس قەفتان
٥٠	ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك - ب(١)	محەمەدی حاجی مەحمود
٥١	هەورامان لەدەروازەی مێژووەوە	بلاوکراوەیەکی کۆنگرەی هەورامانناسی
٥٢	کورد لەناو ئایین و مێژوودا	قازی عومەر
٥٣	لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی -دەربارەی مێژووی ولاتی کوردەواری	د. جەمال ڕەشید ئەحمەد
٥٤	ئینسیکلۆبیدیای ئیسلام -ب(٣)	وەزارەتی مەعاریف - عێراق
٥٥	جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان	عەزیز شەمزینی
٥٦	فەرهەنگی کوردستان -چاپی یەکەم ١٩٩٩	گیوی موکریانی
٥٧	فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە -ب(١)	هەژار موکریانی
٥٨	فەرهەنگی برهان قانع	برهان قانع
٥٩	مەحمود خانی دزلی- چاپی دووەم	عومەر مەعروف بەرزنجی
٦٠	گەوهەری حەقیقەت -ب(١)	شێخ موحسن موفتی
٦١	تەصەوف چییە؟ چاپی دووەم	ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی
٦٢	سەرەتایەك لەفیلۆلۆژی زمانی کوردی	محەمەد ئەمین هەورامانی
٦٣	زاری زمانی کوردی لەترازووی بەراورددا	محەمەد ئەمین هەورامانی
٦٤	تأریخی جاف- چاپی یەکەم	کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف - لێکۆڵینەوەی د.حەسەن جاف
٦٥	زمانی یەکگرتووی کوردی	د. جەمال نەبەز
٦٦	بەسەرهاتی سیاسی کورد- ب(١)	میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی
٦٧	بابا حاجی لەنێوان هەورامان و شنرویدا	نەظیف بابا حاجی
٦٨	کلاش کردن	سەعدی حاجی ئەحمەد
٦٩	دیوانی مەولەوی	مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس
٧٠	بەدیع و عەرووزی نامی	مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس
٧١	گەشتی بیارە	فاتح عەبدولکەریم
٧٢	هۆرامان و هۆرامی و واتەو وەلێنا	جەمال حەبیب الله فەرەج (بێدار)

٧٣	سروەی بێداری	جەمال حەبیب الله (بێدار)
٧٤	ناڵەی هەڵەبجە	جەمال حەبیب الله (بێدار)
٧٥	دیاری بێداری	جەمال حەبیب الله (بێدار)
٧٦	دیوانی شاسواری - شیعر	عادل شاسواری
٧٧	باخچەی بۆنخۆشان	مەلا ئەحمەدی قازی
٧٨	سەوزەی کۆسالان	میرزای هەورامی
٧٩	زەردی خەزان	میرزای هەورامی
٨٠	چەپکە گوڵێ لەگوڵزاری عوسمانی	عەبدوالله مستەفا (فەنایی)
٨١	دیوانی شێخ محەمەد عوسمان سراجەدین	عەبدوالله مستەفا (فەنایی)
٨٢	دیوانی کاردۆخی - چاپی دووەم	محەمەد ئەمین کاردۆخی
٨٣	دیوانی بێوەی	شێخ ئەمین نەقشبەندی
٨٤	خەزانی هەڵەبجە - کۆمەڵە شیعر	بارامی وەڵەد بەگی
٨٥	دیوانی بێسارانی	کەیومەرث نیکرەفتار
٨٦	دیوانی بێسارانی	حەکیم مەلا صالح
٨٧	دیوانی گۆران	محەمەد مەلا کەریم
٨٨	دیوانی پیرەمێرد	محەمەد ڕەسوڵ هاوار
٨٩	دیوانی مەلا حەسەنی دزڵی	ئەحمەد نەزیری
٩٠	دیوانی صەیدی هەورامی	عوسمان هەورامی
٩١	دیوانی صەیدی هەورامی	محەمەد ئەمین کاردۆخی
٩٢	دیوانی میرزا ئۆلقادری پاوەیی	محەمەد ئەمین هەورامانی
٩٣	دیوانی میرزا ئۆلقادری پاوەیی	هادی سپەنجی
٩٤	دیوانی قانع - چاپی یەکەم	برهان قانع
٩٥	شنەی هەورامان	حەسەن زەڵمی
٩٦	ڕۆڵە بزانی	محەمەد سراجەدین نێزڵی
٩٧	خانمەکەی بیارەو تەوێڵە	کەوکەب هەورامانی
٩٨	نەخشەی کوردستان	کەوکەب هەورامانی
٩٩	شیرین و خوسرەوی خانای قوبادی	محەمەدی مەلا کەریم
١٠٠	کۆمەڵێك لەهۆنراوەکانی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە	فۆتۆکۆپی (ئیستنساخ)

١٠١	چەپكی لەهۆنراوەكانی پێشینی	عومەر سەلەفی
١٠٢	كەشكۆڵە شیعرێكی كوردی گۆرانی گردە كۆیی	ئەنوەری سوڵتانی
١٠٣	پەیكی هەورامان (١)	فەرەیدون بەهرامی
١٠٤	گوڵچینی شیعری شاعیرانی كورد – ب(١)	ناوەندی بلاوكردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی كوردی
١٠٥	منالْ و گولْ – هۆنراوە	عوسمان محەمەد هەورامی
١٠٦	خونچە گولْ – هۆنراوە	عوسمان محەمەد هەورامی
١٠٧	مافە گەشەكانم – هۆنراوە	عوسمان محەمەد هەورامی
١٠٨	ژیانی كوردەواری	تۆمابوا – و. حەمەسەعید حەمەكەریم
١٠٩	كورد	مینۆرسكی – و:حەمەسەعید حەمەكەریم
١١٠	یاد داشت	ڕەفیق حیلمی

سەرچاوە عەرەبییەكان

ز	ناوی پەڕاو	ناوی دانەرو وەرگێڕ
١	القرآ الكريم	–
٢	كرد وترك وعرب	سی.جی. أدموندز– ترجمه جرجيس فتح الله
٣	مذكرات مأمون بگ بيگه بگ	ترجمه: محمد جميل الروزبياني و شكور مصطفى
٤	شهرزور – السليمانية	عباس العزاوي
٥	تاريخ السليمانية وأنحائها	محمد أمين زكي بك– ت: محمد جميل بندي الروزبياني
٦	طبيب من كردستان	جای م.رسولی وكادی ه. الین
٧	علماؤنا في خدمة العلم و الدين	عبدالكريم محمد المدرس
٨	أصول أسماء المدن والمواقع العراقية	ج١ – جمال بابان
٩	العشائر العراق	عباس العزاوي

١٠	العشائر الكردية	ترجمة: فؤاد حمةخورشيد
١١	دور الشعب الكردى في ثورة العشرين	د. كمال مظهر
١٢	معجم البلدان – ج ٥	–
١٣	شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام	أحمد بن أبوبكر
١٤	الأكراد – دراسة جغرافية أثنوغرافية	د. شاكر خصباك
١٥	العراق الشمالي	د. شاكر خصباك
١٦	دبستان المذاهب	أحمد بن أبوبكر
١٧	المرشد – مواطن – الآثار والحضارة	طه باقر و فؤاد صقر
١٨	مختصر كتاب البلدان	إبن حرداذبة
١٩	كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى	د. كمال مظهر
٢٠	مجلة العرب ملحق – الهايد بارك	العدد (٩) سنة (١٩٩٠)
٢١	جريدة الاتحاد	العدد (٢٦٧، ٢٧٨،٣٢٦، ٣٣٥، ٣٤٧)

سەرچاوە فارسی‌یەکان

ز	ناوی پەڕاو	ناوی دانەرو وەرگێڕ
١	تأريخ مشاهير كرد ج-٢	بابا مەردۆخ روحانی – شيوا
٢	تأريخ سياسى اجتماعى پاوه واورامانات	بهرامی ولدبگی
٣	تأريخ كردو كردستان	د. صديق بۆرەكەیی (صفی‌زاده)
٤	تأريخ جديد اورامان	ملا عبدالله قازی
٥	ایران دراسة عامة – بصرة (١٩٨٥)	محمد وصفی أبو مغلی
٦	كرد شناسی	مراد آورنگ

٧	هورامان – دیاردهاو یاد بودها	أحمد نظيري
٨	نژاد کرد – مجلة مهر	سال (١٢) شماره (١٢)
٩	مرثية حلبجة	نصرت الله محمود زاده
١٠	شعر در ایران	ملك الشعراء (بهار)
١١	زیندەگینامەی علامەی دهر – حاجی ملا احمدی نودشی	يحيى مظهرى
١٢	نژاد الأصول	میرزا حەسەنی نەهرەوانی

سەرچاوەی گۆڤار

ز	ناوی گۆڤار	ژمارە
١	کاروان	(٣٦،٣٥،٣٤،٢٩،١٦،٧،٢)
٢	ڕەنگین	(٦٣،٥٧،٥٣)
٣	سروە	(١٣٦، ٥٤)
٤	رامان	(٦٩،٤٤،٣٩)
٥	ڕۆشنبیری نوێ	(١٤٥،١٠٥)
٦	خاك	(٥٣،٢٤)
٧	گوڵان	(٣٩٢،٢٦٤)
٩	هەڵەبجە	(٣،٤)
١٠	پەیامی ڕاستی	(٦٢)
١١	پەرستان	(٤٥)
١٢	کەلەپوری کورد	(٢) نەورۆزی ١٩٩٣
١٣	کەلەپوری کورد	(٥) ئەیلول ١٩٩٤
١٤	خەزان (یادی هەڵەبجە)	(٢)
١٥	هەورامان	(١) ساڵی ٢٠٠٣
١٦	هەزار مێرد	(١٠) ك ١ (١٩٩٩)
١٧	... تاد	

١٨	ڕۆڤار – مەولانا خالیدی نەقشبەندی	١٢

سەرچاوەی ڕۆژنامە

ز	ناوی ڕۆژنامە	ژمارە
١	کوردستانی نوێ	(١٠٧٦-١٠٨٦)، ١١٠٠، ١١٢٦، ١٦٨٥، ١٤٥٠، ١٥٤٧، ١٩٠٢، ١٩٢٦، ٢١٨٤، ٢٢١٠، ٢٣٢٦، ٢٣٣١، ٢٤١٩، ٢٤٢٠، ٢٤٥٥، ٣٢٥٠.. تاد.
٢	یەکگرتوو	١٩، ٣٥، ٦٩، ١٠٢، ١٣٦، ١٤٧، ١٤٩، ٢٢٢، ٢٢٨، ٢٣٥، ٢٣٦، ٢٣٧، ٤٠٤، ٤٧٤.
٣	کۆمەڵ	١٧، ٢٣
٤	بزوتنەوە	١١٨
٥	ڕزگاری	٢

تێبینی/

- چەند شریتێکی تەسجیل
- چەند کاسێتێکی ڤیدیۆ و CD
- چەند دەستنوسێکی خەتی
- چەندەها چاوپێکەوتن کەئامارەمان بۆ کردووە لە شوێنی خۆیدا.

کەسایەتی‌یەکان

بێگومان بۆ نوسینی ئەم پەڕاوە زیاتر لە (٥٠٠) کەس چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردون کەلەناوەڕۆکی بابەت و پەراوێزەکان دا ناومان بردون، هەشیانە پتر لەچەند جارێك بینراون و گفت و گۆمان لەگەڵیان بووە، لێرەدا ناوی ئەوانە دەنوسین کەزۆرتر چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردوون و هاوکاریان کردوین بەوێنەو نوسراوو .. یاخود ئەرکی تریان بۆ ئەنجام داوین کەئەم بەڕێزانە بوون:

–محەمەد سان ئەحمەد (ڕەئیس)

- م. مەحیەدین حاجی سەلیم
- م. عوسمان محەمەد هەورامی
- م. نەظیف بابا حاجی
- م. عەلی قادر ئاغا عەبدواللە ئاغا
- م. مەحمود عەبدوڕەحیم
- م. محەمەد عەبدوڕەحیم
- م. ئەحمەد عەبدوڕەحیم
- م. شێخ صەفائەدین شێخ محەمەد
- م. حسێن محەمەد غەفور
- م. هۆشمەن مستەفا فەتاح
- م. مەلا عەبدولکەریم مەلا ئەحمەدی قازی
- م. مەلا سەید عەبدوڕەحمان سەجادی
- م. مەلا سەید ڕەشاد حاجی سەید محەمەد
- م. مەلا کامیلی حاجی مامۆستا
- م. فەخرەدین حاجی سەلیم
- م. محەمەد حاجی نادر
- م. مەلا مارف مەلا عەبدواللە ی مەریوان
- م. عەبدوڕەقیب یوسف
- م. جەمال بێدار
- م. مەلا نامق بەڵخەیی
- م. کەمال غەفور بەڵخەیی
- م. ئەسعەد دەگا شێخانەیی
- م. برهان مەحمود بیارەیی
- م. برهان محەمەد ئەمین سلێمانەیی
- م. کامەران حەمە سەعید سلێمانەیی
- م.ماجد مەلا عارف
- م. ئارام خواکەرەم
- م. سامی وەسیم

- م. کەریم محەمەد کەریم
- م. نازم غەفور
- م. گۆران عەباس
- م. عادل شاسواری
- م. نەبەز هەورامی
- م. دڵشاد مەلا محەمەد مەلا صاحب
- م. ئەیوب ڕۆستەم
- م. فەرید ئەحمەد موعین
- بەڕێز عابد سان ئەحمەد
- بەڕێز تۆفیق حاجی قادر
- بەڕێز قادر قادر بەڵخەیی
- بەڕێز وەستا نەجمەدین نەوسودی
- بەڕێز لوقمان نەوسودی
- بەڕێز حاجی شەهاب لەهەورامانی شار
- بەڕێز کەوکەب هەورامانی
- بەڕێز میرزای هەورامی
- بەڕێز خوشکە کەتان خادمی
- بەڕێز خوشکە شەیدا هەورامی
- بەڕێز طاهری وەستا مستەفا
- بەڕێز وەستا محەمەد وەستا حەمەصاڵح
- بەڕێز میرزا باقی حاجی حەسەن
- بەڕێز هادی حاجی ئایزە حەبیب
- بەڕێز دەروێش لەتیف محەمەد
- بەڕێز نەزمی حاجی ئایزە حەبیب
- بەڕێز شێرزاد کوێخا حەمە سەلیم
- بەڕێز عەبدولخالق حاجی عەبدولوەهاب
- بەڕێز حاجی عەبدوڕەحمان حاجی محەمەد
- بەڕێز صابر مەحمود مستەفا

-بەڕێز حاجی محەمەد فەتاح

-بەڕێز سەید جەمیل سەید عوسمان

-بەڕێز حاجی الله کەرەم حاجی تۆفیق

-بەڕێز شەفیع حاجی محەمەد

-بەڕێز بەختیار عەبدولعەزیز

-بەڕێز حاجی بابا حاجی محەمەد

-بەڕێز مەلا حەمەئەمین مەلا عەبدوالله

-بەڕێز حاجی باوەمراد مەحیەدین

-بەڕێز نافعە حاجی حەسەن

-بەڕێز جەنەت حاجی ئەبوبەکر

-بەڕێز حەلیمە صۆفی حەمە کەریم

-بەڕێز عەتیە مەحمود مستەفا

-بەڕێز مەنیجە مەحمود مستەفا

-بەڕێز ئافتاب عەلی محەمەد

-بەڕێز بەدریە حاجی عەلی عەباس

-بەڕێز شیرین حەمە خان

-بەڕێز عەینا حەمە حسێن

-بەڕێز سەردار حەمە لاو باکی

-بەڕێز حەسەن زەڵمی

-بەڕێز وەستا ڕەشادد کوێخا محەمەد

-بەڕێز مەلا نورەدین مستەفا

-بەڕێز فەریق حاجی الله کەرەم

-بەڕێز مورشید خودادا

-بەڕێز موئمن حەمە عارف موئمن

-بەڕێز ماجد وەستا محەمەد

-بەڕێز جەزا حاجی محەمەد

-بەڕێز ئاشتی الله کەرەم